


(1)

بەم زوانە چاپی دووەمی وەرگێرانی کتێبی (کەسایەتی محەمەد)ی مەعروف روسافی دەکەوێتە بەردەستتان بەرێزان.

کەسایەتیی محەمەد
هەڵهێنانی مەتەڵیکی پیرۆز
مەعروف روسافی
وەرگێرانی
مادەلی

دەستپێك

کتێبی کەسایەتیی محەمەد لە زەمانێکدا نووسراوە، کە بواری ڕۆشنگەری و بیری زانستخوازی لە جیهان و ناوچەکە و بە تایبەتییش لە عێراقدا، ڕۆڵی گەورەی خۆی لە بەعەقڵانی بیرکردنەوە و پێشکەوتنی گەلاندا هەبوە. هەر لە عێراقدا، نووسەری وا هەبوون کە خۆیان لە ناخی بابەتە گرینگەکان دەدا و تەنانەت قوربانییان بە بەرژەوەندیی ژیانی تایبەتی خۆیان لە پێناو دەرخستن و گەیشتن بە حەقیقەت داوە. یەکێك لەو بابەتە هەستیارانەی کە هەمیشە جیهانی
سەرقاڵکردوە و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەریهەڵداوە، بابەتی ئایینییە کە بە تایبەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لە بارەیەوە کراوە، بەتایبەتیتریش ئایینی ئیسلام وەك دوا ئایین کە هەندێك جار بە شێوەیەکی بێلایەنانە و دوور لە حەز و ئارەزوو و پشتخانی ئایینی و فیکری نووسەرەکان و بەتەنها بۆ دەرخستنی حەقیقەت کاریان لە سەر کردوە.
ئەم کتێبە (کەسایەتیی محەمەد) ئەگەر لە هەندێك شوێندا بە شێوەیەکی کەم و تا ڕادەیەك

خۆی لەقەرەی جیاوازییە مەزهەبییەکان داوە و تا ئاستێك لایەنگیریی پێوە دیارە، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر جەوهەری نووسینی زانستییانەی بابەتەکە نەکردوە و کتێبەکەی لە بێلایەنی دوورنەخستوەتەوە.نووسەرەکە کرۆکی مەبەستی خۆی بە شێوەیەکی جوان پێکاوە، تا پلەیەکی نایاب لە قوڵبوونەوە لەحەقیقەتی چۆنێتیی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و کەسایەتیی محەمەد ڕۆچوە، بە بێلایەنی و واقیعییانە و عاقڵانە دواوە. نووسەر خۆی بەدوور گرتوە لە خەیاڵ و داستان و ئەفسانە و خورافات،بە پێی بارودۆخی ئەو زەمانە و ژێرخان و سەرخانی سەردەمی محەمەد باسوخواسەکانی کردوە، ڕەوتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامی وەك خۆی دەرخستوە.
لێرەدا من وەك وەرگێڕێك، لەبەر هەستیاریی بابەتەکە لەم ناوچەیەی خۆمان و بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك تۆمەتبار نەکرێم بە دەستتێوەردان لە کتێبەکە، سەرەڕای ئەوەی زۆر شتم تێدا بینی کە بیری زۆر کەس و خاوەن بیروبۆچوونی ئیسلامی دەورووژێنێت، بەڵام بۆ گواستنەوەی کتێبەکە بە ڕێگەیەکی زانستییانە و ورد وەك خۆی، هیچ حەقێکم بە خۆم نەدا، نە شتی لێ لابەرم و نەیش گۆڕانکاریی تێدا بکەم، هەرچەند زۆر کەس و ڕۆشنبیری میانڕەو ئامۆژگارییان کردم، کە دەتوانم بە سەر چەند دێڕێکیدا بازبدەم، تادواجار بڕیارمدا، تەنها وشەیەکیش لانەدەم، هەرچەند زۆرجار دووبارەکردنەوەی ناپێویستیشی تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام بۆ باسکردنی حەقیقەت و جەوهەری کتێبەکە، خۆم هەندێك شتی ناکۆك بە یەکم تێدا بینی و ویستم ئاماژەی پێبدەم، لە کۆتاییدا ئەوەیشم نەکرد و تەنانەت بە شێوەیەکی زۆرکەم نەبێت، کۆمێنتیشم لە سەر نەنووسی و بۆ خوێنەرم هێشتەوە، ئەویش لەبەر بە زانستی مانەوە و بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکەی کتومت وەك خۆی بمێنێتەوە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە پشتم بە وەرگێڕانی کورتی وشە و ڕستە بە ڕستە و تێگەیشتنی کورتمەودا و گواستنەوەی واتاکان بەست، بۆ ئەوەی ئیجتیهادی تێدا نەکەم و هیچ گۆڕانێکی هەرچەند بچوکیش بێت، تێیدا ڕوونەدات، لەبەر ئەوەی ئەو پەندە عەرەبییە جێبەجێ بکەم کە لەهەندێك شوێندا{(ناقل الکفر لیس بکافر)بەواتای ئەوەی کوفر بگوێزێتەوە کافر نیە} لەقەڵەم بدرێم.وەرگێڕان پێویستی بە گۆڕینە بەو شێوە و ناوەڕۆکەی کە بەو زمانە بۆی وەرگێڕاوە، بۆیە بە بۆچوونی خۆم، زۆر بە ئەمانەتەوە کارم کردوە و هیوادارم لە ڕووی زانستییشەوە کتێبەکەم وەك خۆی کورداندبێت، ئەوەیش ناشارمەوە کە زۆرێك لە وشەی گەرمیانی و لوریی ڕەسەنم لە زۆر شوێندا بەکارهێناوە، چ لەبەر دەوڵەمەندکردنی زمانی وەرگێڕانەکە یان هیچ وشەیەکی پڕ بەپێستی خۆی و جێگرەوەیەکی نەبوو لە زاراوەی سۆرانیدا. لەو بڕوایەدام کتێبێکی ئاوها بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی بارودۆخی ناوچەکە و ئەو کەلتوورە و هاوردەکانی و کاریگەریی کەلتوور و ڕۆشنبیریی دوورگەی عەرەب لە سەر ناوچەکە و میللەتی کورد زۆر پێویستە. ئاواتەخوازم منیش لەدەرخستنی حەقیقەتێکی زۆر گەورە و گرینگ بۆ گەلەکەم، بەردێکم خستبێتە سەر سەرەتای بنیاتنانی تەلاری زانست و مەعریفەت بۆ گەلی کوردلە ناوچەکەدا.
لەو ڕێگە جەنجاڵییەی ئێستای بیرو عەقڵی مرۆڤی کورد و ئەو زەمینەی تێیدادەژی، جگە لەوەی بەنوزەنوزی ڕۆشنبیر و بیروبۆچوون و فەلسەفەی تاکەکەسی بە ڕێگایەکدا دەڕوات تا ئەژنۆ پڕ بە دڕك و بەردو تاوەری تیژ وچنراودا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەمەیش لە خورافە و عەقڵی دواکەوتوویی و ناماقوڵیدا نەبێت، هیچی تری تێدا نابینرێت. کەچی باری سیاسی و هۆشیاریی گشتی و هاوردەکردنی بیرو فەلسەفەی دواکەوتوانەی ئێکسپایەر، وایکردوە ئەرکی ڕۆشنبیر و بیریاران زۆر قورس بێت و ئاسۆیەکی ئەوتۆی تێدا نەبینرێت، کە لە دواڕۆژدا ڕێگەکەمان ڕووناك بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت قازانج لەوانی تری عەقڵانی وەربگرین و یەکەمین هەنگاوی ڕاستودروستی خۆمان بهاوێژین، بەدوور لە خورافات و داستانی چەندین سەدەی لەمەوپێش، کاری وەرگێڕانی کتێبە گرینگەکان بۆ سەر زمانی کوردی لەم سەدەمەدا زۆر پێویستن.
ئەوەی لە عەقڵ و بیرو بۆچوونی دونیای کوردەواریدا زاڵە، خۆشباوەڕی و خەیاڵ و ئایدیاڵیەت و باوەڕبوونی قوڵی زۆرینەی تەنانەت بژاردەی ڕۆشنبیرانی گەلەکەمانە بە میتافیزیك و گرینگیدان بە خەڵکی هەڵگری ئەم کەلتوورە، ئەگەر تەنانەت خاوەنەکەی لە دونیای خورافات و داستان و خەیاڵدا نوقم بووبێت، بەهەڕەمەکی دوای ئەو کەس و خاوەن بۆچوونانە دەکەون، ئەگەر بە تایبەتی خاوەن کاریزمای تایبەتی خۆیان بن لە قۆناغێکدا، کە یارمەتیدەرە لە خۆسەپاندنی بیرو بۆچوونیان بە سەر عەقڵی میللەتانی ساویلکەدا، بێ ئەوەی زەڕرەیەك قازانجیان پێبگەیەنن و ڕێنوێنییەکی ئەوتۆ بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێڕەوی ژیانیان پێببەخشن.

پیرۆزکردنی خەڵکانێك یان جۆرە کەسایەتییەك کە زیانی لە قازانجی زۆرتربێت، وەلانانی کەسایەتیی خودی ئەگەر لە بیروبۆچوونیشیدا ڕاست بێت، نیشانەی ئەوەیە، کۆمەڵگەی کوردەواری بە سۆز و ساکارییەوە بیردەکاتەوە و کۆی هۆشیاریی گشتی لە ئاستێکی زۆر باشدا نییە و بیری یەکگرتووی نییە و بەئاسانی و بێ لێکۆڵینەوە بە هەموو شتێك باوەڕ دەکات، ئەگەر بابەتەکە خەیاڵی و ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینەی نەبێت و شتی گومانلێکراویش لەخۆبگرێت.
ئەوەی گرینگە بۆ کردنەوەی دەرگای بیرکردنەوەی عەقڵانی و قازانجبەخش، تێڕامان و قوڵبوونەوە و توێژینەوە و وەرگرتنی پەندە لە بەرهەمە کەڵەکەبوەکانی مێژووی گەلانی پێشکەوتوو، خۆخەریککردنە بەکاری عاقڵمەندیی دوور لە خەیاڵ و خورافە و هەراوهوریا و شکۆ دروستکردن بۆ هەر بیر و ڕێباز و فەلسەفە و کەسایەتییەکی دونیای خەیاڵیی ئەم ناوچەیە، بەواقیعی تەماشاکردنی سەرجەم کارەکتەرەکانە، کە بە پێی بیرە کەڵەکەبوەکان پیرۆزییەکی تەنانەت خەیاڵاوی بە کاڵفامییەوە پێبەخشرابێت، ئەوانەی ناوچەکە و دونیا لەو بوارانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر عەقڵ و بیری خەڵکدا هەیە، لە پێناو لابردنی کەشی باوەڕبوون بەناو کەسی نائاسایی و مامەڵەکردنی عاقڵانە لەگەڵ کەسایەتی و ڕووداوی مێژوویی دوور لە پشتبەستن بە دۆخ و زەمینەی تایبەتی سەرهەڵدانی ئەو مەسەلانەی کە لە بارودۆخی تایبەتی خۆیاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە و کاریگەرییەکی یەکجار گەورەیان (ئەگەر نەرێنییش بێت) لە سەر ڕەوتی ژیانی خەڵك جێهێشتوە، پێویستی بەدواداچوون و ڕاستکردنەوە هەیە، بۆیە دەرخستنی حەقیقەت گەورەترین ئامانجە کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆشنبیرانی کوردستان.
ئەم کتێبە بەبیری سەردەمانە و شیکارییەکی عەقڵمەندانە و عەقڵێکی کراوە و فەلسەفەیەکی ڕۆشنگەرییانەوە مامەڵە و باسی لە کەسایەتییەکی گرینگی وەك محەمەد کردوە، لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان و بیروبۆچوون و ڕەفتار و بەسەرهاتەکانییەوە دواوە، بە قووڵی و وەك خۆی بێ خەیاڵ و چەواشەکاری و مەرایی، ڕۆچوەتە ژیان و گوزەران و فیکر و عەقڵ و بیرکردنیەوە، ئەو خورافاتانەیشی دەرخستوە، کە بۆخۆی یان لایەنگرانی بە درێژاییی مێژووی جیهانی ئیسلامی دەربارەی ئەم کەسایەتییە خستوویانەتە ڕوو، بە پاشخانێکی بێلایەنانەی تا ڕادەیەکی باش لە مێژووی کەسایەتیی محەمەد و ئیسلامی شیکردوەتەوە و ڕاستودروستیی بابەتەکانی باسکردوە و بەڕاستی بە ڕاڕەوی حەق و حەقیانەت و بۆ حەقیقەت و لە پێناو حەقیقەت و دەرخستنی حەقیقەتی کارەکتەری محەمەد و زۆر شتی پەیوەندیدار، کاری کردوە.

مادەلی

مانگی 6ـی 2017

(2)

مەعرووف ڕەسافی
( 1875 –1945 ز ژیاوە)
شاعیر و ئەدیبێکی عێراقی بوە.
ئەندامی ئەنجوومەنی نێرراوانی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ بوە.
زۆربەی ژیانی لەوانەگوتنەوە و ڕۆژنامەوانیدا بە سەر بردوە.
ساڵی 1911یەکەم دیوانی شیعری لە بەیرووت چاپ کردوە.
لە تورکییەوە بۆ عەرەبی بابەتی وەرگێڕاوە،وەك: نامیق پاشا، دیدو بۆچوون. ڕۆمانی (بەغداد 1909 ز)، چەندین پەخشان و شیعری تر.
دیوانەکەی چەندین جار چاپکراوەتەوە.
چەندین نووسینی چاپ نەکراوی لە دوا بە جێ ماوە وەك ئەم کتێبەی بەردەستمان، کە ساڵی 1933 ز لە شاری فەلووجە دەستی بە نووسینی کردوە. لە بڵاوکراوەکانی (الجمل)، (200

نامەی عێراقی).
نوسخەی ئەسڵیی ئەم کتێبە لەگەڵ بەڵگەی پاشکۆ، لە یەکێك لە کتێبخانەکانی زانکۆی هارڤارد پارێزراوەو ئەم چاپە یەکانگیرە لەگەڵیدا.

مەعرووف ڕەسافی: کتێبی کەسایەتیی محەمەد یان هەڵهێنانی مەتەڵێکی پیرۆز.
بەرگە کۆپیکراوەکان
هەشت بەرگی کۆپیکراو، دوو بەڵگەنامە و هەندێك پشتگیریی تێدایە، هەردوو بەڵگەکە؛ کتێبی (کەسایەتیی محەمەد یان هەڵهێنانی مەتەڵێکی پیرۆز)... ئەمانەیش ڕیزکردنی ناوەخنی بەرگەکانە:
بەرگی یەکەم: ناونیشانی لاپەڕە، لاپەڕەیەکی بێ نمرەیە، پاش لاپەڕەی یەکەم، ل1---ل139، ل150---ل176 (لەو نێوەدا هیچ داپرانێك لە دەقەکاندا نییە)، بەڵام جێگۆڕکێ لە نمرەی لاپەڕەکانیدا کراوە، دوالاپەڕە هیچ نمرەیەکی پێوەنییە.
بەرگی دوەم: ناونیشانی لاپەڕە، ل177— 360.
بەرگی سێیەم: ناونیشانی لاپەڕە، ل361---- ل533، لەم بەرگەدا دوو لاپەڕەی جیاوازی هەمان نمرەی 446 ی پێوەیە.
بەرگی چوارەم: ناونیشانی لاپەڕە، ل534---- ل722. لەم بەرگەدا لاپەڕەی نمرە 567 ی پێوە نییە و ئەوانی تر بێداپران لە ڕەوتی نووسینەکە بەردەوامە.
بەرگی پێنجەم: ناونیشانی لاپەڕە، ل 723---- ل907.
بەرگی شەشەم: ناونیشانی لاپەڕە، لاپەڕە 907 --- ل 1079، لاپەڕەی 1020 تێبینییەك لە پەراوێزیدا هەیە کە ناخوێنرێتەوە.
بەرگی حەوتەم: ناونیشانی لاپەڕە، ل 1080 –ل 1154. لەم بەرگەدا دوو لاپەڕەی کەمە، 1090 و 1097.
لە خوارەوە لاپەڕە 1154 دانراوە
کتێبەکە تەواو دەبێت
لاپەڕە یەك: وەسیەتی مەعرووف ڕەسافییە.
لاپەڕە یەك: پێ ناسەیەك بە ناونیشانی (وەسیەتی مەعرووف ڕەسافی) لاپەڕەی بێناونیشان و بێ نمرەیە: فەهرەستی کتێبی کەسایەتیی محەمەد.
لاپەڕەی ناونیشان بێ نمرەیە: فەهرەستی کتێبیکەسایەتیی محەمەد لەنووسینی مەعرووف ڕەسافی.
بەرگی هەشتەم: فەهرەست بە ڕیزبەندیی فراوان، لە کۆتاییەکەیدا لاپەڕەیەکی بێ نمرە هەیە کە(کورتە دەقەکانی سیستمی کۆمەڵایەتیی ئایینی یەهوودی) تێدایە.
تێبینی لە سەر تۆمارکردن و چاپکردنی دەقەکە
چاکسازییە ئیملاییەکان لە دەقەکەدا تەنها دووخاڵی سەرپیتی تای کورت و یای کۆتایی دانراوە و تۆخکردنەوەی هەمزەیە بێهیچ ڕاستکردنەوەیەك لە پەراوێزەکاندا.
ئاماژە /....... / بۆ سەرەتای لاپەڕە (...) لە نووسینەکەدا.
فەرموودە و ئایەتەکان و دەقەکان، چۆنێتیی گەڕان بەدوایاندا لە پاشکۆیەکدا دانراوە کە ئاماژە بە لاپەڕە و دێرەکان دەکات.

ڕوونکردنەوەیەك لە سەر نوسخە ئەسڵییەکەی
ڕێگەپێدانی ڕەسافی بۆ نەقڵکردنی ئەم نوسخەیەم بینی.. لە کتێبەکەم کەسایەتیی محەمەد بە ڕاستی و تەواوم بینی، لە نوسخەکەدا هەڵە نییە... ڕێگەی پێدەدەم بگوترێتەوە و لێیەوە بگوازرێتەوە... ئەمەم نووسی بۆ ئەوەی بزانرێت.

مەعرووف ڕەسافی

(3)

بۆ حەقیقەت نەک مێژوو
بە ناوی حەقیقەتی ڕەهای بێکۆتاییەوە
سپاسگوزاری حەقیقەتین وسڵاو و سەنا و ئاشتییش لەوەوە باڵبکێشێت بە سەر ئێمەدا.پاش ئەوەی بۆ مێژووم دەنووسی و حسابم بۆدەکرد و ڕێگەی وام بۆ دادەنا کە شایانی ئەوەبێت چیی بۆ بنووسم، تا ئەوەی لە پێشدا گوتبووم دەیڵێمەوە:
ليجعله أحدوثة كل مخبر و أكتب للتاريخ ما أنا كاتب. واتە: بابێت بە قسەو باسی هەموو هەواڵبەرێك، کە ئەوەی من دەینوسم بۆ مێژووە.
بەڵام ڕۆژگار بە ڕووداوەکانییەوە مرۆڤ پێدەگەیەنێت، لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەیگۆڕێت و لە کارەکتەرێکەوە بۆ ئەویتر دەیگوازێتەوە. ڕۆژگار وایلێکردم، هیچ بەها و قورساییەک بۆ مێژوو دانەنێم و حسابی بۆ نەکەم، کە بینیم ماڵی درۆیە و کەشی چەواشە و هەڵگری مەیلی خەڵکە، ئەگەر تەماشای بکەی وەک من دەبیت، وەک کۆکراوەی بارە لمێکی گەورە وایە، کە وردە حەقیقەتێکی پەرشوبڵاوی تێدا ونبووبێت، بۆیە قورسە لە سەر مرۆڤ لەو هەموو ناحەقییە زۆروزەوەندەدا بیدۆزێتەوە.
ئەمەیش وای لێکردم قەسیدەی "چەواشەی مێژوو" بنووسم، دەڵێم:
روت لقرائتها إلا حديث ملفق وما كتب التاريخ فى كل ما
فكيف بإمر الغابرين نصدق نظرنا لامر الحاضرين فرأبنا
فكيف إذن فيهن يصدق مهرق وما صدقتنا فى الحقائق أعين
بخبث السجايا شد ما نتحمق وهل قد خصصنا دون من مات قبلنا
بە واتای: (ئەوانەی شت دەنوسن بۆ خوێندنەوە، قسەی هەڵبەستراوە و، مێژوو هەموو شتێکیان نەنوسیوە و ئێمە چۆن بە و قسە زۆر کۆنانە باوەر بکەین و تەماشای کاروباری خەڵکی ئێستا بکەین سڵبکەینەوە وچاو باوەر بەو حەقیقەتانە نەکات و، چۆن ئەوەی وردبین بێت باوەر بە شتێك دەکات چاو باوەری پێ نەکات و، بە سادەیی خۆمان گەلحۆ بین و بە شتێکەوە خەریك بین کە ئەوانەی لە پێش ئێمە مردوون، پەییان پێ نەبردبووە).
من حەقیقەت لە مێژوو بێبەری دەکەم و ئەمڕۆ ئەوەی دەینووسم تەنها بۆ حەقیقەتی بێ هاوبەشە لای من.
ئەگەر حەقیقەتم بەوەی دەینووسم ڕازیکرد، خەڵک لە خۆم بێزاردەکەم، بەڵام توورەبوونەکەیان هیچ زەرەرم لێنادات، کە حەقیقەتم ڕازی کرد، هەروەها ڕازیکردنەکەیشی لە لایەن منەوە هیچ قازانج بەوان ناگەیەنێت، لە کاتێکدا چاویان بە پەردەی بێزاربوون لە من داپۆشرابێت، قین لە دڵیاندا لە دژم لەنگەری گرتبێت، بەڵام وەک پێشینان دەڵێن، ئەمە من و ئەوەیش ئەوان:
عندك راض الاى مختلف نحن بما عندنا وأنت بما
ئەی خوێنەری بەڕێز، ئەگەر بڵێم کێ ئەوەت بۆ زامن دەکات کە حەقیقەت ڕازی بکەیت؟ ئایا لەوەی دەینووسی ڕازیبیت لەو داوا ڕووتانەنییە کە تۆ بانگەشەی دەکەیت. لەوێدا دەڵێم:
ئازادیی فیکر بەسە بۆ زامنکردنی ڕەزای حەقیقەت. لە سەرکەوتنی ئەم داوایە و بۆ ڕاستگۆیی، هیچم لە سەر نییە جگە لەبیرکردنەوەی ئازاد و بەئازادی نووسین، ئەگەر ئەوەم پێکا، ئەوە ڕازیی دەکەم و ئەگەر هەڵەیشم کرد ئەوە دەمبوورێت، لەبەرئەوەی تەنها مەبەستم ڕازیکردنی ئەو بوە و بۆ هیچ لایەکی تر لام نەداوە. بۆ هیچ شتێک نەگەڕاوم جگە لە گەییشتن بەو. ئەگەر بە دوای مەیلی خودی لە نووسیندا نەبم، لەوەیش بەرپرس دەبم کە ناتوانم بیگەمێ، بەڵام بێزاریی خەڵک لەبەر ئەوەی جیاوازم لە کۆکبوون لەگەڵ حەقیقەت و بە ڕاشکاوی پێم ڕاگەیاندن، بە پێچەوانەی ئەوان، کە لە سەر عادەتی بیماری و کلاسیکیی چروکی ئەوان ناڕۆم، لەبەر ئەوەی بۆ هیچ شتێک نانووسم جگە لە حەقیقەت، بۆیە ئەوەندە گوێیان پێنادەم:
ألا فليقل ما شاء فى المفند لعمرك أن الحر لا يتقيد. بە واتای (با هەرکەسێك دەیەوێت رەتیبکاتەوە باقسەی خۆی بکات، خەڵکی ئازاد خۆی بە هیچ شتێکەوە نابەستێتەوە).
دەزانم ئەوان توورە دەبن و هاوار دەکەن و جنێو دەدەن، ئەمەیش ئەگەر لە ژیاندابم ئازارم دەدات، بەڵام لەبەر حەقیقەت بەرگەی دەگرم. ئەگەر وا نەبم چۆن قسە بەناوی ئەوەوە دەکەم و وەك هەموو ئازادیخوازێك خۆشمدەوێت. ئەگەر لە ژیاندا نەمام هیچ خێرێک لەجنێوەکانیان

ناپێنم وەک ئەوانیش نایبینن. وەک محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای گەورەی گەورەکانی بەشەر دەڵێت، جنێودان بە مردوو نە ئازاری زیندوو دەدات و نەزیانیش لە مردوو.

مەعرووف ڕەسافی

فەلووجە پێنجی تەمووزی ساڵی ١٩٣٣

محەمەد گەورەترین پیاو کە مێژوو بە خۆیەوە بینیبێتی، گەورەترین گۆڕانکاریی گشتی لە ئایین و سیاسەت و کۆمەڵایەتیی دروستکرد، ئەم گۆڕانکارییەی لە ڕێگەی ڕابوونێکەوە لە عەرەبەوە دەستپێکرد و لە جیهاندا کۆتایی پێ هێنا. ڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتیی گۆڕی، لەوەی تێیدابوو بەرەو باڵاتری برد، کاریگەرییەکانی لە کاتێکی کەمدا خۆرهەڵات و خۆرئاوایان گرتەوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیش ماوە و تا خوا بیەوێت دەمێنێت.
ئەم کەسایەتییە گەورەیە کە لە محەمەد کوڕی عەبدوڵلا لەبەنی ئادەمدا خۆی دەبینێتەوە، هێماکانی کامڵبوونی مرۆڤایەتی تێداکۆبوەتەوە، کە مێژوو لەم جۆرەی لە پێش ئەم تێدا نەبوە. هیمەتێك کە هیچ شتێك ڕەتی نەکاتەوە، بیرکردنەوەی قوڵی دوورمەودا، خەیاڵێکی فراوانی بەهێز کە بهەێزەکەی بەرەنگاری لە حەقیقەت بکات، خواستێکی بەرز کە هیچ شتێک لە سەرروویەوە نەبێت.ئەمەیە ئەو بنەچە ڕەسەنەی کە ئەم کەسایەتییەی محەمەدی لێ دروستبوە. جگە لە فراوانیی عەقڵ و ژیرییەکی بەتین، بەڵام لەم لایەنەوە لە دەوروبەرەکەی کە تێیدا گەورە بوە و ئەو بنەمایەی کە تێیدا گەشەی کردوە بەدەر نەبوە، واتە باڵاییی عەقڵی لە سەرووی عەقڵیەتی عەرەبیزەمان و ژینگەکەی خۆیەوە نەبوە، بەڵام لە لایەنی ئارامی و سەبر و موکوڕبوونەوە هاوشانی نەبوە، ئەگەر عاقڵمەندێک و ژیرێکی تر لە سەرووی ئەویشدا بووبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەروەک هەموو کەسێک لە کەموکورتی بەدەر نەبوە.
ئەگەر ئەوهەواڵە دروستکراوانە بەدرۆبخەینەوە، کە حیکایەتخوانەکان بۆیان گواستووینەتەوە، بەڵام عەقڵ و ئایەتەکانی قورئانیش بە درۆیان دەخەنەوە، لە ژیانیدا هیچ شتێک نییە بەدەر لە عادەت و سوننەتی خودا کە گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ قبوڵ نەکات. مەبەستم لە سوننەتی خودا واتە سیستمی سروشتە، بەڵکوو ژیان هەمووی جگە لەوەی کە سوننەتی خودا لە خەڵقی خۆیدا فەرزی دەکات، هیچی تر نییە.
ئەویش لە عەیبە بەدەر نییە لەبەر ئەوەی بەشەرە، لێرەدا ناڵێم: کە پەندەکە دەڵێت (چەند عەیبەت کەم بوو، مەرد و خانەدان دەردەکەویت)، بەڵکوو دەڵێم (زۆرینەی بێ عەیبەکان بەرز دەبنەوە). لەبەر ئەوەی پەندی دوەم بێ یەکەم وا پیشاندەدات کە کامڵی ڕەها تەنها بۆ خودایە، بەڵکوو عەیبەکانی مرۆڤ وەک خۆیان عەیبە نەبوون، بەڵکوو بۆ کاروبارێک کە لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەدا بە عەیبە ناسراون، ئەو کەسەی کار بۆ بەرژەوەندیی گشتی بکات، عەیبەی کارەکانی عەیبە نین، بەڵکوو بەرژەوەندیی گشتی وا فەرز دەکات ئەو کارە بۆ تاک عەیبە بێت، بەڵام تاک هیچ حکومێکی لە ئاست گشتیدا نییە.
عەیبەیش لە پلەی کەسێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت، لەوانەیە شتێک بۆ کەسێک عەیبە بێت، بەڵام بۆ کەسێکی تر وانەبێت، ئەوەیشگوتراوە؛ چاکەی بێتاوانەکان خراپەی نزیکەکانە. بێگومان ئەو عەیبانەی لە سەر محەمەد حسابی دەکەین، بۆ کەسایەتییەکی وەک ئەو لەو مەقام و پێگە باڵایە نەبێت ئەگینا عەیبە نییە.
ئەم قسەیەی کردمان لە سەر کەسایەتیی سەیری پێغەمبەر و کورتکراوەی ئەو درێژە باسکردنەیە گەر خودا یاربێت دواتر ڕوونیدەکەینەوە.
لا إله إلا اللّه
سەردەمێکی درێژ بە سەر مرۆڤایەتدا تێپەڕی، کە بە کۆیلەیی لە نێوان بەخێوکەر و بەخێوکراودا دەژیان. بەخێوکەرێک لە نیعمەتدایێت و بەخێوکراو لە ئازاردا. زۆرێک لە بەخێوکەران لە پلەیەکی جیاوازدابوون، بەڵام زۆرینەی زۆری بەخێوکراوان هەوڵ و تەقەلایان دەدا و ئازاریان دەچەشت بۆ خۆشگوزەرانیی بەخێوکەران. لەترسا یان لە تەماعی شتێکدا بەخێوکراوان کاریان بۆدەکردن و دەیانپەرستن، محەمەد لە یەکێک لە ئایەتەکانی قورئاندا ئاماژەی بەم حاڵەتە داوە. دەڵێت: {قل ياأهل الكتاب تعالوا إلى كلمه سواء بيناو بينكم ألا نعبد إلا اللّه ولا نشرك به شيئا ولا يتخذ

بعضنا بعضا أربابا من دون الله فإن تولوا فقولوا اشهدوا بأنا مسلمون} [آل عمران: 64] به واتای: بڵێ ئێوەی ئەهلی کتێب دەسا وەرن ئێمە و ئێوە لەسەر ئەوقسەیە سوربین کە بۆ هەموومان وەك یەکە و، جگە لەوەی خودا نەپەرستین با هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەین ونەرۆین هەندێکمان هەندێك بۆ پەرستن هەڵبژێرین. ئێوە بە شایەتی دەگرم کە ئێمە خۆمان بە خودا دەسپێرین.
ئەوەی بەخێوکەران بەخێوکراوانیان پێ کۆیلەدەکرد، هێزی مادیی وەک هێزی لەشولار و چەک و تەقەمەنی و هاوکاران بوە، یانشتی ئەدەبیی وەک ئایین و پاشکۆکانی لە لایەن سەرۆک قەشەکانەوە. یان هەردوو هێزەکە هاوشان بوون پێکەوە. بە کورتییەکەی ئەم دوو هێزە لەوەتەی مێژوو هەیە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئامرازی بە کۆیلەکردن بوون لە لایەن مرۆڤەوە. بێشک ئەم حاڵەتە جگە لە مافی بەخێوکەران لە کۆمەڵگە هیچی تر نەبوە، بۆیە پێویستی بە چاکسازی بوە، ئەوەی محەمەد لە وشەی یەکبوون (لا إله إلا الله) هێنای، لە داهێنانی خۆی بوو، لەوێدا پێش ئەو هیچ کەسێک پێی هەڵنەستابوو. لەبەر ئەوەی (یهوا) ئیلاهی یەهوود ئەگەر یەکێکیش بوویێت، بەڵام ئیلاهی گشتی واتە هەموان نەبوو، بە تەنها ئیلاهی ئیسرائیل بوو، وەک ئیلاهی ئیسرائیل بەتەنها لە زەوی پەیمان پێدراوبوو، بەڵام ئیلاهی گەورەی گشتیی هەموان و زاڵ لە سەر سەرجەم خەڵق کراوان ئەو (الله)ەیە کە محەمەد نەک یەکێکی تر ناساندی، بەم واتایە هیچ کەسێک بەم کارە هەڵنەستاوە.
لەوانەیە بگوترێت عەرەب لە جاهیلیەتی پێش محەمەد خودا (الله)یەکی وەهایان ناسیوە، واتە ئیلاهی گشتیی خەلقی سەرجەم خەلقبوان: {ولئن سألتهم من خلق السماءات والأرض ليقولن الله} [لقمان: 25؛ الزمر:38]، بەواتای: ئەگەر لەوانە بپرسی : کێ ئاسمانانی ئەفراندووە؟ دەڵێن: خودا. دەڵێم بەڵێ، بەڵام ئەوانە تەنهایی نایهێڵنەوە، هاوبەشی بۆ دروستدەکەن، کۆیلایەتی خۆی لە بتپەرستی و غەیرە بتەکانیش کۆتایی نایەت.
ئەگەر بە باشی لە واتای (لا إله إلا الله) ورد ببینەوە، ئەوەی تێدا بەدیدەکەین کە مرۆڤ لە بارێکەوە دەگۆڕێت بۆ یەکێکی تری باڵا، لە باری کۆیلایەتیی گشتی دەریاندەهێنێت بۆ قۆناغی کۆیلایەتی تایبەت. واتە سەرجەم مرۆڤایەتی دەکاتە کۆیلەی خودای تاکوتەنهای بێ هاوبەش کە خاڵقی کائینات بێت. ئەو قازانجەی لە وشەی یەکبوون بۆ خەڵک دەبێت نەک بۆ خودا، لەبەر ئەوەی لە کۆیلایەتی بۆ غەیرەخودا ڕزگاریان دەکات، جگە لە خۆیان قازانجەکەی بۆ هیچی تر نییە، چونکە خودا هیچ زیانێک لە عیبادەتکردن بۆ یەکێکی تر ناکات و هیچ قازانجێکیش لە بە تەنها عیبادەتکردنی ئەو نەک یەکێکی تر ناکات: {إن الله غنى عن العالمين} [آل عمران: 97]. بە واتای: خوا لە هەموو کەسێك بێ نیازترە.
جگە لە الله هیچی تر بوونی نییە
پێشتر گوتمان وشەی یەکبوون خەڵکی لەباری کۆیلایەتیی گشتییەوە گۆڕی بۆ قۆناغی کۆیلایەتیی تایبەت. لێرەدا دەڵێین؛ کۆیلایەتییەک بۆ خالقێکی خەلق نەکراو و ڕزقبەخشێک کەس ڕزقی نەدات، کۆیلایەتییەکی شەریفانەیە. هیچ شتێک لەسەری ناکەوێت وەک ئەوەی لە کۆیلایەتییەکی گشتی لە زەرەروزیان و لە ئازاری کۆیلە و نیعمەتی کۆیلەداردا دەبێت.
خەڵک لە کۆیلایەتی بۆ خودا "کۆیلایەتیی تایبەتە" دوو قازانج دەکەن؛ یەکەم: لە کۆیلایەتی بۆ غەیرەخودا ڕزگاریان دەبێت، دووەم: لە ڕووی خودییەوە، لەسەرجەم حاڵەتەکاندا بەرەو ئەسڵ دەچن کە خۆی بەشێکە لەو و بەرەو کۆتاییە: {وإليه ترجعون} [البقرە: 245، ٢٤٥؛ یونس: 56؛ هود: 34]. بە واتای: هەمووش هەر دێنەوە لای ئەو.
هەرچەند کۆیلایەتیی تایبەت شەریف بێت، بەڵام پلەیەکی باڵای تر هەیە کە ئەویش پلەی فەنابوونە لە حەقیقەتی گشتیی ڕەهای ناکۆتاییدا، کە ئەویش خودی (الله)یەو ناونیشانی ئەم پلەیە (لا موجود الا الله) بە واتای: جگە لە خودا هیچی تر بوونی نییە. ئەوەیش لە لایەن فەیلەسووفەکانی ئیسلام بە یەکبوونی هەبوون دەناسرێت. ئەگەر بۆشاییی ئاسمان بەناکۆتایی و درێژیی زەمەن و فراوانی و دوورایی ئەو زیندەشاراوە و ئاشکرایەی تێدایە، وێنایەکی گشتی لەبەرچاوبێت نەک بەشبەش. لەوێدا تۆ وێنای حەقیقەتی ڕەهای گشتیی بێکۆتایی خودی خودا دەکەیت و دەزانیت جگە لەو هیچ بوونێکی تر نییە. ئەگەر بیرت لای بەشێک لەوێنەی بوونەوەرەکان وەستایەوە، لەوێدا بیرت لای بوونی گشتی نامێنێت و کوفر بەخودی خودا دەکەیت.
ئەگەر توانیت لە بیرکردنەوەدا وەک بەشەبوونێک خۆت لە بوونی گشتیدا ون بکەیت و لەبیرببکەیت و وێنە دیاریکراوەکەی خۆتت لەبەرچاونەبێت، دەشێت وەک بوونی گشتی

دەربکەویت و وەک خودی خودا بدوێیت و کاربکەیت، لەبەر ئەوەی بە وێنەی خۆت، وەک بەشێک جگە لە بوونت وەک وێنەیەک دەرناکەوێت، بەڵام هەبوون، بوونی گشتیی ڕەهایی ناکۆتاییە.
ئەگەر ئەمەت بە باشی تەگبیر کرد، دەزانیت کە حەلاج ڕاستگۆ بوە لە گوتنی "من حەقم"، بەڵام ئەم وتەیەی سەرەڕای ئەوە ڕاستگۆ بوە تێیدا، بە کوفر بەخودی خودا دەبینرێت، لەبەر ئەوەی دەڵێت "من" و من نیشانەی بەشەبوونێکە لە دەرەوەی بوونی گشتیدا و قەوارەی نییە، لە وتەی (محی الدین بن عربی) تێگەییشتم کە دەڵێت: نەسرانییەکان لە بەخوداکردنی مەسیح کوفریان نەکردوە، بەڵام لە بەتایبەتدانانی مەسیح کوفریان کردوە. واتە لە سەر بەشەوێنای بوونی گشتی وەستاون. هەرچەند دەربارەی یەکێتیی بوون قسەبکەین، دەرپرینەکان کورت دەهێنن، چونکە واتای وردی تێدایە:
وقصر عن تبيانه النظم والنثر ففى النفس ما أعيا العباره كشفه
قدير على تبيانه المنطق الحر وما كل مشعور به فى نفوسنا
إليه من الالفاظ أعينها الخزر ويا رب معنى دق حتى تخاوصت
بە واتای: ئەوەی بمانەوێت لەم بارەوە بە پەخشان و هۆنینەوە باسی بکەین، کورت دێنێت، زۆر شت لە ناخدا هەیە بەدەربرین دیارنابێت، بە لۆجیکیانە دەتوانرێت روون بکرێتەوە، ئەوەی لە ناخدا هەستی پێ بکرێت لە ئاست هەموو قسەو لەفزێکدا بە وشە دەرنابرێت و لەوانەیە بە واتا دەرەکیەکەی لێی بروانین، ناوەخنەکەی وەك خۆی نەیەتەوە.
بۆ داوای چارەسەر و یەکێتی، بیری هەندێکیانم دەربارەی یەکبوونی بوون لابرد. گوتیان خودا لە فڵاندا یان لەگەڵ فڵاندا یەکیگرتوە، ئەمەیش باتڵە و لەگەڵ یەکبوونی بووندا نایەتەوە، یەکگرتن وا فەرزدەکات کە دوو شت هەبێت، شیکەرەوە و شیکراوە، یەکگرتن و یەکگرتوو لەگەڵیدا بێت، ئەمەیش یەکبوونی گشتیی ڕەها ڕەتدەکاتەوە، ناگوترێت خودا لە فڵاندا توایەوە، هەروەك چۆن نابێت بڵێین شەپۆل لە ئاودا دەتوێتەوە ئەگەر ئاوێک شەپۆلدار بوو، چونکە لەوێدا،تەنها ئاو هەیە و شەپۆل وێنایەکی بەشێکە لە ئاوەکە و نامێنێت.
محەمەد یەکبوونی بوونی لە قورئاندا دەرخست: {هو الأول والآخر والظاهر و الباطن و هو بكل شىء عليم} [الحديد:3 بە واتای  پیشوو ئەوە و، دوایی ئەوە و، لەبەرچاو نادیارە و، لە هەموو شتێك ئاگادارە. ئەم ئایەتە زۆر ڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە پێشتر لە هەبوونی گشتی ڕەهادا گوتمان، پێش ئێمە ئەگەر گوتمان: یەکەم؛ کە درکی پێناکرێت و بە کۆتاییەکەی ناگەین و بە دیار و ئاشکرا و ناوەخنەکەیشی نابینرێت، هەموو ئەوانە خودایە، واتای ئەمە لەوەدا ڕاشکاوانەیە کە هیچ هەبوونێک جگە لە خودا بوونی نییە، ئەمەیش یەکبوونی بوون دەگەیەنێت.
ئایا محەمەدگەییشتە ئەم پلە باڵایە لە بیرکردنەوەدا، یان لە خەڵکی ترەوە بە تەڵقین وەریگرت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە توێژینەوە و کنەکردنە، منیش ئەمڕۆ لەم نووسینەدا، لە ماڵێکدا لە فەلووجە داپڕاوم لە ئامڕازی توێژینەوە و کنەکردن، هیچ کتێبێکم لا نییە بگەڕێمەوە بۆی، خوێنەر بمبوورێت ئەگەر پێی بڵێم، کە ناتوانم بە هیچ شێوەیەک وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.
درککردن و گەییشتنی محەمەد بەم پلە باڵایەی، کە هیچ هەبوونێک نییە جگە لە خودا، بە توانا لە ڕادەبەدەرەکەی (کە لە کردەوەکانییەوە دەردەکەوێت) توانیی لەگەڵ بوونی حەقی گشتیی ڕەهای ناکۆتایی تێکەڵ بێت و خۆی تێیدا ون بکات، تێیدا بڵاوبێتەوە، بوونی خۆی وەک بەشەبوونێک لەبیربکات، بۆیە بۆی هەیە لە سەر خودی خودا چی بڵێت و کارەکانی بکاتە کاری خودا. وەک لە قورئاندا هاتوە: {وما رميت إذ رميت ولكن الله رمى} [الانفال: 17].بە واتای: ئیوە ئەوانتان نەکوشت خودا کوشتنی.وەک: ) {إن الذين يبايعونك إنما يبايعون الله يد الله فوق أيديهم} [الفتح: 10] بە واتای: ئەو کەسانەی پەیمان لەگەڵ تۆدا دەبەستن با بزانن پەیمان لەگەڵ خودا دەبەستن، دەستی خودا لەسەر دەستی ئەواندایە.

واتە بەیعەتکردن بۆ محەمەد بەیعەتکردنە بۆ خودا، دەستی خودا لەسەرووی دەستی ئەواندایە، بەم دەرپرینە فەلسەفییە، لەوەی دەیڵێت لە سەر خودا ڕاستگۆیە، دواتر دەرپرینی تریشی دەردەخەین کە دیسان ڕاستگۆیە تێیدا.

(4)

## مەبەست و ئامانجی محەمەد

ئامانجی محەمەد لەمەدا تەنها دەعوا و بانگەشە نییە بۆخوداپەرستی، یان پێغەمبەرایەتی، تەنها ئایینیی ڕووت نییە، بەو بەڵگەیەی کەسەرانە (جزیەی)ی لە غەیرە عەرەب لە ئەهلی کتێب و مەجووسییەکان وەرگرت. بێگومان جزیەوەرگرتن لەوان و هێشتنەوەیان لە سەر ئایین و ڕەوتی خۆیان لە کوفر و سەرگەردانی، لەگەڵ ئەوەدا نایەتەوە کە داوای لە هەموو خەڵکدەکرد، یەکبگرن لە عیبادەتی خودای تاک و بێ هاوبەش.
ئەگەر بڵێین ئەهلی کتێب خەڵکی دینداری پێغەمبەریان لای خوداوە بۆ هاتوە، داوای بوون بەئیسلام داوایەکی چاکسازییانەیە، بەڵام داوای لە موسوڵمانبوونی کافرەکان ڕزگارکەرانەیە، بۆیە جزیەی لەوان قبوڵکرد و لەمان نەخێر. لێرەدا دەڵێم محەمەد وەك ئەهلی ئاپینی ئاسمانی دان بە مەجووسییەکاندا نانێت. ئەوان و کافرەکان لە دینی ئەودا یەک شتن، بەڵام ئەهلی کتێبی یەهوود و نەسرانی، خاوەن ئایینی ئاسمانی دانپێدانراون، بەڵام لە ئایینەکەیان لایانداوە و گۆڕیویانە. ئەو ئایینەی کە پێی دەڕۆن لە ئازاری خودا نەجاتیان نادات، ئەوانیش وەک کافرەکان لە دۆزەخدا بەزیندوویی ئازار دەچێژن، وەک لە ئایەتەکانی قورئاندا هاتوە، بۆیە دەبێت داواکردنی بە ئیسلامبوونیان بۆ ڕزگارکردنیان دەبێت نەک چاکسازی.
لە نەسرانییەکانیشدا هەیە کە مەسیح بەخودا دەزانێت، وەک لە قورئاندا هاتوە، یان بە کوری خودا، هەروەها یەهوودیش دەڵێت، عوزێر کوری خودایە. کەواتە هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و کافرەکاندا نییە، هیچ جیاوازییەک لە نێوان کوفر و شیرک لەگەڵ هاوبەش دروستکردندا نییە، چ جیاوازییەك هەیە ئەگەر پیاوێک بە شەریکی خودا لە قەڵەم بدەن یان بتێک یان درەختێک یان ئەستێرەیەک یان شتی تر، قبوڵکردنی جزیە لەوانە و بەدوور لەکافرە عەرەبەکان بە ڕوونی نیشانیدەدات کە ئامانجەکەی تەنها ئایینی ڕووت نییە، بەڵکوو محەمەد هەوڵی گۆڕانکاری و ڕابوونی عەرەبیی ئایینیی کۆمەڵایەتیی سیاسی دەدات، لە عەرەبەوە دەستپێدەکات و لە جیهانی بووندا کۆتاییی دێت، واتە لە سەرەتادا عەرەب دەیکات و دواتر دەگشتێنرێت و لە کۆتاییدا هەموو خەڵک دەگرێتەوە.
بێگومان ئەم ڕابوونە لە بەڕێوەچوون و کامڵبوونیدا پێویستی بە پارە هەیە، بۆیە ئەمەیشی لە داهاتی جزیەدا دابینکرد، بە مەرجی ئەوانەی کە دەیدەن و بە کافری دەمێننەوە لە ژێر سایە و ئەستۆی عەرەبدا بن وەک ئەهلی پەیمان. ئەبووعەلای مەعەری لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە جزیە داوە:
بطل، وتجمع إكراما له الشيع المال يسكت عن حق، وينطق فى
مساجد القوم مقرونا بها البيع وجزيه القوم صدت عنهم، فغدت
بە واتای: پاڵەوانێك کە خەڵکەکە وەك پاداشت پارەی بە حەق بۆ کۆبکەنەوە و لە مزگەوتیش خەڵکیتر باوەریان پێ هەبێت، بەڵام سەرانەی ئەوانیتر جێگەی باوەری ئەمان بگرێتەوە.
لەبەر ئەوەی ئەم ڕابوونە عەرەبییە، عەرەب نەک خەڵکی تر پێی هەڵساوە، عەرەب هەمووی یان زۆرینەی بتپەرست بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا ناکۆک و ناتەبا و خۆخۆر بوون، زۆر پێویست بوو، پێش هەموو شتێک ئەوان یەکبخات، یەکێتیی ئایینییان تێدا دروست بکات و بەپشتێنی برایەتیی ئایینی بەیەکەوە بیانبەستێتەوە، هەروایشی کرد، بتپەرستیی نەهێشت و بە تێکدانێکی هەمەجۆر و لەناوبردنێکی سەیر تێکیشکاندن، وەک ئەوەی لە قورئاندا بە ڕستەی (لا اله إلا الله) هاتوە، کە یەکێکە لە داهێنانەکانی محەمەد، یەکیخستن. وەک پێشتر باسمانکرد، داوای لێکردن خودای بێ هاوبەش بپەرستن. سەرەتا تەنها بە ئایەتی قورئان داوای لێکردن، چونکە هیچ هێزێکی پاڵپشتی نەبوو بۆ ناچارکردنیان، لە سەر داواکەی بەدەست قەومە کافرەکەیەوە زۆرئازاری چەشت. خۆی و هەندێکسەرگەردانی شوێنکەوتووی، ئازارێکی زۆریان بینی بە دەستیانەوە، بەڵام دوای کۆچکردن بۆ مەدینە، کە هێزی بەدەستهێنا، داوای لێکردن قورئان بە دەستێکییەوە بێت و شمشێریش بەوەکەی تر. هیچ چاوپۆشییەکی نەکرد لێیان، نە بە هیچ بەهانەیەک ڕازی بوو، نە بە جزیەیش، جگە لە ئیسلامبوون هیچی لێ قبوول نەکردن، داوای لێ کردن، باشە ئەگەر تەسلیم بن، ئەگینا شمشێری لێهەڵدەکێشان و نەیدەگەڕاندەوە

کالانەکەی تا دەبوونە موسوڵمان. ئەگەر بزانیت محەمەد لە پشت داواکاریی عیبادەتی خودای بێ شەریک چیی مەبەستە، دەزانی هۆکاری توندڕەوی لە تێکدانی بتەکان و بۆچی توندڕەوی لەدژی پەیداکردنی هاوبەش بۆ خودا بە گوناهێکی بێ لێخۆشبوونی لە قەڵەم دا: {إن الله لا يغفر أن يشرك به و يغفر ما دون ذلك لمنيشاء} [النساو: 48- ١١٨]بەواتای: خودا لەوانە خۆش نابێت کە بڵێن هاوبەشیی هەیە، بۆ هەرکەسێك لەمەبەدەر کە خودا لەهەرکەسێك بیەوێت دەبووریێت.

لە حەقیقەتدا وانییە، لەبەر ئەوەی هاوبەش بۆ خودا هیچ زەرەرێکی لێنادات، هیچ زەرەرێکی مادی لە خەڵک نادات، هەرچەند بێهودەیی و نابووتییان پێوەدیاردەبێت. ئەگەر هاوبەش پەیداکردن بۆ خودا زیانی مادی لەخەڵک بدات، ئێستا خەڵکی عێراق لەناودەچوون، وەک لەوەدا دەبینرێت، لە عیبادەتکردن لە زیارەتی گۆڕستان لەو قوببانەی کە بە عەقەبەی پیرۆز ناسراون، بتپەرستییان گەڕاندوەتەوە. ئەو بتپەرستییەی کە محەمەد بەشمشێر و قورئانەکەیشی شەڕی بەرانبەر دەکردن، بە شێوەیەکی ناشرین و پوخڵی بە هەموو توندییەکییەوە لە سەردەمی جاهیلی بە زەبرتر گەڕاوەتەوە، لەگەڵئەوەپشدا خەڵکی عێراق وا دێنودەڕۆن وەک ئەوەی تەنها خودای تەنهای بێ شەریک بپەرستن، بەڵام لە حەقیقەتدا خودا لەوەی هاوبەشی بۆ پەیدا دەکات دەبووریێت نەک شتی لەوە کەمتر، لەبەر ئەوەی جگە لەوەی شەریک پەیداکردن لە شتە بێزراوەکانن کە پێوەندیی بە مافی خەڵک و بە سەر خەڵکەوەبێت، ناکرێت لێی ببورێت، بە پێچەوانەی هاوبەش پەیداکردن کە هیچ زیانێک بە خودا ناگەیەنێت و پێوەندیی بە حەقی خەڵک و هیچی بە سەر خەڵکەوە نییە.
محەمەد ئەم حەقیقەتەی باش دەزانی، بەڵام وەك گوتمان هۆکاری توندبوونی لە سەر شەریک پەیداکردن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دەیەوێت یەکیان بخات و یەکێتیی ئایینی دابین بکات، لە پێناو ئەوەی ڕابوونێکی گەورەیان تێدا دروست بکات، کە چاکەی بۆ سەرجەم خەڵک هەبێت. ئەگەر یەکێتیی ئایین لە حەز و ئارەزووی مادی و مەعنەوی دووربێت، ناتوانێت هەڵسانەوە دروست بکات، بۆیە وای لێکردن کە ئاواتی بەدەستهێنانی بەهەشت وەک ئامانجی مەعنەوی بێت و بە کاری چاکە بەدەستدێت، شەهیدبوون لە پێناو خودا دا بە باشترین چاکەکاری لە قەڵەمدا. هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکاندا کرد، بە شێوەیەکی خەیاڵی وێنای کرد، کە لەباسکردنیدا چ نیعمەتێکی هەمیشەبییە، باس کردنی ئەم بەهەشتە لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پیغەمبەردا هاتووە، لە داهێنانی محەمەدە و پێشتر نەبوە. ئەمەیش بەڵگەی بەهێزی و خەیاڵفراوانییەتی. شەهیدێک لە پێناو خودادا بمرێت نامرێت و زیندوە لای خەڵک {ولا تحسبن الذين قتلوا فى سبيل الله أمواتا بل أحياء عند ربهم يرزقون} [آل عمران: 169].بە واتای: ئەو کەسانەی لە ڕێی خودادا کوژراون، هەرگیز نابێت بە مردویان حیساب بکەن و هەر زیندوون و خودا بژێوپیان دەداتێ.

لە لایەنی حەزی مادییەوە، غەنیمە و سەبیکردنی ژنانی لە کاتی جەنگدا حەڵاڵکرد، کە پێشتر جزیەی لە سەر غەیرەئایین دانا و لە ئایینەکانی پێشوو غەنیمە حەڵاڵ نەبوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وەک لە بەسەرهاتەکانی پێغەمبەردا دەگوترێت، حەڵاڵکردنی غەنیمە بە یەکێک لە سیفەتەکانی عەرەبی جاهیلی دادەنرێت و ئەوە بوە کە لە هەڵکوتانە سەر خێڵێک لە لایەن ئەویترەوە، چییان دەستکەوتایە لە ماڵ و ژن وەک سەبی دەیانبرد، بۆیە بەرژەوەندیی وای لە محەمەد کرد کە دان بەم کارەدا بنێت و حەڵاڵی بکات. ئەگەر بزانیت، ئەو چێژە مادی و مەعنەوییەی تێدا بوە و عەرەب لە وڵاتێکدا ژیاوە کە ئەوەندەی قاتوقڕی و قورسایی ژیان تێدابوە و نیعمەتی شارستانییان نەبوە، خەڵکێکی دەشتەکی بوون، کە لە شەڕدا بە توندوتیژیی و ئازایەتی بەناوبانگ و بەهیمەت بوون، لەمەدا دەزانیت کە چەند قازانجیان لە ڕابوونی ئیسلامیی .محەمەدی کردوە، لە ڕێگەی سەرکەوتن و فەتحی ئیسلامییەوە
ئازایەتی و بەهیمەتی لەگەڵ قورسایی ژیاندا، وای لێکردن کە یەکێتیی قەومەکان وەک یەکێتییی لەشی لێبێت، هەروەها دەرگای بەهەشت کردنەوە لە لایەک، کۆکردنەوەی غەنیمەی جەنگ لە لایەکی ترەوە، چ سەرسوڕمانێکی تێدایە،لەماوەی سی ساڵ و کەمتریش، سەریان تێکدایێت لە سەرجەم وڵاتان لەوپەڕی خۆرهەڵات بۆ ئەمپەڕی خۆرئاواوە. با خەڵک شتی تر وەك موعجیزە بۆ محەمەد دانێن، تەماشای ئەم ڕابوونە و لێکەوتەکانییکەن، کە موعجیزەی موعجیزەکانە و هاوشێوەی نەبوە لە نێو مێژووی مرۆڤایەتیدا. لەو کاتەی مێژوو

ناسراوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. چۆن خەڵکێکی نەزان دێت و ئەم ئامانجەی محەمەد بۆی تێکۆشاوە، وەک خۆی چەندین جار باسیکردوە، ڕەتدەکاتەوە.
لە سیرەی ئیبن هشام و سیرەی حەلەبیدا هاتوە، کورتەکەی: کاتێک ئەبووتالیب لە کاتی نەخۆشی و مردنەکەیدا، زۆرێک لە قورەیش هاتن بۆ لای بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ محەمەد بکات، کە لە خۆیان و بتەکانیان ببورێت و وازبهێنێت، ئەوانیش واز لەو دەهێنن. ئەبووتالیب بانگی کرد و قسەی لەگەڵ کرد، محەمەدیش گوتی: ئەگەر بەوەی داوای دەکەن ڕازییم و بتاندەمێ، یەک وشەم دەدەنێ(مەبەستی یەکبوونی ئایینی بوە -و-) کە عەرەب لەخۆبگرێت و عەجەمیش ملکەچ بکات. ئەمەیش ڕاشکاوانەیە، کە دەیەوێت خۆی عەرشی عەرەب بگرێتە دەست و عەجەمیش ملکەچی بن و ببن بە ژێردەستەیان، ئەم شتەیش لە ئاییندا نییە، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئایین عیبادەتی خوای تەنهای بێ شەریکە.
ئەم ئامانجەی لای (سراقە بن مالك المدلجی) وەک لە (سیرە الحلبیە)دا هاتوە باسکردوە، بەکورتییەکەی: کاتێک محەمەد لە مەکەوە کۆچیکرد بۆ مەدینە لەگەڵ ئەبووبەکردا، قورەیش بۆ کوشتنیان یان دەستگیرکردنیان، دوو سەت حوشتر خەڵاتی دانا و ئەم هەواڵەی بەو دەوروبەرەدا بڵاوکردەوە، کە سوراقە بۆ ئەو مەبەستە دەرچوو، پێیان گەییشت، بەڵام خودا لێی پاراستن. تەنانەت سوراقە بە محەمەدی گوت: من دەزانم ئەم کارەت لە جیهاندا دەردەکەوێت و خاوەنداریی موڵکایەتیی خەڵک دەکەیت. پەیمانم پێ بدە لە کاتی پاشایەتیت، کە هاتمەلات ڕێزم بگریت. داوای لێکرد نووسراوی سەلامەتیی بۆ بنووسێت، ئەویش داوای کرد لە عامر بن فهیرەی، بەردەستەی ئەبووبەکر کە لەگەڵیاندا بوو، ئەو نووسراوەی سەلامەتبوونی بۆ نووسێ. کاتێک سوراقە ویستی بڕوات، محەمەد پێی گوت: پێت چۆنە ئەگەر بازن و زێڕ و خشڵی کیسرا بپۆشیت؟ گوتی: کیسرا کوڕی هرمز؟ گوتی: بەڵێ. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە لە پشت بانگەشە بۆ خوداپەرستی، نیازی دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی فارس و بە غەنیمەبردنی ماڵوموڵکی کیسرایشی هەبوە، تەنانەت باسی لەوەکردوە سوراقە بازن و زێڕەکانیشیان بپۆشێت. ئەم ئامانجەی لە ڕۆژی خەندەق ئاشکرا کرد، لە (السیرە الحلبیە و سیرە ابن هشام) لە سەر زمانی سەلمان فارسەوە، دەڵێت: لە لایەکەوە خەندەقم لێ دەدا، ڕەقییەکی بەرکەوت و پێغەمبەری خودام لە نزیک بوو، کە بینیمی لە ئەرزەکە دەدەم و شوێنەکە ڕەقە، دابەزی و پاچەکە (قوڵنگەکە)ی لە دەستم وەرگرت، کە لەو شوێنەیدا، بریسکەیەکی لێهەستا، دیسان لێیدا، ڕووناکیی بریسکەیەکی تر دەرکەوت و سێیەم جاریش هەروا، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا دایک و باوکم بە قوربانت بێت، ئەوە چی بوو؟ ڕووناکیت لە ژێر قوڵنگەکەوە دەرخست کە لێتدا؟ گوتی: ئەی سەلمان ئەوەت بینی؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: ئەوەی یەکەم؛ خودا دەرگای یەمەنی بۆ کردمەوە، ئەوەی دوەم؛ دەرگای شامی بۆ کردمەوە، ئەوەی سێیەم؛ دەرگای خۆرهەڵاتی بۆ کردمەوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە، کە ڕەقیی زەوییەکەی قورس بوو بۆ سەلمان. پێغەمبەری خودا قوڵنگەکەی لە سەلمان وەرگرت و گوتی: بەناوی خودا، بە لێدانێک یەک لە سەر سێی شکاند و ڕۆشناییەک دەرکەوت، گوتی (الله أکبر) و گوتی: کلیلی یەمەنم وەرگرت، ئێستا دەرگاکانی سەنعا وەک کەڵبەی سەگ دەردەکەون و لێمەوە دیارن. لە لێدانی دوەمدا، سێیەکی تری شکاند و ڕووناکییەک دەرکەوت، دیسانەوە گوتی (الله أکبر) و گوتی: کلیلی شامیان پێبەخشیم، بە خودا ئێستا کۆشکە سوورەکانی دەبینم. سێیەم لێدان، پاشماوەی بەردەکەی شکاند و بروسکەیەک دەرکەوت، گوتییەوە (الله أکبر) و گوتی: کلیلی فارسم وەرگرت، وەڵڵا ئێستا کۆشکەکانی حیرە و مەدائینی کیسرا وەک کەڵبەی سەگ لەشوێنی خۆمەوە دەبینم. لە گێڕانەوەیەکی تردا: کۆشکی مەدائینی سپی دەبینم. ئینجا باسی شوێنەکانی فارسی بۆ سەلمان کرد. سەلمان دەڵێت، باوەڕم بە پێغەمبەری خودا کرد، کە ئەمە سیفەتی ئەوە، شایەتمان دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خودای، ئینجا پێغەمبەر گوتی: ئەم شوێنانە دەکرێنەوەو فەراهەم دەبن، خودا لە دوای من مەیسەری دەکات، ئەی سەلمان.
بێگومان ئەو ڕووناکییە یان بریسکانەوانە لە دەرئەنجامی بەرکەوتەی بەهێزی پاچەکە بە بەردەکەدا بوە، وەک ئەوەی لە ژێر ناڵی ئەسپیشدا دەردەکەوێت، کە لە سەر زەوییەکی ڕەقدا بڕوات و بەر بەردبکەوێت. پەیامبەر هیچ هەلێکی لە دەست نەداوە بۆ باوەڕپێکردن و بەڕاستزانینی مەبەستەکانی. ویستویەتی بەم کارەی ئامانجەکەی بپێکێت، وەک گوتم ئەمەیش بەهێزیی خەیاڵفراوانیی بوە. ئەگەر خەیاڵی شتێکی بکردایە، وای دەزانی دەیبینێت و دەستی بەریدەکەوێت، ئامانجەکەی لە کاتی لێدانی قوڵنگەکەدا وێناکرد و وایدەزانی ئەو

ڕووناکییەی لێدانی بەردەکە، ئەو وڵاتانە ڕووناک دەکاتەوە کە دەیەوێت بیانگرێت. وای دەزانی دەرگا و کۆشکەکان وەک کەڵبەی سەگ بۆی دەردەکەوێت و دەیبینێت. لەبەر ئەوەی کۆشکەکان لە دوورەوە لە لایەن مرۆڤەوە وادەبینرێن. ئەوەی سەلمان لە ڕۆژی خەندەقدا گوتی، لە نێو هاوەڵانیدا بڵاوبوەوە، لە دوورەوەکان وەک موعتب کوری قوشەیر گوتی: سەرتان سوڕنامێنێت کە محەمەد ئاوات و ئامانجی ناڕاستتان پێدەدات، واتان پیشاندەدات کە لە یەسربەوە کۆشکەکانی حیرە و مەدائینی کیسرا دەبینێت و دەیانگرێت، کەچی ئێوە خەندەق لێدەدەن و لە ترسدا ناتوانن دەربکەون. ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: {قل اللهم مالك الملك توتى الملك من تشاءو تنزع الملك ممن تشاءو تعز من تشاءو تذ ل من تشاء بيدك الخير إنك على كل شىء قدير} [آل عمران: 26].بە واتای: بڵێ: خودایە! ئەی خاوەن هێز و دەسەڵات! هەر کەس بۆ خۆت مەیلت لێبێت دەسەڵاتی پێ دەدەیت و کێش تۆ حەزکەیت دەسەڵاتی لێ دەسێنیتەوە؛ هەر کەسێکت بوێت ڕێزداری دەکەیت و هەرکەسێکیشت بوێت زەبونی دەکەیت؛ چاکە بەدەستی خۆتە و تۆ توانات لەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

لە گێرانەوەیەکی تردا، هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە بۆ شتی تر دەگێڕیتەوە: محەمەد کە مەککەی کردەوە، پەیمانی پێدانی موڵکومالّی ڕۆم و فارسی بە میللەتەکەی دا، دوورەوەکان و یەهوود گوتیان: هەیهات هەیهات، موڵکومالّی فارس و ڕۆم لایمحەمەد چی دەکات، کە ئەوان توند و بە شکۆ و سەربەخۆن. ئەم ئایەتە دابەزی، لەمە ڕاشکاوانەتر دەبێت کە بگوترێت ئامانجی محەمەد تەنها ئایینیی ڕووت نەبوە.

بەشێوەیەکی تر ئامانجەکەی بۆ (عدى بن حاتم) کە لە شامەوە هاتبوو گێڕاوەتەوە، لە (سیره ابن هشام) و (سیره الحلبیه)، بە کورتییەکەی (عدى بن حاتم) لە سەر ئایینی ڕکوسی بوو، ئەمەیش ئایینێکە لە نێوان نەسرانی و سابئی، لە کاتێکدا کە خاڵۆکانی محەمەد زۆریان بۆ هێنا و ڕایکرد بۆ شام. عودەی پیاوێکی ناوداری کۆمەڵایەتی بوە، وەک دەڵێن دەمسپی و پیاوی خێڵ بوە، لە کاتی جاهیلی دا، وەك هەر سەرۆك خێڵێك، چواریەکی غەنیمە بۆ ئەم بوە، خاڵوانی پەیامبەر خوشکەکەیان بە سەبیە بردبوو، بەڵام محەمەد ئازادی کرد و ئەویش بەو چاکەیەی زانی و ڕێزی لێگرت و گەڕایەوە لای براکەی، ئەویش واتە خوشکەکەی هانیدا بڕوات بۆ لای محەمەد، بە شاندێک ڕۆیشت بۆ مەدینە، لێرەدا قسەکە بۆ ئەو دەگێڕینەوە، دەڵێت: کە چووم تا گەییشتمە لای محەمەد لە مەدینە و چوومە لای، گوتی: ئەم پیاوە کێیە؟ گوتم: (عدى بن حاتم). پەیامبەر هەستایە سەر پێ و بردمی بۆماڵەکەی خۆی، بەخودا کاتێك لە ڕێگەدا ژنێکی گەورەی لاواز بەری لێگرت و زۆر لەگەڵیدا وەستا و پێویستییەکانی پێ ڕاگەیاند، گوتم: ئەمە پاشا نییە، ڕۆیشت تا گەییشتینە ماڵەکەی، سەرینێکی لە پەڕ ناوبۆشکراوی پێدام، گوتی: لە سەر ئەمە دابنیشە. گوتم: دەبێت تۆ لەسەری دابنیشیت. گوتی: نەخێر تۆ دابنیشە. لەسەری دانیشتم و پەیامبەر لە سەر زەوییەکە دانیشت. گوتم: بەخودا ئەمە کاری پاشا نییە. ئینجا پێی گوتم: یا (عدى بن حاتم) ببە بە موسوڵمان سەلامەت دەبیت. سێ جار گوتییەوە. گوتم: من لە سەر ئایینی خۆمم. گوتی: من لە تۆ زیاتر لە دینەکەت دەزانم. گوتم: تۆ لە ئایینەکەم زیاتر دەزانیت! گوتی: بەڵێ. تۆ لە ڕکوسییەکان نیت، لەو قەومە نیت کە ئایینیان هەیە. گوتم: بەڵێ. گوتی: تۆ بە چوارینەوەرگرتن خێڵەکەت بەڕێ ناکەیت؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: ئەوە لە ئایینەکەتدا حەلاڵ نییە؟ گوتم: بەڵێ بەخودا. ئەوجا زانیم کە پەیامبەری نێرراوە، ئەوەی نەزانراوە دەیزانێت. ئینجا گوتی: ئەی عودەی لەوانەیە ئەوەی ناهێڵێت بێیتە نێو ئەم ئایینەوە، ئەوەیە کە لێرەدا دەیبینیت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بیت کە لاواز و ڕەشوڕووتن و هیچ هێزێکیان نییە، عەرەب لەگەڵ پێداویستییەکانیاندا فڕێی داون. بە وەڵاهی ئەوانە ئەوەندە پارەیان لێ زیاد دەبێت کە کەس نەبێت بیبات، یان ئەوەی ڕێگرە بێتە ئەم ئایینەوە، زۆریی دوژمنان و ژمارەی کەمی ئەمانە. گوتی حیرە دەناسیت؟ گوتم: نەمبینیوە، ناویم بیستوە، گوتی: بەو خودایە، وای لێدێت کە ئافرەتێک لە حیرەوە دەربچێت تا دەگاتە ماڵی خودا تەواف دەکات بێ ئەوەی کەسی لەگەڵدا بێت. لە گێرانەوەیەکی تردا، دەڵێت: وای لێدێت کە ئافرەتێک بێ ترس لە قادسییەوە بە سەر حوشترێکەوە دێت و سەردانی ماڵی خودا دەکات، لەوانەیە تۆ ئەوە ناهێڵێت ببیت بە موسوڵمان، وابزانیت موڵک و سوڵتان لە لای کەسانی ترە، بەو خودایە وای لێدێت، کە گوێت لە کۆشکی سپیی ئەرزی بابل بێت چۆن بۆیان دەکرێتەوە. عودەی گوتی: دواتر ژنم بینی کە چۆن لە قادسیەوە بە سەر حوشترێکەوە دەهات و حەجی دەکرد، بەو خودایە ئەوەندە پارەمان بوو، کە کەس نەبوو بیبات.

بێگومان وتەی "وای لێدێت ئەوەندە پارەیان لا زیاد دەبێت کە یەکێک نەبێت بیبات" ئاماژەیە بەوەی کە چەندین وڵات دەگرن و بە جزیە و سەرانە جگە لە غەنیمەت دەوڵەمەند دەبن، لە بڕگەی سێیەمی قسەکانیدا بە ڕاشکاوی دیارە کە لە پشت بانگەشەی ئایینەکەیەوە مەبەست و نیازی پاشایەتی و سەڵتەنەت هەیە.
ئەو لێدوانانەی کە ئامانجەکەی دەردەخەن، ئەو قسانەی بە شاندی خێڵی (بنی عزرە)ی یەمەنی گوت: (عزرە) برای (قصی) بوو لە دایکەوە، ئەو یارمەتیی (قصی)دا لە وەرگرتنی سەرپەرشتیی کەعبە لە خوزاعە، لە السیرە الحلبیە.
شاندێکیلە دوانزە پیاوی ئایینیی (بنی عزرە)ی نارد بۆ لای پەیامبەری خودا، بە سڵاوی جاهیلیەت سڵاویان لێکرد. پەیامبەر پێی گوتن: ئەم قەومە کێن؟ وتەبێژێکیان گوتی: لە (بنی عزرە)ین: ئێمەین کە پشتگیریی (قصی)مان کرد، لەناوجەرگەی مەککەدا خوزاعە و بەنی بەکرمان لادا، ئەوەین کە قوربانی ونەزرەکان بۆ ئێمەیە.
پەیامبەر گوتی: بەخێربێن سەرچاو، خۆشحاڵ بن نەک دڵتەنگ، باش دەتانناسم، ئینجا گوتی: چی ڕێگەتان لێدەگرێت سڵاوی ئیسلامبکەن؟ گوتیان: ئەی محەمەد، ئێمە لە سەر ئایینی باوباپیرانمانین، لە خۆمان و خزموخێشانمان هەڵناگەڕێینەوە، گوتیان: بانگەشەی چی دەکەی؟ گوتی: بانگەشەی عیبادەتی خودای تاکوتەنهای بێ شەریک دەکەم، شایەتمان بەوە بهێنن کە من پیامبەری خودام بۆ هەموو خەڵک، وتەبێژەکەیان گوتی: ئەمە چیی لە دواوەیە؟ گوتی: پێنج جار بۆ نوێژکردن، بەپاکی و جوانی و لە کاتی خۆیدا بیکەن، کە باشترین کردەوەیە، ئینجا فەرزەکانی تر، ڕۆژوو و زەکات و حەجی بۆ باسکردن. بوون بە موسوڵمان و مژدەی کردنەوەی شامی پێدان کە هەرقل بۆ وڵاتەکەی خۆی ڕادەکات، داوامانکرد پرۆنەوە، پێغەمبەری خودا چاکەتێکی کردە بەر یەکێکیان و گەڕانەوە. تۆ وایدەبینیت کە بانگەشەی (بنی عزرە) تەنها پێویستی بە هەردوو شەهادەتی بێ مژدەی کردنەوەی شام و ڕاکردنی هەرقل بوو بۆ وڵاتە توندوتۆڵەکەی، بەڵام ئەو دەیویست ئەو ئامانجەی پشتبانگەشەی ئیسلام بزانن، کە سەرفراز دەبن لە موسوڵمانبوونیاندا، بۆ ئەوەی ئەو خۆشی و ڕابوونە تێیاندابدرەوشێتەوە، کەلەکردنەوەی وڵاتان و داگیرکردنیاندا هەیە. ئەو ئامانجەی کە محەمەد دەیویست وا بڵاوبوو کە کافرەکانی قورەیشیش دەیانزانی، (اسود بن عبد ثیاب) کورە خاڵی محەمەد، لە کاتێکدا موسوڵمانی لە حاڵەتی زگگوشین و قاتوقڕی و وشکی و کراسی شڕدا دەبینی، بە گاڵتەجاڕییەوە دەیگوت، موڵکوماڵ و زەویی ئەوانەی کیسرا و قەیسەرە بۆ ئێوە هاتوە و دەتاندەنێ. هیچ سەرسوڕمانی تێدا نییە کە محەمەد ئەو ئامانجەی بۆ خەڵک ئاشکرا دەکات، بۆ ئەوەی ئارەزووی بانگەشەکەبکەن و قبوڵیبکەن، بەڵام سەرسوڕمانەکە هەمووی لەوێدایە، کە وای دەبینی وڵاتان بەڕاستی کراوەیە و لە سەر پشتن و تەنانەت شاندی بۆ ناردن. لە کتێبی سیرەکاندا هاتوە، شاندێک پێش کۆچەکە کە لە دارییەکان (أبو هند الداری) و(تمیم الداری) و (معیم)ی برای و چواری تریش هاتبوون بۆ لای، پرسیان پێکردبوو بۆ ئەوەی زەوییان لە شام پێببەخشێت، پێی گوتوون: چیتان دەوێت بیڵێن، ئەبوو هند دەڵێت، هەڵسااین بۆ ڕاوێژکردن بۆ ئەوەی چ زەوییەک وەربگرین، تەمیم گوتی: داوای (بیت ئەلمقەدس) و دەشتاییەکانی دەکەین.ئەبووهند گوتی: ئەوە شوێن موڵکی عەجەمە و دەبێتە موڵکی عەرەب، ترسا کە ئەوەیان نەدەنێ. تەمیم گوتی: داوای (بیت جیرون) و دەوروبەرەکەی دەکەین. ڕۆیشتن بۆ لای پەیامبەری خودا و پێمان گوت. ئەویش داوای پارچەیەک پێستی کرد و ئەمەی لە سەر نووسی: بەناوی خودای دلۆڤان، ئەم نووسینە ئەوە دەردەخات کە بەخششی محەمەد و پەیامبەری خودا بۆ دارییەکانی تێدایە، ئەگەر خودا ئەم زەوییانەی پێبەخشیم، (بیت عینون) و (جیرون) و (المرطوم) و (بیت ئیبراهیم) هەتاهەتایە پێیان دەبەخشم بەشایەتیی: عەباس کوری عەبدولموتەڵیب، خەزیمە کوری قەیس، شەرحەبیل کوری حەسنە. نووسراوەکەی پێدان، گوتی: پرۆن تا ئەو کاتەی دەبیستن کۆچم کردوە، ئەبوو هند گوتی: ئێمەیش ڕۆیشتین، ئەو کاتەی بۆ مەدینە کۆچی کرد، ڕۆیشتین بۆ لای بۆ ئەوەی نووسراوێکی تازەمان بۆ بکات. ئەمەی بۆ نووسین: بەناوی خودای دلۆڤان، ئەمەیە کە محەمەد پەیامبەری خودا بە (تەمیم الدری) و هاوەڵانی بەخشی، لە (بیت عینون) و (جیرون) و (المرطوم) و (بیت ابراهیم) بە سەرجەم پاشکۆکانییەوە بە شێوەیەکی یەکلایی و هەتاهەتایی پێم بەخشین و بۆ ئێوە و میراتگرەکانتانە، ئەوەی ئازارتان بدات ئازاری خودای داوە، بە شایەتیی: ئەبووبکری کوری ئەبی قەحافە، عومەری کوری خەتاب، عوسمان کوری عەفان، عەلی کوری ئەبی تالب و موعاویەی کوری ئەبی سوفیان.

أنطی) زمانی یەمەنییە لە (أعطی)یەوە هاتوە، واتە پێی دا (پێبەخشی) کە لە قسەی ) عامیەتی یەمەنییەکاندا تائێستایش بەکاردێت، عینون و جیرون لە سەر ئەرزی شامن و لە سەر (المرطوم و بیت ئیبراهیم) ڕانەوەستان، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت خەلیل لە نزیک (بیت المقدس) و لە کتێبەکانی السیرە نەگەڕام کە لە جێبەجێکردنی ئەم نووسراوە لە پاش گرتنی شام چی بوە، ئایا (دارییەکان) ئەو شوێنانەیان وەرگرتوە یان نا. حکوم لە سەر ئەم مەسەلەیە وەک ئەوە وایە حکوم لە سەر ماسییەک بدەیت کە لە ئاودایێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە نیشانەی بەهێزیی باوەڕبوونی پێغەمبەر بە گەییشتن بە ئامانجەکەی پیشاندەدات، وەک دەردەکەوێت.

(5)

پاشایەتی و سەڵتەنەتی بۆ کێیە؟
وەک پێشتر گوتمان، ئامانجی محەمەد تەنها ئایینیی ڕووت نەبوە، بەڵکوو ئەو ویستویەتی ڕابوونێکی گەورە بکات، یان شەپۆلێکی عەرەبیی گەورەیئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرپابکات، سەرەتا لە عەرەبەوە دەستپێبکات و ئەوان سەروەربن بە سەر خەڵکی تردا و قازانجێکی گشتگیری بۆ هەموان هەبێت، ئەو قسەیەی بۆ ئەوانەی قورەیش دێتەوەیاد، کە لە کاتی گیانەڵادا لە لای ئەبیتالب بوون، کە گوتی: پەیمانێکم بدەنێ کە عەرەب لە خۆتان بگرن و عەجەمیش قەرزداربارتان بێت. ئەوانەی ئەم قسەی بۆ کردن، زۆرینەیان لە قورەیش بوون. ئەگەر پشت بە فەرموودە و کاریگەریی کتێبی قەومەکەی ببەستین، گوتمان: لەو ڕابوونەی عەرەب مەبەستی ئەوە بوە، پاشایەتی و سەڵتەنەت ڕاستەوخۆ بۆ قورەیش بێت و لە ڕێگەی قورەیشەوە بۆ عەرەب بێت، بۆ بەڵگە با ئەم وتەیە بهێنینەوە:

خەڵک دوو بەشن

(الاثرە) لەواتادا ئەمە ناوە بۆ (الاستئثار) دەڵێن (استأثر بالشئ) واتە بۆ خۆی بەکاری دەهێنێت و خەڵکی تری پێ سەرکوت دەکات. دژەکەی (الایثار)ە، واتە خەڵکی تر بخاتە پێش خۆی و قازانجیان پێ ببەخشێت، بۆیە ئەم خەڵکە پێیان دەگوترێت (الایثاری)، ئەوی تر پێی دەگوترێت (الاثری). لێرەوە خەڵک دوو جۆرن، قازانجکەر یان قازانجبەخش، واتە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا یان خۆویست و سەرکوتکەری ئەویتر، ئەمانەیش زۆرینەن، یان خۆنەویست و قازانجبەخش، کە ئەمانەیش کەمینەن. ئەگەر تەماشای محەمەد لە کتێبی سیرە و فەرموودەکان بکەیت، لە باڵاترین لوتکەی قازانجبەخشەکانبوو، واتە لە (ایثاری)یەکانە. لە ماڵی دونیا و جوانییە فەنابوەکانی بەرزتر بوە، شتە ماتریاڵییەکانی لە لا هیچ بوە، بە ڕقوکینەوە سەیریکردوون جگە لە دوو شت؛ وەک خۆی باسی لێوەدەکاتو خۆشی ویستوون، ئەوانیش "خواردنی خۆش و ژن" جگە لە پیرۆزبینینی هەمیشەیی، هیچ شتێکی بۆ خۆی نەویستوە، هەروەها نوێژ و ئاشتیی هەمیشەیی، بۆیە ناوی خۆی لەگەڵ خودا دانا، باوەڕهێنانی بە یەک شەهادەت نەهێشتەوە و کردی بە دوو "لا اله الا الله محمد رسول الله"، لەگەڵ ئەوەی بانگەشەکەی بۆ خودای بێ شەریک بوو، بۆیە وشەی یەکبوونی (لا اله الا الله) بە تەنها بەس بوو، بەڵام ئەو ناوی خۆی هاوشان لەگەڵ خودا دانا، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بن، لە لایەن ئەوانەی کە بۆ خێری دونیا و ئاخیرەت سەرکردایەتیکردن بە پیرۆزی ببینن. بەوەیشەوە نەوەستا، وای لە موسوڵمانان کرد، لە پێنج فەرزی نوێژدا لە بیریان بێت و بە بیری بهێننەوە. لەگەڵ ئەوەی نوێژ بۆ عیبادەتی خودایە کە دەبێت بە تەنها بۆ یادکردنەوەی خودابێت بە {وأقم الصلاة لذكرى} [طه: 14] بە واتای: تۆ هەر من بپەرەستە و نوێژیش بکە. واتە لە پێناو یادکردنەوەمدا، هەروەها وای لە بانگخوێنان کرد، کە ناوی لەگەڵ ناوی خودا لە بانگی نوێژکردندا پێنج جار بڵێنەوە، ئەمە هەمووی لە بانگەشەکە بەدەرە، کە بانگەشەی خەڵک دەکات عیبادەتی خودای بێ هاوبەشبکەن. پێغەمبەر پاشایەتی و سەڵتەنەتی بۆ خۆی نەویست، بە تەنها ئەوەی دەویست کە پێشتر باسمانکرد.ئەوەیش لە هەزار پاشایەتی و سەڵتەنەت باشترە، هیچ بەرانبەرێکی بۆ ئەو بانگەشەیە بۆ خوداپەرستی مەبەست نەبوو، بەپیرۆزبینین و گوێڕایەڵبوون کە گەورەترین پاداشتە، جگە لە نەفسبەرزەکان هیچ کەسێکی تر هەولی بۆ نادات و ئارەزووی ناکات، هەولی بەدەستهێنانی شتی مادی و

لەناوچوو نادات. بەڵێ محەمەد بەیادکردنەوەی هەتاهەتاییی پیرۆزکردنی خۆیەوە وەستا، بەڵام پاشایەتی و سەڵتەنەتی بۆ قەومی قورەیش ویست، بە تایبەتی خزمە زۆر نزیکەکانی. لە سەر ئەوەیشەوە داوای ڕێزگرتن وخۆشەویستیی لە موسوڵمانان بۆ خزمە نزیکەکانی کرد وەک لە قورئاندا هاتوە: {قل لا أسألكم عليه أجرا إلا الموده فى القربى} [الشورى: 23] بە واتای: من هیچ شتێکم لە ئێوە ناوێت جگە لە خۆشویستنی خزمە نزیکەکان نەبێت.

واتە، زیاتر لەو شاییستەییەی کە هەموو قورەیش بەدەستیهێنا لە موڵک و سەڵتەنەت. ئەگەر بڵێیت بۆچی پاشایەتی لە خزمە نزیکەکانیدا قەتیس نەکرد، دەڵێم: تا ڕادەیەک لەمەدا بەرژەوەندیی گشتی لەبەرچاوگرتوە. بیری لەوە کردوەتەوە ئەگەر پاشایەتی لە بازنەیەکی تەسکدا بێت، ئەهلی ڕەخنە و بێزاربوون و ڕقلێبوون زیاتر دەبێت، دەبێت تا ڕادەیەك فراوان بێت، بۆیە پاشایەتیی بۆ هەموان هێشتەوە، واتە بۆ سەرجەم ئەهلی قورەیش، کە بەرەهایی لەناو ئەواندابێت، بەڵکوو بۆ ئەوەی پابەندبن بەشوورا، دروستکردنی ڕای گشتی بۆ یەکێک لە ڕێگەی بەیعەتەوە، بەڵام خزمەکانی بەوە جیاکردەوە، بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییان لەگەڵ قورەیشییەکانی تردا هەبێت، بۆئەوەی خۆشویستنیان لە لایەن موسوڵمانانەوە فەراهەم بێت، بەڵام ئەو خۆشەویستییەی کە محەمەد بۆ خزمە نزیکەکانی ویستی، وای لێهات کە دواتر بانگەشەکەی بۆ عیبادەتی خودای تەنیای بێ شەریک لەناوببات، تەنانەت ئەو بتپەرستییەی بە شمشێر و قورئان شەڕی لەگەڵ کرد، بە شێوەیەکی تر بۆ زەمانی جاهیلیەت و خراپتریش گەڕایەوە. لەبەر ئەوەی موسوڵمانان لەو خۆشەویستییە زیادەڕەوی دەکەن و تا کات پروات زیادەڕۆیی زیاتردەبێت، ئەوەی ئەم زیادەڕەوییەی زیاتر کرد، لە لایەکەوە فێڵوتەڵەکەی سیاسەت بوو، چڵێسییش لە لایەکی ترەوە.
سیاسەت چیلکەی دەخستە ئاگری زیادەڕەوییەکانیانەوە، چڵێسی و لەدووگەڕانی ماڵی دونیایش لە هەموو لایەکەوە فووی تێکرد، تا وایلێهات، ئایینی یەکتاپەرستیی محەمەدی پێوە بسووتێت. لەبەر ئەوەی موسوڵمانان لە سنوری خۆشەویستی دەرچوون بۆ سنوری عیبادەت. حەجی قەبرەکانیان وەک حەجی ماڵی خودا دەکەن، نەزر و خێرپێکردنیان بەو شێوەیەیە، کە بۆ خودای دەکەن، بەڵکوو بۆ خاوەنقەبرەکان(واتە مەزارگەکان –و-) زیاتردەکەن. کەسێکم نەبینیوە خێر بۆ خودا بکات، تەنها بۆ یەکێک لە خاوەن قەبرەکان دەکات، بەڵکوو دەبینیت تکا و نزای لێدەکەن وەک ئەوەی بۆ خودایبکەن، داوای دابینکردنی پێویستییەکانیان لێدەکەن، وەک چۆن لەخودای دەکەن، دەڵێن ئەوان لای خودا شەفاعەتیان بۆ دەکەن، وەک چۆن کافرەکان گوتیان بتەکان شەفاعەتیان بۆلای خودا دەکەن، وەک چۆن ئەمڕۆ زۆر شتی پێزراو لە عێراقدا هەیە، لە وڵاتانی موسوڵمانان زیاتر هەیە. ئەوەی لە کافرەکان زیاتر دەیکەن، گڵکۆ و تەلاری بەرز لە سەر قەبرەکانیان دەکەن و بە زێڕ و زیو دەیرازێننەوە و بەزەخرەفە وێنەی لە سەر دەکێشن. ئەوەی خراپتردەکەن کە لە سەر ئالبەیت دەگرین، لە موحەڕڕەمدا ژن و پیاو پرسە دەگێڕن و دەکەن بەسنگکوتان و گریان و هاوار و بەزنجیر لەپشتدان، وادەزانن لە خودا نزیکدەبنەوە و بە عیبادەتی خودا دادەنێن، ئەم چەند بەیتەم لە سەر تەعزییەکانیان نووسی:
وكلـهم قام بالكفين ملتدما فلو رايت صدور القوم حاسره
هذا لعمرى بكاو أضحك الاما لقلت قول برىء من جهالتهم
بەواتای: لەو تەعزیانەدا بە هەردوودەست لە سنگی خۆیان دەدەن. بەگیانی خۆم ئەمەش چەندین میلەتی گریاند و خستە پێکەنینەوە و لەمەشدا واباشە قسەیەکی چاکە لە مەر نەزانینیان بکەم.
ئەم خۆشەویستییەی لە سنوری خۆی دەرچوە، بوەبە سەرچاوەی ناکۆکی و فیتنە، پاڵنەری شەڕی نێوان موسوڵمانانە، ئەمەیش دووبەرەکی و پێکدادان و تۆوی دوژمنایەتیی مەزهەبی چاند، تا وایلێهات لەکۆتاییدا دەوڵەتی عەباسی نەما و پاشایەتی و موڵک لە دەستی عەرەب دەرچوو، وەک لە کتێبی مێژوودا هاتوە، بۆیە ئەگەر محەمەد بیزانیبایە کە ئەم خۆشەویستییەی بۆ خزمە نزیکەکانی وایلێدێت و دەبێت بەحاڵەتێکی قێزەون کە سەرجەم بانگەشەکەی لەناودەبات و بونیاتی ئایینەکەی دەڕووخێنێت، نەداوایدەکرد و نەئەو خۆشویستنەی کەسوکارەکەیشی دەویست.
لە چەندین فەرموودەدا هاتوە، ئەگەر ڕاست بن، پێویستە ئەوە بڵێین،محەمەد وەک پەیامبەری خودا، بۆ بانگەشەی ناسینی خودا و عیبادەتکردنی وەک تاک و بێ شەریک و بۆ ڕێنماییکردنی خەڵک بۆسەر ڕێگەی ڕاستودەرهێنانیان لە ڕێگە و ڕەفتاری تاریکی نەهاتوە، بەڵکوو بەم پێیە بۆ

بانگەشەکردنی خەڵک بۆ خۆشەویستیی ئالبەیت واتە خزمە نزیکەکانی هاتوە. بە پێی ئەو فەرموودانە بێت، خەڵک لە ئاگر ڕزگاریان نابێت و ناچنە بەهەشتیش ئەگەر ئەو خۆشەویستییەیان لەدڵدا نەبێت، باوەڕبوونبەخودا و گوێڕایەڵیی دادیان نادات، ئەگەر لە سەر خۆشەویستیی ئالمحەمەد نەمرن، ئەمەیش زیادەڕەویی لەخۆپەرستیی تێدایە، واپیشاندەدات کە محەمەد لە خودپەرستە توندەکان بووبێت، لە لوتکەی باڵا و پێگەی خۆنەویستی نەبووبێت، کە پێشتر باسمانکرد. ئامانجی محەمەد لەمەدا هەرچۆنێک بووبێت، بەڵام ئایینیی ڕووت نەبوە، هەرچەندی بۆ خزمەکانی بەتایبەتی و قورەیش بە گشتی لە موڵک و سەڵتەنەت ویستبێت، وەک لە فەرموودە وەرگیراوەکانیدا دەردەکەوێت، بەڵام زۆر نەشیاوە بۆ پێگەی باڵای ئەو،زیادەڕەویی لە بانگەشەی خەڵک بۆ خۆشەویستیی خزمەکانی بکرێت، ئەو خۆشەویستییە بکرێتە ئامانجە باڵاکەی لە پەیام و پەیامبەرییەکەیدا. عەقڵی ڕاشکاوو لێبڕاوانە وایدەبینێت، کە ئەم زیادەڕۆییانەی لە پاش محەمەد و لەو فەرموودانەدا هاتوە، لە لایەن خەڵکانێک دانراوە کە حیزبایەتییان بە خزمەکانی محەمەدەوە وەك هۆکاری سیاسی و ناسیاسییەوە کردوە. هەندێک لە شیکەرەوان لە ئایەتی {قل لا أسألكم عليه أجرا إلا المودە فی القربی} [الشوری: 23] واتا: بڵی: من هیچ شتێکم لەئێوە ناوێت جگە لە خۆشویستنی خزمە نزیکەکان نەبێت.

بۆ ئەوە چوون، کە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوەیە؛ هەر کەسێکی قورەیش لە پشتەوە یان لە زگەوە بەخزمایەتی دەگاتە محەمەد، خۆشەویست بێت، کە ئەمەیان بە درۆخستەوە، ئەم ئایەتە دابەزی. واتاکەی لەوەدایە کە بە حەقی خزمایەتی پاڵپشتییبکەن و خۆشیان بوێت، واتە بە حەقی خزمایەتی و لە پێناویدا. بەو هۆکارەی خۆشەویستی بۆ خودا و ڕقیش لە خودا لەوەدا حەقە و لەو پێ ناوەیشدا بێت. واتە ئێوەن خزمن و حەقتر، واتە کە گوێڕایەڵم بن و پاڵپشتم بن. ئەگەر ئەوەتان نەویست، حەقی خزمایەتی لەبەرچاو بگرن و ئازارم مەدەن و هانی خەڵک مەدەن دژم، ئەوەی ئەمە بەکاردەهێنێت لە بەکارهێنانی وشەی (فی)ە بێ (اللام) ئەگەر مەبەستی خۆشەویستیی خزم و ئالبەیتەکەی بوایە دەیگوت: {إلا المودە فی القربی أو لذوی القربی} [الشوری: 23]. بە واتای: ( هیچ شتێکم لە ئێوە ناوێت خۆشویستنی خزمەکان یان خزمە نزیکەکان نەبێت).

بەڵام ئەوەی باس لەوەدەکات، کە دەبێت پاشا لە قورەیش بێت لەمانەدایە: وەک محەمەد دەڵێت: (الائمه من قریش) واتە: ئیمامەکان لە قورەیشن، یان دەڵێت: (قریش ولاه هذا الامر) واتە: قورەیش ئەم کارەی پێسپارد، یان دەڵێت: (قریش أهل أمامه) واتە: قورەیش خاوەن ئیمامەتن، یان هەندێکیان بە (أمانه)واتە ئەهلی ئەمانەتن نووسیویانە، کە لە لادانی گێرەرەوەکاندا ڕوویداوە. (طحاوی)گوتوویەتی: قورەیش ئەهلی ئەمانەتن و (المزنی) بە نون بۆی خوێندوونەتەوە، بەڵام خۆی ئەهلی ئیمامەیە. بەمیم. ئیمامەیش واتە خیلافەت (امام الاعظم)لای موسوڵمانان خەلیفەیە. (حافظ کوری حجر) ڕێگەی ئەم فەرموودەیەی دۆزیوەتەوە، واتە: (الائمه من قریش) ئیمامەت لە قورەیشە، لە کتێبی (لذە العیش فی طرق حدیث الائمه من قریش). واتە: چێژ بینین لە ژیان لە ڕێگەی قسەی ئیمامەکانی قورەیشەوەیە.
محەمەد و خزمەکانی، واتە قورەیشی خۆشویستوە و لە خەڵکی عەرەبی تری بەباشتر زانیوە، نەک خێریان لە خێری خەڵک بە باشتر زانیبێت، بەڵکوو شەڕیشیان لە شەڕی خەڵکی تر بە باشتر داناوە. لە سیرەی الحلبیەدا دەڵێت، لە کتێبی سوننەت کارپێکراو لە سەر زاری ئیمامی شافیعی، (المزنی)گێڕاوێتییەوە، کە لە لای ئەو "هەڵبژاردەی قورەیش هەڵبژاردەی خەڵکە و هەڵبژاردەی شەڕی قورەیشیش هەڵبژاردەی شەڕی خەڵکە". لە سەر زاری شافیعی دیسان (قتاده بن النعمان) بە ڕاستوچەپ کەوتە جنێودان بە قورەیش، پێغەمبەری خودا گوتی: "بوەستە ئەی قەتادە جنێو بە قورەیش مەدە، هەندێک پیاویان تێدایە سەرسام دەبیت پێیان ، ئەگەر قورەیش سەرکوتیان نەکات پێمدەگوتن کە چییان لای خودایە" لە خۆشەویستی بۆ قورەیش و خۆبەخشینی بۆ بەنی هاشم، ئەوەی لە کتێبی سیرەتەکاندا هاتوە دەڵێت، کاتێک هەردوولا لە ڕۆژی بەدر بە یەک گەییشتن و ئامادەی شەڕ بوون، عومەری کوری خەتابی نارد بۆ لایان و گوتی: بگەڕێنەوە، پێمخۆشە خەڵکی تر بەدەستی من ئەم کارەی پێبگات لەوەی ئێوەبن، حەکیم کوری موزام گوتی: بە ئینسافەوە مامەڵەی لەگەڵ کردین و قبووڵیکردین، پاش ئەمە سەرناکەوین بەسەریدا. ئەبووجەهل گوتی: بە خودا ناگەڕێینەوە تا خودا سەرمان دەخات. لەوەیشدا محەمەد کە داوای لێکردن بگەڕێنەوە و نەچنە شەڕەوە، بەڕاشکاوی نەیویستوە

قورەیش تووشی نەهامەتی بکات. هەر بەم شێوەیە لە ڕۆژی بەدریش ڕوویدا، لە (سیرە الحلبیە)دا هاتوە: عوتبە کوری ڕەبیعە کە لەگەڵ شیبەی برای و وەلیدی کوری لە ڕیزی جەنگاوەراندا پێشکەوتن بۆ شەڕ و داوایان لە موسوڵمانان کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕە شمشێر بێنە پێشەوە، سێ گەنجی ئەنساری هاتنە پێش، سێ برا بوون، معەوەز و موعاز و عەوف کورانی عەفرا، بە پێی گێرانەوە: کافرەکان نەیانویست ڕووبەڕوویان ببنەوە، پێیان گوتن: ئێوە کێن؟ گوتیان: پۆلێکین لە ئەنسار. گوتیان: پێویستمان بە ئێوە نییە، بە توانا و بەڕێزن، ئێمە خزمانی خۆمانمان دەوێت. لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت،محەمەد پێی ناخۆش بوە، هەیبەتی شەڕەکە بۆ غەیرە خزم و کورانی مامی نەبێت، پێی گوتوون بگەڕێنەوە،

گەڕاونەتەوە.گوتوویەتی: بەنوهاشم هەڵسن بۆ ئەو حەقەی کە پەیامبەرتان بۆی نێرراوە شەڕبکەن، ئەوان بە ناحەقییەوە هاتوون بۆ ئەوەی ڕووناکیی خودا بکوژێننەوە، هەڵسە عوبیدە کوری حارس، هەڵسە ئەی حەمزە، هەڵسە ئەی عەلی، ئەوانیش هەڵسان.

لە گێرانەوەیەکی تردا، دەڵێت پێی خۆش بوە سەرکەوتنەکە بۆ قورەیش بێت و بۆ خەڵکی تر نەبێت، بۆیە لە ئاماژەدان بۆ (حەق) بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا کاروبارەکان بۆ ئەوان بێت، بۆیە داوای لێکردوون ئەوان شەڕبکەن، ئەمەیش دەبێتە مافێک لە مافەکانی ئەوان، ئەگەر وانەبوایە، پێی نەگوتن بۆ حەقی خۆتان، بەڵکوو بۆ حەقی خودا، لەبەر ئەوەی ئەم شەڕە لە پێناو بانگەشەیە بۆ خودا.

لە خۆشەویستیدا بۆ قورەیش و خزمە نزیکەکانی بەتایبەتی لە بەنوهاشم، هەروەها ئەوەی لە بەدر ڕوویدا، لە (سیرە الحلبیە) دا هاتوە: لە کاتێکدا لە شەڕی دەستەویەخەدابوون و کافرەکانی قورەیش دەکوژران و بەدیل دەگیران، محەمەد بەهاوەڵانی دەگوت: ئێوە دەزانن کە هەندێک پیاوی بەنیهاشم بەناچاری هاتوون بۆ شەڕ و پێویستیان بەشەڕی ئێمە نییە، ئەوەی یەکێک لە بەنی هاشمی بەردەکەوێت نەیکوژێت، بە ئاشکرا ناوی عەباس کوری عەبدولموتەلیبی هێنا، واتە کوشتنی حەرام کرد، لەو کاتەدا کە حەزیفەی کوری عوتەبە لە موسوڵمانەکان بوو، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا باوکی عوتەبە و برایەکی وەلید و مامی شیبە کوژرا بوون، کە ئەمەی بیست، گوتی: ئایا باوک و برای ئێمە بکوژرێت و نەهێڵرێت عەباس بکوژرێت، ئەگەر پێی ڕابگەم بەشمشێر دەمی دادەخەم. ئەمەیش گەییشتە پەیامبەری خودا، بە عومەری گوت،ئەی باوکی حەفس، دەبێت دەموچاوی مامی پەیامبەری خودا بەر شمشێر نەدرێت! عومەر گوتی: بەخودا ئەمە یەکەم ڕۆژە بە باوکی حەفس ناوم بەریت، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، با بە شمشێر لە ملی باوکی حەزیفە بدەم، بە خودا دووڕوویی کردوە.

بێگومان پێغەمبەر لەو کاتەدا عومەری بە نازناوی باوکی حەفسی ناوبردوە، بۆ ئەوەی شەهامەتی دەربخات و پارێزگاری لە عەباس بکات تا نەکوژرێت، لەبەر ئەوەی عەباس موسوڵمان بوە و پێغەمبەر بە موسوڵمانبوونی زانیوە بەڵام شاردوویەتییەوە، لەبەر ئەوەی پیاوی هەواڵگری بوە لە مەککەدا. عەباس لە مەککە، دووڕوویی کردوە لە کافربوونی، وەک چۆن لە موسوڵمانبوونیشی لە لای خەڵکی مەدینە لە مەدینەدا دووڕوویی کردوە. تەنانەت عەباس ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، پێغەمبەر نەیهێشت، لەبەر ئەوەی مانەوەی لە مەککە و شاردنەوەی موسوڵمانبوونەکەی و ئاشکراکردنی کافربوونی، قازانجی زیاتربوو بۆ محەمەد لەوەی بچێتە مەدینە. لە بەشێکدا بەتەنیا باسی عەباس دەکەین، لەبەر ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی زۆری محەمەدی کرد، لە ڕێگەی کاری هەواڵگرییەوە لە مەککەدا. ئەوە خۆشویستنی محەمەد بۆ قورەیش دەردەخات، لە ڕۆژی ئوحددا بە ئەبووقەتادەی گوت، لە کاتێکدا قورەیشییەکان یارییان بە لاشەی موسوڵمانەکان دەکرد، ئەبووقەتادەیش ویستی یاری بە لاشەی قورەیشەکان بکات، محەمەد پێی گوت: ئەی باوکی قەتادە، قورەیش ئەهلی ئەمانەتن، ئەوەی بەربەست بخاتە پێشیان، خودا پیشانی دەدات، نەکەی ماوەکەت درێژبوو کاری خراپەیان لەگەڵدا بکەیت و کردەوەی ناشیرینت لە ئاستیاندا لە دەست بێت. ئەگەر قورەیش گومڕاییان نەکردایە، پێم دەگوتن کە چییان هەیە لای خودا. ئەبووقەتادەیش گوتی: بە خودا بۆ خودا و پێغەمبەر تووڕەبووم، گوتی: ڕاست دەکەی، بەڵام خزمەکان چەند خراپ بن، هەر هاوپشتی پێغەمبەرانیانن.

لەم بارەیەشەوە هەواڵی (ثمامە بن ثئال ئەلحەنەفی) لە سیرەی (ئیبن هشام)دا دەڵێت: کاتێک سومامە موسوڵمان بوو، چوو بۆ عەمرەی مەککە، کاتێک کافرەکانی بینی پێیان گوت: ئەی سومامە بووی بە سابیئە؟ گوتی: نەخێر، بەڵام دوای ئایینی خێر کەوتووم، ئایینی

محەمەد. بەخودا زەررەیەک لە یەمامەوە پێتان ناگات ئەگەر پەیامبەری خودا ڕێگەنەدات، لە یەمامەوە ئازووقە بۆ مەککە دەهات. کاتێک سومامە ڕۆیشت بۆ مەککە نەیانهێشت ئازووقە بەرێت بۆ مەککە. ئەهلی مەککە بۆ محەمەدیان نووسی: تۆ فەرمانی پرینی سیلەی ڕەحم دەکەیت، تۆ ڕەحمت لە ئێمە پریوە، باوکانمانت بە شمشێر کوشت، کورانیشمان بە برسێتی.محەمەد بۆ سومامەی نووسی کە ئازووقەیان بۆ بەرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە لە حاڵەتی شەڕدا بوون و بۆی هەبوو ئازووقەیان لێ بپرێت، بەڵام سۆزی بۆیان هەبوو و بەزەیی پێیان داهاتەوە، بۆیە ڕێگەی لە ئازووقە نەگرت. ئەگەر محەمەد یەک لە سەر دەی ئەم سۆز و بەزەیییەی بە یەهوودی بەنو قورەیزە و بەنی نەزیر و یەهوودی خەیبەر بهاتبایەتەوە، بە کوشتن و پرین و دەربەدەری و ئاوارەیی ڕیشەکێشی نەدەکردن و بە توندوتیژییەکی لە ڕادەبەدەر و دڵڕەقیی مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکردن. سەرەڕای ئەوەی ئەوانیش وەک قورەیش بوون لە دوژمنایەتیاندا. ئەگەر بەویژدانەوە پڕیاربدەین دەڵێین، محەمەد بەهانەی هەبوو لە مامەڵەی توند و دڵڕەقی لەگەڵ ئەو یەهوودانە، کەچی لەگەڵ قورەیش وانەبوە، لەبەر ئەوەی دەزانێت جوولەکە دوژمنی هەتاهەتایی دەبن. لەو باوەڕەدا نییە کە پڕوای پێبهێنن و بگەڕێنەوە بۆ لای، بە پێچەوانەی قورەیش کە خزمین، ئەگەر دوژمنایەتیشیبکەن ئەوە لە نەزانینەوەیە، نەک حەسوودیبردن، هەرچەند درێژە بەدوژمنایەتی بدەن، ڕۆژێک دەبێت بزانن خێر و چاکسازیی بۆ ئەوان دەوێت و پڕوای پێدەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ لای.نزای بۆدەکردن و دەیگوت: خودایە هیدایەتی خزمەکانم بدە... نەزانن، واتە نازانن من خێرم بۆیان دەوێت.

هەرچەند بانگەشەکەی محەمەد مرۆڤایەتیی جیهانی بوو، کە ئەمەیش سەرجەم خەڵک لەخۆدەگرێت، بەڵام ناتوانین ئەم بانگەشەیە لە سۆزی نەتەوایەتی وەدەرنێین، بەتایبەتی کە ئامانجەکەی بە ڕابوونی نەتەوەکەی خۆی، عەرەب بە گشتی و قورەیش بەتایبەتی نەبێت ناکرێت، بۆیە فەرموودەی زۆری هەیە لە سەر بەباشترزانینی قورەیشی قەومی خۆی و بەچاکترداناني نەتەوەی عەرەب بە سەر نەتەوەکانی تردا. ئەم فەرموودانە دەبێت لەو بارەوە تەماشا بکرێن، کە ویستویەتی ڕابوونێکلە ناو ئەواندا ڕووبدات بۆ بانگەشەکردنەکەی، چونکە پێی گوتن نابێت شانازی بە بابوباپیرانەوەبکەن، پێی گوتن: (کلکم لادم وآدم من تراب) واتە: هەمووتان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە. ئەگەر بڵێین قازانجکردن لە پاشایەتی بۆ خزمەکانی لە وتەیەکیدا (الائمە من قریش)واتەئیمامەکان لە قورەیش دەبن، ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی بڵێین بانگەشەکەی جیهانیی گشتییە، بەڵام دەڵێم: بانگەشەکەی گشتیی جیهانی جێگیرە، لەبەر ئەوەی یەکسانی و برایەتی بۆ هەموان و گشتی دەبێت، تەنها بۆ ئەوانەی دەچنە نێو ئیسلامەوە لە هەر ڕەگەزێک بووبن یان سەر بە هەر قەومێک بووبن. دەڵێت: (إنما الموءمنون اخوە). واتە هەموو باوەڕداران بران، دەڵێت: (المسلمون ید علی من سواهم تتکافأ دماءهم ویسعی بذمتهم أدناهم) واتە: موسوڵمانان باڵادەستن لە سەر ئەوانیتر و خوێنیان طرانترة و و خەڵکی لەوان نزمترن و هەوڵ بۆ ئیسلامبوون دەدات، هەروەها دەڵێت: (کلکم من آدم و آدم من تراب) هەمووتان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵە. دەڵێت: (لا فضل لعربی علی أعجمی إلا بالتقوی) واتە هیچ عەرەبێک لە عەجەمێک بەخشندەتر نییە و لەپێشتر دانانرێت لەچاکەخوازیدا نەبێت. برایەتی و یەکسانی گشتیی هەمەگیر بۆ سەرجەم موسوڵمانان دژ بەوە نییە کە سیستمی پاشایەتی لە خزمەکانی بێت، بەڵکوو پشتگیری دەکات و جەختی لەسەردەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئیمامەت تەنها بۆ جێبەجێکردنی بانگەشەکەیە، لە کۆی ئەحکامەکانی ئیمامەتیش یەکسانی و برایەتییە، هیچ ناکۆکییەک نییە لە نێوان بانگەشەی بە ئیسلامبوون بۆ جیهان بەگشتییێت و ئیمامەت بۆ قورەیش بێت. ئەگەر بڵێیت بۆچی بە چاکی زانی قەومەکەی جێبەجێی ئەحکامی بانگەشەکەبکەن؟ دەڵێم: لەبەر ئەوەی بانگەشەکە بە خوێن و شمشێری ئەوان دەکرا، مافی خۆیانە کە زاڵبن بە سەر ئەحکامەکانیدا. سەرەڕای ئەوەی ئیمام لە قورەیش دەبێت بەتەنها قەتیس نابێت لەواندا، بەڵکوو بەلای ئەوەدا دەشکێتەوە کە لەوان بێت، دەشێت ئیمام لە غەیرە قورەیش هەمیشە بە باشتر نەزانرێت. ئەوەی بەڵگەی خۆشەویستییە بۆ قورەیش، کە پێغەمبەرهەمیشە سەربەرزیی ئەوانی دەویست. کاتێک چوونە ناو مەککە و ئەبووسوفیانیان گرت، فەرمانی بە عەباسی مامی کرد کە ئەبووسوفیان بەرێت لە دەروازەکەی مەککە لە تەنگەبەری ئەلوادی بوەستن بۆ ئەوەی سوپای پێغەمبەر لە کاتی چوونەناوەوەی مەککەدا ببینێت. لەنێو ئەنسارەکاندا، سەعد کوری عەبادەی ئەنساری ئاڵای پەیامبەری خودای لابوو، کە سەعد بە لای ئەبووسوفیاندا ڕۆیشت ئەویش لە تەنگەبەرەکەی دۆڵی وادی

دا وەستابوو، ئەبووسوفیان بە عەباسی گوت: ئەوانە کێن؟ گوتی: ئەوانە ئەنسارن "لایەنگرانن" سەعد کوڕی عەباد ئاڵاکەی پێبوو، سەرکردایەتییدەکردن کاتێک سەعد بەوێدا ڕۆیشت و گوتی: ئەی ئەبوسوفیان ئەمڕۆ ڕۆژی مەلحەمەیە، ئەمڕۆ حەرام حەڵاڵ دەکرێت، ئەمڕۆ خودا قورەیش زەلیل دەکات، سەعد ڕۆیشت و پێغەمبەر هات، ئەبووسوفیان پێی گوت: ئەی پەیامبەری خودا فەرمانت کردوە قەومەکەت بکوژیت؟ سەعد کە لێرەوە ڕۆیشت وای گوت، دەڵێت ئەو دەیانکوژێت و قسەکانی دووبارەکردەوە، تکای خوات لێدەکەم بۆ قەومەکەت، تۆ بە ڕەحم و چاکەخوازیت و پێوەندیت هەیە لەگەڵیاندا. پەیامبەر گوتی: ئەی ئەبووسوفیان سەعد درۆی کردوە، ئەمڕۆ ڕۆژی ڕەحمەتە، خودا قورەیشی تێدا سەربەرز دەکات.
لە مێژوودا نموونەیە، کە پیاوێکی وەک محەمەد لە مەککەدا، سەرباری ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی لە پێناو چاکسازیی قەومەکەیدا بینیی، بەڵام کۆڵی نەدا. زۆربەی چاکسازیخوازان لە ڕێگەی ئەو چاکسازییەدا کوژران. کوشتن وەک ئەمە نییە، چونکە کوشتن سەعاتێک ئازاری دەبێت، بەڵام ئەمە ئازارێکی بەردەوامە، سەرەڕای ئەوەیشمحەمەد جگە لە سەربەرزی، هیچی بۆ قەومەکەی نەدەویست، لە کاتی چوونە نێو مەککەدا و لە کاتی سەرکەوتندا لێی خۆشبوون، جگە لە هەندێک کەس کە جنێویان پێدابوو، ئەوەی باسمان کرد بەسە بۆ عەقڵەمەندان.

(6)

قورەیش کێیە؟

پێشتر گوتمان "ئیمامەکان لە قورەیشن"، پێویستە بزانین قورەیش کێیە. بۆیە دەڵێین: پێکەوەبەستنی شتەکان کۆیاندەکاتەوە و دەبێتە بناغەیەك بۆیان. دەڵێین ئەوە بەیەکەوەبەستنی خراپەکارییەکانە، واتە کۆکردنەوەی جۆرەکانی خراپەکارییە. بنەچە شتی لێدەبێتەوە، بۆیە ئەگەر بڵێین (فهر) بۆ نموونە بنەچەی قورەیشە، واتە قورەیش لە فەهرن، ئەوانەی لێیانەوە هاتوون، ئەگەر باووباپیرانیان و منداڵەکانیان لە قورەیش نەبن.
ئەگەر ئەمە بزانیت، پێتدەڵێین ناکۆکبوون لە سەر بنەچەی قورەیش، لەسەرووی ئەوەوەیە، بە کەس ناڵێن قورشی، لە سەر ئەوەیش نەوەستاوم کێ پشتگیریی ئەمە دەکات. خاوەنی (السیرە الحلبیە) دەڵێت: ئەم قسەیەی بۆ هەندێک لە شیعەکان گەڕاندوەتەوە، دەڵێت: ئەمەیش قسەیەکی پووچە، لەبەر ئەوەی ئەم قسەیە لەبەر ئەوە کراوە کە وا پیشانی بدەن ئەبووبەکر و عومەر لە قورەیش نین، لەبەر ئەوەی ناگەنە پێغەمبەر لە پاش (قصی) نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەبووبەکر لە (مورە)وە دەگاتە پێغەمبەر، تەمیم کوڕی مورە لە پێنج پشتەوە دەگاتەوە ئەبووبەکر، بەڵام عومەر لە کەعبەوە دەگاتەوە بە پێغەمبەر و عومەر بە حەوت پشت دەگاتە کەعب،دەرئەنجام دەبێت (قصی) بنەچەی قورەیش بێت، بەوپێیەی ئەبووبەکر و عومەر لە قورەیش نین و مافی ئیمامەتیی گەورەیان نییە کە خیلافەتە، لەبەر ئەوە پێغەمبەرگوتوویەتی ئیمامەکان لە قورەیشن و بە قورەیشی گوتوە ئێوە لە پێشترن لەم بابەتەدا، ئەگەر عەدالەت نەبن لە سەر حەق نابن، بەڵام لای هەموان فەهر بە بنەچەی قورەیش دادەنرێت. زوبێر گوتی: (ابن بکار) بنەچە و پشتاوپشتزانەکانی قورەیش و خەڵکی تریش لە سەر ئەوە کۆکن کە قورەیش لە "فەهر"ەوە هاتوە.فەهر نازناوێکی هەبوو. بەناوی قورەیش ناسراوە، ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەوەیە، باوکی بە فەهر ناوی ناوە، بەڵام نازناوەکەی قورەیشە، لەبەر ئەوە هاتوە کە قورشی کردوە واتە بەدوای پێداویستیی ئەوانەی پێویستیان بە شت بوە گەڕاوە وهەوڵیداوە، بۆ ئەوەی بەپارە پێویستییەکانیان بۆ پەیدا بکات و بنەماڵەکەی لە وەرزی حەجدا پێداویستییەکانی خەڵکیان دابینکردوە، بۆیە پێیان گوتراوە قورەیشییەکان.
فەهر بنەچەی قورەیشە، ئەبوومالیکی باوکی و نەزری باپیری لە قورەیش نەبوون، بە هیچ کامیان وتەنانەت منداڵەکانیشیان ناڵێن قورەیشی.
ئەوەی ڕاستی بێت، بنەچەی قورەیش (النضر بن کنانە)یە، بە هیچ پیاوێک لە سەرووی ئەمەوە ناڵێن قورەیشی، فەقیهەکان لە بارەی بنەچەی قورەیشەوە دەڵێن: (النضر) ئەم نازناوەی پێی بەخشراوە، لەبەر ئەوەی سیمای جوان و ڕێک بوە و ناوی قەیس بوە. بەڵگەیش بۆ ئەمە،

فەرموودەیەکی محەمەد لەگەڵ شاندێکی کیندەدا بوە، کە لە شەست کەس بوون"هەندێک دەڵێن هەشتا کەس" و (الاشعث بن قیس)یان تێدا بوە، محەمەد داپیرەیەکی لە کیندە بوە کە دەکاتە دایکی داپیری کلاب، (الاشعث) پێی گوتوە، ئەیمحەمەد ئێمە لە کوری تاڵخۆرەکانین و تۆیش کوری ئەوانیت؛ مەبەستی دایکی کلابی داپیرەی بوە.محەمەدیش دەڵێت: نەخێر، ئێمە لە بەنی نەزری کوری کینانەین و پشت بە دایکان نابەستین و لە باوکانمان بنەچە و پشت وەردەگرین، واتە خۆمان ناگەڕێنینەوە بۆ دایکان و نەسەبمان بۆ باوکانە، هەروەها دەڵێن ئەشعەس بە پەیامبەری گوتوە: تۆ کوری تاڵخۆرەکانی. لەبەر ئەوەی عەباسی کوری عەبدولموتەلیبی مامی بازرگان بوە، کە بۆ بازرگانی سەفەریدەکرد و دەڕۆیشتە هەر ناوچەیەکی عەرەب، پرسیاریان لێکردوە: تۆ کێیت؟ گوتوویەتی: من کوری زراوخۆرەکانم، تا بە گەورە خۆی نیشان بدات، لەبەر ئەوەی کیندەکان پاشا بوون. بەو قسەیەی عەباس:
کیندەکان وایان زانیوە قورەیش لەوانە، بۆیە ئەشعەس ئەو قسەیەی بە پەیامبەر گوتوە. سیرەی بن هشام پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکات، کە ئەشعەس ئەو قسەیەی بە محەمەد گوتوە، پێغەمبەر بزەیەکی بۆ کردوە وگوتوویەتی: ئەم نەسەبە بۆ عەباسی کوری عەبدولموتەلیب و ڕەبیعەی کوری حارس بگێرنەوە، هەردووکیان بازرگان بوون. ئەوەی لە نێو عەرەبدا بڵاوبوە و پرسیاریان لێکراوە کێن،گوتوویانە ئێمە لە تاڵخۆرەکانین وەک سەربەرزییەک لەبەر ئەوەی کیندەکان پاشابوون. ئینجا محەمەد پێی گوتوون نەخێر، بەڵکوو ئێمە لە بەنی نەزرەی کوری کینانەین و لە دایکانەوە نەسەب وەرناگرین و پشت لە باوان ناکەین. من وایدەبینم قسەکەی محەمەد پشت لە دایکانەوە وەرناگرن، پشتگیری لەگێڕانەوەی یەکەم دەکات کە ئەشعەس دەڵێت، محەمەد گوتی: تۆ کوری زراوخۆرەکانی، نەک لە سەر قسەکانی عەباس، بەڵکوو محەمەد داپیرەیەکی لە کیندەکانە، دەنا ئەوە هیچ نابەخشێت کە بڵێت نەسەب لە دایکانەوە وەرناگرین.
ئەوەی پشتگیری لەوە دەکات کە (النضر) بنەچەی قورەیش بێت، لە سەر دەسی واسلە کوری ئەسقەع هاتوە، دەڵێت: گوێم لە پەیامبەر بوو گوتی: خودا قورەیشی لە کینانەوە هێناو بەنی هاشمیش لە قورەیش و منیش لە بەنی هاشم. ئەم فەرموودەیە و ئەوەی پێشتر بە ڕاشکاوی پیشانیدەدەن کە (النضر) بنەچەی قورەیشن، نەزر و منداڵەکانی و ئەوەی تێکەڵ بوە لەگەڵیاندا، پێیان دەڵێن قورەیش، ناکرێت کەس لە محەمەد بەخۆی باشتر بنەچە و نەسەبی خۆی بزانێت.

ئایا محەمەد کەسی بۆ خیلافەت دیاریکرد؟
پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە ئیمامەکان لە قورەیش دەبن، گوتمان قورەیشییەکان کێن، ئێستایش شایانی ئەوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بە نەخێر بدەینەوە، لەبەر دوو هۆکار. یەکەم: محەمەد فەرمانی پێ کراوە، لە هەموو شتێکدا ڕاوێژ بکات، لە قورئاندا هاتوە: {وشاورهم فی الأمر} واتە: لەسەر شتەکە راوێژیان پێ بکە. لە فەرموودەیەکدا لە ئەبووهورەیرەوەگوتوویەتی: "هیچ کەسێکم نەبینی لە پێغەمبەر زیاتر ڕاوێژ بەهاوەڵانی بکات. هەروەها عایشەگوتوویەتی: "هیچ پیاوێکم نەبینی لە پەیامبەر زیاتر ڕاوێژ بەپیاوەکانی بکات." لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت بە فەرز و خەمڵاندنیش بێت، ئەگەر بیویستایە یەکێک بۆ ئەم ئەرکە گەورەیە دیاری بکات -واتە خیلافەت- بە ئاشکرا ڕاوێژی بە هاوەڵانیدەکرد، کە لە هەموو بوارێکداڕاوێژی پێ کردوون. ناکرێت تاکڕەوانە و بەڕای خۆی و بێ ڕاوێژکردن کەسێکی دیاری کردبێت، بەڵام ئەوەی نەگوتوە و ڕاوێژیشی بە کەس نەکردوە، ئەگەر بیکردایە لە لایەن خەڵکەوە باس دەکرا ودەیانگێڕایەوە، لەبەر ئەوەی کارێکی وا گەورە دەخوازێت باس بکرێت و بگوێزرێتەوە بۆ دوای خۆی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە محەمەد بەو شێوەیە کاری بکردایە، بنەمای ڕاوێژی وەک سوونەتێک بۆ میللەتەکەی نەدەکرد بۆ ئەوە لە سەرجەم کارەکانیاندا فێری بن و کاری پێ بکەن، لە قورئاندا دەڵێت: {وأمرهم شوری بینهم} [الشوری: 38] واتە: بەراویژ لە نێو خۆیاندا دەبێت. دیاریکردنی خەلیفە، بێ ڕاوێژ، لەگەڵ ئەوبنەمایەدا ناکۆکە و لەگەڵ تێروانینی خۆیشیدا ناکۆکە، وەک لە ڕەفتارەکانیدا دەردەکەوێت، لەوردەکاریی شتە گرینگەکاندا ڕاوێژی بە هاوەڵانی کردوە. ئەگەر خیلافەتی بۆ قورەیش داناوە، بەڵام مافی دەنگدان و ڕاوەرگرتن پارێزراوبوە، بە تایبەتی لە کارێکی گەورەی ئاوادا، وەک بنەمایەک پێویستییەکی (شوری)ڕاوێژکردنە بۆ هەر تاکێک. دوەم: دامەزراندن نە لە قورئان و نە لە فەرموودە کاریگەرەکانی محەمەدیشدا هاتوە، کە بەڕاشکاوی باس لەوە بکات، کە کەسێکی بۆ خیلافەتی خۆی دیاریکردبێت.
بەڵێ! ئاماژەی پێداوە و ناڕاستەوخۆ قسەی لە سەر کردوە، بە نهێنی لەگەڵ ژنەکانیدا ئەوەی

درکاندوە، لەوانە؛ لە کاتی نەخۆشی و مردنەکەیدا فەرمانی کرد کە ئەبووبەکر نوێژ بە خەڵک بکات، بەڵام ئەمە بەڵگەی تەواوی ئەوە نییە کە بە خەلیفە دایمەزراندبێت، لەبەر ئەوەی خیلافەت کارێکی گرینگە و دەبێت لێدوانی لە سەر بدات و ڕاییگەیەنێت، ئەمەیش بە بوونی شایەت دەکرێت. باسیان لەوە کردوە، کە لە بنیاتنانی مزگەوتەکەی مەدینەدا، ڕیزبەندیی بەردەکانی بەناوی خەلیفەکانی دوای خۆیەوە داناوە.
لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: "کاتێک لە بنیاتنانی مزگەوتەکەدا، بەردێکی دانا و بە ئەبووبەکری گوت لە دوای من بەردەکەت دابنێ، دواتر بە عومەری گوت بەردەکەت لە تەنیشت ئەوەی ئەبووبەکرەوە دابنێ، دواتر بە عوسمانی گوت،بەردەکەت لە تەنیشت عومەرەوە دابنێ، ئینجاگوتوویەتی ئەمانە خەلیفەی پاش منن". لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: ئەمانە وەلی ئەمری پاش منن. ئەبووزەرعە دەڵێت: ئەم فەرموودەیە خراپ نییە پشتی پێببەسترێت، کە دادوەر دەریهێناوە و چاکسازیی تێداکردوە. ئیبن کەسیر دەڵێت: پشتبەستن بەم فەرموودەیە زۆر نامۆیە، هەندێکیان دەڵێن ئەم فەرموودەیە لە (صحیح)دا نەهاتوە. بوخاری لە مێژوەکەیدا دەڵێت: ئیبن حەیان بە دوای ئەم فەرموودەیەدا نەچوە، لەبەر ئەوەی عومەر و عوسمان و عەلیگوتوویانە پێغەمبەر کەسی بە خەلیفە دانەناوە. هەندێکیان دەڵێن: خیلافەت لێرەدا مەبەستی خیلافەتی زانست و ڕێنوێنییە. ئیبن حەجەر هەیتەمی دەڵێت: لەو کاتەدا کە بەردەکانیان داناوە لە بنیاتنانی مزگەوتەکەدا، پێغەمبەرگوتوویەتی، ئەمانە خەلیفەی پاش منن. مەبەستی خیلافەتی زانست و ڕێنوێنی بوە، ئەمەیش لە کاتێکدا بوە زۆر زوو بوە بۆ باسکردن لە خیلافەت، کە عادەتەن ئەم جۆرە باسە لە کاتی نزیکبوونەوە لە مردندا دەبێت، هیچ دەقێکی بێ ناکۆکی لەم بارەوە نییە، بەڵام من بێ دوودڵی دەڵێم، ئەم فەرموودەیە دانراوە یان دەستکاریی کراوە، بەزیادکردنی (ئەمانە خەلیفەی منن). زۆر دوورە یان مەحاڵە لە کاتێکدا محەمەد تازە کۆچی کردوە بۆ مەدینە، وای زانیبێت بە کۆچکردنی کارەکەی تەواو بوە، تا چەند کەسێکی وەك خەلیفە بۆ خۆی دیاری کردبێت، نەک یەک خەلیفەیش. کە ئەو نەیزانیوە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە لە لایەن قەومەکەیەوە ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە، جارێك بە هێز و توندی بانگەشەی نەکردوە و جارێک سەرکەوتوو نەبوە. ئەمە پێکەنیناوییە کە بیر لەوە بکاتەوە، کێ دەبێتە خەلیفەی دوای ئەو.
لە وتە نهێنییەکانی ئەوەی لە سورەتی التحریم دا هاتوە: {وإذ أسر النبی إلی بعض أزواجه حدیثا} [التحریم: 3].واتە: پێغەمبەر قسەی نهێنیی لای هەندێك لە ژنەکانی درکاند.
شیکەرەوان دەڵێن: ئەوەی لە (ازواجه) مەبەستە حەفسەیە، کە لە فەرموودەیەکدا، ماریەی لە خۆی حەرام کرد و خیلافەتی بۆ ئەبووبەکر و عومەر داناوە، لەبەر ئەوەی لە ڕۆژی عایشەدا چوەتە لای ماریەی دایکی منداڵەکەی، لە کاتێکدا کە حەفسە پێی زانی، ئەم فەرموودەیەی بە نهێنی پێ گوتوە و پێی گوتوە نەیدرکێنێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، هیچ ئاماژەیەک بەدامەزراندن ناکات، لەوانەیە بۆ ڕازیکردنی عایشە و حەفسەی کچی عومەر ئەم قسەیەی کردبێت. هەروەها فەرمانی خیلافەت زۆر لەوە گەورەترە کە نهێنییەک بێت لە نێوان خۆی و هەندێک لە ژنەکانی دا باسیبکرێت. لەبەر ئەوەی کارێکی گشتییە و پەیوەستە بە هەموو موسوڵمانانەوە. ئەوە بنەما و پرەنسیپی بەرژەوەندیی گشتییە، کە بە ئاشکرابێت نەک نهێنی، هیچ حکومێکی نییە بەنهێنی بێت و ئەمە دامەزراندن نییە. ئەمان فەرموودەی غەدیری خوم دەهێننەوە کە شیعە پەیوەستن پێوەی و دەڵێن، لە دوای محەمەد خیلافەت بۆ عەلییە. هیچ دامەزراندنێکی تێدا نییە، هیچ لێدوانێکی لەو بارەیەوە تێدا نییە، ئەوەی تێیدایەگوتوویەتی: "ئەوەی من مەولای بم، عەلی مەولایەتی." با ئەم هەواڵەت بە کورتی بۆ باس بکەم، بۆ ئەوەی لەوێوە بۆچوونمان بینابکەن، دەڵێن: محەمەد پێش ئەوەی بڕوات بۆ حەجی خوداحافیزی لە ساڵی دەیەمی کۆچیدا، خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ هەمەدان لە یەمەن (هەمەدانی یەمەنە نەك ئێران –و-) بۆ ئەوەی داوایان لێ بکات ببن بە موسوڵمان، عەلیی کوڕیئەبووتالیبی بەدوایدا نارد و گوتی: با ئەو لە جێگەی بێت و خالید بگەڕێتەوە، لەو کاتەدا کە محەمەد لە حەجی خواحافیزیدا بوو، عەلی هات بۆ لای، لەو کاتەیشدا هەموان موسوڵمان بوون، ناکۆکییەک و ناخۆشییەک لە نێوان عەلی و هاوەڵانی کە لە یەمەن لەگەڵیدا بوون ڕوویدا بوو، یەکێک بەناوی بورەیدەی کوڕی حەسیب بوە، لای پێغەمبەر شکاتی لە عەلی کردبوو کە چۆن لالوتییەک لە عەلییەوە هەبوە، لەو کاتەدا سیمای پێغەمبەر گۆڕانی بەسەردا هاتوە، پێی گوتوە: ئەی بورەیدە لەگەڵ عەلیدا تێک مەچۆ، عەلی لە منە و منیش لە ئەو؛گوتوویەتی ئایا من لەوان

زیاتر لە پێشەوەی ئیمانداران نیم،گوتوویەتی: بەڵێ ئەی پەیامبەری خودا،گوتوویەتی: بۆیە هەر کەسێک من مەولای بم، عەلی مەولایەتی. واتە فەرمانداریەتی و قسەکانی ڕووبەڕووی بورەیدە کردوە نەک خەڵکی تر، ئینجا کە محەمەدگەییشتوەتە غەدیری خوم، کە سەربە مەککەیە، پڕی خۆش بوە ئەمە بە هاوەڵانی بڵێت، بۆ بێتاوانزانینی عەلی، کە قسەیان لە سەر کردوە. هاوەڵانی کۆکردوەتەوە و گوتاری بۆ داون و چاکەی عەلی بۆ باسکردوون و بێتاوانیی دەرخستوە لەو شتانەی کە ئەوانەی لەگەڵیدابوون لە یەمەن باسیان لێوەکردبوو، بەو هۆیەی گوایە لەو شتانەی پڕی داون ڕەزیلی و ناعەدالەتیی پێوەکردوە، ڕاستییەکەی لای عەلی بوە نەک ئەوان، لە گوتارەکەیدا دەڵێت: ئەی خەڵکینە منیش وەک ئێوە مرۆڤم کە پەیامی خودام بۆ دێت، وەڵامی دەدەمەوە، من بەرپرسیارم و ئێوەیش بەرپرسیارن لەوەی دەیڵێن، گوتیان: شایەتی دەدەین کە تۆ ئەوەت کردوە و هیلاک بوویت و ڕێنماییت کردووین، خوا چاکەت بداتەوە،گوتوویەتی، ئەی ئێوە شایەتمان بە (لا اله الا الله و ان محمد عبده ورسوله) ناهێنن، کە بەهەشت حەقە و دۆزەخیش حەقە، مردن حەقە و زیندووکردنەوەی پاش مردنیش حەقە. ئەو کاتە بێگومان هەردێت، خودا ئەوانەی لە قەبردان دەژێنێتەوە، گوتیان: بەڵێ شەهادەت بەوە دەدەین، گوتی: خودایە شایەت بە، ئینجا هانیدان پابەند بن بە کتێبی خوداوە و وەسیەتی بەخزمانی کرد و گوتی: من هەردوو سەنگەکەتان؛ کتێبی خودا و ئەوەی لە منن ئەهلی بەیت، لە یەک نابن تا دەگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، لە ئاست عەلیدا گوتی: لەئێوە لە پێشتر نیم... دووبارەیکردەوە، ئەوانیش بە دانپێدانان و باوەڕکردن وەڵامیان دەدایەوە، لەوێدا دەستی عەلی بەرزدەکاتەوە و دەڵێت: هەر کەسێک من مەولای بم، عەلی مەولایەتی... خودایە لەگەڵ ئەوەدابە، کە ولایەتی دەداتێ... دژی ئەوەبە، کە دژی دەوەستێت... ڕقت لەوە بێت، کە ڕقی لێیەتی،... ئەوە سەربخە، کە سەریدەخات... یارمەتیی ئەوە بدە، کە یارمەتیی دەدات... ئەوە پەشیمان بکەرەوە، کە تەریقی دەکاتەوە... حەق بۆ لای ئەو بنێرە، بۆ هەر کوێیەک دەڕوات. ئەمە گوتاری محەمەدە لە ڕۆژی غەدیری خوم دا، کە هیچ شتێکی لە ئەمری خیلافەتی تێدا نییە.

ئەگەر نیازی ئەوەبوویێت عەلی بە خەلیفە دابنێت، لە جێگەی ئەم هەموو دوعا دوورودرێژە، باشتر نەبوو دوای ڕاوێژ بڵێت: عەلی خەلیفەی ئێوەیە لە پاش من، چی دەڵێن؟ هەرچییەک بێت ئەم فەرموودەیە، گێڕانەوەیەکە لە گێڕانەوەکان و هەواڵێکە لە هەواڵەکان و لە هیچ کتێبێکدا نەنووسراوە، جگە لەوەوپاش بە سەر زارەکی هاتوە و ناکۆکی و مەیلی حیزبی لەماوەی سەت ساڵدا، هەندێک گێڕەوە و حیکایەتخوانی فەرموودەکان، چاکسازییان تێداکردوە، هەندێکیان تانەیان لە ڕاستیی داوە، وەک ئەبی داود و ئەبی حاتەم ئەلڕازی، هەندێکیان دەڵێن ئەوەی تێدا هاتوە وەک (والی من والاه) پشتگیریی ئەوە بکە کە بە مەولای دەزانێت. لەو ڕستە ئینشائییانەن کە پروپاگەندەی زیادەن و بۆ شتی تر دانراون، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، مەیلی حیزبایەتی بە زیاد و کەمکردنەوە و تانەلێدان و چاکسازی لەم گوتارەدا هەبوە. تەنانەت شیعە وای دەگێڕنەوە کە گوتبێتی: عەلی برامە و وەسێتی پاش منە و خەلیفەی ئاییی منە،گوتوویەتی ئەمارەتی خەڵک بدەنە دەست عەلی، هیپتر لە قسەڵۆک لەم بارەوە زۆرە. باشترین ڕێگە بۆ دەرخستنی حەقیقەت لەم پرس و مەسەلەیەدا ئەوەیە، ئەو هەواڵە ساختانە وەلابنرێن، بۆ ئەوە بگەڕێینەوە کە عەقڵ و نەقڵ پشتگیریی دەکەن، ئەویش ئەوەیە؛ بۆ محەمەد ناشێت بەم شێوەیە خەڵک دابمەزرێنێت، کە ناجۆرە لەگەڵ ئەوەی فەرمانی پێ کراوە، ڕاوێژ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بکات لە سەرجەم بابەتە گرینگەکاندا. پرسیاریان لە ئیمام نەوەوی کرد، قازانج لەوە دەکرێت کە پێغەمبەر گوتبێتی ئەوەی من مەولای بم، عەلی مەولایەتی، کە عەلی لە پێشە بۆ ئیمامەت نەک یەکێکی تر؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵگەی ئەوە نییە، بەڵکوو واتاکەی لای زانایانی ئەم کاروبارەن و دەبێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی جێبەجێکردنی! واپیشاندەدات کە بەمەولای بزانم و خۆشم بوێت و نیازپاکی لەگەڵ عەلییش ئاوهایە.

بۆ مەولا واتای زۆر هەیە، واتای شیاوی بۆ جێگەی لەم فەرموودە بەڕێزە، کە دەبێت خۆشی بووێن و ڕقیان لێی نەبێت، لەبەرئەوەی کەگوتوویەتی هەر کەسێک من مەولای بم، عەلی مەولایەتی، ئەمەیش لە ڕەوتی وەڵامدانەوەی بۆ ئەوانەی قسەیان لە سەر عەلی کردوە کە بێتاوان بوە تێیدا، باشیکردوە، واتاکەی وا دەگەیەنێت، کە چۆن لەسەرتانە خۆشتان بوێم، دەبێت عەلییشتان خۆش بووێت. لەمەدا چۆن ئاوا تێبگەین کە عەلی لە پێشە بۆ ئیمامەت، دەبێت ئەوە لەوەدا ببینرێت، کە چی بەسەردێت، نەک لە چ حاڵەتێکدایە. ئەوەی لێدەردەکەوێت هیچ کاتی

نییە، ئەم فەرموودەیەیش دەقێکی نییە کە پاش مردنی پەیامبەر عەلی خەلیفە بێت. بەڵگەی ئەوەیش کە عەلی ئەم فەرموودەیەی بە بەڵگە نەهێناوەتەوە، تا ئەو ڕۆژەی خیلافەت بۆ ئەو بوە، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەوانەی کێشەیان لەگەڵیدا هەبوو، بێدەنگیی کردوە لە سەر ئەم بەهانەیە بەو شێوەیە تا ڕۆژانی خیلافەتەکەی، بۆ ئەوانەی کە کەمترین عەقڵیان هەبێت، ئەمە دەقی ئەوە نییە، کە پاش مردنی پەیامبەر یەکسەر ئەو ئیمامەت بگرێتەدەست.بەو بەڵگەیەی کە ئەم فەرموودەیە هیچ دەقێکی تێدا نییە،ئیمامەت بۆ عەلی بێت، کە لە نەقڵکردنیدا ناجۆریی تێکەوتوە و عەلی خۆی نەیگوتوە؛ پەیامبەر هیچ دەقێکی باسکردبێت، پاش مردنی هیچ کەسێکی بە خەلیفە دانابێت، نە عەلی و نە کەسێکی تر. گوتراوە عەلیگوتوویەتی تۆ باوەڕپێکراویت وئەوەت بینیوە، ئەوەی گوێت لێ بوە قسەمان بۆ بکە،گوتوویەتی: نە بەخودا، من یەکەم کەسم کە باوەڕی پێدەکەم و بە درۆی ناخەمەوە، ئەگەر پەیمانێکم لە پەیامبەر لابێت لەوبارەیەوە لە سەر ئەوە لە جەنگ خۆم دوورناخەمەوە، ئەگەر هیچم نەدۆزیوەتەوە لەم "چاکەت"ە زیاتر. لە گێڕانەوەیەکی تردا: ئەگەر پەیمانێکم لە پەیامبەرەوە لابێت لەوبارەوە براکانی بەنی تەمیم و عودەی "واتا ئەبووبەکر و عومەر"م نەهێشت لە دوای ئەو لە سەر مینبەرەکەی بوەستن و بەدەستی خۆم دەمکوشتن. ئەوەی گێڕاوەتەوە کە کاتێک پەیامبەر نەخۆشییەکەی توندەبێت ولەگیانەڵادا دەبێت و تینی بۆدەهێنێت، عەباسی مامی بە عەلیی گوتوە، با بڕۆین بۆ لای پێغەمبەری خودا، ئەگەر ئەم کارەی بوێت پێمان دەڵێت: ئەگەر لەم فەرموودەیەدا دەقێک هەبێت بۆ ئیمامەتیی عەلی، لەوێدا عەلی بە عەباسی مامی گوتوە: پێویست ناکات، پەیامبەر لە دوای خۆی خیلافەتی بۆ من دانەناوە.

هەواڵەکان ئەوە دەیگێڕنەوە، لە ڕۆژی سەقیفە (کەپر)ەکەی بەنی ساعیدەدا، لایەنگران (أنصار) گوتیان: میرێک لە ئێمە و میرێکیش لە ئێوە، ئەبووبەکر ناڕەزایەتیی دەربڕی و گوتی: "ئیمامەکان لە قورەیشن" ئەگەر ئەم فەرموودەیە دەقی ئیمامەتیی عەلیی تێدابوایە، باسیاندەکرد و بەهانەیان بۆ ئەبووبەکر و لایەنگران دەهێنایەوە، کە ئەو دەقە خیلافەتی عەلیی تێدایە. لە نێوان ئەمە و قسەکانی غەدیری خوم لەو کاتەدا دوو مانگ بوە، ئەگەری لەبیرچوون لە لایەن عەلی و عەباسی مامی و هەموو هاوەڵان زۆر دوورە، سەرەڕای ئەوەی کاتێک بە عەلییان گوت،لایەنگرانگوتوویانە میرێک لە ئێمە و میرێک لەئێوە،گوتوویەتی وتەکەی پێغەمبەرتان بەبیریانداهێنایەوە "لە چاکەخوازانیان قبووڵدەکرێت و بۆ خراپەکارانیان تێپەڕێنن" چۆن بۆ ئەوان دەبێت کە وەسیەتیان لەسەرکراوە.

ئەگەر عەلی بیزانیبایە دەقێک هەیە بۆئیمامەتبوونی، وەک لە وەڵامی ئەنسارەکاندا دەیگوتەوە. ئەوەی لە سیرەتی عەلیی کوڕیئەبووتالیب دەیزانین، کە پیاوێکی ئازا بوە نەک بە شمشێر بە تەنها، بەڵکوو بە زمانیش: ئازایەتیی گوفتار و زمان. هەروەک لە شەڕدا بوێر و توندوتۆڵ بوە، ناکرێت لەئاستی حەقدا دەم دابخات و بێدەنگ بێت، لە ڕاگەیاندنی حەقدا، هیچ کەسێک لە سەر حەق لۆمەی ناکات و ترسی لە هێزی ناحەق و بوغرا و لوتبەرزی نەبوە. ئەگەر لە سەر گێڕانەوەی خەڵک بوەستین، دەبێت بەلێبڕاوەیی عەلی بەو شێوەیە بناسین، ئەم سیفەتە جیاکارییەی وای لێ کرد، ڕێگەی لە هەوڵەکانی بگرێت لە کاتی خیلافەتیدا، بەڵام تەماشای شیعەبکەن بزانن چی دەڵێن؟

دەڵێن عەلی کێشەی خیلافەت لە پێناو تەقوا و پابەندبوون بەوەسیەتی پەیامبەر بەجێیهێشتوە، کەگوتوویەتی شمشێر لە کەلان دەرنەچێت و فیتنە ڕوونەدات. سوبحانەڵڵا ئەمە بوختانێکی گەورەیە. تەقیە جۆرێکە لە دووڕوویی و حاشا لەوەیش باوکی حەسەن کە زەڕرەیەکی دووفاقیی تێدابێت، چۆن پەیامبەر دەیکاتە خەلیفە و ئیمامی ئومەت و لە شمشێرکێشان مەنعی دەکات بەرانبەر ئەوانەی حەقیان خواردبێت؟ چۆن شمشێری لە دژی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان ڕانەکێشاوە، لەگەڵ کەمیی لایەنگر و موریدانیاندا، بەڵام بۆ موعاویەی هەڵکێشابێت کە هەزاران خەڵکی لەگەڵدابوە، چۆن وای بۆهاتوە بڵێت؛ ئەگەر لەو بارەوە پەیمانێکم لە پەیامبەرەوە هەبێت، برایانی بەنی تەمیم و عودەیم نەهێشت لە سەر ئەو مینبەرەدا بوەستن. ئەگەر ئەوەی دەگوترێت و لە لایەن ئەوانەی حیزبی عەلیی کوڕیئەبووتالیب بوون دەرچوو بێت، لە خۆشەویستییان بوە بۆ عەلی. ڕاستە خۆشەویستی کەڕکەر و کوێرکەرە،ڕاستیشە دەڵێن هیچ نیشانەیەکی دەروونی لە مرۆڤدا لەوە چەواشەتر نییە کە لە خۆشەویستییەوە دەردەکەوێت، ئەوە مەیلداری و خۆشەویستییە، کە خەڵک زۆرتر لەم بارەوە بەرەو خراپتر دەبات. عەلی لە کێشەی خیلافەت لە سەر بنەمای تەقیە دوور ناکەوێتەوە، وەک دەڵێن، بەڵام خۆی

هۆکاری جێهێشتنی خەلافەتی دەرخست، هۆکاری شەڕکردنیشی لەگەڵ معاویە دەرخست. دەڵێت: پەیامبەر ئەبووبەکری دیاریکردوە و ئێمەیش بەیعەتمان پێدا، عومەریش دەسەڵاتی گرتەدەست بەیعەتمان پێدا، پەیمانم بە عوسماندا، کە ئەوان نەمان، ئەهلی هەردوو حەرەم و خەڵکی هەر دوو ئاوەدانیی بەسرە و کووفە بەیعەتیان پێدام، ئەوەی لەم کارەدا خۆی هەڵقورتاند وەک من نییە و خزمایەتیی وەک خزمایەتیی من نییە، زانینیشی وەک زانیاریی من نییە و ڕابردوویشی وەک ڕابردووی من نییە، من لەو حەقترم، واتە مەبەستی موعاویەیە. حەقانیترین خەڵک لەم مەسەلەیە، حەسەن موسەنا کوڕی حەسەنی سەبتە کە هەواڵەکەی پێدرا "هەر کەس من مەولای بم، عەلی مەولایەتی." دەقێکە بۆ ئیمامەتیی عەلی. گوتی: بەڵام وەڵاهی، ئەگەر پەیامبەر مەبەستی لەوەدا ئیمامەت و سوڵتان بوایە، ئاشکرایدەکرد، پێی دەگوتن ئەی خەڵکینە، ئەمە والیی پاش منە، کاروباری ئێوە بەڕێوەدەبات، گوێڕایەڵی بن و گوێی لێبگرن، بە وەڵاهی ئەگەر پەیامبەر ئەو پەیمانەی پێدابێت و خۆی دواتر وازی لێهێنابێت، گەورەترین گوناحە".

به باوەڕێکی عەجیبی شیعە،کۆتایی بەم توێژینەوەیەمان دەهێنین:

تیمێک لە شیعە هەن بەناوی دوانزە ئیمامی وەک شیعەکانی عێراق، ئەوانە لەباوەڕی خۆیاندا وایان فەرزکردوە کە ئیمامەت لە دوانزە ئیمامدا دیاری و قەتیسبکەن، یەکەمیان عەلیی کوڕیئەبووتالیب و کۆتاییەکەی محەمەدی مەهدییە. ئەمەیش زۆرسەرسوڕهێنەرە، لەبەر ئەوەی ئەمری ئیمامەت تا ئاخری زەمان بەردەوامە، کە بەشی ئەوەندە ئیمام دەکات لەژماردن نەیەن، .بەڵام لە ئەوەندە ئیمامدا قەتیسی بکەیت شیاو نییە

ئەم کەلێنەیان وا پڕکردوەتەوە، کە دوا ئیمام محەمەدی مەهدییەو زیندووی هەتاهەتاییە، دەڵێن خۆی ونکردوە و دیار نییە، لەوانەیە خۆی لە سەردابی سامەڕادا حەشاردابێت، دەبێت ڕۆژێک دەربکەوێت، بۆیە بەپێوە وەستاوی چاوەڕوانکراوی لە قەڵەمدەدەن. بەو پێیە تەنها چاوەڕوانکراو نییە، بەڵکوو دیمەنیشی هەیە لەبەر ئەوەی زیندووی مەودای ژیانەو لە غەیبەتدا دەژێت. چاوەڕوانکراوە، لەبەر ئەوەی کە دەرکەوێت زەوی پڕدەکات لە عەدالەت، وەک چۆن پڕبوە لە ناحەقی. ئەوەی لەم عەقیدە سەرسوڕهێنەرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە لە لایەن موجتەهیدانی زانایانی مەزهەبی شیعەوە دانراوە، بۆ ئەوە دایانناوە تا بگەنە ئەوەی کە خەڵک بە گشتی باوەڕیان پێ بکەن و بە ڕێگەیاندا بڕۆنو پاشکۆی ئەوان بن و لەژێر سایەیحکومیئەواندابن، لەبەر ئەوەی لای ئەوان ئەرکە لە سەر هەر کەسێکی ئەهلی ئەو مەزهەبە، بە نەریتی موجتەهیدەکەیان بکات. هەروەها موجتەهیدەکەپان بە جێگری ئیمامی چاوەڕوانکراو لە قەڵەمدەدەن... باوەڕیان بەوەیە کە لە پێوەندیدایە لەگەڵیداو لەوەوە فەرمان وەردەگرێت. پێویستە ئەوەی لە سەر ئەوانە بۆ ئیمامی چاوەڕوانکراو، بیدەن بە موجتەهید، وەک زەکات و پارەی حەقی زوڵمکاری و پێنجیەک و هیی تر. موجتەهید جێگری ئیمامی چاوەڕوانکراوە (المنتظر). بەم عەقیدەیە وایلێهاتوە، کە موجتەهید بۆ خۆی ئیمامە نەک بەڕاستەوخۆیی، بەڵام بەو ڕێگەیە ژیان ئاوا لە ئایین دەکات.

مەسەلەی حیرس کوڕی نوعمانی ئەلفەهری

مەسەلەیەک ماوە، نابێت لەم توێژینەوە دەربچین، بێئەوەی خوێنەری لێ ئاگاداربکەینەوە، لەبەر ئەوەی پێوەندیی بە کرۆك و متمانەی فەلسەفییەوە هەیە، لە سەر ئەوەی گوتراوە "جگە لە خودا هیچ بوونێکی تر نییە" بەو شێوەیەی کە محەمەد لەوەی لە سەر خوداگوتوویەتی بە ڕاستگۆ بزانین، ئەو مەسەلەیەیش؛ مەسەلەی حیرس کوڕی نوعمانی فەهرییە، لەبەر ئەوەی کاتێک ئەو وتەیەی محەمەد بڵاوبوە کەگوتوویەتی: "من مەولای هەر کەسێک بم، عەلی مەولایەتی." ئەمە گەییشتە حیرس کوڕی نوعمانی فەهری، هات بۆمەدینە و حوشترەکەی لە دەرگای مزگەوتەکەدا بەستەوە، کە چوە ژوورەوە، پەیامبەر دانیشتبوو، هاوەڵانیش لە دەوری بوون، کەوتە سەردەستی و گوتی: ئەیمحەمەد، تۆ فەرمانت پێ کردین، کە شایەتمان بە (لا اله الا الله) و تۆیش بە (رسوله الله) بهێنین. ئەوەمان لێ قبوڵکردیت، فەرمانت پێ کردین لە ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژ بکەین و مانگی ڕەمەزان ڕۆژووبگرین و زەکاتی پارەکانمان بدەین و حەجی ماڵی خودا بکەین و ڕازیبووین، بەڵام بەمە ڕازی نەبووین کە عەلیی کوڕی مامت بەسەرماندا بەرزبکەیتەوە و فەڕزی بکەیت ولەئێمە بەچاکتری دابنێیت؟ گوتووتە: مەولای هەر کەسێک بم، عەلی مەولایەتی، ئەمە لە خوداوەیە یان لە لایەن خۆتەوەیە؟ چاوی محەمەد سوورهەڵگەرا "لە

کاتی توورەبوون و گوتارداندا چاوانی سوور دەبوونەوە" سەرەڕای ئەوەی سووریی چاوانی بەردەوام بوو، بەڵام لە کاتی توورەبووندا سوورییەکەیان تۆختتر دەبوونەوە، هەروەها لە کاتی گوتاردانیشدا وابوو. بە حیرسی گوت: خودایە هیچ ئیلاهێك جگە لە تۆ نییە، ئەمە لە خودایە و لەمنەوە نییە، سێجار دووبارەی کردوەتەوە،ئەگەر ئەم حەقە لای تۆوەیە، لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێنگوتوویەتی: خودایە ئەگەر ئەوەی محەمەد دەیڵێت حەقە، لە ئاسمانەوە بەردبارانمان بکە، یان ئازارێکی کوشندەمان بدە. گێرەوان دەڵێن، بەخودا نەگەیبشتە دەرچەی مزگەوتەکە، تا خودا بەردێکی لە ئاسمانەوە بۆ نارد و لەسەری دا و لە کۆمییەوە دەرچوو و مرد، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند ({سأل سائل بعذاب واقیع (1) للكافرين ليس له دافع} [المعارج: 1، 2]. بە واتای: یەك داوای کرد ئازاری بێت، بۆلە خودا دوورەکان هیچ لەمپەرێك نەیەتە بەر.

لە پێشەوە باسی یەکبوونی هەبوونمان کرد، کە محەمەد لە قورئانەکەیدا باسیکردوە، دەڵێت: {هو الأول والآخر و الظاهر و الباطن} [الحديد: 3] واتە: پیشووی ئەوە و دوایی ئەوەو لەبەرچاوە و نادیارە و لە هەموو شت ئاگادارە. واتە: تۆ لە کاتێکدا و لەفیکری خۆتدا بتوانیت لەگەڵ بوونی گشتیی ڕەهادا وا تێکەڵ بیت و بتوێیتەوە و بوونی خۆت وەك بەشێك لە بیربچێت و هیچ وێنایەکی دیاریکراوی خۆت لەبیرنەمێنێت. دەشێت لە بوونی گشتیدا وا دەربکەویت و لەجیاتیی خودا قسە و ڕەفتار بکەیت. پێمان گوتن کە محەمەد بگاتە ئەم پێگە باڵایە لە درککردن بەوەی هیچ بوونێک نییە جگە لەخودا، بە قودرەتی لە ڕادەبەدەری خۆی، توانیویەتی لەگەڵ بوونی حەقی گشتیی ڕەهای ناکۆتاییدا تێکەڵ بێت، واتە دەمج بێت و خۆی نەهێڵێت و پەرشوبڵاو ببێتەوە تێیدا، وەک بەشەبوونێک خۆی لە بیر خۆی بچێتەوە، بۆیە دەشێت ئەوەی لە سەر خودی خودابێت،بۆ خۆی بیڵێت و لەجیاتیی ئەو هەر کارێکبوێت بیکات، لەوەدا لەگەڵ حیرس کوری نوعمان فەهری ڕاستگۆ بوە کەگوتوویەتی، ئەوە لە خوداوەیە نەک لە منەوە، بەڵام وتەی گێرەوان، کە نەگەیبشتوەتە دەرگای مزگەوتەکە و خودا بەردێکی بۆ ناردوە تا کۆتاییەکەی، ئەمە درۆیەکی شاخدارە و خستنەسەر و پێوەنانێکی حیکایەتخوان و گێرەوانە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم ئایەتە لە سەر پرسیارەکە هاتوەتە خوارەوە {سأل سائل بعذاب واقيع} [المعارج: 1].واتە: یەکێك پرسیاری لەسەر ئازاری رووداوەکەی کرد. ئەوەی شیکەرەوان لە سەر زاری ئیبن عەباس دەیگێرنەوە، حیرسی کوری نەزر، کە لە پاش ئەسیربوونی لە شەڕی بەدردا، محەمەد کوشتی، حیرس گوتوویەتی ئەگەر ئەم حەقە لای تۆیە، بەردبارانمان بکە لە ئاسمانەوە و ئازارێکی توندمان بۆ بنێرە. مەیلی حیزبایەتی لە لای گێرەوان وای لێکردوون، باسەکە زلبکەن و بیگێرنەوە بۆ حیرس کوری نوعمانی فەهری نەک حیرس کوری نەزر، ئەوەیشیان بۆ زیادکردوە "بەخودا نەگەیبشتوەتە دەرگای مزگەوتەکە خودا بەردێکی بۆ ناردوە و لەسەری داوە و لە کۆمییەوە دەرچوە و مردوە". درۆیەکی تریان خستە سەر درۆکانی تر و دەڵێن، ئەم کارە لە ڕۆژی هەژدەیەمی مانگی زولحیجەدا ڕوویداوە، فەرموودەیەکیشیان بەدەم پەیامبەرەوە ناوە، کە گوایەگوتوویەتی، خودا ڕۆژووی ڕۆژی هەژدەهەمی زولحیجە بەقەد شەست مانگ ڕۆژوو دەنووسێتەوە، تەنانەت شیعە ئەم ڕۆژە بە جەژن لە قەڵەم دەدەن و لە بەغدا تەپڵ لێدەدرا، لە دەوروبەری سەدەی چوارەم لە دەوڵەتی بەنی بوەیهی فارسیدا.

(7)

ئایا محەمەد لەو بانگەشە و هەواڵگەیاندنەدا ڕاستگۆ بوە: ڕاستگۆیی و درۆکردن

مرۆڤەکان زەمانێکی زۆر بە تاک ژیاون، وەک دڕندەی ئەمڕۆ لە بیابان و شاخەکاندا هەڵمەتیان بردوەتە سەر یەکتر، ئەگەر تەماحیان لە یەک هەبووبێت یان لە یەک ترسابن. ئینجا لە قۆناغێکی تردا هەستیان بەوە کردوە، پێویستیان بە یەکە و دەبێت لەگەڵ یەکدا بن، دژ بە نەیاران و هێرشبەران لەلایەکەوە و لە پێناو ئامادەکردنی پێویستییەکانی ژیانیان لە لایەکی ترەوە هاوکاریی یەکتر بکەن، بۆیە کۆبوونەوە و یەکتریان لەخۆگرت و بهیەکەوە ژیان. ئەو کۆمەڵانە خزمایەتی و نەسەب کۆی کردنەوە، ئینجا زمان، ئینجا ئایین، ئینجا لە دوا جاردا

نیشتمان و سیستم و یاسا کۆیکردنەوە.بەم شێوەیە خێزان، بنەماڵە، عەشیرەت، هۆز، گەلان، نەتەوە و حکوومەتەکان دروستبوون. ئەو بنەچەیەی لە سەری کۆبوونەوە، هەستکردن بوو بە پێویستیی هاوکاریکردنی یەکتر و هیچی تر. بەو شێوەیە کۆمەڵ دروستبوو، تا وەک ئەمڕۆ دەیانبینین، بە سەر چەند پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا دابەشبوون و کۆکەرەوەی جیاواز کۆیکردوونەتەوە و جیاوازن لە یەکتر.
بەڵێ، مرۆڤ بە گردبوونەوە لە ژیانی تاکگەرایی ڕزگاری بوو، کە هەڕەشەی لە سەر بوو، ئارام بووەوە، کە پێشتر موحتاج بوو، دواتر دەوڵەمەند بوو، پێویستیی نەما، بەڵام بە هۆی ئەم گردبوونەوەوە، وای لێ هات مافی مادی و ئەدەبیان بەسەریەکەوە هەبێت، بۆ پاراستنی ئەم مافانە شەریعەت و یاسا دانراو چاکە بە باش زانرا و ڕێزی لێگیرا و خراپە بە خراپ دانراو قێزەون کرا، بەوپێیەی کە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بەگشتی دەیسەپێنێت. چاکەکاری بۆ خودی چاکەکە نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی گشتیی فەرزی دەکات، کە بە چاکە دابنرێت، هەروەها بۆ خراپەکاری لە خودی خراپەکەدا سەیرنەکراوە بە قەد ئەوەی، بەرژەوەندیی گشتیی فەرزیکردوە بەقێزەون لەبەرچاو بگیرێت. ڕاستگۆیی چاکەیە، لەبەر ئەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە بەرەو ڕێگەی ڕاست دەبات، ئەگەر تاک لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیدا بەشداریی گشتی بکات کە قازانجیان پێ ببەخشێت و ئەگەر ناخۆشییەک ڕووی تێکردن، دەبێت باوەڕیان پێ بکات و ڕاستگۆ بێت لەگەڵیاندا و درۆیان لەگەڵدا نەکات، عەرەبگوتوویەتی: "ڕێنوێنیکەر درۆ لەگەڵ خزمی خۆی ناکات." لەبەر ئەوەی قازانجی هاوبەش هەیە لەگەڵیاندا، هەروەها بە نیسبەت خەڵك بەگشتی و تاکیشەوە؛ ڕاستی ڕێنیشاندەرە، درۆ وێڵکەرە. ڕاستگۆ بیت لەگەڵ هەر کەسێکدا ڕێگەی ڕاستت نیشانداوە، ئەگەر درۆیشت لەگەڵ کرد لەوشتەدا، ڕێگەی ڕاستیت لێ ونکردوە. وەک لە سەرجەم چاکە و خراپەکاندا گوتراوە، لەوەی یەکەم قازانج هەیە و ئەوەی دووەمیش زەرەرە بۆ گشت و تاک.
ئەگەر ئەمە بەرپابوو، لە ژیاندا سەپێنرا، ڕاستی لەگەڵ واقیعدا یەکناگرێتەوە و درۆیش لەگەڵیدا ناکۆک نابێت، بەڵکوو ڕاستگۆیی لەگەڵ بەرژەوەندیدا دەگونجێت، ئەگەر ناکۆکیش بوو لەگەڵیدا، درۆیش لەگەڵ بەرژەوەندیدا ناکۆکە ئەگەر لەگەڵ واقیعیشدا تەبا بێت. لەم بارەشەوە نمونەی ئیبراهیم کە بە ژنەکەی خۆی وت خوشکمە بۆ ئەوەی رزگاری بێت و لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی وای خواست، لەو قسەیەی ڕاستگۆیە ئەگەر لەگەڵ واقیعدا نەبێت. حەکیمی فارس، سەعدیی شاعیر ناڵێت: "درۆی تەبا لەگەڵ بەرژەوەندیدا لە ڕاستیی هاندەری فیتنە باشترە." ئەمە حیکمەتێکی کاریگەرە، لەبەر ئەوەی ڕاستی هاندەری فیتنە درۆیە، درۆ لەبەر ئەوە قێزەونە، چونکە زیانبەخشە. ڕاستییەکی زیانبەخش درۆیە. موتەنەبی لە کاتی تا گرتنیدا دەڵێت:
إذا ألقاك فى الكرب العظام ويصدق وعدها والصدق شر
واتە: ئەگەر راستیەك خستیتیە كێشەیەکی گەورەوە ئەوە راستگۆیەکە شەرە.
ئەگەر باش لەمە تێبگەیت، حەقی خۆیەتی بڵێیت محەمەد ڕاستگۆ بوە لەوەی کە لە خەیبەردا لە سەر خوداگوتوویەتی: {وماینطق عن الهوى} [النجم 3: واتە: بە ئارەزووی خۆی قسە ناکات. واتە ناکەوێتە دوای مەیلی نەفسی خۆی، هیچ قسەیەک ناکات کە بەرژەوەندیی گشتی فەرزی نەکات، لەوەیشدا هیچ شتێکی بۆ خۆی ناوێت.
ئەگەر محەمەد بانگەشەی پەرستنی خودای بێ هاوبەش دەکات، بەوەیش دەیەوێت قسەی قەومەکەی یەکبخات و ڕابوونێکی مرۆڤایەتیی جیهانیی گەورە ڕووبدات، کە پاشەڕۆژی خێربێت بۆ مرۆڤ بەگشتی، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ پاداشتێک لە سەر ئەم بانگەشەیە لە خەڵک داواناکات و هیچ قازانجێکیلەو بارەوە بۆ خۆی ناوێت، چۆن ڕاستگۆ نەبێت لە قسەکانیدا، کە جگە لەبەرژەوەندیی گشتی، هیچ شتێک لەو بارەیەوە بۆ ئەو نەبوە کە ویستویەتی کارێکی زۆر گەورە بکات.

ئەوەی درۆ بکات، نایەوێت بە تەنها زیان لە خەڵک بدات، بەڵکوو دەیەوێت لە زیانی ئەوان قازانج بکات، بەڵام محەمەد ئەوەی دەیڵێت، جگە لە بەرژەوەندیی خەڵک و قازانجکردنیان، هیچی تری ناوێت و وتەکانی حەقیقەتن و لە ڕاستی ڕاسترن.محەمەد گوتی: خودا بۆ ئێوەی ناردووم بۆ مژدەبەخشی و ئاگادارکردنەوە. بەم وتەیەی خۆی وەک دڵسۆزێکی چاکسازیخواز لە نێوان خەڵکدا پیشاندا و وەستایەوە. لەم وتەیەی ڕاستگۆیە، لەبەر ئەوەی چاکسازیکردن وافەرزدەکات بڵێت پەیامبەری خودایە، ئەگەر سەریشمان سوڕبمێنێت لە وتەی {إنی رسول الله} [الأعراف: 158]واتە: من پێغەمبەری خودام. بۆیە ئێمە لە واتای پەیامبەر وەک ئەوەی هەیە، واتە نامەبەر تێدەگەین، لە ناوەڕۆکی وشەی پێغەمبەرەکە تێناگەین. ئێمە وا تێدەگەین کە یەکێکمان بە یەکێک بڵێت ڕۆ بۆ لای فڵانە کەس و ئەمەوئەوەی پێ بڵێ، ئەوەی دەڕوات لای ئێمە پەیامبەرە، بەڵکوو پێغەمبەر بەم شێوە نییە، بەڵام پیاوێک کە خوداکەی لە کردەوەی چاکسازیدا ببینێت و ئیلهام لە بانگەشەی چاکسازی وەربگرێت، سەبر و هیممەت و حیکمەتی بۆبێت، کە بۆ سەرکەوتنی بانگەشە پێویستە، بە زەروورەت پەیامبەری خودای بوونی ڕەهای گشتی ناکۆتاییە، هەر کەسێک وابێت، پێغەمبەری خودایە، هەر کەسێک بەم شێوەیە لە چاکسازیخوازان بێت، پێغەمبەری خودایە.

ئەگەر محەمەد و ئەوەی لە پێناو ڕابوونی قەومەکەی و خێری سەرجەم خەڵکدابێت، ئەی خەڵک ژیانێکی ترتان هەیە ئەگەر ئیمانتان هەبێت، پاداشتتان خۆشگوزەرانی دەبێت و ئەگەر کوفربکەن، دۆزەختان بەردەکەوێت، ئەوڕاستگۆییە لەوەدایە، دەیەوێت خەڵک قەناعەتی پێبکەن، بۆ ئەوەی ئیمانیان بەوەبێت کە پێی هەڵساوە، دەڵێت: جوولەکە ناوی منیان لە کتێبی تەوراتدا دۆزیوەتەوە، بەڵام دەیگۆڕن و لێی لادەدەن، لەوەدا ڕاستگۆ بوە، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی قەناعەتپێهێنانی خەڵک وا فەرزی کردوە. جوولەکە بە درۆیان خستەوە و بەربەستیان خستە بەردەمی، وەک نەیارێکی، ئینکاریی ئەوەیانکردو ڕەتیانکردەوە و ویستیان لە بانگەشەکەی بدەن و بیرووخێنن و ڕێگەی لێبگرن. بەڵێ، ئەو ڕاستگۆیە، ئەگەر ئەم وتەیەی ڕاست نەبێت هەزار نەفرەت و نەمان بۆ ڕاستگۆیی.لەکاتی خۆیدا ئەبووبەکر پێش هەموو کەسێک ئەم حەقیقەتەی زانیوە، بۆیە بۆ چاوتروکانێکیش لەباوەڕهێنان بە محەمەد دوودڵ نەبوە، تەنانەت کاتێک لە شەوێکدا هەواڵی ئیسرای لە مزگەوتی حەرام بە کافرەکان ڕاگەیاند، چوون بۆ لای ئەبووبەکر، لەبەر ئەوەی وایانزانی شتێکیان دۆزیوەتەوە لە محەمەد، کە تەنانەت ئەبووبەکریش باوەڕی پێ ناکات. پێیان گوت: سەیری هاوەڵەکەت دەکەیت،بانگەشەی ئیسرای بەیتولموقەدەسی لەم شەوەدا کردوە. گوتی: خۆی ئەمەی گوت، گوتیان: بەڵێ، گوتی: مادام ئەوگوتوویەتی ڕاستدەکات. گوتیان: باوەڕی پێدەکەیت کە شەو بۆ بەیتولمقەدەس ڕۆیشتبێت و پێش ڕۆژبوونەوە بگەڕێتەوە! گوتی: بەڵێ من باوەڕ لەوە زیاتریشی لێدەکەم و باوەڕ بەهەواڵهێنانی ئاسمانییشی پێدەکەم، کە لە چاوترووکانێکدا بۆی هاتبێت. ئەگەر هەواڵی ئاسمانم بۆ بڵێت، لەساتێکدا باوەڕی پێدەکەم، ئەوە لەوە سەرسوڕهێنەرترە کە ئێوە سەرتان پێوە سوڕماوە. خوا چاکەت بۆ بکات ئەبووبەکر کە چۆن ئەوەی زانیوە؛ هەموو شتێک لە پێناو مەبەستێکە. من ئەگەر لە لایەنی ڕاستودرۆی ئەم ڕایە و چۆن بۆی ڕۆیشتوە پروانم و بە ئەگەری بزانم کە پێغەمبەر لە خەیاڵیدا وێنای کردوە، ئەو ئاماژانە دەردەکەون کە محەمەد بەم ڕێگەیەوە بەرژەوەندیی گشتیی ویستوە، کە سەرکەوتنی بانگەشەکە سەپاندوویەتی.

ساتێک ئەو هەواڵە گەییشتە محەمەد کە حیرس کوری زرار، شێخی بەنی موستەلەق، خزم و کەسوکار و عەرەبی بۆ شەڕکردن کۆکردوەتەوە، نامەبەر بورەیدە کوری حوسەینی نارد بۆ زانین و زانیاریوەرگرتن، بورەیدە مۆڵەتی وەرگرت کە هەر چییەکی بوێت بە باشی بزانێت پێیان بڵێت بۆ ئەوەی لە شەڕکردن ڕزگاریان بێت، ئەگەر لەگەڵ واقیعیشدا نەگونجاوێت، پەیامبەربۆ ئەو کار و مەبەستە مۆڵەتیدا، کاتێک چوو گردبوونەوەکەیانی بینی، پێیان گوت: ئەم پیاوە کێیە؟ گوتی: پیاوێکە لەئێوە، پاش هەواڵی گردبوونەوەتان دژ بەو پیاوە هاتووم بۆ لاتان، بۆ لای قەومەکەم و

ئەوانەی گوێڕایەڵم بن و یەکدەستدەبین تا ڕیشەکێشیان دەکەین، حیرس پێی گوت، ئێمە لە سەر ئەوەین بەخێرایی بیکەین، بورەیدە گوتی: سواربە، با گردبوونەوەیەکی گەورەی قەومەکەم ببینین، زۆر خۆشحاڵ بوون بەوە، گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا، هەواڵی ئەو قەومەی پێ دان، لەوێیشدا غەزوەی بەنی موستەڵەق ڕوویدا؟ لێرەدا مۆڵەتی بە بورەیدەدا بۆ ئەوەی درۆبکات، لەو کاتەدا کە بەرژەوەندیی گشتی ئەوەی ویست.
لەو بارەیەیشەوە، ئەوەی لە ڕۆژی خەندەقیش، محەمەد و هاوەڵانی گیریان خواردبوو لە نێوان خەندەق و سەلعدا و دوژمنان لە هەموو لایەکەوە دەوریان لێدابوون، بەنو قورەیزە پەیمانیان شکاند و لەگەڵ دوژمناندا یەکیانگرت، ئەوەیش ناخۆشترین هەڵوێست بوو لە ژیانی محەمەددا. لەوکاتەدا کە ئەوەیان کرد، پیاوێک لە دوژمن بۆیان هاتەدەر، کە دەڵێن ناوی نەعیم کوڕی مەسعوودی ئەشجەعی بوە، ئەم نەعیمە لەگەڵ خزمانی غەتفان کە لە سەر ئایینی ئەوان بوو، بۆ شەڕی موسوڵمانان هاتبوو، خودا ئیسلامی خستبوە دڵییەوە. کاتێک لەوێدا دەردەچێت، پەیامبەر لە نێوان عەسر و مەغریبدا دەڕوات و دەبینێت نوێژ دەکات، کە بینیی دانیشت، ئینجا پێغەمبەر پێی گوت: یا نەعیم چی تۆی هێنا بۆ ئێرە؟ گوتی: هاتم باوەڕت پێ بکەم و شەهادەت بهێنم، ئەوەی دەیڵێیت حەقە. پێی گوت، کە موسوڵمان بوە، قەومەکەی نازانن بوەتە موسوڵمان، چیتدەوێت فەرمانم پێ بکە. کە تۆ پیاوێک بیت دەتوانی چیمان بۆبکەی، شەڕیش هەڵخەڵەتاندنە، نەعیم پێی گوت: ئەی پەیامبەری خودا، ئەو حاڵەی پێویستە بیڵێم ئەگەر لەگەڵ واقیعدا ناکۆکیش بێت. گوتی: چیت بۆ دەکرێت بیڵێ، تۆ ئازادیت، نەعیم دەرچوو تا گەییشتە بەنو قورەیزە و هاوسۆزیان بوو، گوتی: کە بینییان بەخێرهاتنیان کردم و خواردن و خواردنەوەیان پێدام، پێمگوتن من بۆ شتێکی ئاوها نەهاتووم، لەبەر ئەوەی لە سەرتان دەترسم هاتووم بە ڕای خۆم ڕاوێژتان پێ بکەم، ئەی بەنو قورەیزە، خۆشەویستیم بۆ ئێوە دەزانن و بە تایبەتی ئەوەی لە نێوان من و ئێوەدا هەیە، گوتیان: ڕاستدەکەیت، لای ئێمە تۆمەتبارنیت، پێی گوتن: ئەم نهێنییەم بشارنەوە، گوتیان: وادەکەین، گوتی: ئەوەی بە سەر بەنی قەینوقاع و بەنوو نەزیردا هات لە هەڵهاتن و سەروماڵ بردنیاندا دەیزانن و قورەیش و غەتفان وەک ئێوە نین، وڵاتەکە وڵاتی ئێوەیە و ژن و منداڵتان لێرەیە و ناتوانن لێرە بڕۆن، قورەیش و غەتفان بۆ شەڕکردن دژ بە محەمەد و هاوەڵانی هاتوون، ئەگەر خۆتان لەگەڵ ئەواندا دەربخەن، ئەگەر بە باشی بڕوات دەیپێکن و ئەگەر نا، ئەوان دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و ئێوە بە تەنیا لە وڵاتی خۆتاندا دەمێننەوە، ئەم پیاوەیش لە وڵاتی ئێوەیە و ئێوەوزەی ئەوتان نییە ئەگەر ڕووبەڕووتان بێتەوە، شەڕی مەکەن تا حەفتا پیاو لە نەسرانەکانیان لە دەستی ئێوەدا ڕەهن نەبن بۆ متمانە و ئەوجا تا دوا هەناسە شەڕی محەمەدبکەن بۆئەوەی شکست بهێنێت. پێیان گوت: ڕاوێژێکی ڕاست و ئامۆژگارییەکی باشت کردین، دوعایان بۆ کرد و سپاسیان کرد گوتیان: وا دەکەین، گوتی: بەڵام ئەم نهێنییەم بشارنەوە. گوتیان: وا دەکەین. ئینجا نەعیم دەرچوو بۆ لای قورەیش بە ئەبوسوفیان و ئەوەی لەگەڵیدا بوون لە ئەشرافی قورەیشی گوت، ئێوە دەزانن چەند خۆشمدەوێنو ڕقم لە محەمەدە، هەواڵێکم لایە دەمەوێت پێتان بڵێم و ڕێنماییتان بکەم، بەڵام نەیدرکێنن، گوتیان: ئاوادەکەین، گوتی: خەڵکی بەنو قورەیزە لە پەیمانشکاندنەکەیان لەگەڵ محەمەددا پاشگەزبوونەتەوە، خەڵکیان ناردوە کە ئەوان پەشیمانن، ئەگەر ڕەزامەندیی بفەرموویت چەندین ئەشرافی هەردوو قەبیلەی قورەیش و غەتفانتان بۆ دەهێنین سەریان لێ بکەرەوە و ئەو دەستەمان شکا بیگەڕێنەوە جێگەی خۆی، مەقسەدیان بەنی نەزیرە بوو، ئینجا لەگەڵتاندا شەڕی ئەوانی تر دەکەین تا ڕیشەکێشیان دەکەین. گوتی: بەڵێ. گوتی ئەگەر جوولەکە ناردیان بۆ چەند پیاوێک لەئێوە وەک بارمتە لایان بێت یەک پیاویان مەدەنێ، هەوڵبدەن نهێنییەکانتان بپارێزن لایان و باسی منیش مەکەن و هیچ پیتێک لەم قسانەم مەڵێن، گوتیان نایڵێین. ئینجا دەرچوو تا گەییشتە لای غەتفان. گوتی: ئەی مەعشەری غەتفان ئێوە خزم و عەشیرەتی منن، خۆشەویسترین خەڵکن بۆ من و من بە تۆمەتبار نازانن. گوتیان:

ڕاستدەکەیت تۆ لای ئێمە تۆمەتبارنیت، گوتی: ئەم نهێنییە بپارێزن، گوتیان: باشە. ئەوەی بە قورەیشی گوت بە ئەمانیشی گوت و ئاگاداری کردنەوە. لە شەوی شەممەدا ئەبووسوفیان و سەرانی غەتفان، عەکرەمە کوری ئەبووجەهلیان لەگەڵ چەند کەسێکدا نارد بۆ لای بەنوو قورەیزە. پێیان گوتن: ئێمە لە وەزعێکیباشدا نین خۆمان و وڵاخ و سوارچاکانمان هیلاک بووین. ئامادەبن بۆ شەڕ تا کۆتایی بە محەمەد بهێنین و یەکلایی بکەینەوە، گوتیان: ئەمڕۆ شەممەیە، ئەوەی لە شەممەدا کەس ناتوانێت بمانباتەوە، سەرەڕای ئەوەیش، هاوشانی ئێوە شەڕی محەمەد ناکەین تا حەفتا پیاوتان بە بارمتە لامان نەبێت، گوتیان: بە خودا نەعیم ڕاستگۆ دەرچوو، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، ئینجا وای لێهات، دۆران، بە هۆی دوو هۆکارەوە: یەکەمیان جیاوازی لە قسە و ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە بەهۆی قسەکەی نەعیمەوە. دووەم: ڕەشەبایەکی بەهێز ڕووی تێکردن لەو شەوە ساردانەدا و ماڵی کاولکردن و وێزەی لێ پرین و مەنجەڵی شکاندن و ئاگری کوژاندەوە و پەتی چادرەکانی پچڕاند و، خۆڵ و لم چاوی پڕ کردن، ئەمەیش بەردەوام بوو تا شکستیان هێنا و دۆران و ڕایان کرد. بێگومان لێرەدا نەعیم بەدرۆزن دانانرێت، لەبەر ئەوەی ئەم درۆیە بە پێی پێویستیی بەرژەوەندیی گشتی بوە، بۆیە پەیامبەر مۆڵەتی دا، هەرچی دەڵێت بیڵێت، کەواتە درۆ ئەوەیە کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا ناکۆک بێت، نەک لەگەڵ واقیعدا.
بە هەمان شێوە لە کوشتنی کەعب کوری ئەشرەفی جوولەکە. کەعب دوژمنی محەمەد بوو، شاعیر بوو، هەجووی محەمەدیدەکرد و دژایەتییدەکرد.محەمەد گوتی: کێ لە ئەبوو ئەشرەف دەتوانێت بە ئاشکرا دوژمنایەتیی هەمووومان بکات؟ یان لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت: بە شیعرەکانی ئازارمان دەدات و کافرەکانی لە سەر بەهێز کردووین، محەمەدی کوری موسلمەی ئەوس گوتی: من بۆت دەهێنم ئەی پەیامبەری خودا، ئەو خاڵۆمە و من دەیکوژم، لەبەر ئەوەی کوری موسلمە خوشکەزای کەعبی کوری ئەشرەف بوو. خۆی و چواری تر پێکەوە گردبوونەوە بۆ کوشتنی، ئەوانیش عەباد کوری بوشر و حیرس کوری عیسی و حیرس کوری ئەوس و ئەبوو نائیلە بوون. ئەبوو نائیلە برای شیریی کەعبی کوری ئەشرەف بوو. دوای ئەوەی محەمەدی کوری موسلمە بە پەیامبەری خودای گوت من دەیکوژم. سێ ڕۆژ بە کەمی نەبێت نان و ئاوی نەخوارد لە ترسی ئەوەی لە پەیمانەکەی وەفادار نەبێت، بەڵام وا دیارە کە لەو ماوەیەدا بیری لە فرتوفێڵێکی کردبێتەوە کە بیگەیەنێتە کوشتنی کەعب، تا گەییشتوەتە هەڵخەڵەتاندن بەقسە، بۆ پەیامبەری گێرایەوە، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، دەبێت بە قسە بگەینە لای و فێڵی لێ بکەین. ئەوەیش ڕەوا بوو بڵێت: قسەیەکدروست بکەین کە فێڵی لێ بکەین، پەیامبەر گوتی: هەر چییەکتان دەوێت بیڵێن، ئێوە ئازادن لەوەدا، ڕێگەی پێدان درۆبکەن، کە فێڵ وهەڵخەڵەتاندنی ناو شەڕە. ئەبوو نائیلە پێشکەوت بۆ لای کەعب و لەو کاتەدا شیعری دەگوت. یەک کاتژمێر قسەی لەگەڵدا کرد و شیعری دەگوت، ئینجا گوتی: هەی قوربەسەر، ئەی کوری ئەشرەف بۆ پێویستییەک هاتووم بۆ لات، نهێنیم بپارێزە. گوتی: بەڵێ. گوتی: هاتنی ئەم پیاوە بەڵایەکە بۆ ئێمە، کە عەرەبی بۆی گواستووینەتەوە، تیرێکی بۆ وەشاندووین ڕێگەی لێ پریوین و ماڵومنداڵمان برسییانە و هیلاک بووین. بەدوای خێرێک دەگەڕێین و هیچ نییە بیخۆین. ئەوەی هەمان بوو بۆ ئەم پیاوە و هاوەڵەکانی خەرجمان کرد. کەعب گوتی: پێشتر پێم گوتی،ئەی کوری سەلام، کە وای لێدێت. گوتی: دەتانەوێت چی لێبکەن؟ گوتیان: پەشیمانکردنەوە و دوورکەوتنەوە لێی. گوتی: شەڕ دەرکەوت. ئەوە بزانن، کە ئێوە لەم بارەیەوە لە سەر ناحەق نین. ئەبوو نائیلە گوتی: خواردن بە من و هاوەڵەکانم بفرۆشی و متمانەت پێدەکەین، دەبینە لایەنگری تۆ. دەڵێن ئەوەی ئەم قسانەی گوتوە محەمەدی کوری موسلمە بوە. حافز کوری حەجز دەڵێت، لەوانەیە هەردووکیان ئەم قسانەیان کردبێت. کەعب گوتی: ژنەکانتان بە بارمتە لام دادەنێن؟ گوتیان: چۆن ژنەکانمان بەبارمتە لات بێت و تۆ لە کورە قۆزەکانی هەموو عەرەبیت! زیاتریش گوتراوە، کە چۆن بێگومان بین لەوان، کە هیچ ژنێک خۆی ناگرێت لەو جوانییەی تۆ،

کەوا ژن سەرسام دەکات؟ گوتی: منداڵەکانتان بە بارمتە دابنێن. گوتیان: چۆن منداڵەکانمان بە بارمتە لای تۆ دابنێین، کە قسەیەک لە سەر یەکێکیان دروست بێت؟ گوتی: بارمتەی یووسف، گوتیان: ئەمە عەیبەیە بۆ ئێمە. بەڵام ئێمە چەکەکانمان لات دادەنێین. ویستیان کەعب لەوەدا شکیان لێنەکات کە چەکیان لەگەڵدایێت. ئەبوو نائیلە گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵانی و پێی گوتن و فەرمانی پێ کردن، چەکەکان لەگەڵ خۆیاندا ببەن. ئینجا هاتن بۆ لای پەیامبەری خودا بۆ ماڵەکەی و محەمەد کوڕی موسلمەی کردە ئامریان. لە شەوێکی مانگەشەودا. هاتن تا گەییشتنە جێگە قایمەکەی، پەیامبەر تا بەقیعی غەرقە لەگەڵیاندا هات و ئینجا گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی. ئەبوو نائیلە کەعبی بانگکرد، کەعب تازەزاوا بوو، لە پێخەفەکەی بەرز بوەوە، ژنەکەی پێی گوت تۆ پیاوێکی جەنگاوەریت، ئەوەی شەڕزانە لەم کاتەدا دەرناچێت، پێی گوت: ئەوە ئەبوو نائیلەیە، ئەگەر بە خەوتوویی بمبینێت، هەڵمناسێنێت. گوتی: بەخودا لە دەنگییەوە شەڕ دەبینم. بوخاری دەڵێت: گوتوویەتی بۆ کوێ دەردەچیت لەم کاتەدا، من گوێم لە دەنگێکە کە خوێنی لێدەبارێت،گوتوویەتی: ئەوە محەمەدی کوڕی موسلمەی خوشکەزام و ئەبوو نائیلەی برای شیریمە. ئەگەر هەر کەسێک بەخشندە بێت، لێیشیدەن، لە شەودا ڕەزامەند دەبێت بڕوات بەدەمیانەوە، کە کەعب هاتە دەرەوە، ئەو بۆنە خۆشەی لەخۆی دابوو، ئەبوو نائیلە و هاوەڵانی کاتژمێرێک قسەیان لەگەڵدا کرد و پیاسەیاندەکرد، ئەبوو نائیلە دەستی لە سەری کەعب خشاندو بۆنی دەستی کرد و گوتی: لەم بۆنە خۆشترم نەبینیوە، کەعب گوتی: بۆنەکە بۆنخۆشترینە، لەبەر ئەوەی جوانترین ژنی عەرەبم لایە، پێی گوت ئەی باوکی سەعید "ئەمە نازناوی بوو" سەرت دابەزێنە بۆم، بابۆنی بکەم و دەموچاومی پێ بسڕم. ئینجا کاتژمێرێک پیاسەیان کرد و ئەبوو نائیلە دەستی خستە سەر سەری کەعب و توند گرتی و بە هاوەڵانی گوت، لێیدەن ئەمە دوژمنی خودایە. بەربوونە گیانی، بە شمشێرەکانیان جێگەیەک نەما لێی نەدەن، تەنانەت شمشێرەکان بەر یەک دەکەوتن، کەعب خۆی بە ئەبوو نائیلەوە نووساند و هاوارێکی کرد کە هیچ شوێنێکی تونداخراو نەبوو دەنگی نەگاتێ، محەمەد کوڕی موسلمە دەڵێت: شمشێرەکەم لە زگی دانا و چوومە سەری تا گەییشتە پشتی و کەوت. کاتێک کەعب ئەو هاوارەی کرد، ژنەکەی دووجار هاواریکرد، ئەی ئالی قورەیزە و نەزیر، جوولەکەکان دەرچوون، تا گەییشتنە ئەو جێگەیە، هاوەڵان بۆی دەرچووبوون.محەمەد کوڕی موسلمە گوتی: حیرس کوڕی ئەوس لە هەندێک شمشێری خۆماندا بەرکەوت، لە سەر و پێی درا و خوێنی لێدەچۆڕی، لە ئێمە بەجێما. ئینجا حیرس کوڕی ئەوس کە بە هاوەڵانی گوت، سڵاوم بگەیەنن بە پەیامبەری خودا،ئەوان سۆزیان بۆ جووڵا و هەڵیانگرت، محەمەد کوڕی موسلمە دەڵێت: لە درەنگانی شەودا گەییشتینە لای پەیامبەری خودا، بەخەبەر بوو، نوێژیدەکرد، سڵاومان لێکرد، هاتە دەرێ، هەواڵی کوشتنی دوژمنمان پێدا، لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێن: سەری کەعبمان پڕی و هێنامان کە گەییشتینە بەقیعی غەرقە (الله أكبر)یان کرد، پەیامبەریش هەڵسا بۆ نوێژ، کە گوێی لە (الله أكبر)بوو، زانیی کە دوژمنی خودایان کوشتوە. چوو بۆ دەرگای مزگەوتەکە و کاتێک هاتن پێغەمبەریان لە دەرگای مزگەوتەکەدا بینی، پێی گوتن دەموچاوەکان سەرکەوتن، گوتیان: چاوت ڕوون ئەی پەیامبەری خودا، ئەوجا سەرەکەیان خستەبەردەستی. ئینجا سپاسی خودای .کرد بۆ کوشتنی

ئەوەی لە کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەف ڕوویدا، لە کوشتنی ئەبی ڕافیع کوڕی سەلام کوڕی ئەبی ئەلحەقیق گەورەی یەهوودی خەیبەریشدا ڕووی دا، هەروەها لە کوشتنی ئوسەیر کوڕی بن ڕەزامی یەهوودی لە خەیبەر، ئەم دوو ڕووداوە باس ناکەین، تەنها ئەوەی یەکەم بەسە.

لەوەیشدا کە بۆ عەبدوڵلای کوڕی ئەنیس ڕووی دا، کاتێک پەیامبەری خودا ناردی بۆ کوشتنی سوفیان کوڕی خالیدی هەزلی و ئینجا لەحیانیش، هۆکاری ئەوەیش لەوەدا بوو، کە هەواڵ گەییشتە پەیامبەر، ئەم سوفیانە خەڵکێکیان کۆکردوەتەوە بۆ شەڕی پێغەمبەری خودا، پەیامبەر

عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیسی نارد بۆ کوشتنیان، گوتی: باسی سیمایم بۆ بکە واتە وەسفی بکە. گوتی: ئەگەر بینیت بە هەیبەتە و شکۆدارە و وات لێدەکات بە خۆتدا بچیتەوە، واتە دەترسیت و بیری شەیتان دەکەیت، عەبدوڵڵا گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، قەت لە هیچ شتێک نەترساوم، گوتی: بەڵێ کە بینیت دەلەرزیت.عەبدوڵڵا گوتی: داوام لە پێغەمبەر خواست بۆ ئەوەی مۆڵەتم بدات، کە هەر فێڵێك بکەم و هەرچییەک بڵێم تا پێی بگەم، موڵەتی دام و گوتی: هەرچییەکت دەوێت بیڵێ و خۆت بە خوزامە بناسێنە، عەبدوڵڵا کوڕی ئەنیس گوتی: ڕۆیشتم تاگەییشتمە ناوەڕاستی عیونە، کە دۆڵێکە لە نزیک عەرەفە، بینیم بە سەر گۆچانێکەوە دەڕوا و لە زەوی دەدات و دەیلەرزێنێت و خەڵکی هەمەجۆری بە دواوەیە، لەوانەی دوایکەوتبوون، بە وەسفکردنەکەی پەیامبەر ناسیمەوە، لەوێدا من سڵم لێ کردەوە، کە لە هیچ کەسێک سڵم نەکردوەتەوە، گوتم پێغەمبەری خودا ڕاستیکرد. ئەمەیش لە کاتی نوێژی عەسردابوو، ترسم لەوە بوو کە لەو هەوڵەدا لە نوێژ دووربکەومەوە، بە ڕۆیشتنەوە نوێژم کرد و سەرم دەجووڵاند، کاتێک گەییشتمە لای پێی گوتم: ئەم پیاوە کێیە؟ گوتم پیاوێکم لە خوزاعە. خەڵکم دژ بە محەمەد کۆکردوەتەوە، هاتووم بۆ ئەوەی لەگەڵتدابین. گوتی: باشە منیش خەڵکی بۆ کۆدەکەمەوە، یەک کاتژمێر لەگەڵیدا پیاسەم کرد و قسەم لەگەڵدا کرد و قسەکانمی پێخۆش بوو. لەو قسانەی کە بۆیکردم، گوتی سەرم سوڕدەمێنێت لەوەی کە محەمەد دەیکات لەم ئایینە تازەیەیدا، باوکانی جێهێشت و خەونەکانی بێکەڵک کرد، پێی گوتم: هیچ کەسێکی وەک منی نەدیوە، کە شەڕی بکات. کاتێک چوە جێی حەسانەوەی خۆی و خەڵکەکەی لێ دوورکەوتنەوە، پێی گوتم: ئەی خوزاعەی برا فەرموو، لێی نزیک بوومەوە، گوتی: دابنیشە، دانیشتم تا کاتەکە هێمن بوەوە و خەڵک خەوتن، فرسەتم لێهێنا و کوشتم و سەرەکەیم برد، چوومە ئەشکەوتێک لە شاخەکان، بەدوامدا هاتن، بەڵام نەیاندۆزیمەوە، ڕۆیشتنەوە، منیش دەرچووم بەو شەوە و لە نزیکبوونەوەی خۆرهەڵاتندا گەییشتمە مەدینە، پەیامبەری خودام لە مزگەوت بینیی، کە بینیمی گوتی: ئەم دەموچاوە لە سەرکەوتوو دەچێت، گوتم: دەموچاوی تۆ سەرکەوتوە ئەی پەیامبەری خودا. سەرەکەم خستە بەردەستی و کارەکەم بۆ گێڕایەوە. گۆچانێکی دامێ و گوتی،پشت بەمە ببەستە لە بەهەشتدا، واتە لەسەری بوەستە، ئەوەی لەسەر ئەمەدا دەوەستن زۆر کەمن، کە کەلەکە دەخەنە سەر گۆچان، بۆیە بە خاوەن کەلەکە ناونرا، ئەو دارەی لابوو، کاتێک مردنی بۆ هات وەسیەتی کرد کە لەگەڵ کفنەکەیدا بینێژن و لە .نێوان پێست و کفنەکەی دابنێن، وایان لێکرد

ئەوەی بە سەر حیجاج کوڕی عیلانی سەلمی داهات لەو بارەیەوە، پێغەمبەر کە خەیبەری گرت حیجاج هات بۆ لای و بوو بە موسوڵمان و پارەیەکی زۆری هەبوو، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا پارەکەم لە لای هاوسەرەکەمە لە مەککە و لای بازرگانانی مەککە پەرشوبڵاوبوەتەوە، مۆڵەتم بدە بڕۆم بۆ مەککە بۆ ئەوەی پارەکەم کۆبکەمەوە، پێش ئەوەی بە موسوڵمان بوونم بزانن و نەتوانم هیچیان لێوەربگرمەوە، پەیامبەری خودا مۆڵەتی دا، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، دەبێت پێچەوانەی واقیع قسە بکەم و ئەوەی بمەوێت بیڵێم بۆ ئەوەی پارەکەم بێتەوە دەستم. پێی گوت: بڵێ، گوتی: بۆی دەرچووم تا گەییشتمە حەرەم، پیاوانی قورەیش هەواڵی ئەوەیان پێگەییشتبوو کە پەیامبەری خودا دەستی گەییشتوەتە خەیبەری قایم و خاوەن خەڵکی توندوتۆڵ و ئازا. گرەوێک لە نێوانیاندا لە سەر سەت حوشتر کرابوو کە پەیامبەر لە خەیبەردا سەردەکەوێت یان نا. حوەیتب کوڕی عەبدولعەزی و جەماعەتی یەکەم، کوڕی عەباسی کوڕی مەرداس و جەماعەتی دوەم، کە منیان بینی گوتیان: ئەوە حیجاجە و بەخوا هەواڵی لایە و بە موسوڵمانبوونمیان نەزانیبوو، گوتیان: ئەی حیجاج هەواڵێکمان پێ گەییشت کە ئەو ڕێگرە، مەبەستیان پەیامبەر بوو، بەرەو خەیبەر کەوتوەتە ڕێ، گوتم هەواڵێکم لایە و دڵخۆشتان دەکات، لە دەورم کۆبوونەوە و گوتیان دەی ئەی حیجاج، پێم گوتن: پێغەمبەر تائێستا ڕووبەڕووی خەڵکێک نەبوەتەوە وەک ئەهلی خەیبەر شەڕزان ولەوێدا دۆڕانێک دۆڕاوە گوێی لێنەبێت و محەمەدیان

ئەسیر کردوە، گوتیان نایکوژین تا دەینێرین بۆ مەککە لە نێو خەڵکی خۆی وپشتەکانی دەیکوژین. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت، بەو پیاوانە دەیکوژین کە زەرەریان بەرکەوتوە، هاواریان کرد و گوتیان ئەی خەڵکی مەککە هەواڵتان بۆ هات، ئەوەیە محەمەد کە چاوەڕێ بوون بۆتان بێت و پشتتان بشکێنێت، حیجاج گوتی: یارمەتیم بدەن لە نەیارەکانم لەوێ، دەمەوێت پرۆم غەنیمەی محەمەد و هاوەڵانی ببەم پێش ئەوەی بازرگانەکانی تر پێش من بچن، چی پارەم لایان بوو کۆیان کردەوە، ئەمەیش لە مەککە بڵاوبوەوە و کافرەکان کەوتنە خۆشی و بەزمی خۆیان و ئەوەی موسوڵمان بوو لە مەککە خەم دایگرت. عەباس کوری عەبدولموتەلیب گوێی لەمە دەبێت، وای لێدێت کە نەتوانێت لە شوێنی خۆی هەڵبسێت و منداڵێکی بۆ لای حیجاج دەنێرێت بۆ ئەوەی ببینێت، دەڵێت بە عەباس بڵێ، خودا باڵا و گەورەترە تۆ بڵیی ئەوەی هێناوتە حەقیقەت بێت، حیجاج پێی گوت: سڵاوم بگەیەنە بە باوکی فەزڵ، با شوێنێکم بۆ خاڵی بکات لە ماڵەکەی و هەواڵێکی بۆ دەهێنم کە دڵخۆشی بکات و قسە مەکە. منداڵەکە چوەوە بۆ لای عەباس: مژدەی دا بەباوکی فەزڵ، عەباس لە خۆشیدا هەڵپەڕی وەک ئەوەی هیچ خەمێکی نەبێت، هەواڵەکەی پێوت و ئازادی کرد. گوتی بەو خودایە دەبێت دە کەس ئازاد بکەم، لەبەر ئەوەی عەباس موسوڵمان بوو بەڵێ دەیشاردەوە، خاوەن هەواڵگرییمحەمەد بوو لە مەککە، لە شوێنی خۆیدا کە باسی عەباس هاتە گۆڕێ، ئەوە باس دەکەین.

نیوەڕۆ حیجاج هات بۆ لای، سوێندی دا بەخودا، بۆ سێ ڕۆژ نهێنییەکەی بشارێتەوە، من ئەو داوایەم هەیە دوای سێ ڕۆژ بیڵێ، عەباسیش ڕازی بوو بەوە، من بووم بە موسوڵمان، پارەم لای ژنەکەمە و قەرزیشم لای خەڵکە، ئەگەر بەموسوڵمانبوونمیان بزانیایە، هیچ پارەیەکیان پێنەدەدام، من کاتێک پەیامبەری خودام بەجێهێشت خەیبەری گرتبوو، تیری خودا و پێغەمبەری تێبدایە و خۆی فەرزکردوە، پێغەمبەرم بە زاوایی بەجێهێشت لەگەڵ کچی پاشاکەیان، حویەی کوری ئەختەب و کوڕ و باوکی حەقیقییشی کوشت، کاتێک ئێوارەی لێهات، حیجاج دەرچوو بگەڕێتەوە، ئەو سێ شەوە بە سەر عەباسەوە زۆر درێژ بوو، کاتێک حیجاج ڕۆیشت و سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، عەباس جلێکی جوانی لەبەر کرد و خۆی جوانکرد و بۆرییەکی گرت بە دەستەوە و هات تا گەییشتە مەجلیسی قورەیش، خودا تووشی خێرت بکات ئەی باوکی فەزڵ، بەخودا لە موسیبەتدا بوویت، عەباس پێی گوتن: نەخێر بەو خودایەی کە سوێندتان پێ خوارد، هیچ شتێکم نییە لەخێر زیاتر، حیجاج پێی گوتم، کە خەیبەر بە دەستی پەیامبەر گیراوە و جگە لە تیری خودا و پەیامبەری خودا هیچی تێدا نییە. پەیامبەری خودایش سەفیەی کچی حوەیبی کوری ئەختەبی پاشایان هێناوە و ئەو بەزاوایی بەجێیهێشتوە، ئەو شتانەی لە پێناو وەرگرتنەوەی پارەکەی بە ئێوە گوتوە، بەڵکوو بوە بەموسوڵمانیش، ئەو متبوون و کزییە لەموسوڵمانانەوە گواسترایەوە بۆ کافرەکان. موشریکەکان گوتیان ئەی کۆیلەی خودا بووی بە دوژمنی خودا، مەبەستیان حیجاج بوو، بە خودا ئەگەر بمانزانیبایە، دەمانزانی چیی پێدەکەین، ئەوەندەی نەبرد ئەو هەواڵەیان پێگەییشت.

تۆ لێرەدا ئەوە دەبینیت، کە محەمەد ڕێگەی دا بە حیجاج کوری عەلات لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیدا درۆبکات، بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەی لە قورەیش. ئەم بەرژەوەندییە تایبەتە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیدا یەک دەگرێتەوە، کە پارەوەرگرتنەوەکە و لە دەستی کافر و دەرکردنی بۆ دەستی موسوڵمانان، ئەگەر لای ئەوان بوایە قازانجیان لێدەکرد و موسوڵمانان زەرەریاندەکرد، ئینجا ئەم درۆیەی کافرانی چەواشە کرد و خۆشییەکی پێدان و خێرا گۆڕیی بۆ ناخۆشی.

دوژمنێک ڕێگەپێدراوبێت لەبەر بەرژەوەندیی گشتی بیکوژیت، چۆن ڕێگەنادرێت درۆی لەگەڵ بکەیت، کوشتن لە درۆ گەورەترە و درۆ لە کوشتن ئەهوەنترە، شەریعەتەکانی خودا و یاسای مرۆڤایەتییش ڕێگەیان داوە لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا مرۆڤ بکوژیت، ئایا قەساس، سزای کوشتن لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا نییە، تەنانەت ڕێگەی بە کوشتن لە سەر بەرژەوەندیی تایبەتی داوە، وەک ئەوەی دزێک لە شەوێکدا هەڵبکوتێتە سەرت، لە یاسای مەدەنیدا هیچت

لە سەر ناکەوێت ئەگەر بیکوژێت، کە ئەو لە ماڵەکەتدابێت، سەرەڕای ئەوەی محەمەد ڕێگەی بە هاوەڵانی داوە ئەودرۆیەبکەن کە درۆ نییە وەک دەیبینین، من لێرەدا نایبینم کە بۆ خۆدزینەوە وای گوتبێت. لەوەدا محەمەد لەو کاتەی بۆ مەدینە ڕۆیشت بۆ ڕێگرتن لە کاروانی قورەیش لە نزیک بەدر دابەزی، خۆی و ئەبووبەکر سوار بوون و ڕۆیشتن تاگەییشتنە شێخێکی عەرەب بەناوی سوفیان، پەیامبەر پرسیاری قورەیش و محەمەد و هاوەڵانی لێکرد، چی لە بارەیانەوە دەزانێت. شێخەکە گوتی: هیچتان پێ ناڵێم تا پێم نەڵێن ئێوە کێن، پەیامبەری خودا پێی گوت: ئەگەر هەواڵمان بدەیتێ، ئێمەیش پێتدەڵێین. شێخەکەیش گوتی ئەمە بەوە، گوتی: بەڵێ، گوتی هەواڵی ئەوەم لایە کە محەمەد و هاوەڵانی لە ڕۆژی ئەوەندەی ئەوەندە دەرچوون، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە دەیڵێن، دەبێت ئەمڕۆ لەو شوێنە بن، ئاماژەی بەو شوێنە کرد کە پەیامبەر و هاوەڵانی لێی دابەزیبوون، هەواڵی ئەوەیشم لایە کە قورەیش لە ڕۆژی ئەوەندەی ئەوەندە دەرچوون، ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێت، ئێستا ئەوان لەو شوێنەن، ئاماژەی بەو شوێنە کرد کە قورەیش لێی دابەزیون، کاتێک لە هەواڵەکەی تەواوبوو، گوتی: ئێوە کێن؟ پێغەمبەر گوتی: ئێمە لە ئاوین، مەبەستی ئاوی هەڵچوو، تۆو، ئینجا بۆی دەرچوون. کام ئاو لە ئاوەکانی عێراق، وا تێگەییشت کە مەبەستی ئاوی ڕاستەقینە بێت. لە گێرانەوەیەکدا دەڵێن: کاتێک پەیامبەر بە شێخەکەی گوتوە، ئێمە لە ئاوین ئاماژەی بۆ عێراق کردوە، شێخەکە بە سەرسورمانەوەگوتوویەتی؛ لە ئاوی عێراق! خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت، کە ئەمەی باسکردوە، لەپێشدا لە سەرەتای بانگەشەدا، نابێت پەیامبەر درۆ بکات، ئەگەر بە وێنا یان خۆدزینەوەیش بێت، بەڵام لە قسەی بەیزاوی و وەک لە سەر زاری دەیگێرنەوە، سڵاوی خودای لێبێت: سێ درۆی بە ئیبراهیم گوتوە، ناونانی بە (معاریفی) درۆ بوە، لەبەر ئەوەی وێنەکەی وێنەی ئەو نەبوە. با خاوەنی سیرەی حەلەبی چیدەڵێت بیڵێت، تەماشای ئەوە بکە کە پێشتر بۆمان باسکردن، ئەو هەواڵانە ئەگەر ڕاست بن، بەسن بۆ بەڵگەی ڕاستیی قسەکانمان.

(8)

## گێرانەوە و عەرەب

خەڵکی جاهیلی لەزەمانی محەمەددا نەخوێندەواربوون، نووسین و خوێندنەوەیان نەدەزانی، ئەوەی نووسین و خوێندنەوەی زانیوە زۆر کەم بوون، لە ژمارەی پەنجەکان تێنەپەڕیون، لەوەی زانیویانە تەنها پشتیان بە گێرانەوە بەستوە، بۆ هەر شاعیرێک گێرەوەیەک هەبوە کە شیعرەکانی لەبەر بکات و بۆ خەڵکی بیگێڕێتەوە، هەموو شیعری جاهیلی لە گێرانەوەوە بۆمان گواستراوەتەوە، ئێمەیش لە گێرەوەکانەوە وەرمانگرتوە، نەک ڕۆژنامە و کتێبی نووسراو، بۆیە ئەوەیشی تێکەوتوە کە تێیدا نەبووبێت، لێیشی کەوتوە، بە قسەیەکی تر، گۆرین و لەبیرچوون، تا ونبوونیشی تێکەوتوە.ئەم حاڵەتە، واتە پشت بەگێرانەوە بەستن لەوەی فێری بوون، لە پاش ئیسلام تا سەدەی دووەمی سەردەمی عەباسییەکان بەردەوام بوو. بەدرێژاییی ئەو ماوەیە بەرهەمەکانیان لە کتێبدا نەنووسراون. ئەوەی ئیسلام هێنای فێری بوون، بێئەوەی لە شوێنێکەوە نووسرابێت و بڵاویانکردبێتەوە، بە تایبەتی سەرگوزەشتەی ژیانی محەمەد، کە لە سەردەمی ئەبووجەعفەری مەنسوور، خەلیفەی دووەمی عەباسی خرایە نێوکتێبەوە و لە ڕۆژنامە بڵاوکرایەوە، ئەو کەسەیش کە ئەمەی نووسی، محەمەدی کوری ئیسحاقی خاوەنی (المغازی والاخبار) بوو. ئەوانی تر لەوێوە وەریانگرتوە، لە دوای ئەو، ئەو گێرەوە و نووسەرانەی یاداشتەکانیان نووسیوەتەوە، هەموویان لە نووسینەکانیاندا گەڕاونەتەوە بۆ لای ئەو، واتە پشتیان بەوبەستوە، دواتر لە سەر محەمەدی کوری ئیسحاق قسەدەکەین.
محەمەد کوری ئیسحاق، پاش زیاتر لە سەتساڵ هەواڵ و بەسەرهاتەکانی محەمەدی نووسیوەتەوە، لەو ماوەیەدا گێرەرەوان و حیکایەتخوانان گواستوویانەتەوە و چەندین تێکەڵیوپێکەڵیی تێکەوتوە و بە پێی مەیل و حەزی خۆیان و شانۆی حیزبایەتی، مەزهەبی و

سیاسی یارییان پێ کردوە. تا زیادوکەمی وای تێکەوتوە و گۆران و گۆڕینەوەی وای لێکراوە کە تەنانەت لە پشێویی و دووفاقییش بە دەر نەبوە. تەنانەت لە گێڕانەوەی یەك شتدا چەندین جیاوازی و ناکۆکیهەیە، وای لێهاتوە لە بابەتێکدا دوو گێڕانەوەی تێکەوتوە، کە یەکێکیان دەیسەلمێنێت و ئەوی تر ڕەتی دەکاتەوە. پشێویی و تێکەڵی و جیاوازییەکی تێکەوتوە، کە دواتر باسیدەکەین و بە شایەت و بەڵگەهێنانەوە دەتوانین قسەکانمان بسەلمێنین. ئەمە جگە لە قورئان کە لەسەردەمی خەلیفە ئەبووبەکر کۆکرایەوە، لە سەردەمی خەلیفە عوسمان لە پەڕەکاندا نووسرایەوە، سەرەڕای ئەوەیش قورئان لە تێکەوتنی زیادوکەمی بەدەر نییە، تەنانەت گۆڕین و گۆڕینەوەیشی تێکەوتوە، بەتایبەتی لە دەرئەنجامی فرەییی خوێندنەوە بوە، هەروەها دواتر هۆکاری جیاوازییەکان و سەرچاوەی دروستبوونیان، دەستنیشان دەکەین. قورئان بەنووسینێکی یەکجۆری ستاندار نەخوێنراوەتەوە، بەڵکوو پشتیان بەواتا بەستوە لە خوێندنەوەیدا، وەک چۆن فەرموودەکان بۆ واتاکەی دەیگێڕنەوە و گۆران و گۆڕینەوەی تێدا دەکەن. واتە دەتوانین پشت بە قورئان زیاتر ببەستین لەناسینی محەمەددا، نەک لەوەی ئەو هەواڵانەی لە کتێبی بەسەرهاتەکانیدا هاتوە.

گێڕانەوە قازانج بە زانست ناگەیەنێت

لە گێڕانەوە یان حیکایەتخوانیدا، لە سەر چوار پێگە دەوەستێت: ئەوەی قسەی لە سەر دەکرێت، ئەوەی قسەی بۆدەکرێت، گێڕەوە یان حیکایەتخوان، بەسەرهاتەکە کە دەگوترێتەوە. ئەگەر بڵێین گێڕانەوە قازانج بە زانست ناگەیەنێت، مەبەستمان ئەو گێڕانەوەیەیە کە لە پلەی یەکەمدایە، واتە لە نێوان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراو یەک گێڕەوە هەبێت. بە مەرجێک گێڕەوە چاوی کەوتبێت بە قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراوەکە، بۆ ئەوەی ئەو وتەیەی دەربیریوە یان ئەو کردەوەی کردوویەتی وەک خۆی داڕێژێتەوە، ئەگەر نێوان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراو لە یەک کەس زیاتر بوو، ئەگەر هەریەکەیان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراویان بینیبێت، ڕاستەوخۆ بێ ناوەندگیری بێت، ئەو گێڕانەوەیە دیسان لە پلەی یەکەمدایە. لەبەر ئەوەی گێڕەوەکان هەموویان لە جێی یەک گێڕەوەن، کە بێ نێوەندگیر قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراویان بینیوە و ژمارەیەکی زۆریان پشتگیری لە گێڕانەوەکە دەکەن و بەهێزی دەکەن، تاچەند ئەوانە زیاتر بن گێڕانەوەکە بەهێزتر دەبێت.

گێڕانەوەی خاوەن پلەی یەکەم

لەوەی پێشتر زانیمان کە لە گێڕانەوەی خاوەنپلەی یەکەم دوو جۆرمان هەیە. یەکێکیان: نێوەندگیر لە نێوان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراو یەک گێڕەوە دەبێت. دووەم: لە نێوانیاندا چەندین گێڕەوە یان حیکایەتخوان بێت کە هەریەکەیان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراوی بێ ناوەندگیر بینیبێت، ئەم گێڕانەوەیە کە لەجۆری دووەمە بە (باشتر و تەواوتر) دەناسرێت، واتە زۆرێک خەڵک هەمان قسەبکەن و لەوانەوە بگوێزرێتەوە، بە ڕاستەوخۆ بگاتە قسەبۆکراو. ئەمە لە جۆری یەکەم بەهێزترە، بە مەرجێک ناکۆکی و جیاوازی لە نێوان حیکایەتخوانان‌دا نەبێت. ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە، دەشکێت و لەجۆری یەکەم بەهێزتر نابێت، بەڵکوو نزمتر دەبێت، واتە لاوازتر دەبێت، وەک گێڕانەوەکانی پلە دوو و سێ و چواری لێدێت. لەبەر ئەوەی لە جیاوازییاندا، یەکتر بەهێز ناکەن، بەڵکوو لاوازتری دەکەن و دژی یەکتر دەبن، بەو شێوەیە گێڕانەوەکە لە پلەی یەکەم بۆ خوارتر کەمتر دەبێتەوە، بەڵامحکومیئەم دوو جۆرەی گێڕانەوە: جۆری یەکەم قازانج بەباوەڕکردن دەگەیەنێت و زانست قازانجی لێناکات، وەک پێشتر گوتمان، جۆری دووەم قازانج بەزانست دەگەیەنێت بەمەرجێک جیاوازی زارەکی و واتایی و زمانەوانی و شوێنیش نەکەوێتە نێوان گێڕەوەکانەوە، بە مەرجێکیش ژمارەیان زۆربێت کە یەککگرتن و ڕێکەوتنیان لە سەر درۆ مەحاڵ بێت، ئەمەیش بە دەگمەن ڕوودەدات، گێڕانەوەیەک بەم شێوە مەرجانە، مەحاڵە هەبێت.

گێڕانەوەی خاوەن دوو پلە یان چەندین پلە

ئەگەر لە نێوان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراودا دوو گێڕەوە هەبوو، ئەوە گێڕانەوەکە خاوەن پلەی دووەمە، لەبەر ئەوەی گێڕەوەی دووەمقسەلەسەرکراوی نەبینیوە، بەڵکوو لە گێڕەوەی یەکەمەوە وەریگرتوە، واتە گێڕانەوە بە دوو پلە دەناسرێت، واتە دوو گێڕەوە. بێگومان بەهێزیی لە گێڕانەوەی یەکەم پلە نزمتردەبێت، لەبەر ئەگەری گۆران و گۆڕینەوە و لادان، چەند لە قسەکەرەکان زیاتربن، گێڕانەوەکە لاوازتر و سوکتر دەبێت، گوتمان خاوەن پلەیەکەکان قازانج بەباوەڕکردن دەگەیەنن،

خاوەن پلە دووەمەکانیش قازانج بە باوەڕپێهێنان دەگەیەنن، بەڵام لەخوار پلە یەکەکان باوەڕهێنانیان لاوازتر دەبێت. ئەگەر لە نێوان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراو سێ گێڕەوە هەبوو، گێڕانەوەکە خاوەن پلەی سێیەم دەبێت، لە حکومدا و لە خاوەن پلە دووەکان نزمتر دەبێت. هەروەها لە نێوان قسەلەسەرکراو و قسەبۆکراو زۆر جار دەگات بە بیست گێڕەوە، کەقسەلەسەرکراویان نەبینیبێت جگە لە حیکایەتخوانی یەکەم، گێڕەوەی دووەم لە یەکەم وەریگرتوە و سێیەم لە دووەم و چوارەم لە سێیەم... تا کۆتایی. تا چەند ژمارە لە دوای یەکەکانی گێڕەوان زیاتر بێت، لە حکومدا گێرانەوەکە لاوازتر دەپێت. ئەمە ئەگەر لە گێڕانەوەیەکی تر بە سەلامەتی دەربچێت و جیاواز و ناکۆک نەبێت لەگەڵیدا، ئەگینا بەتایبەتی هیچ قازانجێك بە بەگومان نەکردن ناگەیەنێت، بەتایبەتی ئەگەر ماوەی زۆری بەسەردا بچێت و هەندێک لە گێڕەوان بمرن وەک گێڕەوەی یەکەم، ئەمەیش ناتوانرێت گێرانەوەکە بە گەڕانەوە بۆ گێڕەوەی پێشوو ڕاستبکرێتەوە، ئەگەر مردبێت. ئەگەر لە سەر ماوەی درێژ و مردنی گێڕەوان ئەوەیش بێتەسەر، کە لە ڕێگەی گێرانەوە و گێڕەوان مەبەستی خودی و مەیلی مەزهەبی و حیزبایەتیی سیاسی بچێتە سەری، کە دەیخوێنینەوە ئەوا دەزانین مەبەستی گێرانەوەکە چییەو چەند ڕاستە.

ئەم گێرانەوەیەی کە دەیخوێنیتەوە وەلابنێ و تەماشای ئەم زەمانەی خۆت بکە کەچی تێیدا ڕوودەدات، ئەو ڕووداوانەی لە وڵاتەکەتدا لە گێرانەوەکاندا شتی سەرسورهێنەر و عەجایب دەبینیت.لە وڵاتێکدا کە قۆناغێک زیاتر لە وڵاتەکەتەوە دوور نییە ڕووداوێك ڕوودەدات، یەکێک دێت و چۆن باسیت بۆ دەکات و بەچ شێوەیەک ڕووی داوە، ئینجا یەکێکی تر دێت بە پێچەوانەی ئەوی تر باسیدەکات، ئینجا کە خۆت بڕۆیت بۆ ئەو وڵاتە و پرسیاربکەیت کە چۆن ڕووی داوە، بە شێوەیەکت بۆ باسدەکەن کە جیاوازبێت لەوەی پێشتر بیستووتە، بەڵکوو لە کۆڵانێکدا ڕووداوێک ڕوودەدات، کە تۆ نیشتەجێیت تێیدا، هەواڵەکە بڵاودەبێتەوە، بەڵام لە هەر گەڕەکێک بە شێوەیەک باسدەکرێت کە جیاوازبێت لەویتر، ئەمە لە یەک ڕۆژدا، ئەی ئەگەر چەند ڕۆژێکی بەسەردا پروات چۆن، ئەگەر ڕووداوەکە لەوانەبێت کە مەبەست و مەیلی خەڵکی تێدابێت، ئەگەر لە گواستنەوە و گێرانەوەدا دەستی سیاسەتی لە پشتەوە بێت، چۆن؟. لەوانەیە جیاوازیی گێرانەوە بۆ مەبەستی قسەکەرەکە بێت یان بێ مەبەست، هەندێکیان بچوکی دەکەنەوە بۆ هێورکردنەوەی و هەندێکی تریش گەورەی دەکەنەوە لە پێناو هەڵانانەوە، جگە لە شتی تر، وای لێدەکەن کە زانینی حەقیقەت لە ڕێگەی گێرانەوەدا زۆر قورس بێت و نەتوانرێت وەك خۆی بگوازرێتەوە.

بێگومان ئەگەر قسەکەران هەر هەواڵێك بخەنە سەر زمان و لە دەمێکەوە بیگوێزنەوە بۆ یەکێکی تر و کاتێکی درێژی بەسەردا چوو، دەکەوێتە بەر گۆڕان و گۆڕینەوە، بە هۆی باش تێنەگەییشتن لە لایەن حیکایەتخوانانەوە یان باش لەبەرنەکردن و تەسکیی هۆشیاری و ئەو لەبیرچوون و لاوازیی بیرەی بەسەریاندا دێت. لێرەدا ڕووداوێکت لەم بارەوە بۆ باس دەکەم کە خۆم تێیدا بووم. تا بزانیت کە چۆن گۆڕان و گۆڕینەوەی تێدا ڕوودەدات، ئەگەر درێژە بکێشێت و لە دەمێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ دەمێکی تر. ساڵی ١٩٢٠ لە قودس بووم، لە ئادابی زمانی عەرەبی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەوێدا دەمخوێند، خوێندکاران لەگەڵ بەڕێوەبەر و سەرجەم مامۆستایاندا لە یانەی قوتابخانەکە لە ڕۆژی هەینیی هەموو حەفتەیەک کۆدەبوونەوە و گوتاریان دەگوتەوە و شیعریان دەخوێندەوە، لەشەوێکی شەوانی هەینی، پاش ئەوەی خوێندکاران لە ئەڵقەی یانەکەدا کۆبوونەوە، نزیکەی سی خوێندکار دەبوون، مامۆستا خەلیل تەوتەح بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، پێشنیازی کرد کە مامۆستای جوگرافیا قسەیەک بە چرپە بە گوێی قوتابییەکەی تەنیشتییەوە بچپێنێت و ئەویش بە چرپە بیگەیەنێتە تەنیشت خۆی، تا دوا خوێندکار، مامۆستای جوگرافیا ئەمەی کرد، وای لە قوتابییەکان کرد لە دوای یەک ئەوەی گوێی لێدەبێت بە چرپە بیگەیەنێتە ئەوەی تەنیشتی، تا کۆتایی، کە من و بەڕێوبەرەکە دانیشتبووین، لەو کاتەدا بێدەنگی باڵی بە سەر هەمواندا کێشابوو، چاوەڕێی دەرئەنجام بووین، ئەو هەواڵەی کە خوێندکاری کۆتایی گەیاندییە بەڕێوەبەر ئەمە بوو: (بکره ما فی درس جغرافیه) واتە "سبەی وانەی جوگرافیامان نییە" کاتێک مامۆستای جوگرافیا ئەمەی بیست کە لەوپەڕ بوو، پێکەنی و گوتی: ئاوام بە خوێندکارەکەی تەنیشتم نەگوتوە، پێم گوت: سبەینێ لە وانەی جوگرافیادا ئەمە و ئەوەمان هەیە، سەرمان سوڕما کە لە ڕستەیەکی ئەرێنییەوە چۆن گۆڕا بۆ نەرێنی، بە هۆی گواستنەوەی، واتە وانەی جوگرافیامان نییە. ئەمە تەنها لە نێوان سی خوێندکار، هەر لەوێدا

ڕووم کردە مامۆستا خەلیل تەوتەح، کە زانستی لە ئەمریکا خوێندبوو، گوتم: چۆن ئەم پێشنیازە سەرسوڕهێنەرەت بە بیرداهات، کە دەرئەنجامەکەی سەرسوڕهێنەر بوو، گوتی: ئەمە لەو شتانەیە کە مامۆستا و خوێندکارەکان لە ئەمریکا وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ هۆشیاری و باش تێگەیشتنی خوێندکارەکان دەیکەن. ئەم ڕووداوە مەبەستی گێرانەوە پیشان دەدات، لە قازانجگەیاندن بە زانست و لە بریی ئەو گۆرانکاری و گۆڕینەوەی بەسەردا دێت، ئەگەر گێرانەوە لە نێوان دەم و گوێدا دەرێژەی کێشا و حیکایەتخوانەکان گواستیانەوە.

ئاگاداری

ئەو پۆلێنەی کە بۆ گێرانەوە کردم، لە هیچ کتێبێکی ئەم قەومەدا نییە، وام دانا و بەو زاراوانە ناوم نا، بۆ ئەوەی خوێنەر لە پۆلێنەکانی گێرانەوەدا، زانیاریی هەبێت.
ئەو لاوازی و بێهێزییەی لە گێرانەوەدا دەبێت
گێرانەوە لە لایەنی بێهێزییەوە لە چەند لایەکەوە دەبێت: یەکێکیان گێرانەوەی قسە بە واتاکەی، گێڕەوە گوێی لە قسەیەک دەبێت واتایەکی لە بیری خۆی بۆ دادەنێت و لەبەری دەکات و گوێ بە گوتنەوەی قسەکە نادات، وای لێدێت بە چەند لەفزێک دەیگێڕێتەوە کە لە جێگەی لەفزە بنەڕەتییەکە دایدەنێت، یان بە لەفزی نزیک لە بنەڕەتییەکە بێت، ئەو قسە گوتراوە دەکەوێتە بەر گۆڕانکاری، لەوانەیە جیاوازێت لە واتا بنەڕەتییەکەی و لێیدووربێت، لەبەر ئەوەی واتا بە پێوەری لەفز دەپێورێت، لەوانەیە لەفزێک لەویتر نەچێت، ئەگەر هەمان واتای هەبێت یان نزیک بێت لێوەی. لەوانەحکومیناوەڕۆکی قسەکە بە گۆڕینی تاکە لەفزێک بگۆرێت، بۆیە گوتوویانە: "وەرگێر ناپاکە" لەبەر ئەوەی وەرگێر خۆی دەیگوێزێتەوە، لەفزی زمانەکە بەجێدەهێڵێت کە لێیدەیگوێزێتەوە و ناپاکی لە وەرگێرانەکەدا ڕوودەدات، ناپاکییش لە کەمی و زیادە و گۆران و لادان دەبێت، هەروەها ناپاکی لە گواستنەوەی واتاکان لەزمانێکەوە بۆ ئەویتر ڕوودەدات، هەروەها لە گواستنەوەی لەفزێک بۆ ئەوی تر لە یەک زماندا. باشترییننموونە لە بێهێزی و تێکچوون لە قسەکردندا بە هۆی گێرانەوەیەکە پشت بە واتا ببەستێت. لەوەی کە چۆن پێغەمبەر یەکێک لە ژنەکانی (ئوم سەلمای) هێناوە، کە ماوەی عیدەی تەواو بوە لە مێردەکەی تری ئەبوو سەلما، کاتێک نیشانی کرد و منداڵێکی هەبوو بەناوی عومەر، کە سێ ساڵ تەمەنی بوە و سەلما پێی دەڵێت، هەڵسە عومەر ژن بۆ پێغەمبەر بخوازە، کە یەکێک لە بەخێوکەرانی لەوێ نەبوە جگە لە عومەر کوڕی خەتابی کوڕی مامی،گوتوویەتی هەڵسە ئەی عومەر ژن بۆ پێغەمبەری خودا بهێنە، ئەم لەفزە بە واتاکەی گواستراوەتەوە، بەم شێوەیە "بە منداڵەکەی گوت هەڵسە ژن بۆ پێغەمبەری خودا بهێنە " (فقالت لابنها قم فزوج رسوڵ الله)، بەو تەمەنە منداڵییەی پەشۆکاوە، ئەم گێرانەوەیە بەو واتایەی بەم شێوەیە کەوتەوە کە باسمانکرد، ئەمەیش پێشێلکاری و لێدانێکە لە قسەکان، تەنانەت هەندێک فەقیە وایان باسکردوە" پەیامبەرگوتوویەتی هەڵسە ئەی منداڵ دایکت بدە بەشوو" وایان لێکردوە، قسەکەرەکە پەیامبەر بێت نەک ئوم سەلما، هەروەها ئەوەی پێی گوتراوە منداڵەکەی بێت نەک عومەری کوری خەتاب.
لە بارەی بسمیلاکردن لە نوێژدا، دەڵێت: پەیامبەر لە ژێر دەمەوە خوێندوویەتییەوە لە نوێژی ئاشکرادا و بە دەنگی بەرز نەیخوێندوەتەوە، واهاتوە کە گوێیان لێی نەبوە، بەڵام هەندێک گێرەوە، نەبیستنی بیسمیلاکە بە نەخوێندنەوەیان زانیوە، قسەگێرانەوە بە واتاکەی لە ڕەتکردنەوەی لەفزی خوێندنەوە لە جێی بیستن بوە، واتە لە قسەکەدا بە ڕەتکردنەوەی خوێندنەوەی هاتوە، کە قسەی موسلم لە سەر ئەنەس هاتوە. ئەوەی بەسەردا تێپەڕیوە کە ڕەتکردنەوەی بیستن ئەوە ناسەپێنێت کە خوێندنەوەی شتێك ڕەتبکاتەوە.لەبەر ئەوە دەشێت خوێندنەوەکە لەژێر لێوەوە بووبێت نەک بە ئاشکرا، هەڵەکە لێرەدا بە هۆی گێرانەوە بەواتاوە بوە. خافزی سیوتی دەڵێت، ئەمە لەزۆر گێراوەی هەردوو سەحیحەین (الصحیحین) ڕووی داوە.
لایەنی لاوازیی گێرانەوە خراپ لەبەرکردن و لەبیرچوونەوەیە، کە دەبێتە هۆی زیاد و کەمیی قسەکە، یان پێشخستن و پاشخستن تێیدا ڕوودەدات. ئەمەیش دەبێتە هۆی تێکچوونی واتاکەی و پێچەوانەبوونەوەی، وەک لە فەرمووودەیئەبووهەریرەدا دەربارەی شوێنی هەردوو دەست و ئەژنۆکان لە کاتی سوجدەی نوێژدا، ئەوەی جێگیر و زانراوە لە لایەن پێغەمبەرەوە، ئەگەر لەکاتی سوجدەدا بێت لە نوێژدا، یەکەم جار هەردوو ئەژنۆی لە سەر زەوی دادەنێت ئینجا دەست دوای ئەوە نێوچەوان و لووتی، وەک ئەوەی شەریک دەڵێت، کە لە سەر زاری عاسم

کوڕی کولەیب لە باوکییەوە لە وائیل کوڕی حەجر وەریگرتوە، هەروەها چەندین گێڕەوە گوتوویانە، بەڵام واهاتوە کە هەندێکگێڕەوەلە ئەبووهەریرەوە لە پێغەمبەرەوە وەریانگرتبێت.گوتوویەتی هەر کەسێکتان سوجدەی برد وەک حوشتر دانەچەمێن کە دەستی پێش ئەژنۆکانی دادەنێت.
ئەمەیش لە واتاکەیدا ڕاست نییە، ئەگەر بڵێت وەک حوشتر دانەچەمێت، بێگومان حوشتر یەکەم جار دەستەکانی دادەنێت و هەردوو قاچی وەستاون، ئەگەر هەڵسێت یەکەم جار بە هەردوو قاچی هەڵدەستێت و دەستی لە سەر زەوی دەبێت، ئەمەیە کە
ڕەتیکردبێتەوە،گوتوویەتی وەک حوشتر دانەچەمێن، ئینجا فەرمانی کردوە کە دەستی پێش ئەژنۆی دابنێت. گوتی: ئیبن قەییم لە واتاکەی زیادکردوە، قسەکەیئەبووهەریرەیش لە لایەن هەندێک گێڕەوەوە پێچەوانە بوەتەوە، وەک لە (زاد المعاد)دا هاتوە، وادەریدەخات کە ناوەڕۆکی قسەکە پێچەوانە بوەتەوە و لە هەندێک وشەدا پێشخستن و پاشخستنی تێکەوتوە. لەجیاتیی ئەوەی بڵێت ئەژنۆی پێش دەستی دابنێت،گوتوویەتی دەستی پێش ئەژنۆی دابنێت. ئیبن قەییم گوتوویەتی ئەمە لای هەندێکیان پێچەوانە بوەتەوە، وەک لە قسەکانی عومەردا ڕووی داوە کەگوتوویەتی: "بیلال لە شەودا بانگ دەدات، بخۆن و بخۆنەوە تا کوڕی دایکی مەکتوم بانگ دەدات". ئەمە لە لایەن گێڕەوانەوە پێچەوانە بوەتەوە، دەڵێن: "کوڕی دایکی مەکتوم لە شەودا بانگ دەدات، بخۆن و بخۆنەوە تا بیلال بانگ دەدات"، ئەمەیش پشتگیریی ئەوەی ئیبن قەییم دەکات کە ناوەڕۆکەکەی لە لای گێڕەوانەوە پێچەوانە کراوەتەوە، وەک لە سەحیحدا لە ئەبووهەریرەوە وەرگیراوە، ئەبووبەکری کوڕی باوکی شیبەگوتوویەتی: محەمەد کوڕی فەزیل لە عەبدوڵڵای کوڕی سەعید لە باپیرییەوە کە لە باوکی هەریرە لە پێغەمبەرەوە
وەریگرتوە،گوتوویەتی هەر کەسێکتان سوجدەی برد با لەئەژنۆی پێش دەستەکانییەوە دەستپێبکات، با وەک حوشترەنێر دانەچەمێت. هەروەها ئەپرەم سوننەتەکانی لە ئەبووبەکرەوە وەرگرتوە، ئەوەی لە خراپ لەبەرکردن و هەڵەی گێڕەوەکان و گۆڕینی قسە بەقسەی تر بوە، وەک لە فەرموودەی دەستبەرزکردنەوە لە نوێژدا لە کاتی سەرنواندن بۆ سوجدەدا هاتوە.
ئەوەی لە پێغەمبەرەوە هاتبێت لە پاش ڕوکعات (الله اکبر)ی کردوە، پاشان سوجدەی بردوە و دەستی بەرزنەکردوەتەوە، بەڵام دەڵێن دەستی بەرزکردوەتەوە، ئەم گێڕانەوە لە لایەن هەندێک گێڕەوەی وەک باوکی محەمەدی کوڕی حەزم ڕاستکراوەتەوە، دەڵێت: ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) ئەمە خەیاڵە وئەمە نابێت،گوتوویەتی بەوەی کە هەڵەی پێ کردوە، گێڕەوەکە هەڵەیە، دەڵێت: "لە هەموو دانواندن و بەرزبوونەوەیەکدا (اللّٰه أكبر)ی گوتوە" ئینجاگوتوویەتی:
"مەبەستی باوکی محەمەد کوڕی حەزمە" بەڵێ خاوەن متمانەیە، بەڵام لێی تێنەگەییشتوە بە هۆی هەڵە و خەیاڵ و وەهمی گێڕەوە،قسەکانی بۆ ڕاستکردوەتەوە.
لە دەرئەنجامی خراپ لەبەرکردن و خراپ تێگەیيشتن و خەیاڵ لە لایەن گێڕەوان، وەك گۆڕینەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، لەوانەیش گێڕەوان باسی ئەوەدەکەن، کە پێغەمبەر لە غەزوەی تبوک لەمەدینە نزیک بوەتەوە و گەڕاوەتەوە، خەڵک دەرچوون بۆ پێشوازی و ژنان و منداڵان و مێردمنداڵان گوتوویانە:
من ثنيات الوداع طلع البدر علينا
ما دعا لله داع وجب الشكر علينا
واتە: مانگی چواردە لە پێچوپەنایماڵئاواییەوە بۆمان دەرچوو و، ئێمەش سوپاسگوزارمان لەسەرە بۆ هەر شتێك بۆ خودا بیەوێت.
بەڵام هەندێک گێڕەوانگوتوویانە ئەمە لە کاتێکدا بوە لە مەدینەوە بۆ مەککە هاتوە نەک لە شەڕی تبوک، ئەمە هەڵەی گێڕەوەیە لە شوێن و کاتدا، زۆر بێ تامە کە خاوەن (السيرە الحلبيە) بڵێت ئەم ڕووداوە چەند جارێک بێت. لە هەردوو کات و شوێندا ڕووی دابێت، گوتنی مێردمنداڵان (من ثنيات الوداع) بەڵگەی تەواوی ئەوەیە کە لە تبوکەوە هاتبێتەوە نەک لە مەککەوە، لەبەر ئەوە (ثنيات الوداع) لە لای شامەوەیە، ئەوەی لە مەکەوە بۆ مەدینە بێت نایبینێتو لەوێوە ناڕوات، مەگەر بۆ شام بڕوات وەک ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا باسیدەکات.
وەک ئەوەی پێشوو هەواڵی خەوتنی پێغەمبەر تا خۆرهەڵات و نوێژی بەیانی لە غەزوەی تەبوک لەدەستچوو بێت. شەوێک پەیامبەری خودا لە غەزوەی تەبوک دەخەوێت و تا بەرەبەیان و تا خۆر بەقەد ڕمێک بەرزدەبێتەوە هەڵناسێت، پێغەمبەر بە بیلالی گوتوە، بەرەبەیانمان دیاری بکە، واتە هەڵمان بسێنە، بیلال پشتی بە وڵاخەکەیەوە دەنێت و چاوی لێکدەنێت و خەوی لێدەکەوێت، پێی دەڵێت: بیلال پێم نەگوتی بەرەبەیان هەڵمان بسێنە. لە گێڕانەوەیەکی تردا بیلال پێی

گوتوون بخەون هەڵتاندەسێنم، پاڵیانداوەتەوە و خەوتوون، پێغەمبەر پێی گوتوە بیلال کوانێ ئەوەی پێم گوتی، پێی گوتوە ئەی پەیامبەری خوداگوتوویەتی خەو چۆن تۆی برد منیشی برد، لە گێڕانەوەیەکی ترداگوتوویەتی: ئەی نەیشیبردم وەک چۆن تۆی برد، واتە خەوەکە.
پێغەمبەر بە ئەبووبەکری گوتوە: شەیتان بیلالی لە خەودا بردوە، وەک چۆن منداڵ هێمن دەکاتەوە تا دەخەوێت. ئینجا پەیامبەری خودا بیلال بانگ دەکات و داوای هۆکاری خەوتنەکەی لێدەکات، ئەویش هەمانشتی بە پەیامبەر گوتوە، وەک پەیامبەر چی بە ئەبووبەکرگوت، ئەبووبەکر گوتی ئەشهەدو تۆ پەیامبەری خودای، ئینجا پەیامبەر چوو بۆ ماڵەکەی کە دوورنەبوو، نوێژی کرد. ئەم چیرۆکە گوایە لە گەڕانەوەی پەیامبەر لە تەبوک و لە گەڕانەوەی لە حودەیبیەیش باسکراوە و لە گەڕانەوەی لە حەنین و لە وادی قوراشدا باسکراوە، بێگومان یەکێک لەم گێڕانەوانە ڕاستە و ئەوانی تر هەڵەن و جگە لە هەڵەی گێڕەوان لە کات و شوێندا هیچی تر نییە. گوتراوە لە (امتاع) بوە ئەمەیش نابێت و ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی سەحاح لە سەر جیاوازی لەو بارەوە ماوەتەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە لە گەڕانەوەی لە وادی قورا دا بوە.
هەرچەندە وتەی خاوەنی (سیرە الحلبیە) کە دەڵێت: دەگوترێت هیچ ڕێگرییەک لە زۆر ڕوودانی نییە، ئەمەیشقسەیەکی پووچە، زۆر دوورە کە ئەم ڕووداوە چوارجار بە یەک شێواز ڕووی دابێت.
لایەنی لاوازی گێڕانەوە لەوەدایە کە گێڕەوە پیربێت و خەڵەفابێت، لەو بارەوە کە قسە لە سەر نوێژی مردوان لە مزگەوت کراوە، پەیامبەر زۆرجار لە سوننەت و هیدایەتیدا، لە دەرەوەی مزگەوت نوێژی لە سەر مردوان کردوە، لەوانەیە هەندێک جار نوێژی لە سەر مردوان لە مزگەوت کردبێت، وەک نوێژکردنی لە سەر سوهەیل کوڕی بەیزا و براکەی لە مزگەوتدا، بەڵام ئەمە عادەت و سوننەتی پێغەمبەر نەبوە. کورتەی باسی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە، کە نوێژی مردوان لە مزگەوت شیاوە، بەڵام نوێژکردن لە دەرەوەی مزگەوت باشترە، بەڵام قسەیشی لە سەر هەیە، لەوەی دەردەکەوێت کە نوێژکردن لە سەر مردوو لە مزگەوت نابێت و ئەم فەرموودەیە ئەبووداود باسیکردوە. لە فەرموودەی ساڵح مەولا ئەلتەوئەمە کە لە ئەبو هورەیرەوە وەریگرتوە، پەیامبەری خودا گوتوویەتی: ئەوەی نوێژ لە سەر مردوان لە مزگەوت بکات هیچ شتێکی نابێت. ئەم فەرموودەیە لە ڕێگەیەکی تریشەوە گوتراوە کە (هیچ شتێکی لە سەر نییە) لە جیاتیی هیچ شتێکی نابێت، جیاوازیی نێوان هەردوو دەربڕین وەک دیارە ناکۆکییەکی ڕوونە، ئیمام ئەحمەد گوتوویەتی کە بە تەنها ساڵح مەولا ئەلتەوئەمە باسیکردوە، ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) ساڵح متمانەی بەخۆی هەبوە وەک عەباس لە ئیبن موعین دا کە ئەمیش جێیمتمانەیە، کوڕی باوکی مەریەم و یەحیا کە متمانە پێ کراوە و بەڵگەیان هەیە، گوتم مالیک بەجێیهێشتوە، گوتی مالیک پێی گەییشت و پاش ئەوە خەڵەفا، سەوری دەڵێت، پێی گەیپشت پاش خەڵەفاوبوونی و گوێی لێ بوو، بەڵام کوڕی بەنی زوعەیب دەڵێت پێش ئەوەی بخەڵافێت گوێی لێ بوە، کوڕی حەبان گوتوویەتی: ساڵح لە ساڵی سەدوبیستوپێنجدا گۆڕا و بابەتی بۆ دەهات لە بارەی باوەڕدارانەوە، فەرمووده نوێیەکەی تێکەڵ بە فەرموودە کۆنەکەی کردوە و نەیتوانیوە جیاوازی لە نێوانیاندا بکات بۆیە وازی لێهێنراوە، لە دەرئەنجامدا ئەم گێڕانەوەیە لاوازیی تێکەوت و ناڕوونیی پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی واباسی کردوە کە ئەو کەسەیخەڵەفاوە ساڵح مەولا تەوئەمەیە.
لایەنەکانی لاوازیی ئەوەیە، کە زمان پێش بکەوێت و بێ مەبەست شتێک بڵێیت پێچەوانەی ئەوەی گوێبیستی بوە، ئەمەیش زۆر سەرسوڕهێنەرە، لە ژیانی پێغەمبەر لە ڕۆژی گرتنی مەککە ڕوویدا، پێغەمبەر فەرمانی بە خالیدی کوڕی وەلید کرد کە لەگەڵ کۆمەڵێ عەشیرەتی عەرەبدا لەخوارووی مەککەوە بچنە ژوورەوە، ئاڵاکە لە خوارترین ماڵدا داکوتێت، پێی گوت: شەڕی کەس نەکەن جگە لەوانەی شەڕتان دەکەن، سەفوان کوڕی ئومەیە و عەکرەمە کوڕی ئەبووجەهل و سوهەیل کوڕی عومەر خەڵکیان لە خەندەمە کە شاخێکە لە مەککە کۆکردبووەوە بۆ ئەوەی شەڕبکەن، کە خالیدی کوڕی وەلید گەییشتە لایان، نەیانهێشت بچێتە ناوەوە و ڕمیان تێگرت و پێیان گوت: بە زۆرداری مەڕۆ ناوەوە، خالید هاواری بە سەر هاوەڵانیدا کرد و هەندێکیانی کوشت و ئەوانەی نەکوژران ڕایان کرد، بەردەوام بوو لە پاڵپێوەنانیان تا گەییشتە دەرگای مزگەوت و تایەفەیەکیان بە شاخەکەدا سەرکەوتن، موسوڵمانەکانیش دوایان کەوتن گوتیان ئەوانە شەڕی خالیدیان کردوە، بۆیە ئەو شەڕی دەستپێکردوە، چار نییە دەبێت شەڕی ئەوە بکات کە شەڕی دژ دەکەن و هیچ دژی فەرمانی تۆ ناوەستێت ئەی پەیامبەری خودا، گوتی خالیدی کوڕی وەلیدم بۆ بهێنن و پێی بڵێن پەیامبەری خودا فەرمانت پێدەکات هیچ کەسێک لە مەککە مەکوژە، ئەنسارییەکە هات و گوتی: ئەی خالید پەیامبەری خودا فەرمانت

پێدەکات و دەڵێت کە هەر کەسێکت بینی بیکوژە، خالیدیش بە پەرۆشەوە حەفتا پیاوی لە مەککە کوشت، یەکێک لە قورەیشییەکان هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا قورەیش لەناوچوون، پاش ئەمڕۆ هیچ قورەیشییەک نامێنێت، گوتی بۆچی؟ گوتی: ئەوە خالید کوری وەلیدە هەر کەسێک دەبینێت دەیکوژێت، گوتی: خالیدم بۆ بانگ بکە، کە بانگی کرد پێی گوت: ئەی خالید خەڵکم بۆ نەناردی کە کەس نەکوژیت؟ گوتی: بەڵکوو خەڵکت نارد کە ئەوەی دەبینم بتوانم بیکوژم، پەیامبەری خودا گوتی: ئەو ئەنسارییەم بۆ بانگبکەن، بانگیان کرد، گوتی: چ فەرمانێکم پێدایت کە بەخالید بڵێیت؟ پێم نەگوتیت کەس نەکوژێت؟ گوتی: بەڵێ، بەڵام تۆ شتێکت ویست و خودا شتێکی تر، پەیامبەر قسەی نەکرد و هیچی بە ئەنسارییەکە نەگوت. خالید گوتی: بەس ئەو داوایە نەبوو، گوتی: بەڵێ، پەیامبەری خودا گوتی: خودا فەرمانی خۆی کردوە.

ئەم ئەنسارییە لە داوای لێبوردنەکەی لەبەرانبەر پەیامبەر ڕاستگۆ بوە (تۆ شتێکت ویست و خودا شتێکی تر)، واتا داوای لێبوردنەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە من شتێکم نەگوتوە جیاواز لەوەی گوێم لێ بوە، بەڵام ئەوەی بە زارمداهێنا، بێئەوەی خۆم هەڵمبژاردبێت، ئەگەر بزانیت کە گێرەوە تا ئەم ڕادەیە هەڵە دەکات، دەزانیت تا چەند گێرانەوە قازانجی بۆ زانست دەبێت و دەیشزانیت کە تا چەند دەتوانیت لە کاری گرینگ پشتی پێ ببەستیت، بۆیە فەرماندەکانی سوپای ئەم سەردەمە جگە لە نووسراو پشت بە هیچ شتێکی تر نابەستن لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شەڕدا، بێ ئەوەی گوێ بە گێرانەوە بدەن و بۆ ئەوەی ئاگادار بن نەکەونە ئەو هەڵانەوە.

لایەنی لاواز لە گێرانەوەکە ئاراستەکردنی واتای قسەکان لە لایەن گێرەوەیە، لەوانە ئەوەی لە عەقیقە لە قسەکانی عایشە لە سەر پەیامبەر کردوویەتی، دەڵێت: (هەر منداڵێک پابەندە بە نەزرکردنەوە، لە ڕۆژی حەوتەمدا گیانلەبەرێکی بۆ سەردەبڕێت و سەری دەتاشرێت و ناوی دەنرێت) لە قسەکانی گێرانەوەی هومامە لە لایەن قەتادەوە گوتراوە (ناویدەنرێت) (خوێنی بۆ دەڕێژرێت) لەبەر ئەوەی لە جاهیلیەت نەزرکردن باو بوە، ئەوان ئەگەر منداڵێکیان ببوایە مەڕێکیان سەردەبڕی و سەری منداڵەکەیان بەخوێنەکەی دەسری، گێرەوەکە هەڵەی کردوە کە گوتوویەتی: (خوێنی لێدەردەهێنرێت) ئەوەی لەو فەرزەدا دیارە کە خوێنڕشتنە، لەو قسانەدا گوتوویەتی (خوێنی دەڕژێت) لەجیاتیی ئەوەی بڵێت (ناو دەنرێت). هومام دەڵێت لە قەتادەیان پرسی: خوێنڕشتن چییەو چی بەو خوێنە دەکرێت؟گوتوویەتی: نەزرەکە سەردەبرێت و بە هەندێک لە خورییەکەی لە خوێنەکەی دەبەین و دەخرێتە سەر تەوقە سەری تا تاڵەموویەک لێیدەڕوات، ئینجا دەشۆرێت و سەری دەتاشرێت، ئەمە قسەی هومامە دەربارەی خوێنڕشتن، لەو وەرگیراوە، بەڵام هومام پتبوە واتە فس بوە (زمانی گرتوە) لە قسەکردندا لەجیاتیی (تسمیە) ناولێنان گوتوویەتی (تدمیە) خوێنڕشتن، بەڵام ئەگەر لەبەر فسەکەی بوە، بۆیە وشەکەی گۆڕیوە، وەڵامی پرسیارەکەی بەو شێوەیە نەداوەتەوە، بەڵکوو ئەم گۆڕینە لە خەیاڵی قەتادە بوە وەک گوتمان. ئینجا مالیک و شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاق گوتوویانە هەڵەیە خوێناوی بکرێت و ناولێنان ڕاستە، گوتیان لەبەر ئەوەی ئەمە ئیشی جاهیلەکانە! هەر کەسێک منداڵێکی کوری بوایە مەڕێکی سەردەبڕی و دەموچاوی خوێناویدەکرد، کە خودا ئیسلامی هێنا، مەڕێک سەردەبڕین و سەری دەتاشین و بە زافەران دەیسوین، دەڵێن پەیامبەر نەزری بۆ حەسەن و حسێن کردوە، هەر یەکەو بە بەرانێک، بەڵام خوێناوی نەکردوون و ئەمەیش لە ڕەفتاری ئەو هاوەڵانەیدا نەبوە. دەڵێن پیسکردنی سەری لەدایکبوو، کەی لە سوننەتی ئەودایە، ئەمە بۆ خەڵکی جاهیلی دەشێت.

لەو گێرانەوانەی کە تووشی ناڕوونی و لاوازی بوەتەوە، بەهۆی خەیاڵەوە جیاوازییەکی زۆری تێکەوتوە، فەرموودەکانە دەربارەی سیغە (متعە)، لە سەر کاتی حەرامکردنەکەی ناکۆک بوون، گوتیان لە ڕۆژی گرتنی مەککە حەرام کراوە، لە لایەکی ترەوە گوتراوە نەخێر لە ڕۆژی خەیبەردابوە، باغەی ئەم جیاوازییە خراپ تێگەییشتن و وەهمە نەک شتی تر، ئەمەیش بۆت ڕووندەکاتەوە:

لە هەردوو سەحیحدا لە سەر زاری عەلیی کوڕیئەبووتالیب گوتوویەتی: (پەیامبەر لە ڕۆژی خەیبەردا سیغە و خواردنی گۆشتی سووری بەرازی ڕەتکردوەتەوە) ئەم فەرموودەیە بە هەردوو جۆر بە ڕاست دانراوە، ئەمە یەکێکیانە و یەکێکی تر دەڵێت: (پەیامبەر ژنهێنانی سیغە و گۆشتی سووری ناجۆری لە خەیبەردا ڕەتکردەوە) لە هەردوو گێرانەوەدا گوتی (ڕۆژی خەیبەر) لە

گێڕانەوەی یەکەمدا لە پاش سیغەی ژناندا هاتوە و لە دوەمدا لە پاش گۆشتی سووری ناپاکدا، لە کۆتاییی داڕشتنەکەدا هاتوە.
ڕاستییەکەی گێڕانەوەی دوەمە، گێڕانەوەکەی کوڕی عینە لەزوهریەوە وەریگرتوە، بەڵام گێڕانەوەی یەکەم لە بەهەڵەداچوون و خەیاڵی هەندێک گێڕەوەدا هاتوە، دەڵێت لە (ڕۆژی خەیبەر)دا لە گێڕانەوەی دوەم، باڕودۆخێکە بۆ حەرامکردنی گۆشتی سووری گیاندارانی نەخوازراو نەک سیغە (متعە)، بەڵام خەیاڵ و وەهمی گێڕەوان وایزانیوە بۆ حەرامکردنی هەردوو بابەتەکەیە، وایان لە فەرموودەکە کردوە، ئاوەڵناوەکە لە پێشتر دانراوە کە (پەیامبەری خودا) سیغەی ژنانی ڕەتکردوەتەوە، لە ڕۆژی خەیبەردا، هەروەها خواردنی گۆشتی سووری گیاندارە ماڵییەکانی کە وای لێ هاتوە لەشێوەدا قسەکە بەئاوەڵناوی حەرامکردنی هەر دوو شتەکە ببینرێت، گۆڕانکارییەکە لەم ڕادەیەدا نەوەستاوە، بەڵکوو قورەکە زیاتر خەست بوەتەوە، ئەمەیش بە هەڵەی دیاری هەندێک گێڕەوە لە گێڕانەوەی بەشێک لە فەرموودەکەدا وەستاون، دەڵێن: (پەیامبەری خودا لە کاتی خەیبەردا سیغەی حەرامکردوە) بەم شێوەیە بوەتە کارێک بۆ حەرامکردنی سیغە بە تەنها نەک حەرامکردنی گۆشتی سووری وڵاخ بە تەنها.
ئەگەر بگوترێت کە گوتوویەتی ڕۆژی خەیبەر دۆخێکە بۆ حەرامکردنی گۆشتی سووری وڵاخەکان بە تەنها، چ قازانجێک لە کۆکردنەوەی هەر دوو حەرامەکە دەکرێت، ئەگەر لە یەک کاتدا نەبووبێت، سیغە لە کوێ و گۆشتی سوور لە کوێ، ئەگەر بڵێین ئەوەمان ڕوونکردوەتەوە کە عەلیی کوڕیئەبووتالیب بۆ ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە، ناڕەزایی نابینین و بەرەبەیان بۆ خاوەن چاوان ڕووندەبێتەوە.
عەبدوڵڵای کوڕی عەباس ڕێگەی بە سیغە و گۆشتی سوور دابوو، عەلی ڕێگربوو لەوە، وتووێژی لەگەڵ عەبدوڵڵای کوڕی مامیدا لە سەر هەردوو پرسەکە کردوە، هەر دوو حەرامکردنەکەی بۆ باسکردوە، حەرامکردنی گۆشتی سووری بە خەیبەرەوە بەستوەتەوە، بەڵام حەرامکردنی سیغەی هێشتوەتەوە، لەو سیمینارەی لەگەڵ عەباسدا، پێی گوت: (تۆ پیاوێکی وێڵی، پێغەمبەری خودا سیغەی حەرامکردوە، گۆشتی سووری لە ڕۆژی خەیبەر حەرام کردوە) هەر دوو شتەکەی وەک بەهانەیەك هێناوەتەوە بۆ حەرامکردنی نەک بەستنەوەی بە ڕۆژی خەیبەرەوە.
هەندێکیان گوتیان لێرەدا دیدێکی تر هەیە، ئایا حەرامکردنیان بە شێوەی حەرامکردنی فاحیشە بوە؟ کە بە هەر حاڵێک نابێت ڕێگەی پێ بدرێت، یان حەرامکردنی وابوە کە لە کاتی ناچاریدا ڕێگەی پێ بدرێت؟ ئەمەیە کە کوڕی عەباس گوتوویەتی: من وەک مرداربوەوە و خوێن بۆ ناچاری، ڕێگەم پێداوە، کە بینیی هەندێک بەفراوانی ڕووپان تێکرد و بە کاتی پێویستبوونەوە .نەوەستان، ئیبن عەباس فەتواکەی خۆی ڕاگرت کە حەلاڵی کردبوو لێی پەشیمان بوەوە
ئەوەت بۆ ڕوون بوەوە کە حەرامکردنی سیغە لە ڕۆژی خەیبەر لە وەهم و هەڵەی هەندێک گێڕەوەدا هاتوە، ئەوەی ڕاستە لە ساڵی گرتنی مەککەدا هاتوە، وەک لە سەحیحی موسلیمدا هاتوە. ئەوان لە ساڵی گرتن و کردنەوەی مەککەدا سیغەیان کرد لەگەڵ پێغەمبەریشدا بوون کە ڕێگەی پێدابوو، ئەگەر حەرامکردنەکەی لە ڕۆژی خەیبەر بووبێت ئەوە وا نیشاندەدات کە دوو جار نەسخ کرابێت (ڕێگەپێدان و حەرامکردن)، ئەمەیش لە شەریعەتی تەواودا نییە و نابێت، هەروەها لە خەیبەر ژنە موسوڵمان نەبوو، ژنە یەهوود هەبوو، ڕێگەدان بۆ ژنانی ئەهلی کیتاب تا ئەو کاتە جێگیر نەبوو، لەوە بەدوا و لە سورەتی مائیدە ڕێگەی پێدرا، لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە کە سیغە لە ساڵی حەجی ماڵئاوایی حەرام کراوە، واتە لە ساڵی دەیەمی کۆچی نەک ساڵی هەشتەم کە ساڵی گرتنی مەککەیە، ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: هەڵە و وەهمی گێڕەوانە، کە لە گرتنی مەککەوە بردوویانە بۆ حەجی خواحافیزی (حجە الوداع)، دیسان دەڵێت: هەڵەکانیان لە زەمانێکەوە بۆ زەمانێک و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و لە ڕووداوێکەوە بۆ ڕووداوێکی تر بردوە، کە ئەمەیش لە زۆرێک لە لەبەرگرەوان، واتە کۆپیکەران و خوار ئەوان ڕوودەدات.
هەروەها لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، لەخیلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا حەرامکراوە و ئەو حەرامیکردوە، بە بەڵگەی ئەوەی موسلیم لە سەحاحەکەیدا باسیکردوە لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە، گوتوویەتی: ئێمە بەگورزەیەک خورما و پڕێک گەنم لە سەردەمی محەمەددا سیغەمان کردوە. تا عومەر نەیهێشت، گوتوویەتی: دوو سیغە (متعە) ناهێڵم سیغەی ژنان و (متعە) سیغە لە حەجکردندا.

ئەگەر ئەمە ڕاست بێت لەبەر ئەوەی حەرام و حەڵاڵ لە بەرپرسیارێتی و کاری تایبەت بە پەیامبەری خودا بوە، بەڵکوو بەتەنها خودا خۆی بوە و لە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر باسیدەکەن، نە بۆ پێغەمبەری خودا و نە بۆ کەسێکی تر نییە کە حەرام حەڵاڵ بکات و حەڵاڵ حەرام بکات، تەنانەت پەیامبەریش لە لایەن خوداوە وەحی بۆ دێت، عومەر چۆن ڕێگەی بە خۆی دا کە شتێک حەرام بکات لە سەردەمی پەیامبەری خوادا حەڵاڵ بووبێت؟ لەبەر ئەوەی ئەم گێرانەوە لەگەڵ ئەم حەقیقەتە زانراوەی ئایینی ئیسلام لە یەک دەدەن، دەبێت بە پڕاوەیی و بە یەکجاری ئەم بابەتە دروستکراو بێت و هیچ بنەمایەکی نەبێت.
ئەوەی نامۆیە شیعە سیغەیان حەڵاڵکردوە، سەرەڕای ئەوەی ئیمامی عەلی گوتوویەتی حەرامە وەک پێشتر باسمانکرد، لەوانەیە ئەوەیان بۆ یەکلابووبێتەوە کە عومەر سیغەی حەرام کردبێت، ئەمانیش لە ڕقی عومەر حەڵاڵیان کردبێت، تەماشای مەیلی مەزهەبییەکەن چەند خەڵک وا دادەبەزێنێتە خوارەوە.

(9)

دریژەپێدان

ئێمە قسەمان لە سەر گێڕانەوە کرد، مەبەستمان نەبوو درێژە بە قسەکردن لە سەر سیغە بدەین، بەڵام بە باشمان زانی، لەو باسەدا درێژە بە دوو ڕووداو بدەین کە پێوەندیی بە سیغەوە هەیە، یەکێکیان شێوازە ڕاستەکەی سیغەمان دەداتێ، ئەمەیش لە گرتنی مەککە ڕووی داوە کە مەحەممەد ڕێگەی بەسیغە داوە بۆهاوەڵانی لە دوای سێ ڕۆژ ڕەتیکردوەتەوە.
لە سیرەی حەلەبیدا، کە لە سەحیحی موسلیمەوە وەرگیراوە، لە لایەن هەندێک لە هاوەڵانی پەیامبەرەوە باسکراوە، کاتێک پەیامبەر مۆڵەتی سیغەی دا بە من و پیاوێک چووین بۆ لای ژنێک لە بەنی عامر لە جوانیدا لە بوخچەی پێچراوە دەچوو، یان لە کۆندا باسکراوە وەک (بەکرەی غەتەنتی) بوە، خۆمان پێ نیشاندا و گوتمان دەبێت یەکێکمان هەڵبژێریت و سیغەمان لەگەڵ بکەیت، گوتی چیم دەدەنێ؟ گوتمان چاکەتەکەمان (ئەوسا فەرەنجی یان کورتەك یان کورتان بوە -و-) ئەوەی لەبەرمانە، تەماشای کردین بینیی من لە هاوەڵەکەم قۆزتر بووم، چاکەتەکەی هاورێکەم لەوەی من باشتر بوو، کە تەماشای کردم حەزی لێکردم و کە تەماشای چاکەتی هاورێکەمی کرد حەزی لێکرد، ئینجا ڕووی تێکردم و گوتی: تۆ و چاکەتەکەت بۆ من بەسن، سێ ڕۆژ لەگەڵی مامەوە.
ئەمەیە شێوە ڕاستەکەی زەواجی سیغە، کە بەکەمتر لە چاکەت یان کورتان یان کوڵەباڵێک، یان بە گورزەیەک خورما یان گەنم وەک پێشتر باسمانکرد سیغەیان کردوە، گورزەیەک خورما یان دانەوێڵە فلسێکی ئێمەی نەکردوە، ئەوەیش بێ خوازبێنی و بێ شایەت، بەڵکوو تەنها چۆن ڕێکدەکەون بە گورزەیەک خورما سێ ڕۆژ یان زیاتر یان کەمتر لەگەڵیدا دەبێت و دەچێت بە لایدا، دواجار بەجێیدەهێڵێت بێ ئەوەی جارێکی تر یەکتربیبیننەوە، ئەوانەی دەچنە لای لەشفرۆشان لە دێرزەمانەوە هیچیان لەمە کەمتر ناکەن، کە ئەم هاوەڵە و ژنە عامرییەکە کردوویانە، بەڵکوو هەندێک ئەگەر لەشفرۆشێک ببات لە پارەی کورتانێک یان کوڵەباڵێك زیاتری پێدەبەخشێت، بەچەند درهەمێك و بە بێ چوونەداوا و بێ شایەت لاقەی دەکات و بەجێیدەهێڵێت، لەوانەیە دوای ئەوە جارێکی تر لە ژیانیدا نەیبینێتەوە، چ جیاوازییەک لە نێوان کاری زینا و ئەوەی پێی دەڵێن سیغە هەیە؟ موتەنەبی دەڵێت:
وحره غير خطبه وليس بين هلوك
ئەگەر (هلوک) لەشفرۆش بێت و (حره) ژنی شەرعی بێت، جگە لە داواکاری هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە، وەک متەنەبی دەڵێت، داخوازی واتە (خطبه) لە سیغە و لە زینادا نییە، کەچی بەدناویی زینا چەند لە سیغە زۆرترە، تەماشای شەریعەت و ئایینەکان بکە کە چۆن

مەیل و حەزی یارییان تێدا دەکات.
ڕووداوی دوەم: سیمینارێک یان بڵێین وتووێژێکی نێوان ئەمیری ئیمانداران مەئموون و قازیی یەحیا کوری ئەکسەم بوو، مەئموون پێی گوت: چییە وا دەتبینم گۆراوی؟ گوتی: بە هۆی ئەوەی لە ئیسلامدا ڕوودەدات، گوتی: چی ڕووی داوە؟ گوتی: داوای حەڵالکردنی لەشفرۆشی.
گوتی: سیغە لەشفرۆشییە؟ گوتی: بەڵێ سیغە زینایە، گوتی: ئەمەت لە کوێ هێنا؟ گوتی: لە کتێبی خودا و سوننەتی پێغەمبەرەوە. ئەوەی لە کتێبەوە هاتوە خودای باڵا دەفەرمووێت: {أفلح المؤمنون} [المؤمنون: 1] واتە باوەرداران سەرکەوتن.. تاوەکو: {والذين هم لفروجهم حافظون(5) إلا على أزواجهم أو ما ملكت أيمانهم فإنهم غير ملومين (6) فمن ابتغى و راو ذلك فأولئك هم العادون} [المؤمنون: 5 - 7] واتە: ئەوانەی کە شەرمی خۆیان دەپارێزن(5) جگە لە هاوسەری خۆیان نەبیت، یان ئەوی (موڵکی ئیمانی) خۆیانن، هیچ گەلییان لێناکرێت و، هەرکەسێك کاری نابەجیی کرد ئەوانە دەستدرێژ کارن.
ئەی ئەمیری ئیمانداران ژنی سیغە کەنیزەکە، واتە (ملك يمين)ە؟ گوتی: نەخێر، گوتی: ژنی شەرعی لە لای خودا میرات دەدات و وەرناگرێت و کور بۆ ئەو دەبێت؟ گوتی: نەخێر، گوتی: ئەمە وای لێدێت کە لە ژنی ئاسایی تێپەڕێت، ئەمما سوننەت وەک زوهری دەیگێڕێتەوە بۆ عەلیی کوڕیئەبووتالیب، دەڵێت پەیامبەر فەرمانی پێ کردم کە نەهی لە سیغە بکەم و حەرامی بکەم، پاش ئەوەی فەرمانی لە سەر دا، مەئموون ڕوویکردە ئامادەبوان و گوتی: ئەمەم لە فەرموودەی زوهریدا لەبەرکردوە؟ گوتیان: بەڵێ ئەی ئەمیری ئیمانداران، مەئموون گوتی: ئەستەغفرولڵا، حەرامکردنی سیغە ڕابگەیەنن. درێژەدانەکە تەواو.
لەلایەنی خەیاڵ و هەڵە و وەهمەوە، کە گێڕانەوەکان تێیان دەکەون، دانان واتە درۆکردنی گێرەوان و دروستکردنی فەرموودە لای خۆیانەوە، ئەمەیش بەڵگەهێنانەوەی ناوێت لە سەر فەرموودەکانی پێغەمبەر و دانانی لە لایەن گێرەوانەوە، تەنانەت زانایان کتێبیان لە سەر فەرموودە دانراوەکان نووسیوەتەوە.
دانانی فەرموودە هۆکاری زۆری هەیە، وەک لایەنگریی مەزهەبی، لایەنگریی حیزبایەتی و سیاسەت، وەک لە گرتن و بڵاوبوونەوەی عەرەب لە وڵاتان و تێکەڵاوبوونیان بە عەجەم، کە بوون بە لایەنگری عەرەب و وای لێ هات زۆرینەی گێرەوان و حیکایەتخوانان لەوان بن، بەڵکوو ئیمامی گێرەوان لەوانە، کە محەمەدی کوری ئیسحاقە، لەبەر ئەمە ئەو لایەنگرانە لە لایەن عەرەبەوە ئازاریان پێگەییشتوە وخەفەتباربوون، تێیاندا هەن کە ڕقیان لە عەرەبە و کینەیان لە دڵدایە و دوژمنایەتیی عەرەب و ئایینەکەیان لەناخی خۆیاندا هەڵگرتوە، ئەم دوژمنکارییە پاڵیپێوەناون بۆ ئەوەی درۆودەلەسەبکەن لە فەرموودەکاندا و هەوڵی گەندەڵی و جیاکاری لە نێوان موسوڵمانان بدەن، تەڵەکەبازیی ئیبن سەبەئی یەهوودی و ئەوەی لە سەر عەلیی کوری ئەبووتالیب گوتوە و هەوڵی فیتنەنانەوەی لە ڕۆژی جەمەلدا، شتێکی زانراوە و لێرەدا پێویست بە گێرانەوە ناکات، بەڵام باسی ئەوەدەکەین، چۆن ئەوانە درۆودەلەسە دروستدەکەن، بۆ ئەوەی گەندەڵی و جیاوازی دروستبکەن. عەبدولمەلیک کوری مەروان کە سوپای یەزیدی بینی بەرەو مەککە دەڕۆن، بۆ شەڕکردنی عەبدوڵڵای کوری زوبێر، عەبدولمەلیک لەوکاتەدا لە مەدینە دەبێت،گوتوویەتی، تۆبە خودایە سوپا بۆ حەرەمی خودا دەنێریت، کەسێکی یەهوودیی بەموسوڵمان بوو، کتێبە کۆنەکانی دەخوێندەوە و هانیدا و پێی گوت سوپاکەی تۆ گەورەترە، دەڵین ئەم جوولەکەیە چوە بۆ ماڵی مەروانی باوکی عەبدولمەلیک و گوتوویەتی: واوەیلا بۆ ئومەتی محەمەد لە لایەن دانیشتووی ئەم ماڵەوە، ئاماژەی بە پشتەوەی خۆی داوە، کەچ فیتنەیەك بە دەست مەروان و کورەکانییەوە ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی مەروان هۆکاری کوشتنی عوسمان بوو، عەبدولمەلیکی کوریشی هۆکاری کوشتنی عەبدوڵڵای کوری زوبێر بوو، چونکە وەلیدی کوری یەزیدی کوری عەبدولمەلیک شتی زۆر خراپی لێدەکەوتەوە.
بێگومان ئەم یەهوودییە موسوڵمان بوە، کە کتێبی کۆنی خوێندوەتەوە و لە غەیبی نەزانیوە،

کتێبە کۆنەکانیش هیچ دەربارەی غەیب ناڵێن و دەربارەی ئەو ڕووداوانە نادوێن، کە لە دواڕۆژی دووردا ڕوودەدەن، ئەوەی قسەی لە سەر کردوە بە مەبەستی بەرپاکردنی فیتنەنانەوە و بۆ هاندانی شەڕ و بوغڕاکردن بوە، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم وتەیەی وای دەردەخات، دووربین بوە لە کاروبارەکانیدا و خاوەن تێڕامان بوە لە بەسەرهاتەکاندا، ڕووداوەکان وەک پێشبینییەکەی ئەو دەرچوون، ئەگەرێک لەوێدا هەیە، ئەم بابەتە لە پاش ڕوودانی فیتنەکە دانراێت، خەڵکێک لە سەر زاری یەهوودییەکەوە گوتوویانە،حیزبایەتییان بۆ ئالییەیت کردوە دژی بەنی ئومەیە و دژی مەروان و ئالی مەروان بوون، ئەوەی لە سەر زاری یەهوودییەکەوە دانراوە بۆ ئەوە بوە کە خەڵک بخاتە سەر ئەو باوەڕەی، خراپەکاریی بەنی ئومەیە دیارە و تەنانەت لە کتێبە کۆنەکاندا نووسراوە و یەهوودیش دەیزانێت.

ئەو ڕووداوانەی، بە هۆکاری حیزبایەتی، مەزهەبی و سیاسی ڕوویانداوە و ئەوەی لە خەونیاندا بوە، لە قورئاندا هاتوە: {وما جعلنا الرؤيا التی أريناك إلا فتنه للناس} [الإسراء: 60] واتە: ..ئەو خەونەی کە پێمان دیتی بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکە

ئەوەی لێرەدا ویستراوە بگوترێت کە پێغەمبەر؛ کوڕی حەکەم کوڕی ئەبی عاس ئەبی مەروان، کە لەبەنی ئومەیەن، لە سەر مینبەرەکەیەوە وەک مەیموون بینیوە، لە فەرموودەیەکدا دەڵێت: (بەنی مەروانم بینیوە گاڵتە بە مینبەرەکەم دەکەن) لە لەفزێکی تردا: (گۆشەگیر دەبن لە مینبەرەکەم، وەک خۆتەریککردنی مەیموون) زیاتر لەسەری ڕۆیشتوە و لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت: (پەیامبەر هیچ خۆشییەکی نەبینی و مرد)، بێگومان ئەو زیادکردنەی دوایی لە پاش دروستبوونی دەوڵەتی عەباسی خراوەتە سەری.

بەڵام ئەمانە ئەم ئایەتە: (وما جعلنا الرؤيا التی أريناك إلا فتنه)واتە : ئەو خەونەی پێمان دیتی بۆ تاقیکردنەوەی خراپەکاری خەڵکە.

لە پاش خەوبینینەکە بوە و ئەمە بوەتە هۆی دابەزینی، ئەو حیزبییانەی دژی بەنی ئومەیە بوون، وای دەبینن کە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتانەی قورئان بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیان لێکبدەنەوە، گوتیان ئەوەی لە پاش ئەم خەوبینینەی پەیامبەرەوە هاتوە ئەم ئایەتەیە: {إنا أنزلناه فی ليله القدر(1) وما أدراك ماليله القدر(2) ليله القدر خير من ألف شهر} [القدر: 1 - 3].واتە: ئێمەین ئەم قورئانەکان لە شەوی هەرەبەرێزدا دابەزاندا. کێ دەزانێت ئەو شەوە بەرێزە کامەیە، شەوێکە هێندە بە قەدرە هەزار مانگ ناگاتە بارتەقای. وابزانم تۆی خوێنەر دەڵێیت بە چ مانایەک پێوەندیی نێوان ئەو خەوبینینە و ئەم ئایەتە لێکدەدەیتەوە، بەڵام سەرت سوڕنەمێنێت کە توانای چەواشەکاری لە فەرموودەکان زۆر لەوەگەورەترە کە تۆ بیری لێبکەیتەوە، گوتیان{خیر من ألف شهر} [القدر: 3] واتە:لە چاکەدا، شەوێکە هەزار مانگ ناکاتە بارتەقای. ئاماژەیە بۆ ماوەی پاشایەتیی بەنی ئومەیە، وەک ئەوەی خودا پاش ئەوەی محەمەد ئەو خەوەی بینیبێت، ویستبێتی دڵی بداتەوە و کارەکەی لا ئاسان بکات گوتی (لیله القدر خير من ألف شهر) واتە لە هەزار مانگ زیاتر خێری تێدایە، کە بەنوئومەیە لە پاش تۆ پاشایەتی بگرنە دەست، گوتوویانە ماوەی حکومی بەنوئومەیە هەشتاودوو ساڵ بوە، ئەمەیش دەکاتە هەزار مانگ، هەموو پیاوانی حکومداری بەنوئومەیە چواردە پیاو بوون، یەکەمیان مەعاویە بوە و کۆتاییەکەیان مەروان حەماربووە. بێگومان دروستکردنی ئەم فەرموودەیە لە پاش نەمانی دەوڵەتی ئەمەوی دانراوە، خودایە یارمەتیی ئەهلی حەز و مەیل بدە کە چۆن تەنانەت یاری بە پیرۆزییەکان دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو پەتی درۆیەی ئەمانە درێژەیان پێدا، پەتی درۆی هەندێکیان کورت دەرچوو، کە دانەرەکەی نەفام بوو، لە هەواڵەکانی ڕۆژی (دار الندوه)دا هاتوە، کاتێک زۆرێک لە قورەیش لەگەڵ پێغەمبەردا کۆبوونەوە، ئەمەیش لە لایەن ئیبن جەریر و ئیبن مونزر و ئیبن ئەبی حاتم لە عەبید کوڕی ئەمیر وەریانگرتوە، لەو کاتەدا کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی بیکوژن یان سڕیبکەن یان شاربەدەریبکەن، ئەبووتالیب پێی گوتوە: دەزانی لە سەر چی کۆبوونەوەیان بۆ کردووی؟ گوتوویەتی: دەیانەوێت زیندانیمبکەن یان بمکوژن یان دەربەدەرمبکەن، گوتی: کێ قسەی بۆ

کردووی؟ گوتی: خوداکەم، گوتی: بەڵێ خودا خودای تۆیە و وەسیەتی خێری بۆ بکە، گوتی: من وەسیەتی بۆ بکەم؟ بەڵکوو ئەو وەسیەتم بۆ دەکات، واتە ڕێنماییم دەکات. ئەوەی بە سەر ئەوانەدا ڕەت بوە، ئەوەیە کە قورەیش پاش مردنی ئەبووتالیب بۆ قسەکردن لە سەر پێغەمبەر کۆبوونەتەوە.
لەو بابەتانەی باسی ئەو تیرەی کە لە غەزوەی ئوحود دەیوەشێنێت و بۆخۆی دەگەڕێتەوە، دەڵێن لە کاتێکداپەیامبەری خودا لە شوعەیب (پێچوپەناکانی مەککە) لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانیدا بوو، تایەفەیەک لە قورەیش بۆ سەر شاخەکە سەرکەوتوون، خالیدی کوری وەلیدیان لەگەڵ بوە، پێغەمبەر گوتوویەتی خوایە نابێت ئەمانە لە ئێمە بەرزتربینەوە، خودایە جگە لە تۆ ئێمە هیچ هێزێکمان نییە، لە هەندێک گێڕانەوەدا گوتراوە پەیامبەر بە سەعدی گوتوە، پاشەکشەیان پێ بکە، گوتوویەتی: چۆن بە تەنیا پاشەکشەیان پێ بکەم؟
پێی گوتوە: پاشەکشەیان پێ بکە، گوتوویەتی: تیرێکم لە کەوانەکەم دەرکرد و تێمگرتن و پیاوێکم کوشت، ئینجا تیرێکی ترم دەرکرد، تەماشام کرد هەمان ئەو تیرەیە کە پێشتر وەشاندبووم، بۆیە دووبارە تێم گرتنەوە و پیاوێکی ترم لێ کوشتن، کە تیرێکی ترم دەرکرد تەماشا دەکەم تیرەکەی پێشوە و تێمگرتن و پیاوێکی ترم پێ کوشت و لەوێدا هاتنە خوارەوە، گوتم ئەم تیرە پیرۆزە و لە کەوانەکەم دام ناو دەرم نەکرد، لە پاش مردنی، ئەو تیرە لای منداڵەکانی مایەوە.
ئەم تیرەی کە سەعد دەیوەشێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ کەوانەکەی، پاش کوشتنی پیاوێک لەوان، دەبێت لە باپیرانی ئەو تیرە بێت کە شاعیر نەمیری شێت قسەی لە سەر کردوە دەڵێت:
ئاسکێکم بەرچاو کەوت و تیرێکم بۆ وەشاند و خۆی لێ لادا بەرەو ڕاست و تیرەکە دوابەدوای ڕۆیشت، ئینجا خۆی لادا بەرەو لای چەپ و تیرەکە بەدوایدا ڕۆیشت و ئاسکەکە بەرەو دواوە .گەڕایەوە، تیرەکەیش گەڕایەوە و لێیدا و کوشتی
قیزەونترین دروستکراوی گێرەوان، وەک جنێو بە ئایینی ئیسلام و گاڵتەپێکردنێک کرابێت، باسی ئەو کەرەی کە پەیامبەر پێی گەییشت، دەگێرنەوە، پێغەمبەر خەیبەری گرت، کەرێکی ڕەشی بینی پێی گوت: ناوت چییە؟ گوتی: یەزیدی کوری شەهاب، خودا پشتاوپشت شەست کەری هێناوەتە دونیاوە، کە جگە لە پەیامبەر کەس سواریان نابێت، کەرەکە هاتوەتە قسە وگوتوویەتی: لەو باوەڕەدام کە سوارم دەبیت، کەرەکانی باووباپیرم هیچیان لێ نەماون و لە پەیامبەرانیش جگە لە تۆ کەس نەماوە، هیی پیاوێکی یەهوودی بووم و بە ئەنقەست گلاندم، برسیی کردم و لە پشتی دام، پێغەمبەر پێی گوت: تۆ یەعفوریت. گوتیان: پەیامبەری خودا دەینێرێت بۆ دەرگای ئەو پیاوە و دەڕوات بەسەری لە دەرگاکە دەدات، ئەگەر خاوەن ماڵ بێتەدەر، ملی بۆ دەلەقێنێت کە وەڵامی پێغەمبەری خودا بداتەوە، کاتێک پێغەمبەری خودا مرد لە خەفەتدا خۆی خستە بیرێکەوە و مردار بووەوە. ئەوەی نامۆیە کە دادوەر عەیاز بە دانانی ئەم فەرموودەیە کتێبی (شفاء)ی پیسوپۆخڵ کردوە. ڕاستییەکەی پێغەمبەر کەرێکی هەبوە ناوی یەعفور بوە، بەڵام لە خەیبەردا نەیگرتوە، بەڵکوو فەروە کوری عەمرو جوزامی پێی بەخشیوە، ئەم درۆیانەی کردوویانە بە دەم ئەم کەرەوە بە هەمان شێوەپێغەمبەر حوشترێکی هەبوو بەناوی (العضباء)ەوە درۆیان کردوە، وتوویانە پاش مردنی پەیامبەری خودا، هیچی نەخواردوە و نەخواردوەتەوە تا مردوە.
ئەو فەرموودانەی دانراون زۆرن، هیچ مەبەستێکمان نییە لێرەدا باسیان بکەین و لێیان بکۆڵینەوە، ئەوەی باسمانکرد وەک نموونە هێنامانەوە، بۆ ئەوەی بزانیت تا چ ڕادەیەک حەز و مەیلی نەفس زاڵ بوە بە سەر دانانی فەرموودەکاندا.
پاش ئەوەی قسەمان لە سەر ڕێگەی قسەکەران کرد کە چۆن لەفەرموودەکان وردبوونەتەوە و کۆیان کردوەتەوە دەڵێین: پلە و ئاستی ڕاستیی فەرموودەکان، بەپێوەری حاڵی گێرەوان و ناووناوبانگیان و متمانەپێکردنیان کە گومانیان لێ نەکرابێت پێوراوە، کە گێرانەوەکە لاواز نەکات و

گومانی لێ نەکرابێت، ئینجا وەریانگرتوە و ڕاستیان کردوەتەوە، ئەگەر لە عەقڵ یان لە قورئان یان هەردووکیان بەدەربێت، ئەوە ڕەتیان کردوەتەوە، ئەگەر لەگەڵ عەقڵدا ناکۆک نەبوو وەریان گرتوە، ئەوەی وەریانگرتوە و ناکۆکە لەگەڵ مەعقوولدا، فەرموودەی مێشەکەیە، کە دەڵێن حاشا لە محەمەد دەڵێت: (ئەگەر مێشێک کەوتە خواردنەکەتەوە، تێیدا نغرۆی بکە و ئینجا دەریبهێنە چونکە لە باڵێکیدا نەخۆشی هەیە و لەوی تردا دەرمان، بەوە نەخۆشییەکە ناهێڵێت، کە بەو دەرمانە چارەسەر دەبێت) ئەی سوبحانەللا. ئەو مێشەی بەدوای شتی گەنیو و پیسی و پاشەڕۆدا دەگەڕێت و لمۆزی تێدەکات و قاچەکانی بەری دەکەوێت و ئینجا دەفڕێت، کە جۆرەها میکرۆبی پیس دەگوێزێتەوە، لە لایەکەوە بە پیس و زەرەرمەند دانانرێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە، لە باڵێکیدا کە دەرمانی تێدایە، ئەو دەرمانە دەکەوێتە خواردنەکەوە، دەبێت نغرۆی بکەیت تا باڵەکەی نغرۆبێت کە دەرمانەکەی تێدایە و نەخۆشییەکە بەو دەرمانە چارەسەر دەبێت و نامێنێت، بەو خودایە ئەمە قسەیەکە نەك پێغەمبەر هیچ عاقڵێک نایڵێت و نایبرێت. ئەوەی زانراوە کە پیسیی مێش لە لایەن مرۆڤی پێگەیشتوەوە هەستی پێدەکرێت، ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی چەندین نەخۆشیی کوشندە، ئەگەر بڵێین زۆرینەی ئەوانەی لەم وڵاتە کە لە قەبردان لەبەر ئەوەی هیچ خۆپاراستنێکیان لەم جۆرە مێروە پیسوپۆخڵە نەکردوە، چۆن محەمەد ئەمە دەڵێت، کە ئەو لە لایەکیترەوە دەڵێت: (لەدرزی شکاوی قاپێکدا ئاو مەخۆنەوە، چونکە شەیتانی لێیە)، زانایانی تەندروستیی ئەم سەردەمە هاوڕان لەگەڵیدا، لە کتێبەکانیاندا ڕێنمایی ئەوەدەکەن کە قاپوقاچاغی شکاو و درز تێکەوتوو بەکارمەهێنن، لەبەر ئەوەی شوێنی شکاوییەکە دەبێتە لانەی میکرۆبی زیانبەخش، لەم فەرموودەیەدا میکرۆب بەواتای شەیتانە لە قسەی محەمەددا، لەکتێبی خەڵکانێکدا زۆرێک فەرموودە هەن کە ناکۆکن، لەگەڵ عەقڵ و قورئاندا و بەر یەک دەکەون، بەڵام ڕاستیان کردوەتەوە و قبووڵیان کردوە، لەبەر ئەوەی بە پێوەرە کەموکورتەکەیان پێواویانە. واتە لەبەر ئەوەی خاوەنەکانیان خاوەن متمانە و دادپەروەر بوون، قبووڵیان کردوە، ئەوەی بەم هۆکارە قبووڵیان کردوە کە ناکۆکە لەگەڵ مەعقوول و لەگەڵ قورئانیشدا و بەریەک دەکەون، فەرموودەی (الجارود)ە لەشاندی عەبدلقەیس لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، جارود و سەلمە کوری عەیار ئەزدی هەریەکەو سێ مەسەلەیان لای خۆیان دانابوو، بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە پرسیار لە پێغەمبەربکەن و تاقیی بکەنەوە، کاتێک هاتن بۆ لای پێغەمبەر،جارود گوتی: ئەی محەمەد ئەگەر تۆ پێغەمبەری پێمان بڵێ چیمان بۆ هەڵگرتووی؟ پێغەمبەری خودا مت بوە و وەک ئەوەی ساڵێک بێت قسەی نەکردبێت و سەری بەرزکردوەتەوە و عارەق بە دەموچاویدا داچۆڕاوە وگوتوویەتی: تۆ ئەی جارود لای خۆت وات داناوە کە پرسیارم لە سەر خوێنی جاهیلییەکان و ڕێکەوتن و هاوپەیمانێتیی جاهیلی و مەنیحە بکەیت، خوێنی جاهیلی بابەتێکەو هاوپەیمانییان ڕەتدەکرێتەوە و لە ئیسلامدا نییە، باشترین سەدەقە ئەوەیە ئەوەندەی باری وڵاخێک بدەی بە براکەت یان شیری مەڕوماڵاتی بدەیتێ، کە خێری دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆت، بەڵام تۆ ئەی سەلمە وات داناوە کە لە سەر بتپەرستی و ڕۆژی سەباسب و عەقڵی تێکەڵ پرسیارم لێ بکەیت، دەربارەی بتەکان خودای گەورە دەڵێت، ئێوە کە جگە لەخودا شتی تر دەپەرستن بەردی دۆزەخن و تێیدا دەمێننەوە، لەڕۆژی سەباسبدا، خودا شەوێکی خێری بۆ هێناوە کە هەزار مانگ خێرترە لە دواهەمین دە شەوی ڕەمەزاندا، داوایبکەن و شەوێکی ئاسان و خۆشە و جگەلە تیشکەکەی هیچ لە خۆرەکە نابینرێت، دەربارەی عەقڵی تێکەڵ، ئیمانداران بران و خوێنیان وەک یەکەو هەقی باڵایان بە سەر خوارەوەیان هەیە و خوداناسان وتەقیە و زاهیدانیان لای خودا بەڕێزن، گوتیان (اشهد أن لا اله الا ألله وحده لا شريك له و أنت عبده و رسوله).

من دەڵێم؛ یەکەم: ئەم فەرموودەیە دانراوە، ناکۆکە لەگەڵ مەعقوولدا.

دوەم: لەگەڵ قورئاندا بەر یەک دەکەون بڵێ {لو كنت أعلم الغيب لآستكثرت من الخير وما مسني السوء} [الأعراف: 188]. واتە: گەر نادیارم زانیبا بەهرەی زۆرم گیردەکەوت و هیچ

زیانێکم تووش نەبوو.
سێیەم: ئەوەی تێداهاتوە هاوپەیمانیی جاهیلییەکان ڕەتکراوەتەوە، بەڵام هاوپەیمانیی ئەلفزوڵ کە محەمەد ئامادەی بوو لە جاهیلیەتدا، ڕەتنەکراوەتەوە. لە سەر زاری پێغەمبەرەوە گوتراوە: (لە ماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جەدعان هاوپەیمانێتییەکم بینی کە وای نابینم نیعمەتێکی باشی تێدابێت، ئەگەر داوای ئیسلام بکرایە وەڵامم دەدایەوە واتە ڕازی دەبووم).
چوارەم: وەک تێیداهاتوە (هاوپەیمانی لە ئیسلامدا نییە) ئەمە ڕاست نییە، لە شەریعەتی ئیسلامدا هیچ ڕێگرییەک نییە بۆ هاوپەیمانی، بە تایبەتی ئەگەر لە سەر حەق بوو، هەروەها هاوپەیمانیی پەیمانە، بەڵام پەیمان بە هاوپەیمانی ناونراوە لەبەر ئەوەی لە کاتی ئیمزاکردنیدا سوێند دەخۆن، پەیمانیش لەئیسلامدا هەبوە، ئینجا ئەو قسەیەی پەیامبەر لە سەر هاوپەیمانیی فزوڵ گوتوویەتی (ئەگەر بانگمبکەن ڕازی دەبم) بەڵگەیە بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی فزوڵ ڕەتنەکراوەتەوە و لە ئیسلامدا جایزە، واتا (ئەگەر ئیسلام داوەت بکرێت ڕازی دەبم) وەک ئەوەیە بڵێت ئەی خێڵ و خەڵکەکەم بە هاوپەیمانیی فزوڵ ڕازیم.
ئەوەی بەڵگەی جایزبوونی هاوپەیمانی لە ئیسلامدا دەسەلمێنێت ئەوەیە کە لە (سیرە الحافظ الدمیاطی)دا هاتوە، لە نێوان حسێن کوڕی ئەبووتالیب و وەلید کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبی سوفیاندا، ناکۆکییەک لە سەر پارەیەکی حسێن هەبوە، حسێن بە وەلیدی گوتوە: سوێند بەخوا بخۆ کە بە ئینساف حەقم بدەیتەوە یان بە شمشێرەکەم وەری دەگرمەوە و لە مزگەوتی پەیامبەری خودا ڕادەوەستم و داوای هاوپەیمانیی فزوڵ دەکەم، واتە داوای هاوپەیمانێتییەکی وەک هاوپەیمانیی فزوڵ دەکات، کە پشتی زوڵم لێکراو بەرانبەر زاڵم دەگرێت، کۆمەڵێک لە سەر ئەمە ڕازی بوون لەوانە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا لە مەدینە بوو، کە ئەوە گەییشتە وەلیدی کوڕی عوتبە بە حەقانی لەگەڵ حوسەیندا قسەی کرد، تا ڕازی بوو.
ئەگەر هاوپەیمانی لە ئیسلامدا نەبێت وەک لەو فەرموودە داخراوەدا دانراوە، حسێن ئەوەی نەگوت و کۆمەڵێک لە هاوەڵان لەگەڵیدا هاورا نەبوون.
پێنجەم: ئەوەی جارود و سەلمە کردوویانەلە نەریتی عەرەب بوە لە جاهیلیدا، لە بەرانبەر قەشەکان، هەر کاتێک پڕۆیشتنایە بۆ لای قەشەیەک، شتێکیان دەشاردەوە و پرسیاریان لێدەکرد و تاقیاندەکردەوە، ئەگەر ڕاست بێت جارود و هاوەڵەکەی ئەمەی بە پێغەمبەر کردبێت، هیچ قبووڵی نەدەکرد و ڕەتی دەکردەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەریان لە شوێنی قەشە داناوە، کە پێغەمبەر قەشەکانی ڕەتکردوەتەوە و پێی گوتوون درۆزن، ئەوە لە شاندی کیندە ڕووی دا و پێغەمبەر ڕەتیکردەوە و قبووڵی نەکرد. ئەوە لەو کاتەوە بوو کە شاندێکیان نارد بۆ لای و گوتیان: ئەی باوکی قاسم ئێمە شتێکمان بۆ شاردوویتەوە چییە؟ ئەوان چاوێکی کولەیان لە هیزەی ڕۆندا بۆ شاردبوەوە، پێغەمبەر گوتی: (سوبحانەللا ئەوە کاهین دەیکات، قەشەو قەشەکاری لە ئاگردان)، ئەمەیش بەڵگەی لێبڕاوەی ئەوەیە، کە ئەم فەرموودەی جارود دانراوە هیچ بنەمایەکی نییە.
بەڵگەی ئەوەی، ئەو پێوەرەی بۆ ڕاستیی فەرموودەکان بەکاریان هێناوە کەموکورتیی تێدایەو، بەپێی پێویست نییە، ڕێگەی لێوردبوونەوەی فەرموودەکان ڕێک نین، دانپێدانانەکان بە فەرموودەیەک کە لە لایەن خەڵکانێک گێڕاوەتەوە، جێگەی متمانە نەبوون، ئەگەر فەرموودەکەیش ڕاستبوویێت و لەگەڵ عەقڵدا هاتبێت و بەپێی سوننەت و هیدایەتی پێغەمبەر هاوشان و جێگیربوویێت.
لەوانەیش فەرموودەی سیواک (چیلکەیەکی باریکە، دانی پێ پاکدەکرێتەوە) لە فەرموودەکانی کە لە ئەبووئەیووب گێراوێتییەوە (جێگەی خۆشحاڵییە کە دەمودان لەخواردن پاک بکرێتەوە، هیچ شتێک بەقەد پاشماوەی خۆراک لە دەمدا خراپ نییە) بێگومان پێغەمبەر کە سیواک و غەرغەرەی لە کاتی دەستنوێژدا بە سوننەت داناوەو پاکوخاوێنیی بە ئیمان زانیوە و حەزی لە دانپاککردنەوە بوە لە خۆراک و بانگەشەیشی بۆ کردوە و فەرمایشتی بۆ داوە، ئەم فەرموودەیە

ڕاستە لە واتاکەیدا و هیدایەتی پێغەمبەر پشتگیریی دەکات و لەگەڵ مەعقوولدا ناکۆک نییە و لەگەڵ قورئاندا بەریەک ناکەون، بەڵام قسەکەران ڕەتیانکردوەتەوەو دەڵێن جێگیر نییە، دەزانیت بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە گێڕانەوەی واسڵی کوڕی سائیبە، بوخاریو ڕازیگوتوویانە، فەرموودەیەکی ڕەتکراوەیە و نیسائی و ئەزدی گوتوویانە ئەم فەرموودەیە وەلاوەنراوە. با وادابنێین واسڵ کوڕی سائیب درۆزنە، بەڵام نابێت هەندێک جار باوەڕ بەدرۆزن بکرێت؟ لەوانەیە درۆزن ڕاست بکات، لە پەندەکاندا هاتوە دەڵێن: (لە درۆزنان ڕاستییەکی زۆر لە دەست دەدەین).
لەمانەیش ڕەتکردنەوەی شایەتیی عاشیقی بێگەردین، فەرمووەدەیەکی سوەید کوڕی سەعید لە عەلیی کوڕی مویەسەر کە لە ئەبی یەحیا ئەلقەتان و ئەویش لە موجاهید ئەویش لە عەباس کە لە پێغەمبەرەوە هاتوە، هەروەها زوبەیر کوڕی بوکاری کوڕی عەبدولمەلیک کوڕیعەبدولعەزیز کوڕی ماجشون لە عەبدولعەزیز کوڕی باوکی حەزم لە باوکی نەسیح لە موجاهید لە کوڕی عەباس لە پێغەمبەرەوە وەرگیراوە دەڵێن: (هەر کەسێک عاشیق بوو بێگەردە و ئەگەر مرد شەهیدە) لە گێڕانەوەیەکی تردا (هەر کەسێك عاشیق بوو، نەیدرکان بێگەرد دەبێت و خودا لێی دەبوورێت و دەیخاتە بەهەشت). ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە ڕەتیانکردوەتەوە و گوتوویانە ئەم فەرموودەیە لە لایەن کوڕی سەعید یەحیا کوڕی موعین ڕەتکراوەتەوە و گوتوویەتی: (سوەید درۆزنی هیچوپووچە و ئەگەر ئەسپێک و ڕمێکم هەبوایە تێم دەسرەواند) ئیمام ئەحمەد گوتوویەتی فەرموودەیەکی فەرامۆش کراوە، نیسائی گوتوویەتی جێگەی متمانە نییە، بوخاری گوتوویەتی، ئەوەی گوتوویەتی لە فەرموودەکان نییە، کوێر بوە. کوڕی حەیانگوتوویەتی ئەمە تەگەرە دەخاتە پێش باوەڕپێکراوان و دەبێت ئەوەیگوتوویەتی لێی دوور بکەوینەوە، ئەوەی لەم فەرموودەیەدا دەیبینیت، هیچ نامۆبییەکی تێدا نییەو قیزەونیش نییە و لەگەڵ عەقڵ و دینیشدا ناکۆک نییە، ئەوەی تێیدایە هانی خەڵک دەدات بۆ پاکی و بێگەردی لە کاتی عاشقبووندا. زۆر جار خەڵک تووشی عەشق دەبن، ئەگەر عاشیق بوون، پاک دەبن و وا دەڕۆن و لە عەشقیاندا لە سنوری شەرعدا دەوەستن و داینابەزێننە بێڕەوشتی و پۆخڵی، بەو شێوەیەیش دەمرن و شایەنی ئەوەن کە لە شەهیدان بن، لەبەر ئەوەی بە تایبەتی لە پێناو بێگەردیدا قوربانییان بە شەهوەتی خۆیانداوە، بە تایبەتیش ئەگەر ڕێگرییەکی شەرعی یان کۆمەڵایەتی لە بەیەکگەییشتنیاندا هەبێت.
پابەندبوون بە لایەنی داوێنپاکی و بێگەردی لە کاتێکدا دەبێت، کە قوربانیدان بە شەهوەت لە پێناو شەرەفی گشتیدا بێت، شەهید ئەو کەسەیە کە لە پێناو کاری شەریفدا بمرێت و قازانج بە گشتی بگەیەنێت، بۆیە ئەگەر ژن لە کاتی منداڵبووندا بمرێت بە شەهید لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ئیبن قەییم لە (زاد العباد) بە هەراوهوریا و قیرەقیرەوە دەڵێت: شەهید بوونپلەیەکی بەرزە لە لای خودا و هاوشانە لەگەڵ پلەی هاوەڵان، چۆن دەبێت عیشق کە هاوبەش پەیداکردنە، خۆدوورخستنەوەیە لە خودا و دڵ و ڕۆح بەخشینە بە کەسێکی تر، پلەی شەهیدبوونی پێ ببەخشرێت؟ ئەمە مەحاڵە، تێکدانی دڵ لە لایەن عیشقی سینگەوە لە سەروو هەموو گەندەڵییەکەوەیە، بەڵکوو مەیلی ڕۆحە کە سەرخۆشی دەکات و ڕێگریی لێ دەکات خودای لەبیر بێت و خۆشەویستیی هەبێت و چێژ لە دوعا و نزا وەربگرێت و پێی خۆشحاڵ بێت. ئەمە کۆیلایەتیی دڵ بۆ غەیرە خودا فەرزدەکات و دڵی عاشیق مەعشووقەکەی دەپەرستێت، چۆن دەبێت دڵێک بەدەر لەخودا بپەرستێت و پلەی شەهیدبوونی پێ ببەخشیت؟ قسەکانی ئیبن قەییم جگە لەخۆی وەک کەسێکی دوور لەخودا و بوونی ناوەخنێکی ڕوون، کە ناتوانن بە بیر و فیکریان بگەنە شوێنێك بەدەربێت لە بینینی چاویان، لە کەسێکی تر ناوەشێتەوە، ئیبن قەییم لە کوێ بوو، بزانێت عیشق سابوونی نەفسە و لە پیسییەکانی و دڵڕەقی دەیشواتەوە، کە ڕووناکی لە ئاوێنەکەیەوە دەبەخشێتەوە و ژەنگی پیسەهەڵاتووی لێیدەکاتەوە و تا دەگاتە ناسکترین بوونەوەر، هەستەکانی ئەوپەڕی وره دەبەخشێت، ئەگەر هەر کەسێك عاشیق بێت ئامادەییی زیاتری تێدایە ڕووبکاتە خودا، لەوەی کە عاشیق نەبێت، ئەوەی لە ئیبن قەییم

دەبینین، کە قسە لە سەر عیشق دوور لە بێگەردی دەکات، لەگەڵ ئەوەدا کە باڵای شەهادەت لە فەرموودەکەدا بە عاشیقی بەخشیوە و لە سەر بنەمای بێگەردی وەستاوە، وەک لە فەرموودەکەدا دەڵێت (فعف) واتە خاوێن و بێگەرد بوە، بێگومان ئەوەی بە عاشیقی دەمرێت پاک و بێگەردە و قوربانی بە شەهوەتەکانی داوە لە پێناو نامووسی گشتیدا، شایانی ئەوەیشە کە شەهید بێت، بۆچی نا، کە لە شەرعی محەمەدی دا، خنکاوی ئاو، لە پشتەوە و لە زگەوە لێدراو شەهیدە، مردنی عاشیقی بێگەرد لەوانە شەریفترە و ئازاربەخشترە و کارەساتبارترە شەهید نەبێت. ئینجا ئیبن قەییم دەڵێت، ئەگەر ئەوانەی تووشی ئەو نەخۆشی و پەتایانە دەبن ودەمرن، کە پەیامبەری خودا ئەوانەی بە شەهید لە قەڵەم دەدات وەک نەخۆشیی بێ چارەسەر و لە پشتەوە لێدراو و سووتاو لە ئاو خنکاو و مردنی ژن لە کاتی منداڵبووندا، کە ئەم بەڵایانە لای خوداوەیە نەک دروستکراوی کۆیلەی خودا و هیچ چارەسەرێکی نییە، دەڵێین ئەوەی چارەسەری نییە نەدۆزراوەتەوە، وادابنێین بێ چارەسەری مەرج بێت، عیشقیش چارەسەری نییە، ئەگەرحکومیلە سەر بدرێت تا ئەوکاتەی دەگەن بە یەک، ئەگەر ڕێگرییەک هەبوو لە یەکگەییشتن، وەک کۆسەیی و نێرەمووکی و هیی تر، کە چارەسەری نەبێت و لە دەرئەنجامدا بمرێت، هەر شەهیدە، ئەمما قسەی ئەمە بەڵای خودایە و هیچ دەستێکی کۆیلەی خودای تێدا نییە، لە وەڵامدا دەڵێین: هەموو عاقڵێک دەزانێت ئەگەر عەشق سەرەتا هەڵبژاردن بێت، بەڵام لە دواجاردا کە توندبوو لەسنور تێدەپەڕێنێت و لە هەڵبژاردن دەردەچێت، عاشیقی بێگەرد وەک ئەو ژنەی لێدێت کە لە کاتی ژانگرتنیدا دەمرێت، ئەگەر منداڵ دروستکردن هەڵبژاردە بوویێت، بەڵام لەدایکبوون ناچاری دەبێت، بێشک ئەم ڕێگەیەی قسەکەران نەبوایە کە بەوردبوونەوە لە فەرموودەکاندا و کەموکورتی بۆ پێوانەکردنی گرتوویانەتەبەر، ئەمڕۆ ئەو گێرانەوە پشێو و شڵەژاوە و قسە جیاوازانەمان لە کتێبەکانیاندا نەبینی، کە زۆر قورسە حەقیقەتیان لێهەڵبهێنجیت،بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت بزانیت چەند کەس لەگەڵ پێغەمبەردا بۆ شەڕی حودەیبییە دەرچوون، بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی فەرموودە و بەسەرهاتەکان، لەوێدا دەبینیت لە گێرانەوەیەکدا حەوتسەد، لە یەکێکی تردا هەزاروحەوتسەد، لە یەکێکی تردا هەزاروچوارسەد، لەوی تردا هەزاروپێنجسەدوبیست، لە یەکێکی تردا هەزار و حەوتسەد، کەمترینیان حەوتسەد و زۆرترینیان هەزار و حەوتسەد، جیاوازیی نێوانیان هەزار کەس بوە، ئەگەر بڵێین ئەم گێرانەوانە بە خەمڵاندن کرابن، ئەمە ڕاستنییە، چونکە بۆ هەڵەکردن هەزار کەس زۆر زۆرە و ناشێت. بەڵێ زانایانی فەرموودە هەندێک لەم گێرەوانە ڕاست دەکەنەوە و هەندێک بە لاوازی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک بە یەقینی ناتدەنێ و ڕۆحت ئارام ناکەن و دڵنیات ناکەنەوە لە ڕاستییان.

هەروەها ئەگەر بتەوێت مێژووی لەدایکبوونی پێغەمبەر بزانیت، دەگەڕێیتەوە بۆ کتێبی ئەم قەومە کە شتی نامۆ و سەرسورهێنەر دەبینیت: لە گێرانەوەیەکدا دەڵێت لە ساڵی فیل بوە، لەوی تر لە ڕۆژی فیل نەک لە ساڵەکە، لە یەکێکی تر دەڵێت لە پاش فیل بە پەنجا ڕۆژ بوە، لەوی تر پاش فیل بە پەنجاوپێنج ڕۆژ بوە، لە یەکێکی تر پاش مانگێک و لە یەکێکی تر پاش چل ڕۆژ و لەوی تر بە دە ساڵ و لەوی تر بە بیستوسێ ساڵ و لەوی تر بە سی ساڵ و لەوی تر بە چل ساڵ و لەوی تر بە حەفتا ساڵ جیاوازیی هەیە، لە گێرانەوەیەکی تردا -ئەمە زۆر نامۆیە- لە دایکبوونەکەی بە پانزە ساڵ پێش فیل دانراوە، ئەگەر حسابی ئەوەمانکرد لە پێش فیل بە پانزە ساڵ تا پاش فیل بە حەفتا ساڵ، واتە جیاوازییەکە هەشتاوپێنج ساڵە، واتە بیستودوو ساڵ زیاترە لەو تەمەنەی کە محەمەد ژیاوە.

هەروەها گێرانەوەی جیاواز هەیە لە سەر ڕۆژی مردنی عەبدوڵڵای باوکی، لە گێرانەوەی ئیبن ئیسحاقدا وا هاتوە، دایکی سکی هەبوەو باوکی مردوە، دەڵێن پاش دوو مانگ لە دووگیانبوونی دایکی، باوکی مردوە. لە گێرانەوەیەکی تردا وا هاتوە، دوو مانگ پێش ئەوەی لەدایک بێت باوکی مردوە، لە شوێنێکی تردا دەڵێن لە بێشکەدا بوە تەمەنی دوو مانگ بوە باوکی مردوە،لە

یەکێکی تردا دەڵێن، تەمەنی حەوت مانگ بوە، لەوی تر نۆ مانگ بوە لە یەکێکی تر هەژدە مانگ بوە، لە یەکێکی تر بیستوهەشت مانگ بوە. ئاوا لە سەرجەم پرسەکاندا گێڕانەوەیەکی لێبڕاو نییە کە جیاوازیی تێدا نەبێت، ئەگەر ئەوەم لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا نەبینیبێت، ئاوا زیادەڕۆییم نەدەکرد.ئەوەیش لەبەر ناتەواویی ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەم فەرموودانە و نووسینەوەیان، ئەوەیشی لەسەربێت، کە بەدرێژاییی سەردەمەکان ئەم فەرموودانە بەسەرزارەکی لەگێڕەوە و حیکایەتخوانێکەوە گواستراونەتەوە بۆ ئەوی تر، بەدرێژایی سەدە و چارەکێک، بۆیە جێگەی گۆڕان و گۆڕینەوە بوە و مەیدانێکی مەیلی حیکایەتخوانان و مەبەستی ئایینی و دونیایان تێ کەوتوە، ئەگەر جیاوازییەکان تا ئەم ڕادەیە بوایە ئاسان دەبوو، بەڵام ئەمەی تێپەڕاندوە کە لێک نەچوون بێت، دوو گێڕانەوەی جیاواز لەپرسێکدا دەبینیت، کە یەکێک بەڕاستی دەزانێت و جێگیری دەکات و ئەوی تر ڕەتی دەکاتەوە، وەک لە گێڕانەوەی بواردان بە ڕێگریکردن لە سەرجێیی (سێکسکردن) واتە لە کۆتاییی سێکسکردن و ڕژاندنی تۆو لە دەرەوەی دەرچەی زاوزێی ژن، فەقیهەکان بوون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان دەڵێن حەرامە، کە لە گێڕانەوەی بە حەرامدانانی وەریانگرتوە، بەشێکی تریان ڕێگەیان پێداوە و لەگێڕانەوەی ڕێگەپێدان وەریانگرتوە، تیمێکی تر دەڵێن، بەمۆڵەتوەرگرتن ڕێگەپێدراوە و بێمۆڵەت حەرامە، بەڵام فەرموودەی حەرامکردنی موسلیم لە سەحیحەکەی گێڕاوێتییەوە. لە قسەی عایشە لە حوزامە کچی وەهەب خوشکی عەکاشەگوتوویەتی: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا، خەڵکانێک لەوێ بوون، پرسیاری مەنعیان لێ دەکرد، گوتی ئەمە منداڵ لەچاڵنانی شاراوەیە. لە گێڕانەوەی زیندەبەچاڵکردنی بچوکەوە هاتوە، مەبەستی زیندەبەچاڵی شاراوە، وەک لە ئایەتی: {وإذا الموءودە سئلت} [التکویر: 8] واتە: ئەگەر لە کچی زیندە بە چاڵیش پرسیارکرا، دا هاتوە، زیندەبەچاڵ هەمووی حەرامە، بەڵام فەرموودەی ڕێگەپێدان، ئەبووداود لە سەر زاری مووسای کوریئیسماعیل، لە ئەبان لە یەحیا کە محەمەد کوری عەبدولڕەحمان کوری سوبانگوتوویەتی و لە ڕەفاعە لە ئەبی سەعیدی ئەلخدریگوتوویەتی، کە پیاوێکگوتوویەتی: ئەی پەیامبەری خودا من کەنیزەکێکم هەیە لەگەڵیدا دەخەوم و مەنع دەکەم، پێمخۆش نییە دووگیان بێت، منیش وەک پیاوانی تر، یەهوود دەڵێن مەنعکردن زیندەبەچاڵی منداڵە، پێغەمبەرگوتوویەتی: یەهوود درۆی کرد، ئەگەر بیەوێت خەڵقی بکات ناتوانیت وەلاینێیت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، محەمەد بۆ ئەوە ئەم قسەیەی کردوە بۆ ئەوەی جیاوازبێت لە یەهوودەکان، هەندێک جار بەمەبەست ویستویەتی جیاوازبێت لەگەڵیاندا. وەک دەیبنیم ئەم فەرموودەیە ڕاستنییە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ عەقڵدا نایەتەوە و چونکە منداڵ ئەگەر بەئاوی ژن و مێرد نەبێت پێکەوە دروست نابێت. لە حاڵەتی مەنعدا جگە لە ئاوی مێیینە "هێلکە" تۆوی نێرینە لەگەڵدا نابێت، بۆیە منداڵ دروست نابێت، ئەمە هیچ واتایەک ناهێڵێتەوە بۆ .ئەوەی ئەگەر خودا بیەوێت دروستی بکات، ناتوانیت ڕێگەی لێ بگریت یان وەلای بنێیت لەدووفاقیی فەرموودەکان، دەربارەی فەرموودەی ئیفک لە دایکی ڕومانەوە، لە هەندێک ڕێگەی بوخاری لە ئەبی وائیل لە مەسرووق، ئوم ڕومان دەربارەی فەرموودەی ئیفکگوتوویەتی....هتد، هەندێک قسەکەر: ئەمە ڕاستنییە لەبەر ئەوەی ئوم ڕومان لە سەردەمی پێغەمبەری خودا مردوە و پێغەمبەر چوەتە سەر قەبرەکەی، مەسرووق پاش مردنی پێغەمبەر هاتوە بۆ مەدینە، گوتیان ئەگەر مەسرووق لە ژیانی پەیامبەر بهاتبایە مەدینە و پرسیاری بکردایە، لە پێغەمبەرەوە وەڵامی وەردەگرت، بەڵام وانەبوە. خەڵکی ترگوتوویانە ئوم ڕومان لە سەردەمی پێغەمبەردا نەمردوە، فەرموودەی مردنی لەسەردەمی پەیامبەری خودا و سەردانی گۆڕەکەی ڕاستنییە.

دوو هۆکاری تێدایە کە ناڕاست بێت:

یەکەم: گێڕانەوەی عەلیی کوری زەید کوری جدعان کە فەرموودەیەکی لاوازە و هیچ بەهانەیەکی نییە.

دوەم: لە سەر زاری قاسم کوری محەمەد باسکراوە کە لە پەیامبەرەوە وەریگرتوە، بەڵام قاسم نەگەییشتوەتە سەردەمی پەیامبەری خودا.

ناچوونییەکی گێڕانەوەکان لە مردنی ئومڕوماندا: لە یەکەمدا کەلە سەردەمی پەیامبەری خودا مردوە، ئەوی تر لەو سەردەمەدا نەمردوە. نموونەی لەم جۆرە لە کتێبی فەرموودە و بەسەرهاتەکان زۆرن، جیاوازیی مەزهەبی فەقیهەکان لە عیبادەت و مامەڵەکردن لە سەر جیاوازیی ئەم گێڕانەوانە دروستبوە، ئەمەیش بوەتە هۆکاری جیابوونەوە لە ئومەتی ئیسلامدا و دابەشبوونی بە سەر تیمی ناکۆک و تایەفەی یەکتر قبووڵنەکردن، جگە لە جیاوازیی گێڕانەوە و لە ناتەواویی دەقە شەرعییەکان لە فەرموودەکان و لە قورئاندا، لە لایەکی ترەوە هۆکاری تریش هەبوو بۆ ئەو پەرشوبڵاوییە، لەو جێگەیەی قسە لە سەر قورئان دەکەین باس لەوەیش دەکەین.

(10)

دەرئەنجام

ئێمە دەمانەوێت محەمەد وەک خۆی بناسین، ئەوەی دەیزانین کە قورئان ڕاستترین کتێبە کە لە سەر پێغەمبەر بۆمان دوابێت، ئێمەیش پشت بەو دەبەستین نەك هیی تر بۆ ناسینی محەمەد، بەڵام کتێبی فەرموودە و بەسەرهاتەکان نابێت پشتی پێ ببەستین ئەگەر لە بێژنگێکی نەدەین، کە لە مەعقوول چنرابێت، ئەوەی لێیدەرچوو پشتگوێ دەخەین و ئەوەی دەمێنێتەوە لە بێژنگەکە وەریدەگرین. لەم کتێبەدا دەمانەوێت وا بکەین، بە بۆنەی ئەم بێژنگەوە وتەی مەعەری بە بیردەهێنینەوە کە دەڵێت:
لما تحصل شيء فى الغرابيل لو غربل الناس، كيما يعدموا سقطا
واتە: ئەگەر خەڵك لە بێژنگ بدرێن هیچ شتێکت بۆ نامێنێتەوە لە بێژنگەکەدا و هەمووی رۆدەچن.
پاش تەواوبوونمان لە نووسینی گێڕانەوە ئەو قسەیەی مەعەری بەبیردەهێنینەوە:
شأن، ولمن عراها ضعف إسناد جاءت أحاديث، إن صحت، لكان لها
واتە: هەندێك شت کە هەر کەسێك روونی بکاتەوە بێ هیچ پەنابردن بۆ بەڵگە، وەك قسەی وتراو دەبێت و جا ئەگەر راست بوو ئەوە باشتر دەبێت.

عەقڵیەتی عەرەب لە جاهیلیەتدا

مرۆڤ عەقڵێکی خۆرسکی هەیە، کە خودا خەڵقیکردوە تێیدا و لە سەر ئەوە گیراوەتەوە کە لە باوانەوە بە بۆماوەیی بۆی هاتوە، بەڵام تەنها ئەمە بە دایک و باوکییەوە ناوەستێت، بە پێی ئەوەی لێوەی هاتوە، دەگەڕێتەوە بۆ باپیران و باوک و دایکی نزیک و دوور، بۆیە گێلێک دەبینن باوک و دایکی ژیر و زیرەکن یان بەپێچەوانەوە، مرۆڤ عەقڵی بەدەستهاتوویشی هەیە، کە بە تاقیکردنەوەی ژیانی بەدەستی دەهێنێت. ئەم عەقڵە بەدەستهاتوە دەکەوێتە بەر کاریگەریی چەندین شت، خێزانەکەی کە تێیدا پەروەردە کراوە، خزم و قەومەکەی کە تێیدا گەشەی کردوە، ئەو ژینگەیەی کە تێیدا ژیاوە، ئەو دینەی کە وەریگرتوە، ئەو دابونەریتەی لەسەری ڕاهاتوە، عەقڵی بەدەستهاتوو، بەحکومیزەرووڕەت لە سەر ئەو کاریگەرییانە دیاریکراوە، نەلێی دەردەچێت و نە لێیشی لادەدات. بۆیە عەرەبێک کە بوە دراوسێی هەر کەسێک پشت لە پارێزگاریکردنی ناکات، بەڵکوو ئەوە بە نابووتی دەزانێت ئەگەر ئەوەبکات لە پێناویدا دەمرێت، پاراستنی دراوسێ دابێکی توندوتۆڵە تێیدا و لە سەر ئەوە گەورە بوە، لە خێڵ و خزمەکانییەوە لە منداڵییەوە وەریدەگرێت. هەروەها عەقڵی بۆئەوە ناچێت، کە لە دینەکەی دەربچێت، ئەمەیش لە باوانییەوە وەریگرتوە و بە قۆناغبەندی بۆی هاتوە و لە سەر پاشماوەکانی ڕۆیشتوە، مەگەر عەقڵی خۆرسکی فراوان و گەورەبێت، کە بە سەر عەقڵی بەدەستهاتوویدا سەربکەوێت، لەوێدا عەقڵیەتێکی نایابی دەبێت و لە نێو قەومەکەیدا بەرزدەبێتەوە، لە سەر ئەو شتانەی ئەوان پێوەی بەندن و پەیوەستن پێوەی، بۆیە ئەوەیگوتوویەتی دەڵێت:
فمطبوع ومسموع رأيت العقل عقلين
إذا لم يك مطبوع ولا ينفع مسموع
واتە: ئەوەی چاپکراو و بیستراو ئاوەز؛ دەبێت بە دوو باوەڕپێکراو؛ بە ئاوەز و بە بەڵگەش دادەنرێت، بەڵام کە چاپکراو نەبوو؛ تەنها شتی بیستراو هیچ قازانجێکی نابێت.
عەقڵی خۆرسک بنچەی عەقڵی بەدەستهاتوە، بۆ هەر یەکێک لەمانە بەهێزکەر هەیە بەهێزی

دەکات و لاوازکەر هەیە لاوازی دەکات، لە بەهێزکەرەکانی عەقڵی خۆرسک ساغی لەشولارە، خۆش ڕەفتاری، خواردنی باش، چالاکیی ڕۆحی و ڕوونی نەفسی قسەکەر، نەبوونی ئەمانە دەبێتە هۆی لاوازبوونی: لە بەهێزکەرەکانی عەقڵی بەدەستهاتوو، زۆریی ئەزموونەکان و درێژیی تاقیکردنەوەکان، خوێندنی زانست و هونەر، زۆری سەفەرکردن، نەبوونی ئەمانەیش دەبێتە هۆی لاوازی. لە تایبەتمەندییەکانی عەقڵی خۆرسک: دید و بیرکردنەوە، بەوەیش لەبەدەستهاتوو جیادەکرێتەوە، مرۆڤ لەوانەیە لەو بارانەوە لە ژیانیدا هەموو شتێک بە دەست بهێنیت جگە لە بیرکردنەوە، کە لە خۆرسکی و بەهێزی غەریزەی خودییەوە دێت، بۆیە خاوەن قسەکەی پێشوو گوتوویەتی:

.إذا لم يك مطبوع ولا ينفع مسموع. واتە: ئەگەر چاپکراو نەبوو بیستراو هیچ قازانجی نیە ئەوەت لەبیرنەچێت عەقڵی خۆرسک ڕەهایە، بەدەستهاتوو بەو کاریگەرییانەی پێشتر باسمان کرد دیاریکراوە، دەشێت یەکێکیان لەویتر بباتەوە، گرینگنییە کە بەدەستهاتوو لە خۆرسک بباتەوە، بەڵام کە خۆرسک لە بەدەستهاتووی بردەوە، لەو کاتەدا خاوەنەکەی عەقڵێکی نایابی دەبێت، کە لەخەڵکی تری خاوەن عەقڵ باشتردەبێت، بە هۆی ئەوەی کە بیرکردنەوەی قووڵی تێدا ڕوودەدات و دەردەکەوێت، کە ئەمەیش لە تایبەتمەندییەکانی عەقڵی خۆرسکە، بەڵامئەگەر عەقڵی بەدەستهاتوو بیباتەوە وانابێت.

محەمەد خاوەن عەقڵیەتێکی نایابە

لێرەدا قسە لە سەر عەقڵیەتی عەرەبی زەمانی جاهیلی ناکەین، کە ئەوە لە قسە و کردەوە و هەواڵ و شیعر و ڕووداو و شەڕەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیزانین و درکیان پێدەکەین، بۆ ئەوانەی کتێبی ئەو خێڵە دەخوێننەوە و بەدوای پاشماوەکانیدا دەکەون بە باشی زانراوە، ئێمە دەمانەوێت قسە لە سەر عەقڵیەتێکی نایابی سەرووی عەقڵیەتی عەرەبیی ئەو سەردەمە بکەین، کە خاوەن ئەم عەقڵیەتە محەمەد کوڕی عەبدوڵڵای خاوەن قورئانە، کە لە سەرووی ئەو پێغەمبەرانەوەیە شەریعەت و ئایینیان هێنایەئاراوە، دەڵێین: لەکتێبی سیرەتەکانی دا نووسراوە کە "هەمیشە لە بیرکردنەوەدا بوە و هەمیشەغەمبار بوە."دەڵێن حەزی لە خەڵوەتدا بوە، دەڕوات بۆ ئەشکەوتی حەڕرا بە چەندین شەووڕۆژ دەمێنێتەوە، بێگومان لەوێدا هیچ کارێکی نەبوە جگە لە بیرکردنەوە. ئەوەی بەڵگەی ئەوەیە کە لە بیریان بوە لە قورئانداگوتوویەتی: {إن فی خلق السماؤات والأرض واختلاف الليل والنهار لايات لأولى الألباب} [آل عمران190: واتە: لە ئەفراندنی ئاسمان و زەمین و ئاڵوگۆڕی شەو و ڕۆژ، زۆر نیشانەی پتەو هەیە بۆ ئەوانەی کە خاوەن دلێ هۆشیارن.

قورئان بەڵگەی ئەوەیە، کە چەند قوڵ بیری لە دروستکراو و خاڵقی دروستکراو "واتە گەردوون" کردوەتەوە، ئەم حاڵەتەی واتە بەدرێژی و قووڵیی بیرکردنەوە، خەڵوەت لە پێناو بیرکردنەوە، دیاردەیەکە لە دیاردەکانی عەقڵی خۆرسک، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە عەقڵی خۆرسکیی سەرکەوتوە بە سەر عەقڵی بەدەستهاتوودا، بە ئازادیی بیری کردوەتەوە و دید و بینینێکی ڕەهای هەبوە، تەنها پابەندی عەقڵی بەدەستهاتووی نەبوە، یان ئەوەندە پابەندبوە کە عەقڵی خۆرسکی ڕەهای باوەڕی پێ بکات و پابەندبێت پێی، واتە خاوەن عەقڵیەتێکی نایاب بوە، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دەوروبەریدا، هەروەها ئەو بەم عەقڵە ڕەها ئازادەی هەست بە کەموکورتییەکانی ژیان و بوونەوەرەکانی دەوروبەری کردوە، کە لەو کۆتوبەندەدا دەسوورێنەوە، عەقڵی عەرەبیی بەدەستهاتوو پێوەی بەندن، بێگومان چەند بیری زۆرتری لێکردبێتەوە، ئەوەندە هەست و شعوری پێ کردوە، تا هیمەت و عەزیمەت و ویست و ئیرادەی بەهێزی پاڵی پێوەناوە بۆ شکاندنی ئەو کۆتوبەندە ودەستی کردوە بە تێکدانیان، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئامانجەی، بە هەژموون و عەزیمەتەوە دەیویست پێی بگات و هەروابوو، هەروایشی کرد، هەروەها عەقڵی خۆرسکی هەر مرۆڤێک وا ئاراستە دەبێت، کە بە دوو لایەن دەرکەوێت؛ یەکێکیان لە ناوەخندایە و شاراوەیە وپەیوەستە بە غەریزەی نەفسەوە، کە پێی دەڵێن عەقڵی ناوەخن، ئەوەی تر؛ دیارە بەڕوونی دەردەکەوێت و پەیوەستە بە هەستە دیارەکانەوە، پێی دەڵێن عەقڵی دیار یان دەرکەوتوو.

عەقڵی دیار و دەرکەوتوو، دەتوانێت چالاک بێت لە ئاگاداربوون لە هەستە دیارەکان و بە وەستانیان تێکدەچێت، بەڵام عەقڵی ناوەکی بەپێچەوانەی ئەوەیە، دەتوانێت لە تێکچوونی هەستە دیارەکان چالاک بێت لە مرۆڤدا، ئەگەر لە حاڵەتی خەوتنیشدا بێت. ئەو خەونانەی لە خەودا دەیبینێت، جگە لە دیمەنێک لەدیمەنەکانی چالاکیی عەقڵی ناوەخنی ناوەوەی

غەریزەکانی هیچی تر نیین. ئەمەیش عەقڵی ناوەکی وەک عەقڵی دیاروایە، لەلایەنی بەهێزی و لاوازییەوە، لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت، من لەباوەڕێکی پراوەدام، بەهێزترین ناوەخن کە پاشماوەکانی لە سەر بەشەر دەرکەوتبێت، ئەو عەقڵە ناوەکییەی محەمەدە، وەك دەیبینم؛ ئەو لە عەقڵیەتی ناوەکییەوە زۆرێک لە قسە و کارەکانی وەرگرتوە. ئەمەیش لە کاتی قسەکردن لە سەر حاڵەتی وەحی و ئەوەی بە لەشیدا دەهات لە بوورانەوەدا، دواتر باسی دەکەین. هەروەها عەقڵی خۆرسک لە باری سەرچاوەی حوجەت و بەهانەوە پێی دەڵێن عەقڵ، وەک ئەوەی سەرچاوەی ئاگاداری و وریایی و زووتێگەییشتن پێی دەڵێن ژیری، لەوانەیە عەقڵی خۆرسک لە مرۆڤدا لە یەکێک لەو حاڵەتانەدا بەهێزبێت بێ ئەوی تر، ئاوهایش لای محەمەد وابوە. عەقڵیەتی محەمەد هەرچەند نایاب بووبێت وەک گوتمان، نایابییەکەی لەبیرکردنەوەدا بوە، بە هۆی سەرکەوتنی بە سەر عەقڵی بەدەستهاتوودا، بەڵام لە لایەکی ترەوە سەرچاوەی ئاگاداری و خێرایی تێگەییشتنی بەهێزتر بوە لەسەرچاوەی حوجەت هێنانەوەی. بەو واتایەی محەمەد عەقڵێکی گەورەی هەبوە، بەڵام زیرەکییەکەی واتە ژیرییەکەی لە عەقڵی گەورەتر بوە، ڕاستترین شت بۆ ئەوەی بیسەلمێنین گەڕانەوەیە بۆ قورئان، ئێمە سەیری حوجەتەکانی قورئان بکەین دەبینین لە ئاستی پلەی ژیریی محەمەددا نییە، بۆ نموونە دەبینین کە دەیەوێت بۆ دروستبوونی ئەم دونیایە بەپێوەری سەرەتای دروستبوونی یەکەم بیسەلمێنێت، هەندێک لە کافرانی قورەیش وەك ئەبی بن خەلەف؛ وەک لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، ئێسقانێکی کۆنی هێناوە و بەدەست وردی کردوە وگوتوویەتی، ئەی محەمەد تۆ وادەبینی کە خودا ئەمە زیندووبکاتەوە، کە ورد و خاش بوە؟گوتوویەتی: بەڵێ، تۆیش دەژێنێتەوە و دەتخاتە دۆزەخ، ئینجا لە قورئاندا باسیکردوە، کە بە پێوەر حوجەتی بۆ هێناوەتەوە لە سەر یەکەم خەڵق بوونی:
{وضرب لنا مثلا ونسى خلقه قال من يحى العظام وهى رميم (78) قل يحييها الذى أنشأها أول مره} [يس:78 و79.واتە: ەئو نموونەیەکی بۆ ئێمە هێنایەوە و ئەفراندنی خۆی لەبیرکرد؛ دەڵێت ئێسك لە پاش هەپرون بوون کێ زیندووی دەکاتەوە، بڵێ ئەوە زیندووی دەکاتەوە کە یەکەم جار دروستی کرد. جیاوازیی نێوان خەڵقی یەکەمجار و ژیانەوەی خەڵقی دووەم زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی خەڵقی دووەم ژیاندنەوەیەکە خەڵک لە گۆڕەکانیان ڕادەبن، وەک ئەوەی لە ناو پێخەفەکانیانەوە لە پاش خەوتن هەڵسن، بەپێی ئەوەی لە قورئاندا هاتوە، لە باسکردنی ژیانەوەدا "يخرجون من الأجداث كأنهم جراد منتشر"،واتە: هەر وەکو کولە لە گلکۆ دەردەچن و بڵاودەبنەوە. دروستبوونی یەکەم وەک ئەمە نییە، بەڵکوو بەپێی ئەوەی سوننەتی خودا لە سەر خەڵق دەبێت و سوننەتی خودا یاساکانی سروشتە.
بەوپێیەی مرۆڤ یەکەم جار شلەیەکە دەبێتە تۆو لە منداڵداندا جێگیردەبێت و دەبێتە شلەیەکی لینج و ئینجا جواوە و دواتر خەلقێکی لێ دروست دەبێت کە کۆرپەلەیە، کە لە دایک دەبیت، دەبێتە منداڵی شیرەخۆرە، ئاوەها بەڕیز تا دەگاتە مرۆڤێکی کامڵ. ئەم خەڵقەی هەرچەند سەرسورهێنەرە، نیشانەی قودرەتی خودایە، بەڵام ناکۆک نییە لەگەڵ سوننەتی خودا لە خەلقکردندا، مەعقوولە و لە لایەن خەڵکەوە زانراوە. چۆن ئەمە دەبێتە بەڵگەی ژیانەوە، کە هەڵسانی خەڵکە لە گۆڕەکان وەک ئەوەی لەپێخەفەکەی پاش خەوتن هەڵبسێتەوە، بە پێوەری خەلقکردنی یەکەم پێوەرە، بەڵام بە جیاوازییەکی گەورەوە.
ئەگەر ژیاندنەوە بەم شێوەیە بێت، ئەمە گۆڕینی سوننەتی خودایە، لەبەر ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ قورئاندا، کە تێیدا هاتوە: {ولن تجد لسنه الله تبديلا} [الفتح: 23] واتە: یاسایەکە لە خوداوە هاتووە، هەرگیز گۆڕانی تیدا نابینیت . ئێمە ئەگەر بە دوای ئەو بەڵگە و حوجەتانەدا بگەڕێین کە محەمەد پشتی پێ بەستوون بۆ سەلماندنی ژیانەوە، هەمووی لەگەڵ قودرەتی خودا کۆکن و هەر خۆی توانای هەموو شتێکی هەیە. بێگومان قودرەتی خودا دیارە و کەس نکوڵیی لێناکات، جگە لەوەیعەقڵی بەش نەدرابێت، بەڵام ئەم پرسە، مەبەستم خودا قودرەتی هەموو شتێکی هەیە نەک بە ڕەهایی، بەڵکوو قودرەتی خودا بەپێی سوننەتی خودا لە خەلقەکەیدا دەبێت، سوننەتی خودایش یاساکانی سروشتە کە لە قودرەتی خودایە، بەڵکوو ئەمە خودی قودرەتی خودایە، واتە ئەمەیش یاساکانی سروشتە. ناگوترێت یاساکان و بەڕێوەچوونی سروشت ڕووداوێکە کێ خەڵقی کرد و هێنایە بوون، لەبەر ئەوەی یاساکانی بەڕێوەچوونی سروشت، قودرەتی خودایە و قودرەتی خودایش وەک خۆی کۆنە، یان خودی خۆیەتی وەک بەڕای ئەوانەی باسی سیفاتی خودا دەکەن. ئەگەر ئەمە واتە خودا قودرەتی بە سەر هەموو شتێکیدا بە ڕەهایی بێت، پێویستە هیچ شتێک لەکەوندا نەبێت، پێی بگوترێت مەحاڵ، ئەمەیش لەگەڵ

پاساکانی سروشت یەکناگرێتەوە کە قودرەتی خودایە. زانایانی کەلام دەڵێن، قودرەتی خودا پەیوەست نییە بە مەحاڵەوە. ئەوەی لە پاساوەکانی قورئاندا هاتووە کە لە نمونەی سورەتی ( النحل)دا دەڵێت ): و لقد نعلم انهم یقولون امنا یعلمه بشر لسان الذی یلحدون الیه اعجمی و هڎا لسان عربی مبین) ط(النحل103) واتە: ئیمە ئەوە بە باش دەزانین کە ئەوان دەڵێن: خەڵك فێردەکات، ئەو کەسەی ئەو نیازیە لە عارەبیدبا بکۆڵێتەوە و ئاشکراشە کە زمانی ئەم قورئانە عەرەبیەکی رەوانە. ئەم ئایەتە دوو شتی تێدایە، یەکەم: تۆمەتبارکردنی محەمەد لە لایەن کافرەکانی قورەیشەوە، کەوا خەڵکانێك هەن فێری دەکەن، مەبەستیان لە خەڵکانێک "وەک لە (الکشاف)ی زەمەخشەریدا هاتوە" منداڵێکی حوتەیب کوڕی عەبدولعەزیزی هەبووە بەناوی عائیش یان (یعیش)، خاوەن کتێب بوە، هەروەها گوتوویانە، جەبر؛ غوڵام "منداڵێکی ڕۆحی"ـی لای عامر کوری حەزرەمی بوە، لە لایەکی ترەوە گوتوویانە دوو کۆیلەی خودا "جەبر و یەسار" کە کاریان شمشێر دروستکردن بووە لە مەککەدا، تەورات و ئینجیلیان خوێندوەتەوە، پەیامبەری خوداش هەر کاتێک بەوێدا ڕۆیشتوە، لایان وەستاوە بۆ ئەوەی گوێی لە خوێندنەوەکەیان بێت. یان دەڵێن سەلمانی فارسی بوە، ئەمەیش هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ئەم تۆمەتە پێش کۆچکردن بووە؛ لە مەککەدا بوە، بەڵام سەلمان پاش کۆچکردن لە مەدینەدا چاوی بە پەیامبەر کەوتوە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، ئەبوویووسری عەبدولینی حەزرەمیکە پێغەمبەر لەگەڵیدا دادەنیشت، فێری کردووە. دوەم: وەڵامی ئەم تۆمەتە بە پاساوی وەك لەم ئایەتەدا هاتووە: {لسان الذی یلحدون إلیه أعجمی وهذا لسان عربی مبین} [النحل: 103].واتە: ئێمە ئەوە بە باش دەزانین کە ئەوان بەو زمانەی دژ بە خودا بێباوەری دەکەن عەجەمیە، بەڵام ئەمە زمانێکی عارەبی رەوانە. ئەوەی لەم وەڵامە تێدەگەین، ئەو پیاوەی تۆمەتبارکرا کە محەمەد فێردەکات، گوایە عەجەمە و عەرەب نییە، بەم حوجەتە هیچ لە سەر تۆمەتەکە لانابەیت، لەبەر ئەوەی بەدانانی قورئان و ڕێکخستنی داڕشتنەکەی تۆمەتباریان نەکردوە، بەڵکووگوتوویانە فێری واتاکەی دەکات و محەمەد بەزمانی عەرەبیی ڕەوان دەینووسێتەوە. فێربوونی واتاکان لە زمانێکدا کە فۆنتی عەجەمیی تێدابێت، دەبێت، ئەم وەڵامە، ئەو تۆمەتەی ڕووبەڕووی محەمەد کراوەتەوە، وەلانانێت.
لەو بەهانانەی قورئان کە لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە حیکایەتی ئیبراهیم ئەو حوجەتەی ئیبراهیم بۆ خوداهێنایەوە، نەمروود بوو: {ألم تر إلی الذی حاج إبراهیم فی ربه أنآتاه الله الملك إذ قال إبراهیم ربی الذی یحییویمیت قال أنا أحییوأمیت قال إبراهیم فإن اللهیأتی بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب فبهت الذی کفر} [البقرە: 258].واتە: تۆ ئەو کابرایەت نەدیبوو کە چۆن خودا هێز و دەسەڵاتی پێدا و جەنگی لەگەڵ ئیبراهیمدا دەکرد سەبارەت بە پەروەندەی؟ ئەو دەمە ئیبراهیم وتی: خودای من کەسێکە ژیان دەبەخشێت و وەردەگرێتەوە. وتی منیش زیندو دێڵمەوە و دەمرێنم. ئیبراهیم وتی: پەروەندەم خۆر لە خۆرهەڵاتەوە دێنی تۆ لە رۆژئاواوە بێنە. کابرای خوانەناسیش حەپەسا. نەمروود بتی دەپەرست، ئیبراهیم بانگەشەی کرد بۆ پەرستنی خودا، کە ئەو خالقە و شایانی پەرستنە و توانای هەموو شتێکی هەیە، ئیبراهیم دوو حوجەی بۆ نەمروود هێنایەوە، یەکێکیان: پێی گوت خودا دەژێنێت و دەمرێنێت، بەو واتایەی کە ئەو بتانەی دەیپەرستیت هیچ قازانج و زەرەرێکی نییە و نە دەژێنێت و نە دەیشمرێنێت، چۆن دەیپەرستیت و عیبادەتی خودای بکوژ و بژێن وەلا دەنێیت؟ ئەم حوجەتە بەس بوو بۆ پەشیمانکردنەوەی نەمروود، بەڵام نەمروود ڕێگەی هەڵەی گرتەبەر و وەڵامی ئیبراهیمی دایەوە و گوتی من دەژێنم و دەمرێنم، مەبەستی دەتوانێت لە کوشتن رزگار بکات و لەبەرامبەریشدا دەتوانێت خەڵك بکوژێت، ئینجا بانگی دوو پیاوی کرد "وەک لە کتێبی شیکەرەوەکاندا هاتوە" هەردووکیانحکومیکوشتنیان لە سەر بوە، فەرمانی کرد یەکێکیان بکوژن بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت ئەوەی بیەوێت دەیکوژێت و لەویتری بووری بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بژێنێت، ئەمەیش بە هەڵەبردنێکی گێلانەی نەمرووود بوو، لەبەر ئەوەی ئیبراهیم مەبەستی ئەوە نەبوە، کە خودا بەم شێوەیە دەژێنێت و دەکوژێت، بەڵام مەبەستی ژیاندنەوەی مردوو بوە نەک بە لێبوردن لە کەسێکی حکوم بەسەردا دراو. سەرسورهێنەر نییە کە نەمرووود پەنای بۆ بەهەڵەبردندا بردبێت، بەڵام ئەوەی سەیرە، کە ئیبراهیم لەو وەڵامەیدا دەستەوەستان بوە لە ئاست ئەم بەهەڵەبردنە نەفامانەدا، بێدەنگ بوە لە ئاستیدا و لەحوجەتەکەی پەشیمان بوەتەوە و چوە بۆ حوجەتێکی تر کە نەمرووود نەیتوانیوە وەڵامێکی نەفامانەی تری بداتەوە پێی گوتوە: (إن الله یأتی بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب فبهت الذی کفر). واتە: خودا خۆر لە

ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێنێت تۆ لە ڕۆژئاواوە هەڵیبهێنە. نازانم بۆچی ئەوەی کوفری کردوە لە ئاست ئەمەدا وەستاوە، کە دەتوانیت بێ ئەوەی پەنا بۆ بەهەڵەدابردن ببات ڕەتیبکاتەوە، ئەگەر نەمروود بە ئیبراهیمی بگوتبایە من ناتوانم خۆر لە خۆرئاوەوە بهێنم بە خوداکەت بڵی با ئەو لە خۆرئاوەوە بیهێنێت، ئیبراهیم وەڵامی پێ نەدەما و ئەو بێدەنگ دەبوو، نەک نەمروودی هاوەڵی. لەو حوجەتانەی قورئان ئەوەی لە سورەتی (البقرە) دا هاتوە، دەڵێت: {قل إن كانت لكم الدار الاخره عند الله خالصه من دون الناس فتمنوا الموت إن كنتم صادقين} [البقرە: 94]. واتە: بڵێ: ئەگەر بە راستتانە و پێتان وایە لە خوداوە ماڵی ئەولا بۆ ئێوە تەرخان کراوە و بەشی کەسی تێدا نیە، دەسا داوابکەن بمرن.

یەهوود لە زەمانی محەمەددا گوتیان جگە لە یەهوود کەس ناچێتە بەهەشت، وەک لە قورئاندا باسی دەکات کەگوتوویانە: {لن يدخل الجنه إلا من كان هودا} [البقرە: 111] واتە: ئەگەر جوو نەبن ناچنە بەهەشت. محەمەد ویستی ئەم بانگەشەیان بە درۆبخاتەوە و بەتاڵی بکاتەوە، بەم ئایەتەی هێناویەتییەوە، بەڵگەی درۆ و بەتاڵیی بانگەشەکەیانە، واتە ئەگەر ڕاستگۆیی لە قسەکانتاندا هەیە و بەهەشت تایبەتە بە ئێوە و بۆ کەسێکی تر نییە و حەقیقەتی تێدایە، ئاواتی مەرگ بخوازن کە دەتوانن لەو ڕێگەیەوە بیگەنێ و ئەوەیش لە مانەوەتان لە ژیان باشترە کە ماڵی ئازار و میحنەتە، ئەگەر ئێوە ئاواتەخوازی مردن نین لە پێناو ئەوەدا، بانگەشەکەتان پووچ و بەتاڵە و ڕاستگۆ نین لە قسەکانتاندا، ئینجا ئەمەی لە سەر گوتن: {ولن يتمنوه أبدا بما قدمت أيديهم} [البقرە: 95]. واتە: هەرگیز ئەو داوایە ناکەن، چۆن دەزانن چیان کردووە؛ خوداش ناحەقان دەناسێت. پرس و مەسەلەکە وایە، ئەگەر ڕاستگۆبوونایە، ئاواتەخوازی مردن دەبوون، بەڵام ئەوە ئاواتیان نەبوە، بۆیە درۆزنن و بانگەشەکەیان پووچ و بەتاڵە، ئەمەیش حوجەتهێنانەوەیەکی سەرسوڕهێنەرە لەولایەنەوە، ئەگەر ئەو دونیا لە لای خودا بۆ ئەوانە بێت بە تەنها و بێئەوەی بۆکەسی تربێت، دەبێت مردنیان خۆش بوێت و خێرابن لەو بارەیەوە، مردن هەر دێت، ئاوات وخێراکردنی ناوێت، مرۆڤ هەرچەند بە ئازار و نەهامەتی بژێت لەدونیادا، دونیای هەر خۆشدەوێت، خۆشەویستیی ژیان غەریزەی هەموو زیندەوەرێکە، ئەگەر خەڵک چەند بێ ئومێد بن و بەرەو خۆکوشتنیش بچن، ئەوە خەیاڵ و وەهمە مەگەر لە حاڵەتی ناسروشتی و تێکچوونی عەقڵیەت و دەماریدا بژێت پەنا بۆ مردن ببات. ئەوەی دەربارەی دە هاوەڵە مژدەپێدراوەکەی بەهەشتی پەیامبەر باسکراوە، کە مردنیان خۆشویستبێت و سۆزیان بۆی هەبوە ڕاستنییە، بەڵێ بۆ ئیماندارێک کە باوەڕی بە بەهەشت هەبێت بچێتە گەرمەی شەڕەوە و هیچ باکی بە مردن نەبێت، ئەگەر لە پێناو خودا جیهاد بکات بۆی شەهیدبێت، کە بەهەشت بەدەست بهێنێت وەک بۆ چەندین هاوەڵ لە زەمانی محەمەد و دواتریشدا ڕووی داوە، بەڵام ئەمە شتێکە و خۆشویستنی مردن شتێکی ترە.

خودا ئەبووعەلای مەعەری بپارێزێت کەگوتوویەتی:

وعلم نوحا وابنه عمل السفن وخوف الرديآءى إلى الكهف أهله

وقد وعدا من بعده جنتى عدن وما استعذبته نفس موسى وآدم

واتە: نوح و کورەکەی فێری کەشتی دروستکردن کردو لە ترسی لافاو رویان کردە ئەشکەوت و .ئینجا پەیمانی بەهەشتی عەدنیان پێدان کە روحی ئادەم و موسای پێخۆشحاڵ کرد

ئەگەر ئادەم و نووح و مووسا بەهەشتیان بۆ زامنکرابێت، کەچی مردنیان خۆش نەوێت، ئەی بۆخەڵکی تر چۆن بێت؟

(11)

ژیرییەکەی

ئەوەی باسمان کرد، شایەتیی ئەوەمان بۆ دەدات، کە عەقڵیەتی محەمەد سەرچاوەی هەموو حوجەتێکە.لێرەیشدا ئەوە دەردەخەین، کە سەرچاوەی وریایی و خێراتێگەییشتنە.

محەمەد زۆر زیرەک بوە، زۆر وریا بوە و ئاگاداری دەوروبەری خۆی بوە، هیچ شتێک بەسەریدا تێنەپەڕیوە، لەوەی لە دەموچاویاندا دەردەکەوێت لە ڕازیبوون یان ناڕازیبوون، یان لە چرپەکانیاندا شتی لێ دەرخستوون. زۆربەی بە تەماشاکردن، تێبینی و چاودێریی هاوەڵانی کردوە، وا بە

تیلەی چاو تەماشای کردوون، لە کاتێکدا تەماشای دەوروبەری کردبێت، وەک وادەرکەوتوە کە تەماشای نەکردوون، زۆر زیت و قنجوقیت وگورج بوە، کە تەماشای دەموچاوی هەر کەسێکی کردوە، زانیویەتی چی لە ناخ و هەست و زەینیدایە، ئەوەی لە (سیره ابن هشام)دا هاتوە بەڵگەی ئەمانەیە. لە یەحیای کوری سەعیدەوە پێمگەییشت کە پێغەمبەر مەککەی گرت و چوە ناوییەوە، هەستا بۆ سەفا دوعا و پاڕانەوە بکات، ئەنسارەکان بینییان، لە نێوان خۆیاندا گوتیان: تەماشای پەیامبەربکەن کە خودا زەوی و وڵاتەکەی بۆ کردەوە کە تێدا بژێت؟ کە لە دوعاکەی بوەوە پێی گوتن چیتان گوت: گوتیان: هیچمان نەگوت ئەی پەیامبەری خودا، وازی لێنەهێنان تا پێیان گوت، پەیامبەر گوتی: نەخوازەڵڵا، ژیان لای ئێوەیە و مردنیش لای ئێوە، بێگومان ئەنسارەکان ئەوەی لە نێوان خۆیاندا گوتیان لە خەفەت و ناخۆشیاندا بوو، کە لە پەیامبەر دووردەکەونەوە، وایانزانی کە لە مەککە دادەنیشێت و مەدینە بەجێدەهێڵێت، پەیامبەر گوێی لە قسەکانیان نەبوو، بەڵام تەماشای دەموچاوی کردن، بە سیمایانەوە ئەوەی زانی و ترس و دڵەڕاوکێی پێوە دیاربوو، کە قسە لە سەر شتێک دەکەن لە بارەی ئەوەوەیە، کاتێکی ناخۆشە بۆ ئەوان، پرسیاری لێکردن و جەخت و فشاریشی لەسەرکردن تا پێی بڵێن. لەم بارەیەیشەوە ئەوەی لە (سیره ابن هشام)دا هاتوە. لە ساڵی فەتح، واتە گرتنی مەککە لەگەڵ بلالدا چوو بۆ کەعبە، فەرمانی پێ کرد کە بانگ بدات، ئەبووسوفیان کوری حەرب و عیتاب کوری ئەسید و حارس کوری هشام لە لاپەڕی کەعبەوە دانیشتبوون، عیتاب کوری ئەسید گوتی: خودا لەگەڵ ئەسیددا بەخشندە بوە، کە گوێی لەمە نەبوە، ئەگەر گوێی لێ بوایە تووڕەیدەکرد، حارس کوری هشام گوتی: بە خودا بزانم لە سەر حەقە لەگەڵیدا دەبم، ئەبووسوفیان گوتی: هیچ ناڵێم، هەر شتێک بڵێم ئەم بەردە دەیگێڕێتەوە، پەیامبەر چوو بۆ لایان، گوتی: زانیم چی دەڵێن، ئینجا قسەکانیان پێ گوتن، حارس و عیتاب گوتیان: شایەتمان دەهێنین کە تۆ پەیامبەری .خودای، بەخودا کەسمان لەگەڵدا نەبوو دەربچێت و بێت بۆ لات و قسەکانمان پێت بڵێت

بێگومان پێغەمبەر ئەو سێ کەسەی باش دەناسی و باش دەیزانی چەند دژایەتیی دەکەن و ڕقیان لێیەتی، دەیزانی لەترسان نەبێت نەدەبوون بە موسوڵمان، قسەیان چی بێت، کە بیلالیان بینی لەسەربانی کەعبە بانگ دەدات. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە، بیلال لە سەر بانی کەعبە بانگی داوە، ئەو کۆیلەیەك بوە، کە لە لایەن ئەوانەوە نابووت و هیچ و بێ بەهابوە، ئەمڕۆ دەیبینن لە سەربانی کەعبە بە دەنگی بەرز بانگ دەدات، هیچ گوێ بەوان نادات، کە تووشی زەلیلی و بێ بەهاییەک هاتوون، پێغەمبەریش بە زیرەکی و وردبینیی خۆی ڕێڕەوی قسەکانیانی زانیوە، کە لە چ دۆڵێکدا قسە دەکەن، ئەمەی پێ گوتن: لە قسەکانیداڕاستیکرد کە چییان گوتوە، ئەمەیش لە لایەن ژیرێکی درەوشاوەی وەک ئەوەوە دوور نییە. وەک ئەمەی پێشوو لە (السیره الحلبیه)دا هاتوە. فەزاڵە کوری عەمیر کوری ملوح لەگەڵ خۆیدا قسەی لە سەر ئەوە کردوە کە پەیامبەر بکوژێت، لەو کاتەدا کە بە دەوری ماڵی خودادا سووڕاوەتەوە، لێی نزیک بوەتەوە و پێی گوتوە: ئەی فەزاڵە، فەزاڵەگوتوویەتی: بەڵێ ئەی پەیامبەری خودا،گوتوویەتی: لەگەڵ خۆتدا چیت دەگوت؟ گوتی: هیچ، ناوی خوام هێنا، پێغەمبەر پێکەنی و ئینجا گوتی: ئەستەغفیروڵلا. ئینجا دەستی خستە سەرسینگی فەزاڵە و دڵی ئارام بوەوە، فەزاڵە گوتی: بەخودا دەستی لە سەر سینگم لانەبرد، تا خودا شتێکی لام دروستکرد کە .خۆشم بوێت

هیچ سەرسوڕهێنەر نییە کە محەمەد تەماشای دەموچاوی فەزاڵە بکات و بە وریایی و وردبینی و ڕووناسی و ژیریی خۆیەوە بزانێت فەزاڵە چی لەگەڵ خۆیدا گوتوە کە نیازی کوشتنی بوە، بێگومان ئەوەی بیەوێت پیاوێکی گەورەی وەک محەمەد بکوژێت، کە هاوەڵانی گوێڕایەڵین، لە شەڕەکانیدا سەرکەوتوو بوە و زەفەری بە دوژمنانی بردوە، ناوبانگی دەرکردوە و کارەکەی بڵاوبوەتەوە تا عەرەب سڵیان لێ کردوەتەوە، بە ناچاری و ترس و ڕقەوە پیاوە بەهێزەکانی دوای کەوتوون هەرچەند بەدڵ و توانا بێت، مەحاڵە ئەو کەسە لە سەر حاڵەتی ئاسایی بمێنێتەوە و ترسی لێنەنیشێت و سڵ نەکات و نیشانەی شڵەژان و تۆقاندن لێیدەرنەکەوێت. قورس نییە لە سەر محەمەد کە تەماشای دەموچاوی فەزاڵە بکات، لەم حاڵەتەدا کە بە زیرەکی و ڕووکەشزانیی خۆیەوە دەزانێت فەزاڵە چیی لەگەڵ خۆیدا گوتوە بۆ کوشتنی، بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە محەمەد زۆر ئاگاداری خۆی بوە لە خەڵک، وەکدواتر باسیدەکەین، زانیویەتی کە دوژمنی هەیە و چاودێریی دەکەن و هیچ بێباك نایێت لە ئاستیاندا و لە هاتوچۆکانیدا لێیان دڵنیا نابێت. بەم شێوەیەیش وەک لە (السیره الحلبیه)دا هاتوە: باوکی سوفیان بە یەکێک لە

قورەیشییەکانی گوت: کەسێک نییە تیرۆری محەمەد بکات، کە بەتەنیا لە بازاڕدا هاتوچۆ دەکات، پیاوێک هات بۆ لای و مەبەستی خۆی بوو، گوتی: پیاوێکت دۆزیوەتەوە کە خاوەن دڵێکی ڕەق بێت و لە هەموان بە گوڕتربێت و لە ڕاکردن خێراتربێت، ئەگەر پێم بڵێن دەردەچم بۆ تیرۆرکردنی، خەنجەرێکم هەیە لە باڵی هەڵۆ دەچێت و ڕێگەیش دەناسم، پێی گوت: تۆ هاوەڵمانی و حوشترێک و خەرجییەکی دایە و پێی گوت؛ خۆت بپێچەوە، لە شەودا بۆی دەرچوو تاگەییشتە مەدینە، ئینجا پرسیاری پێغەمبەری کرد، پیشانیاندا، لەو کاتەدا پەیامبەر لە مزگەوتی بەنی عەبدولئەشهەل بوو، خۆی کۆکردەوە و چوو بۆ لای پەیامبەری خودا، کاتێک پەیامبەری بینی گوتی: ئەمە دەیەوێت غەدرێک بکات و خودا لە نێوان خۆی و ئەوەدایە کە دەیەوێت بیکات، هات و کڕنووشی برد بۆ پەیامبەر، ئەسید کوری حەزیر لەناوپۆشی جلەکانییەوە ڕایکێشایەوە و خەنجەرەکەی دۆزییەوە، ئەسید ویستی بەیەکجاری بیخنکێنێ، پەیامبەری خودا گوتی: باوەڕم پێ بکە، گوتی: من باوەڕدارم؟ گوتی: بەڵێ، ئینجا باسەکەی بۆ گوت و بەرەڵای کرد و بوو بە موسوڵمان. ڕووناسبینیی پێغەمبەر لەحاڵەتی ئەم عەرەبە وەک ڕووکەشبینییەکەی فەزاڵەیە بێ جیاوازی، بەڵکوو دەبێت لە حاڵەتێکدا بووبێت کە زیاتر شڵەژان و تێکچوونی پێوە دیار بووبێت، لەبەرئەوەی هاتوە بۆ مەدینە، کە پەیامبەر لە نێوان هاوەڵە ئیمانداره گوێڕایەڵەکانیدابوە، کە بێ ئەویش لەگەڵ مردندا شەڕدەکەن، لەوەیشدا وادەخوازێت لەوەی کە دەیەوێت بیکوژێت بکەوێتە حاڵەتی شڵەژان و دڵەڕاوکێ و تێکچوونێکی زیاتر لەوەی پەیامبەر لە مەککە بێت.

ئەوەی ژیریی پەیامبەر دەردەخات ئەو قسەیەی عوسمانە لەو کاتەدا لە حودەیبییەوە ناردی بۆ خەڵکی مەککە، کە محەمەد لە مەدینەوە دەرچوو بۆ عومرە لە ساڵی پێنجەمی کۆچی، قورەیش ڕێگەیان نەدا بچێتە ناوەوەی مەککە. لە حودەیبییە دابەزی، شوێنێکی نزیکە لە مەککەوە، نامەی نارد بۆ قورەیش و گوتی من بۆ عومرە هاتووم بۆشەڕ نەهاتووم، لەوانەی ناردنی بۆ مەککە عوسمانی کوری عەفان بوو، عوسمان کە چوو، پێش ئەوەی بچێتە مەککەوە ئەبانی کوری سەعید کوری ئەلعاسی بینی و لەگەڵیدا وەستا و پەیامەکەی پەیامبەری خودای دایە دەست و هات بۆ لای ئەبووسوفیان و گەورە پیاوانی قورەیش، ئەوەی پەیامبەر گوتبووی پێی گوتن، وەڵامیان ئەوەبوو کە محەمەد بە سەر ئێمەدا ناچێتە ناو مەککەوە، کاتێک عوسمان تەواو بوو لە نامەکەی پەیامبەر، گوتیان: ئەگەر خۆت دەتەوێت تەوافی ماڵی خودا بکەیت بیکە، گوتی: تەواف ناکەم تا پەیامبەری خودا نەیکات.

هەندێک لەو هاوەڵانەی لە حودەیبییە بوون، پەیامبەر گوێی لێبوو گوتیان عوسمان بێ ئێمە تەوافی کرد، پەیامبەری خودا گوتی: لەو باوەڕەدا نیم تەواف بکات و ئێمەیش دەورەدراوین، گوتیان: کێ ڕێگریی لێدەکات ئەی پەیامبەری خودا کە لەوێیە؟ گوتی: ئەوە مەزەندەی منە و باوەڕی منە بەو کە تەواف ناکات تائێمە نەیکەین. ئەگەر ئەوەندە ساڵیش لەوێ بێت تا تەواف نەکەم نایکات. کاتێک عوسمان گەڕایەوە، پێیان گوت: گوتی خراپ بیرتان لەمن کردوەتەوە، قورەیش پێیان گوتم تەواف بکە نەمکرد، بەوەی گیانمی بەدەستەوەیە، ئەگەر ساڵێک لە عومرە بوایەم و پێغەمبەر لە حودەیبیە بوایە پێش ئەوەی پێغەمبەر تەواف بکات نەم دەکرد. قسەکانی وەک ئەوەی پێغەمبەر دەرچوو، ئەمەیش جگە لە ژیریی محەمەد هیچی تر نابەخشێت.گوتوویانە:

كأن قد راى وقد سمعا الالمعى الذى يظن بك الظن

ئەوەی بیستبێتی وەك ئەوەی بینیبێتی وابووە و زانا ئەوەیە کە ئەو گومانەت لێبکات.

ئەوەی نیشانەی ژیریی محەمەدە، چیرۆکی کوڵەباڵ لە شانی ئەبووقەتادەیە، پەیامبەری خودا بیست حوشتری هەبوو کە لەوەوە نزیکبوون بەچکەیان بێت، شیریان بێت، واتە سێ مانگ شیریان دەبوو، ئەم حوشترانە لە جەنگەڵەکەدا دەلەوەران، کە شوێنێکی نزیک بوو لە مەدینە لە لایەنی شامەوە، عوەینە کوری حوسن لە شوێنی بن غەتفان هەڵی کوتایە سەر حوشترەکان، کە ئەبوو زەری غەفاری و ژنەکەی و کوڕێکی لە لایان بوو، کورەکەیانکوشت و ژنەکەیان برد و حوشترەکانیشیان خستەبەر خۆیان. هاوەڵێکی پێغەمبەر لە مەدینە هەبوو ناوی سەلمە کوری ئەکوەع بوو، وا ڕێکەوتبوو کە سەلمە لەو بەیانییەدا بە مەبەستی جەنگەڵەکە دەردەچێت و غوڵامێکی لەگەڵدا دەبێت بەناوی تەڵحە کوری عوبەیدوڵلا، لە ڕێگادا بوو، هەواڵی پێگەییشت کە عوینە کوری حوسن هەڵیکوتاوەتە سەر حوشترەوانەکەی پێغەمبەر، بە چل سوارچاکی غەتفانەوە، سەلمە کوری ئەکوەع غوڵامەکەی نارد بۆ مەدینە بۆ ئەوەی هەواڵیان بداتێ و داوایان لێ بکات ئامادەباش بن و بگەن پێی دا، کە خۆی شێرئاسا کەوتە دوایان، لە ڕێکردندا

پێش وڵاخەکە دەکەوت، تا پێیانگەییشت، بە ڕم و تیر تێیکەوتن و لەو کاتەدا دەیگوت: وەریبگرن من کوری ئەکوەعم، لە هەر کاتێکدا سوارێک بەرەو ڕووی دەهات ڕای دەکرد، ئاوها. سەلمە گوتی: بە هەر پیاوێکیان دەگەییشتم تیرێکم لە قاچی دەدا و دەمخست، ئەگەر هەر سوارچاکێکیان بهاتایە، دەهاتمە پشتی دارێکەوە و لێمدەدان تا ڕای دەکرد، ئەگەر هەر سوارێکیان بگەییشتبایە تەنگەبەری شاخەکە، دەچوومە سەر شاخەکە و بە بەرد تێیدەکەوتم. گوتی: تا ئێستا لێیاندەدەم تا زیاتر لە سی ڕم و زیاتر لە سی کوڵەباڵیان فڕێ داوە بۆ ئەوەی باریان سوک بێت، هیچیان نەبرد تا بەردێکم لە سەر هەر یەکێکیان دانا و لە ڕێی پەیامبەری خودام دانا، لەبەر ئەوەی هەواڵی بۆ مەدینە ناردبوو، دەیزانی پەیامبەری خودا دێت بەهانایەوە. گوتی: قەومەکە دانیشتن بۆ نانخواردن، لە سەر زەنوێرێکی لابەری شاخێکدا دانیشتم، کە ئەوان دانیشتبوون، پیاوێک هات و هەواڵی منیان لێ پرسین. گوتی: ئەمە کێیە؟ نەهامەتییەکمان بە دەستەوە بینیی تا هەموو شتێکی لە دەست دەرکردین، گوتی: چوار کەستان بۆی پڕۆن، کە هاتن هەڕەشەم لێکردن، گوتم: دەمناسن؟ گوتیان: نەخێر، گوتیان: کێیت؟ گوتم من سەلمەی کوری ئەکوەعم.بەوەی بەخشندەییی بەدەموچاوی محەمەد بەخشی هەر پیاوێکتان نزیکبێتەوە ئەوەی بمەوێت پێی دەکەم. هەندێکیان گوتیان: ئێمە لەو باوەڕەداین، گەڕانەوە. گوتی: لە شوێنی خۆم نەجووڵام تا سوارچاکانی پەیامبەری خودام بینی، بە ئیمامەتی موحریز کوری نەزرەی خاوەن نازناوی ئەحزەمی ئەسەدی و ئەبووقەتادەیشیان لەگەڵدابوو. ئەحزەمی ئەسەدی یەکەم سوارچاک بوو پێیانگەییشت و لە نێوانیاندا ڕاوەستا و پێی گوتن: ئەی مەعشەری کوری لەکیعە واتە (بەد) بوەستن تا کۆچی و ئەنسارەکان لە .دواوەن پێتان دەگەن پیاوێکیان نزیکبووەوە، کوشتی، ئینجا ئەبووقەتادە پێی گەییشت

ڕستەیەکی ڕێگر
لە شتە سەیروسەمەرەکانی ڕێکەتنامەکە، ئەم "ئەبووقەتادە ئەسپێکی کڕیبوو، لەو کاتەدا میسعەدەی فەزاری چاوی پێدەکەوێت و سەودای لەگەڵدا دەکات،ئەبووقەتادە پێی دەڵێت: لە خوام ویست بتبینم و ئەوەتا پێکەوەین و سواری بووم، میسعەدە گوتی باشە ئامین، منیش کاتێک حوشترەکەم برد و قەتادەیش بۆی دەرچوو، بۆ ئەوە دەچوو کە بەسواری ئەو ئەسپە بۆی .هاتبوو. ڕستە ڕێگرەکە تەواو بوو
ئەبووقەتادە ڕۆیشت تا هێرشی کردە سەر خێڵەکە و خۆی قسەی کرد و گوتی: کاتێک هێرشم کردە سەر خێڵەکە و تیرێکم وەشان، ڕووبەڕوو کە توێکڵەکەیم لێکردەوە، وامزانی ئاسن لێدەکەمەوە، سوارچاکێکم بۆ هاتە پێش و گوتی: خودا بەیەکی گەیاندین ئەیئەبووقەتادە و دەموچاوی دەرخست، بینیم میسعەدەی فزارییە، گوتی: چیت پێخۆشە، زۆرانباری یان لەیەکدان یان جەڵدلەیەکدان؟ گوتم: تۆ بڵێ، گوتی: زۆرانباری و شمشێرەکەی کرد بە درەختێکدا و دابەزیم و شمشێرەکەم کرد بە درەختێکدا، پەلاماری یەکماندا و خودا ئەوەی پێ بەخشیم و زەفەرم پێ برد، کاتێکم زانی لە سەر سینگیم و شتێک لەسەری دام تەماشام کرد شمشێرەکەی میسعەدەیە پێیان گەیاندبوو، بەدەست شمشێرەکەم گرت و لێم سەند، کاتێک ئەوەی بینی کە شمشێرەکە کەوتە دەستی من، گوتی: ئەبووقەتادە شەرمم لێ بکە، گوتم نەبەخوا، گوتی منداڵەکان لای کێ بن، گوتم: دۆزەخ. کوشتم و خستمە کوڵەباڵەکەمەوە و جلەکانیم لەبەرکرد و سواری ئەسپەکەی بووم، لەو کاتەدا ئەسپەکەی من ڕۆیشتبوو بۆ لای خێڵەکە و دەماری پێیان بڕیبوو، ئینجا بەدوای خێڵەکە کەوتم و کوری براکەیم بینی ملیم گرت، .ئەو حوشترانەی لابوو دەریخست، بە ڕمەکەم حوشترەکانم هێنایەلاوە و پاسەوانیم کرد
با ئەبووقەتادە و کوژراوەکەیش وەلا بنێین کە لە کوڵەباڵەکەیئەبووقەتادە لە سەر زەوی کەوتبوو، با بگەڕێینەوە بۆ لای پەیامبەری خودا. گوتیان کاتێک پەیامبەری خودا گەییشت و لە جەنگەڵەکەدا سووری خوارد و بانگی خەڵکی مەدینەی کرد، کە سەرکەوت، یەکەم کەس گەییشتە لای پەیامبەر لە سوارچاکەکان، میقداد کوری عەمرو بوو، کە پێیان دەگوت ڕەشە (أسود) لەبەر ئەوەی لە لای حەجری ئەسوەدی کوری عەبدی یەغوس بوو، بەخێویدەکرد و بەناوی ئەوەوە کرابوو، ئەگینا ئەو کوری عەمرو بوو، ئینجا سوارچاکەکان: عەباد کوری بوش و سەعید کوری زەید و دواتر سوارچاکەکانی تر پێی گەییشتن، سەعیدی کوری زەیدی کردە فەرماندەیان و ئاڵایەکی بە مەکەیەوە کرد و و پێی گوت: پڕۆ بەدوای ئەو خێڵەدا تا خەڵکت بۆ دەنێرم، سوارچاکەکان دەرچوون بۆیان،ئەبووقەتادە و ئەحزەمی ئەسەدیشیان لەگەڵدابوو. ئینجا دوای ئەوان پەیامبەری خودا لەگەڵ موسوڵمانان دەرچوو، ئیبن ئوم مەکتومی بۆ مەدینە دانا،

سەعدی کوڕی عەبادە بۆ پاسەوانی مەدینە لەگەڵ سێ سەت کەس لە خێڵەکەی. لەو کاتەدا کە پەیامبەری خودا و ئەوەی لەگەڵیدابوون دەڕۆیشتن. کوژراوەکەیان بینی کە بە کوڵەباڵەکەی ئەبووقەتادە داپۆشرابوو، موسوڵمانان گوتیان (إنا لله وإنا اليه ڕاجعون) گوتیان: کوژراوەکە ئەبووقەتادەیە، پەیامبەری خودا گوتی: ئەبووقەتادەنییە، بەڵام کوژراوی دەستی ئەبووقەتادەیە، کوڵەباڵەکەی خستوەتەسەر بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو کوشتوویەتی. عومەر چوو تا کوڵەباڵی سەر کوژراوەکە لابدات، دەموچاوی میسعەدەی فەزاری بینی، گوتی: ئەللاهوئەکبەر، پەیامبەری خودا ڕاستیکرد، ئەی پەیامبەری خودا ئەبووقەتادەنییە.
ئەوەی مەبەستمانە لەم چیرۆکەدا و درێژەمان پێدا، ئەم بڕگەیەی کۆتاییە کە بەڵگەی زیرەکی و ژیریی محەمەد دەردەخات، هاوەڵانی کاتێک کوڵەباڵەکەیان بینی وایانزانی کوژراوەکە خاوەنەکەیەتی، واتەئەبووقەتادەیە، ئەگەر لێی ورد ببیتەوە مەعقوولنییە کەئەبووقەتادە کوژرا بێت و خۆی بەکوڵەباڵەکەی داپۆشێت و بمرێت. ئەوەی مەعقووله کە محەمەدگوتوویەتی، بکوژەکەئەبووقەتادەیە و بە کوڵەباڵەکەی خۆی داپپۆشیوە بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو کوشتوویەتی. لەبەر ئەوەیئەبووقەتادە زانیویەتی پەیامبەر و موسوڵمانان لە دوای ئەوەوە دێن و کوژراوەکەیش لە ڕێگەی ئەواندایە، بێگومان دەیبینن بە کوڵەباڵەکەوە و دەزانن بکوژەکەئەبووقەتادەیە. کوڵەباڵ لە لای هاوەڵان بەڵگەی کوژراوەکە بوو لای محەمەدیش بکوژ. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە چەند لە خەڵکی تر زیرەکترە. ئەوەی شایانی سەرسامبوونە لەم چیرۆکەدا "هەرچەند لە دەرەوەی بابەتەکەی ئێمەیە" ئازایەتیی مەسلەمە کوڕی ئەکوەعە، کە بە پێوە بوە و سوار نەبوە کە چل سوارچاکی گیرداوە، لە ڕۆیشتن دوای خستوون تا پێی گەییشتن، هاوشێوەی ئازایەتیی کوڕی ئەکوەع لەناو عەرەب و خەڵکی ئەو کاتەدا زۆربوون.

(12)
هەژموون و زەبر و گەورەییی محەمەد
ئەو زەبر و هیمەتەی پێغەمبەر گەورەترین فاکتەری سەرکەوتنی بوو لە بانگەشەکردنی بۆ ئیسلام، بەو شێوەیە لە شمشێر توندتر بوو لە پۆڵا پتەوتر، هیچ شتێک بەرگەی نەگرت و پەشیمانی نەکردەوە.محەمەد نەیزانیوە شکست چییە. هیمەتی قەت نەلەرزیوە لە بەرەنگاریدا. ئەگەر دەتەوێت بزانیت هیمەت و عەزیمەتی محەمەد چۆن بوە، لەو بەرەنگارییەی ڕووبەڕووی بوەتەوە، لە کاتی بانگەشەکردندا، کە سی ساڵ بەردەوام بوو لە بانگەشە بەنهێنی، تەماشای بکە لە ماڵی مامی"ئەبووتالیب" کە پێی گوت: ئەی برازام قەومەکەت هاتن بۆ لام و ئەمە و ئەوەیان پێ گوتم، بۆ مانەوەی خۆت و منیش لەو بارە قورستر نەخەیتە سەر شانم کە دەیتوانم، تەماشابکە چۆن وەڵامی مامی دەداتەوە، گوتی: ئەی مام ئەگەر خۆر لە لای ڕاستم دابنێن و مانگ لە لای چەپ، بۆ ئەوەی واز لەم کارەم بهێنم، وازی لێناهێنم تا خودا دەریدەخات یان لەناودەچم، ئینجا تەماشای بکە، پاش ئەم قسەیەی لە دەرپریندا لە ناخەوە قسەیدەکرد و گریا و هەستا و ڕۆیشت. مامی دڵی نەرم بوو، بانگی کرد بۆ ئەوەی بێتەوە، هات بۆ لای و گوتی: برۆ برازام ئەوەی پێتخۆشە بیکە و بیڵێ، بە خودا ڕادەستت ناکەم، ئینجا سەیربیکەن چۆن لەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی قەومەکەیدا سەبری کرد و چۆن بەرگەی ئەو هەموو قسە گاڵتەجاڕییانەی دەگرت، ئینجا تەماشای بکە، پاش مردنی ئەبووتالیبی مامی کە پارێزگاریی لێدەکرد، چۆن ڕۆیشت بۆ تایف، غەمبار و بارگران بوو، لەوەی لە لایەن قورەیش و خزمەکانییەوە ڕووبەڕووی بوونەوە، چۆن چوو بۆ لای شێخانی سەقیف داوای لێکردن بیپارێزن و پشتگیریبیکەن بۆ بانگەشەی ئیسلام و چۆن پیاوانی سەقیف ڕەتیانکردەوە و قسەی نابەجێیان پێ گوت، پێیان گوت: خودا جگە لە تۆ کەسێکی تری نەدۆزیوەتەوە بینێرێت؟ ئینجا چۆن دەریان کرد و پێیان گوت لە وڵاتەکەمان دەرچۆ، ئینجا چۆن هانی نەفسنزمان و کۆیلەکانیان دەدا، جوێنی پێ بدەن و هاواری بەسەردابکەن و بەردبارانیبکەن، تا خوێن لەپێکانییەوە دەرچوو، تا لە پەنا و پشتی دیوارێکیانەوە ڕزگاری بوو. ئینجا تەماشایبکەن کە لە پشت دیوارەکەوە دانیشت و دەستی بەرزکردەوە و گوتی: خودایە منلە لاوازیی هێز و کەمیی فرتوفێڵم لە سەر خەڵک پەنات بۆ دەبەم، ئەی بە ڕەحمترین کەس تۆی، ئەی خودای سەرگەردانان، تۆی خودای، من بۆ هەر کەسێک دەنێری کە لە تۆ تووڕە نەبێت، دەیکەم و بێباکم. ئینجا واز لەمە بهێنە، تەماشای بکە چۆن ڕۆیشت بۆ لای عەشیرەتە عەرەبەکان، یەک بە یەک لە وەرزی حەجدا و خۆی پێ

نیشانەدان و بانگی دەکردن بۆ ئیسلامبوون و داوای لێ دەکردن بیپارێزن، بۆ ئەوەی بانگەشەی خەڵک بکات و ئەوان چۆن بەناخۆشترین قسە وەڵامیان دەدایەوە، لەوێدا هیچ بێزارنابێت و کۆڵ نادات و بێ ئومێد نابێت، تا خودا لە وەرزێکی حەجدا کەسانێك لە خەڵکی مەدینەی بۆ تەرخان دەکات، کە گوێی لێ بگرن و ڕازی بن بە داواکەی، ئەمەیش بەیعەتی عەقەبەی یەکەم بوو، ئینجا بەیعەتی عەقەبەی دووەم، ئەم بەیعەتە یەکەم سەرکەوتن و یەکەم پێشکەوتنی بوو، بە پشتبەستن بەهیمەت و عەزیمەتی بەهێز و توندوتۆڵیی خۆی، ئینجا پاش ئەوە کۆچکردن بۆ مەدینە. پێویستە ئەی خوێنەری بەخشندە، ئەم وردەکارییانەی بەکورتی باسمان کردن بیخوێنیتەوە،کە لەکتێبی بەسەرهاتەکاندا بەدوورودرێژی باسکراون، بۆیە بە پێویستمان نەزانی زۆر بەوردی باسی بکەینەوە، تۆ ئەگەر لە سەر وردەکارییەکانی بوەستیت، پڕی ئەو ئازارە دەزانیت کە محەمەد چەشتی و ئەو ئەشکەنجەیەی کە بۆ خۆی پێوەی دەناڵاند .و لەوێوە هیمەت و زەبر و عەزیمەتی پڕ توانا و سەبر درێژەی هەبوە

درێژەپێدان

ئێمە لێرەدا کە قسە لە سەر تەوژم و هەژموون و زەبر و هیمەتی محەمەد دەکەین، کە بەو هیمەت و سەبرە گەورەیەی ئەم سەرکەوتنەی بەدەستهێنا، کە یەکەمجار بردنەوەی لە بانگەشەکەیدا، بناغەدانەری هەموو سەرکەوتنەکانی دوایی بوو، کە بە دەستیهێنا. پێویست بوو پێش ئەوەی باسی هۆکاری بنەڕەتی بە دەستهێنانی ئەم سەرکەوتنەی بکەین، نەڕۆین بۆ توێژینەوەیەکی تر. هیچ سەرت سوڕنەمێنێت خوێنەری بەڕێز کە ئەم هەنگاوی بەرەوپێشچوونەی لە بەیعەتی عەقەبەدا، بوە بناغەی سەرجەم سەرکەوتنەکانی دوایی محەمەد، لەبەر ئەوەی ئەم بەیعەتە بوە هۆکاری کۆچکردنی و ئەمەیش بوە پێگە و پاڵپشتییەکی گەورە، کە محەمەد پەنای بۆ برد و کۆچکردنی بۆ مەدینە بوە پێگەی سەرەکیی سەرکەوتنەکانی. ئەوەی زانراوە کە بانگەشەی محەمەد جگە لەوەی بەپشتبەستن بە شمشێری ئەنسار و کۆچییەکانی پاش کۆچەکە نەبوایە ڕاستەڕێ نەدەبوو. ئەگەر کۆچەکەی بۆ مەدینە نەبوایە و شەڕکردنی ئەنسارەکان لە پێناو بانگەشەکە نەبوایە، ئەم کارەی محەمەد لە نێوان ژمارەیەکی کەمی خەڵکی سەرگەردانی مەککەدا دەمایەوە وقەتیس دەبوو، بۆیە دەبێت فاکتەری کاریگەریبوونی ئەم بانگەشەیە باس بکەین، دەڵێین: ئەوس و خەزرەج لە یەسرب بوون، کە بوەماڵی کۆچی پەیامبەر محەمەد، لە نێوان ئەوس و خەزرەجیش دا، شەڕێکی درێژخایەن هەبوو کە زیاتر لە سەت ساڵ درێژەی کێشابوو، دوایەمین شەڕیان لە ڕۆژی بیعاس بوو کە شوێنێکە لەدەوروبەری مەدینە، پێش ئەوەی پێغەمبەر بگاتە مەدینە بەپێنج ساڵ، ئەوس و خەزرەج یەکتریان دەکوشت، یەهوودەکانیش لە بەنو قورەیزە و نەزیر لە دەوروبەری مەدینە لەگەڵ ئەوس و خەزرەج دەژیان.زەرورەتی ئەم پێکەوەژیانە وایکردبوو، کە شەڕی ئەمانە یەهوودیشی گرتبوەوە، یەهوودەکان لەم شەڕەی ئەمان تاڵییەکی زۆریان چەشتبوو، بەحکومیزەروورەت ئەمانیش؛ هەندێکیان لەگەڵ ئەوس بوون وهەندێکی تر لەگەڵ خەزرەج، واتە هاوپەیمانی هەردوولابوون بۆ پشتگیری و بردنەوەی لایەکیان بە سەر ئەویتردا، بۆ ئەوەی لە یەکتر دڵنیابن، ئەم هاوپەیمانێتییە لەسەرەتادا بوو، پێش ئەوەی ئەوس و خەزرەج بەهێزبن و زاڵبن بە سەر یەهووددا، وەک خاوەن سیرەی حەلەبیە باسیدەکات. بێگومان یەهوودە هاوپەیمانەکانی ئەوس دوژمنی خەزرەج بوون، وەک ئەوەی یەهوودە هاوپەیمانەکانی خەزرەجیش دوژمنی ئەوس بوون. بەمپێیەیش کە شەڕ لە نێوان یەهوود و ئەوس و خەزرەج بەرپادەبوو، تا شەڕ لە نێوان هەر دوو تیمی یەهوود و عەرەب یەکسەر دروست دەبوو نەک وەک هاوپەیمانی، یەهوود خاوەن کتێب بوو، ئەوس و خەزرەجیش وەك عەرەبەکانیتر بتپەرست بوون. جوەکان کاتێک شەڕیان لەگەڵ عەرەبی ئەوس و خەزرەجدەکرد، گوتیان پەیامبەرێک دێت و کاتی هاتوە، هەموومان دەکەوینە دوای، هەمووتان وەک کوشتنی عاد و ئیرم دەکوژین. بەم قسانە هەڕەشەیان لێ دەکردن و پەیمانی ئەوەیان دەدانێ، کە دەیانکوژن. ئەم قسانەمان بۆ ئەوەیە، هەواڵی بەیعەتی عەقەبە شیبکەینەوە. لە سیرەی بن هشامدا هاتوە. خودا ویستی ئایینەکەی دەربخات و پێغەمبەر باڵا بکات و پەیمانەکەی بۆ جێبەجێ بکات، پێغەمبەر کە لە وەرزی حەج دەرچوو، هەندێک لە ئەنسارەکانی بینی، خۆی بۆ عەشیرەتە عەرەبەکان ئاشکراکرد، وەک چۆن هەموو وەرزێک وایدەکرد. کاتێک لە عەقەبە بوو کۆمەڵێک خەزرەجی بینی کە خودا خێری پێ کردبوون، پێی گوتن: ئێوە کێن؟ گوتیان: کۆمەڵێکین لە خەزرەج، گوتی: سەر بە یەهوودن "واتە هاوپەیمانی جوەکانن؟ گوتیان: بەڵێ. گوتی: دابنیشن قسەتان بۆ بکەم؟

گوتیان: بەڵێ باشە. کە دانیشتن لەگەڵیدا، بانگەشەی خوای لێکردن بۆ ئەوەی ببن بە ئیسلام، قورئانی بۆ خوێندنەوە، گوتی: ئەوەی خودا بۆی یەهودی کردوە لە وڵاتی موسڵماندا، ئەوان کتێب و زانستیان هەیە و، سەرەرای ئەوەی ئەمان خاوەن حوشتر و بتن، بەڵام لە وڵاتی خۆیاندا داگیرکراون، "واتە غەزو کراون" ئەگەر هەر شتێک لە نێوانیاندا ڕووی دابێت، گوتوویانە: پەیامبەرێک دەنێررێت کە ئەمە کاتی ئەوەیە، پشتی دەگرین و وەک عاد و ئیرم ئێوەیش لەگەڵیدا دەکوژین. کاتێک پەیامبەر قسەی لەگەڵ ئەو چەند کەسەدا کرد و داوای لێکردن بۆ خوداپەرستی. هەندێکیان بەویتری گوت: ئەی قەدەمخێربن، بە خودا ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە یەهودەکان بە ناوی ئەمەوە هەرەشەیان لێدەکردین. بارەزامەندبین پێی و ئەوان پێش ئێمە پێی نەگەن، ڕازی بوون بەداواکەی پێغەمبەر و باوەڕیان پێ کرد و ئەوەی پێی گوتبوون قایل بوون بە ئیسلامبوونیان، گوتیان: ئێمە قەومەکەمان بەجێهێشتوە، شەڕ و دوژمنایەتییان لە نێواندایە، بەڵکوو خودا بە تۆ یەکیانبخات، دەڕۆین بۆ لایان، داوایان لێدەکەین ڕازی بن، ئەوەی ئێمە قەناعەتمان بەم ئایینە کرد بەوانیش دەڵێین. ئەگەر خودا لە سەر ئەمە یەکیانبخات، هیچ کەسێک لە تۆ بەڕێزتر نابێت لامان. ئینجا پەیامبەری خودایان بەجێهێشت و ڕۆیشتن بۆ وڵاتەکەی خۆیان. ئیبن ئیسحاق دەڵێت، وەک باسم بۆ کراوە شەش کەس بوون و ناو و نازناویانی باسکردوە، دەڵێت: کاتێک گەڕانەوە بۆ مەدینە بۆ لای قەومەکانیان، باسی پەیامبەری خودایان بۆ کردن و بانگەشەیان کرد بۆ ئیسلام، تا بڵاوبوەوە و هیچ ماڵێکی ئەنساری نەما باسی پەیامبەری خودای تێدا نەکرێت، تا ساڵی دواتر و لە وەرزی حەج دا، ئەنسارییەکان دوانزە کەس بوون، لە عەقەبە یەکیان بینی، ئەمە عەقەبەی یەکەمە، بەیعەتیان بە پەیامبەری خودادا "بەیعەتی ژنان"، ئەمە پێش ئەوەی شەڕی لە سەر بسەپێنن، لێرەدا ئیبن ئەسحاق ناوەکانیان دەنووسێت.

مەبەستی لە بەیعەتی شەرەف، "بەیعەتی ژنان"ـە باوەڕیان پێ کردوە وەک ژنانیش بەیعەت دەدەن و ڕێگەی لێ ناگرن و شەڕی ئەوانی تری بۆ دەکەن. ئینجا بەیعەتی دوەم دێت، کە بەیعەتی شەڕە، بەیعەتیان لە سەر شەڕی سوور و ڕەش دا، حەفتاوسێ پیاو و دوو ژن بوون و هەموویان لە ئەوس و خەزرەج بوون، بۆ زانیاریی زیاتر پروانە کتێبەکانی سیرەت.

محەمەد کاتێکی زۆر وەستا وتەنها لە کاتی وەرزی حەجدا خۆی دەردەخست بۆ خەڵك و بانگەشەکردن، لای عەشیرەت و تیرەکان خۆی ئاشکرا کرد و داوای لێدەکردن ببن بە ئیسلام، یان ئەگەر باوەڕیشی پێ ناکەن،داوای کرد بیپارێزن، تا خۆی داوا لە خەڵک بکات ببن بە ئیسلام. هیچ کەسێک بە داواکەی ڕازی نابێت و بە پاراستنیشی ڕازی نابن، جگە لەو کۆمەڵەیەی ئەوس و خەزرەج نەبێت، ئەوان بە هەردوو داواکەی ڕازیبوون، واتە باوەڕیان پێ هێنا و بۆ پاراستنیشی ڕازیبوون و بەیعەتی شەڕی سوور و ڕەشیشیان پێدا، ئەوەی پاڵی پێوەنان بۆ ئەم ئەرکە، ئەوە بوو گوێیان لە یەهوود دەبوو کە هەڕەشە و پەیمانی هاتنی پێغەمبەریاندەکرد، چۆنپشتگیریی دەکەن و وەک عاد و ئیرم دەیانکوژن. دوژمنایەتییەکی توند لە نێوانیاندا هەبوو، واتە لە نێوان خۆیان و یەهوود و لە نێوان هەر دوو گەڕەک و عەشیرەتەکەیشدا، سەرەڕای ئەوەی هەردوولا لە یەک بنەچە بوون، ئەوس و خەزرەج دوو برای یەک باوک و دایک بوون، هەردوولا لەم حاڵ و لێکەوتەی شەڕ بێزاربوون، ئەوەیش بزانە کە یەهوود لە نێوانیاندا بوو بە فاکتەری هەڵسانی فیتنە و هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ،بۆیە کە پێغەمبەریان بینی یەکسەر و بێ دوودڵێ باوەڕیان پێ کرد، گوتیان ئەمەیە کە یەهوود هەڕەشەی پێ دەکردین و ئەم هەلە بقۆزینەوە و ئێمە دەستپێشخەریی بکەین و پێشیان بکەوین و بیانکوژین، پێش ئەوەی ئەوان پێشمان بکەون و بمانکوژن.

لە دوای ئەم بەیعەتە، ئەوس و خەزرەج بە ئەنسار ناونران کە دوژمنی یەهوود بوون، پێغەمبەریش بە پێی زەروورەتی ئەم بەیعەتە دەبێت بە دوژمنی یەهوود. کە یەهوود دوژمنی ئەنسار بێت، دوژمنایەتیی محەمەدیش دەکات، دوژمنایەتیی یەهوود بۆ محەمەد و دوژمنایەتیی محەمەد بۆ یەهوود لە ڕۆژی عەقەبەوە دروستبوو، بۆیە دەبینین محەمەد پاش کۆچکردن بۆ مەدینە یەهوودەکانی کوشتوبڕکرد و قەڵاچۆی کردن. ئەمەیش سەرسوڕهێنەر نییە، کە لەناوبردنی یەهوود بە کوشتن و برین و دەرکردن، لە دەرئەنجامی دروستبوونی ئەو زەروورەتەیە کە لە یەکبوونی دوژمنەکانی یەهوود؛ ئەوس و خەزرەج و کۆبوونەوەیان لەگەڵ محەمەد دا هاتوە.

پرسیارێک ماوە دەبێت بیپرسین: ئایا یەهوود ڕاستگۆ بوون لەو هەڕەشە و گورەشەیەی، کە

پەیامبەرێک لە مەککە هەڵدەستێت و وەک کوشتنی عاد و ئیرم ئەو خەڵکە دەکوژن؟ ئایا ئەمە لە تەوراتەکەیاندا هاتوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هیچ پێویست بەتێرامان و بیرکردنەوە ناکات، لەبەر ئەوەی جوەکان ئەم قسانەیان بۆ ترساندن و هەڕەشە دژی دوژمنانیان کردوە، ئەوەی نەتوانێت دوژمنانی بشکێنێت، پەنادەباتە بەر هەڕەشە، زۆر دوورە یەهوود ڕێگە بدەن بەکەسێک ببێتە پەیامبەر، کە سەر بە گەلی خودای خۆشەویست نەبێت، واتە لە بەنی ئیسرائیل نەبێت، وەک باسیانکردوە. ئەگەر بڵێین کە نابێت لە لای یەهوود پەیامبەر لە دەرەوەی بەنی ئیسرائیل بێت، ئەی چۆن هەڕەشەیان لە دوژمنەکانیان بە هاتنی پەیامبەر لە عەرەبدەکرد؟ ئایا بۆچی بە شتی تر هەڕەشەیان لێ نەکردن کە بۆ ئەوان بشێت؟ دەڵێم: لەبەر ئەوەی دوژمنەکانیان عەرەبن و بتپەرستن و بتپەرست لە ڕوانینی یەهووددا، ئەهلی کوفر و خراپەن و خەڵکی کافر و خراپەکار و ڕێونکەرن، جگە لە پەیامبەران کەس چاکیان ناکاتەوە، وایان دانا کە پەیامبەرێک لە ڕەگەزی خۆیان بێت، بەوە هەڕەشەیان لێ دەکردن. وایان داناوە ئامانج لە هاتنی ئەم پەیامبەرە بۆ کوشتنی ئەوانە وەک کوشتنی عاد و ئیرم، نەک ڕێی خودا پیشانیان بدات و لەخراپەکاری دەریان بهێنێت و لە چەواشەکاری ڕزگاریان بکات. ئەمەیش بەڵگەی ڕوونی ئەوەیە کە ئەوەیان بۆ ترساندن و هەڕەشە گوتوە نەک شتی تر. ئەمە مەبەستی یەهوود بوە، بەڵام محەمەد کە لە بەیعەتی عەقەبەدا زانیی یەهوود ئەوەیان گوتوە، کە پەیامبەرێک دەردەکەوێت لە سایەی ئەم زەمانەدا پشتگیریی دەکەین و وەک عاد و ئیرم دەیانکوژین، ئەم وتەیەی خۆیان کرد بە حوجەتێک و دژی خۆی بەکاریان هێنا و سوور بوو لەسەری، کاتێک پاش کۆچکردن بۆ مەدینە ئەم ئایەتانەی قورئانی پێ دابەزاند، وەک لە سورەتی (البقرە) هاتوە: {ولما جاءهم كتاب من عندالله مصدق لما معهم وكانوا من قبل يستفتحون على الذين كفروا فلما جاءهم ما عرفوا كفروا به فلعنة الله على الكافرين} [البقرە: 89].واتە: هەركاتێك پەرتوكێكیان لە لایەن خوداوە بۆهات و سەلماندی كە ئێستا لەلای ئەوانە و لە پێشووشدا ویستویانە بەسەر خودانەناساندا زاڵیان بكات، كەچی كاتێك هات و ناسیان بە گژیدا دەچنەوە. هەر كەسێك دژ بەوە بەر نەعلەتی خودا بكەوێت.

واتای ئەم ئایەتەیش ئەوەیە کە دەڵێت: ئەو کتێبە باوەڕپێکراوەی لای خوداوە هات و ئەوەیان بۆنێررا کە پێشتر زانیبوویان، بۆیان دەکرێت موشریکەکان بدۆڕێنن و بە دوژمنەکانیان بڵێن: کاتی ئەوە هاتوە کە پەیامبەرێک دەردەکەوێت و باوەڕی پێدەکەن و دەڵێن، لەگەڵ ئەودا وەک کوشتنی عاد و ئیرم دەتانکوژین، وەک زەمەخشەری لە (الکشاف) دا باسی دەکات.

درێژەپێدانەکە تەواو بوو- لە شوێنیکی تردا ئەوەی لە قورئان و فەرموودە گێڕاوەکاندا هاتوە باسی دەکەین، کە محەمەد بەناو سیفەتی لە تەوراتدا هاتوە.

هەژموون و زەبری یان توندوتۆڵی

زەبر بە واتای دیسپلین و توندکردنی کاروبارەکان دێن بە متمانەبەخۆبوونەوە، مرۆڤ نابێت کارێک بکات ئەگەر لەسەری یەکلا و جێگیر نەبێت و باوەڕی پێی نەبێت، دەبێت نەچێتە ناوی تا دەرچەکەی نەزانێت، محەمەد لە توندوتۆڵی و زەبردا زۆر گەورە بوە، هەژموونێکی وا بە ڕاستی و بەزەبری هەبوە، گەورەترین بەڵگەیش لە سەر توندوتۆڵییەکەی لەوەدا بوە، کەڕاوێژکردنی وەلانەناوە، وەک عایشە باسیکردوە: "پیاوێکم نەبینی لە پەیامبەر زیاتر ڕاوێژ بەپیاوان بکات، پیاوی توندوتۆڵ ئاوادەبێت. ئەوەی بەڵگەی بەتینی و توندوتۆڵیی بوە، تاقیکردنەوەی ئەنسارەکان بوو لە شەڕی بەدر پێش ئەوەی ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە. دەرچوو بۆ غەزوەی بەدر بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی کاروانەکەی قورەیش، لە دۆڵێکدا سەنگەری بەست کە پێی دەڵێن زەفیران، هەواڵی بۆ هات کە قورەیش لە مەککە دەرچوون بۆ پاراستنی کاروانەکەیان، لەمەدا زانیی کە تووشی شەڕ دەبێت، سێسەدوپەنجا پیاوی لەگەڵدا بوو، سیوچواریان کۆچبەر و ئەوانی تر لە ئەنسارەکان بوون، بیری لێکردەوە، لەبەر ئەوەی بە موسوڵمانانی گوت با پرۆین بۆ گرتنی کاروانەکەی قورەیش، کە پارەیان لەوێیە بۆ ئەوەی خودا وەک غەنیمە و ئەنفالکردن بیکاتە بەشیان. یەکەم: نەیگوت بڕۆین بۆ شەڕی قورەیش، دوەمیش: کاتێک داوای کرد دەرچن بۆ داوای ئەو باجە، هیچ گرینگیی پێنەدا و هیچ شتێکی ئامادە و ساز نەکرد، تەنها گوتی: ئەوەی پشتی ئامادەیە با سوار بێت لەگەڵماندا. چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە کێ پشتی واتە کۆڵەپشت و چەک "شمشێر و تفاق"ی پێنییە، ژمارەی سوپاکەی کەم بوو، دەتوانرا ژمارەیان لەوە زۆرتربێت. سێیەمیش: ئەمە یەکەم شەڕدەبێت لە نێوان خۆی و دوژمنانی لە قورەیش ڕوویدات، ئەگەر دوژمنانی سەربکەون، نەگبەتییەکە زۆرتر و بەڵاکە گەورەتر دەبێت. چوارەم:

ئەنسار کاتێک بەیعەتیان پێدا لە عەقەبە، بەیعەتەکە لە سەر بەرگریکردن بوو نەک هێرشبردن بۆ سەر دوژمنانی، بۆیە ترسی لەوەدابوو کە ئەنسار پاڵپشتی نەکەن، ئەگەر دوژمنانی هەڵمەت .بۆ مەدینە بەرن، لێرەیشمحەمەدخۆی دەرچوو، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی قورەیش بێتەوە
هەموو ئەمانە وای لە محەمەد کرد بیربکاتەوە تا جێگیربێت، نەیویست ئەم شەڕە بکات تا لەوە دڵنیانەبێت کە ئەنسارەکان لە هەموو حاڵەتێکدا پشتیدەگرن، بۆیە هەواڵی پێدان، ئەنجوومەنی شەڕی دانا بۆڕاوێژ، پێی گوتن: قەومەکە لە مەککە دەرچوە بە هەموو تفاق و ئامادەیییەکەوە، ئێوە چی دەڵێن، ئایا دەستکەوتەکانتان لا گرینگە یان ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و کۆکردنەوەی شەڕەکەران؟ هەندێکیان گوتیان دەستکەوتەکەمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن پێ باشترە. لە گێرانەوەیەکی ترداگوتوویانە: ئایا نەدەبوو پێت بگوتینایە شەڕمان لە پێشە بۆئەوەی خۆئامادە بکەین، ئێمە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کاروانەکە هاتووین نەك شەڕکردن. لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت: ئەی پەیامبەری خودا، با دوای کاروانەکە بکەوین، تۆ دوژمن وەلا بنێ. لەوێدا دەموچاوی پەیامبەر تێکچوە، کە ئەبووبەکر ئەمەی بینیوە، هەڵساوە وگوتوویەتی: کامەی باشە. ئینجا عومەر گوتی: کامەی باشە،ئینجا میقداد هەڵسا و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، هەرچییەک خودا فەرمانی پێ کردووی بیکە، ئێمەیش لەگەڵتاین.بە خودا ئەوەت پێ ناڵێین کە بەنووئیسرائیل بە مووسایان گوتبوو: {اذهب أنتوربك فقاتلا إنا هاهنا قاعدون} [المائدة: 24] (لەم ئایەتە بەنووئیسرائل بە مووسایان گوتوە، خۆت و خوداکەت بڕۆن شەڕ بکەن، ئێمە لێرە دانیشتووین و دەمێنینەوە-و-). گوتیان: ئێمە پێتدەڵێین: وەک جەنگاوەر تا چاومان بترووکێت ئێمە لەگەڵتاین. بەوەی بەحەق وەک پەیامبەر ناردوویتی، ئەگەر بۆ (برك الغماد) "شارێکی حەبەشەیە" بمانبەیت بە بێ شمشێر شەڕ لەگەڵ شمشێر بەدەستاندا دەکەین. دەموچاوی پەیامبەری خودا گەشایەوە و خۆشحاڵ بوو، گوتی: "خێرە و دوعای خێری کرد". کاتێک پێغەمبەر بەم ڕاوێژە دەیەوێت ڕای ئەنسارەکان بزانێت، بە قسەی ئەوانەوە نەوەستا کە قسەیان کرد، دیسان گوتی: ڕاوێژم بۆبکەن، عومەر هەڵسا و گوتی: ئەی پەیامبەری خودا ئەوە قورەیش و شکۆمەندییانە، بە خودا لەو کاتەوەی سەربەرز بوون و زەلیل نەبوون و لەو کاتەوەی کافر بوون و باوەڕیان نەهێناوە، بە خودا شەڕت دەکەن، دەبێت لە شەڕدا بە گوڕ و هیمەت بیت لەگەڵیاندا و ئامادەباشیت کردبێت. ئینجا بۆ سێیەم جار گوتی: ئەی خەڵکینە ڕاوێژم بۆبکەن، ئەنسار وا تێگەییشتن کە مەبەستی ئەوانە، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆرینە بوون، سەعد کوڕی مەعاز هەڵسا و گوتی: لەوانەیە مەبەستت ئێمە بێت ئەی پەیامبەری خودا؟ گوتی: بەڵێ. سەعد گوتی: ئێمە ئیمانمان پێ هێنایت و باوەڕمان پێ کردیت و شایەتمانمان هێنا کە ئەوەی هێناوتە حەقە و ئێمە لەپەیمان و ڕێکەوتندا گوێڕایەڵ و گوێبیستین "لە گێرانەوەیەک زیاتر گوتراوە" لەوانەیە ئەی پەیامبەری خودا گومانت لەوە بێت و ئەنسارەکان وا ببینیت لە شوێنی خۆیان نەبن و پشتگیریت نەکەن. من بەناوی ئەنسارەوە دەڵێم و وەڵام دەدەمەوە. فەرمان بکە چیت دەوێت و پەتەکە تاکوێ بگات و هەر جێیەک دەتەوێت و چەندت دەوێت لە پارەی ئێمە بەرە، ئەوەی لە ئێمەی دەبەیت پێمان خۆشترە لەوەی نایبەیت، ئەوەی فەرمانی پێدەکەیت فەرمانی ئێمەیە و فەرمانی ئێمە لە پشت تۆیە، بڕۆ ئەی پەیامبەری خودا بۆ هەر کوێیەکت دەوێت ئێمە لەگەڵتاین، بەوەی بە حەق ناردووتی ئەگەر لەم دەریایەمان بدەیت و خۆت لێی بدەیت لەگەڵتدا دەبین و یەک کەسمان دواناکەوێت، ڕقمان لەوە نییە کە لەگەڵ دوژمندا ڕووبەڕوو بین، ئێمە بەسەبرین لەشەڕدا، ڕاستگۆین لە ڕووبەڕووبوونەوەدا، لەوانەیە خودا ئەوەی پێیخۆشە ببینی لە ئێمەدا ببینی، لە سەر بەرەکەتی خودا بماننێرە، ئێمە لە ڕاستوچەپ و لە دەستوپشتی تۆداین.
لەوێدا پەیامبەر دڵخۆش بوو، دەموچاوی گەشایەوە و گوتی: بڕۆن و مژدەتان دەدەمێ، کە خودا پەیمانی پێداوم لە یەکێک لەو تایەفە، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینم لەناودەبرێت، واتا مەبەستی دوو تایەفەکەیە، یان باری کاروانەکەیان و ڕووبەڕووبوونەوەی قورەیش بێت، قەومەکە لە قسەکەی تێگەییشتن کە گوتی "بەخودا وەک ئەوە وایە کە لەناوبردنی قەومەکە دەبینم." کە ڕووبەڕووی شەڕ بوونەتەوە، بارەکە بۆ ئەوان نایێت، ئینجا پەیامبەر لە زەفران دەرچوو، لە نزیک .بەدر دابەزی
ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ ئەو پلانە "پلانی توندوتۆڵی" کە محەمەد لەسەری ڕۆیشت جگە لە ناکۆکبوونی لەگەڵ زەبر و توندوتۆڵی هیچی تر نییە و ئەگەر پەشیمان بوەوە، لۆمەی کەس .نەکات
توندوتۆڵیی پەیامبەر و گوروتینی لە کارەکانی لە دووربینیدا دەردەکەوێت و لە بینینی دەرئەنجام

و کۆتاییی کردەوەکان دا، هیچ شتێک ناکات تا لە سەری جێگیر نەبێت و متمانەی پێ نەبێت.
ئەوەی بەڵگەی ئەم قسەیەیە، مامەڵەکردنیەتی لەگەڵ سەری دووروەکان عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی بن سەلوول لە شەڕی بەنی موستەلەقدا. پاش تەواوبوونی شەڕی بەنی موستەلەق لە کاتێکدا موسوڵمانان دادەبەزنە مریسیع، کە ئاوێکی خۆیان دەبێت، کرێکارێکی عومەری کوری خەتاب کە ناوی جەهجان بوو،ئەسپەکەی لێ دەخوری، لەگەڵ پیاوێکی هاوپەیمانی خەزرەج ناوی سینان بن فەروە بوو، دەبێت بە شەڕیان و کرێکارەکەی عومەر لە هاوپەیمانەکەی خەزرەج دەدات و خوێنی لێدێت،هاوپەیمانەکەی خەزرەج هاوار دەکات؛ ئەی خەڵکی ئەنسار، لە گێرانەوەیەکی تردا: ئای بۆ خەزرەج، کرێکارەکەی عومەر هاوار دەکات: ئەی خەڵکی کۆچبەر، لە گێرانەوەیەکی تردا: ئای لە کینانە، ئای لە قورەیش، کۆمەڵێک لە هەردوولا کۆدەبنەوە وچەک واتە شمشێر و ڕمی لێهەڵدەکێشن، لە شەڕ نزیک دەبنەوە و نزیک بوون لەوە فیتنەیەکی گەورە بەرپا بێت. پەیامبەری خودا دەردەچێت و دەڵێت: ئەو داوای جاهیلیەتە چییە، ئەو حاڵەتەمان پێ بڵێ. گوتی: وازی لێبهێنن گەنیوە، ئینجا قسەیان لەگەڵ لێدراوەکە کرد، وازی لە حەقەکەی هێنا و فیتنەکە نەما و ئاگری شەڕ کوژایەوە. لە کاتی شەڕکردنی هەر دوو پیاوەکەدا، عەبدوڵڵای کوری ئەبی سەلوول توورەبوو، کۆمەڵێک خەڵکی لە قەومەکەی خەزرەج دووروەبوون لەگەڵیدا، لە نێوانیاندا زەیدی کوری ئەرقەم بوو، کە منداڵێکی تازەپێگەییشتوو بوو، عەبدوڵڵای کوری ئەبی سەلوول گوتی: بەخودا وەک ئەمڕۆ زەلیلیم نەبینیوە، وایان لێهات لە وڵاتەکەی خۆیشماندا ئاوایان لێبێت دەمەدەممان لەگەڵدابکەن و بەسەرماندا زاڵ بن؛ بەخودا وامان کرد کە بەمە تووشی غەڵبەغەڵبی ئەم قورەیشییانە بین، وەک پێشینانگوتوویانە: سەگەکەت قەڵەو بکەیت دەتخوات، بەخودا باوەڕم نەکرد کە دەمرم، پێش ئەوەی گوێم لێبێت کە هاوارکەر بانگەوازی کرد و گوێم لێ بوو، بەڵام بە خودا کە گەڕاینەوە مەدینە دەبێت شکۆدار بێ شکۆ و زەلیل دەربکات "مەبەستی شکۆدار خۆی بوو، زەلیلیش پەیامبەر بوو" ئینجا چوو بۆ لای ئەوانەی لە قەومەکەی لەوێ بوون، گوتی: ئەمە خۆتان بە خۆتان کرد، وڵاتەکەتان بۆ واڵاکردن و ماڵومڵکتان لەگەڵدا دابەشکردن، بەڵام بە خودا ئەگەر ئەوەی بەدەستانەوەیە لێیان بگرنەوە دەڕۆن بۆ شوێنێکی تر، ئینجا ئەوەی کردووتانە ڕازی نابن تا دەبنە ئامرازێک بۆ ئاواتەکانیان، جگە لەوە دەکوژرێن "مەبەستی پەیامبەر بوو"، منداڵەکانتان هەتیو دەکەن. ئێوە کەمبوونەوە و ئەوان زیاتر بوون، هیچیان بۆ خەرج نەکەن تا لە محەمەد دەبنەوە. زەید بن ئەرقەم ئەمەی بیست، ڕۆیشت بۆ لای پەیامبەری خودا و هەواڵەکەی پێگەیاند، لەو کاتەدا عومەری کوری خەتاب لەگەڵ چەند کەسێکی کۆچبەران و ئەنسار لەوێ بوون، بوخاری لە زەید بن ئەرقەم وەریگرتوە، دەڵێت: ئەوەم بۆ مامم یان بۆ عومەر باسکرد و گەیاندی بە پێغەمبەر و بانگی کردم و قسەم بۆ کرد، پەیامبەری خودا توورەبوو، ڕقی هەڵسا و دەموچاوی شڵەژا و پێی گوت: ئەی غوڵام دەترسم تۆ توورەبوویت لێی و وادەڵێی، گوتی: بەخودا، پەیامبەری خودا گوێم لە خۆی بوو، گوتی: لەوانەیە بە هەڵە گوێت لێبووبێت. ئەنسارییەکان لۆمەیان کرد و گوتیان بە ئەنقەست هاتووی دژ بە گەورەی قەومەکەت قسە دەکەیت کە وای نەگوتوە. کاتێک عومەر بینیی پەیامبەر دەموچاوی گۆڕا، مۆڵەتی لێوەرگرت کە ئیبن ئەبی بکوژێت، تکای لێکرد کە فەرمان بە یەکێکی تر بکات بیکوژێت، ئەگەر ڕێگە بەو نادات. لە عومەرەوەگوتوویەتی: ئەوەی لە ئیبن ئەبی ڕووی دا کە ڕووی دا، هاتم بۆ لای پەیامبەری خودا کە لە سێبەری درەختەکەدا بوو، غوڵامێکی پێستڕەش پشتی پێغەمبەری دەشێلا، گوتم: ئەی پەیامبەری خودا لەوانەیە ئازاری پشتت هەبێت؟ گوتی: حوشترەکە ئەمشەو گلاندمی، گوتم: ئەی پەیامبەری خودا مۆڵەتم بدە لە ملی ئیبن ئەبی بدەم، یان فەرمان بە محەمەدی کوری موسلمە بکە بیکوژێت، پەیامبەری خودا گوتی: ئەی عومەر چۆن بە خەڵکەکە بڵێن محەمەد هاوەڵانی خۆی دەکوژێت. لە گێرانەوەیەکی تردا عومەرگوتوویەتی: ئەی پەیامبەری خودا ئەگەر حەزناکەیت کۆچبەری، بیکوژێت با ئەنسارییەک بیکوژێت، پەیامبەری خودا گوتی: لە یەثرب گوێ و لووتی زۆری لێیە دەنگی بڵاودەبێتەوە. ئینجا مۆڵەتی وەرگرت بڕوات، لە کاتێکدا لە قرچەی گەرمادا بوو، پێغەمبەر نەیتوانی ڕێ بکات، خەڵکەکە دەڕۆیشتن و پەیامبەریش ڕۆیشت، ئەسید کوری حوزیر هات بۆ لای، بە سڵاوی پێغەمبەرایەتی سڵاوی لێکرد. گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا لە ئانوساتێکی ناخۆشدا ڕۆیشتی، کە هیچ جارێك لەو کاتەدا نەڕۆیشتوویت؟ پەیامبەری خودا پێی گوت: ئەوەی هاورێکەتگوتوویەتی نەتزانیوە؟ گوتی: کامە هاورێم ئەی پەیامبەری خودا؟ گوتی: عەبدوڵلا کوری ئەبی سەلوول، گوتی: چی گوتوە؟ گوتی: ئەوەی ڕاگەیاندوە کە گەڕایەوە

مەدینە، شکۆمەند زەلیلیی تێدا دەردەکات، گوتی: بە خودا ئەی پەیامبەری خودا تۆ ئەگەر بتەوێت دەری دەکەیت، بە خودا ئەو زەلیلە و تۆ شکۆمەند، ئینجا گوتی: ئەی پەیامبەری خودا بەزەییت پێدابێتەوە، بەخودا؛ خودا تۆی هێناوە، قەومەکەی شتی بۆ ڕێکدەخەن بۆ ئەوەی ئاڕاستەیبکەن، جگە لە موروویەک هیچی لای یەشووعی یەهوودی نەماوە، وای دەبینێت کە تۆ موڵکەکەیت بردوە. ئینجا عەبدوللّای کوری عەبدوللا کوڕی ئەبی بن سەلوول "ناوی حەباب بوو کاتێک عەبدوللّای باوکی مرد پەیامبەر ناوی لێنا عەبدوللّا" کاتێک قسەکەی عومەر بۆ کوشتنی باوکی پێگەییشت، هات بۆ لای پەیامبەری خودا، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا، پێم گەییشتوە کە دەتەوێت باوکم "عەبدوللا بن ئەبی" بکوژیت، چیت لێ بیستوە ئەگەر دەتەوێت فەرمانم پێ بکە تا سەرەکەیت بۆ بهێنم، بە خودا لە خەزرەجدا نەبوە کە پیاوێک ڕێز لە باوکی بە قەد من بگرێت، دەترسم فەرمان بە کەسێکی تر بکەیت بیکوژێت، ئەگەر ئیمانداریک بەکافرێک بکوژم دەچمە ئاگرەوە، پەیامبەری خودا گوتی: چاکەی لەگەڵ دەکەین و هاوڕێیەکی باشی دەبین تا ئەو کاتەی لەگەڵماندا بمێنێتەوە. کاتێک پەیامبەری خودا گەییشتە دۆڵی عەقیق لە نزیک مەدینە، عەبدوللّای کوری عەبدوللا بن ئەبی، یەک بە یەک تەماشای سوارەکانیدەکرد تا باوکی ڕەتبوو. پێشی لێگرت و کەوتە سەر دەستی ئەسپەکەی، باوکی گوتی: چیت دەوێت ئەی پیسوپۆخڵ؟ گوتی: بەخودا ناڕۆیتە ژوورەوە تا دان بەوەدا نەنێت کە تۆ زەلیلیت و پەیامبەری خودا شکۆدارە، تا پەیامبەری خودا مۆڵەتت دەدات، بۆ ئەوەی بزانیت کێ شکۆدار و کێ زەلیلە، تۆ یان پەیامبەری خودا. گوتی: من لە منداڵان زەلیلترم، من لە ژنان زەلیلترم، تا پەیامبەری خودا هات و گوتی: ڕێگە بە باوکت بدە، ڕێگەی پێدا، خودا سورەتی (المنافقین)ی دابەزاند، لەوێدا باوەڕ بە زەیدی کوری ئەرقەم تێدا دەکەن، کە قسەکەی عەبدوللّای کوری ئەبی گەیاندوە. ئینجا وای لێهات کە قەومەکەی عەبدوللّای کوری ئەبی لە کاتی دابەزینی ئەم سورەتە گلەییی لێ کاتێک پەیامبەر ڕقی قەومەکەی بینی و .دەکەن و سەرکۆنەی دەکەن و سەرکوتی دەکەن گلەییەکانیانی دەبیست، گوتی: چۆن دەبینیت ئەی عومەر؟ بەخودا ئەگەر بمکوشتایە لەو ڕۆژەی گوتت، ئێستا لووتەلای زۆرمان دەبینی، کە ئەمڕۆ فەرمانم بکردایە دەیانکوشت. عومەر گوتی: بەخودا ئەی پەیامبەری خودا، تۆ شتێک دەزانیت زۆر لە من بەرەکەتدارترە. هیچ پێویست ناکات دوای ئەمە شتێکت بۆ باس بکەین بۆ ئاشکرابوونی هیمەت و حەزمی محەمەد بە هەموو .کامڵبوونێکەوە

(13)

پرس یان مەسەلە

ئەوەی بینیمان کە ئەسید کوری حەزیر چیی بە محەمەد گوتوە، "ئەی پەیامبەری خودا، بەزەییت پێدابێتەوە، خودا تۆی هێناوە، ئەوە قەومەکەی وای بۆ ڕێکدەخەن کە تاجی بخەنە سەر، واتە بیکەن بە پاشا بۆ خۆیان. هیچیان بۆ نەماوە جگە لە موروویەک لە لای یەشووعی .یەهوودی، ئەو وای دەبینێت کە تۆ پاشایەتییەکەت بردوە

دەبوایە محەمەد لە ئاست ئەم قسەیەی ئەسید بێدەنگ نەبوایە، پێویست بوو پێی بڵێت ئەی ئەسید ئەگەر قەومەکەی دەیانەوێت ئاڕاستەی بکەن و بیکەن بە پاشای خۆیان، من ڕێگر نابم لە پێشیان و کێبڕکێیشی ناکەم بۆ پاشایەتی، لەبەر ئەوەی من نەهاتووم داوای پاشایەتی بکەم، من وەک پەیامبەری خودا هاتووم و داوایان لێدەکەم خودای تاکوتەنهای بێ هاوبەش بپەرستن، ڕێگەی ڕاستیان نیشاندەدەم و لەو وێڵی و سەرگەردانییەی تێیدان ڕزگاریان دەکەم، بەڵام محەمەد لەمەدا بێدەنگ بوو هیچی نەگوت، لەمەوپێش ئامانجی پێغەمبەرت زانی کە مەبەستی بوە ئیمامەت لە قورەیش بێت، ئەو هەوڵەی عەبدوللّای کوری ئەبی یان خەڵکی عەرەبی تر لەگەڵ ئەوەدا یەک ناگرێتەوە، محەمەد ئەگەر پاشایەتیی بۆخۆیشی داوای نەکرد، .بەڵامبۆ قەومەکەی "قورەیش" دەیویست

لێرەدا قسەیەک لە سەر زاری ئەسید هات، دیدگایەکی تیدایە؛ گوتی تاجی دەکەنە سەر،

عەرەب نەیزانی تاج چییە و لە دابونەریتیاندا نەبوە وەک عەجەم تاجبکەنە سەر پاشاکانیان، بەڵکوو عەمامەکانیان تاجیان بوە.
لابلح لا يتجان إلا عمائمه وفى الصوره الرومى ذى التاج ذله.
لەوانەیە خەزرەج ئەمەیان لە یەهوودی دراوسێیان فێربووبن، یان لەوانەیە قەحتانییەکان تاجیان خستبێتە سەر پاشاکانیان نەک عەدنانییەکان کە خەزرەجیش لە قەحتانییەکانن.
ئەوەی نیشانەی توندوتۆڵیی محەمەدە، قسە خواروخێچییەکەی خەندەقە لەو ڕۆژەی حزبەکان ویستیان زەفەری پێ بەرن لە مەدینە، دەڵێن ناکۆک بوە لە سەر خوارییەک لە خەندەقدا، لە عایشەوە وەرگیراوە کەگوتوویەتی پەیامبەری خودا دەڕوات بۆ لای ئەو لاری و خوارییەی خەندەقەکە و، سەرمایەکی توندوتیژ بوە، کە سەرما بردوویەتی لە باوەشمدا گەرمم کردوەتەوە، کە گەرمای بوەتەوە چوە بۆ لای ئەو خوارییە، دەڵێت: دەترسم ئەگەر لەم جێگەیەوە نەیێت لە هیچ لارییەکەوە نەیەن بۆ موسوڵمانان. کە پەیامبەری خودا لە کۆششدا بوو، دەیگوت؛ بریا پیاوێکی چاک ئەمشەو ئەم خوارییەی دەپاراست، گوێی لە دەنگی چەک بوو، پەیامبەر گوتی: ئەوە کێیە؟ سەعد کوڕی ئەبی وەقاس گوتی: سەعدم ئەی پەیامبەری خودا، هاتووم پاسەوانیت بکەم، گوتی: ئەو لارییەت لە سەر بێت لەوێدا پاسەوانی بکە، سەری نایەوە تا چوە قوڵاییی خەوەوە. لە هیمەت و توندوتۆڵییەکانی، پەیوەیستبوونی خەڵک و گوێڕایەڵییان بۆی و خۆشویستنی لە لایەن خەڵکەوە، بەڵام زۆر وریا و ئاگاداربوو، هیچ دڵنیاییەکی لەوەدا نەبوو، کە دوژمنانی تیرۆری دەکەن، بۆیە لە پشت هاوڕێیانییەوە دەڕۆیشت، ئەگەر لەگەڵیاندا بوایە و فەرمانیان پێ دەکرد کە لە پێشییەوە بڕۆن و پێی دەگوتن پشتم بۆ پەرییەکان بەجێ بهێڵن.
لەبەر ئەوە دەیزانی دووروو لەناو موسوڵماناندا هەیە و لە ترسدا نەبێت نەبوون بە موسوڵمان، ئەو دووڕوانە ئەگەر بتوانن تیرۆربیکەن ناوەستن. ئینجا ئەگەر لە دوایانەوە بڕوات چاودێرییان دەکات، لە هەر شتێک لە جموجۆڵ و ئاماژە و شتی تر لێیانەوە دەربکەوێت ئاگادار دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە پێشیانەوە بڕوات ئەوەیان لێ نابینێت.
هەر لەم بارەوە، لە هیچ خواردنێکی نەخواردوە کە بە دیاری بۆی هاتبێت، ئەگەر پێشتر خاوەنەکەی لێی نەخواردبێت، ئەمەیش دوای ئەوە هات کە بەرخێکی ژەهراویکراوی بە دیاری بۆ هات و لێی خوارد، دواتر وردەوردە ئەو خواردنەیش بوە هۆی مردنی، وەک بۆ عایشەی باسکردوە، لە کاتی نەخۆشیی گیانەڵای مردنەکەیدا، لەو کاتەی کە ئاگاداری بوە و پەرستاری کردوە، بەعایشەی گوتوە: ئەی عایشە تا ئێستا ئازاری ئەو خواردنە ژەهراوییەی خەیبەر لە گەیانمدایە، کە پێی ژەهراوی کرام، ئێستا کاتی ئەوەیە کە گیانم لەو ژەهرەدا برزێت. ئەوەی نیشانەی گوڕوتین و وریایی و ئاگاداری ئەو بوە لە خەڵک، ئەوەیە کە لە حەجی خواحافیزیی خەڵکدا بوە بەسەرتاشەکەی گوتوە، کاتێک قوربانییەکەی تەواوکرد لەحەجی خواحافیزیدا، سەرتاشێکی بانگکرد بۆ ئەوەی سەری بتاشێت، پەیامبەری خودا تەماشای دەموچاوی کرد لەو کاتەدا، کە بەردەوام بوو لە سەیرکردنی پێی گوت: ئەی موعەمەر پەیامبەری خودا پەڕەی گوێی خستوەتە بەر دەستت و تۆیش گوێزانت بە دەستەوەیە، موعەمەر گوتی: بە خودا ئەی پەیامبەر ئەمە نیعمەتی خودایە بۆ من و منەتە بە سەرمەوە، گوتی: بەڵێ. بێگومان هەر کەسێک وەک محەمەد بێت کە پیاوی ڕابوون و کودەتا بێت، بێ دوژمن نییە لەناو خەڵکدا، ئەمە توند و گوڕوتینی نییە، کە ملی بخاتە بەر دەست سەرتاشێک کە باش نەیناسێت، بۆیە محەمەد ئەوەی پێ گوت کە گوتی و تەماشای دەموچاوی کرد بۆ ئەوەی نیشانەی ئەوە دەربکەوێت کە لە ناخیدایە، بە سیمازانیی خۆی بیزانێت، وەک چۆن بە سیمازانیی خۆی ئەوەی لە فەزاڵە بینی، کە لەگەڵ خۆیدا لە بارەی کوشتنییەوە قسەی کردبوو، لە کاتی تەوافکردنی کەعبەدا، هەروەها بە سیمازانی نیازی ئەو عەرەبەی دەرخست کە ئەبووسوفیان ناردبووی بۆ مەدینە بۆ تیرۆرکردنی، وەک پێشتر باسکرا.
خەیاڵە بەهێزەکەی

محەمەد خەیاڵێکی زۆر بەهێز و فراوانی هەبوە، خەیاڵ و بیرکردنەوە دوو ئەسپی گرەوکردن بوون کە کێبڕکێی یەکتریان لە مێشکی پەیامبەردا کردوە، ئەگەر لە خەیاڵ و وێناکردن بیری کردبێتەوە و بۆ دەرخستن و بینین وێنای بکردایە، وای لێ دەکرد، وەک ئەوەی بە چاو ببینێت و بەگوێ ببیستێت و بە دەست بیگرێت وابێت. تەماشای بکە چۆن وێنای جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب لە کاتی شەهیدبوونیدادەکرد، لە شەڕی (موئتە) دا "شوێنێکە لە شام لە نزیک کەرک" هەر دوو دەستی بران، گوتی: "وەک لە(الطبراني) لە ئیبن عەباسەوە وەریگرتووە، دەڵێت: دوێنێ چووم بۆ بەهەشت، جەعفەری کوڕی ئەبووتالیبم تێدا بینی، کە لەگەڵ پەرییەکاندا دەفڕی، دوو باڵی هەبوو کە خودا لە جیاتیی هەر دوو دەستی پێی بەخشیبوو. ئیبن عومەر دەڵێت: لەگەڵ پەیامبەری خودادا بووین، سەری بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و گوتی: (وعليكم السلام ورحمه الله) خەڵک گوتی: ئەی پەیامبەری خودا ئەوە چیت کرد؟ گوتی: جەعفەری کوڕی ئەبووتالیب لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پەری لێرەوە ڕەتبوون و سڵاوی لێکردم و وەڵامی سڵاوەکەیم دایەوە. تەماشا بکە چۆن خەیاڵی جەعفەری کردوە لەگەڵ پەرییەکاندا بە لایدا تێپەڕیون، تەنانەت بینیویەتی و گوێی لە قسەکانی بوە و وەڵامی سڵاوەکەی داوەتەوە، ئەمەیش جگە لە هێزی خەیاڵی نەبێت کە ئەو وێنای خەیاڵکردن و بیرکردنەوەی وا لێدەکات وەک وێنەیەك بەچاو ببینێت و بە گوێ ببیستێت، هیچی تر نەبوە، لە (الكشاف)دا لە شیکردنەوەیەکدا هاتوە: {كلا إذا دكت الأرض دكا دكا (21) وجاو ربكوالملك صفا صفا (22) وجیء يومئذ بجهنم} [الفجر: 21، 22،23]واتە: نابێت وابێت هەرجارە و زەمین زۆر بە سەختی تێکشکێندرێت و فەرمانی خوداکەت بێت و فریشتەکانیش پۆ پۆل ریزببەستن، لەو رۆژەوە دۆزەخی هێنا. ئایەتە، گوتی: کە دەیگێڕێتەوە دەڵێت، کە ئایەتەکە دابەزی دەموچاوی پەیامبەری خودا گۆڕا و عارەقەی کرد و خۆی توندکرد لە هاوەڵانی، کە هەواڵیان بە عەلی دا، ئەویش هاتو لە پشتەوە باوەشی پێداکرد و ماچی پشتەملی کرد و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، تۆ دایک و باوکمی ئەمڕۆ چیی ڕووی دا؟ چی وای لێکردی بگۆڕێیت؟ ئایەتەکەی پێ گوت، عەلی گوتی: چۆن دەیهێنن؟ گوتی: حەفتا هەزار پەری کە بە حەفتا هەزار جڵەوەوە و پێکەوە بەستراون دەهێنرێن، ئەگەر بەرەڵا بکرێن هەموو خەڵک دەسووتێنن. تەماشا بکە چۆن دۆزەخی لەخەیاڵیدا بەرجەستە بوە، کە تەماشای دەکات وباسی جڵەوگیری و بەڕێکردنیان دەکات و لە ترسناکیدا دەموچاوی دەگۆڕێت و دەمارەکانی هەڵدەچن، ئەمەیش لە خەیاڵدانی بەهێزی ئەودا نەبێت، چییە؟

گەورەترین بەڵگەی فراوانی و خەیاڵبەهێزیی پێغەمبەر، ئەوەی لە قورئان و فەرموودەکاندا باسکراون، لە وەسفی بەهەشت و دۆزەخدا هاتوە، پێویست ناکات لێرەدا باس بکرێن، لە کتێبەکاندا هاتوە دیارە و زانراوە. بێگومان ئەو بەهەشتەی لای محەمەد بەو سیفەتە جوان و سەرسوڕهێنەرە زانراوە و باسیکردوە، لە خەیاڵدانی فراوان و بەهێزیی خۆیەوە هێناویێتی، لەبەر ئەوەی بەم شێوە درەوشاوە و سەرسوڕهێنەرە، لە تەورات و ئینجیلدا نەهاتوە، بەهەشتەکەی محەمەد شایانی ئەوەیە ببێتە نموونەی باڵای خەیاڵی خۆشحاڵی لە ژیانی خەڵکدا. لە بەڵگەکانی خەیاڵبەهێزیی، لە ڕێگەی بیرکردنەوەدا، ئەگەر خەیاڵی شتێکی کردبێت لە بیریدا بەرجەستە دەبوو، تا وای لێدەهات کە بە چاو ببینێت و بە گوێیش ببیستێت، ئەوەی لە هەواڵی سەرەتای هاتنی وەحی لە بینینی ئەودابوو، جبریل لە ئاسۆی ئاسمانەوە دێت، ئەوەی لە سەر دەگێڕنەوە،گوتوویەتی: دەرچووم "واتە لە ئەشکەوتی حەڕرا" تا گەییشتمە لاپەری شاخ، گوێم لە دەنگێک بوو لە ئاسمانەوە دەهات، دەیگوت: ئەی محەمەد تۆ پەیامبەری خودایت و منیش جبریلم، وەستام و تەماشام کرد، جبریل بە وێنەی پیاوێکی قاچ ڕووت و لووس، لە گێڕانەوەیەکدا: قاچێکی لە سەر ئەوی تر داناوە، لە ئاسۆی ئاسماندابوو، دەڵێت: ئەی محەمەد تۆ پەیامبەری خودایت و منیش جبریلم، وەستام بۆ ئەوەی تەماشای بکەم، نە چوومە پێشەوە نەیش هاتمە دواوە، هەرچەند ڕووم لە شوێنی تردەکردلە شوێنەکاندا هەر

ئەوم دەبینی، کە ڕاوەستام بێ ئەوەی بچمە پێشەوە و بێمە دواوە، تا خەدیجە خەڵکی بەدوادا ناردم و گەییشتنە مەککە و گەڕانەوە و من لە شوێنی خۆمدا بووم، ئینجا ڕۆیشت و منیش گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، تا گەییشتمە لای خەدیجە. پێش قسەکردن لە سەر ئەم گێڕانەوە، دەبێت ئەوە ڕاست بکەینەوە، دەڵێین ئەوەی لێی تێدەگەینگوتوویەتی: "تا خەدیجە نێرراوەکانی نارد بەدوامدا، گەییشتنە مەککە و گەڕانەوە بۆ لای". خەدیجە لە ئەشکەوتی حەڕرا لەگەڵیدا بوو، ئەمە ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی خەدیجە چێشتی لێنابێت و ناردبێتی بۆ پەیامبەری خودا و لە ئەشکەوتی حەڕرا نەیبینیبێت، ناردی بۆ ماڵی مام و خاڵەکانی و لەوێش نەبوو، زۆری پێ .ناخۆش بوو، لەو حاڵەتەدا بوو، گەییشتە لای ئەوەی بینیبووی و بیستبووی، بۆی باسکرد ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، لە ئەشکەوتی حەڕرا لەگەڵیدا نەبوە، ئەمە ڕاستە، لەبەر ئەوەی کە دەچوو بۆ ئەشکەوتی حەڕرا بۆ خەڵوەت و داپران وبێ کەسوکار و خەڵک دەچوو. ئەمە و پێش ئەم ڕووداوە، واتە بینینی جبریل لە ئاسۆی ئاسماندا، محەمەد ناوی جبریلی زانیوە، کە نێوەندگیریی نێوان خودا و پێغەمبەرانی بوە، ئەمەی لەیەهوود و نەسرانییەکانەوە وەرگرتوە، یان لە کتێبەکانیانەوە. هیچ نامۆ نییە ئەوە بزانێت، وەرەقەی کوڕی نەوفەل جبریلی زانیوە و دەزانێت کە "ناموسی گەورە" بۆ مووسا هاتوە. ئینجا محەمەد پێش ئەم ڕووداوە، بیری پێغەمبەرایەتی لە لای چەکەرەی کردوە و لە ناخیدا گەییوە، وەک چەندین ساڵ لەو شوێنەدا، بێگومان لە ئەشکەوتی حەڕرادا؛ جگە لە بیرکردنەوە لە پێغەمبەرایەتی نەبێت بیری لە هیچ شتێکی تر نەکردوەتەوە، بیرکردنەوەکانی هاوشانی بیرکردنەوە لە جبریل و وێناکردنی و چۆنێتیی هاتنی و بانگکردنی و سروش و وەحی بۆ هاتنی، جگە لە وێنەی مرۆڤ بە هیچ شتێکی تر بیروخەیاڵی لێ نەکردوەتەوە، ئەم فاکتەرانە هەمووی لەدەرئەنجامی بەدرێژیی بیرکردنەوە و بەخەیاڵکردن لە خەڵوەتگەکەیدا بوە و ئەو ورێنە خەیاڵییەی لە ناخیدا چەسپاندوە و کاریگەریی لە سەر مێشك و دەمارەکانی هەبوە و تا ئەو حاڵەتەی بۆ هاتوە، کە جبریل لە ئاسۆی ئاسماندا ببینێت، ئەگینا لە حەقیقەتدا لە ئاسۆی ئاسماندا نەبوە، بەڵکوو لە فیکر و زیهن و ناخی خۆیدا بوە، تا ئەوەی لەناخی خۆیدا بیری لێکردوەتەوە، لای ئەو وابوە وەك ئەوەی لەوی بیستبێت و پێی گوتبێت: ئەی محەمەد تۆ پەیامبەری خودایت و منیش جبریلم. هەروەها پێشتر بۆم باسکردن، کە عەقڵی ناوەکی لە هەموو مرۆڤێکدا ئاگادارە و ئەگەر هەستە دەرەکییەکان بە خەوتن و شتی تری وەک بوورانەوە و لەو جۆرە نەمێنن، بەڵام عەقڵی ناوەکی هەمیشە کارا دەبێت. لێرەدا دەڵێین محەمەد لە عەقڵی ناوەخن یان ناوەکیی خۆیدا لە غەریزەدا نغرۆ بوە، لە حاڵەتێکدا جیاواز بوە لە خەڵکی تر، عەقڵی ناوەکی تەنیا لە ئاگاداری و وریایی نەوەستاوە، کە هەستە دەرەکییەکانی بە یەکجاری وەستابن، بەڵکوو عەقڵی ناوەکی لە هەندێک جاردا ئەوەندە کارا بوە، بە هەر لەهۆشچوونێک بێت ڕووی دابێت یان هەر سوننەتێک بیری لێکردبێتەوە لە کاتی بەخەبەربوونیدا بۆی هاتوە، هەروەک لە شەڕی بەدری گەورەدا کە هەردوولا بەیەک گەییشتن و لە یەکیاندا، لە سەر گردێک کەپرێکیان بۆ دروستکرد بۆ ئەوەیسەرپەرشتیی شەڕەکە بکات، پەیامبەری خودا لەگەڵ ئەبووبەکردا چوە ناو کەپرەکە و هیچ کەسێکی تری لەگەڵیاندا نەبوو، لەوێدا پەیامبەری خودا داوا لە خودا دەکات پەیمانی سەرکەوتنی پێ بدات و دەڵێت: خودایە ئەم چەتانە لەناوبەرە کە ناتپەرستن، لە گێڕانەوەیەکی تردا: خودایە ئەگەر ئەم چەتانە سەربکەون، بێ باوەڕی سەردەکەوێت و ئایینەکەت بەرزنابێتەوە. درێژەی بە دوعاکەی داوە و دەستی درێژکردوەتەوە ڕووەو قیبلە، تا عەباکەی لە سەر شانی کەوتوە، ئەبووبەکر عەباکەی گرتوە و خستوویەتییەوە سەرشانی و لە دواوە گرتوویەتی وگوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا،بەس نەبوو ئەو هەموو دوعاونزا کردنە لە خودا، ئەوەی پەیمانی پێدایت جێبەجێی دەکات. لە گێڕانەوەیەکداگوتوویەتی، بە خودا، خودا سەرت دەخات و ڕووسپیت دەکات. ئینجا پەیامبەری خودا ڕاچڵەکیوە "واتە سەری ڕاچڵەکاندوە و لەخەو دەرپەڕیوە" ئینجا ئاگادار بوەتەوە وگوتوویەتی: مژدە بێت ئەی ئەبووبەکر، سەرکەوتنی خودات بۆ هات، ئەمە جبریلە کە جڵەوی

ئەسپەکەی بەدەستەوەیە و هەندێک شوێنی خووساوەتەوە و دەڵێت: وا سەرکەوتنی خودات بۆ هات، کە خۆت داوات کرد، تەماشای ئەو ڕاچڵەکینە بکە، کە لە نێو عەرشی کەپرەکەدا ڕووی داوە، بەسە بۆ ئەوەی کە عەقڵی ناوەوەی ئاگادار بێت و کارا بێت و جبریل لەوێنەکەدا ببینێت، لەگەڵ حاڵەتی شەڕەکەدا گونجاوبێت و گوێی لێ بووبێت، کە ئەوەی خۆی بیری
.لێکردوەتەوەگوتوویەتی و سەرکەوتنی لێی دەوێت، سەرکەوتنت بۆ هات، کە لە خودا داواتکرد لەوانەیە ئەو ڕاچڵەکینە و جەزمبوونەی لەم ڕاچڵەکینەی لەم عەرشەدا کەمتربێت کە لە پاش دەرچوونی لە ئەشکەوتەکە، جبریلی لە ئاسۆی ئاسمان بینیبوو، پاش ئەوەی حاڵی لێهاتوە و کەوتوەتە وەنەوزێکەوە، هاوشێوەی خەولێکەوتن بە هۆی هەڵچوونی دەمارەکانی کە هیلاک بووبێت، ئەمەیش لە دەرئەنجامی زۆر بیرکردنەوە بوە لە خەڵوەتدا، ئەم کورتە داپرانە بەس بوە بۆ ئەوەی زیهن و فیکری هەڵچوونێکی تێدا ڕووبدات و خەیاڵی لە جبریل کردبێتەوە و گوێی لێبووبێت قسەیەک بکات، کە لەناخی خۆیدا دایناوە، لەبواری پەیامبەری و نامە و پەیامهێنان، لەدەرئەنجامدا، دەشێت ئەم هەموو فاکتەرانە هەمووی لە خەڵوەتەکەدا لەدرێژەی بیرکردنەوە و بەهێزیی خەیاڵ و چەسپاندنی وێنای خەیاڵی خۆی و ئاگاداریی عەقڵی ناوەکییەوە ڕووی دابێت، کە لەم بینینەدا لهنیچمەخەوێکدا بۆی هاتبێت. ئەم بینینەی کە لە شێوەی خەوندا بۆی هاتوە، هەرچەند لە هەستەکان دانەپراوە، لەبەر ئەوەی خەون کردەوەی عەقڵی ناوەکییە، هیچ وەستانێکی تێدا نەبوە، لە کاتی بوورانەوە و بە تەواوی دانەپڕان لە هەستکردندا، وەک باسمان کرد ئەوە نیشانەی بەهێزیی خەیاڵی پێغەمبەرە، کە بە سەلمانی فارسیی گوتوە، لە کاتی هەڵکەندنی چاڵی لایەک لە خەیبەر کە نزیک بوە لێی، شوێنێکی بەردینی بەرکەوتوە و پێی نەپراوە، کاتێک پەیامبەر ئەو ڕەقییەی بینیوە سەخت بوە بۆ سەلمان، پاچەکەی واتە قوڵنگەکەی لێوەرگرتوە و گوتوویەتی، بەناوی خودا، بەلێدانێک سێیەکی شوێنەکەی شکاندوە، بروسکەیەکی لەولاوە دەرکەوتوە، کە تیشکەکەی بە ئاڕاستەی یەمەن بوە، پەیامبەری خودا (الله أکبر)ێکی کردوە وگوتوویەتی: کلیلی یەمەنم وەرگرت و من دەرگاکانی سەنعام وەرگرت، لەم کاتەدا لە شوێنی خۆمەوە وەک کەڵبەی سەگ دەیبینم، ئینجا پاچێکی تری وەشاندوە، سێیەکی تری شوێنەکەی شکاندوە و تیشک لەولاوە دەرکەوتوە کە بە ئاڕاستەی ڕۆم بوە، پەیامبەر (الله أکبر)ێکی تری کردوە وگوتوویەتی: کلیلی شامم وەرگرت، بەخودا من کۆشکەکانی دەبینم، لە گێرانەوەی (الاحمر) دا زیاتری گوتوە، ئینجا سێیەم جار لێیداوە و پاشماوەی بەردەکەی شکاندوە و بروسکەیەکی کردوە و پەیامبەری خودا (الله أکبر)ێکی تری کردوە وگوتوویەتی: کلیلی فارسم وەرگرت. بەخودا من کۆشکەکانی حیرە و مەدائینی کیسرا وەک کەڵبەی سەگ لەم شوێنەوە دەبینم. لە گێرانەوەیەکی تردا گوتوویەتی: ئێستا من کۆشکی سپیی مەدائین دەبینم. ئینجا باسی شوێنەکانی فارسکردوە، سەلمان دەڵێت: باوەڕم بە پەیامبەری خودا کرد، ئەمە سیفەتی ئەوە، شایەتمان دەهێنم کە تۆ پەیامبەری خودایت، ئینجا گوتوویەتی: ئەی سەلمان ئەمە (فتح)ـەکانە کە خودا لە دوای من دەیکاتەوە.
ئەم هەواڵە بەڵگەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆ:
یەکەم: ئەو ئامانجەی محەمەد مەبەستی بوە، بەدرێژی پێشتر باسمان کرد. دوەم: لە بەهێزیی خەیاڵییەوەیە، بەوەی کە ئەم کارەی لەوەوە بوە، ئەو لێدانەی زەوییە ڕەقەکە لە پێناو ئامانجەکەیدا بوە، بۆ ئەوەی پێی بگات، وێنای ئەوەی کردوە ئامانجەکەی هاتبێتەدی و بەو شێوەیە خەیاڵی کردوە، کە لە هەر لێدانێکدا لەو شوێنە ڕەقەی دابێت، وەک ئەوەی وا بەچاوی خۆی شوێنەکانی دیبێت، بۆیە گوتوویەتی، وەک کەڵبەی سەگ وان، لەبەر ئەوەی کۆشک و تەلاری بەرزی تێدابوە، ئەگەر مرۆڤ لە دوورەوە تەماشای بکات و بیبینێت، بە شێوەیەکی بچوک وەک کەڵبەی سەگ دێتە بەرچاو.
ئەمەیش پشتگیریی ئەم قسەیەمان دەکات، کە خەیاڵێکی بەهێزی هەبوە، بە شێوەیەک ئەگەر خەیاڵی شتێکی کردبێت لە بەرچاویدا بەرجەستە بوە، وەک ئەوەی بەچاوی خۆی

بیبینێت و بەگوێی خۆی بیبیستێت، "قسەکانی کلیلی یەمەن و شام و فارسم وەرگرت." وەک هەواڵی غەیب نییە، بەڵکوو وەک گەشبینییەک باسیکردوە، زۆر گەشبین بوە و زۆریش ڕەشبین بوە وەک لە کاتی خۆیدا باسیدەکەین. بەو لێدانەی کە لە بەردە ڕەقەکەیدا، لەو شوێنەی لەبەرانبەر یەمەن بوە، کە سێیەکی بەردەکەی شکاندوە، بەم سەرکەوتنەی گەشبین بوە، هەروەها بە تیشکەکەیش گەشبین بوە، کە لە ژێر قوڵنگەکەوە دەرچوە، بۆیە گوتوویەتی کلیلەکانی یەمەنیان پێدام، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا کە لە بەردەکەی داوە، لە خەیاڵی ئامانجەکەی خۆیدا بوە و وێنای کردوە، وەک لەو بارەوە گێراوێتییەوە،گوتوویەتی: (گەشبین بن بۆ خێر دەیدۆزنەوە) هەروەها بۆ لێدانی دوەم و سێیەمیش، بەڵام ئەم قسەیەی کە لە وەسفکردنی وڵاتی فارسدا بۆ سەلمان کردوویەتی، قسەی سەلمانە بۆ ئەو. پەیامبەری خودا ڕاستگۆ بوە و ئەمە سیفەتی ئەوە، ئەمەی دەیبینمگێڕەوان دروستیان کردوە و ڕاستنییە. ئەگەر ڕاست بێت بەڵگەی ئەوەیە کە یان باس و وەسفی وڵاتی فارسی لە یەکێکەوە بیستوە کە بینیبێتی، یان ڕۆیشتوە بۆ وڵاتی فارس وخۆی بینیویەتی. لەبەر ئەوەی لە کتێبی بەسەرهاتەکانیدا، ئەوەی هاتوە کەموکورتیی تێدایە لە سەفەرەکانیدا، باسی سەرجەم سەفەرەکانیان نەکردوە.(دواتر قسە لە سەر سەفەرەکانی دەکەین.) ئەوە بەڵگەی ئەوەیە خەیاڵی بەرجەستەی شتەکان دەکات و مامەڵەی حەقیقەتی لەگەڵدا دەکات، وەک حەقیقەتیش بینای لەسەردەکات، قسەکانی (الاسود الراعی) کە لەشەڕی خەیبەردا کوژرا، لە کاتێکدا پەیامبەری خودا ئابڵووقەی خەیبەری دابوو، (الاسود الراعی) کە کۆیلەیەکی حەبەشیبە موسوڵمانبوو، گوتیان ناوی یەسار بوە و کرێکارێکی پیاوێکی یەهوودی بوە و سەرپەرشتیی مەڕوماڵاتەکەی کردوە، هات بۆ لای محەمەد و پێی گوت: ئەی پەیامبەری خودا بمکە بە موسوڵمان، ئەویش گوتی ببە، بوو بەموسوڵمان. لە گێڕانەوەیەکی ترداگوتوویەتی: بووم بە موسوڵمان، چیم بۆ دەبێت؟ گوتوویەتی: بەهەشت. بوو بەموسوڵمان و هاتە پێشەوە و لەگەڵ موسوڵماناندا هاوشان شەڕی کردو بەردێکی بەرکەوت، لە گێڕانەوەیەکی تردا: تیرێکی نادیار (کەس نازانێت کێ وەشاندوویەتی) و کوشتی و هیچ سوجدەیەکی بۆ خودا نەبرد، هێنایان بۆ پەیامبەر لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانیدا بوو، خۆی لێ لادا، گوتیان: ئەی پەیامبەری خودا بۆچی خۆت لادا؟ گوتی: ژنەکەی لەگەڵیدایە لەگەڵ حوری عەین کە خۆڵەکە لە سەر دەموچاوی لادەبەن و پێی دەڵێن. خودا خۆڵ بکات بە دەموچاوی ئەوەی دەموچاوی خۆڵاوی کردیت و ئەوە بکوژێت کە کوشتوێتی.

تەماشا بکەن چۆن خەیاڵەکەی بەرجەستە دەکات، تەنانەت خۆی لێ لادەدات، وەک چۆن پیاوێک لەگەڵ ژنەکەیدا ببینێت و خۆیلە ڕێگەیان لابدات. بێگومان کە خۆی لا دەدات دەزانێت پرسیاری ئەوەی لێدەکەن، کاتێک پرسیاریان لێکردوە، ئەوەی پێ گوتوون، بۆ ئەوەی وایان لێ بکات حەزیان لە شەهید بوون بێت و ئارەزووی بکەن، هەل دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی تامەزرۆی بەهەشت لای خەڵک دروست بکات و لەو بارەوەباسی بە خۆشی و گەورەیی دەکات.

(14)

محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی

لە هەندێک بەشی پێشەوەدا قسەمان لە سەر جۆرەکانی گێڕانەوە کرد، باسی بەها زانستییەکەمان کرد، بوونی لاوازیی گێڕانەوەمان ڕوونکردەوە، تا چەند و چ ئاستێک دەتوانرێت لە پرسە زانستییەکاندا پشتی پێ ببەسترێت. لەوێدا مەبەستمان لەو گێڕانەوەیەدا کە تایبەتمەندێت بەوەی پەیوەستە بە ژیانی محەمەدەوە، لە پاش پێغەمبەرایەتیدا، بەڵام گێڕانەوەی پەیوەست بە ژیانی محەمەد لە پێش پێغەمبەرایەتی، زۆر تاریکە و دەستی توێژەر دەگرێت و دەیکات بە تاریکستانێکدا کە نەزانێت چۆن بڕوات و بۆ کوێ دەچێت و ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە، ئەگەر دەست بۆ هەر شتێك ببات بیگرێت، هەست بە گەورەیی گومانکردن نەبێت بە هیچ ناکات، ئەگەر ملی درێژبکاتەوە بۆ بیستن، هیچ شتێک نابیستێت جگە لە دەنگەدەنگی

گومان نەبێت.
لەوەدا محەمەد پاش پێغەمبەرایەتی، هاورێی بۆ دروست بوو کە باوەڕیان پێی هەبێت و لەگەڵیدا ڕێبکەن، دوژمنیشی بۆ پەیدا بوو، کە درۆیان بەدەمەوە دەکرد و بەربەستیان خستە ڕێگای. هەواڵەکان بڵاوبوونەوە و لەنێو عەشیرەتە عەرەبەکاندا ناوبانگی دەنگیدایەوە، تا وای لێهات خەڵک گرینگیان پێدەدا، گواستنەوەی هەواڵەکانی و قسەکردن لەسەری، لە ماڵ و گردبوونەوەکانیاندا جێگەی باسوخواسی ئەوان بوو، بۆیە وای لێ هات گێرانەوە و قسە لە سەر ئەو، بەهای خۆی هەبێت، ئەو وەک لە پێش پێغەمبەرایەتی چۆن بوو، بەو شێوەیە نەمایەوە، بەڵکوو ئەو پێش پێغەمبەرایەتی و پێش ئەوەی ناوبانگ دەربکات، جگە لە یەکێک لە قەوم و عەشیرەتەکەی جێگەی گرینگیپێدانی خەڵک نەبوو، لەماڵ و میوانخانەکانیاندا، گواستنەوەی هەواڵ یان قسەلەسەرکردنی لای ئەوان هیچ نەبوو. کێ دەیزانی کە عەبدوڵلا کوری عەبدولموتەلیبی باوکی، کورێکی لە ئامینە دەبێت، خەڵک هەڵدەسێنێت و دادەنیشێنێت. تا گرینگی بە عەبدوڵلا بدەن و بزانن چۆن داوای ئامینەی کردوە، چۆن چوە بە لایدا، چی کردوە بە مارەیی. کێ دەیزانی ئەم کۆرپەیەی کە لە ئامینە دەبێت، دەبێتە خاوەن پێگەیەکی گەورە، تا گرینگیی پێ بدەن و بزانن کەی لە دایک بوە، لە کوێ پەروەردە کراوە و چۆن گەورە بوە و ئیشی چی بوە و بۆ کوێ سەفەری کردوە. بە تایبەتی کە ئەم کۆرپەیە بە هەتیوی لە دایک بوویێت. بە پێی گێرانەوەیەکپێش لەدایکبوونی محەمەدی باوکی مردوە، بە پێی گێرانەوەی تر، لە پاش لەدایکبوونی باوکی مردوە. هەر شتێك دەربارەی ئەو، وەک سەرجەم خەڵکی تر بوە، لەوانەیە کەس لە خەڵکی مەککە، بە لەدایکبوونەکەی نەزانیبێت جگە لە باپیر و مامەکانی و ئەوانی دوای ئەوان، بۆیە ئەو گێرانەوەیەی دەربارەی ژیانی پێش پێغەمبەرایەتیی بەدەستمان گەییشتوە، زۆر شڵەژاوە و زیاتر دروستکراوە و پشێویی تێدایە، زۆرترینی دوورە لە مەعقوولەوە، ئەوەیش لەبەر ئەوەی خەڵک لە پێش پێغەمبەرایەتیی هیچ گرینگییەکی پێنەداوە و تا پاش مردنی خودی محەمەد بۆ ماوەیەکی درێژ لەو قۆناغەیان نەکۆڵیوەتەوە.
ئەگەر دەتەوێت ئەوتێکەڵیوپێکەڵییە بەچاو ببینیت، تەماشای گێرانەوەکان بکە لە سەر ساڵی لەدایکبوونی بۆ نموونە، جیاوازییەکی گەورەی تێدا دەبینیت، تا دەگاتە یانزە بۆچوون، ئەو ماوە جیاوازەی لە قسەکاندا بەدی دەکەیت، لە نێوان پێش ساڵی فیل بە پانزە ساڵ بۆ پاش ئەو ساڵە بە حەفتا ساڵ، هەروەها گێرانەوەکان لە سەر ڕۆژ و شوێنی لەدایکبوونی و ماوەی دووگیانیی دایکی و مردنی باوکی و تەمەنی ئەو کاتەی دایکی مردوە و هیی تر، لەو شتانەی پەیوەستن بە ژیانی پێش پێغەمبەرایەتییەوە، ئاڵۆزە.ئەوەی نامۆیە کە لە گێرانەوەکاندا هاتوە، لە سەر ماوەی دووگیانیی دایکی کە ماوەکەی یەک سەعات یان سێ سەعات بوویێت، هەروەها دەربارەی تەمەنی لە کاتی مردنی دایکیدا لە چوار ساڵ تا دوانزە ساڵ و مانگێک و دە ڕۆژ جیاوازیی هەیە.
زۆرینەی ئەم گێرانەوانە هیچ پاڵپشتییەکیاننییە و داپراون و بێ پشتگیرین، بەڵکوو هەروا دەیهێنن: بۆ نموونە لە زوهری کەگوتوویەتی ئامینە ئەمە و ئەوەی گوت. زوهری لە کوێی ئامینەیە تا فەرموودەی بەم شێوە نەناسراوەی بۆ بنێرێت، ئینجا تۆ هەندێک قسەی پێکەنیناوی دەبیستیت، وەک ئەوەی تیشکی پێغەمبەرایەتی کە لە نێوچەوانی عەبدوڵلادا بوە، پێش ئەوەی ئامینە بهێنێت، چۆن ئەو تیشکە لە نێو چاوانیدا درەوشاوەتەوە، چۆن لەو کاتەی لەگەڵ عەبدولموتەلیبی باوکیدا ڕۆیشتوە بۆ خوازبێنیی ئامینەی کچی وەهاب ژنێکی لە کەعبەدا بینیوە، پێی گوتوە کە تیشکی پێغەمبەرایەتی لەنێوچەوانیدایە، پێی گوتوە: ئەی گەنج ڕازی دەبیت بێیت بە لامدا، واتە لەگەڵمدا بخەویت و سێکسم لەگەڵدا بکەیت، سەت حوشترت بدەمێ؟ ئەویش ڕازی نەبوە. چۆن ئەم ڕۆشناییە گواستراوەتەوە بۆ دەموچاوی ئامینە، پاش ئەوەی عەبدوڵلا چوە بە لایدا. تا پاش ئەوەی چوە بە لایدا، ئەو ژنەی کە پێش ئامینە ئەو داوایەی لێکردوە، عەبدوڵلا هاتوە بۆ لای و پێی گوتوە: بۆچی ئەمڕۆ ئەو داواکارییەم لێناکەیت؟ پێی گوتوە: ڕووناکییەکەی دوێنێت نەماوە و ئەمڕۆ پێویستیم پێت نییە. چۆن ڕووناکیی پێغەمبەر محەمەد لە دەموچاوی عەبدوڵڵای باوکیدا دەبینرا، وەک ئەستێرەی درەوشاوە، کە ژنان پێی سەرسام بوون و گرینگیان پێداوە، چۆن لەو کاتەوەی ئامینەی هێناوە هیچ ژنێک لە قورەیش لە بەنی مەخزووم و عەبد شەمس و عەبد مەناف نەما لە داخا نەخۆش نەکەوێت، کە ئەوانی نەهێناوە، لەبەر ئەو ڕووناکییەی کە بۆ ئامینە گواستویەتییەوە.
نازانم بۆچی ئەم ڕۆشناییەیان تەنها لە دەموچاوی عەبدوڵڵای کوری وعەبدولموتەلیبی باپیریدا

بینیوە، کە پێویستە لە دەموچاوی سەرجەم باوانیدابێت، هەروەها باسی گواستنەوەی ئەم ڕووناکییە لە دەموچاوی عەبدولموتەلیبەوە بۆ دەموچاوی دایکی عەبدوڵلا نەکراوە، باسی گواستنەوەی لە دەموچاوی ئامینەی پاش لە دایکبوونی محەمەد نەکراوە، کە پێویستە و دەبێت پاش لە دایکبوونەکە لە دەموچاوی ئامینەدا نەمێنێت، وەک ئەوەی لە کاتی چوونە لای ئامینەدا، لە دەموچاوی عەبدوڵلادا نەماوە.
ئەوەی لە سەر دایکی گوتراوە، لەو کاتەی ژانی گرتوە و ئازاری بۆ هاتوە چۆن ژنانی وەک دارخورما بینیوە هاتوون بۆ لای بۆ مامانی و لە کوپێکی زۆر سپیی ئاویان داوەتێ،کە لە شیر سپیتر و لە سەهۆڵ ساردتر و لە هەنگوین شیرینتر بوە، ئینجا یەکێکیان دەستی بە سەر زگیدا هێناوە وگوتوویەتی: بەناوی خودا دەریبکە بەئیزنی خودا، ئینجا پێیان گوتوە، ئێمە ئاسیای کچی فیرعەون و مریەمی کچی عیمرانین، ئەمانە لە حۆریی عەینن، هیچ قسەیەکمان لە سەر ئەمە نییە، کە ئەمە خەونبینین لەخۆدەگرێت، ئەگەر لە دوورەوەیش بێت، کە لە منداڵبوونەکەدا خەوی لێبکەوێت، بەڵام ئەو قسانەی کە گوتراونپاش لەدایکبوونەکە قسەی کردبێت، خورافەن.
دەربارەی ژیانی محەمەد لەپیش پێغەمبەرایەتی، زۆر شتی لەم بابەتە دەدۆزینەوە لە قسەوباسی دروستکراو، جگە لە قسەیەک کە حیکایەتخوانان دروستیان کردبێت هیچ شتێکی تر نییە، ئەمەیش پاش مردنی محەمەد بە زەمەنێکی زۆر دایانناوە.
پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە محەمەد پێش پێغەمبەرایەتیی کەس باسی نەکردوە و ناوبانگی نەبوە، لای عەشیرەتەکانی عەرەب نەناسراو بوە، لەبەر ئەوەی ناوبانگ لەو زەمانە بە یەکێک لەم سێ ڕێگایەوە بوە: لە ڕێگەی بەخشندەیی و خانەخوێیی؛ وەک حاتەمی تەی، یان بە پاڵەوانێیەتی لە شەڕ؛ وەک ناوبانگی عەنتەرەی کوری شەدادی عەبەسی، یان بە شیعر و باش لێزانینی؛ وەک ناوبانگی خاوەن هەڵواسراوەکان (المعلقات). لەوانەیە هەندێک بە تاکتاك ناوبانگیان بەدەر لەو سێ ڕێگایە دەرکردبێت، وەک لە ڕاکردندا خێرابن و وەک ناوبانگی زەرقای یەمامە لە تیژبینی و دووربینی، محەمەد هیچ شتێکی لەم بارەوە نەبوە تا ناوبانگی هەبووبێت و خەڵک ناسیبێتی، بۆیە ژیانی پێش پێغەمبەرایەتیی ئاڵۆزە و لێڵە، هیچ شتێک لەپێش چل ساڵی لە تەمەنی نازانین، جگە لە هەندێک مەسەلەی کەم، وەک خۆنیشاندانی لە بەنی سەعد و سنگهەڵدڕینەکەی و سەفەرەکەی بۆ شام، دوو یان سێ جار بوە، ئامادەبوونی لە شەڕی خوجار، بینینی هاوپەیمانی فزوڵ، کارکردنی لەگەڵ قورەیشدا لەبنیاتنانی کەعبەدا، هێنانی خەدیجە، حەزکردن لە خەڵوەت لە حەڕرادا، ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە لە پێش پێغەمبەرایەتی لە سەری دەزانین، شتێکی زۆر کەمە و بەس نییە بۆ لەخۆگرتنی تەنانەت چەند ساڵێکیش. ژیانی پێش پێغەمبەرایەتیی نادیارە، زۆر شتی لە بارەوە نازانین، بەتایبەتی لە کاتی گەییشتنی بە تەمەنی بیست ساڵی، نازانین ژیانی ڕۆژانەی چۆن بوە، چۆن ڕۆژەکانی لە مەککە بەسەربردوە، کێ هاوڕێی بوە، نێکەڵاویی کێ بوە لە کەسوکارەکەی، سەفەرەکانی بۆ وڵاتان چەند بوون. بەڵگە هەیە لە سەر سەفەرکردنی تری جگە لەوانەی باسکراون، لە شوێنی خۆی باسی دەکەین.

سنگ هەڵدڕینی
پێغەمبەر لە :کورتەی ئەم پرۆسە پزیشکییە ئیلاهییە وەک لە سیرە (ابن هشام)دا هاتوە تەمەنی سێ ساڵیدا، لەگەڵ کوری شیردەرەکەی حەلیمەی سەعدیە لە پشت خانوەکانیاندا یاری دەکەن، کوری شیردەرەکەی خێرا دێت بۆ لای دایک و باوکی، پێی گوتوون: دوو پیاوی جلی سپی لەبەر ئەو قورەیشییەیان برد، پاڵیان خست و سنگیان هەڵدڕی، بە جەڵدە لێیاندا. دایکیگوتوویەتی؛ من و باوکی ڕۆیشتین بۆ لای، بینیمان وەستاوە و دەموچاوی گرژ و مۆنە، لە باوەشم گرت و باوکیشی هەروەها، پێمان گوت چیتە کورم؟ گوتی: دوو پیاوی جلسپی هاتن و پاڵیانخستم و سنگیان هەڵدڕیم و شتێکیان دەویست نازانم چی بوو.
ئەم نەشتەرگەرییە پزیشکییە زۆر ئاسانە، ئەگەر تەنها قسەکردن لە سەری لەمەدا بوەستایە و فراوان نەبوایەتەوە، لەو قسانەی کە ئیبن ئیسحاق لە جوهم لە ئەبی جوهم یەکێک بوو سەر بەوان، بەڵام حیکایەتخوانان لە باسکردنیدا زۆرتریان کردوە، ئەوەی ویستوویانە بە دڵی خۆیان خستوویانەتە سەری، ئێمەیش لێرەدا ئەو گێرانەوەیە تا بەو پرەی کە چەند یارییان بەم پرۆسەوە کردوە بە درێژی پاس دەکەین.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت؛ کۆمەڵێک هاوەڵی پەیامبەری خودا گوتیان: ئەی پەیامبەری خودا باسی خۆتمان بۆ بکە، گوتی: بەڵێ، من لە داواکارانی باوکم ئیبراهیم و مژدەبەخشیی عیسام،

ئەوەم کە دایکم بینیوە بەمن دووگیان بوە، ڕووناکییەکی لێدەرچوە کۆشکەکانی شامی ڕووناک کردوەتەوە، ساواییم لە بەنی سەعد بن بەکر، من و برایەکم لە پشتی خانوەکانمان دەگەڕاین، دوو پیاوی جلسپی هاتن و تەشتێکی زێڕینیان پێ بوو کە سەهۆڵی تێدابوو، بردیانم و سنگیان هەڵدڕیم و شلاوێکی ڕەشیان دەرهێنا و فڕێیاندا، دڵ و ناو سنگیانم بەو سەهۆڵە شت تا پاکژیان کردەوە. ئینجا یەکێکیان بە هاوڕێکەی گوت: بە دە کەس لە ئومەتەکەی بیپێون، کە پێوامی هاوکێشیان بووم، واتە هاوسەنگبووم لەگەڵیاندا، ئینجا گوتی: بە سەت لە ئومەتەکەی بیکێشە واتە بیپێوە، کە پێوامی لەوێشدا هاوکێش بووین، ئینجا گوتی: بە هەزار لە ئومەتەکەی بیپێوە، دیسان هاوکێشیان بووم، ئینجا گوتی: وازی لێبهێنە، بەخودا ئەگەر بە سەرجەم ئومەتەکەی واتە میللەتەکەی بیپێوی، هاوکێش و هاوسەنگ دەبێت لەگەڵیاندا.
تێبینی: لە گێڕانەوەی یەکەم دەڵێت، سنگیان هەڵدڕیم شتێکیان دەویست نازانم چی بوو، لەم گێڕانەوەیەدا جگە لە سنگهەڵدڕان دەرهێنانی دڵ و هەڵدڕینی، دەرهێنانی شلەیەکی ڕەشیشی خستە سەر کە فڕێیدا، ئینجا تەشت و سەهۆڵەکە و شتنی دڵ و ناوسک و کێشەکەیشی زیادکرد. ئەوەیان بەسەردا تێپەڕی کە باسی چۆنێتیی کێشانەکەیبکەن، ئایا تەرازوویان هێنا و خستیانە تایەکی و ئەوانی تریان لە تاکەی تر دانا، یان ئەویان بە دەستێک هەڵگرت و ئەوانی تریان بە دەستەکەی تر، ئەم شتەیان لەدەست دەرچوو، ئەگەر بە مێشکیاندا بهاتبایە چییان بویستایە لە سەر زاری محەمەدەوە دایان دەنا.محەمەد لە کاتی ئەم ڕووداوەدا سێ ساڵی تەمەنی تەواو نەکردبوو، گێڕانەوەی یەکەم ئەوەندە ئاسانە وا گونجاوە کە لەدوەم زیاتر بگوترێت، زۆر دوورە کە بۆ خۆی ئەم زیادەیەی خستبێتە ناوی، لە کاتێکدا گەورە بوە و چوەتە ساڵەوە.
لە ئیبن عەباس وەرگیراوە: حەلیمە وای گوتوە کە محەمەد گەشەی کرد و گەورە بوو،دەچوە دەرەوە و تەماشای منداڵانیدەکرد، کە یارییاندەکرد، خۆی لادەدا لێیان. ڕۆژێک گوتی: دایکە بۆچی براکانم بە ڕۆژ نابینم؟ گوتم: بە قوربانت بم، ئەوان خاوەن ئاژەڵن وشوانی دەکەن، لە شەوەوە بۆ شەو دەڕۆن، گوتی: بمنێرە لەگەڵیاندا، بەخۆشحاڵییەوە لەگەڵیاندا دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە، حەلیمە گوتی: ڕۆژێک لەو ڕۆژانە کە دەرچوون، لە نێوەڕۆدا براکەی بە ڕاکردن و ترسەوە ئارەقەی لێدەچۆڕا و بە گریانەوە هات بۆ لام، هاواریدەکرد، باوکە دایکە فریای محەمەدی برام بکەون، ئێوە نایگەنێ و ئەو مردوە. گوتم: کێشەکە چییە؟ گوتی: ئێمە ڕاوەستابووین، پیاوێک هات و لامان ڕفاندی و بردی بۆ بەرزاییی شاخەکە و ئێمە تەماشاماندەکرد، تا سنگیان هەڵدڕی بۆ خوارەوە و نازانم چییان لێکرد. حەلیمە گوتی: ڕامکرد لەگەڵ باوکیدا هەوڵێکی زۆرماندا، کە بینیمان لە لوتکەی شاخەکە دانیشتوە، لە ئاسمان ڕاماوە و بزە دەکات و پێدەکەنێت، خۆمم دا بەسەریدا و نێوچەوانیم ماچکرد و پێم گوت: بەقوربانتبم چیت بەسەرهات؟ گوتی: خێرە ئەی دایکە، گوتی؛ لەو کاتەدا هەندێک خەڵک هاتن و مەسینەیەکی زیو بە دەستی یەکێکیانەوە بوو، تەشتێکی زومڕدی سەوز بە دەستی یەکێکی تر و بردمیان و بۆی دەرچوون بۆ لوتکەی شاخەکە و بەجوانی پاڵیان خستم لە سەر شاخەکە، ئینجا سنگیان هەڵدڕیم تا خوارەوە و من تەماشامدەکرد، نە هەستم پێ کرد نە ئازارم هەبوو. ئەمە فەرموودەیە.
تێبینی: کورەکەی حەلیمە دەڵێت پیاوێک بۆی هات، محەمەد دەڵێت سێ کەس، لە گێڕانەوەی پێشوودا هاتبوو کە دوو پیاو بوون، ئەوەی زیادکراوە کە نەشتەرگەرییەکە لە لوتکەی شاخەکە کراوە، لە گێڕانەوەی تر، واهاتوە کە لە پاڵ دۆڵێک کراوە، حەلیمە لە گێڕانەوەی پێشوودا گوتی: لەگەڵ براکەیدا لە پاڵ خانوەکەدا بوە، هەروەها محەمەد گوتی لەگەڵ براکەمدا بووم، لەم گێڕانەوەیەدا لەگەڵ سەرجەم براکانیدا بوە، لە گێڕانەوەی پێشوودا، کە حەلیمە هاتوە بۆ لای لەگەڵ باوکیدا بینییان ڕاوەستاوە و دەموچاوی گرژومۆنە، لەم گێڕانەوەیەدا کە بینییان بزەیدەکرد و پێدەکەنی، لەم گێڕانەوەیەدا تەشتەکە زومڕدی سەوز بوە، بەڵام لەوەی پێشوو زێڕ بوە. لە گێڕانەوەی پێشوو تەشتەکە پڕبوە لە سەهۆڵ، لەمەدا هیچ باسی سەهۆڵ نەکراوە، لەم گێڕانەوەیە هیچ باسی دڵ و سنگ هەڵدڕین نەکراوە، لەگێڕانەوەی پێشوودا باسکرابوو، بەڵام خاوەنی سیرەی حەلەبی دەیەوێت لە نێوان ئەم گێڕانەوانەدا سازانێک بکات و کۆیان بکاتەوە، ئەمەیش تازیەتبار و باوکمردوو دەخاتە پێکەنین، لە گێڕانەوەکانیدا دەڵێت: لە بەنی سەعد شیرم پێدەدرا، من و براکەم لە پشت خانوەکانەوە مەڕومەڵاتمان بەخێو دەکرد، دوو پیاوی جلسپی هاتن بۆ لام، یەکێکیان تەشتێکی زێرینی بە دەستەوە بوو، پڕ بوو لە سەهۆڵ بردیانم و سنگیان

هەڵدڕیم و دڵیاندەکردم و دوولەتیان کرد و شلاوێکیڕەشیان لێدەرهێنا و فڕێیان دا، گوتیان ئەمە
چانسی شەیتانە لەتۆدا، ئەی خۆشەویستیی خودا. لە گێڕانەوەیەکی تردا، جێدەستی
شەیتانیان لێدەرکرد و دڵیان بەو سەهۆڵە شۆرد، تا پاکژیان کردەوە و بە باوەڕ و حیکمەت پڕیان
کردەوە، لە گێڕانەوەیەکدا یەکێکیان بە هاوڕێکەی گوت چەقۆیەکم بدەرێ و بۆی هێنا، خستییە
.دڵمەوە و گوتی: کۆتاییەکەی مستیلەکەی لە شانمدا دانا وەک ئێستا دەیبینن

تێبینی: ئەم گێڕانەوەیە، لە سەرووی شلاوەڕەشەکە چانسی شەیتان و جێدەستیشی
زیادکراوە، لە گێڕانەوەکەی پێشوودا گوتی: شتێکیان دەویست نەمزانی چی بوو. مستیلەکەی
لە پشتی دانا، لە گێڕانەوەی تردا بوونی نییە، لە وەڵامی براکەی بەنی عامردا گوتی: لە بەنی
سەعد شیرەخۆرە بووم، بەڵام لە ڕۆژێکدا کە لە کەسوکارەکەم زیز بووم، لە ناوەڕاستی دۆڵێکدا
لەگەڵ هاوتەمەنەکانم لە منداڵان، سێ کەس هاتن و تەشتێکی زێڕینیان پێ بوو پڕ بوو لە
سەهۆڵ، لە نێو هاوڕێکانمدا بردیانم تا گەیاندیانمە لاپاڵی دۆڵەکە، هاوڕێکانم بە ڕاکردن هاتن بۆ
لایان گوتیان، نیازتان چییە (واتە چیتان دەوێت) لەم منداڵە (غوڵام)؟ ئەو لە ئێمە نییە، ئەو کوڕی
سەیدی قوڕەیشە و لای ئێمە بەخێوی دەکەین، هەتیوە و باوکی نییە، چ قازانجێکی لێدەکەن
ئەگەر بیکوژن، ئەگەر دەتانەوێت یەکێک بکوژن هەر کەسێکتان دەوێت لە ئێمە بەرن لەجیاتیی
ئەم منداڵە هەتیوە، کاتێک وەڵامیان نەبوە، منداڵەکان ڕایان کردوە بۆ گەڕەک و هاواریان کردوە.
یەکێکیان هات بۆ لام و بەجوانی پاڵی خستم و ئینجا سنگی هەڵدڕیم و تا خوارەوە و منیش
تەماشامدەکرد، هیچ هەستم پێنەکرد و ناوسکیان دەرهێنام بەجوانترین شێوە بە سەهۆڵەکە
شتیان و گەڕاندیانەوە شوێنی خۆی، ئینجا کەسی دوەم بە هاوڕێکەی گوت لاچۆ لە لای و
لایبرد، پاشان دەستی بردە ناوسکمەوە و دڵی دەرهێنام، منیش تەماشامدەکرد، دوولەتی کرد،
شلاوێکی ڕەشیان لێ دەرکرد و فڕێیاندا، ئینجا ئەملاوئەولایان پێ کرد، وەک ئەوەی شتێکی
لێ دەبەن، مستیلەیەکی لە دەستدا بوو کە تیشکێکی هەبوو بە بینینی سەرسام دەبیت،
مۆری بە دڵمەوە ناو پڕ بوو لە ڕووناکی و گەڕاندییەوە شوێنی خۆی، ساردیی مستیلەکە لە
دڵمدا بۆ ماوەیەکی درێژ مایەوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا، ئێستا من لەم کاتەدا ساردیی
مستیلەکە لە دەمار و جومگەکانمدان. ئینجا سێیەم کەسیان بە هاوڕێکەی گوت خۆت لادە،
لاچۆ، دەستی خستە سەر سینگم، تا خوارەوەی سینگم دڕانەکە یەکی گرت و بەناوی خودا
مۆری کرد، ئینجا دەستی گرتم، بە شێوەیەکی هێمن و جوان لە شوێنەکەم هەڵیساندم.دواتر
ئەوەی یەکەم بەوەی سینگی هەڵدڕیم گوتی، بەبیست لە ئومەتەکەی بیکێشە، کە پێوامی
لەوان قورستر بووم، ئینجا گوتی: بە سەت لە ئومەتەکەی بیپێوە، کە کێشامی لەوان قورستر
بووم، ئینجا گوتی بە هەزار لە ئومەتەکەی بیکێشە، دیسان لەوان قورستر بووم، ئینجا گوتی:
وازی لێبهێنە، ئەگەر بە سەرجەم ئومەتەکەی بیکێشی لەوانە قورستر دەبێت، ئینجا ئامێزیان
لێدام و سەر و نێوچەوانیان ماچکردم، ئینجا گوتیان ئەی خۆشەویستی خودا، نازانیت ئەوەی
خێریان بۆ ویستووی و ئاگات لێ نییە، ئەگەر بیزانیت دڵنیادەبوویت، ئینجا گوتیان: کە ئەمەمان
بینی، گەڕەک بە هەموویانەوە هاتن، دایەنەکەم لە پێشەوە هاواری کرد و گوتی: ئەی لاواز...
خۆیاندا بەسەرمدا و لەخۆیان گرتم، سنگیان گوشیم و سەریان ماچکردم، گوتیان ئای، چەند
خۆشە تۆ لاوازبیت، ئینجا دایەنەکەم گوتی: ئەی تەنیا "یێکەس"... دایانکوتا بە سەرمدا و لە
بەسینگی خۆیانەوە نووساندم و سەر و نێوچەوانیان ماچکردم و گوتیان: چەند خۆشە تۆ
تەنیایت،کە تەنیا بیت خودا و پەری و باوەڕدارانی سەر زەویت لەگەڵدایە. ئینجا دایانەکەم گوتی:
ئەی هەتیو لە نێوان هاوڕێکانتدا سەرگەردان بوویت لە لاوازیدا کوشتیانت، خۆیان دا بەسەرمدا و
بەسینگیخۆیانەوەنووساندمو سەر و نێوچەوانیان ماچکردم، باشتر تۆ هەتیو بوویت کە خودا
ئەمەی پێ بەخشیوی، ئەگەر بزانیت چ هێزێکیان بۆ ویستوویت، دڵخۆش دەبوویت، ئینجا
خەڵکی گەڕەک گەییشتنە لاپەری دۆڵەکە، کە دایکم (دایەنم بوو) تەماشای کردم گوتی: نازانم
چۆن بە زیندوویی دەتبینم و خۆی دا بەسەرمدا وبەسینگی خۆیەوە نووساندم. بەوەی گیانمی
بەدەستەوەیە، لەو کاتەدا کە ئامێزی لێدام، لە باوەشیدابووم، دەستم لە دەستیاندابوو (واتە
پەرییەکان)، قەومەکەم (نەیبینین) واتە نەیناسین، هەندێک لە قەومان هاتن و گوتیان ئەم
غوڵامە تووشی کەمێک شێتی بوە با بیبەین بۆ لای قەشەکان، بۆ ئەوەی چارەسەریبکەن،
گوتم: هێی، من ئەوەم نییە کە تۆ دەیڵێیت و هەموو ئەندامانی لەشم ساغ و سەلامەتن و دڵم
چاکە و هیچ شتێکم نییە، باوکم (مێردی دایەنەکەم) گوتی: نابینن باش قسە دەکات، هیوادارم
هیچ شتێکی خراپی نەبێت، ئەوان ڕێکەوتن کە بمبەن بۆ لایان "واتە قەشەکان" و بردمیان و

چیرۆکەکەمیان بۆ باسکرد، گوتی: بێدەنگ بن با لەخۆی ببیستم، ئەو لەئێوە باشتر دەزانێت، پرسیاری لێکردم ئەوەی بەسەرمدا هاتبوو بۆم باسکرد، لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەستایە سەرپێ و بە بازدانەوە لە سنگی گرتمو بە دەنگی بەرز هاواری کرد، ئای لە عەرەب، ئای لە عەرەب، لەو شەڕەی کە نزیکبوەتەوە، ئەم غوڵامە بکوژن و منیش لەگەڵیدا بکوژن، بە لات و عیزا ئەگەر وازی لێبهێنن دەبێتە ئەو پیاوەی کە دینەکەتان دەگۆڕێت و عەقڵی خۆتان و باووباپیرتان بێبەها دەکات، ناکۆک و جیاوازدەبێت لەگەڵتاندا و ئایینێکتان بۆ دەهێنێت کە نەتانبیستبێت، دایەنەکەم هاتە پێش لە باوەشی گرتمەوە و گوتی: تۆ شێت و دێوانەیت، ئەگەر بمزانیبایە قسەکانت ئەمە دەبێت، نەدەهاتم بۆ لات، داوا بکە یەکێک تۆ بکوژێت، ئێمە ئەم "غوڵامە ناکوژین و ئینجا بردمی بۆ لای کەسوکار، زۆر ترسام لەوەی پێیان کردم"واتە پەرییەکان.
لەم گێڕانەوەیەدا باسی دەرکردنی هەناو و شۆردنەوەی کرد کە لە هیچ گێڕانەوەیەکی تردا باسنەکراوە، ئەم گێڕانەوەی بەوە داخست کە باسی پڕبوونی دڵی لە حیکمەت و ئیماندەکرد، کە هێوری و هێمنیی پێ بەخشی، وەک لە گێڕانەوەی پێشوو باسکرا: لەم گێڕانەوەیەدا مۆرەکە لە سەر دڵی بوە، لەگێڕانەوەی پێشوودا، لە نێوان شانیدا. لەم گێڕانەوەیەدا نەشتەرگەرییەکە لە لاپەڕی دۆڵەکەدابوە، لە گێڕانەوەی پێشوودا لە لوتکەی شاخەکەدا بوە.
هەندێک خستنەسەری تری لەم گێڕانەوەدا هەبوو، وتەی منداڵەکان بۆ ئەوانەی بردنی بۆ قەراغی دۆڵەکە، کە زۆر دوورە لەم ساتە ترسناکەدا کە ویستوویانە سنگی هەڵدڕن، گوتبێتیان؛ ئەگەر دەتانەوێت بیکوژن بەرەڵلایبکەن و یەکێک لە ئێمە بکوژن، قسەکردنی لەم جۆرە لە لایەن منداڵانەوە نە عەقڵ دەیبڕێت و نە جێگەی باوەڕیشە، ئەوەی چاوەڕوانکراوبێت، ترس و ڕاکردنە.
ئینجا هاواری حەلیمە و پەری لەخۆی بگرێت و نێوچەوان و سەری ماچبکەن، لە هەر قسەیەکدا کەحەلیمە کردبێتی. ڕۆیشتنیان بۆ لای قەشە، نازانم بۆچی قەشەکە داوایکردوە خۆیشی لەگەڵدا بکوژن. تەنانەت حەلیمە گوتوویەتی، داوای یەکێک بکە خۆت بکوژێت من ئەم غوڵامە ناکوژم. بێگومان لەم دروستکراو و هەڵبەستراوانەی لەم گێڕانەوە و باسەدا لەکەمترین تێرامان تێیدا دەردەکەوێت، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، دەبێت محەمەد لە تەمەنی سێ ساڵییەوە قسەی پەرییەکانی زانیبێت، لە قسەی ئەم قەشەیەدا دەردەکەوێت کە دەبێتە پەیامبەر و بتەکان دەشکێنێت و بانگەشەی پەرستنی خودا دەکات، لەگەڵ ئەوەدا هەواڵەکان وا دەردەخەن کە .پێش بانگەشەی پەیامبەری نەیزانیوە کە پەیامبەرە، ئەمەیش لە دواتردا باسی دەکەین
ئەم گێڕانەوانە لە یەک ڕووداوەوە هاتوە، لە یەک ڕۆژ و یەک شوێندا، دووبارە نەبوەتەوە، ئەمەیش ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکەیە، کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا بوە، لەو کاتەی لای حەلیمەی دایەنی بوە، ناتوانرێت ئەم گێڕانەوانە کۆبکرێنەوە و سازانێک لە نێوانیاندا بکرێت. جگە لەوەی بڵێیت ڕووداوەکە شتێکە و ئەوەی لەم قسەوباسانەدا هاتوە شتێکی ترە، ئەمەیش لە دروستکردنی حیکایەتخوانان و گێڕەوان و هەلپەرستیی ئەوانەوە بوە. ئەم قسەیە دوایی ڕوون .دەکەینەوە

(15)
دووبارەکردنەوەی نەشتەرگەریی سنگهەڵدڕین
لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە، نەشتەرگەریی سنگهەڵدڕین پێنج جار دووبارە بوەتەوە، بەجیاوازیی لەگەڵ یەکدا: یەکەم جار لەو کاتەدا کە محەمەد "ساوا" شیرەخۆرە بوە لە بەنی سەعد و لە تەمەنی سێ ساڵیدا بوە، کە پێشتر باسکرا. دوەم، کە دە ساڵ و چەند مانگێک بوە. سێیەم، کە کوری بیست ساڵ و چەند مانگێک بوە. چوارەم، لە کاتی هاتنی وەحیدا لە حاڵەتی سروشدابوە. پێنجەم، لە کاتی میعراجدا. نازانم و گێڕەوانیش نازانن دووبارەکردنەوەی ئەم پرۆسەیە چ حیکمەتێکی تێدایە. ئەگەر ویسترابێت لەم سنگهەڵدڕانەدا چانسی شەیتان تێیدا دەربهێنرێت، وەک لە هەندێک گێڕانەوەدا باسکراوە، یەکجار بۆ ئەوە بەسە، با باسی ئەوەت بۆ بکەین لە دووبارەکردنەوەکاندا چی هاتوە، جارێک کە کوری دە ساڵان بوە، لە پەیامبەرەوە هاتوە وگوتوویەتی: دوو پیاو هاتن و یەکێکیان بەویتری گوتوە پاڵی بخە، پاڵیخستم لە سەر پشت و سنگیان هەڵدڕیم، یەکێکیان ئاوی بە تەشتە زێڕینەکە دەهێنا و ئەوی تر هەناوی شتم، ئینجا دڵی هەڵدڕیم و گوتی: لێرە دەرچۆ ئەی ڕق و ئیرەیی، شلاوێکی لێدەرکرد

و شتێکی وەک مسی تێکرد و ئینجا قوتکەیەکی دەرهێنا و پێیداکرد و پەنجەتووتەی گرتم و گوتی بڕۆ و سڵاو بکە.

تێبینی: لەم گێڕانەوەیەدا بەوەوە وەستاون کە تەنها باسی کاتەکەبکەن و باسی شوێنەکەیان نەکردوە، دیارە لە مەککە بوە، هەروەها باسی هیچ کەسێکیان نەکردوە کە بینیبێتی، وەک کورەکانی حەلیمەی سەعدیە لە نەشتەرگەرییەکەی پێشوودا بینییان، دەبێت لە مەککە بووبێت... لە نێو خەڵک و کەسوکار و عەشیرەتدا. دەبێت هەندێکیان بینیبێتیان، ئەم جارە باسی مۆرەکە ناکات کە لەجاری یەکەم دا کردی، ئەم جارەیش باسی دەرهێنانی شلاوەکەی کردوە، کەچی جاری پێشوو شلاوەکەیدەرکردو فڕێی دابوو، دووبارە تێکچوونی مەحاڵە، لەوە دیارە کە برینەکە بە پێداهێنانی قوتکەکەی دەستیان پێکەوەنووسابێت، کە لەجاری یەکەم لە کاتی ساوایی تەنها بە دەستلێدانی پەرییەکان هەڵدڕینەکەی پێکەوە نووساوە.

نەشتەرگەریی سێیەم

خاوەنی سیرەی حەلەبی لە (الدر المنثور) و لە (زوائد مسند) ئیمام ئەحمەد لە ئەبی بن کەعب لە ئەبووهەریرە وەرگیراوەگوتوویەتی: ئەی پەیامبەری خودا یەکەم شت چیت بینی لە کاتی پەیامبەرییەکەتدا؟ پەیامبەر لە دانیشتنەکەی ڕاست بوە و گوتی: ئەی ئەبا هەریرە پرسیارتکرد، لە بیابانێکدا بووم کە تەمەنم بیست ساڵ و چەند مانگێک دەبوو، لە ناکاو قسەیەکم لە سەر سەرمەوە بیست، کە پیاوێک بەویتری دەگوت، ئەمە ئەوە، بەشێوە دەموچاوێکەوە بینیمن، کە لە هیچ خەڵقێکدا نەمبینیوە، جلێکان لەبەر بوو قەت لەبەری کەسدا نەمبینیوە، بەڕێکردن هاتن بۆ لام تا هەر یەکەیان دەستێکیان گرتم، کە لە دەستگرتنەکە هیچ بەرکەوتنێکم هەستپێ نەکرد، یەکێکیان بە هاورێکەی گوت: پاڵی بخە، بە بێ هیچ کۆشك و تەلارێك و دوور لە هیلاککردنم پاڵیانخستم، یەکێکیان بە هاورێکەی گوت: سینگی هەڵدڕە، هەڵیاندڕی... نە خوێن و نە ئازاریشم نەبینی، پێی گوت: ڕق و بوغز و ئیرەیی لێ دەربکە، شتێکیان دەرکرد وەک شلاوێک بوو فڕێی دا، پێی گوت: بەزەیی و ڕەحمەتی تێبکە، وەک ئەوەی شتێکی نیمچەبرۆنزی دەربهێنێت، لە پەنجەتووتەی قاچی ڕاستی دام و گوتی: بڕۆ و سەلامەت بە، گەڕامەوە کە ئەمەیشبەزەییی بە منداڵ و ڕەحم بە گەورە گرتنی تێدایە.

تێبینی: لەم گێڕانەوەیەدا دوو شت هەیە شایانی تێڕامانە: بینینی یەکەم، ئەبووهەریرە پرسیاری لە پەیامبەر لە سەر یەکەم شتی لەکاروباری پەیامبەریی لێکرد، پەیامبەر ئەم چیرۆکەی بۆ باسکرد، واتە سنگهەڵدڕینەکەی کە بیست ساڵان بوە، دەبێت ئەمە یەکەم شتی پێغەمبەرایەتی بێت، کە لەکاروباری پێغەمبەرایەتیدا بینیبێتی، سەرەڕای ئەوەی دووجاری تر وای لێ هاتوە، لە کاتی ساوایی لە لای بەنی سەعد و لە کاتی دە ساڵیدا، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، کە ئەمە یەکەم کاری پەیامبەرایەتی بێت، سنگهەڵدڕینەکانی پێشوو بەتاڵ دەبنەوە، ئەگەر ئەوانەی پێشوو ڕاست بن، ئەم پەیامبەرایەتییەی لەم جارەدا باسی کردوە بە تاڵ دەبێتەوە.

دوەم قسەی یەکێک لە پیاوەکان بۆ ئەوی تر (ئەمە ئەوە) بەڵگەی ئەوەیە کە نەیانناسیوە، سەرەڕای ئەوەی پێشتر لە کاتی ساواییدا و لە دە ساڵیدا ئەوەیان لێکردوە. ئەم پرسیارەی ئەمە ئەوە -ئەگەر ڕاست بێت- بەڵگەی ئەوەیە کە سینگهەڵدڕینەکەی لە بیست ساڵیدا یەکەم نەشتەرگەری بوە و لەمەدا فەرمانی پەیامبەرایەتیی بۆ دەرچوە، ئەوەی باسیان کردوە لە سەر دووجاری تر، لە سەر نەشتەرگەریی هیچ بناغەیەکی نییە. خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: (ئەم گێڕانەوەیە هەمان گێڕانەوەی پێشترە کە بیست ساڵ ماوەی هەڵەی تێکەوتوە.) دەڵێم با ئەوە بە هەڵەی حیکایەتخوانان دابنێین، چی بەوە بڵێین کە گوتوویانە(ئەمە ئەوە)، ئەگەر ئەمەیش هەڵەی گێڕانەوە بێت، ئەمە زۆر دوورە و ناشێت گێڕەوە ئەم هەڵەیەی کردبێت، لەجیاتیی دە ساڵان بیست ساڵانی گوتبێت، ئینجا خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: ئەمەیش ئەو ئەگەرە هەڵدەگرێت کە ئەم جارە کوری بیست ساڵان بووبێت و لە خەوندا بووبێت، دەشێت ڕای گۆڕیبێت.

نەشتەرگەریی چوارەم

ئەمە لە کاتی سەرەتای دەستپێکردنی هاتنی وەحی ڕووی داوە. لە پەیامبەرەوە هاتوە و گوتراوە، کەگوتوویەتیجبریل و میکائیلم بۆ هات، جبریل بردمی بۆ ناوەڕاستی(القفا) ئینجا سنگی هەڵدڕیم و دڵی دەرهێنام، ئەوەی خودا ویستی لێیکرد، لە تەشتێکدا بەئاوی زمزم

شۆردی، ئینجا گەڕاندییەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، دواتر یەکیخست، ئینجا وەک مەنجەڵ سەری داخستم، دواجار پشتی مۆر کردم.

تێبینی: ئەوەی لەم گێڕانەوەدا جێگەی تێڕامانە ئەوەیە، لە جارەکانی تر گوتی؛ دوو پیاو هاتن بۆ لام، ئەمجارە گوتی جبریل و میکائیل. ئەمەیش بەڵگەیە کە بیری پێغەمبەرایەتی پێشتر ڕوویندابوو، جبریل و میکائیلی نەزانیوە، ئەو دوو تارماییە بینراوەی بەدوو پیاو زانیوە، بەڵام لەم جارەدا بیری پێغەمبەرایەتی لەمێشکیدا دروستبوە، زانیویەتی کە جبریل نێوەندگیریی خودا و پێغەمبەرەکانییەتی، ئەو دوو تارماییە بینراوەی لەم حاڵەتەی بە جبریل و میکائیل ناساندوە.
ئینجا لەم جارەدا ئەوەی جبریل لە دڵی دەرهێناوە بە نەزانراوی هێشتوەتەوە و ڕوونی نەکردەوە و گوتی: (ئەوەی خودا ویستی لێیدەرهێنا)، لەوانی تر باسی لەوەکرد، کە شڵاوێکی ڕەشی لێدەرهێناوە و چانسی شەیتان و خراپەکانی بێت، ئینجا لێرەدا وەک پێشتر باسی شتنەوەی کرد، جگە لە جاری سێیەم کە باسی شتنی تێدا نەکردوە، ئینجا شتنەکەی لێرەدا بە ئاوی زمزم بوە، بەڵام جارەکانی تر بە سەهۆڵ. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە بیری لە پەیامبەرایەتی کردوەتەوە، بیری زمزمی بە پیرۆز داناوە و وای لێکردوە کە شتنی دڵی بە ئاوی زمزم بوە نەک بە سەهۆڵ، وەک لە باسەکانی پێشتردا هات. ئینجا لێرە باسی تەشتەکەی کردوە، بەڵام وەک پێشتر بە زێڕین و زومردی سەوز ناوی نەبردوە. لێرەدا باسی قوتکەی نەکردوە، جاری سێیەمیش باسی نەکردوە، بەڵام جاری یەکەم باسی دوورینەوەی کردوە و بەدەستپێداهێنانی پێکەوەیان نووساندوە، لە لایەکی ترەوە ئەوەی لێرەدا بە تایبەت باسیکردوە ئەوەیە (وەک سەرە قاپ دایخستم).

نەشتەرگەریی پێنجەم
ئەمە لە شەوی ئیسرادا ڕووی داوە و گێڕانەوەیەکی لێڵ و شڵەژاوی تێدایە، بەم گێڕانەوەوە باسیدەکەین، لەبەر ئەوەی لەوانی تر لۆژیکیترە، بەڵکوو زیاتر دەتوانیت لێی تێبگەیت.محەمەد گوتوویەتی، کە لە مزگەوت لەنێوان حەمزەی مامی و جەعفەری کورە مامی ڕاکشاوە، جبریل و میکائیل و پەرییەکی تر لەگەڵیاندا بوە هاتوون بۆ لای، یەکێکیانگوتوویەتی: سەیدی قەومەکەیە ئەوەی ناوەڕاست بەرن، هێنایان تا بردیان لە سەر پشت خستیانە زمزمەوە، جبریل لە ژێرە ملی تا خوار سینگیی هەڵدڕی، ئینجا جبریل بە میکائیلی گوت: تەشتێکی ئاوی زمزمم بدەرێ با دڵی پاکژ بکەمەوە و سینگی فراوان بکەمەوە، دڵی دەرهێنا و لەتی کرد و سێ جار شوشتی و ئەوەی شتی خراپ و ئازاربەخشی تێدابوو لێیکردەوە، میکائیلیش سێ تەشت ئاوی زمزمی پێداکرد، ئینجا تەشتێکی زێڕینی پڕ لە حیکمەت و ئیمانی تێکرد، ئینجا پشتی بەمۆری پێغەمبەرایەتی مۆرکرد.
تێبینی: ئەم نەشتەرگەریی دواییە، وەک نەشتەرگەرییەکانی پێشوە لەبنەڕەتدا، ئەگەر لە هەندێک بەشیدا جیاوازیش بێت، سینگهەڵدڕینی لەخوار ملیەوە تا خوار سینگی وەک پێشترە، دوو پیاوەکەی بە جبرائیل و میکائیل ناوهێناوە، پێشتر باسمان کرد، بەڵام لێرە پەرییەکی تری لەگەڵ دانان و ناوی لێنەنا. لەم نەشتەرگەرییە ناوی ئازاری لەجێی شڵاوی ڕەش هێنا کە پێشتر باسیکرد، ئاوی زمزم لە جیاتیی سەهۆڵ، ئینجا میکائیل سێ تەشتی ئاوی زمزمی پێداکردوە، یان کۆی (غطسە)یە بە واتای نوقمکردن (تغطیه) لە ئاودا، بەڵام کۆی (غطسە) لە زماندا لە (التغطیس) دێت، یان کۆی تەشت و بە(غطسة) ناوی هێناون. لەم نەشتەرگەرییەدا، مۆرەکەی لە نێوان شانیدا، بەڵام لە نەشتەرگەرییەکانی پێشتر، هەندێکیان لە دڵی و هەندێکی تر لە سنگی و هەندێکی تر لە شانی دابوو. ئەمەیە بە درێژیی بۆمان باسکردن وەک سنگهەڵدڕینەکەی تا ناوەڕۆکەکەی بزانیت، حەقیقەتەکەیشی لەوەی دێت، باسدەکەین.

ئاگادارکردنەوە و شیکردنەوەی نەشتەرگەریی سنگهەڵدڕینەکەی
پێش ئەوەی بچینە نێو توێژینەوەی حەقیقەتی سنگهەڵدڕینەکە، دەبێت خوێنەر لەوە ئاگاداربکەمەوە، کە ئەم ڕووداوە، مەبەستم ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکە، کە لە محەمەددا ڕووی داوە وبەم شێوەیەی ئەم پرۆسەیەی وا هاتوەتە بەرچاو، بۆیە پشت بە هیچ نابەستین، جگە لەوەی خۆی دەیڵێت نەک حیکایەتخوانێکی تر، واتە قسەیەک لەخۆیەوە وەرگیرابێت و خۆی قسە و هەواڵەکەی دابێت لە سەر ئەوەی کە ڕووی داوە. ئەوەی لە دەرەوەی ئەم گێڕانەوانەدا بێت وەلای دەنێین و وایدادەنێین وەک گێڕانەوەی سنگهەڵدڕینەکەی نەشتەرگەریی پێنجەم لە شەوی ئیسرا ڕوویندابوە.

ئەوەیش بزانە کە بناغەی قسەی سنگهەڵدڕینەکە هەمووی لە گێڕانەوەی یەکەمەوە هاتوە، لە کاتێکدا منداڵ بوە و شیرەخۆر و ساوای لای حەلیمەی سەعدیە بوە، کە سنگیان هەڵدڕیوە، ئەم گێڕانەوەیە دەبێت بە بناغەی پرۆسەکە دابنرێت، بۆ شیکردنەوەی پرسەکە و بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامی ڕاستەقینە.
یەکەم: لەبەر ئەوەی ئاسانە.
دووەم: لەبەر ئەوەی لە حەلیمە وەرگیراوە، کە نەک تەنها دایکی شیریی بوە، بەڵکوو دەربارەی حاڵەتی محەمەد لە کاتی ساواییدا هەموو شتێکی زانیوە.
سێیەم: لەبەر ئەوەی محەمەد خۆی قسەی لە سەر خۆی کردوە.
ئەمەیش دەقی گێڕانەوەکەیە لە ئیبن ئیسحاقەوە و هەروەها لە سیرەی ئیبن هشامەوە. (گوتی "واتە حەلیمە" کە گەڕاینەوە، بەخودا پاش هاتنەوەمان بە مانگێک لەگەڵ براکەیدا لە چۆڵاییی پشت خانوەکانمان بوو، براکەی هات بە هەڵەداوان، بە من و باوکی گوت: دوو پیاوی جلسپیی برا قورەیشییەکەمیان برد و پاڵیانخست و سنگیان هەڵدڕی و لێیدەدەن. گوتی: من و باوکی ڕۆیشتین بۆ لای، بینیمان ڕاوەستاوە و دەموچاوی گرژ و مۆنە، گوتی: لەباوەشم گرت و ئینجا باوکی لە باوەشی گرت، پێمان گوت چیتە کورم؟ گوتی: دوو پیاوی جلسپی هاتن و پاڵیان خستم و سنگیان هەڵدڕیم، شتێکیان دەویست نازانم چی بوو. ئینجا گەڕاینەوە بۆ جێگەی خۆمان).
بەڵام خاڵێک لەم گێڕانەوەیەدا هەیە دەبێت لە سەری ڕابوەستین و تێی بڕوانین، ئەوەیش قسەی براکەیە، کە بە هەڵەداوان و پەلەپروزکێ هاتوەو گوتوویەتی(دوو پیاوی جلسپیی برا قورەیشییەکەمیان برد، پاڵیان خستو لێیاندا وسنگیان هەڵدڕی.) من وایدەبینم کە ئەم قسەیەی براکەی کردوویەتی ڕاستنییە، لەبەر ئەوەی وا نیشاندەدات کە ئەو دوو پیاوەی محەمەدیان بردوە، وەک چۆن محەمەد بینیوێتی ئەمیش بینیوێتی، چۆن پاڵیان خستوە و سنگیان هەڵدڕیوە، وەک چۆن محەمەد باسیکردوە لەو کاتەی باوک و دایکی لێیان پرسیوە، پێیان گوتوە: (چیتە کورم) ئەمە ڕاستنییە، نابێت کورەکەی حەلیمە بەچاوی خۆی ئەوەی کەمحەمەد وێنای کردوە، بینیبێت. وا بڕیاردەدەین کە محەمەد ئەوەی بینیویەتی وابوە و لەو کاتەدا، لە حاڵەتێکی عەسەبیدا هاتوەتە بەرچاوی، کە فێی لێ هاتوە و کەوتوەتە سەر زەوی و لەهۆش خۆی چوە و ئەوەی بینیویەتی وێنای کردوە، کە کەس وەک ئەم نایبینێت، کورەکەی حەلیمە چۆن دوو پیاوەکەی بینیوە و چۆن بینیویەتی کە سنگیان هەڵدڕیوە؟دەبوایە کورەکەی حەلیمە بەهەڵەداوان، واتە پەلەپروزکێ بهاتایە بۆ لای دایک و باوکی، پێیان بڵێت: برا قورەیشییەکەم بوورایەوە و کەوتە سەر زەوی و نازانم چی لێ هاتوە، بەڵام گێڕەوان کە قسەکانی محەمەدیان بینی لە سەر خۆی کردوویەتی، کاتێک پرسیاریان لێکرد (دوو پیاو هاتن.....هتد) بەهەڵەداچوون و وایانزانی کە براکەیشی ئەمەی گوتوە، لەو کاتەی بە پەشۆکاوی هاتوە بۆ لای دایکی و باوکی، ئەوەیان بەسەردا ڕەتبوە، کە براکەی جگە لە کەوتنی محەمەد لە سەر زەوی و بوورانەوەی هیچی تری نەبینیوە. هەروەها قسەی کورەکەی حەلیمە لە سەر ئەم ڕووداوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا کە پێشتر باسکرا، ئەوەی تێیداهاتوە، (لە نیوەڕۆدا براکەی هات و پەشۆکاو و ترسا بوو، دەموچاوی عارەقاوی بوو، بەگریانەوە هاواریدەکرد: هەی باوکە و دایکە بگەن بە براکەم محەمەد، ئەگەر پێی نەگەن دەمرێت، گوتم کێشەی چییە؟ گوتی لەگەڵ ئێمەدابوو، پیاوێک هات و لە نێو ئێمەدا بردی بۆ لوتکەی شاخەکە و ئێمە تەماشامان کرد، کە تا خوار سنگی سکی هەڵدڕی و نازانم چی لێکرد) لێرەدا کورەکەی حەلیمە محەمەدی نەبینیوە، جگە لەوەی کەوتبێتە سەر زەوی فێی لێ هاتبێت، محەمەد بۆ خۆی ئەوانەی بینیوە کە ڕفاندوویانە و ئەوەیان لێکردوە، لە لوتکەی شاخەکە و سنگیان هەڵدڕیوە، بەڵام حیکایەتخوانان لە سەر زاری کورەکەی حەلیمە قسەکانی محەمەدیان گێڕاوەتەوە، لەو کاتەی کە دایکی پرسیاری لێکردوە چیت لێهاتوە.
کورتەی باسەکە، ئەم خەونانەی کە محەمەد دەیبینێت و وێنای دەکات و لەم حاڵەتەدایە کە بەتەنها خۆی دەیبینێت، لەو کاتەی ئەمەی بەسەردێت، خەڵکی تر کە لەگەڵیدا دەبن نایبینن، چۆن دەبێت قسەی کورەکەی حەلیمە بۆ باوک و دایکی لەو کاتەدا بە پەشۆکاوی هاتبێت و باسی ئەوەی کردبێت، کە دوو پیاوی جلسپی بردیان و پاڵیان خست...هتد، ئەوەی ڕاست بێت! بەڵگەی ئەوەیە محەمەد وێنای دەکات و کەسی تر نایبینێت، لە یەکێک لە گێڕانەوەکانی پێشوو باسکرا، گێڕانەوەی وەڵامی برای بەنی عامر بوو کە گوتی: (بەوەی گیانمی

بەدەستەوەیە، من لە کۆشیدابووم بەخۆیەوە گرتم و دەستم بە دەستییەوە بوو، واتە پەرییەکان، وایکرد کە قەومەکەی نەیناسن). (واتە نایانبینن) شیکردنەوەی نەیناسن بە نایانبینن لە منەوە نییە، بەڵکوو لە خاوەن سیرەی حەلەبییەوەیە، تەماشای حەلیمەبکەن کە چۆن نووسانی بەسنگییەوە و محەمەد دەستی لە دەستی پەرییەکەدابوە و نەیبینیوە.

بەڵگەیەکی تر هەیە، کە ئەوەی محەمەد دەیبینێت کەسی تر نایبینن، ئەوەی لە باسی سەرەتای وەحی لە جبریلەوە هاتبێت و محەمەد بینیویەتی و خەدیجە نەبینیوە. لە ئیسماعیل کوری ئەبی حەکیم مەولای زوبیر لە زاری خەدیجەوە، بە پەیامبەری خودای گوتوە: دەتوانی هەواڵی ئەو هاورێیەتم بدەیتێ کە دێت بۆ لات ئەگەر هات؟ گوتی: بەڵێ. کە جبریل هات پێغەمبەری خودا پێی گوت: ئەی خەدیجە ئەوە جبریل هات بۆ لام، گوتی هەڵسە کوری مامم لە سەر ڕانی چەپم دابنیشە، پێغەمبەر هەڵسا و لە سەر ڕانی دانیشت، گوتی: ئایا دەیبینیت؟ گوتی: بەڵێ، گوتی دانیشتنەکەت بگۆرە و لە کۆشم دابنیشە، پەیامبەر لە کۆشی دانیشت، گوتی: دەیبینیت؟ گوتی: بەڵێ. گوتی: ئەی کوری مامم، مژدە بێت ئەمە پەرییە و شەیتان نییە. ئەمە بە ڕاشکاوی بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوەی حیکایەتخوانان لە سەر زاری کورەکەی حەلیمەوەگوتوویانە، هیچ بناغەیەکی نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر خەدیجە جبریل نەبینێت کە محەمەد لە کۆشیدا دانیشتبوو دەیبینی، هەروەها حەلیمەی سەعدیە پەریی نەبینێت کە محەمەد دەستی لە نێو دەستیان بوە، لەو کاتەی کە سنگی هەڵدڕاوە، دەبێت ئەو هەڵەیەی گێرەوان لە سەر قسەکانی کورەکەی حەلیمە کە بە دایک و باوکی گوتوە، ڕاستبکرێتەوە، وەک پێشتر باسمان کرد، پێویستە وای گوتبێت، پێی گوتوون "ئەوە برا قورەیشییەکەم کەوتوەتە سەر .زەوی و بووراوەتەوە و نازانم چی بە سەر هاتوە." یان هەر قسەیەکی تر لەم بابەتە بێت

زەمینەسازی

وام بە باش زانی لێرەدا باسی هەندێک مەسەلە دەربارەی ژیان و ماڵی تایبەتیی محەمەد بۆ خوێنەر بکەم، ئەمەیش بە ڕەخساندنی زەمینەسازییەک دەبێت، بۆ باسی سنگهەڵدڕینەکەی و :ئەوەی حەقیقەتی ئەم پرۆسەیە کە دواتر باسیدەکەین

١ـ سووربوونی چاوی: لە سیرەی حەلەبی و شوێنی تردا و لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە، کۆمەڵێک نەسرانیی حەبەشە لەگەڵ حەلیمەی سەعدیەی دایکیدا بینیویانە، لە پاش "لە شیرپڕین" بردیانەوە بۆ لای دایکی، تەماشایان کرد و ماچیان کرد و مۆری پێغەمبەرایەتییان لە نێو شانی لەگەڵ سووربوونی چاوانیدا بینی، پێیان گوت: ئازاری چاوی هەیە؟ گوتی: نەخێر، بەڵام ئەم سوورییەی لاناچێت. ئەم سووربوونەی لە هەموو ژیانیدا مایەوە، بەڵام لە دوو حاڵەتدا توندتر دەبوو، ئەگەر توورە بوایە یان گوتاری بدایە. بێگومان لە توورەبوونیدا، دەمارەکانی ڕەپ دەبوون و چاوی سوورتر دەبوو، هەروەها لە گوتاردانیدا دەمارەکانی ڕەپ دەبوون و چاوی سوور هەڵدەگەڕا، لە (زاد المعاد)دا هاتوە، کە گوتاری داوە چاوی سوور بوەتەوە و دەنگی بەرزبوەتەوە و توورە بوە، وەک ئاگادارکەرەوەی سوپای لێهاتوە، کە لە بەیانی و ئێوارەدا هاواردەکات.

توندبوونی ئەم سووربوونەی چاوی لەکاتی هەژانی دەمارەکانیدا، بەڵگە و نیشانەیەکە لە نیشانەکانی حاڵەتی عەسەبی، واتە هەژانی کۆئەندامی دەماری، بەو شێوەیە دەبێت کۆئەندامی دەماری هەمیشە لە حاڵەتی نائاساییدا بووبێت. بێگومان نیشانەی ئەم سووربوونە ئەوەیە، کە کۆی دەمارەکانی لە حاڵەتی نائاساییدابوون، ئەمەیش وەک ئەوە وایە بڵێین، دوکەڵ بەڵگەی بوونی ئاگرە، ئەوەی پشتگیریی ئەمە دەکات، توندبوونی سوورییەکەیە لە کاتی هەژانی دەمارەکانیدالە حاڵەتی توورەبووندا، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە حاڵەتەکەی وابەستەی کۆی حاڵەتی دەمارەکانی و مێشکی بوە، ئەگەر توورەبوونی زیاتربووبێت، سووربوونی چاوی زیاتر بوە و بەپێچەوانەیشەوە ڕاستە، بەڵام بەردەوامبوونی لە کاتی منداڵییەوە تا کۆتایی .ژیانی، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە نیشانەیەك نەبێت لە نیشانەکانی چاوئێشە

٢ـ زۆر هەڵچوون: شتێکی بینیایە و بیبستایە کاری تێبکردایە و بێزاری بکردایە پێوەی دیار دەبوو، گوتیان لە کاتی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی "غەنیمە" حەنیندا هەندێک دووروو گوتوویانە ئەم دابەشکردنە عادیلانە نەبوە، ڕازیکردنی خودای تێدا نەبوە، هەواڵی ئەمە گەیشتوەتە پەیامبەری خودا، دەموچاوی گۆڕاوە و وەک مسی سووری لێهاتوە (ئەو مسەی کە پێستیان پێخۆشدەکرد) وای لێهاتوە. لە گێرانەوەیەکدا: لە ڕادەبەدەر توورە بوە و دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوە وگوتوویەتی: ئەی کێ دادپەروەر دەبێت ئەگەر خودا و پێغەمبەری خودا دادپەروەر نەبن، ڕەحمەتی خودا لە مووسای برام کە لەمە زیاتر ئازاردرا و سەبری گرت. ئەوەی

بەڵگەی کارتێکردنی بێت، ئەوەیە لە سەر باسی حودەیبییە دەیگێڕنەوە، پاش تەواوبوونی لە نووسینی ئاشتبوونەوە، فەرمانی کرد بە موسوڵمانان کە قوربانییەکەن و سەربتاشن، سێ جار ئەمەی گوت، هیچ کەس ئەمەی نەکردوە، پێغەمبەر هەڵساوە و چوە بۆ لای ئوم سەلمە و زۆر توورە بوە، پاڵکەوتوە، کاتێک ئوم سەلمە بینیویەتی هەڵچوە،گوتوویەتی: چیتە ئەی پەیامبەری خودا؟ چەند جارگوتوویەتی کەچی وەڵامی نەداوەتەوە، ئینجا سوورهەڵگەڕاوە و لە سەر پرسیارەکەی و باسی ئەوەی کردوە کە لە خەڵکەوە تووشی بوە، پێی گوتوە، موسوڵمانان لەناوچوون، فەرمانم پێکردن کە قوربانییەکەن و سەر بتاشن، نەیانکرد. لە گێڕانەوەیەکی تردا سەرت سوڕنەمێنێت ئوم سەلمە، نابینیت فەرمانم بە خەڵک کردوە لەو بارەیەوە هیچ ناکەن! پێم گوتن قوربانیبکەن و سەر بتاشن و نوێژ بکەن، هیچ کەس وەڵامی نەدامەوە و بە قسەی نەکردم، قسەکانم دەبیستن و تەماشای دەموچاوم دەکەن، گوتی: ئەی پەیامبەری خودا لۆمەیان مەکە، کارێکی قورسیان بەسەرداهاتوە، کە خۆت خستوەتە سەختیی کاری سوڵحەوە و بێ (فتح) هاتنەوە، ئامۆژگاریی کرد کە دەربچێت و لەگەڵ کەسیاندا قسە نەکات، مەڕێک سەر ببڕێت و سەری خۆی بتاشێت، محەمەدیش ئەوەی کرد، کە ئەمەیان بینی، ئەوانیش هەڵسان قوربانییان کرد و سەری خۆیان تاشی. بێگومان زۆر کاریگەربوونی و هەڵچوونی بەم شێوەیەی لەو دوو ڕووداوەدا باسمانکرد، بەڵگەن بۆ ئەوەی کە دەمارەکانی "ئەعسابی" چەند هەستیارن و بە شێوەیەکی نائاسایی دەهەژێن و هەڵدەچن، کە لە هیچ .کەسێکی تردا نەبێت

٣ـ پێش و پاش پێغەمبەرایەتی حاڵەتێک بەگیانیدادێت، کە ئەهلی بەسەرهاتەکان و فەرمووودەلەبەرەکان وایان گوتوە "لە کاتی وەحیدابەزیندا حاڵەتێک دەیبات" ئێمە لێرەدا وەسفی ئەو حاڵەتە و وەک لە کتێبەکانی قەومەکەیدا هاتوە باس دەکەین، بۆ ئەوەی وەک خۆی بیناسیت و بیبینیت: خاوەن سیرەی حەلەبی دەیگێڕێتەوە، ئیبن ئیسحاق لە کاتی پیریداگوتوویەتی: لەو کاتەی محەمەد لە مەککە بوە، هەڵچوون لە چاویدا دیار بوە، ئەمە پێش ئەوەی قورئانی بۆ دابەزێت، کاتێک قورئانی بۆ دابەزی، ئەو حاڵەتەی بۆ هات کە پێشتر هەیبوو، گوتی: ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو حاڵەتەی هەبوە، پێش دابەزینی قورئان، لە هاوشێوەی بوورانەوە لە پاش لەرزین و چاونووقاندن و دەموچاو هەڵپرووزکان و سووربوونەوەدا، بەمەیش لە خۆی دادەماڵرێت. خەدیجە پێی گوتوە: کەسێکت بۆ بانگ دەکەم بۆ ئەوەی بەرزت بکاتەوە؟گوتوویەتی: ئێستا نەخێر. خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: لە سەر ئەوە نەوەستام کە کێ بەرزی بکاتەوە و چۆن و لە سەر چی دێتەوە حاڵەتی خۆی، واتای قسەکانی کە دەموچاوی هەڵدەپرووزکێت، واتا هەڵدەچێت و دەگۆڕێت و ڕەنگی خۆڵی لێدەنیشێت. بەو واتایەی خیزەی دەنگی وەک دەنگی سەرپراوێک و خنکاوێکی لێدێت، کە هەناسەبڕکێ و هەناسەدانی کورتی دەبێت و تا گەرووی دێت. وەک حوشتری تازەلەداپکبوو دەنگی شەقشەقەی لە کاتی حاڵەتی دەنگ دەرچوونی نائاساییدا دەبێت، بەڵام مێیینەی حوشتر .دەنگی نەرمی لێوەدێت بێ شەقشەقە

ئەوەی لەم حاڵەتە دەیگێڕنەوە کە لە کاتی وەحیدابەزیندا قورساییەک لەسەرخۆی دەبینێت و بە حاڵەتێکی سەختدا تێدەپەڕێت، عارەق بە ناوچەوانی و بە سەر کراسەکەیدا دێتە خوارەوە و وەک مرواری دەردەکەوت، حوشترئاسا هەڵدەچێت و چاوانی سوور هەڵدەگەڕێت. لە زەیدی کوری سابتەوە، گوتوویەتی: ئەگەر وەحی دابەزیبایە بە سەر پەیامبەری خودا، زۆر قورس دەبوو لەسەری، جارێکیان ڕانی کەوتە سەر ڕانم، بەخودا هیچ شتێکم لە ڕانی پەیامبەر قورستر نەبینیوە. لەوانە ئەگەر لە سەر وڵاخەکەی وەحیی بۆ بهاتبایە ڕادەچڵەکی و وای دەزانی کە قاچی لەجێی خۆی دەردەچێت، یان پاڵدەکەوت. گوتیان کاتێک سورەتی (المائدە)ی بۆ دابەزیوە، لە سەر حوشترەکەی بوە، نەیتوانیوە هەڵیبگرێت و دابەزیوە لەسەری. شانی وڵاخەکەی (عەزبا) لە قورسیی سورەتەکە لەجێی خۆی دەرچوە. لە ئەسمای کچی عەمیسەوە هاتوە، پێغەمبەر لە کاتی وەحیدابەزینی هاوشێوەی بوورانەوەی بەسەردا دەهات. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت، وەک سەرخۆشی لێدەهات. لە موسلم لە ئەبووهەریرەوە هاتوە، پێغەمبەر کە وەحیی بۆ دادەبەزێت، هیچ کەسێکمان ناتوانێت چاوی هەڵبڕێت، تا وەحی تەواو دەبێت، لە قسەیەکی تردا، هەر کاتێک وەحی بۆ دێت لەرز دای دەگرێت. لە گێڕانەوەیەکی تردا، ناخی دەوروژێت و ڕووخساری سوور دەبێت و چاوی دەنووقێنێت، وەک حوشتری تازەپێگەیشتوو مت دەبێت. لە زەیدی کوری سابتەوە: ئەگەر سورەتێکی توند بۆ پەیامبەری خودا دابەزێت، زۆر توند

دەبێتەوە و قورس دەکەوێت لەسەری و بەقەد توندیی سورەتەکە ناخۆشی دەبینێت، ئەگەر سورەتەکە نەرم بێت، ئەویش لە حاڵەتی نەرمونیاندا دەبێت. لە عومەری کوری خەتابەوە، ئەگەر وەحی بە سەر پەیامبەری خودادا دابەزیبایە، دەنگێکی هاوشێوەی دەنگی هەنگ لە دەموچاویەوە دەبیسترا.
لەم قسە و گێڕانەوانەدا دەتوانیت ئەو حاڵەتە بزانیت، کە پێش و پاش پێغەمبەرایەتی بۆی هاتوە و وێنای ئەوە بکەیت، کە چۆن ماندوو و هیلاک بوە لەو کاتەدا. ئەگەر بەوردی لە نیشانەکانی بڕوانین، کە لەرزین، نیمچە بوورانەوە، شێوەخۆڵاویبوونی دەموچاو، سووربوونی چاو، متبوون، هەڵپڕینی حوشترئاسا، عارەق بەنێوچەواندا هاتنەوە، لەرز بەگیاندا هاتن و قورسبوونی لەشی، کە حوشتر نەتوانێت هەڵیبگرێت و شێوەی سەرخۆشی لێبنیشێت و دەنگی هاوشێوەی دەنگی هەنگ لە دەموچاویەوە دەربچێت، دەزانین ئەم حاڵەتە جگە لە فێلێهاتن، کە ئەمانە هەمووی نیشانەی فێن و هیچ شتێکی تر نییە، هەر کەسێک فێی لێ بێت، جگە لەم شێوەیە بە شێوەیەکی تر نایێت.
ئینجا ئەم حاڵەتە هەمووی بە یەک شێوە و ئاست بۆی نەهاتوە، بەڵکوو لە توندی و نەرمیی جیاوازدا بوە، جارێک بەتوندی بوە، کە سەرجەم نیشانەکانی لێدەرکەوتوون، دەنگێکی لێدەرچوە وەک زەنگی جەڕەس، وەک لە ڕوونکردنەوەی وێنەکانی وەحی باسی دەکەین، جارێکیش وەک وەنەوزێکی سوک و جارێکیش وەک سەرخۆش، ئەمەیە کە جبریلی تێدا بینیوە، وەک ئەوەی لە پشت بێژنگەوە بینیبێتی، وەک لە گێڕانەوەیەکیدا هاتوە و دەڵێت؛ جبریل دێت و قسەم لەگەڵدا دەکات، هەندێکجار دەمبینی، وەک پیاوێک هاوڕێکەی لە پشت بێژنگێکەوە ببینێت. ئەوەی دیارە کە پیاوە هاوڕێکەی لە پشت بێژنگەوە ببینێت، وەک تارماییەک دەیبینێت و ناتوانێت بە جوانی جیای بکاتەوە.
بەڵام محەمەد لە حاڵەتێکی ئەم حاڵانەدا، هۆشیلە خۆی بوە، لە هەستی دەرەکی دانەبڕاوە و بە شێوەی بوورانەوەی تەواو لە هۆش خۆی نەچوە، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی محەمەدە، نازانین کێ لە خەڵکدا ئەم تایبەتمەندییەی هەبووبێت. وەک لە قسەکانییەوە لە سەر خۆی دەردەکەوێت (چاوم دەخەوێت و دڵم ناخەوێت) مەبەستی لە خەوتن ئەو حاڵەتەیە کە بۆی دێت، ئەگەر نا ئەو لەنوێژی بەیانیدا خەوتوە و تا تیشکی خۆر لێی نەداوە هەڵنەساوە. وەک لە غەزوەی تەبوک یان خەیبەر یان لە هەردووکیاندا ڕووی داوە، وەک هەندێک لە گێڕەوان باسی دەکەن. تایبەتمەندییەکی تری هەیە کە جیاواز بوە لە خەڵک، نوستنی لەم حاڵەتەدا کە لە هەستی دەرەکیی دادەبڕێت، بوورانەوەیەکی تەواوە، ئەمە بەسە بۆ ئاگاداربوونی عەقڵی ناوەکی و لەو حاڵەتەدا ئەوە دەبینێت کە دەیبینێت و ئەوەیش دەبیستێت کە دەیبستێت، بە هۆی ئاگاداربوونی عەقڵی ناوەکییەوە، ئەو بینین و بیستنە لەو حاڵەتەدا وەک خەونی لێدێت، کە جگە لە خۆی هیچ کەسێکی تر نایبینێت، جگە لە خەوی ئاسایی.
پێشتر باسی بەهێزبوونی خەیاڵیمان کرد، کە محەمەد عەقڵی ناوەکی لەناوەخنی غەریزەکانیدا لە حاڵەتێکدا بوە بەدەر لە ئاسایی و جیاواز بوە لە سەرجەم خەڵکانی تر، عەقڵی ناوەکی لە ئاگادارکردنەوەی هەستە دەرەکییەکانی بە هیچ شێوەیەک نەوەستاوە، بەڵکوو لەوانە عەقڵی ناوەکی لە هەندێک جاردا وا چالاک بوە، بە داڕانێکی کورت یان خەیاڵی یان داڵغە لە کاتی بەخەبەریدا وەحیی بۆ هاتوە.
٤ـ ئەوەی ماوە لێرەدا بیڵێین،مەسەلەیەکی ترە، دەگاتە ئەو حاڵەتەی لە کاتی وەحی دا، کە گوتمان وەک حاڵەتی فێیە، هیچ پێوەندییەکی بە وەحییەوە نییە، لە پێداویستییەکانی وەحی نییە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم حاڵەتە پێش پێغەمبەرایەتییش بۆی هاتوە.
ئەگەر بڵێین ئەم حاڵەتە هیچ پێوەندیی بە وەحییەوە نییە، بۆچی زۆرجار لە کاتی دابەزینی وەحی بەسەریدا هاتوە؟ تەنانەت هاوەڵان بە حاڵەتێکی وەحییان داناوە، لە قسەکردندا وایان دەربڕیوە و گوتوویانە: ئەوەی لە کاتی وەحیدا لەو حاڵەتەی بەسەریدا هاتوە، دەڵێم: پێشتر گوتمان کە محەمەد بە قووڵی بیریکردوەتەوە و زۆر بەتوندی هەڵچوە و هەژێنراوە و کاری تێکراوە، کۆئەندامی دەماری لە هەژانێکدا بوە کە کەوتوەتە حاڵەتێکی نائاساییەوە، بەم شێوەیە لە هیچ کەسێکی تردا ڕووینەداوە، بۆیە ئەگەر بیری لە هەر شتێک کردبێتەوە و کاریگەریی لە سەر دەمارەکانی هەبوە و ئەم نۆرە عەسەبییەی بۆ هاتوە، بێگومان لە هەندێک جۆری (وەحی)یشدا بیرکردنەوەیە، لە هەندێك جۆری تریدا سروش و خستنەحاڵەتی ترسەوەیە.
ئەگەر ڕووداوێک ڕووی دا و پێویستی بە وەحی بوو، واتە بە بیرکردنەوە بوو، محەمەد بیری لەو

ڕووداوەدەکردەوە، ئەو بیرکردنەوەیەیش کاریگەریی لە سەر ئەعسابی کردوە، بۆیە ئەو حاڵەتەی بۆ هاتوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر بیرکردنەوەی توندبوایە، حاڵەتەکەیش توند دەبوو، ئەگەر وا نەبوایە ئەویش وانەدەبوو، بەو بەڵگەیەپێشتر کە لە زەیدی کوری سابتەوە هاتوە، باسمان کرد.گوتوویەتی: ئەگەر وەحی بە قورسی بە سەر پەیامبەری خودادا دابەزیبایە زۆر توند و بە ئازار دەبوو، بە قەد توندیی سورەتەکە، ئەگەر سورەتەکە ئاسان و نەرمونیان بوایە، ئەو حاڵەتە بە ئاسانی و نەرمونیانی دەڕۆیشت. ئەم حاڵەتە لە پێویستییەکانی وەحی نییە، بەڵکوو هۆکارێکە لەوەوە دروست دەبێت، واتە لە بیرکردنەوە لەو بابەتە دروست دەبێت. بەڵگەیش لە سەر ئەوەی کە لە پێویستییەکانی وەحی نییە. هەندێک جار وەحی بێئەوەی ئەم حاڵەتە دروست بێت دادەبەزێت، ئەمەیش لە کاتی قسەکردن لە سەر وێنەکانی وەحی باسیدەکەین، ئەم حاڵەتە پێش پەیامبەرایەتی و بە بێ وەحییش هەبوە. بەڵگەی ئەوەی کە وەحی بیرکردنەوەیە و بیرکردنەوەیەکی قووڵیشە و کاریگەریی لە سەر محەمەد هەیە، ئەوەی لەوەوەگێڕاوەتەوە، گوتوویەتی: ئەم هود وخوشکانەی پیریان کردم، ئەبووبەکر پێی گوتوە: خوشکەکانی کێن ئەی پەیامبەری خودا؟گوتوویەتی: حاڵەتی (واقیعە) و (قارعە) و کە پرسیاریان کردوە، ئەگەر خۆر خڕبووبێتەوە و سەعاتی کۆتایی نزیک بووبێتەوە. لەم فەرموودەدا دەزانیت محەمەد چۆن لە بیرکردنەوە، وێناکردن، گێڕانەوە و ڕێکخستنی ئەم سورەتانە وحکومیچۆنێتی و بەوردی ڕێکخستنیان چ هیلاکبوونێکی بەخۆیەوە بینیوە. لێرەدا وێنەیەک لە وێنەکانی وەحیت بۆ باس دەکەین، تا بەڕوونی ئەو وەزعەت بۆ دەربخەین، کە چۆن ئەم حاڵەتە لە کاتی وەحی دا ڕوودەدات، بە هۆی بیرکردنەوە لەو شتەی کە دەیەوێت وەحیی بۆ دابەزێت و کاریگەریی لە سەر بیر و دەمارەکانی دەکات.کاتێک لە جەعرانە بوو (جەعرانە: ئاوێکە لە نێوان تائیف و مەککە، لە مەککەوە نزیکە) پاش گەڕانەوە لە شەڕی حەنین، عەرەبێکی ئەوێ هات بۆ لای، کە جبەیەکی لە سەر شان بوو، هیلاکی ڕێگەی عەمرە بوو، گوتی: فەتوام بۆ بدە ئەی پەیامبەری خودا، لە گێرانەوەیەکی تردا گوتوویەتی: پیاوێک کە بە جبەوە حەرەمی کردبێت و بۆنوبەرامی لە خۆی دابێت چۆن دەیبینیت؟ پەیامبەری خودا بۆ کاتژێرێك بێدەنگ بوە و ئینجا چوەتە نێو ئەو حاڵەتەی، وەحیی بۆ دێت، کاتێک تەواو بوە گوتوویەتی: کوا ئەوەی پرسیاری لە سەر عومرەی لێکردم؟ ئەو جبەیە دابکەنە و لەو بۆنوبەرام و خۆڵی ڕێگەیە خۆت بشۆ. لە گێرانەوەیەکی تردا پێی گوتوە: لە کاتی حەجدا چیت کردوە؟ گوتی: لەو کاتەدا جبەکەم داکەند و ئەم بۆنەم نەهێشت و خۆم شت،گوتوویەتی: بۆ عەمرەیش دای بکەنە، کە بۆ حەج واتکردوە تەماشا بکە، سەعاتێک بێدەنگ بوە و بیری لە مەسەلەکە کردوەتەوە، بیرکردنەوەکە کاریگەریی کردوەتە سەر دەمارەکانی و ئەعسابی تا چوەتە ئەو حاڵەتەوە، کە وەک دەڵێن لە کاتی دابەزینی وەحی دا بۆی هاتوە.

(16)

دەرئەنجام

وابزانم خوێنەری بەڕێز، بە تێگەییشتن و زیرەکیی خۆت و خوێندنەوەی ئەوەی پێشوو دەرئەنجامەکەی دەزانیت، درک بەو حکومە دەکەیت کە ئێمە لە سەر ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکە دەیدەین، ئەوەت بۆ ڕوون بوەوە کە ئەم ڕووداوە بە هەمان شێوەی ئەو حاڵەتانەیە، کە پێش و پاش پێغەمبەرایەتی بۆی هاتوە، پاش پێغەمبەرایەتی کە ئەمەیان دەبینی لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی وەحیدا بەو شێوەیە دەریاندەبڕی، کە دەیانگوت ئەوەی بەسەری دێت لە حاڵەتی وەحیدا، ئەوەیە کە بەسەریدا دێت، بەڵام محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی کە مێشکی لای ئەوە نەبوە، جبریل و میکائیلی نەناسیوە، کە ئەم حاڵەتەی بەگیاندا هاتوە و خۆی داوەتە دەست ئەو کردەوەوە، لەدەرئەنجامی دەردانی کاریگەرییەکانی هێزی غەریزەدا بوە "وەک خەون"ی بینیبێت، لە شێوەی ئەو نەشتەرگەرییە گەورەیە، ئەو تارماییيانەی بە دوو پیاوی سپیپۆش وێنا کردوە، یان بە دوو باڵندەی سپیی هەڵۆئاسا وەک لە گێڕانەوەیەکدا هاتوە، بە دوو وارگ و جووجەڵەی "لەقلەق، قوڵنگ و قاز" وەک لە گێرانەوەیەکی تردا هاتوە، ئەگەر وێناکردنەکە لە دوان زیاتر بوویێت، پێی گوتوە کۆمەڵێک یان پۆلێک، بەڵام پاش پێغەمبەرایەتی و پاش ناسینی جبریل و میکائیل و ئیسرائیل، کە ئەو حاڵەتەی بۆ هاتبێت، ئەو تارماییيانە بە جبریل و میکائیل ناوبردوە، پۆلەکەیش بە جبریل و میکائیل و پەرییەکانی تر ناو بردوە، وەک لە

.پێشوودا بە درێژی باسکرا
ئینجا پاش پێغەمبەرایەتی، لەو کاتەدا کە حاڵەتەکەی بۆ هاتوە، بە هەمان شێوەی پێش پێغەمبەرایەتی هیچ خۆی نەداوەتە دەست لێکەوتەکانی هێزی غەریزە، بەڵکوو کە تووشی ئەم حاڵەتە بوە، بیری بۆ ئەو ئاڕاستەیە چوە کە لەو باوەڕەدا بوە، وەحیی بۆ هاتبێت، بۆیە گوێی لە .تارماییە وێناکراوەکە بوە، لەو قسانەی کە خۆی لە بیرکردنەوەیدا بیری خۆی بۆی چوە
بە کورتییەکەی، ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکەی، خەون بینینێکی تایبەت بە محەمەد خۆی بوە، مەبەستم ئەو خەونەی کە لەم حاڵەتەدا، کە لە هەستی دەرەکی دانەبڕاوە و لە بوورانەوەیەکی تەواودابوە. حاڵەتێکە کە خۆی وای دەربڕیوە کەگوتوویەتی (چاوم دەخەوێت و دڵم ناخەوێت)، پێشتر ئەمە ڕوونکرایەوە، ئەوەت زانی کە یەکێک لەو پێنج نەشتەرگەرییەی محەمەد لە شەوی ئیسرا بوە، گوتیان ئیسرا خەون بوە، بەڵکووقورئانخۆی دەڵێت خەونە لە ئایەتی: {وما جعلنا الرؤيا التى أريناك إلا فتنه للناس} [الإسراء: 60]واتە: خەونێکیش کە پێمان دیتی تەنها بۆ ئاژاوەگێری و ئەزمونی خەڵك بووە. ئەو خەونەی لەم ئایەتەدا هاتوە، خەونبینینی ئیسرائە لەڕاستترین ئەگەردا، وەک لە شوێنی خۆی باسی دەکەین. ئەگەر یەکێک لەو نەشتەرگەرییانە خەون بێت هیچ گومانێکی تێدا نییە کە ئەوانی تریش خەونن، بەڵام خەونی .ڕەها نییە، بەڵکوو خەونی تایبەتە بە محەمەد،زانیت چییە
پاشکۆ
ئەوەی گونجاوە، کە وەک پاشکۆی پێشوو باسی بکەین، ئەوەیە کە محەمەد لە خەونەکانیدا، لە کاتی بێدەنگیدا گوێی لە شت بوە، ئەمە هەمووی لە دەرئەنجامی ئەوەیە کە کۆئەندامی .دەماری لە حاڵەتی نائاساییدا بوە، وەک باسمان کرد
لەسەر زاری عەمرو کوری شەرحەبیل هاتوە، دەڵێت: پەیامبەری خودا بە خەدیجەی گوتوە، کە دەچمە خەڵوەتەوە گوێم لە هاوارێک دەبێت، دەڵێت ئەی محەمەد، ئەی محەمەد، لە گێرانەوەیەکی تردا دەڵێت، ڕۆشناییەک دەبینم و دەنگێک دەبیستم، ترسم لەوە بوو کە خودا لەمەدا لەم کارەدایە. لە گێڕانەوەیەکی تردا، بە خودا ئەم بت و قەشانەم بە هیچ شێوەیەک خۆش ناوێت، دەترسم ببم بە قەشە. لە گێڕانەوەیەکی تردا، دەترسم شێت بم، خەدیجە گوتوویەتی: نەخێر ئامۆزا، خودا ناتکاتە هیچیان، بە خودا تۆ ئەمانەتەکەی خۆت دەدەیتەوە و ڕەحمبەخەڵکی تر دەکەیت و باوەڕ بە قسە دەکەیت، لە گێڕانەوەیەکی تردا: خاوەن ئەخلاقێکی .بەخشندەییت
تێبینی: کە بە خەدیجە بڵێت (دەترسم ببمە قەشە) بەڵگەیە بۆئەوەی ئەم قسەیە بکات، چونکە بەخۆی نازانێت کە پێغەمبەرە، جارێک بیری پێغەمبەرایەتیی لای دروست نەبوە، ئەگەر وا بوایە دەیزانی کە پێغەمبەرە، یان بیری پێغەمبەرایەتی لە مێشکی بوایە، ئەم سەرگەردانییە لە ڕاوبۆچوونیدا لە کاتی بیستنی دەنگەکاندا نەدەبوو و نەیدەگوت دەترسم ببم بە قەشە. لە بیرت نەچێت ئەو کوڕێکی تەمەن بیستوپێنج ساڵ بوە، کاتێک خەدیجەی خواستوە، پێغەمبەرایەتیی لە تەمەنی چل ساڵیدا بۆ هاتوە، لە نێوان ژنهێنان و پێغەمبەرایەتیدا پانزە ساڵە، ئەم قسەیەی لە نێوان خۆی و خەدیجەدا بوە، سەختە کاتەکەی کتومت دیاریبکەین، بەڵام گومانی تێدانییە کە .لەم ماوەیەدا بوە، لە نێوان ژنهێنانی و پێغەمبەرایەتیدا
ماوەردی لە زاری شەعبی گواستوویەتییەوە دەڵێت: خودا ئیسرافیلی بۆ سێ ساڵ بە پێغەمبەرەوە نووساند، ئەویش هەستی پێ کرد و نەیبینی. شت لە دوای شت فێری دەکات و قورئانی بۆ ناڵێت، لەم ماوەیەدا مژدەی پێدراوە بۆ پێغەمبەرایەتی، ئەوەی گوتراوە لەم بابەتەدا، کە لەماوەی پانزە ساڵ دا، هەندێک جار گوێی لە دەنگ بوە و کەسی نەبینیوە و حەوت ساڵی .ڕووناکی بینیوە و هیچ شتێکی تری نەبینیوە
لە شەعبییەوە دیسانگوتوویەتی: لە چل ساڵیدا پێغەمبەرایەتیی بۆ هاتوە و ئیسرافیل سێ ساڵ خۆی بە پێغەمبەرایەتییەکەوە نووساندوە، کاتێک سێ ساڵەکە تەواو بوە، جبریل پێغەمبەرایەتیی بۆ گواستەوە و پێوەی نووساند. لە قسەیەکی تریدا، پاش تەواوبوونی سێ ساڵەکە، ئیسرافیل وازی لێهێناوە و جبریل پێوەی نووساوە، پێشتر باسی ئیسرافیل کرا کە سێ ساڵ پێغەمبەرایەتیی پێداوە وخۆی پێوە نووساندوە، هەستی پێ کردوە، بەڵام هیچ .کەسێکی نەبینیوە
ئەوەی لای محەمەد دەردەکەوێت یەک شتە؛ تارمایی پەرییە کە لە کتێبە کۆنەکاندا باس کراوە، بەڵام وایزانیوە جیاوازی لە نێوان ئیسرافیل و جبریلدا نییە، لە هاتوچۆی نێوان خودا و

پێغەمبەرەکان دا، ئینجا کە زانیی نێرراوەکە جبریلە و کەسی تر نییە، ناوی لێنا جبریل، گێڕەوان وایانزانیوە کە یەکەمجار بە ئیسرافیلەوە بوە ئینجا بە جبریلەوە.
خاوەنی سیرەی حەلەبی لە (عیون الاثر) لە شەعبییەوە وەریگرتوە، دەڵیت: کە ئیسرافیل سپێررا سێ ساڵ لەگەڵ پێغەمبەری خودا دا بێت، وا وێنای کردوە کە وشەی لە وەحی بۆ دەهێنا و قورئانی دانەبەزاند، ئینجا جبریل سپێررا کە وەحی و قورئان بهێنێت. گوتی ئەمە لەگەڵ سیرەی حافزی و میماتی سیخیدا یەکدەگرێتەوە، کە گوتی: هەندێک لە زانایانگوتوویانە، ئیسرافیل هاتوە بۆ لای ئینجا جبریل. گوتی: لەوە دەچێت هاتنی ئیسرافیل و پێوەنووسانی لە پاش پێغەمبەرایەتی بوو‌بێت، قسەکانی تری پشتگیریی دەکات کە دەڵێت: وشەی لە وەحییەوە بۆ دەهێنێت. ئینجا دەڵێت لەوانەیشە ئەمە پێش پێغەمبەرایەتی بێت، کە لەگەڵ ڕای ماوەردی یەکدەگرێتەوە. خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: ئینجا واقدی-م بینی، ئەوەی لە شەعبییەوە وەرگیرابێت ڕەتکردەوە، کە ئیسرافیل سپێررابێت،گوتوویەتی ئەوەی لە پەرییەکان نێررابێت جگە لە جبریل هیچ یەکێکی تر نییە.
لە (سفر السعادە)دا هاتوە: پەیامبەری خودا کە تەمەنی گەییشتە نۆ ساڵان، خودا فەرمانی بە ئیسرافیل کرد بهبەردەوامی لەگەڵیدابێت، کاتێک گەییشتە یانزە ساڵ فەرمانی بە جبریل کرد لەگەڵیدا بێت و بۆ بیستونۆ ساڵ لەگەڵیدا بوو. ئەمەیە کە ویستمان بیگوازینەوە و باسی بکەین، وەک پاشکۆیەک بۆ پێشوو، بۆ کورتکردنەوەی ئەوەی گوتمان: جیاوازیی ئەم حیکایەتخوانانە لە دوو خاڵدا خۆی دەبینێتەوە؛ یەکەم: یەکەم جار ئیسرافیل پێوەی نووساوە، بەڵام هەندێکیان ڕەتیانکردوەتەوە کە ئیسرافیل هاتبێت، گوتوویانە تەنها جبریل هاتوە بۆ لای، وەک واقدی گوتوویەتی. دووەم: نووسانی ئیسرافیل بە پێغەمبەرەوە لە پاش پێغەمبەرایەتییەوە بوە، وەک شەعبی دەڵێت، یان وەک ماوەردی دەڵێت، پێش پێغەمبەرایەتی بوە، بەڵام قسەیەکی تر هەیە کە هیچ پێوەندیی بە جبریل و ئیسرافیلەوە نییە، ئەوەیە کە دوژمنی لە شەیتان و خێو هەبوە، پێیان گوتوە سپی، شەیتانی پێغەمبەران پێیان گوتراوە سپی.
بەڵام خوێنەری بەڕێز، پێش هەموو شتێک من ئومێدەوارم ئاگاداری وەسفکردنی ئەم ڕاوبۆچوونە بیت، کە بە سپی ناونراوە. ئەگەر دەتەوێت حەقیقەتی نوقمبوو لە نێوان قسەکانی شەعبی و ماوەردی و واقدی بزانیت، ئەوەیە کە محەمەد وەک دەزانیت لە باسەکانی پێشوودا، وێنای تارماییەکی سپی دەکات، یان دوو تارمایی سپی یان سێ دانە لە هەندێک جاردا، پێش پێغەمبەرایەتی نە جبریلی ناسیوە و نە میکائیل و نە ئیسرافیلیش، باسی لە تارماییە سپییەکە بە پیاوێکی سپیپۆش کردوە، دوو تارماییش بە دوو پیاوی سپیپۆش یان بە دوو باڵندەی سپی، هەروەک هەندێک جار وایزانیوە، تارماییە سپییە بینراوەکە دوژمنیەتی و سەر بە شەیتانەکانی جنۆکەن، ئەمەیش لەگەڵ ئەو ڕایەدا بوە کە عەرەب وایانزانیوە قەشەکان خەڵکی خۆیان هەیە کە هەواڵی ئاسمانیان بۆ دەهێنن، بۆیە لە قسەکانیدا بە خەدیجەی گوتوە (دەترسم ببم بە قەشە) واتە ئەوەی بانگم دەکات جنۆکەیەک بێت و پێی گوتوە (بەخودا بەقەد ڕقلێبوونی بت و قەشە هیچ ڕقلێبوونێکی ترم نەبوە) لەبەر ئەوەی عەرەب وای دادەنا کە جنۆکە دەچێتە بتەوە و قسە لەگەڵ مجێورەکاندا دەکات. بەو قسانەی لەگەڵ خەدیجەدا، دەیەوێت سەرسوڕمانی خۆی و ترسی لەم جنۆکە سپییەی پاشکۆی دەربخات، چۆن دەبێت پاشکۆیەکی جنۆکەی هەبێت کە ئەو ڕقی لە بت و قەشەکانە.
بەڵام دوای ئەوەی بیری پێغەمبەرایەتیی بۆ هات (دوایی قسە لە سەر ڕوودانی دەکەین) و ناوی پەرییەکانی زانی لە جبریل و میکائیل و ئیسرافیل، وای لێهات ناوی تارماییەکان بە ناوی ئەو پەرییانەوە بهێنێت، بە تایبەتی کە خەدیجە گوری پێدا و لە ورە و تین و هیمەتی بەهێزکرد، کە پێی گوت: نەخێر ئامۆزا، خودا ئەمەت پێ ناکات، بە خودا تۆ ئامانەتت بدەیتەوە، ڕەحمت هەیە، لە قسەکردندا ڕاستگۆیت. بەم قسانەی دەیەوێت بڵێت ئەوەی دەیبینێت شەیتان نییە، شەیتان نایەتە ڕێگەی، لەبەر ئەوەی تۆ ئەم سیفەتە باڵایانە و ئەم ئەخلاقە جوانەت هەیە.
ئینجا خاوەنی ئەم قسانەی کە باسمان کردن، هەموویان جگە لە واقدی لە سەر ئەوە ڕێکەوتوون کە یەکەم ئیسرافیل پێوەی نووساوە ئینجا جبریل، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەمەیش وا فەرزدەکات کە محەمەد یەکەم ناوی پەریی ئیسرافیلی زانیوە، ئەگەر پاش ڕوودانی بیری پەیامبەرایەتییش بێت، بەڵام پێش وەحیهاتن بوە، بەو بەڵگەیەی کە ئیسرافیل قورئانی بۆ نەهێناوە یان هیچ وشەیەکی پێ نەگوتوە پێش وەحیدابەزین "لە بناغەدا وا هاتوە" واتە نەک لە هاتنی قورئان کە وەحیی تەواو بوە. ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت کە محەمەد پاش ئەوەی ناوی

جبریلی زانیوە، ئەمەیشی زانیوە کە نێرراوی خودایە بۆ پەیامبەران، نەک هیچ پەرییەکی تر، بۆیە خەونەکەی بە جبریل ناو دەنا یان لەو باوەڕەدا بوو بینینەکەی جبریلە، بە تایبەتی پاش ئەوەی خەدیجە جەختی لە سەر ئەو دەرئەنجامە کردەوە کە ئەوەی دەیبینێت شەیتان نییە.
بێگومان ئەوەی لەسەرەتای ئەم نووسینەدا دەربارەی عەمرو کوری شەرحەبیل لە سەر قسەی محەمەدباسمان کرد کە بە خەدیجەی گوتبوو، بەڵگەیە کە تا ئەو کاتە نەیزانیوە ئەوەی دەیبینێت پەرییە یان شەیتان، بۆیە پێی گوتوە (دەترسم ببم بە قەشە) لە گێڕانەوەیەکدا: دەترسم شێت بم، بەڵام خەدیجە توانیی ترسەکەی پرەوێنێتەوە لەوەی کە بینینەکەی شەیتان بێت، ئەو خەسڵەتە جوانەکانی بۆ باسکرد و سیفەتە باڵاکانی هێنایە بەرچاوی، کە نابێت ئەوەی دەیبینێت شەیتان بێت. لەم ساخکردنەوە و دەرخستنەدا، کە لە سەر ئەوەی لای خەڵک باوەدەربارەیپەری کە ڕۆحی پاکی هەیە و شەیتانیش ڕۆحی پیس، ڕۆحی پاک لە خەڵکی پاک و جێی باش بێت لای خەڵک دەردەکەوێت، بەپێچەوانەی ڕۆحی پیس کە لە خەڵکی وەک خۆی دەبێت، ئەم ساغکردنەوەیە بەڵگەی ساکاری عەقڵ و کاڵفامیی بیرکردنەوەیە. ئەمە هەرچۆنێک بێت کاریگەریی خۆی هەبوو لە سەر محەمەد و دوای ئەوە باوەڕی بەوە کرد کە ئەوەی دەیبینێت پەرییە نەک شەیتان، ئینجا پاش ئەوەی ئەم پەرییانەی زانی،ناوی لێنا، ئیسرافیل و ئینجا جبریل.
پاش ئەوەی خەدیجە ئەمەی بۆ محەمەد دەرخست و ساغی کردەوە، دووبارە ئەوەی بۆ سەلماند، کە پەرییە نەک شەیتان. پاش ئەوە بینینەکەی بە جبریل ناودەبرد، لە ئیسماعیل کوری ئەبی حەکیم مەولای زوبیر، کە لە زاری خەدیجەوە باسی کردوە، بە پەیامبەری خودای گوتوە: دەتوانیت لە کاتێکدا ئەو هاوڕێیەت دێت بۆ لات پێم بڵێیت (واتە کە وێنای دەکەی ئەگەر بینیت؟) گوتی: بەڵێ. کە جبریل هات بۆ لای، گوتی: ئەی خەدیجە ئەوە جبریل هات بۆ لام، گوتی: دەیبینیت؟ محەمەد گوتی: بەڵێ. گوتی وەرە سەر کۆشم دابنیشە، پەیامبەری خودا ڕۆیشت لە سەر کۆشی خەدیجە دانیشت، گوتی: دەیبینی؟ محەمەد گوتی: بەڵێ. ئینجا سەرپۆشەکەی لابرد و پەیامبەر لە کۆشی دانیشتبوو، ئینجا پێی گوت: دەیبینیت؟ محەمەد گوتی: نەخێر. پێی گوت: ئەی ئامۆزا مژدەبەخش بە و جێگیر بە. بە خودا ئەمە پەرییە شەیتان نییە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، ئەوەی لێی تێدەگەیت کە ئەمەی خەدیجە کردوویەتی پاش نێرراوەکە و پێش هێنانی قورئان لە لایەن جبریلەوە بوە. لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، کە ئەوەی خەدیجە کردوویەتی بە ڕێنماییی وەرەقە بوە، پێی گوتوە: بڕۆ ئەو شوێنەی کە دەیبینیت، ئەگەر بینیت خۆت ڕووت بکەوە، ئەگەر لای خوداوە هاتبێت، ئەوە لەوکاتەدا نایبینێت، کاتێک سەرپۆشەکەی لادا جبریل نەما، نەیبینی، گەڕایەوە بە وەرەقەی گوت، ئەویش گوتی: شانازی و شەرەفێکی گەورەی پێدەدرێت.
ئەگەر ئەم کارەی خەدیجە پێش نێرراوەکە بێت یان پاش ئەو، بەڵگەی ئەوەیە کە محەمەد جارێ گومانی لەوە هەبوە کە پەری بێت و شەیتان نەبێت. بەو بەڵگەیەی بە قسەی خەدیجەی کردوە و لە کۆشی دانیشتوە، یەکەم جار لە سەر ڕانی و ئینجا لە کۆشی، ئەگینا ئەگەر لەوە یەکلا و یەقین بوایە کە پەرییە، ئەوەی نەدەکرد، بەڵکوو پێی دەگوت پێویست بەوەناکات کە دەیکەیت.
من یەقینم ئەوەی دەیبینم پەرییە و جبریلە، ئەگەر بڵێم چۆن گومان لەوەدەکات، کە دەیبینێت پەرییە و ناوی دەنێت جبریل، دەڵێم: ناوهێنانی بە جبریل وا فەرزناکات کە زانیبێتی ئەوە پەرییە، بەڵکوو ناوی بەجبریل هێناوە، لەدەرئەنجامی ئەو دەرخستنەی خەدیجە کە پێشتر بۆی دەرخست کە پەرییە نەک شەیتان، هەروەها چونکە دوژمنەکانی لە شەیتانی جنۆکەکانن و لە وێنەی جبریل بۆی دێن، بۆیە ناوی بە جبریل هێناوە، وەک پێشتر ڕوونکرایەوە، کە دوژمنی لە شەیتانە جنۆکەکان هەبوە و لە شێوەی جبریل بۆی هاتوون.
ئەگەر خەدیجە خۆی ئەوەی کردبێت، یان بە ڕێنوێنیی وەرەقەی کوری نۆفەل، ئەو ساغکردنەوەیە پێکەنیناوییە، کە جبریل لە ڕووتبوونەوەی دووربکەوێتەوە، ئەمە مەعقوولنییە، دیوار هیچ لەپەری ناشارێتەوە، ئەگەر دیوار نەتوانێت شت لە پەری بشارێتەوە، چۆن جلوبەرگ دەتوانێت بیشارێتەوە، ئەگەر پەری ئەوەی پشتی دیوار ببینێت، ڕووت و داپۆشراو یەک شتە لای ئەو، خەدیجە بە ڕووتبوونەوەی لە پێشی جبریل هیچ شتێکی دەرنەخراو بۆی دەرناخات، لەبەر ئەوەی ئەوەی پیشاندەدات کە بینیویەتی و ئەوەی بۆ دەردەخات کە لای ئەو دەرخراوە.
ئینجا خەدیجە کە سەرپۆشەکەی یان شاڵەکەی لا بدات، جگە لە دەرخستنی سەری هیچی تری دەرنەخستوە، دەرخستنی سەر و قژ لای مێرد و هاوبەشی خۆی، کارێکی نەخوازراو نییە،

تەنانەت ئەگەر بەتەواوی ڕووتبێتەوە و هەموو جلەکانی لەبەر دابکەنێت، خۆ ڕووتکردنەوە لای مردوو نەخوازراو نییە، ناڵێن سەر دەرخستنی لە پێش جبریل، کە نامۆیە لای ئەو نەخوازراو بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە دەڵێین، یەکەم: جبریل وەک هەر پەرییەک هیچی لێ ناشارڕێتەوە، دووەم: پەری ڕۆحی پاکی ڕووت و درەوشاوەیە و هیچ شەهوەتێکی نییە، ناتوانرێت بگوترێت جبریل غەریبە. بە نەبوونی شەهوەت غەریبییەکەی نامێنێت وەک غەریبوونی منداڵ کە باڵغ نەبووبێت و شەهوەتی نەبێت نامێنێت، ئەگەر خەدیجە بیزانیبایە کە جبریل لە کاتێکدا وەحی بۆ محەمەد دەهێنێت، کە لە ژێر لێفەیەکدا لەگەڵ عایشەدا خەوتبێت، لەوە یەکلادەبوەوە کە دەرخستنەکەی هەڵەیە. بمزانیبایە ئەگەر بە سەرپۆش لابردنەکەیجبریل نەڕۆیشتبێت، خەدیجە زیاتر خۆی ڕووتدەکردەوە، تا بێ جل بەڕووتوقووتی دەمایەوە.

بەڵام نەمانی جبریل بە لابردنی سەرپۆشەکەی دەبێت لە مێشک و دەماری محەمەد بۆی بگەڕێین نەک لە قژ دەرخستنەکەی خەدیجەدا.

مارکەی ئیلاهی

خاوەن کارگە و کاڵاکانی ئەم زەمانە، ئەگەر شتێک دروستبکەن نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێن کە پێی بناسرێت، لە هاوشێوەکانی جیابکرێتەوە و ئەم مارکەیە لە لای حکوومەت تۆمار دەکەن، بۆ ئەوەی کەسی تر وەک ئەمان دروست نەکەن، یان دڵنیابن لەوەی دروستکراوەکە لاسایی نەکرێتەوە، ئەم نیشانە پێی دەڵێن مارکە.

ئەگەر گێڕەوانی خاوەن کتێبەکانی بەسەرهاتی پێغەمبەر ڕاست بکەن، خودا لە نێو شانی محەمەد نیشانەیەکی داناوە وەک مۆری پێغەمبەرایەتی و مۆرێک زانراوە، بۆ ئەوەی خەڵک بەوەوە بیناسن و دڵنیابن لە لێتێکچوون و لاساییکردنەوە لەکاروباری پەیامبەریەتیدا، ئەمەیە مەبەستمان لەم قسەیە کە لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتوە "مارکەی ئیلاهی".

محەمەد خاڵێکی لە سەر شانیدا هەبوە، کە مووی وای لێهاتوە وەک یاڵی ئەسپ بوە، ئەم نیشان "خاڵ"ە لەخوار کڕکڕاگەی شانی چەپی لە شێوەی سێودا بوە. ئیبن هشام گوتوویەتی: لە شێوەی پاشماوەی کەڵەشاخ بوە واتە نوکی هەبوە، لەبەر ئەوەی وەك پاشماوەی پیاڵەی کەڵەشاخ کە گۆشتەکە دەگرێت و بەرزدەبێتەوە وابوە، لە هەندێک گێڕانەوەدا دەڵێن؛ وەک هێلکەی کۆتر بوە، ئەگەر ئەم خاڵە وەک کارتێکردنی کەڵەشاخ بوو بێت، یان وەک سێو یان هێلکەی کۆتر، کار و شتێکی سەرسورهێنەر یان نامۆ نییە، لە پشتی زۆرێک لەخەڵکدا هەیە، بە جیاوازیی قەبارە و شێوە و ڕەنگ و شوێنەوە، بەڵام گێڕەوان ئەم خاڵەیان لە نێو شانی محەمەد بە مۆری پێغەمبەرایەتی ناوناوە، واتە نیشانەی ناسین و پول، لە سەر کتێبەکانیان نەوەستام تا بزانم محەمەدخۆی بە چ دەرپرینێك یان ناوێک ناوی هێناوە.

بەم ناوانەوە نەوەستاون، بەڵکوو قسەیان لە سەر ئەوە کردوە کە لە کتێبە کۆنەکانی وەک تەورات و ئینجیلدا هاتوە، تەنانەتگوتوویانە کە قەشە نەسرانییەکانی حیرە و یەهوودییەکان و قەشەکانی عەرەب هەموویان لە سەری دواون وگوتوویانە محەمەدیان نەناسیوە لە کاتی بینینیدا بەوەوە نەبێت.گوتوویانە، یەهوودییەک لە مەککە دانیشتوە، لەو شەوەی کە پێغەمبەر تێیدا لەدایکبوە، لە یەکێک لە دانیشتنەکانی قورەیشداگوتوویەتی، ئایا ئەم شەو منداڵێکتان لەدایکبوە؟ قەومەکەگوتوویەتی: نازانین، گوتی: ئەمەی پێتاندەڵێم لەبەریبکەن، ئەمشەو دوا پێغەمبەری ئەم میللەتە لەدایکبوە، نیشانەیەکی لە سەر شانە، ئەوە نیشانە و مۆری پێغەمبەرایەتییە، دوو شەو شیر ناخوات، لە کتێبە کۆنەکاندا بەڵگەی پێغەمبەرایەتی هەیە. کاتێک یەهوودییەکە ئەمەی گوتوە، دانیشتوەکانی ئەوێ هەڵساون و بڵاوەیان لێکردوە و سەریان سوڕما لە قسەکەیدا، کاتێک گەیشتنە ماڵەکانیان، هەریەکە و هەواڵەکەی گەیاند بە خێڵەکەی یان خێزانەکەی، گوتیان: ئەمشەو عەبدوڵلای کوری عەبدولموتەلیب کورێکی بۆ بوە ناویان ناوە محەمەد، ئینجا قەومەکە کۆبوونەوە و هاتن بۆ لای یەهوودییەکە و هەواڵەکەیان پێڕاگەیاند، گوتی: لەگەڵمدا وەرن بۆ ئەوەی تەماشای بکەم، ڕۆیشتن تا بردیان بۆ لای دایکی، گوتی: منداڵەکەتمان بۆ دەربهێنە، کە دەریهێنا و پشتیان بینی، نیشانەکەی بینی لە هۆش خۆی چوو، کاتێک هاتەوە هۆشی خۆی، پێیان گوت: قوربەسەر چیتە؟ گوتی: بە خودا پێغەمبەرایەتی لە دەست بەنی ئیسرائیل دەرچوو. خۆشحاڵ بن پێی ئەی خێڵی قورەیش! بەڵام بەخودا ئەوەندە بە سەرتانەوە زاڵ و توند دەبێت، کە هەواڵی لە خۆرهەڵاتەوە دەگاتە خۆرئاوا.

لە سیرەیهیشامدا هاتوە، هەندێک لە نەسرانییەکانی حەبەشە، کە محەمەد لەگەڵ حەلیمەی

سەعدیەی شیردایکیدا دەبینن، کاتێک دەیباتەوە بۆ لای دایکی پاش لەشیربڕینەوەی، تەماشایان کرد و ماچیان کرد و مۆری پێغەمبەرایەتییان لە نێوان هەر دوو شانیدا بینی، لەگەڵ سووریی چاوی. پێیان گوت: چاوی ئازاری هەیە؟ گوتی: نەخێر، بەڵام ئەم سووربوونەی لێ نابێتەوە، ئینجا گوتیان: با ئەم غوڵامە بەرین و بیبەین بۆ لای پاشاکەمان و وڵاتەکەمان، ئەم غوڵامە بوونەوەرێکە کە بایەخ و گرینگییەکی دەبێت، کە ئێمە دەیزانین. بە زۆر لە دەستیان دەرچوو، هێنای بۆ دایکی هەروەها لە باسی بوحەیریی قەشەدا هاتوە، کاتێک لەگەڵ ئەبووتالیبی مامیدا بینیویەتی لە کاتی سەفەرەکەی بۆ شام، تەماشای پشتی کردوە و مۆری پێغەمبەرایەتی لە نێو شانی بینیوە، لەشوێنی خۆی و بە هەمان سیفەت کە لای بوە، بەڵام ئەوەی کە ئەم خاڵە لە کتێبە کۆنەکاندا باسکرابێت، لە شوێنی خۆیدا قسەی لە سەر دەکەین، ئەوەی کە مۆری پێغەمبەرایەتییە، واتە پولی پێغەمبەرایەتی و نیشانەی ناسینی، شتێکە محەمەد قسەی لە سەر نەکردوە و بۆ کەسی باسنەکردوە، بەڵکوو ئەمە لە خەیاڵپڵاویی حیکایەتخوانانەوەیە کە لە دوای محەمەد هاتوون، شوێنی دروستکردنی ئەم خەیاڵە وەک باس لە سنگهەڵدڕینەکە هاتوە و بە هەمان شێوە قسە لە سەر مۆرەکەیش پاش ئەوە هاتوە، ئەمەیش پێشتر باسکرا. ئێمە لێرەدا ئەو دەستەواژانەت بۆ کورتدەکەینەوە تا شوێن و چۆنێتیی هاتنی ئەم خەیاڵەت بۆ ڕوونبێتەوە.

لە هەندێک گێڕانەوەدا، دەربارەی سنگهەڵدڕینی یەکەمدا هاتوە،گوتوویەتی: ئینجا یەکێکیان بە هاوڕێکەی گوتوە، چەقۆیەکم بدەرێ، هێنای و کردی بە دڵمدا و مۆرەکەی لە نێو شانم دا، وەک ئەوەی ئێستا لێیەتی. لە گێڕانەوەیەکی تردا، نەشتەرگەریی سنگهەڵدڕینی یەکەمگوتوویەتی "ئینجا گوتی دەستی گێڕا، وەک ئەوەی شتێک دەربکات، مۆرەکەی بەدەستەوە گرت کە لە ڕۆشناییەکەیدا بینەرانی سەرسام دەکرد، دڵی مۆر کردم، پڕبوو لە ڕووناکی، ئینجا گەڕاندییەوە شوێنی خۆی، ساردیی مۆرەکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە دڵمدا هەستم پێ دەکرد، ئینجا سێیەم کەس بە هاوڕێکەی گوت، خۆت لابدە، ئینجا لای من لایدا، دەستیهێنا بە سەر سنگیدا، تا خوار سگی و هەڵدڕینەکە پێکەوە بنووسێت وبە ئەمری خودا یەکیگرت، ئینجا مۆری لێدا.

لە گێڕانەوەیەکی تری سنگهەڵدڕینی چوارەمدا: ئینجا وەک مەنجەڵ سەری دانام و پشتی مۆر کردم.لە گێڕانەوەیەکدا دەربارەی نەشتەرگەریی سنگهەڵدڕێنی پێنجەم: "میکائیل سێ تەشتی لە ئاوی زمزم پێداکرد، ئینجا تەشتێکی پڕ لە حیکمەت و باوەڕی تێکرد و دایخست و ئینجا مۆری پێغەمبەرایەتیی بەنێو شانییەوە ناوە.

تەماشای ئەو پێنج دەربڕینانە بکە، کە لەم گێڕانەوانەدا هاتوە، دەربڕینی یەکەم (مۆرەکەی خستە نێوان شانەکانم) دەربڕینی دوەم (مۆرەکەی دا لە دڵم) دەربڕینی سێیەم (مۆری کرد) واتە لە سەر هەڵدڕێنەکە یان لە سەر هەڵدڕینی سنگ، دەربڕینی چوارەم (ئینجا مۆری پشتی کردم) دەربڕینی پێنجەم (ئینجا نێوان شانمی بە مۆری پێغەمبەرایەتی مۆر دەکرد)، ئەوەی دەیبینیت هەر یەکەیان هیچ پێوەندییەکی بە خاڵەکەی نێوان هەر دوو شانی محەمەدەوە نییە:

یەکەم: لەبەر ئەوەی ئەم خاڵە پێش سنگهەڵدڕینەکەیش هەبوە، لەو ڕۆژەوە محەمەد لەدایک بوە، بە پێی قسەی زانایانی فەرموودەکان، ئەم خاڵە لە نێوان هەر دوو شانیدا بوە.

دوەم: لەبەر ئەوەی ئەو مۆرەی لە دەربڕینی یەکەم و پێنجەم واباسکراوە مۆری مەعنەوی بوە نەک مادی، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە گێڕانەوەی دوەمدا هاتوە، (مستیلەیەکی درەوشاوە بە دەستییەوە بوو ئەوەی بینیبایە سەری سوڕدەما) و مستیلەی ڕووناکی هیچ پێوەندیی بە سەر خاڵەوە نییە، لەبەر ئەوەی شتێکیمادییە واتە ماتریاڵییە، ناشێت مەبەست لە مستیلەکە خاڵەکەی بێت.

سێیەم: با وا دابنێین مۆرەکە مادییە، دەبێت خاڵەکە شوێنی کاریگەریی مۆرەکە بێت، بەڵام ئەوان گوتیان مۆری پێغەمبەرایەتییە.

چوارەم: شوێنی مۆرەکە لەم دەربڕینانەدا وەک یەک نین، لە نێوان شانەکان لەدەربڕینی یەکەمدا، لەبەر دڵ لە دوەمدا، لە سەر شوێنی هەڵدڕێنی سنگ لە سێیەمدا، لە سەر پشت لە چوارەمدا، لە نێوان شانەکان لە پێنجەمدا، بەڵام شوێنی خاڵەکە یەک شوێنە و لە نێوان شانەکانیدایە و لە ژێر دەفەی شانی چەپییەوەیە، بەڵام گێڕەوان کە زانییان خاڵێک لە نێوان شانەکانی محەمەد هەیە و گوێیان لە مۆری گێڕانەوەی سنگهەڵدڕینەکە بوە، کە لە نێوان شانیدا بوە لە هەندێک گێڕانەوەدا، بە هەڵەدا چوون و وایانزانیوە کە مۆرەکە ئەم خاڵەیە، تەنانەت هەندێکیان وایان داناوە کە ئەم خاڵە لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە نەبوە، بەڵکوو پاش لە

دایکبوون و لە ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکەوە دەرکەوتوە، بەپێچەوانەی ڕاستییەکەی، کە لە لای زۆرینەدا لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە لە سەر شانی بوە و لەگەڵیدا لەدایکبوە. لەم بەهەڵەداچوونەدا ناویان لێناوە مۆری پێغەمبەرایەتی، بەڵام مۆری پێغەمبەرایەتی وەک لە ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکەدا باسکراوە، ڕووناکییە نەک خاڵ.

هەروەها ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکە لە شێوەی خەون بینینی تایبەت بە محەمەد بوە، کە پێشتر باسمان کرد، کاریگەرییەکانی دیارنین، بەڵام خاڵەکەی دیار و دەرکەوتوە، ئایا وای دەبینیت کە کەسێک لە خەونیدا یەکێک چەقۆیەک بدات لە پشتی و بریندارى بکات بۆنموونە، ئایا کە هەڵدەسێت شوێنی برینەکەی لە پشتی دەردەکەوێت؟

هەندێک لە زانایانی فەرموودە، لەمە سەرسوڕهێنەرتریان گوتوە،گوتوویانە دەبێت هەر پێغەمبەرێک خاڵێکی هەبێت، بەڵام هەموو پێغەمبەران لە دەستی ڕاستیانەوە بوە، جگە لە محەمەد کە تایبەتمەندی لە نێوان شانەکانی هەبوە، (دواتر باسی تایبەتمەندییەکانی محەمەد دەکەین)، حاکم لەوەی درکی پێ کراوە لە وەهب کوڕی مونەبیهەوە وەریگرتوەو گوتوویەتی: خودا هیچ پێغەمبەرێکی نەناردوە خاڵێکی پێغەمبەرایەتیی "ئاوها" لە دەستی ڕاستی نەبێت، جگە لە پێغەمبەری ئێمە کە خاڵی پێغەمبەرایەتی لە نێوان شانیدابوە.

بێگومان ئەم قسەیە قسەی کوڕی مونەبیهە نەک محەمەد بە بەڵگەی قسەی (جگە لە پێغەمبەری ئێمە)، نازانم کوڕی مونەبیهە ئەم زانینەی لە کوێهێناوە، دەبێت پێغەمبەرایەتی خاڵی هەبێت، وەک ئەوەی خاڵ لە تەواوکارییەکانی پێغەمبەرایەتی بێت، لەگەڵ ئەوەی خاڵ کەموکورتییە لە دروستکردندا، لەبەر ئەوەی بەشێکی دەرپەڕیوی جیاواز لە سەرجەم لەشولار نەبێت هیچ تەواوکارییەکی خەڵق کراو نییە.

ئینجا تەماشابکە چۆن کوڕی مونەبیە لەو قسانەیدا باسی مۆری پێغەمبەرایەتیی گۆڕیوە بۆ دەربڕینی خاڵی پێغەمبەرایەتی، ئەوان ئەوەندە لە سەر هەڵە ڕۆیشتوون، کە وایانزانیوە مۆری پێغەمبەرایەتی خاڵە، ئاسان بوە لایان مۆرەکە بە خاڵی پێغەمبەرایەتی بزانن، لێرەوە ڕۆچوونە هەڵەکردنیان زیادی کردوە،گوتوویانە دەبێت هەر پێغەمبەرێک خاڵێکی هەبێت کە پێغەمبەرایەتی نیشان بدات. لەوەی پێشتر باسمان کرد، زانیت مۆری پێغەمبەرایەتی لە بناغەدا هیچ پێوەندییەکی بە خاڵەوە نییە.

هەندێک لە زانایانی فەرموودە فەلسەفاندوویانە لە سەر بابەتی مۆری پێغەمبەرایەتی یان لە سەر شوێنی خاڵ وەک دەریان بڕیوە،گوتوویانە (ئەو تایبەتمەندییەی بە پەیامبەری خودا بەخشیوە کە مۆری پێغەمبەرایەتی لە پشتی داوە لە لای دڵییەوە کە شەیتان ناچێتە جێگەی ترەوە، سەرجەم پێغەمبەران مۆرەکەیان لە دەستی ڕاستیاندا بوە.) ئەم دەستەواژەیە هیی جەلالی سیوتییە و لەتایبەتمەندییە بچوکەکانە، ئەوەی لێی تێدەگەیت ئەوەیە مۆری پێغەمبەرایەتی لە پشتی و لە لای دڵییەوە بوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لەشەیتان بگرێت و نەهێڵێت بچێتە دڵییەوە، وەک ئەوە وابێت شەیتان لەپشتەوە نەبێت ناچێتە دڵەوە، بۆچی لە سنگییەوە یان لە دەمییەوە ناچێت، با وادابنێین کە شەیتان لە پشتەوە دەچێتە دڵەوە، وابێت ڕێگەی شەیتان بۆ چوونە دڵی سەرجەم پێغەمبەران کراوەیە، لەبەر ئەوەی مۆری پێغەمبەرایەتی لە دەستی ڕاستیاندابوە. خاوەنی تایبەتمەندییە بچوکەکانی پێغەمبەرایەتی بۆ ئەمە چی دەڵێت؟! شەهابی قسقەلانی لەم بارەیەوە ناڕەزاییی دەربڕیوە و لە پەراوێزی تایبەتمەندییە بچوکەکان گوتوویەتی:ئەمە کارێکی دروستکراوە،ئەوەی ئێمە لێیتێگەیشتوین کە وەحی هاتن و شێوەی چوونە دڵی پێغەمبەران بێ مۆر بووە و هیچ شتێکی شاراوەی تێدانەبووە، جگە لە پێغەمبەرەکەی ئێمە نەبێت.

ئەگەر لەمەدا وردبینەوە، وایدەبینین کە مۆری پێغەمبەرایەتی لە دەستی ڕاست و لە پێشتر و ڕوونترە لەوەی لە پشتدابێت، لەبەر ئەوەی مۆری پێغەمبەرایەتی پول و نیشانەی زانینە بۆ پێغەمبەرایەتی، باشتروایە لە شوێنێکی دیاربێت لە چاو و بینینەوە، کە لە دەستی ڕاستی بێت دیارترە، ئەوە لە پشتدابێت بە جلوبەرگ دادەپۆشرێت و تا پشت دەرنەخەیت نابینرێت، بەڵام حەقیقەت لە دەرەوەی ئەوانەیە کە ئەمەیان گوتوە و بە پێچەوانەی ئەوانەیە کە هەڵەبوون تێیدا، مۆری پێغەمبەرایەتی خاڵ نییە، خاڵیش مۆری پێغەمبەرایەتیی نییە، وەک لەوەدا دەیزانیت کە دەرمانخست.

ئەگەر بڵێیت لە قورئاندا هاتوە: {ما كان محمد أبا أحد من رجالكم لكن رسول الله و خاتم النبيين} [الأحزاب: 40]واتە: محەمەد باوکی هیچ پیاوێکتان نەبووە بەڵام کۆتا پێغەمبەر و راسپاردەی

خودایە. لە گوتنی (وخاتم النبیین) ئەوە نیشان نادات کە بەمۆری پێغەمبەرایەتی گوترابێت، دەڵێم (خاتم) دوو بەکارهێنانی هەیە، یەکەم: ئەوەی وەک مۆر یان پول بەکاردێت، کە مۆری نووسراوی پێدەکرێت وەک نیشانەی تەواوبوونی، ئەوان مەبەستیان لە مۆری پێغەمبەرایەتیی ئەم واتایەیە، واتە نیشانەی پیشاندانی پێغەمبەرایەتییە وەک لەگەڵ خۆیاندا باسیانکردوە.
دووەم: بە واتای کۆتایی، وەک دەگوترێت کۆتاییی خێڵێک یان کۆتاییەکەی وەک لە قورئاندا هاتوە: {ولکن رسول الله وخاتم النبیین} [الآحزاب: 40]واتە: بەڵام راسپاردەی خوادیە و کۆتا پێغەمبەرە. واتە دوا پێغەمبەر، ئەم بەکارهێنانەی دووەم لە بەکارهێنانی یەکەمەوە هاتوە لە ڕێگەی فراوانبوونی زمان، لەبەر ئەوەی (خاتم) بە واتا پول یان مۆر دێت، ئەمەیش لە کۆتاییی نووسراودا نەبێت ناکرێت، بەکۆتایی هەموو شتێک دانرا، لە کاتی فراوانبوونی بەکارهێنانی وشەکە، (فخاتم النبوە) لە واتادا شتێکە و (وخاتم النبیین) شتێکی ترە.

(17)
چۆن بیری پێغەمبەرایەتی بە مێشکی محەمەددا هاتوە
پێش هەموو شتێک دەبێت بزانیت،محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی بەدەر بوە لە دابونەریتی بۆماوەییی باوی قەومەکەی، لەبەر ئەوەی ـوەک پێشتر باسمان کردـ لەوانە بوە کە عەقڵی خۆرسکی زاڵبوە بە سەر عەقڵی بەدەستهاتوویدا (تەماشای نووسینی عەقڵیەتی عەرەبی لە جاهیلیەتدا بکە)، هەر یەکێک وابێت، بیریارێک دەبێت بە سەربەستی بیردەکاتەوە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ هیچ شتێک ڕێگریی لێ ناکات لە بیرکردنەوەی کاروبارەکانی جگە لەوەی بکەوێتە ژێر ڕکێفی نەریتی بۆماوەیی و دابی باو و لەوێوە عەقڵی دەستکەوتووی دروست دەبێت، بەوەیش شتەکان بە عەقڵ دەبینێت. هیچ شتێک بە مەعقوول نابینێت، ئەگەر لەگەڵ دابونەریتدا نەگونجێت، لەوێدا عەقڵی دەستکەوتووی لە عەقڵی خۆرسکی دەباتەوە و، زاڵدەبێت بەسەریدا و ڕێگری دەکات لە بیرکردنەوەی لە کاروبارەکاندا، خودا ئەبووعەللا ببەخشێت کە دەڵێت:
بمثله ثم یبغی الحوت فی الغدر والمرء ینکر ما لم تجر عادته
واتە: وەك ئەوەیە کە شتێکی زلی هاوشێوەی نەهەنگی مەبەست بێت وایە، خەڵك لە شتێك خۆی لا دەدات کە لەگەڵ نەریتی باودا نەیەتەوە.
وەک ئەم کەسانە ناتوانن لە دابی باوی بۆماوەییان دەربچن، بەڵکوو ملکەچ دەبن بۆ بەردەوامیپێدانی، بەڵام ئەوەی عەقڵی خۆرسکی زۆروزەوەندبێت، زاڵ دەبێت بە سەر عەقڵی دەستکەوتوویدا، ئەوە پێچەوانەی ئەویترە، واتە ملکەچی دابی بۆماوە نابێت، بەڵکوو لە چاویلکەی عەقڵی خۆرسکییەوە و بە شێوەیەکی تایبەتی تەماشای دونیا و هەر شتێکی تر دەکات، ئەوەی حەق بێت قبوڵی دەکات و ناحەقییشڕەت دەکاتەوە، لەوێدا ڕاستە ئەگەر بڵێین کە ئەوە کەسێکی بیرمەندە و لە دەرەوەی دابونەریتی بۆماوەییە. بەم شێوەیە لەو قسەیەمان تێدەگەیت، کە دەڵێین محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی لە دەرەوەی دابی زاڵی بۆماوەییی قەومەکەی بوە، لەبەر ئەوە عەقڵی خۆرسکی زاڵ بوە بە سەر عەقڵی بەدەستهاتووی دا، واتە ئەو لە بیریاران بوە.
ئەوەی نیشانیدەدات، لە نەریتی قەومەکەی دەرچوە ئەوەیە، کەلە عەلیی کوریئەبووتالیب بیستراوە،گوتوویەتی بە پێغەمبەریان گوت: ئایا قەت بتت پەرستوە؟گوتوویەتی: نەخێر.گوتوویانە: ئایا مەیت خواردوەتەوە؟گوتوویەتی: نەخێر. تا ئێستا وا دەزانم ئەوانەی لە سەری بەردەوامن کافرن، نەیشمزانیوە کتێب چییە و باوەڕداری چییە.
لەو بارەیەیشەوە کە بە خەدیجەی گوتوە، بە خودا هەرگیز هیچ شتێکمهێندەی بت و قەشەکان ڕق لێ نەبوە. بە بوحەیریی قەشەی گوتوە، هیچ پرسیارێکم لە لات و عەزا لێ مەکە، هیچ شتێکم هێندەیئەوان ڕق لێ نەبوە. وەک ئەوەی لە نەریتی قەومەکەی دەرچووبێت، لە عەرەفات لە کاتی حەجدا وەستاوە و بە پێچەوانەی قەومەکە وەستاوە وباوەڕی بە(حمس) نەبوە. بەوەی قورەیش (حمس-کۆی احمس) بوون واتە بە پەرۆشییەوە لە ئایین و شەڕدا کاریان کردوە. خۆیان بە (حمس)ناونا، وەک پەرۆشییان بۆ ئایین. نەریتی ئەم پەرۆشییانە ئەوەبوە کە حەجیان بکردایە لە حەرەم دەرنەچوون و لە عەرەفات نەوەستان لەبەر ئەوەی لە حەڵاڵەکانە نەک حەرامەکان. ئەوانی تر، واتە سەرجەم عەرەبەکان لە عەرەفات دەوەستان، ئینجا دەڕۆیشتن بەرەو موزدەلەفە. ئەو کارانە، وەک نەوەستان لە عەرەفات، وەک تایبەتمەندییەک بوو

بۆ پەرۆشییەکانی عەرەب. حیکایەتخوانان گوتوویانە، دەڵێن ئەوان کورانی ئیبراهیم و خەڵکی حەرەم و سەرپەرشتیکارانی ماڵ (کەعبە) و سەر بە مەککەن، هیچ عەرەبێک لە پێگەی ئەواندا نییە، هیچ شتێک لەوە گەورەتر دانەنێن کە بۆ حەرەمی مەککە دایدەنێن، ئێمە لە (حمس)پەرۆشانین، بۆمان نییە لە حەرەم دەربچین، وازیان لە وەستان لە عەرەفە هێنا و زیاتر بەرەو موزدەلەفە چوون، بەڵام سەرجەمی عەرەب بە هەموویان لەوێدا دەوەستان. بەمەیش ئۆرستۆکراتیەتی قورەیشت بۆ دەردەکەوێت، بەڵام محەمەد هەستێکی دیموکراسیی هەبوو، وەک لە شەریعەتەکانی پاش پێغەمبەرایەتی دەردەکەوێت، شانازیکردنی بە باوان ڕەتکردەوە و چاکەی هیچ کەسێکی بە سەر کەسەوە دانەنا، تەنها لە خوداپەرستیدا نەبێت. بەوەیش ناکۆک بوو لەگەڵ قورەیش دا، کە ئەو تەنانەت لە پێش پێغەمبەرایەتی لەگەڵ خەڵکدا لە عەرەفە دەوەستا. لە سیرەی حەلەبی دا هاتوە، هەندێک لە هاوەڵانی گوتیان: پەیامبەری خودامان بینی پێش ئەوەی وەحیی بۆ دابەزێت لە عەرەفە لە سەر حوشترێک لەگەڵ خەڵکەکەدا .وەستابوو، تا لەگەڵیاندا بێت و هاورایان بێت و لە لایەن خوداوە پشتگیرییان بکات

بەڵگەی ئەوەی کە لە نەریتی قەومەکەی پێش پێغەمبەرایەتیی دەرچوە ئەوەیە، لە ئوم ئەیمەنەوە هاتوە،گوتوویەتی: (بوانە) بتێک بوەقورەیش دەچوون بۆ لای و بە گەورەیان زانیوە و خێریان بۆ کردوە، واتە نەزریان بۆ کردوە، کە ئاژەڵیان بۆ سەرپڕیوە و لەوێدا سەری خۆیان تاشیوە، هەر ساڵێك جارێك، ڕۆژێک تا شەو لەوێدا دەمانەوە. ئەبووتالیب لەگەڵ قەومەکەیدا هاتوە و لەگەڵ پێغەمبەری خودا قسەی کردوە بۆ ئەوەیئەویش بێت، بەڵام پێغەمبەر ڕازی نەبوو،گوتوویەتی: بینیم ئەبووتالیب لێی تووڕەبوو، پورەکانیشی زۆر تووڕە بوون و گوتیان: ئێمە زۆر لە تۆ دەترسین ئەوەی دەیکەیت کە خۆت لە ئیلاهەکەمان لا دەدەیت، گوتوویانە: ئەی محەمەد ناتەوێت ئامادەی جەژنی قەومەکەت بیت، بۆ ئەوەی زیاتر کۆیان بکەیتەوە. وازیان لێنەهێنا بۆ ئەوەی بڕوات لەگەڵیاندا وئەویش لەگەڵیان ڕۆیشت و ئەوەی کە خودا ویستی هەندێک لەوان دابڕا، ئینجا بە دڵەڕاوکێ و ترس و هەڵپڕووزکانەوە هاتەوە، گوتیان: چیت لێهاتوە؟ گوتی دەترسم جنۆکە چووبێتە گیانمەوە، گوتیان چۆن خودا تووشی شەیتانت دەکات و هەموو خەسڵەتێکی خێرت تێدایە، چیت بینی؟ گوتی: هەر جارێک خۆم دانەواند بۆ هەر بتێک (بتەکان کە لە تەنیشت بتە گەورەکەوە بوون واتە"بوانە")، لەوێدا پیاوێکی سپیی درێژ لە دواوە هاوارم لێدەکات و دەڵێت دەستی لێ مەدە ئەی محەمەد، گوتی لە دوای ئەوەوە تا بوە .پێغەمبەر بۆ جەژنەکەیان نەڕۆیشت

تێبینییەك بۆ درێژەدان: بێگومان کە لە محەمەد تووڕە بوون و سەرکوتیان کردوە، ناچار بوە لەگەڵیاندا بڕوات و بە بێ ڕەزامەندیی دڵی خۆی و لە تووڕەبوونی ئەوان، بێزار بوە و ئەمەیش کاری تێکردوە و هەڵچوە، کاتێک بینیویەتی کە قەومەکەی نزیک بتەکان بوونەتەوە و کڕنووشیان بردوە و خۆیان بە بتەکانەوە نووساندوە و لە خۆیان گرتوە و بە گەورەیان داناوە، ئەم کردەوانەیش کاریگەریی زۆرتری لێکردوە، دەمارەکانی و مێشکی هەڵچوون و ئەوەی بەسەرهاتوە کە بەسەریدا هاتوە، لەو حاڵەتە زانراوەی بۆ هاتوە وەک ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکە، کە خەونی بە تارماییەکی سپیی درێژەوە بینیوە، خۆی لەو حاڵەتەدا بوە کە بتی ڕەتکردوەتەوە و نەیویستوە بە گەورەی دابنێت و لێی نزیک بێتەوە، گوێی لە دەنگێک بوە پێی گوتوە: (من لە دواوەم ئەی محەمەد و دەستی لێ مەدە.) ئەم دەنگە دەنگی خۆی بوە و لە خۆی گوێی لێبوە نەک لە تارماییەکی بینراو. هەروەها ئەو دەنگانەی کە گوێی لێ بوە، بەم شێوەیە بوون، بە بەڵگەی ئەوەی خەڵکی تر لەوانەی لەگەڵیدا بوون گوێیان لێی نەبوە. هەروەها تارماییە سپییەکەیش جگە لە خۆی کەسی تر نەیبینیوە، زۆر قورس نییە لەمە تێبگەی، پاش ئەوەی ئەم باسەمان .پێشکەش کردیت

گەڕانەوە بۆ باسەکە

ئەمە هەمووی بەڵگەیە بۆ ئەوەی محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی لە دەرەوەی نەریتە باوە بۆماوەییەکانی قەومەکەی بوە، دەرچوون لەو نەریتانە کارێکی زۆر گەورە نەبوە، خراپترین شت بتپەرستی بوە، دەرچوون لە بتپەرستی نە بیرکردنەوەی ویستوە و نە عەقڵێکی گەورەیش، ئەگەر پێگەییشتوان لە سەر بۆچوونی باوان نەڕۆیشتنایە، هیچ عەرەبێکی جاهیلیەتت نەبینی بتپەرستی ڕەتنەکاتەوە و پشتی تێ نەکات. لە وڵاتی عەرەبدا، محەمەد یەکەم کەس نەبوە بتپەرستی ڕەتبکاتەوە و ڕقی لێی بێت، ئەمە لە دووتوێی کتێبی سیرەی پێغەمبەرایەتی دەربارەی خوداپەرستان یان حەنیفییەکاندا هاتوە، خەڵکانی وەک وەرەقەی کوری نەوفەل و

عەبدوللای کوڕی جەحش و عوسمانی کوڕی حوەیرس و زەیدی کوڕی عەمرو کوڕی نەفیل
هەبوون کە بتپەرستیان وەلاوە ناوە.
ئەمانە دەنگوباس و چیرۆکێکیان هەیە کە خاوەن سیرەی هشامی لە ئیبن ئیسحاقەوە
وەریگرتوە، دەڵێت: قورەیش لە جەژنێک لەجەژنەکانیان، لای بتێک لە بتەکانیان کۆبوونەتەوە و
خێریان کردوە و مەڕیان سەربڕیوە، بە گەورەیان داناوە و لەوێدا ماونەتەوە و گرینگییان پێداوە،
جەژنێک بوو کە لە ساڵێکدا یەک ڕۆژیان بۆ تەرخاندەکرد، گوتی: چوار کەس لەو جەژنە نەجاتیان
بوو، خۆیان لەو جەژنە ڕزگارکردبوو، ئەو چوارە کە باسمان کردن و بوون بە هاوڕێ و نهێنیی
یەکتریان شاردەوە، گوتیان: بەڵێ، بە یەکتریان دەگوت، فێربن بە خودا چی دەڵێن، کە لە سەر
ئایینی باوکیان ئیبراهیم دەرچوون و هەڵەیان کردوە، یەک شوێنی پاکی پێوە نییە و نەدەبینێت و
نەدەبیستێت، نە زەرەری هەیە و نە قازانجیش، ئەی قەوم بیر لە خۆتانبکەنەوە، ئێوە بە خودا لە
سەر هیچ شتێک نین، گوتی: لە وڵاتاندا بڵاوبوونەوە و بەدوای حەنیفییەدا دەگەڕان،واتە ئایینی
ئیبراهیم. ئیبن جەوزی کۆمەڵێکی تری بۆ ئەو چوارە زیادکردوە، لەوانە ئەبووبەکری سدیق،
ڕەباب کوڕی بەراو، ئەسعەد کوڕی کریتی حەمیری، قەیس کوڕی ساعدەی ئەیادی و باوکی
قەیس کوڕی سرمە، بەڵام وەرەقەی کوڕی نەوفل بوو بە یەهوودی و وازی لێهێنان، ئینجا بوو بە
نەسرانی و بە توندی گرتی و دوای کتێبی خەڵکەکەی کەوت، تا لە زانستی ئەهلی کتێب
فێربوو، گوتیان نەگەییشت بە پەیامبەرەکە و دوا کەس بوو لەو کاتەدا مرد و بە موسوڵمانی
نەمرد. ئەمە ڕاستنییە کە باسی سەرەتای وەحی کرا، گوتیان خەدیجە محەمەدی برد بۆ لای
وەرەقەی کوڕی نوفەل، پرسیاری لێ کرد و گوتی: برازاکەم چی دەبینیت؟ کاتێک ڕووداوەکەی
بۆ باسکرد، وەرەقە پێی گوت: ئەمەیە باوەڕپێکراو و نهێنیپارێز، کە بۆ مووسا دابەزیوە، بە
خەدیجەی گوت: کورە مامەکەت ڕاستگۆیە و ئەمە سەرەتای پێغەمبەرایەتییە، لە قسەیەکی
تردا ئەمە پێغەمبەری ئەم ئومەتەیە.
ئەم قسەیە جگە لە باوەڕکردن بە پێغەمبەرایەتیی محەمەد هیچی تر نییە، ئەوەی بەلای
ئیمامە بلیمەتەکانەوە زیاتر باوەڕپێکراوە، کە وەرەقە گەییشتوەتە زەمانی بانگەوازی
خواپەرستی و موسوڵمانێتی و ئینجا مردوە، بەڵام عەبدوللای کوڕی جەحش کە کوڕی پوری
"خوشکی باوکی" محەمەد بوە (ناوی ئومەیمە کچی عەبدولموتەلیب بوە)، ئەویش گەییشتوە
بەکاتی بانگەشەکە و بوە بە موسوڵمان و لەگەڵ کۆمەڵێک موسوڵماندا کۆچی کردوە بۆ
حەبەشە، ژنەکەیشی دایکی حەبیبەی کچی ئەبی سوفیان بوە و بوە بە موسوڵمان و
لەگەڵیدا ڕۆیشتوە، کاتێک چوە بۆ ئەوێ وازی لە موسوڵمانێتی هێناوە و بە نەسرانی مردوە،
پاش بەنەسرانیبوونی سەردانی موسوڵمانانیکردوە و پێی گوتوون، ئێمە چاومان کردوەتەوە و
ئێوە خەواڵون و چاوتان نوتکەنوتکیەتی، واتە دەبینین و ئێوە داوای بینین دەکەن، نازانم بۆ پێیان
دەڵێت داوای بینین دەکەن، سەرەڕای ئەوەی ئەوانیش وەک ئەو چاویان کردوەتەوە، بەڵکوو لە
حەقیقەتدا پێچەوانەی قسەکەی ئەوە، ئەو لە چاوترووکاندندا بوە و ئەوانیش چاوکراوە بوون،
لەبەر ئەوەی ئەوان لە بتپەرستی ڕایان کرد و چوونە نێو ئایینی ئیسلامەوە، کە هیچ
هاوبەشێک قبوڵ ناکات، ئەوان لەو زیاتر لە خودا نزیک بوون، بەڵام ئەو بوو بە نەسرانی کە
بۆنی هاوبەشی تێدا دەکەی وەک باوک و کوڕ و ڕۆحی قودس، کام تیم لەچاونوقاندندا بوون و
کامیان کراوە! لەوانەیە کوڕی جەحش جارێک کاریگەریی بتپەرستیی لە گیاندا مابێت، بۆیە
ئایینی نەسرانی بۆ ئەو زیاتر گونجاوتر بوە لەوەی ئیسلام، بۆیە ئەو قسانەی کردوە کە
کردوویەتی.
بەڵام عوسمان کوڕی حوەیرس نەگەییشت بە بانگەشەکە و چوو بۆ لای قەیسەری ڕۆم و بوو
بە نەسرانی و پێگەی باشی هەبوو لەوێ، بەڵکوو کوڕی هشام گوتی: عوسمان کوڕی
حوەیرس لای قەیسەر قسەیەکی هەیە کە نەیهێشت (حديث الفجار) باس بکەم، کە لە سەر
ڕێگەی پەیامبەر نەماوە. ئیبن هشام پاش ئەوەی باسی فجاری کرد (قسەی فجار لەوە درێژترە
کە باسمکرد، ئەوەی ڕێگەی لێگرتم بە دواداچوونی بۆ بکەم دەرچوونی بوو لە ڕێی پەیامبەری
خودا). ئەمە هەڵەیەکی کوشندەیە، لەبەر ئەوەی ڕێگەی پەیامبەری خودا وا فەرز دەکات، کە
بەدواداچوون بکەیت بۆ هەر قسەیەک ئەگەر لە دووریشەوە پێوەندیی بەوەوە هەبێت، دەبوایە
لەبەر هۆیەکی هیچوپووچ دەربارەی قسەکەی عوسمانی کوڕی حوەیرس لای قەیسەر لە
بەدواداچوون نەوەستایە. لای من ئیبن هشام خراپەی لەگەڵ زانست و حەقیقەتدا کردوە بە
کورتکردنەوەی بەسەرهاتی ئیسحاق و لابردنی شتێکی زۆر، ئەگەر باسی بکردایە،

بەسەرهاتی محەمەدمان باشتر دەزانی و دەبینی، بە تایبەتی لەمە زیاتر کە ئێستا دەیزانین، بە تایبەتی لە لابردنی هەر قسەیەک کە نەیارانی محەمەد کردبێتیان، ئەمڕۆ ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ سیرەتی ئیبن ئیسحاق لەبەر ئەوەی ونبوە و دیار نییە، ئیبن هشام کورتی نەکردوەتەوە، بەڵکوو کوشتوویەتی و مراندوویەتی، بەڵام زەید کوری عەمرو کوری نەفیل، دەڵێن پێش پێغەمبەرایەتی، ماوەیەک لە سەر ئایینی ئیبراهیم بوە، نەبوە بە یەهوودی و نەسرانی، وازی لە بتپەرستی، خێر و قوربانی هێناوە، دژی زیندەبەچاڵکردنی کچ وەستاوەتەوە، دەڵێن زیندەبەچاڵکراوانی زیندووکردوەتەوە، واتە هەر کەسێک بیویستایە کچەکەی زیندەبەچاڵ بکات بردوویەتی بۆ لای خۆی و بەخێوی کردوە. دەڵێن بەوە دەستی پێ کردوە، کە عەیبی قەومەکەی نیشانداوە، ئەگەر پرۆیشتایە بۆ کەعبە گوتوویەتی فەرمانتە، بەڕاستی ئەمە .کۆیلایەتییە، پەنا بۆ ئەوە دەبەم کە ئیبراهیم پەنای بۆ بردوە

ئیبن ئیسحاقگوتوویەتی: هشام کوری عەروە لە باوکییەوە وەریگرتوە و ئەویش لە ئەسماوی کچی ئەبووبەکری دایکییەوە وەریگرتوە،گوتوویەتی: زەید کوری عەمرو کوری نەفیلم بینی پیر بوو، شێخێک بوو بۆ خۆی و پشتی دابوو بە کەعبەوە، دەیگوت: ئەی خەڵکی قورەیش، بەوەی گیانی زەیدی کوری عەمروی بەدەستە، جگە لە من کەستان نەچوونەتە سەر ئایینی ئیبراهیم، ئینجاگوتوویەتی: خودایە ئەگەربزانم کام دەموچاوت خۆشدەوێت، بەوەوە تۆم دەپەرست، بەڵام نایزانم، ئینجا بە هەوەسی خۆی سوجدەی بردوە. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: زەید کوری عەمرو کوری نەفیل، سەرزەنشتی قورەیشی کردوە و پێی گوتوون بەوەی گیانی زەیدی کوری عەمروی بەدەستە، من نەبێت هیچ کەستان لە سەر ئایینی ئیبراهیم نین. تەنانەت خەتابی مامی لە مەککە دەریکرد و لە حەڕرا جێنشینی کرد، یەکێکی بەسەرەوە دانا چاودێریی بکات و ڕێگریی لێبکات، ئەگەر بیەوێت بێتە ناو مەککەوە، نەوەك بە زۆر ئایینەکەیان لێ تێکبدات. لە سیرەی ئیبن هشام دا هاتوە: زەیدی کوری عەمرو لە مەککە دەرچوو، لە ئەرزی دەدا و داوای حەنیفیەی ئایینی ئیبراهیمیدەکرد، سەفییەی کچی حەزرەمی "هاوسەری" هەرچەند بینیبێتی کە خۆی ئامادە دەکات بۆ دەرچوون، دەبوایە مۆڵەت لە خەتاب کوری نەفیل وەربگرێت. ئەم خەتاب کوری نەفیلەی "باوکی عومەری کوری خەتاب" مامی بوە و لە دایکەوە برای بوە. گلەییی ئەوەی لێدەکات کە ئایینی قەومەکەی بەجێهێشتوە. خەتاب سەفییەی ئاگادارکردبوەوە، ئەگەر بینیت دەیەوێت شتێک بکات، وەرە مۆڵەتم لێوەرگرە. گوتی: خەتاب ئازاری زەیدی دەدا و دەریکرد بۆ سەرووی مەککە، لە حەڕرا لەبەرانبەر مەککە نیشتەجێ بوو. خەتاب هەندێک گەنجی قورەیشی بێ سیفەت و بێ ڕەوشتی ڕاسپاردبوو پێی گوتبوون: نەهێڵن بێتە ناو مەککەوە، بەنهێنی نەبێت نەچوە ناو مەککەوە، ئەگەر بەوەیان بزانیبایە، مۆڵەتیان لە خەتاب وەردەگرت و ئازاریان دەدا و دەریاندەکرد، لەبەر ئەوەی ئایینەکەیان لێ تێکدەدات، دەبێت یەکێکیان چاودێری بکات. ئەمانە هەموویان پێش محەمەد لە نەریتە بۆماوەییەکان دەرچووبوون، بەتایبەتی زەیدی کوری عەمرو کوری نەفیل، ئەگەر ئەم وەک محەمەد پێغەمبەر نەبێت، هیچ نەبێت نیوە پێغەمبەرێک بوە بۆ خۆی، لەبەرئەوەی وازی لە بتپەرستی هێناوە و لەو گۆشتەیشی نەخواردوە کە بۆ بتەکان سەردەبڕران، زیندەبەچاڵکردنی کچانی ڕەتکردوەتەوە، قەومەکەی لەناتەواوی و عەیبی ئالیهەکەیان ئاگادار کردوەتەوە و سەرزەنشتی کردوون، تا لە مەککە دەریانکرد و ڕێگەیان لێگرت بچێتە ناوییەوە و ئازاریان دا و لە حەڕرانیشتەجێیان کرد، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی کەمتربوو لەوەی بە محەمەد کرا، ئەگەر زەید هیمەت، زەبر، توندوتۆڵیو سەبری محەمەدی هەبوایە، ئەگەر ژیری و زمانزانی و ئەو توانایەی محەمەدی هەبوایە، ئەگەر ئەو هاوکارییەی بۆ هەبوایە کە بۆ محەمەد هەبوو لە بینین و زانینی ئەوەی لە کتێبە کۆنەکاندا هاتوە؛ لە چیرۆکی پێغەمبەران و دەنگوباسیان، ئەگەر ئەو خواست و ئامانجە گەورەیەی محەمەدی هەبوایە لە ڕابوونی گەورە، هیچی لە محەمەد کەمتر نەبوو، ئەمیش وەک محەمەد دەبوو. ئەوەی دەهێنا کە محەمەد هێنای، لەوانە بوو کە محەمەد یەکێک .بوایە لە شوێنکەوتوانی

بێگومان محەمەد سەرسام بوو بە زەید و کاری تێکردبوو، شتیشی لێوەرگرتبوو. لە عایشەوە گێڕاوەتەوە، بە قورەیشی گوتوە، خودای گەورە بەرانی خەڵق کردوە، لە ئاسمانەوە ئاو دەبارێنێت، لەوەڕگەی لە سەر زەوی بۆ سەوز دەکات، ئینجا ئێوە دوور لە ناوی خودا سەری .دەبڕن، هیچ شتێکم لەوە تام نەکردوەکە بە فێڵ هاتوە تا خودا ئەو پەیامەی پێ بەخشیم

لە بوخارییەوە لە عەبدوڵڵای کوری عومەرەوە وەریگرتوە، پێغەمبەری خودا پێش ئەوەی وەحی

دابەزێت، زەید کوڕی عەمرو کوڕی نەفیلی دەبینی، سفرەیەک پێشکەش بە پەیامبەر کرا کە گۆشتی مەڕی لە سەر بوو، بۆ غەیرە خودا سەربڕابوو، پێغەمبەریش بەئەوی بەخشیوە، ڕازی نەبوە لێی بخوات،گوتوویەتی: من لەوە ناخۆم کە بۆ بتەکانتان سەری دەبڕن، ناخۆم تا ناوی خودای لە سەر نەگوترابێت. ئەم دوو فەرموودەیە، پاڵپشتیی ئەوە دەکەن کە محەمەد ئەم بۆچوونەی لە زەید وەرگرتوە و کاریگەریی لە سەری هەبوە.
جیاوازیی نێوان محەمەد و ئەم زەیدە ئەوەیە، کە نەیزانیوە کام ڕێگە لای خودا پیرۆزە، تا لەو ڕێگەیەوە ئەو بپەرستێت، وەک پێشتر باسمان کرد، محەمەد ڕێگە خۆشەویستەکەی لای خودای دۆزییەوە و خودای پێ پەرست، ئەویش ئایینی ئیسلام بوو، کە محەمەد دەڵێت ئایینی باوکە ئیبراهیمییەتی، جیاوازییەکی تریش هەیە، لە دەرچوون لە نەریتی قەومەکەی وەستاوە، نەك پێغەمبەر وەستابێت، بەڵکوو لەوەیشەوە دەرچوو کە نەریتی ئایینە، خۆی دۆزییەوە و ڕابوونێکی ئایینی عەرەبی جیهانی گەورەی لە ڕێگەی ئەو نەریتە نوێوە بەرپا کرد.
محەمەد لە سەر زەید گوتوویەتی: ئەم تەنها بە خۆی ئایین دەبەخشێت بە ئومەتێک، گوتیان سەعیدی کوڕی زەید گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری ئیسلام، وەک زەیدی باوکمت بینی و پێی گوتی، داوای لێبوردنی بۆ بکە، گوتوویەتی: بەڵێ داوای بۆ دەکەم، ئەو لە ڕۆژی قیامەتدا بە تەنها ئایین بە ئومەتێک دەبەخشێت.
خاوەنی سیرەتی هیشامی هەندێک لە شیعرەکانی هێناوەتەوە و گوتوویەتی: زەید بن عەمرو بن نەفیل لە سەر دوورکەوتنەوە لە ئایینی قەومەکەی و ئەو ئازارەی لێی بینین هۆنیوەتەوە.
أدين إذا تقسمت الآمور أربا واحدا أم ألف رب
كذلك يفعل الجلد الصبور عزلت اللات والعزى جميعا
ولا صنمى بنى عمرو أزور فلا عزى أدين ولا ابنتيها
لنا فى الدهر إذ حلمى صغير ولا هبلا أدين وكان ربا
وفى الآيام يعرفها البصير عجبت وفى الليالى معجبات
كثيرا كان شأنهم الفجور بأن الله قد أفنى رجالا
فيربل منهم الطفل الصغير وأبقى آخرين ببر قوم
كما يتروح الغصن المطير وبينا المرء يعثر ثاب يوما
ليغفر ذنبى الرب الغفور ولكن أعبد الرحمن ربى
متى ما تحفظوها لا تبوروا فتقوى الله ربكم احفظوها
وللكفار حاميه سعير ترى الآبرار دارهم جنان
يلاقوا ما تضيق به الصدور وخزى فى الحياه وإن يموتوا
هەروەها ئەوەی لە شیعرەکانیسیرەی هیشامیدا هاتوە، دەڵێت:
وقولارصينالا ينى الدهرباقيا إلى اللـه أهدى مدحتى وثنائيا
إلـه ولا رب يكون مدانيا إلى الملك الآعلى الذى ليس فوقه
فإنك لا تخفى من اللـه خافيا ألا أيها الإنسان إياك والردى
فإن سبيل الرشد أصبح باديا وإياك لا تجعل مع اللـه غيره
وأنت إلـهى ربنا ورجائيا حنانيك إن الجن كنت رجاوهم
أرى أدين إلـها غيرك اللـه ثانيا رضيت بك اللـهم بك ربا فلن
بعثت إلى موسى رسولا مناديا وأنتالذى من فضل من ورحمه
إلى اللـه وفرعون الذى كان طاغيا فقلت لـه فاذهب وهارون فادعو
بلا وتد حتى اطمأنت كما هيا وقولا لـه أأنت سويت هذه
بلا عمد أرفق إذا بك بانيا وقولا لـه أأنت رفعت هذه
منيرا إذا ما جنه الليل هاديا وقولا لـه أأنت سويت وسطها
فيصبح ما مست من الآرضضاحيا وقولا لـه من يرسل الشمس غدوه
فيصبح منه البقل يهتز ڕابيا وقولا لـه من ينبت الحب فى الثرى
وفى ذاك آيات لمن كان واعيا ويخرج منه حبه فى رؤوسه
وقد بات فى أچعاف حوت لياليا وأنت بفضل منك نجيت يونسا
لاكپر إلا ما غفرت خطائيا وإنى لو سبحت باسمك ربنا
على وبارك فى بنى وماليا فرب العباد ألق سيبا ورحمه
هەروەها دەڵێت:

له الآرض تحمل صخرا ثقالا وأسلمت وجهی لمن أسـلـمـت
على الماء أرسى عليها الجبالا دحاها فلما رآهـا اسـتـوت
له المزن تحمل عذبـا زلالا وأسلمت وجهی لمن أسـلـمـت
أطاعت فصبت عليها سجـالا إذا هی سيقـت إلـى بـلـده

زۆر به كورتی واته: ئەو میلەتەی کە هەزار خودای هەبێت یان یەك خودا باشتره، بۆیه خەڵکی به توانا عیزه و لاتی تێکشکاند. بۆیه نه هیچ بتێك ناپەرستم نه لات و نه مەنات و نەش هوبەل. ئەمەش بۆ خەڵك باشتره، لەبەر ئەوەی لەو کاتانەدا چەندین شتی خراپەکاریان کرد و رووداوی نابەجێ روویدا و خەڵکی ستەمکاری لەناوبرد و من رووم کرده خودا و بوم به موسڵمان، رووم کرده خودایەك که شاخی لەسەر ئەرز دانا . خەڵکانێکیش گوێرایەڵ بوون کەچی مشتومری دروستکرد له کاتی هاتنیان بۆ وڵاتەکەیان .

ئیبن هشام گوتی قەسیدەی (یائیه)، هیی ئومەییه کوری ئەبی سەڵته،قەسیدەکه جگه له دوو دێری یەکەم و دوەم و دێری پێنجەم و کۆتاییەکەی، سەرواکەی دێری یەکەم واته نیو دێری یەکەمی بەدەر له ئیبن ئیسحاق هاتوه.

بۆ ئەم شیعره وا دەبینین که لەفز و دەربڕینی قورئانی تێدایه، له پێش قورئان گوتراوه، دەشێت هەندێک ئایەتی قورئانی له سەر حساب بکرێت، ئومەیه کوری سەڵت شیعری زۆری هەیه که دەشێت ئایەته قورئانییەکان له سەری حساب بکرێت، له لایەنی دەربڕین و لەفز و باسکردنیشەوه.

ئەوەی محەمەد له سەر زەیدی کوری عەمرو کوری نەفیلگوتوویەتی، که خۆی به تەنها ئایین به ئومەتێک دەبەخشێت، له سەر قەیس کوری ساعدەی ئەیادیشی گوتوه، ئەمیش وەک ئەوانەی تر له حەنیفییەکان بوو، محەمەد پێی ڕاگەییشت، باسی بۆ هاوڕێکانی کرد، گوتی: بینیویەتی (پێش پێغەمبەرایەتی) گوتاری بۆ جەمەل ئەورەق دەدا له عوکاز، بەڵام قسەکانی لەبەر نەکرد، بەڵام ئەبووبەکر هەڵسا و گوتاره بەناوبانگەکەی باسکرد.

بەمەدا دەزانیت که محەمەد به کاروباری ئەمانەی زانیوه، ئەمانەیش به دەرچوونیان له نەریته بۆماوەییەکاندا به نیمچەپێغەمبەرێك دادەنران، هەروەها دەربارەی پێغەمبەرەکانی پێشووی بەنو ئیسرائیل و خەڵکی تریشی زانیوه، هەروەها باسی خالیدی کوری سینای عەبسی بۆ هاوەڵانی کردوه، لەو کاتەدا که شاندێکی بەنی عەبس هاتن بۆ لای، پرسیاری لێکردن که ئایا نەوەی ماوەتەوه، گوتیان: کچێکی بوه ئەویش نەماوه، ئینجا باسیکردوه بۆ هاوەڵانیگوتوویەتی: پێغەمبەرێک بوو قەومەکەی ونیان کرد.محەمەد نەگەییشت به خالیدی کوری سیناندا، گوتیان ئاگرێک له نێوان مەککه و یەسرب له زەوییەوه دەرچوه، خەریک بوه عەرەب بیپەرستێت، ئەم خالیده نەیهێشتوه بیپەرستن، لەوانەیه ئەم ئاگره گڕکانێک بووبێت هەڵچووبێت، زەوی حیجاز گڕکانییه و وەک چۆن گەرمای زۆر ئەو ناوچەیەی داگرتوه، باسی ئەویان نەکردوه که خالیدی کوری سینان هیچی له بتەکان کردبێت، بەڵام به قەومەکەی گوتوه نەیپەرستن، وەک چۆن نەیهێشتوه ئاگر بپەرستن، سەرەڕای ئەوەی بتەکان له وڵاتی عەرەبدا مێژوەکەی بۆ زەمانی عەمرو کوری لەحی خوزاعی جورهەمی دەگەڕێتەوه،وەک له شوێنی خۆیدا باسیدەکەین، هەرچۆنێک بێت قسەکەی پێغەمبەر که گوتوویەتی خالید کوری سینان پێغەمبەرێک بوو قەومەکەی ونیکرد، بەڵگەی ئەوەیه که پێغەمبەر له عورف و زانینیدا چاکسازیخوازبوه و نەریته باوەکانی وەلاوه ناوه و چاکسازیی تێدا کردوه.

ئەوەی بۆ زانینی ئەوەی که پێغەمبەر چاکسازیخوازێکه و له کاروبارەکان تێگەییشتوه و ڕێگەی خێری ناسیوەو پێی دا ڕۆیشتوه و فەرمانی کردوەله سەری ڕۆن و ڕێگەی شەڕی زانیوه و خۆی لێ لاداوه و فەرمانی کردوه خۆیانی لێ لادەن، قسەکەی شاندەکەی ئێزیده که له عەلقەمەی کوری یەزیدی کوری سوەیدی ئیزدییەوه هاتوه، دەڵێت: باوکم بۆی گێرامەوه، که له باپیرمەوه سوەید کوری حارس گوێی لێ بوه، گوتوویەتی: شاندێکی حەوت کەسی له قەومەکەم چووین بۆ لای پێغەمبەری خودا، که چووینه لای سەرسام بوو به سیما و جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەکەمان، گوتی: ئێوه کێن؟ گوتمان: ئیمانداران، بزەیەکی کرد و گوتی هەر قسەیەک حەقیقەتێکی تێدایه، حەقیقەتی باوەڕداریی ئێوه چییه؟ گوتمان: پانزه خەسڵەت، پێنجی نێرراوانت فەرمانی پێ کردووین که باوەڕی پێ بکەین و پێنجی تۆ فەرمانت کردوه که کاری پێ بکەین و پێنجەکەی تریش له جاهیلیەتەوه پێی ڕاهاتووین، ئایا ڕقت له هیچیانه؟ پەیامبەری خوداگوتوویەتی: ئەم پێنجه چین که نێرراوانم فەرمانی پێ کردوون بۆ ئەوەی باوەڕی پێبکەن؟

گوتمان: فەرمانی پێ کردووین کە باوەڕمان بە خودا و پەری و کتێبەکانی و پەیامبەرانی و ژیانەوەی پاش مردن هەبێت، گوتی: ئەو پێنج کارە چین کە فەرمانم پێ کردوون باوەڕتان پێی هەبێت؟ گوتمان: فەرمانت کرد بڵێین بێجگە لەخودا هیچ ئیلاهێکی تر نییە، نوێژ بکەین و زەکات بدەین و ڕۆژوو بگرین و ئەگەر هەر کەسێک توانای هەبێت حەج بکات، گوتی ئەو پێنجە چییە لە جاهیلییەوە لە سەری ڕاهاتوون؟ گوتمان: سپاسگوزاری لە کاتی خۆشگوزەرانیدا، سەبر لە کاتی تەنگانەدا، ڕازی بوون بە قەزاوقەدەر، ڕاستگۆیی لەگەڵ یەکتر و وەلاوەنانی پێخۆشبوون بە زیانی ئەوانیتر و خۆشحاڵبوون بە ناخۆشییەکانی نەیاران، پەیامبەرگوتوویەتی: لەوانەیە حەکیم و فەقیهەکان بە زانین و فەقیهەکانیان ببوونایەتە پەیامبەر. لە قسەکانی (لەوانەیە فەقیهەکانیان ببوونایە بە پەیامبەر) بزانە واتای پێغەمبەر لە زانین و عورفی پێغەمبەردا چییە. ئەوەی باسمان کرد دەشێت لای محەمەد بەهۆکاری دروستبوونی بیری پێغەمبەرایەتی دابنرێت، بەڵام هۆکارێکی تر هەیە کە باسمان نەکرد، گرینگترین هۆکار و گەورەترینیانە، کە تەنها لە محەمەددا هەبوو بەدەر لەوانەی خوداپەرست و فەقیهەکانی پێشووی، کە گوتمان ئەوان نیوە پێغەمبەرن، ئەویش خەون بینینەکانیەتی، کە دەیبینی و قسەی لەگەڵدا دەکات، پێشتر بەدرێژی باسی ئەوەمان کرد، زانیت کە ئەو خەونبینینە لە منداڵییەوە بۆ محەمەد هاتوە، ئەو وێناکردنە جگە لە حاڵەتی نائاسایی لە هیچ کاتێکدا بۆی نەهاتوە، کە لەو حاڵەتەدا هەڵچوونی دەمارەکان دروست بوە و لە هەستی دەرەکی داینەبڕیوە و لەبوورانەوەی تەواودا نەبوە، سەرەڕای ئەوەی لەهۆشخۆچوونەوەدا بووە.

محەمەد بۆ ماوەیەکی زۆر نەیدەزانی. ئەوەی وێنای دەکات و بە خەون دەیبینێت چییە؟ ئایا پەرییە یان شەیتان؟ تەنانەت وایزانی وەک ئەو جنۆکانەیە کە قەشەکان هەیانە، بەخەدیجەی دەگوت: دەترسم ببمە قەشە، واتە ئەوەی دەیبینم و دەیبیستم سەر بەجنۆکە بێت وەک ئەوانەی قەشەکان، بەڵام دواجار باوەڕی بەوە هێنا ئەوەی دەیبینێت پەرییە نەک شەیتان، پاش ئەمەیش ناوی لێنا ئیسرافیل وپاشان جوبرائیل، پێشتر باسمان کردوە و پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات.

ئەمەیش بۆ چاکەی خەدیجە دەگەڕێتەوە، کە ترسەکەی ڕەواندەوە و لە سەر ئەوە جێگیری کرد کە بە یەقینی باوەڕی بەوە بێت، کە ئەوەی دەیبینێت پەرییە نەک شەیتان، بۆیە محەمەد تا کۆتایی ژیانی لە باسکردنی خەدیجە نەوەستا، کە چەند چاکەی بە سەرەوە هەبوە، تا عایشە ئیرەیی پێ بردوە، لە هەر کاتێکدا کە باسی کردوە، ڕۆژێکیان کە وەسفی خەدیجەی کردوەو پێی گوتوە: چیت داوە لە پیرەژنێکی ڕوومەتسوور کە خودا لەو باشتری پێداویت.

لێرەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە چەند جیاوازی لە نێوان سەفیەی خێزانی زەید کوڕی عەمرو و خەدیجەی خێزانی محەمەد هەیە، سەفیە ئازاری زەیدی دەدا و پەشیمانیدەکردەوە، لە چاودێریکردنی و هەواڵگەیاندنیدا گوێڕایەڵی فەرمانی خەتاب بوو، ئەوەت لە یاد نەچێت کە خەتاب بۆ زەید وەک ئەبی جەهل بوو بۆ محەمەد، بەڵام خەدیجە هاوکاریی محەمەد بوو، پشتگیرییدەکرد و جێگیریدەکرد بە هۆیەو پشتگیری و جێگیرکردنەیەوە، ترس و دوودڵی لە خەوبینینەکەی نەهێشت، ئەوە گرینگترین هۆکاری پێگەییشتنی بیری پێغەمبەرایەتی بوو لە محەمەددا، بۆیە لێرەدا دەزانین هەر ژنێک وەک خەدیجە بێت لە ئاست مێردەکەی، دەبێتە هۆکاری سەرکەوتنی لە ژیاندا ئەگەر وانەبێت وەک سەفیە دەبێتە هۆی لەناوچوون و بێئومێدی بۆی.

ئەگەر ئەوە بزانیت، کە محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی لە نەریتی باوی ئەو کاتە دەرچوە،خواستی لە کاروباری باڵادا بوە، ئەو ئامانجەیکە مەبەستێتی و بۆی دەچێت، ئەو هیمەت، زەبر، توندوتۆڵییە، ئەو بیرتیژی و زانیاریی فراوانەی دەربارەی پێشینان نەبوایە، لەگەڵ ئەو خەوبینین و وێناکردنە و باوەڕی بەوەی کە پەرییە و جوبرائیلە و باڵیۆزی خودایە بۆ پێغەمبەران نەبێت نەهاتوە، دەڵێم ئەگەر ئەوە هەمووی بزانیت سەرت سوڕنامێنێت و پرسیار ناکەیت، بۆچی محەمەد بوو بە پێغەمبەر؟ بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەگەر نەبوایەتە پێغەمبەر پرسیارتدەکرد بۆچی نەبوە؟

ئاوەها بیری پێغەمبەرایەتی بۆ محەمەد دروست بوو...ئاوەها تەواو بوو. با قسەیەک لە سەر کاتی دروستبوونی پێغەمبەرییەکەی بکەین:

بێگومان دەرچوونی پێغەمبەر لە نەریتی باوی قەومەکەی لە منداڵییەوە بوە، وەک قسەکەی بۆ بوحەیریی قەشە دەردەخات، کە سوێندی بە لات و عەزا بۆ خواردوە وگوتوویەتی: هیچ

پرسیاری لات و عەزام بۆ مەکە. بە خودا ڕقم لە هیچ نەبوەتەوە بەقەد ئەوان. ئەمە لە کاتی سەفەرەکەی لەگەڵ مامی ئەبی تاڵیب بۆ شام بوە، تەمەنی لەو کاتەدا لە نێوان نۆ ساڵی و دوانزە ساڵیدا بوە، بەڵام دروستبوونی بیری پێغەمبەرایەتی، ناتوانین کتومت کاتەکەی دیاری بکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم بیرە لە پاش ئەوەی خەدیجەی هێناوە دروستبوە، واتە لە نێوان ئەو پانزە ساڵەی لە نێوان زەواجکردنی لە خەدیجەو بە پێغەمبەربوونیدایە، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵی خەدیجەی هێناوە و لە چل ساڵیدا بوە بە پێغەمبەر.

ئەگەر ڕاست بێت، بیری پێغەمبەرایەتی لەوەوە هاتبێت، کە دڵنیاییی تێدا دروست بێت لەوەی کە دەیبینێت پەرییە نەک شەیتان، دەبێت ئەو قسەیەی عومەر کوڕی شەرحەبیلیش ڕاست بێت کە پێشتر باسکراوە بە بنەمای دروستبوون و هاتنەئارای بیری پێغەمبەرایەتی لای محەمەد حساب بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو قسەیەی نیشانەی ئەوەیە، ئەو کاتەی ئەو قسانەی بۆ خەدیجەی کردوە نەیزانیوە پێغەمبەرە، بەڵام ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە لەو کاتەوە کەڵکەڵەی پێغەمبەرایەتی لە مێشکیدا بوە، لەبەر ئەوەی خەدیجە ئەو ترسەی لە دڵیدا ڕەواندوەتەوە، کە ئەو خەوبینین و وێنایە پەرییە نەک شەیتان و جنۆکە بێت، لەو کاتەوە ئیتر ترسی نەماوە، وای لێ هاتوە کە لەو باوەڕەدابێت ئەوەی دەیبینێت پەرییەو شەیتان نییە، لەوێدا هەنگاوێکی بەرەو پێغەمبەرایەتی ناوە، ئەمەیش یەکەم هەنگاوی بوە، دوەم هەنگاوی لەو کاتەدا بوە کە پەرییەکەی بە ئیسرافیل ناوناوە، هەنگاوی سێیەم لەو کاتەوە بوە کە ناوی نا جوبرائیل، کە باڵیۆزی خودایە لە نێوان خودا و پێغەمبەرانی دا.

بەڵام پێگەییشتنی بیری پێغەمبەرایەتی و هەڵهاتنی و هاتنەئارای لەو کاتەوە بوە، کە سوور بوە و جەختی لە سەر کردوەتەوە، پاش پێگەییشتنی ئەمەیش لەنیوەی ساڵی سیونۆی تەمەنیدابوە، واتە پێش شەش مانگ لە پێغەمبەرایەتی. بەڵگەی ئەمەیش ئەو قسانەیە کە لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە، دەڵێن؛ بۆ ماوەی پانزە ساڵ لەو ماڵەدا مایەوە، کە هەندێک جار گوێی لە دەنگ دەبوو، هیچ کەسێکی نەدەبینی، حەوت ساڵ ڕووناکیی دەبینی و هیچ شتێکی تری نەدەبینی، ئەو ماوەیەی کە مژدەی پێغەمبەرایەتیی پێدرا، شەش مانگ بوو لە کۆی ئەو بیستودوو ساڵەدا.

لێرەدا مەسەلەیەک هەیە کە لەگەڵ بابەتەکەماندا دەگونجێت بۆ ئەوەی باسی بکەین، ئەویش گشتگیریی پەیامەکەی و تایبەتمەندییەکانییەتی، ئایا پەیامەکەی محەمەد بۆ سەرجەم خەڵک بوە، یان بۆ عەرەب بوە و دوور لە هەر میللەتێکی غەیرە عەرەب؟ بێگومان محەمەد لە سەرەتاوە هیچ بیرێکی لەوە نەکردوەتەوە کە بانگەشەکەی گشتگیر بێت، وەک لە قورئاندا هاتوە: {وأنذر عشيرتك الأقربين} [الشعراء: 214]،واتە: نزیکترین خزم و عەشیرەتی خۆشت ئاگادار بکەرەوە . بەڵکوو لە سەرجەم کارەکانیدا پلە بە پلە فراوانیدەکرد و هێدی هێدی بە پێیحکومیبەرژەوەندییەکان، کە بارودۆخ و حاڵەتەکە لەبار بوە، یەکەم جار لە مەککە بوە لەو کاتەی کە خۆی و ژمارەیەکی زۆر کەم لە هاوەڵانی سەرگەردان بوون و بانگەشەی خەڵکیان بۆ خودا و قورئاندەکرد، هێزی زیاتر بوو، توندوتۆڵتر بوو لە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە، سوپایەک لە کۆچبەران و ئەنساری دروستکرد، دەستی کرد بە بانگەشەی خەڵک بۆ خودا و قورئان و شمشێر پێکەوە، ئاوابوو کاروباری ئەللای لە سەرجەم پەیامەکەیدا پیادەدەکرد. سەرەتا هیچ بیری لە گشتگیرکردنی نەکردەوە، لەبەر ئەوەی ئەم بیرە لەو کاتەدا بێکەڵک و بێ ئەنجامدەبوو، وەک ئەوەی دوور لە بناغەلێدان بێت و بینایەک دروست بکات، ئەمەیش کاری خاوەن بیری توند، ژیر، ڕای ڕاستودروست نەبێت نایکات.

ئەوەی زانراوە، کە ئەم بیرە واتە بیری گشتاندنی پەیامەکەی لە مەدینەدا هاتوەتە ئاراوە، پاش ئەوەی گرتنی مەککەی بۆ مەیسەر بوو، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە کە عەمرو کوڕی شوعەیب لە کوڕەکەیەوە کە ئەویش لە باپیرییەوە وەریگرتوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: پەیامبەری خودا لە ساڵی تەبوکدا بۆ شەونوێژ هەڵدەستا، کۆمەڵێک لە هاوەڵانی کۆدەبوونەوە بۆ پارێزگاریکردنی، تا ئەو کاتەی تەواو دەبوو دەڕۆیشت بۆ لایان پێی دەگوتن: ئەمشەو من پێنجم پێ بەخشراوە، کە کەس پێش من پێی نەبەخشراوە، لە گێرانەوەی تردا زیاتری گوتوە: وەک شانازی نایڵێم، یەکەمیان کە من بۆ سەرجەم خەڵک نێرراوم، لە قسەیەکی تردا گوتراوە: هەر پێغەمبەرێک تەنها بۆ قەومەکەی خۆی نێرراوە. فەرمووەدەیە.

تۆ دەزانیت کە شەڕی تەبوک لە ساڵی نۆی کۆچی بوو، لەو کاتەدا سەرجەم کاروبارەکانی محەمەد ئاسایی بوە و زاڵبوە بە سەر سەرجەم دوورگەی عەرەبدا، گونجاوە کە بانگەشەکەی

فراوانتر بکات و بیکاتە کارێکی گشتگیر بۆ عەرەب و خەڵکی تریش لە میللەتان، بە تایبەتی ئەو .لە ناخی خۆیدا ئامانجی کردنەوەی وڵاتی فارس و ڕۆم بوە
ئەگەر بڵێم لە قورئاندا هاتوە: {وما أرسلناك إلا كافه للناس} [سبأ: 28]واتە: ئیمە تۆمان نارد بۆ ئەوەی بۆ گشت خەڵکی سەر زەمین بیت: ئەم ئایەتە لە سورەتی (سبأ) سورەتێکی مەکییە، واتە لە مەککە دابەزیوە کە پێغەمبەرایەتیی گشتگیر دەزانێت و پەیامەکەی بۆ هەموانە، ئەم بیرە پێش ئەوەی بچێت بۆ مەدینە هاتوەتەئاراوە، چۆن ئەمە و فەرموودەکەی پێشوو یەکدەگرنەوە؟ دەڵێم یان یەکەم لەفزی ئایەتەکە ڕاست نییە لە سەرجەم پەیامەکەدا، بەڵام بە گشتی لێی تێدەگەیت و وادەبینرێت کە لە ناواخنیدا گشتگیرییەکە دەبینرێت لەبەر ئەوەی (بە پێی قسەی شیکەرەوان) واتای (وما أرسلناك إلا كافه للناس) ئێمە بۆیە تۆمان نارد بۆ ئەوەی بۆ هەموو خەڵکی سەرزەمین بیت. واتە نەهێلیت (تکفهم) بەس بێت کەس لێیان دەرنەچێت بێ موسوڵمان بوون، ئەمە بەسە تەنها بۆ ئەوانەی کە پەیامەکە دەیانگرێتەوە و بانگەشەکە بۆ هەموویان نەبوە، لەو بارەیەوە کە هۆکار دروستکەر و هۆکاریش دادەنرێت، لەبەر ئەوەی بەس بۆ کۆی هەموان دەبێت بەو واتایەی (لازم و ملزوم)ن لەبەر ئەوەی کە هەمەگیرییەکەی بێتەئاراوە، پێویستی بە کۆتایی یان بەسبوون هەیە، بەڵام دەڵێم، لەوانەیە واتاکەی ئاوا نەبێت، لەوانەیە هەموان واتە (کافە) بێت لە ئایەتەکەدا وەک ئاوەڵناوی نادیار بۆ جێناوی سەربەخۆ یان لکاوی تۆ (أرسلناك) لێرەدا هەندێک پیت بۆ زیادەڕەوی هاتوە، وەک لە هەندێک وشەدا هاتوە، واتای (و ما أرسلناك) بۆ ئەوەی لە کوفر بیانوەستێنیت (تکفهم عن الکفر) و نەهێڵێت جگە لە خودا شتی تر بپەرستن، نەک بۆ گشت خەڵک هاتبێت، ئەم بەسبوە(کافە) لە گشتگیریی بانگەشە نایەت، بە پێچەوانەوە واتاکەی کە شیکەرەوان باسیانکردوە، بەوەی لە دەستەواژەکەدا یەکێک لەو پەیامانە لە بانگەشە دەرچوون بێت، ئەو بەسبوونەی خەڵک گشتگیریی پەیامەکە ناگرێتەوە، ئەمەیش بە پێچەوانەی وەستان لە کوفر دێت کە لە سەر گشتگیریی پەیامەکە ناوەستێت، ئەگەر بڵێین پیتی (ل) لامی (للناس) بۆ خەڵك هاتوە چەند دەخایەنێت، ئەگەر بپرسین ئا لێرەدا ئایەتەکە بەڵگەی پشتگیریی پەیامەکە دەگەیەنێت، دەڵێمبەڵێ، بەڵام ڕاشکاوانە نییە، دەقێکی گشتگیر نییە، لەبەر ئەوەی خەڵک (الناس) کۆمەڵێک یان تیرەیەک یان عەشیرەتێک دەگرێتەوە، ئەوەی لە ئایەتەکەدا هاتوە، بەگشتی دەقێکی ڕاشکاو نییە، بەڵکوو لەفزی ڕاشکاو ئەوەیە لە فەرموودەیەکدا هاتوە دەڵێت (فأرسلت الی الناس کلهم عامە) واتە بۆ هەموو خەڵکی بە گشتی نێرراوم، وا دەزانم هەڵەی شیکەرەوە بۆ شیکردنەوەی ئایەتەکەو ڕێزلێنانییە، بۆ گشتگیریی پەیامەکە و بۆ هەموان بێت، بۆ ئەوەی لە لەفزی وشەی (کافە) دروست بێت، لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە بۆ هەموویان پێکەوەیش بەکاردێت، دەڵێن هەموو خەڵکەکە هاتن واتە پێکەوە هاتن، لێرەدا وەک ئاوەڵناو دەردەکەوێت و (ال) ناچێتە سەری، ئەگەر بەم ئایەتە و ئەم واتایە بوایە دەبوایە بڵێت: (وما أرسلناك إلا الناس کافە) (الناس)ی دەخستە پێش (کافە)" واتە .لە زمانی عەرەبیشدا دەبێت خەڵك بخاتە پێش گشت" بەڵام لێرە بە پێچەوانەیە
دوەم بەڵگەی ئەوەمان لا نییە کە ئەم ئایەتە لە مەککە دابەزیبێت، تەنها لەوێدا نەبێت کە لە نێو ئایەتە مەککییەکانە و ئەمەیش بەڵگەیەکی لاوازە، لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی قورئان جیاوازییان هەیە لە نێوان ئایەتە مەککی و ئایەتە مەدینییەکان، لەوانەیە سورەتەکان مەککی بن و ئایەتی مەدینی تێدابێت و بە پێچەوانەیشەوە، لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی سورەتەکانی قورئان لە پاش مردنی پێغەمبەر ڕێکخراوە، بە ئامادەبوونی پێغەمبەر نەبوە، ئەوەیش لە شوێنی خۆی باس دەکەین، بوونی ئەم ئایەتە کە دەڵێن سورەتەکەی مەککییە، بەڵگەی پراوەی ئەوە نییە کە .مەککی بێت، بەڵکوو دەشێت مەدینی بێت با لە سورەتی مەککیشدا هاتبێت
با وادابنێین ئەم ئایەتە دەقێکە بۆ گشتگیریی پەیامەکە، دەبێت بڵێین کە بە پراوەیی و .یەکلاییەوە مەدینەیی بێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە پێشتر باسمان کرد

(18)
خەڵوەتی حەڕراو دەستپێکردنی وەحی
لە دابە باوەکانی قورەیش لە جاهیلییەتدا ئەوە بوە، هەر کەس لەخوداپەرستان یان حەنیفییەکان پەیمانشکێنی لە بتپەرستی بکات، دەبێت دەربچێت و پروات بۆ حەڕرا، نان و ئاو

لەگەڵ خۆیدا ببات، دەبێت خواردن ببەخشێت بە هەر هەژارێک کە ڕووی تێدەکات. ئەمە لە مانگی ڕەمەزاندا دەکەن. ئیبن ئەسیر دەڵێت، یەکەم کەس کە چوە خەڵوەتی حەڕرا، عەبدولموتەلیب بوو لە مانگی ڕەمەزاندا بۆ حەڕرا دەچوو، خواردنی دەدایە هەژاران، ئینجا ئەوانەی خوداپەرستان؛ وەرەقەی کوڕی نەوفەل و ئەبی ئومەیە کوڕی موغیرە ئەوەیان بەسەردا سەپێنرا. محەمەد پاش هاوسەرگیری لەگەڵ خەدیجە -وەک خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت– بە پێی ئەم دابە باوەی ئەوسا، دەڕۆیشت بۆ حەڕرا و خواردنی دەدا بە هەژاران، دەڵێت؛محەمەد ئەم خەڵوەتەی پێخۆش بوە، ئەمەیش لەو ماوەیەی مژدەی پێغەمبەرایەتیی پێدراوە، وەک دەزانیت ئەم ماوەیە شەش مانگ بوە، کە لەنیوەی کۆتاییی تەمەنی سیونۆ .ساڵیدا بوە

ئارەزووی محەمەد بۆ خەڵوەت لەو ماوەیەدا، نیشانەی ئەوەیە کە جەختی لە سەر هەڵسان بە بانگەشە کردوەتەوە، بیری پێغەمبەرایەتی لە گیانیدا پێگەییشتوە و هەڵهاتوە، وەک پێشتر باسمان کرد. خۆشەویستیی خەڵوەت بۆ ئەو کارێکی سروشتی بوە، لەبەر ئەوەی بۆ دانانی .بناغەیەک بۆ ئەوەی بانگەشەکەی لە سەر بنیات بنێت، پێویستی بە بیرکردنەوە بوە

لەم ماوەیەدا کە حەزکردن لە خەڵوەت چوە گیانییەوە، وا ڕێکەوت کە مانگی ڕەمەزانی بەدوادا هات، کە دەردەچوو بۆ حەڕرا بە پێی خوداپەرستانی قورەیش بوو. پێغەمبەر لەو حاڵەتەدابوو کە هاتنی ڕەمەزانی بە هەل زانی بۆ خەڵوەتگرتن لە حەڕرا و داپڕان لە خەڵک، بۆ ئەوەی بواری بیرکردنەوەی بۆ فەراهەم بێت، لەم مانگەدا دەرچوو بۆ حەڕرا، وەک لە کتێبەکانی بەسەرهاتەکاندا باسی دەکەن، واتە لە مانگی ڕەمەزاندا، کە دەبێت لە شەش مانگی کۆتایی لە تەمەنی سیونۆ ساڵیدا بوە، یان یەکەم مانگی تەمەنی چل ساڵی، لەبەر ئەوەی گوتیان لە سەرەتای چلەکانی تەمەنیدا بوە بە پێغەمبەر، وەک لە فەرموودەکانی ئەنەسی کوڕی مالیکدا هاتوە، لێرەدا هەڵەیەک لە لایەن حیکایەتخوانانەوە هەیە، دەبێت ڕاستبکرێتەوە، دەڵێن؛ کە بۆ حەڕرا دەرچوە خەدیجەی لەگەڵدابوە، یان لەگەڵ مندالەکانی یان بە بێ ئەوان، نابێت ئەوە ڕاست بێت، لەبەر ئەوەی ئەم ئەگەرە ئامانجە مەبەستدارەکەی لە چوونی بۆ حەڕرا کەخەڵوەتەڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەگەر لە حەررا لەگەڵ خێزانەکەیدا بێت، نەخەڵوەتی بۆ دێت و نەیش لەخەڵک دادەبڕێت. لە شوێنێکی تر ئەمەمان ڕاستکردەوە، تەماشای نووسینی (هێزی .خەیاڵی محەمەد) بکە

محەمەد شانزە شەوی مانگی ڕەمەزانی لە ئەشکەوتی حەڕرا بەسەربرد، لە شەوی حەڤدەیەمدا جوبرائیل هات بۆ لای. با باسی ئەوە بکەین کە چۆن هات بۆ لای، وەک ئیبن ئیسحاق باسی دەکات، لە گێرانەوەی وەهب کوڕی نیسان لە عەبدە کوڕی عومەر کوڕی قەتادە لە پەیامبەری خوداوە وەرگیراوە، پەیامبەری خوداگوتوویەتی: لەکاتێکدا من خەوتبووم، بە شێوازێک جوبرائیل هات بۆ لام لەشێوەی پێشەکیەك بوو کە کتێبی بەدوادابێت، پێی گوتم؛ بیخوێنەوە، گوتی: گوتم چی بخوێنمەوە؟ گوتی: وای لێکردم وامزانی لە حاڵەتی مردندام، ئینجا پەیامی بۆ هێنامەوە، گوتی: بیخوێنەوە، گوتم؛ چی بخوێنمەوە؟ ئەمەی کە دەیڵێم بۆ ئەوەیە بگەڕێتەوە و بمگەڕێنێتەوە پێش ئەو حاڵەتەی کە لێی بووم. گوتی: {اقرأ باسم ربك الذى خلق (1) خلق الإنسان من علق(2) اقرأو ربك الأكرم (3) الذى علم بالقلم (4) علم الإنسان مالم يعلم} [العلق: 1 –{5 واتە: بە ناوی خوداکەت کە زیندووە و کاری ئەوە مرۆڤی لە جڵتەی بەدیهێناوە، بەناوی خودای بەخشندە بخوێنەرەوە، ئەو خودایەی کە بنوسی راهێنا و مرۆڤی لەسەر شتێکی راهێنا و فیر کرد کە نەیزانی. گوتی: خوێندمەوە و تەواو بوو، ئینجا لە لام نەما و ڕۆیشت، لە خەو هەڵبەزیم، وەک ئەوەی کتێبێک لە سینگمدا بنووسرێت، گوتی: دەرچووم تا .گەییشتمە نیوەی شاخەکە...هتد، فەرموودە

قسەی جوبرائیل هات بۆ لام من خەوتبووم، هەروەها قسەی کۆتایی لە خەو ڕاپەڕیم، ڕاشکاوانە ئەوە نیشاندەدات کە ئەوەی بینیوەیەتی خەونە و لە خەودا بوە، وەک ئەو خەونە

تایبەتانە نییە، کە لە کاتی هەڵچوونی دەمارەکان لە نەوبەتی حاڵەتەکاندا بۆی دەهات.ئەگەر ئەو شتانە بزانیت کە بیری لێکردوەتەوە، هیچ سەرت سوورنامێنێت لەم خەونەی، بەڵکوو هیچ .شتێک لەمە بە سروشتیتر نابینیت

بێگومان محەمەد پاش ئەوە موکوڕ بوە لە سەر بانگەشەکردن، بیری لە هیچ شتێکی نەکردوەتەوە، جگە لە دانانی ئەو بناغەیەی بانگەشەی لە سەر دەکات، کە قورئان ئاماژە بەم .بناغەیە دەکات، ئێمە ئەگەر قورئان بە باشی تێبگەین، دەزانین ئەم بناغەیە چییە

ئەگەر ئێمە تەماشای چیرۆکەکانی پێغەمبەران و پێشینانمان لە قورئاندا بکەین، دەبینین کە دوولایەنە ئاواز دەخوێنێت، لە سەر دوو شت قسە دەکات، کە هەمیشە باس و خواسی لەسەرە، یەکێکیان تاکخودایی و وەلاانی هاوبەش و ڕەتکردنەوەی ڕکابەرە، دوەمژیانی ئەو دونیا و ئەوەی پەیوەستە بە ژیانەوەی پاش مردن و حەقوەرگرتن و سزادان و بەهەشت و دۆزەخ.محەمەد ئەم دوو شتەی کردە بناغەی بانگەشەکەی. بە خەڵکی دەگوت باوەڕتان بەخودای بێ شەریک هەبێت، ئەگەر باوەڕی پێبکەن جێگەتان بەهەشت دەبێت و ئەگەر نا لە دۆزەخ دەبن، بێگومان ئێوە لە پاش مردن زیندوو دەبنەوە. سەرەتا، جگە لەمە لە هیچ بارێکی ترەوە بیری نەکردوەتەوە، هێشتوویەتییەوە بۆ ئەو کاتەی ڕووداوەکان ئەوە بخوازن و هانیبدەن بۆ .شتی تر، بۆ ئەوانەی کە پێی دەڵێن هۆکاری دابەزینی قورئان چییە

پاش ئەوەی بەم شێوەیە بناغەی دانا، محەمەد بیری لەو شێوازە کردەوە کە بانگەشەی پێدەکرێت، بەدەرپرینێکی تر و بە ئامرازی بانگەشەکردنەکە، ئەوەی زانراوە، کە بانگەشە بەقسە دەبێت، بەڵام بە چ شێوازێک قسە داپرێژرێت و قسەی بانگەشەکردن بچنرێتەوە، وەک شیعرێک دابنرێت یان پەخشانێکی بە سەروا، یان چۆن بێت؟ ئەمە گرینگترین شت بوو کە محەمەد لە ئەشکەوتی حەڕرادا بیری لێ دەکردەوە. لێرەدا بلیمەتیی پێغەمبەرت بۆ دەردەکەوێت کە چەند ژیر و زیرەک بوە، نە وەک شیعر دایناوە کە بکرێتە سرود و بگوترێتەوە، بەڵکوو وەک قورئانێک کە بخوێنرێتەوە و لەبەر بکرێت، ئەگەر محەمەد بە جوانی شیعری زانیبێت یان باش نەبووبێت تێیدا، ئەوە لەبلیمەتی و زیرەکیی ئەو دووربوە، کە وابکات قسە لە سەر بانگەشە وەک شیعرێکی ڕێکخراو بکرێت، لەبەر ئەوەی دەیزانی ئەگەر وەک شیعرێک بهۆنرێتەوە، هیچ تایبەتمەندییەکی پێوە نابێت و ئەویش جگە لەوەی وەک یەکێک لە شاعیرەکانی ئەو زەمانە بێت، کەلە ژماردن نەدەهاتن هیچی تری لێدەرنەدەچوو، ئەویش لەو شاعیرە خوداپەرستانە زیاتری لێدەرنەدەچوو، کە لەو زەمەانەدا شیعریان دەهۆنیەوە و دەخوێندەوە، تەنانەت وەک شیعرەکانی زەیدی کوری عەمرو کوری نەفیل و ئومەیەی کوری ئەبی سەڵت و هیی تر زیاتر دەرنەچوو، کاریگەریی لە سەر قەومەکە نەدەبوو. چۆن وەک شیعری ڕێکخراو بیهۆنێتەوە کە زۆرێک لە شیعرەکانی ئومەیەی کوری سەڵتی بیستبوو، لێی تێگەییشتبوو کە ئامۆژگاری و پەندی ئایینی و سیفەتی ئیلاهیی تێدابوو، چەندین چیرۆکی پێغەمبەران و دەنگوباسیان لەخۆگرتبوو، کە لە پاش پێغەمبەرایەتیش هەندێک لە شیعرەکانی بیست گوتی: شیعرەکانی باوەڕدارین، بەڵام ئەو کافرە لە قەبرەکەیدا. دەیزانی کە شیعرەکانی ئەم ئومەیە هیچ کاریگەرییەکی لە سەر مێشک و بیرکردنەوەی خەڵک نەکردوە و هەروەک شیعری شاعیرەکانی تر بوە لایان، بۆیە ئەو پریارەی داوە کە بانگەشەکە بە قورئان بێت، قورئان لە زماندا بەواتای (قراءة)دێت، واتە خوێندنەوەیە، واتە بانگەشەکەی بە کتێبێک بێت بخوێنرێتەوە و لەبەر بکرێت نەک وەک شیعر بخوێنرێتەوە و وەک سروود بگوترێتەوە. بەسەری خۆم، ئەوەی بیری لێکردوەتەوە پێکاویەتی، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، کە قورئانی هێناوە نەک شیعرێکی هۆنیبێتەوە، وەک شیعری خوداپەرستان، نە قسەیەکی سەروادار و سەروابێژە وەک قسەی قەشەکان، دواتر پەنا بەخودا، .قسە لە سەر ستایلی قورئان دەکەین

ئەگەر بزانیت محەمەد لە ئەشکەوتی حەڕرا بیری لەمە کردوەتەوە، نە بەو خەونانە سەرسام دەبیت کە بینیویەتی و نەیش لە هاتنی جوبرائیل لە خەونەکانیدا، پێی بڵێت بخوێنەوە، بەڵکوو

چۆن ئەم وێناکردن و خەونەی بۆ نەیەت کە ئەو بەیانی و ئێوارە بە هەموو هێز و توانایەوە، بیری لەو شتانە کردوەتەوە کە لە خەونەکانیدا بۆی هاتوە. زۆر جار کە مرۆڤ بیر لە شتێک دەکاتەوە و دەخەوێت لە خەوندا دەیبینێت، خاوەنی سیرەی حەلەبی باسی لە سەر زاری هەندێکیانەوە وەرگرتوە و دەڵێت: مەئموون فەرمانی پێ کردووم کە لە سەر زۆرکردنی چرا لە مزگەوتەکان بنووسم نەیزانی چی بنووسم، چونکە پێشتر هیچی لە سەر نەدەزانی، لەخەوندا بینیم کە پێیان گوتم: چرا زۆربکەن دەبێتە هۆی خۆشنوودیی موجتەهیدەکان و ناخۆشیی تاریکی لە ماڵی خودا لادەدات، تا ئاگاداربوومەوە و ئەوەم نووسی.

گوتمان ئەو خەونە خەونبینێکی ئاساییەو خەڵک لە کاتی نووستنیاندا دەیبینن، وەک لە ڕووکەشی داڕشتنی فەرموودەکەدا دەردەکەوێت، لەوانەیە محەمەد ئەوەی لەو هەڵچوونە دەمار و عەسەبییەی لە کاتی نووستندا بۆیهاتبێت، ئەوەی بینیوە کە بینیویەتی، لە هاتنی جوبرائیل و پێی گوتوە بخوێنە، ئەم خەونە دەبێتە خەونبینێکی تایبەت بەخۆی، ئەو خەونە لەو حاڵەتەدا دەیبینێت کە دەزانێت چییە، بەڵام پاشماوەی فەرموودەکە لەپاش خەونبینینەکە لە ئەشکەوتەکە دەرچوە و چوە بۆ ناوەڕاستی شاخەکە و جوبرائیلی لە ئاسۆی ئاسماندا بینیوە تاکۆتایی، قسەمان لە سەر ئەمە کرد تەماشای نووسینەکەمان بەناونیشانی (هێزی خەیاڵی محەمەد) بکە.

ئەوەی شایەنی ئەم بابەتەیە، کە هەندێک باس لە سەر بناغەی بانگەشەکە بکەین، دەڵێین: عەرەبی جاهیلی لەگەڵ بتپەرستنیاندا خودایان دەناسی و باوەڕیان پێی هەبوو، بەڵام بتیان وەک شەفاعەتکەرێکی لای خودا تەماشادەکرد، کە بە هۆیەوە لە خودا نزیک ببنەوە، وەک لە قورئاندا باسیدەکات: {ما نعبدهم إلا ليقربونا إلى الله زلفى} [الزمر: 3]واتە: ئێمە بۆیە دەیانپەرەستین لە خوا نزیکمان کەنەوە. لە دەرئەنجامدا عیبادەتەکەیان بۆ خودایە، بەڵام بەناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بتەکانەوە، لەم حاڵەتەوە محەمەد یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بناغەی بانگەشەکەی وەرگرتوە، مەبەستم تاکخودایی و وەلانانی هاوبەش و ڕەتکردنەوەی ڕکابەر و هاوشان، بۆیە داوای لێ دەکردن بۆ پەرستنی خودای تاکوتەنها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ هاوبەش و نێوەندگیر. بەوەیش مەبەستی یەکبوونی خۆیان بوە، ئەگەر دڵیان بۆ پەرستنی خودای تاک پروات و هەموویان باوەڕداربن و ملکەچی بن، ئەمە هێزی ڕۆحییان پێدەبەخشێت، لە بیرکردنەوەیاندا یەکگرتوو دەبن و خۆشەویستی دەکەوێتە دڵیانەوە، لە کاروبارەکانیاندا هاوکاریی یەکتر دەکەن. هەر کاتێک وابن دەتوانن لە ژیانیاندا ڕێگەیەک بۆ بەختەوەری بدۆزنەوە. ئەمەیە گەورەترین قازانجی خەڵکەکە لە ئایین، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەم قازانجە ون بوو، داخەکەم کە ونبوونەکە بە هۆی جیاوازیی ئایینەکان و جیابوونەوەی مەزهەبە پەلهاوێژەکانی ئایینەوە بوو، تا وای لێهات، مرۆڤ دژایەتیی ئەو تیرە دەکات لەبەر ئەوەی لە ئاییندا جیاوازیی لەگەڵدا هەیە، یان لە مەزهەبدا جیاوازیی هەیە، وەک شاعیر ئەبووعەلای مەعەری دەڵێت:

وعلمتنا أفانين العداوات ان الشرائع ألقت بيننا راضنا

واتە: جۆرەکانی دوژمنایەتی فێری کردین کە یاسا و شەریعەتەکان ڕەزامەندی دەخاتە نێوانمانەوە.

پێشتر گوتمان محەمەد یەکەم کەس نەبوە کە بتپەرستیی ڕەتکردبێتەوە، بەڵام وەک دەبینم یەکەم کەسە کە بۆ زیندەوەران ئیدعای تاک خودایەکی گشتیی هەمەگیر بۆ سەرجەم خەڵق کراوانکردوە کە بێهاوتا و بێ هاوبەشە و ئەو نەریتەی هێناوەتە ئاراوە، پێشتریش گوتمان کە ئیلاهی یەهوود (یەهوا) خودای بەنی ئیسرائیل بوو، ئەو بە تەنها لە سەر زەوی پەیمانپێدراو (موعود) بوە، لە خۆڵەکەی بردوە بۆ ئەوەی لە زەوییەکی تردا لە سەری بپەرسترێت. محەمەد یەکەم کەس بوو گوتی؛ هیچ ئیلاهێک نییە جگە لە خودا و یەکەم کەس بوە گوتوویەتی هیچ بوونێک نییە جگە لە خودا، بەڵام قسەی یەکەم بە ڕاشکاوی باسکردوە، کە بانگەشەی لە

سەر کردوە و قسەی دوەم بەواتای دەستەواژەکەوەگوتوویەتی، کە بانگەشە بێت بەبوونی کەماڵی ڕۆحیی ڕەها، وەک پێشتر باسمان کرد.
کۆڵەکەی دوەمی بناغەی بانگەشە، دەڵێین: عەرەبی جاهیلیەت ژیانەوەی دوای مردنیان ڕەت دەکردوەتەوە، ئەمەیش وایکردوە، بێ گفتوگۆ و بە توندی و سەرکوتکاری لەم بارەوە مامەڵەیان لەگەڵ محەمەددا کردوە، تا ڕۆژێک ئەبی کوری خەلەف جەمحی هاتوە بۆ لای و ئێسکەکۆنێکی فڕێدراوی هێناوە و بەدەستی وردی کردوە و فوویەکی لێکردوە و داویە بە دەموچاوی محەمەددا وگوتوویەتی: ئەی محەمەدتۆ وادەبینی کە خودا پاش وردبوونی ئەمە زیندووی دەکاتەوە؟ پێی گوتوە: بەڵێ تۆیش دەژێنێتەوە و دەتخاتە دۆزەخ، باوەڕنەبوونیان بە ژیانەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە باوەڕیان بە ژیانی تر یان ماڵی تر و ئەوەی پەیوەستە بە سزا و پاداشت نەبوە، بەڵام ئەم بیرە واتە بیری ماڵی ئەو دونیا، بنەچەیەکی لە ئایینەکانی تردا هەیە، ئەگەرلەوەی محەمەد بەشێوازێکی جیاوازتریش بێت، لەوانەیە بگوترێت محەمەد ئەم بیرەی لەبنەمایەکەوە وەرگرتبێت کە لەئایینەکانی پێشوودا هەیە، بەڵام ئەم بە شێوەیەک فراوانی کردوەتەوە کە پێشتر لە خەیاڵی بەشەردا نەبوە، لە سەرەتای مێژوەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، ئەمەیش نیشانەی خەیاڵفراوانی و زۆر شتی تر لەخۆدەگرێت.
سەرەڕای ئەوەی دەڵێین بەڵگە هەیە، کە بیری ئاخیرەت پێش محەمەد لای ئەوان هەبوە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە؛ لە کاتی قسەکردن لە سەر عەبدولموتەلیب باپیری محەمەد گوتوویەتی: لەم دونیا هیچ زاڵمێک دەرناچێت تا تۆڵەی لێ نەسەنرێتەوە و بەسزای خۆی نەگات، پیاوێکی زاڵمی خەڵکی شام مردوە، بێئەوەی سزای خۆی وەربگرێت، ئەمەیان بە عەبدولموتەلیبیان گوتوە، ئەویش بیری کردوەتەوەوگوتوویەتی: بە خودا پاش ئەم ماڵە ماڵێکی تر هەیە، کە پاداشتی چاکەخوازان دەداتەوە و سزای خراپەکاران بە خراپەکانیان دەدرێتەوە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە عەبدولموتەلیب یەکەم جار نەیگوتوە ئاخیرەت، بەڵام پاش مردنی ئەو پیاوە زاڵمە بێ ئەوەی سزای خۆی وەربگرێت و ئەوەیان پێ گوتوە ئینجا ئەو قسەیەی کردوە.
خاوەنی سیرەی حەلەبی قسەیەکی کەعب کوری لوئەی دەگوێزێتەوە، نیشانەی ئەوەی تێدایە کە قسەی لە سەر ئەو دونیا کردوە، دەڵێت: زەوی ڕێک و تەختە، ئاسمان بنیاتنراوە، شاخەکان مێخی قایمکەرن، ئەستێرەکان نیشاندەرن، سەرەتاییەکان وەک کۆتاییەکانە، ڕەحمتان بۆ یەکتری هەبێت و تێکەڵاویتان بپارێزن و بارەکانتان وەبەربنێن، ماڵەکە لەپێشتانە و لەوانەیە ئەوەیش نەبێت کە دەیڵێن. بەڵام قسەی-لەوانەیە ئەوەیش نەبێت کە دەیڵێن-(ئەوەیش) بە قەومە عەرەبەکەی دەڵێت، نیشانەی ئەوەیە کە باسی ئاخیرەتیان نەکردوە، ئەم کەعبە کۆنە؛ لەبەر ئەوەی باپیرەی حەوتەمی محەمەد بوە و پێش محەمەد بە پێنجسەت ساڵ بوە.
پێویست ناکات باسی ئاخیرەت و بەهەشت و دۆزەخ لە شیعری خوداپەرستانی وەک زەید کوری عەمرو نەفیل و ئومەیە کوری ئەبی سەڵت و خەڵکی تردا، بکەین.ئەوەیش زانراوە و لەوەیش باڵاترە کە باس بکرێت، هەرچۆنێک بێت بیری ئاخیرەت لە لای عەرەب ئەگەر هەبووبێت، لە لای هەندێک خەڵکی تایبەتمەند هەبوە، نەک عەرەب بە گشتی، بەڵام محەمەد وەک پێشتر باسمان کرد، ئاوا فراوانی کردەوە کە لە بیری هیچ کەسێک و میللەتێکی تردا ئاوا نەهاتبێت.
ئەگەر تەماشایەکی ئەم فەرموودەیەی عەبدولموتەلیب بکەین کە باسمان کرد، دەڵێین: هیچ مەراییەک نییە کە بڵێین ئەوەی وای لە عەبدولموتەلیب کردوە کە باسی ماڵی ئاخیرەت واتە ئەو دونیا بکات، ئەو ناڕازیبوونە بوە لە سەر ئەو پیاوە زاڵمەی، بەبێ سزا مردوە و ئەویش لەوێدا باسی سزای ئەو دونیای کردوە، وای لێهاتوە، لە کۆن و تازەیش خەڵک باسی ماڵی سزا و پاداشتبکەن. کە خەڵک باوەڕیان بە هێزی میتافیزیکا هێنا، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، خەڵکی لاواز بە دەستی بەهێزەکانەوە دەناڵێنن، زوڵملێکراوان لەهەموو شوێن و کاتێکدا لە نێو خەڵک لە زاڵمان

زۆرترن، کەچی زوڵملێکراوان بە بێ توانایی و لاوازیی خۆیان نەیانتوانیوە تۆڵەی خۆیان لە زاڵمانبکەنەوە، زاڵمەکانیش دەبینین کە بەخۆشی دەژین و هەڵدەپەڕن بێ سزا، لە بەرانبەر زوڵمەکانیان لەم دونیایەدا بە بەرزەکی بانانەوە دەردەچن، لەوەیشدا گوتیان دەبێت ماڵێکی تر هەبێت جگە لەم ماڵە لە دوای ئەمە بێت و لەوێ خودا سزای زاڵمەکان دەدات و تۆڵەی مەزڵوومەکان دەکاتەوە. عەبدولموتەلیبیش ئاوای گوتوە، لەو کاتەی کە پێیان گوتوە؛ پیاوە زاڵمە شامییەکە بێ سزا لەم دونیایە دەرچوو. هەروەها کە زۆرینەی خەڵک لە نەهامەتی و سەرگەردانی و هیلاکیدا دەژیان، بەشێکی زۆر کەمی لە خۆشگوزەرانی و عەیشونۆشی خۆیاندا دەژیین، ئەمەیش لە دادپەروەری بەدەرە کە خودا پێی ناسراوە و بەزۆری ئەوان لە خۆشگوزەرانان زیاتر ملکەچن. گوتیان واتە دونیایەکی تر هەیە کە خودا پاداشتی سەرگەردانان بداتەوە و قەرەبووی ئەم ژیانەیان بۆ بکاتەوە، کە لە نیعمەتی دونیا بێبەش بوون.

ئەم دوو فاکتەرە، مەبەستم فاکتەری تۆڵەی زوڵم و فاکتەری نەهامەتی کە باڵی بە سەر زۆرینەی خەڵکدا کێشاوە، ئەمانە وایان لە خەڵک کردوە، کە باسی ماڵی ئاخیرەتبکەن، ماڵی پاداشت و سزا. لەوێیشدا فاکتەرێکی تر هەیە ئەویش خۆشەویستنی خودە، خۆخۆشویستن وای لە مرۆڤ کردوە کە تەماعی لە مانەوەی لە ژیاندا هەبێت، ئەویش وای لێکردوە کە ڕوو لەباوەڕبوون بە ماڵی پاداشت بکات لە مردنی بەشکۆوە ڕابکات بۆ ژیانی زەلیلی، هەر ئەمەیش وایلێکردوە کە لە لایەن زوڵمی بێفەڕەوە بەڕێوەدەبرێت، خودا ئەبی عەلا پایە بەرزبکات کە دەڵێت:

وعلم ساغبا أكل المرار وحب النفس أعبد كل حی

واتە" زراو یان تاڵ خۆرەکان بە جوانی فێری خەڵکیان کرد کە خۆشەویستی خود بۆ هەموو زیندویەك لە هەموو شت باشترە.

بەڵێ ئەم فاکتەرانە وای لە مرۆڤ کردوە کە باوەڕ بە ماڵی ئاخیرەت بکات، لە حەقیقەتدا هیچ قازانجێکیان لەم باوەڕەدا نەبینیوە جگە لە ڕابوون و خۆشحاڵبوون بەدڵنیایی، ئەگەر بیانزانیبا نەهامەتی و سەرگەردانی و ئازارەکانیان لەم ژیانەدا لە گەندەڵی و سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی باوی ئەو کاتەدا هاتوە، پشتیان بە نەهێشتنی ئەوانە لەو دونیایتر نەدەبەست، بەڵکوو هەوڵی چاکسازییان لەم دونیایە دەدا، بۆ ئەوەیزوڵمی زاڵمەکان نەهێڵن و سەرگەردان و بێ نەوایان لە سەرگەردانی ڕزگار بکەن، هیلاکبوان لە هیلاکی دەربکەن و پێویستییەکانی ژیانیان بە دادپەروەرانە بە پێی پێویستی و توانای کاری چاکەی قازانجبەخشی دابەش بکەن. ئەگەر لە دێرزەمانەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەوڵی ئەمەیان بدایە، لە دڵدانەوەی خود و چاوەڕێی شتی مەحاڵ چاکتر بوو، هەر نەبێت تا ئەمڕۆ دەگەییشتنە شتێک لە بەختەوەری لەم ژیانەدا، بەڵام تەماعیان لەمانەوە و ئاواتی بە زیندوومانەوە لە خۆشویستنی خودەوە دروستبوە، لەوەدا پێیان دەڵێم: ئەی خەڵکینە مانەوە تەنها بۆ خودایە و بۆ هیچ بوونێکی تر نییە، ئایا تێدەگەن.

ماوەی وەحی

محەمەد پاش دابەزینی ڕستەی (بەناوی خوداکەت بخوێنەوە) لە لایەن جبریلەوە، بەو شێوەیەی باسمان کرد، ماوەیەک مایەوە بێئەوەی جبریل ببینێت، بۆ پری کاتەکەی ئەم ماوەیە جیاوازییان هەیە، بەپێی چەندین قسە، لێرەدا پێویست ناکات درێژەی پێ بدەینەوە، جگە لەوەی دەڵێین: نە درێژخایەن بوە کە سێ ساڵ بێت وەک هەندێکیان دەڵێن و نە کورتیش بوە کە سێ ڕۆژ بێت وەک هەندێکی تر دەڵێن، ئەوەی کە سێ ساڵ نییە لەبەر ئەوەی دەگێڕنەوە، کە محەمەد پاش دەستپێکردنی وەحی (بەناوی خودا بخوێنەوە)، سێ ساڵ نهێنی مایەوە بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ خودا بکات، ئینجا خودا پێی گوت بە ئاشکرا بانگەشەکە بکە، ئەمەیش بەدابەزینی ئایەتی: {فاصدع بما تؤمر و أعرض عن المشركين} [الحجر: 94] بوو، واتە: هەر فەرمانێك بۆ تۆ دەدرێت ئاشکرای بکە و لە بێباوەران وازبێنە. ئەگەر ماوەی وەحیهاتن سێ ساڵ

بوایە، دەبوایە ئاشکراکردنی بانگەشەکە پاش شەش ساڵ بێت، لە دەستپێکردنی وەحی، لەبەر ئەوەی لە ماوەی قۆناغی وەحیدا هیچ بانگەشەیەک نەبوو، سێ ساڵ بە نهێنییش پاش ئەو ماوەیە بانگەشەکەی کرد، وابێت لەوێدا دەبێت ئاشکراکردنی بانگەشەکە پاش شەش ساڵ لە دەستپێکردنی وەحییەوە بێت. لەواقیعدا وا نەبوە، بەڵکوو ئەوەی کە هەموان کۆکن لەسەری ئەوەیە، ئاشکرایی بانگەشە و ڕاگەیاندنی ئایینەکە پاش سێ ساڵ بوە لە دەستپێکردنی وەحییەوە، بەڵام لەوەی کە سێ ڕۆژبێت وانەبوە، لەبەر ئەوەی دەگێڕنەوە، کە خەمبار بوە لە داپڕانی جبریل لێی، بەخەمبارییەکی یەکجار زۆرەوە، تا چەندین جار ڕۆیشتوە بۆ لوتکەی شاخەکان، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە، کە جارێک لە سەبیر ڕۆژ دەکاتەوە و جارێکیش لە حەڕرا و جارێکیش دەیەوێت خۆی بخاتە خوارەوە، هەرچەند چووبێتە سەر لوتکەی شاخەکە، بۆ ئەوەی خۆی بخاتە خوارەوە، جبریلی لێدەرکەوتوە،گوتوویەتی: ئەی محەمەد تۆ لەحەقیقەتدا پێغەمبەری، ئینجا لە هەڵچوونەکەی هێمن بوەتەوە و گەڕاوەتەوە، ئەگەر ماوەی نەهاتنی وەحییەکە درێژەی بکێشایە، ئەوە ڕۆیشتنەکەی بۆ سەر شاخ دووبارە کردوەتەوە.

تۆ وایدەبینیت چەندین جار چوەتە سەر شاخ بۆ خۆهەڵدان و دووبارەکردنەوەی، لە دڵتەنگی لە داپڕانی جبریل بێت، ئەمە دەشێت تەنها ماوەکەی سێ ڕۆژ بێت، بەڵکوو دەبێت ماوەکەی ئەوەندە درێژ بووبێت کە بێزاری کردبێت، بێزارییەکەی وای لێکردبێت کە بیەوێت لە بەرزاییی شاخەکانەوە خۆی هەڵداتە خوارەوە. ئەوەی دڵنیایی دەدات، ئەوەیە کە یەکێک لە حیکایەتخوانان دەڵێت، وا گوتراوە کە ماوەکەی چل ڕۆژ بوە.

با باسی زۆر خەمبارییەکەی بکەین و باسی ئەو ماوەیەیش بکەین کە ئەمە ڕووندەکاتەوە، دەڵێین: دەزانیت چۆن بیری پێغەمبەرایەتی لای محەمەد هاتەئاراوە، بەڵام بەرجەستە بوون و جێگیربوونی ئەم بیرە لە گیانیدا بە دوو شت ڕووی داوە: یەکێکیان بیستنی دەنگەکان بێئەوەی کەسی دەنگلێدەرچوو ببینێت، دوەم: بینینی جبریل، کە ئەو تارماییە سپییە بینراوە بوە، لە حاڵەتی هەڵچوونی دەمار و مێشکیدا پێش پێغەمبەرایەتی دەیبینی، پاشتر وای دانا کە جبریلە. ئەوەی یەکەم بەڵگەی ئەوەیە کە ئیبن عەباس لە سەر پێغەمبەر باسیکردوە.گوتوویەتی: ئەوەی دەنگ ببیستێت لە پێغەمبەرانە (واتە بیستنی دەنگ بێ بینینی ئەوەی دەنگەکەی لێدەردەچێت) بەوپێیە دەبێتە پێغەمبەر، لەم فەرموودەیە ئەوە تێدەگەین کە محەمەد زانیویەتی هەندێک لە پێغەمبەران وەک ئەو گوێیان لە دەنگ بوە، بێئەوەی سەرچاوەی دەنگلێدەرچوونەکە ببینن. ئەوەی زانیوە، بۆیە بیری پێغەمبەرایەتیی لای جێگیربوە، لەبەر ئەوەی هەندێک لە پێغەمبەران گوێیان لە دەنگ دەبێت و دەنگلێدەرچوو نابینن.

ئەوەی دوەم، بینینی جبریلە، محەمەد لە ڕۆژانی دوایی، لە پێش پێغەمبەرایەتی بە لێبڕاوی باوەڕی بەوە بوە کە ئەوەی وێنای دەکات و دەیبینێت ئەو جبریلەیە کە بۆ مووسا هاتوە. پێشتر زانیت کە ئەم باوەڕەی لە پاش قسەکانی خەدیجە و جێگیرییەکەی و بە تەلقینی وەرەقەی کوری نوفەل دروستبوە. بەم باوەڕەی، بیری پێغەمبەرایەتی لە گیانیدا بەرجەستە بوە، هیچ دوودڵییەکی نەهێشتوە، کاتێک لە حەڕرا بوە جبریلی بۆ هاتوە و پێی گوتوە، بەناوی خودا بخوێنەوە (اقرأ باسم ربك) ئەمەی بەیەکەم دیاردەزانی لەو دیاردانەی پێغەمبەرایەتی و باوەڕهێنانێتی کە بوە بەپێغەمبەر، بێگومان زۆر پێی خۆشحاڵ بوە. ئەگەر کارەکە وابێت، شایانی ئەوە نییە کە محەمەد لە داپڕانی جبریل لێی زۆر خەمبار بووبێت و بەو هۆیەوە بێزاربێت و وای لێبێت کە خۆی لە بەرزاییی شاخەکان هەڵداتە خوارەوە، لە لایەکی ترەوە، بۆ نا کە ترسی لەوەبێت بەداپڕانی جبریل پێغەمبەرایەتی بدۆڕێنێت.

گێڕەوان باسی ماوەی داپڕانی وەحیان لە پاش داپڕانی جبریل کردوە، بەڵام باسی داپڕانی دەنگیان لە گوێی نەکردوە. ئەوەی دیارە کە بیستنی دەنگیش نەماوە و لێی داپڕاوە، لەبەر ئەوەی بینینی جبریل و بیستنی دەنگ، هەردووکیان لە یەک سەرچاوەوە بوە، کە ئەویش لەدەرئەنجامی حاڵەتە عەسەبییەکەی بوە، وەک پێشتر باسمان کرد. لەم ماوەیە لە سەر

حاڵەتی هەڵچوونی دەمارەکانی بوە نەک لە وەحی، بەمەیش دەبێت گوێبیستی دەنگ نەبوویێت وەک چۆن جبریلیشی نەبینیوە.
ئەوەی نیشانت دەدات، کە لەم ماوەیەدا لە حاڵەتی عەسەبی ئاوەهادا بوە و جبریلی لێ دەرکەوتوە، لەو کاتەی، ویستوویەتی خۆی هەڵداتە خوارەوە، بێگومان لەو حاڵەتە عەسەبییە کە بۆی دێت و جبریل دێت و گوێی لێدەبێت و پێی دەڵێت: ئەی محەمەد بە حەقیقەت تۆ پێغەمبەری خودایت. ئەم دەنگەی کە لە جبریلەوە دەبیستێت لەو کاتەدا دەبێت کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی خۆی هەڵبداتە خوارەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، ئەو قسەیە لەناخی خۆیدا خولی خواردوەتەوە، لە بێزاریی خۆیدا، لە داپرانی جبریل، کە جگە لە ترسی داپرانی پێغەمبەرایەتی لێی هیچی تر نەبوە، ئەمەیش کارێکە شایانی ئەوەیە لە پێناویدا خۆی لەو بەرزاییەوە هەڵبداتە خوارەوە.

(19)

وێنەکانی وەحی

وەحی وێنەی جۆراوجۆری هەیە، هەندێکیان بە سێ دانە دایانناوە، هەندێکی تریش بە زۆرتر تا گەیاندوویانەتە حەوت دانە، ڕاستییەکەی لەوەی باسیانکردوە زۆرترە، ئێمە لێرەدا هێندەی ئەوەی گرینگی بەخودی وێنەکان دەدەین، ئەوەندە گرینگی بە ژمارەکەی نادەین، ئەوەی دەتوانین بۆت باس بکەین، وەک وەحی چییە و چۆن هاتوە.
لەو وێنانەی وەحی پێی هاتوە (بەقسەی زانایانی بەسەرهاتەکان) وەک خەوبینینی ڕاستی بوە. گوتیان بینینێکی ڕاستگۆیانە بنەمای سەرەکیی وەحیبۆهاتنی پێغەمبەر بوە، هیچ شتێکی لە خەوندا نەبینیوە وەک ئەوە نەبێت لەبەئاگابوونیدا بینیبێتی.بێگومان مەبەستیان خەونبینینی ئاساییە کە مرۆڤ لە خەودا دەیبینێت، نەک ئەو خەونە تایبەتەی محەمەد کە لە حاڵەتە عەسەبییەکەیدا دەیبینێت و لە هۆش خۆی دەچێت و دەموچاوی خۆڵاوی دەبێت، وەک متبوونی حوشتر لە شوێنی خۆی مت دەبێت.هەندێکیان دەڵێن ماوەی خەونبینینەکەی شەش مانگ بوە، دەڵێن دەستپێکردنی خەونبینین لە مانگی ڕەبیعی یەکەمەوە هاتوەتە ئاراوە. ئینجا خودا لە کاتی بەئاگا و بەخەبەربوونیدا وەحیی بۆ ناردوە، واتە نەخەوتوە، لە ڕەمەزاندا وەحیی بۆ ناردوە، وەک خاوەن سیرەی بەیهەقی و خەڵکی تریش باسیانکردوە.
لەمەدا تێدەگەین، وەحی لە کاتی بەئاگابووندا لە ڕەمەزاندا دەستپێکردوە، پشت بە خودا لە دابەزینی جبریلدا لەکاتی دابەزینی بخوێنەوە (اقرا) دەستپێکردوە، کە پێشتر باسمان کرد.
شەش مانگی پێش دابەزینی بخوێنە واتە ئایەتی: (اقرأ باسم ربك) لەو ماوەیەدا خەونی ڕاستەقینەی بینیوە. لەوێدا دوو تانەمان هەیە. یەکێکیان: گوتیان دەستپێکردنی پێغەمبەرایەتی بە دابەزینی (اقرأ باسم ربك) بوە، وەک دەڵێن پەیامەکە بە دابەزینی (يا ايها المدثر) پاشماوەی وەحی دەستپێکردوە، ئەمەیش واحکومیکردوە کە ماوەی شەش مانگی پێش ئەمە، خەونێکی لە حاڵەتی وەک وەنەوزئاسا بینیوە، کە لە سەر ماوەی پێغەمبەرایەتی حیساب ناکرێت، بەڵکوو پێش پێغەمبەرایەتییە، وابێت چۆن ئەم خەونەیان کردە وێنەیەک لە وێنەکانی وەحی، چۆن بە وەحییان دانا. دووەم: دەڵێن خودا لە کاتی بەئاگابوونیدا لە ڕەمەزان وەحیی بۆ ناردوە، ئەمەیش وا حکوم دەکات کە جبریل بە (أقرأ بأسم ربك) لە کاتی بە ئاگاییدا نەک خەوتوویی دایبەزاندبێت، ئەوەیشت زانی کە ئەو فەرموودەیەی لە سیرەی هشامییەوە گواستمانەوە، لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقەوە، لەوەدا ڕاشکاوە کە دەڵێت، لە کاتی خەودا دابەزیوە نەک لە بەئاگابووندا، تەماشای ئەم فەرموودەیە لە دەستپێکردنی وەحی بکە.
ئەوەی ڕاستی بێت و کە هیچ درێژی و کورتییەکی تێدا نەبێت ئەوەیە، ئەو شەش مانگەی خەونی ڕاستیی تێدا بینیوە، پێش پێغەمبەرایەتی بوە، ئەو ماوەیەیە کە مژدەی پێغەمبەرایەتیی پێدرابوو، وەک دەڵێن، لەوێدا بیری پێغەمبەرایەتی لەناخیدا تەشەنەی سەند و پێگەییشت، وەک

پێشتر باسمان لێوەکرد.
ئەگەر ئەو خەونانەی لەم ماوەیەدا دەیبینی، وەک گوتوویانە وەحی بێت، بۆچی ئەو پاشماوە و کاریگەرییانەمان پێ ناڵێن کە وەحیی پێ کراوە، تەنها بەوەوە وەستان کە گوتیان هیچ خەونێکی نەبینیوە، تا گزنگی بەرەبەیان دەرنەکەوتبێت. ئەگەر بڵێن ئەو شتەی وەحی پێ کراوە لەو خەونانەدا قورئان نەبوە، بۆیە باسیان نەکردوە، دەڵێین باسکردنی ئەوەی وەحی لە سەر هاتبێت لە سەر ئەوە نەوەستاوە، کە تەنها قورئان بوویێت و باسکرابێت، لەگەڵ ئەوەیشدا باسیان کردوە، وەک لە وێنەی وەحی بەدەر لە خەون باسیدەکەین.وەحیان دۆزییەوە، کە قورئان بوو لە کاتی خەودا بۆی هاتبوو، خاوەن سیرەی حەلەبی باسی لەوە کردوە، دەربارەی موسلم لە ئەنەسەوە وەریگرتوە دەڵێت. لە کاتێکدا ئێمە لای پێغەمبەر بووین چاوی دەچوە خەو "وەنەوز" کە سەری ڕاستەدەکردەوە بزەیەکی دەکەوتە سەر لێوی، گوتمان: چی وای لێکردیت خەندەلێوبیت ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: هەر ئێستا سورەتێکی بۆ دابەزاندم، ئینجا خوێندییەوە:
{بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ
إنا أعطيناك الكوثر(1) فصل لربك و انحر(2) إن شانئك هو الأبتر} [الكوثر: 1 – 3]واتە: ئێمە کەوسەرمان پێ بەخشیت و نوێژ و قوربانی بۆ خوداکەت بکە، کە تۆ بۆخۆت وجاخت کوێرە.
ئەگەر ئەم فەرموودەیە ڕاست بێت، ئەمە کارتێکردنێکە لە کاریگەرییەکانی خەونەکان لە کاتی خەوتندا، بەڵام ئەوە نییە، کە ئێمە تێیداین وا ئێستا باسی دەکەین، لەبەر ئەوەی ئێمە گوتمان هیچ کارتێکردنێکی کاتی پێش وەحیهاتن نەبوە، ئەم سورەتە وەک حکومە لەم فەرموودەیەکدا هاتوە دەبێت تاکۆتاییەکەی (إن شانئك هو الأبتر) لە مەدینە دابەزیبێت، بەڵام لە مەککە دابەزیوە. هۆکاری دابەزینەکەی ئەوەیە کە عاسی کوری وائیل لە کاتی مردنی عەبدوڵڵای کوری محەمەدگوتوویەتی: کە کوری نەماوە، واتە لەپرینەوەیە (ابتر)ە واتە خودا ئەوەی دابەزاند (إن شانئك هو الأبتر) ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت، وایان زانیوە لە دوا ئایەتدا، کە لە مەککە دابەزیوە و لە مەدینە تەواو بوە، بوە بە سورەتێکی تەواو.
نازانم لەم خەونبینینە ماوەیەکی دیاریکردوە، محەمەد لە ژیانیدا خەونی ڕاستەقینەی لە پێش و پاش پێغەمبەرایەتی بینیوە، وەک لە دەرکەوتنی سپێدەیشدا بۆی هاتوە، ئەگەر ئەم خەونانە، کە لەو ماوە دیاریکراوەدا بینیویەتی وەحی بێت، ئەم نەوعە وەحییە تا مردنیلێی نەپراوە، لەوانەیش ئەو خەونەی لە شەڕی ئوحود بینی، گوتیان کە زانیویەتی قورەیش دەرچوون و نیازیان گرتنی مەدینەیە،گوتوویەتی: دوێنی لە خەودا خێرم بینی، بینیم مانگایەک سەردەبڕێت. یان لەدەستی شمشێرەکەمدا درزێکم بینی، لە بینینیدا وامدەزانی دەسکی شمشێرەکەم شکابێت، وامبینی کە دەستم خستوەتە نێو قەڵغانی شمشێرەکەمەوە و بەرانێکم خستوە بەلادا، پێیان گوت: ئەم خەونە چیدەگەیەنێت؟ گوتی: مانگاکە، خەڵکە هاوەڵەکانمانن دەکوژرێن. لە گێرانەوەیەکدا، مانگاکە ئەوە نیشانە دەدات کە سنگهەڵدرین تێماندا دەبێت، شکاوی و درز لە شمشێرەکەیشم ئەوەیە کە پیاوێک لە خزمانی ئەهلی بەیتم دەمرێت، لە گێرانەوەیەکی تردا شمشێرەکە زولفەقارە دەرپەڕیوە، پەرشوبڵاوی کردن، ئەوەی زرێ و قەڵغانی قایم، مەدینەیە، ئەوەی بەرانەکە ئەوەیە کە من بەرانی قەومەکە دەکوژم. دواتر ئەم خەونە وەک خۆی دەرچوو بە کەمێک جیاوازییەوە. وەک ئەم خەونە لای زۆرێک لە خەڵک ڕوودەدات، چەندێک لە ناسیاوانم ئەوەیان پێ گوتووم کە خەونەکانیان وەک خۆی دەرچوە. خەونەکەی عاتیکە کچی عەبدولموتەلیب کە ئیبن ئیسحاق باسی دەکات، لە عەکرەمەوە لە ئیبن عەباس و یەزید کوری ڕومان لە عەروە کوری زوبیرەوە هاتوە، وەک گزنگی بەیان و ڕوونیی سپێدە وەک خۆی دەرچوە، لە سیرەتی بن هشامدا بیبینە، ئەم گواستنەوەیە مەخەرە سەر ئێمە، بەڵام لەوێنەکانی وەحیدا، لەوانە: محەمەد بۆ خۆی بۆ حرس کوری هشام باسیکردوە، دەڵێن ئەم حرسە پرسیاری لە پەیامبەری خودا کردوە، چۆن وەحیت بۆ دێت؟گوتوویەتی: زۆرجار وەک زەنگلێدانی

زەنگۆڵە زەنگم بۆ دێت، کە زۆر توند دەبێت بەسەرمەوە، لە خۆم دادەبڕێم و هۆشدارم لەوەی دەیڵێت، لە گێڕانەوەیەکی تردا، دەڵێت: هەندێک جار وام بۆ دێت دەنگەکەی وەک زەنگی زەنگۆڵە، هەندێک جار پەرییەکە وەک پیاوێک دێتە بەرچاوم. لە گێڕانەوەیەکی تردا،وەك پاشایەك دەنوێنێت، یان لە وێنەی گەنجێک قسەم لەگەڵ دەکات بە ئاگا دێمەوە و دەزانم کە چی دەڵێت. هەروەها دەگێڕنەوە، لە حاڵەتی دووەمدا ئەوەی لەبیردەچێتەوە کە چی بەئاگای دەهێنێتەوە، بە پێچەوانەی حاڵەتی یەکەم، دەقی ئەم گێڕانەوەیە ئەوەیە؛ وەحی بە دوو جۆر بۆم دێن، جبریل دێت و قسەم بۆ دەکات، وەک چۆن پیاو بۆ پیاو قسە بکات، ئەمەیش لێم بزر دەبێت، وەک دەنگی زەنگۆڵە دێت و تا دەچێتە دڵمەوە، ئەوەیش لە دەستم دەردەچێت. لەم فەرموودەیە دوو وێنەی وەحی هەیە: وەحی یەکەم، کە دەنگێک دەبیستێت وەک زەنگۆڵەی جەڕەس و هیچ نابینێت، دووەم پیاوێک دەبینێت و قسەی لەگەڵدا دەکات. هەر دوو وێنەکە تا لە حاڵەتی وروژاندنی عەسەبیدا نەبێت بۆی نایەن، وەک باس دەکەن، ئەو حاڵەتەیهەیەتی لە کاتی .وەحیدا بەسەریدا دێت

هەردووکیان لە بابەتی خەوبینینی تایبەت بەخۆیەتی کە پێشتر ڕوونمان کردەوە، بەڵام ئەوەی یەکەم، دەنگێک دەبیستێت وەک زەنگۆڵەی زەنگلێدان، لە کاتێکدا دەبێت کە نەوبەتی عەسەبی، واتە حاڵەتی مێشک و دەماری زۆر هەڵدەچێت، بە بەڵگەی قسەی خۆی (زۆر توندە لە سەرم) ئەمە سەرجەم نیشانەکانی فێی تێدایە، وەک دەموچاوی خۆلاوی دەبن و سوورهەڵدەگەڕێت، لەگەڵ سووربوونی چاوەکانی و بوورانەوە و متبوونەوە وەك حوشتری .دووگیان و شتی تریشی لێدێت

توندییەکەی لەوەوەدێت، کە گوێی لە دەنگی زەنگی زەنگۆڵەی زەنگ ئاسا دێت، ئەم دەنگە لە توندیی هەڵچوون و هەژانی دەمارەکانییەوە دێت، هەروەها قورسبوونی، لە دەرئەنجامی زیاتر گرژبوونی دەمارەکانی و نائارامییەوە دێت. ئەمەیش بە هەمان شێوە توندییەکە لە نەبینینی تارماییە سپییەکەوە بوە، کە پێی دەگوترێت جبریل هات، لەبەر ئەوەی هاتنی ئەو حاڵەتە و زۆر توندبوون و تەوژمی، هەموو گیانی داگیر دەکات و خۆی مەشغوڵی ئەوە دەکات، کە تێدایە واتە کە بیری لێکردووەتەوە، واتە تارماییەکە نابینێت، بۆیە جبریل نابینێت، بەو بەڵگەیەی هەندێک جار وەک پیاوێکی هاوەڵی خۆی دەیبینێت، لە پشت بێژینگێکەوە بێت، واتە بە ناڕوونی دەیبینێت، ئەگەر حاڵەتەکە زۆر توندنەبێت، زۆرجار بە ڕوونی دەیبینێت، ئەگەر حاڵەتەکە واتە نەوبەتە عەسەبییەکە سوک بێت، وەک ئەوەی کە لە عەریش لە ڕۆژی بەدر دا، لە وەنەوزێکدا ."بۆی هات. "تەماشای نووسینی هێزی خەیاڵی بکە

بەڵام وێنەی دووەم، کە پەری لە شێوەی پیاوێک بۆی دێت و قسەی لەگەڵ دەکات، لەو حاڵەتانە دەبێت، سوک بێت و تارماییە سپییەکە بە ڕوونی دەبینێت و قسەی لەگەڵدا دەکات، قسەکانیش لە هەر دوو وێنەکەدا هیی محەمەد خۆی بوون نەک تارماییەکە، بەڵگەیش لە سەر ئەوەی قسەی خۆی بوە، چونکەپێش ئەوەی ئەو حاڵەی بۆ بێت، بیری لەو شتە .کردووەتەوە

ئەوەی پشتگیریی قسەیەکی ئێمە دەکات، ئەوەیە لە قورئاندا هاتوە، دەڵێت: {نزل به الروح الأمين (193) على قلبك} [الشعراو: 193، 194] واتە: ( روحی ئەمین)ی هێنایە خوارەوە بۆ سەر دڵت. ئەم ئایەتە ڕاشکاوە لەوەی کە وەحی وەک یادێک یان خولیایەک و بیرێک بەدڵیدا دێت، کە لە ناخ و نەفسی خۆیدا بیری لێبکاتەوە، ئەگینا ئەگەر پێی گوترایێت و بە گوێیدا درابێت، دەیگوت: ڕۆحی ئەمین دای بە گوێتدا نەک بە دڵتدا، بەڵام ئەو شیکردنەوە و تەئویلەی کە زەمەخشەری کردوویەتی لە (الكشاف)دا لە سەر ئەم ئایەتە ئەوەیە، هەر کەسێک زۆر لە خۆی بکات، مۆرکی پێوە نانووسێت و چێژی لێنابینێت، ئەگینا دەیەوێت دەستەواژەکەی قورئان بۆ ئەو لایەنە پەلکێشی بکات کە خۆی مەبەستێتی، نەک قورئان. ئەگەر بڵێیت لە قسەی پێشوو ئەوەی هەندێک گێڕانەوەی تێدایە، ڕاشکاوانە دەڵێت کە وەحی ناگوترێت و بەگوێدا نادرێت،

ئەگەر وا نەبوایە دەیگوت جبریل هات بۆ لام و پێی گوتم و قسەی لەگەڵ کردم، وەک پیاوێک لەگەڵمدا قسە بکات، دەڵێم: محەمەد لە خەونبینیندا جبریل دەبینێت، کە لەو حاڵەتەدا دەبێت وەک ئەوەی قسەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە دەڵێت پێی گوتم بەڵام لە حەقیقەتدا وانییە. قورئان حەقیقەتەکەی باسکردوە، فەرموودەکە قسەی لە سەر شێوەی وێنەکەی کردوە. ئەگەر بڵێن فەرموودەکە ناکۆکە لەوەی لە ئایەتەکەدا هاتوە، دەڵێین؛ ئەوە ناڕاستە وەک پێشتر لە کاتی قسەکردن لە سەر گێڕانەوە زانیت، لەبەر ئەوەی قورئان ئەگەر نیشانەی گوماناوییە، بەڵام بە ڕاوەیی و یەکلاییەوە هاتوە، بە پێچەوانەی فەرموودەکانەوە.

ئەگەر بڵێم: بۆچی لە وێنەی دوەمدا لێیدەردەچێت و لە یەکەم دەرناچێت؟ دەڵێم: توندیی حاڵەتەکە لە یەکەمدا لەوەی تێدابوە هەموو گیانی داگیرکردوە، جگە لەو قسانەی بیری لێکردوەتەوە، کە بەهەموو توانایەوە بەو ئاڕاستەدا ڕۆیشتوە، نەک شتی تر و هیچی لێ نەفەوتاوە، وەک لە وێنەی دوەمدا باسکراوە، خود و گیان ڕوەو دوو شتە، تارماییی بینراو و ئەو شتەی بیری لێکردوەتەوە، لەوانەیە شتی یەکەم مەشغوڵی دوەم بکات و لێدەرچوون ڕووبدات.

لە وێنەکانی وەحی فووکردنە دڵە، لە بنەڕەتدا فوویەکی خۆشە، کە شلاوی لەگەڵدا نەبێت. (روع) بەواتای دڵ دێت، وەک باسیان لەوە کردوە(کان ینفث فی روعه الكلام ردعا)واتە، چەندین قسەی ناوازەی دەخستە دڵیەوە، بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر وەڵامی ئەوە دەدەنەوە، گوتوویەتی: ڕوحی قودسی خۆی کردوەتە دڵمەوە، ئەم گیانە تا ئەجەلی خۆی دێت و ڕزقی تەواو نەبێت نامرێت، خواتان لەبەرچاوبێت و داواکاریتان هەبێت، ناتوانن ڕزق بە دەست بهێنن، کە لە خودا یاخی بن، ئەوەی لای خودایە بە گوێڕایەڵی نەبێت بە دەست نایەت. فووکردنە دڵ ئیلهامە، ئەمە وەک بیرێک و شتێک بە دڵدابێت بێئەوەی پێشتر بیرت لێکردبێتەوە.

ئەم جۆرە وەحییە لە زۆر خەڵکدا ڕوودەدات و تایبەت نییە بە محەمەد، وەک دوو دانەکەی پێشوو. هەروەها پێویستی بە نێوەندگیر نییە، بەڵکوو محەمەد ئەم کارەی خستە سەر شانی ڕۆحی قودسەوە، کە مەبەستی جبریل بوە، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدا بوە و وایزانیوە ئەوەی بۆی دێت، جبریلە بۆی دەهێنێت.

لە وێنەکانی وەحی، ئەو زانستەی بۆ دێتە ئاراوە لە پاش بیرکردنەوە و ئیجتهاد و لە حکومداندا، بەوڕێیە وەك هەناسەدانەوەیەك لە دڵەوە دەربچێت بێئەوەی پێشتر بیرت لێکردبێتەوە، یان ئیجتهادت کردبێت. ئەم جۆرەیش لە تایبەتمەندییەکانی محەمەدنییە، هەروەها پێویستی بە نێوەندگیر نییە، جگە لە تەماشا و ئیجتهاد.نموونەی زۆرە لە قورئاندا.

لە وەحی لەم جۆرە وێنەیە، ئەوەی لە قورئاندا هاتوە، ئایەتی (اللعان) لە سەحیح موسلم لە قسەکانی عومەردا هاتوە، کە فڵان کوڕی فڵانگوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوەت بینیوە ئەگەر یەکێکمان ژنەکەی بە کارێکی خراپەوە بینی چی بکات، کە قسە بکات لە بارەی کارێکی گەورەوە، ئەگەر هیچی لەو بارەوە نەگوت وابێت هیچی لە سەر کارێکی گەورە نەگوتوە، پێغەمبەر بێدەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە، دوای ئەوە هات بۆ لای و پێی گوت بەو پرسیارە تووشت کردم، ئایەتی (اللعان) هاتە خوارەوە: {والذين يرمون أزواجهم ولم يكن لهم شهداء إلا أنفسهم فشهاده أحدهم أربع شهادات بالله إنه لمن الصادقين(6) والخامسه أن لعنت الله عليه إن كان من الكاذبين(7) ويدرأ عنها العذاب أن تشهد أربع شهادات بالله إنه لمن الكاذبين(8) والخامسه أن غضب الله عليها إن كان من الصادقين} [النور: 6 - 9]واتە: ئەو کەسانەش کە بوختانی داوێنپیسی بە ژنانی خۆیان دەکەن و چەند شایەتێکی تریان نیە، هەرکامەیان بێت دەبێت چوار جار خودای لێ بەشایەت بگرێت کە لەم بارەوە راستگۆیە. بۆ جاری پێنجەم ئەگەر ئەم قسەیەی درۆ بیت بەر نەفرەتی خودا دەکەوێت. ژنەکەش لە ئازاردانی رزگاردەبێت، کە ئەویش هەتا چوارکەس بەشایەت بێنێتەوە کە میردەکەی درۆ دەکات. بۆ جاری پێنجەمیش ئەگەر قسەی کابرا راست بێت بەر غەزەبی خودا دەکەوێت. بۆی خوێندەوە و ڕێنوێنیی کرد و باسیکرد، پێی گوت ئازاری دونیا زۆر ئاسانترە لە هیی ئەو دونیا، گوتی: نەخێر بەوەی ناردوێتی

هیچ درۆیەکم لە سەر نەکردوە، ئینجا ژنەکەی بانگ کرد و ڕێنماییی کرد و قسەی بۆ کرد و هەواڵی پێدا، کە ئازاری دونیا لە هی ئاخیرەت ئاسانترە، گوتی: نەخێر بە حەقی ئەوەی ناردویتی درۆدەکات، ئینجا فەرمانی پێ کرد بە (لعان) بە پیاوەکەوە دەستیپێکرد و ئینجا بۆ ژنەکە دووبارەی کردەوە و دواتر تەڵاقی دان. پێی گوتن: حیسابتان لای خودایە، یەکێکتان درۆ دەکات، بە پیاوەکەی گوت، هیچ کارێکت بە سەرییەوە نییە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا پارەکەم، گوتی: هیچ پارەیەکت لای نییە و سەدەقەت کردوە، کە بە حەڵاڵی چەند جار چوویت بەلایدا، ئەگەر ڕاست بکەیت، ئەگەر درۆت لەگەڵدا کردبێت ئەوە لەو زیاتر بۆت نییە لەسەری پرۆیت. لە باسێکی تردا پێغەمبەری خودا جیایکردنەوە و گوتی: بە خودا یەکێکتان درۆ دەکات، ئایا یەکێکتان تەوبە دەکات. بێگومان ئەم وەحییەی کە ئەم ئایەتەی تێدا دابەزیوە، پاش بیرکردنەوە لە بابەتەکە و ئیجتهادی حکوم دێت، لە کاتێکدا کە یەکەم جار پرسیاری لێکرد، بێدەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە، ئینجا بیری لە پرسەکە کردەوە و هەوڵیرێگەچارەی دا، کاتێک دوەم جار هات بۆ لای، ئامادەی وەڵامدانەوە بوو. شتی لەم شێوەیە لە قورئاندا زۆر هەیە، ئەگەر بەدوای هۆکارەکانیدابەزاندنیدا بگەڕێیت.

لە وێنەکانی وەحی، کە بێ نێوەندگیر خودا لەگەڵیدا قسە بکات، وەک چۆن لەگەڵ مووسای کوری عومراندا قسەی کرد، ئەم قسەکردنەیش یان لە پشت پەردەوە بێت، یان هەوڵدانی بێت بێ پەردە، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە نەبینینی خودا هەبوو، وەک لە قورئاندا هاتوە کە خودا بە مووسای گوتوە: {لن ترانی} [الآعراف: 143]واتە نامبینیت. ئەگەر وەحی لەم وێنەیەدا هەوڵێکی بێپەردەبێت، یان لە پشتی پەردەوە، ئەمەیش وا پشتڕاستیدەکاتەوە کە لە سەر شەوی ئیسرا و میعراج باسکراوە، ئیسرایش وەک زۆرینە لە سەری کۆکن جگە لە خەونبینین شتی تر نەبوە، وەک لە شوێنی خۆیدا باسیدەکەین. وەحی لەم وێنەیەدا، لە نێو خەونبینینی خەودایە. لە وێنەکانی وەحی کە لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوە، جبریل بە شێوەی دەحیەکوری خەلیفەی کەلبی هاتوە؛ ئەم دەحیە کورێکی قۆز بوە، پاش بەدر بوە بە موسوڵمان و بەدری نەبینیوە، بێگومان هاتنی جبریل لە سەر شێوەی ئەو لە مەککەدا نەبوە، بەڵکوو پاش کۆچکردنەکە بوە بۆ مەدینە و لەکاتی موسوڵمانبوونی دەحیە دا بوە. ئەوەی نامۆیە، وێنەیەکی ڕوونی وەحیان نەکردوە، وەك وێنەکانی دەحیە کە جبریل هێنابێتی، جگە لە یەک وێنە کە لە شەڕی بەنو قورەیزەپاش شەڕی خەندەق بوە. ئەوەی بەنو قورەیزەلە ڕۆژی خەندەق لەو ماوەیەی لە نێوان خۆیان و محەمەددابوو، پەشیمانبوونەوە لەو پەیمانەیلەگەڵ محەمەددا بەستبوویان و کەوتن لەگەڵ لایەنەکانی تردا، کە لایەنەکان دۆران و محەمەد گەڕایەوە مەدینە، جبریل لە شێوەی دەحیە هات بۆ لای محەمەد و هانیدا، غەزوەی بەنو قورەیزە بکات، لەوبارەیەوە باسیان لەوە کردوە، عایشەگوتوویەتی، کاتێک پەیامبەر گەڕایەوە لە ڕۆژی خەندەق؛ لەگەڵ مندا بوو، یەکێک لە دەرگاکەیدا، لە گێرانەوەیەکی تردا یەکێک هاواری کرد، جەنگاوەرێک ئیشی پێتە، گوتی: پێغەمبەری خودا ڕاچڵەکی و بازێکی گەورەی دا، دەرچوو لە ماڵەوە و منیش بە دوایدا دەرچووم، پیاوێکم لە سەر وڵاخێک بینی و پێغەمبەریش پاڵی بە سەر پشتی ئەووڵاخەکەوە دابوو، قسەی لەگەڵدادەکرد، گەڕامەوە کە هاتەوە گوتم: ئەو پیاوە کێ بوو کە قسەت لەگەڵدا کرد؟ گوتی: بینیت؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: لە کێ دەچێت؟ گوتم: لە دەحیەی کەلبی، گوتی: ئەوە جبریل بوو، فەرمانی کرد بڕۆم بۆ بەنو قورەیزە.

ئەمەیە کە وا باسیانکرد، بێگومان هەموو هاوەڵان و دەحیەیش زانیویانە، چی بە سەربەنو قورەیزەدا هاتوە، لە پەشیمانبوونەوەیان لە ڕۆژی ئەحزابدا، هەموویان تۆڵەسەندنەوەیان لە بەنو قورەیزە دەویست، لەبەر ئەوەی ناخۆشییەکی گەورەیان بەسەرداهات و تووشی میحنەت بوون، کە لە پەیمانەکەیان پەشیمان بوونەوە و چوونە پاڵ لایەنەکانی تر، تا هاوەڵانی محەمەد ڕۆژێکی سەختیان لە ڕۆژی خەندەق بەسەربرد، لەوەی چاویان خواربوەوە و دەرپەڕیبوو، خەریک بوو دڵیان لە دەمیانەوە دەردەچوو، خەریک بوو لە شوێنی خۆیان هەڵیان بتەکێنن و چۆن

هەرایەکیان نایەوە، وەک بومەلەرزەیان لێکردن وەک لە قورئاندا هاتوە: {إذ جاءوكم من فوقكم ومن أسفل منكم وإذ زاغت الأبصار وبلغت القلوب الحناجر وتظنون بالله الظنونا} [الاحزاب: 10].واتە: لەو دەمەدا کە لە سەرو ژێرەوە بۆتا هاتن و چاوتان رەشکەوپێشکەی دەکرد و دڵتان بەر تەپەتەپ کەوت و گەیشتە قورقوراگەتان؛ زۆر خەیاڵی هەمەچشەن لەسەر خودا بە دڵتاندا هات. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، لەوانەیە دەحیەی کەلبی کاتێک پێغەمبەری خودای بینیوە، لە غەزوەی خەندەق گەڕاوەتەوە، ڕۆیشتوە بۆماڵەوە و نەچوە بۆ لای بەنو قورەیزە، هاتوە بۆ لای کە هانی بدات شەڕیان بکات و تۆڵەیان لێبکاتەوە، بە قسەکەیدا دەرکەوتوە "ئەوەی حوجەتت پێدەدات لە شەڕ نەکردن" واتە کێ لێت خۆش دەبێت و بەهانەت قبوڵ دەکات، کە دابنیشی و شەڕی بەنو قورەیزە نەکەیت، بەڵام محەمەد کە زانیی عایشە دەحیەی ناسیوەتەوە، بە باشی زانیوە، ئەو کارەی لێ بشارێتەوە و وانەکات بیێتە هۆکاری ئەم شەڕەی کە هانیدا، بۆ ئەوەی بینێرێتە سەر بەنو قورەیزە، پێی گوتوە: جبریل بوە بۆ هاندانی خەڵک و باوەڕهێنانیان بە سەرکەوتن، ئەمەیش وا دەکات، کە لۆمەی نەکات لە دەرچوون بۆ شەڕ، بەتایبەتی تازەزاوا بوە، لەبەر ئەوەی ژنان پێیان خۆش نییە لەو کاتەدا لە مێردەکانیان تەنانەت دووربکەونەوە، ئەی ئەگەر بۆ شەڕ بچن چۆن دەبێت.
ئەوەی بە عایشەی گوتبێت کە دەحیە جبریل بوە، لەوانەیە لەبەر ئەم حیکمەتە بووبێت.
هەروەها هاوەڵانی ئەوەیان گوتوە، کاتێک دەرچوو بۆ بەنو قورەیزە، هەندێک خەڵکی بینیوە لە بەنی نەجار چەکیان پێ بوە، پێی گوتوون: یەکێکتان بینی؟ گوتیان: بەڵێ دەحیەی کەلبی لێرەوە ڕۆیشت و بە سەر هێسترێکی سپییەوە بوو، فەرمانی پێ کردین، چەک هەڵبگرین، پێغەمبەر پێی گوتن ئێستا دێت بۆ لاتان. گوتیان: چەکەکانمان هەڵگرت و یەکڕیز وەستاین. پێغەمبەر گوتی: ئەوە جبریل بوو هاتوە بۆ بەنو قورەیزە، جێگە قایم و توندەکانیان هەڵتەکێنێت و ترس و تۆقاندن بخاتە دڵیانەوە.
بێگومان دەحیەپاش ئەوەی ئەو قسانەی بە محەمەدی گوتوە، پاش ئەوەی داوای لە محەمەد کردوە کە دەربچن بۆ بەنو قورەیزە، لەگەڵ ئەوانەدا دەرچوو، کە دەرچوون و ئەوەی بینی لەوێدا بینی، ئەگەر محەمەد پێی بگوتنایە ئەوە دەحیە بوە، هیچ گرینگییان پێ نەدا، وەک ئەوەی بڵێت جبریل بوە، ئەوان کە بزانن جبریل لەگەڵیاندا متمانەیان بەوە دەبێت و دەتوانن زەفەر بە دوژمن بەرن، لە شوێنی خۆیدا باسی ئەوەیش دەکەین، کە چۆن محەمەد جبریلی لە شەڕەکاندا، لەکاتی لێکدان و پێکداداندا وەک ئامرازێک بۆ بەهێزی جێگری و توندوتۆڵیی قەومەکەی بەکارهێناوە.
ئەمەیە کە وام لێدەکات لە ئاڕاستەکردن و ئیدعای هاتنی جبریل لە وێنەی دەحیە وای ببینم، ئەگینا خەونەکانی محەمەد خەڵکی تر نایبینن و خۆیشی نایبینێت، جگە لە هەندێک شت لە کاتی حاڵەتە عەسەبییەکەیدا نەبێت، ئەوەی لەگەڵ ئەمەدا نەیەتەوە هیچ بناغەیەکی نییە.
هیچ وێنەیەکی تر نییە لەوە زیاتر، کە لە سەر جبریل باسمان کرد وەک لە وێنەی دەحیەدا هاتوە؟ هیچ وەڵامێکم پێ نییە جگە لەوەی بڵێم نازانم، لەبەر ئەوەی لەو کتێبە بەسەرهاتانەی هەمن، هیچ وێنەیەک جگە لەوەی باسمان کردنییە، ئەگەر وێنەی تر هەبێت من نایزانم. لێرەدا هەر بۆ خۆشی پێم باشە ئەوەی شێخی ئەکبەر لە سەر ئەم بابەتە باسی کردوە بیلێمەوە.گوتوویەتی: دەحیەی کەلبی قۆزترین گەنجی زەمانەکەی خۆی بوە و شێوەیەکیرێکوپێکی هەبوە، مەبەست لە دابەزینی جبریل لە سەر شێوەی ئەو، ئەوە دەگەیەنێت کە خودا بە پێغەمبەر بگەیەنێت ئەوەی وەك باڵیۆز لە نێوان من و تۆدایە ئەی محەمەد، بە جوانترین شێوە و سیماوە لە منەوە بۆ تۆ دەنێرم.
ئەی خوێنەری بەڕێز، لەو دەربڕینە ڕابمێنە. ئەم وێنەیەی باسمان کرد لە کتێبەکانی قەومەکەدا هاتوە، ئەوەی لە بیریان چوە باسیبکەن، هاتنی دەحیەیە لە سەر حوشترەکەی لە هەندێک جاردا، ئەمەیش دووجار ڕووی داوە، یەکێک لە کاتی کۆچکردنەکەی بۆ مەدینە، دوەم لە

.حودەیبیە لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ عومرە
گوتیان؛ کاتێک پێغەمبەرهات بۆ مەدینە لە (قباء) دابەزی کە گوندێکە، نزیکەی دوو میل لە مەدینەوە دوورە، لە ڕۆژی دووشەممەدا بوە، قەبا لەو کاتەدا شوێنی بەنی عەمرو کوڕی عەوف بوە، ئەمانیش لە ئەوسن لەزگەوە، واتە لە دایکیانەوە، شێخەکەیان کەلسووم کوڕی ئەلهەدم بوە، پێغەمبەر لای ئەو دابەزیوە، تا ڕۆژی هەینی لەوێ ماوەتەوە، ئینجا سواری وڵاخەکەی بوە و ڕۆیشتوە بۆ مەدینە، لەسەرخۆ بوە و جڵەوەکەی شلکردوە و نەیجووڵاندوە، ئەویش تەماشای ڕاستوچەپی کردوە، بەنو عەمرو کوڕی عوف پێیان گوتوە: ئەی پەیامبەری خودا، ئایا هاتووی بۆ لامان، یان شوێنێکی لە ئێمە باشترت دەوێت؟گوتوویەتی: من لە گوندێکتان دەبم هەموو .گوندەکان دەخوات (واتە دەیباتەوە و لەناویان دەبات) ئینجا حوشترەکەیان بەرداوە
کە ڕۆیشتوە خەڵک لەگەڵیدا کەوتوەتە ڕێ، بە پیادەڕەوی بێت یان بەسواری، یەکێکیان جڵەوی حوشترەکەی بەرنەداوە وەک گرینگیدان بە شکۆمەندی و گەورەزانین، تا چوەتە ناو مەدینەوە، یەکەمین کەس کە چوە لایان بەنوسالم بوون، پرسیاریان لێکرد و پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا لێرەدا بە، لە ژمارە و شکۆمەندی و پاراستن و لە هەندێک شوێندا لە سەروەتوسامان. لە گێرانەوەیەکدا: لێرەدا دابەزە لە ژمارە و تفاق و چەک، ئێمە خاوەنی باخ و شتومەکین، ئەی پەیامبەری خودا، هەر پیاوێکی عەرەب کە دەهاتە ئەم شوێنە، گەر ترسا بێت ڕووی لە ئێمە کردوە. پێی گوتن: خێری تێدابێت، گوتی: ئەو حوشترە بەربدەن فەرمانی پێ کراوە، بە بزەوە پێی گوتن: خودا زیادی بکات بۆتان، دەرچوو تاگەییشتە شوێنی بەنی بەیازە، بەنو بەیازە وەک پێشتر پرسیاریان لێکرد، ئەویش گوتی بەری بدە "واتە حوشترەکەی" فەرمانی پێ کراوە، دەرچوو تا گەییشتە شوێنی نیشتەجێی بەنی ساعدە، بە هەمان شێوە پرسیاریان لێکردم، هەروەها گوتی بەریبدەن، فەرمانی پێ کراوە، بۆی دەرچوو تاگەییشتە سەرەتای ماڵەکانی بەنی عودەی کوڕی ئەلنەجار، کە خاڵوانی عەبدولموتەلیبی باپیرین، بەنو عودەی کوڕی ئەلنەجار پرسیاریان لێکرد وەک پێشتر، لە گێرانەوەیەکدا دەڵێت، پێیان گوتوە: ئێمە لە خاڵوانتین، بۆ شکۆیی و پاراستن و خزمایەتی، لە ئێمە مەپاڕەوە ئەی پێغەمبەری خودا. لە گێرانەوەیەکی تردا: هیچ قەومێک بەخزمایەتی لە ئێمە لە پێشتر نییە، گوتی فەرمانی پێ کراوە، دەرچوو تا لە شوێنێک لە شوێنەکانی بەنی نەجار حوشترەکەی پاڵکەوت، شوێنی مزگەوتەکەی ماڵی بەنی مالیکی کوڕی نەجاری ئێستایە، لە دەرگای ئەبووئەیووبی ئەنسارییەوە، خالیدی کوڕی زەید کوڕی ئەلنەجاری ئەنساری خەزرەجییە. پێغەمبەر لە سەر حوشترەکەی دانەبەزی، ئینجا هەڵساو بردی بۆ شوێنێکی نزیک و پەیامبەر جڵەوەکەی بۆ دانابوو، ئینجا تەماشای دواوەی کرد و دانیشتەوە و جووڵایەوە و ملی خستە سەر زەوی، بێئەوەی دەمی بکاتەوە دەنگێکی لێدەرچوو، لەوێدا دابەزی و گوتی: خودایە لە ماڵێکی پیرۆزدا دامبەزێنە، تۆ بەخێر خەڵک دادەبەزێنیت، چوار جار دووبارەی کردەوە، ئینجا ئەو حاڵەتەی بۆ هات، کە لە کاتی وەحیدا بۆی .دێت، ئینجا کە هاتەوە باری خۆی،گوتی، پەنا بە خودا ئەمە ئەو ماڵەیە
ئەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەی باسمان کرد، وەک لە کتێبی قەومەکەدا هاتوە ولە شێوازەکەیدا دەیبینین، وەحی کە پێویستە بۆ دیاریکردنی ماڵەکە، لە ڕێگەی حوشترەکەیەوە دابەزیوە. وەک پێشبینی دەکات، وەحی دابەزێت بۆ دیاریکردنی ئەو ماڵەی تێیدا دادەبەزێت، وای لێکرد حوشترەکە ڕۆڵی جبریل بگێڕێت.محەمەد بوە پاشکۆی ئەو لە دیاریکردنی ئەو ماڵەدا نەک یەکێکی تر. ئەگینا ئەو قسەیەی چی دەگەیەنێت کە گوتی: "وازی لێبهێنن فەرمانی پێ کراوە" ئەوە چی دەگەیەنێت کە دەڵێت، "فەرمانی پێ کراوە" ئایا جبریل جڵەوەکەی گرتوەتە دەست و دەیبات، تا ئەو شوێنەی وەستا و پاڵکەوت؟ بۆچی جبریل بۆ خۆی نەهات ماڵەکەی پیشان بدات، کە دەیەوێت لێی دابەزێت؟ لەوانەیە محەمەد، ئەو هێزە گەورە سەرسوڕهێنەرە کارتێکردنەی هەبێت کە وای لە حوشترەکەی کردبێت و حەزی لە هەر شتێک بێت بیکات، وای لێکردبێت لە هەر شوێنێک بیەوێت بیوەستێنێت، جگە لەوەی بیەوێت هیچ جووڵەیەک نەکات و

.لەوەی دەیەوێت پاڵبکەوێت و دابنیشێت یان نەیکات
بێگومان محەمەد هەر لە سەرەتاوە موکوڕ بوە، کە لە لای بنەماڵەی بەنی نەجار دابەزێت، لەبەر ئەوەی خاڵوانی عەبدولموتەلیبی باپیری بوون، کە ئەو خزمایەتیی لەگەڵیاندا هەبوو، نابێت لەمە کەم بکەینەوە، خزمایەتی هەر چەند و چۆنێک بێت لەو زەمانەدا گرینگیی خۆی هەبوە و نابێت لەبەرچاوگرتنی کەم بکەینەوە کە خەڵک شانازیی بە
خزمایەتییەوەدەکرد.محەمەدئەوەیشی زانیوە، قوسەی شانازیی بە خوزاعەی برای دایکییەوە دەکات و بەو خوزاعەی بردەوە کە حکومداری و ویلایەتی مەککەی لێبردن و دەستی بەسەردا گرت، هەروەها دەیزانی کە عەبدولموتەلیبی باپیری شانازیی بە بەنی نەجاری خاڵوانییەوە دەکات، کاتێک نەوفەلی مامی لە پاش مردنی عەبدولموتەلیب، هەڵیکوتایە سەری و تووڕەی کرد و دەستی بە سەر ماڵوموڵکیدا گرت لە مەککەدا. ئەبوو سەعد کوڕی عودەی کوڕی نەجاری بە هەشتا سوارەوە هاتن بۆ لای و چوو بۆ لای نەوفەل و شمشێری هەڵکێشا و گوتی: بەخودای ئەم بنیاتە، ئەگەر ئەو ماڵوموڵک و شوێنانە هەرئێستا نەگەڕێنیتەوە بۆ خوشکەزاکەم، ئەم شمشێرەت تێدا وندەکەم، گوتی: گەڕاندمەوە بۆی. ئەم ڕووداوە بوە هۆکارێک بۆ دروستبوونی هاوپەیمانێتیی نێوان بەنی نوفەل و بەنی براکەی عەبد شەمس لە دژی بەنی هاشم، هۆکارێکیش بوو بۆ هاوپەیمانیی نێوان بەنی هاشم لەگەڵ خوزاعە و دژی نوفەل و
.عەبد شەمس
پێغەمبەر ئەمەی زانیوە، زانیویەتی خزمایەتی لای قەومەکەی پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، کە مرۆڤی ئەو کاتە شانازیی پێوەدەکرد و لە کاتی تەنگانەدا یارمەتیدەری بوە، چۆن هەروا پشتگوێی دەخات، کە بەفیڕۆ بچێت و قازانجی لێ نەکات! بەتایبەتی ئەوەی بۆ شوێنی غەریب هاتوە، پاش ئەوەی پێیان گوت، هیچ کەسێک لە ئێمە لە پێشتر نییە لە قەومەکەمان لە بارەی
.خزمایەتییەوە
تەماشای بلیمەتیی محەمەد و دووربینییەکەن، بۆ پاشەڕۆژ چۆن بە هیچ لایەکی نەگوت کە دەیەوێت لای خزمەکانی دابەزێت، بەڵکوو بە هەموویان و تەنانەت بەنی نەجاریشی گوت (وازی لێبهێنن، فەرمانی پێ کراوە) کاتێک بەنو نەجار داوایان لێکرد لە لای ئەوان دابەزێت، نەیویست هیچ شتێکی تریان پێبڵێت بەدەر لەوەی بەوانی تری گوتبوو، ئەگینا ئەگەر بە قسەی ئەوانی بکردایە، هەستیارییەک و جۆرە گرژییەک دەکەوتە نێوانیانەوە و لەوانەیشە فیتنە ڕوویبدایە، بەڵام ئەو کارەی خستە دەست حوشترەکە و کەمێک لە ماڵەکانیان ڕەتبوو، چۆکی دادا و پاڵکەوت و ئەویش ئەوەی دەویست، بەڵام ئەو چۆن حوشترەکەی سەرپشک کرد، تا لەو شوێنە چۆکی دادا و پاڵیدایەوە کە ئەو دەیویست، ئەمە بۆ ئێمە گرینگنییە و ناتوانین هۆکارەکەی دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی نەمانزانی کە جڵەو و کورتانی حوشترەکە چۆن بوە و چۆنیش لە سەر حوشترەکەی دانیشتوە، ئەوە نادیارە و هیچیان لە سەر نەنووسیوە و باسیان بۆ نەکردووین. لەوانەیە چۆنێتیی دانیشتن و جڵەوەکەی و کورتانەکەی کاریگەریی لە سەر ئەم بابەتە هەبووبێت، لەوانەیە محەمەد هێزێکی هەبووبێت کە بە قاچەکانی فشاری خستبێتە سەر شانی حوشترەکە و وای لێکردبێت چۆک بدات یان هەڵبسێتەوە و بازبدات، دووریش نییە وای ڕاهێنابێت، بە خۆشەویستی و مامەڵەکردن فێری کردبێت، وەك دەڵێن؛ ئەگەر بتوانێت
.مرۆڤ ڕابهێنیت، دەتوانیت ئاژەڵیش بەو ڕێگەیەماڵی بکات و ڕایبهێنیت
بەڵام هاتنی وەحی لە ڕێگەی حوشترەوە لە حودەیبییە (شوێنێکە لەدووریی مەکەوە قۆناغێکە بەناوی بیرەوە ناونراوە) باسیان لەوە کردوە کە پێغەمبەر لە ساڵی پێنجەمی کۆچی لە مەدینە دەرچوە، بە مەبەستی عومرەکردن بۆ مەککە نەک غەزوکردن، کاتێک لە مەککە نزیک بوەتەوە هەواڵی پێگەییشتوە کە قورەیش ڕێگریی لێدەکەن بچێتە ماڵەوە، واتە کەعبەوە، ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵانی کردوە و ڕایانوابوە، ئەوان بۆ شەڕ دەرنەچوون، گوتیان: بەڵام دەڕۆین هەر کەسێک نەیهێشت لە چوونمان بۆ ماڵ شەڕی دەکەین، کەوتنە ڕێ، ئینجا پێغەمبەری خودا فەرمانی بە

خەڵکەکە کرد، کە ڕێگەیەک بگرنە بەر، لەخوار حودەیبییەوە دەربچن لە خوار مەککەوەیە، لەو ڕێگەیەوە ڕۆیشتن، کاتێک گەییشتنە دووریانێک کە لەوێوە بۆ مەککە دابەزن، حوشترەکە چۆکی دادا، تا خەڵکەکە گوتیان حل حل (دەنگێکە حوشتر پێی بێزاردەبێت)، بەڵام سووربوو لە سەر درێژبوونەوە پاڵکەوتنەکەی و بەردەوام بوو هەڵنەستا، گوتیان: پەکی کەوتوە "بەعەرەبی پێی دەڵێن (خلات)، واتە بە حوشتری مێیینە دەڵێن (خلات) و بە نێرینە دەڵێن (ألخ) بە ئەسپ دەڵێن (حرن) واتە هیلاک بوە و پەکی کەوتوە، پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر پەکی نەکەوتوە و ئەم لەم شتەی نییە، بە واتایەکی تر ئەم عادەتەی نییە، بەڵام ئەوەی نەیهێشت، وەک نەهێشتنی فیلەکەی مەککەیە، واتە خودا ڕێگەی نەدا بچێتە مەککەوە، بەوەی گیانی محەمەد بە دەستە ئەگەر قورەیش داوای پلانێکم لێبکەن بۆ پێوەندیی سیلەی ڕەحم دەمداتێت، ئینجا بێزاری کرد و هەستا، دواتر گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.
دواتر باسی سوڵحکردنی حودەیبیە و ئەوەی لەوێدا ڕووی داوە دەکەین. لێرەدا بە کورتی دەڵێین: ئەو ئامانجەی کە محەمەد مەبەستی بوو لەم سەفەرەدا عومرە نەبوو، وەک لە ڕووکەشدا دەردەکەوێت، بەڵکوو بۆ ئەوە دەرچوو کە کاردانەوە و هەڵوێستی قورەیش بزانێت و هێزیان تاقیبکاتەوە، ببینێت لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا لەچ بارێکدا دەبن، کە بۆ عومرە دێت بۆ لایان، ئەم سەفەرەی وەک پێشەکییەک بوو بۆ غەزوکردنی مەککە و کردنەوەی، لەم سەفەرە قازانجێکی یەکجار گەورەی کرد و ئەمەیش بوە هۆی کەوتنەخۆ و خێراکردن لە کردنەوەی مەککە، کە لە شوێنی خۆی باسی دەکەین، بەڵام کە هاوەڵانی ڕاوێژیان پێ کرد بە زۆر بچنە مەککەوە و شەڕی ئەوانەبکەن کە ڕێگەیان لێدەگرن، بەشێوازی ڕاوێژەکەیان ڕازیبوو، بەڵام لەناوەوە نەیویست، لەبەر ئەوەی دەیزانی شەڕی قورەیش کە لە ماڵی خۆیاندا بن کارێکی ئاسان نییە، بەڵکوو پێویستی بە ئامادەکارییەکی باش هەیە و لەوەی زیاتر کە هەیەتی و بەتایبەتی لە کاتی دەرچوونیدا، مەبەستی نەبوو شەڕبکات، ئامادەباشییەکی تەواوی بۆ شەڕ نەکردبوو، نایەێت بچێتە شەڕێکەوە ئەنجامەکەی نادیاربێت لای ئەو، لەوانەیە شەڕێکی یەکلاکەرەوەبێت، ئەگەر دەرئەنجامەکەی سەرکەوتن بۆ دوژمنانی بێت، ئەوەی دەیەوێت لەناوی دەبات، چۆن لەم تێوەگلانە ڕزگار بێت و چۆن لەمەدا بگەڕێتەوە، محەمەد لە ڕێگەی ڕۆیشتن بۆ مەککە بەردەوام بیری لێ دەکردەوە، کە گەییشت بە جێگایەك بە ناوی(ثنية) کە لەوێوە دادەبەزن بۆ مەککە، وای لە حوشترەکەی کرد چۆک دابدات، وای نیشاندا، کە وەک فیلەکەی سوپای ئەبرەهەیە کە بۆ وێرانکردنی ماڵی خودا لە مەککە هاتبوو، گوتی: قەت پەکی نەکەوتوە و ئەمەیش عادەتی نییە، بەڵام ئەوەی پەکی خست یان زیندانی کرد وەک چۆن فیلەکەی سوپای ئەبرەهەی والێکرد لە مەککەدا، ئەویش خودایە، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی و بۆشاییەکی زۆر گەورە لە نێوان ئەم و فیلەکە هەیە، ئەم ڕووداوە پشتگیری لەوە دەکات کە گوتمان، ئەو هێزەی هەبوە بتوانێت فشار یان پەستان بخاتە سەر هەر دوو شانی حوشترەکە، کە سواری بوە و وای لێکردوە چۆک بدات، باسیان لەوە کردوە کە وای لێهاتوە لەوکاتەی وەحی بەسەریدا هاتوە، لە کاتێکدا لە سەر حوشترەکە بوە و ئەویش لەو کاتەدا چۆکی داوە و هێزی ئەوەی نەماوە هەڵیبگرێت.

(20)

مەسەلەکان

لێرەدا بە باشمان زانی هەندێک مەسەلەی پێوەندیدار بە بابەتی پێشوومان "وێنەکانی وەحی" باس بکەین، بۆ ئەوەی بەجوانی بۆتان دەرکەوێت و زۆرتر ڕوون ببێتەوە، لەوانەیە هەندێک جار

بەخێرایی باسی لە جبرائیل کردبێت، بەدەر لەوەی حاڵەتەکەی بەسەردا هاتبێت، وەك دەزانین لە کاتی وەحیدابەزیندا بەسەریدا دەهات. پێشتر گوتمان، هاتنی ئەم حاڵەتە مەرجی هاتنی وەحی نییە لەو کاتەدا، لەبەر ئەوەی پێش پێغەمبەرایەتییش هەر لە منداڵییەوە لەگەڵیدا بوە، بەڵام هەندێک جار وەحیی لەگەڵدا تێکەڵ بوە و هەندێک جاریش بێ ئەوەیش وەحی دابەزیوە.
لەوانەی باسیانکردوە، دەڵێن: هیچ شتێک لای پێغەمبەری خودا هێندەی ئەسپ خۆشەویست نەبوە، بێگومان لە پاش ژنەوە، دەڵێن دەموچاو و دان و چاوی بە کراسەکەی سڕیوە. پێیان گوتوە: ئەی پێغەمبەر بە قۆڵی کراسەکەت دەیسڕی؟گوتوویەتی: جبریل لە سەر ئەسپ گلەییی لێکردم، لە گێڕانەوەیەکی ترداگوتوویەتی: لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا جبریل گلەییی لێ کردووم، گوتی: تا ڕۆژی قیامەت، ئەسپ خێری بەناوچەوانەوەیە، خەڵکی خاوەن ئەسپ لە سەر ئەسپەکەیان یارمەتی دەدرێن، جڵەویان بگرنە دەست و داوای بەرەکەتبکەن.
هەروەها گوتیان لە غەزوەی تەبوک چوو بۆ لای ئەسپەکەی کە ناوی ناوبوو(الطرف) یاڵی چاک کرد و پشتی بە جلەکەی سڕی، پێیان گوت: ئەی پەیامبەری خودا بە جلەکەت پشتی دەسڕیت؟گوتوویەتی: بەڵێ، تۆ چوزانیت لەوانەیە جبرائیل ئەوەی پێ گوتبم.
لەمەدا دەردەکەوێت کە محەمەد ئەگەر کارێکی کردبێت، یان قسەیەکی گوتبێت، ویستوویەتی هاوەڵانی چاودێریبکەن و لەو بارەوە کاریگەریی هەبێت لەسەریان و لاسایی بکەنەوە، ئەو کار و قسەیەی دەخستە ئەستۆی جبریل، جبریل لێرەدا هیچ نەبوە جگە لە ئامڕازی ڕازیکردن، لەوێیشدا کە جبریل تەنها قورئان دانابەزێنێت، بەڵکوو هەندێک جار هەواڵ و دەنگوباس و بۆچوونیش دادەبەزێنێت. وەک ئەوەی لە غەزوەی بەدر ڕووی دا، پێغەمبەر ویستی دەستپێشخەری بکات و پێش قورەیش بگاتە ئاوەکە، پێش ئەوان گەییشتە لای ئاوێک وایزانی ئەوە زۆرترین ئاو و باشترین شوێنە لەوێدا، حەباب کوڕی مونزی پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم شوێنەی لێی دابەزیت شوێنێکە کە خودا لێرەی دابەزاندوویت، ئێمە نە پێشت دەکەوین نە لێیشت دوادەکەوین. یان ئەمە شەڕ و بۆچوون و تەڵە و فێڵە؟ گوتی: بەڵکوو شەڕ، بۆچوون، فێڵ و تەڵەکەیە. گوتی: ئەی پەیامبەری خودا،ئەگەر بۆ ئەوەبێت ئەمە شوێنێکی باش نییە، خەڵکەکە هەڵبسێنە با لە تەنیشت قوڵترین ئاودا دابەزین، ئەو ئاوەی من دەیزانم زۆرە و لە بن نایەت، لەوێدا حەوزێک دروست دەکەین و پڕی دەکەین لە ئاو، ئێمە دەخۆینەوە و دوژمنان ناخۆنەوە، پەیامبەری خودا گوتی: ڕاوێژێکی باشتکرد، جبریل دابەزی بە پێغەمبەری گوت، ڕایەکەی حەباب باشە، کە ئاماژەی پێ کردوە.
لەم ڕووداوەدا بینیمان، حەباب ڕایەکی خۆی دەربڕی، پێغەمبەریش لێیوەرگرت بە ڕاستی زانی، هیچ پێویستی نەکرد جبریل دابەزێت بۆ ڕاستکردنەوەکە، بەڵام دەیویست ئەو ڕاستکردنەوە بخاتە ئەستۆی جبریل بۆ ئەوەی قەومەکە دڵنیابن، ڕاستە و متمانەی پێبکەن و لێیشی دڵنیابن، لەوێدا ئەوان نابن بەدواکەوتەی حەباب کوڕی مونز، بەڵکوو دوای فەرمانی خودا دەکەون، لەوێیشدا متمانەی تەواویان بە سەرکەوتنی خودا دەبێت. هەندێک جاریش لە سەر خودا بە بێ جبریل و بێ حاڵەتە عەسەبییەکە و بێ خەون بینین قسەدەکات. ئەوەی دیسان لە ڕۆژی بەدر ڕووی دا، کە دەرچوو بۆ ڕێگرتن لە کاروانەکەی قورەیش، لە ڕێگەدا بوو، هەواڵی بۆ هات کە قورەیش بە هەموو قورسایی و توانای خۆیانەوە دەرچوون بۆ ئەوەی نەهێڵن کەسێک دەست بۆ کاروانەکەیان بەرێت، ڕاوێژی بە هاوەڵانی کرد بۆ شەڕکردن لەگەڵیاندا، کۆچەرییەکان قسەیان کرد و ئەنساریش قسەی باشیانکرد، پێیان گوت: بە خودا ئەوەت پێ ناڵێن کە قەومەکەی مووسا بە مووسایان گوتوە؛ بڕۆ خۆت و خوداکەت شەڕبکەن،ئێمە لێرە دانیشتووین، {فاذهب أنت و ربك فقاتلا إنا هاهنا قاعدون} [المائده: 24]واتە: ئەوە خوت و خوداکەت بڕۆن شەر بکەن و ئێمە لێرەدا دانیشتوین. ، بەڵام ئێمە دەڵێین؛ ئێمە لەگەڵتدا شەڕدەکەین، لەوێدا پێی گوتن، بەڕێبکەون مژدەبێت لێتان، خودا پەیمانی داوە بە یەکێک لە تایەفەکان، بەخودا وەک ئەوەی ئێستا من لەناوچوونی قەومەکە دەبینم، مەبەستی لەدوو تایەفەکە بوو؛ کاروانەکەی قورەیش و

ئەوانەی دەرچوون بۆ پاسەوانی کاروانەکە. هاوەڵانی لەو قسەیەی کە گوتی (بەخودا ئێستا من لەناوچوونی قەومەکە دەبینم) زانییان کە تووشی شەڕدەبن و کاروانەکەیش بۆ ئەوان نابێت، تۆ لێرەدا وا دەبینیت، کە بە هاوەڵانی گوت، خودا پەیمانی یەکێک لە تایەفەکانی پێداوە بێئەوەی هیچ حاڵەتێک بەسەریدا بێت، لەو حاڵەتانەی وەحی تێدا دادەبەزێت و بێ ئەوەی جبریل بێت بۆ لای، بێئەوەی خەونێک یان ڕاچڵەکینێک یان وەنەوزێک یان بوورانەوەیەک یان هەر شتێکی تر ڕووی دابێت، کە بڵێیت ئەم پەیمانەی خودا جبریل دایبەزاندوە لە سورەتی ئەنفال: {و إذيعدكم الله إحدى الطائفتين أنها لكم} [الأنفال: 7]واتە: ئەوسا خودا پەیمانی پێدان کە یەکێك لەو دوو تایەفە بۆ ئێوەیە.

دەڵێم دابەزاندنی ئەم ئایەتە لە لایەن جبریلەوە پاش ڕووداوەکەی بەدر و سەرکەوتنی موسوڵمانان بە سەر کافراندا بوە، پاش ناکۆکییان لە سەر دەستکەوتەکانی "غەنیمە"ی بەدر بوە، بەڵام لێرەداهەواڵی ئەوەی خودا پەیمانی بە یەکێک لە تایەفەکانی داوە، لە ڕێگەدابوە، لەو کاتەی کە هەواڵیان پێگەیاند و پێیان گوت قورەیش دەرچوون، ئەمەیشپاش ڕاوێژکردن بە هاوەڵانی و پێش ئەوەی ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە ئەم قسەیەی کردوە.

لەوانەیش چەندین وێنەی وەحیهاتن هەیە کە پێویست بوە و وەزعەکە فەرزی کردوە، واتە وەحی لەو کاتەدا دادەبەزێت کە پێویستییەکانی خەڵک وا فەرزی دەکەن، پێویستی؛ هۆکار و ئیلهامی وەحی بوە، واتای ئەمەیش ئەوەیە، وەحی دەرئەنجامی بیرکردنەوە و ئیجتیهادە،لە کاتی دەرکەوتنی پێویستی بە وەحیهاتن بێت.

تەماشای ئایەتی بەباشتردانانی موجاهیدەکان لە دانیشتوەکان بکە چۆن دابەزی، لە سورەتی (النساء) ئەوەی دەیڵێین بۆت ڕووندەبێتەوە.{لا يستوى القاعدون من المؤمنين غير أولى الضرر والمجاهدون} [النساء: 95].واتە: ئەو بروادارانەی کە لە ماڵی خۆیاندا دەمێننەوە -جیا لەوانەی کەمئەندامن- لەگەڵ ئەوانەی دەچنە جەنگ لە ڕێی خودا و ماڵ و گیانیان لە ڕێی ئەودا بەخت دەکەن وەکو یەك نین. لە سەر دابەزینی ئەم ئایەتە لە زەید کوری سابتەوە،گوتوویەتی: لە تەنیشت پەیامبەری خوداوە بووم، هێمنییەک باڵی کێشا بەسەریدا و ڕانی کەوتە سەر ڕانم، تەنانەت ترسام کە بیشکێنێت، ئینجا هاتەوە سەرخۆی و گوتی: بنووسە، لە سەر دەفە شانێک (ئێسکێکی پانە لە شێوەی تەختە کە لە سەری دەیاننووسی) نووسیم: (لا يستوى القاعدون من المؤمنين والمجاهدون)واتە: ئەوانەی دانیشتون و ئەوانەی جیهاد دەکەن لە باوەرداران وەکو یەکنین. ئیبن ئوم مەکتوم کە کوێر بوە گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەوکەسەی لە باوەڕداران نەتوانێت جیهاد بکات چۆن؟ پێغەمبەر چوەتە بێدەنگییەکەوە و مت بوە ودواتر هاتوەتەوە سەرخۆی وگوتوویەتی:بیخوێنەرەوە ئەی زەید، زەیدیش دەڵێت: منیش (لا يستوى القاعدون من المؤمنين)م خوێند، وتی (وغير أولى الضرر) ئینجا ئەویشم نووسی، زەیدگوتوویەتی: بەوەی گیانمی بەدەستە، خودا بە تەنها ئەوەی دابەزاند، من ئەویترم پێوە لکاند. تەماشاپاشکۆکە بکە، کە لە قسە لە سەر درزی شانەکەدا هاتوە.

ئەو ئایەتەی کە لە سەر بەچاکزانینی موجاهیدین لە دانیشتوان زیاتردا هاتوە، بەڵام ئەو دانیشتوانەی کە بەئارەزووی خۆیان دانەنیشتوون و شتێک ڕێگەی جیهادی لێگرتوون، وەک نەخۆشی و ناتەواویەکیان لەگەڵدابێت، وەک نابینایی و شەلی و گێری و شتی تر، ئەمانە دەبێت بەدەر بن لەوە، ئایەتەکە یەکەم جار باسی نەکردن و بەدەریشی نەکردن لەوانیتر، کە ئیبن ئوم مەکتوم پرسیاری کرد، ئەوەی پاشکۆی بەدەر لەوان دابەزی و زەید لکاندی بە ئایەتەکەوە، ئەگەر ئیبن ئوم مەکتوم لەوێ نەبوایە و ئەو پرسیارەی نەکردایە، بەدەر دانانیان لە ئایەتەکەدا هەر باس نەدەکرا و پشتگوێ دەخرا، لەبەر ئەوەی پێویستی لەجیاتیدانانیان دەرنەکەوت تا ئیبن ئوم مەکتوم پرسیارەکەی کرد. هەر وەك ئەمەی پێشوو، ئەو ئایەتانەی کە لە حەرامکردنی مەیدا دابەزیون، مەی خواردنەوە بەیەکجار حەرام نەکراوە، بەڵکوو پلەبەپلە بە پێیحکومیبەرژەوەندی و پێویستبوونی حەرامکردنی بەحەرام دانراوە.

با باسی هاتنی وەحی لە حەرامکردنی مەی بکەین و بزانە لەوێوە ڕاستیی قسەکانمان چۆن دەردەکەوێت، لە سەر مەی(خمر) چوار ئایەت دابەزیون، یەکەم: {ومن ثمرات النخيل و الأعناب تتخذون منه سكرا} [النحل: 67] واتە لە بەری دارخورما و ترێ مەی دروست دەکەن، (سكرا): بە دوو فەتحە واتە مەی و ئەوەی سەرخۆش دەکات. ئەمەیش لە مەککە دابەزیوە، موسوڵمانان دەیانخواردەوە و حەڵاڵ بوو بۆیان. ئینجا کە پێغەمبەر چوو بۆ مەدینە خەڵک مەیان دەخواردەوە و قوماریشیاندەکرد، هەندێک لە هاوەڵان پرسیاریان لێکرد و گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا فەتوامان لە سەر مەیخواردنەوە بۆ بدە، کە عەقڵ دەبات و پارەیش دەدۆڕێنێت، ئەم ئایەتە دابەزی: {يسألونك عن الخمروالميسر قل فيهما إثم كبيرومنافع للناس و إثمهما أكبر من نفعهما} [البقره: 219]واتە: لەمەڕ شەراب و قوماریش لێت دپەرسن؛ بڵێ: تاوانیان گەورەیە و قازانجیشی بۆ خەڵکانێك هەیە؛ تاوانەکەی لە بەهرە و قازانجەکەی زیاترە هەندێک دەیانخواردەوە بۆ قازانجەکەی و هەندێکیش وازیان لێهێنا لەبەر خراپییەکەی.

عەبدولڕەحمان کوڕی عەون چێشتی لێدەنا و شەرابی دروستدەکرد، لەو کاتەدا میوانداریی هەندێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودای کرد کە مەی ڕێگەپێدراو بوو، خواردیان و خواردیانەوە، کاتی نوێژی ئێوارە هاتو سەرخۆش بوون، یەکێکیان پێشخست کە پێش نوێژیان بۆ بکات، گوتی: {قل ياأيها الكافرون أعبد ما تعبدون و أنتم عابدون ما أعبد}واتە: بڵێ من ئەوە ناپەرستم کە ئێوە دەیپەرستن. ئەم ئایەتە دابەزی: {ياأيها الذين آمنوالا تقربوا الصلاةوأنتم سكارى حتى تعلموا ما تقولون} [النساء:43واتە: ئەی گەلی باوەڕداران بەسەرخۆشی لە نوێژ نزيك نەبنەوە، هەتا بزانن چی دەڵێن و تێبگەن. ئینجا وای لێهات لە کاتی نوێژکردندا نەیانخواردەوە، پاش نوێژی شێوان دەیانخواردەوە، بەیانییان نەکردەوە تا سەرخۆشییەکەیان نەدەما و دەیانزانی چی دەڵێن.

مەی ڕێگەپێدراو بوو تا ئەوکاتەی ئەوەی ڕووی دا، وا فەرزی کرد کە بە تەواوی حەرام بکرێت، ئەوەی بوخاری باسیدەکات، حەمزە ڕۆژێک مەیی خواردبوەوە و دەرچوو بوو، دوو حوشتری عەلیی کوڕیئەبووتالیبی بینیبوو، شمشێری لێ هەڵکێشابوون و لە کەلەکەوە هەڵی دڕیبوون، ئینجا لە جگەری هەردووکیانی بردبوو، کۆپانەکانیشی هەڵکەندبوون. عەلی گوتی: کە تەماشام کردن زۆر بێزاریان کردم و هاتم بۆ لای پێغەمبەر، کە زەید کوڕی حارسەی لابوو، ئەوەم پێم گوت، لەگەڵ زەید دەرچوو، منیش بەدوایاندا دەرچووم، پێغەمبەر چوو بۆ لای حەمزە و هاواری کرد بەسەریدا، حەمزەیش چاوی هەڵبڕی و پێی گوت: ئێوە چین جگە لە کۆیلەی باوکم، پێغەمبەر دڵگران بوو دەرچوو.

هەروەها ئەوەی ڕووی دا، عەتبان کوڕی مالیک میوانداریی قەومەکەی کرد، سەعد کوڕی ئەبی وەقاسیشی تێدابوو، کە سەرخۆش بوون، شانازییان بەخۆیانەوە کرد و شیعریان دەگوت و سروديان دەگوتەوە، سەعد شیعرێکی گوت،هەجووی ئەنسارەکانی دەکرد، لەوێدا ئەنساری بەلحی شتێکی ڕەقی تێگرت تا هەڵیدڕی و ئێسکەکەی کەوتە دەرەوە، چوو شکایەتی بردە لای پێغەمبەری خودا و عومەر لەوێ بوو، عومەر گوتی: خودایە شتێکمان لە سەر مەی بۆ دیاری بکە، کە بە تەواوی ڕوون بێت، ئایەتی: {ياأيها الذين آمنوا إنما الخمر و الميسر و الأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحون} [المائده:9) واتە: ئەی گەلی باوەڕدار مەی خواردنەوە و قومارکردن و گاپەرستی و گرەوکردن لە کارە نەگریسەکانی شەیتانن خۆتان لێی بپارێزن بۆ ئەوەی سەرکەون. دابەزاند تا (فهل أنتم منتهون) عومەر گوتی: خودایە تەواوبووین، دواتر خەڵک نەیانخواردەوە.

ئەویش بە ناڕاستەوخۆ، بەڵکوگوتوویەتی ) تەماشابکەن چۆن پلەبەپلە مەی قێزەون و حەرام کرد خۆتان لێیلابدەن، نەیگوتوە حەرامە مەیخۆن) ئەویش بە پێیحکومیبەرژەوەندی پێویستبوونی نەخواردنەوەی، داوای ئەوەی کردوە، یەکەم جار باسی لەوە کردوە کە خراپییەکەی زۆرە و قازانجەکەی لەوە زیاتر نییە، وەک ئەوەی زەرەر و قازانجی بۆ خەڵک دەرخست، حکومەکەی بۆ خەڵک بەجێهێشت، هەندێک لەبەر زەرەرەکەی وازیان لێهێنا و هەندێکی تریش لەبەر

قازانجەکەی بەردەوام بوون لە خواردنی، تەنانەت هەندێک لە شاعیران قسەیان لە سەر ئەوە کردوە:
سوى قوله فيها منافع للنـاس وما غرنى فيها وأعلم إثمهـا
واتە ئەوەی قسەی لەسەر کراوە کە قازانجی هەیە بۆ خەڵك هیچ ناموروژێنێت، کە من خراپەکەی بزانم.
ئینجا وا پێویستی کرد کە لە کاتی نوێژکردندا نەخورێت، پاش ئەو هەڵەیەی لە خوێندنەوەی قورئاندا ڕووی دا، ئنجا نەیهێشت بە سەرخۆشی نوێژبکەن بۆ ئەوەی بزانن چی دەڵێن، کە دەرکەوت بە سەرخۆشی نوێژکردن چی ڕووی داوە لە لایەن سەرخۆشەکانەوە، لە تێکدان و تێهەڵچوون، کە هانی شەڕ دەدات و دوژمنایەتی دروست دەکات و ڕقوکینە لە نێو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە، پێویستیی دوورکەوتنەوە لێی (حەرامکردنی بەناڕاستەوخۆ) هەتاهەتایی دەرکەوت، بەرژەوەندی بوو ئەوەی فەرزکرد، ئینجا بە ئامۆژگاری حەرامی کرد، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، بەڕوونی دیارە و وەحی هیچ شتێک نییە جگە لە بیرکردنەوە و ئیجتهاد لەگەڵ بەرژەوەندیدا یەکبگرێت و پێویستبوونی فەرزی بکات. جبریل لە وەحیدا جگە لە ئامڕازێک و کۆڵەکەیەکی باوەڕداری و باوەڕپێکردن هیچی تر نییە. ئەگەر بەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی دابەزینی قورئان بکەین، شتی زۆر لەم جۆرە بابەتە دەبینین. ئەگەر ویستت بزانیت ڕۆڵ وکاریگەریی جبریل چییە لە سەر باوەڕداریی قەوم و وەفادارییان، گوێ لە ئەنەس کوڕی مالیک بگرە چی دەڵێت، لە بوخارییەوە لە ئەنەسەوە گوتراوە: لەو کاتەدا من مەیم دەدا بە باوکی تەلحە و فلان و فلان، واتە باوکی ئەیووب و باوکی دوجانە و مەعاز کوڕی جەبەل و سوهەیل کوڕی بەیزا و باوکی بن کەعب و باوکی عوبەیدەی کوڕی جەراح، پیاوێک هات و گوتی: ئایا هەواڵتان پێگەییشت؟ گوتیان: چییە؟ گوتی: مەی حەرامکرا. لە دوای ئەوە گوتیان: ئەی ئەنەس ئەو گۆزەیە بشکێنە و ئینجا شکاندیان. لە گێرانەوەیەکی تردا، ئەنەسگوتوویەتی: هەڵسام بۆ گۆزەکە و لە بنەوە لێمدا، تا شکا. پێغەمبەر بە بێ جبریل نەیدەتوانی ئەم وەفاداری و گوێڕایەڵییە لە قەومەکەیدا ببینێت. ئایا نابینیت حکوومەتی ئەمریکا لەم سەردەمەدا بۆ حەرامکردنی خواردنەوەی مەی یاسایەکی داناوە (یاساکە لەهەندێك ولایەتدایە و بۆ خەڵکێك نییە بە ئاشکرا مەی بخۆنەوە، کە لە خوارووی تەمەنی بیستویەكساڵیدا بن _ و_)، بەڵام خەڵک لەوێ قاچاخی بە مەیەوە دەکەن و بەدزییەوە دەیخۆنەوە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە لە لایەن جبریلەوە نەهاتوە و لە خوداوە نەهێنراوە.
نموونەیەکی تر لەم بارەیەوە وەحیدابەزینە بۆ ڕۆژووگرتن، محەمەد پێش فەرزی ڕەمەزان، خۆی و هاوەڵانی لە هەر مانگێکدا سی ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون، وا دیارە ڕۆژی دەیەم هاوشان لەگەڵ ئەوەی قورەیشدا دەهاتەوە. لە کاتی جاهیلیەت ڕۆژوویان دەگرت،ئەویش ڕۆژە سپییەکان کە سیانزە و چواردە و پانزەی هەر مانگێک دەکات. لە عەباسەوە وەرگیراوە، کە پەیامبەری خودا لە ڕۆژە سپییەکاندا لە شار و لە سەفەر بەڕۆژوو دەبێت و هانی ڕۆژووگرتن دەدات.
هەروەها لە ڕۆژی دەیەم بەڕۆژوو دەبێت، کە ڕۆژی دەیەمی مانگی موحەڕەمی خودایە. ئەوەی دیارە کە ڕۆژی دەیەم لەگەڵ قورەیشی زەمانی جاهیلیەت یەکیگرتوەتەوە، بەڵام لەدوای ئەوەی ڕەمەزانی فەڕزکرد، وازی هێنا لە ڕۆژی دەیەم، پەیامبەری خودا دەیگرت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەواندا بەشدار بێت، گوتی: کاتێک هات بۆ مەدینە، ئەو ڕۆژوەی گرت و فەرمانی کرد بە گرتنی، کاتێک ڕەمەزان فەڕزکرا و ڕەمەزان بوو بەفەریزە، وازی لە ڕۆژی دەیەم هێنا، وای لێ هات هەر کەسێک ویستی ئەو ڕۆژوە بگرێت و هەر کەسێکیش بیەوێت وازی لێبهێنێت.
هەروەها یەهوود لە ڕۆژی دەیەم ڕۆژوو دەگرن و بە گەورەی دادەنێن، بەڵام ئەوان بەوەوە خۆیان نابەستنەوە کە بیخەنە دەی موحەڕەمەوە، لەبەر ئەوەی حساب لای یەهوود بەساڵی هەتاوییە و جێگیرە و ناگۆڕێت، بەڵام عەرەب ساڵ بە مانگە (هیلالی) ڕۆژی دەیەم لای عەرەب خول دەخواتەوە و لە سەر یەک کات نابێت و جێگیر نییە.

پێغەمبەر لە مانگی ڕەبیعی یەکەم کۆچی کرد بۆ مەدینە، وا ڕێکەوت کە یەکەم ڕۆژی هاتنی ڕۆژی دەیەمی لای یەهوود بێت نەك عەرەب. یەهوودییەکانی بینی بەڕۆژوون لەو ڕۆژەدا. پرسیاری لێکردن: ئەمە چییە؟ گوتیان: ئەمە ڕۆژێکی گەورەیە، لەم ڕۆژەدا خودا فیرعەونی سەرنگون کرد و مووسای ڕزگارکرد، مووسایش بۆ سپاسگوزاری ڕۆژووی گرت و ئێمەیش بە ڕۆژوو دەبین، پەیامبەری خودا گوتی: ئێمە لە ئێوە لەپێشترین بۆ مووسا، بۆیە لەو ڕۆژەدا ڕۆژووی گرت و فەرمانی ڕۆژووگرتنی دا. بە کورتییەکەی ڕۆژوو پێش فەرزکردنی مانگی ڕەمەزان لە مانگێکدا سێ ڕۆژ بوە، ئەویش ڕۆژە سپییەکان و ڕۆژی دەیەم، قورئان لە سەر ئەمە دانەبەزیوە، هەندێکیان دەڵێن: نەخێر بەڵکوو قورئان لە سەر ئەمە دابەزیوە، وەک دەڵێت: {ياأيها الذين آمنوا كتب عليكم الصيام كما كتب على الذين من قبلكم لعلكم تتقون (183) أياما معدودات} [البقرة: 183، 184]،واتە: ئەی گەلی باوەڕدار بۆتان نوسراوەکە رۆژوبگرن و هەروەك لەسەر پێشینانتان نوسراوە، بۆ ئەوەی لەخودا بترسن، ئەویش چەند رۆژێکە. گوتیان (أيام معدودات) چەند ڕۆژێکی دیاریکراو دەیەم و سێ ڕۆژەکەی هەر مانگێکە، کە لە سەر پێغەمبەری خودا نووسراوە بە ڕۆژوو بێت، ئینجا لە مانگی ڕەمەزان نەسخ کراوە، واتە مانگی ڕەمەزان لە جیاتیی ئەوانە فەرزکراوە، هەندێکی تر گوتیان: (أيام معدودات) بە مانگی ڕەمەزان دێت. بەوەیش هیچ شتێک لە سەر ڕۆژووی پێش مانگی ڕەمەزان دانەبەزی. لەوانەیە محەمەد لە ڕۆژانی سپی وەک ئیجتیهادێک بە ڕۆژوو بوە، وەک شکۆیەک و شەرەفمەندییەک بۆ ئەو ڕۆژانەی کە شەوەکانیان مانگەشەون و ڕۆشنایی لە یەکەم ساتی شەوەوە دەردەکەوێت تا کۆتاییەکەی، شەرەفی ڕۆژ لە لای عەرەب بە شەرەفی شەوییەوە بەندە، ڕۆژ لای ئەوان لە خۆرهەڵاتنەوەدەستپێدەکات و لە خۆرئاوابوون کۆتایی دێت.

لە ڕاستیدا ئەم ئایەتە لە مەدینە لە ساڵی دوەمی کۆچی دابەزی و ئەو ڕۆژانەی پێشتر ڕۆژووی تێدا دەگیرا، واتە ڕۆژە سپییەکان و دەیەم نەسخکران، واتە جێگەیان بە فەرزکردنی ڕەمەزان گیرایەوە، بەڵام بەو ئازادییەوە قورس بوو لەسەریان کە هەر کەسێک بیەوێت بەڕۆژوو بێت، یان هەر ڕۆژێک خواردن ببەخشێت بەهەژارێک لەبەر ئەوەی لە سەر ڕۆژووگرتن ڕانەهاتبوون، بۆیە ئەمەی کردە بژاردەی خۆیان، لەمەدا یان بەڕۆژوو دەبن یان لە هەر ڕۆژێکدا خۆراکی هەژارێک دەدەن، ئەمە بە وتەی ئەوانەی دەتوانن بیگرن (واتە ئەوانەی هیچ بەهانەیەکیان نییە بۆ گرتنی) خۆراکی هەژارێک، هەر کەسێک لەوە زیاتری پێ کرا (واتە زیاتر لە هەژارێکی پێدرا) خێری زۆرتر دەبێت و ئەگەر بەڕۆژوو بن (ئەوانەی دەتوانن) خێرترە بۆ خۆیان لە بەخشینی خۆراکی هەژارێک ئەگەر بزانن.{وعلى الذين يطيقونه فديه طعام مسكين فمن تطوع خيرا فهو خيرله وأن تصوموا خيرلكم إن كنتم تعلمون} [البقرة: 184].واتە:

چەند رۆژێکە ، هەرکەسێکیش لە ئیوە نەخۆشبێت یان لە رێبواری بێت چەند رۆژێکی تر و، ئەوانەش کە زۆر بە سەختی رۆژویان پێ دەگیرێت رۆژوانە(فدیە) وەك خۆراك بدات بە خەڵکی هەژار، هەرکەسێکیش خۆراکی زیاتر ببەخشێت باشترە و ئەگەر بزانن رۆژوو بۆ ئێوە باشترە. خەڵک ئەوەی ویستی ڕۆژووی دەگرت و ئەوەیش ویستی نانی دەخوارد و بەشی هەژارێکیشی دەدا. ئینجا خودا ئەم بژاردەیەی نەسخکرد و ڕۆژووی ڕەمەزانی وەک خۆی فەرزکرد بە وتەی: {فمن شهد منكم الشهر (أی كلمه) فليصمه ومن كان مريضا أو على سفر فعده من أيام أخر} [البقرة: 185]،واتە: هەر کەسێك مانگی بینی رۆژوو بگرێت و هەر کەسێك نەخۆش بێت یان لەسەر سەفەر بێت لە چەند رۆژێکی تر بیگرێت. ئەمەیە هەندێکیان باسیدەکەن. لە پێویستیی نەسخ لەم ئایەتە بوارێکی فراوان هەیە کە باس بکرێت، ئەگەر لە ترسی درێژەدان و لە دەق دەرچوون نەبێت، زۆر قسەمان لە سەردەکرد. ئینجا خەڵک پاش خۆرئاوابوون دەخۆن و دەخۆنەوە و دەچن بە لای ژناندا تا دەخەون یان کاتی نیوەشەوان دێت، ئەگەر خەوتن یان دواکاتی شێوان هات، لەوەدا ڕێگرییان لێدەکرێت، تا شەوی داهاتوو. واتە خواردن تەنها بۆ کاتی خەوتن تا کاتی دوای شێوانڕێگەپێدراو بوە. ئەگەر هەر کەسێکیان پێش

شێوان بخەوتایە و هەڵسایە، بۆی نەبوو خواردن بخوات و بچێت بەلای ژناندا، یان ئەگەر چوە نێو دواکاتی شێوان بۆی نییە بخوات و بخواتەوە و بچێت بەلای ژناندا، ئەگەر نەخەوتبێتیش. ئەمە بەم شێوەیە ڕۆیشت، تا ڕۆژێک عومەری کوری خەتاب پاش نوێژی شێوان چوو بوو بە لای ژنەکەیدا، پاش خۆشتنی (غوسڵکردنی) دەگریا و لۆمەی خۆی کرد، هات بۆ لای محەمەد، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا داوایلێبوردن لە خودا و لە تۆیش دەکەم لەم نەفسە هەڵەکەرەم، من گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بۆنێکی خۆش گەییشتە لووتم، نەفسم بەرگەی نەگرت و چوومە لای ژنەکەمەوە، پێغەمبەر گوتی: تۆ شایانی ئەوە نەبوویت ئەی عومەر. پیاوان هەڵسان و دانیان بەوەدا نا کە ئەوانیش ئەوەیان کردوە، کە عومەر کردویەتی، پێغەمبەریش ئەوەی بینی کە پێویستی وا دەخوازێت ئەم کارە ڕاستبکەنەوە و ئاسانکاریی تێدابکەن، ئەم ئایەتە دابەزی: {أحللكم ليله الصيام الرفث الى نسائكم هن لباسلكم وأنتم لباس لهن علم الله أنكم كنتم تختانون أنفسكم فتاب عليكم وعفا عنكم فالين باشروهن وابتغوا ما كتب الله لكم} [البقره: واته ؛سەرجێی ژنان لەشەوانی رەمەزان بۆ حەڵاڵ کردن، ئەوان کەلوپەلی ئێوەن و ئێوش پۆشەنیی ئەوانن وئەگەر زۆرتان لەخۆتان کردووە و خودا لێیبورین و برۆن بەلایاندا و ئەوە بکەن کە خودا بۆی نوسیون. بەم ئایەتەوە چوونە لای ژنان پاش کۆتاییی شێوان و پاش خەوتنیش ڕێگەی پێدرا.
ئینجا یەکێک لە هاوەڵان لە ڕۆژێکی ڕەمەزاندا لە کێڵگە کاریدەکرد، پێش خۆرئاوابوون هاتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بزانێت خێزانەکەی چێشتی چی بۆ لێناوە، خەوتن زاڵبوو بەسەریدا و خەوت و تا پاش خۆرئاوابوون هەڵنەستا، واتە خەبەری نەبووەوە، هیچی نەخوارد و بەڕۆژوو مایەوە تا ڕۆژی دوایی، لەو کاتەدا کە خەریکی کاری خۆی بوو، بەهۆی ڕۆژوەکەیەوە لە برسا کەوت و بووریەوە، ئەمەیان بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، پێغەمبەر پرسیاری لێکرد، هەواڵی ئەوەی دایە پێغەمبەر کە خەو زاڵبوە بەسەریدا و هەڵنەساوە تا پاش خۆرهەڵاتن. لەوێدا ئەم ئایەتە دابەزی: {وكلوا و اشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود من الفجرثم أتموا الصيام إلى الليل} [البقره: 187].واتە: ئەوەی خۆدا بۆی نوسیون بخون و بخۆنەوە تاوەکو ئەو دەمەی دەزووی سپی و رەش لەیەك جیادەکەنەوە و لە شەوەکیەوە تا وەکو شە و رۆژووی خۆات بگرن. ئینجا خەڵک دەیانخوارد و دەیانخواردەوە تا بەرەبەیان، بەڵام هەندێک لە هاوەڵان وا تێگەییشتن کە ئەوەی ویستراوە لەو دەزوە لە حەقیقەتدا بێت، وای لێهاتوە کە پەتێکی سپی و پەتێکی ڕەش لای پێخەفەکەیان دابنێن و تەماشایبکەن. هەر کاتێک پەتە سپییەکە لە ڕەشەکەیان جیاکردبێتەوە، دەستیان لە خواردن هەڵگرتوە، لە سەر زاری سەهل کوری سەعدی ساعدی گوتراوە، ئەو ئایەتە دابەزیوە و نەگوتراوە لە بەرەبەیانەوە، بۆیە پیاوان کە بیانویستایە بەڕۆژوو بن، هەر یەکەو پەتی ڕەشوسپیی بە قاچییەوە دەبەست و دەیخوارد و دەیخواردەوە تا لێی دەرکەوت بۆ (من الفجر) تا بەرەبەیان دابەزی، ئینجا زانییان واتای شەووڕۆژ دەگەیەنێت. لە عودەی کوڕی حاتەم وەرگیراوە،گوتوویەتی؛ دووعەگاڵی ڕەشوسپیم لە ژێر سەرینەکەم داناوە، شەو هەڵدەستم تەماشایان دەکەم ڕەشوسپیم لێ دەرنەکەوت، بۆ بەیانی ڕۆیشتم بۆ لای پێغەمبەری خودا و پێم گوت، پێکەنی و گوتی: لەوانەیە سەرینەکەت پانوپۆر بێت. لە گێڕانەوەیەکی تردا گوتوویەتی تۆ ملت پانە، ئەوە سپێتیی ڕۆژ و ڕەشێتیی شەوە. تەماشای بەسەرهاتی وەحی بکە لە فەرزکردنی ڕۆژوو چۆن پلەبەپلە بە پێیحکومیبەرژەوەندی و داواکاری و پێویستبوونی، چیی لێکردوە تا وەک ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لێهاتوە. چەندجار گوتمان لەم بابەتە لە قورئاندا زۆرە، بەڵام ئێمە بەس ئەمانە باس دەکەین، تۆیش بزانە کە وەحی هیچ نییە جگە لە دەرئەنجامی سروشتیی ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کرد، لە بیرکردنەوە و ئیجتیهادی محەمەدەوە دەردەچێت، جبریل هیچ نییە جگە لەوەی باوەڕدار پشتی پێ ببەستێت و باوەڕبکات لە خوداوەیە.
پێشتر باسی بناغەی بانگەشەکەمان کرد، کە محەمەد پێی هەڵدەستا، محەمەد چۆن ئەو بناغەیەی دانا و شتی تری وەلانا و وای لێکرد، بە پێیحکومیرووداوەکانی زەمانە بێت، لێرەدا

هیچمان لێت ناوێت، جگە لە چاوخشاندنەوە بەوەی باسمان بۆ کردیت لە ژێر ناونیشانی ((خەڵوەت لە حەرا و دەستپێکردنی وەحی.

(21)
ئایا محەمەد پاش پێغەمبەرایەتی قسەی خۆی دەکات؟
سەرت سوڕدەمێنێت لەم قسەیە و حەقی خۆیشتە، بەڵام ئەگەر ئەوەی دێت بخوێنیتەوە، دەزانێت چی وای لێکردووین کە ناونیشانی ئەم نووسینە بەم جۆرە بێت، لەوێیشدا سەرسوڕمانییەکەت لە سەر قسەی هەندێک زانای ئایینی دەگۆڕێت، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، قسەی محەمەد هەمووی وەحییە و لە خوداوە هاتوە.
ئەوەی پێشتر زانیت، وەحی ئەوەیە کە محەمەد بە ئیجتیهادی خۆی و بیرکردنەوەی خۆیگوتوویەتی و کردوویەتی بەناوی جبریلەوە، ئەوەیشت زانی کە وەحی بە هەموو بەشەکانی و وێنەکانییەوە بەو شێوەیە کە باسمان کردن، هەمووی قسەی محەمەدە، یان بە بیر و ئیجتیهادی خۆی بە قسەی دیار و ئاشکرا باسیکردوە، یان بە ناوی جبریلەوە قسەکانی کردوە، ئەمەیشمان لە کاتی قسەکردن لە سەر وێنەکانی وەحی ڕوونکردەوە. بە ڕاوبۆچوونی ئێمە، وەحی بە هەموو بەش و وێنەکانییەوە قسەی محەمەدن، نەک وەحی بن لە خوداوە بن، یان ئیلهامێک بن کە خودا پێی بەخشیبن، ئەگەر وایشی دابنێین ئەمە کوفرە، ئەگەر قسەی حەقیقەت کوفر بێت وەک ئەوانەی بە کوێرانە دینداری دەکەن، دەڵێم، با ئەوانەی دەیانەوێت بمانخەنە خانەی کوفرەوە، ئەوەیان پێدەڵێم کە پێشتر گوتوومە:
فتضرب للانظار من دونه سترا هل الكفر الا ان ترى الحق واضحا
فتظهرها للناس قانيه حمرا وأن تبصر الاشياء بيضا نواصعا
بۆ بەرچاوی ئەوانەی کە بێ ئەوە پارێزبەندی نایێت، ئایا بێ باوەری ئەوەیە کە حەق بە روونی ببینیت و بۆ خەڵك بە سووری ئاڵ پیشانی بدەیت، کەچی خۆت بە سپیەکی روون ببینیت.
بەڵام زانایانی ئایینی موسوڵمانان، لەم مەسەلەیەدا بوون بە دوو بەشەوە: یەکێکیان، ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە بۆ پێغەمبەران هەبێت ئیجتیهادبکەن. ئەویتریان بە ڕاست دایدەنێت ودەڵێت دەشێت ئیجتهاد بکەن. بەهانەی تیمی یەکەم ئەوەیە کە لە قورئاندا هاتوە: {وماينطق عن الهوى (3) إن هو إلاوحى يوحى} [النجم: 3،4واتە: بە ئارەزووی خۆی قسە ناکات و هەرچیەك بڵێت وەحیە و لە خوداوە بۆی دێت.
بە پێی قسەی ئەمانە بێت، قسەکانی محەمەد هەمووی وەحین و لە خوداوەن، بە پێچەوانەی ئەوەی باسمان کرد، کە وەحی هەموو قسەی محەمەدە، لای ئەمانە محەمەد قسەی نییە، هەر قسەیەکی کردبێت لە مزگەوت لەگەڵ هاوەڵانیدا، لەماڵەوە لەگەڵ ژنەکانیدا، لە بازاڕ لەگەڵ ئەوانەی مامەڵەی لەگەڵ کردوون، یان لە ڕێگا لەگەڵ هاورێیانیدا، هەمووی وەحییە لە خوداوە هاتوە، واتای ئەمەیش ئەوەیە کە محەمەد هیچ قسەیەکی نەبوە، بەڵام پێش پێغەمبەرایەتی قسەی کردوە. کە پێغەمبەرایەتیی بۆی هات، لە قسەکردن داپڕا و هەموو قسەکانی لە خۆیەوە نەبوون، بەڵکوو وەحی بوە ولە خوداوە بۆی هاتوە. ئەمەیش زیادەڕەوییەکی لە ڕادەبەدەرە لای ئەوانەوە بوە، باوەڕبوونێکە بە پێغەمبەر کە شتێکی کۆمیدی و پێکەنیناوییە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر هیچ مەرجێک بۆ ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتییەکەی دانانێت، جگە لە گەیاندنی ئەوەی خودا لەحکومی دا فەرمانی پێ کردوە، ئەگینا ئەوەی کە هەر شتێک بڵێت و قسە بکات، هەمووی وەحییە لە خوداوە لە دەرەوەی توانای پێغەمبەر و سنورەکانییەتی.
ئەو ئایەتەی کردیانە بەهانە بۆ بۆچوونەکانیان، هیچ شتێکی لەو بارەوە تێدا نییە، ئەوەی

مەبەستی ئایەتەکەیە کە بە دوای داواکاریی نەفسەوە نەبێت، کە لە حکوم و شەریعەتدا بڕیاری پێ بدەن، بەڵکوو ئەوە بکرێت کە بەرژەوەندیی فەرزی دەکات و بە پێی ئامۆژگارییەکان بێت، ئەوەی دەویسترێت لێرەدا هەموو قسەکانی لە وەحیی خوداوە نییە، وەک ئەوان دەڵێن کە جوکە و نقەیەکی لێوەهاتبێت، وەحییە و لە خوداوەیە.
ئەگەر ئەوە بزانن، ئەوەی لەم ئایەتە ویستراوە کە ئەو قسانەی لە ئیجتیهادی خۆیەوە، واتە لە ڕێکاری خۆیەوە هاتبێت، هەمووی وەحی بێت لەبەر ئەوەی لە خۆشیی خۆیەوە نەیهێناوە، بەڵکوو لە ڕێکارە پێویستییەکانی خۆیەوە بوە، هەروەها قسەکانی لە سەر زانینی حاڵی پێشینان و هەواڵی ڕۆیشتوان لە خەڵکی سادە خەیاڵییەکانی، وەحی بێت، لەبەر ئەوەی بۆ خۆشیی خۆی نەیگوتوە، بەڵکوو لە زانینی هەواڵ و دەنگوباسی پێشینان گوتوویەتی.جگە لەوە قسەی تریشی هەبوە دەربارەی ژیانی ڕۆژانەی، کە لە دەرەوەی کاروباری بانگەشە و بازنەی پێغەمبەرایەتی بوە.
لەوێشدا قسە هەیە کە محەمەد بۆ خۆشیی خۆیگوتوویەتی، بەڵام بەردەوام نەبوە لە سەری و بەخێرایی لێی پاشگەزبوەتەوە، لەوانە حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی، لە ڕۆژی ئوحوددا کوژرا و کافرەکان لاشەکەیان شێواند، پێغەمبەر دەرچوو بۆ ئەوەی لە نێو کوژراواندا ببینێت، لە ناوەڕاستی دۆڵەکەدا بینی کە زگی هەڵدڕابوو، لاشەکەی شێوێنرا بوو، گوێ و لووتی تێکدرابوو، چوک و گوێی بڕا بوو، کاتێک پێغەمبەر ئەمەی بینی، لە ژیانیدا تەماشای هیچ شتێکی نەکردبوو، کە وا پێی خەمبار بێت و دڵتەنگی سەراپای تەنی و دڵی ئازاردا، گوتی: وەک تۆم لێنایەت، گوتی: هیچ کاتێک هێندەی ئەمە بەو خەفەتە نەوەستاوم، لەگەڵ حەمزەدا قسەی کرد و گوتی: بە حەفتا "لە گێڕانەوەیەکی تردا بە سی پیاو" لەوان حەقت دەکەینەوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا: ئەگەر خودا یارمەتیم بدات سەربکەوین بە سەر قورەیشدا، لە شوێنێک لە شوێنەکان حەفتا پیاویان لە جێی تۆ دەشێوێنم، واتە لاشەیان تێک دەدەم. بزانە تا چ ڕادەیەک سۆز زاڵبوە بە سەریدا، وای لێکردوە کە حەفتا پیاو بشێوێنێت، وەک تۆڵەکردنەوەیەك بۆ حەمزەی مامی، تەنانەت کە موسوڵمانان بێزاربوونی پێغەمبەریان بۆ مامی بینی، وەک ئەو گوتیان کە ڕۆژێک سەرکەوتین بەسەریاندا و خودا سەریخستین کارێکیان پێدەکەین کە هیچ کەسێک لە عەرەب نەیکردبێت. ئەمەیە قسە لە سەر خۆشی و سۆزی خۆت بکەیت، ئەمە لە وەحییەوە نییە، بەڵام محەمەد لەم پەیمانە بە شێواندنی لاشەی کوژراوان پاشگەزبوەوە و ڕەتیکردەوە و حەرامی کرد. لە ئیبن عەباسەوە هاتوە، کە خودای باڵا ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وإن عاقبتم فعاقبوا بمثل ما عوقبتم به ولئن صبرتم لهو خير للصابرين (126) واصبروما صبرك إلا بالله} [النحل: 126، 127] واتە: ئەگەرسزای یەکێتان دا و تۆلەتان سەندەوە وەك ئەوەی پێتان کراوە بیکەن دار بەدار و پتر نەبێت و خۆ ئەگەر خۆراگر بن زۆر باشترە و پشوو درێژ بن و پشوو درێژی لەخوداوەیە پێغەمبەری مەزن لێبووردنی هەبوە، سەبری گرتوە، لاشە تێکدانی ڕەتکردوەتەوە، بە حەرامی داناوە و حەقی سوێندخواردنەکەی داوە. ئەوەی دیارە کە دابەزینی ئەم ئایەتانە لە پاش ئەوە بوە کە پێغەمبەر لاشەی(عرن) یەکانی تێکدابوو، ئەگینا لە ڕووکەشدا ئایەتەکە ڕێگە بە شێواندنی لاشە دەدات بەرانبەر ئەوانەی ئەو شتانەیان کردبێت، کافرەکان بە لاشە شێواندن سزا دران و ڕێگەپێدراو بوە کە بیکەن. ئەوەی لە ئایەتەکەدا هاتوە کە وای لێ داوا دەکات، لێبووردن و سەبر خێرە لەو بارەوە، بەڵام ئەم گێڕانەوەیەی لە عەباس وەرگیراوە لە ڕاستییەوە دوورە، لەبەر ئەوەی ئەم ئایەتانە مەکییە، شەڕی ئوحود مەدینییە و پاش کۆچکردن بە سێ ساڵ ڕووی داوە، ڕاستنییە کە هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتانە بێت، وەک ئیبن کەسیر دەڵێت. هەرچۆنێک بێت محەمەد لە پەیمانەکەی بە یاریکردن بە لاشەی کوژراو پاشگەز بوەوە و حەرامی کرد، زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت: هەواڵەکان بە ڕەتکردنەوە هاتوون، تەنانەت لە تێکدانی لاشەی سەگێکی نەزۆکیش بێت. لەو قسانەی کە بەخۆشی خۆی کردوویەتی و پاشگەز بوەتەوە لێی، ئەوەی لە سەر هوبار کوڕی ئەسوەدگوتوویەتی. هوباری کوڕی ئەسوەد

یەکێک بوو لەوانەی کە لێبوردنە گشتییەکەی ڕۆژی گرتنی مەککە نەیگرتەوە، فەرمانی کوشتنیدا، تەنانەت ئەگەر لە ژێر پەردەی کەعبەیش بیانگرتایە و بیاندۆزبایەتەوە، هۆکاری فەرمانی کوشتنی ئەم هوبارە لەوەوە هات، کە ئەبوو عاسی مێردی زەینەب کچی پەیامبەری خودا، زەینەبی نارد بۆ مەدینە، هوبار خستییە بەردەم هیچپووچەکانی مەدینەوە بۆ ئەوەی چیی پێ بوو تێکی بدەن، لە گێرانەوەیەکدا: بە ڕم لێیدا تا لە سەر حوشترەکەی کەوت بە سەر بەردێکدا و دووگیان بوو، ئەوەی پێی بوو لەبەری چوو، خوێنی لێبەربوو، ئەو نەخۆشییەی لە کۆڵ نەبوەوە تا مرد. پێغەمبەر گوتی: ئەگەرهوبارتان بینی بیسووتێنن، ئینجا گوتی: ئەوەی بە ئاگر ئازاری خەڵک دەدات،واتە ئاگرپەرستە، ئەگەر زەفەرتان پێ برد دەست و قاچی ببڕن و ئینجا بیکوژن، هوبار لە ڕۆژی کردنەوەی مەککە لەوێ نەبوو، پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر بۆ مەدینە و پاش گرتنی مەککە، هوبار هات و بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەی محەمەد من هاتم بۆ لات دان بە ئیسلامدا دەنێم، شایەتمان بە (لا اله الا الله و محەمەد عبده و ڕسوله) دەهێنم و داوای لێبوردن دەکەم، پاش ئەوەی لە سەری وەستا پێی گوت: سڵاوت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خودا، لە تۆ ڕامکرد بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنم بە عەجەمەکان، ئینجا بیرم لە چاکە و لێبوردەیی و لێخۆشبوونی تۆ کردەوە بەرانبەر ئەوانەی ناتناسن، ئێمە خەڵکی کوفر بووین و خودا تۆی پێ بەخشین و بە تۆ لەناوچوون ڕزگارمان بوو، لە نەزانین و جەهلمەوە بوو،لەوانەی بەدەستی من ڕووی داوە خۆش بە، من دان بە گوناحی خۆمدا دەنێم، پەیامبەر گوتی: ئەی هوبار لێمبوردیت، خودا چاکەی بۆ کردیت کە ئیسلامی پێ بەخشیت، ئیسلام لەوەی پێشوو خاڵی دەبێتەوە و سەری دەنێتەوە، لە سەر هوبارگوتوویانە، کە لەو کاتەوە بوو بە موسوڵمان و چوو بۆ مەدینە خەڵک جنێویان پێدەدا. ئەوەی بە پێغەمبەر گوت، ئەویش پێی گوت ئەوەی جوێنی داوە داویەتی و خەڵک لەوە کۆتاییان هێناوە و تۆیش جنێویان پێ بدەرەوە بەتایبەتی دانانی هوبار بۆ سووتاندن، کە گوتی ئەگەر بینیتان بیسووتێنن، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوەی ویستوویەتی پێخۆشبوونە بەتۆڵەسەندنەوە لەوەی بە سەر زەینەبی کچیدا هێنابووی، بەمەیش دواتر لە سەر بنەمای خۆشیی خۆی، قسەی کردوە و ئینجا پاشگەز بوەتەوە.

محەمەد بە خۆشیی خۆی و حەزی خۆی قسەی لە قورئاندا کردوە و لێی پاشگەز بوەتەوە، لەوەدا کە محەمەد پێداگریی لە سەر موسوڵمانبوونی قەومەکەی کردوە و بەتایبەتی عەشیرەتە نزیکەکەی و خزمانی، زۆر خۆی هیلاک کردوە بە موسوڵمانبوونیانەوە، موکوڕ بوە لە سەر هێنانیان بۆ ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام ئەوان بە ناکۆکییەکانیان هەموو ڕۆژێک زیاتر ڕێگرییان لێدەکرد و هیلاکیاندەکرد. ئەوەی زیاتر ڕقیان لێ هەڵساوە، لەبەر ئەوەی زیاتر ڕقیان لێدەبوەوە، بە خراپ و عەیبەدانانی "بتەکانیان" بوو. ڕۆژێکیان سۆز زاڵ بوو بەسەریدا، تا بیری لەوە کردەوە بۆ ئەوەی قسەیەک بکات ڕایانبکێشێت بۆ لای خۆی و دوورنەکەونەوە لێی، لەوانەیە بەو ڕێگەیەوە ببن بە موسوڵمان و بێن بۆ لای. ڕۆژێک لە یانەی قەومەکەیدا بوو، ئەم بیرەی لە مێشکدابوو، سورەتی (النجم) بۆی دابەزی و دەستی کرد بە خوێندنەوەی تا: (أفرأيتكم اللات والعزى ومناه الثالثه الاخرى تلك الغرانيق العلى وإن شفاعتهن لترتجى)ئەمە ئایەتێکە نەسخکراوە)، واتە: لات و عیزا و سێیەمیشیان مەناتە بینی، ئەوانەی سەقاکوژی بەرزن و تکایان لای خودا رەواجی هەیە، خوێندەوە. قەومەکەی یەکجار دڵخۆش بوون و تا لە کۆتاییەکەیدا سوجدەیشی برد، هەموو ئەوانەی لە یانەکە بوون سوجدەیان برد و دڵشاد بوون، بەڵام زۆری نەبرد، کە زانیی ئەمە ناکۆکە لەگەڵ پرنسیپەکانیدا و، لەگەڵ ئەو بناغە و بنەمایەی یەکناگرێتەوە کە بۆ بانگەشە دایناوبوو (تەماشای بناغەی بانگەشە لە نووسینی پێشوو بە ناونیشانی دەستپێکردنی وەحی بکە) لەوە پاشگەز بوەوە و ستاییشی ئیلاهەکانی ڕەتکردەوە و بە قورئان وای لێکرد وا بخوێنرێتەوە: {أفرأيتم اللات وٓالعزى (19) وٓمناه الثالثة الأخرى (20) أٓلكم الذكر و له الأنثى (21) تلك إذًا قسمه ضيزى} [النجم: 19 - 22].واتە: ئاخۆ ئێوە هەر لات و عوزااتن بینیوە و سێهەمیشیان مەناتە، ئێوە کور و ئەو واتە خودا کچی هەیە، ئەگەر وابێت

بەشکردنێکی نارەوایە. ئینجا محەمەد لە ئایەتێکی تردا لە سورەتی حەج داوای لێبوردنی کرد {ۆما أرسلنا من قبلك من رسول ولا نبی إلا ا إذا تمنی ألقی الشیطان فی أمنیاته فینسخ الله ما یلقی الشیطان ثم یحکم الله ایاته والله علیم حکیم (52) لیجعل ما یلقی الشیطان فتنه للذین فی قلوبهم مرض} [الحج: 52، 53]...الخ. واتة: لە پێش تۆش ئێمە هەرچەند پێغەمبەر و راسپاردەمان ناردووە نیشانەی ئێمەی بەخەڵك راگەیاندووە و لەخۆیەوە شتی خستۆتە پاڵ و ئەوسا خودا فرتوفێڵەکەی پوچەڵ کردۆتەوە و نیشانەکانی خۆی پتەو کردووە، خودا زانای لەکار زانە. بۆ ئەوەی کە شەیتان چیان پێ دەڵێت بیکات بە ئاژاوە بۆ ئەوانەی دڵیان پیسە و نەخۆشن. واتة: ئایەتەکە. واتاکەی ئەوەیە کە پەیامبەر و نێرراوانی پێشی تۆیش وەک تۆ دەڕۆیشتن و ئەو ئاواتەی تۆیان هەبوو کە شتێک دابەزێت،قەومەکەت ڕووت تێ بکەن و دوور نەکەونەوە، خودا شەیتانی وا لێکرد کە وەک ئاواتەکانیان بن و تۆیش ئەو ئاواتە بخوازیت، بۆ ئەوەی خەڵکەکەی دەوروبەر تاقی بکاتەوە.
کورتەی ئەم داوایلێبوردنە،گوتوویەتی: (تلك الغرانیق العلی وإن شفاعتهن لترتجی) کە ئەوانە واتە بتەکان وەک سەقاکۆژ یان قاز و قولنگی بەرز وان و شەفاعەتیان قبوڵکراوە، گوایە ئەمە لە وەحییەوە نەبوە، بەڵام شەیتان لە سەر زمانی پێغەمبەرەوەگوتوویەتی و خەڵک گوێی لێبوە، ئەمەیش لەگەڵ پێشتردا نایەتەوە، کە لە ڕووداوی سنگهەڵدڕینەکە ڕوونمان کردەوە، بەوەی کە گوتیان جبریل دڵی هەڵدڕیوە و شانسی شەیتانی لێکردوەتەوە و ئەوەی تێی بوە فڕێی داوە، گوتی: کە پێش زمانی کەوت بۆ هەڵە و تەفرەدان، گوتی: (تلك الغرانیق العلی) "سەقاکوژە باڵاکان" جۆرە مەلێکە بەرز دەفڕێت. هەرچۆنێک بێت پاشگەزبوونەوەکەی محەمەد بە عەیبە دانانرێت، کە خێرا و کتوپڕ پاشگەزبوەوە و بەردەوام نەبوە لەسەری، محەمەدیش جگە لە مرۆڤێکی وەك ئەوانیتر هیچ نییە، جگە لەوەیش ئەمە ڕوونە کە بەم کەوتنە هەڵەیەوە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر و ڕوونە، کە سەرجەم وەحی بە هەموویەوە قسەی محەمەدن.باسمان کرد و دەمانەوێت لێرەدا باسی بکەینەوە، کە محەمەد پاش پێغەمبەرایەتی، قسەی وای هەیە نە بە وەحی حسابی بۆ دەکەن نەیش وەک ئەوەی بۆ دادەنێن و وایان دانا کە سەرجەم قسەکانی وەحین لە خوداوە. لەم نووسینەی پاش ئەمە، دەزانیت بۆچی ویستمان ئەوەت بۆ بسەلمێنین کە محەمەد قسەی هەیە بەدەر لەوەی وەحی کە جبریل دایبەزاندبێت.

(22)
عەرەب نەخوێندەوارن و محەمەدیش لەوانە
ئەوەی لە قورئاندا هاتوە، لە چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشوودا، وەك هەواڵەکانی پێشتر، لە تەورات و لە کتێبە کۆنەکانی تردا ڕیزکراون، بەڵگەی ئەوەن کە محەمەد زانیاریی لە سەر دەنگوباسی دینەکانی پێشوو هەبوە، واتای ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنێت، کتێبە کۆنەکانی خوێندوەتەوە، ئەوەی ئەمە دەسەلمێنێت و ڕاستیی ئەمە دەردەخات ئەوەیە کە لە قورئاندا هەیە، لەو چیرۆک و دەنگوباسانەی لە سەر ئەوانەی پێشوو، ئەوەیش بەڵگەیە کە محەمەد خوێندنەوە و نووسینی زانیوە، ئەوەیش دەیسەلمێنێت کە نەخوێندەودار نەبوە، بەڵام ئیماندارانی دیندار لەمەدا ناکۆک دەبن لەگەڵماندا و تانەمان لێدەدەن، دەڵێنمحەمەد هیچ پێشینەیەکی لە زانیاری لە سەر حاڵی پێشووی میللەتانی لا نەبوە، بەڵکوو ئەم چیرۆک و قسەوباسانەی لەسەریان هاتوە، لە وەحییەوە و لە خوداوە و لە ڕێگەی جبریلەوە بۆی هاتوە وەدەڵێن، باسکردن لەوەی محەمەد خوێندەواریی هەبێت ڕاستنییە. ئەوە ڕەتناکەینەوە کە ئەم ناڕازی و تانەدانە حەقە، بۆ هەموو باوەڕدارێک کە باوەڕی بە وەحی هەبێت، کە باوەڕیان بەوە هەیە، جبریل لە خوداوە دەیهێنێت، بەڵکوو ئەمە لە قسەکانی محەمەد و لە فەرموودە و وتە کاریگەرەکانیدا دەردەخەین، لەوێدا باسی لێوەکردوە و هیچ وەحی نەبوە لەو بەینەدا لە

جیریلەوە هاتبێت، ئەمەیش لە نووسینی پێشووماندا ڕوونکردەوە، کە محەمەد قسەی وای هەیە لە دەرەوەی بازنەی وەحیدابێت و جبریل دایبەزاندبێت و هەموو قسەکانی لە لایەن جبریل ولە دابەزینی وەحیدا نەبوە، ئەمەیش ڕاوبۆچوونی زۆرینەی زانا ئاینییەکانە، کە گوتوویانە ئیجتیهادی پێغەمبەران شیاوە. لەوێدا باوەڕدارانی ئایینی هیچ ناڕەزایی و تانەیەکیان لەم سەلماندنە نەداوە.واتای ئەوەی کە عەرەب نەخوێندەوارن.بەڵام ئێمە پێش ئەوەی بۆ ئەوە بچین و، بڕیاری ئەوە بدەین کە دەمانەوێت، قسەیەکت بۆ دەکەین لەسەرئەوەی کە نەخوێندەواریی عەرەب چییە، کێ و بۆچی ناوینان بە نەخوێندەوار... دەڵێین: هەموو میللەتان لە زەمانی محەمەددا دوو جۆر بوون: میللەتێک کە پێغەمبەرێکی نێرراوی هەبوو لەگەڵ کتێبێکی دابەزێنراو وەک یەهوود و نەسرانییەکان، میللەتێکیش نە پێغەمبەری نێرراو و نە کتێبی دابەزێنراوی هەبوو، وەک عەرەب.محەمەد کە بانگەشەی بۆ ئیسلامکرد، ویستی لە قسەکانیدا جیاکاری بکات لە نێوان میللەتێک کە کتێبی هەبێت و میللەتێک کتێبی نەبێت، عەرەبی بە نەخوێندەوار ناو برد، بەوەیش ویستی بڵێت، عەرەب نە پێغەمبەری نێرراو و نە کتێبی دابەزێنراوی هەیە، کە لە بەرانبەر کتێبدارەکان ناویان بنێت، ئەوەی لەم ناولێنانەدا دیارە، نەیویست بڵێت نەخوێندەوارن و نانووسن، لەبەر ئەوەی تێیاندا هەبوو دەیانخوێند و دەیاننووسی،هەرچەند زۆرینەیان شتی ئەوتۆیان نەدەزانیو نەخوێندەوار بوون.

تەماشا بکە چۆن نەخوێندەواری بەم واتایە لە ئایەتێکدا لە سورەتی آل عومران دا بەکارهێناوە: {وقل للذين أوتوا الكتاب والأميين أأسلمتم} [آل عمران: 20]واتة: بە وانە بڵی کە کتێبیان بۆ هاتووە و نەخوێندەواران ئایا بوون بە ئیسلام. لەوەدا مەبەستی لە خاوەن کتێب یەهوود و نەسرانییەکان و نەخوێندەواریش بە عەرەب گوتراوە، لەبەر ئەوەی کتێبیان نییە نەک لەبەر ئەوەی ناخوێننەوە و نانووسن، ئەگەر بڵێم لەوانەیە عەرەبی بە نەخوێندەوار ناو بردوە کە ناخوێننەوە و نانووسن و، بابڵێین ئەم ناوبردنەکە ڕاستە، بەوپێیەی زۆرینەی عەرەب خوێندنەوە و نووسینیان نەزانیوە، با بڵێم ئەمە ڕاستە، وابێت خاوەن کتێب لە یەهوود و نەسرانییەکانیش وەک عەرەب نەخوێندەوار بوون، بەو پێیە بێتسەرجەم میللەتان لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، لەبەر ئەوەی خوێندنەوە و نووسین لەو سەردەمەوە پەیوەست بوە بە چینێکی تایبەتیخەڵک، ئەوانەی خوێندەوار بوون، لە نێو هەر میللەتێکدا لە میللەتانی جیهان لەو سەردەمەدا لە ژمارەکانی پەنجەکانی دەست کەمتربوون. ئەوەی ڕاست بێت ناوبردنی عەرەب بە نەخوێندەوار، بەو واتایەیە کە ئێمە باسمان کرد، واتە کە خاوەن کتێب نین، واتە پێغەمبەری نێرراو و کتێبی دابەزێنراویان نییە، نەک بەو واتایەی کە نازانن بخوێننەوە و بنووسن. وەک لە سورەتی (الجمعه) دا هاتوە: {هو الذى بعث فى الأميين رسولا منهم} [الجمعه: 2]واتة: ئەو بوو لە ناو نەخوێندەواران پێغەمبەرێکی بۆ ناردن. واتە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار سەر بە میللەتانی عەرەب کە میللەتێکی نەخوێندەوارن، واتە پێغەمبەری نێرراویان نییە و کتێبی دابەزێنراویان نییە.

ئەمە ئەو قسەیەیە کە ویستمان بۆتانی باس بکەین، پێش ئەوەی بچین بۆ ئەوەی بڕیاری ئەو شتە بدەین کە دەمانەوێت، وەک دەبێت بزانیت، ناوبردنی عەرەب بە نەخوێندەوار ناونانێکی زاراوەییە وەک زاراوەکانی قورئان: نوێژ، زەکات و لەو بابەتە. عەرەب نەخوێندەوارن، بەو واتایەی، وەک یەهوود و نەسرانییەکانی ئەهلی کتێب نین، بەڵکوو ئەمان کافر و موشریکن، کە کتێبیان نییە لە ئایینەکەیاندا بۆی بگەڕێنەوە و پێغەمبەریان نییە لە میللەتەکەیان کە سەر بەو بن و ئینتیمایان بۆی هەبێت، محەمەدیش نەخوێندەوارە کە سەر بەو میللەتەیە کە ئەمە سیفەتەکانییەتی، هەروەها ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و خەڵکی تریش لە هاوەڵان هەموویان نەخوێندەوارن، ئەگەر بزانن بخوێننەوە و بیشنووسن، بەو واتایەی ئەوان سەر بەو میللەتەن کە ئەمە سیفەتەکانیەتی.

بەڵام نەخوێندەوار لە زمانەوانیدا، واتە ئەوەی خوێندنەوە و نووسین نازانێت، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ دایک (ام) لەبەر ئەوەی نووسین بەدەستهاتوە، وەک ئەوەی لەدایکدەبێت

نووسین نازانێت، بەڵام عەرەب وەک لەوەدا ئەهلی کتێب نەبوون بۆ ئەوەی لە ئایینەکەیاندا بگەڕێنەوە بۆی، محەمەد زاراوەی نەخوێندەوار (أمی) لە زمانەوانیدا واتە سەر بە دایک، و (أمی) بە واتا زاراوەییەکە سەر بە (ئوممەت) واتە سەر بە عەرەب.محەمەد (الامی) بە واتا زمانەوانییەکەی لە قورئاندا بە کار هێنا، وەک لە سورەتی (البقرە)لە سەر یەهوود دەڵێت: {ومن هم أميونَ لا يعلمون الكتاب إلا امانی} [البقرە: 78]واتە: لەوانیشدا خەڵکی وا هەیە نەخوێندەوارن و جگە لە ئارەزوویان بۆ کتێب هیچ سەردەرناکەن. ئیستایش کاتی ئەوە هاتوە بۆ ئەوەی بچینە نێو بڕیاردان لە سەر ئەوەی دەمانەوێت.

لە فەرموودە کاریگەر و باوەڕپێکراوەکان و قسەوباسە گواستراوەکانی کتێبی بەسەرهاتەکاندا، ئەوە دەردەخات کە محەمەد خوێندنەوە و نووسینی زانیوە، لەوانەیش بە بەڵگەی ئەوەی لە ئاشتبوونەوەی حودەیبیە ڕووی داوە، باسی ئەوەیان کردوە کە محەمەد کاتێک فەرمانی کرد بە عەلی نووسراوی ئاشتبوونەوەکە بنووسێت،لە نێوان خۆی و سوهەیل کوڕی عەمرودا بوو،قوڕەیش ئەوەیان خستبوە سەر شانی ئەو، بۆ ئەو مەبەستە ناردبوویان بۆ لای محەمەد و بۆ ئەو کارە ڕاسپێررا بوو، محەمەد قسەی بۆ عەلیدەکرد و ئەو دەینووسی، پێی گوت: ئەمەیە کە محەمەد پەیامبەری خودا و سوهەیل کوڕی عەمرو لە سەری ئاشتبوونەوە "واتە سوڵحیان کرد" سوهەیل گوتی: ئەگەر شایەتمان بهێنم کە تۆ پەیامبەری خودایت، نە شەڕم دەکردیت و نە ڕێگەیشم لێ دەگرتیت بگەڕێیتەوە ماڵەوە، بەڵام بەناوی خۆت و باوکت بینوسە، لە قسەیەکی ترداگوتوویەتی، ئەگەر بزانم تۆ پێغەمبەری خودایت هیچ ناکۆک نەدەبووم لەگەڵتدا، دەبێت ناوی خۆت و باوکت بنووسیت؟ پێغەمبەری خوداگوتوویەتی: عەلی، پەیامبەری خودا بسڕەوە، عەلیگوتوویەتی: بەخودا قەت نایسڕمەوە، پێغەمبەر گوتویەتی: ها بێنە پیشانم بدە، پیشانی داوە و پیغەمبەریش وشەی پەیامبەری خودای بە دەستی خۆی سڕیوەتەوە و، بە عەلیی گوتوە: ئەمەیە کە ئاشتبوونەوەی لە سەر کرا، لە نێوان محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا و سوهەیل کوڕی عەمرو. ئەمەیش وایکردوە عەلی نەیویست و دوودڵ بوە و نیازی نەبوە هیچ بنووسێت، جگە لە وشەی محەمەد پێغەمبەری خودا، پێغەمبەریش نووسراوەکەی لێوەرگرتوە و نووسیویە، ئەمەیە کەحکومیلە سەر درا: محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا.

ئیبن خەلدوون کاتێک قسەی لە سەر ئاشتبوونەوەی حودەیبیە کردوە لە مێژوەکەیدا، پشتی بەم گێڕانەوەیە بەستوە، وای داناوە کە ئەمە پەرجوویەک بێت و نووسیێتی و بەخۆی نووسینی نەزانیبێت. خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت، ئەم گێڕانەوەیە لە بوخاریشدا وابوە، ئەوەی ئیبن خەلدوون دەیڵێت ئەمیشگوتوویەتی، واتە لەو ساتە تایبەتییەدا، خودا دەستی پێغەمبەری کردوەتەوە بۆ نووسین، وای داناوە کە ئەمە پەرجوویەک بێت لە پەرجوەکانی پێغەمبەر، هەندێکیان ویستیان قسەکان تەئویل و شی بکەنەوە و دەڵێن نووسی(کتب) لێرەدا بە واتای فەرمانی کردوە بە نووسینی، ئەمەیش شیکردنەوەیەکی دوورە لە ڕاستییەوە، لەبەر ئەوەی عەلی نەینووسی و، دووریشە لەوەی فەرمان بە خەڵکی تر بکات بینووسێ و، گێڕەوان وا باسیان نەکردوە، بەتایبەتی لە قسەکانیاندا دەڵێن (نووسراوەکەی وەرگرت و بەدەستی خۆی نووسی). بەڕاشکاویگوتوویانە نووسراوەکەی برد واتە خۆی نووسەرەکەیە، هەندێکیان "بەدەستی خۆی"یان ڕەتکردوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە لای بوخارییەوە قسەی لەسەرە. لەبەر ئەوەی لای بوخاری نووسراوە: (پێغەمبەری خودا نووسراوەکەی برد بۆ ئەوەی بینووسێت و نووسی، ئەمەیە کە محەمەد کوڕی عەبدوڵڵا حکومی پێکرد)، فەرموودەیە، قسەی "بەدەستی خۆی" لە بوخاریدا نییە. تۆ دەبینیت کە دەربڕینەکەی ڕاشکاوانەیە، کە خۆی نووسیویەتی نەک کەسێکی تر، ئەگەر قسەی "بەدەستی خۆی"یشی تێدا نەبێت، بەڵکوو قسەی بە دەستی خۆی هیچ قازانجی نییە بۆ جەختکردنەوە نەبێت، ئەوە بەسە کە بڵێن نووسراوەکەی برد بۆ ئەوەی بینووسێت و نووسی، هیچ پێویست بە دەستی خۆی ناکات. خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت، ئەبا وەلید ئەلباجی ئەلمالیکی ڕووکەشی قسەکانی گرتوە لە قسەی "نووسی" و بۆ

ئەوە ڕۆیشتوە کە بەدەستی خۆی نووسیویەتی، لەبەر ئەوە زانایانی ئەندەلووس لەو کاتەدا کارێکی خراپیان پێ کردوە، بەوەی ئەمە ناکۆکە لەگەڵ قورئاندا، گفتوگۆی لەگەڵ کردن و سیمیناری لەگەڵ بەستن و پێی گوتن کە ئەمە قورئان ڕەتناکاتەوە و ناکۆک نییە کە دەڵێت: { و ما كانت تتلوا و من قبله من كتاب ولا تخطه بيمينك} [العنكبوت: 48]واتە: تۆ بەرلەوەی قورئانت بۆ بێتە خوارەوە نەتتوانی هیچ کتێبێك بخوێنیتەوە و بەدەستی خۆت بنوسی. لەبەر ئەوەی ئەم ڕەتکردنەوەیە بەوەی لە قورئاندا هاتوە دیاریکراوە، پاش ئەوەی نەخوێندەوارییەکەی سەلمێنرا و بەوە بڕیار لە سەر پەرجوەکەی درا، هیچ ڕێگرییەک لەوەدا نییە کە بە بێ مامۆستا فێری نووسین بوویێت، ئەمەیش پەرجوویەکی ترە کە لەوە دەریناکات، نەخوێندەوار بوویێت.
بەڵام ئێمە دەڵێین: هیچ پێویست ناکات بەم سەخڵەتبوونەی ئەبووەلید و ئەو شیکردنەوەیەی خەڵکانی تر، پێشتر زانیت، واتای نەخوێندەوار (امی) چی دەگەیەنێت، ئینجا پێغەمبەر پێش پێغەمبەرایەتی خوێندن و نووسینی زانیوە، بەڵام ئەوەی بە نهێنی هێشتوەتەوە و قسەی لە سەر نەکردوە و باسی نەکردوە و لە سەری نەڕۆیشتوە و بەوپێیە نەجووڵاوەتەوە، هیچ کەسێک بەوەی نەزانیوە، جگە لە عەباسی مامی نەبێت، کە ئەم شتەی لە محەمەددا زانیوە. کەسی تر لە پێش پێغەمبەرایەتی نەیزانیوە، وەک لە هەواڵێکدا دێت، کە دواتر بۆت باس دەکەین و، بەڵگەی قسەکەمان دەردەخات. وەک دەبینین عەباس باوەڕی بە محەمەد پێش ڕاگەیاندنی بانگەشەکەی هەبوە، بەڵام ئەمەی بە نهێنی هێشتەوە و باسی نەکردوە، تا پاش پێغەمبەرایەتییش و تا گرتنی مەککە، ئەگەر ڕێگەمان پێ بدەن ئەم قسەیە بەکاربهێنین، دەڵێین عەباس دووفاقی "دووڕوو" بوە، بە واتا زمانەوانییەکەی و دەڵێین عەباس، دووڕوو بوە بە پێچەوانەی دووڕوویی بە واتا شەرعییەکەی، واتە کافربوونی خۆی دەرخستوە و باوەڕداری بەنهێنی هێشتوەتەوە، هیچ دووفاقییەک لە کوفردا لەمە زیاتر نابێت. بەم دەرنەپرینەی باوەڕداری خۆی خزمەتێکیگەورەی بە محەمەد کردوە، بوە بە خاوەن ئیستیخباراتی محەمەد، تا ئیسلامبوونی خۆی لە پێش کردنەوەی مەککە ڕاگەیاند. بەشێک لە سەر عەباس دەنووسین و بە فراوانی باسیدەکەین.
ئەگەر محەمەد خوێندەواریی خۆی پیشان نەدات و بەوپێیە نەڕوات پێش لە پێغەمبەرایەتیدا، کە بە باشی زانیویەتی و نووسینی نووسراوەکەی حودەیبیە بە دەستی خۆی لەو ڕۆژەدا ئەوەی لە قورئاندا هاتوەڕەتناکاتەوە کە دەڵێت: { و ما تتلوا من قبله الكتاب و لا تخطه بيمينك} لە پێش قورئان نەکتێبت دەخوێندەوە و نە بەدەستی خوت دەتنوسی، لەبەر ئەوەی ئەو ڕەتکردنەوەیەی لەم ئایەتەدا هاتوە کە تەماشای واقیع بکەیت، لە واقیعیشدا هیچ ڕێکنەکەوتوە، شتێکی پێش پێغەمبەرایەتیی نووسیبێت، ئەگەر نووسینیشی زانیبێت، ئەمەیش وا فەرز ناکات ئەگەر نووسینی زانیبێت، دەبێت شتێکی نووسیبێت.
ئەوەی بەڵگەی ئەوەیە،محەمەد خوێندەوار بوە و عەباسیش پێی زانیوە و لە خۆی وەریگرتوە نەک خەڵکی تر، ئەوەی لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە لە سەر چیرۆکی یەهوودییەکە لەگەڵ عەباسدا لە یەمەن، ئەوەی لە عەباسی کوری عەبدولموتەلیبەوە باسکراوە،
گوتوویەتی: لەگەڵ کاروانێکدا چووین بۆ یەمەن بۆ بازرگانی، ئەبووسوفیان کوری حەربیش لە نێو کاروانەکەدا بوو، نووسراوی حەنزەلەی کوری ئەبی سوفیان گەییشت، کە محەمەد لە قورەیشیەکانی مەککەیە و دەڵێت من پێغەمبەری خودام و بانگەشەتان دەکەم بۆ لای خودا، ئەمەیش لە دانیشتنەکانی خەڵکی یەمەن بڵاوبوەوە، قەشەیەکی یەهوودی هات بۆ لامان و گوتی: ئەوەم پێگەییشتوە کە مامی ئەو پیاوەتان لەگەڵدایە، ئەوەی گوتوە کەگوتوویەتی، عەباس گوتی: گوتم بەڵێ من مامی ئەوم، گوتی: سوێندت دەدەم بە خودا، ئایا ئەم برازایەت هیچ خراپەکارییەکی هەبوە؟ گوتم: نەخێر بە خودا نە درۆی کردوە و نە ناپاکی و جگە لە ئامانەتپارێزیی هیچ ناوێکی تری لای قورەیش نەبوە، گوتی: ئایا بە دەستی خۆی نووسیویەتی؟ ویستم بڵێم بەڵێ لە ئەبووسوفیان ترسام، کە بەدرۆم بخاتەوە و وەڵامم بداتەوە،

گوتم: نانووسێت. قەشەکە هەڵبەزیوەتەوە و جلەکەی فڕێداوە و گوتوویەتی: یەهوود سەرپڕرا و یەهوود کوژرا. عەباس گوتی: کاتێک گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە ئەبووسوفیانگوتی: ئەی باوکی فەزڵە یەهوودەکان لە برازاکەت تۆقیون، گوتم: بینیت، لەوانەیە باوەڕت پێی بێت، گوتم: باوەڕم پێی نییە تا ئەسپەکە لە هیلاکبووندا نەبینم. گوتی: چی دەڵێیت؟ گوتم: قسەیەکە بە سەر زمانمدا .هات، بەڵام من دەزانم خودا هیچ ئەسپێک لە هیلاکبووندا تاو نادات
تەماشای عەباسبکەن کە یەهوودییەکە پرسیاری لێکرد، بە دەستی خۆی دەنووسێت؟ چۆن گوتی: ویستم بڵێم بەڵێ، ترسم لە ئەبووسوفیان هەبوو بە درۆم بخاتەوە، ئەوە هیچ نییە جگە لەوەی زانیویەتی محەمەد خوێندەوارە، ئەبووسوفیان ئەمە نازانێت و ترسی لە بەدرۆخستنەوەی لە لایەن ئەبووسوفیانەوە نەیهێشتوە بڵێت بەڵێ، گوتی: نانووسێت، ئەگینا ئەگەر محەمەد نەنووسێت، وەک گوتی بۆچی عەباس ویستی بڵێت بەڵێ؟ هیچ پێویست دەکات درۆ بۆ یەهوودییەکە بکات، لە وەڵامی ئەوەدا، پاش ڕاستگۆیی لە وەڵامی یەکەمدا بوە، وەک لێی پرسی هیچ خراپەکارییەکی هەبوە ئەم برازایەت؟
هەروەها ئەم هەواڵە بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە، عەباس باوەڕی بە محەمەد هەبوە لەو کاتەوە، نابینیت چۆن بە ئەبووسوفیانی گوتوە وابزانم باوەڕتپێیەتی، بینی کە ئەبووسوفیان سەریسوڕما لە تۆقاندنی یەهوود لە محەمەد، ئەو هەلەی قۆستەوە کە سەریسوڕما و داوای باوەڕهێنانی لێکرد، ئەمەیش جگە لە باوەڕدارێک نەبێت لە یەکێکی تر ناوەشێتەوە. ئێمە هەندێک قسەوباس دەکەین کە بیسەلمێنین محەمەد خوێندەوار بوە و کتێبە کۆنەکانی خوێندوەتەوە و ئەم قسانەی وەحی نین لە جبریلەوە دابەزیبن، ئەوەی باسی دەکەن، کە کاتێک حەسەنی کوری عەلیی کوریئەبووتالیبلە دایک بوە، محەمەد هاتوەبۆ لای وگوتوویەتی: کورەکەم پیشان بدەن، بزانم ناوی چیتان لێناوە؟ عەلیگوتوویەتی: ناوم نا حەرب، گوتی: ئەو حەسەنە، کاتێک حسێن لە دایک بوو دیسان هات و گوتی: ناوی چیتان لێناوە؟ عەلیگوتوویەتی: حەرب گوتی: بەڵکوو ناوی حسێنە، کاتێک سێیەم کوری لە دایک بوو، دیسان هات گوتی: با کورەکەم ببینم، ناوی چیتان لێناوە؟ عەلیگوتوویەتی: ناوم ناوە حەرب، گوتی: بەڵکوو موحسینە، ئینجا گوتی: من ناوم بە ناوی کورەکانی هاروونەوە ناوناون کە ناویان شوبر شوبێر و موشبر بوو. بەمپێیە پێگەی کورانی عەلی وەک پێگەی کورانی هاروون لە یەهوودا داناوە، لە کوێوە محەمەد ناوی کورانی هاروونی زانیوە، ئەگەر کتێبە کۆنەکانی نەخوێندبێتەوە. لەوەیشدا، کە فەرمانی کرد، ئەوانەی لەگەڵیدان دەرچوون بۆ شەڕی بەدر بژمێرن، گوتیان سێسەد و سیانزەن، خۆشحاڵ بوو گوتی: هەندێک .هاوەڵی تالووت بوون کە لە ڕووبارەکە لەگەڵیدا پەڕینەوە
لەوەیشدا کە غەنیمەی ڕۆژی حەنینی دابەشکرد، هەندێک دووڕوو "دەڵێن موتیب بوە"گوتوویەتی: ئەم دابەشکردنە دادپەروەرانە نییە، ڕەزامەندیی خودای تێدا نەپارێزراوە، هەواڵەکە گەیشتوەتە پێغەمبەری خودا، دەموچاوی شەریفی گۆڕاوە، وەک سرف "شتێکی سوورە پێستیپێ خۆشە دەکەن"ـی لێهاتوە. لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێن بەتوندی: توورە بوەو دەموچاوی سوورهەڵگەڕاوە،گوتوویەتی: کێ دادپەروەر دەبێت ئەگەر خودا و پەیامبەری خودا .دادپەروەر نەبن، ڕەحمەتی خودا لە برام مووسا بێت کە لەمە زیاتر ئازاریان دا و سەبری گرت
گوتیان: بەوە ئاماژەی بە چیرۆکی قاروونی کوری پووری مووسا یان کورە مامی داوە، کە داوای لە ژنێکی بەدڕەوشت کردوە خۆی بدات بە سەر مووسادالەوەیش، پیاوێک لە جەعرانە کە دەگەڕێتەوە بۆ حەنین، هات بۆ لای، لە سەر سەری وەستا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا پەیمانێکت لەسەرە، گوتی: ڕاست دەکەی حکوم بدە. گوتی: حکومیهەشتا مەڕ و پەز و شوانەکەیان دەدەم، پێغەمبەری خودا گوتی: ئەوە بۆ تۆ، وەک حکومکردنی ئاسان بوو، هاوڕێ ژنەکەی مووسا کە ئێسکەکانی یووسعی پیشاندا،توندتر و بەزەبرتر بوو، کە مووسا داوای لێکردوە حکوم بدات، گوتی: دەمەوێت بمگەڕێنیتەوە بۆ گەنجێتی و لەگەڵ تۆدا بچمە بەهەشت.کۆمەڵێك لە بەنی ئەسەد هاتن بۆ لای پێغەمبەر و ویستیان پرسیار لەبارەی قەشە

و شتە قێزەونەکانەوە لێی بکەن. پێغەمبرەیش پێی وتن وازم لێبێنن. وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا" سیفەتێك ماوە" وتی چیە؟ واتە هێڵی سەر لم کە ئەوسا وایان زانی هەر کەسێك هێڵێك بکێشێت و لەگەڵ هێڵەکەی ئەودا گونجاو بێت وەك بەخت گرندنەوەیەك ئەو کارەش دەبێت و ئەگەر نەشگونجێت ئەو کارە نابێت. ئەویش وەك ئەوەی پێیان بڵێت رازیبون بە فەرمانی خودا بزانیبا چیە لەمە باشتر نەبوو، بەڵام ئێوە نایزانن.
لەوانەیش، ئەوەیلەو کاتەی عودەی کوڕی حاتەم هاتوە بۆ لای، چیی پێ گوتوە، عودەیگوتوویەتی: کاتێک هاتم و چوومە ژورەوە بۆ لای، گوتی: ئەم پیاوە کێیە؟ گوتم: عودەی کوڕی حاتەم، هەڵسا و چوو بۆ ماڵەوە، کە چوە ژوورەوە سەرینەکەی کەڕیشالی داری تێدا بوو، پێی دام، گوتی: لە سەر ئەمە دابنیشە، گوتم: نەخێر تۆ لە سەری دابنیشە، گوتی: نەخێر تۆ دابنیشە، لە سەری دانیشتم و پەیامبەری خودا لە سەر زەوییەکە دانیشت، ئینجا پێی گوتم: ئەی عودەی کوڕی حاتەم ببە موسوڵمان سەلامەت دەبیت، سێ جار دووبارەی کردەوە، گوتم: من لە سەر ئایینەکەی خۆمم "عودەی نەسرانی بوو" گوتی: من لە سەر ئایینەکەت لە تۆ زیاتر دەزانم، گوتم: تۆ زیاتر لە سەر ئایینەکەم دەزانی؟ گوتی: بەڵی، تۆ لەڕکوسییەکانیت، لەو قەومە نیت کە ئایینیان هەیە؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: لە سەر قەومەکەت بە چواریەک ناڕۆیت "واتە چواریەکی غەنیمە دەبات، ئەشراف و گەورەی قەومەکان لە جاهیلیەت چارەکێکی غەنیمەیان دەبرد" گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەمە دینەکەت بۆت حەڵاڵ ناکات؟ گوتم: بەڵێ بە خودا، لەوەدا زانیم کە پێغەمبەری نێرراوە و ئەوەی نەزانراوە دەیزانێت، تاکۆتاییی قسەکەئەو قسانەی وەک ئەمانەی پێشوو زۆرن، بەڵام ئێمە لێرەدا بە ئەوەندە کۆتایی دەهێنین، هەمووی بە ڕاشکاوی بەڵگە و نیشانەی ڕوونی ئەوەن کە محەمەد کتێبە کۆنەکانی خوێندوەتەوە و زانیاریی لە سەر چیرۆکی پێغەمبەرانی پێشووو هەواڵەکانی پێشتری لابوە.
باشترین شت لە سەر ئەم بابەتە ئەوەیە، پێغەمبەر لەو کاتەی ئوم سەلیم کورەکەی مردوە سەبری گرتوە و داوای لە ئەبا تەلحەی مێردی کردوە سەبر بگرێت، کاتێک هەواڵی بۆ هاتوەگوتوویەتی: حەمد و سەنا بۆ خودا کە لە میللەتەکەمدا یەکێک هەیە وەک سەبرگرەکەی بەنی ئیسرائیل، گوتیان: ئەی پەیامبەری خودا هەواڵی ئەوە چییە. گوتی: لە بەنی ئیسرائیل ژنێک هەبوە، مێردێکی هەبوە و دوو منداڵی لێی هەبوە، مێردەکەی فەرمانی پێ کردوە، خواردن دروست بکات بۆ ئەوەی میوانداریی خەڵک بکات، ئەویش دروستیکردوە، کاتێک خەڵکەکە لەو ماڵەدا کۆبوونەتەوە، منداڵەکان یارییان کردوە و کەوتوونەتە بیرەکەی ماڵەکەیانەوە، پێی خۆش نەبوە ئەو میوانداریە لە مێردەکەی تێک بدات. ئەویش منداڵە مردوەکانیبردوە بۆ ناو ماڵەکە و لە ژوورێکدا داپۆشیون، کاتێک لە میوانداریەکە تەواو بوون، مێردەکەی هاتوە وگوتوویەتی کوا کورەکانم؟گوتوویەتی: لە ماڵەوەن، کە باوکیان بانگی کردوون، ڕایانکردوە بۆ لای، ژنەکەیگوتوویەتی: سوبحانەڵڵا، بە خودا مردبوون، بەڵام خودا زیندووی کردنەوە، وەک پاداشتێک بۆ سەبرەکەم، لەمەوە کۆتایی دێت کە لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئەم چیرۆکە کە محەمەد لە سەر ژنە ئیسرائیلییەکە باسی کردوە، بەڵگەی ئەوەیە کە کتێبی کۆنی خوێندوەتەوە.
مەبەستمان لێرەدا لەم توێژینەوەیە ئەوەیە، محەمەد هەواڵی پێشینان و چیرۆک و ڕووداوەکانیانی زانیوە، زانیارییەکەی لە خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکانەوە هاتوە، بە باشی خوێندەواریی هەبوە. لەوانەیە هەندێک ناڕازیلەم بارەوە بەرپەچمان بدەنەوە و بڵێن مەرج نییە هەواڵی پێشینانی زانیبێت ئیتر خوێندەواری هەبوە، لەوانەیە ئەو زانیارییەی لە بیستنی هەواڵەکان لە خەڵکەوە بوویێت نەک خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکان، ئەم ناڕەزاییەیش لە جێگەی خۆیەتی. ئەم ناڕەزاییە لە لایەن زانا زەکی موبارەک ئەدیب و زانای میسر دەرپڕاوە، کاتێک لە فەلووجە لەگەڵیدا کۆبووینەوە، لە وەڵامەکەماندا گوتمان: هیچ جیاوازییەکی تێدا نییە کە زانیارییەکانی لە ڕێگەی بیستن بوویێت یان بە خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکانەوە، بیستنیش وەک

خوێندنەوە وایە و مەبەستەکەمان دەپێکێت. کە زانیاریی لە سەر هەواڵی پێشینان هەبوە، ئێمە دەمانەوێت ئەمە بسەلمێنین کە زانیاریی لەو بارەوە هەبوە، تا بگەینە چارەسەری ئەوە بکەین کە کێشەی وەحی لە جبریل لە خوداوە بۆی دێت، کە زۆر هەواڵ و چیرۆکی پێشینانی لا هەبوە، وەک لە سەرەتای قسەکانمانەوە لە نووسینی ناونیشانی "ئایا محەمەد قسەی هەیە لە پاش پێغەمبەرایەتی" بۆمان باسکردن، ئەگەر وابێت بیستنیش ئەم قسە و داوایەی من دەسەلمێنێت و کێشەی وەحی وەک خوێندنەوە چارەسەر دەبێت، لەم تانە و ناڕەزاییە هیچ لەو مەبەست و قسانەی ئێمە کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ئەوەی دەگۆڕێت کە زانیارییەکانی لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبەوە دەگۆڕێت بۆ بیستنی لە لایەن خەڵکەوە.

(23)

سەفەرەکانی پێش پێغەمبەرایەتی

حیجاز لە سەردەمی محەمەددا هەروەک ئەمڕۆ، نە کشتوکاڵ و نە پیشەسازیشی تێدا بوە، خەڵکەکەی هیچ داهاتێکی ژیان و سەرچاوەیان نەبوە، جگە لە مەڕومالات و وڵاخەکانیان، کە سواری دەبوون و لە گۆشتەکەیان دەخوارد و لە شیرەکەیان دەخواردەوە، هیچ قازانجێکیان لە خوری و موویەکەیان نەدەکرد، لەبەر نەبوونی پیشەسازی تێیدا. ئەوان بەو جۆرە پێویستیان بە هاوردەکردنی پێویستییەکانی ژیان و ئامرازەکانی بژێوی بوو، لەو وڵاتە دراوسێ وشوێنە نزیکانەی وەک یەمەن لە باشوور و وڵاتی ڕۆم لە باکوور و وڵاتی فارس لە خۆرهەڵات، ئەم پێوستییە وای لێ کردن کە خەڵکانێک خەریکی بازرگانی بن، ئەمەیش وەرزەکان (وەرزی حەج و بازرگانی) و بازاڕەکانی بۆ دروستکردن کە لە کاتی دیاریکراودا کڕینوفرۆشتن بکەن.

خەڵکانی مەککە لە نێو سەرجەم خەڵکانی حیجازدا ئەم کارەیان دەکرد، واتە بازرگانی، کورانی مەککە هەموویان "ئەگەر بتەوێت بڵێ قورەیش" خەڵکی بازرگان بوون و کاروان و بارەکانیان بەردەوام لە ڕۆیشتن و هاتنەوەدا بوون بۆ شام و یەمەن، لە وڵاتی خۆیانەوە پێست و خوری و مووی مەڕومالاتەکانیان دەبرد و لە بازاڕەکانی ئەو وڵاتانە دەیانفرۆشت و لەو وڵاتانەوە ئەوەی پێویستیان دەبوو لە ئازووقە، جل، ئەو چنراو و خواردەمەنیانەیان دەهێنایەوە و لە بازاڕەکانی خۆیان دەیانفرۆشت، سەرجەم تیرەکانی عەرەب لە وەرزی کڕینوفرۆشتن لەو بازاڕانەدا کاسبییاندەکرد.

ئەم وەرزانە تەنها لە مانگە حەرامەکاندا دەکران، وەک مانگی حەج یان پێش ئەم مانگە بە ماوەیەک، ئەمەیش لە عەکازدا دەبوو، کە دەکەوێتە نێوانەخلە و تایف، لە زی ئەلمەجاز کە دەکەوێتە پشتی عەرەفەوە و، لەمەجەنە کە دەکەوێتە مورەی زەهرانەوە، عەرەب بازاڕی عەکازی لە مانگی شەوالدادەکردەوە، ئینجا دەیگواستەوە بۆ بازاڕی مەجەنە، لەوێدا بیست ڕۆژی زی قیعدە بازاڕەکە دەکرایەوە، ئینجا بۆ زی ئەلمەجاز دەڕۆن و لەوێدا دەیکەنەوە تا ڕۆژانی حەج. ئەم بازاڕانە بە کڕینوفرۆشتن دەستیان پێ کرد و بە حەج کۆتاییان هات. ئەم مانگی حەرام و ئەم وەرزانە، هیچ نەبوون جگە لە زەمینەسازی بۆ حەجکردن. دەشێت بڵێین حەج هیچ شتێک نەبوە جگە لەوەی لە پێناو ئەم وەرز و بازاڕانەدا نەبێت، کە بۆ بازرگانانی قورەیشڕەواجی خۆیان هەبوە وقازانجیان لێکردوە.

بێگومان ئەم بازاڕانە جمەی دەهات و هەڵا و هوریا و قەرەباڵغی لەم وەرزانەدا، لە کڕینوفرۆشتندا، خێروبەرەکەتێکی زۆری هەبوە بۆ قورەیش، لەبەر ئەوەی ئەوان بازرگانی ئەم بازاڕانە بوون، هەر ئەوان دەسەلات و وەلیی مالیی زالبوون بە سەر حەجدا، بەم هۆیەوە قورەیش بوون بە دەوڵەمەندی عەرەب، هەروەها بەم هۆکارەوە سەرۆکایەتیی ئایینی عەرەب لە قورەیش بوو، بێگومان سەرۆکە ئایینییەکان لەو سەردەمەوە سەرۆکی دونیاییش بوون لە هەموو شوێنێکدا. ئەگەر بزانین خەڵکی مەککە، مەبەستم قورەیشە، خەڵکی بازرگان بوون، دەزانین ئەوان خەڵکی سەفەرکردن بوون، لەبەر ئەوەی بازرگانی لە نێو سەرجەم میللەتاندا دایکی سەفەرەکانە، بۆیە کەم کەس بوو لە نێویاندا سەفەرنەکات بۆ وڵاتانی دراوسێیان، کەمیان هەبوو شوێنکاریان لەوێدا نەبێت.

ئەگەر قورەیش خەڵکی بازرگانی و سەفەر بوون، وەک باسمان کرد، محەمەدیش لە قورەیش بوو، هیچ سەرسوڕمانییەکی تێدا نییە کە سەفەرێکی زۆری کردبێت بۆ بازرگانی.سەفەرەکانی شایانی ئەوەنگرینگییان پێ بدرێت و لێیان بکۆڵرێتەوە و وردەکارییەکانیان بەجوانی بزانرێت،

تەنها بەوە نهێنیی زۆرمان لە ژیانی محەمەدی پێش پێغەمبەرایەتی بۆ دەردەکەوێت، بەڵام بەداخەوە شێوەی ژیانی پێش پێغەمبەرایەتیی زۆر بەئاڵۆزی دەبینین "تەماشای نووسینەکەمان بە ناونیشانی محەمەد پێش پێغەمبەرایەتییکەن" زانیاریمان لەو بارەوە زۆر کەمە، کە دەبێت زۆری لێ بزانین. سەفەرەکانی محەمەدی پێش پێغەمبەرایەتی دەبێت لەوە زیاتر بێت کە باسکراوە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین ئەو خەریکی بازرگانی بوە، پێش ئەوەی بازرگانی بۆ خەدیجە بکات، ئەوەی ناسراوە کە سەفەرکردنی لە کاتی بازرگانییەکەی بۆ خەدیجە لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵییەوە دەستی پێ کردوە، ئەمە جگە لە سەفەرەکە لەگەڵ ئەبووتالیبی مامی بۆ شام لە منداڵیدا، بەڵام باسیان لەوە کردوە، پێش ئەوەی بازرگانی بۆ خەدیجە بکات خەریکی بازرگانی بوە، لە سیرەی حەلەبی وا باسکراوە، کە بازرگانیی پێش پێغەمبەرایەتی هەبوە و، پێش ئەوەی بازرگانی بۆ خەدیجە بکات و هاوبەشی سائیبی کوڕی ئەبی سائیبی سەیفی بوە. دەڵێت کاتێک سائیب لە ڕۆژی گرتنی مەککەدا هات بۆ لای، پێی گوت سڵاو برا و هاوبەشم، کە نە ڕووم دایە و نە مەراییشم بۆ کرد. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، دەبێت سەفەری زۆری کردبێت پێش تەمەنی بیستوپێنج ساڵی، واتە پێش بازرگانییەکەی بۆ خەدیجە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێک لەو کاتەدا بازرگانیی کردبێت، پێویست بوە سەفەری زۆر بکات، یان خۆی سەفەر دەکات یان هاوبەشەکەی یان یەکێک بە کرێ دەگرێت، ئەوە دەهێنێت کە لە وڵاتەکەی بازرگانیی پێ دەکات، بازرگانی لەو ڕۆژەدا وەک ئەمڕۆ نەبوە کە بازرگان لە بەغدا بۆ بازرگانێک لە لەندەنەوە دەنووسێت و چیی بوێت بۆی دەنێرێت، محەمەدیش بازرگانی خاوەن سەروەتی زۆر و فراوان نەبوە، تا یەکێک بە کرێ بگرێت و لەبریی خۆی بینێرێت، ئەگەر بازرگانیی کردبێت پێش ئەوەی بازرگانیی بۆ خەدیجە کردبێت، وەک دەڵێن، دەبێت بە خۆی سەفەری کردبێت، لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەوەی ئێستا باسمان کرد لە بارەی ئەوەی سەفەرەکانی پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی بیستوپێنج ساڵی، واتە پێش بازرگانیکردن بۆ خەدیجە، زۆر بوون. هەرچەند هیچ لە بارەیانەوە نەگوتراوە. ئەوەی گومانی تێدا نییە، یەکەم سەفەری محەمەد لە پێش پێغەمبەرایەتیی ئەو سەفەرە بوە کە لەگەڵ ئەبووتالیبی مامی بۆ شام کردوویەتی.

سەفەرەکەی لەگەڵ مامیدا بۆ شام

دەڵێن ئەبووتالیب بۆ بازرگانی دەڕوات بۆ شام، کە خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕۆیشتن، محەمەد تەمەنی نۆ ساڵان دەبێت، خۆی پێی دا هەڵدەواسێت و توند دەیگرێت، وەك ئەوەی بەتامەزرۆوە حەز دەکات لەگەڵیدا بڕوات. لە هەندێك گێرانەوەدا: توند بە هەردوو دەستی گرتوویەتی وئەبووتالیبیش بەزەیی پێدا هاتوەتەوە و سۆزی بۆی جووڵاوە و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی.گرینگترین شت لەم سەفەرە گێراێتیانەوە؛ چیرۆکی بوحەیرا بوە، ئەمەیش نازناوی قەشەیەک بوە بە ناوی جەرجیس یان بەرجیس، زانستی نەسرانی لای ئەم بوە، لە کەنیسەیەکدا بوە لە بەسرا (دێیەک بوە لە کوورەی حوران لە نزیک دیمەشق، ئەمڕۆ پێی دەڵێن ئاسکی شام، بەسرای عێراق نییە -و-) لە لایەکی تر دەڵێن: بوحەیرا قەشەیەکی یەهوودیی تەیما بوە. خاوەنی سیرەی حەلەبیگوتوویەتی: ئەمە ڕەتناکرێتەوە لەبەر ئەوەی لەوانەیە پێشتر یەهوودی بووبێت و بووبێت بە نەسرانی، وەک بەسەرهاتی وەرەقەی کوڕی نوفەل. ئیبن عەساکرگوتوویەتی: بوحەیرا لە دێیەک نیشتەجێ بوە پێیان گوتوە (ئەلکەفو) شەش میل لە بەسرای دیمەشقەوە دوور بوە. ئەم دێیە ناوی لە (معجم البلدان)دا نەهاتوە، دەڵێن؛ لە بەلقای ئەرزی شام لە دێیەک پێیان گوتوە مەیفەعە نیشتەجێ بوە، ئەمەیش لە (معجم البلدان)دا نییە، بەلقا دەشتێکی نزیک لە دیمەشقە کەلەناودێهاتەکانی عەممان هەبوە.

پێش ئەوەی بچینە ناو چیرۆکەکەوە، ئاگادارت دەکەینەوە لەوەی باسمان کرد، هەرچییەکیان لە کتێبەکانیاندا لە سەر ژیانی محەمەد باس کردبێت، قسەی وای تێدا کراوە، کە هەڵبەستن و جوانکارییان تێدا کردوە و هیچ لایەکیان لێ نەکردوەتەوە و گرینگیان پێنەداوە، پێش ئەوەی کاری پێغەمبەرایەتیی تێدا بکرێت، بەڵام بۆ محەمەد چوەسەر، بۆیە بواری هەڵبەستنی تێدا هەبوە. ئەم بوارە لە بەردەم حیکایەتخوانان زۆر فراوان بوە، تا لە سەدەی دوەم ئیمامەکەیان،محەمەد کوڕی ئیسحاق هاتوە و نووسیویەتەوە. لێرەدا چیرۆکی بوحەیرا لە گێرانەوەی محەمەد کوڕی ئیسحاقەوە بۆت باس دەکەین کە لە سیرەی هشامیدا باسکراوە و، لەوێوە حەقیقەتی ئەوەی قسەمان لە سەر کرد، بزانە.

ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئەبووتالیب بەسواری بۆ بازرگانی دەرچوو بۆ شام، کە ئامادە بوو بۆ ڕۆیشتن و خۆی کۆکردەوە و هەموان ئامادەبوون، محەمەد خۆی پێوەی نووساند، وەک دەڵێن،

بەزەیی پێدا هاتەوە و گوتی: بە خودا لەگەڵ خۆمدا دەیبەم و لە خۆمی جیاناکامەوە و لێی جیانابمەوە، لەگەڵ خۆیدا بردی و کاتێک کاروانەکە لە بەسرای ئەرزی شام دابەزی، قەشەیەکی لێ بوو ناوی بوحەیرا بوو، لە کەنیسەیەکدا نیشتەجێ بوو، کە زانستی نەسرانییەت لای ئەو "تەواو" بوو. لەو کاتە فێربوونی قەشەیی لەوێ بوە و زانستی کتێبەکەیان لای ئەو بوە، بە میراتی و بۆماوەیی لە باوانەوە، واتە لە قەشەیەک بۆ دوای خۆی ماوەتەوە، ئەو ساڵەی لای بوحەیرا دابەزین و زۆرجار کە پێشتر چوون بۆ لای هیچی پێ نەگوتن و قسەی لەگەڵ نەکردوون، تا ئەو ساڵە کاتێک نزیک لە کەنیسەکەی دابەزین، چێشتێکی زۆری بۆ لێنان، بەوپێیەی شتێکی لە کەنیسەکەیەوە بینیوە، وا دەڵێن کە پەیامبەری خودای بینیبێت. لە کەنیسەکەیدا بوە، کاتێک پێغەمبەری لە نێو کاروانەکەدا بینیوە، کە ئەوان هاتوون و هەورێک بەردەوام لەگەڵیدا بوە و سێبەری بۆ دروست کردوە. گوتی: هاتن لە ژێر سێبەری درەختێکدا لە نزیک ئەو قەشەیە دابەزین. ئەویش تەماشای هەورەکەی کردوە کە چۆن سێبەری بۆ درەختەکە دروست کردوە، پەلی درەختەکە لاربوەتەوە بۆ ئەوەی سێبەر بۆ پەیامبەری خودا دروست بکات، کە لە ژێردرەختەکەدا دانیشتبوو، کاتێک بوحەیرائەوەی بینیوە، لە کەنیسە دابەزیوە و فەرمانی کردوە ئەو چێشتە لێبنێن، ئینجا ناردوویە بەدوایاندا،گوتوویەتی: من چێشتم بۆ لێناون ئەی مەعشەری قورەیش، حەز دەکەم هەمووتان بێن، بە گەورە و بچوکتان... بەکۆیلە و ئازادتانەوە. پیاوێکیان پێ گوت: بەخودا ئەی بوحەیرا ئەمڕۆ ئیشێکت هەیە، ئێمە زۆر جار هاتووین بۆ لات و ئەمەت بۆ نەکردووین، ئەمڕۆ چ باسە؟ بوحەیرا پێی گوت: ڕاست دەکەیت، ئەوەیە کە دەیڵێیت، بەڵام ئێوە بزانن من حەزم کرد، خزمەتتان بکەم و ڕێزتان لێ بگرم و چێشتان بۆ لێ بنێم بۆ ئەوەی هەمووتان لێی بخۆن. ئەوانیش لای ئەو کۆبوونەوە، پێغەمبەری خودا لەبەر ئەوەی منداڵ بوو لەوقەومە دواکەوت، لای کاروانەکە و لە ژێر درەختەکەدا مایەوە. کاتێک بوحەیراتەماشای قەومەکەی کرد و ئەو سیفەتەی نەبینی، کە دەیزانی و لای ئەوە، گوتی: ئەی خەڵکی قورەیش کەستان دوانەکەوێت بۆ چێشتخواردن، پێیان گوت: ئەی بوحەیرا کەس دوانەکەوتوە کە پێویست بێت، جگە لە مێردمنداڵێک دواکەوتوە، ئەویش منداڵترین کەسی قەومەکەیە لەم سەفەرە، گوتی: وامەکەن و بانگیبکەن بۆ چێشتخواردن لەگەڵتاندا. گوتی: پیاوێکی قورەیش کە لەگەڵ قەومەکەدا بوو گوتی: بە لات و عەزا لەوانەیە بۆ خراپەکارییەک بێت، با کوری عەبدوڵڵای کوری عەبدولموتەلیب بۆ چێشتخواردنەکە لەگەڵ قەومەکەدا نەیەت،ڕۆیشتن بانگیان کرد و هات، ئینجا هەڵسا لەبەردەمی و باوەشی پێ کرد و لەگەڵ قەومەکە داینیشاند. کاتێک بوحەیرا بینیی زۆر سەرنجی دا و تەماشای لەشولاری کرد و ئەو سیفەتەی لەودا بینی، تا قەومەکە لە خواردن تەواو بوون و بڵاوبوونەوە، بوحەیرا هەڵسا بۆ لای و گوتی: ئەی غوڵام پرسیارێکت لێدەکەم، بە حەقی لات و عەزا هەواڵم بدەرێ و وەڵام بدەرەوە، بوحەیرا بەوە سوێندی دا لەبەر ئەوەی گوێی لێبوو، کە قەومەکەی سوێندی پێ دەخۆن، وا دەڵێن کە پەیامبەری خوداگوتوویەتی: بە هیچ شێوەیەک سوێندم بە لات و عەزا نەخواردوە، بەخودا هیچ شتێکم هێندەی ئەوانە ڕق لێ نەبوە، بوحەیرا پێی گوت: توو خودا ئەوەی پرسیارت لێ دەکەم هەواڵم بدەرێ، گوتی؛ چیت دەوێت پرسیارم لێبکە، دەستی کرد بە پرسیارکردن لە سەر حاڵەتی نوستنی و کاروباری و ڕەفتار و لەشولاری، پێغەمبەری خودایش وەڵامی دایەوە و، لە وەڵامەکانیدا ئەوانەی گوت کە لەگەڵ ئەو سیفەتانەیلای بوحەیرا هەیە یەکیاندەگرتەوە، ئینجا تەماشای پشتی کرد و مۆری پێغەمبەرایەتیی لە نێوان شانیدا بینی، لەو شوێنەی لە سیفەتەکەی ئەودا بوو. کاتێک تەواو بوو، هات بۆ لای ئەبووتالیبی مامی و پێی گوت: ئەم مێردمنداڵە چی تۆیە؟ گوتی: کوڕمە. بوحەیرا پێی گوت کورت نییە و نابێت ئەم غوڵامە باوکی مابێت، گوتی: برازامە. گوتی: باوکی لە کوێیە؟ گوتی: کاتێک دایکی بەمەوە دووگیان بوە، باوکی مردوە. گوتی: ڕاست دەکەیت. برازاکەت بگەڕێنەوە وڵاتەکەت، ئاگاداری بە لە یەهوود، بەخودا ئەگەر ببینن و بەوەی من دەیزانم بیزانن، تووشی شەڕی دەکەن، ئەم برازایەت ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت، خێرا بیبەرەوە بۆ وڵاتەکەت.ئەبووتالیبی مامی کە بازرگانییەکەی تەواو کرد، خێرا گەڕاندییەوە بۆ مەککە. خەڵک وا باسیان کرد کە زەریر و تەمام و دریس لەوانەی ئەهلی کتێب بوون، ئەوەیان لە پێغەمبەری خودا بینیوە کە بوحەیرا بینیویەتی، لەو سەفەرەدا کە لەگەڵ ئەبووتالیبی مامیدا بوە، ویستوویانە و بوحەیرا پێی نەداون و خودا باسی سیفەتەکانی کردوە لە کتێبدا، لە کۆبوونەوەکە چیان دەویست، پێی نەگەییشتن،لەوێدا بوو زانییان چییان پێ دەڵێت و باوەڕیان پێ هێنا و بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن.

ئەمە چیرۆکی بوحەیرا بوو کە ئیبن ئیسحاق گێڕاویەتەوە. ئێمە پێش هەموو شتێک دیدی خوێنەر بۆ "ئەوەی پیشاندا" ڕادەکێشم کە لە دووتوێی قسەکانی ئیبن ئیسحاق لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا هاتوە، سەرەتا گوتی: "پێغەمبەری خودا خۆی نووساندوە وەک "وای پیشاندا" ئینجا گوتی: (لەو کەنیسەدا قەشەیەک هەیە کە کاریان پێ دەبێت، وەک لە کتێبەکانیاندا هاتوە کە وا پیشانی دەدەن) ئینجا گوتی: (لەوەدا وا پیشانی دەدەن، کە شتێکی بینیوە لەو کاتەی لە کەنیسەکەیدا بوە) هەروەها دەڵێت "وا پیشانی دەدەن، کە پێغەمبەری بینیوە" ئینجا دەڵێت "وا پیشانی دەدەن کە پێغەمبەری خودا بە لات و عەزای گوتبێت پرسیارم لێ مەکە" ئینجا دەڵێت "وای پیشان دەدەن کە خەڵک باسی کردبێت" ئەوەت لا نامۆ نەبێت "وای پیشان دەدەن" زیاتر لەو بارەوە دەگوترێت کە شتێک گومانی تێدا بێت، یان لەو باوەڕەدابن، درۆ بێت. دابی عەرەب ئەوە بوە، قسەیەکیان بۆ هەر کەسێک کردبێت، ئەگەر وایان دانابێت درۆیە یان باوەڕپێکراو نییە دەڵێن: فلان وا پیشانی دەدات. جەریر دەڵێت:

ابشر بطول سلامه یا مربع زعم الفرزدق ان سیقتل مربعا

واتە: مژدە بێت کە بە درێژی سەلامەت بێت چ نشینگەیەك پێی وابوو کە فەرەزدەق دەکوژرێت. بۆیە دەڵێن "وا پیشانی دەدەن" درۆ لە خۆی هەڵدەگرێت، لە شەریعەوە وەرگیراوە، هەر شتێک نازناوێکی هەیە و نازناوی دڕۆیش "وای پیشان دەدەن" یان وا دەڵێن. ئاوایش بەکارهێنانی وای پیشان دەدەن یان وەک دەڵێن لە قورئاندا بۆ زەمی قسەکەر یان بەدرۆخستنەوەی بەکاردێت لە سورەتی (التغابن): { زعم الذین کفروا أن لن یبعثوا} [التغابن: 7]واتە: ئەوانەی خوایان نەناسی وایانزانی هەرگیز زیندوو نابنەوە. بەڵام لە سورەتی (الانعام): {ثم نقلوا للذین اشرکوا این شرکوا و کما الذین کنتم تزعمون} [الأنعام: 22]واتە: لە رۆژی قیامەت کۆدەکرێنەوە ئەوانەی هاوبەشیان بۆ خودا پەیدا کرد پێیان دەلێن کوا ئەو خەیاڵەی کە دتانوت خودا هاوبەشی هەیە، دەی بیانهێنن. هەروەها لەوێیشدا: {وما ترى معکم شفعاؤکم الذین زعمتم أنهم فیکم شرکاؤ لقد تقطع بینکم وضلّ عنکم ما کنتم تزعمون} [الأنعام: 94] واتە: دیسان: {وجعلوا لله مما ذرا من الحرث و الانعام } واتە : هەروەك تاك تاكە و بە تەنیا لە پێشوودا ئێوەمان دروستکردووە و هەرواش هاتونەتەوە لامان، هەرچیش ئێمان دابون لە دواتانەوە بەجێماوە . ئەوەیان بۆ خودا گەراندەوە لە کیڵگە و ئاژەڵان .

صیبا فقالوا هذا لله بزعمهم و هذا لشرکائنا...} [الأنعام: 136].واتە: ئەو بەروبومانە بەشێکیان بۆ خودا داییانبوو و هەندێکیشیان بۆ هاوبەشەکانیان. لە سورەتی (الجمعە): {یا ایها الذین هادوا ان زعمتم انکم اولیاء لله من دون الناس فتمنواۘ الموت ان کنتم صادقین} [الجمعە:6 واتە: ئەی ئەوانیە هێمن بونەوە ئەگەر ئێوە پێتان وایە زیاتر لە ئەمرۆ هەر ئێوە دۆستی خودان دەسا ئەگەر راست دەکەن مردنی خۆتان بخوازن. ئەگەر ئەم شتە بزانیت لەوە دڵنیا دەبیت، کە دەرپرینەکەی ئیبن ئیسحاق لە گێڕانەوەکەیدا نیشانەی ئەوەیە، باوەڕی پێ نەبوە و لە ڕاستیی دڵنیا نەبوە.

ئەوەی ڕووی داوە لەم چیرۆکەدا ئەوەیە، محەمەد لەگەڵ ئەبووتالیبی مامیدا سەفەری کردوە، لەوانەیە قەشەیەک هەبوو بێت ناوی بوحەیرا بوو بێت و محەمەدی بینیبێت و پێی سەرسام بووبێتو چاوەڕێی خێری لێکردبێت، پرسیاری لەبارەیەوە لە مامی کردوە و ئامۆژگاریی کردوە، ئاگای لێبێت و بیپارێزێت وەک دابی هەر خەڵکێک، کە منداڵێکی قۆز و بزێو نیشانەی زیرەکی و وریایی پێوە دیار بێت و چاوەڕێی کاریگەریی ژیریی و توانا و زیرەکیی تێدا ببینیت، هەر وای لە سەر دەڵێیت و بە بەخێوکەرەکەی هەمان شت دەڵێیت، کە بە ئەبووتالیب لە سەر محەمەدگوترا و ئامۆژگارییان کرد، ئاگای لێ بێت و بە باشی پەروەردەی بکات و لەو شتانە کە لەو بارەیەوە دەگوترێت.

ئەگینا جگە لەوەی لە قورئاندا هاتوە، هەر شتێکی ترقسەی هەڵبەستراوە، کە لە ماوەی سەت و ئەوەندە ساڵدا شتیان هەڵبەستوە و گۆڕانکارییان تێدا کردوە. ئەوەی پیشانت دەدات کە هەڵبەستنی تێدا کراوە ئەوەیە، لە یەکەم جارەوەباسیان لە هۆکاری ئەوەی وای لە بوحەیرا کردبێت، چێشتی بۆ کاروانەکە لێنابێت و میواندارییان کردبێت.

لە چیرۆکەکەدا هاتوە "کاتێک لە نزیک کەنیسەکەی دابەزین چێشتی زۆری بۆ لێنان، بەوەی - وەک دەڵێن "وای پیشان دەدەن"- شتێکی بینیوە کە لە کەنیسەکەدا بوە– وای پیشان دەدەن، پێغەمبەری خودای بینیوە لە کاروانەکەدا، هەورێک لە نێو هەموو ئەو قەومەدا سێبەری بۆ ئەو دروست کردبێت،گوتوویەتی: هاتن و لە سایەی درەختێکی نزیک لەو دابەزین، تەماشای

هەورەکەی کردوە، کاتێک سێبەری بۆ درەختەکە دروست کردوە، لقی درەختەکەیش خۆی لاداوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر بکەوێتە ژێر سێبەرەکەیەوە، کە بوحەیرا ئەوەی بینیوە لە جێگەی پەرستگاکەی واتە کەنیسەکەی دابەزیوە و فەرمانی داوە ئەو چێشتە لێ بنێن. با ئەوەت بۆ باس بکەین کە لەم دەرپڕینانەدا چ پەرلەو لوغز و مەتەڵێکی تێدایە، دەڵێین، جێگەی سەرسوڕمان نییە، بوحەیرا ئەوەی بینیبێت لە کەنیسەکەی دابەزێت و چێشت بۆ کاروانەکە لێبنێت، هەر کەسێک لە شێوەی ئەم ڕووداوە ببینێت، کە لە نەریت بەدەرە، گرینگیی پێ دەدات و ئەوەیش دەکات کە بوحەیرا کردوویەتی، بۆ ئەوەی ئەو کەسە بناسێت کە هەورەکە سێبەری بۆ دروست کردوە، لەمەدا قسەمان نییە، بەڵام قسەی ئێمە لە سەر هەورەکە خۆیەتی و ئەو سێبەرەی بۆ محەمەد دروستیکردوە، وەک لە قسەی گێڕەوەکە هاتوە: "هەورێک لە نێو قەومەکەدا سێبەر بۆ ئەو دروست دەکات" لەمەدا وا تێدەگەی کە پەڵەهەورێک سێبەری بۆ محەمەد بە تەنها دروست کردبێت، بە بێ کەسێکی تر لەو کاروانە، دەبێت پارچە هەورێکی بچوک بوو بێت، کە تەنها سێبەر بۆ تاقە کەسێک دروست بکات، ئەگەر وابێت، دەبێت زۆر نزم بێت و لە سەر سەری بێت، بۆ ئەوەی سێبەرەکە بکەوێتە سەری و نابێت لە درێژی ڕمێک بەرزتر بێت، لەبەر ئەوەی سێبەری هەور بنکەکەی قوچەکی دەبێت، لە لای هەورەکەوە سەری لە سەر ئەرز دەبێت، بۆ ئەوەی سێبەری لە سەر زەوی بێت، دەبێت سەری سێبەرە قوچەکییەکە لە سەر زەوی بێت، هەرچەند هەورەکە نزم بێت، ئەوەندە سەری سێبەرە قوچەکییەکە زیاتر ڕۆدەچێتە سەر زەوی و سێبەرەکە فراوانتر دەبێت، پێچەوانەکەیشی بە پێچەوانەوە ڕاستە، واتە ئەگەر هەورەکە بەرز بێت لە ئاسمان، ڕۆچوونی سەر سێبەرە قوچەکییەکە کەمتر ڕۆدەچێتە سەر زەوی و سێبەرەکەی لە سەر زەوی کەمتر دەبێت، تا ئەگەر هەور بەرزبێت سەری قوچەکییەکە بە حاڵ خۆی لە زەوی بدات، یان تۆزێک لێی بەرز بێت، لەوێدا هیچ سێبەرێک بۆ هەورەکە لە سەر زەوی دروست نابێت، بە هیچ شێوەیەک. ئەگەر وابێت، دەبێت ئەو هەورەی لە سەر محەمەد بوە زۆر نزم بوو‌بێت بۆ ئەوەی سێبەری بۆ دروست کردبێت، بەتەنها بۆ خۆی بێت و لە سەرییەوە نزیک بووبێت، بۆ ئەوەی بە خۆی بە تەواوی لە ژێر سێبەرەکەیدا بێت، لەمەیشدا دەبێت لە شتە مەحاڵەکانی سروشت بێت ڕووی دا بێت، هەروەها بۆ ئەوەی محەمەد لە ژێر سایەی ئەو هەورە بێت کە لە سەر سەری بوە، دەبێت خۆرەکە ڕێک لە سەر ڕێگە واتە بەرانبەر سەری بێت، ئەوەیش لە قرچەی نیوەڕۆدا دەبێت، لە کاتێکدا کە ڕێک سێبەرەکە بیگرێتەوە، واتە پێش ئاوابوونی خۆر نەبێت، کە سێبەر بە لاری دەردەکەوێت و لەوەیشدا سێبەرەکە نایگرێتەوە، مەگەر هەورەکەیش لەگەڵ خۆرەکەدا لاربێتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە خۆرەکە بە ستونی بدات لە هەورەکە و سێبەر بەتەواوی بکەوێتە سەر محەمەد، بۆیە دەبێت خۆرەکە کتومت لە سەر سەری محەمەد بێت، تیشکەکەی بە ستونی بدات لە هەورەکە و لەو بارەدا سێبەرەکەی محەمەد دەگرێتەوە، ئەمەیش بۆ کاتێکی زۆر کەم دەبێت لە ڕۆژدا و بە زۆری یان لە لای خۆرهەڵاتەوە دەبێت یان خۆرئاوا، بۆیە دەپرسین چۆن ئەم سێبەرە بەدرێژاییی ڕێگەکە محەمەدی گرتوەتەوە؟

با وا دابنێین کە بوحەیرا لەو کاتەدا کە کاروانەکە هاتوە سێبەری هەورەکەی لە سەر محەمەد بینیوە و، لەو کاتەدا بوە کە خۆرەکە ڕێک لە دەقی سەریدا بوە و هەورەکەیش لە نێوان سەری و خۆرەکە و ئەو سێبەرەی دروست کردوە، ئەی لە کاتی بەرەبەیان یان لە کاتی خۆرئاوابوون بێت و، چۆن دەبێت کە خۆر بە ڕێکی لە سەر سەری بێت، لە هەندێک گێڕانەوەداگوتوویانە، بەدرێژاییی ڕێگاکە هەورەکە سێبەری بۆ دروست کردوە. ئەوەی لە دەرپڕینەکەی ئیبن ئیسحاق تێدەگەیت، کە هیچ کەسێک هاوبەشی محەمەد نەبوە لەو سێبەرەدا و تەنها بۆ ئەو دروستبوە، وەک باسمان کرد، بەڵام کە قەومەکە لە سێبەری درەختەکە دابەزین و محەمەدیش لەگەڵیاندا بوو، هەورەکە هات و سێبەری بۆ درەختەکە دروستکرد، لەو بارەدا محەمەد و قەومەکەیش لە ژێر هەر دوو سێبەری هەورەکە و درەختەکەیشدا بوون، لەوێدا قەومەکەبەشدارییی محەمەدیان کردوە لە سێبەری هەورەکەدا، وەک ئەو کە بەشدارییی سێبەری درەختەکە بوون، بێگومان یەکێک لە سێبەرەکان نادیار دەبێت لەبەر ئەوەی یەکێکیان ئەوی تر ناهێڵێت. نازانم گێڕەوان بۆچی ئەمەیان دروست کردوە، بۆچی هەورەکەیان هێناوە و سێبەری بۆ درەختەکە دروست کردوە، ئەگەر محەمەد چووبێتە خانوویەک سەقفی هەبێت هەورەکە سێبەری بۆ خانوەکە دروست نەدەکرد؟

لەوانەیە مەبەستی حیکایەتخوانان پیشاندانی شتی سەرسوڕهێنەر و نامۆ بووبێت. وایان لە

هەورەکە کردوە بەردەوام لەگەڵ محەمەددا بێت و لێی جیانەبێتەوە، بۆ هەر کوێیەک بچێت و بوەستێت. ئەمە وا دەردەخات کاتێک هاتن بۆ چێشتخواردن لای بوحەیرا، محەمەد لە ژێر درەختەکە مایەوە و ئینجا پیاوێک لە قەومەکە ڕۆیشت هێنای و لەوێدا لە باوەشی گرت و لای خۆیەوە داینیشاند، هەورەکە لەگەڵیدا هاتوە. لە گێرانەوەیەکیخەڵکی تردا جگە لە ئیبن ئیسحاق، هاتوە: "کاتێک ئەو کەسەی لە باوەشی گرت و هێنای، هەورەکە بەردەوام لە سەر سەری بوە" وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەو گێرانەوەی دەڵێت، ئەو پیاوەی لە باوەشی گرتوە و هێناویەتی ئەبووبەکر بوە، ئەمە هەڵبەستراوە، لەبەر ئەوەیئەبووبەکر دوو ساڵ لە محەمەد بچوکتر بوە و محەمەد لەو کاتەدا نۆ ساڵ بوە وئەبووبەکر حەوت ساڵ، سەرەڕای ئەوەی لەم سەفەرەدائەبووبەکر لەگەڵیدا نەبوە، ئینجا حیکایەتخوانان بەوەوە نەوەستاون، کە وایان لێکردبێت هەورەکە بەردەوام سێبەری بۆ محەمەد دروست کردبێت، بەڵکوو زیاتریان پێوەناوە، گوایە لقی درەختەکە خۆی لارکردوەتەوە بۆ لای محەمەد بۆ ئەوەی سێبەری زیاتر بێت و، وای لێبێت سێبەر لە سەر سێبەر بێت، پێم خۆش بوو بزانم، محەمەد پێویستی بە سێبەر نەبووبێت، بۆچی لەگەڵ قەومەکەی لە ژێر درەختەکە دانیشت، کەسێبەری لێبوو؟ نەیتوانی درەختەکە بۆ ئەوان جێ بهێڵێت و بە خۆی لە ژێر سێبەری هەورەکەدا بوایە؟ بەتایبەتی باس لەوە کراوە، ئەوان پێش محەمەد خۆیان داوەتە ژێر سێبەری دارەکە، وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، بەڵام حیکایەتخوانان کە قسەیەک هەڵدەبەستن، هیچ بیر لەوە ناکەنەوە، هەڵبەستنەکەیان لە کوێدا تەواو دەبێت، یان ڕاست دەردەچێت یان درۆ.
من دەزانم هەورێک یان چەند هەورێکی پەرشوبڵاو کە لە ئاسماندا بڵاوبێتنەوە، با بڵاوەیانلە ئاسماندا پێدەکات، پیاوێک یان چەند کەسێک لە دەشتاییدا وا ڕێکدەکەوێت، لەو هەورانە سێبەر دروست دەکەن و بەری دەکەوێت، وەک زۆرجار بۆ من و خەڵکی تریش ڕووی داوە، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێت پەرشوبڵاو دەبنەوە و نامێنن، ئەگەر ئەوەی محەمەد لەم شێوەیە بوایە، هیچ سەرسوڕمانێکی تێدا نەدەبوو، بەڵام نامۆییەکە لەوێدایە، هەورەکە بەردەوام لەگەڵیدا بوە، لەگەڵ ڕێکردنیدا ڕێی کردوە و لەگەڵ وەستانیدا وەستاوە و لە تەوقی سەری بوە و لێی نزم بوەتەوە و بۆ ئەو نەبێت سێبەری بۆ یەکێکی تر لەو قەومەی لەگەڵیدا بوون، دروست نەکردوە.
ئەوەی نامۆیە لێرەدا، هەور هیچ سێبەرێکی بۆ محەمەد دروستنەکردوە، تەنها لەم سەفەرە و لە سەفەرەکانی تری بۆ شام نەبێت، کە وەک کرێگرتەیەک بۆ خەدیجە لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجەدا ئیشیدەکرد، لە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا، هەر دوو سەفەرەکە پێش پێغەمبەرایەتی بوون، بەڵام گێرەوان لە بارەی سەفەری دوەمی جیاوازی لە قسەکانیاندا لە بارەی سێبەرەکەوە تێکەوتوە، جارێک بە هەور ناویان هێناوە و جارێکیش بە دوو پەری، هەورەکە لەم سەفەرە بوە بە دوو پەری، وەک لە باسی سەفەری دوەمیدا دەریدەخەین. نازانم بۆچی هەورەکەیان گۆری بۆ پەری و پەرییەکەیش دوان بێت نەک یەک دانە، ئەگەر یەک دانەیش بێت، دەتوانێت بە باڵێکی سێبەر بۆ یەک دونیا خەڵک دروست بکات نەک تەنها یەک کەس.
هەورەها بۆچی لەم دوو سەفەرەدا هەور سێبەری بۆ دروست کرد و بۆچی لە سەفەرەکانی تری بۆی دروست نەکردوە؟ ئەگەر بەرەکەت و شکۆیی و ڕێزی لای خودا ئەوە بوە، کە لە پێش پێغەمبەرایەتی سێبەری بۆ دروست کردبێت لە پاش پێغەمبەرایەتی لەبەرترە و پیرۆزترە، بۆچی بۆی دروست نەکردوە، بەڵام ئەوەی حیکایەتخوانان باسیان لێوە کردوە، کە تەنها لەم دوو سەفەرەی هەور یان پەری سێبەری بۆدروست کردوە. تەنانەتئەبووبەکر جارێکیان لەو ڕۆژەی گەیشتنە مەدینە لە کاتی کۆچکردنەکەدا، بە جلەکانی سێبەری بۆ دروستکرد، لە سیرەی حەلەبی دا هاتوە، کاتێک پەیامبەری خودا لە دێی(قباء) دانیشت، ئەو خەڵکانەی پێغەمبەریان نەبینیبوو، هاتن بۆ لایئەبووبەکر کە بیانبات بۆ لای و بیناسن، کە خۆرەکە دای لە پێغەمبەر،ئەبووبەکر هات بۆ لای و بە جلەکانی سێبەری بۆ دروستکرد و لەوێدا خەڵک ناسی، واتە لە کاتێکدائەبووبەکر سێبەری بۆ دروستکرد، ئەوسا خەڵک زانی، ئەوە پێغەمبەرە و خەڵک ڕاستەوخۆ چوون بۆ لای و لەئەبووبەکر پرسیاریان نەکرد، وەک لە پێش سێبەر دروستکردنەکە پرسیاریان لێ کردبێت. تەماشا بکە چۆن نە هەور سێبەری بۆ دروستکرد و نە دوو پەرییەکە وەک دەڵێن، پێغەمبەری نێرراوە و چۆنئەبووبەکر هەڵساوە و بە جلەکانی سێبەری بۆ دروست کردوە، لەوکاتەی کە تیشکی خۆرەکە لێی داوە.
قسەکەران لە وەڵامی ئەمەداگوتوویانە: (سێبەر دروستکردنی هەورەکە لە پێش پێغەمبەرایەتی و ورێنەکردنی پێغەمبەرایەتییە)، واتە پێشەکییە بۆ دروستکردن و جێگیرکردنی پێغەمبەرایەتییە،

لەم قسەیە ئەوەیان دەوێت، کە ورێنە پێش ناڕوونی وەحی دەبێت نەک پاش ئەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرایەتی ڕووی داوە و پێویست بە بیرکردنەوە و لەگەڵ خودا قسەکردن و ورێنە ناکات. ئەمە وەڵامێکی پێکەنیناوییە، لەبەر ئەوەی بناغەی پێغەمبەرایەتی وەحییە و لە سەر ئەمە وەستاوە و لە سەری دەوەستێت، ئەگەر سێبەرکردن هەبێت یان نەبێت، دابەزینی وەحی بەسە بۆ دروستبوون و جێگیربوونی پێغەمبەرایەتی، بەڵام لە واقیعدا پێغەمبەرایەتیکۆڵەکەکانی بە شمشێر قایم بوون و پاڵپشتییەکانی بەرجەستە بوون، نەک بە سێبەر دروستکردنی هەور، ئەگەر کارەکەیان بخستایەتە ئەستۆی سێبەر دروستکردنی هەور، نە ئیسلام هەڵدەستا و نە کەسیش دوای دەکەوت و نەکەسیش بە پێشڕەوی خۆی دەزانی.

با وا دابنێین، سێبەر دروستکردنی هەور پێش هاتنی پێغەمبەرایەتی ورێنە بوە، ئەمە هیچ وەڵامێکی ئەمەی ئێمە ناداتەوە کە تێیداین. هیچ ڕێی تێناچێت ورێنە و بیرکردنەوە لە پێغەمبەرایەتی تایبەتمەند بکرێت بەم دوو سەفەرەوە، بۆچی جگە لەمانە لە سەفەرێکی تردا نەبوە؟ لەگەڵ ئەوەی پێویستی و هۆکاری خۆی زۆرە بوە، پێغەمبەرایەتی پێش ناردنی وەحی پێویستی بە ڕای ئەوان هەیە.

ئەوەی لەم چیرۆکەدا هاتوە، حیکایەتخوانان باسی لێوە دەکەن: وای لە بوحەیرا کردوەپرسیار لە سەر زۆر شت لێبکات؛ چۆنێتیی خەوتن و حاڵی چۆنەو لەشولاری و کاروباری، وای لە پێغەمبەر کردوە وەك خۆی وەڵامی بداتەوە و هەواڵی پێ بدات، ئەوەیش هاوشێوەی ئەو سیفەتانەی هەبوە، کە لای بوحەیرا بوە، دەربارەی پێغەمبەرایەتی. ئینجا تەماشای پشتی کرد و مۆری پێغەمبەرایەتیی لە نێو شانی و لەو جێگەیەی کە لەو سیفەتەدا لای ئەو هەبوە وەک خۆی بوە. ئەوان بەم دەرپەڕینە ویستوویانە ئاماژە بەوەبکەن، محەمەد لە کتێبە کۆنەکانی وەک تەورات و ئینجیلدا بەوردی و فراوانی هاتوە، واتە بە ناوی خۆیو سیفەتی و کات و شوێنی خۆی و هەموو حاڵوئەحواڵی لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە تا مردنی باسکراوە و وەک خۆی هەبوە، لەو زەمانەدا یەک قەشەی مەسیح یان یەهوود نەبوە نەزانێت و لە کتێبە کۆنەکاندا خوێندوویانەتەوە، ئەوەیان لەمەدا زیادکردوە کە لە سەفەرەکەی بۆ شام لەگەڵ ئەبووتالیبی مامی لە کتێبە کۆنەکاندا باس کراوە، وەک لە هەندێک گێڕانەوەی تردا جگە لە ئیبن ئیسحاق و چیرۆکی بوحەیرادا هاتوە.

لە سیرەی حەلەبی کە باس لە چیرۆکی بوحەیرای قەشە دەکات، لەو کاتەدا کە بوحەیرا لەگەڵیاندا دەبێت و پەیمانیان لێ وەردەگرێت، کە نەیبەن بۆ ئەرزی شام و نەڕۆن بۆ ناو شام، ئەگەر بیناسن دەیکوژن، کە ئاوڕی دایەوە حەوت کەسی ڕۆحیی بینی و پێشوازیی لێکردن، گوتی: چی هێناونی؟ گوتیان: هاتووین بۆ ئەم پێغەمبەرە کە لەم مانگەدا دەردەچێت، واتە کە سەفەری تێدا کردوە، هیچ ڕێگەیەکی نەهێشتەوە کە خەڵکی بۆ نەنێرێت و ئێمە هەواڵمان بەم ڕێگەی تۆوە پێگەییشتوە، گوتی: ئایا شتێکتان بینیوە، خودا، بیەوێت جێبەجێی بکات و کەس بتوانێت ڕەتی بکاتەوە؟ گوتیان: نەخێر، بەیعەتیان بە بوحەیرادا بۆ ئەوەی بە سەلامەتی مامەڵە لەگەڵ محەمەددابکەن و نەیبەن و ئازاری نەدەن، وەک بۆی هاتوون، لای ئەو قەشەیە نیشتەجێ بوون لە ترسی ئەوەی نەوەك بگەڕێنەوە و ئەوەی ناردوونی بۆ ئەوەی محەمەد ببەن و بە بێ محەمەد بگەڕێنەوە بۆ لای ئازاریان بدات.

تەماشا بکە چۆن باسی ئەوەیان کردوە، کە خەڵکی شام ئەوەیان لە خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکانەوە زانیوە، کە سەفەرەکەی بۆ شام لەم مانگەدا دەبێت، خەڵکیان بۆ هەموو ڕێگەکان ناردوە بۆ ئەوەی بە دوایدا بگەڕێن و بیهێنن و بیکوژن، لەوانەیش کە نێررابوون ئەو حەوت کەسەی کە بوحەیرا قسەی لەگەڵ کردن و پەشیمانی کردنەوە، تەنانەت لای بوحەیرا نیشتەجێ بوون و نەگەڕانەوە بۆ شام، لە ترسی ئەوەی بە بێ ئەوەی محەمەد بەرن لەگەڵ خۆیاندا، بۆ ئەوەی لە لایەن ئەوەی ناردوونی نەکوژرێن.

بەڵام ئیبن ئیسحاق، لە گێڕانەوەیەکی لە سەر ئەم چەند کەسە، کە ناکۆکە لەگەڵ ئەم باسەدا، لە سیرەی حەلەبی بۆمان گواستەوە، لە سەر ئەم چەند کەسە دەڵێت: سێ کەس بوون نەک حەوت، دەڵێت: لە ئەهلی کتێبن، نەیگوتوە خەڵکی ڕۆمن، دەڵێت: ئەوان زریر و تەمام و دریس بوون، کە بە ناوەکانیان ناوی هێناون و لە سیرەی حەلەبیدایە. دەڵێت بوحەیرا ڕەتی کردەوە و محەمەدیان جێهێشت و ڕۆیشتن. نەیگوتوە لای بوحەیرا نیشتەجێ بوون لە ترسی ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە ئەوەی ناردوونی دەیکوشتن.

هەر چۆنێک بێت عەقڵی ساغوسەلیم و تەندروست بە دەنگێکی بەرزەوە بەم باسە پێدەکەنێت، لەبەر ئەوەی چەندین قسەی شڵەژاو و پۆخڵ وناڕاستی تێدایە،لەبەر ئەوەی ئەگەر تەورات

وەک دەڵێن مژدەی محەمەدی داێت، بەم وردی و فراوانییە کە پێغەمبەری ئاخیر زەمانە، بۆچی یەهوود ویستوویانە بیکوژن کە باوەڕیان بە تەوراتە؟ بۆچی دەیانەوێت بیکوژن کە مێردمنداڵێکی بچوک بوە و جارێ نەبوەتە پێغەمبەر؟ بەڵکوو هیچ شتێکی وای لێ دەرنەکەوتوە وا پیشان بدات واتای پێغەمبەرایەتی بزانێت چییە. لەبەر ئەوەی ئێمە دواتر قسە لە سەر ئەم بابەتە لە بەشێکی ئەم نووسینەدا دەکەین، بۆیە قسە لەم بابەتە بۆ ئەوێ جێدەهێڵین. بەڵام مۆری پێغەمبەرایەتی لە قسەی ئیبن ئیسحاقدا هاتوە: (ئینجا تەماشای پشتی کرد، مۆری پێغەمبەرایەتی لە نێوان شانیدا بینی) قسەمان لە سەر ئەمە کرد و پێشتر ڕوونمان کردەوە. تەماشای نووسینەکەمان بە ناونیشانی (مارکەی ئیلاهی) بکە. ئینجا گوتی: (کاتێک بوحەیرا تەواو بوو هات بۆ لای ئەبووتالیبی مامی و پێی گوت: ئەم مێردمنداڵە چیی تۆیە؟ گوتی: کورمە. بوحەیرا پێی گوت: کورت نییە و نابێت ئەم مێردمنداڵە باوکی هەبێت، گوتی: برازامە، گوتی: باوکی چیی کردوە؟ گوتی: لە کاتێکدا دایکی بەم دووگیان بوە باوکی مردوە.گوتوویەتی: ڕاست دەکەی. برازاکەت بگەڕێنەوە وڵاتەکەی و ئاگات لێی بێت لە یەهوود، بەخودا ئەگەر بیبینن و بیناسنەوە کە چۆن من ناسیم، تووشی شەڕی دەکەن، ئەم برازایەت پێگەیەکی گەورەی دەبێت، خێرا بیگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی.ئەبووتالیبی مامی خێرا دەرچوو تا پاش ئەوەی لە بازرگانییەکەی لە شام تەواو بوو، گەڕاندییەوە بۆ مەککە. لێرەدا لە گێرانەوەکەدا هەڵەی زمانەوانیشیان کردوە.

ئەم قسەیەی بەم شێوەیە کرا لە نێوان بوحەیرا و ئەبووتالیب، وەک گفتوگۆ بە پرسیار و وەڵام، حیکایەتخوانان بە هەمان شێوە و دەربڕین کە بە هیچ شێوەیەک گۆڕانێکی تێدا نەبێت لە هەموو شوێنێک باسکراوە، هەموو قەشەیەک ئەگەر محەمەدی بەو منداڵییەوە دیتبا پرسیارەکەی بوحەیرای لێ دەکرد و وەڵامەکەی ئەبووتالیبی دەدایەوە و ئاگاداریدەکردەوە لە یەهوود وەک ئاگادارکردنەوەی بوحەیرا. گێرەوان کە باسی ئەم سەفەرەیان کردوە،گوتوویانە پێش ئەوەی بگەن بە سەرای شام و پێش ئەوەی لە نزیک کەنیسەی بوحەیرا دابەزن، بە دوو شوێنی قەشەی تردا تێپەڕیون و تێیدا دابەزیون و، ئەوەی لە نێوان بوحەیرا و ئەبووتالیبدا کرا، لەگەڵ ئەوانی تریشدا هەمان قسەیان کردوە، لە سیرەی حەلەبیدا لە موحیبی تەبەرییەوە وەرگیراوە، لەو کاتەی کە لەگەڵ خۆیدا بردنی (واتەئەبووتالیب) تا لای قەشەیەک کەخاوەنی پەرستگایەك بوو دابەزی و پێی گوت: ئەممێردمنداڵە چیی تۆیە؟ گوتی: کورمە. گوتی: کورت نییە و دەبێت باوکی نەمابێت، ئەمە پێغەمبەرە.ئەبووتالیب بە خاوەن پەرستگاکەی گوتوە، پێغەمبەر چییە؟گوتوویەتی: کە هەواڵی لە ئاسمانەوە بۆ دێت و ئاگاداری خەڵک دەکاتەوە و پێشبینی دەکات.ئەبووتالیب گوتی: تو خودا ئەوەی دەیڵێیت دوای بخە، گوتی: لە یەهوود بیپارێزە. ئینجا دەرچوو (واتەئەبووتالیب) تا لای قەشەیەکی تر دابەزی. پێی گوت: ئەم منداڵە کێیە؟ گوتی: کورمە. گوتی: کورت نییە و نابێت باوکی مابێت. گوتی: بۆچی؟ گوتی: لەبەر ئەوەی ڕوومەتی ڕوومەتی پێغەمبەرە و چاوی چاوی پێغەمبەرە،ئەبووتالیب گوتی: سوبحانەللا، توو خودا ئەوەی دەیڵێیت دوای بخە. ئینجائەبووتالیب بە پێغەمبەری گوتوە: ئەی برازا گوێت لێیە چی دەڵێت؟گوتوویەتی: بەڵێ نابێت توانای خودا لەبەرچاو نەگیرێت.

حیکایەتخوانان بە دووبارەکردنەوەی ئەم گفتوگۆیە ویستوویانە ئەوەی لە کتێبە کۆنەکاندا هاتوە، دووپاتیبکەنەوە، بەو سیفەتە باسی محەمەد دەکات، تەنانەت باس لەوە دەکات، باوکی دەمرێت لەو کاتەی لە منداڵدانی دایکیدا دەبێت و کە منداڵ دەبێت دایکی دەمرێت.

ئەوەی دەیبینین، ئەم گفتوگۆیەی نێوان بوحەیرا و ئەبووتالیب پێش دوو گفتوگۆکەی ترن، واتە چیرۆکەکەی بوحەیرا بناغەیە و لەوێوە حیکایەتخوانان دوو هاوشێوەی تریان بۆ دروست کردوە و خستوویانەتە پێش چیرۆکەکەی بوحەیراوە بۆ ئەوەی دووپاتیبکەنەوە و ئەو دوانە پێشەکی بن بۆ ئەوەی لە نێوان بوحەیرا و ئەبووتالیب ڕووی داوە.

ئەوەی وامان لێدەکات ئەم بۆچوونەمان هەبێت ئەوەیە، چیرۆکەکەی بوحەیرا ڕووی داوە، ئەگەریش گێرەوان هەندێک شتی ناواقیعییان سەر خستوە کە ڕووینەداوە، ئەوەی پشتگیریی ڕوودانی دەکات، کە شوێنەکەی ناسراوە و ناوی قەشەکەی تێدا باسکراوە، بەپێچەوانەی دوو گفتوگۆکەی تر، کە شوێنەکەیان نادیارە و ناوی قەشەکان نەگوتراون، کە دەتوانرێت نزیک بکرێنەوە و ببێتە بەڵگە.

ئەوەی بەدڵمانە لەو دوو گفتوگۆیەی لە نێوانئەبووتالیب و دوو قەشەکە دانراوە، ئەوەی لە قسەیئەبووتالیبدا هاتوە بۆ هەر قەشەیەکیان، کە پێیان گوتوەمحەمەد پێغەمبەرە: (خودا ئەمە

دوابخە) ئێمە سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم ڕستەی نیشانەیە ڕادەکێشین، کە ئەوەیگوتوویەتیئەبووتالیبە و ئەوەی بەناویئەبووتالیبەوە دروستیکردوە، ڕێز لە خودا بە باشی دەگرێت و لە محەمەد زیاتر، بێگومان خودا لەوە گەورەترە و بە شکۆترە کە کەسێک بنێرێت بۆ لای خەڵک هەواڵی ئەوەیان بداتێ کە چیی دەوێت. ئەمە بۆ ئەوێکی کارای ڕەها نەگونجاوە و بۆ بوونێکی هەمەگیری نەمری ناکۆتایی نەشیاوە.

لە نامۆییەکانی ئەم چیرۆکە ترسی بوحەیرایە لە یەهوود لە سەر محەمەد و ئاگادارکردنەوەیئەبووتالیبە لە شەڕخوازییان، تا زۆر جەختی لەئەبووتالیب کردوەتەوە و ئامۆژگاریی کردوە و داوای لێکردوە نەچێتە نێو شامەوە و یەکسەر بیگەڕێنێتەوە بۆ مەککە.

وەک باس دەکرێتئەبووتالیب گوێی لە ئامۆژگارییەکەی بوحەیرا گرتوە لە گێڕانەوەی خێرای بۆ وڵاتەکەی وەک ئیبن ئیسحاق و خەڵکی تریش باسیان کردوە، بەڵام تەماشای دەستەواژەی ئیبن ئیسحاق بکەن و تێڕامانی تێدابکەن، دەبینی لە ڕێکخستنیدا یاری بە واتاکەی کراوە،گوتوویەتی: (ئەبووتالیبی مامی خێرا پاش تەواوبوون لە بازرگانییەکەی گەڕاندییەوە بۆ مەککە). ئەگەر ئەوە بخوێنیتەوە، کە ئەبووتالیبی مامیخێرا گەڕاندییەوە بۆ مەککە، لەو باوەڕەدا دەبیت بەڵکوو یەکلادەبیتەوە،ئەبووتالیبمحەمەدی نەبردوە بۆ نێو شام، بەڵکوو خێرا لە لای بوحەیراوە گەڕاوەتەوە بۆ مەککە. ئەمەیش وا پێویست دەکات،ئەبووتالیب لە کاروانەکە جیا بێتەوە و بار و بازرگانییەکەی بەجێهێشتبێت و بە تەنها محەمەدی گەڕاندبێتەوە بۆ مەککە، بەڵام ئەم باوەڕەت دەڕەوێتەوە، ئەگەر پاشماوەی ڕستەکە بخوێنیتەوە، کە دەڵێت "کاتێک لە بازرگانییەکەی لە شام تەواو بوو". لەوێدا دەزانیت،ئەبووتالیبمحەمەدی بردوەتە نێو شامەوە و یەکسەری نەیگەڕاندوەتەوە بۆ مەککە، تا لە بازرگانییەکەی بوەتەوە ئینجا گەڕاوەتەوە، لێرەدا هیچ واتایەک بۆ "خێرا" نامێنێت، لەبەر ئەوەی گەڕانەوەی لە پاش کۆتاییپێهێنان بە بازرگانییەکەی کارێکی سروشتییە، وەک هەمیشە وا دەبێت و هیچ خێراییەکی تێدا نییە.

ئەگەر خێرایشی نەکردایە هەر لە پاش بازرگانییەکەی دەگەڕایەوە، بەڵام دەڵێن ئەبووتالیب بە تەنها گەڕاوەتەوە و چاوەڕێی کاروانەکەی نەکردوە، کەچی حیکایەتخوانان باسی ئەمەیان نەکردوە و بە هیچ شێوەیەک شتێکیان نەگوتوە ئەمە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام قسەی گێڕەوان لە بارەی ئەوەی، چۆن محەمەد گەڕایەوە و لەگەڵ کێدا گەڕایەوە... شڵەژانی پێوە دیارە؟ لە گێڕانەوەیەکی ئیبن ئیسحاق دەڵێت، ئەوەی گەڕاندوویەتیەوەئەبووتالیبی مامی بوە، بەڵامپێمان ناڵێت، لە کاروانەکە جیابوەتەوە، بەتەنها گەڕاوەتەوە یان لەگەڵ کاروانەکەدا ماوەتەوە، کە دەڵێت "خێرا" وا فەرز دەکات، لە کاروانەکە جیابووبێتەوە و بەتەنها محەمەدی گەڕاندبێتەوە، ئەمەیش دوورە و هیچ هەواڵێکی لەم جۆرەمان نییە، دەڵێت "کە لە بازرگانییەکەی تەواوبوو" وا فەرز دەکات، لەگەڵ کاروانەکەدا گەڕابێتەوە و لەوێیشدا هیچ واتایەک بۆ "خێرا" نامێنێت.

لە گێڕانەوەیەکی تردا،ئەبووتالیب لەگەڵ هەندێک مێردمنداڵدا ناردوویەتی بۆ مەدینە وەک لە (الهدی)دا هاتوە. ئەم گێڕانەوەیە وا حکوم دەکات، لە لای بوحەیراوە گەڕابێتەوە و مامی لەگەڵ خۆیدا نەیبردبێت بۆ شام. لە گێڕانەوەیەکی تردا کە ئەمە نامۆیە، بیلال وئەبووبەکری لەگەڵدا ناردوە، بەڵامحەقیقەتی زانراو لەوێدایە،ئەبووبەکر و بیلال لەم سەفەرەدا لەگەڵیدا نەبوون، ئەوان منداڵی بچوک بوون،ئەبووبەکر لە محەمەد بچوکترە، بیلالیش لەئەبووبەکر بچوکترە لە تەمەندا و ئەو نە لەگەڵئەبووبەکردا بوە و سەر بە ئەو نەبوە، تا سی ساڵ پاش ئەم سەفەرە وەک لە سیرەی حەلەبیدا باسکراوە، کە لە ڕاستیی بنەڕەتییەکەوە باسکراوە. نەئەبووبەکر ئەوەی تێدا بوە کە بینێرێت و نە بیلالیش ئەو کەسە بوە کە نێرراو بێت، بەڵام ئەم گێڕانەوانە پشتگیریی ئەوە دەکەن کە باسمان کرد، ئەوەی چیرۆکی بوحەیرا دروستکراوە و حیکایەتخوانان بۆیان خستوەتە سەر، کە لە واقیعدا نەبوە.

ئەمەی بۆمان کرا لە سەر چیرۆکی بوحەیرا نووسیمان، تۆیش ئەی خوێنەری بەڕێز ئازادیت و بڕاردەتلە بەردەمدایە.

(24)

دوەم سەفەری بۆ شام

سەفەری دوەمی بۆ شام لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجەی کچی خوەیلدی کچی ئەسەد بوو، محەمەد لەو کاتەدا تەمەنی بیستوپێنج ساڵ بوە، بەوپێیەی کە شەش جار

باسیکراوە.
با قسەی ئیبن ئیسحاقت دەربارەی ئەو سەفەرە بۆ باس بکەین، لە سیرەی هشامیدا گوێزراوەتەوە، دەڵێت: خەدیجەی کچی خوەیلد ژنێکی بە شەرەف و خاوەن پارە و بازرگان بوو و پیاوی بە کرێ دەگرت بۆ بازرگانیکردن بەو پارەیەی هەیبوو، بە شێوەیەک کە قازانجی بارەکە بۆ خۆی بێت.قورەیش قەومێکی بازرگان بوون، کاتێک هەواڵی ڕاستگۆیی لە قسەکردن و ئامانەتپاراستن و ئەخلاق و جوانیی پێغەمبەری پێگەیشت، ناردی بە دوایدا و ئەوەی خستە بەردەستی کە بە پارەی ئەو بچێت بۆ شام بۆ بازرگانی و، ئەگەر ڕازی بێت، لە خەڵکانی تر کرێی باشتر و زۆرتری دەداتێ. پێغەمبەری خودایش ڕازی بوو و قبوڵی کرد،پێغەمبەری خودا بە پارەکەی دەرچوو بۆ بازرگانی و، خەدیجە مەیسەرەی غوڵامیشی لەگەڵدا نارد، تا گەییشتنە شام، لە سێبەری درەختێک دابەزی، لە نزیک قەشەیەک لە قەشەکان، قەشەکە تەماشای مەیسەرەی کرد و پێی گوت: ئەو پیاوە کێیە کە لە ژێر درەختەکەدایە؟ مەیسەرە پێی گوت: ئەمە پیاوێکە لە قورەیش لە خەڵکی حەرەم، قەشەکە پێی گوت: هیچ کەسێک لە ژێر ئەم درەختە دانەبەزیوە پێغەمبەر نەبێت، ئینجا پەیامبەری خودا ئەو کاڵانەیهێنابوونی فرۆشتنی و ئەوەی دەیویست کڕی و،لەگەڵ مەیسەرەدا ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ مەککەگرتەبەر. وەک دەڵێن، مەیسەرە لە قرچەی گەرمای نێوەڕۆوە، دوو پەریی بینیوە کە سێبەریان بۆ پێغەمبەر دروست کردوە، لەوکاتەی کە بە سەر پشتی حوشترەکەوە بوە.کاتێک بە پارەکەیەوە هات بۆ لای خەدیجە لە مەککە، ئەوەی فرۆشتبووی پارەکانی دووقات بوو و زیادی کردبوو، مەیسەرە قسەی قەشەکەی پێ ڕاگەیاند، ئەوەی سێبەری دوو پەرییەکەی بینیوە، کە بۆ محەمەد دروستیان کردوە.
ئەمە قسەی ئیبن ئیسحاقە کە وەک دەیبینن زۆر ساکار و کاڵفامانەیە، هیچی تێدا نییە کە مایەی سەرسوڕمان بێت، جگە لە دوو شت: قسەی درەختەکە و سێبەری دوو پەرییەکە، دواتر قسەی لە سەر دەکەین.
ئەوەی جێگەی ئاوردانەوەیە لەم باسەدا ئەوەیە، ئیبن ئیسحاق باسی کەسی نەکردوە جگە لە محەمەد و مەیسەرە، لە قسەکەیدا دەردەکەوێت، هەردووکیان بە تەنها ڕۆیشتبن و کەسێک لە بازرگانەکانی قورەیشیان لەگەڵدا نەبووبێت. ئەمەیش زۆر دوورە لەو بارەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان گەر بیانویستایە دەربچن بۆ بازرگانی، بەتایبەتی بۆ وڵاتێکی دووری وەک شام، کۆدەبوونەوە و کاروان و باریان هەڵدەگرت و بە هاوکاری و یەکگرتوویی و پێکەوە دەردەچوون، زۆر دوورە کە محەمەد و مەیسەرە بەتەنها دەرچووبن بۆ شام، ئەگەر وابێت بۆچی باسی کەس نەکراوە کە لەگەڵ محەمەد و مەیسەرە دەرچووبن، بە پێچەوانەی سەفەری یەکەم وەک زانیمان کە ئیبن ئیسحاق قسەی لە سەر کۆمەڵێک بازرگانی کردوە، نەک بەتەنها محەمەد. هەندێک جار بە قەوم ناوی بردوون و هەندێک جاریش بە سەرنشین. لە قسەکانی خەڵکی تری غەیرە ئیبن ئیسحاقدا هاتوە، لەگەڵ مەیسەرە دەرچوون بۆ شام، مامەکانی بە خەڵکی کاروانەکەیان گوتوە ئاگاداری بن، وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئەمەیش بەڕوونی دەریدەخات کە خۆی و مەیسەرە بە تەنها نەڕۆیشتوون بۆ شام، بەڵکوو لەگەڵ کاروان و باری قورەیشدا دەرچوون، بۆیە لەوێدا گێڕانەوەکەی ئیبن ئیسحاق لە سەرسوڕمان بەدەر نییە.
هۆکاری بەکرێگرتن
با باس لەو هۆکارە بکەین کە وای لە خەدیجە کرد محەمەد بە کرێ بگرێت بۆ بازرگانییەکەی و لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامیدا بینێرێت بۆ شام، دەڵێین: ئەگەر تەماشای قسەی ئیبن ئیسحاق بکەین دەزانین، یەکەم: خەدیجە خەڵکی بە کرێگرتوە بۆ بازرگانییەکەی. دوەم: هۆکاری بەکرێگرتنی محەمەد لەم جارەدا، ئەوە بوە زانیویەتی محەمەد خاوەن ئەخلاقێکی باش و ڕاستگۆ و خاوەن ئەمانەت بوە، وەک هەواڵی لەو بارەوە پێگەیشتوە، واتە کە زانیێتی محەمەد ئەخلاقی جوانە، ئەمە هۆکارێکی گرینگ و مەعقووڵە، بەڵام لە گێڕانەوەکاندا باس لە شتی تر دەکەن. لە سیرەی حەلەبیدا لە باسکردنی سەفەرەکەی بۆ شام لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجە، هۆکاری ئەوەیئەبووتالیبی مامی پێی گوتوە ئەی برازا؛ من پیاوێکم پارەم نییە و زەمانە و ساڵی نەبوونی و قاتوقڕی زۆری بۆ هێناوین، نە پارە و نە بازرگانییشمان هەیە، ئەمەیش باری قەومەکەتە، وا بەرەو شام بە ڕێدەکەون و خەدیجە پیاو دەنێرێت بۆ بازرگانی بۆ شام و بە پارەکەی بازرگانیی بۆ دەکەن و، قازانجی لێدەکەن، ئەگەر بڕۆیت بۆ لای و پێی بڵێیت، لە خەڵکی تر زیاتر تۆی بە دڵ دەبێت، لەبەر ئەوەی هەواڵی پاکی و خاوێنیی تۆی پێگەیشتوە،

هەرچەند پێم ناخۆشە بڕۆیت بۆ شام و لە یەهوود دەترسم دەربارەی تۆ، بەڵام لەوە زیاتر هیچمان پێ ناکرێت. پەیامبەری خوداگوتوویەتی: دەشێت بمنێرێت،ئەبووتالیب گوتی: دەترسم کەسێکی تر بنێرێت و کارەکەی ڕێکخستبێت.
لە یەک جیابوونەوە و هەواڵەکە گەییشتە خەدیجە، گوتی: نەمزانی ئەمەی ویستبێت، ناردی بە دوایدا، گوتی: ئەوەی پاڵی پێوە نام بە دواتدابنێرم، لەبەر ئەوەی ڕاستگۆیی قسەکانت و گەورەیی ئەمانەتت و جوانی و ئەخلاقت پێم گەییشتوە، من دوو قات ئەو پارەیەت دەدەمێ، کە دەیدەم بە خەڵکی تر لە قەومەکەت. پەیامبەر ڕازی بوو،ئەبووتالیبی مامی بینی و ئەوەی پێی گوت، ئەویش گوتی: ئەمە ڕزقێکە خودا بۆی ناردوویت، لەگەڵ غوڵامەکەی خەدیجە بەرەو شام کەوتنە ڕێ.
بە تەماشاکردنی ئەمە بۆمان دەردەکەوێت، هۆکاری سەرەکیی ئەوەی وای لە خەدیجە کرد بێت محەمەد بە کرێ بگرێت، ئەوەیە، لە گفتوگۆیئەبووتالیب و ئەودا گەییشتوە بە خەدیجە، نەک ئەوەی لە لایەکی ترەوە پێگەییشتبێت کە خاوەن ئەخلاقی جوان بێت. ئەگەر بڵێیت لەو کاتەداناردوویە بە دوایدا، پاش ئەوەی گفتوگۆکەی لەگەڵ مامیدا کردوە و ئەم پێی زانیوە، پێی گوتوە: "ئەوەی وای لێکردم بنێرم بە دواتدا، لە ڕاستگۆیی قسەکانت...هتد" ئەمە ڕاشکاوانەیە کە هۆکاری بەکرێگرتنی،پشتبەستن بوە بەو هەواڵەی پێی گەییشتوە، کە ئەخلاقی جوان و شتە باشەکانی تری وەک ئیبن ئیسحاق باسی کردوە. من دەڵێم ئاگاداربوونی خەدیجە بەتەنها لە ئەخلاقجوانیی پێغەمبەرەوە نەبوە، بۆ ئەوەی بە کرێی بگرێت بۆ بازرگانییەکەی، لەوانەیە لەگەڵ ئەوەیشدا کە بیشزانێت ئەخلاقی جوانە، بەڵام نەیزانیوە دەیەوێت بە کرێگرتەیی بۆ کەسێک کاربکات، وەک قسەی لە سەر کردوە، لەو کاتەدا کە گفتوگۆکەیئەبووتالیبی پێگەییشتوەگوتوویەتی: نەمزانی ئەوەی دەوێت. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، خەدیجە پێش ئەوەی بنێرێت بەدوایدا، لە بارەی ئەخلاقی جوانی محەمەدی زانیوە و، ناسیویەتی و ئەخلاقیشی ناسیوە، بە ماوەیەکی زۆر پێش ناردنی بە دوایدا ئەوەی زانیوە، لەبەر ئەوەی محەمەد لە مەککە بە (امین-ئەمانەتپارێز) ناسرابوو و خەسڵەتی جوان و خێری تێدا بوو، بەڵام تا قسەکانیئەبووتالیبی پێنەگەییشتوە و نەیزانیوە ئەوەی دەوێت،کە زانیویەتی ئینجا ناردوویەتی بەدوایدا. وابێت هۆکاری سەرەکیی ناردنی بە دوای محەمەددا لە لایەن خەدیجەوە، ئەو گفتوگۆیەیئەبووتالیب و محەمەد بوە.
ئەگەر بڵێین چی دەبێت ئەگەرهۆکارەکە ئەمە بێت، یان ئەویتر؟
دەڵێم: ئەگەر هۆکارەکەی ئەوە بێت، کە گفتوگۆکەی پێگەییشتوە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە،محەمەد لە بازرگانیدا هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ خەدیجەدا نەبوە، ئەم سەفەرەی ئەم جارە یەکەمجارە، وەک کرێگرتەیەکی خەدیجە بازرگانیی بۆ کردوە، پێشتر هیچ بازرگانییەکی بۆ نەکردوە. ئەگەر بازرگانیی بۆ کردبێت،ئەبووتالیب ئەوەی نەدەگوت کە لە گفتوگۆکەدا بە محەمەدی گوتوە. ئەگەر هۆکارەکە ئەوە بێت کە ئیبن ئیسحاق باسیکردوە، ئەوەی ئەخلاقجوانی و ڕاستگۆیی و سیفەتە جوانەکانی محەمەدی پێگەییشتبێت، ئەمە وا فەرز ناکات کە محەمەد پێشتر بازرگانیی بۆ نەکردبێت، بەڵکوو لەوانەیە وەک کرێگرتە بازرگانیی بۆ کردبێت، لەبەر ئەوەی جوانیی ئەخلاقی زانیوە و ناوبانگی بە ڕاستگۆییی پێش سەفەرەکەی بە ماوەیەکی درێژ زانیوە، لەوانەیە محەمەد پێش ئەم سەفەرە، سەفەری تری بۆ خەدیجە کردبێت.
زیاتر لەوەوە نزیکە کە قسەکانیئەبووتالیب لە دروستکراوی حیکایەتخوانان بێت، لەبەر ئەوەی خەدیجە پێش ئەوەی محەمەد بۆ یەمەن بنێرێت،بۆ شامی ناردوە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: "لە مزگەوتی بچوکدا بە دەقگوتوویەتی: "دووجاری جیاواز کرێگرتەییم بۆ خەدیجە کردوە."گوتوویەتی: لە یەکەم سەفەردا لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی یان کۆیلەی ناردوویەتی بۆ بازاڕی حەباشە، شوێنێکە لە ئەرزی یەمەن، شەش شەو لە مەککەوە دوورە، لەوێدا و لە سەرەتای مانگی ڕەجەبی هەموو ساڵێك، سێ ڕۆژ شت دەکڕن، جلوبەرگ و کوتاڵیان کڕیوە و گەڕاونەتەوە مەککە و قازانجێکی باشیان لێکردوە، لە سەفەری دوەمدا لەگەڵ مەیسەرەی کۆیلەی ناردوویەتی بۆ شام.
لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، سەفەرەکەی لەگەڵ مەیسەرە بۆ شام سەفەری دوەمی بوە بۆ خەدیجە کردبێتی و یەکەم سەفەری نەبوە، بەڵکوو لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامیدا وەك کرێگرتەیەك سەفەریشی کردوە بۆ بازاڕی حەباشە.

له (معجم البلدان)دا دەڵێت: حەباشە بازاڕێکە لە بازاڕەکانی عەرەب لە جاهیلیەت، لە قسەی عەبدولڕەزاق لە موعەمەر لە زوهری وەرگیراوە، دەڵێت: کاتێک پەیامبەری خودا گەورە بوو و پێگەییشت و پارەی زۆری نەبوو، خەدیجە بەکرێگرتەیی ناردی بۆ بازاڕی حەباشە کە بازاڕێکە لە توهامە و پیاوێکی تری لە قورەیش بە کرێگرتەیی لەگەڵدا نارد، پێغەمبەری خودا لەو بارەوە دەڵێت: هیچ خاوەنکارێکی کرێگرتەیی باشترم لە خەدیجە نەبینیوە کە خەڵك بەکرێ بگرێت، .هیچ کاتێک من و هاورێکەم نەهاتینەوە، کە خەدیجەخۆشترین چێشتی بۆ ئامادە نەکردبین
بە تەماشاکردنی ئەم قسەیە وا دەردەکەوێت، ئەوەی لەگەڵیدا بوە بۆ بازاڕی حەباشە پیاوێکی قورەیشی بوە نەک مەیسەرە، کە لە گێڕانەوەی خاوەنی سیرەی حەلەبیدا هاتوە،
سەفەرەکانی بۆ حەباشە زۆرن، جارێک لەگەڵ مەیسەرە و جارێک لەگەڵ پیاوێکی تری قورەیشی. ئەم قسەیە وات لێدەکات، ئاوری لێبدەیتەوە و ئاگاداری بیت، ئەوەی لەمەدا تێدەگەیت کە دەڵێت: "هیچ کاتێک نەگەڕاوینەتەوە...هتد" ئەم قسەیەیش ئەوەمان نیشان دەدات کە زۆرجار بە کرێگرتەیی بۆ خەدیجە سەفەری کردوە، لەبەر ئەوەی ئەم قسەیە ئەوەی لێ هەڵناهێنجرێت کە یەک سەفەری کردبێت. لەبەر ئەوەی لە واتادا وەک دەڵێن: هەر کاتێک گەڕاوینەتەوە چێشتی خۆشی بۆ لێناوین، ئەوەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە پشتگیریی ئەمە دەکات وەک لە (مستدرك الحاكم) دا دەڵێت: زەهەبی ڕاستی کردەوە و بڕیاری لە سەر داوە لە جابرەوە، خەدیجە دووجار محەمەدی بە کرێ گرتوە بۆ جورەش "شوێنێکە لە یەمەن" هەر سەفەرێک بە بارە حوشترێک.بەم شێوەیە بێت، محەمەد چوار جار سەفەری بۆ خەدیجە کردوە، .جارێک بۆ بازاڕی حەباشە، دووجار بۆ جورەش، جارێکیش بۆ شام

قسەی درەختەکە و سێبەری دوو پەرییەکە
پێشتر باسی قسەی ئیبن ئیسحاقمان لە سەر سەفەرەکانی کرد، کە گوتی: پێغەمبەری خودا لە سێبەری درەختەکەدا دابەزی، کە لە کەنیسەی قەشەیەک لە قەشەکانەوە نزیک بوو، قەشەکە تەماشایەکی مەیسەرەی کرد و پێی گوت: ئەمە کێیە، گوتی: پیاوێکە لە قورەیش لە خەڵکی حەرەم، قەشەکە پێی گوت: هیچ کەسێک لە ژێر ئەم درەختەدا دانەبەزیوە، پێغەمبەر نەبێت. با لەم دەستەواژە و دەرپڕینە و ئەوەی لە دووتوێ و لە پشتییەوەیە، بۆت ڕوونبکەینەوە، یەکەم: ئەو چیرۆکەی بوحەیرای قەشەیشمان زانی کە لە سەفەری یەکەم، لە سەر سێبەری هەورەکەی محەمەد، لە کاتی دابەزینی محەمەد لە ژێر درەختەکە و خۆلارکردنەوەی لقی درەختەکە بۆ دروستکردنی سێبەر بۆ محەمەد، بەڵام لەم سەفەرەدا حیکایەتخوانان ویستوویانە بە شێوەی چیرۆکەکەی بوحەیرا دووبارەیبکەنەوە و، ئەوەیان ویستوە کردوویانە، بەڵام هەندێکیان زیادیان خستوەتە سەر و هەندێکیان لێیان کەم کردوەتەوە، بەڵام ئیبن ئیسحاق لێرەوە بە شێوەیەکی کورت نەک درێژخایەن، نادیار یان ناڕوون باسی کردوە، نە ناوی قەشەکەی هێناوە وەک لە یەکەمدا ناوی هێنراوە، بەڵکووگوتوویەتی قەشەیەک لە قەشەکان، ئیبن ئیسحاق ناوی ئەم قەشەی هێناوە و دەڵێت"پێی دەڵێن نەستورا". ئیبن ئیسحاق شوێنەکەی بەنەزانراوی هێشتوەتەوە، کە لێی دابەزیوە و دیاریی نەکردوە، بەڵام ئەوانی تر باسیان کردوە و دیارییان کردوە، کە دەڵێن لە "بازاڕی بەسرا"نزیک شام دابەزیوە. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: قەشەکە هەورەکەی بینیوە کە سێبەری بۆ محەمەد دروست کردوە، وەک لە چیرۆکەکەی بوحەیرا باسیکردوە، بەڵام گۆڕانکاریی بەسەردا هێناوە کە دواتر باسی دەکەین. لە سەر گێڕانەوەی ئەم ئیبن ئیسحاقە، قەشەکە قسەی لەگەڵ محەمەد نەکردوە و شانیشی دەرنەخستوە و تەماشای نەکردوە، وەک بوحەیرا لە جاری یەکەمدا کردی، بەڵام ئەوانی تر دەڵێن قسەی لەگەڵدا کردوە و تەماشای شانیشی کردوە. لە سەر گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق بێت، قەشەکە بە دابەزینی محەمەد لە ژێر درەختەکەدا زانیوە، کە محەمەد پێغەمبەرە، هیچ باسی لەوە نەکردوە کە سیفەتەکانی دەزانێت، وەک ئەوەی لە کتێبە کۆنەکاندا هاتوە، وەک لە چیرۆکەکەی بوحەیرا باسی کردوە، بەڵام ئەوانیتر لە حیکایەتخوانان ئەمەیان گوتوە کە باسی دەکەین، ئەمەیە ئەو جیاوازییانەی کە لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقدا هاتوە، لە نێوان قەشەکە لەگەڵ ئەوەی پێشووتر (بوحەیرا) دا. ئەوەی لەم گێڕانەوەدا هەیە ئەوەیە، قەشەکە تەنها بە دانیشتنی محەمەد لە ژێر دارەکەدا زانیویەتی کە محەمەد پێغەمبەرە، لە سەر ئەوە دەڵێت: (کەس لە ژێر ئەو درەختە دانەنیشتوە پێغەمبەر نەبێت) ئەمە دەرخستنێکی نامۆیە لە شێوەدا، وا دیارە دەیەوێت بڵێت ئەم درەختە لە زەمانی عیسای کوری مریەمەوە هەیە، کە لە ژێر سایەیدا دانیشتوە، هیچ کەسێک لە ژێریدا دانانیشێت جگە لە پێغەمبەران، واتە هیچ کەسێک

لە پاش عیساوە لە ژێریدا دانەنیشتوە، واتە پاش عیسا پێغەمبەری تر نەبوە، کە زانی محەمەد لە ژێریدا دابەزیوە، زانیویەتی کە پێغەمبەرە، ئەگەر ئەمەی ویستوە وا نەبێت، ئەم لەیەکنزیکبوونەوەیەی نەبوە و دەرخستنەکە و پێشبینییەکەیش ڕاست دەرنەدەچوو. وەک ئەوەی بڵێت ئەگەر ئەم پیاوە پێغەمبەر نەبێت لە ژێر ئەم دارەدا دانەدەبەزی، لەبەر ئەوەی قەت هیچ کەسێک لە ژێریدا دانەنیشتوە پێغەمبەر نەبێت، بەڵام کە لە ژێریدا دابەزی، دەبێت پێغەمبەر بێت، لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، کە عیسای کوڕی مەریەمگوتوویەتی: هیچ کەسێک لە دوای من لە ژێر ئەم دارەدا دانابەزێت جگە لە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار.
نازانم تەنها محەمەد لە ژێر دارەکەدا دانیشت یان مەیسەرە و خەڵکی تریشی لەگەڵدا بوە لە خاوەنبارەکان، حیکایەتخوانان هیچیان لەو بارەیەوە بۆ باس نەکردووین، ئەگەر مەیسەرە و خەڵکی تریش لە ژێریدا دابەزیون، پێشبینییەکەی ڕاست دەرنەچوە، ئەگەرنا ئەوانەی لە ژێریدا دانیشتوون بەوپێیە دەبێت پێغەمبەر بن، ئەگەر بە تەنها خۆی بوویێت، ئەوا پێشبینییەکەی ڕاست بوە، بەڵام زۆر دوورە بە تەنها خۆی دابەزیبێت، ناشێت وا ڕوویدات، دەبێت مەیسەرەی هاوڕێی دابەزیبێت و لە ژێر دارەکە لەگەڵیدا بوویێت.
ئەوەی باسمان کرد لە سەر گێڕانەوەی "قسەکانی عیسای کوڕی مریەم": هیچ کەسێک دوای من لە ژێر ئەم دارە دانابەزێت جگە لە پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار، وا حکوم دەکات کە ئەم دارە لە زەمانی عیساوە ماوەتەوە، دەبێت ئەو دارە نەبێت کە لە چیرۆکەکەی بوحەیرا قسەی لە سەر کرا، لەبەر ئەوەی ئەو دارەی قسەی لە سەر کرا خەڵکی غەیرە پێغەمبەر لە ژێریدا دادەنیشتن، وەک پێشتر لە چیرۆکەکەی بوحەیرادا هات، گوتمان قەومەکە لە ژێریدا لەگەڵ محەمەددا دابەزیون، دەبێت ئەو دارەی کە هیچ کەسێک جگە لە پێغەمبەران لە ژێریدا دانانیشت ئەمە نەبێت؟ کورتەی قسەکانمان ئەوەیە، ئەم دارە هیچ کەسێک دوای عیسا لە سایەیدا دانەنیشتوە، تا محەمەد لە ژێریدا دانیشت، لە نێوان ئەو و عیسا پێنجسەد ساڵە، بەدرێژاییی ئەو ماوەیە قەت کەس لە سایەیدا دانەنیشتبێت، وەک قسەکان وا حکوم دەکەن، "قەت" ئاوەڵناوێکە بۆ کاتێکی بەسەرچوو، کە تایبەتە بە ڕەتکردنەوەوە، وەک ئەوەی قەتنەمکردوە لە ژیانمدا، لە ئیعرابی عەرەبیدا، لەو کاتەدا بۆ ئەمە دێت، وەک دەڵێین قەت وام نەکردوە، وەک ئەوەیە لەو ڕۆژەوەی لەدایکبووم تا ئەمڕۆ، ئەوەم نەکردوە.
بێگومان دارێکی لەم جۆرە دەبێت لە سەر ڕێگەی هاتوچۆکەراندا بێت، لە شوێنێکدا سەوز بوە کە جێی دابەزینی کاروانچییان بێت و لە شوێنی نیشتەجێی خەڵکەوە نزیک بێت، مەحاڵە بەدرێژاییی ئەم ماوەیە کەس لە ژێریدا دانەنیشتبێت، بۆیە وەک خاوەن سیرەی حەلەبی باسی دەکات، سوهەیل ویستویەتی شیکردنەوە و تەئویلی قسەی قەشەکە بکات، دەڵێت: قەشەکە وای دەوێت کە ئەوەی لە ژێر ئەم دارەدا لەم کاتەدا دابەزی پێغەمبەرە، دەڵێت: ئەگەر هەیە لە نێو هەواڵەکەدا وشەی قەت هاتبێت، بۆ ئەوەی جەخت لە ڕەتکردنەوەی بکات. دەڵێت عادەتەن دار ئەو تەمەنە درێژە ناکات تا بزانیت کەس لە ژێر سایەیدا دانەنیشتوە، جگە لە عیسا و پێغەمبەرانی تر. قسەکەی کۆتایی هات، ئەمەیش تەئویل و شیکردنەوەیەکی چاکە، ئەگەر قەت لە ڕستەکەدا نەبوایە کە ئەم شیکردنەوە بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە، ئەمە لە قسەکانیدا بۆ جەختکردنەوە لە ڕەتکردنەوە ناکات، وەک دەڵێت ئەگەر لە نێوان ئەو کاتە و ئێستا کۆی بکەینەوە، دەڵێین هیچ کەسێک لەم وڵاتانە لە ژێر ئەم دارەدا دانەنیشتوە، جگە لە پێغەمبەر، کە ئەمەیش دووفاقی دەردەچێت لە واتادا، ئەگینا قسەی کە هیچ دارێک بەم شێوە تەمەنی درێژ نابێت، هەموو دارێک ناگرێتەوە، دەڵێن داری زەیتوون سێ هەزار ساڵ تەمەن دەکات، لەوانەیە ئەو دارە زەیتوون بوو بێت، بەڵام لە هەندێک گێڕانەوەدا باسیان لەوە کردوە کە داری کونار(نبگ) بوە، وەک باسی دەکەن ئەگەر کونار بوو بێت ئەم تەمەنە درێژەی نابێت.
بێگومان ئەم چیرۆکە لە هەڵبەستندا دەستەخوشکی چیرۆکەکەی بوحەیرایە، با باسی ئەو زیادانە بکەین کە تێدا هاتوە و، لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقدا باس نەکراوە، بۆ ئەوەی بزانیت تا چەند هەڵبەستن و جوانکارییی تێدا کراوە.
لە سیرەی حەلەبی لە (الشرف)ی نەیساپوورییەوە وەریگرتوە، دەڵێت: قەشەکە هەورەکەی بینی سێبەری بۆ دروست دەکات تۆقی، گوتی: ئێوە چی دەکەن؟ گوتی: مەیسەرە غوڵامی خەدیجە لەوێ بوو، بەنهێنی مەیسەرە وە دابەزی بۆ لای پێغەمبەر و سەروقاچی ماچکرد، گوتی: باوەڕم پێ هێنایت و شایەتمان دەهێنم کە تۆ ئەوەی خودا لە تەوراتدا باسیکردوە، ئینجا گوتی: ئەی محەمەد هەموو سیفەت و نیشانەکانت دەزانم (نیشانەی دیاریکردنی

پێغەمبەرایەتییەکەی، کە لە کتێبە کۆنەکاندا هاتوە) جگە لە خەسڵەتێک شانتم بۆ دەربخە، کە دەریخست، بینیی مۆری پێغەمبەرایەتی بەپشتییەوە دەدرەوشێتەوە، لێی نزیک بوەوە و ماچیکرد و گوتی: شایەتمان دەهێنم بە خودای تاکوتەنها و شایەتمان دەهێنم بە تۆی پێغەمبەری نەخوێندەوار و نێرراوی خودا، کە مژدەی تۆی بە عیسا بەخشیوە،گوتوویەتی هیچ کەسێک لە ژێر ئەم دارەدا دانابەزێت، پێغەمبەری نەخوێندەواری هاشیمیی عەرەبیی مەکیی خاوەنی حەوز و شەفاعەت و خاوەنی لیوای ئەلحەمد نەبێت.

تەماشابکەن مژدەبەخشینی عیسا بە محەمەدگەییشتوەتە چ ڕادەیەک، تەنانەت کە بنەچە و بنەماڵە و وڵاتەکەی دیاریکردوە، بە خاوەن حەوز و شەفاعەت ناویهێنا و ئینجا بە خاوەن لیوای ئەلحەمد ناوی بردوە، سەرەڕای ئەو قسە و دەرپەڕینانە لە پاش تەواوبوونی کاری پێغەمبەرایەتیی محەمەد و سەرکەوتنی بانگەشەکەی نەبێت، لە هیچ شوێنێک باس نەکراوە و نەگوتراوە، کە ئەم قەشەیە پێش پێغەمبەرایەتی ئەمەی پێ گوتوە.

ئەوەی زیادیان کردوە لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقدا، کە خاوەنی سیرەی حەلەبی دیسان باسیکردوە. دەڵێت: کاتێک قەشەکە ئەمەی بینی کە باسی کرد، خۆی نەگرت و چوو بۆ لای و پێی گوت: بە لات و عزا ناوت چییە؟ پێی گوت: وەرە بۆ لام دایکت بەقوربانت بێت، شتێکی تەنکی نووسراوی بەدەستەوە بوو، تەماشایدەکرد، ئینجا گوتی: ئەوە ئەو، کە تەورات دایبەزاندوە، هەندێک وایان زانی کە قەشەکە دەیەوێت فێڵێک لە پێغەمبەر بکات، شمشێرەکەی ڕاکێشا و گوتی: ئەی ئێڵی غاڵب ئەی ئێڵی غاڵب، خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە بەهەڵەداوان هاتن بۆ لای و گوتیان: چیت لێ هاتوە؟ کاتێک قەشەکە ئەمەی بینی ڕووەو پەرستگاکەیڕایکرد و چوە ژوورەوە و دەرگاکەی لە سەر خۆی داخست، ئینجا لە سەرەوە پێی گوتن: ئەی قەوم چیتان لێم دەوێت، بەوەی ئاسمانی بێ کۆڵەکە و ستون بەرزکردوەتەوە، من لەم لاپەڕەدا ئەوە دەبینم کە لە ژێر دارەکەدا دابەزیوە، پێغەمبەری خودای عالەمە، خودا بە شمشێری هەڵکێشراو دەینێرێت و بە قازانجێکی گەورەوە، ئەو دوا پێغەمبەرە، ئەوەی گوێڕایەڵی بێت ڕزگاری دەبێت و ئەوەی یاخی بێت لێی لەناو دەچێت. لەم گێڕانەوەدا لاساییکردنەوەی ئەوەیە، کە لە چیرۆکی بوحەیرادا هاتوە، کە لە پێش ئەم چیرۆکە بوە، بەڵام ئەمانە لێیان زیادکردوە، کە قەشەکە پەڕەیەکی تەنکی دەرهێناوە لە سەری نووسراوە و تەماشای پەڕەکەی کردوە و تەماشای محەمەدی کردوە و بەراوردی کردوون. دەڵێت: ئەوە وەک ئەوەی تەماشایوێنە فۆتۆگرافییەکەی لە سەر پەڕەکەدا بکات. ئەوەیان دیسان لێرەدا زیادکردوە، کە قەومەکە بینیویانە قەشەکە جارێک تەماشای پەڕەکە دەکات و جارێکیش تەماشای محەمەد، وایانزانیوە دەیەوێت فێڵ لە محەمەد بکات، شمشێرەکەی ڕاکێشاوەو هاواری کردوە بگەنە فریای: ئەی ئێڵی غاڵب، قەومەکە هاتن بۆ فریاکەوتنی و قەشەکە ڕایکرد بۆ کەنیسەکەی، بۆچی بە سەر ئیبن ئیسحاقدا تێپەڕیوە قسەی لەم بابەتە بکات؟

ئەوەی بە سەر گێڕەواندا تێپەڕیوە باسیبکەن و پشتگوێیان خستوە و لێی نەدواون وەک عادەتەن باسی ئەوەیان کردوە، هەر کاتێک قەشەیەک محەمەدی بینیبێت و ئاگاداری ئەوەیان کردوە کە یەهوود ئازاری دەدەن و دەیکوژن، لە سەر ئەم قەشەیە هیچ لەم بارەیەوە نەگوتراوە، خودا لەبیرچوون بکوژێت، شەیتان نەبێت کەس وای لێنەکردوون لەبیریبکەن.

لەو زیادانەی نیشانەی ئەوەن، دەستێکی درێژیان هەیە بۆ هەڵبەستن، ئەوەی خاوەنی سیرەی حەلەبی باسیکردوە سەبارەت هەندێک گێڕانەوە لە سەر دارەکە، محەمەد لە ژێر دارێکی وشکهەڵاتوو قەدخوراو دانیشتوە، کاتێک لە ژێریدا پشووی داوە و دڵنیا بوە درەختەکە سەوز بوەتەوەو ژیاوەتەوە و درەوشاوەتەوە و دەوروبەری گەڵای کردوە و گیا سەوز بوە، بەرەکەی گەیوە و لقەکانی شۆڕبوونەتەوە و بە سەر پێغەمبەری خودادا و لەریونەتەوە.

داری وشکهەڵاتووی قەدخوراو، لە عادەتی کەسدا نییە لە ژێریدا دابنیشێت، سێبەری نییە، ئەوەی وای لێکردوون کە بە وشکهەڵاتویی و خوراو ناوی بەرن، لەوەی باسی دابەزینی عیسای کوڕی مریەم دەکەن لەوێدا کە دەڵێت: هیچ کەس دوای من لێرە دانابەزێت پێغەمبەر نەبێت، ئەوەی وا فەرز دەکات کە تەمەنی درێژ بێت، وەک پێشتر باسمان کرد و وایان لێکرد وشکهەڵاتوو بێت بۆ ئەوەی تەمەنی درێژبکەنەوە، بەڵام کە بینییان دابەزین لە ژێر دارێکی ئاوادا بێ مانایە، ئەوەیان بۆ داهێنا کە لە دەرەوەی سروشت بێت، گوتیان ئەوەی قورئانی خوێندبێت و زانستی پێغەمبەری زانیبێت، هیچ شتێکی لە دەرەوەی سروشت نەهێناوە و تەحەدای نەیارەکانی بە قورئان نەبێت لە پاش پێغەمبەرایەتی بە هیچ شتێك نەکردوە، کەوابووبێت، ئەی بۆ پێش

.پێغەمبەرایەتی ئەوە دەکات
ئەوەی لەم چیرۆکەدا هاتوە لە خەڵکی تری غەیرە ئیبن ئیسحاق: ئەوەی لە نێوان ئەو و نەستورای قەشە ڕووی داوە، کە ڕووی دا، هات بۆ بەسرای شام و کاڵاکەی فرۆشت کە هێنابووی و شتی پێ کڕی، خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: لە سەر ئەوە نەوەستام، چیی فرۆشتوە و چیی کڕیوە، گوتی: لە نێوان خۆی و پیاوێک جیاوازییەک هەبوو لە سەر کاڵایەک، پیاوەکە بە پیامبەری خودای گوت: سوێند بە لات و عزا بخۆ، گوتی: قەت بەوانە سوێندم .نەخواردوە
پیاوەکەگوتوویەتی: قسە قسەی تۆیە، ئینجا پیاوەکە بە مەیسەرەی گوتوە، کە بە تەنها قسەی لەگەڵ کردوە: ئەی مەیسەرە ئەمە پێغەمبەرە، بەوەی کە گیانمی بەدەستە، ئەمەیە کە ئاییزانەکانمان، واتە قەشەکانمان دەیڵێن کە دانراوە "واتە لە کتێبە کۆنەکاندا هاتوە" مەیسەرە .لەوە هۆشیار بووەوە
لە سیرەی حەلەبیدا دیسان هاتوە: لە (الشرف) وەرگیراوە، کاڵاکانیان فرۆشت و قازانجێکی وایانکرد کە قەت قازانجی وایان نەکردوە، مەیسەرە گوتی: چل ساڵ بازرگانیمان بۆ خەدیجە کرد، بە نێوچاوانی تۆیە ئەمجارە، قەت هێندەی ئەم جارە قازانجمان نەکردوە. خاوەنی سیرەی حەلەبی ئەمەی زیادکردوە، مەبەستم چل ساڵەکەیە، دەڵێت: لەوانەیە ئەمە "دەربڕینی وشەی ساڵ" لە سەفەرەکان لە پەڕاوەکاندا دانراوە، ئینجا دەڵێت: لە ڕووی زیادەڕەوییەوە بوە. حەقیقەت کە زیادی بکات لەبەر ئەوەی کە مەیسەرە ئەم قسەیەی کردوە، خەدیجە لە چل ساڵی تەمەنیدا بوە، ئەگەر ڕاست بکات چل ساڵ بازرگانی بۆ کردبێت، دەبێت لە یەکەم ڕۆژی .لەدایکبوونییەوە بازرگانی کردبێت، ئەمەیش نەکراوە

(25)
قسە لە سەر سێبەری دوو پەرییەکە
بەڵام سێبەر دروستکردنی دوو پەرییەکە بۆ محەمەد لەم سەفەرەیدا،دیسان لەوەوە هەڵهێنجراوە کە لە سەفەری یەکەمدا لە سێبەری هەورەوە هاتوە، بەڵام مەیسەرە هەورەکەی کردوە بە دوو پەری، نەک یەک پەری. لەگەڵ ئەوەیشدا کە یەک پەری و بە یەک باڵی دەتوانێت سێبەر بۆ خەڵکێکی زۆر دروست بکات، بەڵام هەندێک حیکایەتخوان گوتوویانە، هەروەک سەفەری یەکەمی، هەور سێبەری بۆ دروست کردوە، ناڵێن دوو پەری سێبەریان بۆ دروست کردوە. لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت، پاش دەرچوونی بەرەو شام لەگەڵ مەیسەرەدا، لەگەڵ ڕێکردنیدا هەور سێبەری بۆ دروست کردوە، هەروەها لە شوێنێکی تردا، کە باس لە گەڕانەوەی دەکات بۆ مەککە دەڵێت: کە خەڵکی کاروان و بارەکە بڵاوەیان کرد و هەموویان گەڕانەوە مەککە، مەیسەرە هەر دوو پەرییەکەی دەبینی کە چۆن لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا لە سەر .حوشترەکەی سێبەری بۆ دروست دەکەن
ئەو قسانەی لە سیرەی حەلەبیدا گواستمانەوە جێگەی تێرامانە، بەوەی لە دەربڕینی یەکەمدا: لە کاتی دەرچوونییەوە هەورەکە سێبەری بۆ دروست کردوە، ئەمەیش وا فەرز دەکات، هەورەکە بەدرێژاییی ڕێگاکە سێبەری بۆ دروستکردبێت، وەک لە سەفەری یەکەمدا وابوە. لە دەربڕینی دوەمدا: مەیسەرە هەر دوو پەرییەکەی بینیوە کە سێبەری بۆ دروست دەکەن و لە خۆر دەیپارێزن، کە پێغەمبەر لە سەر حوشترەکەی دەبێت، لە کاتی قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا. ئەمەیش وا حکوم دەکات، کە سێبەر دروستکردنی هەر دوو پەرییەکە بەدرێژاییی ڕۆژ نەبوە و تەنها لە کاتی نیوەڕۆ و توندیی گەرمادا بوە، بێگومان خۆری حیجازی سووتێنەر وا پێویست دەکات، بەدرێژاییی ڕۆژ سێبەر هەبێت، نەک تەنها لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا، ئەگەر گەرمایش لەو کاتەدا زۆر بەهێز و توندتریش بێت. لە دەربڕینی خاوەن سیرەی حەلەبیدا کە باسکراوە وا تێدەگەیت کەگوتوویەتی: (خەڵکی کاروان و بار بڵاوەیان لێکردوە و گەڕاونەتەوە بۆ مەککە).محەمەد و مەیسەرە لەم سەفەرەدا بە تەنها نەچوون بۆ شام، وەک ئیبن ئیسحاق بە هەڵەدا چوە لەو قسەیدا، بەڵکوو لەگەڵ کاروانباری قورەیشدا ڕۆیشتوون، لەبەر ئەوە سەرمان سوڕما کە ئیبن ئیسحاق لەم سەفەرەدا باسی هیچ کەسێکی جگە لە محەمەد و مەیسەرە .نەکردوە
بەڵام دەربڕینی ئیبن ئیسحاق لە مەسەلەی سێبەری دوو پەرییەکە ئەمەیە: وەک پیشانی

دەدەن و وەک مەیسەرە دەڵێت: لە کاتی قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا دوو پەرییەکەی بینیوە کە سێبەری بۆ دروست دەکەن، بۆ ئەوەی خۆر لێی نەدات. لە قسەکانیدا وەک پیشانی دەدەن لە دەربڕینی "وەک دەڵێن" ئەوە دەگەیەنێت کە دڵنیا نییە لە ڕاستیی ئەم هەواڵە و باوەڕیشی پێی نییە، ئەمەمان پێشتر ڕوونکردەوە، تەماشای بکە.
ئینجا ئیبن ئیسحاق باسی دوو پەرییەکەی نەکردوە، کە سێبەریان دروست کردوە، جگە لەوە نەبێت تەنها لە مەیسەرەوە وەرگیرابێت، هەروەها ئیبن ئیسحاق لە گێڕەوان وەریگرتوە، دەڵێت: مەیسەرە نەبێت کەس باسی ئەوەی نەکردوە دوو پەری هەبووبێت. سەرەڕای ئەوەی پیاوێک لە سەر حوشترێک بێت لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا دوو پەری سێبەری بۆ دروستبکەن و لە خۆر بیپارێزن، دەبێت ئەوەی لەگەڵ ئەو کاروانبارەدا بووبێت لەو حاڵەتەدائەوەی بینیبێت.
بەڵێ لە گێڕانەوەی بەدەرلە ئیبن ئیسحاقدا هاتوە، هەروەها خەدیجە دوو پەرییەکەی بینیوە کە سێبەریان بۆ دروست کردوە، لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: لە کاتی گەڕانەوەی بۆ مەککە، "خودا خۆشەویستیی محەمەدی خستە دڵی مەیسەرەوە، وای لێکرد وەک کۆیلەی پێغەمبەر وابێت، کاتێک لە موری زەهران (دۆڵێکە لە نێوان مەککە و عەسفان) بوون، مەیسەرە بە پێغەمبەری گوت: دەتوانیت پێشم بکەویت، هەواڵی ئەوەی ڕووی داوە بدەی بە خەدیجە، لەوانەیە شتێک بخاتە سەر کرێکەت. لە گێڕانەوەیەکی تردا، هەواڵی ئەوەی بدەیتێ کە بە نێو چاوانی تۆوە چیبوە، پێغەمبەر سواربوو و پێشکەوت، تا لە کاتی نیوەڕۆدا چوە نێو مەککەوە، خەدیجە لەبەرزاییەکدا بوو لەگەڵ ژناندا، پێغەمبەری خودای بینیبە سەر حوشترەکەوە و دێتەوە و، هەر دوو پەرییەکە سێبەری بۆ دەکەن، پیشانی ژنەکانی دا و سەریان سوڕما لەو کارە. پێغەمبەری خودا چوو بۆ لای و هەواڵی قازانجەکەی پێدا، دوو قاتی ئەوە بوو کە پێشتر خەدیجە قازانجی لێکردوە، خۆشحاڵ بوو، گوتی: مەیسەرە کوا؟ گوتی: بەجێمهێشت لەو چۆڵەوانییەدا، گوتی: خێرا بکە بڕۆ بۆ لای با زوو بێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئەوەی بینیوە ئەمە یان یەکێکی تر بوە، پێغەمبەری خودا سوار بوو، خەدیجەیش چوە سەرەوە، وەک حاڵەتی یەکەمجار چی بوو بینی، یەکلابوەوە کە خۆیەتی، کاتێک مەیسەرە هات بۆ لای، هەواڵی دایە کە چیی بینیوە، مەیسەرە پێی گوت: هەر لەو کاتەوە لە شام دەرچووین ئەم شتەم بینی، مەیسەرە هەواڵی نەستورای قەشەی پێ دا، ئەوەی تریش کە سوێندی دا لە کڕینەکەدا، لەوێدا خەدیجەکرێی دوو قاتی ئەوەی پێ دا، کە پێشتر لەگەڵیدا ڕێککەوتبوو.
لە بیستنی ئەم گێڕانەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت، خەدیجەیش هەر دوو پەرییەکەی بینیوە لە دروستکردنی سێبەردا، هەروەها ئەو ژنانەی لەگەڵیدا بوون ئەوانیش بینیویانە، بەڵام بۆ کەسێک لە پیاوانی کاروانەکە کە لە ڕێگا لەگەڵیاندا بوون لە شامەوە بۆ مەککە، جگە لە مەیسەرە کەس نەیبینی، بێگومان ڕووداوێکی لەم چەشنە ناشێت لە کەسێک بشاررێتەوە، کە جێگەی ئاگاداربوون و سەرسوڕمانە، لە کاتێکدا شتێکی نائاساییە، دەبێت هەواڵەکە فراوانتر و زۆرتر بڵاو بێت.دیسان کە مەیسەرە لەگەڵ محەمەد دەرچوو بۆ شام، باسی ئەوەی نەکردوە، دوو پەری سێبەریان بۆ دروستکردبێت، بەڵکوو تەنها باسی ئەوەی کردوە، لە کاتی گەڕانەوەیاندا ڕووی داوە، بۆچی لە کاتی ڕۆیشتن نەیبینیون! لەوەیشدا زانیمان هەندێک لە حیکایەتخوانان باسیان لەوە کردوە، لە کاتی دەرچوونی لە مەککە هەور سێبەری بۆ کردوە، بۆچی مەیسەرە هیچی نەبینی، کەچی دوو پەرییەکەی لە کاتی گەڕانەوەدا بینی، کە سێبەریان بۆ کردوە! بۆچی بۆ خەدیجەیش باسی نەکرد، کە باسی پەرییەکەی کرد.
خاوەنی سیرەی حەلەبی وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: پێشتر باس لەوە کرا لە کاتی سەفەرەکەی، واتە لە مەککەوە هەورەکە سێبەری بۆ کردوە، ئەگەر دوو پەرییەکە نەبێت، هەورەکە لە ڕۆیشتندا سێبەریان بۆ کردوە و، دوو پەرییەکەیش لە گەڕانەوەدا، لەوانەیە مەیسەرە ئەم باسەی نەکردبێت بۆ خەدیجە و هیچ ئاگای لە سێبەری هەورەکە نەبوو بێت و تێبینیی نەکردبێت لە ڕۆیشتندا، لەبەر ئەوەی بۆ نموونە عەقڵی پێ نەشکا بێت.
ئەمە وەڵامێکی زۆر دوورە، لەبەر ئەوەی پارچەیەک هەور لە کاتی قرچەی گەرمادا بێت و سێبەر بۆ هاوڕێکەت بکات و تۆ لەگەڵیدا بڕۆیت، بەدرێژاییی ڕێگەی مەککە بۆ شام، ئەمە دەکرێت بڵێیت عەقڵی بۆ نەچێت و نەیبینێت، ئەمە چۆن دەبێت! ئەی چۆن عەقڵی بۆ دوو پەرییەکە چوە لە گەڕانەوەدا بیبینێت و بۆ ئەوە نەچوەلە ڕۆیشتن هەورەکە ببینێت، لەگەڵ ئەوەیشدا خاوەنی سیرەی حەلەبی وای بۆ چوە و لە قسەی (صاحب الهمزیە) ئەوەی هەڵهێنجاوە، دوو

پەرییەکەیش جگە لە هەور هیچی تر نەبوە. ئەمە هەمووی وامان لێدەکات بڵێین، باسی هەور و پەرییەکان مەحاڵە دانەنراین.

سەفەرکردنی لەگەڵ ئەبووبەکر بۆ شام

خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: ئیبن مەندە بە پاڵپشتیکردنێکی لاوازەوە گێراوێتییەوە، لەئەبووبەکرەوە وەرگیراوە، کە تەمەنی هەژدە ساڵ بوە و هاوڕێیەتیی پێغەمبەری خودای کردوە، پێغەمبەریش لەو کاتەدا تەمەنی بیست ساڵ بوە، مەبەستی سەفەرەکەیان شام بوە و بۆ بازرگانی ڕۆیشتوون، تا لە بازاڕی بەسرا لە ئەرزی شام دابەزیون، لەو شوێنەدا دارکونارێک هەبوە، پێغەمبەری خودا لە سێبەرەکەی دانیشتوە و،ئەبووبەکریش چوە بۆ لای قەشەیەککە پێی گواتراوە بوحەیرا، پرسیاری ئەوەی لێکردوەئەوە کێیە،گوتوویەتی: محەمەد کوری عەبدوڵلای کوری عەبدولموتەلیبە،گوتوویەتی: بە خودا ئەمە پێغەمبەری ئەم ئومەتەیە، ئەم دارە لە پاش عیسای کوری مەریەم کەس لە سێبەری دانەنیشتوە جگە لە محەمەد.

با قسە لە سەر ئەم هەواڵە بکەین بۆ ئەوەی بۆ خوێنەران ڕوون بێتەوە، دەڵێین ئەوەیزانراوە، لای لەبەرکەران و حیکایەتخوانان وگێڕەوان و خاوەن بەسەرهاتان، ئەوەیە کە محەمەد پێش پێغەمبەرایەتیی سەفەری نەکردوە بۆ شام جگە لە دوو جار، جارێکیان لەگەڵئەبووتالیبی مامیدا کە سەفەری یەکەمی بوەو تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵ بوە، جارێکیشیان لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجەدا کە دوەم سەفەری بوەلە تەمەنی بیستوپێنج ساڵیدا، ئەوەی زانراوە ئەمەیە، هەندێک حیکاتخوانان بە هەڵەدا چوون و وایانزانیوە، سەفەرەکەیئەبووبەکر لەگەڵ محەمەد بۆ شام، ئەوەی لە قسەی ئیبن مەندەدا هاتوە، گوایە یەکەم سەفەری بوە کە محەمەد لەگەڵئەبووتالیبی مامیدا بوە، بۆیە هەندێکگوتوویانەئەبووبەکر، بیلالی لەگەڵ محەمەد ناردوە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ مەککە لە لایەن مامیەوە لە سەر ئامۆژگاریی بوحەیرا و، ئاگادارکردنەوەی لەوەی ئەگەر بیباتە نێو شامەوە یەهوود دەیکوژن، وەک پێشتر لە چیرۆکی بوحەیرا باسکرا. لە واقیعدائەبووبەکر لەگەڵ محەمەددا نەبوە لە سەفەری یەکەمیدا، نە ئەو و نە بیلالیش، لەبەر ئەوەیئەبووبەکر لەو کاتەدا منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵ بوە و بیلالیش لەئەبووبەکر منداڵتر بوە، وەک پێشتر باسمان کرد.

خاوەنی سیرەی حەلەبی ویستوویەتی ئەم سەفەرەی، مەبەستم سەفەرەکەی لەگەڵئەبووبەکر بۆ شامە، لەگەڵ سەفەری دوەمی کە لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجە بوو، تێکەڵ بکات.بە ڕای ئەو، سەفەریئەبووبەکر بۆ شام لەگەڵ مەیسەرەدا بوە لە سەفەری دوەمدا، هۆکاری ئەمەیشییەوە باسکردوە، چونکە ئەوەی ساغ نەکردوەتەوە، لە دووجار زیاتر سەفەری کردبێت بۆ شام، جگە لەو سەفەرە هیچ جارێک بۆ بازرگانی دەرنەچوە. واتە سەفەرەکەی لەگەڵ مەیسەرە، ئەمە هۆکارێکی لاوازە، ئەوەمان سەلماند، محەمەد پێش ئەوەی بازرگانی بۆ خەدیجە بکات، بازرگانیی کردوە و، وەک بازرگان سەفەری کردوە بۆ یەمەن. وەک چۆن دەرچوە بۆ سوریا. لەوانەیە وەک بازرگان دەرچوو بێت بۆ شام وەک ئەوەی ئەم گێرانەوە باسی دەکات، کە ئیبن مەندە قسەی لە سەر کردوە، بەتایبەتی ئەگەر بزانین بازرگانیی مەککە لەگەڵ شامدا لە بازرگانی لەگەڵ یەمەندا زیاتر بوە، هەروەها قەشەکە لەم گێرانەوەدا بوحەیرایە. بزانە چۆن ئەم سەفەرە لەگەڵ سەفەری دوەمی یەکدەخەن و تێکەڵی دەکەن، کە قەشەکە نەستورا بوە نەک بوحەیرا.

بەڵێ یەک شت هەیە کە پاڵپشتی ڕای خاوەن سیرەی حەلەبی دەکات، ئەویش ڕا و قسەکانی قەشەکە بوو لەگەڵئەبووبەکردا. لەم گێرانەوەیەدا هاوشێوەی ئەوە بوە کە قەشە نەستورا بە مەیسەرەی گوتوە، پێشتر باسکرا کە چیی بە مەیسەرە گوتوە: "هیچ کەسێک هەرگیز لە ژێر ئەم دارەدا دانەبەزیوە، پێغەمبەر نەبێت." ئەمەیش لە واتادا هاوشێوەی ئەوەیە، بوحەیرای قەشە بەئەبووبەکری گوتوە: (بەخودا ئەمە پێغەمبەری ئەم میللەتەیە، هیچ کەسێک لە سێبەری ئەم دارەدا دانەنیشتوە لە پاش عیسای کوری مەریەم، جگە لە محەمەد.)هاوشێوەیی و لەیەکچوونی هەر دوو قسەکە وا بەهەڵەدا دەبات، کە هەردووکیان یەک قسە بن و لە نەستوراوە کراون، ئەوەیش لە سەفەری دوەم بوە، کە محەمەد لەگەڵ مەیسەرەدا ڕۆیشتوە. دەبێت سەفەریئەبووبەکر لەگەڵ محەمەد، کە لە گێرانەوەکەی ئیبن مەندەدا هاتوە لە سەفەری دوەمدا بێت، کە لەگەڵ مەیسەرەدا ڕۆیشتوە، تۆیش دەزانیت هاوشێوەی هەر دوو قسەکە وا فەرز ناکات، کە هەردووکیان یەک قسە بن، بەڵکوو لەوانەیە لەیەکچوونی هەر دوو باسەکە لەگەڵ ئەوەیگوتوویەتی جیاوازە، بەتایبەتی ئەگەر لەیەکچوونی

لە واتادا بێت، بە بێ فۆنەتیکی وشەکانیش وەک لێرەدا دیارە، ئەوەی ئەوە نییە کە نەستورا بە مەیسەرەی گوتوە و ئەوەی بوحەیرایش نییە کە بەئەبووبەکری گوتوە، ئەوەیش هیچ نییە جگە لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانان، لە واقیعدا شتێکی تر نییە جگە لە سەفەرکردنی محەمەد لەگەڵ مەیسەرە و سەفەرکردنی لەگەڵ ئەبووبەکردا. لەم گێڕانەوەدا دوو شت هەیە بوونەتە هۆی دووجار بەهەڵەداچوون: یەکێکیان ناوی قەشەکە لە هەردووکیاندا بوحەیرایە، بەمەدا حیکایەتخوانان بەهەڵەدا چوون، کە سەفەریئەبووبەکر لە یەکەم سەفەری پێغەمبەردا بوە.
دووەم: ئەوەی بوحەیرا باسیکردوە هاوشێوەی ئەوەیە کە نەستوراگوتوویەتی، ئەمەیش وای کردوە کە خاوەنی سیرەی حەلەبی بەهەڵەدا بچێت، کە سەفەرەکەیئەبووبەکر بە سەفەری دووەم لە قەڵەم بدات، بەڵام لە حەقیقەتدا سەفەریئەبووبەکر لەگەڵ محەمەددا بۆ شام سەفەرێکی جیا لەمانە بوە، نە لە سەفەری یەکەم نە لە دووەمدا بوە و لەو بەینەدا بوە. بۆیە حافز کوری حەجر لە سەر ئەوە وەستا وگوتوویەتی: (لەوانەیە سەفەریئەبووبەکر لەگەڵ پێغەمبەردا بۆ شام لە سەفەرێکی تردا بووبێت، پاش سەفەرەکەی لەگەڵئەبووتالیبدا). ئەمەیە لە گێڕانەوەی ئیبن مەندەدا هاتوە، ئەگەر بڵێم چۆن دەبێت بوحەیرا و نەستورا بکەی بە یەک، بۆچی ئەو قەشەیە لە چیرۆکی مەیسەرە، نەستورا بوە و لە چیرۆکی ئەبووبەکر بوحەیرا بوە؟ دەڵێم: محەمەد کە سەفەری یەکەمی کردوە بۆ شام لەگەڵئەبووتالیبی مامیدا لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بوە، لەو شوێنەی لێی دابەزین قەشەیەک هەبوو ناوی بوحەیرا بوە، محەمەدی بینیوە، ئەوەی حیکایەتخوانان و گێڕەوان باسیان کردوە، پێی گوتوە. ئینجا کە محەمەدگەییشتە تەمەنی بیست ساڵی، سەفەری لەگەڵئەبووبەکر کردوە بۆ شام، واتە پاش یانزە ساڵ لە سەفەری یەکەمی و بوحەیرا تا ئەو کاتەی لە ژیاندا ماوە،ئەبووبەکری بینیوە و ئەوەی پێ گوتوە کەگوتوویەتی. ئینجا کە تەمەنی محەمەدگەییشتوەتە بیستوپێنج ساڵی، واتە پاش پێنج ساڵ لە سەفەرەکەی لەگەڵئەبووبەکردا، دیسان سەفەری کردوە بۆ شام لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجەدا، لەوانەیە لەم سەفەرەدا بوحەیرا مردبێت، قەشە نەستورا لە دوای ئەو هاتبێت بۆ ئەو کەنیسەیە، نەستورا محەمەدی بینیوە و ئەوەی پێ گوتوە کەگوتوویەتی، یان ئەوەی بە مەیسەرەی گوتوە، بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ گێڕانەوەکاندا، ئەمە ئەگەر شوێنەکە و کەنیسەکە و دارەکە، کە لە ژێر سێبەریدا دانیشتوون ئەوانەی پێشتر بن، ئەگەر دوو دار و دوو کەنیسە و دوو قەشەی جیاواز نەبن، هیچ ناکۆکییەک و کێشەیەکی تێدا نییە و پێویست بە کۆکردنەوە و سازان ناکات. ئەگەر ئەمە ڕووی دابێت، ئەوە محەمەد سێ سەفەری کردوە بۆ شام: یەکەم لەگەڵئەبووتالیبی مامی، دووەم لەگەڵئەبووبەکردا، سێیەم لەگەڵ مەیسەرەدا. ئێمە ئەگەر سەفەرەکەی لەگەڵ مەیسەرە بە دووەم ناو ببەین، وەک لە کتێبەکانیاندا لە سەری ڕۆیشتوون، ئەگینا سەفەری سێیەمە نەک دووەم. ئەوەی لەم سەفەرەدا جێگەی ئاوڕدانەوەیە، مەبەستم سەفەرەکەی لەگەڵئەبووبەکر بۆ شام، هیچیان لە بارەوە باسنەکردوە، وەک لە سەر دوو سەفەرەکەی تر دواون، لە سێبەری هەور و دوو پەرییەکەدا بووبێت. ئەم گێڕانەوەیە کە پێشبینیی هەواڵی ئەم سەفەرەی کردوە، تەنانەت جۆری دارەکەیشیان دیاریکردوە، کە لە ژێریدا دانیشتوون وگوتوویانە داری کونار بوە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، کە کونار بوە، قسەی هەندێکیان پووچ دەردەچێت، کەگوتوویانە ئەم دارە لە زەمانی عیسای کوری مەریەمەوە ماوەتەوە، لەبەر ئەوەی کونار ئەم تەمەنە درێژە ناکات.

سەفەرەکەی لەگەڵ زوبیری مامی دا بۆ یەمەن
ئەوەی باسیان کردوە لە سەفەرەکانی، سەفەرکردنی لەگەڵ زوبیری کوری عەبدولموتەلیبی برای باوکی و عەباسی مامی بوە بۆ یەمەن، ئەم دوو مامەی کە دەرچوون بۆ سەفەرکردن بۆ یەمەن محەمەدیان لەگەڵ خۆیاندا بردوە و لەو کاتەدا تەمەنی حەڤدە ساڵان بوە، لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: "لەو کاتەدا کە تەمەنی دە ساڵ و شتێک بوە " لە شوێنی تردا دەڵێت: حەڤدە ساڵ تەمەنی بوە، لەگەڵ زوبیری کوری عەبدولموتەلیبی برای باوکی بۆ یەمەن سەفەریکردوە" سەفەرێکی ئاسایی بوە، باسیان لە سێبەری هەور و دوو پەرییەکە نەکردوە، هەروەها باسی قەشەیان نەکردوە لە کەنیسەدا، کە محەمەدی بینیبێت و ئاماژە بە پێغەمبەر بوونی بدات، وەک نەستورا و بوحەیرا، بەڵام شتێکی تری لە عادەت بەدەریان باسکردوە، خاوەنی سیرەی حەلەبی لە پاش دەرپرینی پێشوو دەڵێت: بە دۆڵێکدا ڕۆیشتن کە نێرەحوشترێکی لێ بوو نەیدەهێشت کەس لەوێوە پروات، کاتێک یەکێک لە حوشترەکان محەمەدی بینی،چۆکی دا و سنگی خۆی بە زەوییەکەدا نووساند، پێغەمبەر لە حوشترەکەی دابەزی و سواری ئەو

نێرەحوشترە بوو، تا لە دۆڵەکە پەڕییەوە و ئینجا دابەزی و وازی لێهێنا، کە گەڕانەوە لە سەفەرەکەیان بەو دۆڵەدا تێپەڕین، بینییان دۆڵەکە هەڵدەقوڵێ و پڕە لە ئاو، پێغەمبەر گوتی: بە دوامدا بێن، ئینجا خۆی دا لە ئاوەکە و خودا ئاوەکەی وشک کرد، کاتێک گەییشتنە مەککە و باسی ئەوەیان کرد، خەڵکەکە گوتیان ئەم غوڵامە پێگەی خۆی دەبێت.
نازانم ئەو نێرەحوشترانە چۆن ڕێگری دەکەن لە کەسێک بیەوێت لەوێوە بڕوات! هیچ بازدانێکی نێرانە و کەڵبەیان نییە، بەڵکوو ئەوەی هەیە ددانیان هەیە و یەک لێدانی شمشێر دەتوانێت لە جێی خۆیان بیانوەستێنێت. ئەگەر ئەو حوشترە لەو کاتەی محەمەدی بینییێت چۆکی دابێت، وابێت دڵنیا بوون لێی و لە نیازخراپی، بۆیە دەبوایە وازیان لێ بهێنایە و بە ڕێی خۆیاندا بڕۆیشتنایە، چی وای لە محەمەد کرد، لە دوای چۆکدادانەکەی سواری بێت؟ ئایا محەمەد ویستی قەومەکەی ئەوە ببینن، چەند ئازا و بەجەرگە و لە حوشترەکەی خۆی دابەزی و سواری ئەوبوو، ئینجا وازی لێهێنا، ئەگەر بڵێن لەبەر ئەوە سواری بوە، کە پاش ڕێگەپێدانیان نەگەڕێتەوە و هێرش نەکاتەوە سەر قەومەکەی، دەڵێین ئەوەی لێی تێدەگەین کە حوشترەکە بە قسەی ئەوان،محەمەدی ناسیوە و وەک ڕێز و پێزانینێک چۆکی بۆداوە، ناشێت بگەڕێتەوە و هێرش بکاتەوە سەر قەومەکەی، مادام محەمەدیان لەگەڵدایە، ئەگەر ئەو شتە لە ئارادا بوایە، پاش ئەوەی وازی لێهێنا و بەرەڵای کرد، دەیتوانی هێرشی بکاتە سەریان، بەڵام ئەم حیکایەتخوانانە دەزانن چۆن قسە هەڵ ببەستن، بەڵام ئێمە دەمانەوێت لە سەر ئەمە قسە بکەین، لەبەر ئەوەی هیچ نامۆییی تێدا نییە، کە سواری حوشترێکی ئاوها بێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە بوێرییەکی شێتانە هەیە، هێزی عەسەبیی خۆی دەوێت، کە هەردووکیان لە محەمەددا بوونی هەبوە.بەڵام بابەتی ئاوەکە کە لەو کاتەی محەمەد خۆی لێیداوە خودا وشکی کردوە، دەڵێین محەمەد لە کاتی پێغەمبەرایەتیدا شتی لەو جۆرەی نەکردوە، چۆن لە پێش پێغەمبەرایەتی دەیکات، قورئان ڕاستگۆترین شایەتە لە سەر ئەمە.
ئەمەیە سەفەرە زانراوەکانی محەمەد کە لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوە، حەوت سەفەرە، سێی بۆ شام و چواری بۆ یەمەن، خاوەنی سیرەی حەلەبی لە (امتاع)ەوە وەریگرتوە، دەڵێت: حەکیمی کوڕی موزایە جلێکیلە جلەکانی توهامە لە بازاڕی حەباشە کڕی و هێنای بۆ مەککە.بوە هۆی ئەوەی کە خەدیجە محەمەد لەگەڵ مەیسەرەی کۆیلەیدا بنێرێت بۆ بازاڕی حەباشە بۆ ئەوەی لەو جلەی "کراس"ەی بۆ بکڕێت.
ئەم هەواڵە وا حکوم دەکات،محەمەد بۆ بازرگانی خۆی چوە بۆ بازاڕی حەباشە، هیچ کەسێک بەکرێگرتەیی نەیناردوە، ئەمە پێش ئەوەی خەدیجە بینێرێت بۆ بازاڕی حەباشە و بۆ شام. ئەمە پشتگیریی ئەوە دەکات، کە پێشتر باسمان کرد و گوتمان محەمەد پێش ئەوەی بازرگانی بۆ خەدیجە بکات، بازرگانیی کردوە، ئەگەر ئەوەیشی کردبێت کە وابێت سەفەری زۆریشی کردوە، لەبەر ئەوەی بازرگانی لەو کاتەدا بێ سەفەر نەبوە، بەڵام حیکایەتخوانان باسیان لە هیچ سەفەرێکیان نەکردوە، جگە لەوانەی باسمان کردن لە پێشدا.
ئاماژە بۆ ئەوە هەیە کە سەفەری کردبێت بۆ حیرە، حەجەر، وڵاتی بەحرەین، بەیتومەقدەس و کۆشکەکانی بابلی بینیوە. لەو بارەیەشەوە قسەکانی بۆ عودەی کوڕی حاتەمی تەی کردوە، دەڵێن کاتێک عودەی هات بۆ لای، ئەوەی پێ گوتوە: لەوانەیە ئەی عودەی ئەوەی ڕێگریت لێدەکات بێیتە نێو ئەم ئایینەوە ئەوەبێت، کەوادەبینیت ئەوەی دوای ئەم ئایینە کەوتوە، هەموویلەو خەڵکانەبن، کەسەرگەردان و لاوازن و ئەوانەن هێزیان نییە و عەرەب پێویستیان پێیان نییە و فریێی داون، بە خودا وای لێدێت؛ پارە ئەوەندە لێیان زیاد دەبێت کە کەس نەبێت بیبات. یان ئەوەی ڕێگریت لێدەکات بێیتە ئایینەکەوە وابزانیت دوژمنمان زۆرە و ژمارەمان کەمە، حیرە دەناسیت؟ گوتی: نەمبینیوە بەڵام گوێم لێ بوە،گوتوویەتی: بەخودا (لە شوێنێکی تردا وا باس کراوە،گوتوویەتی بەوەی گیانم بەدەستیەوەیە) وای لێدێت کەژاوە لە حیرەوە دەربچێت و بگاتە مەککە و بەدەوری ماڵدا(کەعبە) سووڕ بخواتەوە و بێ ئەوەی کەسی لەگەڵدا بێت. لە باسێکی ترداگوتوویەتی؛وای لێدێت گوێت لەوە دەبێت کە ژن لە قادسیە( دێیەك بووە لە دوروبەری کوفە) بە سەر حوشترەوە دەربچێت و بڕوات سەردانی ماڵی خودا بکات و لە هیچ نەترسێت، یان لەوانەیە ئەوە ڕێگریت لێبکات بێیتە ئەم ئایینەوە، کە بڵێیت پاشایەتی و سەڵتەنەت بۆ خەڵکی ترە، بەهێزیی خودا، وای لێدێت، گوێت لێبێت کۆشکە سپییەکانی بابل بۆیان کراوەتەوە.
ئەو قسانەی بۆ عودەی کەگوتوویەتی: حیرە دەزانێت؟ وا حکوم دەکات کە بیناسێت و سەفەری

ئەوێی کردوە و، بەو شێوەیە باسی کۆشکە سپییەکانی کردوە، ئەمەیشئەوە دەگەیەنێت کە بینیونی.
دەبێت لێرەدا بۆ درێژەدان بەم باسە، لە سەر قسەکانی بۆ عودەی کوری حاتەم بوەستین، ئەگەر تێرامانی تێدا بکەین، دەبینین محەمەد بە جیاوازیی عادەتی لە قسەکردن لەگەڵ خەڵکی تردا، قسەی لەگەڵ عودەیدا کردوە، بۆ بانگەشەکردن بۆ موسوڵمانبوونی، وای لێکردوە ئارەزووی مادیی لا بورووژێنێت، پێی گوتوە: پارە بە لێشاو بەسەریاندا دەبارێت بەم نزیکانە، کە کەس نەیێت بیبات، پاشایەتی و سوڵتەنەت بۆ ئەوان دەبێت، گوێت لەوە دەبێت کە کۆشکە سپییەکانی بابل کراوە دەبن بۆیان، ئەم قسانەی لەگەڵ بانگەشەی محەمەددالە شێوەدا یەکناگرنەوە. بانگەشەی لە سەر ئەوە کردوە، خەڵک لە کفر و چەواشە ڕزگار دەکات و، هەر کەسێك ڕازیبێت، پاداشتیبەهەشت و ڕەزامەندیی خودایە، نە پارە و نە پاشایەتی و نە سەڵتەنەتیشی لە شوێنێکی تر باسنەکردوە، بەڵام محەمەد کە عودەی هات بۆ لای، پیاوێکی خاوەن پێگە و شەریف و بەڕێزی عەرەبی جاهیلیەت بوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئایینی هەبوە، لەبەر ئەوەی نەسرانی بوە و بتی نەپەرستوە، وای بە حیکمەت زانیوە لە بانگهێشتکردنی بۆ موسوڵمانبوون ئامانجەکانی بۆ ئاشکرا بکات، کە لە پشت بانگەشەکەوەیە. وەک باسمان کرد، ئەوەی پێ گوت کەگوتوویەتی. لەمەدا بۆت دەردەکەوێت،محەمەد چەند ئاگادار و وریا و توند و بەهیمەت بوە، بە تەنیا و لەماڵەکەی نەیێت، ئەو قسانەی بۆ عودەی نەکردوە، کە عودەی هات بۆ لای بۆ مەدینە، چوو بۆ لای محەمەد لە مزگەوت، محەمەد پرسیاری کرد و گوتی، ئەم پیاوە کێیە؟ گوتی: عودەی کوری حاتەم، هەڵسا و بردی بۆ ماڵەوە. کە چوە ماڵەوە، سەرینێکی هەڵگرت کە ڕیشالی داری تێدا بوو، پێی دا و گوتی: لە سەر ئەمە دابنیشە. عودەی گوتی: نەخێر تۆ دابنیشە. گوتی: دەبێت تۆ دابنیشیت، عودەی لە سەری دانیشت و خۆی لە سەر زەوییەکە دانیشت و قسەی لەگەڵ کرد. ئەگەر لە مزگەوت قسەی لەگەڵ بکردایە بە ئامادەبوونی خەڵک، لەوانەیە ئەو قسانەی بە گوێیدا دا بەو عەقڵیەتە، موسوڵمانان پێیان خۆش نەبوایە.
لەمەی پێشوەوە لە سەر شاندی عەبدولقەیس باسکراوە، ماڵەکانیان لە بەحرەین و ئەوانەی لە نزیک عێراق بوون، کاتێک چوون بۆ لای پێغەمبەر، قسەی لەگەڵ کردن، باسی جۆرەکانی خورمای وڵاتەکەیان بۆ کردن، گوتی: بەرێکتان هەیە ناوی ئەمەیە و بەرێکی تر ئەمە. پیاوێکیان پێی گوت: بە سەری باوک و دایکم ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر لە ناوەڕاستی هەجر "خوار بەحرەین" لەدایکبوومایە هێندەی ئەم زانیارییانەی تۆم نەدەبوو، شایەتمان دەهێنم کە تۆ پێغەمبەری، پەیامبەری خودا پێی گوتن: زەوییەکەتان خرایە بەردەستم لەو کاتەوەی، کە ئێوە دانیشتن لە سەرەوە بۆ خوارەوە تەماشام کرد.
ئەم قسانەی وا نیشان دەدەن کە سەفەری بەحرەینی کردوە و هەجری بینیوە، بەڵام قسەی زەوییەکەتان خرایە بەردەستم لەو کاتەوەی کە ئێوە دانیشتن، قسەیەکە بۆ جێگیرکردنی ئەمانە لە سەر باوەڕبوون بوە.
لەم شێوە باسە لە چیرۆکی ئیسرایش ڕووی داوە، لەوەی محەمەد لە بەرەبەیانی ئیسرادا دەرچوە بۆ مزگەوت و بۆ ئەوەی باسی ئیسرا بۆ قورەیش بکات، لە دەوری کۆبوونەتەوە وئەبووبەکریشیان لەگەڵدا بوە، باسی ئەوەی بۆکردوون، ئەو شەوە چوە بۆ بەیت مەقدەس و بۆ بەیانییەکەی گەڕاوەتەوە بۆ مەککە، لە پیاوانی قورەیش هەبوون کە سەفەریان بۆ مەقدەس کردبوو بینیبوویان،ئەبووبەکریش بینیبووی، موتعەم کوری عودەی گوتی: ئەی محەمەد باسوخواسی بەیت مەقدەسمان بۆ بکە، ویستی درۆکەی دەربخات. لە لایەکی ترەوە دەڵێن، ئەو کەسەی ئەوەی پێ گوتوەئەبووبەکر بوە،گوتوویەتی: لەو بارەوە قسە بکە، من چووم بۆ ئەوێ، بەوە ویستوویەتی ڕاستگۆییی بۆ قەومەکە دەربخات، محەمەد گوتی: بە شەو چووم و بە شەو گەڕامەوە، جبریلی بۆ هات و بە باڵەکانی وێنە و شێوەی بۆ دیاریکرد، وای لە پێغەمبەر کرد باسی بکات و گوتی: دەرگایەکی لەو شێوەیە و لەو جێگەیەدایە، دەرگایەکی وایە و لەو شوێنەدایە،ئەبووبەکریش گوتی: ڕاستت فەرمووە، شایەتمان دەهێنم کە تۆ پێغەمبەری خودای، تا قسەکانی تەواو کرد.
ئەمەمان لە سیرەی حەلەبییەوە گواستەوە، کە کۆکراوەترین کتێبی بەسەرهاتەکانە بۆ قسەی حیکایەتخوانان، وەک دەبینیت گێرەوان بەدرێژی باسی وەسفی بەیت مەقدەس لە لایەن محەمەدەوە ناکەن، زۆر بەناڕوونی دەڵێن دەرگایەکی وایە و لەو شوێنەیە، ئەگەر ئەوەیان

بەدرێژی باس بکردایە، دەمانتوانی لەوەدا شتێک هەڵهێنجێنین بۆ ئەوەی بگەینە زانینی حەقیقەت. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە سەفەری کردوە بۆ بەیت مەقدەس و لە سەفەرەکانی پێش پێغەمبەرایەتی بینیویەتی. ئەگەر خەڵکێکی زۆر لە بازرگانانی قورەیش و لەوانەیشئەبووبەکر کە لە منداڵییەوە هاورێی پێغەمبەر بوە، سەفەری بەیت مەقدەسیان کردبێت، بۆچی لەوانە نەبێت کە پێغەمبەریش سەفەری کردبێت و بینیبێتی. ئەوەی پاڵی پێوە ناون و بوەتە هۆکاری سەفەرکردنیان، یەک شتە ئەویش بازرگانییە. زانیمان محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی و پێش ئەوەی بازرگانی بۆ خەدیجە بکات بە خۆی بازرگانی کردوە، لەگەڵئەبووبەکردا چوە بۆ شام بۆ بازرگانی. ئەوەی مایەی تێرامانە لێرەدا، کە موتعەم کوڕی عودەی کاتێک پرسیاری لە محەمەد کردوە، وەسفی بەیت مەقدەسی بۆ بکات، محەمەد یەکەمجار ویستوویەتی داوای لێبوردنی لێبکات وگوتوویەتی: "بە شەو چووم و بە شەو گەڕامەوە" وەک ئەوەی لەم قسەیدا وا بڵێت، کە وەسفەکەی بە باشی نازانێت، لەبەر ئەوەی ڕۆیشتن و گەڕانەوەی لە شەودا بوە، بەڵام ئەمەی بۆ ئەوە گوتوە کە باسی بکات وەسفەکەی کاریگەریی زیاتری لەسەریان هەبێت و واپان لێبکات باوەڕی پێ بکەن و ئیمانی پێ بهێنن، کە لە وەسفەکەی ڕاستی کردوە و هیچ هەڵەیەکی تێدا نەبوە، هەروەها ئەگەر هەڵەیشی کرد ببیورن، لەبەر ئەوەی بە شەو ڕۆیشتوە و گەڕاوەتەوە، لەوەیشدا بەهانەیەکی قبوڵکراوپێیە، ئەگەر بە جوانی و ڕاستی باس و وەسفی نەکات.

بێگومان ئیسرا ڕووی داوە، بەڵام وەک خەونێک کە محەمەد لە خەودا بینیویەتی، وەک لە کاتی قسەکردن لە سەر ئیسرا باسیدەکەین، بەڵام هەندێک هەن دەڵێن ئیسرا حەقیقەتە و لە کاتی هۆشداری و بەخەبەریدا ڕووی داوە، نەک خەونێک بێت لە خەودا بووبێت و، بە لاشەی ڕۆیشتوە نەک بە ڕۆحی. لە سەر قسەی ئەوانە بێت هیچ پێویست ناکات جبریل بە وێنە ونموونەوە بە باڵییەوە بێت بۆ لای محەمەد، واتە پێویستی نەکرد کە جبریل نەخشەی بەیت مەقدەس لە سەر باڵی بکێشێت و محەمەد تەماشای بکات و بۆ کافرەکانی قورەیش وەسف و باسی بکات، لەبەر ئەوەی محەمەد وەک دەڵێن بەیت مەقدەسی بە چاوی خۆی لە کاتی هۆشداریدا بینیوە، بۆیە هیچ پێویستی بە تەماشاکردنی نەخشەی وێناکراوی سەر باڵی جبریل نەبوە.

ئەگەر وا بێت کەگوتوویانە، جبریل بە وێنە ونموونەوە لە سەر باڵەکانی بۆی هێناوە، هیچ ڕاستنییە و ڕێی تێناچێت، مەگەر ئیسرا خەونێک بێت کە محەمەد لە خەویدا بینیبێتی، لەبەر ئەوەی خەون وا لە خاوەنەکەی ناکات کە یەکلا بێت لەوەی بە تەواوی و وردی باسی ئەوە بکات کە بینیویەتی، هەروەها لەوانەیە پاش لە خەو هەڵسان هەندێکی لە بیربکات، لەوێدا لەوانەیە محەمەد پێویستی بەوە بێت جبریل بێت و وێنەی بەیت مەقدەسی بۆ بهێنێت و تەماشای بکات، بۆ ئەوەی وەسفی بکات بۆ کافرەکان. هەروەها زانیت ئەوەی پرسیاری لە محەمەد کرد باسی بەیت مەقدەس بکات، موتعەم کوڕی عودەی بوو، لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەوەی پرسیاری لێکردوەئەبووبەکر بوە. با ئەوە دانێین کە ئەم گێڕانەوەیە ڕاستە، لەوانەیە محەمەد وەسفی بەیت مەقدەسی لەئەبووبەکرەوە وەرگرتبێت،ئەبووبەکر کە زانی محەمەد وەسفی بەیت مەقدەس دەزانێت، ئەو پرسیارەی لە محەمەد کردوە بۆ ئەوەی ئەو وەسفە ببێتە بەڵگەیڕاستگۆیی و باوەڕی پێبکەن و ئیمانی پێ بهێنن، ئەم کارانە لەئەبووبەکر بە دوور نابینرێت، لەبەر ئەوەی هاورێیەکی بەڕێزی بوە و خاوەن نهێنییە گەورەکانی بوە لە سەرجەم ژیانیدا، لە پێش و پاش پێغەمبەرایەتی، وەک ئەوەی لە سەر محەمەد باسیانکردوە، کە دەڵێت من و ئەبووبەکر وەک ئەم دوانە "وەک برا توتە و هەڵمەقوتەی پەنجەکان" ین، ئەگەر پێشکەوتبم پێم دەگەییشتەوە و ئەگەر پێشکەوتبێت پێی دەگەییشتمەوە.

لێرەدا یەک شت ماوە، پێش ئەوەی کۆتایی بە باسەکەمان بهێنین بۆ ئەوەی لە سەر ئەم بابەتە باسی بکەین، دەڵێین: شاندەکەی عەبدولقەیس "پێشتر باسکرا" کاتێک سەریان سوڕما لە وەسفکردنی وڵاتەکەیان لە لایەن محەمەدەوە، پێی گوتن: زەوییەکەتان هات بۆ لام لەو کاتەی کە دانیشتوون و تەماشای سەراپایم کرد لە خوارەوە بۆ سەرەوە. ئەوەی لەم دەربڕینە دیارە کە وا حکوم دەکات ئەرزەکە بە خۆی هاتبێت بۆ لای نەک وێنەی یان لەنموونەی، بە جیاوازی لەگەڵ بەیت مەقدەس کە جبریل نەخشەکەی بە وێناکراوی لە سەر باڵی هێناوە بۆی، نەک بەیت مەقدەس خۆی بێت بۆ لای. ئەمەیە ویستمان کە خوێنەر ئاگادار بێت تا لەو بارەوە چاوکراوە بێت.

(26)
خۆنیشاندانی بۆ تیرەکان
بەو ناونیشانەوە باسی دەکەین کە نووسەرانی بەسەرهاتەکانگوتوویانە، ئەگەر نا ئەوەی لەم بەشەدا بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە،محەمەد چ هیمەت و توندوتۆڵی و زەبرێکی هەبوە و لە سەری ڕۆیشتوە، دوور لە دوودڵی و سەبرێکی یێکۆتاییی فراوان و بەرگەگرتنی بێ بێزاربوون و ئاواتی بێ داپڕان، حەقی خۆیەتی ناوی بنێن "بەگوڕ و سەبر" کە دوو کۆڵەکەی سەرەکین بۆ بنیاتنانی بانگەشەکەی و سەرکەوتنی، وەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە.
ڕەخساندن:
ئەوەی کتێبی بەسەرهاتەکانی خوێندبێتەوە، دەزانێت کە محەمەدموکوربوە لە سەر بانگەشەکردن. بە دەربڕینێکی تر، کاتێک پێغەمبەرایەتیی بۆ هات، یەکەمجار کارەکە لە نێوان خۆی و خێزان و خزمانیدا قەتیس بوە، حەلەبی لە سیرەتەکەی لە حافزی ئیبن کەسیری گواستوەتەوە، دەڵێت: "خێزانەکەی باوەڕیان پێ کرد، پێش هەموانیش خەدیجە و زەید و ئوم ئەیمەنی ژنی زەید و عەلی"بێگومان خەدیجە یەکەم کەس بوو باوەڕی پێ هێنا، لەبەر ئەوەی ئەو جێگیری کرد لە سەر بیری پێغەمبەرایەتی و ئەو وای لێکرد بوێرانە لە سەر ئەو کارە پروات، وەک پێشتر باسمان کرد. دەستپێشخەریی ئەمانە لە باوەڕپێهێنانیان، هیچ سەرسورمانێکی تێدا نییە، بەڵکوو کارێکی ئاساییە، لەبەر ئەوەی لە یەک ماڵدا لەگەڵیدا ژیاون، ئەو سەرۆک و گەورەیان بوە و کاروباریانی بەڕێوە بردوە، خەدیجە ژنی بوە و خۆشی ویستوە و ئەویش خۆشی ویستوە، زەید بەخێوکراوی و غوڵامی بوە، کە خەدیجە پێی بەخشیوە لەو کاتەوەی کە مارەی کردوە، ئینجا ئازادی کردوە و دواتر لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بەخێوی کردوە. لەو بارەوە قسە بۆ خەڵک دەکات و دەڵێت "زەید کوڕمە و میراتیی بۆ منە و میراتیی منیش بۆ ئەو دەبێت"ئوم ئەیمەن، بەرەکەتی حەبەشیەیە، کە وەک کەنیزەک لە باوکییەوە بۆی مایەوە، ئەو لە خۆی گرتوە، پاش ئەوەی دایکی کۆچی دوایی کردوە، کە پێی دەگوت: تۆ دایکمی لە پاش دایکم. بەڵام عەلیی کوڕی مامی بوە، لەو کاتەدا تەمەنی نەگەییشتبوە هەشت ساڵ و، ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا لە خۆی گرتبوو، لە پێش ئەوەی وەحیی بۆ بێت، لە پێش پێغەمبەرایەتییەوە لای ئەو ژیاوە.محەمەد بەخێوی دەکات و نانی دەداتێ، لەبەر ئەوەی کە لەو کاتانەدا قوڕەیش تووشی قەیرانی نەداری و قاتوقڕی بوون وئەبووتالیب منداڵێکی زۆری هەبوو، پێغەمبەری خودا بە عەباسی مامی گوت: ئەبووتالیبی مامت منداڵی زۆرە، خەڵک لە تەنگانەدا فریای یەکتر دەکەون، با لەوەدا باری سوک بکەینو منداڵەکانی کەم بکەینەوە، تۆ یەک منداڵ بەرەو منیش یەکێکیان، هاتن بۆ لای و پێیان گوت: ئێمە دەمانەوێت قورساییی منداڵەکانت لەسەرت کەم بکەینەوە، تا خەڵک لەم بارە دەردەچن،ئەبووتالیب پێی گوتن: ئەگەر عەقیلم بۆ بەجێ بهێڵن، دەڵێت؛گوتوویەتی چیتان دەوێت بیکەن. پێغەمبەری خودا عەلیی برد و لە خۆی گرت و عەباسیش جەعفەری برد و لە باوەشی گرت و عەقیل و تالبیان بەجێهێشت و، عەلی لای پێغەمبەری خودا مایەوە.
ئەگەر عەلی لە کاتی پێغەمبەربوونی محەمەددا منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵ بوە، لەگەڵ ئەمەیشدا پێغەمبەر بەخێوکەری بوە و لەگەڵ ئەودا لە ماڵەکەی دا ژیاوە، سەرسوڕهێنەر نییە کە باوەڕی پێ بکات، بەڵکوو عادەت و شتێکی ئاساییە کە هەرچییەکی بوێت بەدوایدا بچێت و بە قسەی بکات و، هەر قسەیەک بکات بە ڕاستگۆی بزانێت. لە سیرەی حەلەبیدا لە (الامتاع)ـەوە وەریگرتوە دەڵێت، بەڵام عەلی موشریک نەبوە، واتە بە هیچ شێوەیەك هاوبەشیی بۆ خودا دانەناوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەردا بوە و وەک یەکێک لە منداڵەکانی لەخۆی گرتوە و، لەگەڵ بۆچوونی ئەودا بوە لە هەموو کاروبارەکاندا، هیچ پێویست ناکات کە بانگهێشت بکرێت بۆ موسوڵمانبوونی.
ئەوەی دەیبینین ئەوەیە، ئەم گێڕانەوەیە لە هۆکاری موسوڵمانبوونی عەلی ڕاستنییە، بەڵکوو لەوەوە نزیکە کە هەڵبەستراو بێت، وەک قسەی گێڕەوە لە دوا باسەکەیدا: (وایکرد چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا بوو بە موسوڵمان) لەبەر ئەوەی عەلی لەو کاتەدا لە ماڵی محەمەد دەمێنێتەوە، هیچ واتایەکی نییە کە بڵێت چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا، چۆن دەچێت بۆ لای کە لە یەك ماڵدا لەگەڵیدا دەژێت؟ ئەوەی ڕاست بێت کە خاوەنی (الامتاع)باسی کردوە، کورتەی قسەکەمان ئەوەیە، باوەڕداریی ئەمانە لە سەر بنەمای فیکر و عەقڵ نەبوە، بەڵکوو ئەمە ڕەدووکەوتن و لاساییکردنەوە بوە. لەبەر ئەوە بوە، ئەوان لە سەرجەم کاروبارەکانیان دا سەر بە

.محەمەد بوون
ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بۆ درێژەپێدانیش بێت، نووسەرانی بەسەرهاتەکان، باسی پێشینان دەکەن کە بوون بە موسوڵمان، دەبینین جیاوازن لە شانازیپێوەکردنی بەمەی پێشەوە دەربارەی عەلی، هەندێکیان دەیخەنە لای عەلیی کوریئەبووتالیب و هەندێکیان دەیبەنە لائیەبووبەکر، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوە لە بێئاگاییبووندا بوە، لەوەی کە باسیان کردوە، لە گێرانەوەکانیاندا، ئەوەی نووسیویانە سەرسورمان دروست دەکات. ئەوان باسی ئەوەیان کردوە کە نیشانەی ئەوەیە و بەڕوونی دیارە،ئەبووبەکر باوەڕی بە محەمەد هەبوە، پێش ئەوەی جبریلی بۆ بنێررێت و پێش ئەوەی عەلی لەدایک بێت، هەر ئەوان باسی ئەوەیان کردوە، پێش پێغەمبەرایەتی هاوڕێی پێغەمبەری خودا بوە و هەر ئەو سەردانی کردوە لە ماڵەکەی و قسەی لەگەڵ کردوە، هەر ئەوان ئەو باسانەیان کردوە لە سەر پێغەمبەر کە کردوویانە، گوایە گوتوویەتی: من و ئەبووبەکر لەم کارەدا وەک ئەسپی گرەو بووین، کە پێشکەوتم لە دوامەوە بوە کە ئەو پێشدەکەوت من بەدوایەوە دەبووم. دەحلان لە سەر ئەم فەرمووده قسەی کردوە و دەڵێت: ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەردووکیان لەگەڵ تاکپەرستیدا تێکەڵ بوون. لە سیرەی حەلەبی دەڵێت؛ کە ئەبوونەعیم لە هەندێک هاوەڵان وەریگرتوە،گوتوویانەئەبووبەکر پێش .پێغەمبەرایەتی باوەڕی بە پێغەمبەر هێناوە
ئێمە هیچ گومانێکمان لەوەدا نییە، ئەبووبەکر پێش هاتنی جبریل زانیویەتی چی لە بیر و هۆشی محەمەددا لە بارەی پێغەمبەرایەتی خول دەخواتەوە، ئەو ئامانجە چییەکە هەوڵی بۆ دەدات، بۆیە پاش هاتنی پەیامەکە بێ دوودڵی باوەڕی پێدەکات. لە گێرانەوەیەک لە سەر پێغەمبەردا هاتوە،گوتوویەتی: "هیچ قسەیەکم لە سەر ئیسلام لەگەڵ یەکێکدا نەکردوە کە ڕازی بێت و قسەکەم ڕەت نەکاتەوە، جگە لە کوڕی ئیبن ئەبی قەحافە، کە قسەم لەگەڵدا کرد یەکسەر پێم ڕازی بوو و پێی هەڵسا.ئەبووبەکر بەوەوە نەوەستا، لە پێش هەموو کەسێکەوە باوەڕ بە محەمەد بهێنێت، بەڵکوو یەکێک بوە لە بەوەفاترین کەس بۆ بانگەشەکردنەکەی و، بەنهێنی داوای لە خەڵک کردوە بۆ باوەڕهێنان پێی، تا بەو بانگەشانەی لە سەرەتاوە عوسمانی کوڕی عەفان و زوبیری کوڕی عەوام و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا و چەند کەسی تر کە خاوەن بەسەرهاتەکان باسیان کردوە باوەڕیان پێ هێناوە.چۆن عەلی لە پێش ئەو دەبێت لە موسوڵمانبووندا، کە زانیت موسوڵمانبوونی عەلی لە سەر عەقڵانیەت و بیرکردنەوە نەبوە، .بەڵکوو وەک بەدواکەوتن و لاساییکردنەوە بوە
ئەمە و با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی باسی دەکەین، محەمەد کە خێزان و خزموخێشی باوەڕیان پێ هێناوە، وەک پێشتر باسمان کرد، بەنهێنی هێشتییەوە و بانگەشەی خوداپەرستیی بەنهێنی کردوە، خەڵکانێک بە دوای کەوتن کە بە گشتی لە پیاو و ژنە سەرگەردان ولاوازەکان بوون، لەم کارەیدا سێ ساڵ بەنهێنی خەریکی بانگەشە بوو. ئەوانەی بوونە موسوڵمان ئەگەر بیانویستایە نوێژ بکەن بەنهێنی دەڕۆیشتن بۆ پێچوپەنا و خۆیان لە کافرەکان دەشاردەوە، لە کاتێکدا سەعد کوڕی ئەبی وەقاس لەگەڵ کۆمەڵێک موسوڵماندا لە پەنایەک لە پێچوپەناکانی"واتە لە نێوان دوو شاخدا" مەککە خەریکی نوێژکردن بوون، هەندێک کافریان لێ پەیدا بوو، قسەیان پێ کردن و بە عەیبەکاریان لە قەڵەم دان، تا کردیان بە شەڕ، سەعد کوڕی ئەبی وەقاس بە چەناگەی حوشترەکەی لە پیاوێکی دا و بریندارای کرد، ئەمە یەکەم خوێنڕشتن بوو لە ئیسلامدا. پاش ئەم ڕووداوە، لە ترسی ئازاری کافرەکان وازیان هێنا لە دەرچوون بۆ پێچوپەناکان بۆ نوێژکردن، محەمەد و هاوڕێکانی بەنهێنی دەچوونە ماڵی ئەرقەم کە یەکێک بوو لە موسوڵمانان "حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: ماڵی ئەرقەم کە ئێستا بە ماڵی خەیزەران ناسراوە لە سەفایە، خەلیفە مەنسوور کڕی و دای بە مەهدی کوڕی، ئینجا مەهدی دای بە خەیزەران، دایکی هەر دوو کوڕەکانی مووسای هادی و هاروون ڕەشید".محەمەد و هاوڕێکانی لە ماڵی ئەرقەم نوێژی خۆیان دەکەن و خوداپەرستی دەکەن، تائەو کاتەیخودا فەرمانی پێ کرد، کە ئایینەکەی دەربخات و ڕاییگەیەنێت {فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ} [الحجر: 94] واتە:هەر فەرمانێك بە تۆ دەدرێ ئاشکرای بکە و لە بێباوەڕان مەترسە. و تێیدا هاتوە: {وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ (214) وَاخْفِضْ جَنَاحَكَ لِمَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ} [الشعراء: 214، 215]. واتە: نزیکترین خزمی خۆشت ئاگادار بکەرەوە. باڵت شۆڕکەوە بۆ ئەو بروادارانەی کە شوێنت کەوتوون لەم بارەوە خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: لەم ڕێرەوەدا پێغەمبەر بۆ نوێژ و خوداپەستی لە ماڵی ئەرقەم مایەوە و بە نهێنی کاری خۆیاندەکرد تا لە ساڵی چوارەمدا

بانگەشەی ڕاگەیاند. کاتێک محەمەد بانگەشەکەی ئاشکرا کرد، سەرەتا پیاوانی قوڕەیش ڕەتیان نەکردەوە، جگە لە ئەبوولەهەبی مامی. سەرەڕای ئەوەی وەڵامیان نەدایەوە، هیچ خراپەکارییەکیان لەگەڵدا نەکرد و هیچ شتێکیان نەگوت کە پێی ناخۆش بێت. ئەوەتا ئێمە لە سیرەی حەلەبییەوە بەسەرهاتی بانگەشەکەت بۆ دەگوێزینەوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ڕاگەیاندن و بەردەوامی بۆ حەوت ساڵ تا مردنی ئەبووتالیبی مامی لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتیچی ڕووی داوە. دەڵێت: کاتێک بانگەشەی موسوڵمانێتیی بۆ قەومەکەی کرد، هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە و ڕەتیشیان نەکردەوە، لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت؛ کافرەکانی قورەیش وایان لێهات، ئەوەی باسیدەکرد ڕەتیان نەکردەوە، ئەگەر لە دانیشتنێکدا بە لاپاندا
پرۆشتنایەدەیانگوتغولامەکەی بەنی عەبدولموتەلیب قسە لەگەڵ خەڵکی ئاسماندا دەکات، ئاوها بەردەوام بوون لەگەڵیدا تا قسەی بە ئیلاهەکەیان کرد و عەقڵیانی بەهیچوپووچ زانی و باوانیان بە وێڵ لە قەڵەم دا.
دەڵێت تەنانەت ڕۆژێک چوو بۆ لایان، کە لە مزگەوتی حەرام بوون نوێژیان بۆ بتەکاندەکرد، گوتی: ئەی خەڵکی قوڕەیش بە خودا دژی میللەتی ئیبراهیمی باوکتان وەستاون، گوتیان: ئێمە بتەکان لە خۆشەویستیی خودا دەپەرستین بۆ ئەوەی لە خودا نزیکمان بکاتەوە و شەفاعەتمان بۆ بکات. خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند: {قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبوون اللَّهَ فَاتَّبِعُونِی يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ} [ئەل عمران: 31].واتە: بڵی : ئەگەر خوداتان خۆش دەوێت شوێن من یکەون هەتا خوداش خۆشی بوێن. ڕازی نەبوون و کۆکبوون لە سەر ناکۆکی لەگەڵیدا و دوژمنایەتییان کرد، جگە لەوانەی پەنایان بۆ خودا برد. گوتی: هاتن بۆ لائیەبووتالیب. گوتیان: ئەیئەبووتالیب برازاکەت جنێو بە خوداکەمان دەدات و ئایینەکەمان بە خراپە ناودەبات و ئاوات و خەونەکانمان بێ بەها دەکات، یان ناهێڵیت حەقی بە سەرمانەوە هەبێت یان خۆت دەخەیتە نێوان ئێمە و ئەو، تۆیش وەک ئێمەی لە ناکۆکی لەگەڵیدا.ئەبووتالیب بە نەرمونیانی قسەی لەگەڵ کردن و بەجوانی وەڵامی دانەوە، ڕۆیشتنەوە، پێغەمبەریش بەردەوام بوو لە ڕاگەیاندنی ئایینی خودا و بانگەشەی بۆ کرد و کەس پەشیمانی نەکردەوە.
گوتی: ئینجا کارەکە لە نێوانیاندا توند بوو، تا پیاوەکان ڕقیان هەڵسا و لە یەک دوور کەوتنەوە، قورەیش زیاتر باسیان لە پێغەمبەری خودادەکرد و، لەسەری کۆبوونەوە، هەندێکیان هانی ئەوی تری دەدا لە شەڕکردنی و دوژمنایەتی و داپڕان لەگەڵیدا. گوتی ئینجا دووبارە چوونەوە بۆ لائیەبووتالیب گوتیان: ئەیئەبووتالیب تۆ تەمەنێکت هەیە و خاوەن شەرەف و پێگەیت لای ئێمە، ئێمە داوامان لێ کردیت، ڕێگە لە برازاکەت بگریت، وات نەکرد، بە خودا ئێمە لە سەر ئەمە سەبر ناکەین، کە جنێو بە باوانمان بدات و خەونەکانمان بێ بەها بکات و خوداکانمان(بتەکانمان) بە خراپە ناوببات، یان ڕێگەی لێدەگریت و نایهێڵیت یان لەگەڵ تۆیشدا دەکەوینە شەڕەوە تا لایەک لەناودەچێت، ئینجا دەرچوون و ڕۆیشتن.ئەبووتالیب داپڕان و دوژمنایەتیی قەومەکەی بە گەورە زانی، هەروەها پێی خۆش نەبوو، پێغەمبەری خودا بێزار و تووڕە بکات، گوتی: ئەی برازام قەومەکەت هاتن بۆ لام و ئەمەوئەوەیان گوت، پارێزگاری لە من و خۆت بکە، لەسەرووی توانای خۆم پێم هەڵمەگرە، پێغەمبەری خودا وایزانی مامی پشتی لێکردوە و ویستی پەشیمانی بکاتەوە، گوتی: ئەی مامم ئەگەر خۆر بخەنە لای ڕاستم و مانگ بخەنە لای چەپم، بۆ ئەوەی واز لەم کارە بهێنم تا خودای باڵا دەریدەخات یان لەناودەچم تێیدا، وازی لێناهێنم. ئینجا پێغەمبەر هەڵچوو ووروژاو حاڵی بۆ هات و گریا، ئینجا هەڵسا ویستی بڕوات،ئەبووتالیب بانگی کرد و گوتی: وەرە برازام، هات بۆ لای و گوتی: برۆ برازام هەرچییەکت حەز لێیە بیڵێ، بە خودا ڕادەستت ناکەم و چەند دێرە شیعرێکی گوت لەوەیش:
حتى أوسد فی التراب دفینا والله لن يصلوا إليك بجمعهم
واتە: تاوەکو دەچمە ژێر گڵەوە بە هەموویانەوە ناتوانن پێت بگەن.
گوتی: کاتێک قورەیش زانییان کەئەبووتالیب پێغەمبەری پەشیمان نەکردوەتەوە، عەمارەی کوری وەلید کوری موغیرەیان برد بۆ لای و پێیان گوت: ئەیئەبووتالیب ئەمە عەمارەی کوری وەلیدی کوری موغیرەیە، گەنجێکی قۆزی قورەیشە، ئەمە بەرە بۆ خۆت و "واتە بەخێوی بکە" برازاکەت ڕادەستمان بکە، ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ ئایینەکەت و ئایینی باووباپیرانت و یەکبوونیان پەکخست و پەرشوبڵاوی کردنەوە و خەونەکانیان بێ بەها کرد، دەیکوژین، بەڵام ئەو پیاوە و وەک پیاو دەیکوژین.ئەبووتالیب پێی گوتن: بە خودا بەخراپی سازشم لەگەڵدا دەکەن، کورەکەتانم دەدەنێ کە نانی بدەمێ، کورەکەمتان بدەمێ بۆ ئەوەی بیکوژن. بە خودا قەت ئەمە نابێت،

هەروەها گوتی: ئایا حوشترێکیان بینیوە کە سۆزی بۆ جۆری جیاواز لە خۆی هەبێت. لەوێدا کارەکە توند و قورس بوو، ئەوەیئەبووتالیب لە قورەیشی بینی، داوای لە بەنی هاشم وبەنی موتەلیب کرد، کە پێغەمبەری خودا بپارێزن و بێ ئەو هەڵسن،هەموویان ڕازیبوون جگە لە ئەبوولەهەب کە بەئاشکرادوژمنایەتیی پێغەمبەری خودا و ئەوەی باوەڕی پێ کردبووەدەکرد.
لەم باسەی لە سیرەی حەلەبییەوە گواستمانەوە، دەزانین کە محەمەد لەو کاتەدا نیازی خۆی ڕاگەیاند و بەئاشکرا بانگی خەڵکی کرد بۆ لای خودا، هێزێکی هەبوو کە لە نەیارانی بیپارێزێت و پشتی پێ ببەستێت لە بانگەشەکەیدا، ئەو هێزەیش عەبدولموتەلیبی مامی بوو، لەگەڵ ئەوانەی بەنی هاشم و بەنی موتەلیب کە ڕازی بوون بە کارەکەی، ئەوانەیش وەک خزمایەتی پارێزگارییان لێ دەکرد، نەک وەک باوەڕهێنان، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەڵێین هەموویان، زۆرینەیان باوەڕیان پێ نەبوو. سەرەڕای ئەوەی پارێزگاریکردنەکە تەنیا بۆ ئەوە بوو نەیکوژن، بەڵام ئازاردانی لە لایەن کافرەکانی قورەیشەوە،دژ بە خۆی و لایەنگرانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توندتر دەبوو، هیچ پێویست ناکات باسی ئەوە بکەین کە چەند خۆی و هاوەڵانی دەیانناڵاند بەدەستییانەوە، ئەوە لە کتێبی بەسەرهاتەکان بە دوورودرێژی و فراوانی باسکراوە، تا لەو بەینەدا داوای کرد لە بەدواکەوتوانی لە موسوڵمان کۆچبکەن بۆ حەبەشە بۆ ئەوەی لەو سەرکوتکردنەیکافرەکانی قورەیشپرزگاریان بێت.
بە کورتییەکەی، محەمەد لە پاش بانگەشەکەی حەوت ساڵ بەردەوام بوو لە کارەکەی بە پاراستنیئەبووتالیبی مامی و، لە لایەکی تریشەوە بە دەست ئازار و ئەشکەنجەی کافرەکان دەیناڵاند، تائەبووتالیب لە ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتی کۆچی دوایی کرد. ئەمەیش پێش کۆچکردن بوو بۆ مەدینە بە سێ ساڵ. لەم ساڵەیشدا خەدیجە مرد، دەڵێن: پاش مردنیئەبووتالیب بە سێ ڕۆژ، خەدیجە مردوە. لە لایەکی ترەوە دەڵێن پێش مردنەکەی بە سیوپێنج شەو، بۆیە محەمەد ئەو ساڵەی بە ساڵی خەم ناونا. تەنانەت لە ماڵدا مایەوە و دەرچوونی کەم کردەوە.

دەرچوونی بەرەو تایف
محەمەد بە مردنیئەبووتالیبی مامی و خەدیجەی خێزانی، دوو هێزی لەدەستدا: مادی و مەعنەوی. لەخۆپارێزی لە ئازار و ڕێگری لەناوبردنی لە لایەن دوژمنانییەوە پشتی بە یەکەم دەبەست، ئەگەر زۆرجاریش ئازاریان دەدا، وەک ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئەبووتالیب پشتوپەنا بوو بۆ کارەکەی و هەژموون و هێزێك بوو بۆ سەرکەوتنی بە سەر دوژمنانی دا. لە دڵدانەوە و ڕەوینەوەی خەم و ئازاریشدا پشتی بە دوەم دەبەست، وەک ئیبن ئیسحاق باسی دەکات خەدیجە: وەزیرێکی ڕاستگۆی ئیسلام بوە، کە شکایەتەکانی لەو کاتەدا دەبردەوە لای ئەو.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: هیچ شتێک لەمبارەیەوە نەبوو، کە لە قەومەکەیەوە گیرۆدەی بێتوئازاری بەدەستەوە بچێژێت و دوای ئەوەی کە دەگەڕایەوە بۆ لای خەدیجە و باسی بۆ دەکرد "هیچ شتێکیش نییە بە خەدیجەی گوتبێت و خودا لێی دەربازی نەکردبێت"، بەڵام محەمەد پاش لەدەستدانی ئەم دوو هێزە لە سەر گوروتین و هیمەت و توندوتۆڵی و سەبرفراوان و جوانیی خۆی بەردەوام بوو، هیچ کەمی و لاوازییەکلە گوروتەوژم و هیمەتی ڕووی نەدا، هیچ کاریگەرییەکی لە سەر سەبری نەبوو، بەڵام قورەیش لە سەر دوژمنایەتی و نەیاریی خۆیان مانەوە و بەردەوام بوون، وای لێهاتمحەمەد بیر لە هێزێکی ترلە دەرەوەی قورەیش بکاتەوە، بۆ پارێزگاریلەخۆکردن بۆ ئەوەیلە بانگەشەکەیدا پشتی پێ ببەستێت، بەتایبەتی قورەیش لە پاش مردنیئەبووتالیببە شێوەیەک ئازاریان دەدا، کە تا ئەو کاتەیئەبووتالیب لە ژیاندا مابوو، نەیانتوانی بەو شێوەبن لەگەڵیدا، تەنانەت یەکێک لە قورەیشییەکان ڕێگەی لێگرت و خۆڵی کرد بە سەریدا، ئیبن ئیسحاق دەڵێت: هوشام کوری عەروە لە باوکییەوە "عەروەی کوری زوبیر" وەریگرتبوو، پێی گوتم: کە ئەو هیچوپووچو بێمروەتە، خۆڵی کرد بە سەر محەمەددا، پێغەمبەری خودا چوە ماڵەوە و سەری خۆڵاوی بوو، یەکێک لە کچەکانی هەستا و پاکی کردوە و سەری شت و هاوکات بۆی دەگریا، پێغەمبەری خودا پێی گوت: مەگری کچم، خودا پارێزگاری لە باوکت دەکات. گوتی: لەناو ئەوانەدا؟ گوتی: قورەیش نەیتوانی زەفەرم پێ بەرێت و شتێکم لێ بکات و ڕقم لێبێت تائەبووتالیب مرد.
لە عەلیی کوریئەبووتالیبەوە دەڵێت؛ لە پاش مردنیئەبووتالیب، پێغەمبەری خودام بینی کە قورەیش ململانێی لەگەڵ دەکەن و دەیهێنن و دەیبەن و پێی دەڵێن، تۆ ئالیهەکانت کرد بە یەک!؟ گوتی: بەخودا هیچ کەسێک نەهات بە لامەوە، جگە لەئەبووبەکر کە لەمەی دەدا و پاڵی بەوەی

.ترەوە دەنا و، دەڵێت: گوتی ئێوە پیاوێک دەکوژن کە دەڵێت ئەللا خودامە
محەمەد پێش مردنیئەبووتالیب، ئەگەر داوای لە یەکێک بکردایە ببێت بە ئیسلام، تەنها پێی دەگوت بڵێ هیچ ئیلاهێک نییە جگە لە خودا (لا اله الا الله). بەڵام پاش مردنیئەبووتالیب، هەر کەسێکی ببینیایە، خاوەن شکۆ و هەیبەت بوایە، داوای لێ دەکرد ببێت بە ئیسلام، جگە لە داواکردنی هیچ ئیلاهێک نییە جگە لە خودا، داوای لێ دەکرد پارێزگاریی لێبکات و پشتگیری لە بڵاوکردنەوەی ئیسلام بکات، بۆیە وەک گوتمان پاش مردنیئەبووتالیب ویستی هێزێک پەیدا بکات، کە پشتی پێ ببەستێت لە بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەی دا، ویستی ئەو هێزە لە دەرەوەی قورەیش بێت، چونکە لە قورەیش بێئومێد بوو، لەبەر ئەوەی پاش مردنیئەبووتالیب، زۆر .توندیان کرد لە سەری و ئازاریان دەدا و بەئاشکرا دوژمنایەتییاندەکرد
محەمەد زانی لە پاش قورەیش جگە لە خەڵکی سەقیفی تایف هیچ کەسێکی تر بە شکۆ و تەژم وهەیبەت و پارێزراوتر نابینێت، ئەو شارەی کە ڕۆژەڕێیەک لە مەککەوە دوورە، لە کاتی ڕۆیشتن ڕۆژەڕێیەك بوە و لە کاتی دابەزیندا نیوەڕۆژەڕێیەك بوە لەوێوە بۆ مەککە. خۆی ئامادەکرد بۆ دەرچوون بۆ تائیف، بۆ ئەوەی داوا لە پیاوانی سەقیف بکات ببنە موسوڵمان وپارێزگاریی .لێبکەن و نەهێڵن دوژمنانی ڕێگەی لێبگرن لە بانگەشەکەیدا
بێگومان ئەم بیرکردنەوەیە واتە بیری بەدەستهێنانی هێزێک بۆ ئەوەی،پشتی پێ ببەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەی، شایانی ئەوەیە بە یەکەم هەنگاونانی محەمەد بەرەو سەرکەوتن دابنرێت، لەبەر ئەوەی پاش ئەوە ویستی ئەو هێزە فراوانتر بکات، کە سەرەتا تەنها ویستی هێزێکی هەبێت بۆ پاراستن و توندوتۆڵیی خۆی، دواتر ویستی هێزێک دروست بکات لە دوژمنەکانی بدات. بە دەربڕینێکی تر، یەکەم جار هێزێکی دەویست پارێزگاری لەخۆی بکات، ئینجا دواجار داوای هێزێکیدەکرد، کە هێرش بکاتە سەر دوژمنانی و ناچاریان بکات ڕازی بن بە بانگەشەکەی. ئاوها بوو کە دواتر ڕوون دەبێتەوە، محەمەد کاتێک هێزێکی چەکداری بەدەستهێنا، لە جێگای خۆی نەوەستا و ڕۆیشت لە دوژمنانی دا و ئەوەی ویستی کردی. بێگومان بانگەشەکەی بەهێزی چەکدارەوە نەبەستەوە، پاش ئەوەی لە کاتێکی کەمدا ئەو .سەرکەوتنە سەرسورهێنەرەی بەدەستهێنا
ئەگەر بڵێیتئەبووتالیب مرد، بەڵام بەنی هاشم و بەنی موتەلیب جارێک لە ژیاندان،ئەبووتالیب داوای لێکردن کە محەمەد بپارێزن وئەوانیش بەوە ڕازیبوون، ئەی بۆچی محەمەد داوای هێزێکی تری کرد، کە پشتی پێ ببەستێت لە بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەیدا، کە ئەمانە مابوون و جگە لەئەبووتالیب کەسێکی تریان نەمردبوو، دەڵێم: ئەبووتالیب لە کاتێکدا داوای لێکردبوون کە بیپارێزن کە سەرکردەیان بوو، هانی دەدان و بزوێنەری پیاوەتی و شەهامەتیان بوو، لەبەر ئەوەی بە سۆزتر بوو بۆ محەمەد و زۆر خۆشی دەویست و پەیوەست بوو پێوەی، محەمەد لە باوەشی ئەودا گەورە بوو، ئەو لە منداڵییەوە هەڵدەستا بە دابینکردنی پێداویستییەکانی و لە ئەستۆی ئەودا بوو، لەوانەیە ئەوان لە پارێزگاریکردنی ساردبووبنەوە، بۆیە کافرەکانی قورەیش .زۆر ئازاری محەمەدیان دەدا و بێزاریاندەکرد
سەرەڕای ئەوەی ئەو هێزەی بەنی هاشم و بەنی موتەلیب لە پاش مردنیئەبووتالیب بۆ محەمەد مابوونەوە، بەڵام جگە لەوەی نەهێڵن بیکوژن هیچ پارێزگارییەکیان لە شتی تر نەدەکرد، بۆیە کافرەکانی قورەیش لە پاش مردنی ئەبووتالیب نەیانوێرا بیکوژن، چونکە زانییان ئەگەر بیکوژن بەنی هاشم و عەبدولموتەلیب تۆڵەی دەسێننەوە و شەڕ لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بەڵام محەمەد داوای هێزێکی گەورەتر و بەگورتر و بەتینتر و پارێزراوتر لەم هێزەی کرد، کە وای لێبکات ئازاد بێت لە بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەی دا و لە شەڕ و نەزانی و دوژمنانی .دوورو بێوەی بێت
با باسی ئەوە بکەین لە سەر دەرچوونی بۆ تایف کە حیکایەتخوانان باسیان کردوە،حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: کاتێکئەبووتالیب مرد و قورەیش زەفەریان بە محەمەد برد، کە نەیانتوانی لە کاتیئەبووتالیب وای لێ بکەن، بەدڵتەنگییەوە دەرچوو بۆ تائیف و زۆر دڵگران بوو لەوەی بە دەستی قورەیش و خزم و کەسانییەوە بەسەریدا هات، بە تایبەتی بە دەست ئەبوولەهەب و ئوم جەمیلی چیلکەهەڵگری ژنییەوە، لە جوێن و هەجوو و بەدرۆخستنەوەدا قسورییان نەکرد.شەوالی ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتی، بەتەنیا ڕۆیشت بۆ تائیف، دەگوترێت: زەیدی کوری حارسەی بەردەستەی لەگەڵدا بوە، داوای لە سەقیف کردوە ببنە موسوڵمان بۆ .پشتگیریکردن و یارمەتیدانی دژ بە قەومە نەیارەکەی

خاوەنی سیرەی هشامی دەڵێت: پێغەمبەری خودا بەرەو تائیف دەرچوو، بۆ ئەوەی داوای پشتگیرییان لێبکات و پارێزگاری لێ بکەن لە قەومەکەی و هیوادار بوو، ئەوەی لە خوداوە بۆی هاتوە قبوڵیبکەن، بەتەنیا ڕۆیشت بۆ لایان. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: یەزید کوڕی زیاد قسەی بۆ کردم، لە محەمەد کوڕی کەعبی قەرەزی وەریگرتوە،گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا گەییشتە تائیف، ڕۆیشت بۆ لای هەندێک کەس لە سەقیف، کە لەو کاتەدا دەسەڵاتدار و ئەشرافی سەقیف بوون، سێ برا بوون ئەوانیش، عەبدیالەیل و مەسعوود حەبیب کە هەرسێکیان کوڕی عەمرو کوڕی عەمیر بوون. ژنی یەکێکیان لە قورەیش لە بەنی جەمح بوو،پێغەمبەری خودا لەگەڵیاندا دانیشت و داوای لێکردن ببنە موسوڵمان و قسەی لەگەڵیاندا کرد، بەو شێوەیەی پشتگیریبکەن لە ئیسلامدا و دژ بەوانە بوەستن لە قەومەکەی کە ناکۆکن لەگەڵیدا. یەکێکیان کە پەردەی پۆشینی کەعبەی هەڵدەگرت، گوتی: خودا تۆی ناردوە، ئەوی تریان گوتی: خودا کەسێکی تری نەدۆزییەوە بینێرێت! سێیەم کەسیان گوتی: بە خودا هیچ قسەیەکت لەگەڵدا ناکەم، ئەگەر پێغەمبەری خودا بیت وەک دەیڵێیت، تۆ خەتەرێکی لەوە گەورەتری کە وەڵامت بدەمەوە، ئەگەر درۆیش بە ناوی خوداوە بکەیت، هەروەها نابێت قسەت لەگەڵدا بکەم. پێغەمبەر هەڵسا لە لایان و بێئومێد بوو لە چاکەی سەقیف، پێی گوتن -وەک باسم بۆ کراوە- چی دەکەن بیکەن، بەڵام ئەم نهێنییەم بپارێزن. پێغەمبەر پێی خۆش نەبوو ئەمە بگاتە قەومەکەی، ڕقیان زۆرتر لێی هەڵدەسێت. ئەوەیان باس نەکرد، وایان لە خەڵکە بێفەڕ وهیچوپووچەکانیان و کۆیلەکانیان کرد، کە جوێنی پێ بدەن و هاواری بەسەردابکەن، تا خەڵک کۆبوەوە بەسەریدا و بردیان بۆ لای ئاوەدانیەکەی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە و شیبەی کوڕی ڕەبیعە، کە لەوێدا بوون، ئەوانەیان گەڕاندەوە کە بە دوایدا بوون، بەرەو سێبەری کەپرێکی دارەمێوێك بە ڕێ کەوت و لە ژێریدا دانیشت و کوڕانی ڕەبیعە تەماشایاندەکرد و بینییان
بەدەستهیچوپووچەکانی تائیفەوە چی لێدەکەن. پێغەمبەر خودا -وەک باسی بۆ کردم– ئەو ژنەی بەنی جەمحی بینی و پێی گوت: چیمان لە خەزوورانت بینیلە سیرەی حەلەبی؛ لە خەڵکی تری بەدەر لە ئیبن ئیسحاق، دەڵێن: کاتێک هەڵسا لە لایان پێیان گوت لە وڵاتەکەمان دەربچۆ و بگە بەوانەی ڕزگارت دەکەن لە سەر ئەرزدا، هانی کۆیلە و هیچوپووچەکانیان دا کە جنێوی پێ بدەن و هاواری بەسەردابکەن، تا خەڵکی بەسەردا کۆبوەوە و دوو ڕیز بۆی وەستان، کاتێک لە بەینی دوو ڕیزەکەدا دەڕۆیشت، هیچ قاچێکی هەڵنەگرت و ئەویتری بخاتە سەر زەوی و بەردی پێ نەکەوێت، تا هەر دوو قاچیان خوێناوی کرد، لە قسەیەکی تردا تا نەعلەکانی خوێناوی بوون. لە کاتێکدا کە ئازاری زۆری پێگەییشت دادەنیشت، ئەوان هەر دوو دەستیان دەگرت و هەڵیاندەساند، هەر کاتێک دەڕۆیشت بەردبارانیاندەکرد و پێدەکەنین. هەموو ئەمە و زەید کوڕی حارسە بە گیانی دەیپاراست "بە قسەی خەڵکی غەیرە ئیبن ئیسحاق کە لەگەڵیدا بوە" تا سەری دوو لەت دەبێت و کاتێک لە دەستیان دەردەچێت و هەر دوو قاچی خوێناوی دەبێت، دەڕوات لە پاڵ یەکێک لە دیوارەکانیان دادەنیشێت.
محەمەد بێئومێد بوو لە بینینی ئەوانەی کە ئیبن ئیسحاق دەڵێت ئەشراف و گەورەی سەقیف بوون، ئەوان لە بێ قیمەت و کۆیلەترین کەسیان هیچوپووچتر بوون و لە کۆیلەکانیان نەفسبەرزتر نەبوون، کە هانیان دەدان دژ بە محەمەد، ئەوەی کردیان کە کردیان، کە ڕازینەبوون بە قسەکانی،ئەگەر شەرەفی باڵا و نەفسبەرزیان هەبوایە، ڕەتیاندەکردەوە و بەرەڵایاندەکرد بۆ خۆی چی دەکات بیکات، بەڵام سێیەمیان لە وەڵامدانەوەی بە ئینسافەوە قسەی کرد و وەڵامی دایەوە و پێی گوت: (بەخودا قەت قسەت لەگەڵدا ناکەم...) قسەی دوەمیان وا پیشان دەدات (خودا کەسێکی تری جگە لە تۆ نەدۆزییەوە بینێرێت) کە محەمەد لە پیاوە گەورەکانی ئەو زەمانە نەبوە لای ئەوان، ئەمە وا پیشان دەدات کە محەمەد لە چاوی قسەکەردا وەک خەڵکە گشتییەکە بوە و لە باڵاکان نەبوە. ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی لە قورئاندا هاتوە یەک دەگرێتەوە: {وَقَالُوا لَوْلَا نُزِّلَ هَٰذَا الْقُرْآنُ عَلَىٰ رَجُلٍ مِّنَ الْقَرْيَتَيْنِ عَظِيمٍ} [الزخرف: 31]واتە: ئەگەر تۆ لەم ناوە لابەین، دیارە ئێمە تۆڵەیان لێدەکەینەوە. شیکەرەوان باسی(قریتین) دوو لادێ بە مەککە و تائیف ناودەبەن، دەڵێن لە هەر دوو لادێ، واتە لە پیاوانی هەر دوو لادێ. دەڵێن پیاوی گەورەی مەککە وەلید کوڕی موغیرەی مەخزومی بوە و پیاوی گەورەی تائیف حەبیب کوڕی عەمرو کوڕی عەمیر بوە، کە بە محەمەدی گوتوە، بە خودا قەت قسەت لەگەڵ ناکەم..."
لە قەتادەوە وەرگیراوە دەڵێت، پیاوی هەر دوو لادێکە وەلید کوڕی موغیرە و عەروە کوڕی مەسعوودی سەقەفی بوون، ئەم وەلیدەگوتوویەتی: "ئەگەر محەمەد ئەوەی دەڵێیت ڕاستە،

دەکرا بڵێت ئەم قورئانە دابەزیوە بۆ من، واتە وەلید، یان ئەبی مەسعوودی سەقەفی، ئەبی مەسعوود نازناوی عەروەی کوڕی مەسعوودی سەقەفی بوە. "
ئەم ئایەتە ئەوە لەخۆدەگرێت کە محەمەد لە خەڵکە باڵاکە نەبوە، قورئان وەڵامی داونەتەوە، بەڵام ئەمەی ڕەتنەکردوەتەوە، دەڵێت: {أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَتَ رَبِّكَ} [الزخرف: 32].واتە: ئەوان بەزەیی تۆ دابەش دەکەن. واتە قورئان بە ڕەحمەتی خودا دابەزیوە بۆ محەمەد، خودا خۆی ڕەحمەت دابەش دەکات، بۆ هەر یەکێک بیەوێت لە خەڵقەکەی، گەورە و باڵا بێت یان نەبێت. ئەگەر بیویستایە ڕەتیان بکاتەوە، دەبوایە بڵێت محەمەدیش وەک ئێوە گەورەیە، ئەمە و لەوانەیە لە شوێنی تردا بگەڕێینەوە بۆ ئەم بابەتە.
ئەوەی محەمەد بە دەستی هیچوپووچی تائیفەوە چەشتی، ئەوەیە کە هەمیشە چاکسازیخوازان لە هەموو زەمانێکدا بە دەست نەفسنزمانەوە دەیچێژن، هیچ سەرسوڕهێنەر نییە و، ئەوەی سەرسوڕهێنەری گەورەیە کە لە محەمەددا دەیبینین، لە سەبرێکی گەورە و زەبر و هیمەت و گوروتینێکی بەتەوژمی هەبوە، ئەوێك کە هیچ نەزانان و هیچوپووچان وا مامەڵە لەگەڵیدا بکەن و سەرەڕای دوژمنایەتیکردنی لە لایەنە گەورەکانیش وای لێنەیەت مل بدات و پەشیمان بێتەوە. تەماشای بکە کە لەو هیچانە ڕزگاری دەبێت و لە سێبەری ئەو کەپرە دادەنیشێت، چۆن دەستی بۆ خودا بەرزدەکاتەوە و قسە لەگەڵ خودا دەکات و دەڵێت: "ئەگەر توورەبوونی تۆ نەبێت، هیچ باکم نییە". ئیبن ئیسحاق دەڵێت؛ کاتێک لە ژێر کەپرەکەدا دانیشت، گوتی: خودایە لاوازیی هێز و کەمیی زانین و نزمی و ملکەچیم لە ئاست خەڵکدا بۆ تۆ دەگێرمەوە و ئەی ڕەحمەتدارتری و، تۆ خودای سەرگەردانانیت و تۆ خودای منی، بۆ هەر کەسێک دەمنێریت کە هێرش بکاتە سەرم یان هەر دوژمنێککاری منت خستبێتە دەستی، ئەگەر تۆ لێم توورە نەبیت هیچ باکم نییە، بەڵام لێبوردنت بۆ من فراوانتر و باشترە، پەنام بە تیشکی دەموچاوت کە هەموو تاریکیی ڕووناک کردوەتەوە و کاروباری دونیا و ئاخیرەتی پێ بەڕێوە دەبەیت، ئەگەر توورەییت بە مندا نەبارێنیت، یان لە من ناڕازی نەبیت، هەموو بەهانەیەکت بەدەستەوەیە تا ڕازی دەبیت و هیچ پەنایەکم نییە جگە بۆ تۆ نەبێت. پێشتر گوتمان هیچوپووچەکانی خەڵکی تائیف، پێغەمبەریان ناچارکرد پەنا بباتە بەر دیوارێک لە دیوارەکانیان، پاش ئەوەی چوە کەپرەکە و لە ژێر سێبەری ترێکە دانیشت و خاوەنەکانی عوتبە و شیبەی کوڕانی ڕەبیعە بوون، بینییان کە چۆن تووشی ئازاری خەڵکە بێبەهاکەی تائیف بوە، ڕەحمیان جۆشی خوارد، وەک ئیبن ئیسحاق باسی دەکات، بانگی غوڵامێکیان کرد کە نەسرانی بوو، پێیان دەگوت عەداس: بۆڵەترێیەکیان پێدا و گوتیان بیخە سەر قاپێک و بیبە بۆ ئەو پیاوە و پێی بڵێ لێی بخوات. عەداس بەقسەی کردن و بردی تا دای بە دەست پێغەمبەری خوداوە و ئینجا پێی گوت: بخۆ، کاتێک پێغەمبەری خودا دەستی دایە، گوتی: بەناوی خودا، ئینجا لێی خوارد، عەداس تەماشای دەموچاوی کرد، ئینجا گوتی: بەخودا ئەم قسەیە "بەناوی خودا" خەڵکی ئەم وڵاتە نایڵێن. پێغەمبەری خودا پێی گوت: تۆ لە گوندی پیاوی چاکەخواز یوونس کوڕی مەتیت، پێی گوت: چۆن یوونس کوڕی مەتی دەناسیت؟ پێغەمبەر خودا گوتی: ئەوە برامە، پێغەمبەر بوە و منیش پێغەمبەرم. عەداس خۆی خست بە سەر پێغەمبەردا و سەر و دەست و قاچی ماچکرد. گوتی: یەکێک لە کوڕانی ڕەبیعە بەویتری گوت، ها غوڵامەکەتی پەشیمان کردەوە و تێکیدا لەسەرت. کاتێک عەداس هات بۆ لایان، پێیان گوت: بەڵات لێ بدات بۆچی سەر و دەست و قاچی ئەو پیاوە ماچ دەکەی؟ گوتی: گەورەم شتێکی تر خێر و چاکەتر لەم پیاوە، هەواڵێکی پێدام جگە لە پێغەمبەران کەس نایزانێت، پێیان گوت: بەڵات لێبدات عەداس، لە ئایینەکەت دوورت نەخاتەوە، ئایینەکەت لە ئایینەکەی ئەو باشترە. گوتی: ئینجا پێغەمبەری خودا لە تائیفەوە گەڕایەوە بۆ مەککە، دوای ئەوەی لە چاوەڕوانیی چاکخوازیی سەقیف بێئومێد بوو.
بۆت هەیە بپرسیت بۆچی محەمەد کاتێک چوو بۆ لای دیوارەکەیان، بۆچی نەچوو بۆ لای عوتبە و شیبەی برای، کە بینینی لەو کاتەی چوە لای دیوارەکەیەوە، بۆ ئەوەی داوایان لێبکات پاڵپشتیی لێ بکەن و ببن بە موسوڵمان؟ وەک ئەو سێ برایانەی تر، بەتایبەتی لەو کاتەدا چاکەی لێ بینین و ترێی بۆ ناردن لەگەڵ عەداسی غوڵامیاندا. وەڵام بۆ ئەوە: محەمەد بە دوژمنایەتییان دەزانی، بۆیە نەڕۆیشت بۆ لایان. حەلەبی لە سیرەتەکەی کە باسی ئەم چیرۆکە دەکات، دەڵێت: "کاتێک بینینی -واتە پێغەمبەر- ڕقی لە شوێنەکەیان هەڵسا، کاتێک بە دوژمنایەتییانی زانی بۆ خودا و پێغەمبەر.

بەڵام وتەی ئیبن ئیسحاق: "ڕەحمی بۆ جووڵا" نیشانەی ئەوەیە کە خزمایەتییان لەگەڵ محەمەددا هەبوە، نەمزانی ئەم ڕەحمەچییە،بەڵام قسەکانی خاوەنی سیرەی حەلەبیم بینی کە هۆکاری دەرچوونی پێغەمبەر بۆ تائیف و داواکردنی پشتیوانی لە سەقیف بەوە دەگەڕاندەوە لە قسەکانی لە (الامتاع) وەریگرتوە گوایە "لە خاڵوانی بوون"بۆیە ئەو خاڵوانێتییە بوتە هۆی ئەو ڕەحمە.

ئەوەی لێرەدا تێبینیی دەکەین قسەی عەداسە لەو کاتەدا، کە پرسیاری لێکرد، بۆچی سەری ئەو پیاوەت ماچکرد؟ گوتی: "شتێکی پێ گوتم جگە لە پێغەمبەر کەس نایزانێت". ئەم قسەیە ڕاستنییە، لەبەر ئەوەی باسی یوونس کوری مەتی لە کتێبە کۆنەکاندا هاتوە و چیرۆکەکەی لای خەڵک زانراوە و عەداس خۆی بە پێغەمبەرایەتیی یوونس کوری مەتیی زانیوە، ئەو واتە عەداس پێغەمبەر نییە.

ئەوەی لە ڕووکەشی ڕێرەوی گێرانەوەی ئیبن ئیسحاق لە پێشدا باسکرا،گوتوویەتی: "ئینجا پێغەمبەری خودا تائیفی بەجێهێشت و گەڕایەوە مەککە". وا دەردەکەوێت کە زۆر لە تائیف نەماوەتەوە و لەگەڵ کەسدا قسەی نەکردوە، جگە لە سێ براکە، بەڵام ئەوەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە ناکۆکە لەگەڵ ئەمەدا، کە دەڵێت لەو کاتەدا لە تائیف دەرچوو بەرەو مەککە لە نەخلە "شوێنێکە لە نێوان مەککە و تائیف" چەند ڕۆژێک مایەوە، پاش ئەوەی لە تائیف مانگێک و دە ڕۆژ مایەوە و هیچ کەسێک لەوێ نەما لە گەورەکانیان (لە سەرووی عەبدیالەیل و هەر دوو براکەی) هەر کاتێک هاتبنە لای داوایان لێنەکات ببن بە موسوڵمان و کەس پێی ڕازی نەبوە."

دیسان لە سیرەی حەلەبییەوە دەڵێت: لە کاتی گەڕانەوەی لە تائیف کە ویستی بچێتە ناو مەککەوە، زەید کوری حارس پێی گوت: چۆن دەچی بۆ لایان کە دەریان کردیت؟ واتە ئەوان هۆکاری دەرچوونت بوون و دەرچووی بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت و بەدەستت نەهێنا، گوتی: ئەی زەید، خودا لەوەی دەیبینیت دەرچە و قوتاربوون دروست دەکات، خودا ئایینەکەی سەردەخات و پێغەمبەرەکەی دەردەخات. ڕۆیشت بۆ حەڕا و بە دوای ئەخنەسی کوری شەریقدا نارد، کە هاورێیەتیی بکات و هاوشانی ئەو پرواتە مەکەوە، واتەبە هاورێیەتی و پاسەوانی ئەو بچێتە مەککەوە، گوتی: من هاوپەیمانم هاوپەیمان بە کرێ ناگیرێت وەک ڕێسایەکی عەرەب و ڕێوشوێن و دابونەریتیان. ناردی بە دوای سوهەیل کوری عەمرو، گوتی: بەنی عامر هاوشانی و کرێگرتەیی بە سەر بەنی کەعبدا ناکەن. بە دوای موتعەم کوری عودەی و خەڵکی ماڵەکەی خۆیدا نارد واتە کەسوکارەکەی، دەرچوون تا گەییشتنە مزگەوت، موتعەم کوری عودەی لە سەر حوشترەکەی هەڵسا و هاواری کرد: ئەی خەڵکی قورەیش من محەمەدم بە کرێگرت و کەس ئازاری نەدات، ئینجا ناردی بە دوای محەمەددا بۆ ئەوەی بێتە ژوورەوە و، هاتە ژوورەوە بۆ نێو مزگەوتەکە و بە دەوری کەعبەدا تەوافی کرد و نوێژی لەوێدا کرد و ئینجا ڕۆیشت بۆ ماڵەوە و موتعەم کوری عودەی و کورەکەی دەوریان دابوو، گوتی: وا باس دەکرێت کە ئەو شەوە لای ئەو ماوەتەوە، بەیانییەکەی موتعەم هەڵسا و چەکی لەگەڵ کورەکانی لە شان کرد، کە شەش یان حەوت کەس بوون، بە پێغەمبەریان گوت: تەواف بکە، لە ماوەی تەوافکردنیدا شمشێرەکانیان لە کێلان دەرهێنا بوو، ئەبووسوفیان هات بۆ لای موتعەم، ئایا بەکرێگرتەیە یان پاشکۆ؟ گوتی: بەکرێگرتە، گوتی: وابێت تۆ ئێشککگریت(واتە تا ئێستا کرێگرتە یان ئێشکگری بۆ پاراستنی) ئێمەیش ئەوە دەپارێزین کە دەیپارێزیت، لەگەڵیدا دانیشت تا پەیامبەری خودا تەوافەکەی تەواوکرد. گوتی: لەم ڕەوتەوە دەردەکەوێت کە قورەیش وایان داناوە کە نابێت بچێتە مەککەوە، پاش ڕۆیشتنی بۆ تائیف و بانگەشەی خەڵکەکەی. دەڵێم: لە قسەی موتعەمەوە دەردەکەوێت کە لە سەر حوشترەکەی هەڵساوە و هاواری کردوە: ئەی خەڵکی قورەیش من محەمەد بە هاوشان و کرێگرتە دادەنێم "واتە وەک پاسەوان دەیپارێزم، یەکێکە لە دابەکانی عەرەب ئەگەر بیەوێت هەژموون و پێگەی خۆی پیشان بدات لە ناو خەڵکەکەدا" و کەس ئازاری نەدات، کە محەمەد داوای ئەوەی لێکرد بۆ ئەوەی ئازاری نەدەن، نەک بۆ ئەوەی نەیکوژن، بەڵام لە بەشی خۆدەرخستنی بۆ تیرەکاندا دێت، کە داوای خودپارێزی کردوە لە کوشتن، هیچ لە یەکدانێک نییە لێرەدا، لەبەر ئەوەی هەر کەسێک بیەوێت لە ئازار و ئەشکەنجە بپارێزرێت، بێگومان لە مردنیش دەپارێزرێت.محەمەد هەمیشە یادی ئەم چاکەیە دەکاتەوە، کە موتعەم کوری عودەی بۆی هەبوە، تەنانەت لە ئەسیرەکانی بەدر کە کوشتنی گوتی: ئەگەر موتعەم کوری عودەی لە ژیاندا بوایە و قسەمان بۆ ئەم گەنیوانە بکردایە بۆ ئەوم بەجێدەهێشت.

(27)
محەمەد و جنۆکە لە نەخلە
پاش ئەوەی قسەمان لە سەر دەرچوونی محەمەد بۆ تائیف و گەڕانەوەی بۆ مەککە تەواوکرد، بە باشمان زانی کە قسە لە سەر چیرۆکی گوێگرتنی جنۆکە بۆ قورئان بکەین، لە کاتێکدا محەمەد لە نەخلە بوو، کە دەکەوێتە نێوان تائیف و مەککەوە، نوێژی دەکرد.
ئەم چیرۆکەی لە قورئاندا باسکراوە و وردەکارییەکانی لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە، حیکایەتخوانان دەستکارییان کردوە، قسەکانیان تێکەڵاوی و پشێویی تێکەوتوە و لەگەڵ حەقیقەتدا ناکۆکە، ئەگەر بمانەوێت ڕوونی بکەینەوە و حەقیقەتی لێ هەڵبهێنجین دەڵێین:
نزیکترین چیرۆک لە ڕاسییتەوە ئەوەیە، لە سەر زاری ئیبن ئیسحاق لە سیرەی هشامیدا هاتوە، دەڵێت: ئینجا کە پێغەمبەری خودا بێئومێد بوو لە خێری سەقیف لە تائیف گەڕایەوە بەرەو مەککە، لەوکاتەی لە نەخلە بوو لە نیوەی شەودا بۆ نوێژ هەڵسا، کۆمەڵێک جنۆکە، کە خودای پیرۆز و باڵا باسیان دەکات چوون بۆ لای، ئەوانیش -وەک باسیان بۆ کردم- حەوت دانەبوون لە جنۆکەی خەڵکی نسێبین، گوێیان لێگرت، کە لە نوێژەکە تەواو بوو، ڕۆیشتنەوە بۆ لای قەومەکەیان ئاگاداریان کردنەوە، باوەڕیان پێ هێنا و وەڵامی ئەوەیان دایەوە کە گوێیان لێبوە.
خودا هەواڵی ئەوانەی پێ دان، خودای باڵا و پیرۆز دەڵێت: {وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ} [الأحقاف: 29]واتە: هەندێك جنۆکەمان ناردە لای تۆ کە گوێ لە قورئان بگرن. تاوەکو: {وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ} [الأحقاف: 31]،واتە: لە گوناحتان خۆش دەبێت. خودای پیرۆز و باڵا دەڵێت: {قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ} [الجن: 1] واتە: بلی پێوم ڕاگەینراوە چەند کەسێك لە جنۆکەکان گوێان هەڵخست. تا کۆتاییی چیرۆکەکە کە لە نێو ئەم سورەتەدا هاتوە. دەزانم چیرۆکی بیستنی قورئان لە لایەن جنۆکەوە دووجار ڕووی داوە، وەک لە هەندێک گێرانەوەدا هاتوە، هەر دوو جارەکە لە نەخلە بوە، یەکەمجار؛ لە گێرانەوەی ئیبن عەباسدا هاتوە، پێش دەرچوونی بۆ تائیف بە چەندینساڵ ڕووی داوە. لەو کاتەدا خۆی و هاوەڵانی دەرچوون بۆ بازاڕی عەکاز "لە دۆڵێکدایە لە نێوان تائیف و مەککە" کاتێک لە نەخلە ڕوە و بازاڕی عەکاز ڕۆیشتوە، نوێژی بە هاورێیانی کردوە، جنۆکەکان هاتوون و گوێبیستی بوون.
دوەمجار لە کاتی گەڕانەوەی لە تائیفەوە بۆ مەککە، وەك لە قسەی ئیبن ئیسحاقدا هاتوە؛ بە تەنها لەگەڵ خۆیدا ڕووی داوە، یان زەیدی کوری حارسەی لەگەڵدا بوە. بە قسەی ئیبن ئیسحاق بێت، کاتێک لە نەخلە بوە، لە نیوەشەودا هەڵساوە بۆ نوێژکردن، تا کۆتاییی گێرانەوەکەی ئیبن ئیسحاق کە پێشتر باسکرا. لە ڕووکەشدا قسەکانی ئیبن ئیسحاق کە باس لەوە دەکات: "خودا هەواڵی ئەوانەی داوەتێ"، پێغەمبەر لەگەڵ جنۆکە کۆنابێتەوە و نایانبینێت، بەڵام هاتن و گوێیان لە قورئان گرت، کە لە کاتی نوێژکردندا دەیخوێندەوە، ئەو ئاگای لێیان نەبوو، دوای ئەوە وەحیی بۆ هات و هەواڵی هاتنی ئەوان و گوێبیستیان بۆ قورئان گەیاندە پێغەمبەر.
وەحی کە یەکەمجار هات و هەواڵی یەکەمجار هاتنی جنۆکەی دا بە محەمەد، بە سێ ئایەت لە سورەتی (الاحقاف) دا دابەزیوە، کە ئەمانەن: {وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ (29) قَالُوا يَاقَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنْزِلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُسْتَقِيمٍ (30) يَاقَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُمْ مِنْ ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ} [الأحقاف: 29 - 31] واتە: هەندێکیش لە جنۆکەکان ناردە لای تۆ کە گوێ لەم قورئانە بگرن؛ کاتێ هاتن گوتیان مات بن و گوێ بدەن وەختێ بیستیان هاتنەوە بۆ ناو خێڵەکەیان و ترسی خوایان وەبەرنان.
گوتیان :گەلۆ! ناوەرۆکی کتێبێکیان بۆ خویندوین کە پاش موسا نێردراوە؛ بروای بە کتێبەکانی پێشوش هەیە، هانا بۆ راستی دەبات و شارەزای راستەرێ دەکات. گەلۆ وەرن بە دەنگ ئەم کەسەوە بچن کە بانگەشە بۆ خودا دەکات و بروای پێ بکەن لە گوناهتان خۆش دەبێت و لە ئازاردانی توندتان دەپارێزێت. ئەم سێ ئایەتە وەک دەبینیت بەو شێوەیە ناڵێت کە تەنها گوێیان لێ بوە، بەڵکوو هەواڵی پێدەدەن کە گوێیان لێ بوە و باوەڕیان پێ هێناوە و گەڕاونەتەوە بۆ قەومەکەی خۆیان، داوایان لێ کردوون ئەوانیش باوەڕی پێ بهێنن.
بەڵام وەحی کە دابەزی، هەواڵی گوێبیستی جنۆکە لە جاری دوەمدا پێگەیاند، ئەمەیە: {قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ} [الجن: 1]واتە: بلی: پێم راگەیەنراوە چەند کەسێك لە

.جنۆکەکان گوێیان هەڵخست. تا کۆتاییی سورەتەکە
ئەمەیە کە لەم چیرۆکەدا دەستمان کەوت، وەک لە کتێبەکاندا هاتوە لە قسەی شڵەژاو و جۆربەجۆری گێڕانەوە جیاوازەکان نەبێت هیچی تر نییە. لێیان هەیە دەڵێت، هەر دوو وەحی لە جاری دوەمدا دابەزیوە، واتە لە کاتی گەڕانەوەی لە تائیفەوە بۆ مەککە، وەک لە قسەکانی ئیبن ئیسحاق لەو گێڕانەوەیەدا دەردەکەوێت، کەچی لێیان هەیە دەڵێت وەحیی یەکەم، واتە سێ ئایەتەکە لە جاری دوەمدا دابەزیوە، لە کاتی گەڕانەوەی لە تائیفەوە بۆ مەککە، وەک زەمەخشەری لە (الکشاف)دا باسی دەکات. یاریکردنی حیکایەتخوانان لەم ڕادەیەدا ناوەستێت، بەڵکوو زیاتریان خستوەتە سەر و دەڵێن، پێغەمبەر لەگەڵ جنۆکەکاندا کۆبوەتەوە، ئیسلامبوونی خۆیانیان بۆ دەرخستوە، پاش باوەڕهێنانیان، پێغەمبەریش کردنی بە نێرراوی خۆی و ناردنی بۆ لای قەومەکەیان و ئاگاداریان کردنەوە و، بانگەشەیان کرد بۆ ئیسلام، تەنانەت هەندێک لە حیکایەتخوانان دەڵێن، داوای خۆراکیان بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان لە محەمەد کردوە، پێی گوتوون: هەموو ئێسکی عێراق و هەموو پاشەڕۆکانی خزرەیش بۆ ئێوە، گێرەوان زۆر یارییان بەبابەتەکەوە کردوە، دەڵێن: ئێسک خۆراکییە بۆ خۆیان و پاشەرۆیش بۆ ئاژەڵەکانیان، دەڵێن: لە ڕۆژی خواردندا، ئەوان هیچ ئێسکێکیان نەدۆزییەوە بیخۆن گۆشتی پێوە نەبێت، هیچ پاشەڕۆیەکیشیان نەدۆزییەوەبیخۆن کە دانەوێڵەی تێدا نەبێت. هەندێکیان دەڵێن: ئەوان کە پاشەڕۆیاندەدۆزییەوە دەیانبینی جۆیە، هەندێکیان زۆر نامۆیانە و سەرسوڕهێنەرانە دەڵێن ئێسک و پاشەڕۆکان چێشت بوون، دەڵێت: پاشەڕۆکە دەگەڕایەوە و بوو بە خورما وەک لە گێڕانەوەی ئەبی نەعیم باسی دەکات، ئیبن حەجەر هەیسەمی دەیەوێت هەر دوو گێڕانەوەکە یەکبخات و دەڵێت، پاشەڕۆکە جارێک ئالەفە بوە بۆ ئاژەڵەکانیان و جارێکیش دەبوە چێشت بۆ خۆیان. نامۆترین و سەرسوڕهێنەرترین گێڕانەوانەئەوەیە کە قسەیان لە سەر ئایینی جنۆکەکان کردوە، گوتوویانە: ئەوان جوو بوون، لە سەر وڵاتەکەیان دەڵێن خەڵکی نسێبین بوون، هەندێکیان دەڵێن خەڵکی نەینەوا بوون و هەندێکیان گەڕاندیانەوە بۆ یەمەن. ئەم قسانە هیچ نین جگە لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانان، بەڵام حەقیقەت کە بە وەحی دابەزی و پیشانی دەدان کە هەواڵی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە باسمان کرد.محەمەد لەگەڵ جنۆکەدا کۆنەبوەتەوە و نەیبینیون و هەستی پێ نەکردوون، کە گوێبیستی قورئان بن، بەڵام لە وەحییەکەدا ئەوەی گوتوە، کە لە هاتن و گوێگرتن .و ڕۆیشتنیان هەواڵی پێداوە
باسی ئەوەت بۆ بکەم کە خاوەنی سیرەی حەلەبی دەربارەی گوێگرتنی جنۆکە لە یەکەم جاردا لە ئیبن عەباسەوە وەریگرتوە و دوەم لە خەڵکی تر وەریگرتوە، دەڵێت: "لە ڕەوتی هەر دوو چیرۆکەکە دا وا دەریدەخات نە لەگەڵ جنۆکەدا کۆبوەتەوە و نە قورئانیشیان بۆ خوێندوەتەوە، بەڵام گوێیان لێگرتوە، بێ ئەوەی هەستیان پێ بکات. دەڵێت: لە لێدوانی ئیبن عەباسداگوتوویەتی "لەسەر چیرۆکی یەکەم" حافزی دمیاتی لێدوانی داوە، لەم بارەوە "لەسەر چیرۆکی دوەم" لە سیرەکەیدا هاتوە: کاتێک پێغەمبەر گەڕایەوە لە تائیف بەرەو مەککە و لە نەخلە دابەزی و لە شەودا هەڵسا بۆ نوێژ، کۆمەڵێک جنۆکە هاتن بۆ لای، کە حەوت دانە بوون خەڵکی نسێبین بوون، گوێیان لێگرت سورەتی (الجن)ی دەخوێندەوە، پێغەمبەری خودا هەستی پێنەکردن تا ئەم سورەتە دابەزی: {وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ} .[الاحقاف: 29] (واتاکەی پێشتر نوسرا) ئەمە قسەی خۆیەتی
پێشتر ئەوەت زانی کە حافزی دمیاتی هەڵەی کردوە لە گوتنی: تا ئەم ئایەتە دابەزی (وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِنَ الْجِنِّ)، (واتاکەی پێشتر نوسرا). بەڵام ئەم ئایەتە لە چیرۆکی جنۆکەی یەکەمدا دابەزیوە، لە دوەمدا وەحی دابەزیوە و هەواڵی ئەوەی ڕێراگەیاندوە، جنۆکە گوێی لە سورەتی (الجن) بوە کە سەرەتاکەی ئەمەیە: {قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ} [الجن: 1] (واتاکەی پێشتر نوسرا. زەمەخشەری لە (الکشاف)دا دەڵێت: "لە سەعدی کوڕی جەبیرەوەگوتوویەتی: پێغەمبەری خودا نە هیچی بۆ جنۆکە خوێندوەتەوە و نە بینیویشیەتی، بەڵام لە نوێژدا خوێندویەتیەوە، ئەوانیش کە لەوێوە ڕۆیشتوون گوێیان لێبوە، ئەو هەستی پێ ."نەکردوون، خودا هەواڵی گوێگرتنەکەی پێداوە
ئەم گێڕانەوانەی لە ئیبن عەباسەوە هاتوە و حافزی دمیاتی و سەعید کوڕی جەبیر باسی دەکات، ئەوەیە لەم چیرۆکەدا پشتی پێ ببەسترێت، لەبەر ئەوەی قورئان پشتگیریی دەکات، .جگە لەمە ئەوانیتر هیچ بناغەیەکی نییە و لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانان و گێرەوانە
ئەگەر بڵێین ئێمە ئەم چیرۆکە دەزانین، ئەوەیشمان زانی کە محەمەد لەگەڵ جنۆکەدا

کۆنەبوەتەوە و نەیشیبینیون، بەڵام دەمانەوێت بزانین مەبەست لەم چیرۆکە چییە؟ حەقیقەت لە کوێدایە؟ دەڵێم پێش ئەوەی وەڵامت بدەمەوە، دەبێت ئەوەت بۆ باس بکەم کە عەرەب لە جاهیلیەت لەچیدا بوە، لە ڕووی داستان و خورافە و باوەڕبوون بە جنۆکەوە، دەڵێین: خەڵک لە زەمانی کۆندا باوەڕیان بەوە هەبوە کە ڕۆحی نەبینراو هەیە، لێیان هەیە چاکەخوازن پەنای بۆ دەبەن و تکای خێری لێدەکەن، لیێشیان هەیە شەڕخوازن و لێی دەترسن و خۆیان لە شەڕی دەپارێزن. هەروەها عەرەب لە جاهیلیەتدا باوەڕیان بە بوونی ڕۆحەکان بوە، ئەوەی باش و چاکەخواز بوە، پێیان گوتوون پەری و ئەوەی شەڕخواز بوون پێی گوتراوە، جنۆکە و شەیتان. ئەم بیروباوەڕەیان نووسراوە و هیچ پێویست بە بەڵگەهێنانەوە و شایەتی نییە و قورئان ڕاستگۆترین شایەتە، لە باوەڕکردنیان بە جنۆکە بوە وباوەڕبوونیان بە قەشەکانی خۆیان لێکەوتوەتەوە، قەشەیان هەبوە کە باسی میتافیزیکی بۆ کردوون و وایانزانیوە هەر قەشەیەک جنۆکەی هەیە .و هەواڵی لە ئاسمانەوە بۆ دەهێنێت

کاتێک محەمەد بانگەشەکەی ڕاگەیاند، ویستی لە سەر یەکقسەیی و یەکبوون کۆیانبکاتەوە و ڕابوونێکی جیهانییان تێدا بکات، ئەوەی بە پێویست زانی کەقەشە بە درۆبخاتەوە و پوچەڵی بکاتەوە، وابکات هەواڵی ئاسمان لە ئاسمانەوە بێت و وەک وەحی کە جبریل دەیهێنێت، بۆ ئەوەی جگە لەو لە هیچ کەس قبوڵ نەکات و گوێ لە کەس ناگرێت. ئەگینا سەخت دەبێت هەموو عەرەب لە سەر وەحی یەکدەنگ بن، ئەگەر باوەڕیان بە هاوشێوەی ئەوەی لە قەشەکاندا هەبێت، ئەو ڕێگەی پەرەو سەرکەوتنی بانگەشە بیات، نەهێشتنی قەشە و کاری قەشایەتی و لەناوبردنیەتی، دەڵێت: قەشە و کاری قەشایەتی و باوەڕکردن بە قەشە لە ئاگردان. بۆ پوچەڵکردنەوەی کاری قەشایەتی، محەمەد دەرگای ئاسمانی لە بەردەم شەیتاندا داخست و پڕی کرد لە پاسەوانی بەتوانا لە پەرییەکان و ئەو ئەستێرە داچۆڕاوە کلکدارانەی لە ئاسماندا دەبینرێن، بە بەردبارانی شەیتان و نەهێشتنی دزەکردن و بیستن لە قەڵەم دا، بۆ ئەوەی هەواڵی ئاسمان نەزانن، وەک لە قورئاندا هاتوە. ئەگەر بڵێیت بۆچی قەشایەتی بەم شێوەیە پوچەڵکردەوە و پشتی بەست بە شتێکەوە دوورە لە ڕاستییەوە، دەڵێم: لەبەر ئەوەی عەرەب باوەڕیان بەوە هەبوە، کە جنۆکەکان دەچنە ئاسمان و هەواڵەکان دەدزن و دەیهێنن بۆ قەشەکان، هاوشێوەی ئەوانی تر لە عەقڵیەت و لە باوەڕیاندا بە درۆی نەخستنەوە، هەرچەندە زانی کە خورافاتە، بەڵام بە داستان و خورافەی هاوشێوەی بیرکردنەوەی خۆیان پوچەڵی کردەوە، بۆ ئەوەی لە قبوڵکردن و باوەڕپێکردن نزیکتر بن، ئەو عەقڵیەتەی ئەوە قبوڵ بکات هیچ ڕێگرییەک نابێت کە ئەمەیش قبوڵ بکات، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەگەر هەواڵیگرتنەبەری ڕێگەی حەقیقەت بگرێتە بەر بۆ ئەوەی پوچەڵی بکاتەوە، بۆنموونە ئەگەر پێیان بڵێت: ئەم باوەڕەتان پوچەڵە و هیچ بەڵگەی جێگیربوونی نییە و درۆیە و هیچ بناغەیەکی نییە، لەو کاتەدا دەکرێت نکوڵیی لێ بکەن و بەردەوام بن لە کەللەڕەقییان، قورسە ئەوەی لە باووباپیران وەریانگرتبێت وازی لێبهێنن، کە لە منداڵییەوە لە سەری ڕاهاتوون و لە عەقڵیاندا جێگیر بوە، بەڵام قورس نییە واز لەم باوەڕە بهێنن لە پێناو باوەڕێکی هاوشێوە و هاوڕەگەزی خۆی، ئەگەر دژیشی بێت. بەمەیش وای لێ هات پاش ئیسلامبوونیان، هەموویان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی، ئەستێرە کلکدارەکان پاش ناردنی پێغەمبەر ڕەجمی شەیتان دەکەن و ناهێڵن گوێبیستی هەواڵ بن، ئەمەیش لە بەڵگەکانی پێغەمبەرایەتییەکەیو نیشانەی ڕاستگۆیی پەیامەکەیەتی. بەتایبەتی کە بینییان کەوتنی ئەستێرە کلکدارەکان لە کاتی سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا زیادبوون، وەک لە باس و قسەی گێڕەواندا هاتوە. لێرەدا دەشێتنموونەی ئەم قسەیە بە شیعری شاعیرێک :بهێنینەوە

حتى الحديد سطا عليه المبرد لكل شىء ئافه من جنسه

به واتای : تەنانەت ئاسنیش هەسان یان مەورە( مبرد) زاڵ بوو بە سەریدا . لە هەموو شتێك .دوژمنێك لە توخمی خۆی هەیە

وەك پێشتر باسمان کرد، محەمەد بە پوچەڵکردنەوەی قەشایەتییەوە، بەڵکوو ئەوەیشی خستە سەر کە گوتی؛ لە ژێر ویستی ئەو و بانگەشەکەیدا جنۆکە باوەڕیان پێ کردوە. کاتێک بینیی عەرەب بە فراوانی باوەڕیان بە جنۆکە هەیە، ویستی ئەم باوەڕەیان لەبەرچاو بگرێت، بۆ یاریکردن بە ڕێگەی بانگەشە، باسی چیرۆکی گوێگرتنی جنۆکە بۆ قورئان و باوەڕبوونیانی هێنایە ئاراوە، هیچی نەویستوە لێرەدا جگە لە بانگەشەکردن بۆ باوەڕهێنانی قەومەکەی، وەک ئەوەی جنۆکە باوەڕی پێ کردوە، وەک ئەوەی پێی گوتبن: ئەوانە جنۆکەن کە هەواڵی ئاسمان بۆ

قەشەكانتان دەهێنن، كە لە سەفەرەكانتاندا پەنای بۆ دەبەن؛ گوێیان لە قورئان گرت و باوەڕیان پێ كرد، كە كتێبێكە لە پاش مووسا هاتوەتە خوارەوە و، هانی ڕێگەی ڕاست دەدات، چۆن ئێوە باوەڕی پێ ناكەن و دوای ناكەون. ئەمە ڕێگەیەكی تایبەتییە لەو شێوە ڕێگانەی كە قورئان گرتوویەتییە بەر، بۆ بڵاوكردنەوەی بانگەشەی ئیسلامی. چیرۆكی گوێگرتن لە قورئان پشتگیریی ئەو ئایەتانە دەكات، كە بۆ پوچەڵكردنەوی قەشایەتی هاتنەخوارەوە، تێیدا هاتوە؛ جنۆكە چیی بە قەومەكەی گوتوون، كاتێك لە گوێگرتن لە قورئان گەڕاونەتەوە، بەوەی لە سورەتی (الجن)دا هاتوە: {وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا (8) وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَنْ يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَصَدًا} [الجن: 8، 9]. واتە: ئێمەگەیشتین بەم هیمەتە، دیمان پڕە لە پاسداری توندوتۆڵ و ئەستێرە گەڵێك رادەخشن. ئێمە لە چەند شوێنێكەوە رۆدەنیشتین و كوڵەمان دەگرت و ئەوەی لەمەولا كوڵەبگرێت مەشخەلێك .لە بۆسەكەیدا دەبێت

حیكایەتخوانان وایان لێكدایەوە كە چیرۆكی پوچەڵكرنەوەی قەشایەتی هۆكارێك بوە بۆ چیرۆكی گوێگرتنی جنۆكە بۆ قورئان، لە دەمی ئیبن عەباسەوە هاتوەگوتوویەتی: "پێغەمبەری خودا لەگەڵ كۆمەڵێك لە هاوەڵانی دەرچوون، بە نیازی بازاڕی عەكاز بوون، كە باس لە سەر شەیتان و هەواڵی ئاسمان دەكرا و ئەستێرەی كلكداریان بۆ نێررا و شەیتانەكان لە ترسا گەڕانەوە بۆ لای قەومەكەیان، گوتیان چی ڕووی داوە؟ گوتیان: ڕێگەمان لێگیراوە بۆ ئاسمان و ئەستێرەی كلكدارمان بۆ نێرراوە، گوتیان: ئەوە هەر هیچ نییە، لە خۆرهەڵاتی زەوییەوە بۆ خۆرئاوا لێیان داوە. كۆمەڵێكیان ڕۆیشتن بۆ لای توهامە، بینییان كە پێغەمبەر لە نەخلەیە ڕووەو بازاڕی عەكاز دەچێت، لە كاتی نوێژكردنی بەیانی لەگەڵ هاوەڵانی دایە، كاتێك بینییان قورئان دەخوێنێت، گوێیان لێگرت، گوتیان: ئەمەیە ڕێگەی هەواڵەكانی ئاسمانی لێگرتووین و، گەڕانەوە بۆ لای ".قەومەكەیان... تا كۆتاییی چیرۆكەكە

ڕێگرتن لە نێوان ئەوان و هەواڵەكانی ئاسمان نەبوایە، لە خۆرهەڵاتی زەوی و خۆرئاوایدا دەرنەچوون و، بە دوای ئەو مەبەستەدا نەگەڕان كە ڕێگەی لێگرتوون، ئەگەر دەرنەچووبان محەمەدیان لە نەخلە نەدەبینی كە نوێژی بە هاوەڵانیدەكرد و، ئەگەر ئەمەیشیان نەكردایە گوێیان لە قورئان نەدەبوو. ئەمەیە كە لە قسەی ئیبن عەباس تێدەگەین، وای دەبینم كە لە هەڵبەستنی حیكایەتخوانانە، ئەگەرنا، چۆن ئیبن عەباس زانیی كە شەیتانەكان ترسان و ڕۆیشتن بۆ لای قەومەكەیان و پێیان گوتن، ئەمەیە ڕێگریی لە نێوان ئێمە و ئاسماندا كردوە، قەومەكەیش پێیان گوتوون، ئەمە جگە لەوەی بە هۆكارێكەوە ڕووی دابێ شتی تر نییە، پرۆن بە دوایدا بگەڕێن، ئەگەر بڵێیت ئیبن عەباس بە پشتبەستن بەوەی لە قورئاندا هاتوەزانیویەتی: {وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ فَوَجَدْنَاهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا} [الجن: 8] (واتاكەی پێشتر نوسرا) ئایەتە، دەڵێم: قورئان ئەمەی پێ ڕاگەیاندوون، بەڵام ئەوەی بۆ قەومەكەیان، قورئان جارێك باسی نەكردبوو و هەواڵی ڕانەگەیاند بوو لەو كاتەدا. قسەی ئیبن عەباس كە زەمەخشەریی بە هەڵەدا بردوە، لە شیكردنەوەكەیدا دەڵێت: (وَأَنَّا لَمَسْنَا السَّمَاءَ...) ئایەتەكە: ئەمە وای .لێكردن كە لە وڵاتدا بگەڕێن، تا پێغەمبەری خودایان دۆزییەوە و گوێیان لە خوێندنەوەكەی گرت ئەگەر ئەمە بزانیت، بەو شێوەیەیش مەبەستی ڕاستەقینەی گوێگرتنی جنۆكە لە قورئان .دەزانیت

سەرەتای خۆدەرخستنی بۆ تیرەكان

پێشتر باسمان كرد،محەمەد تا سێ ساڵ بانگەشەی بەنهێنی هێشتەوە، لە چوارەم ساڵدا ڕایگەیاند و، لەو كاتەی لەژێر سایەی پارێزگاریی ئەبی تاڵبی مامی و ئەوانەی بەنی هاشم و بەنی موتەڵیب بوو كە دوای كەوتبوون بوو، بەردەوام بوو لە بانگەشەكەی، بێ ئەوەی داوای لە یەكێك كردبێت بیپارێزێت و توند دەوری بگرێت، داواكاری و بانگەشەكەی هاوشان نەكرد لەگەڵ پارێزگاری و پاراستنی گیانی خۆی تائەبووتالیبی مامی مرد، لە سەقیفدا دەستی كرد بەو شتە و، دوای ئەوەی ڕۆیشت بۆ تائیف و بێئومێد بوو لە خێری سەقیف، وای لێ هات خۆی بۆ .تیرە عەرەبەكان لە كاتی وەرزەكاندا دەربخات

ئەمەیە كە پاشماوەكان پێمان دەڵێن و وردبینی و عەقڵحكومیدەكەن، بەڵام خاوەنی سیرەی حەلەبی لە سیرەتەكەیدا باسی ئەوەی كردوە، گوایە محەمەد خۆی لە سەرەتای بانگەشەكەوە خۆی بۆ تیرەكان عەشیرەت ودەرخستبێت. بەڵام ئەمە ڕاستنییە. ئەوەی ئیبن ئیسحاقگوتوویەتی ناكۆكە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا كە خاوەنی سیرەی هشامی لە سیرەتەكەیدا

باسی دەکات: لەبەر ئەوەی مەبەست لە خۆدەرخستنی بۆ تیرەکان لە پێناو پەیداکردنی پارێزگاری و بانگەشەکردن بۆ ئیسلام بوو، بۆیە ئەوە مەعقوولنییە داوای پارێزگاری و پاراستنی خۆی بکات، لەوکاتەدا لە ژێر پارێزگارییەبووتالیبی مامی و کەسوکارە نزیکەکانی لە بەنی هاشم و بەنی موتەلیب بوو، بێگومان ئەو داوای ئەوەی کرد، کە لە کافرەکانی قورەیش بیپارێزن، لەبەر ئەوەی هیچ بەرەنگاری و دوژمنایەتی لە کەسێکی ترەوە نەبوو، مامی و کەسەکانی جێگەی ئەوە بوون بیپارێزن و شەڕی قورەیشی لێ بەدوور بگرن.
بەڵێ، محەمەد لە سەرەتای بانگەشەکەیەوە هەموو ساڵێك لەگەڵ وەرزەکاندا دەردەچوو، چاودێریی حاجییەکانیدەکرد لە ماڵەکانیاندا، وەک خاوەنی سیرەی حەلەبی باسی دەکات، بەڵام داوای لە کەس نەکردوە بیپارێزن و نەهێڵن زەفەری پێ بەرن، تەنها داوای بەئیسلامبوونی خەڵکدەکرد، داوای پارێزگاری لە خۆی هاوشانی بانگەشەکە نەکرد، جگە لە قۆناغی پاش مردنیئەبووتالیبی مامی، وەک پێشتر باسمان کرد. ئەمەیش ئیبن ئیسحاق باسی دەکات، دوای ئەوەی چیرۆکی ڕۆیشتنی بۆ تائیف و گەڕانەوەی باسکرد، دەڵێت: ئینجا پێغەمبەری خودا گەڕایەوە بۆ مەککە و قەومەکەی لە حاڵەتێکی زۆر توند و ناکۆک بوون لەگەڵیدا و لێی دووربوون، جگە لە هەندێک هەژار و سەرگەردان کە باوەڕیان پێ هێنابوو. پێغەمبەری خودا لە کاتی وەرزەکاندا خۆی دەردەخست. لەو کاتەدا کە داوای لە عەشیرەتە عەرەبەکانیدەکرد ببنە موسوڵمان و بانگیدەکردن بۆ لای خودا، هەواڵی ئەوەی دەدانێ، ئەو پێغەمبەری خودایە، داوای لێدەکردن باوەڕی پێ بکەن و پارێزگاریی لێ بکەن، تا خودا ئەوەیان بۆ دەربخات کەئەوی ناردوە بۆیان.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: لە هاورێکانم پێیان گوتم، لەوانەی تۆمەتبار نین، لە زەید کوڕی ئەسلەم، لە ڕەبیعەوەلە عەبادی دوئەلی وەریگرتوە، کە ئەبووزناد قسەی لە سەر کردوە، حسێن کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عوبێدوڵلا کوڕی عەباس پێی گوتم: گوێم لە ڕەبیعەی کوڕی عیباد بوو، کە باوکم قسەی لەگەڵدادەکرد، گوتی: ئەو کاتە من غوڵام و مێردمنداڵێک بووم، لەگەڵ باوکمدا لە (مسنا) و پێغەمبەری خودا لە سەر ماڵی تیرەکانی عەرەب ڕادەوەستا و دەیگوت: ئەی بەنی فڵان من پەیامبەری خودام بۆ ئێوە، خودایش فەرمانتان پێ دەکات کە بیپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن، ئەوانە لە خۆتان دووربخەنەوە و هەڵیانبکەنن، کەوا ئێستا دەیانپەرستن لە هاوبەشەکان، باوەڕتان پێم بێت، باوەڕم پێ بکەن، بمپارێزن، تا ئەوەی بۆی نێرراوم دەربخەم و بڵاوبکەمەوە. گوتی: پیاوێکی خێڵی مۆنی لەپشتەوە بوو، کە دوو پەلکی پێوە بوو بە جوانکاریی عەدەنییەوە، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر لە قسەکانی لەوەی داوایدەکرد تەواو بوو، ئەم پیاوە گوتی: ئەی بەنی فڵان، ئەمە داواتان لێدەکات کە خۆتان لە لات و عزا جیا بکەنەوە و لە ملتانی دابکەنن، هەروەها جنۆکە هاوپەیمانەکانتان لە بەنی مالیک کوڕی ئەقیەش، بەو بیدعەیە بیگۆڕن و باسی چەواشەکارییەکانی دەکات، گوێڕایەڵی نەبن و گوێی لێ مەگرن، گوتی: بە باوکم گوت باوکە، ئەمە کێیە وا دوای دەکەوێت و ڕەتیدەکاتەوە؟ گوتی: ئەمە عەبدئەلعزی کوڕی عەبدولموتەلیب مامی بوو، واتە ئەبوولەهەب. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: قسەی لە سەر ئیبن شەهاب زوهری کرد، کە هاتوە بۆ ماڵەکانیان بۆ کیندە، پیاوێکی گەورە لەوێ بوو پێیان دەگوت مەلیح، داوای لێکردن بۆ لای خودا، خۆی بۆ دەرخستن و پێی ڕازی نەبوون، گوتی محەمەد کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی عەبدوڵلا کوڕی حسێن قسەی لەگەڵ کردم، دەیگوت؛ سەگێک هات بۆ ماڵمان، واتە بۆ لای باوانیان لە زگەوە (لەدایکانەوە) پێیان دەڵێن بەنوعەبدوڵلا، داوای لێکردین بۆ لای خودا و خۆی بۆ دەرخستین، تەنانەت پێی گوتین: ئەی بەنی عەبدوڵلا خودای گەورە و میهرەبان ناوی باوکتانی چاک کردوە، بە داواکاریی ڕازی نەبووین. هەندێک لە هاوەڵانمان لە عەبدوڵلای کوڕی کەعب کوڕی مالیک وەرگیراوە، پێی گوتین: پێغەمبەری خودا هاتوە بۆ لای بەنی حەنیفە لە ماڵەکانیاندا، داوای لێکردوون بۆ لای خودا، خۆی پیشان داون و باسی خۆی بۆ کردوون، هیچ کەسێک لە عەرەب لەوان بەخراپتر وەڵامی نەداوەتەوە، گوتی: زوهری پێی گوتم: هات بۆ لای بەنی عامر بن سەعسەعە،داوای لێکردن بۆ خوداپەرستی، خۆی پێ ناساندن، پیاوێکیان بە ناوی بیحەرە کوڕی فراسگوتوویەتی: بەخودا ئەگەر من ئەم پیاوەم لە قورەیش بردبا، عەرەبم پێ دەخوارد، ئینجا پێی گوتوە: دەزانیت ئەگەر ئێمە دوات بکەوین بۆ کارەکەت، ئینجا خودا یەکێکی تر دەرخات کە ناکۆک بێت لەگەڵتدا، هیچ شتێکمان بۆ دەمێنێتەوە پاش تۆ؟گوتوویەتی: فەرمانەکە لای خوداوەیە لە هەر کوێیەک بیەوێت دایدەنێت، گوتی: پێی گوتوە ئامانجت سەرپرینی ئەو عەرەبانەیە کە دوورن لە تۆ، ئەگەر خودا تۆی دەرخستبێت کارەکە بۆ

.خەڵکی غەیرە ئێمە دەبێت! هیچ پێویستیمان بە تۆ نییە و، پێی ڕازی نەبوون
ئەوەی زانراوە کە محەمەد بەوە ڕازی نابێت، ئەم کارە دوای خۆی بۆ غەیرە عەرەب بێت، لێدوانی لە بارەی ئەوەی، لە دوای ئەو بۆ کێ دەبێت، بەوە وەڵامی داوەتەوە: "ئیمامەکان لە قورەیشن" وەک پێشتر باسکرا، بۆیە بە بیحەرەی کوری فراسی گوت: "ئەو کارە لای خودایە لە کوێ بیەوێت دایدەنێت." تەماشا بکە "محەمەد چیی بۆ قورەیش دەوێت" و کەچی بەدەستی دوژمنایەتی و ناکۆکییەکانیانەوە دەناڵێنێت، ئەگەر لەمەدا تێرامانێک بکەیت، ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەبوولەهەب چەند لە سەر نەزانینێکی ڕەشدایە، کە بەدوایدا ڕێدەکات، لە کاتی .بانگەشەکردن بۆ عەشیرەتەکان و ئەویش وەڵامی دەداتەوە و ڕەتیدەکاتەوە
لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: ئەلواقدی دەڵێت: هات بۆ لای عەبس و بەنی سەلیم و بەنی موحارب و فزارە و بەنی موزر و مورە حزارمەش،بەڵام بە خراپترین شێوە ڕەتیانکردەوە، گوتوویانە: .خێزان و عەشیرەتەکەت باشتر دەتناسن و دواتناکەون
لە عەبدوڵلای کوری عەباسەوە: پێغەمبەر کۆمەڵێک خەڵکی شیبان کوری سەعلەبەی بینی،ئەبووبەکر و عەلیشی لەگەڵدا بوو،ئەبووبەکر پێی گوتن لە چ قەومێکن، گوتیان: لە شیبان کوری سەعلەبە،ئەبووبەکر ئاوری دایەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا، گوتی: بە سەری دایک و باوکم ئەمانە لە جوامێرەکانن " واتە لە گەورەی قەومەکەیانن"، مەفروق کوری عەمرو و هانی کوری قەبیسە و موسەنا کوری حارسە و نوعمان کوری شەریک لەگەڵیاندا بوون، مەفروق کوری عەمرو لەوان قۆزتر وزمانپاراوتر بوو، دوو پەلکی هەبوو، لە خوار قەومەکەوە بوو (واتە لەئەبووبەکرەوە نزیک بوو)ئەبووبەکر پێی گوت، ژمارەتان چەندە؟ مەفروق گوتی: لە هەزار کەس زیاترین و هەزار بە کەمینە نادۆرێت،ئەبووبەکر گوتی: توندوتۆڵی و گوروتین و تەوژم و خۆپارێزی لای ئێوە چۆنە؟ مەفروق گوتی: هیلاکی لە سەر ئێمە "واتە وزە" هەر قەومێک چانسی خۆی هەیە،ئەبووبەکر گوتی: شەڕ چۆنە لە نێوان ئێوە و دوژمنانتاندا؟ مەفروق گوتی: لە کاتی بەریەککەوتندا، ئێمە زۆر بەتوندی توورە دەبین، توندترین بەریەککەوتن ڕوودەدات لە کاتێکدا، توورە دەبین، ئێمە ئەسپەکانمان لە منداڵەکان باشترە و چەکەکانمان لە پیتاندن چالاکترە، سەرکەوتن لای خودایە، جارێک سەرمان دەخات و جارێک بەسەرماندا سەردەکەون، لەوانەیە برای قورەیش بیت.ئەبووبەکر گوتی: هەواڵی ئەوەتان لایە کە پێغەمبەری خودا ئەمەی تێدایە و داوای ئەمە دەکات؟ مەفروق گوتی: هەواڵمان لایە کە ئەم باسە دەکات. ئینجا گوتی تۆ داوای چی دەکەیت، ئەی برای قورەیشی؟ پێغەمبەری خودا چوە پێشەوە و گوتی: داوای شەهادەتی ئەوەی، هیچ ئیلاهێک نییە جگە لە خودا و هیچ هاوبەشێکی نییە و من پێغەمبەری خودام، بۆ ئەوەی جێمبکەنەوە و پشتگیریمبکەن و سەرم بخەن، قورەیش فەرمانی خودای وەلاناوە و پێغەمبەر بەدرۆ دەزانێت، ناحەقی لە جێگەی حەق داناوە، خودا بۆ خۆی دەوڵەمەند و جێی حەمد و سەنایە. مەفروق گوتی: دیسان بانگەشەی چی دەکەی ئەی برای قورەیشی؟ پێغەمبەری خودا گوتی: {قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلَّا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلَا تَقْتُلُوا أَوْلَادَكُمْ مِنْ إِمْلَاقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلَا تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ} [الانعام: 151].
واتا: بڵێ وەرن ئەوانەی خودا و من بە نارەوا زانیون من بۆتانی بخوێنمەوە و هیچ شتێك بە هاوبەشی خودا نەزانن و لەگەڵ دایك و باوکی خۆتان چاکە بکەن، لە ترسی لەبرسا مردن منداڵی خۆتان مەکوژن، ئیمە بژێوی بە ئێوە و بە ئەوانیش دەدەین، بە ئاشکرا و بە نهێنی خۆتان توشی خراپە مەکەن، کەسیش مەکوژن کە خودا کوشتنی حەرام کردووە، تەنها لە رووی حەقەوە نەبێت، خوا ئەمانەی بە ئێوە راسپاردوە بۆ ئەوەی ئێوە تێبگەن و عاقل بن. مەفروق گوتی: ئەمە قسەی سەر زەوی نییە، ئەگەر لە قسەی ئەوان بێت دەیزانین، ئینجا گوتی: ئینجا داوای چی دەکەیت ئەی برای قورەیشی؟ پێغەمبەری خودا ئەمەی بۆ خوێندەوە: {إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ} [النحل: 90]. واتە: خوا بەعەدالەت و چاکە و بەخشین و خزم و کەس وکار، فەرمان دەدات و رێنادات بە ئاکاری پیس و خراپە و دەستدرێژی بکەن، ئامۆژگاریتان دەکات بەڵکو پەندی لێوەربگرن. مەفروق گوتی: بە خودا داوای ئەخلاقی بەڕێز و کاری چاکە دەکەیت، قەومەکەت بوختانیان بۆ کردوویت و بەدرۆزن لەقەڵەمت دەدەن و ڕەتیان کردوویتەوە. وەک ئەوەی مەفروق ویستبێتی هانی کوری قەبیسە بدات بەشداری بکات لە قسەکردندا، گوتی: ئەمە هانی کوری قەبیسەی شێخ و خاوەنی ئایینمانە، هانی گوتی: گوێمان لە قسەکانت بوو برای قورەیشی،

من وای دەبینم ئەگەر واز لە ئایینەکەمان بهێنین و دوای تۆ بکەوین و بەم دانیشتنە بێینە سەر ئایینەکەت، کە نەسەرەتا و نە کۆتاییی هەیە، ئەمە ڕایەکی سەرپێییە.هەڵەی سەرپێیی لەگەڵ خێراییدایە و دەرئەنجامی نەبینینە، ئێمە قەومێکمان لەگەڵدایە نامانەوێت بێ ئەوان شتێک بکەین، بەڵام دەگەڕێینەوە و تۆیش دەگەڕێیتەوە، تەماشا دەکەین و تۆیش تەماشا دەکەیت، وەک ئەوەی پێی خۆش بێت کە موسەنای کوڕی حارسە بەشداریی قسەکردن بکات، گوتی: ئەمە موسەنای کوڕی حارسەیە شێخ و خاوەن شەڕمانە، موسەنا گوتی: گوێمان لە قسەکانت بوو ئەی برای قورەیشی، وەڵام وەڵامی هانی کوڕی قەبیسەیە لە وازهێنان لە ئایینەکەمان و ئەگەر بەم دانیشتنە دوای ئایینەکەت بکەوین نە سەرەتا و نە کۆتاییشی هەیە، ئەگەر پێت خۆش بێت، کە پشتگیریت بکەین و سەرت بخەین بۆ ئەودیو ئاوی عەرەب و ڕووبارەکانی کیسرا، ئەوا نایکەین، ئێمە لە سەر پەیمانێکین کە بە کیسرامان داوە، کە هیچ ڕووداوێک نەکەین و کەس لە خۆمان نەگرین، من وای دەبینم کە ئەم کارەی داوای دەکەیت لە ئێمە، پاشاکان ڕقیان لێیە. پێغەمبەری خودا گوتی: لە وەڵامدا خراپتان نەگوت، بە ڕاستگۆیی قسەکانتان دەرپڕی، ئایینی خودا سەرناکەوێت، ئەگەر لە هەموو لایەکەوە بە چاکی کاری بۆ نەکرێت، دەبینن تۆزێک بوەستن خودا زەوی و پارەکانیانتان پێ دەبەخشێت و ژنەکانیانتان بۆ ڕادەخات، سپاسی خودا دەکەن و پیرۆزی دەکەن. نوعمان کوڕی شەریک گوتی: خودایە ئەمە بکەیت، پێغەمبەری خودا ئەمەی خوێندەوە: {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (45) وَدَاعِيًا إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجًا مُنِيرًا (46) وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ} [الأحزاب: 45 - 47]. واتە: ئەی پێغەمبەر! ئێمە بۆیە ناردومانیت شایەت و مزگێنیبەخش و ترسێنەر بیت. بە ڕەزای ئەو، خەڵك بۆ خواپەرستی بانگ بکە و چرایەکی تیشکدەر بە. موژدە بدە بە ئەوانەی خاوەن باوەڕن کە لە لای خواوە بە چاکەی زۆر گەورە ئەخوێنرێتەوە. ئینجا پێغەمبەری خودا هەستایە سەر پێ. لە سیرەی حەلەبییەوە، دیسان: کاتێک بەکر کوڕی وائیل هات بۆ مەککە بۆ حەج، پێغەمبەری خودا بەئەبووبەکری گوت: بیانهێنە و پیشانیانم بدە، هێنانی و پیشانی دان، پێی گوتن: ژمارەتان چەندە؟ گوتیان زۆرین وەک ئەستێرە، گوتی: خۆ توندگرتنتان چۆنە؟ گوتیان: هیچ هەژموون و تەوژمێکمان نییە کە فارس دراوسێمان بێت، ئێمە ناتوانین خۆمان لەوان قایم بکەین و خۆمان لە شانیان نادەین، گوتی: خودا بەسەرتانەوە دانێن کە دەتانپارێزێت تا دەچنە ماڵەکانیانەوە و دەچن بە لای ژنەکانیانەوە و منداڵەکانیان دەکەن بە کۆیلە، سیوسێ جار سپاس و سوبحانەللا دەکەن و سیوسێ جار حەمدی دەکەن و سیوسێ جار هاواری گەورەیی دەکەن، گوتیان: تۆ کێیت؟ گوتی: من پێغەمبەری خودام، ئینجا ئەبوولەهەب هات بۆ لایان، پێیان گوت: ئەم پیاوە دەناسن؟ گوتیان: بەڵێ. هەواڵی ئەوەیان دایە کە بانگەشەی کردبوو، وای نیشان داوە، پێغەمبەری خودایە، پێی گوتن: سەرتان بۆ قسەکانی بەرز مەکەنەوە، ئەمە شێتە و لە .سەرییەوە وڕێنە دەکات، گوتیان: ئەوەمان بینی کە باسی فارسی کرد بەو شێوەی باسی کرد لەم دوو دانیشتنەدا کە محەمەد لەگەڵ شیبان کوڕی سەعلەبە و بەکر کوڕی وائیلدادانیشت، وەک بینیی قەومەکە ملکەچی فارسن و سڵی لێ دەکەنەوە و بە گەورەی دادەنێن، لە قسەکانیدا چێژی مەعنەویی بە کار هێنا، وەک بەهەشت بەوەی تێیدایە لە نیعمەت و دانیشتن و چێژ و هاندانی مادی، پێی گوتن و تێیگەیاندن ئەگەر دوای بکەون لەوەی دەیانەوێت دەبن بە میراتگریی زەویی فارس و پارە و موڵکیان، دەچنە ماڵەکانیان و لاقەی ژنەکانیان دەکەن و منداڵەکانیان دەکەن بە کۆیلە. لەم قسانەیدا ئاماژە بۆ ئامانجەکە دەکات، کە لە تەنیشت بانگەشەکەیەوە هەوڵی بۆ دەدات، کە بۆ قەومەکە قسەی لە سەر کرد و، پێی گوتن: .دەستتانم بدەنێ، عەرەب دەبێتە موڵکتان و عەجەم قەرزاربارتان دەبێت

لەوێدا دیسان گوتی: پێغەمبەری خودا بەردەوام بوو لە خۆدەرخستنیبۆ تیرەکان لە وەرزەکاندا، گوتی: هیچ ڕقم لە کەسێک نایێتەوە، لە سەر شتێک کە ڕازی نەبوو بەوەی داوای لێدەکەم، هەر کەسێک ڕقی لێی بوو ڕقم لێی نایێت، بەڵام دەمەوێت نەهێڵن بمکوژن تا پەیامەکەی خودا بگەیەنم، هیچ تیرەیەک لەوانە پێی ڕازی نەبوون، گوتیان قەومی پیاوەکە باشتر دەزانن، پیاوێک .بۆ ئێمە چاکسازی دەکات کە قەومەکەی تێک دایێت

لە قسەکانیدا "ئەوەی ڕقی لێم بێت، ڕقم لێی نایێت، بەڵام دەمەوێت نەهێڵن بمکوژن" بەڵگەی ئەوەیە، تەنها ئەوەی ویستوە پارێزگاریی لێ بکەن و نەهێڵن بیکوژن، ئەگەربە بێ باوەڕداریش بێت، واتە ئەگەر تیرەیەک پارێزگاریی لێبکردایە و نەیهێشتایە زەفەری پێ بەرن، ئەگەر باوەڕیشیان پێ نەبێت، بەوە ڕازیدەبوو. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، موکور بوە و پێداگریی کردوە لە

سەر بانگەشە و بەردەوامی لە سەر هیمەت وتوندوتۆڵی لە هەڵسان بە کارەکانی، بە هەر ڕێگەیەک و شێوەیەك کە بۆی لوابێت، لەبەر ئەوەی دەیزانی بەردەوامی لە بانگەشەکەی و هەبوونی توانای بۆ ئەو کارە، دەبێت لەئاییندەدا بە دواکەوتوان دروست بکات. ئەوەیش دەبێت و هیچ شتێکی تر نابێت،بە ڕۆیشتنی کات و ڕۆژیش زۆر دەبن، تا هێز و هەژموونی دەبێت، کە پێویستی بە تیرە نابێت و وازیان لێدەهێنێت، ئەگەر تیرەکان ئەوە ببینن، کە کارەکانی چڕ بوەتەوە و توند بوە، یان باوەڕی پێدەکەن یان بە زۆر باوەڕیان پێ دەهێنێت.

(28)
موژدەبەخشینی سپێدەی سەرکەوتن
لە کاتێکدا محەمەد بەو شێوەیە قسەی لەگەڵ تیرەکاندادەکرد و لە وەرزەکان خۆی دەردەخست و بە دوای ئەوەدا دەگەڕا کە بیپارێزن و توند لە خۆی بگرن، یان هێزێکی دەستبکەوێت بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەکەی. لە ئاسۆی مەدینەوە سپێدەی بەیانییەکی سەرکەوتنی بۆ دەرکەوت، کە دوژمنانی پێیان نەزانی تا ئەو کاتەی کۆچی بۆ ئەوێ کرد. لەو کاتەدا مەدینە دوو قەومی لە خەڵکەکەی تێدا نیشتەجێ بوون، قەومی دیندار و خاوەن کتێب کە جوولەکە لە بەنوقورەیزە و بەنی نەزیر و بەنی قەینوقاع بوون، قەومی بتپەرست کە ئەوس و خەزرەجی تیرەکانی عەرەبی یەمانی بوون. ئەوس و خەزرەج سەرەتا پێش ئەوەی پێگەیان بەهێز بێت و هەژموون سامیان هەبێت "وەک حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت" هاوپەیمانی جوولەکەکان بوون، بۆ پاڵپشتی لەیەکتر کردن و دەستگرتنی یەکتر لە دژی خەڵکی تر، یان بۆ دڵنیابوون لە نیازی یەکتر، ئینجا زەمانە گۆڕا و دوژمنایەتی کەوتەنێوان ئەوس و خەزرەجەوە و، شەڕی نێوانیان بۆ ماوەی زیاتر لە سەت ساڵ درێژەی کێشا. سەرکردە و عاقڵەکانیان لەم حاڵەیان بێزاربوون، پاش ڕۆژی شەری (بعاث) شوێنێکە لە نزیك مەدینە، هەستیان کرد کە پێویستیان بە سازان و گونجانە، تا ئەوس و خەزرەج نزیکبوونەوە لەوەی ڕێکبکەون لە سەر ئەوەی عەبدوڵلای کوری ئەبییکەنە پاشایان و تاجیبکەنە سەر، بەڵام ئیسلام هات و ئەوەی لەبیربردنەوە.
دوا شەڕی نێوانیان لە ڕۆژی (بعاث) بوو "شوێنێکە لە دەوروبەری مەدینە" ئەمە پێنج ساڵ پێش ئەوەی محەمەد کۆچ بکات بۆ ئەوێ ڕووی دا. بەشێکی تیرەکان لەگەڵ بەنو قورەیزە و بەنی نەزیر هاوپەیمان بوون و بەشێکی تریان لەگەڵ بەنی قەینوقاعدا، ئەو شەڕانە هەمەگیر بوو، هەموویان تێیدا بەشداربوون، بەڵام ئەو پێوەندی و سازانەی لە نێوان ئەوس و خەزرەج و یەهوودا هەبوو لەو کاتەدا کە هەژموون و هەیبەتی ئەوس و خەزرەج زاڵبوو، ئەوەیش پچڕا بوو، هاوپەیمانیکردنی یەهوود لەگەڵیاندا پێویست بوو بۆیان، بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕ و لەغزو(واتە بەسەرداکوتاندا) ڕزگار بکەن. جوولەکە دیندار بوون و کتێبیان هەبوو، لە هەر کاتێکدا شەڕێک لە نێوان خۆیان و ئەوس و خەزرەجدا ڕووی دابا، هەڕەشەیاندەکرد وەدەیانگوت: پێغەمبەرێک دەنێررێت کە لە زەمانەکەیدا مابێتەوە و دوای دەکەوین و لەگەڵیدا هاوکار دەبین و دەتانکوژین، وەك و کوشتنی عاد و ئیرم. بێگومان کە یەهوود ئەمەی پێدەگوتن، مەبەستیان پێغەمبەرێکی عەرەب نەبوو، بەڵکوو مەبەستیان پێغەمبەرێک دەبێت لە بەنی ئیسرائیل، مەسیحێک دەبێت کە تەوراتەکەیان مژدەیان دەداتێ، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیش لەو باوەڕەدان، مەسیح دێت بۆ ئەوان و مەبەستیان لەو قسانەیان ئەوە بوە، ئەوس و خەزرەج بەو هەڕەشەیە بترسێنن، نەیانزانی ئەم هەڕەشەیە دەبێتە هۆکارێکلە نێو چەندین هۆکاری تردا، کە وای کردمحەمەد لە بانگەشەکەی سەرکەوتوو بێت. کە گوتیان لە زەمانەکەیدا مابێتەوە، مەبەستیان ئەوە بوە زەمانی نزیک بوەتەوەبۆ ئەوەی هەڕەشەکە وابکات بترسن، لەبەر ئەوەی ئەگەر کاتەکەی دوور بێت، کاریگەریی لەسەریان نابێت و ئەو ترسە دروست ناکات کە مەبەستیان بوە، ئەگینا تەورات کە مژدەی هاتنی مەسیح دەدات، کاتەکەی بە کتومتی دیاری نەکردوە.
ئەوس و خەزرەج لە مەدینە بەم شێوەیە بوون و، ئەمەحاڵیان بوو لەگەڵ جوولەکەدا و، ئەمەیش حاڵی جوولەکە بوو لەگەڵ ئەواندا، بەڵام چۆن ئەو شەڕانە ڕوودەدات و هۆکاریان چی بوە و کەی ئەوس و خەزرەج ئاوارەی مەدینە بوون و یەهوود لە کوێوە هاتوون و، لە مەدینە نیشتەجێ بوون، ئەمە هیچی گرینگنییە بۆ ئێمە و توێژینەوە لەم بارەیەوە کاری مێژوونووسانە، ئێمە لێرەدا بۆ حەقیقەت دەنووسین نەک مێژوو.

سپێدەی مژدەبەخشین لە عەقەبەوە بۆ محەمەد هەڵهات، با باسی ئەوەت بۆ بکەین لەوێدا بەیعەی یەکەم و بەیعەی دوەم چۆن ڕووی دا.

عەقەبە

عەقەبە دەرکەوتەی شاخێکە کە خۆی لە ڕێگەکە دەدات، ئەم عەقەبەیەی باسی دەکەین دەکەوێتە نێوان مینا و مەککە و دوو میل لە مەککەوە دوورە، لەوێدا حەجاجەکان بەردی جەمرە دەوەشێنن و پێی دەڵێن جەمرەی عەقەبە، کە دەکەوێتە لای چەپی ڕێگاکە، لە مەککەوە دەربچیت بۆ مینا و، مزگەوتێکی تێدایە ئێستا پێی دەڵێن مزگەوتی بەیعە.

لەم عەقەبەیەدا، پێغەمبەری خودا لە وەرزی حەج خەڵکانێکی خەزرەجی بینی بۆ حەج هاتبوون، لەبەر ئەوەی ئەوس و خەزرەج سەرەڕای ئەوەی بتپەرست بوون لەگەڵ ئەو عەرەبانەدا حەجیاندەکرد کە دەهاتن بۆ حەج.

لە سیرەی هشامیدا ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کاتێک خودا ویستی ئایینەکە سەربخا و پێغەمبەرەکەی شکۆدار بێت و پەیمانەکەی بۆی جێبەجێ بکات، پێغەمبەری خودا دەرچوو بۆ وەرزی حەج کە کۆمەڵێک خەڵکی ئەنساری بینی، خۆی پیشانی تیرە عەرەبەکان دا، وەک چۆن هەموو وەرزێک وای دەکرد، لە کاتێکدا لە عەقەبە بوو، پۆلێک لە خەزرەجی بینی، کە خودا خێری بۆ ویستن، دەڵێت: عاسم کوڕی عومەر کوڕی قەتادە لە شێخەکانی قەومەکەی وەریگرتبوو بۆی باسکردم،گوتوویانە: کاتێک پێغەمبەری خودا چاوی پێمان کەوت، پێی گوتین: ئێوە کێن؟ گوتیان: کۆمەڵێکین لە خەزرەج. گوتی: لەوانەی سەر بە یەهوودن؟ گوتیان: بەڵێ. گوتی: دادەنیشن قسەتان لەگەڵ بکەم؟ گوتیان: بەڵێ. لەگەڵیدا دانیشتن. داوای لێکردن بۆ خواپەستی و باسی ئیسلامبوونی بۆ کردن، قورئانی بۆ خوێندنەوە و گوتی: ئەوەی خودا لە ئیسلامدا بۆی دروست کردوون، جوولەکە لەگەڵیاندایە لە وڵاتەکەیاندا و، ئەوان خاوەن کتێب و زانستن،کەچی ئەمان خەڵکی بتپەرست و موشریکن. ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا داگیری کردوون. ئەگەر شتێک لە نێوانیاندا ڕوویبدایە، پێیان دەگوتن: پێغەمبەرێک نێرراوە لەم کاتەدا کە نزیکە لەو کاتە دیاریکراوەوە، دوای دەکەوین و وەك کوشتنی عاد و ئیرملەگەڵ ئەودا دەتانکوژین. کاتێک پێغەمبەری خودا لەگەڵ ئەو پۆلە خەڵکەدا قسەی کرد و داوای لێکردن بێنە سەر ڕێگەی خودا، هەندێکیان بەویتریان دەگوت: ئەی قەوم ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە جوولەکە هەڕەشەی پێ دەکردا! با پێشتان نەکەون بۆ لای. ڕازیبوون بەوەی پێی گوتن و باوەڕیان پێ هێنا و ڕازیبوون بەوەی ببن بە ئیسلام. پێیان گوت: ئێمە وازمان لە قەومەکەمان هێنا. هیچ قەومێک بە قەد ئێمە شەڕ و کوشتار لە نێوانیاندا نییە، بەڵکوو خودا بە تۆوە یەکمانبخات. دەڕۆین بۆ لایان، داوایان لێدەکەین بەوەی ویستت، ئەوەیشیان بۆ دەخەینەڕوو کە ئێمە بە ئایینەکەت ڕازیبووین، ئەگەر خودا کۆیان بکاتەوە لە سەر ئەمە، هیچ کەسێک لە تۆ بەڕێزتر نییە.ئینجا ڕۆیشتن بەرەو وڵاتەکەی خۆیان، دوای ئەوەی باوەڕیان هێنا و بەقسەیان کرد. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: وەک پێیان گوتم شەش کەسی خەزرەج بوون. ناوەکانیانی ڕاگەیاند، ئەمە یەکەمین بروسکە و تروسکەی سەرکەوتن بوو کە پێغەمبەر لە عەقەبەوە بینیی، لەو کاتەدا تیرە عەرەبەکان بە ناشیرین یان بە باشی وەڵامی دەدانەوە، دەبینین کە ئەو پۆلەی خەزرەجییەکان بە خێرایی بانگەشەکەیان قبوڵکرد، بە بێ کەمترین دوودڵی.

بە دوو هۆکار کە پێشتر باسمان کرد، یەکێکیان وەک پێشتر باس لە هەڕەشەی جوولەکە کرا، بۆیە هەندێکیان گوتیان: "ئەو پێغەمبەرەیە کە جوولەکە هەڕەشەی پێ دەکرد، با پێیشتان نەکەون و نەگەن پێی " یەکلابوونەوە کە ئەمەیە و ئەو پێغەمبەرەی کە یەهوود هەڕەشەی پێ دەکرد و ئەوان پێشیان کەوتن و باوەڕیان پێ هێنا. دوەمیان هەستکردنیان بەوەی، قەومەکەیان پاش ئەو هەموو شەڕوشۆڕە دوورودرێژەی، لەیەك دووریخستوونەتەوە و لاوازیکردوون پێویستی بە شتێک هەیە لە پەرشوبڵاوی کۆیان بکاتەوە، بۆیە پێیان گوت: "ئێمە قەومەکەمان بە جێ هێشت بەو شێوەیەی، خزمایەتی لە نێوانماندا نەماوە، لەبەر دوژمنایەتی و شەڕی نێوانمان، بەڵکوو خودا بەتۆوە کۆمان بکاتەوە". بەوەوە نەوەستان کە بانگەشەکەی قبوڵبکەن، بەڵکوو لەوە زیاتر ڕۆیشتن و بوون بە بانگەشەکەری کارەکەی و داوایان لە قەومەکەیان کرد ببن بەوەی، داوای لێکردن، بۆیە گوتیان: دەڕۆین بۆ لایان، بۆ ئەوەی چیت لێ داواکردووین ئێمەیش لەوان داوای دەکەین. ئەمە جگە لەوەی زانییان قەومەکەیان پێویستییەکی زۆریان بە کۆکەرەوەیەک هەیە یەکیان بخات بۆ ئەوەی واز لە شەڕ و دووبەرەکی بهێنن، هیچ شتێکی تر نییە.گێڕەوان باسی ئەوەیان بۆ نەکردووین کە لەو کاتەدا محەمەد داوای لێکردن ببن بە موسوڵمان، داوای

لێکردوون پارێزگاری لێ بکەن و نەهێڵن زەفەری پێ بەرن یان نا، بەڵام قسەکانیان: "ئەگەر خودا بە تۆوە کۆیان بکاتەوە هیچ کەسێک لە تۆ بەڕێزتر نییە" بەڵگەی ئەوەیە کە داوای لێکردوون پارێزگاری لێ بکەن، بەڵام ئەوان ئەوەیان بەوە بەستوەتەوە، پرۆن بۆ لای قەومەکەیان و داوایان لێ بکەن لە سەر ئەم ئایینە کۆببنەوە، بۆیە محەمەد بەوەوە وەستا، کە تەنها داوایان لێبکات ببن بە موسوڵمان و داوای بەیعەتی لێنەکردن. ئەوەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، پشتگیریی لەمە دەکات، دەڵێت: لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێن کە باوەڕی پێ هێناون و باوەڕیان پێ کردوە و بە ڕاستیان زانیوە، پێیان گوتوە: ئێمە ڕاوێژت بۆ دەکەین و پێمان باشە لە سەر پەیامەکەت بمێنیتەوە تا ئەو کاتەی دەگەڕێینەوە بۆ لای قەومەکەمان، باسی تۆیان بۆ دەکەین و داوایان لێدەکەین بۆ سەر ڕێگەی خودا و پێغەمبەرەکەی، بەڵکوو خودا نێوانیان چاکبکات و بۆ ئەو کاتەی لە وەرزی ساڵی داهاتوودا یەکتر دەبینین. پێغەمبەری خودا بەوە ڕازی بوو، ئینجا هیچ بەیعەتێک لە لایەن ئەو شەش کەسەوە نەبوە.

ڕۆژی بەیعەتی یەکەم لە عەقەبە

ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کاتێک گەڕانەوە بۆ مەدینە بۆ لای قەومەکانیان، باسی پێغەمبەری خودایان بۆ کردن، داوایان لێکردن بۆ موسوڵمانبوون، تا بڵاویان کردەوە، ماڵێک نەما ئەنساری تێدا نەبێت و باسی پێغەمبەری خودا نەکەن.

تەماشا بکە پێش ئەوەی محەمەد بچێت بۆ مەدینە چۆن ئیسلام لەوێ بڵاوبوەوە، بە تەنها بە بانگەشەی ئەو شەش کەسە، هۆکاریش ئەوە بوو کە باسمان لە موسوڵمانبوونی ئەو شەش کەسە کرد و پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە.

ئیبن ئیسحاق دەڵێت: تا ساڵی دوای ئەوە و لە وەرزەکەدا، ئینجا دوانزە کەس هاتن و لە عەقەبە بینییان، ئەمەیش عەقەبەی یەکەم بوو، بەیعەتیان بە محەمەد دا لە سەر بیعەتی ژنان، ئەمە پێش ئەوەی شەڕیان بەسەردا بسەپێنرێت. پاش ئەوەی ناوی هێنان، دەڵێت: یەزید کوڕی ئەبی حەبیب لە میرسەدی کوڕی عەبدوڵڵای یەزنی لە عەبدولڕەحمان کوڕی عەسیلەی سەنابحی لە عەبادەی کوڕی سامنەوە وەرگیراوە، دەڵێت: من لەو کەسانە بووم لە عەقەبەی یەکەم ئامادەبووم، دوانزە کەس بووین لە سەر بەیعەتی ژنان بەیعەتمان دا بە پێغەمبەری خودا، ئەمە پێش ئەوەیشەڕ بەسەرماندا بسەپێنرێت، بەیعەتەکەمان لە سەر ئەوەبوو، هیچ هاوبەشێک بۆ خودا دانەنێین، دزی نەکەین، زینا نەکەین، منداڵەکانمان نەکوژین و بوختان بە کەسدا نەکەین و درۆ بە دەم کەسەوە نەنێین، کە لەگەڵماندان، لە چاکە یاخی نەبین، ئەگەر جێبەجێی بکەین بەهەشت بۆ ئێمە دەبێت، ئەگەر لە شتێک لەوانە لامان داو کەمتەرخەم بووین دەگەڕێینەوە بۆ لای خودا، ئەگەر بیەوێت ئازارمان دەدات و ئەگەر بیەوێت لێمان دەبورێت.

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، لەو دوانزە کەسەدا دەیان لە خەزرەج بوون و دوانیان لە ئەوس، ئەو دە کەسەی خەزرەج، شەس کەسەکە کە پێشتر لە عەقەبە بوون بە موسوڵمان، ئەوانە بوون پەیمانیان دا بە پێغەمبەر بۆ ئەوەی لە وەرزی ساڵی داهاتوو بیبینن.

گوتیان: پەیمان بە موبایەعەت "واتە پەیمانبەستن" ناونرا، لەبەر ئەوەی بە هاوشێوەی پارەگۆڕینەوە تەماشایاندەکرد، واتای باسەکەی ئیبن سامت "لەسەر بەیعەتی ژنان" واتە بەیعەتێک کە داوای پارێزگاری و توندوتۆڵی و تەکلیفی شەڕکردنی تێدا نەبێت، وەک بەیعەتەکەی پێغەمبەری خودا بۆ ژنان لە کاتی کردنەوەی مەککەدا. پێغەمبەر کە لە بەیعەتی پیاوان لە ڕۆژی گرتنی مەککە تەواوبوو، بەیعەتدانی ژنانیشی ویست، ئەم ئایەتە دابەزی: {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ} [الممتحنه: 12] واتە: ئەی پێغەمبەر ئەگەر ژنانی باوەڕدار هاتنە لات و پەیمانیانە دا کە هیچ شتێکی لە خودا بەدەر نەپەرستن و توشی حیزی و دزی نەبن و منداڵی خۆیان نەکوژن و منداڵی کەسی تر نەکەن بە منداڵی میردەکانیان و بۆ کاری چاك لە فەرمانی تۆ دەرنەچن، ئەوساکەە تۆش پەیمانیان پێبدە لای خودا داوای لێخۆشبونیان بۆ بکهیت و خواش دەبورێ و دلۆڤانە.

ئەوەی لە قسەی ئیبن ئیسحاق تێدەگەیت، کە باسی کردوە، لە عیبادە کوڕی سامت وەریگرتوە، کە ئەو دوانزە پیاوە بەیعەتیان بە پێغەمبەر نەداوە کە بیپارێزن و سەربیخەن، بەڵکوو بەیعەتەکەیان وەک بەیعەتی ژنان بوە، بەڵام بەڵگەی ئەوە هەیە، ئەم قسەیە ڕاستنییە و لە تێکەڵکردنی حیکایەتخوانان و گێڕەوانانە، کە باسی ڕۆژی عەقەبەی یەکەمدەکەن لەگەڵ

بەیعەتی ژنانی ڕۆژی گرتنی مەککەدا تێکەڵی دەکەن، ئەمەیش دە ساڵی لە بەیندایە.چۆن پێغەمبەری خودا ئایەتی بەیعەتی ژنانی بۆ ئەمانە خوێندەوە، کە جارێک لەو کاتەدا دانەبەزیبوو، لەبەر ئەوەی دابەزینەکەی لە ڕۆژی کردنەوەی مەککەدا بوو. ئەوە ڕاستە کە حافزی کوڕی حەجەر باسی کردوە، لە سیرەی حەلەبی، حافزی کوڕی حەجەر دەڵێت: ئەو بەیعەتەیباس کرا، لە سەر قسەی عیبادەی کوڕی سامت بەو شێوەیەیباس کرا، لە شەوی عەقەبە ڕووینەداوە، بەڵکوو دەقی بەیعەتی عەقەبە ئەوەیە کە ئیبن ئیسحاق و خەڵکی تری مەغازی باسیان کردوە، پێغەمبەر بەوانەی گوتوە کە ئامادەبوون لە ئەنسار: بەیعەتم بدەنێ بمپارێزن وەک چۆن ژن و منداڵەکانتان دەپارێزن، بەو شێوەیە بەیعەتیان پێ دا، لە سەر ئەوەیش کە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا کۆچ بکات بۆ لایان، ئینجا کۆمەڵێک فەرموودەی گوتوە،گوتوویەتی: ئەمە بەڵگەی ڕاشکاوی ئەوەیە، ئەم بەیعەتە "واتە بەیعەتی ژنان" پاش دابەزینی ئایەتەکەیە لە پاش کردنەوەی مەککە، واتە نەک لە ڕۆژی عەقەبەدا بێت.
لەوانەیە حیکایەتخوانان، قسەکەی پێغەمبەریان بینیبێت کە دەڵێت (بەیعەتم بدەنێ کەبمپارێزن کە وەک چۆن ژنەکانتان دەپارێزن) بە هەڵەدا چوون و وایان داناوە، ئەمە بەیعەتی ژنانە، دەڵێت وەک لە قسەی ئیبن سامت دا هاتوە (وەك بەیعەتی ژنان بەیعەتمان دا بە پێغەمبەر). ئەگینا بەیعەتی ژنان لە ئاستی ئەودا نییە و لەگەڵحکومیئەو حاڵەتەدا گونجاو نییە، لەو کاتەدا کە محەمەد داوای شکۆیی و پارێزگاری بۆ خۆی دەکات. کە گوتوویانە: ئەگەر خودا بۆ تۆ کۆیان بکاتەوە هیچ کەسێک لە تۆ بەڕێزتر نییە.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کاتێک قەومەکە لە لای ئەو ڕۆیشتن، پێغەمبەری خودا موسعەبی کوڕی عەمیری لەگەڵدا ناردن، بۆ ئەوەی قورئانیان بۆ بخوێنێتەوە و فێری ئیسلامەتیان بکات و لە ئایین تێیان بگەیەنێت، موسعەب بە خوێنەری مەدینە ناونرا، ماڵەکەی لە شوێنی ئەسعەدی کوڕی زیارەی کوڕی عەدەسی ئەبی ئامەم بوو. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە، موسعەبی لە پاش ئەوان ناردوە نەک لەگەڵ ئەواندا، ئەو کاتە ناردی کاتێک هەواڵیان بۆ نارد کە ئیسلام بڵاوبوەتەوە لە نێویاندا و، گوتوویانە پیاوێک لە هاوەڵانت بۆمان بنێرە تا قورئانمان بۆ بخوێنێتەوە و فێری ئیسلاممان بکات و سوونەت و شەریعەتمان فێر بکات و لە نوێژدا ئیماممان بێت، موسعەبی بۆ ناردن. لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە، کە دوانی لەگەڵ ناردوون موسعەب و کوڕی ئیبن مەکتوم. هەر چۆنێک بێت ئیسلام لەوێدا بڵاوبوەوە، واتە بە بانگەشەی موسعەب و بەیعەتدانی ئەو قەومە لە مەدینە دا.

(29)
دوەم گەورە بەیعەتی عەقەبە
ئەم بەیعەتە بەردی بناغەی بنیاتنانی تەلاری ئیسلام بوو، بێ ئەم بەیعەتە کۆچیش نەدەکرا، بێ کۆچکردن بنیاتنانی تەلاری ئیسلامەتی تەواو نەدەبوو، بێ ئیسلام ئەو ڕابوونە جیهانییە گەورەیە نەدەبوو، بێ ئەو ڕابوونەیش ئەو کردنەوە و فراوانبوونە ئیسلامییە نەدەبوو، واتە بڵاو نەدەبوەوە. ئەگەر ئەو کردنەوانە "گرتنی وڵاتان" نەبوایە، ئێستا ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتە موسوڵمان نەبووین. ئەم بەیعەتە لە ڕووداوێکی بچوکی نێوان کۆمەڵێک پیاوی ژمارە دیاریکراو، لە پارچەیەکی زەویی دیاریکراو نەبێت هیچ زیاتر نەبوو، بەڵام تەماشای ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی پاش ئەمە بکە، بۆ کوێ درێژ بوەوە و چیی گەیاند و بە چی گەییشت و چی هێنا. ئاوها ڕووداوە بچوکەکان دەستپێدەکەن و گەورە دەبن و هەژانێک لە ناخدا دروست دەکەن و لەرزینێک لە وڵاتدا دەکەن کە شەپۆلی ئاوات و خواستی باڵایی بە شەپۆلی شمشێر و قەڵەم دەست پێبکات و دواتر شەپۆلەکان یەک لە دوای یەک دێن و دەنگیان وڵات دەگرێتەوە، ئینجا ڕەشەباکەی هێمن دەبێتەوە و ئاگرەکەی دادەمرکێتەوە و خۆڵەمێشەکەیشی دەمێنێتەوە، ئاوابوو کاری ئەم بەیعەتە. ئێمەیش باسی ئەوەت بۆ دەکەین کە لە کتێبی قەومەکەدا لە سەر زاری ئیبن ئیسحاق و خەڵکی تری گێڕەوان بەفراوانی هاتوە.
پێشتر بۆمان باس کردیت، ئەو دوانزە پیاوەی باوەڕیان بە محەمەد هێنا و لە عەقەبە بەیعەتیان

پێدا و گەڕانەوە بۆ مەدینە، موسعەبی کوڕی عەمیری لەگەڵ ناردن بۆ ئەوەی قورئانیان بۆ بخوێنێتەوە، موسعەب ماوەیەکی زۆر لە مەدینە مایەوە، تا وەرزی دووەم هات و بە بانگەشەی ئەو، خەڵکێکی زۆر بوون بە موسوڵمان، دوای ئەوەی وەرزی حەج هات، خەڵکێکی زۆری ئەوس و خەزرەج دەرچوون بۆ مەککە بۆ حەجکردن، موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانیان تێدا بوو و دوانزە پیاوەکەیشیان لەگەڵدا بوو، کە لە وەرزی پارساڵ بەیعەتیان دابوو، موسعەبیش لەگەڵیاندا هات بۆ حەج.

حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: ئینجا موسعەب کوڕی عەمیر لەگەڵ موسوڵمانانی ئەنسار لەو وەرزەدا گەڕایەوە بۆ مەککە، واتە لەگەڵ حەجاجی قەومەکە وخەڵکی موشریکیش، تا گەییشتنە مەککە. موسعەب هەواڵی ئەوەی دا بە پێغەمبەر کە کێ بوە بە موسوڵمان و دڵخۆش بوو بەوە. کاتێک گەییشتە مەککە هەندێکیان پێغەمبەریان بینی، لەوانە بەراو کوڕی مەعرور و کەعب کوڕی مالیک. لە ئەم کەعب کوڕیمالیکەوە وەرگیراوە وگوتوویەتی: کە دەرچووین بۆ حەج و پەیمانی بینینی پێغەمبەری خودامان دا، کە لە عەقەبە ببینین، وا ئاگادار کراینەوە، شەو لە پێچوپەنای لای ڕاستەوە، کە لە مینا لادەدەیت لە خوار عەقەبەوە یەکتر ببینن. پێغەمبەر فەرمانی پێ کردن کە خەوتوو خەبەر نەکەنەوە و چاوەڕێی نەهاتوو نەکەن لەو شەوەدا، کە ڕۆژی یەکەم پۆل بوو.

گوتی: کاتێک لە حەج تەواوبووین، ئەو شەوەی دیاریمان کردبوو پێغەمبەر ببینین، بەنهێنی بوو، قسەمان بۆ موشریکەکانی قەومەکەمان نەکرد چی دەکەین، لەو موشریکانەی لەگەڵماندا بوون، ئەبووجابر عەبدوڵلای کوڕی عومەری کوڕی حەرام، گەورەیەک بوو لە گەورەکانیان، قسەمان لەگەڵدا کرد و گوتمان: ئەی باوکی جابر، تۆ گەورەیەکی لە گەورەکانمان و شەریفی شەریفەکانمان، ئێمە نامانەوێت سبەینێ ببیتە چیلکەی ئاگر و، ئینجا داوامان لێکرد بۆ موسوڵمانبوون، بوو بە موسوڵمان، هەواڵمان پێدا کە مەوعیدمان لەگەڵ پێغەمبەری خودا هەیە، ئەویش عەقەبەی لەگەڵ ئێمەدا بینی، گوتی: ئەو شەوە لەگەڵ قەومەکەماندا لەو شوێنەدا ماینەوە، تا سێیەکی شەو ڕۆیشت، لە شوێنەکەمان دەرچووین بۆ بینینی پێغەمبەری خودا، دزەمان کرد، پیاوێک و دوان لەسەرخۆ و پشیلەئاسا بەدزییەوە بۆی دەرچووین، تا لەو پێچوپەنایەی عەقەبە یەکمان گرتەوە، حەفتاوسێ پیاو و دوو ژن بووین، یەکێکیان نەسیبە بوو، دایکی عەمارە لە بەنی نەجار، ئەوی تر دایکی مەنیع، لە ئەوسییەکان یانزە پیاویان لەگەڵدا بوون، ئەوانی تر هەموو لە خەزرەج بوون، کەعب گوتی: چاوەڕێی پێغەمبەری خودا بووین، تا لەگەڵ عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامیدا هات و هیچ کەسێکی تری لەگەڵدا نەبوو.

لە گێڕانەوەیەکی تردا، پێغەمبەری خودا پێشیان کەوت و چاوەڕێی کردن وئەبووبەکر و عەلییشی لەگەڵدا بوە، خاوەنی سیرەی حەلەبی هەر دوو گێڕانەوەکەی کردوە بەیەک، دەڵێت: لە یەکەمدا کە دەڵێن پێشتر ڕۆیشتوە و چاوەڕێی کردوون، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەویتردا، چونکە هاتوە و کە بینیویەتی نەهاتوون، ڕۆیشتوە. ئینجا پاش ئەوەی هاتوون، ئەو هاتوەتەوە، دەڵێت: لە دووەمدا، ئەمەیش جیاواز و ناکۆک نییە کەئەبووبەکری لەگەڵدا بوە. لەبەر ئەوەی عەباسی مامی عەلیی لە سەر ڕێگەی پێچاوپێچەکە وەک چاوێک داناوە،ئەبووبەکریش لە دەمی ڕێگەکەی تردا، لای ئەوان جگە لە عەباس کەسی تری لەگەڵدا نەبوە.

کەعب دەڵێت: کاتێک دانیشتین، عەباس یەکەم کەس بوو قسەی کرد، گوتی: ئەی خەڵکی خەزرەج، وەک دەزانن محەمەد لە ئێمەیە، بەوانەی ڕاوبۆچوونیان وەک ئێمەیە، پارێزگاریمان لێکرد، لە شکۆی قەومەکەیدایە و لە وڵاتەکەی پارێزراوە، لایەنگریی ئێوە و گەییشتن بە ئێوە نەبێت هیچی تری نەویست، ئەگەر دەزانن ئەو پەیمانەی داوتانە دەیهێننەدی، وەک داواتان لێی کردوە، پەیمانتان داوە پارێزگاریی لێدەکەن، لە بەرانبەر ئەوانەی ناکۆک دەبن لەگەڵیدا، ئەوە ئێوە و ئەوەی هەڵیدەگرن، ئەگەر دەزانن ڕادەستی دەکەنەوە و پەشیمان دەبنەوە، پاش دەرچوونی بۆ لای ئێوە، هەر لە ئێستاوە بەخۆیەوە بیهێڵن لە شوێنی خۆیدا بەڕێز و شکۆی خۆیەوە لە نێو

قەومەکەی و وڵاتەکەی خۆیدا پارێزراوە. بەراء کوری مەعرور گوتی: بەخودا ئێمە ئەگەر بەدەر لەوەی قسەی لە سەر دەکەین، لە ناخی خۆماندا شتێکی تر هەبێت دەیڵێین، بەڵام ئێمە وەفادار و ڕاستگۆین، ئێمە بێ پێغەمبەری خودا، خۆمانمان بۆ چییە. گوتی: پاش ئەوەی قسەی خۆی کرد، پێیان گوت: گوێمان لە قسەکانت بوو، ئەی پێغەمبەر بەخۆت قسە بکە، ئەوەی دەتەوێت بۆ خۆت و بۆ خوداکەت و خۆشت دەوێت بیڵێ. لە گێرانەوەیەکداگوتوویەتی: بۆ خۆت چیت دەوێت بییە و چۆنت دەوێت مەرج بۆ خوداکەت دابنێ. پێغەمبەر گوتی: مەرجی من ئەوەیە خوداکەم بپەرستن و هاوبەشی بۆ دانەنێن، بۆ خۆشم بمپارێزن، وەک چۆن پارێزگاری لە خۆتان و ژن و منداڵەکانتان دەکەن. ئیبن ڕەواحە گوتی: ئەگەر وا بکەین چیمان دەبێت؟ گوتی: بەهەشتتان بۆ دەبێت، گوتیان: قازانجی بەیعەت و پارێزگاری، کەس وازنەهێنێت و کەسیش وەلانەنێن. گوتی: بەراو کوری مەعرور دەستی گرت و گوتی: بەڵێ بەوە بە حەق ناردووتی، پارێزگاریت لێدەکەین وتوندوتۆڵ دەتگرین، وەک چۆن پارێزگاری لە کەسوکارمان دەکەینو پشتەماڵەکانمان دەپارێزین "عەرەب لەو کاتەدا ژن و خودی خۆشیان بە گشتی بە پشتەماڵ ناودەبرد" بە خودا ئێمە خەڵکی شەڕکەرین و خەڵکی چەکین، ئەمەیشمان لە پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە، گوتی: لە کاتێکدا بەراو قسەی بۆ پێغەمبەردەکرد، ئەبووهەیسەم کوری تیهان گوتی: ئێمە لەسەر کارەساتی ماڵوموڵک وێران و کوشتنی گەورە و ئەشرافمان قبوڵی دەکەین. عەباس وەک هەستی بە شتێک بکات لە دەوروبەریاندا. گوتی: خۆتان بشارنەوە، چاومان لەسەرە. ئینجا ئەبووهەیسەم گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە نێوان ئێمە و ئەو پیاوانە حەبل "وایە پەیمان" هەیە و ئێمە دەیبڕین، واتە لەگەڵ یەهوود، ئایادەشێت لەو کاتەدا ئێمە ئەوە بکەین، تۆیش بگەڕێیتەوە بۆ لای قەومەکەت و ئێمە بەجێ بهێڵیت. گوتی: پێغەمبەری خودا زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: بەڵکوو خوێن بە خوێن و تێکدان بە تێکدان دەبێت، من لە ئێوەم و ئێوەیش لە من، شەڕی ئەوانە دەکەم کە شەڕی دەکەن و ئاشتییش لەگەڵ ئەوانە دەکەم کە لە ئاشتیدا بن لەگەڵیاندا. لەوێدا عەباس پێی گوتن: ئەوەی باستانکرد لە سەر شانتان دەبێت و ئەوەی خودا لە سەر ئەستۆی ئێوەدا دەبێت، پەیمانی خودا لەم مانگی حەرام و وڵاتی حەرامەدا لەگەڵ ئێوەدا دەبێت و دەستی خودا لە سەر دەستی ئێوە دەبێت و، بۆ ئەوە سەرخستنی ببینن و پشتوپەنای توندی بن. هەموویان گوتیان: بەڵێ، عەباس گوتی: خودا تۆ دەیبیستی و شایەتی، برازاکەم خۆی خستە ئەستۆی ئەوان و لە سایەی ئەواندا دەبێت بیپارێزن و ئاگاداری بن، خودا شایەتی برازاکەم بە لە سەر ئەوان. ئینجا پێغەمبەری خودا گوتی: دوانزە کەستان دەربکەن بۆ مەککە، سەرپەرشتیی قەومەکەتانبکەن بەوەی هەتانە، نۆ لە خەزرەج و سێ کەس لە ئەوسیان دەرهێنا، ئەوانیش: سەعد کوری عەبادە، ئەسعەد کوری زرارە، سەعد کوری ڕەبیع، سەعد کوری ئەبی خەیاتە، مونزر کوری عەمرو، عەبدوڵڵا کوری ڕەواحە، بەراو کوری مەعروور، ئەبوو هەیسەم کوری تیهان، ئەسید کوری حزەیر، عەبدوڵڵا کوری عەمرو کوری حەرام، عیبادە کوری سامت، ڕافع کوری مالیک، هەریەکە و لە تیرەیەک بوون. پێغەمبەری خودا پێی گوتن: ئێوە کەفیلی ئەوانی ترن و لە بریی ئەوانن، وەک کەفالەتی حیوارییەکان بۆ عیسای کوری مریەم، منیش کەفیلم لە سەر قەومەکەم، واتە موسوڵمانە .کۆچبەرەکان، گوتیان: بەڵێ

ئیبن ئیسحاق لە عاسم کوری عەمرو کوری قەتادە وەریگرتوە، دەڵێت: قەومەکە کۆبوونەوە بۆ بەیعەتدان بە پێغەمبەری ئیسلام، عەباس کوری عەبادە کوری نەزلەی ئەنساری، برای بەنی سالم کوری عەوف دەڵێت: ئەی خەڵکی خەزرەج، دەزانن لە سەر چی بەیعەت بەم پیاوە دەدەن؟ گوتیان: بەڵێ. گوتی: ئێوە بۆ شەڕی سوور و ڕەشی خەڵک بەیعەتی پێ دەدەن، ئەگەر ئێوە وابزانن ئەگەر ماڵوموڵکتان لەناوبچێت موسیبەتە و ئەگەر گەورە و ئەشرافەکانتان بکوژرێن ڕادەستیبکەن، لە ئێستاوە، ئەگەر وا بکەن بە خودا ئەمە ئاپڕووچوونێکی دونیا و ئاخیرەتە. ئەگەر ئێوە ئەو پەیمانەی پێتان داون لە کاتی لەناوچوونی ماڵوموڵک و کوشتنی گەورە

و ئەشرافەکانتان، بیبەن بۆ لای خۆتان، ئەو بەخودا خێری دونیا و ئاخیرەتە، گوتیان: ئێمە تەنانەت بە موسیبەتی ماڵومولک و کوشتنی ئەشرافەکانیشمان بێت هەر دەیبەین، بەڵام ئێمە چیمان دەست دەکەوێت ئەی پێغەمبەری ئیسلام، گوتی: بەهەشت، گوتیان دەستتدرێژ بکەوە، دەستی ڕاکێشا و بەیعەتیان پێدا.

گێڕەوان ناکۆک بوون لە سەر ئەوەی عەباس کوڕی عەبادە لە قسەکانیدا مەبەستی بوە و ویستویەتی: ئیبن ئیسحاق دەڵێت: بەڵام عاسم کوڕی عەمرو کوڕی قەتادە گوتی: بەخودا عەباس ئەوەی نەگوتوە جگە لەوەی ئەو پەیمانە بۆ پێغەمبەری خودا لە ملی ئەوان ببەستێت، بەڵام عەبدوڵلا کوڕی ئەبی بەکر دەڵێت: قسەکانی عەباس لەو شەوەدا، بۆ ئەوە بوە قەومەکە لەو پەیمانە دوابخات و، عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەلوولیش ئامادەبێت و کاری قەومەکە بەهێزتر بێت.بەمەیش بەیعەتی عەقەبە ڕووی دا، بەیعەتی گەورەی دوەم بوو. با لە سەر تەواوبوونی بوەستین، پێش ئەوەی باس لە حەقیقەتی ئەوە بکەین، با بە تێڕامانێک لە سەری بوەستین و ڕوونی بکەینەوە. دەڵێین: محەمەد لە سەر ئەم بەیعەتە بە پێی سیفەت و هیمەت وتوندوتۆڵیی خۆی مامەڵەی کردوە، نهێنیی پاراستوە، هەموو یەدەکێکی بۆ خۆی داناوە لە کاری بەیعەتدا، کە کاتی بۆ دیاری کردبوون لە شەودا بێن بۆ لای لە عەقەبە، فەرمانی پێ کردن کە ئەوە لە خەودا بێت خەبەری نەکەنەوە و هەڵینەستێنن و چاوەڕێی نەهاتوو نەکەن، لەوانەیە بەو کارە بابەتەکە بڵاوببێتەوە و دەربکەوێت، یان بە چاوەڕێکردن جێبەجێنەکرێت. هەروەها ئاگاداری ئەوەیش بوە و خودپارێزیی کردوە و عەباسی مامی وئەبووبەکر و عەلیی لەگەڵ خۆیدا بردوە، وەک لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، عەلیی لە دەمی پێچاوپێچەکە وەک پاسەوان داناوە،ئەبووبەکریشی لە دەمی ڕێگەکەی تر وەک چاوێک داناوە، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەگەر قورەیش بەم کارە بزانن، چیی دەوێت لەو ئەنسارانە، هەوڵی تێکدانی کۆبوونەوەکەیان دەدەن و ناهێڵن بەیعەت تەواو بێت، وای کرد، کات و مەوعیدی کۆبوونەوەکە (ئەو شەوە وەك یەکەم ڕۆژی کاری نائاسایی بێت). دەربڕینی ئیبن ئیسحاق بەم شێوەیە: مەوعیدیان بۆ پێغەمبەری خودا دانا لە عەقەبە، لە ناوەڕاستی ڕۆژانی(تەشریق)".ناوەڕاستی ڕۆژانی(تەشریق)، واتە باشترینیان لە ڕۆژی دوەمی پاش ڕۆژی دوای سەربڕین و نەزرکردن لە ڕۆژانی جەژنە، کە ڕۆژی یەکەمی لە سێ ڕۆژەکەی مینایە و،بە ڕۆژی بڕیاردان ناودەبرێت، لەوێدا بڕیار دەدەن و لێی ڕاناکەن، لەمەدا حیکمەتی دانانی ئەم شەوە وەک مەوعیدی کۆبوونەوەی عەقەبە دەزانیت.

ڕوونکردنەوەی ئەمە بەوە دەبێت، باسی ڕۆژانی حەجت بۆ بکەین کە حەجاجەکان چی دەکەن. حەجاج یەکەم جار کە دێن بۆ مەککە، لە مانگی زی حەجە تەواف دەکەن، واتە بە دەوری کەعبەدا خول دەخۆنەوە و هەوڵی نێوان سەفا و مەروە دەدەن، ئەمەیش پێی دەڵێن تەوافی هاتن، تا ڕۆژی تەرویە، کە هەشتەم ڕۆژی زی حەجەیە دەمێننەوە، لەم ڕۆژەدا ئامادەکاری دەکەن بۆ ڕۆیشتن بۆ عەرەفە بۆ ئەوەی لەوێ بوەستن، ئاو لە مەزاد دەهێنن و هەڵیدەگرن و لە کاتی ڕۆیشتنیان بۆ عەرەفە لەبەر ئەوەی لە عەرەفە لەو کاتەدا ئاو نەبوە، بۆیە ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی تەرویە واتە ڕۆژی ئاودان ناونراوە، لەم ڕۆژەدا دەڕۆن بۆ مینا، لەوێدا واتە لە سپێتیی ڕۆژی هەشتەم و ڕەشایەتیی شەوی ڕۆژی نۆیەم، بۆ بەیانیی ڕۆژی نۆیەم دەڕۆن بۆ عەرەفە و لەوێ دەوەستن و هەموو ڕۆژەکە لەوێ دەمێننەوە، لە ئێوارە و پاش خۆرئاوابوون دەگەڕێنەوە موزدەلەفە و شەو لەوێ دەمێننەوە، ئەگەر بەیانیی ڕۆژی دەیەمیان کردەوە دێن بۆ مینا، پاش فڕێدانیجەمرەی عەقەبە، واتە ڕەجمی شەیتان، ئەوەی بەخشیویانە لە نەزر سەری دەبڕن، واتە قوربانی دەکەن، بۆیە ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی سەربڕین یان قوربانی ناونراوە، یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانە، پاش سەربڕین واتا قوربانی و سەرتاشین لە مەککەدا دەمێننەوە و تەوافی ماڵی خودا دەکەن بە تەوافی زیادە و، بەخێرایی دەگەڕێنەوە بۆ مینا و لەوێ دەمێننەوە جگە لە ڕۆژی سەربڕین سێ ڕۆژی تر دەمێننەوە پێی دەڵێن ڕۆژانی (تەشریق) واتە گۆشتی قوربانییەکان چاک دەکەن و دەیدەنە بەر خۆر و وشکی دەکەنەوە. بە ڕۆژی یەکەم لەم سێ ڕۆژە دەڵێن ڕۆژی

( قر ) واتە مانەوە و بڕیاردان، واتە بڕیاردەدەن و ناڕۆن یان ڕەتیناکەنەوە و خۆیان لێ نادزنەوە، هەروەها پێی دەڵێن ڕۆژی سەرەکان لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەدا سەروپێ دەخۆن.بە ڕۆژی دوەمی ڕۆژانی مینا دەڵێن، ڕۆژی (نفر) واتە ڕۆژی گەڕانەوە، لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژەدا گەڕانەوە ڕێگەپێدراوە، هەر کەسێک لە حەجاجەکان بیەوێت بگەڕێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی، هەروەها پێی دەڵێن ڕۆژی (اکارع) واتە خواردنی لاقی قوربانی، سێیەم ڕۆژ بە ڕۆژی ڕۆیشتنی کۆتایی ناونراوە، لەبەر ئەوەی هەموان بڵاوەی لێ دەکەن و دەڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

ڕۆژی ڕۆیشتنەوە، ڕۆژی دوەم و سێیەمی ڕۆژەکانی مینایە، شەوەکەی، شەوی دوای بڕیاردانە، واتە ئەوەی دوای خۆرئاوابوونی لە ڕۆژی بڕیارداندا، ئەم شەوە هەرچەند سەر بە ڕۆژی ڕۆیشتنەوەی یەکەمە، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا، ڕۆژ لای عەرەب لە کاتی خۆرئاوابوونەوە دەستی پێ کردوە و بە خۆرئاوابوونی دوای ئەوە کۆتاییی هاتوە، هەروەها لەبەر ئەوەی لە حکومدا سەر بە ڕۆژی بڕیاردانە، بڕیاری لێدەدەن وەک لە ڕۆژی بەر لەوەی کە بڕیار دەدەن و ناڕۆنەوە، بۆیە محەمەد ئەو شەوەی دیاریکردوە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکی عەقەبەدا، ئەمە بەڵگەیتوندوتۆڵی و ئاگاداربوونیەتی لە کارەکانیدا.

بۆ تەواوکردنی ڕوونکردنەوەی پێشوو دەڵێین: سروتەکانی حەج سێ دانەن: یەکێکیان مینا، کە فەرسەخێک لە مەککەوە دوورە، کە دەکاتە نزیکەی حەوت کیلۆمەتر، دوەمیان موزدەلەفە،کە فەرسەخێک لە میناوە دوورە، سێیەم عەرەفە کە لە موزدەلەفەوە نزیکە و سێیەکی فەرسەخێکیان لە بەیندایە، لە نێوان مینا و موزدەلەفە دۆڵی محەسەرە، لە نێوان موزدەلیفە و عەرەفە و دۆڵی عەرەفەیە، ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) دا دەڵێت: محەسەر ناوەندگیرێکە( ناهێڵێت دووبەش بەیەك بگەن) لەنێوان مینا و موزدەلفە، نە لەملایە و نەیش لەولا، عورنەیش بەربەستێکە لەنێوان عەرەفە و موزدەلفە. عەرەفە یەکێکە لەو شوێنانەی سروتەکانی حەجی تێدا جێبەجێ دەکرێت. عەقەبە کە بەیعەتی تێدا کرا، دەکەوێتە نێوان مەککە و مینا، لە نێوان عەقەبە و مەککە نزیکەی دوو میلە، واتە دوو لە سەر سێی فەرسەخێک لە میناوە نزیکە.

ئەگەر بڵێم: عەقەبە دەکەوێتە سەر ڕێگەی حەجاج بۆ مینا، کۆبوونەوە لەوێدا بێ خەتەر و ترس نابێت، نەدەبوو بۆ کۆبوونەوەکەیان شوێنێکی دوور لە ڕێگە دیاری بکات، بۆ ئەوەی خۆی و هاورێکانی دڵنیا بن بۆ ئاساییشی خۆیان و یەکێک لە هاتوچۆکەرانی ڕێگەکە لە حەجاجەکان نەیانبینێت؟ دەڵێم: عەقەبە کرا و، بوو بە کارێکی باش و گەشبینی و خێر بۆ محەمەد، ئەو گەشبین و ڕەشبین بوو وەک لە شوێنی تردا باسی دەکەین، عەقەبەی هەڵبژارد لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی پێ خۆش بوو، چونکە پێشتر لەوێدا ئەو شەش کەسەی خەزرەجی بینی، کە باوەڕیان پێ هێنا و پەیمانی بینینی ساڵی داهاتوویان دا و، هەر لەوێدا دوانزە پیاوەکەی ئەوس و خەزرەجی بینی و بەیعەتی یەکەمیان پێدا، ئەمجارەیش ئەو شوێنەی هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی پێی خۆش بووو دڵنیا بوو. دوەم: لەبەر ئەوەی ترسیان نەما چونکە ئەو شەوەی بۆ یەکتر بینین و کۆبوونەوەکەیان دانا، ڕێگاکە لە هاتوچۆکەران چۆڵ دەبێت، یان خەڵك لەوێ کەمتر دەبێتەوە، وەک پێشتر باسمان کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا کەمتەرخەمی لە پاراستنی نەکردوە، لە دەمی ڕێگەی پێچاوپێچەکان لە لای مەککەوە عەلی داناوە و لە لای دەمی ڕێگەی ئەودیوئەبووبەکری داناوە، ئەمەیە توندوتۆڵی بە باشترین شێوە.

لەمەدا دەزانین، ئەنسارەکان لە لای میناوە هاتوون بۆ بینینی محەمەد لە عەقەبە، بەڵام محەمەد ئەگەر لەگەڵ ئەوان لە حەجدا بووبێت ئەویش لە میناوە دێت، ئەگەر لە حەجیش نەبووبێت، ئەو شەوە لە مەککە ماوەتەوە، بۆیە دەبێت هاتنەکەی لەمەککەوە بووبێت نەک لە میناوە. لە سیرەی حەلەبیدا زانیت، لەو ساڵەدا لە حەج بوە. کە قسە لە سەر حەجەکانی دەکات، دەڵێت: پاش پێغەمبەرایەتی و پێش کۆچکردن سێ جار حەجی کردوە، یان دەڵێن دوو حەجی کردوە، ئەو دوانەیە کە ئەنسارەکان لە عەقەبە بەیعەتیان پێ داوە. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، لە میناوە هاتوە بۆ لایان نەک لە مەککەوە.

لەوانەیە ئەی خوێنەر سەرت سور بمێنێت لە هاتنی عەباسی مامی لەو شەوەدا کە موسوڵمان نەبێت، گوتیان لەو ڕۆژەدا ئەو لە سەر ئایینی قەومەکەی بوە و پێی خۆشبوە لەگەڵ برازاکەی ئامادە بێت و متمانەی پێ بکات. عەباس خۆی ئاماژەی پێدەکات، لەو قسانەی بۆ ئەنسارەکانی کرد: محەمەد لە ئێمەیە وەک دەزانن، لە قەومەکەمان پاراستمان کە لە سەر ڕای ئێمەن نین، واتە لەوانە پاراستمان کە وەک ئێمە باوەڕیان پێ نەهێناوە، بەڵام ئەگەر بزانیت عەباس هەر لە سەرەتاوە باوەڕدار بوە و، ئیسلامبوونەکەی شاردوەتەوە، ئەو خاوەن ئیستخباراتی محەمەد بوە لە مەککە، سەرسوڕمانت نامێنێت، وەکگوتوویانە بە دەرکەوتنی هۆکار سەرسوڕمان نامێنێت. ئەمە بە دوورودرێژی لە کاتی قسەکردن لە سەر عەباس باسی دەکەین. ئەگەر بڵێم حیکمەت ئەوە دەسەپێنێت موسوڵمانبوونەکەی لە کافرەکان بشارێتەوە، کە دوژمنی محەمەدن، بۆ ئەوەی فرتوفێڵەکانیان بزانێت، کە دژ بە محەمەد دەیکەن و پێی بڵێت، بەڵام بۆچی باوەڕەکەی لە ئەنسارەکان دەشارێتەوە، کە هاتوون باوەڕ بە محەمەد بهێنن و بێ ئەو بمرن، دەڵێم: حیکمەت وا فەرز دەکات کە شاردنەوە بۆ هەموو لایەک بێت لە کافر و باوەڕدار و ئەوانەیش کە سەر بەوان بن، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئیسلامبوونی بۆ موسوڵمانان دەربخات، لەوانەیە لە نێوان خۆیاندا باسیبکەن و بڵاوبێتەوە و لەوێدا حیکمەتەکە نامێنێت، کە نهێنیی مانەوەی وا فەرز دەکات، وەک دەڵێن هەر نهێنییەک لە نێوان دوان دەرچوو دەردەکەوێت. ئەگەر بڵێیت ئەنسارەکان ئەوە نازانن کە عەباس وا پیشان دەدات، کە نەبوە بە موسوڵمان و لە سەر ئایینی قەومەکەیەتی، ئەمەیش ناکۆکە لەگەڵ هاورێیەتی و هاتنی لەگەڵ محەمەددا و، هاتوە بۆ توندپاراستنی و بۆ ئەوە بەیعەتەکە تۆمار بکات و بیبەستێت؟ دەڵێم: نەخێر لەبەر ئەوەی وەک خزمایەتی لەگەڵیدا هاتوە نەک ئایینی. ئەگەر بڵێیت ئەگەر عەباس موسوڵمان بوە و شاردوویەتیەوە، بۆچی لەگەڵ قەومەکەی بۆ شەڕی دژ بە محەمەد لە غەزوەی ڕۆژی بەدر دەرچوو، موسوڵمانبوونەکەی وای فەرز نەکردوە کە لەگەڵ ئەو کافرانەی قورەیشدا بمێنێتەوە کە مابوونەوە، بەتایبەتی دەرچوون بۆ شەڕکردن دژی محەمەد لەگەڵ خزمایەتییەکەی نایەتەوە، وەک موسوڵمانبوونەکەی ڕەتدەکاتەوە؟ دەڵێم بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەوەیە دەیڵێیت، موسوڵمانبوونی بە نهێنی و نزیکی و خزمایەتی وا فەرز دەکات، کە لەگەڵ خەڵکە کافرەکەدا دەربچێت تا بزانێت ئەم قەومە چییان بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەی هەواڵبگەیەنێتە محەمەد. ئەگەر لەگەڵ ئەوانەی مابوونەوە لەو کافرانە بمابایەتەوە، هیچ قازانجێکی بە محەمەد نەدەگەیاند، نە لە موسوڵمانبوونە بەنهێنییەکەی و نە لە خزمایەتییە زانراوەکەی، بەڵام ئەوەی عەباس کوری عەبادەی ئەنساری دەیڵێت، کە حیکایەتخوانان جیاواز بوون لە سەر نیازی لە گوتنی ئەو قسانەی بۆ قەومەکە کردوویەتی، ئێمە ڕایعەبدوڵڵای کوریئەبووبەکر بە ڕاستتر دەزانین، لەبەر ئەوەی لە مەعقووڵەوە نزیکترە، توندوتۆڵی وا فەرز دەکات کە ئەمە گونجاو بێت، بێگومان هاتن بۆ ئەم بەیعەتە، بە کارێکی گەورە لە قەڵەم دەدرێت، بەوەیش دەیانەوێت خەڵکێک زۆر لە خۆبگرن و بارێکی قورس لە سەر شان هەڵبگرن، کە ئەمەیش هێواشی و لەسەرخۆیی و هێمنیی دەوێت، خێرایی ناوێت، بەتایبەتی ئەوان بەم بەیعەتە پەیمانێک بۆ محەمەد گرێدەدەن، کە شمشێر لە کێلانی بێتە دەر و لە پێناویدا خوێن دەڕژێت، ناشێت سەرۆکی قەومەکە ئامادەی نەبێت، کە عەبدوڵڵای کوری ئەبی سەلوولە، بۆیە عەباس کوری عەبادە دەبینین لە قسەکانیدا کارەکەی گەورەکردوە، وەک پێیانی گوت: ئێوە بەیعەتی شەڕی ڕەش و سوور دەدەن، واتە عەجەم و عەرەب. (سوور بە عەجەم دەگوترا لەبەر سپی و سووری "ئەشقەر" و ڕەش بە عەرەب دەگوترا لەبەر ئەسمەری ڕەنگیان)، هەر چەندمحەمەد ئەو شتەی لەوان نەویستبوو، بەڵکوو داوای پاراستنی لێکردبوون، وەک پاراستنی ژن و منداڵەکانیان، پێی نەگوتبوون کە بەیعەتم پێ بدەن لەبەر من شەڕی عەرەب و عەجەمبکەن، بەڵام عەباس کوری عەبادە ئەوەی بۆ ترساندنیان لە لایەن قەومەکەوە کردوە، بۆ ئەوەی بەیعەتەکە دوا بخەن تا سەرۆکەکەیان ئامادەی بێت، تا قەومەکە بەهێزتر بێت، وەک عەبدوڵڵای کوریئەبووبەکر باسی دەکات.

هەرچۆنێک بێت، ئەم قسەیە کە عەباس کوڕی عەبادەگوتوویەتیمحەمەدی زۆر خۆشحاڵ کردوە، وەک ئەوەی ئاوێکی سارد بە هیلاکێکی تینوو بدەیت، لە کاتێکدا ویستی تەنها لە دوژمنانی .بیپارێزن، هاتن بۆ شەڕکردن و هەموو خەڵک بەیعەتیان پێدا
ئەوەی لەم بەیعەتە جێگەی تێرامانە، قسەی ئەبووهەیسەم کوڕی تیهانەیە کەگوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە نێوان ئێمە و ئەو پیاوانە "یەهوودەکان" پەتێک هەیە نامانەوێت بیچڕێت، ئەوە دابنێ کە ئێمە ئەوە بکەین و تۆیش خودا وا داوای لێکردیت بە جێمان بهێڵیت و بگەڕێیتەوە ".لای قەومەکەت
نازانم بۆچی ئەم بەیعەتە وا فەرز بکات پەیمان لەگەڵ یەهووددا بپچڕێنن و هاوپەیمانییەکەیان وەلا بنێن، یەهوود دوژمنی محەمەد نەبوون لەو کاتەدا، محەمەد دوژمنی یەهوود نەبوو، کە وا فەرز بکات لەو بەیعەتە پەیمانەکانیان وەلا بنێن، بەڵکوو کافرەکانی قورەیش دوژمنی محەمەد .بوون، هیچ کەسێک لە عەرەبدا نەبوو کە بەرەنگاری بکات و دوژمنایەتیی بکات جگە لەوان
لەوانەیە ئەبووهەیسەم زانیبێتی کە بەیعەتدان بە محەمەد لەو کاتەدا پێش جوولەکە دەکەون، ئەگەر پێشتر بەدوای محەمەد بکەون، دوژمنایەتییان بۆ یەهوود دەستەبەر دەکات، لەبەر ئەوەی یەهوود پێشتر هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە کاتی ئەوە هاتوە پێغەمبەرێک بێت و دوای دەکەون و وەک کوشتنی عاد و ئیرەم دەیانکوژن، وەک ئەوەی بەم بەیعەتە بە یەهوود بڵێن: ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە کە هەڕەشەتان پێی دەکرد، ئێمە پێشکەوتین لە باوەڕ پێ هێنانی، ئێمەین وەک عاد و ئیرم دەتانکوژین نەک ئێوە، بەڵام وەڵامی محەمەد بۆ ئەبووهەیسەم لە وتەی "خوێن بە خوێن و ڕووخان بە ڕووخان" من لە ئێوەم و ئێوەیش لە من، شەڕی ئەوانە دەکەم کە شەڕیان دەکەن و ئاشتیخوازم لەگەڵ ئەوانەی بە ئاشتی لەگەڵیاندان. ئەگەر ئەبووهەیسەم مەبەستی یەهوود بووبێت وەک باسیان کردوە، ئەوە جەختکردنی پێغەمبەر لە سەر دوژمنایەتیکردنی یەهوود لەو ڕۆژەوە دەردەخات، بێگومان ئەو قەومە پەیمانیان لەگەڵ یەهوودا شکاند و دوژمنایەتییان ڕاگەیاند، محەمەدیش لەگەڵ ئەواندا دوژمنایەتیی ئەوانە دەکات، کە دوژمنایەتیی دەکەن و ئاشتیی بۆ ئەوانە دەوێت کە ئاشتن لەگەڵیاندا، وەک قسەکانی ئەوە دەردەخات "شەڕی ئەوانە دەکەم کە شەڕی دەکەن،" بەڵام قسەی خوێن بە خوێن و ڕووخاندن بە ڕووخاندن، قسەیەکە کە عەرەب لە کاتی هاوپەیمانی و ڕێکەوتن بۆ سەرخستنی یەکتر دەیکەن. خوێن بە خوێن واتای ئەوە دەگەیەنێت، خوێنی من خوێنی ئێوەیە و خوێنی منتان بوێت خوێنی ئێوەم دەوێت، واتای ڕووخاندن بە ڕووخاندن ئەوەیە، کە ڕووخاندنی من و ئێوە یەکە، ڕووخاندن واتە خوێنڕشتنی کوژراو، واتە ئەگەر خوێنتان ڕشت، خوێن دەڕێژم. با .بگەڕێینەوە بۆ ڕێرەوی باسی بەیعەت
حیکایەتخوانان ناکۆک بوون لە سەر ئەوەی کێ یەکەم کەس بوو بەیعەتی دا، هیچ مەبەستمان نییە لێرەدا باسی بکەین، ناوی ئەوانەیان هێناوە لە ئەوس و خەزرەج کە بەیعەتیان داوە، .لێرەیشدا مەبەستمان نییە ناویان بهێنین، هەر کەسێک دەیەوێت با ڕوات بۆ کتێبەکانیان
پاش ئەوەی بەیعەت درا بەو شێوەیەی لە پێشەوە باسمان کرد، محەمەد دوانزە نەقیبی هەڵبژارد، ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کەعب کوڕی مالیک دەڵێت: پێغەمبەری خوداگوتوویەتی: دوانزە نەقیبم لە نێو خۆتاندا بۆ دەربهێنن، نۆ لە خەزرەج و سێ لە ئەوس. "لێرەدا ئیبن هشام ناوی ".هێناون
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووبەکر بۆ باسکردم، کە پێغەمبەری خودا بە نەقیبەکانی گوتوە: ئێوە لە بریی قەومەکانتان کەفیلن وەک کەفالەتی حوارییەکان بۆ عیسای .کوڕی مەریەم و منیش کەفیلی قەومەکەی خۆمم -واتە موسوڵمان- گوتیان: بەڵێ
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کەعب کوڕی مالیک گوتوویەتی: کاتێک بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خودا، شەیتان لە سەری عەقەبەوە بە گەورەترین دەنگ لە ژیانمدا بیستبێتم هاواری کرد: ئەی خەڵکی جەباجب "واتە خانوەکان" ئایا کەس لەوانە لەگەڵتاندایە کە زەم دەکەن و هەوڵدەدەن

به خراپە کۆببنەوە بۆ شەڕکردنمان. گوتی: پێغەمبەری خودا؟ گوتی: ئەمە کورتەبنەکەی عەقەبەیە و کوڕی لە بندا چوە، گوێ بگرە ئەی دوژمنی خودا، بە خودا دواتر کە دەستبەتاڵ بووم، بزانە چیت لێدەکەم. گوتی: ئینجا پێغەمبەری خودا... گوتی: لەم شوێنە لابچن، گوتی: عەباسی کوڕی عەبادەی کوڕی نەزڵە پێی گوت: بەو خودایەی بە حەق ناردووتی، ئەگەر بتەوێت بە شمشێر بەرەو ڕووی خەڵکی مینا بیەتەوە، لە سبەینێوە دەستپێدەکەین، گوتی: پێغەمبەری خودا گوتی: فەرمانی ئەوە ناکەین، بەڵام بگەڕێنەوە شوێنەکەی خۆتان. گوتی: .گەڕاینەوە بۆ شوێنی حەوانەوەمان و تا بەیانی لەوێ خەوتین

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، گوتی: لەو گێرانەوەیەی، ئەنسارەکان لە عەقەبە بەیعەتیان دا، شەیتان لە سەر شاخەکەوە هاواری کرد: ئەی خەڵکی قورەیش ئەمە کوڕانی ئەوس و خەزرەجن، هاوپەیمانیی دەکەن بۆ شەڕکردنتان، ئەنسارەکان ترسان، پێغەمبەری خودا گوتی: ئەم دەنگە هیچ نەتانترسێنێت، ئەمە ئیبلیسی دوژمنی خودایە، هیچ کەس لەوانە گوێیان لێی .نابێت کە لێی بترسن

بگەڕێینەوە بۆ قسەکانی ئیبن ئیسحاق لە سەر کەعب، دەڵێت: کاتێک بەیانیمان کردەوە، زۆرینەی قورەیش هاتن بۆ لامان، تا گەییشتنە ماڵەکانمان. گوتیان: ئەی خەڵکی خەزرەج هەواڵمان بۆ هاتوە کە ئێوە هاتوون بۆ لای ئەم هاوڕێیەمان، کە لە پشتمانەوە دەریبکەن و بەیعەتی پێ بدەن بۆ شەڕکردنمان، بەخودا هیچ شتێک لەوە بە ناخۆشتر نازانین کە شەڕ لە نێوانماندا دروست بێت. گوتی: لەوێوە هەندێک موشرکی قەومەکەمان سوێند بە خودا دەخۆن، کە ئەمە هیچ نەبوە و نایزانین. گوتی: باوەڕیان پێیان کردوە کە نایناسن، گوتی: هەندێکمان سەیری ئەوانی ترماندەکرد. گوتی: ئینجا قەومەکە هەستان، حارس کوڕی هشام کوڕی موغیرەی مەخزومیان تێدا بوو، نەعلێکی تازەی لە پێدا بوو. گوتی: قسەیەکم پێ گوت -وەک ئەوەی بمەوێت قەومەکە بەشدار بێت لەو قسەیە-کە گوتیان: ئەی ئەبا جابر، ئایا تۆ و گەورەیەک لە گەورەکانت دەتوانیت وەک ئەم نەعلەی ئەم گەنجە لە قورەیش لەپێبکەن؟ گوتی: حارس گوێی لێبوو، لە پێی داکەند و بۆی فڕێ دام، گوتی: بە خودا دەبێت لە پێی بکەیت. گوتی: ئەبووجابر دەڵێت: لەگەڵ ئەوەی گەنجەکەم بینی، بە خودا تا نەعلەکانی بۆ بگێڕمەوە، گوتی: ئینجا گوتم: نە بەخودا نایگێڕمەوە، نوقڵانەی خۆشی خودا چاکە، لەبەر ئەوەی .نوخشەی ڕاستیلەوەدا بوو، کە وەریبگرم

ئیبن ئیسحاق دەڵێت: عەبدئیلاهی کوڕیئەبووبەکر پێی گوتم: ئەوان هاتن بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەلوول، وەک قسەکەی کەعبیان پێ گوت "واتە گوتیان ئەی خەڵکی خەزرەج هەواڵی ئەوەمان پێگەییشتوە...هتد" پێی گوتن: ئەم کارە زۆر گەورەیە، قەومەکەم ئەمە بە سەر مندا ڕەتناکەن و ئەوەی دەیزانم کردوویانە. دەڵێت: لە لای ئەو ڕۆیشتن، گوتی: کۆمەڵێک خەڵکی مینا هەستیان بە هەواڵەکە کردوە، کە ڕووی دا بوو، دەرچوون بۆ داواکردنی قەومەکە، سەعد کوڕی عەبادی لە (اذاخر) (کە شوێنێکە نزیک مەککە) بینی، هەروەها مونزر کوڕی عەمرو، هەردووکیان برای بەنی ساعدەی کوڕی کەعب کوڕی خەزرەج بوون و هەردووکیان نەقیب بوون، مونزر پیری قەومەکە بوو، سەعدیان برد بە جلەوی وڵاخەکەی بەستیانەوە، ئینجا هێنایان تا گەیاندیانە مەککە، هەر لێیان دەدا و بە قژە زۆرەکەی ڕایانکێشا.ئینجا بە یارمەتیی .حەبیر کوڕی موتعەم کوڕی عودەی و حارس کوڕی حەربکوڕی ئومەیە ڕزگاری بوو لێیان

لەم قسانەی باسمان کردن لە ئیبن ئیسحاق و خەڵکی تر وەرگیراوە، کە تەواوکەری بەیعەتن، سێ مەسەلە هەن شایەنی قسەکردنن، یەکەمیان هەڵبژاردنی نەقیبەکان، دوەمیان هاواری شەیتان، سێیەمیان زانینی قورەیش بۆ هەواڵی بەیعەتەکە لە هەمان شەودا. با قسە لە سەر .هەر یەکەیان بەوەی کە گونجاوە بکەین

لەم قسانەوە بۆمان دەردەکەوێت، وەزعی محەمەد لە حاڵەتێکی سایکولۆجییەوە بۆ حاڵەتێکی تر لە پاش بەیعەتەکەوە گۆڕاوە، لە کاتێکدا بەوەوە وەستابوو تەنها بانگەشە بۆ خودا بکات و

سەبر بگرن لە ئازارەکان و جاهیلەکان ببورن. وەزعی سایکۆلۆجیی پاش بەیعەت ڕووەو شەڕ ملی ناوە، ئەوەی ڕاستە کە بڵێین: لەم بەیعەتەوە لە ماڵی ئاشتییەوە گواستییەوە بۆ ماڵی شەڕ، بەڵگەیش هەڵبژاردنی دوانزە نەقیب لە ئەنسارەکانە کە بەیعەتی حەربیان پێدا.
بێگومان هەڵبژاردنی نەقیبەکان، لە پێداویستییەکانی پێکهێنانی سوپایە، بە دەربڕینێکی تر بە پێی خەڵکی ئەم زەمانە ئەمە پێکهێنەرەکانی هێزی عەسکەرییە، هەر نەقیبێک بوو بە سەرۆک و بەرپرس لەوانەی قەومەکەی، قەومی هەر یەکەیان بوون بە سریەیەک لە سریەکانی سوپا، کە محەمەد ویستی پێکیبهێنێت. بێگومان ئەم پۆلێنکردنە لە سوپادا پێویستە بۆ ئاسانکردنی هێرش و ڕێکخستنی جووڵانی سوپا، تا سەرکردەکان فەرمانێک دەردەکەن بە هۆی سەرۆکەکانەوە شۆڕ ببێتەوە، ئەگەر نەیویستبێت بیانکات بە سوپا، چی پێویستی کرد کە لە هەر تیمێک نەقیبێک تێدا بێت کە موسوڵمانبوونی تەواو بوو، ئەمەی ویست.
ئەوەی پشتگیریی قسەکانمان دەکات، کە گوتمان محەمەد پاش ئەم بەیعەتە، حاڵەتی سایکۆلۆجیی گۆڕاوە لە دۆخی ئاشتییەوە بۆ دۆخی شەڕ، پاش سێ مانگ لەم بەیعەتە کۆچی کرد بۆ مەدینە، پاش ئەوەی موسوڵمانی خەڵکی مەککەی کۆچ پێ کرد بۆ ئەوێ، پاش کۆچکردنەکەیشی ئایەتی شەڕی دابەزاند، کە دەڵێت: {أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ} [الحج: 39]. واتە: ئەو کەسانەی شەریان بەسەردا سەپاندون چونکە ناحەقیان لەگەڵ دا کراوە، دەتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. خوداش دەتوانێت سەریان بخات.
زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت: موشریکەکانی مەککە هاوەڵانی پێغەمبەری خودایان بەتوندترین شێوە ئازار دەدا، هەریەکەیان بە لێدان و ئەشکەنجە دەهێنایەوە، زۆر زوڵمیان لێ دەکرد، پێیان دەڵێت: کۆچبکەن، من فەرمانی شەڕم پێ نەکراوە، تا کۆچیکرد بۆ مەدینە، ئەم ئایەتە دابەزی، کە یەکەم ئایەتی مۆڵەتی شەڕکردن دەدات، پاش ئەوە لە حەفتا و ئەوەندە ئایەت ڕەتی کردەوە.
بەڵێ ئەم شەڕەی محەمەد پاش ئەم بەیعەتە ویستی شەڕی بەرگری بوو نەک شەڕیهێرشبردن، وەک ڕووکەشی ئایەتەکە دەری دەخات، لەبەر ئەوەی تا ئەو کاتە لاواز بوو، هیچ هێز و هەژموون و سامێکی نەبوو، کە هێرش بکاتە سەر دوژمنانی، بەڵام دوای ئەمە فەرمانی کرد کە شەڕی هێرشبردنیشبکەن، شەڕی گشتیی ڕاگەیاند، پەیمانی موشریکەکانی وەلانا، وەک لە سورەتی تەوبەدا هاتوە.
ئەگەر بڵێم: ئەوەی لە هەڵبژاردنی نەقیبەکان نیازی بوە کە باسم کرد، بۆچی محەمەد ئەم کارەی لەگەڵ هاوەڵە موسوڵمانەکانی خۆی کە لەگەڵیدا بوون لە مەککە کرد.ژمارەیان لەوانە کەمتر نەبوو، کە بەیعەتیان بە محەمەد دا لە ئەنسارەکان؟ دەڵێم: محەمەد یەکەمجاری لە سەر شەڕی قورەیش بێ عەشیرەتەکانی تر یەکلا نەبوەوە، نە دوژمن و نە بەرەنگاری تری بەدەر لەوان نەبوو، هاوەڵە موسوڵمانەکانی لە مەککە هەموویان لە قورەیش بوون یان سەر بە قورەیش بوون، هیچ ڕەگەزپەرستییەکی نەتەوەیی دژی قورەیش کۆی نەکردبوونەوە، بەڵکوو خودپەرستیی ئایینی کۆیکردبوونەوە، بۆیە بە خۆی نەقیبی هەموویان بوو، هەر خۆی کەفیلی ئەوان بوو، ئەو سەرکردەیان بوو لەوەی دەیەوێت، بە پێچەوانەی ئەنسارەکان کە ڕەگەزپەرستیی نەتەوەیی دژ بە قورەیش و عەشیرەتەکانی تر کۆیدەکردنەوە، بۆیە لە هەر بەشێکی عەشرەتێکیاندا نەقیبێکی دانا کە کەفیلیان بێت، لە کاتی پێویستی دا و سەرۆک و بەرپرسیان دەبێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە داوایان لێدەکرێت.
بەڵام مەسەلەی هاواری شەیتان لە سەرووی عەقەبەوە، بێگومان ئەو هاوارە لەو شەوەدا لە لایەن سیخورێکی قورەیشەوە بوە، بەڵام هیچ گێڕانەوەیەک نییە بەڵگەی ئەوە بدات بە دەستەوە، قورەیش سیخورێکی ناردبێت بۆ سیخوریکردن لەسەریان، هیچ نیشانەیەکیش نییە، وا دەربخات قورەیش بە کۆبوونەوەی قەومەکەی لە عەقەبە زانیبێت. ئەوەی دەردەکەوێت کە هاوارەکە لە لایەن یەکێک لە قورەیش یان سەر بە قورەیش بوە، سیخورییەکەی بە ڕێکەوت بوە

نەک بە مەبەست و پلان وجەختلەسەرکردن، لەو ڕێگەیەوە ڕۆیشتوە بۆ مینا، یان لەوێوە بۆ مەککە و قەومەکەی بینیوە و گوێی لە دەنگی زەنگیان بوە و گوێی لێگرتوون، لە کاتێکدا کە بینیونی لە خوار عەقەبەوەن، ئەو بۆ سەرەوەی عەقەبە سەرکەوتوە، تا لە سەرەوە گوێ لە قسەکانیان بگرێت ودڵنیا بێت لەوەی نەیبینن، ئەگەر لە سەرەوە بێت گوێی لە قسەکان دەبێت.هەروەها وا دەردەکەوێت، عەباس کوری عەبدولموتەلیب هەستی بەم سیخورە کردبێت، تارماییی ڕەشی کەسەکەی لەو شەوەدا بینیبێت، یان گوێی لە هەواڵی بوو بێت، بۆیە لە کاتی قسەکردنی بۆ قەومەکەگوتوویەتی: زەنگەکانتان بشارنەوە چاومان لەسەرە... وەک پێشترباس کرا.

لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە: شەیتان هاواریدەکرد، دەنگی لە شێوەی دەنگی مونەبیە کوری حەجاج دەچوو، عەمرو کوری عاس و ئەبووجەهل بیستبوویان، عەمرو و ئەبووجەهل ڕۆیشتبوون بۆ لای عەقەبەی کوری ڕەبیعە، هەواڵی دەنگی مونەبیە کوری حەجاجی پێدا بوو، هیچ ئاگای لەوە نەبوو کە ئەوان گوێیان لێ بوە، پێی گوتن: ئایا مونەبیە هات بۆ لاتان ئەمەی پێ گوتن؟ گوتیان: نەخێر، وەک حەلەبی لە سیرەتەکەیدا لە کتێبی (الشریعە) وەریگرتوە. ئەگەر ئەو هاوارکەرە مونەبیە کوری حەجاج بێت یان یەکێکی تر، هەواڵی بەیعەتپێدانەکە لە هەمان شەودا لە نێو قورەیش بڵاوبوەتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەشراف و گەورەکانیان بۆ بەیانییەکەی چوون بۆ لای ئەنسارەکان لە بارەی ڕاستیی هەواڵەکە پرسیاریان لێکردن.

بەڵام پێغەمبەر کە گوێی لە هاواری هاوارکەرەکە بوو: (ئەی دشداشەلەبەران ئایا ئەوە زەمدەکات و خەڵکێک بەرەو ئەوە دەچن لەگەڵتاندایە کە بۆ شەڕکردنتان کۆتان دەکاتەوە). بە ئەنسارەکانی گوت: (ئەمە کورتەبنەکەی عەقەبەیە) واتە ئەمە گرگن یان خراپەخواز یان دەموچاو توکنەکەی عەقەبەیە، لەوانەیە محەمەد هاوارکەرەکە بە دەنگییەوە ناسیبێتەوە، وەک لەوەدا ناسیبێتەوە کە کورتەبنەی پانوپۆر بێت، ئەمە گرگنەکەی عەقەبەیە، یان دەموچاو توکن، بۆیە وای گوتوە و هیی عەقەبەی بۆ زیادکردوە، لەبەر ئەوەی هاواری کرد بۆ ئەوەی تێکیبدات، هەروەها بەیعەتەکە خرایە سەر عەقەبە لەبەر ئەوەی لەوێدا بوو، هەروەها بە هەر ئەنسارێک لە عەقەبە بەیعەتی دابێت، دەیانگوت عەقەبی.بەڵام قسەکردنی بۆ ئەنسار لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ئەم دەنگە پەشیمانتان نەکاتەوە، ئەمە ئیبلیسی دوژمنی خودایە، هیچ شتێکی نییە کە لێی بترسن). ئەم قسانەی بۆ هێورکردنەوەی ئەنسار بوە، کە بینیونی ترساون و ڕاچڵەکیون، ئەگەر نا ئەوە چییە بڵێت هیچ شتێکی نییە لێی بترسن، کە گوێتان لێ بێت، لەبەر ئەوەی ئەنسارەکان لێی ترساون کافرەکانی قورەیش بوون، ئیبلیس لەگەڵ ئەواندایە نەک لەگەڵ موسوڵماندا. قورئان پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: واتە وا فەرزدەکات، ئەنسارەکان گوێیان لێی نەبێت و لە دەنگی نەترسن وەک دەقی ئایەتەکە باسی دەکات: {إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ (99) إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُمْ بِهِ مُشْرِكُونَ} [النحل: 99، 100]. واتە: ئەو هیچ زۆرێکی نیە بەسەریانەوە کە بوون بە باوەڕدار و خۆیان بە خودا سپاردووە. ئەو هەر بەسەر ئەوانەوە دەستی ناڕوات کە خۆیان کردۆتە دۆستی و هاوبەش بۆ خودا پەیدا دەکەن.

بێگومان کە گەورە و ئەشرافی قورەیش بۆ بەیانییەکەی هاتن بۆ لای ئەنسارەکان و پرسیاری ڕاستیی هەواڵی بەیعەتیان لێکردن، ترسیان لە ئاپرووچوون بوو، بێدەنگ بوون، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسەیان بکردایە، دەبوایە درۆیان بکردایە و هەواڵەکەیان ڕەتبکردایەتەوە، بەمەیش قبوڵ نەبوو و لە سەریان دەکەوت، بەڵام کە کافرەکانی قەومەکە ئەوس و خەزرەجیان بینی، دەستیان کرد بە قسەکردن، ڕاستیی هەواڵەکەیان ڕەتکردەوە و سوێندیان خوارد کە شتی وا ڕووینەداوە. زۆر خۆشحاڵ بوون بەو قسانە، لەبەر ئەوەی کافرانی قەومەکە قسەی وایان لابوو ئەگەر بکەوتنایەتە قسەکردن، بەڕاستگۆیی تێیدا دەرنەدەچوون، وەک حیکایەتخوانەکە دەڵێت، هەندێکیان تەماشای ئەوانی تریاندەکرد، وەک ئەوەی پیرۆزبایی لە یەکبکەن، کە لە نێوەگلان لە

.قسەکردن ڕزگاریان بوویێت، یان تەماشاکردنی یەکتر لە ترسی ئاپڕووچوون بوویێت
ئەوەی ئاشکرایە، بێدەنگی لەم کارەدا دەبێتە مایەی دوودڵی و ئەوەی بێدەنگ بێت دەبێتە جێگەی گومانی قورەیش، بەتایبەتی ئەوانەی گوێ لە قسەکانیان دەگیررێت و پێگەیەکی باڵایان هەیە، بۆیە کەعب کوڕی مالیک کە حیکایەتخوانی قسەی بەیعەتەکەیە، بە قسەکردن لەدەرەوەی بابەتەکە ویستوویەتی گومان لە سەر خۆی لابدات، ئەوەی بە ئەبووجابری گوت کە گوتی، بۆ ئەوەی بەشداریی قەومەکە لە قسەکردندا بکات، بەوە گومانی بێدەنگی لە خۆی دووردەخاتەوە. بەڵام کاتێک ئەبووجابر فەرمانی پێ کرد، نەعلەکان بۆ حارسی کوڕی هشام بگەڕێنێتەوە، ڕازی نەبوو بیگەڕێنێتەوە، گەشبین بوو پێی بۆ ئەوەی، دەست بەسەریدا بگرێت. گوتی: نەخێر بە خودا نایگەڕێنمەوە، گوتی: بە خودا ئەمە نوخشەی چاکییە لەبەر ئەوەی .نوقڵانەیەکی ڕاستە، بۆیە دەستی بەسەردا دەگرم
کەعب باسی ئەوە ناکات، ئەم قسەیەی بە ئاشکرا کردبێت، یان لەگەڵ خۆیدا بەنهێنیگوتوویەتی، وەک دەیبینین کە بەنهێنی لەگەڵ خۆیداگوتوویەتی: لەبەر ئەوەی هیچ بەرژەوەندیی نابێت، بەو شێوە بەئاشکرا لەبەردەم کافرەکانی قەومەکەی دوژمنایەتیی قورەیش ڕابگەیەنێت، کە ئەو لە نێو دەستیاندایە. لەوانەیشە بەئاشکرا باسی کردبێت، بەڵام بە دەنگی نزم جگە لە ئەبووجابر کەس نەیبیستبێت، لەبەر ئەوەی ئەبووجابر بوە بە موسوڵمان و .عەقەبەی بینیوە لەگەڵیاندا، وەک پێشترباس کرا
دەبێت لەم قسانەی کەعب ئەوە هەڵهێنجین، بەم نوقڵانەی،کە گەشبینیی لەوەدا بینیوە، دەست بە سەر نەعلەکانی حارس کوڕی هشامدا بگرێت، ئەوەیە بەیعەتدان لە دژی قورەیش بوە، ئەنسارەکان بەو هۆیەوە بوون بە دوژمنی قورەیش. ئەگینا هیچ شوێنێک بۆ ئەو نوخشەیە نییە و هیچ پێویست بەو قسەیە ناکات کە گوتی: لەبەر ئەوەی نوقڵانەکە ڕاستە، بۆیە دەست .بەسەریدا دەگرم
لێرەدا تەماشای ئەوم دوو پیاوە، حارس کوڕی هشام و کەعب کوڕی مالیک بە چاوی ڕەخنەوە لە ڕووی ئەخلاق و ڕەوشتەوە بکەین، حارس کافر بوو، کە کەعبی بینی موسوڵمانە و بە جوانی و باشیی نەعلەکانی سەرسام بوو، وەک بەخشندەیەک نەعلەکانی داکەند و فڕێی دا بۆ کەعب، سوێندی خوارد کە دەبێت لە پێی بکات و بە پێخاوسی ڕۆیشت بە لای کاری خۆیەوە، بەڵام کەعب نەعلەکەی برد و فەرمانی ئەبی جابری جێبەجێ نەکرد کە بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەڵکوو وای لێکرد، بردنی نوقڵانەی خێر بێت بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بکوژێت و ئەوەی لەبەریدایە لە جلوبەرگ دای بکەنێت و بیبات و دوژمنایەتیی ئاشکرای بکات، کە تا دوێنی دوژمنی نەبوە، ئایا بڵێین کەعب بەم کارەی چەند لە سەر بەدی و خراپی ڕۆیشتوە! بەڵام ئەم .ئایینانە ئاوا دەکەن بەوانە و ئاوا دوژمنایەتی و ڕق لە نێوان خەڵکە ناکۆکەکە دروست دەکەن

(30)

کۆچکردنی هاوەڵان بۆ مەدینە

پاش ئەوەی دوەم بەیعەتی عەقەبە بەو شێوەیەی باسمان کرد تەواوبوو، هیچ شتێک بۆ وەبەرهێنانی چاندن و لێکردنەوەی بەرەکەی نەما، جگە لە کۆچکردنی محەمەد و هاوەڵانی بۆ مەدینە، شوێنی ئەوانەی بەیعەتیان پێدا بۆ شەڕکردنی سوور و ڕەش، پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەیعەت لە مەککەدا، ئازاردانیان لە لایەن قورەیشەوە سەختتربوو، بۆیە مانەوەیان لە .مەککە قورس بوو
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کاتێک خودا مۆڵەتی شەڕی پێدا و ئەم گەڕەکە لە ئەنسار بەیعەتی ئیسلامبوون بۆ خۆی وسەرخستنیموسوڵمانانیان دا و، جێگەیان بۆ موسوڵمانان کردەوە، پێغەمبەری خودایش فەرمانی کرد بە هاوەڵانی لە کۆچبەرانی قەومەکەی و ئەوەی لەگەڵیدا بوو، دەربچن و ڕێگەی مەدینە بگرنەبەر و کۆچبکەن بۆ ئەوێ و بگەن بە برا ئەنسارەکانیان، گوتی: خودا برای بۆ داناون وماڵی بۆ ئامادەکردوون، کە تێیدا بحەوێنەوە و دڵنیا بن. دەرچوون بۆ مەدینە و، پێغەمبەری خودا لە مەککە مایەوە بۆ ئەوەی خودا مۆڵەتی بدات بۆ دەرچوون لە

مەککە و کۆچ بکات بۆ مەدینە. گوتی: هیچ کەسێک لە کۆچبەران لە مەککە لەگەڵیدا نەمایەوە، کە زیندانی نەکەن و ئازاری نەدەن، جگە لە عەلیی کوریئەبووتالیب وئەبووبەکری کوری ئەبی قەحافەی سدیق.ئەبووبەکرزۆر جار مۆڵەتی لە پێغەمبەری خودا بۆ کۆچکردن وەردەگرێت، پێغەمبەری خودا دەڵێت هیچ خێرامەکە و لەسەرخۆبە، لەوانەیە خودا هاورێیەکت بۆ پەیدا بکات .وئەبووبەکر تەماعی لەوە بوو کە خۆی بێت

ئەم گێرانەوەیەی ئیبن ئیسحاق، کە باسی ئەم بابەتە دەکات، وەک دەیبینین لە هەمووپیانڕاستترە، ئەوەی بە کارێکی سروشتی لە قەڵەمی داوە و زۆر بە ئاسانی باسی کردوە،کە لە عەقڵدا جێگەی دەبێتەوە و هیچ پێویست بە وردبوونەوە و تێڕامان ناکات. هەندێک گێڕەوەی تر هەیە، کە زۆر سەرسورمان و نامۆیی تێدایە و وا لە بینەری دەکات، کە بڵێت ئەمەیش لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانانە. لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: کاتێک قورەیش بەوەیان زانی کە پێغەمبەرجێگەی بۆ خەڵکی شەڕکەر و بە زەبر و توندوتیژکردوەتەوە بۆ کۆچکردن بۆ مەدینە، زۆر فشاریان خستە سەر هاوەڵانی و بە جوێن و ئازاردان ڕووبەڕوویان بوونەوە ووایان لێکردن تووشی بەڵا ببن و، وایان لێ هات لە نێوان پابەندبوون بە ئایینەکەیانو ئازارچەشتن بە دەستیانەوە لەگەڵ ئەوەی لە وڵاتەکەیان ڕا بکەن دەستەوەستان بن. شکاپەتیان بردە لای پێغەمبەر و داوایان لێکردمۆڵەتیان بدات بۆ کۆچکردن. چەند ڕۆژێک مایەوە مۆڵەتی نەدان، ئینجا پێی گوتن: ماڵی کۆچکردنتانم بینی، ئەرزێکی پڕ بە پیتی دارخورمای لە نێوان دوو شوێنی پوختدا، ئەگەر ئازاد بن، ئەگەر خاکێکی باش و شوێنی چاک بێت، دەڵێم ئەوەیە ئەوە. گوتی: ئینجا بەخۆشحاڵییەوە دەرچوو بۆ لایان، گوتی: هەواڵی شوێنی کۆچکردنتانم پێگەییشت کە یەسربە، ئینجا مۆڵەتی دان بڕۆن، گوتی: ئەوەی دەیەوێت بڕوات بۆ ئەوێ با بڕوات. ئینجا یەک لە دوای یەک دەرچوون، بۆ ئەوەی بە شاراوەیی بڕۆن، گوتی: لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت: لە خەومدا بینیم کە لە مەککەوە کۆچم کردوە بۆ شوێنێک کە دارخورمای تێدایە و خەفەتم نەما و وامزانی یەمامە و هەجرە، کە بینیم زانیم مەدینەیە "یەسرب"ە. لە ترمزی لە جابر کوری عەبدوڵلا وەرگیراوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا گوتی: خودا وەحی بۆ ناردم کە ئەو سێ شوێنەی بۆ ناردم کە شوێنی کۆچکردنم دەبێت، مەدینە یان بەحرەین یان قەنسەرین،حکومیزیاد کرد و .مەدینەی هەڵبژارد. ترمزی گوتی،ئەمە فەرموودەیەکی نامۆیە

کاریگەریی هەڵبەستنی ئەم گێڕانەوانە دیارە، لەبەر ئەوەی وا پیشان دەدات، پێغەمبەر پاش بەیعەتی گەورە نەیزانیوە شوێنی کۆچکردنەکەی کوێ دەبێت، پێشترباس کرا کە شوێنی کۆچەکەی لە بەیعەتی عەقەبەی یەکەمەوە دیاریکرا. لە حافز کوری حەجەر وەرگیراوە، ئینجا دوەم بەیعەتی عەقەبە هات و پشتگیریی دیاریکردنی شوێنی کۆچکردنەکەی کرد، جەختکردنی محەمەد وموکوربوونی بۆ کۆچکردن بۆ مەدینە بوو. چ پێویست دەکات کە نەیزانێت ئەمە لە خوداوە بۆی بێت و ببینێت. لەگەڵ ئەوەیشدا محەمەد لە منداڵییەوە مەدینەی بینیوە، کاتێک لەگەڵ دایکیدا ڕۆیشتوە بۆ ماڵی خاڵوانی عەبدولموتەلیبی باپیری، لەو کاتە تەمەنی شەش ساڵ بوە. دەڵێن: گەورەتر بوە. وابێت واتای ئەو قسەیە چییە کە دەڵێت "ئەگەر خاکێکی باش و شوێنێکی چاک بێت، دەڵێم ئەوەیە ئەوە" پاش ئەوەی گوتی: ئەرزێکی پڕ پەینی دارخورما لە نێوان دوو شوێنی پوختدا، ئەمە باشترین ناسینی یەسربە کە شوێنێکی پڕ دارخورمایە و دوو ئەرزی چۆڵ لە دەورە، یەکێک لە خۆرهەڵاتییەوە و ئەوی تر لە خۆرئاوایەوە، واتە ئەرزی بەردین و ڕەش وەك ئەوەیە ئاگر سووتا بێت، چۆن ئەمە لە سەر ئەو شوێنە دەگونجێت ئەگەر دارخورمایشی تێدا بێت. سورات وەک لە (معجم البلدان)دا هاتوە کە گەورەترین شاخی عەرەب و ناسراوترینیانە،لە بۆشاییی یەمەنەوە دێت تا دۆڵی شام، عەرەب پێی دەڵێت حیجاز، لەبەر ئەوەی بەر لە خۆر دەگرێت کە بەرەو نزمایی بێیت و، بەرەو نەجدیش دیارە ". ئەمە لەکوێ وپەین و ئەرزی دارخورما و دوو چۆڵەوانی لە کوێ؟بەڵێ، لەوانەیە محەمەد لە خەویدا ئەوەی بینیبێت، کە کۆچی کردوە بۆ زەوییەک دارخورمای تێدا بێت و چۆڵەوانی لە دەوری بێت، بەڵام ناشێت لە چرکەساتێکدا ڕۆیشتبێت بۆ شوێنێک کە یەمامە بێت یان هەجر،ئەو لە ڕۆژی عەقەبەی یەکەمەوە شوێنی کۆچکردنەکەی زانیوە و، موکوڕ بوە لە سەر کۆچکردن بۆ یەسرب، کە لە منداڵییەوە بینیویەتی و ناسیویەتی. ئینجا چی لەوەدایە کە باسی نێوان قەنسرین و مەدینە و بەحرەین بکات. ئەوە لە کوێ و ئەمانە لە کوێ. قەنسرین شارێکە لە نێوان ئەو و حەلەب قۆناغێکە لە لای حەمسەوە، ئەمڕۆ داڕووخاو و داڕماوە وەک لە (معجم البلدان)دا هاتوە. کورتەی باسەکە: ئەم قسانە هیچ بناغەیەکی نییە، ئەوەی ئیبن

ئیسحاق باسی دەکات ڕاستە.
ئینجا ئەو کۆچبەرانەی هاوەڵانی محەمەد، کە گەییشتنە مەدینە، ئەنسارە موسوڵمانەکان بە خۆشی و دڵفراوانی و دەم بە خەندەوە پێشوازییان لێکردن،پاش پێشوازیی لێکردنیان لە ماڵەکانی خۆیان دایاننان و بە ماڵوحاڵی خۆیان خزمەتیان کردن، حەلەبی لە سیرەتەکەی دەڵێت: کاتێک کۆچبەران لە مەککەوە چوون بۆ مەدینە بە دەستی بە تاڵی ڕۆیشتن و ئەنسارەکان خاوەن زەوی و ماڵومولک و شوێن بوون، بە بەرهەمی دار و درەختی خۆیان بەخێویان کردن، هەندێکیان بێکار بوون و کاریان پێ بەخشراو هەندێکیان بە مەرجێک قبوڵیان کرد کە لە زەوی و دارەکانیان کار بکەن و نیوەی بەرەکەی بۆ ئەوان بێت، باڵایی نەفسیان ڕێگەی پێ نەدان کە بە تەنها بە بەخشینی بێ بەرانبەر بژین و لەبەر عیزەتی نەفس و پێناخۆشبوونیان، نەوەك ببنە قورسایی بە سەر ئەوانەوە.
ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، ئەنسار دەستێکی سپاسگوزارییان هەبوو لە سەر ئیسلام و موسوڵمانان و شمشێریان لە کێلان دەرهێنا و ماڵومولکیان لەو پێناوەدا خەرج کردوە. ئاوها کۆچبەرەکان بەم شێوەیە بە چاکەی ئەوان ژیان، تا بە پارەی بەنی نەزیر کە محەمەد لەوێ دەریکردن، لەو کاتەی هێرشی کردە سەریان و، بەو شەڕەی ناونرا غەزوەی بەنی نەزیر غەزوی کردن و چییان هەبوو بردنی، لەوە بە دوا پێویستیان بەوان نەما.

کۆچکردنی بۆ مەدینە
پاش کۆچکردنی هاوەڵانی بۆ مەدینە، محەمەد لە مەککە مایەوە، چاوەڕێی هەلێکی گونجاوی کرد، بەدزییەوە لە نێو قورەیش دەربچێت و خۆی ڕزگار بکات، ئەمەی بەنهێنی هێشتەوە، جگە لەئەبووبەکرباسی بۆ هیچ کەسێک نەکرد، ئەویش لەو کاتەدا پێی گوت کە داوای لێکرد مۆڵەتی بدات کۆچ بکات بۆ مەدینە، پێی گوت: "سەبر بگرە، بەڵکوو خودا هاورێیەکت بۆ پەیدا بکات ". بە ئاماژەکردن نەک بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ، بەڵام بە خۆی نیازی کۆچکردنی هەبوو لەگەڵیدا، لەبەر ئەوەی قورەیش هەستیان کرد بەنهێنی هاورێیانی دەردەچن بۆ مەدینە، بۆیە دژی دەوەستان ئەگەر بیانزانیبا دەردەچێت و دەیەوێت بگاتە هاوەڵانی و لایەنگرانی لە مەدینە، بۆیە فەرمانی کرد کە هاوەڵانی پێش خۆی کۆچبکەن، ئەگەر پێش ئەوان کۆچی بکردایە،قورەیش توند دەبوون لە دژیان، لەوانەیە لە ناویان ببردنایە و پەرشوبڵاویان پێ بکردنایە یان لە ئایینەکەیان دووریان بخستنایەتەوە، هیچ شتێکیان بۆ هێمنکردنەوەی خۆیان نەدەدۆزییەوە جگە لە توندبوونی فشارخستنەسەر ئەو هاورێیانەی کەلە ژێر دەستی ئەوان لە مەککە مابوونەوە.

پیلانەکەی (دار الندوە)
دار الندوە) یەکەم خانوە لە مەککە بنیاتنرابێت، خانووی قوسەی کوری کیلاب بوو، ئینجا )
قورەیش کردیان بە ئەنجوومەنی شوورا، شوێنی ڕاوێژکاریان بوو، هیچ شتێکیان نەکردوە، ئەگەر لەوێ بڕیاری لە سەر نەدرابێت.(الندوە) بە واتای کۆمەڵ دێت لەوێدا، بۆ کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بەکاریان دەهێنا، دەکەوێتە لای بەردەکە لە نزیک مەزارگەی حەنەفیی ئێستا، دەرگایەکی ڕووەو مزگەوت بوو، هیچ کەسێک بۆ ڕاوێژ ناچێتە ئەوێ ئەگەر تەمەنی لە چل ساڵ بەسەرەوە نەبێت، جگە لە کورانی قوسەی. ئێستا ئەو شوێنە نەماوە لەبەر ئەوەی لەگەڵ مزگەوتەکەدا بوون بە یەک.
لەو کاتەدا محەمەد لە ئامادەباشیدا بوو بۆ دەرچوون لە مەککە، وەک پێشتر باسمان کرد، قورەیش لە (دار الندوە) کۆبوونەوە بۆ بڕیاردان لەسەری. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کاتێک قورەیش بینییان بەدەر لەوان پێغەمبەری خودالە شوێنێکی تر لایەنگر و هاوەڵی هەیە و ئینجا هاوەڵانی مەککەیشی کۆچ دەکەن بۆ لای ئەوان، زانییان کە لە شوێنێکدا دابەزیون، پارێزگارییان لێدەکرێتو توند بە خۆیانەوە دەیانگرن، ئاگاداربوونەوە لە دەرچوونی محەمەد بۆ لایان، زانییان کە لە سەر شەڕکردنیان بڕیاری داوە. لە (دار الندوە) کۆبوونەوە خانوەکەی قوسەی کە هیچ بڕیارێکی قورەیش دەرناچێت، لەوێ نەبێت- ڕاوێژیان بە یەک کرد،کە ترسیان لێ نیشت بۆ ئەوەی فەرمانێک لە بارەی پێغەمبەری خوداوە دەر بکەن. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: یەکێک کە شتی خراپیلە سەر نییە، قسەی بۆ کردم لە عەبدوڵلا کوری ئەبی نەجیحەوە لە موجاهید کوری جوبیری ئەبی حەجاج و لە خەڵکی ترەوە، لە عەبدوڵلا کوری عەباس وەرگیراوە دەڵێت: کاتێک بۆ ئەوە کۆبوونەوە و کاتیان دیاریکرد کە بڕۆن بۆ (دار الندوە) بۆ ڕاوێژکردن لە سەر پێغەمبەری خودا، لە بەیانیدا دەرچوون بۆ کۆبوونەوە، ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی (الزحمە) ناونرا، ئیبلیس ڕێگەی

لێگرتن بە شێوەی شێخێکی خۆشنوود شتێکی بە سەرەوە بوو، لە دەرگای (دار)ـەکە وەستابوو، کاتێک بینییان لەوێ ڕاوەستاوە، گوتیان: ئەم شێخە کێیە؟ گوتی: شێخێکە لە خەڵکی نەجد، گوێی لەوە بوە کە لەسەرچی کۆدەبنەوە. هاتوە بۆ ئەوەی گوێی لێتان بێت، لەوانەیە ڕاوبۆچوون و ئامۆژگارییەکی باشی پێ بێت، گوتیان: بەڵێ، فەرموو، ئیبلیس لەعنەتی خودای لێ بێت لەگەڵیاندا چوە ژوورەوە، لەگەڵ ئەشرافی قورەیشدا لە بەنی عەبد شەمس: عوتبە کوڕی ڕەبیعە و شیبە کوڕی ڕەبیعە و ئەبووسوفیان کوڕی حەرب. لە بەنی نەوفەل کوڕی عەبدولمەناف: توعەیمە کوڕی عودەی و جوبەیر کوڕی موتعەم و حارس کوڕی عامر کوڕی نەوفەل. لەبەنی عەبد ئەلدار قوسەی: نەزر کوڕی حارسکوڕی کیلدە. لە بەنی ئەسەد کوڕی عەبد ئەلعزی: ئەبووبەختەری کوڕی هشام و زەمعە کوڕی ئەسوەد کوڕی موتەلیب و حەکیم کوڕی حوزام. لە بەنی مەخزوم: ئەبووجەهل کوڕی هشام. لە بەنی سەهم: نەبیە و مونبیە کورانی حەجاج. لە بەنی جەمح: ئومەیە کوڕی خەلەف و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون و خەڵکی تریش بەدەر لە قورەیش. هەندێکیان بەویتری دەگوت، ئەم پیاوە ئەم کارەی بەدەستەوە بوو کە بینییان، ئێمە بە خودا هیچ دڵنیا نین کە هەڵنەکوتێتە سەرمان بەوانەی کە دوای کەوتوون، بەدەر لە ئێمە، هەموویان لە سەر ئەم ڕایە یەکدەنگ بوون، گوتی: ڕاوێژیان کرد ئینجا قسەکەرێک کە (ئەبووبوختەری کوڕی هشام) بوو گوتی: لە ناو زیندانێکی ئاسندا زیندانیبکەنو دەرگای لە سەر دابخەن، چاودێرییبکەن، وەک ئەو شاعیرانەی لێدێت کە پێش ئەو چییان بەسەردا هات، وەک زوهەیر و نابیغە کە تا مردن لەوێ بوون، با ئەمیش چارەنووسی وەک ئەوان بێت. شێخە نەجدییەکە گوتی: نەخێر بە خودا ئەم ڕایەتان باش نییە، بە خودا ئەگەر زیندانییبکەن کارەکەی لە دەستتان دەردەچێت و دەکەوێتە دەست هاوەڵانی و گومان لەوەدا مەکەن کە هەڵبکوتنە سەرتان و لە دەستتان دەری بکەن و ئینجا لەسەرتان زۆر دەبن و لە کارەکەتان دەتانبەنەوە، ئەم ڕایە باش نییە، بیر لە شتی تربکەنەوە، ئینجا قسەکەرێک تر (ئەسوەد کوڕی ڕەبیعە کوڕی عەمیر) گوتی: لە نێو خۆمان دەریدەکەین و نەفیی دەکەین بۆ وڵاتێکی تر. ئەگەر لێرە نەما، هیچ گرینگیی پێ نادەین چی دەکاتو بۆ کوێ دەڕوات، ئەگەر لای ئێمە نەما ڕزگارمان دەبێت لێی، خۆمان چاک و توند دەکەین وەک پێشوو. شێخە نەجدییەکە گوتی: نەخێر بە خودا ئەمەیش ڕایەکی باش نییە، ئێوە قسە چاکەکانی نابیستن و شیرینیی زمانی و بە مەنتیق قسەکردنی نابیستن بەوەی پێیەتی چۆن دڵی پیاوان دەبات، بە خودا ئەگەر واتان کرد لە عەرەبدا، بەو قسە و وتانەی هەموو دەکاتە لایەنگری خۆی و ئینجا دەیانهێنێت و وڵاتەکەمان داگیردەکات و کارەکە لە دەست ئێوە دەردەکات و هەرچییەکی بوێت پێتان دەکات، ڕایەکی تر بدۆزنەوە بەدەر لەمە، گوتی: ئەبووجەهل کوڕی هشام گوتی: بە خودا وا دەبینم لە هەر قەبیلەیەک گەنجێکی بە تواناوئازا وەک نوێنەری ئێمە بنێرین کە شمشێرێکی بدەینێ، ئینجا بچن بۆی و بە پیاوانە هەموویان بە لێدانی یەک پیاو پێکەوە لێی بدەن و ئێمەیش پشوو دەدەین و دڵنیا دەبین. ئەوان کە ئەمەبکەن، خوێنەکەی لە نێوان تیرەکان دابەش و وندەبێت، بەنو حەنان ناتوانێت شەڕ لە دژی هەموان بکات، خۆیان بە عەقڵ فەرزکرد، دەبێت بە عەقڵ وەڵامیان بدەینەوە، گوتی: شێخە نەجدییەکە گوتی: قسە قسەی ئەم پیاوەیە، هیچ ڕایەکی تر لەم ڕایە باشتر نییە، ئینجا هەموویان ڕازیبوون و بڵاوەیان لێکرد.
جبریل سڵاوی لێ بێت هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و پێی گوت: ئەمشەو لەو جێگایە مەخەوە کە شەوان تێیدا دەخەویت، گوتی: کە تاریکیی شەو داهات، لەدەوری دەرگاکەی کۆبوونەوە و چاودێرییاندەکرد، تا بخەوێت و هەڵبکوتنە سەری، کاتێک پێغەمبەر لەوشوێنە بینینی، بە عەلیی کوڕیئەبووتالیبی گوت: تۆ لە سەر جێگاکەم بخەوە و ئەو جلە حەزرەمییە سەوزە بە خۆتدا بدە و تێیدا بخەوە، شتێکی ئەوتۆت بە دەست ئەوانلێنایەت، کە پێت ناخۆش بێت، پێغەمبەری خودا پێشتر بەو جلەوە دەخەوت، ئیبن ئیسحاق دەڵێت: یەزید کوڕی زیاد لە محەمەد کوڕی کەعبی قەرزییەوە وەریگرتوە، پێی گوتم: کاتێک قورەیش کۆبوونەوە بۆ ئەو مەبەستە،ئەبووجەهل کوڕی هشامیان لەگەڵدا بوە، لە لای دەرگاکە بوون پێی گوتن: محەمەد وادادەنێت کە ئێوە لە سەر کارەکەی چاودێریی دەکەن، ئێوە پاشای عەرەب و عەجەمن و لە مردن زیندوو بوونەتەوە، باخ و باخچەی لە شێوەی ئەوانەی ئەردەنی بۆ دروست کردوون، ئەو شتانەی ویستویە بۆتان دروست نەکردوە، بۆیە پاش ئەوەی سەری پریون زیندووی کردونەتەوە و ئینجا ئاگری بۆ داناون کە تێیدا بسووتێن. گوتی: پێغەمبەری خودا بۆی دەرچوو، یەک مست خۆڵی بە دەستەوە گرت و ئینجا گوتی: بەڵی من ئەوە دەڵێم، تۆ یەکێکیت لەوانە. خودا چاوی بەستن لە ئاستیدا و

نەیانبینی و ئەو خۆڵەی کرد بەسەریاندا و ئەو ئایەتانەی (یس)ی خوێندەوە: {یس (1) وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ (2) إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ (3) عَلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ (4) تَنْزِيلَ الْعَزِيزِ الرَّحِيمِ} [یس: 1 - 5] تاوەکو {فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ} [یس: 9]واتە: یا، سین. سوێن بە قورئان، کە سەرلەبەری کارزایە. تۆیەك لە پێغەمبەران کەوتویتە سەر راستەرێگە. ئەم قورئانە هەر خواەن دەسەڵاتی دلۆڤان ناردویەتە خوارەوە. تا بەهۆی ئەو ترس بخاتە دلێ گەلیکە کە کار و باری پێشویان کەس لە خودای نەترساندون و بێ ئاگان. بەڵێنی خودا زۆرینەیان ناگرێتەوە کە ئەوان باوەر ناهێنن و نابینن. تا پێغەمبەری خودا ئەو ئایەتانەی تەواوکرد، هیچ پیاوێکیان تێدا نەما کە خۆڵی نەکردبێتە سەر سەری و ئینجا بۆ ئەو شوێنەی دەیویست ڕۆیشت. یەکێک لەوانەی لەگەڵیاندا نەبوو، هات بۆ لایان گوتی: ئا لێرە چاوەڕێی چی دەکەن؟ گوتیان: محەمەد، گوتی: خوا بتانگرێت، بە خودا محەمەد لای ئێوەوە دەرچوو، یەکێک لە ئێوەی نەهێشتوە خۆڵی بەسەردا نەکات، دەرچوو بۆ ئەو شوێنەی پێویستییەتی، نابینن چیتان لێهاتوە؟ گوتی: هەر یەکەیان دەستی خستە سەر سەری خۆی و بینیی خۆڵی لەسەرە، ئینجا تەماشای پێخەفەکەیان کرد، بینییان کە عەلیی تێدایە و جلەکانی پێغەمبەری خودای لەبەرە و خەوتوە. هەروەهاپێشتر گوتوویانە: بە خودا ئەمە محەمەدە خەوتوە کە جلەکەی بەسەرەوەیە، ئەوەندەنەمانەوە تا سپێدە هات و عەلی لە جێگەکەی هەڵسا، گوتیان: بە خودا ئەوەی قسەی کرد ڕاستیکرد. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئەوەی خودا لەو شەوەدا لە قورئان دایبەزاندبوو، کە کۆبوونەوە لە سەر محەمەد کرا: {وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ} [الانفال: 30] واتە: بێتە بیرت ئەوسا خودا ناسەکان ویستیان فێڵت لێ بکەن، یان بەندت بکەن، یان بتکوژن، یان دەرتکەن، ئەوان فێڵەکەی خۆیان کرد و خواش فێلی کرد و خواش چاکترین فێلزانە. هەروەها خودا دەڵێت: {أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ (30) قُلْ تَرَبَّصُوا فَإِنِّي مَعَكُمْ مِنَ الْمُتَرَبِّصِينَ} [الطور: 30، 31] واتە: یان پێت ئەڵێن : ماوەیەکە و چاوەروانین هاکا شتیکی بەسەر هات . بڵێ ئێوە چاوەنوارین، ئەوا .ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا چاوەنوارین

ئیبن ئیسحاق دەڵێت: خودا مۆڵەتی دا بە پێغەمبەر کە کۆچ بکات، گوتی: ئەبووبەکر پیاوێکی خاوەنپارە بوو، کاتێک داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەری خودا کرد بۆ کۆچکردن، پێغەمبەری خودا پێی گوت: پەلە مەکە، لەوانەیە خودا هاورێیەکت بۆ پەیدا بکات. وادیارە پێغەمبەری خودا مەبەستی خۆی بوە لەو کاتەدا کە ئەوەی پێ گوتوە، ئەبووبەکر دوو وڵاخ (حوشتر)ی کڕی، لە ماڵەکەی خۆی داینان و ئالەفی پێدان و ئامادەی کردن بۆ ئەو مەبەستە. ئیبن ئیسحاقگوتوویەتی: ئەوەی تۆمەتبار نییە قسەی بۆ کردم لە عەروەی کوڕی زوبیرەوە، لە عائیشەی دایکی باوەڕدارانەوە وەریگرتوە کەگوتوویەتی: پێغەمبەری خودا هەڵەی نەکرد کە لەو ڕۆژانەدا سەردانی ماڵیئەبووبەکریدەکرد، یان بەیانییان یان ئێواران، تا ئەو ڕۆژەی کە مۆڵەت درا بە پێغەمبەری خودا کۆچ بکات. لە کاتژمێرێکدا هات کە پێشتر لەو کاتەدا نەهاتبوو بۆ ئەوێ، گوتی: کەئەبووبەکر پێغەمبەری بینی، گوتی: قەت پێغەمبەر لەم کاتەدا نەهاتوە ئەگەر شتێک ڕووینەدابێت، گوتی: کاتێک هاتە ژوورەوە،ئەبووبەکر لە سەر جێگەکەی دوورکەوتەوە، پێغەمبەریش لە سەر جێگەکەی دانیشت، عایشەگوتوویەتی؛ جگە لە من و ئەسمائی خوشکم کە منداڵی ترمان نەبوو، هیچ کەسێکی لێ نەبوو، پێغەمبەر بە ئەبووبەکری گوت: کێت لایە دەری بهێنە بۆم، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا هەر دوو کچەکانمە و چی ڕووی داوە، باوک و دایکم بە قوربانت بن؟ گوتی: خودا مۆڵەتی پێدام بۆ دەرچوون و کۆچکردن، گوتی: ئەبووبەکر. گوتی: هاورێیەتی ئەی پێغەمبەری خودا، گوتی: هاورێیەتی، گوتی: بە خودا تا ئەو ڕۆژە کەسێکم نەبینیوە لەخۆشیدا بگریت،ئەبووبەکرم لەو ڕۆژەدا بەو شێوەیە بینی. ئینجا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم دوو وڵاخەم بۆ ئەمە ئامادەکردوە.عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەتیان بە کرێ گرت بۆ ئەوەی ڕێنیشاندەریان بێت، کە لە بەنی بەکر بوو، دایکی ژنێکی بەنی سەهم کوڕی عومەر بوو، موشریک بوو. ڕێبەرێتییانیدەکرد و دوای ئەوە هەر دوو وڵاخەکەیان پێشکەش کرد و، لای ئەو مانەوە تا مردار بوونەوە. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: وەک هەواڵم پێگەییشتوە، جگە لە عەلی وئەبووبەکر هیچ کەسێک بە دەرچوونی پێغەمبەری خودای نەزانیوە، بەڵام وەک زانیمان پێغەمبەری خودا پێی گوت کە دەردەچێت، بۆ ئەوەی ئەمانەتی خەڵک کە لە لای پێغەمبەر بوو بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.لە مەککە هیچ کەسێک شتێکی نەبوو لە سەری بترسێت لای ئەو .دایبنێت، کە بە ڕاستگۆ و ئامانەت پارێز ناسرابوو

ئەمەیە هەواڵی (دار الندوە) و ئەوەی ڕووی دا، کە پلانگێڕیی تێیدا کرا و بوە هۆکاری خێراکردنی دەرچوونی محەمەد لە مەککە، لەو ڕۆژەی کە بڕیاری پیلانگێڕییەکەیان دا.
گوتمان بۆ خێراکردن لە دەرچوونی نەمانگوت بۆ دەرچوونی، لەبەر ئەوەی پێغەمبەرلەو ڕۆژەی بەیعەتی عەقەبە تەواو بوو، ئەوەی دانابوو کە لە مەککەوە دەربچێت و کۆچبکات بۆ مەدینە، بۆیە فەرمانی کرد کە هاوەڵانی پێش خۆی دەربچن بۆ مەدینە، ئەگەر ئەم پیلانگێڕییەیش نەبوایە دواتر هەر لە مەککە دەردەچوو، بەو بەڵگەیەی لەو کاتەدا کەئەبووبەکر داوای مۆڵەتی لێکرد کە کۆچبکات بۆ مەدینە پێی گوت: "پەلە مەکە، بەڵکوو خودا هاوڕێیەکت بۆ پەیدا بکات".بە بەڵگەی ئەوەیش بۆ ماوەیەك پێش پیلانەکەئەبووبەکر دوو وڵاخی بۆ گواستنەوەیان کڕیبوو. ئەم پیلانە بوە هۆی دەرچوونی لەو ڕۆژەدا. ئەگەر ئەوە نەبوایە، لەوانە بوو دەرچوونی بۆ حەفتەیەک تا دوو حەفتە دوابکەوتایە، یان بۆ مانگێک دوان، تا ئەو کاتەی هۆکاری دەرچوونی بۆ ئامادە دەبوو.
ئەم هەواڵەی بۆمان گواستنەوە لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق و لە سیرەی هیشامیدا هاتوە، ئەگەر تەماشای بکەیت و تێرامانی تێدا بکەیت، لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی لە گوتنی: (قەومەکە لە سەر ئەوە کۆکبوون و بڵاوەیان لێکرد) لەگەڵ مەعقولدا یەکدەگرێتەوە و هیچ مەتەڵ وپەرلەیەکی تێدا نییە و ناتوانرێت تانەی لێبدرێت، هیچ قسەیەکمان لە سەر ئەوە نییە، بەڵام قسەمان لە سەر ئەوەیە کە دەڵێت: (جبریل هات.... تا دواییی چیرۆکەکە).
بەڵام پێش ئەوەی تێبینییەکانمان لە سەر ئەوە و لەو قسانەی لە سەری کراون بڵێین، دەمانەوێت لە ئایەتەکانەوە دەست پێ بکەین کە لەو ڕۆژەدا بۆ پێغەمبەر دابەزیوە، کە بەفراوانی باسی ئەو کۆبوونەوەیەی (دار الندوە) کرا لە قسەی پیلانگێڕان دەکات، ئەو ئایەتانەیش ئەمانەن: {وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ} [الانفال: 30]واتە: بێتە بیرت ئەوسا خودانەناسەکان ویستیان فێڵت لێبکەن، یان بەندت بکەن، یان بتکوژن، یان دەرتبکەن، ئەوان فێڵەکەی خۆیان کرد و خواش فێڵی کرد وخوداش جاکترین فیڵزانە. : ئایەتە، ئەو سێ ڕایە کە لە (دار الندوە)باس کرا و ئایەتی تر: {أَمْ يَقُولُونَ شَاعِرٌ نَتَرَبَّصُ بِهِ رَيْبَ الْمَنُونِ} [الطور: 30]واتە: یان پێت دەڵێن :شاعیرێکە و هاکا شتێکی بەسەر هات. ئەمەیە کە ئەبووبوختەری کوری هشام لە (دار الندوە) گوتی.
بێگومان کۆبوونەوەکەی قورەیش لە (دار الندوە) لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بوو، خۆیان دیاریانکرد بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی تێدابکەن و ئەو کۆبوونەوەیە کتوپڕ نەبوو، پێشتر زەمینەسازیی پێویست و ڕاوێژیان لە بارەیەوە کرابوو، وەک هەواڵی پێویستبوونی بەستنی ئەو کۆبوونەوەیە، بۆ دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەو مەبەستە، وەک لە قسەکانی ئیبن ئیسحاق تێدەگەین، دەڵێت: کاتێک کۆبوونەوە لە سەر ئەوە (واتە بڕیاریان لە سەر دا) و کاتیان بۆ دیاریکرد و لە بەیانیی ئەو ڕۆژەوە چوون بۆ کۆبوونەوەکە، ئەم دەربڕینە ڕاشکاوانە دەڵێت؛ پێش ڕۆژی کۆبوونەوەکەیان سەرقاڵی ئامادەکردنی هۆکاری کۆبوونەوەکە و پێشەکی و زەمینەسازی بوون، لەقسەکەیدا دەڵێت: کاتێک لە سەر ئەوە کۆکبوون، ئەگەر بمانەوێت بە دەربڕینی خەڵکی ئەم زەمانە باسی بکەین دەڵێین: کاتێک بڕیاریان لە سەر ئەوە دا، هەروەها قسەکانی: "کاتیان بۆ دیاریکرد" واتە ڕازیبوون بە مەوعید و کاتەکە، هەندێکیان ئاگاداری ئەویتریان کردەوە لەوەی ئەو کاتە لەبیرنەکەن، ڕۆژێکیان بۆ دیاریکرد وەک لەوە تێدەگەین: (لە بەیانیی ئەو ڕۆژەی کە دایاننابوو، چوون بۆ کۆبوونەوەکە).
دەربڕینەکەی ئیبن ئیسحاق ئەوەمان بۆ دەستنیشان دەکات و، بەپراوەیی ئەوە دەردەخات، لەبەر ئەوەی کە کۆبوونەوەی گرینگی ئاوەها کە ژمارەیەک گەورە و پیاوماقوڵ و ئەشرافی قورەیش و خەڵکی تریشی تێدا بێت، مەحاڵە بەکتوپڕی بکرێت بێ ئەوەی هۆکار و زەمینەسازی و ئامادەکارییەکانی دیاری کرابن وباس کرا بن.
ئەگەر کارەکە وابێت، دەبێت پێشەکی و ئامادەکارییەکان هەر هیچ نەبێت ڕۆژێک پێش کاتی کۆبوونەوەکە بوو بێت، ئەگەر نەڵێین دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژیش. ئەگەر ئەمەمان زانی، دەزانین کە عەباس کوری عەبدولموتەلیب، کە لە ڕووکەشدا کافر بوو، لە ناخدا موسوڵمان بوو، خاوەن ئیستخباراتی پێغەمبەر بوو لە مەککە، لەگەڵ کافرەکانی قورەیش تێکەڵاوی هەبوو و لەگەڵیاندا دادەنیشت و قسەی لەگەڵدادەکردن لە یانەکانیاندا لەگەڵ ئەوەیشدا پێوەندیی ئاشکرا و نهێنیی لەگەڵ محەمەدیشدا هەبوو، یەکلا دەبینەوە لەوەی کە عەباس ئاگاداری ئەوە بوە چی، ڕوودەدات لای خەڵک لە قورەیش بەهۆیئامادەکاری و ئەوەی پێشوەخت دەریانخستوە بۆ ڕەخساندنی کۆبوونەوەکەیان لە (دار الندوە) دەبێت و، دەبێت لەو کاتەدا بە محەمەدی گوتبێت.

ئەگەر ئەمە وابێت، هیچ نامۆییەکی تێدا نییە بڵێین: کۆبوونەوەی قورەیش لە (دار الندوه) بێ ئەوەی چاوێکی محەمەد لەوێدا بێت نەچوە بەڕێوە. دابەزینی ئەو ئایەتانەی لەم بارەیەوە دابەزین و بە دووروردرێژیی باسوخواسەکانی کۆبوونەوەکەی تێدایە، بەڵگەی بوونی ئەو چاوەی محەمەدە، یان ئەو سیخورەیە لەوێ. کاتێک قەومەکە لەو کۆبوونەوەیە تەواوبوون، ئەو سیخورە یان ڕۆیشتوە بۆ لای محەمەد یان عەباسی مامی بۆ ئەوەی هەواڵەکەی بۆ بگوازێتەوە و ئەویش بیگەیەنێتە محەمەد. لایەنی دوەمی: کە زیاتر وای دەبینین، کە عەباس ئەو کارانەی بۆ محەمەد کردبێت، ئەمەیش لەوێدا بۆت ڕووندەبێتەوە کە لە سەر عەباس لە شوێنی خۆیدا دەینووسین، ئەوەی پاڵپشتیی ئەم ڕایە دەکات، کە محەمەد دەرنەچوو پرواتا بۆ لایئەبووبەکر تا نیوەڕۆ.
بێگومان کۆبوونەوەکەی قورەیش لە (دار الندوه) لە سەرەتای بەیانییەوە بوە، لەو کاتەی تەواو بوە، ئەو سیخورە چوە بۆ لای عەباس و هەواڵەکەی داوەتێ، ئینجا عەباس ڕۆیشتوە بۆ لای محەمەد و هەواڵەکەی داوەتێ. ئەمەیش کاتێکی ویستوە تا گەییشتوەتە ناوەڕاستی ڕۆژ واتە نیوەڕۆ، محەمەد بەدەمامکدراوی، کە دواتر باسی دەکەین، کە سەر و دەموچاوی پۆشیوە و ڕۆیشتوە بۆ ماڵیئەبووبەکر. عەباس -وەک دەبینین- ئەو سیخورەی داناوە، ئەو کارەکەی مەیسەر کردوە و ئامادەی کردوە، بچێت بۆ لای قەومەکە بۆ (دار الندوه) لەوێدا وەک هاوڕێیەکی دڵسۆز و ڕاوێژکارێکی ئامۆژگاریکەر بێت بۆیان، ئەوە گونجاوە و نزیکە لەتوندوتۆڵییەوە کە یەکسەر پرواتا بۆ .لای عەباس، پاش بڵاوەپێکردنی پیلانگێڕان و هەواڵەکەی بداتێ
ئەوەی بۆمان دەریدەخات، کە ئەم سیخورە لە خوزاعە بوە، یەکەم: لەبەر ئەوەی خوزاعە هاوپەیمانی بەنی هاشم بوون لە دژی بەنی نوفەل و بەنی عەبد شەمس. خاوەنی سیرەی حەلەبی باسی لە هەواڵی هاوپەیمانێتییەکەیان لەگەڵ عەبدولموتەلیبدا کردوە و ئەو نووسراوەی لە نێوانیاندا بوە، لەوێدا دەتوانین ببینیت. دوەم: خوزاعە لە پێناو ئەم هاوپەیمانێتییە، بێگومان هەموویان بە موسوڵمان و کافریانەوە سیخوری محەمەد بوون، بە تایبەتی پاش ئەوەی کۆچی کرد بۆ مەدینە، هەواڵی ئەوەی پێ دەگەیەنن کە لە مەککە چی ڕوودەدات، وەک لە سیرەی حەلەبیداباس کراوە. بۆیە خوزاعەپاش نووسینی ئاشتەوایی نێوان محەمەد و قورەیش لە ڕۆژی حودەیبیەدا لەگەڵ محەمەد چوە هاوپەیمانێتییەوە، وەک بەنو بەکر .دوژمنی خوزاعە لەگەڵ قورەیشدا چوونە هاوپەیمانێتییەوە
بە پشتبەستن بەمە، دوور نییە پیاوە سیخورەکە خوزاعی بوو بێت و عەباس ئامادەی کردبێت و جلەکانی چاک کردبێت و تەیلەسانی لەبەر کردبێت وەک لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، پێی گوتوە: ئەگەر پێیان گوتیت تۆ کێیت؟ بڵێ شێخێکی نەجدیم و پێیان مەڵی لە توهامەم، لەبەر .ئەوەی خەڵکی توهامە مەیلی محەمەدیان هەبوە
شێخە نەجدییەکە، کە پێیان دەگوت ئیبلیس بوە، سیخوری محەمەد بوە لە سەر قورەیش لە (دار الندوه). ئەم پیاوە خوزاعیە و شێخی نەجدە هەموو توانا و زیرەکی و لێوەشاوەییی خۆی بەکارهێناوە بۆ سیخورییەکە، وا خۆی پیشانداوە کە دوژمنی محەمەدە، لەبەر ئەوەی واباوە سیخورەکان دوژمنایەتیی خۆیان بۆ ئەوە دەردەخەن کە سیخوریی بۆ دەکەن، بۆ دوورخستنەوەی گومان لە خۆیان. تواناکانی لەوەدا دەردەکەوێت کە بە خۆی هیچ ڕایەکی نەداوە، بەڵکوو لە نێویاندا وەک گوێبیست و ڕەخنەگر و ڕاوێژکار و ئامۆژگاریکەر خۆی پیشانداوە، بۆیە گومانی نەهێشتوە کە لەبەر ئەوەی ئەوغەریب بوە لەگەڵ ئەواندا، لەوانەیە گومانیان لێبکردایە ئەگەر ڕایەکیان لێ ببیستایە، ئەگەر پێی بگوتنایە ئەمە و ئەمەبکەن، گومانیان لێ دەکرد. لە قسەکانی و ڕەخنەگرتنی بۆ ڕای دوەم: کەگوتوویەتی قسە خۆشەکانیو شیرینیی زمان و مەنتیقی نابینن بەوەی باسی دەکات چۆن دڵی پیاوان داگیر دەکات، ئەوە پیشان دەدات کە زۆر بە باشی محەمەدی ناسیوە، واتە پیاوێک بوە کە محەمەدی بینیبێت و لەگەڵیدا .دانیشتبێت و گوێی لە قسەکانی بوویێت
ئەمە نیشانەی ئەوەیە خەڵکی نەجد نەبوە، لەبەر ئەوەی دوورە خەڵکی نەجد بەو شێوەیە محەمەد بناسن، بەڵکوو خۆی بە خەڵکی نەجد ناساندوە، بۆ بەلاڕێدابردنیان. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: پێی گوتن من خەڵکی نەجدم، لەبەر ئەوەی قورەیش گوتیان: هیچ کەسێک .لە خەڵکی توهامە نایەتە ڕاوێژەکەتانەوە، لەبەر ئەوەی مەیلیان بە لای محەمەد بوو
با هەندێک تێبینی لە سەر ئەو قسانەی گێڕەوان لە سەر ناوەڕۆکی ئەم قسانەی پێشوو بکەین کە ئیبن ئیسحاق باسیکردوە: با قسەکەی عایشە دایکی باوەڕداران پێشبخەین کە ئیبن ئیسحاق باسیکردوە، لە عەروە کوری زوبیر وەریگرتوە،گوتوویەتی "لە هاتنی پێغەمبەری خودا

له یەکێک لە کاتەکانی ڕۆژ بۆ لایئەبووبەکر هەڵەی نەکردوە، واتە یان بەیانی یان ئێوارە بوە، تەنانەت لەو کاتەی کە مۆڵەتی پێدرا بۆ کۆچکردن و دەرچوون لە مەککە بەدزیی قەومەکەیەوە، پێغەمبەری خودا لە قرچەی نیوەڕۆدا هات بۆ ماڵیان،لە کاتێکدا کە پێشتر لەو کاتەدا نەدەهات، گوتی: کاتێک هاتە ژوورەوە،ئەبووبەکر لە سەر جێگەکەی لاچوو، پێغەمبەری خودا لە سەری دانیشت وئەبووبەکر کەسی لا نەبوو جگە لە من و (اسماء) کچی ئەبووبەکر، پێغەمبەری خودا گوتی: کێت لایە دەری بکە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوانە هەر دوو کچەکانمە، دایک و باوکم بە قوربانت بێت، گوتی: خودا مۆڵەتی پێدام بۆ دەرچوون و کۆچکردن گوتی: ئەبووبەکر گوتی: هاوڕێیەتی ئەی پێغەمبەری خودا، هاوڕێیەتی، گوتی: بە خودا پێش ئەوە کەسێکم نەبینیوە لە خۆشیدا بگریت تائەبووبەکرم بینی لەو ڕۆژەدا گریا، ئینجا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەم وڵاخانەم....هتد، فەرموودەیە.

قسەکانی عایشەمان بۆ ئەوە پێشخست، لەبەر ئەوەی وەک چرایەک دەبینرێت کە بە ڕووناکییەکەی هەندێک قسە ڕوون دەکاتەوە، کە لە ناوەخنی فەرموودەکەدا هاتوە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین چۆن محەمەد لە شەڕی کافرە دوژمنەکانی ڕزگاری بوە.

قسەکانی عایشە لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقدا، کە لە ڕێگەی ترەوە بە شێوەیەکی جیاواز لە قسەکانی ئیبن ئیسحاقدا هاتوە، بە شێوەیەکی کەم جیاوازیی تێدایە کە بنەچەی واتاکە ناگۆڕێت. لە سیرەی حەلەبی لە عایشەوە کە دەڵێت: لە کاتێکدا کە ئێمە دانیشتبووین لە ماڵیئەبووبەکری سدیق نزیک نیوەڕۆ بوو، یەکێک بەئەبووبەکری گوت، لە گێڕانەوەیەکدا: (اسماء) واتە خوشکەکەی عایشە: ئەی باوکە ئەمە پێغەمبەری خودایە دەمامکی داوە و لە کاتێکدا هاتوە کە هیچ کاتێک لەم ساتانەدا نەهاتوە بۆ ماڵمان. لە گێڕانەوەیەکی تردا لە عایشەوەگوتوویەتی: پێغەمبەری خودا لە هەر دوو لای ڕۆژ نەبێت واتە بەیانییان وئێواران، نایەت بۆ ماڵمان، وەک بوخاری دەڵێت، ئەمە ناکۆکە لەگەڵ قسەکانی ئیبن ئیسحاقدا "یان بەیانی یان ئێوارە" بەڵام جیاوازییەکی گەورەیشنییە، دەبێت هەندێک جار لە هەر دوو کاتدا هاتبێت بۆ ماڵیان و لە هەندێ کاتی تر لە یەک جاردا هاتبێت.

حافز کوری حەجەر قسەکانی (اسماء)ی شیکردوەتەوە (ئەمە پێغەمبەری خودایە دەمامکی داوە) کە تەیلەسانی لە دەموچاوی بەستوە، دەڵێت: دەمامک بناغەی لەبەرکردنی تەیلەسانە، ئیبن قەییم ناڕازی بوو لە سەر ئەوە، دەڵێت: هیچ شتێک لەو بارەوە نەگواستراوەیەوە کە پێغەمبەر تەیلەسانی لەبەر کردبێت، گوتی: لەوێدا ناشێت دەمامکەکە تەیلەسان بێت، بەڵکوو داپۆشینی سەر و زۆرینەی دەموچاو بە پۆشاکێک کە هیچی لە ژێر مل بە جێ نەهێشتبێت، کە پێی گوتوە حەلق. دەزانم کە سەر و زۆرینەی دەموچاو دادەپۆشێت ئەگەر ملیشی پێچا بێت، واتە ملپێچ، ئەوەی پێی دەڵێن تەیلەسان، ئەگەر ملپێچانەوەیشی لەگەڵدا نەبێت، پێی دەڵێن سەرپۆش یان دەمامک. دەمامککردن لێرەدا ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵک دەڵێن دەمامکدار، دەڵێن: دەچێتە ژێر عەباکەیەوە ئەگەر بیخاتە سەر سەر و شانی و بە سەر لاشەیدا دێتە خوارەوە، جیاوازی لە نێوان تەیلەسان لەسەرکردن و دەمامککردن لەوەدایە کە ملداپۆشین لە پۆشینی تەیلەسان دەبێت لە دەمامکدا نابێت.

چەمکی "دەمامکدراو" لە گێڕانەوەیەکی ئیبن ئیسحاقدا نەهاتوە، بەڵام لەگەڵ حاڵەتەکەدا گونجاوترە، دەتوانین گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق زیاتر پشتی پێ ببەستین، لەبەر ئەوەی دەرچوونی لە کاتی نیوەڕۆدا بۆ ماڵیئەبووبەکر، هیچ کاتێک نەبوە جگە لەو کاتەی، هەواڵەکەی (دار الندوە)ی پێ گەییشتوە، ئەمەیش وای فەرز کردوە، کە بەنهێنی ودزییەوە دەربچێت، ناکرێت بە دەمامکەوە نەبێت و لە نیوەڕۆدا دەربچێت، بۆیە گوتمان دەربڕینی "دەمامکدار" لەگەڵ حاڵەتەکەدا گونجاوە.

ئەوەی لە دەربڕینی قسەکانی عایشەدا زانیمان؛ محەمەد لە سەر ئەوە ڕاهاتبوو کە لە بەیانییان و ئێواران نەبێت نەهاتوە بۆ ماڵیئەبووبەکر، وەک لە قسەکانی ئیبن ئیسحاق دەردەکەوێت، عادەتی نەبوە لە نیوەڕۆدا بچێت بۆ ئەوێ.

دەرچوونی لە کاتی نیوەڕۆدا لە ڕۆژی کۆبوونەوەی (دار الندوە) بەڵگەیەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات بەپراوەیی بڵێین؛ دەرچوونی بەدەر لە عادەتی کەخۆی ئەوە دەردەخات دەرچوونی بۆ شتێکی گرینگ بوە، وەکئەبووبەکر لە کاتی هاتنەکەیگوتوویەتی: (پێغەمبەر لەم کاتەدا نایەت، ئەگەر شتێک ڕووی نەدابێت "لە گێڕانەوەیەکدا" لەم سەعاتەدا نایەت ئەگەر شتێک نەبێت.) واتە شتێکی گەورە، لەو ڕۆژەدا شتێکی گەورە جگە لە کۆبوونەوەکەی (دار الندوە) ڕووی نەدابوو،

واتە دەرچوونەکەی جگە لە پاش پێگەییشتنی هەواڵی (دار الندوە) هیچی تر نەبوە، وەک باسمان کرد.
نە لە قسەکانی عایشە و نە لە قسەی حیکایەتخوانانیشدا، هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە ئەوە پیشان بدات،لە پاش ڕۆیشتنی محەمەد بۆ ماڵیئەبووبەکر گەڕابێتەوە بۆ ماڵەوە، مەعقوولیش نییە کە زانیبێتی کافرەکانی قورەیش بڕیاری کوشتنیان داوە، بەو شێوەیەی کەئەبووجەهل پێشنیاری کردبوو، ئەو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بۆیە ڕۆیشتوە بۆ ماڵیئەبووبەکر بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەودا ڕێگەیرزگاربوون بگرنە بەر، بۆ ڕاکردن و دەرچوون لە مەککە، بەڵکوو بەڵگەی ئەوەیش لەبەر دەستە کە ئەو و ئەبووبەکر ئەوەندەی پێنەچوە بەخێرایی ئامرازی دەرچوونیان لە مەککە ئامادەکردوە. لە قسەکانی عایشەدا هاتوە: ئەبووبەکر پاش ئەوەی پرسیاری هاوڕێیەتی لێ کرد و وەڵامی دایەوە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەم دوو وڵاخەم بۆ ئەمە ئامادەکردوە، عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەتیان بە کرێ گرت بۆ ڕێبەریکردنیان، دواتر هەر دوو وڵاخەکەیان پێشکەش کرد و، تا مرداربوونەوەیان لای ئەرقەت مابوونەوە.
ڕێرەوی ئەم قسانە کە قسەی عایشەن، وا حکوم دەکات لەو ڕۆژەدا عەبدوڵڵای کوڕی ئەرقەتیان بە کرێ گرتوە بۆ ڕێنیشاندانیان، هەر دوو وڵاخەکەیان ڕادەست کردوە بۆ ئەوەی خزمەتی ئەو وڵاخانە بکات تا ڕۆژی مرداربوونەوەیان لای ئەو ماوەتەوە، واتە هەر دوو وڵاخەکەیان ڕادەست کردوە، پێیان گوتوە خزمەتیان بکە، چاوەڕێ بکە، هەر کاتێک ناردمان بیانهێنە بۆمان بێگومان کە زانییان ئەگەر بەو خێراییە دەرنەچن، ڕزگاربوونیان لە قورەیش لە ترسناکیدا دەبێت، لەبەر ئەوەی قورەیش بە دوایدا دەگەڕان، ئەگەر محەمەد ون بێت و لە پێناویدا هەڵدەچن، کە وابێت دەبێت بۆ ماوەیەک خۆیان بشارنەوە تا هەڵچوون و شۆڕشی قورەیش دەنیشێتەوە و دادەمرکێتەوە، بۆیە ڕێکەوتن لە سەر خۆشاردنەوە لەو ئەشکەوتەی لە شاخی (پور). لە شاخەکانی مەککە بە مفجەر لە پشتی مەککەوە لە سەر ڕێگەی یەمەندایە، هەر دوو وڵاخەکەیان دایە ئیبن ئەرقەت و پێیان گوت: خزمەتیان بکات و چاوەڕێی ئەوان بکات.
ئاوها بوو، محەمەد لە ماڵیئەبووبەکر تا خۆرئاوا مایەوە، کە شەو داهات لە ژێر ڕەشایی شەودا دەرچوون بۆ شاخی (ثور) و چوونە ئەشکەوتەکە و، لە کونێکی پشت ماڵیئەبووبەکرەوە بۆی دەرچوون، نەک لە دەرگاوە، سەرەڕای تاریکیی شەویش بێت، نەوەک یەکێک لە کافرەکانی قورەیش بیانبینێت، ئەوەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و لە ئیبن سەعدەوە وەریگرتوە،گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەر دەرچوە بۆ ماڵیئەبووبەکر لە شەودا بوە، ئینجا خۆیوئەبووبەکر دەرچوون و ڕۆیشتوون بۆ ئەشکەوتی (ثور) و چوونە ژوورەوەی.گوتوویەتی: لە شەودا بوە و بەڕاشکاوی باسی کردوە کە نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی پاش ئەوەی دەرچوە بۆ ماڵیئەبووبەکر.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: وەک پێم گەییشتوە، کەس بە دەرچوونی پێغەمبەری نەزانیوە لەو کاتەی کە دەرچوە، جگە لە عەلیی کوڕیئەبووتالیب وئەبووبەکر و خێزانەکەی ئەبووبەکر، عەلی لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا -وەک پێم گەییشتوە- هەواڵی دەرچوونی پێداوە و فەرمانی پێ کردوە کە لە مەککە بمێنێتەوە، تا ئەو ئامانەتەی لای پێغەمبەری خودا بوە بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانی. بە عەلیی کوڕیئەبووتالیبی گوتوە: بە جلەحەزرەمیە سەوزەوە خۆت داپۆشە و لە جێگەکەم بخەوە، هیچ شتێکت حەز لێ نەبێت ڕوونادات. لەمەدا دەزانین، محەمەد کە لە نیوەڕۆدا ڕۆیشتوە بۆ ماڵیئەبووبەکر، هەواڵی دەرچوونی داوە بە عەلی و فەرمانی پێ کردوە کە لە مەککەدا بمێنێتەوە و ئینجا فەرمانی پێ کردوە کە لە جێگەکەیدا بخەوێت و جلەکانی ئەو بپۆشێت، مەبەستی لەوەدا بەهەڵەدابردنی قورەیش بوە، کە وا بزانن ئەوەی لەو جێگەدا خەوتوە پێغەمبەرە، وای نەکردایە لە دەستیان دەرنەدەچوو، بۆ ئەوە بەوەوە سەرقاڵ بن و بڵاوەی پێ نەکەن و بە دوایدا بگەڕێن، کە بە عەلییەوە لەوێدا خۆیان خەریکبکەن، کاتێکی دەست دەکەوێت بۆ ڕاکردن و کاری خۆی ڕایی دەکات و خۆی دەشارێتەوە لەو ڕۆژەدا. ئەوەی حەلەبی لە سیرەکەیدا باسی کردوە، پشتگیری لەمە دەکات، پاش ئەوەی باسی ئەوە دەکات کە (پێغەمبەری خودا هەواڵی کۆچکردنی داوە بە عەلی) دەڵێت: (لەوانەیە هەواڵدان بە عەلی لەو کاتەدا بێت کە ڕووەو ماڵیئەبووبەکر ڕۆیشتوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر لەگەڵ عەلی دا کۆنەبوەوە لە مەدینە نەبێت).
زانایانی فەرموودە باسی ئەم چاکەیەی عەلی یان کردوە، کە خۆی کردوەتە قوربانیی محەمەد، کە هیچ قوربانییەک لەوێدا نییە، بەڵکوو سەرقاڵکردن و مەشغوڵکردنە، لەبەر ئەوەی عەلی لە

سەر جێگەکەی پێغەمبەر بە جلەکانییەوە خەوتوە، ئەو دەیزانی کە قورەیش لە سەر کوشتنی پێغەمبەر بە ئاشکرا و بە بوونی شایەت بڕیاریان داوە کە هەموویان بە لێدانی یەک پیاو بە هەموویان پێکەوە لێی بدەن، بۆ ئەوەی خوێنەکەی لە نێو تیرەکاندا بزر بێت، نەک لە جێگەکەیدا بێت تیرۆربیکەن، پاش ئەوەی دەربچێت بۆ لایان بەئاشکرا بیکوژن، ئەو شەوە لە بەر دەرگای ماڵەکەی کۆبوونەوە، تەماشا و چاودێرییان لەبەر ئەوە کردوە تا ڕانەکات، نەک لە جێگەکەیدا بیکوژن. ئەمەیە دەرئەنجامی هەڵهێنجانی قسەی حیکایەتخوانان و وردبینی و شەنوکەوکردنیان و پاڵاوتنیان بە بێژنگێکی لەقورئانچنراو، ئەوەی مەعقوولە کە ئەو بێژنگەی باسمان کرد یەکەم کتێبە، ئێستا گوێ لە قسەی حیکایەتخوانان بگرە:

ئیبن ئیسحاق دەڵێت: کاتێک تاریکیی شەو داهات، لای دەرگاکەی کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی چاودێرییبکەن بزانن، کەی دەخەوێت بۆ ئەوەی هەڵبکوتنە سەری.

دەڵێم: ئەم قسەیە: (کاتێک بخەوێت بۆ ئەوەی هەڵبکوتنە سەری) جگە لە تێکەڵیوپێکەڵیی حیکایەتخوانان هیچی تر نییە، کارەکە لەوێدایە کە ئەوان کۆکبوون لە (دار الندوە) وەک پێشتر باسمان کرد، کە لە هەر عەشیرەتێک پیاوێک بەرن و شمشێرێکی توندو تیژی بدەنێ و بە هەموویان بە لێدانی یەک پیاو لێیبدەن، بۆ ئەوەی خوێنەکەی لە نێو تیرەکاندا گوم بێت، ئەمەیش جگە لەوەی بە ئاشکرا و بە شایەتیی خەڵک نەبێت کە هەموان بکوژەکانی بناسن و خوێن گوم بێت، ناکرێت، بەڵام ئەگەر هەڵبکوتنە سەری بەو شەوە و لە کاتی خەوتندا لە سەر جێگەکەی بە فرتوفێڵ بیکوژن، بکوژەکەی ناسراو دەبێت، خوێنەکەی گوم نابێت لە نێو عەشیرەتەکاندا وەک بڕیاریان لە سەر داوەو ئەوەیان ویستوە، بەڵام حیکایەتخوانان لە قسەکانیاندا ئەمە تێکەڵ دەکەن و وەک تێکەڵییەکی پەرشوبڵاو باسی ناجۆر و ناچوونییەک دەکەن، بێ ئەوەیخۆیان هەستی پێ بکەن.

بەڵێ قورەیش، پاش ئەوەی کۆکبوون لە سەر ئەوەی لە (دار الندوە) بڕیاریان لە سەر دا، خێرا لەو ڕۆژەدا نەڕۆیشتن بۆ کوشتنی، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەخێرایی بڕۆیشتنایە بۆ کوشتنی، لەوانەیە لە دەستیان ڕایبکردایە و زەفەریان پێ نەبردایە، بەڵام چاوەڕێیان کرد تا شەو داهات و گوتیان: شەو لە ماڵەکەی خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر شەو بێت دەڕۆین و دەیدۆزینەوە و تا بەیانی چاودێری و چاوەڕێی دەکەین، کە لە ماڵ دەرچێت دەیکوژین، ئەگەر حیکایەتخوان بەو قسەیە بوەستایە: (لە دەرگای ماڵەکەی وەستان و چاودێرییان کرد) و نەیانگوتبا: (هەر کاتێک بخەوێت هەڵبکوتنە سەری) قسەکانی ڕاست دەردەچوو: دەبوایە بڵێن قورەیش لەوێدا کۆبوونەوە بۆ ئەوەی چاودێرییبکەن لەو شەوەدا، نەک ڕابکات، نەک بۆ ئەوەی لە سەر جێگەکەی لە خەودا بیکوژن، ئەمە ناکۆکە لە سەر ئەوەی هەموویان لە (دار الندوە) بڕیاریان لە سەر دا، ئینجا ئیبن ئیسحاق باسی ئەوەی کردوە، لە محەمەد کوڕی کەعبی یەقزی وەریگرتوە: محەمەد لەو شەوەدا دەرچوە بۆ لای قورەیشییەکان و چنگێک خۆڵی بەدەستەوە گرتوە و فڕێی داوە بە سەریاندا، لە لای دەرگاکەی ڕۆیشتوە بۆ ئەو شوێنەی کە ویستوە بڕوات و هیچ کەسێکیان نەیانبینیوە. ئەمە هیچ بناغەیەکی نییە، بەڵکوو لە خەیاڵدان و هەڵبەستنی حیکایەتخوانانە، تۆ زانیت ئەو شەوە لە ماڵی خۆی نەماوەتەوە، بەڵکوو لە سەرەتای شەوەکەدا لە ماڵەکەیئەبووبەکر بوە، لە کۆتاییەکەیشی لە ئەشکەوتەکەدا بوە، ئەو لە کاتی نیوەڕۆدا لە ماڵەکەی خۆی دەرچووبوو، ڕۆیشتبوو بۆ ماڵی ئەبووبەکر و نەگەڕابوەوە، لە کاتی دەرچوونی لە ماڵەکەی خۆی فەرمانی بە عەلی کردوە بە جلەکانییەوە لە سەر جێگەکەی بخەوێت و بە جلەکەی ئەو خۆی داپۆشێت، بۆ ئەوەی قەومەکە فریو بدات، کە ئەوەی بەو جلانەوە خەوتوەمحەمەدە.

لە گێڕانەوەیەکدا هاتوە: ئەو شەوەی لە ماڵ دەرچوە، لە دەرگاوە دەرنەچوە، وەک لە ڕووکەشی گێڕانەوەکەی پێشوودا دەردەکەوێت، لە دیوارەکەوە پەڕیوەتەوە، وەک لە قسەی ماریەی خزمەتکاری پێغەمبەردا دیارە، کە بە دایکی ڕەباب ناونرا، دەڵێت: چاوەچاوی بۆ پێغەمبەر کردوە تا لە دیوارەکەوە بەرز بوەتەوە و پەڕیوەتەوە و لە کافرەکان ڕزگاری بوە و ڕایکردوە، وەک لە سیرەی حەلەبیداباس کراوە. ئەمەیش هیچ بناغەیەکی نییە، لەبەر ئەوەی محەمەد لەو شەوەدا لە ماڵ نەبوە تا لە دیوارەکەوە بپەڕێتەوە، حەلەبی لە سیرەی دەمیاتییەوە گواستوویەتیەوە، کە ئەو شەوە لە ماڵ دەرچوە و ڕۆیشتوە بۆ ماڵیئەبووبەکر، لەوێ ماوەتەوە تا شەوی دواتر، ئینجا خۆی وئەبووبەکر دەرچوون و ڕۆیشتوون بۆ شاخی (ثور). ئەمەیش هەڵەیە وەک پێشترباس کرا لە نیوەڕۆدا دەرچوە بۆ ماڵیئەبووبەکر، لەو شەوەدا واتە شەوی کۆبوونەوەکەی قورەیش لە (دار

الندوە) لە ماڵەکەی خۆی نەبوە، لەو شەوەدا نەک لە شەوی دواتردا، لەگەڵئەبووبەکر ڕۆیشتبن بۆ شاخی (پور) و چۆن ڕۆژێک و دوو شەو لە ماڵیئەبووبەکر دەمێنێتەوە، کە بزانێت گیانی لە مەترسییەکی گەورەدایە، بۆ خۆی وئەبووبەکریش، ئەمە زۆر دوورە لەتوندوتۆڵی و هیمەت و .دووربینییەوە، لە سەر عاقیبەت و دوائەنجامی هەر کارێک دەکەوێت
بەڵام عەلی وەک لە گێڕانەوەکەیدا هاتوە، کافرەکانی قورەیش لە دەرگاکەوە تەماشایان کردوە، وایان زانیوە محەمەدە، لەبەر ئەوەی بە جلەکانی محەمەد خۆی داپۆشیبوو، دەڵێن: بە خودا ئەمە محەمەدە کە جلەکانی لەسەرە، تا بەیانییان کردەوە و ڕۆژ ڕوون بوەوە، عەلی لە جێگەکەی هەڵسا، لەوێدا زانییان کە ئەوەی خەوتبوو محەمەد نەبوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا: کاتێک بەیانییان کردەوە، چوون بۆی وایانزانیوە پێغەمبەرە، کاتێک عەلییان بینی، گوتیان: کوا هاوڕێکەت؟ گوتی: نازانم. لە گێڕانەوەیەکدا: ئەوان لە دیوارەکەوە پەڕینەوە بۆی و چوونە ژوورەوە و شمشێرەکانیان بەدەستەوە بوو، عەلی بە دەموچاویاندا هەڵچوو، ناسیانن و گوتیان: ئەوە تۆیت؟ هاوڕێکەت لە کوێیە؟ گوتی: نازانم. لە گێڕانەوەیەکی تردا: کە پرسیاریان لێکردوە، کوا هاوڕێکەت؟گوتوویەتی: نازانم، فەرمانیان پێ کردوە کە لەگەڵیاندا دەربچێت و لێیان داوە و تێروپڕ کوتیویانە و تا بردوویانە بۆ مزگەوت و سەعاتێک زیندانییان کردوە و ئینجا بەرەڵایان کردوە و وازیان .لێهێناوە
ئەی خوێنەر بینیت، جلەکانی پێغەمبەر چی بە کافرەکانی قورەیش کردوە، ئەو جلە فەرەنجیئاسایە کافرەکانی بەدرێژایی شەو لەوێدا بەستوەتەوە و لەو شوێنە جێگیری کردوون تا بەیانی هاتوە ودونیا ڕوونبوەتەوە، بەو شێوەیە محەمەد توانیویەتی لەو شەوەوە بەهێمنی و دڵنیاییەوە دەربچێت، خۆی وئەبووبەکر چوون بۆ شاخی (ثور) و لەوێدا لە ئەشکەوتەکەدا خۆیان .شاردەوە
محەمەد بۆ ئەم ئامانجە نەبێت کە باسمان کرد، فەرمانی بە عەلی نەدەکرد، جلەکانی لەبەر بکات و لە جێگەکەی ئەو بخەوێت، بەڵام زانایانی ئیسلام دەڵێن: فەرمانی پێ کرد بۆ ئەوەی بە پیرۆزیی و بەرەکەتی جلەکانی لە فریوی قورەیشپڕزگاری ببێت، بەم عەقڵیەتە پوچەڵ و سەخیفە موسوڵمانان تەماشای گشت کاروبارە ئایینییەکانیان کردوە، کرۆک و جەوهەری ڕەسەنی ئایینیان ونکردوە، تا بەرە بەیانییان کردوەتەوە، جگە لە توێکڵەکەی هیچیان لە ئیسلام .پێ نییە
بەڵێ محەمەد کە فەرمانی بە عەلی کردوە بە جلەکەی ئەو خۆی داپۆشێ و پێی گوتوە: هیچ شتێکت لێ نایەت کە حەزی لێنەکەیت. بەڵام ئەو بۆ ئەوەی گوتوە، بەدڵنیایی و هێمنی بخەوێت، لەبەر ئەوەی دەزانێت،قورەیش لە کاتی خەوتندا بەدزییەوە نایکوژن، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا یەکناگرێتەوە کە بڕیاریان لە سەردابوو، بەڵکوو لە کاتی دەرچوونیدا دەیکوژن، کە دەربچێت و ببینن عەلییە نایکوژن، لەبەر ئەوەی دەیانەوێت محەمەد بکوژن نەک عەلی. ئەگەر بیزانییایە کەمترین خەتەر لە سەر عەلی دەبێت بۆ لەناوچوونی بەم شێوەیە، فەرمانی پێ نەدەکرد، بە جلەکانی ئەو خۆی داپۆشێت و لە جێگەکەی بخەوێت، بەڵکوو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، محەمەد دڵی نایەت بەو شێوەیە عەلی تووشی لەناوچوون بکات، کە ئەو خۆشەویستترین کەس بێت لە دڵیدا، لەبەر ئەوەی کورە مامی بوە و خۆی بەخێوی کردوە، دەستی بەهێزی بوە و لە کاروبارەکانیدا پشتی پێ بەستوە، بە هۆی باوەڕبوون و گوێڕایەڵیی .ڕەها و کوێرانەی عەلی بۆی

(31)
دەرچوون بۆ ئەشکەوتەکە و خۆشاردنەوە تێیدا
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئینجا پێغەمبەری خودا وئەبووبەکر پیاوێکیان لە (بەنی الدیل) بەکرێگرت، کە عەبدوڵڵای کوری ئەریقت بوو، دەڵێن کوری ئەریقت بوە، بۆ ئەوەی ڕێگەیان پیشان بدات بەرەو مەدینە و سەر شاخی (پور)یان بۆ دیاری کرد بۆ ئەوەی پاش سێ شەو لەوێدا چاویان بە یەك بکەوێت. دەڵێت: عایشە گوتی: ئینجا پێغەمبەری خودا و ئەبووبەکر لە شەودا چوون بۆ ئەشکەوتەکەی شاخی (ثور) وەک پێشتر باسمان کرد.لە ئەبی سەعدەوە

وەرگیراوە، دەڵێت: کاتێک لە ماڵ دەرچوو "واتە لە کاتی نیوەڕۆدا" ڕۆیشت بۆ ماڵیئەبووبەکر و لەوێ مایەوە تا شەو، ئینجا خۆی وئەبووبەکر چوون بۆ ئەشکەوتی (پور) و چوونە ژوورەوەی، دەرچوونیان لە شوێنێکەوە بوولە پشت ماڵیئەبووبەکرەوە. گوتی: ئەبووبەکر وای کرد کە جارێک لە پێش پێغەمبەرەوە بڕوات و جارێکی تریش لە دواوەی و جارێک لای ڕاستی و جارێکی تر لای چەپیەوە. پێغەمبەر لەو بارەوە پرسیاری لێکرد، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا بیر لە ڕوانگەی ئەوان دەکەمەوە، دەکەومە پێشەوەت و بیر لە داواکردنی ئەوان دەکەمەوە، دێمە پشتەوە و جارێک لای ڕاستت و جارێکیش لای چەپت،دڵنیانیم لە سەلامەتیت. گوتی: لە (دار الندوە) دا هاتوە کە پێغەمبەر ئەو شەوە لە سەر پەنجە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی پاشماوەی ڕۆیشتنی لە سەر زەوی بەجێ نەمێنێت، تا پێکانی تەنک بوەوە، واتە لە زۆرڕێکردندا پشتی ئازاری بینی، کاتێکئەبووبەکر ئەوەی بینی، کە ئازاری بینیوە و پێستی قاچی تەنك بوەتەوە، بە پشت هەڵیگرت، خێرای کردەوە تا لە دەمی ئەشکەوتەکە دایبەزاند، لە گوتنێکدا: پێغەمبەر نەگەییشتە ئەشکەوتەکە قاچی خوێنی لێهات. گوتی: لە قسەی سوهەیلی لەئەبووبەکرەوە
کەگوتوویەتی: تەماشای قاچی پێغەمبەری خودام کرد لە ئەشکەوتەکە خوێنی لێ دەتکا، هەندێکیان دەڵێن: وەک ئەوەی لە توندی و درشتیی شاخەکە هۆکاری ئەوە بوو بێت، ئەگینا دووریی شوێنەکە ئەوەندە نییە، بێیتە هۆکاری ئەوەی قاچی خوێنی لێبێت، یان لەوانەیە ڕێگەی ئەشکەوتەکەیان ون کردبێت و لە بەرەبەیاندا گەییشتبن بە ئەشکەوتەکە، گوتی: ئەو ماوەیە ئەوەندە نییە بەدرێژایی شەو ڕێیان کردبێت مەگەر ڕێگەی ئەشکەوتەکەیان ون کردبێت و ڕێگەکەیان دوور بووبێتەوە. ئەمەی بە کورتی باسمان کرد، بە وردی لەوەی سیرەی حەلەبیدا تێڕوانینیمان بۆ کرد، لە چۆنێتیی دەرچوونی بۆ ئەشکەوتەکە، ڕاستە و هیچ تەمومژێکی لە سەر نییە. گێرانەوەی تر هەیە کە عەقڵ هەڵیناگرێت و گواستنەوەیش لەگەڵیدا یەکناگرێت، بە پێی ئەو بەڵگە عەقڵییانەی لە ڕەوتی چیرۆکی دەرچوونی لە ماڵەکەیەوە بۆ ماڵیئەبووبەکر و دەرچوونی لەگەڵئەبووبەکردا بۆ ئەشکەوتەکە، لەبەر ئەوەوازمان لەباسکردنی هێنا. ئەگەر ویستت بزانیت چۆن ڕۆژانی خۆشاردنەوەیان لە ئەشکەوتەکە بە سەر بردوە، گوێ لە ئیبن ئیسحاق بگرە چی دەڵێت، دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا یەکلا بوەوە بۆ دەرچوون، هات بۆ لائیەبووبەکر کوڕی ئەبی قەحافە (واتە لە کاتی نیوەڕۆدا) دەرچوونو دواتر لە "واتە لە شەودا" لە لاڕێیەکی بندیواری پشتی ماڵەکەیئەبووبەکرەوە بۆی دەرچوون، ئینجا ڕووەو ئەشکەوتێک لە شاخی (ثور) - شاخێکە لە خوارووی مەککە-چوونە ژوورەوە،ئەبووبەکر فەرمانی بە عەبدوڵڵای کوڕیئەبووبەکر کرد، گوێبیستی قسەی خەڵک بێت چییان لە سەر دەڵێن لەو ڕۆژەدا و ئینجا بۆ ئێوارە بێت بۆ لایان لە ئەشکەوتەکە... ئەسمائی کچیئەبووبەکریش کە ئێوارەی لێدێت خۆراکیان بۆ دەهێنێت.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: پێغەمبەر لەگەڵئەبووبەکردا لە ئەشکەوتەکە سێ ڕۆژ مایەوە، قورەیش سەت حوشتریان کردە خەڵاتی ئەو کەسەی بیگرێت و بیگەڕێنێتەوە بۆیان. عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووبەکر بە ڕۆژ لەگەڵ قورەیشدا دەبێت و گوێبیستی فەرمانەکانیان دەبێت، چی دەڵێن لە سەر پێغەمبەری خودا وئەبووبەکر و، ئینجا کە ئێوارەی لێدێت، دێت بۆ لایان و هەواڵەکانیان پێ ڕادەگەیەنێت، عامر کوڕی فەهیرە بەخێکراویئەبووبەکر لە لەوەڕگەی خەڵکی مەککە شوانییدەکرد، کە ئێوارەی لێدێت، لە مەڕەکان سەردەپڕێت و لەگەڵ شیرەکەشیاندا گۆشتەکەیشیان پێ دەدات، کاتێک عەبدوڵڵای کوڕیئەبووبەکر دەگەڕێتەوە بۆ مەککە لای ئەوان بە ڕانەمەڕەکەی پشت خۆی دەخاتبۆ ئەوەی شوێنپێی دیار نەمێنێت.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: سێ شەو لە ئەشکەوتەکە مانەوە و عەبدوڵڵایش لایان مایەوە، کە مێردمنداڵێک بوە، زانیویەتی چی دەگوترێت، لە کاتێکدا تاریکی دادێت دەچێت بۆ لایان و لە سپێدەی بەیانی لایان دەردەچێت و دەگەڕێتەوە، لای قورەیش وا دەردەکەوێت کە لە ماڵەکەی خۆیان خەوتوە، گوێی لە هەموو شتێک دەبێت و لێی تێدەگات و بۆیان باس دەکات، عامر کوڕی فەهیرە بەردەستەیئەبووبەکر بەرهەمی مەڕەکانیئەبووبەکرەوە دەبات و لە کاتی شێواندا دەڕوات بۆ لایان ولایان دەمێنتەوە و، کاتێک ڕۆژدەبێتەوە دەردەچێت، واتە کاتێک عەبدوڵڵا دەردەچێت بە ڕانە مەڕەکەوە دوای دەکەوێت بۆ نەهێشتنی جێپێی، هەموو شەو و بەیانییەکی سێ ڕۆژەکە وا دەکات، ئەمەیش جێبەجێکردنی ڕێنماییئەبووبەکر بوە.
گوتی: لە (الدر) لە عایشەوە وەرگیراوە دەڵێت: کەس شوێنی ئەو ئەشکەوتەی نەزانیوە جگە لە عەبدوڵڵای کوڕیئەبووبەکر و ئەسمای کچیئەبووبەکر، کە دەڕۆیشتن بۆ ئەوێ، لەگەڵ عامر

کوری فەهیرە کە مەڕەکانی دەلەوەڕاند و دەچوو بۆ ئەوێ و شیرو گۆشتی پێ دەدان. گوتی: لە (الفصول المهمه) دا هاتوە: پێغەمبەری خودا سێ ڕۆژ و سێ شەو لەوێ مایەوە و قورەیشنەیاندەزانی لە کوێیە و ئەسمای کچیئەبووبەکر بە شەو خۆراک و خواردنەوەی بۆ دەبردن.

ئەمەیە ئەو ژیانەی لە ئەشکەوتەکەدا بەسەریان بردوە و، هیچ هیلاکی و تەنگوچەڵەمەیەکی تێدا نییە، نە تینوێتی و نە برسێتییان بینیوە، ئەوەیش لەبەر کار و چاکەیئەبووبەکر و عەبدوڵڵای کوری و ئەسمای کچی و عامری کوری فەهیرەی لایەنگر و پەردەستەی، ئەگەر شتێکی تێدا بێت، ئەویش ترس بوە لە داواکردن و گرتنیان و هیچی تر. بەڵێ ژیانێکی شارستانی نەبوە، بەڵکوو ژیانێکی ئەوتۆبوە وەک ئەو کاتەی، خەڵک لە ئەشکەوت و شکەفتەکاندا دەژیان.

ئەوەی ماوەتەوە، باسی هەندێک گێڕانەوەی لە بارەی دار و جاڵجاڵۆکە و دوو کۆترەکەیە، کە ئیبن ئیسحاق هیچی لەو بارەوە نەگوتوە.

حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: کاتێک پێغەمبەری خودا وئەبووبەکر چوونە ئەشکەوتەکەوە، خودا فەرمانی بە دارەکە کرد، دەڵێن لەو درەختە ڕەشانە یان کاڵانە بوە" کە لە دەمی ئەشکەوتەکەدا سەوز بوە، بە لقەکانی داپۆشیوە، هەندێکیان دەڵێن: لە دووریی بەردەم ئەشکەوتەکەدا بوە و، پێغەمبەری خودا بانگی کردوە ودرەختەکە لێی نزیکبوەتەوە تا گەیشتوەتە دەرگای ئەشکەوتەکە و وەک وەستانی مرۆڤ ڕاوەستاوە. دەڵێم: وا لە قسەکەی تێدەگەین (لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەسەوز بوە بۆ ئەوەی داپۆشێت) و وەک دەرگای لێهاتوە، لقەکانی ئەوەندە چڕ بوون و بەیەکداچوون کە ئەشکەوتەکەی لە نێواندا دیار نەبوە.ئەگەر وا نەبێت چۆن داپۆشیوە، دواتر لە قسەکانی قورەیشدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، لەو کاتەی هاتن بۆ شاخی (پور) بۆ دۆزینەوەی، زۆر شت دەڵێن کە ناکۆکە لەگەڵ ئەم قسانەدا. ئەگەرئەم هەواڵە ڕاست بێت، کە دوورە لە ڕاستییەوە، دەڵێین: لەوانەیە دارەکە پێشتر لەوێدا ڕوابێت نەک پاش چوونە ناو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام حیکایەتخوانان گۆڕانکاری و زیادەڕەوییان تێدا کردوە، وەک لە گێڕانەوەی دوەمدا هات، کە باس لەوە کرا پێش هاتنیان سەوز بوە، بەڵام لە ئەشکەوتەکەوە دوور بوە، پێغەمبەری خودا بانگی کردوە و هاتوە و لە دەرگای ئەشکەوتەکەدا وەستاوە، خاوەنی گێڕانەوەی یەکەم، زیادەڕەویی کردوە لە باسی ڕواندنی دارەکە، دەڵێت: پاش چوونە ئەشکەوتەکەوە لەوێ سەوز بوە، خاوەنی گێڕانەوەی دوەم، لە نزیکبوونەوەی بۆ ئەشکەوتەکە زیادەڕۆیی کردوە، گوتی: پێغەمبەری خودا بانگی کرد، ئەویش واتە درەختەکە هات بۆ لای، وەک چۆن زیادەڕۆییان لە ماوەی خۆشاردنەوەیان لە ئەشکەوتەکەدا کردوە و،گوتوویانە چەند دە ڕۆژێک بوە. لە چەند گێڕانەوەیەکدا لە درێژەی قسە لە سەر ئەمە،وا جیاوازیی تێدایە.گوتوویەتی: چەند دە ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێکەمدا لە ئەشکەوتەکەدا مامەوە و هیچ خواردنێکم لا نەبوو، جگە لە بەرهەمی خۆرسکی شاخاوی.

ئیبن عەبدولبیر دەڵێت: ئەمە، واتە ئەم قسەیە، کە هەردووکیان چەند دە ڕۆژێک لە ئەشکەوتەکەدا مابنەوە، لایزانایانی فەرمووده ڕاستنییە.

دەڵێم: بەڵام چنینی دەزوولەی جاڵجاڵۆکەلە نێوان لقەکانی دارەکە، دەشێت وابێت، لەبەر ئەوەی دەتوانێت لە ماوەی سەعاتێکدا دەزوولەیەکی زۆر بچنێت، بەڵام وەک ئەوەی چنینی چوار ساڵ کۆبووبێتەوە، زیادەڕەوییە. ئینجا چنینی عەنکەبووت لە سەر ئەشکەوتێک کە پیاوێک خۆی تێدا شاردبێتەوە، هیچ لە سروشت بەدەر نییە، جاڵجاڵۆکە لە سەر عەبدوڵڵای کوری ئەنیس چنینی کردبێت، لەو کاتەی پێغەمبەر ناردبێتی بۆ کوشتنی سوفیان کوری خالید کە بە فێڵەوە کوشتی و سەری پڕی، بردی بۆ ئەشکەوت لە شاخەکە و لەوێ مایەوە، تا داواکردنی بەدواداگەڕانیان نەما و جاڵجاڵۆکە هات و چنینی لەو ئەشکەوتەدا کرد، کە تێیدا ماوەتەوە. ئەم چیرۆکە لە نووسینی "ڕاست و درۆ"باس کرا، ئەگەر دەتەوێت لەوێدا تەماشای بکە. گوتی: خودا فەرمانی بە دوو کۆتری شاخاوی کردوە، لەبەردەم ئەشکەوتەکەدا وەستان و هێلکەیان کرد و بەچکەیشیان بوو.

دەڵێم: وەستانی دوو کۆترەکە لە دەمی ئەشکەوتەکە بێت ئەمە دەشێت و، کارێکی نامۆ نییە و، لە دەرەوەی سروشتیش نییە، بەڵام کە هێلکەیان کردبێت و جوجەڵەیان بووبێت، زیادەڕۆییە. لەبەر ئەوەی ماوەی سێ شەو ئەو ئەگەرە هەڵناگرێت، خاوەنی ئەم شیعرە ئاماژەی بە کۆتر و جاڵجاڵۆکەکەی کردوە، دەڵێت:

وحمتـــه حمـامـــه ورقـــاو أخـرجـوه منـها وێواه غـــار

ما كفتــه الحمامـــه الحصــداو وكفـــته بنسجهــا عنكبوت
باسی کۆتر و جاڵجاڵۆکەی کردوە و باسی دارەکەی نەکردوە، بەمە بێت چنینی جاڵجاڵۆکەکە لە دەمی ئەشکەوتەکەدا بوە، نەک لە نێوان لقەکانی دارەکە، وەک باسیانکردوە. بە باسی یەک کۆترەوە وەستاوە و نەک دوو کۆتر. لەوێشدا باسی ئەوەی نەکردوە هێلکەی کردبێت و جوجەڵەی بووبێت، ئەمەیش وا دەگەیەنێت کە ئەم هەواڵانە لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانانە، لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق لە سیرەی هشامیدا نییە.
لێرەدا گونجاوە باسی ئەو شتانە بکەین کەلە لایەن قورەیشەوە گوتراوە، لە سەر چۆنێتی و کاتی دەرچوونیان بۆ دۆزینەوەی محەمەد، پاش ئەوەی زانییان لە مەککە نەماوە.
خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: کافرەکان کاتێک پێغەمبەر لێیان ونبوو زۆریان پێ ناخۆش بوو، لەم کارە ترسان، مەککەیان سەروبن کرد و، خەڵکیان نارد بۆ دۆزینەوەی شوێنپێی "شوێنپێزان"یان نارد، بۆ هەر جێگەیەک بەدوایدا دەگەڕان، شوێنپێیان بەرەو شاخی (پور) بەدیکرد. گوتی: گەنجانی قورەیش لە هەر زگێک واتە لقێکیان بە دار و شمشێرەوە هاتن، کاتێک گەنجانی قورەیش لە دووریی چل دەست بوون لە ئەشکەوتەکەوە، هەندێکیان بەخێرایی ڕۆیشتن بۆ ئەوەی تەماشای ئەشکەوتەکەبکەن، جگە لە دوو کۆتری شاخاوی و ماڵی جاڵجاڵۆکە، هیچیان نەبینی، گوتیان: کەسی تێدا نییە، پێغەمبەر ئەمەی بیست زانیی کە خودای باڵا پارێزگاری لێدەکات و لە خەتەر دووری دەخاتەوە. لە گێڕانەوەیەکدا: کاتێک گەییشتنە دەمی ئەشکەوتەکە، یەکێکیان گوتی: بچنە ژوورەوە، ئومەیە کوڕی خەڵەف گوتی: چی پێویستییەکتان بە ئەشکەوتەکە هەیە و نیازتان چییە لەوە، کە دەبینن جاڵجاڵۆکەی وای لەسەرە کە مەرج نییە پێش لەدایکبوونی محەمەدە لێرەنەبووبێت. گوتی: ئینجا هاتە بەردەم ئەشکەوتەکە و میزی کرد،ئەبووبەکر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا دەمانبینێت، پێغەمبەری خودا گوتی: ئەیئەبووبەکر ئەگەر بمانبینێت ئەمە ناکات و واتە بەو شێوەیە میزناکات. لە هەندێک گێڕانەوەدا، ئەگەر ئەوانی ببینایە، ئەندامنێرینەی واتە چوکی دەرنەدەکرد و میزبکات،ئەبووجەهلگوتوویەتی: بە خودا وەک من هەست دەکەم لێمان نزیکە و دەمانبینێت، بەڵام هەندێک سیحر بەرچاوی گرتووین، ئینجا لێیاندا و ڕۆیشتن.
بەڵام ئیبن ئیسحاق هیچ شتێک لەو بارەیەوە ناڵێت، جگە لەوەی قسە لە سەر ئەسمای کچیئەبووبەکر دەکات کەگوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا وئەبووبەکر دەرچوون، دەرچووم بۆ لایان، گوتیان: کوا باوکت ئەی کچیئەبووبەکر؟ دەڵێت: گوتوومە بە خودا نازانم باوکم لە کوێیە، گوتی: ئەبووجەهل دەستی بەرزکردەوە، کەپیاوێکی پیسی بەدڕەوشتی خراپەکار بوو، شەپازلەیەکی لە بناگوێی دام و گوارەکەی خستم، گوتی: ئینجا ڕۆیشتن.

تێبینی: لە قسەکانی خاوەنی سیرەی حەلەبی تێدەگەین کە دەڵێت: (کاتێک گەنجانی قورەیش لە دووریی چل دەست بوون لە ئەشکەوتەکەوە، هەندێکیان بەخێرایی چوون تەماشای ئەشکەوتەکەبکەن). گەنجەکانی قورەیش لە دووریی چل دەستەوە ئەشکەوتەکەیان بینیوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دەربارەی دارەکە یەکناگرێتەوە کە لە دەمی ئەشکەوتەکە سەوز بوە و داپۆشیوە، ئەگەر دەمی ئەشکەوتەکە بە لقی دارەکە و بە چنینی جاڵجاڵۆکە داپۆشرابێت، لە سەر یەک کۆبوەتەوە -وەک دەڵێت-چۆن لە دووریی چل دەستەوە بینراوە!
هەروەها لە قسەی ئومەیەی کوڕی خەلەفدا وا دەردەکەوێت: (جاڵجاڵۆکەیەکی لەسەرە کە هیی پێش لەدایکبوونی محەمەدە). ئومەیە وای دەرخستوە کە بە بوونی چنینی جاڵجاڵۆکە هیچ کەسێک نەچوەتە نێو ئەشکەوتەکەوە، ئەگەر یەکێک چووبێتە ژوورەوە، چنینەکەی تێک دەدا، بۆیە پێی گوتن: (ترسی چیتان هەیە لە ئەشکەوتەکە).
ئەمە لەگەڵ ئەو قسانەدا ناکۆکە کە لە سەر ژیانی محەمەد وئەبووبەکر لە ماوەی خۆشاردنەوەی لە ئەشکەوتەکەدا بردوویەتیە سەر، گوتمان ئەسمای کچیئەبووبەکر خۆراک و خواردنەوەی بۆ بردوون، لەمەیشدا بۆ ئەوەی خۆراکەکەیان بۆ بهێنێت یان دەچێتە ژوورەوەی ئەشکەوتەکە یان دەبێت هەردووکیان دەربچنە دەرەوەی ئەشکەوتەکە، یان هەر هیچ نەبێت یەکێکیان دەربچن، لەگەڵ ئەوەیشدا چنینی جاڵجاڵۆکەکە نەپچڕاوە؟ هەروەها عەبدوڵڵای کوڕیئەبووبەکر هەواڵی قورەیش دەهێنێت بۆیان و لایان دەمێنێتەوە و ئینجا بەدزییەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەککە، بێگومان لای ئەوان دەمێنێتەوە و دێت و دەچێتەوە بۆ ئەشکەوتەکە، شیری مەڕەکان و لە کاتی سەرپڕینیان گۆشتیشی دەدانێ -وەک لە قسەکانی ئیبن ئیسحاقدا هاتوە- چۆن دەیاندۆشینو سەریان دەپڕین، ئەگەر لە ئەشکەوتەکە دەرنەچووبن، ئەگەر بڵێین: عامر

مەڕەکانی دۆشیوە و سەرپەرشتیان کردووە، بەسەرهاتی بێکەشفیبوون، چۆن ئەوەی دەیدۆشی لە شیرەکە دەیانداتێ و دەچێتە لایان، ئەگەر نەچووبێتە ژوورەوە بۆ ئەشکەوتەکە یان ئەوان دەرنەچووبن لەوێ بۆ لای ئەو؟ چوونە ژوورەوە و دەرچوون لە ئەشکەوتەکە، وەک لەمەدا دەردەکەوێت لە هەر ڕۆژێکدا چەندین جار ڕوویداوە، ئەی چۆن چنینی جاڵجاڵۆکەکە بێ پچران بە پارێزراوی ماوەتەوە، کە ئومەیەی کوڕی خەڵەف بیبینێت و لەوە بزانێت کە ئەشکەوتەکە لە پێش لەدایکبوونی محەمەدەوە کەس نەچوەتە ژوورەوەی، ئەمە جگە لە دروستکردن و هەڵبەستن،هیچی تر نییە.
ئەوەی دەیبینین داواکردن و بەدواکەوتنی محەمەدەلە لایەن قورەیشەوە -ئەگەر ڕووی دا بێت- لە شاخی (ثور) لە خوارووی مەککە ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە سەرووی مەککە ڕووی داوە. لەبەر ئەوەی قورەیش دەیزانی کە محەمەد ڕابکات، ڕوو لە مەدینە دەکات، کە لە سەرووی مەککەوەیەو ڕێگەیش بۆ ئەوێ لە سەرووی مەککەوەیە نەک لە خوارووییەوە، شاخی (ثور) لە پشت مەککە لە ڕێگەی یەمەنە، واتە لە لای خوارووییەوە، دوورە کە قورەیش لەولاوە بە دووی محەمەد کەوتبن، محەمەد شاخی (ثور)ی هەڵنەدەبژارد ئەگەر بۆ ئەم حیکمەتە نەبێت.
دەرچوون لە ئەشکەوتەکە
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئەگەر سێ ڕۆژیش ڕۆیشتبێت و خەڵک بێدەنگ بووبێت لە ئاستیاندا، هاوڕێیەکەیان کە پێشتر بەکرێیان گرت بە هەر دوو حوشترەکە و حوشترێکی خۆیشیەوە هات بۆ لایان. ئەویش عەبدوڵلای کوڕی ئەریقت، دیلی لە بەنی ئەلدیل بوو، لە سەر ئایینی قورەیش بوو، واتە موشریک بوە، وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئەسمای کچیئەبووبەکر بەسەفەرتاسەوە هاتوە بۆ لایان (سەفەرتاس لە بنەڕەتدا بۆ سەفەر دروستکراوە ئینجا بۆ خواردن بەکارهێنراوە)، لە بیری چوە کە (پەت) بەستەرەوەکەی لەگەڵدا ببات، کاتێک دەرچوون، ڕۆیشت بۆ ئەوەی سەفەرتاسەکە هەڵبواسێت، ئەوەی بەبیر هاتەوە کە بەستەرەوەکەی لەبیرچوە و پشتوێنەکەی کردەوە و پێی بەست و بەوەوە هەڵیواسی، بۆیە بە ئەسمای کچیئەبووبەکری گوتوەک خاوەن پشتوێنەکە. ئیبن هشام گوتی: چەند کەسێکم لە خەڵکی زانا بینی و بیستم کە دەڵێن: خاوەن پشتوێنەکە: شیکردنەوەی: کە ویستی سەفەرتاسەکە هەڵبواسێت پشتوێنەکەی کرد بە دوو بەشەوە، یەکێکی سەفەرتاسەکەی پێ هەڵواسی و ئەوی تریش کەمەری پێ بەست.
ئینجا ئیسحاق دەڵێت: کاتێکئەبووبەکر حوشترەکانی لە پێغەمبەری خودا نزیک کردەوە، باشترینیانی پێشکەش کرد، ئینجا گوتی: سواربە باوک و دایکم بە قوربانت بن، پێغەمبەری خودا گوتی: من سواری حوشترێک نابم هیی خۆم نەبێت، گوتی: ئەمەیش هیی تۆیە ئەی پێغەمبەری خودا، تۆ دایک و باوکمی، گوتی: نەخێر، بەڵام بەچەند کڕیت؟ گوتی: ئەوەندە و ئەوەندە. گوتی: بەوەندەم برد، واتە کڕیم. گوتی: تەواو بۆ تۆیە ئەی پێغەمبەری خودا، سواربوون و بۆی دەرچوون،ئەبووبەکریش عامری کوڕی فەهیرەی بەردەستە و لایەنگری لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ئەوەی لە ڕێگە خزمەتیان بکات.
ئەم دەستەواژەیەی ئیبن ئیسحاق هیچ کاتێک بۆ کۆچکردنەکەی دانەناوە، ئایا لە شەوی سێیەم بوە یان لە بەیانییەکەی، یان لە شەوی چوارەمدا. خاوەنی سیرەی حەلەبی لە( در المنثور)دا بۆمان دەگوێزێتەوە کە لە شەوی سێیەمدا بوە، وەک لە بەشێکی ئەو کتێبەی (الفصول المهمە)دا گواستوویەتیەوە. دەڵێت پاش ڕۆیشتنی سەعاتێک بە سەر شەوی چوارەمدا بوە. وەک لە بوخاریدا وا فەرزی کردوە، کە لە بەیانییەکەی شەوی سێیەمدا بوە. بێگومان حاڵەتەکە وا فەرزی کردوە، کە کۆچکردنەکە لە شەودا بێت، لەبەر ئەوەی کۆچکردن لە بەیانی و ڕۆژدا بێت ڕووبەڕووی خەتەری داواکردنیان لە لایەن قورەیشەوە دەبن. ڕۆیشتنیان لە تاریکاییی شەودا زیاتر مایەی ڕزگاربوونە. هەر چۆنێک بێت، کۆچکەرانی ئەشکەوتی ( ثور) چوار پیاو بوون لە سەر سێ حوشتردا، وەک لە قسەی ئیبن ئیسحاق تێدەگەین، یەکێکیان محەمەد بوە لە سەر حوشترێک و ڕێبەرەکە لە حوشترێک و سێیەم و چوارەمئەبووبەکر و عامری کوڕی فەهیرەی بەردەستی لە سەر حوشترێکی تر.
بەڵام لای بوخاری وا هاتوە: ئەبووبەکر و پێغەمبەر لە سەر یەک حوشتر بوون، لە گێڕانەوەکەدا وا هاتوە: پێغەمبەر لەگەڵئەبووبەکردا سواری حوشترەکەیئەبووبەکر بوون. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: هیچ جیاوازییەک نییە لەوێدا، لەوانەیە پێغەمبەر جارێک لەگەڵئەبووبەکردا سواری حوشترەکەیئەبووبەکر بوبێت و جارێکیش سواری حوشترەکەی خۆی بوە، ئەوەیش لە ڕێگەدا بوە، لەوێیشدا پێغەمبەری خودا یان عامری کوڕی فەهیرە سواری حوشترەکەی خۆی

.کردوە یان کەسی سوار نەکردوە، بۆ ئەوەی حوشترەکە پشوو بدات
ئەوەی ئیبن هشام لە سیرەکەیدا بۆی چوە، پشتگیری لە خاوەنی سیرەی حەلەبی دەکات. لە سەر ئەو ڕێگەیەی کە گرتوویانەتە بەر، بە ڕێپیشاندانی ڕێبەرەکەیان، دەڵێت: لە (العرج) دابەزاندن (شوێنێکە لە نێوان مەککە و مەدینە و لە مەدینەوە نزیکترە) هەندێک لەوانەی پشتی پێغەمبەر بوون هاتن بۆ لایان. پیاوێک پێغەمبەری خودای لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت، موسوڵمان بوو پێی دەگوترا: ئەوسی کوڕی حەجەر، لە سەر حوشترەکەی داینا بۆ مەدینە و غوڵامێکی لەگەڵدا نارد، پێی دەڵێن: مەسعوود کوڕی هنیدە، لەوەدا تێدەگەیت، کە دەڵێت: "هەندێک لە خزمی پشتیی هاتن بۆ لایان" حوشترەکەی پێغەمبەر لە ڕێگەدا هیلاک بوو،ئەویش دابەزی لەسەری، ئەو پیاوەی باسیکردوە بە حوشترێکی خۆی ناردی بۆ مەدینە، لەوانەیە پێش ئەوەی .ئەم پیاوە سەربخات، خۆی وئەبووبەکر لە سەر یەک حوشتر بووبن
ئەم هەواڵەی کە ئیبن هشام باسی کرد شتێکم دەهێنێتەوە یاد، ئەوەی گێرەوان باسیان کردوە لە سەر سەفەرەکەی محەمەد بۆ شام، لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی خەدیجە، لە سەر چیرۆکی ئەو دوو حوشترەی کە هیلاک بوون و لە ڕێگا بەجێمان، لە سەر ئەو سەفەرە دەڵێن: "پێش ئەوەی بگەنە بەسرا دوو حوشتری خەدیجە هیلاک بوون، مەیسەرە لەگەڵیاندا مایەوە و پێغەمبەری خودا لە سەرەتای کاروانەکە بوو. مەیسەرە لە خۆی ترسا و لە سەر دوو حوشترەکەیش، دەرچوو چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا، هەواڵی هیلاکبوونی حوشترەکەی پێ گوت، پێغەمبەری خودا هات بۆ لای دوو حوشترەکە، دەستی خستە سەر شانیان، لە سەری خوێندن، بە غارکردن دەرچوون بۆ سەرەتای کاروانەکە. بێگومان ئەو هەواڵەی لە ئیبن هشامەوە .گواستمانەوە، ئەمە بە درۆ دەخاتەوە

(32)
چیرۆکی سوراقە کوڕی مالیک
گرینگترین شت کە حیکایەتخوانان لەو سەفەرەی کۆچکردنی محەمەد لە مەککەوەبۆ مەدینە باسیان کردبێت، چیرۆکی سوراقەی کوڕی مالیکە. ئەوەتا ئێمە هێناومانە قسەی لە سەر دەکەین و ساختەی گێڕانەوەی حیکایەتخوانان دەردەخەین، ئەمەیش ئەوە دەسەلمێنێت کە قورئان لە سەر محەمەدگوتوویەتی: {قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ يُوحَى إِلَيَّ} [فصلت: 6]. واتە: .بڵێ منیش مرۆڤێکم وەکو ئێوە، وەحیم بۆ دێت
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: زوهری پێی گوتم،عەبدولڕەحمان کوڕی مالیک کوڕی جەشعەم قسەی بۆ کردوە، ئەویش لە باوکییەوە وەریگرتوە و ئەویش لە سوراقەی کوڕی مالیکی مامییەوە،گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەر لە مەککە دەرچوو و کۆچی کرد بۆ مەدینە، قورەیش خەڵاتی سەت حوشتری بۆ ئەو کەسە دانا بیگرێت و بیگێڕێتەوە بۆ لایان، گوتی: لەو کاتەدا کە من لە یانەی قەومەکەم دانیشتبووم، پیاوێک لە خۆمان هات و لامان وەستا، گوتی: بە خودا ئێستا سێ سوار بە لامدا ڕەتبوون، وابزانم محەمەد و هاوەڵانی بوون، گوتی: چاوم لێداگرت، بۆ ئەوەی قسە نەکات، ئینجا گوتم: ئەوانە لە بەنو فلان بوون شتێکیان پێ بوە. گوتی: لەوانەیە. ئینجا بێدەنگ بوو. گوتی: تۆزێک وەستام، ئینجا هەستام و ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، بە ئەسپەکەم ڕۆیشتم تا گەییشتمە ناوەڕاستی دۆڵەکە و چەکەکەمپێ بوو لە پشتەوەی خانوەکەمەوە دەرچووم و بەردەستێکەم برد کە پێی تێژ دەکەم و دەرچووم و جلەکانم لەبەر کرد و کەلانەکەیشم برد و ئینجا کەوانەکەم دەرهێنا کە ڕامکێشا تیرێک دەرچوو، کە زۆرم ڕق لێ بوو(هیچ زەرەری نابێت) گوتی: ئومێدەواربووم بیگەڕێنمەوە بۆ قورەیش تا سەت حوشترەکە بەرمەوە، شوێنپێیانم هەڵگرت، کە ئەسپەکەم توند دەرچوو، لەوێدا گلام، وتم ئەوە چیە؟ وتی ئینجا کەوانەکەم دەرکرد و لە خۆیەوە تیرێک دەرچوو کە حەزم نەکرد، نەوەستام تا دوای کەوتم، گوتی: پاش ئەوە سواربووم و دوای کەوتم تا قەومەکەم لا دەرکەوتن، ئەسپەکە هەڵیبەزاندم و هەر دوو دەستی نغرۆ بوون لە زەوییەکەدا و کەوتم و ئینجا دەستەکانیم دەرهێنا، کە دوکەڵێک وەک گەردەلوول بەدوایدا هات، گوتی: کە ئەوەم بینی، زانیم ناتوانم بیگرم و ئەو پارێزراوە لێم، ئینجا دەرکەوتنەوە، گوتی: بانگی قەومەکەم کرد، گوتم من سوراقەی کوڕی جەشعەمم تەماشامبکەن، قسەتان لەگەڵدا دەکەم، بە خودا هیچ ترسێکتان نەبێت، شتێکی خراپ لە منەوە نابینن کە بە دڵتان نەبێت. گوتی: پێغەمبەر بەئەبووبەکری گوت، پێی بڵێ چیت دەوێت

لێمان،ئەویش ئەوەی گوت، گوتی، گوتم: نووسراوێکم بۆ دەنووسی کە بەندێک ئایەتێک بێت لە نێوانماندا، گوتی: ئەبووبەکر بۆی بنووسە.نووسراوێکی لە سەر ئێسک بۆ نووسیم، یان لە سەر پارچەیەك، یان لە سەر گڵێنە (فەخفوری) یەک بۆی نووسیم و بۆی فڕێدام، بردم و خستمە .هەگبەمەوە، گەڕامەوە، بێدەنگ بووم هیچم لەو بارەوە نەگوت، تا کۆتاییی باسەکە
لە گێڕانەوەی خەڵکی تردا، جگە لە ئیبن ئیسحاق لە سوراقەوە،گوتوویەتی: کافرەکانی قورەیش نێرراویان هات بۆ لامان کە دەیانەوێت، ئەگەر هەر کەسێك بە کوژراوی یان دیلکراوی بیانگرێت و بیانگەڕێنێتەوە، دوو خەڵات وەردەگرێت.من لەوکاتەدا لە نێو دانیشتنێکی قەومی (بني مدلج)دا لە قەدید (شوێنێکە لە ڕابغەوە نزیکە)بووم، پیاوێک هات و لامان وەستا کە ئێمە دانیشتبووین، گوتی: ئەی سوراقە من کۆمەڵێک کەسم بینی لەو قەراغانە، وای دەبینم محەمەد و هاوەڵانی بن، سوراقە گوتی: زانیت کە ئەوانن؟ گوتم: ئەوان نین، تۆ فڵان و فڵانت بینیوە کە بە مۆڵەتی ئێمە دەرچوون، شتێکیان لێ ون بوەو بە دوایدا دەگەڕێن، ئینجا سەعاتێک لەوێ مامەوە، دوای ئەوە ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، بە کەنیزەکەکەم گوت ئەسپەکەم بۆ دەربهێنێ بۆ ناو دۆڵەکە و لەوێ بۆم ببەستێتەوە، ڕمەکەم برد و لە پشتەوەی ماڵەوە دەرچووم، سەری ڕمەکەم نزم کردەوە (واتە لە سەرەوە گرتم و خوارەوەی لە زەویدا بوو بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت). خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: لەبەر ئەوە وای کردوە بۆ ئەوەی خەڵاتەکە بباتەوە، بۆ ئەوەی کەسێکی تر لە قەومەکەی هاوبەشی نەکەن، بۆ دەرچوون لەگەڵیدا بۆ کوشتنیان یان بەدیلگرتنیان. گوتی: پاشان لە گێڕانەوەکەی زیادکردوە، ئینجا دەرچووم و خۆمم لەبەر کرد و ڕمەکەم ڕاکێشا بۆ ئەوەی ئەهلی...هتد. واتە قەومەکەی بەشداری نەکەن لە دیارییەکەدا، واتە خەڵاتەکە. لەوێیشداله سەرپرۆیشت و دەڵێت، دەرچووم و جلەکەم لەبەر کرد و ڕمەکەم لە دوای خۆم ڕادەکێشا بۆ ئەوەی ئەهلی ئاو، واتە قەومەکەم بەشداریم لەگەڵدا .نەکەن
لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: پاش ئەوەی باسی کەوتنەکەی لە سەر ئەسپەکەی کرد، دەڵێت: کە هەڵسام و دەستم ڕاکێشا بۆ کەلانەکەم و هەگبەکەم و ڕمەکەم ڕاکێشا لە زەوییەکەم دا، ئەوەی ڕقم لێیە دەرکەوت (بەرنەکەوتنیان و لەسەریان نووسرابوو بکە و نەکە و، بە یەکەم دەڵێت فەرمان بکە و بە دوەم دەڵێت ڕەتی بکەرەوە) لە سیرەی حەلەبیدا دیسان دەڵێت:
پێغەمبەری خودا بەئەبووبەکری گوت: پێی بڵێ چیت دەوێت؟ وەستان، پێم ڕاگەیاند، کە خەڵک چییان لێی دەوێت، لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت: ئەی دوانەکە من بانگەشەی خودای ئێوە دەکەم و ناگەڕێمەوە بۆ لای ئێوە. وامکرد و ئەسپەکەم دەرچوو، گوتی: سواری ئەسپەکەم بووم تا هاتم بۆ لایان، گوتم: قەومەکەت سەرانەیان بۆت داناوە (واتە خەڵات) بۆ گرتنت، سەت حوشتر بۆ ئەو کەسەی دەتکوژێت یان بەدیل دەتگرێت. گوتی: لەو گێڕانەوەیەدا هاتوە کە پێیان گوتوە: ئەو تیرە لە هەگبەکەم ببەن و مەڕوماڵاتەکەم و حوشترەکەم لەوێیە و لەوێیە، چیتان دەوێت لێی بەرن، گوتیان: وازمان لێ بهێنە، گوتی: وازم هێنا. لە گێڕانەوەیەکی تردا پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: ئەی سوراقە، ئەگەر ئایینی ئیسلامت ناوێت، من حوشتر و مەڕوماڵاتی خۆم ناوێت. گوتی: لە گێڕانەوەیەکدا: کاتێک گەییشت پێیان، پێغەمبەری خودا گوتی: خودایە بیخە بە لادا، ئەسپەکەی خستم، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چیت دەوێت فەرمانم پێ بکە، گوتی: لە شوێنی خۆت بوەستە و مەهێڵە کەس پێمان بگات. سوراقە گوتی: پرسیارم لێ کرد کە نووسراوی دڵنیاییم بۆ بنووسێت، لەبەر ئەوەی چوەدڵمەوە پاش ئەوەیتووشی ئەو گرێبەستنە هاتم، بەمە کاری پێغەمبەری خودا دەردەکەوێت. گوتی: لە (السبعيات) -ناوی کتێبێکە- سوراقەگوتوویەتی: ئەی محەمەد من دەزانم کە کارەکەت دەردەکەوێت و ملی خەڵک دەکەوێتە دەستت، پەیمانم پێ بدە، ڕۆژێک هاتم بۆ لات لە شوێنەکەت ڕێزم بگرە. فەرمانی بە عامری کوری فەهیرە کرد، لە لایەکی تر دەڵێن فەرمانی بەئەبووبەکر کردوە، کە لە سەر پارچەیەک ئێسک یان لە سەر گڵێنەیەک بۆی نووسیم، گوتی: کاتێک ویستی بڕوات، پێغەمبەری خودا پێی گوت: چیت دەوێت ئەی سوراقە ئەگەر بازنەکانی کیسرا لە دەست بکەیت. گوتی: کیسرای کوری هرمز، گوتی: بەڵێ. گوتی: کاتێک سوراقە گەڕایەوە، هیچ داوا و پرسیاری کەسی وەڵام نەدایەوە و هیچ کەسێکی نەبینی و هەموانی ڕەتکردەوە، دواترگوتوویەتی: کونوقوژبنی ڕێگەکە گەڕام، کەسم نەدی ونەدۆزییەوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا، بە کۆمەڵێکی قورەیشی کە دەرچوون بۆ ئەوەی پێغەمبەری خودا بگرن گوتوە، ئێوە ڕۆیشتنی منتان لە ڕێگە بینیوە کە چۆنە، ڕۆیشتم و کەسم نەبینی، ئەوانیش گەڕانەوە. گوتی: سوراقە بۆ بەیانیی ئەو ڕۆژە هەواڵی گرتنی پێغەمبەری دا و

.لە کۆتاییی ڕۆژدا بوو بە چەکێک بۆی، واتە بوە چەکی پێغەمبەر
لە گێڕانەوەیەکدا سوراقەگوتوویەتی: دەرچووم و لە خەڵک زیاتر پێم خۆش بوو بیانگرم، بەڵام کە گەڕامەوەمن لە هەموان زیاتر حەزمدەکرد کە کەس جێگەیان نەزانێت.
ئەمە چیرۆکی سوراقەی کوری مالیکی مەدلەجییە. دەتوانین سێ کەیسی لێ هەڵبهێنجین، کە هیچ گومانی تێدا نییە، کەیسی یەکەم: سوراقە بە دوای محەمەددا چوو بۆ گرتنی، دوەم: ئەو لەبەر ئەوە نەچوو بۆ ئەوەی بیگرێت لەبەر ئەوەی دوژمنایەتیی کەسی یان ئایینی یان نەتەوەیی لەگەڵدا هەبوویێت، بەڵکوو لەبەر تەماحی پارەکە بوە کە قورەیش بۆ گەڕانەوەی دایاننابوو، کە سەت حوشتر بوو. سێیەم: کاتێک گەڕایەوە، پاش ئەوەی بوو بە هاوڕێی و ڕەتیکردەوە کە بینیبێتی و داواکاریی خۆی کرد و ئەوانەی بە دوایدا دەگەڕان گەڕاندەوە، سەرەڕای ئەوەی باوەڕی پێنەکرد و نەبوو بە موسوڵمان.
ئینجا دەبینین کە سوراقە ویستویەتی خۆی بە تەنها ئەو پارەیە بەرێت بۆ خۆی (واتە حوشترەکان)و کەس لە قەومەکەی هاوبەشی نەکات، بۆیە ئەو فێڵەی لەو کەسە کرد کە هەواڵی بینینی محەمەد و هاوڕێکانی هێنا بوو، گوتی ئەوانە نین، بەڵکوو تۆ فڵان و فڵانت بینیوە کە دەرچوون بۆ ئەوەی شتێکیان لێ ون بوە بیدۆزنەوە، ئینجا بەدزییەوە دەرچوو بۆ ئەوەی هیچ کەسێك لە قەومەکەی دوای نەکەون.
بێگومان سوراقە بەوەی کە ویستی خۆی بەتەنها قازانج لە پارەکە بکات، ئەمەیشڕزگاربوونی محەمەد و هاوەڵانی ئاسانکرد. ئەگەر ئەو فێڵەی نەکردایە، چەندین کەسیتر لە قەومەکەی لەگەڵدا دەردەچوون، ئەوەی شاراوە نییە کە ڕزگاربوونی داواکراو لە یەک کەس ئاسانترە، وەك لە دوو یان سێ یان چوار کەس. یەکێک داواکراو بێت دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات بەرانبەر یەک کەس کە ڕەتیبکاتەوە، بەهێز بێت یان بە فێڵ یان بە قسە یان بە پارە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو داواکارە یەکێکی وەک سوراقە بێت، کە لەبەر خەڵاتەکە چوو بە دوایدا نەک دوژمنایەتی، ئینجا سوراقە کە لە محەمەد نزیک بوەوە پێی گوت: (قەومەکەت خەڵاتی بۆ ئەوە داناوە کە بتکوژێت یان بە دیلت بگرێت) بێگومان محەمەد لە قسەکانیدا زانی، کە سوراقە دوژمنی نییە، بەڵکوو لە پێناو پارەدا هاتوە.
ئینجا با لە بیرمان نەچێت، سوراقە خەڵکەکەی پەرشوبڵاوکردەوە، لەوەیشدا نازانێت کە زیانی پێگەیاندوون یان نا، تیرێکی لێ دەرچوو و لە ناخدا پێی خۆش نەبوو، واتە نەیویست زەرەریان لێبدات، لەبەر ئەوەی تەنها دەیەوێت لەبەر خەڵاتەکە بیانگرێت یان بیانکوژێت، بەو تیرەی کە حەزی نەکرد زەرەریان پێ بگەیەنێت، بە گەڕانەوە و پەرشوبڵاوەپێکردنەوەی خەڵکەکەی کە هاتبوون بۆ گرتنیان، کاریگەریی زۆری هەبوو لە سەریان، لەبەر ئەوەی زۆر باوەڕیان پێ بوو، نە وەک بەخت گرتنەوە بە تەسبیحی لای شیعەکانی ئەمڕۆمان، ئێمە دەبینین یەکێک نییە لەو شیعانە کە نیازی کارێک بێت ئیستخارە بە تەسبیح نەکات، لەوانەدا: لەو کارە ببینێت کە پێشتر ویستویەتی بیکات، ئەگەر گرینگیش بوو بێت، ئەگەر ئەوەی ئیستخارە بە تەسبیحی بۆ کردبێت ڕەزامەند نەبوو بێت، هەروەها خەڵکی جاهیلیەت لە سوێندخواردنی پیاوەکاندا وا بوون.
ئەوەی ناشارڕێتەوە کە سوراقە تیرەکەی لێ دەرچوو و پێی ناخۆش بوو، لە هیمەتی دا و لەتوندوتۆڵی و تەماعیدا و ئەو پەرۆشییەی نەهێشت، هەر چەند بە پێچەوانەی تیرە دەرچوەکە موکوڕ بوو لە سەر داواکەی، بەڵام ڕازیکردنی لە لایەن داواکراوەکان و ڕاگۆڕینی بۆ لای خۆیان ئاسان بوو، ئەوەی لە داواکەی لە محەمەد بۆ ئەوەی نووسینێک بۆی بنووسێت هەڵدەهێنجێنرێت، لە قسەی محەمەد دەردەکەوێت کە پێی گوتوە: (چۆنە ئەگەر بازنەکانی کیسرا لە دەست بکەیت ئەی سوراقە)، پێغەمبەر پەیمانی خۆشگوزەرانیی پێ دا، یان ئەو چێژی ئەو پارەیەی لا نەهێشت کە بۆ کوشتن یان بەدیلگرتنی محەمەد و هاوەڵانی دایاننابوو، ئەو نووسراوەی کە محەمەد بۆ سوراقە نووسی، نووسینی دڵنیایی نەبوو وەک هەندێک حیکایەتخوانان باسی دەکەن، بەڵکوو نووسراوی پەیمان بوو بۆ پێدانی مادی وەک لە چیرۆکی ئیسلامبوونی سوراقەدا دەردەکەوێت، کە لە پاش کردنەوەی مەککە موسوڵمان بوە، چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا کە لە جەعران (شوێنێکە لە نێوان تایف و مەککە و لە مەککەوە نزیکە) بوو. پاش ئەوەی لە حەنین و تائیف تەواو بوو. سوراقە گوتی: پێغەمبەری خودا دەڵێت: بەخێربێیت، لە ڕۆژی پەیمانی وەبر، داچەمیم، سەرم دانەواند و سڵاوم لێکرد. قسەی: (ڕۆژی پەیمانی وەبر) بەڵگەی ڕاشکاوی ئەوەیە کە نووسراوەکەی هیی دڵنیایی نەبوە بەڵکوو بۆ بەخشین و پەیمانی مادی بوە، لە کۆتاییی قسەکانی سوراقەدا هاتوە، دەڵێت: گەڕامەوە بۆ

لای قەومەکەم، سەدەقەکەم برد بۆ لای پێغەمبەر واتە زەکاتەکەی بردوە. ئەوەی دەیبینین کە ئەم کۆ پرگەیەی هیچ بناغەیەکی نییە لە فەرموودەکەدا، لەبەر ئەوەی زەکاتدان پاش ساڵێک لە موسوڵمانبوون دەدرێت، هیچ مەعقوولنییە سوراقە لە ڕۆژی موسوڵمانبوونی زەکات بدات، یان پاش ئەوە بە ڕۆژێک یان دوان، ئەو نەهاتبوو بۆ لای پێغەمبەری خودا لە جەعران جگە لەوەی کە نووسینەکەی پیشان بدات و لەو دەستکەوتە (غنیمة) زۆرەی ڕۆژی حەنینی بداتێ. ئەم نووسراوە بە تەنها بەسە بۆ ڕازیکردنی سوراقە کە نەگەییشت بە محەمەد، پاش ڕووخانی ورە و نەمانی هێز و توانا و عەزیمەتی نەبێت، بە هۆی ئاگاداربوون و پەرشوبڵاویی پیاوەکانەوە، ئەگەر ئەو نووسراوەی بۆ بنووسێت وازی لێدەهێنێت و دەگەڕێتەوە، کسرای دزی و بازنەکانی کردە دەست، هیچ سەرسورمانێک نامێنێت ئەگەر سوراقە ببینین لە کاتی گەڕانەوەیدا هاورێیەکی خۆشەویستی محەمەد بێت. ئەوەی بەڵگەی ئەوەمان پێ دەدات کە سوراقە گەڕاوەتەوە و وەعدی شتی پێ دراوە، لە گەڕانەوەدا بەدواکەوتوانی پێغەمبەر و ئەبووبەکر پەشیمان دەکاتەوە و دەگەڕێنێتەوە و، هیچ کەسێک نابینێت و نەیگێڕێتەوە و پێی نەڵێت: کونوقوژبنی ڕێگەکەم کرد کەسم نەبینی. ئەگەر سوراقە لەو کاتەدا موسوڵمان بوو بێت و باوەڕی بە محەمەد هێنا بێت، هیچ سەرمان لەوە سور نەدەما، دەمانگوت ئەوانە دەگێڕێتەوە کە بۆ گرتنی هاتوون لەبەر موسوڵمانبوونی.

ئەگەر بڵێیت سوراقە لەبەر ئەوە پەشیمان بوەتەوە کە هەر دوو دەستی ئەسپەکانی تا زگی چوونە نێو زەوییە ڕەقەکەوە، دەڵێم: گەڕاندنەوەی خەڵک لەبەر ئەم پەرجوە نیشانەی باوەڕبوون بە ڕاست زانینێتی، باوەڕبوون بەو پەرجوو، وا فەرز دەکات کە موسوڵمانبێت و خەڵکە داواکەرەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵام ئێمە گوتمان موسوڵمان نەبوە، بە داڕشتنێکی تر، ئەگەر ئەو ئەم پەرجوەی بینیبایە و باوەڕی پێ بکردایە دەبوایە ببوایە بەموسوڵمان،بەڵام ئەوموسوڵمان نەبوو.

ئەگەر بڵێیت: ئەو پارەیەی سوراقە تەماحی تێکردبوو بە کوشتن یان بە دیلگرتنی پێغەمبەری خودا و هاورێکانی دەستی دەکەوت و لە پارە خێرا بەدەستهاتوەکان بوو، محەمەد پەیمانی بازنەکانی کسرای پێدا، چۆن شتی یەکسەری خێرای بە دواکەوتوو گۆڕیوەتەوە؟ دەڵێم: یەکەم: پاش ئەوەی پیاوەکانی دابەشکرد و ئینجا تیرەکە لێی دەرچوو حەزیشی نەکرد، لە عەزیمەت و هیمەتی کەم کردەوە و دای لە موکور بوون وتەوژم و تەماحی. دوەم: وای بە دڵدا هات کە بۆچوونەکەی محەمەد لە جیهاندا دەردەکەوێت و ملی خەڵک دەکەوێتە دەستی. بەم دوو کاریگەرییە سوراقە بەدەستهاتی خێرایبۆ دواکەوتوو بە جێ هێشت.

ئەگەرێکی تر هەیە، سوراقە لە پارەی پاشکەوتەکەوازی لە محەمەد نەهێناوە، بەڵکوو بە پارەی خێرایش بەجێی هێشتوە، لەوانەیەئەبووبەکر ملکەچ بوو بێت بۆ پارەپێدانی لەوەی کە هەڵیگرتبوو لەگەڵ خۆیدا، لە ئەسمای کچیئەبووبەکرەوە هاتوە،گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا، لەگەڵئەبووبەکردا دەرچوو، ئەبووبەکر هەموو پارەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، پێنج هەزار درهەم یان شەش هەزار لەگەڵیدا بوو. دوور نییە کەئەبووبەکر کە بینیێتی سوراقە تەماعی پارەی هەیە نەک دوژمنایەتی، بۆیە پارەی لەو دەرهەمانە داوەتێ و تەماعی کوشتوە.

بەڵام هەواڵی کەوتنی ئەسپەکەی سوراقە و، ڕۆچوونی هەر دوو دەستی تا زگی لەو زەوییە ڕەقەدا، دوور نییە کە سوراقە بە خۆی هەڵیبەستبێت و دایناێت، بۆ ئەوەی بەهانەیەک بێت لای قورەیش، ئەگەر بزانن گەییشتوە بە محەمەد و نەیکوشتوە. لەوانەیە بەم شێوەیەیش زیادەڕۆیی تێدا نەکردبێت، بەڵام حیکایەتخوانان خستوویانەتە سەری و زیادەڕەوییان تێدا کردوە. ئەوەی بەڵگەیە بۆ گۆڕینی سوراقە بۆ هاورێی محەمەد و بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵیدا، ئەوەی لە ڕۆژی بەدر بە سەر قورەیشدا هێنای.قورەیش تۆڵەی خوێنی لەگەڵ کینانەی قەومیسوراقەدا هەبوو، کاتێک ویستیان دەربچن بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی تر لە سوپاکەی محەمەد، ئەوەیان بە یاد هاتەوە کە شەڕ و دوژمنکاری لە نێوان خۆیان و کینانەدا هەیە. گوتیان: دەترسین لە دواوە کینانە بێن بۆمان، لەو تەڵەیەی بۆی دانابوون، دەڵێت: ئەو هۆکاری شکستیان بوە لە ڕۆژی بەدردا.

قورەیش ئەو ترسەی لە کینانە هەبوە، وای کردوە لەوە نزیک ببنەوە بۆ دەرنەچوون بۆ شەڕ دژی محەمەد. سوراقە هات بۆ لایان کە گەورە و ئەشرافی کینانە بوو پێی گوتن: من دراوسێتانم، ناهێڵم کینانە لە دواوە شتێک بکات ڕقتان لێ بێت.

لەوێدا سوراقە بە پیاوەکانییەوە لە قەومی (بني مدلج) لە کینانە گەییشتەوە بە قورەیشەکان و ئاڵاکەی هەڵکردبوو، وای پیشاندا کە لەگەڵ ئەواندا شەڕ دژی محەمەد و هاورێکانی دەکات.

کاتێک هەر دوو لا بە یەک گەییشتن، دەستی بە دەست حارسی کوڕی هشام برای ئەبی جەهلەوە بوو، دەستی لە دەستی بەردا و زەفەری پێ هێنا و هاوڕێیانی دوای کەوتن و حارس خۆی پێدا هەڵواسی و گوتی: بە خودا جگە لە شەمشەمە کوێرەی یەسرب کەس نابینم و سوراقە دای لە سنگی و کەوت. لەوێدائەبووجەهل کە شکستەکەی بینی، گوتی: ئەی خەڵکینە، هیچ گرینگی بە پەشیمانبوونەوەی سوراقە مەدەن، ئەو وەعد و پەیمانی لەگەڵ محەمەددا هەبوە. کاتێک ئەوانەی لە قورەیش مابوونەوە گەڕانەوە مەککە، سوراقەیان بینی گوتیان: لە ڕیز دەرچوویت و شکستت پێ هێناین. بێگومان سوراقە ڕەتیکردەوە و گوتی بە خودا هیچ لەو بارەوە نازانم و باوەڕیان پێنەکرد. سوراقە بەو کردەوەی بوە هۆکاری شکستی قورەیش لە ڕۆژی بەدردا،بەڵام گێڕەوان دەڵێن ئەوەی ئەم شتەی کردوە ئیبلیس بوە. نازانم بۆ ئیبلیس کافرەکان پەشیمان بکاتەوە بۆ ئەوەی موسوڵمان بیباتەوە و سەربکەوێت. ئەم ڕووداوە بەڵگەی ئەوەیە، کە سوراقە پێوەندییەکی بەتینی هەبوە لەگەڵ محەمەددا، لەو ڕۆژەوەی کە نووسراوەکەی بۆ نووسیوە، لەو شوێنەی کە پێی گەییشت، کە لە ڕێگەیدا بوو بۆ مەدینە.

درێژەی باسەکە

لە کاتی ناوهێنانی دەستەوانە و بازنەکانی کیسرا، وا گونجاوە وەک درێژدان بەم بابەتە، باسی ئەو تاڵانی و غەنیمانە بکەین کە لە کاتی داگیرکردنی مەدائن لە دیوەخانەکەی کیسرا دەستیان بەسەریدا گرت و هێنایان بۆ مەدینە، لەو غەنیمانەیش مستیلە و دەستەوانە و بازنەکانی کیسرا بوون.

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس ساڵی 61 کۆچی لە کاتی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتاب، شاری تەیسەفونی گرت، کە لە لایەن عەرەبەوە بە مەدائین ناودەبرێت، غەنیمەکان نێرران بۆ مەدینە، پارەیەکی زۆری کیسرای تێدا بوو، لەوانەیش هەر دوو بازنەکەی کیسرا و تاجەکەی و جێگە و سیسەمەکەی و، ڕاخەرەکەیکە شەست دەست بە شەست دەست بە لولو و مورروو و جەواهیری ڕەنگاورەنگی گوڵی بەهار چنرابوو، کیسرا لە دیوەخانەکەی ڕایدەخست و لە سەری دادەنیشت ودەیخواردەوە، لەو کاتانەی کە کاتی بەهار و گوڵ نەبێت. لەگەڵ غەنیمەکان سەبیەکانیش نێرران، کە کچانی کیسرا بوون، سێ کچ بوون و بە شێوەیەك بە زیو و جوانکاری و جەواهیر ڕازێنرابوونەوە کە لە باسکردنیاندا زمان نایەتەگۆ. عومەری کوڕی خەتاب فەرمانی کرد ئەو پارەیەی هێنابوویان بخرێتە سەحنەی مزگەوتەکە و دواتر بە سەر موسوڵماناندا دابەشی کرد. لەوێدا بانگی سوراقەی کرد و پێی گوت، دەستەکانت بەرزبکەرەوە، بازنەکانی کردە دەستی و پێی گوت: بڵێ سپاس بۆ خودا کە لە کیسرای کوڕی هرمزی بردوەتەوە، کە دەیگوت من خودای خەڵکم، سوراقە لە دەستی کردن، عومەر بەم قسەیە دەنگی بەرزکردەوە. ئینجا ڕاخەرەکەی پارچەپارچە کرد و دابەشی کرد بە سەر موسوڵماناندا، پارچەیەکی بەر عەلی کەوت و فرۆشتی بە پەنجا هەزار دینار، ئینجا هەر سێ کچەکەی کیسراشای هێنا، لە نێو دەستیدا وەستاندنی، کەسێکی بانگکرد کە هاواریان بۆ بازاڕ پەیداکردنیان بکات و ڕووپۆشەکانیان لە سەر دەموچاویان لادەن، بۆ ئەوەی موسوڵمانان موزایەدەیان لە سەربکەن. کچەکانیش لابردنی سەرپۆش ورووپۆشەکانیان ڕەتکردەوە و بەدەست و چەپاڵە لە سنگی بانگکەرەکەیان دەدا، عومەر تووڕە بوو، ویستی بە قامچی لێیان بدات، لەوکاتەدا ئەوان دەگریان، عەلی پێی گوت: لەسەرخۆبە، ئەی ئەمیری باوەڕداران، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو گوتی: بەزەییتان بە خانەدانیی قەومێکدا بێتەوە، کە تووشی تەنگوچەڵەمە بێت و، بە دەوڵەمەندیی قەومێکدا کە فەقیر بووبێت، ئینجا عومەر تووڕەبییەکەی نیشتەوە، عەلی پێی گوت: کچانی پاشا وەک کچانی بازاڕ مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، عومەر پێی گوت: چ ڕێگەیەک لە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بگرینە بەر؟ گوتی: هەڵدەگیرێن، نرخیان هەر چەندێک بێت هەر کەسێک بیەوێت بیانبات. عەلی بردنی و، یەکێکی دا بە عەبدوڵلای کوڕی عومەر و، سالمی کوڕی لێی لەدایکبوو، ئەوی تریانی دایە محەمەد کوڕیئەبووبەکر، قاسمی کوڕی لێی لەدایکبوو، سێیەمی دا بە حوسەینی کوڕی و عەلیی کوڕی لێی لەدایکبوو، کە نازناوی زەینەلعابدین بوو. ئەم ڕووداوە، واتە مامەڵەی عومەر بۆ کچەکانی کیسرا بەم مامەڵە توندەوە و، پشتگیریکردنی عەلی بۆیان، ئەو پاڵنەرەیە کە هەستی شیعەگەڕێتی بۆ عەلی و منداڵەکانی لە ویژدانی ئەواندا جۆشدەخواتەوە، فارسە ژێرکەوتوەکان کە موڵکوماڵیان برا، سنگیان پڕ لە ڕقوکینە بوو لە سەرەتای ئیسلامدا و دڵیان پڕ بوو لەبوغز دژی عەرەب، کە ئاڵای ئەو ڕابوونە عەرەبییە ئیسلامییەیان هەڵکردبوو، هەروەها دژی ئەوانەی کە سوپا زەبەلاحەکەیان، وڵاتی فارسیان لە

.سەرەوە بۆ خوارەوە داگیرکرد
ئینجا بە ناچاری بوون بە موسوڵمان و ئیشیان لە سەر ئەوە کرد، کە چی موڵکی کیسرایە لە ڕێگەی ئایینەوە بگەڕێننەوە و، وایان پیشاندا کە عەلی و کوڕەکانیان خۆشدەوێت و ئەوانەی لە پشتی حسێنن وەک زەینەلعابدەین، کە لە دایکەوە دەگەڕێنەوە بۆ کیسرای پاشای فارس، ئەوەی یارمەتییان دەدات ڕووکەشی ئەم ئایەتەیە: {قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى} [الشورى: 23]. واتە: بڵێ من هیچ شتێکم لە ئێوە ناوێت جگە لە خۆشویستنی خزمە .نزیکەکان. ئەم ئایەتەمان پێشتر لە سەر خیلافەت باسکرد
ئەمە بناغەی بیری شیعەگەرییە،ئینجا ئەم بیرە فراوان بوو و بە ڕۆیشتنی کات و زەمانە ولقوپۆپی لێ بوەوە. موسوڵمانان دابەشبوون و تیم و تایەفەی جیاوازیان لێ بوەوە، کە دژ .بەیەکن و شەڕی یەکتر دەکەن
گوتمان بیری شیعەگەری بۆ عەلی و کوڕانی وەک سەرچاوەی لە نەتەوەی فارسەوە دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕۆپۆشە ئایینییەکەی عەرەبیشی وروژاندوە، فێڵیان لێکراوە و بوون بەم مەزهەبە تا بەشبەش بوون، هەر چەند کات پڕوات ئەوەندە زیاتر دابەش دەبن، سیاسەت چیلکەوداری ئاگرکەوتنەوەی بوو و، بوە هۆی دابەشبوون و بەشبەشبوونیان، تەنانەت گەڕانەوە بۆ ئەوەی محەمەد کە ڕەتیکردوەتەوە، ئاگاداری کردنەوە کە تووشی چی دەبن، پێی گوتن: (لا تَرْجِعُوا بَعْدِى كُفَّارًا يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقابَ بَعْضٍ). واتە: پاش من نەبنە بێباوەڕ و هەریەکەتان لەملی .ئەویتر بدات
بێگومان ئەم تەڵەیەی فارس سەرکەوت. ئەو عەرەبانەی ئاڵای ڕابوونیان هەڵکرد و دابەشکرد، توانییان ئەو پەیمانە برایەتییە ئایینییە هەڵبوەشێننەوە، کە محەمەد لە نێوان موسوڵماناندا بەستی، کە وای لێکردبوون یەکدەست بن دژ بە خەڵکی تر. داڕمانی دەوڵەتی ئەمەوی یەکێکە لە کاریگەرییەکانی ئەم بیرە، ئەو وڵاتە عەرەبییە ڕووتە کە بە سوپاکەیان چەندین شوێنیان گرت لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا. بە ڕووخانی ئەم وڵاتانە، عەجەم لە عەرەبی بردەوە، ئەگەر هەندێک لەو کاریگەری و شەڕخوازییەی لە لایەن خەلیفەی عەباسی ئەبووجەعفەری مەنسوور بە کوشتنی ئەبی موسلیحی خوراسانی و، کوڕەزاکەی هاروون ڕەشید و لەناوبردنی بەرمەکییەکان، کۆتاییی نەهاتبایە. کورتەی باسەکە: ئێمە ئەگەر بیری شیعەگەری نەبوایە ئێستا لەم ڕۆژدا لە وڵاتی ئێران، وڵاتێکی عەرەبی و ئومەتی عەرەبی نەبێت هیچ وڵاتێکی ترمان نەبینی، تا ئێستا کوڕانی ئێران وا تەماشای وڵاتی عێراق دەکەن کە لێیان دزراوە و ئەتک کراوە، ئەمەیش پاشماوەی دیوەخانەکەیە لە خۆرهەڵاتی بەغدا تا ئێستا ماوە و چاویان لەسەرە و ڕقوکینەیان بە دەوریدا خول دەخواتەوە. ئێمە بەڕوونیفارس دەبینین کە خۆیان بە پەردەی شیعەگەریی عەلی و کوڕانی دادەپۆشن، لەعنەت لە عومەری کوڕی خەتاب دەکەن، کە لە پیاوە دیارەکانی ڕابوونی عەرەبی ئیسلامییە، ڕقێکی لە ڕادەبەدەریان لێیەتی و بە کەری عەمامەدار دروستی دەکەن و بە قامچی لێی دەدەن و جوێنی پێ دەدەن، وەک شیعە لە هەندێک جەژنی مەزهەبیان دا دەیکەن. هیچ سەرمان سوڕ نامێنێت، لەبەر ئەوەی لە سەر دەستی عومەری کوڕی خەتاب دەوڵەتی فارس ڕووخا، لەبەر ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب ئەو مامەڵە توندەی لەگەڵ کچەکانی کیسرای کردوە، بەڵامسەرسوڕمانی گەورەمان لەوەدایە، کە عەرەبیش ئەم کارە نەخوازراوە دەکات، کەس دڵی پێخۆش نابێت جگە لەوانەی لە پلەی خوارەوەی پڕ لە هەمەجیەتدا بن وهیچی تر، تەماشای مەزهەب و ئایینەکان بکە چۆن خەڵک دادەرزێنێت، وەک ئەوەی لە دایکان دەکات، کە لە سیفەتیمەیمووئاسا بێت و لەویش ناشرینتر .ڕەفتار بکات
ئینجا عومەری کوری خەتاب کە خراپەی لەگەڵ کچەکانی کیسرادا کردوە و بەقسەو ڕەفتاریش لەگەڵیاندا توند بوە، هەروەها خراپیی بۆ عەرەبیش کردوە بە دابەشکردنی ئەو غەنیمەتانە لەنێوان موسوڵماناندا و ئەوانی هەڵیوەشاندوەتەوە، دەبوایە پارێزگاری لە تاجی کیسرا و پشتوێن و ڕاخەرەکەی بکردایە، تا لای عەرەب بمێنێتەوە و ببێتە یەکێک لە شانازییەکانی مێژووی عەرەب، بەڵام عومەر بە فرۆشتنی کچەکان و دابەشکردنی غەنیمەتەکان، وەک قوتابییەکی محەمەد خۆی دەرخست، هەر محەمەد بوو، ڕێگەی دا لە شەڕەکانیدا کچان سەبی بکرێن و وای لێ کردن وەک کۆیلە بن لە پاش سەبیکردنیان، ئەگەر ویستبێتی چوە بە لایاندا و ئەگەریش نەیویستنایە دەیفرۆشتن، ئەو بوو کە غەنیمەی حەڵاڵ کرد و فەرزی کرد بەسەریاندا دابەش بکرێت، پاش ئەوەی پێنج یەکی بۆ خودا و پێغەمبەر بات، ئەگەر عەلی لە

سەر ئەو کارە لۆمەی عومەری نەکردایە و ئەگەر ئەو لە شوێن عومەر بوایە جگە لەو کارو ڕەفتارەی عومەر هیچی تری نەدەکرد.
بەڵام تووڕەبوونی عومەر لە کچەکانی کیسرا، لەو کاتەدا کە ڕووپۆشەکانیان لانەبرد و، ویستی بە قامچی لێیان بدات، کارێکی باش نەبوە، لەبەر ئەوەی ژنی ئازاد ئەگەر کچی پاشا بێت یان کچی بازاڕی، پاش ئەوەی باش بێت وەک خەڵکە گشتییەکەی ئومەتی لێدێت، وەک هەر کاڵایەکی تر دەفرۆشرێت و لەوێدا بە قامچیلێدانیان کارێکی زۆر گەورە نییە.

(33)
محەمەد لە مەدینە
هەر کەسێک لە مەدینە دەربچێت و مەبەستی مەککە بێت، لە لای چەپییەوە گوندێک دەبینێت نزیکەی دوو میل لە مەدینەوە دوورە (میل لە زاراوەی ئەو کاتانەدا نزیکەی نیو میل لە میلی ئینگلیزی زیاترە) بەو گوندە دەڵێن ( قباء). شوێنی نیشتەجێی بەنی عەمرو کوڕی عەونە، یەکێک لە زگەکانی واتە بەشێك لە خزمەکانی لە دایکەوە هاتووی ئەوس بوون، لەو کاتەدا شێخەکەیان کەلسووم کوڕی ئەلهەدم بوو.
ڕێبەرەکەی لەگەڵ محەمەد و ئەبووبەکر لەو شەوەی کە لە ئەشکەوتەکە دەرچوون و ئەویش دەرچوو و، بردنی بۆ ( قباء) - وەک ئیبن ئیسحاق دەڵێت– پاش تەواوبوونی دوانزە شەوی مانگی ڕەبیعولئەوەل لە ڕۆژی دووشەم و، لە کاتی خۆرئاوادا گەییشتن. کۆچکردنیان لە ئەشکەوتی ( ثور) شەوی ڕۆژی دووشەم بوو دیسان، وەک لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، واتە مانەوەیان لە ڕێگە هەشت ڕۆژ بوە. ئەمەیش ئەوە نیشان دەدات، بە توندی و بەردەوام و خێرایی ڕێیان کردوە، لەبەر ئەوەی ڕێگەی مەدینە دە قۆناغە، ئەوان بە هەشت قۆناغ پڕیویانە، لەگەڵ ئەوەی ڕێبەرەکە لە کورتە ڕێگەوە نەیبردوون، بەڵکوو لە کەنارەکانەوە بردوونی، وەک حیکایەتخوانان باسی دەکەن.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: پێغەمبەری خودا لای کەلسووم کوڕی ئەلهەدم دابەزی، برای بەنی عەمرو کوڕی عوفە، ڕۆژانی دووشەم و سێشەم و چوارشەم و پێنجشەم لە ( قباء) مایەوە. ڕۆژی هەینی سوار بوو بەرەو مەدینە. لەگەڵ ئەوەی لای کەلسووم کوڕی ئەلهەدم بوو، لەو کاتەی لە ( قباء) مایەوە، بەڵام هەر کاتێک قسەی لەگەڵ خەڵکەکەدا بکردایە، لە ماڵی سەعد کوڕی خەسیمە دادەنیشت، لەبەر ئەوەی ڕەبەنی بوە و کەسی نەبوە و، ماڵەکەی بە ماڵی ڕەبەنییەکان ناسرا بوو.
پێشتر باسی ئەوەمان کرد چۆن لە ( قباء)ەوە ڕۆیشت بۆ مەدینە، باسی چۆنێتیی چۆکدانی حوشترەکەمان کرد، لە شوێنێک لە شوێنەکانی بەنی نەجار، لای دەرگای ئەبووئەیووبی ئەنساری. لە نووسینێکدا بە ناونیشانی (وێنەکانی وەحی) لەوێدا ببینە، هیچ پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات.
کاتێک حوشترەکەی دانیشتەوە لە چۆڵاییەکەی ئەبووئەیووبی ئەنساری، ناوی خالید کوڕی زەیدی خەزرەجی بوو، لەوێدا دابەزی و فەرمانی کرد کە حوشترەکەی ڕابگرن و پێداویستییەکانی هەڵبگرن، ئەبووئەیووب بارەکەی هەڵگرت و لە ماڵەکەی دانا، ئینجا گوتی: کام ماڵی کەسەکەمان نزیکە (مەبەستی خەڵکی ئەو کۆڵانە بوە لە بەنی نەجار) ئەبووئەیووب گوتی: ئەمە ماڵەکەمە و هەگبەکەتم لەوێ داناوە، گوتی خەڵک لەگەڵ باری خۆیدایە، ئەم قسەیەی کردە پەندێک، ئینجا بە ئەبووئەیووبی گوت: ڕۆ شوێنی نیشتەجێ و پشوودانمان ئامادە بکە، ئەویش ڕۆیشت و ئامادەی کرد، هاتەوە و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا شوێنەکەم ئامادە کردوە، لە سەر بەرەکەتی خودا هەڵسە، ئەویش لەگەڵ زەیدی کوڕی حارسە چوون بۆ ئەوێ.
لە ماڵی ئەبووئەیووب مایەوە، تا مزگەوت و هەندێک ماڵی دروست کرد، لە بنیاتنانی ئەوەدا لە مانگی ڕەبیعی یەکەمەوە، ئەو مانگەی کە گەییشتە ئەوێ تا مانگی سەفەری ساڵی داهاتوودا، واتە دوانزە مانگ، لە لایەکی ترەوە دەڵێن: حەوت مانگ لە ماڵی ئەبووئەیووب ماوەتەوە.
ئیبن ئیسحاق قسەی لە سەر ئەبووئەیووب کردوە، دەڵێت، گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا لای من دابەزی، لە خوار ماڵەکەمەوە دابەزی و نیشتەجێ بوو و من و دایکی ئەیووبیش لە

سەرەوە، پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، بە سەری باوک و دایکم، من پێم خۆش نییە لە سەرووی تۆوە بم و تۆیش لە خوار منەوە بیت، تۆ بڕۆ سەرەوە و ئێمە دێینە خوارەوە... گوتی: لە ماڵەکەمدا پێغەمبەری خودا لە خوارەوە بوو، ئێمە لە سەرەوە بووین، کوپێکمان (کوپی ئاوخواردنەوە) هەبوو شکا، من و دایکی ئەیووب هەڵساین جاجمێکمان هەبوو، بردمان هیچ پێخەفێکمان نەبوو خۆمانی پێ داپۆشین، بۆ ئەوەی ئاوەکە وشک بکەینەوە نەوەک دڵۆپەی بکەوێتە سەر پێغەمبەری خودا و ئازاری بدات. گوتی: خۆراکی ئێوارەمان بۆ ئامادە دەکرد و بۆمان دەنارد، چەندی بۆمان لە خۆراکەکەی بهاتایەتەوە ئێمە تەپەموممان بە پاشماوەکەی دەکرد، بەو واتایەی، ئەوەی لە خواردنەکەی دەمایەوە دەمانخوارد، بەڵی بۆ بەرەکەت وەرگرتن لەوەمان دەخوارد. جارێکیان خواردنمان بۆ نارد کە پیاز و سیری تێدا بوو، پێغەمبەری خودا ناردییەوە و هیچ جێوشوێنی دەستی پێوە نەبوو کە خواردبێتی، گوتی: بە ترس و دڵتەنگییەوە چووم بۆ لای، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا بە سەری باوک و دایکم، خواردنەکەت نەخوارد و ناردتەوە، هیچ جێ دەستت پێوەی دیار نەبوو، ناردتەوە بۆمان، تا من و دایکی ئەیووب لە شوێن دەستەکەت بۆ بەرەکەت وەرگرتن تەیەموممان پێ بکردایە، گوتی: من بۆنی ئەو گیایەم لێی کرد، من پیاوێکم حەز لەوە ناکەم، بەڵام ئێوە بیخۆن. گوتی: خواردمان و ئیتر لەو گیایەمان نەکردە خواردنەکەمانەوە.

لە گێڕانەوەیەکی بە دەر لە ئیبن ئیسحاقدا هاتوە، لە ئەبووئەیووبەوە دەڵێت: جارێک دەپاڕامەوە لە پێغەمبەر تا هاتە سەرەوە. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێک لە ماڵی ئەبووئەیووب دابەزی، پیسایییەکەی سەعدی کوڕی عەبادە و زێڕابی ئەسعەد کوڕی زرارە، هەموو شەوێک دەهات بە سەریدا. گوتی: ئاوەڕۆکەی سەعدی کوڕی عەبادە بە ماڵی ژنەکانیدا سووڕی دەخواردەوە و ئینجا دەهات بۆ ئەوێ، وا هاتوە: تەشریبی سەعدی کوڕی عەبادە لەگەڵ ئاوەڕۆکەی دەهات بە سەر پێغەمبەردا، کە هەمیشە گۆشت و نان و ماسییان دەخوارد، کە لە ڕۆندا لێیان دەنا یان لەگەڵ هەنگویندا دەیانخوارد. خواردنەکەی بە تاموچێژەوە هەموو ڕۆژێک لەگەڵیدا بوە و هەر ڕۆژە و لای ژنێکی بوە. گوتی: ئەو لە ماڵی ئەبووئەیووب بوو، خۆراکی لای خەڵکی ترەوە بۆ دەهات، وا هاتوە: هیچ شەوێک نەبوو سێ و چوار کەس لای دەرگاکەی پێغەمبەری خودا نەوەستا بن و خۆراکیان پێ نەبێت، بە ڕیز هەر جارە و یەکێک خۆراکی بۆ دەهێنا، تا لە ماڵی ئەبووئەیووب دەرچوو. لە قسەیەکی تردا وا لە بەنی نەجار هاتوە، کە بە ڕیز یەک لە دوای یەک خۆراک بۆ مەقامی پێغەمبەر، واتە شوێنی نیشتەجێکەی لە ماڵی ئەبووئەیووب دەبرد، گوتی: یەکەم خۆراک کە بۆی هاتبێت لە ماڵی ئەبووئەیووب قیسعەی دایکی زەیدی کوڕی سابت بوو.

لە زەیدی کوڕی سابتەوە، یەکەم خەڵات کە چووبێت بۆ پێغەمبەری خودا لە ماڵی ئەبووئەیووب، قیسعەیەك خۆراک بوو کە دایکم بە مندا ناردی بۆی. کە تەشریبی نان و ڕۆن و ماست بوو، خستمە بەر دەستی و گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دایکم ئەم قیسعەی ناردوە، پێی گوتوە: خودا بتپارێزێت و بانگی هاوڕێکانی کردوە لەگەڵیدا بیخۆن. زەید دەڵێت: نەمگەڕاندەوە تاقاپەکەی سەعد کوڕی عەبادەی بۆ هات، کە تەشریب و گۆشت بوو (ئێسک و گۆشتی پێوە بوو).

بنیاتنانی مزگەوت

یەکەمین کاری پاش هاتنی پێغەمبەر بۆ مەدینە بنیاتنانی مزگەوتێک بوو، مزگەوت وەک ئەمڕۆ نەبوو کە بە تەنها شوێنی عیبادەت بێت، بەڵکوو شوێنی هەموو شتێک بوو، کە پێوەندیی بە بانگەشەوە هەبێت بۆ ئیسلام و هەر شتێک زەمینەسازی بکات بۆ ڕەخساندنی ڕێگەی ڕابوونی ئیسلام. هەر وەک چۆن پێغەمبەر پێنج فەرزە نوێژی بە موسوڵمانان دەکرد تێی دا، هەروەها هەر کاتێک پێویست بوایە و شتێک ڕووی دابا و پێویست بوایە، دەهات و خەڵکەکەی تێدا کۆ دەکردەوە، گوتاری بۆ دەدان، ئەمە جگە لە ڕۆژی هەینی کە ڕۆژی کۆبوونەوەی گشتییە، پێشنوێژیی بۆ دەکردن و گوتاری بۆ دەدان، بەو پێیەی کە پێویست بێت، مزگەوت بوە هۆڵی گوتاردان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا.

هەروەها تێی دا دادەنیشن بۆ دادوەری و بڕیاردان لە سەر ناکۆکی و دژایەتیی نێوان موسوڵمانان حوکم دەدات، خەڵکی ناکۆک ڕووی تێ دەکەن بۆ ئەوەی دادوەرییان لە نێوانیاندا بکات، مزگەوت بەو شێوەیەی وەك ئەمڕۆ ئەو دەزگایە هەیە و پێی دەگوترێت خانەی داد و دادوەری بوە.

هەر لە مزگەوت پێکهاتەی سوپایی واتە سریەکانی ڕێک خستوە و شاندەکانی ناردوە و

لیواکانی ڕێک خستوە و فەرمانڕەوای بۆ داناون، بەو پێیە بوەتە خانەی ئیمارەت. غەنیمە و دیلەکان و سەبیەکانی هێناوە بۆ مزگەوت و دابەشی کردوون بە سەریاندا، پاش ئەوەی پێنج یەکی بۆ خودا و پێغەمبەر لێی بردوە، بەو پێیە بێت، مۆڵگە و سەربازگەی عەسکەرییش بوە. سیفەتێکی تریشی هەبوە، ئەویش خەڵکی بێدەرامەت و هەژاری لە موسوڵمان و بێ شوێن تێدا نیشتەجێ کردوە، بۆیە وەک پەناگەی هەژار و کەمدەرامەتان بوە و لەوێیشدا دانیشتوە و قسەی بۆ کردوون و قسەیان بۆ کردوە. وەک هاوەڵانیشی لەوێ دادەنیشتن ئەویش لەگەڵیاندا دادەنیشت، وەک یانەیەک مامەڵە لەگەڵ مزگەوتدا کراوە. پارەی سەدەقە و خێر لەوێدا کۆ دەکرایەوە و دادەنرا، ئەگەر پارەی کاشیش بوایە، بەم پێیە (بیت المال) بوە. هەروەها لەوێدا ئەوە دەنووسرا، کە لە وەحییەوە دادەبەزی و نووسراوی بۆ پاشا و خەڵکی تری دەنارد، بۆیە ئەوێ دیوەخانی نامەناردنیش بوە، لەوێدا کاری سزادان واتە (حد) وەک جەڵدە و بڕین و ڕەجمکردن کراوە، وەک لە باسی ڕەجمکردنی غامدیە دەرکەوت کە دانی بە زینای خۆیدا نا، ئیبن قەییم گوتی، ئەوەیش بەڵگەی ئەوەیە کە لە شوێنی نوێژ سزای حەد جێبەجێ بکرێت، بەو پێیە شوێنی سزادانیشە، لەوێدا دادەنیشێت بۆ پێشوازی لە شاندەکان و خەڵاتەکانی وەردەگرت و دەبەخشی، بەم پێیە شوێنی جێنشنینی پاشایەتیش بوە. کورتییەکەی، وەک ئێستا باسمان کرد، شوێنی نوێژ و هەموو شتێک پێوەندیی بە بانگەشەوە بوو بێت و ڕێخۆشکەر بێت بۆ ڕابوون لەوێدا بوە.

مزگەوت بۆ ئەم ئامانجانە بەردەوام بوو لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینیشدا، ئینجا کاری ڕێکخستنی حکومەتی ئیسلام وردەوردە فراوان بوو، تا لە مزگەوت جیا کرایەوە، خەڵک نایەن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ نەبێت، وەک ئەم زەمانەی خۆمانی لێ هات، تەنانەت ژمارەیان زۆر کەم بوەتەوە، تا گەییشتوەتە پێنج لە سەد، لە بارەی هۆکاری ئەوەوە لەو شوێنەی لە سەر عیبادەت لە ئایینی ئیسلامدا ئەوەیش دەینووسین.

محەمەد مزگەوتەکەی لەو شوێنە بنیات نا، کە حوشترەکەی لەوێ پاڵ کەوت، جێگەی چۆکدانەکەی بوو بە شوێنی دەرگای مزگەوتەکە، ئەو شوێنەی کە تێی دا پاڵ کەوت میربەد (واتە ئەو شوێنەی کە خورمای تێدا وشک دەکەنەوە) بوو، هیی دوو مێردمنداڵی هەتیوی بەنی نەجار بوو، ناویان سەهل و سوهەیل کوڕانی عەمرو بوون، وەك ئیبن ئیسحاق دەڵێت؛ لای مەعازی کوڕی عەفرا بوون، بەڵام وەك خەڵکی تر دەڵێن؛ لای ئەسعەد کوڕی زەرارە یان ئەبووئەیووب بوون.

باسیان لەوە کردوە کە پێغەمبەری خودا پرسیاری کردوە ئەو شوێنە (مربد)ە هیی کێیە؟ مەعازی کوڕی عەفرا گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا هیی سەهل و سوهەیل کوڕانی عەمروە و هەتیون و لای منن و بەوە ڕازییان دەکەم و، من بەخێویان دەکەم. پێغەمبەری خودا ڕازی نەبوو بیبات بە نرخی خۆی نەبێت، بۆیە بە دە دینار کڕی و ئەبووبەکر پارەکەی دا.

لەو زەوییەدا گۆڕی جاهیلی هەبوو، فەرمانی کرد دەربهێنرێن ئێسکەکانیان فڕێ بدەن، لە گێڕانەوەیەکدا، فەرمانی کرد ئێسکەکان لە ناو بەرن. لە گێڕانەوەیەکی تردا: لە شوێنی مزگەوتەکە دارخورما و چاڵوچۆڵ و گۆڕی موشریکەکان هەبوە، پێغەمبەر فەرمانی کردوە، گۆڕەکان دەرهێنراون و چاڵوچۆڵییەکەیان ڕێک کردوەتەوە و دارخورماکانیان پڕیوەتەوە. لەو شوێنە (مربد) ئاوێکی وەستاو هەبوو، ڕێگەیان بۆ کردوەتەوە و ڕۆیشتوە، ئەو ئاوەی کە لە زەوییەوە دەردەچێت کۆ دەبێتەوە.

دەڵێن: ئینجا پێغەمبەری خودا فەرمانی کردوە، کە قوڕ بگرنەوە و مزگەوتەکەی بنیات ناوە، ئەوەی باسیان کرد لێرەدا کە پێغەمبەری خودا مزگەوتەکەی بنیات ناوە و بەردێکی لە قوڕی دیوارەکەی داناوە و فەرمانی بە ئەبووبەکر کردوە بەردێک لە تەنیشت بەردەکەی ئەو دابنێت و ئینجا فەرمانی بە عومەر و ئینجا عوسمان کردوە بەرد دابنێن وەک ئاماژەدان بە خەلیفەکانی دوای خۆی. پێشتر ئەم هەواڵە ڕەت کرایەوە لەو شوێنەی لە ژێر ناونیشانی (ئایا محەمەد کەسی بۆ خیلافەت دیاری کردوە؟) لەوێدا ئەمەمان نووسی، تەماشای بکە.

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: سێ دەست بە بەرد بەرزی کردەوە، ئینجا بە قوڕ و هەر دوو لای دەرگاکەی بە بەرد چنی و سەقفەکەی بە دار و، ستونەکانی بە دار خورما دانا، لە قسەیەکی تردا شووراکەی بە قەدی دارخورما کردوە، گوتی درێژیی دیوارەکەی بە قەد باڵایەک بوە. لە (شهر کوڕی حوشب)ەوە، گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا ویستی مزگەوت بنیات بنێت، گوتی: عەرشێکم بۆ دروست بکەن وەک جێگەکەی مووسا لە دار و تەختە و بەرزییەکەی (لێرەدا

گوتوویەتی سێبەرەکەی) وەك سێبەرەکەی مووسا و کارەکە خێراتر بکەن، گوتیان: سێبەر چییە؟ گوتی: واتە بەرزییەکەی ئەگەر هەڵبسێت سەری بدات لە سەقفەکە. لە گێڕانەوەیەکی تردا: کاتێک پێغەمبەری خودا ویستی مزگەوت دروست بکات، گوتوویەتی: پێیان گوتووم عەرشێکی وەک ئەوەی براکەت مووسا دروست بکە، ئەگەر حەوت دەست درێژیی نەبێت بەرەو ئاسمان، مەیرازێنەوە.

دەبێت ئەم گێڕانەوەیە لە ڕاستی نزیکتر بێت لەوەی پێشەوەی، کە دەڵێت هەڵبسیت، سەرت بدات لە سەقفەکەی، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر دوای ئەوە مینبەرێکی دروست کرد، سێ پلە بوو، کاتێک هەڵدەستا سەری دەیدا بە سەقفەکەدا، کە لە سەر مینبەرەکە ڕاست بێتەوە بۆ گوتار، چۆن هەڵدەسێت!

گوتی قیبلەی مزگەوتەکەم بەرەو (بيت المقدس) کرد و سێ دەرگای بۆ دروست کرد، دەرگایەک لە دواوە، دەرگایەک پێی دەگوترا دەرگای عاتیکە و بە دەرگای ڕەحمەتیش ناو نرا، دەرگایەک کە ئێستا پێی دەڵێن دەرگای جبریل و، پێغەمبەر لەوێوە دەچوە ژوورەوە و پێیان دەگوت دەرگای عوسمان، لەبەر ئەوەی لە پشت ماڵەکەی عوسمان بوە.

هیچ سەرچاوەیەکم نەدۆزییەوە لەو کتێبانەی لە بەر دەستمدان بۆ زانینی درێژی و پانیی مزگەوتەکە و بۆ پێگە و کۆڵەکەکانی چەند درێژ بوون، لەو کاتەی بنیاتی ناوە و چەند پان بوە و ژمارەیان چەند بوە؟ بێگومان ئەنسار و کۆچبەرانی موسوڵمان لەو کاتەدا کە مزگەوتەکەیان دروست کردوە، بە سەدان کەس بوون، بۆ ئەوەی مزگەوتەکە بینا بکرێت، دەبێت لە هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، ئەگەر وا دابنێین وا بوە، نابێت درێژیی لە نزیکەی سیوپێنج مەتر و پانییەکەی لە سی مەتر کەمتر بووبێت. ئینجا لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییم دا لێدوانێکم خوێندەوە، لە سەر درێژی و پانیی مزگەوتەکە، گوتوویەتی: درێژییەکەی لە پاش قیبلەوە بوە تا سەت دەست، هەر دوو لایشی وەک درێژیی ئەوە بوە یان کەمتر. ئەمەیش لەوەی ئێمەوە نزیکە کە بە شێمانە و خەمڵاندن باسمان کرد، سەت باڵ نزیکەی سیوپێنج مەترە. گوتیان: پێغەمبەر پاش شەوی خەیبەر لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا مزگەوتەکەی فراوان کردوەتەوە، هەروەها باسیان لەوە کردوە، کە خەڵک زۆر بوون، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر زیاتر فروانی بکەین، ئەویش کردی، حەلەبی دەڵێت: لەوانەیە فراوانییەکەی ئەو زەوییە بێت لە تەنیشت مزگەوتەکە کە عوسمان لە هەندێک ئەنسار بە دە هەزار دەرهەم کڕی، دەڵێت ئینجا عوسمان هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو پارچەیەم لێ دەکڕیت کە لە ئەنسارەکان کڕیم؟ بە خانوویەک لە بەهەشت لێی کڕی و مزگەوتەکەی پێ فراوان کرد.

گوتیان سەقفەکەی لە دار بوە و قوری زۆری بە سەرەوە نەبوە، کە باران دەباری ئاو دادەبەزی و دڵۆپەی دەکرد و مزگەوتەکە پڕ دەبوو لە قوڕاو، گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر فەرمان بکەیت، قور بدەین بە سەریدا بۆ ئەوەی دڵۆپە نەکات، گوتی: نەخێر، عەرشەکە وەک عەرشی مووسا بێت، تا ئێستا وایە تا پێغەمبەری خودا هات. گوتیان: هۆکاری بەرد خستنە مزگەوتەکە لەوەدا هاتوە، شەوێک باران بوە و زەوییەکە تەڕ بوە، پیاوێک بە کراسەکەی بەردی هێناوە و لە ژێر خۆیدا دای ناوە بۆ ئەوەی نوێژی لە سەر بکات، کاتێک پێغەمبەر هاتوە بۆ نوێژ. گوتوویەتی: ئەمە زۆر چاکە، لە گێڕانەوەیەکی تردا گوتوویەتی، ئەمە ڕاخەرێکی چاکە. حەلەبی ناڕازییە لەمەی گوتراوە، کە پێغەمبەر فەرمانی کردبێت بەرد بخەنە مزگەوتەکەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر پێش ئەوە مردوە و عومەر بەردی تێ کردوە. گوتی: دەڵێن هیچ ناڕەزاییەک لەو بارەوە نییە، لەوانەیە پێغەمبەر ئەوەی بە دڵ بووبێت، هەندێک لە هاوەڵان فەرمانی کردبێت سەرجەم مزگەوتەکە بەردڕێژ بکەن، بەڵام لە واقیعدا بەردڕێژەکە هەموو مزگەوتەکەی نەگرتەوە، بەشێکی بوە. گوتیان: لە کاتی دەستپێکردنی بنیاتنانی مزگەوتەکەدا، پیاوێک لە خەڵکی یەمامە هاتوە، پێیان دەگوت تەلق، لە بەنی حەنیفە بوە، لە سەر زاری ئەوەوە دەگێڕنەوە، کە گوتوویەتی: چووم بۆ لای پێغەمبەر لەو کاتەی کە مزگەوتەکەی بنیات نا و موسوڵمانان لەگەڵیدا کاریان دەکرد، من لە قوڕکاریم دەزانی، خاکەنازەکەم برد و قورەکەم تێکەڵ کرد، پێی گوتم: (مەبەستی پێغەمبەری خودا بوە) خودا ڕەحمەت لەو کەسە دەکات کە کاری چاک بێت، گوتی تۆ ئەم کارە بگرە دەست، وا دەتبینم کە لێی دەزانیت.

لە قسەیەکی تردا: ئەم حەنەفیەی لە قوڕکاری زانە، لە لایەکی ترەوە گوتوویەتی: با یەمامیەکە لە قورەکە نزیک بێت، ئەو لە ئێوە باشتری لێ دەزانێت، کە باش و بە توندی دەیگرێتەوە، لە قسەیەکی تردا گوتوویەتی: حەنەفی و قورەکە بە جێ بهێڵن، ئەو لە ئێوە

باشتر دەیکات. گوتیان: کاتێک مزگەوتەکەی دروست کرد، شوێنێکی تێدا دروست کرد، کە سێبەر بێ بۆ ئەوەی هەژاران تێیدا بژین، پێیان دەگوت بنەی (الصفه) و ئەو خەڵکەی لەوێ دەژیان پێیان دەگوترا، خەڵکی (الصفه)، لە کاتی خواردنی شێوان دا دابەشی دەکردن بە سەر هاوەڵانیدا، بۆ ئەوەی نانیان لەگەڵدا بخۆن. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لەوە دیارە و وا دەردەکەوێت و حکوم دەکات لە کاتی دروستکردنی مزگەوتەکەدا ئەو هەژارانەی لەوێدا دانابێت. گوتی: بەڵام بەیهەقی لە عوسمانی کوری یەمانەوە وەری گرتوە، دەڵێت: کاتێک کۆچبەران لە مەدینە زیادیان کرد، کە نە خۆراک و نە شوێنی حەوانەوەیان هەبوو، پێغەمبەری خودا لە مزگەوتەکە دای نان و پێی گوتن خەڵکی (الصفة) واتە شوێنی سێبەر لە مزگەوتدا بوو، لەگەڵیاندا دادەنیشت و پێکەوە قسەوباسیان دەکرد.

ئەوەی ئێمە لەو قسانەدا تێی دەگەین: (شوێنێکی سێبەردار) لەو (الصفة) واتە شوێنێک سەری هەبێت لە مزگەوتەکەدا نەبێت، بەڵام نووسا بێت بە مزگەوتەکەوە، لە مزگەوتەکەوە ڕێی تێ بچیت، وەک دیارە سێ دیواریان بۆ دروست کردبێت کە لە مزگەوتەکەوە دەرچوو بێت و نووسا بێت پێوەی و ئەو دیوارەی نێوان ئەو شوێنە و مزگەوتەکەیان ڕووخاندبێت و زەوییەکەی بە زەویی مزگەوتەکەوە بێت و بەرەو ئەوێ پروات، ئینجا بە سەعفی دارخورما یان شتی وا سەقفیان بۆ دروست کردبێت. ئەگەر وا نەبێت داڕشتنی (شوێنی سێبەردار) هیچ واتایەک نابەخشێت لێرەدا، لەبەر ئەوەی مزگەوتەکە هەمووی سەقفی هەیە و، وەك دەڵێن بە دار بۆی دروست کراوە. ئەگەر ئەو شوێنە لە مزگەوتەکەدا بە هەمان سەقف کرابێت، هیچ پێویست بە سێبەر دروستکردن ناکات. بەم شێوەیە قسەکانی بەیهەقی بە نزیک لە ڕاستییەوە دەبینین، کە ئەو شوێنە دوای بنیاتنانی مزگەوتەکە دروست کرابێت.

گوتیان: پێغەمبەری خودا دوو ژووری بۆ عایشە و سەودە لە تەنیشت یەکەوە دروست کردوە، کە نووسابوون بە مزگەوتەکەوە، وەک دروستکردنی مزگەوتەکە بە قوڕ و بەرد دروستی کردن. سەقفەکەی بە دار و قەدی دارخورما و حەسیر داپۆشیبوو. ئینجا نۆ ژووری تری بۆ ژنەکانی دروست کرد. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر کە هات بۆ مەدینە، جگە لە سەودە و عایشە ژنی تری نەبوو، پاش مردنی خەدیجە، زەواجی لەگەڵ کردن و چوو بە لای سەودەدا و بەڵام نەچوو بە لای عایشەدا، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا جارێك منداڵ بوو، ئینجا هەر جارێک ژنێکی هێنا بێت، ژوورێکی بۆ دروست دەکرد. لە واقدیەوە وەرگیراوە، حارسەی کوری نوعمان گوتوویەتی: هەندێک خانوو لە نزیک و دەوروبەری مزگەوتەکەدا هەبوو، هەر چەند پێغەمبەر ژنێکی هێنا بێت، خاوەنی ئەو خانوانە چۆڵی کردوە بۆی، تا سەرجەم خانووەکانی بوون بە هیی پێغەمبەر.

عەبدوڵلای کوری زەیدی هەزلی دەڵێت: ماڵەکانی ژنانی پێغەمبەرم لەو کاتە بینی، کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بە فەرمانی وەلیدی کوری عەبدولمەلیک پاش مردنی ژنەکانی ڕووخاندنی، گوتی: نۆ دانە بوون، چواری لە قوڕ و خشت و سەقفەکەی لە داری دارخورما و بە قوڕ داپۆشرا بوو، کە ژوورێکی لە پەلە دار و لە دەرەوە بە ڕیشاڵە و لیفی دار داپۆشرا بوو، پێنج خانوویش لە دار بە قوڕ بێ ڕیشاڵ و لیفە، لە سەر دەرگاکانی لیفی دارخورما و مووی دار هەبوە. کە پێوانەی کرد، بینیی کە لە سێ بە یەک باڵ پانی و درێژی دروست کراوە.

حەلەبی دەڵێت: لە قسەی سوهەیلەوە وەرگیراوە: خانوەکانی لە دار و حەسیر و قوڕی لە سەر بێت، دروست کرابوو، هەندێکیان لە بەرد و سەقفەکانیان لە حەسیرەدار، ژوورەکانی بە لیفەی دارخورما کە بە تەختەی عەرعەرەوە بەسترا بێت، گوتوویەتی: ئەگەر بە قسەی ئیمامەکانمان بێت، وا هاتوە کە خانوەکانی جیاواز بوون و زۆرینەیان لە مزگەوتەکەوە دوور بوون. وەک ئێستا باسمان کرد، گوتیان خانوەکانی عایشە و سەودە بە مزگەوتەکەوە نووسا بوون. پێغەمبەری خودا نەخشەی بۆ هەر کۆچبەرێک کێشاوە کە خانووی تێدا بکەن، لە سەر زەوییەک بێت هیی کەس نەبێت، یان ئەنسارەکان لەو نەخشەیەدا پێی دابن، هەندێکیان لە خانووی ئەوی تر نیشتەجێ بوون لەوانەی نەیانتوانی خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن.

لەو خانوانەی نووسابوون بە مزگەوتەکەوە، دەرگای تێدا بوو لە مزگەوتەکەوە دەردەچوو، هەر کەسێکیش لە هاوەڵانی خانوەکەی بە مزگەوتەکەوە نووسابوو، دەرگاکەی بە مزگەوتەکەوە دەکرایەوە، دەرگاکان بچوک بوون، بە هەر دەرگایەک دەگوترا (خوخه) دەرگاکۆکە، کە بۆ ئاسانکاری بوو، بۆ ئامادەبوون بۆ نوێژ لە مزگەوت یان بۆ شتی تر.

باس لەوە دەکەن، کە تاریکی دادەهات بە سووتاندنی سەعفی دارخورما ڕووناکیان دەکردەوە، کاتێک تەمیم ئەلداری هات بۆ مەدینە چرا و پەت و زەیتی هێنا لەگەڵ خۆیدا، ئەو چرایانەی بە

شوورای مزگەوتەکەدا هەڵواسی و هەڵی دەگیرساندن، پێغەمبەری خودا گوتی:
مزگەوتەکەمانت ڕووناک کردەوە، خودا ڕووناکی بخاتە ژیانتەوە، بە خودا ئەگەر کچێکم هەبوایە دەمدا بەم پیاوە. لە (اسد الغابە) دا لە سیراج غوڵامی تەمیم ئەلدارییەوە گوتوویەتی: ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا، ئێمە پێنج غوڵامی تەمیم ئەلداری بووین، فەرمانی پێ کردم (واتە گەورەکەی تەمیم ئەلداری)، لە مزگەوت چرایەکم هەڵکرد کە زەیتی تێدا بوو، لەوێدا هیچ ڕووناکیەکییان هەڵنەگیرساند بە سەعفی دارخورما نەبێت. پێغەمبەری خودا گوتی: کێ مزگەوتەکەمانی ڕووناک کردوەتەوە؟ تەمیم گوتوویەتی: ئەم غوڵامەم. گوتی ناوی چییە؟ گوتی: فەتح، پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر بەڵکوو ناوی (سراج)ە (واتە ڕووناککەرەوە یان چرا) پێغەمبەری خودا ناوی نام سیراج. جەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەمە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە یەکەم کەس چرای لە مزگەوت هەڵبواسیێت، عومەری کوری خەتاب بووبێت، لەبەر ئەوەی وا .ویستراوە کە کێ چرایەکی زۆری تێدا هەڵکردبێت
کاتێک مزگەوتەکەی دروست کرد، مینبەری گوتار خوێندنەوەی نەکرد، بەڵکوو لە کاتی گوتارداندا پشتی بە قەدی دارخورماکەوە دەدا، ئینجا دواتر مینبەری دروست کرد. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: مینبەرەکەی سێ پلە بوو، گوتی: مینبەری لە ناوەڕاستی مزگەوت دروست نەکرد، بەڵکوو لە لای خۆرئاوای لە نزیک دیوارەکەوە دروست کرد، لە نێوان ئەو و دیوارەکە ڕێرەوی ڕۆیشتنی پانە بەرانێکی هەبوو، گوتی: ئەگەر بە دەر لە ڕۆژی هەینی لە سەری دانیشتبا، یان بە وەستانەوە گوتاری لە سەر بدایە هاورێکانی ڕوویان تێ دەکرد، دەموچاوی بە ڕووی ئەوان دابوو، وا دیارە ئەم مینبەرە لە تەختە دروست کراوە وەک لە قسەکەدا دەردەکەوێت وای گوتبێت (دانەنراوە) و (بەڵام لە ڕاستیدا دانراوە) ناڵێت بنیات نەنراوە و دەڵێت دانەنراوە، ئەوەی باسیان کردوە، لە بارەی سۆزی قەدی دارەکە بۆ پێغەمبەر لەو کاتەی لێی دوور دەکەوتەوە. لەم باسەدا دەربارەی مینبەر بە خەیاڵی شاعیرانە نەبێت باس کرابێت، هیچ حەقیقەتێکی تێدا نییە، ئەگەر ئەمە ڕاستەقینە بوایە، دەبوایە لە هەر شتێک دوور بکەوتایەتەوە سۆزی بۆی هەبوایە، خانوەکەی کە لە مەککە تێی دا دەژیا، سۆزی بۆی هەبوایە، ئەشکەوتەکە سێ ڕۆژ خۆی تێدا شاردەوە، سۆزی بۆی هەبوایە، حوشترەکەی کە وازی لە سواربوونی هێنا و کە هێواش بوەوە لە ڕێگاکە و سواری حوشترەکەی ئەوس کوری حەجەر بوو سۆزی بوو هەبوایە، حوشترەکە لە پێشترە کە سۆزی بۆ پێغەمبەر هەبێت لەوەی قەدی دارەکە، لەبەر ئەوەی حوشتر ئاژەڵێکی هەستیارە. ئەگەر لەوێدا سۆزێک هەبێت، دەبێت لە محەمەدەوە بێت بۆ قەدی دارەکە نەک لە قەدەکەوە بۆ محەمەد. لەبەر ئەوەی محەمەد وەک لە پێشدا باسمان کرد خەیاڵێکی فراوان و بەهێزی هەبوە، ئەگەر خەیاڵی لە هەر شتێکی بکردایە، وەک ئەوە دەهاتە پێش چاوی کە وەک دەیبینێت و بە دەستی دەیگرێت و بەری دەکەوێت، وەک حەقیقەتێک بە شتە ڕاستەقینەکان باسی دەکرد، وەک ئەبووتالیبی مامی عەباس قسەی بۆ کردوە و پێی گوتوە: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەبووتالیب دەوری داویت و دەتپارێزێت، ئایا ئەوە هیچ قازانجێکی بۆی هەیە؟ گوتی: بەڵێ لە بەتینیی ئاگردا بینیم و بۆ زەحزاح واتە شوێنی ئاسایی و فراوان دەرم کرد. وەک ئەوەی یەکەم کەس کە لە زۆنگاوەکەدا مەلەی کرد، پیاوێکی بەنی مەدلەج بوو کە دوو حوشتری هەبوو گوێی پرین و شیرەکەیانی حەرام کرد، گوتی: لە .ئاگردا بینیم بە دەستیان تێکەڵیان دەکرد و بە دەمیان گازیان لێ دەگرت
هەروەها وەک لە سەر عەمرو کوری لەحی قسەی کرد و گوتی: دۆزەخم بینی کە هەندێکیان تێیدا یەکتریان داڕزاند، عەمروم بینی کە دەستەیەک ئاگری ڕادەکێشا، لە گێرانەوەیەک ڕیخۆڵەی ڕادەکێشا. بەهێزی ئەم خەیاڵە فراوانەی، محەمەد کەسایەتییەکی بەم قەدی دارە بەخشی کە پێوەندیی پێوە بوو، لە کاتی گوتارداندا پشتی پێوە دەدا و خستییە شوێنی یەکێک لە هاورێکانی، وا خەیاڵی کردوە کە سۆزی بۆی دەبێت لەو کاتەی کە شوێنەکەی گۆرییەوە بۆ سەر مینبەر. بۆیە لە مینبەرەکە دابەزی و چوو بۆ لای قەدەکە و لە باوەشی گرت -وەک دەڵێن- هێمن بوەوە. ئەم سۆزە لە حەقیقەتدا لە محەمەدەوەیە بۆ قەدەکە نەک لە قەدەکەوە بۆ .محەمەد، سەرچاوەکەی ئەمەیش جگە لە خەیاڵفراوانی خۆی هیچی تر نییە
محەمەد جگە لە مزگەوت جێنوێژێکی تری هەبوو، کە لەوێدا نوێژی هەر دوو جەژنەکەی بە خەڵک دەکرد، واتە جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، ئیبن قەییم دەڵێت: ئەو جێنوێژە واتە بەرماڵە کە لە دەرگای خۆرهەڵاتی مەدینەیە، گوتی: ئەوێ فراوانییە و هیچ بینا و دیواری تێدا نییە، گوتی: بە پیاسە ڕۆیشتوە بۆ ئەوێ و بزنێکی بە دەستەوە بوە، ئەگەر بگەییشتایەتە ئەوێ

که جێنوێژەکەی لێیە بزنەکەی دەخستە نێوان دەستی و لەوێدا نوێژی دەکرد. گوتی: نوێژی جەژنی لە مزگەوتەکەی نەکرد جگە لە یەک جار کە باران باری و بواری نەدان لەوێدا نوێژ بکەن و لە مزگەوت نوێژی جەژنی پێ کردن.

(34)
مەسەلەکەی عەماری کوری یاسر
وامان بە باش زانی، کە قسە لە سەر ئەوەی لە کاتی بنیاتنانی مزگەوتەکە ڕووی دا -وەک دەڵێن- لە سەر مەسەلەکەی عەماری کوری یاسر یەکێک لە هاوەڵانی محەمەد بوو، تەواو بکەین.
گوتیان کاتێک مزگەوتەکەی دروست کرد، پێغەمبەری خودا بە خۆی ئیشی تێدا دەکرد بۆ ئەوەی وا لە موسوڵمانان بکات حەز بکەن کاری تێدا بکەن. حەلەبی دەڵێت: وا هاتبوو کە پێغەمبەر بە کراسەکەی خشتی دەگواستەوە، لە گێرانەوەیەکدا: بە عەباکەی تا خۆڵ و تۆز لە سەر سینگی نیشت و وای لێکرد بڵێت:
هذا الحمال لا حمال خيبر هذا ابر ربنا و اطهر
واتە: ئەم حەماڵیە نەك حەماڵیەکەی خەیبەر کە لە چاکەو خێرێکە بۆ خودا لە هەموو شتێك باشترە
واتە ئەی خودا ئەو خشتە بارەی هەڵی گرتوە، پاک و بێگەردترە لەو خورما و مێوژەی لە خەیبەردا هەڵدەگیرێت، واتە ئەو بارەی کە بە کراسەکەی پێغەمبەر هەڵگیراوە. گوتیان: کاتێک هاوەڵان بینییان بە خۆی خشت دەگوازێتەوە، لە سەر ئەوە یەکانگیر بوون، وای لە هاوەڵانی کرد کە خشت بگوازنەوە، هەندێکیان پێی ناخۆش بوو، دەیگوت:
لذاك منا العمل المضلل لئن قعدنا والنبی يعمل
بەواتای: ئەگەر ئێمە دانیشین و پێغەمبەر خەریکی کار بێت وەك ئەوەیە کار و ڕێونکردنێك بێت لە لای خودا
لە نێو ئەو هاوەڵانەی کە لە مزگەوتەکەدا کاریان دەکرد، یەکێک بە ناوی عەمار کوری یاسر بوو، دەڵێن: وای کرد هەر پیاوێک خشتێک هەڵبگرێت، عەمار کوری یاسر دوو دووی هەڵدەگرت، ئەمەیش وای کرد پێغەمبەری خودا خۆڵ و تۆزەکەی سەر سەری بتەکێنێت و بڵێت: بۆچی وەک هاورێکانت هەڵناگریت؟ گوتی: من حەقەکەم لە خوا دەوێت، لە گێرانەوەیەکدا: خشتێک بۆ خۆی هەڵدەگرێت و یەکێکیش بۆ پێغەمبەری خودا، پێغەمبەری خودا پشتی سڕی و گوتی: ئەی کوری سومەیە، خەڵک حەقێکی دەدرێتەوە تۆ دوان، دوا خواردنت گۆزەیەک لە ماست دەبێت، ئەوەی بە حەقی عەمار گوتراوە: ئەگەر خەڵک ناکۆک بوو، ئیبن سومەیە لە سەر حەقە، خەڵکێکی بێ مروەت و خراپەکار دەتکوژن، داوایان لێ دەکەیت بێن بۆ بەهەشت و داوات لێ دەکەن بڕۆیت بۆ دۆزەخ، عەمار گوتی، پەنامان بە خودا بێت لە فیتنەکاری.
گوتیان: عوسمانی کوری مەزعون پیاوێکی پاک و پۆشتە بوو، ئەگەر خشتێکی هەڵبگرتایە لە کراسەکەی بە دووری دەگرت بۆ ئەوەی خۆڵەکەی بەری نەکەوێت و ئەگەر تۆزی بەربکەوتایە یەکسەر لای دەبرد، عەلیی کوری ئەبووتالیب تەماشایەکی کرد و ئەم شیعرەی بۆ هات:
يدأب فيه قائما وقاعدا لا يستوى من يعمر المساجدا

ومن يرى عن التراب حائدا
لە ڕۆیشتن و دانیشتندا هەر خەریکی خۆیەتی کە خۆڵی لەسەر نەنیشێت، بەم ڕەفتارەش مزگەوت بنیاتنانرێت.
ئەم قسەیەیش عەمار کوری یاسر دەیگوتەوە، ئەو نەیدەزانی مەبەست لێی کێیە، بۆ عوسمانی کوری مەزعونی دەگوتەوە، عوسمان وای دەزانی کە عەمار دەیەوێت گێچەڵی پێ بکات، پێی گوت: ئەی کوری سومەیە، نازانم گێچەڵ بە کێ دەکەیت، واز دەهێنیت یان بەم ئاسنە تێروپڕ بتکوتم (ئاسنێکی لا بوو) یان دەموچاوت بکوتم. لە لایەکی تردا دەڵێت: وای دەبینم کە بەم دارە لوتت دەشکێنم (دارێکی بە دەستەوە بوو) پێغەمبەری خودا گوێی لێ بوو، توورە بوو، گوتی: عەمار کوری یاسر پێستی نێوچەوانمە و دەستی خستە سەر چاوی. خەڵک بە عەماریان دەگوت، پێغەمبەری خودا توورە بوە، دەترسین قورئان بە سەرماندا دابەزێت، گوتی:

من ڕازیی دەکەم، هات بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوڕێکانت چییان لێم دەوێت؟ گوتی: چیت دەوێت و چییان دەوێت؟ گوتی: دەیانەوێت بمکوژن، ئەوان خشت خشت هەڵدەگرن و دوو خشت دەخەنە سەر پشتی من، پێغەمبەری خودا دەستی گرت و سوری دا بە دەوری مزگەوتەکە و، خۆڵی لە سەر قژی لە پشتە سەرییەوە (واتە پەلک) دەسڕی، دەیگوت: قوڕ بە سەر ئەو خراپەکارانەی بیانەوێت عەمار بکوژن، ئەم داوایان لێ دەکات پڕۆن بۆ بەهەشت و ئەوان داوای لێ دەکەن پڕۆن بۆ دۆزەخ. هەندێکیان لە خۆیەوە زیادەی خستوەتە سەر. وەك ئەوانە خودا شەفاعەتی منیان بۆ قبوڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

ئیبن کەسیر دەڵێت: ئەوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە، بەم زیادەوە، درۆی بە دەم پێغەمبەری خوداوە ناوە، لەبەر ئەوەی ئەم شتەی نەگوتوە، لە هیچ کەسێکەوە نەگوازراوەتەوە، کە متمانە پێ کراو بێت. ئیمام ئەبووعەباس کوری تەیمیە دەڵێت: ئەمە درۆیەکە خراوەتە سەر فەرموودەکە، هیچ کەسێک لە زانا ناسراوەکان نەیگێڕاوەتەوە، کە پشتگیریی دیاری هەبێت، هەروەها لە قسەکانیدا (عەمار پێستێکی نێو چەوانمە) هیچ پشتگیریی نییە، ئەوەی لە سەحیحدا هاتوە، کە کۆمەڵەیەکی خراپەکار عەمار دەکوژن. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: لە ئیبن ئەلعالیە وەری گرتوە: گوێم لێ بوو گوتی بکوژی عەمار لە ئاگردایە. گوتوویەتی: شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە ئەبوو عالیە بکوژی عەمار بێت لە ڕۆژی سەفین دا، ئەبوو عالیە لەگەڵ مەعاویەدا بوو عەماریش لەگەڵ عەلی.

ئەمەیە چیرۆکەکەی عەمار، کە لە کاتی بنیاتنانی مزگەوتەکەدا بوە، وەک دەڵێن، ئەوەی زانراوە کە عەمار لە شەڕی سەفین لەگەڵ عەلیدا بوو لە دژی کۆمەڵەکەی مەعاویەدا شەڕی کرد و کوژرا، وا باس دەکەن کە لەو کاتەی دەرچوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، ماستیان بۆ هێناوە و پێکەنیوە، پێیان گوتوە: چی وات لێ دەکات پێ بکەنیت؟ گوتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو گوتی: دوا خواردنەوەت کە بیخۆیتەوە لە کاتی مردنتدا ماستە. ئەم قسانە هەموویان ئەگەر ڕاست بن، نیشانەی ئەوەن کە حەق لەگەڵ عەلیدا بوە، نەک مەعاویە، با باسی ئەوە بکەین کە باوەڕ بە حەقیقەت بکەیت نەک مێژوو، دەڵێین:

پێش هەموو شتێک دەبێت بزانین ئایا حەق لای عەلی بوە نەک مەعاویە، یان لەگەڵ مەعاویە بوە نەک عەلی، ئەمەیش مەسەلەیەکی شەخسییە لە نێوان دوو پیاو لە پیاوانی موسوڵمان. هەر یەکە و حزبێکی هەیە پشتگیریی لێ دەکات و پاڵپشتی دەکات دژ بە دوەم، مەسەلەکە لە سەر ئایینەکان نییە، هەر چەند ناکۆکی لە نێوانیاندا لە سەر خیلافەت بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر وا دابنێین کە خیلافەت لە مەسەلە ئاییینیەکانە، ئەوە ناڵێین کە بۆ ئەمەیە و بۆ ئەوە نییە، یان بۆ ئەمە بێ ئەو کارێکی ئاییینیە. لەبەر ئەوەی جادە کەسی بۆ خیلافەت دیاری نەکردوە، کەسی بۆ ئەوە تایبەتمەند نەکردوە بۆ ئەوی تر نەبێت، بەڵام خستییە دەست شوورا لە نێو موسوڵماناندا، هیچ مەرجێک بۆ ئەو کەسە دانەنراوە کە هەڵدەستێت بەو کارە، جگە لەوەی لە قوڕەیش بێت، وەک پێشتر بە دووروودرێژی باسمان کرد.

ئینجا ئەم پرسە، مەبەستم ئایا حەق لەگەڵ عەلییە یان مەعاویە، ئەمڕۆ بوەتە پرسێکی مێژوویی، لە نێو موسوڵماناندا، دەکرێت هەر کەسێک گرینگی بە مێژوو دەدات و بە پێی توانای خۆی تەماشای بکات و لێی ورد بێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی ڕاستیی ئەم مەسەلەیەی بۆ دەربکەوێت و ڕوون ببێتەوە، نەک بیکاتە ئایینێک خودای پێ بپەرستێت.

بەڵام ئێمە دەڵێین: لەوانەیە حەق لەگەڵ عەلیدا بێت نەک مەعاویە، لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە و لەوانەیش نییە کە ئەم قسانە لە لایەک لە لایەنەکانەوە ڕاست بن، لەبەر ئەوەی محەمەد لە غەیبی نەزانیوە: (ئەگەر لە غەیبم بزانیبا خێر و خۆشیم زیاد دەکرد و هیچ تووشی خراپەیەک نەدەبووم). ئەوەی دەیبینین کە حیزبایەتیکردن بۆ عەلی لە لایەک و کوشتنی عەمار کە لەگەڵ عەلیدا بوە لە لایەکی ترەوە، دوو هۆکارن بۆ دانانی ئەم قسانە. هەروەها خواردنەوەی ماست لە لایەن عەمارەوە لە کاتی دەرچوونی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە شەڕەکەدا، وای کردوە کە ئەم فەرموودەیە دابنرێت (دوا خواردنەوەت خواردنی ماستە) هەروەها کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان لەو کاتەدا کە کوژرا و قورئانی لە کۆشدا بوو، دڵۆپێک لە خوێنەکەی کەوتە سەر: {فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} البقرە: 137. واتە: خودا لە ئازاری ئەوان ئەتپارێزێت و زۆر بیسەر و فرەزان هەر خۆیەتی.

ئەم دڵۆپە خوێنەی کەوتە سەر قورئان و ئەم قسانەی دروست کرد، کە حاکم باسی کرد، لە ئیبن عەباسەوە وەری گرتوە، پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: ئەی عوسمان دەکوژرێیت و تۆ لەو

کاتەدا بەقەرە دەخوێنیت (سورەتی بەقەرە) و دڵۆپێک خوێن لە خوێنەکەت دەکەوێت بە سەر (فَسَيَكۡفِيكَهُمُ ٱللَّهُ)دا. وەک ئەم قسانە فەرموودەی زۆر هەن کە لە دوا جاردا ڕووداوەکان دروستی کردوون، لە سەر زمانی حیزبایەتیکردنی سیاسی. لەوانەیە هەندێکیان لێ کۆ بکەینەوە و دواتر قسەی لە سەر بکەین.

گۆڕینی قیبلە

ئەوەمانزانی کە قیبلەی عەرەب لە کاتی جاهیلیەتدا (بيت المقدس) بوو، کە زیارەتیان دەکرد و بە دەوریدا دەخولانەوە و خۆیان پێدا دەسپری و حەج و عومرەیان بۆ دەکرد، لەبەر ئەوەی بە پێی بۆچوونی ئەوان ماڵی خودا بوە، کە خودا لەوە باڵاترە ماڵی هەبێت و دوور لە هیچ ماڵێکی تر تێیدا نیشتەجێ بێت، یان شوێنێکی هەبێت بێ هیچ شوێنێکی تر، یان لەبەر ئەوەی ماڵی خودای خۆیان و بتەکانیان بوە. خول خواردنەوە بە دەوری کەعبەدا یەکێک بوە لە ڕوکن و پێویستییەکانی حەج لای ئەوان، واتە لای بتپەرستان.

محەمەد یەکێک بوو لەوان، لەوێ پەروەردە بووە، لە نێو ئەواندا گەورە بووە، بینینی بۆ کەعبە هەر وەک ئەوان بوو، بە پیرۆزی داناوە و بە دەوریدا خولی خواردوەتەوە و خۆی بە گۆشەکانیدا سڕیوەتەوە. ئەمە ئەوەی پێشتر باسمان کرد ڕەت ناکاتەوە، کە گوتمان لە دەرەوەی نەریتی قەومەکەی بوە، لەبەر ئەوەی دەرچوونی لە نەریتەکان لە هەموو شتەکان بە ڕەهایی نەبوە. ئەگەر وا بێت هیچ سەرسوڕمانێکی تێدا نییە، کە لە پاش پێغەمبەرایەتیی کەعبە بە قیبلە دادەنرێت بۆ نوێژکردن.

حەلەبی لە سیرەتەکەیدا لە (الامتاع) گواستوویەتیەوە: نوێژکردن لە پێش ئیسرا تەنها لە شێواندا بوە، ئینجا بوە بە نوێژی بەیانیان و شێوان هەر یەکە و دوو ڕوکعەت و نوێژکردنیش ڕوەو کەعبە بوە، ڕوویان بەرەو بەردی ڕەش بوە. دەڵێت ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، هیچ ڕوویان لە (بيت المقدس) نەکردوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە نێوان هەر دوو گۆشەی ئەسوەد و یەمانیدا نوێژی نەکردایە ڕوەو قودس نەدەبوو، وەک لە فەرزکردنی پێنج فەرزەی نوێژی لە مەککەدا کرد.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە، دەڵێم: قودس دەکەوێتە وڵاتی شام، وڵاتی شامیش دەکەوێتە باکووری مەککەوە، وەک چۆن یەمەن دەکەوێتە باشوورییەوە. ئەوەی ڕوونە کە کەعبە بناغەکەی چوارگۆشەیە کە چوار لای هەیە. ئەو لایەی دەکەوێتە لای یەمەنەوە بەردی ڕەش و گۆشەی یەمانییە کە دەکەونە هەر دوو لاکەیەوە، ئەگەر مرۆڤ لەوێدا لە نێوان ئەو لایەدا هەڵبسێت بۆ ڕووکردنە کەعبە ڕووی لە شامیش دەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەگەر لە نێوان ئەو دوو گۆشەدا ڕوو لە بەردە ڕەش بکات، کە دەکەوێتە لای ڕاستیی ئەو لاتەریبەی، ڕووی لە شامە واتە بۆ باکوور نابێت، بەڵکوو ڕووی بەرەو خۆرئاوای باکوور دەبێت.

ئەوەی دەیبینین کە دەڵێت (ڕوەو بەردی ڕەش بوو) وا فەرز ناکات کە لە هەموو نوێژێکدا ڕوویان لێ کردبێت، لەوانەیە ئەو پێشوازی و ڕووکردنە ئەوە بە ڕێکەوت بووبێت، لەبەر ئەوەی لە لایەنێکی کەعبەوە نوێژی بکردایە ڕووی دەکردە ئەوێ، لەو کاتەدا وا ڕێککەوتوە کە ڕووی لە بەردە ڕەش بێت.

محەمەد لە نوێژکردنی دوو ڕوکعاتی بەیانی و ئێوارەدا ڕوەو کەعبە بەردەوام بوو، تا پێنج فەرزەی نوێژ کە لە خەونیدا، لە خەونبینینەکەی ئیسرادا بینیی، لە ساڵی دوانزەیەمی پێغەمبەرایەتی، واتە پێش کۆچکردن بە یەک ساڵ. لەوێدا کە لە مەککە بوو نوێژی ڕوەو قودس کرد، بەڵام قەت وازی لە کەعبە نەهێنا، بەڵکوو لە هەر دوو گۆشەکەی بەردی ڕەش و گۆشەی یەمانی نوێژی دەکرد، کە بەوەیش ڕووی بەرەو شام دەبوو، کەعبە لە نێوان خۆی و شامدا دەبوو، وەک ئەوەی هەر دوو قیبلە کەعبە و (بيت المقدس)ی لە نوێژکردندا کۆ کردەوە.

بەڵام ڕووکردنە بەیتی مەقدەس وەک قیبلە لە پاش ئیسرادا، دەڵێین: محەمەد زانیی کە بەیت ئەلمەقدەس ئەو ماڵەیە کە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل لە کاتی پێغەمبەرایەتییاندا سەر بە ئەوێ بوون و ئەوێ قیبلەیان بوە، وەک یەهوودەکان دەڵێن و، لە گێڕانەوەی زوهریدا هاتوە: خودا هیچ پێغەمبەرێکی لە دابەزینی ئادەمەوە لە سەر زەوی نەناردوە، کە قیبلەی بەردی بەیتی مەقدەس نەبێت. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەمەیش لە ڕووکەشدا لەگەڵ قسەی ئیمام سەبەکیدا یەک دەگرێتەوە لەو شیعرەیدا کە دەڵێت:

وكل نبى ما له غير قبله وصليت نحو القبلتين تفردا

واتا: هەموو پێغەمبەران یەك قیبلەیان هەبووە، تۆ بەتەنها رووەو دوو قیبلە نوێژت کرد.

هەندێك بەوە شییانکردوەتەوە دەڵێن؛ قیبلەی هەر پێغەمبەرێک بەیت مەقدەس بوە. ئەمە

(مەبەستم، زانیویەتی کە بەیت مەقدەس قیبلەی سەرجەم پێغەمبەران بوە.) ئەمەیش بەسە بۆ ئەوەی لە سەرەتای پێغەمبەرایەتییەکەیەوە بەیتی مەقدەسی وەک قیبلە بە کار هێناوە، بەڵام ئەو بیرەی زاڵ بوو بە سەریدا کە کەعبە بە پیرۆز بزانێت، ماڵی خودایە و ئیبراهیم بنیاتی ناوە و عەرەب حەجی بۆ کردوە و پیرۆزی کردوە. سەرەتا نوێژی بۆ کەعبە دەکرد تا خەونی ئیسرای بینی، ئەو خەونەی کە سەردانی بەیتی مەقدەسی کرد و لەگەڵ پێغەمبەراندا کۆ بوەوە و نوێژی پێ کردن، ئینجا هیمەتی زیاد بوو بۆ بە قیبلە بەکارهێنانی، یەکلایی بوەوە، کە بۆ تەواوکردنی پێغەمبەرایەتی لە نوێژکردندا دەبێت ڕوو بکاتە بەیت ئەلمەقدیس. بەڵام ئەم خەونەی، پیرۆزیی کەعبەی لە دڵدا هەڵنەکەند، بەڵکوو هەر وەک پێشتر تەماشای دەکرد، بۆیە بە هیچ شێوەیەک وازی لێ نەهێنا، بەڵکوو کەعبە و بەیت مەقدەسی کۆ کردەوە، لە مەککەدا وای بینی کە کۆکردنەوەی ئەو دوانە، بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد، دەکرێت. لای من خۆهەڵواسین و باوەڕبوونی محەمەد بە کەعبە گەورەترین هۆکار بوو بۆ گۆڕینی قیبلە لە بەیت مەقدەسەوە بۆ کەعبە، کە لە مەدینەدا بوو، وەک دواتر باسی دەکەین. لە گێڕانەوەی ئیبن عەباسدا هاتوە، لەو کاتەی پێغەمبەری خودا کۆچی کردوە بۆ مەدینە و یەهوود ڕوو دەکەنە بەیت مەقدەس، خودا فەرمانی پێ کردوە، ڕوو بکاتە بەیت مەقدەس، لەمەوە دیارە کە بەرەو ڕووی بەیت مەقدەس نوێژی نەکردوە، تا کۆچی کردوە بۆ مەدینە. ئەمە ڕاست نییە، بۆیە هەندێکیان شییان کردوەتەوە، دەڵێن: واتای ئەوەیە خودا فەرمانی پێ کرد، بەردەوام بێت لە ڕووکردنە بەیت مەقدەس. هەندێکیان دەڵێن: کاتێک پێغەمبەری خودا بە دوای هەر دوو قیبلەدا دەگەڕێت و ڕووی تێ دەکات لە مەککەدا، واتە کەعبە دەخاتە نێوان خۆی و بەیت مەقدەس، ئەو ڕووکردنە بەیت مەقدەسەی بۆ خەڵک دەرناخات، تا لە مەککە دەرچوو بۆ مەدینە و لەوێ ڕووکردنە بەیت مەقدەسی دەرخست، لەبەر ئەوەی ڕووی گۆڕی بۆ قیبلە، وا بە هەڵەدا چوون، کە ڕووکردنە بەیت مەقدەس وەک قیبلە، سەرەتا لە مەدینەدا بوە، نەیدەزانی ئەوە بەردەوامیی ئەوەیە کە لە مەککە کردوویەتی. ئەمەیە کە بەهەڵەداچوونی دروست کردوە لە قسەکانی ئیبن عەباسدا.

محەمەد لە مەدینە شانزە مانگ ڕەوە بەیت مەقدەس وەک قیبلە نوێژی کردوە، گوتیان: حەڤدە مانگ، ئینجا بۆ کەعبە گۆڕیویەتی. پێش ئەوەی هۆکاری گۆڕینەکەی باس بکەین، باسی بەرائی کوری مەعرورت بۆ دەکەین کە جیاواز لە قەومەکەی لەو کاتەدا کە بۆ حەج بەرەو مەککە دەرچوون نوێژی بۆ کەعبە دەکرد، لەو ساڵەی کە بەیعەتی عەقەبەی دووەمی تێدا بوو.

لە کەعب کوری مالیکەوە دەڵێت: لەگەڵ قەومەکەمان دەرچووین بۆ حەج و بەرائی کوری مەعرووری گەورە و شێخمان لەگەڵماندا بوو، کاتێک لە مەدینە دەرچووین بەرائـ پێی گوتین: من ڕایەکم هەیە ئایا ڕازین لە سەری یان نا، گوتی: گوتمان: چییە؟ گوتی: وا دەبینم کە ئەم بینایە (واتە کەعبە) کە دەکەوێتە پشتەوە، بۆ ئەوەی دەرکەوێت، نوێژی بۆ دەکەم. گوتی: گوتمان: بە خودا نەمانبینیوە پێغەمبەر جگە لەوەی ڕوەو شام بۆ هیچ جێیەک نوێژی کردبێت (واتە بەیت مەقدەس)، نامانەوێت لەگەڵ ئەودا ناکۆک بین، گوتوویەتی: من نوێژی بۆ دەکەم، پێمان گوت: بەڵام ئێمە نایکەین. گوتی: لە کاتی نوێژدا ڕوومان لە شام و پشتمان لە کەعبە بوو، بەڵام ئەو ڕووی کردە کەعبە و پشتی لە شام بوو، بە عەیبەمان دانا، ڕازی نەبوو جگە لەوەی بەو شێوەیە نوێژ بکات. کاتێک گەییشتینە مەککە، پێی گوتم: ئەی برازا، بمانبە بۆ لای پێغەمبەری خودا تا ئەوەی لە سەفەرەکەم کردم پێی بڵێم، بە خودا ناکۆکبوونتان لەگەڵمدا لەو بارەیەوە شتێکی لام دروست کرد. گوتی: دەرچووین پرسیار لە پێغەمبەر بکەین، نەماننناسی لەبەر ئەوەی پێشتر نەمانبینیبوو. پیاوێکی خەڵکی مەککەمان بینی و پرسیاری پێغەمبەرمان لێ کرد. گوتی: دەیناسن؟ گوتمان: نەخێر. گوتی: عەباسی کوری عەبدولموتەلیبی مامی دەناسن؟ گوتمان: بەڵێ، عەباسمان دەناسی، وەک بازرگان دەهات بۆ لامان. گوتی: ئەگەر چوونە مزگەوت، ئەو پیاوەیە کە لەگەڵ عەباسدا دادەنیشێت. چووینە مزگەوتەکە و عەباسمان بینی دانیشتوە و پێغەمبەری خودا لە تەنیشتی بوو، سڵاومان کرد و دانیشتین، پێغەمبەری خودا بە عەباسی گوت: ئەی ئەبووفەزڵ ئەم دوو پیاوە دەناسیت؟ گوتی: بەڵێ ئەمە بەرائی کوری مەعروور گەورەی قەومەکەیەتی و ئەمەیش کەعب کوری مالیکە، بە خودا قسەکانی پێغەمبەری خودام لە بیر ناچێت. شاعیر، گوتی: بەڵێ. بەرائی کوری مەعروور پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا من لە سەفەرەکەمدا وام بە باش زانی کە لە نوێژکردندا، پاش ئەوەی خودا ئیسلامی پێ بەخشیم، من ڕوو لەم بینایە بکەم، بەڵام هاوڕێیانم ناکۆک بوون لەگەڵمدا و کاریان تێ کردم،

ئەی پێغەمبەری خودا تۆ چۆن دەیبینیت؟ گوتی: ئەگەر سەبرت بگرتایە لە سەر قیبلە دەبوویت.
.بەرائـ گەڕایەوە بۆ قیبلەی پێغەمبەری خودا کە بەیت مەقدەس بوو
لەمەدا دەزانین پێش ئەوەی محەمەد قیبلەی بۆ کەعبە بگۆڕێت بەرائـی کوڕی مەعروور قیبلەی بۆ کەعبە گۆڕیوە، بەرائـ ئەوەی نەکرد ئەگەر کەعبە لای عەرەب لە بەیت مەقدەس پیرۆزتر نەبوایە. بێگومان ئەوەی کە بەرائـ کردی لە پشتکردنە بەیت مەقدەس و ڕووکردنە کەعبە، کاریگەریی لە ناخی پێغەمبەردا بە جێ هێشت، ئەو کاریگەرییە لەو هۆکارانە بوو کە وای لە محەمەد کرد قیبلە لە بەیت مەقدەسەوە بگۆڕێت بۆ کەعبە، ئەمەیش پاش کۆچکردن بۆ مەدینە .بوو. لە نێوان نوێژی بەرائـ بۆ کەعبە و نێوان کۆچکردن بۆ مەدینە تەنها سێ مانگ بوو
بەڵام وەڵامەکەی محەمەد بۆ بەرائـ بە گوتەی: (ئەگەر سەبرت بگرتایە لە سەر قیبلە دەبووی) وەڵامێکی شل و خاو بوە، بێ توندی و بێ سەرزەنشتکردنی ئەوەی بەرائـ کردوویەتی، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، محەمەد ئەم بابەتەی لە سەر بەرائـ گەورە نەکردوە و بە خراپی لە قەڵەمی نەداوە و پێی نەگوتوە کە تۆ دژی فەرمانی خودا وەستاویت و تۆبە بکە و داوای لێبوردن بکە، تەنانەت نەیگوتوە نوێژەکانت دووبارە بکەرەوە، لەگەڵ ئەوەدا محەمەد بە خۆی لەو کاتەدا وازی لە نوێژکردن بۆ کەعبە نەهێنابوو، کەعبەی خستە نێوان خۆی و شامدا (بەیت مەقدەس) لە وەستانی لە نێوان هەر دوو گۆشەی ڕەش و یەمانیدا وەك پێشتر باسمان کرد، ئەوەیش وا دەردەکەوت کە نوێژ بۆ هەر دوو قیبلە دەکات، بە تەماشاکردنی ئەمە وا دەردەکەوێت کە بەرائـ بەو کارەی سەرپێچییەکی گەورەی نەکردوە، بەڵکوو لە نوێژەکەی تەنها ڕووی لە یەک قیبلە .کردوە
گوتمان: ئەوەی بەرائی کوڕی مەعروور کردی کاریگەریی لە سەر ناخی محەمەد بە جێ هێشت و وای لێ کرد بیر لە مەسەلەی قیبلە بکاتەوە. کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینە، هۆکاری تر دەرکەوتن ئەم کاریگەرییەیان بەهێزتر کرد لە ناخیدا و وای لێ کرد کە بڕیاری گۆڕینی قیبلە بۆ .کەعبە بدات
لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: ئەوەی گۆڕیی (واتە قیبلە) وای بە باش زانی کە کەعبە قیبلەی بێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی زانی کە یەهوود دەڵێن محەمەد ناکۆکە لەگەڵماندا کەچی دوای قیبلەکەمان دەکەوێت (لە مەدینەدا). لە گێڕانەوەیەکدا بە موسوڵمانیان گوتوە: ئەگەر ئێمە لە سەر ڕێگەی ڕاست نەبووینایە، نوێژتان بۆ قیبلەکەی ئێمە نەدەکرد و لەوەیشدا ئێمەتان بە پێشڕەو نەدەزانی. لە قسەکردنێکی تردا دەبوایە ڕووی لە کەعبە بکردایە وەک خۆشەویستییەک بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ڕقێك لە ڕازیبوونی یەهوود. ئەم قسانەی یەهوود .لەوانەیە یەکێک بوویێت لە هۆکارەکانی گۆڕینی قیبلە
قسەیەکی تر، کافرەکانی قورەیش، بە موسوڵمانانیان دەگوت، بۆچی دەڵێن ئێمە لە سەر میللەتی ئیبراهیمین و، ئێوە واز لە قیبلەکەی دەهێنن و نوێژ بۆ قیبلەی یەهوود دەکەن.
لەوانەیشە کە ئەمە گەورەترین و گرینگترینیانە -وەک دەیبینم- حەلەبی لە سیرەتەکەیدا باسی کردوە: کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینە کە ڕووی کردە بەردی بەیت مەقدەس و پشتی لە کەعبە .بوو، لە مەدا پێی ناخۆش بوو
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بەیت مەقدەس لە باکووری مەدینەیە و مەککە لە باشووریەتی، هەر کەسێک ڕوو بکاتە بەیت مەقدەس لە مەدینەوە، پشتی لە مەککە دەبێت. ئەم وەزعە لە مەککەدا وا نەبوو، لەبەر ئەوەی کە ڕووی دەکردە بەیت مەقدەس کەعبەی دەخستە نێوان خۆی و شامەوە، بەو شێوەیەیش ڕووی لە کەعبە دەبێت نەک پشتی، بەو کارە لە نێوان هەر دووکیاندا کۆکردنەوەیەک دەبێت بۆ هەردوو قیبلە لە مەککەدا و، ئەمەیش لە مەدینە نابێت.
ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی قیبلە لە مەدینەدا، لەبەر ئەوەی پشتتێکردنی کەعبە، کە شوێنی ڕووکردنە ئەوێ و تەوافکردنی عەرەب بوو پیرۆز بوو لایان، لەگەڵ ئەو ئامانجەدا ناگونجێت کە محەمەد بیری لێ دەکردەوە و هەوڵی بۆ دەدا، ئەمە بە زەروورەت وای فەرز کرد کە گۆڕینی قیبلە خۆی فەرز بکات. ئەوەی ناشارڕێتەوە کە قیبلە کارێکی ئاسان نییە و دەبێت دەرئەنجامەکەی بە ئاگایییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بۆ ئەوەی خراپیی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەگەر باش نەکەوێتەوە باوەڕی موسوڵمانان گومانی تێ دەکەوێت و گومان و دڵەڕاوکێ دروست دەکات، وەک ڕووی دا، کاتێك قیبلە گۆڕا هەندێک لە موسوڵمانبوونیان پاشگەز بوونەوە. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: (ئینجا کۆمەڵێک پاشگەز بوونەوە لە ئیسلام و گوتیان جارێک بەم لا و جارێک بەو لادا دەیکەن) هەندێکیان گوتیان نازانین محەمەد ڕوو دەکاتە

کوێ، ئەگەر یەکەم ڕاست بێت، وازی لێ هێنا و ئەگەر دووەم ڕاست بێت واتە پێشتر لە سەر ناحەقی ڕۆیشتوە. ئیبن قەییم گوتی: قسەی زۆر کرا لە کاتی گۆڕینی قیبلەدا، لە لایەن بێ بەهایان و نەزانانی خەڵکەکەوە، وەک خودا دەفەرموێت: {وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ} [البقرە: 143]. واتە: بۆ کەسانێك وا کە خودا شارەزای کردن و ڕێی پیشان دان. خودا ئەو بڕوای هەتانە تێك نادات، ئەمەیش میحنەتێک بوو کە خودا کۆیلەی خۆی تاقی کردەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کێ دوای پێغەمبەر دەکەوێت و کێ وەردەگێڕێت بەرەو دواوە.
فەرمانی گۆڕینی قیبلە پێویست بە هێوری و دووربینی و بە ڕێکخستن و بەباشی بەڕێکردنی دەکات، تا دەرئەنجامەکەی بە خراپ نەکەوێتەوە، بۆیە محەمەد لەمەدا خێرا نەبوو، بەڵکوو بیرکردنەوە و هێوری و هێمنییەکی باشی بە کار هێنا، کە موکوڕ بوو لە سەر گۆڕینی قیبلە و لە کاتی نوێژکردندا زیاتر تەماشای ئاسمانی دەکرد، بۆ ئەوەی قەومەکە وا تێ بگەن چاوەڕێی شتێک دەکات لە ئاسمانەوە، نەیگۆڕی تا هەندێک شتی بۆ دابەزاند و قسەی لە سەر کرد و پێشەکیی قورئانی بۆ هێنایەوە. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: کە فەرمانی گۆڕینی قیبلە کارێکی وا گەورە بوو، وای دەرخست کە (پێش گۆڕینەکە) فەرمانی کۆپی واتە نەسخکردن و توانای خودای لەو بارەوە ڕوون کردەوە، کە کۆپی کرا و مەنسووخ باشتر دەکاتەوە یان وەک خۆی دەبێت. ئینجا پاش ئەوەی سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە کەللەڕەقییان لەگەڵ پێغەمبەر کرد و نکۆڵییان لێ کرد، ئینجا گوتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و هەر شوێنێک ڕووی تێ بکەیت دەموچاوی خودای تێدایە، کە زۆر فراوان و دانایە، لە گەورەیی و فراوانی و بوونی لە هەر جێگەیەکدایە و کۆیلە ڕوو لە هەر کوێیەک بکات دەموچاوی خودای لێیە. ئینجا لە سەر ئەوانەی دەچنە دۆزەخ لەوانەی دوای ناکەون و باوەڕی پێ ناکەن، پرسیار لە پێغەمبەرەکەیان ناکەن، ئینجا خەڵکی یەهوود و نەسرانی و خاوەن کتێبەکان لێی ڕازی نابن ئەگەر سەر بە میللەتی خۆی نەبێت، پەنا دەباتە بەر خودا و لە خودا زیاتر هیچ کەسێک پاڵپشت و سەرخەری نییە. ئینجا هاوتەریبەکەی پێی گوتوە، کە ماڵی حەرامی بنیات ناوە و مەدح و سەنای کردوە و هەواڵی پێ داوە کە دەبێتە ئیمامی خەڵک و خەڵکی زەوی دێن بۆ لای. ئینجا فەرمانی بە باوەڕپێکەرەکانی کردوە کە کارەکەی تەواو بکەن و بەوەی بۆی دابەزیوە باوەڕی پێ بکەن، وەک بۆ ئیبراهیم و خزمانی و کەسوکارەکەی یەهوود و نەسارا بوون. ئەمە هەمووی پێشەکیی ڕێخۆشکەر بوون لە کاتی گۆڕینی قیبلەدا، لێرەدا قسەی ئیبن قەییم تەواو دەبێت.
ئەو ئایەتانەی کە ئیبن قەییم لە قسەکانیدا ئاماژەی پێ کردوە، هەمووی لە سورەتی (البقرە) بوون، پێویست بەوە ناکات دەقەکانی دیاری بکەین لەبەر ئەوەی زانراون، لە قسەکانی ئیبن قەییمدا وا دەردەکەوێت کە پێش گۆڕینی قیبلە دابەزیون، ئەگەر نا، ئەگەر پێش گۆڕینەکە دانەبەزیبێت، هیچ ڕاست نییە بڵێین پێشەکی و ڕێخۆشکەر بوون لەو ساتەی گۆڕینی قیبلەدا هاتە ئاراوە، وەک چۆن لەو بارەوە قسە دەکات، ئەوەی نیشانەی ئەوەیە محەمەد زۆرزانی و هیمەت و توندوتۆڵیی گەورەی بەم پێشەکییانەی قورئانەوە نەبەستوەتەوە، بەڵکوو زۆر ئاگای لەوەیش بوە، کە هەر کەسێک گوێی لەوە بوایە باوەڕی پی دەکرد، کە گۆڕینی قیبلە بە فەرمانی خودا بوە، ئێمە لێرەدا باسی چۆنێتیی گۆڕینەکەت بۆ دەکەین، ئەوەیشت لە بیر نەچێت کە لەو کاتانەدا نوێژی دەکرد زیاتر ڕووی لە ئاسمان دەکرد. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت:
پێغەمبەری خودا دەرچوو سەردانی دایکی بەرائـ کوڕی مەعروور بکات، کە لە بەنی سەلمە بوو (لەو کاتەدا بەرائـ مردبوو) چێشتی بۆ لێ نا، کاتی نوێژی نیوەڕۆ بوو، پێغەمبەری خودا نوێژی بە هاوەڵانی لە مزگەوت کرد، کاتێک دوو ڕوکعەت نوێژی کرد، لەو کاتەدا جبریل هات بۆ لای، ئاماژەی پێ کرد کە نوێژ بۆ کەعبە بکات و ڕوو لەو شوێنە بکات، پێغەمبەری خودا ڕووی وەرگێڕا بۆ کەعبە و ژنان چوونە شوێنی پیاوان و پیاوان بۆ شوێنی ژنان، گوتیان: لەو کاتەدا ڕوکعەیەکیان کردبوو، گوتی: لە پێشەوەی مزگەوتەکەوە ڕۆیشت بۆ پشتەوەی مزگەوتەکە و ڕووی کردە کەعبە، لە مەدینەوە وا فەرز دەکات کە پشت لە بەیت مەقدەس بکات، هەروەها هەر کەسێک ڕوو لە بەیت مەقدەس بکات، دەبێت پشتی لە کەعبە بێت، گوتی: ئەگەر لە شوێنی خۆی ڕووی وەرگێڕابا، شوێن لە دوای نەبوو، کە جێگەی ڕیزی نوێژکەران بکاتەوە.
تەماشا بکە چۆن قیبلەی بۆ کەعبە گۆڕیوە، لە کاتێکدا لە حاڵەتی ڕوکعەی نوێژدا بوە، ئەوەی ناشارێتەوە، کە گۆڕینی لە کاتی نوێژکردندا پێوەندیی بە تەماشاکردنی ئاسمان لە کاتی نوێژکردنییەوە هەیە، وەک چاوەڕێکەرێک بۆ ئەوەی شتێک بۆی دابەزێت و بە فەرمانێك قیبلە بگۆڕێت، ئەوەی نیشانی دەدات کە وەحی لەم بارەوە بۆی دابەزیبێت ئەوەیە: {قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ

وْجْهِكَ فِى السَّمَاو فَلْنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْچَاهَا فَوَلِّ وْجْهَكَ شَكْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وْحَيْپُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَكْرَهُ} [البقره: 144]. واتا: دیتمانت کە بەرەو ئاسمان دەروانی؛ ئێمە روت بەرەو روگەیەکی تر وەردەگێرین پەسندی بکەیت. سا روت بەرەو (مسجد الحرام) وەرگێرە و لە هەر کوێیەك بن هەر روو بکەنە ئەوێوە. ئینجا ڕۆیشتنی بۆ ماڵی بەرائی کوڕی مەعروور لەو ڕۆژەدا، بۆ سەردانی دایکە بێوەژنەکەی دایکی بوشر، پێوەندیی بە گۆڕینی قیبلەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەرائـ پێشتر قیبلەی گۆڕیبوو، پێشتر باسمان کرد، وەک ئەوەی لە ڕۆژی گۆڕینەکە و ڕۆیشتنی بۆ ماڵی بەرائـ ویستبێتی ببێت بە زمانحاڵی و بڵێت: ئەی بەرائـ لە گۆڕەکەتدا بە ئیسراحەت بخەوە، ئەو شتەی پێشتر ویستت ئەمڕۆ تەواو بوو. ئەمەیش پشتگیریی قسەکانی پێشوومان دەکات: ئەوەی بەرائـ ویستی لە نوێژکردن بەرەو کەعبە، کاریگەریی خۆی لە سەر محەمەد هەبوو، ئەمەیش لەو کۆمەڵە هۆکارانە بوو، کە وای لێ کرد قیبلە بگۆڕێت بۆ کەعبە. حەلەبی لە سیرەتەکەی لە پاش باسکردنی چیرۆکی گۆڕینەکە دەڵێت: یەکەمین کۆپیکردنەوە واتە (نسخ) دەربارەی قیبلە بوە، لە ئیبن عەباس: یەکەمین نەسخ لە قورئاندا بوو وەک باسمان بۆ دەکات، خودا زیاتر لە کاروباری قیبلە دەزانێت.

دەڵێم: قسەکانی لە قورئاندا یان لە لادانی کۆپیکەرەکە بوە، یان لە هەڵەی حیکایەتخوانان، لەبەر ئەوەی ئایەتە دابەزیوەکان لە سەر گۆڕینی قیبلە هیچ نەسخی لە قورئاندا نەکردوە، هیچ ئایەتێک نییە کە لە نوێژدا فەرمان بکات ڕوو بکەیتە بەیت مەقدەس، کەچی ئەوەی مەنسوخە ئەوەیە دەربارەی ئایەتەکانی گۆڕینی قیبلە لەوێدایە کە بەیت مەقدەس قیبلە بێت، ئەوەی ڕاستە لەو قسانەی باس کران، دەبێت لە (قرآن)دا بێت لە جیاتیی ئەوەی لە (قرآن) دا بێت.

لە گاڵتەجاریی حیکایەتخوانان دەربارەی گۆڕینی قیبلە، ئەوەی لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوە، کە پێغەمبەری خودا بە جبریلی گوتوە: تۆ پرسیارت لە خودا کرد کە ڕوو بکەمە کەعبە، جبریل گوتوویەتی: ناتوانم ئەم مەسەلەیە بە خودای عەزەوەجەل بڵێم، بەڵام ئەگەر پرسیارم لێ بکات پێی دەڵێم. ئەمە لەگەڵ گەورەییی خودا نایەتەوە، بەم پێیە خودا جگە لە پاشایەک لە پاشاکانی مرۆڤ هیچی تر نییە، محەمەدیش جگە لە یەکێک لە کرێکارەکانی هیچی تر نییە. هەروەها جبریل جگە لە نێرراوی پاشا بۆ کرێکارەکەی هیچی تر نییە، لەوەدا بۆ جبریل دەلوێت بە کرێکار بڵێت: من ناتوانم ئەو مەسەلەیە باس بکەم و ئەگەر پرسیارم لێ بکات هەواڵی دەدەمێ. ئەمە لە کوێیە لە گەورەیی خودادا، کە لە سەر زەوی و لە ئاسمانیشدا هیچ شتێکی لێ ناشارڕێتەوە، ئەو لە هەموو شتێک دەزانێت، ئەوەی کە خەڵک دەیشارنەوە و دەری دەخەن دەیزانێت، نابێت ئەمە لە محەمەدەوە دەربچێت، بەڵکوو ئەمە لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانانە.

(35)

بەستنەوەی بانگەشە بە شمشێرەوە

محەمەد و هاوەڵانی بێهێز و سەرگەردان لە مەککەدا بوون، هیچیان بەرانبەر نەیارەکانیان لە کافرەکانی قوڕەیش پێ نەکرا. بە گوتار و قسە و ئامۆژگاری داوای لە خەڵك دەکرد ببنە موسوڵمان و، وەك لە قورئاندا هاتوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئاگاداری دەکردنەوە: {ادْعُ إِلَى سَبيل ڕبّكَ بالْحِكْمَهِ وْالْمَوْعِڤَهِ الْحَسَنَهِ وْجَادِلْهُمْ بالَّتِى هِىَ أَحْسَنُ} [النحل: 125]. واتا: بەکارزانی و ئامۆژگاری پەسەندی خەڵك بەرە و ڕێگەی خودا بەرێکە و بە چاکترین شێوە لە گەڵیاندا بدوێ. ئەم ئایەتە بوو بە دروشمی بانگەشەکردن لە مەککەدا، بەڵام پاش بەیعەتی گەورە کە کۆچی کرد بۆ مەدینە، هێز و هەژموونی لە ڕێگەی ئەنسارەکانەوە پەیدا کرد، پاش ئەوەی بەیعەتیان پێ دا و توندوتۆڵ بوو و باڵەکانی بەهێز بوون و کۆچبەرییە دواکەوتەکانی زۆر بوون، ئینجا بۆ ئەوەی شەڕی نەیارە کافرەکان بکات کە دژی بانگەشەکەی بوون، بانگەشەکەی پەیوەست کرد بە شمشێرەوە، بەڵام وەك لە سەرجەم بانگەشەکەدا پلە بە پلە دەڕۆیشت، ئاوهایش پلەبەندیی شەڕکردنیشی بەستەوە بەوەی چەند هێزی شەڕکەری دەبێت.

یەکەم ئایەت دەربارەی شەڕ لە مەدینە دابەزی ئەوەیە: {أُڎِنَ لِلَّڎِينَ يُقَاتَلُونَ بأَنَّهُمْ ڤُلِمُوا وْإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ، الَّڎِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بغَيْر حَقّ إلَّا أَنْ يَقُولُوا ڕبُّنَا اللَّهُ} [الحج: 39، 40] واتا: ئەو کەسانەی شەریان بەسەردا سەپێنرا چونکو ناحەقیان لیکرا دەتوانن حەقی خۆیان بکەنەوە و ئەوانەی بە ناحەقی دەرکران، تاوەکو دەلێن پەروەندەمان خوادیە. ئەم ئایەتانە دوو شتیان تێدایە: یەکەمیان مۆڵەتدان بە شەڕکردن، واتە ڕێگەپێدراوە نەك فەرز بێت لە سەریان

بسەپێنرێت و، دوەمیان: مۆڵەتپێدانیان بۆ شەڕ بە هۆی ئەوەوەیە کە زوڵمیان لێ کراوە و لە شوێنی خۆیان بە ناحەقی دەرکراون. ڕێڕەوی ئایەتەکە ئەوە پیشان دەدات، ئەوانەی ڕێگەیان پێ دراوە شەڕ بکەن کۆچبەرانن نەك ئەنسار، لەبەر ئەوەی ئەنسارەکان نە زوڵمیان لێ کراوە و نەیش لە شوێنی خۆیان دەرکراون، بۆیە پێویستی نەکردوە بۆ شەڕ ڕێگەیان بدرێت، لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئەوەی بەیعەتیان بە محەمەد دا، کە بیپارێزن و پشتگیریی بکەن و سەری بخەن، لەوانەیە مۆڵەتەکەیش گشتی بێت بۆ کۆچبەران و ئەنساریش بێت، ئەگەر هۆکارە تایبەتییەکەی بۆ کۆچبەران بێت، ئەوە یەکەم هەنگاوەنانە کە محەمەد لە بارەی شەڕکردنەوە نایێتی. ئینجا هەنگاوێکی تری هاویشت، دوای ئەوەی فەرزی کرد بە سەر موسوڵماناندا، دژ بە وانەی شەڕی دەکەن نەك شەڕی ناکەن، دەڵیت: {وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ} [البقرە: 190]، واتە: ئیوە لەگەڵ ئەوانەدا شەڕ بکەن لە ڕێگەی خودادا کە شەرتان دەکەن. ئەمەیش شەڕی بەرگرییە. ئەم حاڵەتە تا ساڵی هەشتەمی کۆچی بەردەوام بوو، تا محەمەد هێز و توانا و هەژمووندێکی پەیدا کرد کە بتوانێت جاڕی شەڕێکی هێرشبەرانەی گشتی بدات، شەڕی دژ بە موشریکەکان هەموویان، ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ دەکەن و نایشکەن، لە سەر موسوڵمان فەرز کرد، بۆیە سورەتی براوە دابەزی کە پەیمانەکانی موشریکەکانی وەلا نا و خۆی لێ بێبەری کرد و بواری چوار مانگی پێدان، کە مانگە حەرامەکانن، پێی گوتن ئەو لەگەڵیاندا لە شەڕێکی بەردەوامدایە جگە لەم چوار مانگە، ئەمە لە ساڵی هەشتەمەوە بوە" هەندێك دەڵێن .ساڵی نۆیەمی کۆچی بوە

بەم پێیە شەڕ لەمەدا بە پلەبەندی چوار حوکمی هەبوو، دوەم: ڕێگەپێدراوە واتە مۆڵەتدراوە، ئەمەیش لە سەرەتای کۆچکردنەوە لە مەدینە، سێیەم: فەرمانی پێ کراوە، واتە لە سەر موسوڵمانان فەرزە بەرانبەر ئەوانەی شەڕیان دەکەن، ئەمە لەو کتێبانەی لە بەر دەستم دان کە بە کتومتی کاتەکەیم نەدۆزییەوە، بەڵام وای دەبینم ئەوەندە کات لە نێوان ئەم و ئەوەی پێشوویدا نییە، چوارەم: فەرمانی پێ کراوە، واتە فەرزە لە سەر موسوڵمانان بەرانبەر سەرجەم موشریکەکان، ئەگەر شەڕیشیان نەکەن جگە لە مانگە حەرامەکان. ئەمەیش لە ساڵی .هەشتەم و دەڵێن لە ساڵی نۆیەم بوە

ئەمە کورتکراوەی قسەکانی ئیبن قەییمە لە (زاد المعاد) دا. هەندێکیان پێنجەم حوکمیان لە سەر زیاد کرد: ئەویش؛ فەرمانی پێ کراوە، واتە لە سەر موسوڵمانان فەرزە بەرانبەر سەرجەم موشریکەکان بەڕەهایی شەڕ بکەن، واتە لە مانگە حەرامەکانیش، وەك حەلەبی لە .سیرەتەکەیدا لە ئیمامی ئەسنەوی وەری گرتوە

بێگومان محەمەد لە کاتی بەیعەتی گەورەوە موکوڕ بوو لە سەر شەڕ و بەکارهێنانی شمشێر لە بانگەشەکەیدا، وەك پێشتر لەوێدا باسمان کرد، بەڵام لە مەدینە نەبێت ئەوەی بۆ کەس دەرنەخست، لەو ڕۆژەی لە ( قباء)ەوە ڕۆیشت بۆ مەدینە ئاماژەیەکی پێ کرد، خەڵکی ( قباء)، کە بەنو عەمرو کوڕی عەوف بوون پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، هاتووی بۆ لای ئێمە بمێنیتەوە یان شوێنێکی باشتر لەم شوێنەی ئێمەت دەوێت؟ گوتی: من فەرمانم پێ کراوە لە گوندێکدا بم کە گوندەکانی تر بخوات، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە: فەرمانم پێ کراوە لە گوندێکدا بم گوندەکانی یەسرب بخوات. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: واتای گوندەکان بخوات، سەر بکەوێت بە سەریاندا و بیباتەوە و ئەوەی لە گوندەکاندا مەبەستی خەڵکەکەی بوە، واتا خەڵکی ئەو گوندانە بە شمشێرەکانیان دەگرن و پارەو ماڵومولّکی ئەو گوندانە دەخۆن و منداڵەکانیان سەبی دەکەن. لە عومەرەوە گوتراوە: لەو کاتەوە نێرراوم شمشێرم بە دەستمەوەیە تا خودای تەنیا و بێ شەریك بپەرستن و ڕزقم لە ژێر سێبەری شمشێرەکەمدایە و، زەلیلی و بچوککردنەوە بۆ ئەو کەسە دەبێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ فەرمانمدا. ئەمە فەرموودەیەکە قورئان پشتگیریی دەکات. هەروەها فەرموودەی: وا فەرمانم پێ کراوە کە شەڕ دژی خەڵك بکەم تا دەڵێن هیچ ئیلاهێك جگە لە خودا نییە، لە گوتنێکی تردا، تا شایەتمان دەهێنن بە (لااله الا الله وانی محمد رسول الله) ئەگەر بڵێین خوێن و پارەی خۆیان دەپارێزن لە من جگە لە هەقی خۆیان و حسابیان لای خودایە

ئەوەی شاراوە نییە کە محەمەد هات بۆ مەدینە، لە ناو عەرەبدا کەس نەبوو بەرەنگاریی بکەن جگە لە کافرەکانی قورەیش و، قورەیشیش خەڵکی بازرگان بوون، کاروان و باریان یەك لە دوای یەك لە نێوان مەککە و شامدا هاتوچۆیان دەکرد و، مەدینە لە سەر ڕێگەیان بوو، یەکەم شت کە لە بەرانبەر دوژمن بیکەیت ڕێگەی هاتوچۆی لێ دەبڕیت، محەمەدیش چاودێریی کاروان و

بارەکانی قورەیشی دەکرد، تا وای لێ هات هەر کاتێك گوێی لێ بوایە کە بارێکیان لە مەککەوە دێت یان لە شامەوە دەگەڕێتەوە، خۆی بۆ دەست بەسەرداگرتنی بۆی دەردەچوو، یان سریەیەکی لە سوپاکەی بۆ دەنارد.

حەوت مانگی بە سەر هاتنی بۆ مەدینە پێ نەچوو، تا سریەیەکی بە فەرماندەیی حەمزەی مامی نارد بۆ ئەوەی ڕێگە لە باری قورەیش بگرێت، کە لە شامەوە دەگەڕایەوە ڕووەو مەککە. لە مانگی هەشتەمی کۆچی دیسان سریەیەکی بە فەرماندەیی عوبەیدی کوڕی حارس نارد بۆ ئەوەی ڕێگە لە کاروانی باری قورەیش بگرن. هەندێکیان سریەکەی عوبەید دەخاتە پێشەوەی سریەکەی حەمزەوە. ئا وەها سریە لە دوای سریە هەڵدەستان بەو کارە، بەڵام محەمەد تا سەرەتاکانی ساڵی دووەمی کۆچی بۆ غەزو بۆ ئەو کارە دەرنەچوو، یەکەم دەستبەسەرداگرتن لە هاوینی ساڵی دووەمی کۆچی بە غەزوەی ودان (گوندێکی گەورەیە لە نێوان مەککە و مەدینە) دەستی پێ کرد. غەزوە و دەستبەسەرداگرتنی باری قورەیش لە لایەن محەمەدەوە گەییشتە بیست و حەوت جار، وەك دەرچوونی سریەکانیشی گەییشتە چلوحەوت سریە، لە هەر غەزوە و سریەیەك بەوەی تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، لە دوایدا باسی دەکەین.

بەڵام سوپاکەی یەکەم جار بچوك بوو، ئینجا زۆر بوو، بەزیادکردنی موسوڵمانان ئەویش زیادی کرد. یەکەم شەڕکردنی غەزوەی ودان بوو کە حەفتا پیاوی لەگەڵدا بوو. ئینجا شەڕی غەزوەی بەدر لە ساڵی دووەم، سێسەدوپێنج پیاو بوون تەنها پێنج سوارچاکیان لەگەڵدا بوو، دەڵێن دوو سوارچاکی بوە. ئینجا غەزوەی خەیبەر ساڵی شەشەم بە هەزار و شەشسەد جەنگاوەرەوە، دووسەد سوارچاکیان لەگەڵدا بوو، ئینجا لە ساڵی هەشتەم بە دەهەزار جەنگاوەرەوە کە هەزاریان سوارچاك بوون، ئینجا شەڕی (تبوك) بوو کە ویستی لە ڕوم بدات لە ساڵی نۆیەم دا، بە سی هەزار جەنگاوەرەوە، دەڵێن بە چل هەزارەوە بوە، یان دەڵێن بە حەفتا هەزارەوە کە دە هەزاری سوارچاك بوون، هەروەها دەڵێن بە دوانزە هەزار سوارەوە بوە، ئەمە گەورەترین سوپایە کە محەمەد شەڕی پێ کردبێت.

ئەوەی گومانی لێ ناکرێت، بانگەشەکە هاوتەریب کرا بە بەکارهێنانی شمشێرەوە، بە زیادبوونی شمشێری بانگەشە، ژمارەی ئەوانەی بوونە موسوڵمان بە لێشاو زیادی کرد، هەیبەت و سام و تینی بەهێز بوو، بە شێوەیەکی گونجاو ژمارەی موسوڵمانان زۆرتر دەبوون، جەنگاوەریش بە پێی زۆرتربوونی هێز لە بانگەشەکە زیاتر دەبوو، هەروەها ژمارەی جەنگاوەران لە سوپای غەزوە و شەڕکردن کە باسمان کرد چۆن زیادی کرد، ژمارەی جەنگاوەران لە حەفتا کەسەوە تا گەییشتە هەزار کەس لە نۆ ساڵدا. ئەگەر محەمەد لە پاش شەڕی تبوك بمایە و، بە چەند ساڵێك ژمارەی جەنگاوەرانی سوپاکەی بەم شێوەیە زۆرتر بوایە، بێگومان دەگەییشتە دووسەد هەزار کەس.

لەمەدا، دەتوانین ئەو دەرەنجامە بە دەست بهێنین کە ئەوانەی بوون بە موسوڵمان لە مێژووی ژیانی محەمەددا لە مەدینە، زۆرینەیان لە ترسی شمشێردا بوونە موسوڵمان، ئەوانەی وەك بیروباوەڕ دەبوون بە موسوڵمان و مەبەست و ئامانجیان شەڕیش بووبێت کەم بوون. ئەوەی پشتگیریی ئەم بۆچوونەمان دەکات پەشیمانبوونەوەی زۆرینەیانە لە پاش مردنی محەمەد، ئەگەر هیمەت و عەزیمەتی ئەبووبەکر نەبوایە کە لە ڕاستگۆیی و پاپەندبوون و مکوڕبوونی لە سەر مەسەلەکە لە محەمەد کەمتر نەبوو، هەروەها ئەگەر لە ڕێکخستن و خۆئامادەکردن و مکوڕبوون لە لێدانی پاشگەزبوەکان بەهێز نەبوایە، ئەگەر خودا هەندێك سەرکردەی وەك خالیدی کوڕی وەلید و هاوشێوەکانی لەگەڵیدا نەبوایە، کە شمشێرەکانیان خەڵکی پەشیمانبووی کوێر دەکرد، ئێستا هەواڵی خاوەنی بانگەشەی ئیسلامی و هەواڵی ئیسلام و موسوڵمانان تەنها لە کتێبەکاندا دەخوێندەوە و هیچی تر.

چێژبەخشەکانی جیهاد

جیهاد لە زماندا واتە هەوڵ و تەقەللا لە (جهد)ەوە هاتوە بە واتای وزە، ئینجا لە شەڕکردن بۆ بەرزکردنەوەی قسەی خودا بە کار هات، دەڵێن جیهادی لەگەڵ دوژمندا کرد، واتە لەگەڵیدا جەنگی، ئەمەیش زاراوەیەکی قورئانییە، ئێمە پێش ئەوەی باسی ئەو شتانە بکەین کە محەمەد وای لە موسوڵمانان کرد حەز و خۆشەویستیان بۆ جیهاد هەبێت و لەزەتیان پێ ببەخشێت، دەمانەوێت بە شێوەیەکی ڕوون بۆت دەربخەین، کە عەرەب لەو زەمانەدا بەگشتی لە چ حاڵەتێکی دەشتەکیدا بوە و ئەخلاق و ڕەفتاریان چۆن بوە لەو سەردەمەدا، لەوێدا تێ دەگەیت، ئەو لەزەتبەخشانەی باسی دەکەین ئەگەر بخزێنە نێو ئەوەی کە لە سەری بوون، لە

.گرینگترین هۆکارەکانی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی موسوڵمانان بوون لە شەڕە ئایینییەکانیاندا
عەرەب سەرجەمیان خەڵکی ڕەشماڵنشین بوون و خەڵکی دانیشتوو واتە نیشتەجێ بوون، لە کاتی محەمەددا دەشتەکی بوون و، دانیشتوانی شارەکانیش لە خەڵکی دەشتی ژیانیان پێشکەوتووتر نەبوو، بە ئەندازەیەکی زۆر کەم نەبێت کە حساب ناکرێت، ئەوەی زانراوە خەڵکی دەشتەکی لە هەموو زەمانێك لای سەرجەم نەتەوەکان، ئازایەتی و بەهاناوەگەییشتنیان بە سەردا زاڵە، خەڵکێکن لە کاتی سەختیدا خاوەن سەبرن، توند و بە زەبرن و بەرگەی قورسی دەگرن. ژیان لای ئەوان ئەو بەهایەی نییە کە لە لای خەڵکی شارستانییەکان هەیە، بۆیە .زۆریان لە شەڕدا بەجەرگ و غیرەتن و دەچنە پێشەوە و پاشەکشە ناکەن
ئەمە بە گشتی لەو زەمانی لە عەرەبدا بوە، ئەگەر ئەو چێژ و لەزەتەی محەمەد بۆ شەڕکردن خستیە سەر ئەم سیفەتانەیان، کە هانی دان بۆ ئەو مەبەستە، هیچ جێگەی سەرسوڕمان نایێت، کە سوپای محەمەد هەمیشە دوژمنان ببەزێنێت. محەمەد بە دوو شت هانی موسوڵمانان دەدات بۆ شەڕ و حەزی شەڕ دەخاتە گیانیانەوە بۆ جیهاد لە پێناو خودادا: یەکێکیان بوونی نەبوو، ئەوی تریان ئامادە بوو، ئەگەر دەتەوێت بڵێ یەکێکیان مەعنەوی و ئەوی تر ماتریاڵی بوو، مەعنەوییەکەی بەهەشت و نیعمەتی مانەوەی هەمیشەیی. ئەوەی زانراوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ بەهەشت کە بەسەلامەتی و دڵنیایی بگەیتە ئەوێ و ناواخنەکەی بتگەیەنێتە ئەوێ جگە لە شەهیدبوون، ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی خودا .بمرێت، بۆیە شەهیدبوون گەورەترین ئارەزووی خەڵك بوو لە شەڕدا
ئەمانەیش لەو قسانەن کە لە فەرموودەدا لەم بارەوە گوتراوە. گوتی: شەهید لای خودا خەسڵەتی هەیە، کە لە یەکەم ڕژانی خوێنیدا دەیبورێت و جێگەکەی لە بەهەشتدا دەبێت، بە جوانیی باوەڕ دەڕازێنێتەوە و زەواج لەگەڵ حۆریی عەین دەکات و لە ئازاری قەبر ڕزگاری دەبێت، لە ترسی گەورە دڵنیا دەبێت و تاجی شکۆیی دەخرێتە سەری، یاقووتی پێ دەبەخشرێت کە لە دونیا و ئەوەی تێدایە بەخێرتر دەبێت و حەفتاودوو حۆریی عەین دەهێنێت و شەفاعەت بۆ حەفتا کەس لە خزمانی دەکات. بە جابری کوڕی عەبدوڵڵای گوت کە باوکی شەهید بوو. هەواڵت بدەمێ کە خودا چی بە باوکت گوت؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: خودا قسەی لەگەڵ کەسدا نەکردوە لە پشت پەردەوە نەبێت، بەڵام بەکراوەیی و واتە بێ پەردە قسەی لەگەڵ باوکت کرد، گوتی: ئەی کۆیلەم ئاواتەخوازی چیت بتدەمێ، گوتی: ئەی خودا زیندووم بکەرەوە بۆ ئەوەی لە پێناو تۆدا دووبارە شەڕ بکەمەوە، گوتی: ئەوەی پێشتر لەوێ بوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، گوتی: ئەی خودا هەواڵی ئەمە بدە ئەوانەی کە دوای منن، ئەمە دابەزی: {وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ} [ئێل عمران: 169]. واتا: ئەوانەی لەڕێی خودادا کوژراون نابێت بە مردوو حساب بکرێن وهەر زیندوون و خودا بژێویان پێدەدات. لە گێڕانەوەی تردا شتی وەك ئەمە هاتوە، دەڵێت: پاش شەڕی ئوحود، گوتاری بۆ هاوەڵانی دا، کاتێك هاوڕێیانتان لە ئوحود پێکان خودا ڕۆحیانی خستە ناو باڵندەیەکی سەوز و لە سەر ڕووبارەکانی بەهەشت دەخولێنەوە، لە بەرەکانی دەخۆن و لە شوێنێکدا دەحەوێنەوە لە سایەی عەرش و چرای زێڕین، کاتێك ئەو خواردن و خواردنەوە خۆشانەیان بینی و جێی نەرمونیانەکانیان لە ژێردا بوون، گوتیان: بریا هاوڕێکانمان بیانزانیایە کە خودا چیی بۆ کردووین تا لە جیهاد کەمتەرخەمی نەکەن و، لە شەڕ خۆیان نەدزنەوە، خودا گوتی: من هەواڵیان پێ دەگەیەنم، ئەم ئایەتەی بۆ پەیامبەرەکەی نارد: (ولا تحسبن الذين قتلوا...) لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە: زەوی لە خوێنی شەهید وشك نابێتەوە، کە هەر دوو ژنەکانی وەك دوو دایەن کە پولەکەی خۆیانیان لە سەر زەوی گوم کردوە و هەر یەکە جوانکارییەکیان بە دەستەوەیە کە لە هەموو دونیا و ئەوەی تێدایە خێری زیاترە. لە (مستدرك) و (النسائى) باس لەوە دەکات: ئەگەر لە پێناو خودادا بمرم، لای من باشترە کە خەڵکی چادر و ڕەشماڵ بم). هەروەها فەرموودەیەك کە کوشتن لایان ئاسان دەکات: شەهید هیچ هیلاکییەك لە کوشتندا نابینێت وەك چڕنوقگرتنێك وایە لای یەکێکتان. لە (المسند)دا هاتوە: باشترین شەهید ئەوانەن کە ڕووبەڕوو دەبنەوە و لە ڕیزدا ئاوڕ نادەنەوە تا دەکوژرێن، ئەوانە لە ژوورێکدا دەبن لە بەرزیی بەهەشت و خودا بۆیان پێ دەکەنێت، ئەگەر خودا بۆ یەکێك لە کۆیلەکانی لە دونیا پێ بکەنێت، هیچ حسابێکی لە سەر .نامێنێت. فەرموودە لەم بارەوە زۆرە، هەر کەسێك بیەوێت با بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکان
ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: پێغەمبەر بەیعەتی لە هاوەڵانی وەرگرت، کە لە شەڕدا ڕا نەکەن و لەوانەیە بەیعەتی وەرگرتبێت بۆ مردنیش دەڵێت: بەیعەتی لێ وەرگرتن بۆ جیهاد، هەر

وەك چۆن بەیعەتیان پێدا بۆ ئیسلام. بەهەشت کاریگەریی زۆر گەورەی لە سەر دەروونی کردن، ئوم حارسە کوڕی قەیسی ئەنساری پاش ئەوەی کورەکەی هێشتا مێردمنداڵ بوو لە ڕۆژی بەدردا کوژرا، هات بۆ لای پێغەمبەر، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەربارەی حارسە قسەم بۆ بکە، ئەگەر لە بەهەشت بێت بۆی ناگریم، بەڵام ئەگەر لە ئاگردا بێت، تا ژیانم لەم دونیایە ماوە خەفەت دەخۆم و دەگریم. لە گێڕانەوەیەکدا: ئەگەر لە بەهەشت بێت سەبر دەگرم و بە دەر لەوە زۆری بۆ دەگریم، پێی گوت: ئەی دایکی حارسە، ئەوە یەك بەهەشت نییە، بەڵکوو چەندین بەهەشتە و حارسە لە فردەوسی باڵایە و، ئینجا پێکەنی و دەیگوت، بوخ بوخ بۆت ئەی حارسە.

ئەوەی باشە لەم بەشەدا باسی بکەین، خاوەنی سیرەی حەلەبی لە سەر شەڕی بەدر باسی کردوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە عەرشەکەی دەرچوو بۆ لای خەڵك و هانی دان و گوتی: بەوەی گیانی محەمەدی بە دەستە، ئەوەی ئەمڕۆ شەڕیان دەکات و ڕووبەڕوو سەبر دەگرێت و پێش دەکەوێت و بۆیان دەڕوات و ناگەڕێتە دواوە، خودا دەیخاتە بەهەشت، عومەری کوڕی ئەلحەمام لەو کاتەدا بەری دارێکی بە دەستەوە بوو دەیخوارد گوتی: بوخ بوخ لە نێوان من و نێوان ئەوەی بچمە بەهەشت ئەوەیە، کە ئەمانە بمکوژن، میوەکەی لە دەستی فڕێ دا و شمشێرەکەی برد و لەگەڵ قەومەکەدا شەڕی کرد تا کوژرا (بۆخ بۆخ وشەیەك بوو بۆ گەورەکردنی شتێك و سەرسوڕمان تێیدا دەگوترا). وەك ئەمەیش لە شەڕی ئوحودیش ڕووی داوە، لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە، پیاوێك لە ڕۆژی ئوحود بە پێغەمبەری گوت: تۆ دەیبینیت کە بکوژرێم لە کوێ دەبم؟ گوتی: لە بەهەشت. گوتی: خورماکانی دەستی فڕێ دا و شەڕی کرد تا کوژرا ().

عەوف کوڕی حارس کوڕی عەفراء دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا، چی وا لە خودا دەکات بۆ کۆیلەکەی پێ بکەنێت؟ (واتە ڕەزامەندی دەکات) گوتی: دەست بخاتە بیناقاقای دوژمن و هیچی پێ نەبێت (بێ خۆپارێز، درع و قەڵغان و بێ سڵەمینەوە) درعەکەی (قەڵغانەکەی) داکەند و فڕێی دا و شمشێرەکەی برد و شەڕی کرد تا کوژرا. هەواڵەکان لەم بارەوە زۆرن، ئەوەی باسمان کرد بەسە و هیچ پێویست بە درێژەدان ناکات.

بەڵام لایەنی مادی: غەنیمە و سەبییەکان، ئەوەی زانراوە، عەرەب لە جاهیلیەت پارەو ماڵومۆڵك غەنیمە دەکەن و سەبی ژن و پیاو دەکەن لە شەڕەکانیاندا، عەمرو کوڕی کەلسووم لە هەڵواسراوەکانیدا دەڵێت:

فَـئبُوا بالنِّـهَابِ وَبالسَّبَايا وَأُبْـنَا بالمُلُـوْكِ مُصَفَّدِيْنَـا

محەمەد ئەم نەریتەی لە ئیسلامدا سەپاند و، غەنیمەی بۆ سوپاکەی حەڵاڵ کرد و، ئەمەی کردە تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بەتەنها، بە دوور لە هەر پێغەمبەرێکی پێش خۆی، وەك لەوەدا هاتوە دەڵێت: پێنج شتم داوە، کەس پێش من نەیداوە، بۆ هەموو خەڵك بەگشتی نێرراوم، بە تۆقاندن سەر کەوتم، غەنیمەم حەڵاڵ کرد، مزگەوتم لە سەر زەوی بنیات نا، خۆڵم پاکژ کردەوە... فەرمووده. دواتر باسی تایبەتمەندییەکانی دەکەین.

هاوەڵانی وا لێ دەکات کە حەزیان لە غەنیمەت بێت و غەزووی لە پێناودا بکەن، وەك بە عەمرو کوڕی عاسی گوت، لەو کاتەدا کە بۆ شەڕی (ژات السلال) ناردی، لە عەمرو کوڕی عاسەوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا بە دوایدا ناردم و فەرمانی پێ کردم کە جلوبەرگ و چەکەکەم لەگەڵ خۆمدا بەرم، گوتی: ئەی عەمرو، من دەمەوێت بتنێرم بۆ سەر سوپایەك کە خودا غەنیمەت دەداتێ و سەلامەتت دەکات، گوتم: من بۆ حەزی پارەوپوڵ نەبووم بە موسوڵمان، گوتی: بەڵێ پارەی چاك بۆ پیاوی چاکخوازە.

کاتێك دەرچوو بۆ تەبوك و خەڵك لە خۆسازداندا بوون، بە باپیرە بن قەیسی گوت: ئەی باپیرە، حەزت لە پێستە زەردەکان هەیە، لە قسەیەکدا گوایە گوتوویەتی: ئەی باوکی قەیس، ئایا لەگەڵماندا دەردەچیت بۆ ئەوانەی بە دوای خۆتیان بخەیت (واتە لە کچانی قژ زەردی بەنی ئەسغەر "زەردەکان"؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ڕێگەی پێ دەدەیت (ئەوانە بخەمە دوای خۆم) بۆ ئەوەی لە دەستم دەرنەچن، بە خودا قەومەکەم دەزانن هیچ پیاوێك لە من زۆرتر حەزی لە ژن نییە و دەترسم ژنانی بەنی زەردەکان ببینم، سەبر نەگرم، پێغەمبەری خودا ڕێگەی پێ دا و گوتی: مۆڵەتم پێ دا، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ ائْذَنْ لِي وَلَا تَفْتِنِّي} [التوبە: 49] الاية. واتە: هەر ئەوانە دێن و پێت دەڵێن مۆڵەتمان بدە با نەیەین.

لە گێڕانەوەیەکی تردا گوتوویەتی: غەزووی تەبوك بکەن و کچانی بەنی زەرد و ژنانی ڕوم بە

غەنیمەت پەرن. قەومێکی دووڕوو گوتیان: مۆڵەتمان دەدەیتێ و فەتوامان بۆ نادەیت، ئەم ئایەتە دابەزی: {أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا} [التوبة: 49] واتە : جگە لەوەی کەوتنە فیتنەوە.
غەنیمەت یەکێك بوو لە هاندەر و لە حەزەکانیان بۆ دەرچوون بۆ شەڕ. تەنانەت حەبیب کوڕی یەسافی خەزرەجی، کە موشریك بوو، موسوڵمان نەبوو بەتەماعی غەنیمەتەوە لەگەڵ موسوڵماناندا دەرچوو بۆ شەڕی بەدر، موسوڵمانانیش خۆشحاڵ بوون بە دەرچوونی، بەڵام پێغەمبەری خودا پێی ڕازی نەبوو، پێی گوت: بگەڕێوە ئێمە داوای یارمەتی لە موشریك ناکەین، چەند جارێك چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا، تا نەبوە موسوڵمان، پێغەمبەری خودا ڕازی نەبوو لەگەڵیاندا دەربچێت و، بوە موسوڵمان ئینجا لەگەڵیاندا چوو بۆ شەڕەکە. بێگومان موسوڵمانبوونەکەی جگە لە تەماعی غەنیمەت نەبێ بۆ هیچ شتێکی تر نەبوو.
ئەوەی ناشارڕێتەوە، غەنیمەت هەر چەندە هانی دان و لە پێناویدا حەزیان کرد دەربچن بۆ شەڕ، بەڵام وەك ئەوە نەبوو کە وایان لێ بکات باوەڕ بکەن کە لە کاتی مردندا دەچنە بەهەشت.
بەهەشت بە شەهیدبوون نەبێت بە دەست نایەت، کە مردنە بە کوشتن لە شەڕدا، بۆیە وایان لێ دەکات باوەڕ بکەن و لە هەڵمەتی شەڕکردندا بگەنە لوتکەی خۆتێوەخستن و قوربانیدان و بکەونە نێو شەڕوشۆڕ و توندوتیژی و خەڵککوشتن، بەڵام غەنیمە وا نییە، بە بێ ئەوەیش بە دەست دێت، بۆیە محەمەد ڕقی لێ دەبوو کە بیبینیایە بەتەنها بە تەماعی غەنیمەوە دەردەچن بۆ شەڕ، کەچی دڵخۆش دەبوو کە بیانبینێت بە حەزی جیهادەوە دەچن بۆ شەڕ، وەك لە شەڕی خەیبەردا ڕووی دا. کاتێك لە سەرەتای ساڵی حەوتەم لە حودەیبیە گەڕایەوە و دەرچوو بۆ خەیبەر، ئەوانەی لە غەزوەی حودەیبیە دواکەوتبوون هاتن، دەیان ویست لەمەدا لە پێناو غەنیمە لەگەڵیدا دەربچن، پێی گوتن: ئەگەر بۆ غەنیمە دەردەچن و بە ئارەزووی جیهادکردنەوە دەرناچن، لەگەڵ مندا دەرنەچن. ئینجا فەرمانی کرد بۆ بانگەوازکەر بە دەنگی بەرز ئەوە بڵێتەوە، بۆیە لەوێدا هاوار و بانگەوازی کرد، بەڵام لە بارەی دابەشکردنی غەنیمەکان لە نێوان خۆیاندا، ئەمەیش لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییمدا هاتوە، دەڵێت: ئەگەر بە سەر دوژمندا سەر بکەوتایە، فەرمانی دەکرد، بانگەوازی کۆکردنەوەی غەنیمەکان بکەن، ئەوەی بە دەست هاتبوو، حسابی دەکرد و دەیدا بە خەڵکەکەی خۆی (دواتر باسی بەدەستهاتوویان یان دەستبەسەرداگیراو دەکەین چییە) ئینجا پێنج یەکی دەردەهێنا و وەك خودا فەرمانی کردوە بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام دای دەنا، ئینجا ئەوە دەمایەوە لە ژن و منداڵ و کۆیلەکان، ئەو خەڵکەی بەشیان نەبوو، پێی ڕازی کردن، دوای ئەوە چی دەمایەوە بەیەکسانی دابەشی دەکرد بە سەر سوپاکەیدا. بۆ هەر سوارچاکێك سێ پشك، پشکێك بۆ خۆی و دوو پشك بۆ ئەسپەکەی و، بۆ پیادە یەك پشك.
گوتی: بەیەکسانی لە نێوان لاواز و بەهێز دابەشی دەکات، جگە لەوەی بە ئەنفال (أنفال) حساب دەکرێت، ئەگەر پرۆیشتایە زەویی دوژمنەوە، یەك سریە لای خۆی دادەنا، پێنج یەکی دەردەکرد لەوەی بە غەنیمەت دەیگرتن، چارەکێکی ئەنفال دەکرد و ئەوەی دەمایەوە لە نێوان سریەکەی خۆی و سەرجەم سوپاکەی دابەشی کرد. گوتی: پشکێك لەو غەنیمە بۆ ئەو سریە دەبێت، کە پێی دەگوت (الصفی)، ئەگەر ئەو پشکە کۆیلە بێت یان کەنیزەك یان ئەسپ بێت، لە پێش پێنجیەکەکە هەڵدەبژێرێت. گوتی: هەندێك خەڵك بە کرێ دەگرن بۆ غەزوو جۆراوجۆرن، جۆرێکیان؛ پیاوێك کە دەربچێت بۆ شەڕ و یەکێك بە کرێ بگرێت بۆ خزمەتکردنی لە سەفەرەکەیدا، جۆری دوەمیان، ئەگەر یەکێکیان بە پارەی خۆی یەکێك بە کرێ بگرێت کە لە باتی ئەو پرواتت بۆ جیهاد، ئەمەیش پێیان دەگوت لە بریی ئەو (الجعائل |)٤١٤، لەمەدا پێغەمبەر گوتی: ئەوەی غەزوو دەکات لە بریی کەسێکی تر، پاداشتی خۆی و ئەوەی گرتوویەتی هەیە.
لە غەنیمە بە دوو جۆر بەشدارییان دەکرد، یەکێکیان هاوبەشی لە وەرگیراوەکان، دوەمیان پیاوەکە حوشترەکەی یان ئەسپەکەی بدات بە کرێگیرتەکە بۆ ئەوەی شەڕی پێ بکات، بە مەرجێك غەنیمەتەکە بکەنە دوو بەشەوە، لەوانەیە یەك پشك بەریان بکەوێت و، ئەوەی بەریان بکەوێت، یەکێکیان شمشێر بێت، ئەوی تر کێلانەکەی یان کەوانەکەی، دەڵێت: ئەو کەسە بەشی ناکەوێت، کە بۆ یارمەتیدان لە پاش گرتنی شوێنەکە بێت.
بەڵام سەبیکراوەکان لە ژن و لە پیاو، وەك ماڵوموڵك و غەنیمەت دابەش دەکران بە سەر سوپاکەدا. سەبییەکان دەبنە موڵکیان، ئەگەر بیانەوێت دەیانکەن بە کۆیلە یان بیانەوێت دەیانفرۆشن و، ئەگەر بیانەوێت مارەیان دەکەن، ئەگەر بیانەوێت لە کاتێکدا خاوەنیان هەبێت و ڕزگارانە بدەن بۆ ئەوان دەبێت و ئازادیان دەکەن.
لەوانەیە ژنێك ببێتە پشکی دوو پیاو، دەبێتە موڵکی دوان وەك لە غەزوەی بەنی موستەلەق

ڕووی دا، حەلەبی لە ڕێرەوی باسکردنی ئەم شەڕەدا دەڵێت: پێغەمبەری خودا فەرمانی کرد و دیلەکان قۆڵبەست کران و پاسەوانی لە سەر دانان و، سەبییەکانی دابەش کرد بە سەر خەڵکەکەدا، یەکێکیان بە ناوی (برە بنت الحارث) بوو بە پشکی سابت کوڕی قەیس و کورەمامێکی، سابت چەند دارخورمایەکی لە مەدینە کردە بەشی کورەمامەکەی لە بریی (برە) و بە نۆ پارچە زێڕ مارەی کرد.
گوتی: بورە چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من بورەی کچی حارس، گەورەی قەومەکەمم، ئەوەمان بە سەردا هات وەك دەزانیت و کەوتمە پشکی سابت کوڕی قەیس و کوڕەمامەکەی، سابت لە چەند دارخورمایەك لە مەدینە لە کوڕەمامەکەی وەری گرتم و بە شێوەیەك مارەی کردم، کە هیچ ئارەزوویەکم لێی نییە، من تکات لێ دەکەم لەو مارەکردنە ڕزگارم بکە و یارمەتیم بدە، پێغەمبەری خودا گوتی: لەوە خێرتر هەیە، گوتی: چییە؟ مارەییەکەت بەتاڵ دەکەمەوە و پارەکەی دەدەمێ و خۆم مارەت دەکەم، گوتی: بەڵێ پێغەمبەری خودا دەیکەم. پێغەمبەری خودا ناردی بە دوای سابت کوڕی قەیس و لێی داوا کرد، سابت گوتی: با بۆ تۆ بێت ئەی پێغەمبەری خودا، تۆ باوکمی پێغەمبەری خودا، ئینجا دایەوە بە پێغەمبەر کە مارەی کردبوو لە دەستی دەرهێنا و مارەی کرد، بورە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، ناوی گۆڕی بۆ جوەیریە. وا دەڵێن کە عەلی بە دیلی گرتبێتی و لە کاتی دابەشکردندا کەوتبێتە پشکی سابت و کوڕەمامەکەی، لەبەر ئەوەی لەم شەڕەدا وەك شەڕی ئوحود وا جێگیر نەکرابوو، کە پریار درابێت هەر کەسێك دیلێك بگرێت بۆ خۆی بێت.
گوتی: لە عایشەوە، گوتوویەتی: جوەیریە ژنێکی جوان بوە، کەسێك نەبوە بیبینێت و نەچووبێتە دڵییەوە، کە پێغەمبەر لای من بوو کە لە سەر ئاوەکە بووین (المریسیع)٤١٥ جوەیریە هاتە ژوورەوە پرسیاری کتێبێکی کرد، بە خودا کە بینیم، هات بۆ لای پێغەمبەر زۆر ڕقم لێ هەستا، زانیم ئەوەی لێ دەبینێت کە من لەوم بینی، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من ژنێکی موسوڵمانم. فەرموودەکە. گوتیان: کە هاتوە بۆ لای پێغەمبەر، عایشە ڕقی هەستاوە و ئەمەیش ئیرەیی بوە، کە ژنان لە جوانیی ئەوی تر تێك دەدات.
ئەوەی لە چیرۆکی (برە) یان جویریە تێدەگەیت، کە سەبییەکان موسوڵمانیش بن هیچ دادێکمان نادات و لە کۆیلایەتی ڕزگاریان ناکات، بەڵکوو بە موڵکێتیی ئەوانە دەمێننەوە کە سەبی یان دەکەن، ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەرە، لەبەر ئەوەی شەڕکردن و سەبیکردنیان لە پێناو ئیسلامدا بووە، ئەگەر ببن بە موسوڵمان، دەبێت وەك موسوڵمانانی تر ئازاد بن، ئەگەر بیانویستایە دەچوون بە لای ژنان و سەبییەکاندا لەبەر ئەوە موڵکی ئەیمان (ملك أيمان) بوون.
لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: دوو شێخ دەیانگێڕایەوە، لە ئەبی سەعیدی خدری وەرگیراوە گوتوویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودا چووینە غەزوەی موستەلەق، کە بێژنی درێژەی کێشا و ئێمە بەخشندەکانی عەرەبمان سەبی کرد بوو، ئێمەیش دابەشمان کردن و بوون بە موڵکمان، لە قسەیەکی تردا دەڵێن، چووین بە لای سەبییەکاندا کە شەهوەتی سێکس توند بوو بە سەرماندا و بێ ژنی زەفەری پێ هێناین و پێغەمبەری خودا لە ناوماندا بوو کە ویستمان دڵمان خۆش بکەین و لەزەت بەرین، بەڵام بە شێوەیەکی (عزل) واتە سێکسکردن بە مەنع.
پرسیارمان لێ کرد، گوتی: هیچتان لە سەر نییە بۆ نایکەن، ئەمە شنەبایەکە و خودا دروستی کردوە، کە تا ڕۆژی قیامەت دەبێت. لە قسەیەکی تردا، گوتوویەتی: خودای خاڵق ئەمەی تا ڕۆژی قیامەت نووسیبێت بۆچی نایکەن. واتە هیچ تاوانێکتان نەکردوە بە (مەنع) کردن، واتە لە دەرچەی زاوزێتان نەکردوە، لەبەر ئەوەی (مەنع) نەهێشتنی منداڵبوون، واتە سێکسەکەی خۆی دەکات تا ئەو کاتەی ئاوی دێتەوە لە دەرەوەی ئەندامی زاوزێکە دەیڕێژێت، لە قسەکانیدا: خودا ئەوەی تا ڕۆژی قیامەت نووسیوە کە خالقە، واتە مەنع بکەن یان نا هیچ سودێکی نییە لەبەر ئەوەی ئاوەکە پێش مەنعەکە دەچێتە منداڵدانەوە و منداڵی دەبێت و لەوانەیشە بیڕێژن، ئەویش منداڵ دروست نەبێت، بەڵام لەو کاتەی دەچوون بە لایاندا مەنعیان دەکرد، بۆ ئەوەی دووگیان نەبن، وەك لە قسەکانی ئەبی سەعیدی خدری دەردەکەوێت، کە بۆ یەهوودیەکە کردوویەتی، لە سیرەی حەلەبیدا لە سەر لەزەتوەرگرتن هاتوە: هەندێك سەبی یان هێنا بۆ مەدینە، کەسوکاریان ڕزگارکەرانەیان (فدیە)یان دا بۆ ڕزگارکردنی منداڵ و ژنەکانیان هەر یەکە و بە شەش فەریزە، گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەبووسەعید دەڵێت: پێش ئەوەی شاندەکەیان بگات و فدیە بدەن، کەنیزەکێکم برد بۆ بازاڕ بیفرۆشم، یەهوودیەك پێی گوتم: ئەی ئەبووسەعید گیسکێکت خستوەتە زگییەوە و دەتەوێت بیفرۆشیت. گوتم: نەخێر مەنعم لەگەڵدا کردوە، ئەوە

لەچاڵنانی بچوکە، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا پێم گوت، گوتی: یەهوود درۆی کرد یەهوود درۆی کرد، لە گێڕانەوەکە زیاتر کراوە، کە گوتوویەتی: ئەگەر خودا بیویستایە خەڵقی بکات تۆ نەدەتوانی نەهێڵیت، ڕەتکردنەوەی دووگیانی لە لایەن ئەبووسەعیدەوە لە سەر ئەوەی کە مەنعەکەی لە پێناو دووگیان نەبوونی بوە.

دیسان لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێك موسوڵمانان پێغەمبەری خودایان بینی، جوەیریەی مارە کرد، بە بەنی موستەلەقیان گوت خەزورانی پێغەمبەری خودا و ئەوەی لایان بوو ئازادیان کرد، لە (عبارە الامتاع) دا گوتوویەتی: کاتێك جویریەی مارەی کرد هەواڵەکە گەییشتە خەڵك و پیاوانی بەنی موستەلەقیان دابەش کرد و بوون بە موڵکیان و چوون بە لای ژنەکانیاندا، پێیان گوتن خەزورانی پێغەمبەر و هەر سەبی یەکیان لابوو ڕزگاریان کردن.

ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا لە سەر ئایەتی حەرامکردنی ژنەپارێزراوەکان (محصنات) دەڵێت: ئەوەی دەقەکە حەرامی کردوە: نیکاحی ئەوانەی شوویان هەبوە، ئەمەیش نیکاحی پارێزەربەندانەیە، ئەوەی لەمە بەدەرە (موڵك یەمین)ە، واتە موڵکی ئەوانن وەك لە دەقی سورەتی (النساء)دا هاتوە: {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ} [النساء: 24].واتا: ژنی بەشوتان بۆ ناشێت جگە لەوانەی (موڵکی یەمینن). ئینجا پاش ئەوەی ئەم ئایەتەی هێنایەوە باسی ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆری فەقیهەکانی کردوە: تیمێکی تر دەڵێت: ئەم ئایەتە تایبەتە بەسەبیکراوەکان، پاش بێبەری بوون، سێکسکردن لەگەڵ هەر سەبیکراوێکدا ئەگەر شووشی هەبێت بۆ خاوەنەکەی حەڵاڵە، گوتی: ئەمە وتەی شافیعیە، یەکێك لە پیاوە ناودارەکانی هاوڕێی ئەحمەد، ئەمەیش لە ڕاستییەکانە، وەك موسلیم لە سەحیحەکەیدا باسی دەکات، کە لە ئەبی سەعیدی خدرییەوە وەری گرتوە، پێغەمبەری خودا سوپایەکی نارد بۆ ئەوتاس و ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و سەرکەوتن بە سەریاندا و چەندین سەبی یان لێ گرتن، هاوڕێیانی پێغەمبەری خودا ڕووگیر بوون لەوەی کە ژنیان لە موشریکەکان هەبوو، خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ} [النسا: 24]. بە هەمان واتای ئایەتی پێشووە. ئەوانە بۆ ئێوە حەڵاڵن، واتە پێش تەواوبوونی عوددەکەیان (واتە کەوتنە سوڕی مانگانە)، گوتی: چۆن ڕێگەی دا بەم حوکمەی چوون بە لای سەبیکراوێکدا کە مێردی کافری هەبێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە شوکردنەکەی پێشتری نامێنێت و لە سەر شانی ئەوان دەبنەوە و، ئەمەیش ڕاستە، لەبەر ئەوەی دەستی گرت بە سەر حەقی خۆی و ملی ژنەکەیدا و، ئەوەی بوە بە خاوەنی سەبی کردوە لە مێردەکەی لە سەر حەقترە. تا کۆتاییی قسەکانی.

لەوانەیە ئەم سەبیکراوانە بە بۆندێك بفرۆشێن، واتە کۆمەڵێك سەبیکراو پێکەوە بە یەك جار هەر وەك بە کۆ وەك کاڵا بفرۆشرێن. وەك لە غەزوەی بەنو قورەیزە و، پاش سەرپڕینیان ڕووی دا، شەشسەت کەس بوون، هەندێك دەڵێن حەوت سەدوپەنجا بوون، ژن و منداڵەکانیان نێرران بۆ نەجد، بۆ ئەوەی بیانفرۆشن و بە پارەکەیان ئەسپ و چەك بکڕن. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: ئینجا پێغەمبەری خودا بە سەعدی کوڕی زەیدی ئەنساری دا سەبییەکانی بەنی قورەیزەی نارد بۆ نەجد، بۆ ئەوەی بیانفرۆشێت و بەوانە چەك و ئەسپی بۆ بکڕێت، دەیشڵێن، کۆمەڵێك لەوانەی نارد نەك هەموویان، کە ژمارەیان هەزار سەبیکراوێك دەبوون، پێغەمبەر ئەوەی ڕەت کردەوە کە دایك لە منداڵەکانی جیا بکاتەوە، گوتی: منداڵ لە دایکی جیا ناکرێتەوە تا پێ دەگات، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، کەی پێ دەگات؟ گوتی کاتێك کەنیزەك دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە و کوڕیش خەو بە سێکسەوە دەبینێت (شەیتانی دەبێت!). ئەگەر منداڵێك لە سەبیکراوەکان ئەگەر بزانرێت کە دایکی نەبێت بە موشریك و یەهوودییەکان نافرۆشرێت، بەڵام بە موسوڵمانان دەفرۆشرێت بۆ ئەوەی بە موسوڵمانی گەورە بێت، دایکی منداڵێکی بچووك لەگەڵ منداڵەکەیدا پێشتر بە موشریکەکان دەفرۆشرا. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: پێغەمبەری خودا یەکێك لەو ژنانە (واتە ژنەکانی بەنو قورەیزە)ی بۆ خۆی دانا و ئەویش ڕەیحانەی کچی عەمرو کوڕی خەناقە بوو، یەکێك لە ژنانی بەنی عەمرو کوڕی قورەیزە بوو، لای پێغەمبەر مایەوە و موڵکی ئەو بوو تا لای ئەو مرد، لە سەر جێییەکانی بوو نەك ژنەکانی.

بە چاوگێڕان بەوەی ئێستا باسمان کرد، لە دابەشکردنی غەنیمەتەکان لە سەر زاری ئیبن قەییمەوە، دیلەکان وەك سەرجەم کاڵاکان مامەڵیان لەگەڵدا دەکرێت، لە دابەشکردنیان بە سەر سوپادا، پاش دەرکردنی پێنج یەکی ئەوانە. بەڵام ئەمە پاش شەڕی بەدر، کەچی لە غەزوەی بەدر، لای پێغەمبەر دیلەکانی وەك دەستبەسەرداگیراوەکان بوو، هەر کەسێك

دەستی بە سەریاندا بگرتایە بۆ خۆی دەبوو، هەر کەسێك کەسێکی بکوشتایە شتەکانی بۆ خۆی دەبوو، ئەمەیش لە پێناو هاندانیان بوو بۆ شەڕکردن و لەزەتپێبەخشینیان لە دەستبەسەرداگرتنی شتەکانی کوژراوەکە و بەدیلگیراوەکە، بەم پێیە کە غەنیمەت دابەش دەکرا، ئەمەیش پاش ئەو دەستبەسەراگرتن و بەدیلگرتنە بوە. لە (الکشاف)ی زەمەخشەریدا هاتوە، پێغەمبەر لەوەدا و لەو ڕۆژەدا ڕۆڵێکی کارای گێراوە (واتە ڕۆژی بەدر)، واتە ئەنفالی پێ بەخشێت، بەو واتایەی لە پشکی خۆی زیاتری پێ ببەخشێت، گوتی: گەنجەکانیان بەخێرا ڕۆیشتن، حەفتایان لەوان کوشت و حەفتایان بە دیل گرت، کاتێك خودا گرتنەکەی مەیسەر کرد، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و بە یەکدا چوون، گەنجەکان گوتیان: ئێمە جەنگاوەرین، شێخ و پیاوە پیرەکانیان کە ئاڵاکانیان بە دەستەوە بوو، گوتیان: ئێمەیش پشتمان گرتن و کۆمەڵێك بووین ئەگەر شکستتان بهێنایە ڕووتان تێ دەکردین، بە پێغەمبەریان گوت: غەنیمەتەکە کەمە و خەڵك زۆرە، ئەگەر بەو مەرجە بەوانە بدەیت، هاوەڵانت بێبەش دەکەیت.

لەوێدا ڕێسایەك نەبوو بۆ دابەشکردنی غەنیمەت، دەسکەوتەکانی شەڕ، محەمەد کە بینیی کێشەیەك دروست بوە و دەبێت بەزوویی چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان فراوان نەبێت و جیاوازییەکان درێژ نەبنەوە، هیچ چارەسەرێکی بۆ ئەوە نەدۆزییەوە جگە لەوەی غەنیمەتەکە لەوان وەربگرێتەوە بیداتە خودا و بە پێغەمبەر، لەوێدا حوکمەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ئەگەر حوکمەکەیش بە دەست ئەو بێت، کارەکە ئاسان دەبێت، بۆیە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ} [الأنفال: 1]. واتا: لەمەڕ دەستکەوتی جەنگەوە لێت دەپرسن، بڵێ: تاڵانی( ئەنفال)ی دوژمنان بۆ خودا و بۆ پێغەمبەرە. ئەگەر برواتان هێناوە، ئێوە ترستان لە خودا هەبێت لە ناوخۆتان پێکبێن و بەفەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بکەن. بۆیە بەم ئایەتە خودا لە دەستی ئەوان دەری هێنا و دایە محەمەد، کە چۆنی بوێت لەوێی دانێت. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەم ئایەتە نیشانی دەدات کە غەنیمەتەکە بە تایبەتی بۆ پێغەمبەری خودایە و بۆ هیچ جەنگاوەرێك شتێکی تێدا نەبوو.

بەڵام محەمەد پاش ئەوەی حوکمەکە خرایە دەستی ئەو، لەو مەرجە دەرنەچوو کە بۆ ئەوانە بێت ڕۆڵی باشیان گێڕاوە لەو ڕۆژەدا، دیلەکانی دا بەوانەی دیلی کردوون، ئەوەی لە کوژراوەکان دەسکەوتوون واتە (سلب) کراون، بۆ خۆیان دەبێت و پاشماوەکەی بەیەکسانی دابەش کرد بە سەر موسوڵماناندا و، پشکی خۆی وەك پشکی هەر یەك لەوان بوو، بەڵام ئەوەی وەك ئەنفال لە پشکی خۆی زیاتری بەر کەوت؛ شمشێرەکەی زولفەقارە، کە هیی مونەبیە کوڕی حەجاج بوو، دەیشڵێن هیی کوڕەکەی بوە بە ناوی عاسی، هەروەها وەك ئەنفال لە سەروی پشکەکەی خۆی حوشترەکەی ئەبووجەهل کە میهری بوو بەرکەوت. لەبەر ئەوەی محەمەد (صفی)ی هەبوو کە ئەمەیش بەشێکە کە پێشتر باسمان کرد، پاش پاڵاوتنی غەنیمەتەکە و پێش دابەشکردن بە خۆی هەڵی دەبژێرێت.

لەمەدا کە محەمەد پشکی خۆی یەکسان کرد بە پشکی هەر یەکە لە موسوڵمانان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بە پێی ئایەتەکە غەنیمەکان لە دەستی ئەوان دەرکرد و خستییە دەستی خۆیەوە، مەبەستی ئەوە نەبوو، بە تەنها خۆی غەنیمەتەکە ببات و بۆ خۆی بێت بە دەر لەوان، بەڵکوو مەبەستی ئەوە بوو کە چییان پێ بدات ڕازی بن. ئەوەی ناشارێتەوە کە ئەگەر بەتەنها ببێت بە موڵکی خۆی، بە پێی ئەو ئایەتەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە، حەقی خۆیشیەتی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بە پێی بینینی خۆی و لەوەیش چی بوێت دەیدات بەوەی خۆی دەیەوێت، بۆیە هەموویان بەوە ڕازی دەبن، کە بەشیان دەدات و دەبێتە بەخشینێك لە بەخشینەکانی پێغەمبەر، نەك غەنیمەتێك کە حەقی خۆیان بێت، ئەمەیش ئەو نیشانەی تێدایە، کە چەند توندوتۆڵ و بەهیمەت و خودپارێز بوە لە هەندێك کاردا و چۆن بە باشی ڕێکی خستوون و چارەسەری کێشەکانی کردوون.

ئەوەی بەباش دەزانرێت باسی بکرێت لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسدا هاتوە، گوتوویەتی: عەمیری برام لە ڕۆژی ئوحود کوژرا و، لە بریی ئەو سەعیدی کوڕی ئەلعاسمم کوشت، شمشێرەکەیم بە دڵ بوو بردم، بردم بۆ لای پێغەمبەری خودا و گوتم: خودا دڵی دامەوە لە موشریکەکان و ئەم شمشێرەی پێ دام، گوتی: ئەمە نە هیی تۆیە و نە هیی منە، بیخە لای ئەوانەی بە دەست هاتوون، گوتی: خستمە لای ئەوانی تر و، لە خودا زیاتر کەس نەیزانی کێ براکەمی کوشتوە و ئەو دەسکەوتەم هێناوە، هیچ بە سەریدا نەچوو تا پێغەمبەری خودا هات بۆ

لام و سورەتی ئەنفال دابەزی و گوتی: ئەی سەعد، پرسیاری شمشێرەکەت کرد کە هیی من نەبوو، ئێستا هیی منە و برۆ بیبە.
تەماشا بکە چۆن نەیهێشت شمشێرەکە ببات، لەبەر ئەوەی یەکەم جار ڕێگەیەکی نەدۆزییەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان لە نێوان موسوڵمانان لە سەر غەنیمەتەکان، ئەگەر شمشێرەکەی پێ بدایە، هەر کەسە و لای خۆیەوە داوای دەسکەوتەکەی خۆی دەکرد، لەوێدا ناکۆکییەکان زیاتر دەبوون، بە هۆی ئەوەی لە سەرەتای شەڕەکەوە مەرجی بۆ دانابوون، بەڵام کە ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان، بەوەی غەنیمەتەکان هیی ئەو دەبێت بە دەر لە خەڵکی تر و ئەمەیش بە فەرمانی خودا، ئەوەی بە دڵی خۆی بوو پێی دا، بێ ئەوەی هیچ کەسێك شتێك بڵێت، لەبەر ئەوەی شتێکی دابێ بە فەرمانی خودای گوێلێگیراو بوە.
بێگومان ئایەتی ئەنفال ڕێکخستنێکی کاتی بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی گیروگرفتەکان، لەبەر ئەوەی غەنیمەتەکانی کردە موڵکی پێغەمبەری خودا، بە هەر کەسێك بیەوێت و کێ بێت و چۆنی بوێت بە ئارەزووی خۆی بیدات، ئەمەیش قسەوقسەڵۆکی لە لایەن هەندێك باوەڕلاوازەوە دروست کرد، بۆیە دەبوو بۆ خودئاگایی دابەشکردنی غەنیمەتەکان بە حوکمێکی گشتی دابنرێت، کە بەو پێیە لە هەموو کاتێکدا کار بکەن و هەر کەسێك بە بەشی خۆی ڕازی بێت و جیاوازی و ناکۆکی دروست نەبێت. ئینجا دەبێت ئایەتێك بێت ئایەتی ئەنفال نەسخ (نسخ) بکات واتە جێگرەوەی هەبێت. بە ئایەتی دابەشکردنی غەنیمە سەرەتای نەسخ کرایەوە کە دەڵێت: {وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ} [الأنفال: 41]. واتە: ئەگەر باوەڕتان بە خودا و بەوەش هەیە کە ڕۆژی یەکلاکردنەوە بۆ کۆیلەی خۆمان ناردووە، پێن یەکی ئەو تاڵانیە بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی و خزمە نزیکەکانی و هەژاران و ڕێبواران و بێنەوایانە. حوکم لە دابەشکردنی بەم شێوەیە بوو: دابەشکردنی غەنیمەـ (پاش (صفی) کە پێغەمبەر بۆ خۆی دایدەنێت) بە پێنج بەش دانرا، پێنجیەکی بۆ پێغەمبەر چی بوێت لێی دەکات، دووەم بەش بۆ ئەو خەڵکانەی لە خزمە نزیکەکانی لە بەنو هاشم و بەنو موتەلیب و، سێیەم بۆ هەتیوەکان، چوارەم بۆ هەژاران، پێنجەم بۆ ئەوەی ڕێی تێ بکەوێت لە نەداران.
ئەوەی دەیزانم کە هاشم و موتەلیب و عەبدشەمس و نوفەل برا بوون، ئەمانە کورانی عەبدمەناف بوون، دەربڕینی زاراوەی (ذوی القربی) واتە خزمانی، کورانی ئەوانە دەگرێتەوە یان تەنها تایبەتمەند دەبێت بە کورانی بەنو هاشمەوە، لەبەر ئەوەی محەمەد لە بەنو هاشم بوو. بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی پشکەکەی خزمەکانی واتە بەنی هاشمییەکان، بە تەنها ئەوی نەگرتەوە، بەڵکوو بەنو موتەلیبیشیان لەوەدا بەشداریی پێ کرد و لەوەیشدا وا پێویستی کرد کە بەنو نوفەل و بەنو عەبد شەمسیش بەشداری پێ بکەن، بەڵام ئەوەی نەکرد، تەنها دابەشی کرد بە سەر بەنی هاشم و بەنی موتەلیب دا، وازی لە بەنی عەبدشەمس و بەنی نوفەل هێنا، تەنانەت جوبیری کوڕی موتعەم کە لە بەنی نوفەل بوو، عوسمانی کوڕی عەفان لە بەنی عەبدشەمس بوو ناڕەزاییان لەو بارەوە دەربڕی و پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە چاکەی بەنی هاشم بۆ تۆ فەرامۆش ناکەین، بەڵام لەبەر چی بە بەنی موتەڵیبت دا و بە ئێمەت نەدا، ئێمە و ئەوان لە یەك پێگە و ئاستداین، پێغەمبەر گوتی: ئێمە و بەنی موتەلیب لە جاهیلیەت و ئیسلامیشدا لە یەك جیا نەبووینەتەوە و هەر دوو دەستی لە یەك ئاڵاند و گوتی ئێمە و ئەوان یەك شتین. هەندێك لە فەقیهەکان وا بۆی دەچن کە ئەم حوکمە تایبەتە بە محەمەد، کە بەشی خزمەکان (ذوی القربی) دا و بە بەنی نوفەل و بەنی عەبدشەمسیش وەك بەنی هاشم و بەنی موتەلیب پاشتر بەشیان دراێت.
بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی پێدانی بە بەنی موتەلیب و نەدانی بە بەنی عەبدشەمس و بەنی نۆفەل بۆ دوو ڕووداو دەگەڕێتەوە: یەکێکیان لە جاهیلیەتدا ڕووی دا، پێش ئەوەی محەمەد لە دایك بێت، لەوێدا نۆفەل و کورانی هاوپەیمانی بەنی عەبد شەمسیان کردوە دژ بە بەنی هاشم، تا بەنی هاشم ناچار بوون، هاوپەیمانی لەگەڵ خوزاعەدا بکەن دژ بە بەنی نۆفەل و بەنی عەبدشەمس، لەبەر ئەوەی دژایەتییەك و ناکۆکییەك لە نێوان عەبد ئەلموتەلیب و نۆفەلی مامیدا هەبوە، پێشتر بەفراوانی باسی ئەمەمان کرد لە کاتی ڕوونکردنەوە و باسکردن لە وەحیدا کە بە هۆی حوشترەکەیەوە بۆی هات لە (وێنەکانی وەحیدا). ڕووداوی دووەم لە پاش پێغەمبەرایەتی ڕووی دا، ئەبوو تالیب محەمەدی لە قوڕەیش پاراست و بە دووری گرت لە شەڕیان، لە کاتێك کە بینیی دوژمنایەتییان بۆ محەمەد توندتر بوو، بەنی هاشم و بەنی

موتەلیبی بانگ کرد بۆ ئەوەی محەمەد بپارێزن و لەگەڵ ئەودا هەڵبسن و دابنیشن، ئەوانیش ڕازی بوون بەوە.
لەم دوو ڕووداوە وا تێ دەگەین، کورانی ئەو چوار برایە بە سەر دوو بەشی نەیار بە یەك دابەش بوون، بەشی یەکەم بەنو هاشم و بەنو موتەلیب و، بەشی دوەم بەنو نۆفەل و بەنو عەبدشەمس. کاتێك محەمەد قسەی بۆ جوبێر کوری موتعەم و عوسمانی کوری عەفان کرد، ئاماژەی بەوە دا: (ئێمە و بەنو موتەلیب لە جاهیلیەت و ئیسلامدا لە یەك جیا نەبووین و، ئێمە و ئەوان یەك شتین)، لە کاتی قسەکردندا پەنجەکانی هەر دوو دەستی لە یەك ئاڵاندوە.
ئەوەی محەمەد زیاتر هانی موسوڵمانان دەدات بۆ شەڕکردن لە دەستبەسەرداگرتنی شمەکی جەنگاوەران و، هەر کەسێك یەکێك بکوژێت، لە شەڕەکەدا شتەکانی بۆ خۆی دەبێت، واتە بردنی چەك و جلوبەرگەکانی، واتە بردنی شتەکانی (سلب)کردنی بە غەنیمەت حساب نەکرد، لە بەر ئەوەی جارێك پێنجیەکی دەرنەکردبوو، بەڵکوو حوکمی ئەوەی دا بکوژەکە دەست بە سەر شمەکی کوژراودا بگرێت و، لەوەیشدا بەوەوە وەستایەوە کە شایەتی هەبێت بێ سوێند خواردن. ئەبووتەلحەی ئەنساری لە ڕۆژی حەنین بیستی کوشت سەرجەم شمەکەکانی بردن.
هەندێك دەڵێن، لە ڕۆژی حەنین نەبێت لە هیچ کاتێکدا نەیگوتوە هەر کەسێك یەکێکی لە دوژمنان کوشت شتەکانی بۆ خۆی بێت، ئەمە ڕاست نییە، بەڵکوو ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم قسەیە بە شەش ساڵ پێش حەنین گوتوویەتی و جێبەجێیشی کردوە، بوخاری لە صحیحەکەیدا باسی لەوە کردوە، دەڵێت: مەعاز کوری عەمرو کوری جموح و معاز کوری عەفرا، کە هەر دووکیان لە ئەنسارەکان بوون، لە ڕۆژی ئوحود بە شمشێرەکانیان لە ئەبووجەهل کوری هوشام یان -دا تا کوشتیان، چوون بۆ لای پێغەمبەری خودا و هەواڵەکەیان پێ گەیاند: گوتی: کامەتان کوشتی؟ هەر کەسە و گوتی من کوشتم، گوتی: شمشێرەکەتان سڕیوەتەوە؟ گوتیان: نەخێر، تەماشای شمشێرەکانی کرد، گوتی: هەر دووکتان کوشتووتانە، شمەکەکانی دا بە مەعاز کوری عەمرو کوری جموح. هەندێکیان دەڵێن بۆ ئەوە داویەتی بە مەعاز کوری جموح چونکە بەتوندی لێی داوە و دوا هەناسەی بڕیوە، بەڵام ئەوی تر بریندار کردوە، بەڵام گوتوویەتی: هەر دووکتان کوشتووتانە بۆ ئەوەی دڵی ئەوی تر نەئێشێت و میهرەبان بێت لەگەڵیدا و دڵی خۆش بکات. ئیبن قەییم دەڵێت: ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە سەلبکردن لەو کاتەوە بڕیاری لێ دراوە و زانراوە، بەڵام ڕۆژی حەنین تازە کرایەوە، بۆ ڕاگەیاندنی گشتی بانگەوازی بۆ کراوە، نەك بۆ شەرعیەتپێدانی لەم کاتەدا. لەوەی پێشتر تێگەییشتین کە بەهەشت لە حەز و ئارەزوە گشتییەکانە، لەبەر ئەوەی لە ئیسلامدا بۆ هاندان دەشێت و، هەروەها بۆ شەڕیش، بە پێچەوانەی غەنیمەت کە بۆ هیچ ناشێت جگە لە ئارەزووی پێشوەختە بۆ شەڕ، کاتێك محەمەد لە مەککە بوو، پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە، غەنیمەت لە هاندان و ئارەزووپێدان نەبوو، لەبەر ئەوەی شەرعیەت بە شەڕ نەدرابوو لە مەککەدا، ئەگەر شەڕیش نەبێت غەنیمەت نییە، بەڵام تەماحی مادیی دەخستە پێش موسوڵمانان، وەك چۆن حەزی قەومەکەی بۆ ئیسلام دەجووڵاند، کە دەبنە پاشای عەرەب و عەجەم، ئەمەی لەو کاتەدا پێ گوتن کە لە ماڵی ئەبووتالیبی مامی دا کۆ بوونەوە: (پەیمانم بدەنێ، واتان لێ دێت پاشای عەرەب و عەجەم قەرزارتان دەبێت.) وەك بە بەنی شیبانی کوری سەعلەبەی گوت، لەو کاتەدا، واتە لە وەرزی حەجکردن کە باسی پاشاکانی فارسیان بۆ کردن: (دەبینن هیچی پێ ناچێت کە دەبنە میراتگری زەوی و ماڵوموڵکیان و، ژنەکانیان دەخەنە ژێر خۆتان، شوکری خودا دەکەن و بە پیرۆزی ڕادەگرن). هەروەها بە بەنی بەکری کوری وائیلی لەو کاتەی کە خۆی پێ ناساندن ئەو شتەی پێ گوتن؛ لەو کاتەدا کە پێیان گوت: دراوسێی فارسین کە ئێمە ناتوانین خۆمان بپارێزین و خۆمان لە شەیتان نادەین. پێی گوتن: خودا لە سەر خۆتان دابنێن کە دەتانهێڵێتەوە، تا دەچنە ماڵەکانیانەوە و ژنەکانیان دەگێن و منداڵەکانیان دەکەن بە کۆیلە، سیوسێ جار سپاسی خودا دەکەن و سیوسێ جار حەمدی دەکەن و سیوسێ جار ئەڵاهو ئەکبەری بۆ دەکەن، پێشتر باسی ئەمە کرا بەدوورودرێژی.

(36)
توندبوون بەرانبەر شتشاردنەوە

غلول) چاوگی وشەی (غلل)ە واتە شتێك بەدزییەوە بەریت و لە کاڵاکانتدا بیشاریتەوە. کاتێك ) لە پاش شەڕەکە بە تەواوی غەنیمەتیان کۆ دەکردەوە. ئەمە لە سەر ئامانەتی ئەوانە دەوەستا کە غەنیمەتەکەیان کۆ دەکردەوە و دەست دەکەوت و خۆیان ڕادەگرت و شتێکیان نەدەبرد پێش دابەشکردنی، محەمەد هەندێکی بینی کە شتێك بەدڵیان بێت دەیبەن و دەیشارنەوە، لەوەدا نەهیکردن و بە شێوەیەکی قورس توند بوو بەرانبەریان، لەبەر ئەوەی ئەگەر واز لەمە نەهێنن، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت غەنیمەتەکان کۆ بکرێتەوە و حەقی هەندێکیان لەوەدا دەفەوتێت .و بێگومان ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست دەبێت

لەبەر ئەوە لە سەر شت شاردنەوە بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ کردن، تەنانەت کە غوڵامەکەی بە ناوی مودعم پێکا و کوژرا: گوتیان خۆزگە بە خۆی لە بەهەشتدایە، هەندێك شتی لە ڕۆژی خەیبەر لە غەنیمەتەکان شاردبووەوە، پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر، بەوەی گیانم بە دەستییەوەیە، ئەو پرە شتەی کە لە ڕۆژی خەیبەر لەو غەنیمەتانەی شاردبووەوە و دابەش نەکرابوو دەبێتە ئاگر بۆی، کردەوەی شاردنەوە واتە غلکردنی زۆر گەورە کردەوە، هەر چەندە شتشاردنەوە کارێکی نابوتانەیە. دەڵێن یەکێك لە هاوەڵانی لە ڕۆژی خەیبەر مردوە، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا، هەواڵی مردنیان پێ دا، نوێژی لە سەر نەکرد، پێی گوتن: نوێژ بکەن لە سەر هاوەڵەکەتان، دەموچاوی خەڵکەکە گۆڕا، گوتی: ئەم هاوڕێیەتان لە پێناوی خودا شەڕی کردوە و شتی شاردوەتەوە، شمەکەکانیان پشکنی، موروویەك لە مورووەکانی یەهوودییان تێدا .دۆزییەوە کە بایی دوو درهەم نەبوو

باس لەوە دەکرێت، کە لە ڕۆژی حەنیندا لە تەنیشت حوشترەکەیەوە هەستایە سەرپێ و موویەك لە پشتی حوشترەکەی هەڵکەند و بەرزی کردەوە و گوتی: ئەی خەڵکینە، بە خودا هیچ شتێکم تەنانەت هێندە ئەم موە نەبردوە جگە لە پێنجیەك و، پێنجیەکیش بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە، بەجوانی کارەکەتان بکەن بیدوورن، شاردنەوەی شت دەبێتە ناشیرنی و قێزەونی و ئاگر لە ڕۆژی قیامەتدا. یەکێك لە ئەنسارەکان هات و گلۆڵەیەك مووی پێ بوو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم گلۆڵە موەم بردوە بۆ ئەوەی زینی وشترەکەمی لێ دروست بکەم.

گوتی: بەشەکەی من لەوە بۆ تۆ، گوتی: ئەگەر بگاتە ئەم ڕادەیە، هیچ پێویستییەکم پێ نییە و فڕێی دا. دەڵێن عەقیل دەرزییەکی لە غەنیمەت داوە بە ژنەکەی، گوێی لێ بوە بانگەوازکەرێك دەڵێت؛ هەر کەسێك شتێکی بردوە بیگەڕێنێتەوە تەنانەت دەرزی و دەزوویش، گەڕایەوە .دەرزییەکەی لە ژنەکەی وەرگرتەوە و خستییە نێو غەنیمەتەکانەوە

لە سورەتی (ئاڵ عمران)دا هاتوە: {وَمَا كَانَ لِنَبِىٍّ أَنْ يَغُلَّ وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} [ئاڵ عمران: 161]. واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نیە شت بشارێتەوە و هەر کەسێکیش لەو تاڵانیە بشارێتەوە لە رۆژی قیامەت دەبیندرێ و دەبێت بیگەرێنێتەوە. دەڵێن چنراوێکی سوور لە ڕۆژی بەدر ون دەبێت واتە نامێنێت، هەندێك دووروو دەڵێن: لەوانەیە پێغەمبەری خودا بردوویەتی، بۆیە .ئەم ئایەتە دابەزیوە

لە ئەبووهورەیرەوە گوتراوە: پێغەمبەری خودا لە ناوماندا بوو هەڵسا و باسی شتشاردنەوەی کرد و گوتی، تاوانێکی گەورەیە و بە گەورەیی باسی کرد، گوتی: لەگەڵ هیچ کەسێکتاندا خۆشحاڵ نابم لە ڕۆژی قیامەتدا کە مەڕێکی لە سەرشان بێت باعەباع بکات و حوشترێکی لە ملی بێت بنەڕێنێت و بڵێت ئەی پێغەمبەری خودا فریام بکەوە، دەڵێم هیچ شتێکم بە دەست نییە و پێشتر پێم گوتوویت، شتێکی بێدەنگ لە سەر ملی بێت و بڵێت ئەی پێغەمبەری خودا فریام بکەوە، دەڵێم هیچ شتێکم لە لایەن خوداوە بۆ تۆ نییە پێشتر پێم گوتوویت، یان پارچەیەك لە سەر ملی بێت و بڵێت ئەی پێغەمبەری خودا فریام بکەوە، دەڵێم هیچ شتێکم بۆ تۆ پێ نییە پێشتر پێم ڕاگەیاندوویت. وەك ئەوەی لەم قسانەی ئایەتی شت شاردنەوەیان بۆ شی دەکاتەوە کە ئێستا باسمان کرد دەڵێت: {وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} [ئاڵ عمران: 161] واتە: ئەوەی تاڵانی بشارێتەوە لە رۆژی قیامەت دەبێت بیگەرێنێتەوە.

لە سەر ئەوانەی مردوون و شتیان شاردوەتەوە ئەستۆیان پاك نەبوە لە شاردنەوەی غەنیمەتدا، دەڵێت: لە ئاگردان، ڕۆیشتن عەبایەکیان دۆزییەوە کە شاررابوەوە. لە هەندێك غەزوەدا، دەڵێن: ئەوە شەهیدە و فڵان شەهیدە تا بە لای یەکێکدا ڕەت بوون و گوتیان، فڵانە کەس شەهیدە، .گوتی نەخێر من لە ئاگردا بینیم لەبەر ئەوەی بوردەیەکی شاردبوەوە

لەم قسانە وا تێ ناگەین، محەمەد بە نهێنییەکانیانی زانیوە، کە وا هەواڵی شتشاردنەوەی لە غەنیمەتەکان پێ داون. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر هیچ لە غەیب نازانێت، ئەو کەسانەیش کەمن و، لەوانەیە محەمەد خۆی بینیونی کە شتیان شاردوەتەوە، یان هەندێك لە هاوەڵانی هەواڵی پێ داون کە ئەو شتەی بینیوە، بەڵام ئەو هەواڵەی پاش مردن پێ داون بۆ خراپ و قێزەون تەماشاکردنیان و بۆ ئەوەی ئەوانی تر پەندی لێ وەربگرن و شتێك لە غەنیمەتەکە نەشارنەوە. ئەم توندبوونە لە سەر شتشاردنەوە، جگە لەوەی بۆ ئەوە بێت نەهێڵێت شت بشارنەوە و کۆکردنەوەی ئاسان بکات، بۆ هیچی تر نەبوە، بۆ ئەوەی مافی هیچ کەسێك نەفەوتێت، کە مافی تێدا هەبوە.

هاندان بەپەری

پێشتر دەربارەی محەمەد باسمان بۆ کردیت کە وەك ئامرازێکی هاندان بۆ شەڕکردن چی بە کار هێنا، هەروەها پشتی بە شتێکی تر دەبەست بۆ بەهێزکردنی دڵ و دەروونیان و جێگیریی توانایان، وەك ئامرازێك بۆ هاندانی جەنگاوەران لە گەرمبوون و قاڵبوون لە شەڕدا، یان کە ترسناکیی حاڵەتێکی دەبینی کە بە قورسی دەزانی خۆی تێدا ببینێتەوە.

ئەوەی ناشارڕێتەوە ئەگەر ترس و تۆقاندن خۆی بە سەر دڵی جەنگاوەراندا کێشا، بێگومان ڕاکردنیان لە پێشدا دەبێت و، هەر چەند ژمارە و تفاقیان زۆر بێت ژێر دەکەون. گەورەترین هۆکاری سەرکەوتن لە شەڕدا ورەبەرزی و توندوتۆڵی و بەهێزی دڵ و ئارامیی دەروون و خودە، هەر کەسێك لەو حاڵەتانەدا بێت سەرکەوتن چارەنووسی دەبێت، هەر چەندە ژمارەیان کەمیش بێت. بۆیە محەمەد تەنها بە بەهەشتەوە نەوەستا، سوور بوو لە سەر بەخشینی پەری بە جەنگاوەران، لەوەدا هیچی نەویستوە جگە لە هاندانیان و بەهێزکردنی دڵ و جەرگیان کە ترس بە گیانیاندا نەیەت و بیر لە ترس و تۆقین نەکەنەوە، وەك لە ڕۆژی بەدر ڕووی دا، کاتێك سوپاکەی خۆی بینی لە ژمارەدا کەمن و سوپای دوژمن زۆرن، هەستی بە ترسناکیی حاڵەتەکە و ناجێگیریی هەڵوێستەکەی کرد. وەستانێکی بۆ وەستا لە عەرشەکەیدا، کە مەگەر خۆی بزانێت چۆن بوە و، ڕووی کردە خودا و پاڕایەوە کە سەری بخات و پەیمانەکەی بهێنێتە دی.

لە عومەری کوڕی خەتابەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی بەدر تەماشای موشریکەکانی کرد کە هەزار کەس دەبوون و تەماشای هاوڕێکانی کرد کە سێسەد کەسن، ڕووی لە قیبلە کرد و دەستی درێژ کردەوە و دوعای کرد و گوتی: خودایە ئەوەی پەیمانت پێ دام بۆم بیهێنە دی، خودایە ئەم چەتانە لە ناو بەرە کە هیچ ناپەرستن لە سەر زەوی، بەردەوام بوو تا عەباکەی لە سەر شانی کەوت، ئەبووبەکر هەڵی گرت و خستییە سەر شانی و لە دواوە گرتی و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا پاڕانەوە بەسە بۆ ئەوەی پەیمانی پێ دای بۆت جێبەجێ دەکات. ئینجا دەرچوو بۆ لای هاوەڵانی و ڕیزەکانی ڕێکخستن و پێی گوتن، ئەوەی نزیك بوەوە بە ڕمەکانتان لێی بدەن و پێشی بکەون، هیچ لە شمشێرەکانتان مەکەن و دەری مەهێنن تا سڵتان لێ نەکەن، گوتارێکی گەرمی بۆ دان و هانی دان لە سەر جیهاد و سەربرگرتن لە شەڕەکەدا.

مژدەی پێ دان کە خودا پەریی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی هاوشان شەڕیان لەگەڵدا بکات. وەك ئەم حیکایەتە لە سورەتی (ئاڵ عمران)دا هاتوە: {وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ. إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ؟ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ. وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ} [ال عمران: 123 - 126].

واتە: بەر لەوەی توشی مردن بن، ئارەزووی مردنتان کرد، سا ئەوە مەرگە هات و ئێوە بە زەقی تەماشای دەکەن. محەمەد پیغەمبەرێکە و هیچیتر نیە؛ لە پێش ئەویش زۆر پێغەمەبەر هاتوون و چون و ئەگەر بمرێ یان بکوژرێت لە ئیسلام پاشگەز دەبنەوە و گەر هەر کەسێك پاشگەزبێتەوە زیانێك بە خودا ناگەیەنێت و خوا پاداشتی دەداتەوە و هیچ کەسێکیش بە بێ ئیزنی خودا نامرێ و کاتی مردنی بۆدانراوە و لای خودا نوسراوە. خودا دلنیاتان دەکاتەوە بۆ رۆژی سەرکەوتن کە تەنها لای خوداوەیە.

ئەگەر لە ڕووکەشی ئایەتی کۆتایی ڕابمێنین (وما جعله الله إلا بشرى... هتد) دەبینین ڕاشکاوانە دەردەکەوێت کە بەهاناوەهاتنی پەری حەقیقەت نەبوە و تەنها بۆ لەناوبردنی ترس و هێورکردنەوەیان و بەهێزکردنی دڵ و جەرگیان بە پەری بوە، لەبەر ئەوەی وایان زانیوە، ئەگەر پەری لەگەڵیاندا بێت هێور دەبنەوە و ترسەکانیان دەڕەوێتەوە و متمانەیان بە سەرکەوتن زیاد

دەبێت و سەرقاڵی شەڕ دەبن و دڵنیا دەبن و هێمن و ئارام دەبنەوە، هەر کەسێکیش ئەمە حاڵی بێت، مەحاڵە چارەنووسی سەرکەوتن نەبێت.
کەچی زانایانی ئیسلام جیاواز بوون لە شەڕی پەری لە ڕۆژی بەدردا، وەك زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی باسی دەکات، هەندێکیان دەڵێن: پەری لە ڕۆژی بەدردا شەڕی کرد و، جبریل پێنجسەد پەریی لای ڕاستەوە دابەزاند، کە ئەبووبەکری لێ بوو، میکائیل پێنجسەد پەریی تری لای چەپەوە دابەزاند کە عەلیی کوڕی ئەبووتالیبی لێ بوو. گوتی: لە شێوەی پیاو جلی سپییان لە بەر بوو لەگەڵ عەمامەی سپیدا کە چمکەکانی بە سەر شانیاندا شۆڕ بوونەوە، خەڵکی تر گوتیان ئـەمە قسەی ڕاستە کە ڕووکەشـی قورئان پشتگیری دەکاتـ ئەوان شەڕیان نەکرد، بەڵام لە شـەڕر زیاتریان دەکرد و لە شـەڕەکەدا باوەڕدارانیان جێگیر دەکرد، گوتیان: ئەگەر نا یەك پەری بەسە بۆ لەناوچوونی هەموو خەڵکی جیهان، جبریل بە تاکە پەڕێکی باڕێکی قەومی لووتی لە مەدائینی وێران کرد و، بە تاکە هاوارێك خەڵکی وڵاتی سمود و قەومی ساڵحی لە ناو برد. ئەمەیە کە ئەوانە لە صەحیحدا بۆی ڕۆیشتوون بە قسەی: (کانوا یکثرون السواد) رەش زۆر دەکەن بیری تێ دەچێت، لەبەر ئەوەی زۆرکردنی خەڵکە گشتییەکە بە وێنەی پیاوان نەبێت ناکرێت، شەڕیان نەکردوە و ئەوەی لەگەڵیاندا بوون حەقیقەتی تێدا نییە، وای لەوە کرد، مژدەی هاتنیان بۆ سەرکەوتن و بەهێزکردنی جەرگ و دڵی و دڵنیابوونی باوەڕداران بوە، وەك لە ڕووکەشی ئایەتەکە دەردەکەوێت: {وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ} [ئێل عمران: 126]، واتە: ئەوەی خودا کردویەتی جگە لە موژدەبەخشین بۆ ئێوە هیچی تر نیە. واتە خودا گەیاندنی پەریی جگە لەوە نەبێت بۆ موژدەبەخشین بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بهێنن، هیچی تر نەبوە، واتە تەنها مژدەبەخشین بوە بە سەرکەوتن نەك لە حەقیقەتدا بە لە شەڕەکە دا بە پەری یارمەتییان بدات {وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ} [ئێل عمران: 126]، واتە سەرکەوتن بە پەری ناکرێت، بەڵکوو لە لایەن خوداوەیە، زەمەخشەری لەو بارەوە دەڵێت (واتە مژدەبەخشین بە پەری یارمەتیدان) کە خودا بەوە پشتگیرییان دەکات و سەریان دەخات و دڵی کۆچبەران بەهێز دەکات.
ئەگەر بڵێین: چۆن دەگوترێت پەری لە ڕۆژی بەدردا شەڕی نەکردوە، لە سورەتی ئەنفالدا فەرمانیان پێ کراوە کە لێیان بدەن، لە قسەی خودای باڵا: {إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ ئَامَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ} [الانفال: 12]. واتە: خودا فریشتەی تێگەیاند کە خۆشم لەگەڵ ئێوەدام و غیرەت بخەنە بەر خاوەن باوەڕەکانیش، منیش ترس دەخەمە دڵی خوانەناسان، سا لە ملیان بدەن و هەموو ئەنگوستەکانیشیان بپەڕێنن. دەڵێم: زەمەخشەری دەڵێت دەربارەی (سألقى... فاضربوا...) لەوانەیە شیکردنەوەی قسەکانی (من لەگەڵتانم جێگیر بن...) هیچ هاوکارییەك لەوە گەورەتر نییە کە ترس و تۆقین بخەینە دڵی ئەوانەی کافرن و، هیچ جێگیرییەك لەوە باشتر نابێت، کە بڵێین لە ملیان بدەن، ئەم دوو فەرمانەیش لە لوتکەی سەرکەوتندا دەبێت. واتە من دەیانتۆقێنم و ئێوەیش لە ملیان بدەن، ئەوەی لێیان بدات لێرەدا پەرییەکانن: گوتی: لەوانەیە بە قسەی (سألقی) وتە دەخەمە دڵیانەوە تا قسەی (کل بنان) هەر کوڕێکیان پاش قسەی (جێگیرکردنی ئەوانەی باوەڕدارن بە پەرییەکان جێگیریان بکەن) وەك ئەوەی گوتبێتی، پێیان بڵێن. ئەو قسەی من ترس و تۆقین خستنە دڵیانەوەیە و ئینجا ئێوە لە ملیان بدەن، واتە: وەك ئەوەی گوتبێتیان: چۆن جێگیریان بکەین؟ گوترابێت: پێیان بڵێن ئەوە دەخەمە دڵتانەوە... گوتی: ئەوانەی دەست دەوەشێنن باوەڕدارانن. بەمەوە دەزانین کە ئەم ئایەتە وەك دەقێك دەربارەی شەڕکردنی پەری نەهاتوە، بۆیە ڕێگە بە جیاوازیی زانایان دەدات، دەربارەی شەڕکردنیان، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، یارمەتیدان لە لایەن پەرییەوە لە ڕۆژی بەدردا حەقیقەتی تێدا نییە و ئەوەیشیان گوت کە لە ڕۆژی ئوحود یارمەتیی نەداون، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت، پێش ئەوەی پێغەمبەر بڕوات بۆ ئوحود لە لایەن خودای باڵاوە ئەم ئایەتە دابەزیوە: {أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ ئَالَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ؟ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ ئَالَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ} [ئێل عمران: 124، 125]. واتە: ئەوساکە تۆ بە باوەڕدار راگەینە: ئەگە رخودا سێ هەزار فریشتەی بۆ ئێوە ناردۆتە خوارەوە یارمەتیتان بدەن بەستان نیە؟ ئەگەر خۆراگربن و ترستان لە خودا هەبێت لە جەنگی پەلاماردانی دوژمنان کۆمەکتان دەکرێت. گوتی: سەبریان نەگرت و خۆیان دەرخست و پێغەمبەری خودا یەك پەرییان پێ نەبەخشی لە ڕۆژی ئوحوددا.

تەماشا بکە چۆن بەخشینی پەری بە سەبرگرتن لە شەڕدا بەستوەتەوە، لەبەر ئەوەی سەبرگرتن سەرکەوتن دەهێنێت و بەوەوە زەفەر بە دوژمن دەبەن، ئەگەر سەبر بگرن زەفەر بە دوژمن دەبەن، ڕاستە پێیان بڵێن خودا پەریی بۆ ناردن و ئەگەر سەبر نەگرن دەدۆڕێنن، واتە ژێر دەکەون، ئەمە ڕاست نییە، دەبێت پێیان بڵێن: خودا سەرکەوتنی پێ نەدان، لەبەر ئەوەی سەبرتان نەگرت لە شەڕەکەدا. هەروەها بە هەمان حاڵ لە ڕۆژی ئوحوددا، خودا پەریی بۆ نەناردن بۆیە شکستیان هێنا، چۆن لەگەڵ شکستدا بڵێین خودا پەریی بۆ ناردن، ئەمە ڕاشکاوانە لە چیرۆکی ناردنی پەریدا باس دەکرێت، کە لە پێناو بەهێزکردنی دڵ و جەرگیان بوە، بۆ سەبرگرتن و جێگیربوون لە شۆکی شەڕەکەدا، ئەگینا لە حەقیقەتدا نە پەیامناردن و نەیش پەری هەبوە.

ئەوەی نیشانەی ئەمەیە دیسان کە باسیان لە ناردنی پەری لە ڕۆژی حەنیندا کردوە، پەری لەو ڕۆژەدا نەهات، جگە لەو کاتەی کە شکستەکە دووچاری دوژمن هات. لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی زۆر گەورە لە ڕۆژی حەنیندا موسوڵمانان تووشی شکست هاتن، بەڵام پێغەمبەری خودا لە شوێنی خۆیدا جێگیر بوو، هەروەها کۆمەڵێك لە هاوەڵانی جێگیر بوون و، هاواری دەکرد بە سەر موسوڵماناندا و داوای شەڕکردنیان لێ کرد و داوای لە عەباسی مامی کرد کە بانگەواز و هاوار بکات لەبەر ئەوەی دەنگێکی زلی هەبوو، عەباس هاواری کرد: ئەی ئەنساری پێغەمبەری خودا و ئەی بەنی خەزرەج. لەوێدا موسوڵمانان گەڕانەوە بۆ شەڕکردن تا شکستەکە بە سەر هەوازندا شکاو لەوێدا خودا پەریی بۆ ناردن. واتە پێیان گوتن: پەری لەگەڵتاندایە، شەڕ بکەن و نەترسن، ئەگەر موسوڵمانان لە سەر شکستەکەیان بەردەوام بوونایە و دووبارە شەڕیان نەکردایە، خودا پەریی بۆ نەدەناردن، واتە هیچ ڕاستییەکی نییە کە بڵێن خودا پەریی بۆ ناردوون.

ئەمەیە حەقیقەتی پرشنگداری چیرۆکی ناردنی پەری، بەڵام قسەی حیکایەتخوانان لە بارەی ئەوەوە، گوایە پەرییەکان لە سەر ئەسپی بەڵەک شەڕیان کردوە و جلی سپییان لە بەر بوە و جەمەدانیی سپیان لە سەر بوە و بە سەر شانیاندا شۆڕ بوەتەوە. جگە لە هەڵبەستن و ترشوخوێکردنی حیکایەتخوانان هیچی تر نییە.

ئەوەی محەمەد دڵ و جەرگی جەنگاوەرە هاوڕێکانی پێ بەهێز دەکرد و هانی دەدان بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنەکانیان، خۆڵ و بەردی فڕێ دەدا بە دەموچاویاندا و، لە کاتی فڕێدانیدا دەیگوت دەموچاوەکە تێك چوە. ئەمەی لە ڕۆژی بەدر و ڕۆژی حەنیندا کردوە، بەڵام ئەمەی لە ڕۆژی بەدردا نەکردوە و، تا ئەو کاتەی بینیی نیشانەی شکست لە سەر قورەیش دەرکەوت، ئینجا ئەمەی کردوە، ئەمەیش لە چیرۆکی سوراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی مان بۆ باس کردن، چۆن قورەیش لە ڕۆژی بەدر تووشی شکست هات، هەروەها لە ڕۆژی حەنین بەردی فڕێ نەدایە دەموچاوی قەومەکەدا، تا شکستەکە گۆڕا بۆ سەرکەوتن بە سەر هەوازندا، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، فڕێدانی خۆڵ جگە لە پێناوی هاندان و پاڵپێوەنانیان بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنان و هەڵمەتێکی بەهێز و ڕاستیدا هیچ شتێکی تر نەبوە.

لیواکانی و ئاڵاکانی

عەرەب لە کاتی جاهیلیەتدا لە شەڕدا ئاڵای بە کار دەهێنا، عەمرو کوڕی کەلسووم لە هەڵواسراوێکدا دەڵێت:

وَأنْقِـرْنَا نُخَبِّـرْكَ الْيَقِيْنَـا أَبَا هِنْـدٍ فَلَا تَعْجَـلْ عَلَيْنَـا
وَنُصْـدِرُهُنَّ حُمْراً قَدْ رويْنَـا بأَنَّا نُـوْرِدُ الـرَّايَاتِ بيْضاً

واتە ئەگەر بمانەوێت هەواڵی ڕاست بەرینەوە ئەی باوکی هند زۆرمان لێ مەکە، ئەوەی بە سوورەوە بینێرین بە ئاڵایەکی سپی بەدەستەوە دەیهێنینەوە.

ئاڵای سوپا بە دایکی شەڕ ناو دەبرێت، دەڵێن: لە سەرووی لیوایە، واتە لەو گەورەترە و، دەڵێن: لەبەر ئەوەی لیوا بە لیوا ناو نراوە، چونکە ئاڵاکەی لە گەورەییدا دەپێچرێتەوە (تلوی) و بڵاوەی پێ ناکرێت ئەگەر پێویست نەکات، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەیت دەزانیت کە لیوا لە ئاڵا گەورەترە، هەندێکیان گوتیان: خەڵکی زمانەوانیی لیوا و ئاڵایان بە هاوتەریبی یەک شی کردوەتەوە، تەماشا بکە لە چەند شوێندا ئەم وشەیە لە جێگەی ئەوی تر بە کار هێنراوە، حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لیوا ئەو ئاڵایەیە کە لە شەڕدا هەڵدەکرێت بۆ ئەوەی شوێنی فەرماندەی سوپا کە بزانرێت و لەوانەیە فەرماندەی سوپاکە هەڵی بگرێت و لەوانەیە لە پێشەوەی سوپاکەدا بێت. ئەمە ڕاستە، هەر چەند سوپا لیوایەکی زۆری تێدا نییە، بەڵام ئاڵای

زۆری تێدایە و هەر تیمێک ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەم پێیە لیوا جگە لەوەی لە ئاڵا گەورەتر بێت وەک ناولێنانەکە فەرزی دەکات هیچی تر نییە.
باسیان لەوە کردوە، کە پێغەمبەر لە ڕۆژی خەیبەردا، کە ڕۆژێکی خۆڵاوی بوو لیوایەکی بۆ عەلی کوڕی ئەبووتالیب نارد، ڕەنگی لیواکەی واتە ئاڵاکەی سپی بوو. لە ئیبن ئیسحاق و ئیبن سەعدەوە، دەڵێن: تا ڕۆژی خەیبەر ئاڵا لە ئارادا نەبوو، پێغەمبەر ئاڵای لە نێوان ئەبووبەکر و عومەر و حەباب کوڕی مونزر و سەعد کوڕی عەبادە دابەش کرد، بەڵام لیوا بوون، ئاڵاکەی پێغەمبەری خودا ڕەش بوو لە جلەکەی عایشە دروست کرابوو، واتە لە کەواکەی کە بە عوقاب ناو نرابوو.
لە قسەکانی مەقریزیدا کە باسی پلەبەندیی سەرۆکایەتی و فەرماندەکانی لە جاهیلیەتدا دەکات: عوقاب لە جاهیلیەت ئاڵایەکە بۆ سەرۆک واتە فەرماندەی شەڕەکە، کاتێک ئیسلام هات لای ئەبووسوفیان بوو، کە ئیسلام هات لیوا و سودانە لای عوسمان کوڕی ئەبی تەلحە بوو لە بەنی عەبدولدار. لەمەدا وا تێ دەگەین کە لیوا ئاڵا نییە، لەبەر ئەوەی لیوا لای فەرماندەی سوپایە، خاوەنی لیوا لە جاهیلیەتدا عوسمان کوڕی ئەبی تەلحە بوو، کە لە عەبد ئەلدار کورە گەورەی قوسەی باپیرییەوە بە میراتی بۆی ماوبووەوە. واتە ئەو خاوەن لیوایە: ئەو فەرماندەی سوپایە یان ئەو لیوا گرێ دەدات، بۆ هەر کەسێک بیەوێت و دەیکات بە فەرماندەی سوپا. ئاڵا لای ئەبووسوفیان بوە و بە عوقاب ناسراوە، کە لە لایان تایبەت بوە بە فەرماندەی شەڕەکە، فەرماندەی شەڕیش فەرمان لەوەوە وەردەگرێت و جێبەجێی دەکات (فەرماندەی شەڕ فەرمان لە فەرماندەی سوپاوە وەردەگرێت) فەرماندەی شەڕ لە زەمانی خۆماندا بە سەرۆک ئەرکانی شەڕ ناسراوە، لە سیرەی حافزی دومیاتیدا هاتوە: پێغەمبەر ئاڵایەکی ڕەشی هەبوو چوارگۆشە بوو لە جۆری (شەمڵ و هێڵی ڕەشوسپی بوو) لە مەخمەڵ بوو پێیان دەگوت عوقاب و، ئاڵایەکی زەردیشی هەبوو، لیواکەیشی سپی بوو. لە سیرەی دومیاتیدا دووبارە دەڵێت: لیواکانی سپی بوون و لەوانەیە ڕەشیشی تێدا بووبێت، لەوانەیە ڕەشەکە نووسراوێک بێت لە سەر ئاڵاکە و، لەوانەیشە ئەم لیوایە و ئاڵاکە ڕەشیشی تێدا بووبێت. بەو واتایەی لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، کە ئاڵایەکی سپی هەبوە و بە ڕەش لە سەری نووسراوە (لا الە الا اللە محمد ڕسول اللە). لەوانەیە قسەی هەندێکیان بێت، کە دەڵێت ئاڵایەکی بۆری هەبوە کە لە کراس و جلەکانی هەندێک لە ژنەکانی دروست کرابێت.
پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە، پێغەمبەری خودا یەکەم سریەی نارد بۆ مەدینە و ناکۆکی دروست بوو لە سەری، گوتیان: سریەی حەمزەیە و، گوتیان: سریەی عوبەیدە کوڕی حارسە، لە دروستکردنی هەر یەکەیاندا لیوایەکی سپی هەبوو. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئاڵای عوبەیدەی کوڕی حارس بوو –وەک هەواڵم پێگەییشت– ئەوە یەکەم ئاڵا بوە کە لە ئیسلامدا هەڵبکرێت. بە لیوایان گوت ئاڵا، ئەمەیش کۆکە لەگەڵ ئەوەی خەڵکی زمانەوان باسیان دەکرد کە هاووتان. لە قسەی هەندێکیانەوە دەڵێن، ئاڵاکەی ڕەش بوە و لیواکەی سپی وەک لە قسەی ئیبن عەباس و ئەبووهورەیرەدا هاتوە. ئەبووهورەیرە ئەو وشەی زیاد کردوە کە لە سەری نووسراوە (لا الە الا اللە محمد ڕسول اللە).
لە غەزوەی بەدردا، گوتیان: لیواکەی کە ڕەنگی سپی بوو، دای بە موسعەبیی کوڕی عەمیر و، دوو ئاڵای تریشی لە بەر دەستدا بوو کە ڕەنگیان ڕەش بوو، یەکێکیانی دا بە عەلی کوڕی ئەبووتالیب کە پێیان دەگوت عوقاب و لە قژی عایشە دروست کرا بوو، ئەوی تریش لای هەندێک لە ئەنسارەکان بوو. لە دەمی ئیبن عەباسەوە هاتوە، گوتوویەتی: پێغەمبەر لە ڕۆژی بەدر ئاڵایەکی دایە عەلی کە کوڕی بیست ساڵ تەمەن بوو، لە لایەکی تریشەوە لیوای کۆچبەران لای موسعەب کوڕی عەمیر بوو، لیوای خەزرەج لای ئەلحەباب کوڕی مونزیر بوو و، لیوای ئەوس لای سەعد کوڕی مەعاز بوو، باسی دوو ئاڵا ناکات. لە (إمتاع)دا هاتوە، لە کاتی دامەزراندنی لیواکان، سێ دانە لیوایان هەبوو، لیوایەك موسعەب کوڕی عەمیر هەڵی گرتبوو، دوو ئاڵای ڕەش یەکێکیان لای عەلی بوو، ئەوی تر لای پیاوێك لە ئەنسارەکان بوو، لەوێدا لیوا بە ئاڵا ناو دەبات. لە سریەی عەلیی کوڕی ئەبووتالیب بەرەو فولس، کە بتێکی گەورە بوو، دەڵێن پێغەمبەری خودا لەگەڵ سەدوپەنجا پیاوی ئەنساردا ئاڵایەکی ڕەش و لیوایەکی سپیی بۆی ناردوە.
لە غەزوەی بەنی قەینوقاعدا گوتیان: پێغەمبەری خودا بۆ ئەو غەزوەیە لەگەڵ لیواکەیدا کە ڕەنگی سپی بوو و بە دەستی حەمزەی مامیەوە بوو ڕۆیشتوە. ئیبن سەعد دەڵێت: لەو

ڕۆژانەی کە ئاڵا نەبوو، کەچی لەوەی پێشوو لە سەر شەڕی بەدردا وەڵامی دەداتەوە، دوو ئاڵای ڕەشیان لە بەردەستدا بوە، یەکێکیان لای عەلی بوە کە پێیان گوتوە عوقاب. حەلەبی دەڵێت: لەوانەیە لە بەرانبەر ئەو ئاڵایەی لە جاهیلیەت بەو ناوەوە بوە ئەمانیش بەوەوە ناویان ناوە، پێی دەڵێن ئاڵای سەرۆکەکان، لەبەر ئەوەی سەرۆك نەبێت کەس لە شەڕدا هەڵی ناگرێت، لە کاتی خۆیدا تایبەتمەند بوو بە ئەبووسوفیان، جگە لە خۆی یان پیاوێکی دیاریکراو لە کاتی نەهاتنی خۆیدا هیچ کەسێکی تر هەڵنەگرت.

بە کورتی، ئەمە هەمووی بۆمان دەری دەخات کە لیواکەی سپی بوە، هەندێك جار لە سەری نووسراوە (لا إله إلا الله محمد رسول الله) سوپا هەمووی یەك لیوای هەبوە، ئەم لیوایەیش تەنها لای فەرماندەی سوپاکە بوە، بۆ ئەوەی شوێنەکەی لای سوپا دیار بێت، هەندێك جار جگە لە لیوا سپییەکە هیچ لیوایەك واتە ئاڵایەکی تر نەبوە. لە هەندێك جاریشدا جگە لە لیوا، چەندین ئاڵای هەبوە کە هەر یەکە و لای تیمێك بوە، ئەم ئاڵایانە یان سپی بوون یان ڕەش یان ڕەنگێکی تر.

(37)

شەڕە ئایینییەکان

ئەو شەڕانەی لە زەمانی محەمەد لە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە ڕوویان دا، دەشێت پێیان بڵێین شەڕی ئایینی، لەبەر ئەوەی جگە لەوەی بۆ بەرزراگرتنی قسەی خودا و لە پێناو ئاییندا نەبێت بۆ هیچی تر نەبوە، وەك لە قسەکەی خۆیدا دەردەکەوێت: فەرمانم پێ کراوە تا بڵێن (لا إله إلا الله...) فەرموودەیە.

ئەمانە لە دەرئەنجامی تۆڵەی خوێنڕشتن و دوژمنایەتیی نەتەوەیی و چاوچنۆکیی دونیایی نەبوون، ئەم جۆرە شەڕانە دەبێت پاکوخاوێن بن و بە دەر بن لە ڕقوکینەی کەسی، بەڵام ئێمە بە چاوی حەقیقەتەوە تەماشامان کرد، ئەوەمان بۆ دەرنەکەوت و وامان نەبینی کە پاك بن و لەو شتە خراپانە بە دەر بن و، وەك ئەوە بن کە ئەوان دەری دەخەن.

پێشتر باسی ئەوەمان بۆ کردیت، محەمەد پلەبەپلە ڕێگەی بۆ شەڕ خۆش کرد، یەکەم جار ڕێگەی پێ دا، ئینجا فەرزی کرد لە سەر موسوڵمانان بەرانبەر ئەوانەی شەڕیان دەکەن، ئینجا بەڕەهایی فەرزی کرد، بە گشتی بەرانبەر سەرجەم موشریکەکان ئەگەر ئەوان شەڕیشیان نەکەن، ئەمەیش لە ساڵی هەشتەمی کۆچی و دەڵێن لە نۆیەمدا دەستی پێ کردوە. بە تەماشاکردنی ئەمە، وا دەردەخات ئەو شەڕانەی لە ساڵی یەکەم بۆ ساڵی هەشتەم ڕووی داوە، هەموویان شەڕی بەرگری لە خۆکردن بوون، بەڵام ئێمە لە دوو جار زیاتر هیچ شەڕێکی بەرگریمان نەبینیوە، یەکەم لە ئوحود و دووەم شەڕی خەندەق، جگە لەمانە هەموو شەڕەکان هێرشبردن بوون یان نیمچە هێرشبردن، دەڵێین شەڕی هێرشبردن بوون، لەبەر ئەوەی بۆ هۆکارێك بوە بە دی نەهاتوە، وەك بڵێین بەنی فڵان یەکانگیرن و کۆ بوونەتەوە بۆ شەڕکردنیان، کە دەڕۆن ئەو کۆبوونەوە نابینین و سەرەڕای ئەوەیش شەڕیان دەکەن و غەنیمەت دەهێننەوە، وەك شەڕی بەنی ئەسەد؛ هەواڵی پێگەییشت کە تولەیحە و سەلمە بەنی خوەیلد بە ناو قەومەکەیاندا سووڕاوەتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کێ لەگەڵیدا شەڕی پێغەمبەری خودا دەکات. ئەم هەواڵە پیاوێکی عەشیرەتی تەی پێی گوت کە هاتبوو بۆ مەدینە بۆ ئەوەی برازایەکی لەوێ بوو ببینێت. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: پێغەمبەری خودا بانگی ئەبوو سەلمەی عەبدوڵڵا کوڕی ئەلئەسەدی کرد و لیوایەکی بۆ دامەزراند و سەتوپەنجا پیاوی لە کۆچکردوان و ئەنساری لەگەڵدا نارد و، فەرمانی پێ کرد کە بدات بە سەر بەنی ئەسەددا، ئەبووسەلمە دەرچوو تا گەییشتە زەوییەکەیان و دای بە سەر دەشتێکیاندا سێ شوانی لێ گرتن و ئەوانی تر ڕایان کرد، ئەبوو سەلمە هاوڕێیانی کرد بە سێ بەشەوە، تیمێکی لەگەڵ خۆیدا هێشتەوە و دوو

تیمیانی نارد و دای بە سەریاندا لە پێناو نیعمەت و مەڕومالات. حوشتر و مەڕومالاتەکەیان برد و کەسیان نەبینی، ئەبوو سەلمە هەمووی برد بۆ مەدینە. لەم جۆرە شەڕانە، دەبێت پێی بڵێین نیمچە هێرشبردن، لەبەر ئەوەی بە کردەیی هێرشیان نەبردوە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوە هەواڵیان پێگەییشتوە کە ئەوان دەیانەوێت هێرشیان بکەنە سەر. لەم شێوەیە لە غەزووکردنی سریەکانیاندا زۆرن. بە تەماشاکردنی دەرئەنجامی ئەو شەڕانە و چۆنێتیی ڕوودانیان، دەتوانین بە سەر سێ بەشدا دابەشیان بکەین.

بەشی یەکەم: شەڕی ڕیشەکێشکردن بوو، وەك ئەوانەی لەگەڵ یەهوودییەکاندا ڕووی دا و بوە هۆی ڕیشەکێشکردنیان، یان لە ڕێگەی شەڕەوە وەك بەنوو قورەیزە، یان بەدەرکردنیان وەك شەڕی بەنی نەزیرو بەنی قەینوقاع.

بەشی دووەم: شەڕی غەنیمەت بە دەست هێنان، واتە هیچ دەرئەنجامێکی نەبوە جگە لە بەدەستهێنانی غەنیمەت وەك دەسکەوت، زۆرینەی شەڕەکان لە سەردەمی خۆیدا لەم جۆرە بوون، ئەو سریانەی کە دەیناردن ڕێگە لە سوار و بارەکان بگرن، جگە لە بەدەستهێنانی غەنیمەت بۆ هیچ شتێکی تر نەبوون و هەروەها شەڕی بەنی موستەلەق و زۆرینەی ئەو سریانەی بۆ شەڕ دژی کافران دەنێرران، هیچ دەرەنجامێکی نەبوو جگە لە غەنیمەت بەدەستهێنان. تەنانەت جارێکیان یەکێك لە سریەکان وەك غەنیمەت دەستی بە سەر ماڵومولکی موسوڵماناندا گرتبوو، وەك ناردنی سریەکەی زەیدی کوڕی حارسە بۆ جوزام.

کورتەی چیرۆکەکە: دەحیەی کەلبی کە هات بۆ لای قەیسەری پاشای ڕووم، پارەی پێ دا و پۆشاکی پێ بەخشی، کە گەییشتە شوێنێك پێیان دەگوت حیسما، لە پشت (وادی القری)وەیە. هیند و کوڕەکەیان بینی کە خەڵکی جوزام بوون، ڕێگەیان لێ گرتن و ئەوەی لەگەڵدا بوو بردیان. هیچ شتێکیان پێ نەهێشت جگە لە کراسێکی چنراو، هەندێك خەڵکی جوزام ئەوەیان بیست، لەوانەی موسوڵمان بوون لە بەنی ( ضبیب) خەڵکیان بۆ ناردن و ئەوەی لە دەحیەیان بردبوو و گەڕاندیانەوە و ڕزگاریان کردن، ئەویش هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و ئەوەی پێ ڕاگەیاند، زەیدی کوڕی حارسە بە پێنجسەت پیاوەوە نارد و دیحیەیان گەڕاندەوە، زەید لە شەودا ڕۆیشت و بە ڕۆژ کەمینی دادەنا و ڕێبەرێکی لە بەنی عەزرە لەگەڵیدا بوو. هات تا لە بەیانییەوە هێرشی کردە سەر قەومەکەدا، واتە دای بە سەر هیند و کوڕەکەی و لەگەڵ ئەوانەی لەگەڵیدا بوون. هیند و کوڕەکەیان کوشت و ئەوانەیش کە لەگەڵیدا بوون و لەوەی هەیانبوو لەو نیعمەتە هەزار حوشتریان برد و پێنج هەزار مەڕومالات و سەت ژن و منداڵیان بە سەبی برد.

کاتێك بەنو( ضبیب) ئەمەیان بیست کە زەید چی کردوە و ئەوان دەحیەیان ڕزگار کردبوو و ئەو شتانەیان بۆ گەڕاندبووەوە، سوار بوون و هاتن بۆ زەید، پیاوێکیان پێی گوت: ئێمە قەومێکی موسوڵمانین، زەید پێی گوت: دایکی کتێبەکان بخوێنەوە، خوێندییەوە، بەڵام زەید باوەڕی پێ نەکرد و موکوڕ بوو لە سەر بردنی مەڕومالات و سەبییەکان، ئینجا کۆمەڵێکیان هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا و هەواڵەکەیان پێگەیاند، هەندێکیان گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا حەڵاڵەکانمان لێ حەرام مەکە و حەرامەکانمان لێ حەڵاڵ مەکە. گوتی: چی لەو خەڵکە بکەم کە پێکراون؟ گوتی: ئەوەی زیندوە ئازادی بکە و ئەوەی مردوە لە ژێر ئەم پێیانەم دان، پێغەمبەری خودا گوتی: ڕاست. گوتیان: پیاوێکمان لەگەڵدا بنێرە بۆ لای زەید، عەلی لەگەڵدا ناردن، فەرمانی بە زەید کرد ژن و ماڵومنداڵیان بداتەوە، عەلی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، زەید گوێڕایەڵم نابێت، گوتی: ئەم شمشێرەم بەرە، بردی و ڕۆیشت بۆ لای زەید، لەوێدا عەلی پیاوێکی بینی لە سەر حوشترێك لە حوشترەکانی قەومەکەدا بۆ مژدەبەخشینی سەرکەوتن ناردبووی، عەلی ئەو حوشترەی دایەوە بە قەومەکە و پیاوەکەیشی بە دوای خۆی دابرد و، چاوی کەوت بە زەید و فەرمانی پێغەمبەری خودای پێ ڕاگەیاند، زەید پێی گوت، ئەمە چ پێوەندییەکی بەوەوە هەیە؟ گوتی: ئەمە شمشێرەکەیە، زەید شمشێرەکەی ناسی و

بانگەوازی کرد خەڵکەکە کۆ بوونەوە، پێی گوتن: هەر کەسێك شتێکی لایە بیگەڕێنێتەوە ئەمە شمشێرەکەی پێغەمبەری خودایە، خەڵکەکە چیان بردبوو گەڕاندیانەوە.

دەڵێم: یەکەم: ئەوەی ڕێگەی لە دیحیە گرت و ئەوەی پێی بوو بردیان، کۆمەڵێك خەڵکی جوزام بوون. هنید و کوڕەکەی بوون، تاوانبارەکان ئەمانەن نەك عەشیرەتی جوزام بە هەموویان.

دووەم: دەرئەنجامی تاوانەکە، مەبەستم دەستبەسەرداگرتنی دیحیە و ئەوەی پێی بوە، بە نەهێشتنی دەست بەسەرداگرتنەکە و گەڕانەوەی بۆ دیحیەی خاوەنی، لەم تاوانەدا جگە لە سزادانی تاوانباران بە ناوی مافی گشتییەوە، هیچی تر نەبوە.

سێیەم: دیحیە بەوەی زانی کە ئەوانەی ڕزگاری کردن و شتومەکەکانیان بۆ گەڕاندەوە لە موسوڵمانان بوون، ئەگەر لە موسوڵمانان نەبوونایە نەهاتن ئەوەی لێی پرابوو بیگێرنەوە.

چوارەم: محەمەد کە زەیدی نارد، دیحیەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، زەیدی ناردوە بۆ سزادانی تاوانبارەکان نەك بۆ شەڕکردن لەگەڵ سەرجەم جوزام دا، لەبەر ئەوەی دیحیەی لەگەڵ خۆیدا نەهێنایەوە. ئەگەر بۆ زانینی تاوانبارەکان نەبێت و سزاکە خەڵکێکی موسوڵمانی تر نەگرێتەوە، ئەگەر نا گەڕانەوەی دیحیە لەگەڵیدا هیچ واتایەکی نییە.

پێنجەم: دەبوایە دیحیە ئەوانەی ڕزگاریان کرد و ماڵ و شتەکانیان بۆ گەڕاندەوە، بە زەید بناسێنێت کە موسوڵمان بوون، بەڵام دیحیە ئەمەی نەکرد، بە بەڵگەی ئەوەی زەید پیاوەکانی کوشتن و پارە وماڵوماڵاتیان بە غەنیمەت بردن و ژن و منداڵیان بە سەبی بردن.

شەشەم: دەبوایە زەید باوەڕ بە قسەکانیان بکات کە موسوڵمانن و ماڵوماڵات و بەتایبەتی ژنەکانیان ڕزگار بکات، پاش ئەوەی بەوەی پێی گوت موسوڵمانن کە دایکی کتێبەکان بخوێنێتەوە و ئەویش خوێندییەوە، بەڵام زەید باوەڕی پێ نەکردن، کە گوتیان ئێمە موسوڵمانین و گرینگی بە خوێندنەوەکەی نەدان بەڵکوو موکوڕ بوو لە سەر بردنی ماڵات و ژنەکانیان و وازی لێ نەهێنان تا عەلی هات، بە عەلیش نەیگەڕاندەوە تا شمشێرەکەی پێغەمبەری خودای پێ پیشاندا.

ئەمە هەمووی بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەیە، ئامانجی یەکەمی لای فەرماندەی سوپاکە غەنیمەت بوە، بەڵام داخەکەم ئەگەر شمشێرەکەی پێغەمبەری خودا لە لایەن عەلییەوە نەهێنرایە، قەت ئازادی نەکردن، چۆن بە شمشێرەکەی پێغەمبەری خودا دڵنیا بوو بە کوری مامەکەی دڵنیا نەبوو، کە شمشێرەکە قسەکەرەکەی پێ بوو.

ئەوەی ڕوون دەبێتەوە لەو شەڕانەی لە پێناو غەنیمەتدا کران، لە سریەی محەمەدی کوری مەسلەمە بۆ قەرتاوی نارد، کە لە بەنوو بەکری کوری کیلاب بوون، دەڵێن پێغەمبەر بە سی سوارەوە بۆی ناردن و فەرمانی پێ کرد کە بە سەریاندا بدات، شەو بۆی دەرچوو، بە ڕۆژ بۆسەی بۆ دادەنان. لە ڕێگەدا بوو بەرەو ئەوێ، تووشی چەند سوارێك بوو لەوێدا دابەزیبوون، پیاوێکی لە هاوڕێیانی بۆ ناردن پرسیاریان لێ بکات کێن، پیاوەکە ڕۆیشت و گەڕایەوە و گوتی لە قەومی موحاربن (ناوی عەشیرەتێکە) لە نزیکیان دانیشت و بواری پێدان تا حوشترەکان لە نزیك ئاوەکە دابنیشن، ئینجا بە سەریدادان و چەندینی لێ کوشتن و زۆرینەیان ڕایان کرد و نیعمەت و مەڕوماڵاتیان بردن و دەستی لە ژنەکانیان نەدا، ئینجا دەرچوو تا لە شوێنێکەوە لە بەنی بەکر پروانێت و عابد کوری بەشیری نارد و خۆی و هاوڕێیانی دایان بە سەریاندا و دە کەسی لێ کوشتن و نیعمەت و مەڕوماڵاتەکەی بردن، نیعمەتەکە سەدوپەنجا حوشتر بوو، لەگەڵ سێ هەزار مەڕدا.

تەماشای محەمەدی کوری مەسلەمە بکە لەم شەڕەیدا، چیی بەو قەومەی موحارب کرد کە لە ڕێگەدا تووشی هاتن، سەرەڕای ئەوەی ئەو بۆ ئەوان دەرنەچوو بوو، ئەم کردەوەیە ئەوەت پیشان دەدات ئەو هیچی نەویستوە، غەنیمەت نەبێت. بواری پێدان تا حوشترەکانیان پاڵیان دایەوە و لە پرێکدا هێرشی برد و دای بە سەریاندا، ئەگەر داوای لێ کردبان ببن بە موسوڵمان، بەهانەی پێ دەبوو بۆ شەڕکردنیان، بەڵام ئەوە غەنیمەت بوو، خودا پشتی گرت و ئەوەی کردی کە کردی لە پێناویدا.

بێگومان بەردەوامیی موسوڵمانان لە غەنیمەت بردنی ماڵ و پارەی موشریکەکان دوو دەرئەنجامی لێ کەوتەوە، یەکەم: سامانی موسوڵمانان و بەهێزی و شکۆمەندییان بەوەوە بوو، دووەم: هەژاری موشریکەکان و لاوازییان بە بردنی پارەکانیان بوو، ئەم دوو دەرئەنجامە، دەرئەنجامی سێیەمی لێ دەکەوێتەوە، ئەویش: موشریکەکان لە دوا جاردا بە حوکمی زەروورەت بە لای موسوڵمان بووندا لا دەدەن، ئەگەر بەخۆیان بیانەوێت یان نەیانەوێت و ئەوەیش مەبەست بوە.

بەشی سێیەم: شەڕی تۆڵەسەندنەوە بوو، وەك غەزوەی بەنی لەحیان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەیش دەبێت یەکەم جار باسی سریەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیست بۆ بکەین، کە بۆ سوفیانی کوڕی خالیدی هەزلی ڕۆیشت، دووەم سریەی ڕەجیع، ئینجا باسی غەزوەی بنی لەحیان بکەین، ئەم سیانە بە یەکەوە بەستراونەتەوە. سریەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس پێشتر لە ژێر ناونیشانی (ڕاست و درۆ) باسمان کرد، لەوێدا تەماشای بکە. بە کورتی، پێغەمبەری خودا عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیسی نارد بۆ ئەوەی سوفیانی کوڕی خالیدی هەزلی لە بەنی لەحیان بکوژێت و ئەویش بۆی دەرچوو بەناهەقی کوشتی، واتە بەغەدر کوشتی و سەرەکەی هێنا بۆ پێغەمبەر لە مەدینە.

بەڵام سریەی ڕەجیع (ئەمە ئاوێکی هەزیل بوو لە نێوان مەککە و عەسناندا) بەنی لەحیان پاش ئەوەی سوفیانی کوڕی خالیدی گەورەیان کوژرا، ڕۆیشتن بۆ لای (عضل و قارە) دوو عەشیرەتی بەنی هەون کوڕی خوزەیمەی کوڕی مودریکە بوون، چەند حوشترێکیان پێ دان بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ پێغەمبەری خودا بکەن، کە چەند کەسێکی هاوەڵی بنێرێت بۆ لایان. حەوت کەسی بەنی هەون ڕۆیشتن بۆ لای و خۆیان وا نیشان دا کە موسوڵمان بوون، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، موسوڵمانمان تێدایە چەند کەسێك لە هاوەڵانت لەگەڵماندا بنێرە بۆ ئەوەی فێری فیقهی ئایینمان بکەن و قورئانمان پێ بخوێنن و شەریعەتی ئیسلاممان فێر بکەن. پێغەمبەری خودا شەش کەسی لە هاوەڵانی نارد، دەڵێن دە کەس بوون و عاسم کوڕی سابتیان تێدا بوە لەگەڵ مرسەد کوڕی ئەبی مرسەدی ئەلغەنەوی و خەبیب کوڕی عودەی ئەوسی، بە فەرماندەییی عاسم کوڕی سابت، یان دەڵێن بە فەرماندەییی مرسەد کوڕی ئەبی مرسەد. لەوێدا قسەی تر هەیە لە ناردنی ئەو شەش هاوەڵانە، کە وەك چاوێك بۆ مەککە ناردوونی بۆ ئەوەی سیخوڕی بە سەر هەواڵەکانی قورەیشدا بکەن، دەحلان هەر دوو قسەکەی لە سیرەکەیدا کۆ کردوەتەوە: دەڵێت: پێغەمبەری خودا ویستی چەند چاوێك بۆ مەککە ڕەوانە بکات بۆ ئەوەی هەواڵی قورەیشی بۆ بهێنن، کاتێك ئەوانە هاتن کە داوای فیقهیان کرد لە ئاییندا، پێغەمبەر شەش لە هاوەڵانی لەگەڵ ناردن بۆ هەر دوو کارەکە، لەگەڵیاندا دەرچوون تا گەییشتنە ڕەجیع غەدریان لێ کردن و هاواریان گەیاند بە هەزیل کە بیانکوژن. قەومەکەیش کە لەو شوێنە بوون درێغییان نەکرد، نزیکەی سەت پیاویان بە شمشێرەوە نارد، لەوێدا عاسم و ئەوەی لەگەڵیدا بوون شمشێرەکانیان هەڵگرت بۆ ئەوەی شەڕی ئەو قەومە بکەن و بەرگری لە خۆیان بکەن، پێیان گوتن: بە خودا ئێمە نامانەوێت بتانکوژین و پەیمانی خودا و متمانەتان دەدەینێ کە نەتانکوژین. ئەوەیان لەبەر ئەوە گوت بۆ ئەوەی ویستیان ڕادەستی کافرەکانی قورەیشیان بکەن و لە بەرانبەردا پارەیان لێ وەرگرن، دەیانزانی کە هیچ شتێك لای قورەیش لەوە خۆشەویستتر نەبوو، کە یەکێك لە هاوەڵانی محەمەدیان بۆ بهێنن و بیکوژن و یاری بە لاشەکەی بکەن، وەك تۆڵەسەندنەوەی ئەوانەی لە بەدر و ئوحود لێیان کوژران. بەڵام مرسەدی کوڕی ئەبی مرسەد و خالیدی کوڕی بەکیر و عاسمی کوڕی سابت، ڕازی نەبوون ئەوەیان لێ قبوڵ بکەن. گوتیان: بە خودا هیچ متمانەیەکمان بە موشریك نییە و پەیمانی لێ قبوڵ ناکەین و شەڕیان کردن تا کوژران. بەڵام زەید و خەبیب و عەبدوڵڵای کوڕی تاریق ملیان شۆڕ کرد و ڕازی بوون بە ژیان. لە گێڕانەوەیەکدا: کاتێك لە ڕەجیع دابەزین خورمای عەجوەیان خوارد و ناوکەکەی کەوتە سەر زەوی، ژنێك لە هەزیل هات کە شوانی چەند مەڕێکی دەکرد، کاتێك ناوکی خورماکەی بینی،

گوتی ئەمە بچوکە و لە ناوکی خورمای یەسرب دەچێت و هاواری بۆ قەومەکەی کرد و گوتی: دوژمنتان بۆ هاتوە، هاتن بە دەم هاوارەکەیەوە و دوای پاشماوەکانیان کەوتن و بینییان لە شاخدا بۆسەیان داناوە، دەوریان گرتن و پێیان گوتن: پەیمان و متمانەتان دەدەینێ ئەگەر دابەزن بۆ لامان، پیاوێکتان ناکوژین، خەبیب کوڕی عودەی زەید کوڕی دسنە و عەبدوڵلای کوڕی تاریق دابەزین بۆ لایان و، عاسم کوڕی سابت گوتی: ئەی قەوم من لە سەر ئەستۆی کافر دانابەزم، شەڕی کرد بە خۆی و هاوەڵانی تربیەوە تا کوژران. گێڕانەوەی یەکەم لە ڕاستییەوە نزیکە لەبەر ئەوەی ئەو چەند کەسەی بەنی هون و ئەوانەی لەگەڵیاندا هاتن لە مەدینەوە لەگەڵ بەنی هەزیل ڕێکەوتنی ژێربەژێریان هەبوو کە بیانکوژن، نەیانهێنان بۆ کوشتن نەبێت، ئەوان هاواریان کرد کە هەزیل بهێنن بۆ ئەوەی بیانکوژن.

بەڵام ئەو سێیانەی لە سەر متمانە و پەیماندان دابەزین بۆ لایان، دەست و قاچیان بەستن بە پەتی ئاژەڵەکانیانەوە، ئەبوو تاریق دەڵێت: ئەمە یەکەم بێ پەیمانی و غەدرە، هاوڕێیەتیتان ناکەم تا ئەمانە واتە ئەوانەی کوژران، بەیەکسانی نەدەن بە من. هەوڵیاندا و قسەیان لەگەڵ کرد بۆ ئەوەی کە لەگەڵیاندا بڕوات، ڕازی نەبوو، کوشتیان. خەبیب و زەیدیان برد تا لە مەککە فرۆشتیانن، جامع و زوهێری هەزلی بە دوو دیلی هەزلیان هەبوو لە مەککە فرۆشتیانن. ئینجا خەڵکی مەککە کە کوشتیانن، کورانی حارس کوڕی عامر خوبەیبیان لە بریی باوکیان کوشت. سەفوان کوڕی ئومەیە، زەیدی لە بریی ئومەیەی باوکی کوشت. هەزیل بە فرۆشتنیان دوو چۆلەکەیان بە یەك بەرد کوشت لەبەر ئەوەی کوشتنیان و دوو دیلی خۆیشیان ڕزگار کرد. پاش ئەم ڕووداوە، مەبەستم کوشتنی هاوەڵانی ڕەجیع، پێغەمبەری خودا غەزوەی بەنی لحیان لە هەزیل کرد و داوای هاوەڵانی ڕجیعی کرد: حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی خەمێکی زۆری هەڵگرتبوو لەبەر کوشتنی هاوەڵانی، کە لە ڕەجیع کوژران و، ویستی تۆڵەیان بکاتەوە، فەرمانی کرد بە هاوەڵانی کە ئامادە بن و وای نیشان دا کە مەبەستی شامە، بۆ ئەوەی کەس نەزانێت و لەناکاودا بە سەریاندا بدات و چواردەوریان بگرێت. دووسەد پیاوی ئامادە کرد لەگەڵ بیست سوارچاکدا و بەرەو غەراب کە شاخێکە لە نزیك مەدینەوە بەرەو ڕێگەی شام کەوتە ڕێ، ئینجا ڕێی چەپی گرت تا ڕێگەی جحفەی گرتە بەر لە سەر ڕێگەی مەککە و ئینجا خێرا ڕۆیشت تا گەییشتە ناوەڕاستی غوراب (دۆڵێکە پێنج میل لە عەسفان دوورە) ماڵەکانی بەنی لەحیانی لێ بوو کە هاوەڵانی لەوێ تووشبوون و، خەڵکی ڕەجیع بوون و کوژران، ڕەحمەتی بۆ ناردن و داوای لێبوردنی لە خودا بۆ کردن. بەنو لەحیان گوێیان لێ بوو بەرەو سەری شاخەکان ڕایان کرد و نەیتوانی لێیان بدات. لەوێدا ڕۆژێك دوان مایەوە، سریەی بۆ هەر لایەك لەوێدا دەنارد، ئینجا دەرچوو تا گەییشتە عەسفان (شوێنێکە دوو قۆناغ لە مەککەوە دوورە) ئەبووبەکری نارد لەگەڵ دە سوارچاکدا بۆ ئەوەی قورەیش گوێیان لێ بێت و بتۆقێن، هاتن بۆ کراعی غەمیم دۆڵێکە بەرانبەر عەساف، هەشت میل دوورە و کراع لەوێدایە، وەك کراعی شاخی ڕەش بۆی درێژ بوەتەوە، ئینجا خۆی و هاوەڵانی گەڕانەوە بێ ئەوەی هیچ شەڕێك بکەن.

بەنی لەحیان، هاوەڵانی محەمەد بە فێڵوتەڵەکە بۆیان دەرنەچوون بۆ ئەوەی بیانکوژن، وەك پێشتر باس کرا، بۆ ئەوەی تۆڵەی سوفیان کوڕی خالیدی هەزلی و ئینجا لەحیانی بکەنەوە، کە عەبدوڵلای کوڕی ئەنیس بەو شێوەی پێشتر باسمان کرد کە چۆن کوشتنی. هەروەها محەمەد لەم غەزوەدا بۆ هیچی تر دەرنەچوو جگە لەوەی بۆ تۆڵەسەندنەوە بۆ هاوەڵانی نەبێت، وەك پێشتر لە حەلەبیدا باسمان کرد، بەڵام لەبەر ڕاکردنیان بۆ سەر شاخەکە شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی نەدا. لەمەی پێشتر کە لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا لە چیرۆکی عەرینە دا باسیان کردوە، خەڵکی عەرین کە گەڕەکێکە لە بجێلە، حەوت یان هەشت یان وەك دەڵێن چوار کەس بوون لە عەرین و سێ کەس لە عوکل، عوکل گەڕەکێك بوو لە قزاو و هەشتەم خەڵکی شوێنی تر بوە.

گوتیان: ئەو حەوت یان هەشت کەسە هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا و بوون بە موسوڵمان،

شایەتمانیان هێنا و موسوڵمانبوونی خۆیان دەرخست. کاتێك هاتن بۆ مەدینە لەڕولاواز و ورگن بوون، ڕەنگیان زەردهەڵگەڕاو بوو، پێغەمبەری خودا لای خۆی دای نان، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئێمە خەڵکی خاوەن گواندار بووین واتە حوشتر و مەڕومالات دار بووین و خەڵکی لادێ نەبووین، ڕقمان لە نیشتەجێی شارە. پێی گوتن: ئەگەر بۆ حوشترەکانی (پانزە دانە بوون) ئێمە بهاتبان لە شیر و میزەکانیانتان بخواردبا، دەرچوون و لە شیر و میزەکانیان خوارد تا تەندروستیان باش بوو، هەڵگەڕانەوە بۆ کافری و شوانەکەیان کوشت کە یەسار بەردەستی پێغەمبەر بوو و یارییان بە لاشەکەی کرد، واتە دەست و قاچیان پڕی و دڕکیان کرد بە زمان (چاوی) دا تا مرد و مەڕ و حوشترەکانیان برد. لە گێرانەوەیەکدا دەڵێت سواری هەندێکیان بوون، بردیانن و یەسار .گەییشت پێیان دا و شەڕیان لەگەڵ کرد تا کوشتیان و دەست و قاچیان پڕی، فەرموودەیە
کاتێك بانگەوازکەرێك هەواڵی گەیاند، پێغەمبەری خودا کۆمەڵێك سواری نارد بە دوایاندا، نزیکەی بیست کەسێك دەبوون و کرزي کوری جابری فەهری کردە فەرماندەیان، گەییشتن پێیان دا و دەورەیان دان و بە دیلی گرتیانن و هێنایانن بۆ مەدینە، پێغەمبەر فەرمانی کرد دەست و قاچیان بپرن و چاویان دەر بهێنن و بزماری گەرم تێیدا بکوتن و فڕێیان بدەن لەو دەشتاییە هاوار بکەن و کەس بە هاواریاندا نەگات، ئەنەس گوتی یەکێکیانم بینی خۆی بە زەویدا دەدات لە تینوێتیدا دەیەوێت جلەکانی بدۆزێتەوە لە زۆر تینوێتی نایدۆزێتەوە تا بەو حاڵەوە مردن. خودا ئەمەی بە سەردا دابەزاند: {إِنَّمَا جَزَاؤُ الَّزِينَ يُحَارِبوون اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِى الْأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الْأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْىٌ فِى الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِى الْىَخِرَةِ عَزَابٌ عَظِيمٌ} [المائدە: 33]. واتە: گۆڕی گیانی ئەو کەسانەی دژایەتی خودا و پێغەمبەری دەکەن و دەبنە خراپەکار، کوژرانە یان لەداردانە یان برینی دەست و قاچ و بە پیچەوانەوە، یان لە وڵات دورخستنەوەیە، کە ئەم سزایە بۆ ئەوان ریسوابوونە لەدونیادا و .بەشیان لە قیامەت جەزرەبەیە
زەمەخشەری لە کەشافدا دەڵێت: ئەم ئایەتە لە سەر قەومی هیلال کوڕی عوەیمر دابەزیوە، لە نێوان خۆی و پێغەمبەر پەیمانێك هەبوە، قەومێك بە لایاندا ڕۆیشتوە و مەبەستیان بینینی پێغەمبەری خودا بوە و ڕێگەیان لێ گرتوون. لە لایەکی ترەوە دەڵێن بە سەر عەرینەکاندا دابەزیوە، گوتی ئەوەی حوکمە لێرەدا ئەوەیە، هەر کەسێك لە یەك کاتدا خەڵك بکوژێت و ماڵومولکی بەرێت دەکوژرێت و لە خاچ دەدرێت، هەر کەس بە تەنها بکوژێت و ماڵ و پارەی کەسەکە کوژراوەکە نەبات هەر دەکوژرێت. هەر کەسێك ماڵ و پارەی یەکێك بەرێت و نەیکوژێت بۆ ترساندنی خەڵکەکە، لە سەر دزییەکە دەست و قاچی دەبڕرێت، هەر کەسێك یەکێك بترسێنێت نە دەکوژرێت و نەیش دەست و قاچی دەبڕرێت، بەڵام لەو شوێنە دەردەکرێت واتە نەفی دەکرێت و شاربەدەر دەکرێت: دەڵێت: وا دەڵێن کە ئەمە حوکمی بە سەر هەر ڕێگرێکەوەیە کافر بێت یان موسوڵمان. گوتی: واتای (وَيُقتلوا) بە دوور لە خاچدان دەبێت ئەگەر بە تەنها یەکێکیان کوشتبێت و (أَوْ يُصَلَّبُوا) واتە لە خاچ دەدرێن ئەگەر لەگەڵ کوشتن پارە و ماڵیشیان بردبێت. ئەبووحەنیفە دەڵێت: بە زیندوویی لە خاچ دەدرێت و جەڵدە دەدرێت تا دەمرێت (أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ) واتە: یان دەست و پێیان لە پشتەوە دەبرن. ئەگەر لە سەرووی ئەوەیشەوە ترس و تۆقاندن بڵاو نەکەنەوە. گوتی: لە کۆمەڵێك وەرگیراوە لەوانەیش (الحسن و النخعی)، ئیمام ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەم سزایانە بۆ هەر ڕێگرێك بە بێ دوورودرێژی حوکمەکە دەبێت. نەفیکردن واتە شاربەدەری زیندانییە لای ئەبی حەنیفە و، لای .شافیعی شاربەدەرە لە وڵاتەوە بۆ وڵاتێکی تر کە داواکراو بێت و لە ترسا وای کردبێت
پێش ئەوەی لە وڵات دەرکردن بێتە ئاراوە، دەڵێن بۆ دەهلەك دەنێرران کە وڵاتێکە لە ئەوپەڕی .توهامە، یان بۆ ناسیع کە لە وڵاتی حەبەشەیە
دەڵێم: ئەوانەی عەرینەکان کردبوویان ڕێگری نەبوو، بەڵکوو تاوانەکەیان کوشتن و ناپاکی و بردنی پارە بوو. بەڵام ئەم کارەیان کە لە بیاباندا و لە دەرەوەی شار ڕووی دا، ڕاستە سزاکەیان

ڕاست دەبێت ئەگەر بە هەمان شێوەی سزای ڕێگری بدرێت. کاتێك لە نێوان کوشتن و پارەبردن هەر دووکیان کردبێت، سزاکەیان لەخاچدان و کوشتن دەبێت، لەبەر ئەوەی خەڵك تۆقاندنی تێدا نەبوە، بەڵکوو ڕێگری بوون بوە بە حوکم نەك بە کردەوە، پێبڕین و بە بسماری گەرم چاوکونکردن، کە ئەوە جگە لە تۆڵە و سزای ئەوەی کردبوویان بە یەساری شوان و دەست و قاچیان بڕیبوو و دڕکیان کردبوو بە چاویدا هیچی تر نەبوو. ئەگەر بگوترێت: ئەم کوشتنە و بەو شێوەیە لە یاریکردن بە لاشەکە حەرام کراوە و هیچ ناکۆکییەك لە سەری نییە و، هەواڵەکان ئەو سزایەیان ڕەت کردوەتەوە تەنانەت بۆ سەگێکی نەزۆکیش، دەڵێین: کوشتنی ئەوانە، یاریکردن بە لاشە نییە، بەڵکوو سزایە لەبەر ئەوەی ئەو شتەیان بە یەسار کردبوو، بەڵام ئەوەی زیادەڕۆیی تێدا کراوە بە بسماری گەرم چاویان کون کراوە، بەڵام ئەوان دڕکیان کردبوە چاوی .یەساردا

هەر چۆنێك بێت، حساب کردنی ئەمانە وەك ڕێگر و سزادانیان بەو شێوەیە، جگە لە تۆڵەسەندنەوە هیچی تر نییە، بە زمانی شەرع پێی دەڵێن سزا یان قەساس. لە شەڕی ئەو کاتەی بڵاوکردنەوەی ئیسلامدا، لە لایەن جەنگاوەرانەوە هیچ سیستمێك پەیڕەو نەکراوە و هیچ سنورێك نەبوە کە هەر دوو لا لەوێدا بوەستن و ڕێزی لێ بگرن، وەك ئەم شەڕانە نەبوە لەم سەردەمەی خۆماندا ڕوو دەدەن. بۆ نموونە لە شەڕی جیهانیی ساڵی ١٩١٤ لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا، لە شاری قستەنتینییەی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی دا بوو، فڕۆکەکانی دوژمن بە ئاسمانی شارەکەدا خولیان دەخواردەوە، نە بینیم و نە بیستم کە هیچ فڕۆکەیەك بۆمبێك بە سەر گەڕەك و کۆڵانێکدا بەربداتەوە، بەڵام تەنها بە سەر پەناگە و سەربازگەی عەسکەریدا بەریان دەدایەوە، واتە هیچ ئامانجێکیان نەبوو جگە لە سەربازی جەنگاوەر و شوێن سەربازگە و چەك و تفاق و تەقەمەنی، لەو شوێنانەی پێوەندییان بەوانەوە .هەبوو، بە دوور لە سەرجەم خەڵکی بێ چەکی دوور لە جەنگاوەری

ژێر ئاوییەکانی دوژمن چوونە دەریای مەڕمەڕە و هەندێك جار لە بەرانبەر قەراغەکانی قستەنتینییە دەردەکەوتن، ئۆتومبێلی نەفەرهەڵگر خەڵکی لە نێوان قوستەنتینییە و ئەسکدار و قازی کۆی و قەراغەکانی دەریاکەدا دەگواستەوە و، ژێر ئاوییەکان ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی لێیان بدەن و ژێر ئاویان بخەن و نغرۆیان بکەن، بەڵام هیچ ڕۆژێك بە خراپ ڕێگەیان لێ نەگرتن، .لەبەر ئەوەی جگە لە ئۆتومبێلی سەربازی و کەشتیی شەڕ مەبەستیان هیچ شتێکی تر نەبوو

بە کورتییەکەی، ئەم شەڕانەی زەمانی ئێستا سنورێکی هەیە کە جەنگاوەران تێیدا دەوەستن و ڕێزی دەگرن، ئەو شەڕانەی زەمانی کۆن وەك ئەمانە نەبوون، برینداریان دەکوشت و دیلیان دەکوشت، بە سەردا کوتان و کوشتنی ماڵ و منداڵ لە کاتی نووستندا نەریتێك بوو کەس ناتوانێت نکوڵی لێ بکات، بە دەست ئەو جەنگاوەرانەوە کارێکی زانراو بوو. ئەمڕۆ ئەگەر ئێمە بەگوێرەی ئەم زەمانە سەرکۆنەی شتێك بکەین کە لە کاتی محەمەددا ڕووی داوە، ئەوا بەگوێرەی زەمانی ئەمڕۆمان ئیدانەی دەکەین نەك بارودۆخی ئەو کاتە. سەرەڕای ئەوەی شەڕی ئەم زەمانەیش لە ئاپرووچوون و کاری دڵتەزینی قێزەون بە دەر نییە، ئێمە لێرەدا باس لەو شتانە ناکەین، بەڵام دەمانەوێت بڵێین: هیچ مافێکمان نییە کە داوا لە جەنگاوەرە کۆنەکانی زەمانی زۆر کۆن بکەین وەك جەنگاوەرانی ئەمڕۆمان بن، لەبەر ئەوەی ئەو داواکارییە دوورە لە .ئینساف و خۆ دوورخستنەوە و دوورکەوتنەوەیە لە حەقیقەت

بۆیە دەبێت ئەو شەڕە ئاینیانەی لە سەردەمی محەمەد ڕوویان داوە بە قێزەون ببینین، ناتوانین بە پێی ئەم زەمانە جوانیان بکەینەوە. ئەگەر محەمەد سوپایەکی بۆ قەومێکی بناردایە، یەکەم داوایان لێ دەکات ببنە موسوڵمان، ئەگەر وەڵامیان ئەرێنی بێت باشە، ئەگەر نا شەڕیان لەگەڵ دەکات. پێیان دەڵێن: وەسیەتتان بە پەرستنی خودا دەکەم و خێرتان بوێت بۆ ئەو موسوڵمانانەی لەگەڵتاندان. پێیان دەڵێن: بە ناوی خودا شەڕ و غەزوو بکەن و دوژمنی خۆتان و خودا بکوژن، ژن و منداڵ و پیروپەکەوتە مەکوژن، هیچ دارێك مەبڕنەوە و هیچ خانوویەك مەڕوخێنن، بەڵام بە

خۆی لە هەندێك جاردا دژ بەمە کاری کردوە، کاتێك بەنی نەزیری گەمارۆدا فەرمانی دا دارخورماکانیان ببڕن و بسووتێنن. گوتیان بۆ بڕینی دارەکانیان ئەبوو لەیلای مازنی و عەبدوڵڵای کوڕی سەلامی ڕاسپارد ئەو کارە بکەن، ئەبوو لەیلا دارە وشکەکانی دەبڕی و عەبدوڵڵایش دارە تەڕ و نەرمونیانەکان. دارە وشکە بە بەرەکان باشترین سەروەت و دارایی بەنی نەزیر بوون، کە (باشترین خورمایان دەگرت (دارخورمای عەجوە.

لە (الکشاف) دا هاتوە، پێغەمبەری خودا پرسیاری ئەوەی لەو کەسە کردوە، ئایا عەجوەی لە ڕقدا بڕیوەتەوە، گوتوویەتی: لەبەر کینەوڕقم لە کافرەکان بڕیمەوە و پرسیاری لەوی تری کردوە، بۆچی ئەو وازی لێ هێناوە و نەیبڕیوەتەوە. گوتوویەتی: لەبەر خاتری پێغەمبەری خودا وازم لێ هینا و هەروەها چەندین دارخورمای تریانی سووتاند. کاتێك دار عەجوەکانی بڕی، ژنان کراسی خۆیان هەڵدڕی و لە ڕوومەتی خۆیان دەدا و داوای وەیلیان بۆ کردن. لەوێدا بانگیان کرد: ئەی محەمەد، لە گێڕانەوەیەکدا: ئەی ئەبوو قاسم، تۆ گەندەڵیت بە عەیبە دانا و ڕەتت کردەوە و دژ بەوە وەستایت کە ئەو کارانەی دەکرد، چی لە بارەی دارخورمابڕین و سووتاندنیان دەڵێت. بە باوەڕدارانیان گوت ئێوە ڕقتان لە ژنانە و ئێوە گەندەڵکاری دەکەن. لەوێدا کاریگەریی خۆی کردە سەر هەندێك لە موسوڵمانان. بەڵام محەمەد بەم کارەیشدا گەیشت و ئەم ئایەتەی لە ئاسمانەوە دابەزاند: {مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ} [الحشر: 5]، واتە: هەر دار خورمایەکتان بری، یان لێی گەڕان لەسەر ڕەگی خۆی بمێنێت، بە ئیزنی خودا بووە؛ تا ئەو لەڕێ لادەرانە توشی سوکایەتی بکات. ئەم گوتارە ئایەتێکە بۆ موسوڵمانان، واتە .خودا خۆی ڕێگەی پێ داون بیبڕن

(38)

هەروەها لە غەزوەی خەیبەریش ئەم کارەی کرد، شوورەی نوتادەکانی گەمارۆدا، فەرمانی کرد دارخورماکانیان ببڕن کە هیی ئەو خەڵکە بوون، موسوڵمانان داڕژانە سەریان و بڕینیان، تا گەییشتە بڕینی زیاتر لە چوارسەد دانە دارخورما، ئینجا دوای ئەوە ڕەتی کردەوە، بە دەر لەوە .لەوەو پاش کەس دارخورمای خەیبەری نەبڕیەوە

بێگومان لەو کاتەدا بەئەنقەست کوشتنی ژن و منداڵ لەو کاتەدا ڕەت کراوەتەوە، بەڵام هیچ لارییەکی لەوە نەبوە، کە لەو کاتەی ئەوانەی لە شەودا خۆیان دەدەن بە سەریاندا، ژن و منداڵەکانیان بپێکرێن، لەبەر ئەوەی ئەوە لە بەرچاو ناگیررێت لە کاتی خەوتن و مانەوەی شەودا، سوپاکانی زۆر جار لە شەو و کاتی خەوتندا خۆیان دەدەن بە سەر دوژمندا و لە کاتی غافڵگیریی شەودا غەزووی دەکردن. لە گێڕانەوەیەکدا لە سەر دوو پیرەپیاودا هاتوە، پرسیاریان لێ کردوە، لە کاتی خەوتن و متبوونی موشریکەکان و خۆبەسەردانیان، لەوێدا ژن و منداڵ .دەپێکرێت و دەکوژرێت، گوتوویەتی ئەوانیش لەوانن

ئێمە ئەگەر بەدواداچوون بۆ کتێبی بەسەرهاتەکان بکەین، لە هەواڵی بانگەشە و سریەکان کە محەمەد دەیناردن بۆ شەڕی موشکریکەکان، دەزانین موسوڵمانان لە زۆرینەی شەڕەکانیاندا بە شەو و لە کاتی غافڵگیریی خۆیان داوە بە سەر قەومەکە و پیاوەکان لە باوەشی ژن و منداڵی خۆیان بە ئارامی خەوتوون، لەوێشدا لە ژن و منداڵانیان چەندینیان بەردەکەوت و دەکوژران و، لەوێدا گوتوویەتی؛ ئەوانیش لە ئەوانن. ئەوەی زانراوە (بەسەرداکوتان) واتە خۆهەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵك کە لە شیرینیی خەودا لە باوەشی ژن و منداڵی خۆیان بن، یەکێکە لە جۆر و ڕێگەکانی شەڕ کە پێشتر و ئێستایش کاری پێ دەکەن، بەڵام هیچ سوپایەك ئەم کارە دژ بە لایەك ناکات جگە لەوانەی لە شێوەی خۆیان نەبن، بەڵام لەم سەردەمەدا ڕێساکانی شەڕ ڕێگا نادات بە هەڵکوتانە سەر قەومێك لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خێزانی خۆیاندا خەوتبن. بەڵام ئەمە لەو کاتەدا ئاسایی بوە لە لایەن عەشایەرە دەشتەکییەکان، محەمەد لە شەڕە ئایینییەکانی .ئەوەی بە دوژمنانی کردوە، وەك چۆن ئەوانیش بە مانیان کردوە

لە سەرەتای ئەم نووسینەماندا گوتمان: شەڕە ئایینییەکان دەبێت پاك بن و دوور بن لە ڕقوکینەی کەسی، ئەم بینینەمان لەوەوە هاتبوو کە کاروباری ئایینی ئەمە فەرز دەکات، بەڵام لە سەر ئەرزی واقیع و لەو شەڕانەدا بە پێچەوانەوە بوە، تەنانەت ئەوانەی شەڕیان لە پێناو ئاییندا دەکرد توندی و دڵڕەقییان لەوانە زیاتر دەردەخست کە لە پێناو ژیاندا شەڕیان دەکرد، ئەمەیش جگە لە پێناو دوژمنایەتیی ئایینی و ناکۆکی دروستکردن بۆ هیچ شتێکی تر نەبوە، :خودا بە خێری بۆ ئەبووعەلاء بنووسێت کە دەڵێت

وأودعتَنا أفانينَ العداوات إنّ الشّرائعَ ألقت بيننا إحَناً

.واتا: ئەو شەریعەت و بۆچوونانەی کە دوژمنایەتی خستە نێوانمانەوە و رق و کینەی بڵاوکردەوە ئەمە لەوە ناوەشێتەوە کە بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خودا شەڕی خەڵك بکات و ئەم توندوتیژی و دڵڕەقییەی لە کوشتنی پیرەژنێکدا هەبێت، وەك ئەوەی بە سەر دایکی قورفەدا هات، بە بەهانەی ئەوەی جنێوی بە پێغەمبەر داوە. دایکی قورفە ژنێك بوو ناوی قائیمەی کچی ڕەبیعەی کوری بەدری خزاری بوو، قورفە ناوی کوڕێکی بوو بەو ناوەوە بانگیان دەکرد. کورتەی چیرۆکەکەی، پێغەمبەری خودا کە زەید کوری حارسە بە سوپایەکەوە بۆ بەنوخزارە نارد، لە ڕۆژدا بۆسەیان دادەنا و بە شەویش دەڕۆیشتن تا دەوریان لێ دان و کوشتیانن و دایکی قورفەیان بە دیلی گرت، خۆی و کچێکی زۆر جوانی هەبوو. زەید فەرمانی کرد کە دایکی قورفە بکوژرێت کە جنێوی بە پێغەمبەر دەدا، ئەوەی فەرمانی پێ درا بیکوژێ قەیسی کوری مەحەسەر بوو، هەر دوو قاچی بە پەتێکەوە بەست بە دوو حوشتری بەرانبەر یەکتر و تووڕەی کردن، لە لایەکی ترەوە دەڵێن؛ بەستنییەوە بە دوو ئەسپەوە و تاوی دان تا کردیان بە دوو لەتەوە. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەم دایکی قورفەیە پێگە و شەرەفێکی هەبوو لە ناو قەومەکەیدا و لە ماڵەکەیدا پەنجا شمشێری پەنجا پیاو هەڵدەواسی کە مەحرەم بوون لای خەڵك و دوانزە کوری هەبوە و، لە باری خودپارێزی و توندوتۆڵی و زەبر و هەژموون و پرستیجەوە، عەرەب بە نموونە و پەند دەیهێنێتەوە، دەڵێن وەك دایکی قورفە بە زەبر بوایەم، و پەندێکی تریش دەڵێت: لە دایکی قورفە پارێزراوتر بوایەم. گوتی: قورفە ناوی یەکێك لە کورەکانی بوە و بەوە بانگ کراوە و نازناوی پێوە نراوە، کە لە یەکێك لە غەزوەکانی پێغەمبەر کوژراوە، ئەو کورەکانی تری لە شەڕی .هەڵگەڕانەوەی زەمانی خیلافەتی ئەبووبەکری سدیقدا کوژران

هەر وەك ئەمەی پێشەوە، کوشتنی عەسمائی کچی مەروانی یەهوودییش وا بوە، گوتیان: جوێنی بە ئیسلام دەدا و ئازاری پێغەمبەری بە شیعر و هاندان دەدا، پێغەمبەری خودا عەمیر کوری عودەی خەتمی بۆ نارد بیکوژێت. عەمیر لە نیوەشەودا هات بۆی، تا چوە ماڵەکەیەوە و هەندێك لە کورەکانی لە دەوری خەوتبوون و منداڵێکی لە سەر سنگی شیری دەخوارد و مەمکیی دەمژی، بە دەستی گرتی و منداڵەکەی لابرد و شمشێرەکەی خستە سەر سنگی و زۆری لێ کرد تا لە پشتییەوە دەرچوو. ئینجا نوێژی بەیانی لە مەدینە لەگەڵ پێغەمبەردا کرد. پێغەمبەری خودا پێی گوت، کچەکەی مەروانت کوشت، گوتی بەڵێ ئەوە شتێکی تێدایە، دوو .بزن تێدا شەڕەشاخ ناکەن. واتە کارێکی ئاسانە و هیچ کەس لەو بارەوە ناڕازی نابێت

وای نابینم سەرت سوربمێنێت لەمەدا، ئەگەر ئەوە بزانێت کە محەمەد پێش هەموو شتێك ویستوویەتی پیرۆز بێت و گوێڕایەڵی بن لە لایەن لایەنگرانییەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجەی هەڵی گرتبوو بە پیرۆزی و گوێڕایەڵبوونی ڕەها و گێژییەکی قوڵەوە نەبێت نایەتە دی. یەك بەش بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکەین، بۆیە محەمەد بەرگەی هەموو ئازارێك دەگرێت جگە لە جوێن، کە لە پیرۆزی لای دەبات و وەك یەکێك لە خەڵکانی تر لێ دێت، ئەمەیش زۆر دڵتەنگی دەکات، لەبەر ئەوەی خوێنی چەندین شاعیری حەڵاڵ کرد، کە بە هەجوکردن و جوێن قسەیان پێ دەگوت. سزای هیچ کەسێك کە جوێنی پێ دابێت جگە لە کوشتن هیچی تر نەبوو. لە سەرجەم شەریعەتەکاندا جوێندانیش ئەو تاوانە نییە کە شایانی کوشتن بێت، لەبەر ئەوەی جگە لە ئەتککردن بە حورمەتی ئەوەی جوێنی پێ دەدرێت هیچی تری تێدا نییە و، دەقی

قورئان دەڵێت: (والحرمات قصاص). ئەتککردن بە حورمەت و ڕێز جگە لە ئەتککردنەوە بە ڕێز و حورمەتی بەرامبەر هیچ سزایەکی تری تێدا نییە، نەك سزاکەی کوشتن بێت. ئەم حوکمە بۆ ئەوانەی بە دەر لە محەمەد دەبێت، بەڵام جوێندان بە پێغەمبەر سزاکەی کوشتنە، زانایانی موسوڵمان دەڵێن: ئەوە، واتە کوشتنی ئەوەی جنێوی داېێت، لە تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەرە، مەبەستیان لە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەکانی ئەم زەمانەیە واتە ئیمتیازات. دواتر باس لە تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەریش دەکەین.
هەر لەم بارەوە، ئەبوو عیفکی یەهوودی کوژراوە. کوشتنی کەعب کوڕی ئەشرەف کە لە سەرەتای کتێبەکەدا باس کرا لە ژێر ناونیشانی (ڕاست و درۆ) و هەروەها کوشتنی ئەبی ڕافع سەلام کوڕی ئەبی حوقەیق (وەك بچوك کردنەوە)، چیرۆکی ئەم ئەبی ڕافعە لە دوو ڕووەوە نامۆیە: لایەنی یەکەم: ئەوانەی ئەبی ڕافع یان کوشت کۆمەڵێك بوون لە خەزرەج، پێغەمبەر فەرمانی پێ نەکردبوون بیکوژن، جگە لەوەی لە پێناو کێبڕکێ لەگەڵ ئەوسدا نەبێت، کە ئیبن ئەشرەف یان کوشت و بەم پێیە لە پێغەمبەری خودا وەك مەرایییەك نزیك بوونەوە" ئەمانیش ئەبی ڕافعیان کوشت بۆ هەمان مەبەست. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەوس و خەزرەج لە پێناو خۆنزیك کردنەوەدا بوون بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی، ئەوس هیچ شتێکی نەکردوە کە خەزرەج هاوشێوەی ئەنجام نەدات و، بە پێچەوانەوە، واتە خەزرەج هیچ شتێکی نەکرد بۆ نزیکبوونەوە لە پێغەمبەری خودا و ئەوس هاوشێوەی ئەنجام نەدات. کاتێك خەزرەج بینییان ئەوسییەکان کەعب کوڕی ئەشرەفیان کوشت و بەم پێیە لە پێغەمبەری خودا نزیك بوونەتەوە، گوتیان: بە خودا بەمە چاکەیان بۆ ئیسلام زیاتر دەکەن و بۆڵەبۆڵیان کرد و لە نێوان خۆیاندا بە دوای یەکێك وەك کەعب کوڕی ئەشرەف لە دوژمنایەتی پێغەمبەر بکات بدۆزنەوە، ئەبوو ڕافعیان بیر کەوتەوە، پێنج کەس لە خەزرەج خۆیان تەرخان کرد بۆ کوشتنی، کە عەبدوڵڵای کوڕی عەتیك و عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس و ئەبووقەتادە و ئەسوەدی کوڕی خوزاعی و مەسعوودی کوڕی سنانی ئەسلەمی بوون و، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا و مۆڵەتیان لێ وەرگرت بۆ ئەو کارە، مۆڵەتی پێدان و عەبدوڵڵای کوڕی عەتیکی کردە فەرماندەیان و فەرمانی پێ کردن کە منداڵ و ژن نەکوژن.
لایەنی دووەمی: ئەوەی ئەمانە کردیان، کە وەك خۆبەخش ئەبووڕافع بکوژن بۆ کێبڕکێی ئەوس بوو، وەك دزەکان دەیکەن، با بۆت ڕوون کەمەوە. بۆ خەیبەر دەرچوون، ئەبووڕافع لە خەیبەر بوو، کاتێك هاتن چواردەوری ماڵەکەی ئەبووڕافعیان لە شەودا گرت و هیچ ماڵێکیان نەهێشت لەو شوێنە بە سەر خاوەنەکەیدا دای نەخەن و، ئەبووڕافع لە بەرزاییەك بوو، کە پەیژەیەکی لە تەختە هەبوو دەچوە سەری بۆ گەییشتن بۆ بەرزییەکە، بەو پەیژەیەدا بەرز بوونەوە تا گەییشتنە دەرگاکەی لەو بەرزییە، عەبدوڵڵای کوڕی عەتیك پێش کەوت، لەبەر ئەوەی بە زمانی یەهوود قسەی دەکرد، داوای کردنەوەی دەرگاکەی کرد و گوتی: ئەبا ڕافع دیارییەکم بۆ هێناویت و ژنەکەی دەرگاکەی بۆ کردەوە و گوتی: ئەوە هاوڕێکەتانە یرۆن بۆ لای، کاتێك ڕۆیشتن بۆ لای دەرگاکەیان لە سەر داخست و لەوێدا بینییان کە ژنەکەی پێی گوتن تاریك بوو، جگە لە سپێتیی خۆی وەك ئەوەی قیپتییەکی سپیپێست بێت و شمشێرەکانیان لێ هەڵکێشا و عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس شمشێرەکەی لە سەر زگی دانا و چوە سەری تا بردییە ناوەوە و ئینجا کەوتنە گیانی، ئەویش دەیگوت (قضی قضی) واتە بەسمە بەسمە تەواو بووم تەواو بووم. لەوێدا ژنەکەی قیژاندی، هەندێکیان دەڵێن، کاتێك ژنەکەی قیژاندی یەکێك لە پیاوەکان ویستی شمشێرەکەی لێ بەرز بکاتەوە، بەڵام فەرمانەکەی پێغەمبەری خودای یاد کەوتەوە کە کوشتنی ژنی ڕەت کردوەتەوە، بۆیە دەستی گێڕایەوە. لە گێڕانەوەیەکی تردا: ژنەکەی کە چەکەکانی بینی ویستی بقیژێنێت و هەندێکیان شمشێرەکەیان لێی نزیك کردەوە، بێ دەنگ بوو. ئینجا دەستیان کرد بە شمشێرلێدانی و بۆی دەرچوون، عەبدوڵڵای کوڕی عەتیك چاوی باش نەیبینی، لە پەیژەکە کەوتە خوارەوە و قاچی بەتوندی لە جێی خۆی دەرچوو، بریندار بوو،

لە باسکردنێکی تردا: لاقی شکا، لە شوێنێکی تر، قاچی لە جێگەی خۆی دەرچوو، بە سەرپۆشەکەی، واتە عەمامەکەی بەستی، بەڵام قسەی ئیبن ئیسحاق ئەوەیە، کە دەستی لە جێ چوویێت. دەڵێن ڕاست نییە، ڕاستییەکەی قاچەکانێتی، دەڵێن: هەڵمان گرت تا گەییشتینە شوێنێك خۆمان تێیدا شاردەوە، هەندێکمان بەوی تریانی گوت، چۆن بزانین دوژمنی خودا مردوە؟ یەکێکمان گوتی: من دەڕۆم بۆ ئەوەی بزانم، دەرچوو تا چوە ناو خەڵکەکەوە، گوتی: ژنەکەیم بینی چرایەکی بە دەستەوە بوو، تەماشای دەموچاوی دەکرد و پیاوانی یەهوود لە چواردەوری بوون و، قسەی بۆ دەکردن و دەیگوت بە خودا گوێم لە دەنگی ئیبن عەتیك بوو، ئینجا خۆم بە درۆ خستەوە، پاشان هات و تەماشای دەموچاوی ئەبوورافعی کرد و گوتی بە خودای یەهوود دەرپەڕی واتە ڕۆحی دەرچوو. گوتی: هیچ کاتێك لەو وشەیەم خۆشتر نەبیستوە و، ئینجا هاتم بۆ هاوڕێیانم گێرایەوە و، عەبدوڵڵای کوری عەتیکمان هەڵگرت و هاتین بۆ لای پێغەمبەری خودا. لە کوشتنی ئەبوورافعدا گێرانەوەیەکی تر هەیە، کە بوخاری باسی کردوە، لێرەدا هیچ پێویست ناکات باس بکرێت، لەبەر ئەوەی هەر چەند چۆنێتیی چیرۆکەکە جیاوازە .بەڵام یەك دەرئەنجامیان هەیە

ئەمە ناشارڕێتەوە، کە ئەگەر ئەبوورافع لە نێوان سەربازەکان لە سەر بازگەیەك بوایە و یەکێك بوایە لە فەرماندەکانیان و شەو ئەوانە بهاتبان و بیانکوشتایە ئەو بوێرییەیان دەنرخێنرا، بەڵام تۆ پرۆیت لە ماڵەکەی خۆیدا بێت، لە سەر جێگەکەی لەگەڵ ژنەکەیدا بێت و ئەو بێ ئاگا بێت و چواردەوری ماڵەکەی بگریت و، ئەو نەزانێت دوژمنێك هەیە دەیەوێت بیکوژێت، ئەمە شتێکە لە دزی و جەردەیی دەچێت و ئەوەی کە دز دەیکات جیاوازتر نییە لەمە، بەڵام دز بۆ بەرژەوەندیی .تایبەتی خۆی دەیکات و ئەمانە بۆ بەرژەوەندیی گشتی کردوویانە

ئەم کۆمەڵە خەڵکە ئەبوورافع یان بۆ کێبڕکێکردن لەگەڵ ئەوس و مەرایی و ماستاوچێتی و چاپلوسی بەو کوشتنەوە بۆ پێغەمبەریان کردوە، بەڵام محەمەد ئەمەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی کردوە و ماستاوچێتی بەم کارە دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندیی گشتییەوە، ئەگەر ڕاست بێت، دەڵێن ئامانج بەهانەی ئامرازە. ئەگەر دەتەوێت ئەو ڕقوکینە و دڵپیسییە کەسییە بزانێت کە چیی کردوە لەو شەڕە ئاییینانەدا، تەماشای کردەوەکانی خالیدی کوری وەلید بکە کە پێغەمبەری خودا بۆ لای بەنی جوزەیمەی لە ساڵی فەتح کردندا نارد، بێ ئەوەی فەرمانی شەڕکردنی بداتێ، کە ببوون بە موسوڵمان و بەڵام پێغەمبەر بە موسوڵمانبوونیانی نەزانیبوو، بە .سێسەدوپەنجا پیاو لە کۆچبەران و ئەنسار و لە بەنی سەلیم ناردی بۆ لایان

لە نێوان بەنی جوزەیمە و بەنی سەلیم تۆڵەی خوێن هەبوو، لەبەر ئەوەی بەنی جوزەیمە مالیکی کوری شەرید و هەر دوو براکەیان لە یەك شوێندا کوشتبوو. هەروەها خالیدی کوری وەلید تۆڵەی خوێنی لای بەنی جوزەیمە هەبوو، لەبەر ئەوەی فاکیهی مامی خالید و برایەکیان .لە زەمانی جاهیلیەت کوشتبوو

خالید بەنو سەلیمی لەگەڵدا بوو کاتێك هات بۆ لای بەنو جوزەیمە چەکیان لە شان کرد، کاتێك خالید گەییشتە لایان و چاویان پێ کەوت، پێی گوتن ببن بە موسوڵمان، گوتیان: ئێمە قەومێکی موسوڵمانین، گوتی: چەکەکانتان دابنێن و دابەزن، گوتیان: نەخێر بە خودا پاش چەکدانان شەڕی تێ دەکەوێت، ئێمە لە تۆ و ئەوانەی لەگەڵتدان دڵنیا نین. خالید گوتی: هیچ دڵنیاییەك نییە و دەبێت دابەزن، تیمێکیان لێ دابەزی، بە دیلی گرتنی و پاشماوەی قەومەکە بڵاوەیان لێ کرد. لە گێرانەوەیەکدا: کاتێك خالید گەییشتە لای قەومەکە و بینییان و پێی گوتن: ئێوە چین موسوڵمانن یان کافرن؟ گوتیان: نوێژمان کرد و باوەڕمان بە محەمەد هێنا و مزگەوتمان دروست کرد لە گۆڕەپانەکەماندا و بانگمان دا. گوتی: ئەو چەکە چییە پێتانە؟ گوتیان لە نێوان ئێمە و قەومێکی عەرەب دوژمنایەتیمان هەیە، ترساین کە ئەوان بن چەکەکانمان کردە شانمان، گوتی: چەکەکانتان دابنێن، دایان نا، گوتی: خۆتان بدەن بە دەستەوە و دیل بن، فەرمانی بە هەندێکیان دا کە قۆڵبەستیان بکەن و لە نێوان هاوەڵانیدا دابەشی کردن، لە کاتی پارشێودا

هاوارکەرەکەی خالید هاواری کرد؛ ئەوەی دیلی لایە بیکوژێت، بەنو سەلیم هەر یەکێکیان لابوو کوشتیان، بەڵام کۆچبەران و ئەنسار ئەوەیان نەکرد و دیلەکانیان ناردەوە. پیاوێك لە قەومەکە هات بۆ لای پێغەمبەر و هەواڵی کردەوەکەی خالیدی پێ ڕاگەیاند، پێغەمبەر پێی گوت: ئایا کەس بوو ڕازی نەبێت لەوەی کە کردوویەتی، گوتی: بەڵێ، پیاوێکی چوارشانەی زەرد و، پیاوێکی درێژی سوور، عومەر گوتی ـئامادەبووـ ئەی پێغەمبەری خودا دەیانناسم، یەکەمیان، کوڕی منە ئەم شێوەیە و، دوەم سالحی لای ئەبی حەزیفەیە، لەوێدا پێغەمبەر گوتی: خودایە .من لەوە تەبەرام کە خالید کردوویەتی، دوو جار دووبارەی کردەوە

ئینجا پێغەمبەری خودا عەلیی کوڕی ئەبووتالیبی نارد و کوژراوەکانیان بۆ برد، بە هۆی ئەم ڕووداوەوە ناخۆشییەك لە نێوان خالیدی کوڕی وەلید و عەبدلڕەحمان کوڕی عەوف ڕووی دا، عەبدولڕەحمان پێی گوت: بە فەرمانی جاهیلیەت ئیسلامەتیت کردوە، خالید پێی گوت: تۆڵەی باوکتم کردەوە، لەبەر ئەوەی بەنو جوزەیمە باوکی عەبدولڕەحمانیان لە کاتی جاهیلیەتدا کوشتبوو، عەبدولڕەحمان پێی گوت: درۆت کرد من بکوژی باوکم لە جاهیلیەتدا کوشتەوە. لە گێرانەوەیەکدا: پێی گوتوە: چۆن موسوڵمانان دەبەیت بۆ کوشتنی پیاوێك لە سەر تۆڵەیەك لە جاهیلیەتدا ڕووی داوە؟ خالید گوتی: کێ پێی گوتن کە ئەوان بوون بە موسوڵمان؟ گوتیان: پیاوانی سریەکە هەموویان تۆ بینیوتن کە مزگەوتیان بنیات ناوە و باوەڕیان بە خودا هێناوە، بەڵام تۆڵەی فاکیهەی مامت کردوەتەوە: عومەری کوڕی خەتاب لە قسەکاندا بەشدار بوو، هاوڕا و یارمەتیدەری عەبدلڕەحمانی بوو لە بەرانبەر خالید دا، لەوێدا پێغەمبەری خودا گوتی: بوەستە ئەی خالید، واز لە هاوەڵانم بهێنە، بە خودا ئەگەر یەکێکت وەك زێر هەبێت و لە پێناو خودادا بەخشیبێت، ناگەیت بە ڕۆیشتن و هاتنی پیاوێك لەوانە. کاریگەریی تۆڵەی کەسی لە کردەوەی خالید کوڕی وەلید و ئەوانەی بەنی سەلیم کە لەگەڵیدا بوون دیار بوو، لە نێو ئەو دیلانەی بەنی جوزەیم دا بوون، پیاوێك هەبوو لەوان نەبوو، قەدەر گەیاندبوویە ئەوێ و لەگەڵ ئەواندا کوشتیان، کوشتنی ئەو کەسە جگە لە تۆڵەسەندنەوە نیشانەی دڵڕەقی دەرخستن. حەلەبی لە سیرەتەکەی دەڵێت: هەواڵێکیان دا بە پێغەمبەر کە پیاوێکیان لەوانە کە پێی گوتوون: من لەوانە نیم و عاشقی ژنێکیان بووم و هاتووم بۆ لایان، بهێڵن با کەمێك تەماشای بکەم و ئینجا چیتان دەوێت لێم بکەن و، ئاماژەی بە هەندێك ژنی کردوە کە لە وێدا کۆ بوونەتەوە و دوور نەبوون. هەندێکیان گوتیان: گوتم: بە خودا با داواکەی بهێنینە دی، بردم بۆ لایان و لەوێ وەستانم تا هەندێك شیعری گوت، ئینجا هێنامەوە و پێشم خست و دام لە ملی، ژنێك لە نێوانیاندا هەڵسا و هات و لە سەری وەستا، ئەویش هەناسەیەك یان دوانی هەڵکێشا و گیانی دەرچوو. لە گێرانەوەیەکدا: خۆی خست بە سەریدا و ماچی دەکرد، تا ئەویش بە سەریدا مرد. لەوێدا .پێغەمبەری خودا گوتی، پیاوێکی بەبەزەییتان تێدا نەبوە

ئەگەر لاپەڕەکانی ئەو شەڕەی لە ڕۆژی بەدر ڕووی دا هەڵ بدەینەوە، چەندین پەڵەی ڕەشی بوغز و کینەی تێدا دەدۆزینەوە و بۆنی هەندێك خوێنی تۆڵەی کەسیی تێدا دەکەین. لەوە چیرۆکی کوشتنی ئومەیەی کوڕی خەلەف لە لایەن بیلالەوە، ئەوەیش دەڵێت: حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: لە عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوفەوە گوتوویەتی، ئومەیەی کوڕی خەلەفم لە ڕۆژی بەدر بینی، هاوڕێم بوو لە جاهیلیەتدا، عەلیی کوڕی لەگەڵدا بوو دەستی گرتبوو، چەند قەڵغانێکم لا بوو، دەستم بە سەریدا دەهێنا، هەڵم گرتبوون، کاتێك ئومەیەم بینی بە ناوی یەکەمەوە بانگی کردم: ئەی عەبدعەمرو (لەبەر ئەوەی عەبدولڕەحمان لە جاهیلیەت ناوی عەبد عەمرو بوە و پێغەمبەر ناوی گۆڕیوە بۆ عبدولڕەحمان) وەڵامم نەدایەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك پێغەمبەری خودا ناوی گۆڕیم لێی پرسیم: حەزت لە ناوێکە کە باوکت ناوی نابیت؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەلڕەحمان ناناسم بەڵام ناوت دەنێم عەبدولئیلاهـ، کاتێك بینیی وەڵامی نادەمەوە، بانگی کردم: ئەی عەبدولئیلاهـ، گوتم: بەڵێ، گوتی: سێبەرت هەیە، من لەو قەڵغانانەی لاتن باشترم بۆت، (واتە بەدیلم بەرە لە جیاتیی من زیاترت دەست دەکەوێت، گوتم: بەڵێ،

قەڵغانەکانم فڕێ دا و دەستی ئەو و دەستی عەلیی کوڕیم گرت و گوتی: قەت وەك ئەمڕۆم نەبینیوە، ئینجا پێی گوتم: ئەی عەبدولئیلاهـ، ئەو پیاوە کێیە کە پەڕی وشتر مورغی بە سنگەوەیە؟ گوتم: ئەوە حەمزەی کوڕی عبدولموتەلیبە، گوتی: ئەوە چیی پێ نەکردین، کارێکی وای پێ نەکردووین، کە باس بکرێت.

ئینجا بە پیاسە بردمن، بە خودا من دەمبردن کە بیلال بینینی لەگەڵمدا بوون، ئەو لە مەککە ئازاری بیلالی دابوو بۆ ئەوەی واز لە ئیسلام بهێنێت. بیلال گوتی: ئەمە ئومەیە کوڕی خەڵەفی سەرکوفرەکەیە، خوا ڕزگارم نەکات ئەگەر ڕزگاری بێت لە دەستم. گوتم: ئێ بیلال بە دیلەکەم وا دەکەیت (واتە ئەوە بە دیلەکەی من دەکەی) گوتی: ڕزگارم نەبێت ئەگەر ڕزگاری بێت، دووبارەم کردەوە و ئەویش دووبارەی کردەوە، ئینجا بە دەنگی بەرز هاواری کرد، ئەی ئەنساری خودا، هەی سەرکوفر، ئومەیەی کوری خەلەف، ڕزگارم نەبێت ئەگەر ڕزگارت بێت و دووبارەی کردەوە و دەوریان گرتین، بیلال شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێنا و لە پێی عەلیی کوری دا و کەوت، ئومەیە هاوارێکی کرد کە لەو شێوە هاوارەم قەت گوێ لێ نەبوە، بە شمشێرەکانیان لێیان دان، تا پارچەپارچەیان کردن.

لە گێڕانەوەیەکی بوخاریدا لە سەر عەبدولڕەحمانی کوری عەوف، گوتوویەتی: کاتێك بیلال هاواری بۆ ئەنسار کرد، ترسام بگەن پێمان دا، کوڕەکەیم بۆیان بە جێ هێشت بۆ ئەوە مەشغوڵ بن پێوەی، کوشتیان و ئینجا هاتن تا گەییشتن بە ئێمەیش، ئومەیە پیاوێکی قورس بوو، پێم گوت، پاڵ بەرەوە، پاڵی دایەوە و خۆم خست بە سەریدا تا پارێزگاری لێ بکەم، شمشێرەکانیان لە ژێر منەوە کرد بە گیانیدا تا کوشتیان، یەکێکیان قاچی منیشی بە شمشێرەکەی بریندار کرد.

عەبدولڕەحمان دەڵێت: خوا ڕەحم بە بیلال بکات قەڵغانەکانم ڕۆیشتن و ئەو کارەیش کە بەدیلەکەیان کردم، دڵتەنگی کردم. لە گێڕانەوەیەکدا، خوا ڕەحم بە بیلال بکات، نە قەڵغانەکەم و نەیش دیلەکەم، واتە نە درعەکەی بۆ هێشتمەوە و نەیش دیلەکەم، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر لە ڕۆژی بەدردا وای لێ کردبوو، کە هەر دیلێك بۆ ئەو کەسە دەبێت کە بە دیلی بگرێت.

بیلال کۆیلەی ئومەیەی کوری خەلەف بوو لە مەککە و، ئومەیە ئازاری دەدا بۆ ئەوەی لە ئایینەکەی واز بهێنێت و ئەبووبەکر لێی کڕی و ئازادی کرد، زۆر ڕقی لێ هەڵگرتبوو، لەوەی ئازاری دەچەشت بەدەستییەوە، کاتێك بە دەستی عەبدولڕەحمانی کوری عەوف بینی بە دیل گیراوە، خۆی نەگرت بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەگەر ئەوە نەبوایە، لەبەر ئەوەی دیل بوو بە دەست عەبدولڕەحمانی کوری عەوفەوە، نەیدەکوشت.

با تەماشای کوشتنی ئەبووجەهل بکەین دیسان لە ڕۆژی بەدردا. لە لایەن ئەبوومەسعوودەوە هەمان ڕەفتار و کردەوەی بیلال دەبینین. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: لە مەعاز کوری عەمرو کوری ئەلجمووعەوە، گوتوویەتی: ئەبووجەهلم بینی کە دەورەیان دابوو دەڵێن: ئەبووجەکەم کێ قوتاری دەکات. گوتی: گوێم لێ بوو ڕۆیشتم بۆ لای و هەڵسام بۆی و لێدانێك لێم دا، لاقێکی تلپەی لێ هەستا، واتە لاقی یان دەستی لێی بووەوە و کەوتە سەرزەوی و تلپەی لێ هەستا، بە خودا وەك ئەوە هاتە بەر چاوم کە چۆن تۆو لە کردنەوەی ناوك بە دەنك دەردەچێت دەکەوێتە خوارەوە، عەکرەمەی کوری دای لە سەرشانی و دەستی لێ بووەوە و بە پێستەکەی مایەوە و، لە شەڕ لەگەڵیدا دووری خستمەوە، هەموو ڕۆژەکە شەڕم کرد بۆ ئەوەی هەستی پێ بکەم، لە قسەیەکی تردا بۆ ئەوەی لە دوای خۆم ڕای بکێشم، کاتێك ئازاری دەدام قاچم دەخستە سەری و سواری بووم تا خستم.

پاش ئەوەی ئەبووجەهل وا داماو بوو، معوەزی کوری عەفرا هات بۆ لای و بە لێدانێك وەستانی و بە جێی هێشت تا گیانی دەرچوو. ئینجا عەبدوڵڵای کوری مەسعوود هات و بوو بە کەمتیار بۆ ئەبووجەهل (کەمتیار جگە لە مردوو هیچی تر ناخوات) وەك موتەنەبی دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەبووجەهل لە قەراغی مردندا بوو لە گیانەڵڵادا بوو کە معوەز زۆری لێ دا، بەڵام ئیبن

مەسعوود هیچ لووتبەرزییەکی بەرنەکەوت لەو شایەکامی (پێ خۆشبوون) بردنەی بە کوشتنی مردووەوە دڵی ئاو بخواتەوە.
لە ئیبن مەسعوودەوە، گوتوویەتی: ئەبووجەهلم لە دوا هەناسەکانیدا بینی و ناسیم، قاچم خستە سەر ملی و، پێم گوت: ئایا دەتوانی بمکوژی، لە گێڕانەوەیەکدا گوتوویەتی: ئەگەر وەزعی باش بێت دەمکوژێت (أکار) کشتوکاڵ مەبەستی ئەنسار بوو، چونکە گوتوویەتی (أکار) بگۆڕێت دەمکوژێت، لەبەر ئەوەی خاوەن کشتوکاڵ بوون. دەڵێت کە قاچم خستە سەر ملی، پێم گوت: خودا پەشیمانی کردیتەوە ئەی دوژمنی خودا، چاوی کردەوە و گوتی: بەچی پەشیمانی کردبمەوە هیچ توانجێك لە سەر پیاوێك هەیە کە کوشتتان، واتە هیچ تانەیەکم لە سەر نییە بە کوشتنم لە لایەن ئێوەوە. لە گێڕانەوەکەی تردا. کە ڕووبەڕووی مەسعوودی قسەی کردوە و پێی گوتوە: بەرز بوویتەوە ئەی شوانۆکەی مەڕوماڵات بۆ شوێنێکی سەخت، هەواڵم پێ بدە ڕاکردن و پشتتێکردن بۆ کێ دەبێت. لە گێڕانەوەکەیان زیاتر کردوەتەوە: بۆ ئێمەیە یان لە سەرمانە: گوتم: بۆ خودا و پێغەمبەرەکەیە. ئیبن مەسعوود دەڵێت: ئینجا سەریم تێکدا.. لە گێڕانەوەیەك لە ئیبن مەسعوودەوە گوتوویەتی: کاتێك بە شمشێرەکەم لێم دا هیچ چارەیەکی نەبوو تفێکی کرد بە ناوچاوانمدا، گوتی: شمشێرەکەم بەرە سەرم پێ پان بکەرەوە تا دەماری ملم، وام لێ کرد. ئینجا هێنام بۆ لای پێعەمبەری خودا و گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە سەری ئەبووجەهل دوژمنی خودایە، پێغەمبەری خودا گوتی: خودایەك کە هیچ ئیلاهێك جگە لەو نییە و سێ جار دووبارەی کردەوە، گوتی: گوتم: بەڵێ: بە خودایەك کە هیچ ئیلاهێك جگە لەو نییە. ئینجا سەرەکەیم فڕێ دایە نێو دەستی پێغەمبەری خوداوە و شوکری خودای کرد و دەڵێن: پێنج جار سوجدەی بردوە.
لە (المعجم الكبير)ی (الطبراني)یدا هاتوە. لە ئیبن مەسعوودەوە، دەڵێت: کە گەییشتمە لای ئەبووجەهل کەوتبوو و هێلکەیەکی لە سەر دانرابوو، لەگەڵ شمشێرێکی باشدا، شمشێرەکەی من خراپ بوو، دەستم دا لە سەری بۆ ئەوەی شکۆی بشکێنم، بیرم لەوە کردەوە چۆن لە مەککە دەستی دەهێنا بە سەرمدا بۆ ئەوەی شکۆمەندیم بشکێنێت، شمشێرەکەیم برد، سەری بەرز کردەوە و گوتی: پشتکردنە خەڵك لە سەر کێ بوو، تۆ شوانۆکەکەی مەککە نیت، کوشتم و ئەوەی پێی بوو بردم، واتە سەلبم کرد. ئەبووجەهل لە بەنی مەخزوم بوو، ناوی عەمرو کوڕی هوشام کوڕی ئەلموغیرە کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عەمرو کوڕی مەخزوم بوو، نازناوی ئەبی حەکەم بوو، پێغەمبەر نازناوەکەی گۆڕی بۆ ئەبووجەهل، موسوڵمانان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان بەم نازناوە بانگی دەکەن، کە هەستی زەمکردن و شتی قێزەون بکرێت، تەنانەت ئەم ناو بەکارهێنانە دژ بە یەکی ئەو نازناوەیە لێی نراوە لەبەر ئەوەی لە قسەی عەرەبدا ئەبوو حەکەم بۆ پێداهەڵدان و گەورەکردن دانرابوو، کەچی بە نازناوە تازەکەی بوە جوێنپێدان بۆی، تەنانەت عەکرەمەی کوڕی ئەبووجەهل کاتێك سکاڵای لای پێغەمبەر کرد پاش ئیسلامبوونی لەو بارەوە، پێغەمبەر نەهیی کردن لەوە و گوتی: ئازاری زیندوەکان بە هۆکاری مردوەکانەوە مەدەن، بەڵام ئەوان وازیان لەوە نەهێنا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان لەگەڵیدا بێت.
بەڵام پێغەمبەر پێش ئەوەی عەکرەمە بێت بۆ لای و موسوڵمان بوویێت ئەمەی ڕەت کردوەتەوە، لەو کاتەدا کە خوێنی حەڵاڵ کرد لەگەڵ ئەوانەی تر لە ڕۆژی گرتنی مەککەدا، ڕای کرد بۆ یەمەن و، ئوم حەکەمی ژنی دوای کەوت پاش ئەوەی موسوڵمان بوو، پێغەمبەر باوەڕی پێ کرد و دڵنیا بوو لێی و، هێنای بۆ لای خۆی، پێش هێنانی پێغەمبەر قسەی لەگەڵ هاوەڵانیدا کرد و پێی گوتن عەکرەمە دێت بۆ لاتان باوەڕدار و کۆچبەرە، جوێن بە باوکی مەدەن، جوێن دان بە مردوو ئازاری زیندوو دەدات و ناگات بە مردوو.
ئەبووجەهل لە گەورەپیاوانی قورەیش و لە ناوداران و دەمسپیان بوو، تەنانەت (دار الندوه) لە خوار بیست ساڵی هیچ گەنجێك جگە لە کوڕانی قوسەی نەچوونە ناوی، بەڵام ئەبووجەهل

تەمەن بیست ساڵ نەبوو لە کاتی ڕاوێژکردندا دەڕۆیشت بۆ ئەوێ. ئینجا لەوێ قبوڵ کرا، لە کاتێکدا سمێڵی باش نەهاتبوو، بوو بە گەورە پیاویان، لەو کاتەدا کە دەچوە (دار الندوە)وەو جارێك ڕیشی تەواو نەهاتبوو.
گوتیان: لە دژایەتیی پێغەمبەردا، توندترین قورەیشی بوە، ئەم قسەیەیان بە ڕاست نازانم، بەڵێ ئەوانەی قورەیشییەکان زۆرن کە ناوبانگیان بە دژایەتیی پێغەمبەر دەرکردبوو، بەڵام هەر کەسێك لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا بەدواداچوون بکات بۆ هەواڵ زانینی ئەمانە، بە براوەیی دەزانێت ئەبوولەهەب مامی پێغەمبەر توندترین دوژمنی پێغەمبەر بوو و لە ئەبووجەهلیش زیاتر، تەنانەت کاتێك ئەبووتالیب بانگی بەنی هاشم و بەنی ئەلموتەلیبی کرد بۆ هاوپەیمانێتی و بۆ پاراستنی محەمەد لە قورەیش، هەموویان ڕازی بوون جگە لە ئەبوولەهەب، لەگەڵ ئەوەی پێوەندیی خزمایەتی لە نێو عەرەبدا وەك نەریتێك پیادە دەکرا لەو زەمانەدا و، وا فەرزی کردوە کە ڕازی بێت بەوەی کە پارێزگاریی لێ بکات و، ئەگەر ئەوە نەکات بە ناپیاوی لە قەڵەم دەدەن و لە سەری دەکەوێت و وەك خراپەکارییەك تەماشا دەکرێت. ئەبوولەهەب زۆر جار پیسی دەخستە لای دەرگاکەی محەمەد. کاتێك پێغەمبەر خۆی دەردەخات بۆ تیرەکان لە وەرزەکاندا، ئەبوولەهەب بە دوایدا دەچێت و بە دوایدا ڕێ دەکات، هەر جارێك قسە بکات وەڵامی دەداتەوە و بە درۆی دەخاتەوە، بە خەڵکی دەڵێت: گوێی لێ مەگرن شێتە، وەك پێشتر باسمان کرد. دوژمنایەتیی بۆ محەمەد زۆرە و لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە، هەمووی نیشانەی ئەوەیە ئەو توندترین دوژمنی پێغەمبەر بوە و لە ئەبووجەهل زیاتر دژایەتیی کردوە، بۆچی ئەم واتە ئەبووجەهل زیاتر ناوبانگی دەرکرد بە دوژمنایەتیی محەمەد و هەر کاتێك ناو دەبرێت موسوڵمانان لەعنەتی لێ دەکەن، لە ئەبوولەهەب زیاتر، کە خزمایەتیدا لە نزیکەکانی محەمەد بوو، ئەمەیش پێویستە دوژمنایەتییەکەی بە خراپتر سەیر بکرێت و ئازاری زیاتر بێت و توورەیی بوروژێنێت، وەك دەڵێن:
على المرءِ من وَقْعِ الحُسامِ المُهنّد وظلمُ ذوى القربى أشدُّ مضاضة
واتە: کاریگەری زوڵمی خزموخێش لەسەر مرۆڤ لە برینی جێی شمشێر قوڵتر و توندتر دەکەوێت.
لەوانەیە نزیکیی ئەبوولەهەب لە محەمەد و خزمایەتیی وای کردبێت کە باری ئاسان کردبێتەوە و، دوژمنایەتییەکەی ئاسان کردبێت، لەبەر ئەوەی محەمەد بە تایبەتی خزمانی نزیکی خۆی و قورەیشی لە ڕادەبەدەر خۆشی دەویست.
بێگومان کاریگەریی تۆڵەکردنەوە لە کوشتنی ئەبووجەهل بە نیسبەت ئیبن مەسعوودی دوا کەسی بکوژییەوە دیارە، بەڵام سەبارەت بە کوژراو، نیشانەی پاڵەوانێتی و بەرزی و شکۆیی لەو کوشتنەی پێوە دیارە، وەك لەوەی لێی تێ دەگەین کە ئەبووجەهل چیی بە ئیبن مەسعوودی گوتوە، لەو کاتەی قاچی خستوەتە سەر ملی و ویستویەتی سەری ببڕێت، ئەو قسانەی بەڵگەن کە مردنی بە سەربەرزی لای خۆی بە باشتر زانیوە لە ژیانی زەلیلی. لەبەر ئەوەی ئەبووجەهل گەورەی قەومەکەی بوە. لە بنچەی شەریف بوە، لە عەقڵدا ئاستی نزم بوە زۆر ڕەق بوە و، پابەند بوە بە دابونەریتی بەسەرچووی هیچوپووچەوە، ڕۆژی بەدر بە کوشتنی ئەبووجەهل جگە لە کوشتنی ڕەقێتی لەو دابونەریتە هیچانە هیچی تر نەبوە.
هەروەها دەربارەی خەڵکی تر لەوانەی ناوبانگیان دەرکردبوو لە دوژمنایەتیی محەمەد لە قورەیشییەکان زۆرێك وەك ئەبووجەهل بوون لەو بارەوە، ئەگەر نا محەمەد سەربەرزی و باڵایی و شکۆی بۆ ویستوون و ویستوویەتی ببن بە پاشای عەرەب و عەجەم، ئەوان لەبەر ئەو بتانەی دەیانپەرست و ئەو بەردانەی کە بە گەورە دایان نابوو دوژمنایەتییان دەکرد، ئەمە چ داڕمانێك لە ئەو عەقڵ و ژیرییەی لەمە زیاتر بێت، محەمەد بە ئاشکرا لەو بارەوە پێش هەموان بۆ قورەیش لێدوانی داوە، ئەو کاتەی لای ئەبووتالیب لە ڕۆژی مردنیدا کۆ بوونەوە و، ئەبووجەهلیش لەگەڵیاندا بوو، پێی گوتن: وا بتانبینم کە ئەوەی دەتاندەمێ ئەگەر یەك وشەم بدەنێ موڵکداریی عەرەب دەگرنە دەست و عەجەم قەرزدارتان دەبێت. گوتیان چی دەڵێ دەتدەینێ و

ده دانەی تریش لەگەڵیدا، گوتیان ئەوە چییە؟ گوتی: بڵێن (لا اله الا الله) و ئەوەی بە دەر لەوە کە دەیپەرستن فڕێی دەن، بە دەست چەپڵەیان لێ دا و گوتیان: ئەی محەمەد، دەتەوێت خوداکان بکەیت بە یەك خودا؟ ئەم کارەت سەرسوڕهێنەرە.
تەماشای خۆبەستنەوەی ڕەقوتەق بە دابونەریتە بۆماوەییەکان گەییشتبوە چ ئاستێکی نزم و لە هیچپووچی عەقڵیەتیاندا دای ڕووخاندبوون، لە پەرستنی بەردێك و بەگەورەزانینی سەریان سوڕنامێنێت بەڵام لە پەرستنی یەك خودا سەریان سور دەمێنێت، کە ئەوان و چی بوونەوەر هەیە خەلق کردبێت. خوا یارمەتیی ئەبووعەلا بدات شاعیری هەموو خەڵك بە ڕەهایی دەڵێت:
بمثله، ثم يبغی الحوت فی الغدر والمرو ينكر ما لم تجر عادته
واتە: وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ ئەوەی لەگەڵ نەریتیدا نەیەتەوە ئینکاری دەکات و بە نەهێشتنی وەزعی باو لای ئەو وەك ئەوە دەبێت کە غەدری گەورەیان لێ کردبێت.
نەریتیان وا بوە کە سەریان لە هەر شتێك سوڕبمایە و زۆر بە خراپیان بزانیایە بە دەست چەپڵەیان بۆ لێ دەدا، چەپڵەکە لێرەدا بۆ سەرکۆنە و بە خراپە زانینی بوە نەك وەك شتێك بە باش دابنرێت، وەك میللەتانی خۆرئاوای ئەمڕۆ دەیکەن.
ئەوەی بەڵگەی خۆشەویستیی محەمەدە بۆ قورەیش بەگشتی و خزمانی نزیکی بەتایبەتی، ڕەتکردنەوەی کوشتنیان بوو لە ڕۆژی بەدردا، بە هاوەڵانی گوت: ئێوە زانیتان کە هەندێك لە پیاوانی بەنی هاشم بەناچاری دەرچوون شەڕمان بکەن و هیچ پێویستیان بە شەڕکردنی ئێمە نییە، هەر کەسێك یەکێکی لە بەنی هاشم بەر کەوت نەیکوژێت، ئەبووبوختەری کوری هیشام دەڵێت: گوتوویەتی، هەر کەسێك ئەبووبوختەری بینی نەیکوژێت، ئەو لەبەر ئەوەی هەستا بە ڕەتکردنەوەی کتێبە کۆنەکە و بە دەق بە عەباسی کوری عەبدولموتەلیبی مامی گوت: ئەمەی پێ گوتن و ڕەتی کردەوە کە بیکوژن، کاتێك ئەبووحەزیفەی کوری عوتبە ئەمەی بیست گوتی: باوك و کوڕ و برامان بکوژرێت و واز لە ئەلعەباس بهێنین، بە خودا گەر بیبینم شمشێرەکەم دەکەم بە دەمیدا.
ئەو قسەیە گەییشت بە پێغەمبەری خودا و بە عومەری گوت: ئەی ئەبووحەفس دەشێت دەموچاوی مامی پێغەمبەری خودا بەر شمشێر بدەن، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، با لە ملی بدەم، واتە لە ئەبووحەزیفە. پیغەمبەر بە ئەبووحەفس ناوی هێنا تا پیاوەتی بورووژێنێت، بۆ ئەوەی عەباس لە کوشتن بپارێزێت. بەڵام لە ڕووکەشدا حەق لەگەڵ ئەبووحەزیفە بوە لەو قسەیەدا، یەکەم: لەبەر ئەوەی نەیزانیوە کە عەباس موسوڵمانە و ئیسلامبوونی لەبەر کارێك دەشارێتەوە، دوەم: لەبەر ئەوەی عوتبەی باوکی و شیبەی مامی و وەلیدی برای یەکەم کەس بوون لە قورەیش لە ڕۆژی بەدردا کوژران، لە ڕووبەڕووبوونەوە و تیربازیدا، کە لە نێوان خۆیان و عوبەیدەی کوری حارس و حەمزەی کوری عەبدوموتەلیب و عەلیی کوری ئەبووتالیب ڕووی دا، کوژران.
سەرەڕای ئەوەی ئەبووبوختەری، نەهی لە کوشتنیانی کرد واتە ڕەتیان کردەوە، بەڵام هەر کوشتیان، کە موجزەر بینیی پێی گوت: پێغەمبەری خودا داوای کردوە نەتکوژین، من و ئەم هاوکارەم، واتە هاوڕێیەم، هاوکارێکی لە مەککەوە بوو پێیان دەگوت جونادە کوری مەلیحە لەگەڵیدا هاتبوو، موجزەر پێی گوت: نەخێر بە خودا ئێمە حەقمان بە سەر هاوکارەکەتەوە نییە، ئەوەی پێغەمبەری خودا فەرمانی پێ کردووین تەنها تۆیت، گوتی نەخێر بە خودا وا بێت هەموومان، من و ئەویش، ژنانی مەککە چ قسەیەکم لە سەر دەکەن ئەگەر واز لە هاوکارەکەم بهێنم، پاش ئەوەی بەربەرەکانی لەگەڵدا کردن، موجزەر خۆی و هاوکارەکەیشی کوشت. ئینجا هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و گوتی: بەوە بە حەق ناردوونی هەوڵم دا کە خۆی ڕادەست بکات و دیلی بکەم و بیهێنم بۆت ڕازی نەبوو بەربەرەکانی لەگەڵ کردم و شەڕی لەگەڵدا کردم و منیش کوشتم. ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو کە لە موجزەرەوە ڕووی دا، لەبەر ئەوەی ئەو باوەڕی پێیان کرد کە دیل ناکوژن، ئەبووبوختەریش خۆی دا بەدەستەوە لەگەڵ هاوڕێکەیشیدا

کەچی موجزەر ڕازی نەبوو، تەنانەت هەر چەندە هاوکارەکەیشی دیل بوو کوشتنی، لەوانەیە موجزەر وا تێگەییشتوە جگە لەوەی کە محەمەد گوتبێتی مەیکوژن خەڵکی تر بکوژن، ئەگەر بەدیلیش بگیرێت، تا بە ئەبووبوختەری گوت: ئێمە واز لە هاوکارەکەت ناهێنین، ئەمە لە ترسی قسە پێ کردنی لە لایەن ژنانەوە قورس بوو بۆ ئەبووبوختەری کە بەدیل بگیرێت و هاوکارەکەی بکوژرێت. ئەگەر موجزەر ئەم تێگەییشتنە هەڵەی لا دروست بوویێت ئەوە بوە هۆی ئەوەی ئەبووبوختەری و هاوکارەکەی بوون بە قوربانی بە هەڵەتێگەییشتنی. بەڵام ئەبووبوختەری لە سەر کوفرەکەی خۆی بوو کەچی پیاوەتی و شەهامەتی و غیرەتی خۆی لە دەست نەدا، ڕازی بوو بە مردن نەك بێ هاوکارەکەی ژیان بەرێتە سەر، کە موجزەر بەو ئیسلامبوونەی خۆیەوە .لەوە تێ نەگەییشت و درکی پێ نەکرد

کەچی محەمەد بە خۆی بە دەر نەبوو لە هەستی تۆڵەکردنەوە لە شەڕی بەدردا، کاتێك گەییشتە شوێنی بەنی ئەلسەفراء لە گەڕانەوەی لە غەزوەی بەدردا، فەرمانی کرد نەزر کوری حارس بکوژن، عەلیی کوری ئەبووتالیب کوشتی. لە سیرەی حەلەبیدا لە (الإمتاع) گوستراوەتەوە: پێغەمبەر تەماشای نەزری کوڕی حارسی بەدیلی کرد، نەزر بە دیلەکەی تەنیشتی گوت: بە خودا محەمەد دەمکوژێت، بە چاوێك تەماشای کردم کە مردنی تێدا بوو، دیلەکە پێی گوت: بە خودا ئەمە ترس نەبێت هیچ شتێکی تری وا نییە لای تۆ. نەزر بە موسعەبی کوڕی عەمیری گوت: ئەی موسعەب تۆ لەم خەڵکە بە ڕەحم تری بۆ من، قسە لەگەڵ هاوەڵەکەت بکە با منیش وەك هاوڕێکانم بم (واتە دیلەکان) واتە وەك ئەوان مامەڵەم لەگەڵدا بکات، گوتی بە خودا دەمکوژێت. موسعەب گوتی: تۆ قسەی ئاوا و ئاوات بە کتێبی خودا گوتوە، ئاوها و ئاوهات بە پێغەمبەرەکەیشی گوتوە. نەزر دیلی موقداد بوو، واتە ئەو نەزری بەدیلی گرتبوو، کاتێك پێغەمبەر فەرمانی کرد بیکوژن، موقداد گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوە دیلی منە، پێغەمبەری خودا پێی گوت: ئەو قسانەی بە کتێبی خودا گوتوە کە گوتوویەتی. موقداد ئەوەی گوت، چونکە پێغەمبەری خودا هەر دیلێکی دابوو بەو کەسەی بەدیلی دەیگرێت کە کاری پێ بکات یان لە بریی وەرگرێت وەك سەرانە، وەك پێشتر باسمان کرد و ئەگەر نەزر .بکوژن موقداد زەرەری دەکرد

نەزر لەوانە بوو کە ناوبانگی دەرکردبوو بە دوژمنایەتیی محەمەد، ئەگەر پێغەمبەری خودا لە هەر دانیشتنێکدا بوایە کە قسەی بۆ قەومەکەی بکردایە و ئاگاداری بکردنایەتەوە کە خەڵکان و دیلەکانی پێش چۆن تووشی ئازاری خودا بوون، ئەویش دوای پێغەمبەر دەرویشت بە قورەیشی دەگوت: کۆ ببنەوە و پێی دهگوتن، بە خودا ئەی مەعشەری قورەیش من لە ئەو قسە باشتر دەکەم و، ئینجا قسەیان بۆ دەکردن دەربارەی پاشاکانی فارس، لەبەر ئەوەی دەربارەی باسەکانی ئەوان شتی دەزانی، گوتوویەتی: قسەی محەمەد هیچ نییە جگە لە داستانی خەڵکانی پێشینان و، گوتوویەتی: لە شێوەی ئەوە دادەبەزێنم کە خودا دای بەزاندوە، دەڵێن: ڕۆیشت بۆ حیرە و لەوێ قسە و فەرموودەی عەجەمەکانی کڕی و، ئینجا هاتەوە بۆ مەککە و باسی ڕوستەم و ئەسفەندیاری بۆ خەڵکەکە دەکرد، دەڵێت: ئەمە وەك قسەکانی محەمەدە دەربارەی عاد و سەمود (ثمود). کاتێك پێغەمبەر قسەی پێشینانی بۆ کردن، گوتی: گوێمان لێ بوە، ئەگەر بمانەوێت لەم جۆرە قسانەدەکەین {إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ} [الانعام: 25] ئەمە هیچ نیە جگە لە ئەفسانەی خەڵکانی پێشتر. واتە: ئەم ئایەتە قسەی نەزرە وەکو قورئان :هێناویەتیەوە

:قەتیلەی کچی حارس شیوەنی بۆ نەزری برای بەم شیعرە گێراوە، وەك

مِنْ قَوْمِهَا، ۋالْفَحْلُ فَحْلٌ مُعْرَقُ أَمُحَمَّدٌ، أَوْ لَسْتَ چِنْو نَجِيبَ ةٍ

مَنَّ الفَتَى ۋهْو المَغيظُ المُحْنَق مَا كَانَ ضَرَّكَ لَوْ مَنَنْتَ ۋرُبَّمَا

للهِ أَرْحَامٌ هُنَاكَ تُمْزق فَلَتْ سُيُوفُ بَنِي أَبِيهِ تَنُوشُهُ

واتە: محەمەدی نەجیبزادە و پیاوی ڕەسەنی قەومەکەی چی زەرەرێکی دەکرد ئەگەر

چاکەیەکی بۆ بکردایەن لەرەحم ڕێکردنی ئەم پیاوەی کە شەمشێری کورانی بنەماڵەکەی خۆی بەسریەوە بوو، بۆ خودا دەبوو ئەگەر رەحمی پێ بکردایە و بەزەیی پێدا بهاتبایەتەوە.
دەڵێن کاتێك پێغەمبەری خودا گوێی لەمە بوو گریا و گوتی ئەگەر ئەم شیعرە بگەییشتایە لام پێش مردنی، ڕەحمم پێ دەکرد و دەمکرد بە خاتری.
ئینجا محەمەد کاتێك لە سەفراء دەرچوو و گەییشتە (عرق الظبية) شوێنێکە، لەوێدا فەرمانی کرد کە عەقەبە کوری ئەبی موعیت بکوژن، کە لەو کۆمەڵە دیلە بوو، دەڵێت کاتێك دەکەوێتە ڕێ بۆ کوشتنی، ئەویش پێی دەڵێت: کێ بۆ منداڵەکان دەمێنێتەوە ئەی محەمەد؟ گوتوویەتی: ئاگر.
لە ئیبن عەباسەوە دەڵێن، کاتێك عەقەبەیان هێنا بۆ کوشتن هاواری کرد: ئەی مەعشەری قورەیش چۆن لە نێو ئێوەدا بکوژرێم کە سەبرتان هەیە، پێغەمبەر پێی گوت: بەکوفر و درۆ و دەلەسە دروستکردن لە سەر پێغەمبەری خودا، لە قسەیەکی تردا گوتراوە، بەتف کردنت بە دموچاومدا.
عەقەبە زۆر جار لە مەککە لەگەڵ محەمەد دادەنیشت، ڕۆژێك لە سەفەر گەڕایەوە و چێشتی لێ نا و داوەتی ئەشرافی قورەیشی کرد و داوەتی محەمەدیشی کرد، کاتێك چێشتی بۆ هێنان، محەمەد ڕازی نەبوو بیخوات و، گوتی: من لەم چێشتەت ناخۆم تا نەڵێیت (أشهد أن لا إله إلا الله)، عەقەبە گوتی: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أنك ڕسول الله) لە خوانەکەی خوارد و ڕۆیشتەوە. عەقەبە هاورێی ئەبی بن خەلەف بوو، هەواڵی گەیاند بە خەڵك دەربارەی عەقەبە، هەواڵ درا بە ئەبی و هات بۆ لای و گوتی: ئەی عەقەبە کاری منداڵانەت کرد؟ گوتی کاری منداڵانەم نەکردوە، بەڵام پیاوێکی شەریف هاتە ماڵەکەم و ڕازی نەبوو لە خوانەکەم بخوات ئەگەر شایەتمان نەهێنم و شەرمم کرد کە بە بێ خواردن لە ماڵەکەم دەربچێت و شایەتمانم بۆ هێنا و نانی خوارد و شەهادەت لە ناخمەوە نەبوو، واتە بە ویستی خۆم نەبوو.
ئەبی پێی گوت: دەموچاوم بە دەموچاوت حەرام بێت ئەگەر محەمەدت بینی نەدەی بە سەر ملیدا و تفێك نەکەی بەنێوچاوانیدا و مشتێك نەدەی بە چاویدا. عەقەبە پێی گوت: ئەوەت بۆ دەکەم. ئینجا عەقەبە محەمەدی بینی و ئەوەی پێ کرد، دەڵێن: کە عەقەبە تفێکی کرد بە دەموچاویدا و نەگەییشتە دەموچاوی و گەڕاوەتەوە بۆ دەموچاوی خۆیدا.
ئەمە چیرۆکی تفەکەی عەقەبەیە بە دەموچاوی محەمەد دا کراوە، هیچ تاوانێکی تری نەبوە کە لە سەر ئەم کردەوەیەی عەقەبە محەمەد ڕقوکینەی لێ هەڵگرتبوو، بەڵام من ئەوەی دەیبینم کە تاوانباری ڕاستەقینە لەوێدا ئەبی کوری خەلەفە کە لە عەقەبە زیاتر ئەو کارەی کردبێت، لەبەر ئەوەی هۆکاری ئەو کارە ئەو بوە و ئەو وای لە عەقەبە کردوە ئەو کارە ئەنجام بدات. ئەم ئەبی خەلەفەیش لە دیلەکانی بەدر بوو، بۆچی وەك عەقەبە نەکوژرا؟ بەڵام لە ڕۆژی ئوحود محەمەد بە دەستی خۆی ئەبیی کوشت، دەڵێن: محەمەد لە غەزوەکانی بە دەر لەو و ئەبی هیچ کەسێکی تری نەکوشتوە. بێگومان نەزر کوری حارس و عەقەبە کوری ئەبی موعیت لەبەر ئەوەی کافر بوون نەکوژران، ئەگەرنا، دەبوایە سەرجەم دیلەکانی قورەیش ڕۆژی بەدر بکوژرانایە، بەڵام ئەمانە لەبەر تۆڵەسەندنەوە و پێخۆشبوون (شایەکامی) کوژران لەبەر ئەو ڕەفتارەی لە مەککە کردبوویان، قسەکەی نەزری پێشوو لە بیرت نەچێت: (بە چاوێك تەماشای کردم مردنی تێدا بوو)، ئەم تەماشاکردنە تەماشاکردنی تۆڵەسەندنەوە بوە وەك لە کەس ناشارڕێتەوە.
ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، کە هەستی تۆڵەسەندنەوەی لە ڕۆژی بەدر لە گیاندا بوە، وەك حەلەبی لە سیرەتەکەی باسی دەکات و گوتی: وای لێ هات کە لە سەر کوژراوەکاندا لە ڕۆژی بەدر بسوورێتەوە و بڵێت:
عَلَيْنَا وَهُمْ كَانُوا أَعَقَّ وَأَظْلَمَا نُفَلِّقُ هَامًا مِنْ رِجَالٍ أَعِزَّةٍ
واتە: ئێمە پیاوانێك لەناو دەبەین کە ئازیزبوون لای ئێمە بەڵام ئەوان زاڵم و توندبوون لەگەڵماندا.
گوتیان: هیچ دێڕێکی شیعری نەگوتوە کە خاوەن کێش و سەروا بێت، ئەم دێرە نەبێت لەگەڵ ئەو دێرەی کە لە ڕۆژی بنیاتنانی مزگەوتەکەدا بوو، لەو کاتەدا گوتی کە قور و خشتی بە

کراسەکەی دەگواستەوە یان بە عەباکەی وەك دەڵێن، گوتوویەتی:
هَذَا أَبَرُّ ڕبَّنَا وَأَطْهَرْ هَذَا الْحِمَالُ لا حِمَالُ خَيْبَرْ
پێشتر واتاکەی باسکرا.
ئەگەر ئەوەی هەندێك لە شیکەرەوان بۆی ڕۆیشتوون لە شیکردنەوەیاندا ڕاست بێت، قسەی {يَوْمَ نَبْطِشُ الْبَطْشَةَ الْكُبْرَى إِنَّا مُنْتَقِمُونَ} [الدخان: 16]. واتة: ئەویَ رۆژی هەڵمەتە گەورەکە دەکەین و ئێمە تۆڵە دەکەینەوە. لەمەدا (البطشة الكبرى) شەڕی بەدر بێت قسەکەمان ڕاستە کە دەڵێین شەڕی بەدر شەڕی تۆڵەسەندنەوە بوە.
ئەوەی وات لێ دەکات تێرامانت هەبێت و وریابیت، وەستانی محەمەد لە سەر قەراغی (القليب) کە فەرمانی کرد لاشەی پاڵەوانە کوژراوەکانی قورەیش فڕێ بدەنە ئەوێوە، لەوێدا وەستا و بە ناوی خۆیانەوە بانگی کردن و دەڵێت: ئەی فلانی کوری فلان، یان فلان کوری فلان، ئەوەتان بینی کە خودا بە حەق پەیمانی پێ دان؟ من ئەوەم بە حەق لە پەیمانی خودا بینی، خراپترین عەشیرەتی پێغەمبەر بوون، ئێوە بە درۆتان خستمەوە و خەڵك باوەڕیان پێ کردم و، دەرتان کردم و خەڵك نیشتەجێیان کردم و شەڕتان لەگەڵدا کردم و خەڵك سەریان خستم. ئەم قسانەی زۆر ڕاشکاونەیە کە لە (قلیب) نەوەستاوە و گوتاریان بۆ بدات و ئەو قسانە بکات جگە لە پێخۆشبوون و شایەکامی و دڵئاوخواردنەوە نەبێت، وەك ئەوەی بەم قسانە داوایلێبوردن لەو خەڵکەی دەوروبەری بکات لە سەر ئەو کارەی واتە کوشتنی ئەوانە، قسەکان لە ڕووکەشدا ڕوو لە خەڵکی (قلیب) بوە، بەڵام لە حەقیقەتدا بۆ ئەوان و دەوروبەرییشیان بوە لە کوڕ و خزم و کەسوکاری ئەو کوژراوانە. ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێت، خەسوو لەگەڵ تۆمە و بووکێ گوێت لێ بێت، ئەگەر نا محەمەد بە خۆی لە فەرموودەیەکدا گوتوویەتی (جوێندان بە مردوو ئازاری زیندوو دەدات و هیچ بە مردوو ناگەیەنێت) وەك پێشتر باس کرا، بۆیە گوتارەکەی بۆ مردوان نەبوە.

(39)
داهاتە داراییەکانی
دوو بەشن، بەشێکی تایبەتە بە خۆی و بەشە گشتییەکەیش بۆ هەموو موسوڵمانان: بەڵام گشتی چوارە، ئەویش: زەکات و غەنیمەی شەڕ و، سەرانە و، فەی (واتە غەنیمەی بێ شەڕ). فەی غەنیمەیەکە لە دوژمن دەبرێت بێ ئەوەی خۆیان هیلاك بکەن بە شەڕ و کوشتار، بە ئاشتی و ڕێکەوتن وەردەگیرێت، هەندێك جار فەی بە غەنیمە دەڵێن، فەی حوکمێکی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام زەکات، بە واتای خێر و سەدەقە دێت، کە لە سەر دەوڵەمەندەکانە، لە هەر ساڵێك جارێك وەردەگیرێت، چوار جۆر پارەیە:
یەکەم: کوشتوکاڵ و بەروبووم.
دوەم: مەڕوماڵات و وڵاخ وەك حوشتر و مانگا و مەڕ.
سێیەم: ئاڵتوون و زێر و زیو.
چوارەم: پارەی بازرگانی بە جۆرە جیاوازەکانییەوە.
بۆ هەر یەکێك لەمانە بڕێکی تایبەت واتە (نصاب)ـی خۆی هەیە، ئەگەر لەوە تێپەڕ نەکات زەکاتی لە سەر نییە، بڕی زیو دوو سەت درهەمە، بڕی ئاڵتوون بیست مسقاڵ، بڕی دانەوێڵە و بەروبووم پێنج ئەوسەق، ئەمەیش پێنج بار لە بارەکانی حوشتری عەرەبە، بڕی مەڕ چل مەڕە، مانگا سی دانە، حوشتر پێنج دانە، بەڵام ئەگەر بڕەکەی نەکاتە یەکسان لەگەڵ ڕەگەزەکەیدا، مەڕێك لە شوێنی دەدرێت، ئەگەر پێنج یەك پێنج جار دووبارە بێتەوە دەبێتە بیست و پێنج، یەك بڕی لێ دەدرێت کە فەرزە بدرێت، درێژەی ئەمە لە کتێبەکانی فیقهی ئیسلامی ڕیز کراوە.
پارەی تایبەتی کە لە زەکات وەردەگیرێت و پێشی دەگوترێت سەدەقە، بە سەر هەشت جۆری موسوڵماناندا دابەش دەکرێت، کە لە قورئاندا دیاری کراوە، دەڵێت: {إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ

السَّبِيلِ} [التوبه: 60]. واتا: سەدەقە و زەكات دەدرێتە هەژاران و کەم دەستان لە رێی خودا و ئەوکەسانەی رێبواری رێی خودان و لە ماڵ دابراوان.
جیاوازی لە نێوان (فقیر) و (مسکین) دروست بوو، گوتیان (فقیر) واتە هەژارێك کە نانی هەبێت بیخوات و ( مسکین) هیچ شتێکی نەبێت. گوتیان فەقیر: واتە پێویستی هەیە و مسکێن کە هەژاری زەلیلی کردوە و حاڵی گۆریوە. یوونس دەڵێت: مسکێن حاڵی لە فەقیر زۆر خراپترە، گوتی: بە ئیعرابییەکم گوت، تۆ هەژاریت؟ گوتی نەخێر بە خودا بەڵکوو مسکێنم، واتە داماو، لە فەرموودەیەکدا، مسکێن ئەوە نییە کە پاروویەك و دوانی بۆ بنێریت، بەڵکوو مسکێن ئەوەیە کە پرسیاری لێ ناکرێت و درێغیی لێ ناکرێت و پێی دەبەخشرێت.
العاملون علیها) ئەو کەسانەن کە زەکاتەکە لە دەوڵەمەندەکان وەردەگرن، (المؤلفه قلوبهم) ) واتە: هاودڵن لە گەڵ ئیسلامدا، ئەشراف و گەورەکانی عەرەبن کە پێغەمبەری خودا هەوڵیان لەگەڵدا دەدات بۆ ئەوەی ببن بە موسوڵمان، شتێك لەو زەکاتەیان وەرگرتوە، لەو کاتەی کە موسوڵمانەکان ژمارەیان کەم بوە. (فی الرقاب) ئەو کۆیلانەی کە موسوڵمان بوون و لە نووسین و پارەی زەکات کۆکردنەوە هیلاك دەبوون، گوتیان دیلەکانیشن و، ئازاکردنی گەردنیش و ڕزگارکردنیان. (الغارمون) ئەوانەی کە قەرزدارن و هیچیان نییە کە پری پێویست بۆ زەکاتدان پڕ بکاتەوە، گوتیان کە بار هەڵگربوون و قورساییان هەڵگرتوە و قەرزاربار بوون تاوانیان (واتە پێ بژاردن)یان داوە. (فی سبیل الله) ئەمانە هەژارانی غەزووکردن و بینین و سەردانیان لێ پڕاوە. (ابن السبیل) ئەو سەرنشینەی سەفەری کردوە و لە خانە و ماڵی خۆی داپڕاوە.
ئەم هەشت پۆلە بە سەر دوو بەشدا دابەش دەکرێن: یەکەم ئەوەی پارەی زەکاتی دەدرێتێ لەبەر ئەوەی پێویستی پێیە، هەژار و، مسکێن و، کۆیلەی هیلاك، لە ماڵ داپڕاو، هەر یەکەی بە پێی توند و زۆری پێویستییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ئەگەر زۆر پێویستی بێت یان کەم و چەند لاواز بێت، هەر یەکێکیشیان پێویستیان پێی نەبێت هیچ پشکێکی نابێت لە زەکات.
دووەم: بەو شتە دەدرێت کە قازانجی بۆ موسوڵمانان هەبێت، عاملون. واتە ئەوانەی زەکاتەکە کۆ دەکەنەوە، ئەشراف و گەورەی عەرەبەکان و، قەرزدەران بۆ چاککردنی نێوانیان و، غەزووکەران لە پێناو خودادا، هەر یەکە و بە پێی قازانجەکەی بەشی دەبێت، ئەگەر قازانجی بۆ موسوڵمانان نەبێت هیچ پشکێکی لە زەکات نابێت.
لەمەدا دەردەکەوێت، کە لە زەکاتدا و لە شەرعی ئیسلامدا وا دەکات کە هەژاران حەقیان بە سەر پارەوپوڵی دەوڵەمەندانەوە هەیە، وەك لە قورئاندا باسی دەکات: {وَفِی أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ} [الذاریات: 19]،واتە: لەو پارەیاندا بەشێکی بۆ ئەوانەی داوای دەکەن و بۆ بێ بەشەکانیش تێدایە. ئەوان مافێکی خۆیان دەبەن، ئەگەر زەکات بە سەدەقەیش ناو ببرێت، بۆیە وا ناو نراوە، لەبەر ئەوەی، پیاو لە باوەڕدا ڕاستگۆ بێت و کۆیلایەتی بۆ خودا لەمەدا دەردەکەوێت، ئەگینا مافێکە و ئەرکی موسوڵمانە جێبەجێی بکات نەك سەدەقە بێت.
فەرزی ئەم حەقە لە سەر دەوڵەمەندان لە سەر دوو کار ڕاگیراوە: یە کێکیان هاوکاری و بەشداری بە حوکمی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی پێکەوە لەگەڵ هەژاراندا دەژین، لە هەموان کۆمەڵێکی خەڵك واتە کۆمەڵگەیەك دروست دەبێت، بیەوێت یان نا، ژیانی هەر یەکەیان پێوەندیی بەوی ترەوە هەیە، بێگومان هەر کۆمەڵەیەکی کۆمەڵگە لە خەڵکانێك دەبێت کە وەك یەکبوونیان دروست دەبێت و هەر تاکە و وەك بەردێك دەبێت بۆ ئەو بونیاتە. چۆن لە بونیاتدا هەر یەك ەو بەوی ترەوە دەبەسرێتەوە ئاوهایش لەوانەدا کە لە یەك کۆمەڵگەدا دەژین، دەبێت بە هاوکاریی یەکتر ببەسترێنەوە، ئەگینا بێ هاوکاری هیچ واتایەك بۆ کۆمەڵگە نامێنێت.
دووەم: بە هەموو کۆمەڵێکی کۆمەڵگەدا، هەمیشە هەژاران زیاترن، ئەوان کارکەرن و خاوەن پیشە و هیلاك دەبن، ئەوان لە ڕاستیدا بەرهەمهێنەرن بە دەست و بازووی خۆیان بە کار و هیلاکبوونیان بۆ هەر شتێك لە دەستی خەڵکدایە، نە هەق و نە ئینساف و پیاوەتیە کە دەوڵەمەندەکان بە پارەوپوڵ بۆ قازانجی خۆیان بە کاریان بهێنن، بۆیە مافیان لە سەر پارەی

دەوڵەمەندەکانە. ئەمەیە بنەمای زەکات، کە لە سەر بنەمای سۆسیالیزم دەچەسپێت.
ئەوەی شایەنی باسە لێرەدا، لایەنی چاکەی ئەوە بوە کە پارەی زەکات لە سەر ئەوانەی کە شایەنی وەرگرتنین دابەش کراوە، ئەوەی لێیان زیاد بوە هەڵیان گرتوە و لە سەر خەڵکی وڵاتی تر دابەشیان کردوە، کاتێك پێغەمبەر مەعازی نارد بۆ یەمەن، فەرمانی پێ کرد کە سەدەقە لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگرێت و دابەشی بکات بە سەر هەژاراندا، فەرمانی نەکرد کە هەڵی بگرێت و بیهێنێتەوە بۆی، وەك ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا باسی دەکات. هەروەها لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا باس کراوە.
بەڵام غەنیمەی شەڕ پێشتر باس کرا، کە لە ژێر ناونیشانی (ورووژێنەرەکانی جیهاد) لە لەزەتبەخشەکاندا باس کرا، تەماشای بکە.
بەڵام سەرانە، لە سەرەتادا نەبوو، ئەمە پاش دابەزینی (براءە) لە ساڵی هەشتەمی کۆچی لەو ئایەتەی کە بۆ وەرگرتنی سەرانە (جزیە) دابەزی: {قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ} [التوبە: 29] واتە: لەگەڵ ئەوانەدا بجەنگن کە باوەڕیان بە خودا و ڕۆژی قیامەت نیە و ئەو شتانیە پێغەمبری خوا بە نارەوا دەیزانن و ئەمان بە ڕەوا و دەبێت ئەو سەرانە بە زەلیلیشەوە بدەن.
بە هۆی دابەزینی ئایەتی سەرانە (الجزیە) گوتیان: وایکرد کە قەرەبووی قوڕەیش بکاتەوە لەوەی دەستکەوت و بە هۆی نەهێشتنی حەجکردنی موشریکەکان تووشی قەیران هاتن، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە، ئەو بازاڕانەی کە لە وەرزی حەج دەکرانەوە، جگە لە خەرجکردنی پارەی ئەوانەی دەهاتن بۆ حەج کەسی تر نەبوو، بۆیە قوڕەیش قازانجێکی لە ڕادەبەدەری لە بازرگانی لەو بازاڕانە دەکرد، موشریکەکان تا گرتنی مەککە لەگەڵ موسوڵماناندا حەجیان دەکرد، پاش فەتحی مەککە بە ماوەیەکی کەم، ئایەتی (براءە) دابەزی، لەوێدا پێغەمبەر پەیمانی لەگەڵ موشریکەکان شکاند و جاڕی شەڕی گشتی دا و ڕێگەی لە موشریکەکان گرت کە حەج بکەن، ئەم ئایەتە دابەزی: {إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَذَا} [التوبە: 28] واتە: بێ باوەڕان نەگریسن نابێ لە پاش ئەم ساڵ لە(مسجد الحرام) نزیك ببنەوە.
کاتێك قوڕەیش ئەمەی بینی، کە موشریکەکان ڕێگرییان لێ دەکرێت بێن بۆ حەج، لە پاشەڕۆژی ئەمە و لێکەوتەکانی ترسان، لە دەرئەنجامدا دەستکەوت و قازانجیان لە بازرگانییەکانیان نەمینێت، کە لە وەرزی حەجدا ڕەواجی بازرگانییان زۆر بوو. وای کرد کە بە سەرانە قەرەبووی ئەو زەرەرە بکاتەوە کە لە نەهێشتنی حەجکردنی موشریکەکان دەکەوتەوە، ئەو ئایەتەی لە پاش ئایەتی نەهێشتنی حەجەکە هاتوە بەڵگەی ئەو قسەیە: {وَإِنْ خِفْتُمْ عَيْلَةً} [التوبە: 28] هەرچەند بەخێوکەرکەی بترسێتیش. واتە بە هۆی ڕێگرتن لە موشریکەکان لە حەجکردن خوێنراوەتەوە، ئەو دەستکەوت و قازانجەی لەوانەوە دەست کەوتوون {فَسَوْفَ يُغْنِيكُمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ} [التوبە: 28] واتە خودا جێگەی بۆتان دەکاتەوە، واتە بە بەخشینیان بە ڕێگەیەکی تر ئەویش سەرانەیە. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) دا دەڵێت: خەڵکی مەککە زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی قەرەبووی ئەوە دەکەنەوە، کە بەو هۆیەوە لە بازرگانیدا زەرەریان کردبوو، کاتێك خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ...}الایە، واتە : ئەی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، ماڵ و موڵکی بێ باوەر نەگریسە. دەڵێت: خودا بە سەرانە قەرەبووی بۆ کردن. لە شیکردنەوەی زەمەخشەریدا هاتوە لە ئیبن عەباسەوە، گوتوویەتی: شەیتان ترسی خستە دڵیانەوە، پێی گوتن: لە چی دەخۆن و خودا فەرمانی پێ کردن کە شەڕی ئەهلی کتێب بکەن و بە سەرانە قەرەبووی بۆ کردنەوە.. واتە سەرانە بۆ ئەوانە نەبوو لە سەردەمی موسوڵمانان کەوتبێتە ئەستۆیان جگە لەوەی سزایەك بێت لە سەر ئەوەی کە خەڵکی زمە بە شمشێرەکانیان دەپارێزن، وەك لە وشەی (جزیە) سەرانە لە جزائەوە هاتوە، واتە سزای حەق.
بەڵام دواتر ئەم سەرانە هیچ قەرەبوویەکی نەکردەوە چونکە موشریکەکان بوون بە موسوڵمان و

پۆل پۆل هاتنە نێو ئایینی خوداوە و، ئینجا وەك پێشتر حەجیان دەكرد، بەڵام سەرانە هەر مایەوە سەرەڕای ئەوەی هۆكارەكەی نەما.
ئەوەی دەیبینم: سەرانە ئەگەر بۆ ئەوە بێت كە وەك سزایەكی حەق (جزیە) سەرانەی ئەوەی نەبوە بە موسوڵمان و بەردەوام بوو بۆ ئەوانە بێت كە ئەهلی زمەیان بە شمشێرەكەیان دەپاراست! زەمەخشەری دەڵێت: سەرانە بۆیە لە سەر ئەهلی زمە دانراوە، بۆ ئەوەی ئەهلی زمە حەق بدەنەوە لەبەر ئەوەی ئەهلی كوشتار بوون و بۆ لێبوردن وەری بگرن لە لایەن ئەهلی كوژراوانەوە.
لە جەزاوە واتە سزای حەقەوە هاتوە، بێگومان موسوڵمانان، ئەگەر هەر كەسێك لە ئەهلی كتێب یان خەڵكی تر بێتە ژێر سایەی ئەوان و لە سەر ئەستۆی ئەوان بێت، ئەرك بوو لە سەریان كە پارێزگاریی لێ بكەن و دوژمنانیان لێ دوور بخەنەوە، وەك پەیمان و بەڵێنیان دابوو. جزیە واتە سەرانە وەك چاكەدانەوەیەك بوە. لە سەر ئەو پارێزگارییە، محەمەد لەوەدا هیچ قسوورێكی نەبوو، كە بیكاتە داهاتێك بۆ ئەوان و ماڵی موسوڵمانان پێی بەهێز بكات، بۆ ئەوەی هەڵبسن بەو ئەركەی لە سەر شانیانە، لە پاراستنی ئەو ئەهلی زمەی كە لە ئەستۆی ئەوان بوو پارێزگاریان لێ بكەن.
لەگەڵ ئەوەیشدا، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بوە قەرەبووی ئەوە بكاتەوە كە قورەیش لەو بڕیارە زەرەری كردبوو، كە نەیهێشت موشریكەكان حەج بكەن، ئەمە ئەوەی گوتمان ڕەت ناكاتەوە لەبەر ئەوەی هەر دووكیان بە سەرانە ئەنجام درا.
زانایانی ئایینی لەبارەی ئەوانەی كە سەرانەی لێ وەردەگیرێت ناكۆك بوون، لای ئەبی حەنیفە: لە سەر هەر زمی و مەجوسی و سابئی و حەربیەكە جگە لە موشریكە عەرەبەكان بە تەنها، زوهری دەڵێت، پێغەمبەری خودا بە سەرانە ئاشتەوایی لەگەڵ بتپەرستان جگە لە عەرەبەكانیان كرد و، بە خەڵكی مەككەی گوت: ئایا وشەیەكتان یان قسەیەكتان پێیە گەر بیڵێن عەرەب ملكەچتان بن و عەجەم سەرانەتان پێ بدەن، لای شافیعی: (جزیە) سەرانە لە موشریكە عەجەمەكانیش وەرناگیرێت، ئیبن قەییم ئەمەی بە درۆ خستەوە ئەوەی خستە سەر (ئەگەر بتەوێت)).
بەڵام بڕی سەرانەكە لای ئەبی حەنیفە: لە سەرەتای ساڵدا لە هەر هەژارێك وەردەگیرێت كە داهاتی دوانزە درهەم بێت، ئەوەی دەوڵەمەندی مام ناوەندیێت دوو قاتی ئەوە، لە دەوڵەمەندەكانیان، دووقاتی دووقات واتە چلوهەشت درهەم. لە هەژارێك وەرناگیرێت كە داهاتی نەبێت. لای شافیعی: لە كۆتاییی ساڵ وەردەگیرێت، هەر یەكە و یەك دینارە گەر هەژار بێت یان دەوڵەمەند، ئەگەر داهاتی هەبێت یان نەبێت.
لە (زاد المعاد)ـی ئیبن قەییم دەڵێت: بەڵام حوكمی پێغەمبەر لە سەر بڕەكەی، مەعازی نارد بۆ یەمەن و فەرمانی پێ كرد كە لە هەر حاجییەك دینارێك وەرگرێت، یان بەو بەهایەی كە (معافر) كراسێكی ناسراو بوو لە یەمەن دا، واتە بەو نرخەی زانراو بوو: گوتی: ئینجا عومەر زیاتری كرد و كردییە چوار دینار لە خەڵكی ئاڵتوون دار و چل درهەمی سەر خەڵكی پارەدار لە هەر ساڵێكدا، گوتی، پێغەمبەری خودا لاوازیی وەزعی خەڵكی یەمەنی دەزانی و، عومەر بە دەوڵەمەندی خەڵكی شامی دەزانی و بەهێز بوون لەو كاتەدا. لە مەدا لە بڕیی (جزیە) واتە سەرانە تێ دەگەیت، كە لەگەڵ جیاوازیی حاڵی داراییان و بەهێزی و لاوازییان دەگۆڕێت. لێرەدا قسەیەك هەیە كە زانایانی ئایینی لە سەر چۆنێتیی بەخشینی سەرانە خستوویانەتە بازاڕەوە، لەمەیشدا پەند و ئاگادارییەكە لە سەر ئەحواڵی خەڵكی ئاییندار، ئەوەی لە سەریان سەپێنراوە لە ڕقوكینە و ناكۆكی لە نێوانیاندا بوە.
ئایەتی جزیە لە قورئاندا دەڵێت {حتى يعطُوا الْجِزْيَةَ عَنْ يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ} [التوبە: 29] پێشتر واتاكەی باسكرا. واتە بە زەلیلی سەرانەكەش دەدەن. دەڵێن لە شیكردنەوە (عن يد) یان لە سەر دەستی ئەوەی دەدات یان ئەوەی وەری دەگرێت، ئەگەر مەبەست دەستی ئەو كەسە

بێت کە دەیدات، واتە ئەو دەستەی کە خۆی دێت نەك ڕێگری بکات، لەبەر ئەوەی ئەوەی ڕازی نەبێت و ڕێگری بکات دەستی نادات، کە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی گوێڕایەڵ و بەڕێوەبراو بێت، بۆیە گوتوویانە بە دەستی خۆی دەیدات ئەگەر لە ژێر بەڕێوەبردن و فەرماندا بێت، واتا لە دەستێکەوە بیدەن بە دەستی تر، بە کاشی و بێ لە بیرچوون و لە ڕێگە و دەستی کەسی ترەوە نەبێت، بەڵام لە دەستی ئەوەی دەیدات بۆ دەستی ئەوەی وەری دەگرێت.
ئەگەر مەبەست دەستی وەرگریێت: تا بە دەستی زۆردار و دەست بە سەردا گرت، یان بەوەی چاکە و نیعمەتی لە سەریان بێت، واتە دەست بە واتای نیعمەت، لەبەر ئەوەی قبوڵکردنی سەرانە و وازلێهێنانیان بە ئازادی نیعمەتێکی گەورەیە بۆ ئەوان.
لە شیکردنەوەی (وهم صاغرون) دەڵێن: لێیان وەردەگیرێت بە بچوككردنەوە و زەلیلكردنیان، لەبەر ئەوەی، یەکەم: خۆی دەبێت بیهێنێت و، نابێت بە کەسێکی تردا بینێرێت. دوەم: بە ڕێکردن بێت نەك بە سواری. سێیەم: بە پێوە ڕادەستی بکات و ئەوەی وەری دەگرێت دانیشتبێت. چوارەم: ئەمە زۆر نامۆیە کە دەبێت ملکەچ بێت و ئەگەر ورتەورت بکات، یەخەکەی دەگیرێت، لەو کاتەی سەرانەکە وەردەگیرێت ملی ڕادەکێشێت و پاڵی پێوە دەنرێت.
بێگومان وەرگرتنی سەرانە لەو خەڵکەی لەسەریانبووە بیدەن، بەم شێوەیە لە کاتی محەمەددا نەبوە، بەڵکوو بەم شێوە توندە لە سەرەتای ئیسلامدا و لە کاتی توندڕەوی و ڕەگەزپەرستیی ئیسلامدا بوە، ئەگینا ئەو ئایەتە، کە دەڵێت (وهم صاغرون) بە سەرانەدانیان و ملکەچبوون بەو فەرمانە خۆی لە خۆیدا بچوکییە. بچوکی لەوێدا دەبێت کە سەرانە دەدەن و هیچ پێویست بەو سیستەمە توندە ڕەقە بەهێزە ناکات.
ئەمەو ئەوەی لە کۆتاییدا دەربارەی جزیە دەیڵێن، لەو کاتەوە خستییە سەر خەڵکی کوفر و بەوەیش لە سەر ئیسلام نەبوو. ئەمەیش بەڵگەیەکی ڕاشکاوانەیە کە ئامانجی محەمەد لە بانگەشەی ئیسلامی تەنها ئایینی ڕووت نەبوە ـوەك پیشتر باسی ئامانجەکەیمان کردـ ئەگەر نا سەرانە لەو سەرگەردانییە ڕزگاریان ناکات و لەو ڕێگە چەوتە کە تێیدان ڕاستیان ناکاتەوە و لە ئازاری ئاگر قوتاریان ناکات. ئەگەر ئامانج بانگەشە بێت بۆ خودا و ڕزگارکردنی خەڵك هەمووی مەبەست بێت و لە لاری و وێڵی و سەرگەرادنی ڕزگاریان بکات و ڕێگەی ئایینی ئیسلام و پەرستنی خودا پیشانیان بدات کە تاك و بێ شەریکە، نەدەبوو بە هۆی سەرانەدانەوە لە سەر کوفر و وێڵی و چەواشە بمێننەوە. خودا یارمەتیی ئەبووعەلا بدات کە دەڵێت:
بُگْلٍ، وتُجمَع إكراماً لهُ الشّيْعُ المالُ يُسكِتُ عن حَقٍّ، ويُنكِقُ فى
مَساجِدُ القَومِ مَقروناً بها البِيْعُ وجِزْيَةُ القومِ صدّتْ عنهمُ، فغدتْ
بەواتای: پاڵەوانێك پارەی بۆ کۆ بکرێتەوە بەرامبەر ئەوەی لە حەق بێ دەنگ بێت کە سەدان ساڵ لە مزگەوتەوە بانگەشەی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی دوایبکەون، کەچی لەبەر خاتری سەرانە خەڵکێك مەرجی موسڵمانبون لەسەری لابدرێت.
بەڵام ( فیء) دەستکەوتی بێ شەرو هیلاکی، کە گوتمان: ئەوەی کە هیچ هیلاکییەکی لە سەر خەرج نەکراوە، واتە غەنیمەتی بێ شەڕوشۆڕ، وەك ئەوەی لە ئاشتەوایی بێ شەڕ و کوشتن دێتە دەست، حوکمی ئەمە ئەوەیە کە وەك غەنیمەت دابەش ناکرێت بە سەر سوپادا، بەڵکوو تایبەتە بە خودی پێغەمبەری خودا و لە کوێ بیەوێ دای دەنێت، واتە حوکمەکەی وەك حوکمی پێنج یەکە لە غەنیمەتدا. وەك پێشتر زانیت کە پێنجیەکی غەنیمەت بۆ پێغەمبەری خودا و خزمان و هەتیو و هەژار و بێ نیشتەجێ و لە ماڵ دوورکەوتوو بوە. هەروەها (فیء) هەر وەك پێنجیەك خەرج دەکرێت، ئەوەی زیاترە کە لە دەرەوەی خەڵکی پێنجیەکیش لە ناو موسوڵماناناندا خەرج دەکرێت، بەو پێیەی بۆ پێغەمبەری خودایە، لە داهاتە تایبەتییەکانی محەمەدە، بەڵام لەبەر ئەوەی نا موسوڵمانانی غەیرە عەرەب بەشدار دەبن لە خەرجکردنی، بۆیە لە داهاتە گشتییەکان حسابمان کرد و ئەمەیش ڕاستە.
باشترین نموونە بۆ ئەم داهاتە واتە فەی باس بکەین (فدك) گوندێکە لە حیجاز لە نێوان خۆی و

مەدینە دوو تا سێ قۆناغ دوورە، کانییەکی بەخوری تێدایە لەگەڵ زۆرێك لە دارخورما وەك لە (معجم البلدان)دا هاتوە. پاش مردنی محەمەد لە سەر (فدك) ناکۆکی و شەڕوشۆڕێکی زۆر کەوتە نێوان موسوڵمانانەوە و، تا زەمانی (مأمون) درێژەی کێشا. چیرۆکی ئەم گوندە ئەوەیە، کاتێك پێغەمبەری خودا گەمارۆی لای خەڵکی خەیبەری دا و شووراکانی کردەوە، جگە لە سێ دانەی مابوو کە ئابڵووقەکەی توند کرد بە دوایاندا نارد کە بیانهێنێتە دەرەوە، ئەمە گەییشتە خەڵکی فدك، ترسان و خەڵکیان نارد بۆ لای پێغەمبەری خودا کە بە نیوە لە پارە و بەرەکانیان ئاشتەواییان لەگەڵدا بکات و ئەویش ڕازی بوو. ئەمە دەستکەوتێکە هیچی تێ نەچوە، بۆیە .تایبەت بوە بۆ پێغەمبەری خودا وەك ئیبن ئیسحاق و خەڵکی تریش باسیان کردوە

هەروەها پارە و موڵکەکانی بەنی نەزیر بۆ پێغەمبەری خودا بە فەی حساب کرا، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی کەم ئابڵووقەی دان، بە ئاشکرایش ئاشتەوایی لەگەڵ کردن، کە باری حوشترێك لەگەڵ خۆیاندا بەرن جگە لە چەك و تفاقی جەنگ. حەلەبی لە سیرەتەکەی دەڵێت:

پێغەمبەری خودا ئەو زەوییانەی کە دارخورمای تێدا بوو بۆ کشتوکاڵ بە کار دەهێنا و لەو داهاتە خۆراکی بۆ خەڵکی سوننەتی خۆی هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە دەیدا بە چەك و تەقەمەنی .لە پێناو خودادا

لە (الإمتاع)دا دەڵێت: بەنوو نەزیر لە پوختەکانی پێغەمبەر بوون واتە (صفایا) واتە ئەو شتانەی پێش دابەش کردن بۆ خۆی بوو، بۆ خۆی هەڵی دەگرت و لە سەر خەڵکەکە خەرجی دەکرد و سەدەقەی لێ دەدا. لە (زاد المعاد) و (الصحیحین) لە عومەری کوری خەتابەوە وەرگیراوە، دەڵێت: پارە و ماڵی بەنو نەزیر ئەوەی کە خودا فەی کرد بۆ پێغەمبەری خودا و، ئەوەی هیچ موسوڵمانێکی لە سەر لە ناو نەچوو، هەروەها هیچ سوارچاکێکیش تێدا نەچوو، بۆ پێغەمبەری خودا بوو، لە سەر خزم و خەڵکەکەی خەرجی سوننەتی دەکرد، لە قسەیەکدا: خۆراکی سوننەتی بۆ خزم و کەسوکاری هەڵدەگرت و ئەوەی تر بۆ پەککەوتە و چەك و تەقەمەنی لە .پێناو خودادا بوو

ئیبن قەییم دەڵێت: فەقیهەکان لە سەر فەی جیاوازییان تێ کەوت، ئایا بوە موڵکی پێغەمبەری خودا کە چۆنی بوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکات یان نەبوە موڵکی ئەو، وەك دوو قسەی مەزهەبی ئەحمەد و خەڵکی تریش. ئەوەی بۆمان دەری دەخات کە موڵکی تایبەتی خۆی بوە و حوکمی سەرجەم موڵکەکانی تری لە سەر بوە، نە دەفرۆشرێت و نەیش دەبێت بە میراتی، موڵکی محەمەد نەبوە بە تەنها، بەڵکوو ئەو خەڵکە بەشدارە لەگەڵیدا کە پێنجیەك و شتی تریش بە زیادەوە بەریان دەکەوێت. ئیبن قەییم دەڵێت: ئەم جۆرە پارانە پشکن کە ناکۆکی لە نێوان موسوڵمانان تێ کەوت، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان، گوتی: بەڵام زەکات و غەنیمەت و دابەشکردنی میراتی تایبەتی بە خەڵکی خۆی و هیچ هاوبەشێکیان نییە، هیچ کێشەیەکی بۆ وەلی ئەمری پاش خۆی دروست نەکرد، وەك ئەوەی فەی دروستی کرد، گوتی، ئەگەر ئەو کێشەیە لە سەریان دروست نەبوایە، فاتمەی کچی پێغەمبەری خودا داوای میراتەکەی نەدەکرد لەو ماڵوموڵکەی باوکی کە مابوونەوە و، وای دەزانی کە وەك خەڵکی تر ئەمیش میراتی بۆ دەمێنێتەوە، ئەوەی لێی نادیار بوو کە لە حەقیقەتدا ئەوە پارە و موڵکانە بۆ میراتی نەبوە و دەبێتە سەدەقە لە پاش خۆی. گوتی: پاش ئەوەی خەلیفەی ڕاشدی ئەبووبەکر ئەوەی زانی و هەروەها خەلیفەکانی پاش ئەویش، ئەو پارانەی فەی پاش مردنی نەیانکردە میراتی، کە دابەشی سەر میراتگران بکەن، بەڵکوو دایان بە عەلی و عەباس وەك پێغەمبەری خودا مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و تەنانەت ناکۆکیش بوون لە سەری و سکاڵایان بردە لای ئەبووبەکر و .عومەر. هیچ یەکێك لەمان وەك میراتی وەری نەگرت، نە عەلی و نەیش عەباس

خەرجییەکانی فەی لە قورئاندا هاتوە، وەك لە سورە الحشردا باسی دەکات: {مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ

شَدِيدُ الْعِقَابِ. لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنْصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ. وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ} تا دەڵێت: {وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ} [الحشر: 7-10] واتا: هەر تاڵانی لە دانیشتوانی ئەو شارانە خوا بۆ پێغەمبەری ناردووە، بۆ خودا و پێغەمبەر و خزمە نزیکەکانی و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و بێنەوایان نەبێتە سەرمایەی ئاڵوگۆڕ لە نێو دەوڵەمەندەکان و هەرچی پێغەمبەر دەتانداتی لێی وەیگرن لە هەر شتێکیتان بێ بەش بکات دەستی بۆ مەبەن و لەخودا بترسن و تۆڵەی خودا زۆرداره. ئەوانەی لە ماڵەکەدان و باوەڕدارن و ئەوانەیان خۆش دەوێت کە کۆچیان کردووە بۆ لایان و ئەوانەی لەدوای ئەوان هاتون. تا کۆتایی ئایەتەکە.

ئەوانەی فەی یان بە سەردا دابەش دەکرێت و حەقیان تێیدا هەیە: ئەوەی لەم ئایەتانەدا دیاری کردوون و، ئەوانیش پاش پێغەمبەری خودا، خزمان و هەتیوان و هەژاران و خەڵکی سەر ڕێگە واتە لە ماڵ بە دەر و هەژارە کۆچییەکان و هەژارە ئەنسارەکان و ئەوانەی لە دوای ئەوان هاتوون، واتە ئەوانەی سەر بەوانن، بەڵام هیچیان پرێکی تایبەتی خۆی نییە لە فەی، بەڵکوو ئەو کارە دراوە بە پێغەمبەری خودا چۆنی بوێت دای دەنێت و، بە کێی دەدات و چی و چەندی دەداتێ.

کورتەی باسەکە: پێنجیەك؛ لە غەنیمە دەردەچێت بۆ پێغەمبەری خودا دەبێت، کە چوار خەڵکی تر بەشدارن لەگەڵیدا: خزمان، هەتیوان، هەژاران، خەڵکی لە ماڵ بە دەر. بۆ هەر یەکەیان پێنجیەکی پێنجیەك لە غەنیمە دەبێت. هەروەها فەی بۆ پێغەمبەری خودایە و، ئەو چوار جۆرە و خەڵکی تری کۆچبەران و ئەنسار و ئەوانەی سەر بەوانن دەگرێتەوە، بەڵام هیچیان پشکی تایبەتی خۆی نییە وەك لە پێنجیەکدا هەیە، بەڵکوو ئەمە وەك گوتمان دراوە بە پێغەمبەر چی و چەند دەدات و بە کێی دەدات کە بیبینێت پێویستی پێیە، ئەمەیش بە پێی چەند لە ئیسلامدا قوڵ بوە و چەند لە موسوڵمانبوونیدا کۆنە و بە پێی پێویستی خۆی.

ئیبن قەییم دەڵێت: ئەوەی عومەر لەو بارەوە باسی کردوە کە ئەحمەد گێڕاوێتییەوە: هیچ کەسێك لە هیچ کەسێکی تر بە موستەحەقتر دانانرێت لەم پارەیە، بە خودا هیچ کەسێك نییە کە حەقی لەم پارە هەبێت و بەشی هەبێت جگە لە کۆیلەیەك موڵکی خەڵك بێت، ئێمە لە ماڵی خۆماندا بووین و لە سەر کتێبی خودا بووین و لە پێغەمبەری خوداوە دابەشمان کرد بە سەر ئەوەی هەر یەکە و بە پێی سەرقاڵی بە موسوڵمانەوە و چەند کۆنە لە موسوڵمانبووندا و هەر پیاوێك چەند دەوڵەمەند بوە لە ئیسلامدا و هەر پیاوێك پێویستی چەندە، بە خودا ئەوەندەی لێ مایەوە، تا شوانێك لە شاخی سەنعاء لەم پارەیەی برد، کە لە شوێنی خۆیدا شوانیی دەکرد.

ئیبن قەییم دەڵێت: ئەوانەی لە ئایەتی فەی ناو هێنراون، ئەوانەن کە لە ئایەتی پێنجیەك ناو هێنراون، لەبەر ئەوەی مافی ئەوەیشیان لە فەی هەیە، ئەهلی پێنج یەك دوو مافی هەیە: حەقی تایبەت بە پێنج یەك و، مافی گشتی لە کۆی فەی، ئەوان لە هەر دوو لا بەشیان دەکەوێت.

بەمەیش ئەو ڕاستییە دەبینیت، کە فەی-مان بە داهاتی دارایی گشتی دانا، لەبەر ئەوەی تەنها بۆ پێغەمبەری خودا نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوانەیش بوو کە باسمان کردن، کە بەشدارییان تێیدا کردوە. فەی بە واتا ڕاستییەکەی لە دارایی گشتییە، بۆیە پێغەمبەری خودا چاکەی بۆ خەڵکی یەککەوتە بوە و چەك و تفاقیشی پێ کڕیوە لە پێناو خودادا.

لە پارەی فەی پەیژە و ڕاخەر و تەختەی پەڕینەوە کە قایمگەی خەیبەر بوون کڕان، لەبەر ئەوەی شووراکانی خەیبەر بە زەبری هێز کرانەوە و تێکشکێنران، جگە لەو دوانەی بە ناوی (وطیح)و (سلالم) کە بە ئاشتەوایی بران، بۆیە بوون بە فەی بۆ پێغەمبەری خودا.

ئەوەی بە فەی زانراوە کە تایبەتمەندبێت بە پێغەمبەری خوداوە: پارەی موخەیریقی یەهوودیش کە بوو بە موسوڵمان لە ڕۆژی ئوحود و وەسیەتی کرد پارەکەی بدرێت بە پێغەمبەری خودا. ئیبن

ئیسحاق دەڵێت: شمشێر و تفاقەکەی برد و گوتی ئەگەر پێ کرام، واتە کوژرام پارەکە بۆ محەمەد بێت چیی لێ دەکات بیکات، ئینجا ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خودا و شەڕی کرد تا کوژرا، وەك پێمان گەییشتوە، پێغەمبەری خودا گوتوویەتی، موخەیریق لە چاکەکانی یەهوودە.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: حەوت دیواری لە بەنی نەزیر هەبوو: ئیبن جەوزی دەڵێت ئەمە یەکەم بەخشین (وقف)ە لە ئیسلامدا. کۆی پارەی فەی ئەم دوو شوورایە بوون واتە دیوارەکان پەیژە و وەتیح، فەدەك، زەوییەکانی بەنی نەزیر، لەگەڵ شتی یەدەك و موڵکوماڵەکەی موخەیریق. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەمە هەمووی تایبەت بوو بە پێغەمبەر و لێی خەرج کرد و دابەشی کرد بە سەر کەسوکاریدا و، ئەوەی دەمایەوە دەیدا بە پەککەوتە و بۆ ئەو چەك و تەقەمەنییەیش لە پێناو خودادا بوو. گوتی لەوانەیە ئەگەر پێویستی بکردایە شتێکی خەرج بکردایە و پێش کۆتاییی ساڵ قەرزی بکردایە. دەڵێت: پێغەمبەری خودا کە مرد قەڵغانەکەی لای یەهوودیەك بە ڕەهن دانرا بوو بۆ بڕێك جۆ.
ئەوەی لەمە هەمووی تێ دەگەین ئەوەیە کە فەی لە داراییی گشتی بوە، بەڵام دەستکاریکردنی تایبەت بوە بە پێغەمبەری خودا. بۆی هەبوە لە کوێ دای بنێت و بە سەر کەسوکارەکەیدا دابەشی بکات و لەوانەی بە ئەهل و خزمان و هەتیو و هەژاران موسوڵمانانی بدات، هەروەها بۆ شتی تریش خەرجی بکات کە لە بەرژەوەندیی موسوڵمانان بێت، وەك بۆ کڕینی ئەسپ و چەك و شتی تر.
خەرجکردنی ئەم پارانە بە سەر کەسوکارەکەیدا ئەوە ناگەیەنێت کە موڵکی تایبەتی خۆی بێت، ئەوە ڕێگەی پێ داوە کە بەو پارەیە چی بیەوێت بیکات یان لە چی شوێنێك دای دەنێت و چۆن خەرجی دەکات، لەبەر ئەوەی موڵکی تایبەتی خۆی نەبوو، ئەبووبەکر نەیدا بە فاتمە و ڕێگریی لێ کرد وەك میرات بیبات و هیچی پێ نەدا.
ئەوەی لە ئوم هانی ئەوە وەرگیراوە دەڵێت: پاش مردنی پێغەمبەری خودا، فاتمە هات بۆ لای ئەبووبەکر و پێی گوت: کێ میراتگرت دەبێت؟ گوتی: خێزان و منداڵەکانم. گوتی: ئەی بۆچی بە بێ ئێمە میراتییەکەی پێغەمبەری خودا دابەش کراوە؟ گوتی: ئەی کچی پێغەمبەری خودا، نە ئاڵتوون و نە زیو و نە چی و چیمان بۆ نەماوەتەوە، فاتمە گوتی: پشکەکەمان لە خەیبەر و سەدەقەکەمان لە فەدەك دایە. گوتی: ئەی کچی پێغەمبەری خودا، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیگوت؛ ئەمە خۆراکێکە خودا پێی داوم لە ژیانمدا، ئەگەر مردم دەگەڕێتەوە بۆ موسوڵمانان، ئەگەر تۆمەتبارم دەکەیت پرسیار لە موسوڵمانان بکە هەواڵت لەو بارەوە پێ دەدەن، بەڵام ئەوانە بەخێو دەکەم کە پێغەمبەری خودا بەخێوی کردوون و بە سەر ئەوانەدا دابەشی دەکەم و خەرجی دەکەم کە پێغەمبەری خودا بۆی کردوون و پێی گوت: من هیچ شتێك بە جێ ناهێڵم و ئەوەی پێغەمبەری خودا کردبێتی دەیکەم، من لەوە دەترسم کە شتێك نەکەم یان خەرجێك نەکەم قێزەوەن بم، هەروەها ئەبووبەکر لەوەیش، واتە فەی وەك میرات بە ژنەکانی پێغەمبەری خودایش نەبەخشی. لە عەروەی کوری زوبێرەوە: ژنەکانی پێغەمبەری خودا عوسمانی کوری عەفانیان نارد بۆ لای ئەبووبەکر پرسیاری پشکەکانیان لە میراتییەکانیان لە بەشی پێغەمبەری خودا لێ کرد، ئەبووبەکر گوتی: بیستم پێغەمبەری خودا گوتی: ئێمەومانانی پێغەمبەران میراتیمان نییە، ئەوەی بە جێی دەهێڵین سەدەقەیە، بەڵام ئەم پارەیە هیی آل محەمەدە، بۆ جێگرەوەکەی و میوانانی و ئەگەر مردم بۆ وەلی ئەمری دوای من دەبێت، بێدەنگ بوون. لە گێرانەوەیەکدا هاتوە: فاتیمە لە لای ئەبووبەکر گوتوویەتی باوکی لە ژیانیدا لە شتی فەدەکی پێ داوە و، بۆ خۆی بوە و، لە ئەبووبەکر داوای کرد کە بەشەکەی بداتێ و، عەلیی کوری ئەبووتالیب لەو بارەوە شایەتی بۆ داوە، پرسیاری شایەتێکی لێ کرد، ئوم ئەیمەن لایەنگری پێغەمبەر بوو شایەتی بۆ دا، گوتی: وەك دەزانیت ئەی کچی پێغەمبەری خودا یان بە شایەتی دوو پیاو یان پیاوێك و دوو ژن دەبێت، ئەویش ڕۆیشت. شیعە وای دادەنێت، کە ئەبوویەکر زوڵمی لە فاتیمە کردوە، کە ئەوەی لە باوکی بە جێ ماوە نەیداوەتێ و ڕێگریی لێ کردوە، دەڵێن: ئەو

هیچ بەڵگەیەکی پێ نەبوە لە سەر ئەو هەواڵەی کە پشتی پێ بەستوە، لەبەر ئەوە حوجەتی بە یەك هەواڵ هێناوەتەوە کە لەگەڵ ئایەتی (المواريث) دا ناکۆکە و، موسوڵمانانی تر ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە، کە ئەو حوکمی لە سەر ئەوە دابێت کە لە پێغەمبەرەوە گوێی لێ بوویێت، ئەوە حوکمێکی براوەیە، ئایەتی (المواريث) لەگەڵ کرۆکی قسەی پێغەمبەردا یەکسان کردوە، کە ئەمەیش تایبەتە بە ئایەتی (المواريث). شیعە ناڕەزاییان دەرپڕی لە سەر داواکەی ئەبووبەکر بۆ پیشاندانی ڕوونگەرایی یان سەلماندنی قسەکانی فاتیمە لەوەی کە پێغەمبەر لە فەدەك بەشی دابێت، دەڵێن: بە دەق هاتوە فاتیمە مەعسوومە لە درۆ و شتی تر وەك لەم ئایەتەدا هاتوە: {إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ} [الاحزاب: 33] واتا : خودا دەیەوێت نەگریسی لە خزمەکانی پێغەمبەر واتە ئەهلی بەیت لابدات. هەواڵی ( فاطمة بضعة مني)، گوتیان: داواکەی ڕاستە لەبەر ئەوەی مەعسوومە، خەڵکی تر وەڵامیان دانەوە: لە کۆی ئەهلی بەیت ژنەکانیشی دەگرێتەوە، کە بە ڕێکەوتن هاتوە مەعسووم نین و، هەروەها ئەوانی تریش لە ئەهلی بەیت. بەڵام وەك دەڵێت بەشێکە لە من، بە براوەیی ڕێگەپێدراوە کە بەشێکە لە ئەو، ئەمەیش بۆ خێر و بەزەییپێهاتنەوە دەگەڕێتەوە.

شیعە دەڵێت: حەسەن و حسێن و ئوم کەلسوومیش شایەتیان بۆ فاتیمە داوە لە سەر ئەوەی کە گوتوویەتی، خەڵکی تر دەڵێن؛ ئەمە ڕاست نییە باتیڵە، لەبەر ئەوەی لە کەسێکی باوەڕپێکراوەوە نەگواستراوەتەوە و شایەتیی لق بۆ بنەچە قەبووڵ نییە.

شیعە ویستی یاری بە واتای فەرموودەکە بکات: (ئێمەومانانی پێغەمبەران میراتی بە جێ ناهێڵین و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ سەدەقەیە) ڕووکەشی ئەم فەرموودەیە دوو ڕستەیە، دوەمیان پشتگیری لە یەکەم دەکات و ڕوونی دەکاتەوە. ڕستەی یەکەم: ئێمەومانانی پێغەمبەران میراتی بە جێ ناهێڵین لە گوزارە و نیهاد پێکهاتوە کە واتاکەی پێ تەواو کراوە و، ڕستەی دوەم: ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ سەدەقەیە، دیسان نیهاد و گوزارەیە، واوی پێگەییشتنی نێوان دوو ڕستەکەیە کە یەکەم ڕوون دەکاتەوە، واتە ئێمە میراتیمان نییە، وەك ئەوەی بڵێت: ئەوەی بە جێی دەهێڵین چییە؟ دەڵێت ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ سەدەقەیە، واتە وەك بەخشینە (وقف) کە سەدەقەیەکە دەدرێت. ئەمەیە ڕووی قسەی ئەم فەرموودەیە، بەڵام شیعە دەڵێن: ئەوەی بە جێی دەهێڵین سەدەقەیە ڕەتکەرەوەیە لەبەر ئەوەی کە لە زمانی عەرەبیدا بە ئاماژەی (منصوب بالفتح) کە بۆ تەواوکەری دوەم وەلا دەنرێت و واتاکەی (دەبێتە وای لێ کرد)، یان ئەگەر بە واتا بنەڕەتییەکە بمایەوە دەبوە (حال)، ئەمەیش بەم شیکردنەوەیە پێچەوانەوە دەبێتەوە، ئەوەی بە جێ دەهێڵین نابێتە سەدەقە، واتە ئەو پارەیەی بە جێی دەهێڵین بۆ سەدەقە بە جێی ناهێڵن بەڵکوو موڵکی میراتییە و، لەم بارەیەشەوە وەڵامیان دراوەتەوە بەوەی: سەرەتای فەرموودەکە لەگەڵ ئەوەدا ناکۆکە دەیڵێت: ئێمەومانانی پێغەمبەران میراتیمان نییە. (ئەم زمانی عەرەبییە وایە، شیکەرەوەکان دەتوانن واتای هەر ڕستەیەك بە پێی کات و بەرژەوەندی، پێچەوانە بکەنەوە و تەنانەت واتاکەیشی بگۆڕن ــوــ) ئەم مشتومڕ و مەرایی و ناکۆکییەمان بۆ ئەوە باس کرد، بۆ ئەوەی بزانیت کە ئەوەی موسوڵمانان هەڵی دەگرن لە ڕەگەزپەرستی و توندڕەویی مەزهەبی و، بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیان قسە دەکەن، ئەگەر نا، پێشتر زانیت کە فەی لە دارایی گشتیدا دەبێت، بۆ محەمەد نییە بە تەنها و موڵکی ئەو نییە، قورئان بەڕاشکاوی باسی ئەو کەسەی کردوە لە فەی بەشی دەکەوێت.

خاوەنی (معجم البلدان) لە قسەکردنی لە سەر فەدەك باسی لەوە کردوە، کاتێك عومەری کوری عەبدولعەزیز کرایە والی، گوتارێکی خوێندەوە، باسی چیرۆکی فەدەکی کردوە کە پوختەکەی بۆ پێغەمبەری خودایە و لێی خەرج دەکات و ئەوەی لێی دەمێنێتەوە بۆ بێنەوایانە، باسی ئەوەی کردوە کە فاتیمە داوای لێ کردوە لێی بداتێ واتە بەشی بدات، ڕازی نەبوە و پێی گوتوە: دەبوو داوای نەکردایە و بۆم نییە پێت بدەم، پێغەمبەر کە مرد، ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی هەمان شتیان کرد، کاتێك مەروان کوری حەکەم بوە والیی لێی وەرگرت و

مەروان بەخشی بە عەبدولعەزیز و عەبدولمەلیکی کوڕی، ئینجا بوو بە هیی ئەو و وەلید و سولەیمان، کاتێك وەلید بوو بو وەلی ئەمر، پرسیاری لێ کرد پێی بەخشی، لە سولەیمان داوای کرد دیسان پێی بەخشی و کۆی کردەوە، هیچ پارەیەکی بە دەر لەوە لا خۆشەویست نەبوە، ئەو شایەتیتان بۆ دەدات، ئەوەی لە زەمانی پێغەمبەر و ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی لای بوو گەڕاندییەوە. پارەی خۆی و ئەوەی لە دوای خۆی دەبرد و دەیبەخشی بە بێ نەوایان، لە ساڵی دا مەئموون فەرمانی کرد بیدەن بە کوڕەکەی فاتیمە، بۆ قثم کوری جەعفەری کرێکاری لە مەدینە نووسی: پێغەمبەری خودا لە فەدەکی داوە بە فاتیمە و سەدەقەی پێ کردوە، ئەوە کارێکی ئاشکرا و زانراو بوە لای خودا و، ئەو وای دەبینی کە بیگەیەنێتەوە بۆ میراتگرەکانی، کاتێك جەعفەری متوەکیل بوە خەلیفە لێی وەرگرتن و گەڕاندییەوە بۆ ئەو کاتەی سەردەمی خیلافەتەکان و لە کاتی پێغەمبەری خودا چۆن بوە وای لێ کرد.

(40)
داهاتە داراییە تایبەتییەکانی
بەڵام داهاتە داراییە تایبەتیەکانی، چوار دانە بوون، وەك داهاتە داراییە گشتییەکان، حەلەبی لە سیرەکەیدا لە سوهەیلییەوە گواستوویەتیەوە، دەڵێت: داراییەکانی پێغەمبەر لە سێ لایەنەوە بوە، لە (صفی) واتە پێش پێنجیەك هەندێکی بۆ خۆی هەڵدەگرت و، ئینجا دیارییەکان و پێنجیەکیش، ئەمە قسەی ئەوە، گوتی: لە هیچ کەس ناشارڕێتەوە کە فەی لەگەڵ ئەوانەدا بوە. حەق لەگەڵ حەلەبیدایە لەم قسەیەی، چونکە پێغەمبەر فەی لە مافەکانی خۆی داناوە، وەك بەڕاشکاوی لە ئایەتی فەیدا هاتوە و پێشتر ئەمە ڕوون کرایەوە.
پێشتر باسی ئەوەیشمان کرد کە (صفی) ئەوەیە کە بۆ خۆی دیاری دەکرد، لە پێش دابەشکردنی غەنیمەت. بۆیە، داهاتە داراییە تایبەتەکانی محەمەد چوار بەش بوون، وەك داهاتە داراییە گشتییەکان، کە ئەوانیش (صفی) و دیاری و پێنجیەك لە غەنیمەت و بەشیشی لە فەی هەبوو. فەی لە هەر دوو لادا باس کراوە، لە داهاتی دارایی گشتی و داهاتی دارایی تایبەت بە محەمەد. وەك پێشتر گوتمان لەبەر ئەوەی حەقی خۆی بوە وەك لە ئایەتی (فيء) دا هاتوە بۆ موسوڵمانانیش بە داهاتە گشتییەکان دانراوە. بەو پێیەی محەمەد حەقی بە سەر ئەوەوە هەبوە، بە داهاتی دارایی تایبەتی دادەنرێت، بەڵام جیاوازیی ئەو لە فەی و بەشەکەی لە غەنیمەت ئەوەیە کە لە غەنیمەت بەشێکی دیاریکراوی هەیە، کە پێنجیەکی پێنجیەکە، بە پێچەوانەی بەشەکەی لە فەی دا کە دیاری نەکراوە. هەروەها بەشی موسوڵمانانی تر دیاری نەکراوە، بەڵکوو ئەو کارە بەو سپێرراوە، چۆن و بە کێی دەدات وەك خۆی بیەوێت و چۆنی بوێت.
بەڵام (صفی) وەك گوتمان: ئەگەر میری سوپا لە جاهیلیەت واتە فەرماندە چارەکی غەنیمەتی بەرکەوتبێت، کە بە چارەکە ناو نرا، بەڵام محەمەد لە سەر ئەم دابە جاهیلیە نەڕۆیشت و چارەکی غەنیمەتی وەرنەگرت، بەڵکوو پێش ئەوەی دابەش بکرێت، پێنج یەکی پێنج یەك لە غەنیمەت وەردەگرت، واتە شمشێرێك یان کۆیلەیەك یان کەنیزەکێك یان شتێکی لەو جۆرەی بۆ خۆی دەخستە لاوە، وەك ئەوەی لە ڕۆژی بەدر بۆ خۆی هەڵبژارد، حوشترە میهرییەکەی ئەبووجەهل و لە ڕۆژی خەیبەر سەفیەی کچی حویەیی کوری ئەختەبی لە کچەزاکان واتە نەوەکانی هاروونی هەڵبژارد.
هیچ ناشارێتەوە، ئەو پارانەی کە محەمەد لەم چوار لاوە دەستی دەکەوت، شتێکی کەم نەبوە، بەڵکوو داهاتێکی زۆری بۆ فەراهەم کردوە، لەمەیشدا ڕاستە گەر بڵێین لە دەوڵەمەندەکانی زەمانی خۆی بوە. بەڵام هیچ گوێی بە پارەوپوڵ نەدا و، گرینگیی ئەوتۆی پێی نەداوە، ئەوەی بە دەستەوە بوە لە داهات هیی خۆی نەبوە، پێغەمبەر لە ژیانیدا بە دوای پارەدا نەچوە و هیچ تەماحی پێی نەبوو، بەڵکوو ئەگەر هەموو دونیا موڵکی ئەو بوایە، هیچ چرکەساتێك دوودڵ نەبوە ئەگەر هەمووی بە یەك جار لە پێناو ئامانجەکەیدا خەرج بکردایە. لەم بارەوە دەشێت لە سەر هەژاران حسێبی بکەین، ئەمەیش مەرایی نییە کە بڵێین نەفسیەتێکی زۆر دەوڵەمەندی هەبوە، هەر ئەو دەیگوت کە دەوڵەمەندی دەوڵەمەندیی نەفس و گیانە نەك زۆریی پارە و موڵك.
باسی ئەوەت بۆ دەکەین لە ژیانیدا، ئەو داهاتەی هەیبوە کە باسی دەکەن لە کتێبەکانیاندا، بۆ ئەوەیە بزانێت کە هەژار نەبوە، بەڵام پێش پێغەمبەرایەتی، لە منداڵیدا هەتیو بوە، لەبەر ئەوەی

له زگی دایکیدا بوه باوکی مردوه، عەبدوڵڵای باوکی جگه له پێنج حوشتر و پارچەیەك له مەڕوماڵات و کەنیزەیەکی حەبەشی به ناوی بورکه و به نازناوی ئوم ئەیمەن ناو نراوە، هیچی تری نەبوو، ئەمه هەموو ئەوە بوو که له باوکییەوە به میراتی بۆی ماوەتەوە، دەڵێن:
کۆیلەیەکیشی له باوکییەوە بۆ ماوەتەوە به ناوی شەقران و ئەمیش حەبەشی بوه و له پاش بەدر ئازادی کردوه. هەروەها له لایەکی ترەوە دەڵێن: له باوکییەوە به میراتی بۆی نەماوەتەوە، بەڵکوو له عەبدولڕەحمانی کوری عەوفی کڕیوە، یان دەڵێن: عەبدولڕەحمان کوری عەوف پێی بەخشیوە.
ئوم ئەیمەن که به ناوی کوڕەکەیەوە بانگ دەکرا، ئەیمەن له مێردی یەکەمی بوو به ناوی عەبید کوری زەیدی حەبەشی. پاش مردنی عەبیدی مێردی، پێغەمبەر له زەیدی کوری حارسەی سەر به خۆی و بەردەستەی مارەی کرد، پاش پێغەمبەرایەتی، ئوسامەی لێ بوو، پێیان دەگوت خۆشەویستی کوڕی خۆشەویست، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر هەر دووکیانی خۆش دەویست.
دایکی ئەیمەن دایەنی محەمەد بوو پاش مردنی دایکی، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر منداڵ بوو، دایکی مرد و، پێی دەگوت له پاش دایکم تۆ دایکمی، ڕەشپێست بوو، لەبەر ئەوە ئوسامەی کوری له ڕەشەکان دەرچوو، باوکی سپیپێست بوو، ئینجا دوو ڕوەکان له بنەچەکانی ئوسامە تانەی لێ دەدەن و دەڵێن: ئەمه کوری زەید نییه و، پێغەمبەری خودایش زۆر ناڕەحەت دەبوو بەوە، تەنانەت که گوێی له یەکێك لەوانه بوایه بیگوتایه ئوسامه و زەید له یەك دەچن، زۆر دڵخۆش بوو. (الشیخان) له عایشەوە وەری گرتوە، دەڵێت: پێغەمبەر به دڵخۆشییەوە هات بۆ لام و گوتی: دەبینیت که میجزەرای میدلەجی هات بۆ لام و ئوسامه و زەیدی بینی و به جاجمێك خۆیان داپۆشیبوو و قاچیان به دەرەوە بوو، گوتی: ئەم قاچانه له یەك دەچن. له عایشەوە هاتوە، هەروەها گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا ئوم ئەیمەنی لابوو دەیخواردەوە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا کەمێکم بدەرێ بخۆمەوە، گوتم: ئایا ئەوە به پێغەمبەری خودا دەڵێیت؟ گوتی: خزمەتی زیاترم کردوە، پێغەمبەر گوتی: ڕاست دەکات خواردنەوەی پێ دا. واقیدی دەڵێت: دایکی ئەیمەن زمانی فس بوە، ئەگەر بڕۆیشتایه بۆ لای هەر قەومێك دەیگوت سەلام و لا عەلەیکوم، لەجیاتی ئەوەی بڵێت سەلام الله عەلەیکوم، پێغەمبەریش ڕێگەی پێدا بڵێت، سەلام و عەلەیکوم.
ئەوەی له باوکییەوە به میراتی بۆی مایەوە هیچ نەبوو، کاتێك له مەککه بوو هەژار بوو، شوانی مەڕی دەکرد بۆ خەڵکی مەککه، هەر دانەیەك به قیراتێك، له ئەبووهورەیرەوە دەڵێت:
پێغەمبەری خودا دەڵێت: خودا پێغەمبەرێکی نه ناردوە شوان نەبووبێت، هاوڕێکەی پێی گوت: ئەی تۆ ئەی پێغەمبەری خودا؟ منیش بۆ خەڵکی مەککه به چەند قیراتێك شوانیم کرد. له گێڕانەوەیەکی بوخاریدا دەڵێت: من به چەند قیراتێك بۆ خەڵکی مەککەم کردوە. قیرات بەشێکه له درهەم و دینار، پێویستییه زۆر بێ بەهاکانی پێ دەکڕێت، قەراریت شوێنێك نییه له مەککه وەك هەندێك لەوەدا به هەڵه باسی دەکەن و به هەڵەدا چوون. له فەرموودەیەکدا: بەروبوومە ڕەشەکانی ئاراك بخۆن که خۆشترینیانە، من له کاتی شوانی مەڕدا لێم دەکردەوە، گوتمان: شوانیت دەکرد ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: بەڵێ. پێغەمبەرێك نییه شوانی نەکردبێ. پێشتر باسی ئەوەمان کرد که محەمەد بازرگانی کردوە، پێش ئەوەی بۆ خەدیجه بیکات و پێش پێغەمبەرایەتیش، ئینجا که لەگەڵ خەدیجه پێوەندییان بەست و هاوسەرگیریی لەگەڵ کرد و حاڵی باش بوو، لەبەر ئەوەی خەدیجه له دەوڵەمەندەکانی مەککه بوو، تا عەلیی له ئەبووتالیب وەرگرت و له ماڵەکەی خۆی دا و بەخێوی کرد و خەرجی دەکرد، لەبەر ئەوەی ئەبووتالیب پارەی کەم بوو منداڵیشی زۆر بوو.
بەڵام وەزعی دارایی پێغەمبەر پاش کۆچکردنی بۆ مەدینه، وردەوردە زۆر باشتر بوو، پاش ئەوەی وەك میوان خۆی و هاوەڵانی له کۆچبەران به خێری ئەنسارەکان دەژیان و له ماڵی ئەواندا بوون، وەك پێشتر باس کرا. هیچ پارەیەکی پەیدا نەکرد پاش ئەوەی ئەیدا به سەر کاروان و ڕێگریی دەکرد و شاندی دەنارد و فەرماندەییی سوپای دەکرد و غەنیمەتی دەست کەوت، بۆیه گوتی: خودا ڕزقەکەمی خستە ژێر ڕمەکەمەوە. تا وای لێ هات به یەکێك له دەوڵەمەندەکانی مەدینه دابنرێت، بەڵام پارەکەی بۆ خۆی نەبوو، له ژیاندا ئارەزووی له شەرەفێکی نەمرانه بوو و هیچ بۆ شتێکی ڕۆیشتو لای نەکردەوە. ئەوەتا بۆت ڕوون دەکەینەوە که حاڵەتی مادی لەمەدینه چۆن بوە، وەك ئەوەی له کتێبەکانیاندا هاتوە، بۆ ئەوەی حەقیقەتی قسەکانی ئێمه بزانیت.

وڵاخ و مەڕوماڵاتەکانی
حەوت ئەسپ و شەش هێستر و دوو کەری هەبوە، لەگەڵ سێ حوشتردا، ئامادە کرابوون بۆ سواربوون.
بەڵام ئەسپەکانی، یەکێکیان پێی دەگوترا (السکب) واتە بەتیژی ئاو وێنا کرابوو. لەبەر ئەوەی خێرابوو. ئەمەیش یەکەم ئەسپی بوو لە عەرەبێکی دەشتەکی کڕیبوو بە دە گەڵا واتە دینار، لای ئەو عەرەبە ناوی (ضرس) بوە، واتە قورس و بێ ئەخلاق، کە لە بەردانیدا گرتنی قورس بوە و هەڵبەزودابەزی بەهێز بوە.
ئەسپێکی تر ناوی (المرتجز) بوو بەو شێوەیە ناو نرا، لەبەر ئەوەی حیلانەکەی خۆش بوە کە (رجز) جۆرێکە لە شیعر، لەوەوە ناو نراوە، ڕەنگی سپی بوە، ئەمەیە خوزەیمە شایەتی بۆ دا، کە لە خاوەنەکەی کڕیبوو پاش ئەوە ڕەتی کردبووەوە پێی فرۆشتبێت. گوتی یەکێك بهێنە شایەتیت بۆ بدات، خوزەیمە هات و شایەتی بۆ دا کە لێی کڕیوە، پێغەمبەر پێی گوت: چۆن شایەتیت دا و ئامادە نەبویت؟ گوتی: لەبەر ئەوەی باوەڕت پێ دەکەم ئەی پێغەمبەری خودا، قسەکانت وەك مۆر وایە، پێی گوت: تۆ خاوەن دوو شایەتیت، ئینجا پێغەمبەر گوتی: هەر کەسێك خوزەیمە شایەتی بۆ بدات یان لە سەری بێتە شایەت حوکمی لە سەر دەدرێت و حساب دەکرێت.
ئەسپێکی تر بە ناوی (اللحیف) لەبەر ئەوەی وەك لەحاف کلکی درێژ بووە، زەویی دادەپۆشی، یان گوتیان مەعریفەتی داپۆشیوە، یان داپۆشینی بچوکیان پێ گوتوە لوحەیف. ئەم ئەسپەیش فەروە کوڕی عەمرو لە زەوی خەڵکی زەویی بەلقای شام بوو بە دیاری پێی بەخشی.
ئەسپێك پێی دەگوترا: (اللزاز)، مقەوقس بە دیاری بۆی هێنا لە قسەی (لازتە) واتە نووساوە پێوەی ناو نراوە، خێرا بوە و گەییشتوە بەوەی بە دوایدا ڕۆیشتوە.
ئەسپێك بە ناوی (الطرف) واتە ئەسپێکی بەخشندە و باش.
ئەسپێك بە ناوی (الورد) ڕەنگەکەی لە نێوان بۆر و ئەشقەردا بوە، تەمیم ئەلداری بە دیاری پێی بەخشی و ئەویش بە دیاری بەخشیی بە عومەری کوڕی خەتاب.
ئەسپێك پێیان دەگوت (سبحە) واتە بەخێرا ڕێ دەکات.
ئەم حەوتە لە سەری ڕێك کەوتوون، هەندێك باسی تریش دەکەن و گەیاندوویانە بە پانزە و بیست دانەیش. حافزی دمیاتی لە سیرەتەکەی ناوی پانزەی هێناوە، باسی کردوون: باسمان کردوون و شیکردنەوەمان بۆ کردوون، لە کتێبی (کتاب الخیل). دەڵێت: لای پێغەمبەری خودا جگە لە ژن هیچ شتێك هێندەی ئەسپ خۆشەویست نەبوە. لە فەرموودەکانیدا هاتوە: تا ڕۆژی قیامەت ئەسپ خێری پێوەیە، خاوەنەکانیان لە سەر ئەوە یارمەتی دەدرێن، لای خۆتان دایان بنێن و داوای بەرەکەت بکەن. دەڵێن لە غەزوەی تەبوك، هەڵسا و چوو بۆ ئەسپەکەی (طرف) کە مویەکی پێوە بوو، پشتی ئەسپەکەی بە جلەکەی سڕی، پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، بە عەباکەت پشتی دەسڕێت، گوتی بەڵێ، چووزانن لەوانەیە جبریل فەرمانی پێ کردووم.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: پێغەمبەری خودا کێبڕکێی لە نێوان حوشترەکاندا کرد، بیلالی خستە سەر حوشترەکەی (القصواء) کەوتە پێش هەموو حوشترەکانی ترەوە. ئەبووسەعیدی ساعدی سواری ئەسپەکەی (الظراب) کرد، ئەویش پێش سەرجەم ئەسپەکانی تر کەوت. ئەو ئەسپە بۆ کێبڕکێی بە کار هێنا گیای وشکی وردەوردەی پێ دەدا و فەرمانی کرد کە بەیانی و ئێوارە ئاوی بدەن و ڕۆژی دوو جار ڕێی پێ بکەن، گەیمێك و دوو گێم ڕێی پێ بکەن.
بەڵام هێسترەکانی، هێسترێکی ڕەشوسپی هەبوو پێیان دەگوت دڵدڵ، مقەوقس پاشای قیبتیەکان بە دیاری پێشکەشی کردبوو، دڵدڵ لە بنەچەدا بە ژوژکە دەڵێن بە تایبەتی گەورەکانیان، حەلەبی دەڵێت: ئەمە یەکەم هێسترە کە موسوڵمانان سواری بن، پێغەمبەری خودا لە مەدینە و لە سەفەرەکانیدا سواری دەبوو. تا دانی لە دەمدا نەما ژیا و جۆیان بۆ ورد دەکرد و دەهاڕی. عەلیی کوری ئەبووتالیب بەسواری ئەو هێسترە دژ بە خەواریج شەڕی کرد و پاش ئەوەی عوسمانیش سواری بوو. پاش عەلی حەسەن ئینجا حسێن ئینجا محەمەدی حەنەفیە سواری بوون، دواتر کوێر بوو. پرسیاریان لە ئیبن سەلاح کرد ئایا نێر بوە یان مێ، گوتی نێر بوە.
هەندێکیان دەڵێن: بە کۆی ئەهلی فەرموودەکان گوتوویانە نێر بوە و پیاوێك بە تیرێك کوشتوویەتی. لە ئیبن عەباسەوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا ناردمی بۆ لای ئوم سەلمەی

خێزانی، خوری و لفکەم بۆ هێنا، ئینجا چووین بۆ لای دڵدڵ بەجوانی شتمان و ئینجا عاباکەی هێنا و لۆی کردەوە و لە سەر پشتی دای نا و ناوی خوای هێنا و سواری بوو، منیشی لە پشتییەوە سوار کرد.
هێسترێکی هەبوو ناوی (فضة) بوو، عومەری کوری عەمروی جوزامی بە دیاری پێی بەخشیبوو، ئەویش بە دیاری پێشکەشی ئەبووبەکری کرد. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: هەندێکیان ژمارەی هێسترەکانی گەیاندە حەوت، گوتی: لە ( مزیل الخفاء) لە ( سیرة مغلطاي) دەڵێت: هێستر ( دلدل و فضة)ی هەبوو کە (ابن علماء) لە غەزوەی تەبوك و ئیلیا پێیان بەخشی، هێسترێکە کە (صاحب ایلة) پێی بەخشی و هێسترێکی تریش کە کیسرا پێی بەخشیوە و یەکێکی تر کە (صاحب دومە الجندل) و ئەوی تر لە لایەن نەجاشی پێی بەخشراوە. عەقەبەی کوری عامیر هێسترەکەی پێغەمبەری خودای بەخێو دەکرد و لە سەفەرەکانیدا لێی دەخوری.
بەڵام کەرەکانی، پێغەمبەر کەرێکی هەبوو ناوی یەعفور بوو، یەك کەری تری هەبوو ناوی عەفیر بوو، کە ڕەشوسپی بوو، مقەوقەس بە دیاری پێشکەشی کردبوو، دەڵێن ئەو نەبوە، فەروە کوری عومەری جوزامی پێشکەشی کردوە، کەچی لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت، یەعفوری لە خەیبەردا دۆزیوەتەوە، بەڵام حوشترەکانی کە سواری دەبوو، قەسوا بوو کە بە (قصواو) ناو دەبرا، کە بە سواری ئەمە کۆچی کرد بۆ مەدینە، هەروەها ( عضباء و جدعاء)یشی هەبوو کە نە ( عضب)بوون و نەیش (جدع) بەڵکوو بەو ناوانە ناو نران. واتە هیچیان نە گوێبڕاو بوون و نەیش لووتبڕاو، نە هیچ ئەندامێکیان بۆ ئەتك لێ برابوو. دەڵێن، گوێی درزێکی تێ بوە، لەبەر ئەوە بوە وا ناوی ناوە، ئەوەی ( عضباء) و ( جدعاء) یەك دانە بوون یان دوان، ئەمەیش ناکۆکی لە سەرە. ئەم ( عضباء)ە خێرا بوە کە هیچ حوشترێك پێشی نەکەوتوە، عەرەبێکی دەشتەکی بە سەر دانەیەکەوە بوە کە تازە پێگەییشتبوە و پێشی کەوتوە، ئەمەیش موسوڵمانانی دڵتەنگ کردوە، پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: حەقەکە لەوێدایە کە خودا هیچ شتێك بەرز ناکاتەوە تا نەیخات، لە گێڕانەوەیەکدا گوتوویەتی: خەڵك هیچ شتێك بەرز ناکەنەوە و خودا نەیخات. ( عضباء) لە کاتی حەجدا پێشی خاوەنەکەی کەوت، پێیان دەگوت پێشی حاجی کەوتوە.
چلوپێنج (لقحه)ی هەبوو کە ئەمەیش حوشترێکی مێیینەیە کە شیری زۆرە و پێیان دەگوت شیردەر، لە جەنگەڵ دەژیا و لەوێدا چیرۆکی (العرنيين) ڕووی داوە، کە حوشترەکەیان برد و شوانەکەی بە ناوی یەسار کە بەردەستی پێغەمبەر بوو کوشتیان. جەنگەڵ (غابە) شوێنێکە لە نزیك مەدینە لە لای شامەوە کە دارودرەختی زۆری تێدایە، حوشترێکی میهری هەبوو، سەعدی کوری عەبادە یەکێك لە چاکەخوازانی بەنی عەقیل بوو بۆی ناردبوو.
میهری وەك نازناوێك بەوەی سەر بە میهرەی کوری حیدان بوو، کە گەڕەکێکە لە قەزاعە لە عەرەبی یەمەن، هەروەها دەڵێن لەبەر ئەوەی سەر بە میهرە بوە، کە شارێکە لە عومان. ئەزهەری دەڵێت، حوشتری میهری ئەوەندە خێرابوە کە پێش ئەسپ کەوتوە، هەندێکیان زیاتریان گوتوە لە سەر سیفەتەکانی، هیچ شتێك ناگات بەخێرایی ئەو لە ڕۆیشتنیدا. گوتیان: ئەوەی نامۆیە و لە سەری باسی دەکەن، کە ئەوەندە تێگەییشتووبوە، بە کەمترین شت لەوە تێ دەگات لێی داوا بکرێت و زۆر بەئەدەب بوە و ناوی زۆری بوە و ئەگەر بەو ناوانە بانگ بکرایە یەکسەر وەڵامی داوەتەوە.
سەد مەڕی هەبوو، نەیویست زیاتر بێت هەر کاتێك بەچکەیەکیان بوایە، مەڕێکی لە جیاتی سەر دەبڕی و، حەوت بزنی باشی هەبوو کە ئوم ئەیمەن بەخێوی دەکردن.

(41)
کۆیلە و کەنیزەکەکانی محەمەد
کۆیلە و کەنیزەکی هەبوو، لە کۆیلەکانی: زەید کوری حارسە، کە خەدیجەی کچی خوەیلد پێش پێغەمبەرایەتی پێشکەشی کرد و ئەویش ئازادی کرد و بەخێوی کرد، پێیان گوت کوری محەمەد،

کاتێك ئەمە دابەزی (ادْعُوهُمْ لِئَبَائِهِمْ) و ئەم ئایەتەش دابەزی (ما کان محمد أبا أحد من ڕجالکم). پێیان گوت زەید کوڕی حارسە، خۆشەویستی پێغەمبەری خودا بوو، ئەبووڕافعیشی هەبوو کە قیبتی بوو، کۆیلەی عەباس بوو بەخشی بە پێغەمبەر، لەوانەیش (ثوبان، ابوکیشة، شقران کە ناوی نرا صالح، ئەمە لە باوکییەوە وەری گرت، دەیشڵێن، وەری نەگرتوە بەڵکوو لە عەبدولڕەحمان کوڕی عەوف کڕیویەتی. هەروەها (رباح)، کە نوبی بوو، (یسار) ئەمیش نوبی بوو، عەونییەکان کوشتیان، (کرکرە) ئەمیش نوبی بوو، قەڵەو بوو، ئەم لە شەڕی ڕۆژی خەیبەردا حوشترەکەی بە دەستەوە بوو. (مدعم) و (أنجشە) مونسەرفە لە حودەیبیە کڕی و ئازادی کرد، دەنگی خۆش بوو لە کاتی گۆرانی و سەفەردا حوشترەکان دەچوون بۆ لای، ڕەشپێست بوو. سەفینە لای ئوم سەلمەی ژنی پێغەمبەر بوو ئازادی کرد بەو مەرجەی تا ماوە خزمەتی پێغەمبەری خودا بکات. ناویشی (بهران) بوو، دەڵێن ڕۆمان و ناوی کۆیلەی تریشیان گوتوە. پێغەمبەری خودا ناوی نا (سەفینە) واتە بەلەم، لەبەر ئەوەی کەلوپەلی هاوەڵانی هەڵگرت، کە قورس بوو لە سەریان لە سەفەرێکدا، پێغەمبەری خودا پێی گوت، هەڵی بگرە، تۆ سەفینەیت واتە بەلەمی.

لەوانەیش (أنیسە) نازناوی (أبو مشروح) بوو، لەوانەیش: ( افلح،عبید، گهمان، زکوان)، هەروەها (حنین،سندر، فضالة الیماني، ابوواقد، قسام، ابو عصیب، ابو مویهیة)، مابوری خەسێنراو، ئەم مابورە قیبتی بوو، مقەوقس بە دیاری لەگەڵ ماریەی قیبتی و سیرینی خوشکیدا پێی بەخشی. چیرۆکێکی هەیە لەگەڵ ماریە، خاوەن سیرەتەکان باسی دەکەن. ئەمە لای ماریە دەمێنێتەوە و ئاو و دار و چیلکەی بۆ دەهێنێت، تۆمەتیان پێوە کرد، دووڕووەکان گوتیان گەنە بۆ مەنەیە (علج علی علجە). ئەم هەواڵە گەییشت بە پێغەمبەر، عەلیی نارد بیکوژێت، عەلی پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا بیکوژم یان ڕای خۆم لە سەری بزانم؟ گوتی: ڕای خۆت ببینە. ڕۆیشت بۆ لای تەماشای کرد لە شوێن ئاوێکدا خۆی فێنك دەکاتەوە. عەلی پێی گوت دەرچۆ. ئەویش دەستی دایە عەلی و دەری کرد لەوێدا بینیی کە نێرەمووکە، ئینجا هات بۆ لای پێغەمبەر و هەواڵی ئەوەی پێ دا، گوتی: چاکت کرد ئەوەی شایەت دەیبینێت خەڵکی ئامادەبوو نایبینێت. لە گێڕانەوەیەکی تردا: پێغەمبەر چوو بۆ لای ماریە کە بە ئیبراهیمی کوڕی دووگیان بوو، مابوری لەوێ بینی، شتێك کەوتە دڵیەوە و دەرچوو ڕەنگی گۆڕابوو، عومەر بینیی، زانیی توورەیی بە دەموچاوییەوە دیارە، پرسیاری لێ کرد هەواڵی پێ دا، عومەر شمشێرەکەی برد و چوو بۆ لای ماریە کە مابوری لا بوو شمشێرەکەی هەڵپڕی، کاتێك ئەمەی بینی خۆی پیشان دا، بینیی کە نێرەمووکە. کاتێك عومەر بینیی هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر و هەواڵی پێ دا، گوتی پێت ناڵێم عومەر کە جبریل هات بۆ لام و هەواڵی پێ دا کە بێ تاوان و پاکی بۆ سەلماندم لەوەی کەوتە دڵمەوە، مژدەی پێ دام کە کوڕێکی لە من لە زگیدایە و لە شێوەدا لە من دەچێت و فەرمانی پێ کردم ناوی بنێم ئیبراهیم.

وا دیارە گێڕانەوەی دووەم هەڵبەستراوە، یەکەم لە مەعقوڵەوە نزیکترە، هیچ عەقڵی تێ ناچێت کە مابور خۆی پیشان بدات تا ببینێت نێرەمووکە، بە پێچەوانەی گێڕانەوەی یەکەم، کە عومەر شمشێرەکەی هەڵبکێشێت و ئەو نەزانێت کە عومەر بۆچی هاتوە، بەڵام عەلی کە هاتوە بەڕووتی بینیویەتی، کە لە ئاوێکدا خۆی فێنك دەکاتەوە، واتە لە شێنئاوێکی بچوکدا بوە، کاتێك دەستی گرت و دەری هێنا، بینیی کە وایە. ئینجا پێغەمبەر زانیی کە مابور ئاو و چیلکە بۆ ماریە دەهێنێت و خزمەتی دەکات و هیچ گومانی لێ ناکات، چۆن گومانی لێ کرد کە لە لای ماریە بینیی. ڕاستییەکەی لە قسەی دووڕوان گومانی دروست کردوە، تۆمەتباریان کردوە و ئەویش عەلیی ناردوە کە بیکوژێت.

بەڵام کەنیزەکەکانی، لەوانە سەلمای دایکی ڕافیع ژنی باوکی ڕافیع بەر دەستی پێغەمبەر، مەیموونە کچی سەعد، خەزیرە و ڕەزوا و دەیشەحە و ئوم زەمیر و مەیموونەی کچی ئەبی عەسیب و ڕەیحانە و، ئوم ئەیمەن کە لە باوکییەوە بۆی مایەوە و ئومەیمە و سیرین کە لەگەڵ ماریە و خوشکەکەی بە دیاری پێ بەخشران و، دەڵێن پێغەمبەری خودا ئەم سیرینەی بەخشیوە بە حەسانی کوڕی سابت و عەبدولڕەحمانی لێ بوە.

چەك و کەلوپەلەکانی

نۆ شمشێری هەبوو، لەوانە شمشێرێك پێی دەگوترا: (مأثور) یەکەم شمشێرە کە موڵکی خۆی بێت و لە باوکییەوە بۆ مایەوە و لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ مەدینە و، شمشێرێك پێیان دەگوت: (العضب)، کە ڕۆیشتن بۆ شەڕی بەدر، سەعدی کوڕی عەبادە پێی بەخشی، شمشێرێك پێیان

دەگوت: (ذوالفقار) لە هیچ شەڕێکدا لە خۆی دوور نەخستەوە و بە دەستییەوە بوو، وەك بڕبڕەکانی پشتی دای دەنا، بۆیە ناویان نا (ذوالفقار) کە ئاسنی ڕووت بوو، لە کەعبەدا لە چاڵ نرابوو دۆزرایەوە، سەرجەم پاشکۆکانی کەلان و دەستە و ئەڵقە و مشت و بەکرە و نەعل و ڕاستکەرەوەی شمشێرەکە لە زیو بوون. ئەو بەکرانەی کە لە جوانکارییەکانی دا بوون و نەعلەکانی کە لە خوار کەلانەکەوە دەبێت، یان لە ئاسن بوو یان لە زیو، شمشێرێك پێیان دەگوت (صمصامة) شمشێری عەمرو کوری موعیدی یەکرب بوو. ئەو شمشێرانەی هیی خۆی بوون: (القلعي) بە ناوی تاوەری قەڵاکەوە ناو نرابوو، کە شوێنێکە لە دەشتی مەککە، شمشێرێك ناوی (الحتف) واتە مردن بوو، شمشێرێك پێیان دەگوت: (الرسوب) لەبەر ئەوەی دەتەپێت و لە شوێنی لێدانەکە دەوەستێت، شمشێرێك بە ناوی (المخذم) ئەمە و ئەوەی پێشتر بە سەر بتێکی ئاڵقەیەکانەوە هەڵواسرابوو بە ناوی (الفلس). ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: لەو ڕۆژەی مەککەی گرت شمشێرەکەی ئاڵتوون و زیوی بە سەرەوە بوو.

حەوت قەڵغان (درع)ـی خۆپارێزی هەبوو: قەڵغانێك پێیان دەگوت: (ذات الفضول) لەبەر ئەوەی درێژ بوو بەوەوە ناو نرا، سەعدی کوری عیبادە لە کاتی ڕۆیشتنی بۆ شەڕی بەدر بۆی نارد، لە ئاسن دروست کرابوو. ئەمەیە بە بارمتە (رهن) لای ئەبی شەحمی یەهوودی دانا، لە بریی سی فەردە جۆ، درعێك بە ناوی (ذات الوشاح)، درعێك بە ناوی (ذات الحواشي)، درعێك بە ناوی (السفريه). خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: سەفەد شوێنێك بوو درعیان تێیدا دروست کردوە. لە نوردا دەڵێت: ئەوەی لەم درعانەدا کە هەڵیان دەگرت لە درعی (السغدي) بوون. دەڵێم: لەوانەیە لە سەر (سغد) ناو نرابێت کە لە وڵاتی تورکدایە. درعێك بە ناوی (الخرنق) لەبەر ناسکی ئەو ناوەی لێ نا، (خرنق) لە بناغەدا بە ساوای کەروێشك دەڵێن.

شەش تیروکەوانی هەبوو: (زوراء، روحاء، صفراء) ئەمەیش لە (نبع) دروست کرابوو، دارێکە کە کەوانەکەی لێ دروست دەکرێت و تیرەکەیش لە لقەکانی، (بیضاء) ئەمە لە (شوحط) دروست دەکرا، ئەمەیش چەکی بەنی قەینوقاع بوو، (سداد، کتوم) وایان ناو نا کە لە کاتی وەشاندنیدا دەنگی نەبوە، ئەمەیە کە لە ڕۆژی ئوحود پەکی کەوت، دەڵێت ئەوەی لە ڕۆژی ئوحود شکاوە (صفراء) بوە.

جبەکانی، یەکێکیان پێی دەگوترا (الزلوق) لەبەر ئەوەی چەك نەیدەگرت، واتە دەخلیسکا لە سەری، جبەیەکی تر پێی دەگوترا (فتح)، جبەیەکی تر کە پێی بەخشرابوو پەیکەرێکی لە سەر نەخشرابوو، یان دەڵێن پەیکەری بەرانێك بوە و سریویەتەوە.

پێنج ڕمی هەبوو، ڕمێك پێی دەگوترا (المثوی) لەبەر ئەوەی لە هەر یەکێك بدات لە شوێن خۆیدا ڕای دەگرێت و جوڵە ناکات واتە (ئەو شوێنە دەبێتە (المثوی الاخير) (دوا شوێن) ڕمێك بە ناوی (المنثني) و سێ ڕم لە چەکەکانی بەنی قەینوقاعی دەست کەوتبوو. حەربەیەکی هەبوو ناوی (النبعه) بوو، یەکێکی گەورەی هەبوو ناوی (البيضاء) بوو، یەکێکی بچوکی هەبوو بە شێوەی گۆچان پێیان دەگوت (الغمرة)، کە هەندێك جار دەڕۆیشت لەگەڵیدا بوو. (مغفر)ی هەبوو کە لە ئاسن دروست کرابوو، پێیان دەگوت (الموشح) لەبەر ئەوەی تارمایی یان لە شێوەی سەرپۆش بوو کە لە مسی زەرد دروست کرابوو. یەکێکی تر بە ناوی (المسبوغ یان ذو المسبوغ) و هەروەها گۆچانی هەبوو بە دەستییەوە بوو، زۆر جار کە بەقەد دەستێك یان درێژتر دەبوو، کە پێی دەڕۆیشت و لە کاتی سواربوونی حوشتردا، لە نێوان دەستی دای دەنا. (پشتوێنێکی لە کەمەری دەبەست پێیان دەگوت (العرجون) و هەروەها پێیان دەگوت (العسيب.

دارعەسایەکی لە شەوحەت دروستکراوی هەبوو ناوی (الممشوق) بوو. دەڵێن ئەمە وەك دارعەسای خەلیفەکان بە یەکتریان دەبەخشی.

هەگبەیەکی هەبوو پێیان دەگوت (کافور) و ناوچەیەك سێ حەڵقی زیو و ئیبزیمی زیو و لاپەڕێك لە زیو، پەرداخ و جام، پەرداخێك لە دار دروستکراو، لە ژێر قەرەوێڵەکەی دای دەنا و میزی تێدا دەکرد، لەو پەرداخانەی کە لە قەدی درێژی دارخورما دروستیان دەکرد، پێیان دەگوت (عیدان). جامێکی بچوکی هەبوو پێی دەگوت ڕەکوە لە پێست دروست دەکرا، ئاوی تێدا دەخواردەوە، هەروەها دەفرێکی بچوکی هەبوو لە بەرد دروست دەکرا، دەستنوێژی پێ دەگرت و تەشتێکی لە پێستی وشك، و تەوق و مەسینە و تیشۆر و، شوێنی ڕۆن واتە هیزە، کونە و مەشکەیشی هەبوو، شوێنی شانە و ئاوێنە لە شتێکی بریقەدار، لە (ربعه) واتە شتێك بە(ادم) ڕیشاڵ و توێکڵ داپۆشراو، شانەکەی لە عاج دروست کرابوو، چاورێژی هەبوو کە شەوان لە کاتی خەوتندا سێ جار چاوی دەڕژت: لە ڕەبعە دوو نینوکبڕ و سیواکی تێدا بوو، قیسعەیەکی هەبوو

ناوی (غراء) بوو کە چوار پیاو هەڵیان دەگرت بە چوار ئەڵقەی پێوە نووساودا، خاولیەکی هەبوو چنرابوو. قەرەوێڵەیەکی هەبوو قاچەکانی لە ساج دروست کرابوو ئەسعەد کوڕی زرارە بە دیاری پێی بەخشیبوو، پێخەفێکی هەبوو لە توێکڵ و لیف و واتە بە ڕیشاڵ ناوپۆش کرابوو، هەروەها سەرینەکەی ناوپۆش بوو لە توێکڵ، هەروەها جاجم وەك دۆشەك بە ڕیشاڵ ناوپۆشکراو بوو. جاجمێکی لە مووچنراوی هەبوو لە سەری دەخەوت و دەیپێچایەوە، هەروەها بەرماڵ و گڵێم و سەرپۆشێکی چنراوی هەبوە. لە سەر پێخەف دەخەوت و بە لەحاف خۆی دادەپۆشی و هەندێك جار لە سەر فەرش دەخەوت یان لە سەر گلێم، جارێك لە سەر حەسیرە و جارێکی .تریش لە سەر قەرەوێلە

جلوبەرگەکانی
عەمامەیەکی هەبوو ناوی (السحاب) بوو، عەلیی پێ دادەپۆشی و هەروەها لە سەریشی دەکرد و کڵاویشی لە ژێرەوە لە سەر دەکرد، کڵاوی نووساو بە سەرەوە لە سەر دەکرد، بەڵام کڵاوی درێژ لە ڕۆژانی خەلیفەی مەنسوور هاتە ئاراوە. لە کاتی شەڕدا کڵاوی گوێچکە داری لە .سەر دەکرد. ئەو گوێچکەدارانە ئەمڕۆ پێی دەڵێن شەبقە کە لە جلەکانی ئەهلی خۆرئاوایە هەندێك جار کڵاوی بە بێ عەمامە لە سەر دەکرد، یان عەمامەی بێ کڵاو لە سەر دەکرد. هەر کاتێك تاریك داهاتایە، عەمامەکەی دەخستە سەر شانی، وەك موسلم لە صەحیحەکەی لە عەمرو کوڕی حەریس وەری گرتوە، گوتی پێغەمبەری خودام بینی لە سەر مینبەردا کە عەمامەیەکی ڕەشی دابوو بە سەر شانیدا. هەروەها لە لای مەسلەمەوە لە جابر کوڕی عەبدوڵڵاوە گواستراوەتەوە، کە پێغەمبەری خودا چوە ناو مەککەوە عەمامەیەکی ڕەشی پۆشیبوو، بەڵام لە فەرموودەیەکدا جابر گوتوویەتی، کە غوترەی بە سەر شانیدا شۆڕ کردوەتەوە. کراسی لە بەر دەکرد و ئەوەی زانراوە، خۆشترین پۆشاك لای پێغەمبەر بوە، کراسی فراوان بوە، ئەگەر فراوان نەبوایە لە بەری نەکردوە، بەڵام جلی هەموو هەژاران دزداشە و عابا بوە، کەچی ئەو کراسەکەی لە لۆکە بوە و قۆڵ کورت بوە، قۆڵەکەی تا ئانیشکی بوە و .بێ قۆبچە و کراوە بوە
جوبە واتە ئەو کەوایەی پیاوانە کە قۆڵی تەسکی هەبوە، ئەمەیش کراسێکی درێژە لە سەرووی جلەکانییەوە دای دەپۆشی، هەروەها بوردە و عەبا و چاکەتیشی هەبوە. واقدی دەڵێت عابا و چاکەتەکەی شەش دەست بەسێ دەست و بستێك بوە، لە ڕۆژی هەینی و هەر دوو جەژنەکە لە بەری کردوە و لە ڕۆژانی تر دەیپێچایەوە. هەروەها دزداشەکەی لە چنینی عومان کراوە، بە چوار دەست و بستێك درێژی و دوو دەست و بستێك پانی بوە. هەروەها عەبایەك و سەرپۆشێکی سەوزی هەبوە درێژی چوار باڵ و پانییەکەی دوو باڵ و بستێك بوە، ئەمەیە کە خەلیفەکان باسیان کردوە. چەرچەفێکی هەبوە کاتێك بە سەر ژنەکانیدا سوری بخواردایە، لەگەڵ خۆیدا دەیبرد و ئاورژێنی دەکرد بۆ ئەوەی بۆنی هەبێت. لە ئەبووهورەیرەوە گواستراوەتەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەر هات بۆ لامان کە کراسێکی زەرد و شاڵێکی زەرد و عەمامەیەکی زەردی لە بەر بوو. ڕاستە کە شەڕوالی کڕیوە و لە پێی کردوە، (الاوسط)ی تەبەرانی و بە پشتبەستن بە ئەبی یەعلی لە ئەبووهورەیرەوە، دەڵێت: ڕۆژێك چووم بۆ بازاڕ لەگەڵ پێغەمبەری خودادا لە لای کوتاڵفرۆشان دانیشت و شەڕواڵی بە چوار درهەم کڕی و بردییەوە، ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بۆی هەڵ بگرم، گوتی: خاوەنی هەر شتێك حەقە خۆی هەڵی بگرێت، مەگەر لاواز بێت و نەتوانێت هەڵی بگرێت و برای موسوڵمانی یارمەتیی بدات، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا تۆ شەڕواڵ لە پێ دەکەیت، گوتی: بەڵێ لە سەفەر و لە شار و لە شەو و ڕۆژدا، کە فەرمانی سترم پێ کراوە خۆم بپارێزم، لەمە باشتر نابینمەوە کە خودپارێزی بکەم. جوانکارییەکی سووری هەبوو، جوانکاریی قۆپچە و جل و متوموور و بوو لای ئەوان، هەروەها لە جلدا دوو کراس پێکەوە بە جوانکاری دادەنرا، ئیبن قەییم دەڵێت: هەڵەیە ئەو کەسەی وا بزانێت سووری قەترانی بوە، هیچ ڕەنگێکی تری لەگەڵدا نەبوە، دەڵێت: بەڵام جوانکاریی سوور لەو کراسە میلدارە یەمەنییانەی کە چنراون بە هێڵی ڕەش و سوور وەك سەرجەم کراسە میلدارە یەمەنییەکان بوە، بەم ناوە واتە بە سوور ناسراوە، لەبەر ئەوەی میلی سووری تێدا بوە لە (زاد المعاد)دا: ئیمام ئەحمەد و ئەبووداود، بە پشتبەستن بە ئەنەسی کوڕی مالیك گوتوویانە: پاشای ڕۆم دەستکێشێکی لە سوندس پێشکەشی پێغەمبەر کرد و لە دەستی کرد وەك ئەوە دێتە بەر چاوم کە ئیستا لە دەستی ببینم. ئەسمەعی دەڵێت: دەستکێشی فەروو بە درێژیی

دەست و مەچەکی دادەپۆشی، وەك ئەوە وایە ئەم دەستکێشە بە سوندس داپۆشرابێت، بەڵام فەروەکەی سوندوس نەبوە.
لە سەحیحی موسلم لە ئەسمای کچی ئەبووبەکرەوە دەڵێت، ئەمە جوبەکەی پێغەمبەری خودایە، جوبەیەکی تیالیسی خەسرەوانییە، کە بەدەنەکەی چنرابوو و قەراغەکانی و پەراوێزەکانی و قۆڵەکانی نەخشێنرابوون بە ئەتەمین و، گوتی، ئەمە لای عایشە بوو تا مرد، کە مرد کەوتە لای من، محەمەد لە بەری دەکرد و ئێمەیش بۆ نەخۆش دەمانشۆرد و پێی چاك دەبوەوە. ملەکەی کە لە ملەوە تا سەر سینگ دەکرێتەوە بە چنین نەخشێنرابوو. لە (زاد المعاد) دوو کراسی میلداری سەوز و عابای ڕەش و عابای سووری بۆربا و و عابایەکی لە موو چنراوی هەبوە. لە صحیح دا لە عایشە وەرگیراوە، عەبایەکی بۆری بە قۆڵێکی پانەوە دەرهێنا، پێغەمبەر ئەمەی لە بەر بوو ڕۆحی سپارد. لە (سنن أبی داوود) لە عەبدوللای کوری عەباس، گوتی جوانترین جوانکاریی جلم لە بەری پێغەمبەردا بینی و، لە( ابي رمث)، گوتوویەتی: پێغەمبەری خودام بینی کە گوتاری خوێندەوە، دوو کراسی میلداری سەوزی لە بەر بوو، ئەم کراسەیش هێڵی سەوزی تێدایە نەك هەمووی سەوز بێت، هەروەها ئیبن قەییم وای گوتوە.
هەروەها شەحاتەی واتە قەبقابی لە پێ کردوە و ئەو نەعلەشی لە پێ دەکرد کە پێی دەڵێن ناموسە، مستیلەشی لە دەست کردوە، ئیبن قەییم دەڵێت: قسەی جیاواز لەوەدا هەیە ئایا لە دەستی ڕاستی کردوە یان چەپی، گوتی: هەموویان پشت ڕاست کراونەتەوە کە هەندێك جار لە دەستی ڕاستی بوە و هەندێك جاریش لە دەستی چەپی. لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: مستیلەیەکی ئاڵتوونی لە پەنجەدا بوە. ئینجا فڕێی داوە و لە دەستکردنی ئاڵتوونی ڕەتکردوەتەوە و، ئینجا مستیلەی لە زیو دروستکراوی لە دەست کردوە و ڕەتینەکردوەتەوە، سەروی مستیلەکەی لە پەنجەیدا ڕووەو دەستی کردوە.

دەرئەنجامی باسەکە
ئەمەی باسمان کرد هەموو ئەو موڵك و ماڵانە بوون کە محەمەد هەیبوو، لە وڵاخ و مەڕوماڵات و کەنیزەك و کۆیلە و چەك و ناوماڵە و جلوبەرگ، جگە لەوەی لە ژێر دەسەڵاتیدا بوو، هەر چییەکی لێ بکات لە زەوی و خانووبەرە و پارەی فەی لە خەیبەر و فەدەك و بەنی نەزیر، لەمەیشدا ئەو حەقیقەتەت بۆ دەردەکەوێت کە محەمەد لە مەدینەدا هەژار نەبوە، بەڵکوو شایەنی ئەوە بوە پێی بڵێت یەکێك بوە لە دەوڵەمەندەکان و، هیچ دەوڵەمەندێکی مەدینە ناناسین کە لەو کاتەدا لەمەی زیاتر هەبووبێت. لەبەر ئەوەی ژیان سادە و ساکار بوە لەو زەمانەدا، ئەگەر پیاو پرێك حوشتر و ژمارەیەك مەڕی هەبوایە، بە دەوڵەمەند هەژمار دەکرا و ئەوەی نەبوایە بە هەژار دەناسرا. ئەوەی دەیبینین کە دەوڵەمەندەکانی دێهات و دەشتەکان لە خەڵکە گشتییەکەی ئەم زەمانەی ئێمەیشدا، یەکێکی تێدا نییە لە محەمەد زیاتری هەبێت.
ئەگەر بگوترێت: بەڵگەی ئەوە هەیە کە هەژار بووبێت، لە ئەبووهورەیرەوە هاتوە دەڵێت: مانگەشەو لە دوای مانگەشەو دێت و دەڕوات، ئاگرێك لە ماڵەکانی پێغەمبەری خودا هەڵناکرێت نە بۆ نان و نەیش بۆ چێشتلێنان. پێیان گوت: ئەی بە چی دەژیا هەی ئەبووهورەیرە؟ گوتی: بە هەر دوو ڕەشەکە، واتە ئاو و خورما. لە ئیبن عەباسەوە، دەڵێت: بە خودا شەوانێك بە سەر آلمحەمەددا ڕەت بوە (واتە خێزانی محەمەددا ڕەت بوە) کە نانی شێوانیان نەبوە، لە عایشەوە گوتراوە، ئەبووبەکر مەڕێکی داینێ، گوتی: ئەوەی هەمانبوایە دەمانخوارد. گوتیان: مرد و درعەکەی واتە قەڵغانەکەی بۆ سی بارەجۆ بە بارمتە لای ئەبی شەحمی یەهوودی بوو. هەروەها گوتوویانە لەبەر برسێتی بەردی لە سەر زگی بەستوە.
لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێین: یەکەم: ئەم قسانە لە زیادەڕۆیی بە دەر نییە، ئەمە وەك ئەوەیە قسەکەر لە ڕووکەشدا شتەکانی بینیبێت، بێ ئەوەی لە ناوەڕۆکی کارەکەی قووڵ ببێتەوە، دووەم: سەرەڕای ئەوەی محەمەد دەوڵەمەند بوە بەڵام وەك هەژارەکان ژیاوە، ئەوەی بە دەستییەوە بوە لە پارە بە هیی خۆی نەزانیوە و زاهید بوە و هیچ گرینگیی پێ نەداوە، گوتوویەتی: هەژاری شانازیی منە، لەبەر ئەوە هەژاران دڵنیا بکاتەوە و دڵیان بداتەوە.
لەوانەیە هەر دەوڵەمەندێك لە دەوڵەمەندەکانی مەدینە لە سەردەمی محەمەد، هەندێك جار شتێکی نەبێت خەرجی بکات ناچار دەبێت ڕوو لە قەرزکردن بکات، لەبەر ئەوەی داهاتە داراییەکان لەو کاتەدا کەم بوە. ئەگەر کەسێك هەندێك جار قەرز بکات ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە هەژار بووبێت و هیچی نەبووبێت، مەگەر لەو ڕۆژەدا هیچی نەبوە کە داواکارییەکەی جێبەجێ بکات. پێشتر گوتمان، خەڵکی مەککە و مەدینە لە سەردەمی محەمەددا لە حاڵەتی

نیمچە دەشتەکیدا دەژیان و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکانیاندا نەبوە، کاریگەریی خۆشگوزەرانی و پۆزلێدان و دەوڵەمەندی لە لایەن دەوڵەمەندەکانیان وەك دەوڵەمەندەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دیار نەبوە. دەوڵەمەندەکان ئەوەی بۆیان فەراهەم دەبوو کە بۆ خۆیان و منداڵەکانیان خەرجی بکەن، لە سەرووی خەرجی و یان تەنها خەرجییش نەتوانییێت .شتی تر بکات، ئەگەر خاوەن کشتوکاڵ و مەڕوماڵاتیش بێت

هیچ نامۆ نییە کە محەمەد درعەکەی بە ڕەهن لە بریی بارێك جۆ دانابێت، وا تێ ناگەین لەوە کە هەژار بوویێت و هیچی نەبوویێت، بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە خەرجیی حەوت ماڵی کردوە، قسەکانی ئەبووهورەیرە چییە: بۆ دوو مانگ دەڕوات و هیچ ئاگرێك لە ماڵەکەی هەڵناکرێت، ئەمە جگە لە زیادەڕۆیی هیچی تر نییە، ئەگینا محەمەد لەم دوو مانگە نەیتوانی مەڕێك لەو سەت مەڕەی هەبوو سەرببڕێت. بەڵام بەستنی بەرد لە سەر زگی لەبەر برسێتی، ئەمە جگە لە یەك جار هیچ کاتێك ڕووی نەداوە، ئەویش لەو کاتەدا کە گەمارۆ درابوون لە شەڕی خەندەق و برسێتی ڕووی تێ کردبوون. هەندێك هاوەڵانی دەڵێن، سێ ڕۆژ بێ ئەوەی تامی شتێك بکەین بە برسێتی ماینەوە، پێغەمبەر لەبەر برسێتی بەردی بەست بە سەر زگییەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئیبن حەبان ئەمەی بە درۆ خستەوە و گوتی ئەم فەرموودەیە ڕووکەشانەیە، وەك فەرموودەکە بەم جۆرە دەڵێت: ناوقەدیان بە چمکی کراسەکەیان دەبەست، کەچی زیادەڕۆییان کرد لە چۆنێتی و بەرگریی برسێتییەکە وەك خاوەنی سیرەی حەلەبی باسی دەکات، محەمەد چۆن هەژار دەبێت کە ئەو چوار داهاتە داراییەی هەبێت کە پێشتر باسمان کرد، بەڵام ئەو زاهید بوو لە پارەدا و هیچ گرینگیی پێ نەداوە، ئەوەی لە دەستی بوایە هیی خۆی نەبوو، ئەگەر نا، ئەگەر بیویستایە پارە و داهات کۆ بکاتەوە، گەورەترین دەوڵەمەندی ئەو کاتە دەردەچوو، وەك زوبێری کوڕی عەوام چۆن دەوڵەمەند بوو، کە پێشتر هیچی نەبوو. هەروەها عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و خەڵکی تری هاوەڵانی چۆن دەوڵەمەند بوون. دەڵێن زوبێر هەزار موڵکی هەبوو داهاتیان بۆ کۆ دەکردەوە، دەڵێن: حەوت لە هاوەڵانی ڕایان سپاردوە کە ئاگاداری منداڵەکانیان بن، پارەیان بۆ کۆ کردنەوە و خەرجیی لە سەر دەکردن. ئەو هاوەڵانە، عوسمانی کوڕی عەفان، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، میقداد، ئیبن مەسعوود، بوون. خاوەنی (معجم البلدان) لە قسەکانی لە سەر جەنگەڵەکە دەڵێت: شوێنێکە لە نزیك مەدینە ڕووەو شام، گوتی: لە میراتییەکانی زوبێرە بە سەدوحەفتا هەزار .کڕیویەتی و پاش مردنی بە یەك ملیۆن و شەشسەت هەزار فرۆشراوە

لە (الکشاف)ی زەمەخشەریدا گوتراوە: پێغەمبەری خودا هانی خەڵکی دەدا سەدەقە بدەن، عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف بە چل ئوقیە زێڕەوە هات بۆ لای، دەڵێن: چوار هەزار دڕهەم، گوتوویەتی، هەشت هەزارم بوو چوار هەزارم بە قەرز دا بە خوداکەم و چوارم بۆ منداڵەکانم دانا: پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: خودا زیادی بکات بۆت، لەوەی بەخشیت و لەوەی بۆ خۆیشت هەڵگرتوە. گوتی: خودا زیادی کرد بۆی تا ئاشتەوایی (تماضر) ژنی بە چارەکە نرخەکەی بۆی تەواو بوو، بە هەشتا هەزار، ئەگەر چارەکێك لە میراتەکەی هەشتا هەزار بێت، هەموو نرخەکەی سێسەدوبیست هەزار بوە. ئەگەر ئەمە نرخەکە بێت، لە بنەڕەتدا پارەکە، اة نێوان .دووسەت هەزار و پێنجسەت و شەست هەزاردا بوە

لە سیرەی حەلەبی دا لە عەلیی کوڕی ئەبووتالیبەوە گوتوویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودادا لە برسێتیدا بەردمان لە سەر زگمان دەبەست و، ئێستا چل هەزار دینار سەدەقە دەدەم. حەلەبی دەڵێت: ئەوە لە ساڵێکدا. ئەگەر زەکاتی پارەکانی چل هەزار دینار بوویێت ئەی پارەکەی چەند .بوە

ئەوەی باسمان کرد لە چیرۆکی سوراقەدا، عومەری کوڕی خەتاب کە غەنیمەکانیان بۆ هێنا لە پارە و ماڵی کیسرا و فەرشەکەی تێدا بوو، لەتلەتی کرد و دابەشی کرد بە سەر موسوڵماناندا، بەشێکی بەر عەلی کەوت، فرۆشتنی بە پەنجا هەزار دینار. بێگومان محەمەد ئەگەر پارە پەرست بوایە و پارەی بویستایە پاش ئەوەی کۆچیان کرد بۆ مەدینە لەم پارانەی زیاتری دەبوو، ئەوان کە هیچیان نەبوو، بەڵام ئەو ئەم دونیایەی لە چاو ئەو ئامانجەی لە مێشکی خۆیدا دای .نابوو و دەیویست، زۆر هیچ و بێ بەها بوو

(42)

ژنەکانی پێغەمبەر

پیاو لە زەمانی جاهیلیەت زاڵ بوە بە سەر ژندا، ژن کاڵایەکی پیاو بوە و بە هەر شێوەیەك ویستبێتی لەزەتی لێ بینیوە و هەر کاتێك مەیلی لێ نەمابێت لێی جیا بوەتەوە، هەر پیاوێك چەندین ژنی هێناوە، لەوانەیە دە ژنی هێنابێت یان زیاتر یان کەمتر، پێغەمبەر ویستی ماڵیان باشتر بکات لە هاوسەرگیریدا، ڕێگەی لێ گرتن لە چوار ژن زیاتر بهێنن، مەرجیشی بۆ ئەوانە دانا کە لە یەك ژن زیاتر دەهێنن دەبێت دادپەروەر بن لە نێوانیاندا، پێی گوتن: ئەگەر ترسان لەگەڵیاندا دادپەروەر نەبن لە یەکێك زیاتر مەهێنن. بەڵام ڕێگەی پێ دان کە لە دەرەوەی چوار ژنەکەیش، چەندیان بوێت سەرجێیی لەگەڵ موڵکی ئەیمانەکان (ما ملکت أيمانهم)یش بکەن.

ئەگەر تێرامانێك لە سەر ڕێگەپێدانی زۆر ژنی لەوەی لە قورئاندا هاتوە بکەین، بەڕاشکاوی لێی تێ دەگەین کە فرەژنی ڕێگەپێدراو نییە، لەبەر ئەوەی بە مەحاڵەوە بەستوویەتییەوە، ئەوەی بە مەحاڵ ببەسترێتەوە ئەویش دەبێت بە مەحاڵ. پێی گوتوون: فرەژنی ڕێگەپێدراوە بۆتان، بەڵام مەحاڵ ناهێڵێت کە ڕوو بدات. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەیش لە سورەتی (النساء)دا دەڵێت: {فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ} [النساء: 3] واتە: نیکاح لەگەڵ دوو و سێی و چواردا بکەن مەگەر بترسن دادپەروەر نەبن لەگەڵیاندا، یەکێك بەسە یان ئەوانەی موڵکی ئیمانتانن. لەم ئایەتە دادپەروەریی وەك مەرجێك داناوە لە نێوان ژنەکاندا. دەڵێت: (فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً). لە شوێنێکی تردا لە سورەتی (النساء) دەڵێت: {وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أَنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ} [النساء: 129] واتە: دەڵێت ئەگەر نەتانتوانی دادپەروەر بن یەکێك بەسە و لەشوێنێکی تردا دەڵێت ناتوانن دادپەروەر بن لە نێوان ژنەکانتان هەرچەند بە پەرۆش بن. لێرەدا جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی کە دەڵێت، ناتوانن دادپەروەر بن لە نێوان ژنەکانتاندا، ئەم ئایەتە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەوی تر لە حوکمدا دانەبڕاوە، لەبەر ئەوەی قورئان هەندێکی شیکردنەوەی بۆ ئەوی تر دەکات.

ئەگەر لەم دوو ئایەتە پێوەرێکی مەرجدانان لە سەری داناوە بەم شێوەیە: (ئەگەر توانیتان لە نێوان ژنەکاندا دادپەروەر بن لە یەك ژن زیاتر بهێنن، بەڵام ناتوانن دادپەروەر بن لە نێوانیاندا چەند مکوڕیش بن و جەختیش لە سەر ئەوە بکەنەوە) دەرئەنجامەکەی وا دەردەچێت: (جگە لە یەك دانە هیی تر مەهێنن) یان لە سەر پێکهێنانی پێوەری مەرجدار بەم شێوە گوتمان: (ئەگەر لە تواناتاندا بوو دادپەروەری لە نێوان ژنەکاندا بکەن دەشێت لە یەك ژن زیاتر بهێنن، بەڵام لە توانای ئێوەدا نیە دادپەروەری لە نێوان ژناندا بکەن) دەرئەنجامەکەی بەم شێوەیە دەبێت (بۆتان نییە هاوسەرگیری لەگەڵ یەك ژن زیاتردا بکەن).

وەك دەبینیت ئەمە لە قورئاندا ڕاشکاوانە باس کراوە، موسوڵمانان ئاگاداری نین، نە لە سەردەمی محەمەد و نەیش لە دوای ئەو، هیچ ناڕەزاییەکیش لە شەریعەتەوە لەو بارەوە دەر نەبڕاوە، جگە لەوانەی لە زەمانی محەمەد و پاش مردنی ڕووی داوە، هاوەڵانی و ئەوانەی سەر بەو بوون، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان بە بوارداني فرەژنی کاریان کردوە. هاوسەرگیریی زۆریان کردوە، لە یەك زیاتر و تا چوار ژنیان هێناوە، ئەگەر ئەوە ڕووی نەدابێت، نابێت بڵێین لە فرەژنیدا بە پێی قورئان دەڕۆین. بەڵام محەمەد خۆی مەیلی بە لای ئەم حوکمە نەبوو و، پابەندیش نەبوو بەم حوکمەوە و، تا دوانزە ژنیشی هێناوە، دەڵێن داوای سی ژنی کردوە و، بیستی مارە کردوە و چوە بە لای دوانزەیاندا و لەو کاتەی مردوە نۆ ژنی هەبوە، ئەمەیش لە قورئاندا نەهاتوە و لە فەرموودەکانیشیدا نەهاتوە، کە ئەو لەو حوکمە بە دەر کرابێت. بەڵکوو لەو بارەوە بێدەنگ بوە، بەڵام لە چوار ژن زیاتر هێنانی دا، وا دیارە لەو حوکمە بە دەر بوە، ئەمەیش وەك دەڵێن لە تایبەتمەندییەکانییەتی.

باوا دابنێین زۆر ژنهێنانی، لە چوار زیاتر پێش دیاریکردنی چوار ژنە بوە و بە پێی ئایەتەکەی قورئان نەبوە، نابێت پاش ئایەتەکە بیانهێڵێتەوە، بەڵکوو لە سەری فەرز بوو کە چواریان بهێڵێتەوە و لەوانی تر جیا ببێتەوە، وەك فەرمانی بە (غیلان) کرد، لەو کاتەدا کە (غیلان) بوو بە موسوڵمان دە ژنی هەبوو، پێغەمبەر فەرمانی پێ کرد کە چواریان هەڵبژێرێت و واز لەوانی تر بهێنێت، واتە لێیان جیا ببێتەوە. نەمانبیستوە کە هیچ هاوەڵێك لە بەرامبەر محەمەد لەو بارەوە ناڕەزاییی دەربڕیێت و کەسیش لەو بارەوە پرسیاری لێ نەکردوە، بەڵام زانایانی ئیسلام قسەیان لە سەر کردوە، گوتوویانە کە ئەمە لە تایبەتمەندییەکانییەتی، واتە لەو شتانەیە کە بۆ ئەو دەشێت و بۆ کەسی تر نابێت. مەبەستیان لە تایبەتمەندیی بە واتای ئیمتیازاتی ئەم

.زەمانەیە
بێگومان پابەندنەبوونی بەم حوکمە شەرعییە کە بۆ میللەتەکەی حوکمی کردوە زۆر نامۆیە و، لەوە نامۆتریش ئەو فەرموودەیە کە لە ئەنەسەوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: لە خەڵکی تر لە چوار .شتدا بە باشتر دانراوم، بەخشندەیی و ئازایەتی و بەزەبری و زۆریی سێکسکردن
لە سەلمای بەخێوکراویەوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا لە هەر شەوێکدا بە سەر هەر نۆ ژنەکەیدا چوە، واتە سیکسی لەگەڵدا کردوون، لە پاش هەر یەکەیانیش غوسڵی دەرکردوە پێش ئەوەی بچێتە لای ئەوی تر، گوتوویەتی ئەمە پاکتر و خۆشترە. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: لە هەر شەوێکدا بە سەر سەرجەم ژنەکانیدا ڕۆیشتوە، لە سێکسدا هێزی سی کەسی پێ بەخشراوە و، خودا ئەو ڕێگەیەی بەو داوە بە کەسی تری نەداوە. ئەبوداود گوتوویەتی و لە سونەتەکەیدا گێراویەتیەوە و لە ئەبوورافیع وەری گرتوە، کە لە بەخێوکراوی پێغەمبەری خودایە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا لە هەر شەوێکدا دەچوو بە لای ژنەکانیدا و لە دوای سێکسکردنی لەگەڵ هەر ژنێکیدا غوسڵی دەرکردوە. گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، .نابێت، ئەگەر بۆ هەموویان یەك جار غوسڵ بکەیت، گوتی ئەمە پاکتر و بەلەزەتترە
دەڵێن هیچ سەرسوڕمانێك لە زۆر سێکسکردنی پێغەمبەردا نییە، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر ژنی خۆش ویستوە، وەك لە فەرموودەیەکی ناسراودا هاتوە، خۆشترین شت لە دونیاکەی ئێوە بۆ .من خواردنی خۆش و ژنە و خۆشیی ژیانم خستوەتە سەر نوێژکردن
بەڵام ئەم قسەیە سەرسوڕمانەکە لا نابات، لەبەر ئەوەی خۆشەویستیی ژن بە تەنها بەس نییە بۆ بە کردەوە زۆریی سێکسکردن، ئەمە جگە لە خۆشەویستیی ژنان پێویستی بە هێزی پشت و زۆر بەهێزبوونی دەمارەکان دەوێت، دەبێت هۆکاری تر هەبێت وای لێ کردبێت، کە لە .دەرئەنجامدا ئەم کەفوکوڵە سێکسییەی تێیدا دروست کردبێت
ئەو پاشماوانەی نیشانمان دەدەن و ئەو هەواڵە زۆروزەبەندانە دەربارەی محەمەد، محەمەد لە حاڵەتی چالاکی و ئەکتیڤیی لەشولار و لە سێکسی بەردەوامدا بوە، ئەم حاڵەتە وای لێ کردوە کە حەزی لە ژن بێت و، ئەمەیش لە حاڵەتی ئاسایی سێکسی بە دەر بوە.
خۆشەویستیی ژنان لای محەمەد لەم حاڵەتەوە هاتوە، نەك ئەم حاڵەتە سێکسییەی لە خۆشویستنی بۆ ژنان دروست بووبێت. بەڵام ئەم حاڵەتەی کە بەردەوام بوە تێیدا، مەبەستم حاڵەتی هەڵچوونی ناوخۆیی و چالاکبوونی بۆ سێکسکردن، وەك دەبینین ئەمەیش پێوەندیدارە بە حاڵەتە عەسەبییەکەی، واتە بە دەمارەکانیەوە کە بەفراوانی پێشتر باسمان کرد و شیمان کردەوە، واتای پێوەندیدار بوە بەوەوە و لەوەوە دروست بوە و ئەوەیش هۆکاری ئەم سیفەتەی .بوە
لەبەر ئەوەی ئەعسابی محەمەد هەمیشە لە شڵەژان و ورووژاندا بوە و هەمیشە زۆرتر بوە لە هەر شتێك هانی دابێت و هەر ڕووداوێك وروژاندبێتی، وەك ئەو حاڵەتەی بە سەردا هاتوە هەمیشە وایان زانیوە حاڵەتی وەحیبۆهاتنە، پێشتر زانیت کە ئەمە هیچ پێوەندییەکی بە وەحییەوە نییە و لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە ئەم حاڵەتەی لەگەڵدا بوە و پێش پێغەمبەرایەتی و پێش ئەوەی وەحیی بۆی بێت ئەوەی لەگەڵدا بوە. ئەگەر زانیمان کە عەسەب و دەمارەکانی لە ورووژاندنی بەردەوامدا بێت، لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر سێکسکردن هیچ ئاڵۆز و نهێنییەك و مەتەڵ و لوغزێك نییە. بێگومان سێکسکردنیش باشترین هێمنکەرەوەی دەمارەکانی واتە ئەعسابی بوە، کە ئەو لەو حاڵەتەدا ژیابێت. هەر چەندە حاڵەتی عەسەبیی توندتر بوە و ورووژاوە، ئەو پەنای بۆ سێکس بردوە، بۆ ئەوەی ئەعسابی هێمن بکاتەوە و پشوو بدات. وەك چۆن لەو حاڵەتەدا کە خەم دای دەپۆشی زوو پەنای دەبردە بەر نوێژکردن، نوێژ باشترین خەمڕەوێنی بوە لەو کاتانەی کە غەمبار بوە. بۆیە گوتوویەتی: نوری چاوم لە نوێژدا داناوە.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: هەر چەندە غەمبار بووبێت زوو پەنای بۆ نوێژ بردوە، بەمەدا .دەزانیت بۆچی سێکسی کردوە و، بۆچی گوتوویەتی: نوری چاوم خستە سەر نوێژکردن
ئەگەر بڵێین زۆر سێکسکردنی لە دەرئەنجامی حاڵەتە عەسەبییەکەیەوە هاتبێت، دەبێت ئەو زۆرییە لە سێکسکردن لە مەککەیش و لە پێش پێغەمبەرایەتی هەبووبێت، بە هەر حاڵ کە لە مەککە بوو یەك ژنی هەبوو کە خەدیجە بوو، پێش ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵیدا بکات ڕەبەنی بوە، ئەو حاڵەتە عەسەبییە تێیدا هەبوە کە دەخرێتە پاڵی و لە سەری دەگوترێت، بۆچی ئەم .زۆر سێکسکردنەی لە مەدینە نەبێت لەوێدا نەبوە
دەڵێم: حاڵەتە عەسەبییەکەی لە پێش پێغەمبەرایەتی هەبوە، بەڵکوو لە منداڵیشەوە بوە،

ئەمە من نایڵێم و دروستی ناکەم، بەڵکوو گێڕەوان و حکایەتخوانان و زانای بەسەرهاتەکان باسیان کردوە. ئەمەمان ڕوون کردەوە هیچ پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات، بەڵام زۆر سێکسکردنی تەنها لە مەدینە بوو، لەبەر ئەوەی هۆکاری زیاتربوونی لە مەدینە هاتە ئاراوە و، لەبەر زۆربوونی ژن و سەرجێییەکانی بوە، بەڵام لە مەککە دوو خولی هەبوو، یەکێکیان پێش پێغەمبەرایەتی و پێش ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵ خەدیجەدا بکات و ئەوی تر پاش ئەوەی خەدیجەی هێنا و پاش پێغەمبەرایەتی. لە خولی یەکەمدا بە حاڵەتە عەسەبییەکەی لە ورووژاندنێکی لە ڕادەبەدەردا بوە، بۆیە لەو خولەدا پرۆسەی سنگهەڵدڕینەکە ڕووی داوە، تەنانەت وەك باس کرا سێ چوار جار ڕووی داوە. لەم خولەدا، نەیزانیوە کە سێکسکردن هێورکەرەوەی ئەم حاڵەتە عەسەبییەی دەبێت، لەبەر ئەوەی هاوسەرگیریی نەکردبوو و بەکردەیی ئەوەی تاقی نەکردوەتەوە، بۆیە قورساییی ئەو حاڵەتەی لە سەر شان هەڵگرتوە بە سەبرگرتن و خۆبەدەستەوەدانی قەدەرەوە.

بەڵام خولی دوەم، واتە پاش ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵ خەدیجەدا کردوە، نازانرێت لەوانەیە زۆر جار سێکسی لەگەڵ خەدیجەدا کردبێت و هیلاکی کردبێت. بەڵێ: زۆر سێکسکردن لە مەککە وەك زۆر سێکسکردنی لە مەدینە نەبوە، وایە وەك باوە ناتوانرێت سێکس لەگەڵ یەك ژندا هێندە سێکس لەگەڵ نۆ ژندا بکەیت. بەڵام بە هەر حاڵ لەگەڵ ئەوەیشدا سێکسی زۆری لەگەڵ خەدیجەدا کردوە، بۆیە پاش هاوسەرگیرییەکەی حاڵەتە عەسەبییەکەی تا ڕادەیەك هێووربوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە، وەك پێشتر زۆر نەهاتوە بە سەریدا لەو حاڵهاتنەدا و کردنەوەی سنگهەڵدڕین ڕووی نەداوە.

وامان پیشان دەدات، کە لە مەککەیش لە حاڵەتی ورووژاندن و ئەکتیڤدا بوە بۆ سێکسکردن وەك لە مەدینە بوە، هیچ بەوەوە نەوەستاوە و چەند ڕۆژێك پاش مردنی خەدیجە سەودەی کچی زەمعەی هێناوە و عایشەی کچی ئەبووبەکریشی مارە کردوە، هەر لەو مانگەی خەدیجەی تێیدا مردوە، لەگەڵ ئەوەی لە حاڵەتی خەفەتباریدا بوە بۆ مردنی ئەبووتالیبی مامی و خەدیجەی خێزانیشی. تا ئەو ساڵەیان بە ساڵی خەمباری ناو ناوە. بەڵام ئەم خەمەی ڕێگری لە ژنهێنانی نەگرتوە، لەبەر ئەوەی لەحاڵەتی ورووژاندنی ئەعسابدا بوە، ئەم حاڵەتەیش وای لێ کردوە کە بۆ سێکسکردن هەمیشە لە حاڵەتی ئامادەباشی و ئەکتیڤیدا بێت.

ئەگەر بڵێیت: بۆچی ژنی بە سەر خەدیجەدا نەهێنا، لەو کاتەی کە لە مەککە دا بوە و لەو حاڵەتەدا بوە کە باسی دەکەین و ئەمەیش وا حوکم دەکات کە تەنها بە خەدیجەوە نەوەستێت؟

دەڵێم:

یەکەم لەبەر ئەوەی خەدیجە زۆر خۆشی دەویست و خۆی کردە قوربانی و بە هاوشانی خۆی دادەنا و بە پارە و موڵکی ڕای گرت و لە سەر پێغەمبەرایەتی جێگیری کرد، وەك پێشتر باس کرا. تەنانەت پاش مردنی باسی لە چاکەی خەدیجە بە سەرییەوە کردوە، گوتوویەتی کە تا ماوە لە ژیانیدا لە بیری ناکات، دڵسۆزی و وەفاداری و ئینساف ڕێگەی پێ نەداوە کە ژنی بە سەردا بهێنێت. لە نەفسی خۆیدا زۆر حەزی لە هاوسەرگیریی تر کردوە، بەڵام ئەو پەرۆشییەی مت کردوە لە پێناو وەفاداری و کەرامەتی ئەودا، واتە خەدیجەدا.

دوەم: حاڵەتی مادی یارمەتیی نەداوە کە ژنی زۆری هەبێت وەك لە مەدینە هەیبوو. ئەو کە لە مەککەدا بوو بە پارەی خەدیجە دەژیا، ئەگەر ئەخلاقی باشی نەبوایە و خووڕەوشتی بەخشندە نەبوایە فێڵی لە خەدیجە دەکرد و ڕازی دەکرد و بە پارەکەی کێی بویستایە دەیهێنا، بەڵام ئەمەی نەکرد، ئەویش لەوانە نەبوو لەم کارانە بکات، لەبەر ئەوەی ئەم کارە دژ بە وەفاداری و ئینسافە.

ئەمەو با بە ڕیز و یەك لە دوای یەك، باسی ژنەکانی بۆت بکەین و چۆن هاوسەرگیریی لەگەڵ کردوون و چۆن چوە بە لای هەندێکیان دا و نەچوە لای ئەوانی تردا.

خەدیجەی کچی خوەیلد

پێشتر باسمان کرد، چۆن خەدیجە ناردی بۆ لای محەمەد و چۆن داوای کرد وەك کرێگرتە بڕوات بۆ شام بۆ ئەوەی لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامیدا بازرگانی بۆ بکات.

شاراوە نییە کە خەدیجە و محەمەد لە یەك شاردا دەژیان، لەگەڵ ئەوەیشدا لە بنەچەوە لە یەك دوور نین، بەڵکوو هەر دووکیان لە قورەیشن و دەگەنەوە بە قوسەی. بێگومان خەدیجە محەمەدی ناسیوە و ناوبانگی زانیوە کە پیاوێکی سەرراست و ڕاستگۆ و ئەمانەتپارێز بوە، جگە لە ئەخلاقی جوان و ڕەفتاری بەجێ و خەسڵەتی پیاوانە، بەڵام ناسینی لە نزیکەوە نەبوە و

لەگەڵ یەکدا تێکەڵاو نەبوون، بەڵام پاش بەکرێگرتنی و ناردنی بۆ بازرگانی بۆ شام، وای لێ هاتوە تێکەڵاو بن و لە نزیکەوە یەکتر بناسن، خۆشەویستیی کەوتە دڵی خەدیجەوە و زاڵ بوو بە سەریدا و، ئەم خۆشەویستییەی گیانی تەنی و پاش ئەوەی بەکرێگرتەیی بازرگانی بۆ کرد عاشقی بوو.
هیچ نامۆ نییە کە خەدیجە لە ماوەیەکی کورتدا و پاش بەکرێگرتنی عاشقی محەمەد بووبێت، لەبەر ئەوەی هەندێك جار بینینێك بەسە بۆ دروستبوونی بەهێزترین خۆشەویستی، ئەی چۆن دەبێت ئەگەر دوای ئەوەیش تێکەڵاوی و دانیشتن و تەماشاکردنیشی تێکەوێت. گەنجێکی تەمەن بیستوپێنج ساڵ و خاوەن ئەخلاقێکی جوان و قۆز و کامیل و خاوەن بنەچەی گەورەکان، چۆن خەدیجە خۆشی ناوێت، کە بۆ بازرگانی تێکەڵاو بوون و، ئەو قازانجەی کە پێشتر بەو شێوەیە نەیکردبوو بە دەستی ئەو کردی، ئەم پێوەژن و ئەویش ڕەبەن و سەڵت بوو.
ئەوەی گومانی تێدا ناکەم کە پاش ئەوەی لەگەڵ مەیسەرەی غوڵامی ناردی بۆ شام و، زۆر بیرکردنی و، هەمیشە لەبەرچاودانانی و داڵغەلێدانی و بەردەوام بیرکردنەوە لێی لە کاتی نەهاتنەوەیدا و، وا چاوەڕوانی کردوە کە چۆن عاشقێك بە تاسەوە چاوەڕوانی عاشقەکەی بکات، لەو چاوەڕوانییەدا لە سەر ئاگرێکی سوور بوە، تەنانەت لە ڕۆژی گەڕانەوەیدا چوەتە سەر بەرزاییەك کە زاڵ بوە بە سەر ڕێگەی شامدا، لەگەڵ ژناندا دانیشتوە و چاوی لە سەر ڕێگەکە بوە، زانیویەتی کاروانە بارەکە دەگەڕێتەوە، لەو ڕۆژەدا کاتێك محەمەد بە سەر حوشترەکەیەوە بەو نیوەڕۆیە چوەتە مەککەوە، خەدیجەیش پیشانی ژنەکانی داوە. خەدیجە لەو کاتەدا کچی چل ساڵ تەمەن بوە، پێش ئەوە دوو جار شووی کردوە، یەکەم مێردی ناوی عەتیق کوری عابید بوە، کچێکی لێی بوە بە ناوی هند، دوەم مێردی ئەبووهابە ناوی هند بوو، کورێکی لێی بوو بە ناوی هالە و کورێکی تر بە ناوی هندی کوری هند. وا دیارە هەر دووکیان مردوون و بە بێوەژنی ماوەتەوە.
لە سیرەی حەلەبی دا هاتوە: هند کچی خەدیجە لە عەتیق کوری عابید بوو. (صیف المخزومی) هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد و محەمەدی لێی بوو، واتە دایکی محەمەدی کوری سەیف بوو، بەڵام هندی کوری لە ئەبی هالە بەخێوکراوی پێغەمبەری خودا بوو. گوتوویەتی من بەخشندەترین خەڵکم لە باوك و دایك و خوشك و براوە، باوکم پێغەمبەری خودایە (لەبەر ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵ دایکی دا کردوە) و دایکم خەدیجەیە و براکەم قاسم و خوشکەکەم فاتیمەیە. حەلەبی دەڵێت: ئەم هندە لە ڕۆژی شەڕی (جمل) لەگەڵ عەلیدا بوو کوژراوە، سوهەیل دەڵێت: لە بەسرە بە نەخۆشیی تاعون مردوە.
هەر چەندە خەدیجە چل ساڵ بوو بەڵام شێوە جوانییەکەی وەك خۆی مابوەوە، وەك نەفیسەی کچی منەیە باسی دەکات، هاوڕێی بوو و لە هاوسەرگیرییەکەیدا نێوانگیریی خۆی و محەمەد بوو، لە سیرەی حەلەبی دا لە سەر نەفیسەی کچی منەیە دەنووسێت: خەدیجە کچی خوەیلد ژنێکی توندوتۆڵ و شەریف و بەهێز بوو، لەگەڵ ئەوەی خودا خێر و بەخشندەیی بۆ خواستوە، لەو کاتەدا لە بنەچە مامناوەندییەکان بوە، بەڵام کە گەورە بوە لە پێگە و ناودا بەرز بوەتەوە و پارەی زۆر و جوانتر بوە، بە بێگەرد ناو براوە، لە وتەیەکدا گوتراوە: بە ژنە بەڕێزەکەی قوڕەیش ناو هێنراوە، ئەوەی لە قەومەکەی بوە ئارەزووی هاوسەرگیرییان لەگەڵدا کردوە، ئەگەر ڕازی بوایە و، داوایان کردوە و پارەی زۆریشیان خستوەتە بەر دەمی، بەڵام ڕازی نەبوە.

داوای هاوسەرگیری
محەمەد پاش گەڕانەوەی لە شام بە پانزە ڕۆژ هاوسەرگیریی لەگەڵ خەدیجەدا کرد، داوای هاوسەرگیرییەکە لە لایەن خەدیجەوە بوو نەك لەوەوە. نێرراوی نێوانیان نەفیسەی کچی مونەیە بوو، نەفیسە دەڵێت: بەدزییەوە ناردمی بۆ لای محەمەد لە پاش گەڕانەوەی لە شام، گوتم: ئەی محەمەد چیی وای لێ کردوویت هاوسەرگیری نەکەیت؟ گوتی: هیچم بە دەستەوە نییە هاوسەرگیریی پێ بکەم، گوتم: ئەگەر ئەوە بکەیت و پارە و ماڵ و جوانی و شەرەف و پێگەی باشی هەبێت دەیکەیت؟ گوتی: کێیە؟ گوتم: خەدیجە، گوتی: چۆن دەتوانم ئەوە بکەم؟ گوتم: بەڵێ من دەیکەم. دەڵێت: ڕۆیشتم و هەواڵم گەیاند بە خەدیجە، هەواڵی بۆ نارد کە سەعاتی ئەوەندە و ئەوەندە بێت بۆ لای.
خەدیجە ترسی لەوە هەبوو کە محەمەد ڕازی نەبێت هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات و، خۆی لێی بپارێزێت، بۆیە بەدزییەوە نەفیسەی نارد بۆ ئەوەی قسەی لێ دەربهێنێت لە بارەی ژنهێنانەوە، تا ئەو کاتەی بزانێت ڕازییە و هیچ ڕێگرییەکی نییە، ئینجا بەئاشکرا خۆی قسەی لەگەڵدا بکات

و هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، ئەمەیش بێگومان بە سەرکەوتوویی تەواو دەبێت. ئەمەیش نیشانەی توندوتۆڵی و زۆرزانی نیشان دەدات، وەك نەفیسە باسی کردوە.
بەڵام محەمەد تا مۆڵەتی لە ئەبووتالیبی مامی وەرنەگرت، نەچوو بۆ لای، قسەکانی نەفیسەی بە مامی گوت، لە سیرەی حەلەبیدا لە (الفاكهي) گواستراوەتەوە لە (انس)ەوە: پێغەمبەر مۆڵەتی لە ئەبووتالیب وەرگرت بۆ ئەوەی بچێت بۆ لای خەدیجە، ئەویش ڕێگەی پێ دا و کەنیزەکێك بە ناوی تەبعەی بە دوایدا نارد بۆ ئەوەی بزانێت خەدیجە چی دەڵێت و ئەویش بە دوایدا ڕۆیشت، کاتێك هات بۆ لای، خەدیجەیش دەستی گرت و خستییە سەر سنگی و پێی سواند و گوتی: ئەی ئامۆزا، من حەزم لێ کردیت لەبەر نزیکی و سەرڕاستی و ئەخلاقی جوان و ڕاستگۆیی قسەکانت. لە ئیبن ئیسحاقەوە دەڵێت: خەدیجە پێی گوتوە: ئەی محەمەد، هاوسەرگیری ناکەیت؟ گوتوویەتی: لەگەڵ کێدا؟ گوتوویەتی: من، گوتوویەتی: من و تۆ لە کوێ تۆ بێوەژنە بێگەردە ناودارەکەی قورەیش و منیش هەتیوێکی قورەیش، گوتی: داوام بکە. محەمەد گەڕایەوە و ئەمەی بە مامەکانی گوت.
نەریتی قورەیش لەو کاتەدا ئەوە بوە، دەبێت ئافرەت یەکێك بیدات بە شوو، یان باوکی یان برای یان مامی، بەڵام خەدیجە ناردی بە دوای عەمرو کوڕی ئەسەدی مامیدا، بۆ ئەوەی ئامادە بێت بیدات بە شوو، ئەویش ئامادە بوو، بەڵام محەمەد مامەکانی هێنا بۆ ماڵی خەدیجە، ئەبووتالیب قسەی کرد، دەڵێن حەمزە قسەی کردوە، لە قسەکانیدا گوتوویەتی: برازاکەم حەز دەکات خەدیجە بهێنێت و ئەویش هەروەها. عەمرو کوڕی ئەسەد گوتوویەتی: ئەم پیاوە لووتی ناچەمێت و ئەم قسەیە واتای ڕازیبوون دەگەیەنێت، واتای قسەکەی لووتی ناچەمێت واتە لە لووتی نادرێت و ڕەت ناکرێتەوە و پیاوێکی بەخشندەیە. گێڕانەوەیەك لە (الزهری)یەوە هەیە دەڵێت، ئەوەی داویەتی بە شوو خوەیلد کوڕی ئەسەدی باوکی بوە نەك عەمرو کوڕی ئەسەد. ئەوەی بۆمان دەریدەخات کە ئەمە ڕاست نییە، ئەوەیان بۆ هەڵبەستوە، کە خەدیجە وای لە باوکی کردوە کە بزانێت حەزی لەوەیە محەمەد هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات و، فێڵێکی لێ کردوە، چێشت و خواردنەوەیەکی خۆشی بۆ ئامادە کردوە و لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی قورەیشدا دەرخواردی داون و ئەوەندەیان خواردوە و خواردوەتەوە، کاتێك باوکی سەرخۆش بوە، بە باوکی گوتوە: محەمەد کوڕی عەبدوڵلا داوام دەکات ڕازی بە پێی، ئەویش ڕازی بوە و جلێکی جوانی لە بەر کردوە و بە بوخوورد بۆنی لێ داوە، کە ئەمە دابونەریتی ئەو کاتە بوە، باوك بەم شێوە دەبێت کاتێك کچەکەی بدات بە شوو، کاتێك هاتوەتە سەر خۆی و لە سەرخۆشییەکەی دەرچوە، گوتوویەتی: ئەم جوانکاری و بۆنە خۆشە چییە؟ گوتیان: خەدیجەت دا بە محەمەد، ئەوەی ڕەت کردەوە و گوتی من ژن دەدەم بە هەتیوەکەی ئەبووتالیب، بە عومرم وا ناکەم، خەدیجە پێی گوت: شەرم لە خۆت ناکەیت، دەتەوێت خۆت لە بەر چاوی قورەیش سوك و سەلیم بکەیت و، پێیان بڵێیت کە تۆ سەرخۆش بویت و، وازی لێ نەهێنا تا ڕازیی کرد.
ئەم گێڕانەوەیە جگە لە هەڵبەستنی حکایەتخوانان هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی خەدیجە کە شووی کرد بە محەمەد باوکی لە ژیاندا نەمابوو.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەوەی لە خەڵکی زاناوە پارێزراوە، کە خوەیلد کوڕی ئەسەد پێش شەڕی (الفجار) مردوە. ئەوەی پشتگیریی ئەم قسەیەی حەلەبی دەکات کە خەدیجە کاری بازرگانیی کردوە، ئەگەر باوکی لە ژیاندا بوایە، ئەو کاری دەکرد نەك خەدیجە، مەعقوڵ و ئاسایی نەبوە کە باوك دابنیشێت و کچەکەی کاری بازرگانی بکات.
مارەییەکەی دوانزە ئۆقیە و نیش بوە. ئەبووتالیب لەو کاتەی داوای کرد باسی لەوە کرد. ئۆقیە، چل درهەمە و (نش)یش نیو ئۆقیەیە واتە بیست درهەم. ئۆقیە و نیشەکان لە ئاڵتوون بوون وەك (المحب الطبري) باسی لەوە کردوە، گوتوویانە کۆی گشتیی مارەیی پێنجسەد درهەمی شەرعی دەبێت، دەڵێن: مارەییەکەی بیست بەکرە بوە. حەلەبی دەڵێت: هیچ ڕێگەیەك لەوە ناگرێت کە بەکرەکان لە جێی ئەو مارەییە بووبێت، هەندێکیان دەڵێن: لەوانە ئەبووتالیب مارەییەکەی دابێت و پێغەمبەر ئەو بەکرانەی خستبێتە سەر و هەمووی کراوە بە مارەیی.
دەڵێن کاتێك چوە لای زۆر گرینگیی پێ دا و قوربانیی بۆ کردوە، دوو مەڕی بۆ سەرپڕی و چێشتی دابەش کرد و خەدیجە فەرمانی بە کەنیزەکەکان کردوە کە دەف لێ بدەن و سەما بکەن، ئەبووتالیب لە ڕادەبەدەر دڵخۆش بوە، گوتوویەتی: سپاس بۆ خودا کە ناخۆشیەکانی لابردین و غەمی لە دڵ دەرکردین، ئەمە یەکەم داوەتی نان خواردن بوو کە محەمەد پێی هەڵسابێت. لەم ژنهێنانەدا گێڕانەوەی تر هەیە باسی ناکەین لەبەر ئەوەی ڕاست نییە.

هەندێك شت لەم ژنهێنانە دەبینین نیشانەی ئەوەیە، کە خەدیجە پەرۆشی خۆشەویستیی محەمەد بوە:
یەکەم: چوونە سەر بەرزاییەکە لەگەڵ ژناندا لە ڕۆژی گەڕانەوەی محەمەد لە شامەوە، بێگومان ڕۆیشتن بۆ سەر ئەو بەرزاییە بە ڕێ کەوت و هەڕەمەکی نەبوە، بەڵکوو بە ویست و مەبەست بوە، کە هەواڵی گەیشتنی بارەکان لەو ڕۆژەدا بۆ مەککە پێی گەیشتوە، بۆیە ئەم کارەی کردوە.
دوەم: زۆرێك لە پیاوانی قورەیش داوایان کردوە شوویان پێ بکات و پارەیەکی زۆریان خستوەتە بەر دەمی، بەڵام ئەو ڕازی نەبوە.
سێیەم: دەستپێشخەری و داوای هاوسەرگیرییەکە لای ئەوەوە بوە نەك لە لایەن محەمەدەوە، بە نهێنی بوە نەك بە ئاشکرا، ئەمەیش پێچەوانەی دابونەریتی ئەو کاتەی ئەوان بوە، کە دەبێت یەکەم جار پیاو داخوازی بکات نەك ژن.
چوارەم: کاتێك محەمەد هات بۆ لای، پاش ئەوەی نەفیسە قسەی لەگەڵ کرد، خەدیجە دەستی گرت و خستییە سەر سنگی، ئەمەیش نیشانەی زۆر خۆشەویستی دەگەیەنێت.
پێنجەم: لە ڕۆژی زەماوەنەدەکەی فەرمانی بە کەنیزەکەکانی کرد دەف لێ بدەن و سەما بکەن، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، کە چەند دڵخۆش بوە بە هاوسەرگیری لەگەڵ محەمەددا.
ئەم کارانە بەڵگەی ڕاشکاون کە خەدیجە محەمەدی وەك عاشقێکی پەرۆش و سەرگەردان خۆش ویستوە و کەوتوەتە عیشق و سۆزداری و بۆی تواوەتەوە.
بەڵام محەمەد، ئاوا خۆشی نەویستوە، بەڵکوو خۆشەویستەکەی سپاسگوزاری بوە، لەبەر ئەوەی بە ڕاستی و دڵسۆزی خزمەتی کردوە، بە پارەکەی دڵنەواییی کردوە و بە هاوشانی خۆی داناوە، ئەو لە سەر کاری پێغەمبەرایەتی جێگیری کرد و هانی دا لە سەر ئەوە وەك پێشتر باسمان کرد، هەر کاتێ ئەو حاڵەتە عەسەبییەی بۆ هاتبا، خەدیجە بردوویەتی و هێمنی کردوەتەوە. ئێمە ئەگەر بەباشی بیری لێ بکەینەوە، دەزانین کە خەدیجە هۆکارێکی گەورەیە لە هۆکارەکانی ڕابوونی ئیسلام، کە محەمەد پێی هەڵسا، بۆیە لە هەموو ژیانیدا هەمیشە و بەبەردەوامی ئەو چاکەیەی باس کردوە و تەنانەت عایشەیش ئیرەییی لێ کردوە لە کاتی باسکردنی خەدیجەدا. لە سیرەی حەلەبی لە عایشەوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: ئیرەییم لە هیچ کەسێك بەقەد خەدیجە نەکردوە. زۆر هیلاك بووم پێش ئەوەی محەمەد هاوسەرگیری لەگەڵمدا بکات. عایشە گوتوویەتی: لە ڕۆژێکدا کە پێغەمبەر ستاییشی خەدیجەی کرد، پێم گوت: ئەوەی باسی پیرەژنە گۆنا سوورەکە دەکەیت خودا ڕێگات دەباتەوە بۆ لای یەکێك لەو باشتر؟
پێغەمبەری خودا تووڕە بوە و گوتوویەتی: بە خودا، خودا یەکێکی لەو باشترم بۆ نانێرێت، لە کاتێکدا خەڵك بە درۆزن لە قەڵەمی دام، ئەو باوەڕی پێ کردم، کە خەڵك ڕێگریی لێ کردم ئەو پارەی پێ بەخشیم، کورێکم لەو بوو، کە ڕێگریتان لێ کرد.
وا ڕێکەوت کە ڕۆژێك گۆشتی بۆ ئافرەتێك نارد بۆ ئەوەی بیخوات، عایشە پێی گوت: بە دەستت نەهێنا؟ (وا نووسراوە لەو کتێبەی لە بەر دەستمدایە) گوتی: خەدیجە وا ڕای سپاردووم، عایشە گوتی: وەك ئەوەی لە سەر زەوی ژنێك نەبوە خەدیجە نەبێت. لەوێدا پێغەمبەری خودا بەتووڕەیی هەستایە سەر پێ و ڕۆیشتە دەرێ، کە هاتەوە دایکی ڕۆمان واتە دایکی عایشە لەوێ بوو، هەستی بە پێغەمبەر کرد کە لە عایشە تووڕەیە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چیتە لەگەڵ عایشەدا، گوتی: نەتگوت وەك ئەوەی هیچ ژنێك لە سەر زەوی نییە خەدیجە نەبێت، بە خودا باوەڕی پێ هێنام، کەچی قەومەکەت بە کافری دانام و منداڵێکم لێ بوو لە ناوتان برد.
بە هۆی ئەو چاکەیەی لە سەری هەیبوە، مژدەی ماڵێکی لە قامیش دروستکراوی لە بەهەشت پێ دا. وا هاتوە کە پێغەمبەری خودا فەرمانی پێ کراوە کە مژدەی خانوویەکی لە بەهەشت بداتێ، هیچ بت و جەنجاڵییەکی تێدا نەبێت، کاتێك مژدەی پێدا، پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، لە بەهەشت قامیش هەیە؟ گوتی: لە مرواریە و ناوکۆڵە، واتە لە قامیشێکی لە لولو دوری ناوکۆڵ دروست کراوە. لەبەر ئەو چاکەیەیش بەدرێژایی ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ خەدیجە، ژنی بە سەردا نەهێنا، بیستوپێنج ساڵ لەگەڵیدا ژیا، بیستوپێنج ساڵ هاوسەری بوو. کە تەمەنی چل ساڵ بوو، بیستوپێنج ساڵ لەگەڵیدا مایێتەوە، واتە خەدیجە لە شەستوپێنج ساڵی مردوە.
دەڵێن کە چوە بۆ لای خەدیجە، لەو کاتەی لە نەخۆشی و گیانەڵڵادا بوە، پێی گوتوە: ئەی خەدیجە، ئایا ڕقت لەوەیە کە ئێستا تێیدا دەتبینم، خودا خێری تێدا دەبینێت، تۆ دەزانیت کە خودا

ژنم بۆ دەهێنێت. لە گێڕانەوەیەکدا، دەزانیت خودا لەگەڵ تۆدا مریەم کچی عومران و کەلسوومی کچی مووسا و ئاسیەی ژنی فەرعەونی لە بەهەشت بۆم دەهێنێت. گوتی: خودا پێی گوتیت ئەی پێغەمبەری خودا؟ لە گێڕانەوەیەکی تر: ئایا خودا ئەوەی کردوە ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: بەڵێ، گوتی بەخۆشی و وەچەی کورەوە، ئەم دوعایە لە جاهیلیەت لە کاتی هاوسەرگیریدا گوتراوە.

بێگومان ئەم هەواڵەی کە محەمەد پێی ڕاگەیاند، ئاژنێکی ئازاربەخشی لە شوێنی ئەو خۆشەویستییەی تێدا سرەواند، لەبەر ئەوەی تا ڕۆژی مردنەکەی خۆشی دەویست، وتەی (بە خۆشیی وەچەی کورەوە) جگە لەوە لای خۆشەویستێکی دڵسۆز بۆ خۆشەویستێکی لەرزۆك یان لە لاوازێکەوە بۆ بەهێزێك هیچی تر نەبوە، ئەگەر محەمەد وەك عاشقێك خەدیجەی خۆش بویستایە هێندەی خۆشەویستییەکەی ئەو، بە هیچ شێوەیەك ئەم قسە ڕووتە لە نەخۆشی و گیانەڵلادا پێ نەگوت، بەڵکوو ئاواتەخواز بوو کە لەگەڵیدا بمرێت وەك لەگەڵ عایشەدا بوو و وەك عاشقێك خۆشی دەویست، کاتێك پێغەمبەر لە نەخۆشی و گیانەڵلادا بوو، ئاواتەخواز بوو کە عایشە پێش ئەو بمرێت، بە دەستی خۆی کفنی بکات و ئینجا ئەو بمرێت، دواتر باسی دەکەین.

(43)

سەودەی کچی زەمعە

خەدیجە لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دەیەمی پێغەمبەرایەتی کۆچی دوایی کرد، لەم مانگەدا پاش مردنی خەدیجە بە چەند ڕۆژێك، محەمەد هاوسەرگیریی لەگەڵ سەودەی کچی زەمعەدا کرد، پێش ئەم ژنی (السکران)ی کورە مامی بوو، کە لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ حەبەشە و هێنایەوە بۆ مەککە و لەو کاتەدا مێردی بوو کە مرد.

نێوەندگیریی ئەم هاوسەرگیرییە خەولەی کچی ئەلحەکیم بوو، لە خەولەی کچی حەکیمی ژنی عوسمانی کوری مەزعون گێڕاوەتەوە، گوتوویەتی: کاتێك خەدیجە مرد، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا هاوسەرگیری ناکەیت؟ گوتی: لەگەڵ کێدا؟ گوتم ئەگەر بتەوێت کچە عازەب و ئەگەر دەتەوێت بێوەژنیش هەیە، گوتی عازەبەکە کێیە؟ گوتم: ئەوەی حەقە بۆ تۆ لای خوداوە کچەکەی ئەبووبەکرە، گوتی: ئەی بێوەژنەکە؟ گوتم: سەودەی کچی زەمعە، کە باوەڕی پێ هێناویت و لەوەی دەیڵێیت دوات کەوتوە، گوتی: پێیان بڵێ بۆم.

خەولە دەڵێت: چووم بۆ لای سەودەی کچی زەمعە، پێم گوت: چۆنە کە خودا خێر و بەرەکەتی بۆ ناردوویت؟ گوتی: ئەوە چییە؟ گوتم: پێغەمبەری خودا ناردوومی بۆ داواکاریت، گوتی: حەز دەکەم بەڵام بڕۆ بۆ لای باوکم پێی بڵێ، باوکی پیرە پیاوێکی لە تەمەندا بوو، چووم بۆ لای بە سڵاوی جاهیلیەت سڵاوم لێ کرد، گوتی ئەمە کێیە؟ گوتم: خەولەی کچی حەکیم، گوتی: کارت چییە؟ گوتم: محەمەدی کوری عەبدوڵڵا بۆ داواکاریی سەودە ناردوومی بۆ لات، گوتی: بە توانا و بەخشندەیە، ئینجا گوتی: هاوڕێکەت چی دەڵێت؟ گوتم: حەزی لێیە، گوتی: بانگی بکە بۆم، بانگم کرد، گوتی: ئێ کچم، ئەمە وا دەڵێت کە محەمەد کوری عەبدوڵڵای کوری عەبدولموتەلیب بۆ داواکاریت ناردوە، پیاوێکی بە توانا و بەخشندەیە، حەزت لێیە بتدەمێ؟ گوتی: بەڵێ. گوتی: بانگی کە بۆم، پێغەمبەری خودا هات و هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد.

بە پێی ئەم گێڕانەوە بێت ئەوەی بە شووی داوە، زەمعە کوری قەیس کوری عەبدشەمسە. لە گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاقدا، ئەوەی بە شووی داێت سەلیت کوری عەمرو بوە. دەڵێن، ئەبووحاتب کوری عەمرو کوری شەمس بوە، بەڵام (ابن هشام) لە سەر ئەمە دەڵێت، لەو کاتەدا سەلیت و ئەبووحاتب لەوێدا نەبوون لە حەبەشەدا بوون، بۆیە ئەوان نەبوون. ئینجا خەولە ڕۆیشت بۆ لای ئوم ڕۆمان کە دایکی عایشەیە، پێی گوت: خودا چ خێروبەرەکەتێکی پێ بەخشیون، پێغەمبەری خودا ناردوومی بۆ خوازبێنیی عایشە. ئوم ڕومان گوتی: چاوەڕێ بکە تا ئەبووبەکر دێتەوە، ئەبووبەکر هاتەوە، پێم گوت: ئەی ئەبووبەکر، خودا چ خێروبەرەکەتێکی پێ بەخشیون؟ گوتی: چییە؟ گوتم: پێغەمبەری خودا ناردوومی خوازبێنییی عایشەی بۆ بکەم، گوتی: ئایا بۆی دەشێت، برازایەتی. خەولە گوتی: گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا و ئەوەم

پێ گوت، گوتی: بگەڕێوە بۆ لای و پێی بڵێ من براتم و تۆیش برای منی لە ئیسلامدا، کچەکەت بۆ من دەبێت، گەڕامەوە ئەوەم پێ گوت: ئوم ڕومان گوتی: موتعیم کوری عودەی بۆ جوبێری کوری دیاری کردوە و پەیمانی داوەتێ، بە خودا هیچ جارێك پەیمانی نەداوە و بیشکێنێت، مەبەستی لە ئەبووبەکر بوە. دەڵێت: ئەبووبەکر چوو بۆ لای موتعیم کە ژنەکەی لا بوو، واتە دایکی ئەو کورە، قسەی لەگەڵ ئەبووبەکردا کرد لە بارەی قسەی دڵی خۆی دەربارەی موتعیم، کاتێك ئەبووبەکر بە موتعیمی گوت: چی دەڵێیت لە بارەی ئەم کەنیزەکەوە؟ موتعیم لە ژنەکەی نزیك بوەوە و پێی گوت: هێی چی دەڵێت؟ لە ئەبووبەکر نزیك بوەوە و پێی گوت: لەوانەیە ئەگەر ئەم کچەی بۆ بهێنین (مەبەستی کورەکەی بوە) لەوانەیە ڕاستەڕێ بێت و بیخاتە سەر ئەو ئایینەی کە تۆ باوەڕت پێیە، ئەبووبەکر لە موتعیم نزیك بوەوە و پێی گوت: تۆ چی دەڵێیت؟ گوتی: ئەوەی گوتی گوێت لێ بوو. ئەبووبەکر هەڵسا هیچ پەیمانێکی وەرنەگرت و گەڕایەوە و بە خەولەی گوت: پێغەمبەرم بۆ بانگ بکە، بانگی کرد و عایشەی لێ مارە کرد، کە لەو کاتەدا عایشە تەمەنی شەش ساڵان بوو، دەڵێن: حەوت ساڵ بوە.

حەلەبی پاش ئەوەی ئەم باسەی کردوە، دەڵێت: مارەبڕینی سەودە پێش عایشە بوە، لەبەر ئەوەی مارەبڕینەکەی سەودە لە ڕەمەزاندا بوە و لەو مانگەی کە خەدیجە تێیدا کۆچی دوایی کردوە، بەڵام مارەبڕینەکەی عایشە لە مانگی شەوال دا بوە، دەڵێت: ئەوەی زانراوە لە مەککە چوە بە لای سەودەدا، بەڵام چوونە لای عایشە لە مەدینە بوە.

گێڕانەوەیەك هەیە کە دەڵێت مارەبڕینی عایشە پێش سەودە بوە، بەڵام ئەمە ناڕاستە. ئەم سەودەیە ئەوەیە کە سەرە شەوەکەی خۆی بەخشی بە عایشە، لەبەر ئەوەی محەمەد پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە، نۆ ژنی هەبوو، بە ڕیز دەچوو بە لایاندا و دابەشی کردبوون و، هەر شەوێك لای یەکێکیان دەبوو، کاتێك سەودە شەوەکەی خۆی بەخشی بە عایشە، ئینجا بوو بە هەشت شەو، دوو شەو لای عایشە دەمایەوە، شەوەکەی خۆی و شەوەکەی سەودەیش. سەودە کە زانیی پێغەمبەر عایشەی لە هەموویان زیاتر خۆش دەوێت، بۆ ڕازیکردنی ئەو شەوەی خۆی پێ بەخشی، ئەم بەخشندەییەیش لای ژنان زۆر کەمە.

عایشەی کچی ئەبووبەکر

عەشیقە و خۆشەویستیی محەمەدی کوری عەبدوڵڵا بوو، کە خۆشەویسترین بوونەوەری خودا بوە لای ئەو، ئەو ژنەی کە جگە لە ئەم هیچ کچەعازەبێکی نەهێناوە، ئەو سەرجێ خەوی بوە کە جگە لە ژێر لە حافی ئەم هیچ ژنێکی تری لەم زیاتر وەحیی بۆی دانەبەزیوە، ئەو خۆشەویستییەی کە خودا خستبوویە دڵی خەدیجە بۆ محەمەد، خودا خستبوویە دڵی محەمەدەوە بۆ عایشە. وەك پێشتر زانیت، کە لە مەککەدا مارەی عایشەی کرد، بەڵام نەچوو بە لایدا لەبەر ئەوەی منداڵ بوو، کچێکی شەش ساڵان بوو، بەڵام لە مەدینە پاش ئەوەی مزگەوتەکەی بنیات نا هێنای و چوو بە لایدا. ئیبن قەییم دەڵێت، کاتێك لە بنیاتنانی مزگەوتەکە بوەوە و خانوویەکی لە خۆرهەڵاتی مزگەوتەکە دروست کرد، لەوێدا عایشەی هێنا و چوو بە لایدا و بوو بە زاوا، ئێستا بە حوجرەکەی پێغەمبەر ناسراوە. ئەمە ئیبن قەییم دەڵێت، لە هەندێك گێڕانەوەدا وا هاتوە کە لە ماڵی باوکی لە (سنح) چوەتە لای. حەلەبی دەڵێت، هەندێك لێدوانم گوێ لێ بوە، دەڵێت ڕۆژی زاوابوونەکەی لە (سنح) بوو لە ڕۆژدا ( لە (معجم البلدان) دا هاتوە (سنح) شوێنێکی مەدینەیە کە ماڵی ئەبووبەکری صدیقی لێ بوە، لەوێدا مەلیکەی هێناوە و دەڵێن حەبیبەی کچی خارجەی کوری زەید لە ئەنسارەکانی هێناوە. دەڵێت لە بەرزاییەکی مەدینەیە لە لاپەڕێك لە لاپەڕەکانی، کە میلێك لە ماڵی پێغەمبەرەوە دوورە.

ئەمە شوێنی زاوابوونەکەی بوە، سازانێك لە سەر ئەم دوو گێڕانەوەدا هەیە، بەڵام کاتەکەی، لە ساڵی یەکەمی کۆچی بوە، لەبەر ئەوەی پاش دوانزە مانگ لە هاتنی بۆ مەدینە لە بنیاتنانی مزگەوتەکە بوەوە. لە مانگی ڕەبیعی یەکەم، واتە ئەو مانگەی هات بۆ مەدینە بنیاتنانی مزگەوتەکەی دەست پێ کرد و لە مانگی سەفەری ساڵی داهاتوویدا تەواو بوو. ئەمەیش دەکاتە دوانزە مانگ وەك پێشتر لە بنیاتنانی مزگەوت باس کرا، هەر کەسێك گوتوویەتی کە ڕۆژی زاوابوونەکەی لە ساڵی دوەمدا بوە کە لە هەندێك گێڕانەوەدا هاتوە، ئەویش ڕاستی کردوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ساڵی یەکەم کە مانگی یەکەمی موحەڕەمە و لە ساڵی دوەمدا مزگەوتەکەی تەواو کردوە، لەبەر ئەوەی لە مانگی سەفەردا بوە. ئەگەر وا دابنێین کە مانگی یەکەمی هاتنی بۆ مەدینە کە ڕەبیعی یەکەم بوە، تەواوبوونی مزگەوتەکە لە کۆتاییی یەکەم ساڵی هاتنی بوە بۆ مەدینە. بەڵام شوێنی زاوابوونەکەی لەگەڵ عایشە، وەك ئێستا باسمان

کرد، دوو گێڕانەوەی تێدایە و هەر دووکیان لە عایشەوە وەرگیراوە، ئەمەیش لە سیرەی حەلەبییەوە باسی دەکات گێڕانەوەی یەکەم: لە (صاحب الاستیعاب) باس کراوە و لە دەمی عایشەوە باس کراوە و دانی پێدا ناوە، ئەبووبەکر گوتوویەتی ئەی پێغەمبەری خودا کێ ڕێگەی لێ گرتوویت بچیت بە لای خێزانی خۆتدا، گوتوویەتی مارەییەکەی، ئەبووبەکر دوانزە (ئۆقیە) و (نەشی)یەکی داوەتێ و، ناردی بۆ ماڵ و لەم حاڵەی ئێستا تێ دام هات بە لامدا و بوو بە زاوا، (.ئەو ماڵەی کە پێغەمبەری خودا تێیدا کۆچی دواییی کرد و کفنی کرا و نێژرا (کفن ودفن کرا گێڕانەوەی دوەم: دیسان لە عایشەوە، من لەجووڵانەیەکدا بووم لەگەڵ هاوڕێکانم یاریم دەکرد، دایکم هات بۆ لام و هاواری کرد بە سەرمدا و هاتم بۆ لای و نەمزانی چیی دەوێت، دەستی گرتم و تا لە بەر دەرگای ماڵەکە وەستاین و من لە دڵەڕاوکێدا بووم، وەستا تا هێمن بوومەوە، ئینجا هەندێك ئاوی هێنا و دەموچاو و سەری پێ سڕیم و ئینجا کردمیە ماڵەکەوە، کە کۆمەڵێك ژنی ئەنسارەکانی تێدا بوو، گوتیان: لە سەر خێر و بەرەکەت و لە سەر خێری فڕیو، ئینجا ڕادەستی ئەوانی کردم و جوانکارییان بۆ کردم، تا ئێوارەکەی جگە لە پێغەمبەر کەس لەوێ نەمابەوە و خۆم ڕادەستی کرد و لەو ڕۆژەدا تەمەنم نۆ ساڵان بوو. لە قسەیەکی تردا: ئینجا هات و بردمی تا لە بەر دەرگای ماڵەکە وەستاین و زۆر شڵەژابووم و تا هێور بوومەوە، ئینجا کردمییە ژوورەوە، کە بینیم پێغەمبەر لە ماڵەکە لە سەر قەرەوێڵەیەك دانیشتوە و کۆمەڵێك پیاو و ژنی لە ئەنسارەکانی لا بوو، لە باوەشی دای نیشاندم، ئینجا گوتی، ئەمە کەسوکارتن، خودا بەرەکەتیان تێ بخات بۆ تۆ و تۆیش بۆ ئەوان، ئینجا ژنان و پیاوان هەڵسان و دەرچوون، ئینجا پێغەمبەر لەم ماڵەدا هات بە لامدا و بوو بە زاوا. دەڵێم دەکرێت هەر دوو گێڕانەوەکە کۆ بکرێتەوە و تێکەڵ بکرێت، پێغەمبەری خودا لە شەوەکیەوە چوە بۆ ماڵی ئەبووبەکر لە (سنح)و، دایکی هێناویەتی و ڕادەستی کردوە و لە باوەشی دای نیشاندوە، ژنان و پیاوان لە ماڵ دەرچوون، بەڵام نەچوە بە لایدا و بۆ ماوەیەك لەگەڵیدا ماوەتەوە و ئینجا بردوویەتی بۆ ئەو ماڵەی کە لە تەنیشت مزگەوتەکە بۆی بنیات ناوە و، لەوێ بوە بە زاوا. لە گێڕانەوەی دوەم: (پێغەمبەری خودا لە ماڵەکەی خۆمان هات بە لامدا) کە تەماشای ڕووکەشی کارەکە دەکەیت وا نیشان دەدات پاش دەرچوونی ژنان و پیاوان لە ماڵەکەی چوە بە لایدا، بەڵام ئەمە ڕووی نەداوە، لە گێڕانەوەی یەکەمدا (پێغەمبەری خودا لەم ماڵەی کە تێیدا هات بە لامدا و بوو بە زاوا) وا دیارە کە ئەوە لەو .ماڵە نەبێت لە شوێنی تر ڕووی نەداوە

لە سیرەی حەلەبیدا هەندێکیان دەڵێن: پێغەمبەری خودا کاتێك چوو بە لای عایشەدا و بوو بە زاوا بوکەڵەیەکی بە دەستەوە بوو. لە گێڕانەوەیەکدا لەو بارەوە، لەو کاتەی لای پێغەمبەری خودا بوو یاریی لەگەڵ منداڵەکاندا کردوە و، لەوێدا کەنیزەکەکان هاتوون بۆ یاریکردن لەگەڵیدا، .لەوانەیە پێغەمبەری خودا داوای لێ کردوون کە یاریی لەگەڵدا بکەن

دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە شەڕی تبوك یان حەنین هاتەوە، عایشەیش لە لای ئەو کچانە بوو کە یاریی لەگەڵ دەکردن، بایەك هەڵی کرد و چمکێك لە کراسەکەی عایشە بەرز بوەوە و بەشێك لە لەشی دەرکەوت، گوتی: ئەمە چییە ئەی عایشە؟ گوتم: هاوڕێ کچەکانمن، ئەسپێکی لە ناوەڕاستیاندا بینی، دوو باڵمان لە پارچە بۆ دروست کردبوو، گوتی ئەمە چییە لە ناوەڕاستیاندایە؟ گوتم: ئەسپە، گوتی: ئەمە چییە پێوەی؟ گوتم: دوو باڵە، گوتی: دوو باڵ؟ گوتم: گوێت لێ نەبوە کە سلێمان ئەسپێکی بوە دوو باڵی هەبوە، وا پێکەنی دانە .پاشەخڕێکانی دەرکەوتن

بێگومان کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا چوو بێت بە لایدا، ئەمە نامۆیە، بە تایبەتی کە لەشولاری پڕ نەبن، گیانی ئەو توانایەی نەبێت، بەڵکوو لەڕولاوازیش بێت. بۆیە لە هەندێك گێڕانەوەدا هاتوە کە لەو کاتەی چوە بە لایدا زۆر ئازاری داوە. زەمەخشەری لە (الكشاف)دا وا شی دەکاتەوە: {إِنَّا أَنْشَأْنَاهُنَّ إِنْشَاءً} واتە. ئێمە خۆمان بە تایبەتی کچەکانمان بەرهەمهیناوە. لە پێغەمبەری خوداوە کە ئوم سەلمە پرسیاری دەربارەی (إنا أنشأناهن)ەی لێ کردوە، گوتوویەتی: ئەی ئوم سەلمە ئەمە دەربارەی ئەوانەیە کە لەم ژیانەدا پیرەژنی داماویان بەر کەوتوە، خودا وای لێ کردوون پاش گەورە بوون ببنەوە بە کچە گەنجەکان، کە لە یەك کاتدا لە دایك بوون و هەر چەندە مێردەکانیان بچن بە لایاندا دووبارە دەبنەوە بە کچە عازەبەکە. عایشە ئامادەی ئەوە دەبێت و گوێی لێی دەبێت کە چی بە ئوم سەلمە دەڵێت، لەو کاتەدا بە پێغەمبەری خودا دەڵێت: ئای لەو ئازارە، پێغەمبەری خودا دەڵێت: هیچ ئازارێکی تێدا نابێت. دەڵێن: پێغەمبەر هیچ میواندارییەکی نەکردوە لە کاتی چوون بە لایدا، واتە لە ڕۆژی شایییەکەی لە یەکەم ڕۆژدا.

گوتوویەتی: هیچ گوێرەکە و هیچ مەڕێکی سەر نەبڕیوە و، سەعد کوڕی عیبادە پێشتر چیی دەنارد بۆ پێغەمبەری خودا بە هەمان شێوەی بۆی ناردین. لە گێڕانەوەیەکی تردا هیچ میواندارییەکی بۆ عایشە نەکردوە جگە لە دۆڵەکەیەك دۆ نەبێت کە ماڵی سەعد کوڕی عیبادە .پێی بەخشین، پێغەمبەر هەندێکی خواردەوە و عایشەش ئەوەی لێی مابوو خواردییەوە
حەلەبی دەڵێت: لەوانەیە سەعد بە دۆڵەکە دۆی ناردبێت و بە قاپیش خواردن، بەڵام هەندێك .لە گێڕەوان تەنها باسی یەکێکیان دەکەن
نازناوی ئوم عەبدوڵلا بوو، هەندێکیان دەڵێن: لەبەر ئەوەی منداڵێکی لە پێغەمبەر لە بار چوو ناویان نا عەبدوڵلا، ئەم وتەیە لاوازە، حافزی دمیاتی دەڵێت: هیچ بەڵگەیەك نییە کە منداڵی لە بار چووبێت. ڕاستییەکەی بە ناوی کوڕی ئەسمای خوشکییەوە نازناوی نراوە کە عەبدوڵلای کوڕی زوبێر بوە. ئەمەیش بە مۆڵەتدانی پێغەمبەری خودا، لەبەر ئەوەی عەبدوڵلا لە باوەشی ئەودا گەورە بوو، بە دایە ناوی دەبرد، بۆیە پێیان دەگوت دایکی عەبدوڵلا، جارێکیان پێغەمبەری .خودا پێی گوتوە، ئەو عەبدوڵلایە و تۆیش دایکی عەبدوڵلا، بۆیە تا ئەو کاتە وا نازناوی دەرکردوە
دەڵێن: محەمەد لە ڕادەبەدەر عایشەی خۆش ویستوە، تەنانەت کە خەڵك ویستوویانە دیاریی پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی پێغەمبەر ڕازی بکەن، لەبەر ئەوەی دەیانزانی چەند خۆشی دەوێت. ژنەکانی تری ئیرەیییان لێ کردوە، تا ڕۆژێك لای فاتیمەی کچی کۆ بوونەتەوە و ناردیان بۆ لای باوکی تا لە نێوان ئەوان و عایشەدا دادپەروەر بێت، لە عایشەوە وەرگیراوە گوتوویەتی: ژنەکانی پێغەمبەر فاتیمەی کچی پێغەمبەریان نارد، داوای مۆڵەتی کرد و من لای بووم، کە پێغەمبەر ڕێگەی پێدا هاتە ژوورەوە. گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ژنەکانت منیان ناردوە بۆ لات و داوای دادپەروەری دەکەن لەگەڵ کچەکەی کوڕی قەحافەدا، پێغەمبەر گوتی: ئێ کچم ئەوەت خۆش ناوێت کە خۆشم دەوێت، گوتی: بەڵێ، گوتی: ئەم خۆشەویستییەم لای منە و مەبەستمە. فاتیمە هەڵسا و دەرچوو بۆ لای ژنەکانی پێغەمبەر و قسەی لەگەڵدا کردن، کە ئەو چی گوتوە و پێغەمبەریش چی پێ گوتوە. ژنەکانی پێغەمبەر بە فاتیمەیان گوت هیچت بۆ نەکردووین، پرۆرەوە بۆ لای. گوتی: بە خودا لەو بارەوە قسەی لەگەڵدا ناکەم. ژنەکانی پێغەمبەر زەینەبی کچی جەحشیان نارد، کە لە ماڵی عایشە بوو، مۆڵەتی لێ وەرگرت بچێتە ژوورەوە، مۆڵەتی داو هاتە ژوورەوە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ژنەکانت منیان ناردوە پرسیاری دادپەروەری دەکەن لەگەڵ کچی کورەکەی ئیبن قەحافەدا، ئینجا بە ڕقەوە تەماشام کرد و ئەوەی قسەی ناخۆش بێت پێم گوت، بەڵام کە تەماشای پێغەمبەرم کرد بینیم کە پێغەمبەر حەزی کرد وەڵامی بدەمەوە و سەر بکەوم بە سەریدا و کەوتمە سەری و ئەوەی ڕقی لێ بوو پێم گوت. پێغەمبەر .بزەیەکی کرد و پێی گوت ئەمە کچی ئەبووبەکرە
لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت: زەینەب کچی جەحش هات بۆ لام کە پێغەمبەری خودا لام بوو، چووم بە دەمیەوە، گوتی: هیچ کەسێکمان لای تۆ نییە ئەگەر بە حەزی خۆت نەبێت و، ئینجا هات بۆ لام و جوێنی پێ دام و پێغەمبەر ڕێگریی لێ کرد، بەڵام ئەو وازی نەهێنا، پێی گوتم: جوێنی پێ بدە جوێنم پێ دا و زمانم لەو درێژتر بوو، تا تف لە دەمیدا وشك بوو، دەموچاوی پێغەمبەری خودا لە خۆشیدا دەدرەوشایەوە. لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییم دا هاتوە: کچانی ئەنسارەکانی دەنارد بۆ لای عایشە کە یاریی لەگەڵدا بکەن، ئەگەر بە هەر پەرداخێك بیخواردایە ئەو دەیبرد و لە شوێنی دەمی عایشە دەیخواردەوە، کە گۆشت و ئێسکی لێ نابا، دەیبرد دەمی دەخستە شوێن دەمی عایشەوە لێی دەخوارد و، سەری دەخستە کۆشی عایشە و قورئانی دەخوێند، تەنانەت ئەگەر لە سوری مانگانەیش بوایە، فەرمانی پێ دەکرد لە کاتی سوری مانگانەدا قۆپچەکانی بۆ بکاتەوە و لەوێوە سێکسی لەگەڵدا دەکرد. ئەگەر حەزی لە هەر شتێك بکردایە کە نابەجێ نەبوایە بۆی جێبەجێ دەکرد، لە خۆشنوودی و ئەخلاقجوانی لەگەڵیدا یاریی لەگەڵدا دەکرد و حەبەشییەکانی پیشان دەدا کە لە مزگەوتەکەی یارییان دەکرد و ئەویش لە شوێنی خۆی چوار مشقی دادەنیشت و تەماشای دەکردن. دەگێڕنەوە کە بەڕۆژوو بوە ماچی عایشەی کردوە و زمانی مژیوە. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لەوانەیە لیکەکەی تێکەڵی .لیکی ئەو بووبێت بەڵام قوتی نەدابێت
ئەوەی بەڵگەی خۆشویستنی لە ڕادەبەدەری محەمەدە بۆ عایشە ئەوەیە، کە لە کاتی دابەزینی ئایەتی (التخيير) چی پێ گوتن، کە ژنەکانی داوای شتی دونیاییان لە جلوبەرگ و خەرجیی زیاترکردنی نەفەقەیان دەکرد، پێغەمبەر خەم دای دەگرت و ئەم ئایەتە دابەزی {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا.

ۆإنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ ۆرَسُولْهُ ۆالدَّارَ الْىٓخِرَةَ فَإنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَقِيمًا} [الْاحزاب: 28، 29] واتا: ئەی پێغەمبەر ژنەکانی خۆت بدوێنە: ئەگەر ژیان و خۆشی دونیایان دەوێت، بە بێ گازەندە دەسا وەرن با حەقی خۆتان بدەمێ، ئەگەریش خودا و پێغەمبەر و ماڵی دوارژاتن دەوێت، خودا بۆ کارچاکە پاداشتی گەورەی داناوە. بە عایشە دەستی پێ کرد و پێی گوت: ئەی عایشە، شتێکت پێ دەڵێم، هیچ خێرا مەبە لێی تا فەرمانی دایك و باوکت وەرنەگریت، گوتی: چییە ئەی پێغەمبەری خودا؟ ئەم ئایەتەی بە سەریدا خوێندەوە (یٓاأَیُّهَا النَّبِیُّ قُلْ لِأَزْوٓاجِكَ...) گوتی لەمەدا بە فەرمانی دایك و باوکم بڕۆم، من خودا و پێغەمبەر و ماڵی ئەو دونیام دەوێت. لە گێڕانەوەیەکدا: بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خودا ڕاوێژ بە دایك و باوکم بکەم، بەڵکوو خودا و پێغەمبەر و ماڵی ئەو دونیام دەوێت، خۆشحاڵیی بە دەموچاوی پێغەمبەرەوە بینی، ئینجا پێم گوت: هەواڵ مەدە ژنەکانت کە من تۆم هەڵبژاردوە، گوتی: خودا بۆ ئەوە ناردوومی پێتان بڵێم نەك شت بگێڕمەوە. ئینجا سەرجەم ژنەکانی وەك عایشەیان کرد. زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: خودا لەوەدا سپاسی کردن و ئەمەی دابەزاند: {لْا یٓحِلُّ لْكَ النِّسَاوُ مِنْ بَعْدُ ۆلْا أَنْ تَبَدَّلْ بهِنَّ مِنْ أَزْوٓاج ۆلْوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إلَّا مَا مَلْكَتْ یٓمِینُكَ} [الْاحزاب: 52].واتا: دوای ئەمانەی خودا پێیداویت ژنانی ترت پێ ناشێت و بۆشت نیە ئەو ژنانە بە ژنی تر بگۆڕیتەوە با جوانیەکەشیان بۆ لای خۆیان ڕاتکێشابێت، جگە لەوانەی لە تاڵانی بەرتکەوتوون و خودا گوتی: خودا بەخشندەیی و خەڵاتی پێدان لە سەر ئەوەی پێی .بەسەر هەمووتانەوە چاودێرە ڕازی بوون و هەڵیان بژارد، پێغەمبەر بەوانەوە وەستا، کە نۆ دانە بوون ژنی تری نەهێنا، کە پێغەمبەر مرد ئەو نۆ ژنەی لە دوای مانەوە.

:لەم فەرموودەیەدا دوو شت سەرنجمان ڕادەکێشێت

یەکەمیان: قسەی محەمەد بۆ عایشە کە ویستی دەربارەی (التخییر) دیاریکردن و هەڵبژاردن، پێی بڵێت، شتێکت پێ دەڵێم کە بە خێرا بڕیار نەدەیت و فەرمانی دایك و باوکت وەربگریت، ئەم قسانە لە پێشەکیدا پێی بڵێت، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ترسی لەوە بوە، خێرا وەڵامی بداتەوە و بەشی یەکەمی هەڵبژێرێت کە جگە لە داپڕان و جیابوونەوە هیچی تر ناگەیەنێت، ئەمەیش ئەو نەیویستوە، لەبەر ئەوەی خۆشی ویستوە. بۆ ئەوەی ئەم ئەگەرە نەهێڵێت ئەم پێشەکییەی پێ گوتوە و ویستویەتی ڕاوێژ لەگەڵ دایك و باوکیدا بکات، ئینجا یەکێك لەو دوانە هەڵبژێرێت، لەبەر ئەوەی زانیویەتی کە باوك و دایکی جگە لە بەشی دووەمی هەڵبژێرن ڕاوێژی تری بۆ ناکەن، کە دەبێت خودا و پێغەمبەر هەڵبژێرێت. ئەم قسەیەی واتە پێشەکییە بە دەر لە عایشە بە ژنەکانی تری نەگوتوە، لەبەر ئەوەی لە شوێن و پێگەی عایشەدا نەبوون لە دڵی محەمەددا، بەڵکوو لای ئەو ئاسان بوو کە دابڕێن و جیا ببنەوە، بەم قسەیە ڕاشکاوانە، ئەوە پیشان دەدات کە چەند عایشەی خۆش ویستوە.

دووەم: قسەکانی عایشە بۆ مەحەمەد کە گوتوویەتی: من خودا و پێغەمبەر هەڵدەبژێرم (هەواڵ مەدە ژنەکانت کە من تۆم هەڵبژارد)، لەبەر ئەوەی لەوە دەترسا کە ئەوانیش بە کردەی ئەو بکەن و وەك ئەو خودا و پێغەمبەر هەڵبژێرن، ئەمەیش کە ئەو نەیویست و پێی باش نەبوو، حەزی کرد بەشی یەکەم هەڵبژێرن، تا محەمەد بۆ خۆی بەتەنها بمێنێتەوە. لەم قسەدا وا دەردەکەوێت کە محەمەد چەند خۆشی ویستوە ئەویش بەقەد ئەو خۆشی ویستوە.

ئەوەی نیشانەی ئەوە بێت کە هێندەی محەمەد ئەویش خۆشی ویستوە ئەوەیە، کە ئیبن قەییم باسی دەکات لە (زاد المعاد)دا هاتوە، بە پێغەمبەری گوتوە: ئەگەر بە لای دارێکدا بڕۆیت کە کەسی لە پاڵدا دانەنیشتبێت و دارێکی تر یەکێکی تر لە پاڵدا دانیشتبێت، کاروان و بارەکەت لە کوێدا دەوەستێنیت، گوتوویەتی لەوەی کە کەس لێی دانەنیشتبێت، مەبەستی لەمەدا کە هیچ ژنێکی تری عازەب نەبوون.

تەماشا بکە چۆن ئەم نموونەیەی بۆ هێناوەتەوە، کە هانی دەدات بچێت بە لای ئەودا بە دەر لە ژنەکانی تری، ئەمەیش جگە لە خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر چی دەگەیەنێت، خۆشەویستی لە نێوان محەمەد و عایشە وەك یەك بوە، ئەگەر خۆشەویستییش لە نێوان دوان دا وەك یەك بێت، پەیوەستبوون بە یەکترەوە زیاتر دەبێت.

محەمەد لە خۆشەویستیی لە ڕادەبەدەری عایشە زۆر زیادەڕۆیی کردوە، تەنانەت ئاواتەخواز بوە کە عایشە پێش ئەو بمرێت و دوای ئەو نەمێنێت. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە وەك هەروەها لە سیرەی ئیبن هیشام لە ئیبن ئیسحاقەوە وەرگیراوە، ئەوەی لە سەر عایشە باس دەکات باسی دەکات؛ کاتێك پێغەمبەر بە دەست ئەو نەخۆشییەوە دەیناڵاند و لە گیانەڵڵادا بوو و بەو

هۆیەوە مرد، گوتی: کاتێك لە بەقیع هاتەوە (لەبەر ئەوەی دەرچوو بۆ بەقیع) کە بینیی سەرم ئێشی هەیە و دەڵێم ئای سەرم، پێغەمبەر وتی: بەڵکو بە خودا ئەی عایشە دەبێت من بڵێم ئای سەرم، ئینجا گوتی: هیچ زەرەرت نابێت کە مردیت هەڵدەستم کفنت دەکەم و نوێژت لە سەر دەکەم و لە گۆڕت دەنێم، دەڵێت: گوتم: ئای لەم نەهامەتییە، بە خودا تۆ حەز دەکەیت بمرم، ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، وەك زاوا بە دەوری ژنەکانتەوە دەبیت: لە قسەیەکدا بە خودا کە بزانم وا دەکەیت دەگەڕێمەوە ماڵی باوکم و تۆیش لەگەڵ هەندێك لە ژنەکانتدا شایی بکە، .گوتی: پێغەمبەری خودا بزەیەکی بۆ کرد

ئەگەر بڵێیت، چ قازانجێك لەوە دەکات کە لە پێش ئەو بمرێت، داپران لەو مردنە لەگەڵیدا ڕوو دەدات و، چ زەرەرێك لە مانەوەی دوای ئەو دەکات کە نابێت کەس هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، لەبەر ئەوەی ژنەکانی دایکی باوەڕدارانن و حەڵاڵ نییە بۆ باوەڕدارێك کە هاوسەرگیریی لەگەڵیاندا بکات، دەڵێم: ئەو ئاواتەخواز بوە کە پێش ئەو بمرێت، کە ئەویش دوای ئەو نەژێت و لەبەر ئەو بمرێت و بە مردنی داپران لە پێش ئەو ڕوو نادات. بەڵام مانەوەی زەرەرێکی تێدایە کە لێی دادەپڕێت، خۆشەویست ڕازی نابێت کە خۆشەویستەکەی لە پێناو ئەودا زەرەر ببینێت.

ئەوەی گومانی تێدا نییە کە محەمەد لەبەر عایشە نەبوایە ژنەکانی نەدەکردە دایکی باوەڕداران و شوکردنیانی حەرام نەدەکرد، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، هەروەها لە (الکشاف)دا، کە تەلحە کوڕی عوبەیدوڵڵای تەیمی گوتوویەتی: پێغەمبەر کچە مامەکانمان دەهێنێت و ئێمەیش مەحرووم دەکات لێیان، لە قسەیەکی تردا، کچە مامەکانمانی نەهێشتوە قسەمان لەگەڵدا بکەن لە پشت پەردەوە نەبێت، ئەگەر بمرێت دەبێت عایشە بخوازم، ئەم ئایەتە دابەزی: {وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمًا} [الاحزاب: 53].واتا: نابێت ئازاری پێغەمبەری خودا بدەن و نابێت هەتا هەتایە ژنەکانی لە دوای ئەو بخوازن ئەوە لای خودا مەزنە. ئەم تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵایە، تەلحەی کوڕی عەبدوڵڵای تەیمە نییە، کە یەکێك لە دە کەسە مژدەپێدراوەکەی بەهەشتە، لە ناو و ناوی باوك و نازناودا .وەك یەکن

عایشە ئیرەیی بە ژنەکانی دەکات، ئەوەی لە ئەوی قبوڵ دەکات و هەڵی دەگرێت لە ژنەکانی تر نایکات. کاتێك لە مەدینە دەرچوو بۆ حەجی خواحافیزی (وداع) لە ساڵی دەیەمی کۆچی، سەرجەم ژنەکانی لە کەژاوەدا لەگەڵیدا بوون، حوشترەکەی عایشە بەخێرا دەڕۆیشت و بەئاسانی عایشەی هەڵگرتبوو، حوشترەکەی سەفیە بەهێواشی دەڕۆیشت و بارەکەی قورس بوو، بە هۆیەوە لە کاروانەکە دوا دەکەوت، پێغەمبەر فەرمانی کرد کە بارەکەی سەفیە بخەنە سەر حوشترەکەی عایشە و بارەکەی عایشە بخەنە سەر حوشترەکەی سەفیە. ئەوەی دیارە کە عایشە بەوە ڕازی نەبوە. پێغەمبەر هاتوە دڵی بداتەوە، پێی گوتوە. ئەی دایکی عەبدوڵڵا بارەکەت سوکە و حوشترەکەت خێرایە و بارەکەی سەفیە قورسە و حوشترەکەی لەسەرخۆ دەڕوات، کاروانەکەی دوا خستوە و، بارەکەتمان گواستەوە بۆ حوشترەکەی و بارەکەی ئەو بۆ حوشترەکەی تۆ، تا کاروانەکە بەخێرا بڕوات، (بەتوندی و بەهێزەوە) پێی گوت، وا دادەنێیت کە پێغەمبەری خودایت، پێی گوت: ئایا گومان لەوەدا هەیە کە من پێغەمبەری خودام ئەی دایکی عەبدوڵڵا؟ گوتی: بۆچی دادپەروەر نیت؟ گوتی: ئەبووبەکر بینیمی کە توند بووم لە قسەکاندا، شەپازلەیەکی لە ڕومەتی سرەواندم، پێغەمبەر لەو بارەوە لۆمەی کرد، گوتی: گوێت لێ نەبوو چیی گوت ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: وازی لێ بهێنە، ژنی ئێرەبیکەر سەرووی دۆڵ لە .خواروی جیا ناکاتەوە

بێگومان یەکێکی تر لە ژنەکانی نەیدەوێرا ئەم قسانەی لە ڕوودا بکات، هەروەها ئەویش ئەوەی هەڵنەدەگرت کە لەو قسانە لە ژنەکانی تری گوێی لێ بێت، لەبەر ئەوەی ئیرەیی لە ژنەکانی تری وای لێ کرد کە ئەم قسانە بکات، بە بێ خۆشەویستی ئیرەیی نابێت، هەروەها ئەویش ئەوەی لێ قبوڵ نەدەکرد کە گوێبیستی ئەو قسانە بێت گەر خۆشی نەویستایە، خۆشویستن .ئازاری خۆشەویستەکەی هەڵدەگرێت

لەم جۆرەی پێشوو، دیسان بە سەر عایشەدا هات، کە ماریەی قیبتی ئیبراهیمی کوڕی لێی بوو، ژنەکانی ئیرەییان لەوە کرد، بەڵام نەك وەك عایشە، کە پێغەمبەر گوتوویەتی تەماشای بکە لە من دەچێت، گوتوویەتی هیچ شتێکی وای تێدا نابینم، گوتوویەتی: سپێتیی پێستی .نابینیت

لە خۆشەویستیی بۆ عایشە کێبڕکێی پێشکەوتنی لەگەڵدا دەکرد. حەلەبی لە کاتی

قسەکردنی لە سەر غەزوەی بەنی موستەلەق لە (الإمتاع)ەوە گواستویەتیەوە: پێغەمبەر لەم غەزوەدا کێبرکێی لەگەڵ عایشەدا کردوە، گوتی: پشتوێنەکەی بەست و پێغەمبەریش هەروەها، ئینجا کێبرکێیان کرد و پێشی کەوت و ئینجا پێغەمبەر پێش کەوت و پێی گوت: ئەمە لە بەرانبەر ئەوەی کە پێشت کەوتم. گوتی: لە قسەی ئیبن جەوزی دا لە سەر عایشە هاتوە، دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەردا لە هەندێك لە سەفەرەکانی ڕۆیشتم، منیش لەڕولاواز و گۆشتم پێوە نەبوو، بە خەڵکەکەی گوت ئێوە پێش کەون، ئەوانیش پێش کەوتن، ئنجا گوتی: وەرە با کێبرکێت لەگەڵدا بکەم و پێشی کەوتم و پێشم کەوت، بێ دەنگ بوو، تا تۆزێك گۆشتم گرت و لە سەفەرێکی تر لەگەڵیدا دەرچووم، بە خەڵکەکەی گوت پێش کەون، ئەوانیش پێش کەوتن، ئینجا گوتی: وەرە با کێبرکێت لەگەڵدا بکەم، پێشی کەوتم و ئینجا من پێش کەوتم و پێکەنی و گوتی: ئەمە لە بەرانبەر ئەوە.

قسەی: (لە سەفەرێکی تردا لەگەڵیدا دەرچووم) ئەو سەفەرەیە کە بۆ غەزوەی بەنی موستەلەق لەگەڵیدا دەرچوە. بێگومان ئەم کێبرکێیە پاش دابەزینی ئایەتی (حجاب) بوو، لەبەر ئەوەی شەڕی بەنی موستەلەق لە ساڵی پێنجەمی کۆچی بوە، پێش ساڵی شەشەم، بەڵام ئایەتی (حجاب) لە ساڵی چوارەم دابەزی کە پێغەمبەری خودا لەگەڵ زەینەب کچی جەحش هاوسەرگیریی کرد، کە کتومت لە ساڵی چوارەم بوو.

ئەگەر بڵێیت: چۆن ئەمە لەگەڵ ئایەتی حجابدا کۆ دەکەیتەوە و سازانی لەگەڵدا دەکەیت، کە لە سەر ژنەکانی دابەزیوە، کێبرکێ بەم شێوەیەی باس کراوە لەم فەرموودەدا لەگەڵ حجابدا نایەتەوە و ڕەتی دەکاتەوە، دەڵێم: ئەگەر گەڕاینەوە بۆ سورەتی (الاحزاب) بۆ ئەو ئایەتانەی تایبەتە بە سەرجەم ژنەکانی پێغەمبەر، پەیوەست بێت بە حجاب و شتی تریش، دەزانین کە پێغەمبەر لە سەرەتاوە پەردەی بە سەر ژنەکانیدا بەو پێیە داناوە: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ} [الاحزاب: 53] واتا: ئەی گەلی باوەرداران لە ماڵەکانی پێغەمبەر مەچنە ژوورێ. جگە بۆ ژەمێکی خواردن ئەگەر بانگ کران؛ ئەگەر چووشن نابێت کاتێکی وا بچن ئەو خواردنە ئامادە نەکرابێت. هەر خواردنەکەت خوارد بڵاوەی لێبکە و بەقسەوە خەریك مەبە. ئەم کارەتان پێەغەمبەر ئازار دەدات و لە ئیوە شەرم دەکات پێتان بڵێت. خودا لە قسەی راست وتن شەرم ناکات و، هە رکاتێکیش داوای شتێکیش لە ژنەکانی لە ناو ماڵەکەی خۆیدا دەکەن لە پشت پەردەوە بیکەن و ئەم کارە لە دڵپاکی ئێوە و ئەوانیش نزیکترە . نابێت پێەغەمبەری خودا لە ئێوهوە ئازار ببینێت و ناشبێت دوای ئەو هەتاهەتایە ژنەکانی بخوازن، ئەم کارە لای خودا گوناهێکی گەورەیە.

ئەم حجابە تایبەت بوە بە ژنەکانی بە دەر لە ژنی موسوڵمانان، هیچ سەرسورمانێکی تێدا نییە کە پێغەمبەر تایبەتمەندیی خۆی هەبێت وەك زانایان باسیان کردوە و نووسینیان بۆ تەرخان کردوە. ئەمە، دانانی حجاب و پەردە لە سەر ژنەکانی، واتە لە پشت پەردەوە نەبێت قسە لەگەڵ ژنەکانیدا نەکەن، بە هەمان شێوە لە تایبەتمەندییەکانی بوە. ئینجا دوای ئەوە ئایەتی حجاب بە ئایەتێکی تر نەسخ کرا، واتە ئەڵتەرناتیفی بۆ هات کە ئەمە بوو: {النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ} [الاحزاب: 6]واتا: پێغەمبەر بۆ باوەرداران لە خۆیانیش فەرزترە و ژنەکانی دایکیانن. لەم ئایەتەدا کە ژنەکانی خستە شوێنی دایکی موسوڵمانان کە ڕێزیان بگرن و بە گەورە تەماشا بکرێن و پاش ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵیاندا حەرامە، ئەم ئایەتە بە زەرورەت نەسخە، لەبەر ئەوەی ئایەتی حجاب پێش ئەمە بوە، مەعقووڵ نییە و شتی وا نابێت کە دایك لە کوری خۆی حیجاب بکات، ئەوەی نەسخ کراوە لە ئایەتی پێشەوەدا بە وتەی (وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ...) ئەگەر پرسیارت لێ کردن. ئایەتەکە، لەبەر ئەوەی پێشەوەی ئایەتەکە هیچ پێوەندیپەکی بە حیجابەوە نییە.

ئەگەر بڵێین: ئەم ئایەتە نەسخ کراوە و وا هاتوە: {النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ} [الاحزاب: 6] واتەکەی لە پێشەوە نوسرا. کە لە سورەتی ئەحزابدا هاتوە پێش ئایەتی حیجابی نەسخکراو، چۆن ئەوەی لە پێشدا دابەزیبێت ئەوەی دواتر نەسخ دەکات، ئەگەر ئەم ئایەتە نەسخکەرە بۆ ئایەتی حیجاب، دەبێت لەو دوا بکەوێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئایەتەی دواتر دێت ئەوەی پێشتر نەسخ دەکات نەك بە پێچەوانەوە، دەڵێم: ئەم ئایەتە پاش ئایەتی حیجاب هاتوە، هیچ پەندێکی تێدا نییە کە لە پێشەکیی قورئان باس کراوە، لەبەر ئەوەی ڕێکخستنی

مەسحەف بە پێی دابەزینی ئایەتەکان نییە وەك سیوتی لە (الاتقان)دا باسی دەکات و زەمەخشەری لە (الكشاف)دا لە سەری دواوە، لەم شێوەیەیش، ئەوەی لە سەر ژنی پێغەمبەر حەرام کردوە پاش ئەو نۆ ژنەی، بەوەی {لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِنْ بَعْدُ وَلَا أَنْ تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنْ أَزْوَاجٍ وَلَوْ أَعْجَبَكَ حُسْنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ} [الاحزاب: 52]. واتە: واتاکەی لە پێشەوە نوسراوە ئەم ئایەتە پێغەمبەری لە هاوسەرگیریی تر حەرام کرد، پاش ئەو نۆ ژنەی لای بوون، تا کۆچی دوایی کرد، ئەوانیش عایشە و حەفسە و ئوم حەبیبە و سودە و ئوم سەلمە و سەفیە و مەیموونە و زەینەب و جوەیریە بوون. ئینجا ئەم ئایەتە بە ئایەتی تر نەسخ کراوە وەك دیسان لە سورەتی ئەحزاب دا هاتوە. بەڵام پێش ئایەتە نەسخ کراوەکە بوە، کە ئەمەیە {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ اللَّاتِي آتَيْتَ أُجُورَهُنَّ وَمَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْكَ وَبَنَاتِ عَمِّكَ وَبَنَاتِ عَمَّاتِكَ وَبَنَاتِ خَالِكَ وَبَنَاتِ خَالَاتِكَ اللَّاتِي هَاجَرْنَ مَعَكَ وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا خَالِصَةً لَكَ مِنْ دُونِ الْمُؤْمِنِينَ} [الاحزاب: 50]واتە: ئەی پێغەمبەر ژنەکانت بۆ حەڵاڵ کردین، مافی خۆیان بدە و ئەوانەی موڵکی ئیمانن و پشکی تۆن، هەروەها کچە مامەکانت و پوورەکانت و خاڵەکانت و؛ کیژەکانی خاڵەکانت لەگەڵ تۆ ئاوارە بوون بۆ تۆ دەشێن و هەر ژنێکی باوەرداریش بەو مەرجەی خۆی ببەخشێت و تۆیش رازی بێت و ئەمەش هەر تایبەتە بە تۆ؛ نەك باوەدارانی تر، ئێمە خۆمان زانیومانە هەروەها دەربارەی ئەو ژنانەی باوەرداران و ئەوانەی دەبنە کەنیزەك و ئاوا بریارمان داوە کە گیروگرفتێك بۆ تۆ دروست نەبێت و خودا دلۆڤانە و لە گوناح دەبورێت.

لە (الكشاف)دا لە عایشەوە وەرگیراوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا نەمرد تا ژنی بۆ خۆی حەڵاڵ نەکرد، واتە ئایەتەکە نەسخ کراوە، ئەم نەسخکردنەی لەوە خاڵی نییە، کە یان بە سوننەت بوە یان بە پێی قسەی خودا (إِنَّا أَحْلَلْنَا لَكَ أَزْوَاجَكَ) ژنەکانتانمان بۆ حەڵاڵ کردیت گوتی: زنجیرەی دابەزینی ئایەتەکان وەك نووسینەوەی نییە لە قورئاندا.

ئەگەر بڵێیت: ئایەتێك لە قورئاندا هەیە دەربارەی ئەم حیجابەی ژنانی موسوڵمانان، بەم شێوەیەی ئێستا دەیکەن؟ دەڵێم: نەخێر، لە قورئاندا شتی وا نییە، بەڵام لە داب و پەروەردە و ئەدەبدا هەموو ژنان و ژنەکانی پێغەمبەر و ژنانی موسوڵمانیش بەو شێوەیە ڕاهاتوون. ئەم پەروەردەیە لە دوو ئایەتدا هاتوە کە یەکێکیان ئەوی تر شی دەکاتەوە، یەکەمیان لە سورەتی ئەحزابە، ئەویش {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا} [الاحزاب: 59].واتە: ئەی پێغەمبەر! ژنەکانت و کچەکانت و خێزانی باوەرداران حاڵی بکە و خۆیان بە چارشێوەکانیان داپۆشن: ئەم کارە باشتر دەبێت بۆ ئەوەی بناسرێن و ئازار نەدرێن. خودا دلۆڤانە و لە خەتا دەبورێت : ئەوەی دوەم لە سورەتی (نور)دا هاتوە: {وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ} [النور: 31]واتە: بە ژنانی باوەرداریش بڵێ با چاویان داخەن و شەرمی خۆیان بپارێزن و خشڵی خۆیان وەدەرنەخەن، جگە لە وانەی لە دەرەوەن. با سەرپۆشیان تا سەر پێسیر ( واتە نێوان مەمکەکانیان) داپۆشن و خەمڵی خۆیان پیشان نەدەن جگە بۆ مێرد یان باوکیان یان خەزوریان یان کوریان یان زرکوریان یان ببرا یا برازا یان خوشکەزا یان ژنانی باوەرداران یان خوڵامیان یان ئەو پیاوانەی سەر بەوانن و نیازی ژنیان هێنانیان نیە یان منداڵی پێنەگەیشتوو. تا کۆتاییی ئایەتەکە لەم دوو ئایەتە شتێك نییە لێی تێ بگەیت و مەبەست لەو حیجابە بێت کە موسوڵمانان ئەمڕۆ دەموچاویان پێ دادەپۆشن، دابەزاندنی کراسەکە (ادناء الجلباب) شتێکە و داپۆشینی دەموچاو شتێکی ترە، هەر وەك داپۆشینی سنگ بە (خمار) داپۆشینی دەموچاو نییە. ئەوەی زانراوە کە گیرفان و کراس و ملوانکە و نێوان سینگە، گیرفان (جیب) بە سنگیش گوتراوە.

زەمەخشەری دەڵێت: لەوانەیە بە نێوان سینگ بەوەی لای مەمك و سینگ و ئەوەی تەنانەت بە مەمکیش بگوترێت، وەك دەڵێت فلان کەس مەمکی زلە (ناصح الجيب). ئەم ئایەتە کە باس لە داپۆشینی سنگ بە شاڵ دەکات، کە سنگ داپۆشێت واتە مەبەست (خمار) چارۆکەیە، ئەو ئایەتە شی دەکاتەوە کە کراس توند بکرێت لە لای سنگەوە، ئەوەی ویستراوە لە هەر دوو دەرپرینەکەدا یەك شتن، ئەوە بگەیەنێت ئەگەر بۆ ئەوەی خراپەکاری دەربکەوێت و فیتنەی لێ بکەوێتەوە و کاری نابەجێی لێ دروست ببێت، بە دەرکردنی سینگ و مەمك و شتی تریش.

زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: ملی کراسەکانیان فراوان بوە و سنگ و مەمکیان و

دەوروبەری لێوەی دەرکەوتوە، چارۆکەکەیان لە پیشتەوە دەبەستن و سینگیان بە دەرکەوتوویی دەهێڵنەوە، فەرمانیان پێ کرا کە چارۆکەکەیان لە پێشەوە بە سەر سنگیاندا شۆڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی سنگیان داپۆشن، ئەمەیە مەبەست لە توندکردنی کراسەکانیان، لە یەکەم ئایەتدا کە دەڵێت (ادناء الجلباب). زەمەخشەری دەڵێت: جلباب، کراسێکی کڵاودارە لە چارۆکە فراوانترە و ژن بە سەری خۆیدا دەدات، وەك سەرپۆش و ئەوەی لێی دەمێنێتەوە دەیدات بە سەر سنگیدا. توندکردنی کراس و سینگ داپۆشین مەبەستە نەك شتی تر. لەو دوو ئایەتەدا داواکراوە کە سینگ داپۆشرێت نەك دەموچاو، ژنی عەرەب نە لە جاهیلەت و نەیش لە کاتی ئیسلامدا دەموچاویان دانەپۆشیوە و، عەرەب ئەمەی نەزانیوە و لە سەری ڕانەهاتوە و شایەتی بۆ ئەوە لەوە زۆرترە کە بژمێررێت. با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە تێداین. گوتمان کێبڕکێکەی نێوان محەمەد و عایشە لە غەزوەی بەنی موستەلەق لە ساڵی پێنجی کۆچی بوە، پاش دابەزینی ئایەتی حیجاب، بەڵام حیجاب بە ئایەتی تر نەسخ کراوە، ئەگینا ئەگەر حیجاب نەسخ نەکرابێت، بەو شێوەیە کێبڕکێی لەگەڵدا نەکرد کە باسمان کرد، بە خەڵکەکەی گوتوە پێش بکەون و ئەوانیش پێشکەوتوون، بە عایشەی گوتوە، وەرە کێبڕکێت لەگەڵدا بکەم، پشتوێنەکەی بەستوە و ئەویش بەستوویەتی و، کێبڕکێیان کردوە و خەڵك وەستاون وەك تەماشاکەر تەماشایان کردوون، ئەگەر لە قورئاندا ئایەتی نەسخکراویش نەبوایە، بە پێی ئەم کارەی پێغەمبەر و عایشە، دەمانگوت ئایەتی حیجاب نەسخ کراوە.

(44)

(چیرۆکی ئیفك (بوختان

گرینگترین ڕووداو لە ژیانی محەمەددا ڕووی دابێت و ژیانی خێزانی لێ تاڵ کردبێت، ڕووداوی ئیفك بووە، واتە درۆ و بوختان بۆ عایشە لەگەڵ سەفوانی کوڕی موعەتەڵدا، کە شتیان بۆ هەڵبەسترا. کورتەی چیرۆکەکە، محەمەد کە دەرچوو بۆ غەزوەی بەنی موستەلەق، لە ژنەکانی عایشە و ئوم سەلمەی لەگەڵدا بوو. عایشە ملوانکەیەکی هەبوو لە زەڤار، واتە لە موور و دروستکراو بە ڕەنگی ڕەش و سپی و (زەڤار شارێکە لە نزیك سەنعا لە یەمەن) لە ملی دەکرد، دەڵێن بەهاکەی زیاتر لە دوانزە درهەم بوە.

لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ مەدینە سوپاکە لە شەوێکدا دابەزیبوون، عایشەیش ڕۆیشتبوو بۆ سەرئاو کردن، لەو کاتەدا مۆڵەتی دەرچوونیان وەرگرتبوو، ئەویش لەوێدا بوو دوور کەوتبوەوە و پاش ئەوەی سەرئاوی تەواو کردبوو گەڕابوەوە، بینیبووی کە ملوانکەکەی پچراوە و لێی کەوتوە، ئینجا گەڕاوەتەوە بە دوایدا بۆ ئەوەی بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. لەو کاتەی ئەو ڕۆیشتوە کاروانەکە کەژاوەکەی ئەویان بار کردوە لە سەر ئەو حوشترەی کە لە سەری بوە و، ئەوانیش وایان زانیوە لە کەژاوەکەیدایە و ڕۆیشتوون. عایشە بە دوای ملوانکەکەیدا بوە تا دۆزیوەتەوە و، کە گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی سوپاکە، هیچ کەسێکی تێدا نەدۆزیوە، کە بێت بە دادیەوە و وەڵامی بداتەوە. کە ئەمەی بینیوە، لەو شوێنەی، تێیدا بوە تەیەمومی کردوە و لەوێدا دانیشتوە و لەو باوەڕەدا بوە، هەست بەوە دەکەن کە لە کەژاوەکەیدا نییە و، دەگەڕێنەوە بە دوایدا، لەو کاتەدا کە لە شوێنەکەی خۆی دانیشتوە، خەو زاڵ بوە بە سەریدا و خەوی لێ کەوتوە، سەفوان کوڕی موعەتەل بە دوای سوپاکەوە بوە و گەییشتوەتە ئەو شوێنەی عایشە و، تارماییەکی ڕەشی کەسێکی خەوتووی بینیوە، کە داچەمیوە عایشەی بینیوە و ناسیەوەتەوە و هاتوەتە دواوە و گوتوویەتی (إنا لله و إنا إليه ڕاجعون)، لەو کاتەدا عایشە بە ئاگا هاتوەتەوە و هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەکردوە، دەڵێن: بە عایشەی گوتوە: خوا ڕەحمت پێ بکات ئەمە چی دوای خستووی؟ ئەویش هیچ قسەیەکی لەگەڵدا نەکردوە، تا چۆکی بە حوشترەکەی داوە و پێی گوتوە: سوار بە. لە گێرانەوەیەکدا گوتوویەتی: دایکە هەڵسە و سوار بە. هەڵساوە و سوار بوە، ئەویش ملی حوشترەکەی گرتوە تا گەییشتوون بە کاروانی سوپاکە، کە لە کاتی گەرمای تیژی نیوەڕۆدا دابەزیبوون.

ئەمە ئەو ڕووداوەیە کە وای لە هەندێك دووڕوو کرد، هەندێك قسە لە سەر عایشە بکەن کە کردیان، لەم ڕووداوەدا شتێك نابینێت کە جێگەی گومان بێت، بە تایبەتی لە بارەی خێزانی محەمەدەوە، کە دواکەوتوانی ڕێزێکی زۆری لێ دەگرن و بە هەموو شێوەیەك بە پیرۆزی دەزانن و گوێڕایەڵێکی تەواوی بوون، تا مردنیش لە بەر دەستی ئەودا بۆ خۆشویستنی و ڕازیبوونی

.خۆیان کردوەتە قوربانی
پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا بێت و باوەڕی پێ هێنابێت، ژنێکی پێغەمبەر بە تەنها لەو بیابانە ببینێت، کە لە کاروانی سوپاکە دوا کەوتبێت، بردوویەتی و سواری حوشترەکەی کردوە و جڵەوی حوشترەکەی گرتوە و بە ڕێی خستوە تا گەیاندوویەتی بە سوپاکە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە سپاسگوزاری سەفوان بن، ئەمە چی تێدایە کە پێی تۆمەتباری بکەن. ئەمە لەگەڵ ئوم سەلمە و عوسمانی کوڕی تەلحەیش ڕووی دا و هیچ کەسێك بە خراپە تۆمەتباری نەکردن، لەگەڵ ئەوەیشدا عوسمانی کوڕی تەلحە موشریکیش بوو و ئوم سەلمە باوەڕدار بوو، عوسمان و ئوم سەلمە چەند شەو و ڕۆژێکیش لە بیابان بە تەنها مانەوە، بەڵام سەفوان بۆ .بەشێکی ڕۆژێك لەگەڵ عایشەدا مایەوە
کورتەی ئەوەی بە سەر ئوم سەلمە و عوسماندا هات، ئوم سەلمە پێش ئەوەی پێغەمبەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات و پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە، ژنی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومی بوو، کە نازناوی ئەبووسەلمە بوو، کوڕی پووری واتە خوشکی باوکی محەمەد بوو، ئەم ئەبووسەلمەیە یەکەم کەس بوو کە پاش بەیعەتی عەقەبەی یەکەم کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەبەر ئازار و ئەشکەنجەی کافرەکانی قورەیش هەڵهات، کە بەردەوام لە مەککە ئازاری موسوڵمانانیان دەدا، ئوم سەلمەی خێزانی ویستی لەگەڵیدا کۆچ بکات، بەڵام کەسوکارەکەی ڕێگرییان لێ کرد، لەو کاتەدا منداڵێکی شیرەخۆری هەبوو بە ناوی سەلمە، کەسوکاری مێردەکەی لێیان وەرگرت، ئەویش بێ مێرد و منداڵ بە تەنها لە مەککە مایەوە، هەموو بەیانییەك دەردەچوو بۆ ئەبتەح و بۆ ماوەی لە گریان ساڵێك بەردەوام بوو، تا خزمەکانی و کەسوکاری مێردەکەی بەزەییان پێدا هاتەوە و منداڵەکەیان بۆ گەڕاندەوە و پێیان گوت بڕۆ بۆ لای مێردەکەت، سواری حوشترێك بوو، منداڵەکەی خستە کۆشییەوە و دەرچوو ڕوە و مەدینە و کەسێکی خۆی لەگەڵدا نەبوو، تا گەییشتە تەنعیم (شوێنێکە دوو تا سێ فەرسەخ لە مەککەوە دوورە) عوسمانی کوڕی تەلحەی حەجبی خاوەن کلیلی کەعبەی بینی، کە لەو کاتەدا موشریك بوو، کاتێك بینیی، بە ئوم سەلمەی گوت: بۆ کوێ؟ گوتی: بۆ لای مێردەکەم دەڕۆم لە مەدینە، گوتی: هیچ کەسێکت لەگەڵدا نییە؟ گوتی: نەخێر، جگە لە خودا هیچ کەسم لەگەڵدا نییە و ئەمەیش کوڕە بچوکەکەمە، گوتی: بە خودا وازت لێ ناهێنم، ئینجا جڵەوی حوشترەکەی گرت و تا مەدینە لەگەڵیدا ڕۆیشت و، تا گەییشتە (قباء) پێی گوت: ئەوە .مێردەکەت لەوێیە و ئینجا گەڕایەوە
لەم بارەوە ورتەیەك نە لە موشریکەکان و نەیش لە موسوڵمانانەوە نەهات و، هیچ شتێکیان لە سەر عوسمان و لە سەر ئوم سەلمە نەگوت و هیچ تۆمەتێکی خراپیان بۆ هەڵنەبەست، بەڵام ئوم سەلمە لەو کاتەدا ژنی پێغەمبەر نەبوو کە دوژمنی دووڕووی زۆری هەبوویێت و کە خراپەکار بە دوای هەلدا بگەڕێن و خۆیان مات بدەن بۆ ئەوەی شتی بۆ دروست بکەن، بۆیە بە پێچەوانەی عایشەوە کەس شتێکی لە سەر نەگوت. بەڵام عایشە لەو کاتەدا ژنی پێغەمبەر بوو کە بۆ غەزوو دەرچووبوو، دووڕوویشی لەگەڵدا بوو، ئەمەیان وەك ئامرازێك بە کار هێنا، لەبەر .ئەوەی دوژمنایەتی و ڕقوکینە لە ناخیاندا بوو
لەو غەزوەدا کۆمەڵێك دووڕوو لەگەڵ محەمەددا دەرچووبوون، کە قەت لە هیچ شەڕێکی تردا لەگەڵیدا نەبوون. وەك عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووسەلوول سەری دووڕوەکان و گەورەیان بوو. یەکەم کەس بوو کە هەواڵی ئیفك لە نێو سەربازاندا بڵاو کردەوە، عادەتی وا بوو کە لەگەڵ کۆمەڵێك .هاوەڵانی دووڕوودا خۆیان لە خەڵکەکە بە دوور دەگرت
گوتمان: سەفوان لە قرچەی گەرماکە گەییشتە سوپاکە کە دابەزیبوون، کاتێك حوشترەکەی لێ دەخوڕی و عایشەی لە سەر بوو، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی گوتوویەتی: ئەمە کێیە؟ گوتیان: عایشە و سەفوان، گوتی: بە خودای کەعبە هەڵی تەقاندوە، لە قسەیەکی تردا گوتوویەتی: بێ بەری نییە لێی و ئەویش بێبەری نییە لەو. لە گێرانەوەیەکدا گوتوویەتی: بە خودا نە عایشە لەو ڕزگاری بوە و نەیش سەفوان لە عایشە، ئینجا درێژەی پێ داوە و گوتوویەتی: ژنی پێغەمبەرەکەتان تا بەیانی لەگەڵ پیاوێکدا ڕۆژی کردوەتەوە. ئینجا هەر ئەو لە کاتەی گەڕانەوە ئەم هەواڵەی لە مەدینە بڵاو کردەوە. تەنانەت ئەوانەی دووڕوویش نەبوون وەك حەسانی کوڕی سابت و موسەتەح کوڕی ئەساسە و حەمنە کچی جەحش خوشکی زەینەب ژنی پێغەمبەری .خودایش لەو بارەوە قسەیان کردوە
ئەگەر هەواڵ بڵاوەی کرد، خەڵك بە بێ زانین و زانیارییەوە قسەی لە سەر دەکەن، گوتوویانە

ئەوەی گوێی لە شت بێت بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی یەکەم جار باسی کرد و بڵاوی کردەوە عەبدوڵڵای کوڕی سەلوول بوو. لە عروەی کوڕی زوبێرەوە، گوتوویەتی وا هەواڵم پێگەییشت کە قسەوباسی ئیفك بە بەربڵاوی لە لایەن عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی قسەی لە سەر کرا و بەڕاستی زانیوە و بە گوێی خەڵکیدا داوە و فیتنەجاڕیی پێ کردوە، واتە خستویەتییە بەر باس و بڵاوکردنەوەوە.

بەڵام عایشە بێ ئاگا بوو لەم کەینوبەینە و لەوەی خەڵك قسەی لە سەر دەکەن و گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی. وا ڕێکەوت لەو کاتەی گەڕایەوە بۆ مەدینە نەخۆش کەوت و هاواری دەکرد. لە عیشەوە وەرگیراوە گوتوویەتی: کە گەڕاینەوە مەدینە، بۆ ماوەی یەك مانگ نەخۆش بووم، خەڵك بە لێشاو باسیان لە قسەکانی خاوەن ئیفك (بوختان) کرد و هەواڵەکە گەییشتە پێغەمبەر و باوك و دایکم و من تا ئەو کاتە هەستم بە هیچ شتێك لەو بارەوە نەکردبوو، ئەوەی گومانم لێ کرد کە لە کاتی نەخۆشییەکەمدا ئەو سۆز و موحیبەتەم لە پێغەمبەردا هەست پێ نەکرد، کە پێشتر هەیبوو لە کاتی نەخۆشکەوتنمدا، بەڵکوو کە هاتە ژوورەوە سڵاوی لێ دەکردم و دەیگوتت: حاڵت چۆنە و دەڕۆیشت و ئەمەیش گومانی لا دروست کردم، هەستم بە شەڕ نەکرد تا هاتمەوە سەر خۆم.

چۆن هەواڵەکە گەییشتە عایشە

عایشە تا ئەو کاتەی لە نەخۆشەکەی بوەوە و بە خۆیدا هاتەوە، بەو هەواڵەی نەزانی. دەڵێت: جارێکیان دەرچوو بۆ سەرئاو کە تایبەت بەوە بوە پێیان دەگوت (مناصح) بە شەو نەبێت دەرنەچووین بۆ ئەو شوێنە، لەگەڵ دایکی موسەتەح دەرچووم، ئەمە پێش ئەوەی لاپەڕی ماڵەکەمان بۆ ئەوە بە کار بهێنین: گوتی: ئەمەیش بە هەمان شێوەی عەرەبی دەشتەکی بوو لەم بارەوە. گوتی: من و دایکی موسەتەح چووین، دایك موسەتەح سەلمای کچی ڕەهمی کوڕی عەبدولموتەلیبی کوڕی عەبدولمەناف بوو، کە دایکی کچی سەخری کوڕی عامری پوری (خوشکی دایکی) ئەبووبەکر بوو، کوڕەکەی ناوی موسەتەحی کوڕی ئەساسەی کوڕی عیبادەی کوڕی موتەلیبی کوڕی عەبدولمەناف بوو، بە هەتیوی ئەبووبەکر بەخێوی کرد. گوتی: ئینجا کە لەوە بووینەوە من و ئوم موسەتەح گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، ئوم موسەتەح کە پێی بەر چاڵێك کەوت، گوتی هەی موسەتەحی بێ بەخت، گوتم: خراپت گوت، جوێن بە کەسێك دەدەیت کە بەدری بینیبێت، گوتی: بەڵێ ئەی کچێ، گوێت لێ نەبوە کە موسەتەح چی دەڵێت؟ گوتم: چی گوتوە؟ قسەکانی خەڵکی ئیفك واتە بوختانی پێ ڕاگەیاندم. گوتی: لە سەر نەخۆشییەکەمەوە نەخۆشییەکی ترم زیادی کرد، کاتێك گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، پێغەمبەر هات بۆ لام و سڵاوی لێ کردم و گوتی: حاڵت چۆنە، گوتم: مۆڵەتم دەدەیت بڕۆم بۆ لای باوك و دایکم؟ گوتی: ویستم لە هەواڵەکە باش بزانم و تەئکیدی لێ بکەمەوە و لەوانەوە بیزانم. گوتی: پێغەمبەر مۆڵەتی دام و ڕۆیشتم بۆ لایان. بە دایکم گوت: خەڵك باسی چی دەکەن؟ گوتی: ئەی کچم ئارام بە، بە خودا ژنێك نییە لای پیاوێك بێت و خۆشی بوێت و هەوێی هەبێت و چەندین قسەیان بۆ دروست نەکردبێت، گوتی: گوتم: سپاس بۆ خودا خەڵك بەم شێوەیە قسەی کردوە، گوتی: ئەو شەوە تا بەیانی گریام و فرمێسکم نەوەستایەوە و چاوم نەچوە خەو، ئینجا بەیانیشم هەر بە گریان بردە سەر.

ئەوەی لەمە تێدەگەیت، ڕۆیشتن بۆ ماڵی باوانی پاش چاکبوونەوەی لە نەخۆشییەکەی بوە و، پاش ئەوەی ئوم موسەتەح چیرۆکەکەی بۆ باس کردوە. بەڵام لە سیرەی هیشامیدا، ئەوەی لێی تێدەگەیت ناکۆکە لەگەڵ ئەمەدا، بەوەی کە پێش ئەوەی لە نەخۆشییەکەی بێتەوە ڕۆیشتوە بۆ ماڵی باوانی و، لەو کاتەدا ئاگای لەو هەواڵەی ئیفك نەبوە و، لە ماڵی باوکییەوە لەگەڵ ئوم موسەتەح دەرچوە بۆ سەرئاوکردن نەك لە ماڵی خۆیانەوە. ئەوەی چوە بۆ ماڵی باوانی لەبەر ئەوە نەبوە کە هەواڵەکەی زانیبێت و بۆ ئەوە یەقین بێت لێی، بەڵکوو ئەو وشکی و لالووتییەی پێغەمبەری بینیوە کە هیچ لوتفێکی بۆ نەبوە، ئەو سۆزەی نەبوە کە پێشتر لە کاتی نەخۆشکەوتنیدا نواندوویەتی، بۆ ئەوەی سکاڵای دڵی خۆی بکات. ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت کە لە سیرەی هیشامیدا هاتوە ڕاستترە، لەبەر ئەوەی ئوم موسەتەح لە ماڵی عایشە نەبوە، بەڵکوو خۆی و کوڕەکەی لە ماڵی ئەبووبەکر ژیاون و، ئەبووبەکر بەخێوی دەکردن، دەرچوونی عایشە بۆ سەرئاوکردن لەگەڵ ئوم موسەتەح لە ماڵی باوکییەوە بوە نەك لە ماڵی خۆیەوە. لە ڕێڕەوەی قسەکاندا و لە سیرەی هیشامیدا دەربارەی عایشە وا هاتوە، گوتوویەتی: چووم بۆ لای دایکم چارەسەرم بکات، هیچ ئاگام لەو شتە نەبوە کە ڕووی داوە، تا لە ئازار و

نەخۆشییەکەم بوومەوە، پاش بیست و ئەوەندە شەو، ئێمەیش قەومی عەرەب ئەو ئاودەستانەمان بە کار نەدەهێنا کە عەجەمەکان بە کاری دەهێنن، ڕقم لێ بوو و دوور بووین لێی، بەڵکوو دەچووین بۆ دەشتی دووریی شارەکە، شەوێك دەرچووم و ئوم موسەتەح لەگەڵمدا بوو کە پێی لە چاڵێك کەوت گوتی ئەی موسەتەحی بەدبەخت، گوتم: خراپت کرد بە خوا چۆن ئەوە بە پیاوێك دەڵێیت کە لە کۆچەرییەکان بێت و شەڕی بەدری بینیبێت، گوتی: ئەو هەواڵەت نەزانیوە ئەی کچی ئەبووبەکر؟ گوتم: هەواڵەکە چییە؟ هەواڵی خەڵکی ئیفك (بوختان)ی دامێ کەچی دەڵێن، گوتم: ئەمەیە؟ گوتی: بەڵێ بە خودا ئەمەیە، ئاوا دەڵێن، بە خودا نەمتوانی کارەکەم (سەرئاوەکەم) تەواو بکەم و گەڕامەوە و، بە خودا ئەوەندە گریام وام زانی کە گریان جەرگم لەت دەکات. گوتی: بە دایکمم گوت: خوا لێت خۆش بێت، خەڵك بەو شێوەیە قسە دەکەن و تۆیش هیچ بە من ناڵێیت، گوتی: ئەی کچم...هتد. لە فەرموودەکە. گوتی: گوتم: سوبحانەللا، خەڵك ئەم قسەیەی کردوە و باوکم پێی زانیوە، گوتی بەڵێ. گوتی: پێغەمبەری خودایش زانیویەتی؟ گوتی: بەڵێ. هاوارم کرد و گریام و ئەبووبەکر گوێی لە دەنگم بوو، هاتە خوارەوە، بە دایکمی گوت: چییەتی؟ گوتی: هەواڵی ئەوەی باسی لە سەر دەکەن پێی گەییشتوە و گریاوە و چاوی پڕ بوە لە فرمێسك، ئەو شەوە تا بەیانی گریام نە فرمێسکەکانم وشك بوون و نەیش خەو چوە چاوم.

محەمەد لە ڕۆژانی ئیفکدا

باسی ئەوەمان کرد کە عایشە لە ڕۆژانی قسەوباسی ئیفك چۆن بوە، بەڵام بۆ محەمەد، حەلەبی لە سیرەتەکەی لە کتێبی (الإشارات)ی فەخری ڕازییەوە وەری گرتوە، دەڵێت، ئەو لەو ڕۆژانەی کە قسە لە سەر ئیفك کراوە زۆر جار لە ماڵەوە بوە، ئەگەر یەکێك بهاتبا بۆ لای دەربارەی عایشە ڕاوێژی پێ دەکرد، لە سەر ئەوەی کە چۆن خەڵك باس لە ڕووداوی ئیفك دەکەن.

بێگومان محەمەد عایشەی لە هەموو خەڵك زیاتر دەناسی، تەنانەت لە دایك و باوکیشی، لەبەر ئەوەی خێزان و خۆشەویستی بوە و کە هەموو نهێنییەکی خێزانی لای بوە و لەگەڵ یەکدا لەو بارەوە دواون، ئەوەیشی زانیوە کە چەند پەیوەستە پێوەی و خۆشی دەوێت، لە هەر ڕۆژێکدا بە چاوی سۆز و خۆشەویستییەوە لە ئاوێنەی ناخی خۆیدا ڕوونی و ئاشکرایی دیار بوە و ئەوەی بە دڵیدا هاتوە و بە نیاز و دەروونیدا تێپەڕیوە پێی گوتوە و ئەو لە خەڵك زیاتر لە ناخی زانیوە و، ئەو لە هەموو کەس بە حەقترە کە چۆن حوکم و داد بە سەریدا بدات، یان بۆی بدات.

بۆیە دەیتوانی کە لە بێتاوانیی ئەودا، لە یەکەم ڕۆژدا کە هەواڵەکە بڵاوەی پێ کرد، قورئان دابەزێنێت (بەڵام یەکەم ڕۆژ هەواڵەکە نەگەییشتە محەمەد ـ وـ)، بەڵام ئەوەی نەکردوە وەك نەریتی خۆی لە هێمنی و جێگیری بۆ هەموو کاروبارەکان و دوور کەوتنەوە لە خێرایی بڕیاردان، ئەو بە دووربینیی تەماشای مەسەلەکەی کردوە و لە دەرئەنجامەکەی ڕوانیوە و بۆ هیچ شتێك نەچوە، ئەگەر لە سەرجەم لایەنەکانییەوە یەکلایی نەبێتەوە و جێگیر نەبووبێت و بڕیاری کۆتاییی لێ نەدابێت.

جێگیربوون لە زانینی مەسەلەی ئیفك، وەك ئەوەی کردی، کە کەمترین دەرچوونی هەبوە لە ماڵەوە، زۆرینەی کاتەکەی لە ماڵەوە بە سەر بردوە، بەوەدا بوارێکی فراوانی بۆ قسەکەران و گوێگران پێکەوە هێشتوەتەوە، تا لە بارەی ئیفکەوە بە دڵی خۆیان قسەی خۆیان بکەن، تا دەگەنە دەرەئەنجام. ئەگەر بگەنە ئەنجام، بەئاسانی حەقیقەت دەردەکەوێت و، ئاسانە لە قسەکانیدا ڕاست و درۆ هەڵاوێرد بکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا بە بواری زۆر ڕەخساندن بۆ ئەو مەبەستە نەوەستاوە، کە جڵەو بۆ قسەوقسەڵۆکی دروستکەران شل بکات، بەڵکوو خۆی ئەوەیشی کردوە کە ڕاوبۆچوونی خەڵکی وەربگرێت و ڕاوێژیان پێ بکات، بۆیە هەر جارێك یەکێك چوە بۆ لای لە ماڵەوە، لە بارەی ئیفکەوە قسەی لەگەڵ کردوە و پرسیاری لێ کردوە و ڕاوێژی پێ کردوە.

ئاوها محەمەد بەهێوری و بەهێمنی مایەوە، بۆ ئەوەی جێگیر بێت و پرسیار و ڕاوێژ بکات بۆ ماوەی سیوحەوت ڕۆژ و، ئینجا وەحیی دابەزاند بۆ بێتاوانی عایشە. لە کۆی ئەو خەڵکانەی لەو سیوحەوت ڕۆژەدا ڕاوێژی پێ کردبێت؛ عومەری کوری خەتاب بوو، لە عایشەوە هاتوە گوتوویەتی: کە چاوەڕێی وەحیی دەکرد، ڕاوێژی هاوەڵانی دەکرد، عومەر پێی گوت: کێ هاوسەرگیریی بۆ کردیت ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: خودا، گوتی: لەو باوەڕەدایت کە خودا بەوە هەڵی خەڵەتاندبیت و گزی و فێڵی لێ کردبیت {سُبْحَانَكَ هَٰذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ} [النور:

16]،واتە: سوپاس بۆ تۆ خودایە ئەمە بوختانێکی مەزنە. ئەم ئایەتە دابەزی و ئەمە لە کۆی ئەو ئایەتانە بوو بۆ بێتاوانی و بێبەریبوونی عایشە لەو بوختانە بۆی کرابوو. گوتی: عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد کە خێزانەکەی لێ جیا بکەنەوە (واتە مەبەستی محەمەد خۆیەتی). دەڵێت: ئوسامە کوڕی زەید گوتی: خێزانەکەت ئەی پێغەمبەری خودا، (واتە دەست بە خێزانەکەتەوە بگرە) جگە لە خێر هیچ شتێکی تر نازانین، بەڵام عەلیی کوڕی ئەبووتالیب گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، خودا ڕێگەی لێ دانەخستوویت و ژنی تر زۆرە و تۆ دەتوانیت یەکێکی تر بێنیت، لە قسەیەکدا: خودا حەڵالی بۆ کردوویت لێی جیا بەرەوە و هاوسەرگیریی لەگەڵ یەکێکی تردا بکە، ئەگەر پرسیار لە کەنیزەکێك بکەیت باوەڕت پێ دەهێنێت، گوتی: پێغەمبەری خودا بورەیرەی بانگ کرد، ئەویش گوتی: بەوەی بە حەق ناردوونی، هیچ شتێکم لێی نەبینیوە کە لەکەدار بێت (بە عەیبەی بزانم) لەوە زیاتر کە کەنیزەکێکی تازە پێگەیشتوە و لە کاتی هەویر شێلاندا دەخەوێت و مریشك و پەلەوەر دێن و لە هەویرەکە دەخۆن، لە قسەیەکی تردا کە لە ئیبن ئیسحاقەوە وەرگیراوە: پێغەمبەری خودا بورەیرەی بانگ کرد و پرسیاری لێ کرد، عەلی هەڵسا و بە توندی لێی دا و وای لێ کرد بە ڕاستگۆیی قسە بۆ پێغەمبەری خودا بکات، گوتی: بە خودا جگە لە خێر هیچ شتێکی تر نازانم، هیچ پەشمەیەکی نییە (واتە عەیبەی نییە) جگە لەوەی من هەویرم دەشێلا و فەرمانم پێ دەکرد کە هەڵی بگرێت کە چی ئەو دەخەوت و مەڕوماڵات دەهات و دەیخوارد. حەلەبی دەڵێت: ئەوەی لە بوخارییەوە هاتوە: هەندێك لە هاوەڵانی تووڕە بوون لێی، گوتوویەتی: قسەی ڕاست بۆ پێغەمبەری خودا بکە، گوتی: سوبحانەڵلا، بە خودا هیچم لێ نەزانیوە جگە لەوەی زێڕینگەر لە سەر خاکە زێڕی ئاڵتوونی سوور دەیزانێت.

عایشە دەڵێت: پێغەمبەری خودا پرسیاری لە زەینەبی کچی جەحشی کردوە لە بارەمەوە، پێی گوتوە: چیت لە بارەیەوە زانیوە یا بینیوە؟ گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، گوێ و چاوم دەپارێزم هیچ شتێك جگە لە خێرم نەزانیوە، لە گێڕانەوەیەکدا: حاشا لە بیستنم و بینینم جگە لە خێر هیچ شتێکم نەزانیوە، بە خودا قسەی لەگەڵدا ناکەم هەر چەندە لێی دوورم، بەڵام جگە لە حەق هیچی تر ناڵێم.

عایشە گوتی: ئەو لەو کاتەدا کە ڕقی لێم بوو، لە قسەیەکدا کە هاوکوفیشمە واتە هەوێمە، یەکێك بوو لە ژنەکانی محەمەد (هاوکوف واتە هاوشانە و یەکسانە لەگەڵیدا لە پێگە و خۆشەویستی لای پێغەمبەری خودا).

تێبینی

بێگومان محەمەد کە عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد، بانگی نەکردن کە پرسیاری حاڵی پێشووی عایشەیان لێ بکات و هەروەها لە سەر ئەوەیش بانگی نەکردن کە لە بابەتی ڕووداوی ئیفك چی دەزانن، بەڵکوو بانگی کردن بۆ ڕاوێژکردن لەگەڵیاندا بۆ جیا بوونەوە لە خێزانەکەی لەبەر قسەی ئیفك، وەك لەو گێڕانەوەی ئێستا باسمان لێوە کرد (بۆ ئەوەی لە فەرمانی جیابوونەوەی لە خێزانەکەی) ڕاوێژیان لەگەڵدا بکات، وا فەرز بوو کە لە ڕاوێژی ئەوەدا فەرمانی جیابوونەوەیان هەڵبژاردایە، لەو بارەوە ئەوەیان دەسەلماند کە ڕووداوی ئیفك ڕاستە، بەڵام لە ڕاوێژدا وا بە باش بزانن لە خۆی بگرێت و بیهێڵێتەوە لای خۆی، لەوێدا ڕووداوی قسەی ئیفك بە درۆ دەزانن، وەك عومەری کوڕی خەتاب لەو کاتەی ڕاوێژی پێ کرد لەو بارەوە، وای بە باش زانی کە بیهێڵێتەوە و تێی گەیاند بە قسەی {سُبْحَانَكَ هَٰذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ} [النور: 16]. پێشتر واتاکەی نوسرا. قسەی ئیفك پوچەڵە و بناغەی نییە. بەو شێوەیە ئوسامە قسەی کرد کە ڕاوێژی پێ کرد، وەك لێی تێدەگەی لەو فەرموودەدا کە ئیفك پوچەڵ و باتڵە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە، پێی گوت: (خێزانەکەت ئەی پێغەمبەری خودا) واتە خێزانەکەت لە خۆ (بگرە و (جگە لە خێر هیچی تر نازانین.

بەڵام ئەوەی عەلی گوتی، نە وەك عومەر بوو نەیش وەك ئوسامە، بەڵکوو ڕاوێژی ئەوەی بۆ کرد کە لێی جیا بێتەوە، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە لە ناخی خۆیدا بەوەدا بۆچوونی شکاوەتەوە کە باوەڕی بەڕاستی قسەی ئیفك کردبێت. کاتێك سەفوان لەگەڵ عایشەدا بوو لە بیاباندا، جگە لە خودا کەسیان لەگەڵدا نەبوو، کەس ناتوانێت قسەکە بە چاو و بینین پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام تەنها بەگومانخراپی دەتوانێت باوەڕ بەڕاستی ئەو قسەیە بکات. زانیمان کە عەلی بە گومانی خراپ باوەڕی بە ڕاستیی قسەی ئیفك هێناوە نەك شتی تر، ئەم گومانخراپییە لە سەر پێشینەی عایشە بنیات نراوە و ئەمەی لەو کەنیزەکەوە زانیوە کە

خزمەتی عایشەی کردوە، بۆیە وای لە پێغەمبەرە کرد کە پرسیار لە کەنیزەکە بکات و، پێی گوت: ئەگەر پرسیار لە کەنیزەکە بکەیت ڕاستیت پێ دەڵێت. وەك ئەوەیە کە بە پێغەمبەری گوتبێت پرسیار لەم کەنیزەکە بکە کە حاڵی گوماناوی لە ژیانی ماڵیدا هەبێت، ئەو دەتوانێت ئەوەت بۆ بکات، کە ڕێگەی تێدەچێت و شتێکی هەبێت بیسەلمێنێت، لەمەوە دەردەکەوێت ئەوەی قسەی لە سەر ئیفك دەکرێت دوور نەبێت. بەمە بە تەنها (دەری دەخات) کە عەلی بە پێغەمبەری گوتوە بە شتی تر (دەری ناخات). نابێت بەوەی بە پێغەمبەری گوتوە: (ئەگەر پرسیار لە کەنیزەکەکە بکەیت ڕاستیت پێ دەڵێت) بەمەیش ویستی پێغەمبەر پرسیار دەربارەی قسەی ئیفکەوە لێی بکات، لەبەر ئەوەی کەنیزەکەکە هیچ لەو بارەوە نازانێت، چونکە ئەو لەگەڵ سوپاکەدا نەبوە و لەگەڵ عایشەیشدا نەبوە کە سەفوان هێناویەتەوە، چۆن پێغەمبەری بۆ لای ئەو نارد کە هیچ زانیارییەکی لەو بارەوە نەبێت.

ئەوەی باسمان کرد، ئەوە نیشان دەدات کە عەلی لە وەڵامدانەوەی پێغەمبەر لە دوو لایەنەوە هەڵە بوە، یەکێکیان؛ ڕاوێژی بۆ کرد کە لێی جیا بێتەوە، ئەمە وا نیشان دەدات کە لە ناخیدا باوەڕی بە ڕاستیی ئەو تۆمەتەی عایشە کردوە و، هیچ بەڵگەی پێ نەبوە جگە لە گومانخراپی، دوەم؛ لە بابەت دەرچوونی بەو قسەی بۆ پێغەمبەر کە پرسیار لە کەنیزەکەکە بکە ڕاستیت پێ دەڵێت، بابەتەکە هێشتنەوەی عایشەیە یان جیابوونەوە لێی، پرسیارلێکراو ئەگەر بە یەکەم وەڵام بداتەوە واتە بە درۆ و پوچەڵی زانیوە، بەڵام ئەگەر بە دوەم وەڵام بداتەوە، واتە وەڵامەکەی باوەڕ هێنانە بە ڕاستیی تۆمەتەکە. بەڵام پرسیارکردن لە پێشینەی ڕەفتاری عایشە، لە بابەت دەرچوون و لە ڕێڕەو لادانە، لەبەر ئەوەی وەك باسمان کرد، محەمەد لە هەموو کەسێ زیاتر ئەخلاقی عایشەی دەزانی و ئەو لەو بارەوە پرسیاری نەکرد.

ئینجا عەلی بەوەوە نەوەستا کە ڕووبەڕووی کەنیزەکەکە بێت، بەڵکوو بۆی هەڵسا و تێروپڕ حەسیرمەیدانی کرد، وەك ئەوەی بزانێت کە کەنیزەکەکە شتێك لە سەر عایشە دەزانێت و دەیشارێتەوە، هەڵسا بۆ ئەوەی بە لێدان دان بەوەدا بنێت، هیچ هۆکارێك بۆ لێدانی نەبوو جگە لەمە نەبێت. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: وەك سوهەیلی دەڵێت، لە کەنیزەکەکەی داوە کە هیچ پێویستی بە لێدان نەکردوە و، بۆ لێدانی مۆڵەتی لە پێغەمبەر وەرنەگرتوە، لەبەر ئەوەی تۆمەتباری بەوە کردوە کە بە شاردنەوەی قسەیەك کە نابێت بیشارێتەوە ناپاکی لەگەڵ خودا و پێغەمبەردا کردوە.

ئەگەر بڵێیت: لەوانەیە بگوترێت: عەلی ڕاوێژی بۆ پێغەمبەر کردوە کە لە عایشە جیا بێتەوە لە سەر گومانخراپی نەبووبێت و لە ناخیدا شتێك نەبووبێت کە باوەڕی بە قسەی ئیفك کردبێت، بەڵام بە گونجاوی نەزانیوە لە پاش ئەو پروپاگەندەیە کە بۆ قسەی ئیفك کرا بە خێزانی خۆی بیهێڵێتەوە، ئەگەر هیچ بەڵگەیەکیش لە سەر ڕاستیی قسەکە نەبێت، لەبەر ئەوەی بڵاو بوونەوەی ئەوە وەك ڕووداوێك وایە وا لە خەڵك دەکات لەو کەسە دوور بکەونەوە کە قسەی لە سەر کراوە، لە سەر قسەی ئەو شاعیرە باسی کردوە:

فما اعتذارك من شيء إذا قيلا قد قيل ذلك إن حقا وإن كذبا

بە واتای؛ داوای لێبوردن کردنت لە شتێك کە وترابێت ڕاست بێت یان درۆ، هیچ ناگەیەنێت.

دەڵێم: بەڵێ لەوانەیە بێ ڕووبەڕووکردنی کەنیزەکەکە و پرسیار لێ کردنی و بێ ئەوەی بە لێدان وا بکەیت قسە بکات، قسەی عەلی بۆ پێغەمبەر پرسیار لە کەنیزەکەکە بکە ڕاستیت پێ دەڵێت و لێدانی پاش ئەوەی پێغەمبەر پرسیاری لێ کرد، ئەمە بەڕاشکاوی نیشانەی ئەوەیە کە عەلی زانیویەتی کەنیزەکەکە نهێنییەکی عایشە دەزانێت و دەیشارێتەوە، ئەگەر نا، ئەگەر وا بێت عەلی بە پێغەمبەری دەگوت: ئەی پێغەمبەری خودا، من هیچ شتێك نازانم لە بارەی ئەوەی دەگوترێت و بڵاو بوەتەوە، بەڵام پاش ئەو قسە و بێنەوبەردە و ئەوەی بڵاو بوەتەوە من وای نابینم بۆ پێگەی باڵای تۆ گونجاو بێت کە خێزانەکەت لای خۆت بهێڵیتەوە.

هیچ تاوانێکی تێدا نییە کە لە ناخی عەلیدا شتێك دژی عایشە هە بووبێت، بەڵام ئەوە چییە و لە کوێوە هاتوە و هۆکارەکەی چییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە پێویست بە توێژینەوە و کنەکردن دەکات، منیش ئامرازەکانی توێژینەوەم لا نییە تا بتوانم ئەم کەیسە شی بکەمەوە و حەقیقەت دەر بخەم، ئەمە بۆ هەلێکی لەبارتر دوا دەخەم، یان بۆ ئەو کەسەی جێ دەهێڵم، نووسەرانی ئازاد کە گرینگی بە حەقیقەت دەدەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەڵێم: ئایا نامۆیە پاش ئەمە گوێمان لەوانەی بەنی ئومەیەی نەیارانی عەلی بێت کە باسی قسەی ئیفك دەکەن دەڵێن: عەلی هەڵسا بە گەورەکردنی، واتە ئەو

زیاتر گەورەی کردوە؟! لە زوهریەوە گواستراوە، دەڵێت: شەوێك لە شەوان لای وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بووم، سورەتی (النور)ی دەخوێندەوە و لە سەر قەرەوێڵەکەی پاڵی دابوەوە، کەگەییشتە {وَالَّذِی تَوَلَّی کِبْرَه} [النور: 11]، واتا: ئەوانەی گوناهەکەیان لە ئەستۆ گرت. بۆی دانیشت و ڕووبەڕووی زوهری گوتی: ئەی ئەبووبەکر کێ گەورەی کردەوە، عەلیی کوڕی ئەبووتالیب نەبوو؟ زوهری دەڵێت: لە ناخی خۆمدا گوتم: چی بڵێم؟ ئەگەر بڵێم: نەخێر، هیچ دوور نییە زەرەری لێ بکەم، ئەگەر بڵێم: بەڵێ، کارێکی خراپی گەورەم کردبێت، ئینجا لەگەڵ خۆمدا گوتم: خودا لە سەر ڕاستی ڕای هێناوم خێری تێدا بوە، گوتم: نەخێر، لە بۆرییەکەی لە قەرەوێڵەکەی دا و گوتی: کێ بوو کێ بوو، چەندین جار دووبارەی کردەوە، گوتم: عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی کوڕی سەلوول.

ئەمەیش لەگەڵ سلێمان کوڕی یەسار لەگەڵ هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك ڕووی دا، پێی گوت: ئەی باوکی سلێمان، ئەوەی گەورەی کردوە کێ بوو؟ گوتی: عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی، گوتی: درۆت کرد، عەلی بوو، سلێمان پێی گوت: من درۆم کرد، باوکت نەمێنێ، ئەگەر بانگەواز کەرێك لە ئاسمانەوە هاوار بکات کە خودا درۆی حەلاڵ کردوە، درۆ ناکەم. عروە و سەعید و عەبدوڵلا و عەلقەمە، دەربارەی عایشە قسەیان بۆ کردم کە گوتوویەتی: ئەوەی گەورەی کردوە عەبدوڵلا کوڕی ئەبی بوە.

ناڵێم وەلید و هیشام لە سەر حەق بوون لەوەی گوتیان، بەڵام دەڵێم، ئەمە جێگەی سەرسورمان نییە لەوانەوە گوترابێت، لەبەر ئەوەی هەڵوێستی عەلی لە پرسی ئیفکدا بەهانەیان پێ دەدات کەوا قسە بکەن و ئەوەی بخەنە پاڵ.

لێرەدا مەسەلەیەك ماوەتەوە پەیوەستە بە کەنیزەکەکە، ئایا بورەیرە بوە وەك لە فەرموودەکانی سەر عایشە باسی دەکەن یان یەکێکی تر بوە. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: وا دروست بوە (واتە بە قسەی حکایەتخوانان) کە بورەیرە بوە، ئەم بورەیرە مایەوە و شووی کرد و ئازاد کرا بە ماوەیەکی زۆر پاش ئەمە، لەو کاتەدا عەباسی مامی پێغەمبەر لە مەدینە بوو، عەباس پاش گرتنی مەککە هات بۆ مەدینە، بۆیە پێغەمبەر لەو کاتەدا شەفاعەتی بۆ بورەیرە خواست و داوای کرد کە بگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی، نەگەڕایەوە، پێی گوت: ئەی عەباس سەرت سور نامێنێت، لەم ڕقی بورەیرە بەرانبەر موغیس (مێردەکەی) کەچی ئەو خۆشی دەوێت. لە چیرۆکی ئیفکدا بورەیرە لای عایشە نەبوە، ئەمە باسی لێوە کراوە، ئەگەر وا بێت ناوهێنانی کەنیزەکەکە بە بورەیرە وەهمە، پێی نەگوتوە پرسیار لە بورەیرە بکە، بەڵام گوتوویەتی پرسیار لە کەنیزەکەکە بکە ڕاستیت پێ دەڵێت، هەندێك حکایەتخوانان وایان زانیوە بورەیرە بوە بۆیە وا هاتوە، مەرج نییە کە داواکردنی موغیس بۆ گەڕانەوەی تا گرتنی مەککە بەردوام بوبێت و، هیچ بێئومێد نەبوە کە ئەمە ئاڵۆزییەکەی نەهێشتوە. ئەوەی ئیبن قەییم گوتی تەواوە، ئەم قسەی ئیبن قەیمە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، ئەوەی بۆمان دەری دەخات کە بورەیرە و مێردەکەی موغیس لە مەککەدا بوون لای عەباس و، نەهاتوە بۆ مەدینە تا عەباس لەگەڵ خۆیدا نەیهێنابێتەوە، ئەویش پاش گرتنی مەککە، بەو بەڵگەیەی کە پێغەمبەر شەفاعەتی بۆ خواستوە کە بگەڕێتەوە بۆ لای موغیسی مێردی و ڕازی نەبوە، بە عەباسی گوتوە: ئەی عەباس سەرت سور نامێنێت لە ڕقی بورەیرە لە موغیس کەچی خۆشویستنی موغیس بۆ ئەو چۆنە، ئەمە پاش فەتح و کردنەوەی مەککە و هاتنی عەباس بۆ مەدینە بوە. لە ڕووداوی ئیفك دا، بورەیرە لای عایشە نەبوە، ناونیشانی کەنیزەکەکە بە بورەیرە بە هەڵەدا چوونە لە لایەن حکایەتخوانانەوە. لەبەر ئەوەی عەلی نەیگوتوە بورەیرە بەڵکوو گوتوویەتی پرسیار لە کەنیزەکەکە بکە، حکایەتخوان وای زانیوە بورەیرەیە، بۆیە بەوە ناوی هێنراوە. ئەمە ئەگەر ئەم شەفاعەتەی لەگەڵ بوونی عەباس لەوێدا وا فەرز دەکات کە بورەیرە نەهاتوە بۆ مەدینە پاش گرتنی مەککە نەبێت و، مارەبڕین و ئازادکردنی لە پاش گرتنی نەبێت. ئەگەر وا پێویست بکات کە وا دابنێین بورەیرە پێش گرتنی مەککە لە کەنیزەکی ئازاد کرابێت و مارەی لە موغیس برابێت و پاش ئازادکردن و مارەبڕینەکەی بە تەنها و لەگەڵ عەباس دا نەهاتبێت بۆ مەدینە، ئەم شەفاعەتە لە دوای گرتنی مەککە و پاش هاتنی عەباس بۆ مەدینە بوە، لەبەر ئەوەی داواکردنی موغیس بۆ گەڕانەوەی تا پاش گرتنی مەککە بەردەوام بوە، لەوێدا هیچ گرەنتییەك نییە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بورەیرە لای عایشە بووبێت و لە مەدینە خزمەتی کردبێت.

هەر چۆنێك بێت، ئەگەر کەنیزەکەکە بورەیرە بووبێت یان هەر یەکێکی تر، ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، کە باسمان کرد دەربارەی هەڵوێستی عەلی لە سەر عایشە لە سەر

.پرسی ئیفك، هیچ جیاوازییەك نییە كە كەنیزەكەكە بورەیرە بوویێت یان یەكێكی تر
لە ڕێرەوی چیرۆكی ئیفكدا لە كتێبی بەسەرهاتەكان وا دەردەكەوێت، محەمەد لەو ماوەیەی چاوەڕێی وەحی بوە، یان بە بارێكی تردا، لە ماوەی لێكۆڵینەوە لەو بارەوە، توانیویەتی ڕای گشتی بزانێت لە مەسەلەی ئیفك دا و، بۆچوونی جەماوەر وەربگرێت، زانیی ئەوانەی باسی ئیفك دەكەن دوژمنە دووروەكانین و لە سەرووبیانەوە عەبدوڵڵای كوری سەلوولە، ئەوانەی تر كە قسەیان لە سەر كردوە لەوانەوە وەریان گرتوە، بەو پێیەی لەگەڵ شەپۆلەكەدا ڕۆیشتوون و بە پێی ڕەوتەكە قسەیان كردوە، وەك بە گشتی لە نەریتی خەڵكە ساكارەكەدا دەبێت، كە هەواڵێكی لەم جۆرە بڵاو بێتەوە، ئەوان بە بێ زانست و زانیاری قسەی لە سەر دەكەن. لەوێدا وای بینیوە كە لەو هەڵوێستەدا ڕێگەی كراوەیە بۆ ئەوەی جوولەیەك دژ بەو دووروانە بكات، یان .داوای سەرختستنی بكات دژ بەوانە، لە مزگەوت هەڵساوە و گوتاری بۆ خەڵكەكە داوە
لە عایشەوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا هەڵسا (واتە لە كاتی چاوەڕێی وەحی دا) و گوتاری بۆ خەڵكەكەدا، سپاسگوزاری خودا بوو، گوتی: ئەی خەڵكینە، چی لە مێشكی ئەو پیاوانەیە كە بە خێزانەكەم ئازارم دەدەن و، بە ناهەق قسەی لە سەر دەكەن، لە گێرانەوەیەكدا: داوای لێبوردنی لە عەبدوڵڵای كوری ئەبی كوری سەلوول كرد، كە لە سەر مینبەرەكە بوە، گوتوویەتی: كێ دادپەروەر و بە ئینساف دەبێت بۆم لەگەڵ پیاوێكدا كە بەماڵ و منداڵەكەم ئازاری دابم، بە خودا جگە لە چاكە هیچ شتێكی ترم لە خێزانەكەم نەبینیوە، پیاوێك بە ناوی (سەفوان) گوتی جگە لە چاكە و خێر هیچ شتێكم نەبینیوە، لە گێرانەوەكە زیاتر كراوە: كە نایەتە ماڵەكەمەوە. لە قسەیەكی تردا: نایەتە ماڵێك لە ماڵەكانم، تا من ئامادە نەبم، ئەگەر ئامادە نەبم و لە سەفەر بم دەبێت ئەویش ئامادە نەبێت و لەگەڵمدا بێت، كەچی قسەوباسی .ناحەقی لە سەر دروست دەكەن
سەعدی كوری موعاز كە گەورەی ئەوس بوو هەڵسا و، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من مۆڵەتت دەدەم ئەگەر لە ئەوس بوو بتەوێت ملی بپەڕێنیت و، ئەگەر لە برایانی خەزرەج بوو فەرمانمان پێ بكەیت جێبەجێ دەكەم، سەعدی كوری عەبادە گەورەی خەزرەج بوو، هەڵسا و خوێنی گەرم بوو، لە قسەیەكدا دەڵێت گەرمی تێكی دا، پێش ئەوە پیاوێكی چاكەخواز بوو، بە سەعد كوری موعازی گوت: درۆت كرد بە خوا نەدەیكوژیت و نەیش دەتوانیت بیكوژی، ئەسیدی كوری حەزیر هەڵسا، كوری مامی سەعد كوری موعاز بوو، بە سەعدی كوری عەبادەی گوت: تۆ درۆت كرد بە خودا، دەیكوژین و لووتی تۆیش شۆڕ دەبێت، تۆ دووروویت و مشتومڕ لەگەڵ دووروەكان دەكەیت، گوتی ئەوس و خەزرەج لە یەكتر گەرم بوون و خەریك بوو یەكتر بكوژن و پێغەمبەری خودا لە سەر مینبەرەكە بوو، هەوڵی هێمنكردنەوە و ئارامگرتنی دان تا بێدەنگ .بوون، گوتی: من هیچ زانیاریم لەو بارەوە نەبوو

(45)
تێبینی
:لەم باسەدا تێبینی دروست دەبێت
یەكەم: ئەوەی سەعدی كوری عەبادە گوتی بە باش دانانرێت كە وەڵامی سەعدی كوری موعاز بێت، ئەو نەیگوت ئەگەر لە خەزرەج بێت دەیكوژین، بەڵكوو گوتی ئەوەی پێغەمبەر فەرمان بكات دەیكەین، چۆن دەبێت سەعد كوری عەبادە پێی بڵێت بە خودا درۆ دەكەیت نەدەیكوژیت و نەیش دەتوانیی بیكوژی. لە بوخاریدا هاتوە، سەعدی كوری موعاز گوتوویەتی: مۆڵەتم بدە ئەی پێغەمبەری خودا، مۆڵەتم بدە لە ملیان بدەم، پیاوێك لە خەزرەج (سەعدی كوری عەبادە) بوو هەڵساوە، ئوم حەسان لە كۆمەڵی ئەم پیاوە بوو، گوتی درۆت كرد، بە خوا ئەگەر لە ئەوس بن حەزت نەكرد بدەی لە ملیان. بە پێی ئەویش، سەعد كوری موعاز لێدوانی داوە كە ئەگەر لە ئەوس بێت لە ملی دەدەم، چۆن دەبێت سەعد كوری عەبادە پێی بڵێت بە خودا ئەگەر لە .ئەوس بن حەز ناكەیت لە ملیان بدەیت
دووەم: سەعدی كوری موعاز پاش بەنو قورەیزە كۆچی دوایی كرد، غەزوەی بەنی موستەلەق كە ئیفك تێیدا ڕووی دا، لە پاش بەنو قورەیزە بوو، سەعدی كوری موعاز لە ڕووداوی ئیفك لە

ژیاندا نەبوو، باسکردنی لەم گێڕانەوەدا لە لایەن هەندێك حکایەتخوانانەوە بوە، بەڵام ئەوەی هەڵساوە و قسەی کردوە و گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا من ڕێگەت پێ دەدەم، ئەسید کوری حەزیر بوە نەك سەعد کوری موعاز وەك ئیبن ئیسحاق باسی کردوە. لە سیرەی هوشامیدا لە عایشەوە وەرگیراوە و هاتوە و گوتوویەتی: کە پێغەمبەری خودا قسەی خۆی کرد، ئەسید کوری حەزیر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر لە ئەوس بن ئێمە چارەی دەکەین بۆت و ئەگەر لە برایانی خەزرەج مان بن تۆ فەرمانمان پێ بکە، بە خودا ئەوان شایەنی ئەوەن .کە لە ملیان بدەیت
گوتی: سەعد کوری عەبادە هەڵسا، کە پێش ئەمە پیاوێکی چاکەخواز بوو، گوتی: بە خودا .درۆت کرد لە ملیان نادەیت. تا کۆتای فەرموودەکە ناوی سەعد کوری موعازی نەهێناوە
ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا هاتوە، دەڵێت: ئەمە زۆر گرەنتیی بۆ خەڵکی زانستخوازی دروست کرد، سەعدی کوری موعاز ئەو پیاوە بوە کە کەس ناکۆك نییە لە سەر ئەوەی پاش شەڕی بەنی قوڕەیزە و پاش خەندەق کۆچی دوایی کردوە، کتومت لە ساڵی پێنجەم و، باسی ئیفك لە غەزوەی بەنی موستەلەق کە غەزوەی مرێسیعە، ڕووی داوە، ئەو جەماوەرەی لەگەڵیاندا بوە لە ڕۆژی خەندەق لە ساڵی شەشەم بوە. دەڵێت: بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیار و گرفتە، خەڵك بە شێوەیەکی جیاواز وەڵامیان داوەتەوە. مووسا کوری عەقەبە دەڵێت: غەزوەی مرێسیع لە ساڵی چوارەم بوو لە پێش خەندەق، بوخاری لەوێوە وەری گرتوە. واقدی دەڵێت: لە ساڵی پێنجەم بوە، دەڵێت: قورەیزە و خەندەق پاش ئەوە بوە. دادوەر ئیسماعیل کوری ئیسحاق دەڵێت: لەوەدا جیاواز بوون، یەکەم کە مرێسیع پێش خەندەق بوویێت، بەم قسەیە بێت، هیچ گرفتێك نییە کە سەعدی کوری موعاز لەو کاتەدا لە ژیاندا بوە و دەشێت ئەویێت. ئیبن قەییم دەڵێت: بەڵام خەڵك ناکۆکە لەگەڵ ئەمەدا، دەڵێت: لە قسەی ئیفك دا نیشانەی جیاوازی لەگەڵ ئەمەدا هەیە، لەبەر ئەوەی عایشە دەڵێت: ئەم کەیسە پاش دابەزینی حیجاب ڕووی داوە و ئایەتی حیجاب لە سەر زەینەبی کچی جەحش دابەزیوە، زەینەب لەو کاتەدا لای پێغەمبەر بوە، دەربارەی عایشە پرسیاری لێ کردوە، گوتوویەتی: بیستن و بینینم بپارێزە، مێژوونووسان باسیان کردوە، کە لە زی قیعدەی ساڵی پێنجەم هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبدا کردوە. ئەمەیش وا فەرز دەکات کە لە غەزوەی مرێسیع پاش هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبدا بوە. بەم پێیە بێت قسەکانی مووسای کوری عەقەبە ڕاست نییە، کە لە ساڵی چوارەم بوە. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: غەزوەی بەنی موستەلەق لە ساڵی شەشەم واتە پاش خەندەق بوە. لەوێدا قسەی ئیفك کراوە، لە ڕێرەوی قسەکاندا دەڵێت: ئەسید کوری حەزیر هەڵساوە و گوتوویەتی: من ڕێگەت پێ دەدەم، سەعد کوری عەبادە وەڵامی داوەتەوە، بەڵام باسی سەعد .کوری موعازی نەکردوە
ئەبوومحەمەد کوری حەزم گوتوویەتی: ئەمە ڕاستە و هیچ گومانێکی تێدا نییە، باسکردنی سەعد کوری موعاز لەوێدا خەیاڵە، لەبەر ئەوەی بێگومان سەعد کوری موعاز لە شەڕی بەنی قوڕەیزە مردوە و، غەزوەی بەنی قورەیزە لە کۆتاییی مانگی زی قیعدەی ساڵی چوارەم بوە، بەڵام غەزوەی بەنی موستەلەق لە مانگی شەعبانی ساڵی شەشەم بوە، پاش ساڵێك و هەشت مانگ لە مردنی سەعد و، ئەو قسەوقسەڵۆکە لە نێوان ئەو دوو پیاوەدا کە باس کرا، .پاش گەڕانەوەی لە غەزوەی بەنی موستەلەق بە زیاتر لە پەنجا شەو بوە
ئەوەی لێرەدا هەڵدەهێنجرێت، کە غەزوەی بەنی موستەلەق وا قسەوباسی ئیفکی تێیتدا ڕووی داوە لە پاش غەزوەی خەندەق و بەنی قورەیزە بوە و، سەعدی کوری مەعاز لە ڕۆژانی قسەوباسی ئیفك لە دونیادا نەبوە، ناوهێنانی لێرەدا خەیاڵ و بەهەڵەداچوونی هەندێك گێڕەوان و حکایەتخوانانە، ئەوەی هەڵساوە و گوتوویەتی، ڕێگەت دەدەم ئەی پێغەمبەری خودا، وەك ئیبن ئیسحاق گوتوویەتی ئەسید کوری حەزیر بوە نەك سەعدی کوری مەعاز و، گێڕانەوەی ئیبن ئیسحاق ڕاستە، ئەم وەڵامەی سەعد کوری عەبادە لەگەڵ قسەی ئەسید کوری حەزیر .دا یەك دەگرێتەوە

بێتاوانی عایشە و دابەزینی وەحی لەو بارەیەوە
محەمەد پاش گەڕانەوەی لە غەزوەی بەنی موستەلەق تا دابەزینی وەحی بێتاوانیی عایشە سی و ئەوەندە شەو مایەوە، وەك حەلەبی لە سیرەتەکەی لە سوهەیلی وەری گرتوە و باسی دەکات، لەو کاتەدا پرسیاری کردوە ڕاوێژی لەگەڵ خەڵکدا کردوە و لێکۆڵینەوەی کردوە بۆ سەلماندن و جێگیر بوون لە سەر ڕایەك. ئەوەی گومانی تێدا نییە کەسانێکی هەبوو کە

هەواڵی پێ دەگەیاند دەربارەی قسەوباسی خەڵك لە دانیشتن وماڵەکانیان. ئەوەی پێگەییشت کە ئەبووئەیووبی ئەنساری بە ژنەکەی گوتوە و ژنەکەیشی بە ئەوی گوتوە. لە ئەبووئەیووبەوە وەرگیراوە کە بە ئوم ئەیووبی ژنی گوتوە: نابینیت چی لە سەر ئیفك دەڵێن؟ گوتوویەتی: ئەگەر تۆ لە جێگەی سەفوان بوویتایە لەگەڵ خێزانی پێغەمبەری خودا شتێکت بە خراپە دەکرد؟ گوتی: نەخێر، گوتی: ئەگەر منیش لە جێگەی عایشە بوومایە ناپاکیم لەگەڵ پێغەمبەری خودا نەدەکرد و، عایشە لە من چاکترە و سەفوانیش لە تۆ باشترە.
ئەم قسەیەی دایکی ئەیووب ئاماژەیە بۆ بێتاوانیی عایشە و لەو قورئانەی لە سەر بێتاوانییەکە دابەزی کاریگەرتر بوە، سەفوانی بە مێردەکەی ئەبووئەیووب پێواوە و پێی گوتوە: ئەگەر تۆ بیت لە جێگەی سەفوان خراپی بەو شێوەیە دەکەیت، سەفوان لە پێشترە کە خراپە نەکات لەبەر ئەوەی لە تۆ باشترە، هەروەها عایشەی لەگەڵ خۆیدا بەراورد کردوە و گوتوویەتی: ئەگەر منیش لە جێی عایشە بوومایە ناپاکیم لەگەڵ پێغەمبەری خودادا نەدەکرد، عایشەش ناپاکی ناکات لەبەر ئەوەی عایشەیش لە من باشترە. پێوانەکردن بە خود وەك ئەوەی ئوم ئەیووب شتێکی زۆر چاکە و چاکەیەکی لە ڕادەبەدەریشە، ئەگەر خەڵك لە مامەڵەکردن بەو شێوەیە کاریان کردبایە، هیچ ناکۆکییەك دروست نەبوو، پێکدادانیش نەما و نەیار لە نێوانیاندا کەم دەبوەوە، بۆیە ئەم شیعرەم لەم بارەوە گوت:
فيما أراد لما تعادى اپنان لو قاس كل فتى سواه بنفسه
بەواتای: ئەگەر دوو کەس لە مامەڵە کردن و دژایەتی یەکتر بەو پێوەرە کاریان کردبا کە ئەویتر بە خۆی بپێوێت" ناکۆکیەکان کەم دەبونەوە.
ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات کە محەمەد ئەم قسانەی ئوم ئەیووبی پێگەییشتوە، کە بە مێردەکەی گوتوە، لە هەندێك ئایەتی قورئان ئاماژەی پێ کراوە، کە لەو بارەوە بێتاوانی عایشە دابەزیوە، دواتر ڕوونی دەکەینەوە. لەو ماوەیەدا، مەبەستم ماوەی مانەوەی چاوەڕێی وەحی یان ماوەی لێکۆڵینەوە، دڵنیایی لە سەر دڵنیاییەکەی خۆی لە سەر بێتاوانیی عایشە زیاتر بوە، بۆیە بەگورەوە وای کردوە کە وەحیی بێتاوانی عایشە دابەزێنێت، بەڵام وای بە گونجاو زانیوە کە پێش ئەوە قسە لەگەڵیدا بکات و تاقی بکاتەوە و لەوە بەرچاو ڕوونتر بێت کە چۆن وەحی دەربارەی بێتاوانیی دادەبەزێنێت، چوو بۆ لای لە ماڵی باوکی لە سەنح.
لە عایشەوە کە گوتوویەتی پاش ئەوەی ئوم موسەتەح لەو شەوەی بۆ سەرئاوکردن چوون هەواڵەکەی دەربارەی قسەوباسی ئیفکی پێ داوە، دوو شەو بەردەوام گریاوە، دەڵێت: کاتێك بەیانیم کردەوە، دایك و باوکم بینی وایان زانی جگەرم دوو لەت بوە، لەو کاتەدا لەگەڵمدا بوون و منیش دەگریام، ژنێك لە ئەنسارەکان هات و مۆڵەتی لێ وەرگرتم و منیش مۆڵەتم دا، دانیشت لەگەڵمدا دەگریا، ئێمە لەو حاڵەتە بووین، پێغەمبەری خودا خۆی کرد بە ژووردا و سڵاوی کرد و دانیشت، لەو کاتەوە کە ئەو قسەوباسە هەبوو لەگەڵیدا دانەنیشتبووم، یەك مانگ لە بارەی منەوە وەحیی بۆ نەهاتبوو. پێغەمبەری خودا کە دانیشت شایەتمانی هێنا، ئینجا گوتی: ئەی عایشە هەواڵی ئەوە و ئەوەم پێگەییشتوە، ئەگەر بێتاوان بیت خودا بێ تاوانیت دەردەخات، ئەگەر گوناحێکت کردوە داوای لێبوردن لە خودا بکە و تۆبە بکە، ئەگەر کۆیلە دان بە گوناحی خۆیدا بنێت و تۆبە بکات لای خودای باڵا، خودا تۆبەکەی قبوڵ دەکات.
لە قسەیەکدا دەڵێت: ئەی عایشە، تۆ قسەی خەڵکت پێ گەییشتوە، پەنا بۆ خوا بەرە، ئەگەر خراپەکارییەکت کردوە وەك ئەوەی خەڵك قسەی لە بارەوە دەکەن، لای خودای گەورە تۆبە بکە و خودا تۆبە لە کۆیلەی خۆی قبوڵ دەکات. گوتی: کاتێك پێغەمبەری خودا لە قسەکەی بوەوە فرمێسکەکانم نەمان تا هەستم کرد یەك دڵۆپەی بە چاومەوە نەماوە، بە باوکم گوت: تۆ وەڵامی پێغەمبەر لەو بارەوە بدەرەوە، گوتی: بە خودا نازانم چی بە پێغەمبەری خودا بڵێم، بە دایکم گوت: تۆ وەڵامی پێغەمبەری خودا بدەرەوە. گوتی: بە خودا نازانم چی بە پێغەمبەری خودا بڵێم، لە قسەیەکی تردا بە دایك و باوکم گوت: وەڵامی پێغەمبەری خودا نادەنەوە؟ گوتیان: بە خودا نازانین چۆن وەڵامی بدەینەوە، گوتم: گوێتان لەم قسانە بوو تا لە ناختاندا جێگیر بوو، لەبەر ئەوەی پێم گوتن من بێ تاوانم، لەو بارەوە باوەڕم پێ ناکەن، ئەگەر دان بە شتێکدا بنێم، خودا دەزانێت کە من لەو بارەیەوە بێتاوانم بەڵام باوەڕ دەکەن، بە خودا هیچ بۆ خۆم و ئێوە نادۆزمەوە. لە قسەیەکدا، هیچ پەندێك نادۆزمەوە جگە لە قسەکەی ئەبوویووسف کە دەڵێت (سەبر جوانە). لە گێرانەوەیەکی ئیبن ئیسحاقدا، عایشە گوتوویەتی: ئینجا داوای ناوی یەعقووبم کرد لە بیرم چوو بوو. بۆیە گوتم ئەوەی باوکی یووسف گوتی منیش دەیڵێمەوە: {فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ

الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ} [يوسف: 18]، واتە پشودرێژیی باشە و خودا یارمەتی ئەوانە دەدات کە لەسەری خۆراگرن. گوتی: ئینجا ڕۆیشتم لە سەر جێگەکەم پاڵ کەوتم، نەمزانی کە خودا لە بارەی منەوە وەحی دادەبەزێنێت و قسە دەکات، لە قسەیەکی تردا، قورئانێك دادەبەزێنێت و لە مزگەوت دەخوێنرێت و نوێژی پێ دەکرێت، من لەوە زۆر کەمترم و نابوتترم کە خودا قسەم لە سەر بکات و فەرمان بکات بخوێنرێتەوە، تکام لە خودا کرد کە پێغەمبەری خودا خەونێك ببینێت لە خەودا خودا بێتاوانیم تێیدا دەربخات. گوتی: لەوێدا ئەبووبەکر گوتی: نازانم لە ئەهلی بەیتی عەرەبدا شتێکی وا نییە وەك ئەمەی من چوویێتە ماڵیانەوە، بە خودا ئەوەی لە جاهیلیەتدا کە خوداپەرستی تێدا نەبوو ئەمەیان پێ نەگوتین کە لە ئیسلامدا پێمان دەڵێن. گوتی: پێغەمبەری خودا ئەو شتانەی برد کە لە کاتی وەحی دابەزیندا دەیبیات، کراسەکەی ڕاخست و سەرینێکی لە پەڕ ناوپۆشکراوی خستە ژێر سەری، لە گێڕانەوەیەکدا عایشە دەڵێت: بەڵام من لەوێدا ئەوەی بینیم کە بینیم، بە خودا نەترسام لەبەر ئەوەی زانیم کە بێ تاوانم و خودا زاڵم نییە، بەڵام دایك و باوکم، بەوەی گیانی عایشەی بە دەستەوەیە، کە پێغەمبەری خودا چوە خەڵوەتەوە و ئەو هەواڵەی گەیاند کە گەیاندی، وام زانی گیانیان دەردەچێت (واتە لە ترسا) لەبەر ئەوەی شتێك لە خوداوە بێت کە ئەوەی خودا باسی بکات پشتڕاستی دەکاتەوە.
گوتی، کاتێك پێغەمبەری خودا لەو حاڵەتەدا بوو، هێور بووەوە و پێدەکەنی و وەك هیلاکێك بە خوڕ عارەقی لە دەموچاویدا دەچۆڕا و دەیسڕییەوە، یەکەم وشەی درکاند گوتی: ئەی عایشە، خودا بێتاوانیی دەرخستیت، دایکم گوتی: هەڵسە بڕۆ بۆ لای، گوتم: بە خودا نەدەڕۆم بۆ لای و سپاسی خودا نەبێت هیی کەسی تر ناکەم. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: مژدە بێت ئەی عایشەی خودا بێتاوانیی دابەزانیت، گوتم: سپاس بۆ خودا و سپاسی کەسی تر ناکەم، گوتی: ئەو ئایەتەی لە ڕۆژی (شات)دا دابەزی: گوتی: پێغەمبەری خودا سوخمەکەی گرتم، دەستیم لادا و پاڵم بە دەستییەوە نا. ئەبووبەکر نەعلێکی هەڵگرت و بەرزی کردەوە لێم بدات، نەمهێشت و پێغەمبەری خودا پێکەنی و گوتی: سوێندت دەدەم نەکەیت. لە گێڕانەوەیەکدا: کاتێك خودا بێتاوانیی عایشەی دابەزاند، ئەبووبەکر هەڵسا و سەری عایشەی ماچ کرد، پێی گوت: ئێستا دەمبووری، گوتی: بەڵێ کچم چ ئاسمانێك لە سەرم دەبێت و چ زەوییەك هەڵم دەگرێت کە شتێك بڵێم و نەیزانم. حەلەبی دەڵێت هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەم گێڕانەوە و ئەوەی پێشەوەدا نییە، لەوانەیە ئەوەی پێشوو دوای ئەمە بوویێت.
بەڵام ئەو ئایەتانەی بۆ بێتاوانیی عایشە دابەزین ئەمانەن: {إِنَّ الَّذِينَ جَاوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ} [النور: 11] واتە: ئەوانەی ئەو بوختانەیان هەڵبەست، دەستەیەك لە خۆتان بوونواتە کۆمەڵێکن لە ئێوە، ئەوانیش عەبدوڵڵای کوری ئەبی و زەید کوری ڕەفاعە و حەسان کوری سابت و موسەتەح کوری ئەساسە و حەفسە کچی جەحش و ئەوانەی یارمەتیی داون وەك لە (الكشاف)دا هاتوە، {لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ} [النور: 11]واتا: بە شەر لەسەر خۆتان حسابی نەکەن و خیرە بۆتان. وتارەکە لێرەدا بۆ ئەو باوەڕدارانەیە کە زیانی پێ گەیاند و، بەتایبەتی پێغەمبەری خودا و ئەبووبەکر و عایشە و سەفوان کوری موعەتەل، واتای ئەوەی چاك بوو بۆیان کە بێتاوانییان دەرکەوت و پاك و بێگەردییان لە هەر پەشم و عەیبەیەك سەلمێنراو، پێگەیان لای خەڵك گەورە بوو و ڕێزیان زیاتر بوو و شەرەفیان خستە سەر شەرەف، بە پێچەوانەی ئەوانەی قسەڵۆکیان هەڵبەست و بڵاویان کردەوە، ئەوانە {لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ} [النور: 11] واتە ئەو بەشەی لە خراپە بەردەکەوێت هێندەی ئەوەی باسی لەو پرسە کردوە واتە لە قسەی ئیفك {وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ} [النور: 11] واتا: واتە ئەوەی ئەو گوناهە گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ ئازارێکی گەورە دەچێژێت.
ئەویش عەبدوڵڵای کوری ئەبی بوو، کە گەورە و فراوانی کردەوە و لە خەڵکی گەیاند، {لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنْفُسِهِمْ خَيْرًا} [النور: 12] واتە: ئەگەر گوێتان لەوە نەبوایە ژنانی و پیاوانی باوەڕدار بە خۆیان خیریان وت. واتە بە شێوەیەی باوکی ئەیووب و خێزانەکەی قسەیان کرد، {وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُبِينٌ} [النور: 12] واتە: ئەمە ئیفکێکی روونە؛ ئیفك واتە بوختان لە درۆ و دەلەسە و خەڵەتاندن خراپترە و، ئیفك واتە (هەڵگەڕان) واتە قسەیەکی هەڵگەڕاو بە سەر ڕاستیدا، {لَوْلَا جَاوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاوَ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاوَ فَأُولَئِكَ عِنْدَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ} [النور: 13].واتە: ئەیدی بۆچی چوار شایەتتان بۆ نەهێنا و کە نەتانهێنان ئێوە لای خودا دروزنن.
{وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ. إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمٌ.

وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُمْ مَا يَكُونُ لَنَا أَنْ نَتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ. يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَنْ تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ} [النور: 14 - 17] واته: ئەگەر خودا بەزەیی پێتاندا نەهاتبان و چاکەی بۆ نەکردبان لە دونیا و قیامەت لەسەر درۆ سزاتان دەدات و سور بزانن ئازارێکی گەورەتان توش دەبێت . کاتێك لەیەکترتان دەبیست و هیچیشتان لێ نەدەزانی و هەر بەدەمتاندا دەهات و بەزمان دەتانقۆزتەوە و واتان زانی زۆر ئاسانە و ئەم کارە لا ی خودا زۆر گەورە بوو. واتە وەك عومەری کوری خەتاب گوتی، {يَعِظُكُمُ اللَّهُ أَنْ تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ} [النور: 17]واتە: خودا ئامۆژگاریتان دەکات و برواتان پێ هەبێت و جارێکی تر بوختان هەڵمەبەستن. تا فەرمانیشی: {الْخَبِيثَاتُ لِلْخَبِيثِينَ وَالْخَبِيثُونَ لِلْخَبِيثَاتِ وَالطَّيِّبَاتُ لِلطَّيِّبِينَ وَالطَّيِّبُونَ لِلطَّيِّبَاتِ أُولَئِكَ} [النور: 26] ئاماژە بە چاکەخوازان لە ژن و پیاو دەکات {مُبَرَّءُونَ مِمَّا يَقُولُونَ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ} [النور: 26]. واتە: خۆیان بێبەری دەگرن لەوەی دەیڵێن و بەهانەی بۆ دێننەوە و خودا ئەوانەی بەخشیوە و بژێوی باشیان دەداتێ زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی خۆیدا دەڵێت: ئەم قسەیە بە سەر ئەو بەسەرهاتەی عایشەدا دەڕوات، کە لەو قسەڵۆکانەیان تێ گرت، کە لەگەڵ حاڵی ئەو بێگەردی و چاکەخوازییەدا نایەتەوە.

ئێمە کە تێڕامانمان لە قسەکانی عایشەدا کرد کە چۆن وەڵامی محەمەدی داوەتەوە، دەبینین وەك قسەی بێتاوانێك دێتە بەر چاو، کە چۆن لە ناخیدا پاکی و بێگەردی و داوێنپاکی دەردەکەوێت، ئەوەی دەتوانین بۆ بێتاوانی پشتی پێ ببەستین، هیچ ترسێکی نەبوو لە کاتی وەحیدابەزیندا وەك باوکی و دایکی دەترسان، ئەوە جگە لەوەی متمانەی بە خۆی بێت کە بێتاوانە، هیچی تر نییە، وەك ئەوەی کەسێك شتێك بدزێت و بیخاتە گیرفانییەوە بۆ نموونە، لەگەڵ کۆمەڵێك پیاوی تری تۆمەتباردا هێنابێتیانن، ئەوان لەبەر ئەوەی گیرفانیان بەتاڵە، لە پشکنین ناترسن. ئەگەر عایشە بێتاوان نەبوایە لە کاتی دابەزینی وەحیدا لە دایك و باوکی زیاتر دەترسا، لەبەر ئەوەی دەیزانی خودا هیچ شتێکی لە زەوی و ئاسمان لێ ناشارێتەوە و، وەحیی ئەو قسەیە دەهێنێت کە پرس و کەیسەکە یەکلا دەکاتەوە، بەڵام باوك و دایکی هیچ شتێکیان نەزانیوە، بۆیە لە ئاپرووچوون دەترسان، ئەگەر وەحی ئەو تۆمەتەی ئاڕاستەی کچەکەیان کراوە پشتڕاست بکاتەوە.

بێگومان ئەوەی عایشە تێیدا ژیاوە لە خەمباری و متبوون و بێدەنگی لەو کاتەی پێغەمبەری خودا لای دانیشتوە لە ماڵی باوکیدا و، ئەوەی لە وەڵامەکەی پێی گوتوە و ئەوەی باوکی گوتوویەتی: کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر محەمەد هەبوە، دەمار و ئەعسابی وروژاندوە و خستوویەتییە حاڵەتە عەسەبییەکەوە کە هەمیشە بۆی دەهات و ئەو بەو گیانەوە ڕۆچوەتە کەیسی ئیفك و دڵی دڵنیا بوە لە بێتاوانیی عایشە و، دەرئەنجامەکەی ئەو جارەی حاڵەتەکە لە دابەزینی وەحی بەو ئایەتە تەواو بوە. زانیمان کە محەمەد ئەم وەحییەی لە پاش سی و ئەوەندە شەو لە پرسیارکردن و ڕاوێژ و لێکۆڵینەوە و گوێبیستی قسەی خەڵك لە سەر خێزانەکەی بۆ هاتوە، ئەوێك کە لە هەموو خەڵکی تر زیاتر ناخ و ڕەفتاری عایشەی دەزانی، ئەم حاڵەتە هیچ پێویستییەك بۆ دابەزینی وەحی لە جبریلەوە ناکات، هیچ گومان و تاوانێك ناکەین کە بڵێین زۆرینەی ئەو وەحی و قورئانەی دابەزیوە، بەم شێوازە بوو.

سزای حەد

ئەوەی زانراوە کە حەدی لێدانی سزای تۆمەتی بوختانی زینا خستنەپاڵ هەر کەسێك لە شەرعی ئیسلامدا لێدانی هەشتا جەڵدەیە، وەك لە قورئاندا هاتوە: {وَالَّذِينَ يَرْمُونَ الْمُحْصَنَاتِ ثُمَّ لَمْ يَأْتُوا بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ فَاجْلِدُوهُمْ ثَمَانِينَ جَلْدَةً وَلَا تَقْبَلُوا لَهُمْ شَهَادَةً أَبَدًا وَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ. إِلَّا الَّذِينَ تَابُوا مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ وَأَصْلَحُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ} [النور: 4، 5]واتا: ئەو کەسانەی بوختان بۆ ژنی داوێن پاك دەکەن چوار شایەتیان نەبێت هەشتا شەلاقیان( جەڵدە) لێ بدەن، هەرگیز نابێت بە شایەتیان بگرن و ئەوانە لە ڕێی خودا لایان داوە. جگە لەوکاتەی تۆبە دەکەن و ئاکاری خۆیان چاك دەکەن، دیاریشە خودا دلۆڤان و و لێبوردەیە.

لە سەر کاتی دابەزینی ئەم ئایەتە نەوەستام، ئایا لە پاش چیرۆکی ئیفك بوە یان لە پێش چیرۆکی ئیفك دابەزیوە، لەبەر ئەوەی لە پێش ئایەتەکانی بێتاوانیی عایشە دابەزیوە، بەڵام بۆ بەڵگەهێنانەوە لە سەر ڕێکخستنی ئایەتەکان ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی دەزانین کە ڕێکخستن و زنجیرەی ئایەتەکان لە کتێبی قورئاندا بە پێی کاتی دابەزاندنیان نییە، لە ئایەتەکاندا هەیە درەنگ دابەزیوە و لە پێشەوەیە لە قورئاندا و بە پێچەوانەیشەوە ڕاستە.

هەر چۆنێك بێت، پاش دابەزینی ئایەتەکانی بێتاوانیی عایشە، سزای حەدی بوختانی دژی

بەوانەی باسی ئیفکیان کرد جێبەجێ کرد. لەمەدا دەردەکەوێت کە ئایەتی سزای حەدی بوختان لەوێدا دابەزیوە و دابەزینەکەی پێش چیرۆکی ئیفك بوە، بەڵام لێدوانیان لەو بارەوە نەداوە.
لە سیرەی هاشمیدا لە ئیبن ئیسحاقەوە هاتوە کە حیمنە گوتوویەتی: ئینجا (واتە پێغەمبەری خودا پاش دابەزینی ئایەتەکانی بێتاوانی) دەرچوو بۆ لای خەڵک و گوتاری بۆ دان و ئەوەی خودا لە قورئان لەو بارەوە دای بەزاندبوو بۆی خوێندنەوە، ئینجا فەرمانی کرد سزای حەدی بوختان دژ بە موسەتەح کوری ئەساسە و حەسان کوری سابت و حیمنە کچی جەحش بدرێت، کە دەستی باڵایان هەبوو لەو خراپەکارییەدا. هەندێکیان باس لەوە دەکەن کە عەبدوڵلای کوری ئەبی کوری سەلوومیش لەگەڵ ئەواندا سزا دراوە، بەڵام ڕاستییەکەی وەک ئەوەی ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) باسی دەکات، ئەو بەر سزاکە نەکەوتوە، دەڵێت کاتێک وەحیی بێتاوانیی عایشە دابەزی، پێغەمبەری خودا فەرمانی کرد ئەوەی قسەی لە سەر ئیفک کردوە هەشتا جەڵدە سزا بدرێت. بەڵام ئەو پۆخڵە (عەبدوڵلای کوری ئەبی) لەگەڵ ئەوەی لە سەرووی خەڵکی بوختانکەرانی ئیفکەوە بوو کەچی سزا نەدرا. ئینجا ئیبن قەییم هۆکاری ئەوە بۆ هەندێک شتی نامەعقوڵ دەگەڕێنێتەوە کە قبوڵ ناکرێت، جگە لە قسەیەکی لە کۆتاییدا دەڵێت: دەڵێن وازی لەو سزایە هێناوە لەبەر بەرژەوەندیی گەورەتر لەو سزادانە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە دووروویی و قسەکردنی وای پێویست دەکرد کە بەردەوام بکوژرێت بەڵام نەکوژرا، بۆ ئەوەی مانەوەی هۆگری قەومەکەی بۆ ئیسلام و ڕانەکردنیان پێویست بوو، لەبەر ئەوەی گوێڕایەڵی بوون و ئەو سەرۆکیان بوو، نەیهێشت بە سزادانی ئەو فیتنە دروست بێت.
دەڵێم: ئەمە هۆکاری ڕاستیی وەلانانی سزای حەدە دژ بە عەبدوڵلای کوری ئەبی، لەبەر ئەوەی گەورەی قەومەکەی بوو، ئەوانیش گوێڕایەڵی بوون، محەمەد توندوتۆڵ و دووربین بوو لە سەر ئەوەی چی بە دوادا دێت، بۆیە لە فیتنە دەترسا ئەگەر سزای بدات، تەنانەت نەوەک لەو غەزوەدا ڕوو بدات، مەبەستم غەزوەی بەنی موستەلەق، دەڵێت: بەڵام بە خودا کە بگەڕێمەوە بۆ مەدینە ئەوەی گەورەیە بە زەلیلی دەر دەکەم، مەبەستی لە گەورە خۆی بوە و زەلیل پێغەمبەر. هۆکاری ئەم قسەیە ئەوە بوە، لەو کاتەدا شەڕوپێکدادانێک لە نێوان پیاوێکی کۆچبەری و پیاوێکی ئەنسار بە ناوی سینان کوری فەروە ڕووی داوە، کە هاوپەیمانیی عەبدوڵلای کوری ئەبی بوە، یەکێکیان لەوی تری دابوو، کۆچبەرییەکان پشتی کۆچبەرییەکەیان گرتبوو و ئەنسارەکانیش پشتی ئەنسارییەکە، خەریک بوو فیتنەیەکی گەورە ڕوو بدات ئەگەر پێغەمبەری خودا بەو حاڵەتە نەگەییشتبا و وەزعەکەی هێمن نەکردبایەتەوە. لەوێدا عەبدوڵلای کوری ئەبی ئەو قسە ناسراوەی گوتوە، عومەر گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا مۆڵەتم دەدەیت لە ملی بدەم، ئەگەر حەز ناکەیت کۆچبەرییەک بیکوژێت فەرمان دەکەم ئەنسارییەک بیکوژێت، پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: زۆرێک لە یەسرب (گوێقوڵاغی ئەون) گوێرایەڵین، واتە خەڵکانێکی زۆر لە یەسرب تووڕە دەبن. وا بزانم (گوێ قوڵاغ) لەم فەرموودەدا بە گوێقوتبوونەوە هاتوە لەبەر ئەوەی دەڵێن: فڵان لە تووڕەییدا گوێی یان لووتی سوور هەڵگەرا. ڕاستییەکەی لە خوێنبەربوونەوە هاتوە (رعف)، ئەگەر ئەوە نەبوایە لە سزاکەی خۆش نەدەبوو.
محەمەد بەهێزیی شەڕخوازەکانی لە بەر چاو دەگرت و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا چاوپۆشی لێ دەکردن، وەک عەبدوڵلای کوری ئەبی و عەیینە کوری حوسن و عامر کوری توفیل، وەک بەهێزەکانی قورەیشی لە بەر چاو دەگرت وماڵیی دەکردن، وەک لە غەزوەی حەنین دا ئەمەی کرد.
لە سیرەی حەلەبیدا لە عایشەوە وەرگیراوە دەڵێت: پیاوێک مۆڵەتی لە پێغەمبەر وەرگرت، کە بیبینێ گوتی؛ ئای لە خراپیی کوری عەشیرەت، ئای لە خراپیی برای عەشیرەت، کاتێک دانیشت پێغەمبەر بۆی کرایەوە و دڵخۆش بوو پێی. کاتێک پیاوەکە ڕۆیشت، عایشە پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، کە پیاوەکەت بینی ئەو شتە و ئەو شتەت دەگوت و، ئینجا لەگەڵیدا کرایتەوە و دڵخۆش بویت پێی. گوتی: ئەی عایشە کەی منت بە خراپەکاری بینیوە، خراپیی خەڵک لە لای خودا لە کاتی ڕۆژی قیامەتدا دەبێت و، بۆیە پێویستە خەڵک خۆیان لە شەڕیان لادەن. ئیبن بەتال دەڵێت: ئەو پیاوە عەیینە کوری حوسن بوو، پێی گوت: ئەم بودەڵەیە کە گوێرایەڵین، عەیینە لە کاتی سەدیقدا هەڵگەڕایەوە و شەڕی کرد و ئینجا گەرایەوە و بوو بە موسوڵمان.
دەڵێن پێغەمبەر پێی گوتوە: ببە موسوڵمان، گوتوویەتی: کۆشکێکم لە مزگەوتەکەتدا بۆ دروست

بکە کە خۆم و قەومەکەم تێیدا بژیم و تۆیش لەگەڵمدا بە. ڕۆژێك چوو بۆ لای پێغەمبەر و عایشەی لا بوو، پرسیاری عایشەی لێ کرد، پێغەمبەر گوتی: هاوسەرمە، بە پێغەمبەری گوت: وازی لێ دەهێنیت بۆ من ئەگەر جوانترین ژنت بۆ بێنم، لەبەر ئەوەی عەرەب لە زەمانی جاهیلیەت ژنیان دەگۆڕییەوە، هەر پیاوە و ژنەکەی خۆی دەدا بەوی تر و بە پێچەوانەوە.
پێغەمبەری پێی گوت: خودا ئەمەی حەرام کردوە لە ئیسلامدا، کاتێک عەیینە دەرچوو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ئەمە کێ بوو؟ گوتی: ئەو بودەڵە گوێ لێ گیراوەیە عەیینەی کوری حوسنی ئەلفزازی.
بەڵام عامر کوری توفیل گەورەی بەنی عامر کوری سەعسەعە، لەگەڵ شاندێکی بەنی عامر چووبوون بۆ لای پێغەمبەر، پێغەمبەری خودا پێی گوت: عامر ببە بە موسوڵمان، گوتی: فەرمانی ئەوەم بۆ دەکەیت کە لە پاش تۆ من بم؟ پێغەمبەری خودا گوتی: ئەمە نە بۆ تۆ و نەیش بۆ قەومەکەت دەبێت. لە گێڕانەوەیەکی تردا پێی گوتوە: ئەی محەمەد دەبمە موسوڵمان ئەگەر توکەکەی بۆ من بێت و ورگەکەی بۆ تۆ. گوتی: نەخێر. گوتی: ئەی بۆچی ببم بە موسوڵمان؟ گوتی: ئەوەی بۆ موسوڵمانانە بۆ تۆیش دەبێت، ئەوەی لە سەریانە لە سەر تۆیش دەبێت، گوتی: بە خودا چی پیاو و ئەسپ هەیە بە سەرتدا دەبارێنم، لە گێڕانەوەیەکدا، ئەسپێکی لە ژمارە نەهاتوو و پیاوێکی سەرکێش و هەر دارخورمایەک ئەسپێکی پێوە دەبەستم. پێغەمبەری خودا گوتی: خودای گەورە ڕێگریت لێ دەکات. سوهەیلی دەڵێت: وای کرد کە ئەسید کوری حەزیر لەگەڵیان بوو سەریان بە یەکەوە بدات (واتە سەری عامر و سەری ئەربید کوری قەیس) پێی گوتن دەربچن ئەی مەیموونەکان، عامر پێی گوت: تۆ کێیت؟ گوتی: ئەسید کوری حەزیر، گوتی: حەزیری کوری ماسی گرەکە؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: باوکت لە تۆ چاکتر بوو، گوتی: بەڵێ، منیش لە تۆ و لە باوکم چاکترم، لەبەر ئەوەی باوکم موشریک بوو تۆیش موشریکیت. لە بوخارییەوە کە گوتوویەتی: بە پێغەمبەری گوتوە: لە نێوان سێ خەسڵەت و داواکاریت لە بەردەمدا دەنێم: خەڵکی سەهل بۆ تۆ دەبێت و خەڵکی ورگیش بۆ من، دوای تۆ من خەلیفە بم، یان بە هەزار مووزەردی پیاو و هەزار مووزەردی ژنت بە سەردا دەبارێنم.
ئینجا لای پێغەمبەری خودا دەرچوون و گەڕانەوە بۆ شارەکەیان، پێغەمبەر چەندین ڕۆژ دوای ئەوان دوعا و نزای دژ دەکردن و دەیگوت: خودایا، عامری کوری توفیلم بە شتێك بۆ لەناوبەرە و نەخۆشییەکی بۆ بنێرە بیکوژێت، ئینجا گوتی: بەوەی گیانم بە دەستەوەیە، ئەگەر خۆی و بەنو عامر ببوونایە بە موسوڵمان، ڕێگەیان لە قورەیش قورس دەکرد بۆ چوونە سەر مینبەر، واتە بۆ خیلافەت، بەڵام خودا شەڕی عامری کوری توفەیلی لە پێغەمبەر لادا، کاتێک دەرچوون بگەڕێنەوە بۆ شارەکەی خۆیان و لە نیوە ڕێگە بوون، عامر تووشی تاعوون بوو لە ملی دا و، خۆی گەیاندە ماڵی سلوولیە لە بەنی سلوول کە بەخراپەکاری و شووم و شەڕانگێز ناسرابوون، عامر بەداخەوە بوو کە لە ماڵی ئەودا بە تاعوون دەمرێت و گوتی: ئەی بەنی عامر ڕژێنێک وەک ڕژێنی حوشتر و مردنێک لە ماڵی ژنێک لە بەنی سلوول، ئەسپێکم بۆ بهێنن. ئینجا ئەسپێکیان بۆ هێنا سواری بوو و ڕمەکەی برد و بە ئەسپەکەی خولی خواردەوە، تا کەوت و مرد. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: لەو کاتەدا خولاوەتەوە گوتوویەتی ئەی مردن لە کوێیت وەرە دەرەوە با شەڕت لەگەڵدا بکەم. لە عادەتی عەرەبی جاهیلیەت گەر گەورەکەیان لە گیانەڵڵادا بوایە و نزیک بوایە لە مردن خۆی لەوە گەورەتر دەزانێت کە لە سەر جێگەکەی بمرێت، فەرمان دەکات کە سواری ئەسپێکی بکەن و سوری بدەن تا لە سەر ئەسپەکەی بمرێت، ئەوە بە شەرەفی زیاتر دەزانێت وەک لەوەی لە سەر جێگەکەی بمرێت.

(46)

لە نێوان سەفوان و حەساندا

لە تەواوکردنی چیرۆکی ئیفکدا باسی نێوان سەفوان و حەسان دەکەین، حەسانی کوری سابت کە شاعیری پێغەمبەری خودا بوو، قسەی لە سەر ئیفک کردوە و زۆر باسی کردوە، تەنانەت ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئەوەی کێشەکەی گەورە کردەوە حەسانی کوری سابت بوە، حەسان شیعری لە سەر سەفوان کوری موعەتەل نووسی و قسەی پێ دەگوت لەوانە:

وَابْنُ الْفُرَيْعَهِ أَمْسَى بَيْچَهَ الْبَلْدِ أَمْسَى الْجَلّابيبُ قَدْ عَزّوا وَقَدْ كَبُرُوا
به واتای:کوری فورەیعه؛واته حەسان، (بیضة البلد) لێرەدا (هێلکەی وڵاتەکەی) بۆ کەسێك بە خراپ بەکار هێناوە، واتە مەبەستی سەفوان بووە لە نامۆکانە و لە شوێنی ترەوە هاتووە .
مەبەستی لە (جلابیب) غەریبەکان بوو کە کۆچبەری بوون، سەفوان لەوان بوو، (جلابیب) کۆی (جلبیب)ە. ئەوەی لە وڵاتێکەوە دەهێنرێت بۆ وڵاتێکی تر، لەوێدا مەبەستی کەسی غەریبە، دەڵێن: کۆی (جلباب)ە کە وەک کراسێکی پانوپۆری بێ پەها دای ناون و، (ابن الفریعە) مەبەستی خۆی بوە، (الفریعە) نەنکی حەسان بوە، دەڵێن دایکی بوە، قسەکانی: (امضي بیضة اللد) واتە بودەڵە و زەلیلە، (بیضة)ی بۆ زەم بە کار هێناوە و وەک لەو پێگەیەدا دای ناون، کە لە زۆر شوێندا بە پێچەوانەوە بۆ پێهەڵدانیش بە کار دێت، دەڵێن: فڵانە کەس (بیضة البلد) هێلکەی وڵاتەکەیە، واتە تاکی قەومەکەیە و گەورەیە تێیاندا.
کە ئەمە گەییشتە سەفوان، گوتی: وا دەبینم کە مەبەستی منم لە (جلابیب)، شمشێرەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت بۆ لای حەسان کە لە یانەی خەزرەجی قەومیی بوو، لێی دا و گوتی:
غلام اژا هوجیت لست بشاعر تلق ژباب السیف عنی فإننی
واتە: ئەگەر هەجوی منداڵێکت کرد تۆ شاعیر نیت، ئەوەی لاپەری شەمشێر بەرت دەکەوێت.
ئەمە لەو کاتەدا بووە کە شمشێرەکە بەر حەسان کەوتووە.
حەسان دەستی خستە بەر لێدانەکە و، شمشێرەکەی بەر کەوت، لەو کاتەدا سابت کوری قەیس بازی دا بە سەر سەفوان کوری مەعەتەل دا، واتە لە کاتی لێدانی حەساندا، بە پەتێک دەستی بەست بە ملیەوە، ئینجا بردی بۆ ماڵی بەنی حارس کوری خەزرەج کە عەبدوڵڵای کوری ڕەواحەی لێ بوو، گوتی: ئەمە چییە؟ گوتی: سەرت سوڕ ماوە کە بە شمشێر لە حەسان بدرێت، بە خودا تۆزێکی تر دەیکوشت، عەبدوڵڵای کوری ڕەواحە پێی گوت: پێغەمبەری خودا هیچ شتێکی زانیوە لەم کارەی کردووتە؟ گوتی: نەخێر بە خودا، گوتی: بوێریت کردوە پیاوەکە بەردە. بەریدا و هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا، ئەوەیان بۆ باس کرد، حەسان و سەفوان کوری موعەتەلی بانگ کرد، ئیبن موعەتەل گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئازاری دام و هەجووی کردم و توورەی کردم و لێم دا، پێغەمبەری خودا بە حەسانی گوت: چاکە بکە ئەی حەسان، ئایا ئەم قەومەم کە خودا هیدایەتی داون بۆ ئیسلام تێکیان دەدەیت، ئینجا گوتی: چاک بە ئەی حەسان لەوەی تووشی بووی، گوتی: بۆ خاتری خودا ئەی پێغەمبەری خودا.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: محەمەد کوری ئیبراهیم قسەی بۆ کردم کە پێغەمبەری خودا لە بریی ئەوە قەرەبووی کردەوە و بەیرەحای پێ دا، کۆشکێکی بەنی جەدیلە بوو تا ئەمڕۆیش لە مەدینەیە، کە ماڵی ئەبی تەلحەی کوری سەهل بوو، بە سەدەقە بەخشی بە کەسوکاری پێغەمبەری خودا، پێغەمبەری خودا دای بە حەسان لە بریی لێدانەکەی، ئەویش دای بە سیرین کەنیزەکە قبتیەکەی کە عەبدولڕەحمانی کوری حەسانی لێ بوو.
بەڵام بەیرەحا ناوێکە لە (بئر) و (حاء) پێکهاتوە بە (بیرحاء) فۆنتەکەی دەردەچێت ئەمەیش لەو کاتەدا حوشترێک بەریت بۆ سەر بیرێک ئاو بخواتەوە، پێی دەڵێیت حاحا. ئەو بیرەیش هیی ئەبی تەلحە بوە. حەلەبی لە بوخاری گواستوویەتەوە، دەڵێت: ئەبی تەلحە پیاوێکی ئەنساریی دەوڵەمەند بوو، کە زۆرترین خانووی هەبوە، خۆشەویستترین ماڵی لای خۆی بەیرەحا بوە کە باخێک بوە ڕووبەڕووی مزگەوت بوە و، پێغەمبەری خودا چوەتە ئەوێ و لە سێبەری دادەنیشتوە و ئاوێکی سازگاری تێدا بوە لێی خواردوەتەوە: کاتێک ئەم ئایەتە دابەزی {لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ} [ئاڵ عمران: 92]،واتا: تا لەو شتەی کە ئێوە خۆشتان گەرەکە نەبەخشن لە ڕێی خودادا، هەرگیز هیچ خێروبێرێکی پێ ناگا. دەیزانی ئەبووتەلحە هەلسا و بە پێغەمبەری گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، خودا لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ) و، خۆشەویستترین موڵکوماڵم بەیرەحایە، ئەویش سەدەقەی خوای دەکەم بۆ ئەوەی بە چاکە لای خودا بمێنێتەوە، لە کوێت دەوێت دای بنێ، گوتی: بوخ بوخ، ئەوە ماڵێکی قازانجبەخشە.
ئینجا دەڵێت، پێغەمبەری خودا گەڕاندییەوە بۆی، گوتی؛ با بۆ خزمە هەژارەکانت بێت، بەڵام ئەوەی ئیبن ئیسحاق گوتی ڕاسترە. هەروەها حەلەبی لە (الإمتاع)ەوە گواستوویەتەوە کە پێغەمبەری خودا ئەو باخەی دا بە حەسان و ئەویش بەخشی بە سیرینی کەنیزەکی کە خوشکی ماریەی قیبتی دایکی ئیبراهیمی کوری بوو، کوڕێکی لێ بوو بە ناوی عەبدولڕەحمان، شانازیی دەکرد بەوەی کە کوری پووری ئیبراهیمی کوری پێغەمبەرە.
لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە: پێغەمبەر بە خزمەکانی حەسانی گوتوە: سەفوان زیندانی بکەن،

ئەگەر حەسان مرد، لە بریی ئەو بیکوژن، زیندانییان کرد و ئەمەیش گەییشتە گەورەی خەزرەج سەعد کوڕی عیبادە، هات بۆ لای قەومەکەی و لە سەر زیندانیکردنی لۆمەی کردن، گوتیان: پێغەمبەری خودا فەرمانی پێ کردووین زیندانی بکەین و، پێی گوتین: ئەگەر هاوڕێکەتان مرد بیکوژن، سەعد گوتی: بە خودا باشترین شت لای پێغەمبەری خودا ئەوەیە لێی ببورن، بەڵام پێغەمبەری خودا بە حەق حکومی داوە، بە خودا ناڕۆم تا بەرەڵای نەکەن، قەومەکە شەرمیان لێ نیشت و بەرەڵایان کرد. سەعد بردی بۆ ماڵەوە و جلێکی جوانی لە بەر کرد و هێنای بۆ مزگەوت، کە پێغەمبەری خودا بینیی گوتی: سەفوان؟ گوتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، گوتی: کێ جلی پێ داوە و پۆشیویەتی؟ گوتیان سەعد کوڕی عیبادە، گوتی: خودا بە جلی بەهەشت پۆشیویەتی. ئینجا پێغەمبەر قسەی لەگەڵ حەساندا کرد لە سەر لێبوردنی لە سەفوان، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هەر حەقێکی من لە سەر سەفوان هیی تۆیە، گوتی: دیوارێک ئەگەر لە سەر حەقی خۆی لێبوردە بێت ماڵێکی زۆری لێ پەیدا دەکات. هیچ لێکدانێک لە نێوان ئەم گێڕانەوە و ئەوەی پێشوو نییە، لەوانەیە هەر دووکیان ڕووی دابێت. ئەوەی دیارە لە بارەی قسەی حیکایەتخوانانەوە، ئینجا (زەوییەکی پێ دا) ئەو زەوییە بەیرەحایە کە لە گێڕانەوەی پێشوو باس کرا.

هەندێکیان باس لەوە دەکەن، دەستی بە لێدانەکەی سەفوان ئیفلیج بوە، وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. هیچ نییە، ئەو لەو لێدانەدا قازانجێکی کەمی نەکردوە، بەیرەحای وەرگرت و سیرینی وەک کەنیزەک وەرگرت و، ئەو دیوارەی کە سەعد کوڕی عیبادە پێی بەخشی پارەیەکی زۆری پێ بە دەست هێنا، وەک پێشتر باس کرا. دەڵێن؛ حەسان بەیرەحای بە پارەیەکی زۆر گەورەی بە مەعاویە فرۆشتوە، ئەو قازانجەی لەو لێدانەدا کرد یەکسان بوو لەگەڵ ئەو ئیفلیجیەی کە تووشی دەستی بوو. بەڵام باس لەوە دەکەن کە لە دواڕۆژەکانیدا کوێر بوە، بەڵام ئەم کوێربوونە لە دەرئەنجامی کاریگەریی لێدانەکەی سەفوان نەبوە، بەتایبەتی کە ئەو گەییشتوەتە تەمەنی پیری لە ژیانیدا، دەڵێن سەدوبیست ساڵ ژیاوە، نیوەی لە جاهیلەتدا بوە و نیوەی لە ئیسلامدا، دەڵێن: هەروەها باوکی سەدوبیست ساڵ ژیاوە و هەروەها باپیری و باوکی باپیریشی، تەنانەت هەندێکیان دەڵێن چوار کەسی تر وەک ئەمان نەناسراون کە ژن و ماڵیان هەبێت و لە تەمەندا یەکسان بن ئەمان نەبێت.

هەندێکیان بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە حەسان لە بارەی ئیفکەوە نەدواوە و جەلدەیشی لێ نەدراوە، لە سیرەی حەلەبیدا: ئیبن عەبدولبیر دەڵێت: قەومەکە ئەوەیان ڕەت کردوەتەوە کە حەسان لە بارەی ئیفکەوە قسەی کردبێت و جەلدەی لێ درا بێت، دەڵێن لەوەدا عایشە بە بێتاوانی زانیوە، زوبێر کوڕی بە کار گوتوویەتی لە عایشەوە وەرگیراوە کە لە سەر حەسان گوتوویەتی: تکام وایە خودا بیخاتە بەهەشت لەبەر زمانگرتنی لە سەر پێغەمبەری خودا، ئەو لەوانە نەبوو کە خودا لە دونیا و ئاخیرەتدا لەعنەتی لێ کردن، لەبەر ئەوەی قسەی لە سەر گوتیت، گوتی هیچی نەگوتوە، بەڵام ئەو ئەمەی گوتوە:

فلا ڕفعت سوطی الی أناملی فأن کان ما قد قیل عنی قلته

بەواتای: هیچ قەامچیەکم بەدەست بەرزنەکردۆتەوە لەکەسم نەگرتووە و ئەوەی لەسەر مەسەلەکە باسکراوە من وتومەتەوە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیبن ئیسحاق باسی دەکات، کە حەسان لە قسەکردن لە سەر ئیفک تێوەگلاوە و سزای حەدی دراوە، واتە جەڵدەی دراوە، لەوانە عایشە حەسانی بوریبێت لەوەی قسەی لە سەر کردوە، لەبەر ئەوەی زمانی لە ئاست پێغەمبەردا نقەی نەکردوە، لەبەر ئەوەی هەر کەسێکی کافر هەجووی پێغەمبەری کردبێت ئەو بە هەجوو وەڵامی داوەتەوە، بۆیە عایشە لە سەر حەسان هاتوەتە دەنگ و گوتوویەتی: تکا لە خودا دەکەم بیخاتە بەهەشت، ئەگەر نا، ئەم بەیتە شیعرانەی کە حەسان گوتوویەتی لە پاش ڕووداوی ئیفک گوتوویەتی و داوای لێبوردن دەکات لەوەی لە سەر عایشە باسی کردوە. لە سیرەی هاشمیدا لە ئیبن ئیسحاقەوە وەرگیراوە، دەڵێت: ئینجا حەسان کوڕی سابت داوای لێبوردن دەکات لەوەی لە سەر عایشە قسەی کردوە:

وتُصْبحُ غَرْثَی من لحومِ الغوّافِلِ حَصَانٌ ڕزَانٌ ما تُزَنّ بِریبَةٍ

واتە: وەك ئەوەی لە لەسەری وتراوە گومان بووە و ئەوەی لەسەریم وتوە دەبێتە خێر بووی، واتا بە ناراستەوخۆ داوای لێبوردن دەکات. بە ئاماژە بە گۆشتی گێل و ساویلکە باسی کردووە. هەشت بەیتی داناوە بەوەی کە عایشە گوتوویەتی. لە سیرەی هیشامیدا دیسان ئیبن

هیشام دەڵێت: ئەبووعوبەیدە بۆی باس کردم کە هاوسەرەکەی ستاییشی حەسانی کوڕی سابتی لای عایشە کردوە، گوتوویەتی:

وتُصْبحُ غَرْثَى من لحومِ الغوَافِلِ حَصَانٌ ڕزَانٌ ما تُزَنّ پریبَەٍ

عایشە گوتوویەتی: ئەی باوکی؟! بەڵام باوکی بە پێچەوانەی ئەوە بوە، واتە هیچ لێنراوێک وەک گۆشتی گەلحۆ و ساویلکە نییە، بەم قسانەی نیشانی دەدات کە قسەی لە سەر ئیفک کردوە و لێی دواوە.

حەسان لە مردن ترساوە، بۆیە بە ترسنۆک ناو براوە، گوتیان: هیچ شەڕێکی لەگەڵ پێغەمبەردا نەبینیوە، تەنانەت لە ڕۆژی خەندەق ژن و منداڵەکانی خستە پێشی خۆیەوە لە چاڵەکەدا. لە سیرەی حەلەبیەوە هاتوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبیرەوە، گوتوویەتی: لە ڕۆژی ئەحزاب من و عەمرو کوڕی ئەبووسەلمە و ژنەکانی لە چاڵەکەدا بووین، واتە لە پەناگەدا لەگەڵ حەسان کوڕی سابتدا و، حەسان لەگەڵ ژنەکاندا بوو، لەو ژنانەیش سەفیەی کچی عەبدولموتەلیبی تێدا بوو، بە ڕێکەوت یەهوودیەک لەو ناوەدا دەسووڕایەوە، واتە لە دەوروبەری ئەو پەناگەیەدا، سەفیە بە حەسانی گوت: ئەی حەسان لەم یەهوودیە دڵنیا نیم کە شوێنی پەناگەکە پیشانیان نەدات و نەیەن بۆمان، دەرچۆ بیکوژە، حەسان گوتی: ئەی کچی عەبدولموتەلیب باش دەزانیت من ئەوە نیم، گوتی: کە بێئومێد بوو لێی، بۆرییەکم برد و دابەزیم و کەلێنێکم لە دەرگای پەناگەکە کردەوە و لە پشتەوە چووم بۆی و بە بۆرییەکە لێم دا، تا کوشتم و هاتمەوە بۆ پەناگەکە. گوتم: ئەی حەسان ڕۆ چی پێیە بیبە واتە سەلبی بکە، نەیتوانی ڕێگریم لێ بکات شتەکانی بەرم بەڵام ئەو پیاوە، گوتی: ئەی کچی عەبدولموتەلیب هیچ پێویستم بە بردنی شتەکانی ئەو نییە تا بیبەم. حەلەبی دەڵێت: ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ڕاستە گوتوویانە حەسان کوڕی سابت ترسنۆکترین کەس بوە، هەندێکیان ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە حەسان ترسنۆک بوو بێت، دەڵێن ئەگەر وا بوایە لەو بارەوە هەجوویان دەکرد کە ئەو شاعیرەکانی هەجوو کردوە و، بەوەی هەر پەشمێکیان یان عەیبەیەکیان هەبێت قسەیان لە سەر کردوە، بەڵام کەس لە بارەی حەسانەوە قسەی نەکردوە و شتێکی پێ نەگوتوە. دەڵێن لەوانەیە نەخۆشییەکی هەبو بێت بۆیە لەگەڵ منداڵ و ژنەکاندا لەو پەناگە خۆی قایم کردبێت و ڕێگر بووبێت کە شەڕەکە ببینێت. خەڵکی تر وەڵامی ئەمەیان داوەتەوە و دەڵێن: با وا دابنێن کە بە ترسنۆک هەجوو نەکراوە، لەوانەیە ئەگەر بەوە سەرزەنشت کرابا هیچ کاریگەریی لە سەر نەبوایە.

ئەگەر وا دابنێن لە ڕۆژی (الاحزاب) دا نەخۆشییەکی هەبووبێت و وای لێ کردبێت لەگەڵ ژن و منداڵەکاندا بمێنێتەوە و ڕێگریی لێ کردبێت کە شەڕەکە ببینێت، لە سەر شەڕەکانی تر جگە لە شەڕی(الاحزاب) چی بڵێین، ئەو قەت بەدرێژاییی ژیانی هیچ شەڕێکی لەگەڵ پێغەمبەر و لەگەڵ سریەیەک لە سریەکانی نەبینیوە.

بەڵێ، حەسان لە پێناو پێغەمبەردا بە زمانی نەک بە شمشێرەکەی خەباتی کردوە، پێغەمبەری بە ستاییش و چاکە داباریوە و وەڵامی شاعیرەکانی تری داوەتەوە، کە هەجووی پێغەمبەریان کردوە. دەڵێن ئەو موشریکانەی قورەیش هەجووی پێغەمبەری خودایان کردوە، عەبدوڵڵای کوڕی زەبەعری، ئەبووسوفیانی کوڕی مامی، عەمرو کوڕی عاس، زرار کوڕی حارس، دەڵێن: کە حەسان ویستوویەتی هەجوویان بکات، پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: چۆن هەجوویان دەکەیت من لەوانم و چۆن هەجووی ئەبووسوفیان دەکەیت کە کوڕی ماممە؟ پێی گوتوە: بە خودا وات لێیان جیات دەکەمەوە وەک موویەک لە هەویر جیا بکەیتەوە. پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: ئەبووبەکر بانگ بکە کە ئەو لە تۆ باشتر نەسەبی خێڵەکە دەزانێت و، هات بۆ لای ئەبووبەکر کە پشتی ئەو خێڵەی واتە قەومەکەی بۆ باس بکات، وای کرد حەسان هەجوویان بکات، کاتێک هەجوەکەیان بیست، گوتیان: ئەم شیعرە کوڕەکەی ئەبی قەحافەی لێ دوور نەبوە.

ئەوەی جێگەی پێکەنینە، ئەوەیە لە سەر حەسان باسیان کردوە، کە زمانی گەییشتوەتە نێوچەوانی و ملی. دەڵێن: حەسان لە سەر زمانی گوتوویەتی: بە خودا ئەگەر بیخەمە سەر بەرد، شەقی دەکات و بیخەمە سەر موویەک دەیبڕێت. ئەوەی ئەم قسەیەی کردوە یان نەزانە یان گاڵتەجارە یان خۆی دزیوەتەوە. بەڵێ! قسەکەی حەسان کە ئەگەر زمانی بخاتە سەر هەر بەردێک دووشەقی دەکات و بیخاتە سەر هەر موویەک دەیبڕێت، قسەیەکی ڕاستە و واتایەکی جوانی هەیە لەبەر ئەوەی دەشێت لە باری مەجازییەوە کە بە شیعر گەورەترین کەس هەجوو بکات و زەلیلی بکات، بەڵام واتای ئەو قسەیەیان چییە کە زمانی دەگاتە نێوچەوان و ملی، ئایا

حەسان لە مانگا بوە تا زمانی بگاتە نێوچەوان و ملی لە ژێرەوە. ئەگەر ویستوویانە ستاییشی حەسان بە زمان و لۆجیک وژیریێژی و قسەزان بکەن، ئایا سەرچاوەی قسەی باش و ڕەوانی لە زمانەوەیە تا مرۆڤ هەر چەند زمانی درێژ بێت قسەی ڕەوانتر بێت، یان نەیانزانیوە سەرچاوەی شیعر و ڕەوانی و لۆجیک هەست و ژیرییە و ناوەندی ئەمانەیش مێشکە نەك زمان.

بۆ درێژەدان بە باسەکە
لە چیرۆکی ئیفکدا باسی سزای حەدی جەڵدەدان بە سەر خەڵکەکەدا کرا و، گوتمان: سنوری حەد لە بوختان بۆ ژنێکی پارێزبەند هەشتا جەڵدەیە واتە شەلاقە بە قامچی. بەم بۆنەوە دەمانەوێت باس لە حەدی داوێنپیسی واتە زینا بکەین و لەگەڵ ڕێژەی داوێنپیسی و بوختانەکەدا، دەڵێین:
لە سورەتی نوردا هاتوە: {الزَّانِيَةُ وَالزَّانِي فَاجْلِدُوا كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا مِائَةَ جَلْدَةٍ وَلَا تَأْخُذْكُمْ بِهِمَا رَأْفَةٌ فِي دِينِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلْيَشْهَدْ عَذَابَهُمَا طَائِفَةٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ} [النور: 2].واتە: گەر ئێوە باوەڕتان بە خودا و ڕۆژی قیامەت هەیە داوێن پیسانی مێرد و ژن هەردوکیان بە سەت جەڵدەیە( تازیانە)یە، لە ئایینی سەربەخۆ بەزەیی هاتن بێ جێیە با چەند کەسێکیش لەوانەی خاوەن باوەڕن لە لێدانەکە ئاگادار بن.
ئەم ئایەتە بەڕاشکاوی باسی دەکات و دەڵێت، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕۆژی ئاخیرەت واتە سەڵا هەیە، داوێنپیس، واتە زیناکاری پیاو وژن هەر یەکەیان بە سەت تازیانە واتە جەڵدە تەمێ دەکرێت و بەزەییتان پێیان نەیەتەوە لە ئایینی خودا بێ جێن، با چەند کەسێك لەوانەی باوەڕدارن تەماشا بکەن و لەو لێدانە ئاگادار بن. واتە داوێنپیسیی پیاو و ژن بە هەر سیفەتێك بن و لە سەر هەر حاڵەتێك بن، بەڵام شیکەرەوان و فەقیهەکان تایبەتمەندییان تێ خست بۆ پارێزبەند و نا پارێزبەند لە داوێنتەڕان. واتای پارێزبەندی لێرەدا هاوسەرگیرییە، دەڵێن ژن کە هاوسەرگیریی کرد، پارێزبەندی دەکات و پیاو کە ژنی هێنا پارێزبەندە، ئاوها بە شێوەی پارێزبەندکراو نەك خۆی پارێزبەندکەر بێت واتە (محصن). گوتیان کە ئەمەیش لە ڕێزماندا بەو داڕشتنە دەبێت وەك مایەپووچ بە پێی پێوەری ڕێزمانی عەرەبی، داوێنتەڕ ئەگەر مێردی نەبێت و داوێنپیس ئەگەر ژنی نەبێت، سزاکەیان سەت جەڵدەیە واتە بە تازیانە تەمێ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی بوختان دەکات. بەڵام ئەگەر پارێزبەند بن، واتە ژنێك مێردی هەبێت و پیاوێك ژنی هەبێت، سزاکەیان ڕەجمکردنە، واتە لێدان بە بەرد تا مردن.
جیاوازیی نێوان سزای حەدی پارێزبەند و ئەوەی بوختانی پێ دەکات زۆر گەورەیە و ڕێژەی نێوانیان زۆر کەمە. دەبوایە سزای ئەوەی بوختانی پارێزبەندێکی بە داوێنپیسی کرد لەگەڵ ئەوەی بوختانی پێ کراوە گونجاو بوایە، ئەگەر دەرکەوت بوختانی بە داوێنپیسی کردوە. ئەم پارێزبەندە بوختان بۆ کراوە ئەگەر داوێنپیسی بسەلمێنێت و چوار شایەت بهێنێت و، بەو شێوە نەخوازراوە بە سەنگەسارکردن بکوژرێن، ڕێژەی کوشتن بە سەنگەسار لەگەڵ هەشتا جەڵدەدا چەند جیاوازیی لە نێوانیاندایە.
بێگومان دەبێت سزا لەگەڵ تاوانەکە گونجاو بێت، ئەگەر گەورە بوو دەبێت گەورە بێت، ئەگەر بچوکیش بێت دەبێت سزاکەی بچوك بێت، بەڵام ئەو تۆمەتەی کە ئەوەی بوختان بکات بۆ پارێزبەندێك گەورەیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بسەلمێنرێت، سزاکەی کوشتن دەبێت، بەڵام ئەگەر نەیسەلماند و دەرچوو، درۆزنە لە بوختانەکەی، سزاکەی بە هەشتا جەڵدە واتە تازیانە گەورە نییە، ڕێژە و نیسبەتی سەنگەسارکردن واتە لێدان تا مردن بە بەرد ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ هەشتا جەڵدەدا زۆر کەمە.
ئەگەر داوێنپیسی لە لایەن ژن و پیاوی پارێزبەند، واتە هاوسەریان هەبێت تاوانێکی گەورە بێت و وا فەرز بکات سزاکەی مردن بێت، بێگومان بوختان کردن بە داوێنپیسیش تاوانێکی زۆر گەورەیە، بەڵام ئەوەی ئەو شەریعەتەی داناوە لە سزادانی داوێنپیسەکە زۆر توند بوە بەڵام لە سزای بوختانکەر کە بوختانەکەی نەسەلمێنێت توند نییە، بۆ؟
وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە، ئەوەی دیارە کە شەریعەتدانەرەکە، کە لە سزاکەی توند بوە لەبەر ئەوەی سەلماندنی کاری داوێنپیسی زۆر نزیکە لە مەحاڵەوە یان مەحاڵە، وای لێ کردوە کە چوار شایەت دەبێت شایەتی بدات، کە ئەوەی بە چاوی خۆی ببینێت کە قەڵەمی کلەکە لە کلدانەکەدا بێت، واتە ئەوە ببینێت کە کۆئەندامی سێکسیی نێرینە لە کونی زاوزێی مێیینەدا بێت، ئەمەیش عادەتەن مەحاڵە. سزاکە توند بوە، ئەوەی سوکی دەکاتەوە کە لە ڕووداندا دوور بێت، لەبەر ئەوەی سەلماندنی مەحاڵە، بۆ سەلماندنی داوێنپیسی جگە لە دانپێدانانی

داوێنپیس، که له سه‌ر خۆی بیسه‌لمێنێت، ئه‌مه‌یش دووره له ڕوودان، دووره داوێنپیسێکی پارێزبه‌ند دان به داوێنپیسی خۆی بنێت و له سه‌ر خۆی بیسه‌لمێنێت، که بزانێت سزاکه‌ی کوشتنه به سه‌نگه‌سارکردن.
ئه‌گه‌ر سه‌لماندنی داوێنپیسی به هۆی شایه‌ته‌وه به‌م جۆره مه‌حاڵ بێت، ئه‌وه‌ی بوختان یان باسی بکات درۆ ده‌کات بێگومان، ئه‌وه‌ی شه‌ریعه‌ت دانه‌ر ڕێگه‌ی سه‌لماندنی بوختان له بوختانکه‌ر گرتوه، به درۆزن داده‌نرێت و تاوانه‌که‌ی به درۆزن داده‌نرێت، بۆیه سزاکه به هه‌شتا جه‌ڵده دانراوه و وای لێ کردوه پاش سزاکه‌ی هه‌رگیز شایه‌تی قبوڵ نه‌کرێت، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی به هۆی بوختانه‌وه له خێڵی درۆزنان داده‌نرێت. ئینجا سه‌نگه‌سارکردن له قورئاندا نییه و باسی نه‌کراوه، ئه‌وه‌ی زانیت که قورئان باسی له تازیانه یان جه‌ڵده‌لێدانی نه‌کردوه به سه‌ت جه‌ڵده بۆ داوێنپیس و داوێنته‌ڕ، له قورئاندا ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییانه‌ی باس نه‌کردوه ده‌رباره‌ی پارێزبه‌ند، به‌ڵام سوننه‌تی پێغه‌مبه‌رایه‌تی دای ناوه، ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییه ڕاست نییه، ئه‌گه‌ر سوننه‌تی پێغه‌مبه‌رایه‌تی له حوکمدانی پێغه‌مبه‌ر به سه‌نگه‌سارکردن پاش دابه‌زینی ئه‌و ئایه‌ته هاتبێت، که باس له شه‌لاقدانی داوێنپیس و داوێنته‌ڕ به سه‌ت جه‌ڵده ده‌کات، ئه‌گه‌ر نا ئه‌م ئایه‌ته نه‌سخی سوننه‌ته‌که‌ی کردوه، له‌وانه‌یه حوکمدانی پێغه‌مبه‌ر به جه‌ڵده‌دان پێش دابه‌زینی ئه‌م ئایه‌ته بووبێت، به‌و پێیه‌ی حوکمێکه له یاساکانی ته‌ورات، ئینجا ئه‌م ئایه‌ته دابه‌زیوه و نه‌سخی ئه‌و حوکمه‌ی کردوه.
ئه‌مه‌یه که له‌م کاته‌دا ناتوانین بیزانین، به‌ڵام ده‌ڵێن سه‌نگه‌سارکردن له قورئان دا نه‌هاتوه.
ئه‌وه‌ی له‌وێدایه ئه‌وان هه‌وڵی ئه‌وه‌یاندا که له ناوه‌ڕۆکی قورئاندا وه‌ری بگرن. ئیبن قه‌ییم له (زاد المعاد)دا ده‌ڵێت: ئیبن عه‌باس ده‌ڵێت: سه‌نگه‌سار له کتێبی خودا هیچ به قوڵی پێی دا ناڕوات جگه به ڕووکه‌ش له قسه‌ی خودا: {يَاأَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ} [المائده: 15].واتا ئه‌ی ئه‌هلی کتێب بزانن ئه‌وه‌ی هاتۆته لاتان پێغه‌مبه‌ری ئێمه‌یه و زۆر له‌و مه‌به‌ست و باس و خواسه‌ی که ئێوه له کتێبی خۆتان حه‌شارداوه ئه‌و بۆتانی ده‌رده‌خات و ئاشکرای ده‌کات و له زۆریشی وازدێنێت، له‌لای خوداوه رووناکی و یاریده‌ده‌رێکتان بۆ هاتووه. ئه‌وه‌ش ده‌ریده‌خات و هه‌ڵی ده‌هێنجێنێت که سه‌نگه‌سار له ته‌وراتدا هاتوه و یه‌هوود ده‌یشارنه‌وه، پێغه‌مبه‌ری خودا بۆی ده‌رخستوون، هۆکاری قسه‌کانی ئیبن عه‌باس به‌و شێوه‌یه‌ی که ئیبن قه‌ییم باسی ده‌کات ئه‌وه دیسان ده‌ڵێت: له سه‌حیحه‌یندا جێگیر کراوه و به پێی ئه‌وه‌ی پشتگیری له‌و باره‌وه له ئارادایه، که یه‌هووده‌کان هاتن بۆ لای پێغه‌مبه‌ری خودا و باسی ئه‌وه‌یان بۆ کردوه که ژن و پیاوێك داوێنپیسیان کردوه، پێغه‌مبه‌ری خودا گوتوویه‌تی: له ته‌وراتدا چی له باره‌ی سه‌نگه‌ساره‌وه هه‌یه؟ گوتیان: ئابڕوویان ده‌به‌ین و جه‌ڵده ده‌درێن، عه‌بدوڵڵای کوڕی سه‌لام (یه‌هوودیه‌کی موسوڵمانبوو بوو): درۆ ده‌که‌ن سه‌نگه‌ساری تێدایه، فه‌رمانیان کرد به ته‌ورات بێت، یه‌کێکیان ده‌ستی خسته سه‌ر ئایه‌تی سه‌نگه‌سار و پێشه‌وه‌ی و دواوه‌ی خوێنده‌وه، عه‌بدوڵڵای کوڕی سه‌لام پێی گوت: ده‌ستت به‌رز بکه‌ره‌وه، که ده‌ستی به‌رز کرده‌وه، ئه‌وه‌ی بینی که ئایه‌تی سه‌نگه‌ساری له ژێر ده‌ستی شاردبوه‌وه، گوتیان؛ ڕاسته ئه‌ی محه‌مه‌د سه‌نگه‌ساری تێدایه، پێغه‌مبه‌ری خودا فه‌رمانی کرد که سه‌نگه‌سار بکرێن.
ئه‌وه‌ی ناشارێته‌وه قسه‌ی ئیبن عه‌باسه، که ده‌ڵێت: به‌و پێیه سه‌نگه‌سار له کتێبی خودا هه‌یه ڕاست نییه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و ئایه‌ته‌ی که ده‌ڵێت: (يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ) به‌و واتایه‌یی که‌زۆرێك له‌وانه‌ی ده‌شارنه‌وه له کتێبی قورئانتان پیشان ده‌دات و، ئاماژه به‌وه ده‌کات که سه‌نگه‌سار له ته‌وراتدا هه‌یه، یه‌هووده‌کان ده‌یشارنه‌وه و پێغه‌مبه‌ر بۆی ده‌رخستوون. ئه‌مه‌یش ئه‌وه ناگه‌یه‌نێت که ئه‌گه‌ر له کتێبی خودادا هه‌یه ده‌بێت له قورئاندا بێت، یان حوکمێك له حوکمه‌کانی شه‌رعی ئیسلام بێت. دیسان ئیبن قه‌ییم ده‌ڵێت: به ده‌ر له‌و (واته جگه له ئیبن عه‌باس) چه‌ڵکی تر هه‌ڵی هێنجاوه، به‌پێی: {إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا} [المائده: 44]. واته: ئێمه که ئه‌م توراته‌مان ناردۆته خوار رووناکی و رێنیشاندانی تێدایه و هه‌موو پێغه‌مبه‌رانیش که هه‌ر به فه‌رمانی خودا بوون، هه‌ر به‌هۆی ئه‌و به‌سه‌ر هه‌موو کاروباری ئه‌وانه‌ی که موسایی بوون راگه‌یشتووه و خوداناسی به‌راستی و زانا بلیمه‌ته‌کانیان گه‌لێك شتیان هه‌ر له کتێبی خودا له‌به‌ر بوو، به ته‌واویش ئاگادار بوون که ئه‌مه کتیبی خوایه و له‌وێدا پێی گوتون ؛ نابێت له خه‌ڵك بترسن ؛ ئه‌شێت هه‌ر ترستان له خۆم بێ. زوهری له فه‌رمووده‌یه‌کدا ده‌ڵێت: هه‌واڵی ئه‌وه‌مان پێگه‌ییشت که ئه‌م

ئایەتە لە سەر ئەوان دابەزیوە، واتە لە سەر یەهوود کە سەنگەساریان لە پێغەمبەری خودا دەشاردەوە.
ناوەڕۆکی هەڵهێنجانەکە ئەوەیە کە سەنگەسار لە تەوراتدا هاتوە و پێغەمبەران بە پێی تەورات حوکم دەکەن، کە باوەڕیان پێ کردوە، پێغەمبەری ئێمەیش یەکێکە لە پێغەمبەران، ئەویش حوکم بە پێی تەورات دەدات، هەروەها بۆ ئەوانەی کە بوون بە موسوڵمان، وەك ئەو پێغەمبەرانەی کە باوەڕیان پێی هەبوە و پشتیان پێ بەستوە لە حوکمداندا، لە دەرئەنجامدا پێغەمبەرەکەمان حوکمی سەنگەسار دەدات، لەبەر ئەوەی لە تەوراتدا هاتوە.
تۆ دەزانیت، کە سەنگەسار لە تەورات باس کرابێت، جگە لە سوننەت واتە لە فەرموودەی پێغەمبەر نەبێت پشتڕاست نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی قورئان ناڵێت سەنگەسار لە تەوراتدا هاتوە و پێغەمبەران حوکمیان پێ کردوە، بەڵکوو دەڵێت تەورات ڕێنیشاندەر و ڕووناکییە و پێغەمبەران حوکمیان پێ کردوە، واتە پێوەرەکە باس لە بوونی لە قورئان و سوننەتدا هەڵبەستراوە. نازانم بۆچی قورئان باسی سزای حەدی داوێنپیسانی ناپارێزبەند دەکات و لە سەر سزای حەدی پارێزبەندان بێدەنگە و وا بە جێی دێڵێت کە بەم شێوەیە سەرسوڕهێنەرە بە هەڵهێنجراوی واتە ئاماژە و دەرخستن باس بکرێت، لەگەڵ ئەوەی تاوانی ئەوانە لە تاوانی ئەوانی تر گەورەترە بە بەڵگەی ئەوەی سزاکەیان توندتر و گەورەترە.
ئەوەی دەیبینم لێرەدا، مەبەستم سەنگەسارکردن، حوکمێکە لە حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلام بە سوننەت نەبێت نەسەلمێنراوە (ئەگەر ئەوەیش دەبینم کە ئەمەیش بە قورئان نەسخ کراوە، واتە سەنگەسار بە قورئان مەنسوخە، وەك پێشتر باسم کرد) هیچ پێویست بە هەڵهێنجان ناکات بەو شێوەیەی لە ئایەتەکەدا هاتوە، پێغەمبەر بەکردەیی چەندین جار حوکمی بە سەنگەسارکردن کردوە.
لە (زاد المعاد)ـی ئیبن قەییم ئەوەی جێگیر کردوە کە سەحیحی بوخاری و موسلم گوتوویانە، کە پیاوێك ناوی ماعیز بوە لە ئەسلەم (ناوی عەشیرەتێکە) هاتوە بۆ لای پێغەمبەر و دانی بە داوێنپیسیی خۆیدا ناوە و، پێغەمبەر خۆی لێی لاداوە، کەچی چوار جار شایەتی لە سەر خۆی داوە. پێغەمبەر پێی گوتوە: تۆ شێتیت؟ گوتوویەتی: نەخێر. گوتوویەتی: پارێزبەندیت؟ گوتوویەتی: بەڵێ، فەرمانی کردوە لە مزگەوتەکە سەنگەسار بکرێت.. کاتێك بەردەکە بەری کەوتوە و ئازاری داوە ڕای کردوە، پێی ڕاگەییشتوون و سەنگەساریان کردوە تا مردوە. پێغەمبەر بە چاکە ناوی هێنا وە و نوێژی لە سەر کردوە، لە قسەیەکیاندا (واتە موسلم و بوخاری) پێی گوتوە: ڕاستە ئەوەم لە سەر تۆ پێگەییشتوە، گوتوویەتی: چیت لە بارەی منەوە پێگەییشتوە؟ گوتوویەتی: ئەوەم پێگەییشتوە کە خۆت داوە لە کەنیزەکی بەنی فلان، گوتوویەتی: بەڵێ، چوار جار شایەتی واتە گەواهی لە سەر خۆی داوە و، ئینجا پێغەمبەر بانگی کردوە و پێی گوتوە: شێتیت تێدایە؟ گوتوویەتی: نەخێر گوتوویەتی: پارێزبەندیت؟ گوتوویەتی: بەڵێ، ئینجا فەرمانی کردوە سەنگەساری بکەن. لە قسەیەکی تریاندا: کاتێك چوار جار گەواهیی لە سەر خۆی داوە، پێغەمبەر بانگی کردوە و گوتوویەتی: شێتیت لەگەڵدایە؟ گوتوویەتی: نەخێر، گوتوویەتی: پارێزبەندیت؟ گوتوویەتی: بەڵێ، گوتوویەتی: بیبەن سەنگەساری بکەن. لە قسەیەکی بوخاری دا هاتوە. پێغەمبەر پێی گوتوە: لەوانەیە ماچت کردبێت یان چاوت لێ داگرتبێت یان تەماشات کردبێت؟ گوتوویەتیی: ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتوویەتی گات؟ گوتوویەتی: بەڵێ، لەویدا فەرمانی کردوە سەنگەسار بکرێت. لە قسەیەکی ئەبوداوددا: چوار جار گەواهیی لە سەر خۆی داوە و بۆ هەموو ئەوانەیش پێغەمبەر خۆی لێی لاداوە، لە پێنجەم جاردا کە هاتوە گوتوویەتی: گات؟ گوتوویەتی: بەڵێ. گوتوویەتی تا ئەوەت تەواو چوە ناو ئەوەیدا؟ گوتوویەتی: بەڵێ: گوتوویەتی وەك ئەوەی دارکل یان میل لە کلداندا نوقم دەبێت یان بەشی ئاوراکێش لە بیردا ون دەبێت؟ گوتوویەتی: بەڵێ، گوتوویەتی: دەزانی داوێنپیسی چییە؟ گوتوویەتی: بەڵێ، بە حەرام ئەوەم لەگەڵدا کرد کە پیاو بە حەلاڵ لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا دەیکات، گوتی: بەم قسانەت چیت دەوێت؟ گوتوویەتی: دەمەوێت پاك و بێگەردم بکەیتەوە، گوتوویەتی: فەرمانم بە سەنگەسارکردنی کرد. لە (السنن)دا: کە بەردی بەر کەوت گوتی: ئەی قەوم بمگەڕێننەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا، قەومەکەم دەمکوژن و لە خۆم بایی بووم و گوتیان پێغەمبەری خودا نامکوژێت. وا دیارە کە ئەم پیاوە کاتێك هاتوە بۆ ئەوەی دان بە داوێنپیسیەکەیدا بنێت و پارێزبەندیشە، نەیزانیوە کە بە بەرد سەنگەسار دەکرێت تا دەمرێت، لەوانەیە وای دانابێت کە پێغەمبەری خودا بە تەوبەکردن پاکی دەکاتەوە و دوعا و نزای لای خودا بۆ دەکات، کە تەوبەکەی

قبوڵ بکات و بیبورێت، ئەگەر نا، ئەوەی بزانیبا ئاوا لە کاتی سەنگەساردا ئەو هەموو بەردەی بەردەکەوێت، ڕای نەدەکرد، نەیدەگوت بمگەڕێننەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا، هەر چۆنێك بێت ئەم کارەی ئەم پیاوە سەرسوڕهێنەرە، لەوە سەرسوڕهێنەرتر، ئەوەی کە لە کاتی سەنگەسارەکە ڕای کردوە و خەڵکەکەیش پێی ڕاگەییشتوون و سەنگەساریان کردوە تا مردوە، ئەوەی لای خەڵك زانراوە کە لە سێدارە درا و لە پەتی سێدارە دەرباز بێت دووبارە لە سیدارەی نادەن، ئەو ڕاکردنەی وەك ئەو دەربازبوونە وایە لە پەتی سێدارە دا. ئەگەر بیانگەڕاندایەتەوە بۆ پێغەمبەری خودا، ئەوەی لێ داوا نەدەکردن و کارێکی چاکیان دەکرد، لەوانەیە پێغەمبەری خودا ڕایەکی تری لەو بارەوە هەبوایە، یان دەرچەیەکی بۆ پرسەکەی بدۆزیبایەتەوە، دەرگای وەحی داخراو نەبوە.

لە (زاد المعاد)دا دیسان هاتوە کە لە سەحیح و موسلم باسی دەکەن، غامدیەیەك هات و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من داوێنتەڕیم کرد، پاکم بکەرەوە، ناردییەوە، کە بۆ بەیانییەکەی هات، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆچی دەمنێریتەوە، لەوانەیە بۆ ئەوە دەمنێریتەوە وەك بزنێك دەمبینیت، بە خودا من دووگیانم، گوتی: ئێستا پڕۆ تا منداڵت دەبێت، کە منداڵی بوو منداڵەکەی لە قەوشەر (زەمبیلە)یەکدا بۆی هێنا، گوتی: ئەمەیە منداڵم بوو، گوتی: پڕۆ شیری بدە تا لە شیری دەبڕیتەوە، کاتێك لە شیری بڕییەوە، منداڵەکەی هێنا و لەتەنانێکی بە دەستەوە بوو، گوتی ئەمەیە ئەی پێغەمبەری خودا شیرم لێ بڕییەوە ئەوەتا نان دەخوات، منداڵەکەی دا بە پیاوێك لە موسوڵمانان، ئینجا فەرمانی کرد، چاڵێکیان تا ئاستی سنگیان هەڵکەند و، فەرمانی کرد کە خەڵك سەنگەساری بکەن. خالیدی کوری وەلید بەردێکی هەڵگرت دای بە سەریدا و خوێن فیشقەی کرد بەدەموچاویدا و دەستی کرد بە جوێندانی، پێغەمبەری خودا گوتی، هێواش ئەی خالید، بەوەی گیانم بە دەستەوەیە، تۆبەیەکی کردوە ئەگەر ئەو تەوبەیە خاوەن سەودا و باج وەرگری فێڵاوی بیکردایە خودا لێی دەبووری، ئینجا فەرمانی پێ کرد و نوێژی لە سەر خوێند و لە گۆڕیان نا. ئەم داماوە کە سەنگەسار کرا، نەیتوانی ڕا بکات وەك پیاوە ئەسلەمیەکە، لەبەر ئەوەی خستیانە چاڵێکەوە تا ئاستی سنگی قوڵ بوو، ئای لەو کوشتنە تۆقێنەرە. وا دیارە کە خالیدی کوری وەلید کە بەردەکەی کێشاوە بە سەریدا لێی نزیك بوە، ئەگەر نا چۆن خوێنەکەی پرژاوە بە دەموچاویدا. حەزم نەدەکرد بزانم کە پیاوە ئازاکە و پاڵەوان بەزێنەکەی شەڕ بەم شێوەیە ژنێك دەکوژێت، کە لە چاڵدا بێت، ئەگەر لە کوشتنیشی گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەریشی کردبێت.

لە (زاد المعاد)دا دیسان دەڵێت: لە سەحیحەیندا هاتوە، پیاوێك بە پێغەمبەری گوت سوێندت بە خودا دەدەم، بە کتێبی خودا حوکمێك لە نێوانماندا بدەیت، نەیارەکەی هەڵساوە. لەو تێگەیپشتووتر بوە، گوتی: کوڕەکەم بەهەڵەشەیی ستەمی لەم پیاوە کردوە، داوێنپیسیی لەگەڵ ژنەکەیدا کردوە، ئاشتەواییم بە سەت مەڕ و خزمەتکارێك لەگەڵیدا کردوە، لە خەڵکی زانام پرسی، دەڵێن دەبێت سەت جەڵدەی لێ بدرێت و ساڵێك دوور بخرێتەوە و ئەو ژنەیش سەنگەسار بکرێت، گوتی: بەوەی گیانمی بە دەستە، بە کتێبی خودا حوکمت بۆ دەدەم، سەت مەڕ و خزمەتکارەکە دەگەڕێتەوە بۆت، کوڕەکەت سەت جەڵدە دەدرێت و ساڵێك دوور دەخرێتەوە، ئەنیس پڕۆ بۆ لای ئەو ژنە، پرسیاری لێ بکە، ئەگەر دانی بە تاوانەکەیدا نا، سەنگەساری بکە، دانی بەوە ناو سەنگەساری کرد.

(47)

ئایا هاوسەرگیریی پارێزبەندیی هەیە

بێگومان جیاوازی لە نێوان سزای حەدی داوێنپیسی ئەگەر سزادراو پارێزبەند بێت و سزای ئەوەی کە پارێزبەند نەبێت زۆر گەورەیە. سەت جەڵدە لە کوێ و سەنگەسار واتە ڕەجمکردن تا مردن لە کوێ، ئەم جیاوازییە گەورەیە لە بەر هەبوونی پارێزبەندی لەوانەی هاوسەرگیریئان کردوە هاتوە و کە لە ڕەبەنەکاندا نئیە، وای لێ کردوە سزای ڕەبەن سوکتر بێت لە سزای ئەوانە و، وەك پارێزبەندیی ئەو سزایەی ڕەبەنیی توند نەکردوە.

بەڵام بۆشاییی نێوان هەر دوو سزاکە لەگەڵ ئەوەی یەك تاوانە وەك باسم کرد زۆر گەورەیە، سەت جەڵدە هیچی تێدا نییە جگە لە ئازارێکی سوك، لەبەر ئەوەی جەڵدە ئەوەیە کە جەڵدەدەر بە قامچییەك لە پێستی جەڵدەلێدراو بدات، دەڵێن جەڵدەدان بە قامچی ئەوەیە کە

بەر پێستی لەشی بکەوێت. زەمەخشەری لە شیکردنەوەی (الکلام)دا لە سەر ئایەتی جەڵدە دەڵێت: پیاو بە وەستانەوە جەڵدە دەدرێت کە هیچی لەبەر نەبێت جگە لە دەرپێ، لێدانێکی مامناوەند نە توند و نەیش هێواش، بە هەموو بەشی لەشیدا جگە لە سێ ئەندامی، دەموچاو و سەر و ئەندامی زاوزێی، گوتی: لە سەر قسەی جەڵدە ئاماژەی بەوە کردوە کە نابێت لە پێستەکەی زیاتر بڕوات و لە سەر گۆشتەکەی بێت، گوتی: ژن بە دانیشتنەوە جەڵدە دەدرێت و جلەکانی لەبەر دەبێت جگە لە ناوپۆش و خوری.

سەد جەڵدەی مامناوەند ئەگەر بە سەر لەشدا دابەش بکرێت بە گشتی، هیچ ترسێکی تێدا نییە لەوەی ئەندامێکی جەڵدە لێدراو تێك بچێت. بەڵام سەنگەسارکردن مردنێکی ئازار بەخشە کە بە هێواشی و دوور لە خێرایی ئازارێکی لە ڕادەبەدەر لەگەڵدا دەبێت، کە گیان دەرچوونی لەم جۆرە بە حاڵەتێکی تۆقاندن هاوشان دەکرێت، وێنای هیچ مردنێك لە مردنی بە سەنگەسار سامناکتر نابینم.

ئایا لە هاوسەرگیریدا پارێزبەندی لە داوێنپیسی هەیە؟ ئەگەر پارێزبەندیی تێدا بێت ئەمە وا فەرز دەکات کە ئەو جیاوازییە گەورەیە لە نێوان سزای حەدی داوێنپیسیی پارێزبەند و سزای حەدی ناپارێزبەند هەبێت. من بەو سیفەتەی مرۆڤێکم کە ژیانم لە نزیکەی شەست ساڵدا بردوەتە سەر و مۆرك و ئەخلاقی مرۆڤم لە وڵاتانی جیاجیادا تاقی کردوەتەوە، دەڵێم: لە هاوسەرگیریی پارێزبەندی نییە، واتە ئەگەر پیاوێك ژنی هێنابێت، ئەمە هیچ ڕێگای لێ ناگرێت کە داوێنپیسی بکات، هەروەها ژنی شووکردوویش با مێردیشی هەبێت ئەمە ڕێگری لێ ناکات داوێنتەڕی بکات، بەڵکوو لەوێدا شتی تر هەن کە ڕێگری لە داوێنپیسی خەڵك دەکەن، لەوانە بێتوانایی سێکسکردن و، دەست پێ ڕانەگەیشتن، حەیا و ترس لە ئابڕووچوون یان ترس لە سزادان و، دروستی پەروەردە و ڕاستگۆیی لە گەشەی ڕۆشنبیری، بەڵام هاوسەرگیریی ئەوە بکات؛ نەخێر، بەتایبەتی ئەگەر هاوسەرگیرییەکە وەك ئەوەی لای خۆمانی خەڵکی موسوڵمان بێت، کە لە سەر خۆشەویستی و تاقیکردنەوە و ئەزموون بنیات نەنرابێت.

ئەی خوێنەر لەو باوەڕەدا مەبە کە قسەکانم زیادەڕۆیی و پێوەنان بن، من بێ بینین ئەو شتانە ناڵێم، ئەگەر بڵێم هەموو ئەوانەی ناسیومن و تاقیم کردوونەتەوە لە ژیانمدا لە گەنج و پیری ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردوە، ئەوەی کە بینیومن کە خۆیان لە داوێنپیسی لا نەداوە، بەڵکوو خەریکی بوون، هەر یەکە و بە پلەی جیاواز، لێیان بە گوروتین هەوڵی بۆ داوە، لێیان کە هاتبێتە ڕێی کردوویەتی و، لێیان کە جوانێکی بەدڵ بوویێت کردوویەتی، بەڵام کەمن ئەوانەی لەبەر خۆشەویستییەك زاڵ بوویێت بە سەریدا کردبێتیان. ئەمانەی هاوسەرگیرییان کردوە کە باسیان دەکەم هەموویان لە چینی مامناوەندی یان باڵای خەڵکن، ئەگەر زۆر ئاسانکاریی بکەم دەتوانم یەك لە سەدیان لەم کارە وەدەرنێم نەك زیاتر، بەڵام چینی خوارەوە کە هەژار و کەمدەرامەتن هیچ قسەیەك نییە لە سەریان لەبەر ئەوەی ئەمانە هەمیشە تووشی بێتوانایی و نالەباری دەبن. لەگەڵ ئەوەیشدا خێزانەکانیان بە دوورنین لە داوێنپیسی، ئەگەر کەمتریش بن لە هەر دوو چینی ناوەند و باڵا. تا من پێت ڕادەگەیەنم کە هیچ شەرمێك لە دەرخستنی حەقیقەتدا نییە، من خۆم لەو خێزاندارانەی کە باسیان دەکەم بینیوە کە هەروەها نێربازییش دەکەن و لەوەدا پلەی جیاوازیان تێدایە وەك ئەوانەی لە داوێنپیسیدا بۆمان باس کردن. ئەگەر حەقیقەت ئەمە بێت، پارێزبەندی لە هاوسەرگیری لە کوێدایە و هاوسەرگیری لە کوێی پارێزبەندیدایە.

لەگەڵ ئەوەی ئەگەر پارێزبەندی لە هاوسەرگیریدا هەبوایە، هیچ ڕێگەی تێ نەچوو ببێتە هۆکاری ئەم جیاوازییە گەورەی نێوان داوێنپیسی پارێزبەند و سزای داوێنپیسی ناپارێزبەند. ئەم دوو تیمە لە توندی سزاکان و سوکییاندا گونجاو نییە، لەگەڵ ئەوەی تاوانەکە یەك شتە لە هەر دووکیاندا. چۆن کە پارێزبەندی بەکردەیی لە هاوسەرگیریدا نەبێت، بەڵام لە سەر خێزاندار بە سەپاندن سەپێنراوە، وەك ئەوەی شەرعدانەر پێی گوتبین خێزاندار دەبێت پارێزبەند بێت، بێگومان بوونی پارێزبەندی بە سەپاندنی وا دانانرێت کە ئەم جیاوازییە گەورەیەی نێوان سزاکان هەبێت.

حەفسەی کچی عومەر

لە ژنەکانی پێغەمبەر حەفسەی کچی عومەری کوڕی خەتاب و دایکی زەینەب خوشکی عوسمان کوڕی مەزعون بوو، خوشکی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو لەو گەورەتر بوو، لەبەر ئەوەی پێنج ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی لە دایك بوو، لەو کاتەی کە قورەیش ماڵی بنیان دەنا پێش ئەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، لە ژێر فنیس کوڕی حەزافە بوو واتە خێزانی ئەو بوو

که له شەڕی بەدر بریندار بوو و مرد و، دەڵێن له ئوحود مردوه، ئەمەیش هەڵەیه، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر له شەعبانی پاش سی مانگ له کۆچکردن هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوه، واته دوو مانگ پێش ئوحود گرینگترین شت له ژیانی حەفسەدا ڕووی دابێت جیابوونەوەیه لەگەڵ پێغەمبەردا.

هۆکاری جیابوونەوەکەی

محەمەد به ڕیز دەچوه لای خێزانەکانی و هەر یەکە و ڕۆژێکی بۆ دانابوو، هەر ڕۆژێك لای یەکێکیان دەمایەوە، بەڵام عادەتی وا بوو که ڕۆژانه سەردانی هەمووی دەکردن و کەمێك لای هەر یەکەیان دادەنیشت و ئینجا دەڕۆیشت بۆ لای ئەوەی که ڕۆژەکه به تەواوی لای دەمایەوە. ئەمەیش ئەوە ڕەت ناکاتەوه که پێشتر باسمان کرد، ڕۆژانه به سەر خێزانەکانی خولی خواردبێتەوە و سێکسی لەگەڵ هەموویاندا له یەك ڕۆژدا کردبێت، لەبەر ئەوەی پاش ئەو خولخواردنه دەڕۆیشت بۆ لای ئەوەی سەرەی ئەو ڕۆژەیه لای بمێنێتەوە، تا کۆتاییی شەو لەگەڵیدا دەبێت. ئەمەیش زۆری نەخایاند و زۆری له سەر نەکەوت، ئینجا سەرەی بۆ هەشتی دانا که نۆ ژن بوون، لەبەر ئەوەی سەودەی کچی زەمحە سەرەکەی خۆی بەخشی به عایشە، تەمەنی گەورە بوو، که پێغەمبەری بینی عایشەی زۆر خۆش دەوێت بۆ ڕازیکردنی، ڕۆژەکەی خۆی پێ بەخشی، واته دوو شەو لای عایشه دەمایەوە، شەوێکی هیی خۆی و شەوێکی هیی سەودەیش. لەگەڵ ئەوەیشدا سەردانی سەودەی دەکرد و لەگەڵیدا دادەنیشت، هەندێك جاریش له لای زەینەب کچی جەحش دەمایەوە که خۆشەویسترین ژنی بوو له پاش عایشە. حەفسه به ڕاستگۆیی و پاکی و بێگەردی هاوڕێیەتیی عایشەی دەکرد، بۆیه حەفسه ئیرەییی به عایشەی نەبرد. به هۆی ئەوەی پێغەمبەر ئەوی زیاتر خۆش ویست، بەڵام هەر دووکیان خۆی و عایشه ئیرەییان له زەینەب کچی جەحش دەبرد، کاتێك بینییان پێغەمبەر به لای ئەودا دای دەشکێنێت، حەفسه هاوشانی عایشه بوو دژ به زەینەب. پاش ئەم پێشەکییه دەڵێین: هۆکاری جیابوونەوەی حەفسه گوتراوە: پێغەمبەر له ماڵەکەی خۆی بوه و لەگەڵیدا بوه، حەفسه مۆڵەتی لێ وەرگرتوه که سەردانی ماله باوانی بکات و ئەویش مۆڵەتی پێ داوه، کاتێك حەفسه ڕۆیشتوه پێغەمبەر ناردوویەتی به دوای ماریەی قیبتی دا بێت بۆ ماڵەکەی حەفسه و لەگەڵیدا خەوتوه و چوه به لایدا. حەفسه که گەڕاوەتەوه و ماریەی لەگەڵ پێغەمبەر له ماڵەکەی خۆیدا بینیوه، نەچوەته ژوورەوه تا ماریه دەرنەچوه، ئینجا چوەته ژوورەوه و گوتوویەتی: من ئەوەم بینی که له ماڵ لەگەڵتدا بوو، تووڕە بوو و گریا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لەمەدا شتێکت لەگەڵ مندا کرد که لەگەڵ هیچ ژنێکتدا نەتکردوه، له ڕۆژەکەی من و له ماڵەکەی من و له سەر جێگەکەی من، کاتێك محەمەد ئیرەییی له دەموچاویدا بینی پێی گوت: بێدەنگ به، بۆ ڕازیکردنی تۆ ئیتر حەرام بێت لێم، له گێڕانەوەیەکدا گوتوویەتی: ڕازی دەبیت ئەگەر له خۆم حەرامی بکەم و بەیەکجاری لێی نزیك نەبمەوە؟ گوتوویەتی: بەڵێ، سوێندی خواردوه نزیکی نەکەوێتەوە واته لێی حەرام بێت، له گێڕانەوەیەکدا دەڵێن گوتوویەتی: حەرامم کرد له خۆم. لەگەڵ ئەوەیشدا هەواڵت پێ دەدەم که باوکت دەبێته خەلیفەی پاش ئەبووبەکر و نهێنییەکەم بپارێزە. له گێڕانەوەیەکدا پێی گوتوه: ئەم هەواڵە نهێنییەم پێدای به کەسی نەڵێیت، ئەو هەواڵەی گەیاندە عایشه و پێی گوت: خودا له ماریه ڕزگاری کردین، پێغەمبەر حەرامی کرد له خۆی و چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە. گێڕانەوەیەکی تر هەیه: که له ڕۆژی عایشەدا چوه به لای ماریەدا و، حەفسه بەمەی زانیوه، پێغەمبەر پێی گوتوه: نهێنیم بپارێزە، ماریەم له خۆم حەرام کرد، بەڵام حەفسه ئەم نهێنییەی نەپاراستوه و گەیاندوویه به عایشە، لەبەر ئەوەی دوو هاوڕێی پاك و بێگەرد بوون پێکەوە، وەك پێشتر باسمان کرد، ئەویش لێی جیا بوەوە.
لەمەدا دەزانین، که هۆکاری جیابوونەوە له حەفسه ئەوە بوه، که نهێنییەکەی پێغەمبەری ئاشکرا کردوه، دەربارەی دوو شت که له فەرموودەکەدا هاتوه: یەکەم: حەرام کردنی ماریه له خۆی. دووەم دەربارەی خیلافەتی پاش ئەبووبەکر.
بێگومان که خودای گەورە داهێنان و دروستکەری بوونەوەرانه لەمەدا بێدەنگ نابێت بەرانبەر ئەم ڕووداوە، دەبێت قسەی خۆی بکات تا بگات بە فەرمانی حەرام کردنەکە، بۆیه هیچی پێنەچوو جبریلی نارد بۆ لای محەمەد و پێی گوت: {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ} [التحريم: 1].واتا: لە پێناو ڕزگاربوون له تێوەگلانی ئەم حەرامکردنەی که تووشی هات دەڵێت {قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ} [التحريم: 2]. واته خودا شەرعی داناوه که کەفارەت بدەیت واته له بریی ئەو حەرامکردنه

ئەلتەرناتیف و قەرەبوو هەیە بە هەمان شێوەی سوێند بە درۆ خواردن، ئەم حەرامکردنەیش وەك سوێندی درۆ وایە، ئەگەر قەرەبووی بکەیتەوە وەك سوێندی درۆ کارەکە دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی و حەرامکردنەکە نامێنێت و ماریە بە پوختی وەك پێشتر بۆی دەگەڕێتەوە، وەك ئەوەی نە بای دیبێت و نەیش باران.

هۆکاری دابەزینی ئەم دوو ئایەتە لەوەدایە کە پێغەمبەر بۆ ڕازیکردنی حەفسە، ماریەی لە خۆی حەرام کرد، وەك دەردەکەوێت لە ماڵەکەی ئەو چوو بە لایدا. لێرەدا قسەیەکی تر هەیە لە سەر هۆکاری دابەزینی ئەم ئایەتانە، ئەویش بوخاری باسی کردوە لە عایشە وەری گرتوە و گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا لای زەینەب کچی جەحش هەنگوینی خواردوە و لای ماوتەوە، من و حەفسە لە سەر ئەوە ڕێکەوتین کە دێتە لای پێی بڵێت بۆنی (مغافیر-کەتیرەیە)ت لێ دێت، کە چوە لای حەفسە پێی گوت ئەو بۆنەت لێ دێت، پێی گوت: بەڵام من لای زەینەب کچی جەحش بووم هەنگوینم خوارد، سوێند بێت جارێکی تر ناڕۆم بۆ لای، ئەم هەواڵە مەدە بە کەس.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، داری عیرفت ٥٦٣ (خۆمان پێی دەڵێین دڕکەزی و لە ژووژکە دەچێت ــوــ) ئەم درکەزییە شیلەیەکی لێ دەردەچێت پێی دەڵێن (مغفور) (خۆمان پێی دەڵێین شیلگ) ئەمەیش کەتیرەیەکی شیرینە وەك سەرتوێژ وایە، بەڵام بۆنەکەی زۆر ناخۆش و قێزەونە، ئەوەی بیخوات وەك ئەوەی پیاز و سیری خواردبێت وایە و بۆنی ناخۆشی لێ دێت. کە محەمەد ڕقی لە شتی خراپ و حەزی لە بۆنی خۆش بوە و لەو کاتەی ژنەکانی بوە لە خۆی داوە، ڕقی لەوە بوە کە بۆنی ناخۆشی لێ بێت. کاتێك عایشە و حەفسە بینییان لای زەینەب دەمێنێتەوە و هەنگوینی لا دەخواتەوە سەریان کردە یەك بۆ ئەوەی ئەم تەڵەیە بنێنەوە و لە زەینەب دووری بخەنەوە، کاتێك حەفسە ئەمەی پێ گوت هەنگوینی لە خۆی حەرام کرد، واتای ئایەتەکە بەم پێیە بێت: {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ} [التحريم: 1] واتە لە هەنگوین {تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ} [التحريم: 1] واتە: ئەی پێغەمبەر هیش حەرام ناکەیت کە خودا حەڵاڵی کردووە.. لە پێناو رازیکردنی ژنەکانت دا. واتە ژنەکانت بەوە ڕازی کەیت کە هەنگوین لە خۆت حەرام بکەیت.

ئەوەی لای ئێمە دیارە کە قسە و گێڕانەوەی یەکەم ڕاستترە، ئایەتەکە لە سەر حەرامکردنی ماریە بوە لە خۆی نەك لە سەر حەرامکردنی هەنگوین، یەکەم: لەبەر ئەوەی (مغافیر) ئەو شیلگەیەی نەخواردبوو، بۆگەنی لێ نەدەهات، ئەوەی حەفسە باسی کردوە حەقیقەتەکە بوە، بەڵام ئەوەی گوتی خۆی دروستی کردبوو بۆ ئەوەی لە زەینەب دووری بخاتەوە، هیچ مەعقوڵ نییە کە هەنگوین لە خۆی حەرام بکات، کە بۆنێکی خۆشی هەیە لەبەر ئەوەی تۆمەتبار کراوە بە خواردنی شیلگی بۆگەن، ئەو بە خۆی زانیوە ئەوەی خواردوە هەنگوین بوە نەك شیلگ، دووەم: ئایەتەکە دەڵێت: {تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ} [التحريم: 1].واتە: بۆ رازیکردنی ژنەکانت لە خۆت حەرامی دەکەیت؟ هیچ مەعقوول نییە بە حەرامکردنی خواردنی هەنگوین ژنەکانی لە خۆی ڕازی بکات، لەبەر ئەوەی هەنگوین شتێکی بەتام و لەزەتە و بۆنی خۆشە، هیچ پێویست ناکات بە حەرامکردنی بۆ ئەوەی ژنەکانی ڕازی بن و، بەم حەرامکردنە چی قازانجێك بەوان دەگەیەنێت.

ئەگەر بڵێین بۆ ئەوەی دەڕۆیشت بۆ لای زەینەب بۆ هەنگوینخواردن، ئەگەر هەنگوین لە خۆی حەرام بکات وەك ئەوە وایە زەینەبی لە خۆی حەرام کردبێت و جارێکی تر ناچێت بۆ لای، بۆ ئەوەی هەر دوو ژنەکەی حەفسە و عایشە لە خۆی ڕازی بکات، دەڵێم هەر ڕۆیشتنێکی بۆ لای زەینەب و مانەوەی بۆ خواردنی هەنگوین نەبێت بۆ هیچی تر نەبوە، ئەمە ڕێی تێدەچێت. بەڵام کارەکە وا نەبوە، ئەو ڕۆیشتوە بۆ لای زەینەب و ماوەتەوە لەبەر ئەوەی خێزانی بوە نەك بۆ خواردنی هەنگوین، ئەگینا هەموو جارێك کە لای ئەو بوە هەنگوینی نەخواردوەتەوە، بەڵکوو بە ڕێکەوت ئەو جارە هەنگوینی لەوێ خواردوە، حەفسە ئەوەی پێ گوت کە گوتی: کورتەی باسەکە ئەوەیە حەرامکردنی هەنگوین وا فەرز ناکات کە واز بهێنێت لە ڕۆیشتن بۆ لای زەینەب و مانەوە لەوێ، بەڵکوو بە حەرامکردنی هەنگوینیش لە خۆی لەوانەیە بچێت بۆ لای زەینەب و لای ئەو بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی خێزانییەتی.

ئەگەر بڵێین: کە وا بێت واتای ئەم گێڕانەوە چییە کە بوخاری باسی دەکات؟ دەڵێم: لە تێکەڵاوکردنی حیکایەتخوانانە کە باسی ئەوەی حەفسەیان دەربارەی ماریە کردوە، ئەوەی لە سەر زمانی عایشەوە باسیان کردوە گوتوویەتی: کە (پێغەمبەری خودا هەنگوینی لای زەینەبی کچی جەحش خواردوە و لای ماوەتەوە، گوتوویەتی من و حەفسە سەرمان کردە یەك و کە

هات بۆ لای پێی بڵێت لەو شیلگەیەی خواردوە، واتە بۆنی (مغافیر) شیلگت لێ دێت. کە هات بۆ لای حەفسە ئەوەی پێ گوت، پێی گوت: نەخێر نەمخواردوە، بەڵام هەنگوینم لای زەینەب کچی جەحش خوارد، ئەمە لێرەدا ڕاستە، بەڵام ئەوە دوای ئەمەی کە باس کراوە تێکەڵەیەکە، لەبەر ئەوەی ئەمەی دەربارەی ماریە گوتوە نەك هەنگوین، گێرەوان تێکەڵکردنێکی زۆری لەم جۆرەیان کردوە.

ئەوەی زیاتر پشتگیریی ئەوە دەکات کە حەرامکردنەکە بۆ ماریە بوە نەك هەنگوین، ئەوەیە دەربارەی چیرۆکەکەی حەفسە و پێغەمبەر لە سەر ماریە لە سورەتی (تحریم) قسەی لە سەر کردوە و پاش ئەم دوو ئایەتە هاتوە: {وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِىُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا} [التحريم: 3] واتە: پێغەمبەر لای هەندێك لە ژنەکانی هەندێك نهێنی درکان. هەندێك لە ژنەکانی لێرەدا مەبەست حەفسەیە، لە قسەکانیش لێرەدا مەبەست قسەی حەرامکردنی ماریە و خیلافەتی عومەرە لە پاش ئەبووبەکر وەك لە (الکشاف) زەمەخشەری باسی کردوە . پێغەمبەر فەرمانی پێ کرد کە ئەم قسەیە بشارێتەوە و بەنهێنی بیهێڵێتەوە، بەڵام ئەو باسی کرد (فلما نبأت بە) واتە هەواڵەکەی گەیاندە عایشە (واظهره الله علیه) واتە بە هۆی جبریلەوە ئەم نهێنی درکاندنەی گەیان بە پێغەمبەر، کە حەفسە باسی نهێنییەکەی کردوە بۆ عایشە. (عرف بعضه) واتە خەبەری دا بە عایشە کە حەفسە نهێنییەکی بۆ درکاندوە (واعرض عن بعض) واتە هەندێکی بۆ باس کردوە، کە باسی خیلافەتی عومەرە لە پاش ئەبووبەکر و ئەوەی دەربارەی ماریەیە باسی نەکردوە. ئەوەی پێغەمبەر باسی کردوە بۆ عایشە دەربارەی ماریە، ئەوەی نەیویستوە باسی بکات پرسی خیلافەتەکەیە، نەیویست ئەم هەواڵە بگات لە ترسی بڵاوبوونەوەی وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە . هەندێکیان پێچەوانەی ئەمەیان گوتوە، ئەوەی زانراوە باسی خیلافەتەکەی بوە و ئەوەی نەزانراوە باسی ماریە بوە، یەکەم ڕاستە، لەبەر ئەوەی لەوەی دەربارەی خیلافەتی عومەری باوکی لە پاش ئەبووبەکر بۆ حەفسە باسی کرد پاشگەز بوەوە، بۆیە عایشە باسی کرد، هۆکاری پاشگەزبوونەوەکە لەوەدایە، چونکە بۆ ڕازیکردنی حەفسە گوتوویەتی نەك بۆ دەرخستنی حەقیقەت، لەم بارەوە پێشتر لە ژێر ناونیشانی (ئایا محەمەد کەسێکی بۆ خیلافەت دیاری کرد) قسەمان کردوە، تەماشای بکە، (فلما نبأها به) واتە کە عایشە ئەو هەواڵەی درکاند کە حەفسە پێی گوتوە، (قالت) عایشە گوتی (من نبأك هذا) کێ هەواڵی پێ ڕاگەیاندوویت کە حەفسە ئەو نهێنییەی بۆ درکاندووم، (قال نبأنی العلیم الخبیر)، (إن تتوبا إلى الله) قسەکە بۆ عایشە و حەفسەیە (فقد صغت قلوبكما) واتە ئەوەی لە دڵتاندا دروست بوە پێویستی بە تۆبە هەیە و دەبێت دڵسۆز بن بۆ پێغەمبەری خودا، لەوەی هەر شتێکی خۆش دەوێت خۆشتان بوێت و ئەوەی ڕقی لێیە ڕقتان لێ بێت.

لەمەدا واتاکەی بەم شێوەیەیە؛ جارێکیان پێغەمبەر لای یەکێك لە هاوسەرانی قسەیەکی بە سرتە و نهێنی درکاند، جا وەختێ لەوێدا ئەوەی گەیاند بە (هەوێکەی) و خوایش پێغەمبەری تێگەیاند، پێغەمبەر هەندێك لەو نهێنییەی گوت و لە هەنێکیان وازی هێنا. لەوێدا گوتی: ئەمە کێ بە تۆی گوتوە؟ گوتوویەتی: زانای ئاگادار پێی ڕاگەیاندم و ئەوەی باشە کە هەر دووکتان بەرەو خوا بگەڕێنەوە دیارە دڵتان بە لای شتی ناڕەوادا لای داوە. گەر لە دژی ئەم ببنە یەك، ئەوسا لەمەو لا خودای مەزن و جوبرائیل و باوەڕدارانی بە بەرەکەت و فریشتەکان پشتی دەگرن.

لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: تا ئێستا مکورم کە لە عومەری کوری خەتاب دەربارەی ئەو دوو ژنەی پێغەمبەری خودا بپرسم کە خودا قسەی لە سەر کردوون: (إن تتوبا إلى الله فقد صغت قلوبكما) واتە تۆبەی خودا بکەن بۆ ئەوەی دڵتان خاوێن بێتەوە، تا لەگەڵیدا ڕۆیشتم بۆ حەج، کاتێك لە ڕێگەدا لای دا و وەستا منیش مامەوە لەگەڵیدا و، کە دەستنوێژی گرت ئاوم کرد بە دەستیدا، پێم گوت: کێ بوون؟ گوتی: ئەوە چییە ئەی ئیبن عەباس، وەك ئەوەی ڕقی لێ بێت ئەو پرسیارەم لێ کرد و ئینجا گوتی: ئەوان حەفسە و عایشە بوون.

گوتمان محەمەد لە حەفسە جیا بوەوە لەبەر ئەوەی نهێنییەکەی درکاند. وا دەگێڕنەوە لەو کاتەی کە لێی جیا بوەتەوە، جبریل هاتوە بۆ لای بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە لەبەر ئەوەی ڕاست و ڕەوان بوە و لەو ژنانەیشی دەبێت لە بەهەشتدا دەبن. دەیشگوترێت: پێغەمبەر لە هەوڵدا بوە بۆ جیابوونەوەی بەڵام جیانە بوەتەوە لێی، لە عەمار کوری یاسرەوە گوتراوە: پێغەمبەر ویستویەتی لێی جیا ببێتەوە، جبریل پێی گوتوە کە ڕێکوپێك و ڕاستگۆیە و لە بەهەشتدا خێزانتە. حەلەبی لە (الینبوع) گواستوویەتیەوە، دەڵێت: ئەوەی زانراوە، ئەو ویستویەتی بیگێڕێتەوە و ئاشت ببنەوە و

لێی ڕازی بێت.
ئەوەی لە قسەی زەمەخشەری لە (الكشاف)دا تێدەگەیت ئەوەیە کە پێغەمبەر پاش جیابوونەوەی لە حەفسە، یان پاش ئەوەی نهێنییەکەی بۆ عایشە درکاندوە، خۆی لە ژنەکانی لاتەریك کرد و بیستونۆ شەو لە ماڵی ماریە مایەوە، ئەوەی پشتگیریی ئەم قسەیە دەکات، قسەی ئیبن عەباسە کە لە عومەری کوڕی خەتاب وەری گرتوە، بەڵام ئەو ناڵێت لە ماڵی ماریە بوە، بەڵکوو سوێندی خواردوە کە یەك مانگ نەچێت بە لای ژنەکانیدا، ئەمەیش قسەکانی عومەرە.
گوتی ئێمەی خێڵی قوڕەیش زاڵ بووین بە سەر ژندا، کە هاتین بۆ مەدینە بۆ لای ئەنسار، ئەوان خێڵێك بوون کە ژنەکانیان زاڵ بوون، وای لێ هات ژنەکانمان ڕووقایم بن و لە پەروەردەی ژنەکانی ئەوانەوە شتیان وەرگرت و فێر بوون، هاوارم کرد کە ژنەکەم بێت بۆ لام، کەچی ڕازی نەبوو، گوتی: بۆچی ئینکاریی ئەوەی دەکەیت بە خودا ژنەکانی پێغەمبەر دەردەچن، یەکێکیان ڕۆژ تا شەو لێی دوور دەکەوتەوە، دەڵێت ئەوە زۆر ترسی خستە دڵمەوە، چووم بۆ لای حەفسە پێم گوت: ئایا کەسێك لە ئێوە توورە بوە تا شەویش نەچێت بە لای پێغەمبەردا، گوتی: بەڵێ: گوتم: دۆڕاویت و ئەوە لە شوێن خۆیدا نییە، لەو باوەڕەدانیت کە خودا بە توورەبوونی پێغەمبەر توورە دەبێت و لە ناوت دەبات، هیچ شتێك لە سەر پێغەمبەر بە زۆر مەزانە و پشتگوێی مەخە و بە جێی مەهێڵە، پێم بڵێ چیت لا دەرکەوتوە، هیچ ئیرەییت نەیەت بە دراوسێیەکت کە لە تۆ ڕۆشنتر بێت و لای پێغەمبەری خودا خۆشەویستتر بێت. مەبەستی عایشە بوو، گوتی: وام پێگەیشت کە پێغەمبەر لە ژنەکانی جیا بوەتەوە، گوتم: حەفسە خراپی بە سەر هات و دۆڕا، وام زانی وا بوە. ڕۆیشتم بۆ لای حەفسە بینیم دەگریێت، گوتم: بۆچی دەگریت؟ سەرنجم ڕانەکێشایت، پێغەمبەر لێتان جیا بوەتەوە؟ گوتی: نازانم ئەوەتا لاتەریکە لەو ژوورەدا، کە خودا گلەیی ئەوەی لێ کردوە، بە هۆی حەفسە ئەو نهێنییەی بۆ عایشە درکاندوە، سوێندی خواردوە بۆ یەك مانگ نەچێت بە لای ژنەکانی دا. ئەوەتا نانی نیوەڕۆ و ئێوارە بە تەنیا لەو ژوورە دەخوات. ڕۆیشتم بۆ ژوورەکە، لە قسەیەکدا: ڕۆیشتم بۆ لای پێغەمبەری خودا، لە ژوورەکە بوو، لە سەر قەدی دارێك پاڵی پێ دابوەوە و پشتی پێوە دابوو، غوڵامێکی لەوێ بوو ناوی ڕەباح بوو، پێم گوت: مۆڵەت بۆ عومەر وەرگرە، غوڵامەکە چوو بۆ لای پێغەمبەر و قسەی لەگەڵدا کرد و هاتەوە، گوتی: قسەم لەگەڵدا کرد و بێدەنگ بوو، هاتمەوە، ئینجا ئەوەم بینی پێم ناخۆش بوو بە غوڵامەکەم گوت مۆڵەت بۆ عومەر وەربگرە، ئینجا گەڕامەوە و گرتمی، هاتم بۆ لای غوڵامەکە و دووبارە پێم گوت: مۆڵەت بۆ عومەر وەربگرە، چوە ژوورەوە و گەڕایەوە و گوتی: ناوم هێنای بەڵام بێدەنگ بوو، کاتێك ویستم بڕۆم، غوڵامەکە بانگی کردم، گوتی: پێغەمبەر مۆڵەتی دایت، کە چووم بۆ لای پێغەمبەری خودا، بینیم ڕاکشاوە لە سەر حەسیرەیەك هیچ جێیەکی لە ژێردا نییە و لمەکە کاریگەریی لە سەر لاشەی بە جێ هێشتبوو، بەڵام پاڵی دابوو بە سەرینێك لە پێست دروستکراوی ناوپۆشکراو بە لیفە واتە ڕیشاڵەی دار. سڵاوم لێ کرد، ئینجا پێم گوت و بە پێوە بووم: ئەی پێغەمبەری خودا، لە ژنەکانت جیا بوویتەوە؟ ئینجا چاوی بەرز کردەوە و گوتی: نەخێر. گوتم: خودا گەورەیە ئێمەی مەعشەری قوڕەیش کە بە سەر ژنەکانماندا زاڵ بووین، کاتێك هاتین بۆ مەدینە ئەم قەومەمان بینی کە ژنەکانیان زاڵن بە سەریاندا، پێغەمبەری خودا بزەیەکی کرد، ئینجا گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا: ئەگەر بینیبێتم کە چووم بۆ لای حەفسە، پێم گوت: هیچ ئیرەیی نەتگرێت کە یەکێك لە دراوسێکانت لە تۆ ڕوونتر بوو و لای پێغەمبەری خودا خۆشەویستتر بوو، پێغەمبەری خودا بزەیەکی تری کرد، کە بینیم لێو بەخەندە بوو دانیشتم و گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، لمی ژێر ئەم حەسیرە کاری کردوەتە سەر ئەم لایەت کەچی فارس و ڕوم ئەوەندە دەوڵەمەند بوون و خودا ناپەرستن، پێغەمبەر ڕاست بوەوە و قنج بۆی دانیشت و گوتی: گومانت هەیە ئەی کوڕی خەتاب ئەوانە قەومێکن کە چاکە و خۆشیان خێراتر بوە بۆ ژیانی دونیایان، گوتم: ئەستەغفروڵڵا ئەی پێغەمبەری خودا.
داواکارم لە خوێنەر کە ئاگاداری ئەوە بێت چۆن لە کاتی ئەوەی عومەر ناوی فارس و ڕومی هێناوە، پێغەمبەر قنج بۆی دانیشتوە، وەك ئەوەی عومەر بەو قسەیە دابێتی لە شوێنی تایبەتی و هەست و نەستی و وروژاندوە و قنج بۆی دانیشتوە، لەبەر ئەوەی فارس و ڕوم، بە وتەیەکی تر لەبەر ئەوەی مەبەستی هاوبەشی شا کیسرا و قەیسەر بوە لەو ئامانجانە بوە کە بۆی ڕوانیوە، وەك پێشتر باسمان بۆ کردیت.
چەندین گێڕانەوەی تر هەیە دەڵێت لاتەریك بوونی لە ژنەکانی بۆ مانگێک و بە تەنیا دانیشتنی

لەو ژوورە، پاش ڕووداوی ماریە نەبوە و پاش جیابوونەوە لە حەفسە نەبوە، بەڵکوو لەو کاتەدا بوە کە ژنەکانی کۆ بوونەتەوە لە سەری و پرسیاری خەرجی و نەفەقەیان لێ کردوە و، لە وێدا بیست و نۆ ڕۆژ لە ژنەکانی لاتەریك بوە، ئینجا خودا ئەوەی دابەزاندوە کە ژنەکانی هەڵبژێرێت .لە {يَاأَيُّهَا النَّبيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ} [الأحزاب: 28]، واتای ئایەتەکە:. ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت بڵی لەوانەیە لاتەریك بوونی لە هەر دوو جارەکەدا بوە، واتە پاش ڕووداوی ماریە و جیابوونەوە لە حەفسە و پاش گردبوونەوەی ژنەکانی و داواکردنی نەفەقە و خەرجی، لەبەر ئەوەی هەر دوو کردەوەکە پێویستی بە لاتەریکبوون کردوە. بەڵام ئەوەی لە سەر یەکەم دروست بوە وەك زەمەخشەری باسی کردوە. وای پێویست کردوە کە بیستونۆ ڕۆژ لە ماڵی ماریە بێت، ئەمە دژ بەوەیە کە ماریەی لە خۆی حەرام کردبێت، یان لەوانەیە مانەوەی لە ماڵەکەی پاش دابەزینی .ئایەتەکە بێت کە حەرامکردنەکەی بە کەفارەتدان پوچەڵ کردەوە

(48)
زەینەب کچی خوزەیمە
لە دایکییەوە خوشکی مەیموونەی دایکی باوەڕدارانە، لە جاهیلیەتدا بە دایکی هەژاران ناسرابوو، لەبەر ئەوەی بەزەیی بە هەژاراندا دەهاتەوە و چاکەی هەبوو بۆیان، پێش ئەوەی شوو بە پێغەمبەر بکات لە (ژێر) تفیلی کوری حارس بوو لێی جیا بوەوە، عەبید کوری حارسی برای هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد و لە ڕۆژی بەدردا کوژرا و، پێغەمبەر مارەی کرد و بوە هیی ئەو، هێنای و سەدەقە واتە مارەییەکەی دوانزە ئۆقیە و نیشەیەك بوو، لە پاش سیویەك مانگ لە کۆچکردن پێش ئوحود بە مانگێك هێنای. لە گێرانەوەیەکدا: لە ژێر عەبدوڵڵای کوری جەحش بوە و لە ڕۆژی ئوحودا کوژراوە و پێغەمبەری خودا هێناویەتی، هەندێکیان ئەم گێرانەوەیان ڕاست .کردوەتەوە
لە هەڵبەستراوەکانی حیکایەتخوانان کە لە سەر ئەنەس گوتوویانە: پێغەمبەری خودا لەو کاتەدا کە زاوا بوە لەگەڵ زەینەبدا، دایکی سەلیم خورماوڕۆنی کردوە و خستوویەتییە قاپێکەوە و گوتوویەتی: ئەی ئەنەس، ئەمە بەرە بۆ پێغەمبەری خودا و بڵێ: دایکم ئەمەی بۆ ناردوویت و سڵاوت لێ دەکات، پێغەمبەری خودا بە ئەنەسی گوتی: فڵان و فڵان کە ناوی هێناون بانگ بکە و ئەوەی دەیبینت بانگی کە بۆم، ئەوەی ناوی هێناو ئەوەیش پێی گەییشتم بانگم کرد، کە گەڕامەوە بینیم کە ماڵەکە پڕە و جمەی دێت، بە ئەنەسیان گوت: ژمارەیان چەندە؟ گوتی: سێسەت کەسێك دەبوون، پێغەمبەر دەستی شەریفی خستە سەر ئەو خورماوڕۆنە و هەندێك قسەی کرد کە خودا ویستی، ئینجا بانگی دە کەسی کرد کە لێی بخۆن و پێی گوتن: ناوی خودا بهێنن و ئینجا خەڵکی تر دوای ئەوان خواردیان، هەموویان خواردیان تا تێر بوون، ئینجا پێی گوتم: ئەی ئەنەس، بەرزی بکەرەوە، کە هەڵم گرت، نازانم کە لەو کاتەی هێنام و دام نا زۆر بوو .یان کە دواتر بەرزم کردەوە
ئەوەی ئەم قسەیەی هەڵبەستوە، زانیویەتی سێسەت کەس ناتوانن بە یەکجار نان بخۆن لەبەر ئەوەی قاپێکی گەورە کە خورما و ڕۆنەکەی تێدا بوە لە دە کەس زیاتر ناتوانێت لە دەوری دا دانیشێت، هەر چەندە بچنە یەك و ڕیزیان یەك بخەن، ئینجا ئەم کەلێنەی بەوە پڕ کردوەتەوە: بانگی دە کەسی کردوە بۆ ئەوەی نان بخۆن، بەڵام کەلێن و شکاندنێکی تر لەمە گەورەتر لەوێ دابوو، کە قسە هەڵبەستەکە نەیتوانی بە هیچ پڕی بکاتەوە، ئەوەیە ماڵەکەی لە بەرد بوە لە دە کەس زیاتری نەگرتوە، چۆن ماڵەکەی بە سێسەد کەسەوە جمەی هاتوە، لە مەدینەدا ماڵێك نەبوە کە سێسەد کەس لە خۆ بگرێت، مەگەر خودایە مزگەوت بێت و، بەڵام داوەت و میوانداریییەکە لە ماڵ بوە نەك لە مزگەوت، وەك دەگوترێت پەتی درۆ کورتە. زەینەبی کچی خوزەیمە هەشت مانگ لای پێغەمبەر مایەوە، هەندێك دەڵێن دوو یان سێ مانگ، ئینجا لە تەمەنی دەوروبەری سی ساڵیدا مردوە و پێغەمبەر نوێژی خوێندوە و ناشتوویەتی، لە ژیانی .پێغەمبەردا کەس لە ژنەکانی نەمردوون جگە لە ئەم و خەدیجە نەبێت

(أم سەلمە (دایکی سەلمە
پاش زەینەب ئەم ئوم سەلمەیەی هێنا کە ناوی هیندە، پێش ئەو لای ئەبووسەلمەی عەبدوڵڵای کوری عەبدولئەسەد بوو، کە کوری پوری (خوشکی باوکی) بوو بە ناوی بورەی

کچی عەبدلموتەلیب و برای شیری بوو، کاتێك ئەبووسەلمە مرد، پێغەمبەری خودا پێی گوت: داوا لە خودا بکە ئەم موسیبەتە بە چاکەت بۆ بنووسێت و یەکێکی باشترت دەست بکەوێت، گوتی: کێ لە ئەبووسەلمە باشتر دەبێت؟ بێگومان قسەی (باشترت دەست بکەوێت) ئاماژەیە بۆ خۆی کە دەیەوێت بیهێنێت، بەڵام ئەو تێ نەگەیشتوە کە مەبەستی چی بوە، بۆیە پێی .گوتوە کێ لە ئەبووسەلمە باشتر دەبێت
ئوم سەلمە ماوەی پاش مردنەکەی ئەبووسەلمەی حەیەی تەواو کرد؛ واتە(عدە)؛ (ماوەی پاش مردنی شوو؛ بۆ ژن پێش ئەوەی شوو بکات)ی تەواو کرد، ئینجا پێغەمبەر حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعەی نارد بۆ داخوازیی، ئەبووبەکر داوای کرد پێی ڕازی نەبوو، عومەر داوای کرد ڕازی نەبوو، کاتێك حاتیب هات بۆ لای، گوتی: بە خێر بێت پێغەمبەری خودا، پێی گوت: من ژنێکی بە تەمەنم و من دایکی هەتیوانم و زۆر ئیرە دەکەم، ئەو منی دەوێت و ژنی هەیە و من ئیرە لە مێردەکەم بکەم چۆن لەگەڵیدا دەژیم. پێغەمبەر ناردی بۆ لای پێی گوت: دەربارەی ئەوەی ژنێکی بەتەمەنیت، من لە تۆ بە تەمەنترم، هیچ پەشم و عەیبە نییە کە ژنێك شوو بە کەسێك بکات لە خۆی بەتەمەنتر بێت، بەڵام قسەکەت کە دایکی هەتیوانیت، هەموویان لە سەر خودا و پێغەمبەر دەبن، ئەوەی تریش لەو قسەیەت کە زۆر ئیرەییت دێت، من لە خودا داوا دەکەم کە ئەمەت نەهێڵێت. لە گێڕانەوەیەکی تردا، لەوە زۆرتری گوتوە کە باسمان کرد، وەك کەس لە باوانم لێرە نییە بمدات بە شوو، واتە عادەتی ئەوان ئەوە بوە کە یەکێك لە بەخێوکەرانی داویانە بە شوو، پێغەمبەر هاتوە بۆ لای و پێی گوتوە: ئەوەی باسی ئیرەییت کردوە، من داوا لە خودا دەکەم ئەمەت نەهێڵێت، ئەوەی دەربارەی منداڵەکانت، خودایان بەسە، بەڵام ئەوەی دەربارەی باوانت، هیچ کەسێك لە کەسوکارت نییە ڕقی لە من بێت. ئوم سەلمە بە کوڕەکەی خۆی گوتوە هاوسەرگیریم بۆ پێغەمبەری خودا بکە و ئەویش کردوویەتی. ئاگاداری: کوڕەکەی ئەوەندە منداڵ بوە کە بۆی نەبوە دایکی بدات بە شوو، ئەم فەرموودەیە گۆڕانی بە سەردا هاتوە، لەبەر ئەوەی بە واتا باس کراوە نەك بە دەق گواسترابێتەوە ئەوەی ڕاست بێت ئەوەی بە شووی دابێت کوڕەکەی نەبوە، پیشتر لە ژێر ناونیشانی (لایەنی خەیاڵ و وەهم لە گێڕانەوەدا) باسمان کرد پرۆ بیبینە. لە سەر مارەیی دە درهەم هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوە و دەڵێن چل درهەم بوە، لەگەڵ دەستهاڕێك و تەشتێك و پێخەفێك بەلیفە یان ڕیشاڵ ناوپۆشکراو. لە ئوم سەلمەوە هاتوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا هاوسەرگیریی لەگەڵ کردم و پاش ئەوەی زەینەبی دایکی هەژاران مرد بردمی بۆ ماڵەکەی ئەو، لەوێدا گۆزەیەك هەبوو جۆی تێدا بوو، دەستهاڕێك و مەنجەڵێك و لەگەنێك، جانتایەك لە پێست، ئەو جۆیەم هاڕی و کردم بە هەویر لە لەگەنەکەدا و، .پارچە ئێسقانێکم کوڵاند، ئەوە خواردنی شاییەکەی پێغەمبەر و کەسوکارەکەی بوو
پێشتر باسمان لەوە کرد: محەمەد بە سەرە دەچێتە لای ژنەکانی و هەر ڕۆژە و لای یەکێکیان دەبێت، ئەوەی بەباش دەزانی کە عازەبی بهێنایە حەوت ڕۆژ لای دەمایەوە ئینجا لەگەڵ ژنەکانی تریدا دابەشی دەکرد، ئەگەر بێوەژنی بهێنایە سێ ڕۆژ لای دەمایەوە و دواتر لەگەڵ ژنەکانی تریدا دابەشی دەکرد. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: ئەوەی لە سەحیحەین دا باس کراوە لە ئەنەسەوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: سوننەتە کە یەکێك کچی عازەب بهێنێت حەوت ڕۆژ لای بمێنێتەوە و ئینجا لەگەڵ ئەوانی تردا بیکات بە سەرە، ئەگەر بێوەژن بهێنێت سێ .ڕۆژ دەمینێتەوە و دواتر دەیخاتە سەرەوە
دەڵێت: لە سەحیح موسلم دا هاتوە، ئوم سەلمە لەو کاتەدا کە پێغەمبەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد و، هێنای و سێ ڕۆژ لای مایەوە، ئینجا پێی گوت: تۆ هیچ قورساییەکت نەخستوەتە سەر کەسەکەت، ئەگەر بتەوێت دەیکەم بە حەوت ڕۆژ و، ئەگەر بیکەم بە حەوت بۆ تۆ دەبێت بیکەم بە حەوت بۆ ئەو ژنەکانی تریشم، لە قسەیەکدا: کاتێك ویسویەتی دەربچێت ئوم سەلمە چمکی کراسەکەی گرتوە و، گوتوویەتی: ئەگەر حەزت لێیە زیاتری دەکەم و وەك .عازەب حسابت بۆ دەکەم و دەیکەم بە حەوت ڕۆژ، کە بۆ بێوەژن سێ ڕۆژە
ئەم ئوم سەلمەیە تەمەنێکی درێژی کرد و پاش مردنی محەمەد تا لە ولایەتی یەزید کوڕی مەعاویەدا مرد و، لەو کاتەدا تەمەنی گەیشتە هەشتاوچوار ساڵ و لە بەقیع نێژرا و .ئەبووهورەیرە نوێژی لە سەر خوێند

زەینەبەی کچی جەحش
پاش ئوم سەلمە محەمەد هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەب کچی جەحشدا کرد، ناوی بوڕە بوو، پێغەمبەر بە خۆی ناوەکەی گۆڕی بۆ زەینەب، هۆکاری ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پورێکی

(خوشکی باوکی) بە ناوی ئومیە کچی عەبدولموتەلیب کچێکی هەبوو ناوی بورە بوو، ڕقی لەوە بوو کە پێی بڵێن لای بورە دەرچوو، هەر کەس گوێبیستی ئەوە بێت بە هەڵەدا بچێت و وا بزانێت لای کچە پورەکەیەتی.
زەینەب پێشتر لای بەردەستەکەی پێغەمبەر زەید کوری حارسە بوو، پاش ئەوەی زەید لێی جیا بوەوە، پێغەمبەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد، ئەم جیابوونەوە و هاوسەرگیرییە چیرۆکێکە کە قورئان ئاماژەی پێ کردوە، دەڵێت: {فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا} [الاحزاب: 37]واتە: جا کاتێك زەید لە هاوسەرەکەی بە ئارەزوو گەیشت، ئەومان کردە هاوجوتیی. لەم توێژینەوەماندا چوار مەسەلە هەیە، یەکەم: زەید کێیە و بەچی دەگات بە محەمەد؟ دوەم: زەید چۆن هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبدا کردوە؟ سێیەم: چۆن لێی جیا بوەتەوە؟ چوارەم: محەمەد چۆن هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەب دا کردوە؟ با قسە لە سەر هەر یەکە لەمانە بکەین، بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە، دەڵێین:

زەید کوری حارسە کێ بوە

زەید کوری حارسەی کوری شەرحەبیلی کەلبی، غوڵامێکی محەمەد بوو کە خەدیجە هاوسەرگیرییەکەی پێی بەخشی و حەکیمی برازای لە بازاڕی عوکاز کە لە جاهیلیەت سەبی کرابوو، بۆی کڕی، لەو کاتەدا زەید تەمەنی هەشت ساڵان بوو، محەمەد حەزی کرد بیداتێ ئەویش پێی بەخشی و ئازادی کرد و بەخێوی کرد، ئەمە پێش پێغەمبەرایەتی.
حەلەبی لە سەرگوزەشتەکەیدا دەڵێت: لە قسەی ئیبن ئەلبورەوە هاتوە، کاتێك پێغەمبەری خودا بردی بەخێوی بکات تەمەنی هەشت ساڵ بوو، لەو کاتەی کە خۆی گرت بە سەر قورەیشدا خولی دا و پێی گوت ئەمە کورمە میراتگرمە و میراتگریم و ئینجا خەڵکەکەی بە شایەت گرت. لەم جۆرە بەخێوکردن و لە خۆگرتنە لەو کاتەدا هەبوە و لایان باو بوە. لە (الکشاف)دا هاتوە، هەر پیاوێك لە جاهیلیەت دا واتە ئەگەر حەزی لە پێستی پیاوێك و شێوەی بوویێت، لە خۆی دەگرت و وەك یەکێك لە کورەکانی خۆی لە میراتیدا حسابی بۆ دەکرد، ئەویش بەوەوە ناو دەنرێت و دەبێتە هیی ئەو، دەڵێن فڵانی کوری فڵان، کاتێك محەمەد تەبەنای زەیدی کرد، لەو ڕۆژەوە پێیان گوت زەیدی کوری محەمەد، ئەمە بەردەوام بوو تا ئەو ڕۆژەی محەمەد هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبی تەڵاقدراوی زەیددا کرد، لەوێدا وەحی دابەزی کە زەید بە ناوی باوکیەوە بانگ بکرێت.
لە سورەتی (احزاب)دا هاتوە. {مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ} [الاحزاب: 40] واتە: محەمەد باوکی هیچ کەسێك نیە لە پیاوانی ئێوە بەڵام پەیامبەرە و کۆتا پێغەمبەرە. واتە زەید یەکێکە لە پیاوەکانی ئێوە و محەمەد باوکی هیچ پیاوێکی ئێوە نییە لە ڕاستیدا، ئەمەیش بۆ ئەوەی، لە نێوان خۆی و ئەودا باوك و کورێتی نەمێنێت و حەرامکردنی زاوایەتی و هاوسەرگیری نەمێنێت. لە سورەتی (الاحزاب) دیسان: {وَمَا جَعَلَ أَدْعِيَاءَكُمْ أَبْنَاءَكُمْ ذَلِكُمْ قَوْلُكُمْ بِأَفْوَاهِكُمْ} [الاحزاب 4) واتە: بۆ خاتری هیچ پیاوێك جوتێك دڵی نەداوە کە ژنانیشتان بانگ دەکەن و دەڵین؛ کە تۆ وەکو دایکی خۆمی بەڵام نەتانکردووە بە دایکی خۆتان، ئەمە هەرقسەی خۆتانە و لە زمانی خۆتانەوەیە و خودا ئەوەی ڕاستە دەیڵێت و هەرخۆی نیشاندەرە. ـ (ادعیاء) کۆی وشەی (دعی) واتە زڕکوڕ، ئەوەی وا دادەنێت بەخێوکراوێکی هەیە، بە کوری خۆی دای دەنێت، واتە، خودا ئەوانەی بەخێو دەکەن بە کوری ڕاستەقینەتان دانانێن، بەڵام ئەوە قسەیە بەدەم دەیڵێن و، ئەمە کورمە بێ ئەوەی باوەڕداری بە ڕاستی ئەو قسەیە لەگەڵدا بێت و ئەوە لە حەقیقەتدا وا بێت {وَاللَّهُ يَقُولُ الْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِي السَّبِيلَ. ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ} [الاحزاب: 4، 5]واتە: خودا حەق دەڵێت و خۆی ڕێنیشاندەرە و بە ناوی باوکیانەوە بانگیان بکەن. وەك ئەوەی دەبێت بە زەید بۆ نموونە بڵێیت، زەیدی کوری حارسە و مەڵێن زەیدی کوری محەمەد (ئەو) واتە تۆ باوکیان دەبێت {أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ} [الاحزاب: 5] واتە: بەرپرس دەبن و خودا لە گوناح دەبورێ، ئەوە لە بارتر و دادپەروەرترە، لەوە بە دوا خەڵك بە زەید کوری حارسە بانگیان کرد نەك زەیدی کوری محەمەد.

زەید چۆن هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەب دا کرد

لە سیرەی حەلەبی دا هاتوە لە زاری (مقاتل)وە، زەیدی کوری حارسە، کاتێك ویستی هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبدا بکات، هات بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، داوای بکە بۆم، پێی گوت: کێ؟ گوتی: زەینەب کچی جەحش، پێی گوت: وا نابینم بیکات، ئەو

بە بنەچە لەمە گەورەترە و واتە باڵاترە، پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر تۆ قسەی لەگەڵدا بکەیت و پێی بڵێیت زەید باڵاترین کەسە لای من، دەیکات، گوتی ژنێکی قسەزان و بە زمانە. زەید ڕۆیشت بۆ لای عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و داوای لێ کرد کە قسەی لەگەڵ پێغەمبەردا بکات، لەگەڵیدا ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەر و قسەی لەگەڵدا کرد، گوتی: من ئەوە دەکەم و تۆ دەنێرم ئەی عەلی بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسوکاریدا بکەیت، ئەوەی کرد و هاتەوە و هەواڵی ڕقهەڵسانی براکەی کرد، پێغەمبەر ناردی بۆ لایان و پێی گوتن: من ڕازیم و حوکمی ئەوەم کردوە کە بیدەنێ، با هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات و دە دینار و شەست درهەم و کەوایەك و چارۆکەیەك و لە حافێك و کراسێك و پەنجا بەش خۆراك و دە بەش خورمای بۆ ناردن، ئەمە هەمووی پێغەمبەر ناردی.

لە گێڕانەوەیەکدا هاتوە: پێغەمبەر خۆی هاتوە بۆ خوازبێنیکردنی بۆ زەیدی کوڕی حارسەی زڕ کوڕی و بەردەستەی، زەینەب گوتوویەتی: شووی پێ ناکەم، پێغەمبەر گوتوویەتی: دەبێت شووی پێ بکەیت، گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە خۆمەوە قسە ناکەم تا (ڕاوێژ نەکەم) کە من نەسەبم و بنەچەم لەو باڵاترە، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند {وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ} [الاحزاب: 36]،واتە: ئەگەر خودا و پێغەمبەرەکەی هەر فەرمانێکیان کرد هیچ پیاوێك یان ژنێکی باوەڕدار ناتوانێت پەسەندی نەکات، هەر کەسێکیش لە فەرمانی خودا دەرچێت ڕێگەی زۆر هەڵە کردووە. لەوێدا گوتی: ڕازیم.

گێڕانەوەی (مقاتل) لە ڕاستییەوە نزیکە، دەتوانرێت هەر دوو گێڕانەوەکە کۆ بکرێتەوە، لە وانەیە، محەمەد پاش ئەوەی عەلی نارد بێت، خۆیشی ڕۆیشتبێ و خوازبێنیی کردبێت بۆ زەید، لەبەر ئەوەی عەلی بە ڕازیبوونی و قبوڵکردنی نەگەڕایەوە، ئەمەیش وای کردوە بە خۆیشی بڕوات.

ئەوەی دیارە کە محەمەد لە سەرەتادا هیچ ئارەزوویەکی لە زەینەب نەبوە و هیچ مەیلێکی لێ نەبوە، هەر چەندە لە سەرەتادا ویستی زەید لە هێنانی پەشیمان بکاتەوە، بەڵام ئەو خواستەی لەبەر ئەوە بوە زانیوێتی کە بە شووکردن بە زەید ڕازی نابێت، لەبەر ئەوەی لە گەورەکانی قورەیش بوون و زەیدیش لە بەردەسەکانی پێغەمبەر بوو، ئەگەر مەیلی لەوە بوایە بیخوازێت بۆ خۆی ئەمەی پێش زەید دەکرد، هەر چەندە لە کاتی خوازبێنییەکەیدا بە زەیدی گوت وازی لێ بهێنە بۆ من بەڵام ڕازی نەبوو وازی لێ بهێنێت، بەڵام وا دیارە پاش ئەوەی زەید هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردبێت، محەمەد خۆشەویستیی زەینەبی کەوتبێتە دڵییەوە و بە لایدا ڕای کێشابێت، هۆکاری ئەمەیش بەم باسکردنە دەزانرێت:

حەلەبی لە سەرگوزەشتەیەکدا دەڵێت: ئینجا دوای ئەوە هات (واتە پێغەمبەر) بۆ ماڵی زەید و بانگی کرد لەوێ نەبوو، زەینەب چوو بەرەو پیرییەوە، خۆی لێ لادا، پێی گوت: ئەو لێرە نییە ئەی پێغەمبەری خودا، وەرە ژوورەوە، ڕازی نەبوو بچێتە ژوورەوە، پێغەمبەری خودا حەزی لێ کرد، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ڕەشەبایەك هات و جلەکەی بەرز کردەوە و بە بێ مەبەست تەماشای کرد و دای لە دڵی، گەڕایەوە و گوتی: سپاس بۆ خودا کە دڵ دەگۆڕێت. لە گێڕانەوەیەکدا، درووود بۆ خودای دڵگۆڕ بردوە، زەینەب کە گوێی لێ بوە وای گوتوە. کاتێك زەید گەڕاوەتەوە هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاندوە، ئەویش هاتوە بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوتوە: ئەی پێغەمبەری خودا، لەوانەیە حەزت لە زەینەب کردبێت، وازی لێ دەهێنم بۆ تۆ، پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: دەست بە ژنەکەتەوە بگرە.

قسەکانی محەمەد لە کاتی بینینی زەینەبدا، سپاس بۆ خودای دڵگۆڕ، دوو شتمان پیشان دەدات، یەکەمیان: ئەو پێش ئەوە هیچ مەیلێکی بۆی نەبوە، ئەگەر نا، ئەم قسەیەی نەدەکرد و ئەم قسەیە هیچ واتایەکی نەبوە، گۆڕینی دڵ واتە گۆڕینی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر.

دووەمیان: کە بینی لەو کاتەدا بینیویەتی و پێشتر دڵی لێی خاڵی بوە و لەو کاتەدا کەوتوەتە دڵیەوە، بێگومان محەمەد لەم خۆشەویستییەدا خۆی لە بەرانبەر کێشەیەك لە کێشەکانی دا دۆزییەوەتەوە، ئەم ژنەی کە دڵی لێچوو، مێردی هەیە و، مێردەکەی بە نەسەب وەك زڕکوڕی خۆی بەخێوی کردوە، ئەم نەسەبە و لەخۆگرتنە هەر چەندە دروست کراوە و حەقیقی و ڕاستەقینە نییە، بەڵام شتێکە دەبێت لە بەر چاو بگیرێت و ڕێزی لێ بگیرێت، کارەکە چۆن دەبێت؟

ئەوەی کە محەمەد بیری لێ کردەوە، پاش ئەوەی زەینەبی بینی و حەزی لێ کرد، بەڵام ئەم کێشەیە، لە لایەکەوە زەید ئاسانکاری بۆ کرد و زەینەبیش لە لایەکی ترەوە و، جبریلیش لە لای خۆیەوە، ئەگەر بزانیت زەید لە زەینەب جیا بوەوە، دەزانیت ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر بوە.

چۆن زەید لە زەینەب جیا بووەوە
زەینەب کە گوێی لە قسەکانی محەمەد بوو. (دروود بۆ خودای دڵگۆڕ) زانیی کە پەیوەست بوە پێوەی، بێگومان لە ڕادەبەدەر دڵخۆش بوە، لەبەر ئەوەی ناچار بوو شووی بە زەید کرد، ڕازی نەبوو بێت بە مێردی تا فەرمانی پێغەمبەری جێبەجێ کرد، کە ڕازی نەبوو بەو کارە، پێغەمبەر پێی گوت: (من بەوە ڕازی بووم بۆتان و حوکمم کرد کە بیدەنێ)، ئەوەی بەڵگەی دڵخۆشبوونی بوە، کە زەید هاتوەتەوە یەکسەر هەواڵی قسەکانی پێغەمبەری پێ ڕاگەیاندوە، ئەگەر زەیدی خۆش بویستایە و بیویستایە لای بمێنێتەوە وەك خێزانی ئەو هەواڵەی نەدایێ، لەبەر ئەوەی بە یەقینی دەیزانی کە زەید بەم کارە بزانێت کە وا چوەتە دڵی محەمەدەوە و حەزی لێ کردوە، هیچی پێ ناکرێت جگەلەوەی وازی لێ بهێنێت، کە بزانێت پێغەمبەری خودا پەیوەست بوە پێوە و مەیلی لێیە و حەزی لێ کردوە ناتوانێت بچێت بە لایدا. زەینەب بە گەیاندنی هەواڵەکە بە زەید گۆلەکەی خۆی کردوە، کە هەواڵەکەی پێ ڕاگەیاند، زەید هیچ نەوەستا و خۆی گەیاندە لای پێغەمبەر و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، لەوانەیە سەرسام بوویت بە زەینەب، وازی لێ دەهێنم بۆ تۆ. وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: زەید لەم قسانەی ڕاستگۆ بوە، لەبەر ئەوەی محەمەد گەورە و پیرۆزی ئەو و گوێڕایەڵی بوە و هیچ شتێکی گرینگی نەکردوە کە واز لە ژنەکەی بۆ بهێنێت، کە بزانێت خۆشی ویستوە و دەیەوێت، ئەوەی لە دابونەریتی ئەواندا قێزەون نەبوە، تەنانەت کە کۆچەرییەکان هاتن بۆ مەدینە و ئەنسارەکان جێیان کردەوە و لە ماڵەکەی خۆیان نیشتەجێی کردن و ماڵ و دارایی خۆیان خستە خزمەتیانەوە و، ئەگەر یەکێك ژنی زۆری هەبوایە لە یەکێکیان دادەبەزێت بۆ ئەوەی نیشتەجێی ماڵەکەی لە کۆچەرییەکان بیهێنێت، وەك زەمەخشەری لە (الکشاف)دا باسی دەکات. لەبەر ئەوەی ژن لە نەریتی ئەو زەمانەدا جگە لە کاڵایەك لە کاڵاکانی ماڵەکەیان و شتێکی لەو بارەوە هیچ شتێکی تر نەبوە. زەینەب بەوەوە نەوەستا کە هەواڵەکەی گەیاند بە زەید، بەڵکوو دوای ئەوە وای لێ هات کە لە زەید دوور کەوتەوە و ئازاری دەدا و، زماندرێژی بە سەردا دەکرد، ئەویش پاش ئەوەی زانیی گەورەکەی خۆشی ویستوە، وای لێ هات نەیتوانی دڵخۆش بێت لەگەڵیدا و خۆشەویستی لە ماڵەکەی نەماو ڕایەڵەی خێزانداری بە حوکمی زەروورەت پچڕا و، هیچ شتێك بە دەست زەیدەوە نەما جگە لەوەی لێی جیا بێتەوە. هەرواشی کرد وەك حەلەبی لە بەسەرهاتەکەیدا باسی دەکات و دەڵێت:
زەید هیچ ڕێگەیەکی لە بەردەمدا نەما، لە پاش ئەو ڕۆژەوە کە پێغەمبەر بینیی، نەیتوانی نزیکی بێتەوە، تا لێی جیا بووەوە. گوتی: لە زەینەبەوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: کاتێك چوومە دڵی پێغەمبەرەوە، زەید نەیتوانی بێت بە لامدا، هەر چەندە ڕێگریم لێ نەکرد و، خودا لە دڵی دەرکردم. ئینجا گوتی: زەید ڕۆژێك هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، زەینەب زمانی بە سەرمدا توند بوە و دەمەوێت لێی جیا ببمەوە، پێی گوت: خودا بناسە و ژنەکەی خۆت لە خۆ بگرە، گوتی: دەمدرێژیی کرد بە سەرمدا، پێی گوت: لێی جیا ببەرەوە، ئەویش لێی جیا بووەوە.
هۆکارەکانی ئەو جیابوونەوەیە وەك دەبینیت، زەینەب ئامادەی کردوە و، زەیدیش بە حوکمی زەروورەت پێی ڕازی بوە، بەو جیابوونەوەیە، لایەنێکی گەورەی کێشەکە چارەسەر بوە و، جگە لە لایەنەکەی تری کە محەمەد هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، هیچی تری نەماوە، چارەسەری ئەمەیش لای جبریل زۆر قورس نییە.
چۆن محەمەد هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبدا کرد
ئەوەی نامۆیە کە محەمەد زەیدی نارد بۆ خوازبێنیی زەینەب، پاش ئەوەی لە زەید جیا بووەوە، جگە لە زەید کەسێکی تری نەنارد بۆ خوازبێنی، وەك ئەوەی کەسی دەست نەکەوتبێت بینێرێت بۆ خوازبێنی، لەوانەیە ویستبێتی گوێڕایەڵیی زەید لە جێبەجێکردنی فەرمان و حوکمەکەی تاقی بکاتەوە، ئەگەر نا، زۆر قورسە لە سەر ڕوح و گیانی زەید خوازبێنیی ژنێك بکات بۆ گەورەکەی تا دوێنێ ژنی خۆی بوە.
حەلەبی لە سەرگوزەشتەکەیدا دەڵێت: پاش تەواوبوونی ماوەی شەرعی (عدە) زەیدی نارد بۆ خوازبێنی، پێی گوت پرۆ پێی بڵێ بۆم، ڕۆیشت بۆ لای، گوتی: کە بینیم لە سینگمدا گەورە بوو، گوتم: ئەی زەینەب مژدە بێت، پێغەمبەری خودا ناردوومی باست دەکات، گوتی: من شتێکم نەکردوە کە کاری خودا ڕەت بکەمەوە، لە گێرانەوەیەکی تردا هاتوە، زەید گوتی: ڕۆیشتم بۆ لای، پشتم کردە دەرگاکە و گوتم: ئەی زەینەب، پێغەمبەری خودا ناردوومی پێت بڵێم،

.گوتوویەتی: من هیچ شتێکم نەکردوە کە پەروەردگارم ڕەت بکەمەوە
زەینەب بە قسەی: کاری خودا ڕەت بکەمەوە، زانیویەتی کە پەروەردگار خودا لە ئاسمانەوە دەیدات بە شوو، لەبەر ئەوەی جبریل پاش ئەوەی وەحیی بۆ محەمەد دابەزاند کە هەواڵی بداتێ زەینەبی بۆ هێناوە و، هیچ پێویست بە خوازبێنی ناکات. حەلەبی لە سیرەتەکەی دا دەڵێت: لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خودا دانیشتبوو قسەی لەگەڵ عایشەدا دەکرد، وەحی بۆ دابەزی، کە خودا زەینەبی کردوە بە هاوسەری، بە خۆیشیەوە لای دەرچوو بزەی لێوی دەهات .و دەڵێت: کێ دەڕوات بۆ لای زەینەب مژدەی بداتێ کە خودا لە ئاسمانەوە داویە بە شوو محەمەد ئەوەی گوت، بەڵام هیچ بوارێکی بۆ ئەوە نەهێشتەوە بۆ ڕۆیشتن بۆ لای زەینەب و مژدەی پێ ببەخشێت، بە خۆی هەڵسا و ڕۆیشت بۆ لای. حەلەبی دەڵێت: پێغەمبەر هات بۆ لای و بە بێ مۆڵەت چوە ژوورەوە، گوتی: کە هاتە ژوورەوە من سەرپۆشم بە سەردا نەبوو، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، بێ خوازبێنی و بێ شایەت! گوتی: خودا هاوسەرگیرییەکەی .کردوە و جبریل شایەتە
بێگومان محەمەد لەو کاتەدا کە دانیشتبوو قسەی لەگەڵ عایشەدا دەکرد، لە ناخی خۆیدا سەرقاڵی کەیسەکەی زەینەب و هاوسەرگیری بوە، گیان و بیری لە لای زەوق و پەیوەستبووندا بوە، لەگەڵ ئەم کەیسەدا، لە بارودۆخەکەدا حاڵەتە عەسەبیە زانراوەکەی بۆ هاتوە، لەو حاڵەتەدا خەونێکی بینیوە پێی دەڵێت: خودا هاوسەرگیریی لەگەڵ زەینەبدا بۆ کردیت، ئەمە جگە لە قسەی خۆی هیچ قسەی خەونبینینەکەی نەبوە، بەڵام وای لا وێنا بوە لە دیدی خۆیەوە، کە ئەوە لە جبریلەوە پێی دەڵێن، دەزانێت لە یەکەم جاردا خەونبینینەکەی بە جبریلەوە ناو نەبرد. ئەمە شێوازێکە لە وەحی لە سەرووی ئەوانەی کە لە وێنەکانی وەحی دا باسمان .کرد
محەمەد لە سەر کەیسەکەی خۆی و زەید و زەینەب قورئانی دابەزاند کە حەقیقەتی تێدا دەرخست، باسی ئەوە دەکات و ئەوە دەردەخات و هیچی ناشارێتەوە، لەوەدا ترسی لە قسەلۆکی خەڵکەکەی بوە لە یەهوود و دوو فاقیەکان کە بڵێن، تەماشا بکەن محەمەد هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنی کوڕەکەی (واتە بووکەکەی) خۆیدا کرد، لەبەر ئەوەی زەید پێیان دەگوت زەید کوڕی محەمەد، بەڵام قسەی خەڵك بە ئایەتەکان پوچەڵ کردەوە وەك پێشتر باس کرا: (وما كان محمد أبا أحد من ڕجالكم)، {ادْعُوهُمْ لِىٓبَائِهِمْ} [الاحزاب: 5] پێشتر واتاکەی نوسراوە. بەڵام ئەو ئایەتانەی کە حەقیقەتی لە سەر خۆی دەرخستوە، دەڵێت: {وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِى أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ} [الاحزاب: 37]، واتە: ئەوسا خودا چاکەی لەگەڵ کردویت، تۆش چاکەت لەگەڵ کردووە. ئەویش زەیدی کوڕی حارسەیە کە خودا نیعمەتی پێ داوە و خستوویەتە ڕێگەی چاکە بە ئیسلامبوونی و پێغەمبەر بە ئازادکردنی چاکەی بۆ کردوە، {أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ} [الاحزاب: 37] واتە: ژنەکەت زەینەب کچی جەحش لە خۆت بگرە، (واتق الله) و لێی جیامەبەوە و خودا بناسە، {وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ} [الاحزاب: 37] واتە تۆ خۆشەویستیی زەینەب لە گیانی خۆتدا دەشاریتەوە کە حەز دەکەیت زەید لێی جیا بێتەوە و تۆ هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکەیت، خودا ئەمەی دەست پێ کردوە، کە ئەوە دەردەخات و هاوسەرگیریت لەگەڵ زەینەب دا بۆ دەکات، {وَتَخْشَى النَّاسَ} [الاحزاب: 37] سڵ لە خەڵك دەکەیتەوە کە بڵێن محەمەد ژنی کوڕەکەی هێناوە، {وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ} [الاحزاب: 37] خودا لەسەر حەقە و دەبێت سڵی لێی بکەیتەوە. زەید کوڕی تۆ نییە بەڵکوو زرکوڕ و بەردەستەی تۆیە، {فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا} [الاحزاب: 37] (واتاکەی پێشتر باسکرا)، واتە کە زەید پێویستی و ئارەزووی خۆی لێی بە دەست هێناوە، ئەگەر پیاوێك پێویستی خۆی بە دەست بهێنێت، دەڵێن بە ئارەزوو و پێویستیی خۆی گەیشتوە، (واتە، کە زەید هیچ پێویستییەکی پێ نەما و لێی جیا بووەوە {زَوَّجْنَاكَهَا لِكَىْ لَا يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِى أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا} [الاحزاب: 37] پێشتر واتاکەی نوسرا.
واتە: ئەوەی کە خودا چاکەی لەگەڵ کرد و تۆیش چاکەت لەگەڵ کردوە، تۆ پێت دەگوت: دەست لە ژنی خۆت بەر مەدە و دەبێت لە خودا بترسی. شتێکیشت لە دڵی خۆتدا شاردۆتەوە، کە خودا هەر ئاشکرای دەکات. هەر لە خەڵکیش دەترسای، کەچی خودا شیاوتر بوو لێی بترسی. جا کاتێ زەید لە هاوجووتەکەی خۆی بە ئارەزوو گەییشت، ئەومان کردە هاوجووتی تۆ، هەتا خاوەن باوەڕەکان لە خواستنی ژنی زرکوڕانی خۆیان ـ لە دوای تەڵاقدانیان- لۆمە نەکرێن، هەر فەرمانێ خوا ببدا، دەبێت پێك بێ و جێبەجێ بکرێت. بۆ پێغەمبەر قەیدی نییە کارێك بکا کە

خودا بۆی بڕیاری دابێت. ڕەفتاری خودا لەگەڵ پێغەمبەرانی ڕابردوویشدا هەروا بوە. خوا بە هەرچی فەرمان بدا ــبێ زیادوکەمــ دەبێ بکرێ. ئەو کەسانەی هەر فەرمانەکانی خودا دەگەیەنن و لەو دەترسن، جگە لە خودایش لە هیچ کەسی تر ناترسێت. خودا حسێبکەر بێ، بەسە. محەمەد باوکی هیچ پیاوێك لە پیاوانی ئیوە نییە. بەڵام ڕاسپاردەی خودایە و ئاخری پێغەمبەرانە و خودا هەموو شت دەزانێت. ئەی گەلی خاوەن باوەڕان: فرە یادی خوا بکەن (و لە یادی ئەو ڕانەوەستن). هەموو بەیانی و ئێواران لە پاکی و بێعەیبیی خودادا تاریفی بکەن. ئەو کەسێکە درووود بۆ ئێوە دەنێرێت، هەروەهایش فریشتەکان، تا لە تاریکی دەرتان بهێنێ و بەرەو ڕووناکیتان بەرێ، خودا بۆ خاوەن باوەڕان دلۆڤانە. ئەوێ ڕۆژێ کە دێنە بەر بارەگای ئەو و، سڵاو و بەخێریان دەهێنێ و پاداشتێکی پڕ بایەخی بۆ داناون. ئەی پێغەمبەر! ئێمە بۆیە ناردوومانی، شایەت و مزگێنیدەر و ترسێنەر بی. بە ئیزنی ئەو، خەڵك بۆ خوداپەرستی ڕازی بکەی و چرایەکی تیشکدەر بی. بەوانەی خاوەنباوەڕن مژدەیش بدە، کە لە لای خواوە بە چاکەی زۆر گەورە دەخوێنرێتەوە. ئەوەی خودانەناسان و دووڕازەکان گەرەکیانە بیکەی، مەیکە! گوێ بە ئازاریشیان مەدە. هەر خۆت بە خودا بسپێرە و خودا بریکار بێ بەسە. ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! ئەگەر ژنی باوەڕدارتان مارە کرد و بەرلەوەی لەگەڵیان بنوون، تەڵاقتان دان، نابێ تا ماوەیەکی دیاریکراو قەتیسیان بکەن، بەشەکەی خۆیان بدەنێ و بە ڕووخۆشی ئازادیان بکەن. ئەی پێغەمبەر! ئێمە ئەو ژنانەمان بۆ ڕەوا دیوی، کە مارەیت پێ گەیاندوون، ئەوانەیش کە لە تەڵاقدانی دەسکەوتوون و خودا کردنییە پشکی تۆ، هەروەها کچە مامەکان و کچە پورەکانت و کچە خاڵەکانت و کچەکانی خوشکی خاڵەکانت، لەگەڵ تۆ ئاوارە بوون، بۆ تۆ دەشێن. هەر ژنێکی باوەڕداریش ــبەو مەرجەی خۆی ببەخشێ بە پێغەمبەر و پێغەمبەریش گەرەکیبێ مارەی بکات- ئەمەیش هەر تایبەت بە تۆیە، نەك بۆ باوەڕدارانی تر. ئێمە خۆمان زانیومانە کە دەربارەی ئەو ژنانەی بەوان ڕەوان و ئەوانەی دەبنە کەنیزەکیان، چۆن بڕیارێکمان داوە، تا هیچ گیروگرفتێك بۆ تۆ ڕوو نەدا، خودا لە گوناح دەبووری و دلۆڤانە. تۆ سەرجێیی هەر کامیان وەدوا بخەی و کامیان بانگ بکەیت بۆ لای خۆت، کەیفی خۆتە. ژنی تەخسیرلێکراویشت ئاشت بکەیەوە، گوناهێکت نایەتە سەر. ئەم کارە باشتر دەبێتە هۆی ئەوەی کە دڵخۆش بن و خەم نەخۆن و هەموویان ڕازی بن بەوەی کە پێت داون، خودا دەزانێ ئێوە چیتان بە دڵدا دێ. خودا دانا و لە سەرخۆیە. دوای ئەمانە -کە خودا پێی ڕەوا دیوی- ژنانی ترت پێ ناشێت، بۆشت نییە ئەو ژنانەی بە ژنی تر بگۆڕیتەوە، با ناز و جوانییەکەیشیان دڵی تۆی بۆ خۆی ڕاکێشابێ، مەگەر ئەوانەی لە تاڵانیدا بەر تۆ کەوتبن. خودا بە سەر هەموو شتێکدا چاودێرە. ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! لە ماڵەکانی پێغەمبەر مەچنە ژوورێ، مەگەر بۆ ژەمێکی خواردن بانگ کرابن، ئەگەر چوویشن، نابێ وەختێکی وا بچن کە ئەو ژەمە خۆراکە ئامادە نەبوە. هەر کە ژەمە نانەکەت خوارد، بڵاوەی لێ بکەن و خۆ بە قسەوە خەریك مەکەن. ئەم کارەتان پێغەمبەر ئازار دەدا و لەبەر ئێوە شەرم دەکا. خودا لە قسەی ڕاست گوتن شەرم ناکا. هەر کاتێکیش داوای شتێك لە ژنەکانی لە ناوماڵی ئەودا دەکەن، لە پشت پەردەوە داوای بکەن، ئەم کارە لە دڵپاکی ئێوەوە و ئەوانیش نزیکترە. نابێ پێغەمبەری خودا لە ئێوەوە ئازار ببینێ، نایشبێ دوای ئەو -تا هەتایە- ژنەکانی مارە بکەن، کە ئەم کارە لە لای خودا گوناحێکی زۆر گەورەیە.

ئەم هۆکارانە زۆر ساردن بۆ ئەم مەسەلەیە، لەبەر ئەوەی مەبەست لە هەموو ئەمەدا دەرخستنی حوکمی شەرعییە لەم پرسەدا، لە جیاتیی ئەوەی جبریل ئەم هەموو ئایەتە دابەزێنێت، دەیتوانی بە قسە ئەو حوکمەی دەرخستایە، ئایەتێکی بهێنایەتەوە، بڵێت، ئەی خەڵکینە، هیچ ڕووگیرییەکتان نییە کە ژنی زڕکوڕەکانتان بخوازن، ئەگەر پێویستییەکانیان تەواو کرد و ئارەزوەکانیان لێ بەتاڵ کردەوە و لێیان جیا بوونەوە، ئەم شەرعیەت دانە کە بە کردەوە بێت بە قسەیش دەکرێت، بەڵام ئەمەی نەکردوە، خودا ژنەکەی زەیدی لێ مارە کرد بۆ ئەوەی مەردم بزانێ کە ئەوە ڕێگەپێدراوە و هیچ ڕووگیرییەکی تێدا نییە، ئەگەر ئێمەیش بە ڕاستی تێرامانێکمان تێدا کرد، دەبینین کە ڕێگەپێدانی خواستنی ژنی زڕکوڕ لەبەر ئەوە بوە کە محەمەد ژنەکەی زەید بخوازێت، قورئان بەپێچەوانەی ئەوە قسە دەکات.

(49)

دابەزینی ئایەتی حیجاب

لە کلك و پاشکۆکانی ئەم چیرۆکە، مەبەستم چیرۆکی هاوسەرگیریی محەمەد و زەینەب، دابەزینی ئایەتی حیجابە، کە خودا هاوسەرگیریی محەمەد و زەینەبی کرد، یەکسەر و بێ مۆڵەت چوە ژوورەوە بۆ لای وەك پێشتر باسمان کرد، ویستی بچێت بە لایدا، بەڵام پێش ئەوە میوانداریيەکی کرد و هەندێك لە هاوەڵانی داوەت کرد، ئەوەیش جگە لە زۆر دڵخۆشبوونی لە ڕادەبەدەری بەم هاوسەرگیرییە هیچی تر ناگەیەنێت، لە (الکشاف) دا نووسراوە: هیچ میوانداریيەکی بۆ ژنەکانی تری بەم شێوەیە نەکردوە، بەدرێژاییی ئەو ڕۆژە بەسەرپڕینی مەڕ و بە گۆشت و نانی داوە بە خەڵك، واتە نان و گۆشت باشترین و گرانترین خۆراکی ئەو کاتە بوە.

لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: داوەتێکی میوانداری لە سەرپڕینی مەڕ و خۆراك دروستکردنی وای کرد کە بۆ هیچ ژنێکی تری نەکردبوو، خەڵك کە لە داوەتەکە تەواو بوون و چوونەوە، لە ماڵی خۆیاندا باسی ئەو چێشتەیان دەکرد، ئەمەیش کاریگەریی هەبوو لە سەر پێغەمبەری خودا، لە بوخارییەوە گوتراوە: پێغەمبەر دەرچوو بۆ دەرەوە و دەگەڕایەوە، ئەوان هەر دانیشتبوون قسەیان دەکرد، دیسان لە بوخارییەوە: پێغەمبەر دەرچوو ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی عایشە و گوتی: سڵاوتان لێ بێت ئەوەی لە ماڵن بە ڕەحمەتی خوا و بەخشندەییەوە، گوتی: سڵاوی خودای گەورە و بەخشندەت لێ بێت، خێزانەکەت چۆن بینیی خودا لێت زیاد بکات، ئینجا چوە ژووری سەرجەم ژنەکانی و سڵاوی لێ کردن، وەك چۆن سڵاوی لە عایشە کرد و ئەوانیش بە هەمان شێوە وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە، ئینجا کە پێغەمبەر گەڕایەوە جارێك هەر مەردوومەکە (خەڵکەکە) واتە میوانەکان لە شوێنی خۆیان مابوونەوە و قسەیان دەکرد، ئەنەس دەڵێت: پێغەمبەر زۆر شەرمی دەکرد، دەرچوو بانگی زەینەبی کرد بۆ ژوورەکەی عایشە، تا هەواڵی ئەوەی پێگەییشت مەردوومەکە ڕۆیشتوونەتەوە، لە کاتیکدا قاچی خستە ناو دەرگاکە و قاچێکی لە .دەرەوە بوو، پەردەکەی هێنایە خوارەوە و ئایەتی حیجاب دابەزی

ئایەتی حیجاب ئەمەیە: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا لا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ فَيَسْتَحْيِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ} [الاحزاب: 53].واتاکەی پێشتر نوسراوە. ڕاستە بەوانەی لە پاش میوانداریيەکە لە ماڵی محەمەد دا بۆ قسەوباس مانەوە ئێسك قورس بوون، زەمەخشەری لە (کشاف) بەم سیفەتە ناوی بردوون، ئێسك قورسیش جگە لە گەلحۆ هیچی تر نییە، ئەگەر ژیر بێت ئێسك قورس نابێت. چۆن ڕەزایان تاڵ نەبێت کە ئەوان دەزانن بۆ ئاهەنگی شایی هاتوون و پێغەمبەری خودا زاوایە و ئەوان لە شوێنی خەوتنەکەی ئەو دانیشتوون و خەریکی قسەوباسن، مانەوەیان پاش نانخواردن و قسەکردنیان جگە لە ڕەزاتاڵی و گێلی هیچی تر نییە، ئینجا لەوە تێگەییشتن کە پێغەمبەری خودا لە ماڵەکەی خۆی بە جێی هێشتن و دوو جار دەرچوە دەرەوە، ئەمە بە ڕاشکاوی نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان دەربچن تا لەگەڵ بوکێدا زەماوەند بکات، بەڵام لە جاری سێیەم نەبێت تێ نەگەییشتن، کە دەرچوو زەینەبی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ ماڵی عایشە، خۆزگە بمزانیایە چی ڕووی دەدا ئەگەر هەواڵەکەی پێ نەگەییشتبا، واتە هەواڵی ڕۆیشتنەوەی میوانەکان. ئایا لە ماڵی عایشە دەچوو بە لای زەینەبدا یان چی؟ لە سەر ئەو ئیسکقورسانە ئەوە بوو لە پاش دەرچوونی پێغەمبەرە لەو ماڵە، زەینەب بە تەنها جێ بهێڵن و لەوێ دەربچن، بەڵام دەرنەچوون و لای زەینەب مانەوە و خەریکی قسەکردن بوون، لە کاتێکدا پێغەمبەر لەوێدا نەبوو، پێغەمبەر ویستی ئازاریان بدات، بەم ئایەتە ڕێگەی لێ گرتن کە لەگەڵ ژنەکانیدا دابنیشن کە ئەو ئامادە نەبێت، ئەگەر هەر کەسێکیان بێت و داوای شتێك بکات و پێغەمبەر لە ماڵ نەبێت، لە پشت پەردەوە نەبێت قسەی لەگەڵدا نەکەن. ڕێگرتن لە چوونە نێو ماڵی پێغەمبەر و لەوێ دانیشتن و داوای پێویستییەکانیان لە .ژنەکانی بکەن، بە ڕووبەڕوو بە بێ پەردە، ئەمە وای کرد ئەو ئایەتە دابەزێت

ئەم کارە هەمووی بەستراوەتەوە بەو کاتەی پێغەمبەر لەوێ نەبێت بە بەڵگەی قسەی خودا: (إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ)واتە: تاوەکو مۆڵەتتان دەدات، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر مۆڵەتیان دەدات و ئەمەیش بە بێ ئامادەبوونی ناکرێت، بەڵگەیش: (وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا...) واتە: ئەگەر مۆڵەتیان دان بچنە ژوورەوە. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر داوەتیان دەکات و، داوەتی ئەو لەو کاتەدا دەبێت کە لە ماڵ ئامادە بێت. بە تەماشاکردنی ئەمە، واتای حیجاب، ڕێگرییە لە تێکەڵبوونی ژنان لەگەڵ پیاواندا، جگە لەوانەی مەحرەم نین و لەو کاتانەی کە مەحرەمیان لەگەڵدا نەبێت، وەك مێرد و باوك و برا. کە مەحرەمی لەگەڵدا بوو، دەشێت لەگەڵ پیاوی نامەحرەم دابنیشێت و

.بیانبینێت و ببینن و ڕووبەڕوو لەگەڵدا یەکدا قسە بکەن
بەڵام لەو باوەڕەدام بە باوەڕێکی یەکلاکەرەوە، کە حوکمی حیجاب لەم ئایەتە تایبەتە بۆ ژنەکانی پێغەمبەر و، بۆ یەکێکی تر لە ژنانی موسوڵمانان نەهاتوە، بەو بەڵگەی کە ماڵی پێغەمبەر بە تایبەتی باسی کردوە، ئینجا بەڵگەی هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە تایبەت بوە بە ژنەکانی پێغەمبەر و، دانیشتنی ئەو ڕەزاتاڵ و ئێسکقورسانە لە ماڵەکەی زەینەب لە شەوی بووکێنیدا. بەڵام قسەکردنیان لە سەر پەندوەرگرتنی لە قسەکە بەگشتی نەك بە تایبەتی هۆکارەکەی، قسەیەکی پووچە، لەگەڵ ئەوەیشدا، لێرەدا ناڕوات، لەبەر ئەوەی کە هۆکارەکە تایبەتە، قسەکەیش دیسان تایبەتە، (واتە بۆ ژنەکانی پێغەمبەر بە تەنها ـوـ) لەو ئایەتە دەڵێت: (بیوت النبی) واتە ماڵەکانی پێغەمبەر و، ماڵی پێغەمبەر ئەوە ناگەیەنێت کە ماڵی غەیرە پێغەمبەر لە موسوڵمانان بگرێتەوە، ئینجا ئایەتەکە بە پێی حوکم دابەزی، واتە ئەو حاڵەتە وای کرد کە ئەم ئایەتە دابەزێت و ئەمەیان پێ بڵێت، ئینجا دوای ئەوە بە ئایەتی: (وازواجه وامهاتهم) نەسخ کرا، ژنەکانی پێغەمبەر بە پێی دەقی ئەم ئایەتە لە موسوڵمانان حەرام کران وەك چۆن دایکیان لێیان حەرامە، بۆیە حیجاب نەسخ کرا، حیجابی دایکان لە کوڕەکانیان هیچ واتایەکی نییە نە بە عەقڵ و نە لە شەرعدا و نە لە دابونەریتیشدا، پێشتر قسەی وەك ئەمەمان لە بارەی ئەم بابەتەوە کرد بیهێنەوە یادی خۆت.
با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی خۆمان تێیداین لە فەرموودەی زەینەب: نازانم کە پێشتر زەید هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد عازەب بوو یان بێوەژن، ئەوان هیچ شتێکیان لەم بارەوە نەدرکاندوە، باسیان لەوە کردوە، پاش ئەوەی زەید لێی جیا بوەوە و، پێغەمبەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد ژنێکی سی و پێنج ساڵان بوە، وا دیارە لای زەید زۆر نەماوەتەوە، لەبەر ئەوەی کە زەید خوازبێنیی کرد لەم تەمەنە بوو یان نزیك بوو لەم تەمەنەوە، دوورە بگات بەم تەمەنە و شووی نەکردبێت، هیچم لە بەر دەستدا نییە بۆ زانینی ئەمە، بۆ نووسەرانی تر بە جێی دەهێڵم ئەگەر ویستیان با گرینگی بەم بابەتە بدەن. گوتیان: زەینەب خۆی با دەدات بە سەر ژنەکانی پێغەمبەردا و شانازی بەوەوە دەکات کە خودا لە سەرووی حەوت چینی ئاسمانەوە مارەی لە پێغەمبەر کردوە. پاش پێغەمبەر چەند ساڵێك ژیا و یەکەم ژنی بوو پاش مردنی پێغەمبەر مرد و گەیيشت پێی دا، ٥٨٤ لە ساڵی بیستی کۆچیدا لە مەدینە لە تەمەنی پەنجاوسێ ساڵیدا مرد. بەڵام مێژووی هاوسەرگیریی لەگەڵ پێغەمبەردا، وەك حەلەبی لە سیرەتەکەی دەڵێت: لە شەوی چواردەی مانگی زولقیعدەی ساڵی چوارەم بوە بە ڕاستی.

مەسەلەیەك

لەوانەیە بە بیرماندا بێت کە محەمەد هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی لەوەدا نییە، کە لە قورئاندا هەڵەیەکی خۆی بۆ خەڵك دەربخات و، ئەو شتانەی لە سنگیدا پەنگی خواردبێتەوە بۆ خەڵکی دەرخات، لەوانەیە ئەمەیش کەموکوڕی بێت بۆ پێگەی بەرزی خۆی، وەك لەم ئایەتەدا هاتوە کە خودا گلەییی لێ کردوە کە بە ڕەفتاری ڕووکەشییانەی ناکۆکە لەگەڵ ناوەخن و ناوپۆشی خۆیدا، پێی گوتوە: {وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ} [الأحزاب: 37] واتاکەی پێشتر نوسرا. چۆن ئەم وەحیە دادەبەزێنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندیی کەسیی خۆیدا یەك ناگرێتەوە؟
وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر تێڕامانێك لە ژمارەیەك ئایەتی لەم جۆرە ئایەتانە بکەین، دەبینین هەموویان لە ژێر یەك جۆرە مەبەستدا کۆ دەبنەوە، کە محەمەد مەبەستی بوە بە ئەنقەست دەری خات، ئەویش وا لە مەردووم بکات باوەڕی پێ بکەن و بە ڕاستی بزانن کە وەحی قورئان لە خوداوە بۆی دەهێنێت و لە خۆیەوە نییە، ئەگەر لە خۆیەوە بێت ئاپڕووی خۆی بەوە نابات کە بە زەید بڵێت: {أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ} [الأحزاب: 37] واتە دەست بە ژنەکەتەوە بگرە، بەڵام لە ناخی خۆیدا حەزی کردوە لێی جیا بێتەوە، لە عایشەوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خودا بویستایە شتێکی لەوەی کە بە وەحی بۆ دێت بیشارێتەوە، ئەم ئایەتەی دەشاردەوە، وەك لە (الکشاف)دا هاتوە. تەنانەت هەڵێکی وای بۆ هەڵکەوت کە لە بەرچاوی گرت، بۆ ئەوەی وا لە خەڵکەکە بکات باوەڕی پێ بکەن و بە ڕاستگۆی لە قەڵەم بدەن، بۆ نموونە تەماشای کەیسی دیلەکان لە بەدردا بکە، دەیزانی کە بەرژەوەندیی گشتی لەوێدایە و وا حوکم دەکات بیانکوژێت، کە سەعد کوڕی مەعاز گوتی، ئەمە لە کاتێکدا بوو خەڵکەکە بینیپیان کە دیلیان دەکەن و نایانکوژن. لە سەر گوزشتەی حەلەبیدا: کاتێك قەومەکە دەستیان هەڵبڕی و بە دیل گیران، پێغەمبەری خودا تەماشای سەعدی کرد، لە دەموچاویدا ڕقوکینەی

لەو خەڵکە بینیی کە وا دەکەن. پێغەمبەری خودا پێی گوت: لەوە دەچێت ئەی سەعد ڕقت لەو کارەیە کە مەردوومەکە دەیکەن؟ گوتی: بەڵێ، بە خودا ئەی پێغەمبەری خودا، یەکەم شەڕ دژ بەو بێباوەڕانە کە خودا شکستی پێ هێنان، قەڵاچۆکردنیان و زۆرکوشتنان لە مانەوەیانم لا .باشتر بوو
بەڵام لە بیری خۆیدا حەزی لەوە بوو کە سەرانە لەوانە وەربگرێت و بەرەڵایان بکات، بەتایبەتی بە کوشتنی دوژمنە سەرسەختەکانی لەوان دڵی ئاوی خواردەوە، لەوانەیش ئەبووجەهل، ئومەیەی کوڕی خەلەف و نەزری کوڕی حارسە و عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیت و خەڵکی تریش، چی بکات و چی دروست بکات؟ ئایا بیانکوژێت و حەز ناکات هەندێکیان بکوژێت، یان بەرەڵایان بکات بە وەرگرتنی سەرانە و، بەرژەوەندیی گشتی وا حوکم دەکات کە بیانکوژێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەرەڵایان بکات دووبارە بۆ شەڕکردنی دەگەڕێنەوە، بەتایبەتی پیاوی لێ .کوشتوون خوێنی لێ ڕشتوون
لە کاتێکدا کە محەمەد توندوتۆڵ و بەزەبر بوو، تا ڕاوێژی بە هاوەڵانی نەکرد فەرمانی بەرەڵاکردنیانی دەرنەکرد، ڕاوێژی پێ کردن، بەڵام وای بۆ دەرخستن بە ئاماژە کردن کە ئەو حەز دەکات بە وەرگرتنی سەرانە بەرەڵایان بکات. حەلەبی لە سەر گوزەشتەیەکدا لە ئیمامی ئەحمەد وەری گرتوە دەڵێت: پێغەمبەر دەربارەی دیلەکانی ڕۆژی بەدر ڕاوێژی بە خەڵکەکە کرد، گوتی: خودا سەری خستین بە سەریاندا، عومەر هەڵسا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە ملیان بدە، پێغەمبەر ڕازی نەبوو، ئینجا هات و گوتی: ئەی خەڵکینە خودا ئێوەی سەر خست بە سەریاندا، بەڵام ئەوان تا دوێنێ براتان بوون، عومەر هەڵسا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە ملیان بدە، پێغەمبەر ڕازی نەبوو، ئینجا گەڕایەوە و بە هەمان شێوە ئەوەی بە خەڵکەکە گوتەوە، ئەبووبەکر هەڵسا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من وای دەبینم کە سەرانەیان لێ وەربگریت و لێیان ببوریت، گوتی: ئەو خەفەت و شڵەژانی و ڕووگرژییەی لە دەموچاوی پێغەمبەردا بوو نەما، لێی بوورین و سەرانەی لێ قبوڵ کردن. بۆ بەیانییەکەی لە شەوەکییەوە، عومەر ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەر، بینیی کە خۆی و ئەبووبەکر دەگرین، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چی وای لێ کردوون بگرین؟ لە قسەیەکدا: چی خۆت و هاوەڵەکەت دەگرێنێت ؟ ئەگەر منیش بینیم پێویستی بە گریان هەیە دەگریم، ئەگەر نا بە گریانەکەتان دەگریم، پێغەمبەری خودا گوتی: خەریك بوو ببێت بە ناکۆکیمان لەگەڵ کوڕی خەتابدا و تووشی ئازارێکی گەورە بین، ئەگەر ئەو ئازارە دابەزیبا هیچ کەسێك لێی قوتار نەبوو جگە لە کوڕی خەتاب. خودا ئەمەی دابەزاند: {مَا كَانَ لِنَبيّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ. لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ} [الانفال: 67، 68]. واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نەبووە دیلی هەبێت و زۆریان کوشتووە، مەگەر وەختێك لەسەر زەوی بە تەواوی بوبێتە خاوەن دەسەڵات. دەتانەوێت ماڵی دونیاتان دەستکەوێت و خوداش پاشەرۆژی دەوێت و خوداش دەسەڵاتدار و کارزانە. ئەگەر خودا ئەم ڕووداوەی پێشووتری نەنوسیبا کە لەدەستی ئێوە کەوتەوە ئەوا ئازاری زۆری توش دەبوو. واتای (اثخان) زۆری کوشتن، ئا ئەمەیە لە سەرەتای ئیسلام دەویسترا، لەو ڕۆژەی کە ئیسلام لاواز بوو و، موسوڵمانان کەم بوون، کاتێك ئیسلام گەشەی کرد و بەهێز بوو و موسوڵمانان زۆر بوون، ئەم حوکمە گۆڕا و ئەم ئایەتە دابەزی: {فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً} [محمد: 4].واتە: یان لە ملیان دەدەن یان ونجرونجریان دەکەن لە پاش شەتەککردنیان. بە وەرگرتنی سەرانە لە لایەن محەمەد و ئازادکردنی دیلەکانی بەدر، ئینجا بە دابەزاندنی ئەم ئایەتەی کە هەڵەکردنی لە ئازادکردنی دیلەکان دەردەخات، لە پێناو گەیيشتنە بە سێ ئامانج هەمووی بۆ ئەو ویستراوە و داوا کراوە، یەکەم: ئامانجی لە بەرەڵاکردنی دیلەکان، کەسوکاری و خزمەکانی ڕزگار دەبن، بە تایبەتی عەباس کە محەمەد دەیزانی کە موسوڵمانە و دەیشارێتەوە، وەك چۆن پێشتر چەندین جار باسمان کردوە. دووەم: دەرخستنی ئەو هەڵەیەی کردی لە ئازادکردنی دیلەکان و باسکردنی ڕاستییەکە کە بەرژەوەندیی گشتی حوکمی دەکات، ئەویش کوشتنی دیلەکانە. سێیەم: (بەتایبەتی ئەمە مەبەستی بوە لە دابەزاندنی ئایەتەکە) وا لە موسوڵمانان بکات کە باوەڕدار بن یان باوەڕیان بەهێزتر بکەن و مکوڕ بن لە سەری، ئەوەیە کە ئەم وەحی و هێنانی قورئانە لە خوداوەیە، لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەی ئەوە دابەزیوە کە محەمەد ویستویەتی و بۆ مەردوومە کە دەری بخات کە .لە ئازادکردنی دیلەکان هەڵە بوە
لەوانەیە مەبەستی دڵدانەوەی عومەریش بێت لە ڕەتکردنەوەی بۆچوونی ئەو و ڕازیبوون بە )

بۆچوونی ئەبووبەکر ــﻪ). ئەگەر بڵێیت چۆن دەبێت ئەمەی سێیەم بە تایبەتی یەکەمین مەبەستی بووبێت وەك گوتم؟ دەڵێم: محەمەد بەو قسەیەی کرد کە ئەبووبەکر ڕاوێژی بۆ کرد، سەرانەی وەرگرت و دیلەکانی ئازاد کرد، ئەگەر بێدەنگ بووبێت و ئایەتەکەی دانەبەزاندبێت کارەکە کرا و تەواو بوو، کەس ناڕازی نەبوو و کەسیش پرسیاری نەکرد. بەڵام بێدەنگ نەبوو، لەبەر ئەوەی بینیی هەلەکە لە بارە و بە کاری دەهێنێت بۆ ئەوەی وا لە خەڵکەکە بکات باوەڕی پێ بکەن و باوەڕیان بە هێز بکەن، بۆیە ئایەتەکەی دابەزاند، کە لە قازانجێکی تری بینی کە ئەویش، نیشاندانی لایەنی ڕاستییە کە بەرژەوەندیی گشتی حوکمی کردوە ئەو کارە بکات.
لەم بارەی پێشوویشدا، ئەوەی لە غەزوەی تەبوك ڕووی دا، کە هەندێك کەس هاتن بۆ لای پێغەمبەر کە سیونۆ پیاو بوون، وەك لە (الکشاف)دا باسی دەکات
داوای لێبوردنیان کرد بە دواکەوتنیان و بە بەهانەی ناڕاست و، لێیشی بورین سەرەڕای ئەوەی زانیی کە ڕاستگۆ نین بەو هۆکارانەی باسیان کرد، ئینجا قورئانی دابەزاند و هەڵەی خۆی دەرخست کە لێی بورین {عَفَا اللَّهُ عَنْكَ لِمَ أَذِنْتَ لَهُمْ} [التوبە 43: واتە: خوا بەخشی لەسەر ئەوەی مۆڵەتی دان. واتە بۆچی مۆڵەتت دان لە دانیشتن و دوا کەوتن لە غەزوەکە، کە داوای لێبوردنیان کرد و باسی هۆکار و بەهانەکانیان کرد، دەبوایە لە سەرخۆ بوویتایە لە مۆڵەتدانیان {حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَتَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ} [التوبە 43:واتە: تاوەکو ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە کامەیان راستیان وت و درۆزنەکانیش دەناسیت. واتە:زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: محەمەد دوو شتی کردوە کە فەرمانی پێ نەکراوە، مۆڵەتی دا بە دووفاقییەکان و سەرانەوەرگرتنی لە دیلەکان، بۆیە خودای باڵا گلەییی لێ کرد.
دیسان لەو بارەوە نوێژکردنی لە سەر عەبدوڵلای کوڕی ئەبی لە کاتی مردنیدا، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێك عەبدوڵلای کوڕی ئەبی مرد کوڕەکەی پێی باش بوو، پێغەمبەر نوێژی لە سەر بکات، پێی گوت: پێم باشە بێیتە سەر گۆڕەکەی بۆ ئەوەی دوژمنان پێی خۆش نەبن، پێغەمبەری خودا ویستی هەڵبسێت بۆ ئەوەی نوێژ بکات لە سەری، عومەر هەستا و چمکێك لە کراسەکەی پێغەمبەری خودای گرت و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، نوێژی لە سەر دەکەیت و پەروەردگارەکەت نەهیی کردوە کە نوێژی لە سەر بکەیت؟ لە گێڕانەوەیەکدا: ئایا نوێژ لە سەر ئیبن ئەبی دەکەیت کە لە ڕۆژی ئەوەدا ئەوە و ئەوەی گوت، قسەکانی دووبارە کردەوە، پێغەمبەری خودا زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و گوتی: ترساندتم ئەی عومەر، کاتێك دووبارەم کردەوە لە سەر، گوتی: من ڕێگەم پێ دراوە، لە قسەیەکدا: کە ڕێگەیان پێ داوم. گوتی {اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لَا تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِنْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَنْ يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ} [التوبە: 80]، واتە: لێخۆشبونیان بۆ داوابکەی یان نەکەیت بێ بەهرەیە ئەگەر تۆ داوای بەخشینیان بۆ بکەیت خودا هەرگیز لییان خۆش نابێت. واتە: لە حەفتا زیاتریش بیانبورم خوا نایانبورێت، لە گێرانەوەیەکدا، ئەگەر بزانم لە حەفتا جار زیاتر بکەم لێم دەبورێت، لەوە زیاتر دەکەم. پێغەمبەری خودا نوێژی لە سەر کرد، خودا ئەوەی دابەزاند کە لەگەڵ قسەکانی عومەردا یەکی دەگرت: {وَلَا تُصَلِّ عَلَى أَحَدٍ مِنْهُمْ مَاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَى قَبْرِهِ إِنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَاتُوا وَهُمْ فَاسِقُونَ} [التوبە: 84]. واتە: هەر کەسێکیشیان لێ بمرێت نابێت نوێژی لەسەر بکەیت و لەسەر گۆڕیان رامەوەستە. ئەوان لە خوا و پێغەمبەر حاشایان کردووە و بە لادەری مردوون.
بێگومان محەمەد دەیزانی کە عەبدوڵلای کوڕی ئەبی گەورەی دووڕووەکان و سەرکردەیان بوو، بەڵام کە بینیی بەرژەوەندیی گشتی وا حوکمی کردوە نوێژی لە سەر بکات، ئەویش نوێژی لە سەر کرد، ئینجا کراسەکەی خۆی بۆ نارد کە کفنی پێ بکەن، لەبەر ئەوەی کوڕەکەی داوای ئەوەی لێ کرد، وەك لە گێڕانەوەیەکدا: بە پێغەمبەری خودای گوتوە، تکات لێ دەکەم کە بە یەکێك لە کراسەکانت کفنی بکەیت و بچیتە سەر گۆڕەکەی بۆ ئەوەی دوژمنان پێخۆشبوونی خۆیان ڕانەگەیەنن. پێغەمبەر لەبەر ئەوە نوێژی لە سەر کرد و کراسەکەی بەخشی بۆ کفنکردنی، بۆ ئەوەی خاتری کوڕەکەی بگرێت و دڵی بداتەوە، کە باوەڕدار بوە و دووڕوو نەبوە، دوەم: بۆ ئەوەی مەردوومەکەی لەگەڵ یەکدا تەبا بن و لە ئیسلام لانەدەن و پەشیمان نەبنەوە، دەڵێن پێی گوتراوە: بۆچی کراسەکەت بۆ نارد کە بێ باوەڕە؟ گوتی: کراسەکەم هیچی بۆ ناکات لە لای خودا و، من ئاواتەخوازم لە خودا کە زۆرێك بهێنە ناو ئیسلامەوە بەم هۆیەوە، دەڵێن: هەزار کەس لە خەزرەج بەو هۆیەوە بوون بە موسوڵمان وەك لە (الکشاف)دا هاتوە.
محەمەد کە نوێژی کرد لە سەر عەلی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی گشتی وا حوکمی کرد، بەڵام پاش جێبەجێکردنی ئەوەی بەرژەوەندیی گشتی فەرزی کرد،

قورئانی دابەزاند کە نەهیی لێ کردوە ئەوەی کردوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی حەقیقەت وا فەرز دەکات کە لەگەڵ بێباوەڕ و دووڕوەکان توند بێت و هیچ ئاسانکارییان لەگەڵدا نەکات بەو ڕادەیە، ئەو بەوەی ئەو ئایەتەی دابەزاند وای لە خەڵکەکە کرد کە باوەڕداریان بەهێز بکەن بەوەی قورئان وەحی خودایە و لە لای ئەو نییە (لەبەر ئەوەی وای دابنێت کە قورئان بە پێچەوانەی ویست و کردەوەی ئەو دابەزیوە و لای خوداوەیە -.(

ئەگەر بڵێیت: ئایا محەمەد ڕاست ناکات کە وای دانا قورئان وەحییە لە خوداوە دادەبەزێت و قسەی خودایە و قسەی خۆی نییە؟ دەڵێم: بەڵێ، بەڵام ڕاستگۆیی لە درککردن بە (یەکێتیی بوون) ڕوون و ئاشکرا دەبێت، کە لە دەرەوەی درکپێکردنی خەڵکە گشتییەکەیە، کە قسەکەمان ئەوە دەردەبڕێت: (هیچ بوونێك نییە جگە لە خودا) کە لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە بە ئایەتی {هُوَ الْأَوَّلُ وَالْىٓخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ} [الحدید: 3]، واتە: ئەو پێشوو و کۆتاییشە و لەبەرچاو و نادیارە و لە هەموو شت ئاگادارە. پێشتر باسمان لەوە کرد کە محەمەد بەهرەمەند بوە و توانیویەتی کە بوونی خۆی وەك بەشێك دەربچێت و لەگەڵ بوونی گشتی ڕەهای ناکۆتا تێکەڵ بێت و یەك بگرێت و پەرشوبڵاو بێت تێیدا و خۆی لە بیر بکات، کە وا بێت لەم حاڵەتەدا قسەکانی قسەی خودان و کردەوەکانی کردەوەی خودان، کە بەر لە بێباوەڕەکان دەگرێت لە ڕۆژی بەدردا، ئینجا دەڵێت: خودا تێیان دەگرێت، دەستی دەخاتە سەر دەستی ئەوانەی بەیعەتی پێ دەدەن لە حودەیبییە، دەڵێت: ئەو دەستەی لە سەر دەستیانە دەستی خودایە، ئەو کەلێنانەی کە لە مزگەوتەکەی دادەخست ئینجا دەڵێت: من دام نەخستوە خودا دایخست، ئەو لەوانە هەمووی ڕاستگۆ بوە لای ئەو کەسانەی دەیزانی کە دەڵێت هیچ بوونێك نییە جگە لە خودا.

ئەگەر بڵێیت: دروستکراو، داهێنراو هەمووی لە ئاست یەکێتیی بوونی ڕەهای وەك محەمەدە، چۆن و بۆچی ئەو تایبەتمەندیی لەوەدا هەیە، کە قسەکانی قسەی خودا بن و کردەوەکانی کردەوەی خودا بن، بە دەر لە هەر خەلقێکی تر؟ دەڵێم: محەمەد بە تەنها لەمەدا تایبەتمەند نابێت، بەڵکوو خەڵکی بەهرەمەند و درکپێکەری باڵا، کە لە بەشبەشبوونی خۆیان داماڵن و لەگەڵ بوونی گشتی ڕەهای ناکۆتایی هەتاهەتایی تێکەڵ بن و خۆیان پەرشوبڵاو بکەنەوە، ئەوانیش ئەو تایبەتمەندییەیان دەبێت. هەر کەسێك ئاوا بێت وەك محەمەد دەبێت، بۆی هەیە ئیدعای ئەوە بکات کە محەمەد کردی، بە مەرجێك لە بەشێتیبوونی خۆی نەمێنێت و بچێتە قاوغی بوونی گشتی ڕەهاوە، ئەگەر نا، دەکەوێتە ئەو حاڵەوە کە حەلاج تێی کەوت، لەو هەڵەی کە لە قسەی (من) دەردەکەوێت، کاتێك گوتی: (من حەقم) ئەو بەم قسەیەی بە پێچەوانەی ئەوەی کە محەمەد لە سەری ڕۆیشت لە ڕەتکردنەوەی (من) کە واتای بوون بە شتێك دەبەخشێت کە بوونی نییە، لەبەر ئەوەی محەمەد ئەوەی نەفی دەکرد، بەڵام حەلاج ویستی جێگیری بکات، (من) تێم نەگرتن، بەڵام خودا تێی گرتن و، (من) نەمگوت بەڵام خودا گوتی... ئەمە بوو کە ویستمان دەربارەی ئەم مەسەلەیە پێت بڵێین. دواتر تۆ بەوەی هەتە و دید و بینینت هەیە لێی قوڵ بەرەوە.

(50)

جوەیریەی کچی حارس

پاش زەینەبی کچی جەحش هاوسەرگیریی لەگەڵ جوەیریەی کچی حارس دا کرد، کە لە بەنی موستەلەق بوو. ناوی بورە بوو، پێغەمبەری خودا ناوی نا جوەیریە، لەبەر ئەوەی لە باسی زەینەب دا باسمان کرد. پێش ئەو ژنی مەسافیعی کوڕی سەفوان بوو.

لە سیرەی هیشامیدا هاتوە: پێش پێغەمبەری خودا لای کوڕە مامێکی بوە، پێیان گوتوە عەبدوڵڵا. لە پێشتر باسمان کرد چۆن هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد کە باسی غەنیمە و تاڵانی سەبیمان کرد، هیچ پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات، لەو کاتەی هێنای کچی بیست ساڵان بوو، جوانی و تەڕی و شیرینییەکی پێوە بوو کە هەر کەس بیبینیایە دەچوە دڵییەوە، لە ساڵی پەنجاوشەش لە مەدینە مرد و مەڕوان کوڕی حەکەم والیی مەدینە بوو نوێژی لە سەر کرد، لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بوو، دەڵێن لە شەستوپێنج ساڵیدا بوە.

ڕەیحانەی کچی یەزید
ئینجا هاوسەرگیریی لەگەڵ ڕەیحانەی کچی یەزید کرد، دەڵێن کچی عەمرو بوە، شەمعوونی بەردەستەی پێغەمبەری خودا لە بەنی نەزیر بوە، واتە ڕەیحانە لە بەنی نەزیرە، هەندێکیان دەڵێن: لە بەنی قورەیزەیە، بەڵام ڕاستییەکەی لە بەنی نەزیرە و شووی بە خەڵکی بەنی قورەیزە کردبوو، لای پیاوێکیان بوو پێیان دەگوت ئەلحەکەم. حافزی دومیاتی دەڵێت: بۆیە هەندێك حیکایەتخوان بنەچەی دەگێڕنەوە بۆ بەنی قورەیزە، جوان و شۆخ و شەنگ بوە، وەك سەبی یەکی بەنی قورەیزە کەوتوەتە دەست ئیسلام و لە (صفی) پێغەمبەری خودا بوە (واتە ئەو بەشەی کە پێغەمبەر پێش دابەشکردن و پێش پێنجیەکیش بۆ خۆی دەبرد ــوـ) ئازادی کرد لە هەڵبژاردنی ئایینەکەی و ئیسلام، ئیسلامی هەڵبژارد و لە سەبیبوون ئازادی کرد و هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد و مارەیی دوانزە ئۆقیە و نیشەیەکی بۆ بڕییەوە. دەڵێن وەك موڵکی یەمین (ملك اليمين) شێوە کەنیزەك لای خۆی هێشتوەتەوە، هەندێکیان دەڵێن پێغەمبەر سەرپشکی کردوە کە ئازادی بکات و هاوسەرگیری بکات، یان بە موڵکی ئەو بمێنێتەوە وەك موڵك یەمین (ملك يمين) ئەوەی هەڵبژاردوە وەك موڵکی بمێنێتەوە، بۆیە وەك سەرجێیی بوە نەك وەك ژنەکانی تری.
پاش ئەوەی (ئەستۆپاکی) سەلماند (واتە کەوتە سوری مانگانەوە) پێغەمبەر لە ماڵی ئوم ئەلمونزیر سەلمای کچی قەیسی نەجاریە لە ساڵی شەشەمی کۆچی چوو بە لایدا، دەڵێن ئیرەیی زۆری لە پێغەمبەر کردوە، بۆیە لێی جیا بوەتەوە و زۆر گریاوە، گەڕاندوویەتییەوە. ئەمە بەڵگەیە کە بۆ ئەوەی ژنی بوە نەك سەرجێیی. لای پێغەمبەر مایەوە تا لە ساڵی دەیەم دا مرد و لە بەقیع ناشتیان. بەم پێیە ئەو ژنانەی کە لە کاتی ژیانی پێغەمبەر مردوون سێ بوون نەك دوو، وەك پێشتر باس کرا، ئەوانیش خەدیجە و زەینەبی کچی خوزەیمە و ئەم ڕەیحانەی کچی یەزیدە" ئەگەر ژنی بوویێت نەك موڵکی یەمین.

ئوم حەبیبەی کچی ئەبووسوفیان
ئینجا هاوسەرگیریی لەگەڵ دایکی حەبیبەی کچی ئەبووسوفیان کوری حەرب دا کرد، کە ناوی ڕەملە بوو، کچی پووری (خوشکی باوکی) عوسمانی کوری عەفان بوو، پێش ئەو لای عوبەیدوڵلای کوری جەحشی ئەسەدی بوو، کاتێك عوبەیدوڵلا کۆچی کرد بۆ حەبەشە، لە کۆچی دوەمیدا لەگەڵید ڕۆیشت و حەبیبەی لێ بوو بە ناوی ئەوەوە نازناوی دەرکرد، بەخێوکراوی پێغەمبەری خودا بوو لە باوەشی ئەودا بوو. عوبەیدوڵلا کوری جەحش لە حەبەشە بوو بە ئەنساری، بەڵام دایکی حەبیبە لە سەر ئایینی ئیسلام مایەوە، کاتێك مێردەکەی مرد، پێغەمبەری خودا عومەری کوری ئومەیەی زەفری نارد بۆ لای نەجاشی و خوازبێنیی کرد، نەجاشی لە بریی پێغەمبەر چوار سەت دیناری پێ دا، ئەوەی مارەی کرد لێی خالیدی کوری سەعدی کوری عاس بوە، ئەگەر ڕاست بێت، لە بریی کاری خۆی کە کوری مامی باوکی بوو. دەڵێن ئەوەی هەڵسا بە مارەکردنی عوسمانی کوری عەفان بوە، دەڵێن مارەبییەکەی چوار هەزار درهەم بوە، کە نەجاشی خۆی و لە هیی خۆی پێی بەخشیوە و ئینجا لەگەڵ شەرحەبیل کوری مەسنەدا لە ساڵی حەوتەم ناردوویەتی بۆ پێغەمبەر، دەڵێن پێغەمبەر لە مەدینە هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوە.

سەفیەی کچی حویەی کوری ئەختەب
ئینجا هاوسەرگیریی لەگەڵ سەفیەی کچی حویەی کوری ئەختەبی گەورەی بەنی نەزیردا کرد، کە لەگەڵ بەنو قورەیزەدا کوژرا، پێش ئەوەی پێغەمبەر بیهێنێت، خێزانی کینانەی کوری ئەبی حەقیق بوە کە لە ڕۆژی خەیبەر کوژراوە. پێش کینانە ژنی سەلام کوری موشکوم بوە لێی جیا بوەتەوە و کینانە هێناویەتی لە هیچیان منداڵی نەبوە. پێغەمبەری خودا لە سەبی یەکانی خەیبەر بۆ خۆی هەڵبژاردوە، لە سەبی و تاڵانییەکانی قموس بوو کە گەورەترین شورای خەیبەر و پارێزراوترینیان بوو، پاش ئەوەی موسوڵمانان بیست شەو ئابڵووقەیان دا، بە دەستی عەلی کوری ئەبووتالیب گیرا. دەڵێن پێش ئەوەی سەبی بکرێت ناوی زەینب بوە، کەوەك (صفی) لە لایەن پێغەمبەرەوە هەڵبژێرراوە و ناوی ناوە سەفیە. زانیت (صفی) ئەو شتانەیە کە پێغەمبەر بۆ خۆی دەیخاتە لاوە لە غەنیمە و تاڵانی و سەبییەکان، پێش ئەوەی دابەش بکرێت، دێینە سەر ئەوەی کە ناوی سەفیە بوە پێش ئەوەی سەبی بکرێت. حەلەبی لە سەر گوزەشتەیەکدا لە قسەکردن لە سەر شەڕی خەیبەر دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە پێش ئاشتەواییەکە فەرمانی

کردوە غەنیمەت و تاڵانییەکە کۆ بکرێنەوە، پێغەمبەری خودا لە سەبییەکان سەفیەی کچی حویەی کوڕی ئەختەب لە کچەزاکانی هاروون کوڕی عومرانی برای مووسای خستە لاوە و، لای ئوم سەلیم کە ئوم ئەنەسی خزمەتکاری بوو، دای نا، تا ڕێگەی هیدایەتی گرتە بەر و بوو بە موسوڵمان، ئینجا ئازادی کرد و بێ مارەیی نە بە پارە و نەیش بە ماڵ و شت هاوسەرگیریی لەگەڵدا کرد، واتە جگە لە ئازادکردنی لە سەبی هیچ شتێکی پێ نەدا. دەڵێت: دەربارەی سەفیە پرسیاریان لە ئەنەس کردوە، پێی گوتراوە: ئەی باوکی حەمزە کێ سەدەقەی واتە مارەیی پێدا؟ گوتی: خۆی، ئازادی کرد و هێنای، گوتی: ئەمە ئەو قسەیە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن پێغەمبەر چوە بەلای سەفیەدا پێش ئیسلامبوون و وەك موڵك یەمین (ملك يمين) موڵکی غەیرەدین مامەڵەی لەگەڵدا کردوە. لە سیرەی حەلەبیدا لە بوخارییەوە گواستراوەتەوە: سەبی یەکانیان کۆ کردەوە، دەحیەی کەلبی هات و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا کەنیزەکێکم لەو سەبییانە بدەرێ، گوتی: ڕۆ کەنیزەکێك بۆ خۆت بەرە، سەفیەی کچی حویەی هەڵبژارد. پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، سەفیەی کچی گەورەی قورەیزە و نەزیرت داوە بە دەحیە، بۆ تۆ نەبێت بۆ کەس ناشێت، گوتی: بانگیان بکە، هێنایانن، کاتێك پێغەمبەر تەماشای سەفیەی کرد، گوتی: کەنیزەکێکی تر لە سەبییەکانی تر بەرە، ئەویش یەکێکی تری برد. حەلەبی دەڵێت: ئەوەی تری برد کە خوشکی کینانەی مێردی سەفیە بوو وەك لە (الام)ی ئیمامی شافیعی لە سیرەی واقدیدا هاتوە.

ئەمەی لە بوخاریدا هاتوە دەربارەی ئەوەی پێشتر باسمان کرد، کە پێغەمبەری خودا بۆ خۆی لای دا، ئەمەی لە غەنیمەتەکاندا ڕەت ناکرێتەوە، هیچ ڕێگرییەك نییە کە پاش وەرگرتنەوەی لە دەحیە بۆ خۆی خستبێتە لاوە. بێگومان ئەو پیاوەی کە هاتوە بۆ لای پێغەمبەر و هەواڵی سەفیەی داوەتێ کە جوانترین ژن بوە و دەحیە بردوویەتی، چاوچنۆك بوە و ئیرەیی پێ بردوە و هاتوە بۆ لای پێغەمبەر ئەوەی پێ گوتوە کە گوتوویەتی. پێغەمبەریش کە سەفیەی بینیوە سەرسام بوە پێی و بە دەحیەی گوتوە وازی لێ بهێنە و یەکێکی تر بەرە و، بۆ خۆی خستوویەتە لاوە. ئەوەی لە قسەی پیاوەکە دەردەکەوێت (سەفیەت داوە بە دەحیە) کە لە یەکەم جارەوە ناوی سەفیە بوە نەك زەینەب وەك ئێستا باسمان کرد.

لە گێڕانەوەیەکدا هاتوە کە سەفیە و کچە مامێکی سەبی کراون، بیلال هێناونی و بە سەر کوژراوەکانی یەهووددا سوری داون، کاتێك کچە مامەکەی سەفیە بینیونی هاواری کردوە و دەموچاوی خۆی ڕنیوە و خۆڵی کردوە بە سەری خۆیدا، کاتێك پێغەمبەری خودا بینیویەتی، گوتوویەتی: ئەم شەیتانەم لە بەر چاو لابەن، بە بیلالی گوتوە: ڕەحمەتت لە خۆتدا نەهێشتوەتەوە ئەی بیلال! ئەو دوو ژنە دەهێنیت و بە سەر پیاوە کوژراوەکانیاندا سووری دەدەیت، ئینجا کچە مامەکەی سەفیەی دا بە دەحیەی کەلبی، لە گێڕانەوەیەکدا: کچە مامەکەی دا بە دەحیە لە بریی خۆی، واتە سەفیە.

لەم قسانە وا دەردەکەوێت کە پێغەمبەر سەفیەی لە دەحیە وەرگرتوە، خۆی و کچە مامەکەی داوەتە دەست بیلالەوە، لە بریی خۆی، بیلالیش بە سەر کوژراوەکانی یەهوودا سووری دان و کچە مامەکەی بەخشی بە دەحیە، لە جیاتیی سەفیە کە لێی وەرگیرایەوە، ئەوەی بیلال کردی بە سووراندنی ئەم دوو ژنە بە سەر پیاوە کوژراوەکانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم پیاوە حەبەشیە لە سۆزی پیاوەتی و جوامێری بەتاڵ بوەتەوە و هیچ خەسڵەتێکی باڵای عەرەبی تێدا نەبوە، وەك پێشتر باسمان کرد کە هەستی تۆڵەسەندنەوەی کەسی وای لێ کرد لە ڕۆژی بەدر ئەو کارە قێزەونە لەگەڵ دیلەکانی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کە داخی نا بە جەرگیدا، بە هەر دوو دیلەکەی ئومەیە کوڕی خەلەف و کوڕەکەی، بە شێوەیەك کوشتیان کە لەگەڵ دڵسۆزی بۆ بەرزکردنەوەی وشەی خودا یەك ناگرێتەوە، هەر وەك لەگەڵ دلێری و جوامێری و دابونەریتی عەرەبی شەریفدا نایەتەوە. لە بیلال و کردەوەکەی سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە جەهلی موسوڵمانان (لەم سەردەمەی دوایی) بە شان و باڵی بیلالدا هەڵدەدەن تا ناوی بە هاوشانی ناوی پێغەمبەر دەبەن و لە کاتی بانگداندا، پێنج فەرزە ناوی دەهێنن، بەم ناوهێنانە نەمرییە کە هیچ شایەنی نییە لە خەلیفەکان شانسی زیاتر بوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە شایانی ئەوەیە جگە لە دوا پاشگەلی خەڵکە هاوەڵەکانی محەمەدەوە باس بکرێت.

محەمەد لە ڕێگەیدا بۆ مەدینە کە لە خەیبەر گەڕایەوە، چوو بە لای سەفیەدا، لە شوێنێکدا پێیان دەگوت (صهباء). حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: پێغەمبەر کە شەش میل لە خەیبەرەوە

دوور کەوتەوە، حەزی کرد بچێت بە لایدا و شتێك بکات، ڕۆیشت و گەییشتە سەهبا لە لای دارێکی گەورە لایدا و بانگی کرد ئەویش چوو بۆ لای، پێی گوت: چی لە باوانت هەڵگرتوە کە نیازم پێگەی یەکەمە لەوێدا؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لە سەر تۆ دەترسام کە لە یەهوود نزیك بوویت.

ناردی بۆ لای ئوم سەلیم بۆ ئەوەی ڕێکی بخات و لەوێدا کەپرێکی بۆ دروست کرد و ئوم سەلیم وەك پێخەسوو ئامادەسازیی بۆ کرد و شەو پێشکەشی کرد و هەر بەویشەوە چوو بە لایدا و زاوایەتیی خۆی ئەنجام دا، سەفیە تەمەنی نەگەییشتبوە حەڤدە ساڵان. لە سیرەی حەلەبیدا: لەو شەوەدا ئەبووئەیووبی ئەنساری شمشێرەکەی هەڵکێشابوو پاسەوانیی دەکرد و بە دەوری کەپرەکەدا دەسووڕایەوە تا پێغەمبەری خودا لە باخەڵی سەفیەدا بەیانی کردەوە، کە لەو شوێنەدا ئەبووئەیووبی بینی، گوتی ئەوە چییە ئەبووئەیووب؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، لەوە ترسام ئەو ژنە شتێکت لەگەڵدا بکات، کە تۆ باوك و مێردەکەی و قەومەکەیت کوشت و تا دوێنێ بێباوەڕ بوو، منیش گوتم پارێزگاریت لێ دەکەم ئەم شەو، گوتی: خودا ئەبووئەیووب بپارێزە وەك ئەم شەو لێرەدا ماوەتەوە بۆ ئەوەی بمپارێزێت.

لە سیرەی حەلەبیدا دیسان لە سەر سەفیە دەڵێت: کۆتاییەکەم لای پێغەمبەری خودا بوو کە لای من هیچ کەسێك نەبوو ڕقم لێ بێت لەو زیاتر، باوك و مێرد و قەومەکەی کوشتم، گوتی: ئەی سەفیە، بەڵام من داوای لێبوردنت لێ دەکەم لەوەی بە سەر قەومەکەتدا هێنام، ئەوان واو و وایان بۆ دەگوتم و واو وایان پێ دەگوتم. لە گێڕانەوەیەکدا: قەومەکەی ئەمە و ئەوەیان دروست کرد، ئەوەندە درێژەی دا بە لێبوردنەکە تا ئەو ڕقەم لە گیاندا دەرچوو، لە شوێنی خۆم هەڵنەسام تا وای لێ هات کە هیچ کەسێکی ترم هێندە ئەو خۆش نەویست.

دەڵێن کە چوە ژوورەوە بۆ لای سەفیە، شتێکی سەوزی بە سەر چاوییەوە بینی، گوتی: ئەو سەوزییە چییە؟ واتە شین بوەوە گوتی: سەرم لە کۆشی ئیبن ئەبی ئەلحەقیق بوو، واتە مێردەکەی و، خەوتبوو، خەونم بەوە بینی کە مانگێك کەوتە کۆشمەوە، بۆم باس کرد، مشتەکۆڵەیەکی لێ دام، لە قسەیەکدا: لە دەموچاوی دام ئەم کاریگەرییەی لە سەر دروست کرد، گوتی: تۆ ملت ئەوەندە درێژ دەبێتەوە تا دەگەیتە لای پاشای عەرەب.

بە هەمان شێوە باسیان لە سەر جوەیریە کردوە، کە پێغەمبەر هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوە، خەونی بە مانگەوە بینیوە کە کەوتوەتە کۆشی، هەروەها بەم شێوەیە باسی سەودەی کچی زەمعەیان کردوە، کاتێك لە مەککە هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوە، مانگ خۆی هەڵکوتاوەتە سەری لە ئاسمانەوە کە ئەم ڕاکشاوە. زۆری ئەم خەونانە نیشانەی ئەوەیە کە گێڕانەوەکان لە یارپێکردن و هەڵبەستن دوور نین.

پێغەمبەری خودا سێ ڕۆژ لە سەهبا مایەوە و میوانداریی باشی بۆ هاوەڵانی کرد، حەلەبی دەڵێت، میوانداریەکەی خۆراکی حیس بوە، خورما و ڕۆن بۆن و بەرامەی تێ کردوە و تامی خۆش بوە لە بوخارییەوە: پێغەمبەر بوە زاوا، گوتی: هەر کەسێك شتێکی هەیە با بیهێنێت، چەترێکی داخست هەر کەسە و شتێکی هێنا لە خورما و ڕۆن کونجی و، بە ئەنەسی گوت داوەتی ئەوانەی دەوروبەرت بکە با بخۆن. دەربارەی پەروەردەی سەفیە و ئەدەبی باسیان لەوە کردوە، کاتێك پێغەمبەر ئەژنۆی دانا بۆ ئەوەی بچێتە سەری کە سوار بێت، ڕازی نەبوە کە پێی بخاتە سەر ئەژنۆی و سوار بێت. لەویشەوە کە گوتوویەتی: هیچ کەسێکم قەت نەبینیوە هێندەی پێغەمبەری خودا ئەخلاقی جوان بێت، بینیم لە خەیبەر کە چۆن سەری خستم لەو شەوەدا بۆ سەر حوشترەکە، خەوم دەهات، سەرم دەیدا بە پشتی حوشترەکەوە و دەیگرتم و گوتی: ئێی لەسەرخۆ. لە ئەنەسەوە گوتوویەتی: سەفیە عاقڵ و چاك و بەخشندە بوو، ڕۆژێك پێغەمبەر چوو بۆ لای، بینیی دەگرێت، پرسیاری لێ کرد، گوتی: ئەوەم پێگەییشت کە عایشە و حەفسە قسەم لە سەر دەکەن و دەڵێن ئێمە لەو چاکترین، ئێمە کچە مامی پێغەمبەری خوداین، پێغەمبەری خودا پێی گوت: پێیان بڵێ: چۆن ئێوە لە من چاکتر دەبن، کە باوکم هاروون و مامم مووسا و مێردم محەمەد بێت؟ واتە برازای پێغەمبەر و ژنی پێغەمبەریت.

سەفیە پاش محەمەد ژیا و، لە زەمانی خیلافەتی عومەری کوری خەتاب، کەنیزەکێکی هات بۆ لای عومەر گوتی: ئەی میری باوەڕداران، سەفیە ڕۆژی شەممەی خۆش دەوێت و نوێژی یەهوودییانە دەکات. عومەر پرسیاری لێ کرد، گوتی: دەربارەی شەممە من خۆشم ناوێ لەو کاتەی خودا بۆی گۆڕیم بە هەینی، ئەوەی یەهوود، من ڕەحمم هەیە بۆیان و من ئازادم. بێگومان کە ئازادی کرد، تا ڕزگار بێت لە خراپە کاریی و چاودێرێکی باش بێت بە سەرییەوە.

حافزی دومیاتی دەڵێت: سەفیە لە ڕەمەزانی ساڵی پەنجا مرد، دەڵێن: ساڵی پەنجاودوو، لە بەقیع نێژراوە، لە پاش خۆی زیاتر لە سەت هەزار درهەم و زەوی و شتومەك و، ڕاسپاردەی کرد کە یەك لە سەر سێی بدرێت بە خوشکەزاکەی کە یەهوودی بوو، ڕافیعی لە ئیمامی شافیعییەوە وەری گرتوە، کە وەسیەتی کردوە سی هەزار درهەمی بۆ براکەی بێت کە ئەویش یەهوودی بوە.

مەیموونەی کچی حارس

ئینجا مەیموونەی کچی حارسی هێنا کە ناوی بوڕە بوو، ناوی نا مەیموونە، عەباسی مامی خوازبێنیی بۆ کرد، پووری (خوشکی دایکی) عەبدوڵڵای عەباسی واتە کوڕەکەی بوو (ژنخوشکی بوە) و خوشکەکانی ناویان ئەسمای کچی عەمیس و سەلمای کچی عەمیس بوون. عەباس لە بریی پێغەمبەر سەدەقە واتە مارەیی چوار سەت درهەمی پێدا. لە جاهیلیەت لای مەسعوود کوری عەمرو، لە دونیا ڕۆیشت، ئەبوورەهم کوری عەبد عزی بوو مرد.
پێغەمبەری خودا لەو کاتەدا هێنای کە موحەرەم بوو لە عومرەی قەزادا بوو، جەماوەرێکی زۆری زانایانی مەدینە ناکۆکییان هەبوو لە سەر کوری عەباس و نازناوی (صاحب الهدی) یان گەڕاندەوە بۆ خەیاڵ و وەهەم: گوتی: لەبەر ئەوەی باڵیۆزی نێوانیان لەو ژنهێنانە ئەبووڕافیع بوو، ئەو زیاتر لە چیرۆکەکەی دەزانی، لەبەر ئەوەی پیاوێکی گەورە بوو، ئیبن عەباس گەنجێکی بیست ساڵان بوو، گوتی: ئەوەی ناشارێتەوە کە ئەم بە لادا کەوتنە وا پێویست دەکات پێش بکەوێت، ئەمە لە ساڵی حەوتەم بوو. لە سەرف (لە دووریی هەشتا میلە لە مەککەوە) پاش ئەوەی حەرامەکەی حەلاڵ کرا چوو بە لایدا، لە ساڵی پەنجاویەکدا ئەگەر ڕاست بێت مردوە، تەمەنی گەییشتە هەشتا ساڵ و لە سەرف، کە شوێنی بووکێنییەکەی بوو، نێژراوە.

کۆتایی

باسی دوانزە ژنەکەیمان بۆ کردیت کە چوو بە لایاندا، هیی تریش هەبوون کە نەچوو بە لایاندا. باس لەوە دەکەن کە کۆی ئەو ژنانەی مارەی کردوون گەییشتوەتە سی ژن. هەندێکی مارەی نەکردوە و هەندێکیش مارەی کردوون. ئەوانەی کە مارەی کردن و چوو بە لایاندا دوانزە ژن بوون، کە پێشتر باسمان کردن، لەوانەیش هەن کە نەچوو بە لایاندا، لەوانەی نەچوو بە لایاندا غەزیەی عامریە، پێش ئەوەی بچێت بە لایدا لێی جیا بوەوە و نەڕۆیشت بۆ لای، لەوێدا یەکێکی تری هەبوو بە ناوی خەولەوە یان خوەیلە کە نەچوو بە لایدا، یەکێکی تری هەبوو ناوی غەفاریە بوو، یەکێکی ئەنساری هەبوو.
لەوانەی بە خۆبەخش شوویان پێ کرد، کە لە قورئاندا هاتوە، لەو پارەوە جیاوازیی کەوتوەتە نێوان حیکایەتخوانانەوە: {وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِيِّ إِنْ أَرَادَ النَّبِيُّ أَنْ يَسْتَنْكِحَهَا} [الأحزاب: 50]، (پێشتر واتاهکەی نوسراوە). گوتیان، مەیموونە بوە، یان گوتوویانە غەزیە بوە. حەلەبی دەڵێت: ئەوە قسە توندەی کە لە کتێب (المؤمنات)دا نووسراوە، گوتی: لەوانە یەکێك بە ناوی غەزیە کە خۆی بەخشیوە بە پێغەمبەر، بەڵام ئەو پێی ڕازی نەبوە، وەك زۆرینەیان دەڵێن، شووی نەکردوە تا پێغەمبەری خودا مردوە. دەڵێن: لە کۆی ئەوانەی نەچوە بە لایدا ئەوەیە، کە پەنای بۆ خوا برد کە چوو بۆ لای پێغەمبەر و گوتی: پەنا بۆ خودا دەبەم لە تۆ، پێی گوت: کە پەنات برد بۆ پەنابەر خودا لێی دوورت خستمەوە، ئاوری دایەوە و ڕۆیشت و لێی جیا بوەوە، ئەویش ئەسما کچی نەعمانی کوری ئەبی جۆنی کندی بوو. حەلەبی دەڵێت: ئەم هەواڵە کە باس کراوە لە ئەسید کوری ئەسیدەوە وەرگیراوە، گوتی: پێغەمبەر ناردمی بۆ لای ژنێك لە بنجۆن (واتە بەنی جۆن) بۆ ئەوە هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکات، هێنام بۆ پێچێك لە ئەجم، ئینجا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، خێزانەکەتم بۆ هێنایت، هات بۆ لای و حەزی لێ کرد و ویستی ماچی بکات، گوتی: پەنا بە خوا لە تۆ، فەرمووده. لە قسەیەکدا: ئیبن ئەبی ئەسید جۆنییەکەی هێنا بۆ پێغەمبەری خودا، کاتێك چوو بە لایدا، پێغەمبەری خودا بانگی کرد، گوتی: ئۆو وەرە، لە گێڕانەوەیەکدا، گوتوویەتی: خۆت ببەخشە، ئەویش گوتوویەتی، ژنە میر خۆی دەبەخشێت بە بازاڕی؟ دەستی بەرز کردوەتەوە بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت، گوتوویەتی: پەنام بە خودا لە تۆ... فەرمووده.
لە جیاتیی قسەی پەنا بە خودا بردن قسەیەکی تر هاتوە، ژنەکانی ترساون کە بە جوانییەکەی لەوانی بباتەوە، پێیان گوتوە: کە هات بۆ لات و لێت نزیك بوەوە بڵێ پەنام بە خودا لە تۆ، کاتێك لێی نزیك بوەوە گوتی: پەنام بە خودا لە تۆ. لە گێڕانەوەیەکدا: پێیان گوتوە: ئەگەر دەتەوێت

چانست لای هەبێت لای ئەو پەنا بە خودا بکە، کاتێك چوە بۆ لای پێی گوتوە: پەنا بە خودا لە تۆ ڕووی لێی هەڵمالیوە و ئەوەی پێشووی گوتوە و لێی جیا بوەتەوە، فەرمانی کردوە بە ئوسامە و ئەویش بە سیغە (متعە) بە سێ کراس هێناویەتی. لە گێڕانەوەیەکدا بە ئەسیدی گوتوە: ئەی ئەسید دو ڕازقیەی لەبەربکە و بیگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکارەکەی.

خودا ڕێگەی بە پێغەمبەری داوە کە کێ لێیان دوا بخات یان کێ لێیان نیشتەجێ بکات لای خۆی، ئەو سەرپشکە لەوەی کێ و کێیان دوا دەخات، واتە لەگەڵیدا ناخەوێت. یان کێ لای خۆی دەخەوێنێت و دەچێت بە لایدا، وەك لە سورەتی (احزاب)دا هاتوە: {تُرْجِي مَنْ تَشَاءُ مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَنْ تَشَاءُ وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكَ} [الأحزاب: 51].واتە: تۆ سەرجێی کامیان بەدوا بخەیت و کامیان پیش بخەیت مەیلی خۆتە و ژنی دورخراوەت ئاشتەکەیتەوە گوناحت نایەتە.

لە (الکشاف)دا هاتوە: وا دەگێڕنەوە کە سەودە و جوەیریە و سەفیە و مەیموونە و ئوم حەبیبەی دوا خستوە، واتەبە شێوەیەك دابەشی کردوە هەر کاتێك ویستبێتی چوە بە لایاندا و چۆن بیویستایە، لەوانەی لە خۆی گرتوە عایشە و حەفسە و ئوم سەلمە و زەینەب و، واتە پێنجی دوا خستوە و چواری لە خۆ گرتوە، دەڵێن وا یەکسانی لە نێوانیاندا کردوە، وەك ئەوەی باس کرا جگە لە سەودە کە خۆی شەوەکەی بەخشیوە بە عایشە و پێی گوتوە: لێم جیا مەبەوە تا لەگەڵ کۆی ژنەکانتدا لەو دونیایە بم واتە لە ڕۆژی حەشر و سەڵا.

لەوانەیە بەم دواخستنە ویستبێتی، بە پێی حوکم بۆ نیسابی شەرعی کە بۆ میللەتەکەی دای هێنا، کە دەبێت ژمارەی ژنەکانی لە چوار زیاتر نەبن. بەڵام ئەم گەڕانەوەیەی ڕاستەقینە نییە لەبەر ئەوەی بە یەکسانی وا لەگەڵیاندا دەجوڵایەوە کە حەزی لە کامەیان بوایە، بۆ چوون بە لایدا سەرپشك بوو. بەڵام گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆ نیسابی شەرعی بەو شێوەیە دەبێت کە چواریان لای خۆی بهێڵێتەوە و ئەوانی تر هەموویان جیا بکاتەوە، واتە تەڵاقیان بدات، وەك چۆن فەرمانی بە غیلان کرد لەو کاتەی بوو بە موسوڵمان، غیلان کە موسوڵمان بوو دە ژنی هەبوو، پێغەمبەر فەرمانی پێ کرد کە چواریان لای خۆی بهێڵێتەوە و لەوانی تر جیا بێتەوە.

(51)

دڵخۆشکەرەکان (سەرجێیی)ـی محەمەد

سەرجێیەکان واتە ئەو کەنیزەکانەی کە پێیان دەڵێن (أمە) گەورەکەی لە ماڵێك دای دەنێت وەك مولك یەمین دەچێت بە لایدا بە بێ مارەبڕین، بە دڵخۆشکەر ناو دەبرێت لەبەر ئەوە سەرجێیی گەورەکەی دەکات و دڵخۆشی دەکات. یان بە نهێنییەکان ناو دەبرێت واتە بە نهێنییەوە گەورەکانیان دەچوونە لایان و ژنەکانیان پێیان نازانن، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت بە دڵخۆشکەری نهێنی لە دڵدا ناو نراوە، بەمە جیاوازی هەیە لە دڵخۆشییەك کە بە ئاشکرا لە سەر مرۆڤ دەربکەوێت.

محەمەد جگە لە خێزانەکانی سێ دڵخۆشکەری هەبوە: ١ـ ماریەی قیبتی، کە مقەوقەسی شای قیبتیەکانی میسر پێی بەخشی، دایکی ئیبراهیمی کوری بوە، کەنیزەکێکی تر کە زەینەبی کچی جەحش پێی بەخشی، یەکێکی تر ناوی زولەیخەی قەرزیە بوە. هەندێکیان ڕەیحانە لە دڵخۆشکەرەکان دادەنێن، لەبەر ئەوەی وەك مولك یەمین دەچوو بە لایدا، بۆیە دڵخۆشکەرەکان دوان بوون، ئەوەی ڕاستی بێت ڕەیحانە یەکێك بوە لە ژنەکانی وەك پێشتر باس کرا.

قسەی کۆتایی

پاش ئەوەی قسەمان لە سەر ژنەکانی محەمەد و دڵخۆشکەرەکانی تەواو کرد، پێمان خۆشە وەك دەرئەنجامی ئەوەی پێشتر باس کرا قسە بکەین، ئەویش: ئێمە لەوەی باسمان کرد کە خودا لەگەڵ محەمەددا بوە، لە هەر ڕووداو و شتێك ڕووی دابێت، کە پەیوەست بێت بە ژیانی خێزانییەوە، وەك ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە ئایەتە قورئانە دابەزیوەکان لە سەر ئەم بەشە، دەبینین کە خودا جارێك پەردە دەخاتە سەر ژنەکانی و جارێکیان کە دایکی باوەڕداران بن و

حەرامە پاش ئەو هاوسەرگیریی لەگەڵیاندا بکرێت و، جارێکی تریش هەڕەشەی جیابوونەوەیان لێ دەکات و ئەو لێیان جیا ببێتەوە و ژنی لەوان باشتری بۆ دەبێت، جارێکیش لە ئاسمان هاوسەرگیریی بۆ دەکرێت و جبریل دەکات بە شایەتیی مارەبڕینەکە و، جارێکیش ئافرەتی لێ حەرام دەکات و پێی دەڵێت: {لَا يَحِلُّ لَكَ النِّسَاءُ مِنْ بَعْد...} [الأحزاب: 52] واتاکەی پێشتر نوسرا. ئایەتەکە. ئینجا حەلاڵی بۆ دەکات (إنا حللنا لك...) ئایەتە. ئینجا هیچ کۆتوبەندی بۆ دانانێت و ئەوەی بیەوێت دوای دەخات و ئەوەی بیەوێت لە خۆی دەگرێت، ئەمە هەمووی بە پێی حەز و ئارەزووی خۆیە لە هەر یەکەیان و کامەیان حەزی لێ بێت و کامیان دەوێت، تەنانەت جارێکیان عایشە پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، من وای دەبینم، کە پەروەردگار بە پێی ئارەزووی تۆ کاری خێر دەکات، ئەمە نیشانەی ساکاری و دڵپاکی بوە، لەبەر ئەوەی بەو قسەیەی نەیویستوە تانەی لێ بدات یان ناڕەزایی دەربڕێت، بەڵکوو بەو شێوەیە قسەی کردوە کە بینیوێتی، بە بێ بیرلێکردنەوەی لەسەرخۆ. هەروەها هەندێك تازەگەر لە موسوڵمانی ئەم سەردەمەی خۆماندا، دەیانەوێت بەهانە بۆ محەمەد بهێننەوە کە ژنی زۆری هەبوە، لەبەر هۆکاری ناچاری سیاسی یان ناسیاسی هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوون، ئێمەیش باسی ئەوەمان کرد کە چۆن هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردوون، ئەگەر هەر هۆکارێکی ناچاریت تێدا بە دی کرد، هەر چۆنێك بێت باسی بکە بۆمان، بە هەر کەموکورتییەکیەوە بێت ئێمە قبوڵی دەکەین.

محەمەد دوای سۆز دەکەوێت: گەشبین و ڕەشبینیش بوە

ئەگەر لەو حاڵەتەدا نەبێت کە بە پێی سۆز ڕوات بەڕێوە نەك عەقڵ، ناتوانین حاڵەتی گەشبینی و ڕەشبینی لە مرۆڤ دا شی بکەینەوە، مرۆڤ لە ژیانیدا پێویستی بەوەیە یان ناچارە هەندێك جار بە سۆزەوە کار بکات، بەتایبەتی لە حاڵەتێکدا کە عەقڵ توانای ئەوەی نەبێت ئاواتی هەر کەسێك لەو شتانەی میتافیزیك بهێنێتە دی، یان دەترسێت خۆی تێدا بدۆزێتەوە. بۆ نموونە کە هەوڵێکی داوە بۆ پێویستییەك و دەرئەنجامی هەوڵەکەی لای نادیار بێت، دەبێت گوێی لە قسەیەك بێت کە ڕێنیشاندەری بێت بۆ سەرکەوتنی، لەوێدا گەشبین دەبێت و، ئەگەر گوێی لە قسەیەك بێت کە پێی ناخۆش بێت، بێئومێد دەبێت و تووشی ڕەشبینی دەکات.

محەمەد هەندێك جار ئاوها بوو، بەسۆز دەڕۆیشت و بە بێ بیروعەقڵ ڕەفتاری دەکرد و گەشبین دەبوو یان ڕەشبین. لەو بارەوە، کاتێك قورەیش بەرەنگارییان کرد لە ماڵەوە بوو، لە ڕۆژی حودەیبیە سوهەیلی کوڕی عەمرویان نارد بۆ ئاشتەواییکردن دانوستانی لەگەڵدا بکات، کاتێك بینیی بە هاوڕێکانی گوت: کارتان ئاسان دەبێت، بەگەشبینییەوە لە هاتنی سوهەیل دەڕوانی کە کارەکەیان ئاسان دەبێت گەشبینییەکەی لە سەر ناوەکەیەوە بوو[ (سُهیل) لە (سهل)ەوە هاتوە واتە ئاسان بۆیە گەشبین بوو ـو]. کە هاتە مەدینە و ناوی یەسرب بوو، بەم ناوە نەبێت بە ناوی تر نەناسرابوو، ڕەشبین بوو لە وشەی (یثرب) کە لە (یثرب)ەوە هاتوە واتە تانوت یان سەرزەنشت یان بەزگرتن، ناوەکەی بە خۆشییەوە گۆڕی. وا ڕێکەوت جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکدا بوو ویستی یەکێك بنێرێت بۆ دۆشینی مەڕێك، پیاوێك هەڵسا بۆ ئەوەی بیدۆشێت، پێی گوت: ناوت چییە؟ گوتی: (مورە)، گوتی: دابنیشە، یەکێکی تر هەڵسا، گوتی: ناوت چییە؟ گوتی: (حرب)، گوتی: دابنیشە، یەکێکی تر هەڵسا، گوتی: ناوت چییە؟ گوتی: (یعیش) گوتی: بیدۆشە.

کاتێك کۆچی کرد بۆ مەدینە، بە لای ڕانەمەڕێکدا ڕۆیشت بە شوانەکەی گوت: ئەم ڕانەمەڕە هیی کێیە؟ گوتی: هیی پیاوێکە بوەتە موسوڵمان، ئاوڕی بۆ ئەبووبەکر دایەوە و گوتی: پەنا بە خوا سەلامەت دەبیت، بە شوانەکەی گوت: ناوت چییە؟ گوتی: (مەسعوود) ئاوڕی بۆ ئەبووبەکر دایەوە و گوتی: دڵخۆش دەبیت پەنا بە خودا. کاتێك گەیشتە (قباو) لە شوێنی بەنی عەمرو کوڕی عەوفدا، ڕۆیشت بۆ لای کەلسووم کوڕی ئەلهەدم، لە کاتی دابەزینی دا کەلسووم منداڵێکی بانگ کرد: ئەی (نجیح) پێغەمبەری خودا گوتی: سەرکەوتیت ئەی ئەبووبەکر. (بە واتای ناوی منداڵەکەوە وای داناوە سەرکەوتن لە کارەکەی بە دەست دەهێنێت ـو.)

لە ڕەشبینییەکانی، ئەوەی لە سەر گوزەشتەی هیشامیدا هاتوە، لە کاتی قسەکردن لە سەر غەزوەی بەدر: ئینجا کە پێغەمبەری خودا ڕۆیشت، کاتێك گەیشتە (صفراء)، گوندێك بوو لە نێوان دوو شاخدا، پرسیاری ناوی شاخەکانی کرد و گوتی: ناویان چییە؟ گوتیان: بە یەکێکیان دەڵێن: (مسلح) و بەوی تر دەڵێن: (مخری)، لە (زادالمعاد) دا هاتوە ناویان: (فاضح) و (مخز) بوە، لەجێی (مسلح) و (مخری)، پرسیاری خەڵکەکەی لێ کردن، گوتیان: (بنونار) و (بنوحراق)

دوو زگی بەنی غەنار بوون. پێغەمبەری خودا ڕقی لێ هەڵسان و ڕقی لەوە هەڵسا کە بە نێوانیاندا پروات و ڕەشبین بوو بە ناوەکانیان و ناوی خەڵکەکەیانەوە و وازی لێ هێنان کە صفراء) لە لای چەپەوە بوو، ڕێی لای ڕاستی گرتە بەر بە دۆڵێکدا ڕۆیشت پێیان دەگوت (ذفران). لە سیرەی هیشامیدا هاتوە: لە ڕێرەوەی قسەکاندا لە سەر غەزوەی تایف: ڕێگەیەکی گرتە بەر پێیان دەگوت (الضیقة) کاتێك پێی دا دەڕۆیشت پێغەمبەری خودا پرسیاری ناوی کرد، گوتی: ئەم ڕێگەیە ناوی چییە؟ گوتیان: (الضیقة) گوتی: نەخێر (الیسری)، ئینجا لەو ڕێگەیە دەرچوو.
ئەوەی سەیرە کە پێغەمبەر نەهیی کردوە کە منداڵ بە یەسار و ئەفلەح و نەجیح و ڕەباح ناو بنرێت، لە (زاد المعاد)دا: ئەوەی وەرگیراوە کە گوتوویەتی: ناوی منداڵەکانتان مەنێن یەسار و ڕەباح و نەجیح و ئەفلەح، کە تۆ بڵێیت: ئەوە ئەو بێت؟ کە لەوێ نەبێت، دەڵێن: نەخێر واتای ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر پیاوێك منداڵێکی هەبێت ناوی یەسار بێت بە نموونە، پرسیاری بکات و بڵێت: ئایا یەسار لێرەیە؟ ئەگەر لەوێ نەبێت لەو کاتەدا، پێی دەگوترێت: نەخێر، واتە لێرە نییە، ئەمەیش بە ئامانجی یەسار ناو دەبرێت کە پێیان خۆش نییە، بۆ ئەوەی ئەم کارە بێئاگاییە نەبێت، نەهیی لەوە کرد کە ناو بنرێت یەسار (واتە یُسر دڵخۆشی –و-)، بێگومان ئەمە زیادەڕەوی و زۆر پێوەنانە لە ڕەشبینی و لەبەرچاوگرتنی شتی خراپ. بەردەوام ئەو ناوانەی دەگۆڕی کە پێی ڕەشبین بوو، لە سیرەی حەلەبیدا گوتی جەلالی سیوتی کتێبێکی لە سەر ئەوانە هەیە کە پێغەمبەر ناوی گۆڕیون، لە (زاد المعاد)دا هاتوە ئەبووداود گوتوویەتی: پێغەمبەر ناوی عاس و عەزیز و عەبلە و شەیتان و ئەلحەکەم و غوراب و خوباب و شەهاب گۆڕیوە و کردوونی بە هیشام، حەربی کردوە بە مسلم موزتەجەعی کردوە بە مونبەعیس، زەویی چۆڵی بە سەوز ناو هێناوە و، گەلی وێڵ بە گەلی ڕێنیشاندەر، بەنو زەینەی گۆڕیوە بە بەنو ڕوشدە و، بەنی مەغویە بە بەنی ڕیشدە
لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: لە قسەی هەندێکیاندا هاتوە کە حوزن کوری ئەبی وەهەب لە ڕۆژی گرتنی مەککە موسوڵمان بوو، باپیری سەعیدی کوری موسەیب بوو، پێغەمبەر ویستی ناوی بگۆڕێت و ناوی بنێت سەهل، ڕازی نەبوو گوتی: ناوێك ناگۆڕم کە باوانم ناویان نابێتم، لە (زاد المعاد): پێغەمبەر ناوی حوزنی باپیری سەعیدی گۆڕی بۆ سەهل، ڕازی نەبوو گوتی: سەهل دەچێتە لای و بێ شەرمی لەگەڵدا دەکرێت. ناوی تر هەبوون بۆ مەبەستی تر دەیگۆڕین نەك بۆ گەشبینی و ڕەشبینی، وەك ناوی عەبد ئەلعزی کوری خەتلی گۆڕی بۆ عەبدوڵلا لەو کاتەی بوو بە موسوڵمان، هەروەها ناوی عەبدعەمرو کوری عەوفی کە بوو بە موسوڵمان گۆڕی بۆ عەبدولڕەحمانی کوری عەوف، لەبەر ئەوەی ئەم ناوانەی نیشانەی ئەوە بوون هاوبەش بۆ خودا دروست دەکەن و نیشانەی کۆیلایەتین بۆ غەیرە خودا، ئەمەیش لەگەڵ بنەمای یەکبوون یەك ناگرێتەوە کە محەمەد هێنای و بناغەی ئایینی ئیسلامی پێ دانا.
محەمەد نەیزانی کە خەڵکانێك دوای ئەو دێن و ناوی خۆیان دەنێن عەبدوئەلڕەسووڵ و عەبدعەلی و عەبدولحوسەین و عەبدوئەلعەباس و عەبدولئەمیر و هیی تر، لەو ناوانەی کە لەگەڵ یەکبوونی خودا یەك ناگرێتەوە و کۆیلایەتی بۆ بە دەر لە خودا جێگیر دەکات.
محەمەد بە تەنها لە سەر گۆڕینی ناوی موسوڵمانان نەوەستا، ناوی بێباوەڕانیشی دەگۆڕی، بۆ موسوڵمانان ناوی خراپی دەگۆڕی بۆ ناوی باش، بەڵام بۆ بێباوەڕان لە ناوی چاکەوە دەیگۆڕی بۆ خراپ، بۆ قسەلەسەرکردن و شکاندن و ئیهانەکردن و نزمکردنەوە و قێزەون کردنیان. وەك نازناوی ئەبی حەکەمی کوری هیشامی گۆڕی بۆ ئەبی جەهل، لەبەر ئەوەی لە دژایەتیی پێغەمبەر و ئازاردانی توند و موکور بوو، تەنانەت نازناوی یەکێك لە هاوەڵانی خۆی کە ئەبی حەکەم بوو گۆڕی بۆ ئەبی شەریح، لەبەر ئەوەی ڕقی لەوە بوو کە گوێی لە نازناوە ڕەسەنەکەی ئەبووجەهل بێت.
هەروەها نازناوی ئەبی عامر کە لە جاهیلیەت بە قەشە ناو دەبرا، گۆڕی بۆ فاسیق و، ئەم ئەبووعامرە ناوی عەبد عەمرو بوو پێیان دەگوت ئیبن سەفی، ئەو و عەبدوڵلای کوری ئەبی کوری سەلوول لە سەرانی خەڵکی مەدینە بوون و لە گەورەکانی بوون کە تاجی سەرۆکایەتیی خەڵکەکەیان لە سەر بوو، ئەبووعامر لە ئەوس بوو عەبدوڵلایش لە خەزرەج، عەبدوڵلای کوری ئەبی بوو بە موسوڵمان، بەڵام ئەبوعامر موکور بوو لە سەر بێباوەڕیی خۆی، تا بە بێباوەڕی لە زەوی ڕوم مرد، لە کاتی گرتنی مەککەدا ڕای کردبوو بۆ ئەوێ. ئەبوو عامر لە مەدینە دەرچوو بۆ ئەوێ لە پێغەمبەری خودا دوور بکەوێتەوە، پەنجا منداڵی لەگەڵدا بوو، دەڵێن پانزە لەوانەی ئەوسی قەومی بوون و خۆی گەیاندوەتە مەککە. پەیمانی بە قورەیش دا ئەگەر بگات بە

ئەوسدا، دوو پیاو لە کەسوکارەکەی لە سەر سەرۆکایەتیکردنی ئەو ناکۆك نابن. کاتێك لە غەزوەی ئوحود لەگەڵ قورەیشدا هات، هاواری کرد: ئەی، ئەی مەعشەری ئەوس من ئەبوو عامرم، پێیان گوت: خودا لێت زیاد نەکات ئەی بێ ڕەوشت، لە قسەیەکدا پێیان گوتوە: بە خێر نەیەیت و بە خێر دانەنیشیت ئەی بێ ڕەوشت، کاتێك گوێی لە وەڵامەکەی ئەوانە بوو، گوتی: قەومەکەم لە پاش من تووشی شەڕ هاتوون. زۆر بەتوندی شەڕی کرد لە ڕۆژی ئوحودا، ئەو بوو کە چاڵی هەڵکەند تا موسوڵمانەکان پێی نەزانن وە تێی بکەون، پێغەمبەر کەوتە یەکێکیانەوە. وا دیارە ئەمە، مەبەستم ناوگۆڕینی ئەلحەسەن بە قوبح واتە نابوت بۆ نزمکردنەوە و ئیهانە و قێزەونکردن بوە، واتە ناسراو بوە لە ناو قورەیشدا، کە کافرەکانیان ناوی محەمەدیان گۆڕیبوو بۆ موزەمیم، کە ناویان دەهێنا پێیان دەگوت موزەمیم (مذمم) نەك محەمەد. لە سەر زاری ئوم جەمیل ژنی ئەبی لەهەبەوە دەگێڕنەوە کە سورەتی (تبت یدا ابی لهب)ی بە سەردا دابەزی، :هاتوە و دوو تەوری بە دەستەوە بوە و گوتوویەتی
مُذَمَّمًا أَبَيْنَا وَدِينَهُ قَلَيْنَا وَأَمْرَهُ عَصَيْنَا
. بەواتای: خراپەکارە ئەم پیاوەی کە وای کردووە لە فەرمانی ئێمە دەربچێت
گوتی: کێ هەجووی من و مێردەکەی کردووم، بە خودا ئەگەر بیبینم، دەبێت بەم دوو تەورە لێی بدەم. ناوی محەمەد لە (الحمد)ەوە وەرگیراوە، وەك بە (الحمد) دەڵێن محەمەد، بە (ذم)یش دەڵێن (مذمم). بە کەسانێك ناڵێن تا چەند جارێك زەمی نەکردبێت، هەروەك بە کەسێك ناڵێن محەمەد ئەگەر چەند جارێك سپاس و حەمد و سەنای نەکردبێت، بێباوەڕانی قورەیش بە .(لۆمەکراوە یان سەرزەنشتکراوە) (مذمم) تانە و جنێویان بە پێغەمبەر دەدا
محەمەد ویستی لە جوێنەکانیان بەم ناوهێنانە ڕزگاری بێت، بەوەی ئاڕاستەی قسەکانیان بە شێوەیەك بکات کە بە چاکە بۆی بگەڕێتەوە، بەڵام ئامانجەکەی نەپێکا. بە هاوڕێیانی گوت: سەرتان سوڕ نامێنێت کە خودای باڵا چۆن جنێوەکانی قورەیش لێم دوور دەخاتەوە و لەعنەتیان لێ دەکات، ئەوان جنێو بە (مذمم) دەدەن و لەعنەت لە (مذمم) دەکەن و من ناوم (محمد)ـە. بەوە دەیویست بڵێت کە جوێنەکانیان بۆ نایەت لەبەر ئەوەی من ناوم محەمەدە و ئەوان جوێن بە موزەمم دەدەن. ئەمەیش ئاڕاستەکردنێکی باشە بەڵام ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی بێباوەڕەکانی قورەیش مەبەستیان لە موزەمم مەحەمەد بوو، لایەنی نیشاندانی ئەم ناوە دژ بە ناوەکەی خۆی بۆ نابوتکردن و ئیهانەکردن بوو، وەك چۆن محەمەد ئەمەی بە ئەبی ئەلحەکەم کوری هیشام کرد و ناوی نا ئەبی جەهل. ئەگەر ئەوەی محەمەد دەیگوت ڕاست بێت، دەبێت ئەو جنێو و لەعنەتەی موسوڵمانان کە بۆ ئەبووجەهلیان دەنارد بۆ ئەو نەچێت، لەبەر ئەوەی ئەوان لەعنەتیان لە ئەبووجەهل دەکرد و ئەو ناوی ئەبووئەلحەکەم بوو. ئەمەیش وا نییە لەبەر ئەوەی موسوڵمانان مەبەستیان لە ئەبووجەهل ئەبووئەلحەکەم

(52)

پیرۆز و گوێلێگیراو

ئەو ئامانجەی کە محەمەد مەبەستی بوو بیگاتێ، لەو کارانە بوو کە تەمەنی مرۆڤ بەشی نەکات، واتە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، یەکەم جار دەبێت ڕابوونێکی گەورە ڕوو بدات، دووەم: ئەو ڕابوونە دوای خۆیشی بەردەوام بێت تا ئامانجەکە تەواو دەبێت، ئەم دوو شتەیش بە بێ پیرۆزکردنی محەمەد و گوێڕایەڵبوونی خەڵك و بە دووکەوتنی نابێت، ئەگەر دووکەوتنی لە چاوی خەڵك پیرۆز نەبێت و شتەکانی ئاسمانی و خەڵك گوێڕایەڵی نەبن، سەخت بوو ئەو ڕابوونە ڕوو .بدات، ئەگەر ڕووشی بدایە مەحاڵ بوو دوای خۆی بەردەوام بێت
ئەگەر پیرۆزکردن لە کەسایەتیی محەمەد لا ببەین و گوێڕایەڵی خەڵك نەهێڵین، چرای بانگەشەی ئیسلام دوای ئەو دەکوژایەوە و بزوتنەوەی ڕابوونەکەی دەپرا و کۆتایی دەهات و پاشماوەی دەکوژایەوە لە دوای خۆی، وەك چۆن پاشماوەی خەڵکی گەورەی مێژوو کوژاوەتەوە، یان ئەگەر بمایە جگە بە تارمایی و پاشماوەی کاڵی بێ قسە و گیان و کەسایەتی دەوەستا و بە بێ هیچ بزاوتێك دەمایەوە، بەڵام ئێمە ڕابوونی جیهانیمان خولقاند لە ژیانی خۆماندا، کە لە

دوای خۆی و پاش مردنی بەردەوام بوو، تا گەییشت بە ئامانجەکەی و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان بەردەوامە، ئەگەر کرۆکەکەیشی گۆرابێت و شێوەی گۆرانکاریی بە سەردا هاتوە و دوورایی و سێبەری کورت بوەتەوە، ئەو مانەوەیش بەو شێوەیە لەبەر ئەوە بوە کە محەمەد کەسایەتیی پیرۆز بوە و ڕێزگرتنی ئەرك بوە، خەڵك گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی بوون و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئەرك بوە.

ئەگەر محەمەد پیرۆزی و گوێڕایەڵی لە دوکەوتوانی لە موسوڵمانان نەویستایە، خۆی لێ بێ ئاگا نەدەزانی کە داوای بەرەکەت و شەفاعەتیان لە نەعالەکانی دەکرد، یان ئاوی دەستنوێژی دەخۆن و تفەکەی قوت دەدەن و شتی لەو بابەتە، کە نیشانەی ئەوە بوە پیرۆز بوە و ئەوانیش گوێڕایەڵی بوون، بۆ نموونە ئیبن مەسعوود خزمەتی دەکرد و نەعلەکەی لا بوو، واتە پارێزگاری لێ دەکرد، ئەگەر هەڵسایە لە پێی دەکرد، کە دانیشتایە دەیگرت بە دەستییەوە، واتە هەر تاکێکی دەکرد بە دەستێکیدا تا ئەو کاتەی پێغەمبەر لە دانیشتنەکەی هەڵدەستا. ئەمەیش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئیبن مەسعوود هەر دوو نەعلەکانی دەکاتە هەر دوو باڵیەوە بۆ ئەوەی پیرۆزی بکا، واتە بەرەکات لێی وەرگرێت. با باسی ئەوە بکەین کە عەروەی کوری مەسعوود لە ڕۆژی حودەیبیە چیی بینی، قورەیش ناردی بۆ لای محەمەد بۆ ئەوەی پێی بڵێت ئەوان نایانەوێت لەو ساڵەدا بچێت بۆ مەککە، عەروە لەو بارەوە قسەی لەگەڵدا کرد، ئەوەی بینیی کە هاوەڵانی چی بۆ دەکەن، کە محەمەد دەستنوێژ دەگرێت، یەکتریان لە سەر دەکوشت بۆ ئەوەی هەر کەسە و دەیویست بۆ ئەو بێت، تفێکی نەکرد کە ڕایان دەکرد بۆ ئەوەی وەك مەڵحەم بیدەن لە دەست و پێست و دەموچاویان، مویەکی لێ نەکەوت کە نەیبەن، ئەگەر قسەی بکردایە دەنگیان نزم دەکردەوە و بێدەنگ دەبوون، چاویان لێ بەرز نەکردەوە لەبەر بە گەورە زانینی، کە عەروە گەڕایەوە بۆ لای قورەیش پێی گوتن: ئەی مەعشەری قورەیش من کیسرام لە پاشایەتییەکەی بینی، قەیسەر لە شانشینەکەی و نەجاشی لە پاشایەتییەکەی، بە خودا هیچ پاشایەکەم نەبینی لە ناو قەومەکەیدا لای هاوەڵانی وەك محەمەد بێت، وام بینی کە قەومەکەی بە هیچ نایگۆڕنەوە، ڕای خۆتان دەربخەن.

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: لە درێژەی قسەکانیدا لە سەر کردنەوەی مەککە گوتوویەتی: ئینجا محەمەد ڕۆیشت بۆ لای زمزم و تەماشای کرد و گوتی: ئەگەر بەنو عەبدولموتەلیب لە سەر کارەکەیان سەر نەکەون ئەو سەتڵەم لێ لا دەبرد، واتە کە خەڵك دوای دەکەون لەوەدا، سەرەڕای ئەوەی دەرکردنی ئاو لە زمزم کاری بەنی موتەلیب بوو، گوتی: عەباس سەتڵێکی ئاوی دەرکرد، پێغەمبەریش لێی خوارد و دەستنوێژی گرت و موسوڵمانان دەیانخستە سەر دەموچاویان، لە قسەیەکدا: هیچ دڵۆپەیەك نەکەوت ئەگەر نەکەوتایەتە سەر دەستی مرۆڤێك، ئەگەر بۆی بکرایە دەیخوارد یان دەیخستە سەر پێستی، بێباوەڕان دەڵێن: نە گوێمان لێ بوە و نە قەت پاشایەکمان بینیوە بگاتە ئەم ڕادەیە.

ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) باس لە قسەکانی عەروەی ڕۆژی حودەیبیە دەکات کە پێشتر باسمان کرد، دەڵێت: ئینجا عەروە واقی ورما لە بینینی پێغەمبەری خودا، فنێکی نەکرد و چڵمەکەی پێغەمبەر نەکەوتبێتە چنگی پیاوێك لەوان و پێست و دەموچاوی پێ نەشێلێت، ئەگەر فەرمانی بکردایە دەگەییشتن پێی دا، ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە لە سەر ئاوی دەستنوێژەکەی شەڕیان دەکرد، ئەگەر قسەی بکردایە ئەوان بە دەنگی نزم قسەیان لەگەڵدا دەکرد و هیچ چاویان لە ئاستی ئەو هەڵنەهێنا و بەرز نەکردەوە، لەبەر بە گەورە زانینی، عەروە گەڕایەوە بۆ لای هاورێکانی و گوتی: ئێ خزمینە بە خودا ڕۆیشتووم بۆ لای پاشایەکی وەك کیسرا و قەیسەر و نەجاشی، بەو خودایە پاشایەکەم نەبینیوە هاورێکانی هێندەی هاوەڵانی محەمەد وا بە گەورەی دابنێن، بە خودا چڵمێکی فن نەکرد و نەکەوتبێتە مشتی یەکێك لەو پیاوانە و پێست و دەموچاوی پێ نەیشێلێت، ئەگەر شتێکی بکردایە ئەوان بۆیان دەکرد، ئەگەر دەستنوێژی بگرتایە نزیك بوو شەڕیان بکردایە لە سەر ئاوی دەستنوێژەکەی، ئەگەر قسەی بکردایە بە دەنگی نزم قسەیان لەگەڵ دەکرد، چاویان هەڵنەهێنا لە ئاستیدا بۆ بە گەورە دانانی، ئەگەر پلانێکی ڕێنیشاندەری بخستایە بەر دەستیان پێی ڕازی بوون.

دیسان لە ڕۆژی حودەیبیە موی سەری محەمەدیان دابەش دەکرد بە سەر خۆیاندا، لە بەسەرهاتەکەی حەلەبیدا، دەڵێت: ئینجا پێغەمبەر چوە قوبەیەکەوە کە لە پەڕ و پێست دروست کرابوو، سەرتاشی بانگ کرد سەری تاشی و موەکەی فڕێ دایە سەر تەختەدارێك خەڵکەکە بردنی و دابەشیان کرد بە سەر خۆیاندا، ئوم عەمارە کڵاوەکانی دەبرد و دەیشۆرد و ئاوەکەی

دەدا بە نەخۆش بۆ ئەوەی چاك بێتەوە، لە ئەنەسەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودام بینی کە سەرتاشەکە سەری دەتاشی و هاوڕێیانی بە دەوریدا دەخولانەوە تاکەموویەك نەبوو نەکەوێتە دەست یەکێك لەو پیاوانە.
لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییمدا لە درێژەی قسە لە سەر حەجی خواحافیزیدا دەڵێت: پاش ئەوەی پێغەمبەری خودا لە سەر بڕینی قوربانیی حەج بوەوە، بانگی سەرتاشەکەی کرد سەری بتاشێت، بە سەرتاشەکەی گوت کە عومەر کوڕی عەبدوڵڵا بوو: هانێ و ئاماژەی بە لای ڕاستی کرد، کاتێك لە تاشینی تەواو بوو موەکانی دا بەوانەی لەگەڵیدا بوون و، ئینجا ئاماژەی بۆ سەرتاشەکە کرد و لای چەپی تاشی، ئینجا گوتی: هانێ ئەبووتەڵحە و پڕێك لە موەکەی پێ دا، لێرەدا ئیبن قەییم قسە لە سەر جیاوازیی گێڕانەوەکان دەکات کە ئایا تەڵحە مووی لای ڕاستی سەری پێغەمبەری بردوە یان چەپی، ئەمە جێگەی گرینگیپێدانی ئێمە نییە، دەڵێت: ئینجا نینۆکەکانی پڕی و دابەشی کرد بە سەر خەڵکەکەدا. ئەوەی زۆر سەرسوڕهێنەر بێت لە ژیانی پێغەمبەرایەتیی محەمەددا لە مەدینە، کە تفەکەی هەر پاك و موبارەك و پیرۆز نەبوە بە تەنها بەڵکوو دەرمانی هەموو دەردێك بوە، بۆ برین و سووربوونەوە بە کار دەهات، وەك ئەمڕۆ خەڵك بۆیەی یۆد بە کار دەهێنن، بۆ چاوخوراندن و سووربوونەوە بە کار دەهێنرا وەك ئەمڕۆ قەترەی ئەبووسینا بە کار دەهێنن (لەو کاتەدا بە کار هێنراوە، واتە ساڵی سییەکانی سەدەی ڕابردوو ـ و.) بۆ هەڵکەندنی بەرد و تاوێر بە کار دەهات وەك ئەمڕۆ خەڵك دینامیت بۆ ئەو مەبەستە بە کار دەهێنن، جگە لە چەندین شتی تر کە هاتە ڕێمان باسیت بۆ دەکەین.
پێغەمبەر تفەکەی بە کار نەهێنا وەك ئێستا زۆرینەی خەڵك بە کاری دەهێنن، جگە لە یەك جار نەبێت، ئەوەیشی کردی بە دەموچاوی ئەو دڕندەی بکوژی حەمزە بۆ قێزەون کردنی، ئەو وەحشیە کە حەمزەی لە ڕۆژی ئوحود کوشت، پێغەمبەری پێی خەفەتبار کرد و بێزار بوو، تا ئیبن مەسعوود گوتی: ئێمە پێغەمبەرمان نەبینیوە بەو ڕادەیە بگری، کە بۆ کوشتنی حەمزە گریا، هەواڵی ئەوە گەییشتوە، کە گوتوویەتی: وەل بە و لە بەرچاوم ون بە با نەتبینم، لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێت: سێ تفی کرد بە دەموچاویدا، دەڵێت: زۆر توورە بوە و تفی لە زەوییەکە کردوە.
بێگومان کە تفی لە دەموچاوی دڕندەیەکی بکردایە بۆ قێزەونکردنی کردوویەتی، ئەمەیش بەکارهێنانی تفکردنەکە بۆ قێزەونکردن بوە، جگە لەم جارە هیچ جارێك بۆ ئەو مەبەستە تفی نەکردوە، ئەگەر نا، تفەکەی دەستی خەڵك نەکەوت، بۆ پیرۆزکردن و بەرەکەت و بۆ دەرمان بە کاریان دەهێنا.
لە سیرەی هیشامیدا هاتوە: عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس کە بوسەیری کوڕی دارامی یەهوودی کوشت، لەو کاتەدا بوسەیر گۆچانێکی پێ بوو، لێی دا و سەری دووشەق کرد، واتە برینەکەی گەییشتە سەر ئێسقانی کە لە سەری، کاتێك عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس هات بۆ لای پێغەمبەری خودا تفی لە برینەکەی کرد و وای لێ کرد کە برینەکەی زیاد نەبێت و زوخاوی نەبێت و هەست بە ئازار نەکات.
زاد المعاد)دا هاتوە: پێغەمبەری خودا محەمەدی کوڕی ) لە سیرەی حەلەبی و هەروەها لە موسلمەی لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵانیدا نارد بۆ کوشتنی کەعبی کوڕی ئەشرەفی یەهوودی، کاتێك کوشتیان حارسی کوڕی ئەوسیان پێکا و بە شمشێری هاوەڵانی بریندار بوو، کە پێغەمبەر تفی لێ کرد برینەکەی یەکی گرت.
دیسان لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: مەعازی کوڕی عەمرو کوڕی ئەلجموع لە ڕۆژی بەدر لە ئەبووجەهلی دا و قاچ و لاقی لێ کردەوە، مەعاز دەڵێت: عەکرەمەی کوڕی لە پشتەوە دای لە ملم بەر دەستی کەوتم و وای لێ هات بە پیستی لاشەمەوە هەڵواسرا، کاتێك ئازاری دام و قاچم خستە سەری و لێم کردەوە، لە گێرانەوەیەکدا: هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و تفی لێ کرد و بە یەکەوەی نا و لکێنرا بە شانییەوە. ئەم گێڕانەوەیە ئەوەی مەعاز گوتی ڕەت دەکاتەوە، کە گوتی قاچم خستە سەری و لێم کردەوە، لەوانەیە پێغەمبەری خودا تفی کردوە لە برینەکەی پاش پڕینی لە لایەن مەعازەوە و بە تفەکەی چاکی کردوەتەوە، بەڵام قسەی (پێوەی لکاند و دەستی پێوە لکا) لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانانە. دیسان لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کە قسە لە سەر شەڕی ئوحود دەکرێت، دەڵێت: تیرێك دای لە ملی کەلسووم کوڕی ئەلحسێن و ئەویش هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و تفێکی لێ کرد و چاك بوەوە.
دیسان لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێك عەیینەی کوڕی حوسن هەڵی کوتا بە سەر

حوشترەکانی پێغەمبەری خودادا، دەرچوون بۆ داوای بە هاناوە هاتن لە قەومەکەیان و ئەبوقەتادە لە پێشیانەوە بوو، گوتی: بەڕێکەوتین تا هێرشمان کردە سەر قەومەکە، تیرێك بەر ناوچاوانم کەوت و دەستەکەیم کردەوە وام زانی ئاسنەکەیم لێ کردوەتەوە، کاتێك پێغەمبەر بینیی پێی گوتم: ئەمە چییە بە ناوچاوانتەوە، گوتی: گوتم تیرێك بەرم کەوت، گوتی: داچەمی لێم، تیرەکەی بەهێمنی لێ کردەوە و تفێکی کردە شوێنەکەی و لە پی دەستی خستە سەری، بەوەی پێغەمبەرایەتیی پێ بەخشی، سەعاتێك بە سەرمدا تێ نەپەڕی هیچ برینێکی پێوە نەما. واتای قسەکانی کە دەڵێت سەعاتێك نەڕۆیشت چاك بوەوە، واتە لەو ماوەیە ئازاری نەماوە.

لە ڕۆژی حەنین خالیدی کوری وەلید بریندار بوو، لە هەندێك لە هاوەڵانییەوە، گوتوویەتی: پاش دۆڕاندن و ژێرکەوتنی بێباوەڕان و گەڕانەوەی موسوڵمانان بۆ شوێنی خۆیان پێغەمبەرم بینی لەگەڵ موسوڵمانان ڕێ دەکات و دەڵێت: کێ حوشترەکەی خالیدی کوری وەلیدم پیشان دەدات، تا پیشانیان دا، کە خالیدی بینی کە پشتی داوە بە پشتی حوشترەکەوە، لەبەر ئەوەی برینەکەی قورس بوە، کە پێغەمبەر تفی کردوە لە برینەکەی، یەکسەر چاك بوەتەوە.

لە سیرەی هاشمیدا و لە سەر غەزوەی خەیبەر هاتوە: پێغەمبەری خودا گوتی: سبەینێ ئاڵاکە دەدەمە پیاوێك، خودا و پێغەمبەری خۆش دەوێت، خودا لە سەر دەستی ئەو وا دەکات بیبەینەوە و ڕا نەکەین، گوتی: سەلمە دەڵێت: پێغەمبەری خودا بانگی عەلیی کرد، چاوئێشەی هەبوو، تفی کردە چاوی، ئینجا گوتی: ئەم ئاڵایە بەرە، بڕۆ تا خودا بۆت دەیکاتەوە. لە (زاد المعاد)دا هاتوە: پێغەمبەری خودا تفی کردە چاوی و نزای بۆ کرد تا چاك بوەوە و وای لێ هات وەك ئەوەی هیچ ئازارێکی نەبووبێت و ئینجا ئاڵاکەی پێ دا.

لە (زاد المعاد)دا هاتوە: ڕەفاعەی کوری ڕافیع گوتوویەتی: لە ڕۆژی بەدر تیرێك بەرچاوم کەوت و چاوی دەرهێنام، پێغەمبەری خودا تفێکی کرد لە چاوم و دوعای بۆ کردم هیچ ئازارێکم نەما. لە سیرەی حەلەبیدا دەربارەی خوبەیب کوری عەبدولڕحمان دەڵێت: خوبەیبی باپیرم لە شەڕی بەدر لێی درا، کە لەتبوونەکەی لار بوەوە و پێغەمبەر تفی لێ کرد، نووسا بە یەکەوە و لە سەر یەك چەسپی.

لە سیرەی حەلەبیدا، لە قسەکردن لە سەر غەزوەی زات ئەلرقاع دەڵێت: لەم غەزوەیە ژنێکی دەشتەکی منداڵێکی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم کورەم شەیتان بە سەریدا زاڵ بوە، دەمی کردەوە و تفێکی تێ کرد و گوتی: دەم دابخە ئەی دوژمنی خودا، من پێغەمبەری خودام، ئینجا پێی گوت، کارەکەت تەواو بوو بۆ کورەکەت، جارێکی تر کە ئەوەی بۆی بێت تووشی نابێت، وا بوو. دەڵێم ئەگەر ئەم فەرموودەیە ڕاست بێت، ئەمە بناغەی ئەوەیە، کە لەم زەمانەدا ئەوەی شێخەکانمان پێی هەڵدەستن؛ لە جنۆکە دەرکردن و بە قامچی لێدانیان و بە جنۆکە دەڵێن: پەنا بە خودا دەرچۆ، لەگەڵ ئەوەی زانایانی موسوڵمان کە پەیوەستن بە کتێب و سوننەتەوە، ئەمەی شێخەکان دەیکەن لەم بارەوە، ڕەت دەکەنەوە.

لە سیرەی حەلەبی و لە قەتارە کوری نەعمانەوە، دەڵێت: چاوانم پڕێکان و کەوتنە سەر گۆنام، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا، گەڕاندنییەوە و تفێکی تێ کردن، گەڕانەوە و درەوشانەوە، ئەمە لە غەزوەی ئوحود.

هەروەها لە سیرەی حەلەبیەوە: کاتێك ئەسمای ژنی زوبێر، کە عەبدوڵڵای کوری زوبێری لە دایك بوو لە (قباء) هێنای بۆ لای پێغەمبەر تفی کردە دەمی، حەلەبی لە بوخارییەوە گواستویەتییەوە لە سەر ئەسما دەڵێت: گوتوویەتی: لە (قباء) دابەزیم، لە دایك بوو، مەبەستی عەبدوڵڵای کوری زوبیر بوە، ئینجا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا لە باوەشیم دانا، پێغەمبەر داوای خورمایەکی کرد و خستییە دەمی و جووی و تفی کردە دەمی عەبدوڵڵاوە، یەکەم شت بچێتە زگییەوە لیکی پێغەمبەری خودا بوو، ئینجا بەو خورمایە دەمی تەڕ کرد و دوعاو نزای بۆ کرد و بەرەکەتی پێ بەخشی.

دیسان لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: عەلیی کوری ئەبووتالیب یەکەم کەسە دوای خەدیجە بووبێت بە موسوڵمان، گوتی: لە (خصائص العشرە)ی زەمەخشەریدا هاتوە: پێغەمبەر ناوی نا عەلی و چەند ڕۆژێك لە لیکە موبارەکەکەی پێ دا کە زمانی دەمژی، لە فاتیمەی کچی ئەسەد دایکی عەلیی کوری ئەبووتالیبەوە، گوتوویەتی: کاتێك لە دایك بوو پێغەمبەر ناوی نا عەلی و تفی کردە دەمی، ئینجا بە زمانی لیکی پێ دا، تا دەخەوت دەیمژی، دەڵێت: کاتێك بەیانی هات کە دایانمان بۆ بانگ کرد، مەمکی کەسی نەگرت و شیری کەسی نەخوارد، کە بە محەمەدمان

گوت زمانی خستە دەمی و خەوت، تا خودای عەزەوەجەل دەیویست ئاوا بوو.
دەڵێم: عەلی هەشت ساڵ پێش لەوە محەمەد ببێت بە پێغەمبەر لە دایك بوە، لەبەر ئەوە دەڵێن کە عەلی بوو بە موسوڵمان تەمەنی هەشتا ساڵان بوە، ئەگەر ئەم فەرموودەیە ڕاست بێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە محەمەد پێش پێغەمبەرایەتی تفەکەی وەك پیرۆزییەك بە کار هێناوە و موبارەك بوە، هەر وەك پاش پێغەمبەرایەتیی بە کاری هێناوە. لەوانەیە لەو کاتەی عەلی لە دایك بوە، بیرۆکەی پێغەمبەرایەتی لای محەمەد هەبووبێت، بەڵام تا ئەو کاتە دەری نەخستبێت جارێك، ئەوەی دیارە کە ئەم فەرموودەیە هیچ بناغەیەکی نییە و هەڵبەستراوە، زۆر دوورە کە عەلی ساوا بێت مەمکی سەرجەم دایەنەکانی ڕەت کردبێتەوە و ماوەیەك بە بێ شیر خواردن مابێتەوە تا زمانی محەمەدی مژیبێت و هیچ نەخوات لیکەکەی ئەو نەبێت.
ئەوەی لە ڕۆژی خەندەق دەربارەی بەردە ڕەقەکە ڕوی دا، زەوییەکی پان و ڕەق، لە سیرەی ئیبن هیشام و هەروەها لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: شوێنێکی ڕەق لە کاتی هەڵکەندنی خەندەقەکەدا بەریان کەوت، هانایان بۆ پێغەمبەری خودا برد و کە خاکەناز و پاچ (قوڵنگەکەی) برد و لێیدا، هەر ئەوەندەت زانی کە وەك لم پەرشوبڵاو بوەوە.
لە گێڕانەوەیەکدا: داوای ئاوی کرد و تفی تێ کرد و ئینجا دوعای نزای بۆ خودا کرد و ئینجا ئاوڕشێنی زەوییە ڕەقەکەی کرد، هەندێك لە ئامادەبوانی ئەوێ دەڵێن: بەوەی خودا بە حەق ناردی و وا تێکشکاو وەك لم پەرشوبڵاو بوەوە، کە نە خاکەنازی ویست و نە چەکوش و پاچیش.
ئەوەی لە ڕۆژی خەندەق کە تفی کردوەتە هەویرەکەوە، لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت:
خەڵکەکەی خەندەق تووشی برسیەتی هاتن، هەندێك لە هاوەڵانی دەڵێن: سێ ڕۆژ بێ خواردنماینەوە و پێغەمبەر لە برسێتیدا بەردی خستە سەر زگی، لە گێڕانەوەیەکدا: جابری کوڕی عەبدوللا پێغەمبەری بە برسێتی بینی، مۆڵەتی لێ وەرگرت کە بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، مۆڵەتی دا، جابر دەڵێت: هاتم بۆ لای خێزانەکەم و پێم گوت: پێغەمبەری خودام بینی بە برسێتییەکی مەترسیدار، شتێکت هەیە؟ گوتی: بارە جۆیەکم هەیە لەگەڵ گیسکێکدا، گیسکەکەم سەر بڕی و جۆکەم هاڕی، گۆشتەکەم ورد کرد، کە ئێوارە هات، چووم بۆ لای پێغەمبەری خودا و پێم گوت: خواردنێکم هێناوە تۆ هەڵسە ئەی پێغەمبەری خودا، لەگەڵ پیاوێك یان دوان، پەنجەکانی خستە نێو پەنجەکانمەوە و گوتی چەندە؟ پێم گوت ئەوەندەیە، گوتی: زۆر باشە، هەمووتان دانەبەزن و هەویرەکەتان مەکەنە نان تا دێم، پێغەمبەری خودا هاواری کرد: ئەی خەڵکی خەندەق، جابر میواندارییی بۆ کردوون، دەیەللا، واتە خێرا بکەن، گوتی: پێغەمبەر خۆی دابەشی کرد بە سەر خەڵکەکەدا، جابر گوتی: شەرمێکم کرد مەگەر خودا خۆی بزانێت چۆن بوو، گوتم بە خودا ئابڕووم چوو، پێغەمبەری خودا گوتی: دە کەس دە کەس بهێنە ژوورەوە، پاش ئەوەی هەویرەکەم دەرکرد و تفی تێ کرد و پیرۆزی کرد، ئینجا هات بۆ گۆشتە هاڕاوەکە و تفي تێ کرد و پیرۆزی کرد، ناوی خودای گەورەی هێنا، ئینجا خواردی و بە دوای ئەودا خەڵکەکە دەستیان کرد بە خواردن، هەر چەندە کۆمەڵێك تەواو بوون لە خواردن کۆمەڵێکی تر جێگەیان دەگرتەوە، تا خەڵکی خەندەق هەموویان خواردیان کە هەزار کەس دەبوون، سوێند بە خودا دەخۆم، ئەوەندەیان خوارد تا لێی مایەوە و گۆشتە هاڕاوەکە وەك خۆی مایەوە و هەویرەکەمان وەك خۆی کردە نان.
دەڵێم: لە نێوان ئەم قسەیەی لە جابر وەرگیراوە و ئەوەی هەندێك لە هاوەڵانی باسیان کرد. ((سێ ڕۆژ ماینەوە تامی خواردنمان نەکرد و، پێغەمبەر لە برسا بەردی لە سەر زگی دەبەست)) دژیەکییەکی ڕێوە دیارە. لە کتێبەکانی بەسەرهاتدا، هاوشێوە و لە نموونەی ئەم قسانەی کە جابر باسی کرد ئەوەندە هەیە، تەنانەت غەزوەیەك نییە لەم باسانە بە دەر بێت، لەوانەیە بناغەیەکی ڕاستی تێدا بێت، بەڵام حیکایەتخوانان گەیاندوویانەتە سنوری نا مەعقوڵی، ئەوەی جێگەی گومانە، ئەوەی جابر لە قسەکانیدا باسی کردوە کە خەڵکەکە هەزار کەس بوون، ئەوەی لە سیرەی حەلەبی و سیرەی هاشمیدا هاتوە کە سێ هەزار کەس بوون، لەوانەیە هەموویان نەهاتبن بۆ خواردنی چێشتەکەی جابر، لەوانەیە هەندێکیان هاتبن، بۆیە گوتی: تەواو هەزار کەسێك دەبوون، بەڵام ئەوەی دوورە کە سەرجەم سوپاکە لە حاڵەتی برسێتیدا بووبن و هەندێکیان بانگ بکرێن بۆ نانخواردن و زۆرینەی وەلا بنرێن، لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە (وەك جابر باسی کردوە) کە چێشتەکە بەشی زیاتر لە سێ هەزاری کردوە و، ئەو هەزار کەسە کە چێشتی خۆیان خواردوە و ڕۆیشتوون، کەچی گۆشتە هاڕاوەکە پڕ بوە و هەویرەکە وەك خۆی ماوەتەوە و کراوەتە نان، وەك جابر گوتوویەتی.

بۆ پێکەنین و خۆشنوودی و خۆشحاڵ بوون، ئەوەی حەلەبی لە سیرەتەکەی کە لە شێخ عەبدولوەهابی ئەلشەعرانییەوە گواستوویەتیەوە، بۆت باسی دەکەین: نانێکی داوە بە چواردە جوتیار، لێیان خواردوە و تێر بوون، دەڵێت: جارێکیان نانەچەورەیەکمان کە لە فڕندا دەیکەین، دا بە حەقدە کەس لێیان خوارد و تێر بوون، ئەوەیشی گوت: شێخەکەی، واتە شێخ محەمەد ئەشناوی بینی کە هات بۆ گوندەکەی و پەنجا پیاوی لەگەڵدا بوو، لە ماڵی شێخەکەی، شێخ محەمەد بردی و دراوسێکانی مزگەوتی ئەزهەر گوێیان لەوە بوو هاتن بۆ سەردانی، ئەو ماڵە پڕ بوو، گەڕەکەکەیان بە حەسیر ڕاخست، ئینجا شێخەکە بە میوان ڕێکەرەکەی گوت، چێشتان هەیە؟ گوتی: بەڵێ ئەو چێشتەی کە بۆ خۆم و ژنەکەم دەیکەم، پێی گوت: هیچی لێ مەخۆ تا ئامادە دەبم، ئینجا شێخ مەنجەڵەکەی بە عەباکەی داپۆشی، ئینجا کەوگیر یان چەمچەکەی گرت و دابەشی کرد تا ئەوەی لە ماڵەکە و لە گەڕەکەکەیش بوون وەریان گرت و خواردیان، ئەمە بە چاوی خۆمم بینی، ئەوەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە.

ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە شەعرانی باسی کردوە، دەبێت ڕێگەیەك هەبێت بۆ خەڵك حەز لەوە بکات کە شتێك بکەن و ببینن کە حەقیقەتی تێدا نەبێت، وایان بینیوە کە ئەوەندەیان خواردوە تا تێر بوون، کەچی لە حەقیقەتدا نە خواردوویانە و نەیش تێر بوون، چێشتەکەیان لە بەردەمدا بینیوە زۆر بوە، کەچی لە حەقیقەتدا زۆر نەبوە، هەندێك لە باوەڕپێکراو پێیان گوتم، خەڵکێکی بینیوە کە ئەمە وەك ئارەزوویەك بۆ ئەوە دەکات کە خەڵك شتێك ببینن هیچ حەقیقەتێکی تێدا نەبێت، واتە شتێك ببینن کە لە حەقیقەتدا نەبێت یان ڕووی نەدابێت.

ئەوەی پشتگیریی ئەمە و نموونەی ئەمە دەکات کە وەك ئارەزوو دەکرێت، ئەوە لە سەرەتادا ناتوانن ئەو شتانە بکەن کە دەیانەوێت، بە دەربڕینێکی ڕوونتر، ئەوان ناتوانن بۆ نموونە خۆراك بهێنن یان ئامادەی بکەن، مەگەر کەمێك لەو خۆراکە بهێنن ئەگەر زۆر کەمیش بێت، ئەگەر ئەو کەمەت هێنا پشتی پێ دەبەستن و وا ئارەزوو دەخەنە دڵی خەڵکەکەوە کە بە زۆر ببینن و تا لێی بخۆن و تێر بخۆن چەند زۆریش بن، لە حەقیقەتدا زۆر نییە و، ئەوانیش لە حەقیقەتدا نە خواردوویانە و نەیش تێر بوون.

ئەگەر حەزکردن و ئارەزوومەندی بۆ بینینی شتی ناڕاستی هەبێت، واتە لە حەقیقەتدا نەبێت، هیچ پێویستییەکیان بەوە نەبوە کە کەمێك لەو شتە بهێنن و، هەر لە سەرەتاوە ئەو هەموو شتە زۆرەیان دەهێنا، بەڵام ئەوان ناتوانن ئەوە بکەن، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بینینی شتی وا لە یەکەم جاردا وا پێویست دەکات، کە پشت بە شتێکی حەقیقەت ببەستن، ئەگەر پشتیان بەوە بەست ئاسان دەبێت لە سەریان کە وا ئارەزووی گەورەکردن و زۆرکردنی ئەو شتە لە بیر و گیانیاندا زیاد دەکات، کە لە حەقیقەتدا وا نەبێت. من نازانم بۆچی ئەو کەسەی سەدان یان هەزاران کەس بە گونکێك یان نانێك تێر بکات، بۆچی ناتوانێت نانێك لە هیچەوە دروست بکات، هەر دوو کارەکە دەرچوونە لە حەقیقەت و یاریکردنە بە سروشت، نامۆیە باس لە تفکردنی محەمەد دەکەن، کە ئەگەر تفەکەی بکردایەتە ئاوێکی سوێری لە ڕادەبەدەر و وەك بە دڵۆپاندن دەکرێت دەیتوانی بیکات بە ئاوێکی سازگار، تاقیکردنەوەی دڵۆپاندن ئەوەیە کە ئاوەکە بکرێتە قاپێکەوە و گەرم بکرێت تا دەبێتە هەڵم و بە بۆری دەگوێزرێتەوە و لەکاتێکدا ئاوی سارد بکەیت بە سەریدا دڵۆپ دڵۆپ دەبێتە ئاوی شیرین و لە قاپێکی تردا کۆ دەکرێتەوە و ئەو خوێ و کانزایانەی تر وەك خۆی لە قاپەکەدا دەمێنێتەوە، بەڵام تفی محەمەد جێگەی ئەم تاقیکردنەوەی گرتوەتەوە.

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: قەومێك سکاڵایان بردە لای پێغەمبەر کە ئاوی بیرەکەیان سوێرە، لەگەڵ هەندێك لە هاوەڵانی هاتن بۆ سەر بیرەکە و محەمەد تفێکی کردە ناو بیرەکەوە و پڕ بوو لە ئاوی سازگاری خۆش.

ئەوەی لەوە نامۆترە ئەوەیە، هەندێك لە هاوەڵان کە لە ڕۆژی ئوحود سەری شکا خوێنەکەیان مژی، لە (زاد المعاد)دا: دوو ئەڵقەی برین لە سەر دەموچاوی دروست بوو، ئەبووعوبەیدەی کوری جەراح هەڵی کەند و گازێکی لێ گرت و دەمی بە قوڵی چوە برینەکەوە و، مالیکی کوری سینان باوکی ئەبی سەعیدی ئەلخدری خوێنەکەی سەر گۆنای هەڵمژی، گوتی: کاتێك مالیك برینەکەی دەموچاوی پێغەمبەری هەڵمژی، تا پاکی کردەوە، پێی گوت: پاکی بکەرەوە، گوتی: بە خودا قەت پاکی ناکەمەوە و بەری کردە دواوە و ڕۆیشت، پێغەمبەر گوتی: ئەوەی دەیەوێت تەماشای پیاوێك بکات لە بەهەشتدا با تەماشای ئەمە بکات.

باس لە بیری ڕوم دەکەن کە عوسمان کڕی و کردی بەخێر بۆ موسوڵمانان:

ئەم بیرە تامێکی هەبوو سوێر بوو، هیی یەهوودیەك بوو پێیان دەگوت ڕومە، دەڵێن بوو بە
موسوڵمان و ئاوەکەی دەفرۆشت بە موسوڵمانان، لە عەقیق بوو، پێغەمبەر کە تفی تێ کرد
ئاوەکە بوو بە ئاوی سازگار.
لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێك دەموچاوی محەمەد بریندار بوو، خوێنی لێ دەچۆڕا و
خوێنەکەی دەسڕی، لە قسەیەکدا، خوێنەکەی وشك دەکردەوە و دەیگوت، قەومێك چۆن سەر
دەکەوێت کە دەموچاوی پێغەمبەرەکەیان خوێناوی بکەن و ئەویش لای خودا دوعایان لێ بکات،
گوتی: مالیك کوڕی سینانی ئەلخدری کە باوکی ئەبی سەعیدی ئەلخدری بوو، خوێنەکەی
پێغەمبەری خودای هەڵدەمژی و قوتی دا، پێغەمبەری خودا گوتی: ئەوەی خوێنی لەگەڵ
خوێنمدا یەك بگرێت بەر ئاگر ناکەوێت، لە گێڕانەوەیەکدا، گوتوویەتی: ئەوەی بیەوێت تەماشای
پیاوێکی خەڵکی بەهەشت بکات با تەماشای ئەم پیاوە بکات و، ئاماژەی بەو کردوە. لە
گێڕانەوەیەکی تردا: ئەگەر هەر کەسێك پێی خۆش بێت تەماشای یەکێك بکات کە ئاگر بەری
ناکەوێت، با تەماشای مالیکی کوڕی سینان بکات، گوتی: ئەوە نەگواستراوەتەوە کە فەرمانی
کردبێت خوێنەکەی دەمی بشۆرێت و ئەویش دەمی نەشۆردوەتەوە، هەروەها لەو کاتەدا کە
میزەکەی محەمەدی خواردوە، بە ئوم ئەیمەنی حەبەشی نەگوتراوە کە فەرمانی کردبێت
دەمی بشوات و ئەویش نەیشۆردبێتەوە. لە ئوم ئەیمەنەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەر شەو هەڵسا
لە خەو بۆ ئەو گۆزەیەی کە لە ژێر قەرەوێڵەکەی بوو، میزی تێ کرد، منیش هەڵسام زۆر تینووم
بوو، ئەوەی لە گۆزەکەدا بوو خواردمەوە و هەستم پێ نەکرد، بۆ بەیانییەکەی پێغەمبەر گوتی:
ئەی ئوم ئەیمەن هەڵسە ئەو گۆزەیە چی تێدایە بیرێژە، گوتم: بە خودا چی تێدا بوو خواردمەوە،
پێغەمبەری خودا پێکەنی تا دەمودانی هەمووی دەرکەوت، ئینجا گوتی: هیچ ڕاناکێشێت (واتە
ورگت نایێت و زگت پان نابێتەوە) لە دوای ئەمەوە، لە گێڕانەوەیەکدا، ئاگر سکت ناسووتێنێت، لە
گێڕانەوەیەکدا لە جیاتیی گۆزە، دەڵێت قاپێکی لە دار دروستکراو بوە (لە دارخورما) گوتی: هیچ
ڕێگرییەك نییە کە ئوم ئەیمەن هەڵسا و زگی بە چەندینەوە هەبوو، گوتی: ژنێکی تر پێیان
دەگوت بەرەکەی کچی سەعلەبە کە خزمەتی ئوم حەبیبەی دەکرد، لە حەبەشەوە لەگەڵیدا
هاتبوو، بە ئوم یووسف بانگ دەکرا، لە میزەکەی خواردەوە، پێغەمبەر کە زانیی لە میزەکەی
خواردوەتەوە، پێی گوت: تەندروستیت باشە ئەی ئوم یووسف، لە گێڕانەوەیەکدا پێی گوتوە: بە
پەرژینێك لە ئاگر جیا کرایتەوە، (حظار) بەربەستێکە کە لە نێوان دوو شتدا دادەنرێت کە بە ئاگر
گەرم بکرێت، واتە ئوم ئەیمەن بەو شتە لە ئاگر دەپارێزرێت.
دەڵێت: ئەبووتیبەی حوجام و عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر کە خوێنەکەیان خواردوەتەوە. لە
عەبدوڵڵای کوڕی زوبێرەوە گوتوویەتی: هاتم بۆ لای پێغەمبەر کەڵەشاخی دەکرد، کاتێك تەواو
بوو گوتی: ئەی عەبدوڵڵا بڕۆ ئەم خوێنە بڕێژە تا کەس نەتبینێت، گوتی: منیش خواردمەوە،
گوتی کە گەڕامەوە گوتی: ئەی عەبدوڵڵا چیت کرد؟ گوتم: لە شوێنێکم دانا کە دەزانم باشترین
شوێنە بۆ لە خەڵك شاردنەوەی، گوتی: نەتکردبێ خواردبێتەوە؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: خوا پەنای
خەڵك بدات لە تۆ و خوا پەنای تۆ بدات لە خەڵکەکە، بەو هۆیەوە زۆر ئازا دەرچوو.
حەلەبی کە ئەوانەی پێشووی باس کردوە: هەندێك لە ئیمامەکانمان وا باس دەکەن کە
هەندێك لە پاشەڕۆکەی بردوون کە فەرمانی پێ نەکردوە دەمی بشوات و دەمیشی نەشتوە،
واتە خواردنەوەی شیاوە و دان بە خواردنەوەی نراوە، دەڵێت: ئەوەی لە (استیعاب)دا باسی
کردوە، پیاوێك لە هاوەڵانی ناوی سالم حوجمە بوە، کە خوێنەکەی قوت داوە، پێغەمبەر پێی
گوتوە: نازانیت کە خوێن هەمووی حەرامە. ئەمە ڕاست نییە، هەندێکیان دەڵێن: فەرموودەیەکە
کە هیچ پشتگیرییەکی نییە و ناکۆك نییە لەگەڵ ئەوەی پێشوویدا.
دەڵێم: تەماشا بکە چۆن واتاکەی بە جێ دەهێڵن و دوای پشتگیری دەکەون بۆ یەکلایی
کردنەوەی ڕاستی و دروستی فەرموودەکان، ئەو فەرموودەیەی کە دەڵێت، خوێن هەمووی
حەرامە قورئان پشتگیری دەکات، بەڵکوو ئەمە خۆی لە قورئاندا هاتوە، بەڵام بە ناڕاست لە
قەڵەمی دەدەن، وەك دەڵێن هیچ پشتگیری و پاڵپشتییەکیان بۆ نەدۆزیوەتەوە. لەمە هەمووی
سەرسوڕهێنەرتر، ئەوەیە کە لە سەر پێغەمبەر باسیان کردوە، کە خوێنی ئوسامەی کوڕی
زەیدی کوڕی حارسەی هەڵمژیوە، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئوسامە خۆشەویستیی
پێغەمبەری خودا و کوڕی خۆشەویستەکەی و کوڕی دایەنەکەی بوە، دەڵێت: لە عایشەوە
وەرگیراوە گوتوویەتی: ئوسامە پێی لە بەر دەرگەیماڵەکە کەوت و دەموچاوی بریندار بوو،
پێغەمبەری خودا پێی گوتم: دوور بکەوە لێی، عایشە گوتی: کە ئەو بە قێزەونی زانیوە

(لەبەرئەوەی ڕەش و لووتپان بوو) بەڵام پێغەمبەر خۆی دەیمژی، واتە: خوێنەکەی و، ئینجا فڕێی دەدا.
لەوانەیە ئەو خەڵکەی خوێنی پێغەمبەریان هەڵمژیوە ببورێن، لەبەر ئەوەی بە کەسێکی پیرۆز و پاك بە هەموو ئەوەی دەگەیەنێت لە قەڵەم درابێت، ئەم باوەڕبوونەیان وا پاڵی پێوە نابن کە بە خوێن و تفەکەی خۆیان پیرۆز و موبارەك بکەن، بەڵام بە چ بەهانەیەك محەمەد ببورین کە خوێنی ئوسامەی هەڵمژیبێت و هەموو خوێنێك لە شەرعی ئەودا حەرامە و هەموو حەرامێك لە شەرعدا بە گڵاو دەبینرێت و، ئەوەی زانراوە کە عەرەب لە جاهیلیەت خوێنی دەرهێنراویان دەخوارد، دەیانخستە نێو ڕیخۆڵەوە و دەیانبرژاند، کە میوانیان بهاتایە و هیچیان نەبوایە، حوشترێکیان دەگرت و لە خوێنەکەی چێشتیان بۆ لێ دەنا.
لە نموونەی پەندەکانیان لەم بابەتەدا: (ئەوەی حەرام نەکراوە خوێنی بۆ دەربهێنە)، واتە هیچ دێیەك لەوە بێبەش نەبوە کە خوێنیان لە حوشتر دەرنەهێنابێت و چێشتیان لێ نەنابێت، وەك لە قورئاندا هاتوە، ئەوەیان لێ حەرام کراوە: {حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَه} [المائدە: 3]،واتە: ئەوەی لەسەرتان حەرام کراوە مردار و خوێنو گۆشتی بەراز و هەر ئاژەڵێك لە کاتی سەربریندا ناوی غەیرە خودای لێ بێنن و خنکاو و تۆپیو و و هەڵدێراو، مەگەر لە پێش گیاندەرچوونیان فریایان کەوتبن. ئایەتە، ئەم حەرامکراوانە لە شەرعی ئیسلامدا گڵاون، چۆن محەمەد خوێنی ئوسامە هەڵدەمژێت! بۆیە گومانم لە ڕاستیی ئەم فەرموودەیە هەیە.

(53)
زیادەڕۆیی و پێوەنان لای محەمەد
پێشتر باسی ئەوەمان کرد: محەمەد پیرۆزبوونی خۆی و گوێڕایەڵبوونی لە قەومەکەی ویستوە، لەبەر ئەوەی بێ ئەم کارە ئەو ڕابوونەی کە ویستوویەتی بەرپای بکات بۆ گەییشتن بە ئامانجەکەی بەردەوام نابێت و تەواو نابێت، بۆیە موکور بوە لە سەر ئەوەی کە پاشکۆی ئەو بن و دوای بکەون و ئەو پێشەنگی پیرۆزیان بێت و لە هەموو شتێکدا بۆ ئەو بگەڕێنەوە، واتە هەر ئەو مەرجەعیان بێت.
ئەوەی بەڵگەی ئەم قسانەیە، باسەکەی ئەحمەد و خەڵکی ترە لە سەر عەبدوڵڵای کوڕی سابت: دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، بەلای برایەکی بەنی قورەیزەدا ڕەت بووم. هەندێك لە کۆکراوەکانی تەوراتی بۆ نووسیم پیشانت بدەم؟ کە بینیی دەموچاوی پێغەمبەری خودا گۆڕا، یەکسەر عومەر گوتی: ئێمە ڕازی بووین بە خودا کە پەروەردگارمان بێت و بە ئیسلام ئایینمان بێت و بە محەمەد پێغەمبەرمان بێت، حاڵی پێغەمبەر کرایەوە و دڵخۆش بوو گوتی: بەوەی گیانی محەمەدی بە دەستیوەوەیە، ئەگەر مووسایەکیشتان تێدا دروست بێت و دوای بکەون هەر ڕێگە ون دەکەن، ئێوە چانسی منن لە نێو میللەتاندا و منیش چانس و بەختی ئێوەم لە پێغەمبەراندا.
تەماشا بکە چۆن دەموچاوی گرژ هەڵگەڕا، کە بینیی عومەر سەرسام بوە بەو ئایەتانەی لە تەوراتدا بوون و بۆی نووسیبوون، لەبەر ئەوەی ویستویەتی بە قورئان نەبێت بە هیچ سەرسام نەبێت و بۆ خۆی نەبێت دوای کەس نەکەوێت و، پشت بە کەس نەبەستێت. خۆی ئەوەی هەبوو هەر کە گوێبیستی هەر شتێك بوایە و بە دڵی نەبوایە و ڕقی لێ بوایە و قسەیەك بێزاری بکردایە یەکسەر دەموچاوی تێك دەچوو، بەڵام کە عومەر زانیی بۆچی یەکسەر سەروسیمای گۆڕا، بۆیە ئەویش خێرا دەستپێشخەریی ئەوەی کرد بۆ ئەوەی ڕەتی بکاتەوە کە سەرسامی تەورات بوە، یان ئەوەی بۆ بسەلمێنێت کە ئەو دوا کەوتەی کەس نابێت محەمەد نەبێت، بۆیە گوتی (ڕازین بە خودای پەروەردگارمان و بە ئیسلام ئایینمان بێت و محەمەد پێغەمبەرمان بێت) ئینجا تەماشا بکە چۆن کرایەوە و سیمای گۆڕا، کە بینیی عومەر لەوەی باسی کرد پاشگەز بوەوە و ئەو کۆکراوانەی تەوراتی وەلا نا، چۆن باسی لەوە کرد بە بێ دواکەوتنی ئەو، نە سەر دەکەون و نەیش ڕێگەی باش دەگرنە بەر و، ئەگەر تەنانەت مووسایەك لەوان دروست بێت و دوای بکەون ڕێگە ون دەکەن و، جەختی لەوە کردەوە کە لە ناوەڕۆکدا بەم هۆیەوە بڵێت، (ئێوە بۆ من و منیش بۆ ئێوە) دەبم، واتە ئەو دەیەوێت ببێتە پەناگە و مەرجەعی

پیرۆزیان و لە هەموو شتێکدا گوێڕایەڵ و دواکەوتەی ئەو بن، بۆیە گوێ بەوە نادات کە هەندێك جار ئاو و ئارەقەی لەشی دەخۆن و دەبەن و پیرۆزیی و بەرەکەت لە تفەکەی وەردەگرن و مووی سەری دەبەن و خوێنی کەڵەشاخەکەی دەخۆن و، وەك ئەم جۆرە شتانە دەکەن، بێگومان ئەم جۆرە کردەوانە شایانی ئەوەیە کە زیاتری پێوە بنێن و زیادەڕۆیی پێ بکەن، هەر چەند ئەم زۆر پێوەنانە لەو کاتەدا بوە کە پێغەمبەر زیندوو بوە و لەگەڵیاندا ژیاوە، لەم ڕادەیە وەستاوە و نە پەرەیوەتەوە بۆ شتی گەورەتر، بەڵام لە دواى مردنی پێغەمبەر بە پێی کات شتەکان زۆرتر و گەورەتر بوون و ڕۆیشتوون، تا وای لێ هاتوە کە دژ بە یەکی بکەوێتە نێو تەنانەت ئەو کتێب و سوننەتانەی کە خودی محەمەد هێناونی.

ئێمە لێرەدا دەمانەوێت باسی ئەم پێوەنانە بکەین، کە لە پاش مردنی محەمەد ڕووی داوە، پێش ئەوە دەڵێین: محەمەد بەوەی کە هێناویەتی، هیچ شتێکی بۆ خۆی نەویستوە جگە لە مانەوەی بە نەمری و بە شکۆیی و پیرۆزیی، بۆیە ناوی خۆی خستە پاڵ ناوی خوداوە، وای لێ کرد شایەتمانی موسوڵمانانی کرد بە دوان، شایەتمانی بە خودای تاکوتەرا و شایەتمان بە محەمەدی پێغەمبەری خودا، لەگەڵ ئەوەی یەکەم شایەتمان بانگەشەی خوداپەرستیی تەواو دەکات، ئەوە تەنها بەسە بۆ ڕووخانی بتپەرستی و وەستانی ئایینی یەکتاپەرستی، بەڵام ئەو بەوەوە نەوەستاوە و وای لێ کردوە کە ئیسلام بە شایەتمانی دوەم نەبێت تەواو نابێت، وەك چیرۆکی ئەبووسوفیان لە ڕۆژی گرتنی مەککەدا ئەوە دەسەلمێنێت.

محەمەد بە دە هەزار کەسەوە لە مەدینە دەرچوو بۆ ئەوەی مەککە بکاتەوە واتە فەتحی بکات یان بیگرێت، کە گەییشتە (مر الظهران) قۆناغێك لە مەککەوە دوورە، لەوێدا دابەزی و عەباسی مامی لەو کاتەدا ئەبووسوفیانی کوڕی حەربی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا، پێغەمبەر پێی گوت: بەڵات لێ بدات ئەی ئەبووسوفیان کاتی ئەوە نەهاتوە بزانیت کە جگە لە خودا هیچ ئیلاهێکی تر نییە؟ گوتی: بە سەری باوك و دایکم تۆ چەند بەخشندە و هێمن و زانایت و تێگەییشتوو و پێگەییشتوویت، لەو باوەڕەدام کە ئیلاهێکی تر لەگەڵ خودا هەبوایە هیچ شتێکی بۆ من نەبوە و، تا ئێستا هیچ قازانجێکی بۆ من نەبوە.

ئەبووسوفیان لەم قسانەیدا دان بەوە دەنێت کە جگە لە خودا هیچ ئیلاهێکی تر نییە، بەڵام محەمەد بەوەوە نەوەستا، بەڵکوو پێی گوت: بەڵات لێ بدات ئەی ئەبووسوفیان جارێك نازانیت کە من پێغەمبەری خودام؟ گوتی: تۆ باوانی منی، بەڵام بە خودا جارێك لە ناخدا شتێك ماوە بگەم بەوە، واتە باوەڕی بەو نەهێناوە و قەناعەتی پێ نەکردوە.

لە گێرانەوەیەکدا: بەدیلی کوڕی وەرقا و حەکیمی کوڕی حوزام لەگەڵ ئەبووسوفیاندا بوون لەو کاتەی لەگەڵ عەباسدا هاتن بۆ لای محەمەد، عەباس گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەبووسوفیان و حەکیم کوڕی حوزام و بەدیل کوڕی وەرقام هێناوە بۆ لات، پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: با بهێنە ژوورەوە، هاتنە ژوورەوە و، ئەو شەوە لای مانەوە، هەواڵی خەڵکی مەککەی لێ دەپرسین و داوای لێ کردن ببن بە موسوڵمان، گوتیان: شایەتمان بە خودای تاکوتەرا دەهێنین، پێغەمبەری خودا گوتی: شایەتمان بەوە بهێنن کە من پێغەمبەری خودام، بەدیل و حەکیم کوڕی حوزام ئەوەیان کرد و، ئەبووسوفیان گوتی: بە خودا ئەوەم نەزانیوە، شتێکم لە ناخدایە و دوای دەخەم (واتە دوای خست بۆ کاتێکی تر) عەباس بە ئەبووسوفیانی گوت: بەڵات لێ بدات پێش ئەوەی لە ملت بدەن ببە بە موسوڵمان و شایەتمان بهێنە بە خودای تاکوتەرا و بەمحەمەد پێغەمبەری خودا، ئەویش شایەتمانی حەقی دا و بوو بە موسوڵمان.

بێگومان دان پێدانانی ئەبووسوفیان بە شایەتمانی دوەم لە ترسا نەبێت لە باوەڕەوە نەبوە، عەباس هەڕەشەی ملقرتاندنی لێ کردوە، هەر چۆنێك بێت، ئەم چیرۆکە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسلام بە شایەتمانی خودای تاکوتەرا تەواو نابێت و دەبێت لەگەڵ ئەوەیشدا شایەتمان بە محەمەد پێغەمبەری خودا بهێنێت.

بەوەیش وای لێ هات کە موسوڵمانان یادی محەمەد بکەن و بە ناوهێنانیەوە باوەڕداری بکەن و لە نوێژ و لە بانگەکانیاندا لە هەر ڕۆژێکدا پێنج فەرزە ناوی بهێنن، ئەوەیش بەسە تا خودا بیەوێت بە یادکردنەوە و بەردەوام ناوهێنانی بە پیرۆزی و نەمری بهێڵێتەوە.

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: دەربارەی مەسەلەیەك پرسیارم لە پەروەردگار کرد و پێم خۆش بوو ئەو پرسیارەم نەکردایە، لە پەروەردگارم پرسی: ئیبراهیمت بە هاوڕێ وەرگرت و بە قسەکردن قسەت لەگەڵ مووسادا کرد، خودایش بەوی گوتوە: بە هەتیوی

ئەمبینیت و نیشتەجێم کردیت، وێڵ بوویت و ڕێم نیشان دایت و هیچت نەبوو دەوڵەمەندم کردیت و دڵفراوانم کردیت، باری قورسم لە سەر لابردیت، ناوهێنانت دیاری کرد و ناوم ناهێنن ئەگەر ناوی تۆم لەگەڵمدا نەبێت.
دیسان لە سیرەی حەلەبیدا لە زوهریەوە وەرگیراوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا نەهیی کردوە لەوەی بە ناوی ئەوەوە خواردن بۆ جنۆکە سەر ببڕێت. بەڵام دەربارەی ئەوەی دەگوترێت پێش سەربڕین بەناوهێنانی خودا و محەمەد خواردن حەڵاڵ بێت، ئەو قسەیە حەرامە لەبەر ئەوەی هێمایە بۆ هاوبەشی دروست کردن بۆ خودا، ئەمەیش لەو مەحاڵانەیە کە لە حەرام بە دەر کراون بە پێی قسەی خودای گەورە: (لا أذكر إلا وتذكر معي). واتە هەر جارێك ناوم دەهێنن ناوی تۆیش دێت، وا هاتوە گوتوویەتی: جبریل هات بۆ لام و گوتی: پەروەردگاریی من و تۆ پێت دەڵێت، دەزانیت چۆن ناوتم بەرز کردەوە؟ گوتم: خودا باشتر دەزانێت، گوتی: هەر جارێك ناوم دەهێنن ناوی تۆیش دێت. دەڵێت: ئەگەر ناوهێنانی محەمەد لە سەربڕیندا حەرام بێت کە ئاماژە بە هاوبەشی دروستکردن دەکات، لە یادکردنی محەمەد لەگەڵ خودا بە پێی قسەی: (ناوم ناهێنن تا ناوی تۆیش نەهێنن) ئەمەیش وا فەرز دەکات کە حەرام بێت، لەبەر ئەوەی ئاماژە بە هاوبەشی دروستکردن بۆ خودا دەکات، ئامانج لەوەی یەکەمدا هاوبەشی دروستکردنە لە کاتی سەربڕیندا و دوەم هاوبەشی دروستکردنە لە قسەکردن و ناوهێناندا.
بێگومان ناوهێنان و نەمری لەگەڵ پیرۆزراگرتن کە مەبەستی محەمەد بوو بۆ خۆی، بە باشترین شێوە بۆی جێبەجێ کرا، موسوڵمانان لە دوای ئەو وەك گوتمان لە پێنج فەرزەدا ناوی دەهێنن و لە هەر دوو شایەتمانەکە و لە هەموو کاتەکاندا هاوشانە لەگەڵ نوێژ و نزا و خۆبەدەستەوەدانی خودا.
وەك ئەوەی پێغەمبەری خودا هەستی پێ کردبێت، کە موسوڵمانان لە دوای ئەو زۆری پێوە دەنێن و، دەیگەیەننە سەروی مرۆڤبوون و ئەویش ئەمەی نەویستوە، گوتوویەتی: وا پێم دا هەڵمەدەن چۆن نەسرانییەکان بە عیسای کوڕی مەریەمدا هەڵیان دەدا، بەڵکوو من کۆیلەم، بڵێن: کۆیلەی خودا و پێغەمبەری خودا، بەوەوە نەوەستاوە بەڵکوو لە دوو شوێندا لە قورئان ئەوەی ئاشکرا کردوە، لە سورەتی کهف و لە سورەتی (السجده): {قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ} [الكهف: 110] [سوره فصلت: 6] بەواتای: بڵێ منیش وەکو ئێوە مرۆڤم. لەم دەربڕینەدا سووربوونی خۆی لە سەر ئەوە دەرخستوە کە ئەویش وەك ئێوە مرۆڤە، بەڵام موسوڵمانان بەوە ڕازی نەبوون تا لەوە دەریان کرد و باڵایان کردەوە، ئەوەندەی زیادەڕەوییان کرد و بۆیان پێوە نا، بۆ نموونە؛ وەك ئەوەی کە سێبەری نییە، حەلەبی لە سیرەتەکەی دەڵێت: سێبەری کەسایەتیی شەریفی لە خۆرەتا و مانگەشەودا دەرناکەوێت، بۆ ئەوەی پێ نەکەوێتە سەری و مێش پێوەی دانەنیشێت.
لەوانەیش، ناکۆك بوون لە نێوان مەککە و مەدینەدا کە کامیان چاکترە، لێیان هەبوو مەککەی لە مەدینە بە چاکتر دەزانی و خەڵکێکی تر مەدینەی لە مەککە بە باشتر دادەنا و، وا ڕێکەوتن کە ئەو شوێنەی تێیدا دەنێژن بە دەر بێت لەوانی تر. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا پاش ئەوەی باسی ئەو ناکۆکییانەی کردوە، دەڵێت: لە سەر ناشتنی ئەندامە شەریفەکانی لە زەویی مەدینە کردوە، ئەگەر نا بە کۆی گشتی ڕاکان ئەمە باشترین پێگەی زەوییە، بەڵکوو لە عەرش و کورسیش بە باشتر دانراوە. ئەوەی زانراوە کە عەرش بارەگای خودایە و وەك لە قورئاندا هاتوە: {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى} [طه: 5]،واتە: ئەو خودایەیە لەسەر تەختی خۆی دامەزرا. وایان لێ کرد کە ئەو شوێنەی محەمەد تێیدا دەنێژرێت بە هەر واتایەك بێت لە عەرشی ڕەحمان باشترە.
لە قورئاندا لە سورەتی (الاسراء) دا هاتوە: {وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَكَ عَسَى أَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَحْمُودًا} [الإسراء: 79]،واتە: لەشەویدا بۆی هەستەوە: ئەمە زیادەنوێژی تۆیێت. بەڵکو پەروەندەکەت بتنێرێتە جیگایەکی پەسەندکراو. ئەوەی زانراوە شوێنی پیرۆزکراو ئەو شوێنەیە کە ئەوەی تێدا بێت پیرۆزی دەکات و، هەر کەسێك بیناسێت و بیبینێت سپاسگوزاری دەبێت، ئەو ئازادە بە ڕەهایی سپاسگوزاریکردنی هەموو جۆرە شکۆیی و بەخشندەیەکی پێ بەخشێت، بەڵام موسوڵمانان ناکۆك بوون لە سەر ئەم ئایەتە و ئەوەندەیان پێوە نا، تا گەیاندیانە فیتنەیەکی گەورە لە بەغدا، حەنبەلییەکان دەڵێن: واتاکەی ئەوەیە کە خودا لە عەرشەکەی خۆی دای دەنێت، خەڵکی تر دەڵێن: شوێنی پیرۆزکراو ئەوەیە لە دیاریکردنی پرسەکاندا ڕۆڵی شەفاعەتی گەورە دەبینێت، ئەم ناکۆکییە لە نێوان ئەو دوو تیمە بەردەوام بوو

تا گەییشتە یەکتر کوشتن و شەڕکردن، وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، خەڵکێکی زۆریان لێ کوژرا.
لە پێوەنانەکانیان بۆ محەمەد، ئەوەیە، کە ئەگەر شوێنی عەورەتی دەربکەوێت نابینرێت، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەربارەی تایبەتمەندییە بچوکەکانی دەڵێت: هیچ کاتێك شوێنە تایبەتییەکانی نەبینراوە و هەر کەسێك بیبینیایە چاوانی دادەخران. گوتی: لەبەر ئەوەی لە کاتی دەرکەوتنی عەورەتی نابێت ببینرێت.

ئایین و خوداپەرستی

هەر ئایینە و پەرستن و سروتی خۆی هەیە، دەبێت ئایینپەرستنی هەبێت وەك چۆن پەرستنیش ئایینی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی ئایین پاداشت و خێرکردنە و پەرستن و گوێڕایەڵی و دواکەوتن و ملکەچی و زەلیلییە، تا چەند پاداشت دانەوە هەبێت دەبێت گوێڕایەڵی هەبێت و لە هەر کوێیەك گوێڕایەڵی هەبوو دەبێت پاداشتیش هەبێت، بۆیە ئایین و پەرستن و خوداپەرستی پەیوەستن بە یەکەوە.
بێگومان ئەو پێغەمبەرانەی کە ئایینیان هێناوە، هیچ مەبەستێکیان نەبوە جگە لە گوێڕایەڵیی خەڵك و دواکەوتنی ئایینەکانیان، بۆ ئەوەی ئەو چاکسازییەی دەیانەوێت بیکەن تەواو بێت و بیانگەیەننە ئەو شوێنەی بەختەوەری لە ژیاندا بدۆزنەوە، ئەمە ئەگەر پاش ئەوەی باوەڕکردن بە پێغەمبەران بێتە ئاراوە، ئەگەر نا وەك ئەو قسەیەی ئەبووعەلا دەردەچێت:
دِياناتكمْ مكرٌ من القُدَماو أفِيقوا أفِيقوا يا غُواةُ! فإنما
وبادوا وماتتْ سُنّةُ اللؤماو أرادُوا بها جَمعَ الحُگام فأدركوا
بەواتای: ئاینەکەتان فێڵێکە لە خەڵکانی کۆنەوە هاتووە، ئێوە رابن رابن ئەی ئەوانەی خەڵەتێنراون، ئەوان لەناو چوون و کاری خراپە تەواوبوو، کە ئەوان ویتسیان شتی ویران کۆبکەنەوە بەڵام بەئاگاهاتنەوە.
ئەگەر ئایین پاداشتدانەوە بێت و خوداپەرستی گوێڕایەڵی بێت، دەبێت گوێڕایەڵی پاداشتی هەبێت و، پاداشتیش گوێڕایەڵی دروست بکات. ئایین و پەرستن پەیوەستن بە یەکەوە، وەك باسمان کرد، ئایین بێ پەرستن هیچ واتایەکی نییە، بۆیە کاتێك شاندێکی سەقیف پرسیاریان لە محەمەد کرد کە نوێژیان بۆ وەلا نێت و بۆ خۆیان بە جێی بهێڵێت، ڕازی نەبوو بە جێی بهێڵێت و، گوتی: بێ نوێژ هیچ چاکییەکی تێدا نابێت.

نوێژ

ناوێکە لە شوێنی چاوگەکەی دادەنرێت (صلى) ناڵێن (تصليە)، باشترین شت دەربارەی بناغەی نوێژ ئەوەیە کە لە (صلوتا)ـی عیبرانییەوە هاتوە، کەنیسەیەك بوە بۆ شوێنی پەرستگای یەهوودییەکان و لەو شوێنەوە ئەو وشەیە وەرگیراوە و بە سەر خودی خوداپەرستیدا سەپێنراوە.
نوێژ لە ئیسلامدا، ئەوەیە کە خوداپەرست ڕۆژانە پێنج جار لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بیکات، فەرز و ئەرك و سوننەت و پێگە و ڕوکن و خۆشنوودییە، ئەمانە هەمووی بە درێژی لە کتێبی فیقهە ئیسلامییەکاندا باس کراوە، پێویست ناکات لێرەدا باس بکرێت. نوێژکردن هیچ واتایەك ناگەیەنێت جگە لە ملکەچبوونی نوێژکەر لە بەردەستی خودادا، هەروەها ئاڕاستەکردنی گیان بەرەو کردگار و پەرستراو بە ملکەچبوون و کڕنووشدان و بەزەلیلییەوە، هەروەها دەبێت ئەوەی مەبەستە پاککردنەوەی ڕۆح و گیان لە پاشماوەکانی نەزانی و لە زوخاوی یاخیبوونە، لێرەوە دوو قازانج لە نوێژەوە ڕوون دەبێتەوە یەکێکیان شاراوەیە، جوانکاری ئاوێنەی گیان لە ژەنگی بێ ئاگایی لە خودا و، دوەم ڕوون و ئاشکرایە، ڕاستەڕێکردنی نوێژکەرە بەوەی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك و لە کردەوەکانیدا لە ڕێی چاکە لا نەدات، قازانجی دوەم دەرئەنجامی قازانجی یەکەمە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە هەموو حاڵەتەکاندا خودای لە یاد بێت و بێگوێیی نەکات لە فەرمان و ڕەتکردنەوەکانیدا، ئەمەیش وا دەکات ڕاستە ڕێ دەبێت لە کردەوە و مامەڵەکانی لەگەڵ خەڵکدا، بەمەوە بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەو قازانجەی دەویسترێت لە خوداپەرستی بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە دەیپەرسێت نەك بۆ ئەوەی دەپەرسترێت، نوێژکەر بۆ خۆی نوێژ دەکات نەك بۆ خوداکەی و، دەبێت نوێژ خاوەنەکەی لە خراپەکاری و شتی نەخوازراو دوور بخاتەوە، وەك لە قورئاندا هاتوە. {اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ وَاللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَصْنَعُونَ} [العنكبوت: 45]. واتە: ئەوەی بۆت بەرێکراوە لەم کتێبە بیخوێنەوە و نوێژی بکە و نوێژکردن لە کاری نارەوا دەتپارێزێت. یادی خودا

کردن هێزاترە و خودا لە کارەکانتان ئاگادارە. ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت ئەوە نوێژ نییە و، ئەگەر نوێژ بەو شێوەیە بێت شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێت خوداپەرستی، بەو واتایەی باسمان کرد، گوێڕایەڵی خودا، ملکەچبوون بۆ باڵایی و دواکەوتنی فەرمانەکانی، لەوێدا نوێژکەر شایانی پاداشت و خەڵاتکردن دەبێت، ئەمەیە ئایین.

ئەمەیە بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی نوێژ دەیڵێین، بەڵام قسەکردن لە سەر نوێژ بە پێی ئایینی ئیسلام لە چۆنێتی و چەندێتیدایە.

چۆنێتیی نوێژکردن

ئەوەی زانیمان کە نوێژ لە ئایینی ئیسلامدا بەو کردەوانە دەگوترێت تایبەت بێت بە پەرستنی خودای پەروەردگاری بوونەوەران و کردگارێك وەك ئەوەی وەستای بنیاتنان بە ئەندازیاری گەردوونی گەورە دەری دەبڕن، بە تەماشاکردنی واتای خوداپەرستی و ئەو قازانجە ویستراوەی ئێوە ئەوەیە، کە کاری نوێژکاری کردەوەیەکی دڵ و ڕۆحە و هیچ پێوەندییەکی بە لاشە و ئەندامانەوە نییە، لەبەر ئەوەی ڕوح و کرۆکی نوێژکردن لە ئامادەگیی دڵەوە دێت، هاوشان لەگەڵ ملکەچبوونی گیان و نەفس و ملدان بۆ ئاڕاستەی کردگار و ئەوەی دەپەرسترێت، ئەمەیش وا گونجاو دەبێت کە کار و کردەوەیەکی ڕۆحانی بێت نەك لاشەیی بێت.

بەڵام نوێژ لای خەڵکانی موسوڵمان بە پێچەوانەی ئەوەیە، ئەو کردەوانەی کە نوێژکەر دەیکات رکوع) کڕنووش بردن، نێوچاوان خستنە سەر زەوی (سجود) ) لە پشت چەمانەوە وەك سەرشۆڕکردن و هەستانەوە لە سەر هەر دوو لاق و داچەمان لە سەر هەر دوو ئەژنۆ و دانیشتن، هەمووی جووڵانی لاشەییە و دوورە لە ڕۆحانییەت، دەتوانرێت بگوترێت هاوشێوەی جوڵە و کردەوە وەرزشییەکانە.

کە کردەوەیەکی لاشەیی بێت، نیشانەی ئەوەیە کە نە ئامادەییی دڵ و نە ئاڕاستەی گیان و نەفسە و، ڕوە و کردگار نابێت وەك ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان، بۆ نوێژکەر هەیە لە کاتی نوێژکردندا بجوڵێتەوە و ئاماژە بکات بۆ دەرەوەی بابەتی نوێژەکە، ڕاستترین شایەت کە لێرە باسی بکەین لە سەر نوێژی پێغەمبەر بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە، با بزانین چۆن نوێژی کردوە. هەندێك لە (زاد المعاد)ـی ئیبن قەیمەوە بۆت گوڵچن دەکەین لە بارەی نوێژکردنی پێغەمبەر، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم قسەیەمان، دەڵێت: کە دەچێتە نێو نوێژەوە و دەیەوێت درێژەی پێ بدات و گوێی لە گریانی منداڵێك بێت، دڵنەوایی دەکات بۆ ئەوەی ئازاری دایکی نەدات، جارێکیان سوارچاکێك وەك پێشەنگ (سوارچاکی پێشەنگ بۆ ئەوەیە کە پێشوەخت دەنێررێت هەواڵی دوژمن بزانێت) نێررابوو، پێغەمبەر خەریکی نوێژ بوو بەردەوام ڕووی لەو پێچوپەنایەی دەکرد کە سوارچاکەکەی لێوە دەگەڕایەوە و ئەوەی نوێژکردنەکەی هیچ وای لێ نەکرد کە ئاگاداری حاڵی سوارچاکەکە نەبێت.

دەڵێت: نوێژە فەرزەکانیشی بەو شێوەیە دەکرد، لە نوێژدا ئەمامەی کچی ئەبی ئەلعاسی کوری ئەلڕەبیعی کچەزای لە سەر شان بوو، کە لە هەستانەوەی نوێژەکەیدا هەڵیدەگرت و لە کڕنووش و سەری دەخستە سەر زەوی دای دەنایەوە. ئەمە سەرسوڕهێنەرە، لەبەر ئەوەی ئەمە وا پیشان دەدات کە لە کاتی نوێژەکە سەرقاڵی ئەو کچە بوە زیاتر لەوەی ئاگای لە نوێژەکەی بێت، نازانم چ زەروورەتێك وای لێ دەکات لە کاتی نوێژەکەدا ئەو منداڵە هەڵی بگرێت و دای بنێتەوە، تا ئەوەی بیبینێت لەو باوەڕەدا نەبێت خۆی لە سەر ئەوە ڕاناهێنێت بۆ وەرزشی لاشەیی.

دەڵێت: کە نوێژی دەکرد و عایشە لە تەواوکردنی پێویستی خۆی دەگەڕایەوە، دەڕۆیشت دەرگای بۆ دەکردەوە و دەگەڕایەوە بۆ سەر نوێژەکەی خۆی و، لە کاتی نوێژکردندا هەر کەسێك سڵاوی لێ بکردایە بە ئاماژە وەڵامی سڵاوەکەی دەدایەوە. جابر دەڵێت: پێغەمبەری خودا ناردمی بۆ پێویستییەك کە گەڕامەوە لە سەر نوێژ بوو، سڵاوم لێ کرد بە ئاماژە وەڵامی دایەوە، حیکایەتخوانێك دەڵێت: لەوەدا جگە لە ئاماژەکردن بە پەنجەکانی هیچ شتێکی تری لێ تێ ناگەم. عەبدوڵڵای کوری عومەر دەڵێت: پێغەمبەری خودا ڕۆیشت بۆ کەپرەکەی نوێژی تێدا بکات، لە سەر نوێژ بوو ئەنسارەکان لەو کاتەدا هاتن و سڵاویان لێ کرد، بە بیلالم گوت: چۆن پێغەمبەری خودات بینی لەو کاتەدا سڵاویان دەکرد، وەڵامی دانەوە؟ گوتی: ئاوها، دەستی کردەوە، ناوەوەی بۆ خوارەوە، پشتەدەستی بۆ سەرەوە، ئەمە لە (سنن) و (مسند) دا هەیە و (الترمذی) ڕاستی کردوەتەوە و دەڵێت: ئاماژەی بە دەستی کردوە، عەبدوڵڵای کوری مەسعوود دەڵێت: کاتێك لە حەبەشەوە هاتم بۆ لای پێغەمبەر لەو کاتەدا نوێژی دەکرد و سڵاوم لێ کرد

.سەروملی لەقاند بۆ وەڵام دانەوەم، ئەمەیش بەیهەقی باسی کردوە
دەڵێت: لە کاتێکدا کە نوێژی دەکرد و عایشە لە نێوان خۆیی و قیبلەدا بوو، لە کاتی کڕنووشبردندا ئاماژەی بۆ دەکرد و دەستی دای لە پێی و کە هەڵدەستا عایشە قاچی ڕاکشاندەوە، لەمەدا وا تێدەگەیت کە لە کاتی کڕنووشبردندا عایشە قاچی ڕاکشاندوە، بۆیە لەو کاتەدا بە دەست ئاماژەی بۆ کردوە کە قاچی لا بدات، ئەوەی سەرسوڕهێنەرە لە عایشەوە، کە .لە کاتی هەڵساندا لە نوێژکردنەکەیدا دووبارە قاچی ڕاکشاندوەتەوە
دەڵێت: لە سەر مینبەر نوێژی کردوە و کڕنووشی بردوە، لە کاتی سوجدەدا هاتوەتە خوارەوە و لە سەر زەوی سوجدەی بردوە و دوبارە گەڕاوەتەوە بۆ سەر مینبەرەکە، ئەمە سەرسوڕهێنەرترە، با وا دابنێین کە لە کاتی نوێژکردنەکەدا نەیزانیوە مینەبەرەکە شوێنی سوجدە بردنی تێدا نابێتەوە و لە سوجدەدا هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، بەڵام کە بینیی مینبەرەکە جێگەی سوجدەی تێدا نابێتەوە، بۆچی دووبارە ڕۆیشتوەتەوە بۆ سەر مینبەرەکە لە پاش سوجدە بردنەکەی سەر زەوی و، کە بزانێت دووبارە ناچار دەبێت لە سوجدەی دوەمدا دابەزێت، لەو بارەدا نوێژەکە زۆر سەرسوڕهێنەر دەبێت، نوێژی دابەزین و سەرکەوتن دەبێت، ئایا لەم جۆرە نوێژەدا هیچ ئامادەییی دڵ و ڕۆح و ئاڕاستەکردنێك بۆ خودای تێدا دەبێت، کوا ملکەچبوون لەمەدا؟ دەڵێت: لەو کاتەدا کە نوێژی دەکرد ئاژەڵێك لە نێوان دەستەکانیدا ڕەت بوو، ئاگای لێ بوو تا زگی نووسا بە دیوارەکەدا و ئاژەڵەکە لە پشتییەوە ڕۆیشت، هەروەها لە نوێژکردندا بوو، دوو کەنیزەکی بەنی موتەلیب بە شەڕکردنەوە هاتن بۆ لای، هەر دووکیانی لە یەکتر کردەوە و لە نوێژی خۆی بەردەوام بوو، ئەحمەد قسەیەکی هەیە لەو بارەوە: هەر دووکیان ئەژنۆی پێغەمبەریان گرت و لە یەکی کردن و وازی لە نوێژەکەی نەهێنا. لە کاتی نوێژکردندا منداڵێك لەوێوە دەڕۆیشت بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد بگەڕێتەوە و گەڕایەوە، کەنیزەکێك لە نێوان دەستیدا دەڕۆیشت بە دەستی ئاماژەی بۆ کرد و نەیهێشت، لە کاتێکدا نوێژی دەکرد گوتی: ئەوان دەیبەنەوە، ئیمام ئەحمەد لە (سنن) دا باسی کردوە. لە کاتی نوێژکردندا ئحم دەکات، عەلیی کوری ئەبووتالیب دەڵێت: لە سەعاتێکدا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا، کە مۆڵەتم وەرگرت بینیم نوێژ دەکات و ئحمێکی بۆ کردم و چوومە ژوورەوە، کە بینیم تەواو بوو کارەکەم تەواو کرد، نسائی و ئەحمەد باسیان کردوە. لە قسەیەکی ئەحمەددا: دوو جار دەچووم بۆ لای پێغەمبەر شەو و ڕۆژ، ئەگەر لەو کاتەدا بڕۆیشتمایە و نوێژی بکردایە ئحمێکی بۆ دەکردم. ئەحمەد دەیگێڕێتەوە و کاریشی پێ کردوە، کە لە کاتی نوێژدا ئحمی بۆ دەکات و ئحم کردن نوێژ پوچەڵ ناکاتەوە، ئەو فەرمووده و قسانەی باسمان بۆ کردن بەسە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە نوێژ سەرەڕای ئەوەی دانیشتن و هەڵسان و کڕنووش و ملکەچبوونی تێدایە، لەوانەیە جووڵانەوەی دەرەوەی بابەتی نوێژیشی تێ بکەوێت، وەك ئاوڕدانەوە و ئاماژەکردن و ڕێکردن و سەرکەوتن و دابەزین و بەرزکردنەوە و دانان و لەو شتانەی کە باسمان کرد، بێگومان بەم شتانە لە ڕۆح و کرۆك و جەوهەری نوێژەکە دوور دەکەویتەوە، ئەمەیش پشتگیریی لەوە .دەکات کە ئەم جۆرە نوێژە کردەوەی لاشەییە، زیاتر لەوەی ڕۆحانی بێت
گوتمان ڕۆحی نوێژکردن و نهێنییەکەی و مەبەستی ملکەچکردن و کڕنووشدان، ئامادەیی دڵە و ڕامالینی گیان و نەفسە لە هەر سەرقاڵییەك و کردەوەیەك لە کردگار و پەرستراو دوورت بخاتەوە، ئەم هەموو کردەوانە کە لە نێو نوێژ و دەرەوەیدان، لەگەڵ ڕۆحی نوێژدا یەك ناگرنەوە و .لەگەڵ نهێنیی مەبەستەکانیدا گونجاو نییە
سەرسوڕهێنەرترین شت لەم نوێژەدا سجودبردنە، بەو شێوەیە کە نێوچاوانی دەخاتە سەر زەوی لە ڕووکەشدا ئەم شێوازە لاشەییە لەوانەیە زەلیلی و کڕنووش و ملکەچبوون بگەیەنێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بەم ڕووکەشە ڕۆحی نوێژکردن دروست ناکات، لەبەر ئەوەی ڕۆحی نوێژگەرایی جگە لە گیان و نەفسی نوێژکەر بە ئاڕاستەی خودا و ڕامالینی دڵ لە هەموو سەرقاڵییەکی دوور لە خودا، بە هیچ شتێکی تر دروست نابێت، بەدەستهێنانی ئەوەیش لە سەر ئەو شێوەکارەی وەك شێوازی لەشولار لە کاتی سوجدەدا نەوەستاوە، بەڵکوو دەکرێت لە کاتی سجود و هەڵسان و دانیشتنیشدا بێتە دی. ئەوەی دەڵێن سوجدە بە زۆر زەلیلیە بۆ خودا و ملکەچبوونە و لە خودا نزیکبوونەوەیە، لەو شێوەیەدا، ئەمە ڕاست نییە، بەڵکوو ئەو کاتە نزیك دەبێت کە دڵ و دەروونی بە ڕوون و ڕەوانی و ڕامالراوی لە هەر سەرقاڵییەك ئاڕاستەی پەروەردگار کرابێت، وەك گوتمان ئەمەیش چۆن لە کاتی سجوددا دەبێت لە پێوە وەستان و .دانیشتنیشدا دەکرێت

بەڵێ: شێوازی سوجدەبردن وەك گوتمان نیشانەی ملکەچی و کۆیلەییە لە ڕووکەشدا، بەڵام هیچ ڕێگەی تێ ناچێت کە ملکەچبوو یان کڕنووشبەر لە کاتی کڕنووشبردنیدا سەرقاڵی کاروباری ناو ماڵەکەی بێت، یان بازرگانییەکەی بە ڕێ بکات، یان بیر لە تەڵەکەی دوژمنەکەی بکاتەوە، یان بە هەر شتێك لەو بارەوە، بەو شێوەیە بێت چۆن لە کاتی کڕنووشبردندا لە خوداوە نزیك دەبێت، نابێت لە کاتی نوێژکردندا پشت بەڕووکەشی کڕنووشبردن ببەسترێت، لەبەر ئەوەی نوێژ کارێکی ڕۆحانی ڕووتە، دەبێت لە ناوەڕۆکدا گرنگیی پێ بدرێت نەك ڕووکەش.
لەگەڵ ئەوەی حاڵەتی کڕنووش واتە سوجدەبردن دیمەنێکی قێزەونی هەیە، دوور لەوەی نیشانەی زەلیلی و ملکەچبوون بێت، یەکێك لە شاعیرە فارسەکان لە سەر ئەمە بەو واتایە باسی کردوە کە (سەر لە زەوی و قون لە ئاسمان بێت، ئەمەیە خوداپەرستی؟) پێش ئەم شاعیرە فارسە ئەبووتالیبی مامی محەمەد ئەم باسەی کردوە، لە سیرەی حەلەبیدا لە ئیبن ئیسحاقەوە، دەڵێت: هەندێك لە خەڵکانی زانست دەڵێن، پێغەمبەری خودا کە کاتی نوێژ دێت، لەگەڵ عەلی دا دەڕوات بۆ پێچوپەناکانی مەککە و لە قەومەکەی خۆی دەشارێتەوە و لەوێ نوێژی خۆیان دەکەن و، کە ئێوارە دادێت دەگەڕێنەوە، ئینجا کە ئەبووتالیب ڕۆژێك لە کاتی نوێژدا لای دارخورمایەکدا کە ناسراو بوو بینینی، بە پێغەمبەری گوت: ئەی برازا ئەم باوەڕە چییە کە تۆ ئاییندارى پێ دەکەیت؟ گوتی: ئەمە ئایینی خودا و ئایینی پەرییەکان و پێغەمبەرانە و ئایینی باوکە ئیبراهیممانە، خودا بە پێغەمبەرایەتی ناردوومی بۆ خەڵکەکەی، تۆیش بە حەقتری لەوەی ئامۆژگاری بکرێیت و بۆ ڕێگەی ڕاست داوەت بکرێیت و بە حەقتری لەوەی پێم ڕازی بیت و یارمەتیم بدەیت، ئەبووتالیب گوتی: من ناتوانم لە ئایینی باووباپیرانێکم دوور بکەومەوە کە ئەوان لە سەری بوون، لە گێڕانەوەیەکدا هاتوە، گوتوویەتی: ئەمە چییە کە باسی چاکەی دەکەیت، بەڵام بە خودا قەت قونم بەرز ناکەمەوە.
دەڵێن جارێکیان عەلی لە سەر مینبەر پێکەنی، لەو بارەوە پرسیاریان لێ کرد، گوتی: ئەبووتالیبم کەوتەوە یاد لەو کاتەدا لەگەڵ پێغەمبەری خودا لە نەخلە نوێژمان دەکرد، گوتی ئەمە چییە دەیبینم؟ کاتێ کە هەواڵمان پێ دا، گوتی: ئەمە شتێکی چاکە بەڵام قەت نایکەم، من حەز ناکەم قەت قونم بەرز بکەمەوە، کە ئەو قسەیەم بیر کەوتەوە پێکەنیم.
لە قسەیەکدا دەڵێت: (حەز ناکەم قونم بەرز بکەمەوە) ڕەخنەیەکی ڕاستە لە شێوازی ملدان و سجود، هەر وەك ڕەخنەی ئەو شاعیرە فارسە، لەوانەی ڕەخنەیان لە شێوازی سجود گرتوە، تەلیحە کوڕی خوەیلدی ئەسەدی کە لە پاش مردنی محەمەد خۆی بە پێغەمبەر لە قەڵەم دا، وای دانا کە بۆی دابەزیوە بە دەق (إن الله لا يصنع بتعفير وجوهكم وقبح أدباركم شيئا، فاذكروا الله قياما، فإن الرغوه فوق الصريح) بەواتای: خودا دەموچاوتان تێکنادات و پشتیشتان ناشرین ناکات، خوداتان لە هەموو کاتێکدا؛ لە دانیشتن و هەڵساندا لەبیر بێت، شتی چاك لە سەرهێمای باڵا دادەنرێت. وەك ئەوەی بە قسەی کۆتایی نموونەیەك بۆ ڕۆحی نوێژ و شێوازی ڕووکەشی لە سجوددا هێناوەتەوە، ئەوەی شتە ڕەسەنەکەی وەك کارەکەی لە سەرووی شتە دیارەکان دایە، نیشانەی قسەکانییەتی، کورتەی قسەکە ئەمەیە؛ نوێژ کردەوەیەکی ڕۆحانییە و ئەم کردەوانەی کە لە شێوەی نیمچە وەرزشی لەشولاڕدایە لەگەڵ ڕۆحەکەیدا گونجاو نییە و لەگەڵ نهێنی و مەبەستیدا یەك ناگرێتەوە، ئەگەر بە هەڵسان و دانیشتن وازی بهێنایە باشتر دەبوو، بێگومان گونجاوترین شێواز لە کردەوەی نوێژکردن دا بۆ ڕۆحی نوێژگەرایی بکرێت دانیشتنە بۆ قووڵبوونەوە، شێوازی دانیشتن ڕاییترە بۆ ئامادەییی دڵ و گونجاوترە بۆ ئاڕاستەکردنی دەروون بەرەو پەرستگار و، شێوازێکە نزیکە لە خۆڕاماڵین و لە هەر سەرقاڵییەك، ئەمەیش پشتگیریی ئەوە دەکات کە هەندێك لە ئایەتەکانی موسوڵمانان هەست بەوە دەکەن کە کردەوەی نوێژکردن قورساییەکی تێدایە و لە سەریان ناڕوات، وەك لە ئەلبانییەکاندا دەرکەوت، کاتێك لە تورك جیا بوونەوە کۆنگرەیەکی ئایینییان بەست، لەو بڕیارانەی دەریان کرد ئەوە بوو کە نوێژ بە پێوە بکەن بێ کڕنووش و ملکەچبوون. وا بزانم ئەوەی وای لێ کردن ئەم کارە بکەن، سەختیی سوجدەبردن بوو بە جلی ئەفرەنجییەوە، زۆرێك لە وانەی جلی ئەفرەنجیان لە بەر دەکرد لە کاتی نوێژکردندا بێزاریی خۆیان دەردەبڕی، زۆرینەیان لەبەر سەختیی نوێژکردن بەو جلە ئەفرەنجییەوە وازیان لە نوێژ هێنا، ئەمەیە کە لە سەر چۆنێتیی نوێژ باسمان کرد، با تەماشای چەندێتییەکەی بکەین.

(54)
(چەندێتیی نوێژکردن (پری نوێژ
پڕ و ژمارەی نوێژ لە دوو لایەنەوە دەردەکەوێت، یەکەمیان ژمارەی ڕوکعاتەکان و ئەوی تر ژمارەی ئایەتەکانی لە هەر ڕۆژێکدا. لێرەدا باسی ڕێرەوی فەرزکردنی نوێژ دەکەین، کەی فەرز کراوە و، لە سەرەتادا چەند بوە و ئینجا کەی کاتەکەی بۆ زیاتر کرا و ڕوکعاتەکانی دووقات کراوە، لەوەدا پرەکەی لە هەر دوو لایەنەوە بۆت دەردەکەوێت، کە حەلەبی لە سیرەتەکەیدا باسی کردوە: لە قسەکانی ئیبن حەجەری هەیسەمی دا هاتوە: پێغەمبەر جگە لە تاکپەرستی نەبێت قەت هیچ کەسێکی ڕانەسپاردوە بۆ شتێکی، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام بوە لە سەر ئەو داوایە، ئینجا نوێژی وەك ئەوەی لە سورەتی (المزمل) دا هاتوە فەرز کرد و، ئینجا ئەوەی بە پێنج فەرزە نەسخ کرد، ئینجا فەریزەکان و پیادەکردنیان، جگە لە مەدینە نەبێت زیاتر نەکران وخەڵك دڵی پێخۆش بوو بۆیە فەرز کران، هەر چەندە توانا و پێگەی زیاتر بوایە، فەریزەکان زیاتر دەبوون و بە .دوای یەکدا دەهاتن
بەڵام ئەو نوێژە لە سورەتی (مزمل) دا هاتوە نوێژی شەوانە، لە پێشەکیی سورەتەکەدا هاتوە و دواتر لە کۆتاییەکەی نەسخ کراوە و بە پێنج فەرزە نوێژ نەسخ نەکراوە، وەك ئیبن حەجەر لەو قسانەی پێشوودا باسی کرد، ئەمەیش ڕوونکردنەوەی ئەوەیە: لە سورەتی (المزمل) دا هاتوە: {يَاأَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ! قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا، نِصْفَهُ أَوِ انْقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا، أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلًا} [المزمل: 1 - 4].واتە: ئەی ئەو کەسەی خۆت بەلەحاف داپۆشیوە. شەو هەستەوە جگە لە کەمێك نەبێت لە نیوەشەو یان کەمێکی لێ مابێت یان ڕۆیشتبێت و ئەم قورئانەش بە ڕەوانی و .سەرخۆیی بخوێنەوە
واتای ئەوەی دەڵێت (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلًا) هەڵسان لە شەودا فەرز کراوە، بەڵام نەك هەمووی، ئینجا دوای ئەوە پری ئەو کاتەی کە لە شەودا هەڵدەستیت دیاری کردوە بە (نِصْفَهُ أَوِ انْقُصْ مِنْهُ قَلِيلًا) واتە یەك لە سەر سێی، (أَوْ زِدْ عَلَيْهِ) واتە دوو لە سەر سێی، بەم ئایەتە دەری دەخات کە هەڵسانی شەو فەرزە، بەڵام نوێژکەر سەرپشکە لەوەی نوێژەکەی تا نیوەی شەو بخایەنێت یان دوو لە سەر سێی یان سێیەکی، زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: لە حەسەنەوە وەری گرتوە: هەڵسانی سێیەکی شەو فەرز بوە، بەڵام ئەوە لە سەر سوننەت بوە، دەگوترێت: ئەرك بوە بەڵام سەرپشکیی تێدا دانراوە لە دیاریکردنی پرەکەی، ئینجا پاش دە ساڵ نەسخ کراوەتەوە. لە کەلبییەوە هاتوە: دەڵێت: پیاو هەڵدەستێت تا ڕۆژ دەکاتەوە لە ترسی ئەوەی نیوە و سێیەك و دوو لە سەر سێی شەو جیا ناکاتەوە. واتای ئەم قسەیەی کەلبی ئەوە دەگەیەنێت، ئەوان ئەو پرە کاتەیان کە لە شەودا هەڵساون نەزانیوە، کە هەر یەکەیان بیویستایە لە نیوەی شەودا هەڵسێت نەیزانیوە، ئایا لە نیوەشەوەوە هەڵساوە یان کەمترە یان لەوە زیاترە، هەروەها ئەگەر بیویستایە لە سێیەکی شەو یان دوو لە سەر یەکی شەو هەڵسایە، لەبەر ئەوەی کاتژمێریان نەبوە تا کاتەکەی بزانن و پری ڕۆیشتنی شەوی پێ دیاری بکەن وەك ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بۆیە کە پیاوێکیان شەو هەڵسایە بۆ نوێژ لە ترسی ئەوەی نەوەك نیوە شەو یان سێیەك یان دوو لە سەر سێی تەواو نەکردبێت، تا بەیانی دەمایەوە و ڕۆژی .دەکردەوە، وەك کەلبی دەڵێت
بێگومان ئەم کارە سەختە، لەبەر ئەوەی ئەگەر شەو هەمووی بە ئاگا بێت و بەیانی بکاتەوە ناتوانێت لە ڕۆژدا بە دوای کاروباری خۆیدا پرواتٍ و قوتی ژیانی پەیدا بکات، بۆیە فەرزکردنی هەڵسانی شەو بەم جۆرە بەردەوام نەبوو، بەڵکوو لە کۆتایی سورەتی (المزمل) نەسخ کرا بە گوتنی: {إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِنْ ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَنْ لَنْ تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ فَاقْرَءُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ} [المزمل: 20]واتە: پەروەندەت ئاگادارە کە تۆ و هەندێك لەو کەسانەی لە گەڵتدان نزیك دوو لەسەر سێی بەشی ئەو شەوگارە و نیوەی و سێ یەکیشی شەونوێژان هەستنەوە و ئەوەی بۆتان دەکرێت .لە قورئان بخوێنن
واتای (اللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ) واتا خودا خۆی دەزانێت پری کات و سەعاتەکەی چەندە و ئێوە ئەوە نازانن، (عَلِمَ أَنْ لَنْ تُحْصُوهُ) ئەمە زانستێکە کە ڕاست نییە یەکێك لە ئێوە کتومت کاتەکە بزانێت و بە ڕاستکردنەوە و یەکسانکردنی دیاری بکات، جگە لەوەی زۆرتر بکەن وەك یەدەك، یەکێکتان شەوەکە هەمووی تا بەیانی نوێژ بکات و ئەمەیش سەخت دەبێت لە سەرتان، (فَتَابَ

عَلَيْكُمْ) واتە مۆڵەتی دان بە وازهێنان لەو هەڵسانە دیاریکراوە، (فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ)
واتە ئەوەندەی پێتان کرا بێ دیاریکردنی نیوە یان سێ یەك یان دوو لە سەر سێی کاتەکە
نوێژی خۆتان بکەن، زەمەخشەری دەڵێت، نوێژ بە خوێندەنەوەی قورئان دەرپڕیوە لەبەر ئەوەی
یەکێکە لە کۆڵەکەکانی.

کورتەی ئەم باسە ئەوەیە، نوێژی شەوان لە سەرەتای سورەتەکەدا لە پرەکەیدا فەرز کرا کە لە
نیوەی شەو یان سێیەکی یان دوو لە سەر سێی شەودا بێت و ماوەیەك هەر وا مایەوە تا
دەرکەوت کە زۆر سەختە لە سەریان، ئینجا ئایەتەکانی دوای سورەتەکە دابەزین و نەسخی
کردن و فەرزەکەی وای لێ کرد بە پێی توانا و ئەوەی پێت دەکرێت لە نوێژکردن بیکەیت. نوێژ ئاوا
بوو لە سەرەتادا، ئەمەیش لە دوو لاوە سەرسورهێنەرە: یەکەمیان: تەنها لە شەودا فەرز کراوە
نەك ڕۆژ، دووەمیان: بە ماوە و کات پرەکەی دانراوە نەك بە ژمارەی ڕوکعاتەکان، چەندێتیی نوێژ لە
سەرەتادا بە کات بوە، واتە بۆ ماوەی نیوەشەو یان سێیەك یان دوو لە سەر سێی شەوێك
نوێژی خۆیان کردوە و لەم پرە کاتانە سەرپشك بوون کە چەندی هەڵدەبژێرن، باوەڕ ناکەم لە
هیچ ئایینێك لە ئایینەکاندا هاتبێت کە نوێژ بە کات دیاری کرابێت.

ئەوەی دیارە کە ئەم نوێژە هیچ کڕنووش و ڕکوع و سوجدەدانێکی تێدا نەبوە، بەڵکوو بە تەنها
وەستان و خوێندنەوە بوە، لەوەدا دوو بەڵگەمان هەیە: بەڵگەی یەکەم قورئان بە وەستان و
خوێندنەوە دەری پڕیوە وەك بەواتای لەشەودا هەڵسە (قم الليل). هەروەها خودا دەزانێت تۆ
هەڵدەسیت و، وتەی: (إن ربك يعلم أنك تقوم) و هەروەها دەڵێت: (فاقرؤوا ما تسير من
القرآن) ئەوەندەی پێتان دەکرێت قورئان بخوێنن، ناگوترێت نوێژ بە وەستان دەبێت، کە
کۆڵەکەیەکی نوێژە، وەك زەمەخشەری لە قسەی پێشوودا باسی کردوە، کە نوێژ بە قورئان
خوێندنەوە باس کردوە، لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی قورئان کۆڵکەیەکی نوێژکردنە، دەڵێین؛ ئەمە
شیکردنەوەی زەمەخشەرییە نەك لێکۆڵینەوە، زەمەخشەری ئەوەی باس کردوە بە پێی
تەماشاکردنی نوێژ کە کڕنووش و سوجدەی تێدا بێت و بەراوردی کردوە، هیچ حیکایەتخوانێك
ئەوەی بۆ باس نەکردووین کە نوێژی شەوان کڕنووشبردن و ملکەچکردن و ڕکوع و سجودی تێدا
بووبێت، بۆیە لە سەر ئەوە ڕۆیشتوون کە قورئان حوکمی کردبێت، تای تەرازوەکە بە لای ئەوەدا
لای داوە کە نوێژی شەوان ڕکوع و سجودی تێدا نەبوە.

بەڵگەی دوەم: بە کات پرەکەی دانراوە، ئەگەر بە کڕنووش و ڕکوع و سجود بوایە بە ژمارەی
ڕوکعەتەکان دادەنران، دیاریکردنی بە نیوەشەو یان بە سێ یەك یان دوو لە سەر سێی شەو
بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ڕوکعات و سوجدەدانی تێدا نەبوە و تەنها بە وەستانەوە بوە، بۆیە
نوێژی شەوان بە چۆنێتییەکەی لەوەی دوایی تەواوترە کە لە سەری دەڕۆن بە ڕوکعات و
سوجدەکردنەوە، بێگومان بەتەنها وەستاندن لەگەڵ خوداپەرستیدا لە نوێژێك بە ڕوکعەت و
سوجدەدانی تێدا بێت، وەك پێشتر باسمان کرد گونجاوترە، بەڵام پرەکەی واتە چەندێتییەکەی
کەموکورتیی تێدایە، لەبەر ئەوەی لە بڕیی کات دیاری کراوە. قورسە لەگەڵ ئەمەدا پڕی
کاتەکەی بزانرێت، بە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە کاتژمێری تێدا نەبوە، بۆیە هەندێکیان وای
دەبینن، کە هەندێکیان لە شەو هەڵدەستان تا بەیانییان دەکردەوە بۆ ئەوەی کاتی زیاتر وەرگرن
لە بابەتی یەدەکەوە وەك لە گێرانەوەی کەلبیدا باس کراوە.

دوەم پەرەسەندن لە نوێژدا

بێگومان محەمەد لە هەموو شتێکدا ئیجتیهادی کردوە، واتە بە پێی بۆچوونی خۆی تەماشای
شتەکانی کردوە و مامەڵەی لەگەڵدا کردوون و کۆششی بۆ کردوە. ئەم ئیجتیهادەی بە پێی
حوکمی پێویستی و داواکاری و بەرژەوەندییەکان بوە و، گۆڕانکاریی بە سەردا هاتوە، لێرەوە
کۆپی و کۆپیکراو و لەبریدانراو واتە نسخ و منسوخ لە حوکمەکان دروست بوو، هۆکاری
گۆڕانکارییەکان لە ئیجتیهادەکەی و گواستنەوەی لە شتێکەوە بۆ ئەوی تر و پەرەسەندنی لە
حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر یان بارێکی تر بە پێی پێویستی بوە، هەروەها پەرەسەندن بە پێی
حوکمی زەرووڕەت و بەرژەوەندخوازی وەك سوننەتێکی خودا بوە بۆ خەڵکەکەی، بۆیە
پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئایینی ئیسلام لە ڕۆژی بنیاتنانییەوە تا ڕۆژی کۆتایی بوە، واتە تا
مردنی محەمەد، ئەوەت زانی کە فەرزی ڕۆژوو چۆن پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینی و هەروەها
فەرزی جیهاد و ئەمەی دەربارەی نوێژیش ئاوها بوە، واتە نوێژ بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغی
یەکەم وەك باسمان کرد واتە نوێژی شەوان بوە بە تەنها. بەڵام قۆناغی دوەم، ئێمە وای

دەبینین کە هەڵسانی شەو بوو بە دوو ڕوکعاتی شێوان، شێوان واتە کۆتاییی ڕۆژ بوە، ئینجا بوە بە نوێژی نیوەڕۆژ نوێژی شێوان هەر یەکە و دوو ڕوکعات بوە.
حەلەبی لە (الإمتاع)ەوە گواستوویەتییەوە، دەڵێت: پێش ئیسرا تەنها نوێژی عەسر هەبوو، واتە پێش خۆرئاوابوون، ئینجا بوو بە نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی عەسر، هەر یەکە و دوو ڕوکعات، لە موقاتل کوری سلیمانەوە گوتوویەتی، خودا لە سەرەتای ئیسلامدا دوو ڕوکعاتی بەیانی، واتە پێش خۆرهەڵاتن و دوو ڕوکعاتی ئێوارە واتە پێش خۆرئاوابوونی فەرز کرد.
باس لەوە دەکەن کە جبریل ئەم نوێژەی فێر کردوە، لە سیرەی حەلەبیدا لە ئیبن ئیسحاقەوە دەڵێت: هەندێك خەڵکانی زانستخواز باسیان بۆ کردووم کە ئەو کاتەی نوێژ فەرز کرا بە سەر پێغەمبەری خودادا، واتە پێش ئیسرا، لە سەرووی مەککەدا بوو، بانگی کرد بۆ عەقەبە کە لە دۆڵەکەدا بوو، کانی ئاوێك لەوێدا تەقی و جبریل دەستنوێژی لێ گرت و پێغەمبەر تەماشای ئەوی دەکرد، کە چۆن خۆی پاك دەکاتەوە بۆ نوێژ، ئینجا فەرمانی پێ کرد و پێغەمبەریش وەکو ئەو دەستنوێژی گرت و ئینجا جبریل هەڵسا و دوو ڕوکعات نوێژی پێ کرد.
بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم گێڕانەوەیە، دەبێت بزانین کەی جبریل هاتوە و بەو شێوەیە دەستنوێژ و نوێژی فێر کردوە، ئایا لە کاتی دابەزینی وەحی واتە ڕۆژی دابەزینی بە: (اقرأ باسم ربك)، وەك هەندێك لە حیکایەتخوانان باسی دەکەن، یان لە کاتی دەرخستنی بانگەشەی ئیسلام، وەك هەندێکی تر دەیڵێن، ماوەی نێوان دابەزینی وەحی و دەرخستنی ئایینی ئیسلام و ئاشکراکردنی و بانگەشەبۆکردنی سێ ساڵە.
ئەوەی ڕاست بێت هاتنی جبریل و فێرکردنی ئەم نوێژە لەو کاتەدا بوە کە فەرمانی ئاشکراکردنی بانگشەکەی داوە، واتە پاش سێ ساڵ لە دەستپێکردنی پێغەمبەرایەتییەوە، بوە ئەگەر وا نەبێت و ئەم نوێژە لە ڕۆژی دابەزینی ئەو ئایەتە (اقرأ باسم...) بێت، واتە سەرەتای وەحی دابەزین، لە چ کاتێکدا نوێژی شەوان فەرز بوە، لە قورئانەوە زانیمان کە نوێژی شەوان فەرز بوە، دەبێت بۆ ماوەیەك بەردەوام بووبن لە سەری، ئینجا دوای ئەمە نوێژی دوو ڕوکعات فەرز کراوە، ئەوەی کردوویەتی بە ڕۆژی دابەزینی جبریل و (اقرأ باسم ربك) لە تێکەڵکردنی حیکایەتخوانانە، ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێت، ئەم نوێژە جیاوازە لەوەی پێشتری لە نوێژی شەوان لە چۆنێتی و چەندێتیشدا، لە چۆنێتیدا، نوێژی شەوان بە ڕاوەستانەوە بوە وەك باسمان کرد، بەڵام ئەم نوێژە بوە بە ڕوکعەت و کڕنووش و سجود، کەچی لە لایەنی چەندایەتییەوە، نوێژی شەوان بە کات بوە بە نیوەشەو یان سێیەکی یان دوو لە سەر سێی شەوەکە، ئەم نوێژە بوو بە ڕوکعات، دوو ڕوکعەتی بەیانییان دوانیش ئێواران، جیاوازیی سێیەمیش لە کاتدا هەیە، ئەوە کاتەکەی لە شەوان بوە، ئەمە لە هەر دوو لای ڕۆژ بوو، بەیانی و ئێوارە. بە تەماشاکردنی ئەم جیاوازییانەی لە نوێژدا ڕووی داوە، پێشکەوتن و پەرەسەندنی تێدا ڕووی داوە، وەك ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد، بە دەربڕینێکی تر ئایا نوێژ چاکتر بوەوە یان نا، دەڵێین: لە چۆنێتیدا، ئەم نوێژە لەوەی پێشوو، نوێژی شەوان، باشتر نییە، لەبەر ئەوەی نوێژی شەوان بە ڕاوەستانەوە بوە بەڵام ئەمە بە کڕنووش و ڕکوع و سجودە، گوتمان لە حاڵەتی بە تەنها ڕاوەستان یان دانیشتن لەگەڵ ڕۆحی خوداپەرستی گونجاوترە لەوەی ڕکوع و سجودی لەگەڵدا بێت، لەبەر ئەوەی نوێژ کارێکی ڕۆحانییە و ڕۆحانیش بە ملدان و خۆبەدەستەوەدانەوە دەبێت، ئەوەی نیشانەی هێمنی و لە سەرخۆیی و دڵنیایی و خۆسپاردن و نەرمونیانی و شکۆداری دەوێت و گونجاوە بۆی، بەڵام جووڵاندن و ڕوکعات و سوجدەتبردن کارێکی ئەندامییە واتە بۆ لەشولار و میکانیکییە و جووڵانێکی وەرزشییە، بەم شێوەیە، نوێژەکە نوێژی لەشولار دەبێت زیاتر لەوەی ڕۆحانی بێت.
بەڵام لە لایەنی چەندایەتییەوە، لە نوێژی شەوان باشترە، لەبەر ئەوەی نوێژی شەوان بە پری کات دیاری کرابوو کە سەخت بوو ڕێکی بخەن و بیژمێرن، وەك باس کرا، بەڵام ئەم نوێژە بە ژمارەی ڕوکعاتەکانە.
هەروەها لە لایەنی کاتەوە باشتر بوە، نوێژی شەوان سەختیی تێدایە بە پێچەوانەی نوێژی بەیانی و ئێوارە، نوێژ لە هەموو ڕۆژێکدا لە هەر دوو لای ڕۆژ؛ لە بەیانی کاتی لە خەو هەڵسان و ئێوارە کە لە سەرقاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانە ببیتەوە، ئاسانتر دەبێت.
بەڵام ڕوکعات و سوجدەتبردن، لە زمانی عەرەبیدا وا نیشان دەدات کە هەبوونی لای عەرەب ناسراوە، بەڵام بەم شێوەیەی وا ناسراوە لە نوێژدا، ڕوکعات لە زماندا واتە چەمانەوە و کڕنووشدان، دەڵێن ئەم پیاوە پیرە چەماوەتەوە، واتە لە پیریدا، دەڵێن فڵان پیاو چەماوەتەوە لە

حاڵەتی داڕمان و هەژاریدا، شاعیرێك دەڵێت:
تركع يوما والدهرُ قد رفعَهْ لا تُهينَ الفقير علّك أَنْ
ڕۆژێك دادێت کرنوش بدەیت، لەکاتێکدا زەمانە بەرزیکردویتەوە و هیچ هەژارێك لەسەر ئەوە لۆمە مەکە.
هەروەها سوجدەتبردن ملکەچکردن و چەمانەوەیە، دەڵێن فلان لووت چەماوەیە واتە ملکەچ و زەلیلە، دەڵێن ئەو کەشتییە ملکەچی باکە بوو، واتە بە پێی باکە ملی دا و ڕۆیشت، بە دارخورمایەکی چەماوەی ملکەچ دەڵێن سوجدەتی بردوە، بەڵام شێوازی ڕوکعاتبردن و سوجدەت لای عەرەب نەناسراو بوە، ئەمەیش لە نەریتی عەجەم بوە کە چەماونەتەوە و ملکەچبوون بۆ پاشاکانیان، محەمەد لەوان بردوونی و خستوونییەتە نێو نوێژەوە، لەوەیشدا ملکەچی و ملدان دەردەکەوێت، بەڕێز حەسەن فەهمی مەدفەعی کە ئێستا موتەسەریف (پارێزگاری ئێستا –و-)ی لیوا (پارێزگا)ی دلێمە (پارێزگای انباری ئەمڕۆ –و-) قسەی بۆ کردم، گوتی: لە کاتی شەڕە جیهانییە گشتییەکە لە فەلەستین بوە، ئەفسەری سوپای تورك بوە، وا بۆی ڕێ کەوتوە لەگەڵ ڕێبەرێکی یەهوودیدا ڕۆیشتوە بۆ نابلس، ئەویش لە سوپا بوە، دەڵێت: لەوەوە زانیم کە کۆمەڵێك کۆنە یەهوود لەوێدا هەن پێیان دەڵێن سامرییەکان، جیاوازن لەگەڵ ئەو یەهوودییانەی لە سەرجەم جیهاندا هەن، گوتی: لەگەڵ ئەم هاوڕێ یەهوودیەم ئامادەی نوێژەکانیان بووم، بینیم بە هەمان شێوەی ئێمە لە ڕوکعات و سوجدەت بردندا نوێژ دەکەن، ئیمامێکیان هەیە لە نوێژدا ئیمامەتیان بۆ دەکات و مزگەوتەکەیان مینبەر (محراب)ی هەبوو، سەرم سوڕما لەوە، بە هاوڕێکەم گوت: بۆچی لەگەڵیاندا نوێژ ناکەیت؟ گوتی: ئەم نوێژە زۆر کۆنە، نابێت بەشدار بین لەگەڵیاندا، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت ئەوە دەگەیەنێت کە ڕوکعات و سوجدەت بردن لە بناغەدا لە نوێژ و دیانەتی یەهووددا بوە و محەمەد لەوان وەری گرتوە.
گێڕانەوەیەك هەیە وا هەواڵمان پێ دەدات کە نوێژی بەیانییانی پاش خۆرهەڵاتن کردوە نەك پێش خۆر هەڵاتن، حەلەبی لە (الامتاع) دا دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە سەرەتای ڕۆژەوە دەرچوە بۆ کەعبە بۆ نوێژکردن، نوێژێك بوە کە قورەیش ڕەتیان کردوەتەوە، خۆی و هاوەڵانی کە ئێوارە دادەهات تاك تاك و دوو دوو دابەش دەبوون بەو پێچوپەنایانەدا و نوێژی ئێوارەیان دەکرد، دەڵێت: نوێژی شەوەکی و ئێوارەیان دەکرد، ئینجا پێنج فەرزەی نوێژ دابەزی، ئەمە قسەی ئەوە دەکرێت هەر دوو گێڕانەوەکە لە یەکدا کۆ بکەینەوە لەوەی کە نوێژی بەیانییان لە سەرەتای فەرزکردنی دوو ڕوکعات بوە پاش خۆرهەڵاتن کراوە، ئینجا وایان لێ کردوە پێش خۆرهەڵاتن بکرێت، ئەوەی لە قسەکانی تێدەگەیت لەم گێڕانەوەدا: (تاکتاك و دواندوان) ئەوەیە کە بە کۆ و جەماعەت نوێژیان نەکردوە، بەڵکوو هەر یەکە و بۆ خۆی بە تەنها لەو پێچوپەنایە نوێژی خۆی کردوە، یان دوو دوو بەتەنها، لەوانەیە ڕێگری لەوەی بە جەماعەت بیکەن ترسیان لە بێباوەڕانی قورەیش بوویێت.
هەندێك وا بۆی دەچن کە لە پێش ئیسرا هیچ نوێژێکی لە سەر فەرز نەبوە نە لە سەر خۆی و نەیش لە سەر میللەتەکەی، جگە لەوەی کە لە نوێژی شەوان دا کراوە، نوێژی شەوان بە شەوی ئیسرا بە پێنج فەرزەی نوێژ نەسخ کرا، دەڵێن: ئیمامەکانمان وا دەڵێن: نوێژی دوو ڕوکعات فەرز نەکراوە لە سەری، بەڵکوو دەڵێن: ئەوەی فەرز کراوە ئاگاداری و بانگەشەی یەکبوون بوە، ئینجا هەڵسانی شەوان فەرز کراوە، وەك لە سەرەتای سورەتی (المزمل) دا هاتوە، ئینجا لە کۆتاییەکەی بە پێنج فەرزەی نوێژ نەسخ کراوە، قسەی ئەمانەیش لەگەڵ قسەکانی ئیبن کەسیردا یەك دەگرێتەوە، کە دەڵێت خەدیجە پێش فەرزکردنی نوێژ مردوە.
ئەوەی زیاتر بە لایەکدا کەوتبێت بە دەر لەوەیە کە ئەمانە بۆی ڕۆیشتوون، لە فەرزکردنی دوو ڕوکعات نوێژ پێکەوە لە لایەن ئیبن ئیسحاق و خەڵکی تر باس کراوە، بەڵام قسەی ئیبن کەسیر: خەدیجە پێش ئەوەی نوێژ فەرز بکرێت مردوە، مەبەست لێی ئەوەیە پێش ئەوەی پێنج فەرزەی نوێژ لە شەوی ئیسرادا فەرز بکرێت، هەندێکیان دەڵێن: لەبەر ئەوە ئەو قسەیەی کردوە، چونکە ئەو نوێژەی لە ژیانی خەدیجە فەرز کرابوو، دوو ڕوکعات نوێژی بەیانی و دوو ڕوکعات لە ئێوارەدا بوو.

نوێژ لە قۆناغی سێیەمیدا
لە پێشەوە زانیمان کە نوێژ لە قۆناغی دوەمیدا لە دوو کاتدا دەکرا، دوو ڕوکعاتی بەیانی و دوو ڕوکعاتی ئێواران، ئەمە بەردەوام بوو تا وەحیناردن و خەونبینی ئیسرا لە ساڵی یانزە دا، لەوێدا

بوو به پێنج کات، له سەرووی بەیانی و ئێوارە سێ کاتی تریشیان زیاد کرد کە ئەمانەن: نیوەڕۆ پاش بەرزبوونەوەی خۆر و مەغریب لە کاتی خۆرئاوابوون، عیشا واتە نوێژی شێوان لە سەرەتای تاریکیدا، وا باس دەکەن کە ئەم پێنج فەرزی نوێژە لە شەوی ئیسرا فەرز کراوە.
لە چیرۆکی ئیسرادا هاتوە، خودا پەنجا نوێژی لە شەووڕۆژێکدا فەرز کردوە ئینجا دای بەزاندوە و کردوویەتی بە پێنج، لە پێغەمبەری خوداوە هاتوە، گوتوویەتی، خودا لە شەوی ئیسرا پەنجا نوێژی بە سەر میللەتەکەمدا فەرز کرد، چەندین جار ڕۆیشتمەوە بۆ لای و تکام لێ کرد کەمی بکاتەوە تا کردی بە پێنج نوێژ لە شەووڕۆژێکدا.
وا باس دەکەن ئەم ڕۆیشتنەی پێغەمبەری خودا بۆ لای خودا لە سەر داوای مووسای کوڕی عومران بوە، لە چیرۆکی میعراجدا هاتوە، کە حەقی بینیوە لەوێدا کڕنووشی بردوە و، خودا ئەو وەحیەی پێ دام کە دایمێ و پەنجا جار نوێژی لە شەووڕۆژێکدا فەرز کرد، ڕۆیشتم بۆ لای مووسا (واتە لە چینی شەشەم، ئەویش گوتی: پەروەردگارەکەت چیی بە سەردا سەپاندیت؟ لە قسەیەکدا، فەرمانی چی پێ کردیت؟ گوتم: پەنجا جار نوێژ، گوتی: بگەڕێوە بۆ لای و داوای کەمکردنەوەی لێ بکە، میللەتەکەت بەرگەی ئەمە ناگرێت، من بەنی ئیسرائیلم تووش کرد. لە گێڕانەوەیەکی بوخاریدا: میللەتەکەت ناتوانێت لە ڕۆژێکدا پەنجا جار نوێژ بکات، بە خودا من خەڵکم پێش تۆ تاقی کردوەتەوە و، چارەسەرێکی توندم بۆ بەنی ئیسرائیل کرد، بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارت و تکای کەمکردنەوەی بۆ میللەتەکەت لێ بکە، گوتی: گەڕامەوە لای پەروەردگارم و گوتم: ئەی پەروەردگارم لە سەر میللەتەکەم کەمی بکەرەوە، پێنجی خستە سەرم و، گەڕامەوە بۆ لای مووسا و گوتم: پێنجی خستە سەرم، گوتی: میللەتەکەت بەرگەی ئەوە ناگرن و بگەڕێوە بۆ پەروەردگارەکەت و تکای کەمکردنەوەی تری لێ بکە: لەو کاتەدا لە نێوان خودا و مووسادا هاتوچۆم دەکرد، خودا گوتی: ئەی محەمەد پێنج دانەیە لە شەووڕۆژێکدا، هەر نوێژێك بە دە دادەنرێت، واتە دەبێتە پەنجا، گوتی: کە، دابەزیم تا گەیشتمە لای مووسا و پێم ڕاگەیاند، گوتی بگەڕێوە لای پەروەردگارت و تکای کەمکردنەوەی لێ بکە، گوتم: ئەوەندە چوومەوە بۆ لای پەروەردگارم تا شەرمەزار بووم.
لە سەر ئەم چیرۆکە ئیمام سەبکی بەم قسەیە گوتوویەتی:
بخمسين فرضا كل يوم وليله وقد كان ڕب العالمين مگالبا
وخففت الخمسون عنا بخمسه فأبقيت أجر الكل ما اختل ژره
بە پەنجا فەرز لە هەموو شەو و رۆژێکدا کە خوجا ویستویەتی" ئینجا پەنجاکەی کەمکردەوە بۆ پێنج کە بە زەرەیەکیش لە چاکە و خێرەکەی کەم نەکردەوە.
لەم چیرۆکەوە ئەوە دەزانین کە لە شەووڕۆژێکدا پەنجا جار نوێژی بە سەر باوەڕدارانی خۆیدا سەپاندوە، ئەگەر مووسا نەبوایە و نەگەییشتبا بەو کارەدا کە کارێکی قورسە و بە محەمەدی گوتوە: (بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارەکەت)، ئەگینا موسوڵمان هەموو ڕۆژ و شەوەکەی سەرقاڵی نوێژ کردن دەبوو، ئەگەر بە سەر کاتژمێرەکانی شەو و ڕۆژدا دابەشی بکەین، دەبوایە موسوڵمان لە هەر بیستوهەشت خولەك و چلوهەشت چرکەدا نوێژێکی بکردایە، بە دەربڕینێکی تر، لە هەر بیستونۆ خولەکی کەم دوانزە چرکە نوێژێکی بکردایە (بە هەڵە نووسراوە هەشت چرکە ـوـ) بێگومان پیادەکردنی نوێژەکە بە دەستنوێژگرتن و ئەو شتانەی هەر هیچ نەبێت لە دە خولەك کەمتری ناوێت، واتە لە نێوان هەر نوێژێك و یەکێکی تردا تەنها هەژدە خولەك و چلوهەشت چرکەت بە دەستەوە دەمێنێت، یان نۆزدە خولەکی کەم دوانزە چرکە (دیسان نووسراوە هەشت چرکە ـوـ) دەمایەوە، لەم ماوە کورتەدا موسوڵمان چی بکات؟ بخەوێت، نان بخوات، هەوڵی پەیداکردنی بژێوی بدات، سەردانی هاوڕێکەی بکات، سەردانی نەخۆشێك بکات، یان دەتوانێت چی کارێك بکات؟ ئەم ڕاسپاردن و تەکلیفە لە دەرەوەی توانای مرۆڤ نییە؟ چۆن خودا ئەم تەکلیفە دەکات کە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت و کەس بەرگەی ناگرێت؟ خۆی دەڵێت: {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} [البقرة: 286] واتە: خوا ئەرکی لە توانا بەدەر بەسەر کەسدا ناسەپێنێت. بێگومان ئەم تەکلیفکردنە نابێت لە خوداوە کرابێت، کە خۆی لە مووسای کوڕی عومرانێك خەڵکی تاقی کردبێتەوە و لە حاڵیان ئاگادار بوە کە چارەسەری بۆ قەومەکەی بەنی ئیسرائیل دۆزیوەتەوە، باشتر دەزانێت. ئەگەر ئێمە بۆ هەر نوێژێك دە دەقیقەمان داناوە، وەك باسمان کرد، کۆی کاتی نوێژکردن کە موسوڵمان سەرقاڵ بکات لە کاتی پەنجا نوێژدا، هەشت کاتژمێر و بیست خولەك دەبێت لە هەر ڕۆژێکدا، ئەمەیش یەکسانە بە کارکردنی هەر کرێکارێکی ئەم زەمانەی خۆماندا، سێیەکی ماوەی شەووڕۆژێکە، ئەگەر هەر نوێژێك لەوانەیش

دوو ڕوكعات بێت نەك زیاتر، ئەو جووڵانەوە و كردەوانەی پێویست بوو بكرێت لە نوێژكردندا وا دەبێت: سەت ڕاوەستان، سەت ڕوكعە و، سەت ڕاستبوونەوەی پاش ڕوكعە، دوو سەت سوجدە، لەبەر ئەوەی بۆ هەر ڕوكعاتێك دوو سوجدەی لەگەڵ دەبێت و سەت دانیشتن لە نێوان دوو سوجدەكەدا، پەنجا دانیشتن بۆ شایەتمانەكانی كۆتاییی نوێژەكە و سەت هەڵسانی دوای دوو سوجدەكە، كۆی گشتیی ئەم كردەوە و جووڵانەوە حەوت سەت و پەنجا كردەوەیە، كە نوێژكەر لەو كاتانەدا لەشولاری دەجووڵێنێتەوە، ئەمە جگە لە زمانی كە قورئان دەخوێنێتەوە.
ئەگەر بڵێین لە نوێژەكەی جگە لە سورەتی فاتیحە هیچ ئایەتێكی تری قورئان ناخوێنێت، دەبێت زمانی سەت جار فاتیحە بخوێنێت و سەد جار شایەتمان بهێنێت و سەت جار سڵاو بكات، لەبەر ئەوەی بۆ هەر نوێژێك دوو جار سڵاو دەكەیت و پەنجا ئەڵلاهو ئەكبەر و سێسەت سپاس و سوبحانەڵلا لە ڕوكعات بردندا، لەبەر ئەوەی لە هەر ڕوكعاتێك سەد جار سوبحانەڵلا دەكەیت و سەت جار حەمدولیللا دەكەیت لە پاش ڕكوعەكە، سەت ئەڵلاهو ئەكبەر بۆ خۆبەدەستەوەدان و سجود و دووسەد جار ئەڵلاهو ئەكبەر بۆ هەر دوو سوجدەكە و دووسەد ئەڵلاهوئەكبەر بۆ هەڵسانەوە و شەشسەت سوبحانەڵلا بۆ سجود، لەبەر ئەوەی بۆ هەر سوجدەیەك سێ سوبحانەڵلای لەگەڵدا دەبێت، كۆی گشتیی جوڵەی زمان لە كردەوەی خوێندنەوەدا، هەزار و حەوتسەتوپەنجا كردەوەیە، باوا دابنێین ژمارەی وشەكان بۆ هەر كارێك لەمانە سێ وشە بێت، كۆی گشتیی ئەوەی زمانی قسەی پێ دەكات لەم نوێژانەدا پێنج هەزار و پەنجادوو وشە دەبێت.
ئەمە و جگە لەوەی بۆ دەستنوێژ پێویستە، بۆ هەر نوێژێك وەك سوونەت حوكمی دەكات، با بڵێین بۆ هەموو نوێژەكان دەستنوێژ ناگرێت، دوورە هەموو ئەو نوێژانە بە یەك دەستنوێژ بكات، وا بێت با وا دابنێین بۆ هەر پێنج نوێژێك دەستنوێژێك دەگرێت، دەبێت هەر ڕۆژێك بۆ سەرجەم نوێژەكان دە جار دەستنوێژ بگرێت، ئەگەر ئەمەمان خستە سەر ئەو كردەوانەی باسمان كرد، وا دەبینین كە مەحاڵە نوێژكەر بە كەمتر لە هەشت كاتژمێر لە ڕۆژێكدا سەرجەم نوێژەكانی بكات، ئەگەر یەك لە دوای یەك و بێ وەستان بێت هەشت كاتژمێری لە دوای یەكی بێ داپڕانی دەوێت، تا سەرجەم نوێژەكانی تەواو بكات، بەڵام ئەوە باو نییە كە نوێژەكان لە دوای یەكتر بكات، بەڵكوو دەبێت جیای بكاتەوە و دابەشی بكات بە سەر كاتی ڕۆژ و شەودا، لەوێدا وای لێ دێت كە هەموو ڕۆژەكەی سەرقاڵی ئەوە بێت و هەموو كاتەكانی بە فیڕۆ دەڕوات و هیچ كارێكی تری پێ ناكرێت جگە لە نوێژكردن، بۆیە مەعقوڵ نییە و هیچ حیكمەتێكی تێدا نییە كە خودا باوەڕداران بە خۆی بەو شێوەیە تەكلیف بكات، ئەوەندە سەخت بێت و بەقورسی لە سەریان بكەوێت، بۆیە دەڵێم: من گومانێكی لە ڕادەبەدەرم هەیە كە محەمەد ئەم قسەیەی لە سەر خودا كردبێت

(55)
پێنج فەرزەی نوێژ
پاش دابەزاندنی ژمارەی نوێژەكان لە پاش كەمكردنەوەیان لە پەنجا نوێژەوە گەییشتە پێنج دانە، كە ئەمیش هەر زۆرە، هیچ شاراوە نییە كە ئەم ژمارەیە بۆ كاتەكانی نوێژە نەك نوێژەكە خۆی، ئەگەر نا نوێژ دوو ڕوكعات بوو، ئینجا لە شوێنی خۆتدا بیت كرا بە چوار و، لە كاتی سەفەردا ناكرێت، لە عایشەوە گوتوویەتی: نوێژی خۆ ئامادەكردن و سەفەركردن دوو ڕوكعات فەرزە، كە پێغەمبەر لە مەدینە نیشتەجێ بوو نوێژی ئامادەبوون دوو ڕوكعات دوو ڕوكعات زیاتری كرد و، وازی لە نوێژی بەیانی و ئێوارە هێنا، واتە نوێژی شەوەكی هیچ ڕوكعاتێكی بۆ زیاد نەكرد و نوێژی ئێوارە یەك ڕوكعاتی بۆ زیاد كرد، لە گێڕانەوەیەكی تردا لە عایشەوە دیسان گوتوویەتی: پێغەمبەر لەمەدا كە دەڵێت دوو ڕوكعات نوێژی كرد، كاتێك هات بۆ مەدینە نوێژی كردە چوار و سێ ڕوكعات و دوو ڕوكعاتی بۆ ئەوانە بە جێ هێشت كە لە سەفەردا بن.
هەندێكیان وای بۆ ڕۆیشتوون كە پێنج فەرزەی نوێژ لە میعراجدا بە چوار ڕوكعات دانراوە نەك لە مەدینە، جگە لە ئێوارە كە سێ ڕوكعات فەرز كراوە و بەیانی دوو ڕوكعات، ئینجا چوارەكە بۆ سەفەر كەم كرایەوە، ئەمە گونجاوە لەگەڵ ئەوەی لە قورئاندا هاتوە: {وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ} [النساء: 101]واتە: هەرچەند سەفەرتان كرد یان

توشی تەشقەڵە بوون لەلایەن خاوانەناسانەوە، نوێژەکانتان کورتکەنەوە. بۆیە هەندێکیان دەڵێن، ئەمەیە کە ڕووکەشی قورئان حوکمی دەکات
ئەگەر ئەمە بێت یان ئەوە، نوێژ لە پێش ئیسرا دوو ڕوکعاتی بەیانی و دوو ڕوکعاتی ئێوارە بوە و، دوای ئەمە بوە بە چوار ڕوکعات جگە لە بەیانی و ئێوارە (مەغریب)، لە سەروی بەیانی و ئێوارە و نیوەڕۆ و کاتی خۆرئاوابوون واتە ئێوارە و مەغریب و شێوانی بۆ زیاد کرا، زیادکردنەکە لە دوو شتی نوێژدا ڕووی دا، لە ڕوکعەتاکان و لە کاتەکانیدا، بەڵام زیاترکردنی ڕوکعاتەکان هیچ کارێکی گەورە نییە، ئەم پێنج کاتە سەختی پەنجاکە لە خۆ دەگرێت، ئەوە وای کرد کە لە تواناادا نەبێت، بەڵام ئەمە لە توانادایە کەچی سەختە، حەق لەگەڵ مووسادا بوە کە لە دوا جار بە محەمەدی گوتوە: بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگارەکەت تکای کەمکردنەوەی لێ بکە.
لەگەڵ ئەوەی هیچ پێویست بەم زیادکردنەی نەکرد، کە هیچ ڕۆحی باوەڕداری بەهێز ناکات بە زیادکردنی و، بە کەمکردنیشی لاوازی ناکات، پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەو قازانجە ویستراوە کرد کە لە نوێژدا هەیە، بۆ ئەوەی دەپەرستێت نەك بۆ ئەوەی دەیپەرستن، خودا وەك لە قورئاندا باسی دەکات: {غَنِیٌّ عَنِ الْعَالَمِینَ} [ئال عمران: 97] واتە لە ماڵی دنیا بێنیازە و لە عالەم دەوڵەمەندترە، گوێڕایەڵییان هیچ قازانجی نابێت بۆ ئەو و یاخیبوونیشیان هیچ زەرەرێکی نابێت بۆ ئەو، بێگومان ڕۆحی نوێژکردن ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدانی گیان و نەفسی مرۆڤە بە ئاراستەی کردگار، بۆ ئەوەی لە ژەنگی و بێگوێیی پاكژ بکرێتەوە و لە زوخاوی یاخیبوون بشۆررێتەوە، ئەم ئامانجەیش هیچ پێوەندییەکی بە ڕوکعات و بە زیادکردنی کاتەکەیشییەوە نییە، بەڵام گونجاوتر ئەوەیە لە سەر بەیانییان و ئێواران بمێنێتەوە وەك لە سەرجەم ئایینەکان وایە.
بێگومان ئەم زیادکردنە وای لە نوێژ کردوە کە کرداریی نەبێت، واتە لە لایەن موسوڵمانانەوە کاری پێ ناکرێت، ئەگەر چەند لە دەشتەکییەوە دەربچن و لە ژیانی شارستانیدا نغرۆ بن و، نوێژ لە ئایینی تردا بەم شێوەیە نییە، ئێمە تەماشای کریستان بکەین بۆ نموونە، بۆ ئەوەی لە باوەڕداران بن کار بە ئایینەکەیان بکەن و پەیوەست بن پێوەی تەنها ئەوە بەسە هەموو بەیانییەك بڕۆن بۆ بەیعەتدان، بەڵکوو ئەگەر وازی لەوە هێنا هەموو ڕۆژێك بڕوات بۆ بەیعەت، تەنها بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە بەسە بڕوات و لە ئاییندارەکان بێت و لای هاوەڵانی بەوە سەیر بکرێت نەوەك کەمترین شت ڕۆژی سیوچوار جار لە پێنج کاتی یەك ڕۆژدا نێوچاوانی بدات بە زەویدا، ئەمە ئەگەر تەنها نوێژە فەرزەکانی کرد و نەگەییشت بە نوێژە سوننەتەکان.
پێویستیی ئایینی بۆ باوەڕداری لە کاتی ئاییندارییی ئەوەندە بەسە کە ڕۆژی جارێك گیان و نەفسی مرۆڤ ڕوو لە کردگارەکەی بکات، ئەگەر نوێژ پێنج جار بێت لە ڕۆژێکدا، دەبێتە کار نەك خوداپەرستی، بە تایبەتی بەو چەندایەتی و چۆنایەتییەی کە لە ئایینی ئیسلامدا ناسراوە، بۆیە نوێژ بوە بە ناکردەیی لە لایەن موسوڵمانانەوە، ئەگەر تۆ و ئەوانەی لە سەر نوێژکردن سوورن و بەردەوامن لە سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیدا، دەزانیت کە پێنج لە سەت زیاتر نین و، ئەوانەیش لە هەژارانی بێ کارن و، موسوڵمانانم بینیوە جگە لە نوێژی هەینی هیچ نوێژێکی تری نەکردوە و بینیومە جگە لە مانگی ڕەمەزان، مانگی ڕۆژوو نوێژی تری نەکردوە و لەوانەیشم بینیوە کە ڕۆژوو دەگرن و نوێژ ناکەن، ئەوانەیشم بینیوە کە جگە لە نوێژی هەر دوو جەژنەکە هیچ نوێژێکی تری نەکردوە، سەرەڕای ئەوەی نوێژی جەژنەکان سوننەتن نەك فەرز، زیاتر نوێژکەران لە مانگی ڕەمەزان مانگی ڕۆژووگرتن زیاد دەبن و لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوان لە بیست لە سەدی خەڵك زیاتر نابن و ئەوانەی لە ڕەمەزان ڕۆژوو دەگرن لە نوێژکەران زۆرترن، لەوانەیە ژمارەیان بگاتە پەنجا یان شەست لە سەد، بەڵام زۆرینەیان نوێژ ناکەن.
ئەمەیە ئاستی کردەیی خوداپەرستی لای موسوڵمانانی سەردەمی ئێمە، بەڵێ، دەبیستین کە خەڵکی نەجد هەموویان کۆڵنەدەر و ماندوونەناسن لە نوێژکردندا، بەڵام هۆکاری ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەت سزای ئەو کەسانە دەدات کە نوێژ ناکەن، تەنانەت ئەو کەسەی ئەگەر ئامادەیی نوێژکردن نەبێت دەنێرن بە دوایدا و پرسیاری لێ دەکەن و بۆ ئامادە نەبوە، ئەگەر بەهانەیەکی شەرعی نەبێت حورمەتی دەشکێنن و سزای دەدەن، بەڵام ئەم نوێژە چ بەهایەکی هەیە کە خاوەنەکەی بە تۆپزی و ناچاری بیکات.
ئەگەر واز لە خەڵکی نەجد بهێنن بە ئازادی خۆیان نوێژ بکەن، ئەوان بە دەر نابن لە سەرجەم موسوڵمانان لە دەرەوەی نەجد، گومانی تێدا نییە کە بەردەوامی لە نوێژکردن بەم شێوەیە وا لە خەڵك دەکات کە مەرایی بکەن بە نوێژەوە، لەوێیشدا قازانجەکەی پێچەوانە دەبێتەوە بۆ

دژەکەی، ئەوەی لە نوێژکردن مەبەستە پاکژبوونەوەی گیان و نەفسە، بەڵام بەم شێوەیە بە ناشرینترین ڕەفتار پیس دەکرێت کە ئەویش مەراییە، بەڵام ڕیایی پەیوەستە بە خەڵکی دیندار وەك ئەبووعەلا دەڵێت:
بذاكَ، ودينُ العالَمينَ رِياؤُ أُرائيكَ، فليغفِرْ لىَ اللَّهُ زَلّتى
بە واتای: ئەوەیە مەرایی لە ئاینی جیهاندا پیشاندا دەدات، داواکارم خودا لەم هەڵەیەم ببورێت.
بێگومان زیاترکردنی نوێژ لە پری پێویست لە زۆرکردنی کاتەکەیدا شایەنی ئەوەیە کە لە گرینگترین هۆکارەکانی کەمیی نوێژکەرانی موسوڵمانان دابنرێت، ئەگەر لە یەك کاتدا بوایە، یان دوو جار وەك لە پێش ئیسرا لە بەیانی و ئێوارەدا بوو، ژمارەی نوێژکەران بەم شێوەیە کەمی نەکرد لە ئەمڕۆدا، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، سەرەڕای ئەوەی نوێژکردن قورسە بەو پێنج جارە و لە پری پێویستی ئایینی بۆ خوداپەرستی زۆرترە، بۆیە هەندێك تایەفەی ئیسلامی هەستیان بەوە کرد کە پێویستە کورت بکرێتەوە، قرمتییەکان کە نوێژیان کورت کردەوە بۆ دوو فەرز لە ڕۆژێکدا و وەك پێش ئیسرایان لىَ کرد.
وەك لە پێشدا بۆت ڕوون بوەوە، نوێژکردن لە کاتی دانانیدا هیچ لە چەندێتی و چۆنێتی بۆ ڕۆحی خوداپەرستی لە بەر چاو نەگیراوە، بەڵکوو ئەوەی لە بەر چاو گیراوە کە کردەوە و جوڵەی وەرزشیی لەشە نەك کردەوەی دڵ و ناخی نوێژکەرەکە و، وا فەرز کراوە کە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکرێت، بە هەر شێوەیەك و جۆرێك بتوانرێت، ئەگەر نەیتوانی ڕاوەستێت دەتوانێت بە دانیشتەوە بیکات، یان بە ئاماژە دەیکات کە پاڵ کەوتبێت، یان شتێك سەرقاڵی کردبێت و ڕێگری لىَ کردبێت بە شێوەی خۆی بیکات، دەتوانێت بە ئاماژەدان و ڕۆیشتن یان لە کاتی سواریدا بیکات.
لە (زاد المعاد)دا هاتوە: لەو هیدایەتانەی نوێژی خۆبەخشین لە سەر وڵاخەکەی لە کاتی سواریدا بۆ هەر کوێیەك بچێت، ئاماژە بە سەری دەکرد لە کڕنووش و ملکەچبووندا، واتە لە ڕوکعات و سوجدەت هێناندا، دەڵێت: مللەقاندنەکەی بۆ سوجدەت لە ڕکوع زیاتر بوو، هەروەها نوێژە فەرزەکانی بە سواری پىَ کردوون، لە کاتی باران و قوراویشدا ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بێت. ئەحمەد و نیسائی و تورمزی باسی ئەوەیان کردوە: کە گەییشتە تەنگەبەرێك لەگەڵ هاوەڵانیدا و لە سەر وڵاخەکەی بوو تەنها لە سەرەوە ئاسمانی لێوە دیار بوو و لە ژێریشەوە قوراو بوە و کاتی نوێژ هاتوە، فەرمانی کردوە کە بانگدەر بانگ بدات و هەڵساوە بۆ ئەوە، ئینجا پێغەمبەری خودا لە سەر حوشترەکەیەوە دەڕۆیشت و نوێژی خۆی کرد بە ئاماژە و مللەقاندن و لە سوجدەدا ملی زیاتر دادەنەواند وەك لە ڕوکعاتدا.
سەرسوڕهێنەرترین نوێژ بینیبێتم، هیی یەکێکیان بوو بە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس یەکێك بوو لە هاوەڵانی محەمەد، کاتێك محەمەد ناردی بۆ کوشتنی خالیدی کوڕی سوفیانی هەزلی، پێشتر باسی ئەم چیرۆکەمان لە ژێر ناونیشانی (ڕاست و درۆ) دا کرد، عەبدوڵڵا گوتی: ڕۆیشتم تا گەییشتمە ناوەڕاستی حەوشەی ماڵەکەدا، پاڵی دابوەوە و دارێکی بە دەستەوە بوو و لە زەویی دەدا و هەندێك لە دوایەوە بوون، لە کاتی ئێوارەدا بوو، ترسام کە لێدان و بەگژاچوونیدا کاتێك بیات و لە نوێژەکەم سەرقاڵم بکات و لەو کاتەدا بەرەو ئەو ڕۆیشتم لەگەڵ خۆمدا بە مللەقاندن نوێژەکەم کرد و، کە گەییشتمە لای...هتد فەرموودەکە.
نوێژکردنی عەبدوڵڵای کوڕی ئەنیس بەم شێوەیە و بە ئاماژە و مللەقاندنە، لە کاتێکدا بەرەو سوفیان پرواوت بۆ ئەوەی تیرۆری بکات، بەڵگەی ئەوەیە کە نوێژ جگە لە کردەوەیەك دەبێت بیکەیت کە کاتی هات و بە هەر شێوەیەك و جۆرێك بێت هیچی تر نییە، بە هەر حاڵ بێت، ئەگەر نوێژ بە ڕووکەشەکەی بکەیت و ڕۆ نەچیتە ناخ و مەبەستی ڕاستەقینەکەی و دوور کەوتیتەوە لە ڕۆحی خوداپەرستی، خوا بمگرێ کە عەبدوڵڵا ئەم نوێژەی فراوان بکردایە و دوای بخستایە بۆ کاتێکی تر پاش ئەوەی سوفیان تیرۆر دەکات، هیچ ئامادەییی دڵ و دەروون لەم نوێژە سەرسوڕهێنەرەدا نەبوە، هیچ ڕۆچوون و خۆبەدەستەوەدان و ملکەچبوون بۆ خودا و ئاڕاستەکردنی ڕۆح بەرەو پەرستگار و کردگاری گەورەی بوونەوەرانی تێدا نەبوە.
من لەو باوەڕەدا نیم، لەبەر ئەوەی عەبدوڵڵا لەو کاتەدا لاشەی سەرقاڵی ڕێکردن بوە، دڵی سەرقاڵی فرتوفێڵێك و تەڵەکەیەك بوە کە بە هۆیەوە بتوانێت عەبدوڵڵا تیرۆر بکات، لەو کاتەدا کە نوێژی کردوە دورترین بوونەوەری خودا بوە لە خوداوە، عەبدوڵڵا هیچ نەوەستا و هاوڕێیەکەی

تیرۆر کرد و گەڕایەوە مەدینەو سەرەکەی هێنا بۆ پێغەمبەری خودا. (تەماشای چیرۆکەکە لە شوێنی خۆیدا بکە.)

خوێندنەوەی قورئان لە نوێژدا
پێشتر زانیمان، سەرجەم ئەو جووڵان و کردەوانەی لە کاتی نوێژکردندا تەنها بە لەشولار دەکرێت، ئەگەر کارێکی نیمچە ڕۆحانیشی لە خوێندنەوەی قورئانی تێدایە، دەتوانین بڵێین کردەوەیەکی تا ڕادەیەك ڕۆحانییە بەو پێیەی ئەوەی دەخوێنرێتەوە قسەیەکی پیرۆزە و لە خوداوە دابەزیوە، ئەگەر نا خوێندنەوەکە کردەوەی زمانە نەك دڵ، تەماشای قورئان بکە، بە خوێندنەوە دەتوانین بڵێین ئایا خوێندنەوەی هەموو ئایەتەکانی لەگەڵ بابەتی نوێژدا گونجاوە.
هیچ شاراوە نییە کە بابەتی نوێژکردن ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان و پاڕانەوە و ترس و بەخۆداچوونەوە و پاکڕاگرتنی ناوەخنی گیان و تۆبەکردنە لەو هەڵە و کردەوانەی کە خەڵکت پێ ئازار دابێت و خۆرادەستکردنی خوداپەرستە بۆ پەرستراوەکەی، ڕاستە کە بڵێین سەرقاڵبوونی خوداپەرستی یە لەو ئانوساتەدا.
ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، دەبینین لە بابەتی جۆراوجۆری لە سەر چیرۆك و هەواڵی تێدایە و، پەند و حیکمەت و ئامۆژگاری و مەوعیزەت و حوکم و هەڕەشە و پەیمان و وەسفی حاڵی بێباوەڕان و دووڕوو و شەڕکردن و لەعنەتلێکردن و زۆر شتی تری بە دەر لەمانەیشی تێدایە، وەك فەرمانکردن و ڕەتکردنەوە و نەهیکردنی تێدایە، کە گونجاوە لەگەڵ نوێژدا و هیی تریشی تێدایە لەگەڵ نوێژدا ناگونجێت، بەڵام نوێژ وەك زانراوە دەبێت سورەتی (الفاتحە)ـی تێدا بخوێنرێتەوە، ئینجا نوێژکەر سورەتێکی کورتی لەگەڵدا دەخوێنێتەوە، یان درێژە یان ئەوەی بوار هەبێت بە پێی ویستی خۆی، هەموو ئایەتەکان بە پێی شەرەف و باڵایی بابەتەکە لە یەك ئاست و پێگەدا نین، هەروەها لە زمانەوانی و ڕوونی و بەلاغەت و توندوتۆڵیشەوە لە یەك پێگەدا نین. لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی قورئان کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی نوێژ، بەڵکوو خوێندنەوەی قورئان کرۆکی نوێژە، ئەمەیش بە دەرپرینێك لە قورئاندا هاتوە: {فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ} [المزمل: 20]، واتا: ئەوەی بۆتان دەکرێت لە قورئان بخوێنن. وەك لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەدا باسمان کرد، نوێژی بەیانییان بە قورئانی شەوەکی شەفەق لە قەڵەم داوە، لەوەدا هاتوە: {أَقِمِ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا} [الإسراء: 78]، واتە: لەماوەی خۆر دەردەکەوێت و لە سپێدەی بەیان هەتا تاریکی شەو نوێژ بکە و نوێژی سپێدە پڕ بەهایە. (قراءە الفجر) مەبەست لێی نوێژی بەیانییە لەبەر ئەوەی خوێندنەوەی قورئانی تێدا درێژ دەبێت.
وتمان لە قورئاندا ئایەتی گونجاو لەگەڵ بابەتی نوێژدا هەیە و نەگونجاویش هەیە، ئەگەر لە نوێژدا ئەو سورەتەی باسی (أبو لهب)ی تێدایە بخوێنێتەوە، وەك ئەوەی خوداپەرستی بە جوێندان بە بێباوەڕێك لە بێباوەڕەکان بکات، بۆیە ئەمە گونجاو نییە لەگەڵ بابەتی نوێژدا، سورەتە کورتەکانی قورئان بە پێی گونجاندن بۆ نوێژ جیاوازن، لێیان هەیە نەگونجاوە وەك ئەو سورەتەی باسی (أبو لهب)دەکات، هەندێکیان بە نیمچە گونجاندن دەبینرێن وەك (معوذتین) لەبەر ئەوەی بە تەنها پەنابردن و(استعاذە)ی تێدایە، شوێنی نوێژکەر لەوە بەرزتر و ڕوونتر و گەورەترە کە تەنها پەنابردن و لە خۆلادان بێت، ئەوەیشت زانی کە بابەتی نوێژ چییە، ئەوە لە کوێ و پەنابردن واتە تەنها تۆبەکردن (استعاضە) لە کوێ، ئەوەی زیاتر لەوانە گونجاوترە بۆ نوێژ وەك سورەتی (الإخلاص) کە سیفەتی خودا و یەکبوون و ئەوانەی تێدایە کە نوێژکەر بۆ خۆبەدەستەوە دان و ترس و ملکەچکردن و کڕنووش دان بۆ خودای باڵا دیخوێنێتەوە.
هیچ هەڵەیەك نییە بڵێین کە سورەتەکانی قورئان هەمووی لە یەك پێگەدا نین، لە ئاست گونجاندنیان لە گەڵ بابەتی نوێژدا، تێدایە گونجاوە و ناگونجاویشی تێدایە و هەندێکیان گونجاندنی کەمە و هەندێکی تر زیاترە، بۆ نموونە سورەتی (العادیات) لە گونجاندندا لە شیوای بۆ نوێژ یەکسان نییە لەگەڵ بابەتی وەك سورەتی (الزلزلە)، لە لایەن گونجاندنەوە سورەتی (الفجر) یەکسان نییە لەگەڵ سورەتی {سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى} [الأعلى: 1] و سورەتی (المنافقون) یەکسان نییە لەگەڵ سورەتی (المؤمن) دا هەروەها لەگەڵ سورەتی (الملك) دا.
بەڵام سورەتی (الانشراح) واتە (ألم نَشرَح) بابەتێکی تایبەتی و کەسی محەمەد بوە، هەروەها سورەتی (الضحى) تایبەتە بە محەمەد، لەم دوو سورەتە هیچ گونجاندنێك بە هیچ شێوەك لەگەڵ نوێژدا نییە و لەگەڵ نوێژدا نایەتەوە، هەروەها ئایەتی تایبەتی تر کە وەك گوتار بۆ محەمەد دابەزیون، بەوەی تایبەتن بە خۆی بەتەنها بە دەر لە هەموو خەڵك، وەك ئایەتی:

{يَاأَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ} [المائده: 67]،واته: ئەی پەیامبەر هەر شتێك لەلایەن خوداوە بۆت دێت رایبگەینە گەر ئەوەی راسپێردراویت نەکەیت خودا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی خودانەناسان شارەزای راستەرێ ناکات. ئەم ئایەتە وەك سورەتی (الانشراح)ە لە بناغەدا هیچ گونجاندنێکی لەگەڵ نوێژدا نییە، ئەگەر نوێژکەر بیخوێنێت لە نوێژەکەیدا، خوداپەرستییەکەی لە لایەنی جۆریەوە سەرسورهێنەر دەبێت، لەبەر ئەوەی شتێك لە نوێژەکە دەخوێنێتەوە کە هیچ بەرکەوتن و پێوەندییەکی بە گیان و ناخ و نەفسی نوێژکەرەوە نییە.

هەروەها ئەو ئایەتانەی کە ئەحکامی شەرعی تێدایە، هیچ گونجاندنێکی بۆ ناخی نوێژکەری تێدا نییە کە بچێتە حاڵەتی کڕنووشبردن بۆ خودا و خۆبەدەستەوەدان، لەگەڵ بابەتی نوێژدا نایەتەوە، ئەگەر نوێژکەر بیەوێت لە نێوان دەستی خودادا راوەستێت و، بۆ نموونە ئەم ئایەتە بخوێنێتەوە: {وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِنْ نِسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُولَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَنْ يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا} [الطلاق: 4]واتا: ئەو ژنانەی کە لە سوری مانگانەدا بن بوراون، ئەوانەی دووگیانن دەبێت چاوەرێ بکەن تاوەکو منداڵیان دەبێت، ئەگەر گومانیشتان بوو، ئەشێت سێ مانگ چاوەرێ بکەن ئەو چاوەروانیە دانانی سکەیە و ئەو کەسەش لە خودا بترسێت خودا کاری ئاسان دەکات. لەو نوێژەی چی تێدەگەیت؟ چ واتایەکی تێدا دەبێت؟ هەروەها دەربارەی ئەو نوێژەی کە ئەمەی تێدا بخوێنرێتەوە {وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا...} [النساء: 20] واتە: ئەگەر ویستتان ژنی خۆتان بە ژنێکی دیکە بگۆرن، ئەگەر بە ژنەکەی پێشوتان هەندێك دراوتان پێردابێت، نابێت لێیان بستێننەوە ، ئەگەر ئەوە بکەن دەبێتە گوناحێکی گەورە. تا کۆتاییی ئایەتەکە.

ئەو ئایەتانەی لەم حوکم و بۆچوونانەی تێدا بێت کە پێشتر باس کرا، لەگەڵ بابەتی نوێژدا گونجاو نییە، ئەوەی نامۆیە کە ئەو ئایەتە نەسخکراوانەیش لە نوێژدا دەخوێنرێنەوە، کە لە بنەڕەتدا هیچ واتایەك بۆ مانەوەی لە قورئاندا نەماوە، چ قازانجێك لە خوێندنەوەی ئایەتێکدا هەیە کە بە حوکمی ئایەتی تر نەسخ کرابێت، ئەم ئایەتە نەسخکراوانە جگە لە گوتنەوە و باسکردنی هیچ شتێکی لێ نەماوە، ئایا خوداپەرستی بە گوتن و قسەیەك دەکرێت لە واتاکەی هیچی لێ نەمابێت و کەوتبێت و جێگیر نەبێت و وەلا نرابێت، بێگومان مانەوەی گوتنەوەی هەر ئایەتێك سەر بە مانەوەی واتاکەیە، هیچ مەعقوڵ نییە ئەم ئایەتانەی قورئاندا پاش پوچەڵبوونەوەی واتاکەی، بمێننەوە و بگوترێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بە مانەوەی لە قورئاندا سەرلێشێواندنی خوێنەری لە بارەی حوکمی نەسخکراو و حوکمی نەسخکەری لێ دەکەوێتەوە، بە هیچ شێوەیەك ئەوە نەزانرێت ئەگەر پەنا بۆ شیکەرەوەکان نەبەیت.

هەروەها دەربارەی ئەو ئایەتانەی لە سەر باسوخواسی بێباوەڕان و دووروان و لە بارەی حاڵ و ئەحواڵی ئەوان دابەزیوە: {أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَؤُلَاءِ أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلًا. أُولَئِكَ الَّذِينَ لَعَنَهُمُ اللَّهُ وَمَنْ يَلْعَنِ اللَّهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ نَصِيرًا} [النساء: 51-52] واتە: ئایا ئەوانەت نەدیوە کەوا بەشێك لە کتێبیان پێدراوە و بە بت و تاغوت بروایان هێناوە؟ ئەڵێن رێگەی خوانەناسان لە رێگەی بروادارەکان سەرراسترە!؟ ئەوانە بەر نەعلەتی خودا کەوتوون. هەر کەسێك خوا نەعلەتی لێ بکات هیچ کەسێك فریای ناکەوێت. وەك قسەی لە: {قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُمْ بِشَرٍّ مِنْ ذَلِكَ مَثُوبَةً عِنْدَ اللَّهِ مَنْ لَعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُولَئِكَ شَرٌّ مَكَانًا وَأَضَلُّ عَنْ سَوَاءِ السَّبِيلِ. وَإِذَا جَاءُوكُمْ قَالُوا آمَنَّا وَقَدْ دَخَلُوا بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُوا بِهِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُوا يَكْتُمُونَ} [المائدە: 60، 61]،واتا: بڵێ ئاخۆ دەتانەوێت لەوانەوە ئاگادار بن کە سزایان لەلای خوداوەیە و لە سزای ئەوان خراپترە، ئەوانە هەندێکی لێ کردن بەمەیمون و هەندێکیان کردە ئەوانەی کۆیلایەتی بتیان دەکرد، ئەوانەش لەگشتی خراپتر بوون . کاتێك دێنە لاتان باوەڕیان پێ مەکەن و خوداش لەو شتانەی دەیشارنەوە ئاگادارە. نموونەی ئەم ئایەتانە لە قورئاندا زۆرن، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ بابەتی نوێژدا نایەنەوە و ناگونجێن، ئەوەی ئەم ئایەتانە لە نوێژدا بخوێنێتەوە وەك ئەوە وایە کە ئاوێکی سازگار و پاکی لەبەردەستدا بێت و بە خۆڵ خۆی بشوات، ئایا نوێژکەر سەرپشك نییە لە جیاتیی ئەوەی ئەم ئایەتانە بخوێنێتەوە، ئایەتێکی تری گونجاو لەگەڵ نوێژدا بخوێنێتەوە، کە لە قورئاندا زۆرن.

ئایەتێکی زۆر لە قورئاندا هەن کە گونجاو بن لەگەڵ نوێژدا و باشترینیان سورەتی فاتیحەیە، ئەم

سورەتە سپاسگوزاری خودا و گەورەکردنی تێدایە و، هەروەها وەسفکردنی بە دلۆڤانی و خاوەنداری دونیا لە ڕۆژی دادگەری و ئینجا تایبەتمەندبوونی بە خوداپەرستی و داوای یارمەتی و پەنابردن و داوای ڕاستەڕێ و ڕێگەی حەقکردنە، کە ئەوانەی خوداپەرستان گرتیانە بەر و وێڵ بوان لێیان لادا، ئەوە تایبەتە بە بابەتی نوێژ بە باشترین دەربڕینەوە، ئەوەی گونجاوتر بوو کە تەنها بە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی لە نوێژدا ڕابوەستانایە، لە بریی خوێندنی ئایەتی تر لە قورئاندا، لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی تر دەربارەی هەموو شتێك قسە دەکەن، بەڵام نوێژ تەنها خوداپەرستییە و هەموو شتێك لە خۆی ناگرێت.

ئایەتەکانی قورئان لە یەك ئاست و پێگەدا نین

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئایەتە قورئانییەکان هەمووی لە یەك پێگە و ئاستدا نین لە گونجاندن بۆ بابەتەکە واتە بۆ نوێژ، هەروەها هەمووی لە ڕووی وێژەیی و بەلاغەت و جوان دەربڕینەوە لە یەك ئاستدا نین، واتە جیاوازییەك و لە یەك نەچوونێك لە پتەوی وێژەییەوە لە نێوان سەرجەم ئایەتەکانی قورئاندا هەیە و ئایەتێك لەوی تر بەهێزترە، هیچ سەرسوڕهێنەر و کوفرێك نییە لە ڕووی هێزی زمانەوانییەوە کە هەندێکی لەوی تر بە باشتر دابنرێت، وەك گوتمان هیچ کوفرێك نییە، لەبەر ئەوەی وەك بینیمان ئەم قسانە بە مەبەستی توورەبوونی ئاییندارەکان دژ بە کەللەپوچەکان بوە.

نازانم ئەمانە لەمەدا بۆ توورە دەبن؟ ئەگەر بڵێین جیاوازیی هەیە لە باس و ئاستی ئایەتەکان لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر، ئەم قسەیەمان ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە بڵێین هەموو قورئان پەرجوە و توندوتۆڵە وەك باسی دەکەن، ئامانجەکە لەوێدایە کە هەندێك ئایەت سەرەڕای بەهێزی و توندوتۆڵی و باڵایی زمانەوانی بەڵام لەبارەی پلەبەندییەوە هەموویان یەکسان نین، ئەگەر گوتمان پلەبەندی لە بەراوردکردنی باشترەکان لە بەهێزی و توندوتۆڵی و جیاوازییان لەگەڵ قسەی خەڵکدا هەیە نەك لە نێوان خودی ئایەتەکاندا، حەقیان بوە توورە بن، بەڵام ئێمە دەڵێین: ئەم قسەی خودایە لەوی تر باشتر و بەهێزترە، بۆچی ئەم قسانە بێباوەڕی بێت و، بۆچی بێباوەڕییە گەر بڵێین: هەموو ئایەتەکانی قورئان گەوهەر و مروارین بەڵام هەندێکیان گەورەن و هەندێکیان بچوکن و هەندێکیان مام ناوەند، لە ڕاستیدا ئەم ئاییندارانەی لەم جۆرەن، ئەوان بێباوەڕن، بە هۆی ئەوەی خۆیان وا دادەنێن دیلی لاساییکردنەوە بن و ڕێگری لە مێشکیان دەکەن کە بیر بکاتەوە و، ئەوەی لە باوباپیرانمان وەریان گرتوە نە ئەمەی لێیان دەوێت و و نە فەرمانیشی پێ کردوون.

زەمەخشەری لە (الکشاف)دا لێدوانی وای داوە کە ئایەت هەیە کاریگەرترە و بەهێزترە لەوی تر، لە شیکردنەوەیەکیدا {وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاوِ مَاوً بقَدَر فَأَسْكَنَّاهُ فِی الْأَرْچِ وَإِنَّا عَلَى ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ} [المؤمنون: 18]واتة: لەو ئاسمانەوە ئاومان بۆتان نارد و جێگەمان لە زەمین پێدان و هەر ئێمەش کە دەتوانین لەبەینیان بەرین. دەڵێت لە قسەی (علی ذهاب به) ئەوەی خراپەکاری بکات و کۆتاییەکەی بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندنە، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ڕێگەك لە ڕێگەکانەوە بچێت لە پاش دووریانێك و، لەوێدا توانای ڕۆیشتنی هەبێت و هیچ ڕێگرییەك یان ناو زراندنێك تیدانەبێت لە هەر شتێك دا بیەوێت، دەڵێت: لە هەڕەشە و توندیدا لەوی تر پتەوتر و بەهێزترە کە لەمەدا هاتوە دەڵێت: {قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَصْبَحَ مَاوُكُمْ غَوْرًا فَمَنْ يَأْتِيكُمْ بمَاو مَعِين} [الملك: 30] واتە: بڵێ بە من بلێن ئەگەر ئاوەکەتان ڕۆچوو بە ناخی زەویدا ئەوسا کێ ئاوی زەلاڵی ڕەوانتان بە فریا دەخات؟هەروەها دەربارەی شیکردنەوەی ئەم ئایەتە {فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ پێابٌ مِنْ نَار يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ ڕوُوسِهِمُ الْحَمِيمُ، يُصْهَرُ بِهِ مَا فِی بُگُونِهِمْ وَالْجُلُودُ} [الحج: 19، 20] واتە: ئەم دووانە لەسەر پەروەندەی خۆتان کێشەیانە، ئەوانەی بۆ خواناسی کراسێکی ئاسنیان بە بەژندا برا، ئاوی گەرمی لەسەر را بەسەردا دەکرێت وهەناو و پێستیان پێکەوە دەلکێت و دەتوێنەوە  دەڵێت: ئەگەر شاڵاوی گڕوئاگر بکاتە سەریان کاریگەری لە سەر ناخیان وەك دەرەوەیان دا دەبێت و ناوپۆش و ڕیخۆڵەیان وەك پێستیان دەسووتێنێت، دەڵێت ئەمە لەوە بەهێزترە کە دەڵێت: {وَسُقُوا مَاوً حَمِيمًا فَقَگَّعَ أَمْعَاوَهُمْ} [محمد: 15]. واتە: ئاوی بەکوڵیاندەرخوار کرا و ریخوڵەی برین.

ئەوەی شایانی باسکردنە لێرەدا ئەوەیە، کە یەکێك لە شاعرەکانی فارس گوتوویەتی: (کی بود تبت یدا مانند یا أرض ابلعی) واتە چۆن (تَبَتْ يدا) وەك (يا أرض ابلعی) دەبێت، ئاماژە بەو ئایەتە دەکات کە لە چیرۆکی لافاوەکەدا لە سورەتی هود هاتوە: {وَقِيلَ يَاأَرْچُ ابْلَعِی مَاوَكِ وَيَاسَمَاوُ أَقْلِعِی وَغِيچَ الْمَاوُ وَقُچِیَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِیِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الگَّالِمِينَ} [هود: 44].

واتة: زەمین ئاوت هەڵقورێنە؛ بەرزایی بەس بیارێنە، ئاورۆ بە ناخی ئاخاو کارەکە سەری گرت، لەسەر جودی لەنگەری گرت و ئەوانەی ناحەقیان کرد ستەمکارن.
ئەگەر بمانەوێت بە دوای قورئاندا بچین زۆرێك لە نموونەی ئەم ئایەتە جیاوازانە لە ڕووی بەهێزی و توندوتۆڵییەوە دەهێنینەوە، بەڵام بەمە کۆتایی دەهێنین بۆ ئەوەی نەیارانمان بەوە تۆمەتبارمان نەکەن ئێمە درك ناکەین بە بەهێزی و بەلاغەتی قورئان، بەتایبەتی توێژینەوە لەو بارەوە لە دەرەوەی ئەم کارەی ئێمەیە کە لێرەدا دەیکەین.

(56)

حەج

عەرەب لە جاهیلیەت حەجی ماڵی خودایان کردوە، حەج بتپەرستییەکی کۆنی عەرەبە، کاتێك محەمەد هات بڕیاری لە سەر دا و کردی بە کۆڵەکەیەك لە پێنج کۆڵەکەکەی ئیسلام، لەبەر چەند هۆکارێك کە باسی دەکەین، پێش ئەوەی بچینە نێو کرۆکی باسی حەجەوە، دەبێت باسی کەعبە بکەین و بزانین بتپەرستی چۆن بوو تێیدا.

کەعبە

ئەوەی بە تەواوی و مکورییەوە باوەڕمان پێیە ئەوەیە، کە کەعبە ماڵێکی کۆنی بتەکانە، ئەوەی زۆر باسیان بۆ کردووین کە مجەوری ئەم ماڵە هیی (مضاض بن عمرو الجرهمی) سەرۆك عەشیرەتی جورهمی لەناوچوو بوە، ئەم مجەورەیە کە وای لە خاوەنەکەی کردوە ببێتە خاوەنی سەرۆکایەتیی ئایینی بەگشتی، سەرۆکی ئایینەکان لەو سەردەمەدا سەرۆکی دونیاییش بوون.
گرێی گومانکردن کە دەستی هیچ یەقینێك نەیکاتەوە ئەوەیە کە لە سەر (حەزاز) باپیری نابت کوری ئیسماعیل بوە لە دایکییەوە، ئەو بەخێوکەری ماڵەکە واتە کەعبە بوە، لە پاش نابت کوری ئیسماعیل، بەخێوکەری ماڵەکە واتە گەورەی ماڵ لە نێو جورهم دا بەردەوام بوە تا سەردەمی عەمرو کوری حارسی جورهمی؛ دوا پاشای جورهم، ئینجا عەمرو کوری لەحیی خوزاعی لێی بردوە، ئەم عەمرو کوری لەحییە یەکەم کەس بوو کە ئایینی ئیبراهیمی گۆڕیوە بۆ بتپەرستی، گەورەییی ماڵەکە لە نێو خوزاعەدا بەردەوام بوە، تا قوسەی لێی بردوون و، بەوەیش گەورەیی خێڵەکە گەڕاوەتەوە بۆ کورانی نابت کوری ئیسماعیل.
ئەمە کورتەی ئەو باسەیە کە بە درێژی لە کتێبی بەسەرهاتەکان دا باس کراوە، دوو کەیسی تێدایە، یەکەم: عەمرو کوری لەحی خوزاعی یەکەم کەس بوە یاسای بتپەرستی بۆ عەرەب داناوە. ئەمەیش وا دەردەخات کە عەرەب لە سەردەمی جورهمیەکان بتپەرست نەبوون، دووەم: حەزار کوری عەمرو جورهمی گەورەیی واتا پاشایەتی خێڵەکەی لە کچەزاکەی نابت کوری ئیسماعیل کوری ئیبراهیم بردوە، هەر یەکە و لەم دوو کەیسە لە قاوغێکی گومانێکی بەهێز و تیندان. کەیسی یەکەم. یەکەم کەس ئایینی ئیبراهیمی بە بتپەرستی گۆڕیبێت لەو شوێن و خێڵەدا عەمرو کوری لەحیی خوزاعی بێت، شتێکی ناکۆك لەگەڵ ئەمەدا باس کراوە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: جنۆکە هەبوە دوای عەمرو کوری لەحی کەوتوە واتە جنۆکەی هەبوە، پێیان گوتوە: بڕۆ بۆ لای داپیرە آلیهەکان بێنە کە لە سەردەمی نوح و ئیدریس دا پەرستراون، ئەوانیش ود و سەواع و یەنموس و یەعوی و نیسر بوون، ئەویش ڕۆیشت و هێنانی بۆ مەککە و داوای پەرستنی کردن.
ئەگەر ڕاست بێت کە لە داپیرە وەری گرتبێت یان هێنابێتی، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە بتپەرستی لەو خێڵەدا لە پێش عەمرو کوری لەحی هەبوە، ئەگەر نا، چۆن ئەو بتانە لای داپیرە هەبوە ئەگەر لە حیجازدا نەپەرسترابێت؟ بەڵام ئەوەی خاوەنی (معجم البلدان) باسی کردوە، ئەم بتانە یەکەم جار لەو شاخەدا بوە کە ئادەم لە زەویی هیندا دابەزیوە، ئاوی لافاوەکە لەو شاخەدا دابەزیوە بۆ زەوی و، تیژیی ئاوەکە وای کردوە لە زەوییەکەوە بڕوات بۆ ئەوی تر تا فڕێی داوە بۆ زەویی جەدە. قسەیەکی خورافیە.
قسەی گێڕەوان لەم کەیسەدا دژ بە یەکە، چۆن باوەڕ بە قسەی دژ بە یەك بکەین؟ بۆ نموونە، خاوەنی (المعجم) لە ئەبی ئەلمونزیر هیشام کوری محەممەدەوە وەری گرتوە، دەڵێت: عەمرو کوری لەحی لەو کاتەدا دواکەوتەکەی (واتە جنۆکەکەی ـو) هەواڵی بوونی ئەم بتانەی لە

دەریای جەدە پێ داوە، هاتوە و بردوویەتی و هەڵی گرتوە تا ڕۆژی حەج هاتوە و داوای کردوە .هەموو عەرەبەکان بیپەرستن و عوف کوڕی عوزرە کوڕی زەیدی لات ڕازی بوە

لەم قسانەیدا ئەوە تێدەگەین: (عەوف ڕازی بوە) واتە عەوف پێش ئەوەی عەمرو کوڕی لەحی داوای بتپەرستی لێ بکات بتپەرست نەبوە، ئەمەیش دژ بە یەکە لەگەڵ ناوی باپیری (زید اللات) دا، عەرەب ناوەکان بە زەیدی لات و تیمی لات ناو دەنێن وەك چۆن زەید مەنات و عەبدمەنات ناو ناوە، واتە ناوەکە دەبەستن بە ناوی بتەکەوە، ئەگەر باپیری عەوف بتپەرست بوویێت، کە وا بێت خۆی و باوکیشی بتپەرست بوون، ئەمە هیچ گومانێکی تێدا نییە، کە وا بێت؛ چۆن عەمرو کوڕی لەحی یەکەم کەس بێت داوای بتپەرستی کردبێت؟ چۆن عەوف یەکەم کەس بێت ڕازی بوویێت بە داواکەی؟ خودی مونزر لێدوانی وای داوە کە لات لە مەنات تازەتر بوە، دوو بتی پەستراو بوون، واتە مەنات کۆنتر بوە وەك لە (المعجم) دا هاتوە. ئەمە وا فەرز دەکات کە لات و مەنات لە پێش عەمرو کوڕی لەحیەوە پەرستراون، لەگەڵ ئەوەیشدا، حیکایەتخوانان کە باسی یەکێك لەم بتانە دەکەن دەڵێن: عەمرو کوڕی لەحی دروستی کردوە و دای ناوە، ئەوەی زیاتر بەوەدا لای داوە کە ئەم بتانە لە زەمانی جورهمیش پەرستراون، لەو زەمانەدا کەعبەماڵی بتەکان بوە، لەوانەیە لەگەڵ ئەوەیشدا عەمروی کوڕی لەحی لە سەر بتپەرستی جەختی کردبێتەوە و داوای گەڕانەوەی ئەوانەی کردبێت کە لە ناو عەرەبدا لە بتپەرستی لایان دابێت، بۆیە وایان داناوە کە ئەو یەکەم کەس بوە بانگەشەی بتپەرستی .کردبێت

بەڵام کەیسی دوەم: ئەمە کەیسێکە لقوپۆپی هەیە، لەو لقانەی، ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم هاتوە بۆ مەککە و ژنی لە جورهم هێناوە و، کوڕەکانی عەرەبی عەدنانین کە پێیان دەڵێن: عەرەبی بە عەرەبکراو و قورەیش لەوانن، بەم پێیە بێت ئیبراهیم باوکی عەرەبی عەدنانییە، وەك قورئان لە سورەتی (الحج) باسی دەکات: {مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ} [الحج: 78]. واتە: میلەتی ئیبراهیمی باوکتان. ئەمە هەمووی وەك وا بێت لە پێش مێژوودا بێت و لێکۆڵەر لە تاریکییەکی بێ ئەندازەدا شتێك تێکەڵ بکات، هیچ شتێکمان پێ نییە لە سەر باوکایەتیی ئیبراهیم بۆ عەرەبی عەدنانی، جگە لە یەك شت ئەویش زمانە، ئەویش عیبری و عەرەبی لە یەکەوە نزیکن و لەگەڵ یەکدا لەزۆر وشە و ڕێکخستندا دادەنرێت، هەر چەندە لە ڕووی ئیعرابەوە عەرەبی لە عیبری دوور بێت، لەوانەیە عەرەبی و عیبری هەر دووکیان لە سوریانییەوە دەرهاتبن کە دایکی زمانە سامیەکانە، لەوێیشدا پێوەندیی عیبری و عەرەبی لە لایەنی باوکایەتیی ئیبراهیم بۆ عەرەبی عەدنانییەوە نابێت، بەڵکوو لە لایەن ئەوەی کە دەستە خوشکی عەرەبییە و هەر دووکیان لە یەك دایکن کە سریانییە، لێکۆڵینەوە لەم بارەوە کاری مێژوونووسان و زانایانی زمانەوانییە، ئێمە لێرەدا بۆ مێژوو نانووسین، جگە لەوەی بڵێین قسەکردن لە سەر ئەم کەیسە جگە لە تێکەڵکردن و بەردبارانکردنی شتی نەبینراو هیچ شتێکی تر نییە، وەك قسەکەی عایشە وا فەرز دەکات، دەڵێت: هیچ کەسێك لە بارەی .پێشینەی عەدنان و قەحتان قسەیەکی نەکردوە قەپڵاندن و خەملاندن و هەڵبەستن نەبێت

خاوەنی بەسەرهاتەکان باسی باوان و پشتی محەمەدیان کردوە لە کتێبەکانیاندا، بیست باووباپیریان بۆ ژماردوە لە عەبدوڵلاوە تا عەدنان، دەڵێت: ئەمەیە کە زانایانی پشت و نەسەب لە سەری کۆکن، بەڵام پێش عەدنان نەزانراوە و هیچ کەسێك نایزانێت، وەك عایشە گوتوویەتی، باسی ئەوەیشیان کردوە کە لە نێوان عەدنان و ئیسماعیل چل باوك هەیە، دەڵێن: سیوحەوت .وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە و، لە سەر عەدنان لە زەمانی مووسای کوڕی عومران دا بوە

لە نەسەب و پشتی محەمەدەوە، گێڕانەوەی جیاواز باس دەکرێت کە ئەو قسەیە ڕەت دەکاتەوە لە سەر عەدنان کۆك بن. لە عەمرو کوڕی عاسەوە دەڵێت: پێغەمبەر پشتی دەگەڕێتەوە تا نەزر .کوڕی کینانە، ئینجا دەڵێت: هەر کەسێك بە دەر لەوە قسەی کرد درۆزنە

جەلالی سیوتی لە (الجامع الصغیر) لە بەیهەقیەوە وەری گرتوە، پێغەمبەری خودا باسی پشتی خۆی کردوە گوتوویەتی: من محەمەد کوڕی عەبدوڵلا کوڕی عەبدولموتەلیبم تا گەیاندییە: کوڕی موزر کوڕی نزارم. لە عەباسەوە باس کراوە، ئەگەر پێغەمبەر باسی پشتی کردبێت لە موعد کوڕی عەدنان دا وەستاوە، دەڵێت: ئەوانەی باسی پشت و نەسەب دەکەن، دوو یان سێ جار درۆیان کردوە. بەیهەقی دەڵێت: ڕاستی قسەکانی ئەوەیە (ئەوانەی باسی پشت و نەسەبیان کردوە) درۆیان کردوە، لە قسەی حیکایەتخواناندا بوە، ئیبن مەسعوود گوتوویەتی نەك لە سەر زمانی پێغەمبەرەوە گوترابێت. حەلەبی دەڵێت: هیچ ڕێگرییەك نییە کە

.ئەم قسەیە لە لایەن پێغەمبەرەوە کرابێت و ئینجا ئیبن مەسعوود بەدوایدا چووبێت
با وا بڵێن کە کۆکن لە سەر ئەوەی عەدنانین، وەك باسیان کردوە، بەڵام زنجیرە پشتێك کە پچرانی لە عەدنانەوە تێ کەوت، چۆن لە باوکایەتیی ئیسماعیل بۆ عەرەبی عەدنانی دەگەینە .ڕاستی و حەقیقەت، ئایا ئەم پچرانە وامان لێ ناکات و پاڵمان پێوە نانێت گومان لەوە بکەین دەربارەی کەعبە و عەرەبی کۆن هەر چۆنێك بووبێت، ئەمە گرینگ نییە بۆ ئێمە، لەبەر ئەوەی گوتمان ئێمە مێژوو نانووسینەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی گرینگیپێدانی ئێمەو ئەوانە کە لە پێش ئیسلام چی بوون و ئەو ماڵە چی بوە، ئەوەی زانراوە کە ماڵی بتەکان بوە، عەرەبیش حەج و عومرەیان لەوێ کردوە، لەوەیشدا وا دەردەکەوێت حەج خوداپەرستێکی بتپەرستانەیە، خولخواردنەوە بە دەوری کەعبەدا، دەستسڕین بە گۆشەکان دا، هەولی سەفا و مەروە، بەردفڕێدان بۆ شەیتان و سەرجەم سروت و کارەکانی حەجکردن، کردەوەکانی حەج چەند بە خوداپەرستی و بەجێگەیاندنی فەرمان و سروتەکە و، بەناوهێنانی خوداوە بەسترابێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ مەعقوول نییە، خاوەنەکەی وات بۆ دەرخات کە لە حاڵەتێکدایە باوەڕی بە یەکبوونی خودایە و لە خوداپەرستیدا بە دەر لەو هیچی تر نییە، بەڵام لە بەجێگەیاندنی سروتەکەدا وابەستەی هەندێك شت دەبێت کە لەگەڵ بت و بتپەرستیدا یەك بگرێتەوە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان کەعبە و بەردی ڕەش و سەفا و مەروەدا نییە، کە خولخواردنەوە و دوعاکردن وخۆ بەدەستەوەدان و دەستپێداهێنانی هیچ جیاوازییەکی نەبێت، بەڵام زیاتر لەگەڵ بتپەرستیدا گونجاوە، وەك لە ڕووکەشی سروتەکەدا دەردەکەوێت، بۆیە ئەبوعەلای مەعەری :دەڵێت
إلا بقيه أوثان وأنصاب ما الركن فى قول ناس لست أذكرهم
به واتای: وەك ئەو بت و پەیکەرانەی ماونەتەوە، چی فەرزێك لەو وتەیەدا هەیە کە لە قسەی .هەندێك خەڵکدا هاتووە لە یادم نین
وا پیشان دەدات کە بت و پەیکەر لە ئیسلامدا هەڵگیراون، بەڵام پاشماوەکانی هەر ماون، کە .کەعبە و بەردی ڕەش و سەفا و مەروەن
ئەگەر حەج بتپەرستی بێت، دەبێت بە بوونی ئەم سروتە بتپەرستی پێش عەمرو کوری لەحی هەبوە، واتە ئەگەر سەردەمی جورهمیەکان دەربخەین، لەبەر ئەوەی عەرەب لەو سەردەمەدا حەجیان دەکرد، لەوێدا ئەو قسەیان پوچەڵ دەبێتەوە کە دەڵێن عەمرو کوری لەحی یەکەم .کەس بوە بانگەشەی بتپەرستی کردوە، حەقمانە بڵێین؛ لە کۆنەوە کەعبە ماڵی بتەکان بوە

چۆن حەجکردن دروست بوو
کردگاری گەورەی بوونەوەران بە چاو و دیدە نابینرێت، بەڵکوو بە دیدگا و تێروانین دەبینرێت، بەڵام زۆرینەی خەڵك لە دید و تێروانیندا کوێرن و ناتوانن خودا بناسن و، وەك کۆنەکانیان لێ هاتوە لە ڕووکردنە خودا، پشت بە بینین و چاو دەبەستن، واتە لە خوداپەرستی کردگارەکەیاندا شتێکی بەردەست کەوتەیان دەوێت و، لە خوداپەرستیدا ڕووی تێدەکەن، ئا لێرەوە بتپەرستی پەیدا بوو، وایان لە بتەکان کرد کە ببنە ئامڕازێك بۆ کردگاری مەزن و ببێت بە نیشانەیەك کە ئەو دەربخات، ئەگەر نا بتپەرستان دەزانن کە بتەکە خۆی شایەنی پەرستن نییە و، لە خوداپەرستیدا بەتایبەتی مەبەستیان ئەو نییە، بەڵکوو ئەوەی مەبەستیانە خودایە، وەك قورئان :لە سورەتی (الزخرف) باسی دەکات
وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ مَنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ} [الزخرف: 87].واتا: ئەگەر لە خۆیان بپرسیت، کێ } .ئەوانی دروست کردووە، دەڵێن خودا
ئەم قسەیەمان دەربارەی بناغەی بتپەرستی، بە هەمان شێوە شێخ عەبدولوەهابی ئەلشەعرانی لە شیکردنەوەی ئایەتە قورئانییەکاندا باسی کردوە، دەڵێت: بناغەی دانانی بتەکان لە هێزی پاکڕاگرتن و دەستپاکی زانا کۆنەکان بوە، ئەوان خودایان لە هەموو شت بە بێگەردتر داناوە و فەرمانی ئەوەیان بە خەڵك بەگشتی کردوە، لەو کاتەدا بوە کە هەندێك لە خەڵکە گشتییەکەیان بینیوە لەوە تێ ناگەن، بتیان بۆ دانان و بە پەردە و جوانکاری و گەوهەر دایان پۆشین و کڕنووشیان بۆ بردن و بە گەورەیان دانا، بۆ ئەوەی باسی حەقیان بۆ بکەن کە لە عەقڵیاندا نەبوو. بەڵام ئەم دەرپرینەی شەعرانی کەموکورتیی تێدایە و دەبێت بڵێت: کە هەندێك لە خەڵکە گشتییەکە عەقڵیان پێ نەشکاوە، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە بە عەقڵیان درك بە خودا بکەن و، ئەوان خاوەن چاون نەك دید و دیدگا، شتێکی بەردەستەیان دەوێت کە لە پەرستندا ڕووی تێ بکەن بۆیە بتیان بۆ دانان... ئەم قسەیە لە سەر بناغەی دروستبوونی بتپەرستی

ڕاستترە و نزیکترە لە حەقیقەتەوە. هەندێکیان دەڵێن، ئادەم پێنج کوڕی چاکەخوازی هەبوو ئەوانیش: ود، سواع، یەغوس، یەعوق و نسر بوون. ود مرد، خەڵك خەمبار بوون و لە دەوری گۆڕەکەی کۆ بوونەوە و بە جێیان نەهێشت، ئەمە لە زەویی بابل ڕووی داوە، کە ئیبلیس ئەمەی بینی، لە شێوەی مرۆڤدا هات بۆ لایان و پێی گوتن: دەتانەوێت وەك خۆی وێنەی بکێشم بۆتان و ئەگەر تەماشای بکەن بکەوێتە یادتان؟ گوتیان: بەڵێ، ئەویش وێنەکەی بۆ کێشان، ئینجا هەر کە یەکێکیان دەمرد و وێنەی دەکێشا بۆیان و ناوی خۆی لێ دەنا، کە کات ڕۆیشت قۆناغەکان تێپەڕین بە سەر ئەم کارەدا، لە باوان و کوڕان و کوڕەزایان، ئیبلیس بەوانەی دوای ئەوان هاتن گوتی: ئەوانەی پێش ئێوە ئەم وێنانەیان پەرستوە، بۆیە ئەوانیش پەرستیان. ئەوەی ناشاررێتەوە کە ئەم قسەیە ڕێکخراوە و هەڵبەستراوە و لە حەقیقەتەوە دوورە، لە ڕووکەشدا بەکەمی دەتوانیت ڕەخنەی لێ بگریت، ڕاستییەکەی قسەی پێشووترە.

بەم شێوەیە لە لای عەرەب و خەڵکی تری بە دەر لە عەرەب، لە میللەتانی تر بتپەرستی دروست بوو، ئەگەر چۆنێتیی دروستبوونی بتپەرستیمان زانی، ئاسان دەبێت کە چۆنێتیی حەجکردن لای عەرەب بزانین، ئەوەی دەیبینین، دروستبوونی حەجکردن لای عەرەب دوو فاکتەری هەیە: یەکەمیان: بتپەرستییە، دوەمیان: قازانجی سەرۆکە ئایینییەکانە، واتە مجەوری کەعبە کە ماڵی بتەکانە.

بەڵام دەربارەی فاکتەری یەکەم دەڵێن: بتپەرستی ئامادەیی دەوێت واتە بە ئامادەبوون بۆ لای بتەکە نەبێت نابێت، لەبەر ئەوەی وەك گوتمان بتەکە ئاماژە و سمبولی خوداکەیانە و نێوەندگیرە بۆ گەییشتن بە خودا، نابێت بە نەهاتن و ئامادە نەبوون بپەرسترێت، لەبەر ئەوەی پەرستنی نەهاتن و بەغیابی، ئیلاهپەرستی نائامادەیە و هیچ هەست پێ ناکرێت، واتە بەرکەوتنی تێدا نابێت و، ئەمەیش وا فەرز دەکات کە بت دابنرێت، ئەگەر بواری ئەوە هەبووبێت بە ئامادەنەبوونی بتپەرستی بکرێت، هیچ پێویست نەبوو دای بنێن و بیکەن بە سیمبولێکی هەستپێکراو کە نوێنەر و لە بریی خودا بێت و نیشانەی بوونی ئەو بێت، وای لێ دەهات خوداپەرستی ڕاستەوخۆ بێ ناوەندگیر لە بتپەرستی لە پێشتر دەبوو.

ئەگەر بتپەرستی بە ئامادەبوون نەبێت زۆر سەخت دەبێت، بەڵکوو قەتیسکردنی پەرستنی لە شوێنێك و تاکە وڵاتێکدا نەکرێت، لەبەر ئەوەی هەموو خەڵك لە یەك شوێندا نابن، لەبەر ئەوەی پەرشوبڵاون لە زۆرێك لە وڵاتاندا و لەوانەیە لە یەکەوە دوور بن، بۆیە زۆری بتەکان خۆی فەرز دەکات وای لێ دێت کە لە هەر وڵاتێکدا بتێك هەبێت بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە، لەو کاتەیشدا ئەم بتانە نوێنەری بتە مەزنەکە دەبن لەو وڵاتانەی تێدان و مجەوەرچییەکەی مجەوەری گەورە دەبێت و ئەویش سەرۆکی یەکەمی ئایینییە. حاڵەتی عەرەب ئاوها بوە، کەعبەیش ئاوها لە مەککە بوە، لە بنەڕەتدا بۆ ماڵی بتەکان نەبێت بۆ هیچ بنیات نەنراوە و بە تایبەتی بۆ بتە مەزنەکە، کە لە پێگەی پەروەردگاری پەروەردگارانە، ئەویش (هوبەل) بوو کە گەورەترین و مەزنترین بت بوو لە کەعبەدا، لە عەقیق (واتە، شیلان یان گەوهەری شەوچرا یان ئەقیق ٦٥٨) لە شێوە و وێنەی مرۆڤ دروست کرابوو، بە دەر لە هوبەل، لە ئاستی ئەمدا بتەکانی تر پاشکۆی ئەم بوون و لە پلە و پێگەیەکی نزمتر دابوون.

کە بینییان بتپەرستی لە کەعبەدا بۆ هەموو عەشیرەتە عەرەبەکانی دوور لە مەککە ناکرێت، بۆ هەر عەشیرەتێك لە هەر کوێیەك بێت بتێك دانرا کە ئەویش لەوێ بێت، بەڵام کاتێك زانییان کە ئەم کارە وا لە عەشیرەتەکان دەکات واز لە کەعبە بهێنن، کە ماڵی مەزن و پەرستگای ناوەندی و باڵای بتپەرستی بوو، وازلێهێنانی لە لایەکەوە لە دژی قازانجی مجەورە گەورەکەی دەبێت و لە لایەکی تریشەوە لە دژی بتە گەورەکەیش دەبێت، بۆیە وایان لێ کرد کە گەڕانەوە بۆ کەعبە لە سەرجەم عەشیرەتەکانەوە لە هەموو ساڵێکدا فەرز بێت، ئا ئەمەیە حەج.

ئەم تیۆر و بینینە پشتگیریی سیرەی هیشامی دەکات کە لە ئیبن ئیسحاقەوە وەرگیراوە دەڵێت: عەرەب لەگەڵ کەعبەدا دە تاغووتی هەبوو کە ماڵی بتپەرستی بوو هاوشانی کەعبە گەورەی دەکردنەوە و بە مەزن لە قەڵەمی دەدان، مجەور پارێزەری هەبوو و خەڵك پەنایان بۆ دەبرد، وەك چۆن پەنایان بۆ کەعبە دەبرد و بە دەوریدا دەخولانەوە و لەوێدا ئاژەڵیان سەر دەبڕی و چاکەی کەعبەیان لە بەر چاو دەگرت. ئینجا بتی عەشیرەتەکان بە ناوەکانیانەوە دەناسرانەوە.

لەمەدا ئاماژە و بەڵگەی ئەوەیە کە بناغەی بتپەرستی کەعبە بوە، ئینجا لقوپۆپی لێ بوەتەوە بۆ ماڵی بتی عەشیرەتەکانی تر، لەبەر ئەوەی نابێت عەشیرەتەکان هەموو ڕۆژێك لە کەعبە کۆ ببنەوە و، زانیمان بتپەرستی بە ئامادەیی کەسەکە دەبێت بۆ لای بتەکە و خۆپێهەڵواسینی واتە

خۆپێداسپرینەوەی، بۆیە ئەو تاغووتانە لە بریی ئەو بە نوێنەری کەعبە دانران و هەر عەشیرەتێك بتێکی هەبوە، بەڵکوو لە هەر ماڵێکدا بتێك هەبوە وەك ئیبن ئیساق خۆی لە شوێنێکی تردا باسی دەکات. عەشیرەتەکان لەگەڵ بوونی ئەم بتانەیش لای ئەوان، بەڵام دان بە چاکە و گەورەیی کەعبە بە سەر ئەم بتانەوە دەنێن و، دان بەوەدا دەنێن کە کەعبە پەرستگای ناوەندی باڵا و ماڵی مەزنی بتەکانە، بۆیە وەرزێکی تایبەتی حەجکردنیان بۆ ماڵی گەورە لە هەر ساڵێك و لە کاتێکی دیاریکراوی خۆیدا دانا، کە جگە لەو کاتە هیچ کاتێك بە حەج دانانرێت تێیدا.

عومرە

کاتێك حەجکردنی گشتی لە ساڵێکدا یەك جار بوو، ئەمە کەم بوو بۆ ڕێزداری کەعبە و بەگەورەدانانی، بۆیە بەمەوە نەوەستان و، گوتیان هەر کەسێك بیەوێت لە کاتێکی تردا، واتە بە دەر لەکاتە دیاریکراوەکەی خۆی لە وەرزی حەجکردنی گشتی دەتوانێت حەج بکات، بەڵام حەجێکی تایبەتی دەبێت، کە ناویان نەنا حەج، ناویان نا عومرە، ئەمەیش لە (اعتمار)ەوە هاتوە بە واتای مەبەست و سەردان دێت، دەڵێن فلان هات بۆ عومرە واتە بۆ سەردان.

حەج لای ئەوان دوو جۆر بوە: یەکەمیان: حەجی گشتی بۆ سەرجەم عەشیرەتەکان، ئەمەیش جگە لە کاتی تایبەتیی خۆی لە وەرزی حەج نەبێت ناکرێت، یەکێکی تر: حەجی تایبەت کە هەر کەسێك بیەوێت دەیکات و پێی دەڵێن عومرە، ئەمەیش جگە لە کاتی بە دەر لە وەرزی حەج ناکرێت، وەك ئەوەی عومرە لای ئەوان لە بریی حەج بێت بۆ هەر کەسێك بیری حەجکردن بکات، لە دەرەوەی وەرزی تایبەتی خۆیدا. عومرەکەر ئەو سروتانە دەکات کە لە کاتی حەجدا دەکرێت و هیچ جیاوازییەك لە نێوان سروتەکانی عومرە و حەجدا نییە، بەڵکوو عومرە خودی حەجە، بەڵام بە عومرە ناو نراوە، لەبەر ئەوەی لە وەرزی بە دەر لە کاتی حەجکردن دەکرێت، ناونانی بە عومرە بۆ جیاکاری لەگەڵ حەجی گشتییە، کە حەتمیە و حەجی تایبەتی کە حەتمی نییە، واتە فەرز نییە، بەڵام محەمەد پێغەمبەری خودا لەوەدا ناکۆك بوو لەگەڵیاندا، ڕێگەی دا کە عومرە لەگەڵ حەجدا لە یەك وەرزدا بکرێت. هەر کەسێکی موسوڵمان بیەوێت عومرە هاوشانی حەج بکات بۆی هەبوو بیکات، لەوانەیە محەمەد بەم کارەی تەنها ویستبێتی لەگەڵ ئەواندا ناکۆك و جیاواز بێت. ئەگەر نا، حەج و عومرە یەك شتن کە ئەویش سەردانی ماڵەکەیە و خولخواردنەوەیە بە دەوریدا، ئەگەر لە وەرزەکەدا جیاواز نەبن یەك شت دەبن و هیچ جێگەیەك بۆ ئەوە نامێنێتەوە کە بە یەکێکیان بڵێیت عومرە و بەوی تر حەج. ڕیتمی عومرە لەگەڵ حەجدا ئەوەیە کە وەك قەرەبووکەر بێت، لەبەر ئەوەی عومرە لە کاتی بە دەر لە وەرزی حەجدا دەبێت و بەو پێیەدا دەبێت کە قەرەبوی حەکە دەکاتەوە، بۆیە ئەمە جگە لە کاتی بە دەر لە وەرزی حەج ناکرێت.

بەڵام ئەوەی سەرسوڕهێنەرە ئێمە محەمەد دەبینین لەگەڵ خەڵکی جاهیلیەتدا لە بەستنەوەی عومرە و حەج لە یەك کاتدا جیاوازە و هیچ پێویست بەو جیاوازییە ناکات، بەڵام دەبینین لە سەر ئەوەی لە هەوڵی نێوان سەفا و مەروەدا دەیکەن، کە دوو شاخن لە نێوان بەتحە و مەککە و مزگەوتدا لەگەڵیاندا کۆکە، بەڵام سەفا شوێنێکی بەرزە لە شاخی ئەبی قەبیس و، مەروە گردۆڵکەیەکی خۆشە لە لای مەککە لە دوای (قعيقعان)، لە جاهیلیەت دوو بت لە سەر سەفا و مەروە دانرابوون، ئیساف لە سەر سەفا بوو، نائیلەیش لە سەر مەروە، وەك دادوەر بەیزاوی و زەمەخشەری لە شیکردنەوەکانیان باسیان کردوە. خەڵکی جاهیلی کە سەردانیان دەکردن خۆیان پێیان دا هەڵدەنووسی و دەست و دەموچاویان پێدا دەسڕیەوە، خاوەنی (معجم البلدان) لە ئیبن ئیسحاقەوە، دەڵێت: ئەو دوو بتە لە کەعبەدا بوون، پێش ئەوەی یەکێکیان لە سەفا دابنرێت و ئەوی تر لە مەروە، ئینجا قوسەی شوێنەکەیانی گۆڕی یەکێکی لە تەنیشت ماڵی بتەکان دانا و ئەوی تر لای زمزم، ئاژەڵی بۆ سەردەبڕین و لە جاهیلیەت خۆیان پێی دا ڕادەموسی. چیرۆکێکی خورافی هەیە باس کراوە، ئەگەر دەتەوێت بگەڕێوە و بیخوێنەوە. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، پاش باسکردنی ئیساف و نائیلە لە سەر سەفا و مەروە، دەڵێت: کە ئیسلام هات و بتەکانی شکاند، موسوڵمانان ڕقیان لە خولخواردنەوەی دەوری کەعبە بوو، واتە هەوڵی نێوان سەفا و مەروە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەمە سروتی ئێمە بوو لە جاهیلیەتدا و لە پێناو دەستپێداهێنانی دوو بتەکە، خودا ئەمەی دابەزاند: {إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ يَطَّوَّفَ بِهِمَا} [البقرە: 158] واتە: رسەفاو مەروە دوو سرو تو کێلەکی خواپەرستین. هەر کەسێك دەچێتە حەج یان عومرە گەر تەوافی کرد ئەو دووانەش بکات.. ئیبن مەسعوود (فلا جناح عليه

أن لا يگوف بهما) به خوێندنەوەیەکی خێرا لە ڕووی واتاوە خوێندوەتەوە، تۆمەتهەڵگرتن بژاردەی نێوان تاوانکردن و وازلێهێنان لە تاوانەکە دەگرێتەوە، وەك ئیبن عەباس و ئیبن زوبێریش بۆی ڕۆیشتوون، خوێندنەوەکەی ئیبن مەسعوود پشتگیرییان دەکات، بەڵام هەوڵی نێوان سەفا و مەروە لای ئەبووحەنیفە ئەرکە، کەچی کۆڵەکەیەك نییە لە کۆڵەکەکانی حەج، بەڵام لای مالیك و شافیعی کۆڵەکەیەکە، بە پێی قسەی پێغەمبەر: هەوڵی ئەوە بدەن خودا بە هەوڵدانی بۆ نووسیون.

حوکمی هەوڵدان هەر چۆنێك بێت، نامۆیە کە خەڵکی موسوڵمان بەم کارە بتپەرستییە پەتییە جاهیلی ڕازی بن و بیکەن بە سروتی خودایی، لەگەڵ ئەوەی موسوڵمانان ڕقلێبوونی خۆیان بۆ ئەم کارە بۆ پێغەمبەر دەرخست و پێیان گوت: ئێمە لە پێناو بەرکەوتن و خۆهەڵواسین بە بتەکاندا ئەمەمان کردوە، ئەگەر بڵێین: لە بنەڕەتدا هەوڵدانی نێوان سەفا و مەروە وەك وەبیرهێنانەوەیەك بۆ ئەوەیە کە هاجەری دایکی ئیسماعیل کردوویەتی، بەوەی کە ئیبراهیم کاتێك ئیسماعیلی لە شوێنێکی مەککە دانا و گەڕایەوە، هاجەر پێی گوت، بە کێمان دەسپێریت؟ گوتی: بە خودا، گوتی: پەنامان بە خودا و گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکەی تا ئاوەکەی تەواو بوو، خۆراك و شیری نەما، خەفەت دای گرت و سۆزی بۆ منداڵەکەی گەییشتە تینی، ئیسماعیلی لە شوێنەکەی دانا و سەرکەوت بۆ سەفا بۆ ئەوەی تەماشای دەوروبەر بکات بەڵکوو کانیاوێك یان کەسێك ببینێت، داوا و نزای لە خودای کرد و داوای ئاوی لێ کرد و ئینجا دابەزی بۆ مەروە هەمان شتی کرد، ئینجا گوێی لە دەنگی گورگ بوو ترسی لە سەر منداڵەکەی لێ نیشت، بەخێرایی ڕای کرد بەرەو لای ئیسماعیل، بینیی کانیاوێك لە ژێر گۆنای تەقیوە و ئەویش تەماشای دەکات، دەڵێن: لە ژێر پاشەلی بوە کانیاوەکە. دەڵێن: لەو ڕاکردنەی نێوان سەفا و مەروەدا یادی هاجەر دەکەن، کە چۆن ڕای کردوە بۆ لای منداڵەکەی لە ترسی گورگ، ئەم چیرۆکە لە کتێبەکاندا باس کراوە، بەڵام بەم شێوە گوتنە بۆ خاوەنەکەی (معجم البلدان) دەگەڕێتەوە کە باسی زمزم دەکات، دەڵێم: پێش بڕیاردان و یەکلاییبوونەوە پێویست بە جێگیربوونی بنەماکەی دەکات.

چۆن لە چیرۆکی ئیبراهیم و هاجەر لە مەککە یەکلا ببینەوە، چی وای لە ئیبراهیم کرد کە ژنەکەی بۆ ئەم وڵاتە چۆڵەوانی و ترسناك و خاڵی لە خەڵکە بەرێت، ئینجا چی وای لێ کرد کە ژن و منداڵێکی بچوك جێ بهێڵێت، بە بێ گوێدانە ئەوەی کەڵبەی گورگ بیانگاتێ، یان چییان بە سەر دێت لە تینوێتی و برسێتیدا، ئەگەر لەم زەمانەی ئێمەدا هەر شتێکی وای بکردایە بچوکترین شتی پێ بڵێین، دەڵێین شێتە.

ئەگەر ڕاست بێت ئیبراهیم ژن و منداڵەکەی هێناوە بۆ مەککە، دەبێت مەککە خەڵکی تێدا بووبێت، ئەگەر ماڵەکە لە ئیبراهیم کۆنتر بێت وەك دەڵێن، وا فەرز دەکات کە دەوروبەری خەڵکی تێدا نیشتەجێ بن، ئەگەر وا دابنێیت ئەم چیرۆکی هاجەرە ڕووی داوە، هیچ ڕێگەیەکی تێ ناچێت کە لە ئایینی یەکتاپەرستیدا خولخواردنی سەفا و مەروە پاش ئەو زەمانە دوورودرێژە بمێنێتەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی عەرەب وای لێ کرد کە تەنها کارێکی بتپەرستیی پەتی بێت.

فاکتەری دوەم

فاکتەری دوەم قازانجی سەرۆکە ئایینییەکان بوو، واتە مجەورەکانی ماڵەکە و سەرپەرشتیارانی، ئەوان سەرۆکایەتیی گشتیی ئایینی و دونیاییشیان بە دەستەوە بوو، لەبەر ئەوەی سەرۆکە ئایینییەکان لەو زەمانەدا لە هەمان کاتدا سەرۆکی دونیاییش بوون، ئەم قازانجە تەنها لە سەرۆکەکان واتە مجەورەکاندا قەتیس نەبوو، بەڵکوو عەشیرەتی قورەیشی بە هەمووی دەگرتەوە، بە دەربڕینێکی تر؛ خەڵکی مەککەی بەگشتی دەگرتەوە، ئەگەر قازانجی سەرۆکەکان لە هەموویان زیاتریش بێت، خەڵکی مەککە بازرگان بوون و بژێوییان لە وەرزی حەج لە سەر کڕینوفرۆشتن لەگەڵ حەجکەراندا لەو بازاڕانەدا بوو کە کردنەوە و داخستنیان بە وەرزی حەج و حاجییانەوە بەند بوو.

ئەگەر تیرە عەرەبەکان تەنها بە ماڵی بتەکانی خۆیان بوەستانایە و حەجی ماڵی مەزنیان نەکردایە، ئەو قازانجە دەبڕا و خەڵکی مەککە لە ناو دەچوون و ئەوەی بۆ مجەوری کەعبە لە سەرۆکایەتیی گشتی دەهاتە دەستی نەدەما و ون دەبوو. قازانجی سەرۆکەکان یەکێك بوو لە فاکتەرە گەورەکانی دروستبوونی حەجکردن و فەرزکردنی لە سەرجەم عەشیرەتەکاندا. ئەوەی بەڵگەی ئەم قسانەیە، ئەوەی لە قورئاندا لە سورەتی (البقرە) هاتوە دەربارەی ئایەتەکانی

حەج: {لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ} [البقرە: 198]واتە: هیچ گوناحێکتان لەسەر نیە کە داوای رۆزی لە خودا بکەن لە حەجدا. هیچ تاوانێکتان نەکردوە کە داوای چاکە و قازانج لە خودا بکەن. لە خوێندنەوەی ئیبن عەباس هاتوە (چاکە و قازانجی خودا لە وەرزی حەجدا) یە.
زەمەخشەری لە شیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: عەکاز و مەجەنە و زوئەلمەجاز بازاڕ بوون لە سەردەمی جاهیلیدا، لە کاتی وەرزەکاندا کڕینوفرۆشتنیان تێدا دەکرا، بژێوییان لەوێ پەیدا دەکرد، کاتێك ئیسلام هات ڕووگیر بوون لە خراپەکاریی بازرگانی و ئەوەی لەو کارە ڕوو دەدات، بۆیە ڕێگەیان پێ درا و تاوانێکیان لە سەر هەڵگیرا وەك ئایەتەکە هاتوە، دەڵێت: لە ئیبن عومرانەوە، پیاوێك هاتوە: ئێمە قەومێکین لەم کاتەدا بە کرێ دەدەین، واتە ئاژەڵەکانیان بە کرێ دەدەن، قەومێکیش دەڵێن ئێمە حەجمان نییە، دەڵێت: پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد دەربارەی ئەم کارە، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە تا ئایەتی (لیس علیکم جناح) هاتە خوارەوە، بانگی کرد و پێی گوت: ئێوە حەجکەرن. لە عومەری کوڕی خەتابەوە، پێی گوتراوە: ئایا ڕقتان لە بازرگانییە لە کاتی حەجدا؟ گوتی: ئایا بژێوییمان شتێکی تر بوە جگە لە بازرگانی لە کاتی حەجدا؟. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: ئەبووتالیب لە کاتی گیانەللادا لە وەسیەتکردن و ڕاسپاردەکانیدا بۆ پیاوە ناودارەکانی قورەیش، قسەی لە سەر ئەوە کردوە کە ئەو ماڵە بژێوییان پەیدا دەکات و ڕا دەگرێت، گوتی: ڕاتان دەسپێرم بەوەی ئەم بنیاتە گەورە بکەنەوە (واتە کەعبە) .ڕازیکردنی عەرەب و ڕاگرتنی بژێوییان تێدایە
بێباوەڕەکان لەگەڵ موسوڵماناندا تا ساڵی نۆیەمی کۆچی حەجیان دەکرد، لەم ساڵەدا، بێباوەڕانیان نەهێشت حەج بکەن، قورەیش لەم نەهێشتنەدا بینییان ئەو قازانجەیان نامێنێت، کە لە بازرگانیکردن لەگەڵیاندا بە دەستیان دەهێنا، خودا بە سەرانە (جزیە) قەرەبووی بۆ کردنەوە، ئیبن قەییم لەم بارەوە لە (زاد المعاد) دا لە لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەو ساڵەی کە حەج فەرز کراوە باسی ئەوە دەکات، دەڵێت: ئاماژە بەوە هەبوە کە خەڵکی مەککە خۆیان لە بارودۆخێکدا بینییەوە کە شتیان لە دەست دەرچێت لە نەهێشتنی هاتنی بێباوەڕەکان بۆ حەج، بەو پێیەیش خودا ئەمەی دابەزاند: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ فَلَا يَقْرَبُوا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ بَعْدَ عَامِهِمْ هَذَا} [التوبە: 28]، واتە: ئەی باوەڕداران ئەوانەی هاوبەش بۆ خودا پەیدا دەکەن ئەوانە نەگریسن با لە ماڵی خودا نزیك نەبنەوە. دەڵێت: خودا بە سەرانە قەرەبووی بۆ کردنەوە، دابەزینی ئەم ئایەتانە و ئەم داواکردنە لە ساڵی نۆیەمی کۆچی بوە. دەڵێم بێباوەڕەکان پاش ئەم کارە هەموویان بوون بە موسوڵمان، ئەوەی بۆ خەڵکی مەککە کۆ دەبوونەوە لە سەرانە لە بریی بازرگانیکردن لەگەڵ بێباوەڕاندا لە وەرزی حەج، گەڕایەوە .شوێنەکەی خۆی

(57)
حەرەم
عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا خەڵکی دەشتەکی بوون، هەر عەشیرەتێك خودپەرستی و ڕەگەزپەرستیی بۆ عەشیرەتەکەی خۆی لە دژی ئەوی تر دەکرد، غەزووی یەکتریان دەکرد و یەکتریان دەکوشت و دزی و تاڵانییان لە یەکتری دەکرد، لە کاتی هەڵکوتانە سەر یەکتردا، زۆر کەمە عەشیرەتێك تۆڵە و دوژمنایەتیی لەگەڵ ئەوی تردا نەبوویێت، ئەم حاڵەتە گەورەترین ڕێگر بوو بۆ حەجکردن، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەی ئەم عەشیرەتە کوڕ کوژراوانە و خوێن لەم بەینانەدا بێت و لە یەك کاتدا لە مەککەدا بن، بێگومان دەبێتە هۆی شەڕ و کوشت و کوشتار لە نێوانیاندا، بۆیە بۆ وەلانانی ئەم ڕێگر و گومانە، لە کۆنەوە زاراوەی حەرامکردنی مەککەیان بە کار هێنا، واتە حەرامە و هیچ ڕێگەیەك نادرێت بە کەسێك شەڕ بکات و یەکێکی تێدا بکوژێت، واتە حەرامکردنی شەڕ و کوشتار، بەڵکوو لە سەرووی ئەوەیشەوە ڕاوکردن و دارڕینیان نەهێشت و نەیانهێشت کەس لەمە نزیك ببێتەوە، بەو شێوەیە مەککە بوو بە حەرەمێکی ئارام بۆ حەجکەران و خەڵکی تریش، بێگومان بەتەنها مەککە بەشی ئەوە ناکات لەبەر کەمیی ڕووبەرەکەی و تەسکیی گۆڕەپانەکەی، بۆیە حەرەمیان لە هەر چوار لاوە بۆ دەرەوەی مەککە فراوان کردەوە.
خاوەنی (معجم البلدان) دەڵێت: حەرەم بە واتای حەرام وەك زەمەن و زەمان، واتە پێشێلکردن و ڕاوکردن و تێکدانی و... هتد حەرامە، دەڵێت: حەرەمی مەککە سنوری داکوتاوی خۆی لە

مەنارەی کۆندا داکوتابوو، ئەمەیش ئیبراهیم خەلیلی خودا دای ناوە. دەڵێت: نزیکەی دە میلە لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆژەڕێیەکدا و، هەمووی مەنارە و کۆڵەکەی بۆ دانراوە و لە ئەوانی تر ناچن، تا ئێستایش قورەیش لە زەمانی جاهیلی و ئیسلامیشدا وا دەناسرێن، لەبەر ئەوەی خەڵکی حەرەمن، لە ناوەوەی مەنارەکان حەرەمە و دەرەوەی لەو نییە.

مانگە حەرامەکان

تا ئێستایش عەرەب قەرزداربارى حەرامکردنی ئەم پەڵەزەوییەن کە پێی دەگوترێت حەرەم، بەڵام ئەم پەڵەزەوییە چەند فراوان بێت بەتەنها بەشی پیادەکردنی سروتەکانی حەج لەگەڵ دابینکردنی ئارامی و ئاساییشدا ناکات، ئەگەر حەجکەران کە دڵنیا کران لە کوشتن و ڕپین بە حەرامکردنی لە حەرەم، بەڵام لەوە دڵنیا نەبوون لە کاتی هاتنیان بۆ حەج لە ڕێگەدا، هەندێکیان بیست ڕۆژ و زیاتریش لە ڕێگا دەبن.

بۆ ئەوەی ئارامی و ئاساییشی ڕێگایش بە هەمان شێوە فەراهەم بکەن، لە کۆنەوە زاراوەی حەرامکردنی مانگەکانی حەجیان بە کار هێنا و ناویان لێ نا مانگە حەرامەکان، حەڵاڵ نییە کەس تێدا شەڕ و کوشتار بکات، ئەم کارەیش چاکەی بە سەر عەرەبەوە جێ هێشت، بۆ حەجکردن نەبێت ئەم مانگانەیان حەرام نەدەکرد.

بێگومان سێ مانگ بەشی هاتن و ڕۆیشتنەوەی حەجکەران دەکات و بەسە، بەو پێیەی حاجی بە سەر حوشترەوە بە یەك مانگ ڕێڕۆیشتندا دەگات، بۆ ئەوە نەبێت نەیانکرد بە سێ مانگی لە دوای یەك و بۆ ئەوەی حەجکەران لەو کاتەدا بتوانن بازاڕ بکەن و کڕینوفرۆشتنی خۆیان تەواو بکەن، خەڵکی مەککەیش لەو بازرگانییەی ئەو بازاڕکردن و بازاڕانەدا قازانج دەکەن، پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە بەتایبەتی سەرۆکەکان و خەڵکی مەککە لە فاکتەرەکانی دروستبوونی حەجن، ئەم بازاڕانەی کە لە وەرزی حەجدا دەکرێنەوە، بۆ قازانج و لە پێناو خۆیاندایە، لەبەر ئەوەی ئەوان خەڵکە بازرگانەکەی ئەوێن و کاڵاکانیان دەردەخەن، وەك ئەوەی حەجیان بۆ ئەم ئامانجەیان بە کار هێنابێت، هەر دوو قسەکە ڕێی تێدەچێت، بازاڕ و حەج وەك مریشك و هێلکەیە و دەتوانرێت بگوترێت هەر یەکەیان لەوی تر بووە.

چوار مانگی حەرام، سێ مانگی لە دوای یەکە، ئەوانیش زولقوعدە و زولحوجە و موحەڕڕەمە و، یەکێکیان تاکە هەر خۆی ئەویش ڕەجەبە، سێ مانگی یەکەم، مانگەکانی حەجن، بۆیە لە دوای یەکدا دانران بۆ ئەوەی حاجییان بتوانن بڕۆن بۆ مەککە و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، لە قورئاندا هاتوە: {الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ} [البقرە: 197] واتە: حەج چەند مانگێکی دیاریکراون. ئەمەیش ئەو سێ مانگەن، ئەوەی گوتی شەوال و زولقوعدە و زولحوجەیە هەڵەی کردوە، لەبەر ئەوەی سێ مانگە حەرامەکە بۆ حەجکردن نەبێت حەرام نەکراون، بۆیە دەبێت مانگەکانی حەجکردن بن و هیچ مانگێکی تر نەبێت، بەڵام ڕەجەب خۆی بە تەنها، ئەو مانگەی نێوان جومادی ئاخیر و شەعبانداپە، پێی دەڵێن ڕەجەبی موزر لەبەر ئەوەی موزر زۆر بەتوندی بە گەورەی زانیوە، لە (الکشاف) دا هاتوە، مانگە حەرامەکانیان بە گەورە دادەنا و شەڕوشۆڕیان تێیدا حەرام کرد، شەڕکردنیان بە شێوەیەك حەرام کرد ئەگەر پیاوێك باوەکوشتەی یان براکوشتەی لەو شوێن و مانگانەدا ببینێت نابێت قسەی پێ بڵێت.

ئەگەر بڵێین: ئەو سێ مانگەیان لە پێناو حەجکردندا حەرام کرد، بۆچی مانگی ڕەجەبیان حەرام کرد کە لە مانگەکانی حەجکردن نییە؟ دەڵێم: لەوانەیە ڕەجەبیان بۆ ئەوە حەرام کردوە، بۆ کەسانێك لە دەرەوەی مانگەکانی حەجکردندا بیەوێت عومرە بکات، عومرە لای خەڵکی جاهیلی لە مانگەکانی حەج نەبوە، لە کاتی حەجکردندا بە خراپترین خراپەکارییان لە قەڵەم داوە، مانگی ڕەجەبیان بۆ عومرە داناوە بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێت حەجی بچوك بکەن، لە پاش نووسینی ئەمەی پێشوو، لە سیرەی حەلەبی ئەوەم دۆزییەوە کە پاڵپشتی دەکات، لە سوهەیلی گواستوەتەوە، دەڵێت: گەورەمان ئیبراهیم کە داوای کرد بۆ نەوەکانی لە مەککەدا خودا دڵی خەڵکەکە بە چاکە بۆ یەکتر لێ بدات و بۆ بەرژەوەندی و بژێویی و ژیانی خۆیان چاکتر بن، مانگە حەرامەکانی کرد بە چوار، سێی لە دوای یەك و یەکێکی بە تاك کە ڕەجەبە، بەڵام سێ دانەکە بۆ ئەوەی حەجکەران دڵنیا بن لە هاتن و ڕۆیشتنەوەیان بۆ مەککە، مانگێك پێش مانگی حەجکردن و مانگێکیش دوای ئەوە، بە ڕادەی گەیشتن و ڕۆیشتنەوەی گەشتیار لە دوورترین وڵاتی عەرەبییەوە، بەڵام لە مانگی ڕەجەب عومرەکەران دێن و دەڕۆنەوە، نیو مانگی بۆ هاتن و نیوەکەی تری بۆ ڕۆیشتنەوە، لەبەر ئەوەی عومرە وەك حەج بۆ دوورترین وڵاتی عەرەب نییە، دوورترین ماڵی عومرەکەران پانزە ڕۆژە.

خەڵکی جاهیلی دابێکیان هەبوو کە ئیسلام پوچەڵی کردەوە، پێیان دەگوت لەبیرچوون، ئەم مانگەیان لە بیر دەکرد واتە دوایان دەخست، واتە ئەم ناوە بە واتای دواخستنە، زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: لەبیرکردن و دواخستنی حەرامکردنی مانگێکە بۆ ئەوی تر، لەبەر ئەوەی خاوەنی شەڕ و بەسەرداکوتان بوون، کە مانگە حەرامەکان هاتن و ئەوان لە حاڵەتی شەڕدا بوون، سەخت بوو لە سەریان کە واز لە شەڕکردن بهێنن، بۆیە حەڵالّیان کرد و مانگێکی تریان حەرام کرد. دەڵێت: باسی ئەوە دەکات کە ئەمە لە کینانەوە ڕووی داوە، لەبەر ئەوەی هەژار بوون و پێویستیان بەسەرداهەڵکوتان هەبوو، خەڵکەکە لە جاهیلیدا گوێڕایەڵی جینادەی کوڕی عەوفی کینانی بوون، بە سەر حوشترێکەوە لە وەرزەکەدا دەسووڕێتەوە و بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد، خوداکەتان حەرامکراوی بۆ حەڵاڵ کردوون، ئێوەیش حەڵاڵی بکەن، ئینجا شەڕی خۆیان دەکرد، دەڵێت: خوداکەتان شەڕی لێ حەرام کردوون ئێوەیش حەرامی بکەن. قورئان ئەمەی بە ئایەتێك پوچەڵ کردەوە: {إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُحِلُّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ} [التوبه: 37].واتە:ر اگوێزان و ئاڵوگۆڕی ئەو مانگانە، دەبێتە هۆی زێدەبوونی خوانەناسان و گومرایی زیاد دەکات و لە ساڵیکدا شەر بە رەوا دەزانرێت و لەویتر بە نارەوا تاژمارەی مانگە نارەواکان بەرامبەر دەبنەوە و بە حەرامکراوی خودا دەیزانن.

پەندێکە بۆ خەڵکی ئەم سەردەمە

تەماشا بکە خەڵکی جاهیلی چیان کرد لە تەحریمکردنی مەککە و تەحریمکردنی ئەو مانگانە وەك زەمینە سازیەك و ئاسانکاریەك بۆ حەج و دڵنیا بوون و دەستەبەرکردنی ڕێگا و دروستکردنی کاریگەریی لە سەری، ئەوان بەو دەشتەکانییەوە کارێکیان کرد کە میللەتانی خاوەن شارستانی سەرەڕای مەدەنیبوونیان نەیانکردوە، توانیان ئاشتی بخەنە کات و شوێنێك کە خەڵك لە شەڕ دووربن، باشترین کاریان کرد، ئێمە وڵاتانی خۆرئاوا دەبینین ئەمڕۆ هەوڵی خۆیان خستوەتە گەڕ بۆ چەسپاندنی پێگە و کۆڵەکەکانی ئاشتی وەك دەڵێن: کۆنگرە بۆ چەك ڕاماڵین دەبەستن و هیچ کەڵکی نییە، تا ئەمڕۆ نەیانتوانیوە تاکە ڕۆژێکمان بۆ بهێنن هەڕەشەی شەڕکردنی تێدا نەبێت، بریا ئەوەی نەیانتوانی ئاشتی بەردەوام بکەن، لە نێوان خۆیاندا ڕێکەوتنێکیان دەبەست لە سەر چەند مانگێکی هەرساڵێکدا بۆ حەرامکردنی شەڕ وەك خەڵکی جاهیلی کردیان، بۆ ئەوەی خەڵك لە دەردەسەریەکانی شەڕ ڕزگاری بێت، تەنانەت بۆ ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراویش بێت، ئەگەر لە کەمترین حاڵەتدا ئەوەیان لەجیاتی بەستنی کۆنگرەی چەك داماڵین بکردایە، بەشەریەت لە دوای ئەوە جەنگی جیهانی گشتی نەبینی کە ئاگر و قوڕبەسەری و کوشتاری لە چوار ساڵی لە دوای یەکدا بەردەوام بوو، با خەڵکی ئەم سەردەمە پەندی لێوەرگرن، سەردەمی زانست و شارستانی پەند لە خەڵکی جاهیلیی پێش هەزاران سەدە وەرگرن کە سەرەتای مێژوەکەی نادیارە.

مانگە حەرامەکان لە ئیسلامدا

محەمەد بڕیار لە سەر حەرامکردنی حەرەم و حەرامکردنی مانگە حەرامەکانی لە ئیسلامدا دەرکرد، نابێت لەو کات و شوێنە شەڕ و کوشتار وەك سەردەمی جاهیلی بکرێت، بەڵام هەندێکیان وای بۆ دەچن کە حەرامکردنی شەڕ لە مانگە حەرامەکان نەسخ کراوە، لەگەڵ مانەوەی حەرامکردنیشیدا، واتە حەرامکردنی ماوە، بەڵام حەرامی شەڕ لە سورەتی (براوە) نەسخ کراوە، لەمەدا تۆ دژ بەیەکیەك دەبینیت، لەبەر ئەوەی حەرامکردنەکە حەرامکردنی شەڕکردنە، چۆن حەرامکردنی شەڕکردن نەسخ دەکرێت لەگەڵ حەرامکردنی شەڕکردندا، ئایا دەچێتە عەقڵەوە کە حەج بمێنێت و مانگە حەرامەکان نەسخ بکرێت کە تەواوکەری حەجن، لەبەر ئەوەی لە پێناو ئەوەدا نەبێت حەرام نەدەکرا، وەك زانیت، ئەوەی ڕاست بێت وەك عەتا دەڵێت نەسخ نەکراوە، پرسیاری ئەوەیان لێ کرد، لە مانگە حەرامەکان شەڕ دەکرێت، سوێندی بە خودا خوارد، هیچ حەڵاڵ نییە خەڵك لە مانگە حەرامەکان و لە شوێنە حەرامەکان غەزابکەن، هیچ نەسخێك نەکراوە وەك زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی باسی دەکات.

حەرامکردنی حەرەمی مەککە و مانگەکان یەك جار لە سەردەمی محەمەد پێشێل کرا، بەڵام حەرامکردنی حەرەمی مەککە لە کاتی گرتنیدا پێشێل کرا، کاتژمێرێکی لە ڕۆژێکدا حەڵاڵ کرد و ئینجا گەڕایەوە لە قسەی خۆی و حەرامی کرد، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی گرتنی مەککە ئەوەی فەرز کردوە، بەڵام حەرامکردنی مانگە حەرامەکان، هەندێك هاوەڵی لە یەکێك لە غەزاکانیاندا

پێشێلیان کرد، با ئەوەتان بۆ باس بکەین کە چۆن ڕووی دا؛ پێغەمبەری خودا سریەیەکی بە فەرماندەیی عەبدوڵلای کوری جەحش نارد بۆ ناوەڕاستی نەخلە (لە نێوان مەککە و تائیفە) بۆ ئەوەی چاودێری کاروانە بارێکی قورەیش بکات، کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە بوحران لەوێدا
سەعدی کوری ئەبی وەقاس و عیینەی کوری غەزوان حوشترەکانیان بزر کرد و لەوێدا مانەوە بۆ دۆزینەوەیان، عەبدوڵلا و ئەوەی لەگەڵدا بوون لە ڕێرۆیشتنی خۆیان بەردەوام بوون تا گەیشتنە نەخلە، کاروانە بارەکەی قورەیش کە مێوژ و پێست و کاڵای تریان بار کردبوو بۆ بازرگانی ڕەت بوون، عەمروی حەزرەمی و عوسمانی کوری موغیرە و نۆفەلی برای و ئەلحەکەم کوری کیسان لەگەڵ کاروانەکەدا بوون، لە نزیك عەبدوڵلا و هاوڕێیانی دابەزین و ترسیان لێ نیشت،
عەکاشەی کوری موحەسەن سەرپەرشتی دەکردن، سەری تاشیبوو لێیان دیار بوو، وایان زانی عومرەکەرانن بۆ ئەوەی دڵنیابن، ئەمەی بە ڕێبەری عەبدوڵلا کوری جەحش کرد، پێی گوتن: خەڵك لێی تۆقیون، سەری پیاوێکتان بتاشن بۆ ئەوەی ڕێگەیان لێ بگرێت، سەری عەکاشەیان تاشی و ئینجا سەرپەرشتی دەکردن، کاتێك سەرتاشراوێکیان بینی وایان زانی عومرەکەرانن، واتە ئەو خەڵکە بۆ عومرە هاتوون هیچتان لە سەر نییە، ئەمە دوا ڕۆژی مانگی ڕەجەب بوو، دەڵێن یەکەم ڕۆژی بوە، خەڵکەکە دوودڵ بوون و سڵیان لە هێرشکردن دەکردەوە، ئینجا هاتن خۆیان دا بە دەستەوە بۆ ئەوەی زاڵ بن بە سەریاندا و کۆك بوون لە سەر ئەوەی ئەو کەسەی خۆی نەدات بە دەستەوە و شەڕ و بەرەنگاری بکات بیکوژن، عەمرو کوری حەزرەمییان کوشت و عوسمان و ئەلحەکەم یان بە دیلی گرت و ئەوانی تر ڕایان کرد، هەواڵ گەیشت بە خەڵکی مەککە و چوونە ناو مانگی ڕەجەبەوە ڕێگەی شەڕی لێ گرتن (ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە یەکەم ڕۆژی ڕەجەب بوە، عەبدوڵلا و هاوەڵانی کاروان و بارەکەیان بە ڕێ کرد و بردیان بۆ لای پێغەمبەری خودا، ئەمە یەکەمین غەنیمەت و دەستکەوتنی موسوڵمانان بوو، پێغەمبەری خودا پێی گوتن: فەرمانی شەڕکردنم لە مانگی حەرامدا پێ نەدان، ڕازی نەبوو باڕ و دوو دیلەکەی وەرگرێت، ئەوەیان لە دەست چوو، واتە دەستخۆشییان لێ نەکرا، برا موسوڵمانەکانیان دژیان بوون، قورەیشییەکان گوتیان محەمەد و هاوەڵانی مانگە حەرامەکانیان حەڵاڵ کردوە و خوێنیان تێیدا ڕشتوە و پارە و کاڵایان تێیدا بردوە و پیاویان بە دیل گرتوە، قورەیش بەمە تانەی لەو موسوڵمانانە دەدا کە لە مەککە بوون و پێیان گوتن: ئەی خەڵکی مناڵکارە مانگی حەرامتان حەڵاڵ کرد و شەڕتان تێیدا کرد.
بێگومان قورەیش ئەم ڕووداوەی بە هەل زانی بۆ قێزەونکردنی کارەکە لە سەر محەمەد و هاوەڵانی، لەبەر ئەوەی عەرەب ڕقیان لەوە بوو شەڕ لە مانگە حەرامەکان بکرێت و بە گەورەی لە قەڵەم دان، بۆیە کارەکە بە قورس لە سەر کۆیلەی خودا و هاوڕێیانی کەوتەوە، بەڵام ئەوەندەی نەبرد ڕێگەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دۆزییەوە، ئەو ڕێگەیەیش ئەوەیە: ئەوەی قورەیش شتی خراپتر و ڕەتکراوەتر لە مانگە حەرامەکان دەکەن و لە شەڕی مانگە حەرامەکان قێزەونترن، لە ئاسمانەوە ئەمەی دابەزاند: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ} [البقرە: 217]. واتە: لێت دەپرسن: تووشی شەر بوون لە مانگی شەربەسا چۆنە؟ بڵێ شەر لە مانگی وادا گوناحێکی زۆر گەورەیە و رێگەی بەرەو خوا بەستن و حاشا لە خودا کردنەو و ماڵی خودا بە رێز نەگرتنە، بەڵام وەدەرنانی خەڵکەکەی لایخودا تاوانێکی هەرە مەزنترە. واتای ئایەتەکە ئەمەیە: لێت دەپرسن: چۆن تووشی شەڕ بوون لە مانگی شەڕوەستاندا، واتە حەرامدا؟ بڵێ شەڕ لە مانگی وادا گوناحێکی زۆر گەورەیە و ڕێگەی بەرەو خوانەپەرستن و حاشا لە خواکردن و ماڵی خوا بەڕێزنەگرتن دەبات، وەلێ وەدەرنانی خەڵکەکە (لە لای خودا) تاوانی هەرە مەزنترە. ئاژاوەیش بۆ شەڕنانەوە لە کوشتنی خراپترە. ئەوان دەستت لێ بەر نادەن، هەر لەگەڵ ئێوە بە شەڕ دێن (ئەگەر بۆیان بلوێ) ئێوە ئایینەکەی خۆتان وەربگێڕن. هەر کەسێك لە ئایین وەربگەڕێ و خودا نەناسێ و بمرێ، ڕەنجخەسار دەبێ لە دونیا و قیامەتیش و دەکەوێتە ناو دۆزەخەوە و هەتاهەتایە تێیدا دەبێت.
واتە شەڕکردن لە مانگی شەڕوەستان یان حەرامدا گوناحێکی گەورەیە، بەڵام ئەوەی قورەیش کردوویەتی لای خودا گەورەترە لەوەی سریەکەی عەبدوڵلای کوری جەحش کردوویەتی و، قورەیش کفری خودای کردوە و، ڕێگەی لە مزگەوتی حەرام گرتوە و خەڵکەکەی لێ دەرکردوە، کە ئەوانیش پێغەمبەر و هاوەڵانین، گوناحی ئەم کردەوەیە لە گوناحی شەڕکردن لە مانگی شەڕوەستاندا گەورەترە.

پاش دابەزینی ئەم ئایەتە ڕێگە لە بەردەم عەبدوڵلا و هاوەڵانی کرایەوە، پێغەمبەری خودا بارە گیراوەکە و هەر دوو دیلەکەی وەرگرت و غەنیمەتەکەی لەگەڵ پێنجیەکەکەی دابەش کرد، شاراوە نییە بۆ تۆ کە ئایەتەکە داوای لێبوردن لە گوناحێك بە گوناحێکی گەورەتری نەیارەکەی تێدایە، ئەمەیش داوای لێبوردنێکی ڕاست نییە، بە تایبەتی لە پرس گەلێکی ئەخلاقیدا وەك ئەوەی پیاوێك، پیاوێکی تر بە زەلیلی سەرزەنشت بکات، بۆ نموونە بڵێت بەڵێ من ڕەزیلم بەڵام تۆ لە من ڕەزیلتری. لەوەدا دان بە گوناحەکەدا بۆ نەیارەکە دەنێت و ئەوە بە ڕاست دەزانێت کە دەیڵێت لە بەرانبەر ئەوەی داواکەر گوناحێکی گەورەتری کردبێت، ئەمەیشە بەهانە نادات بە دەست داواکراوەوە گوناحێکی بچوکتر بکات.

بەڵام حەرامکردنی شوێنی حەرام، واتە پێشێلکردنی شەڕوەستان لە ڕۆژی گرتنی یان کردنەوەی مەککەدا کرا، ئەوەی ڕاست بێت مەککە بە زۆرەملێ گیرا، هەر چەندە بە شەڕێکی ڕێکخراو نەکرایەوە، بەڵام وردەشەڕ و پێکادانێك لێرەولەوێ ڕووی دا، لەبەر ئەوەی خەڵکی مەککە ئامادەکاریی شەڕیان نەکردبوو، بەو هۆیەیەوە محەمەد لە پڕێکدا و بە کتوپڕی بە سوپاکەیەوە دای بە سەریاندا، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا و ئیبن قەییم لە زادەکەی باسیان لەوە کردوە: پێغەمبەری خودا کاتێك چوە ناو مەککەوە، خالیدی کوڕی وەلیدی لە لای ڕاستەوە دانا و زوبێریشی لە باڵی چەپەوە و ئەبووعوبێدیش لە سەر سەربازەکان، لە قسەیەکدا: لە سەر پیادەکان بوە لە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە چوون بۆ مەککە ژاوەژاو و هەراوهورایان خستە نێو خەڵکی مەککەوە، لە قسەیەکدا، تەفروتونای کردن، وەك ئەوەی لە چەند عەشیرەتێکی جیاواز پێکهاتن، پێغەمبەری خودا ئەبووهورەیرەی بانگ کرد و گوتی: بانگی ئەنسارەکانم بۆ بکە، بانگی کردن و بە ڕاکردن هاتن بۆ لای و دەوریان دا، پێی گوتن: ئەی خەڵکی ئەنسار، گەجەروگوجەرەکانی قوڕەیش دەبینن؟ گوتیان: بەڵێ، دەستی ڕاستی خستە سەر دەستی چەپی و گوتی: وەك دروێنە درەویان بکەن تا دەگەنە لام لە سەفا، ئەبووهورەیرە دەڵێت: بۆی دەرچووین، ئەوەی نەمانویستبێ بیکوژین کوشتمان، واتە نەیتوانیوە خۆی بگرێت، ئەبووسوفیان هات بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوەی سەوزە لە قوڕەیشدا لە ناو برا و هیچ قوڕەیشییەك دوای ئەمڕۆ نامێنێت، لەوێدا پێغەمبەری خودا گوتی، ئەوەی چوە ماڵی ئەبووسوفیان سەلامەت دەبێت و ئەوەی چەکی دانا سەلامەت دەبێت و ئەوەی دەرگاکەی داخست سەلامەت دەبێت. (زاد المعاد)دا دیسان هاتوە، دەڵێت: پێغەمبەر لە ڕۆژی کردنەوەی مەککەدا گوتی: ئاساییشی خەڵك بەرقەرار بکەن جگە لە دوو ژن و چوار کەس نەبێت ئەگەر خۆیان بە پەردەی کەعبەیشەوە هەڵواسیبوو بیانکوژن، وا حوکمی کرد خوزاع تا نوێژی عەسر بە شمشێرەکانیان لە بەنی بەکردا کاری خۆی کرد، ئینجا پێی گوتن: ئەی خەڵکی خوزاع دەستان لە کوشتار هەڵبگرن.

ئەمە هەمووی بەڵگەی ئەوەن لە ڕۆژی گرتنی مەککە حورمەتی شوێنی حەرەم پێشێل کراوە، وەك گوتمان بەرژەوەندیی وا حوکمی کرد کە شەڕ و کوشتار لە بەیانییەوە تا عەسری ڕۆژی گرتنەکە بەردەوام بێت و، لە ڕۆژی دوەم دا وا ڕێکەوت کە ئەگەر خوزاع خۆی داوە بە سەر پیاوێکی هەزیلدا و بە بێباوەڕی کوشتیان، لەوێدا پێغەمبەری خودا گوتارێکی دا و حەرامکردنی مەککەی ڕاگەیاند. لە سیرەی حەلەبیدا، دەڵێت: بۆ بەیانییەکەی ڕۆژی کردنەوەی مەککە خوزاعە دای بە سەر پیاوێکی هەزیل و بێ باوەڕ بوو کوشتیان، پێغەمبەری خودا بۆ پاش نیوەڕۆکەی هەڵسا و پشتی شەریفی دا بە کەعبەوە و گوتارێکی دا، لە لایەکی ترەوە دەڵێن بە سەر حوشترەکەیەوە بوە: سپاسگوزاری خودا بوە و ستاییشی کردوە و گوتوویەتی: ئەی خەڵکینە خودای گەورە لە ڕۆژی بنیاتنانی زەوی و ئاسمان مەککەی حەرام کردوە و، لە ڕۆژی دروستکردنی خۆر و مانگ ئەم دوو شاخەی داناوە، بۆیە حەرامە تا ڕۆژی قیامەت یان ڕۆژی سەڵا، حەڵاڵ نییە بۆ هیچ کەسێك کە باوەڕی بە خودا و ڕۆژی کۆتایی بێت لێرەدا خوێن بڕێژێت و دارێك ببڕێتەوە، بۆ هیچ کەسێکی پێش من و ئەوەی لە پاش منیش دێت، جگە لەم سەعاتە (واتە بەیانییەکەی ڕۆژی گرتنی مەککە تا عەسر) لە سەر خەڵکەکەی توورە بێت، گەڕانەوەی حەرامکردنی لە ئەمڕۆدا وەك دوێنێ دەبێت، ئەوەی گوێی لێ دەبێت با بەوانەی تریش بیگەیەنێت لێرەدا نین، ئەوەی پێی گوتن: پێغەمبەری خودا شەڕی تێدا کرد، پێی بڵێن: خودا بۆ پێغەمبەری خودا حەڵاڵ کرد و بۆ ئێوە حەڵاڵی نەکرد.

ئەمە لە سەردەمی محەمەدی پێغەمبەری خودادا ڕووی دا، ئەوەی شەڕ و کوشتاری لە

سەردەمی ئیبن ئەلزوبیر و سەردەمی قرمتیەکان و خەڵکی تر ڕووی داوە، لێرەدا جێگەی نابێتەوە لە کتێبەکانی مێژوو بە دوایدا بگەڕێ.

(58)
ئیمتیازاتەکانی قورەیش
لە کۆتاییی سەردەمی جاهیلی دا، سەرۆکایەتیی ئایینی و دونیایی بۆ قورەیش بوو، لەبەر ئەوەی خۆیان خاوەن ماڵ بوون، هەموو عەشیرەتە عەرەبەکان لە بەجێگەیاندنی ئەو کارەی پێیان دەگوت حەج، یەکسان بوون، هیچ عەشیرەتێك لەوی تر لە بەرتر نەبوو، واتە تایبەتمەندیی نەبوو لە سروت و هەڵوێست و خولخواردن و سروتەکانی تریشدا، بەڵام وا دیارە قورەیش لە قۆناغی کۆتاییدا لووتبەرزیی ئۆرستوقراتییانەی وای لێ کرد گۆڕی و توندی کرد وحەمس گرتی خۆی لە باری حەجکردن جیا کردەوە، لە هەندێك کردەوە و سروتی حەجکردندا، هەندێك شتی بۆ خۆی دانا کە جیاواز بێت لە عەرەبەکانی تر و، قورەیشییەکان لەو کاتەوە خۆیان بە (حمس) نازناو دەکەن، واتە بە پەرۆشی و حەماسەوە، کۆی وشەی (أحمس)ـە، واتە لە پەرۆشییان بۆ ئاپینەکەیان هاتوە.
بەڵام ئەم کارانە کە قورەیش تایبەتمەندیی تێدا پەیدا کرد، واتە ئیمتیازاتەکانی لە ئیبن ئیسحاقەوە بیبیستە، دەڵێت: قورەیش پێش (الفیل) یان دوای ئەوەــ نازانم ــ ڕای (حەمس)ـی داهێنا وەك ڕایەك دەریان خست و وایان بینی و بەڕێوەیان برد، گوتیان: ئێمە کورانی ئیبراهیمین و خەڵکی شوێنی حەرەمین و خاوەن ماڵین و نیشتەجێی مەککە و لەوێداین، حەقی عەرەب وەك حەقی ئێمە نییە و، پێگەیشیان وەك ئێمە نییە و، عەرەب وەك ئێمەیش لێی نازانن، هیچ شتێکی حەڵاڵیان هاوشێوەی حەرامکردن مەزن مەکەن، ئەگەر ئێوە ئەوەتان کرد واتە یەکسانتان کردن، عەرەب بە سوکی تەماشای حەرامکراوەکانتان دەکەن و، دەڵێن: ئەوەندەی حەڵاڵەکانتان بە هەمان شێوەی حەرامەکانتان مەزن کردوەتەوە، بۆیە لە وەستان لە سەر عەرەفە و زیاترکردنی وازیان لێ هێنا، بە خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە لە سروتەکانی حەج و ئایینی ئیبراهیمە، وای دادەنێن کە دەبێت سەرجەم عەرەبەکان لە سەری بوەستن و زۆر پێوە بەند بن، بەڵام گوتیان: ئێمە خەڵکی حەرەمین، هیچ پێویست ناکات لە حەرەم دەربچین و، بە دەر لەوەیش هیچ شتێکی تر مەزن ناکەینەوە کە ئێمە حەمسین واتە بە پەرۆشین بۆ ئایینەکە و، حەمس خەڵکی حەرەمن.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئینجا شتی بودعەی تریان کرد، کە هیی خۆیان نەبوو. تا گوتیان: نابێت سەر بتاشن یان درێژی بکەنەوە، یان ڕۆن بۆ چێشتلێنان بە کار بهێنن، ئەوان لە شاری حەرامکراون، نابێت بچنە چادری لە موو دروستکراو و نابێت لە سێبەردا دابنیشن، جگە لە ماڵی پێست و گڵ، کە لە شوێنی حەرامکراو بن، واتە مەککە.
ئینجا ئەوەیان زۆر کردەوە و گوتیان: نابێت خەڵکی حەڵاڵکراو ئەو چێشتە بخۆن کە لە شوێنی حەڵاڵکراو بیهێنن بۆ حەرامکراو، ئەگەر بۆ حەج هاتبن یان بۆ عەمرە، نابێت بە دەوری کەعبە دا خول بخۆنەوە، لە یەکەمین خولخواردنەوەی هاتنیانەوە، ئەگەر لە جلی حەمسدا نەبن، ئەگەر نەیاندۆزییەوە دەبێت بە ڕووتی خول بخۆنەوە، ئەگەر بەخشندەیەك جلێکی پێدان بۆ پیاوان بێت یان ژنان، ئەگەر جلی حەمس واتە پەرۆشەکانی نەدۆزییەوە ئەوجا دەتوانێت بەو جلانەوە خول بخواتەوە کە لە شوێنی حەڵاڵکراو لەگەڵ خۆیاندا هێناویانەوە و لە دوای ئەوە فڕێی بدات و قازانجی لێ نەکات، نە خۆی و نەیش خەڵکی تر دەستی پێوە نەدەن (واتە بە جلەکانەوە) عەرەب ئەو جلانە بە فڕێدراو ناو دەبات، لەبەر ئەوە گلەییان لە عەرەب کرد و دانیان بەوەدا نا، لە سەر عەرەفات وەستان و زیاتریان کرد و بە ڕووتی بە دەوری ماڵدا واتە کەعبەدا خولانەوە، پیاوان بە ڕووتی خولانەوە، ژنان سەرجەم جلەکانیان دادەکەنن جگە لە چارۆکەیەك گیانیان دادەپۆشێت و ئینجا خول دەخۆنەوە. لەمەدا عەرەب دوو بەش بوون، حەمسییەکان واتە پەرۆشەکانی ئایین و ناحەمسییەکان، حەمسییەکان قورەیشیی خەڵکی مەککە بوون و ناحەمسییەکان سەرجەم عەرەبەکانی تر بوون، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: حەمس، قورەیشییەکان بوون لەوانەی کە لە خەڵکی تر لە دایك نەبووبن، کچەکانیان نادەن بە شوو بە خەڵکی تری گەورەکانی عەرەب مەگەر بە مەرجێك منداڵەکانیان ببن بە حەمسی، قورەیش بە

دەر لە سەرجەم عەشیرەتەکانی تری عەرەب لە ژێر سایەی حەمسدا بوون و وازیان لە غەزا هێنا، لە پێناو حەڵاڵکردنی موڵك وماڵیان و خێزانەکانیان و ڕوویان لە بازرگانی کرد، دەڵێت: ئینجا دەڵێت قورەیشی پێیان دەگوتن حەمسی، لەبەر توندبوونی پەرۆشییان بۆ ئایینەکەیان، لەبەر ئەوەی حەمسی لە حەماسەت و توندبوون لە پەرۆشییەوە هاتوە.

تایبەتمەندی و ئیمتیازاتەکانی قورەیش کە لە قسەی ئیبن ئیسحاقدا هاتوە ئەمانەن:

١ـ هیچ شتێك لە حەڵاڵکراوەکان بێت بە گەورە نایزانن، خۆیان جیا دەکەنەوە و لە ڕۆژی جەژن لە عەرەفات نامێننەوە، ئەوەی زانراوە عەرەفات یەکێکە لە سروتەکانی حەج، بەڵام بۆ خەڵکی شوێنە حەڵاڵکراوەکانە نەك حەرامکراوەکان، بۆیە قورەیش لەوە وازی هێنا و زۆر مانەوەی تێدا بۆ ئەوان نەهێشت و لە سروتی حەرەمدا وەستان کە موزدەلیفەیە، بەڵام سەرجەم عەرەبەکانی تر لە عەرەفات دەوەستن و زۆریش تێیدا دەمێننەوە.

٢ـ ئەوان بە جلەکانی خۆیانەوە بە دەوری کەعبەدا دەخولێنەوە و بۆ کەسی تر نییە بە کراسی خۆیەوە کە لە شوێنی حەڵاڵکراوی خۆیەوە هێناویەتی بخولێتەوە، بەڵکوو دەبێت دای بکەنێت جلێك بە سپاردە یان قەرز وەردەگرێت، یان لە جلەکانی حەمسییەکان دەکرێت و خولی پێ دەخواتەوە، ئەگەر نەیدۆزێتەوە دەبێت بە ڕووتی خول بخواتەوە بە دەوری ماڵی خودادا، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: هیچ کەسێك بە هیچ کراسێکی ترەوە جگە لە کراسی حەمسییەکان کە هیی قورەیش بوە خولی نەخواردوەتەوە، ئەگەر لێیان وەری گرتبێ یان قەرزی کردبێت یان بە کرێ وەری گرتبێت، ئەگەر بە جلی خۆیەوە خولی خواردبێتەوە دەبێت پاش ئەوە فڕێی بدات، نە ئەو و نەیش هیچ کەسێك نابێت دەستی پێوە بدات، بەو کراسانە دەڵێن فڕێدراو، لە (الكشاف) دا هاتوە: یەکێکیان بە ڕووتی خولی خواردەوە و کراسەکانی لە پشت مزگەوتەکە دادەنا، ئەگەر بە کراسەکەوە بسووڕایەتەوە لێیان دەدا و لە بەریان دادەکەند، لەبەر ئەوەی دەیانگوت ئێمە بە کراسێك کە گوناحمان پێوە کردوە خوداپەرستی ناکەین، بۆ گەشبینی گوتوویانە ئێمە لە گوناحەکانمان دادەماڵێین، وەك چۆن جلەکانمان لە بەر دادەکەنین، هەروەها ژنەکانیش بەو شێوە خولیان دەخواردەوە، دەڵێت: هەریەکەیان چارۆکەیەکی بە سەر گیانی و لاشەی خۆی دادەدا، گوتی: ژنێك بە ڕووتی خولی خواردەوە و دەستی لە سەر دڵی دانابوو، دەیگوت:

الْيَوْمَ يَبْدُو بَعْضُهُ أَوْ كُلُّهُ، فَمَا بَدَا مِنْهُ فَلَا أُحِلُّهُ

بەواتای: ئەمرۆ هەندێکی یان هەمووی دەرکەوتبوو، ئەوەی لێی دەردەکەوێت حەڵاڵ نابێت. واتە لە لاشە و گەردن و سنگی ژنان.

٣ـ هیچ شتێك ناتاشن و تیژ ناکەن و ڕۆن بە کار ناهێنن و ئەمانەیان حەرام کرد، واتە خۆیان بە کارێکەوە سەرقاڵ ناکەن و لە شێوەی خەڵکە گشتییەکە ناکەن، وەك ئەوەی کارێك بکەن هیی هەژاران و خەڵکە گشتییەکە بێت، لەبەر ئەوەی لە کاتی حەجدا دەیانویست بە دیمەنی لووتبەرزی و گەورەیی و باڵایی و شەرەفمەندییەوە دەر بچن، لەبەر ئەوەی ئەوان سەرۆکی زاڵ بوون بە سەر ماڵی حەرامدا و لە کاتی حەجدا بە سەر خەڵکدا قسەیان دەڕۆیشت و زاڵ بوون.

٤ـ ناچنە ماڵێك لە توك واتە لە موو دروست کراپێت، بە هیچ سێبەرێك جگە لە سێبەری ماڵی گڵ و پێست نەبێت دانانیشن و دەبێت هیی ماڵی حەرامکراو بێت، ئەمەیش وەك پێشووی دەیانەوێت بە دیمەنی گەورەیی و فیزەوە دەربکەون، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنانەی لە سایەیدا دادەنیشن هیی خەڵکی گەورە و ئەشرافە، بە پێچەوانەی ڕەشماڵی مووی هەژارانەی خەڵکە گشتییەکە.

٥ـ لە دەرگاوە دەچنە ماڵەکەوە واتە کەعبە، خەڵکی تر بۆی نەبوو ئەوە بکات، عەرەب لە کاتی حەجکردنی حەرەمدا لە دەرگاوە نەهاتنە ژوورەوە بۆ ماڵەکە، بەڵکوو لە پشتییەوە دەچوون، ئەم نەریتە وەك خوداپەرستییەکەیان بوە لە حەجدا، بەڵام قورەیش لەم کارە بە دەر بوو، هەر یەکەیان لە دەرگاکەوە دەچوە ماڵی خودا کە حەرامکراو بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم عەرەبەکاندا جیاواز بن و ئیمتیازیان هەبێت بە دیمەن و ڕەفتاری گەورەیی و مەزنی دەربکەون.

دەرپرینی قسەکانی ئیبن ئیسحاق لەوەدا دەردەکەوێت: (ئەوەیان بە سەر عەرەبدا سەپان و دانیان پێدا نا)، وا حوکمی کرد کە وەستاندنیان لە عەرەفات و خولخواردنیان بەدەوری ماڵی خودادا بە ڕووتی بێت، ئەمە لە کۆندا نەبوو، بەڵکوو قورەیش وەك بیدعەیەك دای هێنا، بەڵام واقیعەکە بە پێچەوانەی ئەوە بوو، لەبەر ئەوەی لە کۆندا لە عەرەفات دەوەستان و بە ڕووتی بە

دەوری ماڵی حەرامدا خولیان دەخواردەوە، ئینجا قورەیش خۆی لەوە بە دەر نا لەبەر باڵاکردنی خۆی و گەورەکردنی لە ئاست خەڵکەکە بە گشتی و خۆ بە مەزن دانان و دوورکەوتنەوە لە یەکسانبوون بوو، بۆ ئەوەی پلەوپایەیەکی باڵا لە سەرووی خەڵکە گشتییەکەی عەرەب بۆ خۆیان دابنێن.

ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە سوورخواردنەوەیان بە دەوری ماڵەکە بە ڕووتی لە کۆندا دوو شتی تێدا بوە: یەکێکیان وەك هۆکارێك بەوە دای دەنێن، کە نایانەوێت بەو کراسەوە خوداپەرستی بکەن کە گوناحیان پێوە کردوە، ئەمە وا پیشان دەدات کە ئەم نەریتە لە کۆنەوە تێیاندا هەبوە نەك قورەیش وەك بیدعە دای هێنابێت، دوەم، پێغەمبەری خودا کاتێك سورەتی (براوە) دابەزی و فەرمانی پێ کرد کە بێباوەڕان قۆناغەکانی خۆیان بە قێزەون تەماشا بکەن و لە بیر بکەن، پێغەمبەر لە وەرزی حەجدا عەلیی کوڕی ئەبووتالیبی نارد بۆ مەککە و ئەوەی پێ ڕاگەیاندن، عەلی (براوە)ـی ڕۆژی ئاژەڵ سەربڕینی بۆ خوێندنەوە و گوتی: پاش ئەم ساڵە هیچ بێباوەڕێك حەج ناکات و هیچ ڕووتێك بە دەوری ماڵی خودادا خول ناخواتەوە. نەك هەر لە حەج ڕێگری لێ کردن بەڵکوو لە ڕووتبوونەوە و لە خولخواردنەوەیشدا ڕێگەی لێ گرتن. ئەوەی خستە نێو ڕێگریلێکراوەکان نیشانەی ئەوەیە، ئەوان وەك حەج ئەوەیان ویستوە و، ئەوان بەو شێوەیە خوداپەرستیان کردوە و نایانەوێت وازی لێ بهێنن، لەبەر ئەوەی خوداپەرستیان لە کۆنەوە بەو شێوەیە بوە، ئەگەر قورەیش خۆی ئەوەی بۆ دانابێتن و فەرزی کردبێت بە سەریاندا، هیچ خودپەرستییەکیان لەو بارەوە نەکردوە و لە پابەندبوون پێوەی توندڕەو نەبوون، ئەوەی ڕاستە کە ڕووتبوونەوەیان لە خولخواردنەوە کۆنە و قورەیش لەوەدا بیدعەی کردوە، کە خۆی لەوە بە دەر ناوە بۆ بە گەورە و مەزنی زانین و لووتبەرزی و فیززلیی خۆی.

تۆ وا دەبینیت کە قورەیش لەم ئیمتیازاتانە هیچ مەبەستێکی نەبوە جگە لەوەی پلەوپایەی خۆی لە شوێنێکی نایابدا دابنێت و لە سەرووی پێگەی سەرجەم عەرەبەوە بێت، بۆیە ئیسلام پوچەڵی کردەوە، کە هات گوتی موسوڵمانان برا و یەکسانن، چاکەی هیچ کەسێك بە سەر هیچ کەسێکەوە نییە جگە لە خوداپەرستی نەبێت، محەمەد بە پێچەوانەی قورەیش لە عەرەفات دەوەستا، ئەمە نیشانەی هەبوونی ڕەهەندێکی دیموکراسیپە لە پێش پێغەمبەرایەتی لە گیانی محەمەددا، ئەوەی لە قورئاندا هاتوە لە پوچەڵکردنەوەی ئەم تایبەتمەندی و ئیمتیازاتانەدا بە قسەی: {ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاس} [البقرە: 199]واتە: لە هەرکوێشدا خەڵك داگەڕان ئێوەش داگەڕێن و لە خوا بپاڕێنەوە تاوەکو بتانبەخشێ و خودا دلۆڤانە و لە تاوان دەبورێت. واتە لە عەرەفات، واتە قورەیش و خەڵك و عەرەبیش، لە ساڵی حەجدا بۆ سەر عەرەفات بردنی و زۆریش لە سەری وەستان، لە پوچەڵکردنەوەی ڕووتبوونەوە لە کاتی خولخواردنەوەدا هاتوە: {يَابَنِى ءَادَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ} [الأعراف: 31] واتە: ئەی بەنی ئادەم جوانکاریەکانتان لە هەمو مزگەوتێکدا بدۆزنەوە، بە واتایەکی تر لە هەر پەڕۆ و جلەکانتان و جوانکارییەکانتان لەگەڵ خۆتاندا بەرن، وەك چۆن نوێژ دەکەن یان خول دەخۆنەوە، ئەوەی بۆ پوچەڵکردنەوەی چوونە ماڵی خودا لە پشتەوەدا، ئەمە هاتوە: {وَلَيْسَ الْبِرُّ بِأَنْ تَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ ظُهُورِهَا وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنِ اتَّقَى وَأْتُوا الْبُيُوتَ مِنْ أَبْوَابِهَا} [البقرە: 189]. واتە: وا باش نیە لە پشتەوە بچنە ناو ماڵی خەڵکەوە و چاك ئەوەیە بپرینگێنەوە و لە دەرگاوە بچنە ماڵانەوە و ترستان لە خودا هەبێت و بەڵکو بتوانن رزگاربن.

بەردەڕەش

هەوڵم دا بۆ ئەوەی باسی ئەوەت بۆ بکەم کە چۆن باسی کەعبە و کاتی بنیاتنان و کێ بنیاتی ناوە و، چییان لە سەر گوتوە دەربارەی پیرۆزی و کەرامات، بەڵام وام بینی کە هیچ قازانجێکی بۆ حەقیقەت و هەروەها بۆ مێژووش تێدا نییە، بۆیە خۆم لێی لادا و چاوپۆشیم لێ کرد، لەبەر ئەوەی هەر چییەك دەربارەی ئەم بەشە گوتراوە جگە لە ورتەورتی دوور لە زانست، هیچ شتێکی تێدا نییە و، دەبێت بە ماڵین لە کتێبەکاندا بماڵرێت و بخزێتە تەنەکە خۆڵی داستانەکانەوە، بەڵام کە بەردەڕەش لە کەعبەدا وەك پاشماوەیەکی بتپەرستیی ماوە و بوونی لە کەعبەدا نیشانەی ئەوەیە لە بناغەدا جگە لە ماڵی بتپەرستی وەك مەعەری باسی کردوە هیچی تر نییە:

إلا بقيه أوثان وأنصاب ما الركن فى قول ناس لست أذكرهم

پێشتر واتاکەی نوسرا.

ئەوەم بە گونجاو زانی کە شتێك لەو بارەوە قسەت بۆ بکەم، لەو قسە و فەرمودانەی کە پلە و

پێگەی ئەم بەردە لە ئایینی یەکتاپەرستی دەردەخات، بەڵام شوێنی بەردەڕەش لە کەعبەدا وەك خاوەنی (معجم البلدان) باسی دەکات، دەڵێت: دەکەوێتە گۆشەی خۆرهەڵاتی دەرگاکەی لە سەر قەراغی گۆشەکە بەقەد سەری مرۆڤێك، ئەوەی ماچی بکات دەبێت ملی بەرەو چەپ دانەوێنێت.
لەوانەیە بەردەڕەش سپی بووبێت وەك دەڵێن، لەبەر ئەوەی دەم و دەستی خەڵك و بەرکەوتن و ماچکردنی زۆری سەدان ساڵەی بەرکەوتبێت و ڕەشی کردبێتەوە، دوەم لەبەر دوو جار ئاگرگرتنی وای لێهاتبێت، جارێك لە زەمانی قورەیشدا لە جاهیلی و جارێکیش لە زەمانی عەبدوللای کوڕی زوبیر لە ئیسلامدا. لەوانەیە لە بەهەشتەوە هاتبێت وەك دیسان باسیان لەوە کردوە، بەو واتایەی بەردێکی ئاسمانی بێت و لەوانە بێت کە کەوتبێتە سەر زەوی لە کلکدار و نەیزەکەکان بووبێت، بەڵام وەك لە ئایینی یەکتاپەرستیدا هاتوە، نابێت بپەرسترێت و پیرۆز بێت، وەك دەبینرێت ماچ دەکرێت و بە پەرستنی خودا وەردەگیرێت. عەرەب لە جاهیلیدا بەردەڕەشیان ماچ دەکرد و خۆیان پێی دا هەڵدەنووسی و دەسڕییەوە، ئەمەیش بۆ ئەوان هیچ سەرسوڕهێنانی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی ئەوان بتپەرست بوون، بەڵام ئەوەی زۆر نامۆیە کە ماچکردن و خۆپێوەنووسان و دەست و دەموچاو سڕینی لە ئایینی ئیسلامدا بێت، کە ئایینێکی یەکتاپەرستی و وازهێنانە لە هاوبەش دروستکردن و شتی تر بە دەر لە خودا، لەمە نامۆتر و سەرسوڕهێنەرتر، داهێنانی ئەو هۆکارەیە بۆ ماچکردن و بە پیرۆز وەرگرتنی، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: ئەو پەیمانەی کە خودا لە وەچەخستنەوەی ئادەم بە سڕینی پشتی وەری گرتوە، کە هیچ شتێك بە هاوبەش نەزانن، وەك لە چەکێکدا نووسیبێتی و لە ناوەخنی بەردەکەی دانابێت، بۆیە ماچی دەکەن و لە باوەشی دەگرن، لە کاتی باوەشگرتنی دەڵێن خودا بۆ باوەڕبوون بە تۆ و وەفادارییە بۆ پەیمانپێدانەکەت.
بە پێی ئەمە بێت هەڵوێستی ئەوەی لە باوەشی دەگرێت دژ بە یەکە، لەبەر ئەوەی لە باوەشگرتنی بەردەکە پەرستنە و پەرستن بۆ خودا نەبێت نابێت، لە باوەشگرتن و باوەڕکردن بەوە دژبەیەکی ئەو چەکی خوداپەرستییەیە کە خودا لە ناوەخنی بەردەکەی داناوە، وا بێت گوناحی بتەکان چییە کە محەمەد شکاندنی، عەرەب هیچ خۆیان پێدا نەسڕییەوە بۆ شەفاعەتهێنان بۆ خودا نەبێت و بە ملکەچی لێی نزیك دەبوونەوە.
لەمە نامۆتر دیسان ئەوەی لە نێوان عومەری کوڕی خەتاب و عەلیی کوڕی ئەبووتالیب ڕووی دا، ئەوەی لە عومەرەوە دەگێڕنەوە لە کاتی خیلافەتەکەی کاتێك بۆ خولخواردنەوە ڕۆیشتوە، لە لای بەردەڕەش وەستاو گوتوویەتی: بە خودا من دەزانم تۆ بەردێکیت نە قازانجت هەیە و نە زەرەر، ئەگەر پێغەمبەری خودام نەبینایە ماچی کردیت ماچم نەدەکردیت، عەلی پێی گوتوە: بەلێ ئەی میری باوەڕداران قازانج و زەرەریشی هەیە، گوتی: بۆچی؟ گوتوویەتی: ئەوە لە کتێبی خودا دا هاتوە، گوتی: ئەمە لە کوێی کتێبی خودادا هاتوە؟ گوتی: خودای باڵا دەڵێت: {وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنْ بَنِي ءَادَمَ مِنْ ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَى شَهِدْنَا} [الأعراف: 172] واتە: ئەوساش کە خوداکەت لە پشتی مندالانی ئادەم زاروزێی بەرهەمهێنان و لەسەر خۆیان شایەتیان دا و وتی من پەروەرنەتان نیم؟ وتیان بەڵی ئیمە لەوە ئاگادارین . ئەمەی لە کۆیلەیەکە بیستوە، ئەم بەردە دووچاو و زمانی هەبوە، خودا بە کۆیلەکەی گوتوە دەمت بکەرەوە ئەو بەردەی خستوەتە دەمییەوە و لەو شوێنەی داناوە، دەڵێت: لە ڕۆژی ئاخیرەت شایەتی بدە بۆ ئەوانەی دێن بۆ لات، عومەر گوتی: پەنا بە خودا من لە قەومێکدا دەژیم کە لەوان نیم ئەی ئەبووحەسەن.
تەماشا بکە، ئەم قسەیە لەوەی پێشووتر سەرسوڕهێنەرتر نییە؟ لەبەر ئەوەی عەلیی کوڕی ئەبووتالیب وای دانا کە ئەمە لە کتێبی خودادا هاتوە و لە کتێبی خودادا جگە لەو ئایەتە هیچی تری تێدا نییە، بەڵام ئەوەی لە کۆیلەکەدا نووسیوەتەوە و بەردەکەی خستە دەمییەوە بۆ ئەوەی شایەتی بۆ ئەوان بدات کە دێن بۆ لای و بەردەکە دوو چاو و زمانی هەبوە ئەمەیش لە کتێبی خودادا نییە، بەڵکوو لە کتێبی قسەلۆکەکانی حیکایەتخواناندا هەیە، تۆ تەماشا بکە چۆن بۆ ماچکردنی بەردەکە بەهانەی ئەوە دەهێنێتەوە کە گوایە لە کتێبی خودادا هەیە.
ئەوەی شایەتی بۆ ملکەچبوون و پاڕانەوە لە سەر خۆیان و ڕازیبوون بەوە هیچ حەقیقەتێکی تێدا نییە، بەڵام ئایەتەکە ئەو شتەی وەك نواندن و خەیاڵکردن باس کردوە، وەك زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی باسی دەکات، دەڵێت: واتای ئەوەیە کە بەڵگەی پەروەردگار بوونی خۆی و یەکتاپەرستیی خۆی بۆیان سەلماندوە، کە عەقڵ و دید و بینینیان شایەت بێت بەوەی لەوێی

دانا، بۆ ئەوەی جیاکارییەك لە نێوان چەواشەکاری و ڕێگەی ڕاستی بکات، وەك ئەوەی خۆیان کردبێتە شایەت بە سەر خۆیانەوە و پێی گوتوون من پەروەردگارتان نیم؟ وەك ئەوەی گوتبێتیان بەڵێ تۆ خودامانی، ئێمە شایەتی لە سەر خۆمان دەدەین، دەڵێت: بەشی نواندن لە قسەی خودا و پێغەمبەرەکەی و قسەی عەرەبیش لە نواندندا فراوانە، لەوەدا دەڵێت: {ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ} [فصلت: 11]. واتە: پاشان روینا لە بەرزاییکە هەر تاریکی بوو، پێی وتن بە خۆشی خۆتان هاتنەب ەر فەرمانم، وتیان بە خۆشی خۆمان. زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: مەبەست لەوەدا وێناکردنی کاریگەریی توانای خۆی بوە، لەوەی قەدەر دەیکات نەك شتی تر، بێ ئەوەی هیچ شتێك لە گوتار و وەڵام بهێنێتەوە، دەڵێت: هەروەها قسەی ئەو قسەکەرە: دیوارەکە بە مێخی گوت: بۆچی کونم دەکەیت؟ مێخ یان بزمارەکە گوتی: پرسیار لەوە بکە کە دەمکوتێت. هەروەها قسەی شاعیرێك دەڵێت:

إلا بقيه أوثان وأنصاب ما الركن فی قول ناس لست أڑكرهم

واتاکەی پێشتر نوسرا.

ئاوەڵناوی (لە) بۆ ئەو مەبەستی هەورە، واتە ڕەشەبای خۆرهەڵاتی بە هەوری گوت بە هەورەبروسکە دەنگەدەنگ دروست بکە، دەڵێن لەوەدا زانراوە کە هیچ شتێك نەبوە، بەڵکوو نواندن و وێناکردنی واتاکانە.

مەگەر ئایەتەکە بە ستایلی نواندن ڕۆیشتبێت ئەگینا لە حەقیقەتدا هیچ قسە و شایەتێك نییە، ئەوەی حیکایەتخوانان دەیڵێن چ واتایەکی هەیە، ئەوەی لە لایەن عەلییەوە گوترابێت، کە خودا ئەمەی لە کۆیلەکەدا نووسیبێت و بەردەکەی خستبێتە دەمییەوە، با وا دابنێین کە ئەم حیکایەتخوانانە لە تێگەیشتنی ئایەتەکەدا ڕووکەشییەکەیان وەرگرتبێت و لە باری نواندنەوە دایان نەنابێت، ئەگەر ئەقڵ ئەوە ڕەت بکاتەوە و تۆکمەیی قسە و باوەڕکردن پێی ڕازی نەبێت، بەڵام ئەمە چ حیکمەتێکی تێدایە کە تۆ ئەم پەیمانە لە چەکێکدا بنووسیت و لە زگی ئەم جانتا بەردینەی بشاریتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەت شایەتی لە سەر ئەوانە بدات کە سەردانیان کردوە، باشە لە ڕۆژی قیامەتدا چارەنووس و هەڵویستی ئەوانە چی دەبێت کە سەردانیان نەکردوە، ئایا ئەوە لە خودا دەشاررێتەوە کە کێ باوەڕی هێناوە و کێ بێباوەڕ بوە، بۆ ئەوەی باوەڕدار پێویستی بە بەردێك هەبێت شایەتی بۆ بدات، ئەمە لە باوەڕدارێك دەوەشێتەوە کە بچێت بۆ لای بەردێك و ماچی بکات و خۆی پێدا بسرێتەوە بۆ ئەوەی لە ڕۆژی قیامەت شایەتی بۆ بدات، زانیاری و ناسینی خودا لەوە ڕۆشنتر و مەزنترە کە وا لە هاوڕێیانی بکات بەردێك ماچ بکەن، بەڵکوو ناسینی خودا بیرکردنەوەی لەوە قوڵتر دەوێت، کە لە بیرکردنەوە لە داهێنانی خودا و ڕێگەی ڕاست گرتن و زانینی نهێنی و قازانجکردن لەوەدا بێت، نەك لە بەردێکدا.

ئەگەر بڵێیت: ئەگەر ماچکردن و خۆسڕینەوە بە بەردێك کارێکی بتپەرستییە، بۆچی محەمەد لە ئیسلامدا هێشتییەوە و ئەم کارەی پوچەڵ نەکردەوە، دەڵێم نەك هەر ماچکردنی بەرد کارێکی بتپەرستییە بە تەنها بەڵکوو سەرجەم کارەکانی حەج بە هەمان شێوەن، لە جیاتیی ئەوەی ئەم قسانە بکەیت باشتر وایە بڵێیت ئەگەر حەج نەریتێکی بتپەرستییە بۆچی محەمەد لە ئیسلامدا هێشتییەوە و پوچەڵی نەکردەوە، وەڵام بۆ ئەمە وەڵامی ئەوی تر لە خۆ دەگرێت، قسەکردن لە سەر حەج و بۆچی محەمەد هێشتنییەوە دواتر باسی دەکەین.

بەردەڕەش دوو جار لە شوێنی خۆی هەڵکەنرا، جاری یەکەم کاتێك قورەیش بنیاتنانی کەعبەی تازە کردەوە، لەو کاتەی لافاو هات و چوە ژوورەوە و دیوارەکانی شەقولەق کرد، ڕووخاندییان و دووبارە بنیاتیان نایەوە و، لەو کاتەدا محەمەد کوڕی سیوپێنج ساڵان بوو ئەگەر ڕاست بێت، کاتێك بنیاتنانەکە گەیشتە لای بەردەڕەش، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، هەر عەشیرەتێك ویستی بۆ لای شوێنەکەی خۆی بیبات و دای بنێت و نزیك بوو لەوەی شەڕوشۆڕ بکەوێتە نێوانیانەوە، ئەو ناکۆکییە چوار تا پێنج شەو بەردەوام بوو، ئینجا لە سەر ئەوە ڕێکەوتن ئەو کەسە دادوەری نێوانیان بکات کە یەکەم کەس بێت کە لە دەرگای بەنی شیبە دێتە ژوورەوە، ئەو دەرگایەی کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن دەرگای ئاشتی، لە گێرانەوەیەکی تردا یەکەم کەس لە دەرگای سەفا بێتە ژوورەوە، کە بەرانبەرە و لە نێوان گۆشەی یەمانی و بەردە ڕەشدایە، ئەوەی یەکەم کەس هاتە ژوورەوە محەمەد بوو، کە بینییان گوتیان: ئەمە محەمەدی خاوەن ئەمانەتە واتە ئەمانەت پارێزە و پێی ڕازین، کاتێك گەیشتە لایان هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاند، پێی گوتن: کراسێکم بۆ بهێنن، بۆیان هێنا، هەروەها دەڵێن: ئەو کراسە هیی وەلیدی کوڕی موغیرە بوە، لە

گێڕانەوەیەکدا دەڵێن: محەمەد عەباکەی لە زەویدا داخستوە، دەڵێن ئەو عەبایە سپی بوە و لە شامەوە هاتوە، بەردەکەی بردوە و بە دەستی خۆی لە سەری دای ناوە، گوتوویەتی هەر عەشیرەتێك لایەك یان چمکێکی کراسەکە بگرێت و هەموویان بەرزی کەنەوە و، وایان لێ کرد، چارەکێکی بەدەست عەبدولمەناف عەتبە کوری ڕەبیلە و دوەم زومحە سێیەم ئەبووحەزیفە کوری موغیرە و چوارەم قەیس کوری عودەی و بەرزیان کردەوە کە گەییشتە شوێنی خۆی، محەمەد لەوێی دانا.
جارێکی تر قرمتیەکان چوونە ناو مەککەوە، لە (معجم البلدان)دا هاتوە، دەڵێت: تا ئێستا ئەم بەردە لە جاهیلی و ئیسلامیدا بەڕێزە و گەورەیە و بە ڕێژەیەکی گەورە بەکەرامەتە و بەرەکاتی لێ وەردەگرن و ماچی دەکەن، تا قرمتیەکان لە ساڵی بە زۆر چوونە ناو مەککەوە، تاڵانیان کرد و حەجاجەکانیان کوشت و کەعبەیان دزی و بەردە ڕەشیان هەڵتەکاند و هەڵیان گرت و لەگەڵ خۆیاندا بردیان بۆ ئەحسا لە زەوی بەحرەین، دەڵێت: بە واتا تورکیەکەی سوڵتانی تورك دەگەیەنێت کە لە زەمانی (الراضی بالله) دا دەستی گرت بە سەر بەغدادا و هەزاران دیناری دانێ بۆ ئەوەی بیگێڕنەوە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، تا گەورە شەریف ئەبووعەلی عومەری کوری یەحیای عەلەوی ناوەندگیریی کرد لە نێوان خەلیفە (المطیع لله) و ئەوان لە ساڵی و ڕازی بوون و گێڕاندیانەوە، هێنایان بۆ کوفە لە سەر کۆڵەکەی حەوتەمی کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەدا هەڵیان واسی و ئینجا هەڵیان گرت و گەڕاندیانەوە بۆ شوێنەکەی خۆی، ماوەی دوورخستنەوەی لە شوێنەکەی بیستودوو ساڵ بوو.

(59)
حەجکردن لە ئیسلامدا
وا زانیت کە حەج لە جاهیلیەت چۆن بوە، هەروەها حەج لە ئیسلام بە هەمان شێوەی جاهیلیەتە، جگە لە پێنج کردەوە، کە ئیسلام پوچەڵی کردەوە و پێشتر باسمان کرد، ئەگەر تەماشای موسوڵمان بکەیت لە کاتی ئیحرامکردنی حەجدا، لەبەرکردنی جلی دووراو حەرامە، گوتمان هەر چەندە ئیسلام بە ڕووتی خولخواردنەوەی بەدەوری کەعبەدا نەهێشت، بەڵام بەو بنەمایە ڕازی بوو کە لەو پێ ناوەدا خۆیان ڕووت کردەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە، عەرەبی ناحەمسی واتە غەیرە قورەیشی دەڵێن: بۆمان نییە خوداپەرستی بە جلێکەوە بکەین کە گوناحمان پێوە کردوە، بۆیە کە حەجیان دەکرد خولخواردنەوەی دەوری کەعبەیان بەڕووتی دەکرد، بەڵام ئیسلام خۆڕووتکردنەوەی نەهێشت لە کاتی خولخواردنەوەی تەوافدا، بەڵام بنەماکەی پێ قبوڵە کە هۆکاری خۆڕووتکردنەوە ئەوەیە خوداپەرستی بە جلێکەوە نەکەن کە گوناحیان پێوە کردوە، بۆیە بۆ موسوڵمان حەرام بوو جلی دووراویان لە بەر بێت، واتای ئەمەیش ئەوەیە نابێت بەو جلەوە حەج بکەن کە لە پێش حەجکردن لە بەریان کردبێت و دەبێت جلێکی نوێ لە بەر بکەن کە نە دوورابێت، بەڵام ئیسلام ئەم نەریتەی تەنها لە کاتی سروتی حەجدا پیادە کرد، کەچی نوێژکەر دەکرێت لەو جلەدا نوێژ بکات کە گوناحی پێوە کردوە.
پاش کۆچکردن بۆ مەدینەیش موسوڵمانان باوەڕیان بە حەجکردن هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی مەککە لە ژێر دەسەڵاتی بێباوەڕان دا بوو، نەیاندەتوانی حەج بکەن و پرۆن بۆ مەککە، لە ساڵی شەشەمی کۆچی محەمەد بە هەزار و پێنجسەت کەس لە هاورێیانیەوە دەرچوون بۆ عومرەکردن بۆ مەککە نەك شەڕکردن، قورەیش پێش چوونە ماڵی خوداوە ڕێگرییان لێ کرد و، ئاشتەواییەکەی حودەیبیە ئیمزا کرا بۆ ئەوەی کاتێکی تر بگەڕێتەوە بۆ حەجکردن.
کاتێك لە ساڵی هەشتەم مەککەی کردەوە، موسوڵمانان لەگەڵ بێباوەڕاندا حەجیان کرد، بەڵام موسوڵمانان لە هەڵوێستدا لەگەڵ ئەواندا جیاواز بوون، حەجکردنی موسوڵمانان لەم ساڵە بە حوکمی شەرعی نەبوو، لەبەر ئەوەی حەج بەو شێوەیە فەرز نەکرابوو، بەڵکوو بەو شێوەیە کرا کە لە جاهیلەتەوە لە سەری بەردەوام بوون، حەجەکەیان بە بژاردەی خۆیان بوو نەك فەرز بێت، لە ساڵی نۆیەم حەج فەرز کرا، بە گوتنی: {وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا} [ئاڵ عمران: 97]،واتە: خودا حەجی بڕیار داوە بۆ هەر کەسێك بۆ بلوێت. دەڵێن: فەرزکردنی حەج لە ساڵی شەشەم بوە، بەڵام ئەمە قسەیەکی ناڕاستە، هیچ مەعقوول نییە لە کاتێکدا

حەج فەرز بکەن کە مەککە لە ژێر دەسەڵاتی بێباوەڕاندا بێت و، مەککە لە ساڵی هەشتەم نەبێت نەگیرابێت، ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا درێژەی بە بەڵگەهێنانەوەی داوە لە سەر ئەوەی حەج لە ساڵی نۆیەم فەرز کراوە، هیچ پێویست ناکات لێرەدا باسی بکەین. بەڵام محەمەد پاش کۆچکردن هیچ حەجێکی نەکرد جگە لە یەك حەج نەبێت، ئەویش حەجی ماڵئاوایی ساڵی دەیەم بوو، لەبەر ئەوەی ماڵئاوایی لە خەڵك کرد، یان لەبەر ئەوەی هیچ حەجێکی تری نەکرد ناویان نا حەجی ماڵئاوایی، بەڵام پێش کۆچکردن و پاش پێغەمبەرایەتی سێ جار حەجی کردوە، دەڵێن دوو جار کردوویەتی، ئەو دوانەیە کە ئەنسارەکان تێیدا بەیعەتیان پێی دا. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت، بە قسەی ئیبن جەوزی بێت، پێغەمبەر پێش و پاش پێغەمبەرایەتی چەندین جار حەجی کردوە کە ژمارەکەی نازانرێت.

بۆچی حەجی لە ئیسلامدا هێشتەوە

وەك پێشتر زانیت بنیاتنانی حەج لە نێو عەرەبدا لە کاتی بتپەرستیی کۆنەوە هاتوە، بۆچی محەمەد هێشتییەوە، کە ئیسلام و ئاینێکی یەکتاپەرستیی هێنا و بتپەرستەکانی کوشت و بتەکانی لە ناو برد؟ ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە حەج لە ئیسلامدا لەبەر دوو هۆکار هێشتەوە، کە هیچ چارەسەر و ئەڵتەرناتیفێکی بۆ نەبوو.

یەکەم: عەرەب لە جاهیلی باوەڕیان بەوە هەبوو کە حەج ئایینی ئیبراهیمە، کاتێك محەمەد ئیسلامی هێنا و ئیدعای ئەوەی کرد کە ئایینی ئیبراهیمە، وەك لە قورئاندا هاتوە: {مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ} [الحج: 78] واتا: میلەتی باوکتان ئیبراهیمە کە بەخۆی پێشتر ناوی ناون موسڵمان. ئەمەیش لە سەر باوەڕپێکردنیان پیادە کرد، پێش ئەوەی بە سەر موسوڵمانانیدا فەرزی بکات، لەبەر ئەمە گوتی: ئەوان میللەتی ئیبراهیمن وەك لە سورەتی حەج و سورەتی تری قورئانیشدا هاتوە، هیچ ڕێگەیەکی نەبوو جگە لەمانەوە لە سەر حەجکردن، لەبەر ئەوەی ئەگەر پوچەڵی بکردایەتەوە دژبەیەکیی دروست دەبوو لە بانگەشەکەیدا. ئەگەر بڵێیت: ئایا لە توانایدا نەبوو کە ئەو باوەڕەیان پوچەڵ بکاتەوە گوایە حەج ئایینی ئیبراهیمە بەوەی پێیان بڵێت: ئیبراهیم بەو شێوەیە حەجی نەکردوە کە ئێوە دەیکەن و، بەو شێوەیە خودای نەپەرستوە کە ئێوە دەیپەرستن، ئەگینا هیچ هاوبەشێکی بۆ خودا دانەناوە و خودای پەرستوە، بە شێوەیەك جیاواز لەوەی ئێوە دەیپەرستن. لێرەدا هیچ یەکتریڕێك و ڕەتکردنەوەیەك لە نێوان ئەمە و بانگەشەی ئەودا نابێت، کە ئەو ئیسلامەی ئەو هێناویەتی هیی میللەتی ئیبراهیمە: دەڵێم: بەڵێ، ئەو دەیتوانی بەوە گۆڕانکارییەك لە حەجدا بکات و لادانی تێدا بکات، بێ ئەوەی پوچەڵی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی بێگومان پوچەڵکردنەوەی بەیەکجاری پاش ئەوەی لەگەڵیاندا ڕۆیشت، لەگەڵ بیروباوەڕیاندا کە سوننەتی ئیبراهیمە ئەمەیش دژبەیەك دەبێت لەگەڵ بانگەشەکەیدا.

دوەم: خەڵکی مەککە کە قورەیشی بوون، قەومی محەمەد بوون، وەك پێشتر زانیت -خەڵکی بازرگان بوون- مەککەیش شوێنێکە نە کشتوکاڵ و نە درەختێکی ئەوتۆی تێدایە، هیچ ژیانێك بۆ قورەیش نەبوو دوور لە بازرگانی و هیچ بازرگانییەك دوور لە حەج نەبوو وەك پێشتر زانیتان، ئەگەر حەجی پوچەڵ بکردایەتەوە چارەنووسی قورەیش جگە لە مردن لە برسێتی و ئاوارەبوون لە مەککە، هیچ شتێکی تر نەدەبوو، محەمەد بەهێشتنەوەی حەج لە ئیسلام دا قورەیشی لە مەککە هێشتەوە، ئەمەمان لە سەرەتای کتێبکەوە باس کرد، باسی پری خۆشویستنی محەمەد بۆ قورەیش و هەستوسۆزی لە سەریان بۆ کردن، مێژوو پیاوێکی نەناسیوە ئەوەندە ئازاری لە قەومەکەی خۆی ببینێت لە پێناو ڕابوونی ئەواندا و لەگەڵ ئەوەیشدا بەو شێوە بەهێزییە خۆشی ویستبن وەك خۆشەویستیی محەمەد بۆ ئەوان. ئەگەر بڵێیت: لە پێشدا زانیمان کە محەمەد پاشایەتی بۆ قەومەکەی ویست و، دایکی ئیمامەکان لەوان بێت و گوتی: (ئیمامەکان لە قورەیش دەبن)، ئەگەر وای لێ کردن کە ببنە پاشا وەك ویستی، هیچ پێویستیان بە بازرگانی نەما، چۆن لە سەختی ژیان و نەداری ئەوان دەترسا ئەگەر حەجی پوچەڵ بکردایەتەوە، دەڵێم: قورەیش پیاوێك و خێزانێك نییە، بەڵکوو ئەوانە عەشیرەتن و چەند لقوپۆپ و خێزانێکیان لێ دەبێتەوە، بەڵکوو ئەوان عەشیرەتێکن چەند بەشێکیان لێ دروست بوە، ئەگەر پاشایش لەوان بێت هیچ جێگەی مەککەیان بۆ ناکاتەوە، چونکە قورەیش لە مەککەیە هیچ شتێك جێگەی حەج بۆ ئەوان پڕ ناکاتەوە، کە هۆکاری سەرەکیی بەدەستهێنانی بژێوی بوو، با پاشایش لەوان بێت، بێ ئەوە واتە حەج و بازرگانی هیچ دادیان نادات، لەگەڵ ئەوەیشدا مەککە بە دوور لە حەج بە هیچ شێوەیەك بۆ قورەیش و خەڵکی تریش ناشێت،

ئەگەر حەج پوچەڵ بکرێتەوە ئەوەیش پوچەڵ دەبێتەوە کە مەککە وەك خۆی بە مەککەیی بمێنێتەوە، محەمەدیش ئەمەی نەدەویست.
بێگومان محەمەد سۆزی نەتەوەیی بەهێزی بە سەردا زاڵ بوو، ئەمەیش هۆکارێکە بۆ هێشتنەوەی حەج بەو شێوەیەی خۆی کە لە جاهیلیدا بوو، بەمەیش مەککەی بەو شێوەیە هێشتەوە کە چۆن قورەیشی بۆ کاتێکی باش بە هەمان شێوە هێشتەوە، بەڵام حەج جگە لە نیوەی ئەوەی ویستی بۆ محەمەدی هێنا هیچی تری بۆ نەکرد، مەککەی وەك خۆی چۆن بوو بە هەمان خەڵکەکەیەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هێشتەوە، بەڵام قورەیشی لە ناو برد، ئەمڕۆ قورەیش لە مەککەدا نییە، نە قورەیشی (البطاح) و نە قورەیشی (الظواهر).
هیچ سەرت سوڕ نەمێنێت ئەگەر پێت بڵێم ئەمڕۆ خەڵکی مەککە تێکەڵێکن لە خەڵکێکی شێوە زمان جیاواز، هیندی و جاوی و چینی و فارسی و کوردی و تورکی و ئەفغانی و حەبەشی و زنجیی تێدایە، زۆرینەی خەڵکی مەککە لەوانە پێك دێت کە پاش لافاوی حەجکردنی ساڵانەدا دەمێننەوە و لەوێدا دەنیشنەوە، هیچ عەرەبێکیان تێدا نییە ژمارەیەکی کەم نەبێت، بەڵام قورەیشییەکان زۆر دەگمەنن تێیدا، ئەگەر حەج نەبوایە ئەوەی ئەبووعەلا باسی کردوە ڕووی دەدا:
واخْتَلَّكَ المعروفُ بالإنْكارِ قالت له رِيحُ الصَّبا قَرْقارِ
بە واتای ناسراو و نەناسراو بەیەك تێکەڵ بوون، بای ڕۆژ و بەیانێکی خۆش تێکەڵی تەمومژاوی بوو.
ئەمەیە حەج بە سەر مەککەیدا هێناوە، بەڵام ئەوەی بە سەر موسوڵماناندا هێنایێت ئاسانترینیان لەناوچوونی خەڵك و پارەکانیانە، لە هەر ساڵێکدا هەزاران کەس لە موسوڵمان دەبنە قوربانیی حەج بە هۆی ئەو نەخۆشییانەی لەوێدا بڵاو دەبنەوە لە دەرئەنجامی قەرەباڵغیی مەککە و دەوروبەری و ئەو پرە پارەیەیان لەگەڵدا بە فیرۆ دەچێت کە لەو پێ ناوەدا خەرجی دەکەن، با تۆزێك ئەمەت بۆ ڕوون بکەینەوە.
لە سروتەکانی حەج لە جاهیلی و ئیسلامدا بەفیڕۆدانی بەخششەکانە، ئەوەی بە حەرەم دەبەخشرێت لە گیانلەبەران وەك حوشتر و مانگا و مەڕ و بزن، بەڵام ئەوان ئەو مەڕومالاتە قەڵەوانە دەبەخشن لەبەر ئەوەی خۆشەویسترین شتە لای ئەوان، یان لەبەر ئەوەی ئەوانەیان لەبەردەستدایە بە دەر لە نیعمەتی تر، واتە بەدەن (لەشولار)، بە هۆی گەورەیی لاشەیان وایان پێ دەڵێن وەك حوشتر بەتایبەتی، بەڵام پێغەمبەری خودا مانگایشی لەگەڵدا دانا و وەك هاوشێوەی حوکمی حوشتری لێ کرد و، حەوت مەڕ یان بزن یەکسان بێت بە حوشترێك یان مانگایەك، کە حەجیان دەکرد ئەم ئاژەڵانەیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد بۆ حەرەم، هیچ کەسێك ڕێگریی لێ ناکات یان دەست بە سەریدا ناگرێت، شتێك وەك پارچە نەعال یان پەتێك یان توێکڵی دارێك پێوەی دەبەستن بۆ ئەوەی بزانن بەخششی حەرەمی مەککەیە، کەس ڕێگریی لێ ناکات، ئەمەیش قوربانییەکانیان دەبێت بۆ نزیك بوونەوە لە خوداو، لە مینا سەری دەبڕن لە ڕۆژی سەربڕیندا، خەڵکی جاهیلی لە گۆشتی سەربڕاوەکانیان نەخوارد، بەڵام دەیاندا بە هەژاران، کەچی پێغەمبەر یاسای ئەوەی بۆ موسوڵمانان دەرکرد کە لێی بخۆن، لە سورەتی حەجدا هاتوە: {وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُمْ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ لَكُمْ فِيهَا خَيْرٌ فَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ عَلَيْهَا صَوَافَّ فَإِذَا وَجَبَتْ جُنُوبُهَا فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْقَانِعَ وَالْمُعْتَرَّ} [الحج: 36] واتە: وشتری قوربانیمان بۆ دانان کە بەر یاسای خودا دەکەوێت و ئێوەش بەهرەیان لێ وەرگرن و ناوی خودایان لی بێنن کاتێك لەسەر تەنیشت کەوتن و لێیان بخۆن و تامەزرۆکەرانیش لێی بێبەش مەکەن، ئیمە ئەوانمان بۆ دەستەمۆکردووە بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن.
پێغەمبەری خودا لە حەجی ماڵئاوایی شەستوسێ حوشتری بەخشی، دەڵێن: سەت دانە بوە، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: لە ئیبن عەباسەوە، گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا لە حەجی ماڵئاواییدا سەت لاشەی بەخشیوە، خۆی سی دانەی سەربڕیوە و ئینجا فەرمانی بە عەلی کردوە ئەوانی تری سەر بڕێت، پێی گوت: گۆشتەکەی و پێستەکەی و ناوزگ و سەروپێکەی بە سەر خەڵکدا دابەش بکات و هیچ شتێکی نەدات بە قەساب و گۆشتفرۆشان، پێی گوتوە لە هەر حوشترێك بەشێك لە گۆشت بەرە و بیکە مەنجەڵێکەوە تا لە گۆشتەکەی بخۆین و لە

شلەکەی بخۆینەوە، ئەویش وای کردوە، هەواڵی گەیاند بە پێغەمبەر کە لە مینا هەمووی سەر پڕیوە و ئەوانەی مەککەیش سەر پڕاون.
بەڵام ئەمڕۆ خەڵك حوشتر لە مەککە سەر نایرن، بەڵام مەڕ دەکەن بە قوربانی و ژمارەی ئەو قوربانییانەی کە لە مەککە سەر دەبڕێن دەگاتە سەدان هەزار مەڕ، ئەمە ئەگەر هەر حاجییەك مەڕێك سەر بڕێت، ئەی چۆن دەبێت ئەگەر هەر کەسێك لەوە زیاتر سەر بڕێت، تێیاندا هەیە دە دانە و زیاتریش سەر دەبڕێت، هیچ شاراوە نییە ژمارەی حاجییەکان لەم سەردەمەدا لە نێوان سەت هەزار بۆ پێنجسەت هەزار حاجی دەبێت لە هەر ساڵێکدا (ئەمە لە سییەکانی سەدەی بیستەم نووسراوە، بەڵام ئیستا ژمارەی حاجییەکان هەر ساڵە و چەند ملیۆنێکە -و-) لەو سەردەمانەی پێشوو کە ئیسلام بڵاو بوەوە، لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا و، بە دەر لە عەرەب زۆرێك لە میللەتان بوون بە موسوڵمان، کەچی محەمەد لە کاتی حەجی ماڵئاوایی لە ساڵی دەیەم بوو، بە پێی هەندێك قسە وەك حەلەبی لە سیرەتەکەی باسی کردوە، سەت هەزار کەس لەو ساڵەدا حەجی کردوە. ئەمە لەکاتێکدا کە ئیسلام لە سەرجەم دوورگەی عەرەب بڵاو نەبوەوە، ئەی ژمارەکە چەندی لێ دێت کە موسوڵمانان لە وڵاتانی جیاوازی جیهانەوە دەگەنە سێسەت ملیۆن کەس وەك دەڵێن: (ئەمەش هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەم نووسراوە، بەڵام ئێستا دەگەنە زیاتر لە ملیار و نیوێك –و-)، ئەم قوربانییە وای کرد کە ببێتە هۆکاری دروستبوونی پەتا و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ببێتە هۆی مردنی هەزاران کەس لە حاجییەکان.
ئەوەت لە بەرچاو بێت لە پارچە زەوییەکدا سەدان هەزار کەس تێیدا بن و قەرەباڵغی دروست بێت و سەدان هەزار قوربانیی تێیدا سەر ببڕێت و وەك خۆی لە پاش سەرپڕینی بیهێڵرێتەوە، کەس لێی نەخوات، جگە لە بەشێکی زۆر کەمی هەژاران نەبێت، بیبەن و لەتی بکەن و وشکی بکەنەوە و لە سەر بەردەکانی شاخەکان هەڵی بخەن، لە ژێر گەرمیی خۆرەتاوی حیجازی سووتێنەر، هەڵی بگرن و وردەوردە بیخۆن و، زۆربەی لە ژێر خۆرەتاودا بمێنێتەوە تا دەگەنێت و زەوی پڕ دەکات لە بۆنی گەناوی و هەوا پیس بکات، بۆیە ڤایرۆسی نەخۆشی لە ناو بەر لە نێوان حاجییەکان بڵاو دەکاتەوە، حاڵی خەڵك لەم قەسابخانە خوداییە چی دەبێت.
حکوومەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمید ئەم حاڵەتە خراپە و هۆکارە لەناوبەرەی بینیی کە هەزاران حاجی بە هۆیەوە دەبنە قوربانیی ئەو قوربانییانەی لە مەککە دەیکەن و هەروەها پاش گەڕانەوەیان ڤایرۆسی ئەو نەخۆشییانەیش دەگوێزنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان، هەندێك لەو کارانەی ڕێك خست و بە پێی توانا و ئەوەی دەکرێت کاری پێویستی بۆ ئەنجام دا، وەك سەرپڕین لە شوێنی دیاریکراوی خۆی، نابێت کەس دوور لەو شوێنانە قوربانیی سەر ببڕێت، ئینجا هەندێك فەرمانبەر و کرێکاری دانا بۆ هەڵکەندنی چاڵی فراوان بۆ داپۆشینی قوربانییەکان لە پاش سەرپڕینیان و، ڕێگریی کرد لە هەژاران کە گۆشتی ئەو قوربانییانە ببەن بۆ خۆشکردن و هەڵخستن، وای دەبینی کە ئەوان دەبنە ئامرازی گواستنەوەی ئەو ڤایرۆسانە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، ئەم ڕێکارانە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان کاریان پێ دەکرێت لە سایەی حکوومەتی سعوودیی عەرەبی، هەر چەند بە یەکجاری ڕێگەی لە نەخۆشییەکان نەگرتوە، بەڵام تا ڕادەیەك لە کاریگەرییەکانی کەم کردوەتەوە، یەکێك لە دکتۆرەکان کە لە مەککە فەرمانبەر بوە، دەڵێت: لە مەککە لای حکوومەتی سعوودیی عەرەبی پێی گوتم: کەسێك نەما گۆشتی قوربانیی بەرێت بۆ خۆشەکردن، لەبەر ئەوەی حکوومەت ڕێگریی لەوە کرد جگە لە تایفەیەك لە سوودانییەکان پێیان دەگوترێت (تکارنە) کە لە قەراغەکانی جەدە نیشتەجێن، لە ڕۆژانی سەرپڕین دێن بۆ مەککە و چەندیان بۆ بکرێت لەو گۆشتەی دەدزن و لە سەر شاخ و لە سەر بەردەکان هەڵی دەخەن بۆ ئەوەی وشك بێتەوە و ئینجا لە ماڵەکانیان هەڵی دەگرن و، حکوومەت بە دوایاندا دەگەڕێت و سزای ئەو کەسانە دەدات کە دەستی بکەوێت، لەوانەیە خۆی بدات بە سەر ماڵەکانیاندا بۆ دەرکردنی ئەم گۆشتە خۆشکراوانەی کە ڤایرۆسی لەناوبەر لە سەر زەوی بڵاو دەکەنەوە.
بێگومان ئەم قوربانییە بۆ ئەوە دانراوە کە پێویستی هەژاران دابین بکات، نابێت لە پری پێویست

زیاتر بێت و ئاوا بە فیڕۆ بڕوات، بێ ئەوەی کەس قازانج لە گۆشت و پێستەکەی بکات، بەڵکوو جگە لە نەبوونی قازانج ببێتە هۆکاری نەخۆشیی کوشندە، ئەمەیش دەبێتە هۆی زەرەری گیانی و دارایی.
ئەوەی کارەکە خراپتر دەکات، هەندێك حاجیی دەوڵەمەند لەو نەریتە زیاتر پێوە دەنێن و زیادەڕەویی لێی دەکەن و وا دەزانن بەوە و بە ملکەچییەوە لە خودا نزیکیان دەکاتەوە، وەك ئەوەی خودا هیچ ڕازی ناکات لەناوبردنی ئەم ئاژەڵە قازانجبەخشانە و بەفیڕۆدان نەبێت و بێ ئەوەی کەڵکیان لێ وەرگرن. یەکێکی جێی متمانەی دراوسێی چەند ساڵە پێی گوتم، لە ڕۆژانی سەرپڕیندا هەندێك حاجیی دەوڵەمەندی لە مینا بینیوە ڕێی کردوە و چەند قەسابێکی چەقۆبەدەستی بە دواوە بوە و، لە نێو ڕانەمەڕەکاندا سووڕاوەتەوە کە بۆ فرۆشتن دانراون و، لە نێو ڕانەکەدا وەستاوە مامەڵەی کڕینی بە کۆ و یەك جار لە خاوەنەکەی کردوە و قەسابەکان وەستاون و هەر یەکە و چەقۆیەکی بە دەستەوە بوە، کە کڕینەکەی تەواو بوو، دەکەونە نێو ڕانەکەو سەریان دەبڕن بە یەك جار و قەلاریان دەکەن و، حاجییە دەوڵەمەندەکە دەوەستێت و تەماشایان دەکات، کە بەیەکجاری سەری هەموویان دەبڕێت و تەواو دەبێت، دەچێت بۆ ڕانەمەڕێکی تر و ئاوها لەوانەیە دووسەد سەرەمەڕ بکاتە قوربانی، هەر چەندە قەسابەکان لە سەربڕینی ڕانەمەڕەکان دەبنەوە، لە گۆڕنەرەکان دێن ڕایان دەکێشن بۆ چاڵێك و لە گۆڕیان دەنێن، ئەی خوێنەری بەڕێز هیچ شێتییەك لەم شێتیە گەورەترت بینیوە؟ یان ئایا نەزانییەکت لەمە خراپتر بینیوە؟ ئا ئەمەیە ئەو کارەی کە بە هۆیەوە لە خودا نزیك دەبنەوە؟ لە کوێی ئەوەن کە خودا دەیڵێت. بەو خودایە ئەگەر کارێکی خەڵکی سەر زەوی هەبێت خودا تووڕە بکات، ئەمەیە، خودا عەقڵی بە بەنی ئادەم بەخشیوە، کە ئەوەی پێی بەخشین چۆن ئەم کارەیان پێ دەسپێرێت، کە وا عەقڵ ڕەتی دەکاتەوە؟ هەندێك لە فەقیە و زاناکانی موسوڵمان کە داوای تازەگەری لە بیر و فیکریان دەکەن، دەڵێن: مەککە ناوەندێکی ئایینی باڵای موسوڵمانانە، مەبەست لە حەجکردن ئەوەیە هەموو ساڵێك لەوێ کۆ ببنەوە و لە کاروباری گشتیی خۆیان بکۆڵنەوە، حەج جگە لە کۆنگرەیەکی گشتیی ئایینی موسوڵمانان لە مەککە نەبێت هیچی تر نییە، لەوێدا گفتوگۆ و ڕاوێژ لە سەر ئەوەی بەرژەوەندیی گشتیی ئیسلامی دەربارەی کاروبارێك بە چاکە و سەرکەوتن بێت دەکرێت.
بە سەری خۆم ئەمە قسەیەکی باشە ئەگەر واقیع بە درۆی نەخاتەوە و هیچ سێبەرێکی لە حەقیقەتدا نییە، کردەوەی حەج لە وەستان لە عەرەفات و بەجێگەیاندن و بەرد فڕێدان زانراوە و، خولخواردنەوە بە دەوری کەعبە و لە باوەشگرتنی بەردەڕەش و هەوڵی نێوان سەفا و مەروە و سەربڕینی قوربانی لە مینایە، سیازدە سەدە بە سەر موسوڵماناندا ڕەت بوە (ئێستا چواردە سەدەیە –و-) ئەوان بەم شێوەیە حەج دەکەن و ئەم کردەوە زانراوانە جێبەجێ دەکەن نە زیاتری دەکەن و نەیش کەمتر، هەر لە سەردەمی محەمەد پێغەمبەرەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، لە هیچ ساڵێکدا نەمانبینی قسەوباس و گفتوگۆ و ڕاوێژ تەنانەت بۆ چاکسازی ماڵی حاجییەکانی مەککەیش بکەن، یان هەر هیچ نەبێت چۆن ئامڕازی ئیسراحەتی خۆیان دابین بکەن و خۆیان لەو نەخۆشییانە بپارێزن کە لەوێ بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر ئەوانە بڵێن دەبێت پێش یان پاش بەجێهێنانی ئەم کردەوە زانراوانە بە شێوەیەکی کۆنگرەی گشتی دەربارەی کاروباری گشتیی موسوڵمانان بڕوانن، واتایەکی ڕاستەقینەی هەبوو لایەنێکی ڕاستی تێدا بوو، بەڵام کە دەڵێن: حەج فەریزەیەکە بۆ ئەم ئامانجە، ئەمە قسەیەکی پووچە و بە هیچ شێوەیەك واتایەکی نییە. بێگومان ئەوەی گرینگ بێت لە کردەوەکانی حەجدا وەستانە لە سەر عەرەفات، ئەگەر ئێمە تەماشای فەرموودە (حەج عەرەفاتە) بکەین و هەروەها ئەوەی نەگاتە ئەوێ نەگەییشتوەتە حەج، دەزانین کە وەستان لە عەرەفات بناغەی حەجە و، بە دەر لەوە جگە لە لقوپۆپی تر هیچی تر نییە، خەڵکی جاهیلی لە ڕۆژی عەرەفاتدا جگە لە وەستان و ڕەزامەندخواهی نەبێت هیچی تریان نەبوو، بەڵام محەمەد پێغەمبەر گوتاریشی لە سەر ئەوە زیاد کرد، کاتێك لە حەجی ماڵئاوایی هات بۆ عەرەفات، ئەمە لە ڕۆژی نۆیەمی مانگی زولحیجەدا بوو، فەرمانی کرد کە کەپر یان قوبەیەکی لە موو دروستکراوی لە (نمرە) بۆ دابنێن، لەو گوبە دابەزی، پاش ئەوەی خۆر ئاوا بوو فەرمانی بە حوشترەکەی کە ناوی (قصوی) بوو کرد و ڕۆیشت و ئینجا هات بۆ ناوەڕاستی دۆڵەکە و لە سەر حوشترەکەیەوە و گوتاری خۆی دا و حەرامکردنی خوێن و ماڵ و شەرەفی خەڵکی کرد و سوی جاهیلیی ڕەت کردەوە، یەکەمین سوو ئەوەی عەباسی مامی بوو ڕەتی کردەوە و، هەروەها تۆڵەی خوێنی لە جاهیلی نەهێشت و یەکەم سڕینەوەی خوێنی

کوره مامەکەی ڕەبیعەی کوری حارس کوری عەبدولموتەلیب بوو کە هەزیل کوشتبووی، گوتی: ئەمە یەکەم خوێنە کە نایهێڵم لە خوێنی جاهیلی کە لە ئیسلامدا داوای بکرێت و بەباشی ڕاسپاردەی بۆ ژن کرد و فەرمانی کرد کە ڕزقوڕۆزی و پۆشینیان بە چاکە لە لایەن مێردەکانیانەوە بێت و ڕێگەی بە لێدانی ناکوشندەیی دان ئەگەر شتێکی ناحەڵاڵیان کرد بێت، فەرمانی بە ڕێکوپێکی و دەمو دەستپاکی بە پێی کتێبی خودا کرد و هەواڵی ئەوەی دا بە گوێی خەڵکدا کە ئەوەی پاك بێت وێڵ نابێت لە ژیانیدا. کورتەکەی، ئەو دەربارەی کاروباری گشتی ئیسلام .قسەی کرد

ئایا موسوڵمانان پەندیان لەم گوتارەی وەرگرتوە، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی عەرەفاتدا کۆنگرەیەك بۆ خۆیان بگێرن یان پێش ئەوە بۆ تاوتوێکردنی کاروباری گشتیی خۆیان بێ ئەوەی لە کردەوەکانی حەج بدەن، بەڵێ! لە سەر موسوڵمانان پێویست بوو ئاگاداری ئەوە بن و پەندی لێ وەربگرن، چ زەرەرێکی بۆ ئیسلام و موسوڵمانان هەبوو ئەگەر لە جێگەی ئەو قوبە یان کەپرەی کە پێغەمبەری خودا دای نا خانوویەکی بە شکۆ بنیات بنرایە، بۆ ئەوەی پێش وەستانی عەرەفات یان پێش ڕۆژی عەرەفات کۆنگرەی تێدا بگێرن، وایان لەوخانەیە بکردایە کە جێگەی خەڵکی خاوەن ڕا و بۆچوون بێت بۆ چارەسەری کێشە و پرسی حاجییەکان بوایە، ئەگەر جێگەی هەمووی تێدا نابێتەوە، بەڵکوو ئەگەر ئیسلام و موسوڵمانان چی زەرەرێك دەکەن پاش هاتنیان بۆ مەککە و پاش کۆتاییهێنان لە خولخواردنیان بڕۆن بۆ عەرەفات پێش ڕۆژی تەرویە و ئەو هەشت ڕۆژەی زی ئەلحیجەیان لەوێدا بە سەر بردایە، لە جیاتیی ئەوەی لە مەککە بە سەری بەرن و سەرقاڵی خولخواردنەوە و هەوڵ و هاتوچۆی نێوان سەفا و مەروە بن، لەوێدا کۆنگرەیەکیان بگێڕایە، واتە لەو خانوە یادی خودایان دەکرد و گفتوگۆیان دەکرد و ڕاوێژیان دەکرد و ئەوەی لە قازانجی ئەوان بوایە بڕیاریان لێ دەدا بۆ ئەوەی بە پێی توانا چاکسازییان تێدا بکردایە، ئەوە زەرەری بۆ ئیسلام و موسوڵمانان نابێت و بەر ئایین ناکەوێت و ڕێگریی ناکات لە بەجێهێنانی سروتەکانی حەج وەك خۆی، با لە عەرەفات بوەستن و ئەوەی دەیانەوێت بیکەن و بەردەکانیان بوەشێنن و خول بخۆنەوە بە ماڵی خودادا چەندە دەیانەوێت و هەوڵ و هاتوچۆی نێوان سەفا و مەروەی خۆیان بکەن و حەزیان لە چی دەبێت بیکەن و چەندیان دەوێت لە مەڕ بیکەن بە قوربانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کۆنگرەیە بگێڕن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت دەربارەی کاروباری گشتیی خۆیان بکۆڵنەوە و ئەوەی پەیوەستە بە حەج و پێویستی حاجییان تاوتوێی .بکەن

ئەگەر ئەوە بکەن دەتوانن لە مەککەدا ئامادەباشی بۆ حاجییەکان بکەن و نەهێڵن ئەو نەخۆشییانە بڵاو بێتەوە و حاجییەکانیش بپارێزن و هۆکارەکانی پشوودانیان بۆ ئامادە بکەن و ئاسانکاری بۆ سەفەرەکانیان بکەن و ڕێگایان بۆ هاتن و ڕۆیشتنەوەیان فەراهەم بکەن، بە کۆی گشتی ئەگەر ئەمە بکەن دەتوانن حەج شێوە و دیمەنێکی شارستانی پێ ببەخشن جگە لە دیمەنە ئایینییەکەی و لە قاڵبێکدا کۆی بکەنەوە کە لەگەڵ ڕۆحی شارستانیی ئەم سەردەمەدا .بگونجێت

ئایا ناتوانرێت موسوڵمانان لەو قوربانییانە قازانج بکەن کە بەو شێوەیە دەیکەنە قوربانی وەك پێشتر باس کرا و هۆکارێکی زەرەرکردنیانە و بە فیڕۆ دەچێت، چ لە گیان بێت یان لە پارەدا، ئایا ناتوانن کارگەیەك بۆ پاراستنی ئەو گۆشتە لە مەککە دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئەو هەموو گۆشتە بپارێزن و لە قوتوی بکەن و بینێرن بۆ وڵاتان لە جیاتیی ئەوەی وا بە فیڕۆ دەچێت و دەبێتە هۆکاری جۆرەها پەتا و نەخۆشیی جیاواز. ئایا لە تواناداا نییە کە کارگەیەکی خۆشەکردنی پێست دروست بکەن بۆ خۆشکردنی پێستی ئەو هەموو قوربانییە و بینێرن بۆ بازاڕەکان، ئایا لە توانادا نییە کە نەخۆشخانەیەکی گشتی بۆ حاجییەکان لە مەککەدا بکەن کە سەرجەم ئامێر و .(ئامڕازەکانی نەخۆشخانەی تێدا بێت؟ (ئەم نووسینەی لە ساڵی ١٩٣٣دا بوە ـو

بەڵێ! هەموو ئەوانە لە توانادایە بەو ئاسانییە لە سەر موسوڵمانان ئەگەر ڕابن و لە کاروباری ئایینیی خۆیاندا ئەوەی بۆ دونیایان پێویستە لە بەر چاوی بگرن و لەگەڵ زەمانەدا بڕۆن و لەگەڵ قۆناغەکانیدا پێش بکەون و لە کاروبارەکانی وەربگرن و بیری لێ بکەنەوە و لەم دۆگمایە دەرچن کە بەو پێیە لە ئامانجی ئایین دەرچوون و بەو هۆیەوە ئایین بووتە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنیاندا، تەنانەت وایان لێ هاتوە هیچ نەزانن جگە لە لێدانی چاکسازیخوازان و تۆمەتبارکردنی زانا و دانا و بیریاران و تۆمەتبارکردنیان بە بێباوەڕی و بێ خودایی. موسوڵمانان و بەتایبەتی عەرەبەکانیان بەهانەیان هەبوە و بیریان لە چاکسازی لە حاڵی خۆیان لە ڕووی ئایینییەوە نەکردوەتەوە، لەو

ڕۆژانەی دەوڵەت دەوڵەتی خۆیان بوە و دەسەڵات دەسەڵاتی خۆیان بوە و جڵەوی حوکم بە دەستی خۆیانەوە بوە و ڕەتکردنەوەی هەر شتێك لای خۆیان بوە، ئەی ئەمڕۆ کە هەموویان و بەتایبەتی عەرەبەکانیان لە ژێر دەسەڵاتی دەرەکیدان و لە ژێر حوکمی ئەواندان ئەگەر بە نێوەندگیری حاکمەکانیشیان بێت، هیچ بەهانەیەك لای خەڵك نییە و هیچ لێبوردنێکیان لای خودا نییە.

بە سەری خۆم ئەگەر موسوڵمانان لە عەرەفاتدا خانوویەکی کۆنگرەی گشتییان هەبوایە ـ وەك باسمان کرد ـ ئێستا پارچەیەك زەویی ئازادیان دەبوو کە بە ئازادی تێیدا کۆ ببنەوە و بە ئازادی بیر بکەنەوە، لەم ڕۆژانەدا کە لە وڵاتی خۆیاندا ئازاد نین، چۆن ئەوە دەکەن کە ئەوان ئەمڕۆ لە پێناو یەك شتدا حەج دەکەن، ئەویش پێیان بڵێن حاجی لە کاتی گەڕانەوەیان لە مەککە، ئەم ناوە گەورەیی و شەرەفێکی ئایینییە لای خەڵکە گشتییەکە، کە لە ڕێزی خاوەنەکەی زیاد دەکات، تەنانەت هەندێکیان پاش حەجکردنەکەی ئەگەر پێی نەڵێیت حاجی توورە دەبێت، وەك بە چاوی خۆم لە هەندێکیانم بینی، بریا ئەم نازناوەی بە ماف و موستەحەقی وەردەگرت، بەڵام کە دەرچوو بۆ حەجکردن بۆ مەککە لە حەجکەرانی ئەمڕۆ نەزانتر بوو، لە کاروباری حەج و کۆڵەکەکانی و ئەرکەکانی و سەرجەم ئەحکامەکانیدا نازانێت و، نازانێت چۆن خول بخواتەوە، چۆن هەوڵ بدات (هاتوچۆی نێوان سەفاو و مەروە –و-)، چۆن بەرد لە شەیتان بدات و چەند بەرد و، چی بڵێت و چۆن ئەوانە بە جێ بهێنێت.

ئەو لەوانەدا وەك تەختەیەك دەبێت بە دەست ئەوەی خولیان پێ دەدات چۆن بیەوێت، زۆرینەی ئەو حاجییانە فەریزەی حەج بە دەستی ئەو کەسانە جێبەجێ دەکەن کە خەڵکی مەککەن و هەر ڕێبەرێك بە سەر کۆمەڵێکەوە خولی پێ دەدات و دەبێتە ئیمامیان و دوای دەکەون و لە دوای ئەوەوە خول دەخۆنەوە، ئەگەر بڕوات دەڕۆن، ئەگەر خێرا بێت خێرا دەبن، ئەگەر بوەستێت دەوەستن، گوێ لە قسەکانی دەگرن و دەیڵێنەوە، ئاوها لە سەرجەم کردەوەکانی حەجکردندا، ئەوە کە هەڵیان دەستێنێت و دایان دەنیشێنێت تا ئەو ڕۆژەی دەردەچن لە مەککە و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەگەر پرسیار لە یەکێکیان بکەیت لە پاش گەڕانەوەی لە مەککە چۆن حەجی کردوە و، چیی کردوە و، چیی بینیوە، ناتوانێت وەڵامت بداتەوە مەگەر بە هەڵە وەڵامت بداتەوە.

ئەوەی پێکەنیناوییە، یەکێك لە حاجییە قۆشمەکانی خەڵکی موسڵ بۆی باس کردم: پاش گەڕانەوەی لە مەککە، پرسیاریان لێ کردوە، زمزمت بینیوە؟ گوتوویەتی: وەك ئەوەی بینیبێتم و کەوتوەتە باسی جوانی و... پێیان گوتوە: بەڵات لێ بدات زمزم ژنت نییە، بیری ئاوە بیر، بە سەر لێوانەوە (بە ورتەورت) گوتوویەتی لەوانەیە دوای من هەڵیان کەندبێت.

(60)

باوکایەتیی ئیبراهیم بۆ عەرەبی عەدنانی

کە باسکردنی حەج تەواو بوو، وا گونجاوە کە قسە لە سەر باوکایەتیی ئیبراهیم بۆ عەرەبی عەدنانی بکەین، لەبەر ئەوەی پێوەندیی بە حەجەوە هەیە، عەرەبی جاهیلی لەو باوەڕەدا بوون کە ئیبراهیم کەعبەی بنیاتناوە و ئیبراهیمیش باوکی عەرەبی عەدنانییە، قورئانیش پشتگیری لەوە دەکات و تێیدا هاتوە (و اذ یرفع ابراهیم القواعد من البیت)1، واتە: ئیبراهیم ستونەکانی خانوەکە(کەعبە وئیسلام) بەرز دەکاتەوە،لە سەر ئیسلامیش هاتوە(ملە ابیکم ابراهیم هو سماکم المسلمین من قبل)2. واتە: ئێوە میلەتی باوکتان ئیبراهیمن کە پێشتر ناوی لێناون ئیسلام.

مێژوو لەم مەسەلەدا تاریکە، هیچ تروسکاییەکی ڕووناکی تێدا نییە، کە توێژەر دوای بکەوێت بۆ گەییشتن بە حەقیقەت، ئەوەی حیکایەتخوانان لە سەر ئەم بابەتە گوتوویانە جگە لە فڕێدانی قسەی بێ بنەما و زارەکی هیچی تر نییە، گێڕانەوەکانیان شڵەژاوە و قسەکانیان دژ بە یەکە، نازانیت -لە پێشتر- لەبەر ئەوەی حیکایەتەکانیان سەبارەت بە ژیانی ئیبراهیم بۆ عەرەبی عەدنانی و بنیاتنانی کەعبە لە پرسە مێژووییەکان نازانین و لە ڕووی مێژووییەوە قسەی لە سەر ناکەین، بەڵکوو وەك باوەڕێك دای دەنێین کە عەرەب باوەڕیان پێ بوە، با لەم بارەوە قسە بکەین کە چۆن عەرەب ئەم باوەڕەیان بۆ پەیدا بوە و، لە کوێوە هات، بەڵام ئەی خوێنەر وا نەزانیت کە شتێکی یەقین و ورد و زانستیت دەدەمێ، بەڵکوو ئەوەت دەدەمێ کە بۆی دەچم، ئەگەر ئەمەت بە زانست بینی، وەك ناوك چۆن فڕێ دەدرێت فڕێی بدە.

عەرەب لە کاتی جاهیلی دوو عەقیدەیان هەبوو، یەکەم: کەعبە دروستکراوی ئیبراهیمە، دووەم: ئیبراهیم باوکی عەرەبی عەدنانییە و ئەوان لە وەچەی ئیسماعیلی کورین، عەقیدەی یەکەم لە دووەم بە پێشتر دەبینم لە کاتدا و عەقیدەی دووەم لە دوای ئەوە ڕووی داوە، با ئەوە بە هۆکار و شیتاڵەکانییەوە: عەقیدەی یەکەم، مەبەستم گەڕانەوەی بنیاتنانی کەعبە بۆ ئیبراهیم، ئەوەی دای هێناوە و دای ناوە گەورەی کەعبە لە پێش قورەیش بوە، واتە لە جورهم یان خوزاعە، ئەوەی وای لێ کردوون ئەوە بڵێن، گەورەکردنی پێگەی کەعبەیان ویستوە لای عەرەب، بەوەی ئیبراهیم کەسایەتییەکی پیرۆز بوە و لایان ناسراو بوە، کاتێك ویستیان عەرەب پابەند بکەن بە حەجکردنی و هەموو ساڵێك بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، بەو پێیەی کە لە قسە دەربارەی بنیاتنانی حەجکردن باسمان بۆ کردن، بنیاتنانەکەیان خستە پاڵ ئیبراهیم بۆ گەورە و پیرۆزکردنی لای عەرەب و پابەندکردنیان بەوەی هەموو ساڵێك بێن بۆ حەج بۆ کەعبە و بەوەیش سەرۆکایەتیی ئایینیان بۆ دەستەبەر دەبێت و دەچەسپێت و، بەوەیش سەرۆکایەتیی دونیایی دەسەپێنن بە سەر سەرجەم عەرەبدا، ئەمە قسەی حیکایەتخوانان ڕەت ناکاتەوە کە گوتوویانە کەعبە پێش ئیبراهیم بنیاتنراوە و ئیبراهیم بنیاتی نەناوە، بەڵکوو ئەو بنیاتنانەکەی دیاری کردوە، کە بە ڕووکەشی قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە ئیبراهیم لە بنەڕەتدا بنیاتی ناوە نەك نوێی کردبێتەوە، جا ئەگەر بنیاتی نابێت یان تازەی کردبێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێت کە عەرەب دەڵێن لە بنیاتنانی ئیبراهیمە.

عەرەب لە سەر ئەم عەقیدەی گەورەکردنی کەعبە و حەجکردنی لە کۆنەوە بەردەوام بوو، تا قوسەی هات و بە فێڵوتەڵەکە بەڕێوەبردنی کەعبەی لە خوزاع برد، لەو کاتەدا کاروباری کەعبە بە دەست حەلیلی خوزاعی دواین گەورەی ماڵ و حاکمی خوزاعە بوو لە مەککەدا.

قوسەی کچەکەی ئەم حەلیلەی مارە کرد و، کاتێك حەلیل مرد، قوسەی گوتی ئەو لە پێشترە نەوەك خوزاعە بۆ کاروباری بەڕێوەبردنی مەککە، لەبەر ئەوەی قورەیش لە ئیسماعیل کوری ئیبراهیم نزیکترن نەوەك خوزاعە، لەبەر ئەوەی لە نەوەی ئیسماعیلن، قوسەی داوای لە قورەیش و بەنی کینانەی کرد خوزاعە لە مەککە دەربکەن و بە قسەیان کرد و خەڵکی تریش لە خوزاعە، کە برایەکی لە دایکییەوە هێنابوونی کەوتن لەگەڵیاندا، لەبەر ئەوەی دایکی قوسەی شووی بە یەکێکی خوزاعەیی کردبوو، بەوەیش قوسەی دەستی خوزاعەی لە حوکمی مەککە و گەورەیی مەککە وەلا نا، وەك لە سیرەی حەلەبیدا باس کراوە.

گێڕانەوەی تر هەیە دەڵێت: کە حەلیل مرد وای کرد کاروباری ماڵەکە بۆ قوسەی بمێنێتەوە، دەڵێن: ئەمە بە ئەبی غەبشانی ڕاسپارد پاش ئەوە وەسیەتی بە کچەکەی واتە ژنەکەی قوسەی کرد، قوسەی ئەمەی لە ئەبی غەبشانی بە گۆزەیەك مەی وەرگرت، لەگەڵ چەندین گێڕانەوەی تردا کە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە.

ئەوەی ڕاستی بێت، خوزاعە ڕازی نەبوو بە داواکەی قوسەی، کە ئەو گەورە ماڵ بێت تا شەڕ بەرپا بوو لە نێوانیاندا و کوشتارێکی زۆری لێ کەوتەوە، لەگەڵ چەندین بریندار هەر دوو لا و ئینجا داوای ئاشتەواییان کرد و ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کە پیاوێکی عەرەب دادوەر بێت لە نێوانیاندا، ئەویش یەعمور کوری عەوف بوو کە پیاوێکی بە شکۆ بوو، پێی گوتن وادەی دانیشتنتان چۆڵەوانییەکەی مەککەیە بۆ سبەینێ، کاتێك کۆ بوونەوە، یەعمور هەڵسا و گوتی: ئەو خوێنەی لێرەدا ڕژان خستمە ژێر هەر دوو پێمەوە، هیچ کەسێك داواکاریی تۆڵەی خوێنی لە سەر ئەوی تر نییە، حوکمی ئەوەی دا کە قوسەی لە پێشترە بۆ حوکمی مەککە و ئەویش گرتییە دەست، وەك دیسان لە سیرەی حەلەبیدا باس کراوە.

بێگومان گەڕاندنەوەی قوسەی بۆ وەچەی ئیسماعیل بۆ چەسپاندنی گەورەیی ماڵ بوە و لە پێشتر بوە لە خوزاعە و ئەوە نهێنیی سەرکەوتنی بوە بە سەر خوزاعە و بردنی دەسەڵاتی حوکمداری ماڵ واتە کەعبە لەوان، ئەم داواکارییەی لەگەڵ حەز و ئارەزووی قورەیشدا یەکی گرتەوە وەك لەگەڵ بەنی کینانەیشدا یەکی گرت، لەبەر ئەوەی کینانە لە عەدنانییەکان بوون، واڕێك دەکەوێت لە کوری ئیسماعیل بن و ئەوان لە پێشترن بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و سەندنەوەی لە خوزاعە، بێگومان ئەو ماڵەی کە ئیبراهیم بنیاتی ناوە؛ بۆ بەڕێوەبردنیی نەوەکانی لە پێشترن لە یەکێکی تر، وەك قورەیش بنەچەی خۆی گەڕاندەوە بۆ عەدنان، باوکایەتیی ئیبراهیم بۆ عەرەبی عەدنانی لە قوسەیەوە دەست پێ دەکات و وای لێ هات کە قورەیش باسی بکەن تا محەمەد هات و قسەی کرد و بردی وەك لە قەومەکەیەوە وەری گرت. ئەوانەی خوداپەرست

بوون پێش ئەو باسیان کردوە، لەوانە زەید کوری عەمرو کوری نەفیل و خەڵکی تر، تەماشای سەرەتای توێژینەوەکە بکە دەربارەی حەج و ئەوەی لە سەر کەعبە باسمان کردوە.

هەواڵگرییەکانی (ئیستیخبارات) محەمەد
لەم زەمانی ئێمەدا هەواڵگریی لای وڵاتە زلهێزەکان پێگەیەکی مەزنی لە سیاسەت و لە شەڕەکانیاندا هەیە، هەر وڵاتێك لەوان کە پێکهێنراوە، دەزگای هەواڵگریی تایبەتی خۆی هەیە و پارەپەکی زەبەلاحی بێ شومار لەو ڕێگەیەوە خەرج دەکات، ئەوەی گومانی تێدا نییە، کە ئەو دەوڵەتەی سەرکەوتنی لە سیاسەت و شەڕدا زۆرتر بێت، ئەوەیە کە باشترین و فراوانترین سیستمی دامودەزگای هەواڵگریی هەیە، بێگومان ئەم هەواڵگرییە وای لێ دەکات ئەگەر بیەوێت ئاگاداری و زانیاری لە سەر هەر شتێکی پێوەندیدار دەبێت، لەوەیشدا تێڕوانین و دیدگای خۆی دەبێت لە سەر سەرجەم کردەوەکانیدا، ئەمەیش گەورەترین فاکتەری سەرکەوتنە. ئەم مەسەلەی هەواڵگرییە گرینگترین هۆکاری سەرکەوتنە، حەقیقەتی ئێستامانە و لەم زەمانەدا لە لایەن سەرجەم وڵاتانەوە کاری پێ دەکرێت و، ئێمە ئەگەر کتێبی سیرەی محەمەد بخوێنینەوە، دەزانین کە محەمەد زاناترین خەڵك بوە و بە توندوتۆڵترین شێوە دەستی پێوە گرتوە و بەو پێیە کاری خۆی کردوە، دیسان دەزانین کە لە سەرجەم حاڵەتەکانیدا پشتی بە دوو شت بەستوە: یەکەم، نهێنیپاراستن، دوەم: هەواڵگری. با لێرەدا باسی هەر یەکە و لەم شتانە بکەین، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری ڕوون بکەینەوە.

(نهێنیپاراستن (شتشاردنەوە
لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتوە: (لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانتان پەنا بۆ نهێنیپارێزی بەرن، هەموو خاوەن نیعمەتێك ئیرەییی پێ دەبرێت). هەروەها محەمەد ئەو کارانەی گرینگ بوون لای خۆی بە نهێنی دەیهێشتەوە و هیچ شتێکی لێ نەدرکاند، جگە لای ئەوانەی متمانەی بە ڕاستگۆیی و ئامانەتیان هەبوو، ئەگەر ویستیێتی دەرچێت بۆ غەزا، ئاڕاستەی ڕۆیشتنی بۆ خەڵك دەرنەخستوە و باسی شوێنی ڕۆیشتنی نەکردوە، لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییم دا هاتوە: (پێغەمبەری خودا سڵاوی خودای لێ بێت، بە کەمی بۆ غەزایەك دەرچووبێت، ناوی شوێنێکی هێناوە و مەبەستی جێگەیەکی تر بوە، جگە لە غەزای تەبوك، لەبەر دووری و ناڕەحەتی و سەختیی کاتەکە و زۆریی دوژمنەکانی پێشوەخت لێدوانی لە سەر داوە)، لێدوان لەو بارەوە وای لە خەڵکەکە کرد قازانج بکەن و ئامادەباشیی بۆ بکەن، کاتێك محەمەد غەزای بەنی سەلیمی کرد ئەو غەزایەی کە نووسەرانی بەسەرهاتەکان بەغەزای بەحران ناوی دەبەن، هیچ ئاڕاستەی ڕێکردنەکەی دیاری نەکرد، وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. هەندێك جار ئەگەر غەزای بکردایە باسی شوێن و ئاڕاستەیەکی وای دەکرد کە بە دەر بوو لەو مەبەستەی هەیبوو، ئەمەیش بۆ چەواشەکردن و بەرچاوتاریککردنی دوژمن بوە، وەك لە غەزای بەنی لەحیان (عەشیرەتی هەزیل) کردی، لە سیرەی حەلەبیدا: پێغەمبەری خودا غەزای بەنی لەحیانی کرد و داوای ئەوانەی ڕووداوی ڕەجیعی لێ کردن. کە خەبیب و هاوڕێیانی بوون و لە بیری مەعونە کوژران. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر زۆر بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە لە ڕەجیعدا کوژران ناڕەحەت بوو و ویستی تۆڵەیان لە هەزیل بکاتەوە، فەرمانی کرد هاوەڵانی ئامادە بن و وای نیشان دا کە دەیەوێت ڕوە و شام بڕوات. بێگومان ئەمە بۆ بەرچاولێڵکردنی دوژمن کردوویەتی، بۆ ئەوەی غافڵگیریان بکات و ئەوان ئاگایان لێ نەبێت.
دەڵێن لە یەکێك لە سریەکانیدا، تەنانەت فەرمانەکانی لە فەرماندەی سریەکەیشی شاردوەتەوە، کە بۆ ڕوانگەی بینینی کاروانە بارەکەی قورەیش ناردوویەتی بۆ ئەوەی هەواڵیان بۆ بهێنێت، ئەمەیش ڕۆژێك بوو بە عەبدوڵڵای کوری جەحشی پاش ئەوەی نوێژی شێوانی کرد، گوتی: (بەیانی خۆت و چەکەکەت وەرە دەتنێرم بۆ شوێنێك) بەیانییەکەی هات بۆ لای دەرگاکەی، پێغەمبەری خودا ئەبی ئیبن کەعبی بانگ کرد، کە یەکێك بوو لە نووسەرانی، فەرمانی پێ کرد و نووسراوێکی نووسی، ئینجا داوای لە عەبدوڵڵای کوری جەحش کرد و نووسراوەکەی پێ دا و گوتی: تۆم بە سەر ئەو چەند کەسەوە داناوە. ئاماژەی بۆ چەند کەسێك کرد کە لەوێدا بوون، ئینجا ئاڵایەکەی ڕادەست کرد و ناوی لێ نا، میری باوەڕداران. خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: وەك ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانە هەشت دانە بن، دەڵێن: دوانزە لە کۆچبەران بوون، سەعدی کوری ئەبی وەقاس و عیینەی کوری غەزوان و واقدی کوری عەبدوڵڵا و عەکاشی کوری موحەسەنی تێدا بوە، دەڵێت فەرمانی بە عەبدوڵڵا کرد کە تەماشای ئەو

نووسراوە نەکات تا ماوەی دوو ڕۆژ بەرەو مەککە دەڕوات و ئینجا تەماشای بکات و بڕوات بۆ ئەوەی فەرمانی پێ کراوە و زۆری لە هیچ کەس لە هاوەڵانی نەکرد لەگەڵدا بڕۆن. کاتێك عەبدوڵلا کەوتە ڕێ، ماوەی دوو ڕۆژ ڕێی کرد، دوای ئەوە نووسراوەکەی کردەوە، نووسرابوو: بە ناوی خودای بەخشندە بڕۆ و زۆر لە کەس و لە هاوڕێیانت نەکەیت لەگەڵتدا بێن و بڕۆ فەرمانەکەم جێبەجێ بکە، تا دەگەیتە نەخلە (شوێنێکە لە نێوان مەککە و تائیف) لەوێدا چاودێری و ڕوانگە بۆ کاروانە بارەکەی قورەیش دابنێ و هەواڵەکانیانم بۆ بهێنە. بێگومان بەنهێنیهێشتنەوەی کارەکە تەنانەت لە فەرماندەیی سریەکەیش، هیچ هۆیەکی نەبوە جگە لەوەی ویستویەتی کەس لە مەدینە بەو کارە نەزانێت، لەبەر ئەوە چاوی دووڕووەکانی قورەیشی لێ بوە، ئەگەر بیانزانیبایە، لەوانەیە شتێکیان بۆ قورەیش دەنارد کە بەو کارە بزانن، هەروەها محەمەد بە هەمان شێوە لە دەرچوون بۆ غەزای قورەیش و گرتنی مەککە جووڵایەوە، یەکەم بە نهێنی هێشتییەوە، ئینجا ئاشکرای کرد. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا فەرمانی بە خەڵکەکە کرد کە ئامادە بن و فەرمانی بە خێزانەکەی کرد کە پێداویستییەکانی بۆ ئامادە بکەن و بە عایشەی گوت: شتەکانم ئامادە بکە و کارەکە بە نهێنی بهێڵەوە، دەڵێت: ئەبووبەکر هات بۆ لای عایشەی کچی و بینیی هەندێك پێداویستییەکانی سەفەری پێغەمبەر ئامادە دەکات، گوتی: ئێ کچم، پێغەمبەر فەرمانی پێ کردوون ئامادەباشی بۆ بکەن؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: وا دەبینی بۆ کوێ دەڕوات؟ گوتی: نەخێر بە خودا نازانم. لە (الإمتاع) دا هاتوە: ئەبووبەکر لەو کاتەی پرسیاری لە عایشەی کردوە، پێغەمبەری خودا هاتوەتە ژوورەوە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا ویستی سەفەرت هەیە؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: خۆت ئامادە دەکەیت؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: بۆ کوێ دەڕۆیت ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: بۆ قورەیش بەڵام ئەمە .بشارەوە ئەی ئەبووبەکر

دەڵێت: پێغەمبەری خودا فەرمانی بە خەڵکەکە کرد و ئاراستەکەی لێ شاردنەوە و کە بۆ کوێ دەیەوێت بڕوات و، ناردی بۆ لای خەڵکی دەشتەکی و ئەوانەی لە دەوری بوون لە موسوڵمانان لە هەر لایەکەوە بووبێ پێی گوتن: ئەوەی باوەڕی بە خودا و ڕۆژی ئاخیرەت هەیە لە ڕەمەزاندا بێت بۆ مەدینە، لەوێدا دوعای دەکرد و دەیگوت: خودایە، چاو و هەواڵەکان لە قورەیش ببەستە تا لە پڕدا لە وڵاتی خۆیان دەدەین بە سەریاندا، لە گێڕانەوەیەکی تردا، گوتوویەتی: خودا کەڕولاڵیان بکەیت بۆ ئەوەی لە پڕێکدا بدەین بە سەریاندا و نەمانبینن، بۆ ئەوەی بە کتوپڕی بیانگەینێ، گوتی: کاتێك پێغەمبەر فەرمانی کرد بۆ خۆئامادەکردن، لە هەر ڕێگەیەك کۆمەڵێك خەڵکی دادەنا بۆ ئەوەی بزانن کێ لەوێوە دەڕوات و پێی گوتن: هیچ کەسێك نەهێڵن بڕوات لێرەوە کە نەیناسن، بیگەڕێننەوە. خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: ئینجا سڵاوی خوای لێ بێت هەواڵی دا بە خەڵکەکە کە دەڕوات بۆ مەککە و فەرمانی کرد کە وریا و ئامادە بن. لەمەدا بۆت دەردەکەوێت کە نهێنیپارێزی لە دید و بۆچوونی ئەودا بوە، بەتایبەتی لە شتێکدا کە شەڕ .بکات و دوژمن بگرێت

(هەواڵگری (هەواڵوەرگرتن
هەواڵگری لە زماندا بە واتای هەواڵوەرگرتن و هەواڵزانین دێت، ئەمەیش بە ناردنی چاو و سیخوڕ دەبێت، ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت لەوەی حیکایەتخوانان لە سەر بەسەرهاتی محەمەددا باسیان کردوە، کە لەم بارەوە لە شوێنێکی ئارامدا بوە، واتە بە توانا و درەوشانەوەی عەقڵ و ژیرییەکەی بەگوڕ بوە و ناخی خەڵکی بە دەموچاوییەوە دەخوێندەوە و، لە چاوانیاندا ئەوەی لە ویژدانیاندا هەبوە دەیخوێندەوە، ئەگەر بتەوێت ئەوە بزانیت، ئەوە دەربارەی قسەی فەزاڵە وێنا بکە، فەزاڵەی کوڕی عەمیر کوڕی مەلوع لەگەڵ خۆیدا دەربارەی کوشتنی محەمەد لێی نزیک بوەوە، گوتی: ئەی فەزاڵە، فەزاڵە وەک کەسێکی تۆقێنراو ئاگادار بوەوە و گوتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، گوتی: چیت دەگوت لەگەڵ خۆتدا؟ گوتی: هیچ شتێک، ناوی خودام دەهێنا، پێغەمبەری خودا پێکەنی و پێی گوت: تۆبەی خودا بکە، ئینجا دەستی شەریفی خستە سەر سینگی و دڵی هێور بوەوە، فەزاڵە گوتی: بە خودا دەستی لە سەر سینگم هەڵنەگرت تا خودا شتێکی لە ناخمدا دروست کرد، وای لێ هات کە هیچ شتێک لە ئەو خۆشەویستتر نەبێت لام. تەماشا بکە چۆن ئەوەی لە دڵی فەزاڵە بوە لە دەموچاویەوە خوێندوەتەوە، بێگومان فەزاڵە لەگەڵ خۆیدا دەربارەی کارێکی مەزن قسەی کردوە، کە ڕوح و گیان دەتۆقێنێت و مرۆڤ نیگەران دەکات، چۆن وا نەبێت کە ئەو قسەی لەگەڵ خۆیدا دەربارەی کوشتنی پیاوێکی مەزن مردبێت، کە هەزاران کەس بە گەورەی دەزانن و پیرۆزی دەکەن و

هەریەکە و حەز دەکات لە نێوان دەستی ئەودا و لە پێناو ئەودا بمرێت، مەبەستی فەزاڵە لەو کاتەدا لە گیانیدا دەرکەوتوە و لە شێوە و لە ڕوکەشیدا دەرکەوتوە و لە حاڵەتێکی ئارامیی ئاساییدا نەبوە و هێمن نەبوە و، دەموچاوی لە سەر ڕەنگی ئاسایی خۆی نەبوە و هەروەها سیمای وەک خۆی نەبوە، کاتێک پێغەمبەر تەماشای کردوە بە هێزی ژیری و زیرەکیی خۆی و تێرامانی خۆیەوە زانیویەتی کە دەربارەی کارێکی مەزن و سامناک قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات، .بۆیە لێی نزیک بوەوە و پرسیاری لێ کرد

هەر کەسێک کتێبەکانی بەسەرهاتی پێغەمبەر بە وردی و تێرامانەوە بخوێنێتەوە، بە یەقینی دەزانێت محەمەد سەرەڕای ژیری و مێشک فراوانی چاوی لەم لا و ئەو لا هەبوە و سیخوڕیی بڵاو کردوەتەوە، چ تایبەتی بێت یان گشتی، بە ئاشکرا و نهێنی، بەتایبەتی پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە و لە یەهوودەکانی ئەوێ دوژمنی بۆ پەیدا بوو، کە جۆرەها فێڵوتەڵەی بۆ دادەنان و لە دواکەوتوانی دووڕوش هەبوو کە لە ناخیاندا بێ باوەڕ بوون و لە ڕوکەشدا موسوڵمان بوون و لە بەهانە دەگەڕان و خۆیان بۆ حەشار دابوو. زۆر جار ئەوەی لە دانیشتنەکانیان و لەوەی لە ناو کۆمەڵگا دەیکەن گەییشتوە پێی و ئاگاداریان کردوەتەوە لەوەی باسیان کردوە و ئەوەی کردوویانە، سەریان سوڕدەمێنێت و ڕووگیری زاڵ دەبێت بە سەریاندا و ڕەتی دەکەنەوە و داوای لێبوردن دەکەن. کتێبی بەسەرهاتەکان پڕن لە گێرانەوەی ئەم جۆرە باسانە، ئەگەر ئەم گێرانەوانە ڕاست بن، ئەوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن کە محەمەد چاوی لە نێو کۆمەڵگا بوە و سیخوڕیی نهێنی هەبوە، کە جگە لە خۆی کەس پێی نەزانیوە، ئەگەر وا نەبێت محەمەد زانیاری لە غەیبەوە بۆ نەهاتوە، لە قورئاندا هاتوە: {قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ} [النمل: 65]. واتە: بڵێ لە خودا بەدەر ئەوانەی لە ئاسمان و زەمیندان لە غەیب نازانن. هەروەها: {وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} [الاعراف: 188]. واتە: ئەگەر لە غەیبمان بزانیبا هیچ توشی خراپە نەدەبووم و لە خێرم زۆردەکرد ، بەڵام من وەکو موژدەبەخش و ئاگادارکەرەوە هاتووم بۆ ئەوانەی باوەڕدارن.

زەمەخشەری لە شیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا دەڵێت: ئەگەر حاڵم بەم شێوەیە نەبوایە کە هەم لە زۆرکردنی چاکە و فراوانکردنی قازانج و وەلانانی خراپە و زەرەر بۆ خۆم ئەوە تووشی هیچ شتێک لەو بارەوە نەدەبووم، جارێکیان سەر بکەوم و جارێکی تریش شکست بێنم لە شەڕەکاندا و، قازانج و زەرەر بکەم لە بازرگانیدا، ڕاست و هەڵە بکەم لە کاروبارمدا، من جگە لە کۆیلەیەک بۆ مژدەبەخشین و ئاگادارکردنەوە نەبێت، زانست و زانینی غەیب پێوەندیی بە منەوە نییە. لێرەدا هەندێک نموونەی ئەو گێرانەوانەت بۆ باس دەکەین کە ئەگەر ڕاست بن بەڵگەی .یەکلاکەرەوەن لە سەر ئەوەی محەمەد پێکهاتەی هەواڵگریی سەرسوڕهێنەری هەبوە

چیرۆکی شڵەژانی دووڕووەکان لە غەزای تەبوکدا: لە سیرەی حەلەبیدا لە باسی غەزای -١ تەبوکدا دەڵێت: کۆمەڵێک لە دووڕوەکان لە ماڵی سوەیلمی یەهوودی کۆ بوونەوە، هەندێکیان بەوی تری دەگوت: وا دادەنێین شەڕ و بەسەرداکوتانی بەنی ئەسغەر وەک شەڕی خۆبەخۆی عەرەبەکانە، بە خودا سبەینێ دەبینن کە چۆن بە پەت دەبەسترێنەوە (مەبەست هاوەڵانی محەمەدە)؛ ئەمە لە پێناو ترساندن و تۆقاندنی باوەڕدارانیان باس دەکرد، پێغەمبەری خودا لەوێدا بە عەماری کوری یاسری گوت: بگە بە قەومەکە لەوانەیە سووتابن، پرسیاریان لێ بکە چییان گوتوە، ئەگەر ڕەتیان کردەوە چییان گوتوە بڵێ: بەڵکوو ئەوە و ئەوەتان گوتوە و، عەمار دەرچوو بۆ لایان و ئەوەی پێگوتن، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا و داوای لێبوردنیان کرد گوتیان: ئێمە گەمە و گاڵتەمان کرد، خودا ئەمەی دابەزاند: {وَلَئِنْ سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ} [التوبە: 65] ..واتە: ئەگەر لێشیان بپرسی خەرێکی چین؟ دەلێن ئیمە خەریکی گاڵتەو گەپین

زەمەخشەری ئەم چیرۆکەی لە (الكشاف) بە شێوەیەکی تر باس کردوە، دەڵێت ئەوەی ئەم قسانەی کردوە لە سوپا هێرشبەرەکەی سەر تەبوك بوە لەگەڵ محەمەددا، لە کاتی ڕۆیشتن بۆ تەبوك نەك لە ماڵی سوەیلی یەهوودی، دەڵێت: خودا ئەوەی بە پێغەمبەر گەیاند کە باسیان لێ کردبوو، دەڵێت: لە سەر ئاژەڵەکانیان بوون، هات بۆ لایان و پێی گوتن ئەوە و ئەوەتان گوتوە، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا نەخێر، بە خودا هیچ باسێکی تۆ و هاوەڵانتمان نەکردوە، بەڵام باسی شتێکمان کردوە، کە گەشتیار بۆ گەمە و گاڵتە باسی دەکات بۆ ئەوەی سەفەرەکە .کورت بکاتەوە

ئەگەر لە ماڵی سوەیلی بووبن یان لەگەڵ محەمەد لە سوپاکەیدا بووبن، کەیسەکە یەك شتە .بۆ ئەوەی باسی دەکەین

ـ چیرۆکی ونکردنی حوشترەکەی: ئەم چیرۆکە لە دوو شوێندا باس کراوە، لە غەزای تەبوك و ٢ غەزای بەنی موستەڵەق، لەوانەیە باسکردنی لە غەزای بەنی موستەلەق لە تێکەڵکردنی حیکایەتخوانانەوە هاتبێت، وەك خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: کورتەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە، حوشترەکەی محەمەد لە غەزای تەبوکدا وێڵ بوو و گوم بوو لێیان، پیاوێك لە دووڕووەکان لەوانەی کە دەرچووبوون لەگەڵ محەمەد، بۆ هیچ شتێك نەهاتبوون جگە غەنیمەت و ڕاوڕووت و بە دەست هات، گوتی، (محەمەد خۆی وا دادەنێت پێغەمبەرە و هەواڵی ئاسمانتان پێ ڕادەگەیەنێت و نازانێت حوشترەکەی لە کوێیە)، پێغەمبەری خودا گوتی: پیاوێك ئاوا و ئاوا دەڵێت، من بە خودا هیچ شتێك نازانم جگە لەوەی خودا فێرم دەکات و پێم دەڵێت، خودا شوێنەکەی پێ گوتم، حوشترەکە لەو پێچاوپێچە دایە، دارێك بە جڵەوەکەیەوە بەستوویەتییەوە، دەربچن بۆ ئەوەی بیگێڕنەوە، ڕۆیشتن بینییان لەوێدایە و هێنایانەوە. گوتی: کاتێك هەندێك لە هاوەڵانی گوێبیستی ئەوە بوون، دەڵێن عەمار کوڕی حەزم بوە وەك لە سیرەی ئیبن هیشامدا هاتوە، هاتوە بۆ لای کاروانەکە و بەوانەی لەوێ بوون گوتوە: بە خودا سەرسوڕهێنەرە کە پێغەمبەری خودا قسەی یەکێك بکات و بڵێت خودا پێی ڕاگەیاندوە، قسەکەی گوت، هەندێك لە پیاوانی کاروانەکە گوتیان ئەم قسەیە فڵانە کەس گوتی (واتە کەسێك لە کاروانەکە ناوی زەید کوڕی لە سیت بوە، وەك لە سیرەی ئیبن هیشامدا هاتوە) گوتیان پێش ئەوەی تۆ بێیت ئەم قسەیەی کرد، گوتی: وەرە بۆ لام ئەی خوداپەرست، بلیمەتێکم لەگەڵدایە و هەستی پێ ناکات، ئینجا ئاوڕی بۆ زەید کوڕی لە سیت دایەوە و پێی گوت: ئەی دوژمنی خودا لە کاروانەکەم دەرچۆ و لەگەڵ مندا مەبە، لە کاروانەکەی دەری کرد.

تێبینی

ئەگەر بڵێیت: وا دابنێین یەکێك لە سیخورەکانی قسەی ئەو پیاوە دووڕووەی گەیاندبێت بە محەمەد، ئەی کێ شوێنی حوشترە ونبوەکەی پێ گوت و چۆن زانیی جڵەوەکەی بە دارێکەوە لەو پێچاوپێچە گیری خواردوە، ئەی ئەم سیخورە نەیتوانی بیهێنێتەوە، دەڵێم: قسەی حیکایەتخوانان لەم کەیسەدا پچڕپچڕە، ئەوان لە بارەی ئەو پێچاوپێچەی دۆڵەکەی کە حوشترەکەی تێدا بوو و دۆزرایەوە، هیچ شتێکیان باس نەکردوە و نەیانگوتوە لە کوێدایە و کێ سوپای لەوێ دابەزاندوە و، ئایا دوور بوە لێی یان نزیك بوە، هەروەها باسی ئەو شوێنەیان نەکردوە بە کتومتی کە حوشترەکەیان تێدا دۆزیوەتەوە، ئایا لە کاتی دابەزاندنیان گومیان کردوە یان لە کاتی ڕۆیشتنیان یان لەو کاتەی لەوێ بوون، هەموو ئەمانە حیکایەتخوانان گرینگیان پێ نەداوە و باسیان نەکردوە، بەڵکوو تەنها باسی ئەو هەواڵەیان کردوە کە لە ئاسمانەوە هاتوە و ئەویش بە ناتەواوی باسیان کردوە، وا بێت ئێمە بۆ ئەوەی ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکی مەعقوول لە تاریکی و تنوکی دەربکەین، ئەگەر لەگەڵ ئەوەیشدا بین دەتوانین بڵێین: لە قسەی محەمەد لە سەر حوشترەکەی وا لەو پێچاوپێچە دایە و بە جڵەوەکەی بەو دارەدا بەستراوەتەوە، لە پێچەکاندا داروودرەخت هەیە، ئەوەی زانراوە پێچاوپێچ لە نێوان دوو شاخدایە و هیچ دوور نییە داری تێدا بێت، لەبەر ئەوەی لێژی شاخەکان ڕێگەی پێداچوونی ئاوی بارانە و داری تێدا دەڕوێت، وا دەردەکەوێت ئەم پێچاوپێچە لە سەر سەربازگەکەوە نزیك بوە کە سوپاکەی تێدا دابەزیوە و زۆر دوور نەبوە، سوپاکە هەموو حوشترەکان یان هەندێك لێیان لەو پێچاوپێچەدا لەوەڕاندوە و حوشترەکەی پێغەمبەریشی تێیدا بوە، وەك نەریتی ئەوان، لە شوێنێکدا دابەزیون کە لەوەڕگەی تێدا بوە یان لێوەی نزیك بوە و حوشترەکانیان لەوێدا بە جێ هێشتوە بۆ ئەوەی بلەوەڕێن، وەك دەزانرێت حوشترەکان لە گەڵای ئەو ناوەیان خواردوە. لەو کاتەدا حوشترەکەی محەمەدیان ون کردوە کە ویستوویانە بڕۆن، لەو کاتەدا کە حوشترەکانیان کۆ کردوەتەوە کە لەو پێچاوپێچەدا دەلەوەڕاند و هێنایانن بۆ سەربازگەکە، حوشترەکەی محەمەدیان ون کرد و لە نێوان حوشترەکاندا نەبوو، لەوانەیە ئەوەی حوشترەکانی کۆ کردبێتەوە ئاگای لە حوشترەکەی محەمەد نەبووبێت، یان نەیانبینیوە لەبەر ئەوەی لە شوێنێکی دوورتر بوە، کە جڵەوەکەی لە دارێکدا گیری خواردوە، یان لە پێچە ڕێگەیەکدا بوە نەبینراوە و جڵەوەکەی بە دارێکەوە گیر خواردوە و لەوێدا ماوەتەوە، لەوانەیشە لە شوێنێکی دوور لە وەڕگەی سەرجەم حوشترەکانی تر بووبێت، لە لادان و لاپەڕە ڕێگەیەکی پێچاوپێچەکانی ئەو شوێنەدا ماوەتەوە، بۆیە ئەوانەی هاتوون بۆ بردنەوەی وڵاخەکان بۆ سەربازگەکە حوشترەکەی محەمەدیان نەبینیوە.

کە محەمەد ئەمەی زانیبێت و، زانیبێتی حوشترەکەی بە جڵەوەکەیەوە لەوێدا لەو لەوەڕگەدا دەلەوەڕێت، بە بیرتیژی و وردبینیی خۆی و ژیرێتیی زانیویەتی کە جڵەوەکەی لە دارێك گیری

بەستبێت لە کاتی لەوەڕدا و لەوێدا بە دارێکەوە گیری خواردبێت، ئەو لەو حاڵەتەدا بوە و قسەی پیاوە دووروەکەی بۆ هاتوە، قسەی خاوەن بەهرەیەکی پێ گوتن کە ئەو ئەگەر و شیمانەی وەك زانیاری بۆ باس کردوون: (خودا پیشانی دام و بە دارێکەوە گیری خواردوە لەو پێچاوپێچەدا) ڕۆیشتن و ئەو شوێنەیان پشکنی و وەك ئەوەی باسی کرد وا دەرچوو، هیچ دوور نییە محەمەد بە تیژبینیی خۆی بۆ ئەم شتانە بچێت، دەڵێت:

الألمعي الذی یظن بك الظن كأن قد رأى وقد سمعا

بە واتای: ئەوەی ژیر و ورد و دانایە کە لەبارەی شتێکەوە ئەو گومانەت لێ بکات وەك ئەوەی لەبارەتەوە گوێی لێبووە یان بینیبێتی.

بە گیانی خۆی ڕاستی کردوە کە گوتوویەتی: (خودا شوێنەکەی پیشان دام) لەبەر ئەوەی ژیری و تیژبینیی ئەو لە خوداوە بوە، ئەوەیشت لە بیر نەچێت کە محەمەد ئەو دەستەی کە بەیعەتی هاوڕێیانی پێ وەرگرت بە دەستی خودای دانا، وەك لە قورئاندا هاتوە: {إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ} [الفتح: 10]واتە: ئەو کەسانەی گفت(پەیمان) بە تۆ دەدەن با بزانن گفت بە خودا دەدەن و دەستی خودا لەسەر دەستی ئەواندایە.

٣ـ چیرۆکی مزگەوتی زرار: ئەوەی لە بنیاتنانی مزگەوتی زراردا پێوەندیی بە مزگەوتی قوباوە هەیە، ئەوەی مزگەوتی زرار لە دێی قوبا بنیات نراوە وەك یاقوت لە (معجم البلدان) دا باسی دەکات، وا پێویستی کرد، یەکەم جار باسی مزگەوتی قوبا بکەین، بۆ ئەوەی چیرۆکی مزگەوتی زرار بۆ خوێنەران ڕوون ببێتەوە، دەڵێین: قوبا دێیەکە، دوو میل لە مەدینەوە دوورە (واتە نزیکەی چوار کیلۆمەتر بە حیسابی ئەمڕۆ) دەکەوێتە لای چەپی ئەو کەسەی لە مەدینەوە بۆ مەککە بڕوات، ماڵی عەمرو کوڕی عەوف لە ئەنسارەکان کە لە زگەوە لە ئەوس بوون، لەم گوندەدا بوو. کاتێك پێغەمبەر کۆچی کرد بۆ مەدینە لە قوبا دابەزی و لە ماڵی کەلسووم کوڕی ئەلهەدم مایەوە، کە لەو کاتەدا شێخی بەنی عەمر کوڕی عەوف بوو، ئەگەر ڕاست بێت چوار ڕۆژ لە قوبا ماوەتەوە، وەك گێڕەوان باسی دەکەن، لە ڕۆژی پێنجەمدا بە ڕێ کەوتوە بۆ مەدینە. لە ڕۆژانی نیشتەجێبوونی لە قوبا مزگەوتێکی بۆ دروست کردن کە بە مزگەوتی قوبا ناسراوە، پێغەمبەری خودا نوێژی تێدا کردوە، یەکەم مزگەوتە کە پێغەمبەری خودا بە ئاشکرا و هێمنی تێیدا نوێژی بە هاوەڵانی کردبێت، ئینجا ئەم مزگەوتە پێگە و پلەی گەورەی پەیدا کرد و بەنو عەمرو کوڕی عەوف شانازییان پێوە کرد لە ئیسلامدا، ئەوەی لە قوبا موسوڵمان بوون، هەموویان نوێژیان تێدا کرد، پاش ئەوەی پێغەمبەر ڕۆیشت بۆ مەدینە ڕۆژانی شەممان، یان بە پیادە یان بە سواری دەهات و نوێژی تێدا دەکرد، حاکم لە زمانی ئیبن عەمر ڕاستی کردوەتەوە دەڵێت، پێغەمبەری خودا زۆر جار بە پیادە یان بە سواری هاتوە بۆ قوبا.

ئەمە قوبا و ئەمەیش مزگەوتەکەی، با باسی چیرۆکەکەی مزگەوتی زرارتان بۆ بکەین: گوتمان خەڵکی قوبا لە ئەوسەکان بوون، بە سەر دوو تیمدا دابەش بوون، تیمی یەکەم بەنو عەمرو کوڕی عەوف و تیمی دوەم بەنو غەنەم کوڕی عەوف، کاتێك تیمی دوەم کورانی مامیان بینی کە پێگەی مزگەوتەکەیان گەورە بوو و بە نوێژکردنی پێغەمبەر لەوێ شانازییان پێوە کرد، ئیرەییان پێ بردن، پیاوی دووڕوویان تێدا بوو، پێوەندیی بە ئەبی عامرەوە هەبوو، کە نازناوی ڕاهیبیان لێ نابوو، گەورەیەك بوو لە شێخەکانی ئەوس وەك عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەلوولی گەورەی خەزرەج، دوایی باسی ئەبووعامری ڕاهیبتان بۆ دەکەین.

ئەمانە ئیرەیی وای لێ کردن کە مزگەوتێك وەك مزگەوتەکەی کورە مامەکانیان بنیات بنێن و، لە پێغەمبەر داوا بکەن لە مزگەوتەکەی ئەوانیش نوێژ بکات، وەك چۆن لە مزگەوتی کورە مامەکانیان نوێژی کرد، وایان لێ هات بە خراپە باسی مزگەوتەکەی کورە مامەکانیان دەکرد و نوێژیان تێدا نەکرد و گوتیان: چۆن لە شوێنی بەستنەوەی کەر، نوێژ دەکەین، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنەی مزگەوتەکەیان تێیدا بنیات نابوو هیی ژنێك بوو کەرەکەی تێیدا دەبەستەوە، گوتیان نەخێر بە گیانی ئەو خودایە لەوێ نوێژ ناکەین. گوتیان: بەڵکوو مزگەوتێك بنیات دەنێین کە ئەبووعامر، بە ئەبووراهیب ناسرابوو. گەورەیەکی ئەوسەکان بوو بە هەمان شێوەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی سەلوول کە شێخی خەزرەج بوو، لە شام بگەڕێتەوە بە دوای پێغەمبەردا دەنێرین تا بێت نوێژی تێدا بکات، بۆ ئەوەی چاکەمان لە سەر برایانمان زیاتر بکات.

مزگەوتێکیانلە(خبیب) دروست کرد ، مزگەوتی بەنی عەمرو کوڕی عەوف وەك زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی باسی دەکات. موسوڵمانان هەموویان لەو لایەدا لە مزگەوتی قوبا نوێژی جەماعەتیان دەکرد، کاتێك ئەم مزگەوتە بنیات نرا، جەماعەتێك وازیان لە مزگەوتی قوبا هێنا و

نوێژیان لێرەدا کرد، ئەمە باوەڕدارانی دابەش کرد و لەوێدا کۆ بوونەوە و بە خراپی باسی پێغەمبەریان دەکرد و گاڵتەیان پێ دەکرد. خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: دەڵێن ئەبا عامری ڕاهیب فەرمانی پێ کردوون ئەو مزگەوتە بنیات بنێن، پێی گوتوون، مزگەوتێك دروست بکەن و تا چەند دەتوانن خۆتان پڕ چەك و هێز بکەن، من دەڕۆم بۆ لای قەیسەری ڕوم سەربازی ڕوم دێنم بۆ ئەوەی محەمەد و هاوەڵانی لە مەدینە وەدەر بنێین. ئەم مزگەوتە ئەم ئایەتەی لە سەر دابەزی: {وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مَسْجِدًا ضِرَارًا} [التوبە: 107]. واتە: ئەوانەی مزگەوتیان بۆ کاری خراپە وەرگرتووە. ئەم مزگەوتە بە ئەلزرار ناو نراوە لەبەر ئەوەی بۆ زەرەرلێدانی خەڵکی مزگەوتی قوبای بەنی عەمرو کوڕی عەوف بنیات نراوە، کاتێك لە بنیاتنانی تەواو بوون، هاتن بۆ لای پێغەمبەر کە لەو کاتەدا ئامادەباشیی دەکرد بۆ غەزای تەبوك، گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا، مزگەوتێکمان بۆ ئەوانەی پێویستی و ناتەواوییەکیان هەیە و بۆ شەوانی زستان و شەوانی باران بنیات ناوە، ئێمە پێمان خۆشە بێیت و لەوێدا نوێژمان بۆ بکەیت و داوای چاکەخوازی و بەرەکەتمان بۆ بکەیت، پێغەمبەر پێی گوتن: من لە سەر سەفەرم لەحاڵەتی کارکردندام، ئەگەر هاتمەوە پشت بە خودا دێم بۆ لاتان و نوێژی تێدا دەکەین، کاتێك لە سەفەرەکەی گەڕایەوە و پرسیاری هاتنیان لێ کرد بۆ مزگەوتەکە، هەواڵی لە ئاسمانەوە پێگەییشت، فەرمانی بە کۆمەڵێك موسوڵمان کرد کە وەحشی بکوژی حەمزەی ڕۆژی ئوحودی تێدا بوو، پێی گوتن: بڕۆن بۆ ئەو مزگەوتەی کە خەڵکەکەی زاڵن ئاگری بدەن و بیڕوخێنن بە سەر خاوەنەکانیدا، ئەوەیان کرد، ئەمە لە نێوان خۆرئاوا و شێواندا بوو، بنیاتەکەیان لەگەڵ زەویدا یەکسان کردەوە.

(61)

تێبینی

بێگومان محەمەد هەر لە یەکەم جارەوە ئەمەی زانیوە و زانیویەتی کە لە بنیاتنانی مزگەوتەکە چییان ویستوە، ئەمەیش لەبەر هەواڵگرییە سەرسوڕهێنەرەکانی و هەواڵەکانی لە ئاسمانەوە بۆ نەهاتوەتە خوارەوە، وەك حیکایەتخوانان باسی دەکەن، بەڵکوو لە زەوییەوە لە لایەن چاوە پەخشوبڵاوەکان و سیخورە بڵاوبوەکانییەوە بۆی هاتوە، بەڵام کە لە پێش سەفەرەکەی بۆ تەبوك هاتن بۆ لای و داوایان لێ کرد لە مزگەوتەکەیان نوێژ بکات، ئەوەی بە بەرژەوەندیی نەزانی کارەکەیان دەربخات و ئابڕوویان بەرێت، لەبەر ئەوەی لە سەر سەفەر بوو، لایان نامێنێتەوە، لەوانەیە لە ئامادە نەبوونی ئەودا دەستدرێژییەك بکەن و شتێك بکەن، بۆیە چارەسەری ئەو کارەی بۆ دوای گەڕانەوە لە سەفرەکەی دواخست، کە گەڕایەوە فەرمانی سووتاندن و ڕوخانی مزگەوتەکەی دەرکرد.

ئەبووعامری خاوەن نازناوی ڕاهیب: بۆ درێژەدان

لێرەدا گونجاوە ئەگەر درێژە بە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەبی عامر بکەین، کە پێشتر لە چیرۆکی بنیاتنانی مزگەوتی زرار باسمان کرد و و نازناوی ڕاهیب یان خراپەکار بوو، وەك محەمەد نازناوی فاسیقی لێ نا، بۆ ئەوەی خوێنەر لەوە ئاگادار بێت و ئەو هۆکارە بزانێت کەچی وای لە خاوەن مزگەوتی زرار کرد پێوەندیی بە ئەبووڕاهیبەوە بکات و وەك حیکایەتخوانان باسی دەکەن ئەو فەرمانی ئەوەی پێ کردوون کە ئەو مزگەوتە بنیات بنێن.

بە ڕای زانایانی بەسەرهاتی پێغەمبەر، توندترین دوژمنی محەمەد لە مەککە ئەبووجەهل بوو، بەڵام بە ڕای ئێمە ئەبولەهەبی مامیشی، بەڵام بە زەبرترین و بە گوژمترین دوژمنی محەمەد لە مەدینە ئەمەیە کە دەمانەوێت قسەی لە سەر بکەین ئەبوو عامری ڕاهیب، محەمەد ناوی نا فاسیق واتە خراپەکار لە جیاتیی ڕاهیب، وەك ئەباحەکەم عەمرو کوڕی هیشام ئەلمەخزومی

ناو نا ئەبووجەهل لە جیاتیی ئەبووحەکەم.
ئەم ئەبوعامرە، عەبد عەمرو کوڕی سەیفی کوڕی ئەلنەعمانە و یەکێك بوە لە بەنی زەبیحەی کوڕی زەید، لە جاهیلیەتدا خۆی کردبوو بە ڕاهیب (قەشە) و جلی ئەوانی لە بەر کرد و پێیان دەگوت ڕاهیب. کاتێك پێغەمبەری خودا هات بۆ مەدینە، خۆی و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی کوڕی سەلوول لە سەروو گەورە و شێخانی خەڵکی مەدینە بوون و لەو گەورانە بوون کە تاجی سەرۆکایەتیی خەڵکەکەیانی لە سەر بوو، ئەبوو عامر لە ئەوس بوو و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی لە خەزرەج بوو، ئیبن ئیسحاق دەڵێت: بەڵام عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی لە سەر شەرەفی پێغەمبەر هەستا و پێخۆشبوونی ڕاگەیاند، تا ئیسلام بە سەریدا زاڵ بوو بەناچاری بوو بە موسوڵمان بۆ دووروویی و کینەیی، بەڵام ئەبووعامر ڕەتی کردەوە و بە بێباوەڕی مایەوە و هەموو قەومەکەی بە جێ هێشت کە بوون بە موسوڵمان، لەگەڵ چەند پیاوێك لە قەومەکەی جیا بوەوە و لە پێغەمبەری خودا دوور کەوتەوە و چوو بۆ مەککە، پێغەمبەری خودا گوتی، وەك محەمەد کوڕی ئەبی ئەمامە لە هەندێك خێڵی حەنزەڵەوە بیستوویەتی لە کوڕی ئەبی عامرەوە بیستوویانە و، بۆی گێڕامەوە: نەڵێن ڕاهیب بڵێن فاسیق.
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: جەعفەر کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ئەلحەکەم بۆی باس کردم، کە ئەوەی زانیوە و گوێی لێ بوە، گێڕەوەیەك باسی لەوە کردوە: ئەبا عامر هاتوە بۆ لای پێغەمبەری خودا لەو کاتەدا کە هاتوە بۆ مەدینە و، پێش ئەوەی دەرچێت بۆ مەککە، گوتوویەتی: ئەم ئایینە چییە هێناوتە؟ گوتوویەتی: حەنیفیەی دینی ئیبراهیمم هێناوە، گوتوویەتی: من لە سەر ئەو ئایینەم، پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: تۆ لە سەری نیت: گوتوویەتی: بەڵێ، تۆ خەڵکێکت خستوەتە حەنیفیەوە یا محەمەد کە لەوە نین، گوتوویەتی: ئەوەم نەکردوە بەڵام ئەوەی هێناوم سپی و بێگەردە، ئەبوو عامر گوتوویەتی: خودا درۆزن بە دەرنراوی و نامۆیی و تەنیایی و دەکوژێت، ئەم قسانەی ڕووبەڕووی پێغەمبەری خودا کرد، واتە تۆ ئەوەت هێناوە ئاوایە، پێغەمبەری خودا گوتی: بەڵێ هەر کەسێك درۆ بکات خودا ئەوەی لێ دەکات، ئەو وا بوە (واتە ئەبووعامر)، لەبەر ئەوەی کاتێك پێغەمبەری خودا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەو بە چەند دە کەسێکەوە لە قەومەکەی دەرچوون بۆ مەککە وەك ئێستا باسمان کرد، کاتێك پێغەمبەری خودا مەککەی کردەوە، ئەبووعامر دەرچوو بۆ تایف، کاتێك خەڵکەکەی تایف بوون بە موسوڵمان دەرچوو بۆ شام، لەوێدا بە ڕاونراوی و دەبەدەری و نامۆیی و تەنیایی مرد.
ئەم ئەبووعامرە دوژمنایەتییەکی توندی پێغەمبەری خودای دەکرد، دەیگوت کەسێك نییە شەڕی لەگەڵدا بکات تا من شەڕی لەگەڵدا دەکەم، لە مەککەدا هانی قورەیشی دەدا بۆ ئەوەی شەڕی بکەن، پەیمانیان دەداتێ کە ئەگەر بگاتە قەومەکەی واتە ئەوس دوو پیاو لە سەر ئەو جیاواز و ناکۆك نابن.
ئەم ئەبووعامرە لەگەڵ قورەیشدا هات بۆ غەزای ئوحود، کە شەڕ دەستی پێ کرد هاواری بۆ قەومەکەی کرد بێن بە هانایەوە، گوتی: ئەی خەڵکی ئەوس من ئەبووعامرم، پێیان گوت: خودا چاوت پێ نەبەخشێت ئەی خراپەکار، کە گوێی لەم وەڵامە بوو، گوتی: قەومەکەم دوای من تووشی شەڕ هاتوون و بەتوندی شەڕی دژ بە موسوڵمانان لە ڕۆژی ئوحودا کرد، یەکەم کەس بوو شەڕەکەی وروژاند و تیری گرت لە دەموچاوی موسوڵمانان و، حەنزەڵەی کوڕی لە ناو موسوڵماناندا بوو، داوای لە پێغەمبەری خودا کرد مۆڵەتی بداتێ تا بیکوژێت، نەیهێشت، ئەم حەنزەڵە لە ڕووداوی ئوحود کوژرا، کاتێك کوژرا، پێغەمبەری خودا گوتی: هاوڕێکەتان (مەبەستی حەنزەڵە بوو) پەری دەیشۆرێت، لە گێڕانەوەیەکدا، پەریم بینیوە بە ئاوی سازگار و لە قاپی زیودا حەنزەڵە لە نێوان ئاسمان و زەوی دا دەشۆرێت، وای لێ هات پاش مردنی پێی بڵێن شۆراوی پەرییەکان، لە تەڵەکانی ئەبی عامری شەڕکردن لە غەزای ئوحود، لە مەیدانی شەڕەکەدا ڕاوێژی بە قورەیش کرد چاڵ هەڵبکەنن تا موسوڵمانان تێی بکەون و پێی نەزانن، ئەوەیان کرد و پێغەمبەری خودا کەوتە چاڵێکیانەوە، کە ئەبووعامر هەڵی کەندبوو بۆ موسوڵمانان و، لە هۆش خۆی چوو و ئەژنۆکانی ڕووشان، عەلیی کوڕی ئەبووتالیب دەستی گرت و تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵڵا بەرزی کردەوە تا ڕاوەستا، وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، هۆکاری کەوتنەکەی ئەوە بوە ئیبن قیمئە (یەکێك لە بیباوەڕانی قورەیش بوو) بە شمشێرەکەی بەرزی کردوەتەوە، شمشێرەکەی هیچ کاریگەرییەکی لە سەری نەبوو، لەبەر ئەوەی کە بۆ ئوحود دەرچوو دوو قەڵغانی (درع) لە بەر کردبوو، واتە قەڵغان لە سەر قەڵغان، بەڵام قورسی شمشێرەکە کاریگەریی لە سەر ملی کرد بۆ مانگێك و زیاتریش ئازاری داو هاواری دەکرد.

ئەمەیە ئەبووعامر و ئەمەیە چیرۆکەکەی لەگەڵ محەمەد دا، بێگومان ئەو موسوڵمانانەی کە مزگەوتی زراریان بنیات نا لەگەڵیدا بوون، لەبەر ئەوەی لە ئەوس بوون و ئەویش شێخی ئەوس و سەرۆکیان بوو، دوریش نییە ئەو فەرمانی بۆ ناردبن بۆ بنیاتنانی ئەو مزگەوتە وەك لە هەندێك گێرانەوەدا هاتوە.

٤ ـ چیرۆکی هەوڵی بەنو نەزیر بۆ کوشتنی، کە بەردێکیان خستە سەری: کورتەی ئەم چیرۆکە وەك لە سیرەی حەلەبی و سیرەی ئیبن هیشام دا هاتوە: پێغەمبەری خودا لەگەڵ چەند کەسێکی هاوڕێی لە دە کەس کەمتر بوون و ئەبووبەکر و عومەر و عەلی یان تێدا بوو، دەرچوون و ڕۆیشتن بۆ لای بەنی نەزیر، کە قەومێکی یەهوودی مەدینە بوون، حیکایەتخوانان ناکۆك بوون لە سەر هۆکاری دەرچوونی بۆ لایان، هۆکارەکەی هەر چی بێت مەبەستمان نییە لێکۆڵینەوەی لە سەر بکەین، بەڵام دەمانەوێت قسە دەربارەی گەییشتنی هەواڵی تەڵە نانەوەیان لە ئاسمانەوە بکەین.

کاتێك محەمەد و هاوەڵانی گەییشتنە لایان، محەمەد لە تەنیشت دیوارێکیماڵێکیان دانیشت، کە یەهوود بینیی دانیشتوە لەگەڵ هاوەڵانیدا، هەندێکیان کەوتنە قسەکردن لەگەڵ ئەوی تردا گوتی: ئێوە ئەم پیاوە بەم شێوەیە نابینن، یەکێکتان تێدایە بچێتە سەربانی ئەم خانوە و بەردێك بدات بە سەریدا و ڕزگارمان بکات لێی، یەکێك لە گەورەکەیان گوتی: ئەویش عەمرو کوری جەحش بوو: من ئەوە دەکەم، کاتێك چوە سەرەوە بۆ فڕێدانی بەردەکە، هەواڵ لە ئاسمانەوە گەییشت بە پێغەمبەری خودا کە قەومەکەی دەیانەوێت چی بکەن، پێغەمبەری خودا هەڵسا و وا پیشانی دا کە کاری سەرئاوی هەیە و هاوەڵانی لەو دانیشتنەدا بە جێ هێشت و بەخێرایی گەڕایەوە بۆ مەدینە، کاتێك هاوەڵانی هەستیان بە نەبوونی کرد، هەڵسان بۆ سۆراخ کردنی، پیاوێکیان بینی لە مەدینەوە هاتبوو، پرسیارێکیان لێ کرد، گوتی: لە ناو مەدینەدا بینیومە، ڕۆیشتنەوە تا گەییشتنە لای و هەواڵی ئەوەی پێ دان کە بەنونەزیر نیازی چییان هەبوە، ئەم چیرۆکە ئاوها لە ئیبن ئیسحاق و لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە.

ئەم ڕووداوە هۆکاری دەرکردنی بەنی نەزیر بوو لە مەدینە، بەڵام گێرانەوەیەکی تر هەیە کە خاوەنی سیرەی حەلەبی دیسان باسی کردوە، ئەویش: بەنی نەزیر ناردوویانە بۆ لای بۆ ئەوەی سی کەس لە هاوەڵانی بنێرێت بۆ لایان و ئەگەر سی لە حیبرەکانیان واتە قەشەکانیان باوەڕیان پێ کردیت و بە ڕاستیان زانیت ئێمەیش باوەڕت پێ دەکەین، ئینجا هەندێکیان بەوی تری گوت: چۆن دەگەن بەودا کە سی کەسی لەگەڵدا بێت و هەر یەکە و دەیەوێت پێش ئەو بکوژرێت، ناردیان بۆ لای کە نەخێر سێ کەس لە هاوەڵانی بنێرێت و سێ لە زانایانمان چاویان بە تۆ بکەوێت، ئەگەر باوەڕیان پێ کردیت ئێمەیش دەکەوینە دوات، ئەوەی کرد، سێ یەهوودییەکە هەر یەکە و خەنجەرێکی هەڵگرت و، ژنێکی بەنی نەزیر هەواڵی نارد بۆ برایەکی موسوڵمان بووی و براکەی هەواڵەکەی گەیاند بە پێغەمبەر و گەڕایەوە. ئینجا خاوەنی سیرەی حەلەبی پاش باسکردنی ئەمەی پێشوو دەڵێت: بەڵام لە سیرەی هیشامیدا هاتوە، ئەو هەواڵە لە پێش ئەوەی بگاتە لای ئەوان ڕێی گەییشتوە و گەڕاوەتەوە،

بەڵام ئێمە دەڵێین ئەم گێرانەوانە ڕاستن، لەبەر ئەوەی ئەمانە لە گێرانەوەی یەکەم زیاتر مەعقوولیی تێدایە کە پشتی پێ ببەسترێت و بسەپێت، لەوێشدا دەرئەنجاممان دەست دەکەوێت: یەکەم: محەمەد کاتێك دەرچوو بۆ لای بەنی نەزیر سێ لە هاوەڵانی لەگەڵدا بوون نەك زۆرتر، ئەوانیش سەرجەم حیکایەتخوانان ناویان هێناون کە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی بوون، ناوی هیچ کەسێکی تریان نەهێناوە، دوەم: ئەم پیاوە موسوڵمانەی کە برای ئەو ژنەی بەنی نەزیر بوە، سیخوری نهێنیی محەمەد بوە، لەبەر ئەوەی موسوڵمان تێکەڵاوی یەهوودەکان نایێت و هەواڵەکانیان لە خوشکەکەیەوە پێ دەگات، کە لەگەڵیاندا و لە ناوەندی ئەواندا دەژێت، سێیەم: بەنی نەزیر کاتێك کۆ بوونەوە لە سەر ئەم تەڵەیە و بۆ ئەوەی بنێرن بۆ لای محەمەد بڵێن با لەگەڵ سێ لە هاوەڵانیدا بچێت بۆ لایان، خوشکەکەی هەواڵەکەی نارد بۆی بۆ ئەوەی هەواڵەکە بگەیەنێت بە پێغەمبەر، لەوێدا ئەمەیش لە دوو شت بە دەر نییە، یان پێش ئەوەی بچێت بۆ لایان هەواڵەکەی داوە بە پێغەمبەر، یان لە ڕێگەدا بوە بۆ لای ئەوان ئەم هەواڵەی پێ گەیاندوە، ئەگەر یەکەم بێت، دەڵێن محەمەد کاتێك دەرچوە بۆ لای بەنو نەزیر زانیویەتی دەیانەوێت چیی لێ بکەن، بەڵام ئەم کارەی لە هاوەڵانی شاردوەتەوە و ڕۆیشتوە تا گەییشتوە پێیان و لەگەڵ هاوەڵانیدا دانیشتوە و پاش دانیشتنەکەی بە کەمێك هاوەڵانی بە جێ هێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە، لەبەر ئەوەی زانیویەتی هیچ ترسێك لە سەر هاوەڵانی نەبوە، لەبەر

.ئەوەی بەنی نەزیر ویستوویانە ئەو بکوژن نەك هاوەڵانی بکوژن
ئەگەر دوەم بێت، دەڵێن کە هەواڵە نهێنییەکە لەو کاتەدا پێگەییشتوە کە لە ڕێگەدا بوە بەرەو لای بەنی نەزیر و، بەگونجاوی نەزانیوە هاوڕێیانی یەکسەر لە نیوەی ڕێگەدا بگەڕێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لەمەدا لە چاو هاوەڵانیدا لە پێگەی کەم دەکاتەوە و لە توندوتۆڵی لەق دەبێت، بۆیە لە ڕۆیشتنی بەردەوام بوە تا گەییشتوەتە لایان و تۆزێك دانیشتوە و ئینجا هاوەڵانی بە جێ هێشتوە و گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە، بێ ئەوەی پێیان بڵێت دەگەڕێتە، ئەگەر بڵێیت: بۆچی هەواڵی بە هاوەڵانی نەداوە و لەگەڵ خۆیدا نەیگەڕاندوونەتەوە بۆ مەدینە؟ دەڵێم: لەبەر ئەوەی هەواڵی نهێنی بوە، شاردنەوەی لە پێشترە بۆ پێگە و مەقامی پێغەمبەر تا خەڵك وا بزانن هەواڵەکە لە .ئاسمانەوە هاتوە
هەورەها لەوانەیە پێش ئەوەی بگاتە لایان گەڕابێتەوە، وەك لە گێڕانەوەی خاوەنی سیرەی هیشامی دەردەکەوێت کە ئێستا باسمان کرد، لەوێشدا ئەو گێڕانەوەیەی کە دەڵێن گەییشتوەتە لایان و لە پاڵ دیوارێکی ماڵێکیاندا دانیشتوە ناڕاست بێت، هەر چۆنێك بێت ئەم .چیرۆکە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە محەمەد دەستەیەکی هەواڵگری بە گوڕوتینی هەبوە
٥ـ چیرۆکی هەوڵی دووڕوەکان بۆ کوشتنی محەمەد لە کاتی گەڕانەوەی لە غەزای تەبوك:
کاتێك محەمەد لە پاش غەزای تەبوك ڕێگەی گرتە بەر و گەڕایەوە بۆ مەدینە، ڕای ئەو دووڕوانە، کە دوانزە کەس بوون و کۆك بوون لە سەر ئەوەی پەیمان لەگەڵ محەمەد بشکێنن لە عەقەبە، کە لە نێوان تەبوك و مەدینەدایە، دەڵێن چواردە کەس بوون، هەروەها دەڵێن: پانزە کەس بوون، گوتیان کە دەگاتە عەقەبە زەفەری لێ دەهێنین و کۆ دەبینەوە لە سەری و لە سەر حوشترەکەی پاڵی پێوە دەنێین لەو دۆڵە دەیخەین و کۆتایی پێ دەهێنین، هەواڵی ئەوەی لە ئاسمانەوە پێگەییشت و خودا هەواڵی پێگەیاند کە دەیانەوێت ئەو کارە بکەن، کە سوپاکەی گەییشتە عەقەبە بانگەوازکەرەکەی پێغەمبەری خودا هاواری کرد: پێغەمبەر ڕێگەی عەقەبە دەگرێتە بەر و کەس نەیگرێتە بەر و، ئێوە لە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە بڕۆن کە ئاسانتر و فراوانترە بۆ ئێوە، خەڵکەکە بە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە ڕۆیشتن و پێغەمبەری خودا لە عەقەبەوە ڕۆیشت، جگە لە عەماری کوڕی یاسر و حەزیفەی کوڕی ئەلیەمان کەسی تری لەگەڵدا نەبوو، فەرمانی بە عەماری کوڕی یاسر کرد کە جڵەوی حوشترەکەی بگرێتە دەست و بە ڕێی بکات و فەرمانی .بە حەزیفەی کوڕی ئەلیەمانی کرد بە دوای ئەوەوە بڕوات
بەڵام دووڕوەکان کە ویستیان فێڵ لە پێغەمبەری خودا بکەن، کە بانگەوازکەرەکەی پێغەمبەریان بیست فەرمانی کرد خەڵکەکە ڕێگەی ناوەڕاستی دۆڵەکە بگرنە بەر، دەموچاویان داپۆشی و ئامادەباشییان کرد و، لە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە نەڕۆیشتن لەگەڵ خەڵکەکەدا بەڵکوو ڕێگەی عەقەبەیان گرتە بەر، لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خودا لە عەقەبە دەڕۆیشت -وەك ئەوەی باسمان کرد- گوێی لە جووڵەی خەڵکەکە بوو کە فێڵیان لێ کردبوو، حوشترەکەی پێغەمبەری خودا هەڵبەزی و تەنانەت هەندێك لە کاڵاکانی کەوت، تووڕە بوو و فەرمانی کرد بە حەزیفە کە بیانگەڕێنێتەوە و حەزیفە گەڕایەوە بۆیان، لەو کاتەدا قەومە دەمامکدارەکانی بینی بە سەر حوشترەکانیانەوە بوون، گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، سەری حوشترەکانیان پێ کوتا، گوتی: وەری گرن وەری بگرن ئەی دوژمنانی خودا، لە گێڕانەوەیەکدا: پێغەمبەری خودا هاواری کردوە بە سەریاندا، هەڵسن بگەڕێنەوە، کاتێك زانییان پێغەمبەری خودا بە فێڵەکانیانی زانیوە، لە عەقەبەوە چوونە خوارەوە بۆ ناوەڕاستی دۆڵەکە و لەگەڵ خەڵکەکەدا تێکەڵ بوون و حەزیفە گەڕایەوە و حوشترەکەی لێ خوری، پێغەمبەری خودا پێی گوت: کەسێکت لەو سوارانە ناسی کە گەڕاندمنەوە؟ گوتی: نەخێر، خەڵکەکە دەمامکیان دابوو شەوەکە تاریك بوو، لە گێڕانەوەیەکدا: حەزیفە گوتوویەتی: وڵاخی فڵان و وڵاخی فڵانم ناسییەوە، پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: ئایا زانیت چیان بە دەستەوە بوو بیکەن و چییان ویست؟ گوتی: نەخێر، گوتی: ئەوان فێڵیان کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا لە عەقەبەوە بڕۆن و ڕێگەم لێ تەسك بکەن و بمخەنە خوارەوە، بەڵام خودا هەواڵی پێ دام و فێڵەکەیانی پێ ڕاگەیاندم، هەواڵیانتان دەدەمێ و ئەوەی نیازیان بوە بۆتان ڕادەگەیەنم. کە پێغەمبەری خودا بەیانی کردەوە، ئەسید کوڕی حەزیر هات بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دوێنێ چی ڕێگەی پێ نەدایت کە ڕێگەی دۆڵەکە بگریتە بەر لە ڕۆیشتندا، کە لە ڕۆیشتنی عەقەبە ئاسانترە؟ پێغەمبەری خودا پێی گوت: دەزانیت دووڕوان ویستیان چی بکەن؟ چیرۆکەکەی بۆ باس کرد، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، خەڵکەکە دابەزین و کۆ بوونەوە، فەرمان بکە بە هەر لق یان زگی عەشیرەتێك ئەو پیاوە بکوژێت

کە هەوڵی ئەمەی داوە، ئەگەر حەز دەکەیت ناویان بڵێ، بەوە بە حەق ناردووتی ناگەڕێمەوە تا سەریان بۆت دەهێنم، پێغەمبەری خودا پێی گوت: من ڕقم لەوەیە خەڵك بڵێت محەمەد قەومێکی کوشتوە، کە خودا بەوان دەری خست و هاتوە بۆ لایان و دەیانکوژێت، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوانە هاوڕێ نین، پێغەمبەری خودا گوتی: شایەتمان ناهێنن؟
ئەمەیە چیرۆکی دووڕوان، ئەوانەی هەوڵیان دا فێڵ لە پێغەمبەری خودا بکەن لە غەزای تەبوك، ئینجا ئیبن قەییم لە (زاد المعاد) دا دەڵێت ئەم چیرۆکە لە ئیبن ئیسحاقەوەیە: پێغەمبەر کە بەیانی کردەوە، یەك یەك بانگی کردن و قسەی لەگەڵدا کردن و پرسیاری لێ کردن کە چییان ویستوە، هەواڵی ئەوەی پێدان کە چیان گوتوە، پاش ئەوەی ئیبن قەییم ئەم قسەیەی ئیبن ئیسحاقی باس کردوە، ڕەتی کردوەتەوە و گوتوویەتی: ئەمە خەیاڵە و هیچ بناغەیەکی نییە و گوتی: پێغەمبەر ناوی ئەو دووڕوانەی بۆ حەزیفە ئاشکرا کردوە و کەسی تر پێی نەزانیوە.

تێبینی
ئەگەر بڵێیت: بۆچی محەمەد پاش ئەوەی بە فێڵەکەیانی زانیوە، وازی نەهێناوە لە ڕۆیشتن بە ڕێگەی عەقەبە و وەك فەرمانی کرد و لەگەڵ خەڵکەکەدا ناوەڕاستی دۆڵەکەی نەگرتوەتە بەر، ئەمە لە خۆپارێزی و توندوتۆڵییەوە نزیکترە و باشترە بۆ دورخستنەوەی شەڕ لەو فێڵەی کە نیازیان بوە بیکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕەفتاری کرد و فەرمانی کرد خەڵکەکە بە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە بڕۆن بە خۆی ڕێگەی عەقەبەی گرتە بەر، دەڵێم: لەوانەیە ویستبێتی لە ڕاستیی هەواڵەکە یەکلا ببێتەوە و بۆی دەرکەوێت، ئەگەر ئەویش لە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە ڕۆیشتایە لە بنەڕەتدا فێڵەکەیان پوچەڵ دەبوەوە، بەڵام ڕۆیشتنی بە عەقەبەدا بواریان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ جێبەجێکردنی فێڵوتەڵەکەکەیان، بۆیە فەرمانی کرد خەڵکەکە بە ناوەڕاستی دۆڵەکەدا بڕۆن، بۆی دەردەکەوێت هەر کەسێك فەرمانەکەی جێبەجێ نەکات بێگومان بۆی دەردەکەوێت کە ئەو خاوەن فێڵەکەیە، بەڵام ئەگەری ڕودانی ترسناکی لە فێڵەکەیان، بە زانینی ئەوەی چییان دەوێت بیکەن نەما، نابینیت چۆن ئاگادار بوو لە ڕۆیشتندا و کاری پێویستی لەو بارەوە کرد بۆ ئەوەی لە فێڵ و بەڵای ئەوان دوور بێت، فەرمانی کرد حەزیفە لە دواوە لێ بخوڕێت. ئەگەر بڵێیت: ئەگەر محەمەد زانیاریی ئەوەی لابوایە کە ئەوانەی دەیانەوێت فێڵی لێ بکەن کێن و هەواڵی خۆیان و فێڵەکەیان پێ گەیبیشتوە، بۆچی پاش ئەوەی حەزیفە ڕاوی نان پرسیاری لێ کرد، پێی گوت: یەکێکت لە سوارەکانت ناسییەوە کە گەڕاندنەوە؟ دەڵێم: لەوانەیە ئەو پرسیارەی لەبەر ئەوە کردبێت بۆ ئەوەی هەواڵەکە پشت ڕاست ببێتەوە، ئایا لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت یان ناکۆکە لەگەڵیدا، هەروەها لەوانەیە ئە و هەواڵەی پێگەیبیشتبوو بە کورتی بوە نەك بە درێژی و فراوانی، بۆیە پرسیاری لە حەزیفە کردوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەوانە کێن.
ـ چیرۆکی حاتب کوڕی ئەبی بەلتەعە: لە سەرەتای توێژینەوەکەماندا باسی ئەوەمان کرد کە ٦ محەمەد لە خۆئامادەکردن بوو بۆ غەزای قورەیش و گرتنی مەککەدا لە سەرەتاوە ئەمەی شاردەوە و بۆ خەڵکی باس نەکرد، کاتێك کۆ بوونەوە بۆ ڕۆیشتن بەرەو قورەیش، حاتبی کوڕی ئەبی بەلتەعە نووسراوێکی نارد بۆ قورەیش ئاگاداری کردنەوە لە ڕۆیشتنی پێغەمبەر بۆ لای ئەوان و دای بە ژنێك ناوی سارە بوو، گۆرانیبێژێکی مەککە بوو، کارێکی وای بۆ کرد کە بیگەیەنێتە قورەیش، پێی گوت: چەند دەتوانیت بەتوندی بیشارەوە، بە سەر ڕێگاکەوە مەڕۆ (واتە ڕێگەی گشتی) چونکە پاسەوانی لێیە، ڕێگەی تری گرتە بەر، دواتر بە درێژی باسی سارە دەکەین، سارە نووسراوەکەی برد و خستییە نێو پەلکەکانی قژییەوە بۆ ئەوەی کەس گومانی لێ نەکات و نەیبینێت، ئینجا بۆی دەرچوو، لە ئاسمانەوە هەواڵ گەیبیشتە پێغەمبەر کە حاتب چیی کردوە، عەلی و زوبێری نارد و پێی گوتن: بگەن بەو ژنە لەو شوێنەدایە، حاتب نووسراوێکی لەگەڵدا ناردوە بۆ قورەیش و ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی ئێمە بۆ ئەوان کۆ بووینەتەوە و لێی وەری بگرن و بەرەڵای کەن، ئەگەر ڕازی نەبوو بدەن لە ملی، دەرچوون تا گەیبیشتنە ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر باسی کرد، پێیان گوت: کوا نووسراوەکە؟ سوێندی بە خودا خوارد کە نووسراوی پێ نییە، دایان بەزاند و پشکنیان و بە دوای نووسراوەکە لە نێو کاڵای حوشترەکەی گەڕان نەیاندۆزییەوە، لەو کاتەدا عەلی شمشێرەکەی بۆ ڕاکێشا و پێی گوت: من سوێند بە خودا دەخۆم نە پێغەمبەری خودا درۆی کردوە و نەیش ئێمە، یان نووسراوەکە دەردەکەیت یان ڕووتت دەکەینەوە یان لە ملت دەدەین، کاتێك ئەو جەختکردن و جیدیەتەی لێ بینی، گوتی: خۆت لابدە... خۆی لادا، پەلکەکانی قژی کردەوە و نووسراوەکەی لێی دەرکرد و پێی دا و هێنای بۆ پێغەمبەری خودا، پێغەمبەریش بانگی حاتبی کرد و پێی گوت: ئەم نووسراوە

دەناسیتەوە؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: چی وای لێ کردیت ئەمە بکەیت؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا لەو ڕۆژەوەی بووم بە موسوڵمان هیچ کوفرێکم نەکردوە و، لەو ڕۆژەی بە ڕاسپاردە و ڕێنوئنییەکانتەوە پەیوەستم وهیچ گزی و ناپاکییەکم لێت نەکردوە، لەو ڕۆژەوە دوور کەوتوومەتەوە لێیان، ئەوانیشم خۆش نەویستوە، بەڵام من پیاوێك بووم خۆم لکاندبوو بە قورەیشەوە و لەوان نەبووم، هەر کەسێك لەگەڵ تۆدایە لە کۆچەرییەکان خزم و کەسوکاری خۆیان لە مەککە هەیە و خێزان و ماڵوملْکیان دەپارێزن جگە لە من، لە سەر خێزانەکەم دەترسام، ویستم دەستێکم لەوێدا هەبێت، زانیم کە خودا توورەیی خۆی بە سەریاندا دادەبەزێنێت و ئەو نووسراوەی من هیچ دادیان نادات، پێغەمبەر باوەڕی پێ کرد و بەهانەکەی قبوڵ کرد، عومەر گوتی: ڕێگەم پێ بدە ئەی پێغەمبەری خودا بدەم لە ملی ئەم دووروە، گوتی: عومەر چوزانیت لەوانەیە خودا تەماشای خەڵکی بەدری کردبێت و پێی گوتبن چیتان دەوێت بیکەن من دەتانبورم، حاتب لەوانە بوو کە بەشداریی شەڕی بەدری کردبوو، لەوێدا خودا ئەمەی دابەزاند: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ىَمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاوَ تُلْقُونَ إِلَيْهِمْ بِالْمَوَدَّةِ} [الممتحنه: 1].واتە: ئەی گەلی باوەڕدار مەبنە دۆستی دوژمنانی من و خۆتان، ئیوە دۆستی ئەوان دەبن و ئەوان بەو ئایینە ڕاستەقینەی ئێوە باوەڕیان نیە، لەبەر ئەوە ئێوە و پێغەمبەرەکەتان لە زێدی خۆیان دەردەکەن.

درێژەدان بە باسەکە

خراپ نییە لێرەدا بەدرێژی باسی سارە بکەین کە نووسراوەکەی حاتبی بۆ قورەیش هەڵگرتبوو، زەمەخشەری لە (الکشاف) دا دەڵێت: بەردەستەی ئەبی عەمرو کوڕی سەیفی کوڕی هاشم بوە، لەو کاتەی پێغەمبەری خودا ئامادەباشیی کردوە بۆ گرتنی مەککە هاتوە بۆ لای، ئەویش پێی گوتوە: بە موسوڵمانی هاتویت؟ گوتی: ئێوە ڕەسەن و گەورەی عەشیرەت بوون، منداڵەکانم ڕۆیشتن (واتە لە ڕۆژی بەدر کوژران) زۆر پێویستم هەبوو، لەوێدا پێغەمبەر هانی بەنی عەبدولموتەلیبی دا، ئەوانیش جلیان پێ دا و پێداویستییەکانیان بۆ دابین کرد. گێڕانەوەی وا هەیە دەڵێن بوو بە موسوڵمان و ئینجا گەڕایەوە بۆ لای قورەیش و پەشیمان بوەوە لە ئیسلام، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: بەردەستەی هەندێك لە بەنی عەبدولموتەلیبەکان بوە و گۆرانیبێژێکی مەککە بوە و هاتوە بۆ لای پێغەمبەری خودا لە مەدینە و بوە بە موسوڵمان و داوای لێخۆشبوونی لێ کردوە و پێداویستییەکانی بۆ باس کردوە، پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: لە گۆرانیچڕیندا هیچت دەست نەکەوت؟ گوتی: لەو ڕۆژەی قورەیش ئەوانەیان لە ڕۆژی بەدر لێ کوژرا کە کوژران وازیان لە گۆرانی هێناوە: دەڵێت: پێغەمبەر گرینگی پێ دا و بارە حوشترێك خۆراکی پێ بەخشی و گەڕایەوە بۆ لای قورەیش و لە ئیسلام پەشیمان بوەوە، دەڵێت: پێش ئەوەی بێت بۆ مەدینە، ئیبن خەتل شیعرە هەجوەکانی بۆ سەر پێغەمبەر بۆی دەخوێندەوە و ئەویش بە گۆرانی دەیچڕی.

ئێمە بەو پێیەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، وای دەبینین کە لەو کاتەی هاتوە بۆ لای پێغەمبەری خودا ئەگەر ڕاست بێت بوە بە موسوڵمان، لەبەر ئەوەی ئەگەر نەبوایە بە موسوڵمان پێغەمبەری خودا لێی نەدەبوری و، یارمەتیشی نەدەدا، لەبەر ئەوەی لە مەککە گۆرانی بە شیعرە هەجوەکانییەوە گوتوە و پێغەمبەری خودا خوێنی ئەو کەسە بێ باوەڕانە حەڵاڵ کرد کە هەجوویان دەکرد، ئەم سارەیەیش لەوانە بوو کە پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی گرتنی مەککەدا خوێنی حەڵاڵ کرد، ئەمانە لە ئارامی و دەست لێ نەدان و لێبوردن بە دەر نران لەو کاتەی چوونە ناو مەککەوە و گوتی: ئەگەر خۆیان بە پەردەی کەعبەیشەوە هەڵواسیبوو بیانکوژن، شەش پیاو و چوار ژن بوون و سارەیش یەکێك بوو لەوان، بەڵام سارە نەکوژرا لەبەر ئەوەی پێغەمبەر دڵنیایی پێ دا و دووبارە بوو بە موسوڵمان و تا خیلافەتی ئەبووبەکر ژیا وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە.

ئەوەی دەمانەوێت خوێنەر ئاوری لێ بداتەوە لێرەدا، قسەی ئەم گۆرانیبێژەیە، پێغەمبەری خودا ئەوەی لێ ڕەت نەکردوەتەوە کە بە گۆرانیگوتن بە دەستی هێناوە، بەڵکوو پێی گوتوە لەو کاتەی باسی پێداویستییەکانی بۆ کردوە: ئەوەی لە گۆرانیچڕیندا دەستت کەوت بەشی نەکردیت؟

٧ـ چیرۆکی حارس کوڕی سوەید لەگەڵ ئەلموجزیر کوڕی زیاد: سوەید باوکی حارس بوو، زیادی باوکی ئەلموجزیری کوشتبوو، ئەلموجزریش زەفەری لە سوەیدی باوکی حارس هێنابوو لە تۆڵەی باوکیدا کوشتبووی، ئەمە پێش ئیسلام، ئەمە بوە هۆی ڕوودانی (بعاث) زانراو لە نێوان ئەوس و خەزرەجدا، ئینجا کە ئیسلام هات و پێغەمبەر هات بۆ مەدینە، حارسی کوڕی سوەید بوو بە موسوڵمان و هەروەها ئەلموجزر کوڕی زیادیش بوو بە موسوڵمان و هەر دووکیان

.بەشداریی شەڕی بەدریان کرد
ئەوەی زانراوە کە ئیسلام ئەوەی پێش خۆی دادەپۆشی و وەلای دەنا و هەر داوایەکی جاهیلی لە ئیسلامدا هەبوایە پوچەڵ دەکرایەوە، دەبوایە حارس ئەوەی ئەلموجزر کردبووی باوکی کوشتبوو لە بیر خۆی بباتەوە، بەتایبەتی باوکی ئەویش پێشتر باوکی ئەلموجزری کوشتبوو، تۆڵەی خوێنەکانیان یەکسان بوو لە نێوانیاندا، بەڵام حارس ئەمەی لە بیر خۆی نەبردەوە و لە سنگی خۆیدا پەنگی خوارد بوەوە بۆ ئەوە تۆڵەی باوکی بکاتەوە، بۆیە ویستی ئەلموجزر بکوژێ لە تۆڵەی باوکی بەڵام نەیتوانی ئەوە بکات، لە کاتی ڕۆژی ئوحوددا کە موسوڵمانان ئەو .خرۆشانەیان کرد و تێکپرژان حارس لە پشتەوە هات بۆ موجزر و لە ملی دا و کوشتی
ئەمە ڕووداوێکی زۆر قێزەون بوو، بە غەدر موسوڵمانێك یەکێکی تر بکوژێت و هەر دووکیان لە سوپایەکدا بن کە شەڕی بێباوەڕان دەکەن، ئەم ڕووداوە تاوانێکی دوو لایەنەیە، کوشتن و پەشیمان بوونەوە لە ئیسلام، لەبەر ئەوەی حاڕس بە تەنها موجزری بەم کردەوە قێزەونە نەکوشت، بەڵکوو بە کارێکی جاهیلی پێی هەڵسا، ئەمەیش لە سنور دەرچوونە لە ئیسلامدا، بێگومان ئەم ڕووداوە پێغەمبەری زۆر بێزار کرد، ئینجا کە پێغەمبەری خودا پاش تەواوبوونی شەڕی ئوحود بە سوپاکەیەوە کەوتە دوای قورەیش لە بەیانیی ئەو ڕۆژەی لە ئوحودەوە گەڕایەوە تا لە شوێنی (حمراء الاسد) (شوێنێکە لەگەڵ مەدینەدا هەشت میل دوورە) وەستا و نەگەییشت بە قورەیش، لە (حمراء الاسد) سێ شەو مایەوە ئینجا گەڕایەوە بۆ مەدینە، ئەو تاوانەی حارس کوڕی سوەید لە ئوحود کردبووی، جارێك کاریگەرییەکەی لە سەر پێغەمبەری خودا مابوو، کاتێك لە (حمراء الاسد) گەڕایەوە بۆ مەدینە، هەواڵی لە ئاسمانەوە بۆ هات کە حارس کوڕی سوەید لە قوبایە، پێغەمبەری خودا هەڵسا و چوو بۆ قوبا، لە کاتێکدا بوو ئەو نەدەڕۆیشت بۆ لایان، ئەمەیش لە ڕۆژێکی زۆر گەرمی قریچەداردا، ئەنسارەکانی خەڵکی قوبا هاتن بۆ لای و حارس کوڕی سوەیدیان تێدا بوو، کراسێکی تەپوتۆزاوی و خوساوی لە بەر بوو، دەڵێن لەحافێکی خوساوی تەپوتۆزاویی لە سەر شان بوە، پێغەمبەری خودا فەرمانی بە عوەیمر کوڕی ساعدە کرد لە ملی بدات، پێی گوت: حارس کوڕی سوەید بهێنە بۆ دەرگای مزگەوتەکە و لە ملی بدە، هێنای بۆ ئەوەی لە ملی بدات، حارس گوتی: بۆچی ئەی پێغەمبەری خودا؟ گوتی: لەبەر ئەوەی موجزر کوڕی زیادت کوشت، حارس هیچ قسەیەکی نەکرد و، لە ملی دا و ملی پەڕاند، لە گێرانەوەیەکی تردا هاتوە کە حارس گوتوویەتی: بە خودا کوشتم، بەڵام کوشتنی ئەو هیچ پەشیمانبوونەوەیەکی من نەبوو لە ئیسلام و هیچ گومانێکم لا دروست نەبوە، بەڵام هاندانێکی شەیتان بوو، من تۆبە لە خودا و پێغەمبەری دەکەم لە سەر ئەو کارەم و سەرانە و گوناهباریيەکەی دەدەم و دوو مانگی لە دوای یەك ڕۆژوو دەگرم و کۆیلەیەك ئازاد .دەکەم، پێغەمبەر بەمە ڕازی نەبوو

(62)
تێبینی
حارس کوڕی سوەید لەو کەسانەیە کە بەشداریی ئوحودی کردبوو و، محەمەدیش لەوانەی دەبووری کە بەشداریی ئوحودیان کردبێت و گوناحێکیان کردبێت، وەك چۆن لە حاتب کوڕی ئەبی بەلتەعەی بووری کە عومەری کوڕی خەتاب ویستی لە ملی بدات، پێغەمبەری خودا گوتی: چووزانیت ئەی عومەر لەوانەیە خودا خەڵکی بەشداربووی بەدری بینیبێت و گوتبێتی: چیتان دەوێت بیکەن لێتان دەبورم. دەبوایە لەمیش ببورێت بەتایبەتی (وەك لە گێرانەوەکەی تردا دەڵێت) ببورایە، چونکە گوتی لە ئیسلام پەشیمان نەبوومەتەوە و گومانم لێ نییە و داوای تۆبەکردن لە خودا دەکەم و پارەی خوێنی کوژراوەکە دەدەم و دوو مانگ بەڕۆژوو دەبم و کۆیلەیەك ڕزگار دەکەم. حارسی کوڕی سوەید، ئەگەر بەم کارەی بە هەمان ڕەفتاری جاهیلی جووڵاوەتەوە، ئەی خالیدی کوڕی وەلیدیش ئەم کارەی ئەنجام دا، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ناردی بۆ بەنی جوزەیمە کە قەومێکی موسوڵمان بوون، ئەوانیش فاکیهی مامی خالید و براکەی فاکیهیان لە کاتی جاهیلیدا کوشتبوو، کەچی خالید کۆمەڵێکی لێ کوشتن لە تۆڵەی فاکیهی مامی و براکەی، تەنانەت کە هەواڵەکە گەییشتە پێغەمبەر و گوتی: خودا من بێبەریم لەوەی

خالید کردوویەتی، دوو جار یان سێ جار دووبارەی کردەوە. بەڵام ئەم ڕووداوە لە پاش ڕووداوەکەی حارس کوڕی سوەید بوو، لە پاش گرتنی مەککە ڕووی دا، بەو هۆیەوە دەمەقاڵێ لە نێوان عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و خالیدی کوڕی وەلید ڕووی دا، عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ عەبدولڕەحمان دا بوو لەوەدا و لە دژی خالید وەستایەوە، ئەمە لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا باس کراوە، ئەگەر دەتەوێ بگەڕێوە بۆ ئەوێ، ئینجا پێغەمبەر کوژراوەکانی لە گۆڕ نا و لە خالیدی بووری، کە ئەم کردەوەیەی بە پێی نەریتی جاهیلی ئەنجام دا. بەڵام ئێمە دەڵێین، ئەگەر محەمەد لە شەڕی ئوحوددا لە حاڵەتێکی سایکۆلۆجیی هاوشێوەی حاڵەتی سایکۆلۆجیی شەڕی بەدر بوایە، لە حارسیشی لەو کارەی دەبووری، بەتایبەتی ئەو دانی بە ئیسلامدا نا و تۆبەی کرد و پەیمانی دا، کە حەقی خوێنەکەیش بدات، بەڵام لە شەڕی ئوحود سەرکەوتوو نەبوو، بە خۆی لەو شەڕەدا تووشی ئازار و برین هات کە بەو شێوەیە لە شوێنی تر بەسەریدا نەهاتبوو.

لە حاڵەتێکی سایکۆلۆجیی ئازاراویی تونددا، ئەو کردەوەیەی حارسی بە شێوەیەکی تر گەورە بینیی، هیچ ڕێگەیەکی تری نەدی و لێی نەبوری، ئەگەر نا، محەمەد وەك بە دڵفراوانی ناسراو بوو لە هەموو حاڵەتێکدا لە لێبوردن نزیك بوو تەنانەت لە کاری لەوە زۆر گەورەتر لە کردەوەکەی حارس.

حەوت چیرۆکمان بۆ باس کردیت، لە هەر یەکێکیاندا هەواڵەکەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە، هاوشێوەی ئەمانە لە کتێبی بەسەرهاتەکان زۆرن، بەڵام ئێمە بەم ژمارەیە کۆتایی دەهێنین، لەبەر ئەوەی باسمان کرد وەك نموونە و شایەتی لە سەر ئەوەی محەمەد دەستەی هەواڵگریی بەگوروتینی هەبوە، ئەگەر ئێمە تەماشای ئەوە بکەین کە ئەم چیرۆکانە چیی لە خۆ دەگرێت، لەو بارەی کە هەواڵەکانی لە ئاسمانەوە پێ دەگەن، دەبینن ئەو کارانە هەمووی لە نێو خەڵکدا ڕووی داوە، پاش ڕوودانی هەواڵەکە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، بۆیە ئەوە پاش ڕوودانی کارەکە بوە، ئەمەیش بە ئامراز و نێوەندی هەواڵگری دەکرێت بزانرێت، ئەمەیش بە تەواوی لە کاری غەیب ناچێت، وەك ئەوەی شتێك لە دواڕۆژدا ڕوو بدات، بەڵێ، ئەمە کردەوەیەکی غەیبیە بۆ ئەو کەسەی لە کاتی ڕووداوەکە لەوێدا نەبێت، لەو بارەیەوە دەڵێن محەمەد لە غەیبی نەزانیوە بە شایەتیی قورئان: {وَلَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ إِنْ أَنَا إِلَّا نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ} [الأعراف: 188]، واتة: پێشتر واتاکەی نوسرا. ئەگەر محەمەد لە غەیبی نەزانیوە و ئەگەر ئەم گێڕانەوانە ڕاست بن، دەبێت ڕاستیی ئەم گێڕانەوانە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەوە بێت کە محەمەد دەستەی هەواڵگری بە گوروتینی هەبوە، ئەوەیە لێرەدا دەمانەوێت بیسەلمێنین.

چاو و سیخوڕەکان

پێشتر گوتمان هەواڵگری بە ناردنی چاو و سیخوڕ نەبێت ناکرێت، هەر پێشتریش زانیمان کە محەمەد هەواڵگریی بەگوروتینی هەبوە، ئەمەیش وا پێویست دەکات کە چاو و سیخوڕی هەبێت بۆ ئەوەی هەواڵی دوژمنەکانی پێ بگەیەنن، دەبێت لە نێو ئەوانەیشدا سیخوڕی نهێنیی تایبەت و هەروەها سیخوڕی ئاشکرای گشتی هەبن، مەبەستمان لە سیخوڕی نهێنیی تایبەت ئەوەیە کە کاروباری هەواڵگری تەنها لە نێوان خۆی محەمەددا بێت و جگە لە خۆی هیچ کەسێکی تر پێی نەزانێت، لەبەر ئەوەی محەمەد لەو کاتەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، بارودۆخەکە وای لێ کرد کە دوژمنی لە نێوخۆی موسوڵمانان دا بۆ دروست بێت و ئەوانیش دووڕوەکان بوون، کە بە ئاشکرا موسوڵمانبوونی خۆیان ڕادەگەیەنن و لە ڕاستیدا موسلمان نەبوون، ئەوانە ناتوانرێت خۆت لە شەڕیان لابدەیت ئەگەر سیخوڕی نهێنیت نەبێت.

سیخوڕە نهێنییە تایبەتییەکانی

گوتمان سیخوڕی نهێنی ئەوەیە کە کاروبارەکانی سیخوڕی لە نێوان خۆی و محەمەد بەدیاریکراوی دەبێت و هیچ یەکێکی تر نایناسێت و پێی نازانێت، ئەگەر وا بێت، زۆر زەحمەت بوو لەو هەموو گێڕانەوە ڕیزکراوانەی کتێبی سیرەتەکاندا، کەسێك هەبێت بەم سیفەتە باسی بکەین، کە کارەکەی شاراوەیی بووبێت و حاڵی نەزانراو بێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەیشدا بە ڕێگەی هەڵهێنجان و خەمڵاندنەوە و لە قسەی گێڕەوان و حیکایەتخوانانەوە، سێ لەو سیخوڕە نهێنییانە دیاری دەکەین، یەکێکیان لە مەککە بوو ئەویش عەباسی مامی پێغەمبەر و دوانیان لە مەدینە بوون.

بەڵام ئەوەی لە مەککەدا بوو کە عەباس بوو لای بێباوەڕەکان دووڕوو بوو، واتە لە ڕووکەشدا بێباوەڕ بوو بەنهێنی و دزییەوە لە ناخدا موسوڵمان بوو، ئەگەر شاردنەوەی موسوڵمانبوونەکەی نەبوایە نەیدەتوانی سیخوڕی بۆ محەمەد بکات و، تا پاش گرتن و کردنەوەی مەککە لەوێدا بمێنێتەوە، پێش ئەوەیش ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە بەڵام پێغەمبەر نەیهێشت و ڕەتی کردەوە، وەك دواتر باسی دەکەین، پاش کردنەوەی مەککە موسوڵمانبوونەکەی ئاشکرا کرد و هات بۆ مەدینە، دواتر لە سەر عەباس لە بەشێکی تایبەتدا بە تەنیا قسەی لە سەر دەکەین.
بەڵام ئەو دوانەی لە مەدینە بوون، یەکێکیان ئەو پیاوە موسوڵمانە بوو کە خوشکێکی لای ئەبوو نەزیر بوو، پێشتر لە ڕووداوەکەی بەنی نەزیر باسمان کرد، کە چۆن ویستیان فێڵ لە محەمەد بکەن لەوێدا بیخوێنەوە و، لە سەر ناوەکەی و ناوی خوشکەکەی کە لای بەنی نەزیر نیشتەجێ بوو نەوەستام، ئەوەی گومانی تێدا نییە کە یەهوودی بوە و بوە بە موسوڵمان و لە قەومەکەی یەهوود دوور کەوتوەتەوە، لەوانەیە خوشکەکەیشی بووبێت بە موسوڵمان، بەڵام ئیسلامبوونەکەی شاردبێتەوە و لە قەومەکەی دوور نەکەوتبێتەوە و لە نێوانیاندا بۆ ئەو ئامانجە واتە سیخوڕی مابێتەوە، تا کاری سیخوڕییەکە بەردەوام بێت لەگەڵ براکەیدا ئینجا لەوەوە بۆ محەمەد.
دوەم سیخوڕی نهێنیی مەدینە حەزیفەی کوڕی یەمان بوو، ئەمە جگە لەوەی موسوڵمان بوو لە ڕووکەشدا، لە ناخیشدا دڵسۆز بوو بۆ ئیسلام و بە هەموو دڵسۆزییەك بۆ خودا و پێغەمبەرەکەی، خەڵکی مەدینە بوو، وا دیارە نە لە ئەوس بوە و نەیش لە خەزرەج، وایان باس کردوە کە هاوپەیمانێك بوە لە هاوپەیمانەکانی بەنی عەبد ئەشهەل کە لە خەزرەجەکان بوون و باوکی ئەلیەمان ناوی حسیل بوو، پێیان دەگوت یەمان لەبەر ئەوەی لە سەر نازناوی باپیری یەمان کوڕی حارس ناو نرابوو، یەمان لێرەدا ناو بوە نەك نازناو، لە لایەکی ترەوە دەڵێن، بۆیە پێیان گوتوە یەمان لەبەر ئەوەی تووشی پیاوکوشتنێك بوە لە نێو قەومەکەیدا و ڕای کردوە بۆ مەدینە، هاوپەیمانی لەگەڵ بەنی عەبد ئەلئەشهەلدا کردوە و، قەومەکەی ناویان لێ ناوە ئەلیەمان لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ یەمانییەکان کردوە، کە خەڵکی مەدینە بوون، یەمان بەم شێوە بێت نازناوە نەك ناو بێت.
هەروەها حسێلی کوڕی حەزیفەیش شێخێکی گەورەی موسوڵمان بوو، لە غەزای ئوحوددا کوژرا، موسوڵمانان بە هەڵە کوشتیان، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە پشت ئەلیەمانی باوکی حەزیفە و سابتی کوڕی قەیس بوە، لە شوێنی دانیشتنی ژناندا لەگەڵ ژن و منداڵاندا بوون، لەبەر ئەوەی دوو شێخی گەورە بوون، یەکێکیان بەوی تری گوت: هەی بێباوك چاوەڕێی چی بکەین؟ بە خودا هیچ لە تەمەنمان نەماوە جگە لە ماوەی تینوێتیکەرێك نەبێت، بۆچی شمشێرەکانمان نەبەین و نەگەین بە پێغەمبەری خودا لەوانەیە خودا شەهیدبوونمان پێ ببەخشێت، شمشێرەکانیان برد و بۆی دەرچوون تا چوونە نێو بەیەکداپرژانی شەڕی خەڵکەکەوە، بەڵام لە لای بێباوەڕەکانەوە چوونە ژوورەوە و موسوڵمانان پێیان نەزانی، سابت بێباوەڕان کوشتیان و، یەمان شمشێری موسوڵمانان بەری کەوت و کوشتیان و نەیانناسی، لەوێدا حەزیفە گوتی: ئەوە باوکمە، گوتیان: نەمانناسی، پێغەمبەری خودا ویستی لە بریی خوێنەکەی بدات بە حەزیفە، بەڵام حەزیفە کردی بە سەدەقە و خێر بۆ موسوڵمانان و پێغەمبەری خودا لەو خێرەی زیاتری پێ دا.
ئەم حەزیفەیە خاوەن نهێنیی پێغەمبەری خودا بوو، پێشتر باسی ئەو چیرۆکەمان کرد کە لە (زاد المعاد)دا هاتوە، دەربارەی دووڕوەکان کە ویستیان پێغەمبەری خودا لە غەزای تەبوك لە ناو بەرن و باسی ئەوەیشمان کرد کە ئیبن قەییم گێڕاوێتیەوە، پێغەمبەری خودا ناوی ئەو دووڕوانەی بە حەزیفە گوتوە و، کەسی تر جگە لە حەزیفە بەوەی نەزانیوە.
لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: بە حەزیفەیان دەگوت خاوەنی نهێنیی پێغەمبەری خودا، هەروەها باسی ئەوەی کردوە کە لە سەر حەزیفە گوتراوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە باڵهەڵگرەکەی دابەزی (واتە لە غەزای تەبوك) وەحی بۆ هات و بارهەڵگرەکەی حوشترێك بوو بە ناوی (بارکە) هەڵسا جڵەوەکەی گرت و بینیم کە چۆن جڵەوەکەی وەرگرت و هاتم بۆ نزیك پێغەمبەری خودا، ئینجا لای دانیشتم و ئارامم کردەوە و هێنام بۆ لای پێغەمبەر، گوتی: ئەمە کێیە؟ (وا دیارە ئەمە لە شەودا بوە و نەیناسیوە، بۆیە گوتوویەتی ئەمە کێیە) گوتم: حەزیفە، پێغەمبەر گوتی: من نهێنییەکت پێ دەڵێم باسی نەکەیت، من نوێژ لە سەر فڵان و فڵان ناکەم، ناوی ژمارەیەك دووڕووی هێنا.

بێگومان حەزیفە ئەم قسانەی لە پاش مردنی پێغەمبەری خودا نەبێت باسی نەکردوە، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب لە سەردەمی خیلافەتەکەیدا هەر کەسێك گومانی ئەوەی لێ بکردایە لەو کۆمەڵە دووڕوە بوە و مردوە، دەستی حەزیفەی گرتوە و بردوویەتی بۆ ئەوەی نوێژی لە سەر بخوێنێت، ئەگەر حەزیفە لەگەڵیدا ڕۆیشتایە عومەر نوێژی لە سەر دەکرد و ئەگەر دەستی لە دەستی بەردایە و لەگەڵیدا نەڕۆیشتایە نوێژی لە سەر نەدەکرد.

ئەوەی لەمەدا تێدەگەین کە حەزیفە سیخوڕی نهێنی بوە، بۆچی نا، سیخوڕی نهێنی بۆ نەبێت و ئەوەمان بۆ سەلمێنرا، کە ئەو دەزگایەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن دەستەی هەواڵگری یان هەواڵگرییەکانی هەبوە، هەروەها ئەوەیش سەلمێنراوە کە ئەو توانیویەتی ئاگایەکی باشی لە حاڵی دوژمن بێت، بە ئامرازی تایبەتی و گشتیی خۆیەوە، بەڵام بەکارهێنانی سیخوڕی ئاشکرا ئەمە زانراوە و هیچ مەراییەکی تێدا نییە باس بکرێت، دەکرێت دوو سیخوڕی نهێنیی تریش بچنە سەر ئەو سێ سیخوڕەی باسمان کردن، یەکێکیان سوراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی لە کینانە بوە، ئەو هۆکاری شکستی قوڕەیش بوو لە ڕۆژی بەدردا، پێشتر باسی ئەم چیرۆکەمان کرد، لە شوێنی خۆی بیخوێننەوە، دوەمیان شێخی نەجدی بوو، سیخوڕێك بوو کە چوە ژوورەوە بۆ خانەی کۆبوونەوەی قوڕەیش کاتێك ویستیان پیلان دژی محەمەد بگێڕن و، ئەمەیش هەروەها پێشتر باسمان کرد، لە کۆنگرەی خانەی کۆبوونەوەکان بوو، بەڵام ئەم شێخە بۆ مەبەستی سیخوڕیکردن لە لایەن عەباسەوە بە کرێ گیرابوو، ئەویش عەبدوڵڵای کوڕی ئریقت دیلی بوو لە بەنی ئەلدیك کە ئەبووبەکر بە کرێ گرتی بۆ ئەوەی ڕێبەرییان بکات، لە کاتی کۆچکردنیان لە ئەشکەوتەکەوە بۆ مەدینە و، هەر دوو پیاوەکە، شێخی نەجدی و ئیبن ئریقت لە بێباوەڕەکان بوون و، هەروەها سوراقە تا پاش کردنەوەی مەککە نەبوو بە موسوڵمان. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە حیکایەتخوانان دەڵێن: شەیتان لە شێوەی سوراقە لە ڕۆژی بەدر دەرکەوتوە، وەك هەروەها گوتوویانە: لەوێنەی شێخی نەجدی لە ڕۆژی پیلانگێڕییەکەی قوڕەیش لە خانەی کۆبوونەوەکان دەرکەوتوە، ئەوەی پێشوە و زانیت هەر دووکیان لە ڕاستیدا لەگەڵ محەمەددا بوون، وا بێت بە پێی قسەی ئەوان بێت شەیتان دوو جار یارمەتیی محەمەدی داوە.

سیخوڕە گشتییە ئاشکراکان

کتێبی بەسەرهاتەکان پڕن لەو گێڕەوانەی کە باس لە ناردنی سیخوڕ دەکەن، وا هاتوە، کە محەمەد بە خۆی و ئەبووبەکر لە کافرەکان ڕایان کرد و بۆ خۆشاردنەوە چوون بۆ ئەشکەوتەکە و لەو کاتەی کۆ بوونەوە بۆ کوشتنی، عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووبەکر سیخوڕیان بوو. لە سیرەی ئیبن هیشامدا هاتوە: سێ شەو لە ئەشکەوتەکە ماونەتەوە و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبووبەکر لایان ماوەتەوە و غوڵامێك بوو دەیزانی چی دەگوترێت، لە کاتێکدا کە تاریك دادێت دێت بۆ لایان و پێش ئەوەی شەوەکی بێت دەگەڕێتەوە، خەڵکەکە وا دەزانن لە ماڵی خۆیدا بوە، گوێی لە هیچ شتێك نەبوو نەگەیەنێت پێیان. عامری کوڕی فەهیرەی بەردەستەی ئەبووبەکر بە ڕانەمەڕەکەی ئەبووبەکرەوە دەڕوات بۆ لایان و لە کاتێکدا کە عەبدوڵلا ڕۆیشتبێت بۆ لای باوکی و مەحەمەد، عامر بە ڕانەکەوە هەموو شەوێك بە دوایدا ڕۆیشتوە بۆ ئەوەی پاشماوەکەی بسڕێتەوە، ئەمەیش بە ڕێنوێنی ئەبووبەکر بوە.

ئەوەی لە شەڕی ئوحددا باسیان کرد: سوپای قوڕەیش بە لێشاو هاتن بۆ مەدینە و لە بەرانبەر شارەکە دابەزین لە زی حەلیفە (گوندێکە لە مەدینەوە شەش میل دوورە). پێغەمبەر دوو سیخوڕی نارد و هەواڵەکەی بۆ هێنان وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. دەڵێن: عەمرو کوڕی سالمی خوزاعی لەگەڵ چەند کەسێکدا لە خوزاعە. لە قوڕەیش دوور کەوتنەوە بەرەو زی تەراد (دۆڵێکە لە نزیك مەککە) و هاتن بۆ لای پێغەمبەر و هەواڵیان پێ دا و گەڕانەوە. دواتر باسی ئەوە دەکەین کە خوزاعە هەموویان سیخوڕ بوون.

ئەوەی باسی سریەکانی لە کتێبی سیرەتەکان دا دەکەن، پێغەمبەری خودا دە کەسی یان دەڵێن شەش چاوی ناردوە بۆ مەکە بۆ ئەوەی سیخوڕی بکەن و هەواڵی قوڕەیشی بۆ بهێنن و، عاسمی کوڕی سابتی ئەنساری کردە فەرماندەیان. ئەم سریەیە لە کتێبی سیرەتەکان بە سریەی ڕەجیع (ئاوێکی هەزیلە لە نێوان مەککە و تایفدا بوە) ناو نراوە، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە پێغەمبەر ناردنی زۆربەیان لە ڕەجیع کوژران و هەندێکیان بە دیل گیران.

هەروەها کە باسی سریەکان دەکرێت، یەهوودەکانی خەیبەر کە ئوسەیری کوڕی ڕەزامی یەهوودیان بە فەرماندە لە سەردا بوو، پێی گوتن: من ئەوەی بە محەمەد دەکەم کە هاوڕێیانی بۆ دەکەن، گوتیان دەتەوێت چی بکەیت؟ گوتی، غیتفان کۆ دەکەمەوە بۆ شەڕکردنی، گوتیان

شتێکی باشت بینیوەتەوە و دۆزیوەتەوە. لە نێو غیتفان و بە دەر لەوانیش هەوڵی کۆکردنەوەی خەڵکی کرد بۆ شەڕ دژی محەمەد، ئەم هەواڵەیش گەییشتە محەمەد، ئەویش بە نهێنی عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەی بە سێ کەسەوە نارد بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی هەواڵی ئەوێ بزانن و کە .گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا و هەواڵەکەی پێ دان، وەك لە سیرەی حەلەبییەوە هاتوە

هەموو خوزاعە سیخوری بوون

ئەوەی زانراوە عەشیرەتی خوزاعە لە جاهیلیدا هاوپەیمانیی عەبدولمەتەلیب کوڕی هاشم بوون و، هاوپەیمان بوون لە دژی نۆفەل کوڕی عەبدمەناف، کاتێك موتەلیب مرد نۆفەل هەڵی کوتایە سەر هەرچی مەیدان و چۆڵەوانی و جێگەی عەبدولموتەلیب بوو و، بۆ خۆی دەستی بە سەردا گرت، عەبدولموتەلیب هەڵچوو و قەومەکەی هان دا، بەڵام کەس نەهاتە پێش لەگەڵیدا بێت، گوتیان: لەبەر ئەو پرسەی کە لە نێوان خۆت و مامتدایە. بۆیە پاش ئەوەی نۆفەل هاوپەیمانیی لەگەڵ عەبدشەمسی برازایدا بەست عەبدولموتەلبیش هاوپەیمانیی لەگەڵ خوزاعەدا کرد، محەمەد بەمەی زانی، ئەو نووسراوەی عەبدولموتەلیب یان لە لایەن ئەبی بن کەعبەوە لە ڕۆژی حودەیبیە بۆ خوێندنەوە، کاتێك ئاشتەوایی حودەیبیە لە نێوان پێغەمبەری خودا و قورەیش ئیمزا کرد، لە مەرجەکانی ئاشتەواییەکە ئەوەی تێدا بوو کە هەر لایەنێك بیەوێت بێتە نێو ئەو گرێبەست و پەیمانەوە با بێتە نێوییەوە و، ئەوەی پێی خۆشە بچێتە گرێبەستی قورەیش و پەیمانیانەوە با بچێت. خوزاعە بە هەموویان چوونە پەیمانی محەمەدەوە لەبەر ئەوەی لە کۆنەوە هاوپەیمانی عەبدولموتەلیبی باپیری بوون و هەر وا بەنو بەکریش چوونە .پەیمانی قورەیشەوە

خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: خوزاعە بە بێ باوەڕ و موسوڵمانییەوە ئەوەی لێ نەشاردنەوە کە چی لە مەککە ڕوو دەدات و هەموو هەواڵێکی دەدانێ کە لە مەدینەیش بێت، بۆیە قورەیش ئەمەی زانیوە، کاتێك محەمەد دەرچوو بە دوای قورەیشدا پاش تەواوبوونی شەڕی ئوحود و لە حەمرا ئەلئەسەد دابەزی وەك پێشتر باسمان کرد، مەعبەدی خوزاعی بینی.

خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: خوزاعە بە بێباوەڕ و موسوڵمانییەوە خۆشیان دەویست، واتە پێغەمبەری خودایان خۆش دەویست. مەعبەد -بێباوەڕ بوو- گوتی: ئەی محەمەد بە خودا ئێمە زۆرمان پێ ناخۆش بوو ئەوەی بە سەر خۆت و هاوڕێیاندا هات و حەزمان دەکرد خودا پایەت بەرز بکات و شەڕ و خراپەکە بۆ خەڵکی تر بوایە، گوتی: ئینجا مەعبەد ڕۆیشت تا گەییشتە ڕەوحا (شوێنێکە لە نێوان مەککە و مەدینە لە مەککەوە نزیکترە) کاتێك ئەبووسوفیان مەعبەدی بینی گوتی: ئەمە مەعبەدە و هەواڵی لایە، چیت پێیە ئەی مەعبەد؟ مەعبەد پێگە و بارودۆخی محەمەدی گەورە کردەوە و کارەکەی لە سەر ئەبووسوفیان قورس کرد، پێی گوت: محەمەد و هاوڕێیانم لەوێدا بە جێ هێشت، هاتوون بە دواتاندا بە ژمارەیەکەوە کە تا ئێستا قەت بەو شێوەیەم نەبینیوە، دەکوڵێن و تاوگرتوونی بۆ ئەوەی بگەن پێتان دا، ئەوەی دوێنێ لێی بە جێ مابوو لە ئەوس و خەزرەج هەمووی لەگەڵدا کۆ بوونەتەوە و پەیمانیان داوە نەگەڕێنەوە تا نەگەن پێتان و تۆڵەتان لێ نەکەنەوە و، لە سەر قەومەکەیان زۆر توورە بوون و پەشیمانن لەوەی کردوونی و، وەڕسبوونی بەو شێوەیەم قەت نەبینیوە، ئەبووسوفیان گوتی: بەڵا بتگرێت ئەوە چی دەڵێیت؟ گوتی: بە خودا ئەوە نابینم بڕۆیت و داڕمان و کەوتنی ئەسپەکان بە چاوی خۆت ببینیت، ئەبووسوفیان گوتی: بە خودا ئەوەندەمان کۆ کردوەتەوە و لە سەر ئەوە کۆکین کە هێرشیان بکەینە سەر و ئەوەیان ماوە ڕیشەکێشیان بکەین، مەعبەد گوتی: من پێم باشە ئەوە نەکەیت، ئەوانیش بەخێرایی گەڕانەوە بۆ مەککە. تەماشا بکە چۆن کارەکەی لە سەر قورستر کرد و پەشیمانی کردەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی محەمەد، کەچی ئەو لەگەڵ ئەوانیشدا بوو، بێباوەڕ بوو نەك موسوڵمان، خوزاعە لە ڕۆژی خەندەقیش سیخوری بۆ محەمەد کرد. کاتێك قورەیش ئامادەباشییان دەکرد بۆ ڕۆیشتن بۆ مەدینە، سوارێك لە خوزاعەکان بە چوار شەو ڕێکردن گەییشتە لای پێغەمبەری خودا و هەواڵی ئەوەی پێ دا کە قورەیش لە ئامادەباشیدایە بۆ هاتن بۆ شەڕکردنیان، وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. خوزاعە چووبوونە هاوپەیمانیی محەمەدەوە لەبەر ئەوەی ئەوان لە کۆنەوە هاوپەیمانی عەبدولموتەلیبی باپیری بوون، وەك چۆن بەنو بەکر پەیمانیان بە قورەیش دا. تەماشا بکەن چۆن ئەو ماوەیەیان بە چوار شەو بڕی کە بە دە شەو کەمتر نابڕێت، وەك پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە چۆن لە ڕۆژی ئوحودیش .سیخورییان بۆ کرد

ئەلعەباس خاوەنی هەواڵگریی محەمەد
عەباس حاڵەتێکی تایبەتی بوو لەگەڵ محەمەددا، لە پێش و پاش پێغەمبەرایەتیش، ئەو ڕێگەی لێ نەگرت لە بانگەشەکەی وەك سەرجەم مامەکانی تری و دوژمنایەتیی نەکرد وەك ئەبوولەهەبی مامی، محەمەد زۆر جار لەگەڵ عەباسی مامیدا دادەنیشت و بە یەکەوە بوون، وەك ئەوەی لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە کە باس لە خاوەنی بەیعەتی عەقەبە دەکات و لە هاتنی حەجدا ئەم قسانە دەسەلمێنێت، واتە لەو حەجەی پێی دەڵێن بەیعەتی عەقەبە، کە بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر. دەڵێت: کەعبی کوڕی مالیك و بەراوی کوڕی مەعروریان لەگەڵدا بوو، ئەوان نوێژیان دەکرد (واتە موسوڵمانەکانیان) کە لە ڕێگەی حەجدا بوون بۆ بەیتی مەقدەس، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا قیبلە و حەج لە قودس بوو، نەگۆڕابوو بۆ کەعبە، تا پاش کۆچکردن وەك زانراوە، بەڵام بەراء کوڕی مەعروور ڕایەکی تایبەتی خۆی هەبوو، لە نوێژکردندا ناکۆك بوو لەگەڵ ئەواندا و ڕووی کردە کەعبە، بەڵام ئەوان ڕوەو قودس نوێژیان دەکرد، کاتێك هاتن بۆ مەککە، بەراء کوڕی مەعرور بە کەعبی کوڕی مالیکی گوت: ئەی برازام بمانبە بۆ لای پێغەمبەر تا پێی بڵێم لە ڕێگەی سەفەرەکەم چیم کردوە، واتە نوێژی ڕوەو کەعبەم کردوە نەك ڕوەو قودس، کەعب کوڕی مالیك گوتی: دەرچووین بۆ ئەوەی پرسیار لە پێغەمبەری خودا بکەین، ئێمە نەماندەناسی لەبەر ئەوەی پێشتر نەماندیبوو، تووشی پیاوێك هاتین خەڵکی مەککە بوو پرسیاری محەمەدمان لێ کرد، گوتی: دەیناسن؟ گوتمان: نەخێر، گوتی: عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی دەناسن؟ گوتمان بەڵێ. ئێمە دەمانناسی لەبەر ئەوەی بە بازرگانی دەهات بۆ مەدینە، گوتی: ئەگەر چوونە مزگەوتەکەوە ئەو پیاوەی لەگەڵ عەباس دا دانیشتبێت ئەوە محەمەدە، گوتی: لە مزگەوتەکە چووینە ژوورەوە بینیمان عەباس دانیشتوە و پێغەمبەری خودای لەگەڵدایە. سڵاومان لێ کرد و لەگەڵیدا دانیشتین، پێغەمبەری خودا بە عەباسی گوت: ئەم دوو پیاوە دەناسی ئەی ئەبا فەزڵ؟ گوتی: بەڵێ، ئەمە بەراء کوڕی مەعروور گەورەی قەومەکەیەتی و ئەمەیش کەعب کوڕی مالیکە، پێغەمبەری خودا گوتی: شاعیرەکە؟ گوتی: بەڵێ، تا کۆتاییی چیرۆکەکە.
لەمەدا تێدەگەین کە محەمەد دانیشتنی لەگەڵ عەباسدا زۆر بوە و عەباسیش دانیشتنی لەگەڵ ئەودا زۆر کردوە، کەچی هیچ کەسێك لە بێباوەڕەکانی قورەیش نە مامەکانی و نەیش خەڵکی تر لەگەڵدا دانەنیشتوون.
پێشتر باسی چیرۆکی یەهوودیەکەمان لەگەڵ عەباس لە یەمەن بۆ کردیت لە ژێر ناونیشانی (عەرەبەکان نەخوێندەواران و محەمەدیش لەوانە) لەوێدا بیخوێنەوە. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە و بە ڕوونی دەری دەخات کە عەباس سیخوڕی محەمەد بوە.
پێشتر بە هەمان شێوە باسی بەیعەتی عەقەبەمان بۆ کردیت کە عەباس لەگەڵ محەمەد دا بەو شەوە دەرچوو و، یەکەم کەس بوو قسەی کرد، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە عەباس موسوڵمان بوە و زانیویەتی کە محەمەد لە بانگەشەکەی چیی دەوێت، ئەگەر عەباس کافیر بێت چۆن دێت بۆ ئەو کارە گرینگەی بەیعەت بۆ ئەوەی پشتی برازاکەی بگرێت، وەك دەڵێن. ئەگەر ئەم بەیعەتە زۆر گرینگ نەبوایە پێغەمبەر بەنهێنی نەیهێشتەوە، کە بە هاوەڵانی گوت لە تاریکیی شەودا بێن و لەو کاتەدا کۆ بوونەوە. لەوێیشدا عەباس موسوڵمان بوە و لە موسوڵمان زیاتریش و پشتی محەمەدی گرتوە و قەڵغانی بوە و سیخوڕی بۆ کردوە و تەڵەی بۆ دوژمنەکانی ناوەتەوە. نەخێر بەڵکوو لە موسوڵمان زیاتر بوە و، پارێزگار و یارمەتیدەرێکی محەمەد بوە بۆ هەر شتێکی بویستایە، سیخوڕی بۆ دەکرد و هەواڵی بۆ دەنارد و فێڵی لە بێباوەڕان دەکرد و تەڵەی بۆ دەنانەوە.
بەڵام ئەوەی بگوترێت بۆ پشت ڕاستکردنەوەی موسوڵمانبوونی عەباس پێویست بە بەڵگە ناکات و هەروەها پێویست بە هەڵهێنجان و لێوەرگرتن و خەملاندن بۆ قسەی گێڕەوان ناکات، بەڵکوو حیکایەتخوانان بە ڕاشکاوی باسیان کردوە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: دەربارەی عەکرەمەی بەردەستە و بەخێوکراوی ئیبن عەباس گوتوویەتی: ئەبوورافیع بەردەستەی پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: غوڵامێکی عەباس کوڕی عەبدولموتەلیب بووم (من ئەبوورافیع بەردەستەی عەباس بووم ئینجا بەخشیمی بە محەمەد و بووم بە بەردەستەی محەمەد) عەباس بوو بە موسوڵمان و ژنەکەی و منیش موسوڵمان بووین و دەمانشاردەوە، کاتێك هەواڵی ئەوەمان پێگەییشت لە بەدردا چی بە سەر قورەیشدا هاتوە خۆشحاڵ بووین، بە خودا من دانیشتبووم کە ئەبوولەهەب هاتوو هەر دوو قاچی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا تا لای ئێمە

دانیشت، لەو کاتەدا ئەو دانیشتبوو ئەبووسوفیان کوری حارس لەگەڵ قورەیشدا بوو لە بەدر گەڕابووەوە، ئەبوولەهەب پێی گوت: ئیێ ئەبووسوفیان هەواڵت لایە... تا کۆتاییی قسەکە،
دەحلان لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: عەباس وەك خەڵکانی زانستی مێژوو باسی دەکەن هەر لە کۆنەوە بوە بە موسوڵمان، بەڵام موسوڵمان بوونەکەی شاردوەتەوە، خۆشحاڵ بوە لەبەر خودا لەوەی بۆ موسوڵمانان دەیکات و پێغەمبەر نهێنییەکانی پێ دەگوت، کاتێك لە مەککەدا بوو، لەگەڵ پێغەمبەردا لە کاتی خۆدەرخستن و باسکردنی خۆی بۆ عەشیرەتەکان ئامادە بوو، هانی دان لە سەر ئەوەی پێغەمبەر بۆ باس کردن و پاڵی پێوە دەنان بۆ موسوڵمان بوون، ئەمە هەمووی بەڵگەی موسوڵمانبوونیەتی، پێغەمبەر فەرمانی پێ کرد لە مەککەدا بێت بۆ ئەوەی نهێنییەکانی قورەیش و هەواڵەکانیان بۆ بنووسێت، ئینجا دەڵێت: عەباس بە مۆڵەتدانی پێغەمبەر موسوڵمانبوونی شاردوەتەوە، دەڵێت پێغەمبەر لە شاردنەوەی موسوڵمانبوونی عەباس مەبەستی هەبوە، بۆ ئەوەی چاوی ئەو بێت و هەواڵی قەومەکەی بۆ بگوازێتەوە.
قسەی ئەم ئەبووڕافیعە ڕاشکاوانەیە دەربارەی عەباس کە موسوڵمان بوە و موسوڵمانبوونەکەی شاردوەتەوە، باسی هۆکاری شاردنەوەی موسوڵمانبوونەکەی دەکات و دەڵێت، لەبەر ئەوە بوە نەیویستوە و ڕقی لەوە بوە بە پێچەوانەی قەومەکەی ڕەفتار بکات، لەبەر ئەوەی پارەیەکی زۆری هەبوە و زۆربەی پەرشوبڵاو بوە لە قورەیشدا، لەوە ترساوە ئەگەر موسوڵمانبوونی ئاشکرا بکات و پارەکەی لای ئەوان لە ناو بچێت. دەڵێن پێغەمبەر بە موسوڵمانبوونی عەباس ئاگادار بوە و ئەوەی بۆ پێغەمبەر دەرخستوە و هەر دوو شەهادەتەکەی بە نهێنی و ئاشکرا گوتوە، دەڵێت پێغەمبەر ئەوەی ئاشکرا نەکردوە و لەبەر پارەکانی ئەوەی لە بەر چاو گرتوە. گوتیان: کاتێك ئیسلام قورەیشی تێکشکاند لە ڕۆژی گرتنی مەککەدا، موسوڵمانبوونی خۆی دەرخست، وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە.
ئەمەیە قسەوباسی ئەوان لە سەر شاردنەوەی موسوڵمانبوونی عەباس، بەڵام لە حەقیقەتدا وەك ئەوە نییە کە باسیان کردوە، بەڵکوو حەقیقەت و ڕاستی ئەوەیە کە عەباس خاوەن هەواڵگریی محەمەد بوە، هەر ئەو بوو ئەو شێخە نەجدیەی وەك سیخوڕێکی بەتوانا و بەگوروتین بۆ ئامادە کرد و چوە کۆنگرەکە و کۆبوونەوەکەی قورەیش لە خانەی کۆبوونەوەکان لەو کاتەی پیلانیان بۆ محەمەد دەگێڕا، کاتێك لە لای ئەوان دەرچوو یەکسەر ڕۆیشت بۆ لای عەباس و هەواڵی ئەوەی پێ دا کە لەوێدا چی ڕووی داوە، ئەمەیش لە شوێنی خۆیدا بە دووورودرێژی باسمان کرد. ئەو بوو کە بەردەوام ئەوەی لە سەر زاری قەومەکەی لەو قسەوباسانەی هەبوە دەیگەیاندە محەمەد لە هەموو ڕۆژێکدا، وەك چۆن گوێی لێ بوو ئەبووجەهل چیی گوت: خودام لە سەر بێت ئەگەر محەمەدم بینی سوجدەی بردبێت لە ملی دەدەم، لەوێدا ڕۆیشت بۆ لای محەمەد قسەکانی ئەبووجەهلی پێ گوت.
هەر ئەو بوو کە لە پاش کۆچکردنی محەمەد بۆ مەدینە قسەی قورەیش و ئەگەر کاروانە باریان هەبوایە یان شەڕیان ویستبا وەك ڕۆژی ئوحود بۆی هەواڵی بۆ دەناردن، پیاوێکی لە بەنی غەفار بە کرێ دەگرت و نووسراوێکی بەودا دەنارد بۆ محەمەد و هەواڵی دەرچوونی قورەیش بۆ شەڕکردنی محەمەد پێ دەگەیاند، بە مەرجێك بە سێ ڕۆژ و شەو بگاتە مەدینە و ئەمەیش لە شەڕی ئوحوددا جێبەجێی کرد.
عەباس موسوڵمانبوونەکەی بۆ ئەوە شاردەوە تا سیخوڕییەکەی بۆ محەمەد پێی جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە ڕووکەش وەك سەرجەم قورەیش بێباوەڕیش بوویێت، وەك یەکێك لەوان دەبێت و لە لای ئەوانەوە دڵنیا دەبێت و ئەوانیش لێی دڵنیا دەبن و تێکەڵی کۆمەڵایەتییان دەبێت و دەتوانێت لەگەڵیاندا لە یانەکانیاندا دابنیشێت و گوێبیستی باسوخواسەکانیان بێت و، بەوەیش دەبێتە چاوی محەمەد لە سەریان، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەگەر موسوڵمانبوونەکەی ئاشکرا بکات، لەوێدا لە چاوی بێباوەڕانی قورەیش بە هەمان شێوەی سەرجەم موسوڵمان دەبێت بە دوژمنێك لە دوژمنەکانیان و بە ئاشکرا دوژمنایەتیی دەکەن و لێی دوور دەکەونەوە و تێکەڵاوی نابن، بۆیە محەمەد کە کۆچی کرد بۆ مەدینە لە مەکە هێشتیەوە و نەیهێشت موسوڵمانبوونەکەی ئاشکرا بکات و لەگەڵ ئەودا بێت. تەنانەت عەباس پاش کۆچکردن چەندین جار ویستی موسوڵمانبوونی ئاشکرا بکات و کۆچ بکات بۆ مەدینە بەڵام پێغەمبەر ڕێگەی نەدا، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە دەڵێت: زۆر جار دەیویست کۆچ بکات بۆ مەدینە (واتە عەباس پرواتا بۆ لای پێغەمبەری خودا، بەڵام بۆی دەنووسیت ماڵەوەت لە مەککە بۆ خۆت باشترە)، دەڵێت: لە گێڕانەوەیەکدا: عەباس داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر کرد بۆ کۆچکردن، بۆی نووسی: ئەی مام

لەو شوێنە بمێنەوە کە تێیدایت، خودا بە تۆ کۆتاییی بە کۆچکردن دەهێنێت وەك چۆن بە من کۆتاییی بە پێغەمبەرایەتی هێنا، هەر وا بوو. ئەمە بوو شاردنەوەی موسوڵمانبوونی و ئەمە بوو هۆکاری مانەوەی لە مەککە، ئەگەر نا وەك گوتیان هۆکاری ئەوە ترسی بوویێت لە بزربوونی پارە پەرشوبڵاوەکەی لای قورەیش لە کاتی کۆچکردندا، ئەو هەموو جارە داوای کۆچکردنی نەکرد کە خۆی دەیزانی پارەکەی دەدۆڕێنێت و گوم دەبێت، ئەگەر کۆچ بکات و موسوڵمانبوونەکەی ئاشکرا بکات.

ئەگەر بڵێیت: ئەگەر هۆکاری شاردنەوەی موسوڵمانبوونەکەی و بەنهێنیهێشتنەوەی و مانەوەی لە مەککە وەك گوتمان بۆ سیخوڕی نهێنیی محەمەد بێت لە مەککە، چۆن زۆر جار داوای کردوە کە کۆچ بکات و خۆیشی دەزانێت ئەرکی سیخوڕی لە کۆچکردن ون دەبێت و پوچەڵ دەبێتەوە؟

دەڵێم: عەباس ئەرکی سیخوڕیی لە بەر چاو نەگرتوە و بەقەد گرینگێتی لای محەمەد نەینرخاندوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی بینیی برازاکەی لە کاروبارەکەی لە مەدینە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت، ویستی پێی بگات و شانازیی پێوە بکات و بەشداریی موسوڵمانان بکات و لەو پلەوپایانەی کە بە دەستی دەهێنن و شوێنی باڵا دەگرن و غەنیمەتی زۆریان لە جیهاد دەست دەکەوێت، بەڵام محەمەد وا نەبوو، گرینگیی سیخوڕیی عەباسی لە بەر چاو دەگرت و دەینرخاند، بە حەق ڕێزی لێ دەگرت و، دەیزانی ئەوەی لە ئاشکراکردنی موسوڵمانبوونی عەباس و کۆچکردنی و بانگەشەی ئیسلامی لە ئاست سیخوڕکردنەکە و قازانجبەخشینی گەورە و مانەوەی لە مەککە و شاردنەوەی موسلمانبوونەکەی نییە، سیخوڕییەکە شتێکی زۆر بەنرخە.

(63)

عەباس و شەڕی بەدر

موسوڵمانبوونی عەباس لە ناخدا ڕێگریی لێی ناکات ئەرکە نەتەوەییەکانی جێبەجێ بکات و وای لێ بکات لە ڕووکەشدا لە سەر ئایینی قەومەکەی بمێنێتەوە، هیچ سەرسوڕهێنەر نییە ئەگەر عەباس ببینین لەگەڵ قورەیشی قەومیدا دەربچێت بۆ ئەوەی لە بەدر شەڕی محەمەد بکات و لە ناخدا موسوڵمان بێت، بەڵکوو ئامانج لە شاردنەوەی موسوڵمانبوونەکەی وا فەرز دەکات کە لەگەڵیاندا دەربچێت بۆ شەڕ لە دژی موسوڵمانان و وا پیشان بدات کە دوژمنێکی شەڕکەری سەرسەختە دژ بە محەمەد، ئەگەر خاوەن هەواڵگرییەکەی محەمەد، ئەمە پیشان نەدات، ناتوانێت لە نێوانیاندا بێت و فێڵوتەڵەکەیان لە دژ ڕێك بخات، تەنانەت عەباس تەنها بە خۆی لەگەڵیاندا دەرنەچوو، بەڵکوو پارەکەیشی لە خزمەتیاندا بوو، دەڵێن لە کاتی دەرچوونیان بۆ شەڕی بەدر، ئەوانەی خۆراکیان بۆ سوپاکەی قوریش دابین کردوە دوانزە پیاو بوون و گوتیان عەباس کوڕی عەبدولموتەلیب یەکێك بوە لەوانە... لە ڕۆژێکدا دە حوشتریان سەر دەبڕی، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، عەباس دەرچوو بۆ بەدر و بیست ئۆقیە زێڕی لەگەڵدا بوو، بۆ ئەوەی خۆراك بۆ بێباوەڕان دابین بکات و لە شەڕەکەدا لێیان برد، قسەی لەگەڵ پێغەمبەردا کرد کە بیست ئۆقیە وەك سەرانە بۆ ڕزگارکردنی حساب بکات (بە دیل گیرا لە شەڕەکەدا و سەرانەی بۆ خۆی دا)، بەڵام پێغەمبەر بەوە ڕازی نەبوو، گوتی ئەو شتەت هێناوە بۆ هاوکاریکردنی ئەوان دژ بە ئێمە نایدەینەوە.

ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت لە خوێندنەوەی کتێبی بەسەرهاتەکاندا، لەو گێڕانەوانە بە هەموو جۆرە جیاوازەکانییەوە، دەرچوونی عەباس لەگەڵ قورەیشدا بۆ شەڕ لە پێناو تەڵەیەکی جەنگی بوە، کە لەگەڵ سوراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجیدا دای ناوە، پێشتر دوو جار باسی سوراقەمان کرد، لێرەدا سەبارەت بە سوراقە دەربارەی شەڕی بەدرت بۆ باس دەکەین.

لە نێوان قورەیش و کینانەدا خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە هەبوە، حاڵەتی نێوان ئەو دوو عەشیرەتە حاڵەتی شەڕ بوە نەك ئاشتی، کاتێك قورەیش ئامادەباشی کرد و ویستی دەربچێت بۆ شەڕی بەدر، ئەو خوێنەیان بیر کەوتەوە کە لەگەڵ کینانەدا هەیانبوو، ترس لە کینانە وای لێ کردن کە واز لەوە بهێنن دەربچن بۆ شەڕەکە و ترسان لە پشتەوە لێیان بدەن، یان لە دوای ئەوان شتێك لە جێگە و شوێنەکەیان بکەن کە ڕقیان لێ بێت، لەو کاتەدا ئەوان لە سەر ئەم حاڵەتەدا بوون، سوراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی کینانی کە لە گەورەکانی بەنی کینانە بوو هات بۆ لایان، بەڵام حیکایەتخوانان دەڵێن ئیبلیس بوە لە وێنەی سوراقەی کوڕی مالیکی

مەدلەجی هاتوە بۆ لایان، سوراقە بە قورەیشی گوت: هیچ مەترسن من دراوسێتانم، ناهێڵم کینانە شتێکتان لێ بکات کە بە دڵتان نەبێت و ڕقتان لێ بێت، پەیمانی پێ دان لەگەڵ سەرکەوتنی ئەواندان، کارەکەی بۆ ئاسان کردن و هانی دان و نزیکی کردنەوە.
دەرچوون بۆ شەڕەکە و سوراقەیش لەگەڵیاندا دەرچوو، ئەوەی دیارە کە پیاوانی بەنی مەدلەج لە کینانەکان بە ئاڵایەکەوە وەك دواتر لێی تێدەگەین پێ ڕاگەیبیشتن، کاتێك شەڕ بەرپا بوو، سوراقە و پیاوەکانی لەگەڵ قورەیشدا بوون، بەڵام حیکایەتخوانان دەڵێن: ئیبلیسە لە شێوەی سوراقەدا هاتوە و بە سەربازی شەیتانەوە، واتە لە جنۆکە بێباوەڕەکان لە شێوەی پیاوانی بەنی مەدلەجی کینانی بوە.
لە کاتی پێکداهەڵپژانی شەڕەکەدا سوراقە (یان ئیبلیس بەڕای حیکایەتخوانان) لە تەنیشت حارسی کوڕی هیشامی مەحزومییەوە بوە کە برای ئەبووجەهل کوڕی هیشام بوە، حارس دەستی سوراقەی گرتوە و دەستیان لە ناو دەستی یەکتر بوە، کە لەو شێوەدا وەستابوون سوراقە دەستی لە دەستی حارس دەرهێناوە و بەرەو دواوە ڕای کردوە و سەربازەکانی بە دوایدا ڕایان کردوە (بە ڕای حیکایەتخوانان شەیتانەکان بوون)، حارس پێی گوتوون: ئەی سوراقە وات دەگوت کە هاوشانمان دەبیت؟ گوتی: من بێبەریم لە ئێوە، ئەو شتەی دەبینم کە ئێوە نایبینن، لە گێڕانەوەیەکدا: حارس لەو کاتەدا کە سوراقە دەستی بەر داوە و ڕای کردوە لێی پاڕاوەتەوە و پێی گوتوە: ئەی سوراقە مەترسە، بە خودا جگە لە شەمشەمەکوێرەکانی یەسرب هیچ شتێکی تر نابینم (واتە ئەنسارەکانی خەڵکی مەدینە) سوراقە بەتوندی لە سنگی داوە و حارس کەوتوە و سوراقە تێی تەقاندوە بۆی و ڕای کردوە و، بەو شێوەیە قورەیش لە شەڕەکەدا شکستی خواردوە.
ئەوەی ئاشکرایە کە ئەبووجەهل لەو کاتەدا سوراقەی بینیوە ڕا دەکات و ئەوەیشی پێشبینی کردوە کە شکست بە قورەیشەوە دەرکەوێت، هاواری کردوە و گوتوویەتی: ئەی خەڵکینە هیچ گرینگ نەبێت لاتان سوراقە پەشیمان بوەتەوە، ئەو پەیمانی داوە بە محەمەد و هیچ گرینگی بە کوشتنی عەتەبە و شیبە و وەلید مەدەن (ئەمانە لە شمشێربازیی یەکەم جاردا لە سەرەتای شەڕەکەدا کوژران)، ئەوانە بەخێرایی شەڕیان کرد. بە لات و عوزا ناگەڕێینەوە تا محەمەد و هاوەڵانی بە پەت نەبەسینەوە، وای لێ هات بڵێت نەیانکوژن بە دەست بیانگرن. بەم قسەیەی ویستی بە خەڵکەکە بڵێت ئێوە لە ئەوان زۆرتر و بەهێزترن و دەتوانن بە دەست بیانگرن، بەوەیش ویستی هانیان بدات و نەهێڵێت ڕا بکەن، بەڵام ئەوان لە کوێی ئەم قسەیە بوون، لەو کاتەوە کە سوراقە و هاوەڵانی ڕایان کرد ترس و تۆقاندن لە دڵیاندا جێگیر بوو.
حیکایەتخوانان ئەوەیان بۆ باس نەکردووین کە ژمارەی ئەوانەی لەگەڵ سوراقەدا بوون چەند پیاو بوون یان شەیتان بوون (لە سەر قسەی حیکایەتخوانان) کە لە سەر شێوەی پیاوانی بەنی مەدلەج خۆیان پیشان دا، ژمارەیان هەر چەندێك بێت، ئەی خوێنەر تۆ ئەوە لە بەر چاو بگرە کە پارچەیەك لە سوپاکە و ئاڵایەکی هەڵگرتوە و لە کاتی پێکداپرژانی گەرمدا ڕا بکات و پاشەکشە بکات بۆ دواوە، لە دوای ئەوە جگە لە شکستی سەرجەم سوپاکە چیتر دەبێت؟ بێگومان ئەوەی بینیوێتی بەرەو دواوە پاشەکشەیان کردوە و بێ ئەوەی کەس بزانێت چی بوە ڕای کردوە، دەبێت ترس و تۆقاندن لە یەکێکەوە زاڵ دەبێت بە سەر ئەوی تردا تا سەرجەم سوپاکە دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ترس و شکان ئەگەر لە لایەکەوە ڕووی دا وەك پەتای نەخۆشی لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر دەگوێزرێتەوە، بەتایبەتی لە کاتێکی تایبەتدا کە تێکپرژانی شەڕی گەرمی نێوان دوو تیمدا ڕوو بدات، ئەمەیش نیشانەی ئەوە دەردەخات کە سوپای قورەیش پاش ئەوەی ترس کەوتە دڵیانەوە چۆن ڕایان کرد و بە شێوەیەکی کتوپڕ تێیان تەقاند و پاش ڕاکردنەکەی سوراقە و جەماعەتەکەی، سەرەڕای ئەوەی کوژراوەکانیان کەم بوون کەچی دۆراندیان.
دەحلان لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: کۆی گشتیی ئەوانەی لە بێباوەڕان لە بەدر کوژران حەفتا کەس بوون و حەفتا کەسی تریش بە دیلی گیران.
بێگومان ئەم یرە کوژراوە کەمە لە چاو سوپایەك هەزار سەرباز بێت و بە تایبەتی کە سوپاکە لە حاڵەتی شکست و دۆراندا بێت، دەبوایە بە لای کەمییەوە نیوەی ژمارەکەی تێدا بچوایە بۆ ئەوەی بە شکستخواردوو دابنرایە، لە کەمیی کوژراوەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سوپاکەی قورەیش لە بەدردا ڕای کردوە و شەڕی نەکردوە، ئەم فەرتەنەی سوراقە وەك دەبینین گرینگترین هۆکاری ڕاکردنی قورەیش و سەرکەوتنی سوپای محەمەد بوە لە ڕۆژی بەدردا.
گەلێك هۆکاری تر هەن مەبەستمان نییە لێرەدا باسی بکەین، ئێمە وا دەبینین کە سوراقە لە

مەککەوە لەگەڵ قورەیشدا بۆ شەڕەکەی دەرنەچوە، بەڵکوو ڕۆیشتوە بۆ لای قەومەکەی و کۆمەڵێکی لەوان لەگەڵ خۆیدا بردوە و لەو کاتەی قورەیش لە بەدر بوون یان لە ڕێگەوە بەرەو بەدر ڕۆیشتوون پێیان گەییشتوە، لەبەر ئەوەی لە مەککە پەیمانی پێدان کە کینانە بۆ پشتگیرییان دێت، خاوەنی سیرەی حەلەبی باسی لەوە کردوە، کە سوراقە بەتەنها و بێ سەرباز لەگەڵ قورەیشدا دەرچوە. ئینجا کە باسی سەربازەکانی کردوە گوتوویەتی: کە چوە پێشەوە بە تەنها بوو، ئینجا دەڵێت: ئەمەیش ڕەتی ناکاتەوە کە سەربازەکانی دواتر گەییشتوون پێی دا، ئەمەیش قسەکانیەتی وەك ئێمە دەبینین کە لەوە دەچێت ڕاستتر بێت. ئینجا سوراقە لە پاش گەڕانەوەی قورەیش بۆ مەککە ئەو کردەوەی ڕەت کردەوە کە لە بەدر کردی و دانی پێدا نەنا، لە سیرەی حەلەبیدا، دەڵێت: سوهەیلی باسی لەوە کردوە ئەوەی لە قورەیش مایەوە و ڕای کرد بۆ مەککە سوراقەیان لە مەککەدا بینییەوە، گوتیان: ئەی سوراقە، لە ڕیز دەرچوویت و تووشی شکستت کردین، گوتی: بە خودا من هیچ شتێکم لە بارەی ئێوەوە نەزانیوە، نە هەستم پێ کردوە و نەیش زانیومە، باوەڕیان پێ نەکرد تا بوون بە موسوڵمان و گوێیان لەوە بوو کە خودا دای بەزاند، زانییان کە ئیبلیس بوە، زەمەخشەری باسی لەوە کردوە لە (الکشاف) دا لە بارەی چیرۆکی سوراقەوە دەڵێت: قورەیش گەڕانەوە بۆ مەککە و گەییشتنە ئەوێ، گوتیان سوراقە خەڵکەکەی بە هەڵهاتن دا، ئەمە گەییشتە سوراقە، گوتی: بە خودا ئاگام لە ڕۆیشتنتان نەبوە تا ئەو کاتەی هەواڵی شکستەکەتانم پێگەییشت، گوتی: کە بوون بە موسوڵمان، زانییان ئەو کەسە شەیتان بوە.

لە قسەکانی زەمەخشەری وا تێدەگەین لەو کاتەی قورەیش گەڕاوەتەوە بۆ مەککە سوراقە لەوێ نەبوە، ئەوان ئەو قسەیان لە ڕووی دا باس نەکردوە، بەڵام کە قسەکە گەییشتوەتە سوراقە ئەوەی ڕەت کردوەتەوە، نهێنیی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت.

کە سوراقە بوو بە شەیتان و، حیکایەتخوانان لە گێڕانەوەکانیدا دەڵێن: شەیتان لە شێوەی سوراقەدا هاتوە لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی قورئان کە لە سەر ڕۆیشتنی قورەیش بۆ شەڕی بەدر دابەزین، ئەوەی تێدا هاتوە کە سوراقە چیی پێ گوتوون بە زمانی شەیتانەوە بوە، لە سورەتی (الانفال) دا هاتوە: {وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ خَرَجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ} [الانفال: 47]،واتە: ئێوە وەك ئەوانە مەبن کە لە ناو خەڵك لە زێدی خۆیان دەرچوون. (واتە خەڵکی مەککە بۆ بەدر دەرچوون بۆ پاراستنی کاروانە بارەکەیان)، {بَطَرًا وَرِئَاءَ النَّاسِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَاللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطٌ. وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ} [الانفال: 47، 48]،واتە: بۆ مەرایی و لە خۆبایی لەناو خەڵك لە زێدەکە دەرکەوتن و خودا ئاگای لەوەیە دەیکەن و ئەو کارانە شەیتان بۆی جوان کردوون. (واتە سوراقە کاتێك کارەکەی بۆ ئاسان کردن لە مەککەدا و گوتی هاوکارتان دەبم)، {وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ الْيَوْمَ مِنَ النَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَكُمْ فَلَمَّا تَرَاءَتِ الْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَى عَقِبَيْهِ وَقَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكُمْ إِنِّي أَرَى مَا لَا تَرَوْنَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ وَاللَّهُ شَدِيدُ الْعِقَابِ} [الانفال: 48]. واتە:هیچ براوەیەکتان لەناو خەڵکدا نیە و وابزانن یەکێك لەو دوو تایەفەتان لەویتری بردۆتەوە و دەگەڕێتەوە دواوە و بێ بەریم لەئێوە، من بەهاناتانەوە دیم و من ئەوەی دەبینم ئێوە نایبینن و من لە خودا دەترسم و تۆڵەی خودا زۆر دژوارە.

ئەم ئایەتە بە شێوەیەکی گشتی باسی چیرۆکی سوراقە دەکات، سوراقە بە خۆی بە قورەیشی گوت: من هاوشانتان دەبم لە کینانە مەترسن، هەر ئەویش بوو پەشیمان بوەوە و لە شەڕی بەدردا گەڕایەوە دواوە، بە حارس کوری هیشامی گوت: من لە ئێوە بێ بەریم و من شتێك دەبینم ئێوە نایبینن، بەڵام قورئان باسی سوراقە ناکات کە چی بە شەیتان ناوی دەبات، ئینجا حیکایەتخوانان هاتن و لە جیاتیی سوراقە باسی شەیتان دەکەن، کاتێك دەزانن چیرۆکی سوراقە ڕاستییەکە و حەقیقەتێکە و ڕووی داوە دەڵێن: شەیتان لە شێوەی سوراقەدا هاتوە بۆ ئەوەی لە کێشەی کۆکردنەوەی سوراقە بە شەیتانەوە ڕزگاریان بێت کە قورئان باسی دەکات، ئەو بینراوە و قسەی کردوە، ناچێت بە عەقڵدا کە حیکایەتخوانان خۆیان موسوڵمان بن باسی ئەوە بکەن لەم کردەوەدا و بڵێن سوراقە بوە و قورئان بخەن بە درۆوە کە دەڵێت ئەوە شەیتان بوە، بۆ ئەوەی خۆیان لەم ڕووگیرییە ڕزگار بکەن، کە دەڵێت شەیتان بوە لە شێوەی سوراقەدا هاتوە.

ئەوەی پێویستی بە تێرامان و ئاگاداربوونەوە هەیە، حیکایەتخوانان دەڵێن: ئەو شکستەی تووشی قورەیش بوو پاش ئەوە بوو کە پێغەمبەر مشتێك خۆڵی کردوە بە دەموچاوی قەومەکەدا، وەك دەڵێن: شکستەکەیان لە پاش ڕاکردنی سوراقە ڕووی دا، لە (الکشاف)دا،

دەڵێت: جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت: مشتێك خۆڵ بەرەو پێیان دا بکە، کاتێك هەر دوو لا بە یەکدا هەڵزنان پێغەمبەر بە عەلیی گوت: مشتێك وردەچەوی دۆڵەکەم بدەرێ و کردی بە دەموچاویاندا، دەڵێت: دەموچاوەکان تێك چوون، هیچ بێ باوەڕێك نەما سەرقاڵی چاوی نەبێت و ڕایان کرد و موسوڵمانان کەوتنە دوایان و کوشتنیانن و بە دیلیان گرتن.

لەمەدا وا تێدەگەیت کە ڕاکردنی سوراقە پێوەندیی بە فڕێدانی خۆڵەکەوە بوە بە دەموچاویاندا، لەبەر ئەوەی ژێرکەوتنی قورەیش لە هەر دوو کردەوەکەدا ڕووی داوە، فڕێدانی خۆڵەکە و ڕاکردنی سوراقە، هیچ دوور نییە فڕێدانی خۆڵەکە ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی سوراقە لەو کاتەدا پاشگەز ببێتەوە، وەك پێی گوتراوە: هەر کاتێك فڕێدانی خۆڵت بینی لەو کاتەدا پاشگەز بەرەوە و ڕا بکە. لەوێدا ڕاستە گەر بڵێین محەمەد ئاگای لە تەڵەکە بوە، کە عەباس دای ناوە بە دەستی سوراقە و ئەوەیش لە ڕێکخستنی محەمەد بوە و عەباس لە پێوەندیەکی نهێنیدا بوە لەگەڵ محەمەددا، ئەوەی پشتگیری لەمە دەکات و دەیسەلمێنێت کە محەمەد سوراقەی لە کافرەکان و موسوڵمانان بە ناوهێنانی شەیتان لەجیاتی سوراقە لە قورئاندا شاردەوە، هیچ دوور نییە محەمەد لە چیرۆکی سوراقەدا بە ئەنقەست باسی شەیتانی کردبێت بۆ ئەوەی ئەم کارەی لە لایەن موسوڵمانان و کافرەکانیش بشارێتەوە. هیچ گومانی تێدا نییە کە عەقڵی عەرەبی لەو زەمانەدا ئەم هەڵە و خەڵەتاندنەی قبوڵ کردوە، عەرەب لە جاهیلیەتدا باوەڕیان بە بوونی جنۆکە هەبوە، تەنانەت تیایاندا هەبوو دەیگوت جنۆکەم لەو شوێنانەدا بینیوە و گوێم لە دەنگی بوە، چەندین شیعریان لەو بارەوە هەیە، ئێرە جێگەی باس کردنی نییە. هەر چۆنێك بێت، لەخۆگرتنی ئەم ئایەتە لە چیرۆکی سوراقەدا بەڵگەی یەکلاکەرەوەی ئەوەیە کە محەمەد لەو تەڵەیەی کە عەباس بە دەستی سوراقە لە مەککە ڕێك خستوە، ئاگادار بوە و، ئاگای لەوە بوە کە سوراقە لە مەکە لە ڕۆژی بەدردا چیی بە قورەیش گوتوە، عەباس ئەو هەواڵەی پێ گەیاندە، لەبەر ئەوەی دابەزینی ئەم ئایەتە لە پاش ڕووداوی بەدر بوو، هەر چەندە نازانین ئەو ماوەیەی نێوان دابەزینی ئایەتەکە و ڕووداوی بەدردا چەندە.

ئەمەیە چیرۆکی سوراقەیە لەگەڵ قورەیشدا لەو کاتەی دەرچوون بۆ بەدر، لە سەرجەم کتێبی بەسەرهاتەکانەوە وەرمان گرتوە، بەو شێوەیەی کە باوەڕ بە ڕاستێتی بکەین، با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە تێیداین لە کاروباری عەباس لە شەڕی بەدردا.

هیچ گومان ناکەین لەوەی عەباس لە پێوەندییەکی نهێنیدا بوە لەگەڵ محەمەددا، ئەگەر ئەو دوورایییەی نێوان مەککە و مەدینەیشیان لە نێواندا بوە، ئەوەی دواتر دێت کە پشتگیریی ئەم قسەیەمان دەکات، کە دەرچوونی عەباسە بۆ مەدینە لەو کاتەی محەمەد لە مەدینە دەرچوە بۆ مەککە، هەروەها گومانمان نییە لەوەی سوراقە پێوەندیی نهێنیی لەگەڵ عەباس دا هەبوە لە مەککەدا و، عەباس و سوراقە بوون کە ئەو فێڵوتەڵەیان بۆ قورەیش داناوە، کە بە ڕاکردنێکی نەویستراوی قورەیش کۆتایی هات، ئەگەر ئەوە بزانین نهێنیی دەرچوونی عەباس لەگەڵ قورەیشدا بۆ بەدر دەزانین و نهێنیی ڕەتکردنەوەی سوراقەی لەوەی کردوویەتی لە قسە و کردەوەیش دەزانین.

ئەگەر بڵێیت: قورەیش بۆ شەڕی محەمەد دەرنەچوون، بەڵکوو بۆ پارێزگاری و پاراستنی کاروانە بارەکە دەرچوون، عەباس چۆن زانیی کە هیچ ئەم لا و ئەو لای تێدا نییە کە شەڕەکە ڕوو دەدات و ئەو تەڵەیەی دانا؟ دەڵێم: هەر کەس کتێبی بەسەرهاتەکان بخوێنێتەوە، لە قسەی حیکایەتخوانان دەربارەی دەرچوونی محەمەد بۆ بەدر، لەوە یەکلا دەبێتەوە کە محەمەد بەتوندی پێداگریی کردوە لە سەر ئەوەی نەگەڕێتەوە تا زەفەر بە کاروانە بارەکەی قورەیش نەبات، لە ڕێگادا بە هاوەڵانی دەگوت: خودا پەیمانی یەکێك لە دوو تایەفەی پێ داوم، پێش ئەوەی ئەم ئایەتە دابەزێت {وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللَّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتَيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ} [الانفال: 7]، واتە:. پەیمان بە یەکێك لەو دو کۆمەڵە دەدات کە ئەو بۆ یەکێکتانە. لەبەر ئەوەی دەیزانی قورەیش بۆ پاراستنی کاروانە بارەکە دەردەچن، ئەگەر کاروانە بارەکەیش لە دەستی دەربچێت، بەڵام قورەیش لە دەستی دەرناچێت. کاتێك کاروانەکەی لە دەست چوو جەختی لەوە کردەوە و مکوڕ بوو لە سەر ئەوەی ڕووبەڕووی قورەیش بێتەوە، هەر چەندە لە کاتی دەرچوونیدا مەبەستی کاروانەکە بوو بە تەنها و نەیویست شەڕی قورەیش بکات، لەبەر ئەوەی یەکەم ڕۆژ بوو کە محەمەد بە سەر دوژمنانیدا سەر بکەوێت، ئەگەر سەر نەکەوتایە لەوەدا بوو کە ئیسلام بە هیچ شێوەیەك هەڵنەسایەتەوە.

ئەگەر کارەکە وا بێت، هیچ سەرمان سور نامێنێت ئەگەر ببینین محەمەد زۆر گرینگی بە عەباس دەدات و، هیچ سەرمان لەوە سور نامێنێت کە ببیستین لە شەڕی بەدردا نەهێڵێت هاوەڵانی

کەسێك لە بەنی هاشم بکوژن ئەگەر لە شەڕەکەدا بەریان کەوتن، بە تایبەتی ناوی کەسیان نەهێنێت جگە لە عەباس، ئەمەیش ئەو قسانەیە کە حیکایەتخوانان لەو بارەوە باسیان کردوە.
لە سیرەی هیشامیدا هاتوە: ئیبن ئیسحاق دەڵێت: عەباس کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موعبەد لە لایەن خزمەکانییەوە وەری گرتوە پێی گوتم: دەربارەی عەباس، لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر بە هاوەڵانی گوت (واتە لەو ڕۆژەی کە کوشتوبڕی قورەیشیان کرد و لێیان بە دیل گرتن): من دەزانم هەندێك لە پیاوانی بەنی هاشم و خەڵکی تریش بە ناچاری دەرچوون و هیچ پێویستیان بە شەڕکردنی ئێمە نییە، هەر کەسێك لە ئێوە یەکێکی بەنی هاشمی بەرکەوت نەیکوژێت و هەر یەکێك عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبی مامی پێغەمبەری خودای بەرکەوت نەیکوژێت، ئەو بە ناچاری دەرچوە، هەر کەسێك ئەبووبوختەری کوڕی هیشام کوڕی حارس کوڕی ئەسەدی بەرکەوت نەیکوژێت، ئەبووحەزیفە گوتی: باوك و برا و عەشیرەتەکەمان بکوژرێن و ئێمەیش واز لە عەباس بهێنین؟ بە خودا ئەگەر بیبینم شمشێرەکەم دەکەم بە دەمیدا، ئەم قسەیە گەییشتە پێغەمبەری خودا (واتە قسەکانی ئەبووحەزیفە) بە عومەری گوت: ئەی ئەبووحەفس (عومەر گوتی: ئەوە یەکەم ڕۆژ بوو پێغەمبەری خودا بە ئەبووحەفس ناوم بهێنێت) دەشێت بە شمشێر لە دەموچاوی مامی پێغەمبەری خودا بدرێت؟ عومەر گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، مۆڵەتم بدە با بە شمشێر لە ملی بدەم، بە خودا دووڕوویی کردوە. ئەبووحەزیفە گوتی: من باوەڕم بەو قسەیە نییە کە لەو ڕۆژەدا کردم و تا ئێستایش دەترسم تا شەهادە کەفارەتم بۆ دەدات، لە ڕۆژی یەمامە کوژرا و شەهید بوو.
یەکەم جار تەماشای قسەکەی بکە: هەر کەسێك لە ئێوە یەکێکی بەنی هاشمی بەرکەوت نەیکوژێت، ئەمە بەس بوو بۆ نەهێشتنی کوشتنی عەباس، بەڵام بەمەوە نەوەستا بەڵکوو بە دەق ناوی عەباسی هێنا و بەتایبەتی لە نێو بەنی هاشم دا ناوی هێنا، ئەوە چییە جگە لەوەی دەزانێت موسوڵمانە و ئەو بۆ شەڕکردن دژ بە موسوڵمانان دەرنەچوە و بۆ شتێکی تر هاتوە.
لەوانە دەرچوونی عەباس لەگەڵ قورەیشدا بۆ باوەڕکردن و سەپاندنی بێباوەڕی لای قورەیش لە لایەك و، لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوە بوە کە لە سەریدا بوە بۆ خزمەتی محەمەد و موسوڵمانان ئەنجامی بدات. لەوانەیە محەمەد بە تایبەتی مەبەستی یەکەمی عەباس بووبێت، بەڵام بەنی هاشمیشی لەگەڵدا باس کردوە و، ئەبووبوختەریش بۆ ئەوەی باس کردوە نەوەك لە دڵی موسوڵمانان گومانێك دروست بێت ئەگەر باسی عەباسی بەتەنها بکردایە، ئەگەر نا با مامی پێغەمبەری خودایش بێت ئەمە لە کوشتن ناپیارێزێت، خزمایەتی و مەنسوبیەت لەم جۆرە هەڵوێستانەی کە شەڕ و کوشتار و بەیەکداهەڵشاخان ڕووی دابێت و دوژمنایەتیی ئایینی تێدا بێت، پاراستن لە کوشتن نامێنێت، لەو کاتانەدا پیاو، باوك یان برا یان کوڕە مامی خۆی دەکوژێت، لەو باوەڕەدا دەبێت کە بە کوشتنیان ڕەزامەندیی خودا و خەڵاتێکی مەزن بە دەست دەهێنێت، وەك چۆن ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە ڕۆژی بەدردا باوکی کوشت کە بێ باوەڕ بوو. بۆیە ئەبووحەزیفە ئەو قسەی گوت کە باسمان کرد، کاتێك گوێی لە پێغەمبەر بوو کوشتنی عەباسی ڕەت کردەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ئەبووحەزیفەیە لە ڕۆژی بەدردا عەتبەی کوڕی ڕەبیعەی باوکی و شیبەی مامی و وەلیدی برای کوژران، ئەو سێ کەسە یەکەم کەس بوون لە قورەیش لە ڕۆژی بەدر و لە شمشێربازی سەرەتای شەڕەکەدا کوژران، وەك لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا باسی دەکەن.
ئەگەر بڵێیت: ئەگەر خزمایەتی لەم هەڵوێستانەدا ڕێگری لە کوشتن ناکات، بۆچی عومەیر کوڕی خەتاب لە حەزیفە تووڕە بوو کە ئەو قسەیەی کرد؟ تەنانەت داوای مۆڵەتی لە پێغەمبەر کرد کە بدات لە ملی، ئایا بۆ ئەوە نەبوو کە عەباس مامی پێغەمبەر بوو؟ دەڵێم: عومەری کوڕی خەتاب لە ئەبووحەزیفە تووڕە بوە، لە پێناو ڕێزگرتن و بەخشندەیی بۆ پێغەمبەری خودا، بەتایبەتی کە پێغەمبەری خودا پیاوەتیی ورووژاند و بە ئەبووحەفسە ناوی هێنا و گوتی: ئەی ئەبووحەفسە، پێشتر عومەر بەم نازناوە بانگ نەکراوە بەڵکوو پێغەمبەر بۆی داهێنا، بۆ ئەوە هەستی پیاوەتی ببزوێنێت و بیجوڵێنێت و، بە تووڕەبوونی ئەو تووڕە بێت، ئەگەر نا عومەر ڕاوێژی ئەوەی کرد کە دیلەکان بکوژێت لەو کاتەدا کە پێغەمبەر ڕاوێژی بە هاوەڵانی کرد پاش گەڕانەوەی بۆ مەدینە و، عەباس یەکێك بوو لەو کۆمەڵە دیلە.
ئەگەر بڵێیت: پێغەمبەر ڕێگەی لە کوشتنی عەباس و ئەوانی تر لە بەنی هاشم لەبەر ئەوە نەبوو کە خزمی بوون، لەبەر ئەوە بوە بەناچاری هاتوون بۆ شەڕکردن، ئەمە قسەی محەمەد بوو لەو کاتەی گوتی مەیانکوژن و ڕێگری لێ کردن بیانکوژن؟ دەڵێم: بەڵام قسەکانی: پێغەمبەر

ڕێگری کردن لە کوشتنیان لەبەر ئەوە نەبوە کە شەڕکەر بوون ئەمە ڕاستە، من گومانم نییە ئەگەر محەمەد زەفەری بە ئەبوولەهەبی مامی ببردایە کە دوژمنێکی سەرسەختی بوو، هیچ لەوەدا دوودڵیی نەکرد کە بیکوژێت، لەبەر ئەوەی هەموو گران و بە نرخێك لە بەر چاوی هەرزان دەبوو، هەموو سەختییەك لای ئاسان دەبوو لە ئاست بانگەشەی موسوڵمانێتیدا، بەڵام قسەکانی: لەبەر ئەوەی ڕێگریی لە کوشتنیان کرد، چونکە بە ناچاری هاتوون بۆ شەڕ و ئەوان شەڕکەر نەبوون، ئەمە ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەگەر شەڕکەریش نەبوون بەڵام بە دیل گیران و سەرانەیان لێ وەرگیرا، ئەم مامەڵە جگە لەگەڵ شەڕکەردا نەبێت لەگەڵ شتی تردا ناکرێت، ئەوەی ئەرك بوو بە هاوەڵانی پاش تەواوبوونی شەڕەکە بڵێت: ئەوانە بەرەڵا بکەن لەبەر ئەوەی شەڕکەر نەبوون، بەڵکوو بەناچاری هاتوون بۆ شەڕەکە، بەڵام ئەوەی نەکرد، کەچی بە دیلی گرتن و سەرانەیشی لێ وەرگرتن، بەڵام قسەی لەو کاتەی کە ڕێگریی کرد بیکوژن: ((بە ناچاری دەرچوون و هیچ پێویستیان بە شەڕکردنی ئێمە نییە)) وای دەبینی کە نابێت لێیان ببورێت و هیچ هۆکارێکی بۆ بدۆزێتەوە، ئەمە وا دەکات کە بەوە تۆمەتبار بکرێت کە لایەنگریی خزمەکانی دەکات و سۆزی بۆیان دەجووڵێت، هەر چەند بێ باوەڕیشن، ئەمەیش لەگەڵ پێگەی باڵای ئەودا لای هاوەڵانی نایەتەوە و دژی بانگەشە کردنیەتی بۆ ئیسلام، بۆیە ئەم قسەیەی گوت بۆ ئەوەی لە ڕووکەشدا نەك حەقیقەتدا ببێتە هۆکارێك بۆ ڕەتکردنەوەی کوشتنیان، لەبەر ئەوەی حەقیقەت لەوەدایە وەك باسمان کرد ئەو دەیوست بە تەنها عەباس لە کوشتن ڕزگار بکات، وەك دانپێدانانێك بە موسوڵمانبوونی و هەوڵە نهێنییەکانی و، ئەوەی دەربارەی بەنی هاشم و ئەبووبوختەری بۆ وەلانانی ئەو تۆمەتە بوە.

ئەگەر بڵێیت ئەمە شوێن و پێگەی عەباس بوە لای محەمەد، چۆن بیری ڕێگەی پێ دا، بە دیلی بگرێت و سەرانەیشی لێ وەرگرێت؟ دەڵێم: وەڵامی پرسیارەکەت بە پێی ئەو قسەیە دەبێت کە کەسێك گوتوویەتی: (هەموو شتێك بە دەر لە مردن ئاسانە) و هەروەها بەدیلگرتنی عەباس و سەرانەوەرگرتن، پشتگیری لە بێباوەڕی لە ڕووکەشدا دەکات و ئەوەیش لە بیر و بۆچوون دووری دەخاتەوە کە لە ناخدا موسوڵمان بێت، ئەمە ویستراوە، بۆیە بە دیلی هێشتییەوە و سەرانەی لێ وەرگرت.

بێگومان ئەوەی لە ڕەتکردنەوەی کوشتنی و ئەم هەموو کردەوانە ویستراوە، ئەوە بوە کە لە کوشتن ڕزگاری بکات، کێشەیەك بوو لە ڕزگارکردنی لە بەردەم محەمەددا دەرکەوت بۆ ڕزگارکردنی خەڵکەکە لە کوشتن، ئەوەیش لەو کاتەدا کە ڕاوێژی بە هاوەڵانی کرد دەربارەی دیلەکان، پاش گەیشتنی بە مەدینە، ڕاوێژی بە عومەری کوڕی خەتاب و خەڵکی تری هاوەڵی کرد، عومەر ڕاوێژی کرد بیانکوژن، تەنانەت ئیبن ڕەواحە ڕاوێژی کرد بە ئاگر بیانسووتێنن و چەندین جار عومەر دووبارەی کردەوە کە بیانکوژن، محەمەد هەموو جارێك ڕەتی کردەوە و نیشانەی خەمباری بە دەموچاوییەوە دەردەکەوت، تا ئەبووبەکر هەڵدەسا و ڕاوێژی ئەوەی بۆ کرد کە سەرانەیان لێ وەربگرن و محەمەد بە ڕاوێژەکەی دڵخۆش بوو و، سەرانەیان لێ وەرگرت و بەرەڵایان کرد و سەرانە لە خودی عەباس وەرگرت و، فەرمانی پێ کرد کە سەرانەکەی عەقیلی کوڕی ئەبووتالیبی برازاشی بدات، ئەوەیشی کرد، ئینجا ئەو خەمە لە دڵ و دەموچاوی محەمەد ڕەوییەوە، کە لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە بەدرەوە لە بیر و مێشکیدا دروست بوو.

محەمەد لە ڕێگەی بەرەو مەدینە لە بارەی دیلەکاندا بیری دەکردەوە، کە چییان لێ بکات کە عەباس یان تێدایە، بیانکوژێت یان سەرانە واتە پارەی ڕزگارکەرانەیان لێ وەگرێت و بەرەڵایان بکات، لە ناویاندا دوان هەبوون کە دەبێت بیانکوژێت، نەزر کوڕی حارس و عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیت، لە کۆتاییدا چارەسەری ئەم کێشەیەی دۆزییەوە، ڕای لە سەر ئەوە یەکلا بوەوە کە هەر لە ڕێگاوە ئەو دوانە بکوژێت پێش ئەوەی بگاتە مەدینە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم دوو دیلەی کوشت کە دەیەوێت بیانکوژێت بە هەر حاڵێك بێت، ئەوانی تر بە وەرگرتنی سەرانە و بەرەڵاکردنیان لە مەدینە ئاسان دەبێت، فەرمانی بە عەلی کرد نەزری کوڕی حارس بکوژێت، ئەویش کوشتی، لە سەر ئەوە نەوەستام کە لە چ شوێنێك کوشتوویەتی، بەڵام ئەوەی لە قسەی حیکایەتخوانانەوە دەردەکەوێت فەرمانی کوشتنەکەی لە سەفرا دراوە (دۆڵێکە قۆناغێك لە بەدر دوورە بەرەو مەدینە)، ئەو شوێنەیە کە غەنیمەتەکانی بەدری بە سەر هاوەڵانیدا دابەش کرد، لە (الإمتاع) دا هاتوە: پێغەمبەر تەماشای نەزری کردوە لەو کاتەی بە دیلی گیراوە، نەزر بە دیلەکەی تەنیشتی گوتوە، بە خودا محەمەد دەمکوژێت، بە چاوێکەوە تەماشای کردم کە کوشتنی تێدا بوو، دیلەکە پێی گوت: ئەمە لە ترس و تۆقانەوە نەبێت هیچی تر نییە، نەزر بە

موسعەبی کوڕی عەمیری هاوەڵی محەمەد گوتوە، ئەی موسعەب تۆ لە خزمایەتی و ڕەحمدا لە منەوە نزیکتری قسە لەگەڵ هاوەڵەکەتدا بکات وەك یەکێك لە هاوەڵانم بم و مامەڵەم لەگەڵدا بکات (واتە وەك دیلەکان بێت) بە خودا دەمکوژێت.

موسعەب ڕازی نەبوو، موقداد نەزری بە دیلی گرتبوو، پێغەمبەر بە هاوەڵانی گوت: هەر کەسێك یەکێك بە دیلی بگرێت بۆ خۆی دەبێت، کاتێك پێغەمبەر فەرمانی کرد نەزر بکوژن، موقداد گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا دیلی منە (واتە دیلەکەم بۆ بهێنە)، لەبەر ئەوەی دیل لەو کاتەی عەرەبدا یان خۆی بە سەرانە ڕزگار دەکات یان بە کۆیلایەتی و موڵکی ئەو کەسە دەبێت کە دیلی کردوە، ئەگەر نەزر بکوژێت موقداد زەرەر دەکات و پارەی سەرانەکەی لە دەست دەچێت، پێغەمبەر پێی گوت: لە کتێبی خودا چی دەڵێت دەبێت وا بێت (واتە دەبێت بکوژرێت) دەڵێن لە قورئاندا گوتراوە: ئەمە داستانی پێشینیانە و دەڵێت: ئەگەر بمانویستایە بەم شێوە و قسەوقسەڵۆکی ترەوە دەگوت.

کاتێك محەمەد گەییشتە عورقی ئەلزەبیە (شوێنێکە لە نێوان بەدر و مەدینەدا) فەرمانی کرد عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیت بکوژن، ئەوانیش کوشتیان. کاتێك بردیان بۆ کوشتن گوتی: کێ بۆ منداڵەکانم دەمێنێتەوە ئەی محەمەد؟ محەمەدیش گوتی: بۆ ئاگر. لە ئیبن عەباسەوە گوتوویەتی، کاتێك عەقەبەیان برد بۆ کوشتن، هاواری کرد: ئەی خەڵکی قورەیش بۆچی وا لە نێوان ئێوەدا دەکوژرێم؟ پێغەمبەر پێی گوتوە: لەبەر کوفر و درۆهەڵبەستنەکانت لە سەر پێغەمبەری خودا، لە قسەیەکی تردا، لەبەر تفەکەت بە دەموچاومدا. من لێرەدا لە سەر ڕووگیری و ڕاڕا و دوودڵی لە وەڵامەکەی محەمەد بۆ عەقەبە ڕادەوەستم لەو کاتەدا کەوتی منداڵەکانم کێیان دەبێت ئەی محەمەد؟ گوتی: ئاگر، نازانم گوناحی منداڵەکانی چییە بۆ ئەوەی بۆ ئاگر بن، ئایا هیچ کەسێك گوناحی یەکێکی تر هەڵدەگرێت، دەبێت ئاگر بۆ عەقەبە بێت نەك بۆ منداڵەکانی، بەڵام حیکایەتخوانان وا دەڵێن و، وا دیارە محەمەد توندترین قینوکینەی بەرامبەر عەقەبە لە دڵدا بوە، ئەگەر نا لە زۆر جاردا خەڵکی بە لێبوردن و ڕەحمەتی خۆی ڕزگار کردوە، تەنانەت دوژمنەکانیشی.

محەمەدم نەبینیوە لە ڕەحمەت دوور بێت لە سێ شوێندا نەبێت، لە قەسابخانەکەی بەنو قورەیزە لە مەدینە و، لە کوشتنی ئەم دوو دیلە لێرەدا و، لە کوشتنی حارس کوڕی سوەید لە قوبا، پێشتر باسمان کرد، حیکایەتخوانان باسی ئەوەیان کردوە کە خوشکەکەی نەزر، دەڵێن کچەکەی بوە، ناوی قەتیلە بوە، کاتێك هەواڵی کوشتنی نەزری پێگەییشت پرسەنامە و گریاننامەی بە چەند بەیتە شیعرێك لەو بارەوە گوتوە:

امحمد و لانت نجل نجیبە فی قومها و الفحل فحل معرق
ماکان چرك لو مننت و ربما من الفتی وهو المغیف المحنق
فانچر اقرب من قتلت قرابە و احقهم ان کان عنق یعتق
ڤلت سیوف بنی ابیە تنوشە ﷲ ارحام هناك تمزق

بە واتای: کە محەمەد نەجیبزادەیەکی قەومەکەی خۆی و پیاوێکی رەسەن بێت، چی زەرەرێکی دەکرد کە چاکەیەکی بەسەرئێمەدا بکردایە لەم کاتەدا کە بە هانایەوە هات، ئەوەی نزیکترین کەسەکانی زیانی پێگەیشت، کە حەق بوو گەردن ئازادی بکردایە. من دەلێم کە شەمشێری بەنی ئومەیە گەیشتێ بەخودا رەحمیش نامێنێ و تێکوپێك دەشکێ.

ئەمەی لەبەر ئەوە گوتوە چونکە نەزر کوڕی حارس عەبدەری کوڕی حارسی کوڕی عەلقەمەی کوڕی کیلدەی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی عەبد ئەلداری کوڕی قوسەی بوە و، لە خزمەکانی محەمەد بوە، دەڵێن کاتێك پێغەمبەر گوێی لەمە بوە گریاوە و گوتوویەتی: ئەگەر ئەم شیعرەم پێش کوشتنی گوێ لێ بوایە خاتریم دەگرت، ئەم شیعرە چۆن پێش کوشتنەکەی دەگاتە لای کە بۆ ئەو کوژراوە و لە پاش ئەوە و بۆ کوشتنەکەی گوتراوە، لەوانەیە ویستویەتی بڵێت ئەگەر بە شێوەی ئەم شیعرە پێش کوشتنەکەی شەفاعەتی بۆ بکرابایە نەیدەکوشت، یان حیکایەتخوانان لە قسەکانیدا تێکەڵی دەکەن.

پاش کوشتنی ئەم دوو دیلە ئاسان بوو لە سەر محەمەد بە ڕای ئەبووبەکر بکات، لە وەرگرتنی سەرانە لە دیلەکان بۆ ئەوەی عەباس لە کوشتن ڕزگار بکات، بەڵام محەمەد وای دەبینی کە بەرژەوەندیی وا حوکم دەکات بیانکوژێت، وەك عومەر گوتی: تەنانەت لە هەندێك گێڕانەوەدا هاتوە: کاتێك پێغەمبەر ڕاوێژی بە هاوەڵانی کرد لە بارەی دیلەکانەوە، گوتارەکەی ڕووبەڕووی عومەر بوە و گوتوویەتی: چی دەڵێیت ئەی کوڕی خەتاب؟ عومەر گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری

خودا به درۆیان خستیتەوە و دەریانکردیت و شەڕیان لەگەڵ کردیت، من ئەو ڕا و بۆچوونەی ئەبووبەکرم نییە، بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەیت لە ملی فلانە کەس بدەم (یەکێك بوو لە خزمەکانی) و بوار بدەن بە عەلی لە ملی عەقیلی برای بدات و بوار بدەیت بە حەمزە لە ملی عەباسی برای بدات (لەبەر ئەوەی عومەر بە موسوڵمانبوونی عەباسی نەزانیوە) بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت هیچ خۆشەویستییەکمان لە دڵدا نییە بۆ بێباوەڕان، من وا نابینم ئەوانە دیل بن، لە ملی ئەوانە بدە بە بەهێز و پاڵەوان و ئیمام و سەرکردەیانەوە، پێغەمبەری خودا ڕازی نەبوو. سەرەڕای ئەوەی بەرژەوەندیی لەوەدا بینی کە بیانکوژێت، بەڵام چیی لە عەباس بکات، بۆیە بە ڕای ئەبووبەکری کرد.
ئەگەر بڵێیت: وا دابنێ کە شتەکە وایە، ئایا نابێت عەباس بۆ ئەوەی لە کوشتن خۆی قوتار بکات موسوڵمانبوونەکەی ئاشکرا بکات و ئینجا بڕوات بۆ مەککە و لە ڕووکەشدا هەڵگەڕێتەوە و لە ناخدا موسوڵمان بێت وەك چۆن بوە، لەوێدا ئەوەی ویستراوە لەمانەوەی لە سەر ئایینی قەومەکەی بمێنێتەوە کە بۆ بەرژەوەندیی گشتی زەرورییە، وەك گوتت؟ دەڵێم: بێگومان موسوڵمانبوونی عەباس بەم شێوەیە لە ترسی کوشتندا و دووبارە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام، پاش ئەوە دەبێتە خراپە و خەتا و لەکەیەك بۆ پێگەی یەکێکی وەك ئەو، لە نێوان پیاوانی بێباوەڕی قوڕەیش و تەنانەت خەڵکی تریش لە پیاوانی عەرەبی موسوڵمان و ناموسوڵمانیش هەڵناگیرێت، ئەو لەوێدا لە چاوی موسوڵمانان دەبێتە هەڵگەڕاوەیەك لە ئیسلامدا و هەڵگەڕاوە شوێنی لە بێباوەڕ نزمترە و حوکمەکەی وەك حوکمی بێباوەڕ نییە لای موسوڵمانان، لای بێباوەڕانیش وا تەماشای دەکەن لە ترسی کوشتندا بوە بە موسوڵمان، ئەمەیش عەیبەیە لای ئەوان، ئەگەر لە موسوڵمانێتی هەڵگەڕێتەوە بۆ هەتایە دەبێتە لەکەیەك لە سەر شانی، ئەمەیش عەباس بۆ خۆی پێی ڕازی نابێت و محەمەدیش ئەمە بۆ عەباس قبوڵ ناکات. ئەوەی بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە کە محەمەد کوشتنی دیلەکانی بە بەرژەوەندی زانیوە، پاش بەرەڵاکردنیان بە سەرانەوەرگرتن ئایەتەکانی قورئانی لەو بارەوە دابەزاند، کە لۆمە و سەرزەنشتی خۆیان دەکەن لە سەر ئەو کارەی، ئەمەیش: {تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا} [الأنفال: 67] ئەوەی لە دونیا دەکەوێتە بەردەستیان(واتە ئەو پارەیەی لە بریی سەرانە وەریان گرتوە)، {وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ. لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ} [الأنفال: 67، 68]واتە: خودا باشەی بۆ دەوێن و خۆی کارزان و دانایە، ئەگەر خودا ڕووداوەکەی پێشتری نەنوسیبایە ئێوە توشی ئازاری زۆر دەهاتن. (واتە لەو سەرانەی وەرتان گرتوە ) {عَذَابٌ عَظِيمٌ} [الأنفال: 68].بەواتای: ئیوەش توشی ئازاری زۆر دەبوون.
دەڵێت پاش دابەزینی ئەم ئایەتانە، عومەر ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خودا لەگەڵ ئەبووبەکردا بوون و دەگریان، پێغەمبەری خودا گوتی: خەریك بوو لە دەرئەنجامی ناکۆکییەکانتان ئەی کوری خەتاب تووشی ئازارێکی گەورە بین و، گوتی: ئەگەر ئازار دابەزیبا کەس لێی ڕزگاری نەبوو جگە لە کوری خەتاب، لە موسلم و تورمزیدا لە ئیبن عەباسەوە هاتوە، ئەو بە عومەری گوتوە: بۆ ئەو ئازارە دەگریم کە لە دەرئەنجامی وەرگرتنی سەرانەدا خرایە سەر هاوەڵانم، خوا ئەو سزادانەی (خستە بەر دەستم لەم دارە نزمترە. (ئاماژەی بە دارێك کرد کە لێی نزیك بوو.
محەمەد بە دابەزینی ئەم ئایەتانە لە دوو کار دەدات، یەکەمیان وا لە خەڵك تێدەگەیەنێت کە بەرژەوەندیی لەوەدا دەبینییەوە کە دیلەکان بکوژێت نەك سەرانە وەربگرێت، پاش ڕزگارکردنی عەباس لە کوشتن هیچ شتێك نەما ئاگایان لێ بێت و نەیکەن، دووەم کە گرینگە: بەهێزکردنی باوەڕی موسوڵمانان و وا لە باوەڕداری موسوڵمانان بکات کە قورئان وەحیە لە خودا دابەزیوە بۆ محەمەد بە ناوەندگیریی جوبریل، محەمەد جگە لە ناوەندگیرێك بۆ گەیاندنی قسەیەك بە وەحی لە خوداوە دابەزیبێت هیچی تر نییە، بێگومان ئەم ئایەتانە لۆمە و سەرزەنشت و بە هەڵە زانینی ڕای لە خۆ گرتبوو کە محەمەد بەو پێیە لە بەرەڵاکردنی دیلەکان و سەرانە وەرگرتندا کردی، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە لە خوداوە دابەزیوە، ئەگەر لە محەمەدەوە بوایە هەر هیچ نەبێت بێدەنگ دەبوو لەم حاڵەتە، کە بۆی دەرچوو هەڵەی کردوە.
پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە محەمەد ئەو هەلەی لەم جۆرەی بە کار هێناوە و نەیهێشتوە لە دەستی دەربچێت، وەك لە چیرۆکی هاوسەرگیرییەکەی لە ژنەکەی زەید کوری حارسە کردی، تەنانەت باسیان لە قسەیەکی عایشە کردوە کە گوتوویەتی: ئەگەر پێغەمبەری خودا شتێکی بشاردایەتەوە ئەم ئایەتانەی دەشاردەوە.
مەبەستی ئەو ئایەتانەیە کە لە سەر چیرۆکی هاوسەرگیرییەکەی لە ژنەکەی زەید کوری

.حارسە بوە
پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە کوشتنی بەنی هاشم و عەباسی لە شەڕی بەدر ڕەت کردەوە و هەروەها کوشتنی ئەبووبوختەریشی ڕەت کردەوە، زانیت کە بۆچی لەگەڵ عەباس و بەنی هاشمدا ئەبووبوختەریشی خستە ناوانەوە. ئیبن هیشام لە سەر ئەم ئەبووبوختەرییە دەڵێت: لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خودا کوشتنی ئەبووبوختەری ڕەت کردەوە، چونکە لە مەککەدا بێوەیترین کەس بوو بۆ محەمەد، ئازاری دەچەشت و هیچ شتێك لەوەوە نەگەییشتە پێغەمبەر کە ڕقی لێ هەڵسێ و، دژی ئەو پەڕەیە بوو کە قورەیش لە سەر بەنی هاشم و بەنی موتەلیب نووسیان، بەڵام ئەم ئەبووبوختەرییە لە ڕۆژی بەدردا لە کوشتن ڕزگاری نەبوو، .کوشتنەکەی چیرۆکێکە لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا باس کراوە
کاتێك شەڕەکە نیشتەوە و کۆتایی هات، واتە شەڕی بەدر، عەباس لە دیلەکان بوو بەتوندی دەستیان بەستبوەوە وەك ئەوانی تر بەستبوویان، وا دیارە زۆر ئازاریان پێ گەیاندبوو لە بەستنەکەدا، وای لێ هات کە نکەی بێت، تا محەمەد گوێی لە نکەی بوە، شەو خەوی لێ نەکەوتوە، پێیان گوتوە بۆچی بێداریت ئەی پێغەمبەری خودا، گوتوویەتی لە بەر نەکەی عەباس، پیاوێك هەڵسا و بەستنەکەی شل کردەوە و هەروەها دیلەکانی تریشی وا لێ کرد،
دوا شت لە سەر عەباس باسی بکەین، دەرچوونەکەیە بۆ مەدینە لە کاتی دەرچوونی محەمەد بە سوپاکەیەوە بۆ گرتنی مەککە. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە محەمەد کاتێك دەرچوو بۆ مەککە لە سەرەتاوە ئەم شتەی شاردەوە و بە کنەکردن و پشکنین ئەمەی کرد و پاسەوان و چاوی لە ڕێگا دانا و فەرمانی پێ کردن کە هەر کەسێکیان بینی نەهێڵن بڕوات و بیگەڕێننەوە بۆ شوێنی خۆی، خەڵکی نارد تا بگەن بە سارەی گۆرانیبێژدا، کە حاتیب کوری ئەبی بەلتەعە نووسراوێکی بەودا ناردبوو بۆ قورەیش بۆ ئەوەی هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەر بۆ لای ئەوان بداتێ. خودا نەیهێشت هەواڵەکان بگات بە قورەیش و کوێری کرد، هیچ هەستیان پێ نەکرد تا ئەو کاتەی سوپاکەی لە موری زەهران دابەزاند، شوێنێکە قۆناغێك لە مەککەوە دوورە. بەڵام عەباس ئاگادار بوو کە دەیەوێت دەرچێت بۆ مەکە، بۆیە بە خاوخێزانەوە و بەدزییەوە دەرچوو بۆ مەدینە، تا پێغەمبەری خودای لە ڕێگەدا بینیی بەرەو مەککە دەهات. لە جوحفە (گوندێکە لە دووری چوار قۆناغ لە مەککەوە بینیویەتی)، هەروەها دەڵێن: لەزی حەلیفە (شوێنێکە لە نزیك مەدینە بە دووری هەشت میل) بینیویەتی. دەحلان لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: لە ئەبوا (گوندێکە وەك بەشێك لە مەدینە بێت لە نێوان ئەو جوحفەدا لە پاش مەدینە بیست و سێ میل دەبێت) بە یەکتر گەییشتوون. کاتێك لەوێدا بینی لەگەڵ ئەودا گەڕایەوە بۆ مەککە و خاوخێزان و بارەکەی نارد بۆ مەدینە. ئەم دەرچوونە بەم شێوەیە بەڕوونی دەری دەخات و بەڵگەیە کە عەباس ئاگاداری ئەوە بوە لە مەدینە چی ڕووی داوە، لە دەرچوونی محەمەد بۆ مەککە و ئەو لە هەواڵ گەییشتندا لە پێوەندیدا بوە لەگەڵ محەمەددا، ئەو دەزگا و پێکهاتە هەواڵگرییانەی لە نێوانیاندا هەبوە بە باشترین شێوە بوە، ئایا حەقمان نییە دوای ئەم هەموو باسە، بڵێین عەباس .خاوەن هەواڵگریی محەمەد بوە

(64)

تەواوکردنی توێژینەوەی هەواڵگریی محەمەد

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە محەمەد وەك چاو هەواڵگری هەبوە و سیخوڕییان بۆ کردوە، کۆمەڵێك ڕووداو و کاروباری وامان بۆ باس کردن کە هەواڵەکان لە ئاسمانەوە دابەزین و، گوتمان ئەوانەی لە غەیبی ڕەهاییدا نەبوون بەڵکوو لەو شتگەلە بوون کە سیخورەکان لە تواناییاندا بوو بیبینن و باسی ئەوانەمان کرد کە حیکایەتخوانان باسیان لەوە کردوە، کە محەمەد چۆن سیخور .ڕەوانە دەکات و چاو دەنێرێت بۆ زانینی هەواڵەکان
بۆ تەواوکردنی توێژینەوەکە و پشتگیریکردنی ئەوەی پێشتر باسمان کرد، لێرەدا دەمانەوێت کۆمەڵێك شتی وا باس بکەین کە ڕوو دەدەن و محەمەد پێی نازانێت، یان وەك دەڵێن لە ئاسمانەوە هەواڵەکەی پێ نەگەییشتوە. پێش ئەوەی شتێك لەوانە بهێنینەوە، دەڵێین: ئەگەر ئەوەمان بۆ سەلمێنرا کە محەمەد سیخورەکانی دەنێرێت بۆ زانینی هەواڵەکان، لەوە یەکلا

دەبینەوە کە ئەوەی لە قورئانیشدا هاتوە لە غەیبی نەزانیوە، بێگومان ئەوەی لە غەیب دەزانێت، یان بە دەرپرینێکی تر، ئەوەی هەواڵی لە ئاسمانەوە بۆی بهێنێت کە پێوەندیی بە کەسایەتی و بانگەشەیەوە هەبێت هیچ پێویستی بە زانینی هەواڵ لە ڕێگەی سیخوڕەوە نابێت.
چۆن دەبێت ئەگەر ئێمە محەمەد لە زۆر شتدا کە لە ڕۆژانی پێغەمبەرایەتیدا بە سەریدا هات، بینیمان کە هیچی لە بارەوە نەزانی و، هیچ هەواڵێکی لەو بارەوە لە ئاسمانەوە بۆ نەهات و، کۆمەڵێك لەو شتانە وەك نموونە و شایەت لێرەدا باس دەکەین، بە هەمان شێوەی نموونەی ئەو شایەتانەی کە پێشتر دەربارەی ئەو کارانەی کردی و لە ئاسمانەوە هەواڵەکەی بۆ هات هێنامانەوە.
١ ـ چیرۆکی وەلیدی کوڕی عەقەبە کە محەمەد ناردی بۆ لای بەنی موستەلەق بۆ وەرگرتنی خێر و سەدەقەکانیان، واتە وەرگرتنی پارەی زەکات لێیان. کورتەی ئەم چیرۆکە، بەنی موستەلەق پاش موسوڵمانبوونیان بە دوو ساڵ، پێغەمبەر وەلیدی کوڕی عەقەبەی نارد بۆ لایان بۆ ئەوەی سەدەقەیان لێ وەربگرێت، ئەوەت لە بیر نەچێت عەقەبە کە باوکی وەلیدە، عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیتە کە یەکێك بوو لەو دوو دیلەی محەمەد لە ڕێگەی گەڕانەوەی لە شەڕی بەدر بۆ مەدینە کوشتنی، وەلید چوو بۆ لای بەنی موستەلەق، ناکۆکییەك (واتە دوژمنایەتییەك)ـی کاتی جاهیلی لە نێوانیاندا هەبوو، کاتێك هات بۆ لایان دەرچوون بۆ بینینی و شمشێریان کرد بە خۆیاندا بۆ خۆشی و پێخۆشبوونیان بە هاتنی، وەك خاوەنی سیرەی حەلەبی باسی دەکات و دەرپرینی زەمەخشەری لە (الکشاف) دا (سواربوون بۆ پێشوازی لێ کردنی) کە وەلید بەو شێوەیە بینینی، وای زانی بۆ ئەوە دەرچوون شەڕی لەگەڵدا بکان، ڕای کرد و گەڕایەوە بۆ مەدینە و هەواڵەکەی گەیاند بە پێغەمبەری خودا و گوتی هەڵگەڕاونەتەوە. پێغەمبەر زۆر تووڕە بوو و بیری لە شەڕکردنیان کردەوە و موسوڵمانان شڵەژان و قسەی زۆریان لە سەر غەزاکردنیان کرد، لەوێدا شاندێکیان هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و پێیان گوت ئەوان بەو شێوەیە دەرچوون بۆ لای بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرن و ئەو سەدەقەیەی کە لە سەریانە بیدەنێ. دەحلان لە سیرەتەکەی دەڵێت: حارس کوڕی زرار سەرۆك عەشیرەتی بەنی موستەلەق بوو، کە هەواڵی خالیدی و درۆکەی پێ گەییشت کە گوتبووی لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، هات بۆ لای پێغەمبەر. کاتێك چوە ژوورەوە بۆ لای، پێغەمبەر پێی گوت؛ ڕێگریت لە زەکاتدان کردوە و ویستوتە پەیامهێنەرەکەم بکوژیت، حارس گوتی نەخێر بەوەی بە حەق ناردووتی وا نەبوو، ئەم ئایەتە دابەزی {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ} [الحجرات: 6]. واتە: ئەی گەلی باوەڕدار گەر لادەر و هاتە لادان و هەواڵیکی پێدان، لێی وردبنەوە نەوەکو توشی زیانتان بکات و لە کردەوەتان پەشیمان ببنەوە.
لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە: پاش ئەوەی وەلید هەواڵی هەڵگەڕانەوەیان دا بە پێغەمبەر، ئەویش خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆیان، پێی گوت: چاودێرییان بکە لە کاتی نوێژدا بەنهێنییەوە بزانە ئەگەر وازیان لە نوێژ هێنابوو ئیشی خۆت لەگەڵیاندا بکە. خالید لە کاتی خۆرئاوابووندا هات بۆیان بۆسەی بۆ نانەوە لەو شوێنەی کە گوێی لە نوێژکردن بێت، بینیی بانگدەرەکە هەڵسا و بانگی خۆی دا و نوێژی ئێوارەیان کرد، ئینجا تاریکی دای گرت و بانگی دا و نوێژی شێوانیان کرد. لە کاتی سپێدەی بەیانیدا بانگدەر بانگی دا و نوێژی بەیانییان کرد، کاتێك لە نوێژەکەیان بوونەوە و خۆرهەڵات و ڕووناکیی ڕۆژ دەرچوو، تەماشا دەکەن مێخی ئەسپ کوتراوە و جێ پێ دیارە، گوتیان ئەمە چییە؟ گوتی: بە خودا بۆ ئێوە هاتم، هەواڵی ئێوە گەییشتوەتە پێغەمبەر و پێی گوتراوە: ئێوە وازتان لە نوێژکردن هێناوە و کفری خوداتان کردوە، دەستیان کرد بە گریان و گوتیان: پەنامان بە خودا، بەڵام ئەوە وەلیدە لە نێوانماندایە کە شتمان لەگەڵ یەکتر لە دڵدایە لە جاهیلیەوە، ئێمە بە شمشێرەکانمان دەرچووین بۆ لای، لە ترسی ئەوەی نەوەك بە هۆی ئەوەی لە نێوانماندایە مامەڵەمان لەگەڵدا بکات، خالید بە ئەسپەکەی گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا، خودا ئەمەی دابەزاند: (يا أيها الذين آمنوا) ئایەتەکە. دەشێت هەر دوو گێڕانەوەکە کۆ بکرێتەوە، بەوەی خالید پێش ئەوەی شاندەکە بێت بۆ لای پێغەمبەر چوە بۆ لایان و خۆی و شاندەکە لە ڕێگە یەکتریان نەبینیوە.
ئەگەر وەلیدی کوڕی عەقەبە بە ئەنقەست ئەم درۆیەی کردبێت، لەبەر ئەوەی تۆڵە لە نێوانیاندا هەبوو، یان وەك حیکایەتخوانان دەڵێن، کاتێك بینینی شمشێریان هەڵگرتوە بە هەڵە تێگەییشتبوو کە بۆ ئەوە دەرچوون شەڕ بکەن و ئەوان هەڵگەڕاونەتەوە، ئەوە پێویست نەبوە،

یان لەگەڵ بەرژەوەندیدا كۆك نەبوو، ئەگەر محەمەد هەواڵەكەی لە ئاسمانەوە وەربگرتایە كە ئەوان موسوڵمانن و هەڵنەگەڕاونەتەوە و، وەلید درۆزنە و درۆی بۆ كردوون یان لە كاردانەوەكەیان بە هەڵەدا چوە. بەڵام هەواڵەكە نەگەییشت بە محەمەد كەچی محەمەد باوەڕی بە هەواڵەكەی وەلید كرد و تووڕە بوو، خۆی خستە ئامادەباشییەوە بۆ شەڕكردنیان و خالید كوری وەلیدی بۆ ناردن. ئێمە زیاتر بەو شێوەیەی دەبینین كە وەلید كوری عەقەبە بە ئەنقەست ئەم درۆیەی كردبێت:

یەكەم: لەبەر ئەوەی لە بەرانبەر یەكتر لە زەمانی جاهیلییەوە شتیان لە دڵدا بوە، وەك حیكایەتخوانان باسیان كردوە و ئەوەی بە هەل زانیوە كە شمشێریان هەڵگرتوە و كردوویەتی بە بەهانەیەك بۆ ئەوەی حوكمی ئەوە بە سەریاندا بدات، كە ئەوان بۆ شەڕكردنی دەرچوون و لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە و بۆ ئەوەی چییان حەز لێ نییە بە سەریاندا بهێنێت.

دوەم: لەبەر ئەوەی خوێنی لە سەر محەمەد هەیە، چونكە عەقەبەی باوكی لە بەدر پاش ئەوەی بە دیلی گیرا كوشتی. ئیسلامبوونی وەلید لە باوەڕپێكردن و ڕاستگۆیی نەبوە، بەڵكوو لەبەر ملكەچبوونی بەو زاڵبوون و زەبرە بەهێزەی ئیسلام بوە كە زۆرینەی عەرەب لەو كاتەدا ملكەچی بوون. بەم درۆیە وەك ئەو كەسە بوە كە ویستبێتی دوو چۆلەكە بە بەردێك بكوژێت، لە لایەكەوە ئەو كارە بەم خەڵكە بكات كە ڕقی لێیانە و لە لایەكی ترەوە ناوبانگ و سومعەی بانگەشەی ئیسلامی بە هەڵگەڕانەوەیان لەكەدار بكات. بەڵگەیش بۆ ئەوە، لەكاتێكدا محەمەد بۆی ڕوون بوەوە كە درۆ دەكات، قورئانی بۆ دابەزاند و لەو ئایەتانەدا بە خراپەكار ناوی هێنا، بەڵگەیەكی تریش هەیە كە موسوڵمانبوونەكەی فێڵە و ڕاست نییە ئەویش، عوسمانی كوری عەفان كردی بە والیی كوفە پاش سەعد كوری ئەبی وەقاس، لەبەر ئەوەی ئەم وەلیدە برای عوسمان بوو لە دایكەوە، سەرخۆش بوە و نوێژی بەیانی چوار ڕوكعەی بە خەڵكەكە كردوە و، ئینجا گوتوویەتی ئایا دەتانەوێ زیاتری كەم بۆتان، عوسمانیش دەری كردوە، دەڵێن كاتێك هاتوە بۆ كوفە پاش سەعد، سەعد پێی گوتوە: بە خودا نازانم بووی بە پیاوچاكێك لە دوای ئێمە یان هەر بە نەفامی ماویت؟ وەلید پێی گوتوە: ئەبا ئیسحاق مەترسێنە، كە پاشا بوویت، قەومێك بە نیوەڕۆ خوانێك دەتخۆن و قەومێكی تر بە ئێوارەخوانێك، سەعد پێی گوت: واتان دەبینم ئەمەیش دەكەن (واتە خیلافەت) بە پاشایەتی. دەڵێن كە نوێژی بە خەڵكەكە كردوە بەیانی بە چوار ڕوكعاتی كردوە و سەرخۆش بوە و لە ڕوكعات و سوجدەت بردندا گوتوویەتی: بخۆرەوە و بۆم تێكە ئینجا هاتوە بۆ میحراب و سڵاوی كردوە و گوتوویەتی: دەتانەوێت زیاتری كەم بۆتان، وەك لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئێمە ئەو شتە زیادەمان باس نەكرد كە لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە وەك ڕژانەوەی لە میحرابدا و هەروەها گوتنی بخۆرەوە و بۆ منیش تێكە لە ڕوكعات و سوجدەت بردنی نوێژدا، لەبەر ئەوەی ئێمە لەوە یەكلا نەبووین كە ڕاست بێت، بەڵام ئێمە لەوە دڵنیاین كە موسوڵمانبوونەكەی ڕاستگۆیانە و باوەڕپێكراو نەبوە، وەك ئێستا باسمان كرد، لای ئێمە لەوانەیە وای دابنێین كە ئەم زیادە خستنەسەر ڕەفتارەكانی حیزبایەتی و سیاسیەت بوە، كە لەو زەمانەدا لە نێوان ئەمەوی و عەلەویدا دروست كرابێت، تەنانەت ئێمە ئەوە بە دوور دەزانین كە بە سەرخۆشی و سەرەلەقە هاتبێت نوێژی بە خەڵك كردبێت و چوار ڕوكعات لە نوێژی بەیانییانی پێ كردبن و ئاوریان لێ بداتەوە و بڵێت زیاتری بكەم بۆتان، لەبەر ئەوەی ئەگەر باوەڕە نەخۆشەكەی ڕێگریی لێ نەكات ترسی لە پێگەكەی واتە ولایەتەكەی ڕێگری لێ دەكات. دەزانێت ئەمە ئاپرووی دەبات لە نێو موسوڵماناندا و دەبێتە هۆی هەڵچوونیان و شۆڕشێكی بێزاری لێ دروست دەبێت و بە تووڕەییەوە بۆی هەڵدەستن و لەوانەیە لە پۆستەكەی بەركەناری بكەن. بەڵێ، عوسمانی خەلیفە بەركەناری خست، بەڵام لەبەر ئەوە لای نەبرد كە تاوانەكەی چەسپیبوو و دەرخرابوو، بەڵكوو بۆ برینی گێرەشێوێنی گێرەشێوێنان وەك لەوەی ئەلنەجار لە كتێبی (الخلفاء الراشدین) باسی كردوە تێ دەگەین. ئایا حەقمان نییە پاش ئەمە هەمووی بڵێین وەلید بە ئەنقەست ئەو درۆیەی كردوە، وەك تەڵەیەك لەوەوە بۆ بەنی موستەلەق و ئیسلام پێكەوە دای نابێت، نازانم بۆچی ئەمە لە محەمەد شارراپەوە و هەواڵەكەی لە ئاسمانەوە بۆ نەهاتە خوارەوە وەك دەڵێن.

٢ ـ چیرۆكی گەنجینەكەی بەنی نەزیر، قەومێكی یەهوودی بوون لە مەدینە لە سەردەمی محەمەددا. ئەوەی زانراوە محەمەد پاش ئەوەی ئابڵووقەی بەنی نەزیری دا، لە مەدینە دەری كردن. تكایان لێ كرد كە دەریان دەكات لە خوێنیان خۆش بێت و هەر یەكە و بارە حوشترێك بەرێت جگە لە ئامرازەكانی شەڕ و چەك و تەقەمەنی، دەرچوون و ژن و منداڵیان لەگەڵ خۆیاندا

برد و پارە و کاڵا بەقەد بارە حوشترێکیان هەڵگرت، گەنجینەیەکیان هەبوو لە پێستی حوشتر یان پێستی گا دروست کرابوو، پڕ بوو لە گەوهەر و جوانکاری. کاتێك دەرچوون و بە ناو شاردا دەڕۆیشتن خەڵك ڕیزی بەستبوو، ئەوانیش کاروان بە کاروان دەڕۆیشتن بۆ خەیبەر، ئەو گەنجینە لای بنەماڵەی ئەبی ئەلحەقیق بوو، کاتێك سەلام کوری ئەبی ئەلحەقیق لە نێو ئاپۆرەی دەرکراواندا بوو، دەڕۆیشت و گەنجینەکەی هەڵگرتبوو، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد ئەمە بۆ ئەوە ئامادەمان کردبوو کە زەوی بەرز بکەینەوە و نزمی بکەینەوە، ئەگەر دارخورماکانمان بە جێ هێشتبێت، لە خەیبەر دارخورما هەیە. ئەم سەلامە پێش غەزای خەیبەر لە لایەن پێنج پیاوی خەزرەج بە فێڵ کوژرا، کوشتنەکەی چیرۆکێکە لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا باس کراوە. ئینجا کات ڕۆیشت و دوای دوو ساڵ لە دەرکردنیان یان بە قسەی هەندێکیان پاش سێ ساڵ، محەمەد غەزای خەیبەری کرد و هەندێك لە سەنگەر و شوورا بەهێزە قایمەکانی کردەوە، هەندێك لە خەڵکەکەی هاتن بۆ لای بۆ ئەوەی خوێنیان نەڕێژرێت، کینانە کوری ئەبی ئەلحەقیق لە خەیبەر بوو، پێغەمبەر بانگی کرد و لە سەر ئەو گەنجینەیە پرسیاری لێ کرد، هەبوونی ڕەت کردەوە و گوتی: شەڕ و خەرجییەکان هەمووی تەواو کرد.

قسەی ئیبن ئیسحاق لە سیرەی هیشامیدا گواستوویەتەوە لەو بارەوە دەڵێت: هات بۆ لای پێغەمبەری خودا واتە کینانە (کوڕەزای ئیبن ئەلحەقیق بوو) لەبەر ئەوەی باپیری بوو، گەنجینەکەی بەنی نەزیری لا بوو، پرسیاری ئەوەی لێ کرد، ڕوقایمیی کرد و ڕەتی کردەوە بزانێت لە کوێیە، پێغەمبەری خودا پیاوێکی یەهوودیی هێنا، پێغەمبەر پێی گوت: من کینانەم بینی هەموو ڕۆژێك ئەم گتوگەناڵ و پیسیەی دەسووڕاندەوە، پێغەمبەری خودا بە کینانەی گوت: بینیت ئەگەر لای تۆ بیدۆزینەوە دەتکوژم؟ گوتی: بەڵێ، پێغەمبەری خودا فەرمانی کرد لە زەوییەکی خەرابەدا چاڵیان هەڵکەند و هەندێك لەو گەنجینانەیان دەرهێنا، ئینجا داوای باقیەکەی لێ کرد، ڕازی نەبوو بیداتێ، پێغەمبەر فەرمانی بە زوبێری کوری عەوام کرد، گوتی: ئازاری بدە تا ئەوەی هەیە ڕیشەکێش بکەیت، زوبێر قاپی ئاگردانەکەی خستە سەر سنگی تا تەنگەنەفەسی کرد، ئینجا پێغەمبەری خودا دای بە محەمەدی کوری موسلمە و ئەویش دای بە براکەی و ئەویش لە ملی دا.

ئەم قسانەی ئیبن ئیسحاق لە هەموو ئەوانە ڕاسترن کە لە سەر ئەم پرسە باس کراون، هەندێك گێڕانەوەی تر هەن وازمان لێ هێنان، لەبەر ئەوەی شڵەژاون و لاوازییان پێوە دیارە، ئەگەر دەتەوێت لە کتێبی بەسەرهاتەکاندان بگەڕێوە بۆیان. تەماشا بکە چۆن محەمەد پێویستی بەوە بوو پرسیار لە کینانە بکات دەربارەی گەنجینەکە، تەنانەت کە دانی پێدا نەنا فەرمانی کرد زوبێر ئازاری بدات و قاپی ئاسنی خستە سەر سنگی کە ئاگری پێ دەردەکەن، فەرمانی کرد ئازاری بدەن بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێت و شوێنەکەیان پێ بڵێت، ئەوە لە بەرتر و باشتر نەبوو ئەگەر هەواڵی ئەمە لە ئاسمانەوە بۆی بهاتبایەتە خوارەوە، لەو حاڵەتەیشدا هەر چۆنێك بێت هیچ پێویستی بەم بهێنە و بەردەی نەدەکرد، ئەوەی شایەنی ئەوەیە لێی بکۆڵیتەوە لەم چیرۆکەدا، فەرمانی ئازاردانەکەیە بۆ ئەوەی دانی پێ دا بنێت و بڕیاری لێ بدات، لەوەدا تێدەگەین کە ئەمە لە شەریعەتی ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە، ئەوەی دەیزانین لە یاسا مەدەنییەکاندا لەم سەردەمەی ئێمەدا ڕێگەپێدراو نییە و بە زمانی عەجەم پێی دەڵێن (-"أشكنجه". (بە کوردییەکەیشی هەر ئەشکەنجەیە –و.

ـ چیرۆکی حوشترە ونبوەکەی: لە ساڵی دەیەمی کۆچی، محەمەد دەرچوو بۆ مەککە بۆ ٣ حەجکردن، ئەم حەجەی ناو نرا حەجی ماڵئاوایی، لەبەر ئەوەی ماڵئاوایی و خوداحافیزیی لە خەڵکەکە کرد و لە دوای ئەوە هیچ حەجی تری نەکرد. کاتێك لە عەرج (شوێنێکە لە دۆڵێکی دەوروبەری تایف) دابەزی، ئەو حوشترەی گوم بوو کە کاڵا و پێداویستییەکانی و خۆراکی لە سەر بوو، ئەو حوشترە لای غولامێکی ئەبووبەکر بوو، ئەبووبەکر بە غولامەکەی گوت: کوا حوشترەکە؟ گوتی: دوێنێ گوومم کرد، ئەبووبەکر لەو کاتەدا توورە بوە و گوتوویەتی یەك حوشتر بوو گومت کرد، بە قامچییەك کەوتوەتە گیانی و پێغەمبەر پێکەنیوە و گوتوویەتی: تەماشا بکەن ئەم مەحرووم کراوە چی دەکات! لەبەر ئەوەی لێدانی حەرامکراو نایێت، ئەگەر حوشترەکە بەتەنها ون بوایە ئاسان بوو، بەڵام پێداویستی و خۆراکی پێغەمبەر و ئەبووبەکریشی لە سەر بوو، خۆی و ئەبووبەکر و ئەوانەی لەگەڵدا بوون بێ خواردن مانەوە. کاتێك هەندێك لە هاوەڵان بەمەیان زانی، خورماو ڕۆنیان بۆ هێنان و خستیانە بەردەم پێغەمبەر، پێغەمبەر بە ئەبووبەکری گوت لەو کاتەدا کە لە غوڵامەکەی توورە بوو، ئارام بە ئەی ئەبووبەکر ئەو کارانە بۆ تۆیە و نەك بۆ

ئێمە و، ئەم غوڵامە جەختی لە سەر ئەوە کردوەتەوە کە حوشترەکەی ون نەبێت، ئەمەیش خواردنێکی بەتامە کە خودا هێنای و لەوە باشترە کە پێی بوو. پێغەمبەر و ئەبووبەکر و ئەوانەیان لەگەڵدا بوون نانیان خوارد، دوای ئەوە سەفوان کوڕی موعەتەل هات و لە سەر ئاوی قەومەکە بوو، حوشترەکەی لەگەڵدا بوو لەگەڵ بارە خۆراك و کاڵاکانیاندا تا گەیاندیە بەر ماڵەکەی، پێغەمبەر بە ئەبووبەکری گوت: بگەڕێ بزانە هیچ لە کاڵاکانت ون نەبوە؟ گوتی هیچی ون نەبوە جگە لە جامێك ئاومان پێ دەخوارد، غوڵامەکە گوتی جامەکە لای خۆمە.

ڕستەیەکی ناڕەزایی

قسەکردنمان لە سەر ئەم چیرۆکە لە سیرەی حەلەبییەوە گواستوەتەوە، بەکارهێنانی حوشترەکەی و خۆراکەکەی (زاملە)ی لە سەر بار کردوە، کە بە زاملە ناوی هێناوە و لە قسەی سەفوان کوڕی موعتەلەوە هاتوە، حوشترەکەی لەگەڵدا بوە کە بەهەڵە خۆراکەکەی بە زاملەی نووسیوە، چونکە (زاملە) لە زماندا واتە ئاژەڵ یان هەر گیاندارێك کە بارهەڵگر بێت وەك حوشتر و شتی تر، دەبوایە بڵێت سەفوان هات (زاملە)ەکەی واتە حوشترەکەی لەگەڵدا بوو، کە ئەمە ڕاسترە.

ناشارزێتەوە کە محەمەد ئەبووبەکری بینی لە توورەییدا دەسووتێت، لەبەر ئەوەی حوشترەکەی گوم بوە، دڵی دایەوە و کارەکەی لە سەر ئاسان کرد و وای لێ کرد کە توورەییەکەی بەرامبەر غولامەکە کەم بکاتەوە، لە جیاتیی ئەم قسانە و بە حوکمی حاڵەتەکە دەبوایە بڵێت، ئەی ئەبووبەکر لەسەرخۆ بە حوشترەکە ون نەبوە و ئێستا سەفوان دەیهێنێتەوە، بەڵام ئەوەی نەگوت لەبەر ئەوەی هەواڵەکەی لە ئاسمانەوە بۆ نەهاتە خوارەوە وەك ئەوەی لە غەزای تەبوك بۆی هاتە خوارەوە، لەو کاتەدا لەوێش حوشترەکەی ون بوو.

ئەگەر بڵێیت: لێرە هیچ پێویست ناکات هەواڵەکە لە ئاسمانەوە دابەزێت، بە پێچەوانەی ئەوێ کە حوشترەکەی لە غەزای تەبوکدا ون کرد، لەوێدا پێویستییەك هاتە ئاراوە کە هەواڵەکە لە ئاسمانەوە بهێنێت، ئەمەیش قسەی ئەو کەسەیە گوتوویەتی: محەمەد هەواڵی لە ئاسمانەوە بۆ دێتە خوارەوە و نازانێت حوشترەکەی لە کوێیە، ئەم قسەیە ڕەتکردنەوەی پێغەمبەرایەتییەکەی لە خۆ دەگرێت، دەبێت شتێك بکات بۆ ڕوونکردنەوە و دوورخستنەوەی ئەو گومانە و، لێرەدا پێویست بەوە ناکات، دەڵێم: ئەم قسەیەت هەواڵی شاندەکەی غامد کە بوخچەکەیان لێ دزرا و گەڕێنرایەوە ڕەت دەکاتەوە. پێغەمبەر لە ساڵی دەی کۆچی دە پیاوی غامد (عەشیرەتێکی ئەزدن لە یەمەن) هاتن بۆ لای، لە بەقیعی فەرقەد (گۆڕستانی خەڵکی مەدینە بوو) دابەزین، لەو کاتەدا شوێنی ناوازە و گیایی بوە، ئینجا لەوێوە دەرچوون بۆ لای پێغەمبەر منداڵێکیان لای بارەکانیان بە جێ هێشت و خەوی لێ کەوت دزێك هات و بوخچەی (ئەو شتەی کە جلی تێدەکرێ پێی دەڵێن بوخچە یان جانتا) یەکێکیانی دزی. کە جلی تێدا بوو، کاتێك گەیشتنە لای پێغەمبەر سڵاویان لێ کرد و دانیان بە موسوڵمانبوونی خۆیاندا نا، نووسراوێکی بۆ نووسین شەریعەتەکانی ئیسلامی تێدا بوو، ئینجا پێی گوتن: کێتان لای بارەکانتان داناوە، پیاوێکی قەومەکە گوتی: منداڵترینمان لە تەمەندا، گوتی: ئەو خەوی لێ کەوتوە و یەکێك هاتوە و بوخچەیەك لە کاڵاکانتانی بردوە. پیاوێك لە قەومەکە گوتی، ئەی پێغەمبەری خودا، هیچ کەسێك لە قەومەکە جگە لە من بوخچەی نییە، پێغەمبەری خودا پێی گوت: دزراوەکە گەڕێنرایەوە بۆ شوێنی خۆی، قەومەکە بەخێرایی بۆی دەرچوون حوشتر و بارەکەیان هێنا و هاورێکەیان بینی و هەواڵی ئەوەیان لێ پرسی کە پێغەمبەری خودا پێی گوتن. گوتی: کە لە خەو هەڵبەزیم بوخچەکەم نەمابوو، هەڵسام بیدۆزمەوە، پیاوێکم بینی دانیشتبوو، کاتێك بینیمی ڕای کرد و لێم دوور کەوتەوە، تا گەیشتم بەو شوێنەی ئەو تێیدا بوو چاڵێکی لێ بوو، کە ویستویەتی بوخچەکەی تێدا بشارێتەوە، منیش دەرم هێنا. گوتیان: شایەتمان دێنین کە پێغەمبەری خودایە، ئەو هەواڵی ئەوەی پێ داین کە براوە و گەڕێنراوەتەوە، گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر و هەواڵیان پێ دا و غولامەکەیشیان هێنا کە بە جێیان هێشتبوو، بوون بە موسوڵمان، وەك لە (زاد المعاد) دا هاتوە.

تۆ لێرەدا دەیبینیت، بێ ئەوەی هیچ پێویست بکات هەواڵەکە لە ئاسمانەوە هاتوە، وەك ئەوەی لە تەبوکدا حوشترەکەی ون کرد و ئەوەی ویست کردی.

ئەگەر بڵێین: ئەمە وا داوا دەکات بۆ ئەوەی وا ڕوو بدات و دزینی بوخچەی یەکێك لە پیاوەکانی شاندەکەی یەمەن کە میوان بوون، بێگومان مایەی خراپی و عەیبەیە و توورەیان دەکات، بۆیە پێویست بوە هەواڵەکە لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە و، لە ونبوونی حوشترەکەی بە هەمان شێوە

پێویست بوە، کە بێ خۆراك بمێننەوە و ئەبووبەکر توورە بێت و بە قامچی لەو غوڵامە داماوە بدات، بەڵکوو داوا و پێویستی لێرەدا بەهێزترە لە هەواڵگەیاندن لەبەر بوخچەیەك کە بۆیان گەڕاوەتەوە و، هیچ شتێکی تێدا نەماوە ببێتە مایەی خراپەکاری بۆ سومعەتیان، بۆیە هیچ پێویستی بەوە نەکرد هەواڵەکەیان بداتێ.
ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەو قسانەی بۆ کردوون لەم چیرۆکەدا، باسی دزەکە ناکات کێیە، کەچی تەنانەت خاوەن بوخچەکەی ئەوانیش دیاری ناکات کە کێیە، بێگومان هەواڵی ئاسمان دزەکە و خاوەن بوخچە دزراوەکەی لێ ناشارێتەوە، دەڵێین لەوانەیە یەکێك لە چاوەکانی لە مەدینە دزەکەی بینیبێت و غوڵامە خەوتوەکەیشی بینیوە کە چۆن هەڵساوە و بوخچەکەی هێناوەتەوە و، چیی بینیوە هاتوە هەواڵەکەی داوە بە پێغەمبەر، بێگومان ئەو چاوە سیخور بوە و نەیزانیوە کێ خاوەن بوخچەکەیە لە پیاوانی شاندەکە، هەروەها نەیزانیوە دزەکە کێ بوە، بۆیە محەمەد تەنها ئەوەی پێ گوتوون کە لە زمانی سیخورە نهێنییەکەی گوێی لێ بوە، هیچ مەبەستێکی نەبوە لەوەدا جگە لە زیاترکردنی باوەڕ بۆ زیادکردنی باوەڕەکانیان بەوەی هەواڵەکە لە ئاسمانەوە بۆی هاتوە. ئینجا ئەم دزییە لە چوار لاوە شایەنی سەرسوڕمان نییە:
یەکەم: دزینی بوخچە لەو کاتەدا کە منداڵەکە خەوتبێت، دزەکە دەیتوانی ببیات بۆ ماڵەوە ئەگەر خەڵکی مەدینە بێت، یان بۆ شوێنێکی دوور لە دەوروبەری شارەکە، بەڵام ئەوەی نەکردوە و چاڵێکی هەڵکەندوە و لەوێدا داپۆشیوە کە لە شوێنی دزینەکە نزیك بوە، ئەوەیش وای لێ کردوە دزییەکەی دەرکەوێت و ئابڕووی بچێت.
دوەم: پاش دزییەکە دوور نەکەوتوەتەوە بەڵکوو گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی دزییەکە و لە نزیك غوڵامەکە دانیشتوە، واتە وەك لە قسەی غوڵامەکەوە دەردەکەوێت (کە هەستام بۆ دۆزینەوەی بوخچەکە پیاوێك دانیشتبوو) ئەگەر لە نزیك غوڵامەکە دانەنیشتبا هیچ شۆکێکی تێدا نەبوو، بێگومان دانیشتنەکەی بەو شێوەیە لە نزیك شوێنی دزیەکە، وا لە غوڵامە نووستوەکە دەکات کە تۆمەتباری بکات و لەو کاتەی لە خەوەکەی هەڵبسێت و ببینێت گومانی لێ بکات.
سێیەم: غوڵامەکە کە لە خەوەکەی هەڵسا و بینیی بوخچەکەی نەماوە، دەبوو ئەو دزە گێلەی دانیشتبوو لە نزیکی، هەر هیچ نەبێت دەبێت بەردەوام بێت لە دانیشتنەکەی لەوێدا، لەبەر ئەوەی بەردەوامبوونی لە دانیشتنەکەی نیشانەی ئەوەیە کە ناترسێت و گومانلێکراو نییە و ئەویش تۆمەتەکەی لێ دوور دەخاتەوە، تەنانەت ئەگەر غوڵامەکە بێت و پرسیاری بوخچەکەی لێ بکات وا نیشان بدات کە نازانێت و هیچ زانیارییەکی لەو بارەوە نییە، بەڵام ئەوەی نەکرد، کەچی هەڵسا و لە بەردەم غوڵامەکە ڕای کرد و، ڕاکردنەکەی هۆکار بوو بۆ تۆمەتبارکردنی بەدزییەکە، بەڵکوو ئەوە هەمووی لای غوڵامەکە بەڵگەیەکی دیار بوون لە سەر ئەوەی ئەو پیاوە دزەکەیە، بۆیە دوای کەوت و بە دوایدا ڕای کرد.
چوارەم: ئەم دزە گەلحۆیە کە هەڵسا و ڕای کرد دەبوو بە لایەکدا ڕای بکردایە بە پێچەوانەی ئەو شوێنەی بوخچەکەی لێ شاردوەتەوە، وەك ئەوەی لە ڕاکردنەکەیدا بیەوێت شوێنی بوخچەکە پیشانی غوڵامەکە بدات، نەك هەر ئەوەی بەوەوە نەوەستاوە بەڵکوو لەو شوێنەی کە بوخچەکەی لە چاڵەکەدا شاردبووەوە وەستا، کە لە قسەی غوڵامەکەوە وا تێ دەگەیت (لەوێدا وەستام کە وەستا و جێگە چاڵی لێ بوو).
سوێندت بە خودا دەدەم ئەی خوێنەر: دزیی بەم شێوەیە دەکرێت، ئایا دزێك هەیە لە دونیادا بەقەد ئەمە لە گێلی و گەلحۆیی و نەزانی بێت؟ من زیاتر وای بۆ دەچم کە ئەم دزییە ئەگەر ڕووی دابێت وەك حیکایەتخوانان باسی دەکەن، جگە لەوەی دروستکراوی بە ئەنقەست بوە، ئەگەر بڵێیت: بۆچی؟ دەڵێم: من وەڵامەکەی بۆ ژیری تۆ جێ دەهێڵم ئەی خوێنەری بەخشندە.
ئەگەر لە سەر ئەوەی دەیڵێم لۆمەم دەکەیت کە لە سەر سەرسوڕهێنەرەکانی محەمەد باسی دەکەم، پێت دەڵێم: ڕەخنە و لۆمەکردنت بوەستێنە، ئەگەر محەمەد لە مزگەوتەکەی مەدینە دانیشتبێت و بەو ڕووداوەی کە لە بەقیعی غەرقەدا ڕووی دابێت زانیبێت و وەك ئەوەی بە چاوی خۆی بینیبێتی، واتە ئەم دونیایە بە هەموو ئەوەی تێیدایە لای محەمەد دیارە و لە بەر دەستیدایە دەیبینێت و چیی تێدا ڕوو بدات دەیزانێت، وەك ئەوەی هەر یەکەمان ئاوێك لە جامێکی لە دەستدا بێت و ببینێت. ئەگەر ئەمە بە ڕاست عەقڵ قبوڵی دەکات و گیان و نەفس لێی دڵنیا دەبێت، چۆن و بۆچی محەمەد داوا دەکات یارمەتیی بدەن و پرسیار دەکات و ڕاوێژ دەکات و بە دوای هەواڵدا دەگەڕێت و سیخوڕ دەنێرێت و هەندێك جار هەڵە دەکات لە ڕێکخستنی کاری پێویست و قورئان لە سەر هەڵەکانی دادەبەزێنێت؟ لە سەر ئەمە چی بڵێین

و له سەر ئەوەی تر چی بڵێین، چۆن دەتوانین ئەم دوو دژبەیەکە کۆ بکەینەوە؟ ئایا بە کوێرانە باوەڕی پێ دەهێنیت، یان دەڵێیت ئەمە هەمووی درۆیە و دروستکراوی دەست و قەڵەمی حیکایەتخوانانە و بابەتێکە هیچ بناغەیەکی نییە؟ لە هەر دوو لادا، بە بەدرۆزانینی بە یەك جار و باوەڕهێنانی کوێرانە، دژ بە عەقڵ و ئیهانەی عەقڵی ڕاشکاو و ئینکارکردنی گواستنەوەی دروستە واتە نەقڵی ڕاستەقینەیە.
کە وایێت چی بکەین؟ چی دروست بکەین؟ هەروەها چی بڵێین لە وەلانانی قورولیتە و هەڵهێنانی ئەو مەتەڵە ئاسمانییە یان شیکردنەوەی ئەم پەرلە ئاسمانییە پیرۆزە؟
بەڵام من بەوەی تا ئێستا لەم کتێبەدا باسم بۆ کردیت و بۆم شی کردیتەوە، هیوادارم ئەوەی لەمەو دوا باسی دەکەم ئەگەر یەکێك لە دونیادا بێت و بتوانێت بە شێوەیەکی عەقڵانی هەڵی بهێنێت و جێگەی ڕەزامەندیی زیاتر بێت لەوەی کە من شیم کردوەتەوە و هەڵم هێناوە، من تکای لێ دەکەم لەو چاکەیەی ئاگادارم بکاتەوە و بیخاتە بەر دەستم بۆ ئەوەی لەوەی تێدام پشوو بدەم.
٤ ـ چیرۆکی مەقیسی کوڕی حوبابە: کورتەکەی، ئەم مەقیسە لە بێباوەڕەکانی مەککە بوو، برایەکی موسوڵمانی لە مەدینە هەبوو ناوی هیشام کوڕی حوبابە بوو، وا ڕێکەوت کە هیشام لە غەزای بەنی موستەلەق کوژرا، هەندێکیان گوتیان: لە غەزای زی قرد بوە، ئەوەی کوشتوویەتی موسوڵمان بوە و لە ئەنسارەکان بوە لە کۆمەڵەکەی عەبادەی کوڕی سامت، کە بینیویەتی وای زانیوە لە بێباوەڕەکانە و بە هەڵە کوشتویەتی. کاتێك ئەو هەواڵە گەییشتە مەقیسی برای لە مەککەوە هات بۆ لای پێغەمبەری خودا و وای نیشاندا کە بوە بە موسوڵمان، وەك فێڵ بۆ خەڵەتاندن و فریودان و گوتی هاتووم و سەرانەم لە بریی خوێنی براکەم دەوێت، پێغەمبەری خودا فەرمانی کرد و خوێنانەی براکەی پێ دا و، بردی، سەت حوشتر بوو، زۆر لای پێغەمبەر نەمایەوە ئینجا دای بە سەر بکوژی براکەیدا و کوشتی و گەڕایەوە بۆ مەککە و هەڵگەڕایەوە لە ئیسلام. ئینجا کاتێك مەککە گیرا پێغەمبەری خودا لە نێو ئەوانەی کە خوێنی حەڵاڵ کردن لە ڕۆژی کردنەوەی مەککەدا خوێنی ئەویشی حەڵاڵ کرد و لەو ڕۆژەدا کوژرا.
خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت ئیبن نەمیلەی کوڕی عەبدوڵلای لەپسیی ئامۆزای کوشتی، پاش ئەوەی هەواڵی ئەوە گەییشتە نەمیلە کە مەقیس لەگەڵ کۆمەڵێك لە گەورەپیاوانی قورەیش لە کەلاوەکەی بەنی جەمح مەی دەخواتەوە، چوو بۆی و کوشتی، هەروەها گوتیان لەو کاتەدا کوژراوە کە بە پەردەی کەعبەوە خۆی هەڵواسیوە.
بێگومان ئەم مەقیسە موسوڵمانبوونی وەك فێڵوتەڵەکەبازی و بۆ خەڵەتاندن و فریودان ڕاگەیاندوە، کە هات بۆ مەدینە و موسوڵمانبوونی خۆی ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی خوێنانەی براکەی وەرگرێت و هەروەها بکوژەکەی براکەی بکوژێت، بەوەیش دڵی ئاو بخواتەوە بە تۆڵەسەندنەوە لە لایەك و، لە لایەکی تریشەوە پارەشی دەست دەکەوێت.
بێگومان ئەوەی لە ئاسمانەوە هەواڵی بۆ بێت نابێت ئەمەی لێ بشارێتەوە و لەم جۆرە کارانە بە سەریدا تێپەڕێت و نابێت بەم شێوە فێڵانە بخەڵەتێت. بەڵام محەمەد زۆر پەرۆش بوو لە سەر ئەوەی خەڵك بێتە ناو ئایینەکەیەوە، بەم لایەنەوە نەبێت ناخەڵەتێت، ئەگەر هەر کەسێك موسوڵمانبوونی بۆی دەرخات، ئەگەر درۆزنیش بێت یان بە درۆ مەیلی بۆ ئیسلام پیشان بدات، هەر چەندە موسوڵمانیش نەبێت، ئەوە بەس بوە لای محەمەد کە چاوەڕێی چاکەی لێ بکات وەك لەم چیرۆکەی دا دێت ئەوە پیشان دەدات.
٥ ـ چیرۆکی ئەبووبەراء عامر کوڕی مالیك کوڕی جەعفەری عامری بە نازناوی دان چاککەر ناسراوە. ئەم ئەبووبەرایە گەورەی بەنی عامر و مامی عامری کوڕی توفێل کوڕی مالیك کوڕی جەعفەری عامری دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەر بوو، کورتەی چیرۆکەکە: ئەبووبەرا هات بۆ لای پێغەمبەر، کە داوای لێ کرد ببێتە موسوڵمان، ڕەتی کردەوە بەڵام نیازپاکیی پیشان دا بە پیشاندانی مەیلی بۆ ئیسلام و لێی دوور نەکەوتەوە و سەرکۆنەی نەکرد، گوتی: من ئەم کار و بۆچوونەت بە شتێکی باش و شەریف دەبینم، ئینجا گوتی: ئەی محەمەد ئەگەر پیاوانی هاورێت بنێریت بۆ لای خەڵکی نەجد (واتە بەنی عامر و بەنی سەلیم) داوایان لێ بکە بۆ کارەکەت و تکای وەڵامدانەوەیان لێ بکە، پێغەمبەری خودا گوتی: من لە سەر هاوەڵانم دەترسم لە خەڵکی نەجد، ئەبووبەرا گوتی: من هاوشانیان دەبم و ئەوانیش لای من و لە سەر پەیمانی من دەبن، بیاننێرە و بانگەشەی خەڵکەکە بکە بۆ کارەکەت. ئەبووبەرا بەرەو نەجد دەرچوو، ئەو هەواڵەی دانێ کە ئەو هاوشانی بۆ هاوەڵانی محەمەد پیشان داوە. پێغەمبەری

خودا مونزر کوری عەمرو بە فەرماندەیی حەفتا پیاو لە هاوەڵانی لە پیاوچاکانی موسوڵمان، دەڵێن چل پیاو بوون، نارد، گێڕانەوەی یەکەم ڕاستە وەك لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە، حافزی دومیانی پشتی پێ بەستوە، ئەوانەی نێرراون پێیان دەگوترا خوێنەران لەبەر ئەوەی بەردەوام قورئانیان دەخوێندەوە و، نووسراوێکی بۆ ئەوانە نووسی و لەگەڵیاندا ناردی بۆ بەنی عەمار، بە ڕێ کەوتن تا گەییشتنە بیری مەعوونە (شوێنێکە لە نێوان زەوی بەنی عامر شوێنی بەنی سەلیم)، کاتێك دابەزین یەکێکیان نارد (ئەویش حەرام کوری میلحان بوو) بۆ لای عامر کوری تۆفیل کە گەورە و سەری بەنی سەلیم بوو، کاتێك هات بۆ لای هیچ تەماشای نووسراوەکەی نەکرد و چوو بۆی و کوشتی، ئینجا ئەم عامرە هاواری کرد بە سەر ئەوانەی لای بیرەکە یارمەتیی قەومەکەی بدەن ڕازی نەبوون وەڵامی بدەنەوە، گوتیان: ئەبووبەرا پەیمانی پێ داون و هاوشانی کردوون، ئێمە سەنگەر لە هاوشانێتیی ناگرین، هاواریان کرد بۆ عەشیرەتی بەنی سەلیم، کە عەسیە و ڕەعل و زەکوان بوون، وەڵامیان دانەوە، ئینجا دەرچوون تا دەوری هاوەڵانی محەمەدیان گرت کە لە سەر بارهەڵگرەکانیان بوون، کە بینیانن شمشێرەکانیان لێ بردن و کەوتنە ناویان تا دوا پیاویان کوشتن، جگە لە کەعب کوری زەید کە بە حاڵ گیانی تێدا مابوو لە شەڕەکە دەرچوو، لە دوای ئەوە ژیا.

عەمرو کوری ئومەیەی زەمری لەم شەڕەدا نەبوو، لەبەر ئەوەی خۆی و پیاوێکی تریش لە دەشتی قەومەکە بوو، واتە چاودێریی حوشترەکانی دەکرد. کاتێك عەمرو ئەوەی لەگەڵیدا بوون بینییان باڵندە بە سەر ئەو شوێنەی هاوڕێکانیان خول دەخواتەوە، گوتیان: بە خودا ئەم باڵندانە شتێکیان بینیوە، هاتن بۆ ئەوەی تەماشا بکەن، بینییان خەڵکەکە خەڵتانی خوێنن و ئەو کارەی تووشی هاتوون بەدبەختییە. پیاوەکەی لەگەڵ عەمرو بوو گوتی: چی دەبینی؟ گوتی: وا دەبینم بگەینە لای پێغەمبەری خودا و هەواڵەکەی بدەینێ، پێی گوت: بەڵام من خۆمم لەوە پێ باشتر نییە لە شوێنێك دوور بکەومەوە کە مونزر کوری عەمروی تێدا کوژرابێت. هاتن ڕووبەڕووی قەومەکە بوونەوە و ئەو پیاوە کوژرا و عەمرویش بە دیل گیرا، هەواڵی پێ دان کە ئەو لە موزرە (واتە لەو شوێنە) عامر کوری تۆفیلی لێ بوو بردی و پەرچەمەکەی پری و بەرەڵای کرد (قژ و پەرچەم پرین لە نەریتی ئەو خەڵکە بوو ئەگەر بیانەوێت منەت بە سەر دیلێکدا بکەن پەرچەمی دەپرن و بەرەڵای دەکەن).

عەمرو بۆی دەرچوو تا گەییشتە سێبەرێك و پشوویەکی دا، دوو پیاو هاتن و لەوێدا لەگەڵیدا دانیشتن، پرسیاری لێ کردن گوتیان ئێمە لە بەنی عامرین، لە باسێکی تردا گوتوویانە ئێمە لە بەنی سەلیمین، ئەم دوو پیاوە پەیمانی پێغەمبەری خودایان پێ درابوو، عەمرو پێی نەزانی، هێشتییەوە تا خەوتن و هەڵمەتی کردنە سەر و هەر دووکیانی کوشت، وای زانی بەوە تۆڵەی لە بەنی عامر کردوەتەوە. کاتێك عەمرو گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر هەواڵەکەی پێ دا و هەواڵی کوشتنی دوو پیاوەکەیشی دایە، پێی گوت: دوو پیاوت کوشتوە کە قەرزداریانم، ئینجا پێغەمبەر گوتی: (ئەمە کاری ئەبووبەرایە لەم کارە ترسام و ڕقم لێ بوو). لە ئەنەس کوری مالیکەوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودام لە هیچ کاتێکدا نەبینیوە بەو شێوەیە خەمبار بێت، وەك ئەوەی لە سەر هاوەڵانی بیری مەعوونە بینیویەتی، سی ڕۆژ بە بەیانییان نزای بۆ دەکردن، واتە دوعا و نزای دژی ئەوانە کردوە کە هاوەڵانی بیری مەعوونەیان کوشتوە.

ئەمەیە چیرۆکی ئەبووبەرا و کردەوەی گورچگبڕی هاوەڵانی بیری مەعوونە بە ڕاستی گورچکبڕە و بە ئازارە و خەمهێنەرە، محەمەد حەقی بوە زۆر خەم بخوات لە سەر ئەو کوژراوانەی هاوڕێی، کە بێ هیچ ئەنجامێك بە فیڕۆ ڕۆیشتن و، یەك مانگ بە خەمباری مایەوە، لە هەندێك گێڕانەوەدا چل ڕۆژ بوە، لە نوێژەکانی بەیانیدا بە توندی دوعای لە سەر بکوژەکانیان کردوە. ئێمە دەڵێین: ئەگەر ئەوەی حیکایەتخوانان دەیڵێن لە سەر ئەم ڕووداوە ڕاست بێت، محەمەد لە ناردنی ئەمانە لە چەند لایەکەوە هەڵەی کردوە:

یەکەم: چۆن ئەوە لای محەمەد نەزانراوە و شاراوە بوە کە ئەبووبەرا ڕاستگۆ نییە لەو قسانەی و وای دەبینی کە نیازی باش و شەریفە، ئەگەر ڕاستگۆ بوایە، کاتێك داوای لێ کرد ببێتە موسوڵمان دەبوە موسوڵمان نەك ڕەتی بکاتەوە، هیچ ڕێگرییەك لە موسوڵمانبوونی نەبوە.

ئەگەر بڵێیت: ئەو نەبوە بە موسوڵمان لە ترسی ئەوەی قەومەکەی لێی هەڵدەسن، لەبەر ئەوەی ئەوان ئیسلامیان نەویستوە، دەڵێم: ئەو موسوڵمانبوونی بۆ قەومەکەی دەویست بۆیە داوای کرد پیاوان بنێرن بۆ بانگەشەکردنیان بۆ موسوڵمانبوون و خۆی سەرۆکی قەومەکەی و گەورەیانە، ئەگەر ببوایە بە موسوڵمان دەبێت هەندێکیان دوای بکەون، ئەمە ئەگەر هەموویان

دوای نەکەون. لەگەڵ ئەوەیشدا دەیتوانی موسوڵمانبوونی لای قەومەکەی بشارێتەوە و ببێتە موسوڵمان لەبەر ئەوەی بە باشی و شەریفی دەبینێت وەك گوتی. بەڵام ئەبووبەرا لەوەی گوتوویەتی ڕاستگۆ نەبوە و فێڵباز و تەڵەکەباز بوە.
دووەم: چۆن و بۆچی پێغەمبەر ڕازی بوو لە سەر داواکردنی ئەبووبەرا ئەو پیاوانەی هاوەڵی بۆ ئەوەی بنێرێت داوا لە قەومەکەی بکەن ببنە موسوڵمان و خۆی موسوڵمانبوونی ڕەت کردەوە. وەك محەمەد باسی کرد کە ڕقی لێ بوە و لێی ترساوە و، پێی گوت: من لە سەریان دەترسم لە خەڵکی نەجد، دەبوایە ئاگاداری بوایە و باوەڕی پێی نەکردایە لەوەی باسی کرد، بەڵام محەمەد خۆی و بەو ژیری و توندوتۆڵییەی وەك گوتمان بەو پەرۆشییەی لە سەر باوەڕی خەڵك بۆ هاتنە نێو ئایینەکەیەوە وای لێ هاتوە. بۆ ئەو مەبەستە چەندین ئامڕازی بە کار هێنا و بە دوای چەندین ڕێگەدا گەڕا و بە کاری هێنا، بۆیە لەم بارەوە سۆز زاڵ بوە بە سەر ژیری و توندوتۆڵیدا، بە قسەی نەرمونیان و بە باش زانینی ئیسلام بە قسەی ڕووت خەڵەتێنرا و، ئەوانەی هاوەڵانی نارد کە ناردنی، بەتایبەتی بەو قسەی ئەبووبەرا ورووژا کە گوتی من هاوشانتان دەبم. ئەگەر ئەم فێڵبازە ڕاستگۆ بوایە لە بەباشزانینی ئیسلامدا و بیویستایە قەومەکەی ببنە موسوڵمان، خۆی پێش ئەوان دەبوو بە موسوڵمان، لەبەر ئەوەی ئەگەر ببوایە بە موسوڵمان، هەموو قەومەکەی یان هەندێکیان دوای دەکەوتن، چونکە گەورە و سەرۆکیان بوو وەك پێشتر باسمان کرد.
سێیەم: لە هەموو ئەمانەی محەمەد دەبوورین، بەڵام دەڵێین لە ناردنی حەفتا پیاو لە هاوەڵانی، ئایا ڕاستە ئەو بانگەشە کارانە بەم پڕ و ژمارەوە بن و بیاننێرێت بۆ لای قەومێك کە دەزانێت چەند ستەمکار و لەخۆبایی و لووتبەرزن، دەزانێت گەورەکەیان عامر کوڕی تۆفیل برازای ئەبووبەرایە کە توندترین و سەرسەخترین دوژمنی ئەو و ئایینەکەیەن، وەك دواتر باسی دەکەین. ئەگەر وا پێویستی بکردایە کە بانگەشەکار بنێرێت؛ دەبوایە بە یەك یان دوو یان بەزۆری سێ کەس زیاتری نەناردایە، تەنانەت محەمەد دوای بەیعەتی عەقەبە لە مەککە و پێش کۆچکردنی بۆ مەدینە داوایان لێ کرد بانگەشەکار بنێرێت بۆ مەدینە، تەنها موسعەب کوڕی عەمیری بەتەنها نارد و بەس. ئەگەر ئێمە هەندێك بە فراوانی باسی بکەین دەڵێین: دەبوایە ژمارەی ئەو بانگەشەکارانە بەقەد ئەو گفتوگۆکارانە بوایە کە مەسیح ناردنی بۆ لای خەڵك و دوانزە کەس بوون. بەڵام تۆ سوپایەك بنێریت ژمارەیان حەفتا کەس بن نە ڕاستە و نەیش حیکمەتی تێدایە، وەك ئەوەی سریەیەکی ناردبێت نەك بانگەشەکار. سریەکانی هەندێك جار لە حەفتا کەس کەمتر بوو، وەك سریەکەی حەمزەی مامی لە سی پیاو کەمتر بوو، کە ناردی بۆ ئەوەی ڕێگە لە کاروانە بارەکەی قوڕەیش بگرێت، سریەکەی سەعد کوڕی وەقاس بۆ خرار بە بیست پیاوەوە بوو، سریەی ڕەجیع لە دە پیاو پێکهاتبوون، ناردنی سریەی ڕەجیع و ناردنی ئەم بانگەشەکارانە لە یەك کاتدا بوو.
ئەگەر ئێمە وا دابنێین کە ئەبووبەراء ڕاستگۆ بوویێت لە قسەکانیدا: من هاوشانیان دەبم و، محەمەدیش هیچ ترسی لە سەریان نەمابێت لە خەڵکی نەجد و ئەوان بە دڵنیایی و ئارامی و ئاساییشەوە ڕۆیشتبن، هیچ پێویستی نەکرد ژمارەیان بکاتە حەفتا کەس، ئەی چۆن دەبێت کە ئەبووبەرا لە هاتنی فێڵباز بێت و لە قسەکانیدا وەك من هاوشانیان دەبم و ئەمەش خەڵەتێنەر بێت و، ئەی چۆن کە محەمەد بزانێت عامری کوڕی تۆفێل دەبینن کە سەرسەخترین کەسە لە دوژمنایەتی بۆ ئەو و بۆ ئەوانیش وا بەو شێوەیە ئەوان بنێرێت.
بەڵێ: پاش ئەوەی محەمەد ژمارەیانی کردە حەفتا، دەبوایە هەموو چەك و تەقەمەنی و تفاقێکیان بۆ ئامادە بکات و چەکێکی تەواو و باشیان بداتێ و ئینجا بیناردنایە، ئەوە توندوتۆڵی و خۆقایمکردنێك بوو، لەو کاتەدا نەمانتوانی بڵێین محەمەد ئاگادار نەبوە و شتی یەدەکی حساب نەکردوە لە ناردنیان لەبەر ئەوەی لە سەریان ترساوە و ئاگای لێیان بوە لە خەڵکی نەجد، زیاتر پتەوی کردوون بە تەواوکردنی تفاق و چەکە جەنگییەکانیان تا دڵنیا بن لە ئاساییش و ئارامی سەلامەتیی خۆیان ئینجا دەستیان بکردایە بە بانگەشەکردن بۆ ئیسلام بە باشترین بانگەشە و، ئەگەر شەڕ و خراپە و دەستدرێژییەکیان بینی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن بە باشترین بەرگرییەوە و بەو شێوەیە یان ڕا دەکەن یان پاڵ بەوانەوە دەنێن، ئەمەیە کە توندوتۆڵی فەرز و حوکمی دەکات، بەڵام محەمەد ئەوەی نەکرد، بەڵکوو بە ڕووتی یان بێ چەك یان بە نیمچەچەکداری ناردنی، جگە لە شمشێر هیچ قەڵغانێك (درعێك) و ڕمێك و هەگبەیەك و هیچ زرێپۆشێك و هیچ خودە و سەرپۆشێکیان پێ نەبوو، هیچ پێداویستییەکی تری شەڕی ئەو

زەمانەیان پێ نەبوو، بێگومان دوژمنەکانیان بەو شێوەیە نەبوون، بۆیە دەبینین ئەو ڕەحمەتیانە هەر لە سەرەتای لێدانیان کوژران و جگە لە عەمرو کوڕی ئومەیە هیچ کەسێکیان ڕزگاری نەبوو، عەمرو ڕزگاربوونەکەی بەفێڵ بوە و پێی گوتوون من لە ئێوەم، واتە لە موزر، بۆیە پاش بەدیلگرتنی پەرچەمەکەی (واتە قژی لە پێشەوە) یان بڕی و بەرەڵایان کرد. ئەوەی گومانی لێ ناکرێت ئەوەیە ئەبووبەرا فێڵباز بوە لە هاتنی بۆ لای محەمەد، لە گێڕانەوەیەکیشدا هاتوە لە کاتی هاتنی دوو ئەسپ و دوو حوشتری پێ داوە، بەڵام محەمەد دیارییەکەی قبوڵ نەکردوە و، پێی گوتوە: دیاری لە بێباوەڕ قبوڵ ناکەم، لەبەر ئەوەی فێڵباز دەتوانێت بە دیاری و ئەو شتانە خۆی نزیك بکاتەوە و خۆی خۆشەویست و کوڕی باش بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە فێڵەکەی سەرکەوتوو بێت و بیخەڵەتێنێت و فریوی بدات و، بەو شێوەیە دەتوانێت فێڵەکەی بشارێتەوە و دای پۆشێت. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە فێڵباز بوە، محەمەد پاش ڕوودانی کارەساتی کوشتنی هاوەڵانی بە فێڵەکەی زانیوە، وەك لە قسەکانییەوە دەردەکەوێت، لەو کاتەی هەواڵی کوشتنی هاوەڵانی پێگەیشتوە! ((ئەمە هۆکارەکەی ئەبووبەرایە کە هاوشانی ئەو ڕۆیشتن و من لەو ((.کارە دەترسام و ڕقم لێ بوو

ئەوە پێکەنیناوییە، حیکایەتخوانان باسیان لەوە کردوە کە ئەبووبەرا هەواڵی کوشتنی ئەوانەی پێگەییشتوە لە خەفەتا مردوە. عامری کوڕی توفێل بەو شێوەیە هاوەڵانی محەمەد کوشت و بەو شێوەیە کارەکەی خستە ئەستۆی ئەبووبەرای مامی و لە ئەستۆدانانی تاوان لەو کاتەدا بوەتە هۆی شەڕ و کوشتار، بەڵام ئەمە لە نێوان خەڵکی دوور لە یەك. بەڵام لە ئەستۆخستنی کاری خراپ لە نێوان پیاوێك و برازاکەیدا شتێکی گەورە نەبوە کە ببێتە هۆی شەڕ و کوشتار، کارەکە لەوە سوکتر و ئاسانترە بە تایبەتی ئەگەر لە ئەستۆخستنی کارێك بە شێوەیەك لە قازانجی هەر دوو لایێت و لە ناوەوە پێی ڕازی بن. هەر کەسێك لەم حاڵەتەدا بێت لەگەڵ محەمەد و هاوەڵانیدا، چۆن لە داخی کوژراوەکان دەمرێت؟ ئەوەی پشتگیریی ئەم قسەیەمان دەکات، ئەوەیە کە گێرەوان باسی دەکەن، هەروەها حەسان کوڕی سابت شاعیری پێغەمبەر شیعرێکی هەڵبەست کە تانە و توانجی لە ڕەبیعەی کوڕی ئەبووبەرای دا، لەو کردەوەی کە عامری کوڕی توفیلی کوڕە مامی کردوویەتی لە تاوان خستنە ئەستۆی باوکی. دەڵێن: کاتێك ئەو شیعرە گەییشتە ڕەبیعە، هات بۆ لای پێغەمبەر، گوتی: باوکم لەم غەدرە پاك دەکاتەوە ئەگەر لە عامر بدەم و بیکوژم؟ گوتی: بەڵێ، گەڕایەوە و لێدانێکی لە عامردا کە بە دەم لێدانەکەوە کەوت، قەومەکەی ڕایان کرد بۆ لای و بە عامریان گوت: حەقی خۆت بکەرەوە، گوتی: لێی دەبورم، وەك لە سیرەی دەحلانیدا هاتوە. ئەوەی دەبیینین ڕەبیعە لە قسەکانی ڕاستگۆ نەبوە، واتە نەیویستوە عامر بکوژێت و بە کوشتنەکەی ئەو شورەییەی بە سەر باوکیدا هێنابووی پاك بکاتەوە، بەڵام ویستی وەك بکوژێك کارێکی دروستکراو بکات و محەمەدی پێ ڕازی بکات لە لایەکەوە و لە لایەکی ترەوە هەواڵەکە بڵاو بێتەوە و ئەو عەیبە و شورەییە لە سەر باوکی نەهێڵێت، بۆیە لێدانێکی لە عامردا ئامانی لێ بڕی، واتە کوشتن نەبوە، بەڵکوو لە لایەك لە لەشی وەك دەست و قاچی داوە، ئەوەی کردوویەتی هیچ ئەندامێکی تێك نەداوە. .بۆیە عامر گوتی: لێی دەبورم، لەو کاتەی کە داوایان لێ کرد کە سزای بدات

ئەوەی لەمەوە دیارە کە لێدانەکەی ڕەبیعەیش بە ڕێکەوتنی نێوان خۆی و عامر بوە. ئەمە، بێگومان بۆ کەسێك کە هەواڵ لە ئاسمانەوە بۆی بێت و جبریل چاوی بێت، لە دەرئەنجامی فێڵوتەڵەکەی ئەبووبەرا و هەڵخەڵەتاندنی، نابێت تووشی ئەم مەرگەساتە بێت، بەڵام حیکایەتخوانان بە تێرامان و بیرکردنەوە قسە ناکەن، بەڵکوو لە گێڕانەوەکەیان تێکەڵوپێکەڵی دەکەن و لە قسەکانیش تێکەڵی دەکەن و تێکی دەدەن، لەوەدا باسی ئەوەیان کردوە دەڵێن: پێغەمبەر لەو کاتەدا کە هاوەڵانی لە بیری مەعوونە کوژران جبریل هات بۆ لای و هەواڵەکەی لەو ڕۆژەدا پێی گوت کە تێیدا کوژران. نازانم ئەم جبریلە لە کوێ بوو لەو کاتەی ئەبووبەرا هات بۆ لای محەمەد ئەوەی پێ گوت کە گوتی: ئایا لە بەرژەوەندیدا نەبوو کە بێت ئەوەی نیازی ئەم فێڵبازە بوە پێی بڵێت، ئەگەر نا هەواڵی کوشتنیان لە پاش کوشتنیان هیچ لە کار و .تایبەتمەندیی جبریل نییە، بەڵکوو هەر کەسێك و خەڵکێك دەتوانێت ئەو هەواڵە بگەیەنێت

بۆ خۆشحاڵیی ئەوەی دەحلان لە سیرەتەکەی باسی دەکات لە زانا زەرقانییەوە بۆت باس دەکەین: زانای ئایینی زەرقانی دەڵێت: کاتێك خەڵکی بیری مەعەرە پێکان، بیر و تایەك هات بۆ محەمەد واتە جبرڕیل، ئەویش بەو تایەی گوت بڕۆ بۆ لای ڕەعل و زەکوان و عەسیە (ئەم عەشیرەتانە هاوەڵانی محەمەدیان قەلار کرد، واتە کوشتیان) ئەوانە لە خودا و پێغەمبەر یاخی

بوون. تاکەیش ڕۆیشت بۆ لایان و حەوت سەت کەسی لێ کوشتن، هەر یەکە لە کوژراوەکانی موسوڵمانان بە دە کوژراوی ئەوان، گوتی: بەڵام خودای باڵا و بەرز کە وەك خوێنەر پێشتر زانی پێش دەرچوونیان بۆ ئەو شوێنە ئەوەی پێ نەگوت لەبەر ئەوەی شەهادەتیان پێ ببەخشێت و ئەوەی بەهاتنی ئەبووبەرا بەستەوە. خودا یارمەتیی ئەم زانایە بدات و گەورەی بکات کە چۆن قسە بە ڕووکەشی فڕێ دەدەن و قسەی هیچوپووچ و بە بێ ئاگایی و هۆشیاری و هەست دەکەن.

ئەوەی شایانی تێڕامانە ئەوەیە کە محەمەد لە پاش ئەم زەبرە ئازاربەخش و کوشندەیە غەزای بەنی عامری نەکرد، وەك غەزای بەنی لەحیانی لە پاش کوشتنی هاوەڵانی لە ڕەجیع کرد، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو هاوڕێیانەی لە ڕەجیع کوژران کەم بوون لە دە کەس زۆرتر نەبوون.

لەو باوەڕەدام غەزای بەنی عامری لەبەر ئەوە نەکردوە، چونکە ئەو هێزەی نەبوە بتوانێت شەڕی عەشیرەتەکانی بەنی عامر بکات بەو ژمارەوە کە هەموویان خەڵکی شەڕانگێز و پاڵەوان و ڕێگربوون و شەڕکردنیان قورس بوو و ئاسان نەبوو. کارەساتەکەی بیری مەعوونە لە سەرەتای مانگی سیوشەشی کۆچیدا بوو، واتە پاش شەڕی ئوحود بە چوار مانگ و، محەمەد لەو کاتەدا بەهێز و توانا نەبوو و زەبری وا بەهێزی نەبوو وەك ئەوەی کە لە پاش گرتنی مەککەدا پەیدای کرد.

پێنج چیرۆکمان بۆ گێڕایتەوە لە بارەی ئەوەی لای محەمەد ڕووی دا و هیچ زانیارییەکی لە سەر نەبوو، هیچ هەواڵێکی لەو بارەوە لە ئاسمانەوە بۆی نەهات، هەروەها بەو شێوەیە لە کتێبی بەسەرهاتەکان زۆرن و لە ژماردن نایەن، بەڵام ئێمە لێرەدا بەمەوە دەوەستین کە پێشکەشمان کردن بۆ شایەتی و نموونە، ئەوەی باسمان کردن بەسن بۆ نموونە و شایەتیی ئەوەی مەبەستمان بوو باسی بکەین و بیڵێین.

(65)

عامری کوڕی توفێل

کە عامر کوڕی تۆفێل پاڵەوانی ئەو تاوانە بوو لە بیری مەعوونە ڕووی دا، پێمان باش بوو لێرەدا شتێکی تر درێژە بە باسەکەی بدەین.

لە ڕووداوی بیری مەعوونە دوو عامر ناوی لە بەنی عامری تێدا بوو، یەکێکیان عامری کوڕی مالیك کوڕی جەعفەر کە نازناوی ئەبووبەرا بوو، دوەم عامری کوڕی تۆفێل کوڕی مالیك کوڕی جەعفەر، عامری یەکەم مامی عامری دوەم بوو، هەر دوو عامرەکە پاڵەوانێك بوون لە پاڵەوانەکانی غەدرەکەی بیری مەعوونە. هەر دووکیان مام و برازا لە سەرۆکەکانی بەنی عامر کوڕی سەعسەعە بوون. حیکایەتخوانان باسی عامر کوڕی تۆفێل دەکەن، کە بەردەوام بانگەوازکەرێکی لە بازاڕی عەکاز بانگەوازی بۆ خەڵکەکە کردوە، ئایا پیاوێك هەیە کەوتبێت ڕاستی بکەینەوە و برسییەك هەیە تێری بکەین و ترساوێك دڵنیای بکەینەوە، دەڵێن: یەکێك بوە لە قۆزترینەکانی خەڵکەکە.

کاتێك شاندێك لە بەنی عامر لە ساڵی هەشتەمی کۆچی یان پاش ئەوە هاتن بۆ لای پێغەمبەر، عامر کوڕی تۆفێل کوڕی مالیك کوڕی جەعفەر و ئەربەدی کوڕی قەیس کوڕی جوز کوڕی خالید کوڕی جەعفەر و جەبار کوڕی سەلحا کوڕی مالیك کوڕی جەعفەریان لەگەڵدا بوو، ئەم سێ کەسە لە سەرۆکەکانی قەومەکە بوون و شەیتانەکانیان بوون، وەك حیکایەتخوانان باسی دەکەن و عامر کوڕی تۆفێل گەورەیان بوو.

ئەوەی لە سەر ئەم عامرەیان باس کردوە، کە لەگەڵ قەومەکەی دا هاتوون بۆ لای پێغەمبەر و گوتوویەتی: ئەی عامر، خەڵکەکە بوون بە موسوڵمان تۆیش موسوڵمان بە، پێی گوتن: بە خودا وام دانابوو کە نەبم تا عەرەب بکەوێتە دوام، ئەوە من نیم بکەومە دوای ئەم مێردمنداڵەی قورەیش: ئەو لەگەڵ شاندەکەدا هات بۆ ئەوەی غەدر لە پێغەمبەری خودا بکات، تەنانەت بە ئەربەدی (ئەربەد پیاوێکی ئازاو دڕبوو) گوت ئەی ئەربەد کە چووین بۆ لای ئەو پیاوە، من پێش دەموچاوی دەگرم بۆت و تۆیش ئەگەر کاری خۆتت کرد بە شمشێر بیکە.

کاتێك هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا، عامری کوڕی تۆفێل گوتی: ئەی محەمەد بمکە هاوڕێی خۆت (واتە بمکە بە نزیك و هاوڕێ و شتم بدەرێ٧٧١ لەبەر ئەوەی ئەم قسەیە لەگەڵ قسەکەی بۆ ئەربەد گونجاوە، کە گوتی پێش دەموچاویت بۆ دەگرم، پێغەمبەر پێی گوت: نەخێر

بە خودا تا باوەڕ بە خودای تەنهام دەهێنییت، گوتی: ئەی پێغەمبەر هاوڕێ و خۆشەویستم، بەوە بەردەوام بوو لە قسەکردن لەگەڵیدا و چاوەڕێی ئەربەدی کرد کە ئەوەی فەرمانی پێ کردوە جێبەجێی بکات، ئەربەد هیچ شتێکی نەکرد، کاتێك عامر بینی ئەربەد ناجوڵێت، قسەکانی پێشووی دووبارە کردەوە و گوتی: ئەی پێغەمبەر هاوڕێیەتیم بکە، گوتی: لەو کاتەی باوەڕ بە خودای بێ هاوبەش بێنیت.

لە گێڕانەوەیەکدا، پێغەمبەر پێی گوتوە: ئەی عامر ببە بە موسوڵمان، گوتی: من پێویستییەکم پێتە، گوتی: لێم نزیك بەرەوە، لێی هاتە پێش تا گەییشتە لای و قسەی لەگەڵدا کرد. دەڵێن کە پێغەمبەری خودا پێی گوتوە: ئەی عامر ببە بە موسوڵمان، گوتوویەتی: ئەگەر ببمە موسوڵمان، دوای تۆ بۆ من دەبێت؟ پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: ئەوە بۆ تۆ نییە و بۆ قەومەکەیشت نییە، ئەوە بۆ خودایە کە بۆ کێی دەوێت. لە گێڕانەوەیەکدا هاتوە: گوتوویەتی: ئەی محەمەد دەبمە موسوڵمان ئەگەر توك یان موەکەی بۆ من بێت و ورگەکەی بۆ تۆ بێت، بە واتای شارەکەی بۆ تۆ و دەشتەکەی بۆ من، بە قسەیەکی تر چاك و زۆرەکەی بۆ تۆ و خراپ و کەمەکەی بۆ من، گوتی: نەخێر، گوتی: چی بۆ من دەبێت ئەگەر ببم بە موسوڵمان؟ گوتی: ئەوەی بۆ موسوڵمانانە بۆ تۆیش دەبێت و ئەوەی لە سەریانە لە سەر تۆیش دەبێت، گوتیان کە پێغەمبەر بە داواکارییەکانی ڕازی نەبوو، گوتی: بەڵام بە خودا پڕی دەکەم بە ئەسپ و سوارچاك بە سەرتدا، لە قسەیەکی تردا گوتوویەتی: ئەسپێکی زۆروزەوەند و پیاوانێکی بە لێشاو و، بە هەر دارخورمایەکەوە ئەسپێکی پێوە دەبەستمەوە، پێغەمبەری خودا گوتوویەتی: خودایە لە شەڕی عامر کوڕی تۆفێل بە دوورم بگرە. لە سەحیحی بوخاریدا هاتوە: بە پێغەمبەری گوتوە: دەتخەمە بەردەم سێ بژاردە: خەڵکی دەشت و شار بۆ تۆ بێت و خەڵکی توك، واتە دەشتەکی و چادر بۆ من بێت، یان ببمە خەلیفەی دوای تۆ، یان بە هەزار پیاوی قژ زەرد و هەزار ژنی قژ زەرد (واتە ئەشقەر) غەزات دەکەم.

هەروەها باس لەوە دەکەن، کاتێك بەم قسانە هەڕەشەی لە پێغەمبەر کردوە، ئەربەد لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، ئەسید کوڕی خوزەیر یەکێك لە ئەنسارەکان بوو، دای بە سەریاندا و پێی گوتن دەمتان دابخەن ئەی هەر دوو مەیموون، عامر پێی گوت، تۆ کێیت؟ گوتی: من ئەسید کوڕی خوزەیرم، گوتی: ئا ئەو خوزەیرەی کوڕی ماسیگرەکە؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: باوکت لە تۆ چاکتر بوو، گوتی: بەڵێ، من لە تۆ و لە باوکم چاکترم، لەبەر ئەوەی باوکم بێباوەڕ بوو و تۆیش بێباوەڕیت. دەڵێت: کاتێك لە لای پێغەمبەری خودا دەرچوو، عامر بە ئەربەدی گوت: بەڵا بتگرێت ئەی ئەربەد، لە کوێ بوویت لەوەی فەرمانم پێ کردیت، بە خودا پیاوێك نەبوو لە سەر زەوی لە سەر من بترسێت بە دەر لە تۆ، بە ناوی خودا لەمڕۆ بە دواوە هیچ ئەو ترسەت نامێنێت، ئەربەد پێی گوت: ئەی بێ باوك، هیچ خێرا مەبە لەوەدا، بە خودا لەو کاتەدا کە ویستم فەرمانەکەت جێبەجێ بکەم، تۆ دەکەوتیتە نێوان من و پیاوەکە و جگە لە تۆ کەسم نەبینی، دەتەوێت بە شمشێر لە تۆ بدەم.

پاش ئەوەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، پێغەمبەر دانیشت و دوعای لە سەر کردن و گوتی: خودایە، چۆنت دەوێت شەڕی عامر کوڕی تۆفێلم لێ دوور بخەرەوە، خودایە ڕێگەی ڕاست پیشانی بەنی عامر بدە و چۆنت پێ دەکرێت عامری کوڕی تۆفێلم لێ دوور بخەرەوە و سەرقاڵی بکە.

باسی ئەوەیان کردوە کە پێغەمبەر گوتوویەتی: بەوەی گیانم بە دەستەوەیە، ئەگەر ببوایە بە موسوڵمان (واتە عامر کوڕی تۆفێل) بەنو عامریش دەبوون بە موسوڵمان و، پاڵم بە قورەیشەوە دەنا لە مینبەرەکانییەوە. لەمەدا وا تێ دەگەین کە پێغەمبەر هیچ مەیلێکی بۆ موسوڵمانبوونیان نەبوە بە تەواوی مەیل، بەڵکوو بۆ ئەوە بوە کە کاری دوای ئەوانیان پێ بکات و مەبەستی قورەیش بوە، وەك باسمان کرد.

ئینجا عامر کوڕی تۆفێل پاش دەرچوونی بۆ وڵاتەکەی تووشی نەخۆشیی چاوەقوڵە (تاعوون) بوو و بەوە مرد، بۆ مردنەکەی لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا چیرۆکی خۆی هەیە.

هەروەها ئەربەدی کوڕی قەیس پاش ماوەیەکی کەم هەورەبروسکەیەك لێی دا و سووتاندی. ئەم ئەربەدە لە دایکەوە برای لەبیدی شاعیر بوە، لە سیرەی هیشامیدا شتێك لە شیعرەکانی لەبید لە سەر پرسانەی ئەربەد لە پاش مردنی بە هەورە بروسکەکەدا هاتوە.

ئەوەی دیارە، ئەم شاندەی بەنی عامر کە هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا، هیچ کەسێکیان لێ موسوڵمان نەبوو، حیکایەتخوانان قسەیان لەو بارەوە کردوە کە عامری کوڕی تۆفێل و ئەربەدی

کوڕی قەیس نەبوون بە موسوڵمان و بە بێباوەڕی مردوون. بەڵام خاوەن سیرەی حەلەبی لە سەر سێیەمیان جەبار کوڕی سەلما دەڵێت، لەگەڵ ئەوانەی بەنی عامر بوە بە موسوڵمان. لەوانەیە موسوڵمانبوونیان پاش هاتنی شاندەکەیان بۆ لای پێغەمبەری خودا بووبێت.
ئەوەی شایەنی تێرامانە محەمەد، عامری کوڕی تۆفێلی نەکوشت، خودا حەقی بۆ کردەوە، ئەمە جیاوازە لەوەی بە هۆی کوشتنی هاوەڵانی (بیرەئاوەکە)ی مەعوونەوە خوێن و تۆڵە لە نێوان عامر و موسوڵمانان بوو. هەروەها غەزای بەنی عامری نەکرد وەك چۆن بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو هاوەڵە کوژراوانەی لە ڕەجیع غەزای بەنی لەحیانی کرد. لەوانە ترسی لە توانا و دڕی ئەو قەومە بوە، لەبەر ئەوەی زۆر و بەتوانا و هیمەت و دڕ بوون لە شەڕدا، بۆیە عامری نەکوشت و غەزای قەومەکەیشی نەکرد، یان لەوانەیە وازی لە کوشتن و شەڕکردنیان هێنابێت بۆ ئەوەی مەیلیان بە لای ئیسلامدا بکەوێتەوە بۆ زیاترکردنی توانا و زاڵبوونی هێزی ئیسلام بە موسوڵمانبوونیان.

گەییشتنی هەواڵی غەیب
گوتمان محەمەد هەواڵی غەیبی نەزانیوە و بەتایبەتی قورئان، گوتمان ئەو هەواڵانەی کە لە ئاسمانەوە هێنانی لەوانەی کە پێشتر باسمان کردن و ئەوانەی باسیشمان نەکردوون، کار و کردەوە و ڕووداوێك بوون ڕوویان داوە و بە تەواوی لە غەیبەوە نەهاتوون، بەڵکوو دەکرێت لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە زانیبێتی.
لەوێدا کارێکی تر ماوە، ئەوەیە کە حیکایەتخوانان لە گێڕانەوەکانیاندا باسی محەمەدیان کردوە، هەواڵی ئەوەی پێ بوە کە لە دواڕۆژ و زەمانی دواتردا ڕوو دەدەن و، دواتر ئەوانە ڕوویان داوە، بە هەمان شێوە باسی کردوە و گوتوویەتی: لێرەدا دەمانەوێت قسە لە سەر ئەم جۆرە غەیبە بکەین، کە ڕاست و گونجاوە پێی بگوترێت غەیب، ئەوەیە کە بە هەواڵگری ناتوانێت بیزانیت، ئەگەر بکرێت بە ئامرازی دوور لە هەواڵگرییش بیزانیت، وەك ئامرازی هونەری و ژمێریاری فەلەکی و زانستی کە خەڵکی ئەو بابەتە دەتوانن بیزانن، وەك خۆرگیران و مانگگیران و دەرکەوتنی هەندێك ئەستێرەی کلکدار لە لایەکی دیاریکراوی ئاسماندا، یان هاتنی ڕەشەبا و گەردەلول و باوبۆران و باران و شتی تریش، زانایانی پسپۆڕ پێش ئەوەی ئەو شتانە ڕوو بدەن بە زانست و زانیاری و ئەو ئامرازانەی بەردەستیان دەیزانن، ئەوانەیش لە غەیب نین بەتەواوی کە نابێت کەس بیزانێت و ئاگای لێ بێت جگە لە خودا.
ئەوەی دەمانەوێت لێرەدا باسی بکەین، ئەوەیە، ئەو شتانەی محەمەد هەواڵیانی ڕاگەیاند کە لە دواڕۆژدا ڕوو دەدەن هیچ بناغەیەکیان نییە، واتە محەمەد ئەو هەواڵانەی باس نەکردوە، بەڵکوو گێڕانەوەی هەڵبەستراون و زانراون و، حیزبایەتیی سیاسی و جیاوازیی مەزهەبی کە لە نێوان موسوڵماناندا بە هۆی خیلافەت و شتی تر ڕووی داوە ئەوانەی داهێناوە و دۆزیوەتەوە، ئەمەیش پاش مردنی محەمەد بە زەمانێکی دوورودرێژ سەری هەڵداوە، دەتەوێ چەند نموونەیەکت بۆ باس دەکەین بۆ ئەوەی ڕاستی ئەوەی باسی دەکەین بزانیت.
١ ـ چیرۆکی عەمار کوڕی یاسر: پێشتر لە کاتی قسەکردن لە سەر ئەو مزگەوتەی کە محەمەد لە پاش کۆچکردن لە مەدینە بنیاتی نا، قسەمان لە سەر ئەم چیرۆکە کرد، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت باسی بکەین ئەو شتانەی بە سەرماندا تێپەڕین و باسمان نەکردن، تا خوێنەر لە سەر چیرۆکی عەمار بەر چاوی ڕوون بێت، دەڵێین: ئەو گێڕانەوانەی قسە لە سەر ئەوە دەکەن کە عەمار کۆمەڵێکی زۆردار و ستەمکار دەیکوژن، لە دەقی فەرموودەکەدا دروست کراوە، هەروەك چۆن بە زیادکردن و کەمکردنەوە بە شێوەیەکی جیاواز لە چیرۆکەکەدا باس کراوە، وا لێرەدا ئەو گێڕانەوانەی کە نزیکە لە مەعقوولیەت و زۆربەی لەگەڵ باودا بوە و لەگەڵ واقیعدا چەسپاوە باس دەکەین. لەوێشدا دەزانیت چۆن یاری بە دەقی فەرموودەکە کراوە و، چۆن حیزبایەتیی سیاسی و جیاوازیی مەزهەبی لە سنوری مەعقوول دەری کردوە و زیاتری خستوەتە سەر، یان کەمی کردوەتەوە.
لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە، عوسمان کوڕی مەزعون کاتێك هەڕەشەی لێدانی لە عەمار کرد (درێژەی ئەم قسەیە پێشتر باس کراوە) کە پێغەمبەر ئەوەی بیست تووڕە بوو، خەڵك بە عەماری گوت: پێغەمبەر تووڕە بوە دەترسین قورئانمان بە سەردا دابەزێنێت، عەمار گوتی: من ڕازی دەکەم، پێغەمبەر هات، ئەویش پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، من هیچ شتێکم هەیە لەگەڵ هاوەڵانتدا؟ گوتی: چیت هەیە لەگەڵیاندا؟ گوتی: دەیانەوێت بمکوژن، ئەوان خشت

خشت هەڵدەگرن و دوو خشت دوو خشت باری من دەکەن، پێغەمبەری خودا دەستی گرت و بە دەوری مزگەوتەکەدا خولی دا و سەر شانی تەکاند و گوتی: ئەی کوری سومەییە ئەمانە ئەو کەسانە نین بتکوژن، کۆمەڵێك ملهوڕ و ستەمکار دەتکوژن. ئەم گێڕانەوە نزیکترین گێڕانەوەیە کە مەعقووڵ و باشترینیانە و لەگەڵ واقیعی باودا دەگونجێت، نە هیچ شتێکی سەرسوڕهێنەری تێدایە و نە هەواڵی غەیبیش. بێگومان عەمار بە خۆی بوە هۆی ئەوەی پێغەمبەر پێی بڵێت: کۆمەڵێك جەوردار دەتکوژن، لەبەر ئەوەی گوتی: هاوەڵانت دەیانەوێت بمکوژن بە دوو دوو خشت بارم بکەن، مەبەستی گەورەکردنەوەی کارەکە و ترساندنی بوە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خودا پێ بکەنێت و تووڕەییەکەی نەمێنێت، لەبەر ئەوەی هەڵگرتنی دوو خشت کەس ناکوژێت، بۆیە دەستی گرت و بە دەوری مزگەوتەکە خولی دا و بۆ دڵدانەوەی ئەو قسانەی پێ گوت و، ویستی تێی بگەیەنێت کە ئەوانە ناتکوژن لەبەر ئەوەی ستەمکار و جەوردار نین، بەڵکوو کوشتنت بە دەستی خەڵکی ملهوڕ و زۆردار دەبێت، لەبەر ئەوەی کوشتنی تۆ جەور و ستەمە و ئەوانەیش جەوردار نین، مەبەستی لەم قسانە پیشاندانی سۆز و دڵنەواییە و هاندانیەتی بۆ بەردەوامی لە کارەکەی، مەبەستی ئەوە نەبوە کە پێی ڕابگەیەنێت لە داهاتوودا دوو کۆمەڵ دروست دەبن، یەکێکیان لە سەر حەق دەبێت و ئەوی تر لە سەر ناحەق و ئەو کۆمەڵە ناحەقە واتە ستەمکارە دەتکوژن، ئەگەر پێی نەگوتایە دەیانەوێت بمکوژن پێغەمبەر ئەو قسەیەی نەدەکرد.

محەمەد ئەم قسەیەی بە عەمار لەو کاتەدا گوت، کە لە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە و بنیاتنانی مزگەوتەکەدا بوو، ئینجا کات ڕۆیشت و پێغەمبەر مرد و خیلافەت هات و لە کوشتنی عوسمان فیتنە و ئاژاوە دروست بوو، ئینجا دووبەرەکی و جیابوونەوە و ناکۆکی کەوتە نێو موسوڵمانانەوە و شەڕی نێوان عەلی و موعاویە ڕووی دا و، کوشتنی عەمار لەو شەڕەدا بوو، هاوەڵانی عەلی و لایەنگر و خودپەرستانی خەڵکەکە ئەم فەرموودەیان برد و چۆن حەزیان لێ بوو بە هەوەسی خۆیان یارییان پێ کرد. بۆ ئەوەی بیکەن بە دەق لەم ڕووداوەدا، چیان ویست خستیانە سەری و لێیان کەم کردەوە، ئەوەیان (ئەوان نین کە دەتکوژن) لێی کەم کردەوە، (بێبەختی بۆ عەمار)یان زیاد کرد، گوتیان بێبەختە عەمار کۆمەڵێك جەوردار و ستەمکار دەیکوژن، قسەکانی گوتار بوو کردیان بە غەیب زانین، هەندێکیان وشەی لەوانەیان بۆ زیاد کرد بۆ ئەوەی ببێت باوەڕپێکراو بۆ داهاتوو، گوتی: بەدبەختە عەمار کومەڵێك ستەمکار دەیکوژن بانگەوازیان دەکات بۆ بەهەشت و ئەوان بانگی دەکەن بۆ دۆزەخ، فەرموودەی (عەمار پێستێکی نێوچاوانمە) یان داهێنا، وا ڕێکەوت عەمار لە پێش کوشتنی لە شەڕەکە ماستی خواردبێتەوە، ئەو هەڵەیان قۆستەوە و بۆ ئەوەی قسەی بخەنە سەر، گوتیان پێغەمبەر گوتوویەتی: دوا خۆراکت لەم دونیایەدا پارووێك ماستە، بەوەوە نەوەستان تا ئەوەیان داهێنا کەوتبێتی (خودا شەفاعەتم بۆیان قبوڵ نەکات لە ڕۆژی قیامەتدا) ئەم فەرموودەیە ئاوایە: بەدبەختە عەمار کۆمەڵێك ستەمکار دەیکوژن و ئەو بانگەوازیان بۆ دەکات بۆ بەهەشت و بانگی دەکەن بۆ دۆزەخ و خودا شەفاعەتم بۆیان قبوڵ نەکات لە ڕۆژی قیامەتدا. ئامانج لەم هەموو یاریکردنە و جیاوازییە بۆ پشتگیری عەلیی کوری ئەبووتالیبە بۆ ئەوەی خاوەنی حەق بێت و، کۆمەڵی ستەمکار موعاویە و هاوەڵانی بن، ئێمە بۆ خوداین و بۆ ئەو دەگەڕێینەوە.

لە پشتگیریکردنیان بۆ عەلی بەم قسەڵۆکە هەڵبەستراوانە چیی ڕووی دا، هەموو ڕۆژان و قۆناغی خیلافەتەکەی هیچ شەڕێکی نەکرد دژ بە موسوڵمانان نەبێت، لە ڕۆژی (صفین) بە هاوەڵانی گوت: پێغەمبەر فێری کردن چۆن شەڕی بێباوەڕان بکەن و من فێرتان دەکەم چۆن شەڕی موسوڵمانان بکەن، هەموو ڕۆژانی خیلافەتەکەی بە ئاژاوە و فیتنە و کینە هەڵگرتن و شەڕی ناوخۆ لە نێوان موسوڵماناندا بە ڕێ کرد، هەر لە شەڕی جەمەل تا شەڕی (صەفین) بۆ شەڕی نەهرەوان، لەو شەڕانەیدا زیاتر لە سەت هەزار کەسی ئازای عەرەبی موسوڵمانی خۆبەختکەر کوژران، ئەگەر لە خیلافەتەکەی سەرکەوتووبوایە دەیتوانی بەو کوژراوانە لە زەمانی خۆیدا وڵاتانی دونیا بگرێت کە لەو کاتەدا گرتنی وڵاتان وەستێنرا، نە سوپایەکی ڕامالی بەرەو خۆرئاوا وەك چۆن سوپاکان بەرەو سەرجەم ئاڕاستەکان ڕادەکشان و، کردنەوەی وڵاتان لە زەمانی ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان یەك لە دوای یەك بوون و وڵاتی فارس و ڕوم و ئەفریقایان بە سوپایەك گرت کە لە ژمارەی ئەوانەی لێرەدا کوژران و لە کاتی ئەمدا بەفیڕۆچوون و بێ بەها ڕۆیشتن کەمتر بوون.

ئینجا ئەوانەی دەڵێن عەلی لە سەر حەق بوە لە خیلافەت وەرگرتن لە خەڵکی تر، ئیدعاکەیان

جگە لە قێزەون و بەهانەی لاواز هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ڕەهای حیکایەتخوانان گوتیان محەمەد هیچ کەسێکی تایبەتمەندیی نەکردوە بۆ خیلافەتی پاش خۆی و هیچ دەقێکی لەو بارەوە نییە، ئەوە نەبێت کە تەنها لە قورەیش بێت و تایبەتمەندی بە بەنی هاشم و خەڵکی تری نەداوە لە قورەیش. ئەگەر عەلی لە خیلافەت لە سەر حەق بوایە، خیلافەت کارێکی مەزنە لە کارەکانی ئایین و کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی وەك دەڵێن، چیی ڕێگری لە محەمەد کرد کە لێدوان لە سەر ئەم حەقە نەدات، بەڵکوو چیی ڕێگری لێ کرد لەو بارەوە قورئان دابەزێنێت وەك چۆن لە سەر هەر کارێکیتر قورئانی دابەزاندوە، کە هەر هیچ نەبوە لە چاو بابەتی خیلافەتدا، ئەگەر محەمەد لێدوانی لە سەر ئەوە دابێت و ڕاییسپاردبێت خیلافەت بۆ عەلی بێت،
موسوڵمانان چۆن ناحەقیان لەو بارە کرد و، چۆن عەلی بۆ نزیکەی بیست ساڵ لێی بێدەنگ بوو، ئایا دەشێت بڵێین موسوڵمانان هەموویان کوفریان بە پێغەمبەرەکەیان کردوە لە پاش مردنی و هەڵگەڕاونەتەوە، ئێمە وا بینیمان و لە سەروو هەموویانەوە ئەبووبەکر شەڕی ئەوانەیان دەکرد کە لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوە. گەورەترین بەهانە بۆ خیلافەتەکەی عەلی دەهێننەوە ئەوەیە کە خزمی نزیکی محەمەدە و کوڕی مامێتی، وەك ئەوەی خیلافەت پاشایەتی بێت بە میراتی دەگوێزێتەوە، وەك ئەوەی پێغەمبەر کە ئەم بانگەشەی بۆ ئیسلام کرد و بۆ ڕابوونی خەڵك و ڕابوونێکی جیهانی گەورەی گشتی، هیچ مەبەستێکی نەبوە لە پێغەمبەرایەتییەکەی و لەو قورسی و ئازارەی بەدرێژاییی ژیانی پێغەمبەرایەتی، بۆ ئەوە بووبێت کە ئەو کارە لە پاش خۆی بۆ عەلی بێت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کوڕی مامێتی. پەنامان بە خودا و سپاسگوزاری ئەوین. ئایا بەتەنها عەلی کوڕەمامی پێغەمبەر بوو، خزمەکانی پێغەمبەر زۆر بوون لەوانە کوڕانی عەباس و خەڵکی تر، هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەوان و عەلی دا لە خزمایەتیدا نەبوە، بۆچی بەتایبەت بۆ ئەو بێت بە دەر لەوان، بەڵکوو عەباس بە خۆی مامی پێغەمبەر بوو نەك کوڕە مامی بێت و لە دونیادا بوو کە محەمەد مرد، بۆچی وای نەکرد کە خیلافەت حەقی ئەو بێت بە دەر لەوانی تر لە بەرئەوەی مامی پێغەمبەرە، بەتایبەتی عەباس پێش کۆچی و پاش کۆچی لە بانگەشەی ئیسلامی خزمەتێکی دیاری زۆری کردوە، کە لە ژماردن نایەن وەك پێشتر باس کرا. بەڵام ئەم حەز و ئارەزوە وا لە خاوەنەکەی دەکات حەق بکات بە ناحەق و ناحەق بکات بە حەق. وا دانێ ئەوان لە قسەکەی عەمار و شتی تردا پشتگیرییان لە عەلی کردوە، بەڵام ئەوانە کە موسوڵمان بن و لەو باوەڕەدا بن کە ئەوەی باسیان کردوە بوختانیان بە پێغەمبەری ئیسلام کردوە و ئیسلامیان بەدناو کردوە و قورئانیان بە درۆ خستوەتەوە، ئەوانە بەم کارەیان ئاژاوە و فیتنەیەکیان خستوەتە سەر فیتنەیەکی تر و، چیلکەیان خستوەتە ئاگرەکە و لە دەرئەنجامدا ئەوەی پێغەمبەر بنیاتی ناوە ڕووخاندوویانە.
ئەم عەمار کوڕی یاسرە لەوانەیە کە ئاژاوەگێرییەکەی سەر عوسمانیان وروژاندوە، دەڵێن هەندێك لە هاوەڵانی لە ڕۆژی ئاژاوەکە کۆ بوونەتەوە و عەماریشی تێدا بوە، نووسراوێکیان نووسیوە کە ئەو کارە نابەجێیەی ناکۆکییەی عوسمان تێدا بوە کە ڕەخنەیان لێی گرتوە و بەو هۆیەوە کاتێك نووسراوەکەیان بردوە بیدەن بە عوسمان و نووسراوەکە بە دەست عەمارەوە بوە، یەك یەك خۆیان لە عەمار دزیوەتەوە تا خۆی بە تەنها ماوەتەوە، ڕۆیشتوە تا گەیشتوەتە ماڵی عوسمان، داوای مۆڵەتی کردوە ڕێگەی داوە، چوەتە ژوورەوە و مەروانی کوڕی حەکەم و خێزانەکەی کە لە بەنی ئومەیە بوون لای عوسمان بوون، نووسراوەکەی داوەتێ و خوێندویەتیەوە، پێی گوتوە: تۆ ئەمەت نووسیوە؟ گوتوویەتی: بەڵێ، گوتوویەتی کێت لەگەڵدا بوو؟ گوتوویەتی: هەندێکم لەگەڵدا بوو لە ترسا پەرشوبڵاوەیان لێ کرد، مەروان گوتی: ئەی میری باوەڕداران ئەم کۆیلە ڕەشە (مەبەستی عەمار بوە) وای لە خەڵك کردوە بوێرن ئەمە بکەن، ئەگەر بیکوژیت لەوانەیش دەدەیت کە لە دواوەین. عوسمان گوتی: لێی بدەن، لێیان دا. عوسمانیش لەگەڵیاندا لێی دا، تا زگیان دڕی و زگیان هەڵتۆقاند و ڕایان کیشا تا لای دەرگاکە فڕێیان دا، بۆیە عەمار بەزۆری خەڵکی بە سەر عوسماندا هاندەدا و بە جۆرەها خزمەت خزمەتی عەلی کرد، تا لە شەڕی (صەفین) کوژرا.
لە قسەی مەڕوان وا دەردەکەوێت کە عەمار کۆیلەیەکی ڕەش بوە، خالیدی کوڕی وەلید جارێکیان بە کۆیلەی لووتبەرز ناوی هێناوە، لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: عەمار لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید لە سریەیەك بوو، خالید فەرماندەی بوو، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و، کاتێك هاتوو سکاڵای لە سەر عەمار لای پێغەمبەری خودا کرد، خالید گوتی: پێت خۆشە ئەی پێغەمبەری خودا ئەم کۆیلە لووتفسە جنێوم پێ بدات! لە سیرەی حەلەبیدا لە سەعدی کوڕی وەقاص

(عێراقی گرت و کیسرای یەزدەجەردی لە دیوەخانەکەی دەرکرد) و هاتوە: پێغەمبەر گوتوویەتی: حەق لەگەڵ عەماردایە، ئەگەر خڵەفاوی تەمەن زاڵ نەبوویێت بە سەریدا (خڵەفاوی ڕووگیری و دودڵی و تێکچوون لە کاتی تەمەن گەورەییدا). خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: عەمار هەندێك زویربوونی لەگەڵ عوسمانی کوڕی عەفاندا کەوتە بەینەوە و، وا بڵاو بوەوە کە دەیەوێت عوسمان لە شوێنی خۆی لا بدات، سەعد کوڕی وەقاس بانگی کرد و لەو کاتەیشدا نەخۆش بوو، پێی گوت: بەڵا بتگرێت ئەی ئەبوویەقزان پیاوچاکێك بووی لە نێوانماندا، ئەوە چییە پێم گەییشتوە لە هەوڵدانت بۆ گەندەڵی لە نێو موسوڵمانانداو هاندانت لە سەر میری باوەڕداران، ئایا عەقڵت لەگەڵدایە یان نا؟ عەمار تووڕە بوە و عەمامەکەی فڕێ داوە و گوتوویەتی: عوسمانم داکەند وەك چۆن ئەم عەمامەم دادەکەنم. سەعد گوتوویەتی: ئێمە بۆ خوداین و بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، بەڵات لێ بدات کە تەمەنت گەورە بوە و ئێسکت نەرم بوە و ژیانت تەواو بوە و پلەی ئیسلامبوونت لە مل لابردوە و بەڕووتی لە ئیسلام دەرچوویت وەك ئەوەی چۆن لە زگی دایکت بوویت، عەمار بەتوورەیییەوە هەڵساوە و گەڕاوەتەوە و گوتوویەتی: پەنام بە خودا لە فیتنەی سەعد، لەوێدا سەعد ئەم قسەیەی کرد و گوتی: لەوانەیە عەمار خەڵەفابێت و شێت .بوویێت

ئینجا ئەوانەی حیزبایەتییان بۆ عەلی کرد بەم قسەیەوە نەوەستان کە دەڵێن (کۆمەڵێکی ستەمکار عەمار دەکوژن) بەڵکوو بەردەوام بوون لە هەڵبەستنی قسەوقسەڵۆك بە درێژاییی مێژوو، هەر چەندە ڕۆژ بە سەریدا ڕۆیشتبا، عەماریان لا گەورەتر دەبوو، چاکەی زیاتر دەبوو تا بوو بە کەسایەتییەکی پیرۆز لایان، لە چاکەخوازی ئەو چەندین قسەیان هەڵبەست کە جێگەی سەرسوڕمانن، وایان گێڕاوەتەوە کە عەمار لە سەرییەوە تا قاچەکانی پڕ بوە لە باوەڕداری، عەمار لەگەڵ حەقدایە و حەقیش لەگەڵ عەماردایە لە هەر کوێیەك بێت، هەر کەسێك جنێو بە عەمار بدات جنێوی بە خودا داوە و هەر کەسێك عەمار تووڕە بکات خودای تووڕە کردوە، هەر کەسێك لەعنەت لە عەمار بکات خودا لەعنەتی لێ دەکات، ئەمە و چەندین قسەی تر کە وای .لێ هات عەمار لە عەلی بە باشتر دانرا

بەم ڕادەیەوە نەوەستان، بەڵکوو بەو فەرموودەیەی عەمار کۆمەڵێك ستەمکار دەیکوژێت، هەواڵی وایان دانا کە خەڵك باوەڕی پێ بکات. لەوانەیش گوتیان: کاتێك عەمار لە ڕۆژی سەفیندا کوژرا، عەمری کوڕی عاس تۆقابوو، چوو بۆ لای موعاویە و گوتی: عەمار کوژرا، موعاویە گوتی: عەمار کوژرا ئێ جا چی بوە؟ عەمرو گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیگوت: کۆمەڵێك ستەمکار عەمار دەکوژن، موعاویە پێی گوت: لە میزەکەت بخلیسکێیت ئێمە کوشتمان؟ ئەوە کوشتی کە دەری کرد، دەڵێن کە عەلی گوێی لەم شیکردنەوە بۆگەنە بوو هیچ خەڵکێك چەند گێل بێت لە سەر زاری موعاویە نایڵێت، گوتی: وا بێت پێغەمبەری خودا .حەمزەی کوشتوە کە دەری کرد بۆ شەڕی ئوحود

سەرسوڕهێنەرترین شتیان لەم بارەوە دانابێت، دەڵێن: کاتێك عەمار کوژرا، کوڕەکەی عومەر پەشیمان بوەوە لەوەی پشتگیریی عەلی نەکردوە و هاوکاریی نەکردوە لە شەڕکردندا، گوتوویەتی هیچ پەشیمانبوونێکم وەك ئەو پەشیمانییە نییە کەوازم لە شەڕکردن دژی کۆمەڵە ستەمکارەکە هێنا، لەبەر ئەوەی کوڕی عومەر لە شەڕی سەفین لەگەڵ موعاویەدا بوو. ئەم هەواڵانە هیچ بناغەیەکی نییە، بەڵام هەڵیان بەستوە و گواستویانەتەوە، پاش شەڕی سەفین لەگەڵ مەعاویە و لە پاش مردنی عەلی بوە. چۆن کوڕی عومەر ئەم قسەیە دەکات، عەلی ویستی بیکوژێت، ئەوەی زانراوە کە خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب لە مەدینە کوژرا و بۆ کوڕی عومەر وا دەرکەوتوە کە هرمزان دەستی لەو کوشتنەی باوکیدا هەبوە، شمشێرەکەی بردوە و چوە سەر هرمزان و کوشتوویەتی، عەلی ئاماژەی بە کوشتنی هرمزان لە لایەن ئەوەوە داوە، گەورەی زانایان بێزار بوون و گوتیان: دوێنێ میری باوەڕدارانی کوشت و ئەمڕۆیش کوڕەکەی، ئینجا بە خۆشی و نەرمونیانییەوە قسەی لەگەڵ عوسماندا کرد و ئەو سەرانە و حەقی .خوێنەکەی خستە سەر خۆی و لە پارەی خۆی پێ بەخشی

کاتێك پاش کوشتنی عوسمان بەیعەت بە عەلی درا بۆ خیلافەت، کوڕەکەی عومەری بانگ کرد لە بریی هرمزان بیکوژێت، ڕای کرد بۆ لای موعاویە و چوە ڕیزییەوە و لە ڕۆژی سەفیندا لەگەڵ ئەودا بوو. نازانم عەلی چۆن ویستویەتی کوڕی عومەر لە بریی ئەم گومڕا و بێ ئایینە بکوژێت جگە لە ناوەکەی هیچ پێوەندییەکی بە ئیسلامەوە نەبوە، عومەری کوڕی خەتاب ویستی بیکوژێت لەبەر ئەوەی چەندین جار دژی موسوڵمانانی ئەهواز وەستایەوە، بەڵام بە فێڵێکی

زانراو که مێژوونووسان باسیان کردوە ڕزگاری بوە، عومەر پێی گوت: بەڵا بتگرێت ببە بە موسوڵمان تا کافرێك فێڵم لێ نەکات، بوو بە موسوڵمانێکی دروستکراو واتە بە شکڵ و لە مەدینە بۆ تەڵەکەبازی دژ بە موسوڵمانان مایەوە، دوا تەڵەکەی لە مەدینە بە دەستی ئەبی لولوئە بوو بۆ کوشتنی عومەری کوری خەتاب دای نا وەك لە کتێبەکانی مێژوو ڕیز کراوە.

ئینجا هرمزان حوکمی خەلیفەی بە حەقی خوێنەکەی داو لە پارەی خۆی دای و حوکمی خەلیفەی جێبەجێ کرد، کەیسەکەی تەواوبوو، عەلی لە پاش ئەوەی خیلافەتی گرتە دەست ویستی بیگەڕێنێتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە و لەبری هرمزان کورەکەی عومەر بکوژێت، پاش ئەو کارە تەواو بوو و هیچ شتێك نەمابوو، ئەگەر کارەکە وا بێت، چۆن کوری عومەر لەوە پەشیمان بوەتەوە و پشتگیری لە عەلی نەکردوە، بە خۆی زانیویەتی ئەگەر عەلی زەفەری پێ بەرێت دەیکوژێت. لەمەدا وا دەردەکەوێت کە عەلی دان بە خیلافەتەکەی عوسماندا نەناوە و بەیعەتدانەکەی پاش دوودڵی و خۆدزینەوە بوە، وەك حیکایەتخوانان باسیان کردوە، ئەگەر وا نەبێت چۆن کێشەیەکی دووبارە ساغ کردوەتەوە کە خەلیفەی پێش خۆی کۆتایی پێ هێنابێت، لەکاتێکدا لە پاش کوشتنی عوسمان کە بوە خەلیفە.

ناشارێتەوە کە هرمزان موسوڵمان بوو ئەگەر موسوڵمانییەتییەکەی ڕووکەشیش بووبێت، بەڵام ئەو بە جەماعەتی موسوڵمان دانرا، حوکمی کوشتن لە شەرعی ئیسلامدا سزای کوشتنەوەیە، مەگەر لێبوردنی تێدا بێت لە لایەن خاوەنی کوژراوەکەوە، لەوێدا دەبێت بە حەقی خوێن. بێگومان هرمزان هیچ خاوەنێکی نەبوو، بۆیە خەلیفە دەبێتە خاوەنی کە ئەو خاوەنی سەرجەم موسوڵمانانە، گەورەیەتی و خاوەنداریی گشتیی هەیە، بۆیە عوسمان لە بکوژەکەی خۆش بوو و حوکمی خوێنانەی دا و ئەو بارەی هەڵگرت و لە پارەی خۆی پێ بەخشی، بەو شێوەیە حوکمی شەرعی درا و کەیسەکە تەواو بوو. پاش ئەوە هیچ بەهانەیەك بە دەست عەلییەوە نامێنێت لە بریی هرمزان کوری عومەر بکوژێت، ئەو کەسەی چەندین تاوانی گەورەی دژ بە موسوڵمان ئەنجام دا و لە چەندین شەڕدا لە دژی وەستان، ژیانی لە مەدینە پاش موسوڵمانبوونی پڕ بوو لە تەڵە و فێڵ و دەسیسە دژ بە موسوڵمانان، لەو کاتەدا لە پێوەندییەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ کەعبی هبری یەهوودی کە موسوڵمانبوونی هەمان شێوەی موسوڵمانبوونی خۆی بوو.

٢ ـ چیرۆکی عەبدوڵڵای کوری زوبێر: لە گێرانەوەکەدا هاتوە عەبدوڵڵای کوری زوبێر لەو شەوەیدا کوژراوە بە فەرماندەیی حەجاج کوری یووسفی سەقەفی بوە، کە مەروان ناردی و، بۆ ماوەیەك ئابڵووقەیان دا و دواتر کوشتیان، لەمەدا عەبدوڵڵا بەرانەکە بوە و حەجاج و سوپاکەی گورگەکان بوون، بە پێی ئەو قسەیەی کراوە.

دەڵێن کاتێك عەبدوڵڵای کوری زوبێر لە دایك بوە، پێغەمبەری خودا تەماشای کردوە و گوتوویەتی خۆیەتی، کاتێك دایکی ئەمەی بیستوە لە شیردانی وەستاوە، پێغەمبەر پێی گوتوە ئەگەر بە ئاوی چاویشت بێت شیری بدەرێ، بەرانێکە لە نێوان گورگەکان و جلێکی لە بەردایە کە یان لە بەرگریکردن لە حاڵەکە دەکوژرێت یان ناهێڵێت زەفەری پێ بەرن.

خۆ ئەم قسەیە لە پەخشانی قەشەکان دەچێت و دوورە لە قسەی محەمەدەوە، حیکایەتخوانان باسی هەواڵی وای قەشەکانیان کردوە کە جێگەی سەرسوڕمانە. ئەوەی دەیبینین لە پاش ڕووداوەکەی کورەکەی زوبیر لە حاڵێکدا بوو کە دوژمنانی بەنی ئومەیە تێیاندا دانابوو، نەك بۆ بەرزکردنەوەی پێگە و پۆستەکەی بەڵکوو بۆ مەبەستی دڵتەنگی و دژایەتیی بەنی ئومەیە بوو، ئەمە لەو قسانەیە کە حیزبایەتیی سیاسی دروستی کردوە، نازانم دایکی شیرپێدانی وەستاوە، ئەم کاتێك گوێی لە قسەی پێغەمەر بوە گوتوویەتی خۆیەتی، بۆچی لە قسەیە هیچ شتێك نییە وای لێ بکات کە لەشیردانی بوەستێنێت. لەوانەیە ئەوانەی فەرموودە دادەنێن و هەڵی دەبەستن، دوور ناڕوانن و بیر ناکەنەوە لە دانانیدا بەڵکوو قسەکانیان هەر وا وەك خۆی فڕێ دەدەن.

٣ ـ هەواڵەکانی چیرۆکی عەلی لەگەڵ مەعاویە لە سەفیندا: لە ساڵی شەشەمی هیجریدا محەمەد و هاوەڵانی دەرکرد بۆ مەککە مەبەستی سەردان و عومرەکردن بوە نەك غەزاکردن، لەبەر ئەوەی خەونێکی بینیوە وەك حیکایەتخوانان دەڵێن، ئەوەی ڕاست بێت ئەوە کارێکی گەورەتر دەرچوو، وەك لە شوێنی خۆیدا دەری دەخەین، تا هاوەڵانی لە حودەیبیە دابەزاند (دەڵێن لە دێیەکی نزیك لە مەککە بوە) قورەیش ڕێگریی لێ کردوە بچێتە ناو مەککەوە، خەڵکی نارد قسە لەگەڵ قورەیش بکەن دەربارەی ئەوەی دەیەوێت و قورەیش خەڵکی نارد قسەی

لەگەڵدا بکەن بۆ ڕێگریکردنەکە، نزیك بوو شەڕ لە نێوان هەر دوو تیمەکەدا ڕوو بدات، تا محەمەد ناچار بوو کە ڕاوێژ بە هاوەڵانی بکات لە شەڕەکەدا و دواتر بوە ڕێککەوتنی حودەیبیە لە ژێر ئەو کارەی کە لە قورئاندا باس کراوە. پاش دانوستانێك لە نێوان هەر دوو لا گەییشتنە ئەوەی محەمەد لەو ساڵەدا ئەو سەردانە نەکات، بەڵکوو لە ساڵی داهاتوو بێت بۆ ئەو سەردانە.
کاتێك هاتن نووسراوی ئاشتەواییەکە بنووسن، نوێنەری قورەیش سوهەیل کوڕی عەمرو بوو، پێغەمبەر فەرمانی کرد بە ئەوسی کوڕی خەولە بینووسێت، سوهەیل گوتی هیچ کەسێك نایینووسێت، عەلی کوڕە مامت یان عوسمان کوڕی عەفان نەبێت، فەرمانی بە عەلی کرد گوتی بنووسە: بە ناوی خودای گەورە و دلۆڤان، سوهەیل گوتی: ئەمە نازانم، گوتی بنووسە بە ناوی تۆ خودایە، نووسی، لەبەر ئەوەی قورەیش نووسراویان بەوە دەست پێ دەکات، بە عەلیی گوت بنووسە: ئەمەیە کە محەمەد پێغەمبەری خودا ئاشتەوایی لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عامر بەست، سوهەیل گوتی: ئەگەر شایەتمان بێنم کە تۆ پێغەمبەری خودایت بۆچی شەڕت لەگەڵدا دەکەم و ڕێگریت لێ دەکەم بچیتە ماڵەکەوە، بە ناوی خۆت و باوکتەوە بینووسە، پێغەمبەر بە عەلیی گوت: بیسڕەوە (واتە پێغەمبەری خوداکە بسڕەوە) عەلی گوتی: من ئەو کەسە نیم بیسڕمەوە، لە قسەیەکدا هاتوە، گوتوویەتی: ناتسڕمەوە، گوتی: پیشانم بدە، پیشانی دا، پێغەمبەری خودا بە دەستە شەریفەکانی سڕیەوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە: عەلی دوودڵ بوە و نەیویستوە بیسڕێتەوە، ویستویەتی تەنها بنووسێت محەمەد پێغەمبەری خودا، پێغەمبەر پێی گوتوە: بنووسە لەبەر ئەوەی ئەوەت هەیە بیدەیت وەك ئەوە تۆ سەرگەردان بیت (واتە خەفەتبار بیت) گوتیان: ئەوە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی لە نێوان عەلی و مەعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان لە سەفین ڕوو دەدات، بەو شێوەیە ڕووی دا کە محەمەد گوتی، ئەو ئاشتەواییەی لە نێوان عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و مەعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان دا، بەو شێوەیە نووسرا کە پێشتر گوترا، عەمرو کوڕی عاس، یەکێك بوو لە دوو دادوەرەکە یان ناوبژیوانەکە: ناوی خۆی و باوکی بنووسە، گوتیان مەعاویە ناردی بۆ عەمرو و پێی گوت: ئەوە مەنووسە کە عەلی میری باوەڕدارانە، ئەگەر من بزانم ئەو میری باوەڕدارانە شەڕی لەگەڵدا ناکەم، بەڵکوو بنووسە عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و میری باوەڕداران بسڕەوە. تا دوایی لەو قسە هەڵبەستراوانەدا.
دەڵێم، ئەم هەواڵەی دەربارەی قسەی پێغەمبەر بۆ عەلی لە گێڕانەوەی دوەمدا هاتوە (بنووسە تۆیش وەك ئەمەت هەیە دەیدەیت و سەرگەردان و ناچاریت)، ئەمە نابێت ڕاست بێت لە دوو ڕووەوە:
لایەنی یەکەم: ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، محەمەد بەوەی لە دوای ئەو ڕوو دەدات و دەکرێت لە دواڕۆژدا لە بارەی کار و ڕووداوەکان بە هەمووی یان بەشێکی لێ دەزانێ، تایبەتی و گشتییەکان. ئەوەی پێویستە بکرێت پوچەڵە لەبەر ئەوەی لەگەڵ مەعقووڵدا لە یەك دەدەن و ناکۆکە لەگەڵ قورئاندا، ئەوەی فەرز دەبێت کە ئەم هەواڵە ڕاست بێت بە پێی ئەوەی پەیوەستە پێوە، لەوەدا ئەویش پوچەڵ دەردەچێت.
لایەنی دوەم: ئەگەر ئەم هەواڵە لەو بارەوە ڕاست بێت کە لە سەفین دا ڕووی دا، پاش دەرکەوتنی، یەك کەس لە موسوڵمانان لەگەڵ مەعاویەدا نەمایەوە شەڕ لەگەڵ عەلی دا بکەن، بەڵکوو وازیان لە مەعاویە دەهێنا و سەنگەریان دەگواستەوە بۆ لای عەلی، پاش ئەوەی بۆیان ڕوون دەبوەوە کە بە پێی ئەم فەرموودەیە حەقی لەگەڵدایە. سەتوبیست هەزار موسوڵمان لە ڕۆژی سەفین لەگەڵ مەعاویەدا بوون، کۆمەڵێك لە هاوەڵانیان لەگەڵدا بوون ژمارەیان کەم نەبوون، بەڵام وازیان لە مەعاویە نەهێنا و بچنە پاڵ عەلی، ئایا ئەمانە هەموویان بێباوەڕ بوون و هەڵگەڕاوە بوون تا لە سەرگەردانی لەگەڵ مەعاویەدا بەردەوام بن؟ ئەگەر بڵێیت: بەڵێ، دەڵێم: ئەوەی لە حەقیەقەت شەرم بکات ئەگەر تۆزێك حەیایشی هەبێت ناوێرێت بڵێت بەڵێ. ئەگەر بڵێیت: ئەوانەی لەگەڵ مەعاویەدا بوون بێباوەڕ و هەڵگەڕاوە نەبوون و دونیاخواز بوون، بۆیە لە سەرگەردانی لەگەڵ مەعاویەدا بەردەوام بوون، دەڵێم: ئەوانەی لەگەڵ عەلیدا بوون، هەروەها دونیاخواز بوون، لەبەر ئەوەی دژ بە عوسمان هەڵنەسان کاتێك هەموو کارەکانی دایە داروودەستەکەی لە بەنی ئومەیە و ئەوانی لێ بێبەش کرد. بۆیە کوشتیان و بەیعەتیان بە عەلی دا چونکە ئەوانیش دونیاخواز بوون.
بێگومان ئەم هەواڵە جگە لە ڕووداوێکی دروستکراو نەبێت کە حیزبایەتیی سیاسی دروستی کردبێت هیچی تر نییە، ئەوەی دای ناوە لە پاش ڕووداوی سەفین دای ناوە، لەوانەیە لە پاش

مردنی عەلیی کوڕی ئەبووتالیب دای نایێت، خودا بیانگرێت چەند توانای هەڵبەستنیان هەیە، تەماشا بکە چۆن زیادەی یەکەمیان لە ئاشتەوایی حودەیبیە ڕێك خست، لە بارەی قسەی پێغەمبەر بۆ عەلی: (بنووسە تۆیش وەك ئەمەت دەبێت بیدەیت و خۆت ناچار و سەرگەردانیش دەبیت)و، چۆن شتی دوەمیان لە ئاشتەوایی سەفین زیاد کرد لەوەی لە سەر زاری عەمرو کوڕی عاس و قسەی مەعاویەوە گوتراوە، وایان لێ کرد بە هەمان شێوەی یەکەم بێت و بچەسپێت و هەمان هەڵبەستن بێت. عەمرو کوڕی عاس یان مەعاویەیان لە شوێنی سوهەیل کوڕی عەمرو دانا و ئەو قسانەیان خستە دەمیانەوە کە سوهیل گوتی و، عەلی یان لە شوێنی محەمەد دانا و بە هەمان قسەی محەمەدیان بەزارییەوە نا، عەلی بە نووسەرەکەی گوت: بیسڕەوە، قسەکەی محەمەد بهێننەوە یادی خۆتان کە لە ڕۆژی حودەیبیە بە عەلی گوت، وەك دەڵێن، ئاوها دەبێت هەڵبەستن.

٤ ـ هەواڵی عەلی لە سەر بکوژەکەی: لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا باس لەوە دەکەن، محەمەد ساڵی دوەمی کۆچی غەزای عوشەیرەی دەست پێ کرد (بۆ بچوککردنەوەی عەشرە هاتوە، ئەویش تاکە درەختێکە لە داری دەیەم یان عەشرە و، عەشیرە شوێنێکە لە یەنبوع بە ناوی عەشرەی سەوز بوو، لەوێدا کە دیسان پێی دەڵێن خاوەن عەشیرەت). دەڵێن: لەم غەزایەدا، پێغەمبەر نازناوی عەلیی کرد بە ئەبووتوراب، لەو کاتەی بینیی خەوتبوو خۆڵی (واتە "تراب") لە سەر بوو، بە قاچی هەڵی ساند و پێی گوت: هەڵبسە ئەی ئەبووتوراب، کاتێك هەڵسا، پێی گوت: پێت بڵێم کێ لە سەرجەم خەڵك لە هەمووی هیلاکترە: ئەوەی حوشتر خەسێنەرە، ئەوەی لەم شوێنەت دەدات (دەستی خستە سەر ڕیشی). لە گێرانەوەیەکدا: ڕۆژێك پێغەمبەر بە عەلیی گوتوە: کێ لەوانەی پێشوو هیلاك و ڕوودارتر بوە: گوتی: ئەوەی حوشتری خەساندوە ئەی پێغەمبەر، گوتی: کێ لەوانی تر بێبەزەیی تر بوە؟ عەلی گوتی: هیچ لەو بارەوە نازانم ئەی پێغەمبەری خودا، گوتی: ئەوەی لەم شوێنەت بدات، ئاماژەی بە سەری کرد وەك لە سیرەی حەلبیدا هاتوە. هیچ ڕەتکردنەوەیەك لە نێوان هەر دوو گێرانەوەکەدا نییە و هەواڵەکە یەك شتە لە هەر دووکیاندا. گوتیان وەك چۆن هەواڵ گەیشتوە، ئیبن مولجیم ئەلموردی لە تایەفەی خەواریج لە کوفە بەو لێدانە دای لە عەلی لە کاتی پارشێودا کە بۆ مزگەوت دەڕۆیشت.

وەك تۆ دەبینیت، دەربڕینی فەرموودەکە دەقێکی هەواڵ نییە بەوەی عەلی دەکوژرێت. ئەگەر گێرانەوەکە ڕاست بێت، دەشێت محەمەد ئەو قسانەی لەبەر ئەوە پێی گوتوە بۆ پیشاندانی خۆشەویستی بۆی و بەزەییهاتنەوە بەو شوێنەی، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە لە سەر زەوی خەوتبوو خۆڵاوی بوو سۆزی بۆ جووڵا و بەزەییی پێدا هاتەوە، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە خۆی پشتگوێ خستوە و ئازار دەچێژێت لە پێناو بانگەشەی ئیسلامدا، محەمەد بەوە ویستی دڵی بداتەوە، پێی گوت: هیلاکترین کەس یان هیلاکتر لەوانی تر وەك لە گێرانەوەی دوەمدا هاتوە، واتە بێبەزەییترین کەس ئەوەیە کە لە سەرت دەدات و ڕیشت خەڵتانی خوێنەکەت دەکات. فەرموودەکە لەو دەقە پێك هاتوە کە دەڵێت ئەوەی وا بە عەلی بکات بێبەزەییترین خەڵکە، ئەمەیش دەقێك نییە کە بڵێت ئەو کردەوەیە لە هەموو حاڵەتێکدا ڕوو دەدات، دەشێت هەر یەکێك لە خەڵك بە یەکێکی تر کە خۆشی بوێت و ڕێزی لێ بگرێت بڵێت: ئەوەی تۆ بکوژێت بێبەزەییترین کەسە لای من و، ئەم قسەیە هەواڵێك نییە کە وا دەربخات کە ئەو دەکوژرێت و هیچ ڕێگەیەکی تری لە بەردەمدا نییە، بەڵکوو لەوانەیە بکوژرێت و لەوانەیشە نەکوژرێت، لەبەر ئەوەی ئەو قسەیەی لەبەر پیشاندانی خۆشەویستی و بە گەورە دەرخستنی کردوە. بەڵێ! ئەگەر محەمەد بە عەلی بوتایە تۆ دەکوژرێیت و ئەوەی دەتکوژێت دڕندەترین خەڵکە یان لە خەڵکەکانی تر بێبەزەیی ترە، ئەمە بێ ئەم لا و ئەو لا دەبوە هەواڵزانینی غەیب.

ئەوەی دەیبینین لێرەدا ئەم فەرموودەیە تاوانەکەی ئیبن مولجم بە کوشتنی عەلی لە کوفە دروستی کرد، بێگومان لە پاش ئەم تاوانە دانراوە، ئەوەی لە دانانی ویستراوە وا لە مولجم بکات کە دڕندەترە لەوانی تر و هەروەها خەساندنی حوشترەکەی ساڵح لەوانەی پێشوو، بەڵام لەوە تێگەییشتین کە ئەبوومولجیم بێبەزەییە لەبەر ئەوەی پیاوێکی گەورەی ناو گەورەکانی موسوڵمانی کوشتوە، ئەی لە بارەی ئەوەوە چی بڵێین لە خەڵکی زەمانی کۆن کە حوشترەکەی ساڵحی خەساندوە؟ سەت حوشتر بە خوێنی کەمترین کەسی موسوڵمان دەدرێت، ئەگەر ئەمە بێتە دڕندەییی خەڵکی پێشتر بە خەساندنی حوشترەکەی ساڵح، ئەگەر ساڵحی بکوشتایە چی دەبوو؟

گوتمان: ئەم فەرموودەیە، تاوانەکەی ئیبن مولجیم دای هێناوە و، هاوشان لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی لە کوشتنی عوسمان لە مەدینە دانراوە، بەوەی پێغەمبەرِ هەواڵی ئەوەی داوە کە دەکوژرێت و خوێنەکەیشی دەڕژێتە سەر قورئان و لە سەر ئایەتی {فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} [البقرە: 137]، واتە: خودا لە ئازاری ئەوان دەتپارێزێت و زۆر بیسەر و شارەزا هەر خۆیەتی. پێشتر لە چیرۆکی عەماردا لەو شوێنەی باسی بنیاتنانی مزگەوتەکەمان کرد باسی ئەم فەرمودەیەمان کرد.

ئەو فەرموودانەی کە ڕووداوەکان دای نان و حیزبایەتیی سیاسی و جیاوازیی مەزهەبی دای هێنان زۆرن و لە ژمارە نایەن، پێویست بە درێژکردنەوەی ناکات و ئەوەی باسمان کرد بەسن.

(66)

قورئان

پێشتر پەیمانمان پێ دان کە بەشێك تەرخان دەکەین بۆ نووسین لە سەر قورئان، ئەوەتا پەیمانی خۆمان دەبەینە سەر و دەڵێین:

قورئان ناوی کتێبێکە خودا لە ڕێگەی جبریلەوە بۆ محەمەدی دابەزاند، لە بنەڕەتدا سەرچاوەیەکە بۆ خوێندنەوە (قرأت) وەك (قراءە) بە کتێبی خوێنراو (مقروء) ناونراوە، لە بابەتی ناونانی تەواوکەر بە چاوك، ئەمەیش ڕاستترین شتە کە لە ڕووی ناونانی کتێبی خودا بە قورئان باس کرابێت.

بەڵام ئەوەی باس لەوە دەکرێت کە (قرآن)ە بە بێ هەمزە واتە ناوێکی دانەڕێژراوە، بەڵکوو ناوی کتێبێکی خودایە بە هەمان شێوەی تەورات و ئینجیل، یان لە شتێکەوە داڕێژراوە کە هاوشان کراوە یان شتێك بە شتێکی ترەوە نووسابێت، واتە یەکێکیان بخرێتە یە ئەوی ترەوە، لەبەر ئەوەی کۆی سورەت و ئایەتەکانە بۆیە بە کتێبی خودا ناونراوە، ئەمەیش قسەیەکی نابەجێ و ناڕاستە، لەبەر ئەوەی قورئان بۆیە بە قورئان ناو نراوە؛ لە دابەزینی یەکەم ئایەتییەوە بۆ محەمەد لە ئەشکەوتی حەرا، کە ئەمە بوە: {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ} [العلق: 1]، واتە: بە ناوی پەروەندەت کاری ئەفراندنە، بخوێنەوە. چونکە لەو کاتەدا کۆکراوەی ئایەت و سورەتەکان نەبوو، بەڵام تەنها دەخوێنرایەوە. بەڵێ، هەندێك جار لە قورئاندا بە شێوەی (قران) بێ هەمزەی ئەلفەکە هاتوە، ئەمە وا فەرز ناکات کە قورئان بە هەمان شێوەی تەورات و ئینجیل ناوێکی نازیندوو بێت، یان ناوێك بێت لە وشەی (قرن) داتاشرابێت لەبەر ئەوەی بۆ ئاسانکردنی ئەلیف واتە هەمزە و گۆڕینی بۆ ئەلیفی با و لە قسەی عەرەبدا. قورئان لەو کاتەی هاتبێت بێ هەمزە بوە بۆ سوککردنی و ئاسانکردنی، وەك ئەوەی زوجاجی بۆی چوە، دەڵێت: ئەم قسەیە هەڵەیە، ئەوەی ڕاستە، وازلێهێنانی هەمزە لەبەر سوککردنیەتی و بۆ گواستنەوەی بزوێنەری هەمزەکەیە بۆ نەبزوێنی پێش خۆی.

وەك پێشتر باسمان کرد لە کاتی باسکردنی (خەڵوەت لە حەرا): محەمەد لە خەڵوەتدا لە بیرکردنەوەدا بوو بۆ دانانی بناغەیەك بۆ ئەوەی بانگەشەکەی لە سەر بوەستێنێت، پاش ئەوەی ڕای لە سەر ئەو بناغەیە یەکلا بوە کە بانگەشەی لە سەر ڕادەوەستێت، وای لێ هات کە بیر لەو وێنە و شێوانە بکاتەوە کە بانگەشەکەی لە سەر بنیات بنێت، بە دەربڕینێکی تر، بیری لە ئامڕازێك کردەوە کە بە هۆیەوە بانگەشەکە پیادە بکات، ئەوەی زانراوە کە بانگەشەکە لە سەر قسە ڕادەوەستێت، بەڵام بە چ وێنەیەك لە وێنەکانی قسەکردن بڕوات و قسەی بانگەشەکە چۆن داڕێژێت و ڕێك بخرێت؟ ئایا وەك شیعری ڕێکخراو بێت یان پەخشانی جوان داڕێژراو، یان چۆن؟ ئەمە گرینگترین شت بوو کە محەمەد لە ئەشکەوتی حەرا بیری لێ دەکردەوە. ئینجا ڕا و بۆچوونی لە سەر ئەوە جێگیر بوو کە قسەکانی بۆ بانگەشەکەی لە سەر ئەوە ڕانەوەستێت کە هاوشێوەی شیعر بگوترێت و وەك سرود بێت و بچڕێت، بەڵکوو وای لێ بکات قورئان دوور لەو دوو شتە بێت و بخوێنرێتەوە و لە بەر بکرێت.

جا ئەگەر محەمەد زانیبێتی بە چاکی شیعر هەڵبەستێت یان نەیزانیبێتی، دوورێکی زۆر دوورە لە ژیری و بلیمەتیی ئەودا کە وا بکات قسەکانی بۆ بانگەشەکردن، شیعرێکی ڕێکخراو بێت، ئەگەر بیکاتە شیعرێکی هەڵبەستراو، جگە لەوەی وەك یەکێك لە شاعیرانی تری زەمانەکەی ئەوەندە زۆر بوون کە لە ژمارە نەهاتن هیچ شتێکی تر نەبوو، هیچ کاریگەریی لە سەر دەروونی

خەڵك و قەومەكەی نەدەبوو، لەو شاعیرە یەكتاپەرستانەی كە پێینی و گوێی لە شیعرەكانیان بوو وەك زەیدی كوڕی عەمرو نوفێل و ئومەیەی كوڕی ئەبی سەڵت و خەڵكی تر، لەوان زیاتر دەرنەدەچوو. چۆن بیكاتە شیعری هەڵبەستراو زۆر گوێی لە شیعری ئومەیە بوو و لە ناوەڕۆكەكەی تێگەییشت و چەندین ئامۆژگاریی ئایینی و سیفەتی خودایی تێدا بوو و چەندین چیرۆكی پێغەمبەران و هەواڵەكانیان لە خۆ دەگرت، تەنانەت محەمەد پاش ئەوەی گوێی لە شیعرەكانی بوو، لە پاش پێغەمبەرایەتی پێی گوت: (شیعرەكانی باوەڕدارن و دڵی بێباوەڕ) لەگەڵ ئەوەیشدا دەیزانی كە شیعرەكانی ئومەیە بەقەد شاعیرەكانی تری عەرەب كاریگەریی لە سەر دڵ و دەروونی عەرەب نەبوو و جێگەیەكی ئەوتۆی لە ناخی ئەواندا دروست نەكردبوو، دەڵێین: محەمەد بە خۆی ئەو قسانەی كە بانگەشەكەی پێ دەكرد نەكردە شیعرێكی هەڵبەستراو.

محەمەد بەوەی خاوەن ژیرییەكی بەتین و لێزانینێكی خۆرسكانەی بەتوانا و لێهاتوو بوو، ستایلێكی بۆ قسەكانی داهێنا كە پێشتر عەرەب نەیزانیبوو و هیچ كەسێك بۆی نەچووبوو، قسەكانی بەم شێوازە دەربڕی نە شیعری هەڵبەستراو بێت و نەیش پەخشانێكی ڕێكخراو، بەڵكوو كردی بە كۆمەڵێك ڕستە، كە جیاكەرەوەی لە نێوانیاندا بێت هەر جیاكەرەوەیەك یا فاریزەیەك قسەی پێشتر لەوەی دواتر لە دەربڕینی دەنگی و واتا بە یەكەوە بە شێوەیەكی تەواو لە یەكتر جیا بكاتەوە و ئەو قسەیەی لە كۆتا ڕستەدا بێت تەواوكەری جیاواز و سەربەخۆ بێت لە واتا و دەربڕینیشدا، جیاواز لەوەی پێشتر و پاشتری خۆی، یان جیاكەرەوەی ناتەواو، واتە بە دەربڕین، واتە گوتنەوەی بە دەنگ بە تەنها، قسەی تەواوكەری كۆتاییی ڕستە تەنها لە لەفزدا سەربەخۆ بێت، ئەگەر لە واتاوە تەواوكەر و بەستراوبێت بەوەی پێش یان پاشییەوە، هەر قسەیەك بە جیاكەرەوەی واتە بە فاریزە كۆتایی بێت بە ئایەت ناو نرا، ئایەتەكانی قورئان بەم شێوەیە دانراوە و بەو ڕیتمە ڕێكخراوە، وەك لە قورئاندا وەسفی كردوە، دەڵێت: {كِتَابٌ فُصِّلَتْ ءَايَاتُهُ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ} [فصلت: 3].واتە: كتێبێكە (نیشانەكانی)ئایەتەكانی بە روونی شیكراوەتەوە و قورئان عەرەبیە و بۆ ئەو كۆمەڵەیە دەیزانن.

ئینجا ئایەتەكانی قورئانی بۆ چەند بەشێكی جیاواز لە درێژی و كورتی دابەش كرد، هەر بەشێكی ناو نا سورەت، لە ڕێكخستنی دابەشكردنەكەیدا هیچ شتێكی بە پێوەر دانەناوە، نە خودی بابەتەكە و نەیش كاتی دابەزینی یان شوێنەكەی، بەڵكوو یەك سورەت لەوانەیە چەندین ئایەتی جیاواز لە خۆ بگرێت لەوەی لە لایەكەوە پەیمانی تێدا بێت و لە لایەكی ترەوە هەڕەشەی تێدا بێت، لەوانەیش چیرۆكی پێغەمبەران و هەواڵی پێشینیان و، پەند و حیكمەت و، هاندان بۆ جیهاد لە پێناو خودا تا شتی تر لەوانەی كە قورئان قسەی لە سەر دەكات بە هەمووی تێدا بێت. لەوانەیە لە سورەتێكدا ئایەتی وا هەبێت لە پێشەوەدا نووسرابێت لە لایەنی كاتەوە دواتر لەوانی دوای خۆی دابەزیبێت و بە پێچەوانەیشەوە، لە یەك سورەتدا ئایەتی وای تێدایە لە مەككە دابەزیوە و هیی تریش لە مەدینە دابەزیوە. ڕێكخستنی ئایەت و سورەتەكانی قورئان بەو شێوەیە بوە، بە دانانی پێغەمبەر یان ئەوانەی قورئانیان لە پاش مردنی پێغەمبەر كۆ كردوەتەوە و بەم شێوەیە ڕێكیان خستوە بێ ئەوەی لە سەری بوەستن، ئەمەیە لە شوێنی تردا قسەی لە سەر دەكەین. وا دیارە مەبەست لە دابەش كردنی ئایەتەكان بە سەر چەندین سورەتدا لە پێناو ئاسانكردنی خوێندنەوە و لەبەركردن و پارێزگاریلێكردنی بێت لە لایەن خوێنەرانیەوە.

بەم نزیكانە قسە لە سەر جیاكەرەوەكان دەكەین كە هێماكان چۆن دانراون، بەڵام لێرەدا دەمانەوێت بڵێین: محەمەد لەو كاتەدا نیشانی خۆی پێكا و گۆڵی خۆی كرد، كە ئەم ستایلەی قسەكردن و خوێندنەوەی داهێنا و هەڵسا بە بانگەشەكردنی، بەڵام بەمەی كردی، بەو شێوەیەیش لەوەی لای عەرەب زانراو بوو، بەو دوورییەیش دوور نەكەوتەوە، قورئان بە كۆی گشتی هاوشێوەی دیوانێكی شیعریە و، سورەت تێیدا وەك پارچە شیعر واتە قەسیدەیە و ئایەت لە سورەتدا وەك دێڕە شیعرێكی قەسیدەكەیە و جیاكەرەوەی ئایەتەكان هاوشێوەی سەرواى دێڕێكی شیعرە. بە هەر شێوەیەك بێت، ئەم ستایلە داهێنراوە، سەرەڕای هاوشێوەیەیی، بەڵام شایەنی ئەوەیە بە ستایلێكی نوێ دابنرێت كە زمانزانان و بلیمەتەكانی ئەم پسپۆڕییەی ئەوسای عەرەب نەیانزانیبوو و دەستوپەنجەیان لەگەڵدا ڕانەهاتبوو.

بەڵام ئەم هاوشێوەبوونە من باوكە تاقانەكەی نیم باسم كردبێت، بەڵكوو جاحز خاوەن دەستپێشخەرییە لەوەدا و ئەو پێش لە هەزار ساڵ باسی كردوە. لە (الإتقان)ی جەلال

ئەلدینی سیوتیدا جاحیز دەڵێت: خودا لە ڕستە و لە هێمادا کتێبەکەی جیاواز لەوەی عەرەب قسەیان پێ کرد ناو نا. بە کۆی گشتی ناوی نا قورئان وەك چۆن ئەوان ناویان نا دیوان، هەندێك سورەت وەك قەسیدەیە و هەندێکی ئایەت وەك دێڕە شیعرە و، لە کۆتاییەکەی جیاکەرەوە و هێما بە هەمان شێوەی سەروایە.
ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەوەی قەومەکە باسیان کردوە لێرەدا بیهێنینەوە، لە قسە و گێرانەوەی لە ناونانی قورئان بەو ناوە و ناوی ترەوە، قسەکان ئەوەندە درێژ دەبنەوە کۆتایی نایەن، ئەوەی باسمان کرد بەسە بۆ ئەوەی بە کەمی جێگیرکرا و لە جیاتیی زۆریی پەروشوبڵاو واز بهێنیت.
ئەگەر یەکێك پرسیاری کرد و گوتی: ئەگەر بمانەوێت قورئان وەك ناوێك کە ئەو قسانە لە خۆ دەگرێت وەرگرین و ئەو ناوەمان بۆ گوێ بیستی قورئان بێت باس بکەین، چی دەڵێین؟ دەشێت لە وەڵامدا بڵێین: ئەم ناوەیان لە مەبەستەکانی قورئان و واتاکانییەوە یان لە لەفز و بونیاتەوە وەرگیراوە. ئەگەر قورئان بە مەبەستەکانی و واتاکانی وەربگرین، دەڵێین: (کتێبی یەکتاپەرستی و هاوبەشی دروستکردن)ە یان (کتێبی مشتومڕ لە نێوان یەکتاپەرستی و هاوبەشی دروستکردندا). لەبەر ئەوەی زۆرینەی قورئان مشتومڕ و ناکۆکییە لە نێوان یەکتاپەرستی و هاوبەش دروستکردنە بۆ خودا، ئەم مشتومڕە ئەو تەوەرەیە کە سەرجەم مەبەستەکانی قورئان لە سەر خول دەخواتەوە.
بە چیرۆکی پێغەمبەران و، هەواڵی پێشینان و، هێنانی پەند و نموونەکان و، پەیمانی بەهەشت و، هەڕەشەی دۆزەخ و، فەرمانکردن بە گوێڕایەڵیی خودا و فەرزی پەرستنی و، هاندان بۆ شەڕکردن و پاڵپشتیی خۆبەختکردن و پارەوپولبەخشین، ئەمانە هەمووی لە پێناو ئەوەدا هاتوە کە هاوبەشی دروستکردن بۆ خودا بە یەکتاپەرستی خودا بکوژرێت جێگەی بگرێتەوە. ئەگەر بتەوێت بە یەك قسە دەیڵێیت (جگە لە خودا هیچ ئیلاهێکی تر نییە) وەك محەمەد بە قەومەکەی گوت: (یەك وشەم بدەنێ کە عەرەب بکاتە موڵکی خۆتان و عەجەم قەرزدار بارتان بکات). ئەگەر بمانەوێت ناوێکی لە لەفز و بونیاتنانی بنێین دەڵێین: (کتێبی گوتی و بڵێ-قال و قل) یە لەبەر ئەوەی نە لە کتێبە ئاسمانییەکان و کتێبەکانی سەر زەوی هیچ کتێبێك نییە بەقەد قورئان ئەم دوو وشەیەی تێدا گوترابێتەوە، بەڵکوو (بڵێ واتە قل) بەو شێوەیە تێیدا هاتوە دەتوانین بڵێین لە هەموو ئایەتەکانی قورئان بەگشتی یان بە زۆرتر دانراوە و ئاماژەی پێ کراوە، ئەوەی قورئان لە پێکهاتەکەیدا تایبەتمەندیی لە بونیاتنانی پێی داوە بە دوور لە شتی تر و لە کتێبی دابەزێنراو و دانەبەزێنراو و خەملاندن و لە پێکهێنانیدا زۆری لا بردن. کتێبە شیکەرەوە درێژدادڕەکان بخوێنەوە بەتایبەتی ئەوانەی گرینگیان بە ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی و توندوتۆڵیی قورئانیان داوە وەك لە (الکشاف)ی زەمەخشەری دا هاتوە بۆ نموونە، هیچ ئایەتێك نابینیت کە لابردن و خەملاندنی تێدا نەبێت، شیکەرەوان ئەم لابراوانە بۆ ئەوە دادەنێن کە قسەکە ئاڕاستەیەکی وای لە دەرچووندا هەبێت مەعقوول بێت و لێی تێ بگەین، لە بەشێکی تایبەتدا پشت بە خوا باسی ئەمە دەکەین. بە تەماشاکردنی ئەمە دەتوانین قورئان ناو بنێین (کتێبی لابردن و خەملاندن). ئێمە دەزانین لابردن لە قسەکردندا دەشێت، بەڵکوو لەوانەیە ئەرك بێت کە ئەگەر ڕوونبێژی حوکمی بکات و تۆکمەیی بیسەپێنێت، بەڵام ڕەسەنایەتی لە قسەکردن لانەبردنە، ئەگەر لە قسەکردن لابردن یان قرتاندن هەبێت، دەبێت دووشت هەبێت، یەکێکیان دەشێت و بەو لایەدا دەبێت کە لابردن پێویست بێت و، ئەوی تر هاوشێوەی ئەوە لە قسەکاندا هەبێت کە واتای لابراوەکە ببەخشێت، ئەگەر نا قسەکە کوێرانە و بێ بەهانە دەردەچێت. وەك ئەوەی قسەکەر بڵێت: ئەی خەڵکینە لەوە تێ بگەن کەچی لە ویژدانی مندایە. ئێمە ناڵێین هەموو لابردنێك کوێرکاری دروست دەکات، بەڵکوو ڕەوانبێژی فەرزی ئەوە دەکات کە هەندێك شت لاببرێت کە هاوشێوەیی تێدا بێت و هەمان واتا ببەخشێت و، شتی وای تێدایە کە بەم شێوەیە نییە وەك لە بەشێکی دواتر باسی دەکەین و دەری دەخەین.
ئەوەی قورئان تایبەتمەندیی تێیدا هەیە و جیاوازیی لەگەڵ کتێبە ئاسمانی و زەمینەکانی تر هەیە: دووبارەکردنەوەیە. قورئان ببە و سورەتێکی تێدا بخوێنەرەوە (سورەتە گەورەکانی) ئینجا بڕۆ بۆ دوەم پاش تەواوکردنی یەکەم و بەردەوام بە لە خوێندنەوەی و ئینجا بڕۆ بۆ سێهەم و ئینجا چوارەم، تۆ لەو کاتەدا کە تەماشای بابەتەکە دەکەیت، هەست ناکەیت لە سورەتێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ سورەتێکی تر، لەبەر ئەوەی دەبینیت بابەتی قسەکان لە هەر سورەتێکدا دووبارەکردنەوەیە بە جیاوازی لە دەربڕین و ناچوونییەکی لە پێکهاتەدا و، ئەم دووبارەبوونەوانە زۆر جار لە ناوهێنانی پێغەمبەراندا خۆی دەبینێتەوە کە چییان بە سەردا هاتوە لە لایەن قەومە

بێباوەڕەکانیانەوە، لە سەر بەهەشت و دۆزەخ و زیندووبوونەوە و سزاکان و لێدانی بێباوەڕان و چەواشەکردنیان لە بێباوەڕی و بەهانەهێنانەوە بۆ پوچەڵی ئەوەی تێدان لە بێباوەڕی و کەللەڕەقی و، هەڕەشەلێکردنیان بە ئازاری سەرحەدی لە ئاگری دۆزەخ و ناوهێنانی گەورەیی خودا و توانای ڕەهایی لەمهڕ کردگاری دروستکراوان و ڕێکخەری بوونەوەران و شتی تری لەم بابەتە کە لە قورئاندا باس کراوە، زۆر دەگمەنە بابەتێك لە سورەتێکدا بدۆزیتەوە لە یەکێکی تر دووبارە نەبوویێتەوە وەك سورەتی یووسف بۆ نموونە، چیرۆکی سورەتی یووسف جگە لە سورەتی یووسف لە هیچ سورەتێکی تردا باس نەکراوە، هەروەها چیرۆکی خدر لەگەڵ مووسادا لە هیچ سورەتێکی تردا باس نەکراوە. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە، کە قورئان لە کاریگەریی بە سەر دەروونی خوێنەرانی و بیسەرانی قەرزار باری ئەم دووبارەکردنەوەیە، ئاسان نییە و نەزانراوە و نەناسراوە لە لایەن ڕوانبێژانی پێشوەوە، کە کتێبێك ئەم هەموو دووبارەکردنەوەی تێدا بێت بە ساغ و سەلامەتی لێی دەربچێت و پەشم و عەیبێکی لێ نەدۆزرێتەوە قورئان نەبێت، بە تەماشاکردنی ئەمە، دەتوانین بڵێین قورئان (کتێبی کاریگەریی دووبارەکردنەوەیە).

(جیاکەرەوەکانی قورئان،دێرگول (هێماکان

ئەوەی پێویستە ئاگاداری بین و ئاوری لێ بدەینەوە لە قورئاندا، جیاکەرەوەکانێتی، واتا هێمای نێوان ئایەتەکان و سەر پیتەکان، ئەوەی ئایەتەکانی لە یەك جیا کردوەتەوە، ئەمەیە ئەو مۆرکەی کە تایبەتمەندیی بە ستایلی قورئان بەخشیوە و ئەو قاڵبەی پێ داوە کە پێکهاتەکەی تێدا ڕۆ دەکرێت، جیاکەرەوەکان هەڵسێنەر و ڕاستکردنەوەی ستایلی تایبەتی قورئانن.

ئێمە لێرەدا لەم بەشەدا بەچاوپۆشین لەوەی (الإتقان) کۆی کردوەتەوە، لەو قسانەی کە هیچ جیاکەرەوەی ڕاستەقینەی ڕوونی تێدا نییە، دەڵێین ئەو جیاکەرەوانە هێمایەکن یان وشەیەکن کە ئایەتەکانی قورئان پێ تەواو دەبێت، قسە لە ئایەتەکەدا لە سەر ئەو بنیات نراوە و لەگەڵ ئەودا تێکەڵ بوە، یان ڕستەیەکە لە کۆتاییی ئایەتەکە دێت کە لەوەی پاش خۆی بەتەواوی لە لەفز و واتادا جیای دەکاتەوە، یان جیاکەرەوەیەکە لە لەفز، واتە گوتنەوە بەتەنها و، ئایەتەکە لە لایەنی واتاوە بەوەی دوای خۆی بە بەستراوی دەمێنێتەوە.

نموونەی جۆری یەکەمی جیاکەرەوەکان، زیاتر لە سورەتە کورتەکانی قورئاندایە وەك: {إِنَّا أَعْگَیْنَاكَ الْكَوْپَرَ، فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ، إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ} [الكوپر: 1 - 3]. واتە. ئیمە کەوسەرمان پێ بەخشین و نوێژ بۆ خودا بکە و قوربانی بکە و ئەو بەشێنەیی پڕەرە. هەروەها لە سورەتی (الليل) دەڵێت:سوێند بەو شەوەی هەموو شت دادەپۆشێت و بەو ڕۆژەی خۆرادەنێ، بەوەش کە نێر و مێی بەدیهێان. لەم ئایەتەدا {وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى، وَالنَّهَارِ إِذَا تَجَلَّى، وَمَا خَلَقَ الذَّكَرَ وَالْأُنْثَى؛ إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى} [الليل: 1-4]،واتە:

لە سورەتی (المدثر): {يَاأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ! قُمْ فَأَنْذِرْ، وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ، وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ} [المدثر: 1 - 4]. واتە: واتاکەی پێشتر نوسرا. زۆرینەی سورەتە کورتەکان لە سەر ئەم شێوازەن، لە هەندێك سورەتی درێژیشدا بەم شێوەیە هاتوە، زۆرینەی جیاکەرەوەکانی سورەتی (الكهف) و سورەتی (مريم) وەك ئەوەی پێشوون. بێگومان ئەمە جۆرێکە لە پەخشان ئامێز، بەڵام ناویان نەناوە پەخشان، وەك ڕێزێك بۆ قورئان کە قسەی خودایە و پەخشانەکان لای ئەوان لە کاروباری قەشەکانە.

تێبینی : واتای ئایەتەکانم نەنوسیوە لەبەر ئەوەی لێرەدا تەنها باسی خودی جیاکەرەوەیە لە ) نێو ئایەتەکاندا نەك مەبەست واتای ئایەتەکەو ناوەرۆکەکەی – و -)بەڵام جۆری دووەمی جیاکەرەوەکان وەك لە زۆرینەی زۆری سورەتە درێژەکاندا هاتوە، لە سورەتی (النحل): {أَتَى أَمْرُ اللَّهِ فَلَا تَسْتَعْجِلُوهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ (1) يُنَزِّلُ الْمَلَائِكَةَ بالرُّوح مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ أَنْ أَنْذِرُوا أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاتَّقُونِ} [النحل: 1، 2].,واتە: پاش (عما يشركون) جیاکەرەوەی داناو هەروەها (فأتقون). لە سورەتی (طه): {فَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ گُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا وَمِنْ ئَنَاءِ اللَّيْلِ فَسَبِّحْ وَأَگْرَافَ النَّهَارِ لَعَلَّكَ تَرْضَى. وَلَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَى مَا مَتَّعْنَا بِهِ أَزْوَاجًا مِنْهُمْ زَهْرَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ (وَرِزْقُ رَبِّكَ خَيْرٌ وَأَبْقَى). وَأْمُرْ أَهْلَكَ بالصَّلَاةِ وَاصْگَبِرْ عَلَيْهَا لَا نَسْأَلُكَ رِزْقًا نَحْنُ نَرْزُقُكَ (وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى)} [گە: 130 - 132]. ئەو ڕستانەی لە نێو دووکەوانە دامناون جیاکەرەوەکانن.

زۆرینەی جیاکەرەوەکانی سورەتەکان جیاوازن و هەمووی لە یەك جۆر نین، بەڵکوو لە دوو جۆرن وەك لە سورەتی (الفرقان) دا هاتوە: {وَقَالُوا أَسَاگِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً

وَأَصِيلًا. قُلْ أَنْزَلَهُ الَّذِى يَعْلَمُ السِّرَّ فِى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ (إِنَّهُ كَانَ غَفُورًا رَحِيمًا)} [الفرقان: 5، 6]. جیاکەرەوەی یەکەم لە جۆری یەکەمە و دووەم لە جۆری دووەمە. لە سورەتی (الشعراو) دا هاتوە: {قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ الْعَالَمِينَ؟! قَالَ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا (إِنْ كُنْتُمْ مُوقِنِينَ)} [الشعراو: 23، 24]، ئەمە لە جۆری دووەمە و ئەوەی پێشەوەی لە جۆری یەکەمە.

ئەو جیاوازییانەی نێوان جیاکەرەوە و سەرواکاندا هەن

وەك گوتیان و ئێمەیش گوتمان: ئەو جیاکەرەوانەی لە ئایەتەکانی سورەتی قورئاندان، بە هەمان شێوەی سەروای دێڕەکانی قەسیدەی دیوانی شاعیرانن، بەڵام جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش بەهێزکردن لە سەروادا عەیبەیە بەڵام لە جیاکردنەوەکان عەیبە نییە، بەهێزکردن لەگەڵ ئیعرابدا ناکۆکە وەك ئەوەی سەروایەك لە سەرواکانی قەسیدەیەك بێنیت بە هێمای پیتی (و) تەواو بێت کەچی دێڕەکانی تری بە (ی) یان هەر پیتێکی تر تەواو بێت. هۆکارەکەی بەوە دانراوە: کە ئەو جیاکەرەوانەی لە سەر وەستان گیر دەدات، بۆیە لە جیاتیی پیتی کۆتایی دای دەڕێژێت. وەك قسەکانی {إِنَّا خَلَقْنَاهُمْ مِنْ طِينٍ لَازِبٍ} [الصافات: 11] لەگەڵ گوتنی {عَذَابٌ وَاصِبٌ} [الصافات: 9] و {شِهَابٌ ثَاقِبٌ} [الصافات: 10] کە جیاوازە لەگەڵ: {مَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ} [الرعد: 11] لەگەڵ: {وَيُنْشِئُ السَّحَابَ الثِّقَالَ} [الرعد: 12].

لەوانەیش دابەزاندن لە سەروادا عەیبەیە و لە جیاکەرەوەکاندا عەیبە نییە. لەخۆوەدانان واتە پەیوەستبوونی واتای دێڕێکی قەسیدەیەك بە دێڕێکی دوای خۆی. دابەزاند و لەخۆوەدانان لە جیاکەرەوەکانی قورئاندا زۆرن، دەکرێت پاش هەر جیاکەرەوەیەك پەیوەست بێت پێوەی وەك لە سورەتی (الصافات)دا هاتوە: {وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِمْ مُصْبِحِينَ، وَبِاللَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ} [الصافات: 137، 138]. پێشتر ئاماژەمان بەمەدا و گوتمان: جیاکەرەوە لە ئایەتدا یان بە شێوەیەکی تەواوی جیای دەکاتەوە کە ئایەتە بە سەربەخۆ دەردەکەوێت وەك ئەوەی دواتری لە لەفز و واتادا نەبێت، یان نیمچە جیاکەرەوە دەبێت و تەنها لەفزی دەبێت، ئەگەر ئەوەی دوایشی بەسترابێت پێوەی بەو نەبێت تەواو نابێت.

لەوانە هەموو سەرواکان لە قەسیدەدا بە یەك شت دەکرێن و دەبینرێن و بەو شێوە قەسیدە دروست دەکات و، نابێت سەرواکان لە کۆتاییدا لە یەك جیاواز بن، لەبەر ئەوەی دێڕی قەسیدە ئەگەر لەگەڵ ئەوی تردا جیاواز بوو بە دێڕێکی تاك دەردەکەوێت و بە کۆی دێڕەکان قەسیدە پێك ناهێنێت. بەڵام سورەتی قورئان بەو شێوەیە نییە، لە ئایەتی وا پێکدێت کە جیاکەرەوەکانی جیاوازن و وەك شێوە دەرناکەون، لەوانەیە ئەوەی جیاکەرەوەی ئایەتێك بە پیتێك کۆتایی بێت، وەك لە سورەتی (ق) دا هاتوە: {وَأُزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ غَيْرَ بَعِيدٍ. هَذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ، مَنْ خَشِيَ الرَّحْمَنَ بِالْغَيْبِ وَجَاءَ بِقَلْبٍ مُنِيبٍ} [ق: 31 - 33] لە سەر ئەمە گوتیان: پیتە جیاکەرەوەکان یان هاوشێوەن یان لەیەکتر نزیکن و جیاکەرەوەی قورئان لەم دوو بەشە دەرناچێت، بەڵکوو لە هاوشێوە و نزیك لە یەك قەتیس دەبێت، هاوشێوە وەك: {وَالطُّورِ، وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ، فِي رَقٍّ مَنْشُورٍ، وَالْبَيْتِ الْمَعْمُورِ} [الطور: 1 - 4]، لەو نموونەیەدا وا دەردەکەوێت کە لە سەر یەك بینین و گوتنەوەن. نموونەی لە یەك نزیك وەك دیسان لە سورەتی (ق) دا هاتوە: {أَإِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَلِكَ رَجْعٌ بَعِيدٌ، قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنْقُصُ الْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِنْدَنَا كِتَابٌ حَفِيظٌ. بَلْ كَذَّبُوا بِالْحَقِّ لَمَّا جَاءَهُمْ فَهُمْ فِي أَمْرٍ مَرِيجٍ} [ق: 3 - 5]. یەکبینی لەم جیاکەرەوانەدا جیاوازە، بەڵام لە یەکتر نزیکە. وا دیارە مەبەستیان ئەوەیە لە کێشدا نزیکن ئەگەر لە یەکبینیندا هاوشێوە نەبن.

ئەوەی لەو جیاوازییانە دەردەکەون کە لە نێوان سەروا و جیاکەرەوەکانمان باس کردن، محەمەد جیاکەرەوەکانی ئازاد کرد و ئەو کۆتوبەندەی کردەوە کە لە قسەی نەستەق و ڕێکخراو و پەخشانی جوانکراودا پێوەی پابەند دەبن، هیچ ئیعرابێك و پیتی هاوشێوە بینی و عەیبەی دووبارە بوونەوە و لەخۆگرتنی لە بەر چاو نەگرتوە، بەو شێوەیە ستایلی بواری قسەکردنی فراوان کردوە، بۆیە ستایلی قورئان لە نێوان هەڵبەستن و پەخشاندا دێت، یان لە نێوان پەخشانی فراوان و پەخشانی ڕێکخراودا، ئەمەیش ستایلێکی داهێنراوە، عەرەب ئەم شتەی نەزانیبوو وەك پێشتر باسمان کرد.

لە قورئاندا جۆری جیاکەرەوەکان بە پیتی درێژ و نەرم و پێکەوەلکاندنی پیتی نون وەك لە سورەتی (الصافات)دا هاتوە: {فَرَاغَ إِلَى ءَالِهَتِهِمْ فَقَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ؟! مَا لَكُمْ لَا تَنْطِقُونَ؟! فَرَاغَ عَلَيْهِمْ ضَرْبًا بِالْيَمِينِ} [الصافات: 91 - 93]. گوتیان، لە وێدا حیکمەت بەکارهێنانی لەوەدا بۆ هەستبزواندنە، وەك سیبەوەی دەڵێت: ئەگەر هەڵبەستێکیان چری بە ئەلف و یا و نونەوە

دەبیەستنەوە. لەبەر ئەوەی لەمەدا دەیانەوێت دەنگەکە درێژ بکەنەوە و لە کاتی خوێندنەوەی دوور لە چڕین واز لەو درێژەدانە دەهێنن.
گوتیان باشترین پەخشان بۆ نیشاندانی بەهێزی سەرچاوەکەی ئەوەیە کورت بێت و، کەمترینیان دوو وشەیە، هەروەها بۆ جیاکەرەوەکانی قورئان لە بابەت: {يَاأَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ! قُمْ فَأَنْذِرْ، وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ، وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ} [المدثر: 1 - 4]. گوتیان: درێژییان ئەوەیە لە دە وشە زیاتر بێت وەك زۆرینەی ئایەتەکانی قورئان، گوتیان، لێیان مامناوەندە، واتە لە نێوان کورت و درێژ، وەك ئایەتەکانی سورەتی (القمر).
دەزانم ئایەتی قورئان ئەگەر هێما یان جیاکەرەوەی تێدا نەبێت بە ئایەت دانانرێت، واتە ئەگەر بە جیاکەرەوە کۆتایی نەیەت بە ئایەت دانانرێت، ئەگەر قسەیەکیش بێت واتاکەی سەربەخۆ بێت، ئەگەر جیاکرەوەی تێدا بێت بە ئایەت دادەنرێت، ئەگەر ڕستەیەکی قسەکردنی بە واتای سەربەخۆیشی تێدا نەبێت، لەو ئایەتانەی کە تەنها یەك وشەیە کە وەسفکردنی ئەوەی پێشەوەیە لە بابەتی: {مُدْهَامَّتَانِ} [الرحمن: 64]لە سورەتی (الرحمن)، بە ئایەت دادەنرێت سیفەتی وشەی (جنتان) دێت لە ئایەتەکەی پێش خۆی، (مدهمتان) ئایەتە، لە هەمان کاتدا جیاکەرەوەیە. هەروەها لە سورەتی (الفاتحە) دا هاتوە: {الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} [الفاتحە: 2، 3]. (الرحمن الرحيم) بە ئایەت دادەنرێت، سیفەتی وشەی خودایە کە لە ئایەتی پێشەوەیدا هاتوە، بە ئایەت دانەنرا جگە لەبەر ئەوە نەبێت کە کۆکردنەوەی مەرجی جیاکەرەوەی قورئان نەبێت. لە (الإتقان) دا ئیمام فەخرەدین دەڵێت: بەمە (واتە بە ئایەتی قورئان کە بە ئایەت دانانرێت، ئەگەر جیاکەرەوە نەبێت) بە لای مەزهەبی شافیعیدا زیاتر لە مەزهەبی ئەبی حەنیفەدا دەشکێتەوە، کە سورەتی فاتیحە بە حەوت ئایەت دادەنێت لەگەڵ بیسمیلادا.
قسەی ئیمام لێرەدا نەزانراوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم نەزانراوییەی دەڵێین: زانایانی ئیسلام لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە ئایەتەکانی سورەتی فاتیحە حەوت دانەن.
بەڵام لە بیسمیلاکەیدا ناکۆك بوون، ئایا ئایەتێکە لە فاتیحا یان نا. کۆمەڵێك لەوان و لە نێویشیاندا ئەبی حەنیفە گوتیان: ئایەت نییە، لەگەڵ ئەوەیشدا فاتیحایان بە حەوت ئایەت دانا. ئایەتەکانی فاتیحە بەم شێوەیە دەبن: {الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ. إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ. اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ. صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ}.
کۆمەڵێکی تر لە نێوانیشیاندا شافیعی بۆ ئەوە چوون کە بیسمیلا ئایەتە و ئایەتی شەشەم و حەوتەمی بەیەك ئایەتیان داناوە. گوتیان: قسەی (صراط الذين أنعمت عليهم) ئایەتێکە بۆ ئەوە ڕەت دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی جیاکەرەوەی هاوشێوەی جیاکەرەوەی ئایەتەکانی تری نییە، نە هاوشێوە و نەیش نزیك بوونەوە، گوتیان، لەبەرچاوگرتنی هاوشێوەیی دەبێت لە جیاکەرەوەکان ببێت.
لەمەی پێشەوە، کە خاوەنی (الإتقان) دیسان لە جوعبەریەوە دەربارەی زانینی جیاکەرەوەکان گواستوویەتەوە، کورتەی قسەکانی: ڕەچەڵەکی جیاکەرەوە هاوشێوەیەیی و یەکسانییە، گوتی: ئەوەی بە سەر ئەمەدا هاتوە لە سەر ئەوە کۆك بوە کە واز لەوە بهێنێت و ئەمانە بە ئایەت دابنێت {وَلَا الْمَلَائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ} [النساء: 172] لە (النساو)، و {كَذَّبَ بِهَا الْأَوَّلُونَ} [الإسراو: 59] لە (الإسراو)، {لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ} [مريم: 97] لە (مريم)، {لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ} [طه: 113] لە (طه)، ئەمانەیان بە ئایەت دانەنا، لەبەر ئەوەی هەر دوو لاکەیان پێك نەهێناوە. گوتی: بەڵام هەندێك ئایەتی هاوشێوەیان بە ئایەت دانا بە هەمان بۆنەوە، وەك: {لِأُولِي الْأَلْبَابِ} [ئاڵ عمران: 190] لە (ئاڵ عمران)، {عَلَى اللَّهِ كَذِبًا} [الكهف: 15] لە (الكهف) و {السَّلْوَى} [گە: 80] لە (طه).
با هەندێك ڕوونکردنەوەت لە سەر ئەم بابەتە پێ بدەم، لە سەر ئەو قسانەی لە جوعبەریەوە گواستراوەتەوە: دەڵێم: هاوشێوەی هاوگونجاندن بناغەن بۆ جیاکەرەوەکانی قورئان و مەرجێکن لە مەرجەکانی، ئەگەر ئەم مەرجە گوم بوو بە جیاکەرەوە دانانرێت، ئەگەر بە جیاکەرەوەیش دانەنرا بە ئایەت دانانرێت. لەوانەیش وا لە سورەتی (النساء) دا هاتوە: {لَنْ يَسْتَنْكِفَ الْمَسِيحُ أَنْ يَكُونَ عَبْدًا لِلَّهِ وَلَا الْمَلَائِكَةُ الْمُقَرَّبُونَ وَمَنْ يَسْتَنْكِفْ عَنْ عِبَادَتِهِ وَيَسْتَكْبِرْ فَسَيَحْشُرُهُمْ إِلَيْهِ جَمِيعًا} [النساو: 172]، ئەم ئایەتە نایێت بە دوو ئایەت دابنرێت، بەوەی یەکەم کۆتایی هاتوە بە قسەی: (ولا الملائكه المقربون) و دوەمیش بە (فسيحشرهم اليه جميعا) تەواو بوە، بۆ؟ لەبەر

ئەوەی ئەگەر ئێمە ئەمانە بە دوو ئایەتمان دانا، جیاکەرەوەی ئایەتی یەکەم (ولا الملائکە المقربون) دەبێت، ئەمەیش ڕاست نییە بە جیاکەرەوەی دابنێت لەبەر نەبوونی هاوشێوەیی و یەکسانی لە نێوان هەر دوو لادا، لەبەر ئەوەی جیاکەرەوەکان لە پێش ئەمە و پاش ئەمە هەموویان بەم شێوەن: {عَلِيمًا حَكِيمًا} [النساء: 170]، {وَكَفَى بِاللَّهِ وَكِيلًا} [النساو: 171]، {مِنْ دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا} [النساو: 173]. هەروەها: (ولا الملائکە المقربون) نە هاوشێوەی لە جیاکەرەوەکاندا هەیە و نەیش لەگەڵ ئەوەیشدا گونجاوە. هەروەها لە سورەتی (الإسراو) دا هاتوە، {وَمَا مَنَعَنَا أَنْ نُرْسِلَ بِالْآيَاتِ إِلَّا أَنْ كَذَّبَ بِهَا الْأَوَّلُونَ وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُوا بِهَا وَمَا نُرْسِلُ بِالْآيَاتِ إِلَّا تَخْوِيفًا} [الإسراو: 59]، ئەمە هەمووی یەك ئایەتە، نابێت بە دوو ئایەت دای بنێین؛ بەوەی (ان كذب بها الاولون) جیاکەرەوە بێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ جیاکەرەوەکانی پێش خۆی گونجاو نییە، جیاکەرەوەکان لە هەر دوو لایدا بەم شێوەیە هاتوون {تَخْوِيلًا} [الإسراء: 56]، {مَحْذُورًا} [الإسراو: 57]، {كَبِيرًا} [الإسراء: 60]. ئەوها قسەی لە سورەتی مریەم {فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ وَتُنْذِرَ بِهِ قَوْمًا لُدًّا} [مريم: 97]، وتەی (لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ) ئایەت نییە لەبەر ونبوونی هاوشێوەیی لە نێوان هەر دوو لاکەدا، هەروەها لە سورەتی (طه): {وَكَذَلِكَ أَنْزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا} [گە: 113]. (لعلهم يتقون) بە ئایەت دانانرێت لەبەر ئەوەی بەستراوی هاوشێوەییە و بە جیاکەرەوە دانانرێت. ئینجا دەڵێین: ئەم وشانە بە ئایەت دانانرێت لەبەر ئەوەی هیچ شتێك لەگەڵ پێش خۆی و پاش خۆی لە هەر دوو لاکەیەوە جیاکەرەوەی پێك نەهێناوە. دەڵێت: هاوشێوەکانیان بە ئایەت دانا لەبەر ئەوەی هاوشێوەیی و گونجاندنی تێدایە، وەك لە سورەتی (آلعمران) دا هاتوە: {إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ} [آل عمران: 190]، قسەی (لاولی الالباب)، جیاکەرەوەیە لەگەڵ پاش خۆیدا پێکهێنانی هەیە وەك: {عَذَابَ النَّارِ} [آل عمران: 191]، {مَعَ الْأَبْرَارِ} [آل عمران: 193]، واتە ئایەتە.

ئەگەر ئەوەیش بەستراو بێت لەگەڵ واتای ئەوەی لە پاشییەوە دێت وەك {الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ} [آل عمران: 191] هەروەها لە سورەتی (گە)، {وَنَزَّلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى} [گە: 80]، لێرەدا (السلوى)یان بە جیاکەرەوە دانا لەبەر ئەوەی بە هاوشێوەبوونی هەر دوو لای جیاکەرەوەکەیان دانا. واتە ئایەتە ئەگەر لە واتادا بەوەی پاش خۆی بەسترابێتەوە وەك لەوەی {كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ} [گە: 81]، ئایەتە.

ڕوونترین نموونە بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەمان لە سەر قورئان، هیچ نووسینێکی بە ئایەت دانانرێت ئەگەر جیاکەرەوەی نەبێت جیای بکاتەوە، جیاکەرەوەیش بەو مەرجە دەبێت کە هاوشێوەیەکی و نزیکبوونەوەی جیاکەرەوانەی تێدا بێت وەك لە سورەتی (المدثر) دا هات، ئەوەی ئایەتەکانی ئەم سورەتە هەمووی کورتن، جگە لە یەك ئایەت بەدرێژی هاتوە. لە توانادا بوو کە بیکەنە چەند ئایەتێك، بەڵام جگە لە یەك ئایەت نەیانکرد بە چەندین ئایەت لەبەر ئەوەی جیاکەرەوەی تێدا نییە، لە قسەی: {وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا وَلَا يَرْتَابَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَالْمُؤْمِنُونَ وَلِيَقُولَ الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ وَالْكَافِرُونَ مَاذَا أَرَادَ اللَّهُ بِهَذَا مَثَلًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ يَشَاءُ وَيَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكْرَى لِلْبَشَرِ} [المدپر: 31]. تەماشا بکەن چۆن ئەم قسە دوورودرێژەیان بە یەك ئایەت حیساب کردوە، ئەگەر وایان بکردایە کە: (الذين كفروا) و (المؤمنون) و قسەی (بهذا مثلاً) و (من يشاء) وەك جیاکەرەوە حیساب بکردایە، هەر یەکەیان دەبوە ئایەتێك، بەڵام ئەوان وایان لێ نەکرد لەبەر ئەوەی لە جیاکەرەوەکانیاندا هاوشێوەی لە نێوان خۆیان و پێشتر و پاشتریان نەبوو، بۆیە هەمووی تا (وما هی إلا ذكرى للبشر)یان بە یەك ئایەت لە قەڵەم دا، وا دیارە لە درێژیدا ناکۆکیشە لەگەڵ ئایەتەکانی سورەتەکەدا. لە قورئاندا زۆرێك ئایەت هەن کە دەکرێت بکرێنە چەند ئایەتێك، بەڵام جیایان نەکردوەتەوە، بەڵکوو بە یەك ئایەتیان داناوە بەو هۆیەی کە باسمان کرد.

ئینجا ئەوەی قورئان دەخوێنێتەوە، ئەگەر تێرامان لە جیاکەرەوەی سورەتەکان بکات، لە زۆریدا دەیبینێت و بەتایبەتی لە سورەتە درێژەکاندا، ئەمەیش بە گواستنەوە لە جۆرێکەوە بۆ ئەوی تر و لە کێشێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت. لە سورەتی (المدثر) جیاکەرەوەی چەند جارێك دەگۆڕێت و هەروەها لە سورەتی (القيامة) دا. زۆرینەی سورەتە درێژەکان بۆ چەندین جار دەکەونە بەر گۆڕانی جیاکەرەوەکانیان. دەگمەنە کە سورەتێك ببینیت لە سەر یەك جیاکەرەوە بەردەوام بێت

وەك لە سورەتی (النساء) و (الإسراء) و (القمر). لە سورەتی (مریم) جیاکەرەوەکە لە پاش کۆتاییهاتنی چیرۆکی مەریەم دەگۆڕێت، ئینجا دووبارە دەگەڕێتەوە بۆی، لە سورەتی (طه) یەك جار یان دوو جار نەبێت جیاکەرەوەکانی نەگۆڕاون، جیاکەرەوەکە تێیدا لە ئەلیفی وەستاوەوە گۆڕا بۆ ئەلیفی یائی، (واتە مراویئاسا ـوـ)، لە سورەتی (الفرقان) دا لە کێشی جیاکەرەوەکانی بەتەنها گۆڕی بە بێ ئیعرابەکەی، جیاکەرەوەکان لە سەرەتای سورەتەکەدا هاتن و بە هاوتای "واو: یان "یا" لە کۆتاییی سورەتەکەدا هاوتاکەیان کرد بە ئەلیف.

(67)

لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان (دێرگولەکان)

گوتمان: ستایلی قورئانی بە شێوەیەك داڕشت کە جیاکەرەوەکانی وەك جێگرەوەیەك بۆ دوورکەوتنەوە لە پابەندبوونی ئازادیی بێ قەید و شەرتی خەڵك لە قسەکردندا بە کار هێنا و، بەوەیش بواری داڕشتنی قسەکان لە هەموو لایەکەوە فراوان کردەوە، بەڵام لابردنی ئەم کۆتوپێوەندانە بە سەلامەتی دەرنەچوو و، ئەوەی بۆ نەهاتە دی کە لە هەموو عەیبەکانی ڕزگاری بێت، بۆیە محەمەد جیاکەرەوەکانی بە هەموو شێوەیەک لە بەر چاو گرت و گرینگیی پێدا و چاودێریی کرد، لەبەر ئەوەی وەک گوتمان ئەوە مۆرکی تایبەتی خۆیەتی، کە ستایلەکەی بەوەوە بەند کرد. ئەگەر مرۆڤ گرینگی بە شتێک بدات، لەوانەیە بە هەموو شێوەیەک ئەو گرینگیدانە کاریگەریی خۆی هەبێت و شتی تر پشتگوێ بخات و سەرقاڵ بێت و لەو لایشەوە ئەوەی تریشی لە دەست بچێت کە دیسان شایانی گرینگیپێدانە، هیچ ئەوە ڕەت ناکرێتەوە کە پەرۆشبوونی بۆ جیاکەرەوەکان زۆر شتی چاکی بۆ هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە ڕوونی دەبینرێت کە لە عەیبە بە دەر نییە.

ئا ئەوە لێرە باسی هەندێک لەوانە دەکەین، لە پێناو چاودێریی جیاکەرەوەکان، پێشخستن و پاشخستنی تێ کەوتوە، وەک {أَهَؤُلَاءِ إِيَّاكُمْ كَانُوا يَعْبُدُونَ} [سبأ: 40] لە بنەچەدا ئەوەیە کە ئەوانە دەتانپەرستن، واتە لە حاڵەتی ئاساییدا وا دەنووسرا (أهؤلاء كانوا يعبدونكم)، ئەوەی کارپێکراوە خرایە پێش فەرمانەکە، قسەی {وَلَقَدْ جَاءَ آلَ فِرْعَوْنَ النُّذُرُ} [القمر: 41] لێرەدا تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری خستوەتە پێش بکەرەوە" ئەمیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکەیە، قسەی: {فَلِلَّهِ الْآخِرَةُ وَالْأُولَى} [النجم: 25] ئەوەی لە زەماندا دوا کەوتوە، خستوەتە پێش ئەوەی لە پێشدا بوە، ئەگەر لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە نەبێت، یەکەمی پێش دەخست وەک لە قسەی: {لَهُ الْحَمْدُ فِي الْأُولَى وَالْآخِرَةِ} [القصص: 70]. هەروەها لە سورەتی طه: {قَالُوا آمَنَّا بِرَبِّ هَارُونَ وَمُوسَى} [گە: 70] چاکی لە پێش چاکتر دانا، بۆ لە بەرچاوگرتنی جیاکەرەوە، وەک چۆن (هاروون)ـی لە سورەتی (الصافات) دوا خست بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان، گوتی {وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَى مُوسَى وَهَارُونَ} [الصافات: 114]، قسەی {فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُوسَى} [گە: 67] ئاوەڵفرمانی پێش خست لەوەی کە شی دەکاتەوە، ئەمەیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکەیە، قسەی {وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنْشُورًا} [الإسراو: 13] (ئاوەڵناوی)ی وەک ڕستە خستە پێش (ئاوەڵناو)ی تاک، ئەمیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکەیە، لە بنەڕەتدا دەبێت وا بێت (كتاباً منشوراً يلقاه) دەشێت ئیعرابی (منشوراً) بە (حال) بکرێت. لە ئاوەڵفرمانی تەواوکەر بۆ (يلقاه)، لەوێشدا هیچ پێشخستن و پاشخستنێک لە ئایەتەکە ڕوو نادات.

ئینجا لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان زۆر شتی قرتاندوە: {فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ} [القمر: 18] لە: {فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ} [غافر: 5] لە بنەڕەتدا دەبێت بنووسێت (نذري) و (كيف كان عقابي) واتە، پیتی یای هەر دووکی قرتاندوە بۆ خاتری جیاکەرەوەکان و، قسەی لە سورەتی (الرعد) کردوە: {عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ} [الرعد: 9] هەروەها لە سورەتی (المؤمن): {إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ} [غافر: 32]، یا کورتەکەی قرتاندوە ئەمەیش لە حاڵەتی (رفع) و (جر) دا دەقرتێنرێت، بەڵام لەبەرخاتر و لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان قرتاندوونی، ئەمەیش وەک لە سەر کۆت و بەندکراوەکان دەشێت بکرێت قسەی: {وَالشَّفْعِ وَالْوَتْرِ، وَاللَّيْلِ إِذَا يَسْرِ} [الفجر: 3، 4]، یاکەی قرتاندوە، ئەمەیش لە کارێکی ئاساییدا

کردوویەتیە، واتە (مجزوم) نییە، ئەمیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان. قسەی: {مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى} [الضحى: 3] واتە (ماقلاك)، لێرەدا کافەکەی قرتاند. لە قسەی: {يَعْلَمُ السِّرَّ وَأَخْفَى} [طه: 7] لێی شاردوەتەوە و ئەوەی دەربارەی کارەکەی پێویستە قرتاندوویەتی، ئەمە جگە لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان، هیچی تر نەبوە. ئینجا هێما خستنە سەر وشەکان کە پێویست نەکات وەک لە ئایەتی: {وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا} [الأحزاب: 10] و قسەی: {وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا} [الأحزاب: 66]، هەروەها لە: {فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا} [الأحزاب: 67]، ئەلیفی لە پاش وشەکان زیاد کرد، ئەمیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکانە. ئەم ئەلیفە بە هەمان شێوە ئەلیفی دەرچوونی شعرەکانە وەک لە شیعری (المتنبی)دا هاتوە:

تَدوسُ بنا الجَماجِمَ والتَّريبَا فَمَرّتْ غَيرَ نافِرَةٍ عَلَيْهِمْ

ئەگەر ئەم جیاکەرەوانە نەناسراو نەبوونایە وەستان لە سەریان بە ئەلیف دەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ناسراون، ئەلیف تێیاندا زیادەیە وەک ئەلیفی دەرچوونی شیعرەکان لەوانەیش ڕێکخستن و گونجاندن کە لە شیعردا دەشێت، وەک لە سورەتی: {كَانَتْ قَوَارِيرَا، قَوَارِيرَ مِنْ فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا} [الإنسان: 15، 16]، لە هەندێک خوێندنەوەدا بێ (تنوين) هاتوە وەک قوارير قوارير لە هەر دووکیاندا، لەم حاڵەتەدا (قوارير)ی یەکەم جیاکەرەوە نییە لەبەر ئەوەی هاوشێوەیی لەگەڵ جیاکەرەوەکانی پێش خۆیدا نییە، بۆیە بە ئایەت دانانرێت، بەڵکوو بەشێکە لەو ئایەتەی کە بە (قدروە تقديراً) تەواو دەبێت. لە خوێندنەوەیەکی تردا وا هاتوە، کە یەکەم هێمای هەبێت و دوەم نەیبێت، بەم خوێندنەوەیە (قواريراً) واتە یەکەم دەیبێت و دوەم نایبێت، ئەمەیش ناتوانرێت گۆرانکاریی پێوە بکرێت، بۆیە ئەمە دەبێتە ئایەت و ئەوەی دوای ئەمەیش ئایەتێکی تر بێت. خوێندنەوەی سێیەمیش هەیە واتە هێمادانان لە سەر هەر دووکیان، ئەمیش وای لێ دێت؛ یەکەم بۆ ئایەت هێمای لە سەر دادەنرێت و دوەمیش پاشکۆ. زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت ئەم هێمادانانە لە جیاتیی ئەلفی دەرپەڕاندنە، لەبەر ئەوە جیاکەرەوەیە.

لەوێدا زیاتر بە لای یەکێک لەو ڕوانینەدا دەڕوات لەوەی ئەوەکەی تر، سەرەڕای ئەوەی هەر دووکیان دەشێت بە کار بێت، وەک لە: {أَعْجَازُ نَخْلٍ مُنْقَعِرٍ} [القمر: 20]دا هاتوە. لە سورەتێکی تردا هاتوە: {أَعْجَازُ نَخْلٍ خَاوِيَةٍ} [الحاقة: 7]، (نخل) ناوی ڕەگەزە بە نێر و بە مێ دادەنرێت. لە ئایەتی یەکەمدا بە نێر دای ناوە بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە و لە دوەمدا بە مێ، دیسان بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە. واتە هۆکاری گۆڕانکارییەکە بۆ جیاکەرەوەیە و هیچی تر. لەمەی پێشوو وەک لە سورەتی (القمر)دا هاتوە: {وَكُلُّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ مُسْتَطَرٌ} [القمر: 53]، بە نێر مامەڵەی لەگەڵدا کردوە. لەبەر جیاکەرەوە و نەیگوتوە (وكل صغيره وكبيره مستطره) وەک لە سورەتی (الكهف)دا هاتوە: {لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا} [الكهف: 49]. لەوانەیش وازهێنان لە هاوشێوەبوونی ڕستەی ناوی و ڕستەی فرمانی لە پێناو جیاکەرەوەدا، وەک: {وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ} [البقرە: 8] ڕستە فرمانییەکەی بە ڕستەی ناوی وەڵام دایەوە، هیچ هاوشێوەیەکی لە نێوان (آمنا) و وەڵامدانەوەیدا نەکرد، لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەدا. لەمەی پێشوویش: {فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ} [العنكبوت: 3]، بەشێکی هاوشێوەی ئەوی تر نییە، هەر لەبەر جیاکەرەوەیە.

لەوەیش داهێنانی سەرسوڕهێنەرترین لەفز وەک لە: {تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى} [النجم: 22] نەیگوتوە (جائزە) بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکان. هەروەها لە: {كَلَّا لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ} [الهمزە: 4] نەیگوتوە (فى الجهنم) یان (فی النار) و، هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ ناوی دۆزەخدا کردوە لە (المدثر) دا دەڵێت: {سَأُصْلِيهِ سَقَرَ} [المدثر: 26]، لە سورەتی (المعارج) دا دەڵێت: {كَلَّا إِنَّهَا لَظَى، نَزَّاعَةً لِلشَّوَى} [المعارج: 15، 16]، لە (القارعە)دا: {فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ} [القارعە: 9]. هەموو ئەمانە لە پێناو جیاکەرەوەکانە. لەوانەیش وازهێنان لە بە تاک بەکارهێنان لە جیاتیی کۆ یان دوان، یان وازهێنان لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوانە وەک تاک مامەڵەی کردوە. یەکەم وەک لە سورەتی (طه)دا هاتوە: {فَلَا يُخْرِجَنَّكُمَا مِنَ الْجَنَّةِ فَتَشْقَى} [گە: 117] نەیگوت (فتشقيا) سەرەڕای ئەوەی قسەکردنەکە بۆ دوانە، ئەمەیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە و دوەم وەک لە سورەتی (الفرقان) دا هاتوە: {وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا} [الفرقان: 74] نەیگوتوە (أئمە)، لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە و، ویستویەتی کراسەکە بە دەزوویەک بدورێت کە بە هەمان ڕەنگی خۆی بێت. دەڵێت: (إمام) لێرەدا کۆی (ئەم)ە وەک (هيام) کۆی (هام)ە، هیچ شتێکی تێدا نییە لەبەر ئەوەی کۆی (تكسير) هیچ پێوەرێکی تێدا نییە، هیچی تێدا نییە کە (إمام) کۆی (ئەم) بێت. هەروەها قسەکانی لە سورەتی (القمر): {إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ}

[القمر: 54] نەیگوتوە (أنهار)، بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەیە، هەندێکیان لەمەدا ئەم لا و ئەو لایان کردوە، دەڵێن (النهر) واتە ڕووناکی و فراوانی لە (النهار)ەوە وەرگیراوە، ئەم قسەیە قبوڵ ناکرێت، لەبەر ئەوەی قورئان لە سەرەتاوە بۆ کۆتاییەکەی هیچ کات ناوی بەهەشتی (الجنات)ی نەهێناوە ئەگەر (الانهار)ی لە دوادا نەهاتبێت.

بەڵام سێیەم: وازهێنان لە مامەڵەکردن لەگەڵ دوانە بە تاک وەک لە سورەتی (الرحمن)دا هاتوە: {وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ} [الرحمن: 46]، (الفراو) دەڵێت: مەبەستی (جنە) بەهەشت بوە وەک دەڵێت: {فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى} [النازعات: 41] بە دوانە مامەڵەی لەگەڵدا کردوە، لە پێناو جیاکەرەوەدا، بەڵام ئیبن قوتەیبە ئەوەی ڕەت کردوەتەوە و بە ناڕاستی داناوە و گوتوویەتی: دەشێت لە گێڕانەوەی ئایەتەکاندا زیادەی هائی وەستان یان ئەلیف یان هەمزە یان هەر پیتێک دابنرێت، بەڵام کە خودا پەیمانی دوو بەهەشتی دابێت و تۆ بیکەیت بە یەک لە پێناو سەری ئایەتەکان نابێت، خودایە تۆبە. گوتی: چۆن ئەوە دەبێت کە ئەو بە دوو دانە وەسفیان دەکات، دوای ئەوە دەڵێت: {ذَوَاتَا أَفْنَانٍ} [الرحمن: 48]، ئینجا دەڵێت: {فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ} [الرحمن: 50]. ئیبن سانیع لە (الفراء)ەوە گواستویەتیەوە ئەو مەبەستی بەهەشتەکان بوە، بۆیە دوو دانەی لە سەر کۆ داناوە، لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەدا. ئینجا گوتوویەتی: ئەمە دوور نییە، گوتوویەتی: ئینجا ئاوەڵفرمانی بە شێوەی دوانەیی هێناوەتەوە لەبەرگوتنەوە، واتە لەبەرلەفز. دەڵێم: ئەوەی ئیبن سانیع گوتوویەتی وەک وەڵامێک بۆ ئیبن قوتەیبە دەبێت، کە لە ئیبن فەراو ناڕازی بوە بەو قسەیەی کە گوتوویەتی، چۆن ئەمە وا بێت کە ئەو بە دوان وەسفیان کردبێت لە پێناو لەفزدا.

زەمەخشەری لە (الکشاف)دا ویستوویەتی لەم تانەدان و گومانەدا ڕزگاری بێت، گوتوویەتی: قسەی ئایەتەکە بۆ (الثقلین)ە واتە هەر دوو بەهەشتەکە، وەک ئەوەی گوترابێت: بۆ هەر یەکێک لە ئێوەی لەخوداترساو دوو بەهەشت هەیە، بەهەشتێک بۆ ئینسانێکی لەخوداترس و بەهەشتێک بۆ جنۆکەیەکی لەخواترس. دەشێت بگوترێت: بەهەشتێک بۆ کاری گوێڕایەڵی و بەهەشتێک بۆ وازهێنان لە یاخیبوون، لەبەر ئەوەی؛ ئەوەی دەویسترێت لە سەر هەر دووکیان دەبێت. ئەگەر بگوترێت: بەهەشتێک بۆ پاداشتکردنی بێت و یەکێکی تریشی بدرێتی لەبەر چاکەکردن بە سەرییەوە، وەک قسەی: {لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ} [یونس: 26]، دەڵێم: ئەم قسانەی زەمەخشەری هیچ شتێک نییە جگە لە ورێنە، لەبەر ئەوەی پشتی بە هیچ شتێک لە کتێب و سوننەت نەبەستوە.

لە قسەی کۆتاییدا، بە پشتبەستن بە قسەی خودا: {للذین احسنوا الحسنی و زیادە} ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی ئەو زیادەیە قورئان بە خۆی شی کردوەتەوە بە: {مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا} [الانعام: 160]. لە ئیبن عەباسەوە گواستراوەتەوە کە (الحسنی) لەوێدا (الحسنە)یە، زیادەکەی (عشر امثالها) کەیە، ئەمە لە کوێی ئەو قسەدایە کە پاداشتی بەهەشتێک دەبێت و بەهەشتێکی تریش دەخرێتە پاڵی وەک چاکەدانەوەیەک، بەوەی زیاتر بە لایدا دەکەوێت، وا دەبینم ئەوە ڕاستە کە (الفراو) باسی کردوە، کە گوتوویەتی دوو بەهەشت، بەڵام مەبەستی یەک بەهەشت بوە لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکە و بە سیفەتی دوو بەهەشت وەسفی کردوە. لەبەرچاوگرتنی گوتنەکەی واتە لەفزەکەی. لەو شێوەیەیش شتی ناعاقل خستنە جێگەی عاقڵ، وەك لە سورەتی یووسفدا هاتوە: {رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ} [یوسف: 4] و هەروەها لە سورەتی (الانبیاء) دا: {وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ} [الانبیاء: 33] لەو ئایەتە جگە لە دانانی ناعاقڵ لە سەر ڕێڕەوی ئاقڵدا، لە دەربڕیندا؛ بۆ هەر دووکیان ڕاناوی کۆ لە شوێنی داناون، (یسبحون) بۆ خۆر و مانگ دەگەڕێتەوە، ڕێڕەوەکە وا فەرز دەکات بڵێت (یسبحان) بەڵام کۆی کردوە و لە جیاتیی عاقڵی داناوە، ئەمەیش لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەدا بوە. هەروەها لە سورەتی (الشعراو): {إِنْ نَشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ} [الشعراء: 4]. دەڵێت (خاضعین) و نەیگوتوە (خاضعە). وەک لە یەکێک لە خوێندنەوەکاندا هاتوە لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەدایە. ئەگەر بڵێیت: چۆن جیاکەرەوەی لەو شوێنەدا لەبەرچاو نەگرتوە کە لە شوێنێکی تردا بە (خاضعة)ی خوێندوەتەوە؟ دەڵێم: ئەم خوێندنەوە نابێت بە ئایەت، بە هۆی بوونی جیاکەرەوە، بەڵکوو دەبێتە بەشێک لە ئایەتێک کە بە وشەی (معرضین) تەواو دەبێت. لەو جیاکەرەوە ئەوەی جێگیر و پاشکۆ و پێوەندییەکانیان دەردەکەون، هەروەها لە نێوان ئاوەڵناو و ئەوەی سیفەتەکەی تێدایە، یەکەم وەک لە: {وَلَوْلَا كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِنْ رَبِّكَ لَكَانَ

لِزَامًا وَأَجَلٌ مُسَمًّى} [گە: 129]، بناغەی قسەکە (لولا لکلمە سبقت فی ڕبك) و (أجل مسمی) فەرز دەبێت لەبەر ئەوەی پابەندە بە پێشەوەی، واتە ئەوەی بناغەیە دوا خراوە و جیا کراوەتەوە بۆ وەڵامی (لولا) لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە، ئەمەیش وامان بۆ دەسەلمێنێت کە گرینگیی زیاتری بە لەفزەکەی داوە لە جیاتیی ئەوەی بە واتاکەی بدات. دووەم وەک لە سورەتی (الاعلی) دا هاتوە: {وَالَّذِی أَخْرَجَ الْمَرْعَی، فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَی} [الاعلی: 4، 5]، (الغثاء) ئەو ڕووەکە پشتگوێ خراوەیە وەک گەڵای دار، (أحوی) ئەو شتە ڕەشبووەی ڕووەکە، عەرەب بە شتی سەوزی تۆخ دەڵێت ڕەش بوو. بناغەی قسەکە لەم ئایەتە ئاوا دەبێت (والذی أخرج المرعی احوی فجعلە غثاو) واتە (احوی) حاڵەتێکی (المرعی)یە. ئەمەیش سیفەتە بۆ ئەوە، دواخستنی ئەمە و جیاکردنەوەی، سیفەتە لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەکە بوە.

لەوانەیش: دانانی پیتێک لە جێی ئەوی تر وەک لە سورەتی (الزلزلە) دا هاتوە: {بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا} [الزلزلە: 5] نەیگوت (إليها) بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە.

دیسان لەوانە: جێگیرکردنی هائی وەستان یان بێدەنگی کە لە وەستاندا جێگیر دەبێت و لەبەردەوامیدا نامێنێت و نانووسرێت، بەڵام ئەم لێرەدا جێگیری کردوە و نووسیویەتی و، لە کۆمەڵێک ئایەتدا دەردەکەوێت، وەک لە سورەتی (الحاقە) لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە وەک: {هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ. إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ} [الحاقە: 19، 20]، {مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ. هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ} [الحاقە: 28، 29].

لەوانەیش: وەلانانی چاوگی کاری دیاریکراو لە ئایەتەکە بۆ چاوگی کارێکی تر لە هەمان ڕەگەز، وەک لە سورەتی (المزمل) دا هاتوە: {وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ إِلَيْهِ تَبْتِيلًا} [المزمل: 8]، نەیگوت (تبتلاً) لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە.

لەو نموونانەیش: کۆکردنەوەی ئەوانەی (مجرور)ن وەک لە سورەتی (الاسراو)دا هاتوە: {ثُمَّ لَا تَجِدُوا لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِ تَبِيعًا} [الإسراو: 69]، (التبیع) داواکاریی حەق لە دوای نەیارەکەی دەکەوێت و داوای حەقی خۆی دەکات، دەڵێن: فلان داواکاریی سەر فلانە و دوای دەکەوێت.

بناغەی ئایەتەکە دەبێت وا بنووسرێت: (ثم لا تجدوا لكم علينا تبيعا به). پێشی خست و دوو پیتی (جر) لە پێشی دایە، ئەوانیش (لکم) سێ (مجرور)ی لە دوای یەک کۆ کردەوە کە باشتر وا بوو جیا بکرێتەوە، بەڵام بۆ لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە ئەم کارەی سەپاندوە.

لەوانەیش: ئەمە سەرسورهێنەرترینیانە: گۆرانکاری لە بونیادی وشەکە لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوە: وەک: {وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ، وَطُورِ سِينِينَ، وَهَذَا الْبَلَدِ الْأَمِينِ} [التین: 1 - 3] بناغەکەی (طور سيني) بەو ئەلفە یان (طور سیناء) بەم شێوەیە، گوتیان: دوو شاخ لە قودس هەیە بە سریانی پێیان دەڵێن (طور تینا) و ( طور زیتا) لەبەر ئەوەی (تین) هەنجیر لە سەر یەکێکیان دەڕوێت و (زیتون)یش لە سەر ئەوی تر، (طور سینا) بە عەرەبیکراوی (طور زیتا) یان (طورتینا)یە. لێرەدا بونیاد و پێکهاتەی وشەکەی لە سینا دەگۆرێ بۆ سینین، لە پێناو لەبەرچاوگرتنی جیاکەرەوەدا.

جیاکەرەوە لەرزۆکەکان و جێگیرەکان

لەم کارانەی کە لە پێناو جیاکەرەوەدا ڕووی داوە، بە ڕوونی بۆت دەردەکەوێت کە محەمەد گرینگی بە جیاکەرەوەی داوە، کە ئایەتەکان نەبوون بە ئایەت ئەگەر ئەوەی تێدا نەبوایە، دەبینین ئەوەندە گرینگیی پێ داوە، هەندێک جار جیاکەرەوەی بەو شێوەیە داناوە بێ ئەوەی گوێ لەوە بگرێت کە چ قسەیەک لە پێشیدا هاتوە، بۆیە جیاکەرەوەکە بە لەرزۆکی لە شوێنەکەیدا هاتوە بە بێ جێگیربوون و دڵنیایی. گوتمان: جیاکەرەوە لە هەر ئایەتێک لە ئایەتەکانی قورئان وەک کێشی دێرێکە لە دێرە شیعرییەکان، لەوێدا شاعیر زەمینەسازی دەکات بۆ کێش بۆ ئەوەی بە جێگیری و تواناوە دوور لە بێزاربوون و دوورکەوتنەوە لە واتای قسەکە و بە تەواوی پەیوەستبوون بە واتای قسەکە و ئەوەی قسەی لە سەر دەکات و ئەگەر لابرێت واتاکە تێک دەچێت و تێگەیشتن لە شیعرەکە بە شلەژاوی دەبێت، هەروەها جیاکەرەوەکان لە قورئاندا ئەوەیە کە قسەکان لە سەری بنیات دەنرێت و بە تین دەبێت، لێیان هەیە وا نییە، بەڵکوو لە پێناو جیاکەرەوە هێنراوە و دەقەکە لەرزۆکە و دڵنیایی نابەخشێت، با هەندێک نموونەت بدەینێ لە سەر جیاکەرەوەکان لە قورئاندا: لە سورەتی (ص) دا هاتوە: {وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ أُولِي الْأَيْدِي وَالْأَبْصَارِ} [ص: 45]، ئینجا دەڵێت: {إِنَّا أَخْلَصْنَاهُمْ بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ} [ص: 46]، قسەی (إنا أخلصناهم) واتە وامان لێ کردن کە پابەندبن بە سیفەتێکی پاک و بێگەردەوە، ئەو سیفەتە لەبیرنەکردنی ماڵی ئەو دونیایە. زەمەخشەری لە (الکشاف)دا دەڵێت: واتای

یادکردنەوەی ئاخیرەت واتە ئاخیرەتە، کە وایان لێ بکات حەزی لێ بکەن تۆ لێرەدا دەبینیت کە ماڵەکە لێرەدا ماڵی ئەو دونیایە کە لەفزەکەی لە ڕێرەوی قسەکاندا ئەو مەبەستەی وەک خۆی ناگەیەنێت. ئینجا زەمەخشەری دەڵێت: دەڵێن ماڵەکە پاداشتی باشەی ئەم دونیایە و زمانی ڕاستگۆییە کە کەسی تر ئەوەی نییە. ئەمەیش وەک یەکەمە ئەگەر لەگەڵ پێگەی وشە و قسەکان زیاتر گونجاو بێت، هەر چەند ئەمە جیاکەرەوەیە، بەڵام باشتر بوو بیگوتایە: (إنا أخلصناهم بخالصه الڑکر الجمیل) و ئەم جیاکەرەوەی واز لێ بهێنایە و بە جیاکەرەوەی دوای ئەوەوە بوەستایە: {ۆإِنَّهُمْ عِنْدَنَا لَمِنَ الْمُصْگَفَیْنَ الْأَخْیَاڕِ} [ص: 47]، لەوێدا هەر دوو ئایەتەکە دەبن بە یەک.
لە سورەتی (محمد) دا هاتوە: {ۆلَنَبْلُوَنَّکُمْ حَتَّى نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِینَ مِنْکُمْ ۆالصَّابِرِینَ ۆنَبْلُوَ أَخْبَارَکُمْ} [محمد: 31]، واتە گوێبیستی قسەوباسی خەڵک دەبین لە سەر ئێوە، ئەوە ناشارڕێتەوە پاش ئەوەی تووشی بەڵایان دەکات ئینجا خەباتکاڕ و بەسەبرەکانیان دەناسێت، هیچ پێویست بە گوێبیستی هەواڵیان ناکات کە خەڵک چی بڵێت لە سەریان، بەڵام جیاکەرەوە ئەم دوا ڕستەیەی هێناوە، وەک دەیبینیت لەرزۆکە و ناجێگیر و ناقایمە و شل و خاوە لە واتا خواستراوەکەیدا، لەگەڵ ئەوەدا ئایەتەکە شایانی ئەوە نییە کە غەیبزانێک بیڵێتەوە.
لە سورەتی (التوبه)دا هاتوە: {أَجَعَلْتُمْ سِقَایَةَ الْحَاجِّ ۆعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ کَمَنْ ئَمَنَ باللَّهِ ۆالْیَوْمِ الْئَخِرِ ۆجَاهَدَ فِی سَبیلِ اللَّهِ لَا یَسْتَوُونَ عِنْدَ اللَّهِ ۆاللَّهُ لَا یَهْدِی الْقَوْمَ الڤَّالِمِینَ} [التوبه: 19] دوا ڕستە تەنها لە پێناو جیاکەرەوەکەی هێناوە، ئەگینا قسەکە پێش ئەوە تەواو بوە، ئەوەی دیارە کاتێک گوتی (عند الله) ئەوە جێگەی وەستانە، بەڵام کە لەوێدا هاوشێوەی جیاکەرەوەکانی پێشەوە و پاشەوەیشی نەبێت نابێت بە جیاکەرەوە، بۆیە پێویستی بە جیاکردنەوەی قسەکانی کردوە، بۆیە ئەم ڕستە زیادەی بە دەر لە واتاکەی هێناوە. ئەگەر لە (عند الله)ەوە بقرتێنیت و لە (عند یستوون) بوەستایە قسە و جیاکەرەوەکەیشی پێکەوە تەواو دەکرد. بەڵام شتێکی تر لە ئایەتەکەدا هەیە، ئەویش؛ ئەو واتا ویستراوەی لەوێدا ئەوەیە کە بێباوەڕ و ئەو کارانەی کە باوەڕداران دەڕووخێنن و کاری خۆیان جێگیر دەکەن هاوشێوە بکات و نایەوێت بە یەکسانیان دابنێت. بۆیە پێویست بوو بڵێت: دەتانەوێت ئەوەی ئاوی خواردنەوە دەداتە حاجییەکان و مزگەوتی بنیات ناوە وەک ئەوەی باوەڕی بە خودا هێناوە دابنێن؟ بەڵام وای نەگوتوە بەڵکوو گوتوویەتی: (اجعلتم سقایه الحاج) ئاڕاستەکردنی قسەکە پێویستی بە وەلانانی ئەوە بوو کە دەخرێتە سەری، یان لە سەرەتای ئایەتەکەدا (اجعلتم أهل سقایه الحاج) یان لە ناوەڕاستەکەی وەک باوەڕی باوەڕداران، ئەمەیش لە ڕەوانبێژییەوە دوورە، ئەو قسەیەی پێویستی بە دانەنانی وەلانراو نییە لەوە تۆکمەترە کە پێویستی پێی بێت، لەبەر ئەوەی ڕەوانبێژی لە گەیشتنی قسەکە بە ڕوون و ڕەوانی دیارە، کەچی وەلانانی بە شێک لەگەڵ ئەوەدا ناکۆکە. لە قورئاندا هەندێک جیاکەرەوە بە دوو ڕووەوە دەخوێنرێتەوە، وەک ئەوەی لە سورەتی (التوبه)دا هاتوە: {ۆئَخَرُونَ مُرْجَوْنَ لِأَمْرِ اللَّهِ إِمَّا یُعَڑِّبُهُمْ ۆإِمَّا یَتُوبُ عَلَیْهِمْ ۆاللَّهُ عَلِیمٌ حَکِیمٌ} [التوبه: 106] لە خوێندنەوەی عەبدوڵلادا بە (الله غفور ڕحیم) دێت. ئەم ئایەتە ئەوەیە کە حیکایەتخوانان لە سەر عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەرع باسیان کردوە، لە کتێبی قورئاندا بوە، لەو کاتەی ویستویەتی بینووسێت و پرسیاری لە سەر جیاکەرەوەکەی لە پێغەمبەر کردوە: گوتوویەتی بنووسم (والله علیم حکیم) یان (والله غفور ڕحیم)؟ پێغەمبەر گوتوویەتی: هەر چییەکیان بنووسیت دەبێت. لەبەر ئەوەی مەبەست جیاکەرەوەیە و بە هەر دووکیان دەبێت، ئەمەیش زۆر ڕاشکاوانەیە کە هەندێک جار قسەی وا دەهێنێت تەنها لە پێناو جیاکەرەوەیە نەک شتی تر.
لە سورەتی (البقره)دا هاتوە: {ۆلَهُنَّ مِثْلُ الَّڑِی عَلَیْهِنَّ بالْمَعْرُوفِ ۆلِلرِّجَالِ عَلَیْهِنَّ دَرَجَةٌ ۆاللَّهُ عَزِیزٌ حَکِیمٌ} [البقره: 228]، دیسان دەڵێت: {فَمَنْ یَکْفُرْ بالڤَّاغُوتِ ۆیُؤْمِنْ باللَّهِ فَقَدِ اسْتَمْسَکَ بالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى لَا انْفِصَامَ لَهَا ۆاللَّهُ سَمِیعٌ عَلِیمٌ} [البقره: 256]، هەروەها: {مَثَلُ الَّڑِینَ یُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِی سَبیلِ اللَّهِ کَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابلَ فِی کُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ ۆاللَّهُ یُضَاعِفُ لِمَنْ یَشَاءُ ۆاللَّهُ ۆاسِعٌ عَلِیمٌ} [البقره: 261]، هەروەها لە سورەتی (آلعمران) دا: {إِنَّ اللَّهَ اصْگَفَى ئَدَمَ ۆنُوحًا ۆئَلَ إِبْرَاهِیمَ ۆئَلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِینَ (33) ڑُرِّیَّةً بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ ۆاللَّهُ سَمِیعٌ عَلِیمٌ} [ئەل عمران: 33، 34]، هەروەها لە (آلعمران)دا هاتوە: {ۆإِڑْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِکَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِینَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ ۆاللَّهُ سَمِیعٌ عَلِیمٌ} [ئەل عمران: 121]، هەروەها: {ۆلِیَعْلَمَ اللَّهُ الَّڑِینَ ئَمَنُوا ۆیَتَّخِڑَ مِنْکُمْ شُهَدَاءَ ۆاللَّهُ لَا یُحِبُّ الڤَّالِمِینَ} [آلعمران: 140]. تۆ ئەو ڕستەی نەسخانەی

ئەم ئایەتانە دەبینیت، ئەگەر بیقرتێنیت هیچ لە قسەکە کەم ناکاتەوە، تەنها لەبەر جیاکەرەوە نەبێت بۆ هیچ شتێکی تر دانەنراوە.
وەک دەڵێن: بەکارهێنانی دژە شت شتەکە جیا دەکرێتەوە. کە قورئان دەخوێنینەوە ئەوەت بە سەردا دێت کە لە کاتی خوێندنەوەی جیاکەرەوەیەکی توندوتۆڵ و بە دوایدا جیاکەرەوەیەکی لەرزۆک و نادڵنیا دەبینیت، ئەگەر جیاکەرەوە توند و قایمەکەی پێشتری پێشەوەی نەبوایە هەستت بە لەرزۆکەکە نەدەکرد و، وا بە ڕوونی دەرنەدەکەوت، لە سورەتی (الأحزاب)دا: {يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلًا (28) وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا} [الأحزاب: 28، 29]. تەماشای ئەو دوو جیاکەرەوە بکە کە قسەکانیان لە سەر بنیات نراوە، لە یەکەمەکەدا چۆن توندوتۆڵ و ڕوون و جێگیرە وەک جێگیربوونی پێی پاڵەوان لە مەیدانی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا، ئینجا تەماشای جیاکەرەوەی دوای ئەوە بکە کە لەم ئایەتەدا هاتوە: {يَانِسَاءَ النَّبِيِّ مَنْ يَأْتِ مِنْكُنَّ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ يُضَاعَفْ لَهَا الْعَذَابُ ضِعْفَيْنِ وَكَانَ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا} [الأحزاب: 30]. زۆر بە لەرزۆکی و دوورەپەرێز و نەگونجاو لەگەڵ پێشووی خۆیدا دەیبینیت، بەڵکوو تەنها بۆ جیاکەرەوە نەبێت بۆ شتی تر نەهێنراوە. بێگومان زیاترکردنی ئازار و ئەشکەنجە شتێک نییە لە سەر یەکێک قورس بێت چ جای خودا کە بە توانا و زەبر و سزای توند دەدات، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێت، ئەمە بۆ خودا ئاسانە (كان ذلك على الله يسيراً) بەڵکوو دەبێت ئەم قسەیە بۆ شتێک بێنیت کە لە توانای کەسدا نەبێت بیکات جگە لە توانا و قودرەتی خودا. ئاوها لە قورئاندا جیاکەرەوەی زاڵبووی بە توانا و لەرزۆکیش هەیە، هیچ مەبەستمان نییە بە دوایدا بچین، بەڵام هەندێکمان بە نموونە هێنایەوە، شیکەرەوەکان خودا پاداشتیان بدات موکورن لە سەر ئەوەی هەموو کەلێنێک پڕ بکەنەوە، ئەوە زەمەخشەرییە لە (الكشاف)دا هونەریانە مامەڵەی لەگەڵ ئەمەدا کردوە و تەنانەت بەزەییت پێی دا دێتەوە لەو کاتەدا دەیبینیت وا چوەتە خەیاڵەوە، لەو بەرەوە و خۆی هیلاک کردوە و، بیری خۆی هیلاك کردوە لە ڕەهەندەکانی جیاکەرەوە و لایەنەکانی و شتی تریش. بە تایبەتی لە خەملاندنی قرتێنراوەکان و وێناکردنی خەملێنراوەکاندا، ئەمەیش خاوەنی (الاتقان) باسی کردوە لە ئاراستەکردنی جیاکەرەوەکان لە سورەتی (الاسراء)دا: {وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِ وَلَكِنْ لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا} [الإسراو: 44]، دەڵێت: دواییەکەی بە سەنگینی و لێبوردەیی کۆتایی پێ دێت، ئەمەیش لە پاش سپاسگوزاری شتێکی نادیاری پێشتردا، دەڵێت حیکمەت لەوێدایە کە هەموو شتەکان سپاسگوزار بوە نەک لێی یاخی بن، ئێوەیش ئەی خەڵکینە لە کۆتایی ئایەتەکەدا بە قسەی سەنگینی و لێبوردەیی یاخی دەبن، لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئایەتەکەدا خەملێنراوە کە ئەویش یاخیبوونە. ئەمە قسەی ئەوە، ئەگەر ئێمە خەیاڵی فراوان لەم بارەوە تا ئەو ڕادەیە بکەین بۆ ئاراستەکردنی قسەکە، هیچ شتێک لە قسەی خەڵک نامێنێتەوە مایەی عەیبە بێت. بێگومان ئەوەی ویستراوە لە سپاسگوزاری شتەکان لە ئایەتەکەوەیە، ئەوە بەڵگەیە بۆ کردگاری مەزن وەک دەڵێن:
تدل على أنه واحد و فى كل شئ له آيه
واتە: ئەوە وا دەگەیەنێت کە یەکێکە و لە هەر شتێکیدا نیشانەیەکە.

وەک ئەوەی بەو بەڵگەیە سپاسگوزار و پیرۆزی دەکات، ئەو قسەیەی لە ئایەتەکەدا هاتوە جێگەی بانگەشەیە بۆ بیرکردنەوە و پەنابردن بۆ دروستکراوی و پیشاندانی بوونی کردگاری مەزن، ئەی یاخیبوونی لە کوێوە هێنا و چۆن فەرزکردنی و خەملاندنی ڕاست دەردەچێت. تەنانەت دەڵێن: ئایەتەکەی لەگەڵ فەرزکراو و خەملێنراودا گونجاندوە و کۆتایی پێ هێناوە. ئینجا خاوەنی (الإتقان) لە باسکردنی ئاراستەیەکی تردا دەڵێت کە هێمن و سەنگینە بۆ پەرشوبڵاوکردنی سپاسگوزاران بۆ ئەوەی لە گوناحەکەیان ببورێت. ئەمەیش وەک لە یەکەمەوە لە لاوازی و ناڕاستیدا بێت و بۆ فەرزکردنی شتی سپاسگوزارە و بۆ بڵاوەپێکردنیان بە گوناحەکانیانەوە، بۆیە دەڵێت سەنگینی و لێبوردەییت جێگەی باسکردنی گوناحەکان نییە، بەڵکوو جێگەی بانگەشەی بیرکردنەوە و ڕێزگرتنە لە سپاسگوزارکەران و پیشاندانی ناسینی کردگاری مەزنی بوونەوەران.
ئینجا قسەی: {وَإِنْ مِنْ شَيْءٍ} [الإسراء: 44] بە شێوەیەکی گشتی سەرجەم بوونەوەران لە خۆ دەگرێت، باسی گوناحی هیچ لایەک ناکات جگە لە مرۆڤ، شتەکانی تر هیچ گوناح و بەهەدەردانیان نییە، بەڵکوو سپاسگوزار و پیرۆزکردنیان هەیە و بوونەوەران جگە لە مرۆڤ

هەموویان گوێڕایەڵی ڕەهای خودان، وەک لە سورەتی (فصلت) دا تێدەگەیت: {ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ} [فصلت: 11] چۆن بەهەدەردان و گوناح دەخرێتە پاڵ شتە سپاسگوزارەکان، ئینجا دەڵێت "واتە خاوەنی (الإتقان)" ئەم قسەیە لە مەعقوولەوە نزیکە و سەنگینی بەو کەسانە گوتوە کە لە سپاسگوزاریدا هیچ پشتگوێخستنێک نابینرێت و، لە ئایەت و بەندەکاندا حەقەکان دەبینن و دەناسن و تێڕامان لەو بوونەوەرانە دەکەن کە دەبێت بە پاکوخاوێنی تەماشا بکرێن. تۆ ئەمە دەبینیت کە ڕێرەوی قسەکە ڕێگە نادات بەو شێوەیە بێت، بەڵام ڕێرەوی قسەکان وا ڕێکخراوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە سپاسگوزار بن، نەک ئەوانەی لە سپاسگوزاری تێ ناگەن گلەییان لە سەر بێت. شوێنەکە پێگەی بانگەشەی بیرکردنەوە و ڕێزگرتنە نەک سەنگینی و لێبوردەیی، بەڵام ئەوان لە شوێنی خۆیان دەبن، ئەگەر ئەمە لە شوێنی تر بە دەر لە قورئان بوایە هیچ داچەقانێک و شوێنگرتنێکی لەو جۆرەی تێدا نەبوو، هیچ خەیاڵێکیان بۆ ئەوانە نەکردوە، بەڵکوو ئەوەیان بە عەیبە داناوە و ڕەخنەیان لێ گرتوە. لە حەقیقەتدا ئەو لە کۆتایی ئایەتەکەدا (إنه كان حليما غفوراً) تەنها لە پێناو جیاکردنەوەدایە و جیاکردنەوەکەیش وەک شتێکی بێ بەها نییە بەڵکوو کارێکی شکۆدار و مەزنە، لەبەر ئەوەی وەک گوتمان جیاکەرەوەکان ڕاستکەرەوە و ستایلی تایبەتی قورئانن.

(68)

...سورەتەکانی قورئان

ژمارەیان چەندە؟

لە پێشدا گوتمان: ئایەتەکانی قورئان بە سەر چەند بەشێکی جیاواز لە درێژ و کورت دابەش بوون، هەر بەشێک لەمانە ناو نراوە (سورە) کۆی ئەمەیش (سور)ە. باشترین شت لە ڕووی ناوەوە بگوترێت ئەوەیە کە سورەت لە ڕووی زمانەوانییەوە بە پارچەیەکی دیاریکراوی تەلارێك دەشوبهێنرێت، بەو پارچەیەی قورئان دەگوترێت کە لە ئایەتی زۆر یان کەم پێکهاتوە و کەمترینیان سێ ئایەتە وەک سورەتی (کوپر). بەڵام ناوی سورەتەکان تەنها لای پێغەمبەر بوە ئەو بەو ناوانەوە ناوی ناون، بەڵام ئەوەی دڵنیایی دەداتە دەروونی مرۆڤ هەموویان لای خۆی بە تەنها نەبوە بەڵکوو هەندێکیان بە ڕێکەوت ناوی هاتوە نەک وەک ناونان، یان وەستانی خەڵک لە سەر ناوەکەی، بە ناوێکەوە ناوی ناوە کە لە خودی خۆی وەری گرتبێت و خەڵک بەو ناوەوە قسەیان لە سەر کردبێت، لەوانەیە خەڵک بە وەرگرتنی وشەیەک لە سورەتەکەوە ناویان نابێت وەک سورەتی (محمد) واتە فاتیحە و سورەتی (الفجر) و (الضحى) و (الليل) و سورەتی (المدثر) و (المزمل) لەبەر ئەوەی ئەم وشانە لە سەرەتای سورەتەکانەوە هاتوون، یان ناوی چیرۆکی ناوەخنی سورەتەکەیان لێ ناوە وەک ناوی پێغەمبەران، گوتوویانە سورەتی (البقرة) لەبەر ئەوەی باسی مانگای تێدا کراوە و سورەتی (آلعمران) باسی ئەو بنەماڵەیە کراوە و سورەتی (المائدة) باسی (مائدة)ی تێدا کراوە. ناونانی سورەت کارپێکراوە و قەدەغە نەبوە لە ئاییندا و هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ قورئان و سوننەتدا نییە، ئەگەر نا بەو شێوەیە نەبوە کە پێغەمبەر بە تەنها بیری لێ کردبێتەوە و تەنها ناونان بەو بەستراوێتەوە، ئەم ناوە ساکارە لە بینین و کاڵفامی لە مەعریفەدا ناو نراوە. ناونانی سورەتی قورئانی، ئەگەر ویستراوێت و مەبەستی بێت ڕۆحی ناوەخنی سورەتەکە دەربخات و لە بەر چاو بگیرایە ئەوا ئامانجی تری لە خۆ دەگرت، یان هەر هیچ نەبێت بە ناوی چاکترین ئایەتیەوە ناو بنرایە، لە جیاتی ئەوەی ناوی بنرێت سورەتی (النحل) باشتر بوو ناوی بنێن سورەتی (سلیمان) لەبەر ئەوەی هەواڵە سەرسوڕهێنەکانی سلێمانی تێدایە، بەو شێوەیەی بۆی هاتوە کە بۆ کەسێک لە پێش و پاشی ئەو نەهاتوە. لە جیاتیی ئەوەی ناوی بنێن مانگا لەبەر ئەوەی چیرۆکی ئیسرائیل کە باسی مانگای تێدا دەکات، بە ناوی سورەتی (کرسی) ناو بنرایە، لەبەر ئەوەی ئایەتی کورسی باشترین ئایەتە تێیدا، وەک یەکێک لە سورەتەکان بە (النور) ناو نراوە لەبەر ئەوەی باشترین ئایەتە لەو سورەتەدا هاتبێت، کە ئەم ئایەتەیە: {اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ..} [النور: 35]، ئایەتە، بەڵام ئەگەر من ناوێکم بۆ سورەتی (النور) دیاری بکردایە بە دەر لەو ناوە، ناوم دەنا سورەتی (الاداب الاجتماعية) لەبەر ئەوەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی پڕ بەهای تێدایە.

ئەوەی بەڵگەیە بۆ ئەوەی ناوی سورەتەکان تەنها لە سەر پێغەمبەر نەوەستاوێت ئەوەیە کە خاوەنی (الإتقان) باسی کردوە، دەڵێت: ئەبوو ئەلشێخ سەعید کوری جوبیر گوتوویەتی: بە

"ئیبن عەباس"م گوت: سورەتی (أنفال)؟ گوتی: ئەوە سورەتی (بدر)ە. لەمەدا وا تێ دەگەیت کە لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە وا بوە بەو ناوەوە ناونراوە {يسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ...} [الانفال: 1]، واتة: لەسەر ئەنفال ( دەستکەوتی جەنگ) پرسیارت لێدەکەن. بەڵام ئیبن عەباس ناوی لێ ناوە (بدر) لەبەر ئەوەی حکومی ئەنفال لە بەدردا بوە، ئەوەی لە خۆ گرتوە کەلە بەدردا ڕووی داوە، ئەم ناودانانە باشترین ناولێنانە و گونجاوترە بۆ مێژووی ئیسلام لە ناونانی بە سورەتی .((الانفال
لە (الإتقان) لە عەکرەمەوە دەڵێت: بێباوەڕەکان سورەتی مانگا و سورەتی جاڵجاڵۆکەیان بە گاڵتەئامێز باس دەکرد، ئەمەی دابەزاند: {إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ} [الحجر: 95]،واتة: ئەو گاڵتەچیانەمان لە کۆڵ کردنەوە. لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم ناولێنانانە هانی گاڵتەجاریی بێباوەڕانیان دەدا. بۆیە خاوەنی (الإتقان) دەڵێت: هەندێکیان ڕقیان لەوە بوو بڵێن ئەو سورەتە وەک (طبراني) و (بیهقي) لە ئەنەسەوە باسیان کردوە، گوتوویەتی: مەڵێن سورەتی (البقرة) و سورەتی (آلعمران) و سورەتی (النساء) و هەروەها بۆ قورئان هەمووی، بەڵکوو بڵێن ئەو .سورەتەی کە باسی مانگا دەکات، ئەوەی ناوی آل عومرانی تێدا هاتوە و بۆ قورئان هەمووی
ئەم قسەیە ناوی سورەتەکان ڕەت دەکاتەوە، ئەوەیش وەلاوە دەنێت کە خەڵک لە سەر سورەتەکان دەڵێن سورەتی (البقرة) و سورەتی (آلعمران) و هیی تریش، ڕێگەیان لێ دەگرێت کە سورەتەکە بخەنە سەر مانگا و ئەوانی تریش، واتە ڕێگە بەم ناونانە نادات و پێیان دەڵێت: لە جیاتی ئەمە بڵێن: ئەو سورەتەی کە باسی مانگای تێدا کراوە و ئەمەیش قسەیە ناونانی تێدا نییە و پێ ناسەی سورەتێکە کە چی تێدا باس کرابێت. بەڵام ئیبن جۆزی وای دانا کە ئەم قسەیە دانراوە. نازانم بۆچی دانراو بێت کە مەعقوول بێت و هیچی تێدا نەبێت لەگەڵ کتێب (قورئان) و سوننەتدا ناکۆک نەبێت. ئەوەی بەڵگەیە بۆ ئەوەی ناوی سورەتەکان هەمووی لە سەر یەک شت وەستابێت ئەوەیە چەندین ناو بۆ تاکە سورەتێک هەیە، لەوانەیە یەک ناویش بۆ تاکە سورەتێکیش هەبێت، یان دوو ناو و زیاتریش. بۆ سورەتی فاتیحە بیستوپێنج ناویان ژمارد، وەک خاوەنی (الإتقان) باسی دەکات، لە کۆتاییەکەیدا گوتی: ناوەکانی لە سەر ئەم ناوە وەستێنرا، لەوانەیە بەو ناوەوە نەوەستابێت. پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئیبن عەباس سورەتی ئەنفالی ناو نا سورەتی بەدر لە (الإتقان)دا دیسان هاتوە: خالیدی کوڕی میعدان سورەتی (البقرە)ی بە (خطاط)ی قورئان ناو نا لەبەر مەزنی واتە بە چەتر و خێوەتی قورئان. لەبەر ئەوەی چەندین حکومی تێدایە کە لەوانی تردا نییە. دەڵێت: بۆ پێزانین دەبێت ناوی بنێیت (سنام)ی قورئان، واتە کۆپارەی قورئان. بە سەری خۆم ئەمە لەوە باشترە ناوی بنرێت سورەتی مانگا. بەڵام (براوە) ناوەکەی لەوەوە وەرگیراوە کە لە سەرەتاکەیەوە باس کراوە: {بَرَاءَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ...} [التوبە: 1] گوتیان (براءە) یان سورەتی (براءە)، هەروەها ناو نرا (التوبە) یان سورەتی (التوبە) لەبەر ئەوەی تێیدا هاتوە: {لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِىّ...} [التوبە: 117] ئایەتەکە. لە (الإتقان) دا هاتوە، بوخاری لە سەعید کوڕی جوبێری هێناوە دەڵێت: بە ئیبن عەباسم گوت: سورەتی (التوبە)، گوتی: التوبە؟! بەڵکوو (الفاضحە)یە، تا ئێستایش دادەبەزێت و باسی هەمووی تێدایە و وامان زانی کەس نامێنێتەوە باسی نەکات، واتە ئاپڕووچوون (الفاضحة)، تەماشا بکە عەباس چۆن بە سەرسوڕمان و ڕەتکردنەوە گوتی: (التوبە)؟! ئینجا بە ناوێکی تر ناوی هێنا کە باسی دووڕووەکانی تێدا کراوە، گوتی: بەڵکوو ئاپڕووبەرە. گوتی: ئەبوو شێخ لە زەیدی کوڕی ئەسلەم وەری گرتوە، پیاوێک بە ئیبن عومەری گوتوە: سورەتی (توبە) ئەویش گوتوویەتی کامەیان سورەتی تەوبەیە؟ گوتوویەتی: (براءة)، گوتی جگە لەوە هیچی تر هەیە ئەو بەزمەی بە خەڵک کردبێت؟ بە (المعشعشة) نەبێت ناومان نەهێناوە، واتە بەرائەتدان لە دووڕوویی. میقداد ناوی نا (البحوث). لە (الاتقان) دا: حاکم لە میقداد وەری گرتوە کە پێی گوتوە: ئەگەر ساڵێک لە سەر غەزادا دانیشتبایت، گوتی: (البحوث)مان بە سەردا دابەزی، مەبەستی (براءة) بوە لەبەر ئەوەی باسی شەڕی بێباوەڕان و دووڕووەکانی کردوە و ئاپڕووی بردوون. ئەمە هەمووی بەڵگەی ڕاشکاوی ئەوەن کە سورەتەکان ناوی زۆریان لێ نراوە، بەو .پێیەی چۆنیان بینیوە و چی تێدا هاتوە ناو نراون
هیچ مەبەستمان نییە بە دوای ئەو قسانەوە بین کە دەربارەی ناوی سورەتەکان کراوە و گرینگ نییە لای ئێمە، ئەگەر پێغەمبەر سورەتەکانی ناو نابێت، یان خەڵکە موسوڵمانەکە ناویان نابن، وەک گوتمان ڕێگە پێدراو بوون کە ناوی سورەتەکان بە شێوەیەک بنێن کە لە دوور و نزیکەوە لەگەڵیاندا گونجاو بێت، ئەمەیش هیچ شتێکی تێدا نییە لەگەڵ ئاییندا ناکۆک بێت یان بەر کتێب

.واتە قورئان و سوننەت بکەوێت
هەندێک سورەت بە ناوی پێغەمبەرانەوە ناو نراون کە باسیان تێدا کراوە وەک سورەتی نوح و سورەتی هود و سورەتی ئیبراهیم و هیی تریش، بەڵام ئەوەی سەرسوڕهێنەرە هیچ سورەتێک بە ناوی مووساوە نەنراوە، سەرەڕای ئەوەی زۆرترین جار ناوی لە قورئاندا هاتوە، تەنانەت هەندێکیان گوتیان: وای لێ هاتوە کە قورئان هەمووی هیی مووسا بێت، وەک لە (الإتقان)دا هاتوە، هەروەها نەبوونی ناوی ئادەم لەگەڵ ئەوەی چیرۆکی ئادەم لە زۆر سورەتی قورئاندا باس کراوە. بەڵام خاوەنی (الإتقان) دەڵێت: لە (جمال القراء)ی سەخاویدا بینیم سورەتی (طه) بە سورەتی (الكليم) ناو هێنراوە، دەڵێت (الهذلي) لە (كامل) دا بە سورەتی مووسا ناوی هێناوە، دەڵێت: قسەی جوعبەریم بینی کە دەڵێت: سورەتی (الصافات) ناوی بە سورەتی (الذبيح) هاتوە، دەڵێت: ئەمەیش پێویستی بە بەڵگە و پشتڕاستکەرەوە لە ڕێگەی .پاشماوەکانەوە هەیە
دەڵێم: هیچ پێویست بە بەڵگە و پاڵپشت ناکات، مونکەر و ڕێگەلێگیراو نییە کە ناوی سورەتێک لە سەر ئەوە نرابێت کە تێیدا هاتبێت، چیرۆکی سەرپراو لە سورەتی (الصافات)دا باس کراوە، بە تایبەتی وەک زانیمان ناوی سورەتەکان هەمووی قەتیس نییە بە ناوێکەوە و لە ئاییندا نییە .کە داوای ئەوە بکات ناوەکان لە سەر یەک دانە بوەستن
محەمەد لە مەدینە
هەر کەسێک لە مەدینە دەربچێت و مەبەستی مەککە بێت، لە لای چەپییەوە گوندێک دەبینێت نزیکەی دوو میل لە مەدینەوە دوورە (میل لە زاراوەی ئەو کاتانەدا نزیکەی نیو میل لە میلی ئینگلیزی زیاترە) بەو گوندە دەڵێن (قباء). شوێنی نیشتەجێی بەنی عەمرو کوڕی عەونە، یەکێک لە زگەکانی واتە بەشێك لە خزمەکانی لە دایکەوە هاتووی ئەوس بوون، لەو کاتەدا شێخەکەیان .کەلسووم کوڕی ئەلهەدم بوو
ڕێبەرەکەی لەگەڵ محەمەد و ئەبووبەکر لەو شەوەی کە لە ئەشکەوتەکە دەرچوون و ئەویش دەرچوو و، بردنی بۆ (قباء) -وەک ئیبن ئیسحاق دەڵێت– پاش تەواوبوونی دوانزە شەوی مانگی ڕەبیعولئەوەل لە ڕۆژی دووشەم و، لە کاتی خۆرئاوادا گەییشتن. کۆچکردنیان لە ئەشکەوتی (ثور) شەوی ڕۆژی دووشەم بوو دیسان، وەک لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، واتە مانەوەیان لە ڕێگە هەشت ڕۆژ بوە. ئەمەیش ئەوە نیشان دەدات، بە توندی و بەردەوام و خێرایی ڕێیان کردوە، لەبەر ئەوەی ڕێگەی مەدینە دە قۆناغە، ئەوان بە هەشت قۆناغ پڕیویانە، لەگەڵ ئەوەی ڕێبەرەکە لە کورتە ڕێگەوە نەیبردوون، بەڵکوو لە کەنارەکانەوە بردوونی، وەک حیکایەتخوانان .باسی دەکەن
ئیبن ئیسحاق دەڵێت: پێغەمبەری خودا لای کەلسووم کوڕی ئەلهەدم دابەزی، برای بەنی عەمرو کوڕی عوفە، ڕۆژانی دووشەم و سێشەم و چوارشەم و پێنجشەم لە (قباء) مایەوە. ڕۆژی هەینی سوار بوو بەرەو مەدینە. لەگەڵ ئەوەی لای کەلسووم کوڕی ئەلهەدم بوو، لەو کاتەی لە (قباء) مایەوە، بەڵام هەر کاتێک قسەی لەگەڵ خەڵکەکەدا بکردایە، لە ماڵی سەعد کوڕی خەسیمە دادەنیشت، لەبەر ئەوەی ڕەبەنی بوە و کەسی نەبوە و، ماڵەکەی بە ماڵی .ڕەبەنییەکان ناسرا بوو
پێشتر باسی ئەوەمان کرد چۆن لە (قباء)ەوە ڕۆیشت بۆ مەدینە، باسی چۆنێتیی چۆکدانی حوشترەکەمان کرد، لە شوێنێک لە شوێنەکانی بەنی نەجار، لای دەرگای ئەبووئەیووبی ئەنساری. لە نووسینێکدا بە ناونیشانی (وێنەکانی وەحی) لەوێدا ببینە، هیچ پێویست بە .دووبارەکردنەوەی ناکات
کاتێک حوشترەکەی دانیشتەوە لە چوڵاییەکەی ئەبووئەیووبی ئەنساری، ناوی خالید کوڕی زەیدی خەزرەجی بوو، لەوێدا دابەزی و فەرمانی کرد کە حوشترەکەی ڕابگرن و پێداویستییەکانی هەڵبگرن، ئەبووئەیووب بارەکەی هەڵگرت و لە ماڵەکەی دانا، ئینجا گوتی: کام ماڵی کەسەکەمان نزیکە (مەبەستی خەڵکی ئەو کۆڵانە بوە لە بەنی نەجار) ئەبووئەیووب گوتی: ئەمە ماڵەکەمە و هەگبەکەتم لەوێ داناوە، گوتی خەڵک لەگەڵ باری خۆیدایە، ئەم قسەیەی کردە پەندێک، ئینجا بە ئەبووئەیووبی گوت: پڕۆ شوێنی نیشتەجێ و پشوودانمان ئامادە بکە، ئەویش ڕۆیشت و ئامادەی کرد، هاتەوە و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا شوێنەکەم ئامادە کردوە، لە سەر بەرەکەتی خودا هەڵسە، ئەویش لەگەڵ زەیدی کوڕی حارسە چوون بۆ .ئەوێ

لە ماڵی ئەبووئەیووب مایەوە، تا مزگەوت و هەندێک ماڵی دروست کرد، لە بنیاتنانی ئەوەدا لە مانگی ڕەبیعی یەکەمەوە، ئەو مانگەی کە گەییشتە ئەوێ تا مانگی سەفەری ساڵی داهاتوودا، واتە دوانزە مانگ، لە لایەکی ترەوە دەڵێن: حەوت مانگ لە ماڵی ئەبووئەیووب .ماوەتەوە

ئیبن ئیسحاق قسەی لە سەر ئەبووئەیووب کردوە، دەڵێت، گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا لای من دابەزی، لە خوار ماڵەکەمەوە دابەزی و نیشتەجێ بوو و من و دایکی ئەیووبیش لە سەرەوە، پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، بە سەری باوک و دایکم، من پێم خۆش نییە لە سەرووی تۆوە بم و تۆیش لە خوار منەوە بیت، تۆ پرۆ سەرەوە و ئێمە دێینە خوارەوە... گوتی: لە ماڵەکەمدا پێغەمبەری خودا لە خوارەوە بوو، ئێمە لە سەرەوە بووین، کوپێکمان (کوپی ئاوخواردنەوە) هەبوو شکا، من و دایکی ئەیووب هەڵسایین جاجمێکمان هەبوو، بردمان هیچ پێخەفێکمان نەبوو خۆمانی پێ دابپۆشین، بۆ ئەوەی ئاوەکە وشک بکەینەوە نەوەک دڵۆپەی بکەوێتە سەر پێغەمبەری خودا و ئازاری بدات. گوتی: خۆراکی ئێوارەمان بۆ ئامادە دەکرد و بۆمان دەنارد، چەندی بۆمان لە خۆراکەکەی بهاتایەتەوە ئێمە تەپەمووممان بە پاشماوەکەی دەکرد، بەو واتایەی، ئەوەی لە خواردنەکەی دەمایەوە دەمانخوارد، بەڵی بۆ بەرەکەت وەرگرتن لەوەمان دەخوارد. جارێکیان خواردنمان بۆ نارد کە پیاز و سیری تێدا بوو، پێغەمبەری خودا ناردییەوە و هیچ جێوشوێنی دەستی پێوە نەبوو کە خواردبێتی، گوتی: بە ترس و دڵتەنگییەوە چووم بۆ لای، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا بە سەری باوک و دایکم، خواردنەکەت نەخوارد و ناردتەوە، هیچ جێ دەستت پێوەی دیار نەبوو، ناردتەوە بۆمان، تا من و دایکی ئەیووب لە شوێن دەستەکەت بۆ بەرەکەت وەرگرتن تەیەموممان پێ بکردایە، گوتی: من بۆنی ئەو گیایەم لێی کرد، من پیاوێکم حەز لەوە ناکەم، بەڵام ئێوە بیخۆن. گوتی: خواردمان و ئیتر لەو گیایەمان نەکردە .خواردنەکەمانەوە

لە گێرانەوەیەکی بە دەر لە ئیبن ئیسحاقدا هاتوە، لە ئەبووئەیووبەوە دەڵێت: جارێک دەپڕامەوە لە پێغەمبەر تا هاتە سەرەوە. لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێک لە ماڵی ئەبووئەیووب دابەزی، پیسایییەکەی سەعدی کوڕی عەبادە و زێرابی ئەسعەد کوڕی زرارە، هەموو شەوێک دەهات بە سەریدا. گوتی: ئاوەڕۆکەی سەعدی کوڕی عەبادە بە ماڵی ژنەکانیدا سووڕی دەخواردەوە و ئینجا دەهات بۆ ئەوێ، وا هاتوە: تەشریبی سەعدی کوڕی عەبادە لەگەڵ ئاوەڕۆکەی دەهات بە سەر پێغەمبەردا، کە هەمیشە گۆشت و نان و ماسییان دەخوارد، کە لە ڕۆندا لێیان دەنا یان لەگەڵ هەنگویندا دەیانخوارد. خواردنەکەی بە تاموچێژەوە هەموو ڕۆژێک لەگەڵیدا بوە و هەر ڕۆژە و لای ژنێکی بوە. گوتی: ئەو لە ماڵی ئەبووئەیووب بوو، خۆراکی لای خەڵکی ترەوە بۆ دەهات، وا هاتوە: هیچ شەوێک نەبوو سێ و چوار کەس لای دەرگاکەی پێغەمبەری خودا نەوەستا بن و خۆراکیان پێ نەبێت، بە ڕیز هەر جارە و یەکێک خۆراکی بۆ دەهێنا، تا لە ماڵی ئەبووئەیووب دەرچوو. لە قسەیەکی تردا وا لە بەنی نەجار هاتوە، کە بە ڕیز یەک لە دوای یەک خۆراک بۆ مەقامی پێغەمبەر، واتە شوێنی نیشتەجێکەی لە ماڵی ئەبووئەیووب دەبرد، گوتی: یەکەم .خۆراک کە بۆی هاتبێت لە ماڵی ئەبووئەیووب قیسعەی دایکی زەیدی کوڕی سابت بوو

لە زەیدی کوڕی سابتەوە، یەکەم خەڵات کە چووبێت بۆ پێغەمبەری خودا لە ماڵی ئەبووئەیووب، قیسعەیەك خۆراک بوو کە دایکم بە مندا ناردی بۆی. کە تەشریبی نان و ڕۆن و ماست بوو، خستمە بەر دەستی و گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا، دایکم ئەم قیسعەی ناردوە، پێی گوتوە: خودا بتپارێزێت و بانگی هاوڕێکانی کردوە لەگەڵیدا بیخۆن. زەید دەڵێت: نەمگەڕاندەوە تاقاپەکەی سەعد کوڕی عەبادەی بۆ هات، کە تەشریب و گۆشت بوو (ئێسک و گۆشتی پێوە .(بوو

بنیاتنانی مزگەوت

یەکەمین کاری پاش هاتنی پێغەمبەر بۆ مەدینە بنیاتنانی مزگەوتێک بوو، مزگەوت وەک ئەمڕۆ نەبوو کە بە تەنها شوێنی عیبادەت بێت، بەڵکوو شوێنی هەموو شتێک بوو، کە پێوەندیی بە بانگەشەوە هەبێت بۆ ئیسلام و هەر شتێک زەمینەسازی بکات بۆ ڕەخساندنی ڕێگەی ڕابوونی ئیسلام. هەر وەک چۆن پێغەمبەر پێنج فەرزە نوێژی بە موسوڵمانان دەکرد تێی دا، هەروەها هەر کاتێک پێویست بوایە و شتێک ڕووی دابا و پێویست بوایە، دەهات و خەڵکەکەی تێدا کۆ دەکردەوە، گوتاری بۆ دەدان، ئەمە جگە لە ڕۆژی هەینی کە ڕۆژی کۆبوونەوەی گشتییە، پێشنوێژیی بۆ دەکردن و گوتاری بۆ دەدان، بەو پێیەی کە پێویست بێت، مزگەوت بوە هۆڵی

گوتاردان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا.
هەروەها تێی دا دادەنیشن بۆ دادوەری و بڕیاردان لە سەر ناکۆکی و دژایەتیی نێوان موسوڵمانان حوکم دەدات، خەڵکی ناکۆک ڕووی تێ دەکەن بۆ ئەوەی دادوەرییان لە نێواناندا بکات، مزگەوت بەو شێوەیەی وەك ئەمڕۆ ئەو دەزگایە هەیە و پێی دەگوترێت خانەی داد و دادوەری بوە.
هەر لە مزگەوت پێکهاتەی سوپایی واتە سریەکانی ڕێک خستوە و شاندەکانی ناردوە و لیواکانی ڕێک خستوە و فەرمانڕەوای بۆ داناون، بەو پێیە بوەتە خانەی ئیمارەت. غەنیمە و دیلەکان و سەبیەکانی هێناوە بۆ مزگەوت و دابەشی کردوون بە سەریاندا، پاش ئەوەی پێنج یەکی بۆ خودا و پێغەمبەر لێی بردوە، بەو پێیە بێت، مۆڵگە و سەربازگەی عەسکەرییش بوە. سیفەتێکی تریشی هەبوە، ئەویش خەڵکی بێدەرامەت و هەژاری لە موسوڵمان و بێ شوێن تێدا نیشتەجێ کردوە، بۆیە وەک پەناگەی هەژار و کەمدەرامەتان بوە و لەوێیشدا دانیشتوە و قسەی بۆ کردوون و قسەیان بۆ کردوە. وەک هاوەڵانیشی لەوێ دادەنیشتن ئەویش لەگەڵیاندا دادەنیشت، وەک یانەیەک مامەڵە لەگەڵ مزگەوتدا کراوە. پارەی سەدەقە و خێر لەوێدا کۆ دەکرایەوە و دادەنرا، ئەگەر پارەی کاشیش بوایە، بەم پێیە (بيت المال) بوە. هەروەها لەوێدا ئەوە دەنووسرا، کە لە وەحییەوە دادەبەزی و نووسراوی بۆ پاشا و خەڵکی تری دەنارد، بۆیە ئەوێ دیوەخانی نامەناردنیش بوە، لەوێدا کاری سزادان واتە (حد) وەک جەڵدە و بڕین و ڕەجمکردن کراوە، وەک لە باسی ڕەجمکردنی غامدیە دەرکەوت کە دانی بە زینای خۆیدا نا، ئیبن قەییم گوتی، ئەوەیش بەڵگەی ئەوەیە کە لە شوێنی نوێژ سزای حەد جێبەجێ بکرێت، بەو پێیە شوێنی سزادانیشە، لەوێدا دادەنیشێت بۆ پێشوازی لە شاندەکان و خەڵاتەکانی وەردەگرت و دەبەخشی، بەم پێیە شوێنی جێنشنینی پاشایەتیش بوە. کورتییەکەی، وەک ئێستا باسمان کرد، شوێنی نوێژ و هەموو شتێک پێوەندیی بە بانگەشەوە بوو بێت و ڕێخۆشکەر بێت بۆ ڕابوون لەوێدا بوە.
مزگەوت بۆ ئەم ئامانجانە بەردەوام بوو لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدینیشدا، ئینجا کاری ڕێکخستنی حکومەتی ئیسلام وردەوردە فراوان بوو، تا لە مزگەوت جیا کرایەوە، خەڵک نایەن بۆ مزگەوت بۆ نوێژ نەبێت، وەک ئەم زەمانەی خۆمانی لێ هات، تەنانەت ژمارەیان زۆر کەم بوەتەوە، تا گەییشتوەتە پێنج لە سەد، لە بارەی هۆکاری ئەوەوە لەو شوێنەی لە سەر عیبادەت لە ئایینی ئیسلامدا ئەوەیش دەینووسین.
محەمەد مزگەوتەکەی لەو شوێنە بنیات نا، کە حوشترەکەی لەوێ پاڵ کەوت، جێگەی چۆکدانەکەی بوو بە شوێنی دەرگای مزگەوتەکە، ئەو شوێنەی کە تێی دا پاڵ کەوت میربەد (واتە ئەو شوێنەی کە خورمای تێدا وشک دەکەنەوە) بوو، هیی دوو مێردمنداڵی هەتیوی بەنی نەجار بوو، ناویان سەهل و سوهەیل کورانی عەمرو بوون، وەك ئیبن ئیسحاق دەڵێت؛ لای مەعازی کوڕی عەفرا بوون، بەڵام وەك خەڵکی تر دەڵێن؛ لای ئەسعەد کوڕی زەرارە یان ئەبووئەیووب بوون.
باسیان لەوە کردوە کە پێغەمبەری خودا پرسیاری کردوە ئەو شوێنە (مربد)ە هیی کێیە؟ مەعازی کوڕی عەفرا گوتوویەتی: ئەی پێغەمبەری خودا هیی سەهل و سوهەیل کورانی عەمروە و هەتیون و لای منن و بەوە ڕازییان دەکەم و، من بەخێویان دەکەم. پێغەمبەری خودا ڕازی نەبوو بیبات بە نرخی خۆی نەبێت، بۆیە بە دە دینار کڕی و ئەبووبەکر پارەکەی دا.
لەو زەوییەدا گۆڕی جاهیلی هەبوو، فەرمانی کرد دەربهێنرێن ئێسکەکانیان فڕێ بدەن، لە گێڕانەوەیەکدا، فەرمانی کرد ئێسکەکان لە ناو بەرن. لە گێڕانەوەیەکی تردا: لە شوێنی مزگەوتەکە دارخورما و چاڵوچۆڵ و گۆڕی موشریکەکان هەبوە، پێغەمبەر فەرمانی کردوە، گۆڕەکان دەرهێنراون و چاڵوچۆڵییەکەیان ڕێک کردوەتەوە و دارخورماکانیان بڕیوەتەوە. لەو شوێنە (مربد) ئاوێکی وەستاو هەبوو، ڕێگەیان بۆ کردوەتەوە و ڕۆیشتوە، ئەو ئاوەی کە لە زەوییەوە دەردەچێت کۆ دەبێتەوە.
دەڵێن: ئینجا پێغەمبەری خودا فەرمانی کردوە، کە قوڕ بگرنەوە و مزگەوتەکەی بنیات ناوە، ئەوەی باسیان کرد لێرەدا کە پێغەمبەری خودا مزگەوتەکەی بنیات ناوە و بەردێکی لە قوڕی دیوارەکەی داناوە و فەرمانی بە ئەبووبەکر کردوە بەردێک لە تەنیشت بەردەکەی ئەو دابنێت و ئینجا فەرمانی بە عومەر و ئینجا عوسمان کردوە بەرد دابنێن وەک ئاماژەدان بە خەلیفەکانی دوای خۆی. پێشتر ئەم هەواڵە ڕەت کرایەوە لەو شوێنەی لە ژێر ناونیشانی (ئایا محەمەد

.کەسی بۆ خیلافەت دیاری کردوە؟) لەوێدا ئەمەمان نووسی، تەماشای بکە
لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: سێ دەست بە بەرد بەرزی کردەوە، ئینجا بە قوڕ و هەر دوو لای دەرگاکەی بە بەرد چنی و سەقفەکەی بە دار و، ستونەکانی بە دار خورما دانا، لە قسەیەکی تردا شووراکەی بە قەدی دارخورما کردوە، گوتی درێژیی دیوارەکەی بە قەد باڵایەک بوە. لە (شهر کوری حوشب)ەوە، گوتوویەتی: کاتێک پێغەمبەری خودا ویستی مزگەوت بنیات بنێت، گوتی: عەرشێکم بۆ دروست بکەن وەک جێگەکەی مووسا لە دار و تەختە و بەرزییەکەی (لێرەدا گوتوویەتی سێبەرەکەی) وەك سێبەرەکەی مووسا و کارەکە خێراتر بکەن، گوتیان: سێبەر چییە؟ گوتی: واتە بەرزییەکەی ئەگەر هەڵبسێت سەری بدات لە سەقفەکە. لە گێڕانەوەیەکی تردا: کاتێک پێغەمبەری خودا ویستی مزگەوت دروست بکات، گوتوویەتی: پێیان گوتووم عەرشێکی وەک ئەوەی براکەت مووسا دروست بکە، ئەگەر حەوت دەست درێژیی نەبێت بەرەو ئاسمان، .مەیرازێنەوە
دەبێت ئەم گێڕانەوەیە لە ڕاستی نزیکتر بێت لەوەی پێشەوەی، کە دەڵێت هەڵبسیت، سەرت بدات لە سەقفەکەی، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر دوای ئەوە مینبەرێکی دروست کرد، سێ پلە بوو، کاتێک هەڵدەستا سەری دەیدا بە سەقفەکەدا، کە لە سەر مینبەرەکە ڕاست بێتەوە بۆ !گوتار، چۆن هەڵدەسێت
گوتی قیبلەی مزگەوتەکەم بەرەو (بيت المقدس) کرد و سێ دەرگای بۆ دروست کرد، دەرگایەک لە دواوە، دەرگایەک پێی دەگوترا دەرگای عاتیکە و بە دەرگای ڕەحمەتیش ناو نرا، دەرگایەک کە ئێستا پێی دەڵێن دەرگای جبریل و، پێغەمبەر لەوێوە دەچوە ژوورەوە و پێیان دەگوت .دەرگای عوسمان، لەبەر ئەوەی لە پشت ماڵەکەی عوسمان بوە
هیچ سەرچاوەیەکم نەدۆزییەوە لەو کتێبانەی لە بەر دەستمدان بۆ زانینی درێژی و پانیی مزگەوتەکە و بۆ پێگە و کۆڵەکەکانی چەند درێژ بوون، لەو کاتەی بنیاتی ناوە و چەند پان بوە و ژمارەیان چەند بوە؟ بێگومان ئەنسار و کۆچبەرانی موسوڵمان لەو کاتەدا کە مزگەوتەکەیان دروست کردوە، بە سەدان کەس بوون، بۆ ئەوەی مزگەوتەکە بینا بکرێت، دەبێت لە هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، ئەگەر وا دابنێین وا بوە، نابێت درێژیی لە نزیکەی سیوپێنج مەتر و پانییەکەی لە سی مەتر کەمتر بووبێت. ئینجا لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییم دا لێدوانێکم خوێندەوە، لە سەر درێژی و پانیی مزگەوتەکە، گوتوویەتی: درێژییەکەی لە پاش قیبلەوە بوە تا سەت دەست، هەر دوو لایشی وەک درێژیی ئەوە بوە یان کەمتر. ئەمەیش لەوەی ئێمەوە نزیکە کە بە شێمانە و خەمڵاندن باسمان کرد، سەت باڵ نزیکەی سیوپێنج مەترە. گوتیان: پێغەمبەر پاش شەوی خەیبەر لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا مزگەوتەکەی فراوان کردوەتەوە، هەروەها باسیان لەوە کردوە، کە خەڵک زۆر بوون، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر زیاتر فروانی بکەین، ئەویش کردی، حەلەبی دەڵێت: لەوانەیە فراوانییەکەی ئەو زەوییە بێت لە تەنیشت مزگەوتەکە کە عوسمان لە هەندێک ئەنسار بە دە هەزار دەرهەم کڕی، دەڵێت ئینجا عوسمان هات بۆ لای پێغەمبەر و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەو پارچەیەم لێ دەکڕیت .کە لە ئەنسارەکان کڕیم؟ بە خانوویەک لە بەهەشت لێی کڕی و مزگەوتەکەی پێ فراوان کرد
گوتیان سەقفەکەی لە دار بوە و قوری زۆری بە سەرەوە نەبوە، کە باران دەباری ئاو دادەبەزی و دڵۆپەی دەکرد و مزگەوتەکە پڕ دەبوو لە قوڕاو، گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئەگەر فەرمان بکەیت، قوڕ بدەین بە سەریدا بۆ ئەوەی دڵۆپە نەکات، گوتی: نەخێر، عەرشەکە وەک عەرشی مووسا بێت، تا ئێستا وایە تا پێغەمبەری خودا هات. گوتیان: هۆکاری بەرد خستنە مزگەوتەکە لەوەدا هاتوە، شەوێک باران بوە و زەوییەکە تەڕ بوە، پیاوێک بە کراسەکەی بەردی هێناوە و لە ژێر خۆیدا دای ناوە بۆ ئەوەی نوێژی لە سەر بکات، کاتێک پێغەمبەر هاتوە بۆ نوێژ. گوتوویەتی: ئەمە زۆر چاکە، لە گێڕانەوەیەکی تردا گوتوویەتی، ئەمە ڕاخەرێکی چاکە. حەلەبی ناڕازییە لەمەی گوتراوە، کە پێغەمبەر فەرمانی کردبێت بەرد بخەنە مزگەوتەکەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر پێش ئەوە مردوە و عومەر بەردی تێ کردوە. گوتی: دەڵێن هیچ ناڕەزاییەک لەو بارەوە نییە، لەوانەیە پێغەمبەر ئەوەی بە دڵ بووبێت، هەندێک لە هاوەڵان فەرمانی کردبێت سەرجەم مزگەوتەکە بەردڕێژ بکەن، بەڵام لە واقیعدا بەردڕێژەکە هەموو مزگەوتەکەی نەگرتەوە، بەشێکی بوە. گوتیان: لە کاتی دەستپێکردنی بنیاتنانی مزگەوتەکەدا، پیاوێک لە خەڵکی یەمامە هاتوە، پێیان دەگوت تەلق، لە بەنی حەنیفە بوە، لە سەر زاری ئەوەوە دەگێڕنەوە، کە گوتوویەتی: چووم بۆ لای پێغەمبەر لەو کاتەی کە مزگەوتەکەی بنیات نا و موسوڵمانان لەگەڵیدا کاریان

دەکرد، من لە قوڕکاریم دەزانی، خاکەنازەکەم برد و قوڕەکەم تێکەڵ کرد، پێی گوتم: (مەبەستی پێغەمبەری خودا بوە) خودا ڕەحمەت لەو کەسە دەکات کە کاری چاک بێت، گوتی تۆ ئەم کارە بگرە دەست، وا دەتبینم کە لێی دەزانیت.
لە قسەیەکی تردا: ئەم حەنەفیەی لە قوڕکاری زانە، لە لایەکی ترەوە گوتوویەتی: با یەمامیەکە لە قوڕەکە نزیک بێت، ئەو لە ئێوە باشتری لێ دەزانێت، کە باش و بە توندی دەیگرێتەوە، لە قسەیەکی تردا گوتوویەتی: حەنەفی و قوڕەکە بە جێ بهێڵن، ئەو لە ئێوە باشتر دەیکات. گوتیان: کاتێک مزگەوتەکەی دروست کرد، شوێنێکی تێدا دروست کرد، کە سێبەر بێ بۆ ئەوەی هەژاران تێیدا بژین، پێیان دەگوت بنەی (الصفە) و ئەو خەڵکەی لەوێ دەژیان پێیان دەگوترا، خەڵکی (الصفە)، لە کاتی خواردنی شێوان دا دابەشی دەکردن بە سەر هاوەڵانیدا، بۆ ئەوەی نانیان لەگەڵدا بخۆن. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لەوە دیارە و وا دەردەکەوێت و حکوم دەکات لە کاتی دروستکردنی مزگەوتەکەدا ئەو هەژارانەی لەوێدا دانابێت.
گوتی: بەڵام بەیهەقی لە عوسمانی کوری یەمانەوە وەری گرتوە، دەڵێت: کاتێک کۆچبەران لە مەدینە زیادیان کرد، کە نە خۆراک و نە شوێنی حەوانەوەیان هەبوو، پێغەمبەری خودا لە مزگەوتەکە دای نان و پێی گوتن خەڵکی (الصفە) واتە شوێنی سێبەر لە مزگەوتدا بوو، لەگەڵیاندا دادەنیشت و پێکەوە قسەوباسیان دەکرد.
ئەوەی ئێمە لەو قسانەدا تێی دەگەین: (شوێنێکی سێبەردار) لەو (الصفە) واتە شوێنێک سەری هەبێت لە مزگەوتەکەدا نەبێت، بەڵام نووسا بێت بە مزگەوتەکەوە، لە مزگەوتەکەوە ڕێی تێ بچیت، وەک دیارە سێ دیواریان بۆ دروست کردبێت کە لە مزگەوتەکەوە دەرچوو بێت و نووسا بێت پێوەی و ئەو دیوارەی نێوان ئەو شوێنە و مزگەوتەکەیان ڕووخاندبێت و زەوییەکەی بە زەویی مزگەوتەکەوە بێت و بەرەو ئەوێ پڕوات، ئینجا بە سەعفی دارخورما یان شتی وا سەقفیان بۆ دروست کردبێت. ئەگەر وا نەبێت داڕشتنی (شوێنی سێبەردار) هیچ واتایەک نابەخشێت لێرەدا، لەبەر ئەوەی مزگەوتەکە هەمووی سەقفی هەیە و، وەك دەڵێن بە دار بۆی دروست کراوە. ئەگەر ئەو شوێنە لە مزگەوتەکەدا بە هەمان سەقف کرابێت، هیچ پێویست بە سێبەر دروستکردن ناکات. بەم شێوەیە قسەکانی بەیهەقی بە نزیک لە ڕاستییەوە دەبینین، کە ئەو شوێنە دوای بنیاتنانی مزگەوتەکە دروست کرابێت.
گوتیان: پێغەمبەری خودا دوو ژووری بۆ عایشە و سەودە لە تەنیشت یەکەوە دروست کردوە، کە نووسابوون بە مزگەوتەکەوە، وەک دروستکردنی مزگەوتەکە بە قوڕ و بەرد دروستی کردن. سەقفەکەی بە دار و قەدی دارخورما و حەسیر داپۆشیبوو. ئینجا نۆ ژووری تری بۆ ژنەکانی دروست کرد. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر کە هات بۆ مەدینە، جگە لە سەودە و عایشە ژنی تری نەبوو، پاش مردنی خەدیجە، زەواجی لەگەڵ کردن و چوو بە لای سەودەدا و بەڵام نەچوو بە لای عایشەدا، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا جارێك منداڵ بوو، ئینجا هەر جارێک ژنێکی هێنا بێت، ژوورێکی بۆ دروست دەکرد. لە واقدیەوە وەرگیراوە، حارسەی کوری نوعمان گوتوویەتی: هەندێک خانوو لە نزیک و دەوروبەری مزگەوتەکەدا هەبوو، هەر چەند پێغەمبەر ژنێکی هێنا بێت، خاوەنی ئەو خانوانە چۆڵی کردوە بۆی، تا سەرجەم خانوەکانی بوون بە هیی پێغەمبەر.
عەبدوڵڵای کوری زەیدی هەزلی دەڵێت: ماڵەکانی ژنانی پێغەمبەرم لەو کاتە بینی، کە عومەری کوری عەبدولعەزیز بە فەرمانی وەلیدی کوری عەبدولمەلیک پاش مردنی ژنەکانی ڕووخاندنی، گوتی: نۆ دانە بوون، چواری لە قوڕ و خشت و سەقفەکەی لە داری دارخورما و بە قوڕ داپۆشرا بوو، کە ژوورێکی لە پەلە دار و لە دەرەوە بە ڕیشاڵە و لیفی دار داپۆشرا بوو، پێنج خانوویش لە دار بە قوڕ بێ ڕیشاڵ و لیفە، لە سەر دەرگاکانی لیفی دارخورما و مووی دار هەبوە. کە پێوانەی کرد، بینیی کە لە سێ بە یەک باڵ پانی و درێژی دروست کراوە.
حەلەبی دەڵێت: لە قسەی سوهەیلەوە وەرگیراوە: خانوەکانی لە دار و حەسیر و قوڕی لە سەر بێت، دروست کرابوو، هەندێکیان لە بەرد و سەقفەکانیان لە حەسیرەدار، ژوورەکانی بە لیفەی دارخورما کە بە تەختەی عەرعەرەوە بەسترا بێت، گوتوویەتی: ئەگەر بە قسەی ئیمامەکانمان بێت، وا هاتوە کە خانوەکانی جیاواز بوون و زۆرینەیان لە مزگەوتەکەوە دوور بوون. وەک ئێستا باسمان کرد، گوتیان خانوەکانی عایشە و سەودە بە مزگەوتەکەوە نووسا بوون. پێغەمبەری خودا نەخشەی بۆ هەر کۆچبەرێک کێشاوە کە خانووی تێدا بکەن، لە سەر زەوییەک بێت هیی کەس نەبێت، یان ئەنسارەکان لەو نەخشەیەدا پێی دابن، هەندێکیان لە خانووی ئەوی تر نیشتەجێ بوون لەوانەی نەیانتوانی خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن.

لەو خانوانەی نووسابوون بە مزگەوتەکەوە، دەرگای تێدا بوو لە مزگەوتەکەوە دەردەچوو، هەر کەسێکیش لە هاوەڵانی خانوەکەی بە مزگەوتەکەوە نووسابوو، دەرگاکەی بە مزگەوتەکەوە دەکرایەوە، دەرگاکان بچوک بوون، بە هەر دەرگایەک دەگوترا (خوخە) دەرگاکۆکە، کە بۆ ئاسانکاری بوو، بۆ ئامادەبوون بۆ نوێژ لە مزگەوت یان بۆ شتی تر.
باس لەوە دەکەن، کە تاریکی دادەهات بە سووتاندنی سەعفی دارخورما ڕووناکیان دەکردەوە، کاتێک تەمیم ئەلداری هات بۆ مەدینە چرا و پەت و زەیتی هێنا لەگەڵ خۆیدا، ئەو چرایانەی بە شوورای مزگەوتەکەدا هەڵواسی و هەڵی دەگیرساندن، پێغەمبەری خودا گوتی:
مزگەوتەکەمانت ڕووناک کردەوە، خودا ڕووناکی بخاتە ژیانتەوە، بە خودا ئەگەر کچێکم هەبوایە دەمدا بەم پیاوە. لە (اسد الغابە) دا لە سیراج غوڵامی تەمیم ئەلدارییەوە گوتوویەتی: ڕۆیشتین بۆ لای پێغەمبەری خودا، ئێمە پێنج غوڵامی تەمیم ئەلداری بووین، فەرمانی پێ کردم (واتە گەورەکەی تەمیم ئەلداری)، لە مزگەوت چرایەکم هەڵکرد کە زەیتی تێدا بوو، لەوێدا هیچ ڕووناکیەکییان هەڵنەگیرساند بە سەعفی دارخورما نەبێت. پێغەمبەری خودا گوتی: کێ مزگەوتەکەمانی ڕووناک کردوەتەوە؟ تەمیم گوتوویەتی: ئەم غوڵامەم. گوتی ناوی چییە؟ گوتی: فەتح، پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر بەڵکوو ناوی (سراج)ە (واتە ڕووناککەرەوە یان چرا) پێغەمبەری خودا ناوی نام سیراج. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەمە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە یەکەم کەس چرای لە مزگەوت هەڵبواسیبێت، عومەری کوری خەتاب بووبێت، لەبەر ئەوەی وا ویستراوە کە کێ چرایەکی زۆری تێدا هەڵکردبێت.
کاتێک مزگەوتەکەی دروست کرد، مینبەری گوتار خوێندنەوەی نەکرد، بەڵکوو لە کاتی گوتارداندا پشتی بە قەدی دارخورماکەوە دەدا، ئینجا دواتر مینبەری دروست کرد. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: مینبەرەکەی سێ پلە بوو، گوتی: مینبەری لە ناوەڕاستی مزگەوت دروست نەکرد، بەڵکوو لە لای خۆرئاوای لە نزیک دیوارەکەوە دروست کرد، لە نێوان ئەو و دیوارەکە ڕێرەوی ڕۆیشتنی پانە بەرانێکی هەبوو، گوتی: ئەگەر بە دەر لە ڕۆژی هەینی لە سەری دانیشتبا، یان بە وەستانەوە گوتاری لە سەر بدایە هاورێکانی ڕوویان تێ دەکرد، دەموچاوی بە ڕووی ئەوان دابوو، وا دیارە ئەم مینبەرە لە تەختە دروست کراوە وەک لە قسەکەدا دەردەکەوێت وای گوتبێت (دانەنراوە) و (بەڵام لە ڕاستیدا دانراوە) ناڵێت بنیات نەنراوە و دەڵێت دانەنراوە، ئەوەی باسیان کردوە، لە بارەی سۆزی قەدی دارەکە بۆ پێغەمبەر لەو کاتەی لێی دوور دەکەوتەوە. لەم باسەدا دەربارەی مینبەر بە خەیاڵی شاعیرانە نەبێت باس کرابێت، هیچ حەقیقەتێکی تێدا نییە، ئەگەر ئەمە ڕاستەقینە بوایە، دەبوایە لە هەر شتێک دوور بکەوتایەتەوە سۆزی بۆی هەبوایە، خانوەکەی کە لە مەککە تێی دا دەژیا، سۆزی بۆی هەبوایە، ئەشکەوتەکە سێ ڕۆژ خۆی تێدا شاردەوە، سۆزی بۆی هەبوایە، حوشترەکەی کە وازی لە سواربوونی هێنا و کە هێواش بوەوە لە ڕێگاکە و سواری حوشترەکەی ئەوس کوری حەجەر بوو سۆزی بوو هەبوایە، حوشترەکە لە پێشترە کە سۆزی بۆ پێغەمبەر هەبێت لەوەی قەدی دارەکە، لەبەر ئەوەی حوشتر ئاژەڵێکی هەستیارە. ئەگەر لەوێدا سۆزێک هەبێت، دەبێت لە محەمەدەوە بێت بۆ قەدی دارەکە نەک لە قەدەکەوە بۆ محەمەد. لەبەر ئەوەی محەمەد وەک لە پێشدا باسمان کرد خەیاڵێکی فراوان و بەهێزی هەبوە، ئەگەر خەیاڵی لە هەر شتێکی بکردایە، وەک ئەوە دەهاتە پێش چاوی کە وەک دەیبینێت و بە دەستی دەیگرێت و بەری دەکەوێت، وەک حەقیقەتێک بە شتە ڕاستەقینەکان باسی دەکرد، وەک ئەبووتالیبی مامی عەباس قسەی بۆ کردوە و پێی گوتوە: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەبووتالیب دەوری داویت و دەتپارێزێت، ئایا ئەوە هیچ قازانجێکی بۆی هەیە؟ گوتی: بەڵێ لە بەتینیی ئاگردا بینیم و بۆ زەحزاح واتە شوێنی ئاسایی و فراوان دەرم کرد. وەک ئەوەی یەکەم کەس کە لە زۆنگاوەکەدا مەلەی کرد، پیاوێکی بەنی مەدلەج بوو کە دوو حوشتری هەبوو گوێی پرین و شیرەکەیانی حەرام کرد، گوتی: لە ئاگردا بینیم بە دەستیان تێکەڵیان دەکرد و بە دەمیان گازیان لێ دەگرت.
هەروەها وەک لە سەر عەمرو کوری لەحی قسەی کرد و گوتی: دۆزەخم بینی کە هەندێکیان تێیدا یەکتریان داڕزاند، عەمروم بینی کە دەستەیەک ئاگری ڕادەکێشا، لە گێرانەوەیەک ڕیخۆڵەی ڕادەکێشا. بەهێزی ئەم خەیاڵە فراوانەی، محەمەد کەسایەتییەکی بەم قەدی دارە بەخشی کە پێوەندیی پێوە بوو، لە کاتی گوتارداندا پشتی پێوە دەدا و خستییە شوێنی یەکێک لە هاورێکانی، وا خەیاڵی کردوە کە سۆزی بۆی دەبێت لەو کاتەی کە شوێنەکەی گۆڕییەوە بۆ سەر مینبەر. بۆیە لە مینبەرەکە دابەزی و چوو بۆ لای قەدەکە و لە باوەشی گرت -وەک دەڵێن-

هێمن بوەوە. ئەم سۆزە لە حەقیقەتدا لە محەمەدەوەیە بۆ قەدەکە نەک لە قەدەکەوە بۆ محەمەد، سەرچاوەکەی ئەمەیش جگە لە خەیاڵفراوانی خۆی هیچی تر نییە.
محەمەد جگە لە مزگەوت جێنوێژێکی تری هەبوو، کە لەوێدا نوێژی هەر دوو جەژنەکەی بە خەڵک دەکرد، واتە جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، ئیبن قەییم دەڵێت: ئەو جێنوێژە واتە بەرماڵە کە لە دەرگای خۆرهەڵاتی مەدینەیە، گوتی: ئەوێ فراوانییە و هیچ بینا و دیواری تێدا نییە، گوتی: بە پیاسە ڕۆیشتوە بۆ ئەوێ و بزنێکی بە دەستەوە بوە، ئەگەر بگەییشتایەتە ئەوێ کە جێنوێژەکەی لێیە بزنەکەی دەخستە نێوان دەستی و لەوێدا نوێژی دەکرد. گوتی: نوێژی جەژنی لە مزگەوتەکەی نەکرد جگە لە یەک جار کە باران باری و بواری نەدان لەوێدا نوێژ بکەن و لە مزگەوت نوێژی جەژنی پێ کردن.

(69)
مەسەلەکەی عەماری کوڕی یاسر
وامان بە باش زانی، کە قسە لە سەر ئەوەی لە کاتی بنیاتنانی مزگەوتەکە ڕووی دا -وەک دەڵێن- لە سەر مەسەلەکەی عەماری کوڕی یاسر یەکێک لە هاوەڵانی محەمەد بوو، تەواو بکەین.
گوتیان کاتێک مزگەوتەکەی دروست کرد، پێغەمبەری خودا بە خۆی ئیشی تێدا دەکرد بۆ ئەوەی وا لە موسوڵمانان بکات حەز بکەن کاری تێدا بکەن. حەلەبی دەڵێت: وا هاتبوو کە پێغەمبەر بە کراسەکەی خشتی دەگواستەوە، لە گێرانەوەیەکدا: بە عەباکەی تا خۆڵ و تۆز لە سەر سینگی نیشت و وای لێکرد بڵێت:
هذا الحمال لا حمال خيبر هذا ابر ربنا و اطهر
واتە: ئەم حەماڵیە نەك حەماڵیەکەی خەیبەر کە لە چاکەو خێرێکە بۆ خودا لە هەموو شتێك باشترە
واتە ئەی خودا ئەو خشتە بارەی هەڵی گرتوە، پاک و بێگەردترە لەو خورما و مێوژەی لە خەیبەردا هەڵدەگیرێت، واتە ئەو بارەی کە بە کراسەکەی پێغەمبەر هەڵگیراوە. گوتیان: کاتێک هاوەڵان بینییان بە خۆی خشت دەگوازێتەوە، لە سەر ئەوە یەکانگیر بوون، وای لە هاوەڵانی کرد کە خشت بگوازنەوە، هەندێکیان پێی ناخۆش بوو، دەیگوت:
لذاك منا العمل المضلل لئن قعدنا والنبى يعمل
بەواتای: ئەگەر ئێمە دانیشین و پێغەمبەر خەریکی کار بێت وەك ئەوەیە کار و ڕێونکردنێك بێت لە لای خودا
لە نێو ئەو هاوەڵانەی کە لە مزگەوتەکەدا کاریان دەکرد، یەکێک بە ناوی عەمار کوڕی یاسر بوو، دەڵێن: وای کرد هەر پیاوێک خشتێک هەڵبگرێت، عەمار کوڕی یاسر دوو دووی هەڵدەگرت، ئەمەیش وای کرد پێغەمبەری خودا خۆڵ و تۆزەکەی سەر سەری بتەکێنێت و بڵێت: بۆچی وەک هاوڕێکانت هەڵناگریت؟ گوتی: من حەقەکەم لە خوا دەوێت، لە گێرانەوەیەکدا: خشتێک بۆ خۆی هەڵدەگرێت و یەکێکیش بۆ پێغەمبەری خودا، پێغەمبەری خودا پشتی سڕی و گوتی: ئەی کوڕی سومەیە، خەڵک حەقێکی دەدرێتەوە تۆ دوان، دوا خواردنت گۆزەیەک لە ماست دەبێت، ئەوەی بە حەقی عەمار گوتراوە: ئەگەر خەڵک ناکۆک بوو، ئیبن سومەیە لە سەر حەقە، خەڵکێکی بێ مروەت و خراپەکار دەتکوژن، داوایان لێ دەکەیت بێن بۆ بەهەشت و داوات لێ دەکەن پڕۆیت بۆ دۆزەخ، عەمار گوتی، پەنامان بە خودا بێت لە فیتنەکاری.
گوتیان: عوسمانی کوڕی مەزعون پیاوێکی پاک و پۆشتە بوو، ئەگەر خشتێکی هەڵبگرتایە لە کراسەکەی بە دووری دەگرت بۆ ئەوەی خۆڵەکەی بەری نەکەوێت و ئەگەر تۆزی بەربکەوتایە یەکسەر لای دەبرد، عەلیی کوڕی ئەبووتالیب تەماشایەکی کرد و ئەم شیعرەی بۆ هات:
يدأب فيه قائما وقاعدا لا يستوى من يعمر المساجدا
ومن يرى عن التراب حائدا
لە ڕۆیشتن و دانیشتندا هەر خەریکی خۆیەتی کە خۆڵی لەسەر نەنیشێت، بەم ڕەفتارەش مزگەوت بنیاتنانرێت.
ئەم قسەیەیش عەمار کوڕی یاسر دەیگوتەوە، ئەو نەیدەزانی مەبەست لێی کێیە، بۆ

عوسمانی کوڕی مەزعونی دەگوتەوە، عوسمان وای دەزانی کە عەمار دەیەوێت گێچەڵی پێ بکات، پێی گوت: ئەی کوڕی سومەیە، نازانم گێچەڵ بە کێ دەکەیت، واز دەهێنیت یان بەم ئاسنە تێروپڕ بتکوتم (ئاسنێکی لا بوو) یان دەموچاوت بکوتم. لە لایەکی تردا دەڵێت: وای دەبینم کە بەم دارە لوتت دەشکێنم (دارێکی بە دەستەوە بوو) پێغەمبەری خودا گوێی لێ بوو، توورە بوو، گوتی: عەمار کوڕی یاسر پێستی نێوچەوانمە و دەستی خستە سەر چاوی. خەڵک بە عەماریان دەگوت، پێغەمبەری خودا توورە بوە، دەترسین قورئان بە سەرماندا دابەزێت، گوتی: من ڕازیی دەکەم، هات بۆ لای و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، هاوڕێکانت چییان لێم دەوێت؟ گوتی: چیت دەوێت و چییان دەوێت؟ گوتی: دەیانەوێت بمکوژن، ئەوان خشت خشت هەڵدەگرن و دوو خشت دەخەنە سەر پشتی من، پێغەمبەری خودا دەستی گرت و سوڕی دا بە دەوری مزگەوتەکە و، خۆڵی لە سەر قژی لە پشتە سەرییەوە (واتە پەلک) دەسڕی، دەیگوت: قوڕ بە سەر ئەو خراپەکارانەی بیانەوێت عەمار بکوژن، ئەم داوایان لێ دەکات بڕۆن بۆ بەهەشت و ئەوان داوای لێ دەکەن بڕۆن بۆ دۆزەخ. هەندێکیان لە خۆیەوە زیادەی خستوەتە سەر. وەك ئەوانە خودا شەفاعەتی منیان بۆ قبوڵ ناکات لە ڕۆژی قیامەتدا.

ئیبن کەسیر دەڵێت: ئەوەی ئەمەی گێڕاوەتەوە، بەم زیادەوە، درۆی بە دەم پێغەمبەری خوداوە ناوە، لەبەر ئەوەی ئەم شتەی نەگوتوە، لە هیچ کەسێکەوە نەگوازراوەتەوە، کە متمانە پێ کراو بێت. ئیمام ئەبووعەباس کوڕی تەیمیە دەڵێت: ئەمە درۆیەکە خراوەتە سەر فەرموودەکە، هیچ کەسێک لە زانا ناسراوەکان نەیگێڕاوەتەوە، کە پشتگیریی دیاری هەبێت، هەروەها لە قسەکانیدا (عەمار پێستێکی نێو چەوانمە) هیچ پشتگیریی نییە، ئەوەی لە سەحیحدا هاتوە، کە کۆمەڵەیەکی خراپەکار عەمار دەکوژن. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: لە ئیبن ئەلعالیە وەری گرتوە: گوێم لێ بوو گوتی بکوژی عەمار لە ئاگردایە. گوتوویەتی: شتێکی سەرسوڕهێنەرە کە ئەبوو عالیە بکوژی عەمار بێت لە ڕۆژی سەفین دا، ئەبوو عالیە لەگەڵ مەعاویەدا بوو عەماریش لەگەڵ عەلی.

ئەمەیە چیرۆکەکەی عەمار، کە لە کاتی بنیاتنانی مزگەوتەکەدا بوە، وەک دەڵێن، ئەوەی زانراوە کە عەمار لە شەڕی سەفین لەگەڵ عەلیدا بوو لە دژی کۆمەڵەکەی مەعاویەدا شەڕی کرد و کوژرا، وا باس دەکەن کە لەو کاتەی دەرچوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، ماستیان بۆ هێناوە و پێکەنیوە، پێیان گوتوە: چی وات لێ دەکات پێ بکەنیت؟ گوتوویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو گوتی: دوا خواردنەوەت کە بیخۆیتەوە لە کاتی مردنتدا ماستە. ئەم قسانە هەموویان ئەگەر ڕاست بن، نیشانەی ئەوەن کە حەق لەگەڵ عەلیدا بوە، نەک مەعاویە، با باسی ئەوە بکەین کە باوەڕ بە حەقیقەت بکەیت نەک مێژوو، دەڵێین:

پێش هەموو شتێک دەبێت بزانین ئایا حەق لای عەلی بوە نەک مەعاویە، یان لەگەڵ مەعاویە بوە نەک عەلی، ئەمەیش مەسەلەیەکی شەخسییە لە نێوان دوو پیاو لە پیاوانی موسوڵمان. هەر یەکە و حزبێکی هەیە پشتگیریی لێ دەکات و پاڵپشتی دەکات دژ بە دوەم، مەسەلەکە لە سەر ئایینەکان نییە، هەر چەند ناکۆکی لە نێوانیاندا لە سەر خیلافەت بوو، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر وا دابنێین کە خیلافەت لە مەسەلە ئایینییەکانە، ئەوە ناڵێین کە بۆ ئەمەیە و بۆ ئەوە نییە، یان بۆ ئەمە بێ ئەو کارێکی ئایینییە. لەبەر ئەوەی جادە کەسی بۆ خیلافەت دیاری نەکردوە، کەسی بۆ ئەوە تایبەتمەند نەکردوە بۆ ئەوی تر نەبێت، بەڵام خستییە دەست شوورا لە نێو موسوڵماناندا، هیچ مەرجێک بۆ ئەو کەسە دانەنراوە کە هەڵدەستێت بەو کارە، جگە لەوەی لە قورەیش بێت، وەک پێشتر بە دووروودرێژی باسمان کرد.

ئینجا ئەم پرسە، مەبەستم ئایا حەق لەگەڵ عەلییە یان مەعاویە، ئەمڕۆ بوەتە پرسێکی مێژوویی، لە نێو موسوڵماناندا، دەکرێت هەر کەسێک گرینگی بە مێژوو دەدات و بە پێی توانای خۆی تەماشای بکات و لێی ورد بێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی ڕاستیی ئەم مەسەلەیەی بۆ دەربکەوێت و ڕوون ببێتەوە، نەک بیکاتە ئایینێک خودای پێ بپەرستێت.

بەڵام ئێمە دەڵێین: لەوانەیە حەق لەگەڵ عەلیدا بێت نەک مەعاویە، لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە و لەوانەیش نییە کە ئەم قسانە لە لایەک لە لایەنەکانەوە ڕاست بن، لەبەر ئەوەی محەمەد لە غەیبی نەزانیوە: (ئەگەر لە غەیبم بزانیبا خێر و خۆشیم زیاد دەکرد و هیچ تووشی خراپەیەک نەدەبووم). ئەوەی دەیبینین کە حیزبایەتیکردن بۆ عەلی لە لایەک و کوشتنی عەمار کە لەگەڵ عەلیدا بوە لە لایەکی ترەوە، دوو هۆکارن بۆ دانانی ئەم قسانە. هەروەها خواردنەوەی ماست لە لایەن عەمارەوە لە کاتی دەرچوونی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە شەڕەکەدا،

وای کردوە کە ئەم فەرموودەیە دابنرێت (دوا خواردنەوەت خواردنی ماستە) هەروەها کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان لەو کاتەدا کە کوژرا و قورئانی لە کۆشدا بوو، دڵۆپێک لە خوێنەکەی کەوتە سەر: {فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} [البقرة: 137].پێشتر واتاکەی نوسرا.
ئەم دڵۆپە خوێنەی کەوتە سەر قورئان و ئەم قسانەی دروست کرد، کە حاکم باسی کرد، لە ئیبن عەباسەوە وەری گرتوە، پێغەمبەری خودا ڤوتوویەتی: ئەی عوسمان دەکوژرێیت و تۆ لەو کاتەدا بەقەرە دەخوێنیت (سورەتی بەقەرە) و دڵۆپێک خوێن لە خوێنەکەت دەکەوێت بە سەر (فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ)دا. وەک ئەم قسانە فەرموودەی زۆر هەن کە لە دوا جاردا ڕووداوەکان دروستی کردوون، لە سەر زمانی حیزبایەتیکردنی سیاسی. لەوانەیە هەندێکیان لێ کۆ بکەینەوە و دواتر قسەی لە سەر بکەین.

گۆڕینی قیبلە
ئەوەمانزانی کە قیبلەی عەرەب لە کاتی جاهیلیەتدا (بیت المقدس) بوو، کە زیارەتیان دەکرد و بە دەوریدا دەخولانەوە و خۆیان پێدا دەسڕی و حەج و عومرەیان بۆ دەکرد، لەبەر ئەوەی بە پێی بۆچوونی ئەوان ماڵی خودا بوە، کە خودا لەوە باڵاترە ماڵی هەبێت و دوور لە هیچ ماڵێکی تر تێیدا نیشتەجێ بێت، یان شوێنێکی هەبێت بێ هیچ شوێنێکی تر، یان لەبەر ئەوەی ماڵی خودای خۆیان و بتەکانیان بوە. خول خواردنەوە بە دەوری کەعبەدا یەکێک بوە لە ڕوکن و پێویستییەکانی حەج لای ئەوان، واتە لای بتپەرستان.
محەمەد یەکێک بوو لەوان، لەوێ پەروەردە بوو، لە نێو ئەواندا گەورە بوو، بینینی بۆ کەعبە هەر وەک ئەوان بوو، بە پیرۆزی داناوە و بە دەوریدا خولی خواردوەتەوە و خۆی بە گۆشەکانیدا سڕیوەتەوە. ئەمە ئەوەی پێشتر باسمان کرد ڕەت ناکاتەوە، کە گوتمان لە دەرەوەی نەریتی قەومەکەی بوە، لەبەر ئەوەی دەرچوونی لە نەریتەکان لە هەموو شتەکان بە ڕەهایی نەبوە. ئەگەر وا بێت هیچ سەرسوڕمانێکی تێدا نییە، کە لە پاش پێغەمبەرایەتیی کەعبە بە قیبلە دادەنرێت بۆ نوێژکردن.
حەلەبی لە سیرەتەکەیدا لە (الامتاع) گواستوویەتیەوە: نوێژکردن لە پێش ئیسرا تەنها لە شێواندا بوە، ئینجا بوە بە نوێژی بەیانییان و شێوان هەر یەکە و دوو ڕوکعەت و نوێژکردنیش ڕوەو کەعبە بوە، ڕوویان بەرەو بەردی ڕەش بوە. دەڵێت ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، هیچ ڕوویان لە (بیت المقدس) نەکردوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە نێوان هەر دوو گۆشەی ئەسوەد و یەمانیدا نوێژی نەکردایە ڕوەو قودس نەدەبوو، وەک لە فەرزکردنی پێنج فەرزەی نوێژی لە مەککەدا کرد.
بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە، دەڵێم: قودس دەکەوێتە وڵاتی شام، وڵاتی شامیش دەکەوێتە باکووری مەککەوە، وەک چۆن یەمەن دەکەوێتە باشوورییەوە. ئەوەی ڕوونە کە کەعبە بناغەکەی چوارگۆشەیە کە چوار لای هەیە. ئەو لایەی دەکەوێتە لای یەمەنەوە بەردی ڕەش و گۆشەی یەمانییە کە دەکەونە هەر دوو لاکەیەوە، ئەگەر مرۆڤ لەوێدا لە نێوان ئەو لایەدا هەڵبسێت بۆ ڕووکردنە کەعبە ڕووی لە شامیش دەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەگەر لە نێوان ئەو دوو گۆشەدا ڕوو لە بەردە ڕەش بکات، کە دەکەوێتە لای ڕاستیی ئەو لاتەرییەی، ڕووی لە شامە واتە بۆ باکوور نابێت، بەڵکوو ڕووی بەرەو خۆرئاوای باکوور دەبێت.
ئەوەی دەیبینین کە دەڵێت (ڕوەو بەردی ڕەش بوو) وا فەرز ناکات کە لە هەموو نوێژێکدا ڕوویان لێ کردبێت، لەوانەیە ئەو پێشوازی و ڕووکردنە ئەوە بە ڕێکەوت بووبێت، لەبەر ئەوەی لە لایەنێکی کەعبەوە نوێژی بکردایە ڕووی دەکردە ئەوێ، لەو کاتەدا وا ڕێککەوتوە کە ڕووی لە بەردە ڕەش بێت.
محەمەد لە نوێژکردنی دوو ڕوکعاتی بەیانی و ئێوارەدا ڕوەو کەعبە بەردەوام بوو، تا پێنج فەرزەی نوێژ کە لە خەونیدا، لە خەونبینینەکەی ئیسرادا بینیی، لە ساڵی دوانزەیەمی پێغەمبەرایەتی، واتە پێش کۆچکردن بە یەک ساڵ. لەوێدا کە لە مەککە بوو نوێژی ڕوەو قودس کرد، بەڵام قەت وازی لە کەعبە نەهێنا، بەڵکوو لە هەر دوو گۆشەکەی بەردی ڕەش و گۆشەی یەمانی نوێژی دەکرد، کە بەوەیش ڕووی بەرەو شام دەبوو، کەعبە لە نێوان خۆی و شامدا دەبوو، وەک ئەوەی هەر دوو قیبلە کەعبە و (بیت المقدس)ی لە نوێژکردندا کۆ کردەوە.
بەڵام ڕووکردنە بەیتی مەقدەس وەک قیبلە لە پاش ئیسرادا، دەڵێین: محەمەد زانیی کە بەیت ئەلمەقدەس ئەو ماڵەیە کە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل لە کاتی پێغەمبەرایەتییاندا سەر بە ئەوێ بوون و ئەوێ قیبلەیان بوە، وەک یەهوودەکان دەڵێن و، لە گێڕانەوەی زوهریدا هاتوە: خودا هیچ پێغەمبەرێکی لە دابەزینی ئادەمەوە لە سەر زەوی نەناردوە، کە قیبلەی بەردی بەیتی

مەقدەس نەبێت. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەمەیش لە ڕووکەشدا لەگەڵ قسەی ئیمام سەبەکیدا یەک دەگرێتەوە لەو شیعرەیدا کە دەڵێت:
وكل نبی ما له غير قبله وصليت نحو القبلتين تفردا
واتا: هەموو پێغەمبەران یەك قیبلەیان هەبووە، تۆ بەتەنها رووەو دوو قیبلە نوێژت کرد.
هەندێك بەوە شییانکردوەتەوە دەڵێن؛ قیبلەی هەر پێغەمبەرێک بەیت مەقدەس بوە. ئەمە (مەبەستم، زانیویەتی کە بەیت مەقدەس قیبلەی سەرجەم پێغەمبەران بوە.) ئەمەیش بەسە بۆ ئەوەی لە سەرەتای پێغەمبەرایەتییەکەیەوە بەیتی مەقدەسی وەک قیبلە بە کار هێناوە، بەڵام ئەو بیرەی زاڵ بوو بە سەریدا کە کەعبە بە پیرۆز بزانێت، ماڵی خودایە و ئیبراهیم بنیاتی ناوە و عەرەب حەجی بۆ کردوە و پیرۆزی کردوە. سەرەتا نوێژی بۆ کەعبە دەکرد تا خەونی ئیسرای بینی، ئەو خەونەی کە سەردانی بەیتی مەقدەسی کرد و لەگەڵ پێغەمبەراندا کۆ بوەوە و نوێژی پێ کردن، ئینجا هیمەتی زیاد بوو بۆ بە قیبلە بەکارهێنانی، یەکلایی بوەوە، کە بۆ تەواوکردنی پێغەمبەرایەتی لە نوێژکردندا دەبێت ڕوو بکاتە بەیت ئەلمەقدیس. بەڵام ئەم خەونەی، پیرۆزیی کەعبەی لە دڵدا هەڵنەکەند، بەڵکوو هەر وەک پێشتر تەماشای دەکرد، بۆیە بە هیچ شێوەیەک وازی لێ نەهێنا، بەڵکوو کەعبە و بەیت مەقدەسی کۆ کردەوە، لە مەککەدا وای بینی کە کۆکردنەوەی ئەو دوانە، بەو شێوەیەی پێشتر باسمان کرد، دەکرێت. لای من خۆهەڵواسین و باوەڕبوونی محەمەد بە کەعبە گەورەترین هۆکار بوو بۆ گۆڕینی قیبلە لە بەیت مەقدەسەوە بۆ کەعبە، کە لە مەدینەدا بوو، وەک دواتر باسی دەکەین. لە گێڕانەوەی ئیبن عەباسدا هاتوە، لەو کاتەی پێغەمبەری خودا کۆچی کردوە بۆ مەدینە و یەهوود ڕوو دەکەنە بەیت مەقدەس، خودا فەرمانی پێ کردوە، ڕوو بکاتە بەیت مەقدەس، لەمەوە دیارە کە بەرەو ڕووی بەیت مەقدەس نوێژی نەکردوە، تا کۆچی کردوە بۆ مەدینە. ئەمە ڕاست نییە، بۆیە هەندێکیان شییان کردوەتەوە، دەڵێن: واتای ئەوەیە خودا فەرمانی پێ کرد، بەردەوام بێت لە ڕووکردنە بەیت مەقدەس. هەندێکیان دەڵێن: کاتێک پێغەمبەری خودا بە دوای هەر دوو قیبلەدا دەگەڕێت و ڕووی تێ دەکات لە مەککەدا، واتە کەعبە دەخاتە نێوان خۆی و بەیت مەقدەس، ئەو ڕووکردنە بەیت مەقدەسەی بۆ خەڵک دەرناخات، تا لە مەککە دەرچوو بۆ مەدینە و لەوێ ڕووکردنە بەیت مەقدەسی دەرخست، لەبەر ئەوەی ڕووی گۆڕی بۆ قیبلە، وا بە هەڵەدا چوون، کە ڕووکردنە بەیت مەقدەس وەک قیبلە، سەرەتا لە مەدینەدا بوە، نەیدەزانی ئەوە بەردەوامیی ئەوەیە کە لە مەککە کردوویەتی. ئەمەیە کە بەهەڵەداچوونی دروست کردوە لە قسەکانی ئیبن عەباسدا.
محەمەد لە مەدینە شانزە مانگ ڕەوو بەیت مەقدەس وەک قیبلە نوێژی کردوە، گوتیان: حەڤدە مانگ، ئینجا بۆ کەعبە گۆڕیویەتی. پێش ئەوەی هۆکاری گۆڕینەکەی باس بکەین، باسی بەرائی کوری مەعرورت بۆ دەکەین کە جیاواز لە قەومەکەی لەو کاتەدا کە بۆ حەج بەرەو مەککە دەرچوون نوێژی بۆ کەعبە دەکرد، لەو ساڵەی کە بەیعەتی عەقەبەی دوەمی تێدا بوو.
لە کەعب کوری مالیکەوە دەڵێت: لەگەڵ قەومەکەمان دەرچووین بۆ حەج و بەرائی کوری مەعروری گەورە و شێخمان لەگەڵماندا بوو، کاتێک لە مەدینە دەرچووین بەرائ پێی گوتین: من ڕایەکم هەیە ئایا ڕازین لە سەری یان نا، گوتی: گوتمان: چییە؟ گوتی: وا دەبینم کە ئەم بینایە (واتە کەعبە) کە دەکەوێتە پشتەوە، بۆ ئەوەی دەرکەوێت، نوێژی بۆ دەکەم. گوتی: گوتمان: بە خودا نەمانبینیوە پێغەمبەر جگە لەوەی ڕەوو شام بۆ هیچ جێیەک نوێژی کردبێت (واتە بەیت مەقدەس)، نامانەوێت لەگەڵ ئەودا ناکۆک بین، گوتوویەتی: من نوێژی بۆ دەکەم، پێمان گوت: بەڵام ئێمە نایکەین. گوتی: لە کاتی نوێژدا ڕوومان لە شام و پشتمان لە کەعبە بوو، بەڵام ئەو ڕووی کردە کەعبە و پشتی لە شام بوو، بە عەیبەمان دانا، ڕازی نەبوو جگە لەوەی بەو شێوەیە نوێژ بکات. کاتێک گەییشتینە مەککە، پێی گوتم: ئەی برازا، بمانبە بۆ لای پێغەمبەری خودا تا ئەوەی لە سەفەرەکەم کردم پێی بڵێم، بە خودا ناکۆکبوونتان لەگەڵمدا لەو بارەیەوە شتێکی لام دروست کرد. گوتی: دەرچووین پرسیار لە پێغەمبەر بکەین، نەماننناسی لەبەر ئەوەی پێشتر نەمانبینیبوو. پیاوێکی خەڵکی مەککەمان بینی و پرسیاری پێغەمبەرمان لێ کرد. گوتی: دەیناسن؟ گوتمان: نەخێر. گوتی: عەباسی کوری عەبدولموتەلیبی مامی دەناسن؟ گوتمان: بەڵێ، عەباسمان دەناسی، وەک بازرگان دەهات بۆ لامان. گوتی: ئەگەر چوونە مزگەوت، ئەو پیاوەیە کە لەگەڵ عەباسدا دادەنیشێت. چووینە مزگەوتەکە و عەباسمان بینی دانیشتوە و پێغەمبەری خودا لە تەنیشتی بوو، سڵاومان کرد و دانیشتین، پێغەمبەری خودا بە عەباسی

گوت: ئەی ئەبووفەزڵ ئەم دوو پیاوە دەناسیت؟ گوتی: بەڵێ ئەمە بەرائی کوڕی مەعروور گەورەی قەومەکەیەتی و ئەمەیش کەعب کوڕی مالیکە، بە خودا قسەکانی پێغەمبەری خودام لە بیر ناچێت. شاعیر، گوتی: بەڵێ. بەرائی کوڕی مەعروور پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خودا من لە سەفەرەکەمدا وام بە باش زانی کە لە نوێژکردندا، پاش ئەوەی خودا ئیسلامی پێ بەخشیم، من ڕوو لەم بینایە بکەم، بەڵام هاوڕێیانم ناکۆک بوون لەگەڵمدا و کاریان تێ کردم، ئەی پێغەمبەری خودا تۆ چۆن دەبینیت؟ گوتی: ئەگەر سەبرت بگرتایە لە سەر قیبلە دەبوویت. .بەرائـ گەڕایەوە بۆ قیبلەی پێغەمبەری خودا کە بەیت مەقدەس بوو

لەمەدا دەزانین پێش ئەوەی محەمەد قیبلەی بۆ کەعبە بگۆڕێت بەرائـی کوڕی مەعروور قیبلەی بۆ کەعبە گۆڕیوە، بەرائـ ئەوەی نەکرد ئەگەر کەعبە لای عەرەب لە بەیت مەقدەس پیرۆزتر نەبوایە. بێگومان ئەوەی کە بەرائـ کردی لە پشتکردنە بەیت مەقدەس و ڕووکردنە کەعبە، کاریگەریی لە ناخی پێغەمبەردا بە جێ هێشت، ئەو کاریگەرییە لەو هۆکارانە بوو کە وای لە محەمەد کرد قیبلە لە بەیت مەقدەسەوە بگۆڕێت بۆ کەعبە، ئەمەیش پاش کۆچکردن بۆ مەدینە .بوو. لە نێوان نوێژی بەرائـ بۆ کەعبە و نێوان کۆچکردن بۆ مەدینە تەنها سێ مانگ بوو

بەڵام وەڵامەکەی محەمەد بۆ بەرائـ بە گوتەی: (ئەگەر سەبرت بگرتایە لە سەر قیبلە دەبووی) وەڵامێکی شل و خاو بوە، بێ توندی و بێ سەرزەنشتکردنی ئەوەی بەرائـ کردوویەتی، ئەمە نیشانەی ئەوەیە، محەمەد ئەم بابەتەی لە سەر بەرائـ گەورە نەکردوە و بە خراپی لە قەڵەمی نەداوە و پێی نەگوتوە کە تۆ دژی فەرمانی خودا وەستاویت و تۆبە بکە و داوای لێبوردن بکە، تەنانەت نەیگوتوە نوێژەکانت دووبارە بکەرەوە، لەگەڵ ئەوەدا محەمەد بە خۆی لەو کاتەدا وازی لە نوێژکردن بۆ کەعبە نەهێنابوو، کەعبەی خستە نێوان خۆی و شامدا (بەیت مەقدەس) لە وەستانی لە نێوان هەر دوو گۆشەی ڕەش و یەمانیدا وەك پێشتر باسمان کرد، ئەوەیش وا دەردەکەوت کە نوێژ بۆ هەر دوو قیبلە دەکات، بە تەماشاکردنی ئەمە وا دەردەکەوێت کە بەرائـ بەو کارەی سەرپێچییەکی گەورەی نەکردوە، بەڵکوو لە نوێژەکەی تەنها ڕووی لە یەک قیبلە .کردوە

گوتمان: ئەوەی بەرائی کوڕی مەعروور کردی کاریگەریی لە سەر ناخی محەمەد بە جێ هێشت و وای لێ کرد بیر لە مەسەلەی قیبلە بکاتەوە. کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینە، هۆکاری تر دەرکەوتن ئەم کاریگەرییەیان بەهێزتر کرد لە ناخیدا و وای لێ کرد کە بڕیاری گۆڕینی قیبلە بۆ .کەعبە بدات

لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: ئەوەی گۆڕیی (واتە قیبلە) وای بە باش زانی کە کەعبە قیبلەی بێت، بەتایبەتی پاش ئەوەی زانی کە یەهوود دەڵێن محەمەد ناکۆکە لەگەڵماندا کەچی دوای قیبلەکەمان دەکەوێت (لە مەدینەدا). لە گێڕانەوەیەکدا بە موسوڵمانیان گوتوە: ئەگەر ئێمە لە سەر ڕێگەی ڕاست نەبووینایە، نوێژتان بۆ قیبلەکەی ئێمە نەدەکرد و لەوەیشدا ئێمەتان بە پێشڕەو نەدەزانی. لە قسەکردنێکی تردا دەبوایە ڕووی لە کەعبە بکردایە وەک خۆشەویستییەک بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ڕقێك لە ڕازیبوونی یەهوود. ئەم قسانەی یەهوود .لەوانەیە یەکێک بووبێت لە هۆکارەکانی گۆڕینی قیبلە

قسەیەکی تر، کافرەکانی قورەیش، بە موسوڵمانانیان دەگوت، بۆچی دەڵێن ئێمە لە سەر میللەتی ئیبراهیمین و، ئێوە واز لە قیبلەکەی دەهێنن و نوێژ بۆ قیبلەی یەهوود دەکەن.

لەوانەیشە کە ئەمە گەورەترین و گرینگترینیانە -وەک دەیبینم- حەلەبی لە سیرەتەکەیدا باسی کردوە: کاتێک کۆچی کرد بۆ مەدینە کە ڕووی کردە بەردی بەیت مەقدەس و پشتی لە کەعبە .بوو، لە مەدا پێی ناخۆش بوو

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، بەیت مەقدەس لە باکووری مەدینەیە و مەککە لە باشووریەتی، هەر کەسێک ڕوو بکاتە بەیت مەقدەس لە مەدینەوە، پشتی لە مەککە دەبێت. ئەم وەزعە لە مەککەدا وا نەبوو، لەبەر ئەوەی کە ڕووی دەکردە بەیت مەقدەس کەعبەی دەخستە نێوان خۆی و شامەوە، بەو شێوەیەیش ڕووی لە کەعبە دەبێت نەک پشتی، بەو کارە لە نێوان هەر دووکیاندا کۆکردنەوەیەک دەبێت بۆ هەردوو قیبلە لە مەککەدا و، ئەمەیش لە مەدینە نابێت.

ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی قیبلە لە مەدینەدا، لەبەر ئەوەی پشتتێکردنی کەعبە، کە شوێنی ڕووکردنە ئەوێ و تەوافکردنی عەرەب بوو پیرۆز بوو لایان، لەگەڵ ئەو ئامانجەدا ناگونجێت کە محەمەد بیری لێ دەکردەوە و هەوڵی بۆ دەدا، ئەمە بە زەرووڕەت وای فەرز کرد کە گۆڕینی قیبلە خۆی فەرز بکات. ئەوەی ناشارڕێتەوە کە قیبلە کارێکی ئاسان نییە و

دەبێت دەرئەنجامەکەی بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بۆ ئەوەی خراپیی لێ نەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەگەر باش نەکەوێتەوە باوەڕی موسوڵمانان گومانی تێ دەکەوێت و گومان و دڵەڕاوکێ دروست دەکات، وەک ڕووی دا، کاتێك قیبلە گۆڕا هەندێک لە موسوڵمانبوونیان پاشگەز بوونەوە. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: (ئینجا کۆمەڵێک پاشگەز بوونەوە لە ئیسلام و گوتیان جارێک بەم لا و جارێک بەو لادا دەیکەن) هەندێکیان گوتیان نازانین محەمەد ڕوو دەکاتە کوێ، ئەگەر یەکەم ڕاست بێت، وازی لێ هێنا و ئەگەر دووەم ڕاست بێت واتە پێشتر لە سەر ناحەقی ڕۆیشتوە. ئیبن قەییم گوتی: قسەی زۆر کرا لە کاتی گۆڕینی قیبلەدا، لە لایەن بێ بەهایان و نەزانانی خەڵکەکەوە، وەک خودا دەفەرمووێت: {وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ} [البقرة: 143]. واتە ئەمەیش میحنەتێک بوو کە خودا کۆیلەی خۆی تاقی کردەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کێ دوای پێغەمبەر دەکەوێت و کێ وەردەگێڕێت بەرەو دواوە.

فەرمانی گۆڕینی قیبلە پێویست بە هێوری و دووربینی و بە ڕێکخستن و بەباشی بەڕێکردنی دەکات، تا دەرئەنجامەکەی بە خراپ نەکەوێتەوە، بۆیە محەمەد لەمەدا خێرا نەبوو، بەڵکوو بیرکردنەوە و هێوری و هێمنییەکی باشی بە کار هێنا، کە موکوڕ بوو لە سەر گۆڕینی قیبلە و لە کاتی نوێژکردندا زیاتر تەماشای ئاسمانی دەکرد، بۆ ئەوەی قەومەکە وا تێ بگەن چاوەڕێی شتێک دەکات لە ئاسمانەوە، نەیگۆڕی تا هەندێک شتی بۆ دابەزاند و قسەی لە سەر کرد و پێشەکیی قورئانی بۆ هێنایەوە. ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: کە فەرمانی گۆڕینی قیبلە کارێکی وا گەورە بوو، وای دەرخست کە (پێش گۆڕینەکە) فەرمانی کۆپی واتە نەسخکردن و توانای خودای لەو بارەوە ڕوون کردەوە، کە کۆپی کرا و مەنسووخ باشتر دەکاتەوە یان وەک خۆی دەبێت. ئینجا پاش ئەوەی سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە کەللەڕەقییان لەگەڵ پێغەمبەر کرد و نکۆڵییان لێ کرد، ئینجا گوتی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و هەر شوێنێک ڕووی تێ بکەیت دەموچاوی خودای تێدایە، کە زۆر فراوان و دانایە، لە گەورەیی و فراوانی و بوونی لە هەر جێگەیەکدایە و کۆیلە ڕوو لە هەر کوێیەک بکات دەموچاوی خودای لێیە. ئینجا لە سەر ئەوانەی دەچنە دۆزەخ لەوانەی دوای ناکەون و باوەڕی پێ ناکەن، پرسیار لە پێغەمبەرەکەیان ناکەن، ئینجا خەڵکی یەهوود و نەسرانی و خاوەن کتێبەکان لێی ڕازی نابن ئەگەر سەر بە میللەتی خۆی نەبێت، پەنا دەباتە بەر خودا و لە خودا زیاتر هیچ کەسێک پاڵپشت و سەرخەری نییە. ئینجا هاوتەریبەکەی پێی گوتوە، کە ماڵی حەرامی بنیات ناوە و مەدح و سەنای کردوە و هەواڵی پێ داوە کە دەبێتە ئیمامی خەڵک و خەڵکی زەوی دێن بۆ لای. ئینجا فەرمانی بە باوەڕپێکەرەکانی کردوە کە کارەکەی تەواو بکەن و بەوەی بۆی دابەزیوە باوەڕی پێ بکەن، وەک بۆ ئیبراهیم و خزمانی و کەسوکارەکەی یەهوود و نەسارا بوون. ئەمە هەمووی پێشەکیی ڕێخۆشکەر بوون لە کاتی گۆڕینی قیبلەدا، لێرەدا قسەی ئیبن قەییم تەواو دەبێت.

ئەو ئایەتانەی کە ئیبن قەییم لە قسەکانیدا ئاماژەی پێ کردوە، هەمووی لە سورەتی (البقرە) بوون، پێویست بەوە ناکات دەقەکانی دیاری بکەین لەبەر ئەوەی زانراون، لە قسەکانی ئیبن قەییمدا وا دەردەکەوێت کە پێش گۆڕینی قیبلە دابەزیون، ئەگەر نا، ئەگەر پێش گۆڕینەکە دانەبەزیبێت، هیچ ڕاست نییە بڵێین پێشەکی و ڕێخۆشکەر بوون لەو ساتەی گۆڕینی قیبلەدا هاتە ئاراوە، وەک چۆن لەو بارەوە قسە دەکات، ئەوەی نیشانەی ئەوەیە محەمەد زۆرزانی و هیمەت و توندوتۆڵیی گەورەی بەم پێشەکییانەی قورئانەوە نەبەستوەتەوە، بەڵکوو زۆر ئاگای لەوەیش بوە، کە هەر کەسێک گوێی لەوە بوایە باوەڕی پی دەکرد، کە گۆڕینی قیبلە بە فەرمانی خودا بوە، ئێمە لێرەدا باسی چۆنێتیی گۆڕینەکەت بۆ دەکەین، ئەوەیشت لە بیر نەچێت کە لەو کاتانەدا نوێژی دەکرد زیاتر ڕووی لە ئاسمان دەکرد. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: پێغەمبەری خودا دەرچوو سەردانی دایکی بەرائـ کوری مەعروور بکات، کە لە بەنی سەلمە بوو (لەو کاتەدا بەرائـ مردبوو) چێشتی بۆ لێ نا، کاتی نوێژی نیوەڕۆ بوو، پێغەمبەری خودا نوێژی بە هاوەڵانی لە مزگەوت کرد، کاتێک دوو ڕوکعەت نوێژی کرد، لەو کاتەدا جبریل هات بۆ لای، ئاماژەی پێ کرد کە نوێژ بۆ کەعبە بکات و ڕوو لەو شوێنە بکات، پێغەمبەری خودا ڕووی وەرگێڕا بۆ کەعبە و ژنان چوونە شوێنی پیاوان و پیاوان بۆ شوێنی ژنان، گوتیان: لەو کاتەدا ڕوکعەیەکیان کردبوو، گوتی: لە پێشەوەی مزگەوتەکەوە ڕۆیشت بۆ پشتەوەی مزگەوتەکە و ڕووی کردە کەعبە، لە مەدینەوە وا فەرز دەکات کە پشت لە بەیت مەقدەس بکات، هەروەها هەر کەسێک ڕوو لە بەیت مەقدەس بکات، دەبێت پشتی لە کەعبە بێت، گوتی: ئەگەر لە شوێنی خۆی ڕووی وەرگێڕابا، شوێن لە دوای نەبوو، کە جێگەی ڕیزی نوێژکەران بکاتەوە.

تەماشا بکە چۆن قیبلەی بۆ کەعبە گۆڕیوە، لە کاتێکدا لە حاڵەتی ڕوکعەی نوێژدا بوە، ئەوەی ناشارێتەوە، کە گۆڕینی لە کاتی نوێژکردندا پێوەندیی بە تەماشاکردنی ئاسمان لە کاتی نوێژکردنییەوە هەیە، وەک چاوەڕێکەرێک بۆ ئەوەی شتێک بۆی دابەزێت و بە فەرمانێك قیبلە بگۆڕێت، ئەوەی نیشانی دەدات کە وەحی لەم بارەوە بۆی دابەزیبێت ئەوەیە: {قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ} [البقرە: 144]. واتا: ئینجا ڕۆیشتنی بۆ ماڵی بەرائی کوڕی مەعروور لەو ڕۆژەدا، بۆ سەردانی دایکە بێوەژنەکەی دایکی بوشر، پێوەندیی بە گۆڕینی قیبلەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەرائ پێشتر قیبلەی گۆڕیبوو، پێشتر باسمان کرد، وەک ئەوەی لە ڕۆژی گۆڕینەکە و ڕۆیشتنی بۆ ماڵی بەرائ ویستبێتی ببێت بە زمانحاڵی و بڵێت: ئەی بەرائ لە گۆڕەکەتدا بە ئیسراحەت بخەوە، ئەو شتەی پێشتر ویستت ئەمڕۆ تەواو بوو. ئەمەیش پشتگیریی قسەکانی پێشوومان دەکات: ئەوەی بەرائ ویستی لە نوێژکردن بەرەو کەعبە، کاریگەریی خۆی لە سەر محەمەد هەبوو، ئەمەیش لەو کۆمەڵە هۆکارانە بوو، کە وای لێ کرد قیبلە بگۆڕێت بۆ کەعبە.
حەلەبی لە سیرەتەکەی لە پاش باسکردنی چیرۆکی گۆڕینەکە دەڵێت: یەکەمین کۆپیکردنەوە واتە (نسخ) دەربارەی قیبلە بوە، لە ئیبن عەباس: یەکەمین نەسخ لە قورئاندا بوو وەک باسمان بۆ دەکات، خودا زیاتر لە کاروباری قیبلە دەزانێت.
دەڵێم: قسەکانی لە قورئاندا یان لە لادانی کۆپیکەرەکە بوە، یان لە هەڵەی حیکایەتخوانان، لەبەر ئەوەی ئایەتە دابەزیوەکان لە سەر گۆڕینی قیبلە هیچ نەسخی لە قورئاندا نەکردوە، هیچ ئایەتێک نییە کە لە نوێژدا فەرمان بکات ڕوو بکەیتە بەیت مەقدەس، کەچی ئەوەی مەنسوخە ئەوەیە دەربارەی ئایەتەکانی گۆڕینی قیبلە لەوێدایە کە بەیت مەقدەس قیبلە بێت، ئەوەی ڕاستە لەو قسانەی باس کران، دەبێت لە (قرآن)دا بێت لە جیاتیی ئەوەی لە (قرآن) دا بێت.
لە گاڵتەجاریی حیکایەتخوانان دەربارەی گۆڕینی قیبلە، ئەوەی لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوە، کە پێغەمبەری خودا بە جبریلی گوتوە: تۆ پرسیارت لە خودا کرد کە ڕوو بکەمە کەعبە، جبریل گوتوویەتی: ناتوانم ئەم مەسەلەیە بە خودای عەزەوەجەل بڵێم، بەڵام ئەگەر پرسیارم لێ بکات پێی دەڵێم. ئەمە لەگەڵ گەورەییی خودا نایەتەوە، بەم پێیە خودا جگە لە پاشایەک لە پاشاکانی مرۆڤ هیچی تر نییە، محەمەدیش جگە لە یەکێک لە کرێکارەکانی هیچی تر نییە. هەروەها جبریل جگە لە نێرراوی پاشا بۆ کرێکارەکەی هیچی تر نییە، لەوەدا بۆ جبریل دەلوێت بە کرێکار بڵێت: من ناتوانم ئەو مەسەلەیە باس بکەم و ئەگەر پرسیارم لێ بکات هەواڵی دەدەمێ. ئەمە لە کوێیە لە گەورەیی خودادا، کە لە سەر زەوی و لە ئاسمانیشدا هیچ شتێکی لێ ناشاررێتەوە، ئەو لە هەموو شتێک دەزانێت، ئەوەی کە خەڵک دەیشارنەوە و دەری دەخەن دەیزانێت، نابێت ئەمە لە محەمەدەوە دەربچێت، بەڵکوو ئەمە لە هەڵبەستنی حیکایەتخوانانە.

(70)
بەستنەوەی بانگەشە بە شمشێرەوە
محەمەد و هاوەڵانی بێهێز و سەرگەردان لە مەککەدا بوون، هیچیان بەرانبەر نەیارەکانیان لە کافرەکانی قورەیش پێ نەکرا. بە گوتار و قسە و ئامۆژگاری داوای لە خەڵك دەکرد ببنە موسوڵمان و، وەك لە قورئاندا هاتوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئاگاداری دەکردنەوە: {ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ} [النحل: 125]. واتە: ئەم ئایەتە بوو بە دروشمی بانگەشەکردن لە مەککەدا، بەڵام پاش بەیعەتی گەورە کە کۆچی کرد بۆ مەدینە، هێز و هەژموونی لە ڕێگەی ئەنسارەکانەوە پەیدا کرد، پاش ئەوەی بەیعەتیان پێ دا و توندوتۆڵ بوو و باڵەکانی بەهێز بوون و کۆچبەرییە دواکەوتەکانی زۆر بوون، ئینجا بۆ ئەوەی شەڕی نەیارە کافرەکان بکات کە دژی بانگەشەکەی بوون، بانگەشەکەی پەیوەست کرد بە شمشێرەوە، بەڵام وەك لە سەرجەم بانگەشەکەدا پلە بە پلە دەڕۆیشت، ئاوهایش پلەبەندیی شەڕکردنیشی بەستەوە بەوەی چەند هێزی شەڕکەری دەبێت.

یەکەم ئایەت دەربارەی شەڕ لە مەدینە دابەزی ئەوەیە: {أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ، الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ} [الحج: 39، 40] واتا: ئەم ئایەتانە دوو شتیان تێدایە: یەکەمیان مۆڵەتدان بە شەڕکردن، واتە ڕێگەپێدراوە نەك فەرز بێت لە سەریان بسەپێنرێت و، دوەمیان: مۆڵەتپێدانیان بۆ شەڕ بە هۆی ئەوەوەیە کە زوڵمیان لێ کراوە و لە شوێنی خۆیان بە ناحەقی دەرکراون. ڕێرەوی ئایەتەکە ئەوە پیشان دەدات، ئەوانەی ڕێگەیان پێ دراوە شەڕ بکەن کۆچبەرانن نەك ئەنسار، لەبەر ئەوەی ئەنسارەکان نە زوڵمیان لێ کراوە و نەیش لە شوێنی خۆیان دەرکراون، بۆیە پێویستی نەکردوە بۆ شەڕ ڕێگەیان بدرێت، لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئەوەی بەیعەتیان بە محەمەد دا، کە بیپارێزن و پشتگیریی بکەن و سەری بخەن، لەوانەیە مۆڵەتەکەیش گشتی بێت بۆ کۆچبەران و ئەنساریش بێت، ئەگەر هۆکارە تایبەتییەکەی بۆ کۆچبەران بێت، ئەوە یەکەم هەنگاوەنانە کە محەمەد لە بارەی شەڕکردنەوە نابێتی. ئینجا هەنگاوێکی تری هاویشت، دوای ئەوەی فەرزی کرد بە سەر موسوڵماناندا، دژ بە وانەی شەڕی دەکەن نەك شەڕی ناکەن، دەڵێت: {وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ} [البقره: 190]، واتە: ئەمەیش شەڕی بەرگرییە. ئەم حاڵەتە تا ساڵی هەشتەمی کۆچی بەردەوام بوو، تا محەمەد هێز و توانا و هەژموونێکی پەیدا کرد کە بتوانێت جاڕی شەڕێکی هێرشبەرانەی گشتی بدات، شەڕی دژ بە موشریکەکان هەموویان، ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ دەکەن و نایشکەن، لە سەر موسوڵمان فەرز کرد، بۆیە سورەتی براوە دابەزی کە پەیمانەکانی موشریکەکانی وەلا نا و خۆی لێ بێبەری کرد و بواری چوار مانگی پێدان، کە مانگە حەرامەکانن، پێی گوتن ئەو لەگەڵیاندا لە شەڕێکی بەردەوامدایە جگە لەم چوار مانگە، ئەمە لە ساڵی هەشتەمەوە بوە" هەندێك دەڵێن ساڵی نۆیەمی کۆچی بوە.
بەم پێیە شەڕ لەمەدا بە پلەبەندی چوار حوکمی هەبوو، دوەم: ڕێگەپێدراوە واتە مۆڵەتدراوە، ئەمەیش لە سەرەتای کۆچکردنەوە لە مەدینە، سێیەم: فەرمانی پێ کراوە، واتە لە سەر موسوڵمانان فەرزە بەرانبەر ئەوانەی شەڕیان دەکەن، ئەمە لەو کتێبانەی لە بەر دەستم دان کە بە کتومتی کاتەکەیم نەدۆزییەوە، بەڵام وای دەبینم ئەوەندە کات لە نێوان ئەم و ئەوەی پێشوویدا نییە، چوارەم: فەرمانی پێ کراوە، واتە فەرزە لە سەر موسوڵمانان بەرانبەر سەرجەم موشریکەکان، ئەگەر شەڕیشیان نەکەن جگە لە مانگە حەرامەکان. ئەمەیش لە ساڵی هەشتەم و دەڵێن لە ساڵی نۆیەم بوە.
ئەمە کورتکراوەی قسەکانی ئیبن قەییمە لە (زاد المعاد) دا. هەندێکیان پێنجەم حوکمیان لە سەر زیاد کرد: ئەویش؛ فەرمانی پێ کراوە، واتە لە سەر موسوڵمانان فەرزە بەرانبەر سەرجەم موشریکەکان بەڕەهایی شەڕ بکەن، واتە لە مانگە حەرامەکانیش، وەك حەلەبی لە سیرەتەکەیدا لە ئیمامی ئەسنەوی وەری گرتوە.
بێگومان محەمەد لە کاتی بەیعەتی گەورەوە موکوڕ بوو لە سەر شەڕ و بەکارهێنانی شمشێر لە بانگەشەکەیدا، وەك پێشتر لەوێدا باسمان کرد، بەڵام لە مەدینە نەبێت ئەوەی بۆ کەس دەرنەخست، لەو ڕۆژەی لە (قباء)ەوە ڕۆیشت بۆ مەدینە ئاماژەیەکی پێ کرد، خەڵکی (قباء)، کە بەنو عەمرو کوڕی عەوف بوون پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، هاتووی بۆ لای ئێمە بمێنیتەوە یان شوێنێکی باشتر لەم شوێنەی ئێمەت دەوێت؟ گوتی: من فەرمانم پێ کراوە لە گوندێکدا بم کە گوندەکانی تر بخوات، لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە: فەرمانم پێ کراوە لە گوندێکدا بم گوندەکانی یەسرب بخوات. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: واتای گوندەکان بخوات، سەر بکەوێت بە سەریاندا و بیباتەوە و ئەوەی لە گوندەکاندا مەبەستی خەڵکەکەی بوە، واتا خەڵکی ئەو گوندانە بە شمشێرەکانیان دەگرن و پارەوماڵومولکی ئەو گوندانە دەخۆن و منداڵەکانیان سەبی دەکەن. لە عومەرەوە گوتراوە: لەو کاتەوە نێرراوم شمشێرم بە دەستمەوەیە تا خودای تەنیا و بێ شەریك بپەرستن و ڕزقم لە ژێر سێبەری شمشێرەکەمدایە و، زەلیلی و بچوککردنەوە بۆ ئەو کەسە دەبێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ فەرمانمدا. ئەمە فەرموودەیەکە قورئان پشتگیریی دەکات. هەروەها فەرموودەی: وا فەرمانم پێ کراوە کە شەڕ دژی خەڵك بکەم تا دەڵێن هیچ ئیلاهێك جگە لە خودا نییە، لە گوتنێکی تردا، تا شایەتمان دەهێنن بە (لااله الا الله وانی محمد رسول الله) ئەگەر بڵێین خوێن و پارەی خۆیان دەپارێزن لە من جگە لە هەقی خۆیان و حسابیان لای خودایە
ئەوەی شاراوە نییە کە محەمەد هات بۆ مەدینە، لە ناو عەرەبدا کەس نەبوو بەرەنگاریی بکەن جگە لە کافرەکانی قورەیش و، قورەیشیش خەڵکی بازرگان بوون، کاروان و باریان یەك لە دوای

یەك لە نێوان مەککە و شامدا هاتوچۆیان دەکرد و، مەدینە لە سەر ڕێگەیان بوو، یەکەم شت کە لە بەرانبەر دوژمن بیکەیت ڕێگەی هاتوچۆی لێ دەبڕیت، محەمەدیش چاودێریی کاروان و بارەکانی قورەیشی دەکرد، تا وای لێ هات هەر کاتێك گوێی لێ بوایە کە بارێکیان لە مەککەوە دێت یان لە شامەوە دەگەڕێتەوە، خۆی بۆ دەست بەسەرداگرتنی بۆی دەردەچوو، یان سریەیەکی لە سوپاکەی بۆ دەنارد.

حەوت مانگی بە سەر هاتنی بۆ مەدینە پێ نەچوو، تا سریەیەکی بە فەرماندەیی حەمزەی مامی نارد بۆ ئەوەی ڕێگە لە باری قورەیش بگرێت، کە لە شامەوە دەگەڕایەوە ڕووەو مەککە. لە مانگی هەشتەمی کۆچی دیسان سریەیەکی بە فەرماندەیی عوبەیدی کوڕی حارس نارد بۆ ئەوەی ڕێگە لە کاروانی باری قورەیش بگرن. هەندێکیان سریەکەی عوبەید دەخاتە پێشەوەی سریەکەی حەمزەوە. ئا وەها سریە لە دوای سریە هەڵدەستان بەو کارە، بەڵام محەمەد تا سەرەتاکانی ساڵی دووەمی کۆچی بۆ غەزو بۆ ئەو کارە دەرنەچوو، یەکەم دەستبەسەرداگرتن لە هاوینی ساڵی دووەمی کۆچی بە غەزوەی ودان (گوندێکی گەورەیە لە نێوان مەککە و مەدینە) دەستی پێ کرد. غەزوە و دەستبەسەرداگرتنی باری قورەیش لە لایەن محەمەدەوە گەییشتە بیست و حەوت جار، وەك دەرچوونی سریەکانیشی گەییشتە چلوحەوت سریە، لە هەر غەزوە و سریەیەك بەوەی تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، لە دوایدا باسی دەکەین.

بەڵام سوپاکەی یەکەم جار بچوك بوو، ئینجا زۆر بوو، بەزیادکردنی موسوڵمانان ئەویش زیادی کرد. یەکەم شەڕکردنی غەزوەی ودان بوو کە حەفتا پیاوی لەگەڵدا بوو. ئینجا شەڕی غەزوەی بەدر لە ساڵی دوەم، سێسەدوپێنج پیاو بوون تەنها پێنج سوارچاکیان لەگەڵدا بوو، دەڵێن دوو سوارچاکی بوە. ئینجا غەزوەی خەیبەر ساڵی شەشەم بە هەزار و شەشسەد جەنگاوەرەوە، دووسەد سوارچاکیان لەگەڵدا بوو، ئینجا لە ساڵی هەشتەم بە دەهەزار جەنگاوەرەوە کە هەزاریان سوارچاك بوون، ئینجا شەڕی (تبوك) بوو کە ویستی لە ڕوم بدات لە ساڵی نۆیەم دا، بە سی هەزار جەنگاوەرەوە، دەڵێن بە چل هەزارەوە بوە، یان دەڵێن بە حەفتا هەزارەوە کە دە هەزاری سوارچاك بوون، هەروەها دەڵێن بە دوانزە هەزار سوارەوە بوە، ئەمە گەورەترین سوپایە کە محەمەد شەڕی پێ کردبێت.

ئەوەی گومانی لێ ناکرێت، بانگەشەکە هاوتەریب کرا بە بەکارهێنانی شمشێرەوە، بە زیادبوونی شمشێری بانگەشە، ژمارەی ئەوانەی بوونە موسوڵمان بە لێشاو زیادی کرد، هەیبەت و سام و تینی بەهێز بوو، بە شێوەیەکی گونجاو ژمارەی موسوڵمانان زۆرتر دەبوون، جەنگاوەریش بە پێی زۆرتربوونی هێز لە بانگەشەکە زیاتر دەبوو، هەروەها ژمارەی جەنگاوەران لە سوپای غەزوە و شەڕکردن کە باسمان کرد چۆن زیادی کرد، ژمارەی جەنگاوەران لە حەفتا کەسەوە تا گەییشتە هەزار کەس لە نۆ ساڵدا. ئەگەر محەمەد لە پاش شەڕی تبوك بمایە و، بە چەند ساڵێك ژمارەی جەنگاوەرانی سوپاکەی بەم شێوەیە زۆرتر بوایە، بێگومان دەگەییشتە دووسەد هەزار کەس.

لەمەدا، دەتوانین ئەو دەرەنجامە بە دەست بهێنین کە ئەوانەی بوون بە موسوڵمان لە مێژووی ژیانی محەمەددا لە مەدینە، زۆرینەیان لە ترسی شمشێردا بوونە موسوڵمان، ئەوانەی وەك بیروباوەڕ دەبوون بە موسوڵمان و مەبەست و ئامانجیان شەڕیش بووبێت کەم بوون. ئەوەی پشتگیریی ئەم بۆچوونەمان دەکات پەشیمانبوونەوەی زۆرینەیانە لە پاش مردنی محەمەد، ئەگەر هیمەت و عەزیمەتی ئەبووبەکر نەبوایە کە لە ڕاستگۆیی و پاپەندبوون و مکوڕبوونی لە سەر مەسەلەکە لە محەمەد کەمتر نەبوو، هەروەها ئەگەر لە ڕێکخستن و خۆئامادەکردن و مکوڕبوون لە لێدانی پاشگەزبوەکان بەهێز نەبوایە، ئەگەر خودا هەندێك سەرکردەی وەك خالیدی کوڕی وەلید و هاوشێوەکانی لەگەڵیدا نەبوایە، کە شمشێرەکانیان خەڵکی پەشیمانبووی کوێر دەکرد، ئێستا هەواڵی خاوەنی بانگەشەی ئیسلامی و هەواڵی ئیسلام و موسوڵمانان تەنها لە کتێبەکاندا دەخوێندەوە و هیچی تر.

چێژبەخشەکانی جیهاد

جیهاد لە زماندا واتە هەوڵ و تەقەللا لە (جهد)ەوە هاتوە بە واتای وزە، ئینجا لە شەڕکردن بۆ بەرزکردنەوەی قسەی خودا بە کار هات، دەڵێن جیهادی لەگەڵ دوژمندا کرد، واتە لەگەڵیدا جەنگی، ئەمەیش زاراوەیەکی قورئانییە، ئێمە پێش ئەوەی باسی ئەو شتانە بکەین کە محەمەد وای لە موسوڵمانان کرد حەز و خۆشەویستیان بۆ جیهاد هەبێت و لەزەتیان پێ ببەخشێت، دەمانەوێت بە شێوەیەکی ڕوون بۆت دەربخەین، کە عەرەب لەو زەمانەدا بەگشتی

لە چ حاڵەتێکی دەشتەکیدا بوە و ئەخلاق و ڕەفتاریان چۆن بوە لەو سەردەمەدا، لەوێدا تێ دەگەیت، ئەو لەزەتبەخشانەی باسی دەکەین ئەگەر بخزێنە نێو ئەوەی کە لە سەری بوون، لە .گرینگترین هۆکارەکانی بەدەستهێنانی سەرکەوتنی موسوڵمانان بوون لە شەڕە ئایینییەکانیاندا
عەرەب سەرجەمیان خەڵکی ڕەشماڵنشین بوون و خەڵکی دانیشتوو واتە نیشتەجێ بوون، لە کاتی محەمەددا دەشتەکی بوون و، دانیشتوانی شارەکانیش لە خەڵکی دەشتی ژیانیان پێشکەوتووتر نەبوو، بە ئەندازەیەکی زۆر کەم نەبێت کە حساب ناکرێت، ئەوەی زانراوە خەڵکی دەشتەکی لە هەموو زەمانێك لای سەرجەم نەتەوەکان، ئازایەتی و بەهاناوەگەییشتنیان بە سەردا زاڵە، خەڵکێکن لە کاتی سەختیدا خاوەن سەبرن، توند و بە زەبرن و بەرگەی قورسی دەگرن. ژیان لای ئەوان ئەو بەهایەی نییە کە لە لای خەڵکی شارستانییەکان هەیە، بۆیە .زۆریان لە شەڕدا بەجەرگ و غیرەتن و دەچنە پێشەوە و پاشەکشە ناکەن
ئەمە بە گشتی لەو زەمانی لە عەرەبدا بوە، ئەگەر ئەو چێژ و لەزەتەی محەمەد بۆ شەڕکردن خستیە سەر ئەم سیفەتانەیان، کە هانی دان بۆ ئەو مەبەستە، هیچ جێگەی سەرسوڕمان نابێت، کە سوپای محەمەد هەمیشە دوژمنان ببەزێنێت. محەمەد بە دوو شت هانی موسوڵمانان دەدات بۆ شەڕ و حەزی شەڕ دەخاتە گیانیانەوە بۆ جیهاد لە پێناو خودادا: یەکێکیان بوونی نەبوو، ئەوی تریان ئامادە بوو، ئەگەر دەتەوێت بڵێ یەکێکیان مەعنەوی و ئەوی تر ماتریالی بوو، مەعنەوییەکەی بەهەشت و نیعمەتی مانەوەی هەمیشەیی. ئەوەی زانراوە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ بەهەشت کە بەسەلامەتی و دڵنیایی بگەیتە ئەوێ و ناواخنەکەی بتگەیەنێتە ئەوێ جگە لە شەهیدبوون، ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی خودا .بمرێت، بۆیە شەهیدبوون گەورەترین ئارەزووی خەڵك بوو لە شەڕدا
ئەمانەیش لەو قسانەن کە لە فەرموودەدا لەم بارەوە گوتراوە. گوتی: شەهید لای خودا خەسڵەتی هەیە، کە لە یەکەم ڕژانی خوێنیدا دەیبورێت و جێگەکەی لە بەهەشتدا دەبێت، بە جوانیی باوەڕ دەڕازێنێتەوە و زەواج لەگەڵ حۆریی عەین دەکات و لە ئازاری قەبر ڕزگاری دەبێت، لە ترسی گەورە دڵنیا دەبێت و تاجی شکۆیی دەخرێتە سەری، یاقووتی پێ دەبەخشرێت کە لە دونیا و ئەوەی تێدایە بەخێرتر دەبێت و حەفتاودوو حۆریی عەین دەهێنێت و شەفاعەت بۆ حەفتا کەس لە خزمانی دەکات. بە جابری کوڕی عەبدوڵلای گوت کە باوکی شەهید بوو. هەواڵت بدەمێ کە خودا چی بە باوکت گوت؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: خودا قسەی لەگەڵ کەسدا نەکردوە لە پشت پەردەوە نەبێت، بەڵام بەکراوەیی و واتە بێ پەردە قسەی لەگەڵ باوکت کرد، گوتی: ئەی کۆیلەم ئاواتەخوازی چیت بتدەمێ، گوتی: ئەی خودا زیندووم بکەرەوە بۆ ئەوەی لە پێناو تۆدا دووبارە شەڕ بکەمەوە، گوتی: ئەوەی پێشتر لەوێ بوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، گوتی: ئەی خودا هەواڵی ئەمە بدە ئەوانەی کە دوای منن، ئەمە دابەزی: {وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ} [ئاڵ عمران: 169]. واتا: لە گێڕانەوەی تردا شتی وەك ئەمە هاتوە، دەڵێت: پاش شەڕی ئوحود، گوتاری بۆ هاوەڵانی دا، کاتێك هاوڕێیانتان لە ئوحود پێکان خودا ڕۆحیانی خستە ناو باڵندەیەکی سەوز و لە سەر ڕووبارەکانی بەهەشت دەخولێنەوە، لە بەرەکانی دەخۆن و لە شوێنێکدا دەحەوێنەوە لە سایەی عەرش و چرای زێڕین، کاتێك ئەو خواردن و خواردنەوە خۆشانەیان بینی و جێی نەرمونیانەکانیان لە ژێردا بوون، گوتیان: بریا هاوڕێکانمان بیانزانیایە کە خودا چیی بۆ کردووین تا لە جیهاد کەمتەرخەمی نەکەن و، لە شەڕ خۆیان نەدزنەوە، خودا گوتی: من هەواڵیان پێ دەگەیەنم، ئەم ئایەتەی بۆ پەیامبەرەکەی نارد: (ولا تحسبن الذين قتلوا...) لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە: زەوی لە خوێنی شەهید وشك نابێتەوە، کە هەر دوو ژنەکانی وەك دوو دایەن کە پولەکەی خۆیانیان لە سەر زەوی گوم کردوە و هەر یەکە جوانکارییەکیان بە دەستەوەیە کە لە هەموو دونیا و ئەوەی تێدایە خێری زیاترە. لە (مستدرك) و (النسائی) باس لەوە دەکات: ئەگەر لە پێناو خودادا بمرم، لای من باشترە کە خەڵکی چادر و ڕەشماڵ بم). هەروەها فەرموودەیەك کە کوشتن لایان ئاسان دەکات: شەهید هیچ هیلاکییەك لە کوشتندا نابینێت وەك چڕنوقگرتنێك وایە لای یەکێکتان. لە (المسند)دا هاتوە: باشترین شەهید ئەوانەن کە ڕووبەڕوو دەبنەوە و لە ڕیزدا ئاوڕ نادەنەوە تا دەکوژرێن، ئەوانە لە ژوورێکدا دەبن لە بەرزیی بەهەشت و خودا بۆیان پێ دەکەنێت، ئەگەر خودا بۆ یەکێك لە کۆیلەکانی لە دونیا پێ بکەنێت، هیچ حسابێکی لە سەر .نامێنێت. فەرموودە لەم بارەوە زۆرە، هەر کەسێك بیەوێت با بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکان
ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا دەڵێت: پێغەمبەر بەیعەتی لە هاوەڵانی وەرگرت، کە لە شەڕدا ڕا

نەکەن و لەوانەیە بەیعەتی وەرگرتبێت بۆ مردنیش دەڵێت: بەیعەتی لێ وەرگرتن بۆ جیهاد، هەر وەك چۆن بەیعەتیان پێدا بۆ ئیسلام. بەهەشت کاریگەریی زۆر گەورەی لە سەر دەروونی کردن، ئوم حارسە کوری قەیسی ئەنساری پاش ئەوەی کورەکەی هێشتا مێردمنداڵ بوو لە ڕۆژی بەدردا کوژرا، هات بۆ لای پێغەمبەر، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، دەربارەی حارسە قسەم بۆ بکە، ئەگەر لە بەهەشت بێت بۆی ناگریم، بەڵام ئەگەر لە ئاگردا بێت، تا ژیانم لەم دونیایە ماوە خەفەت دەخۆم و دەگریم. لە گێرانەوەیەکدا: ئەگەر لە بەهەشت بێت سەبر دەگرم و بە دەر لەوە زۆری بۆ دەگریم، پێی گوت: ئەی دایکی حارسە، ئەوە یەك بەهەشت نییە، بەڵکوو چەندین بەهەشتە و حارسە لە فردەوسی باڵایە و، ئینجا پێکەنی و دەیگوت، بوخ بوخ بۆت ئەی حارسە.

ئەوەی باشە لەم بەشەدا باسی بکەین، خاوەنی سیرەی حەلەبی لە سەر شەڕی بەدر باسی کردوە، دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە عەرشەکەی دەرچوو بۆ لای خەڵك و هانی دان و گوتی: بەوەی گیانی محەمەدی بە دەستە، ئەوەی ئەمڕۆ شەڕیان دەکات و ڕووبەڕوو سەبر دەگرێت و پێش دەکەوێت و بۆیان دەڕوات و ناگەڕێتە دواوە، خودا دەیخاتە بەهەشت، عومەری کوری ئەلحەمام لەو کاتەدا بەری دارێکی بە دەستەوە بوو دەیخوارد گوتی: بوخ بوخ لە نێوان من و نێوان ئەوەی بچمە بەهەشت ئەوەیە، کە ئەمانە بمکوژن، میوەکەی لە دەستی فڕێ دا و شمشێرەکەی برد و لەگەڵ قەومەکەدا شەڕی کرد تا کوژرا (بۆخ بۆخ وشەیەك بوو بۆ گەورەکردنی شتێك و سەرسورمان تێیدا دەگوترا). وەك ئەمەیش لە شەڕی ئوحودیش ڕووی داوە، لە جابری کوری عەبدوللاوە، پیاوێك لە ڕۆژی ئوحود بە پێغەمبەری گوت: تۆ دەیبینیت کە بکوژرێم لە کوێ دەبم؟ گوتی: لە بەهەشت. گوتی: خورماکانی دەستی فڕێ دا و شەڕی کرد تا کوژرا ().

عەوف کوری حارس کوری عەفراء دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا، چی وا لە خودا دەکات بۆ کۆیلەکەی پێ بکەنێت؟ (واتە ڕەزامەندی دەکات) گوتی: دەست بخاتە بیناقاقای دوژمن و هیچی پێ نەبێت (بێ خۆپارێز، درع و قەڵغان و بێ سڵەمینەوە) درعەکەی (قەڵغانەکەی) داکەند و فڕێی دا و شمشێرەکەی برد و شەڕی کرد تا کوژرا. هەواڵەکان لەم بارەوە زۆرن، ئەوەی باسمان کرد بەسە و هیچ پێویست بە درێژەدان ناکات.

بەڵام لایەنی مادی: غەنیمە و سەبییەکان، ئەوەی زانراوە، عەرەب لە جاهیلیەت پارەو ماڵومولْك غەنیمە دەکەن و سەبی ژن و پیاو دەکەن لە شەڕەکانیاندا، عەمرو کوری کەلسووم لە هەڵواسراوەکانیدا دەڵێت:

فَـئبُوا بالنِّـهَابِ وَبالسَّـبَايَـا وَأُبْـنَا بالمُلُـوْكِ مُصَفَّـدِيْنَــا

محەمەد ئەم نەریتەی لە ئیسلامدا سەپاند و، غەنیمەی بۆ سوپاکەی حەڵال کرد و، ئەمەی کردە تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی خۆی بەتەنها، بە دوور لە هەر پێغەمبەرێکی پێش خۆی، وەك لەوەدا هاتوە دەڵێت: پێنج شتم داوە، کەس پێش من نەیداوە، بۆ هەموو خەڵك بەگشتی نێرراوم، بە تۆقاندن سەر کەوتم، غەنیمەم حەڵاڵ کرد، مزگەوتم لە سەر زەوی بنیات نا، خۆڵم پاکژ کردەوە... فەرمووده. دواتر باسی تایبەتمەندییەکانی دەکەین.

هاوەڵانی وا لێ دەکات کە حەزیان لە غەنیمەت بێت و غەزووی لە پێناودا بکەن، وەك بە عەمرو کوری عاسی گوت، لەو کاتەدا کە بۆ شەڕی (ژات السلال) ناردی، لە عەمرو کوری عاسەوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا بە دوایدا ناردم و فەرمانی پێ کردم کە جلوبەرگ و چەکەکەم لەگەڵ خۆمدا بەرم، گوتی: ئەی عەمرو، من دەمەوێت بتنێرم بۆ سەر سوپایەك کە خودا غەنیمەت دەداتێ و سەلامەتت دەکات، گوتم: من بۆ حەزی پارەوپوڵ نەبووم بە موسوڵمان، گوتی: بەڵێ پارەی چاك بۆ پیاوی چاکخوازه.

کاتێك دەرچوو بۆ تەبوك و خەڵك لە خۆسازداندا بوون، بە باپیرە بن قەیسی گوت: ئەی باپیرە، حەزت لە پێستە زەردەکان هەیە، لە قسەیەکدا گوایە گوتوویەتی: ئەی باوکی قەیس، ئایا لەگەڵماندا دەردەچیت بۆ ئەوانەی بە دوای خۆتیان بخەیت (واتە لە کچانی قژ زەردی بەنی ئەسغەر "زەردەکان"؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا ڕێگەی پێ دەدەیت (ئەوانە بخەمە دوای خۆم) بۆ ئەوەی لە دەستم دەرنەچن، بە خودا قەومەکەم دەزانن هیچ پیاوێك لە من زۆرتر حەزی لە ژن نییە و دەترسم ژنانی بەنی زەردەکان ببینم، سەبر نەگرم، پێغەمبەری خودا ڕێگەی پێ دا و گوتی: مۆڵەتم پێ دا، خودا ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ ائْذَنْ لِي وَلَا تَفْتِنِّي} [التوبه: 49] الآیه. واتە:

لە گێرانەوەیەکی تردا گوتوویەتی: غەزووی تەبوك بکەن و کچانی بەنی زەرد و ژنانی ڕوم بە غەنیمەت ببەن. قەومێکی دووڕوو گوتیان: مۆڵەتمان دەدەیتێ و فەتوامان بۆ نادەیت، ئەم ئایەتە دابەزی: {أَلَا فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا} [التوبه: 49]. هەمان واتای پێشوو.

غەنیمەت یەکێك بوو لە هاندەر و لە حەزەکانیان بۆ دەرچوون بۆ شەڕ. تەنانەت حەبیب کوڕی یەسافی خەزرەجی، کە موشریك بوو، موسوڵمان نەبوو بەتەماعی غەنیمەتەوە لەگەڵ موسوڵماناندا دەرچوو بۆ شەڕی بەدر، موسوڵمانانیش خۆشحاڵ بوون بە دەرچوونی، بەڵام پێغەمبەری خودا پێی ڕازی نەبوو، پێی گوت: بگەڕێوە ئێمە داوای یارمەتی لە موشریك ناکەین، چەند جارێك چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا، تا نەبوە موسوڵمان، پێغەمبەری خودا ڕازی نەبوو لەگەڵیاندا دەربچێت و، بوە موسوڵمان ئینجا لەگەڵیاندا چوو بۆ شەڕەکە. بێگومان موسوڵمانبوونەکەی جگە لە تەماعی غەنیمەت نەبێ بۆ هیچ شتێکی تر نەبوو.

ئەوەی ناشاررێتەوە، غەنیمەت هەر چەندە هانی دان و لە پێناویدا حەزیان کرد دەربچن بۆ شەڕ، بەڵام وەك ئەوە نەبوو کە وایان لێ بکات باوەڕ بکەن کە لە کاتی مردندا دەچنە بەهەشت. بەهەشت بە شەهیدبوون نەبێت بە دەست نایەت، کە مردنە بە کوشتن لە شەڕدا، بۆیە وایان لێ دەکات باوەڕ بکەن و لە هەڵمەتی شەڕکردندا بگەنە لوتکەی خۆتێوەخستن و قوربانیدان و بکەونە نێو شەڕوشۆڕ و توندوتیژی و خەڵککوشتن، بەڵام غەنیمە وا نییە، بە بێ ئەوەیش بە دەست دێت، بۆیە محەمەد ڕقی لێ دەبوو کە بیبینیایە بەتەنها بە تەماعی غەنیمەوە دەردەچن بۆ شەڕ، کەچی دڵخۆش دەبوو کە بیانبینێت بە حەزی جیهادەوە دەچن بۆ شەڕ، وەك لە شەڕی خەیبەردا ڕووی دا. کاتێك لە سەرەتای ساڵی حەوتەم لە حودەیبیە گەڕایەوە و دەرچوو بۆ خەیبەر، ئەوانەی لە غەزوەی حودەیبیە دواکەوتبوون هاتن، دەیان ویست لەمەدا لە پێناو غەنیمە لەگەڵیدا دەربچن، پێی گوتن: ئەگەر بۆ غەنیمە دەردەچن و بە ئارەزووی جیهادکردنەوە دەرناچن، لەگەڵ مندا دەرنەچن. ئینجا فەرمانی کرد بۆ بانگەوازکەر بە دەنگی بەرز ئەوە بڵێتەوە، بۆیە لەوێدا هاوار و بانگەوازی کرد، بەڵام لە بارەی دابەشکردنی غەنیمەکان لە نێوان خۆیاندا، ئەمەیش لە (زاد المعاد)ی ئیبن قەییمدا هاتوە، دەڵێت: ئەگەر بە سەر دوژمندا سەر بکەوتایە، فەرمانی دەکرد، بانگەوازی کۆکردنەوەی غەنیمەکان بکەن، ئەوەی بە دەست هاتبوو، حسابی دەکرد و دەیدا بە خەڵکەکەی خۆی (دواتر باسی بەدەستهاتوویان یان دەستبەسەرداگیراو دەکەین چییە) ئینجا پێنج یەکی دەردەهێنا و وەك خودا فەرمانی کردوە بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام دای دەنا، ئینجا ئەوە دەمایەوە لە ژن و منداڵ و کۆیلەکان، ئەو خەڵکەی بەشیان نەبوو، پێی ڕازی کردن، دوای ئەوە چی دەمایەوە بەیەکسانی دابەشی دەکرد بە سەر سوپاکەیدا. بۆ هەر سوارچاکێك سێ پشك، پشکێك بۆ خۆی و دوو پشك بۆ ئەسپەکەی و، بۆ پیادە یەك پشك.

گوتی: بەیەکسانی لە نێوان لاواز و بەهێز دابەشی دەکات، جگە لەوەی بە ئەنفال (أنفال) حساب دەکرێت، ئەگەر پرۆیشتایە زەویی دوژمنەوە، یەك سریە لای خۆی دادەنا، پێنج یەکی دەردەکرد لەوەی بە غەنیمەت دەیگرتن، چارەکێکی ئەنفال دەکرد و ئەوەی دەمایەوە لە نێوان سریەکەی خۆی و سەرجەم سوپاکەی دابەشی کرد. گوتی: پشکێك لەو غەنیمە بۆ ئەو سریە دەبێت، کە پێی دەگوت (الصفی)، ئەگەر ئەو پشکە کۆیلە بێت یان کەنیزەك یان ئەسپ بێت، لە پێش پێنجیەکەکە هەڵدەبژێرێت. گوتی: هەندێك خەڵك بە کرێ دەگرن بۆ غەزوو جۆراوجۆرن، جۆرێکیان؛ پیاوێك کە دەربچێت بۆ شەڕ و یەکێك بە کرێ بگرێت بۆ خزمەتکردنی لە سەفەرەکەیدا، جۆری دوەمیان، ئەگەر یەکێکیان بە پارەی خۆی یەکێك بە کرێ بگرێت کە لە باتی ئەو بڕوات بۆ جیهاد، ئەمەیش پێیان دەگوت لە بریی ئەو (الجعائل |)٤١٤، لەمەدا پێغەمبەر گوتی: ئەوەی غەزوو دەکات لە بریی کەسێکی تر، پاداشتی خۆی و ئەوەی گرتوویەتی هەیە. لە غەنیمە بە دوو جۆر بەشدارییان دەکرد، یەکێکیان هاوبەشی لە وەرگیراوەکان، دوەمیان پیاوەکە حوشترەکەی یان ئەسپەکەی بدات بە کرێگیرتەکە بۆ ئەوەی شەڕی پێ بکات، بە مەرجێك غەنیمەتەکە بکەنە دوو بەشەوە، لەوانەیە یەك پشك بەریان بکەوێت و، ئەوەی بەریان بکەوێت، یەکێکیان شمشێر بێت، ئەوی تر کێلانەکەی یان کەوانەکەی، دەڵێت: ئەو کەسە بەشی ناکەوێت، کە بۆ یارمەتیدان لە پاش گرتنی شوێنەکە بێت.

بەڵام سەبیکراوەکان لە ژن و لە پیاو، وەك ماڵومولّك و غەنیمەت دابەش دەکران بە سەر سوپاکەدا. سەبییەکان دەبنە مولّکیان، ئەگەر بیانەوێت دەیانکەن بە کۆیلە یان بیانەوێت دەیانفرۆشن و، ئەگەر بیانەوێت مارەیان دەکەن، ئەگەر بیانەوێت لە کاتێکدا خاوەنیان هەبێت و ڕزگارانە بدەن بۆ ئەوان دەبێت و ئازادیان دەکەن.

لەوانەیە ژنێك ببێتە پشکی دوو پیاو، دەبێتە موڵکی دوان وەك لە غەزوەی بەنی موستەلەق ڕووی دا، حەلەبی لە ڕێرەوی باسکردنی ئەم شەڕەدا دەڵێت: پێغەمبەری خودا فەرمانی کرد و دیلەکان قۆڵبەست کران و پاسەوانی لە سەر دانان و، سەبییەکانی دابەش کرد بە سەر خەڵکەکەدا، یەکێکیان بە ناوی (برە بنت الحارث) بوو بە پشکی سابت کوڕی قەیس و کورەمامێکی، سابت چەند دارخورمایەکی لە مەدینە کردە بەشی کورەمامەکەی لە بریی (برە) و بە نۆ پارچە زێڕ مارەی کرد.
گوتی: بورە چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من بورەی کچی حارس، گەورەی قەومەکەمم، ئەوەمان بە سەردا هات وەك دەزانیت و کەوتمە پشکی سابت کوڕی قەیس و کورەمامەکەی، سابت لە چەند دارخورمایەك لە مەدینە لە کورەمامەکەی وەری گرتم و بە شێوەیەك مارەی کردم، کە هیچ ئارەزوویەکم لێی نییە، من تکات لێ دەکەم لەو مارەکردنە ڕزگارم بکە و یارمەتیم بدە، پێغەمبەری خودا گوتی: لەوە خێرتر هەیە، گوتی: چییە؟ مارەییەکەت بەتاڵ دەکەمەوە و پارەکەی دەدەمێ و خۆم مارەت دەکەم، گوتی: بەڵێ پێغەمبەری خودا دەیکەم. پێغەمبەری خودا ناردی بە دوای سابت کوڕی قەیس و لێی داوا کرد، سابت گوتی: با بۆ تۆ بێت ئەی پێغەمبەری خودا، تۆ باوکمی پێغەمبەری خودا، ئینجا دایەوە بە پێغەمبەر کە مارەی کردبوو لە دەستی دەرهێنا و مارەی کرد، بورە لە تەمەنی بیستساڵیدا بوو، ناوی گۆڕی بۆ جوەیریە. وا دەڵێن کە عەلی بە دیلی گرتبێتی و لە کاتی دابەشکردندا کەوتبێتە پشکی سابت و کورەمامەکەی، لەبەر ئەوەی لەم شەڕەدا وەك شەڕی ئوحود وا جێگیر نەکرابوو، کە بڕیار درابێت هەر کەسێك دیلێك بگرێت بۆ خۆی بێت.
گوتی: لە عایشەوە، گوتوویەتی: جوەیریە ژنێکی جوان بوە، کەسێك نەبوە بیبینێت و نەچووبێتە دڵییەوە، کە پێغەمبەر لای من بوو کە لە سەر ئاوەکە بووین (المریسیع)٤١٥ جوەیریە هاتە ژوورەوە پرسیاری کتێبێکی کرد، بە خودا کە بینیم، هات بۆ لای پێغەمبەر زۆر ڕقم لێ هەستا، زانیم ئەوەی لێ دەبینێت کە من لەوم بینی، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا من ژنێکی موسوڵمانم. فەرموودەکە. گوتیان: کە هاتوە بۆ لای پێغەمبەر، عایشە ڕقی هەستاوە و ئەمەیش ئیرەیی بوە، کە ژنان لە جوانیی ئەوی تر تێك دەدات.
ئەوەی لە چیرۆکی (برە) یان جویریە تێدەگەیت، کە سەبییەکان موسوڵمانیش بن هیچ دادێکمان نادات و لە کۆیلایەتی ڕزگاریان ناکات، بەڵکوو بە موڵکێتیی ئەوانە دەمێننەوە کە سەبی یان دەکەن، ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەرە، لەبەر ئەوەی شەڕکردن و سەبیکردنیان لە پێناو ئیسلامدا بوو، ئەگەر ببن بە موسوڵمان، دەبێت وەك موسوڵمانانی تر ئازاد بن، ئەگەر بیانویستایە دەچوون بە لای ژنان و سەبییەکاندا لەبەر ئەوە موڵکی ئەیمان (ملك أيمان) بوون.
لە سیرەی حەلەبیدا دەڵێت: دوو شێخ دەیانگێڕایەوە، لە ئەبی سەعیدی خدری وەرگیراوە گوتوویەتی: لەگەڵ پێغەمبەری خودا چووینە غەزوەی موستەلەق، کە بێژنی درێژەی کێشا و ئێمە بەخشندەکانی عەرەبمان سەبی کرد بوو، ئێمەیش دابەشمان کردن و بوون بە موڵکمان، لە قسەیەکی تردا دەڵێن، چووین بە لای سەبییەکاندا کە شەهوەتی سێکس توند بوو بە سەرماندا و بێ ژنی زەفەری پێ هێناین و پێغەمبەری خودا لە ناوماندا بوو کە ویستمان دڵمان خۆش بکەین و لەزەت بەرین، بەڵام بە شێوەیەکی (عزل) واتە سێکسکردن بە مەنع.
پرسیارمان لێ کرد، گوتی: هیچتان لە سەر نییە بۆ نایکەن، ئەمە شنەبایەکە و خودا دروستی کردوە، کە تا ڕۆژی قیامەت دەبێت. لە قسەیەکی تردا، گوتوویەتی: خودای خاڵق ئەمەی تا ڕۆژی قیامەت نووسیبێت بۆچی نایکەن. واتە هیچ تاوانێکتان نەکردوە بە (مەنع) کردن، واتە لە دەرچەی زاوزێتان نەکردوە، لەبەر ئەوەی (مەنع) نەهێشتنی منداڵبوون، واتە سێکسەکەی خۆی دەکات تا ئەو کاتەی ئاوی دێتەوە لە دەرەوەی ئەندامی زاوزێکە دەیڕێژێت، لە قسەکانیدا: خودا ئەوەی تا ڕۆژی قیامەت نووسیوە کە خالقە، واتە مەنع بکەن یان نا هیچ سودێکی نییە لەبەر ئەوەی ئاوەکە پێش مەنعەکە دەچێتە منداڵدانەوە و منداڵی دەبێت و لەوانەیشە بیڕێژن، ئەویش منداڵ دروست نەبێت، بەڵام لەو کاتەی دەچوون بە لایاندا مەنعیان دەکرد، بۆ ئەوەی دووگیان نەبن، وەك لە قسەکانی ئەبی سەعیدی خدری دەردەکەوێت، کە بۆ یەهوودیەکە کردوویەتی، لە سیرەی حەلەبیدا لە سەر لەزەتوەرگرتن هاتوە: هەندێك سەبی یان هێنا بۆ مەدینە، کەسوکاریان ڕزگارکەرانەیان (فدیە)یان دا بۆ ڕزگارکردنی منداڵ و ژنەکانیان هەر یەکە و بە شەش فەریزە، گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئەبووسەعید دەڵێت: پێش ئەوەی شاندەکەیان بگات و فدیە بدەن، کەنیزەکێکم برد بۆ بازاڕ بیفرۆشم، یەهوودیەك پێی گوتم: ئەی ئەبووسەعید

گیسکێکت خستوەتە زگییەوە و دەتەوێت بیفرۆشیت. گوتم: نەخێر مەنعم لەگەڵدا کردوە، ئەوە لەچاڵنانی بچوکە، هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا پێم گوت، گوتی: یەهوود درۆی کرد یەهوود درۆی کرد، لە گێڕانەوەکە زیاتر کراوە، کە گوتوویەتی: ئەگەر خودا بیویستایە خەڵقی بکات تۆ نەدەتوانی نەهێڵیت، ڕەتکردنەوەی دووگیانی لە لایەن ئەبووسەعیدەوە لە سەر ئەوەی کە مەنعەکەی لە پێناو دووگیان نەبوونی بوە.
دیسان لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: کاتێك موسوڵمانان پێغەمبەری خودایان بینی، جوەیریەی مارە کرد، بە بەنی موستەلەقیان گوت خەزورانی پێغەمبەری خودا و ئەوەی لایان بوو ئازادیان کرد، لە (عبارە الامتاع) دا گوتوویەتی: کاتێك جویریەی مارەی کرد هەواڵەکە گەییشتە خەڵك و پیاوانی بەنی موستەلەقیان دابەش کرد و بوون بە موڵکیان و چوون بە لای ژنەکانیاندا، پێیان گوتن خەزورانی پێغەمبەر و هەر سەبی یەکیان لابوو ڕزگاریان کردن.

(71)
ئیبن قەییم لە (زاد المعاد)دا لە سەر ئایەتی حەرامکردنی ژنەپارێزراوەکان (محصنات) دەڵێت: ئەوەی دەقەکە حەرامی کردوە: نیکاحی ئەوانەی شوویان هەبوە، ئەمەیش نیکاحی پارێزەربەندانەیە، ئەوەی لەمە بەدەرە (موڵك یەمین)ە، واتە موڵکی ئەوانن وەك لە دەقی سورەتی (النساء)دا هاتوە: {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ} [النساء: 24].واتا: پێشتر نوسرا. ئینجا پاش ئەوەی ئەم ئایەتەی هێنایەوە باسی ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆری فەقیهەکانی کردوە: تیمێکی تر دەڵێت: ئەم ئایەتە تایبەتە بەسەبیکراوەکان، پاش بێبەری بوون، سێکسکردن لەگەڵ هەر سەبیکراوێکدا ئەگەر شووشی هەبێت بۆ خاوەنەکەی حەلاڵە، گوتی: ئەمە وتەی شافیعیە، یەکێك لە پیاوە ناودارەکانی هاورێی ئەحمەد، ئەمەیش لە ڕاستییەکانە، وەك موسلیم لە سەحیحەکەیدا باسی دەکات، کە لە ئەبی سەعیدی خدرییەوە وەری گرتوە، پێغەمبەری خودا سوپایەکی نارد بۆ ئەوتاس و ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و سەرکەوتن بە سەریاندا و چەندین سەبی یان لێ گرتن، هاورێیانی پێغەمبەری خودا ڕووگیر بوون لەوەی کە ژنیان لە موشریکەکان هەبوو، خودای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ} [النساء: 24]. بە هەمان واتای ئایەتی پێشوو. ئەوانە بۆ ئێوە حەلاڵن، واتە پێش تەواوبوونی عوددەکەیان (واتە کەوتنە سوڕی مانگانە)، گوتی: چۆن ڕێگەی دا بەم حوکمەی چوون بە لای سەبیکراوێکدا کە مێردی کافری هەبێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە شوکردنەکەی پێشتری نامێنێت و لە سەر شانی ئەوان دەبنەوە و، ئەمەیش ڕاستە، لەبەر ئەوەی دەستی گرت بە سەر حەقی خۆی و ملی ژنەکەیدا و، ئەوەی بوە بە خاوەنی سەبی کردوە لە مێردەکەی لە سەر حەقترە. تا کۆتاییی قسەکانی.
لەوانەیە ئەم سەبیکراوانە بە بۆندێك بفرۆشێن، واتە کۆمەڵێك سەبیکراو پێکەوە بە یەك جار هەر وەك بە کۆ وەك کاڵا بفرۆشرێن. وەك لە غەزوەی بەنو قورەیزە و، پاش سەرپڕینیان ڕووی دا، شەشسەت کەس بوون، هەندێك دەڵێن حەوت سەدوپەنجا بوون، ژن و منداڵەکانیان نێرران بۆ نەجد، بۆ ئەوەی بیانفرۆشن و بە پارەکەیان ئەسپ و چەك بکڕن. حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: ئینجا پێغەمبەری خودا بە سەعدی کوڕی زەیدی ئەنساری دا سەبییەکانی بەنی قورەیزەی نارد بۆ نەجد، بۆ ئەوەی بیانفرۆشێت و بەوانە چەك و ئەسپی بۆ بکڕێت، دەیشڵێن، کۆمەڵێك لەوانەی نارد نەك هەموویان، کە ژمارەیان هەزار سەبیکراوێك دەبوون، پێغەمبەر ئەوەی ڕەت کردەوە کە دایك لە منداڵەکانی جیا بکاتەوە، گوتی: منداڵ لە دایکی جیا ناکرێتەوە تا پێ دەگات، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، کەی پێ دەگات؟ گوتی کاتێك کەنیزەك دەکەوێتە سوڕی مانگانەوە و کوریش خەو بە سێکسەوە دەبینێت (شەیتانی دەبێت!). ئەگەر منداڵێك لە سەبیکراوەکان ئەگەر بزانرێت کە دایکی نەبێت بە موشریك و یەهوودییەکان نافرۆشرێت، بەڵام بە موسوڵمانان دەفرۆشرێت بۆ ئەوەی بە موسوڵمانی گەورە بێت، دایکی منداڵێکی بچووك لەگەڵ منداڵەکەیدا پێشتر بە موشریکەکان دەفرۆشرا. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: پێغەمبەری خودا یەکێك لەو ژنانە (واتە ژنەکانی بەنو قورەیزە)ی بۆ خۆی دانا و ئەویش ڕەیحانەی کچی عەمرو کوڕی خەناقە بوو، یەکێك لە ژنانی بەنی عەمرو کوڕی قورەیزە بوو، لای پێغەمبەر مایەوە و موڵکی ئەو بوو تا لای ئەو مرد، لە سەر جێییەکانی بوو نەك ژنەکانی.
بە چاوگێران بەوەی ئێستا باسمان کرد، لە دابەشکردنی غەنیمەتەکان لە سەر زاری ئیبن قەییمەوە، دیلەکان وەك سەرجەم کاڵاکان مامەڵیان لەگەڵدا دەکرێت، لە دابەشکردنیان بە

سەر سوپادا، پاش دەرکردنی پێنج یەکی ئەوانە. بەڵام ئەمە پاش شەڕی بەدر، کەچی لە غەزوەی بەدر، لای پێغەمبەر دیلەکانی وەك دەستبەسەرداگیراوەکان بوو، هەر کەسێك دەستی بە سەریاندا بگرتایە بۆ خۆی دەبوو، هەر کەسێك کەسێکی بکوشتایە شتەکانی بۆ خۆی دەبوو، ئەمەیش لە پێناو هاندانیان بوو بۆ شەڕکردن و لەزەتپێبەخشینیان لە دەستبەسەرداگرتنی شتەکانی کوژراوەکە و بەدیلگیراوەکە، بەم پێیە کە غەنیمەت دابەش دەکرا، ئەمەیش پاش ئەو دەستبەسەراگرتن و بەدیلگرتنە بوە. لە (الكشاف)ی زەمەخشەریدا هاتوە، پێغەمبەر لەوەدا و لەو ڕۆژەدا ڕۆڵێکی کارای گێڕاوە (واتە ڕۆژی بەدر)، واتە ئەنفالی پێ ببەخشێت، بەو واتایەی لە پشکی خۆی زیاتری پێ ببەخشێت، گوتی: گەنجەکانیان بەخێرا ڕۆیشتن، حەفتایان لەوان کوشت و حەفتایان بە دیل گرت، کاتێك خودا گرتنەکەی مەیسەر کرد، ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە و بە یەکدا چوون، گەنجەکان گوتیان: ئێمە جەنگاوەرین، شێخ و پیاوە پیرەکانیان کە ئاڵاکانیان بە دەستەوە بوو، گوتیان: ئێمەیش پشتمان گرتن و کۆمەڵێك بووین ئەگەر شکستتان بهێنایە ڕووتان تێ دەکردین، بە پێغەمبەریان گوت: غەنیمەتەکە کەمە و خەڵك زۆرە، ئەگەر بەو مەرجە بەوانە بدەیت، هاوەڵانت بێبەش دەکەیت.

لەوێدا ڕێسایەك نەبوو بۆ دابەشکردنی غەنیمەت، دەسکەوتەکانی شەڕ، محەمەد کە بینیی کێشەیەك دروست بوە و دەبێت بەزوویی چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکان فراوان نەبێت و جیاوازییەکان درێژ نەبنەوە، هیچ چارەسەرێکی بۆ ئەوە نەدۆزییەوە جگە لەوەی غەنیمەتەکە لەوان وەربگرێتەوە بیداتە خودا و بە پێغەمبەر، لەوێدا حوکمەکە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، ئەگەر حوکمەکەیش بە دەست ئەو بێت، کارەکە ئاسان دەبێت، بۆیە ئەم ئایەتەی دابەزاند: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ} [الانفال: 1]. واتا:بۆیە بەم ئایەتە خودا لە دەستی ئەوان دەری هێنا و دایە محەمەد، کە چۆنی بوێت لەوێی دانێت. حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت: ئەم ئایەتە نیشانی دەدات کە غەنیمەتەکە بە تایبەتی بۆ پێغەمبەری خودایە و بۆ هیچ جەنگاوەرێك شتێکی تێدا نەبوو.

بەڵام محەمەد پاش ئەوەی حوکمەکە خرایە دەستی ئەو، لەو مەرجە دەرنەچوو کە بۆ ئەوانە بێت ڕۆڵی باشیان گێڕاوە لەو ڕۆژەدا، دیلەکانی دا بەوانەی دیلی کردوون، ئەوەی لە کوژراوەکان دەسکەوتوون واتە (سلب) کراون، بۆ خۆیان دەبێت و پاشماوەکەی بەیەکسانی دابەش کرد بە سەر موسوڵماناندا و، پشکی خۆی وەك پشکی هەر یەك لەوان بوو، بەڵام ئەوەی وەك ئەنفال لە پشکی خۆی زیاتری بەر کەوت؛ شمشێرەکەی زولفەقارە، کە هیی مونەبیە کوڕی حەجاج بوو، دەیشڵێن هیی کورەکەی بوە بە ناوی عاسی، هەروەها وەك ئەنفال لە سەروی پشکەکەی خۆی حوشترەکەی ئەبووجەهل کە میهری بوو بەرکەوت. لەبەر ئەوەی محەمەد (صفی)ی هەبوو کە ئەمەیش بەشێکە کە پێشتر باسمان کرد، پاش پاڵاوتنی غەنیمەتەکە و پێش دابەشکردن بە خۆی هەڵی دەبژێرێت.

لەمەدا کە محەمەد پشکی خۆی یەکسان کرد بە پشکی هەر یەکە لە موسوڵمانان، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بە پێی ئایەتەکە غەنیمەکان لە دەستی ئەوان دەرکرد و خستییە دەستی خۆیەوە، مەبەستی ئەوە نەبوو، بە تەنها خۆی غەنیمەتەکە ببات و بۆ خۆی بێت بە دەر لەوان، بەڵکوو مەبەستی ئەوە بوو کە چییان پێ بدات ڕازی بن. ئەوەی ناشاررێتەوە کە ئەگەر بەتەنها ببێت بە موڵکی خۆی، بە پێی ئەو ئایەتەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە، حەقی خۆیشیەتی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بە پێی بینینی خۆی و لەوەیش چی بوێت دەیدات بەوەی خۆی دەیەوێت، بۆیە هەموویان بەوە ڕازی دەبن، کە بەشیان دەدات و دەبێتە بەخشینێك لە بەخشینەکانی پێغەمبەر، نەك غەنیمەتێك کە حەقی خۆیان بێت، ئەمەیش ئەو نیشانەی تێدایە، کە چەند توندوتۆڵ و بەهیمەت و خودپارێز بوە لە هەندێك کاردا و چۆن بە باشی ڕێکی خستوون و چارەسەری کێشەکانی کردوون.

ئەوەی بەباش دەزانرێت باسی بکرێت لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسدا هاتوە، گوتوویەتی: عەمیری برام لە ڕۆژی ئوحود کوژرا و، لە بریی ئەو سەعیدی کوڕی ئەلعاسمم کوشت، شمشێرەکەیم بە دڵ بوو بردم، بردم بۆ لای پێغەمبەری خودا و گوتم: خودا دڵی دامەوە لە موشریکەکان و ئەم شمشێرەی پێ دام، گوتی: ئەمە نە هیی تۆیە و نە هیی منە، بیخە لای ئەوانەی بە دەست هاتوون، گوتی: خستمە لای ئەوانی تر و، لە خودا زیاتر کەس نەیزانی کێ براکەمی کوشتوە و ئەو دەسکەوتەم هێناوە، هیچ بە سەریدا نەچوو تا پێغەمبەری خودا هات بۆ لام و سورەتی ئەنفال دابەزی و گوتی: ئەی سەعد، پرسیاری شمشێرەکەت کرد کە هیی من

.نەبوو، ئێستا هیی منە و بڕۆ بیبە
تەماشا بکە چۆن نەیهێشت شمشێرەکە ببات، لەبەر ئەوەی یەکەم جار ڕێگەیەکی نەدۆزییەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان لە نێوان موسوڵمانان لە سەر غەنیمەتەکان، ئەگەر شمشێرەکەی پێ بدایە، هەر کەسە و لای خۆیەوە داوای دەسکەوتەکەی خۆی دەکرد، لەوێدا ناکۆکییەکان زیاتر دەبوون، بە هۆی ئەوەی لە سەرەتای شەڕەکەوە مەرجی بۆ دانابوون، بەڵام کە ڕێگەیەکی دۆزییەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان، بەوەی غەنیمەتەکان هیی ئەو دەبێت بە دەر لە خەڵکی تر و ئەمەیش بە فەرمانی خودا، ئەوەی بە دڵی خۆی بوو پێی دا، بێ ئەوەی .هیچ کەسێك شتێك بڵێت، لەبەر ئەوەی شتێکی دابێ بە فەرمانی خودای گوێلێگیراو بوە
بێگومان ئایەتی ئەنفال ڕێکخستنێکی کاتی بوو بۆ یەکلاییکردنەوەی گیروگرفتەکان، لەبەر ئەوەی غەنیمەتەکانی کردە موڵکی پێغەمبەری خودا، بە هەر کەسێك بیەوێت و کێ بێت و چۆنی بوێت بە ئارەزووی خۆی بیدات، ئەمەیش قسەوقسەڵۆکی لە لایەن هەندێك باوەڕلاوازەوە دروست کرد، بۆیە دەبوو بۆ خودئاگایی دابەشکردنی غەنیمەتەکان بە حوکمێکی گشتی دابنرێت، کە بەو پێیە لە هەموو کاتێکدا کار بکەن و هەر کەسێك بە بەشی خۆی ڕازی بێت و جیاوازی و ناکۆکی دروست نەبێت. ئینجا دەبێت ئایەتێك بێت ئایەتی ئەنفال نەسخ (نسخ) بکات واتە جێگرەوەی هەبێت. بە ئایەتی دابەشکردنی غەنیمە سەرەتای نەسخ کرایەوە کە دەڵێت: {وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ} [الانفال: 41]. واتە: حوکم لە دابەشکردنی بەم شێوەیە بوو: دابەشکردنی غەنیمەـ (پاش (صفى) کە پێغەمبەر بۆ خۆی دایدەنێت) بە پێنج بەش دانرا، پێنجیەکی بۆ پێغەمبەر چی بوێت لێی دەکات، دوەم بەش بۆ ئەو خەڵکانەی لە خزمە نزیکەکانی لە بەنو هاشم و بەنو موتەلیب و، سێیەم بۆ هەتیوەکان، چوارەم بۆ هەژاران، پێنجەم بۆ ئەوەی .ڕێی تێ بکەوێت لە نەداران
ئەوەی دەیزانم کە هاشم و موتەلیب و عەبدشەمس و نوفەل برا بوون، ئەمانە کوڕانی عەبدمەناف بوون، دەربڕینی زاراوەی (ژوی القربی) واتە خزمانی، کوڕانی ئەوانە دەگرێتەوە یان تەنها تایبەتمەند دەبێت بە کوڕانی بەنو هاشمەوە، لەبەر ئەوەی محەمەد لە بەنو هاشم بوو. بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی پشکەکەی خزمەکانی واتە بەنی هاشمییەکان، بە تەنها ئەوی نەگرتەوە، بەڵکوو بەنو موتەلیبیشیان لەوەدا بەشدارییی پێ کرد و لەوەیشدا وا پێویستی کرد کە بەنو نوفەل و بەنو عەبد شەمسیش بەشداری پێ بکەن، بەڵام ئەوەی نەکرد، تەنها دابەشی کرد بە سەر بەنی هاشم و بەنی موتەلیب دا، وازی لە بەنی عەبدشەمس و بەنی نوفەل هێنا، تەنانەت جوبیری کوڕی موتعەم کە لە بەنی نوفەل بوو، عوسمانی کوڕی عەفان لە بەنی عەبدشەمس بوو ناڕەزاییان لەو بارەوە دەربڕی و پێیان گوت: ئەی پێغەمبەری خودا، ئێمە چاکەی بەنی هاشم بۆ تۆ فەرامۆش ناکەین، بەڵام لەبەر چی بە بەنی موتەڵیبت دا و بە ئێمەت نەدا، ئێمە و ئەوان لە یەك پێگە و ئاستداین، پێغەمبەر گوتی: ئێمە و بەنی موتەلیب لە جاهیلیەت و ئیسلامیشدا لە یەك جیا نەبووینەتەوە و هەر دوو دەستی لە یەك ئاڵاند و گوتی ئێمە و ئەوان یەك شتین. هەندێك لە فەقیهەکان وا بۆی دەچن کە ئەم حوکمە تایبەتە بە محەمەد، کە بەشی خزمەکان (ژوی القربی) دا و بە بەنی نوفەل و بەنی عەبدشەمسیش .وەك بەنی هاشم و بەنی موتەلیب پاشتر بەشیان درابێت
بەڵام هۆکاری ڕاستەقینەی پێدانی بە بەنی موتەلیب و نەدانی بە بەنی عەبدشەمس و بەنی نۆفەل بۆ دوو ڕووداو دەگەڕێتەوە: یەکێکیان لە جاهیلیەتدا ڕووی دا، پێش ئەوەی محەمەد لە دایك بێت، لەوێدا نۆفەل و کوڕانی هاوپەیمانی بەنی عەبد شەمسیان کردوە دژ بە بەنی هاشم، تا بەنی هاشم ناچار بوون، هاوپەیمانی لەگەڵ خوزاعەدا بکەن دژ بە بەنی نۆفەل و بەنی عەبدشەمس، لەبەر ئەوەی دژایەتییەك و ناکۆکییەك لە نێوان عەبد ئەلموتەلیب و نۆفەلی مامیدا هەبوە، پێشتر بەفراوانی باسی ئەمەمان کرد لە کاتی ڕوونکردنەوە و باسکردن لە وەحیدا کە بە هۆی حوشترەکەیەوە بۆی هات لە (وێنەکانی وەحیدا). ڕووداوی دوەم لە پاش پێغەمبەرایەتی ڕووی دا، ئەبوو تالیب محەمەدی لە قوڕەیش پاراست و بە دووری گرت لە شەڕیان، لە کاتێك کە بینیی دوژمنایەتییان بۆ محەمەد توندتر بوو، بەنی هاشم و بەنی موتەلیبی بانگ کرد بۆ ئەوەی محەمەد بپارێزن و لەگەڵ ئەودا هەڵبسن و دابنیشن، ئەوانیش .ڕازی بوون بەوە
لەم دوو ڕووداوە وا تێ دەگەین، کوڕانی ئەو چوار برایە بە سەر دوو بەشی نەیار بە یەك دابەش

بوون، بەشی یەکەم بەنو هاشم و بەنو موتەلیب و، بەشی دووەم بەنو نۆفەل و بەنو عەبدشەمس. کاتێك محەمەد قسەی بۆ جوبێر کوڕی موتعەم و عوسمانی کوڕی عەفان کرد، ئاماژەی بەوە دا: (ئێمە و بەنو موتەلیب لە جاهیلیەت و ئیسلامدا لە یەك جیا نەبووین و، ئێمە و ئەوان یەك شتین)، لە کاتی قسەکردندا پەنجەکانی هەر دوو دەستی لە یەك ئاڵاندوە.

ئەوەی محەمەد زیاتر هانی موسوڵمانان دەدات بۆ شەڕکردن لە دەستبەسەرداگرتنی شمەکی جەنگاوەران و، هەر کەسێك یەکێك بکوژێت، لە شەڕەکەدا شتەکانی بۆ خۆی دەبێت، واتە بردنی چەك و جلوبەرگەکانی، واتە بردنی شتەکانی (سلب)کردنی بە غەنیمەت حساب نەکرد، لە بەر ئەوەی جارێك پێنجیەکی دەرنەکردبوو، بەڵکوو حوکمی ئەوەی دا بکوژەکە دەست بە سەر شمەکی کوژراودا بگرێت و، لەوەیشدا بەوەوە وەستایەوە کە شایەتی هەبێت بێ سوێند خواردن. ئەبووتەلحەی ئەنساری لە ڕۆژی حەنین بیستی کوشت سەرجەم شمەکەکانی بردن.

هەندێك دەڵێن، لە ڕۆژی حەنین نەبێت لە هیچ کاتێکدا نەیگوتوە هەر کەسێك یەکێکی لە دوژمنان کوشت شتەکانی بۆ خۆی بێت، ئەمە ڕاست نییە، بەڵکوو ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم قسەیە بە شەش ساڵ پێش حەنین گوتوویەتی و جێبەجێیشی کردوە، بوخاری لە صحیحەکەیدا باسی لەوە کردوە، دەڵێت: مەعاز کوڕی عەمرو کوڕی جموح و معاز کوڕی عەفرا، کە هەر دووکیان لە ئەنسارەکان بوون، لە ڕۆژی ئوحود بە شمشێرەکانیان لە ئەبووجەهل کوڕی هوشام یان -دا تا کوشتیان، چوون بۆ لای پێغەمبەری خودا و هەواڵەکەیان پێ گەیاند: گوتی: کامەتان کوشتی؟ هەر کەسە و گوتی من کوشتم، گوتی: شمشێرەکەتان سڕیوەتەوە؟ گوتیان: نەخێر، تەماشای شمشێرەکانی کرد، گوتی: هەر دووکتان کوشتووتانە، شمەکەکانی دا بە مەعاز کوڕی عەمرو کوڕی جموح. هەندێکیان دەڵێن بۆ ئەوە داویەتی بە مەعاز کوڕی جموح چونکە بەتوندی لێی داوە و دوا هەناسەی بڕیوە، بەڵام ئەوی تر بریندارى کردوە، بەڵام گوتوویەتی: هەر دووکتان کوشتووتانە بۆ ئەوەی دڵی ئەوی تر نەئێشێت و میهرەبان بێت لەگەڵیدا و دڵی خۆش بکات. ئیبن قەییم دەڵێت: ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە سەلبکردن لەو کاتەوە بڕیاری لێ دراوە و زانراوە، بەڵام ڕۆژی حەنین تازە کرایەوە، بۆ ڕاگەیاندنی گشتی بانگەوازی بۆ کراوە، نەك بۆ شەرعیەتپێدانی لەم کاتەدا. لەوەی پێشتر تێگەییشتین کە بەهەشت لە حەز و ئارەزوە گشتییەکانە، لەبەر ئەوەی لە ئیسلامدا بۆ هاندان دەشێت و، هەروەها بۆ شەڕیش، بە پێچەوانەی غەنیمەت کە بۆ هیچ ناشێت جگە لە ئارەزووی پێشوەختە بۆ شەڕ، کاتێك محەمەد لە مەککە بوو، پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە، غەنیمەت لە هاندان و ئارەزووپێدان نەبوو، لەبەر ئەوەی شەرعیەت بە شەڕ نەدرابوو لە مەککەدا، ئەگەر شەڕیش نەبێت غەنیمەت نییە، بەڵام تەماحی مادیی دەخستە پێش موسوڵمانان، وەك چۆن حەزی قەومەکەی بۆ ئیسلام دەجووڵاند، کە دەبنە پاشای عەرەب و عەجەم، ئەمەی لەو کاتەدا پێ گوتن کە لە ماڵی ئەبووتالیبی مامی دا کۆ بوونەوە: (پەیمانم بدەنێ، واتان لێ دێت پاشای عەرەب و عەجەم قەرزارتان دەبێت.) وەك بە بەنی شیبانی کوڕی سەعلەبەی گوت، لەو کاتەدا، واتە لە وەرزی حەجکردن کە باسی پاشاکانی فارسیان بۆ کردن: (دەبینن هیچی پێ ناچێت کە دەبنە میراتگری زەوی و ماڵومولکیان و، ژنەکانیان دەخەنە ژێر خۆتان، شوکری خودا دەکەن و بە پیرۆزی ڕادەگرن). هەروەها بە بەنی بەکری کوڕی وائیلی لەو کاتەی کە خۆی پێ ناساندن ئەو شتەی پێ گوتن؛ لەو کاتەدا کە پێیان گوت: دراوسێی فارسین کە ئێمە ناتوانین خۆمان بپارێزین و خۆمان لە شەیتان نادەین. پێی گوتن: خودا لە سەر خۆتان دابنێن کە دەتانهێڵێتەوە، تا دەچنە ماڵەکانیانەوە و ژنەکانیان دەگێن و منداڵەکانیان دەکەن بە کۆیلە، سیوسێ جار سپاسی خودا دەکەن و سیوسێ جار حەمدی دەکەن و سیوسێ جار ئەڵاهو ئەکبەری بۆ دەکەن، پێشتر باسی ئەمە کرا بەدووورودرێژی.

توندبوون بەرانبەر شتشاردنەوە

غلول) چاوگی وشەی (غلَّ)ە واتە شتێك بەدزییەوە بەریت و لە کاڵاکانتدا بیشاریتەوە. کاتێك ) لە پاش شەڕەکە بە تەواوی غەنیمەتیان کۆ دەکردەوە. ئەمە لە سەر ئامانەتی ئەوانە دەوەستا کە غەنیمەتەکەیان کۆ دەکردەوە و دەست دەکەوت و خۆیان ڕادەگرت و شتێکیان نەدەبرد پێش دابەشکردنی، محەمەد هەندێکی بینی کە شتێك بەدڵیان بێت دەیبەن و دەیشارنەوە، لەوەدا نەهیکردن و بە شێوەیەکی قورس توند بوو بەرانبەریان، لەبەر ئەوەی ئەگەر واز لەمە نەهێنن، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت غەنیمەتەکان کۆ بکرێتەوە و حەقی هەندێکیان لەوەدا دەفەوتێت

.و بێگومان ناكۆكی لە نێوانیاندا دروست دەبێت
لەبەر ئەوە لە سەر شت شاردنەوە بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ كردن، تەنانەت كە غوڵامەكەی بە ناوی مودعم پێكا و كوژرا: گوتیان خۆزگە بە خۆی لە بەهەشتدایە، هەندێك شتی لە ڕۆژی خەیبەر لە غەنیمەتەكان شاردبووەوە، پێغەمبەری خودا گوتی: نەخێر، بەوەی گیانم بە دەستییەوەیە، ئەو پەڕە شتەی كە لە ڕۆژی خەیبەر لەو غەنیمەتانەی شاردبووەوە و دابەش نەكرابوو دەبێتە ئاگر بۆی، كردەوەی شاردنەوە واتە غلكردنی زۆر گەورە كردەوە، هەر چەندە شتشاردنەوە كارێكی نابوتانەیە. دەڵێن یەكێك لە هاوەڵانی لە ڕۆژی خەیبەر مردوە، هاتن بۆ لای پێغەمبەری خودا، هەواڵی مردنیان پێ دا، نوێژی لە سەر نەكرد، پێی گوتن: نوێژ بكەن لە سەر هاوەڵەكەتان، دەموچاوی خەڵكەكە گۆڕا، گوتی: ئەم هاورێیەتان لە پێناوی خودا شەڕی كردوە و شتی شاردوەتەوە، شمەكەكانیان پشكنی، موروویەك لە موروەكانی یەهوودییان تێدا .دۆزییەوە كە باییی دوو درهەم نەبوو
باس لەوە دەكرێت، كە لە ڕۆژی حەنیندا لە تەنیشت حوشترەكەیەوە هەستایە سەرپێ و موویەك لە پشتی حوشترەكەی هەڵكەند و بەرزی كردەوە و گوتی: ئەی خەڵكینە، بە خودا هیچ شتێكم تەنانەت هێندە ئەم موە نەبردوە جگە لە پێنجیەك و، پێنجیەكیش بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە، بەجوانی كارەكەتان بكەن بیدوورن، شاردنەوەی شت دەبێتە ناشیرنی و قێزەونی و ئاگر لە ڕۆژی قیامەتدا. یەكێك لە ئەنسارەكان هات و گلۆڵەیەك مووی پێ بوو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەم گلۆڵە موەم بردوە بۆ ئەوەی زینی وشترەكەمی لێ دروست بكەم.
گوتی: بەشەكەی من لەوە بۆ تۆ، گوتی: ئەگەر بگاتە ئەم ڕادەیە، هیچ پێویستییەكم پێ نییە و فڕێی دا. دەڵێن عەقیل دەرزییەكی لە غەنیمەت داوە بە ژنەكەی، گوێی لێ بوە بانگەوازكەرێك دەڵێت؛ هەر كەسێك شتێكی بردوە بیگەڕێنێتەوە تەنانەت دەرزی و دەزوویش، گەڕایەوە .دەرزییەكەی لە ژنەكەی وەرگرتەوە و خستییە نێو غەنیمەتەكانەوە
لە سورەتی (ئاڵ عمران)دا هاتوە: {وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَغُلَّ وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} [ئاڵ عمران: 161]. واتە: دەڵێن چنراوێكی سوور لە ڕۆژی بەدر ون دەبێت واتە نامێنێت، هەندێك .دووڕوو دەڵێن: لەوانەیە پێغەمبەری خودا بردوویەتی، بۆیە ئەم ئایەتە دابەزیوە
لە ئەبووهورەیرەوە گوتراوە: پێغەمبەری خودا لە ناوماندا بوو هەڵسا و باسی شتشاردنەوەی كرد و گوتی، تاوانێكی گەورەیە و بە گەورەیی باسی كرد، گوتی: لەگەڵ هیچ كەسێكتاندا خۆشحاڵ نابم لە ڕۆژی قیامەتدا كە مەڕێكی لە سەرشان بێت باعەباع بكات و حوشترێكی لە ملی بێت بنەڕێنێت و بڵێت ئەی پێغەمبەری خودا فریام بكەوە، دەڵێم هیچ شتێكم بە دەست نییە و پێشتر پێم گوتوویت، شتێكی بێدەنگ لە سەر ملی بێت و بڵێت ئەی پێغەمبەری خودا فریام بكەوە، دەڵێم هیچ شتێكم لە لایەن خوداوە بۆ تۆ نییە پێشتر پێم گوتوویت، یان پارچەیەك لە سەر ملی بێت و بڵێت ئەی پێغەمبەری خودا فریام بكەوە، دەڵێم هیچ شتێكم بۆ تۆ پێ نییە پێشتر پێم ڕاگەیاندوویت. وەك ئەوەی لەم قسانەی ئایەتی شت شاردنەوەیان بۆ شی دەكاتەوە كە ئێستا باسمان كرد دەڵێت: {وَمَنْ يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ} [ئاڵ عمران: 161] واتە:
لە سەر ئەوانەی مردوون و شتیان شاردوەتەوە ئەستۆیان پاك نەبوە لە شاردنەوەی غەنیمەتدا، دەڵێت: لە ئاگردان، ڕۆیشتن عەبایەكیان دۆزییەوە كە شاررابووەوە. لە هەندێك غەزوەدا، دەڵێن: ئەوە شەهیدە و فڵان شەهیدە تا بە لای یەكێكدا ڕەت بوون و گوتیان، فڵانە كەس شەهیدە، .گوتی نەخێر من لە ئاگردا بینیم لەبەر ئەوەی بوردەیەكی شاردبووەوە
لەم قسانە وا تێ ناگەین، محەمەد بە نهێنییەكانیانی زانیوە، كە وا هەواڵی شتشاردنەوەی لە غەنیمەتەكان پێ داون. لەبەر ئەوەی پێغەمبەر هیچ لە غەیب نازانێت، ئەو كەسانەیش كەمن و، لەوانەیە محەمەد خۆی بینیونی كە شتیان شاردوەتەوە، یان هەندێك لە هاوەڵانی هەواڵی پێ داون كە ئەو شتەی بینیوە، بەڵام ئەو هەواڵەی پاش مردن پێ داون بۆ خراپ و قێزەون تەماشاكردنیان و بۆ ئەوەی ئەوانی تر پەندی لێ وەربگرن و شتێك لە غەنیمەتەكە نەشارنەوە. ئەم توندبوونە لە سەر شتشاردنەوە، جگە لەوەی بۆ ئەوە بێت نەهێڵێت شت بشارنەوە و كۆكردنەوەی ئاسان بكات، بۆ هیچی تر نەبوە، بۆ ئەوەی مافی هیچ كەسێك نەفەوتێت، كە .مافی تێدا هەبوە

(72)

## هاندان بەپەری

پێشتر دەربارەی محەمەد باسمان بۆ کردیت کە وەك ئامرازێکی هاندان بۆ شەڕکردن چی بە کار هێنا، هەروەها پشتی بە شتێکی تر دەبەست بۆ بەهێزکردنی دڵ و دەروونیان و جێگیریی توانایان، وەك ئامرازێك بۆ هاندانی جەنگاوەران لە گەرمبوون و قاڵبوون لە شەڕدا، یان کە ترسناکیی حاڵەتێکی دەبینی کە بە قورسی دەزانی خۆی تێدا ببینێتەوە.

ئەوەی ناشارڕێتەوە ئەگەر ترس و تۆقاندن خۆی بە سەر دڵی جەنگاوەراندا کێشا، بێگومان ڕاکردنیان لە پێشدا دەبێت و، هەر چەند ژمارە و تفاقیان زۆر بێت ژێر دەکەون. گەورەترین هۆکاری سەرکەوتن لە شەڕدا ورەبەرزی و توندوتۆڵی و بەهێزی دڵ و ئارامیی دەروون و خودە، هەر کەسێك لەو حاڵەتانەدا بێت سەرکەوتن چارەنووسی دەبێت، هەر چەندە ژمارەیان کەمیش بێت. بۆیە محەمەد تەنها بە بەهەشتەوە نەوەستا، سوور بوو لە سەر بەخشینی پەری بە جەنگاوەران، لەوەدا هیچی نەویستوە جگە لە هاندانیان و بەهێزکردنی دڵ و جەرگیان کە ترس بە گیانیاندا نەیەت و بیر لە ترس و تۆقین نەکەنەوە، وەك لە ڕۆژی بەدر ڕووی دا، کاتێك سوپاکەی خۆی بینی لە ژمارەدا کەمن و سوپای دوژمن زۆرن، هەستی بە ترسناکیی حاڵەتەکە و ناجێگیریی هەڵوێستەکەی کرد. وەستانێکی بۆ وەستا لە عەرشەکەیدا، کە مەگەر خۆی بزانێت چۆن بوە و، ڕووی کردە خودا و پاڕایەوە کە سەری بخات و پەیمانەکەی بهێنێتە دی.

لە عومەری کوری خەتابەوە دەڵێت: پێغەمبەری خودا لە ڕۆژی بەدر تەماشای موشریکەکانی کرد کە هەزار کەس دەبوون و تەماشای هاوڕێکانی کرد کە سێسەد کەسن، ڕووی لە قیبلە کرد و دەستی درێژ کردەوە و دوعای کرد و گوتی: خودایە ئەوەی پەیمانت پێ دام بۆم بیهێنە دی، خودایە ئەم چەتانە لە ناو بەرە کە هیچ ناپەرستن لە سەر زەوی، بەردەوام بوو تا عەباکەی لە سەر شانی کەوت، ئەبووبەکر هەڵی گرت و خستییە سەر شانی و لە دواوە گرتی و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا پاڕانەوە بەسە بۆ ئەوەی پەیمانی پێ دای بۆت جێبەجێ دەکات. ئینجا دەرچوو بۆ لای هاوەڵانی و ڕیزەکانی ڕێکخستن و پێی گوتن، ئەوەی نزیك بوەوە بە ڕمەکانتان لێی بدەن و پێشی بکەون، هیچ لە شمشێرەکانتان مەکەن و دەری مەهێنن تا سڵتان لێ نەکەن، گوتارێکی گەرمی بۆ دان و هانی دان لە سەر جیهاد و سەبرگرتن لە شەڕەکەدا. مژدەی پێ دان کە خودا پەریی بۆ ناردوون بۆ ئەوەی هاوشان شەڕیان لەگەڵدا بکات. وەك ئەم حیکایەتە لە سورەتی (ئال عمران)دا هاتوە: {وَلَقَدْ نَصَرَكُمُ اللَّهُ بِبَدْرٍ وَأَنْتُمْ أَذِلَّةٌ فَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ. إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ؟ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ. وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ وَلِتَطْمَئِنَّ قُلُوبُكُمْ بِهِ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ} [ئال عمران: 123 - 126]. واتە:

ئەگەر لە ڕووکەشی ئایەتی کۆتایی ڕابمێنین (وما جعله الله إلا بشرى... هتد) دەبینین ڕاشکاوانە دەردەکەوێت کە بەهاناوەهاتنی پەری حەقیقەت نەبوە و تەنها بۆ لەناوبردنی ترس و هێورکردنەوەیان و بەهێزکردنی دڵ و جەرگیان بە پەری بوە، لەبەر ئەوەی وایان زانیوە، ئەگەر پەری لەگەڵیاندا بێت هێور دەبنەوە و ترسەکانیان دەڕەوێتەوە و متمانەیان بە سەرکەوتن زیاد دەبێت و سەرقاڵی شەڕ دەبن و دڵنیا دەبن و هێمن و ئارام دەبنەوە، هەر کەسێکیش ئەمە حاڵی بێت، مەحاڵە چارەنووسی سەرکەوتن نەبێت.

کەچی زانایانی ئیسلام جیاواز بوون لە شەڕی پەری لە ڕۆژی بەدردا، وەك زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی باسی دەکات، هەندێکیان دەڵێن: پەری لە ڕۆژی بەدردا شەڕی کرد و، جبریل پێنجسەد پەریی لای ڕاستەوە دابەزاند، کە ئەبووبەکری لێ بوو، میکائیل پێنجسەد پەریی تری لای چەپەوە دابەزاند کە عەلیی کوری ئەبووتالیبی لێ بوو. گوتی: لە شێوەی پیاو جلی سپییان لە بەر بوو لەگەڵ عەمامەی سپیدا کە چمکەکانی بە سەر شانیاندا شۆڕ بوونەوە، خەڵکی تر گوتیان ـ ئەمە قسەی ڕاستە کە ڕووکەشی قورئان پشتگیری دەکات ـ ئەوان شەڕیان نەکرد، بەڵام لە شەڕر زیاتریان دەکرد و لە شەڕەکەدا باوەڕدارانیان جێگیر دەکرد، گوتیان: ئەگەر نا یەك پەری بەسە بۆ لەناوچوونی هەموو خەڵکی جیهان، جبریل بە تاکە پەڕێکی باڕێکی قەومی لووتی لە مەدائینی وێران کرد و، بە تاکە هاوارێك خەڵکی وڵاتی سمود و قەومی

سالْحی لە ناو برد. ئەمەیە کە ئەوانە لە صەحیحدا بۆی ڕۆیشتوون بە قسەی: (کانوا یکثرون السواد) بیری تیّ دەچێت، لەبەر ئەوەی زۆرکردنی خەڵکە گشتییەکە بە وێنەی پیاوان نەبێت ناکرێت، شەڕیان نەکردوە و ئەوەی لەگەڵیاندا بوون حەقیقەتی تێدا نییە، وای لەوە کرد، مژدەی هاتنیان بۆ سەرکەوتن و بەهێزکردنی جەرگ و دڵی و دڵنیابوونی باوەڕداران بوە، وەك لە ڕووکەشی ئایەتەکە دەردەکەوێت: {وَمَا جَعَلَهُ اللَّهُ إِلَّا بُشْرَى لَكُمْ} [ئەل عمران: 126]، واتە: خودا گەیاندنی پەریی جگە لەوە نەبێت بۆ موژدەبەخشین بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەست بهێنن، هیچی تر نەبوە، واتە تەنها مژدەبەخشین بوە بە سەرکەوتن نەك لە حەقیقەتدا بە لە شەڕەکە دا بە پەری یارمەتییان بدات {وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِنْدِ اللَّهِ} [ئەل عمران: 126]، واتە سەرکەوتن بە پەری ناکرێت، بەڵکوو لە لایەن خوداوەیە، زەمەخشەری لەو بارەوە دەڵێت (واتە مژدەبەخشین بە پەری یارمەتیدان) کە خودا بەوە پشتگیرییان دەکات و سەریان دەخات و دڵی کۆچبەران بەهێز دەکات.

ئەگەر بڵێین: چۆن دەگوترێت پەری لە ڕۆژی بەدردا شەڕی نەکردوە، لە سورەتی ئەنفالدا فەرمانیان پێ کراوە کە لێیان بدەن، لە قسەی خودای باڵا: {إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلَائِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ فَاضْرِبُوا فَوْقَ الْأَعْنَاقِ وَاضْرِبُوا مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ} [الانفال: 12]. واتە: دەڵێم: زەمەخشەری دەڵێت دەربارەی (سألقی... فاضربوا...) لەوانەیە شیکردنەوەی قسەکانی (من لەگەڵتانم جێگیر بن...) هیچ هاوکارییەك لەوە گەورەتر نییە کە ترس و تۆقین بخەینە دڵی ئەوانەی کافرن و، هیچ جێگیرییەك لەوە باشتر نابێت، کە بڵێین لە ملیان بدەن، ئەم دوو فەرمانەیش لە لوتکەی سەرکەوتندا دەبێت. واتە من دەیانتۆقێنم و ئێوەیش لە ملیان بدەن، ئەوەی لێیان بدات لێرەدا پەرییەکانن: گوتی: لەوانەیە بە قسەی (سألقی) وتە دەخەمە دڵیانەوە تا قسەی (کل بنان) هەر کورێکیان پاش قسەی (جێگیرکردنی ئەوانەی باوەڕدارن بە پەرییەکان جێگیریان بکەن) وەك ئەوەی گوتبێتی، پێیان بڵێن. ئەو قسەی من ترس و تۆقین خستنە دڵیانەوەیە و ئینجا ئێوە لە ملیان بدەن، واتە: وەك ئەوەی گوتبێتیان: چۆن جێگیریان بکەین؟ گوترابێت: پێیان بڵێن ئەوە دەخەمە دڵتانەوە... گوتی: ئەوانەی دەست دەوەشێنن باوەڕدارانن. بەمەوە دەزانین کە ئەم ئایەتە وەك دەقێك دەربارەی شەڕکردنی پەری نەهاتوە، بۆیە ڕێگە بە جیاوازیی زانایان دەدات، دەربارەی شەڕکردنیان، ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە، یارمەتیدان لە لایەن پەرییەوە لە ڕۆژی بەدردا حەقیقەتی تێدا نییە و ئەوەیشیان گوت کە لە ڕۆژی ئوحود یارمەتیی نەداون، حەلەبی لە سیرەتەکەیدا دەڵێت، پێش ئەوەی پێغەمبەر بڕوات بۆ ئوحود لە لایەن خودای باڵاوە ئەم ئایەتە دابەزیوە: {أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلَاثَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُنْزَلِينَ؟ بَلَى إِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا وَيَأْتُوكُمْ مِنْ فَوْرِهِمْ هَذَا يُمْدِدْكُمْ رَبُّكُمْ بِخَمْسَةِ آلَافٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُسَوِّمِينَ} [ئەل عمران: 124، 125]. واتە: گوتی: سەبریان نەگرت و خۆیان دەرخست و پێغەمبەری خودا یەك پەرییان پێ نەبەخشی لە ڕۆژی ئوحوددا.

تەماشا بکە چۆن بەخشینی پەری بە سەبرگرتن لە شەڕدا بەستوەتەوە، لەبەر ئەوەی سەبرگرتن سەرکەوتن دەهێنێت و بەوەوە زەفەر بە دوژمن دەبەن، ئەگەر سەبر بگرن زەفەر بە دوژمن دەبەن، ڕاستە پێیان بڵێن خودا پەڕیی بۆ ناردن و ئەگەر سەبر نەگرن دەدۆڕێنن، واتە ژێر دەکەون، ئەمە ڕاست نییە، دەبێت پێیان بڵێن: خودا سەرکەوتنی پێ نەدان، لەبەر ئەوەی سەبرتان نەگرت لە شەڕەکەدا. هەروەها بە هەمان حاڵ لە ڕۆژی ئوحوددا، خودا پەریی بۆ نەناردن بۆیە شکستیان هێنا، چۆن لەگەڵ شکستدا بڵێین خودا پەریی بۆ ناردن، ئەمە ڕاشکاوانە لە چیرۆکی ناردنی پەریدا باس دەکرێت، کە لە پێناو بەهێزکردنی دڵ و جەرگیان بوە، بۆ سەبرگرتن و جێگیربوون لە شۆکی شەڕەکەدا، ئەگینا لە حەقیقەتدا نە پەیامناردن و نەیش پەری هەبوە.

ئەوەی نیشانەی ئەمەیە دیسان کە باسیان لە ناردنی پەری لە ڕۆژی حەنیندا کردوە، پەری لەو ڕۆژەدا نەهات، جگە لەو کاتەی کە شکستەکە دووچاری دوژمن هات. لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی زۆر گەورە لە ڕۆژی حەنیندا موسوڵمانان تووشی شکست هاتن، بەڵام پێغەمبەری خودا لە شوێنی خۆیدا جێگیر بوو، هەروەها کۆمەڵێك لە هاوەڵانی جێگیر بوون و، هاواری دەکرد بە سەر موسوڵماناندا و داوای شەڕکردنیان لێ کرد و داوای لە عەباسی مامی کرد کە بانگەواز و هاوار بکات لەبەر ئەوەی دەنگێکی زلی هەبوو، عەباس هاواری کرد: ئەی ئەنساری پێغەمبەری خودا و ئەی بەنی خەزرەج. لەوێدا موسوڵمانان گەڕانەوە بۆ

شەڕکردن تا شکستەکە بە سەر هەوازندا شکاو لەوێدا خودا پەریی بۆ ناردن. واتە پێیان گوتن: پەری لەگەڵتاندایە، شەڕ بکەن و نەترسن، ئەگەر موسوڵمانان لە سەر شکستەکەیان بەردەوام بوونایە و دووبارە شەڕیان نەکردایە، خودا پەریی بۆ نەدەناردن، واتە هیچ ڕاستییەکی نییە کە بڵێن خودا پەریی بۆ ناردوون.

ئەمەیە حەقیقەتی پرشنگداری چیرۆکی ناردنی پەری، بەڵام قسەی حیکایەتخوانان لە بارەی ئەوەوە، گوایە پەرییەکان لە سەر ئەسپی بەڵەک شەڕیان کردوە و جلی سپییان لە بەر بوە و جەمەدانیی سپیان لە سەر بوە و بە سەر شانیاندا شۆڕ بوەتەوە. جگە لە هەڵبەستن و ترشوخوێکردنی حیکایەتخوانان هیچی تر نییە.

ئەوەی محەمەد دڵ و جەرگی جەنگاوەرە هاورێکانی پێ بەهێز دەکرد و هانی دەدان بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنەکانیان، خۆڵ و بەردی فڕێ دەدا بە دەموچاویاندا و، لە کاتی فڕێدانیدا دەیگوت دەموچاوەکە تێك چوە. ئەمەی لە ڕۆژی بەدر و ڕۆژی حەنیندا کردوە، بەڵام ئەمەی لە ڕۆژی بەدردا نەکردوە و، تا ئەو کاتەی بینیی نیشانەی شکست لە سەر قورەیش دەرکەوت، ئینجا ئەمەی کردوە، ئەمەیش لە چیرۆکی سوراقەی کوڕی مالیکی مەدلەجی مان بۆ باس کردن، چۆن قورەیش لە ڕۆژی بەدر تووشی شکست هات، هەروەها لە ڕۆژی حەنین بەردی فڕێ نەدایە دەموچاوی قەومەکەدا، تا شکستەکە گۆڕا بۆ سەرکەوتن بە سەر هەوازندا، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە، فڕێدانی خۆڵ جگە لە پێناوی هاندان و پاڵپێوەنانیان بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنان و هەڵمەتێکی بەهێز و ڕاستیدا هیچ شتێکی تر نەبوە.

لیواکانی و ئاڵاکانی

عەرەب لە کاتی جاهیلیەتدا لە شەڕدا ئاڵای بە کار دەهێنا، عەمرو کوڕی کەلسووم لە هەڵواسراوێکدا دەڵێت:

وَأَنْقِـرْنَا نُخَبّـرْكَ الْيَقِيْنَـا أَبَا هِنْـدٍ فَلَا تَعْجَـلْ عَلَيْنَـا

وَنُصْـدِرُهُنَّ حُمْراً قَدْ رَوِيْنَـا بِأَنَّا نُـوْرِدُ الـرَّايَاتِ بِيْضـاً

واتە ئەگەر بمانەوێت هەواڵی ڕاست بەرینەوە ئەی باوکی هند زۆرمان لێ مەکە، ئەوەی بە ڕووسورەوە بینێرین بە ئاڵایەکی سپی بەدەستەوە دەیهێنینەوە.

ئاڵای سوپا بە دایکی شەڕ ناو دەبرێت، دەڵێن: لە سەرووی لیوایە، واتە لەو گەورەترە و، دەڵێن: لەبەر ئەوەی لیوا بە لیوا ناو نراوە، چونکە ئاڵاکەی لە گەورەییدا دەپێچرێتەوە (تلوى) و بڵاوەی پێ ناکرێت ئەگەر پێویست نەکات، ئەگەر تەماشای ئەوە بکەیت دەزانیت کە لیوا لە ئاڵا گەورەترە، هەندێکیان گوتیان: خەڵکی زمانەوانیی لیوا و ئاڵایان بە هاوتەریبی یەک شی کردوەتەوە، تەماشا بکە لە چەند شوێندا ئەم وشەیە لە جێگەی ئەوی تر بە کار هێنراوە، حەلەبی لە سیرەکەیدا دەڵێت: لیوا ئەو ئاڵایەیە کە لە شەڕدا هەڵدەکرێت بۆ ئەوەی شوێنی فەرماندەی سوپا کە بزانرێت و لەوانەیە فەرماندەی سوپاکە هەڵی بگرێت و لەوانەیە لە پێشەوەی سوپاکەدا بێت. ئەمە ڕاستە، هەر چەند سوپا لیوایەکی زۆری تێدا نییە، بەڵام ئاڵای زۆری تێدایە و هەر تیمێک ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەم پێیە لیوا جگە لەوەی لە ئاڵا گەورەتر بێت وەک ناولێنانەکە فەرزی دەکات هیچی تر نییە.

باسیان لەوە کردوە، کە پێغەمبەر لە ڕۆژی خەیبەردا، کە ڕۆژێکی خۆڵاوی بوو لیوایەکی بۆ عەلی کوڕی ئەبووتالیب نارد، ڕەنگی لیواکەی واتە ئاڵاکەی سپی بوو. لە ئیبن ئیسحاق و ئیبن سەعدەوە، دەڵێن: تا ڕۆژی خەیبەر ئاڵا لە ئارادا نەبوو، پێغەمبەر ئاڵای لە نێوان ئەبووبەکر و عومەر و حەباب کوڕی مونزر و سەعد کوڕی عەبادە دابەش کرد، بەڵام لیوا بوون، ئاڵاکەی پێغەمبەری خودا ڕەش بوو لە جلەکەی عایشە دروست کرابوو، واتە لە کەواکەی کە بە عوقاب ناو نرابوو.

لە قسەکانی مەقریزیدا کە باسی پلەبەندیی سەرۆکایەتی و فەرماندەکانی لە جاهیلیەتدا دەکات: عوقاب لە جاهیلیەت ئاڵایەکە بۆ سەرۆک واتە فەرماندەی شەڕەکە، کاتێک ئیسلام هات لای ئەبووسوفیان بوو، کە ئیسلام هات لیوا و سودانە لای عوسمان کوڕی ئەبی تەلحە بوو لە بەنی عەبدولدار. لەمەدا وا تێ دەگەین کە لیوا ئاڵا نییە، لەبەر ئەوەی لیوا لای فەرماندەی سوپایە، خاوەنی لیوا لە جاهیلیەتدا عوسمان کوڕی ئەبی تەلحە بوو، کە لە عەبد ئەلدار کورە گەورەی قوسەی باپیرییەوە بە میراتی بۆی ماوبوەوە. واتە ئەو خاوەن لیوایە: ئەو فەرماندەی سوپایە یان ئەو لیوا گرێ دەدات، بۆ هەر کەسێک بیەوێت و دەیکات بە فەرماندەی سوپا. ئاڵا لای ئەبووسوفیان بوە و بە عوقاب ناسراوە، کە لە لایان تایبەت بوە بە فەرماندەی

شەڕەکە، فەرماندەی شەڕیش فەرمان لەوەوە وەردەگرێت و جێبەجێی دەکات (فەرماندەی شەڕ فەرمان لە فەرماندەی سوپاوە وەردەگرێت) فەرماندەی شەڕ لە زەمانی خۆماندا بە سەرۆک ئەرکانی شەڕ ناسراوە، لە سیرەی حافزی دومیاتیدا هاتوە: پێغەمبەر ئاڵایەکی ڕەشی هەبوو چوارگۆشە بوو لە جۆری (شەمڵ و هێڵی ڕەشوسپی بوو) لە مەخمەڵ بوو پێیان دەگوت عوقاب و، ئاڵایەکی زەردیشی هەبوو، لیواکەیشی سپی بوو. لە سیرەی دومیاتیدا دووبارە دەڵێت: لیواکانی سپی بوون و لەوانەیە ڕەشیشی تێدا بووبێت، لەوانەیە ڕەشەکە نووسراوێک بێت لە سەر ئاڵاکە و، لەوانەیشە ئەم لیوایە و ئاڵاکە ڕەشیشی تێدا بووبێت. بەو واتایەی لە هەندێک گێڕانەوەدا هاتوە، کە ئاڵایەکی سپی هەبوە و بە ڕەش لە سەری نووسراوە (لا الە الا اللە محمد ڕسول اللە). لەوانەیە قسەی هەندێکیان بێت، کە دەڵێت ئاڵایەکی بۆری هەبوە کە لە کراس و جلەکانی هەندێک لە ژنەکانی دروست کرابێت.

پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە، پێغەمبەری خودا یەکەم سریەی نارد بۆ مەدینە و ناکۆکی دروست بوو لە سەری، گوتیان: سریەی حەمزەیە و، گوتیان: سریەی عوبەیدە کوڕی حارسە، لە دروستکردنی هەر یەکەیاندا لیوایەکی سپی هەبوو. ئیبن ئیسحاق دەڵێت: ئاڵای عوبەیدەی کوڕی حارس بوو –وەک هەواڵم پێگەیشت– ئەوە یەکەم ئاڵا بوە کە لە ئیسلامدا هەڵبکرێت. بە لیوایان گوت ئاڵا، ئەمەیش کۆکە لەگەڵ ئەوەی خەڵکی زمانەوان باسیان دەکرد کە هاوواتان. لە قسەی هەندێکیانەوە دەڵێن، ئاڵاکەی ڕەش بوە و لیواکەی سپی وەک لە قسەی ئیبن عەباس و ئەبووهورەیرەدا هاتوە. ئەبووهورەیرە ئەو وشەی زیاد کردوە کە لە سەری نووسراوە (لا الە الا اللە محمد ڕسول اللە).

لە غەزوەی بەدردا، گوتیان: لیواکەی کە ڕەنگی سپی بوو، دای بە موسعەبیی کوڕی عەمیر و، دوو ئاڵای تریشی لە بەر دەستدا بوو کە ڕەنگیان ڕەش بوو، یەکێکیانی دا بە عەلی کوڕی ئەبووتالیب کە پێیان دەگوت عوقاب و لە قژی عایشە دروست کرا بوو، ئەوی تریش لای هەندێک لە ئەنسارەکان بوو. لە دەمی ئیبن عەباسەوە هاتوە، گوتوویەتی: پێغەمبەر لە ڕۆژی بەدر ئاڵایەکی دایە عەلی کە کوڕی بیست ساڵ تەمەن بوو، لە لایەکی تریشەوە لیوای کۆچبەران لای موسعەب کوڕی عەمیر بوو، لیوای خەزرەج لای ئەلحەباب کوڕی مونزیر بوو و، لیوای ئەوس لای سەعد کوڕی مەعاز بوو، باسی دوو ئاڵا ناکات. لە (إمتاع)دا هاتوە، لە کاتی دامەزراندنی لیواکان، سێ دانە لیوایان هەبوو، لیوایەك موسعەب کوڕی عەمیر هەڵی گرتبوو، دوو ئاڵای ڕەش یەکێکیان لای عەلی بوو، ئەوی تر لای پیاوێك لە ئەنسارەکان بوو، لەوێدا لیوا بە ئاڵا ناو دەبات. لە سریەی عەلیی کوڕی ئەبووتالیب بەرەو فولس کە بتێکی گەورە بوو، دەڵێن پێغەمبەری خودا لەگەڵ سەدوپەنجا پیاوی ئەنساردا ئاڵایەکی ڕەش و لیوایەکی سپیی بۆی ناردوە.

لە غەزوەی بەنی قەینوقاعدا گوتیان: پێغەمبەری خودا بۆ ئەو غەزوەیە لەگەڵ لیواکەیدا کە ڕەنگی سپی بوو و بە دەستی حەمزەی مامیەوە بوو ڕۆیشتوە. ئیبن سەعد دەڵێت: لەو ڕۆژانەی کە ئاڵا نەبوو، کەچی لەوەی پێشوو لە سەر شەڕی بەدردا وەڵامی دەداتەوە، دوو ئاڵای ڕەشیان لە بەردەستدا بوە، یەکێکیان لای عەلی بوە کە پێیان گوتوە عوقاب. حەلەبی دەڵێت: لەوانەیە لە بەرانبەر ئەو ئاڵایەی لە جاهیلیەت بەو ناوەوە بوە ئەمانیش بەوەوە ناویان ناوە، پێی دەڵێن ئاڵای سەرۆکەکان، لەبەر ئەوەی سەرۆك نەبێت کەس لە شەڕدا هەڵی ناگرێت، لە کاتی خۆیدا تایبەتمەند بوو بە ئەبووسوفیان، جگە لە خۆی یان پیاوێکی دیاریکراو لە کاتی نەهاتنی خۆیدا هیچ کەسێکی تر هەڵنەگرت.

بە کورتی، ئەمە هەمووی بۆمان دەری دەخات کە لیواکەی سپی بوە، هەندێك جار لە سەری نووسراوە (لا إلە إلا اللە محمد ڕسول اللە) سوپا هەمووی یەك لیوای هەبوە، ئەم لیوایەیش تەنها لای فەرماندەی سوپاکە بوە، بۆ ئەوەی شوێنەکەی لای سوپا دیار بێت، هەندێك جار جگە لە لیوا سپییەکە هیچ لیوایەك واتە ئاڵایەکی تر نەبوە. لە هەندێك جاریشدا جگە لە لیوا، چەندین ئاڵای هەبوە کە هەر یەکە و لای تیمێك بوە، ئەم ئاڵایانە یان سپی بوون یان ڕەش یان ڕەنگێکی تر.

(73)
سەرەتا و دەستپێکی سورەتەکان
هەندێک سورەتی قورئان بە پیتێک لە پیتەکانی هێمای وەک: الم. الر، حم، ص، ق کراوەتەوە، واتە دەستی پێ کردوە، تیمێکی زانایان بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە باس لەوە دەکەن ئەم دەستپێکانە لە پیتەکانی موعجەمدا هاتوون جگە لە ناوی ئەو سورەتانەی کە بەوەوە دەستیان پێ کردوە هیچی تر نین، دەڵێن وەک سورەتی (الم) و سورەتی (حم) و سورەتی (ق).
تیمێکی تر بۆ شتی تر ڕۆیشتوون. قسەکان لەو بارەوە زۆر و جیاواز و پشێو و شڵەژاون، تەنانەت هەندێکیان دەڵێن: کلیلی ئەم سورەتانە لەو هاوشێوانەن کە جگە لە خودا کەس نایزانێت.
وەک زەمینەسازییەک بۆ ئەوەی کە لێرەدا دەمانەوێت باسی بکەین، دەڵێین: پیتەکانی موعجەم لە زمانی عەرەبیدا بیستونۆ پیتن و ئەم پیتانە ناو و ناولێنراویان هەیە، (باء) ناوە بۆ ناولێنراوی (بە) و (کاف) ناوە بۆ ناولێنراوی (کە)، ناولێنراوی هەر پیتێک لە سەرەتای ناوەکەیان داناوە، گوتیان بۆ ناوی (بە) (باء) بێت و بۆ ناوی (تە) (تاء) بێت، ئاوها تا دوا پیتەکان، جگە لە ئەلف کە هەمزەیان بۆ هێنا لە جیاتی ناولێنانەکەی لەبەر ئەوە بە (سکون) وەستان نەبێت دانانرێت و سکون لە سەرەتاوە نابێت، بە ناوەکەیان گوت ئەلیف. لەفزکردنی ناولێنراوەکان لە پیتە موعجەمەکان شتێکن و خودی ناوەکان شتێکی ترن، خاوەنی (الكشاف) ئاماژەی بەمە کردوە و لە سیبەوەیەوە وەری گرتوە، دەڵێت: خەلیل گوتی با پرسیار لە هاوەڵانم بکەم: چۆن لەفزی کاف لە بۆ نموونە لە وشەی (لك)دا بێت و باو لە وشەی (ضرب)دا بێت. گوتیان: دەڵێین کاف و باء، پێی گوتن: ئێوە ناوتان هێنا و پیتەکەتان نەگوت، گوتیان تۆ چی دەڵێیت، گوتی دەڵێم: کە و بە.
ئەگەر ئەمەت زانی، دەزانیت کە ئەو پیتانەی لە قورئان و لە سەرەتای سورەتەکاندا نووسراون ناو لێنران، بەڵام خوێنەری قورئان کە بیخوێنێت بە ناولێنراوی نایخوێنێتەوە بەڵکوو بە ناوەکەی دەیخوێنیتەوە، (الم) بە شێوەی (ألف لام میم، ذلك الكتاب..) وا دەیخوێنیتەوە.. ناڵێت ئە لە مە، (دەڵێت (قاف و القران المجید) ناڵێت (قە و القرآن المجید.
ئەمە و بە کورتییەکەی، ئەوەی زەمەخشەری لە (الكشاف)دا باسی کردوە لە سەر سەرەتای سورەتەکان بۆت باس بکەم. دەڵێت: ئەو سورەتانەی کە بە پیتی موعجەم کراونەتەوە بیستونۆ سورەتن بەقەد ژمارەی پیتەکانن، بەڵام ئەو پیتانەی کران بە کلیلی کردنەوەی ئەم سورەتانە چواردە پیتن واتە نیوەی پیتەکانن. ئەوەی زانراوە، زانایانی زمانی عەرەبی لە هونەری تەجویددا پیتەکانی موعجەمیان دابەش کردوە بە سەر نۆ بەشدا: " بەچرپەیی، بەئاشکرا، بەتوندی، بەخاوی، بەچەسپاوی، بەکراوەیی، بەباڵایی، بەنزمی، پیتە لەرزۆکەکان یان نیگەرانەکان.
دەڵێت: ئەگەر تەماشای کردنەوەی سورەتەکان بکەیت کە چواردە پیتن دەبینیت، کە هەر یەکێک لەم بەشانەی نۆ بەشەکە نیوەی لە خۆ دەگرێت. ئەگەر تۆ قسەکانت خوێندەوە و پێکهاتەکانت تەماشا کرد، ئەو پیتانە دەبینیت کە خودا باسکردنی دانەناوە لەم ڕەگەزە زۆرە ژمێرراوە باس کراوانەدا. ئەمە کورتەی باسکردنەکەی زەمەخشەرییە لە شیکردنەوەی سورەتی (البقرە)دا، هەندێک شتی تێدایە کە ئاگادار بوون و بیرکردنەوەی دەوێت، لەوانە: ئەو سورەتانەی بە پیت دەکرێنەوە بیستونۆ دانەن بە ژمارە پیتەکانی موعجەم، لەوانەیش کە سورەتەکانی پێ کردوەتەوە چواردە دانەیە، واتە نیوەی پیتەکانە، ئەو پیتەکانی تری پشتگوێ خستوە، یەک پیتی لە کردنەوەی سورەتەکاندا دانەناوە، ئەم پیتانەی کە لە سەرەتای سورەتەکاندا هەن نیوەی هەر بەشێکی ئەو بەشانەی تێدایە کە دابەشمان کردن، لەوانەی پیتی زیادکەری دانەوە نەک زیادکراو، وەک لە قسەکانی زەمەخشەریدا تێدەگەیت: ئەو پیتانەم بینی کە خودا ناوهێنانی وەلا ناوە و لە زیادکراوە باس کراوەکانن. واتای ئەمە ئەوەیە، ئەگەر بە دوای وشەکان و پێکهاتەکانی لە زمانی عەرەبیدا بکەویت، زۆرینەی زاڵی چواردە پیتە باس کراوەکەی تێدایە، کە لە سەرەتای سورەتەکاندا دانراون. ئەو پیتانەی دانەنراون لە سەرەتای سورەتەکان، زۆر کەمن لە چاو ئەواندا، ئەو پیتە دانراوانەی سەرەتای سورەتەکان زۆر کەمن واتە لە زۆریدا زاڵن و ئەو پیتانەی دانەنراون بە کەمینە ناسراون، واتە بوونیان کەمە لە پێکهاتەی قسەدا لە چاو ئەو پیتانەی لە سەرەتای سورەتەکاندا دانراون. ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە دانانی ئەم پیتانە لە سەرەتای سورەتەکان هەر وا بە ڕێکەوت و بەرکەوت نەبوون، بەڵکوو بە مەبەست و نیاز و بیرکردنەوەی عەقڵ و ڕێکخستن لە بیر و هۆش و هەماهەنگی بۆ بە سونبول

کردن و ئاماژەدان بە قسە بوە، بۆیە زۆر دوورە ئەمە بە ڕێکەوت و بەرکەوت وای لێ هاتبێت.
ئاماژە بەم پیتانەی دەستپێکی سورەتەکان کرا، کە بناغەی نوتقە لە قسەی لەفزکراودا، جگە لەمانە لە پیتە پاشکۆکانن و تەواوکەریانن. ئەمەیش ناکرێت لە یەکێکەوە دانرابێت کە نەخوێندەوار بێت و نووسین و خوێندنەوە نەزانێت.
پرسیار لە هەر نەخوێندەوارێک لە خەڵکەکە بکە، بە مەرجێک لەگەڵ خوێندەواراندا دانەنیشتبێت و گوێی لە گفتوگۆکانیان نەبووبێت، پێی بڵێ: لە قسەی عەرەبدا چەند پیت هەیە؟ هیچ وەڵامێکت ناداتێ، ئینجا پرسیاری لێ بکە لە سەر ناوێک لە ناوەکانی پیتەکان، بڵێ: جیم چییە. میم چییە، چۆن میم و جیم دەڵێیت؟ هیچ وەڵامێکی نابێت، لەبەر ئەوەی نەخوێندەوار لەفزی پیتەکە دەکات، ناوەکەی نازانێت.
وەک ئێستا باسمان کرد، کردنەوەی سورەتەکان، وەک خۆی لەفز ناکرێت لە خوێندنەوەی قورئاندا بەڵکوو بە ناوەکانیانەوە دەخوێنرێنەوە. هەروەها زەمەخشەری لە (الکشاف)دا باسی بۆ کردوویت، دەڵێت: نوتقی پیتەکان وەک خۆیان لە لایەن سەرگەردانانەوە بوە، وەک نەخوێندەواریی ئەهلی کتێب واتە غەیرەدین، بەپێچەوانەی ئەو پیتانەی بە ناوەکانیانەوە لەفز دەکرێن، کە تایبەت بوە بەو کەسەی نووسیویەتی و خوێندوویەتیەوە و لەگەڵ ئەهلی کتێبدا تێکەڵ بوە و لێیان فێر بوە. دەڵێت: زۆر دوور بوە نەخوێندەوارێک ئەو قسەیە بکات و، وەک دووری نووسین و خوێندنەوە و خوێندنەوە بە ئاوازەوە؛ واتە تەرتیل وایە.
زەمەخشەری بەم شێوەیە باسی کردوە، بەڵام ئێمە دەڵێین کە سەرەتای سورەتەکان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە محەمەد خوێندنەوە و نووسینی زانیوە و پێشتر بەدرێژی باسی ئەوەمان کرد، بەڵام ئەوەی خوێندەواری لە خوداوە بۆی هاتبێت لە کەسەوە فێری نەبووبێت، ئەوە قسەیەکی ترە و ئێمە لێرەدا قسەمان لە سەر ئەوە نییە. ناسیاوێکم لە بەغدا بۆی باس کردم، لەوە تێگەییشتوە کە هەندێکیان باسی ئەوەیان کردوە کە(کهیعص) وشەیەکی عیبرییە و بە واتای (ئاوافەرمانی کرد) دێت. گوتی: لە پەهودییەکی بەغدادیم پرسی واتای ئەم وشەیە چییە، گوتی بەو واتایە و زۆرینەی یەهوود دەڵێن ئاوهایە، ئەگەر وا بێت ئەمە کارێکی سەرسورهێنەرە. بە خۆمیش لە یەکێك لەوانەی گرینگیان بە زمانی عیبری دا، لێم پرسی ئەویش بە هەمان شێوە گوتی واتە ئاوا ئاماژە دەکات، بەڵام هائەکە بە واو دەخوێنریتەوە" ئەگەر بە هائیش بنووسرێت.
ژمارەی سورەتەکانی قورئان چەندە
ئەوەی لەم کتێبانەی بەردەستن ژمارەی سورەتەکانی قورئان 114 سورەتە، وەك خاوەنی ئیتقان دەڵێت و ئەهلی زانستیش باوەڕی پێ دەکەن، بەڵام لە (براءة) بیسمیلاکە نەنووسراوە لە بەر ئەوەی من یسألونك لە ئەنفالدایە. خاوەنی (اتقان)وای دانا کە یەك سورەتە هەڵەی هەردوولا بووە کە بیسمیلاکەی تێدانەبووەبەو شێوەیە بێت قورئان لە سەتوسێزدە سورەت پێکدێت" بەهۆی ئەوەی بیسمیلای سەرتای سورەتی (براءه) دانەنراوە" لە کتێبەکەی ئیبن مەسعودیش هەردوو میعوەزەکان نەنسراوە" بەوپ ێیە بێت قورئان سەتودوازدە سورەتە.
یەکێك لە نووسەرانی قورئان؛ ئەبی بن کەعب دوو سورەتی لەکتێبەکەی خۆیدا نووسیوەتەوە کە سورەتی (خلع) و (الحفد) ن و خلع بەم شێوەیە نووسراوە (اللهم انا نستعینك و نثنی علیك و لا نكفرك و نخلع و نترك من یفجرك) بەڵام سورەتی الحفد بەم شێوەیە هاتوە (اللهم اياك نعبد و لك نصلی و نسجد و الیك نسعی و نحفد نرجو ڕحمتك و نخشی عذابك ان عذابك بالکفار ملحق). ئەمە لە لایەن زۆر خەڵکەوە نووسراوە وەك لە ئیتقاندا هاتوە" محەمەد کوڕی نەسری ئەلمزوری لە کتێبی نوێژدا لە ئەبی کوری کەعبی وەری گرتوە کە بە یەقینی باسی ئەو ئایەتەی کردوە.
هەروەها لە کتێبی ئبن عەباس خوێندنەوەی ئەبی و ئەبی مووسای تێدایە، بسم الله الرحمن الرحیم انا نستعینك و نستغفرك و نثنی علیك الخیر و لا نكفرك و نخلع و نترك من یفجرك) هەروەها (اللهم اياك نعبد لك نصلی و نسجد و الیك نسعی و نحفد و نخشی عژابك و نرجو ڕحمتك ان عژابك بالکفار ملحق) هاتوە. هەروەها لە ئیتقاندا: تەبرانی بە سەنەدی ڕاست و صەحیح باسی ئەو دوو سورەتەی کردوە, کە ئیمام بوە و لە نوێژدا خوێندوویەتیەوە"ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە لە قورئاندا بوە" لەبەر ئەوەی نوێژ بە بێ ئەوەی سورەتێك لە قورئاندا بێت نەخوێنراوەتەوە. بەم پێیەیش سورەتەکانی قورئان دەبنە 116 سورەت.

ئایا شتێک لە قورئان لە کاتی کۆکردنەوەیدا کەوتوە
لێرەدا نامانەوێت بەدرێژی باسی چۆنێتیی کۆکردنەوەی قورئان لە پاش مردنی پێغەمبەری خودا بکەین جگە لەوەی دەڵێین: ئەبووبەکر یەکەم کەس بوو بە ڕاوێژی عومەری کوڕی خەتاب کۆی کردەوە، بەڵام لە نێو کتێبێکدا کۆی نەکردەوە وەک پاش ئەو عوسمان کردی، بەڵکوو لە سەر پەڕە دای نا و کۆی کردەوە و هەندێکیانی خستە لای ئەوی تر بۆ ئەوەی قورئان لە گومبوون بپارێزێت، ئەمەیش پاش ئەوەی بینیی کە زۆرێک لەو خوێنەرانەی قورئانیان لەبەر بوو لە شەڕی هەڵگەڕانەوە کوژران.. پاش مردنی ئەبووبەکر ئەم پەڕانە گواسترانەوە بۆ لای خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەتاب، پاش هاتنی عوسمان ئەم پەڕانەی کە عومەر کۆی کردبوونەوە، لای دایکی باوەڕداران حەفسەی کچی عومەری میری باوەڕداران دانرابوو. پاش ئەوەی هەواڵی ئەوە گەییشتە عوسمان کە ئەوەی لە نێوان موسوڵماناندا جیاوازی لە خوێندنەوە ڕوو دەدات، ویستی ئەم جیاوازییانە لە نێوانیان لا بدات و هەموویان لە سەر یەک کتێب کۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەموویان وەک یەک بیخوێننەوە. لە (الإتقان)دا هاتوە، حاکم لە گێڕانەوەی بوخاریدا لە ئەنەسەوە وەری گرتوە: بوخاری باسی لەوە کردوە کە ئەنەس باسی کردیێت، حەزیفەی کوڕی یەمان هاتوە بۆ لای عوسمان لەو کاتەدا غەزای شامی کردوە، لە گرتنی ئەرمینیا و ئازەربەیجان لەگەڵ خەڵکی عێراقدا، حەزیفە بە جیاوازی لە خوێندنەوەی قورئان ترساوە و بە عوسمانی گوتوە: بگە بە میللەتەکەدا پێش ئەوەی وەک جیاوازییەکەی یەهوود و نەسرانی جیاوازی بکەوێتە بەینیانەوە. عوسمان ناردی بۆ لای حەفسە. ئەو پەڕانەمان بۆ بنێرە بۆ ئەوەی لە کتێبێکدا کۆپی بکەین و بینێرینەوە بۆت، حەفسەیش ناردنی بۆ عوسمان و ئەویش فەرمانی بە زەیدی کوڕی سابت "ئەمە لە ئەنسارەکان بوو" و عەبدوڵڵای کوڕی زوبیر و سەعید کوڕی عاس و عەبدولڕەحمان کوڕی حارس کوڕی هیشام "ئەم سیانە لە قورەیش بوون" کرد و، ئەوانیش لە کتێبێکدا کۆپیان کرد. عوسمان بەو کۆمەڵە قورەیشییەی "سێ کەس بوون" گوت: ئەگەر ئێوە و زەیدی کوڕی سابت جیاوازی کەوتە نێوانتانەوە بە زمانی قورەیش بینووسن، لەبەر ئەوەی بە زمانی ئەوان دابەزیوە، ئەمەیان کرد و پەڕەکانیان لە کتێبێکدا کۆپی کرد و، عوسمان پەڕەکانی ناردەوە بۆ حەفسە، بۆ هەر لایەک دانەیەک لەو موسحەفە لە (قورئان)ـی نارد، فەرمانی کرد ئەوەی لە قورئان نییە لە هەر پەڕەیەکدا یان کتێبێکدا بێت بیسووتێنن، فەرموودەیە.
ئەوەی لە دەرپڕینی ئەم فەرموودەی دواییدا دەردەکەوێت، ئەوانەی پەڕەکانیان لە مەسحەف واتە قورئاندا کۆپی کردوە، کەچی هەندێک شت لەو پەڕانەی مەسحەفدا بوە کۆپیان نەکردوە و وازیان لێ هێناوە، وەک لە قسەکەیدا دەردەکەوێت (فەرمانی بەوانەی تری کرد) واتە جگە لەوەی لە مەسحەفدا کۆپی کراوە، لە قسەکەیدا هاتوە: (لە هەر پەڕەیەکدا) واتە لەو پەڕانەدا کە حەفسە ناردنی.
ئەگەر بڵێیت: ئەوەی لە پەڕەدا ویستراوە لە قسەی: لە (هەر پەڕەیەکدا)، هەر پەڕەیەک لەو پەڕانەدا نەبن کە حەفسە ناردنی، دەڵێم: هیچ پەڕەیەک یان چەند پەڕەیەک جگە لەوەی لای حەفسە بوو، نەبوە. هەموو حیکایەتخوانان دەڵێن: ئەبووبەکر فەرمانی کردوە قورئان کۆ بکەنەوە لە سەر پووش و گەڵا و پینەوپەڕۆ و ئێسکی دەفەی شان و پاشماوە و پێست و تەختە و لە سنگی پیاواندا (واتە ئەوەی لە بەریان کردبوو) وەری گرت و کۆی کردەوە، نەگوتراوە لە پەڕەدا کۆ کراوەتەوە، هیچ پەڕەیەک جگە لەوەی لای حەفسە بوە، هیچی تر نەبوە، ئەویش لە کات و زەمانی ئەبووبەکردا کۆ کراوەتەوە. ئەمەیش هەندێک لەو شتانەیە کە حیکایەتخوانان باسیان کردوە لەم بەشەدا.
لە (الإتقان) دا هاتوە: حارس ئەلموحاسبی لە کتێبی تێگەییشتن لە سوننەتدا دەڵێت: نووسینەوەی قورئان تازە نییە، پێغەمبەر فەرمانی کرد کە بنووسرێتەوە، بەڵام بە جیا جیا لە سەر پووشوپەڵاش و ئێسکی دەفەی شان و پینەی پێست، بەڵام ئەبووبەکرد فەرمانی کرد کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە کۆ کۆپی بکرێت. دەڵێت: لە ئیبن وەهەبەوە لە مالیک لە ئیبن شهاب لە سالم کوڕی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر وەرگیراوە" دەڵێت: ئەبووبەکر لە پەڕاوگەدا کۆی کردوەتەوە. گوتوویەتی: لە مەغازی مووسا کوڕی عەقەبەوە لە ئیبن شهابەوە، گوتوویەتی: ئەوەی موسوڵمانان لە یەمامە تووشی هاتن، ئەبووبەکری داچڵەکاند و ترسا لەوەی کۆمەڵێک لە خوێنەرانی قورئان بکوژرێن و بڕۆن، ئەو خەڵکانەی هێنا کە چی لە قورئانیان لابوو یان لە بەر بوو تا لە سەردەمی ئەبووبەکر لە سەر پەڕە کۆ کرایەوە، بۆیە ئەبووبەکر یەکەم خەلیفە بوو کە قورئانی لە سەر پەڕە کۆ کردەوە.

ئەمە هەمووی ڕوون و ڕاشکاوە کە جگە لەو پەڕانەی لای حەفسە بوو هیچ پەڕەیەکی تر نەبوە، ئەمەیش ئەو پەڕانەیە کە ئەبووبەکر کۆی کردەوە. مەبەستی چ پەڕەیەکە لە قسەی (فەرمانی کرد بە جگە لە قورئان لە هەر پەڕەیەکدا) واتە جگە لە پەڕەکانی لای حەفسە ئەگەر وا دابنێین پەڕەی تر جگە لەو پەڕانەی لای حەفسە هەبێت، ئەگر هەبوو ئەوانەیش بسووتێنن، کەچی ئەرک بوو بپارێزرێت لە گوم بوون، بەڵکوو لە دۆلابێکی توندا دابنرێت تا هەتاهەتایە بمێنێتەوە. وەک پاشماوەیەک لە پاشماوەکانی ڕابوونی ئیسلامی کە بە میراتی بۆ نەوە لە دوای نەوە بمێنێتەوە. ئەگەر بڵێیت: ئەوەی لە ناوەڕۆکی قسەکەدا هاتوە لەوەی: ئەگەر پەڕەکانیان لە مەسحەف واتە قورئان کۆپی کردبێت، عوسمان پەڕەکانی گەڕاندەوە بۆ حەفسە. ئەمە ڕوون و ڕاشکاوە کە گەڕاندوویەتییەوە بۆ حەفسە و هیچ شتێکی لێ نەسووتاندوە، دەڵێم: ئەوەی پەڕەکانی گەڕاندوەتەوە بۆ حەفسە ڕووی داوە، بەڵام مەرج نییە هەمووی گەڕاندبێتەوە، بەڵکوو لەوانەیە ئەوەی لێی بردوە لە مەسحەفی "کتێب" دا کۆپیی کردوە و ئەوەی وازی لێ هێناوە و نەیخستوەتە نێو کتێبەوە و فەرمانی کردوە ئەوەی لە کتێبدا کۆپی نەکردوە بسووتێنرێت و ئەوی تر بنێررێتەوە بۆ حەفسە، بەتایبەتی ئەوەی لە داڕشتەی فەرموودەکەدا هاتوە: "فەرمانی کرد ئەوەی لە دەرەوەی قورئان لە هەر پەڕەیەکدا" ئەمە نیشانەی ئەوەیە و وا سەپێنراوە.

لێرەدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین: (یان مەسحەف) کە لە فەرموودەکەدا هاتوە فەرمانی کردوە ئەوەی جگە لەوانەی قورئان لە هەر پەڕە یان مەسحەفی تردا بێت بسووتێنرێت. لەمەدا وا تێدەگەین کە کتێب واتە (مەساحفی) تر هەبوون پێش ئەوەی عوسمان فەرمانی کۆپیکردنی کتێبی مەسحەف (قران) بکات. بەڵێ، حیکایەتخوانان باسی ئەوەیان کردوە، باسی مەسحەفی ئیبن مەسعوود و مەسحەفی ئەبی کوڕی کەعب و مەسحەفی ئیبن عەباسیان کردوە، وەک لە سەرەتای توێژینەوەکە باسمان کرد، لەوانەیە ئەمانە لە ژیانی پێغەمبەری خودادا مەسحەفیان بۆ خۆیان نووسیبێت، یان پاش مردنی پێغەمبەری خودا نووسیبێتیان، لە نێوان کۆپیکردنی قورئان لە زەمانی عوسمان و مردنی پێغەمبەر بیستوسێ ساڵە، لەوانەیە لەم ماوەیەدا هەندێک لە هاوەڵان قورئانیان بۆ خۆیان نووسیبێت، دەبێت بەم قورئانانە بڵێین قورئانی تایبەتی وەک خەڵکی ئەمڕۆ دەیڵێن.

ڕووکەشی داڕشتنی فەرموودەکە وا حکوم دەکات کە عوسمان ئەم قورئانە تایبەتییانەی کە ئەوەی تێیاندا نووسراوە و نەخراوەتە نێو قورئانەکەی خۆی سووتاندوونی. هیچ نامۆ نییە ئەو خەلیفەیەکی گوێلێگیراو بوویێت، لەوانەیە فەرمانی کردبێت بە خاوەنی ئەو مەسحەفانە، ئەو شتانە بهێنن کە لە کۆپیکردنی قورئانەکەی خۆیدا دای نەناون و ئەوانیشی هێنابێتنی و ئەویش سووتاندبێتنی.

کورتەی ئەم باسە، ڕووکەشی داڕشتنی ئەم فەرموودەیە بەڕاشکاوی بەڵگەی ئەوەیە کە عوسمان لەو کاتەدا کۆپیی ئەو پەڕانەی حەفسەی کردوە، هەندێک شتی لە قورئان وەلاوە ناوە و لە کتێبی قورئاندا نەینووسیون و فەرمانی کردوە بیسووتێنن. هەندێک گێڕانەوە لە کتێبی بەسەرهاتەکان و بە دەر لەوەیش لە کتێبی قەومەکەیدا هاتوە، پشتگیریی لەو قسەیە دەکەن، با باسی هەندێک بکەین کە ئەوەی گوتمان پشتڕاست دەکاتەوە و پشتگیری لە دەرئەنجامەکانمان دەکات.

لە (الإتقان)دا لە قسەکردن لە سەر کۆپیکردن و کۆپیکراو "ناسخ و مەنسوخ"دا هاتوە: ئەبووعوبیدەی ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم لە ئەیووبەوە لە نافیعەوە لە ئیبن عومەرەوە وەرگیراوە دەڵێت، با بڵێین هەموو قورئانی وەرگرتوە، کێ دەزانێت هەمووی چییە، زۆرێک لە قورئان ڕۆیشتوە، بەڵام با بڵێت ئەوەی دەرکەوتوو بردوومە.

لە (الإتقان)دا دیسان دەڵێت: ئیسماعیل کوڕی جەعفەر لە موبارەک کوڕی فەزاڵەی کوڕی کەعبەوە لە عاسم کوڕی ئەبی ئەلنەجود لە زوری کوڕی حەبیش وەرگیراوە گوتوویەتی: ئەبی کوڕی کەعب پێی گوتم: وەک لە کوێ. لە هەندێک گێڕانەوەدا: (سورە الاحزاب) چەند دانەیە؟ گوتم: حەفتاودوو ئایەتە یان حەفتا و سێ ئایەت، گوتی: بەقەد سورەتی (البقرە)بوو، ئێمە ئایەتی (الرجم)مان تێدا دەخوێندەوە، دەڵێت: (إذا زنى الشیخ و الشیخە فارجموهما البتە نکالاً من اللە و اللە عزیز حکیم).

تێبینی

ئەبی کوڕی کەعب لە نووسەرانی وەحییە، لە ڕووی نووسین و خوێندنەوە و لەبەرکردنەوە

گرینگی بە قورئان داوە. هیچ نامۆ نییە کە ئەو ئایەتی ڕەجم بزانێت و زوری کوری حەبیش نەیزانێت، ئەوەی لە قسەکانییەوە دیارە: ئێمە ئایەتی ڕەجممان خوێندەوە، ئەو پێش ئەوەی عوسمان فەرمانی کۆپیکردنی قورئان بکات ئەوەی خوێندوەتەوە و پاش کۆپیکردنی قورئانەکەی عوسمان وازی لە خوێندنەوەی ئایەتی ڕەجم هێناوە، هەروەها قسەکانی بۆ زوری کوری حەبیش دیسان پاش ئەوە بوە، لەمەدا وا تێدەگەین کە عوسمان بە سووتاندنی ئەوەی لە قورئان لایداوە نەوەستاوە، بەڵکوو ڕێگرییشی کردوە لە خوێندنەوەی، وەک ئەم قسەیەی، وا نیشانی دەدات و دەیسەلمێنێت.

دیسان لە (الإتقان)دا دەڵێت: کوری ئەبی مریەم لە ئەبی لەهیعەوە لە ئەبی ئەلئەسوەدەوە لە عروەی کوری زوبیرەوە لە عایشەوە وەری گرتوە، دەڵێت، گوتوویەتی: سورەتی (الاحزاب) لە زەمانی پێغەمبەردا بە دوو سەت ئایەت خوێنراوەتەوە، کاتێک عوسمان مەسحەفی کۆ کردەوە نەمانتوانی لەمەی هەیە زیاتر کۆ بکەینەوە.
دیسان لە (الإتقان)دا دەڵێت: حەجاج لە بارەی ئیبن جەریحەوە قسەی کردوە، ئیبن ئەبی حەمید لە حەمیدە کچی ئەبی یوونسەوە، گوتوویەتی: باوکم لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە قورئانەکەی عایشەوە بۆی خوێندمەوە: {إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيمًا} [الاحزاب: 56]، واتە: خوداو پەریەکانی نوێژ لەسەر پێغەمبەر دەکەون و پەسەندی دەکەن، ئەی ئەوانەی باوەردارن نوێژی لەسەر بکەن و بە دڵ و گیان سڵاوی لێ بکەن. و (علی الذین یصلون الصفوف الاولی) یشی تێدا بوە، پێش ئەوەی عوسمان مەسحەفەکان بگۆڕێت.
دیسان لە (الإتقان)دا هاتوە: لە (المستدرك)دا لە ئەبی بن کەعبەوە گوتوویەتی: پێغەمبەری خودا پێی گوتم، خودا فەرمانی پێ کردووم کە قورئانت بە سەردا بخوێنم، ئەمەی خوێندەوە: {لَمْ يَكُنِ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ} [البینە: 1]،واتە: ئەوانەی کوفریان کرد لە ئەهلی کتێب و هاوبەش بۆ خودا دانەران نەبوون. گوتی: پاشماوەکەشی خوێندەوە: (لو أن ابن آدم سأل وادیاً من مال فأعگیە سأل پانیا و إن سأل پانیا فأعگیە سأل پالپا، ولا یملأ جوف ابن آدم الا التراب، ویتوب الله علی من تاب و إن ڎات الدین عند الله الحنیفیە غیر الیهودیە ولا النصرانییە، ومن یعمل خیراً فلن یکفر). دەڵێم: ئەگەر ئەوانەی عوسمان لای بردوە لە کتێبەکانی قورئاندا، لەمانەی پێشوو بن چاکەی بۆ ئیسلام کردوە، ئەگەر لە لایەکی ترەوە خراپی کردبێت،
دیسان لەوێدا: ئیبن ئەبی حاتەم لە ئەبی مووسای ئەشعەرییەوە گوتوویەتی: سورەتێکمان دەگوتەوە بە هەندێک لە دوعا و نزاکانمان زانی، هیچ لە بیرمان نەچوو، ئەوەی لەبەرم کردبوو: (یاأیها الڎین آمنوا الا تقولوا ما لا تفعلون فنکتب شهادە فی أعناقکم فتسألون عنها یوم القیامە) واتە :ئەی ئەوانەی باوەر دارن ئەو قسەیە مەکەن کە بەکردار نایکەن و ئەوەش بە شایەتی دەینوسین و لەرۆژی قیامەت لەسەر ملتانە.
لەوێدا دیسان: ئەبوو عوبێد گوتوویەتی: حەجاج لە حەماد کوری سەلمەوە لە عەلیی کوری زەیدەوە لە ئەبی حەرب کوری ئەبی ئەلئەسوەدەوە لە ئەبی مووسای ئەشعەرییەوە، گوتوویەتی: سورەتی وەک (براءە) دابەزی و ئینجا هەڵگیرا، لەوەیش ئەمە لە بەر کرا: (إن الله سیؤید هڎا وادیاً پالپاً ولا یملأ جوف ابن آدم إلا التراب ویتوب الله علی من تاب) واتە: خودا پشتگیری ئەمە دەکات بە دۆڵێکی سێیەم و ناوزگی بەنی ئادەم بە خاك نەبێت پر ناکاتەوە و خودا ئەوە دەبورێت کە پەشیامن دبێتەوە. دیسان لەوێدا هاتوە: ئەبوو عوبێد گوتوویەتی: حەجاج لە سەعید لە ئەلحەکەم کوری عوتەیبە عەبد کوری عودەیەوە، دەڵێت: عومەر گوتی: ئەمەمان دەخوێندەوە: (لا ترغبوا عن آبائکم فإنە کفربکم) پشتگیری باوکانتان مەکەن کە بێباوەری پێ کردن، کە ئینجا عومەر بە زەیدی کوری سابتی گوت: ئاوایە؟ گوتی: بەڵێ. دەڵێم: ئەم قسەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی هەندێک لە قورئان خوێندنەوەی وەلا نراوە پێش ئەوەی عوسمان قورئان کۆپی بکات.
دیسان لەوێدا هاتوە: ئیبن ئەبی مریەم لە نافیع کوری عومەری ئەلجەمحییەوە، گوتوویەتی: ئیبن ئەبی مەلیکە ئەلمسور کوری موخرەمەوە، دەڵێت: عومەر بە عەبدولڕەحمانی کوری عەوفی گوت: ئەوە دابەزی بە سەرماندا نایبینین (أن جاهدوا کما جاهدتم أول مرە)واتە : ئەگەر جیهادیانکرد وەکو یەکەم جار جیهادتان کرد، ئێمە نایبینین، گوتی (واتە عەبدولڕەحمان): ئەوەی لابراوە لە قورئاندا لابرا. دەڵێم: ئەم قسەیە دیسان بەڵگەیە لە سەر ئەوەی هەندێک لە قورئان فرتێنراوە پێش ئەوەی عوسمان لە کتێبەکەدا کۆپی بکات، هیچ ڕەتکردنەوەیەکی تێدا نییە لە

نێوان ئەمەو ئەوەی پێشتر باسمان کرد، لە بارەی ئەوەی عوسمان هەندێک لە قورئانی قرتاندوە، لەو کاتەی فەرمانی کردوە کۆپی بکەن، لەبەر ئەوەی عوسمان بەم پێیە بێت قرتاندنی لەو کاتەدا تازە کردوەتەوە، یان شتی تری قرتاندوە جگە لەوانەی لە پێشتر وەلا نرابێت.
دیسان لە (الاتقان) دا دەڵێت: ئیبن ئەبی مریەم قسەی بۆ کردین، لە ئەبی لەهیعەوە، لە یەزید کوری عومەر و ئەلمەفاخرییەوە، لە ئەبووسوفیان ئەلکەلاعییەوە، کە مەسلەمەی کوری مەفلوفی ئەنساری ڕۆژێکیان پێی گوتوون: هەواڵی ئەو دوو ئایەتەم بدەنێ کە لە قورئاندا نەنووسراوە، هیچ قسەیان نەکرد و لەوێیشدا ئەبووئەلکنود سەعدی کوری مالیک گوتوویەتی: کوا مەسلەمە؟ (إن الزين ێمنوا و هاجروا و جاهدوا فی سبیل الله بأموالهم و انفسهم إلا ابشروا أنتم المفلحون، و الزین ێوەم و نصروهم و جادلوا عنهم الزین غچب الله علیهم أولئك لا تعلم نفس ما أخفي لهم من قره أعین جزاؤ بما كانوا يعلمون.واتە: ئەوانەی باوەریان هێنا و کۆچیان کرد و بە ماڵ و حاڵ جیهادیان کرد لە رێی خودادا، موژدەبێت ئێوە براوەن و ئەوانەی جێیانکردنەوە و پشتگیریان کردن و مشتومریان لەسەر کردن لەبەرامبەر ئەوانەی تورە بوون لێیان بە هەمان شێوە، ئەوانە نازانن کە چی چاکەیەکیان بۆیان دانراوە بەو کارەیان

دیسان لەوێدا: لە (الكبير)دا تەبرانی دەڵێت: ئیبن عومەر گوتوویەتی: دوو پیاو سورەتێکیان دەخوێندەوە کە پێغەمبەر بۆی خوێندبوونەوە و ئەوانیش دەیانخوێندەوە، شەوێکیان هەڵسان بۆ نوێژکردن یەک پیتی سورەتەکەیان لە بیر نەما بوو، بە هەڵەداوان ڕۆیشتن بۆ لای پێغەمبەری خودا و ئەوەیان پێ گوت، ئەویش پێی گوتن: ئەوە لەوانەیە کە نەسخ کراوە لە بیری خۆتانی بەرنەوە.
دیسان لەوێدا هاتوە: حاکم لە (طريق)ی کەسیری کوری سەڵت وەری گرتوە، دەڵێت: زەیدی کوری سابت و سەعید کوری ئەلعاس مەسحەفیان دەنووسی، چوون بە سەر ئەم ئایەتەدا "واتە ئایەتی ڕەجم" زەید گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیگوت: (الشَّيْخُ وَالشَّيْخَةُ إِذَا زَنَيَا فَارْجُمُوهُمَا الْبَتَّةَ) پیرەپیاو و پیرەژن ئەگە زینایانە کرد: عومەر گوتی: کاتێک دابەزی هاتم بۆ لای پێغەمبەر، گوتم: بینووسم؟ وەک ئەوەی ڕقی لێی بێت وا بوو.
دیسان لەوێدا: ئیبن ئەلزەریس لە (فضائل القرآن)ەوە لە عەلیی کوری حەکیمەوە، لە زەید کوری ئەسلەمەوە، لە عومەرەوە گوتاری بۆ خەڵک داوە. گوتوویەتی: هیچ سکالایەك لە سەر ڕەجمکردن مەکەن؟ چونکە حەقە و هەوڵم دا لە قورئاندا بینووسم. پرسیارم لە ئەبی کوری کەعب کرد. گوتی: نەهاتی بۆ لام و من بۆ پێغەمبەری خودام دەخوێندەوە، پاڵت بە سینگمەوە ناو و گوتت: ئەوە ئایەتی ڕەجمە بۆمی دەخوێنیتەوە، ئەوان وەک پێست سورەکان لاقەی یەکتر بکەن و یەکتر بگێن. ئیبن حەجەر گوتی: ئەم هەواڵە ئاماژەیەکە بۆ دیاریکردنی هۆکاری لابردنی خوێندنەوەکەی.
دیسان لە (الإتقان)دا لە سەر ژمارەی سورەتەکان دەڵێت: لە (المستدرك)لە خەڵکەوە هاتوە: یەکەم جار کە (براءة) بسمیلای لێ لابرا گوتی: ئەوە سەلمێنراوە کە درێژییەکەی بەقەد (البقره) بوە.
لەم گێرانەوانەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەندە لە قورئاندا قرتێنراو و لابراو زۆرە ناتوانیت بە کەمی دابنێیت، وەک پێشتر لە قسەی ئیبن عومەردا هات "قورئانێکی زۆری لێ ڕۆیشتوە"، ئەوەیش دەزانین ئەوەی لێی بوەتەوە تەنها لە پاش مردنی محەمەد و کۆپیکردنی لە لایەن عوسمانەوە نەبوە، بەڵکوو لەو کاتەیشدا لێی فەوتاوە و وەلا نراوە کە محەمەدە زیندوو بوە و وەحیی بۆ هاتوە.
ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە زانایانی ئیسلام ئەوەی لە قورئاندا کەوتوە بە مەنسوخیان داناوە بە قسە نەک بە حکوم، لە کاتێکدا ئەوەیان گوتوە دەزانن کە نەسخکردن بە فەرمان و ڕەتکردنەوە نەبێت یان بەو شێوەیەی واتاکەیان لە خۆ بگرێت نەبێت، نابێت. بەڵام هەواڵێک کە بە واتای داواکردنی ئەوەی تێدا نەبێت نەسخی تێدا ڕوو نادات، ئەمەی گوتیان دەربارەی ئایەتی ڕەجم مەنسوخە بە پێی ئەوەی حکومی نەسخکردن لە خۆ دەگرێت.
ئەوەی دیارە محەمەد هەندێک جار ئایەت دادەڕێژێت و دەیکات بە قورئان، ئینجا وا دەردەکەوێت بەو شێوەیە ڕیزبەند و توند و ڕەوان نییە کە قورئان دەیەوێت و ئەویش پشتگوێی دەخات، تا لە بیر بچێت و فەرمانی بە نووسەرانی وەحی نەکردوە بینووسنەوە وەک ئایەتی (الرجم)و ئایەتی (يتوب الله على من تاب) خوا لەوە دەبورێت کە پەشیمان بێتەوە. بێگومان قورئان جگە لە نەسخکردن لەبیرچوونەوەیشی تێدایە، وەک قسەی "هیچ ئایەتێکمان نەسخ نەکردوە یان لە

بیر نەچوە لەوەمان باشتر نەهێنابێت (مَا نَنسَخْ مِنْ ىٓيَةٍ أَوْ نُنسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِّنْهَا...) ئایەتی (یتوب الله علی من تاب) هیچ ئایەتێکمان نەسخ نەکرد یان لەبیر نەکرد ئەگەر لەوە باشتر نەهاتبێت، لەو بەشەدا لە بیر کراوە نەک نەسخ کرابێت. لەوانەیش واتە لەوانەی لەبیرچوون ئەوەی هاوەڵانی بیری مەعونە باسیان کردوە، کە کوژران، پێشتر باسی ئەمەمان کرد. ئەوان کە دوژمن دەوری لێدان گوتیان: (اللَّهُمَّ بَلِّغْ عَنَّا نَبِيَّنَا أَنَّا قَدْ لَقِينَاكَ فَرَضِينَا عَنْكَ وَرَضِيتَ عَنَّا). خودایە بە پێغەمبەرمان بگەیەنە کە ئێمە لێی رازین و ئەو لێمان رازیە. پێغەمبەر ئەم قسانەی ئەوانی کرد بە قورئان و خوێنرایەوە. لە گێڕانەوەیەکدا کە هەواڵیان گەییشتە پێغەمبەر هەڵسا و سپاسگوزاری خودا بوو، ئینجا گوتی: براکانتان لەگەڵ بێباوەڕان وا بەر یەک کەوتن و کوژران، گوتیان: (رَبَّنَا بَلِّغَ قَومَنا إنا لَقينَا رِبَّنا وَرَضِينَا عَنْهُ فرَضِىٓ عَنَّا وأرْضانا) : ئەی پەروەندەمان بە قەومەکەمان بگەیەنە ئێمە پەروەندەمان بینی و لێی رازی بووین و ئەویش لە ئێمە رازیە و رازی کردین. من پێغەمبەری ئەوانم بۆ ئێوە، ئەوان لەو ڕازی بوون و ئەویش لەوان ڕازی بوو. لە ئەنەسەوە وەرگیراوە گوتراوە ئەمە قورئان بوە و خوێنراوەتەوە ئینجا خوێندنەوەی نەسخ کراوە، وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئەوەی ڕاستە کە بڵێین، ئینجا لە بیر کرا، لەبەر ئەوەی نەسخی خوێندنەوەی لەگەڵ مانەوەی، حکومی مانەوەی هیچ واتایەکی نییە، لەبەر ئەوە ئەو شتە نییە کە نەسخی تێدا ڕوو بدات.

ئەوەی لە وەحی لە دابەزێنراودا کراوە بە پێچەوانەی ئەمەیە، واتە ئەوەی لە یەکەم جارەوە قورئان نەبوە کراوەتە قورئان، ئەوەی کە پێغەمبەر دیحیەی کەلبی بە نووسراوێکەوە نارد بۆ لای قەیسەری پاشای ڕوم لە شامدا، ئەمەیش دەقی نووسراوەکەیە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مِنْ مُحَمَّدٍ عَبْدِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ سَلَامٌ عَلَى مَنْ } اتَّبَعَ الْهُدَى أَمَّا بَعْدُ فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ أَسْلِمْ تَسْلَمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ فَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ وَ{يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُو}.

قسەی: (یا أهل الکتاب...الخ) نووسینێکە لە نووسراوەکەیدا لە بەردەم لایەنگرانی لە ئەهلی کتێب بۆ قەیسەر لە ساڵی شەشەمی کۆچی نووسیویەتی. ئەم قسانە قورئان نەبوو بخوێنرێتەوە. لە ساڵی نۆیەم، کاتێک شاندێکی نەجران هاتن بۆ لای پێغەمبەر، نەسرانی بوون، وەحی بەم شێوەیە دایبەزاند و لە سەرەتاوە وشەی (قل)ی خستە سەر و کردیە قورئان و دەخوێنرایەوە، ئەوەیش ئایەتێکە لە ئایەتە قورئانییەکان لە سورەتی (آلعمران) دا وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. ئەگەر بڵێیت بۆ هەر لە یەکەم جارەوە نەیکرد بە قورئان، دەڵێم: لەبەر ئەوەی لەو کاتەی نووسراوەکەی بۆ قەیسەر نووسی هیچ پێویستی بەوە نەکرد کە وەحی قورئان دابەزێت، بەڵام قسەیەک بوە و بە نووسەرەکەی پڕ کردوەتەوە، کە داوای لە ئەهلی کتێب کردوە ببن بە ئیسلام. ئینجا دوای ئەوە تەماشای کردوە کە قسەیەکە لەگەڵ ستایلی قورئاندا بە جوانی دێتەوە و دەچەسپێت و پێویستی کرد کە وەك وەحیی قورئان دابەزێت، بە وەحی دای بەزاند و کردی بە قورئان، بە پێچەوانەی ئەو ئایەتانەی کە پێشتر باس کران، بە وەحی دابەزین بۆ ئەوەی ببنە قورئان، بەڵام دوای ئەوەی کە بینرا لە ستایلی قورئانییەوە دوورە، بە تایبەتی ئایەتی (الرجم)" بۆیە لە بیر کرا یان نەسخ کرا وەک دەڵێن.

(74)

ئایا قورئان لە ئاسمانەوە دابەزیوە

لە قورئاندا چەمکی دابەزاندن و دابەزین و دابەزێنراو، وا دادەنێت کە قسەی وەحیە و لە خوداوە هاتوە بۆ محەمەد کە پێغەمبەرە وبە کاری دەهێنێت، وەک: {نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ} [الشعراء: 193: روحی سەرراست دایبەزاند ،و {شَهْرُ رِمَضَانَ الَّذِى أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْىٓنُ} [البقره: 185] واتة: مانگی ڕەمەزان قورئان تێیدا دابەزی و {وَنَزَّلْنَاهُ تَنْزِيلًا} [الإسراء: 106]، واتە: بە دابەزاندن دامانبەزاند. لەم دەربڕینانەدا چیی دەوێت، ئایا قسەی وەحی کرا و لە سەرەوە هاتوەتە خوارەوە بۆ محەمەد، واتە لە شوێنی بەرزەوە بۆ شوێنی نزم؟

وەک زەمینەسازییەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین: ئەو لایەن و شوێنەی کە پێگە و جێگەی دەوروبەرمان بۆ شتەکان دیاری دەکەن، لە دەرەوەی خۆمان هیچ حەقیقەتێکی جێگیری

نییە، ئەگینا هەمووی شتی ڕێژەییە کە بە خستنە سەر شتی تر نەبێت ناکرێت. ئەوەی لە سەرووی سەرمانەوە بێت پێی دەڵێین سەرەوە و وا خەیاڵ دەکەین کە بەرزە و ئەوەی لە ژێر پێمانەوە بێت پێی دەڵێین ژێرە و وای دای دەنێین کە نزمە، ئەگەر بە سلنگێک خۆمان بەرز کردەوە بۆ ئەو شوێنەی لە سەرووی سەرمانەوە بوو ئەوەی باڵا بوو کەوتە ژێر پێمان و نزم بووەوە، واتە بوە ژێر، بە پێچەوانەوە ئەگەر دابەزین بۆ چاڵێک یان شوێنێکی نزمتر، ژێر دەبێتە سەر و هەروەها ئاوها بۆ پێشەوە و دواوە و ڕاست و چەپ، دەڵێین لە پێشەوە پێشوازیمان لێ کرد و لە دواوە پشتمان لێ کرد، ئەگەر ئاور بدەینەوە پێشەوە دەبێتە پشتەوە و بە پێچەوانەیشەوە ڕاستە.

ئەمە بە نیسبەت ئێمەوە دیار و هەستپێکراوە، هەروەها بە نیسبەت ئەو دونیایەی کە تێیداین ئاوایە، مەبەستم گۆی زەوییە، بەڵام بە نیسبەت زەوییەوە لەوانەیە دیار نەبێت و هەستیشی پێ نەکەیت مەگەر لە دوای تێڕامان و بیرکردنەوە نەبێت. بێگومان ئەو زەوییەی کە ئێمە لەوێوە دروست بووین و بۆ ئەویش دەگەڕێینەوە، ئەو هەسارەیە کە لە زانستی فەلەکدا هەسارەیەکە لە ئاسماندا بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە، بە دوو جوڵەی تەوەری شەو و ڕۆژ بەرهەم دەهێنێت و ئەوی تر بازنەییە وەرزەکان و ساڵ بەرهەم دەهێنێت، باکوور و باشوور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای هەیە، بەڵام ئەو ئاڕاستانەی تێدایە ناگۆڕێت، باکووری نابێتە باشوور، وەک بەرزونزمی خۆمان باسمان کرد، خۆرهەڵاتیشی نابێتە خۆرئاوا. خوارەوەی نابێتە سەرەوە و بە پێچەوانەیشەوە. ئێمە خۆر و هەموو باشوور بە بەردەوامی و هەتاهەتایی لە سەرەوەی خۆمان دەبینین و زەوی لە ژێر خۆمانە بە بەردەوامی و لەم لامانەوە دیارە. بەڵام ئەگەر کەمێک تێڕامێین، لایەنەکانی زەوی جێگیر دەبن و ناگۆڕێن، ئەمە بە نسیبەت ئێمەوە کە لە سەر پشتی زەوی بین، ئەگەر هیچ ئامرازێکمان پێ نەبێت کە لە جیهانی زەمینی خۆمان دەربچین و بڕۆین بۆ جیهانێکی تر لەو جیهانە پێشبینیکراوانەی ئەم بۆشاییەی گەردوون دا، واتە لەم فەزایەدا دەبین تا وەزعی ئێمە بە نیسبەت زەوییەوە گۆڕانکاریی بە سەریدا نەیەت. ئەگەر ئێمە بتوانین لە جیهانی زەمینی خۆمان بگوازینەوە بۆ جیهانی مەریخ بۆ نموونە، شوێنی ئێمە دەگۆڕێت بە نیسبەت زەوی و شوێنی ئەویش بە نیسبەت ئێمەوە، لەوێدا نە باکوور نە باشوور نە خۆرهەڵات و نە خۆرئاوا دەمێنێت، لەوانەیە زەوی لە سەرو خۆمان ببینین کە لە ژێرمان دەبێت بە هەمیشەیی، لەوێدا زەوی دەبێت بە ئاسمان بە نیسبەت ئێمەوە، کە ئێمە لە جیهانی مەریخدا بین. لە قەسیدەیەکدا بە ناونیشانی (من این الی این) ئەوەم گوتوە:

باننا من بنی السماء نحن بنی الارض قد علمنا

ارضی سماءً بلا امتراء لو کنت فی المشتری لکانت

ولا اعتلاءٌ لژی اعتلاءِ فلیس فوق ولیس تحت

بەواتای: ئێمە لە نەوەی ئاسمانین و کورانی زەوی فێردەکەین و زەوی من ئاسماندادەنێین ئەگەر لە موشتەریش بن و هیچ بەرزاییەك بۆ بەرزنشینان نابینم نەئەوانەی لە سەرەوە و نەش ئەوانەی لەخوارەوە.

بۆیە، لەبەر ئەوەی توانامان نییە لە جیهانی زەمین دەربچین، هەمیشە خۆر لە سەروو خۆمانەوە دەبینین، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو لە سەرووومانەوە و لە ژێر مانەوە نییە، بەڵام ئەو زەوییەی کە ئێمە لە سەر پشتین و وامان پیشان دەدات کە خۆر لە ڕۆژدا دەردەخات و لە شەویشدا بەری دەگرێت، بە هۆی جووڵانی تەوەری خۆیەوە، بۆیە زەوی لە کاتی خولخواردنەوەی بە پێی تەوەری خۆی واتە بە دەوری خۆیدا، بەو پێیەی خڕە، ئەو بەشەی ڕووەو خۆر دەبێت لەو بەشەدا ڕۆژە و لە بەشەکەی تردا شەوە، ئینجا بە جووڵانی هێدی هێدی زەوی تا نیوە شەوەکە دەبێتە ڕۆژ و ڕۆژەکەیش دەبێتە شەو. ئەگەر ئەوەی زانستی فەلەکی بڕیاری لێ داوە ڕاست بێت، خۆر دەرچوونی نییە و ئاوابوونیشی نییە، لە زەویدا خۆرهەڵات و خۆرئاوایش نییە، بەڵام ئەمانە بە ڕووکەش دەبن بە نیسبەت ئێمەوە و بە تەنها لە ئەنجامی خولخواردنەوەی زەوی بە دەوری خۆیدا ڕوو دەدەن.

بە تەماشاکردنی ئەمە، ئاڕاستەکان نامێنن، بەڵام بوونی ڕێژەییە و لە حەقیقەتدا بوونی نییە. بەڵام حەقیقەتی دوەم بوونی گشتیی ڕەهای ناکۆتایە، کە لەوە گەورەتر و مەزنترە کە ئاڕاستە و لایەك دەوری دابێت، بێ ئاڕاستەیە، لەوە گەورەترە کە شوێنێک بێت و شوێنێك لە خۆی بگرێت، ئەم بۆشاییی ئاسمانە بێ کۆتایە کە ئەم هەسارە و ئەستێرانەی تێیدا دەجووڵێنەوە" جگە لە خودا کەس ژمارەیان نازانێت و، لەوانەیش ئەم زەویەی کە ئێمە لە سەری دەژین و،

هەمووی لە جوڵەدایە لە دروستبوون و لەناوچووندایە، بە پێی یاسا و سیستمی سروشتی، کە هیچ ڕاستکردنەوە و گۆڕانێک قبول ناکات.
ئەهلی ئایین ئەم یاسایانە بە توانا و قودرەتی خودا ناو دەبەن، ئەمە دەربڕینێکی بێ توانایانەیە کە لە دەوری حەقیقەت خول دەخواتەوە و ناتوانێت لێی نزیک بێتەوە. کردگاری مەزنی بوونەوەران لەوە بە تواناتر و مەزنترە کە پێغەمبەرانی مرۆڤ قسەیان لە سەر کرد و، لەو شتانە گەورەتر و بەتواناتر و مەزنترە کە خستوویانەتە پاڵی.

وەڵامی پرسیارەکە
لەوانەیە لە زەمینەسازییەکەماندا، ئەوەت بۆ دەربخات، کە دەمانەوێت بۆ وەڵامی پرسیاری پێشووی بڵێین. ئێمە لە سەر ئەوە ڕاهاتووین کە بمانەوێت هەر کەسێک گەورە بکەینەوە، یان هەر شتێک بە زل پێشان بدەین لە بەرزیی دای دەنێین و بە باڵایی وەسفی دەکەین، ئەگەر ئەو شتە دەرهاویشتە بێت و شتی لابەلا بێت کە بە خۆی هەڵنەسێت و بە خۆی نەگوێزێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەروەها بەوەیش ڕاهاتووین، کە ئێمە لەم ژیانە لەناوچوەدا باڵایی و بەرزی بەشکۆداری لە قەڵەم دەدەین و باڵا بە شکۆدار دەبینین و ئەوەی باڵا بێت خاوەن هەژموونە و کەس شان لە شانی نادا و نایبات بەڕێوە و قورسە شتێکی لێ بێت.
دابەزین لە زمانی عەرەبیدا دژی بەرزبوونەوە بە کار دێت، ڕوودانی وا فەرز دەکات لە لایەکی بەرزەوە بگوێزرێتەوە بۆ لایەکی نزم، بە دەربڕینێکی تر لە سەرەوە بۆ خوارەوە واتە بان و ژێر، بەڵام لەوانەیە تەنها بۆ گەورەکردن بە کاری بهێنین ئەگەر بەرزی و نزمییش لە ئارادا نەبێت، وەک خودامان بە باڵا وەسف کرد و بە بەرز دانا و تەنها لە پێناو بە مەزن کردنە لە باڵامان دانا، لەگەڵ ئەوەی خودا بێبەرییە لەوەی کە لە لایەک یان شوێنێک بێت و لەوی تر نەبێت. دەربڕینی قورئان لە دابەزین و دابەزاندن کە بە قسەی وەحی کراوە لە لایەن خوداوە، هیچ مەبەستێکی تێدا نییە جگە لە مەزنێتی و شکۆمەندی، لەبەر ئەوەی خودا مەزنە و ئەرک و پێویستە بە پێویست و گرینگ دابنرێت، ئەوەی لەوەوە بگوترێت ئەرکە و دیسان بە مەزن دادەنرێت. بە باڵادانان هەر شتێك وەک خودا دادەنرێت، بۆیە بەم شێوەیە وەحیهاتن بە دابەزین و دابەزاندن دانرا.
بۆ پشتگیریی ئەمە لە سەر هەندێک لەو قسانەی قەومەکە قسە دەکەین، کە لەم بارەوە گوتیان: قورئان زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی وشەکاندا، لە زۆرێک لە لەفزەکاندا لە واتا زمانەوانییەکەی دەرچوون بۆ واتای تری تایبەت بە خۆی وەک نوێژ و ڕۆژو و زەکات و شتی تر، هەروەها بۆ دابەزین و دابەزاندنیش.
دابەزاندن لە قورئاندا بە شێوەیەک هاتوە وا دانانرێت کە لە بەرزییەوە بۆ نزمی دەنیشێتەوە، لە سەر کاروباری سەر زەوی بە کار هێنراوە، نەک لە ئاسمانەوە نیشتبێتەوە وەک لە سورەتی (الحديد)دا هاتوە: {وَأَنْزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاس} [الحديد: 25]واتە: ئاسنمان تێدا دابەزاند کە هێزی برشت و قازانجی زۆرە بۆ خەڵك لە سورەتی (الاعراف)دا: {يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنْزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ} [الأعراف: 26]، واتە: ئەی فەرزەندەی ئادەم ئیمە جلی وامان داونێ کە عەیب و عارتان داپۆشێ و لەوەش باشتر پۆشاکی خۆپاراستنە و ئەکێکە لە نیشانەکانی خوایە. سورەتی (الزمر): {وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاج} [الزمر: 6] واتە: هەشت جوتی لە ئاژەڵان بۆ ئەفراندن و ئێوەش ئاوا دروست دەکات.. گومانی تێدا نییە کە ئاسن و جلوبەرگ و ئاژەڵ کۆمەڵە شتێکن لە سەر زەویدان، دابەزاندن لێرەدا بە واتای دروستکردن دێت، داهێنان بە دابەزاندن دەربڕین وەک گەورەکردنی شتەکەیە. وا باوە کە وێنای کردگار دیسان بە باڵا بۆ فێربوون دابنرێت و، بەکارهێنانی دابەزاندن لەم شتانەدا وەک بەکارهێنانێکی هاکەزایی یان وەک زاراوەیەکی قورئانی بە دەر لە واتا زمانەوانییەکەی خۆیەتی، بۆ مەبەستێک لە مەبەستەکانی ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردن، گومانی تێدا نییە کە یەکێك بە باڵا دانرا بە گرینگ دادەنرێت و" ئەمەیش بە دابەزاندنێك دادەنرێت بۆ ئەوشتەی کە دەیدرێتی. ئەگەر باڵایەکەی وەک پێزانین بێت نەک شوێن و، دابەزاندنەکەیش وەك پێزانین دەبێت نەک شتی ڕاستەقینە.
هەروەها لە قسەی سورەتی (الفتح)دا دەگوترێت: {هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ} [الفتح: 4] واتە: ئەوە کە هێمنی خستە نێو دڵی باوەردارانەوە. واتە خستییە دڵیانەوە، لە قسەی (البقرە)دا: {وَأَنْزَلْنَا عَلَيْكُمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى} [البقرە: 57] واتە: چاکە و پشودرێژیمان بۆ دابەزاندن. واتە خێر و سەبووری و بەخششمان پێ دان و هێنامانە بوون. وەک لە سورەتی (القصص): {إِنِّي لِمَا أَنْزَلْتَ إِلَيَّ مِنْ خَيْرٍ فَقِيرٌ} [القصص: 24] ،واتە: ئەوەی کە بۆ

باشترین هەژار دابەزێنرا. واتا لە باشەت دامێ یان ئاسانکاریت بۆ کردم و خێرت بۆ ئامادە کرد، ئەمە جگە لەو ئایەتانە، کە دانانی دابەزاندن لە داڕشتندا بۆ گەورەکردنی خودایە کە ئەو شتانەی دابەزێنراوە تەنها لە ئەوەوە بوە، واتە بە فەرمان و ویستی خودا بوە.
بۆچی دابەزاندنی قورئان هەروەها وەک ئەمەی پێشوو نەبێت، بە واتای ئیلهام نەبێت کە بە دابەزاندن دەری پربیێت لە پێناو مەزنکردنی ئیلهامبەخشدا، بە تایبەتی ئەگەر بڵێین قورئان واتایە نەک لەفز و نوتق وەک تیمێک لە زانایانی ئیسلام بۆی ڕۆیشتوون، تەنانەت ئەبی حەنیفە گوتوویەتی نوێژی ئەوانە ڕاست دەردەچێت کە لە نوێژەکەیان قورئان بە فارسی دەخوێننەوە؛
واتای قسەکەمان ئەوەیە: خودا کە قورئانی بۆ محەمەد دابەزاند، ئەو واتاکانی بە ئیلهام پێ بەخشی، ئینجا پێغەمبەر ئەو واتایانەی بە لەفزی عەرەبی دەربڕی و بۆ خەڵکی خوێندەوە.
نابێت هەر باوەڕدارێک بە حەق باوەڕی هەبێت و ڕێز لە عەقڵ دەگرێت و دڵسۆز بێت بۆ باوەڕەکەی، دابەزاندنی قورئان لە سنوری ئەم واتایە دەربکات، ئەمەیش تیمێکی زانایانی ئایینی ئیسلام لەوانەی ڕێز لە عەقڵی خۆیان دەگرن و دڵسۆزن بۆ باوەڕەکان بۆی چوون.
زەمەخشەری لە شیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا: {وَأَنْزَلَ لَكُمْ مِنَ الْأَنْعَامِ ثَمَانِيَةَ أَزْوَاجٍ} [الزمر: 6]
واتە: هەشت جووت لە ئاژەڵی بیۆ دابەزاندن. ویستی ڕاڤەی بکات، گوتی: ئەمە وای کردوە ئەوەی لە زەویدایە لە ئاسمانەوە دابەزیوە لەبەر ئەوەی لە ئاسمان بوە و ماوەتەوە. ئەمە قسەیەکی پێکەنیناوییە لەبەر ئەوەی زەمەخشەری وا دابنێت خودا لە ئاسمان بوە و حکومدانی لە سەر ئەوەی ئەو مەڕوماڵاتە لە ئاسمانەوە بوە، نازانم مەبەستی کام ئاسمانە. ئەی زانای نەبەز. بەڵام قسەکەت: ( حکومی کرد) ڕاستە، ئەمما قسەکەت (لە ئاسمانەوە) نەخێر.
هەندێکیان ویستیان شتەکانی تێکەڵ بکەن و بیشێوێنن گوتی: مەڕوماڵات ڕوەک نەخوات ناژێت و ڕوەکیش بە بێ ئاو ناڕوێت، ئاوی دابەزاند، ئەمەیش وەک ئەوەی شتەکانی دابەزاندبێ. ئەم قسەیە ئەو کەسە نایکات کە گرینگی بە حەقیقەت بدات، بەڵکوو ئەمە سەیروسەمەرە و تێکەڵکردنە.
ئەگەر بڵێین: قورئان دابەزاندنی لە دەربڕینەکانیدا بە هاکەزایی بە کار هێناوە ئەی لەم ئایەتە چی دەڵێیت: {وَأَنْزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا} [الفرقان: 48] (أنزل) واتە: لە ئاسمانەوە ئاوێکی پاکژمان دابەزاند. لێرەدا لە لایەن حەقیقەتەوە بە کار هێنراوە نەک هەر ئاوها بە سەر زمانی و هاکەزایی لەبەر ئەوەی دابەزاندنی ئاو لە ئاسمانەوە حەقیقەتە، دەڵێم:
یەکەم: بەکارهێنانی ڕەوانبێژی وشە لە شێوەی هاکەزایی لە شوێنێکی قسەکانیدا ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێگریی لێ کرابێت و، لە لایەنی حەقیقەتەوە لە شوێنێکی تردا بە کاری بهێنێت، وەک دەڵێن هەر دارە و سێبەری خۆی هەیە.
دووەم: گوتیان ئاسمان لە زماندا ئەو شتانەیە کە لە سەرووی تۆیە و سێبەرت بۆ دەکات، سەقفی ماڵەکەت ئاسمانە، هەور ئاسمانە، بەڵام لە توێژینەوەکەماندا ئەم واتا گشتییەی ئاسمانمان مەبەست نییە، ئێمە دەمانەوێت ئەوانەی بە دەر لە زەوی لە فەلەکی باڵا بێت.
هەور هەر چەند بە ئاسمان ناو نراوە، بەڵام لە ئاسمان نییە. ئاو لە ئاسمانەوە دانابەزێت بەڵکوو لە هەورەوە دادەبەزێت کە لەو هەڵمی بایە دروست دەبێت کە لە زەوییەوە بەرز دەبێتەوە، وەک لە سورەتی (النبأ) دەڵێت: {وَأَنْزَلْنَا مِنَ الْمُعْصِرَاتِ مَاءً ثَجَّاجًا} [النبأ: 14]، نەیگوت: لە ئاسمانەوە. هەڵمێنراوەکان واتە هەورەکان وەک لە زانستی سروشتدا دەبێت، بەوەی لە هەڵمی ئاو لە دەرئەنجامی گەرمیی با بە هۆی سوکییەوە بەرز دەبێتەوە و هەوری چڕ دروست دەکات بە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە پلەی گەرما و بە گۆڕینی ئەو پلەیەی گەرما لە بادا، ئەو هەڵمە چڕ دەبێتەوە و بە شێوەی دڵۆپەی ئاو بە پێی ڕاکێشانی زەوی دادەبەزێت، بە جیاوازیی پلەی گەرما ئاو دەکات بە هەڵم و ئەو بەرز دەکاتەوە و دەیکات بە هەور لە سەرەوە و ئینجا دەیکات بە باران. ئەوەی زانراوە کە گۆی با کە لە هەموو لایەکییەوە بە دەوری زەوییەوەیە، ئەم گۆی بایە بە شێکە لە گۆی زەوی و لەو بە دەر نییە، ئاوی باران لە ئاسمانەوە دانابەزێت کە قورئانی لێ دابەزی، بەڵکوو لە هەورەوە دادەبەزێت کە بەشێکە لە زەوی، لەبەر ئەوەی گۆی با بەشێکە لە زەوی. ئەوپەڕی ئەوەیە کە لە شوێنێکەوە دادەبەزێت بۆ شوێنێکی تر لە زەوی، بە دەربڕینێکی تر لە شوێنێکی بەرزەوە دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی نزم لە زەویدا.
لە سەرسوڕهێنەرەکانی قسەی ئەوانەی وەک بەڵگە لە سەر گەلحۆیی خاوەنەکەی دەردەکەوێت، ئەوەی هەندێک لە زانایانی ئیسلام دەیڵێن گوایە ئاوی باران لە ئاسمانەوە دادەبەزێت بۆ هەورەکە و ئینجا هەورەکە وەک باران فڕێی دەدات بۆ زەوی، وەک زەمەخشەری

قسەی لە سەر شیکردنەوەی هەڵمێنراوەکان باسی دەکات، سپاس بۆ ئەوەی عەقڵ دەبەخشێت و ئەوەی دای دەخات.
لەوانەیە قسەکە لە بابەتەکە دەری کردبین، با بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی باسی دەکەین. کورتەی ئەوەی لە پێشدا باسمان کرد، ئەوەیە قورئان بریتییە لە واتا نەک لەفز و گوتنەوە، دابەزاندن واتە ئیلهامبەخشین، بەڵام بە دابەزاندنێك ئاوهایی دەربڕێت، لە پێناو مەزنکردنی پێگەی دابەزی و واتە ئیلهامبەخشین، ئەوەی ئەم قسەیەی پشتڕاست کردەوە کە خاوەنی (الإتقان)ە لە سەر چۆنێتیی دابەزاندن باسی کردوە، دەڵێت: ئەسفەهانی لە سەرەتای شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: ئەهلی سوننەت و جەماعەت لە سەر ئەوە ڕێکەوتن قسەی خودا دابەزیوە و لە سەر واتای دابەزیو جیاواز بوون. لێیان هەبوو دەیگوت: پیشاندانی جۆرە خوێندنەوەیەکە و لێیان دەیگوت: خودا بە قسەکانی ئیلهامی بەخشیوە بە جبریل کە لە ئاسمانی باڵا بوە و لە شوێندا بوە و فێری خوێندنەوەی کردوە و ئینجا جبریل لە سەر زەوی لە شوێنێکدا نیشتوەتەوە و جێبەجێی کردوە.
با کەمێک لە سەر ئەم قسەیە بوەستین و تێی بڕوانین، دەڵێین: بێگومان تیمی یەکەم کە دەڵێت واتای دابەزاندن پیشاندانی خوێندنەوەیەکە، ئەوانەن کە گوتیان قورئان واتا و لەفزە پێکەوە، بۆیە ویستیان دابەزاندن لەفزیش لە خۆ بگرێت، گوتیان پیشاندانی خوێندنەوەیە، بەوەیش واتای قسەکەمان کە خودا قورئانی دابەزاند ئەو خوێندنەوەی پیشانی خەڵک دا. بە پێی قسەکانیان ئەمە واتای نیشتنەوەیە لە بەرزییەوە بۆ نزمی لە دابەزاندن دەرهێنراوە. ئەمەیە ویستیان لێی ڕزگار بن، وایان لە دابەزاندن کرد لە واتادا پیشاندانی خوێندنەوە بێت، بەڵام ئەوەی بە لایدا دەشکێتەوە و دەروون دڵنیا دەکاتەوە و عەقڵی یەکلاکەرەوە قبوڵی دەکات و هەست و زەوقی دروست بە جوانی دەزانێت، ئەوەیە کە خەڵکی بە دەر لەوان بۆی ڕۆیشتوون کە قورئان واتایە دوور لە لەفز، لەوێدا دابەزاندن دەبێتە ئیلهامبەخشین.
بەڵام خەڵکی قسەی دوەم، ئەمانەیش دیسان لەوانەن کە دەڵێن قورئان واتا و لەفزە پێکەوە، ویستیان ئەوە بسەلمێنن کە دابەزاندن واتای نیشتنەوە لە بەرزییەوە بۆ نزمی دەبەخشێت. چی دروست دەکەین، خودای بەرز لە شوێن پاکترە، چۆن قسەی ئەوە بکەین کە لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ شوێنێکی نزم دادەبەزێنێت و بە خۆی لە لایەن ئاڕاستە پاکتر و باڵاترە. لەمە ڕزگارمان بوو، جبریلیان هێنا و کردیان بە ناوەندگیریی گواستنەوەی قسەی خودا لە بەرزییەوە بۆ نزمی، لەبەر ئەوەی جبریل وەک هەمان خەلقی خودا لە شوێنێکەوە دەگوێزێتەوە بۆ شوێنی تر، گوتیان: "خودا ئیلهامی بە جبریل بەخشی کە لە ئاسمان بوو لە جێگا و شوێنی بەرز". بە ئیلهامەوە نەوەستان لەبەر ئەوەی لەفز لە خۆ ناگرێت گوتیان: "فێری خوێندنەوەی کرد" بۆ ئەوەی دیسان لەفزیش لە قورئاندا بێت، ئینجا پرۆسەی گواستنەوەیان جێبەجێ کرد و گوتیان: "ئینجا جبریل لە زەویدا جێبەجێی کرد، کە لە شوێندا نیشتەوە. خودا یارمەتییان بدات چەند ژیر و بە توانان لە وێناکردنی مەحاڵدا.

بۆ درێژەدان
پێشتر لە قسەکانماندا باسی ئەوەمان کرد کە خودا لە شوێن پاکترە و بە دەرە لەوە، ئەمەیش گونجاو دەبێت و وا پێویست دەکات قسەیەک لەم بابەتە لە پێناو درێژەدان بە باسەکە بکەین. دەڵێین: بە هەر کەسێک بڵێیت عەقڵ ناتوانێت وێنای بوونێک بکات نە لە شوێنێک بێت و نەیش لە زەماندا. "أبو العلاء المعری" دەڵێت:

قلنا: صدَقتمْ كِذا نَقولُ قُلتمْ: لَنا خالقٌ قديمٌ،
ولا زَمانٍ، ألا فَقولوا زَعَمتُموهُ بلا مَكانِ
مَعناهُ لَيستْ لَنا عُقُول هَذا كلامٌ لَهُ خَبيىٌ

بەواتای؛ وتمان و هەرچیەکمان وتبێت باوەرتان کرد و وتتان ئێمە خاڵقێکی کۆنمان هەیە نە زەمان و نەش شوێنی هەیە واتە هیچ ئاوەزێکمان نیە کە بەم قسە داپۆشراوە باوەر بکەین. مەبەستیان چییە لە قسەی ئەوەی خودا لە شوێن و زەمان پاکترە؟ بۆ وەڵامی ئەوەی ئەم پرسیارەی کردوە، دەڵێم: ئەو دەربڕینانە بە هەمووی کورتە و ناگات بە پێ ناسەکردنی خودی خودا، لە شیعرێکدا دەڵێم:

وما قَصرَ عن تبيانه النَّقمُ والنَّبرُ وفى النفس ما أعيا العباره كشفُه
اليه من الالفاظ أعينها الخــــــزر ويا ڕب معنى دق حتى تخاوصت

بەواتای؛ هیچ هۆنینەوەیەك و پەخشانێك لە ناخدا روونی ناکاتەوە" ئەوەی کە بەدەربرین

.نەدۆزرێتەوە و بە لەفز و روانین نەدرکێنرێت لەوەیە کە بە هیچ واتایەك هەڵنەهێنرێت
بەڵام من لەو باوەڕەدام کە باشترین دەربڕین کە لە حەقیقەتی خودی ئیلاهدا هەندێک نزیکمان بکاتەوە بوونی گشتیی ڕەهای ناکۆتاییە، ڕەوانترین قسە لە دەوری خودی خودایی خول بخواتەوە ئەوەیە کە لە قورئاندا هاتوە: {هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ} [الحديد: 3].واتە: .هەر خۆی سەرەتا و کۆتایە و ناوەخن و روکەشیشە
واتای ڕاشکاوی ئەم دەربڕینە ئەوەیە، کە هەموو شتێکە و بوونی گشتیی ناکۆتاییە، مەحاڵە عەقڵ وێنای بوونێکی گشتیی ناکۆتایی لە شوێن و بێ شوێن بکات، یان لە زەمان و بێ زەمان بکات، لەبەر ئەوەی شوێن بەشێکە کۆتایی دێت، بەڵام ئەو گشتی و هەمووی بێ کۆتاییە، لەبەر ئەوەی شوێن و زەمان بوونیان نییە جگە لەوەی لەودا بن، واتە بە بوونی هەمەگیری .ناکۆتایی، وەک ئەوەی هەر دوو لە شوناسی ئەودا تێکەڵ بووبن و لە دەرەوەی ئەودا نەبن
بە تەماشاکردنی ئەمە ڕاستە و مەعقوولیشە بڵێین: ئەو لە هەموو شوێن و لە هەموو زەمانێکدایە، هەروەها ڕاستە و مەعقوولیشە بڵێین: ئەو نە لە شوێن و نە لە زەمانیشدایە، لەمەدا قسەی قورئان وا دەچەسپێت کە دەڵێت: {هُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ} [الحديد: 4]، هەروەها: {أَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ} [البقرە: 115]، واتە: ئەو لەگەڵتاندایە لە هەر کوێیك بن. رووبەکەنە هەر کوێیەك (دەموچاو) زانستی خوای تێدایە. بێگومان بوونی هەمەگیریی ناکۆتایی لە دەوری هەموو شتێک و شوێن و زەمانیشدا شتە و ئەوەی دەوری شتێکیش بدات تێیدا نایێت، ئەگەر تێیدا یان لە ناویدا بوو لە دەوروبەری نییە. کورتەی قسەکەمان "تۆ لە وێناکردنت بۆ بوونی هەمەگیری ناکۆتایی، ئەگەر لە بەشێکی دیاریکراودا وەستایت، لە حەقیقەتی خودی .خودای پیرۆز دوور دەوەستیت
ومن تجلی ڤاهراً واحتجب یا واحد الڤات کپیر السمی
انت تسمی الله عند العرب انت لدی الفرس تسمی خدا
بە واتای: ئەوەی لە روکەشدا روونبووەوە و خۆی دەرنەخست ئەی تاکە نەفس و زۆری لە .باڵایی و توانا، تۆ لای عەرەب بە (الله) ناودەبرێیت و لای فارسیش بە خودا
با بۆ ئەوە بگەڕێینەوە کە خۆمان تێیداین، گوتمان: ئەوەی لە قورئاندا دابەزیوە واتایە، دابەزین واتای ئیلهام دەبەخشێت، باسی ئەوەمان کرد چۆن ئەم واتایە بە کار دێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە چەند ناشرین بۆی ڕۆیشتوون، لەوەی قورئان بەو واتایەی کە باسیان کردوە و وێنایان کردوە، بەڵام چی بکەین گەر بیانبینین دەڵێن قورئان بە ناسخ و مەنسوخەوە گوتراوە و بە لەبیرکراوەکانیشیەوە دوو جار دابەزیوە. بەوەی یەکەم جار دابەزیوە بۆ ئاسمانی دونیا بە یەک جار پێکەوە، ئینجا دوای ئەوەی بە جیاجیا لە ماوەی بیستوسێ ساڵدا بۆ زەوی دابەزیوە. نە لە .قورئان و نە لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا نییە کە ئەم حکومە بکات یان ئەمە پیشان بدات
ئەوەی زانراوە کە قورئان یان وەحی لە شەوێک لە مانگی ڕەمەزاندا دابەزی، قورئان پێی دەڵێت: شەوی قەدر و، لە: {شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِی أُنْزِلَ فِیهِ الْقُرْآنُ} [البقرە: 185]دا واتە:مانگی رەمەزان کە قورئانی تێیدا دابەزاند" هاتووە. دا هاتوە، هەروەها لە: {إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِی لَیْلَةِ الْقَدْرِ} [القدر: 1]دا،بە واتای ئێمە لە شەوی قەدراد دامانبەزاند. ، شەوی قەدر شەوێکە لە ڕەمەزان. محەمەد ئەم شەوەی وا گەورە کرد تا کردی بەوەی لە هەزار مانگ خێری زیاتر بێت، وای لێ کرد کە پەری تا بەرەبەیان سڵاو دادەبەزێنێت. لەبەر ئەوە مەزنی کرد چونکە ئەو شەوەیە کە لە بیرکردنەوە و قووڵبینینەوە دەرچوو بۆ مشتومڕ و تێکۆشان، بە دەربڕینێکی تر لە نیاز و خۆتوندکردنەوە و بیرکردنەوەوە دەرچوو بۆ هەوڵ و کارکردن، ئەم شەوە بوو بە نۆبەرەیەکی چاک و پیرۆز بۆ بانگەشەی ئیسلام "پێشتر باسی سەرەتای وەحیمان کرد تەماشای بکە". بێگومان شایانی ئەوەیە لە مێژووی ڕابوونی جیهانیی گشتی دا تۆمار بکرێت، بە شکۆدارییەکی گەورە دابنرێت، لەبەر ئەوەی دەرئەنجامی بانگەشەکەی کودەتایەک یان گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیی .مەزنی بەرهەم هێنا
ئەم کۆمەڵە قسەیەمان بە ڕێ خست، وەک زەمینەسازییەک بۆ ئەوەی دەمانەوێت قسەی لە سەر بکەین کە گوتوویەتی قورئان بە یەک ڕستە دابەزییە سەر ئاسمانی دونیا، ئینجا بە جیاجیا لە ماوەی بیستوسێ ساڵ دابەزی، خاوەنی (الإتقان) لەم مەسەلە بە دوورودرێژی قسەی .کردوە، ئەگەر ویستت لەوێدا بیبینە
بەڵام ئێمە پێت دەڵێین: ئەوەی حاکم و بەیهەقی و تەبرانی و بزار و ئیبن ئەبی شیبە و خەڵکی تریش لەو فەرموودانەی لە ئیبن عەباس گێڕاوەتەوە دواون، لە سەر ئەم مەسەلەیە قسەی

.ئیبن عەباس، نەیبردوە بۆ لای محەمەد پێغەمبەر

ئەوەی بەو لایەدا دەشکێتەوە، وەك دەیبینین پاڵی بە ئیبن عەباسەوە ناوە بۆ ئەوەی لە خۆیەوە ئەم قسانە بکات، قسەکانی ئیبن مەردوەیە و بەیهەقییە لە سەر ئاسمان و سیفەتەکانی لە (گریق السدی) لە محەمەد کوڕی مەجالد وەریان گرتوە" ئەویش (مقسم)ـی ئیبن عەباسە: عەتیە کوڕی ئەسوەد پرسیاری لێ کردوە، گوتوویەتی: گومان کەوتە دڵمەوە لە وتەی: {شَـهْرُ ڕمَجَانَ الَّڗی أُنْزِلَ فِیهِ الْقُرْئ‌نُ} [البقره: 185] واتە: مانگی رەمەزان کە قورئانی تێیدا دابەزی. و {إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِی لْیْلَهِ الْقَدْرِ} [القدر: 1]، واتە: ئێمە لە شەوی قەدردا دامانبەزاند. ئەمە لە شەوال و لە زی قیعدە و زی حیجە و موحەرەم و سەفەر و مانگی ڕەبیع دابەزی، ئیبن عەباس گوتوویەتی: لە ڕەمەزان لە شەوی قەدردا یەک ڕستە دابەزی ئینجا پەیامبەران لە چەندین مانگ و ڕۆژدا لە سەر ڕێگەی ئەستێرەکان بوون. واتای ڕوون و ڕاشکاوی ئەم قسەیە ئەوەیە، قورئان بە دوو جار دابەزیوە، جارێک بە ڕستەیەک دابەزیوە بۆ ئاسمانی دونیا و جارێکی تر بۆ زەوی بۆ محەمەد، ئەویش بە یەک لە دوای یەک بۆ ماوەی بیستوسێ ساڵ بوە. بێگومان ئیبن عەباس بەم قسەیەی ویستی ئەو گومانە لە دڵی عەتیەی کوڕی ئەسوەد لابات کە لە دەرئەنجامی ئەوە دروست بوو، کە هەر دوو ئایەتەکە لەگەڵ واقیعدا یەکی نەگرتوەتەوە، بەڵام ئیبن عەباس ئەمەی لە کوێوە هێنا و پشتی بە چی بەست؟ ئەمەیە کە حیکایەتخوانان بە یەک وشەش قسەیان لە سەر نەکردوە. ئەگەر ئیبن عەباس گومانی پرسیارکەرەکەی بەوەی لە واقیعدا ڕووی دا لابردبێت، ئەوەی ویستراوە کردوویەتی و هیچ کێشەیەکی دروست نەکردوە. ئەوەی واقیعە سەرەتای دابەزینی قورئان لە شەوی قەدری مانگی ڕەمەزان بوە و ئینجا لە مانگ و .ڕۆژەکانی دواتر تا مردنی محەمەد لە دابەزین بەردەوام بوە

ئێمە ناتوانین حکومی ڕاستبوونی قسەکانی ئیبن عەباس بدەین، لەبەر ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ قورئاندا، یەکەم: قورئان لێدوانی داوە کە بە جیایە و کۆ نییە واتە یەک ڕستە نییە، لە سورەتی (الاسراء)دا هاتوە: {وْقُرْئ‌نًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَی النَّاس عَلْی مُکْپٍ وْنَزَّلْنَاهُ تَنْزیلًا} [الإسراء: 106]،واتە: قورئانێکە بە جیاجیا دامانبەزاند بۆ ئەوەی بۆ خەڵك بیخوێننەوە،کە دابەزاندن دامانبەزاند. دوەم: لەبەر ئەوەی بێباوەڕەکان بە محەمەدیان گوتوە: بۆچی قورئان بە یەک جار بۆت دانەبەزی، وەک تەورات و ئینجیل دابەزین؟ وەڵامی بە حیکمەتی دابەزینی بە جیا دانەوە و لە وەڵامدا پێی نەگوتن کە بە کۆ بە یەک جار دابەزیوەتە سەر ئاسمانی دونیا. قورئان ئەمەی لە سورەتی (الفرقان) باس کردوە: {وْقَالْ الَّڗینَ کَفَرُوا لْوْلَا نُزِّلَ عَلْیْهِ الْقُرْئ‌نُ جُمْلْهً وْاحِدَهً} [الفرقان: 32]،واتە: بێباوەران وتیان بۆچی قورئان بەیەك جار بۆی دانەبەزی. واتە وەک ئەوەی تەورات و ئینجیل پێی دابەزی، بە قسەی (کڗلك) وەڵامی دانەوە، واتە بەو شێوەیە جیا جیا دامان بەزاند: {کَڗَلِكَ لِنُپَبّتَ بهِ فُؤَادَكَ وْرَتَّلْنَاهُ تَرْتِیلًا} [الفرقان: 32]،واتە: هەروەها بۆ ئەوەی دڵتی پێ دامەزرێنین و بە( هێدی و تەکوزی) تەرتیل بۆتی بخوێنینەوە. واتە حیکمەت لە دابەزینی بە جیا جیا لەوەیە، دەمانەوێت دڵت پێی بەهێز بکەین، وەحی لە هەر ڕووداوێکدا تازە بێتەوە دڵ بەهێزتر دەکات و زیاتر و توندتر گوێ لەوەی نێرراوە دەگیرێت. ئەگەر قورئان بە یەک جار دابەزیبایەتە سەر ئاسمانی زەوی بەو شێوەیە پێی دەگوتن و وەڵامی دەدانەوە، وەک چۆن لە زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان وەڵامی ئەو شتانەی دەداوەتەوە کە قسەیان لە سەر کردوە. لە سورەتی (الفرقان)دا هاتوە: {وْقَالُوا مَالِ هَڗَا الرَّسُولِ یْأْکُلُ الگَّعَامَ وْیمْشِی فِی الْأَسْوْاقِ} [الفرقان: 7]واتە: ئەمە چۆن پێغەمبەرێکە خۆراك دەخوات و لەبازاردا دەگەرێ؟ لە وەڵامدا پێی گوتن: {وْمَا أَرْسَلْنَا قَبْلْكَ مِنَ الْمُرْسَلِینَ إِلَّا إِنَّهُمْ لْیْأْکُلُونَ الگَّعَامَ وْیمْشُونَ فِی الْأَسْوْاقِ} [الفرقان: 20]،واتە: ئیمە پێشتر پێغەمبەرمان نەناردووە کە خوراکی نەخواردبێت و لەبازاردا نەگەرابێت. لە سورەتی (الاسراء) دا باسی قسەی بێباوەڕانی کردوە کە گوتیان: {أَبَعَپَ اللَّهُ بَشَرًا ڕسُولًا} [الإسراو: 94]، واتە: خودا مرۆڤێکی بە پەیامبەر ناردووە. لە وەڵامدا پێی گوتن: {وْمَا أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ إِلَّا ڕجَالًا نُوحِی إِلْیْهِمْ} [یوسف: 109]؛ [النحل، الایه: 143]؛ [الانبیاو: 7]. واتا: ئەو پیوانەی پێشتر ناردمانن کە وەحیان بۆ هات. بێباوەڕان گوتیان: چۆن پێغەمبەرێکە کە خەمێکی نییە جگە لە ژنان؟ لە سورەتی (الرعد)دا وەڵامی دانەوە: {وْلَقَدْ أَرْسَلْنَا ڕسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وْجَعَلْنَا لْهُمْ أَزْوْاجًا وْڗُرِّیَّهً} [الرعد: 38] واتە: پێشتر پەیامبەرمان نارد و ژن و منداڵمان دانێ. ئەگەر قورئان بە یەک جار بنێررایە بۆ ئاسمانی دونیا ئەو وەڵامە و ڕاستکردنەوەی هیچ واتایەکی .نەبوو، ئەمەیش وەک حیکمەتێکە لە دابەزینی بە جیا جیای قورئان

ئەم مەسەلە "مەبەستم پرسی دابەزینی قورئان" زانایانی موسوڵمانان بۆ سێ وتە و قسەی

دابەش کرد، یەکێکیان ئەوەیە لە ئیبن عەباسەوە وەریان گرتوە، دوەمیان ئەوەی قورئانە لە خوداوە بۆ ئاسمانی دونیا لە هەر شەوێکی قەدردا بە قەد ئەو ساڵەی کە تێیدا بوە و، ئینجا بە جیاجیا بەدرێژاییی ساڵەکە دای بەزاندوە. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە لە قسەی خاوەن (الإتقان) کە ئەم قسەیەی فەخرەدین ئەلڕازی وەک توێژینەوە باسی کردوە، گوتوویەتی: لەوانەیە کە لە هەر شەوێکی قەدردا ئەوەندەی دابەزاندبێ کە خەڵک پێویستیان بەوەندە هەبووبێت "واتە، تا شەوی قەدری دوای ئەوە" ئەمەیش لە تەختە ئاسمانی دونیاوە واتە لە لەوحی مەحفووزدا بوە، ئینجا گوتوویەتی: فەخرەدین لە سەر ئەمە وەستاوە و گوتوویەتی: ئایا ئەمە لە یەکەم بۆچوون لە پێشترە؟ تەماشای ئەوانە بکە کە لەو کاتەی قسە لە سەر پرسی ئایینی دەکەن چۆن عەقڵ وەلاوە دەنێن و دەیخەنە پشتیانەوە. ئەم فەخرەدین ئەلڕازییە لە باشترین زانایانی ئیسلامە، بە تایبەتی لە هونەری شیکردنەوە، هەندێک جار دەبینیت بە مەعقوولی لە توێژینەوەدا قسە دەکات و، وا قوڵ دەبێتەوە کە موویەکی ورد دابەش دەکات بە سەر چل بەشدا، چۆن لە ڕاستیی ئەم قسەیە یەکلایی دەبێتەوە و ئینجا دەوەستێت، کە ئەمە لە پێشە یان یەکەم، پەنا بە خودای عەقڵ بەخش و نەزانین بەخشیش. قسەی سێیەم: قورئان بە یەک جار دانەبەزیوە بۆ ئاسمانی دونیا بەڵام دابەزینی لە شەوی قەدر دەستی پێ کردوە، ئینجا دوای ئەوە جیاجیا لە هەموو کاتەکان دای بەزاندوە. ئەم قسەیە لەگەڵ قورئاندا دێتەوە و لەگەڵ مەعقوولدا دەگونجێت. خاوەنی (الإتقان) دەڵێت: "الشعبی" ئەم قسەیەی کردوە. پیرۆزە لە (الشعبی)، بێ ئاگایی ئیبن عەباس نەیخستە ئەو نەزانینەی کە خەڵکی تر تێی کەوتن.
بێگومان سەرچاوەی هەر دوو قسەی یەکەم، جگە لە ئیبن عەباس هیی خەڵکی تر نەبوە، سەرچاوەیان لە بێ ئاگاییەوە بوو، لە نەزانینی واتای دابەزینی لە شەوی قەدر سەرەتای دابەزاندنی لە شەوی قەدردا بوە، ئای لەم بێ ئاگاییەی کە خەڵکی گێلوگەحۆل کرد و لەو هەڵەشەیەی خەڵکی فێری هەڵەشەیی کرد. بۆ ئەوەی بزانین ئەوانەی قسەیان لە سەر کاروباری ئایینیی خۆیان کردوە، عەقڵیان بە کوێربینیی ئاسایی داخراوە، باسی ئەوەی خاوەن (الإتقان) لە ئەبی شیبەوەوە وەری گرتوە بۆتان دەکەین، دەڵێت: ئەبوو شامە گوتی: ئەگەر بڵێم قسەی خودای باڵا: {إِنَّا أَنْزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ} [القدر: 1]واتا: ئێمە لە شەوی قەدردا دامانبەزاند. لە کۆی قورئاندایە کە بە یەک جار دای بەزاند یان نا، ئەگەر لەوە نەبێت واتە بە یەک جار دانەبەزیوە، ئەگەر لەوەیش بێت، ڕووی ڕاستیی ئەم دەربڕینە چییە؟ دەڵێم دوو لای ڕاستی هەیە:
یەکێکیان: واتای قسەکە ئێمە فەرمان و حوکممان کرد لە شەوی قەدردا دابەزێت و لە هەتاهەتاییدا دامان نا.
دوەم: گوتنی لەفزی پێشوو واتە پێشوازی، واتە بە کۆ لە شەوی قەدر دای بەزاند. تەماشای ئەوە بکە لە وەڵامەکەدایە، لە وەستانێک بەڵگەی حەپەسان و واقوڕمان و بێئاگایی تێدایە، لە پرسیارەکە، کە وریایی لە ژیری و توانای تێدایە، ئەمە چییە و ئەوە چییە؟ جگە لەوەیش قسەی شڵەژاوی وایان هەیە کە دەموچاوی پەڕاوەکانیان پێ ڕەش کردوەتەوە، هیچ پێویستت بەوە نییە ئەی خوێنەری بەڕێز بەو شتانە بێزار بکرێیت.
کورتەی ئەمە، ئەوەی ڕاست بێت و لەگەڵ قورئاندا بێتەوە و هاوشانی عەقڵ بێت و لەگەڵ واقیعدا بگونجێت ئەوەیە؛ کە قورئان لە سەرەتایدا لە شەوی قەدر دابەزیوە، بەو شێوەیەی کە پێشتر لە دەستپێکردنی وەحی ڕوونمان کردەوە، واتا لە کاتی خەڵوەتی ئەشکەوتی حەرادا، ئینجا لە دابەزینی بە جیا لە ماوەی بیستوسێ ساڵ یان بیستوپێنج ساڵدا بەردەوام بوە، بە پێی ئەو جیاوازییەی لە ماوەی ئەو کاتەی پێغەمبەر لە مەکە لە پاش سەرهەڵدانی ئیسلام ماوەتەوە.

(75)
(قورئان و تەختەی جێنووسی پارێزراو (اللوح المحفوظ
قسەکردن لە سەر لەوحی مەحفووز تەواوکەری توێژینەوەی پێشوە لە سەر دابەزینی قورئان، لەبەر ئەوەی هەندێکیان گوتیان: جبریل بە شێوەیەکی ڕوحانی لە خوداوە بە گرتنەوە قورئانی

گرتەوە و دای بەزاند، لێیان بوو دەیگوت: لە لەوحی مەحفووزەوە واتە تەختەی شوێننووسی پارێزراوەوە وەری گرتوە و دای بەزاندوە، بۆیە بە باشمان زانی شتێک لە سەر لەوحی مەحفووز باس بکەین، دەڵێین: لەو شتانەی کە زانایانی ئایینی لە حەقیقەت و ڕاستی و یەقینیان داوە ئەوەیە دەربارەی لەوحی مەحفووز باسی قسەی پووچیان کردوە. کۆمەڵێک لەوانە گوتوویانە قورئان بە کۆ لە شەوی قەدر لە لەوحی مەحفووزەوە بۆ ماڵێک لە ئاسمانی دونیا کە پێی دەڵێن ماڵی (العزە) دابەزیوە و جبریل لای خۆی پاراستوویەتی. لەو کاتەدا خەڵکی سەماوات لەبەر هەیبەتی قسەی خودا کە جبریل بە لایاندا ڕەت بوە، بەرچاویان بەستراوە کە ئاگایان بوەتەوە گوتوویانە: خوداکەتان چی پێ گوتن؟ گوتیان: حەق، واتە قورئان، ئەمەیش واتای ئەو قسەیە کە لە قورئاندا هاتوە: {حَتَّى إِذَا فُزِّعَ عَنْ قُلُوبِهِمْ} [سبأ: 23]یە،واتە: ئەگەر لە دڵیشەوە تۆقێنرابن. جبریل هات بۆ ماڵی عەزە و پڕی کرد لە نووسەران واتە پەرییەکان، ئەمەیش واتای قسەی خودایە: {بِأَيْدِي سَفَرَةٍ (15) كِرَامٍ بَرَرَةٍ} [عبس: 15 16]. واتە: بەدەستی ڕاسپاردگەلێکی هەڵبژاردەی بەئەمەك نوسراوەتەوە

ئەم قسەیە لە کتێبی (الإتقان)ی جەلالەدینی سیوتییەوە گواستمانەوە. بۆ ئەوەی بیخەینە ژێر وردبینیی بیرکردنەوە و ڕێکخستنەوە، بۆ ئەوەی بزانین چی تێدایە و چۆن ڕووی داوە و چۆن هەڵبەستراوە، ئینجا لەوێدا حەقیقەتمان وەك خۆی بۆ دەردەکەوێت. یەک: قسەکردنیان لەوەی قورئان بە کۆ و بە یەک جار لە شەوی قەدر دابەزیوە لە سەرچاوەی دروستکردنییەوە، پێشتر زانیمان کە تا چەند لە حەقیقەتەوە نزیکە و پێشتر دەرمان خست هیچ پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە.

دوەم: شوێننووس یان تەختەی پارێزراو، قورئان پیشانی دان و بردیان و لێی تێگەییشتن لە خودا چیی لەو بارەوە دابەزاندوە، لە سەر ئەوە نەوەستام کە کێ ماڵی عەزەی پێ پیشاندان، لە کوێوە وەریان گرتوە و چۆن لەوحی مەحفووزیان (تەتەڵەی هەرەبەرز) لە ئایەتی کۆتایی سورەتی (البروج) زانیوە: {بَلْ هُوَ قُرْآنٌ مَجِيدٌ (21) فِي لَوْحٍ مَحْفُوظٍ} [البروج: 21، 22]. واتە: قورئانی زۆر بەرێزە لە لەوح ( تەتەڵەی هەربەرز) ی پاراستووە. با یەکەم جار باسی لەوحەکە بکەین مەبەستیان چییە لەوە لە قورئاندا، ئینجا دێین بۆ ئەوەی بزانین ئەمانە چی دەڵێن.

لوح) لە زمانی عەرەبیدا بە هەر پەڕەیەکی پان لە تەختەدار بێت یان ئێسک یان هەر شتێکی ) تر دەڵێن، لە زەمانی کۆندا، ئەوەی دەیاندۆزییەوە لە سەر تەختەیەکی بەرد یان دار یان ئێسک و شتی تر دەیاننووسی، لەبەر نەبوونی پەڕاوگە یان کەمیی لەو کاتەدا، دەڵێن لە سەر تەختەی پان نووسراوە، تەنانەت دەڵێن لەوح لەوەوە وەرگیراوە کە ئەو واتایە کە نووسراوەکە ئاماژەی پێ دەدات. ئەم قسەیە ڕاستە بە تەماشاکردنی ئەوەی لەوحیان وەک پەڕاوگە بۆ نووسین بە کار هێناوە، ئەگەر نا (لوح) لە بنەچەدا لە زماندا بە هیچ شتێک ناگوترێت ئەگەر پان و فراوان نەبێت، بۆیە لەوح لە نێوان زەوی و ئاسمانیش کە بای تێدایە دەڵێن لەوح، بە واتای کەشوهەوای گەردوون، لەبەر فراوانی و پانوپۆری.

ئەگەر لەوح بۆ نووسین لای ئەوان بە کار هاتبێت، لە بەکارهێنانی زمانەوانیدا ڕاستە بۆ نووسین بە کار هێنراوە، وەک لە سەرەتای ئەم ئایەتە دیارە، ئەمەیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی قورئان کتێبی لە جیاتیی لەوح لە ئایەتێکی تردا لە سورەتی (الواقیعە) بە کار هێناوە: {إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ (77) فِي كِتَابٍ مَكْنُونٍ} [الواقیعە: 77، 78] کتێبێکی بەرێزە و بخشندەیە؛ واتە پارێزراوە، لەوح و کتێب لە هەر دوو ئایەتەکەدا یەک شتە.

(کتێب ( پەرتوك

زانیمان ئەوە لێرەدا باس کراوە مەبەستیان لەوحی مەحفووز و کتێبی مەکنون یەک شت بوە، واتە تەختەی پارێزراو ئەو کتێبەی قورئان لە خۆ دەگرێت، با ئێستا تەماشای واتای کتێب بکەین لە بناغەی زمانەوانیدا چییە و لە بەکارهێنانیدا مە بەستیان چی بوە، دەڵێین: کتێب ئاوەڵفرمانی کتبە، واتە بە عەرەبییەکەی: (کتاب) لە (کتب کتباً) و (کتبە و کتابە)ەوە هاتوە، ئەم چوارە سەرچاوەن و ئاوەڵناون بۆ دوەم کە کتێبە و (مەکتوب)یشە "واتا وەك ناونان نووسراوە، ئەمەیش لە قسەکانیاندا زۆر باس کراوە.

بەڵام واتای سەرچاوەی کتێب لە بنەچەی زمانەوانیدا، دەتوانین بە سێ وشە تێی بگەین کە لە واتادا لە یەک نزیکن: کۆ و دسپلین و پارێزگاری لێ کردنی، ئەوەی لە کۆی ئەم سێ وشەیە تێ دەگەین و واتای سەرچاوەیی کتێبە کە لە زمانەوانیدا بە کار دێت، گوتراوە کتێبەکەی نووسی، واتە لەفزەکەی بەپیتی هێمایی وێناکرد. بێگومان بە وێنەکردنی گوتراو بە پیت

کۆکردنەوە و ڕێکخستن واتە دسپلینی کۆکراوە کە و پاراستن لە ونبوون و لەبیرچوون لە خۆ دەگرێت، واتە کتێب بە واتای پاراستن و ڕێکخستن و وێناکردنی لەفزە بە پیت. دیسان لەو بارەوە گوتیان: میراوەکە پشتێنە چەرمەکەی بە موروو نووسی (کتب) "لێرەدا واتای دوراندن دەگەیەنێت"، (کتب القربە) واتە مەشکە یان کوونەی نووسی، پێکەوەنوسان، "نووسی لێرەدا مانای بەستنەوە دێت. واتە دەمی کونەکەی بە پەتێک بەستەوە، هەروەها دەڵێن: (کتب الناقە) واتە حوشترەکەی نووسی لێرەدا بە واتای سۆز و لە خۆگرتنی حوشترەکە بۆ بەچکەکەی واتە بۆ حوشترێکی تر دێت. بە واتایەکی تر ئەگەر دەمولووتی ببەستیت و نەهێڵیت بۆنی بەچکەکەی بکات، دەگوترێت حوشترەکەی نووسی (کتب) کرد.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە؛ حوشتر زۆر بەسۆزە بۆ چواردەورەکەی و بەتایبەتی بۆ بەچکەکانی، ئەگەر بەچکەیەکی بمرێت پێستەکەی دەبەن پڕی دەکەن لە کا و لە تەنیشتی دای دەنێن بۆ ئەوەی بۆنی بکات ئەمەیە بە عەرەبی پێی دەڵێن (البو). "لە ناو کورددا حوشتر نییە و شتی وایش نییە بۆیە وشەیەک بۆ ئەم پێستە وش کراوە پڕ لە کایەی خۆی نییە جگە لە مۆمیاکردن نەبێت -و-"، بۆیە ئەگەر بیانەوێت ڕێگری لێ بکەن بۆنی بکات، دەڵێن: (کتبوها) واتە نووسیان. (کەتیبە)یش بۆ کۆمەڵێک سەربازی سوپا یان ئەسپ دێت کە کۆ دەبنەوە و لەگەڵ یەکدا دەبن و پشتی یەک دەگرن و هاوکار دەبن. ئەمەیە کە لە واتای (کتابە) نووسین لە بنەچەی زمانی عەرەبیدا وای تێ دەگەین.

ئەگەر ئەمەمان زانی و تەماشای واتای ویستراوی قەزای خودا بۆ هەتاهەتایی بکەین "دواتر قسە لە سەر قەزا دەکەین" دەبینین نزیکییەک لە نێوان خۆی و کتێبدا هەیە، چ لە واتا بێت یان مەبەست. کتێب کۆکردنەوە و توندوتۆڵی یان ڕێکخستن و پارێزگاریلێکردنە، هەروەها دادوەری هەتاهەتاییە، هەموو ڕووداوە گەردوونییەکان پێکەوە تێیدا کۆ کراوەتەوە و ڕێکخراوە و توندوتۆڵ کراوە و پارێزگاریی لێ کراوە، لەوە لە ڕوودانی دوا نەکەوێت، بۆیە بەکارهێنانی کتێب لە قورئاندا بە واتای دادوەری خودای هەتاهەتایی گشتێنراوە. پێشتر ئاماژەمان بە قورئان کرد کە زاراوەیەکی تایبەتی خۆی هەیە لە بەکارهێنانی وشەکاندا، هەندێک جار لە واتای زمانەوانی ناسراوی وشەکان دەردەچێت، لەوانەیش ناونانی کتێب لە سەر دادوەریی خودای هەتاهەتایی. وەک دیسان لە زمانەوانیدا کتێب بە فەرز و حکومدانی قەدەر گوتراوە، وەک لە کتێبەکانی زمانەوانیدا ڕیز کراوە، بەمەیش زانیمان لەوحی مەحفووز چییە. وا ئێمەیش باسی هەندێک لەوانە دەکەین کە بەکارهێنانی کتێب لە قورئاندا بە واتای دادوەریی خودای ناکۆتا و هەتاهەتاییدا هاتوە. لە سورەتی (الحجر): {وَمَا أَهْلَكْنَا مِنْ قَرْيَةٍ إِلَّا وَلَهَا كِتَابٌ مَعْلُومٌ} [الحجر: 4]، کتێب لێرەدا چارەنووسە واتە ئەجەلی کە لە پێش قەزا و حوکمی خودا لە هەتاهەتاییدا دێت. لە سورەتی (الانعام)دا: {وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ} [الانعام: 38]، واتە: نە وازمان لەم بوونەوەرانە هێناوە نە پشتگوێیشمان خستوون، لە دادوەری هەتاهەتاییماندان کە هەموو بوونەوەرێکی تێدایە. دیسان لە (الانعام)دا: {وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ} [الانعام: 59]. واتە لە دادوەری هەتاهەتایی و ئەو لە هەموو شتێک دەزانێت، چۆن نایزانێت کە قەزا و قەدەری لە شوێنی هەتاهەتاییدا دەبێت؟ لە سورەتی (الاسراء)دا: {وَإِنْ مِنْ قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا} [الإسراو: 58]. واتە قەزایە لە هەتاهەتاییدا و هیچ گۆرانکاری و جێگۆڕکێیەکی تێدا ناکرێت و لە کتێبدا ڕیز کراوە. لە سورەتی (الهود)دا هاتوە: {وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ إِلَّا عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ} [هود: 6] واتە هەموو ئەوانە توندوتۆڵ ڕێکخراون لە قەزای هەتاهەتاییماندا، لە سورەتی (فاطر)دا: {وَمَا يُعَمَّرُ مِنْ مُعَمَّرٍ وَلَا يُنْقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ} [فاطر: 11]، واتە قەزا قەزای دەبێت و قەدەریش قەدەری دەبێت. لە سورەتی (الحدید) دا هاتوە: {مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا} [الحدید: 22] واتە ئەو قەزایەیە کە خودا لە هەتاهەتاییدا پێش ئەوەی ببێت و ڕوو بدات حوکمی کردوە.

کتێب لەم ئایەتانەدا هیچ واتایەکی نییە جگە لە دادپەری و حکومی خودای هەتاهەتایی، بەڵام ناوی ناوە کتێب لەبەر ئەوەی واتای کتێب لە بناغەی زمانەوانیی خۆیدا، دسپلین و کۆکردنەوە دێت، وەک پێشتر باس کرا، هەموو بوونەوەران لە قەزا و ویستی خودا ڕێک خراون، ئەو واتە قەزای خودا لە جێگەی کتێبە کە لەفزەکان و پیتەکان تێیدا کۆ کراونەتەوە و توندوتۆڵ کراون، بۆ

ئەوەی ون نەبن و لە بیر نەچن، بەڵام ناونانی ئەم کتێبە بە پارێزراو یان لەخۆگرتوو واتە پاراستن "لە دۆڵاب دانان" بۆ ئەوەی نەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕ نەکرێت، ئەو لەوە پاکترە کە دەستێک بە شتێک پێی بگات، نەک وەک دەڵێن پارێزراوە لەوەی دەستی شەیتانی بگاتێ. لەمەدا دەزانیت کە هیچ لەوحێک یان کتێبێک کە ئەو جۆرە خەڵکە بە گشتی وا لێی تێ دەگەن لای خودا نییە، ئەم کتێبە نووسەری نییە بینووسێت و کۆپی بکات، کە ئەوان پەرییە پاکیزەکان بن وەک هەندێک خۆهەڵقورتێنەر دەڵێن.

قەزا و قەدەر

ئەگەر بڵێین: لەوە تێگەیشتین، بەڵام بەو قەزایەی کە محەمەد دەیڵێت چی دەویسترێت و بە بەڵێنێکی نووسراو کە هەموو بوونەوەرانی تێدایە چی دەوێت و چیی لە قەدەر دەوێت؟

دەڵێم: من نامەیەکم لە سەر ڕاکانی ئەبی عەلای مەعەری لە (لزومیاتە)کانی نووسی، قسەم لە سەر سەپاندن و قەزا و قەدەرم کردوە، ئا لێرەدا ئەوەی لەوێ باسم کردوە بۆت دەگوێزمەوە، چونکە ئەوە بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە.

هەر ڕووداوێک لە گەردووندا بە هۆکاری ڕووداوێکی لە پێش خۆی ڕوو دەدات، هیچ شتێک لە نەبوونەوە نایەتە بوون، وەک چۆن هیچ شتێک لە بوونەوە ناڕوات بۆ نەبوون، هیچ ڕووداوێک ڕوو نادات ئەگەر ڕووداوێکی پێش خۆی نەبێتە هۆکاری ڕوودانی، لەوێدا هۆکارەکە ڕووداوی یەکەمە و ئەوەی دووەم کارتێکراوە، واتە دەرئەنجامی کاریگەریی هۆکاری یەکەمە، لەوانەیە هۆکارەکە شاراوە بێت و دەرنەکەوتبێت و ئێمە پێی نەزانین و نەیبینین، بەڵام ناشێت و نابێت کە ڕووداوی پێشینە نەبێت و هیچ بێت، بەڵکوو بوونی زەرورییە و دەبێت ببێت، لەبەر ئەوەی بۆچوون و بەدیهیەتی عەقڵ حکومی یەک جاری خۆی لەو بارەوە وا فەرز دەکات کە هیچ ڕووداوێک بە بێ هۆکار نییە. ئینجا ئەو هۆکارەی بوە هۆی ڕوودانی دووەم ئەویش لە دەرئەنجامی هۆکاری پێش خۆی بوە، ئاوها ئەو ڕووداو و هۆکارانە درێژ دەبنەوە و بە زنجیرە بۆ ڕابردووی هەتاهەتایی و هەر یەکە و ئەڵقەیەکی پێوەندی و نێوەند و پێش و پاشی خۆی دەبێت. ئاوها تا دەگەینە هەتاهەتایی بۆ هۆکاری یەکەمی کۆن کە ئەویش هۆکاری هەموو هۆکارەکانە کە خودایە.

بەمەیش زنجیرەیەک ڕووداوی دوو لایەن ڕووی داوە، یەکێکیان: کە لە لایەن یان تەرەفی کۆتاییە لای ئێمە و ئەوی تر: لایەن یان تەرەفی یەکەمە لە هەتاهەتاییدا. (ئەزەل) یان هەتاهەتایی واتە "کۆن"ی ناکۆتا کە بەرانبەر (ئەبەد) هەتاهەتایی بۆ پاشەڕۆژ دێت، ئەوەیش لە ئەزەل وەرگیراوە، واتە تەنگ، واتە دڵتەنگ دەبێت لە دیاریکردنی سەرەتاکەی، هەروەها (ئەبەد) واتە ناوی دڵ لێی دوور دەکەوێتەوە لە خەملاندنی کۆتاییەکەی، واتە لە (ابود و نفور) وەرگیراوە ""هەمیشەیی و دوور کەوتنەوە".

ئەی خوێنەری بەخشندە دەزانیت قەزا و قەدەر چییە؟ ئەوانیش هەر دوو لای واتە (تەرەفی) ئەم زنجیرەیەیە کە بۆ تۆ وێنامان کرد. لایەنی یەکەم ئەزەل واتە قەزا و کە هۆکاری هۆکارەکان و بیانووی بیانوەکانە و لایەنی دووەم واتە تەرەفی دووەمی لای خۆمان قەدەرە.

زانایانی قسە دەڵێن: پەیوەستبوونی ویستی خودا بە شتێک لە شتەکان لە ئەزەلدا قەزایە و دۆزینەوەی ئەوە و دەرخستنی لە بووندا بەو شێوەیەی خودا بیەوێت لە ئەزەلدا واتە لە هەتاهەتاییدا، ئەوە قەدەرە. هۆکارە کۆنەکە یەکەمە و هیچ سەرەتایەکی نییە و هەر وەک کۆتایی نییە، ئەوە خودایە. پەیوەستبوونی ویستی لە ئەزەلدا ئەو قەزایەیە کە هۆکاری هۆکارەکانە و هەموو قەدەرێک لە دەرئەنجامی ئەو هۆکارانەیە کە بە زنجیرە دروست دەبێت، بەو شێوەیەی باسمان کرد.

ئەمەیە لە سەر تەختەی نووسراو (لەوحی مەحفووز) و لە کتێبی مەکنوندا دەیڵێین کە لە قورئاندا باس کراوە، بەڵام ئەوەی زانایانی شیکەرەوە و حیکاپەتخوانانی فەرموودەکان و قسەکەران باسیان کردوە هیچ درێژدادڕییەکی بۆ ناکەین، بەڵام بە کورتی دەیڵێین کە لەوحێکە واتە تەختەیە و پارێزراوە نەوەک شەیتان پێی بگات و لە ئاسمانی حەوتەمە لە سەرووی عەرش و قورئان تێیدا نووسراوە. پیتەکانی قورئانی تێدا نووسراوە و هەر پیتێک بەقەد شاخی قافە و لە ژێر هەر پیتێکدا ئەوەندە واتای هەیە کە جگە لە خودا کەس نایزانێت. لەگەڵ هەندێ قسەی تر کە خاوەن (الإتقان) باسی کردوە. با پاش ئەمە کەمێک باسی چۆنێتیی دابەزینی قورئانت بۆ بکەین کە لە لەوحی مەحفووزدا هەیە، بۆ تەواوکردنی ئەوەی پێشتر باسمان کرد.

زۆر قسەیان لە سەر دابەزینی قورئان لە لەوحی مەحفووزدا کردوە، (الطیبي) وەک لە (الإتقان) دا هاتوە دەڵێت: لەوانەیە دابەزینی قورئان بۆ پێغەمبەر وەک ئەوە بووبێت کە پاشایەک لە

خوداوە گرتبێتیەوە بە گرتنەوەیەکی ڕوحانییەوە، یان لە لەوحی مەحفووزدا پاراستوویەتی و ئینجا بۆ پێغەمبەری دابەزاندوەتەوە و پێی خوێندوەتەوە.

تێبینی:

لە (الطيبي)دا لەوەدا بە دوودڵییەوە وەری دەگرین لەوەی پاشا لە لەوحی مەحفووز وەری گرتبێت، نازانم پشتی بە چ بەڵگەیەک بەستوە لە هەر دوو لاکەی کە دوودڵ بوە تیایاندا. ئەگەر ئەوەی وای لێ کردبێت کە قسە لەوە بکات لە لەوحی مەحفووزەوە وەری گرتبێت و نەیتوانیبێت لە خوداوە وەری بگرێت، هەر چەندە لە ڕێگەی وەرگرتنی ڕوحانیش بێت، وەک دەڵێت: دەبێت بردنی لە لەوحەکە بە فەرمانی خودا بێت، چۆن ئەو فەرمانەی لە خوداوە وەرگرت و بە چ ڕێگەیەک پێی گەییشت و وەری گرت. لە قسەی (الطيبي)دا وا دەردەکەوێت کە ئەو لەو کەسانە نەبوە کە گوتوویانە قورئان یەکەم جار بە کۆی گشتی بە یەک جار دابەزیوە بۆ ئاسمانی دونیا، لەبەر ئەوەی دەڵێن: پاشا لە خوداوە وەری گرتوە یان لە لەوحدا پاراستوویەتی و ئینجا بۆ پێغەمبەر دای بەزاندوە، نەک بۆ ئاسمانی دونیا ناردبێتی.

لە (الإتقان)دا قوتب ڕازی لە (حواشی الكتاب)دا دەڵێت: دابەزاندن زمانێکە بە واتای نیشتەجێکردن و بە جووڵاندنی شتێک لە بەرزییەوە بۆ نزمی بێت، هەر دووکیان لە قسەدا پێکەوە جێبەجێ دەکرێت، لە واتای هاکەزایی سەر زماندا بە کار هێنراوە، لەوێدا خەڵکێک هەیە کە دەڵێن قورئان واتای تایبەت بە خۆی هەیە و لە خودی خودایە و دابەزاندن و دۆزینەوەی وشە و پیتی دەوێت کە واتای ئەوە لە خۆ بگرێت و لە سەر لەوحی مەحفووز بچەسپێنرێت. ئەوەی دەڵێت قورئان لەفزە و بە دابەزاندن و جێگیرکردنی لە سەر لەوحی مەحفووزدا بوە، ئەم واتایە گونجاوە لەبەر ئەوەی لە هەر دوو واتای زمانەوانییەوە گواستراوەتەوە. ئەوەی لە دابەزاندن ویستراوە، واتە چەسپاندنی لە ئاسمانی دونیادا لە سەر لەوحی مەحفووز بوە، ئەمەیش بۆ واتای دوەم گونجاوە.

تێبینی:

قسەی ئەم (القطب الرازي) یە بەرەو واتای تەوەر و جەمسەری جێگیر ناچێت، بەڵکوو وەک ڕەشەبایەکی هەمەگیری زۆر ئاڕاستەیە کە کەسێک و لایەنێک نەزانێت بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات، لە سەر هەر دوو قسەکەدا "قسەی ئەوەی قورئان واتایە و قسەی ئەوەی قورئان لەفزە" وای لە دابەزاندن کردوە بە واتای چەسپاندن و جێگیرکردنی لە لەوحی مەحفووزدا دێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا ناگونجێت کە قورئان واتای خودی خودا بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر خودا وشە و پیتی دۆزییەوە و لە لەوحی مەحفووزدا جێگیری کرد، قورئان دەبێتە لەفز نەک واتایەک لە خودی خودادا وەستابێت. ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە دابەزین لە واتای یەکەمدا بە واتای ئیلهام دێت نەک بە واتای چەسپاندن لە لەوحی مەحفووز، لەبەر ئەوەی تەنها بە جێگیرکردنی لە لەوحدا ئەوەی لێی ویستراوە نایەتە دی، بێگومان ئەوەی لە دابەزاندنی قورئاندا مەبەست بوە، گەیاندنی بوە بە پێغەمبەر، بۆ مژدەبەخشین و ئاگادارکردنەوە.

لە سەر قسەی ئەوەی گوتوویەتی: قورئان بە خۆی واتای خودی خودایە کە لە بنەڕەتدا وا فەرز دەکات کە دابەزاندن بە واتای ئیلهامبەخشین بێت. لەوێشدا لەفزی قورئان بۆ محەمەد دەبێت و هیچ پێویست ناکات کە بڵێین خودا هێناویێتییە بوون و لە لەوحی مەحفووزدا جێگیری کردوە، وەک ئەلڕازی دەڵێت.

بەڵام ئەو قسەیەی کە دەڵێت: لەوانەیە وا بێت... هتد... هیچ ویستراوێکی پێ تەواو نابێت، لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەڵێن قورئان لەفزە، دەبێت بکەونە کێشەی گواستنەوە لە بەرزییەوە بۆ نزمی، لەبەر ئەوەی لەفز دەنگە و بە هۆی باوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە، بە پێی ڕای ئەمانە دابەزاندن بە واتای جێگیرکردن لە لەوحی مەحفووز یان لە ئاسمانی دونیا چۆن دەبێت. بەڵێ، چەسپاندنی لەفز لە ئاسمانی دونیا بە پێی گواستنەوە لە بەرزییەوە بۆ نزمی بەو پێیەی دیارە جێبەجێ دەکرێت، بەوەی لەفزەکان لە لەوحی مەحفووزدا کۆپی بکرێت و لە ئاسمانی دونیا جێگیر بکرێت، هیچ واتایەك بۆ جێگیرکردن نابێت جگە لە نووسینەوەی شوێنێکدا بێت و وای لێ دێت دابەزاندن واتای نووسینەوە بگەیەنێت، ئەگەر وا بێت بەو دابەزاندنەی لە ئاسمانی دونیاوە بۆ محەمەد چی دەڵێن، ئایا دابەزاندنەکە لەوێدا جێگیرکردن و چەسپاندن یان لەفزە یان چییە؟ ئەوەی ڕاستە هیچ شتێکی تر نییە جگە لەوەی قورئان ئەو واتایەیە کە بە خودی خودا هەڵسێت و دابەزاندن واتای ئیلهامبەخشین دەگەیەنێت.

لێیان هەبوو دەیگوت قورئان لەفز و واتایە و جبریل لە لەوحی مەحفووزدا پارێزگاری لێ کردوە و

دای بەزاندوە، بەم قسانەی ئەوان بێت جبریل قورئانی لە خودا وەرنەگرتوە و بەڵکوو لە لەوحی مەحفووزەوە وەری گرتوە و پاراستوویەتی و دای بەزاندوە، ئەمەیش وا فەرز دەکات کە جبریل بە خوێندنەوە بۆ پێغەمبەر دای بەزاندوە و ئەویش گوێی لێ گرتوە و لە بەری کردوە. تۆ لە باسکردنی وێنەکانی وەحیدا بۆت دەرکەوت کە هیچ وێنەیەکی لەم جۆرەی تێدا نەبوو.
لێیان بوو دەیگوت جبریل بۆی خوێندەوە، بەم لەفزانە و بە زمانی عەرەبی و خەڵکی ئاسمان بە عەرەبی دەیخوێننەوە و ئینجا جبریلیش پاش ئەوە بەم شێوەیە دای بەزاند، بەم قسەیە بێت قورئان لە لایەن خودایە و لەفزەکەیشی لە جبریلەوەیە. ئەو لەفزەکانی داڕشتوە و ڕستەکانی چنیوە و بە زمانی عەرەبی پێکی هێناوە و هیچ شتێکی بۆ محەمەد نەهێشتوەتەوە. بەم قسانەیان جبریل قورئانی لە لەوحی مەحفووزەوە وەرنەگرتوە، وەک خەڵکانی تر باسیان کرد، بەڵکوو ڕاستەوخۆ واتاکانی یەکسەر لە خوداوە وەرگرتوە و ئینجا بۆ پێغەمبەری دابەزاندوە و ئەو واتایانەی بە هۆی زمانی عەرەبییەوە دەربڕیوە.
لێیشیان هەیە دەڵێت، خاوەنی (الإتقان) ئەم قسەیەی بۆ بەیهەقی گەڕاندوەتەوە، واتای: ( انا انزلناه) بە واتای ئێمە بە گوێی پەریمان دا و تێمان گەیاند و پەریش بەوەی گوێی لێ بوو دای بەزاند و پەری لە بەرزییەوە دابەزی بۆ نزمی. بەم قسەیە بێت جبریل بە تەنها واتاکەی لە خوداوە وەرنەگرتوە بەڵکوو لەفزەکەیشی وەرگرتوە و گوێی لێ بوە و لە واتاکەی تێگەیشتوە، ئینجا ئەوەی گوێی لێ بوە و لێی تێگەییشتوە، دای بەزاندوە بۆ پێغەمبەر. قورئان واتا و لەفزەکانی لە خوداوەیە، چەندین قسەی تر هەیە کە زۆر لەوە ئاست نزمترە کە بە گوتنەوەی قسەکانمان درێژەی پێ بدەین. ئەمانە بەو شێوەیە قسە دەکەن کەچی بە دڵیاندا دێت و ئەوەی گرینگی پێ دەدەن بێ ئەوەی لەم گێڕانەوانەدا پشت بە عەقڵ و نەقڵ ببەستن، ئەگینا مەبەست لەم قسانە هەمووی ئاڕاستەکردنی دابەزاندنی قورئان بەم شێوەیە لە عەقڵێکی تەندروستدا قبوڵی بکات و حەز و ئارەزووی جوان، باوەڕی پێ بکات. بۆچی ناڵێن دابەزین بە شێوەیەکی مەجازی بە واتای ئیلهامبەخشین بوە و قورئان ئەو واتایەی لە خودی خودادا وەستاندوە، بە تایبەتی قورئان ئەوە لە خۆ دەگرێت کە دابەزینی بە واتای ئیلهامبەخشین دێت لە: {نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ (193) عَلَى قَلْبِكَ} [الشعراو: 193، 194] روحی سەرراستی بەسەر دڵتدا داوە؛ لێرەدا نەیوتوە بە گوێتدا داوە دەڵێت بە سەر دڵتدا داوە.
ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە گوتوویانە لەوحی مەحفووز هەموو شتێکی تێدا نووسراوە، بەڵام سەرەڕای ئەم قسەیە، ئەمەیان بۆ چاکە و شەرەفی قورئان گەڕاندەوە کە لە لەوحی مەحفووزدا نووسراوە. نازانم چ چاکەیەکی قورئان لەوەدایە کە لە لەوحی مەحفووزدا نووسرابێت، کە هەموو شتێکی تێدا نووسراوە تەنانەت کەر و زەڕاندنەکەیشی. پەنا بە خودای عەقڵبەخش و تێکدەریش.

(76)
(ئایا قورئان پەرچوە (موعجیزەیە
مەسەلەی موعجیزەبوونی قورئان لەو پرسانەیە کە زانایانی ئیسلام لە کۆتاییەکانی سەدەی دوەمی کۆچییەوە زۆر خۆیان پێوە خەریک کردوە، تەنانەت بە تەنها لە سەریان نووسیوە، کۆمەڵێک لە سەر ئەم بابەتەیان نووسیوە و تیایاندا ( القاضي الباقلاني) و کتێبەکەی باشترین کتێبە وەک دەڵێن لەم بارەوە نووسرابێت.
ئەگەر بە تێرامان و وردییەوە تەماشای کتێبەکانیان بکەیت و بە جوانی بیخوێنیتەوە، بۆت دەردەچێت قسە لە سەر باوەڕ و عەقیدە دەکەن نەک لە سەر بیرکردنەوە و ڕێکخستن. بێگومان مرۆڤ کە قسە لە سەر شتێکی ئایینی بکات کە باوەڕی پێی بێت و لە عەقیدەی خۆیدا بە ڕاستی دابنێت، لە هەر شتێکدا باسی لە سەر بکات لایەنگیری دەکات و باوەڕداری و عەقیدەکەی بەوە دەبێتە پەردەیەک هیچ شتی ناکۆک و ئەوەی لەگەڵدا نەیەتەوە نابینێت، دەڵێن خۆیشی کەڕ و کوێر دەکات، بێگومان باوەڕیش وەک خۆشەویستییە کوێر و کەڕیش دەکات، وەک چۆن خۆشەویستی لە ئاستی پەشم و عەیبەکانی خۆشەویستدا نابینرێت و خۆشەویست کوێر دەکات، هەروەها باوەڕداری بە تەواوی یان بێ کەموکورتی یان کەماڵی هەر شتێک خاوەنەکەی لە ئاست کەموکورتییەکانی کوێر دەکات، بۆیە وا دەیانبینێت چییان گوتوە و

ئیدعای چییان کردوە و زیادەڕۆییان لە مەزنکردنی قورئان کردوە و زۆر بە زۆربلێیانە باسیان لە پەرجوبوون و موعجیزەی قورئان کردوە، وەک دەبینیت هەموو شتێکیان تێیدا بە لوتکەی باڵایی و ڕەوانبێژی و تۆکمەیی قسە بینیوە و بە پێوەری باڵا وەریان گرتوە کە پلەکانی ڕەوانبێژیی پێیْ بپێورێت، هیچ عەیبێکیان تێدا نەبینوە و گوێبیستی هیچ بەهانە و حیجەتێکی نەیارەکانیان نەبوون و، هیچ بەڵگە و سەلمێنەرێکیش لێیان قبوڵ نەکردوە. ئەگەر تەماشای ئەمە بکەین بابەتی موعجیزەی قورئان نایێتە بابەتێکی هونەری ئەدەبی، بەڵکوو بابەتێکی ئایینی ڕووتە. هەر کەسێک لەوە لابدات بە بینینی ئەوان بێباوەڕ و کافرە و هەر کەسێک ناکۆک بوو لەگەڵیاندا بە ڕای ئەوان بێ خودا و مولحیدە. پرسی پەرجووبوونی قورئان بوو بە پرسێکی ئایینی کە عەقڵ تێیدا هیچ دەوڵەمەند نابێت و بەهانە و حیجەتەکانی هیچ قازانج نابەخشن، لەبەر ئەوەی لە پرسی ئایینیدا دوو نەیار نەبوو بە یەک بگەن و لە یەک دوور نەکەونەوە لە سەر ئەوەی بوەتە هۆکاری لە یەک نەگەییشتنیان و هەر یەکە و بە زمانحاڵی خۆی هەڵدەنێت. قسەی ئەوەیە گوتوویەتی:

عِندَكَ ڕاچ ۆالرَأیُ مُختَلِفُ نَحنُ بما عِندِنا ۆأَنتَ بما

بەواتای: ئێمە ئەوەمان نیە و تۆش بەوەی هەیتە رازیت و راکانایش جیاوازن.

ئەم قسانە بەو پێیە دەڵێین، کە لە قسەکانیاندا ڕاستگۆ بن و دڵسۆز بن بۆ ئەوەی ئیدیعای دەکەن، بەڵام ئێمە لەو بارەوە لە گومانێکی گەورەداین، ئەوە ئەگەر لای ئێمەوە وا دابنێین تێیاندا هەبێت لە قسەکانیدا ڕاستگۆیە و بۆ بانگەشەکەی دڵسۆزە. ئەمە کتێبی (القاضی الباقلانی)یە کە دەڵێن باشترین کتێبە لە سەر موعجیزەبوونی قورئان نووسرابێت، بەڵام هەر کەسێک بە هێمنی و لەسەرخۆ و تێرامان و سازانەوە بیخوێنیتەوە بۆی دەردەکەوێت و لەوەدا بە یەقینی باوەڕی بەوە دەبێت کە نووسەرەکەی لە خەڵکانی پێشەوەی مەراییکەرەکانە و، لە نووسیندا لە دونیاپەرستانە نەک حەقیقەتپەرستی، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە وامان لێ بکات ئێمە لەو بابەتە دەردەچین کە لێرەدا باسی دەکەین، بەڵگە و شایەتی ئەم قسەیەم لەو کتێبەیدا لێرەدا دەهێنایەوە.

پرسی موعجیزەبوونی قورئان ئەگەر بە مەسەلەیەکی هونەری ئەدەبیی ڕووت دابنرێت ئەوە بواری لۆژیکیی تێدایە، بەڵگە و حیجەت و سەلمێنەر، زۆرانبازی و ململانێی خۆی کردوە، بەڵام ئەمە لە کوێدا دەکرێ لە کاتێکدا کە بیروبۆچوون ئازاد نەبێت و عەقیدەی کلاسیکیی باو بەگوروتینەوە لە بەردەوامیدا بێت. هەروەها ئەوانەی کە لە سەر موعجیزەبوونی قورئانیان نووسیوە، جگە لە سەدەی دووەم نەبێت دەرنەکەوتوون، ئەوەیش بۆ فکر و قسەکردن هیچ ئازادییەکی فەراهەم نەکردوە. لەو سەدەیەدا باوەڕداری کلاسیکیی دروست بوو، کە مرۆڤ پاشکۆ و دواکەوتووی ئایینی باوانی دەبێت، کە بەهێزتر و چەسپاوتر بوو و بوە باوەڕێك لە دڵی هەڵگرانی کە بە هۆکاری ناکلاسیکی دروست بوویێت. "دواتر باسی باوەڕ و جۆرەکانیشی دەکەین"

چۆن ئازادی فیکر و قسەکردن بۆ خەڵک لە سەردەمێکدا فەراهەم دەبێت کە هەموو شتێک لە سەر ئایین وەستابێت، دەوڵەت و حکومەت و خەلیفە و پاشا و میر و وەزیر و دادوەر و فەرماندە و سوپا، هەموو ئەوانە بە بۆیاغی ئایین بۆیە کرابن و لە گیراوەیەکی ئایینیدا تێهەڵکێشرابن و هیچ خۆدزینەوەیەکیان لێی نەبێت. لە بەرژەوەندیی هیچ کەسێکی ئەمانە نەبوو کە فیکر ئازاد بێت، بەتایبەتی لە ئایین و بۆیەکەی دەرچوبێت، بەڵکوو پیاوانی دەسەڵات و بە تایبەتی گەورەکانیان بە تەنیشت ئەم بۆیەوە کاری خۆیان دەکرد بۆ مانەوەیان، ئەوەی هەبوە لە سەر هەمان ئەو شتە بوە و چاودێریی خۆدزینەوەی خەڵکە ئاساییە گشتییەکەیان کردوە، بە هەر چییەکیان هەبوە لە توانا و هێز و دەستدرێژیکردن بۆ سەر نەیاران.

ئەم حاڵەتە بە گوروتینەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە، بەڵکوو لەم زەمانەی ئێمەدا بە گوروتینترە، هیچ کەسێک لە ئێمە ناتوانێت بە قەد نووسەران کتێبی بەسەرهاتەکان لە سەردەمی نووسینەوەدا بنووسێت و ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانە بکات کە باسی دەکەن و دەیگێڕنەوە. ئەوە میسر، کە خەڵکانی زانست و ئەدەب دۆستی تێدایە، یەکێکیان ناتوانێت لە بیر و فیکر و لە گوتار و کتێبدا ئازاد بێت، جگە لە شتێک کە خۆی لە قەرەی ئایین نەدات. حوسنەین هەیکەل کتێبێکی لە سەر بەسەرهاتی پێغەمبەران نووسی هیچ شتێکی بە دەر لەوەی پێشینان نووسیبێتیان نەگوت، لەبەر ئەوەی ئازاد نییە لەوەی دەیڵێت و دەینووسێت، چۆن ئازاد بێت کە مزگەوتی ئەزهەر بە عەمامە خڕەکانیانەوە بە ڕق و قیرسچمەبوونی خۆیانەوە بە

پێداگری بە چاوی ڕقەوە چاودێریی دەکەن، نەوەکو لە ڕێگە لا بدات تا ئەوان هەڵچن و هێرشی بکەنە سەر و خەڵکە گشتییەکە بە زۆری بکەونە دوایان.
بێگومان ئەم حاڵەتە لە هەر کوێیەک بوو مەرایی لەگەڵدا دەبێت و لێی نابێتەوە لە هەر زەمان و شوێنێکدا بێت، خودا ئەبووعەلا بپارێزێت دەڵێت:
بژاکَ، ودینُ العالَمینَ ڕیاوُ أَرائیكَ، فلیغفِرْ لیْ اللَّهُ ُ زَلّتی
بەواتای: خوا لەم هەڵەیەم ببورێت وای دەبینم کە هەموو ئاینیەکانی جیهان مەرایی و روپەرماییە.

مەرایی، خودا زیاتر قێزەونی بکات، یەکێکە لە گەورەترین ڕسوایی و سوکییەکانی باری کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی چەواشەکاری و فێڵی تێدایە کە هەر دووکیان لە ژەهرەکانی بەختەوەرین لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.
گوتمان: ئەوانەی لە سەر موعجیزەی قورئانیان نووسیوە لە بیرکردنەوە و وردبینی و ڕێکخستنەوە نەیاننووسیوە و ئازاد نەبوون لە بیرکردنەوەیاندا، بەڵکوو بە باوەڕداری و عەقیدەوە باسیان کردوە، ئەوەیش بە تەنها بەسە بۆ لایەنگریان بۆ قورئان. ئەوەیش بخە سەر، کە هەندێکیان دڵسۆز بوون بۆ باوەڕەکەیان و هەندێکیشیان دڵسۆز نەبوون، لەوانەیە نادڵسۆزەکە زیاتر خۆی بردبێتە پێشەوە بۆ نووسینی ئەوەی دەینووسێت بە نیازێکی ڕیاکارانەوە، یان لە پێناو بەدەستهێنانی پلە و پۆست بێت، بۆ ئەوەی بەوە بەرز ببێتەوە، یان لە پێناو ناوبانگ دەرکردن کە پێی گەورە بێت، یان بۆ شتی تر، کە بەرژەوەندیی خودیی لە چوارچێوەی ئەوەی تێدا بێت بە ناوی ئایینەوە بیخوازێت.
ئەگەر بڵێین: لەو زەمانەی کە خەڵکی نووسەری ئەم کتێبانەی سەریان هەڵدا کە پەرجووی قورئانیان تێدا نووسی، هەروەها خەڵکی بێ دین و زەندیقیش تێیدا سەریان هەڵدا، کە ئازادبوون لە بیرکردنەوەیاندا، بۆچی وەڵامی ئەقڵانەیان نەدایەوە کە باسی موعجیزەی قورئانیان کردوە؟ دەڵێم: بەڵێ لەگەڵ ئەوانەدا هەروەها خەڵکی زەندیق سەریان هەڵدا، بەڵام لە بیرکردنەوەیاندا ئازاد نەبوون وەک دەڵێن، بەڵکوو سزای زەندیق کوشتن بوو ئەگەر قسەیەکی بکردایە ناکۆک بوایە لەگەڵ ئاییندا. عەباسییەکان زۆرێک لە زەندیقەکانیان کوشت، بە کوشتنیانەوە نەوەستان بەڵکوو ئەوەی نووسیبوویان سڕیانەوە و هەموو پاشماوەکانیان لە چاڵ نا، کوا ئەو نووسینانەی ئەو زەیندیقانە نووسیان، کوا (الدافع)ی ئیبن ڕەواندی. حیکایەتخوانە پێشینەکانیش وایان کرد، کە بەسەرهاتەکانی پێغەمبەریان نووسی، ئەوان بەرهەم و نووسینی شاعیر و خەڵکی تریش لە نەیارانی محەمەدیان لە ناو برد و کوژاندەوە. جگە لە هەندێک شتی کەم و دەگمەن کە ناتوانیت پشتی پێ ببەستیت، هیچ شتێکیان نەگەییشت بە ئێمە. لە شیعرەکانی ئومەیە کوری ئەبی سەڵت جگە لە شتێکی کەم باسی هیچیان بۆ نەکردووین، هەروەها لە قورئانەکەی موسەیلەمە جگە لە ڕستەیەک و دوان هیچیان نەهێشتوەتەوە، ئەگەر ئەو شتانەمان بۆ باس کردبان ئێستا بەرچاومان لەمەی تێیدایین ڕوونتر دەبوو، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ دادوەری لە نێوان ئەوان و محەمەددا بکەین.
ئیبن هیشام خاوەنی بەسەرهاتە نووسراوەکە، لە دژی زانست و ئەدەب بە کورتکردنەوەی بەسەرهاتەکەی ئیبن ئیسحاق تاوانێکی زۆر گەورەی کردوە، ئەو کورتی نەکردوەتەوە، بەڵکوو بە کوشتن کوشتوویەتی و جگە لە ناوەکەی هیچی تێدا نەهێشتوەتەوە، سیرەی ئیبن ئیسحاق بەو کورتکردنەوە گوم بوو، بە فەرمانی ئەلمەنسوور کورتی کردەوە، ئەمڕۆ هیچ پاشماوەیەکی نەماوە، بەداخەوە بەوە زەرەر لە زانست درا و گوم بوو.

تەحەدا و ناڕازیبوون
هەر چۆنێک بێت من لێرەدا نامەوێت ئەو شتانەت لە سەر موعجیزەی قورئان بۆ باس بکەم جگە لەوەی پێویست دەکات و دەبێت باس بکرێت، کتێبەکانیان لەبەر دەستن بگەڕیوە بۆ ئەوێ. بەڵام ئەوەی دەیبینم و هەستی پێ دەکەم و لە زووەوە بیری لێ دەکەمەوە، بۆت باس دەکەم. پێش ئەوەی بچینە نێو بابەتەکەوە کورتەیەك سەبارەت بە واتای تەحەدا و ناڕازیبوونەت بۆ باس دەکەم؛ دەڵێن: فڵان تەحەدای فڵان دەکات کە دەیەوێت بیباتەوە، بە هەمان شێوە ئەو شتە بکات کە ئەو کردوویەتی بابزانێت کامەیان براوەن، هەروەها دەڵێن: فڵانە کەس هەمان شتی دەرخست کە فڵان کەس دروستی کردوە، (عارض) لێرەدا بەو واتایە دێت کە بە هەمان شێوە کاری لەو بابەتەی کردبێت و شتێکی هێنابێت کە ئەو هەیەتی یان هێناویەتی، ئەمە لە کتێبی

.زەمانەوانیدا باس کراوە
خودا بتپارێزێت لەمەدا بزانە کردەوەی بەشەر دوو بەشە، بە لەشولار و بە گیان و ڕۆح، یان بە دەرپرینێکی تر بە لاشە و بە دڵ، لەبەر ئەوەی بە پەیکەرتاشی یان بە زانست ناو ناوە و خوشکەکانی بە کردەوەی دڵ، مەبەستیان لەوەدا ئەو کردەوانەی بە دەروون دەکرێت نەک بە لاشە و جەستە وەک زانست و پێشبینی و خەیاڵکردن و حیسابکردن لەگەڵ خۆتدا، خەڵک لە کردەوەی دڵدا زۆر جیاوازن و دوورن لەگەڵ یەکسانبووندا بە دوورییەکی زۆرەوە، تەنانەت لە .جیاوازیدا یەکێکیان لە ئاسمان دەبێت و ئەوی تر لە زەوی
لەوانەیە یەکێکیان لەگەڵ ئەوی تردا لە کردەوەی لاشەیی کتومت یەکسان و هاوشێوە بێت لە هەموو لایەکەوە، بەڵام ناشێت دوو کەس لە کردەوەی دڵدا بەو جۆرە وەک یەک بن، هەر یەکەیان لە کردەوەی دڵی خۆیدا پلەیەکی تایبەتی هەیە و کەس هاوبەشیی ناکات و یەکسان نییە لەگەڵیدا. هەروەها هەر یەکە و لەوانە شێوە و لەیەکچوونی لە ڕووخساردا لەگەڵ یەکێکی تر لە سەروسەکوت و فەساڵ و گوێلاک لە یەک دەچن یان نزیکن، بەڵام هەر یەکە سیمایەکی تایبەتی خۆی هەیە کە کەس لەو ناچێت. ئەو لەیەکچوونەی هەیە لە سیمادا بە شێوەیەکی ڕەها کتومت وەک یەک نییە. ئەگەر بڵێیت بۆچی خەڵک لە کردەوەی دڵیاندا وا بوون؟ دەڵێم: لەبەر ئەوەی خودا وا دروستی کردوون لە سەر ئەو تێکەڵە و جەبلەیەی خۆیان دروست بوون و بۆ کاری خودا هۆکار دانانرێت. لێرەدا وەڵامی پەیکەرتاشێکم بە بیر دێتەوە "وا بزانم ئەلکەسایی بوو" کە پرسیاری لایەنەکانی بەکارهێنانی (أی) لە زمانەوانیدا لێ کرا کە لە بنیاتنان و ئیعرابدا .چیی لە خۆ دەگرێت، گوتی: واتە؛ وا دروست بوو
بێگومان ئەو قسەیەی کە خەڵک بەوە لە یەکتر تێ دەگەن، ئەو واتایەیە کە لە دڵدا دەچنرێت و لە دەروونیدا دەسوورێتەوە، لەفز جگە لە ئامێرێکی دیاریکراو و ئامرازێکی جێبەجێکردن هیچی تر نییە، ئەمەیش دیاریکراوە و بە ژمارە کەمە و بە واتا فراوان و بێ سنورە و دەریایەکی بێ :کەنارە، بۆیە ئەم قەسیدەیەم گوت
وقصر عن تبيانه إنقم والنپر ففي النفس ما أعيا العباره كشفُه
كفايه معنى فاته العد و الحصر أرى اللفق محدوداً فكيف اسومه
بە واتای. لە ناخدا شتێك هەیە کە ناتوانرێت دەربڕدرێت و بیدۆزیتەوە و بە پەخشان و نوسین دەرناخرێت، ئەوەی بەسە کە واتاکەی بێ دیاریکراوی بزانرێت، لەبەر ئەوەی لەفز بە دیاریکراوی .دەردەبرێت من چۆن سازشی لەگەڵ شتێکدا بکەم و لێی ببینم کە واتاکەی دیار نەبێت
واتە ئەو قسەیەی وا دای دەنێت کە واتا بێت لە کردەوەی دڵە، بەڵکوو ئەوە گرینگترین و مەزنترین و لە لوتکەی کردەوەکانییەتی، بۆیە ئەمەیە تایبەتمەندیی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵی بێ .زماندا
کە ئەمەت زانی ئینجا بزانە کە ناگونجانی قسە و هاوشێوەهێنان لە هەموو لایەکەوە وەک مەحاڵ دەبێت. بەڵێ، لەوانەیە لە یەک نزیکبوونەوە لە ڕێی لاساییکردنەوەوە هەبێت، هەندێک خەڵک هەن بە خۆرسک دەتوانن لاساییکەرەوە و قسەی هەر کەسێک بیانەوێت دەیکەن، دەبینیت بەو شێوەی ڕێ دەکات بە هەمان شێوە دادەنیشێت و تەماشا دەکات و بە هەمان زاراوە قسە دەکات و وەک بڵێی کتومت لە ئەو دەچێت. بەڵام ئەمە لاساییکردنەوەیە، بەڵام لاساییکەرەوە لە قسەکردندا نەگونجاندن نییە لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی لە خۆیەوە نەهێناوە، بەڵکوو ئەو کۆپی کردوە وەک یەکێک کتێبێک لە کتێبەکانی کۆپی کردبێت، وەک چۆن موسەیلەمە چۆن هەوڵی دا بە قسەکانی لاسایی قورئان بکاتەوە، هیچ شتێکی نەهێنا جگە لە شتی هیچوپووچ کە قازانجی نەبێت، وەک دەڵێت: (لَقَدْ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَى الْحُبْلَى، أَخْرَجَ مِنْهَا نَسَمَةً تَسْعَى، مِنْ بَيْنِ صِفَاقٍ وَحَشَا) هەروەها وەک: (والگاحنات گحنًا، والعاجنات عجنًا، والخابزات خبزًا، والپاردات پردًا، واللاقمات لقمًا) وەک لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە. لەم قسانەیدا وەك لاساییکردنەوەی ستایلی قورئان دەردەکەوێت، بەڵکوو لە قورئانەوە خۆشیکراوە و پێستەی .بۆ کراوە کاژی کراوە
بەپێی ئەو قسەیەی کە پێمان گەیشتوە، ئەمە دەڵێین: ئەگەر بیانتوانیایە هەموو ئەو شتانەمان پێ بڵێن لەوانە بوو کە حکومێکی بە دەر لەمە بدەین. محەمەد بە یەک ئایەت و دوو ئایەت تەحەدای خاڵکی نەکردوە بەڵکوو بە سورەتێک تەحەدای کردوون، کەچی حیکایەتخوانان باسی سورەتێکیان لە قورئانەکەی موسەیلەمەیان بۆ نەکردووین. سەرەڕای ناتەواویەتییەکانی موسەیلەمە و خراپەکارییەکانی و نەبوونی سیفەتێک تێیدا کە وای لێ بکات شایانی

پێغەمبەرایەتی بێت، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکەکە باوەڕی پێ کردن و ئەویش پێی گەورە بوو و پێی قایم و پتەو بوو، تەنانەت سوپاکەی کە شەڕی دژ بە موسوڵمان کرد لە دە هەزار جەنگاوەر زیاتر بوون و دوو سوپای موسوڵمانانیان تێکشاند، خالیدی کوری وەلید بە سێیەم سوپاوە هات بۆ شەڕ کە لە چوار هەزار موسوڵمان بوون لە (عقرباء) "شوێنێکە لە زەوی یەمامە" بە یەک گەییشتن و کوشتارگەیەکی گەورە تێیدا ڕووی دا و خوێنێکی بە لێشاوی تێدا ڕژا، نزیک بوو لەوەی سوپاکەی خالیدیش شکست بهێنێت، ئەگەر سەرکردە ئازاکەی نەگەییشتبایە شەڕەکەدا بە پاڵەوانێتی و توندوتۆڵی وای لێ هات کە شەڕەکە بە کوشتنی موسەیلەمە تەواو بێت، سوپاکەی تێکشکا و زیاتر لە سێ هەزار جەنگاوەری کوژرا و هەروەها زیاتر لە هەزار جەنگاوەری سوپاکەی خالیدیش کوژران. ئەگەر هێز و زەبری ئەبووبەکر و هیمەتی خالید نەبوایە، ئێستا موسەیلەمە شوێنێکی تری دەبوو، بە دەر لەوەی ئێستا لەوەی موسوڵماناندا هەیەتی.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە موسەیلەمە برالە و لە شیر پراوە و نەمامێک بوو لە نەمامەکان یان لە شێوەی فەسیلەیەک بوو لە فەسیلەکانی دارخورما، ئەو لە تولەیمەی ئەسەدی و ئەسوەدی ئەلعەنسی و سوجاح کە ئیدعای پێغەمبەرایەتیان کرد لە زەمانی خۆیاندا، باشتر بوو. هەموو ئەمانە شوێنکەوتووی خۆیان هەبوو کە باوەڕیان پێ کردن. خودا ئەبووعەلا گەورە بکات کە دەڵێت:

بالدين أمپال النعام أو الغنم إنى ڕايت بنى الزمان لجهلهم

من عند ڕبى قال بعچهم نعم لو قال سيد غچا بُعِپتُ بمله

به واتای: من خەڵکی ئەم زەمانەم بینی وەك ئەوەی لە ئاست ئایندا وەك ئاژەڵ و مرو ماڵات بن و ئەگەر شێخێك لە لایەن خوداوە ئەوەم بۆکراوە هەندێك بەڵێ وایە.

ئەگەر شومی موسەیلەمە لەم قسەکردنەدا وەلا بنێین و بێینەوە بۆ باسەکەی خۆمان، ئەگەر قسە لە کردەوەدا بێت و ئۆپۆزسیۆن بوون تێیدا لە تواناادا نەبێت ناڵێم مەحاڵ بێت، لێرەدا کاری ئۆپۆزسیۆن بوونمان زانی و پر و ڕێژەی سەرکەوتنیشمان زانی، هەر چەند بۆ نموونە (المتنبی) بۆ نموونە ویستی ناڕازیبوونی خۆی بۆ شیعری خەڵکی تر دەربخات، بەڵام نەیتوانی وەک خۆی لە هەموو لایەکیەوە بیهێنێتەوە. جێگەی گاڵتە و لاقرتێیە کە شاعیرێک یان نووسەرێک بچێتە بەرەی ناڕازییەکانەوە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی کەموکورتی لە هەموو حاڵەتێکدا "ئۆپۆزسیۆن بوون لێرەدا واتە هێنان و نووسینی شیعرێک یان نووسینێک کتومت لە شێوەی شیعر و نووسینی خەڵکی تر -و-" شاعیری میسری (الشوقی) ئۆپۆزسیۆن بوونی بۆ میعیەی بوسەیری ناسراو بە "ئەلبوردە" هەبوو، نەیتوانی بە هەمان نموونەی ئەو بیهێنیت، کەچی لەوە ئاست نزمتری هێنا جگە لەوەی کە قەسیدەکەی زۆر لەخۆکردنی پێوە دیار بوو. شەوقی شیعری وای هەیە قەت خودی بوسەیری ناگات بەوە، ئەمە چییە جگە لەوەی شەوقی ڕوحێکی هەیە جیاواز لە ڕوحی بوسەیری، قسەکارێکی ڕوحانییە وەک گوتمان شەوقی ناتوانێت ڕۆحێک وەک ڕۆحی بوسەیری بخاتە نێو قەسیدەکەیەوە، وەک ئەوەی بوسەیری خستییە میعییەکەیەوە.

لە کتیبێکی بە ناوی (الفصول و الغايات)دا ئەلمەعەری ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆی بۆ قورئان ڕاگەیاند، لەم دواییانەدا بەشێک لەم کتێبە لە میسر چاپ کرا، کاتێک خوێندمەوە گوتم: هەموو کەسێك ناگاتە مانگ و چلچرا چۆن دەگاتە دەستی هەموو کەسێک. هەر کەسێک بنەڕێنێت شێر نییە. پێش هەموو شتێک ستایلی مەعەری لەم نووسینەیدا ستایلێکی گشتی بێزراوە، بەڵام ستایلی قورئان ستایلێکی تایبەت و داهێنراوە، چۆن قورئان بە کتێبێک لە بەرگ دەکرێت، واتە لەو جۆرە دەهێنێتەوە، ئەوەی تێدایە کە نووسەرەکەی لە دەرپرینەکەیدا شتێکی لە نامۆیەتیی زمانەوانی و هەواڵەکانی عەرەب کە بە چاکە یان خراپە ناسراو کۆ کردوەتەوە لەگەڵ ئەسپە ناسراوەکانیان و حوشترە دیارەکانیان و هەندێک لە قسەی پەیکەرتاشان و زاراوەکانیان لە شیعر و کێش و سەرواکانیان و شتی تر کە لەوانەی لە کتێبەکاندا دۆزیوێتییەوە و کۆی کردوەتەوە، لەوانەی کە بە شێوەیەکی فراوان و قازانجبەخش زیاتر لەو کتێبانەدا باس کراون لەوەی کتێبەکەی مەعەری (الفصول و الغايات)دا باسی دەکات.

بەڵێ: مەعەری ئەوەی دەیەوێت لە سەر بدوێت لەم کتێبەدا مەرامی ئەوەی هەبوو خودا بە پاکی و پیرۆزی و مەزنێتی و هێز پیشان بدات و چەند دەهەندە و بەخشندە و لێبوردەیە و توانایەکی گەورەی هەیە کە مەحاڵە و ڕێگەی لێ ناگرێت و هیچ قورساییەکی بنبڕ ناکرێت.

بەڵام ئەمانە لە هەندێک بابەتدا دەهێنێتەوە کە لەگەڵیاندا نایەت و ناگونجێت، ئەمەیش بەشێکە لەوەی لە سەر فراوانی دەهەندەی خودا و لێبوردن و لێبوردەیی باس دەکات.
لا أيس من رحمه الله، ولو نقمت ژنوباً مپل الجبال سوداً كأنهن بنات جمير، ووچعتهن فى ) عنقى الچعيفه كما ينقم صغار اللؤلؤ فيما گال من العقود. ولو بنيت بيتاً من الجرائم أسود كبيت الشعر يلحق بأعنان السماو، ويستقل عموده كاستقلال عمود الوچح، ويمتد إگنابه فى السها والجبل كامتداد حبال الشمس، لهدمه عفو الله حتى لا يوجد له ڤل من غير لباپ) بە واتای ئەوەی هیچ نائومێدیەك لە دەهەندەی خودادا نیە وەك ئەوەی كچانێك بخەیتە ملی شتێكی لاوازەوە وەك ئەوە مرمواریەك بكەیت بە ملوانكە. ئەگەر خانویەكیشت لە تاوانی رەش كردبێت وەك چادرێكە لە موو دروستكرابێت و بكاتە كەڵكەڵەی ئاسمان و و سنونەكەی لێ دەردەچن ... تاكۆتایی/ واتە لاوازی ئەم ئایەتە دەردەخات، ئەمە لە كوێی ئەوەی لە قورئاندا هاتوە؛ لە كوێی ئەوەیە كە دەڵێت: {قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ} [الزمر: 53]. واتە: بێژە ئەی كۆیلەی خودا ئەوانەی لەسەر خۆیان بێ ئەندازە لایاندا و ناهەقیان لەخۆیان كردووە نابێت لە بەزەیی خودا نائومید بن چونكو لە هەموو گوناهێك چاودەپۆشێت، ئەو دلۆڤان و لێبوردەیە. مەعەری لەم كتێبەیدا زۆرێك لە قسەكانی لە ئاستێكی زۆر نزمدا بوە، بە پێچەوانەی ئەوەی لە دوای ئەم كتێبەوە نووسی لە شیعرە لزومیەكانی، تۆ لێرەدا دەیبینیت لە لوتكەی بیركردنەوەی خۆیدا فڕیوە و كەس ناگات پێی، جگە لە بلیمەتەكان و بە بیریارە بە تواناكان، من ئەوە بە دوور دەزانم كە مەعەری بەم كتێبە ململانێی قورئانی پێ كردبێت و مەبەستی بێت لە بەرانبەر قورئاندا دەری بخات. كورتەی باسەكە ئەوەیە، داهێنان؛ دەرخستنی شتێكە بە هەمان شێوەی داخراو لە قسەدا ناكرێت و محەمەد بە باشی ئەوەی زانیوە، بۆیە بە دڵنیایی و هێمنی و بوێری و خۆبەختكردنەوە تەحەدای قەومەكەی كردوە و گوتوویەتی: {فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} [البقرە: 23]. واتە: ئەگەر راستگۆن سورەتێك لەم شێوەیە بێنن و شایەتی بە بێ خودا بدەن. هیچ پێمان نەگەییشتوە كە كەسێک ویستبێتی و مەبەستی بووبێت كێبركێ لەگەڵ قورئاندا بكات، هەر چەند قورئان باسی زۆر شت لە نیاز و قسەكانیان دەكات. ئەگەر یەكێكیان ئەو مەبەستەی هەبووبێت جگە لە دۆڕاو بە هیچ شتێكەوە دەرناچێت، لەبەر ئەوەی هەر یەكێک بیەوێت ڕكابەریی قورئان بكات، پێش هەموو شتێک دەبێت خاوەن دەروون و ڕۆحانیەتێک بێت لە شێوەی ڕۆحانیەتی محەمەد و بە هەمان شێوەی ئەو و پڕی زیرەكی و خەیاڵفراوانی و ناسینی خودا و زانیاری لە بارەی پێشینانی پێغەمبەران و میللەتان وەک محەمەدی پێ بێت، دەبێت پاش ئەمە توانا و دەرخستن و هەیبەت و كاریزمای وەک محەمەدی هەبێت، كەسیان نەبوو لەو شێوەیەدا جگە لە محەمەد، هیچ كەسێک ناتوانێت موعارەزەی قورئان بكات و لەو شێوەیە بهێنێت جگە لە خودی محەمەد. ئەوەیش زیاد بكە كە لەو كاتەدا ستایلی محەمەد لە ناو عەرەبدا نەبوە و نەیانزانیوە كە ئەو ئەم شێوە نووسینەی داهێناوە، وەک پێشتر باسمان كرد "ئەمە لە سەردەمی محەمەددا" بوە، بەڵام لە زەمانی دوای خۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی خۆی بۆ قورئان دەربڕێت جگە لەوەی لە هەموو لایەكیەوە لاسایی دەكاتەوە ناتوانێت موعارەزەی بكات، وەک لە ڕووكەشی قسەكانی موسەیلەمەدا دیارە كە پێشتر باسمان كرد، لەوێدا پێی دەڵێن ئەی كابرا تۆ بە لاسایی و قسەكانت و لێهەڵكراندن لە قورئان دەتەوێت لاسایی قورئان بكەیتەوە، ئەوەیش ئۆپۆزسیۆنبوون نییە، ئەگەر دەتوانیت شتێک لە خۆتەوە بۆمان بهێنە. ئۆپۆزسیۆنبوونیش ئەگەر لاساییی قورئان نەكاتەوە و هاوشێوەی نەهێنێت و جیاواز لەو بهێنێت بێگومان بە دۆڕاوی دەردەچێت، لەبەر ئەوەی قورئان هەمووی لای ئەوان لە لوتكەی باڵادایە، لە ڕەوانبێژی و تۆكمەیی زمانەوانی و ڕیزبەندی و، لەبەر ئەوەی پێوەری باڵایە بۆ پێوانەكردنی ڕەوانبێژی قسە، هەر شتێک بە دەر لەمە و ناكۆك بێت لەگەڵیدا بە ڕای ئەوان هیچ ڕەوانبێژی و توندوتۆڵییەكی تێدا نییە. بۆیە لەوێدا پێی دەگوترێت داوەشێیت بۆ موعارەزەبوونت، قسەكانی تۆ لە كوێی قورئاندایە، ئەمە ئەگەر نەیانەوێت لێی بدەن و لەبەر بێباوەڕی بیكوژن.

ئایەتەكانی تەحەداكردن لە قورئاندا
ئەو ئایەتانەی بۆ تەحەدا هاتوون و داوای ئاگاداربوون دەكەن، وەک لە سورەتی (الطور): {فَلْيَأْتُوا بِحَدِيثٍ مِثْلِهِ إِنْ كَانُوا صَادِقِينَ} [الطور: 34]، واتە: ئەگەر راستگۆن با فەرمودەیەك لەوە بێننەوە. لە سورەتی (یونس): {أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ

إنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} [يونس: 38]. واتە: دەڵێن خۆی هەڵیبەستووە، بڵێ بڵێ سورەتێك لەوە بێنن بانگی هەر کەسیك بکەن بە بێ خودا تاقە سورەتێك بێنێت. لە سورەتی (هود)دا: {أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُوا بِعَشْرِ سُوَرٍ مِثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُوا مَنِ اسْتَطَعْتُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} [هود: 13]. واتە: ناڵێن هەڵیبەستووە، بڵێ ئەگەر ئەو قسەیە راستە، دەسا ئێوە بە یارمەتی هەرکەسێك سورەتێك لەوە بهێننەوە. لە سورەتی (الاسراء)دا: {قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا} [الإسراء: 88].واتە: ئەگەر هەموو مرۆڤ و جنۆکەکانتان کۆکردەوە بۆ ئەوەی سورەتێك لەم شێوەیە بهێننەوە و ئەگەر پشتگیری یەکتریش بکەن، وەك ئەمە ناهێننەوە.

ئەم سورەتانەی کە ئایەتی تەحەداکردنیان تێدایە هەمووی سورەتی مەکەیین، زنجیرەکردنی سورەتەکانی قورئان شپرزەن، بە پێی دابەزین ڕیز نەکراون، لەم زنجیرەکردنەدا ناتوانین بزانین کام ئایەت لەم ئایەتە تەحەداکەرانە یەکەم جار دابەزیوە، بەڵام کە زانیمان محەمەد لە هەموو کارەکاندا زنجیرەکردن بە پێی پێویستی و فەرزکردنی ئەو حاڵەتە کردوە ئەوەی ویستوە وەک پێشتر لە قسەکردن لە سەر بناغەی بانگەشە باسمان کرد، ڕێگەی پێدەچێ کە بڵێین لە تەحەداکردنیشدا بەو ڕێگەیە ڕۆیشتبێت. لەوێدا دەتوانین بڵێین ئایەتی (الطور) یەکەم ئایەتە لە تەحەداکردندا دابەزیبێت، لەبەر ئەوەی ئاسانترین قسەیە کە یەکەم جار بگوترێت. بێگومان شەی (الحديث) لە قسەی (فلياتوا بحديث مثله) زۆر و کەمیش لە خۆ دەگرێت، تەنانەت لە جێی ئایەتێکی قورئان دادەنرێت، لەم شێوەیە ئایەتێک یان دوان ناڕازیبوونی پێ دەرناپڕیت، بەڵکوو لە بنەچەدا نابێت بە ناڕازیبوون دابنرێت، لەبەر ئەوەی ئاسانە و ڕێی پێدەچێت بە تایبەتی هەندێک ئایەتی قورئان هەن لە یەک وشە پێکهاتوون {مُدْهَامَّتَانِ} [الرحمن: 64]،واتە: دووکەسی ڕواڵەت رەش . ئەمە ئایەتێکی قورئانییە هەر چەندە یەک وشەیە.

وەک داوای ئەو ئایەتهێنانەوەی بە یەك یان دوو ئایەت بێت کە لەو کاتەی کە قورئان دابەزی لە لایەن موسوڵمان و بێباوەڕەکانیشەوە تەحەدا کراوە. لە (الإتقان)دا دەڵێت: موسلیم لە عەبدولڕەحمان کوڕی ئەبی لەیلاوە وەری گرتوە دەڵێت: یەهوودییەک چاوی کەوت بە عومەری کوڕی خەتاب و پێی گوت: ئەو جبریلەی کە هاوڕێکەتان باسی دەکات دوژمنی ئێمەیە، عومەر گوتی: {مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِلْكَافِرِينَ} [البقرە: 98]، واتە: هەرکەسێك دوژمنی خودا و پێغەمبەرەکەی و فریشتەکانی و جوبرائیل و میکائیل بێت، خودا دوژمنی خودا نەناسانە. دەڵێت ئەم ئایەتە پاش ئەوە وەک عومەری گوتی دابەزی. دەڵێن: سنێد لە شیکردنەوەکەیدا لە سەعید کوڕی جوبیر وەری گرتوە کە سەعد کوڕی موعاز ئەوەی دەربارەی بەزمەکەی عایشە گوێبیستی قسە بوو "ڕووداوی ئیفك" گوتی: {سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ } [النور: 16]، واتە: پەنا بۆ تۆ خودایە ئەمە بوختانە. بەم شێوەیە دابەزی. لە کوڕی ئەبی حاتەم لە عەکرمەوە، گوتوویەتی: لە ئوحددا کە هەواڵ نەگەییشتە ژنەکان، دەرچوون بۆ ئەوەی گوێبیستی هەواڵ بن، بینییان دوو پیاو بە سەر حوشترێکەوە دێت، ژنێک گوتوویەتی: پێغەمبەر چی لێ هاتوە؟ گوتی: زیندوە، گوتی: گوێم لێ نییە چەند لە کۆیلەکانی خودا شەهید دەبن (واتە چەندیان لێ دەکوژرێن). واتە بە هەمان ئەو قسانە قورئانی دابەزاند کە ژنەکە گوتی: {وَيَتَّخِذَ مِنْكُمْ شُهَدَاءَ} [ئاڵ عمران: 140].واتە: ئێوە دەکاتە شایەت. دیسان لە (الإتقان)دا: ئیبن سەعد لە (الگبقات)دا دەڵێت ئەلواقیدی پێی گوتین: ئیبراهیم کوڕی محەمەد کوڕی شەرحەبیلی عەبدەری لە باوکیەوە وەری گرتبوو، بۆی باس کردم: موسعەبی کوڕی عەمیر لە ڕۆژی ئوحد ئاڵای لیواکەی هەڵگرتبوو، چڕایەك بە دەستی ڕاستیەوە بوو، ئاڵاکەی بە دەستی چەپی هەڵگرت و دەیگوت: {وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ} [ئاڵ عمران: 144].واتە: ئەو ئیغەمبەرەو پێشتر پێغەمبەری وا نەبووە و ئەگەر بمرێ یان بکوژرێ لەە ئێسلام پاشگەز دەبنەوە. دەستی چەپیشیان بڕی، خۆی دا بە سەر ئاڵەکەدا و بە قوڵی دای بە سەر سنگیەوە و گوتی: (وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ...هتد)واتە: محەمەد جگە لە پێغەمبەرنەبێت هیچیتر نیە. ئینجا کوژرا و ئاڵاکە کەوت. گوتی: لەو کاتەدا ئەم ئایەتە دانەبەزیبوو، بەڵکوو دوای ئەمە ئایەتەکە دابەزی.

ئەمانە موسوڵمانن و لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودان، هەر یەکەیان قسەیەکی کرد و قورئان نەبوو، ئینجا وەك قورئان دابەزی و بوو بە قورئان. ئەمەیش لە لای هەندێک بێباوەڕانیشدا ڕووی دا، لە نەزر کوڕی حارسەوە گوتراوە: ئەگەر پێغەمبەری خودا لە مەجلیسێکدا دانیشتبا کە قەومەکەی قسەیان کردبا باسی ئەوەی بۆ دەکردن کە چی لە پێش ئەوان ڕووی داوە بەرانبەر

ئەوانەی پێش ئەوان بوون لە ئازار و نەهامەتی. ئەمیش دوای پێغەمبەر دەڕۆیشت بۆ لایان و دەیگوت، کۆ ببنەوە ئەی خەڵکی قوڕەیش من لەو باشتر قسە دەزانم، ئینجا باسی پاشاکانی فارسی بۆ دەکردن. خاوەن سیرەی حەلەبی دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر هەواڵی پێشینیانی پێ دەگوتن، نەزر کوڕی حارس دەیگوت: گوێمان لێ بوە ئەگەر بمانەوێت وەک ئەمەت بۆ باس دەکەین {إِنْ هَٰذَا إِلَّا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ} [الأنعام: 25]؛ [الأنفال: 31]؛ [المؤمنون: 83]؛ [النمل: 68]. واتە: ئەمە ئەفسانەی پێشینانە. ئەم قسەیە پاش ئەوە قورئان باسی کرد و کرا بە ئایەتی قورئانی. خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: لەوێدا خودا بە درۆخستنەوەی بۆ دابەزاند "واتە بۆ نەزر": {قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَنْ يَأْتُوا بِمِثْلِ هَٰذَا الْقُرْآنِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا} [الإسراء: 88] واتە: پێشتر واتاکەی نوسرا. لەم ئایەتەدا بە فەرموودەیەک یان سورەتێک یان دە سورەت تەحەدای نەکردن، بەڵکوو بە هاوشێوەی قورئان واتە بە هەموو قورئان تەحەدای کردن.

لەمانەی پێشوویش، ئەوەی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەرع گوتی و زیاتر بوە هۆکاری هەڵگەڕانەوەی، ئەم عەبدوڵلایە بوو بە موسوڵمان و وەحی بۆ پێغەمبەر دەنووسییەوە، لە ڕۆژێکدا پێغەمبەری خودا ئایەتێکی بۆ دەخوێندەوە بۆ ئەوەی بینووسێت، ئەمەی پێ گوت: {وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ} [المؤمنون: 12]، واتە: ئێمەین مرۆڤ لە قوڕێکی خۆشەکراو دروست دەکەین. ئەویش نووسی، ئینجا گوتی بنووسە: {ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ} [المؤمنون: 13]، واتە: ئەوسا کردمانە تنۆکێك لە بنکەیەکی پتەودا. ئەویش نووسی، ئینجا گوتی بنووسە: {ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ} [المؤمنون: 14]، واتە:پاشان لەو تنۆکە پندرمان پێکهێنا و لەوەوە ئێسکمان دروست کرد وپلە گۆشتمان چێکرد و پۆشیمان بەوە، ئینجا کرمانە چێکراوێکی تر. کاتێک عەبدوڵلا ئەمەی نووسی سەری سوڕما لە درێژیی و وردیی خەلقبوونی مرۆڤ، گوتی: {فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ} [المؤمنون: 14]، واتە: خودا باشترین ئەفرێنراوی پیرۆز کرد. پێغەمبەر گوتی ئەوەیش بنووسە، ئاوها دابەزی، ئەوە گومانی لە دڵی عەبدوڵلا دروست کرد، گوتی: ئەگەر محەمەد وەحی بۆ دێت ئەوە منیش وەحیم بۆ دێت و لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و خۆی گەیاندە مەککە و بە قوڕەیشی گوت: ئەگەر من هەر چییەکم بوێت بە محەمەدی بکەم، وا بێت خودای مەزن و حەکیم بۆ منی دابەزاندوە، هەر چییەک بڵێم دەڵێت بینووسە و ئەمە و ئەوە (عەزیز حکیم) (علیم حکیم)، دەڵێت هەمووی ڕاستە و بینووسە و هەر چییەک بڵێم دەڵێت: بینووسە ئاوا دابەزیوە.

لەمەدا وا دەردەکەوێت کە هێنانی ئایەتێک و دوان ئاسانە و هەموو کەسێک دەتوانێت بیهێنێتەوە، تەحەداکردن بە (حدیپ) وەک ئەمە ڕاست نییە و هیچ خراپەی دواڕۆژی تێدا زامن نەکراوە، بۆیە محەمەد لەوە پاشگەز بوەوە و پلەیەکی تر بەرزی کردەوە و تەحەدای بەوە بەرزتری کرد، بۆیە ئایەتی دووەمی هێنا: {قُلْ فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِثْلِهِ} [یونس: 38]. بڵی سورەتێك لەوە بهێننەوە. بەمەیشەوە نەوەستا تا کردی بە دە سورەت، ئینجا زۆرتری کرد کە تەحەداکە وا فەرزی دەکرد، بۆ ئەوەی وا بکات هیچ کەسێک نەتوانێت وەڵامی تەحەداکەی بداتەوە، ئەویش تەحەداکردنە بەوەی لە شێوەی ئەم قورئانە بهێننەوە، بێ ئەوەی خۆی بە قسە یان سورەتێک و دوان بوەستێتەوە وەک لە ئایەتەکەدا هاتوە: {قُلْ لَئِنِ اجْتَمَعَتِ الْإِنْسُ وَالْجِنُّ} [الإسراء: 88]... هتد ئایەتەکە. واتە: ئەگەر هەموو مرۆڤ و جنۆکەکان کۆببنەوە لەوێنەی ئەم قورئانە بێننەوە ناتوانن. ئەمەیە ئەو تەحەدایەی کە ئەوەی ناڕازییە بێگومان بە ملشۆری و دۆڕان و شکستەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە. بۆیە دەبینین بە بوێری و دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوونەوە قسە دەکات و بە متمانەوە دەزانێت کە ئەوان ناتوانن کە ئەوەی لێیان داوا دەکات بیکەن، بەڵکوو تەنها بە مرۆڤەوە نەیهێشتەوە بەڵکوو جنۆکەیشی خستە پاڵیان، بۆ یارمەتیدانیان بۆ قورسکردنی کارەکە لە سەریان و سور بوون لە سەر ئەوەی ناتوانن ئەوە بکەن.

(77)

بانگەشەی ئیسلامی و موعجیزەبوونی قورئان

ئەوان بە قەبەکردنێکی زۆرەوە موعجیزەبوونی قورئان وا گەورە و گران دەکەن، بەڵام ناتوانن لە باسی ئەم موعجیزە گەورەیەدا هیچ کاریگەرییەکی دیاری لە سەرکەوتنی بانگەشەی

ئیسلامدا دەر بخەن. ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت، ئەم موعجیزەیە تاکە هۆکاری موسوڵمانبوونی چەند باوەڕەداره، ناتوانن وەڵامێکی ڕاستت بدەنەوە، دوانزە ساڵی لە مەککە بوو و یانزە ساڵی لە مەدینە، کاتێک لە مەکە بوو خۆی و هاوەڵانی هەژار و سەرگەردان بوون و ئازارێکی زۆریان لە لایەن بێباوەڕانەوە چەشت، تەنانەت خۆی و هاورێیانی ماوەیەک لە ماڵی ئەرقەم خۆیان شاردەوە و، تەنانەت تیمێک لەوانە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە و لە ئازاری قورەیش ڕایان کرد و، هەروەها محەمەد پاش مردنی ئەبووتالیبی مامی کە پارێزگاری لێی کرد لە قورەیش، داوای کرد بیپارێزن بۆ ئەوەی بانگەشە بکات، ڕۆیشت بۆ تایف و لەو پێناوەدا لە وەرزەکاندا خۆی بۆ عەشیرەتەکان دەرخست. ئەوانەی لە مەککە باوەڕیان پێ هێنا دوو تیم بوون، یەکێکیان ناوداران و ئەشراف و شێخەکانیان، کە کەمینە بوون، دوەم کە زۆر بوون، ئەوانیش لە هەژاران و بەردەستە و کۆیلە، کە بە ناخۆشترین شێوە ژیانیان دەبردە سەر، وەک کۆیلەی بەر دەستی خاوەندارە گەورە و دەوڵەمەندەکانی قورەیشەوە بوون. بەڵام لە تیمی یەکەم؛ یەکەم کەسیان کە باوەڕی بە پێغەمبەر هێنا ئەبووبەکر بوو، باوەڕدارییەکەی بە ناسینی پێشوەختە بوو، بە شارەزایی لە ئەحواڵی پێش ناردنی پێغەمبەرایەتی، لەبەر ئەوەی پێش پێغەمبەرایەتیی بیست ساڵ هاورێی پێغەمبەر بوو. لەو کاتەدا محەمەد گەنجێکی تەمەن بیست ساڵە بوو و، ئەویش هەژدە ساڵان بوو. کەس لەوانە نەبوو کە باوەڕ بە محەمەد بهێنێت و لە یەکەم و دوا جاردا وا ناسیبێتی ئەبووبەکر نەبێت. ئەگەر بکرێت یەکێک بە دەر بخەم دەڵێم: عەباس، هەر چەندە عەباس جێگەی متمانەی محەمەد بوو لە پێش و پاش پێغەمبەرایەتی، بەڵام عەباس وەک ئەبووبەکر نەیدەناسی و وەک ئەو هاورێی نەبوو، ئەبووبەکر لە عەباس زیاتر محەمەدی دەناسی و سیفەتی تایبەتی و بیروبۆچوون و نیاز و تموحی قەدیمی ئەوی دەزانی، تەنانەت من گومان لەوە ناکەم کە ئەبووبەکر پێش پێغەمبەرایەتی باوەڕی بە محەمەد هێناوە.
هەندێک لەو بارەیەوە گوتیان وەک لە مێژووی خەلیفەکانی سیوتیدا هاتوە، بۆیە پاش دەرخستنی باوەڕداری بە محەمەد بوو بە بانگەشەکاری ئەو و تەنانەت زۆرینەی تیمی یەکەم و دە کەسە مژدەبەخشەکەی بەهەشتیشیان تێدایە، بە بانگەشەی ئەبووبەکر باوەڕیان هێنا، جگە لە حەمزە ئەو وەک مامێک بۆ محەمەدی برازای وەک پاسەوانێکی باوەڕی پێ هێنا، کە بینی بەهێزە و خەڵک وەك کورێکی قورەیش ئازاری دەدەن و جنێوی پێ دەدەن و ئیهانەی دەکەن، وەک لە کتێبی بەسەرهاتەکاندا هاتوە. بەڵام تیمی دوەم هەژار و بەردەستەکان گەورەترین پاڵپێوەنان بۆ بە خێرایی باوەڕهێنانیان بە محەمەد، لە پێناو ڕزگاربوون بوو لەو حاڵەی تێیدا بوون لە دەردەسەری و هیلاکی، چۆن باوەڕ ناهێنن کە بانگەشەیان دەکات بۆ ئایینێک کە ئازادیان دەکات و دەسەڵات و جەبەرووت و گەورەیی و زوڵمیان لە سەر ناهێڵێت و لە مافدا لەگەڵ باڵاترین خەڵکدا لە ڕێز و باڵایی و پێگەی دونیایی یەکسانیان دەکات. ئیسلام هێزێکی تێکشکێنەری نەبوو لە مەککەدا، موسوڵمانان کەسێکیان تێدا نەبوو دووفاقی بێت لەوانەی موسوڵمانبوونیان دەربخەن و لە ناخدا بێباوەڕ بن، بەڵام دووفاقی لە مەدینە ڕووی دا کە موسوڵمان هەیبەتی پەیدا کرد و کۆچبەری و ئەنسارەکان بوون بە هێزێک کە سڵ لە کردەوەیان بکرێتەوە. بەڵێ، لە بێباوەڕەکانی مەکە کەسێکی دووفاقی هەبوو، ئەویش عەباس بوو کە بێباوەڕی خۆی دەرخست و لە ناخدا موسوڵمان بوو، ئەو دووفاقیەکی بێباوەڕەکان بوو نەک لە موسوڵمانان، وەک پێشتر بە دووروودرێژیی باسمان کرد، ئەمە حاڵی ئیسلام بوو لە مەککەدا، بەڵام لە مەدینە و پاش کۆچکردنی محەمەد بۆ ئەوێ وا نەبوو، بوو بە هێزێک کە نەتوانرا بە کەم سەیر بکرێت، لە دوو حزب "کۆچبەران و ئەنسار"ی برایانە پێکهاتبوو. کاتێک محەمەد لە مەککە بوو ئیسلام هیچ دوژمن و نەیارێکی نەبوو جگە لە قورەیش، بەڵام غەیرە قورەیش لە عەرەب نەبوون بە موسوڵمان و بە بێلایەنی مانەوە، نە لەگەڵیدا بوون و نە دژیشی بوون.
پاش گواستنەوەی ئیسلام بۆ مەدینە کۆڵەکە و ستونەکانی لەوێدا بەرز کرایەوە، هیچ دوژمنێک و نەیارێکیان لەوێدا نەبوو جگە لە یەهوود و دواکەوتوانیان لە دووفاقیەکان. یەهوود و ئەنسارەکان پێوەندییان هەبوو، زۆر شت بە یەکیاندا دەبەستەوە. چ وەک هاوپەیمانی یان شتی تر، هەندێکیان هاوپەیمانی ئەوس بوون و ئەوی تریان هاوپەیمانی خەزرەج، بۆیە لەبەر لاوازیان بە ئاشکرا دوژمنایەتیی ئیسلامیان نەدەکرد، بەڵام بەدزییەوە تەڵەیان بۆ دادەنا و بەردەوام بەدزییەوە لە پێوەندیدا بوون لەگەڵ بێباوەڕانی قورەیشدا. هەندێکیان بوون بە موسوڵمان بەڵام ئەوەیش لە پێناو فێڵوتەڵەکە بوو دژ بە موسوڵمانان. محەمەد زۆر خاتری دەگرتن لە سەرەتاوە و هەوڵێکی زۆری دا کە موداراتیان بکات بۆ ئەوەی بە لای خۆیدا ڕایان بکێشیت. ئینجا بۆی

دەرکەوت کە ئەوان پاکژ نابنەوە لەگەڵیدا و بە بەربەستی سەر ڕێگای دەمێننەوە، بڕیاری یەکجاری دا کە ڕیشەکێشیان بکات، بە دەرکردن و کوشتن و ڕیشەکێش کردن. لەوەدا بەخشرا بوو، بە هانەی خۆی هەبوو، ئەگەر ئەو ئامانجەی لەبەرچاو بگرین کە هەوڵی بۆ دەدا، هیچ بەرژەوەندییەک نییە کە یەهوود یان نەسرانییەکان لە وڵاتی عەرەب بمێننەوە، وەک ئەوەی لە کاتی گیانەڵڵادا درکاندی و گوتی: دوو ئایین لە دوورگەی عەرەبدا نابێت. ئەوەی شاراوە نییە کە ئەو حاڵەتەی محەمەد لە مەکەدا بوو لە مەدینە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی بە سەردا هات. کە لە مەکەدا سەرگەردان و لاواز بوو، داوای پارێزگاریلێکردنی دەکرد بۆ ئەوەی بانگەشە بکات، لە مەدینەدا بە دوو تیمی هاوەڵانی کۆچبەران و ئەنسار بەهێز بوو. لەوێدا محەمەد هیچ خەمێکی نەبوو جگە لە موسوڵمانبوونی قورەیش نەبێت، ئەوەیش مەحاڵی تێدا نەبوو کە دەبوو ئەوان موسوڵمان بن، هیچ ڕێگایەکی لە بەردەمدا نەبوو جگە لە دوو شت، یان تەفروتوناکردنیان یان موسوڵمانبوونیان. ئەوەی زانراوە قورەیش لەگەڵ شامدا بازرگانیی هەبوو، کاروانە بارەکانی لە ڕۆیشتن و گەڕانەوە بەردەوام بوو، لە مەکەوە بۆ شام و مەدینەیش لە سەر ڕێی ئەم بازرگانییە بوو، ژیانی قورەیش کە بازرگانی بوو کەوتە دەست محەمەد، ئەگەر بیویستایە وازی لێ دەهێنان و ئەگەر بیویستایە ڕێگەی لێ دەبڕین، ئاوایشی کرد. لە پاش کۆچکردنی بۆ مەدینە جارێک حەوت مانگی بە سەردا تێ نەپەڕیبوو تا سەرییە و خەڵکی دەنارد بۆ ڕێگریکردن لە کاروانەباری قورەیش هەر کاتێک لەوێدا ڕەت بوایە، بەڵام لەو کاتەدا سریەی نەناردبوو، دەرنەچووبوو بۆ غەزا و هیچ کەسێک ئەوەی نەکردبوو جگە لە کۆچبەرەکانی هاوەڵی، هیچ ئەنسارەکانی ڕانەسپارد تا غەزای بەدری گەورە، کە لەساڵی دووەمی کۆچی کردی.

ئینجا کارەکە فراوان بوو، ئایەتی شەڕکردن دابەزی و کۆچبەری و ئەنسارەکان بەشداری پێ کرد و کردەوەکەی بەدر ڕووی دا و ئیسلام پێی بەهێز بوو. وای لێ هات هەیبەت و تەوژم پەیدا بکات و گوروتینی دەربکەوێت، لەوەیشدا شتێک ڕووی دا کە لە بۆچوونی کەسدا نەبوو، ئەویش دەستکەوتی شەڕ واتە غەنیمە، وای لێ هات غەنیمە بوو بە گەورەترین پاڵنەری موسوڵمانبوون. تا زۆرێك لە خەڵک لەبەر غەنیمەت بوون بە موسوڵمان نەک بۆ شتی تر، وەک لە حەبیب کوری بەساف ڕووی دا، لەگەڵ موسوڵماناندا بۆ غەزای بەدر دەرچوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ قەومەکەی خەزرەجدا بێ ئەوەی ببێت بە موسوڵمان، پێغەمبەری خودا پێی گوت: کەس لەگەڵماندا نایەت ئەگەر لە سەر ئایینەکەمان نەبێت، لە گێرانەوەیەکدا پێی گوتوە: بگەڕێوە ئێمە داوای یارمەتی لە بێباوەڕ ناکەین، ڕازی نەبوو بگەڕێتەوە، چەندین جار ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خودا، لە سێیەم جاردا پێی گوت: باوەڕت بە خودا و پێغەمبەرەکەی هەیە؟ گوتی: بەڵێ. بوو بە موسوڵمان و لەگەڵ موسوڵماناندا شەڕی دژی بێباوەڕەکان کرد. بێگومان باوەڕدارییەکەیان لە باوەڕداری و بە ڕاست زانین نەبوو، بەڵکوو لە حەز و نیازی غەنیمەت و دەستکەوت و ڕاووڕووت بوو.

لەگەڵ ئەوەیشدا زۆرینەی موسوڵمانان بۆ خۆشیان بە نیازی دەستکەوتنی غەنیمە "دەستکەوت" و ڕاووڕووت دەچوون بۆ شەڕ، وەک لە غەزای خەیبەر ڕووی دا، ئەوانەی نەچوون بۆ غەزای حودەیبیە ڕۆیشتن بۆ خەیبەر لە پێناو غەنیمەتدا، پێغەمبەر پێی گوتن: لەگەڵ مندا دەرنەچن بۆ جیهاد نەبێت، ئەگەر بۆ غەنیمەت دێن نەخێر، ئینجا فەرمانی کرد بانگەوازکەرێك هاواری ئەوە بکات. ئەوەی زانراوە کە محەمەد لە مەککە بوە بانگەشەی هیچ کەسێکی بۆ موسوڵمانبوون نەکردوە، لە ڕێگای پاداشتی بەهەشت و خۆشییە بەردەوامەکانی مانەوە تێیدا نەبێت، بە هیچ شێوەیەک ڕێگری لە بێباوەڕان نەکرد بە دۆزەخ و ئازارە توند و کوشندەکانی نەبێت، بەڵام کە لە مەدینە بوو بۆ غەنیمە و ڕاووڕووتیش هانی دەدان، تەنانەت لە غەزای تەبوک هانی جیهادی بە دەستکەوتی کچانی ڕۆم دەدا.

ئەگەر بمانەوێت باوەڕداری موسوڵمان لە سەردەمی پێغەمبەر پیشان بدەین بۆ ئەوەی چەندین ڕەنگ و جۆری لێ هەڵبهێنجین، دەشێت لە قسەکردنماندا ئەو ئیلهامە لە قسە ناسک و بینینە ڕاستەکانی حیکایەتخوانانەوە وەرگرین، کە لە بەسەرهاتەکاندا ڕیز کراون. باوەڕکردن بە محەمەد و ئەوەی هێناویەتی بە چەندین شێوە و ڕەنگ و جۆر بوە لەوانەیش: باوەڕداری عەقڵی زانستی لە دروستبوونیدا، پشت بە عەقڵ و زانست ببەستێت لە سەر ئەوەی ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت، وەک باوەڕداری ئەبووبەکری سدیق، لەوانەیە دواتر بەشێکی تایبەت لە سەر باوەڕداری ئەبووبەکری سدیق بنووسین، باوەڕ ناکەین کەسێکی تر وەک ئەبووبەکر هەبێت لە شێوە و ناوەخنی ئیمانداریدا.

باوەڕداری پاشکۆیەتی و سەر بە ئەو بوون، وەک باوەڕداری خەدیجەی هاوسەری محەمەد و کچەکانی و باوەڕداری عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و زەید کوڕی حارس کە خەدیجە بەخشی بە محەمەد و ئەویش ئازادی کرد و لە منداڵییەوە بەخێوی کرد. ئەمانە هەمووی لە یەک ماڵدا و لە ژێر فەرماندەیی محەمەد و سەرۆکایەتیی ئەودا دەژیان، ئەو سەرۆک و گەورەیان بوو، ئەوان لە ژێر دەستی ئەودا بوون. هەموویان بە پێی عادەت سەر بە محەمەد بوون و گوێبیستی قسەکانی بوون و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکردن، دوورە ناکۆک بن لەگەڵیدا، هەروەها محەمەد عەلیی کوڕی ئەبی تالبی لە باوکی وەری گرت بۆ ئەوەی بەخێوی بکات، لەبەر ئەوەی ئەبووتالیب منداڵی زۆر بوو دەستکورت و هەژار بوو، محەمەد عەلی برد و عەباسیش جەعفەری .برد بۆ ئەوەی بەخێویان بکەن و قورسی ژیان لە سەر ئەبووتالیب سوک بکەنەوە
کاتێک محەمەد بوو بە پێغەمبەر عەلی لای ئەو بوو لە ماڵەکەی لەگەڵ منداڵەکانیدا و تەمەنی هەشت ساڵان بوو. مێردمنداڵێکی وەک ئەمە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا و بیر و هۆشی خاڵی، نابالغ و پێ نەگەیشتوو، جگە لەوەی پاشکۆ و سەر بە سەرۆک بێت کە لە ماڵەکەیدا بێت و بەخێوی بکات چی دەبێت، جگە لەوەی پاشکۆی هەموو شتەکانی بێت هیچی تر نابێت. باوەڕداری عەلی بە محەمەد باوەڕدارییەکی پاشکۆیەتییە، لەوانەیە عەلی پاش ئەوە پێش کەوتبێت و لە باوەڕداریدا باڵای کردبێت لەوەی زیاتر کە تێیدا بوە، بەڵام لە کاتی باوەڕکردنەکەدا .جگە لە پاشکۆ هیچی تر نەبوە
باوەڕداری بە قەناعەت و ڕازیبوون وەک باوەڕدارییەکەی عوسمانی کوڕی عەفان و عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبێر کوڕی عەوام و سەعد کوڕی ئەبی وەقاس و تەلحەی کوڕی عەبدوڵلای تەیمی، لەوانە بوو بە بانگەشەی ئەبووبەکر بوون بە موسوڵمان، لەبەر ئەوەی وەک ئێستا باسمان کرد، پاش باوەڕداری بوو بە گەورەترین بانگەشەکار و داوای لە خەڵک کرد ببن بە موسوڵمان، بەو بانگەشەیەیش ئەمانە موسوڵمانبوون. کە ناومان نا باوەڕداری بە قەناعەت لەبەر ئەوەی بە بانگەشەی ئەبووبەکر بوون و ئەو قەناعەتی پێ کردن. لەوانەیە ئەمانەیش پاش باوەڕداریان پێشکەوتبێتن و باڵایان کردبێت، بەڵام لەو کاتەدا بە قەناعەت بوون .بە موسوڵمان
باوەڕداریی پیاوەتی، بە واتای پەرۆشی و لووتبەرزی و جوامێری، وەک باوەڕداری حەمزەی مامی پێغەمبەر، ڕۆژێکیان حەمزە لە ڕاو گەڕایەوە و کەوانەکەی دانابوو، مەولاتی کچی عەبدوڵلای کوڕی جەدعان پێی گوت: ئەی باوکی عەمارە ئەگەر محەمەدی برازات بدیبا کە چۆن ئەبی حەکەم "مەبەستی ئەبی جەهل بوە" ئازاری دەدا و بە دەستییەوە دەیناڵاند و، پێش کەمێک جنێوی پێ دا و ئازاری دا و ئەوەی خراپ بێت و ڕقی لێی بێت پێی کرد. لە گێڕانەوەیەکدا: خۆڵ و تەپاڵەی کرد پێی دا و قاچی خستە سەر ملی، حەمزە پێی گوت: خۆت ئەمەت بینی کە دەیڵێیت؟ گوتی: بەڵێ، حەمزە توورە بوو چوو بۆ مزگەوت، ئەبا جەهلی بینی لە نێو قەومەکەدا دانیشتوە، هات بۆ لای تا لە سەر سەری وەستا و کەوانەکەی دەرکرد و لێی دا تا سەری شەق کرد، ئینجا گوتی: جنێوی پێ دەدەیت؟ من لە سەر ئایینەکەی ئەوم و ئەوەی دەیڵێت منیش دەیڵێم، بەرانبەر من بوەستە و من ڕەت بکەرەوە ئەگەر دەتوانیت. پیاوێک لە بەنی مەخزوم هەستا بۆ ئەوەی لە ئەبووجەهل بدات، گوتیان: لەوانەیە ڕاست بکەیت. حەمزە گوتی: کێ ڕێگام لێ دەگرێت، ئەوەی لێ دەرکەوت کە پێغەمبەری خودایە و ئەوەی دەیڵێت حەقە. بە خودا واز ناهێنم، ئەگەر دەتوانن ڕێگریم لێ بکەن. ئەبووجەهل پێی گوتن: واز .لە ئەبا عەمارە بهێنن بە خودا من شتی خراپم دا بە گوێی برازاکەیدا
ئینجا حەمزە پاش ئەوە بە جێی هێشتن لەو قسانەی خۆی پەشیمان بوەوە، پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: تۆ گەورەی قورەیشیت و دوای ئەم منداڵە کەوتوویت و وازت لە ئایینی باوکانت هێناوە، مردن لەوە باشترە کە تۆ کردت. شەوێکی بە سەر برد کە هیچ شەوێکی وا بە سەر نەبردوە، کاتێک بەیانی هات ڕۆیشت بۆ لای پێغەمبەری خودا گوتی: برازاکەم من وا تێ کەوتم نازانم چۆن لێی دەربچم. باسی ئەوەی بۆ کرد کە لەگەڵ ئەبووجەهلدا ڕووی دا و چی بە قەومەکەی گوتوە. پێغەمبەری خودا لێی نزیک بوە، قسەی بۆ کرد و گوتاری بۆ دا و ئامۆژگاریی کرد تا حەمزە پێی گوت: تۆ ڕاستگۆیت ئایینەکەت ئاشکرا بکە و دەری بخە برازا. هۆکاری موسوڵمانبوونی حەمزە لە یەکەم جاردا پیاوەتی و جوامێری و .پشتگیریی برازاکەی بوو ئینجا لە سەر موسوڵمانێتی بەردەوام بوو
باوەڕداریی خۆرسک وەک باوەڕداری ئەبی زەری غەفاری کە خوداپەرست بوو پێش ئەوەی

هەواڵی پێغەمبەر بوونی محەمەد بیگاتێ، خوداپەرستیی دەکرد و نوێژی بە شێوەیەک دەکرد بۆ هەر لایەک بوایە کە ڕێک بکەوتایە ڕووی تێ دەکرد و نوێژی خۆی دەکرد، کاتێک هەواڵی هەناردەکەی گەییشتێ، ڕۆیشت بۆ مەکە و باوەڕی بە محەمەد هێنا و پێش ئەوەی هیچ قسەیەک لەگەڵیدا بکات، بەیعەتی پێدا کە حەق بڵێت هەر چەند تاڵیش بێت، ئەو بە خۆرسکی خوداپەرست بوو، بۆیە دەڵێین باوەڕدارییەکەی خۆرسکانە بوە.

باوەڕداری قازانج کردن، وەک باوەڕداری حەبیب کوڕی یەسان کە لەگەڵ موسوڵماناندا بۆ غەزای بەدر دەرچوو، موسوڵمان نەبوو. لە پێناو غەنیمە و ڕاووڕووت بوو بە موسوڵمان، وەک پێشتر باسمان کرد.

باوەڕداری بە خەونبینین، وەک باوەڕداریی خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاس، دەڵێن: خەونێکی بینی ترساندی و دای چڵەکاند لە خەونەکەی و تۆقی و چوو بۆ لای ئەبووبەکر، لەبەر ئەوەی لای ئەوان دەیانزانی چۆن خەون شی بکەنەوە و باسی بکەن. باسی خەونەکەی بۆ کرد و ئەبووبەکر پێی گوت: من چاکەم بۆت دەوێت. بەڵا بتگرێت ئەوە پێغەمبەری خودایە و دوای بکەوە. هات بۆ لای پەیامهێنی خودا و بوو بە موسوڵمان، باوەڕدارییەکەی بە خەونبینین بوو.

باوەڕداری ژن و ژنخوازی، وەک لە چیرۆکی دایکی سەلیم لەگەڵ باوکی سەلیم دا هاتوە، چوە خوازبێنی و ئەو بێباوەڕ بوو ئەویش موسوڵمان بوو، گوتی: نموونەی تۆ ڕەت ناکرێتەوە بەڵام تۆ بێباوەڕیت و منیش موسوڵمانم، حەڵاڵ نییە شووت پێ بکەم، ئەگەر ببیت بە موسوڵمان ئەوە مارەییەکەت دەبێت و داوای هیچت لێ ناکەم، بوو بە موسوڵمان و موسوڵمانبوونەکەی بوو بە مارەییەکەی، وەک (النسائی) باسی کردوە و ئیبن عەباس ڕاستی کردوەتەوە، موسوڵمانبوونی باوکی سەلیم بۆ ژنخوازین و سێکس بوە.

باوەڕداری ناچاری، وەک باوەڕداری وەلید کوڕی عەقەبەی کوڕی ئەبی موعیت، ئەم وەلیدە حەقی خوێنی بە سەر ئیسلامەوە هەبوو، لەبەر ئەوەی محەمەد باوکی عەقەبەی لە ڕێگەیدا بۆ مەدینە پاش گەڕانەوە لە بەدر کوشتی، عەقەبە لە دیلەکان بوو، کوڕەکەی نەبوو بە موسوڵمان تا ئەو کاتەی ئیسلام هێزی تێکشکێنەری پەیدا کرد، هیچ پەنایەکی نەبوو جگە لەوەی ڕوو لە ئیسلام بکات. ئەم وەلیدە بوو کە عوسمان کردی بە والیی کوفە و لە کاتی سەرخۆشبوونیدا چوار ڕوکعات نوێژی بەیانی بە خەڵکەکە کردبوو، پاش سڵاوکردن ئاوڕی لێ دابوونەوە و پێی گوتبوون: زیاترتان دەوێت، ئەم هەواڵە گەییشتە عوسمان و ئەویش لە سەر کارەکەی لای دا. باوەڕدارییەکەی بە زۆر و ناچاری بوو، بەم شێوەیە ئەم باوەڕدارییە زۆر بوو، ئەوانەی پۆل پۆل دەهاتنە نێو ئیسلامەوە پاش گرتنی مەککە، هیچ پەناگەیەکیان نەما پەنای بۆ بەرن جگە لە ئیسلام.

باوەڕداری بە هۆی تاوانبارییەوە، وەک باوەڕداریی موغیرەی کوڕی شەعبە، دەڵێن: سیانزە کەسی لە ئێلی بەنی مالیک لە سەقیف کوشتبوو. لەگەڵیاندا بوو وەک شاندێک بە دیارییەوە دەڕۆیشتن بۆ مقەوقس گەورەی میسر. بەخێرهاتنی کردن و ڕێزی لێ گرتن، کاتێک چوون بۆ لای و موغیرەیان لەگەڵدا بوو. مقەوقس پرسیاری ئەوەی لێ کردن، گوتیان: لە ئێمە نییە و لە هاوپەیمانەکانە، موغیرەیش ئاساییترین کەسی شاندەکە بوو بۆ لای مقەوقس، ئینجا بەخششی پێدان و گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. کاتێک لە شوێنێکدا دابەزین، لە ڕێگەدا دەستیان کرد بە مەی خواردنەوە و موغیرە خزمەتی کردن و بادەی بۆ تێ دەکردن. خۆی نەیخواردەوە بە بەهانەی ئەوەی سەرئێشەی هەیە. زۆری بۆ تێکردن بێ ئەوەی هیچ بکاتە مەیەکەوە تا پان بوونەوە و پرستی لێ برین و هەموویانی کوشت و چییان پێ بوو لە پارە بردی و هات بۆ لای محەمەد، پێش ئەوەی ببێت بە موسوڵمان و، بوو بە موسوڵمان و پارەکەی وەک غەنیمە دا بە محەمەد بۆ ئەوەی پێنج یەکی دەر بکات، بەڵام پێغەمبەر گوتی ئەم کارە غەدرە و غەدریش هیچ چاکەیەکی تێدا نییە. بەڵام موغیرە بەم تاوانەی هەر وا بە ئاسانی ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای قەومەکەی و، جگە لە موسوڵمانبوون نەجاتی نابێت، بۆیە دەڵێن باوەڕدارییەکەی تاوانبارییە.

باوەڕداریی گێلی و گەلحۆیی، وەک باوەڕداری سەودەی کچی خوزەیمەە. یەکێک لە ژنەکانی پەیامبەر. گوتیان پەیامهێن دیلێکی لای ئەو دانا لە ماڵەکەی تا بڕیاری لە سەر دەدات، شەو دیلەکە هاوار و نکەنکی دەکرد. سەودە پێی گوت چی بوە بۆ نکەنک دەکەیت؟ سکاڵای ئازاری دەستی لە توندی دەستوپاوەندەکەی کرد. هەڵساو کەلەبچەکەی شل کردەوە. کاتێک خەوت، دیلەکە دەستی دەرهێنا و ڕایکرد. کاتێک بەیانی داهات داوای دیلەکەی کرد، پێی زانی. توورە

بوو به سەر سەوەدا و گوتی: خودایە هەر دوو دەستی ببڕیت و ئاوا بە دەستی بەرز کردەوە وەستا و چاوەڕێی دەکرد. هەواڵی ئەم کارەی گەشتە پێغەمبەر، گوتی: من دوعام لە خودا کردوە و داوام لێ کردوە. لەعنەت و نزای من بە سەر ئەو کەسەی خەڵکەکەمدا بیارێنێت کە شایانی ڕەحمەت نییە. لەبەر ئەوەی منیش مرۆڤم و تووڕە دەبم. بە سەوەدە بڵێن دەستی داگرێت، ئینجا سەوەدە دەستی داگرت و محەمەدیش ئایەتێکی دابەزاند کە لۆمەکردنی خۆی لە خۆ دەگرت کە نزای دژ بە سەوەدە کردوە: {وَيَدْعُ الْإِنْسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءَهُ بِالْخَيْرِ وَكَانَ الْإِنْسَانُ عَجُولًا} [الإسراء: 11]. واتە: مرۆڤ چۆن بیەوێت چاکی بۆ بیت ئاواش دەیەوێت خراپی لێ دەقەومێت، مرۆ هەروا بزێو بووە. بێگومان دەست بەرزکردنەوەی سۆدە بۆ ئاسمان بۆ ئەوەی خودا دەستی ببڕێت، بەڵگەی گێلی و گەلحۆبوونی بوە، بۆیە ئەم باوەڕدارییەی لە سەر گێلی بنیاتنراوە، بۆیە ناومان نا باوەڕداریی گەلحۆیی.

باوەڕداری تەڵەکەبازیت بیر نەچێت، وەک باوەڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و براکانی کە یەهوود بوون و موسوڵمان بوون. ئەوان لەبەر ئەوە بوون بە موسوڵمان بۆ ئەوەی تەڵەکە بۆ خەڵکە موسوڵمانەکە بنێنەوە و فریویان بدەن. ئەو تەڵەدانانەوەیان لە کتێبەکانی مێژوودا باس کراون. پێویستە لێرەدا شتێک لەو بارەیەوە باس بکەین. چەندین شێوە و جۆری باوەڕداریی جیاوازمان بۆ ڕیزکردن، کە لە سەردەمی محەمەددا ڕووی داوە و بە دوای هەموو جۆرەکاندا نەگەڕاین و لە هەر جۆرێک باسی نموونەیەکمان بۆ کردن دەربارەی کەسێک، لەبەر ئەوەی لەوە زیاتر درێژدادڕ دەبێت و ئێمە هەوڵی کورتکردنەوە دەدەین.

بێگومان هەر جۆرێکمان باس کرد هاوشێوەی هەبوە، جگە لە ئەبووبەکر کە لە باوەڕداریدا بێ هاوتا بوە. ئەگەر بمەوێت خەڵکی تر بە دەر بخەم دەڵێم: جگە لە عەباس، ئەو ئەگەر باوەڕدارییەکەی لە باوەڕی ئەبووبەکردا کورتی هێنابوو لە هەندێک لاوە، بەڵام لە جۆر و شێوە و ڕەنگی ئەوە. لەبەر ئەوەی عەباس وەک ئەبووبەکر جێگەی متمانەی نهێنییەکانی محەمەد بوە لە پێش و پاشی پێغەمبەرایەتی.

لێرەدا یەک جۆر لە باوەڕداری ماوەتەوە کە بۆ کۆتاییهێنان بەم بابەتە باسی دەکەین، کە ئەویش باوەڕداریی نەریتی واتە کلاسیک و لاساییکردنەوە، کە لە قورئاندا بەم شێوەیە هاتوە: {إِنَّا وَجَدْنَا ئَبَاوَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى ئَپَارِهِمْ مُقْتَدُونَ} [الزخرف: 23]. واتە: هەر بەم تەرزە بەر لەتۆش باوکو باپیرانمان لەسەر ئاینێك رۆیشتون ئێمەیش پەیرەوی ئەوان دەکەین. باوەڕداریی نەریتیی لە سەردەمی محەمەددا نەبوو، بەڵکوو لە نەوەی دووەمەوە دەستی پێ کرد. واتە لەو دواکەوتوانەی کە پاش فەوتانی نەوەی یەکەم دروست بوون. ئەمەیش تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لە دڵدا چەسپی و لە دەروونیدا جێگیر بوو. هیچ مەراییەکی تێدا نییە کە باوەڕداریی نەریتیی لە باوەڕدارییەک بە هۆکاری نانەریتیی بەهێز سەرپێنرابێت دروست دەبێت. هەڵگەڕانەوە لە نانەریتیی ئاسانتر و خێراترە لەوەی نەریتی، ئەگەر هێزی باوەڕی نەریتی نەبێت. محەمەد ئەو هەموو بەرەنگاری و دوژمنایەتییەی لە قەومەکەی خۆیەوە تووش نەدەبوو، لەو کاتەی بانگەشەی دەکردن بۆ پەرستنی ئەو خودایەی کردگاری مەزنی هەموو بوونەوەرانە. بتەکانی فڕێدا کە بەردێک بوون بە دەستی خۆیان دەیانتاشی و ئینجا دەیانپەرست، بە هەمان شێوەی پەرستنی پاشاکانیان لە نێوان پاشاکان و بتەکاندا هاوشێوەیەکی بەهێز هەیە، بۆیە گوتم:

الناس تنحتها و الناس تعبدها ان الملوك لكالاصنام مائله

بە واتای: پاشاکان وەك بت وان دانراون" هەندێك دەیانپەرستن و و هەندێك وەك پەیكەر دایاندەنێن.

خەڵکی مەزهەب و ئایینەکان هەمویان پەکسانن لە باوەڕداری نەریتیدا، موسوڵمان موسوڵمانە لەبەر ئەوەی لە باوک و دایکێکی موسوڵمان پەیدا بوە، هەروەها بۆ مەسیحی و یەهوودی و سابیئی و مەجووسی و خەڵکی تریش لە خەڵکی میللەتانی جۆربەجۆر، وەک مەعەری دەڵێت:

علی ما كانَ عَوّدَهُ أبُوه وينشأُ ناشیءُ الفتیانِ، مِنّـا
يُعَلّمُهُ التّدَيّنَ أقرَبُـــوه وما دانَ الفتی بحِجًا، ولكنْ

بە واتای ئەوەی، منداڵ لەسەر شێوەی باوکی پێدەگات و لە لایەن نزیکەکانیەوە فێری دینداری دەبێت و هیچ منداڵێك لەو رێگەیە لانادات .

حەقیقەتی درەوشاوەی کە بێ تەمومژە و ئەوەی دوو مرۆڤ تێیدا ناکۆک نابن و دوو بزن شەڕەشاخی تێدا ناکەن ئەوەیە، کە بانگەشەی ئیسلامی بە شمشێری تیژ بوو نەک بە موعجیزەی قورئان و هیچ موعجیزە و پەرجوویەکی تر. گەورەترین بەڵگە لە سەر ئەمە، هەڵگەڕانەوەی عەرەب بوو لە موسوڵمانێتیی پاش مردنی محەمەد ئەگەر زەبر و توندوتۆڵیی ئەبووبەکر و گوڕوتینی خالیدی کوڕی وەلید لە شەڕ و کوشتاری خەڵکە هەڵگەڕاوەکە نەبوایە و بە زۆر و ناچاری نەیانگەڕاندایەتەوە بۆ سەر ئیسلام، ئێستا هەواڵی بانگەشەی ئیسلامیمان لە کتێبە مێژووییەکان وەک هەواڵی پێشینان دەخوێندەوە، خوا ئەبووعەلا بەرز بکاتەوە دەڵێت:

وقالوا: صدَقنا! فقلتم: نعَم! تَلْوْا باكِلاً، وجلْوْا صارِماً،
وتیان باوەرمان کرد وتتان بەڵی، وایان لێهات بچنە سەر ناحەقی بەڵام بە توندوتیژی راستکرانەوە.

لە بەشەکانی داهاتوو باسی هەندێک شت دەکەین سەبارەت بە قورئان دەربارەی واتا و بنیاتنانییەوە، لەوێدا دەزانیت لە قورئاندا چۆن موعجیزە دەبێت.

(78)

ڕەوانبێژیی قورئان

کەس لاریی لەوە نییە کە لە قورئاندا شتی وا هەیە شایانی ئەوەیە لە لوتکەی باڵای ڕەوانبێژیدا بێت. تەماشای وتەی سورەتی (آلعمران) بکەن: {قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ} [آلعمران: 64] واتە: بلێ ئەی ئەهلی کتێب وەرن بۆ قەسەی یەکسانی لە نێوانماندا.کۆیلەی خودا و بێباوەر مەبن و هیچ کەسێکتان بە پەروەندە وەرمەگرن بە بێ خودا ئەگەر ئەوەیان کرد بڵێ شایەتی دەدەم کە موسڵمانین. فەرمان بە محەمەد کرا کە بە حیکمەت داوا لە خەڵک بکات بۆ لای خودا، بە گیانی خۆم، حیکمەتی درەوشاوەی سپی لەم ئایەتەدا بە شێوە ڕوونەکەی دەردەکەوێت، کە هیچ سیمایەکی لێ دەرناکەوێت جگە لە ویستی خێر و چاکە نەبێت بۆ خەڵک. بە دەرپرینە بێگەرد و خاڵییەکەی لە هەر شێوە ستەم و توندڕەوییەک، بە یەک وشە کە خودایەکی پەرستراوی یەکتا لە خۆ دەگرێت. مەبەستی لە یەکتایی خودا هیچ شتێک نەبوو جگە لە یەکبوون و یەکسانی لە مافەکان و خۆبەستنەوە بە پەتی برایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئەم ئایەتە داوا دەکات کە خەڵک لە هەموو کۆیلایەتیەک جگە لە کۆیلایەتی بۆ خودا خۆی ڕزگار بکات. ئینجا هیچ داوایەک لەوانە مەکە کە وەڵامیان نابێت، واتە ڕازی نابن بەم داوایە، جگە لە شایەتیدان بە وانەی ڕازیبوون و وەڵامیان دایەوە و، پێوەبەستبوونی خۆیان ڕاگەیاند و وەک موسوڵمان کاریان خستوەتە دەستی ئەو، واتە لای خودای تاکوتەرا. چ وشەیەک لەم حیکمەتە مەزنتر و درەوشاوەترە، چ قسەیەک لەم قسەیە ڕەوانبێژترە کە پێش لەوەی لەفزەکەی بگاتە بیستن واتاکەی دەچێتە دەروونەوە. ئایا هیچ شتێکی تر لەمە ڕەوانبێژتر هەیە؟ لە قسەی سورەتی (النساو)دا: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا} [النساء: 47] واتە: ئەی ئەوانەی پێشتر کتێبی خوداتان بۆ هاتووە بروا بەمە بێنن کە بروای بە کتێبەکەی ئیوەش هەیە پێش ئەوەی دەموچاو گەلێك ساف بکەین و وەکو پشتی سەریان لێبکەین. تەماشای ئەم ئایەتە بکەن کە چۆن لە قسەکانیدا هەڕەشەی لە چاڵنان و تێکدانی دەموچاو و وەرگەڕانیی بۆ پشتەوەی تێدایە. ناتوانرێت هەڕەشەی وا لە مرۆڤ بکرێت کە لەمە توندوتیژتر بێت و لێدانی وای تێدا بێت و، کە بەم جۆرەیش بتتۆقێنێت و بتترسێنێت، کەوا لە هەڕەشەی نێو ئەم ئایەتە بەهێز تر بێت. تێکدانی دەموچاو و وەرگەڕانی بۆ دواوە ئەگەر بە بەردێک بگوترێت لە ترسا شەق دەبات، قسەیەک نیشانمان دەدات ئەوەیە، کە بە توانا و بە زەبر و توندییەوە هەڕەشە دەکات. شایانی هیچ نییە جگە لەوەی پێی بگوترێت بە گوژم و توانای گەورەی باڵا. لە وتەی سورەتی (الشعراو): {وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ} [الشعراء: 227]. واتە: ئەوانەی ستەمیان کرد دەزانن کە چۆن بە چی حاڵێك دەچن و وەردەگەرێن. ئەم ئایەتە لەگەڵ جوانبێژی لە لەفزدا و ڕەوانبێژی لە واتادا، هەڕەشەیەکی تێدایە

که دڵ دوو لەت دەکات و دەیترەکێنێت و دەیانتۆقێنێت. کارە نابەجێکانیان وا لێ دەکات بەو هەڕەشە ئەوەی شتێکی لە سەر بێت زاڵەترەك بن، واتە لە ترسا زراوی بتەقێت. ئەم قسە ڕاستوڕەوانە کە گوێبیستی دەبن ترسێک دەخاتە دڵی ئەوانەوە، وا دەکات خەڵک ئاگاداری یەکتری بکەنەوە و ئامۆژگاری یەکتری پێ بکەن، کە مرۆڤ بترسێت و جگە لە چاکە هیچی پێ .نەکرێت و و پێی نەگات و، لەوێدا لەوە باشتر دڵنیا دەبێت و ترسی لە دڵدا دەبێت

لە قسەی سورەتی (البقرە)دا: {وَمِنَ النَّاس مَنْ يُعْجِبُكَ قَوْلُهُ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيُشْهِدُ اللَّهَ عَلَى مَا فِي قَلْبِهِ وَهُوَ أَلَدُّ الْخِصَامِ} [البقرە: 204]. واتە: لەوێدا خەڵکانێك هەن قسەکانیان بەدڵت دەبێت و خودا شایەتی لەسەر ناوەخنی دڵیان دەدات و کەچی سەرسەخترین دوژمنە.

بەتواناترین ڕەوانبێژی نووسەر ناتوانێت دوو واتا لەم ئایەتە ڕەوانبێژتر باس بکات، هەروەها قسەکانی لە سورەتی (الرعد)دا: {وَكُلُّ شَيْءٍ عِنْدَهُ بِمِقْدَارٍ} [الرعد: 8]. واتە: هەموو شتیکا لای ئەو بە ئەندازەیە. ئاوەڵفرمانەکەی "عندە" بۆ خودا بە کار هاتوە. هیچ کەسێک ناتوانێت .سروشت بەو جوانییەی وەسف بکات و ناتوانێت لەم قسەیە ڕەوانبێژتر بڵێت

هەر چییەک لە گەردووندا بێت لە شتە جۆربەجۆرەکان، هیچ جیاکارییەک لە نێوانیاندا ناکرێت بە .پڕی توخمە پێکهێنەرەکانی نەبێت کە لە پێکهاتەکەیدایە

لە قورئاندا ئایەتی وا هەیە کە وەسفی مەزنی و شکۆمەندیی خودا دەکات، وەک ئایەتی (الکرسی)، گوتیان چاکترینیانە لە قورئاندا. بەڵام بەم قسەیان حەقی چاکەی ئایەتی (النور)یان خواردوە، ئەویش: {اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} [النور: 35] واتە: خودا ڕۆشنایی زەوی و ئاسمانە. بەواتای؛ هەرکاتێک ئەم ئایەتە دەخوێنمەوە وا دەزانم باسی گڵۆپێک لە گڵۆپە کارەباییەکانم بۆ دەکات. کە بێ ئەوەی وزەی تێدا بێت ڕۆشنایی ببەخشێت. لە دوا سورەتی (البقرە)دا ئایەتێکی تێدایە کە ڕەوانبێژترینیانە: {رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ} [البقرە: 286] واتە: خودایە لێمان مەگرە ئەگەر لەبیرمان چوو یان هەڵەمان کرد، خودایە لە توانای خۆمان زیاترمان مەخەرە سەر وەکو ئەوانەی پێشتر و لێمان ببورە و، تۆبەمان قبوڵ بکە و ڕەحممان پێ بکە تۆ گەورەمانی و بەسەر بێباوەڕاندا سەرمان بخە. .دەڵێت: خوداپەرست نزا لە خودا دەکات

بەڵام هەموو ئایەتەکانی قورئان بەم شێوەیە نین، واتە هەموویان لە لوتکەی باڵای ڕەوانبێژیدا نین وەک دەڵێن. بەڵکوو لە نێوانیاندا پلە بەندی لە چاکە و ڕەوانبێژیدا هەیە، تیایاندا هەیە باڵایە و تێیدا هەیە ئاست ناوڕاستە و هەیە لەوەیش نزمترە. شاعرێکی فارسی باشی پێکاوە لە نەبوونی یەکسانی لە نێوان ئایەتەکاندا بە قسەی ئەو: {تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ} [المسد: 1] واتە: خودا دەستی ئەبو لەهەب نەهێڵێت و ئایەتی: {وَقِيلَ يَاأَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَاسَمَاءُ أَقْلِعِي} [هود: 44]، واتە: بڵی ئەی زەمین ئاوت هەڵقورێنە و ئەی ئاسمان بەس بارینە.گوتی: "کی بود تبت یدا مانند یا ارچ ابلعی" واتە: چۆن "تبت یدا" وەک "یا ارچ ابلعی" دەبێت؟ وەک ئاماژەیەک بۆ سورەتی (هود) لە کاتی باوبۆرانەکەدا، کە لە سەردەمی نوح دا بوە، بە قسەی: {يَاأَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَاسَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ} [هود: 44]، واتە: ئەی زەمین ئاوت هەڵەقورێنە و ئاسمان بەس بارێنە و ئاو ڕۆچو و کارەکە سەری گرت و لەسەر جودی لەنگەری گرت، وتیان ئەولنەی ستەمکارن لەناوچوون. ئەم ئایەتەی کە باسمان کرد، قسەی وای تێدایە کە لە ئاستێکدایە جگە لە بە تواناییەکی مەزنەوە کە زەوی و ئاسمان بە قسەی بکەن و فەرمانی جێبەجێ بکەن و ناڕازی نەبن پێی، لە توانای هیچ کەسێکی تردا نییە. کوا (تبت یدا أبی لهب) لە ئاست ئەم قسانەدا کە لە لوتکەی باڵای ڕەوانبێژیدایە؟

بێگومان ڕەوانبێژی لەوەدایە کە ڕاستوڕەوان بگات بە مەبەست، وەک جاحڤ لە (البیان و التبیین) دا باسی دەکات، مەبەست لە سەرجەم ڕێگەکانی ڕەوانبێژی و لایەنەکانی ئەوەیە کە چۆن بگەیتە ئەوەی بەرانبەر، "واتە قسەبۆکراو" تێ بگەیەنیت و جوانترین شێوە گوێبیستی بێت و توندترین کاریگەریی لە سەر دەروونی دروست بکات. هەر کەسێک بتوانێت ئەو واتایەی کە لە سنگیدا دەیچەسپێنێت و لە بیریدا خول دەخواتەوە و، بە ستایلێک لە ستایلەکانی ڕەوانبێژی دەری دەخات، ئەوەیە کە بەرانبەرەکە تێ بگەیەنێت، ئینجا قسەکانی بە ڕەوانبێژی لە قەڵەم دەدرێت. تێگەیاندن ئەو تەوەرەیە کە فەلەکی ڕەوانبێژی بە دەوریدا خول دەخواتەوە و قسە بە قەد ئەوەی دوور بێت لە تێگەیاندنی قسەبۆکراو ئەوەندە دوور دەبێت لە ڕەوانبێژییەوە، چەند

نزیک بێت لەوە ئەوەندەیش نزیک دەبێت لە ڕەوانبێژییەوە. هیچ کەسێک نکۆڵی لەوە ناکات ئەگەر کەللەڕەق نەبێت.
ئایەتەکانی قورئان لە ڕەوانبێژیدا جیاوازن و بەرزی و نزمی هەیە، بەڵکوو هەندێکی لەگەڵ ڕەوانبێژیدا نایەتەوە، لەوەیش تێیدایە لە ڕووکەشدا لەگەڵ مەعقوڵدا نایەتەوە و ناگونجێت. تێیدایە لێی تێ ناگەیت، تێیدایە بە شیکردنەوە و خەملاندن نەبێت لێی تێ ناگەیت. ئەم قسەیەمان بیدعە نییە، قورئان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکات و دانی پێ داناوە. لە سورەتی (ئاڵ عمران): {هُوَ الَّذِی أَنْزَلَ عَلَیْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ ءَایَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ} [آلعمران: 7]. واتە: ئەوە کە کتیبی دابەزاند و نیشانەی تۆکمەیی و بەلام ئەو کتێبانەی تر هاوشێوەن. ئەو قایمی و توندوتۆڵییە ئەوەیە لە دەرپڕیندا توند و بەهێز بێت، ئەگەر و شێمانەی تێدا نەبێت و واتاکەی دەبێت گەیەنراو بێت و ڕاشکاو بێت. هاوشێوەکان لە ئاڵۆزی و لە واتادا شپرزەیی پێوە دیارە و لە واتادا ڕاشکاو نییە و زانراو نییە. بنەچە لە هاوشێوە بوون واتە لەیەکچوونە، دەڵێن ئەو دوو پیاوە لە یەک دەچن ئەگەر لە شێوەوە هەر دووکیان لە یەکچووندا نزیکبوون و شپرزەیی لە ناسین یان جیاکردنەوەیان دەبێت. لەبەر زۆری لە یەکچوون لە شپرزەیی دەچێت، بۆیە شپرزەیی لە جیاتیی لەیەکچوون و هاوشێوەیی بە کار هاتوە. "دواتر باسی ئەم ئایەتە دەکەین"
پێویست ناکات باسی جیاوازیی قسەی زانایان دەربارەی هاوشێوەیی و ئەوەی لە قورئاندا بەوە ویستراوە بکەین. قورئان عەرەبییە، ئەم وشەیە بە واتا زمانەوانییە زانراوەکەی خۆی بە کار هێنراوە. هیچ شتێک نییە ناچارمان بکات لە واتا عەرەبییە زانراوەکەی دەربچین. ئەگەر بتەوێت لە سەر قسەکانیان بوەستێت، دەبێت (الإتقان) بخوێنیتەوە. ئێمە لێرەدا هەندێک ئایەتی قورئانت بۆ دەهێنینەوە. ئەوەی گونجاو بێت لەگەڵ بابەتەکەدا باسی دەکەین، بۆ ئەوەی ڕاستیی قسەکانمان بزانیت.
١ـ لە سورەتی (الإسراء) دا هاتوە: {وَإِذَا أَرَدْنَا أَنْ نُهْلِكَ قَرْیَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِیهَا فَفَسَقُوا فِیهَا فَحَقَّ عَلَیْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِیرًا} [الإسراء: 16]. واتە: هەر کە ویستمان شارێك قر کەین، فەرمانمان بە خۆشگوزەرانەکانی کرد کە خراپەکاریان تێدا کردووە و قسەکە لەسەریان دەبێت و بەیەکجاری دمانروخاند. ڕووکەشی ئەم ئایەتە هیچ مەعقوولیەتێکی تێدا نییە.
یەکەم: لەبەر ئەوەی خودا فەرمانی بە خواپێداوان و خۆشگوزەرانان کردوە کە خراپەکاری بکەن و ئەوانیش خراپەکارییان کردوە. ئەمەیش نابێت لەبەر ئەوەی کاری خراپ بۆ خودا مەحاڵە و نابێت. لە قورئاندا هاتوە: {قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا یَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ} [الأعراف: 28]. واتە: بڵێ خودا فەرمانی خراپەکاری ناکات .
دووەم: ئەگەر ئەو فەرمانی کردبێت خراپەکاری بکەن، وا بێت خراپەکارییەکەیان گوێڕایەڵییە و جێبەجێکردنی فەرمانی خودایە. چۆن شایەنی لەناوبردن دەبن؟
سێیەم: لەناوبردن بە تەفروتوناکردن، سەرجەم خەڵکی گوندەکەی گرتەوە. لە کاتێکدا تاوانبارەکە خوداپێداوەکان بوون کە کەمینەی خەڵکەکەن لە هەموو کات و شوێنێکدا. ئەمەیش دادپەروەریی نییە و خودا فەرمانێک ناکات دادپەروەری و چاکەی تێدا نەبێت.
زانایانی شیکردنەوە، ئایەتەکەیان بە شێوەیەکی دوور لەمە لێک داوەتەوە. دەڵێن: فەرمانەکە لێرەدا هاکەزاییە بە واتای قسەی (أَمَرْنَا مُتْرَفِیهَا) واتە خێرمان پێ بەخشیون. ئەوانیش کردوویانە بە پاساوی ئەوەی یاخی بن، وەک ئەوەی فەرمانیان پێ کرابێت. ئەگەر ئەم قسەیە لە شوێنێکی تری دەرەوەی قورئان بێت، هیچ پەنایان بۆ ئەوە نەدەبرد بەم شێوەیە لێکدانەوەی دووری بۆ بکەن، بەڵکوو ڕەتیان دەکردەوە و پێی ڕازی نەدەبوون. با بڵێین ئەم لێکدانەوەیە ڕاستە، ئەی گوناحی خوداپێنەداوەکان چییە؟ هیچ درێژە بە قسەکانیان نادەین، کتێبی شیکەرەوەکان هەن ئەگەر دەتەوێت بگەڕێوە بۆیان. جگە لەوەی دەڵێین ئەم ئایەتە خوێندنەوەیەکی تری تێدایە، کە لە هەندێک لاوە ڕاست دەردەچێت. ئەویش (أَمّرنا مُتْرَفِین) بە واتای خواپێداوانمان کرد بە فەرماندە و میر، لەم خوێندنەوەیەدا چاکسازی لە دەرپڕینەکە دەوێت و ڕاستکردنەوەی واتاکەی پێ دەبەخشێت، لەبەر ئەوەی میری خەڵک هەمیشە و لە هەموو زەمانێکدا هۆکاری لەناوبردنی خەڵکەکەیە. ئەوەی دیارە لێرەدا ئەو خوێنەرەی ئەم خوێندنەوەیەی بۆ کردوە لەبەر ئەوەی لە کاتی ئەم خوێندنەوەیەدا هەستی بەوە کردوە کە واتاکەی مەعقوول نییە. (امّرنا) ی بە توندکردنی میمەکەی واتاکەی دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی قورئانیان بە واتاکەی دەخوێندەوە. هەر شتێک واتاکەی ڕاست بێت، لای ئەوان قورئانە. نەک لەوەی باسیان کردوە لەوەی

خوێندنەوەکان دیاری کراون بێ ئەم لا و ئەو لا وەک دواتر لە سەر زۆری خوێندنەکانت بۆ باس دەکەین.
٢ــ لە سورەتی (الفرقان) دا دەڵێت: {أَلَمْ تَرَ إِلَى رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا} [الفرقان: 45] واتە: ئایا نەتبینی پەروەندەت چۆن سێبەری درێژکردەوە و ئەگەر بیەوێت لە جیی خۆی نابزویت. واتای قسەکانی (وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا)واتە: ئەگەر بیەوێت وادەکات لەشوێن خۆی جێگیربێت. لەگەڵ ماقوڵدا نایەتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئەو شتانەی لە سەر ڕووبەری زەوین پەردەپۆشی زۆر دەکەن لەوانەی لە پشتییەوە بن لەو شوێنانەی کە سێبەری تێدا بێت. واتە سێبەر نەبوونیی ڕۆشنایی خۆرە، لەبەر ئەوەی لەو شتانەی لە سەر زەوین بەری لێ گیراوە. درێژبوونەوەی ئەم سێبەرانە بە بەرزبوونەوەی خۆر لە ئاسۆدا دروست دەبێت. لە کاتی دەرکەوتنی تیشکی خۆر بە ئاسۆیی دێت و لەوێدا هەر شتێک وەستا بێت لە سەر زەوی بەری لێ دەگرێت و سێبەر درێژ دەبێت. هەر چەند خۆر بەرز بێتەوە بەقەد بەرزبوونەوەی سێبەرەکەی کورت دەبێتەوە، تا خۆر دەگاتە سەر سێبەرەکە زۆر نامێنێت کەمێکی نەبێت. ئەمەیە درێژبوونەوەی سێبەر و کورتبوونەوەی و کرژبوونەوەی بە بەرزبوونەوەی خۆر. ئەوەی زانراوە هەڵهاتنی خۆر و بەرزبوونەوەی لە ئاسۆدا لە دەرئەنجامی جوڵەی زەوی و خولخواردنی بە دەوری خۆیدا دروست دەبێت، هیچ مەعقوول نییە سێبەر بوەستێت و کورت نەبێتەوە و کرژ نەبێتەوە جگە لە کاتی وەستانی زەوی لە خولخواردنەوە بە دەوری خۆی و خۆردا. ئەمەیش مەحاڵە لەبەر ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ یاساکانی سروشتدا، کە ئەمەیش سوننەتی خودایە ({وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا} [الاحزاب: 62]؛ [الفتح: 23]. هیچ گۆرانێك لە سونەتی خودا نابینیتەوە. زانایانی وتەسازی و وتە کۆکن لە سەر ئەوەی قودرەتی خودا هیچ پەیوەست نییە بە مەحاڵەوە، ئەوەی وەستانی زەوی لە خولخواردنەوەی تەوەری و دەوری واتە بە دەوری خۆی و خۆریشدا هیچ واتایەکی نابێت جگە لە لەناوچوون و نەمان. ئەگەر زەویش نەمێنێت نە سێبەری وەستاو دەمێنێت و نە جوڵاویش. ئەگەر وا بێت مەبەستی چییە لە قسەی: {وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا} [الفرقان: 45]. واتە: ئەگەر بیەوێت دەتوانێت جێگیری بکات.
٣ــ لە سورەتی (النمل)دا دەڵێت: {وَلَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ عِلْمًا وَقَالَا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي فَضَّلَنَا عَلَى كَثِيرٍ مِنْ عِبَادِهِ الْمُؤْمِنِينَ} [النمل: 15]. واتە:ئیمە زانستمان دا بە داود و سولیەمان و وتیان سوپاس بۆ خودا کەئیمەی لە زۆرێك لە باوەردارانی کۆیلەی بە باشتر زانی. ئێمە لێرەدا قسە لە سەر لەفزی ئایەتەکە دەکەین نەک واتاکەی، لەبەر ئەوەی ڕەوانبێژی لەفز و واتا پێکەوە لە خۆ دەگرێت. دەڵێین لە زەروورەتەکانی ڕەوانبێژی ئەگەر تەواوکەرێکی دیاریکراو هۆکار بێت بۆ پەیوەستبوونی تەواوکراو، دەبێت لە ڕووی واتاوە بۆ دروستی واتاکەی بە پیتی فائی هۆکار پێوەی پەیوەستی بکات( اعطیته فشکر)، واتای ئەوە دەبەخشێت کە بە پیتێک مافی واتاکە بدات و دروستی بکاتەوە. وەک بڵێین شتێکم پێ بەخشی و سپاسی کردم، شت بەخشینەکە هۆکاری سپاسگوزارییەکەیە، ئاوهایش بۆ ئایەتەکە، وەك ئەوەی داود و سلێمان لەبەر ئەوەی زانستی پێ بەخشیون سپاسگوزاری خودا بوون، بە پێی حکومی ڕەوانبێژی دەبوایە واوی پەیوەستەکە و گوتنی سپاسگوزارییەکە، هۆکارەکەی وەك خۆی دەربخستایە نەک بەم شێوەیە جیابوونەوەی تێدا دیار بێت و ئەگەر لە جیاتیی (وقالا) (فقالا) بوایە ڕاستتر دەبوو لە ڕووی واتا و ڕەوانبێژرییەوە، بۆیە واتاکەی ناڕوونە کە هەر دووکیانی لە خەڵکی خوداپەرستی تری بە باشتر داناوە. زەمەخشەری لێرەدا لە ئاڕاستەکردنی قسەکە لە جێی خۆی دەوەستێت، لەگەڵ ئەوەیشدا دان بەوەدا دەنێت کە دەبێت لەو شوێنەدا وەک گەرانەوە بۆ هۆکارەکە (فقالا) بە کار بێت. دەڵێن گوتنی وقالا وەک پێزانین بوە بەوەی ئەو لەو زانستەی پێ بەخشیون لە کردەکانیاندا ئەوەیان شاردوەتەوە، ئینجا پێچیان داوەتەوە بۆ سپاسگوزاری هەموو شتێک. لەوانەیش ئەو زانستەی پێمان بەخشین کاریان پێ کردوە و سپاسی خودایان کردوە.
با بۆتی ڕوون بکەینەوە، لەبەر ئەوەی هەندێک ئاڵوگۆڕی تێدایە، دەڵێت: ئەوەی لە سەر هێنانی زانست دەکەوێت چۆنێتی کارکردنە بەو زانستە، نەک خودی پێ بەخشینی زانستەکە بە تەنها. واتە سپاسگوزاری بۆ هێنان و ئیشپێکردن و فێرکردنی خەڵک بەو زانستە و زانینی نیعمەتی ئەو زانستە و سپاسگوزاری خودا لە سەر ئەوە هەمووی دەبێت نەک تەنها بەخشینی زانستەکە، بۆیە کارپێکردنەکەی دەرنەخستوە، بەڵام بە پیتی واوەکە سپاسگوزارییەکەی دەرخستوە. بۆیە دانانی ئایەتەکە بەم شێوەیە دەبێت: (لَقَدْ آتَيْنَا دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ عِلْمًا فَعَملاً به وَقَالَا الْحَمْدُ لِلَّهِ...) واتا (فَعَملاً) بە شاراوەییە. ئەمەی تۆ دەیبینیت لەم

شیکردنەوانەدا قسەیەکی هیچوپووچە، لەبەر ئەوەی:
یەکەم: هیچ دان بەوەدا نانێت کە خودبەستنەوە بە واو دەرخستنی ئەوەیە محەمەد دەستی هەیە لە هێنانی زانست. لەبەر ئەوەی ئەو واوە هیچ واتایەکی نییە جگە لە قسەی ڕەهای کۆکردنەوەی قسەیەک و قسەیەکی پەیوەستی دوای خۆی. ئەم گەیاندن و هەستکردنە لە کوێوە هات و چۆن ڕووی دا؟
دووەم: ئەم شاردنەوەیە واتە لابردنی (معطوف) مەبەست (فعملا به وقالا) زۆر دوورە لە ڕەوانبێژییەوە و بە تەواوی ناگونجێت. هیچ ڕێگەپێدراو نییە و لەو لایەدا ناشکێتەوە و، هەروەها لەبەر نەبوونی هاوشێوەی قسەیەک کە ئەوە پیشان بدات، بەڵام لێرەدا ناشێت و هیچ ڕێگەی تێ ناچێت و هیچ قسەیەکی تێدا نییە کە ئەوە پیشان بدات.
سێیەم: بەم لابردنە ئەو پێشێلکارییەی پینە کردوە بەوەی پیتی فای بۆ وشەیەکی لابراو داناوە و وشەیەکی پەیوەستی دیاری دوای ئەوە بە پەیوەستبوون بە وشەیەکی خەیاڵی لابراوەوە بەستوەتەوە، لێرەدا پێشێلکارییەکی تری دروست کرد، کە لە یەکەم فراوانتر بێت، ئەویش ئەو لابردنەیە کە نابێت و هیچ ڕێبەر و ڕێنوێنییەکی تێدا بە دی ناکرێت. ئەگەر ئەم پێشێلکارییە لە دەرەوەی قورئان بوایە، زەمەخشەری ئەوەندە خۆی سەخڵەت نەکرد بۆ ئەوەی زۆر لە خۆی بکات بۆ ئەم پینەکردنە و نە بە باشیشی دەزانی و نە پێشی ڕازی دەبوو، بەڵکوو دونیایەک ڕەخنە و خەوش و تانەی لێ دەدا و بە شورەیی لە قەڵەم دەدا.
٤ـ لە سورەتی (القصص)دا دەڵێت: {وَلَوْلَا أَنْ تُصِيبَهُمْ مُصِيبَةٌ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ فَيَقُولُوا رَبَّنَا لَوْلَا أَرْسَلْتَ إِلَيْنَا رَسُولًا فَنَتَّبِعَ ءَايَاتِكَ وَنَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ} [القصص: 47]. واتة: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبا توشی موسیبەت بیت بەوەی لە دەستی ئەوان کەوتۆتەوە، دەڵێن خودایە پێغەمبەرێکت بۆ ناردین و دوای نیشانەکانت دەکەوین و دەبین بە باوەڕدار. زەمەخشەری لە (الكشاف) دا دەڵێت: (لولا)ـی یەکەم ئیمتناعیە و وەڵامەکەی لابراوە، واتە وەک ئەوەیە بڵێین: (لولا زيد لهلك عمرو)، واتە: ئەگەر زەید نەبوایە عەمرو لەناودەچوو. دەڵێت: دووەم بۆ هاندانە واتە (لولا)کەی دووەم بە واتە ئێستا دێت و دەڵێت یەکێک لە (فا)کان بۆ (عگف) دێت واتە لە وشەی فیقولوا، دووەمیش وەڵامە بۆ (لولا) کەواتە فای هۆکارەکە کاری داهاتوو دادەنێت و بە نادیاری دەمێنێتەوە ئەگەر ڕەت بکرێتەوە واتە نەفی بکرێت، وەک لە قسەی: ئەگەر خەڵاتی زەید بکەیت، سپاست دەکات. دەڵێت: واتاکەی ئەوەیە ئەگەر ئەوان نەیانگوتایە، ئەگەرلە سەر بێباوەڕی و یاخیبوونی ئەوان سزا بدرابان و پێغەمبەرێکت بۆ بناردابایەن" ناڕازی دەبوون و لەوێدا هیچمان بۆ نەدەناردن.
ئەگەر ئایەتەکە بە تێرامانەوە بخوێنیتەوە و ئینجا تەماشای ئەوە بکەیت کە زەمەخشەری وێنای کردوە، لە واتادا جیاوازییەک و ماوەیەکی فراوان لە نێوانیاندا دەبینیت. کورتەی واتاکەی ئەوەی زەمەخشەری دەیڵێت لەمەدایە: ئەگەر قسەیان نەکردایە لە سەر سزادانیان لە سەر بێباوەڕی. ئەگەر پێغەمبەرێکت بۆ نەناردنایە ئێمە پەیامبەرمان بۆ نەناردن، بەم واتایە دەبێت ناوەخنی هەر دوو ئایەتەکە بەم شێوەیە بێت، ئەگەر نەیانگوتایە؛ ئەگەر ئێمە تووشی موسیبەتێک نەبوینایە لە دەرئەنجامی جێدەستی خۆمان، پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین بۆ ئەوەی دوای ئایەتەکانی تۆ بکەوین و ببین بە باوەڕدار، بەڵام ناوەخنی ئایەتەکە پێچەوانەی ئەمەیە. (لولا)ی یەکەم (امتناعیە) نەهێڵەرە بە خوێندنەوەی واتاکەی کە زەمەخشەری وێنای کردوە، دەبێت بچێتە سەر قسەکە نەک سزاکە، بەڵام لە ئایەتەکەدا کەوتوەتە پێش سزاکە نەک قسەکە. ئەگەر تەماشای ئایەتەکە بکەیت، دەبینیت سزاکە هۆکاری هاتنی پێغەمبەرە. تەماشای قسەی زەمەخشەری بکەیت ئایەتەکە وای لێ دێت: (أي قولهم لولا أرسلت) واتە: قسەی ئەگەر نەتناردبا. هۆکاری هاتنی پەیامەکەیە. ناشارێتەوە چیی وای لە زەمەخشەری کردوە کە لە وێناکردنی واتای ئایەتەکەدا پیچەوانەی کردوەتەوە، بۆ ئاڕاستەکردنی قسەکان لە ئایەتەکە و دەرکردنی واتاکەی بە شێوەیەکی ڕاستورەوان بوە.
وەک دەردەکەوێت زەمەخشەری درکی بەوە کردوە کە کەوتبێتە شڵەژانەوە لەم ئاڕاستە پێچەوانەیەدا. داوای لێبوردنی کردوە و هۆکاری ئەوەی باس کردوە: قسەکە لەوەدایە کە مەبەست لەوەدا، هۆکاری ناردنی پێغەمبەران بێت، بەڵام سزاکە هۆکاری ئەو وتەیە بوە و وای کردوە کە وا ببینرێت، ئەمەیش هۆکاری پەیامەکەیە بە هۆی قسەکانەوە. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەگەر زەمەخشەری ئەم قسەیەی لە دەرەوەی قورئاندا بینیبایە، هیچ دوو دڵێکی لادروست نەبوو بۆ ڕەتکردنەوەی. ئەمە و زەمەخشەری هیچ شتێکی دەربارەی لابردنی وەڵامی (لولا)ی نەهێشتنکاری نەگوتوە، وەڵامەکەی قرتێنراوە، وەک دەڵێت: (لولا أرسلت إلينا رسولاً) وا

نیشان دەدات کە هیچ ڕێگەپێدراو نییە و بە هیچ لایەکیدا ناشکێتەوە، ئەوەیشت زانی کە ڕێگەپێدراوە و بە لایەکدا دەشکێتەوە بۆ لابردن و قرتاندنی وەڵامی (لولا) کە لە هونەری ڕەوانبێژیدا زەرورییە.

٥ـ لە سورەتی (القصص) دا دیسان دەڵێت: {أَرَأَيْتُمْ إنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَدًا إلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِضِيَاءٍ أَفَلَا تَسْمَعُونَ (71) قُلْ أَرَأَيْتُمْ إنْ جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَدًا إلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ} [القصص: 71، 72]. واتە:بینیتان چۆن خودا لێتان دەکات بە هەتاهەتای تاوەکو ڕۆژی قیامەت، کێیە جگە لە خودای روناکیتان بۆ دێنێت، ئایا پرسیار ناکەن. بڵێ ئایا بینیت کە خودا ڕۆژی بەسەرتاندا کردە هەتاهەتایی تاوەکو ڕۆژی قیامەت، جگە لە خودا کێ شیاوی پەرستنە روناتکیتان بۆ دێنێت؟ واتای ئەم دوو ئایەتە وا ئاڕاستە نەکراوە کە مەعقوول و ڕاستورەوان بێت لە گوتاردا. بەوەی کە شەوی تا ڕۆژی قیامەت بە بەردەوامی بێت، جگە لە کوژانەوە و نەهێشتنی خۆر ناکرێت، ئەگەر خۆریش نەهێڵێت سەرجەم جیهانی خۆر بە هەمووی نامێنێت، نە زەوییەکەمان دەمێنێتەوە و نە هیچ هەسارەیەکی جووڵاویش. نە بێباوەڕ و نە باوەڕداریش دەمێنێتەوە تا پێیان بڵێن جگە لە خودا چ ئیلاهێک دەتوانێت ئەم ڕۆشناییەتان بۆ بهێنێت. هەروەها بۆ مانەوەی ڕۆژ بە بەردەوامی و هەتاهەتایی، جگە لە وەستانی زەوی لە جووڵاندنەکانی نابێت و لەو حاڵەتەیشدا ڕۆژ لە بەشێکی بەردەوام دەبێت و شەویش لە بەشەکەی تری بە هەتاهەتایی بەردەوام دەبێت. بێگومان وەستانی زەوی لە خولانەوە هیچ واتایەکی نابێت جگە لەناوچوون و فەنابوون. وا بێت ئیلاهێکی بە دەر لە خودا کە شەوتان بۆ بهێنێت و تێیدا ئارام بگرن چ واتایەکی دەمێنێتەوە. چی پێویست دەکات قسەیەک بنیات بنێین لە سەر ئەگەرێک کە مەحاڵ بێت و وەک شێمانە دای بنێیت، کە زانیمان قودرەتی خودا هیچ پێوەندیی بە مەحاڵەوە نییە و سوننەتی خودا هیچ گۆڕان و ئاڵوگۆڕێک قبوڵ ناکات.

لێرەدا شتێکی تر ماوە ئەوەیە، باشتر بوو ئەگەر لە ئایەتی یەکەمدا بیوتایە چی ئیلاهێک بە دەر لە خودای ئێوە ڕۆژێکتان بۆ دەهێنێت کە تێیدا کاری خۆتان بکەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایەتی دوەمدا بچەسپێت: (من اله غير الله ياتيكم بليل تسكنون فيه)، واتە: جگە لە خودا کێ شەوتان بۆ دێنێت بۆ ئەوەی پشوبدەن. زەمەخشەری لە (الکشاف) داوای لێبوردنی بە شێوەیەک کردوە کە درێژەی پێ نەدەیت.

(79)

6 ـ لە سورەتی (العنکبوت) دا دەڵێت: {قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنْشِئُ النَّشْأَةَ الْآخِرَةَ إنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ} [العنکبوت: 20] واتە: بڵێ لە زەمیندا دەبینن چۆن ئەفراندن دروست بوو، ئینجا خودا ئەو دروستکردنە دەست پیدەکات و تاوەکو کۆتاییەکەی و خودا توانای هەمووو شتێکی هەیە. ئەم دەربڕینەی لە ئایەتەکەدا هاتوە لە واتادا ناڕاستە، بەوەی دەستپێکردنی خەڵق بنیاتنانی یەکەمە، ئەگەر بەوە ویسترا چۆن خەلق دەستی پێ کرد، بۆیە هیچ پێویستییەک لە زانینی ئەوەدا نییە لە سەر زەوی ڕێ بکەی. ئەوان دەزانن کە لە تۆ و لە ئێو منداڵداندا دروست بوون وەک لە قورئاندا بە خۆی باسی چۆنێتیی دروستبوونی کۆرپەلەی کردوە، وەک چۆن تۆ و یان سپێرم دەبێت بە نووساوە و دەبێت بە ژاوین و ژاوینی کرد بە ئێسک و ئێسکیشی بە گۆشت داپۆشی. " ئەمە ڕێزبەندیی قورئانە، ئەگینا زانست بەو شێوەیە ناڵێت ـوـ". ئەگەر بەوە ویستبێتی باس لە چۆنێتیی دروستبوونی باوکە ئادەمیان بکات، ئەمەیش دیسان هیچ پێویست بە گەشتوگوزار و سوورخواردنەوە بە سەر زەوییدا بۆ زانینی ناوێت، ئەوەی بۆت دەردەخات زانستی کنەکردنە کە دەربارەی پاشماوەی ئەندامە کۆنە دەرکراوەکانی زەوی دەکۆڵێتەوە و کە زەوی هەڵدەیتەوە و توێژینەوە و کنەی تێدا بکەیت، بەڵام کتێبە ئاسمانییەکان ئەم هیلاکییەی لە کۆڵ کردووینەتەوە، بە قسەی: ئادەم لە قوڕ خەلق کراوە و لە قاڵبێکی مرۆڤانە کراوەتە پەیکەری زیو و هاوشێوەکانی سەب کراوە، ئینجا فوی ڕۆحی تێدا کراوە و لە سەر قاچەکانی وەستاوە و بوە بە شەریکی دروست، وەک دیسان قورئان وا دەڵێت. ئەگەر بەو قسانەی ویستبێتی باسی چۆنێتیی دەستپێکردنی خەڵق و خەلقبوونی بوونەوەران و لەوانەیش ئەرز و ئاسمان بکات، ئەمەیش بە ڕێڕۆیشتن لە سەر زەوی

ئەمە نازانرێت، ئەگەر بیوتایە: بڵێ تێرامانی ئەوە بکەن کە چۆن خودا خەڵقی دەست پێ کرد، لە جیاتیی ئەوەی بڵێ بە سەر زەویدا بڕۆن، گونجاوتر و ڕەوانتر دەبوو. ئینجا سەرەتای دەستپێکردنی خەڵقی بوونەوەران خودا نەبێت کەس نایزانێت، بەڵام ئەگەر ئێمە تەماشای ئەوە بکەین کە زانست لە سەر دروستبوونی هەندێک بوونەوەری وەک زەوی بڕیاری لە سەر داوە، دەبینین لە دروستبوونیدا لە سەر یاسای سروشتی جێگیری دوور لە ئاڵوگۆڕ هاتوە، بەڵام دروستبوونەکەی تر، وەک قورئان دەڵێت چۆنێتیی دروستبوونی لە دەرەوەی سنوری سونەتی خودایە لە خەڵقدا، لەبەر ئەوەی خەڵک لە ڕۆژی ژیانەوەدا لە گۆڕەکانیان هەڵدەستنەوە و تەپوتۆزیان بە سەرەوەیە و خۆیان دەتەکێننەوە، بەم پێیە وەک پێوەرێک بێت بە ڕوودانی یەکەم، بێ توانا دەردەچن، قسەی لەم جۆرە لە سەر ئەم کارە، سەرچاوەکەی؛ کاڵفامییە لە بینین و ساکارییە لە بیرکردنەوەدا، لەبەر ئەوەی قودرەتی خودا هیچ بە مەحاڵەوە نەبەستراوەتەوە، مەحاڵ هیچ شتێک نییە جگە لەوەی لە دەرەوەی سنوری سونەتی خودا لە خەلقەکەیدا بێت .و سونەتی خودا ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی قبوڵ ناکات

٧ـ لە سورەتی (العنکبوت) دا دیسان دەڵێت: {وَمَا أَنْتُمْ بِمُعْجِزِينَ فِى الْأَرْضِ وَلا فِى السَّمَاو وَمَا لَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ مِنْ وَلِىّ وَلا نَصِير} [العنكبوت: 22]. واتە:لە ئەرز و ئاسمان بن ناتوانن خۆتان رزگار بکەن، جگە لە خودا کەس ناتوانێت هاریکاریتان بکات. ئەم ئایەتە دەربڕینەکەی پێویستی بە هەندێک چاکسازی هەیە. لەبەر ئەوەی بەرەورووی خەڵکێک قسە دەکات کە لە سەر زەوی دەژین و دەمرن، (ولا فی السماء) چ واتایەکی هەیە، دەبوایە بڵێت: (ولا من فی السماء) واتە نە ئێوە و نە ئەوانیش لە ئاسماندا لە خودا یاخی نابن، واتە لە حکوم و قەزای ئەو دەرناچن ئەگەر ڕا بکەن. بەڵێ، واتاکەی بە هەندێک گۆڕانکاری و فەرز و خەملاندن ڕاست دەبێتەوە. ئەوەی ویستراپێت لە ئاسمانیش نەبێت ئەگەر وا دابنێین ئێوە تێدا بوایەن، یان بگوترێت: ئاسمان لێرەدا تەلارە بەرزەکان و شوێنە زۆر باڵایانەن کە بەرەو ئاسمان بەرز کراونەتەوە. هەموو ئەم فەرز و خەملاندنانە لە ڕەوانبێژی و تۆکمەیی زمانەوانی و واتاکەی دەدات، باشتر وا بوو بڵێت .(ولا من فی السماء) ئەمە قسەیەکی ڕاستترە

٨ـ لە سورەتی (الروم)دا دەڵێت: {ضَرَبَ لَكُمْ مَثَلًا مِنْ أَنْفُسِكُمْ هَلْ لَكُمْ مِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ شُرَكَاوَ فِى مَا رَزَقْنَاكُمْ فَأَنْتُمْ فِيهِ سَوَاوٌ تَخَافُونَهُمْ كَخِيفَتِكُمْ أَنْفُسَكُمْ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْىَيَاتِ لِقَوْمِ يَعْقِلُونَ} [الروم: 28]. واتە: مەسەلێکی لە خۆتان بۆ هێنایەوە: ئاخۆ ئێوە لەو بژێویەی لە ئێمەوە پێتان گەیشتووە کەلەو موڵکی ئیمانە دەکەن بە هاوبش لەوەی خودا رۆزی داون ئێوە تێدان ئەگەر لێیان بترسن وەکو ترسی خۆتان بەو شێوە نیشانەکان دادەنێین بۆ قەومێك عاقل بن. ئەو واتایەی لە ئەم ئایەتەدا ویستراوە، ئەوە نییە لە بیرتدا دروست بێت، کە بۆ یەکەم جار دەیخوێنیتەوە، ئینجا بۆ دوەم و سێیەم جار دەگەڕێیتەوە بۆ خوێندنەوەی، ئینجا تێرامانێک لە واتاکەی دەکەیت و بیری لێ دەکەیتەوە، دەیبەیت و دەیهێنیت لە وێناکردنی خەیاڵی خۆتدا، پاش ئەم هیلاکبوونە ئینجا تروسکاییەک لە واتاکەی لە بیرکردنتدا وەک تروسکاییەکی ڕۆشنایی هەورە بروسکەیەکی شەوەزەنگدا بۆت دەردەکەوێت. با باسی واتا ڕاستەکەیت بۆ بکەین. ئەوەی زانراوە پێباوەڕان بە بتەکانیان هاوبەشی بۆ خودا دادەنێن، لەمەدا نموونەی بۆ هێناوەتەوە، ویستویەتی لەمەدا پێیان بڵێت: ئایا بۆ خۆتان ڕازی دەبن کە کۆیلەکانتان هاوبەشتان بن لە پارەکانتاندا و ئێوە و ئەوان وەک یەک بن؟ کە دەترسن مامەڵەی پێ بکەن، وەک چۆن ئێوە لە یەکتر دەترسن، ئەوەیە واتای ویستراوی ئەم ئایەتە، وێنای بکە و ئینجا بیخەرە سەر ئایەتەکەی قورئان بە باشی بەراوردی بکە. بێگومان هێمای پرسیاری بۆ ڕەتکردنەوەیە لە جێگەی ڕازی نەبوون دانراوە. واتاکەی بە خۆتان ڕازی نابن کە کۆیلەکانتان هاوبەشیتان بکەن، چۆن بەوە ڕازی دەبن کە خودای خوداکان لەگەڵ هەندێک لە کۆیلەکانیدا هاوبەش بێت. لە ئایەتەکەدا سێ "من" هەیە، یەکەمیان بۆ دەستپێکردن، دوەمیان بۆ بەشێک دانان و سێیەمیان بۆ جەختکردن لە ڕەتکردنەوە خراوەتە سەر، کە لە پرسیارکردنەکەدا هێنراوە. ئەگەر لە جیاتیی دوەم (فی) دانرایایە و (لکم)ی بۆ دانرایایە بۆ نموونە لە پاش (شرکاء) وای لێ دەهات: (ضَرَبَ لَكُمْ مَثَلًا مِنْ أَنْفُسِكُمْ هَلْ فى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ شُرَكَاوَ فِيمَا رَزَقْنَاكُمْ فَأَنْتُمْ فِيهِ سَوَاوٌ) واتاکەی ڕاست دەبووەوە و هەندێک ڕوون دەبووەوە. ئەگینا واتاکەی ئاڵۆزە نەگران و نە .هەرزانیشە. واتاکەی بە قسەی خۆمان؛ هەر چەند شیرین کەلامە، نە ناخۆشیە و نەش بەتامە

٩ـ لە سورەتی (الملائکە) دا هاتوە: {وَمَا يَسْتَوِى الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ (19) وَلا الظُّلُمَاتُ وَلا النُّورُ (20) وَلا الظِّلُّ وَلا الْحَرُورُ (21) وَمَا يَسْتَوِى الْأَحْيَاوُ وَلا الْأَمْوَاتُ إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَنْ يَشَاوُ وَمَا أَنْتَ

بمُسْمِعٍ مَنْ فِی الْقُبُورِ} [فاطر: 19 - 22]. واتە: کوێر وچاو ساغ وەکو یەك نین و تاریکی و روناکی وەکو یك نین و بەر سێبەر و هەتاویش وەکو یەك نین و گیانلەبەران و بێگیانەکانیش وەکو یەك نین و هاو وێنە نین. خودا حەز دەکا کە هە رکەس لە گۆردا ببیستێت. لەم ئایەتەدا (لا) بە ڕەسەنایەتی و بەخستنەسەر واتە هێماکان هاتوە، باشتر بوو ئەگەر هێماکان نەبوایە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە زیادە لە قەڵەم نەدرایە واتاکەی تێک دەدا. لەبەر ئەوەی یەکسانبوون لە نێوان دوو شت و زیاتردا نەبێت نابێت و، لە یەک شتدا نابێت. ئەگەر بڵێیت: ڕەزیل و بەخشندە وەک یەک نین ئەمە واتای ئەوەیە کە هەر یەکەیان لە یەکترەوە دوورن و یەکسان نابن و نابێت دووبارە بکرێتەوە و بڵێین نە ڕەزیلی یەکسان دەبێت نە بەخشندەیی. لەبەر ئەوەی ئەگەر دووبارە کرایەوە پاش ڕەتکردنەوەی پێشەکەی کە دەکەوێتە سەری، واتە لە کاتی ڕەتکردنەوەکەدا کە لەگەڵ پێشەوەیدا دیسان دووبارە دەبێتەوە، قسەکەت وای لێ دێت کە ڕەزیلی یەکسان نابێت و بەخشندەیی یەکسان نابێت. واتە یەکسانبوونەکە لە نێوان یەک شتدا دەبێت و ئەمەیش واتاکەی تێک دەدات، مەگەر (لا)ی دوەم بە دووبارە و زیاد و ناڕەسەن لە قەڵەم بدرێت، کە بۆ جەختکردنەوە لە دەستکردنەوەی ئەو (لا)یەی لە پێش خۆیدا هاتوە، دابنرێت. بەڵام ئەوەی لە پێشترە کە لەم پێگەیەدا زیادە وەلا بنرێت بۆ ئەوەی لە زانینی واتاکەیدا تێکت نەدات.

ئەم ئایەتەی باس کرا لە سەرەتادا گوتی: (وَمَا يَسْتَوِی الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ) نەیگوت (ولا بصير) واتە (لا)ی جەختکردنەوە لە سەر ڕەتکردنەوەی بۆ زیاد نەکرد. ئینجا ویستی ئەوەندەی تری بخاتە پاڵ لە سەروی ئەوەیشەوە گوتی: (وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ) باشتر بوو ئەگەر بیوتایە (وَلَا الظُّلُمَاتُ وَ النُّورُ) لەبەر ئەوەی دەیەوێت بڵێت یەکسانی لە نێوان تاریکی و ڕووناکی نییە. ئینجا ویستی زیاتری بخاتە پاڵ جەختکردنەوەکە و گوتی: (وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ) واتە نە سێبەر و نەتاوی گەرمایش وەک یەک نین. باشتر وا بوو بڵێت: (وَلَا الظِّلُّ وَالْحَرُورُ) بۆ ڕەتکردنەوەی یەکسانی لە نێوانیاندا، ئینجا ویستی شتێکی زیاتر بخاتە پاڵیان و گوتی: (وَمَا يَسْتَوِی الْأَحْيَاءُ وَلَا الْأَمْوَاتُ) واتە گیانداران و بێگیانیش هاو وێنە نین، وەک چۆن لە سەرەتادا گوتی کوێر و چاوساغ وەکو یەک نین (وَمَا يَسْتَوِی الْأَعْمَى وَالْبَصِيرِ).

١٠ــ لە سورەتی (یس)دا دەڵێت: {لَا الشَّمْسُ يَنْبَغِی لَهَا أَنْ تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِی فَلَكٍ يَسْبَحُونَ} [یس: 40] واتە: نەخۆر توانای هەیە بگانە مانگ. نە شەو وەپێش ڕۆژ دەکەوێت و هەموویان لە ئاسمانێك مەلە جەکەن. پێشتر باسمان کرد: ڕەوانبێژی لە ڕاستوڕەوان گەییشتنە و، تێگەییشتن یەکەم مەرجە لە مەرجەکانی ڕەوانبێژی. ئەگەر قسەکە هیچ واتایەکی ڕوونی نەبەخشی و نەگات، لە ڕەوانبێژییەوە دوور دەبێت. واتا لەم ئایەتەدا لە پشت پەردەیەکی نادیار شارراوەتەوە، لەبەر ئەوەی دەرپرینەکەی پاراو و وشەکانی سازگار و خاراوە و پێکهاتەکەی تەبایە و لە هەموو ئاڵۆزی و قورسییەک بە دەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا سەختە واتاکەی لێ دەربکەیت کە دەروونت لێی دڵنیا بێت و مێشکت جێگیر بێت، لە چ شتێکدا خۆر ناگات بە مانگ؟ ئەگەر لەوەدا وا ویسترابێت، کە لە هەڵهاتندا خۆر ناگات بە مانگ لەبەر ئەوەی لە شەودا هەڵدێت و ئەو لە ڕۆژدا هەڵدێت، بەڵام واقیع لەگەڵ ئەمەدا ناکۆکە. لەبەر ئەوەی لە کاتی هەڵهاتنی مانگدا لەگەڵ خۆردا هەڵدیت، یان پێش ئەو یان پاش ئەو بە کەمێک. واتە لەو کاتەی هەڵهاتنیدا خۆر دەگات پێی دا. ئەگینا مەگەر مەبەستی لە ئاوابووندا نایگاتێ بێت. مانگ لە شەوانی چواردەدا لە کاتی هەڵهاتنی خۆر یان پاش ئەو بە کەمێک ئاوا دەبێت، واتە لە خۆرئاوابووندا دەیگاتێ.

یان لەوانەیە مەبەست ئەوە بێت خۆر لە خولخواردنەوەی هەسارەییدا نەگات بە مانگ، زانایانی فەلەک دەڵێن. مانگ دوو خولی هەیە ئەستێرەیی و هاوشانی. دەڵێن: خولە هەسارەییەکەی لە ڕێکردنی بە ئاشکرا لە نێوان ئەستێرە لە چاو جێگیرەکان دیارە بەرەو خۆرهەڵات دەڕوات لە نێو کۆمەڵە ئەستێرەیەکدا بۆ ئەوی تر، وەک جووڵانەوەی خۆر لە نێوان ئەستێرەکاندا لە خولی ساڵانەیدا دەڕوات. " ئەم زانیارییانە بۆ ساڵەکانی دەیەی سێیەمی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، ئێستا لە سەر جوڵەی ئەستێرەکان شتی نوێ باس دەکرێت ــ وـ".

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، ئەگەر ئێمە لە شەوێک لە شەوەکان مانگمان لە تەنیشت ئەستێرەیەکی جێگیری دیاریکراوی ناسراودا بینی و بۆ شەوی دوەم تەماشامان کرد، دەبینین ماوەیەکی هەستپێکراو بەرەو خۆرهەڵات و بە نزیکەیی سیانزە پلە لێی دوور کەوتوەتەوە. ئاوها شەو لە دوای شەو مانگ لە ڕێکردنی بەردەوام دەبێت، تا بە دەوری ئاسماندا خول دەخواتەوە و

بۆ ماوەی بیستوحەوت ڕۆژ و سێیەکی ڕۆژێک دەگەڕێتەوە ئەو خاڵەی کە لەوێوە جوڵەکەی دەست پێ کردوە. ئەمەش پێی دەتورێت مانگی هەسارەی هەیڤ؛ واتە، مانگ لە خولی خۆیدا لە ماوەی مانگێکی هەسارەییدا ئاسمان تەی دەکات. خۆر ناتوانێت لە ساڵێک کەمتر ئەو کارە بکات وەک لە سەر خۆر و خولە ساڵانەکەی باس دەکەن.
لەوانەیە ئەوەی خۆر ناگاتە مانگ ئەم مەبەستەیان بووبێت، بەڵام خولی مانگی هەسارەیی هیچ حەقیقەتێکی نییە، هەر چەند جووڵانەوەیەکی ڕووکەشی خولانەوەی مانگە بە دەروی زەویدا، هەروەها خولی ساڵانەی خۆر دیسان هیچ حەقیقەتێکی نییە و ئەمیش لە دەرئەنجامی ڕووکەشییانەی خولخواردنی زەوییە کە بە دەوری خۆردا دەبینرێت.
ئەگینا لە جووڵانەوەیدا، خێرایی خۆر لە چرکەیەکدا بیست میل دەبڕێت، وەک زانایانی فەلەک باسی دەکەن، لەبەر ئەوەی خۆر هەسارە و کلکدار و شوهبەکانی لە دەوروبەردا هەیە و، بەم خێراییە دەڕوات چارەنووسی نەمان و هەڵوەشانەوەیە.
لەگەڵ ئەوەی مانگ لە خولانەوەی بە دەوری خۆیدا، ئەگەر بە پێچەوانەی ئایەتەکە باسی بکەیت ڕاست دەردەچێت. واتە ئەگەر بڵێیت مانگ ناگات بە خۆر ڕاستە، بەوەی مانگ خولێکی هاوشێوەی ئەوانی تری هەیە، جگە لە خولە هەسارەیییەکەی وەک لە زانستی فەلەک دانی پێدا نراوە. خولی پێکەوەیی ئەو ماوەیە دەگەیەنێت لە نێوان دوو پێکەوە سووڕاندنی مانگ و خۆر، پێکەوەیی بەو واتایەی کە مانگ لە ناوەڕاستی زەوی و خۆردا بێت. لە حاڵەتی تاریکە شەویدا، واتە لایە تاریکەکەی بە ڕووی زەویدا دەبێت" ئەم ماوەیە بە مانگی هەیقی دەگوترێت (شهر القمری) بە نزیکەیی دوو ڕۆژ لە مانگی ئەستێرەیی زیاترە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەڵێین: با وا دابنێین مانگ هاوجووت بوو لەگەڵ خۆردا " واتە لە تاریکەشەویدا بووین " لە شوێنێکی دیاریکراوی نێوان ئەستێرە جێگیرەکان، پاش ئەوەی خولە هەسارەیییەکەی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی پێشتر تێیدا بوە، بەم خولەی یەک مانگی ئەستێرەیی تەواوی کۆتایی پێ دەهێنێت، بەڵام کە بۆ شوێنەکەی پێشووتری دەگەڕێتەوە ڕێکەوتی خۆر ناکات واتە ناکەوێتە هاوجووتییەوە، لەبەر ئەوەی خۆر لەم ماوەیەدا بە دوورایی ١/١٢ ی ئەو جوڵە ڕووکەشە فەلەکییەی نێوان ئەستێرەکان دەبڕێت. وا حکوم دەکات کە مانگ دوو ڕۆژی تر لە نێوان ئەستێرەکاندا بڕوات لە سەرووی ڕێکردنەکەی خۆیەوە تا بگاتە خۆر و هاوجووتی دروست بێت. گوتیان لێرەوە جیاوازیی نێوان مانگی هەسارەیی و مانگی هاوجووتی دروست دەبێت. بە تەماشاکردنی ئەمە ئەگەر بڵێیت مانگ ناگات بە خۆر ڕاستە. واتە بە پێچەوانەی ئایەتەکەوە.
بەم شێوەیە دەتوانین لە سەر بەشی یەکەمی ئایەتەکە قسە بکەین، بەڵام بەشی دووەمی واتە کەرتی دووەمی کە شەو پێش ڕۆژ ناکەوێت و لە خۆر دەگرێت. قسەیەکی ڕاستە و واتاکەی ڕەوانە، لەبەر ئەوەی شەو و ڕۆژ هەر دووکیان لە یەک سەرچاوە پێک دێن کە تیشکی خۆر و نەبوونی ئەو تیشکەیە، ڕۆژبوونی تیشکی خۆر کە زەوی پێ ڕووناک دەکاتەوە و لە کاتی هەڵهاتنیدا، شەویش نەمانی ڕووناکیی خۆرە لە سەر ڕووی زەوی پاش ئاوابوونی. لە هەر کات و شوێنێکدا ڕووناکییەکە نەما تاریکی بە دوایدا دێت و جێگەی دەگرێتەوە و نە پێشی دەکەوێت نە لێیشی دەپەڕێتەوە. لەبەر ئەوەی تاریکیی واتە نەبوونی تیشک. ئەگەر پێشی بکەوێت واتە بوونی شتێک لە هەمان کاتدا هەبێت و نەبێت. ئەمەیش مەحاڵە، ئەمەیە واتای کەرتی دووەمی ئایەتەکە کە واتاکەی ڕاستە.
ئێمە لە سەر کەرتی یەکەمی ئایەتەکە ڕایەکی ترمان هەیە، ئەویش ئەوەیە بە شێوەیەکی هاکەزایی خۆر لەوێدا بە واتای ڕۆژ دێت و مانگ بە واتای شەو دێت، لەوێدا ئەگەر بڵێین: ڕۆژ ناگات بە شەودا واتە پێشی ناکەوێت و ناپەڕێنێتەوە ڕاست دەردەچێت، ئەوەی لە کەرتی یەکەمدا ویستراوە پێچەوانەی واتای کەرتی دووەمە، وەک ئەوەی بڵێین نە ڕۆژ دەشێت بگات بە شەو نە شەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت. بە دەرخستنی واتاکەی نە ڕۆژ پێش شەو دەکەوێت و نە شەویش پێش ڕۆژ. کەرتی دوەم پێچەوانەی کەرتی یەکەمە، بەڵام لە یەکەمدا بە شێوەیەکی هاکەزایی ڕۆژی بە خۆر ناو بردوە و شەویش بە مانگ، بەڵام ئەو قسەیەی (كُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ)هەر یەکەو لە شوێنێکدا؛ (واتە فەلەکێکدا مەلەدەکەن) ی لە سەر ئەمە داناوە.
ئەمەیش وا دەسەلمێنێت کە ناوی خۆر و مانگ لە ئایەتەکان بۆ خۆیان بە کار هاتوە لە هەمان واتای حەقیقی خۆیاندایە نەک هاکەزایی و لە جیاتیی شتی تر. لەبەر ئەوەی شەو و ڕۆژ لە فەلەک و فەزادا ناجووڵێنەوە، بەڵام لەوانەیە بۆ لابردنی کێشە بگوترێت خوولانەوە و جوڵەی بۆشاییی ئاسمانی خستوونەتە پاڵ، بە پشتبەستن بە لەفزەکەیان نەک بە واتای هاکەزاییی

خۆیان، هیچ تاوان نییە کە ئایەتەکە لە ڕووکەشدا لەگەڵ ڕەوانبێژیدا یەک ناگرێتەوە، ئێمەیش بە دەموچاوێکی ڕووکەشی خەندەلێوەوە باسی دەکەین.
١١ــ لە سورەتی (المائدە) ئایەتی (الوچوو) دەستنوێژ: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ} [المائدە: 6]. واتە: ئەی بلوەرداران گەر ویستان نوێژ بکەن دەم وچاوتن دەستەکانتان هەتا سەر ئەنیشك بشۆن و دەتتان بەتەر بماڵن بەسەرتاندا و پێکانیشتان تا هەردووگوێزینگ بشۆرن. ئەم ئایەتە بۆ دەرخستنی حکومی ئەرکێک لە ئەرکەکانی شەرع و عیبادەت هات، دەبوایە خوداپەرستی بە دەقێکی توندوتۆڵ و ڕوون و هەڵنەگری ئەگەر و شیمانە بهاتایە، بۆ ئەوەی ئەوانەی لە سەریان فەرز کراوە بیانبینیایە و ڕێگەی بەجێهێنانیان لە خوداپەرستیدا ڕوون بوایە. ئایەتەکە بە دەرپرینێکی شڵەژاوەوە لەگەڵ ئەو ئامانجەدا بە تەواوی ناکۆکە. هیچ شاراوە نییە کە لە جیاکەرەوەکانی ڕەوانبێژی ئەوەیە کە دەبێت قسەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێگە و شوێنەکەدا. بێگومان حاڵی ڕوونکردنەوەی حکومی شەرع وا فەرز دەکات کە دەرپرینەکە توند و پاراو بێت، بەڵام ئەم ئایەتە بە پێچەوانەی ئەوەوە هاتوە.
لەم ئایەتەدا دوو خوێندنەوەی ناسراو هەیە یەکێکیان (أرجلکم) دەخاتە سەر (برؤوسکم) و ڕێرەوی ئایەتەکە لەگەڵ ئەمەدا گونجاوە و وا فەرز دەکات کە قاچەکانیش وەک سەر بسڕێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر مەبەست شۆردنی قاچەکان بوایە نەک سڕینیان باسکردنی و هێنانی وشەکە نەدەکەوتە پشت سڕینی سەرەکە و بە شێوەیەکی (مجرور) بە هێمای ژێر پیت، نەدەخوێنرایەوە بەڵکوو لە پاش دەموچاو و دەست دادەنرا و دەیگوت: (اغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ) دواخستنی قاچشتن خستنەسەر سەر و، بەو شێوەیە خوێندنەوەی زۆر ڕاشکاو و ڕوونە کە ئەوەی ویستراوە سڕینە نەک شۆردن. هیچ شتێک لە دەرپرینەکەدا نیشانەی شۆردن نییە جگە لەوەی دەڵێت تا پاژنە. لەبەر ئەوەی تا ئەو شوێنە و سڕینەوە تاوەکووی لەگەڵدا نییە وەک هەندێکیان دەڵێن و ئەوەی تا و تا ئەو شوێنە لەگەڵ شۆردندا دەبێت.
ئەم قسەیان هیچ چەسپاو نییە، بەڵکوو ڕاستییەکەی سڕینەوەیش تاوەکووی تێدایە واتە دەشێت بگوترێت تا پاژنەی بسڕنەوە. بە ڕای ئەوان تا وا حکوم دەکات کە شۆردن بێت واتە شتنە نەک سڕینەوە، سەرەڕای ئەوەی لە پاش سڕینەوەی سەر دیاری کراوە. تۆ لەوەدا دەیبینیت کە لە ڕووی ئیعرابی و هێمادانانەوە هاوشێوەی (برؤوسکم) دەخوێنرێتەوە، واتە سڕینەوەیە نەک شتن، ئەمەیش ناکرێت بە سەریدا باز بدەین بە پێی هیچ بۆچوونێک نە عورفی و نەفیقهی و نە زانایان و پێگەییشتوانیش، هیچ بەڵگەیەک لە دەرخستنی دەقەکەدا نییە.
بەڵام خوێندنەوەی دوەم بە پێی ئیعراب لەگەڵ دەستدا دای دەنێن، بەو پێیە قاچ دەبێت بشۆررێت، بەڵام نازانم ئایا ڕەوانبێژییەکە وایە کە قاچەکە لەگەڵ دەستدا بشۆررێت و لە دەقەکەدا لە پاش سڕینەوەی سەردا دابنرێت و، تا قسەکە بەم شێوەیە لە ڕووی ڕەوانییەوە بێتە سەرسوڕهێنەرێک لە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕەوانبێژی. ئەی چی دەبێت کە لە دەرئەنجامی دواخستنی ئەم وشەیە، کە ڕەوانبێژی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوەی نییە، هیچی لێ نەکەوتەوە جگە لە دابەشبوونی موسوڵمانان لە کاروباری خوداپەرستیاندا بۆ دوو تیمی جیاواز، لە حکوومێک کە نابێت تەنانەت لە نێو نابینایانیشدا جیاوازییان لە سەر هەبێت. زۆر سەرسوڕهێنەرە کە پێغەمبەر لە کاتی نوێژکردندا قاچەکانی شتوە، بەڵام زۆر جاری کە گۆرەوی لە پێ بوە و لە سەرییەوە سڕیوێتی نەک دای بکەنێت و بیشوات. نازانم ئەوە چییە بواری بداتێ کە لە سەر گۆرەوییەوە قاچی بسڕیت و باسکردنی قاچ شتنی بۆ دوای سەر سڕین داناوە، لەگەڵ ئەوەدا سڕینی قاچ بە سەر گۆرەوییەوە حکومێکی ترە و وا فەرز دەکات بە دەرپرینێکی تر ڕوون بکرێتەوە و باس بکرێت.
ئێستاکە باسمان کرد: لە پاش سەر و بەو ئیعرابەوە وا حکوم دەکات کە بسڕێت نەک بشۆررێت، بەڵام هەندێکیان دەڵێن: دەبێت بشۆررێت لەگەڵ ئەوەیشدا لە ڕووی زمانەوانیدا پاشکۆی سڕینی سەرەکەیش بێت، دەڵێن: لەبەر دراوسێیەتی بە هەمان ئیعرابدا هاتوە نەک لەگەڵ سەردا حسابی بۆ بکرێت و ئەمەیش زۆر سەرسوڕهێنەرە. جێگای خۆیەتی لێرەدا باسی حیکایەتی دوو پیاوەکە لە سەر بزنەکە بکەین، هەر دووکیان تارماییەکیان لە دوورەوە بینی و جیاواز بوون لە سەر ئەوەی کە چییە، یەکێکیان گوتبووی بزنە و ئەوی تر گوتبووی مەلە،

مشتومڕێکی گەرمیان کردبوو بۆ سەلماندنی قسەکانیان و لەو کاتەدا کە گەرم بوون تارماییە بینراوەکە فڕیبوو ئەوەیش سەلماندی کە تارماییەکە مەلێکە، گوتی تەماشاکە ئەها فڕی، هاوڕێکەی گوتی بزنە ئەگەر بیشفڕێت. ئەوەی دەڵێت دەبێت قاچ بشۆڕرێت بەوەی لە ئیعرابیشدا وەک سەر دەکرێت ئەم وتەیەی لە سەر دەسەپێت "بزنە ئەگەر بشفڕێت"، ئەمەیش قسەی زەمەخشەرییە لە (الکشاف)دا دەڵێت: ئەگەر بڵێیت لە ئیعرابدا ژێر وشەی تێدایە وەک سەر و حکوومەکەی سڕینە؟ دەڵێم: قاچ لەو سێ ئەندامەیە کە دەشۆرێت و ئاو دەکرێت پێی دا، ئەمەیش لەبەر شک و دەستبڵاوی و ڕەخنەلێگیراوی ڕەت کرایەوە، خرایە سەر چوارەمی بۆ سڕین، بەڵام بۆ دەستپێوەگرتن بە ئاوەوە، بۆیە گوتی تا پاژنە، ئامانجەکەی پێکاوە، بۆ ئەوەی هەر کەسێک وا بزانێت سڕینە، لەبەر ئەوەی سڕین هیچ ئامانجێکی لە شەریعەتدا نییە.

دەڵێین: هەندێکیان دەڵێن قاچەکان دەشۆرێن، ئەگەر هێمای ژێر وشەی تێدا بێت بە هەمان وشەی پێشەوەی نەک بە پەیوەستبوون بە سەرەوە. بەڵام زەمەخشەری قورەکەی خەستتر کردوە و، بەڵکوو شتی زۆر نامۆ و سەرسوڕهێنەری خستوەتە سەر، گوتوویەتی قاچ خرایە سەر چوارەم دانە کە سەرە، واتە بە شێوەی (عطف) هەر چەند ژێروشەی تێدا بێت کە ئەمەیش لە ئیعرابدا نەشیاوە، نەک بۆ ئەوەی بسڕێت بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئاگادار بن بۆ دەستپێوەگرتنی ئاو کردنە سەری. قاچ ژێروشەی تێدایە و لە (عطف)دا بە ژێروشەیی دەخوێنرێتەوە کە بۆ سەر دەگەڕێتەوە و حکومەکەی سڕینە، ئەمە قسەی زەمەخشەرییە و دەڵێت لەگەڵ ئەوەیشدا ناسڕێت بەڵکوو دەشۆررێت. ئایا حەق نییە بە قسەکەی زەمەخشەری بڵێین: بزنە ئەگەر بشفڕێت؟ بەڵام بەڵگەهێنانەوە و سەلماندنی ئەوەی شۆردنە بە خوێندنەوەی ژێروشەیی بە قسەی: "تاوەکوو پاژنەکان" کە ئەمە ئامانجە بۆ گومان نەهێشتن ئەوانەی وای دادەنێن کە حکومی سڕینە، لە پێناو ئاماژە و سەرنجدان واز لە دەق ناهێنرێت. لەگەڵ ئەوەی ئێمە دان بەوەدا نانێین کە سڕین هیچ ئامانجی نییە، ئامانجیش وەک لە شۆردن هەیە هەروەها لە سڕینیش هەیە، چ شتێکی لە تێگەییشتن بەدەرە کە بڵێیت قاچتان تا پاژنە بشۆن. شۆردن و سڕین یەک شتن، سڕینیش جگە کە شۆردنێکی سوک و کەم هیچی تر نییە. بۆچی دەبێت شۆردنەکان ئامانجی هەبێت و سڕین نەیبێت؟ بەڵێ، لە ئایەتی دەستنوێژدا ئامانجی سڕینەوەی سەر نییە و بە سرینەوەی بە شتێک وەستاوە، بۆیە پیتی (باو)ی نووساندوە بە سەرەوە لە وشەکەدا، بەڵام نەبوونی ئامانج لە سڕینی سەر وا فەرز ناکات کە سڕینی غەیری سەر جایز نەبێت.

ئەگەر بڵێیت: پێغەمبەر هەمیشە لە دەستنوێژگرتندا هەر دوو قاچی شتوە جگە لەو کاتانەی گۆرەوی لە پێدا بوە و هەندێك جار لە سەرووەوە سڕیویەتی، ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە حکومی سەر قاچەکان شتنە تەنانەت ئەگەر ژێروشەیشی لەگەڵ بێت؟ دەڵێم کردەوەی پێغەمبەر لە دەستنوێژدا شتێکە و قسەکانی لە ئایەتی دەستنوێژدا شتێکی ترە.

ئێمە لێرەدا قسە لە سەر ڕەوانبێژیی قورئان دەکەین نەک لە سەر کردەوەی پێغەمبەران. ئەوەی دەیبینین کە بە خوێندنەوەی دەقەکە بۆت دەردەکەوێت، کە ئایەتی دەستنوێژ دوورە لە سنوری ڕەوانبێژییەوە، لەبەر ئەوەی لە نێوان دوو وشەی لە سەر یەک وەستاو و بەستراو واتە (معگوف)بن بۆ یەک بە وشەیەکی جیاواز لە فەرز و حکومی ئەوان جیا دەکاتەوە، لێرەدا لاوازی لە نووسین و شپرزەیی لە قسەدا دەردەکەوێت، ئەمەیش کاری ڕەوانبێژیی نییە. کێ لەوەدا بۆمان دەسەلمێنێت کە خوێندنەوەی سەر وشەی دابنرێت خوێندنەوەکان سازاندن نییە وەک دەڵێن، بەڵکوو قورئانیان بە واتاکەیەوە خوێندوەتەوە لەفزەکەیان گۆڕیوە و ئاڵوگۆڕیان تێدا کردوە، هەر شتێک واتاکەی پێی ڕاست دەربچێت ئەوە دەبێت بە قورئان لای ئەوان، وەک لە کاتی قسەکردنی لە سەر زۆری خوێندنەوەکان لە قورئاندا باسی دەکەین.

خودا (الشعبی) ببورێت کە لە ناو زانایانی موسوڵماناندا لە ڕاستکردنەوەی ڕاکان بە جوانی دەرکەوت، دەڵێت: قورئان بە سڕین دابەزاندوە و شۆردن سوننەتە. ئەمەیش بە گیانی ئەو خودایە قسەیەکی یەکلاکەرەوەیە. (الشعبی) نازناوی بە ناوی (شعب)ەوە بوە کە گەڕەکێکی هەمەدان بوە، ناوی (عَامِرُ بنُ شَرَاحِيْلِ بن عَبْدِ بن ژی كِبَار وَژُوْ كِبَار)، هەمەدان عەشیرەتێکە لە یەمەن. شەعبی یەکێک بوە لە شوێنکەوتوانی ئایین و لە خەڵکانی گەورە و بەڕێز بوە.

ئیبن عەینییە دەڵێت: ئیبن عومەر چوو بۆ لای ئەلشەعبی کە قسەی لە سەر کاروباری ئایین کردوە، گوتی قەومێکم بینی کە ئەو لە من زیاتر لێی دەزانێت. ئەلزەهری دەڵێت: زانایان چوار

دانەن. ئیبن ئەلموسەیب لە مەدینە، ئەلشەعبی لە کوفە، ئەلحەسەن ئەلبەسری لە بەسرە و مەکحول لە شام. ئەلشەعبی لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا لە دایک بوە. لە ساڵی سەتوچوار و لە تەمەنی شەستودوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە، وەک لە کتێبی (سبل الإسلام)دا هاتوە.
١٢ــ لە سورەتی (الانعام)دا هاتوە: {وَلَوْ أَنَّنَا نَزَّلْنَا إِلَيْهِمُ الْمَلَائِكَةَ وَكَلَّمَهُمُ الْمَوْتَىٰ وَحَشَرْنَا عَلَيْهِمْ كُلَّ شَيْءٍ قُبُلًا مَا كَانُوا لِيُؤْمِنُوا إِلَّا أَنْ يَشَاءَ اللَّهُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ يَجْهَلُونَ} [الانعام: 111]. واتە: ئەگەر ئێمە پەریمان بۆدابەزاندن و قسەیان لەگەڵدا بکاردایە و هەموو شتمان لە رووی ئەواندا کۆبکردایەتەوە. ئینجا باوەریان نەدەهێنا جگە لەوەی خودا مەیلی لێبایە، بەڵام زۆربەیان نەزان بوون. ئەم ئایەتە ڕاشکاوە لەوەی کە باوەڕ و ڕێ ڕاست گرتن بە ناڕوونی پێغەمبەران و دابەزاندنی کتێب لە ئاسمان و بە پەرچەکردار و شتی ناباو نایەتە دی، بەڵکوو بە شتێک دێتە دی ئەویش ویستی خودایە. ئەگەر خودا بیەوێت ڕێگەی پیشان بدات و هیدایەتیان بدات و باوەڕیان پێ ببەخشێت، ڕێگە دەگرنە بەر و باوەڕ دەهێنن، ئەگەریش نەیەوێت نە باوەڕ دەهێنن و نە ڕێگەی ڕاستیش دەگرنە بەر. ئەم هەموو داواکارییە لە پای چی؟ ئەمەیە لێرە باسی دەکات. ئینجا تەماشا بکە دیسان لە سورەتی (الانعام)دا چی دەڵێت: {سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُوا لَوْ شَاءَ اللَّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلَا آبَاؤُنَا وَلَا حَرَّمْنَا مِنْ شَيْءٍ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ حَتَّىٰ ذَاقُوا بَأْسَنَا} [الانعام: 148]. واتە: ئەو کەسانەی هاوبەش بۆ خودا پەیدا دەکەن دەڵین، خودا مەیلی بوایە ئێمە و باو باپیرانمان بتپەرستیمان نەکرد و، هیچ شتیشمان لە خۆمان حەرام نەکرد، هەروە ها ئەوانەی لە پێش ئەوان بوون درۆیان کرد تا ئەو کاتەی جەزرەبەی ئێمەیان بینی، ئەم ئایەتە ئەوەی بێباوەڕان دەیڵێن ڕەت دەکاتەوە و، وای لێ دەکات ئەوەی دەیڵێن بە درۆخستنەوەی ئەوەیە کە خودا دای بەزاندوە. قورئان پڕە لەو ئایەتانەی بە ڕاشکاوی دەڵێت ئەگەر خودا بیەوێت هەموو خەڵک باوەڕیان دەهێنن و ئەوانەی کە خودا نایەوێت هیدایەتیان بدات هیچ باوەڕ ناهێنن ئەگەر پێغەمبەرانیش بۆیان بنێرێت و پەرییان بۆ دابەزێنێت و، ئەگەر شتی تری نائاسایی و پەرجوویش بۆیان ئەنجام بدەیت. ئەمە چییە و ئەوە چییە؟ ئینجا تەماشای ئەوە بکە کە لە وەڵامی ئەو بێباوەڕانەدا دەڵێن، ئەگەر خودا بیەوێت بێباوەڕ نەدەبووین چی دەڵێت: پاساویان بۆ دەهێنێتەوە و دەڵیت: {قُلْ فَلِلَّهِ الْحُجَّةُ الْبَالِغَةُ فَلَوْ شَاءَ لَهَدَاكُمْ أَجْمَعِينَ} [الانعام: 149] واتە: هەموو بەهانەی ڕاستی لای خودایە و ئەگەر بیویستایە هەمووتانی دەخستە سەر ڕاستەرێ. بەوەی گوتیان وەڵامی دانەوە و کردی بە بەهانە بە سەر ئەواندا نەک بۆ ئەوان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەڵێین: ڕۆحی ئەم ڕستە ڕەوانە لە قسەی (أجمعين) لەنگەر دەبەستێت. واتای ئایەتەکە ئەگەر وا بێت کە ئێوە باسی دەکەن و ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئەوەی ئێوە و ئەوانەی لەگەڵیشتاندا ناکۆکن هیدایەتی دەدان. هەڵپەساردنی ئایینەکەتان بە ویستی خودا وا حکوم دەکات کە ئایینی ئەوانەی ناکۆکیشن لەگەڵتاندا، بە ویستی خۆی هەڵپەسێرریێت، بۆچی جیاوازن لەگەڵیاندا و ڕازی نابن پێیان؟ لەبەر ئەوەی ویستی خودا ئەوەیە ئێوە لە سەرین و ئەوەی ئەوانیش لە سەرین کۆ دەکاتەوە. ئەمەیە کورتەی باسکردنی ئەم ئایەتە لە لایەن زەمەخشەرییەوە. باش تەماشا بکە ئایا ئەم بەهانە ڕەوانە دەبینیت؟ ئایا بێباوەڕەکان ناتوانن وەڵامی بدەنەوە و بڵێن ویستی خودا وای لێ کردووین لە سەر ئایینێک بین و خەڵکی تر لە سەر ئایینێکی تر بێت کە ناکۆکە لەگەڵ ئایینەکەماندا؟ چۆن لەگەڵیاندا کۆک بین و ناکۆک نەبین لەگەڵیاندا؟ بەڵێ، ویستی خودایە ئێمە هەمووومانی لە خۆ گرتوە وەک دەڵێیت، بەڵام ئەوەی خودا بۆ ئێمەی ویستوە شتێکە و ئەوەی بۆ خەڵکی تر ویستوە شتێکی ترە، کە ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی بۆ ئێمەی ویستوە. چۆن ناکۆک نەبین لەگەڵیاندا کە ویستی خودا ئەوە بوە و ئەوەی ئێمە لە سەرین ناکۆک بێت لەگەڵ ئەوەی ئەوان لە سەرین.
ئەم بەهانە ڕەوانە و زۆرینەی بیانوەکانی قورئانی لەم شێوەیە وەک هەمان پاساوی پێوانەی دروستبوونی ئەو دونیایە لە سەر یەکەم دروستبوونی کەون، کە بۆشاییەکی زۆر فراوان و دووریان لە بەیندایە و بە هەمان پاساوی ئیبراهیم کە حەپەسا و واقی وڕما و هەڵبزرکا، لە کاتیکدا کە کوفری کرد بەوەی ئیبراهیم باسی کرد: {فَإِنَّ اللَّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ} [البقره: 258] واتە: خودا خۆر لە رۆژهەڵاتەوە دێنێت ئێوە دەتوانن لە رۆژئاواوە بیهێنین . ئەوانەی کوفریانە کرد پەشیمانە دەبنەوە. لە سەرەتای کتێبەکەدا شتێکی لەم بارەوە باس کرا تەماشای بکە. وەک بەهانەیەک بۆ وەڵامدانەوەی بێباوەڕان کە گوتیان پەرییەکان کچانی خودان و بۆ خەڵکی هەر دوو کتێب کە لە بارەی پێغەمبەرایەتی

مەسیح و عوزیرەوە دەربارەی خودا، گوتی: {أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُنْ لَهُ صَاحِبَةٌ} [الانعام: 101]. واتە: کە کوری بێت و هیچ هاودەمێکی نەبێت. واتە چۆن منداڵی دەبێت و ژنی نییە. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە لەگەڵ سروشتدا ناکۆکە کە سوننەتی خودایە وا ئادەمی بێ ئەوەی باوک و دایکی هەبێت خەلق کرد و مەسیحی لە دایکێک و بێ بوونی باوک خەلق کردوە، ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ سروشت و دەستی پێوە دەگرێت و دەیکات بە پاساو بە سەر ئەوانەی کە بە خودا دەڵێن کوری هەیە. پێیان دەڵێت: {أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُنْ لَهُ صَاحِبَةٌ} [الانعام: 101]. واتە:پێشتر واتاکەی نوسرا. وەک ئەوەی لە توانا و قودرەتی بێت ئادەم و عیسای خەلق کردبێت، توانای نەبێت کوڕێک بۆ خۆی خەلق بکات، بێ ئەوەی هاوسەری هەبێت. لەگەڵ ئەوەی کوڕێتیی کوڕ بۆ باوکی هیچ فەرز ناکات کە کورەکە لە پشتی باوکییەوە نەهاتبێت، بەڵکوو لەوانەیە کوڕێتی لە بەخێوکردنییەوە هاتبێت نەک لە پشتی بایۆلۆجییەوە، لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پاساوهێنانەوەدا بڵێین، خودا کوڕێکی لە خەلقی خۆی دروست کرد و ئەمەیش هیچ پێویست بە هاوڕێ و هاوژین ناکات.

خەڵقی بوونەوەران گەورەتر و باڵاترە لەوەی بەم قسەیە لە بێبەریکردنی لە منداڵ بکرێت، ئەوەی وەسفی خودا بەم شێوەیەی ئایەتە بزانێت قسەی وا ناکات: {لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ، وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ} [الإخلاص: 3، 4]، واتە: لەکەس نەبووە و کەسیش لەو نابێت و کەس ناتوانیت لەهەمبەر ئەو بێت. خۆی: {هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ} [الحديد: 3] واتە: پێشتر واتاکەی نوسرا .لە دەرخستنی توانا و گەورەیی خۆیدا دەڵێت: {وَالْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَالسَّمَاوَاتُ مَطْوِيَّاتٌ بِيَمِينِهِ} [الزمر: 67]. واتە: زەوی هەمووی لەدەستی ئەودایە و ئاسمان لەدەستی ئەودا پێچراوەتەوە . بێگومان هێنانی ئەم پاساوە وەک ئەوەی لە قورئاندا هاتوە هیچ نییە جگە لەوەی بڵێیت؛ بە عەقڵی خۆیان قسە لەگەڵ خەڵکدا بکە.

١٣ــ لە سورەتی (یس)دا دەڵێت: {وَمَا أَنْزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِنْ بَعْدِهِ مِنْ جُنْدٍ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا كُنَّا مُنْزِلِينَ} [یس: 28]. واتە: ئێمە هیچ لەشکرێکمان لەدوای ئەو لە ئاسمان نەهێناوە و نەنارده سەر هۆزەکەی. ئەم ئایەتە لە چیرۆکی حەبیبی دارتاشەوە هاتوە کە باوەڕی بەوە هەبوە مەسیح لە لای خەڵکی ئەنتاکیاوە کوژراوە و، خودا بە هاوارێکی جبریل لە ناوی بردوون وەک شیکەرەوەکان باسی دەکەن. ئەو واتایەی ئەوەی لەم ئایەتەدا ویستراوە ئەوەیە کە خودا کاریان بە هاوڕێیەکی پەرییەکان تەواو کرد بێ ئەوەی سەرباز لە ئاسمانەوە دابەزێنێت و لە ناویان بەرێت، وەک لە ڕۆژی بەدر و ڕۆژی حەنین کردی. لەم ئایەتەدا سێ جار (من) دووبارە بوەتەوە، دوەم زیادەیە وا باشتر بوو وەلای بنێت، هەروەها یەکەمی ئایەتەکە و کۆتاییەکەی وەک یەکن لە واتادا، هیچ پێویست بە دووبارەکردنەوەی نەکرد. هەر بە هەمان شێوەی پێشوو لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: {فَبَدَّلَ الَّذِينَ ظَلَمُوا قَوْلًا غَيْرَ الَّذِي قِيلَ لَهُمْ فَأَنْزَلْنَا عَلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ} [البقرە: 59]. واتە:ئیتر لە رێ لادەرەکان هەرچی بەوان سپێردرابوو بەراوەژوو رەفتاریان کرد؛ ئەوسا ئیمەش لە تۆڵەی ئەو بەدفەرەدا بەڵایەکمان بۆ ناردن . قسەی (على الذين ظلموا) دووبارەیە و دەرخستنە لە شوێنی بنخستنندا و هیچ پێویست ناکات. باشتر بوو ئەگەر بڵێت (فأنزلنا عليهم) وەک لە سورەتی (الاعراف)دا باسی دەکات: {فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِجْزًا مِنَ السَّمَاءِ بِمَا كَانُوا يَظْلِمُونَ} [الاعراف: 162]، واتە: لە ئاسمانەوە بەڵایەکمان لە ئاسمانەوە بۆ ناردن لەسەر ئەو ستەمەیان. گوتیان: کورتی جوانکاریی قورئانە، ئەگەر ئەمە لە دەرەوەی قورئان بوایە قبووڵیان نەدەکرد بەڵام لە قورئاندا قبوڵی دەکەن و دەبینیت شیکردنەوەی بۆ دەکەن و ڕاڤەی دەکەن و لە شوێنی خۆی دای دەنێن.

(80)

ـ14ـ لە سورەتی (البقرە)دا دەڵێت: {ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا} [البقرە: 275] واتە: واتە فرۆشتن دەکرێت بەڵام ئەوانەی سوو دەخۆن راست بونەوەیان لەدونیا بۆ نیە، خودا فرۆشتنی حەڵاڵ کرد و سووی حەرام کردوە. دەوڵەمەندەکانی قورەیش لە کاتی جاهیلی سووخۆر بوون، کە ئیسلام هات سووی ڕەت کردەوە و حەرامی کرد، وەک بەهانەهێنانەوە بۆ ئەوە گوتیان: ئەگەر پیاوێک شتیکی بە دوو درهەم کری کە درهەمێکی نەدەهێنا، ئەمە دەشێت؟ هەروەها ئەگەر یەک درهەمی بە دوو درهەم فرۆشت، بەم قسەیان سوویان لەگەڵ فرۆشتن شوبهاند و حەڵاڵیان کرد. قورئان ئەوەی لەم ئایەتەدا باس کرد، بەڵام شوبهاندنەکەی پێچەوانە کردەوە گوتی: (إنما البيع مثل الربا) ئەوەی ڕاستتر بوو ئەگەر بیوتایە

(إنما الربا مثل البيع) لەبەر ئەوەی قسەکە لە سەر سوە نەک فرۆشتن. زەمەخشەری لە (الكشاف)دا ویستی ئایەتەکە ئاراستە بکات و گوتی: هاوشێوەکردنەکەی لە پێناو ڕەوانبێژیدا پێچەوانە کردوەتەوە، ئەم قسەیەی ڕاست نییە، بەڵێ دەشێت شوبهاندن بۆ ڕەوانبێژی پێچەوانە بکرێتەوە، وەک دەڵێن: مانگی چواردە شەو وەک دەموچاوی تۆیە، بەڵام نەک لەم شوێنەدا کە دەرخستنی حەرام و حەڵاڵە. لەوانەیە بێباوەڕەکانی قورەیش وایان گوتبێت: {إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا} [البقرە: 275]واتە: سووەرگرتن وەك كرین و فرۆشتن وایە. قورئانیش لە دەمی ئەوانەوە باسی کردوە بێ ڕاستکردنەوە وەک گاڵتەجاڕییەک.

بەڵام هاوشێوەکردنی حەڵاڵکردنی سوو لە لایەن بێباوەڕانی قورەیشەوە، هیچ کەسێک لەو بارەوە قسەی نەکردوە، نە قورئان و نە شیکەرەوەکانیش، بۆیە لە پێناو نەهێشتنی و پاڵپێوەنانی دەڵێین: درهەم و دینار لە بنەماکانی ژیان نین، واتە لەو شتانە نین کە مرۆڤ پێویستی پێیان بێت لە پێناو مانەوەی لە ژیاندا وەک خۆراک و ئاو و جلوبەرگ و شتی تر لە پێویستییەکانی ژیان، بەڵام ئامرازێکە بۆ گۆڕینەوە و هیچی تر. خەڵک لە زەمانی کۆندا کاڵا و شمەکیان بە یەکتر دەگۆڕییەوە و هیچ ئامرازێک لە نێوانیاندا نەبوە وەک پارە، ئەگەر پێویستی بە گۆڕینەوە زۆر بوو، دەبێت لەبەر پێویستییەکەی زۆر دەکرێت، بۆیە درهەم و دیناریان دۆزییەوە و بەهاکانیان بەمە دیاری کرد و وەک ئامراز و ناوەندگێڕێک بۆ گۆڕینەوە دانرا، لەبەر ئاسانی گواستنەوەی بۆ ئەوەی بگەن بەو شمەکانەی کە لە ژیاندا پێویستیان پێیەتی. بێگومان درهەم و دینار لە خۆشییەکانی ژیان نین واتە ناخورێن و ئەگەر بۆ سەگێک فڕیی بدەیت هەڵی ناگرێت و بۆنیشی ناکات، بەڵکوو شتێکی لاوەکییە لە ڕووی بنەماوە کە تەنها ئامرازی ئاڵوگۆڕە و هیچی تر.

بەمەیش شوبهاندنی بێباوەڕەکانی قورەیش لە دانانی سوو وەک فرۆشتن نامێنێت، درهەم نابێت بە دوو درهەم بفرۆشرێت و دینار نابێت بە دوو دینار بفرۆشرێت، لەبەر ئەوەی لە کاڵا و شتومەکەکانی ژیان نین و حکومی دەرخستە و داواکراوی لە سەر ناسەپێت، بەڵام دەکرێت شتێک لە کاڵاکانی ژیان بە دوو درهەم بکڕێت کە بایی یەک درهەمیش نەبێت، لەبەر ئەوەی لە لایەنی بەهاکەیەوە بۆ ڕێسای دەرخستە و داواکراو دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی داواکردنی جێگیر و زیندوو خودییە نەک لاوەکی، جیاوازە لە درهەم و دینار. بەڵگەی ئەوەی کە درهەم و دینار لە پێویستییە زەرورییەکانی ژیان نین، وەک پێدانی یەک دونیا لەو پارانە بۆ ئەوەی کەمترین شت لە کاڵاکانی ژیان بە دەست بهێنێت، وەک ئەوەی خەڵک لە کاتی گرانی و قاتوقڕیدا دەیکەن، لە ساڵی ٣٣٤ ی کۆچی گرانی باڵی بە سەر بەغدادا کێشا تا گەییشتە ئەوەی موڵک بە دوو نان دەفرۆشرا، بۆ (معز الدولە البويهى) بارە گەنمێکیان بە بیست هەزار درهەم کڕی.

کر) پێوانەی خەڵکی عێراق بوە، لە ساڵی ٢٦٠ گرانییەکی لە ڕادەبەدەر لە حیجاز و عێراق ) ڕووی دا یەک (کر) واتە پێوانەیەکی ئارد لە بەغدا بە سەتوپەنجا دینار دەفرۆشرا. لە ساڵی ٤٤٢ گرانی لە میسر ڕووی دا و تەنانەت یەک نانیان بە پەنجا دینار دەفرۆشت، دیسان لە میسر گرانی زۆر توند بوو تا یەک (ئەردب) پێوەری میسریی بوو ئارد بە سەت دینار دەفرۆشرا، ژنێک لە قاهیرە دەرچوو پڕێک گەوهەری پێ بوو گوتی: کێ بە پڕێک ئارد بۆم دەگۆڕێتەوە؟ هیچ کەسێک ئاوڕی لێ نەدایەوە. لە ساڵی ٤٦٥ی کۆچی گرانی تەنگی بە میسر هەڵچنی تا ژنێک نانێکی بە هەزار دینار دەخوارد وەک لە (تأريخ الخلفاء)ی (سیوطی)دا هاتوە. لەمەدا بە ڕوونی بۆت دەردەکەوێت کە شوبهاندن و هاوشێوەکردنی سوو وەک فرۆشتن دانانی پوچەڵە، کە بێباوەڕەکانی قورەیش قسەیان لە سەر کرد.

١٥ــ لە سورەتی (آل عمران)دا دەڵێت: {وَكَأَيِّنْ مِنْ نَبِىّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ} [آل عمران: 146]. واتە: بزۆرجار پێغەمبەر لەگەڵ خواپەرستان چووە غەزا، هەرچەند ب بەڵای لەڕێی خودا توشی هاتن نە هیچیان سست کرد و نەزەبونی رووی تێکردن، ئەوانەی خۆراگر بوون خوا خۆشی ویستن. واتاکەی یەک شتە لە قسەی (من وهنوا وما ضعفوا) دووبارەکردنەوەی واتایە نەک لەفز لە ئایەتەکەدا هەیە، ئەگەر بە یەکێکیانەوە پابەند بوایە باشتر بوو. زەمەخشەری ویستی دووبارەکردنەوە بە خەملاندنی دەربڕینێک لای خۆیەوە لابەرێت و گوتی: (فی وهنوا) لە کوشتنی پێغەمبەردا و (وما ضعفوا) لە جیهاددا لە دوای ئەو. زەمەخشەری لەم قسەی دووبارەکردنەوەدا بە جیاوازیی کات نامێنێت، (فما وهنوا) لە زەمانێکدا بوە و (وما ضعفوا) لە زەمانێکی تردا. "(وهنوا وضعفوا) یەک واتا دەبەخشێت یان بە تەواوی لەیەك دەچن بۆیە

دووبارەیە ــ و ــ" بەڵام دووبارەبوونەوەکە بە قسەکەی زەمەخشەری نەماوە نەک بە قسەی قورئان. لە دەرپڕینی قورئاندا ئەمە قرتێنراوە خەمڵێنراو نییە، زەمەخشەری کوشتنی پێغەمبەری لە کوێوە هێنا، دەرپڕینەکەی قورئان دەڵێت: (قاتل) بکوژ، هەموو جەنگاوەرێکیش ناکوژرێت، دەرپڕینەکە ئاماژە بەوە دەکات کە شەڕیان کردوە، لە شەڕەکەیاندا لاواز نەبوون و کەمتەرخەمیان نەکردوە. لابردنی قسەی وەک ئەوەی پێشوو هیچ وتەیەک نابەخشێت جگە لەوەی قسەکەر وەک ئەوەی بڵێن ئەی خەڵکینە لە ویژدانی من تێ بگەن. لەگەڵ ئەوەی ئەگەر لە دەرپڕینی قورئاندا شتێک هەبێت نیشانەی ئەو لابراوە خەمڵێنراوە بدات، ئەم ئایەتە .بەم قرتاندن و خەملاندنە لە پلەی یەکەمی ڕەوانبێژیدا نابێت

١٦ــ لە چیرۆکەکانی قورئاندا، چیرۆکی سلێمانی کوڕی داود یەکێک لە پاشاکانی ئیسرائیلە، ئەویش قەومەکە پێی دەڵێن سلێمانی پاشا و ناڵێن پێغەمبەر بوە و لە سەر پەیامهێنەرەکانیان حسابی ناکەن، بەڵام محەمەدی پەیامهێن وەک پاشا و پێغەمبەریش حسابی بۆ کردوە و لەو دوانەدا کۆی کردوەتەوە وەک دوو دژ، ئەوەی باس کرا لە سەریان لە سەرسوڕهێنەر و نامۆکانە و لە قورئاندا پاشایەتییەکەی بە شێوەیەکی وا خەیاڵی وێنا کرد، ڕەشەبایەکیان بۆ دیاری کرد کە هەڵی دەگرێت و بۆ هەر شوێنێکی تر کە بیەوێت دەیبات و جنۆکە و شەیتانیان خستە خزمەتی، کە چیی بوێت بۆی دەکەن و کۆمەڵێک مرۆڤ و جنۆکە و باڵندە وەک سەربازیان بۆ تەرخان کرد، کە دوژمنەکانی لە ناو بەرن و چی خۆش بوێت بۆی دەکەن. قورئان چیرۆکێکی خەیاڵی لەگەڵ پەپوسلێمانە دروست کرد، کە بە ناو مەلاندا گەڕاوە و مەلی پەپوسلێمانەی نەبینیوە و هەڕەشەی لێ کردوە و ئینجا لێبوردنی بۆ دەرکردوە پاش ئەوەی هەواڵی بەلقیسی پاشای سەبای بۆ هاتوە، ئینجا بۆ ئەوەی ڕاستیی هەواڵەکە تاقی بکاتەوە نووسینێکی لەگەڵدا ناردوە بۆ بەلقیس و داوای لێ کردوە ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت. بەلقیس ڕازی بوە و دیارییەکی لەگەڵدا بۆ ناردوە، کە شیکەرەوەکان ئەوەندە گەورەیان کردوە و پێوەیان ناوە و هەڵبەستوە کە لە باسکردن نایەت. سلێمان بە پێغەمبەرەکەی یان بە پەپووسلێمانەکەی گوت وەک هەندێک دەڵێن: {ارْجِعْ إِلَيْهِمْ فَلَنَأْتِيَنَّهُمْ بِجُنُودٍ لَا قِبَلَ لَهُمْ بِهَا وَلَنُخْرِجَنَّهُمْ مِنْهَا أَذِلَّةً وَهُمْ صَاغِرُونَ} [النمل: 37] واتە: وەگەرێ بچۆ بۆ لایان وا ئێمە بە لەشکرێکەوە دێنە لایان، کە ئەوان توانایان نیە بە زەلیلی و سوکایەتی لەوێندەر دەریان دەکەین. تۆیش ئەم قسەیە بە گونجاو نازانیت جگە لەوەی بە دوژمن بگوترێت، کە دوژمنایەتیی خۆی ڕاگەیاندبێت و یاخی بوونی خۆی دەرخستبێت، بەڵام بەلقیس گوێڕایەڵی خۆی ڕاگەیاندوە و دیاریی بۆ ناردوە، چۆن سلێمان هەڕەشەی لێ کردوە و بەو قسانە کە لە یەکێکی تووڕە و توند دەردەچیت، ئایا ئەمە حکومی ڕەوانبێژییە یان چی؟

لەگەڵ ئەوەدا سلێمان چاوەڕیی گەیشتنی هەواڵەکەی نەکرد و هەڕەشە و گوڕەشەی کردوە و هیچ پێویست بە ڕۆیشتن و لەشکرکێشی ناکات، کە بە سوپایەکی گەورەوە لە مرۆڤ و جنۆکە بۆی بڕوات و بەڵکوو ئاوڕی لە خەڵکە زۆرەکەی دەوروبەری داوەتەوە و گوتوویەتی: {أَيُّكُمْ يَأْتِينِي بِعَرْشِهَا قَبْلَ أَنْ يَأْتُونِي مُسْلِمِينَ} [النمل: 38] واتە: کێ دەتوانی تەختی ئەو ژنەم بۆ بێنێ پێش ئەوەی بە خۆ بەدەستەوەدان بێنە لام. جنۆکەیەک بە ناوی زەکوان لێی نزیک بوە وەک شیکەرەوەکان دەڵێن، گوتوویەتی: {أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ تَقُومَ مِنْ مَقَامِكَ} [النمل: 39] واتە: لۆزەندە لە جنۆککان وتی؛ من بەرلەوەی لەسەر جێگەی خۆت هەڵسیت بۆتی دێنم و توانام بەسەریدا هەیە و دەست پاکیشم . بەڵام وا دیارە کە سلێمان ئەم خێراییەی بە دڵ نەبوە بەڵکوو ویستوویەتی عەرشەکەی لەوە خێراتر بۆ بهێنن و لەو ماوە کەمتر، پیاوێک لێی نزیک بوەوە لە ئەهلی زانست و کتێب بە ناوی ئاسف کوڕی برخەیا بوە، وەک شیکەرەوەکان دەڵێن: {أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ} [النمل: 40]. واتە: کە بۆتی دێنن پێش ئەوەی چاوت بتروکێنی. ئەم ئاسفە جارێ قسەکەی تەواو نەکردبوو کە سلێمان تەماشای کرد .عەرشەکەی لای ئەو دانرابوو

ئەوەی لە ناواخن و مەبەستی ئەم چیرۆکە خەیاڵیەدا دەیبینین، جگە لە یەک شت نەبێت دانرابێت ئەویش وێناکردنی ئەوەی زانست توانایەکی لە ڕادەبەدەری هەیە هیچی تر نییە. ئەوەتا دەبینین لە هێنانی عەرشی بەلقیس زانست چۆن موعجیزە دروست دەکات. ئەمڕۆ لە چاوتروکانێکیش کەمتر ئەوە دەکرێت. گوێمان لە کەسێکە لە لەندەنەوە قسە دەکات و ئێمەیش لە بەغدادین. ئەگەر تەلەفزیۆنیش پێ بگات دەیبینین و گوێیشمان لێی دەبێت جگە لە چەندین پەرجووی زانستییانەی تر کە لە ژماردن نایەن و قسەکان زۆر دەبن ئەگەر باسی هەمووی

بکەین (ئەمە لە ساڵی ١٩٣٣دا، ئەگەر ڕەسافی ئێستا لە دونیا بوایە و ئینتەرنێت و پێشکەوتنە (گەورەکانی تری ببینیایە چی دەگوت؟ ــ و ــ
بەڵام شیکەرەوەکان خواڕەحمیان پێ بکات ئاگایان لەم شتە نەبوە، بەڵام بیریان ئاڕاستەی بەلقیس و دیارییەکانی بوە کە چۆن سلێمان پێشوازیی لێ کردوە، ئەو هەڵبەستنانەیان لە سەر کردوە کە کردوویانە. بەڵکوو لە ڕوونکردنەوە و دەرخستندا کارێکی وایان کردوە و دەلاقەی وایان تێ خستوە کە زانست گەمەی پێ دەکات و عەقڵ گاڵتەی پێ دێت. گوتیان: بەلقیس پێنج سەت غولامی ناردوە کە جلی کەنیزەکیان لە بەر کردوە و جوانکارییان لە بازن و ملوانکە و گوارەیان لە گوێیان بوە و بە سواری ئەسپ و کەژاوە داپۆشیون و جلەو و کورتانی ئاڵتوونی و بە گەوهەر نەخشێنراوی ناردوە، کە پێنج سەت کەنیزەکی لە جلی غولامدا بوە. لەگەڵ هەزار خشتە ئاڵتوون و زیو و تاجی لە یاقوت و دوڕ، کە دوڕێکی تازە و خەنجەر و چەقۆیەکی دەستەلار و کون کرا و، ئەم دیارییانەی بە دوو پیاوی گەورە لە ناودارانی قەومەکەیدا بۆ ناردن کە ئەلمونزر .کوڕی عەمر و یەکێکی تر لە عاقڵ و خاوەن بیر و ڕاکانی بوون
بەوەوە نەوەستان بەڵکوو بۆ پێشوازیکردنەکەی سلێمان لەوە گەورەتریان باس کرد لە کاتی وەرگرتنی دیارییەکاندا، گوتیان: پەپوسلێمانەکە هات بۆ لای سلێمان و هەواڵی پێگەیاند، فەرمانی کرد بە جنۆکەکان خشتە ئاڵتوون و زیوەکانیان لە مەیدانێکدا داکوتا و ڕایان خست کە درێژییەکەی حەوت فرسەخ بوو، پەرژینێکیان لە دەوری گۆڕەپانەکەدا دروست کرد دەرگاکەی لە زێڕ و زیو دانا، فەرمانی کرد باشترین ئاژەڵی ئاوی و وشکانی بهێنن لە ڕاست و چەپی گۆڕەپانەکە بە سەر خشتەکاندا دایان نا، فەرمانی لە سەر جێگەکەی و جێی دانیشتنیشی لە هەر دوو لا دانا و شەیتانەکانیش بە چەندین فەرسەخ درێژی ڕیزیان بەست و مرۆڤەکانیش بە ڕیزی تر و شێر و دڕندە و باڵندە و پەلەوەر و چەند ڕیزی تر وەستان، کاتێک قەومەکە هاتن واقیان وڕما و حەپەسان، کە بینییان ئاژەڵەکان لاس و تەپاڵە دەکەن بە سەر خشتی زێڕ و زیوی لە زەویی ڕاخراودا، زۆر نەفسی خۆیان بچوک بوەوە، ئەوەی پێیان بوو فڕێیان دا. بۆ شتی تریش لە خەیاڵ و خەون دەچێت ئەگەر باس بکرێت. ئەگەر لە ناوەخنی ئەم چیرۆکەوە بیریان .بکردایەتەوە، لەمەیان باشتر بوو لەوانەیە شتێکیان لە حەقیقەت بدۆزبایەتەوە
بە تەنها سلێمان نەبوو کە قورئان زلی کردەوە و گەورەی کرد، بەڵکوو قورئان هەموو بەنی ئیسرائیلی لە سەر شتی بە دەر لە شوێن و پێگەی خۆیان داناوە و لە باڵاترین شوێن و خانوبەرە لە خۆیان بەرزتر دایان ناون. بە خودا مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت و ڕووگیر دەبێت کە هەواڵەکانی بەنی ئیسرائیل لە قورئاندا دەخوێنێتەوە، خودا زەوی پیرۆزی پێ داوە و بە ناوی ئەوانەوە تۆماری کردوە، ئینجا حەرامی لێ کردوە بە هۆی یاخیبوون و گومڕایی و هەڵگەڕانەوەیان لە مووسای پێغەمبەریان بۆ ماوەی چل ساڵ تا وێڵ بوون. لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژانی وێڵیدا لە یاخیبوون لە خودا توندتر بوون. خودا بە هەور سێبەری بۆ دروست کردوون و لە گەرمای خۆر پاراستوونی و ستونێک لە ڕۆشنایی لە شەودا دەرکردوە و شوێنەکەیان ڕووناک کردوەتەوە و خۆشحاڵی و ئارامییان پێ بەخشیوە... هتد. وەک ئەوەی باشترین و شکۆمەندترین خەڵقی خودا بن لای خودا. لەم سنورەدا نەوەستاوە بەڵکوو گوتوویەتی: {يَابَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ} [البقرە: ١٢٢،47].
واتە: ئەی بەرەی ئیسرائیل ئەوە لەبیر مەکەن چەندم چاکە لەگەڵ کردن، لە چاو خەڵکی هەموو دونیا پتر ڕێزم لەئێوە نا. لە هەموو خەڵق بە باشتری دانان و وەک خەلق هەموو بەش و پۆلەکانی خەڵقی مەبەستە، دەربڕینەکە لە ڕووکەشدا هەموو خەڵک دەگرێتە خۆ، ئەگەر لە واتای فراوانتر ڕوانین، تەنانەت لە فریشتەکانیش بە باشتر دای ناونن، واتە جگە لە خودا هەموو شتی تر دەگرێتەوە. لە حسابی ئەمەی کە دەکەوێتە ئەم پێگە مەزن و گەورەییە؟ ئەمەیە .دەبێت وا تەماشای بکەین، لەوانەیە دواتر بەشێک لە سەر ئەمە بنووسین
١٧ــ لە سورەتی (الانعام) وا دەڵێت: {وَقَالُوا لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ مَلَكٌ وَلَوْ أَنْزَلْنَا مَلَكًا لَقُضِيَ الْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنْظَرُونَ} [الانعام: 8]. واتە: ئەوا دەڵێن ئەدی بۆچی فریشتەی بۆ ئەو نەناردە خوارەوە؟ ئەگەر ئیمە بهێنامان بێ قازانج بوو وکار لەکار دەترازا و هیچ مۆلەتیان نەدەدرا. ئاڕاستەی ئەم ئایەتە .بەوەدا ناڕوات کە ڕازیکەر بێت، لە دوو لاوە ناڕازین لێی
یەکەم: محەمەد بە بێباوەڕانی گوتوە کە پەری بۆی دادەبەزێت و جبریلە و بێباوەڕانیش ئەم ئیدیعایەی دەزانن، هیچ واتایەکی نییە بڵێت: (لولا أنزل عليه ملك)، بەڵام لە سەر ئەمە دەڵێن: ئەوان باوەڕیان بە دابەزینی جبریل نەبوە، لەبەر ئەوەی نەیانبینیوە و ئەوەی محەمەد دەیگوت بە

ڕاستیان نەزانیوە، کە گوتوویەتی جبریل بۆی دادەبەزێت. لەوێدا دەگوترێت: دەبێت بڵێت: (لولا ظهر لنا هذا الملك) ئەگەر ئەو فریشتەیەی بۆ دابەزاندینایە، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆمان بیبینین، نەک بڵێن ئەوی خودا بۆچی فریشتەی بۆ نەناردە خوارەوە.
دووەم: دەڵێت: (مَلَكًا لَقُچِیَ الْأَمْرُ ثُمَّ لَا يُنْظَرُونَ). دەبێت لێرەوە ڕێز لە قسەیەکی ئاوها بگیرێت کە دەڵێت ئەدی بۆچی خودا فریشتەی بۆ ئەو دانەبەزاند؟ ئەگەر ئێمە فریشتەیشمان بناردایە بێ سود بوو و کار لە کار ترازا بوو، هیچ بەهانەیەکیان پێ ڕەوا نەبینی. واتە بواری چاوترووکانێکیان پێ نادرێت و لە ناو دەبرێن. لێرەدا پرسیار دەکرێت: بۆچی کارەکە بە لەناوبردنیان جێبەجێ دەکرێت؟ لە وەڵامدا دەگوترێت: لەبەر ئەوەی بە هاتنەخوارەوەی فریشتە پاساوی یەکلاکەرەوە لە سەریان دەبێت. لەبەر ئەوەی هیچ شتێک لە ئایەت ڕوونتر و ڕەوانتر نییە، کە پاسا و دروست بکات، ئەگەر باوەڕیان نەهێنا دەبێت لە ناویان بەرێت وەک زەمەخشەری لە شیکردنەوەیەکیدا باسی دەکات. ناڕازییە لەمە، بەو بەهانەیەی کە لە سەریان هەیە وەک موعجیزەیەکی سەرسوڕهێنەر کە قورئانە و ناتوانن یەک سورەتی لێ بهێنن و ئەوان خەڵکی ڕەوانبێژ و زمانپاراو و خاراون. بۆچی لە ناویان نەبات؟ ئەگەر وا بێت نابێت لە پاش هاتنە خوارەوەی فریشتەیش لە ناویان نەبات. بێباوەڕەکان هەر جار نا جارێک داوا لە محەمەد دەکەن کە ئایەتێک لە ئایەتەکانی ئەو پێغەمبەرانە بهێنێتەوە کە قورئانەکەی باسی دەکات. واتە بەڵگەی پێغەمبەربوونی وەک ئەوان نیشانەیان پیشان بدات، محەمەدیش داوای لێبوردن دەکات بەو شێوە لێبوردنەی کە لە قورئاندا باس کراوە.
١٨ـ لە سورەتی (الانعام)دا دیسان هاتوە: {قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِنْ أَخَذَ اللَّهُ سَمْعَكُمْ وَأَبْصَارَكُمْ وَخَتَمَ عَلَى قُلُوبِكُمْ مَنْ إِلَهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُمْ بِهِ} [الانعام: 46] واتە: بڵێ ئەگەر خوا هەستی گوێ و سۆمای چاوتنا لێ بستێنی و لەسەر دڵگەلیشتانەوە مۆردابنێ، کێ جەتوانێت بەدەر لە خوا بتانداتەوە؟ برانە ئێمە چۆن نیشانەکان بۆ ئەوان شیدەکەینەوە . ئاوەڵفرمانی تاک بۆ گوێبیست و بینین و دڵ دەگەڕێتەوە و بە نێرینە مامەڵەی لەگەڵ کردوە لە ڕووی ئیعرابەوە، بەڵام دەبوو بە مێیینە مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە، واتە لە جیاتی (بە) بینووسایە (بها). زەمەخشەری دەڵێت: ئەو ئاوەڵفرمانی لە جیاتیی ناوی ئاماژەبۆکردن بە کار هێناوە، واتە کێ ئەوەتان بۆ دەهێنێت، ئەمە لە قورئاندا نەبوایە قبووڵیان نەدەکرد. هەروەها لە سورەتی (الانعام) دەڵێت: {قُلْ أَرَأَيْتَكُمْ إِنْ أَتَاكُمْ عَذَابُ اللَّهِ بَغْتَةً أَوْ جَهْرَةً} [الانعام: 47] واتە: بڵی: بە من بێژە ئەگەر بەڵای خودا لە پرێك و بە نهێنی یان بە تەرزێکی ئاشکرا توشتان ببێت. (البغته) بەرانبەر (الجهره) نییە "کتوپری یان لە ناکاودا" بەرانبەر "دیار و ئاشکرا" نییە. لەبەر ئەوەی کتوپری لەوانەیە بە ئاشکرا بێت و ئاشکراکاریش لەوانەیە لە ناکاودا بێت، بۆیە بە شەووڕۆژیشیان کردوەتەوە، بۆ ئەوەی واتاکەی ڕاست دەربچێت. بەڵێ، لە ناکاو شتێکە ڕوو دەدات بێ ئەوەی پێشتر هەستی پێ بکەیت و بێ ئەوەی دوورییەکانی دەرکەوێت. دەشێت بەرانبەر ئاشکرایی لە کاتێکدا ڕێگەی واتاکەی فراوان بکەیت، بەڵام لەم شێوە قسەیە لای خەڵکی ئاسایی ئەم قسەیە نابێت بگوترێت، بەڵام ئایا ئەمە ڕەوانبێژیی خاراوە؟ نەخێر. ئەو باشتر بوو ئەگەر بیوتایە بەدزییەوە یان شارراوە و کتوپڕ.
لەم بابەتەیش وەک لە سورەتی (الکهف)دا هاتوە: {الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ وَلَمْ يَجْعَلْ لَهُ عِوَجًا، قَيِّمًا لِيُنْذِرَ بَأْسًا شَدِيدًا مِنْ لَدُنْهُ} [الکهف: 1، 2].واتە: سوپاس بۆ ئەو خودایەی ئەم کتێبەی بۆ کۆیلەی خۆی نارد و هیچ نالەبارییەکی تێنەخست، کتێبێکی زۆر پتەو تا لە سزای توند بترسن. (العِوج)واتە لاربوون واتە دژی ڕێکی (قیم)بە واتای ڕێکی دێت. ڕەتکردنەوەی لاربوون ڕێکی جێگیر دەکات و دەسەپێنێت، دەبوایە باسی یەکێکیانی بکردایە و بیهێڵایەتەوە، کەچی هەر دووکیانی بۆ جەختکردن هێناوەتەوە، بەڵام بە شێوەیەک هێناونی کە لەگەڵ ڕەوانبێژیی باڵادا نایەتەوە (قیماً)ی دواخست کە حاڵەتی کتێبەکەیە، دواخستنەکەی هەر وشەی لە سەر بێت وەک تەواوکەر، واتە وای لێ کرد ڕێک بێت و نابێت سەر وشەکە واتا هێماکەی سەری بە پێی حاڵ بکرێت لەبەر ئەوەی (ولم يجعل له عوجاً) پاشکۆیە و پابەندە بە پێشەوەی و نابێت لەو حاڵە و خاوەن حاڵ بە پێوەندیی جیا بکەیتەوە و، هیچ پێویستی بەو خۆ هیلاککردنەی دواخستنەکەی نەدەکرد. ڕاستیی قسەی لە ئایەتەکەدا دەبوایە بڵێت: (الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَنْزَلَ عَلَى عَبْدِهِ الْكِتَابَ قَيماً وَلَمْ يَجْعَلْ لَهُ عِوَجًا) ئەمەیە ڕەوانبێژی فەرزی دەکات کە ڕوون بێت و لە هەموو گەردێک بە دەر بێت و لە قسەدا پاکژ بێت.
١٩ـ لە سورەتی (النساء)دا دەڵێت: {وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَى فَانْكِحُوا مَا طَابَ لَكُمْ مِنَ النِّسَاءِ مَثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ} [النساء: 3] واتە: پێشتر نوسرا .هەڵپەساردنی حکومێک بە

مەرجی پێش خۆی نە لێی تێدەگەین و نە مەعقوولیشە. ئەمەیش لەوەدا دەردەکەوێت کە ئایەتەکە لە کاتێکدا بخوێنیتەوە کە بیرت سەرقاڵ نەبێت، بەڵام کە دەگەڕێیتەوە بۆ کتێبی شیکەرەوەکان و لە شوێنی هۆکارەکانی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە دەوەستێت و ئەوەی ڕووی داوە دەیزانیت، کە بوەتە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە و حکومەکەی هەڵپەساردوە بەو مەرجەی تێدایە، واتای مەبەستەکەی تێدەگەیت، بەڵام نەک لە خودی ئایەتەکەوە بەڵکوو لە کتێبی شیکەرەوەکانەوە. بێگومان ئەوەی مەبەستیانە دەری بخەن لە حکومێک لە حکومەکانی شەرع، چۆن بەم شێوەیە دەڕوات کە لێی تێ نەگەیت و نادیار بێت. بەڵام هۆکاری هەڵپەساردنی ئەم حکومە بە پێی ئەو مەرجەی باس کراوە، دواتر شیکەرەوان قسەیان لە سەر کردوە: لەو کاتەی ئایەتی هەتیوان هاتە خوارەوە، ئەوەی دەربارەی خواردنی پارەوپولیان کە چ تاوانێکی گەورەیە. ئەوانەی هەتیویان بەخێو دەکرد ڕووگیربوون لە بەخێوکردنیان و خۆیان لێی لادەدا، نەوەکو لۆمە بکرێن لە جێبەجێنەکردنی دادوەری لە حەقیاندا. لەوانە پیاوی وا هەبوو دە جوت هەتیوی لە سەر بوو و هیچ حەقێکی ئەوتۆی بۆ دابین نەکردبوون و دادپەروەر نەبوو لە نێوانیاندا. بەم ئایەتە پێیان گوترا: ئەگەر ترسان دادپەروەر نەبن لە حەقی هەتیوان، هەروەها دادپەروەر نەبن لە نێوان ژنەکانیش بترسن. لە ژمارەی ژنەکانتان کەم بکەنەوە. هەندێک شیکەرەوە قسەی تری دەکەن. گوتیان: لە زیناکردن ڕووگیر نەبوون کەچی لە بەخێوکردنی هەتیوان ڕووگیر بوون، پێی گوتن: ئەگەر لە ناحەقی بەرانبەر هەتیوان ترسان، لە زیناکردنیش بترسن و سێکس لەگەڵ ژنەکانتاندا بکەن و بە دەوری حەرامەکاندا خول مەخۆنەوە، واتە واز لە مێبازی بهێنن.

ئەوەی لەم ئایەتەدا ویستراوە لە سەر قسەی یەکەم، داواکردنی دادپەروەرییە لە نێوان ژنەکاندا بە کەمکردنەوەی ژمارەی هاوسەرەکانیان، بە دەربڕینێکی تر فەرمانی پێ کردن ژمارەی ژنەکانیان کەم بکەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن لە نێوان ژنەکانیاندا دادپەروەر بن. بە پێی قسەی دوەم ئەوەی لەم ئایەتەدا ویستراوە لە زینا ڕێگەیان لێ بگرێت و بۆ ئەوەی بە حەڵاڵی ژن بهێنن، بەڵام دیاریکردنی ژمارەی هاوسەر لێرەدا مەبەست نەبوە، بە شێوەیەکی لاوەکی لە ئایەتەکەدا هاتوە، بەڵام دەبێت لە چوار زیاتر نەبێت، وەک لای ئەوان بە زۆری ئەوەندە بوە، لەوانەیە بۆ ئەوە ژمارەی کردبن بە چوار و بۆ یەک ژن کەمی نەکردەوە، لەبەر حەز و ئارەزوویان بۆ سێکس و جەختکردن لە سەر ئەوەی دەتوانن بیانپارێزن واتە پەرێزیان پاك بێت و لە زینا دوور بن، بە ئەوەندە ژمارەی هاوسەرەکانیان بۆ داناون. هەر چۆنێک بێت مایەی ڕەوانبێژی نییە کە قسە بەم شێوەیە لە سەر ئەم حکومە بکرێت و، بەم ئاڕاستە نادیارە، کە ئەوەی بۆ ئەوەی خەڵکە ئاساییەکە لێی تێ بگات ڕوون نییە.

٢٠ــ لەو قسانەی کە هیچ لایەق نییە بێجگە لە خودا کەس بیڵێت و ئەوانەیش کە لایەق نین خودا بیڵێت و هیچ لایەقیش نییە لە سەر خودا بگوترێت. ئەم دوو جۆرە قسانە لە قورئاندا هەن. لە یەکەم جۆر دەڵێت: {وَقِيلَ (والقائل هنا هو الله) يَاأَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَاسَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْدًا لِلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ} [هود: 44]، واتە: پێشتر واتاکەی نوسرا. هەروەها لە قسەی: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا} [النساء: 47]. واتە:پێشتر نوسرا واتەکەی. لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسی ئەم دوو ئایەتەمان کرد.

لەسەر جۆری دوەم وەک لە سورەتی (الرحمن): {سَنَفْرُغُ لَكُمْ أَيُّهَ الثَّقَلَانِ} [الرحمن: 31] واتە: ئیمە بەکارتان رادەگەین ئەی گروپی مرۆڤ و جنۆکەکان. قسەکە هەڕەشە لە خۆ دەگرێت، وەک ئەوەی پیاوێک هەڕەشە بکات و بڵێت دەستم بۆت خاڵی دەبێت، بۆ ئەوەی کارم نەبێت وا لە تۆ بکەم، ئێستا سەرقاڵی شتی ترم کە جارێ هیچ شتێک ناکەم لەوە زیاتر. ئەم قسەیە لایەق نییە بەوەی کە کاروبار وا سەرقاڵی کردوە و ڕێگری لە تۆڵەسەندنەوەی لە دوژمنەکەی لێ گرتوە، بەڵام کە خودا بڵێت: {أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ} [یس: 82]. واتە: هەر کاتێکی ویستی شتێکی بۆ پەیدا بکات بڵێت ببە! دەست بەجێ پەیدا دەبێت. وەک قورئان دەڵێت: نەخێر، دەمانەوێت قسەیەک لە سەر سورەتی ڕەحمانت بۆ بکەین کە ئەم ئایەتەی تێدایە بۆ درێژەدان دەڵێین: لە سورەتی (الرحمن) ئایەتێک دووبارە بوەتەوە لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی، ئەمەیە: {فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ} [الرحمن: 13، ١٦، ١٨، ٢١، ٢٣، ٢٥، ٢٨، ٣٠، ٣٢، ٣٤، ٣٦، ٣٨، ٤٠، ٤٢، ٤٥، ٤٧، ٤٩، ٥١، ٥٣، ٥٥، ٥٧، ٥٩، ٦١، ٦٣، ٦٥، ٦٧، ٦٩، ٧١، ٧٣، ٧٥، ٧٧]. واتە: دەسا ئیوە لە کام چاکەی پەروەندەتان حاشادەکەن؟ ئەوەی لەم ئایەتەدا مەبەستە (الثقلان)ە واتە مرۆڤ و جنۆکە. ئەگەر دووبارەکردنەوەی ئەم ئایەتە تەنها پاش ئەو

ئایەتانە بوایە کە باسی نیعمەتی خودا دەکات کە بە کۆیلەکانی خۆی بەخشیوە لە مرۆڤ و جنۆکەکان. دەکرا ئاراستەیەک و لایەکی ڕاستی تێدا بوایە، بەڵام لە پاش ئەو پەیمانەیش دووبارە کراوەتەوە، کە لەوانەیە جێبەجێی بکات، وەک: {وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ (46) فَبِأَيِّ... (47) ذَوَاتَا أَفْنَانٍ (48) فَبِأَيِّ... (49) فِيهِمَا عَيْنَانِ تَجْرِيَانِ (50) فَبِأَيِّ... (51) فِيهِمَا مِنْ كُلِّ فَاكِهَةٍ زَوْجَانِ (52) فَبِأَيِّ...} [الرحمن: 46 - 53] واتە: بۆ هەر کەسێکیششش لە پەروەندەی ترساوە دوو باخ هەیە . دەسا ئێوە لە کام چاکەی خودا حاشا دەکەن؟.... هەروەها پاش ئەو هەڕەشەیەیش دێت کە ڕۆژێک دێت جێبەجێی دەکات، دەڵێت: {فَيَوْمَئِذٍ لَا يُسْأَلُ عَنْ ذَنْبِهِ إِنْسٌ وَلَا جَانٌّ (39) فَبِأَيِّ... (40) يُعْرَفُ الْمُجْرِمُونَ بِسِيمَاهُمْ فَيُؤْخَذُ بِالنَّوَاصِي وَالْأَقْدَامِ (41) فَبِأَيِّ... (42) هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ (43) يَطُوفُونَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ حَمِيمٍ آنٍ (44) فَبِأَيِّ...} [الرحمن: 39 - 45]. واتە: تاوانباران بە تەحرو زەرا دەناسرێن: ئیتر لە قژی سەریان و ...... لە قاچیان دەگرن. دەسا ئێوە لەکام چاکەی خودا حاشا دەکەن؟

لێرەدا ئەوەی گونجاوتر بوو پاش ئەوەی گوتی: {خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ (14) وَخَلَقَ الْجَانَّ مِنْ مَارِجٍ مِنْ نَارٍ} [الرحمن: 14، 15] واتە: مرۆڤی لە قوری چەشنی سواڵەت وەدیهێنا جنۆکەشی لە بڵێسەی بێ دوکەڵ. بڵێت: (فأيى قدرە ربكما تكژبان)، ئینجا گونجاوتر بوو پاش ئەوەی گوتی: {رَبُّ الْمَشْرِقَيْنِ وَرَبُّ الْمَغْرِبَيْنِ} [الرحمن: 17] واتە: هەردوو شوێنی خۆرهەڵات و خۆرنشینی داهیناوە. بڵێت: (فبأی عقمە ربكما تكژبان)، بەڵام بەو شێوەیە لە سەرەتای سورەتەکە تا کۆتاییەکەی دووبارەی کردوەتەوە، تەنانەت شتێک دەڵێت دووبارەی دەکاتەوە و ئینجا لەگەڵ گوتنی سیفەتەکەیشیدا دیسان دووبارەی دەکاتەوە، وەک دەڵێت: {وَمِنْ دُونِهِمَا جَنَّتَانِ (62) فَبِأَيِّ... (63) مُدْهَامَّتَانِ (64) فَبِأَيِّ...} [الرحمن: 62 - 65] واتە: جگە لەمە دوو بەهەشتی تر هەن. دەیسا ئێوە لەکام چاکەی خودا حاشا دەکەن؟ دووکەسی بە رواڵەت رەش دەنوێنن. ئەمەیش ئایەتێکە و وەک دەبینیت یەک وشەیە، گوتیان لە قورئاندا جگە لەم ئایەتە هیچ ئایەتێکی تر نییە لە یەک وشە پێکهاتبێت. مەبەست لە سورەتەکە هەمووی دووبارەکردنەوەی {فَبِأَيِّ آلَاءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ} [الرحمن: 63]، بەڵام ئەو قسانەی تر کە لەگەڵیدا هاتوون وەک ئامرازێک دانراون بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم ئایەتە و هیچی تر. نازانم ئەمە چ جۆرە ڕەوانبێژییەکە. درێژەدانە کە تەواو... ئەوەی لایەق نییە کە خودا بیڵێت و لە سەر خودایش بگوترێت. وەک لە سورەتی (یونس) هاتوە: {قُلْ أَتُنَبِّئُونَ اللَّهَ بِمَا لَا يَعْلَمُ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ} [یونس: 18]. واتە: غەیرە خودا شتانێك دەپەرستن نە زیانیکان لێ دەکەن نە قازانج. ئەوە بێنن کە نە ئاسمان و نەش زەوی پێی بزانێت، پەنا بە خودا بە چی بێ باوەرن. لە سورەتی (یونس) پێش ئەمە وا هاتوە: {وَيَعْبُدُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنْفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَؤُلَاءِ شُفَعَاؤُنَا عِنْدَ اللَّهِ} [یونس: 18]، واتە: پێشتر نوسرا ئینجا دەڵێت: (قُلْ أَتُنَبِّئُونَ...) لەم بەشەی ئایەتەکەدا وەڵامی بێباوەڕان دەداتەوە دەربارەی ناوەڕۆکی ئەمانە شەفاعەتمان بۆ دەکەن لای :بەشی یەکەمی، وەک دەربارەی بتەکان باس دەکات خودا، لەمەدا دەڵێت خودا نازانێت هیچ شەفیعەکانی لا نییە لەمانە نە لە ئاسمان نە لە زەویش. چۆن هەواڵی دەدەنێ کە ئەوان شەفاعەت دەکەن و ئەمە هەواڵێکە کە لای خودا زانراو نییە، ئەگەر زانراو نەبێت، واتە هیچ شتێک نییە بۆ ئەوەی شتەکە بزانرێت و هەواڵ بگەیەنێت، وەک ئەوەی بڵێت ئەم قسەیەی ئێوە هەواڵێکە کە هەواڵهێنەری نییە وەک زەمەخشەری لە (الكشاف)دا باسی دەکات.

ئەم وەڵامە لە دوو لاوە گونجاو نییە:

یەکەم: لایەق نییە کە خودا ئەمە بڵێت و لە سەر خودایش بگوترێت نازانێت، ئەمەیش خراپ دەرپرینە.

دووەم: دابونەریتی خەڵک ئەوەیە کە هەواڵ نادەنە کەسێک مەگەر نەیزانێت، لەبەر ئەوەی هەواڵدانی عالەم بە کەسێك بیزانێت پشێوی و گاڵتەجارییە. سەرکۆنەکردنی هەواڵەکانیان ڕاست نییە.

ئەوەی باشتر بوو لە جیاتیی (أتنبئون) بڵێت (أتقولون) شتێک دەڵێن کە خودا نەیزانێت، یان شتێکی لەو بابەتە. ئەم شپرزەییە لە پای چی، لە کاتی وەڵامدانەوەی بوختانەکەیاندا دەردەکەوێت، کە قورئان لەم نموونانە بە نەزانینی زانست لای ئەوان وەڵامی داونەتەوە نەک نەبوونی زانست لای خودا، دەڵێت: (إنهم يقولون ما لا يفعلون)، وەک لە سورەتی (نور)دا دەڵێت: {وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ} [النور: 15]، واتە: بە دەمتان قسەی وا دەکەن

هیچ زانیاریتان لەسەری نیە. لە سورەتی (الأنعام)دا دەڵێت: {وَخَرَقُوا لَهُ بَنِينَ وَبَنَاتٍ بِغَيْرِ عِلْمٍ} [الأنعام: 100]، واتة: ئەوەی دەچۆنە ناویەوە بە بێ زانیاری لەسەر کور و کچان. نەیگوت خودا نازانێت کچ و کوڕی هەیە، ئەوەی گونجاو و لەبارتر بوو، کە وەڵامی ئەم بوختانەیش وەک لە شوێنی تری قورئاندا هاتوە بداتەوە، وەک بڵێت: (أتنبئون الله بما لا تعلمون). ئەوەی پێشبینی دەکەن بێ ئەوەی بیزانن. ئای لە بەختم ئایا دەکرێت لە ڕەوانبێژیی باڵادا ئەم قسەیەی ڕاست بکرێتەوە کە ئەوەی گونجاو نییە خودا بیڵێت و کاری نەگونجاویش بەرانبەر خودا بکرێت و بگوترێت. بە هەمان شێوەی پێشوو ئەوەیە لە سورەتی (التوبه)دا هاتوە دەڵێت: {أَمْ حَسِبْتُمْ أَنْ تُتْرَكُوا وَلَمَّا يَعْلَمِ اللَّهُ الَّذِينَ جَاهَدُوا مِنْكُمْ} [التوبه: 16]. واتة: ئایا حسابی ئەوەتان کرد کە وازتان لێ بێنن خواش لەوانەی ئێوە چونە غەزا دەزانێت و هیچ کەسێك لە نهێنیان نازانێت. ئەوەی زانراوە (لما)ی ئایەتەکە یەکلاکەرەوەی ڕەتکەرەوەیە کە دەخرێتە سەر کاری داهاتوو و ئینجا هەڵی دەگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بەڵام ئەوەی بە (لما) ڕەت دەکرێتەوە وای لێ دەکات نەفی کردنەکەی بەردەوام بێت ئا ئەم کاتە وەک لەم قسەدا هاتوە:

وإلاّ فَأَدْرِكْنِي ولمَّا أُمَزَّقِ فإنْ كُنْتُ مَأكُولاً فكُنْ خيرَ ىٓكِلٍ

بە پێچەوانەی (لم) ئەم بەردەوامی ڕەتکردنەوە لە خۆ دەگرێت و لە هەمان کاتدا دەشێت داپرانی تێدا بێت، بۆیە دەکرێت بگوترێت کە شتێکی نەبوو بوو ئینجا هاتە بوون. ئینجا لەوانە نەبوو ببێت ئینجا هاتە بوون. بەڵکوو دەگوترێت نابێت و لەوانەیشە ببێت. لەبەر ئەوەی نەفیکردن بە (لما) لەوە دەچێت لە دواڕۆژدا ڕوو بدات. واتای ئایەتەکە ئەوەیە لەو باوەڕەدان کە ئێوە لە سەر ئەوەی تێدان، وازتان لێ دەهێنرێت، تا ئێستا خودا دڵسۆزییەکانی ئێوەی نەزانیوە، کە جیهادیان لە پێناو خودا کردوە و یان کامیان دڵسۆز نین. شتێکی وەک ئەمە نابێت کە غەیبناسێک بیڵێت کە زانیاریی لەوەی ڕووی داوە و ئەوەیش ڕوو دەدات هەبێت. زەمەخشەری دەڵێت: (لما) لێرەدا بە واتای پێشبینی دێت، بەڵام کێشەکە لا ناچێت بە گوتنی ئەمەی واتای پێشبینی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ڕەتکردنەوەی زانیاریی لای خودا تا ئەم حاڵەتەیش بەردەوام دەبێت. لەگەڵ ئەوەی ئەو شتە پێشبینیکراوانەیش لە غەیبزان ناشارێتەوە. هەندێکیان ویستیان ئاڵۆزی و ئیشکالیەتەکە لەم ئایەتە و هاوشێوەکانی لابەرن، ئەوەی ویستراوە و مەبەستە لەم زانیارییەی ئێرەی زانستەکە پاداشتەکەی پێوە بەندە، ئەمەیش قسەیەکی پووچە لەبەر ئەوەی زانستی خودا وەک خۆی ئەزەلی و هەتاهەتاییە، ئەو هەموو شتێک دەزانێت کە هەیە و کە دەبێتیش. ئەو زانیارییەی دەربارەی پاداشتەکە لە زانیارییەکەیەوە دەرنەچوە، لەبەر ئەوەی لە ئەزەلدا کێ لەوان دەبێتە موجاهید و کێش نابێت و کێ شایانی پاداشتە و کێش نییە.

بە هەمان شێوەی پێشوو، ئەوەی لە سورەتی (الأعراف)دا هاتوە، دەڵێت: {هَذِهِ نَاقَةُ اللَّهِ لَكُمْ ىٓيَةً} [الأعراف: 73]، واتة: ئەمەش وشترەکەی خودایە بۆ ئێوە بە نیشانە هاتووە. خراپ دەربڕینی و داڕشتنی تێدایە، (ناقه) خستنە سەر خودا قسەیەکە کە چێژ و زەمی ڕاستودروست قبوڵی ناکات، بە تایبەتی لە کتێبێکی موعجیزەیی وەک قورئاندا. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: لەبەر ئەوەی خراوەتە سەر ناوی خودا بۆ مەزن و گەورەکردنی پێگەکەیە، واتە هیی حوشترەکە، ئەوەی بە سەریدا تێپەڕیوە کە مەزنکردنی بەخستنە سەر خودایە "نەک بۆ ناوی خودا وەک ئەو دەڵێت" ئەمەیش کەمکردنەوەیە لە گەورەییی خودا و لە ئەدەب دەرچوونە لە قسەکردن لە سەر خودا، دەیتوانی بڵێت: (هذه الناقه لكم آيه الله)، ئەگەر وەک ئایەت واتە پەند و نموونەی خودا پیشانی بدەیت گەورە و مەزنت کردوە لە پێگەدا بە بێ ئەوەی خراپ دەربڕینی تێدا بێت.

بەم بۆنەیەوە بۆ درێژەدان، ئەوەی دەربارەی ئەم حوشترە گوتوویانە کە ئەوەی خەساندوویەتی لە هیلاکبوانی پێشینان بوون لەبەر ئەوەی قەومی ساڵح خەساندبوویان، وەک فەرموودە باسیان کردوە و بە ناڕاست دایانە پاڵ پێغەمبەری خودا، کە بە عەلیی کوڕی ئەبووتالیبی گوتوە: دەزانیت هیلاکبوانی پێشوو کێن و کێ لە دوا جاردا هیلاک دەبێت؟ گوتی: نەخێر. گوتی: هیلاکبوانی پێشینان خەسێنەرانی حوشترەکەی ساڵحە و هیلاکبوانی دوا جاریش ئەوانەی بە شمشێر لە ملت دەدەن "ئاماژەی بۆ سەری کردوە" ئەمەیشت خەڵتانی خوێن دەبێت "ئاماژەی بۆ ڕیشی کردوە " ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەم فەرموودەیە حیزبایەتیی سیاسی بۆ عەلی و منداڵەکانی دروستی کردوە، پاش ئەوەی ئیبن مولجەم لە کوفە کوشتی.

وا دابنێ کە ئیبن مولجەم لە خوالێرازینەبوانی دواڕۆژ بوو. لەبەر ئەوەی خەلیفەی موسوڵمانانی

کوشتوە، ئەی بۆچی حوشتر خەسێنەرەکە بێتە خوالێڕازینەبووی پێشینان لەبەر ئەوە حوشترێکی خەساندوە، کە سەت دانە لەوە لە بریی خوێنبایی ئاساییترین مرۆڤدا دەدرێت.
ئەگەر بڵێیت: لەبەر ئەوەی کوفری خودای کردوە، لە فەرمانی یاخی بوە لەبەر ئەوەی حوشترەکەی خەساندوە، بۆیە بە خوالێڕازینەبوانی پێشینان دای ناوە. دەڵێم: قەومی (پمود) هەموویان کوفری خودایان کرد و لە فەرمانی یاخیبوون و خەساندنی حوشترەکە بە ڕازیبوونی خۆیان بوە. چۆن ئەوەی خەساندوویەتی بە تەنها بێتە خوا بۆ خراپکراوێکی پێشینان لە نێو هەموویاندا.

(81)
21 ــ لە سورەتی (النحل)دا دەڵێت: {وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ لِسَانُ الَّذِي يُلْحِدُونَ إِلَيْهِ أَعْجَمِيٌّ وَهَذَا لِسَانٌ عَرَبِيٌّ مُبِينٌ} [النحل: 103]. واتە: ئێمە ئەوەباش دەزانین ئەڵێن خەڵك فێری دەبێت ئەو زانیاریانە لە عارەبی کۆڵیەوە و ئاشکراشە کە زمانی ئەم قورئانە زمانی عارەبی رەوانە. لە مەکە لە سەردەمی محەمەدا غولامێکی ڕومیی عامر کوری حەزرەم هەبوو ناوی جەبر بوو. وا دیارە کە ئەم غولامە خاوەنی کتێب بوو-پێوەندیی لەگەڵ محەمەددا هەبوو- بۆیە بێباوەڕەکانی قورەیش محەمەدیان بەوە تاوانبار کرد کە ئەو غولامە محەمەد فێری هەندێک لەوەی لە قورئاندا هاتوە دەکات. لەم ئایەتەدا تۆمەتەکانیان باس دەکات و وەڵامیشیان بەوە دەداتەوە، کە ئەو غوڵامە زمانی ئەلعەجەمیە و قورئان عەرەبییەکی ڕوونە. چۆن ئەو قورئان فێری محەمەد دەکات. ئەوەی ناشارزێتەوە کە ئەم ڕەتکردنەوەیە لەگەڵ تۆمەتەکەدا ناچەسپێت، لەبەر ئەوەی ئەوان نالێن: غوڵامەکە ئایەتەکانی قورئانی بۆ ڕێک دەخات، بەڵکوو گوتیان: هەندێک شتی فێر دەکات و ئەو دەیکات بە قورئان. فێرکردن شتێکە و ڕێکخستنی ئایەتەکان شتێکی ترە. هیچ ڕەتکردنەوەیەک لە نێوان فێرکردن و ئەوەی زمانی ئەلعەجەمی بێت، تێدا نییە. بێگومان ئەم غوڵامە لە نێوان عەرەبی مەککەدا دەژیا، دەبێت باش بزانێت بە عەرەبی قسە بکات هەر چەند بە شێوەیەک بێت لە فۆنتەکەیشیدا بە عەجەمی دەربکەوێت.
لە تواناید دەبێت کە محەمەد فێری هەندێک شتی نێو کتێبەکان بکات و محەمەد بە شێوەی قورئانی عەرەبی دای ڕێژێت. بە تەماشاکردنی ئەمە، وەڵامەکەی لەگەڵ تۆمەتەکەدا نایەتەوە و ڕەتیشی ناکاتەوە، لە ڕەتکردنەوەکەدا جورێک لە هەڵەکردن هەیە.
لەمەی پێشوو ئەوەی لە سورەتی (الرعد)دا هاتوە: {وَفِي الْأَرْضِ قِطَعٌ مُتَجَاوِرَاتٌ وَجَنَّاتٌ مِنْ أَعْنَابٍ وَزَرْعٌ وَنَخِيلٌ صِنْوَانٌ وَغَيْرُ صِنْوَانٍ يُسْقَى بِمَاءٍ وَاحِدٍ وَنُفَضِّلُ بَعْضَهَا عَلَى بَعْضٍ فِي الْأُكُلِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ} [الرعد: 4] واتە: لەم هەردەدا گەلێك پارچە لە پەنای یەکتریەوەن هەروەها باغ و رەز و زەوی و زار و دارەخورما لەگەڵ یەکتر و لێك جودا هەمووی لەیەك ئاو یاراو دەبن. ئەمەش خودا پی بەخشین و لەوانی تری بە باشتر زانین ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوانەی عاقڵن. واتە لەم هەردەدا گەلێک پارچەی تەنیشت یەک هەن و هەروەها باغی ڕەز و زەویوزار و دارە خورمای یەک لیف و لیف جودا و هەموو لە یەک ئاوی پاراو دەبن، بەڵام تامی هەندێکیان باشتر دەکەین و ئەمانە هەمووی نیشانەن بۆ ئەوانەی عاقڵن واتە بەئاوەزن. دارەکان لە زەویدا تەنها خۆراکیان ئاو نییە، بەڵکوو ئاو ئامرازێکە بۆ هەڵمژینی خۆراکی ناخی زەوی. بێگومان ئەم درەختانە لە بەرەکانیان جیاوازن هەروەها لە شێوە و تایبەتمەندی و پێکهاتەی تۆخمەکانیشیان، هەر دارێک ئەوەی بۆی دەگونجێت و دەشێت لە خۆراکی زەوی هەڵی دەمژێت، بە جیاوازیی ئەو بڕەی کە هەڵی دەمژێت، بۆیە هەندێکیان لەوی تر لە ڕووی ڕەگ و قەد و لق و گەڵا و خۆراک و تامەوە جیاوازن. ئینجا هەوا و تیشکی خۆر پێوەندییەکی گەورەیان هەیە بە گەشەکردن و خۆراکەوە و، دروستبوونیان زیاتر لە پێوەندیی بەو ئاوەیە کە پێی دەدرێت، مەرج نییە کە لە یەک ئاو ئاو بدرێن وا فەرز بکات خۆراکیان یەک بێت، لە قسەی لە یەک ئاو ئاودێری دەکرێن و هەندێکیان لەوی تر بە باشتر دادەنرێن لە خۆراکدا، هەڵەی تێدایە.
٢٢ــ لە سورەتی (هود) دەڵێت: {وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلَا تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُوا إِنَّهُمْ مُغْرَقُونَ (37) وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ} [هود: ٣٧- 38]. واتە: ئەوەی گەمیە سازدان بە چاوانمان و سروتمان بێت و بەوانەش ستەمیان کرد قسەم لەگەڵدا مەکەن، ئەوان نغرۆ بوون. گەمیە سازدەکەن و هەرچەند کەسێك لە قەومەکەی بەلایدا

برۆیشتایەن گاڵەتەیان پێ دەکرد. قسەکەر لەم ئایەتەدا خودایە و ئەوەی قسەی بۆ کراوە نوحە و ئەوەی ویستراوە بە باوبۆران لە ناو ببرێن بێباوەڕەکانی قەومی نوحن، ئەوەی دەردەکەوێت توورەبوون و گەورەیی و جەبەروتە، دەربڕینی (وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا) گونجاو نییە لەگەڵ ئەو بارەدا، دەربڕینێکی شیرە و لەم بارەدا هیچ زەوقێکی تێدا نییە، ئەوە گونجاو بوو بڵێت بە هیمەت و فەرمان و چاودێری یان شتێکی لەو بابەتە. یان لە وتەی (بِوَحْيِنَا) دا بوەستایە. هەروەها پاش ئەوە دەڵێت: {وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ سَخِرُوا مِنْهُ} [هود: 38] واتە: واتاکەی پێشتر نوسرا. ئەو ڕێرەوە وا دەخوازێت و وا فەرزی دەکرد بڵێت: (وَصْنَعُ الْفُلْكَ) بۆ ئەوەی لەگەڵ قسەی (وَكُلَّمَا مَرَّ) و (سَخِرُوا مِنْهُ)دا بگونجێت. ئەگەر بەوەی فرمانی داهاتووی بۆ بە کار هێناوە مەبەستی حیکایەتی پێشتر بوویێت وەک شیکەرەوەکان دەڵێن، ڕێگەی باش ئەوە بوو بڵێت: (وَكُلَّمَا يمَرَّ عَلَيْهِ مَلَأٌ مِنْ قَوْمِهِ يسَخِرُون مِنْهُ) واتاکەی پێشتر نوسرا. بە پێی حاڵی ڕابردوو بۆ ئەوەی قسەکان وەک یەک بن.

٢٣_ لە سورەتی (یوسف)دا دەڵێت: {وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِنْهُمَا اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ} [یوسف: 42] واتە: بەیەکێك لەو دووکەسانەی بۆی دانابوو رزگاری دەبێت، وتی کە دەچیتە لای گەورەکەت باسم بکە، بەڵام شەیتان لە بیری بردەوە باسی بکات.

قسەکەر لەم ئایەتەدا یووسفە و ئەوەی قسەی بۆ دەکرێت ئەو کەسە مەی یان شەراب دروستکەرە کە شەرابی بۆ پاشا دروست کردوە، خۆی و نانەواکەی پاشان لەگەڵ 'یوسف'دا زیندانی کرابوون، ئەوەی یووسف وای زانی کە لەو دوانە شەراب دروستکەرەکە ڕزگاری دەبێت، کاتێک خەونەکەی بۆ شیکردەوە پێی گوت: تۆ لە زیندان دەردەچیت و دەگەڕێیتەوە بۆ شوێنەکەی خۆت لای پاشا، ئینجا پێی گوت: {اذْكُرْنِي عِنْدَ رَبِّكَ} [یوسف: 42] واتة : لای پەروەندەت یادم بکەرەوە . واتە لای پاشا بە سیفەتەکانم وەسفم بکە و چیرۆکەکەمی بۆ باس بکە بەڵکوو ڕەحمم پێ بکات و لەم تێوەگلانەوە دەرم بهێنێت، {فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ} [یوسف: 42]، واتە شەیتان یادکردنەوەی خودای لە بیر بردەوە. واتە شەراب دروستکەرەکە کە دەرچوو شەیتان لە بیری برد لای پاشا وەسفی بکات. ڕێرەوی قسەکان وا فەرز دەکات کە بڵێت: (فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَه عندَ رَبِّهِ) واتە لە بیری برد باسی یووسف لای پاشا بکات، بەڵام قسەی (ذِكْرَ بّهِ) لەو واتایەی لێرە ویستراوە جیاوازە و لە دەرەوەی ئەوە و بۆ واتایەکی تر ڕۆیشتوە و لەگەڵ ڕێرەوی قسەکەدا ناگونجێت.

هەندێک لە شیکەرەوەکان ویستیان بە شێوەیەک باسی بکەن کە بە شێوەیەکی پەسەند دەری بکەن، گوتیان ئەو ئاوەڵفرمانەی لەگەڵ (فَأَنْسَاهُ الشَّيْطَانُ)دایە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە وای دەزانی ڕزگاری دەبێت، واتە بۆ شەراب دروستکەرەکە ناگەڕێتەوە بەڵکوو بۆ یووسف دەگەڕێتەوە، واتاکەی وای لێ دێت، شەیتان لە بیری یووسفی بردەوە باسی خوداکەی بکات کاتێک کارەکەی بە شەراب دروستکەرەکە سپارد و داوای لێ کرد لای پاشا باسی بکات. تۆ وای دەبینیت کە ئەم شیکردنەوەیە لەگەڵ ڕێرەوی چیرۆکەکەدا ناگونجێت، ئەوەی دەگونجێت قسەکەی یەکەم جارە. لەبەر ئەوەی لەم داڕشتنەدا ئەوە هاتوە کە هۆکارەکەی بۆ یووسف دەربخات کە بۆ ماوەیەکی زۆر واتە هەندێک ساڵ لە زینداندا ماوەتەوە. وای لێ کرد کە ئاوەڵفرمانەکە بۆ ئەو بگەڕێتەوە، واتاکەی بە قسەی ئەم شیکەرەوەیەی دووەم، ئایا داڕشتنێکی لەم جۆرە هیچ ڕەوانبێژییەکی تێدایە کە وات لێ بکات بە دوای واتاکەیدا بگەڕێیت و نەزانیت چییە، ئەمەیە یان ئەوە؟

هەر وەک ئەمەی پێشوو لە سورەتی (الجن)دا هاتوە دەڵێت: {وَأَلَّوِ اسْتَقَامُوا عَلَى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقًا (16) لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ} [الجن: 16، 17]. واتە: ئەگەر ئەوانیش لەسەر ئەم ڕێگەیە بوایەن لە ئاوێکی زۆر تێرئاویان دەکەین. تاوەکو لەوێدا تاقیانبکەینەوە. لە سەرەتای سورەتی (الجن)دا هاتوە: {قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِنَ الْجِنِّ...} [الجن: 1]. واتە: پێم ڕاگەیەنرا چەند کەسێك لە جنۆکە گوێیان هەڵخست. قسەکردن لەم ئایەتەدا لە کۆی ئەوانەیە کە لەو شەوەی گوێبیستی جنۆکە بوو بۆی دابەزی. (ان) لەم ئایەتەدا لە جۆرە سوکەکەیەتی نەك قورسەکە، ئەو واتایەی ویستراوە ڕوون نییە، قسەی: (لَأَسْقَيْنَاهُمْ مَاءً غَدَقًا) وا حکوم دەکات کە ئەوەی لە ڕێگەکە ویسترابێت ڕێگەی باوەڕداری و گوێڕایەڵییە بۆ خودا، دەڵێت: (لِنَفْتِنَهُمْ) وا حکوم دەکات کە ئەوەی ویستراوە ڕێگەی بێباوەڕی و یاخیبوونە، لەبەر ئەوەی فیتنە وەک خۆی بە واتای شارەزایی و تووشبوون بە واتای ئازار و هیلاکی و ئاپڕووچوون دێت، هەموو دەردێک پێی دەگوترێت فیتنە، لەوانەیە قسەکەی: (لِنَفْتِنَهُمْ) بە واتای با تاقیان بکەینەوە بێت،

هەروەها بە واتای با ئازاریان بدەین یان ئاپڕوویان ببەین و بیانخەینە فیتنەوە بێت. بیرمان بۆ کام لەم واتایانە دەچێت و لێتێگەییشتنمان لە سەر کامەیان جێگیر دەبێت؟ باباسی ئەوەت بۆ بکەین کە زەمەخشەری گوتوویەتی: ئەگەر لە سەر ڕێگەی نموونەیی بوەستایەن، واتە ئەگەر باوکە جنۆکەیان "واتە ئیبلیس" لە سەر خوداپەرستی و گوێڕایەڵی خۆی بوەستایە و خۆی لە سوجدەبردن بۆ ئادەم بە گەورەتر نەزانیبایە و بێباوەڕ نەبوایە و کورەکەی بۆ ئیسلامبوون دوای بکەوتایە، نیعمەتمان پێ دەبەخشی و ڕزقمان زۆرتر دەکرد. (لِنَفْتِنَهُمْ) بە واتای تاقیان دەکەینەوە لەوەی سپاسگوزار بن لەوەی سەرپشک بوون، گوتی نابێت واتاکەی ئەوە بێت کە جنۆکە لەو کاتەدا گوێبیستی قورئان بوە و ڕاستترینیان گرتوە، وەک پێش ئەوەی گوتیان لە قورئان بێت و نەیانگواستەوە بۆ ئیسلام بوون. کە پلە بە پلە ڕزقمان زۆرتر دەکرد بۆ ئەوەی تاقیان بکەینەوە، واتە نیعمەت ببێتە هۆکاری دوای شەهوەت کەوتنیان و کەوتنە فیتنەوە، یان بە هۆکاری لەبەرچاوگرتنی نیعمەتەکەوە ئازارمان دەدان.

بەم دوو واتایە زەمەخشەری لە کەشافەکەیدا ئایەتەکەی شی کردوەتەوە، لە واتای یەکەمدا: ڕێگەکەی بە ڕێگەی گوێڕایەڵی و باوەڕبوون بە خودا دانا و فیتنە بە واتای تاقیکردنەوە دانا، لە واتای دوەمی ڕێگەکەی بە ڕێگەی بێباوەڕی و یاخیبوون دانا و فیتنە بە واتای ئاپڕووچوون و بە واتای ئازار دانا، ئەمەیش پێچەوانەی واتای یەکەمە. ئەوەی زانراوە کە (أن) ئەگەر بچێتە سەر ڕستەیەکی جێگیر دەیکات بە (نفی) ڕەتکراوە و ئەگەر بکەوێتە سەر ڕەتکراوە دەیکات بە جێگیر. بە پێی واتای یەکەم ئەوان لە سەر ڕێگەی گوێڕایەڵی خودا و باوەڕپێهێنان نەبوون بەڵکوو یاخی و بێباوەڕبوون، بە پێی واتای دوەم لە سەر یاخیبوون و بێباوەڕی نەبوون، بەڵکوو گوێڕایەڵ و باوەڕداربوون. هەر دوو واتاکە دژبەیەکن، بێگومان قسەیەک کە دوو واتای دژبەیەک لە خۆ بگرێت هیچ ڕەوانبێژییەکی تێدا نییە.

٢٤ــ لە سورەتی (الواقیعە)دا دەڵێت: {فَلَوْلَا إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ (83) وَأَنْتُمْ حِينَئِذٍ تَنْظُرُونَ (84) وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلَكِنْ لَا تُبْصِرُونَ (85) فَلَوْلَا إِنْ كُنْتُمْ غَيْرَ مَدِينِينَ (86) تَرْجِعُونَهَا إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} [الواقیعە: 83 - 87] واتە: ئەدی ساتی زێدەرۆیی مردن قورقوراگەی گرتوون، ئێوەش چاوەنواری مەگرن . ئێمەش ئەوسا زۆر لە ئێوە لێ ینزیکترینبەڵام ئیوە نایبینن. ئەوسا ئێوە لاتان وایە ناکەونە بەر پرسینەوە. لە مردن دەیگەڕێننەوە ئەگەر راستگۆ بن. ئەم ئایەتە نامۆترین و سەرسورهێنەرترین قسەیە، ئەگەر یەکێکی بە توانا و پێگەیشتوو بیویستبایە قسەیەک داپڕێژێت ئاڵۆز بێت و لێی تێ نەگەیت و بە ئەنقەست و پێداگری ئەوە بکات نەیدەتوانی قسەیەکی شڵەژاوی لەم ئایەتە زیاتر بهێنێتەوە. قسەکردنەکە لە ئایەتەکە بۆ بێباوەڕەکانە، کە ئەوە ڕەت دەکەنەوە خودا تا ڕۆژی قیامەت بیانخاتە سەر یەک دین، هەوڵی ئەوە دەدات کە وێنای بێتواناییان دەربخات، لە ئاست یەکێکدا لە گیانەڵڵا بێت و بیەوێت گیانی دەربچێت، ئاوەڵفرمان لە قسەی (بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ) و لە قسەی (تَرْجِعُونَهَا) بۆ ڕوح دەگەڕێتەوە، ئاوەڵفرمانی قسەی (أَقْرَبُ إِلَيْهِ) بۆ ئەوەی لە گیانەللّایە دەگەڕێتەوە، هەر دوو ئاوەڵفرمانی نێرینە و مێیینە لە پێش ناوهێنانیان دانراون. لە پێشدا هیچ شتێک نییە باسی ئەوان بکات، (لولا) لێرەدا هاندەرە بە واتای یەڵا و دوەم زیادەیە و دووبارەیە بۆ جەختکردنەوە، بناغە لە ڕێکخستنی ئایەتەکەدا پاش لادانی (لولا)ی دووبارە ئاوای لێ دێت. (إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) واتە لە ملنەدان و بێباوەڕبوونتان بەوەی ناتوانن کە مردوو زیندوو بکەنەوە و ئەوەی دەستی پێ کردوە بیگەڕێننەوە (فلولا) واتە یەڵا ڕۆحەکەی بگەڕێننەوە. (إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ) واتە ئەدی ئەگەر مردن قورگی گرتوون، هیچتان پێ ناکرێت، ئەوەیش ڕەت دەکەنەوە کە خودا لە ڕۆژی حەشردا حسابتان بکات و ئێوەیش چاوەڕوانی مەرگن، ئەو کاتە ئێمە لە ئێوە زیاتر لە خودا نزیکترین، بەڵام ئەوە هەر ئێوەن کە نایبینن.

ئەمە قسەکەی زەمەخشەرییە. لەو شیکردنەوەیەی کە کورتمان کردەوە بە شتێک گۆڕینەوەی تێدا بێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، تەماشا بکە خودا بتپارێزێت، ڕێکخستنی ئایەتەکە لە کوێیە، ئەگەر لە بناغەدا ئایەتەکە بە پێی واتای ویستراو ڕێک بخەین. قسەی (إذا بلغت) پەیوەستە بەوە دوا کەوتوە، ئایا دەیگەڕێننەوە کە دەبێت پێش بکەوێت و دەبێت لە پاش (لولا) دابنرێت، ئایا ئەمە ڕەوانبێژیە یان چییە.

(82)

توندوتۆڵی و هاوشێوەیی لە قورئاندا

لە سورەتی (ئاڵ عمران) دا هاتوە: {هُوَ الَّذِى أَنْزَلَ عَلَيْكَ الْكِتَابَ مِنْهُ ءَايَاتٌ مُحْكَمَاتٌ هُنَّ أُمُّ الْكِتَابِ وَأُخَرُ مُتَشَابِهَاتٌ فَأَمَّا الَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِى الْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ} [ئاڵ عمران: 7] واتە: ئەوەی کە ئەم کتێبەی بۆ دابەزاندویت و نیشانەی تێدایە کە ئایەتگەلێك پتەو هەن و ماکن بۆ کتیبەکە و تێدایە وەك یەك دەچن و واتای جۆراوجۆر هەڵدەگرن. ئەوکەسانەی دڵی قیناویان هەیە هەر ئەوانە حەزی لێدەکەن و خەلکی پێ هەڵدەخەڵەتێنن و هەرچۆنێك بێت بە دڵی خۆیان واتاکەی لێکدەدەنەوە و کەچی جگە لە خودا کەس نایزانێت، ئەوکەسانەش کە زۆر زانان دەڵێن: بروامان پێ هێناوە و لەپەروەندەمانەوەیە و جگە لەو کەس بە دڵ هۆشیاریەوە بیر ناکاتەوە. قسە لە سەر ئەم ئایەتە بە سەر سێ توێژینەوەدا دابەش دەبێت. یەکەم ئەوە قایمە، واتە توندوتۆڵە و ئەوەی هاوشێوەیییەکانە و ئەمانە ڕەکانی چەندن لە قورئاندا، دوەم ئایا هاوشێوەیییەکان تەنها خودا قازانجی لێ کردوە یان دەشێت ئێمەیش بیزانین، سێیەم هۆکاری ئەوە چییە کە قورئانی بە قایم و هاوشێوەیی دابەزاندوە.

توێژینەوەی یەکەم

قایم لە زمانەوانیدا لە توندی و جوانی و لێزانینەوە هاتوە، وەک دەبینین: هەر قسەیەک لە داڕشتندا قایم و توندوتۆڵ بێت خاڵییە لەوەی واتاکەی بشێوێنێت و نادیار دەری بخات، بەڵکوو لەفزەکەی پاراو و خاراو و پەسەند دەبێت و واتاکەی ڕوون و ئاشکرا و ڕاشکاو و مەعقوول دەبێت، هیچ شێمانەیەک لە خۆ ناگرێت و گومان لە دەرگای نادات و ڕاوبۆچوونەکان لە سەری ناکۆک نابن. هاوشێوەیییەکان بە پێچەوانەی ئەمەوەیە. لە بنەڕەتدا هاوشێوەیی واتە هەندێکیان لە یەک دەچن و هاوشێوەن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام کە هاوشێوەیی لە شتدا هەبێت دەبێتە هۆی سەرلێتێکچوون و هەڵەکردن بە شێوەیەک نەتوانیت جیایان بکەیتەوە، هاوشێوەیی لە زمانەوانیدا بەو شتە دەگوترێت کە تێکەڵاوی تێدا بێت و زانینی قورس بێت و نەتوانرێت جیا بکرێتەوە، قایمی و هاوشێوەیی لە واتادا بە تەواوی دژ بە یەکن.

ئەم واتایەی قایمی و هاوشێوەیی لە لەفزە عەرەبییەکەیدا لە کاتی بەکارهێنانیدا دەردەکەون، قورئان بە زمانی عەرەبی ڕوون دابەزی، پێویست ناکات لە سەر واتاکەیان شتێکی تر بە دەر لەمە بڵێین، بەڵام زانایانی ئیسلام لە قسەکردن لە سەر واتاکانیان، لە چەندین بۆچووندا جیاواز بوون. هەر یەکە و ڕاستگۆیە لە قسەکانیدا و لە سەر حەقە لە ڕاکانیدا، بەڵام کورتبینە لە تێڕوانین و دیدیدا، بەڵکوو دیدگای لە هەموو لایەکەوە واتاکانی نەبینیوە، بەڵکوو هەر چییەکی گوتوە بە کورتبینییەوە لە سەر لایەک لە لایەکانی باسی کردوە، بە شێوەیەك ئەوەی لە سەر ئەوە یەکلا بێتەوە کە وەك شاعیرێک باسی کردوە، دەربارەی ئیدیعای فەلسەفە لە زانستدا کە "شتێکت لە بەر کرد و چەندین شت لە بیر چوو و لات نەما" باشترین نموونەی قایمی لە قورئاندا بهێنینەوە ئەوەیە: {قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ} [ئاڵ عمران: 64] واتە: بڵێ ئەی ئەهلی کتێب وەرن ئێمە و ئێوەلەسەر ئەو قسەیە سوربین کە بۆ هەمووومان وەك یەکە و جگە لە خودا کەس نەپەرستین و هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەین، هەندێکمان کەسی تر بۆ پەرستن هەڵنەبژێرین، ئەگەر خۆیان بوارد، پێیان بڵێ ئێوە شایەتن ئێمە خۆمان بە خودا دەسپێرین. لە ڕەوانبێژیی قورئاندا باسی ئەم ئایەتەمان کردوە لەوێدا تەماشای بکە.

ئا لێرەدا هەندێک لە قسە جیاوازەکانیان دەربارەی قایمی و هاوشێوەییتان بۆ باس دەکەین، کە لە (الإتقان)ەوە گواستومانەتەوە، بۆ ئەوەی بە ڕوونی واتاکەی باس بکەین و ڕوون بێت لاتان.

دەڵێت: جیاوازی لە دیاریکردنی قایمی و هاوشێوەیی لە سەر قسەکان هەبوو، گوتیان: قایمی؛ ئەوەی لێوە زانراوە یان بە دەرکەوتن یان بە تەئویل و شیکردنەوە بوە، هاوشێوەییش ئەوەیە کە بە زانیاریی خۆی قازانجی پێ بەخشیوە، وەک هاتنی ڕۆژی قیامەت و دەرکەوتنی جادووگەر، واتە دەجال و فاڵگرەوە و پیتە لەیەکداپڕاوەکانی سەرەتای سورەتەکان.

ئاگاداری: خاوەنی ئەم قسەیە وای کرد ئەوەی بۆ تێگەیشتنی واتاکەی پێویستی بە شیکردنەوەی توندوتۆڵ دەوێت، لەبەر ئەوەی هاوشێوەیییەکان بە شتێکی تایبەت داناوە، کە جگە لە خودا کەس نایزانێت.

دەربارەی قایمی: ئەوەی لە واتادا مەعقوول بێت و هاوشێوە بە پێچەوانەی ئەو بێت، وەک ژمارەی نوێژەکان و تایبەتمەندیی ڕۆژوو بە ڕەمەزان بە دەر لە شەعبان، وەک (الماوردی) باسی کردوە. خاوەنی ئەم قسەیە وای کردوە کە عەقڵ تەوەری سەرەکیی قسەی قورئان بێت، ئەوەی لەوەوە بێت قایمە و ئەویش بە دەر لەو بێت هاوشێوەییە، ئەمەیش قسەیەکی کورتە و کۆکەرەوە نییە؛ ئەوەی تێبینی دەکرێت لێرەدا نوێنەرایەتیی نامەعقووڵی لە ژمارەی نوێژەکان و تایبەتمەندیی ڕۆژوو بە مانگی ڕەمەزانەوە دەکەن، بەڵام دەربارەی ژمارەی نوێژەکان مەعقوول نییە و ڕاستە، لەبەر ئەوەی عەقڵ درک بەوە ناکات بیکاتە پێنج دانە لە پێنج کاتدا، وەک درک بەوەش ناکات بیکاتە دوو ڕوکعات لە بەیانییاندا و چوار ڕوکعات لە نیوەڕۆ و عەسر و سێ ڕوکعات لە مەغریبدا. پێشتر بە درێژی باسی نوێژمان کرد، بەڵام تایبەتکردنی ڕۆژو بە مانگی رەمەزانەوە ئەو کاتە عەرەبی جاهیلی بە پیرۆزی دادەنا و بە مەزنی لە قەڵەم دەدا، تاک خوداپەرستان پێش محەمەد لەو کاتەدا دەڕۆیشتن بۆ ئەشکەوتی حەڕرا و خوداپەرستیان دەکرد و خۆراکیان دەبەخشیە هەژاران، محەمەدیش دوایان کەوت لەوەدا و کە ڕۆیشت بۆ ئەشکەوتی حەڕرا و وەحی بۆ هات، ئیسلام دانی بەم جاهیلیەدا ناوە و وای کردوە کە ڕەمەزان تایبەت بێت بە ڕۆژوپەرستی، بە دەر لە مانگەکانی تری ساڵ. بەمەدا زانیمان کە بۆچی ڕۆژوو دەبێت بەتایبەتی لە ڕەمەزاندا بە دەر لە شەعباندا بێت، کە وای لێ بێت مەعقوول بێت.

دەڵێن: قایمی واتە ئەوەی واتاکەی ڕوونە و هاوشێوەیی دژەیەکەتی. ئەم قسەیە کۆی باسەکەیە کە ئێستا لەو بارەوە دواین، لە واتای قایمی و هاوشێوەیی. دەڵێن: قایمی واتە ئەوەی شیکردنەوە یان تەئویل لە خۆ ناگرێت جگە لە یەک لاوە، هاوشێوەیی چەندین بۆچوون لە خۆی دەگرێت. بە پێی ئەم قسەیە قایمی دەقە و هاوشێوەیی دەتوانیت بە تەئویل لەقەڵەم بدرێت، نەک ئەوەی تەنها خودا خۆی بە واتاکەی بزانێت واتە قۆرخی کردبێت.

دەربارەی قایمی دەڵێن: ئەوەیە بە خۆی سەربەخۆ بێت و هاوشێوە بە خۆی سەربەخۆ نەبێت، جگە لەوەی نەیگەڕێنیتەوە بۆ یەکێکی تر، بە پێی ئەم قسەیە بێت هاوشێوەیی ئەوە نییە کە خودا بە زانیاریی خۆی دەیزانێت.

دەڵێن: قایمی واتە ئەوەی دادەبەزێت واتە تەئویلە بە خۆی، بەڵام هاوشێوەیی درکی پێ ناکرێت ئەگەر بە تەئویل نەبێت، واتای قسەکان: ئەوەی دادەبەزێت و تەئویلە بە خۆی، واتە پێویستی بە تەئویل نییە. قسەی زۆر لەم بارەوە کراوە.

دەڵێن: قایمی ئەوەیە لەفزەکانی دووبارە نەبنەوە و بەرانبەرەکەیشی هاوشێوەییە؛ واتە ئەوەیە کە لەفزەکانی دووبارە دەبنەوە، ئەمەیش زۆر نامۆیە، لەبەر ئەوەی لەفز بە دوور دەبێت لە واتا و بناغەی جیاوازی و تایبەتمەندیی نێوانیان.

هەروەها گوتوویانە: ئەم قسەیەیش بۆ ئیبن عەباس دەگێڕنەوە، قایمی: لە قورئاندا ئەوەیە کە ناسخ و حەڵاڵ و حەرام و سنور و فەریزەکان و ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنرێت و کاری پێ دەکرێت، هاوشێوەیی مەنسووخ و پێش ئەو و پاش ئەو لە نموونەی سوێندەکانی و باوەڕی پێدەهێنرێت و کاری پێ ناکرێت -ئەگەر بمانەوێت کورتەی ئەم قسانە باس بکەین دەڵێین: ئەوەی قایمە کە لە فەریزە ئایینەکاندا پێویستیان پێی دەبێت و، هاوشێوەیی ئەوەیە کە لە فەریزە ئایینیپەکان جگە بە تەنها لە باوەڕپێکردن هیچ پێویستیان پێی نابێت، ئەم قسەیە ئەگەر ناکۆکە لەگەڵ واتای قایمی و هاوشێوەیی کە باسمان کرد بە ناکۆکییەکی تەواوەوە، بەڵام باشترین قسەیە کە لەگەڵ مەبەست و ئامانجی دابەزاندنی ئایەتەکەدا بگونجێت، مەبەست لە هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە، وەستانی موسوڵمانان لە بەدواداگەڕانی واتای هەر شتێکی نادیار و ناڕۆشن و ئاڵۆز و نامەعقوول لە قورئاندا، لەبەر ئەوەی بە دواداگەڕانی ئەو شتانە دەبێتە هۆی فیتنە و دووبەرەکی و جیابوونەوە و ناکۆکی لە نێوانیاندا، ئەمەیش بەتەواوی لەگەڵ ئامانجە باڵاکەی بانگەشەی ئیسلامدا نایەتەوە. بۆیە وا دەبینین، ئایەتەکە ئەوە لە خۆ دەگرێت کە زەمی ئەوانەی بە دواداچوون بۆ هاوشێوەکان دەکات و بە چەوتی و لە ڕاستی لادان و فیتنە دروستکەر وەسفی کردوون، هەر وەک پێداهەڵدانی ئەوانەی زانست و زانیارییان لەو بارەوە دەگەڕاندەوە بۆ خودا و ڕادەستی ئەویان کرد، بۆیە ئەوانەی پێشینان و هاوەڵان و بەدووکەوتوان هەر هەموویان ئەم قسە کاریگەرەی ئیبن عەباس دەڵێنەوە، ئەگەر هەر یەک لەوانە پرسیاری هاوشێوەییەکانیان لێ بکرایە، دەیانگوت: باوەڕمان پێیەتی و زانیاری و زانستەکەی لای خودایە. ئەمە ئەو کۆمەڵە قسانەیانە لە سەر قایمی و هاوشێوەیی، هەر هەمووی ڕاستە بەڵام ناتەواو و کۆ نەکراوەیە، وەک پێشتر باسمان کرد، واتای قایمی و هاوشێوەیی هەر چییەک بێت، ئەم

ئایەتە دانپێدانانە بەوەی کە قورئان دوو بەشە، ئەوەی لێی تێدەگەین و ئەوانەی لێی تێ ناگەین. ئەوەی لێی تێدەگەیت بناغەیە کە دەبێت بۆی بگەڕێیتەوە و کاری پێ بکەیت و، جگە لەوانە ئەوانی تر بە هۆکاری لقوپۆپی بناغەکە هاتوە، دەبێت باوەڕی پێ بێنیت و واز لەوە بهێنیت کە بە دوای واتاکەیدا بگەڕێیت. بێگومان ئەم دانپێدانانە ئیدیعای موعجیزە و پەرجووی قورئان ڕەت دەکاتەوە، کە لە دەرئەنجامی ڕەوانبێژیی باڵاوە بێت.

ئەمەیە دەربارەی قایمی و هاوشێوەیی باسمان کرد، بەڵام یەکانیان و کامەیان زۆرترینن لە قورئاندا، وەڵامدانەوەی ئەمە بە ژماردن زۆر قورسە، ئینجا یەی هەر یەکەیان بە پێی ئەو واتا ویستراوەی جیاوازن. هەندێک لەو قسانەم بینی لەو بارەوە. بە تەماشاکردنی قسەی قسەکەر: قایم ئەوەیە کە شیکردنەوە یان تەئویل لە خۆ ناگرێت جگە لە یەک لایەنی و، هاوشێوەیی چەندین لایەنی لە خۆ دەگرێت و زۆرینەی قورئان لە هاوشێوەکانە و قایمەکان لە دەگمەنەکانن، لەبەر ئەوەی قایم بە تەماشاکردنی ئەم قسەیە بە واتای دەق دێت، ئەوانەی لەو بارەیەوە دواون دەڵێن بە دەگمەن دەق لە قورئاندا هەیە و هاوشێوەییەکان لە قورئاندا زۆرترن.

بە تەماشاکردنی قسەی قسەکەران: قایم ئەوەیە کە چی بوێت دیارە و تەئویل لە خۆ ناگرێت و هاوشێوەیی ئەوەیە کە زانینەکەی تایبەتە بە خودا. کەچی بە پێچەوانەوە، بەم پێیە بێت قایم لە قورئاندا زۆرترە و هاوشێوەیی کەمترە. بە تەماشاکردنی ئەم قسەیەی کە گوتراوە: قایم حەڵاڵ و حەرامە، کە کەمە و هاوشێوەیی زۆرترە، هەروەها بە تەماشاکردنی قسەی کاریگەر لە ئیبن عەباسەوە وەرگیراوە، کە پێشتر باس کرا، قایم کەمترە و هاوشێوەیی زیاترە، لەبەر ئەوەی ئەو ئایەتانەی دەرخستنی حەرام و حەڵاڵ و سنور و فەریزەکان دیاری دەکەن کەمترن لە شتی تر.

بەڵام ئایەتە ناسخەکانی قورئان بە هەمان شێوەی ئایەتە مەنسوخەکان و زیاتریشن، لەبەر ئەوەی مەنسوخەکان ئەوەیە کە بە ئایەتێکی نەسخکەر نەسخ نەکرابێت، بەڵام یە لەبیرچووبن یان پشتگوێ خرابن و نەسخ کرابن، وەک لە قورئاندا هاتوە: {مَا نَنْسَخْ مِنْ ءَايَةٍ أَوْ نُنْسِهَا نَأْتِ بِخَيْرٍ مِنْهَا أَوْ مِثْلِهَا} [البقرە: 106]. واتە: پێشتر واتاکەی نوسراوە. ئەوەی لە بیر کراوە ئایەتی: (ولو أن لابن ءادم وادیين من ژهب لابتغی إليهما ثالثًا ولو أن له ثالثًا لابتغى إليهما رابعًا ولا يملأ جوف ابن ءادم إلا التراب، ويتوب الله على من تاب)، ئەگەر بەنی ئادەم دوو دۆڵ زێری هەبێت ئارەزووی لە سێیەم دەبێت، ئەگەر سێیەمی هەبێت ئارەزووی چوارەم دەکات، جگە لە خۆڵ هیچ شتێك هەناوی بەنی ئادەم پڕ ناکاتەوە و خودا ئەوە دوبریت کە تۆبە بکات. قورئان مەنسوخی تێدایە و لە بیرکراویشی تێدایە، بەڵام ئەوان بە وانەی لەبیرکراویش دەڵێن مەنسوخن.

توێژینەوەی دووەم

ئایا دەتوانرێت دەربارەی هاوشێوەیی بزانرێت یان جگە لە خودا کەس نایزانێت. لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا لە سەر دوو قسە جیاواز بوون. یەکەم: ئەمە لەو شتانەیە کە دەتوانرێت بزانرێت، ئەوەی بەم شێوە قسە دەکات تایەفەیەکی کەمن لەوانەیش موجاهد و نوەوی و ئیبن حاجب و خەڵکی تریش. بیانویان بۆ ئەم قسەیەیان ئەوەیە: مەعقوول نییە خودا بە شێوەیەك قسە بۆ ئەوانە بکات کە دەیپەرستن، کەچی هیچ مەخلوقێک ڕێگەیەکی نەبێت ئەم جۆرە ئایەتانە بزانێت، دووەم: ئەوەی هیچ کەسێك قازانج لە زانیارییەکەی نابینێت و نایزانێت جگە لە خودا نەبێت، ئەوەی ئەم قسەیەیان کردوە زۆرینەن و لە هاوەڵان و دواکەوتوانیان و ئەوانەی پاش ئەوانیشن لە ئەهلی سوننەت. ئەم ناکۆکییەیان لە جیاوازیی دروستبوونی واتاکانەوە هاتوەتە ئاراوە، ئەوەی پەیوەستە بە واتای ئایەتەکەوە کە دەڵێت: {وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا} [ءال عمران: 7] واتە: خودا و ئەوانەی لە زانستدا سەرقاڵن دەڵێن باوەرمان پێ هێنان، هەمووی لا لایەن پەروەندەکەمانەوەیە. لە (واو)ەکەدا جیاواز بوون کە لە پێش (وَالرَّاسِخُونَ) دێت، ئایا بۆ پەیوەستبوونە لەگەڵ پێشەوەیدا یان بۆ دەستپێکردنە، کە قسەکە (والراسخون) قسەی دەستپێکردن بێت، تیمی یەکەم دەڵێن: واوەکە عەتفە واتە واوی خستنەسەری پاش خۆی بۆ پێشەوەیە، واتە خودا و قوڵبوانی زانست ئەو شتە دەزانن، بەڵام قسەی دوای ئەوە: (يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِ كُلٌّ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا) قسەی دەستپێکردنە حاڵی زانایانی قوڵبوو ڕوون دەکاتەوە، واتای ئەوەیە کە ئەو زانیارییانە بە تەئویل دەکرێن...

بەڵام تیمی دووەم دەڵێن: (واو)ی دەستپێکردنی ڕستەی دوای خۆیە نەک عەتف، دەڵێن

وەستان لەوێدا پێویستە، کە دەگاتە (إِلَّا اللَّهُ)، وای لێ دێت کە (وَالرَّاسِخُونَ) سەرەتای ڕستە بێت و واتاکەی ئەوەیە "قوڵبوانی زانست نایزانن، بەڵام دەڵێن باوەڕمان هێنا و کارەکە بۆ خودا دەگەڕێننەوە کە ئەو دەیزانێت ئەگەر بڵێیت: کام تیمیان ڕاستن لەو واتایەی لە ئایەتەکەدا دەریان هێناوە؟ دەڵێم: دەربڕین و داڕشتنی ئایەتەکە دوو لایەن لە خۆ دەگرێت، هەر یەک لەو دوو تیمە لایەکی ڕاستی عەرەبیی پاراو لە واتاکە دەڵێت کە داڕشتنی ئایەتەکە لە خۆی دەگرێت. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە محەمەد پێغەمبەر داڕشتنێکی ئاڵۆز و گوماناوی لە دەربڕینی ئایەتەکە بە کار هێناوە "ئەمە لەبەر ئەوە دەڵێین، چونکە داڕشتنی قورئان هیی محەمەدە، ئەگەر واتاکەی لە ڕێگەی ئیلهامەوە بۆی هاتبێتە خوارەوە وەک پێشتر ڕوونمان کردەوە" ئایەتەکەی وا داڕشتوە کە هەر دوو لایەنەکە لە خۆ دەگرێت و بەرەو هەر دوو واتاکە دەچێت، لەوانەیە بەم ئاڵۆزی و ناڕوونییەی ویستبێتی ڕێگە و بوارێک بۆ ئەهلی زانست بە جێ بهێڵێت، بۆ ئەوەی ئایەتە .هاوشێوەییەکان تەئویل بکەن و ئەم دەرگایە قەت لە بەر دەمیاندا دانەخات
بەڵام تیمی دوەم کە دەڵێن واوەکە بۆ دەستپێکردنە و هاوشێوەییە و جگە لە خودا کەس نایزانێت بەهانەیان بۆ ئەم قسەیە پشتبەستنە بە گواستنەوە واتە نەقڵ، لەوەیش کە عەبدولڕەزاق لە شیکردنەوەکەی باسی کردوە و ئەلحاکم لە (مستدرك)ەکەی لە ئیبن عەباسەوە وەری گرتوە کە گوتوویەتی وا خوێنراوەتەوە: (وما يعلم تأويله إلا الله ويقول الراسخون في العلم ئامنا بە). هیچ کەسی لە تەئویلەکەی نزانێت جگە لە سەرقاڵبووان لە زانست دەڵین باوەڕمان پێ هێنان، دەڵێن ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە واوەکە بۆ دەستپێکردنە لەبەر ئەوەی ئەم گێڕانەوەیە ئەگەر خوێندنەوەی بە کەمترین پلە پێ جێگیر نەبێت، دەکرێت ببێتە هەواڵێک بە .پشتبەستنی ڕاست بۆ وەرگیرانی قورئان و قسەکەی لە خۆی نزمتر پێش بخات
بەهانەیان بەوەی ئیبن ئەبی داود لە (موسحەف)دا کە (گریق الاعمش)باسی کردوە، دەڵێت: لە خوێندنەوەی ئیبن مەسعووددا دەڵێت: (وإن تأويله إلا عند الله، والراسخون فى العلم يقولون ئامنا بە) دەربڕینی قورئان لەم خوێندنەوەدا خاڵیە لە ئاڵۆزی و گومان، لەبەر ئەوەی واوەکە بە یەکلاییەوە بۆ دەستپێکردنە و بە هیچ شێوەیەک بۆ (عطف) واتە بەستنەوە نایێت، لەبەر ئەوەی .ئەگەر بۆ بەستنەوە بوایە دەبوایە بڵێت (والراسخين) بە ژێر هێما و گەڕاندنەوە بۆ خودا
ئەمەیە کە تیمی دوەم هەڵیان هێنجاندوە بۆ ڕاستی ئەوەی بۆی ڕۆیشتوون، بەڵام ئەو بەڵگەیەی کە تیمی یەکەم هێناویانەتەوە عەقڵیە و لە نەقڵی بەهێزترە، زانایانی ئیسلام دەڵێن: ئەگەر عەقڵ و نەقڵ دژبەیەک بوون دەبێت عەقڵ لە پێش نەقڵ بێت، واتە گەڕانەوەی نەقڵ بۆ عەقڵ، بەڵام خوێندنەوەی ئیبن عەباس کە ئێستا باسمان کرد، لای هیچ تیمێکیان جێگیر نەبوو، بەڵام ئیبن عەباس بە ڕای خۆی خوێندیەوە و نەیگوت لە سەر خوێندنەوەی پێغەمبەر وەستاوە. بەڵام تیمی دوەم ئەمەی گرت، نەک لەبەر ئەوەی ڕاستە بەڵکوو لەبەر ئەوەی لە قورئانەوە وەرگیراوە، وەک هەواڵ ڕاستە بەوەی واوەکە بۆ دەستپێکردنە نەک بۆ بەستنەوە. تۆ دەزانیت کە ئیبن عەباس هەر چەند قورئانی نووسیوەتەوە، بەڵام قسەکانی پاساو و حوجەت نییە بۆ ئاینی خودا. هەر چەندە خوێندنەوەکەی ئیبن مەسعوود دیسان پێویستی بە سەلماندن هەیە، لەبەر ئەوەی وەک تایبەتمەند و سەر بە محەمەد بوە خوێندویەتیەوە، لەوانەیە وەک ڕای خۆی خوێندبێتیەوە نەک وەک تایبەتمەندیی پێغەمبەر واتە بە یەقینی. لەبەر ئەوەی قورئانیان بە واتا خوێندەوە، هەر شتێک لە واتاکەیدا ڕاست دەربچێت لای ئەوان قورئانە، ئەمە دەڵێین وەک فەرزێک لە سەر لووتی ئەوانەی دەڵێن: "ئەوانەی گوتوویانە قورئان بە واتاکەی خوێنراوەتەوە درۆیان کردوە". دواتر بە دوورودرێژیی قسە لە سەر خوێندنەوەکانی قورئان دەکەین، لەوێدا دەزانیت کە هەر کەسێک ئەم قسەیەی کردوە ئەگەر درۆزن نەبێت، بە پاشکۆیەتی ئەوانەی درۆیان بۆ کردوە هەڵخەڵەتاوە، سپاس بۆ ئەوەی عەقڵ .دەبەخشێت و لە ناویشی دەبات
ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە خوێندنەوەکەی ئیبن مەسعوود دیسان ئەو سازانانەیە، دەشێت بە مەعقوول تەئویل بکرێت، ڕەتی بکەیتەوە و بیگەڕێنیتەوە بۆی، لەبەر ئەوەی لێکی دەدات و ڕێگەی لێ دەگرێت، مەعقوڵ نییە کە خودا کتێبێک بۆ عیبادی خۆی دابەزێنێت و بیەوێت ڕێگەی ڕاستیان پیشان بدات و زۆرینەی ئەم کتێبە کەس نەیزانێت جگە لە خۆی. دەبێت موسوڵمان ئیجتیهادێکی زانستییانە بکەن بۆ تەئویلکردنی ئەوەی ڕووکەشەکەی لەگەڵ مەعقوولدا .نایەتەوە، ئەگەر نا ئەوان لە بارەی کاروباری ئایینەکەیانەوە شل و خاو و دۆگما دەردەچن

توێژینەوەی سێیەم
هۆکاری چییە قورئان بەشێکی بکرێتە توندوتۆڵ و ئەوی تریشی هاوشێوەیی، باشتر نەبوو بۆ ئەوانەی ئایینین و ئەو ڕێگایە دەگرنە بەر هەمووی قایم و توندوتۆڵ بوایە؟ بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە دەکات دەڵێم: ئەگەر ئاڵوگۆڕی بکەیت و بڵێیت: هۆکاری چییە محەمەد قورئانی لە ڕەوانبێژیدا هەمووی قایم نەکرد کە هاوشێوەی تێدا نەبێت؟ لە وەڵامدا پێت دەڵێم: ڕەوانبێژیی محەمەد ڕەوانبێژییەکی باڵایە لە هەر قسەیەک کە دەیکات، ئامانجی گەورەی ڕوودانی ڕابوونێکی مرۆڤایەتی گەورەیە، لە عەرەبەوە دەست پێ دەکات و بە جیهان کۆتایی دێت و ئایینی وەک ئامرازێک بە کار هێناوە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. تۆیش دەزانیت ئایین باوەڕکردنە بە غەیب وەک قورئان دەڵێت: {يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ...} [البقرة: 3] واتە: بروایان بە غەیب (نادیار) هەیە. نابێت بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا قسە بۆ خەڵک بکەیت، لەبەر ئەوەی ئەمە دژ بە باوەڕهێنانە بە غەیب، ئەوانەی داوایان لێ دەکەیت باوەڕ بهێنن بە غەیب هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە و لە بەرژەوەندیشدا نییە کە هەمیشە بە مەعقوول و تێگەیاندنەوە قسەکان بە ڕوون و ئاشکرا بڵێین، بەڵکوو دەبێت لە قسەکانتدا ئاڵۆزی و ناڕوونی هەبێت، لەبەر ئەوەی قسەکانت ئامرازێکە بۆ باوەڕهێنان بە غەیب.
لە مەرجەکانی ئامراز و ناوەندگێر و جوانییەکانی، ئەوەیە لەگەڵ ئەوەی مەبەستە هاوکوف و بن و لە یەکتر بچن. ئەگەر ئەو قسانەی بۆیان دەیکەیت لە خوداوەیە و لە خۆتەوە نییە و تۆیش جگە لە پەیامهێن هیچی تر نیت، ئەوەی دەبێتە باوەڕداری بە غەیب کە گوێبیستی بن و لێی تێ نەگەن و قبوڵی بکەن و درکی پێ نەکەن و گوێڕایەڵی بن و ئەگەر بە عەقڵانییشی نەزانن، ئەمەیە کە لە بانگەشەی باوەڕهێنان بە غەیب ویستراوە. خودا بتپارێزێت تەماشای ئەوانە بکە کە گوتیان جگە لە خودا کەس هاوشێوەیی نازانێت و هاوەڵان و دواکەوتوانیان و خەڵکی تریش چۆن گوتیان باوەڕمان پێیەتی و نایزانین. ئەمە جگە لە باوەڕکردن بە غەیب نەبێت چییە؟ واتە باوەڕیان بەوەیە کە مەعقوول نییە و درکی پێ ناکەن.
کورتەی قسەکە: ئایین قسە بۆ عەقڵ ناکات بەڵام بۆ سۆز و هەستی دەروونی دەیکات بە تەنیا، لەبەر ئەوەی ئەگەر قسە بۆ عەقڵ بکات، دەرئەنجامەکەی جگە لە مشتومڕ و گفتوگۆی بێ ئەنجام هیچی تر نابێت، ئەگەر هەندێک جار قسەی بۆ عەقڵ کردبێت ئەویش لە پێناو دڵخۆشی بوە لەم لایەنەوە و قسەکانیش بەتەواوی لە سۆز بە دەر نەبوە. لە بیرت نەچێت کە عەقڵی ناوەخن دەستێکی هەیە لە قورئاندا و عەقڵی ناوەخن لەگەڵ عەقڵی دیاردا بە یەکەوە ناڕوات.
ئەگەر ئەمە بزانیت ئەوەت لە سەر ئاسان دەبێت کە بزانیت بوونی هاوشێوەیی لە قورئاندا بە ڕێکەوت نەبوە و لە نەزانین و بێ دەرفەتیش نەبوە، بەڵکوو بە ئەنقەست ڕەوانبێژی وای لێ کردوە. ئەگەر نا، گەر ڕەوانبێژییەکەی بویستبایە وەک ئەلماسی بۆش دەیهێنا کە ناوەرۆکەکەی وەک ڕووکەشەکەی بدرەوشایەتەوە و تیشکی بدایەتەوە، ئەمەیش بۆ ڕەوانبێژیی محەمەد قورس نەبوو، هەروەها بۆ زانین و ژیرییەکەیشی دوور نەبوو.
ئەمەیە کە ئێمە دەربارەی لایەنەکانی هاوشێوەیی لە قورئان دەیڵێین و، بۆ خۆشیش هەندێک لەو شتانەی کە زانایانی ئیسلام باسیان کردوە، بۆت باس دەکەین. لە (الإتقان)ەوە دەڵێن: وەک چۆن دڵ تووشی دەردی خوداپەرستی بوە، عەقڵیش تووشی بۆچوونی حەقیقەتی هاوشێوەیی بوە، ئەگەر عەقڵ تووشی ئەوە نەبێت جیهانی پشتبەستوو بە توانایی زانست لە یاخیبوون بەردەوام دەبوو، وەک چێژ لە ملکەچبوون بە گەورەیی کۆیلایەتی دەبینێت.
هاوشێوەیی بابەتی ملکەچبوونی عەقڵە بۆ خودا و خۆ بە دەستەوەدان و دانپێدانانە لە بێ توانایدا.
ئەم قسەیە لە بیرکردنەوەوە دەرنەچوە، بەڵکوو ئەم هەڵبەستن و ساختەکردنە لە پێناو داوای لێبوردن لە بوونی هاوشێوەیی لە قورئاندا بوە، وەک ئەوەی لە بوونەوەراندا هیچ نهێنییەکی کەونی نەبوویێت کە وا لە عەقڵ بکات ملکەچی خودا بێت و دان بە بێتوانایی خۆیدا بنێت، جگە لە بوونی هاوشێوەیی لە قورئاندا. بێگومان لەو کاتەی عەقڵی مرۆڤایەتی پەیدا بوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، ئەوسا و ئێستایش، بەردەوام لە ڕووگیرییەکی درێژکراوە بە ڕووی نهێنییە کەونییەکاندایە، کە جگە لە شتێکی زۆر کەم درکی پێی نەکردوە، وەک لە قورئاندا دەڵێت: {وَمَا أُوتِيتُمْ مِنَ الْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا} [الإسراو: 85]. واتە: هیچ زانستتان پێ نیە جگە لە کەمێك نەبێت.
زەمەخشەری لە (الکشاف)دا دەڵێت: ئەگەر هەمووی قایم بوایە خەڵک خۆیان پێوە دەبەست

لەبەر ئەوەی بە ئاسان وەردەگیرا و ئەوەیان نەدەکرد کە پێویستیان پێیەتی، لە پشکنین و تێرامان لە تەماشاکردن و پێشبینیکردن و شت هەڵهێنجان، ئەگەر ئەوەیان بکردایە ئەو ڕێگەیان دادەخست کە بەو نەبێت ناگەیتە ناسینی خودا و یەکتایی. کورتەی قسەکانی زەمەخشەری ئەوەیە: بوونی هاوشێوەییەکان وات لێ دەکات تێروانین و پێشبینی و هەڵهێنجان بکەیت، ئەگەر قورئان هەمووی قایم بوایە تێروانین و هەڵهێنجان ڕادەوەستا، کە ئەمە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە خودا و یەکتایی خۆی. ئەمەیش قسەیەکی پێکەنیناوییە لەبەر ئەوەی پاڵپێوەنانی تێروانین و هەڵهێنجان و پێشبینیکردن لەم جیهانەدا لە ژماردن نایەن، وەک ئەوەی بیەوێت بڵێت ئەگەر هاوشێوەیی نەبێت لە قورئاندا، هەموو خەڵک لە بیرکردنەوەیان دۆگما دەبوون. لەبەر ئەوەی هاوشێوەیی پاڵپێوەنەری تێرامان و تێروانین و هەڵهێنجانە. ئەگەر قورئان هەمووی قایم بوایە هیچ پێویست نەبوو تێرامان بکەیت و پێویستی بە هەڵهێنجان نەدەکرد، لەوێدا ڕێگەی گەیشتن بە خودا و یەکتاپەرستیی دادەخرێت. دەرئەنجامی ئەم قسانە ئەوەیە: ئەگەر هاوشێوەیی نەبوایە خودا نەدەناسرا و یەکتاییش نەدەزانرا. ئایا لە شتە پێکەنیناوییەکان لەمە زیاتر هیچ شتێك هەیە لەمە کۆمیدیتر بێت؟

دیسان ئەوەی گوتوە، کە کورتییەکەی ئەمەیە: هاوشێوەییەکان پاڵ بە زانایانەوە دەنێن بۆ ئیجتهاد و ئارەزوویان دەکەنەوە بۆ دەرهێنانی واتاکانیان و گەڕانەوەیان بۆ قایمەکان. ئەمەیش قازانجێکی گەورەی تێدایە و زانستێکی لە ڕادەبەدەری تێدا بە دی دەکرێت. ئێمە ئەگەر ئەو زەرەرەی لە دەرئەنجامی هاوشێوەیی دەیبینین بەرەو ڕووی ئەوە بکەینەوە کە قازانجی لێوە دەبینین، زەرەرەکەی لە قازانجەکەی زیاترە، وەک زەمەخشەری دەیڵێت. ئینجا ئەم قسەیە لە سەر ئەو قسەیەی ئەوە ڕاست دەردەچێت کە دەڵێت زانست بە هاوشێوەیی دروست دەبێت، بەڵام لە سەر قسەی ئەوەی دەڵێت کەس نایزانێت خودا نەبێت، هیچ هەوڵێکی ئارەزووکردن و کاری بیرکردنەوەی تێدا دروست نابێت. ئەمەیە قسەکانی ئەوان بۆ هۆکارهێنانەوە و بەهانەیان بۆ هاوشێوەییەکانی قورئان و هەموو قسەکانی پەیوەست بە قورئان لەم بارەیەوە، هیچ هەوڵێکی ئەوە نادەن لێرەدا بگەن بە شتێک لە حەقیقەت، بەڵام تاکە خەمی گەورەیان لە ڕیزکردن و هەڵبەستنیان ئەوەیە بە هەر شێوە و ڕێگایەك بێت ئەو بۆشاییە دابخەن و پینەی بکەن. ئەوان وا دەزانن و واحسابی بۆ دەکەن کە بەو شێوەیە خزمەتی قورئان دەکەن، بەڵام ئەوان لە حەقیقەتدا دەیروخێنن، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن و، ئەگەر ئەوان بە دوای حەقیقەتدا بگەڕانایە لە قسەکانیاندا خزمەتێکی ڕاستی و قازانجبەخشی قورئانیان دەکرد و سپاسیان دەکرا.

(83)

حەقیقەتە قورئانییەکان

لەوانەیە خوێنەر وا بزانێت ئێمە بەم قسانەمان لەم بەشەدا لەو بابەتە دەرچووین کە مەبەستمانە باسی بکەین، واتە باسی ڕەوانبێژیی قورئان. بۆ ئەوەی ئەم گومانە ڕەت بکەینەوە دەڵێین، قسەمان لەم بەشەدا لە سەر ڕەوانبێژی قورئانە و بێگومان ڕەوانبێژییەکەی وای لێ کردوە کە موعجیزەیەکەی ببێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە لە خوداوە هاتوە. "بەو واتایەی کە ئەوان وێنای دەکەن نەک ئێمە"، ئەگەر ئەوە دەرکەوت، کە حەقیقەتەکانی ڕەت بکاتەوە، لەوێدا بەڵگەکە نامێنێت و موعجیزەبوونی قورئانیش لەگەڵیدا نامێنێت. واتە لێرەدا قسەکان لە سەر ئەوە بەردەوامن کە لە دوو بەشی پێشەوەدا باس کران و پەیوەستە بە ڕەوانبێژیی قورئانەوە.

خەڵقکردنی ئاسمان و زەوی

تیۆری بەتلیمۆس کە دەڵێت زەوی ناوەندی کەونە و خۆر و ئەستێرە و هەسارەکان هەمووی بە دەوری زەویدا دەخوولێنەوە و، جووڵانەوەی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوایە وەک ئەوەی هەموو ڕۆژێک دەیبینین، ئەمەیش ئەو تیۆرە بوو کە لە کاتی پێغەمبەر باوەڕیان پێی هەبوو، لە نێوان خەڵکیشدا بڵاو بوو، خاوەنی ئەم تیۆرە لەوانەیە کە لە سەدەی دووەمی لە دایکبوونی مەسیح ژیاوە واتە پێش محەممەد بە نزیکەی سێ سەدە.

خەڵک تا سەدەی شانزەهەمی زاینی بەردەوامبوون لە باوەڕبوون بەم تیۆرەیە، واتە تا نزیکەی چوار سەدە (پێنج سەدە -و-) پێش ئێستا، تا لە زانستدا فەلەکناس بەناوبانگ کوپەرنیکۆس

هات و ئەم تیۆرە کۆنەی ڕەت کردەوە و تیۆرە تازەکەی خوی دانا، کە دەڵێت زەوی ناوەندی جیهان نییە و بە یەک ڕۆژ بە دەوری خۆیدا خول دەخواتەوە و لەم خولخواردنەوەدا شەو و ڕۆژ دروست دەبێت و، وا دەردەکەوێت کە هەموو ئەوانەی لە دەوری زەوی وەک خۆر و مانگ و ئەستێرە جێگیرەکان و هەسارەکان، وا لە چاودا دەردەکەوێت کە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی خولخواردنی زەوی خول دەخۆنەوە و زەوی یەکێکە لەو هەستێرانەی کە لە دەوری خۆردا خول دەخۆنەوە و، خۆر بەو پێیەی کە ئەمانە بە دەوریدا خول دەخۆنەوە، جیهانێک دروست دەکات پێی دەڵێن کۆمەڵەی خۆر کە خۆر ناوەندی ئەو کۆمەڵەیە، جگە لەوەیش زۆر شتی تری باس کرد کە لە کتێبەکانی زانستی فەلەکدا باس کراون.

محەمەد لە قورئاندا بە پێی تیۆرە کۆنەکە ڕۆیشتوە کە لەو کاتەدا بڵاو بوو، زەوی بە ناوەندی کەونی داناوە و، ئەگەر ناوەندیش بوو دەبێت یەکەم جار پێش ئاسمانەکان ئەو خەڵق کرابێت، بۆیە لە قورئاندا دەڵێت: خودا زەوی خەلق کرد ئینجا ئاسمانی ڕێک کردەوە و کردی بە حەوت ئاسمان. وەک لە سورەتی (فصلت)دا هاتوە: {قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بالَّڎِی خَلَقَ الْأَرْچَ فِی یَوْمَیْن وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَنْدَادًا ڎَلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ، وَجَعَلَ فِیهَا رَوَاسِیَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِیهَا وَقَدَّرَ فِیهَا أَقْوَاتَهَا فِی أَرْبَعَهِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ. ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاو وَهِيَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْچِ ائْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَا أَتَيْنَا طَائِعِينَ. فَقَچَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِی يَوْمَيْن وَأَوْحَى فِی كُلِّ سَمَاو أَمْرَهَا...} [فصلت: 9 - 12] واتە: ئاخۆ ئێوە لە کەسێکی بەدوو رۆژ ئەم زەمینەی ئەفراند حاشا دەکەن و، هاوتای بۆ پەیدا دەکەن. کەژ و کێوی لە زەمین بەرزکردەوە و پیتی تێخست هەر لەماوەی چوار رۆژاندا و، بۆ هەر کەسێك بژێت بە یەکسانی بژێوی بۆ پەیدا کرد. پاشان رووی نا لەبەرزایی ئەوسا هەر تاریکان بوو ، بۆیە بە زەمینیان وت بەخۆشی یا ناخۆش بێت دەبێت بێنە ژێر فەرمانم ، وتیان بە خۆشی دێین و هاتین. ئەوسا حەوت ئاسمانی لە دوو رۆژدا وەدیهینا، هەر ئاسمانەو فەرمانی کاری خۆی بۆنارد. ئەم ئایەتانە داستان (خورافاتی)ی لەگەل خۆیدا هێنا.. ئەوەی زانراوە کە خەڵقکردنی زەوی وئاسمان بە شەش ڕۆژ خورافاتێکە و لە تەوراتدا هاتوە، بەڵام پێغەمبەر بە دەستکارییەکی سەرسوڕهێنەرەوە وەری گرت، شەش ڕۆژەکەی بە سەر سێ بەشدا دابەش کرد کە دوو ڕۆژی بۆ دروستکردنی زەوی و دوو ڕۆژیش بۆ پانکردنەوە و دوو ڕۆژیش بۆ دروستکردنی حەوت ئاسمانەکە. ئەم داستانی دروستکردنە بەو واتایە لەم ئایەتەدا هاتوە کە دەڵێت: "ئایا ئێوە نکوڵی لەوە دەکەن کە بە دوو ڕۆژ ئەم زەمینەی خەڵق کرد و ئایا هاوتای بۆ پەیدا دەکەن؟ ئەوە خودای هەموو جیهانە و کەژ و چیای لە سەر زەمین بەرز کردەوە و بەپیتی کرد و لە ماوەی چوار ڕۆژدا هەر چی بژێوییە بۆ ئەوانی پەیدا کرد و پاشان ڕووی نا لە ئاسمان کە ئەوسا دووکەڵ و تاریکستان بوو، بەوان و بە زەمینی گوت، بە خۆشی بێت یان بە ناچاری دەبێت بهێنە ژێر گوێڕایەڵیم و گوتیان بە خۆشی هاتین و ئینجا حەوت ئاسمانی لە دوو ڕۆژدا بە دی هێنا واتە خەلق کرد و هەر ئاسمانە و فەرمانی کاری خۆی پێ کرد و نزیکتر لە ئاسمانیش بە چرای ڕازاندەوە و پاراستنی..."

ئەم ئایەتە شتی سەرسوڕهێنەری هێناوە، ئەوەی زانراوە کە خەڵقی ئاسمان و زەوی یەکێکە لەو خورافاتانەی لە تەوراتدا باس کراون، کەچی محەمەد وەری گرتوە و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن مامەڵەی لەگەڵدا کردوە و شەش ڕۆژەکەی دابەش کردوە بۆ سێ بەش، دوو ڕۆژی بۆ خەلقکردنی زەوی داناوە و دوو ڕۆژی بۆ تەواوکردنی بان و شاخ و کێوەکانی و دوو ڕۆژیش بۆ خەڵقکردن و داهێنانی حەوت چینەکەی ئاسمان. ئەگەر بەم ڕیزکردنەیش ڕۆشتبا هەر ئاسان بوو، بەڵام وای نەکردوە، بەڵکوو یەکەم جار ڕۆیشتوە بۆ زەوی پێش ئەوەی ئاسمان خەلق بکات، کەچی شاخ و دەشت و کێو و پانایییەکەی بە جێ هێشتوە و، ڕۆیشتوە حەوت چینەکەی ئاسمانی بە دوو ڕۆژ خەلق کردوە و، ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ خەڵقکردنی سەر زەوی، بان و دەشت و شاخی دروست کردوە بۆ ئەوانەی بژێوییان دەوێت. ئەمەیش وەک لە سورەتی (النازعات)دا هاتوە: {وَالْأَرْچَ بَعْدَ ڎَلِكَ دَحَاهَا (30) أَخْرَجَ مِنْهَا مَاوَهَا وَمَرْعَاهَا (31) وَالْجِبَالَ أَرْسَاهَا} [النازعات: 30 - 32] واتە: لەدوای ئەوە ئەم زەمینەی بە تلدانەوە پان کردەوە. ئاوی لێدەرهێنا و لەوەرگەی لێ پەیدا کرد، کێوانیشی بە پتەوی لێ دامەزراند. ئینجا تەواوکردنی خەلقی زەوی دیسان لە دوو ڕۆژی تردا بوە، کۆی ڕۆژەکان بوە بە شەش ڕۆژ، وا دیارە خەلقکردنی زەوی لە ئاسمان قورستر بوە لە سەر خودا، بۆیە دەبینین پاش داهێنانی زەوی لە دوو ڕۆژدا بەردەوام نەبوە لە تەواوکردنی کارەکەی لەبەر ئەوەی قورس و هیلاک و هێزپروکێن بوە. ڕۆیشتوە ئاسمانەکانی دروست کردوە، کە ئاسان بوە و هیچ سەختییەکی تێدا نەبوە و

ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ تەواوکردنی زەوی و لە دوو ڕۆژی تردا تەواوی کردوە، خەڵقکردنی زەوی چوار ڕۆژی خایاندوە، ئایا حەقمان نییە کە بڵێین: ئەم ئایەتانە شتی سەرسوڕهێنەری هێناوەتەوە.
بۆ خۆشی باسی ئەو تێکەڵیەت بۆ دەکەین کە زەمەخشەری تێی کەوتوە، لە شیکردنەوەی ئەم ئایەتەدا: لە شیکردنەوەی قسەی {فِى أَرْبَعَهِ أَيَّامٍ سَوَاءً} [فصلت: 10] واتە: لە چوار رۆژدا پتی تێخست و بژێوی پەیدا کرد. ئەمە کورتەیەکە بۆ ئەو ماوەیەی کە خودا زەویی تێیدا خەڵق کردوە، وەک ئەوەی بڵێت بە چوار ڕۆژی تەواو بێ زیاد و کەم. با ئەوەی زەمەخشەری ویستویەتی لەم داڕشتنەدا بۆت ڕوون بکەینەوە، لە ئایەتەکەی پێشودا دەڵێت: {خَلَقَ الْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ} [فصلت: 9] واتە: زەمینی لە دوو ڕۆژ ئەفراند. ئینجا دوای ئەوە گوتی: {وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِىَ مِنْ فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِى أَرْبَعَهِ أَيَّامٍ} [فصلت: 10]، واتە: کەژ و کێوی لەسەر دانا و پیتی تێخست و بژێوی تێکرد لە چوار رۆژدا. لە ڕووکەشی قسەکاندا وا دەردەکەوێت کە وا حوکم دەکات، چوار ڕۆژەکە بە دەرە لەو دوو ڕۆژەی بۆ خەڵقکردنی زەوی باس کران و، بۆماوەکەی تر ئەوەیە کە چیی لە سەر زەوی لە شاخ و بژێوی و شتی تری خەڵق کردوە، کە تایبەتە بە تەواوکردنی زەوی و، بەمەیش وای لێ دێت کە خەڵقکردنی زەوی بە دوو ڕۆژ بێت و خەڵقکردنی ئەوەی لە سەرێتی بە چوار ڕۆژ بووبێت و بەم پێیەش خەڵقکردنی زەوی و سەر زەوی بە شەش ڕۆژ بوە، ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی لە قورئاندا هاتوە ناکۆکە، کە دەڵێت خودا زەوی و ئاسمانەکانی بە شەش ڕۆژ خەڵق کردوە، بۆ وەلانانی ئەوەی بە هەڵەیدا بردوە دەڵێت، ئەمە کورتکراوەیە، کورتکراوەی باسکردنی کۆیی خەڵقکردنەکە، واتە کۆی گشتیی کارەکە پاش وردەکارییەکان و درێژییەکەی، وەک ئەوەی بڵێت هەموو ئەوانە، واتە زەوی و ئەوەی لە سەری بە چوار ڕۆژ خەلق کردوە، ئەو دوو ڕۆژەی پێش خەڵقەکە لە نێو چوار ڕۆژەکەیە.
ئەوەی دەیبینێت ئەم کورتکارییە ڕاست نییە، ئەوەی لە کورتکردنەوەدا دەبێت وردەکارییەکان پێش ئەوە باس بکرێت و، ئەمە جگە لە دوو ڕۆژی بە تەنها باسی هیچی تر نەکراوە، چۆن کۆی پێش ئەوە دەبێتە چوار ڕۆژ؟ بەڵێ، ئەگەر لە پێش باسکردنی دوو ڕۆژەکەی خەڵقکردنی زەوی و دوو ڕۆژی خەڵقکردنی سەر زەوی، ئەوەی دەگوترێت چوار ڕۆژە ڕاست دەردەچێت، وەک لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: {فَصِيَامُ ثَلَاثَهِ أَيَّامٍ فِى الْحَجِّ وَسَبْعَهٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ} [البقرە: 196]، واتە: سی ڕۆژ ڕۆژووگرتن لە حەج و حەوت رۆژ کە گەرانەوە، ئەوەش دە رۆژی تەواوە. هەروەها دەڵێت: (تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ) کورتکراوەیەکی ڕاستە لەبەر ئەوەی پێشتر باسی وردەکارییەکانی بە فراوانی کردوە و ئینجا باسی کۆکردنەوەکەی کردوە.
ڕاستییەکەی ئەو تەئویلەیە کە (الزجاج) بۆ شیکردنەوەی ئایەتەکە کردوویەتی، ئەم بۆ تەواوکردنی چوار ڕۆژەکە دوو ڕۆژی بە خەملاندن قرتاندوە (فِى أَرْبَعَهِ أَيَّامٍ)، واتاکەی لەوە ڕزگار کردوە لەوەی بەو شێوەیە بێت، واتە بەو دوو ڕۆژەی تر چوار ڕۆژی تەواو کردوە، لەمەدا وا تێدەگەین کە لە ناوەخندا ئەوە لە خۆ دەگرێت مەبەستی بێت ماوەی داهێنانی ئەوەی لە سەر زەوییە بە دوو ڕۆژ بوە، هەر وەک ماوەی خەڵقی زەوی خۆی، بۆیە کۆی ماوەی خەڵقەکە دەکاتە چوار ڕۆژی تەواو. با هەندێک لە دەرپڕینەکانی زەمەخشەریت بۆ باس بکەین کەوا لە سەر شیکردنەوەی ئەم ئایەتە باسی کردوە و لەوێدا پڕی تێکەڵکردنی قسەکانی دەزانیت کە لە تێکەڵییەکی پەرشوبڵاو زیاتر هیچی تر نییە. گوتی: ئەگەر بڵێیت بۆچی باسی زەوی لەگەڵ ئاسماندا کردوە و لە وەدا کە کارەکەی پێکەوە ڕێکخستوە و زەوی پێش ئاسمان بە دوو ڕۆژ خەڵق کردوە؟ دەڵێم: یەکەم جار گۆی زەویی خەڵق کرد، هیچ شتێکی لە سەر نەبوە ئینجا پاش خەڵقکردنی ئاسمان سەر زەویی داهێناوە، وەک دەڵێت: {وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَلِكَ دَحَاهَا} [النازعات: 30] واتە: ئەم زەوی و هەردەی بە تلدانەوە پان کردوەتەوە. دەڵێت: دەگوترێت خودا ئاسمانەکان و ئەوەی تێدایە بە دوو ڕۆژ خەڵق کردوە، کە لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی بوە، لە دوا کاتژمێرەکانی تەواوکردنی لە ڕۆژی هەینیدا ئادەمی تێدا خەڵق کردوە، ئەویش ئەو سەعاتەیە کە قیامەت تێیدا هەڵدەستێت... و دەڵێت: دەگوترێت کەژ و هەردی لە ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممەدا خەڵق کردوە و ئەوەی تێیدایە لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە خەڵق کردوە...
ئەم جۆرە دەربڕینە لە قسەکاندا، لە یەکەم جاردا دەڵێت: هەرد و زەویی یەکەم جار خەڵق کراوە و پان نەکراوەتەوە و ئینجا پاش خەڵقکردنی ئاسمان بە تلدان پانی کردوەتەوە، لە دوەم جاردا دەڵێت: ئاسمانەکان لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی خەڵق کراون و لە سێیەم جاردا

دەڵێت: پانکردنەوەی زەوی واتە تەواوکردنی خەڵقەکەی لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە بوە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت ئەم سێ جۆر قسەکردنەی دەربارەی ئایەتەکە کۆ بکەینەوە، کە ئێمە باسی دەکەین، ناتوانین واتایەک دەربهێنین لەگەڵ عەقڵدا بێتەوە و، ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی قورئان دەیڵێت ناگونجێت، بۆ دەرخستنی ئەمە دەڵێین:

هیچ گومانکەرێک گومان لەوە ناکات کە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە قورئاندا هاتوە لەم ئایەتەدا دەڵێت زەوی هەرد کە خەڵق کراوە پان نەکراوەتەوە یەکەم جار بە دوو ڕۆژ پێش خەڵقکردنی ئاسمان بوە، پاش ئەمە بە دوو ڕۆژ ئاسمانیشی تەواو کردوە و ئینجا گەڕاوەتەوە بە دوو ڕۆژ خەڵقکردنی زەویی تەواو کردوە، کۆی گشتیی خەڵقکردنی هەرد و ئاسمان بە شەش ڕۆژ بوە، قورئان باسی ئەوە ناکات لە کام ڕۆژی ئەو شەش ڕۆژە زەوی خەڵق کردوە و باسی ئەوەیش ناکات لە کام دوو ڕۆژیدا ئاسمانی دروست کردوە و کام دوو ڕۆژی تری زەوی پان کردوەتەوە و خەڵقی ئەوەی تێدایە کردوە. بەوەوە وەستاوە کە زنجیرەکردنی خەڵقەکەی وا داناوە، یەکەم دوو ڕۆژ زەوی خەڵق کردوە و دوو ڕۆژی دوای ئەوە ئاسمانی داهێناوە و دوو ڕۆژی دوای ئەویش خەڵقکردنی زەویی تەواو کردوە. خەڵقکردنی زەوی بە پێی ئەوەی لە قورئاندا هاتوە، لە سەرەتادا بوە و پانکردنەوە و تەواوکردنی لە کۆتاییدا بوە و لە نێوانیاندا ئاسمانەکانی خەڵق کردوە. ئەگەر سەرەتای خەڵقی زەوی لە ڕۆژی یەکشەممە بێت وەک شیکەرەوان باسی دەکەن، بە هەر هەموویان نەک بە تەنها زەمەخشەری، وا فەرز دەکات خەڵقی زەوی لە ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممەدا بیت و خەڵقکردنی ئاسمانەکان لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە بێت و پانکردنەوە و تەواوکردنی زەوی دەکەوێتە پێنجشەممە و هەینی، بەڵام زەمەخشەری و سەرجەم شیکەرەوەکان جیاوازن لەمەدا، بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، گوتیان: زەوی لە ڕۆژانی سێشەممە و چوارشەممە پان کرایەوە و تەواو کرا، وەک لە دەربڕینی کۆتاییی باسکردنەکەی زەمەخشەری دەرخرا. واتە داهێنانی زەوی و پانکردنەوەی و تەواوکردنی لە چوار ڕۆژی لە دوای یەکدا بوە بێ ئەوەی بەینی تێ بکەوێت و وا بێت زەوی پێش خەڵقکردنی ئاسمان پان کراوەتەوە و تەواو کراوە، لەبەر ئەوەی گوتیان ئاسمانەکان لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی خەڵق کراوە وەک لە جۆری دووەمی دەربڕینەکەی زەمەخشەریدا هاتوە، ئەمە وا فەرز دەکات کە خەڵقی ئاسمانەکان لە کۆتاییدا بێت و زەوی پێش ئەو پان کرابێتەوە و تەواو کرابێت، ئەمەیش هەمووی لەگەڵ قورئاندا ناکۆکە. ئەمە ئەو کێشەیەیە کە شیکەرەوان تێی کەوتوون و ژیر نەبوون تێیدا، تەنانەت زەمەخشەری لە دەربڕینی دووەمیدا دەڵێت: ئاسمانەکانی لە دوا سەعاتی ڕۆژی هەینی تەواو کرد و ئادەمی تێدا خەڵق کرد. ئەمەی بە سەردا ڕەت بوە کە جارێ زەوی پان نەکراوەتەوە و تەواو نەکراوە. لەبەر ئەوەی پانکردنەوەی پاش خەڵقکردنی ئاسمان بوە، خودا چۆن ئادەمی خەلق کرد پێش ئەوەی زەوی تەواو بکات؟

(84)

تێبینییەکان

ئەوەی لە مەسەلەی خەڵقی ئاسمان و زەویدا لە شەش ڕۆژدا تێبینی دەکرێت، ڕۆژ بە واتای شەو و ڕۆژ دەگەیەنێت و شەو و ڕۆژ لە هەڵهاتنی خۆر و ئاوابوونی دەبێت. ئەگەر خۆر نەبێت ڕۆژیش نییە، چۆن ڕۆژی کردە پێوەر بۆ زانینی ئەو ماوەیەی کە زەوی و ئاسمانی تێدا خەڵق کردوە و تا دوای خەڵقکردنی لە ئارادا نەبوە.

وەڵامیان ئەوە بوو کە مەبەست لە شەش ڕۆژەکە ئەو ماوەیەیە کە شەش ڕۆژ دەخایەنێت، دیسان باسی ئەم شەش ڕۆژەیان لەوەدا کردوە کە یەکەم ڕۆژی یەک شەممە بوە و کۆتاییەکەی هەینی بوە، ئەوەی تێبینی دەکرێت کە ناوی ڕۆژەکان لە بابەتەکانی ئێمە وەک بەنی ئادەم، لەو کاتەی خودا ئاسمان و هەردی خەڵق کردوە نە ڕۆژ و نە ناوەکانیشی لە ئارادا نەبوون، چۆن بەشی یەکەمی ئەو ماوەیە بە ڕۆژی یەکشەممە و دوەم بە دووشەممە دانران، کە ئەم ناوانە لە دواتردا نەبێت لەو کاتەدا نەبوە. زەمەخشەری وەڵامی ئەمەی بەم شێوەیە داوەتەوە: خودا زانیوێتی لەم ماوەیە بەم ناوانە دادەنرێت، بۆ فریشتەکانی ئەم ناوانەی کە خەملێنراون باس کردوە کە ناوەکانیانی بەم شێوەیە زانیوە کە دواتر دای دەنێت. دیسان ئەوەی

تێبینی دەکرێت، بۆچی خودا ئەرز و ئاسمانی لە شەش ڕۆژدا بێ زیاد و کەم خەڵق کرد؟ لە قورئاندا کە لە خوداوە هاتوە دەڵێت: {إِنَّمَا أَمْرُهُ إِذَا أَرَادَ شَيْئًا أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ} [يس: 82]. واتە: هەر کاتێك بیەوێت شتێك پەیدا بیت، دەڵێت ببە دەست بەجێ دەبێت. ئەوەی فەرمانی لە نێوان کاف و نوونەکەدا کردبێت، چۆن ئەم بوونەوەرانەی بە شەش ڕۆژ خەڵق کردوە؟

زەمەخشەری لە وەڵامدا دەڵێت: ئەمەیە کە خودا بۆ خۆی لە زانستەکەی بە تەنها قازانجی کردوە و لێی دەزانێت. دەڵێت: بەڵام ئەوەی وا پێویستی کردبێت کە لە شەش ڕۆژدا بێت، بە تایبەتی ئەم ژمارەیە بێ هیچ ژمارەیەکی تر بێگومان ئەوە حیکمەتی خۆیەتی، ئەوەی دەیزانین هیچ خەملاندنێک لە پێناو حیکمەتدا نەبێت نایکات، ئەگەر تەماشای نەکەین و نەیشیزانین و ڕێگەی زانینی نەگرینە بەر. ئەوەیش لە بیر نەچێت کە قورئان ڕۆژێکی لە ڕۆژەکانی خودا بە هەزار ساڵ لە ڕۆژانی ئێمە داناوە، وەک لە سورەتی (الحج)دا هاتوە: {إِنَّ يَوْمًا عِنْدَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِمَّا تَعُدُّونَ} [الحج: 47] واتە: تاقە رۆژێك لەل ى پەروەندەت بەقەد هەزار ساڵە گەر ئیوە حیسابی بکەن. لە سورەتی (المعارج) زیاتری خستە سەر و بە پەنجا هەزار ساڵی ئەم ڕۆژەی خۆمانی حساب کرد، دەڵێت: {تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ} [المعارج: 4]. واتە: فریشتەکان و حوبریل لە رۆژێکدا بە لایدا دەچن لەو رۆژەی بری رێگەکەی پەنجا هەزار ساڵە با ئەوەی لە سورەتی مەعارجدا هاتوە وەر بگرین. خودا زەوی و ئاسمانی بە سێ سەت هەزار ساڵ خەڵق کردوە، ئەمەیش لەگەڵ سوننەتی خودا لە خەڵقکردندا ناگونجێت و هەروەها زانستیش قبوڵی ناکات. زەوی کە هەسارەیەکی بچوکە لە جیهانی خۆردا کە لە خۆر جیا بوەتەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ماوەی دروستکردنی ملیۆنەها ساڵی تێچوە وەک لە زانستی جیۆلۆجیدا باس دەکرێت، ئەی جیهانی خۆر بە هەمووی چەندی خایاندبێت یان جیهانە گەورەکانی تری بەربڵاو لەم ئاسمان و فەزا ناکۆتاییەدا چەندی خایاندوە" کە کەس ناتوانێت بیانژمێرێت خودا نەبێت؟ ئەوەی حەقیقەتە ئەوەیە کە خەڵقی زەوی و ئاسمان لە شەش ڕۆژدا بێت خورافەیە کە لە تەوراتدا باس کراوە، لەبەر ئەوەی لە کتێبەکانی خودادا تەورات لای محەمەد کتێبێکی پیرۆز بوە. ئەوەی لێ وەرگرتوە و لە قورئاندا باسی کردوە و هێناوێتیەوە. ئەوەی گومانی تێدا نییە محەمەد بە حەقیقەت سوننەتی خودا دەزانێت و سوننەتی لە خەلق و دروستکردندا جێگیرە و ئاڵوگۆڕ و گۆڕان لە خۆی ناگرێت، بۆیە ئەم ماوەیەی خەڵقی زەوی و ئاسمانی بە جیا دانا و ویستی لە هەڵتۆقینەکەی ڕۆژێک بکاتە هەزار ساڵ یان بە پەنجا هەزار ساڵ پینە بکات، بەڵام ئەوەی ویستی نەیپێکا، سپاسگوزارین بۆ پەرستراوی خوداپەرستان.

تەواوکاری

شتێک لەم ئایەتە ماوە قسەمان لە سەر نەکردوە، ئەمەیە: ئەو دوکەڵەی لەوێدا باس کراوە: {ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاءِ وَهِيَ دُخَانٌ} [فصلت: 11]. واتە: ئینجا رووی کردە ئاسمان کە هەر دوکەڵ بوو( تاریکی بوو). لەبەر ئەوەی شیکەرەوەکان وایان لەم ئایەتە کرد، کە لە واتادا بەوەی لە سورەتی هود دا هاتوە پەیوەست بێت، کە دەڵێت: {وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ} [هود: 7]، واتە: عەرشەکەی لەسەر ئاو بوو. وا فەرز دەکات باسی ئەوە بکەین لەوێدا چییان گوتوە، ئینجا باس لەوە بکەین لێرەدا چی دەڵێن.

عەرش واتە شوێنی قەیسەر، هەروەها بە چەتر یان کەژاوەیەک دەڵێن کە لە قامیش و زەلک و لفکە و لەو بابەتە دروست کرابێت، بێگومان کردگاری مەزنی بوونەوەران لەوە گەورەتر و بەشکۆترە کە بە هەر واتایەک بێت عەرشی هەبێت، بەڵام محەمەد ویستی وێنای گەورەیی موڵکداری خودا و مەزنی دەسەڵاتەکەی لە سەر ئەو لایەی کە لە سەری ڕاهاتوون و فێری بوون باس بکات و عەرش بۆ خودا دابنێت، وەک ئاسانکارییەک بۆ دەربڕینی بەو شێوەیەی کە خەڵک دەیزانی و لە سەری ڕاهاتبوون و لەو عەرشانەی کە بینیبویان هیی پاشا بە زەبرەکانی بەشەر بوون، ئەو مەبەستی لەوەی عەرشی خودا موڵکایەتی و مەزنێتی مەبەستە نەک شتی تر.

بە قسەی: {عَلَى الْعَرْش اسْتَوَى} [طه: 5] واتە: لەسەر تەختی خۆی دامەزردا. جگە لە وێناکردنی توانای مەزنی خودا و وەک دەسەڵاتی باڵای بەوەی خەڵک دەیزانێت لە دانیشتنی پاشا لە سەر عەرشەکانیان هیچی تر نەبوە. ئەگینا بۆ باسی خوداکردن نە عەرش و نە دانیشتنیش هەیە لە سەر عەرش، ئەم وێناکردنەی محەمەد کارێک نییە لە قسەکردندا بە خۆی دایهێنا بێت بەڵکوو شتێکی ئاساییە لە عەرەبیی پاراودا و لە لایەن دانایانەوە

نووسراوەتەوە، ئەمەیش بە نواندن یان شوبهاندنی ئاوێتەیی دادەنرێت. بێگومان لەفزەکان بە واتا زمانەوانییەکانیان کورتمەودان و بەوەدا پڕ ناکەن کە وێنای هەر شتێک بکەن لە سنگی مرۆڤدا لە واتادا پێک بێت، وا بێت دەبێت قسەی ئاوهایی لە نواندنی مەبەستدا بکرێت، کە یارمەتیی لەفزی زمانەوانی بدات بۆ وێناکردنی واتای داڕێژراو و نواندنی ئەو بۆچوون و بیرانەی بە دەرووندا دێت. ئەوەی لە قورئانیشدا هاتوە لەوەی سنوری ڕەوانبێژی و وێناکردنی واتاکان و نواندنیان بە دەر نییە، مایەی گێلییە کە ئەمە و نموونەکانی تریش لە قورئاندا وا دابنێین کە جگە لە خودا کەس نایزانێت.
لێرەدا ئێمە بۆ ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ئەمە نەهاتووین، بەڵام دەمانەوێت ڕای خۆمان دەربارەی واتای ئەم قسەیە دەربڕین کە دەڵێت: {وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاو} [هود: 7]، واتە: پێشتر نوسرا. دەڵێین: عەرشەکەی لێرەدا موڵکایەتی و گەورەییە کە پەیوەستە بە ژیانەوە، لەبەر ئەوەی خودا موڵکداریی بە دەستەوەیە و ژیان وەک شتێکی تر لە موڵکایەتیی ئەودایە، قسەی (عَرْشُهُ عَلَى الْمَاو) قسەیە و ویستراوە بنەمای ژیان و دروستبوونی وێنا بکات، کە لە کۆندا ژیان لە ئاودا نەبێت نەبوە، یەکەم جار لە دەریاکان دەرکەوتوە و ئینجا گواستراوەتەوە بۆ وشکانی، ئەمە هەمووی ئەو ئایەتەی لە خۆ دەگرێت.
بەڵام تەماشا بکە شیکەرەوەکان لە سەر ئەم ئایەتە چی دەڵێن، ئەوەیشت لە بیر نەچیت کە عەرش لای ئەوان لە سەرووی هەموو ئاسمانەکانەوەیە، بۆیە گوتوویانە پێش ئەوەی ئاسمان و زەوی خەلق بکرێت لە ژێر عەرشدا هیچ شتێک نەبوە جگە لە ئاو، تەنانەت زەمەخشەری دەڵێت: ئەمە بەڵگەیە کە عەرش و ئاو پێش ئاسمانەکان و زەوی خەلق کراون، پاش ئەم قسەیە گوتوویەتی: گوتوویانە کە ئاو لە سەر با بوە و ئەو ڕستەیەی بە قسەی خودا دەیزانێت تەواو کردوە. وەک ئەوەی ئەم قسەیە لاواز بێت و سەلمێنەر نەبێت بۆیە گوتوویەتی خودا دەیزانێت و وا دیارە ئەو قسەی پێشووی "ئەمە بەڵگەیە..." بە سەلمێنەر زانیوە، بۆیە لێرەدا نەیگوتوە خودا دەیزانێت. ئەوەی شاراوە نییە، ئەوەی گوتی ئاو لە سەر با بوە ویستویەتی بەم قسەیە ئەو ئاڵۆزییە وەلا بنێت، کە لە ئایەتەکەدا دیارە، ئەویش ئەوەیە ئاو شتێکی دەوێت لە سەری ڕابوەستێت، ئاوەکەی عەرشی خودای لە سەر بوو لە کوێ بوو؟ بۆ نەهێشتنی ئەم ئیشکالیەتە گوتی: ئاو لە سەر پشتی با بوە، بەڵام ئەوەی بە سەردا تێپەڕیوە کە باش شتێکی دەوێت کە پشتی پێ ببەستێت و لەنگەری لە سەر ببەستێت، با لە کوێ بوە؟ لەوانەیە ئەوەی نەبینیبێت کە با پێویستی بە شتێکە پشتی پێ ببەستێت لەبەر ئەوەی وای دەبینێت لە ئاسماندا دەڕوات بێ ئەوەی پشت بە شتێک ببەستێت و درکی بەوە نەکردوە کە پشتی بە زەوی بەستوە. سپاس بۆ خودای عەقڵ بەخش و عەقڵ وەلانەریش. بەڵام ئەو دوکەڵەی لە فصلت: 11] واتە: پێشتر نوسرا. ] {ئایەتەکەدا باس کراوە: {ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاو وَهِيَ دُخَانٌ لەوانەیە مەبەستی ئەوە بێت لە تەمومژیی غازێک دروست بوە پێی دەڵێن غازی تەمومژاوی، کە ئەوە مادەیەکی غازی هیلیوم ی دیارە و تەمومژ لە ئاسماندا زۆرە و هەندێکی بە چاو دەبینرێت و لە شەواندا ڕوون و خۆشکراو دەردەکەوێت و وەک تەمی تەنگ یان دوکەڵ دەردەکەوێت و، زانایانی فەلەک لە سەردەمی خۆماندا دەڵێن: ئەم مادە تەمومژاوییە حاڵەتی سەرەتایی ئەستێرەکانە و لەو کاتەدا کە بوەتە حاڵەتێکی چڕبووی کرژبوو، ئەمەیش دەبێت ڕۆژێکیان کۆمەڵێک هەسارە یان ژمارەیەک خۆری لە شێوەی خۆری خۆمان دروست بکات.
قسەی قورئان دەڵێت: ئاسمانەکان لەم دوکەڵە خەلق بوون، مەبەستی ئەم تەمومژەیە وەک قسەیەکی زانستی دروست، بەڵام شیکەرەوان نەیانزانیوە لەبەر ئەوەی لە سەردەمانی پێشوودا نەزانراو بوە، بۆیە شیکەرەوان لە شیکردنەوەکەیاندا تێکەڵ و پێکەڵی دەکەن لە باسکردنی ئەم شێوە ئایەتانەدا، بە ئەنقەست باسە خورافیە ڕیزکراوەکانی نێو تەلمود و کتێبی کۆنی تر دەهێننەوە بۆ باسکردن و شیکردنەوەی قورئان.
ئەمە زەمەخشەرییە خاوەنی شیکارییەک پێی دەڵێن (الكشاف)، لە زانا گەورەکانی ئیسلامە، ئەوە دەڵێت: (لولا الكوسج الاعرج "واتە مەبەستی خۆیە" لبقى القرىٔن بكراً) ئەگەر ئەم بلیمەتە شەلە نەبوایە قورئان بە دەستلێنەدراوی دەمایەوە. تەماشا بکەن چۆن باسی خەلقی ئاسمان لە دوکەڵ دەکات. دەڵێت: عەرشەکەی لە پێش دروستکردنی زەوی و ئاسمان لە سەر ئاو بوە و لە ئاو دوکەڵی دەرکردوە و دوکەڵەکەیشی هێناوەتە سەر ئاوەکەوە و لەوێیشەوە بەرزی کردوەتەوە، خودا ئاوەکەی وشک کردوەتەوە و کردی بە یەک زەوی و ئینجا هەڵی تۆقان و کردی بە دوو زەوی. ئینجا ئاسمانی لەو دوکەڵە بەرزە دروست کرد. ئەمە قسەی ئەوە.

دەڵێت: عەرشی خودا لە سەر ئەرز بوو کە خودا ئاوەکەی وشک کردەوە پاش ئەوەی دوکەڵی لێ دەرهێنا و کردی بە زەوی و ئاسمانی لە دوکەڵەکە خەڵق کرد. ئایا ئەمە شوورەیی نییە لە سەر موسوڵمان لەم سەردەمەدا کە شیکردنەوەی قورئانەکەیان پڕ بێت لەم شێوە قسە ساختانە؟ سپاس بۆ ئەوەی میللەتان بە سەر خۆیاندا وەردەگەڕێنێت و پاشان ڕاستیان دەکاتەوە. دوا قسەمان لێرەدا ئەوەیە: ئەم حەقیقەتەی قورئان کە دەڵێت زەوی پێش ئاسمان خەلق بوە، ئەگەر مەبەستیان لە ئاسمان تەنها مانگ بێت، ئەم حەقیقەتە ڕاست و سەلمێنراوە، بەڵام ئەگەر مەبەستی لە ئاسمان بە دەر لە مانگ وەک ئەستێرە ئاسمانییەکان بێت، ئەمە حەقیقەتێکی ڕەتکراوەیە و زانست ڕەتی دەکاتەوە و پێچەوانەی ئەوە باس دەکات. ئەگەر ئایەتەکە بەڕاشکاوی باسی ئەوەی نەکردبێت، زەوی پێش حەوت چینی ئاسمان خەڵق کراوە، دەشێت بڵێین ئەوەی لە ئاسمانەکاندا کە زەوی پێش ئەو خەلق کراوە مەبەست عەتارد و زوهرە لە ئەستێرە نزمەکان بێت کە دەکەوێتە نێوان زەوی و خۆر و کە لە خۆر نزیکترە وەک لەوەی زەوی، زەوی پێش عەتارد و زوهرە دروست بوە، لەبەر ئەوەی پێش ئەوان لە خۆر جیا بوەتەوە، بەڵام بە ڕاشکاوی باسکردن لە ئایەتەکەدا مەبەست حەوت ئاسمان بێت لە قسەی: {فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ} [فصلت: 12] واتە: حەوت ئاسمانی بەدوو ڕۆژ ئەفراند. ئەمە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە مەبەست لە ئاسمان بە تەنها عەتارد و زوهرە بێت.

٢ــ ئەگەر مرۆڤ سەری بەرز بکاتەوە و تەماشای ئاسمان بکات، لە شەودا بێت یان ڕۆژ، گومەزێکی گەورەی شینی بە ناواچوی هەمان شێوەی زگێکی پتەو بوە، سەروی ئەم گومەزە ناو چاڵە بە پانایییەکی لوسی بێ نوک و بێ شەقبوو دەبینرێت، واتە وەک ڕووبەری زەوی نییە کە نە ڕۆچوە و نە تەپە و بان و بەرزایی و نە گردۆڵکە و نە چاڵ و کەندیشی هەیە.

ئەگەر ئەوە لە شەودا بێت، ئەستێرەکان لە سەر ڕووبەرە بە ناواچوەکەی ئەم گومەزەدا جێگیرە، وەک بزماری زیوی ڕووی کوتەکێکی پێ بدرەوشێتەوە، ئەو دیمەنەی کە لای مرۆڤ لە کاتی تەماشاکردنی ئاسمان دەبینرێت، دیمەنێکی ڕاستەقینە نییە و ئاسمان ماتریاڵێکی گومەزی ڕاوەستاو نییە وەک سەقفێک لە سەر زەوی بێت و لە هەموو لایەکیەوە بە خوارەوەی زەوی بە ئاسۆی زەوییەوە پەیوەست بێت، بەڵکوو فەزایەکی فراوانی بێ کۆتاییە و ئەستێرەکان تێیدا لە باری پانی و درێژیدا خول دەخۆنەوە، لەوانەیش زەوییەکەی خۆمان کە یەکێکە لە هەسارەکانی سەر بە خۆر و بە دەوریدا خول دەخواتەوە.

وا دیارە محەمەد وای زانیوە ئەم دیمەنە ڕاستەقینەیە و ئاسمان شتێکی خەلقکراوی لوسە لە شێوەی گومەت و لە زەوییەوە بەرز ڕاگیراوە وەک سەقفێک وا بێت، ئەوەی بەڵگەی ئەم قسەیەیە وا لە سورەتی (ق)دا هاتوە دەڵێت: {أَفَلَمْ يَنْظُرُوا إِلَى السَّمَاو فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِنْ فُرُوجٍ} [ق: 6] واتە: تەماشای ئاسمان ناکەن لە سەرویانەوە چۆن دروستمان کرد وجوانکاریمان تێدا کرد و چەند لەوەدا دەرەتان هەیە. واتە هیچ هەڵتۆقانێکی نییە، زەمەخشەری دەڵێت: واتە لوسە و ساغە و هیچ عەیبێکی تێدا نییە، نە شەقبردن و نە هەڵتۆقان و نە تێکچوونیش.

هەروەها لە سورەتی (الملك)دا لەو بارەیەوە هاتوە: {الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ طِبَاقًا مَا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِنْ تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِنْ فُطُورٍ، ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنْقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ} [الملك: 3، 4]. واتە: حەوت ئاسمانی چین لەسەر چین سازدا و هیچ نارێکیەکی نابینت، جارکی تر تەماشای بکە خەلقیشی تێدایە؟ دیسان چاوی پێدا بگێرە سۆمای چاوت بە داماوی و بە ڕاماوی بەرەو خۆت دەگەڕێتەوە. واتە خەڵقکراوێکی بەخشندە و دەهەندە و قایمە و هیچ بەرزی و نزمییەکی تێدا نییە و چاوت بگێرە و تەماشای ئاسمان بکە ئایا دوولاقەیەک دەبینیت واتە شەقبوون و لێکترازان؟ ئینجا فەرمانی کردوە تەماشاکردنەکەی دووبارە بکاتەوە بۆ ئەوەی لێکی بداتەوە و چاودێری بکات و بە دوای عەیبە و لێکترازانێک و تێکچوونێکی تێدا بگەڕێت. پێی گوت: تەماشاکردنەکە بۆ خۆت بە شەرمەوەیە و وەردەگەڕێیت و ئاە هەڵدەکێشێت، واتە چاوانت بە ملکەچی و شەرم و ئاهوناڵەوە دەگەڕێنیتەوە، واتە لە نەبوونی ئەگەری هەر عەیب و تێکچوون و لێکترازانێک لە ئاسماندا بدۆزیتەوە.

ئەوەی شاراوە نییە مەبەستی لە نەبوونی جیاوازی ڕێکی و ڕاست و نەبوونی شەق و تەپە بوە وەک لە قسەکانی دەردەکەوێت: (فُرُوجٍ) لە ئایەتی یەکەمدا و (مِنْ فُطُورٍ) لە ئایەتی دووەمدا. زەوی هەر لە خەڵقبوونییەوە خەرەند و ڕۆچوون و شاخی بەرز و دۆڵی فراوانی تێدا بوە، ئەم جیاکارییە نەبوەتە هیچ کەموکورتییەک بۆی، بەڵکوو لە تەواوکارییەکانیەتی و، ئاسمان لاشە

نییە تا جیاوازی تێدا بێت بەڵکوو بۆشاییە. ئەگەر بگوترێت مەبەستی لە ئاسمان ئەم ئەستێرە پەرشوبڵاوانەیە، دەڵێین: ئەمە لەگەڵ ئەو قسەیەی کە دەڵێت هیچ شەق و بەرز و نزمییەکی تێدا نییە ناگونجێت، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا دێتەوە کە کتومت مەبەستی ئاسمان بێت و بەو دیمەنە دیارەی لە گومەتە لوسەکەیدایە، ئینجا ئەستێرەش بە هەمان شێوەی زەوی بەرز و نزمی تێدایە. فەلەکیەکان دەڵێن شاخ لە مانگدا هەیە (ئەو کاتە کەس نەچووبوە سەر مانگ بۆیە دەڵێت فەلەکییەکان دەڵێن، ئەگینا کە دوای نووسینی ئەم کتێبە چوونە سەر مانگ و دەڵێن .(- شاخ و دەشت و بان لە سەر مانگ هەیە، هەروەها مەریخیش ئەو شتانەی تێیدایە – و بێگومان تەماشاکردن، مەبەستم بینین دەبێتە هۆی زانینی حەقیقەت، بەڵام نابێت تەنها بە بینین واز بهێنیت، بەڵکوو دەبێت لەگەڵ بیرکردنەوە و تاقیکردنەوە و ئەزموونکردن لێکیان بدەیتەوە، بناغەی زانستبینین و تاقیکردنەوەیە، بەڵام ئەم ئایەتەی قورئان ڕێگە دەدات کە بە تەنها تەماشاکردنی ڕووت بە زانینی حەقیقەت لە قەڵەم بدات، هەر چەندە زانست بە هیچ .شێوەیەک ڕێگە بەوە نادات

لەمەی پێشەوە لە سورەتی (الانبیاء)دا هاتوە: {وَجَعَلْنَا السَّمَاوَ سَقْفًا مَحْفُوظًا} [الانبیاء: 32] واتە: ئاسمانمان کردە میچێکی پارێزراو. زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: پاراستنی ئەوەی لە توانایدا بێت هەر چییەکی بوێت بیخاتە سەر زەوی و بیلەرزێنێت. شاراوە نییە کە ئاسمان وەک سەقفێک دابنێیت هیچ ڕاست دانانرێت جگە لەوەی دیمەنی ڕووکەشی بۆ تەماشاکەری وەک گومەتی ئاسمانی بە حەقیقەت دابنرێت و ئەم گومەتی ئاسمانە بە تەنێکی گومەتئاسای حەقیقی دابنرێت، ئینجا ئەوە ڕاست دەردەچێت کە بگوترێت سەقفێکە بە .قودرەتی خودا پارێزراوە و ناکەوێتە سەر زەوی

ئێمە ئەگەر وای دابنێین، کە ئەم گومەتە بینراوە تەنە و سەقفێکە لە زەوییەوە بەرز کراوەتەوە و وا دابنێین ئەم سەقفە پێویستی بە ڕاگر نییە، لەبەر بەرزییەکەی هێزی ڕاکێشانی زەوی هیچ کاریگەریی لە سەری نییە، چۆن ترسی لەوەیە بکەوێت و، پارێزگاریی لێ دەکات، مانگ لە پاشکۆی زەوییە و نزیکترین ئەستێرەیە لە زەوییەوە و دووری لە زەوییەوە نزیکەی سێسەت و هەشتاوچوار هەزار و سێسەت و هەشتاودوو کیلۆمەترە، نابێت بکەوێتە سەر زەوی لەبەر زۆریی دووری لێوەی، بەڵکوو ئەوەی ترسی لێ بێت پێچەوانەی ئەمەیە، هەسارەی زەوی لە ئاست گومەتی ئەستێرە مەزنەکانی ئاسمان جگە لەوەی وەک دڵۆپێک لە ئاوی دەریا و وردە بەردێک لە بارێکی گەورەدا نەبێت هیچ نییە، لە توانای ئەم سەقفە ئاسمانییە مەزنەیە ئەستێرەیەکی بچوکی وەک زەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت بو کەوێتە سەری، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە نە زەوی دەکەوێتە سەر ئاسمان و نە ئاسمانیش دەکەوێتە سەر زەوی، لەبەر ئەوەی یاسای ڕاکێشانی گشتی هەر یەک لەم ئەستێرانەی لە ناوەند و تەوەری خۆی پاراستوە، هیچیان ناکەونە سەر ئەوی تر جگە لەوەی بکەونە نێو سنووری ڕاکێشانەکەی و ڕاکێشان لە ڕاکێشراو گەورەتر بێت. دەربڕینی قورئان جگە لە (محفوظا) پاراستنی هیچی تری تێدا نییە، دەتوانرێت پاراستن بە واتای جۆر بە جۆر شی بکرێتەوە، کە لەگەڵ بابەتەکەدا بگونجێت، بەڵام زەمەخشەری بە پاراستنی لە کەوتنە سەر زەوی شی کردوەتەوە، خودا لێی ببورێت و .لەوانەیش ببورێت کە خۆیان دەدەن لە قەرەی شتێک کە نایزانن

٣ــ لە سورەتی (الانبیاو) دا هاتوە: {أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْجَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاوِ كُلَّ شَيْو حَيّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ} [الانبیاء: 30] واتە: ئاخۆ ئەو خودانەناسانە ئەمە نازانن کە ئاسمان و زەمین یەکپارچەبوون، ئێمە لێکمان هەڵوەشاندن. هەرجانەوەرێکیش هەیە لە ئاومان بەرهەمهێنا؟ ئێتخۆ هێشتا باوەر ناکەن؟ ئەم ئایەتە دوو بەشە، یەکەم بەشی بە (فَفَتَقْنَاهُمَا) تەواو دەبێت و دوەم بە قسەی (وَجَعَلْنَا) دەست پێ دەکات، هەر بەشە و واتای سەربەخۆی خۆی هەیە و لەوی تر ناچێت ئەگەر لە یەک ئایەتیشدا بن. بەشی یەکەم بە کتومتی بە سەر تیۆری نوێی سیستمی خۆر دەچەسپێت کە دەڵێت زەوی و سەرجەم هەسارەکان لە خۆرەوە جیا بوونەتەوە، بە واتایەکی ڕوون و ڕاشکاو و هیچ شیکردنەوە و تەئویلێکی ناوێت، بەڵام زانایانی ئیسلام لە کۆندا لەم واتایەی تێ نەگەیشتوون، ئەوانیش بوراون لەوەدا، لەبەر ئەوەی تیۆری سیستمی خۆر نەزانراو بوە و ئەوەی لەو کاتەدا بڵاو بوە تیۆری بەتلیموسی کۆن بوە، بەڵام سێ سەدە بە سەر تیۆرە نوێکەدا ڕەت بوە و کەس ئاگاداری واتای ڕاشکاوی ئەم ئایەتە نەبوە کە لەگەڵ زانستی ئەم سەردەمەدا دەگونجێت. دەڵێت ئایا بێباوەڕان ئەمە نازانن کە ئاسمانەکان و زەمین یەک پارچە بوون و ئێمە لێکمان

هەڵوەشاندن و هەموو زیندەوەرێکیشی تێدایە، لێرەوە هاتوونەتە بوون، ئایا هێشتا باوەڕ ناکەن؟ بۆ خۆشی باسی ئەوەت بۆ دەکەین لە شیکردنەوەی (كَانَتَا ڕتْقًا)، زەمەخشەری دەڵێت لە شیکردنەوەکەی لە سەر سورەتی (البقرە)دا: {ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاو...} [البقرە 29 واتە: ئینجا بۆ ئاسمان بەرزبووەوە. پاش باسکردن و واتای ڕێکبوون و خاوبوونەوە، کە لەوێدا نیشانی دەدات. ئینجا دەڵێت: لە ئەلحەسەنەوە "وا بزانم مەبەستی (الحسن البصری)یە"، خودا لە شوێنی (بیت المقدس) لە شێوەی بەردێکی پڕ مشتێک زەوی خەلق کرد کە دوکەڵی پێوە نووسابوو، ئینجا دوکەڵی بەرز کرەوە و ئاسمانەکانی لێ دروست کرد و بەردەکەی لە شوێنەکەی گرت و زەوی لێی پان کردەوە، بۆیە قسەی (كَانَتَا ڕتْقًا) واتە یەکپارچە بوە، کە پێکەوەنووساو بوە. واتای ئەمەیش ئەوەیە کە ئەو دوکەڵەی ئاسمانەکانی لێ دروست کراوە بە بەردەکەوە نووساوە، ئەمەیە هەڵوەشانەوە یان جیاکردنەوەی لە بەردەکە و بەرزکردنەوەی و خەڵقکردنی ئاسمانەکان لەوەوە، ئەمەیە لێک جیا بوونەوە. خودا (الحسن البصری) بپارێزێت چەند داهێنەر بوە لە زانینی خەڵقی خودا و لەم جیابوونەوەیە و یەکپارچەییە، جیابوونەوەیەک و هەڵوەشاندنەوەیەک ڕووی داوە کە یەک ناگرێتەوە.

ئەوەی لە ئایەتەکەدا دەیبینین گونجاو نییە کە دەڵێت: (أَوَلَمْ يَرَ) پرسیارکردنەکە بۆ بڕیاردانە، نابێت وا لە ئایەتەکەدا تێڕوانینێکی هەبێت چونکە کەس بە چاوی یەکپارچەیی ئاسمانەکان و زەوی و ئینجا جیاکردنەوەیانی نەبینیوە، نە بێباوەڕەکان کە قسەکەیان بۆ دەکرێت و نە محەمەدیش، چۆن دەبێت بەوان کارەکە بسەلمێنێت؟ بەڵام دەشێت لە بینینەوە، واتە دیدیگای دڵ نەک چاو، واتە؛ واتای ئایەتەکە وای لێ دێت (أَوَلَمْ يعلم الَّذِينَ كَفَرُوا...) ئایا نازانن نەک ئایا نابینن، لەوێدا دەگوترێت ناگونجێت کە ئەوەی بەتەواوی نایزانیت بە بتپەرست بیسەلمێنیت، ئەگەر بیانزانیبا بە دەر لە خودا شتی تر یان بتیان نەدەپەرست. ئەوەی لە قسەکانی زەمەخشەری دا دەردەکەوێت وای دادەنێت کە لە ئایەتەکەدا (يَرى) بە بینین دەزانێت و، هەروەها دەشێت بە واتای ڕاوبۆچوون بێت، ئینجا با وا دانرێت کە بینینی چاوە، بەوەیش بە شێوەیەك وەڵامی سەلماندنەکانیان دەداتەوە کە گوتوویەتی: یەکپارچەیی و جیاکردنەوەی ئاسمان و زەوی لە قورئاندا هاتوە، کە ئەمە موعجیزەیە لە خۆیدا و لە شوێنی بینین و تەماشاکردن بێت. لێرەدا ئەو پەندە لە سەر زەمەخشەری دەگونجێت کە دەڵێت جارێک عەرشەکە جێگیر بکە ئینجا جوانکاریی تێدا بکە، ئەگەر موعجیزەی قورئان ڕاست بێت ئەوە لە لای ئەوان لە جێگەی بینین تەماشاکردن بێت، دەبێت وایان لێ بکەیت بە ڕێگەی یەکەمەوە باوەڕ بهێنن، لەبەر ئەوەی باوەڕهێنانیان بە پێغەمبەرایەتیی محەمەد ئاسانتر و سوکترە، کە ئەم یەکپارچەیی و جیابوونەوەیە بە بینینی تەماشاکراو بێت، لە ڕێگەی موعجیزەی قورئانەوە. بینینی ئەمە بە چاو بە بێ باوەڕهێنان بە پێغەمبەرایەتیی محەمەد مەحاڵە. ڕوودانی ئەمەیش پێویستی بە هیچ نییە جگە لە دواکەوتن و دوورکەوتنەوە لە کەللەڕەقی. ئینجا وا دابنێین کە ئەوەی لە ئایەتەکەدا دەبینرێت بە واتای زانیاری بێت نەک بە واتای بینینی چاو، واتە بەچاوبینینی ئەو کردەوەیە، دیسان وەڵامی ڕاستیی سەلماندنی ئەوە دەداتەوە، بەوەی بەڵگەیەکی عەقڵی لە سەر ئەوەی بێنیتەوە دەبێت زانیاری و زانستی تێدا بێت، دەڵێت: پێکەوەلکاندنی ئاسمان و زەوی و جیابوونەوەیان بە هەر دووکیان لە عەقڵدا جێ دەبێتەوە، دەبێت جیابوون بێ پێکەوەلکان تایبەتمەند بێت لەبەر ئەوەی سپاس بۆ خودا خۆی کۆنترە. ئەم قسەیەی زەمەخشەری جگە لە هەڵەکردن هیچی تر نییە، لەبەر ئەوەی ئەو بەڵگەیەی کە هێناوێتیەوە بەڵگەیە بۆ سەلماندنی بوونی کردگاری کۆن نەک سەلماندنی زانستی یەکپارچەیی و لێک جیا بوونەوە. کەچی هێمای پرسیارکردن لە ئایەتەکە بۆ سەلماندنی ئەوە هاتوە نەک بۆ بوونی کردگاری کۆن، بێباوەڕان باوەڕیان بە بوونی ئەوە کردوە، ئەوەی هەیە ئەوان هاوبەشی بۆ دادەنێن و یەکتاپەرست نین. بێگومان ئەو مەبەستەی لە پێغەمبەرایەتیی محەمەد و موعجیزەکانی ویستراوە هەر هەمووی لە پێناو بانگەشەکردنیان بوە بۆ یەکتاپەرستیی خودا و فەرامۆشکردنی بتەکان، نەک تەنها باوەڕهێنانی ڕووت بە خودا. ئەوەی ڕاست بێت و هیچ ئەم لا و ئەو لای تێدا نەبێت ئەوەیە کە لە سەر ئەم دەربڕینە پێشتر باسمان کرد، مەبەستم قسەی: {أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا} [الانبیاو: 30] واتە: ئایا ئەوانەینەبینی کە کوفر دەکەن. هیچ لەگەڵ ئەو مەبەست و پێگەدا ناگونجێت و لەگەڵیدا نایەتەوە، دەکرا بڵێت: (أَيكَفَرُون بقدرتِنا فی خَلق السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ إِذ كَانَتَا ڕتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا) یان قسەیەکی لەم چەشنەی بکردایە، ئینجا لەوێدا قسەکانمان لە دەرەوەی ئەو قسانەی دەربارەی ڕەوانبێژیی

قورئان دەیکەین بە دەر نایێت، بەڵام بەشی دووەم لە ئایەتەکەدا، کە دەڵێت: {وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاو كُلَّ شَيْو حَيّ} [الانبياء: 30] واتە: لە ئاو هەموو شتێکی زیندومان دروست کرد. لە سەر ئەمە دەڵێین: (جعل) ئەگەر بکەوێتە سەر یەک تەواوکەر دەبێتە خەڵق و ئەگەر بکەوێتە سەر دوو تەواوکەر بە واتای خستن یان پێچانەوە دێت و هەر دووکیان بۆ ئایەتەکە دەشێت. بۆ یەکەم کە ئاوەڵفرمان پەیوەستە بە (جَعَلْ)ەکەوە بە واتای خەڵق و (كُلَّ شَيْو حَيّ) تەواوکەرە، واتاکەی: هەموو زیندەوەرێکمان لە ئاو خەڵق کردوە، بەڵام لە دووەمدا ئاو دەبێتە تەواوکەری دووەمی لەپێشخراوی تەواوکەری یەکەم کە ئەویش زیندەوەرە. واتاکەی پێچانەوە یان خستنەوە دێت، کە وای لێ دێت: هەموو زیندەوەرێکمان لە ئاودا پێچایەوە یان خستەوە، واتە لە سەرەتای دروستبوونی ئاوەکە لە بنەڕەتەوە. واتای ئایەتەکە ڕاستە و زانست دەیسەلمێنێت، وەک پێشتر باسمان کرد، لە کاتی قسەکردن لە سەر ئایەتی: {وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاو} [هود: 7]دا، واتە: تەختەکەی لەسەر ئاو بوو. ژیان لە سەرەتای دروستبوونییەوە لە دەریادا بوە ئینجا گواستراوەتەوە بۆ وشکانی، هیچ تاوانی تێدا نییە کە ئایەتەکە وەک ئامرازێکی یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە وا دەردەکەوێت، کە دەقەکەی گشتیی هەمەگیرە و هەموو زیندەوەرێک لە جیهاندا دەگرێتەوە لە هەر جۆرێک بێت، ئەوەی لەمە تێ دەگەین کە جگە لە ئاو هیچ شتێکی زیندوو نەبوە. ئەم چەمکە پشتگیری لەوە دەکات کە لە تەواوکەری دووەم لە ئایەتەکەدا پێش خرا بێت، لەبەر ئەوەی قازانجی پێشخستن لێرەدا بۆ قەتیس کردنە یان بۆ شتێکی تایبەتییە، وەک بڵێیت حەمە لە ماڵەوەیە، واتە جگە لەو کەسی تر نییە. واتای ئایەتەکە لە خستن یان پێچانەوە لە ئاودا نەک لە شتی تر، مەبەست لەوەیش زیندەوەرە، بەڵام لە سورەتی (الرحمن)دا شتی ناکۆک لەگەڵ ئەمەدا هاتوە: {وَخَلَقَ الْجَانَّ مِنْ مَارِج مِنْ نَار} [الرحمن: 15] واتە: جنوکەشی لە بلیسەی بێ دوکەڵ بەدیهێنا. و لە سورەتی (الحجر)دا: {وَالْجَانَّ خَلَقْنَاهُ مِنْ قَبْلُ مِنْ نَارِ السَّمُومِ} [الحجر: 27]. واتە: لەمەوبەریش لە ئاگرێکی بەهاڵاو جنۆکەمان ئەفراندووە.زەمەخشەری دەڵێت: (الْجَانَّ) بۆ جنۆکە وەک ئادەمە بۆ مرۆڤ، واتە باوکی جنۆکەکانە وەک چۆن ئادەم باوکی مرۆڤەکانە. ئەوەی لێرەدا دەگوترێت: عەقڵ و زانست و بینین و تاقیکردنەوە و هەواڵ، هەموو ئەمانە هیچ شتێکمان بۆ ناسەلمێنن ئەوەی زیندەوەر بێت لە ئاگرەوە دروست کرابێت. کردگاری مەزنی هەموو بوونەوەران، وای لە مۆرکی ئاگر کردوە کە بۆ جیاکردنەوە و پەرشوبڵاوکردن بە کار بێت، وەک چۆن مۆرکی ساردی کۆکردنەوە و گردکردنەوەیە، سپاس بۆ ئەوەی کە توانا و قودرەتی مەحاڵی تێدایە، قورئان باسی بناغەی خەڵقبوونی فریشتەی نەکردوە، ئایا لە ئاو یان لە ئاگر یان لە ڕووناکی خەلق کراوە. ئەوەی لە کتێبی قەومەکەدا هاتوە: ئەوان تەنی نەرمونیانی درەوشاوەن، هەر چەند لاشەیان نەرم بێت .دەبێت لە مادە دروست کرابێت، ئەگینا تەن نین واتە لاشە نین

بەڵام چیرۆکی خەلقی ئادەم لە قورئاندا وا نیشان دەدات کە فریشتەکان لە پێش ئادەم خەلق کراون واتە لە پێش مرۆڤ، کاتێک خودا ویستی ئادەم خەڵق بکات هەواڵی پێدان کە لە سەر زەوی خەلیفە بۆ خۆی دادەنێت و ئەوەی پێیان گوت کە گوتیان. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە کە پێش مرۆڤ لە بوونەوەران شەیتانی تێدا نەبوە، لەبەر ئەوەی شەیتانەکان پاش ئەوەی ئیبلیس لەو کاتەدا هاتە بوون و ملکەچی سوجدەکردن نەبوو بۆ ئادەم، ئیبلیس جنۆکەی باوکی شەیتانەکانە، واتە ئەو بۆ شەیتانەکان وەک ئادەمە بۆ مرۆڤ. ئەمە هەمووی چیرۆکی خەڵقی ئادەم لە قورئاندا بە ڕاشکاوی باسی دەکات و لەوێوە تێ دەگەیت کە جنۆکە و فریشتە یەک شتن، ئەوان بێباوەڕن و ئەمان باوەڕدارن. لە چیرۆکی خەڵقی ئادەمدا هاتوە: {فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ} [البقره: 34]، واتە: جگە لە ئیبلیس ئەوان کرنوشیان برد. بێگومان ئەوەی بە دەرە لێرەدا لەگەڵ ئەوانی تردا ناوی هاتوە، واتە ئیبلیس لە فریشتەکانە، نابێت ئەوەی بە دەر بێت لە باسکردندا لەوانی تر داپراو بێت، لەبەر ئەوەی فەرمانکردن بە سوجدە بردن ئەو ناگرێتەوە، ڕازینەبوونی بۆ سوجدەبردن وەک یاخیبوون دانانرێت بەڵکوو لە ئەوەوە هیچ ڕووی نەداوە، لەبەر ئەوەی فەرمانی سوجدەبردن ئەوی نەگرتوەتەوە و بۆ خەڵکی تر بوە، ئەی چۆن ڕەتی کردوەتەوە. ڕازی نەبوون بە سوجدەبردن بەڵگەی ئەوەیە کە لە فریشتەکانە. قورئان لە سەر ئیبلیس لە ئایەتێکی تردا دەڵێت: {كَانَ مِنَ الْجِنّ فَفَسَقَ عَنْ أَمْرِ رَبّهِ} [الكهف: 50]، واتە:جنۆکە بوو لە فەرمانی خوداکەی لایدا. هەروەها بێباوەڕەکانی قورەیش گوتیان: فریشتەکان کچانی خودان و قورئان ئەمەی ڕەت کردوەتەوە، لە سورەتی (الصافات) دا دەڵێت: {وَجَعَلُوا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِنَّهِ نَسَبًا} [الصافات: 158] واتە: وایان کرد کە لە نێوان جنۆکە و خودا خزمایەتی دروست

بکەن. مەبەستی لێرەدا فریشتەیە. زەمەخشەری دەڵێت: ناوینان جنۆکە لەبەر ئەوەی یەک ڕەگەزن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەد و گومرا و جاڕسکەر بوو لە نێو جنۆکەکان و هەموو خراپەیەکی هەبوو ئەوە شەیتانە و، ئەوەی پاک و باشەی هەبوو بە گشتی ئەوە فریشتەیە، لەم شوێنەدا بە گوێرەی ڕەگەزەکەیان ناوی هێناون. لەمەدا بەڕاشکاوی تێدەگەین کە جنۆکە و فریشتە یەک شتن، بەڵام ئەوانە شەڕخوازن و ئەمانەی تر خێرخواز، ئەگەر جنۆکە و فریشتە یەک شت بن، فریشتەیش بە هەمان شێوەی جنۆکە لە ئاگر خەلق کراوە، ئەگەر بۆمان نییە ئەمە هەڵهێنجین لەبەر ئەوەی ئەمە هاوشێوەییە، چونکە جگە لە خودا کەس نایزانێت، با هەر یەک لە ئێمەیش .بێ زمانێک بین لە پێستی مرۆڤدا

٤ـ لە حەقیقەتە قورئانییەکاندا دەڵێت: شاخ بۆ ئەوە لە زەویدا خەلق بوە بۆ ئەوەی نەهێڵێت لار بێتەوە، واتە لە زەمینلەرزە و شڵەژان، بۆ زەوی وەک هەمان کۆڵەکەکانی خانوە، وەک مێخ و قایمکەری ماڵ بۆ جێگیری چەتر و خانوە بۆ ئەوەی لار نەبێتەوە، ئاوها شاخ زەوی دەگرێت بۆ ئەوەی لار نەبێتەوە. لە سورەتی (النحل) دا دەڵێت: {وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَنْ تَمِيدَ بِكُمْ} [النحل: 15] واتە: کێوەکانی لەم زەمینە کردە لەنگەر هەتا ئێوە نەلەرزێنی . مێخ و قەڵەم ئاسن بۆ بەستنەوەی چادر و خێوەت بە پەتەوە، بۆ ئەوەی نەکەوێت و لار نەبێتەوە و تێك نەچێت. ئەوەی ناشارێتەوە کە زەوییەک خڕ بێت ئەگەر لەم نوک و بەرزونزمییەی تێدا نەبێت کە پێی دەگوترێت شاخ، زیاتر جێگەی هاوسەنگی دەبێت نەوەک لە سەری بێت وەک ئێستا، لەبەر ئەوەی لە شوێنێک دەبێت و لەوی تر نابێت بۆیە هاوسەنگییەکە تێک دەدات و لاربوونەوە ڕوو دەدات، بەڵام قورئان ئەم کارەی بە پێچەوانە داناوە و وای لێ کردوە کە شاخ ڕێگرە لە لاربوونەوەی، کەچی زانایانی جوگرافیا کە باسی خڕبوونی زەوییان کرد بەوەوە کە شاخیشی لە سەرە و گوتیان: ئەم شاخانە زەوی لە خڕیی خۆی لا نابات لەبەر ئەوەی لە چاو زەویدا وەک نوکێک و نوتکێك وایە لە سەر توێکڵی پرتەقاڵێک بێت، بە تەماشاکردنی ئەمە، شاخەکان هەر چەند گەورە بن لە چاو هەسارەی زەویدا شتێکی بچوکە، نە بە نەبوونی لاربوونەوە ڕوو دەدات و نە بە بوونی ڕێگری لە لاربوونەوەی دەگرێت. چەند ناخۆشە کە لار بێتەوە، بە پێی ئایەتەکە بێت. زەمەخشەری لە شیکردنەوەی ئایەتەکەی سورەتی (النحل)دا، دەڵێت: خودا زەوی خەلق کرد و دارخورمای لێ بوو، فریشتەکان گوتیان: کە دروست بوو هیچ شتێکی لە سەر پشتی نەبوو، ئینجا شاخەکان لە سەری لەنگەریان گرتوە. لە سورەتی (النبأ)دا دەڵێت: {أَلَمْ نَجْعَلِ الْأَرْضَ مِهَادًا، وَالْجِبَالَ أَوْتَادًا} [النبأ: 6، 7]، واتە: ئەم زەمینەمان نەکردە بێشکە و شاخەکانمان .نەکردە (سنگ)مێخ. وەک پێشتر باس کرا (وَتَد) واتە مێخ بۆ بەستنەوەی چادر بە کار دێت

بەڵام من ناتوانم لەم شێوە ئایەتانە وەک نموونە بهێنمەوە لە عەقڵی تەندروست بە یەک ئاراستەدا ببیات بەوەی ئایین "وەک پێشتر گوتمان" باوەڕبوونە بە غەیب، بۆیە قسە بۆ سۆز و دەروونە هەستیارەکان دەکات، تەنانەت زۆر جار ئەوانەی قسەیان بۆ دەکات دایان دەبەزێنێت بۆ ئاستی منداڵە بچوکەکان کە پرسیار لە دایکیان لە بارەی هەموو شتێکەوە دەکەن و دایکیشیان هیچ وەڵامێکیان ناداتەوە جگە لەوەی لەگەڵ عەقڵی بچوکی خۆیان و ناخ و پەرۆشییان بۆ زانینی شتەکاندا بێت، ئەمەیش بە بێ عەقڵانیەت دەیبینن و هەوڵی زانینی ئەمەیش تەنها بە .دەروونی هەستیاری خۆیانە و هیچی تر دەدەن

عەقڵیەتی مرۆڤایەتی بە تەنها ناتوانێت بگاتە ڕادەی ئەوەی بە تەواوی زانینی نهێنییەکانی کەون بزانێت و، ئەوەی لێی زانیوە بە پێی کۆکراوەی بیرە یەک لە دوای یەکەکان و تاقیکردنەوە و ئەزموونە ڕیزبەندەکانە، هەر لە پێگەییشتنی عەقڵی مرۆڤەوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان و ئەمەیش هیچ نییە لە ئاست ئەوەی نایزانێت. ئەگەر محەمەد پێغەمبەرێکی نێرراو بێت و دەیەوێت خەڵک توانای سەرسوڕهێنەر و حیکمەتی ڕەوانیی خەلق بزانن، چی بکات و چی دروست بکات ئەگەر بە گوێرەی عەقڵ و تێگەییشتنی خۆیان لەگەڵیاندا قسە نەکات و وەک دایکێک چۆن قسە لەگەڵ بێچوەکەیدا دەکات قسەیان ئەویش وا قسەی لەگەڵدا نەکات، کە هەر چییەکی بوێت فەرمانیان پێ بکات و نەیەوێت ڕێگرییان لێ بکات. بە تایبەتی زۆرینەی گشتیی ئەو خەڵکانە عەقڵ لاواز و دەروون بچوک بوون. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ کەمتەرخەمی نەکرد و کەم هیلاک نەبوو بۆ ڕابوونی عەقڵیەتیان و هەلسانی دەروونیان بە بانگەشەکردنیان بۆ قورئان بۆ بینین و بیرکردنەوە لە خەڵقی خودا، وەک لە قسەی سورەتی (ئێل عمران) دا هاتوە: {الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَى جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ...} [ئێل عمران: 191]واتە: ئەوانەی لە هەڵسان و دانیشتن بیر لە خودا دەکەنەوە ولە دانیشتنیش بیر لە

ئەفراندنی ئاسمان و زەمین دەکەنەوە. و لە سورەتی (الروم)دا دەڵێت: {أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنْفُسِهِمْ مَا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ...} [الروم: 8] و لە سورەتی (الاعراف)دا دەڵێت: {فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ} [الاعراف: 176]. واتە: ئایا بە خۆیان بیر لەوە ناکەنەوە کە خودا ئاسمان و زەمین و ئەوەی لە نێوانییاندا هەیە بە حەق دروست کرد. لەگەڵ چەندین ئایەتی تردا.

ئێمە باسی هەندێک شتت بۆ دەکەین کە لە قورئاندا هاتوە، لە نموونەی ئەو هۆکارانەی کە لە ڕووکەشدا نا مەعقوڵن، لەوێوە ڕاستی قسەکانمانتان بۆ دەردەکەوێت. لە سورەتی (الانعام) دا هاتوە: {وَرَفَعَ بَعْضَكُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَاتٍ لِيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ} [الانعام: 165] واتە: هێندکتان چەند پلە لەویتر بەرزکردەوە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە لەوەی بۆتان دەبێت. لە شیکردنەوەی زەمەخشەری دا وا هاتوە: هەر یەکەتان لەوی تر بەرز کردوەتەوە وەک لەم ئایەتەدا هاتوە، لە لایەنی شەرەف و ڕزق و ڕۆزییەوە بۆ ئەوەی تووشتان بکات بەوەی لە نیعمەتی پێگە و پارەوپولەوە پێتان دەدات، چۆن سپاسگوزاری ئەو نیعمەتە دەبن و چۆن گەورە لەگەڵ بچوکدا و ئازاد لەگەڵ کۆیلەدا و دەوڵەمەند لەگەڵ هەژاردا مامەڵە دەکات. واتای (لِيَبْلُوَكُمْ) تووشتان دەکات، لێرەدا واتە تاقیتان دەکاتەوە و تاقیتان دەکاتەوە. مرۆڤ کە ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە سەری سوڕ دەمێنێت و ڕووگیر دەبێت، نازانێت ئایا لەگەڵ قسەی خودا دێتەوە و گونجاوە کە زانیاری لە سەر هەموو شتێک هەیە، کە بوە و دەبێتیش و هیچ شتێکی لێ ناشارێتەوە. نە لە سەر زەوی و نە لە ئاسمانیش، یان قسەی پیاوێکی گەورەی خەڵکەکە و دەوڵەمەندەکەیان دەکات، کە ئەم خوداپێداوە نیعمەتی بەشی کۆیلەکانی داوە و زۆرینەیان بێبەش کردوە بۆ ئەوەی تاقییان بکاتەوە چۆن سپاسگوزاری ئەو نیعمەتە دەبن "ئەمەیە شیکردنەوەی زەمەخشەری". با وا دابنێین ئەم قسانە لە یەکێک لە دەوڵەمەندەکانەوە کراوە وەک باسمان کرد، پێی دەگوترێت: هێی تۆ نیعمەتت بەخشی بە بەشێک لە کۆیلەکانت و ئەوانی ترت لە بێبەشکردندا هەموویت خستوەتە قوژبنی چاڵەکەوە، تۆ دەتەوێت بەمە تاقیان بکەیتەوە بۆ ئەوەی بزانیت کامیان سپاسگوزار بن و کامیان ناشکور بن، ئەمە چۆن دەبێت؟ تۆ ئەگەر بتەوێت تاقیان بکەیتەوە دەبێت لە پێدان و ژیانیاندا یەکسانیان بکەیت، ئینجا سپاسگوزار و ناسپاسگوزارت بۆ دەردەکەوێت، ئەوەی سپاسگوزار بێت زیاتری بۆ دەکەیت و ئەوەی سپاسگوزار نەبێت بێبەشی دەکەیت، بەڵام بەشی هەندێکیان بدەیت و ئەوانی تر هەموویان تاقی بکەیتەوە، هیچ دادپەروەری و ئینسافێکی تێدا نییە. دەشێت بگوترێت: ئەوانەی زۆری پێ داون سپاسگوزاریان تاقی دەکاتەوە و ئەوانەی بێبەشی کردوون ئارامگرتن و سەبرکردنیان تاقی دەکاتەوە، لە وەڵامدا دەگوترێت: لە نێوان ئەوەی پێی دەدرێت بۆ تاقیکردنەوەی سپاسگوزاری و ئەوەی بێبەش دەکرێت بۆ تاقیکردنەوەی سەبرگرتنی جیاوازی و بۆشاییەکی زۆری تێدایە، چۆن ئەوەی دەیداتێ و چاوەڕێی سپاسی لێ دەکایت و ئەوەی بێبەشی دەکات کە چاوەڕێی سەبری لێ دەکات یەکسان بێت، ئەمەیش نە دادپەروەرییە و نە ئینسافە.

خەڵک لە هەموو زەمان و شوێنێکدا چوار چینن، چینی باڵا و ناوەڕاست و خوار و بنەوە، ئەوەی چینی باڵایە دەوڵەمەندە خاوەن گەنجینە و قەسر و کۆشک و تەلارە، کە باخ و بێستانیان هەیە و خەڵک بە کار دەهێنن و موڵک و خانووبەرەیان هەیە، ئەمانە کەمینەی خەڵکن، بەڵام چینی ناوەڕاست لە چینی باڵا زۆرترن و ئەمانە بە دوای بژێوییدا هیلاک نابن، بەڵکوو بە خۆشی و بەختەوەرییەکی ڕێژەییدا دەژین و پێویستییەکانی ژیان و کەمالیاتەکانیشیان بە پلەیەکی جیاواز دەست دەکەوێت. چینی خوارەوە ئەمانە لە چینی ناوەڕاست زۆرترن، ئەوانەی کە لە ژیاندا هەوڵ و تەقەلا دەدەن و هیلاک دەبن و جگە لە پاروە نانەکەی زگیان هیچیان دەست ناکەوێت و لە نێوان تێریی و برسی و ڕووت و داپۆشراودا دەژین، خەڵکی ئەم چینە هەمووی یەک پلەن و، ناشێت و ڕاست نییە بڵێیت پلەیان هەیە لەبەر ئەوەی هەموویان یەکسانن لە هیلاکبوونی ژیان بێ جیاوازی و، ئەگەر جیاوازییەکی ئەوتۆ هەبێت ئەویش زۆر کەمە و شایانی ئەوە نییە پلەی بۆ دانێیت، بەڵام چینی زۆر لە بنەوە ئەمانە کەمن و ئەوانەن کە توانای پەیداکردنی هیچیان نییە و پێویستیەکانیان ناچاریان دەکات کە خەڵک یارمەتیان بدات.

ئەمانە خەڵکن و ئەوەیش چینەکانیانە لە ژیان بەرێکردندا، ئەمە لەو کاتەوە دونیا دروست بوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەژار لە سەرگەردانی و هیلاکیدا بوون، کەچی باشترین خەڵکن لە ڕووی ئەخلاقەوە و ڕاستگۆترین خەڵقی باوەڕداری خودان و لە هەموان گوێڕایەڵترن، ئەگەر شەڕێکیان یان تاوانێکیان لە دەست دەربچێت ئەوە هەژاری و پێویستی پاڵیان پێوە دەنێت. ئەوانە زۆرینەی

ڕەهای خەڵکن و دەوڵەمەندەکانن لە تەنیشتیانەوە کەمینەن، لە نیعمەت و خۆشیدا دەژین و ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران بە سەر دەبەن، بە هێمنی و ئارامی و دڵڕەقی و یاخیبوونەوە، زاڵمن دژ بە هەژاران و گەڵتەجاری و بێگاریان پێ دەکەن. هەژار دەبینیت هەوڵ و تەقەلا دەدات و هیلاک دەبێت و ئەوانە بە هیلاکی ئەمان لە خۆشگوزەرانیدا دەژین.

لە قەسیدەیەکدا گوتومە:

اجيراً له مستخدما فى عــقاره ارى كل ژى فقر لدى كل ژى غنى

على كده قامت صروح يساره ولم يعگه الا اليســـير وانـــــــما

بەواتای: من هەر هەژارێك وەك كرێگرتە بۆ بنیاتێك لای دەوڵەمەندێك بەكارهێنراوە و، لەسەر شانی ئەو ئەو باڵاخانانە بنیتنرواە، کەچی مافێکی کەم نەبێت هیچی بەر ناکەوێت و نایداتی.

ئایا پاش ئەمە هەموو مایەی سەرسوڕهێنان نییە کە کردگاری مەزنی بوونەوەران و غەیبزان و ناخۆشی دەرخەر، وا ببینین کە سەرقاڵی ئەوە بێت کێ لەوی تر بەرزتر بێت لە ڕزق و ڕۆزیدا. بۆچی؟ بۆ ئەوەی تاقییان بکاتەوە کە سپاسگوزاری بن، سپاس بۆ ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە نێوان سپاسگوزار و بێباوەڕیی لا نییە.
ئەگەر سەرت سوڕ دەمێنێت لەوەی خودا سەرقاڵی پلەجیایی، واتە بەرزکردن و نزمکردنەوەی بۆ تاقیکردنەوە خەلق کردوە. لە سورەتی (هود)دا دەڵێت: {وَهُوَ الَّذِى خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاوِ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا} [هود: 7]. واتاکەی پێشتر نوسرا. زەمەخشەری لە شیکردنەوەی (لِيَبْلُوَكُمْ) تاقیتان بکاتەوە، پەیوەستە بە خەڵقەوە، واتە خەڵقکردنیان حیکمەتێکی ڕاستورەوانە، کە وای لێ بکات ببێتە ماڵ بۆ ئەوانەی دەیپەرستن و بە جۆرەها نیعمەتی خۆی بە سەریاندا دەبارێنێت و لە گوێرایەڵی و خۆبەدوورگرتن لە یاخیبوون تاقیان دەکاتەوە و ئەوەی سپاسگوزار بێت و گوێرایەڵ بێت پاداشتی دەداتەوە و ئەوەی کوفری کرد و یاخیبوو سزای دەدات. ئینجا دەڵێت بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە و تووشتان بکات وەک ئەوانەی لە ئێوە تووشبوون بۆ ئەوەی بزانێت چی دەکەن.

(85)
زەمەخشەری لەم دەربڕینی کۆتاییەیدا، ویستوویەتی شیکردنەوەی (لِيَبْلُوَكُمْ) بە واتایەک بکات، کە شایانی خودی خودا بێت لە تەئویلەکەیدا و زیاتر تاقیکردنەوە لە خۆ بگرێت، بەڵام بەم شیکردنەوەیەی ئەوەی ویستویەتی نەیپێکاوە، وەک ئەوەی تاقیکردنەوە بە خودا نەکرێت کە زانای غەیبە، هەروەها ئەوەیش شایانی خودی خودا نایێت ئەگەر مەبەستی باڵا لەوەدا کە زەوی و ئاسمانی خەڵق کردبێت، تەنها لە پێناو ئەوەدایە کە پاداشتی سپاسگوزار بکات و سزای بێ باوەڕ بدات، بەڵام زەمەخشەری خودا بیبورێت، وەک ئەوانی تر لە شیکەرەوەکانیش، هەوڵیان نەداوە لە شیکردنەوەکانیاندا بگەنە شتێک لە حەقیقەت، بەڵکوو هەوڵی گرتنی کونوکەلەبەر و پینەکردنی دڕاوییەکانیانە و هیچی تر، بەڵام حەقیقەت وەک پێشتر باسمان کرد کە ئایین باوەڕکردنە بە غەیب و قسەکردنە بۆ خەڵک بە شێوەی دایکێکی بەسۆز قسە بۆ ڕۆڵەکەی بکات، لەوەی کە بیەوێت لە پێناو بەرژەوەندیدا فەرمانی پێ بکات و لە خراپە بە دووری بگرێت، ئاوهایش خاوەنی بانگەشەی ئیسلامی، ئەوەی لە خەڵک دەیەوێت باوەڕدارییە و دوورکەوتنەوەیە لە یاخیبوون و بێباوەڕی، هیچ نامۆ نییە کە پێیان بڵێت: هەموو شتێک لەم دونیایەدا لە پێناو ئەم ئامانجەدا خەڵق کراوە. بێگومان باوەڕداری لەوەدایە کە هەموو بوونەوەران بۆ تاقیکردنەوەی خەڵک و زانینی گوێرایەڵانیان و یاخیبوانیاندا لەوە سەرسوڕهێنەر تر نییە کە باوەڕ بە ژیانەوە و بڵاوبوونەوە بە بەهەشت و نیعمەتەکانی و نێڵەنێڵی ئاگرەکەی دۆزەخ بکەیت، هەروەها بە شتی تری غەیبیش.
بە هەمان ئەمەی پێشوو، ئەوەیە لە سورەتی (المائدە)دا هاتوە: {وَلَوْ شَاوَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِنْ لِيَبْلُوَكُمْ فِى مَا ىَتَاكُمْ} [المائدە: 48].واتە: ئەگەر خودا بیویستایە دەیکردن بەیەك میلەت بەڵام بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە بەوەی پێتان دەدات ئەمەی کردووە. زەمەخشەری دەڵێت: لەم ئایەتەدا (لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً) واتە خەڵکی تەبا و لە سەر یەک شەریعەت ڕێکەوتبن یان یەک نەتەوە و یەک ئایین بێ جیاوازی " نەتەوە یان ئومەت بە واتای ئایین بێت" بەڵام (وَلَكِنْ) ویستوویەتی لەوانەی پێی داون تاقییان بکاتەوە، واتە لە شەریعەتە جیاوازەکان کە

کاری پێ بکەن گوێبیستی بن و باوەڕی پێ بکەن، لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدا بوون کە بەرژەوەندیی ئەوانی تێدایە و بە پێی حاڵ و زەمانە لە سەری جیاواز دەبن، یان دوای گومان دەکەون و لە کارەکە خۆیان بێبەری دەکەن.
لە شیکردنەوەکەی زەمەخشەریدا وا تێ دەگەیت کە ئەوەی خودا ویستویەتی کە تاقیان لە سەر بکاتەوە کارپێکردنی شەریعەتە جیاوازەکەیانە و لەو باوەڕەدان کە بەرژەوەندییە و بە پێی حاڵ و کات لە سەری جیاواز بوون. ئەمەیە کە خودا دەیەوێت لە سەری تاقییان بکاتەوە، ئەمەیش نە لە کۆن و نە لە ئێستادا و لە هیچ کاتێکیشدا قەت ڕووی نەداوە، بەڵکوو لە زەمانی نوحەوە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان لە هەر شەریعەتێک دا ئەوەی ناکۆک بیت لەگەڵیاندا بە بێباوەڕ لە قەڵەمت دەدەن و دوژمنایەتیت دەکەن. خودا ئیتر چی دەوێت تاقی بکاتەوە کە ئەم واقیعە لە هەموو کاتێکدا بەردەوام بێت، ئەگەر خودا وایان لێ بکات یەک ئومەتی تەبا بوونایە ئەگەر لە سەر بێباوەڕیش بوایەن، ئەمە باشتر دەبوو بۆیان نەک وایان لێ بکات جیاواز و ناکۆک بن لە شەریعەتەدا و دوژمن بن بۆ ئەوەی تاقیان بکاتەوە.
هەر ئایینێک بەوەی جیاواز بێت لەگەڵیدا دەڵێت بێباوەڕە، خەڵکی هەر ئایینێک دژی ئەوانەن کە جیاوازن لەگەڵیاندا، وەک ڕووداوە مێژووییەکان و مامەڵەکانی ڕۆژانە لە هەموو شوێنێکدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، ئەگەر ئایینی مەسیحیش ئیدعای ئەوە دەکات کە ئایینەکەیان فەرمانیان پێ دەکات دوژمنەکانیشیان خوش بوێت، بەڵام ئەمە داوایەکی ڕوونە و واقیع بە درۆی دەخاتەوە و بینین و دیدگا ناکۆکە لەگەڵیدا. ئەگەر ئاییندار لەو باوەڕدا بوایە کە ئەوەی جیاوازە لەگەڵیدا بێباوەڕە، ئەمە ئاسان دەبوو، بەڵام بە چەندین جۆر دوژمنایەتیی دەکات، وەک مەعەری دەڵێت:
وأودعتَنا أفانينَ العداوات إنّ الشّرائعَ ألقت بيننا إحَناً،
واتە: شەریعەتە کە ناجۆربونی خستە نێوانمانەوە و دوژمنایەتی بۆ دروست کردوین.
شتێکی نامەعقوڵە چاوەڕێی شتێکی باش لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە کارەدا بکەیت.
٥ـ لەو سەرسوڕهێنەرانەی لە حەقیقەتی نێو قورئاندا هاتبێت، مرۆڤ دوو مردن و دوو ژیانی هەیە، ژیانی یەکەمی ئەوەیە کە تۆوە لە پشتی باوکیدایە و لەو کاتەدا کە لە پشتی باوکی دەبێت مردوە و دوەم مردنیەتی لە پاش ئەم ژیانەی کە لە دونیادا دەژێت، ژیانی یەکەمی لە کاتی لەدایکبوونی لە دایک و باوکێک و دوەمیش لە کاتی ژیانەوە لە ڕۆژی قیامەتدا. ئەمە وەک ئایەتێک لە سورەتی (المؤمن) دا خودا قسەی لە سەر کردوە، بە پێی ئەوەی قسەی بێباوەڕان لە ڕۆژی قیامەتدا پاش چوونە دۆزەخ زیندوو دەبنەوە، دەڵێت: {قَالُوا رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِنْ سَبِيلٍ} [غافر: 11]واتە: زەمەخشەری هەر دوو مردن و ژیانەکەی بەو شێوەیەی پێشوو باس کردوە، وەک لە قسەی خودادا هاتوە: {وَكُنْتُمْ أَمْوَاتًا فَأَحْيَاكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ} [البقرە: 28] واتە: ئێوە مردوبوون زیندوی کردنەوە و ئینجا دەتانمرێنێت و دووبارە زیندوتان دەکاتەوە و ئینجا بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە لە شیکردنەوەی ئایەتەکەدا لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: (وَكُنْتُمْ أَمْوَاتًا) واتە ئێوە تۆو بوون لە پشتی باوکانتان و زیندووی کردنەوە و (ثُمَّ يُمِيتُكُمْ) واتە پاش ئەم ژیانە دەتانمرێنێت و (يُحْيِيكُمْ) واتە لە پاش مردن دەتانژێنێتەوە، ئەم حکومە تایبەت نییە بە مرۆڤ بەڵکوو لە سەر ئاژەڵیش دەسەپێت و بە هەمان شێوەیە وەک لە سورەتی (الروم)دا هاتوە: {يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ} [الروم: 19]واتە: زیندوو لە مردوو دەردێنێ و مردووش لە زیندوو دەردەکات. (الْحَيّ) واتە زیندوو بە پەلەوەر دانراوە و (الْمَيّتَ) مردووشیان بە هێلکە داناوە و بەو شێوەیە شیان کردوەتەوە و باسیان کردوە، بەو پێیە هێلکە مردوە، لەبەر ئەوەی مریشک دوو مردنی هەیە. مردنێک کە لە هێلکەدا دەبێت و مردنێک کە خەڵک سەری دەبڕێت یان چەقەڵ دەیخوات، بەڵام ئایا دوو ژیانی هەیە بەوەی کە لە هێلکە دەتروکێت و جوجەڵە دەردەچێت و دوەم جاریش بە ژیاندنەوەی لە ڕۆژی حەشر و لە سەر ئەوەی لە دوای خۆراک لە پەین و پاشماوە و دەنگە دانەوێڵە دەدۆزێتەوە موحاسەبە دەکرێت، یان حەقی دەکاتەوە لەوانەی دەیخۆن یان هێلکە یان جوجەڵەکانی دەخۆن. لە قورئاندا شتی وا نییە کە ئاژەڵیش زیندوو بێتەوە، بەڵام لە هەواڵە کاریگەرەکان کە لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەری بە گشتی دەبێت تا مافی کۆڵ و کۆڵەوار و بێ شاخ لە شاخدار وەردەگیرێتەوە و حەقی دەکاتەوە، وەک لە هەندێک لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتوە.
هەندێکیان بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە دوو مردنەکە ئەوەیە مردنی ژیانی ئەم دونیا و مردنی ژیانەوەی ناو گۆڕ، لەبەر ئەوەی لە فەرموودەکاندا وا هاتوە کە مردوو لە گۆڕەکەی زیندوو

دەبێتەوە بۆ ئەوەی هەر دوو فریشتەکە پرسیاری لێ بکەن و ئینجا پاش پرسیارلێکردنیان دەمرنەوە، وەک ئەوەی قسەکەری ئەم باسە ویستبێتی خۆی لە مردنی یەکەم بشارێتەوە، کە لە پێش لە دایکبوون یان خەڵقبوونی مرۆڤ دەبێت و بەم پێیە خۆی خستوەتە نێو دوو کێشەوە، کە ئەویش ژیانی دوەمە لە گۆڕ و مردنی دوەمە لە پاش ئەو ژیانەوەدا. زەمەخشەری ئەمەی بە شێوەیەك وەڵام داوەتەوە کە ئەوەی ئەم قسەیەی کردوە پێویستی بە سێ ژیان دەبێت، کە ئەمەیش لەگەڵ قورئاندا ناکۆکە. سێ ژیانەکەیش مەبەستی ژیانی دونیا و ژیانی گۆڕ و ژیانی ژیانەوەی ئەو دونیا، ئینجا گوتی ئەم قسەکەرە لە شوێن خۆی ناوەستێت، یەکێکیان کە لە گۆڕدا دەبێت باسی ناکات و ئینجا وای دادەنێت کە خودای باڵا لە گۆڕ زیندوویان دەکاتەوە و ئەو ژیانە بەردەوام دەبێت لە دوای ئەوەوە نامرن، ئینجا لەو ڕاچڵەکێنە دووریان دەخاتەوە و بەو قسەیەی کە دەڵێت؛ ئەوە جگە لەوانەی خودا نەیەوێت. ئاماژە بە قسەی خودا دەکات بە: {وَنُفِخَ فِی الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِی السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِی الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ} [الزمر: 68]. واتە: فوی کردە وێنەکانەوە و ئەوەی لە ئاسمان و زەمین بوو بروسکە لێی دەدا جگە لەوانەی خودا مەیلی لێ بووە. دەڵێم: کۆتا قسەی زەمەخشەری خەیاڵە، بەو پێیەی ژیانیان لە گۆڕ بەردەوام دەبێت و ئەمەیش پێویستی بە یەک مردن دەبێت، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەم قسەیە مردنی پێش لەدایکبوون ڕەت دەکاتەوە، بەڵام دان بە ژیانی گۆڕ و مردندا دەنێت، بۆ ئەوەی دوو مردنەکە بسەلمێنێت. ئەگەر ژیانیان بەردەوام بێت لە گۆڕ و نەمرن ئەوە یەک مردنیان دەبێت، ئەمەیش ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی لە قورئاندا هاتوە.

ئەگەر ئێمەیش درێژە بە قسەکانمان بدەین، بۆ گواستنەوەی قسەی شیکەرەوان بۆ ئەوەی بزانین ئەمانە چۆن قورئان شی دەکەنەوە، بێ بیرکردنەوە و بێ ڕێکخستن و زانین، ئەوان تۆویان لە پشتی باوک بە مردوو داناوە و هەر وەک چۆن هێلکەیشیان بە مردوو داناوە، واتای زمانەوانی بۆ وشەی مردوو بۆ شتێکی وەک تۆو و هێلکە ناشێت، مەگەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و هاکەزایی نەبێت، لە ڕاستیدا تۆو و هێلکە ژیانیان هەیە و مردوو نین. لەبەر ئەوەی هێلکە (میکرۆبی) ناوکی ژیانەوەی تێدایە (ناوك؛ مەبەستی کرۆمۆسۆم و دی ئێن ئەی ئەم کاتەیە کە مەعرووف ڕەسافی بە میکرۆب ناوی هێناوە -و-) هەروەها تۆو ئەوەی تێدایە واتە بە هێلکە و تۆو، بە هەر دووکیان کۆرپەلە دروست دەکەن.

ئەوەی زیندەزانی لەم سەردەمەی ئێمەدا سەلماندوویەتی ئەوەیە کە هەر گیاندارێک یان زیندوویەک لە زیندووی وەک خۆیەوە دروست دەبێت، تەنانەت میکرۆب کە بچوکترین و ئاسانترین و ساناترین خاوەنی ژیانە لە زیندەوەراندا وا دەبێت. بە ڕووگیری و سەرسوڕمانەوە پرسیاریان لەو بارەوە کردوە، باشە یەکەم زیندەوەر لە سەر زەوی چۆن دروست بوە؟ بەڵام زانست وەڵامی دانەوە و لە شوێنی خۆیان وەستاندنی، هەر وەک چۆن زانایانی فەلەک لە زانیارییەکانی ئاسمان ڕوویان کردە تیۆرە زانستییەکان، گوتیان زەوی لە کەفوکوڵی گەنجێتیدا کە یەکێک لە خولەکانی زەمانی یەکەمدا لە حاڵەتێکی ڕێگەپێدەر بوە بۆ لە دایکبوونی ژیان بە ڕاستەوخۆ بێ ناوەندگیر خەڵق بوە. ئینجا گەنجێتی نەما و ئەو حاڵەتە نەما و وای لێ هات کە نەتوانێت زیندەوەر دروست بکات. ئەگەر چەند ساکاریش بێت لە چەشنی میکرۆب، مەگەر لە زیندوویەکی وەک خۆی نەبێت دروست نابێت. لەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دانانی تۆو و هێلکە بە مردوو ڕاست نییە و لەگەڵ زانستدا ناگونجێت (زانستی بایۆلۆجیی ئەمڕۆ باسی دروستبوونی زیندەوەرە سەرەتاییەکانی کردوە و دی ئێن ئەی و پرۆتین و توخمە سەرەکییە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی خانەی زیندوو، لەم سەردەمەی خۆمان بە جوانی باس کراوە و سەلمێنراوە و ئینجا تیۆری پەرەسەندن لەو بارەوە بە شێوەیەکی جوان دواوە، کە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا بەو شێوەیە نەزانراوە ـو).

ئەگەر بڵێیت: ئەگەر ئەوە ڕاست نەبێت، لە بارەی ئەم دوو ئایەتە قورئانییەوە چی دەڵێیت؟ دەڵێم: دەربارەی ئایەتی یەکەم، قسەیەکە قورئان لە سەر بێباوەڕەکان دواوە کە لە ڕۆژی قیامەتدا دەیڵێن و لە دۆزەخدا دەبن، لەوانەیش ئەوان لە مردنی یەکەمدا مەبەستیان ئەو مردنە بێت کە لە ژیانی دونیادا تووشیان دەبێت و دوەمیش بە زیندوومانەوەیان لە دۆزەخدا، مردنە یەکەمەکەیان ڕاستەقینەیە و دوەمیش هاکەزایی و سەرزمانییە، لەبەر ئەوەی خۆیان بە زیندانیی هەمیشەیی دۆزەخ داناوە و زیندانییش وەک مردوە، بۆیە دەڵێین ئایا ڕێگەیەک هەیە بۆی بچین؟ هەر دوو ژیانەکە بوونیان دیارە، یەکەمیان لە ژیاندایە و دوەمیان لە ژیانەوە و مانەوەدا، بەڵام ئایەتی دوەم وەک ئەوەی واتاکەی (وَکُنْتُمْ) لە بێباوەڕبوونتان بە خودا و

بتپەرستیتان "مردوویەکی" وێڵن و لە ڕێگە بە دەرن و "زیندوو دەکرێنەوە" لەبەر ئەوەی ئامڕازی ڕێگەناسینی بۆ ئامادە کردوون، کە ژیانتانە و، لەوێدا بەختەوەریتان تەواو دەبێت و پێغەمبەرێکی بۆ ناردن بانگەشەی باوەڕکردن بۆ تاکخودایی بێ هاوبەشتان بۆ دەکات و ئینجا "دەتانمرێنێت" بە تەواوبوونی ژیانتان "ئینجا زیندووتان دەکاتەوە" بە ژیانەوە، ئینجا بۆ لای خۆی دەگەڕێنەوە، بۆ ئەوەی لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکات و دادوەریتان دەکات. بەم پێیە مردنی یەکەم مردنێکی هاکەزاییە واتە سەرزارەکی و خەمڵاندنە، بەڵام مردنی دووەم لەم ئایەتەی کە لە پێشیدا دەبێت سەرزارەکییە و، ئایا خەمڵاندن و دانانی مردنی سەرزارەکی هیچ ڕووگێرییەکی هەیە یان هیچی تێدەچیت؟ لە خودی قورئاندا پشتگیری لەم قسەیەمان دەکات، بەڵکوو یارمەتیی دەدات بەوەی دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ جگە لە یەک مردن کە ئەو مردنەیە پاش کۆتاییهاتنی ژیانی، کە چارەنووسی مرۆڤ دەبێت لە ژیانی خۆیدا، هیچ مردنێکی تر نییە. لە سورەتی (الدخان)دا لە وەسفکردنی خەڵکی بەهەشتیدا دەڵێت: {لَا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ إِلَّا الْمَوْتَةَ الْأُولَى} [الدخان: 56] واتە: جگە لە مەرگی یەکەم لەو شوێنە تامی مردن ناچێژن. واتە بەهەشتماڵی ژیانی هەمیشەیی و مانەوەیە و، هیچ مردنێکی تر نابینن جگە لە مردنی یەکەم، کە لە ژیانی دونیادا دەیبینن. ئەمە زۆر ڕاشکاوانەیە کە مرۆڤ جگە لە یەک مردن نە پێش و نە پاش ئەوە هیچ مردنێکی تر نابینێت، خودا بەزەیی بە شیکەرەوەکاندا بێتەوە، چۆن ئەم ئایەتەیان پشگوێ خست لە کاتی ئەو شیکردنەوانەیاندا.

٦ـ لە سورەتی (الفرقان)دا هاتوە: {وَهُوَ الَّذِي مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَحْجُورًا} [الفرقان: 53] واتە: ئەوەی کە دوو زەریای بەیەك گەیاند،کە ئاوی سازگار و ئەویتر خوێیاوی شۆری ئاماڵ و لەمپەرێکی لەنێوانیان دانا و بەردێکی پتەوینی خستە بەینیانەوە. دەریا ئاوی سوێراوییە و، ئاوی سازگاریش پێی دەگوترێت ڕووباری گەورە، (مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ) واتە تێکەڵی کردن تا بە یەک گەییشتنن. زەمەخشەری دەڵێت: ئەو مێرگوزارانە هاوشانی یەکن و نووساون بە یەکەوە و بورزخیش جیاکەرەوەیانە. واتای ئایەتەکە ئەوەی خودا دوو دەریای نارد، دەریایەکی سازگار و دەریایەک سوێر و وای لێ کردن بە تەنیشت یەکەوە بن و بەیەک بگەن، بەڵام تێکەڵ بە یەک نابن، کە ناوگیرێک لە نێوانیاندایە لە قودرەتی خوداوەیە.

ئەم ئایەتە لەو کۆمەڵە ئایەتانەی قورئانە کە بۆ دەرخستنی توانا و قودرەتی خودای سەرسامکەر هاتوە، ئەوەی دیارە ئاوی سوێر چڕوپڕترە لە ئاوی سازگاری لەبەر ئەوەی خوێی تێدایە و لە ئاوی سازگاردا نییە، بۆیە ئاوی سازگار لەو سوکتر ڕوونتر و ناسکترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تێکەڵ دەبن و یەک دەگرن. ئەگەر ئاوی سازگار بکەیتە ئاوی سوێراوەوە بێگومان یەک دەگرن و تێکەڵ دەبن. شیکەرەوان و زانایانی جوگرافیا و گەڕیدە و تیۆرسێنان باسی هیچ شتێکیان نەکردوە، کە دوو دەریا بە یەک بگەن و تێکەڵ نەبن (ئەگەر هەیشبێت ئاساییە لەبەر جیاوازیی پێکهاتەی دوو ئاو دەتوانرێت لە تەنیشت یەکەوە ڕۆن و تێکەڵیش نەبن –و-). ئەوە شەتی عەرەبە لە بەسرەدا کە لە هەر دوو ئاوی دیجلە و فورات پێکهاتوە و دەکەوێتە دەریای فارسەوە "مەبەستی کەنداوی فارسە ـ و ـ" کە لە کەنداودا دەڕوات ئاوی سوێر بە جیا لە ئاوە سازگارەکە نابینرێت کە تێکەڵی نەبێت، هەروەها ئەوەی ڕووباری نیلی میسر کە دەرژێتە دەریای سپیی ناوەڕاستەوە، لەوێدا نایبینیت بە جیا لەو ئاوە ڕوات و تێکەڵی نەبێت.

دەڵێن لە کەنارەکانی وەڵاتی بەحرەین لە کەنداوی فارس کانیاوی سازگار هەن لە نێو کەنارەکانی دەریاکەدا هەڵدەقوڵێن، هەندێک لەوێ دەڕۆن بۆ لای دەریا و بۆ ئەو شوێنە دەچن لەبەر ئەوەی ئاوەکەی لە کەنارەوە نزیکە، ئاوە سازگارەکە لە دەمی کانیاوەکە لە نێو کەنداوەکەوەیە. ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، ئەمە دەشێت، بەڵام واتای ئەوە نییە کە ئاوی ئەم کانیاوانە تێکەڵی ئاوی دەریا نابێت. ئەگەر لە دەمی کانیاوەکە دوور بکەوێتەوە تێکەڵی ئاوی دەریاکە دەبێت. ئەوەی دیارە ئەو تێکەڵییەی بە ئاوی سوێر بە هەمان خێرایی تێکەڵبوونی بە ئاوی سازگارەوە نییە، وەک زانیت لەبەر ئەوەی ئاوی دەریا لە ئاوی سازگار چڕ ترە، بەڵام لەسەرخۆیی تێکەڵبوونەکەیش لە سەر ئارامیی ئاوەکە وەستاوە، کە تێکەڵییەکە دوا دەخات، بەڵام ئاوی شەپۆلاو و شڵەژاو بێگومان تێکەڵ دەبن و هیچ ناوەندگیرییەک لە نێوانیاندا نابێت کە نەهێڵێت تێکەڵ بن. کوپێکی ئاوی شوشەی تەنگ بەرەو تا نیوەی لە چا بکە و ئینجا ئاوی سازگار بهێنە و بە هێواشی بیکە سەری و ئینجا تەماشا بکە ئاوەکە لە سەر چاکە دەوەستێت و تێکەڵی نابێت و ئینجا کەوچکێک بەرەو تێکەڵی بکە، تەماشا دەکەیت تێکەڵ دەبن، دەکرێت یەکەم جار ئاوی تێ بکەیت و ئینجا چای تێ بکەیت.

ئەگەر ئەوەی لە کەنارەکانی بەحرەین هەن ڕاست بن، ئەوا شتی ترە و ئەوە نییە کە لە قورئاندا هاتوە، نابێت واتای ئایەتەکە بخەیتە سەر ئەوە، لەبەر ئەوەی ئایەتەکە دەڵێت ئاوی دوو دەریا (مَرَجَ الْبَحْرَيْن) نەیگوتوە ئاوی دەریا و کانیاو (مَرَجَ الْبَحْر والعين). دەریا ئاوێکی ورووژێنەرە، نابێت بە کانیاو یان بە ئاوی دۆڵێکی وەستراو بگوترێت. جا ئەگەر ئەم دوو دەریایە بوونیان هەبێت یان نەبێت هیچ شتێکی وا نییە گەورە بکرێت و بۆ گەورەکردنی توانا و قودرەتی خودای گەورەی سەرسوڕهێنەر باس بکرێت. لەبەر ئەوەی ئەگەر بوونیشیان هەبێت، زانست دەستەوەستان نییە لە دەرخستنی نهێنییەکەیان، لەم دونیایەدا تا ئەمڕۆ نهێنیی وا هەیە کە زانست دەستەوەستانە لە دۆزینەوەیان و عەقڵ وەستاوە و سەرسامە لە ئاستیاندا. (ئێستا زیاتر لە لایەنی زانستییەوە باسی ئەم بابەتە کراوە و هۆکاری تێکەڵنەبوونی دوو جۆری مادە بەڕوونی (ئاشکرا کراوە ـوـ.
٧ـ لەو سەرسوڕهێنەرانەی لە قورئاندا هاتوە ئەوەیە کە ئاگری دۆزەخ بە خەڵک و بەرد دەسووتێت، هیچ سەرسوڕهێنەر نییە کە خەڵک سووتەمەنی بێت لەبەر ئەوەی لاشەی مرۆڤ لە مادەی ئەندامی پێکهاتوە کە ئاگر دەگرێت و دەسووتێت، بەڵام نامۆییەکە لەوێدایە کە بەردیش سووتەمەنی بێت! بەرد ئەگەر پێکهاتە وردەکانی هەنێک مادەی ئەندامی تێدایە و توخمی وای تێدایە دەسووتێت بەڵام وەک چیلکە بۆ سووتاندنی ئاگر ناشێت. ئەوەی لە سورەتی (التحريم)دا هاتوە دەڵێت: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ} [التحريم: 6]. واتە: ئەی خەڵکینە بواەر بێنن و خۆتان و کەس وکارتان لەو ئاگرە .بپارێزن کە سوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردە
زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت: جۆرە ئاگرێکە بە مرۆڤ و بەرد نەبێت ناسووتێت وەک شتی تر بە چیلکە دەسووتێت، ئیبن عەباس کە قورئانی تەرجوومان کرد واتە دەینووسییەوە، ویستی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات دەڵێت: ئەم بەردە گۆگردەکەیە کە توخمێکە کە لە کاتی سووتاندنیدا بە توندترین شێوە گەرمایی دەبەخشێت، هەروەها دەڵیت: ئەگەر ئاگرەکە بەوە گەرم کرا، ئەوە بەسە کە تینی ئاگرەکەی بزانیت، بەڵام ڕایەکم لە سەر ئەم ئایەتە هەیە، دەمەوێت باسی بکەم تۆیش ئازادیت لە دیدی خۆت. وڵاتانی عەرەب و بەتایبەتی حیجاز، زەوییەکەی نیشتەنی ڕۆچوو نییە وەک زەوی عێراق بۆ نموونە، بەڵام زەوییەکەی گڕکانییە، بۆیە .زۆرینەی شاخەکانی ڕەشوروتن و هیچ ڕووکییەکیان پێوە نییە
:ڕستەیەکی ناڕازیبوون
لەوانەیە وشەی گڕکان کە بە عەرەبکراوە لە زمانی عەجەمییەوە وەرگیراوە لە (قلقان) وەرگیرابێت، کۆکراوەی وشەی (قلق)ە بە واتای دۆزەخ دێت لە زمانی عەرەبیدا، لەوانەیە ئەوان لە عەرەبییەوە وەریان گرتبێت و لەفزەکەیان بە پێی زاراوەی خۆیان لێ کردبێت و بە تاک بە ".کاریان هێنابێت نەک کۆ
ئەمەیش لەگەڵ ئەوەدا زۆر گەرمە لەبەر نزیکی لە هێڵی کەمەرەبییەوە، هێڵی گەرمی پانییەکەی لە هیڵی پانی یست و یەك زیاتر نییە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە گڕکانییە و گەرمای لە ڕادەبەدەرە و زەوی خاوەن بەردی ڕەشی شلی کون بوە، وەک ئەوەی بە ئاگر .سووتێنرابێت
بێگومان عەرەب بە دەردەسەری لەوێدا دەژیان، بە دەست گەرمای توند و بێ ئاویی و وشکی کەشوهەوایەوە دەیاننالاند و ئاوی سازگار دەگمەن بوو، دەشتی تۆزاویی و شاخی ڕووت، ئەو گەرمایە وەک ئاگر دەیسووتاندن و هەموو گیانی وشک دەکردنەوە وەک ئەوەی {كَلَّا إِنَّهَا لَظَى (15) نَزَّاعَةً لِلشَّوَى} [المعارج: 15، 16] واتە: هەرگیز ئەمە نابێت، بڵیسەی ئاگرەکەی پێستی سەر و ئەندامی دادەڕزێنێت. گڕوتینی گەرمی بۆ برژاندن و سووتانی شتیان بۆ ئامادە کردبێت. قورئان دەڵێت: ئەمە بڵێسەی ئاگرە، پێستی سەر و ئەندامانیش دادەڕزێنێ، بۆیە هەمیشە دەیانبینیت دژ بە یەک و لە یەک دوور و دوژمنی یەکن و شەڕی یەکتر دەکەن و یەکتری دەخۆن، وەک ئەوەی ئاگر بیانخوات ئەگەر شتێک نەدۆزنەوە بیخۆن. محەمەد هات و بانگەشەی بۆ کردن کە بێن بۆ یەکتاخوداپەرستی، وەک ئەوەی لەم داوای یەکتاپەرستییەدا بیەوێت یەکیان بخات و لە ژێر ئاڵای باوەڕداری بە خودا کۆیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بکات و بۆ بەهەشتی وڵاتی ڕوم و فارس بیانبات. وڵاتەکەیان ئاگرە و خۆیانیش وەک ئەو بەردە ڕەشە کە لە گڕکاندا سووتاوە، ئەوانیش سووتاون. ئەو بەهەشتە کە پەیمانیان پێ دەدات بەو تایبەتمەندییەی کە لە قورئاندا هاتوە هاوشێوەی ئەو باخ و بێستانەی وڵاتانی فارس و ڕومە و لە

سەر ئەو کەشو هەوایە دەگونجێت. بۆ تێگەیاندنی حاڵی خۆیان و حاڵی وڵاتەکەیان، هیچ شتێک لە قسەی نەستەق و ڕەوانبێژی ڕاستەقینەتر نییە کە لە ئەمەی لە قورئاندا گوتوویەتی ڕوونتر و ڕاستتر بێت، وەک دەڵێت: {وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ} [التحريم: 6].واتە: سوتەمەنیەکەی خەڵك و بەردن.

پێشتر گوتم: ئەوەی بەڵگەیە بۆ ئەوەی زەویی حیجاز گڕکانی و گەرمای زۆری تێدایە، ئەوەیە کە حیکایەتخوانان باسیان کردوە، لە بارەی دەرپەڕاندنی ئاگر لە هەر جارناجارێکدا. قسەیان لە سەر خالید کوڕی سنان کردوە، محەمەد وا باسی کردوە کە پێغەمبەرێک بوە بۆ خۆی خەڵکەکە پێی نەزانیوە، گوتیان ئەو بوو ئەو ئاگرەی کە لە نێوان مەکە و مەدینە لەو دەشتاییە دەرکەوت کوژاندەوە، کە خەریک بوو عەرەب وەک مەجووس بیپەرستن. گوتیان ڕۆشناییەکەی لە دووریی هەشت شەو ڕێگەدا بینراوە، بێگومان زۆر شتی لێ دەرپەڕیوە و ڕۆچوەتە زەوییەوە و ئەوەی بەری کەوتوە هەڵی لووشیوە، بێگومان ئەم ئاگرە گڕکان بوە تەقیوەتەوە و ئاگری لێ ڕۆیشتوە، وا باسیان کردوە کە لە بیرێک دەردەچێت و بڵاو دەبێتەوە.

بەڵام قسەی ئەوەیان کە گوایە خالید کوژاندبێتیەوە و لێی داوە و بە ورتەورت لەگەڵ خۆیدا گوتوویەتی هەموو (ڕێنیشاندەرێک دەستی پێ کردوە و دەرکەوتوە و هێور بوەتەوە)، ئینجا وای لێ هاتوە ئاگرەکە دوا بکەوێت بە بیرەکەدا و ڕۆیشتوەتەوە و خالید بە دوایدا دابەزیوە و سەگی لە ژێردا بینیوە و لێی داوە و لە ئاگرەکەیشی داوە تا کوژاندوویەتەوە، ئەم قسە خورافیەی کە هەڵیان بەستوە و ساختەیان تێدا کردوە، بێگومان ئاگری گڕکان بوە و لەوێدا هەڵچوە. لەو بارەوە دیسان ئەوەی جەلال سیوتی باسی دەکات دەربارەی مێژووی خەلیفەکان دەڵێت: لە ساڵی شەشسەت و پەنجاودووی کۆچی، ئاگرێک لە زەوی عەدەن دا دەرکەوت و پریشکەی لە شەودا هەڵدەفری تا گەییشتە دەریا و دوکەڵێکی زۆر گەورەی لە ڕۆژدا دەکرد، دەڵێت: لە ساڵی پەنجاوچواریش ئاگرێک لە مەدینەی پێغەمبەردا دەرکەوت، ئەبووشام دەڵێت: لە مەدینەوە نووسینمان پێگەییشتوە کە شەوی چوارشەممە لە ڕێکەوتی سێی جەمادی ئاخیرە لە مەدینەدا دەنگێکی گەورە بیستراوە و ئینجا زەمینلەرزەیەک بە دوایدا هاتوە، سەعات لە دوای سەعات بەردەوام بوە تا پێنجی مانگ، ئینجا ئاگرێکی گەورە لە حورە لە نزیک قورەیز دەرکەوتوە، لە ماڵەکانی خۆیانەوە بینیویانە، وەک ئەوەی لای ئەوان بێت و ئینجا ئاگری لێ دەرچوو، بە دۆڵەکاندا تا گەییشتوەتە دۆڵی شەتا ئاوی پێدا ڕویشتوە و، تەنانەت بینیویانە کە لە شاخەکان ئاگر دەردەچێت و ڕێ دەکات و بە شێوەی شاخ دەردەکەوێت و پەلاشەی زۆری لێ دەردەچێت، بە شێوەی کۆشک بوە، لە مەکەوە ڕووناکییەکەی بینراوە و لە هەموو لاوە پەرشوبڵاو بوەتەوە. خەڵک هەمووی لە سەر گۆڕی شەریف کۆ بوونەوە و داوای لێبوردنیان کرد و تۆبەیان کرد، ئەمە یەک مانگ بەردەوام بوو. مەدینە دەکەوێتە نێوان دوو شوێنی قوچەکیدا، یەکێکی ئەمەیە کە لە قورەیزەوە نزیکە، بێگومان ئەوە گڕکان بوە تەقیوەتەوە لەوێدا وەک لە وەسفکردنیدا دەردەکەوێت.

٨ـ لە سورەتی (البقرە)دا دەڵێت: {كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بالْحَقّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاس فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ} [البقرە: 213]. واتە: بەری مەردوم هەمووی چین و بەرەیەك بوون، خودا پێغەمبەری بۆ ناردن، موژدەدەر و ترسێنەر و کتێبی ڕاست و ڕەوانی بۆ دەرخستن، ئەو شتانەی بونە بنەمای ناکۆکیەکان یەکالایان کردنەوە، هەر ئەوانەش بۆ یەکتریان نەدەسەلماندا کە دەپێشدا کتێب بۆ ئەوان هاتبوو و بەڵگەی ئاشکراشیان لابوو. بەڵام ئیرەیی نێوخۆیان کارێکی وای کرد نەیەن، ئیتر خودا بە ئیزنی خۆی ڕێگەی ڕاستی پیشاندان و ئەو حەز بکات خەڵك ڕاستە ڕێدەکات. ئەم ئایەتە ئەوەمان بۆ باس دەکات کە خەڵک یەکەم جار یەک نەتەوە یان ئومەت بوون و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبوە، لە بوونیاندا بەو شێوەیە دوو لایەنی تێدایە، یەکەمیان کە یەک نەتەوە بوون لە حەق و باوەڕداریان بە خودادا، هەموویان ئەهلی یەک ئایین بوون و خەڵکی تر لە نێوان خۆیاندا جیاواز بوون. دوەم ئەوان یەک نەتەوە بوون لە بێباوەڕیدا و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نەبوە و شتی وایان تێدا نەبوە کە بڵێن ئەمە باوەڕدارە و ئەوی تر بێباوەڕە، بەڵکوو هەموویان بێباوەڕبوون و لە سەر بێباوەڕی ڕێککەوتوون.

تیمێک لە شیکەرەوەکان باس لەوە دەکەن کە لایەنی یەکەم ڕاست بێت، بەڵام بە پێی قورئان ناڕەزایی لەو بارەوە هەبوە و، پشتگیریی ئەم بۆچوونە ناکات: (فَبَعَثَ اللّهُ النَّبِيّينَ) وا فەرز دەکات کە بێباوەڕ بوون، لەبەر ئەوەی پێغەمبەران بۆ بێباوەڕان نەبێت بۆ ئەوەی ڕێگەی حەق و هیدایەت پیشانیان بدات بۆ خەڵکی تر نانێررێت. وەڵامیان ئەوە بوو کە لە ئایەتەکەیان قرتاندوون و

خەملاندنی تێدایە، بۆچوونە سەرەکییەکە لە بنەڕەتدا مەبەستی ئەوەیە "خەڵک یەک ئومەت بوون" و جیاوازییان تێکەوت و خودا پێغەمبەری بۆ ناردن و دەڵێن: ئەوەی ئەم قسەیە (دەسەلمێنێت کە لە ئایەتەکەدا هاتوە: (لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاس فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ.

تیمێکی تری شیکەرەوان بۆ لایەنی دووەم ڕۆیشتن و، گوتیان: خەڵک یەک نەتەوە بوون واتە بێباوەڕبوون و خودا پێغەمبەرانی بۆ ناردن و ئەوانیش ناکۆک بوون لەگەڵیاندا، لە ڕووکەشدا دەربڕینی قورئان ئەم قسەیە دەگەیەنێت، لە لایەنی یەکەمدا جیاوازی لە پێش ناردنی پێغەمبەران هەبوە، بەڵام لە لایەنی دووەمدا جیاوازییەکە لە پاش هاتنی پێغەمبەراندا ڕووی داوە.

بەڵام ئێمە دان بە ڕاستی لایەنی دووەم بێ یەکەم دەنێین، یەکەم لەبەر ئەوەی هیچ پێویستی بە لابردن و قرتاندن و خەملاندنی نییە و لە دەربڕینی قورئاندا ئەمە دەردەکەوێت، واتاکەی لێرەدا ڕاستتر دەردەکەوێت بە بێ خەملاندنی قرتێنراو، بێگومان لابردنی کەموکورتییە لە قسەکردندا، بوونی بەڵگە لە سەر لابراو بەس نییە بۆ ئەوەی ڕێگە بە لابردن بدەیت، بەڵکوو پێویستە بەڵگە و نیشانەی ئەوە هەبێت کە ڕێی تێ بچێت یان بەو لایەدا بکەوێتەوە، نە لە دەربڕین و نە لەو واتا ویستراوەیدا ئەمە نیشان دەدات و ڕێی پێ دەدات و نە بە لایشیدا دەیخات، بەڵکوو واتاکە بە بێ ئەمە تەواوە و ڕاست دەردەچێت، وەک گوتمان، دووەم: لابردنی ئەم خەملاندنە دژ بەوەیە وەك لە کۆتاییی ئایەتەکەدا هاتوە کە دەڵێت: (وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ)، ئەمە بەڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە وا جیاوازی لەوانەدا دروست بوە کە پاش هاتنی پێغەمبەران کتێبیان بۆ هاتوە، کەچی لابردنی ئەگەر و خەملاندن وا حکوم دەکات کە پێش هاتنی پێغەمبەران ڕووی دابێت، ئەمەیش وای کرد کە قسەی (لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاس فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ) بۆ ئەوەی حکوم لە نێوان ئەو خەڵکەدا بکات کە جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە، ئەوەی نیشانەی لابردن بێت، ئەوەی بە سەریدا تێپەڕیوە، تەماشای دوای ئەمەی نەکردوە، وەک لە قسەی (وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ...) تا دوایی ئایەتەکە هاتوە.

ئەگەر بڵێین: لە ئایەتەکەدا قسەیەکی تری بۆ کۆیلەی خودا تێدایە، ئەویش: (كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ...) ئەم خوێندنەوەیە پشتگیری لە لایەنی یەکەم دەکات و بەڵکوو دای دەمەزرێنێت، دەڵێم: ئەوان قورئانیان بە واتا خوێندوەتەوە، ئەوەی لە ڕووی واتاوە ڕاست بێت لە ڕای ئەواندا ئەوە قورئانە، خاوەن ئەم خوێندنەوەیە خەڵک بە یەک نەتەوە دەبینێت، لە ڕووی باوەڕداری و بێباوەڕییەوە، هاتنی پێغەمبەران بۆ ئەهلی بێباوەڕان نەبێت، نابێت، بۆیە ویستی دەربڕینی قورئان بەم ئاڕاستەیەدا ببات و (فأَخْتَلَفُوا)ی لە خۆیەوە بۆ زیادکردن، ئەگەر ئاگاداری ئەوە بوایە کە ئەم زیادکردنە دژ بە کۆتاییی ئایەتەکەیە، کە دەڵێت: جیاوازییەکە پاش هاتنی پێغەمبەران ڕووی داوە، ئەم خوێندنەوەیەی بۆ نەدەکرد و زیادەیشی بۆ نەدەخستە سەر، خاوەنی ئەم خوێندنەوەیە ئەو شیکەرەوانەن کە بە خەملاندن قرتاندوویانە، ئەگەر بە هەڵە بوویێت یان لە بێ ئاگاییەوە بوویێت لەوەی لە کۆتایی ئایەتەکەدا هاتوە.

ئەگەر ئەمە بزانیت، واتای ئایەتەکە دەزانیت و ئەوە دەزانیت کە خەڵک لە زەمانی کۆندا و پێش ناردنی پێغەمبەران لە لایەن خوداوە، هەموویان بێباوەڕبوون و یەک ئومەت بوون لە بێباوەڕیدا، خودا ئەم پێغەمبەرانەی بۆ ناردن و کتێبی لەگەڵیاندا بۆ دابەزاندن، ئەوەی باوەڕی پێ کردن باوەڕی کرد و ئەوەی باوەڕی پێ نەکردن نەیکرد، بەڵام جیاوازییەکە کەوتە نێوان ئەوانەی کتێبیان بۆ دابەزی، لەمەدا وا تێ دەگەین کە پێغەمبەران بوون بە هۆکاری جیاوازیی خەڵک لە شەریعەت و ئایینەکاندا و ئەگەر خودا پێغەمبەرانی بۆ نەناردبان هەموویان لە سەر یەک ئومەتی بێباوەڕ دەمانەوە. لەوێدا دەڵێن: مانەوەی خەڵک لە سەر یەک نەتەوەی بێباوەڕ لەوە باشترە لە سەر ئەو جیاوازییەیان بکەوێتە نێوانیانەوە و هەندێکیان ئەوی تر بە بێباوەڕ تۆمەتبار بکات و دوژمنایەتیی یەکتر بکەن، کە هیچ پێویستی پێ ناکات جگە لە جیاوازی لە ئایینەکاندا نەبێت.

ئەگەر بڵێین: دوژمنایەتیی خەڵک بۆ یەکتر لە خوو و ڕەوشتیانەوەیە کە لە سەری گیراونەتەوە و دروست کراون، ئەگەر خەڵک لە سەر یەک ئومەتیش بمابانەوە دژایەتیی یەکتریان دەکرد و جیاوازیی ئایینی تاکە هۆکاری دوژمنایەتییان نییە، دەڵێم: بەڵێ، دوژمنایەتی مۆرکی مرۆڤە، ئەگەر لە سەر بێباوەڕی یەک ئومەت بوونایە، دوژمنایەتیی یەکتریان دەکرد وەک دەڵێیت، بەڵام ئەم دوژمنایەتییە هیچ نییە جگە لەوەی بە هۆکارێکەوە دەبێت، پاڵنەرێک لە دوای دەبێت وەک یەکێک لێیان بکوژێت یان دزی یان دەستدرێژیی شەرەف یان شتی تر لەو هۆکارانەی کە دوژمنایەتی دروست دەکات، ئەم دوژمنایەتییە وەک دوژمنایەتی ئایینی نییە کە لە سەر جیاوازیی ئایینی دروست دەبێت و لە سەر هیچ پاڵنەرێکی تایبەتی نابێت، بەڵکوو لە پێناو

خودادا دەبێت و تەنانەت تەنها لەبەر ئەوەی لە ئاییندا جیاوازن دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوان براکان و دراوسێکانیشەوە، بە هەمان شێوەی ئەوەی لە نێوان خەڵکی نەناوسراودا ڕوو دەدات، ئەگەر هیچ زەرەرێکیشی لێ نەبینیبێت، موسوڵمان ئیهانەی یەهوودی دەکات و، تەنها لەبەر ئەوەی جوە ڕقی لێی دەبێتەوە و یەهوودی فێڵ لە موسوڵمان دەکات و تەڵەی بۆ دەنێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی موسوڵمانە و هیچی تر.
ئەگەر بڵێیت: ئایینەکان فەرمانی ئەوە ناکەن بە دواکەوتوانیان دوژمنایەتیی ئەوانە بکەن کە جیاوازن لەگەڵ ئایینەکەیاندا، دەڵێم: لە قورئان و لە شتی تریشدا بەڕاشکاوی ئەم فەرمانەی تێدا نییە و ڕەتکردنەوەیشی نییە، بەڵام ئەوەی واقیعە لە هەموو شوێن و کاتێکدا ئەوەیە کە باسمان کرد لەوەی خەڵکە ئاییندارەکان دوژمنایەتیی یەکتر دەکەن، تەنها لەبەر جیاوازی لە ئایینەکاندا، تەنانەت ئەهلی یەک دینیش دوژمنایەتیی یەکتر دەکەن تەنها لەبەر جیاوازی لە مەزهەب و هەمە پەلوپۆکانی ئایینەکەیاندایە. فەرموو لەگەڵ ئەم ئایەتەی کە لە سورەتی (المائده)ی قورئاندا هاتوە: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاءَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ} [المائده: 51]. واتە: ئەی گەلی باوەڕدار! مەبنە دۆستی یەهودی و مەسیحی و با ئەوان دۆستی یەکتربن، هەر کەسێکیش لە ئیوە ببێتە دۆستیان ئەویش لەسەروان دەژمێردرێت، ئەوانەی لەسەر ناهەقن، خودا ڕێیان نیشان نادات. لەم ئایەتەدا بۆنی دوژمنایەتی ناکەیت؟ من بۆنێکی وای لێ دەکەم کە هەموو شوێنێکی گرتوەتەوە، (الوَلِّى) لە ناسراوترین واتاکانی بە خۆشەویست و هاوڕێ دێت، ئەگەر خوداکەم ڕازی نەبێت بۆ نموونە زەید بە وەلی دابنێم ئەگەر دوژمنی نەبم، ئەمە لەوە کەمتر نییە کە من نزیک بم لە قەراغی دوژمنایەتیکردنی. زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەی لە سەر ئەو قسەیەی لە ئایەتی: (وَمَنْ يَتَوَلَّهُمْ مِنْكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) دا هاتوە دەنووسێت و دەڵێت: ئەمە توندکردنەوە و پێداگرییە لە لایەن خوداوە لە سەر خۆلادانی لە خەڵکی جیاواز لە ئایینەکەتدا و لاتەریکبوونە لەو بارەیەوە، وەک پێغەمبەری خودا دەڵێت: ئاگرەکەیان نابینرێت. ئینجا باسی ئەوەی کردوە لە نێوان عومەری کوڕی خەتاب لەگەڵ ئەبی مووسای ئەشعەری لە بەسرە ڕووی داوە، ئەوەی کە پێی گەییشت بۆ ئەوەی دووری بخاتەوە و، لە کتێبەکەیدا دەڵێت، ڕێزیان نەگرن کە خودا ئاپڕووی بردن و هیچ دڵنیا مەبن لێیان کە خودا بە ناپاکی لە قەڵەمی داون و هیچ نزیکیان مەکەونەوە کە خودا دووری خستنەوە، ئەبوومووسا بۆی نووسی: هیچ ڕاستەڕێکردنێکی خەڵکی بەسرە بەوە نەبێت نابێت، عومەر وەڵامی دایەوە گوتی: نەسرانییەکە مرد و سڵاو، واتە وای دابنێ کە مردوە، ئەو کاتە چی دەکەیت؟ ئەم کاتە بە کاری بهێنە و دووری خەرەوە.
من ڕێزێکی گەورەم بۆ عومەر هەیە بە هۆکارگەلێک کە ئێرە جێگەی باسکردنی نییە، حەزم نەدەکرد ئەو شتێکی ئاوهای لێ دەربکەوتایە، لەگەڵ ئەوەیشدا حەقی دەدەمێ و لۆمەی ناکەم، لەبەر ئەوەی لە خۆیەوە ئەوەی نەکردوە و بە فەرمان و کاری ئایین و ڕەتکردنەوەکانی جوڵاوەتەوە، با وا دابنێین کە ئایینەکان فەرمانی بە دواداکەوتنی کردوە و دوژمنایەتیی ڕەت کردوەتەوە، بەڵام واقیع لەگەڵ ئەوەدا جیاوازە، نابینیت خەڵکی سەر بە مەزهەبەکان چۆن دوژمنایەتیی یەکتر دەکەن، ئەگەر لە یەك ئایینیشدا بن، تەنها لەبەر ئەوەی لە مەزهەبدا جیاوازن، سەرەڕای ئەوەی خودا فەرمانی برایەتی لە نێوانیاندا کردوە، خودا مەعەری بە ڕەحمەت بکات دەڵیت:
وأودعتَنا أفانينَ العداوات إنّ الشّرائعَ ألقت بيننا إحَناً،
بە واتای: شەریعەتە کە بەهەموو شێوەیەك دوژمنایەتیی جۆربەجۆری خستۆتە نێوانمانەوە.

ئەو نەسرانیانەیش وەک دەڵێن ئایینەکەیان فەرمانی پێ کردوون کە دوژمنەکانیان خۆش بوێت، بەڵام لە واقیعدا لەوەدا جیاوازن، لەوانەیە نەسرانییەک نەسرانییەکی دوژمنی خۆش بوێت، بەڵام نابینیت دوژمنێکی لە موسوڵمانان یان یەهوودی خۆش بوێت و هەروەها نابینیت موسوڵمانێک یان یەهوودییەکی خۆش بوێت ئەگەر دوژمنیشی نەبن. لەبەر ئەوەی پاش ناردنی پێغەمبەران خەڵك لە ئاییندا جیاواز بوون، ئەمەیش پاش ئەوە ڕووی دا کە یەک ئومەت بوون وەک لەم ئایەتەدا هاتوە کە قسەی لە سەر دەکەین، ئایا ئەوەی دەپەوێت پرسیار بکات حەقی نییە پرسیار بکات و بڵێت: پاش ناردنی پێغەمبەران چی بە سەر خەڵکدا هات و چی قازانجێکیان بینی جگە لە جیاوازی و دوژمنایەتی، ئەگەر یەکێک پرسیاری کرد، کەی خەڵک یەک ئومەت بوون، عەقڵ و زانست و مێژوو ناتوانن وەڵام بدەنەوە ئەگەر پشتی یەکتریش بگرن.

(86)
ـ لە حکومە ئایینییەکانی موسوڵمانان، پیاوێک سێ تەلاقەی ژنەکەی بدات نابێت بیگەڕێنێتەوە تا نەچێتە لای یەکێکی تر، واتە شوو بە یەکێکی تر نەکات و ئەگەر شووی دوەمی تەلاقی بدات ئینجا بۆی دەکرێت بڕواتەوە بۆ لای شووی یەکەمی و بیگەڕێنێتەوە، وەک لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە دەڵیت: {الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ} [البقرە: 229] تا واتە: تەلاقی ژن دووکەرەتە، ئەوسا یان راگرتنی باش و خودا پەسەند یان بە خۆشی و بێ هەرا جیابونەوە. دەڵێت: {فَإِنْ طَلَّقَهَا} [البقرە: 230] واتە: ئەگەر جیابونەوە؛ واتە بۆ جاری سێیەم پاش دوو جارەکەی پێشوو، دەڵێت: {فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ} [البقرە: 230] واتە پاش سێ تەلاقە بۆی حەڵاڵ نابێت{حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ} [البقرە: 230]واتە: تاوەکو کەسیکی تر نیکاحی لەگەڵدا نەکات ،واتە، تا شوو بە کەسێکی تر نەکات نابێت بگەڕێتەوە بۆ لای یەکەمین شووی .ئەمەیە حوکمی ئەم مەسەلەیە واتە جیابونەوە و بەتایبەتی بۆ جاری سێیەم لە ئیسلامدا. ئەگەر سەرجەم فەیلەسوف و بیریاران کۆببنەوە و زانایانی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و خەڵکانی دانای پێشینان و ئەوانەی دواییش بچنە پاڵیان؛ ناتوانن شتێك نزيك بێت لە بە عەقڵانی بیرکردنەوە و ئەوەی عەقڵی تێدا بچێت لەم حوکمەدا بدۆزنەوە، کە پەیوەست بێت بە گەڕانەوەی پاش سێیەم تەلاق بۆ شووکردنی بە یەکێکی تر، بە دوور لە شوەکەی خۆی. لەبەر ئەوەی تەڵاقی سێیەم لە ماوەیەک کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت یان چوار مانگ وەک مەرجی تەڵاقکەوتن لە پاکێتیی دوور لە سوری مانگانە حکومی دەکات، ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە کە ژیانی ژنومێردیی مەحاڵە بەردەوام بێت لە نێوان ئەو ژن و مێردە و هیچ واتایەک بۆ گەڕانەوەیان ناگەیەنێت، پاش شووکردن بە یەکێکی تر ئەگەر شووی یەکەم بیگەڕێنێتەوە، ئەگەر پاش بیست شووی تریش بێت، لەبەر ئەوەی دووبارەبوونەوەی تەڵاق سێ جار لەم ماوە کەمەدا بەڵگەی ئەوەیە کە پێکەوەژیان بەسەربردنی خێزانی لە نێوانیاندا زۆر دوورە و حاڵەتی ڕۆحی لە نێوانیاندا بە هەموو شێوەیەک دوور کەوتوەتەوە، جیابوونەوە دەبێت هەمیشەیی بێت نەک بە شووکردنی بە یەکێکی تر، بۆ ئەوەی حەڵاڵی بکات و بیگۆڕێت، بۆ ئەوەی بۆ شووی یەکەم بشێت ئەگەر بیەوێت بیگەڕێنێتەوە، نە لە قازانج و حەقی تەڵاقدەر و نە هیچ قازانج و حەقی تەڵاقدراویشە، .کە گەڕانەوەی تەڵاقدراو بە مەرجی شووکردن بە یەکێکی تر ببەسترێتەوە

ئەگەر دووبارەکردنەوەی تەڵاقدان ڕوو بدات، لەوانەیە پەشیمانی و تەوبەی تێ بکەوێت، ئەویش بە بەخۆداچوونەوە دەبێت، ئەمەیش هیچ واتایەکی نییە کە بۆ دوو جار تەڵاقدان بواری گەڕانەوە هەبێت، دەشێت پەشیمانبوونەوە و بەخۆداچوونەوە لە پاش بیست جار تەڵاقدانیش ڕوو بدات، ئەگەر ژنەکە شووی بە یەکێکی تر کردبێت یان نا. ئەمەیە کە عەقڵ پێی ڕازی دەبێت و ڕۆحی کۆمەڵایەتی قبوڵی دەکات و مانەوەی جۆری وەچە فەرزی دەکات، بەڵام ئایینەکان وا دەکەن کە .عەقڵ سەری سوڕ بمێنێت لە تێگەییشتنی حیکمەتی خودا لەو حکومە ئایینییانە

لە قێزەونیی ئەم حکومەی هاوسەرگیری لای موسوڵمان کە لە پێناو حەڵاڵکردنی گەڕانەوە بۆ شووی یەکەم بێت نەک لە پێناو مانەوەی جۆری وەچە، تا وای لێ هاتوە بە پارە و حەقدەستانە دەکرێت، بەوەی ئەو کارە حەڵاڵ دەکات بۆ ئەوەی حەڵاڵ بکرێت بۆی، سپاس بۆ ئەوەی کە ڕێز بۆ نەفس و کەس دابین دەکات یان بێ ئابڕووی دەکات، بەڵێ ئەوان ڕقیان لە هاوسەرگیری بە حەڵاڵکردنی بە مەبەست دەبێتەوە و لەعنەتیان لە حەڵاڵکەر و حەڵاڵ بۆکراو کردوە، بەڵام ئەمە دەکرێت سەرەڕای ڕق و لەعنەتلێکردنی، ئەگەر ڕێگەکەیان بە چاکسازی لە حکومەکە بگرتایە لەو لەعنەتە باشتر دەبوو، ئەگەر نا، چۆن ڕێگا بە شتی خراپ دەدەن و لەعنەت لەوە دەکەن .دەیگرێتە بەر

بەڵایەکی تر هەیە، ئەمە قوربەسەرییەکەیە، با بۆت ڕوون کەمەوە: (نكاح) لە زمانەوانیدا واتای جوتبوون ناگەیەنێت بەڵکوو بە واتای هاوسەرگیری دێت، واتە بەو پەیمانەی لە نێوان ژن و پیاو بە ئەرێنی و قبوڵکردن دەبێت. هەر جارێک ئەم وشەیە (نكاح) لە قورئاندا هاتبێت شیکەرەوان هیچ شیکردنەوەیەکیان بۆ نەکردوە، جگە لە هاوسەرگیری و پەیمانبەستن، کە شیکردنەوە و واتایەکی ڕاستورەوانە و زمانەوانی پشتی دەگرێت و بۆ بەکارهێنانی پشتگیریی لێ دەکرێت. بە تەماشاکردنی ئەمە، پەیمانبەستن بەسە بۆ حەڵاڵکردنی گەڕانەوەی ژنی سێ تەڵاقدراو

وەک لە ڕووکەشی ئەم ئایەتەی قورئاندا دیارە کە دەڵێت: {حَتَّى تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ} [البقرە: 230]، واتە: تاوەکو شوو بە مێردێکی تر جیا لە مێردی یەکەمی نەکات. وا بێت هاوسەرگیری هیچ واتایەکی نییە جگە لەو پەیمانبەستنە، وەک لە واتاکەیدا لە هەموو ئایەتە قورئانییەکاندا هاتوە، بەڵام لەم ئایەتەدا لەگەڵ ڕووکەشی قورئاندا جیاوازیان دروست کردوە و دەڵێن (نکاح) لێرەدا بە واتای جوتبوون دێت و بۆ شووی یەکەم حەڵاڵ نابێت ئەگەر بە تەنها مارەبییەکە لە سەر پەڕە بێت واتە پەیمانبەستن بێت، تا شووی دوەم تامومژی نەکات و نەیلێسێتەوە و لەزەت لە هەنگوینەکەی وەرنەگرێت، بۆ شووی یەکەم حەڵاڵ نابێت بیگەڕێنێتەوە، لەو بارەیەوە فەرموودەی پێغەمبەریان هێناوەتەوە. جگە لە پیاوێک لە دواکەوتوان کە ئەویش سەعید کوڕی ئەلموسەیبە بوو کەسی تر لەم تێوەگلانە ڕزگاری نەبوە، ئەو ڕووکەشی ئایەتەکەی گرتوە و بە ڕاستی زانیوە و بە مارەکردن و پەیمانبەستن وەستاوەتەوە، خودا ڕەحمەتی بکات و لێی ڕازی بێت.

گوتیان کە بیر لە پیاوچاکان بکرایەتەوە دەیانگوت ئاخ بۆ عومەر، وا بزانم مەبەستیان عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ئەمەوییە، یەکێکە لە خەلیفەکانی ئەمەوی، بەڵام من دەڵێم ئەگەر فەقیەکان یادی پیاوچاکێکیان کردەوە دەڵێم ئاخ بۆ سەعیدی کوڕی ئەلموسەیب، بەم بۆنەوەیە کە باسی هەندێک دەکرێت بۆ یادکردنەوەیان لە نموونەکانی پیاوانی مێژوو و گەورەپیاوان، دەڵێین: لە خاوەن توندی و عەزیمەتەکان محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا و لە دوای ئەو ئەبووبەکری کوڕی ئەبی قوحافە و ئەگەر باسی شەڕ و داگیرکارییش بکەیت، دەڵێین ئاخ بۆ عومەری کوڕی خەتاب و وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیک خەلیفەی ئەمەوی، ئەگەر باسی ئەوانە بکرێت کەس لە نزیکیی خۆیان دانانێن جگە لە نزیکەکانیان واتە مەحسوبیەت بە کار دەهێنن، دەڵێن ئاخ بۆ عوسمانی کوڕی عەفان، ئەگەر باسی ئەوانە بکەین کە بە خۆیان سەرسام بوون و لەخۆبایی و خۆیان هەڵدەکێشا و لافوگەزافیان لێ دەدا و خۆیان بە نزیکی لە گەورەی گەورانەوە دەبەستەوە دەڵێم ئاخ بۆ عەلیی کوڕی ئەبووتالیب، ئەگەر باسی ئەوانە بکرێت کە پەتپەتێنیان کردوە بە ئاشکرا و بە دزییەوە، دەبێت باسی عەباسی مامی پێغەمبەر محەمەد بکرێت. ئەگەر باسی فەرماندەی سوپا و فێڵباز و تەڵەکەدانانی شەڕ بکرێت ناوی خالیدی کوڕی وەلید دەبرێت، ئەگەر باسی زانایان بکرێت دەبێت باسی ئەلشەعبی زانای عێراقی لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی ببرێت، ئەگەر ئەوانەی ئاخیرەتیان خستوەتە بیری باوەڕداران لە پێناو دونیادا، دەبێت باسی موغیرەی کوڕی شەعبە بکرێت، ئەگەر باسی سیخوڕ بکرێت دەبێت باسی شێخ نەجدیەکە بکرێت کە سیخوڕی بۆ محەمەد کرد لە ڕۆژی کۆبوونەوە (دَارِ النَّدْوَە)دا، ئەگەر باسی فێڵباز و بلیمەتەکان بکرێت دەبێت باسی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و دوای ئەو عومەری کوڕی عاس بکەیت. ئەگەر باسی گاڵتەجاڕی و بێئاپڕوویی بکەیت دەبێت باسی وەلیدی کوڕی یەزیدی ئەمەوی و دوای ئەو ئیمام هاروون ئەلڕەشیدی عەباسی بکەیت، ئەگەر باسی سەرکردەی سیاسی بکەیت دەبێت باسی حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفی و لە دوای ئەو عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بکەیت، ئەگەر باسی فەیلەسووفانی لاساییکەرەوە نەک بیرکەرەوە بکەیت دەبیت باسی مەئموونی کوڕی ڕەشیدی عەباسی بکەیت، ئەگەر باسی ڕوخێنەرانی ئیسلام بە بێڵ و خاکەنازی ئیسلام بکەیت دەبێت باسی شیعە بکەیت ("ئەمە نیشانەی لایەنگیریی تەواو نووسەر دەگەیەنێت و بێلایەنی وەلاوە دەنێت وەک لە چەند لایەکی تردا دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی دەبوایە بڵێت شیعە و سوننەی عەباسی پێکەوە ـو")، ئەگەر باسی باوەڕبوون بە هەموو ئایینەکان و بێباوەڕیی بە هەر چییەک لە ناتەواوی تێیاندا هەیە، دەبێت باسی بەهائییەکان بکەیت، ئەگەر باسی دڵسۆزان بۆ وڵاتی خۆیان بکەیت دەبێت باسی عەبدولموحسن سەعدوون بکەیت، ئەگەر باسی خودپەرستی و تەماعکار بکەیت دەبێت باسی یاسین هاشمی بکەیت، ئەگەر باسی ئەو کەسە بکەیت کە خودا بە کەرێتی خەلقی کردوە لە پێستی مرۆڤدا دەژێت، باسی بکەیت. دەڵێم سپاس بۆ قودرەتی خودا چۆنی خەلق کرد کە کەرێکە لە پێستی مرۆڤدا.

چیرۆکە قورئانییەکان

چیرۆک ڕووداوێکە کە باس دەکرێت و بۆ خەڵک دەگێڕرێتەوە، مەبەست لە چیرۆک پەندوەرگرتن و قازانجبینینە لە حاڵی پێشینان و ئەوەی شتی سەرسوڕهێنەر لە ژیانی دونیایاندا ڕووی دابێت. لە سەردەمی عەباسییەکاندا گێڕەوان و حیکایەتخوانان دروست بوون کە باسی چیرۆکەکانی قورئان و هیی تریشیان دەکرد و، چیرۆکخوێنەوە و خوێندەوەیان کردبوو بە پیشە و ڕزقورۆزیان

لێ پەیدا دەکرد. بێگومان ئەمانە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان، لە پێناو ڕاکێشانی خەڵک بۆ لای خۆیان کێبڕکێیان دەکرد، بۆیە زۆریان خستوەتە سەری و زێدەڕۆییەکی لە ڕادەبەدریان تێدا کردوە، لەبەر ئەوەیش لە خوێندنەوەی چیرۆکە قورئانییەکان بەوەوە نەوەستاون کە لە قورئاندا هاتوە، بەڵکوو بۆ کتێبە کۆنەکان گەڕاونەتەوە، وەک کتێبی یەهوود و خەڵکی تریش و، چییان بویستایە لێی وەردەگرت. شەڕیش پەتایە لە نێو خەڵکیدا و ئەمەی حیکایەتخوانان گواسترایەوە بۆ شیکەرەوانیش تا وایان لێ هات لە شیکردنەوەکانیان بەوەوە نەوەستان و، دەیانگوت وا گوتراوە و هیچ ئاوڕێکیان لەوە نەدایەوە کە قسەکانیان چەند خورافە و بێ واتا و هیچوپووچ بێت، پێشتر هەندێک لەو قسانەمان باس کرد لە بابەتی ئایەتەکانی قورئاندا و بە وردی گفتوگۆمان لەگەڵدا کردن. فەرموو لەگەڵ ئەوەی دەربارەی خەڵقکردنی ئادەم دەیڵێین.

چیرۆکی خەڵقکردنی ئادەم

ئەم چیرۆکە لە تەوراتدا باس کراوە و لەوێوە بە هەندێک دەستکارییەوە لە باری چۆنێتییەوە گواستراوەتەوە بۆ قورئان، لە زۆر شوێندا بابەت گەلێکی وای تێدایە کە جیاوازیی هەیە لە دەربڕیندا و، بە وردی و درێژی لە یەک شوێندا باس نەکراوە بەڵکوو لە چەندین سورەتدا خراوەتە ڕوو، هەندێکی لە دووبارەکردنەوەدا دوور نییە.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە یان ڕیوایەتە چوار کەسن ئادەم و حەوا و فریشتە و ئیبلیس، ئەگەر بمانەوێت باسی ئەوە بکەین کێ خەڵقی ئادەمی کرد و کردی بە خەلیفە و فەرمانی کرد بە فریشتەکان کە سوجدەی بۆ بەرن و ئیبلیس لەبەر ڕازینەبوونی بە سوجدە بردن وەدەر نرا، وا پێویست دەکات بڵێین پاڵەوانەکانی پێنج دانەن، بەڵام ئێمە لەبەر ڕێز و ئەدەب لەگەڵ خوادادا ئەوە ناڵێین، لەبەر ئەوەی خودا لەوە بەرزترە کە باس و وەسفی بکرێت، بەڵام ئیبلیس یەکێک بوو لە فریشتەکان و لە خودا یاخی بوو، سوجدەی بۆ ئادەم نەبرد و شایانی لەعنەت و دەرکردن بوو، بۆیە بوو بە ئیبلیس و وەچەکانی بوون بە جنۆکە و شەیتان، وەک پێشتر لە حەقیقەتە قورئانییەکاندا باسمان کرد، فەرموو لەگەڵ ئەوەی لە سورەتی (البقرە) دا هاتوە لەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەدا دەڵێت: {ۋإِذْ قَاڵ ڕبُّكَ لِلْمَلَائِكَهِ إِنِّی جَاعِلٌ فِی الْأَرْچ خَلِيفَةً قَالُوا أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا ۋيَسْفِكُ الدِّمَاوَ ۋنَحْنُ نُسَبِّحُ بحَمْدِكَ ۋنُقَدِّسُ لَكَ قَاڵ إِنِّی أَعْلَمُ مَا لا تَعْلَمُونَ} [البقرە: 30]. واتە: خودا بە پەریەکنی وت من لە سەر زەوی نوێنەرێکم داناوە، وتیان ئەوت داناوە و گەندەڵی تیدایە و خوێن دەرێژرێت و ئیمە سوپاسگوزاری تۆین و تۆ بەپیرۆز دەزانین، وتی من ئەو شتەی دەیزانم کە ئیوە نایزانن. خەلیفە ئەوەیە لە دوای کەسێکی ترەوە دێت و وەک زەمەخشەری لە واتاکەیدا دەڵێت، خەلیفەیەک لە ئێوە واتا لە دوای ئێوە دێت لە جێی ئێوە دەبێت، دەڵێت: لەبەر ئەوە "فریشتەکان" لە نیشتەجێیانی زەوی بوون و ئادەم و وەچەکانیان بە جێ هێشتوون، دەڵێت: لەوانەیە خەلیفەی من بویت، لەبەر ئەوەی ئادەم خەلیفەی خودا بوو لە سەر زەوی و هەر وەک سەرجەم پێغەمبەرانی تر، وەک دەڵێت: {ێادَاوُودُ إنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِی الْأَرْچ} [ص: 26] واتە: ئەی داوود ئیمە بە جێنشیمان دان لەسەر زەوی. بێگومان خودا کردگاری گەورەی سەرجەم بوونەوەرانە و حەکیمێکی ڕەهایە، کە هەر چییەك بکات لێی ناپرسرێتەوە و فریشتەکانیش باوەڕداری چاکەخواز و بێگەردی ئەون، هیچ جیاوازییەک لە پەرستنیان بۆ خودا لەگەڵ ئادەمیزاددا نییە، جگە لەوەی زۆرینەی ئادەمیزاد یاخیبووی بێ باوەڕن، وەک لە قورئاندا باسیان کراوە: {ۋإنْ تُگِعْ أَكْبَرَ مَنْ فِی الْأَرْچ يُچِلُّوكَ عَنْ سَبيل اللَّهِ} [الانعام: 116]، واتە: ئەگەر کەوتیە شوێنی قسەی زۆربەی ئەوانەوە لەسەر زەوین لە ڕێگەی خودا لات دەدەن. فریشتەکان هەموویان چاکەخواز و گوێڕایەڵن، ئایا بۆ کردگاری مەزن و بە توانای حەکیمی ڕەها، گونجاو دەبێت ئەگەر بیەوێت خەلیفەیەک بۆ خۆی لە سەر زەوی بێت و ببێت بە پەرستیار و گوێرایەڵی چاکەخوازەکان. ئەگەر بڵێین حیکمەتەکەی ڕاستوڕەوانە ئەگەر نەیشیزانین، دەبێت وا حکومی کردبێت کە هەواڵی پێ دابن، ئایا بۆ ئەو باوەڕدارە گوێڕایەڵە چاکەخوازانە گونجاوە بە سەرسوڕمان و لالووتییەوە قسە بکەن و بە ڕووداری و ڕووقایمەوە بڵێن: {أَتَجْعَلُ فِيهَا مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا ۋيَسْفِكُ الدِّمَاوَ ۋنَحْنُ نُسَبِّحُ بحَمْدِكَ ۋنُقَدِّسُ لَكَ} [البقرە: 30]. واتە: واتەکەی پێشتر نوسرا. ئەوان بەم سەرکۆنەکردنەیان وایان دانا کە ئەوان سوپاسگوزارن و بە پیرۆزی دای دەنێن و لە ئادەم و وەچەکانی کە خوێنڕێژ و گەندەڵ بوون شەریفترن.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، خودا وەک چۆن لە ئیبلیس تووڕە بوو لەمان تووڕە نەبوە، کە ئیبلیس یەکێکە لەمان و ڕازی نەبوو سوجدە بۆ ئادەم بەرێت، بە بەهانەی ئەوەی لەو شەریفتر و باڵاترە و، گوتی: {خَلَقْتَنِی مِنْ نَارٍ ۋخَلَقْتَهُ مِنْ گِينٍ} [الاعراف: 12]واتە: وتی لە ئاگر دروستت

کردم و لە قور دروستت کردن. لەگەڵ ئەوەی فریشتەکان لە سەر کۆنەکردنی ئەمەدا لە ئیبلیس ڕوودارتر و بوێرتر بوون بەرانبەر خودا، ئیبلیس هەندێک بەهانەی بە دەستەوە بوو لە ڕازینەبوونی بۆ سوجدەبردن، کە کارێکی قورسی ئاپرووبەرانەیە بە پێی ئەوەی باسی شەرەف و گەورەیی دەکات، ئەو لەو بارەیەوە تا ڕادەیەك بووراوە لە ڕازینەبوونی، ئەگەر ڕوواداری و گومراییش بێت بۆی، بە پێچەوانەی فریشتەکان لە سەرکۆنەکردن و ڕازینەبوونی بە شێوەیەکی خراپ کە بە هۆی کارێکی قورسی ئاپرووبەرانەیشەوە نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی هەواڵی ئەوەی پێدان کە خەلیفە لە سەر زەوی دادەنێت، بۆچی خودا ئەمانەیشی لە ڕەحمەتی وەدەر .نەنا وەک ئەوەی بە ئیبلیسی کرد، سەرەڕای ئەوەی گوناحەکەیان لە گوناحی ئەو گەورەتر بوو
بەڵام خودا لە بەرانبەر ئەمانە وا توورە نەبوو، لە ڕەحمەتی خۆی دەری نەکردن، بەڵکوو وەڵامێکی خەستی دانەوە بەوەی گوتی: {إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ} [البقرة: 30] بە واتای ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن، وەڵامێکی لاوازە و لەگەڵ ناڕازیبوونە بەهێزە مەعقوڵەکە نایەتەوە، لەبەر ئەوەی فریشتەکان دەزانن خودا ئەوە دەزانێت کە ئەوان نایزانن، هەروەها .زانینیان لەو بارەوە هیچ ڕێگرێک نەبوو لە ناڕازیبوونیان و هەروەها وەڵامەکە بێدەنگکەر نەبوو
زەمەخشەری لە شیکردنەوەی دەربارەی ئەوەی خودا هەواڵی داوە بە فریشتەکە خەلیفەی خۆی لە سەر زەوی داناوە، دەڵێت: ئەگەر بڵێیت بە چ مەبەستێک هەواڵی پێ داون، دەڵێم بۆ ئەوەی ئەو پرسیارەیان لێ بکرێت و بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوە بدرێتەوە کە وەڵام دەدرێنەوە و، بەوە حیکمەتی ئەوە دەزانن کە دانانی خەلیفە بۆ توندوتۆڵکردنیانە لەوەی تووشی گومان و شوبهەت ببن لە کاتی خەلیفەداناندا. ئەمە قسەی ئەوە، وا دیارە زەمەخشەری بێ هۆشیاری قسەی کردوە، یەکەم ئەوەی فریشتە گوتی، پرسیار نەبوو بەڵکوو ناڕازیبوون بوو، ئەو هەمزەی پرسیارە بۆ سەرکۆنەکردنە وەک لە ڕووکەشی قسەکەدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: {مَنْ يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاءَ} [البقرة: 30]،واتە: واتاکەی پێشتر نوسرا. دووەم ئەوان حیکمەتی خودایان نەدەزانی لە خەلیفەت دانانی، لەبەر ئەوەی وەڵامەکەی نەزانراو بوو، هیچ حیکمەتێکی لە نێواندا نەبوو بۆ خەلیفەدانان و بێگومان فریشتە و جنۆکە و مرۆڤ هەموویان دەزانن کە خودا دەزانێت کە ئەوان نازانن و، هیچ وەڵامێکی نەدانەوە جگە لەوەی پێش وەڵامەکە کە شتێکی .زانراوی لای ئەوان بوو
ئینجا زەمەخشەری دەڵێت: دەڵێن با خوداپەرستان فێری ڕاوێژ بن لە کاروباری خۆیاندا، پێش ئەوەی بیکەن و پێشکەشی بکەن، بیخەنە بەردەم ئەوانەی باوەڕیان پێدەکەن و ئامۆژگارییان دەکەن، هەر چەند ئەو لە زانست و حیکمەتی خۆیدا لەوە گەورەترە کە ڕاوێژ بکات، تۆ لێرەدا :ئەوە دەبینیت باسکردنی ئەم هۆکارە لە یەکەم بودەڵەترە
یەکەم: ویستی کام خوداپەرست فێری ڕاوێژ بکات، ئەگەر فریشتەکان بن ئەوان پاک و مەعسوومن و هیچ پێویست ناکات ڕاوێژ بکەن، ئەگەر مرۆڤیش بێت ئەوان جارێک دروست .نەبوون
دووەم: بۆچی فێرکردنی ڕاوێژ تایبەتمەند کردبێت بە خەڵقکردنی ئادەم بە دەر لەوانی تر لە .بوونەوەران، کە هەواڵی بە فریشتە نەدابوو بۆ ئەم فێرکردنە
ئەگەر بگوترێت: فێرکردنی تایبەتمەند کردوە بە ئادەمەوە لەبەر ئەوەی خۆی و وەچەکانی پێویستیان بە ڕاوێژکردن هەبوە و ویستویەتی فێریان بکات، لە کاتی خەڵقکردنی ئادەمدا بە دەر لە بوونەوەرانی تر، دەڵێین: هەواڵدان بە فریشتە لە پێناو فێرکردندا ئادەمیزاد لە دوای دابەزینی قورئان نەیزانیوە، ئەوانەی پێش دابەزین ڕۆیشتوون ئەم هەواڵەیان پێ نەگەییشتوە و ئەوانەی گەییشتوون بە دابەزینی قورئان هیچ پێویست ناکات ئەم ڕاوێژەیان بەم هەواڵە فێر بکرێت، ئەوان لەوەی خودا فەرمانی بە پێغەمبەری کردوە فێری بوون، وەک لەوەدا هاتوە: {وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ} [آلعمران: 159]،واتە: لەسەر بابەتەکە راوێژیان پێبکرێت. ئەگەر بگوترێت: (وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ) جەختکردنە لە سەر ئەوەی پێشوو، دەگوترێت: ئەم جەختکردنە هیچ قازانجێکی نییە جگە بۆ ئەوانەی گەییشتوون بە دابەزینی قورئان، بە دەر لەوانەی مردوون و پێی نەگەییشتوون. هیچ پێویست ناکات درێژەدادڕی لە قسەکردن بکەین بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو قسانەی کە ناپرێنەوە. جارێکیان گوتمان ئەوان لەم قسانەیان لە چیرۆکی خەڵقکردنی ئادەم هەوڵی حەقیقەت نادەن، بەڵام مەبەستیان ئاڕاستەکردنی قسەوقسەلۆکە بە هەر شێوەیەک بێت. لە چیرۆکی خەڵقکردنی ئادەمدا هاتوە: {وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنْبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَؤُلَاءِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} [البقرة: 31]. واتە: خودا هەمووو ناویکی

فێری ئادەم کرد، ئەوسا هەموو شتەکانی لەبەر فریشتەکان ڕاناو و گوتی: ئەگەر ڕاستی بۆچوون، ناوی ئەوانەم بۆ هەڵدەن. زەمەخشەری دەربارەی (عَلَّمَ ءَادَمَ الْأَسْمَاوَ) دەڵێت: واتە ناونانی ناولێنراوان و، لەوێدا ناولێنراوانی قرتاندوە لەبەر ئەوەی بە دەربڕینی ناو ئەوە دەزانرێت، لەبەر ئەوەی دەبێت هەر ناوێک ناولێنراوێکی هەبێت بە ئەلف و لامەکە لە زمانی عەرەبیدا قەرەبووی کردوەتەوە، دەڵێت: هەواڵی پێ ڕاگەیاندن کە زانیی ئەوان ناتوانن ئەوە بکەن و هەواڵەکان بزانن وەک ئاگادارکردنەوە و لێبردنەوەیەک، بۆ ئەوەی بەو پاساوە بێدەنگیان بکات و گوتی: {إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ} [البقره: 31] واتە: ئەگەر ڕاستگۆبن. بەوەی دەیڵێن کە من خەلیفەی گەندەڵ و خوێنڕێژ لە سەر زەوی دادەنێم، ناوەکانیانم بدەنێ، ئێوە نایزانن و ئەوانەی کردوومن بە خەلیفە دەیزانن و ئینجا گوتەکەی ڕووبەڕووی ئادەم کردەوە و گوتی: {قَالَ يَاءَادَمُ أَنبِئْهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُلْ لَكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ} [البقره: 33]، واتە: وتی ئەی ئادەم دەسا تۆ ناوی هەموو ئەوانەین بۆ هەڵدە. وەختی ئادەم هەموو ناوێکی بۆ هەڵدان، گوتی : من بە ئێوەم نەوت کە هەرخۆمم هەر نهێنی لە ئاسمان و زەمین دان و هەرچی ئێوەش و بیشارنەوە و بیدرکێنن دەیانزانم؟ ئەمە درێژەی ئەو باسەیە کە پێی گوتوون لە پێشتردا، لەوەدا کۆی کردبوونەوە: {إِنِّي أَعْلَمُ مَا لَا تَعْلَمُونَ} [البقره: 30] واتە: من ئەوەی دەیزانم ئێوە نایزانن. ئەمە کە خودا وەڵامی فریشتەی پێ دایەوە بۆ بێدەنگکردن و دەمداخستنیان، بەو پاساوەی کە زەمەخشەری باسی دەکات.

ئەمەیش وەڵامێکی ناڕاست و نامەعقووڵە، فریشتە نەیانگوتوە ئەوان لە ئادەم زیاتر دەزانن کە خودا دەیەوێت بیکاتە خەلیفەی خۆی لە سەر زەوی، تا ئەوەی دەیەوێت بیسەلمێنێت کە زانین لای ئەوە بێ یەکێکی تر تا ڕاست بێت، بەڵکوو گوتیان ئەوان سپاسگوزار و بە پیرۆزکردنی ئەون و ئەوەی دەیەوێت بیکاتە خەلیفەی گەندەڵ و خوێنڕێژ، ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ. وەک لە پەندەکەی خۆماندا دەڵێت: کەر لە کوێ کەوتوە و کوندە لە کوێ دڕاوە، ناڵێن ئەم وەڵامە لە خۆرهەڵاتە و ئەوان لە خۆرئاوا و، ئەم دادەبەزێت و ئەوان سەر دەکەون، لەوانە ویستبێتی بە سەلماندنی زانستی ئادەم گەندەڵی و خوێنڕێژی ڕەت بکاتەوە، ئەوانە شەڕی خوێناوی دەکەن چیی لێ دەکەوێتەوە لە گەندەڵی لەم زەمانەدا و لە هەموو کاتەکاندا ئەهلی زانستن.

هەروەها لە قورئاندا ئەوە هاتوە کە دەیسەلمێنێت زانست و گەندەڵی دژ بە یەک نین بەڵکوو کۆ دەبنەوە، وەک لە چیرۆکی بەلعەمی کوری باعورا هاتوە، کە زانایەک بوو لە زاناکانی بەنی ئیسرائیل، ئەمە لە سورەتی (الاعراف)ی قورئاندا باس کراوە: {وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي ءَاتَيْنَاهُ ءَايَاتِنَا فَانْسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ} [الاعراف: 175].واتە: دەنگوباسی ئەو کەسەشیان بۆ بخوێنەوە کە نیشانەکانی خۆمان پێ بەخشیوە، خۆی لێ بوران؛ ئەوسا شەیتان وەدووی خۆی داو کەوتە ناو ریزی گومرایانەوە.

با وا دابنێین کە زانست و گەندەڵی دژ بە یەکن و کۆ نابنەوە، ئەم وەڵامە دیسان ڕاست دەرناچێت، لەبەر ئەوەی سەلماندنی زانست بە ناوەکان بە ئادەم و بەم ڕێگەوە جگە لە جۆرێک لە فێڵلردن و فریودان وهەڵخەڵەتاندن هیچی تر نییە، بەوەی بۆ فریشتەی دەرخست و ئەو هەواڵەی پێ ڕاگەیاند، پاش ئەوەی ئادەم ئەو ناوانەی زانی و کاتێک ئەوان نەیانتوانی ئەوە بکەن، بە ئادەمی گوت ناوەکانیان پێ ڕابگەیەنە، ئەوەی جێگەی ڕاستی بەهانەهێناوە و ئینساف بێت ئەوەی کە ئادەم ناوەکان نەزانێت و بە بێ فێرکردن پێشبینی بکات وەک بە بێ فێرکردن پێی گوترا، لەوێدا کە ئادەم ناوەکانی پێ گوتن، بە هانەیان هێنایەوە و بۆڵەبۆڵ دروست بوو.

فریشتەکان زانییان کە خودا ئادەمی فێری ناوەکان کرد، بۆیە کە پێشبینیی بۆ کردن و گوتیان: {سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا} [البقره: 32]. واتە: درووود بۆ تۆ ئێمە هیچ زانیاریەکمان نیە جگە لەوەی فیرت کردوین. واتە ئادەم هیچ زانیارییەکی نەبوە جگە لەوەی فێر کرا، لە قسەی "جگە لەوەی فێرت کردین" ئاماژەدانە بەوەی لە ئادەمەوە فێری ناوەکانی کردوون، ئینجا گوتیان: {إِنَّكَ أَنْتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ} [البقره: 32]، واتە: تۆی بۆ خۆت زانا وکارزانی( دانایت) . واتە زانست لای تۆیە نەک لای ئێمە و ئادەمیش، ئەم قسەیەی فریشتەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هیچ ئینسافێک نەبوە لە پاساوهێنانەوەدا.

ئەگەر بگوترێت پاشایەکی مەزن لە پاشاکانی مرۆڤ چەندین پیاوی لە کۆیلەی دڵسۆز هەبێت و ویستبێتی پیاوێک لە دەرەوەی ئەوان بە کار بهێنێت لەوانە و دڵسۆزتر بێت، دەبێت هەموو کۆیلەکانی کۆ بکاتەوە بە پێی ڕاوێژکردن پرسیاریان لێ بکات و پێیان بڵێت: من پیاوێکم لە

دەرەوەی ئێوە ناردوە کە کرێکاری من بێت لەو وڵاتەدا، پێیان گوتبێت: چۆن ئەوەی ناپاکیت لەگەڵدا بکات و ستەم لە خەڵک بکات بە کاری دەهێنێت کە ئێمە کۆیلەی دڵسۆزت بین، ئینجا ئەو پاشایە بیەوێت وەڵامیان بداتەوە لەو قسەیاندا و پاساو بۆ ڕاستی کارەکەی بهێنێتەوە، واتە بۆ بەکارهێنانی ئەو پیاوە، بەوەی هەندێک زانیاریی فێر کردوە کە کۆیلە دڵسۆزەکانی نایزانن، ئینجا هێنانی و ئەویشی هێنا لەگەڵیاندا و پرسیاری لە سەر ئەو کارانەی لێ کردن کە فێری ئەو کابرایەی کردوە، کە ئەمان نایزانن و نەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە و دانیان بەوەدا نا کە ئەوان جگە لەوەی پاشاکەیان فێری کردوون شتی تر نازانن، ئینجا ئاوری بۆ لای کابرا بداتەوە و پێی بڵێت: ئەوەی پرسیارم لە سەر کرد، وەڵامەکەیان پێ ڕابگەیەنە، ئەویش وەڵامەکەی پێ گوتوون، ئایا ڕاستە بڵێیت ئەو پاشایە پاساوی ڕاست بۆ کۆیلە و دڵسۆزەکانی لە سەر بەکارهێنانی ئەو پیاوەی لە دەرەوەی ئەوان هێناوەتەوە. ئایا ئەو پاشایە لەوەی ڕێکی خستوە و دروستی کردوە بۆ پابەندبوونیان بە ئینساف بوە و فێڵباز و کۆیلە دڵسۆزەکانی
هەڵنەخەڵەتاندوە، لە دەربڕینی چیرۆکەکەدا مەتەڵێکی تر هەیە، ئەویش خودا بە فریشتەکانی گوتوە من خەلیفەیەکم لە سەر زەوی دانا و هیچ شتێکی بۆ ئەم قسەیە زیاد نەکردوە، نە باسی ئەوەی کردوە کە لە مرۆڤەکانە یان لە جنۆکەیە یان لە فریشتەکانە، لە کوێ یە و چۆن زانییان ئادەم لە سەر زەوی گەندەڵی دەکات و خوێن دەڕێژێت، بەڵام شیکەرەوان خودا ڕەحمیان پێ بکات، هیچیان لە دەست دەرناچێت، لە کوێدا پێشێلکارییەک هەبێت کردوویانە و لە کوێدا درزێکیان بینیبێت لێکیان ناوەتەوە. زەمەخشەری دەڵێت: ئەگەر بڵێیت لە کوێدا زانییان تا سەریان پێی سوڕما، ئەوە غەیبە و هیچ کەسێک جگە لە خودا لە غەیب نازانێت؟ دەڵێم: بە هەواڵگەیاندن لە خوداوە یان لە لایەنی تەختەکەوە، واتە لەوحی مەحفووزەوە زانیویانە، یان وەک لەوەی زانیارییاندا جێگیر بوو کە فریشتەکان بە تەنها ئەوانەن کە خەڵکی مەعسووم و پاکن و خەڵکی تری بە دەر لەوان سیفەتی ئەوانیان نییە، واتە یەکێک لەو سەنگانەیان پێوانە کردوە "واتە مرۆڤ" و ئەوی تر "واتە جنۆکە" کە لە زەویدا نیشتەجێ بوون و گەندەڵیان تێدا کرد، .پێش ئەوەی فریشتەکان تێیدا نیشتەجێ بن
زەمەخشەری بەم قسەی دوایی دەیەوێت بڵێت فریشتە پێشتر لە سەر زەوی نیشتەجێبوە و ئینجا لێی دەرچوون و جنۆکە لە دوای ئەوان نیشتەجێ بوون و گەندەڵیان تێدا کردوە، خودا دەیەوێت مرۆڤ لە سەر زەوی نیشتەجێ بکات و بە جنۆکەوە تاقیان بکاتەوە و بیانپێوێت، زانییان کە ئەوانیش وەک جنۆکە گەندەڵی دەکەن، ئەگەر زەمەخشەری لەم قسانەی کە دەیکات پشتی بە وەحی بەستبێت کە خودا بۆ پێغەمبەری دەنێرێت، ئەوا هیچ قسەیەکمان لەو بارەوە نییە، بەڵام ئەگەر پشتی بە عەقڵ واتە لە پێشینانی وەرگرتبێت یان پشتی بە عەقڵ و ئاوەز بەستبێت ئەوا زۆر ناڕەوایە قسە هەر وا و لە خۆرا فڕێ بدات، بە بێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی بسەلمێنێت، واتا قسە لە پێناو قسەدا، بەڵکوو دەبێت بەڵگەی نەقڵی یان عەقڵی بهێنێتەوە، کە پشتی پێ دەبەستێت لەم قسانەیدا، ئەگەر نا زۆر بێئاپروویی و عەیبەیە ئەم قسانە لە .شیکردنەوەکانیدا باسی بکات
چیرۆکی ئادەم جارێ تەواو نەبوە، خودا کە وەڵامی ئەو قسانەی فریشتەکانی دایەوە و بە بەهانەوە بێدەنگی کردن، فەرمانی پێ کردن سوجدە بۆ ئادەم بەرن: {وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَائِكَةِ اسْجُدُوا لِآدَمَ فَسَجَدُوا إِلَّا إِبْلِيسَ أَبَى وَاسْتَكْبَرَ وَكَانَ مِنَ الْكَافِرِينَ} [البقره: 34]. واتە: ەرمانمان بە فریشتەکان کرد کرنوش لەبەر ئادەم بەرن. جگە لە ئیبلیس هەموویان سوژدەیان بۆ برد، ئەو کە خۆی لە زلترزانی. سوژدەی نەبرد و سپڵە بوو. پێشتر باسی ئەم ئایەتەمان کرد هیچ پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە. دەبێت ئاوەزی مرۆڤ لە ئاست ئەم سوجدە بردنە تووشی سەرسوڕمان بێت کە خودا فەرمانی کرد بۆ ئادەمی بەرن، هەروەها بە سەرسوڕماوی لە ئاست زانایانی ئیسلام دەوەستێت کە ئەم سوجدەبردنە وای لێ نەکردن بڵێن خەڵک لە فریشتە باشترن، بەڵکوو بە پێچەوانەیشەوە باسی دەکەن. وا دیارە یەکێک لەو فریشتانەی کە فەرمانی سوجدە بردنیان بۆ ئادەم پێ کرابوو ئیبلیسە "ئەوت لە بیر نەچیت ئەوە بە دەر لەوان باسی کراوە لە ئایەتەکەدا پێوەندیدارە و نابێت لەوان داپڕاو بێت وەک پێشتر ڕوون کرایەوە"، واتە ئیبلیس ترسی لێ نیشت و لووتبەرزی و گەورەیی و باڵایی نەفسی زاڵ بوە و ڕازی نەبوە سوجدە بۆ ئادەم بەرێت و خۆی بە گەورە زانیوە و وای داناوە کە خۆی لەو باشتر بێت، لەبەر ئەوەی ئەو لە ئاگر دروست کراوە و ئادەم لە قوڕ خەلق کراوە، وەک لە ئایەتێکی تردا هاتوە، خودایش لە بەهەشت یان لە ئاسمانی وەدەر نا، لەبەر ئەوەی بەهەشت لە ئاسماندایە.

ئەویش بوو بە دوژمنی ئادەم و وەچەکانی بە خۆی و منداڵە شەیتانییەکانییەوە، لەبەر ئەوەی ئیبلیس پاش دەکردنی بوە باپیرە گەورەی جنۆکە و سەرجەم شەیتانەکان، ئەو بۆ شەیتان، .وەک ئادەمە بۆ بەشەر وەک پێشتر باسمان کرد

ئینجا خودا پاش دەکردنی ئیبلیس فەرمانی کرد ئادەم لە بەهەشت نیشتەجێ بێت بە خۆی و حەوای هاوسەرییەوە: {وَقُلْنَا يَاآدَمُ اسْكُنْ أَنْتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الظَّالِمِينَ} [البقره: 35]. واتە: شەیتان هەڵیخەڵەتاندن و لەبەهشت دەرپەراندن. وتمان دابەزنە خوارەوە، خۆتان دوژمنی خۆتانن، تا ماوەی دیاریکراو، لەسەر زەمین رای ببوێرن. کاتێک ئیبلیس بینی خودا فەرمانی کرد کە خۆی و حەوای هاوسەری لەو دارە نەخۆن، ئەویش کەوتە فرتوفێڵ و هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەی فریویان بدات و وایان لێ بکات لە دارەکە بخۆن و مەبەستیان لەوەدا ئەوە بوو وا بکات ببێتە هۆکاری دەرکردنیان لە بەهەشت، وەک چۆن بە هۆی سوجدە نەبردنی بۆ ئادەم خۆی لە بەهەشت دەرکرا، چوو بۆ لایان بۆ بەهەشت و چرپاندی بە گوێیاندا و قسەی بۆ کردن و دەیگوت: {مَا نَهَاكُمَا رَبُّكُمَا عَنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ إِلَّا} [الاعراف: 20 واتە : پەروەندەتان ئەم درەختەتان نەبێت هیچتان لێ قەدەغە نەکردووە . بۆ رقلێبوونتان: {أَنْ تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ الْخَالِدِينَ} [الاعراف: 20]، {وَقَاسَمَهُمَا} [الاعراف: 21]واتە: سوێندی بۆ هەردوویکان خوارد کە من بەدڵ ئامۆژگاریتان دەکەم. واتە سوێندی بۆ خواردن {إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ} [الاعراف: 21]،واتە: {فَدَلَّاهُمَا بِغُرُورٍ} [الاعراف: 22]واتە: بە لەخوبایییەوە سەیری کردن. واتە هەڵیخەڵەتاندن بۆ خواردنی بەری ئەو دارە بەوەی فریوی دان بە سوێندخواردنی بە خودا. واتای ئەم ئایەتانە ئەمەیە: شەیتان کەوتە کلێشەیان و پێی گوتن خودا بۆیە نەیدەهێشت لەو دارە نزیک ببنەوە بۆ ئەوە بوە ئێوە نەبنە فریشتە و هەمیشە لە بەهەشتدا بن، سوێندی بۆ هەر دووکیان خوارد و گوتی: من بە دڵ ئامۆژگاریتان دەکەم و بە فریودان گومانی خستە دڵیانەوە و لە دارەکەیان چەشت و عەیب و عاریان کەوتە .دەر

واتە ئەوەی ئیلبیس ویستی کردی و خودا لە ئادەم توورە بوو، لە بەهەشت دەری کردن، بەڵام لە رەحمەتی خۆی دەرینەکردن کە ئیبلیسی دەرکرد، بەڵکوو بەوەوە وەستا کە لە بەهەشت دەری کردن و دایبەزاندن بۆ سەر زەوی. لێرەدا چیرۆکی ئادەم تەواو دەبێت، بەڵام چیرۆکی ئیبلیس جارێ تەواو نەبوە، دوژمنایەتی بۆ ئادەم و وەچەکانی تا رۆژی سەڵا بەردەوام دەبێت. ئەم چیرۆکەی شیکەرەوانم پیشاندا کە یەک کێشەیە، بەڵام لەبەر ئاڵۆزی و چەوتوچوڵی بە کێشەی کێشەکان دادەنرێت، ئەویش ئەوەیە کە خودا ئیبلیسی لە بەهەشت دەرکرد، چۆن گەییشتە لای ئادەم و حەوا و چۆن چوە ناو بەهەشتەوە، پاش ئەوەی پێیان گوت: {اخْرُجْ مِنْهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٌ} [الحجر: 34] ؛ [ص: 77]، واتە:وتی لێرە دەرچوو تۆ لای من دەرکراویت ( نەفرت لێکراویت). لێرە یرۆ دەرێ لە ئێستاوە نەفرەتلێکراو و بەرد تێگیراویت؛ واتە رەجمکراویت. تا بتوانێت لێیان نزیک بێتەوە و بچێتە بن کلێشەیانەوە، لەبەر ئەوەی قسەکردن و وەسوەسە، قسەی شارراوەیە و بە چپە دەکرێت، ئەمەیش لە نزیکەوە نەبێت نابێت، بەڵام شیکەرەوان کە کێشە چارەسەرکەرن، بەوەوە نەوەستان تا دیسان چارەسەریان بۆ ئەمە دۆزیەوە، وەک چۆن سەرجەم کێشەکانی قورئانیان چارەسەر کردوە، فەرموو لەگەڵ ئەوەی داناکەیان زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا باسی دەکات، دەڵێت: بە پێی رێزلێگرتن و گەورەیی بوونی، نابێت رێگە لە ئیبلیس بگیرێت پرواتە بەهەشتەوە، هەروەها لەوەیش رێگەی لێ ناگیرێت بە پێی چپەکردن بۆ تووشکردنی ئادەم و حەوا لەوێ قسەی کردبێت. ئەم زەمەخشەریە لەم قسەیەیدا نە بە هیچ بەڵگەیەکی قورئان و نە سوننەت و نە لە عەقڵ و ژیربێژ و لۆجیکیش بێت پشتی پێ نەبەستوە، ئەوەی لەمەوەیە ئەویش قسەی بێ بنەمایە و بەرد بە غەیبەوە نانە، هیچ مەعقوول نییە ئیبلیس بێت بۆ بەهەشت و پاسەوانی گەنجینە و دەرگاوانی تێدایە وەک دەڵێن، بە گەنجینە پارێزەکە بڵێت من دەمەوێت بچمە ژوورەوە بۆ ئەوەی شتێک بە چپەوە بە ئادەم و حەوا بڵێم، نەک بۆ نیعمەت و گەورەیی و پێی بڵێن فەرموو یرۆ ژوورەوە، ئەوانێك کە دەزانن، دەرکراو و نەفرەتلێکراوە، ئەمە وەک ئەوە وایە دزێک هاتبێت بچێتە کۆشکی میرێکەوە کە میرەکە قەدەغەی لێ کردبێت سەردانی کۆشکەکە بکات، بە دەرگاوانەکە بڵێت من دەمەوێت یرۆمە ژوورەوە دزی بکەم نەک بۆ سەردان هاتبم، دەرگای بۆ بکرێتەوە و بچێتە ژوورەوە و بە خۆشیی بزانێت کە میر سەردانیکردنی کۆشەکەکەی لێ قەدەغە کردوە. هەندێکیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە قسەیەکی تریان گوتوە، کە ئیبلیس نەرۆیشتوە بۆ لایان لە بەهەشت بەڵکوو

ڕۆیشتوە بۆ ئاسمان و لە دەرەوەی بەهەشت قسەی بۆ کردوون، یەکێکی تر دەڵێت: ئیبلیس
لای دەرگاکەوە وەستاوە و بانگی کردوون، یەکێکی تر دەڵێت: ئیبلیس ویستی بچێتە ژوورەوە
گەنجینە پارێزەکە نەیهێشت و چوە دەمی مارێکەوە تا بردییە ژوورەوە و ئەوان پێیان نەزانی،
خودا بتپارێزێت تەماشای ئەم قسەڵۆکانە بکە کە جگە لەوەی لە قسەی حیکایەتخوانان وەریان
گرتبێت و لە شیکردنەوەکانیاندا باسیان کردبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی قورئان هیچی
.تر نییە
ئەوەی سەرسوڕهێنەرە کە خاوەنی قسەی یەکەم و دوەم گوتوویانە وایان لە ئیبلیس کردوە کە
لە دەرەوەی بەهەشتەوە قسەی لەگەڵ ئادەم و حەوادا کردبێت یان لە دەرگاوە بانگی کردوون،
لەگەڵ ئەوەی چپەکردن جگە لەوەی لەگەڵ یەکتردا دانیشیت و لە نزیک یەکەمەوە بێت،
ناکرێت. چۆن قسەیەک لە دەرەوەی بەهەشت یان لە دەرگایەکەوە هاوار بکەیت دەبێتە
قسەیەکی شارراوە و بە چپە! لەمە سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە خاوەنی قسەی چوارەم
باسی کردوە، کە دەڵێت ئیبلیس چوەتە دەمی مارێکەوە و بەدزییەوە چوەتە بەهەشتەوە بێ
ئەوەی گەنجینەوانەکە بیبینێت، ئەگەر گەنجینەوانەکان هەستیان بە ئیبلیس لە دەمی مارەکەدا
نەکردبێت، دەبێت مارەکەیان بینیبێت؟ بۆچی هێشتیان بچێتە ژوورەوە بۆ بەهەشت؟ کە ئەمە
نامۆتر و سەرسوڕهێنەرترە لە چوونە ژوورەوەی ئیبلیس، لەبەر ئەوەی ئیبلیس خەڵکی
بەهەشت بوو یاخی بوو لێی دەرکرا، بەڵام مارەکە وا نییە. بۆچی ڕێگەیان لێ نەگرت بچێتە
ژوورەوە؟ لە کاتێکدا مار لەو خشۆکانەیە کە مەحاڵە لە بەهەشت هەبێت، ئایا مافی خۆمان نییە
کە بڵێین لە شیکەرەوان هەن بێ هۆشیاری و بیرکردنەوە قسە دەکەن؟

(87)

چاوەڕێکردن و مشتومر لەگەڵ ئیبلیسدا

سەرسوڕهێنەرترین شت لە چیرۆکی ئادەمدا، حاڵەتەکەی ئیبلیس و یاخیبوونێتی لە خودا و دژ
بە ئادەم، ئەمە لەو سەرسوڕهێنەرانەیە کە لە بیری مرۆڤدا خولی خواردوەتەوە لە وێناکردنی
مەحاڵدا. ئیبلیس پاش ئەوەی لەعنەتی لێ کراو لە بەهەشت دەرکرا، هەڵچوونی دانەمرکایەوە
و ئارامی نەگرت و نەسرەوت، بەڵکوو شێلگیر بوو لە تۆڵەکردنەوە و شڵەژاندنی خەلقی خودا و،
چاوەڕیی خودای کرد بۆ ڕۆژی سەڵا بۆ ئەوەی تۆڵە لە ئادەم و وەچەکانی بکاتەوە و چەواشەیان
بکات و فریویان بدات، وەک چۆن یاریچی لە تۆپی پێدا مانۆڕ دەکات کە ویستی یارییان پێ بکات،
و وەک ئەشکەنجەدەران لە ئاست دزدا چی دەکەن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، خودا کتوپڕ و بێ
قەید و مەرج ڕازی بوو بەوەی ویستی و وەك چۆن چاوەڕێی کرد، وەک لە قورئاندا هاتوە دەڵێت:
{قَاڵ أَنْظِرْنِي إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ (14) قَاڵ إِنَّكَ مِنَ الْمُنْظَرِينَ} [الأعراف: 14، 15]. واتە: وتی تا ڕۆژی
قیامەت مۆڵەتم بدە، وتی تۆ لەماوە پێدراوەکانی. لەوێدا هەڵچوو، گەرم بوو، بەرانبەر خودا
وەستا و دەیشریقاند و دەیناراند {وَقَاڵ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَفْرُوضًا (118) وَلَأُضِلَّنَّهُمْ
وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ آذَانَ الْأَنْعَامِ وَلَآمُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللَّهِ} [النساء: 118، 119]،
واتە: خودا بەنەعلەتی کردووە و ئەویش لە وەڵامدا وتویەتی: شەرتە لە کۆیلەکانی تۆ بەشێك
بۆ خۆم گلبدەمەوە. ئادەم هیچ گومانێکی نەبوو، هیچ تاوانێکی دژ بە ئیبلیس نەکردبوو و، بەڵکوو
خودا بوو کە فەرمانی پێ کرد، کە سوجدەی بۆ بەرێت و ئیبلیس لەو ڕۆژەوە حەشر بە خەلقی
خودا دەکات و گەندەڵی لە سەر زەوی بڵاو دەکاتەوە، بە بەرچاو و گوێی خوداوە. تەنانەت کەس
لە شەڕخوازی و فریودانی و چەواشەکاری ئەو ڕزگاری نەبوە، جگە لە دانە یەک لە
ئادەمیزاد وەک دەڵێت: {لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إِلَّا قَلِيلًا} [الإسراو: 62]. واتە: ئەوەی لە وەچەکانی هیچ
وەدەر نەکەوێت جگە لە کەمێك نەبێت. فریشتەکان بۆ ڕێزلێنان نەبێت بۆ هیچی تر فەرمانیان پێ
نەکرابوو سوجدە بۆ ئادەم ببەن، بریا ئەم ڕێزلێنانەی نەبوایە کە ناگات بە شتێکی زۆر بچوکی
ئەو بێڕێزییەی کە خۆی و وەچەکانی بە دەست ئیبلیس و شەیتانەکانی وەچەیەوە تا ڕۆژی
سەڵا دەیچێژن، ئەو ڕێزلێنانەی لە کاتێکی کەمدا بە سوجدەبردنێک لێی نرا، نرخەکەی هیلاکی
.و زیلەتی هەتاهەتایی بوو نەک تەنها بۆ خۆی بەڵکوو بۆ وەچەکانیشی تا ڕۆژی سەڵا
ئەگەر ئەمە سەرسوڕهێنەر بێت، لەمە سەرسوڕهێنەرتر هۆکارەکەیەتی، ئەمەیش لە سورەتی
(السبأ)دا هاتوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەڵێت: {وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَيْهِمْ إِبْلِيسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِيقًا
مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (20) وَمَا كَانَ لَهُ عَلَيْهِمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَنْ يُؤْمِنُ بِالْآخِرَةِ مِمَّنْ هُوَ مِنْهَا

فِی شَكٍّ وَرَبُّكَ عَلَی كُلِّ شَیْءٍ حَفِیظٌ} [سبأ: 20، 21]. واته: شەیتان کە گومانی سەبارەت بەوان وەراست گەڕا، شوێنی کەوتن، هەر دەستەیەك لە باوەڕدارەکانیان مانەوە. شەیتان نەیدەتوانی بەسەریاندا زاڵ بێت، تەنیا بۆ زانین کێ بڕوای بە قیامەت هەیە و کێش لەواندا لێی دوودڵە. پەروەندەت لە هەموو شت چاودێرە. واتە زاڵبوونی ئیبلیس بە سەریاندا بە فریودان و دڵەڕاوکێ، ئەمەش جگە لەوە نەبێت کە مەبەست لێی ئەوە بوویێت خودا بزانێت کێ باوەڕ بە ئاخیرەت دەکات و کێ گومانی لێ دەکات، هیچی تر نەبوو.

هەزاران سەدەیە بە سەر ئادەم و وەچەکانیدا تێپەڕیوە، خودا هەزاران پەیامهێن و نێرراوی بۆ ناردوون و ئایەت و پەرجووی وای بۆ هێناون کە عەقڵ سەرسام دەکات و مرۆڤ ڕووگیر دەکات، فریشتەکانی لە ئاسمانەوە بۆ دابەزاندن، پەیمانی بەهەشت و فیردەوسی دا بەوانەی باوەڕیان پێ دەهێنن کە حوریەت و غوڵمانی تێدایە و هەڕەشەی لەوانە کرد کە باوەڕ ناکەن، چارەنووسیان دۆزەخێک دەبێت کە ئاگر و زوخاوی وای تێدایە و چەندین ئومەت و نەتەوەی لەبەر خاتری ئەوان بە باوبۆران لە ناو برد، شارەکانیانی تێک دا و سەروژێری کردن، سوریێژەی بۆ ناردن و داڕژا بە سەریاندا و هاواری بەسەرداکردن. زەویگیرانی دروست کرد و هەندێکیانی کرد بە مەیموون و بەراز، گوێڕایەڵ نەبوون ڕێگەی ڕاستیان نەگرتە بەر و ئایەتەکان ڕێی ڕووناک و ڕاستی پیشان نەدان، پەیمانی چاکە هیچ کاریگەریی نەبوو، هەڕەشەیش نەیترساندن، بەڵکوو زۆرینەیان دوای ئیبلیس کەوتن و لەگەڵیدا ڕۆچوونە دونیای بێباوەڕی و وێڵی و چەواشەکارییەوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، دەبینین ئیبلیسی بە سەردا زاڵ کردوون، بۆچی؟ بۆ ئەوەی بزانێت کێ باوەڕی بە ئاخیرەت هەیە و کێ گومانی لێی هەیە. ئایا نەدەبوو خودا پێچەوانەی ئەمەی تاقی بکردایەتەوە و ئەم بەڵایەی لە کۆڵ بکردنایەتەوە و نەیهێشتایە ئیبلیس فریویان بدات و لە ڕێگە وەدەریان بنێت، تەنانەت ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێت، دەکرا بەوەیش ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی سەڵا و ئاخیرەت زیاتر بوایە و گومانکەران کەمتربایەوە، لەوێیشدا ئیبلیس بوە هۆکاری زۆربوونی گومانکەران و کەمبوونی باوەڕداران: {وَلَقَدْ صَدَّقَ عَلَیْهِمْ إِبْلِیسُ ظَنَّهُ فَاتَّبَعُوهُ إِلَّا فَرِیقًا مِنَ الْمُؤْمِنِینَ} [سبأ: 20]، واتە: واتاکەی پێشتر نوسرا. ئای لەو سوجدەی ڕێزلێنانە کە ئەم هەموو ئازار و مەینەتییەی بە سەر ئادەم و وەچەکانیدا هێنا! ئینجا و دوایی بۆ ئیبلیس بوە لەعنەت لێ کردن و دەرکردن لە بەهەشت، خودا یارمەتیی(ابو نؤاس) بدات کە دەڵێت بۆ سوجدەیەك لە ئادەمی تێك دا:

وصَارَ قَوّاداً لِذُرّيتِهْ تاهَ عَلى ىٓدَمَ فى سجْدَہٍ

بەواتای: شەیتان بوو بە پەندێك بۆ نەوەکانی خۆی، بۆ کرنوشێك بۆ ئادەم لە خۆیی تێکدا.

چیرۆکی ئادەم، وەک ئەوەی ئێمە دەیبینین

ئەمە چیرۆکی ئادەمە لەگەڵ ئیبلیسدا، بە کۆکراوەیی و کورتی وەرمان گرتوە، ئەگەر بە وردەکاری باسمان بکردایە درێژەی دەکێشا. لە بنەڕەتدا لە خورافەکانی بەنی ئیسرائیلە، لە تەوراتدا هاتوە. لەوێوە وەرگیراوە و بە دەستکارییەوە لە قورئاندا باس کراوە، مەبەست لەو دەستکارییە ئەوە بوە بە و ئامانج و نیشانەیەی باسی بکات کە لەگەڵ قورئاندا بگونجێت. ئەوەی دەیبینین کە لەمەدا ویستراوە حەقیقەت نەبوە و بەڵکوو هیچ حەقیقەتێکی تێدا نییە، تەنیا بۆ وێناکردنی ئەوە بوە کە خودا چەند توانا و قودرەتی گەورەیە و دەسەڵاتی لە ناوبەر و حکومی ڕەهایی هەیە و ئەو باڵایە و لە سەر ڕەفتارەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت. ئەوەی دەیەوێت بەرزی دەکاتەوە و ئەوەیشی بیەوێت لە ئەرزی دەدات. فەرمان بە چاکەخواز دەکات سوجدە بۆ چاکە کار بکات بۆ ئەوەی ڕێزی لێ بگرێت، ئەو لە موڵکی فراوانی مەزنی خۆیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان هاتنی خەلق و دروستبوونی چاکەخوازان لە باوەڕدارانی دیاردا لەگەڵ گەندەڵکارانی خوێنڕێژدا لای ئەو نییە، ئەو کردگاری هۆکار و هۆکار دروستکەرە و چاکە لەوەوەیە کە سومبولەکەی فریشتە مەعسوومەکانە و خراپەیش لای ئەوە سومبولەکەی شەیتانە لەعنەتلێکراوەکانە، ئەگەر بیەوێت ڕێز لە یەکێک لە کۆیلە گەندەڵەکانی بگرێت فەرمان دەکات فریشتە خوداپەرستەکانی سوجدەی بۆ بەرن و لە بەهەشتدا نیشتەجێی دەکات، کە نموونەی باڵای بەختەوەری مرۆڤە، ئەگەر بیەوێت یەکێک لە خوداپەرستە مەعسوومەکان پان دەکاتەوە و لە ناوی دەبات و لەعنەتی لێ دەکات، هیچ بوونێک جگە لەو نییە و پەرستکار و نەپەرستراو بە دەر لەو نابێت، ئەمەیە ناوەخنی مەبەست و ئامانج لە هەموو چیرۆکی خەلقکردنی ئادەم و مەبەست حەقیقەتەکەی نییە، ئەمە وێناکردن و نواندن و سیمبول و ئاماژەپێدانە، بە شێوەیەک کە عەقڵی زۆرینەی خەڵک بە گشتی درکی پێ بکات، ئەگەر نا نە

ئادەم نە حەوا نە فریشتە و نە سجوود لە ئارادا نەبوە و نە بەهەشت نە ئیبلیس بوونی نییە، خودا شێخی گەورە بەرز بکاتەوە کە دەڵێت.
وعقـلی فيك منهوس جحودى لك تقديس
وما فی الكون ابليس فمـــــــا ئدم الاك
بە واتای: ئاوەزم لە تۆ تێکشکێنراوە و ناحەقیم پێکردنت پیرۆزە، لە کەوندا ئیبلیس نیە و جگە لە تۆ ئادەمیش نیە.

چیرۆکی عیسای کوڕی مەریەم
دەشێت بگوترێت چیرۆکی مریەم دایکی عیسا، لەبەر ئەوەی چیرۆکەکە پەیوەستە بە دایک و کوڕەکەیەوە، دەکرێت بخرێتە سەر دایک و سەر کوڕەکەیشی، مەبەست لە باسکردنی لە قوڕئاندا بۆ پشتگیریی ڕاستگۆیی بانگەشەی ئیسلامە، کە داوای یەکتاپەرستیی خودا دەکات و وەڵامی نەسرانییەکان دەداتەوە، کە دەڵێن مەسیح کوڕی خودایە، بۆیە چیرۆکەکە باسی چۆنێتی دووگیانبوونی مریەم بە عیساوە بە بێ باوک و چۆن لە دایک بوە دەکات، وەک لە سورەتی (مريم) لە قورئاندا باس کراوە. قورئان لە سورەتی (الإخلاص)دا وا وەسفی خودا دەکات کە کەس لەو نەبوە و ئەویش لە هیچ نەزاوە، ئیدیعای نەسرانییەکان بەوەی مەسیح کوڕی ئەو نییە، بۆیە ئەم قسانەی نەسرانییەکانی ڕەت کردەوە، وەک چۆن قسەی بێباوەڕەکانی قوڕەیشی ڕەت کردەوە، کە دەیانگوت فریشتەکان کچانی خودان و دەبێت ئەم قسەیە ڕەت بکاتەوە و پوچەڵی بکاتەوە.
ئەوەی دیارە کە محەمەد نەسرانییەکانی لە بارەی ئەوەی مەسیحیان بە کوڕی خودا داناوە، لەبەر ئەوە بوە بە بێ باوک لە دایک بوە و گەورە بوە، بۆیە وایان داناوە خودا باوکی بێت و ئەویش کوڕی خودا بێت. لە وەڵامی محەمەد کە دواتر باسی دەکەین بەو واتایە دێت کە لە پشتی خودا بێت وەک کوڕێک چۆن لە پشتی دایکییەوە دەبێت، ئەگەر ئەمە پوچەڵ بێت ئەوا کوڕ بوونی بۆ خودا پوچەڵە.

(88)
چۆن مریەم دووگیان بوو بە مەسیحەوە
لە سورەتی (مريم)دا هاتوە: {وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انْتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا (16) فَاتَّخَذَتْ مِنْ دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا} [مريم: 16، 17] واتە: لەم کتێبە باسی مەریەمیش بێتەگۆڕین؛ کاتی دوور لەکەس وکاری، شوێنی رۆژهەڵاتی بۆ خۆی هەڵبژارد. لەنێوان خۆی و ئەماندا پەردەیەکی راهەنگاوت، ئیمە رۆحی خۆمان بۆ نارد ؛ کەسیکی تەواوی هاتە بەرچاو. ئەوەی لە ڕوحدا مەبەست بێت لەم ئایەتەدا فریشتەیە واتە جبریل، شیکەرەوان دەڵێن: لە کاتی خۆشۆردندا بۆ خۆ پاککردنەوە لە سوڕی مانگانە، فریشتەیەک لە وێنەی ئادەمیزادێکی گەنجێکی نورانی کۆسەی بێ مووی قژلوول، بە ئەخلاق و لە شێوەدا هیچی لە مرۆڤ تێیدا کەم نەبوە وەک لە (الكشاف)دا هاتوە. وا هاتوە: {قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَنِ مِنْكَ إِنْ كُنْتَ تَقِيًّا (18) قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا (19) قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (20) قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَقْضِيًّا (21) فَحَمَلَتْهُ فَانْتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا} [مريم: 18 - 22]. واتە: وتی من پەنا دەبەمە بەر خودا لە دەستی تۆ ئەگەر تۆخۆپارێز بیت.ئەو گوتی: من لەپەروەندەی تۆوە راسپێردراوم منداڵکی پاك و خاوێنت پیببەخشم. ئەو وتی: چۆن منداڵم دەبێت کە هیچ کەسێك لە پێشدا منی بەدەست نەگرتووە و هەرگیز داوێن تریشم نەکردووە. وتی: فەرمان هەر ئەمەیە و پەروەندەی تۆ و تۆیە و ئەوە لا یمن ئاسانە . شیکەرەوان لە ئیبن عەباسەوە وەریان گرتوە دەڵێن: کە دڵنیا بوو لێی ئەویش لێی نزیک بوەوە و، فووی کردە گیرفانی سوخمەکەی و فوەکە گەییشتە زگی و لێی دووگیان بوو.
ئەمە چیرۆکی دووگیانبوونی مریەمە بە عیسا، وەک لە قورئاندا هاتوە، وەک وەڵامێک بۆ قسەکانی نەسرانییەکان کە گوتیان مەسیح کوڕی خودایە، ئەوەی باسمان کرد لەو چیرۆکە پەیوەستە بە دووگیانبوونی مریەم و باسی دوای ئەوەمان نەکردوە کە پەیوەستە بە لەدایکبوونی عیسا و ئەوەی دوای ئەو دێت. قورئان ئەم وەڵامەی بە دەربڕینێکی تری جوانکاری

دووبارە کردوەتەوە، وەک لە سورەتی (النساو)دا هاتوە: {إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ ڕسُولُ اللَّهِ ۆكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ ۆرُوحٌ مِنْهُ فَیٔمِنُوا بِاللَّهِ ۆرُسُلِهِ ۆلَا تَقُولُوا پَلَاپَةٌ انْتَهُوا خَيْرًا لَكُمْ إِنَّمَا اللَّهُ إِلَهٌ ۆاحِدٌ سُبْحَانَهُ أَنْ يَكُونَ لَهُ ۆلَدٌ} [النساو: 171] ئەوەی جێگەی ئەوەیە ئاگادار بێت لە وەڵامی یەکەم گوتی: {فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا ڕوحَنَا} [مريم: 17]، واتە: ئیمە روحی خۆمان بۆنارد.
دەڵێت: {ۆكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ ۆرُوحٌ مِنْهُ} [النساء: 171]، واتە: قسەم لەگەڵدا کردن و ئەو خستیە لای مریەم و روحی لەو بوو. واتە مەسیح بە خۆی قسەی خودا و ڕوحێکە لەو، {كَلِمَه الله ۆرُوحٌ مِنْهُ} [النساو: 171]واتە: خودا و روحی خۆی قسەی لەگەڵدا کرد لە سورەتی (ئێل عمران)دا وەڵامی سێیەم هەیە دەڵێت: {إِنَّ مَپَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَپَلِ ئێدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ پُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ (59) الْحَقُّ مِنْ ڕبِّكَ فَلَا تَكُنْ مِنَ الْمُمْتَرِينَ} [ئێل عمران: 59، 60].واتە: ئەفراندنی عیسا بەهەمان شێوەی ئادەم لە خاك دروستی کرد و پشان پیی وت ببە بە ئادەم و ئەویش بوو، حەق لای پەروەندەت دایە و خۆت لەر یز دڵ بەگومانە دەربهێنە.
با تەماشای ئەم وەڵامانە بکەین، یەک لە دوای یەک، ئەمەیش بۆ ئەوەیە ویستویەتی قسەی نەسرانییەکان کە گوتیان مەسیح کوڕی خودایە پوچەڵ بکاتەوە، دەڵێین: ڕەتکردنەوەی یەکەم پوچەڵی ناکاتەوە، جگە لەوەی ئەگەر کوڕ بەوە بزانرێت لە پشتی باوکییەوە هاتوە وەک تۆوێک بۆ منداڵدانی دایکی، لەبەر ئەوەی لە ناوەڕۆکی ئەم وەڵامەدا پێیان دەڵێت مەسیح بە بێ باوک لە دایک بوە وەک دەڵێن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە خودا باوکی بێت، واتە مەرج نییە لە پشتی خوداوە هاتبێت، بەڵکوو لە دایکبوونەکەی بێ باوکە و بە هۆی فریشتەوە بوە، کە خودا بۆ مریەمی ناردوە و فووی لە ڕووحی خودای تێ کردوە و مریەمیش پێی گەییشتوە، ئەو کوڕی خودا نییە. لە نەسرانییەکانیش هەیە وەڵامی ئەمە دەداتەوە؛ ئێمە مەبەستمان نییە مەسیح کوڕی خودا بێت و لە پشتییەوە دروست کرا بێت، وەک منداڵی بەشەر لە تۆوی پشتی باوکییەوە بێت، بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە کە بە بێ باوک خەلق کرابێت، وەک لە دەرەوەی نەریتی ژیان، وەک تۆ لە وەڵامەکەتدا دەڵێیت، کوڕێتی بەم شێوەیە ڕاست دەردەچێت، لەبەر ئەوەی بوە و لەگەڵ ئەوەدا یەکترپ نابێت، کە خودا لە هیچ کەس نەزاوە و کەسیش لەو نەبوە، بۆچی بۆ خودا نەبێت کەسێک بە جوانی دروست نەکات بە بێ باوک بەو شێوەی دوور لە نەریتە باوەکە بێت، بۆ ئەوەی وەک کوڕێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات، وەک چۆن ئیبراهیم خەلیلی هێنا، بەڵکوو خەلیل لە مەسیحی کوڕی زۆر لە خوداوە دوورترە، لەبەر ئەوەی لەوێدا جگە لە ڕکابەر هیچ شتێک نابێت بۆ خەلیل بە پێچەوانەی مەسیحی کوڕەوە، کە لە باوک بچوکترە لە تەمەن و لە پلەیشدا، هیچ نامۆ نییە لەوەی بە کەسێک لە خۆت بچوکتر یان خزمەتکارەکەت بڵێیت: کوڕم، نەڵێیت ئەی خۆشەویستم جگە لەوەی هاوشان و هاوشێوە و ڕکابەرت بێت، ئەگەر بۆ ئیبراهیم بشێت خەلیل یان هاوشێوە بۆ خۆی دابنێت، هەروەها دەشێت مەسیح بە کوڕ بزانرێت، بەتایبەتی ئەگەر مەسیح وەک قورئان دەڵێت بێ باوک و بێ دایک بوە، وەک کارێکی دژە باو و دژ بە زانست. کوڕیش بە ڕەهایی مەرج نییە لە پشتی باوکییەوە هاتبێت، پێغەمبەر محەمەد زەیدی کوڕی حارسەی وەک کوڕی خۆی برد و بەخێوی کرد، بێ ئەوەی لە پشتی خۆی بێت و، بە زەیدی کوڕی محەمەد ناو دەبرا. بەڵێ، ئەم وەڵامە ڕاستە ئەگەر بۆ ڕەتکردنەوەی قسەی یەهوود بێت کە دەڵێن مەسیح کوڕی ناشەرعییە واتە کوڕی زینایە، بەڵام بۆ ڕەتکردنەوەی قسەی نەسرانییەکان بەوەی کوڕی خودایە نەک وەک ئەو واتایەی زانراوە بەڵکوو بە واتاکەی تر ڕاست دەردەچێت، کەچی وەڵامی دوەم زۆر سەرسوڕهێنەرە، لەبەر ئەوەی پڕیاری عەقیدەی سێ لایەنی دەدا بە هەمان قسەی نەسرانی باوک و کوڕ و ڕوحی پیرۆز، جگە لەوەی ئەوەی لە سەر زیاد کرد، کە مەسیح پێغەمبەری خودایە، نەسرانییەکان مەبەستیان لە باوک خودایە و لە کوڕ مەسیحە و لە ڕۆحی پیرۆز جبرائیلە یان شتێکی ترە کە خۆیان دەیزانن، هەروەها ئەو ئایەتەی بۆ وەڵامدانەوەیان دابەزیوە دەڵێت: مەسیح قسەی خودایە و ڕۆحێکە لەوەوە، جگە لەوەی کوڕ لەوێدا بە وشەی خودا دەگوترێت، بە ڕۆحی پیرۆز کە ڕوحێکە لەوەوە، خودا و قسە و ڕۆحی سێیانەیە، چۆن پێیان دەڵێت: (ولا تقولوا ثلاثة) و لەگەڵ ئەوەیشدا کردنی بە سێ، لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر ئێمە مەسیح پێغەمبەری خودامان خستەسەر، وەک لە ئایەتەکەدا دەڵێت، عەقیدەی سێیانەمان کرد بە چوارینە و ئاوازێکی ترمان بۆ تەنبوورەکە زیاد کرد.
محەمەد بەم وەڵامەی داوای لە نەسرانییەکان کردوە کە تەنها لەفزکردنەکە وەلا بنێن، کە دەڵێن مەسیح کوڕی خودایە یان بە وتەی سێیانەیان بۆ ئەوەی ئەم عەقیدەی سێیانەیان واز لێ

بهێنن و بیگۆڕن و ئاڵوگۆڕی بکەن، ئەوەی سەرسوڕهێنەرە، نەسرانییەکان ئەم قسەیەی قورئان قبوڵ ناکەن کە پشتگیری لە عەقیدەکەیان دەکات بە هەموو شێوەیەک، چی زەرەرێکیان لێ دەدات ئەگەر بڵێن مەسیح پێغەمبەری خودایشە لەگەڵ ئەوەی قسەی خودا و ڕۆحی خودایە.
ساڵی ١٩٢١ز لە قودس بووم، هاوڕێیەکی مەسیحیم هەبوو لەوێ ناوی (نەخلەی ڕزێق) بوو مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە یەکێک لە کۆلێجەکانی قودس، لە عەرەبیشدا ئەدیبێکی چاک بوو، هاتوچۆمان لە بەیندا بوو. وا ڕێکەوت کە ڕۆژێک بە یەکەوە بووین زۆر قسەمان کرد و قسەکانی لە سەر مەسیح بوون، ئەم هاوڕێیەم لەسەر ئایینەکەی ڕۆ چووبوە باوەڕدارییەوە. پێم گوت: ئێمەی موسوڵمان ئەوەی لە سەر مەسیح دەیڵێین کە ئێوە دەیڵێن، جگە لەوەی ئێمە لە ئێوە زیاتری دەکەین و دەڵێین پێغەمبەری خودایە و ئەم ئایەتەم بۆ خوێندەوە: {إِنَّمَا الْمَسِيحُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ} [النساو: 171]، واتە: مەسیحی عیسا کوڕی مریەم پێغەمبەری خودایە و قسەکانی بۆ مریەم بوو و روحی لەوەوەیە.تەماشای کردم و بە سەرسوڕمانەوە سەری لەقاند و نقەی لێ دەرنەچوو. پێم گوت: موسوڵمان مەسیحییە بە زیادەوە، وا نییە مامۆستا؟
هاوڕێکەم لەوانە بوو کە لەو شتانەی دەکێشا، قوتویەکی لە گیرفانی دەکرد و بە پەنجەی شتێکی لێ دەکرد و لووتی لێ پڕ کرد و تەماشای کردم گوتی: بەڵام ئێوە لە خاچدانەکەی ڕەت دەکەنەوە، یەکسەر پێم گوت: ئەوە مەزنکردنی مەسیح نییە زیاتر بۆ جێگیرکردنیەتی؟ دەستەسڕێکی دەرهێنا و لووتی سڕی و حەپەسا و واقی وڕما، وەک ئەوەی لە بیرکردنەوەدا بێت و سەری هەڵبڕی و گوتی: پڕۆ، گوتم: ئەی مامۆستا گوتیان لە هەر ئازار و کزانەوەیەکدا تەماحێک هەیە، بە هەڵچوونەوە هات بەرەو لام و گوتی: ئەوە ئینکاریی ئەوە ناکەم کە ڕەتکردنەوەی لە خاچدانەکەی مەزنکردنی مەسیحە، بەڵام مەسەلەکە مەزنکردن نییە، گوتم: ئەی چییە؟ گوتی: ئێمە لەو باوەڕەداین کە مەسیح خۆی کردە قوربانی لەو هەوڵەیدا، ئەمە بناغەی ئایینەکەی ئێمەیە. ئەگەر لەخاچدانیش نەبێت.. هەر دوو دەستی بە سەرسوڕمانەوە کردەوە و هیچی نەگوت. لە سەر ڕەتکردنەوەی لەخاچدان لە سەر مەسیح و بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان لە قورئاندا، دواتر قسە دەکەین.
بەڵام وەڵامی سێیەم، ئەمەیش ئەوەی وەڵامی یەکەم لە خۆ دەگرێت، بەڵام بە ڕێگەی پێوانە، ئەو دەیەوێت پێتان بڵێت کە وا فەرز دەکات ئەگەر مەسیح بە بێ باوک خەڵق کرابێت، کە وا بێت کوڕی خودایە، نابینن ئادەم بە ڕێکەوت بێ باوک و دایک خەلق کراوە و کوڕی خودایش نییە، گوتمان ئەمە بۆ وەڵامدانەوەی نەسرانییەکان ڕاست نییە، ئەگەر بڵێن کوڕێتی مەسیح ئەوە بێت، کە مەبەستیان لە پشتی باوکی هاتبێت، نەسرانییەکان ئەمە ناڵێن و ئیدعایشی ناکەن، بەڵێ ئەگەر وەک وەڵامێک بۆ یەهوود بە کار بێت ڕاستە، چونکە جنێوی زیناکردنیان خستە پاڵ مریەم.
ئینجا ئەم پێوانەیە ڕێی تێدەچیت لەبەر ئەوەی پێوانەکردنە لەگەڵ جیاوازیدا، چیرۆکی خەڵقی ئادەم بۆ ئەوە هێنراوەتەوە ئەوە دەربخرێت کە خودا توانای خەڵقکردنی مرۆڤی بە بێ بوونی دایک و باوک هەیە، بە قودرەتی لە ئاسایی بە دەر، بەڵام مەسیحی بەو شێوەیە خەڵق نەکردوە، گومانکەرێک لەوانەیە گومان لەوە بکات، خەڵقکردنی مەسیح بە بێ باوک ئاسانترە بۆ قودرەتی خودایی لە خەڵقکردنی ئادەم بێ دایک و باوک، خەڵقکردنی ئادەم لە خەڵقکردنی مەسیح سەرسوڕهێنەرترە، بەڵام ئەگەر بە جوانی تێڕامان بکەین، حەقیقەت بە پێچەوانەی ئەوەیە، لەبەر ئەوەی خەلقکردنی ئادەم بێ دایک و باوک ئەو واتایە دەگەیەنێت کە لە بنەڕەتدا لە دروستبوون و پەرەسەندن لە میکرۆبی ژیانی یەکەم "مەبەستی پرۆتۆپلازم و خانەی یەکەمە ـ وـ" دروست بوە، کە بە بێ باوک و دایک خەڵق کراوە، لە قۆناغە کۆنەکانی بنیاتنانی ژیان وەک زانایان لە سەر تیۆری ژیانی یەکەم باسی دەکەن، کە زەوی لە هەندێک لە قۆناغە کۆنەکانی ئامادەساز بوە بۆ لەدایکبوونی ژیان بێ کۆبوونەوەی نێر و مێ، واتە بێ باوک و بێ دایک، ئینجا ئەو قۆناغە ڕۆیشتوە و نەماوە و، ئێستا ژیان لە سەر زەوی دروست نابێت لە نێر و مێ نەبێت، تەنانەت ئەو ژیانەی کە لە ساکارترین خول و قۆناغی خۆیدا بێت، وەک ژیانی ڤایرۆس و مایکرۆبەکان.
خەڵقکردنی ئادەم بێ باوک و بێ دایک، دەبێت لە سەر ئەم بۆچوونە شیکردنەوەی بۆ بکەیت و دەری بخەیت، بەڵام خەڵقکردنی مەسیح نابێت، لەبەر ئەوەی لە قۆناغێکدا خەڵق بوە کە ژیان لە سەر زەوی بە بێ نێر و مێ دروست نەبوە، بە تایبەتی ژیانی مرۆڤ کە باڵاترین و

پەرەسەندترین زیندەوەرە کە ژیان پێی ڕاگەییشتبێت و قۆناغەکانی تری دروستبوون و پەرەسەندنی تێپەڕاندبێت، مەسیح بەو شێوە خەڵق بوە کە لە ڕووی زانستییەوە مەحاڵە بەو شێوەیە خەڵق کرابێت و وەک خەڵقکردنی ئادەم نییە، کە ئەو لەوانەیە بۆ بناغە و بنەڕەت و پرنسیپێکی زانستی بیگەڕێنیتەوە وەک پێشتر باسمان کرد، پێوانەکردن و بەراوردکردنی خەڵقی مەسیح بە خەڵقکردنی ئادەم ڕاست نییە. ئینجا وا لە قورئاندا هاتوە کە خەڵقی مەسیح بەو شێوەیە نابێت بەو شێوەیەی قورئان باسی کردوە، لە سورەتی (المؤمنون) دا هاتوە دەڵێت: {وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنْسَانَ مِنْ سُلَالَةٍ مِنْ طِينٍ (12) ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَكِينٍ} [المؤمنون: 12، 13] واتە: مرۆڤی لە قوری خۆشکراو دروست کرد و ئەوسا کردیە تنۆکێکی تۆو لە بنکەیەکی پتەودا. ئەوەی لە (الإنسان) لە ئایەتەکەدا مەبەست ئادەمە کە لە قور بە بێ دایک و باوک خەڵق کراوە، ئاوەڵفرمان لە (ثم جعلناه) بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە بەڵام نەک بە واتای ئادەم بەڵکوو بە واتا گشتییەکەی کە وەچەکانی ئادەمیش لە خۆ دەگرێت. لەو دەربڕینەدا جۆرێک لە بەکارهێنانی واتای تێدایە وەک زەمەخشەری باسی دەکات کە ئەو جەوهەری مرۆڤی یەکەم جار لە قور دروست کردوە، ئینجا جەوهەرەکەی کردوە بە تۆو لە شوێنێکی قایم واتە لە منداڵدان دا دای ناوە و دروستی کردوە. واتای ئایەتەکە ڕاشکاوانەیە لەوەی مرۆڤ پاش خەڵقکردنی ئادەم لە تۆو و هێلکە "واتە هێلکەی پیتراو" لە منداڵداندا نەبێت نابێت، ئەمەیش بە هەموو شێوەیەک لەگەڵ خەڵقکردنی مەسیح دا نایەتەوە.

لە خاچدانی مەسیح و بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان

لە تەواوکاریی چیرۆکەکەی عیسا کە یەهوود و نەسرانییەکان دانی پێدا دەنێن لە خاچدانیدا و، ئەوەی نەسرانی و موسوڵمانان ئیدیعای دەکەن لە بەرکردنەوەی بۆ ئاسمان، نەسرانییەکان دەڵێن لە خاچدان و بەرزکردنەوە پێکەوە و، یەهوود دەڵێت لە خاچ دراوە بێ ئەوەی بەرز کرابێتەوە، موسوڵمانان بە پێچەوانەی یەهوود دەڵێن بەرز کراوەتەوە بە بێ لەخاچدان، بێگومان لە خاچدان لە ڕاستیدا ئازارێکی بەسوێیە و موسیبەتێکە شەڕانگێزی مرۆڤەکان دای هێناوە، جێبەجێکردنی لە لایەن یاخیبوانی ستەمکارەوە بەرانبەر کەسایەتییەکی پیرۆزی ناسراو بە کوری خودا، دژ بە پیرۆزی و ڕەتکردنەوەیەتی لە ڕێز دابەزاندن و لە پێگە و پایەی باڵا و پیرۆزدانانێتی، بۆیە دەبوایە یەکەم کەس لە خاچدانی ڕەت بکاتەوە نەسرانییە پاشکەوتوەکانی بن کە باوەڕیان پێیەتی و بە هەموو شێوەیەک بە پیرۆزی دادەنێن، بەڵام ئێمە وا دەبینین نەسرانییەکان دەڵێن لە خاچ دراوە، دەبێت پەند لە ڕاستیی ڕوودانی بۆ قسەی ئەوان بێت نەک خەڵکی تر، هیچ لە داب و نەریتی خەڵکدا نییە کە پاشکەوتوانی بڵێن لە خاچ دراوە و وا نەبێت. بەڵێ لەوانەیە یەهوود درۆ بکات لە ئیدیعاکردنیان بەوەی لە خاچ دراوە لەبەر ئەوەی دوژمنی بوون و پیرۆزبوونیان ڕەت کردوەتەوە، لەوانەوە دوور نییە ئەم قسەی لە خاچدانە ئەگەر وایش نەبێت، نابێت نەسرانییەکان وا بن، دابەکە وا فەرز دەکات کە لە خاچدان ڕەت بکەنەوە ئەگەر ڕوویشیدا بێت، وەک چۆن دواکەوتوانی (الحاكم بأمره) لە میسر بە کوشتنی و مردنی ئیدیعای ئەوە دەکەن کە زیندوە و شارراوەتەوە و دەبێت بگەڕێتەوە، کەچی کوشتنی ئەم (الحاكم بأمره) بە بێ هیچ گومانێک ڕووی داوە، وەک چۆن شیعە کوشتنی ساحبی زەمان "محەمەدی مەهدی" ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن دیار نەماوە و دەبێت ڕۆژێک دەربکەوێتەوە. کورتییەکەی قسەی نەسرانییەکان قسەی جێگیرە و پشتی پێ دەبەسترێت لە ڕاستیی لە خاچدانی مەسیح دوور لە هەر کەسێکی تر لە جیهاندا.

(89)

جیاوازیی نێوان قسەی یەهوود و قسەی نەسرانی

لەسەر لە خاچدانی مەسیح

ئەوەی زانراوە کە دوو تیم دان بە لە خاچدانی مەسیح دەنێن، یەهوود و نەسرانییەکان. لە نێوان ئەو دوو دانپێدانانەدا جیاوازییەکی گەورە و بۆشاییەکی فراوان هەیە، دانپێدانانی یەهوود لەو بارەوەیە کە داننانە بە تاوانەکە لەبەر ئەوەی ئەوان لە خاچیان داوە، ئەگەر خەڵکی بە دەر لەوان

لە خاچیشی دابێت، ئەمەیش لە بابەتی دانپێدانانە بە لە خاچدانی دوژمن بۆ دڵئاوخواردنەوە و پێخۆشبوون لەبەر ئەوەی دوژمنی بوون، بەڵام دانپێدانانی نەسرانیپەکان، دانپێدانانی باوەڕدارێکە کە مەسیح لە پێناو ئەودا هاتوە، لەبەر ئەوەی ئەوان دەڵێن بۆ ئەوە هاتوە خۆی بکات بە قوربانیی بەشەر، لەبەر ئەو هەڵەیەی کە باوکە ئادەمیان بە خواردنی بەری دارەکە کردوویەتی، کە خودا نەهیی لێ کرد و تووڕە بوو لێی، بەو هۆیەوە لە بەهەشتی ماڵی خۆشگوزەرانیی ڕەهاوە دەری کرد بۆ زەویی ماڵی هیلاکی بەردەوامیی هەمیشەیی، نەسرانییەکان خوداپەرستی بە هاتنی مەسیح بۆ ئەم ئامانجە دەکەن، بۆیە بە خۆفیداکەر نازناوی دەنێن.
لە نێوان دانپێدانانی ئەمان و یەهووددا جیاوازییەک هەیە کە لە ژیرێکی تێگەییشتوو ناشارێتەوە، نەزانینە بە ئایینی مەسیحی ئەگەر ڕێگە لە خەڵکەکەی بگریت و بڵێیت چۆن دەڵێن مەسیح کوڕی خودایە و ئێوە دەڵێن لە خاچ دراوە، وەک دەڵێت:

وإلى أی والــــــد نسبــــوه عجبـــاً للمسيح بين النصارى
أنّهم بعــــــد قتله صلبــــوه أسلموه إلى اليهود وقـــــــالوا
ساعه الصلب أين كان أبوه ليت شعرى وليتنى كنت أدرى

بە واتای: مەسیح لە نێو نەسرانێکاندا بۆ چی باوکێك گەڕاندەوە، کە بەخۆیان لە دوای کوشتنی لە خاجیاندا و رادەستی یەهودیان کردەوە و وتیان لەو کاتەی لە خاجدرا باوکی لەکوێ بوو، بریا بەخۆم شیعرەکەمەوە بمانزانیبا.

ئەم قسەیە جگە لە نەزان کەس نایکات، ئەگینا ئەوەی بناغەی دەرکەوتنی ئایینی مەسیحی بزانێت کە لە خاچدانی مەسیحە، بەڵکوو ئەوە مەبەست بوە بۆ خودا و بۆ خودی مەسیح، ئەوە چ واتایەکی هەیە بڵێت کاتی لە خاچدانی باوکی لە کوێ بوو.
بەڵام ئەوەی لە قورئاندا هاتوە لەگەڵ هەر دوو تیمی یەهوود و نەسرانییەکانیشدا جیاوازە، واتە لەگەڵ لایەنگران و دوژمنانی مەسیحیش جیاوازە، وەک لە سورەتی (النساو)دا هاتوە: {وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِنْ شُبِّهَ لَهُمْ} [النساو: 157] واتە: نەکوشتیان و نە لەخاچیشیان دا بەڵام وایان هاتە بەرچاو. واتە خودا شێوەی مەسیحی خستە سەر پیاوێک لە هاوەڵانی وەک هەندێک لە شیکەرەوان دەڵێن، یان لە سەر پیاوێکی دووڕووی یەهوودی وەک هەندێک دەڵێن، ئینجا یەهوودییەکان کوشتیان و لە خاچیان دا، وایان زانی کە مەسیحیان کوشتوە، ئەگەر وا بێت کوشتن و لەخاچدان دژ بە مەسیح نەبوە، بەڵکوو بۆ پیاوێکی هاوشێوەی ئەو بوە.
ئەوەی لە قسەی شیکەرەوان تێ دەگەین ئەوەیە، یەهوودییەکان مەسیحیان لە خاچ داوە، بەڵام مێژوونووسان بۆ ئەوە ڕۆیشتوون کە ئەوەی مەسیحی لە خاچ داوە حاکمی ڕۆمانی ئەو کاتە بوە، کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕۆمانی لە قودسی بە دەستەوە بوە، بەو پێیەی مەسیح لە فەرمانی دەوڵەت دەرچوە و داوای پاشایەتیی بۆ خۆی کردوە، بە پێی ڕاستی ئەم قسەیە بێت، بەهانەی هاوشێوەیی لە ڕەتکردنەوەی لەخاچدانەکەی مەسیح پاساوێکی لاواز و خەیاڵییە، لەبەر ئەوەی دوورە لەوەی حاکمی سیاسیی ڕۆمانی ئەوەی بە سەردا تێپەڕێت کە یەکێکی هاوشێوەی مەسیح لە جیاتیی ئەو لە خاچ بدات، هەر چەندە لە وێنە و سەروسیمایدا هاوشێوەی بێت. بەڵێ، ئەم پاساوە بەهێزتر دەبێت، ئەگەر لە خاچدانەکەی مەسیح یەهوود پێی هەڵسابێت، لەبەر ئەوەی بەو پێیە بێت بە هۆی شڵەژان و ئاژاوەی گشتییەوە بە ناوی ئایینەوە ئەم کارە ڕووی دابێت، لەم حاڵەتەیشدا سەرکێشی لە ناو خەڵکدا دەکاتە لوتکە، لەوانەیە هاوشێوەیەکی مەسیحیان بینیبێت و بردبێتیان و لە خاچیان دابێت، بێ ئەوەی لە سەر شێوەی ورد ببنەوە، لەبەر شڵەژان و سەرکێشیان.
ئەگەر هەر کەسێک لە خاچی دابێت، یەهوود بوویێت یان حاکمی ڕۆمانی، دەبێت کۆمەڵێک خەڵک خاچدانەکەی بینیبێت، واتە دوورە کە کەسێک لە نێو ئەو جەماوەرەدا نەبوویێت مەسیحی ڕاستەقینەی ناسیبێت، بۆ ئەوەی بەوانەی لە خاچی دەدەن بڵێت ئەوە هاوشێوەی مەسیحە و ئێوە بە هەڵەدا چوون و ئەمەی دەتانەوێت لە خاچی بدەن مەسیح نییە.
ئەوەی گومانی تێدا نییە کە مەسیح لە نادیار و خەڵکە نەناسراو و لاتەریك و شل و خاوەکاندا نەبوە و ناسراو بوە لە لای هەموو خەڵک لە هەواداران و دوژمنانیشی، بە هەڵەدا چووبن و خەڵکی تر بهێنن و بەوی بزانن، سەخت و دوورە لە ڕاستییەوە. لەگەڵ ئەوەی نەسرانییەکان دەڵێن خاچەکەیان بە سەر پشتی خۆی هەڵگرتوە و تاجێکیان لە دڕک خستوەتە سەر سەری و

به ناو شاردا سوریان پێ داوه و ئینجا له خاچیان داوه، بەم پێیه مەحاڵه هەڵەی تێدا بکەن و له هاوشێوەیەکی جیای نەکەنەوە. ئەگەر ئەم هەڵەیە ڕووی دا بێت، دەبوو هەندێک مێژوونووس باسی بکەن و هەندێک خەڵکی پێش هاتنی محەمەد لەو بارەوە قسەیان کردبێت، بەڵام پێنجسەت ساڵ بە سەر لە خاچدانی مەسیح ڕۆیشتبوو هیچ کەسێک ئەم قسەیەی نەکرد، تا محەمەد هاتوو ئەم باسەی کرد.
ئەوەی دەیبینن کە محەمەد وای دەزانی لە خاچدانی مەسیح لەگەڵ پلە و پێگەی بەرز و پیرۆزیدا نایەتەوە و لە خاچدانی خراپ لە سەر ڕێز و کەرامەتی دەکەوێت، ئەو زۆر پەرۆش بوە بۆ هێنانی خەڵک بۆ ڕیزی ئیسلام و بۆ ئەوەیش هەلی بۆ دروست دەکات و ئامرازی بۆ دادەهێنێت، بەوەیش ویستی نەسرانییەکان لایەنگر و هەواداری ئەو بن. بۆیە مەسیحی بە شێوەیەک مەزن کرد و وای دانا لەوە گەورەترە کە لە خاچ بدرێت و ئەوەی ڕەت کردەوە کە دەگوترێت بۆ ئاسمان بەرز کراوەتەوە، وای زانیوە بەو قسەیە نەسرانییەکان بۆ لای ئیسلام ڕادەکێشێت، ئەوەی بە سەردا تێپەڕیوە کە بە ڕەتکردنەوەی لە خاچدان، ئاینیەکەیانی لە بنەڕەتدا ڕووخاندوە، بەم شێوە قسەیەیش لە عەقیدەی ئەواندا بێباوەڕیە بە گەورەیی مەسیح، هەروەها محەمەد ئەم ڕێبازەی لە پێناو ڕاکێشانی بەنی ئیسرائیلە و لەگەڵ ئەوەیشدا ویستوویەتی ژیانیان دابین بکات، بە زۆری باسی ئەوانی کردوە لە قورئاندا و وەك سوارچاک و لە سەر زینێک سەری خستوون و چاکەیان لە سەر جیهان بوە و ئەوان لە ناو هەموو خەڵکدا لای خودا بەڕێز بوون، ئای کەوا نەبوە. پێغەمبەرانیانی وا مەزن و گەورە کردوە کە شایانی ئەوە نین و بەڵکوو ئەو شتەیان لە تەوراتەکەیشیاندا نەبینیوە. لە قورئاندا ناوی مووسا و خەڵکی تری بە پێغەمبەر ناو هێناوە، هەندێکیانی لە دووررووی دژ بە یەکدا کۆ کردوەتەوە وەک پێغەمبەرایەتی و پاشایەتی لە داود و سلێمانی کوری، کە کردنی بە پێغەمبەر و ئەوان جگە لە پاشایەك هیچی تر نەبوون. تەنانەت یەهوودەکان بە خۆیان ناڵێن پێغەمبەر بوون و سلێمانی وەک پاشایەك بە شێوەیەک باس کردوە کە عەقڵ و ئاوەز قبوڵی ناکات و هیچ بنەمایەکی نییە لە مێژوودا، قورئانی بار کرد لە چیرۆک و قسە و پەرجوو و خورافاتی ئەوان، تا سورەتێک نادۆزیتەوە باسی ئەوانی تێدا نەبێت، ئەمە هەمووی لە پێناو ڕاکێشانی کۆمەڵێک پەرشوبڵاویی یەهوود کە لە شوێنی کۆچکردنەکەی بوون، بەڵام ئەوان وەک بەربەستێک لە بەردەم بانگەشەکەیدا وەستانەوە. ئەمە تا ئەو کاتەی کە هێزێکی ئەوتۆی نەبوو لە مەدینەدا لەو قۆناغەدا بە شانوباڵیاندا هەڵی دەدا و بەرزی کردنەوە، جارێکیش بە بێزاری و زەمکردنی کە ڕەتی کردنەوە و تا لێیان بێ ئومێد بوو و هێز و هەیبەتی زیاد بوو و شمشێری لە کێلان بۆ دەرهێنان و بە کوشتن و بڕین و دەرپەڕاندن ڕیشەکێشی کردن.

بەرزکردنەوەی مەسیح بۆ ئاسمان
نەسرانی و موسوڵمان لە سەر ئەوە کۆکن کە ئەمڕۆ عیسا زیندوە و لە ئاسماندایە، من نەمزانی و ئەوانیش نازانن مەبەست کام ئاسمانە؟ ئایا لە یەکێک لە هەسارەکانە لە خوشکانی زەوی یان لە یەکێک لەو ئەستێرانەی کە لە ئاسماندان و جگە لە خودا کەس نازانێت ژمارەیان چەندە؟ بەڵام ئەوان لە سەر مردنی پێش بەرزکردنەوەی ناکۆکن، نەسرانییەکان دەڵێن لە خاچ دراوە و پاش ئەوە نێژراوە و ئەمڕۆ گۆڕەکەی لە کەنیسەی گەورەیە کە پێی دەڵێن قیامەت یان ڕۆژی ئاخیرەت کە مەسیح لە قەبرەکەی هەڵدەستێت و لای موسوڵمان بە "قمامە" واتە زبڵدان ناسراوە.
من سەردانی گۆڕەکەیم کرد لەگەڵ زیارەتکارانی جەژنی "نور" لەو ڕۆژانەی لە قودس بووم. گوتیان ئەو پاش سێ ڕۆژ لە گۆڕەکەی هەڵساوە و ڕۆیشتوە بۆ شاخی زەیتوون کە دەکەوێتە قەراغەکانی قودسەوە، لەوێوە بەرز بوەتەوە بۆ ئاسمان. ئەمڕۆ زیندوە و لە ئاسماندایە. وا بزانم زیندوویەکی بێ ڕزقە لەبەر ئەوەی لە ئاسمان پێویستی بە خۆراک نییە.
بەڵام موسوڵمان کاریان زۆر سەرسوڕهێنەرە، دەبینیت بە بەهانەیەکەوە کەوا دەزانن مەعقوولە، کەچی لە نێوان ئەو و مەعقوولدا ئاسمان و ڕێسمانە. با باسی دەربڕینی قورئانت بۆ بکەین کە لە سەر مەسیح و بەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان هاتوە، لەوێوە دەزانیت چۆن بەم قسانە یاری بە عەقڵی خەڵک دەکەن. لە سورەتی (ئێل عمران) دا پاش باسی ئەوەی باسی ئەوە دەکات کە گرینگیان پێ داوە دەڵێت: {إِذْ قَالَ اللَّهُ يَاعِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا...} [ئێل عمران: 55] واتە: خودا وتی ئەی عیسا من دەتمرێنم و بەرزت دەکەمەوە و لەوانەی کفریان کرد پاکژت دەکەمەوە.تا کۆتاییی ئایەتەکە. پێش هەموو شتێک دەڵێین: ئەم

داڕشتنەی قورئان نایسەلمێنێت کە مەسیح بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، بەڵکوو بۆ لای خودا بەرز کراوەتەوە، خودا لە شوێن بە دەرە و لە قورئاندا ئایەت هەیە بە ڕاشکاوی دەیسەلمێنێت کە خودا لە هەموو شوێنێک ئامادەیە. لە سورەتی (الزخرف)دا دەڵێت: {وَهُوَ الَّذِى فِى السَّمَاو إِلَهٌ وَفِى الْأَرْضِ إِلَهٌ} [الزخرف: 84] واتە: ئەو لە ئاسمان خوداوەندە و لە زەمینیش خوداوەن. و لە سورەتی (الحديد)دا دەڵێت: {وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ} [الحديد: 4] واتە: ئەو لەگەڵتانداییە لە هەر کوێیەك بن. و لە سورەتی (البقره)دا دەڵێت: {فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ} [البقره: 115]، واتە: روو بکەنە هەر کوێیەك خوا لەوێیە. خودا لە هەموو شوێنێکە و لەگەڵ ئەوەیشدا لە هیچ شوێنێکدا نییە، لەم قسەیەیشدا هیچ دژبەیەکیەک نییە، لەبەر ئەوەی خودا خاوەن بوونی گشتیی ناکۆتاییە، ئەگەر هەمەگیریی ناکۆتایی بێت لە هەموو شوێنێکدا دەبێت. هیچ مەعقوول نییە هیچ شوێنێک ئەوی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی هەر شوێنێک لە ئەو بە دەر بێت نە گشتگیر دەبێت و نە ناکۆتاییش. گوتمان ئەو بوونێکی هەمەگیریی ناکۆتاییە، لەگەڵ ئەوەیشدا دەشێت بڵێین ئەو لە شوێن نییە بە واتای لە شوێنێکی تایبەت بە بێ شوێنی تر نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەو واتایە لە شوێن بێت دەبێتە بەش و لایەنگر، بەڵام بوونی هەمەگیریی ناکۆتایی لە بەشبوون و لایەنگیری بە دەرە، هیچ فەرز نییە کە لە هەموو شوێنێکدا بێت، ببێتە بەش و لایەنگر، لەبەر ئەوەی هەمەگیر و ناکۆتاییە و، لایەنگیری سیفەتی کۆتاهاتن شتی دیاری کراوە، هەمەگیری بوونی دەری دەخات لە شوێن و تاک و بەشبوون، ناکۆتاییەکەی لە لایەنگیری دەری دەکات. لەبەر ئەوەی لایەنگر دەبێت دیاریکراو بێت، ئەمەیش ناکۆتاییەکە و بوونی هەمەگیریی ڕەهایی ڕەت دەکاتەوە. ئەگەر ئەوە بزانیت کە خودا بوونی هەمەگیرە، ئەوەیش دەزانیت کە ناکۆتایی عەرشێکە کە لە سەری وەستاوە. بوونی هەمەگیر هیچ شوێنێک لە خۆ ناگرێت جگە لە ناکۆتایی، کە دەڵێن ڕاستەڕێ دیارە و چۆنێتیی نادیارە و، پرسیار لە سەر کردنی بیدعەیە و لە ئەنجامی دووری و تەسکبینی لە ناسینی خودادا قسەیەکی زۆری لە سەر دروست دەبێت. بە تەماشاکردنی ئەمە بێت هەر کەس بڵێت خودا لە ئاسماندایە کوفری کردوە. هەر کەس بڵێت خودا لە سەر زەوییە کوفری کردوە. هەر کەس بڵێت خودا لە سەرەوەیە یان لە ژێرەوەیە کوفرە. لەبەر ئەوەی بەم قسانە خودای کردوەتە بەشێک لە بوون و کۆتایی پێ هاتوە و لایەنگرە، بەڵام ئەو لە هەموو ئەمانە بە دەرە. ئەگەر خودا لە هەر شوێنێکدا بێت بەو واتایەی کە باسمان کرد، بەرزکردنەوەی مەسیح بۆ لای خودایە وەک ئایەتەکە دەڵێت نەک بۆ ئاسمان وەک شیکەرەوان دەڵێن، ئەمەیش حەقیقەتێکە بێ ئەم لا و ئەو لا هیچ گومانێکی تێدا نییە. ئەمەیش تەنها تایبەت نییە بە مەسیح، بەڵکوو هەموو شتێک کە شی دەبێتەوە لە بوونی بەشبەشکردنیدا، گەڕانەوەکەی بۆ لای خودایە واتە بۆ لای بوونی هەمەگیری ڕەهای ناکۆتاییە. خودا پەنای ئەلشێخی ئەمیر بدات دەڵێت: نەسرانییەکان کوفریان نەکردوە بەو قسەیەی کە دەڵێن مەسیح خودایە یان کوری خودایە، بەڵام کوفرەکەیان لەوەدایە .کە ئەوەیان تایبەتمەند کردوە بە مەسیحەوە

ئەگەر ئێمە تەماشای ڕووکەشی داڕشتنی قورئان بکەین کە دەڵێت: {إِنِّى مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَىَّ} [ئآل عمران: 55] واتە: من دەتمرێنم و بۆ ئاسمان بەرزت دەکەمەوە. واتە (مُتَوَفِّيك) لە زمانەوانیدا ئەوەی دەتمرێنێت بە لێبڕاوی، ئەوەیە کە خودا عیسای مراندوە وەک هەر کەسێکی تر چۆن دەمرێت، بەڵام نەک بە لە خاچدان، بەڵکوو بەوەی کۆچی دوایی کرد مراندی. بەڵام ئێمە ئەوە دەڵێین، لەبەر ئەوەی قورئان لە شوێنێکی تردا قسەی لە سەر ڕەتکردنەوەی لە .خاچدانی کردوە وەک پێشتر باسمان کرد

واتای مردنت زانی، ماوەتەوە واتای بەرزکردنەوە بزانیت، بەڵام من دەڵێم: واتاکەی گەڕانەوەیە بۆ من واتە بۆ لای خودا، چونکە گەڕانەوەی بۆ لای خودا بەڵگەی مردنێتی، گەڕانە وە لە پرۆسەی مردنەکەدا دەبێت وا لێی تێ دەگەین لەم قسەیە بێت: مردنتان لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی بۆ لای .خودا واتە گەڕانەوەی بۆ لای خودایە

پێشتر لە سەر واتای دابەزاندن قسەمان کرد، خەڵک وا ڕاهاتوون ئەگەر بیانەوێت یەکێک بە گەورە دابنێن یان هەر شتێک بە باڵا وەسفی دەکەن لە بەرزی دای دەنێن، لێرەیشدا مەبەستی لە گەڕاندنەوە واتا بەرزکردنەوە بە شێوەیەکی سەرزارەکی ئەو وشەیەی بە کار هێناوە، بە وردبوونەوە لە واتاکەی، لەم ئایەتە هیچ شتێک نادۆزیتەوە کە بەڵگە بێت یان ئەوە بسەلمێنێت کە عیسا لە زەوییەوە بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، قسەی (وَرَافِعُكَ إِلَىَّ) ئەم قسەمان دەسەلمێنێت، نەیگوتوە بۆ ئاسمان، خودایش لەوە گەورەتر و بەڕێزترە کە لە ئاسمان

.بێت
بەڵام شیکەرەوان لە زانایانی ئیسلام ڕووگیربوون لە ئاڕاستەکردنی واتای ئایەتەکە و لە سەر قسەکان جیاواز بوون، ئەمەیش لە (الكشاف)ی زەمەخشەری ئیمامی شیکەرەواندا هاتوە، .لێرەدا بۆت دەگوێزینەوە
ئەوەی بڕیاری لە سەر دراوە و لای زانایانی موسوڵمان ناسراوە ئەوەیە کە عیسا بە زیندوویی بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمان، وەک ڕووکەشی ئایەتەکە کێشەیەکی بۆ دروست کردوون، کە نیشانەی ئەوەیە عیسا پاش مردن بەرز کراوەتەوە، گوتیان مەعقوول نییە پاش مردن بەرز بکرێتەوە بۆ ئاسمان. لەبەر ئەوەی مەبەست لە بەرزکردنەوەکەی پێش هەموو شتێک ڕزگارکردنی بوە لە لەخاچدان و ئینجا پاککردنەوەی لەو دەوروبەرەکەی کە بێباوەڕ بوون، وەک لە ئایەتەکەدا هاتوە، ئەم دوو کارەیش بە مردن ڕووی داوە و، بەرزکردنەوە دەرئەنجامە و لە کاتی .مردندا هەر ڕوو دەدات، ئەمەیش نامەعقووله
ڕستەیەکی ناڕەزایەتی: تەماشا بکە چۆن بە دوای مەعقوولدا دەگەڕێن و خۆیان پێوە دەبەستنەوە، لە پێناو سەلماندنی کارێکی نامەعقوولدا، ئایا بەرزکردنەوەی عیسا بۆ ئاسمان لە .پاش مردن مەعقوول نەبێت ئایا بەرزکردنەوە بە زیندوویی بۆ ئاسمان مەعقووله
لەبەر ئەوەی ڕووکەشی ئایەتەکە نامەعقووله، بە پێی قسەی ئەوان، بۆ خەریکی شیکردنەوە و تەئویلکردنی داڕشتنەکەی قورئان بوون، زەمەخشەری دەڵێت: (إِنِّى مُتَوَفِّيكَ) واتای ئەوەیە من عیسمەتم پێ بەخشیوی کە بێباوەڕەکان بتوانن بتکوژن و دوام خستووی بۆ کاتێک کە خۆم بۆم نووسیوی. مردنەکەت بە بێ هەناسە بوونت دەبێت نەک کوشتنت بە دەستی ئەوان. (وَرَافِعُكَ إِلَىَّ) بەرزت دەکەمەوە، واتە بۆ ئاسمانەکەم و بارەگای فریشتەکانم، ئەمە قسەی ئەوە.
تەماشا بکە چۆن ئاوەڵناوی قسەکەری شی کردەوە کە ئەویش خودایە! لە قسەی من لە ئاسماندا، واتە کە گوتی لە ئاسمانەکەم و بارەگای فریشتەکانم، ئەمەیش بە سەرزارەکی دەبێت وەک ئەوەی باسی حاڵەتێک بکەیت و مەبەستت شوێنێک بێت. ئەوەی پاڵی بە زەمەخشەرییەوە ناوە کە ئەم شیکردنەوەیە بکات، باوەڕبوونی بوە بەوەی خودا لە ئاسمان بێت، ئەگەر نا پێویستی نەدەکرد ئاوەڵناوی قسەکەر بە ئاسمان دابنێت و نابێت مەبەستی ئاسمان بە سەرزارەکی بێت و باسی خودا بکات، مەگەر خودا لە ئاسماندا بێت، وەک ئەوەی لێ دێت کە مەبەستی شوێنەکە بێت و، لەوێدا دەشێت وا شی بکاتەوە. باوەڕ ناکەین زەمەخشەری بڵێت خودا لە ئاسمانە، بەڵام بە بێ بیرکردنەوە قسە دەکات، هەموو هەوڵی ئەوە بوە کە واتای .ئایەتەکە دانێت و بە هەر شێوەیەک بێت ئاڕاستەی بکات
خەڵکی تر گوتی مردنت واتە گیانلەدەستدانت لە کاتی خۆتدا دەبێت پاش دابەزینت لە ئاسمان، ئەم قسەیە لە دەرئەنجامدا لەگەڵ قسەکەی زەمەخشەریدا کە پێشتر باسمان کرد یەک دەگرێتەوە، بەڵام گوتی پاش دابەزین لە ئاسمان وەک لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا هاتوە، عیسا پێش ڕۆژی قیامەت لە ئاسمان دادەبەزێت و دەجاڵ دەکوژێت و دادپەروەری لە سەر زەوی دەسەپێنێت وەک زەوی لە ناحەقی پڕ بوەتەوە، لەوێدا خودا دەیمرێنێت. بۆ پشتگیریی ئەم واتایە لە سەردەمی قەتادەدا باسیان کردوە کە ئایەتەکە پێشخستن و پاشخستنی تێدایە، لە بنەڕەتدا ئاوایە: (إِنِّى رافِعُكَ إِلَىَّ) من بەرزکەرەوەتم بۆ لای خۆم، واتە ئێستا بەرزت دەکەمەوە بۆ .ئاسمان بە زیندوویی (ومُتَوَفِّيكَ) واتە لە پاش دابەزاندنت لە ئاسمان دەتمرێنم
یەکێکی تر گوتی (إِنِّى مُتَوَفِّيكَ) بەو واتایە دێت کە دەتخەمە خەو و بەرزت دەکەمەوە بۆ ئاسمان و تۆ لە خەودا بیت تا نەترسیت، ئینجا هەڵدەسیت و خۆت لە ئاسماندا بە ئارامی لە نزیکمانەوە دەبینیتەوە. گەییشتن بەو بۆچوونە لە لایەن خاوەن ئەم قسەیەوە لە سەر ئەوە بوە کە مردن خەوتنیش لە خۆ دەگرێت وەک لە قورئاندا هاتوە دەڵێت: {اللَّهُ يَتَوَفَّى الْأَنْفُسَ حِينَ مَوْتِهَا وَالَّتِى لَمْ تَمُتْ فِى مَنَامِهَا} [الزمر: 42] واتە: خودا ئەو نەفسانە دەمرێنێت کە دەمرێت و ئەوانەش لە خەوندان و نامرن. ئەم قسانە لەوە کەمترن کە پوچەڵیان بکەینەوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە پوچەڵن، ناشارڕێتەوە کە داڕشتنەکەی قورئان گوماناوییە، خودا محەمەدی پێغەمبەر ببورێت چۆن لەم داڕشتنەدا دوو واتای دژ بە یەکی کۆ کردوەتەوە. لە قورئاندا چیرۆکی داهێنراو نییە، هەموو بە دەستکارییەوە گواستراوەتەوە بەو شێوەیەی لەگەڵ مەبەستی قورئاندا بگونجێت جگە لە دووگیانبوونی مریەم بە عیساوە، ئەوە تاکە شتە کە قورئان بە جیا بەو شێوەیە باسی دەکات. محەمەد وای کرد بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکات، مەبەستم دووگیانبوونی مریەم، وەک لە بینینی خۆیدا لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا خستوویەتییە سەر جبریل، بەڵام

ئەو ئایەتەی پێشوو لە سەر چۆنێتیی دووگیانبوونی باسی فووتێکردنەکەی ناکات، بەڵام باسی ئەوەمان کرد کە شیکەرەوان چی دەڵێن، باسی ئەوە دەکەن کە جبریل فووی کردوەتە گیانییەوە و فوەکە گەییشتوەتە زگی و دووگیانی کردوە. ئەم فووتێکردنە بە ڕاشکاوی لە سورەتی (التحريم) باسی دەکات: {وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِنْ رُوحِنَا} [التحريم: 12] واتە: مریەمی کچی عومران کە شورەیی خۆی پاراست و لە روحی خۆمان فویەکمنا تێ کرد. ئەم داڕشتنە ڕاشکاوانەیە لەوەی کە فوەکە کراوەتە دەرچەی زازێ (قوزیەوە)یەوە نەک لە گیرفانی سوخمەکەیەوە وەک شیکەرەوان لە ئیبن عەباس وەریان گرتوە، لێرەدا دەڵێین: ئەگەر مەسیح لە فووکردنی خودا بە ڕوحی خۆی لە قوزی مریەم دا خەلق کرابێت، یان بە دەربڕینێکی تر ئەگەر خودا فووی ڕوحی خۆی کردبێتە قوزی مریەمەوە و ئەو فووکردنە هۆکاری خەڵقکردنی مەسیح بێت، واتە کۆرپەلە لە منداڵدانی دایکیدا لە فوەکە دروست بوە، بۆچی قورئان ئەو قسانەی نەسرانییەکان ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن مەسیح کوڕی خودایە. کوڕ لە عورفی خەڵکدا (لە عورفی قورئانیشدا) ئەوەیە کە لە تۆوی باوک دەکرێتە ئەندامی زاوزێی دایکەوە کۆرپەلە دروست دەکات لە منداڵدانیدا و ئینجا پاش ماوەی دووگیانی لە دایک دەبێت، ئەگەر کوڕ لەو تۆوەی کە باوک دەیکاتە قوزەوە دروست دەبێت، مەسیحیش لەو فوەی کە ڕوحی خۆی کردوویەتیە قوزی مریەمەوە خەڵق بوە، لەوانەیە محەمەد وای لە نەسرانییەکان ویستبێت کە واز لەوە بهێنن بڵێن کوڕی خودایە و بە قسەیەکی تر باسی بکەن و دوور لە ناونانی کوڕ، ئەگەر نا داڕشتنەکەی قورئان بەو حکومە وا پیشانی دەدات کە کوڕی خودایە.

(90)

دەربارەی چیرۆکەکانی تری قورئان

باسکردنی چیرۆکەکانی قورئان لەو درێژەپێدانەی باسکردنی هەر دوو چیرۆکی ئادەم و عیسادا دەکەینەوە و لە دوورودرێژی باسکردنی چیرۆکەکانی تر خۆمان دەبوورین، لەبەر ئەوەی هەموو لە چەشنی ئەم دوو چیرۆکە و بە هەمان نەخشە و چنینن. ئەمانەیش هەر وەک نموونەی چیرۆکەکانی ترن، جگە لەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت باسی هەندێک لەو نامۆییانەی کە لە هەندێک لەو چیرۆکانەدا هاتوە بکەین، ئەمانەیش لە چۆنێتی و حاڵ و قسەکردندا بە شێوەیەک زۆر لە ڕەوانبێژیی باڵای قورئانەوە دوورن، دەڵێین: لە چیرۆکە قورئانییەکان چیرۆکی مووسا و خدر کە لە سورەتی (الكهف)دا باس کراوە، چیرۆکێکە کە لە ناوەخنیدا زانیارییەکی تێدایە جیاوازە لەگەڵ زانیاریی دەرەوەیدا. حەقیقەتیش لە لایەن زانستی ناخەوەیە نەک زانستی ڕووکەش و دەرەوە.

لەم چیرۆکەدا باسی مووسا و خدر دەکات کە چۆن سواری بەلەمەکە بوون و خدر کونی کرد، مووسا ڕەخنەی لێ گرت لە خراپکردنەکەی و گوتی: {أَخَرَقْتَهَا لِتُغْرِقَ أَهْلَهَا لَقَدْ جِئْتَ شَيْئًا إِمْرًا} [الكهف: 71] واتە: هەر رۆیشتن تاوەکو سواری بەلەمەە بوون و کونی تێکرد، وتی بۆیە کونت تێکرد بۆ ئەوەی خەڵکەکە لە ئاودا نغرۆ بن، کارێکی ناشرینت کرد. واتە سەرسوڕهێنەری ڕەتکراوەیە، ئینجا خدر پێی گوت: ئەم بەلەمە هیی هەژارانە کە لە دەریا کار دەکەن و لەوێدا لە ڕێگا پاشایەک هەیە و بەتۆپزی هەموو بەلەمێک دەبات و گوتم خراپە و عەیبەیەکی تێ بکەم بۆ ئەوەی پاشاکە نەیبات و خاوەنە هەژارەکانی زەرەر نەکەن.

بێگومان کە خدر بەلەمەکەی لە شوێنێکەوە کون کرد کە ئاو نەچێتە ژوورەوە و ئاوەکە نەکەوێتە سەرووی کونەکەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر لە ژێرەوە بێت ئاو دەچێتە ژوورەوە و لە دەریادا نوقم دەبێت، دەبێت لە لایەکییەوە کونی کردبێت لەبەر ئەوەی بەلەمەکە لە سەر ئاو دەبێت بۆ بارکردن و سەرنشینان باش دەبێت. وا بێت بۆچی پاشاکە نەیبرد کە هەموو بەلەمێک بە زۆر و تۆپزی دەبات، بێ ئەوەی یەکێک وەدەر بنێت و نەیبات ئەگەر کون بێت یان نەبێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم کونەی لە بەلەمەکەی کرد هیچ پەککستنی بەلەمەکەی لێ نەکەوتەوە و زۆر سەخت نییە کە پاشا بیبات و کونەکە بگرێت و چاکی بکاتەوە، نازانم بۆچی مووسا ڕێگەی لە خدر نەگرت کە بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە، ئایا زانستی ناوەخن ئەمەیە؟

ئینجا مووسا و خدر منداڵێکیان بینی، خدر بە بێ هۆ و بێ پاڵنەرێک کوشتی، ئەوەیش پاش

ئەوەی پاڵیخست و سەری پڕی وەک لە سەعید کوری جوبیرەوە وەرگیراوە. مووسا بە توندترین شێوە ناڕەزایی لە کارەکەی خدر دەربڕی، خدر پێی گوت ئەم منداڵە باوک و دایکێکی باوەڕداری هەیە و خۆی بێ باوەڕە، ترسام هەر دوو دایکی و باوکی لە ناو بەرێت و ستەمیان لێ بکات. بۆ ئەوەی خودا خێریان بداتێ و پاکیان بکاتەوە و ڕەحمیان پێ بکات، واتە بە ڕەحمەت و سۆزی خۆی ئەگەر ئەم هۆکارە بۆ کوشتنی ئەو منداڵە ڕاست بێت و مەعقوول و قبوڵکراو بێت لە لایەن خوداوە، ئەرکی سەرشانی خدر ئەوە بوە کە هەموو بێباوەڕێک بکوژێت کە دایک و باوکی باوەڕدار بن، یان هەر دوو باوک و دایکێکی بێباوەڕ بکوژێت کە کوڕێکی باوەڕداریان هەبێت. بەڵکوو کوشتنی باوک و دایکی باوەڕ لە بەرترە بۆ ئەوەی بێباوەڕیان نەگوازنەوە بۆ کوڕەکەیان، لەوە وەبەرترە کە تۆ کوڕێکی بێباوەڕ بکوژیت لە ترسی ئەوەی کاریگەری لە سەر دایک و باوکە باوەڕدارەکەی نەبێت، لەبەر ئەوەی باوک و دایک دەسەڵاتیان لە سەر کوڕەکەیان هەیە و، لەوانەیە بێباوەڕی لە سەر فەرز بکەن، بە پێچەوانەی کوڕ کە هیچ دەسەڵاتێکی بە سەر باوک و دایکییەوە نییە و زۆر دوورە بێباوەڕیان بە سەردا بسەپێنێت. قورئان هیچ شتێکی لە بارەی ئەو باوک و دایکە باوەڕدارەمان بۆ باس ناکات کە خدر کوڕەکەی کوشتن، ئایا ڕازیبوون بوو دڵتەنگ نەبوون بە کوشتنی کوڕەکەیان، یان لە خدر بێزار بوون و تووڕە بوون کە کوڕەکەیان کوشتوە، وەک باوکێتی و بەزەییهاتنەوە، ئایا دایکێتی ئەمە قبوڵ دەکات، بۆچی خدر کوڕەکەی نوحی نەکوشت کە بێباوەڕ بوو، بەڵام لەگەڵ بێباوەڕییەکەیشیدا لە سۆزی باوکێتیی بێبەشی نەکرد و بانگی کرد: {يَابُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا} [هود: 42]، " واتە: کوڕەکەم لەگەڵماندا سەرکەوە. لەگەڵماندا سەرکەوە" لە ترسی خنکانیدا بووە، یان بۆچی خدر ئازەر باوکی ئیبراهیمی نەکوشت لە ترسی ئەوەی نەوەک کوڕەکەی لە ناو ببات لەبەر بێباوەڕی و ستەمکاری، کورتییەکەی، ئەم زانستی ناوەخنەی کە خدر زانیبووی زۆر سەرسوڕهێنەرە، سپاس بۆ خودا کە خەڵک تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان نەیاندۆزیوەتەوە، ئەگەر بیاندۆزیبایەتەوە، زۆرێک لە کوری بێباوەڕانیان دەکوشت بۆ ئەوەی باوەڕداری باوکانیان بپارێزن. لە چیرۆکەکانی تری قورئان چیرۆکی ئەسکەندەری دوو شاخە، قورئان ناوی ئەسکەندەری نەهێناوە بەڵکوو دەڵێت: {وَيَسْأَلُونَكَ عَنْ ذِي الْقَرْنَيْنِ} [الكهف: 83]، واتە: لێت دەپرسن خاوەن دوو شاخە ( ذی القرنین) چۆن بووە. بەڵام شیکەرەوان دەڵێن ئەوە ئەسکەندەرە، هۆکاری هێنانی ئەم چیرۆکە لە قورئاندا ئەوەیە، کە بێباوەڕانی قورەیش پرسیاریان لەو بارەوە لە محەمەد و هەروەها لە سەر هاوەڵانی ئەشکەوتیشی کرد، یەهوودەکان هانیان دان بۆ ئەم پرسیارە، مەبەستیان لەم پرسیار و هاندانەدا جگە لە تەڵەدانان نەبێت هیچی تر نەبوو، بێگومان پێغەمبەران پرسیاریان لە سەر ئەم جۆرە چیرۆک و هەواڵانەیان لێ ناکرێت، کە خەڵک باسیان دەکەن و لەوانەیش خەڵکی مێژوونووس باسی دەکەن، بەڵام پرسیاری ئەو غەیبیانەیان لێ دەکرێت کە جگە لە خودا کەس نایزانێت، وەک ژیانی ئەو دونیا و ئەوەی پەیوەستە بە ئاخیرەتەوە لە پاداشت و سزا، یان لە بارەی کاروباری ئایینەوە پرسیاریان لێ دەکرێت، بە تایبەت لە سەر خوداپەرستی و مامەڵەکردن، یان لەو بابەتانەی دەربارەی کاروباری ئایینی بێت، بەڵام یەهوود ویستیان تەڵە بۆ محەمەد دابنێن و بیخەنە شوێنێکە و کە لەگەڵ پێگەی ئەودا نەگونجێت، بۆیە بێباوەڕانی قورەیشیان هاندا تا پرسیاری خاوەن دوو شاخەکەی لێ بکەن، وەک چۆن خۆیان پرسیاری ڕۆحییان لێ کرد، بە خۆشیان دەیانزانی لە توانای کەسدا نییە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام ویستیان بیخەنە هەڵەوە، بۆیە ئەو پرسیارەیان لێ کرد.

ئەوەی لە پێشتر و باشتریش بوو کە محەمەد وەڵامیان نەداتەوە، بەڵکوو پێیان بڵێت ئەمە کاری من نییە بەڵکوو کاری گێڕەوان و حیکایەتخوان و چیرۆکخوێنان و ئەهلی مێژوە، بەڵکوو من پێغەمبەرم جگە لەوەی بە وەحی بۆم دێت هیچ ناڵێم، وەک لەم جۆرە قسانە وەڵامی شاندەکەی کیندەی دایەوە، کە هاتن بۆ لای و پێیان گوت، ئێمە شتێکمان لێ شاردوویتەوە پێمان بڵێ چییە، چاوێکی کوللەیەکیان لە تەنەکەیەکی ڕۆندا شاردبووەوە، پێی گوتن سپاس بۆ خودا ئاوها لە قەشە دەکات، واتە من قەشە نیم تا ئەم پرسیارەم لێ بکەن، بەڵکوو من پێغەمبەرم وەحیم بۆ دێت.

ئامانج چی بوو لە باسکردنی ئەم دوو چیرۆکە لە قورئاندا؟ دەرئەنجام ئەوە بوو هەندێک لەوانەی کە یەهوودبوون ویستیان محەمەد بخەنە هەڵوێستێکەوە کە لەگەڵ پێگەی پێغەمبەرایەتیدا نەیەتەوە، شاراوە نییە کە هاوەڵانی ئەشکەوت وەک قورئان باسی دەکات، ئەو پیاوانەن لە ترسی قەومەکەیان کە بتپەرستبوون ڕایان کرد بۆ لای خودا، بە تەماشاکردنی

ئەمە، ئەوەی بۆ پێگەی پێغەمبەرایەتی گونجاوە، کە چیرۆکەکەیان بە هەر کەموکورتییەکەوە لە قورئاندا هاتبێت وەک خۆی باسی بکەین بۆ ئەوەی ببێتە پەندێک بۆ بێباوەڕانی قورەیش، بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرن و ببنە موسوڵمان و واز لەوە بهێنن کە تێیدان لە بتپەرستی، بەڵام ئەسکەندەری دوو شاخە، لە تایبەتمەندیی پێغەمبەرایەتی نییە و لەگەڵ پێگەی پیرۆزی باڵای ئەودا ناگونجێت، وا باشە باسی چیرۆکەکە لە قورئاندا باس بکرێت، ئەمەیش جگە لە پێناو بانگەشەکردنی خەڵک بۆ ئایینی پڕ بەها و ڕێگەی ڕاست پیشاندانیان نەبێت هیچی تر نییە، ئەگەر قورئان لەم چیرۆکانەی وەک چیرۆکی ئەسکەندەر لە مێژوودا و هاوشێوەی ئەو یان لەو گەورەتر لە خۆ بگرێت، وەک فەرماندەکانی سوپا و پاڵەوانانی شەڕ و پاشا ستەمکارە داگیرکەرەکان، ئایا گونجاوە باسی ئەو چیرۆکانە لە قورئاندا بکرێت، وەک ئەوەی چیرۆکی ئەسکەندەر باس کراوە، تا بەو شێوەیە قورئان ببێتە مێژووی چیرۆکی پاشا ستەمکارە داگیرکەرەکان.
ئەگەر قورئان جلی پێغەمبەرایەتیی کردبێتە بەر پێغەمبەر و بیکاتە یەکێک لە پێغەمبەران، بۆچی ئەم چیرۆکە سەرسوڕهێنەرەی هێناوەتەوە، کارەکە ئاسان دەبوو، باسکردنی لە قورئاندا بەم شێوە بە گونجاومان دادەنا ئەگەر وەک ئەوەی سلێمان کوری داود بوایە، کە یەکێک بوو لە پاشاکانی بەنی ئیسرائیل و جلی پێغەمبەرایەتیی لە بەر کرد، باسی گەورەیی دەکرد وەک پاشایەکی مەزن، بە شێوەیەک نە عەقڵ قبوڵی دەکات و نە مێژوویش باوەڕی پێ دەکات. بەڵام ئەسکەندەری بە پێغەمبەر دانەنا وەک سلێمانی بە پێغەمبەر دانا، بەڵکوو لە ڕاستیدا بە پەروەردەگار و دانای زانی. بەو شێوەیەی شیکەرەوان باسیان کردوە کە کۆیلەیەکی چاکسازیخواز بوە و لە حەقیقەتیشدا وا نەبوە، بەڵکوو لەو پاشا داگیرکەرانە بوە کە وڵاتانیان بە شەڕوشۆڕ و داگیرکارییەکانیان تووشی سەرئێشە و دەردەسەری کردوە، بێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی زانراوی هەبێت لە شەڕەکانیدا، یان ئامانجێکی قازانجبەخشی بۆ بەرژەوەندیی گشتی هەبێت، بۆیە ڕەشەباکەی نیشتەوە و موڵکوماڵی پاش مردنی نەما، ئەمڕۆ هیچ پاشماوەیەکی نەمری لە پاشماوەکانی پاشایەتی پانوبەرین و درێژی نابینین، کە بۆمان مابێتەوە. خودایە مەگەر ئەوەی دەگوترێت و باس دەکرێت لەمەر ئەو بەربەستەی لە چین بنیاتی ناوە، مێژوو ئەمە ڕاست ناکاتەوە و دانی پێدا نانێت بۆ ئەسکەندەر، ئەگەر ئەوەی مێژوونووسان ڕاست بکەن، باسی ئەو داگیرکارییە زۆرەی لە شێوەی داگیرکاری تەتار دەکەن کە سەریان لە جیهان تێکدا و وڵاتانیان سەرقاڵ کرد و لە ماوەیەکی کورتدا گەندەڵیان بڵاو کردەوە و جیهانیان ڕاماڵی بێ ئەوەی هیچ ئامانجێکی چاکسازی و چاکەیان هەبێت، یان ئامانجێکی قازانجبەخشی زانراویان هەبێت، بۆیە موڵکوماڵیان نەما و پاشماوەیان پەرشوبڵاو بوو، پاش ئەوان جگە لە خراپە و تێکدانی ئەو وڵاتانەی داگیریان کرد هیچ شتێک نەمایەوە.
ئەوەی نامۆیە لە باسکردنی چیرۆکی ئەسکەندەردا کە گەیشتوەتە خۆرئاوای خۆر و خۆرهەڵاتی خۆر، هیچ پەڵەیەک نییە لە سەر زەوی کە مرۆڤ بیگاتێ، ئەگەر بڵێیت گەیشتوەتە خۆرئاوای خۆر یان گەیشتوەتە خۆرهەڵاتی خۆر ڕاست دەربچێت، خۆر لە هەموو پەڵەیەکی زەوی دەردەچێت و لە هەموو پەڵەیەک ئاوا دەبێت، لەبەر ئەوەی زەوی خڕە و خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە دەرئەنجامی خولخواردنی بە دەوری خۆیدا دروست دەبێت، وەک زانراوە تەنانەت لە لای منداڵانی قوتابخانەکاندا زانراوە، ئەگەر مرۆڤ بوەستێت و ڕووی لە جەمسەری باکوور بێت، دەبینیت خۆر لە لای ڕاستییەوە هەڵدێت و لە لای چەپیەوە ئاوا دەبێت، ئەوەی لە لای ڕاستییەوە بێت خۆرهەڵاتە و خۆر لێیەوە هەڵدێت و ئەوەی لای چەپی خۆرئاوایە و خۆر لێیەوە ئاوا دەبێت، بۆیە زانایانی جوگرافیا زاراوەی وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوایان بە کار هێنا بۆ ئاسانکاریی ناسینی شوێنی وڵاتان، بەڵام خۆر لە هەر دوو لا هەڵدێت ئاوایش دەبێت، لە وڵاتانی خۆرهەڵات شوێنێک نییە پێی بڵێن خۆر دەرچوون و لە وڵاتانی خۆرئاوایش شوێنیک نییە پێی بڵێن خۆرئاوابوون، ئەگەر ئەوەی ڕوو بە جەمسەری باکوور وەستاوە بەرەو ڕاست بە ڕێ کەوت ئەگەر هەموو ژیانی ڕێ بکات ناگاتە پەڵەیەک پێێ بڵێن خۆرهەڵات، هەروەها ئەگەر بە لای چەپیدا بە ڕێ کەوت، ناگاتە شوێنێک پێی بڵێن خۆرئاوا، بۆیە هیچ شتێک نامێنێتەوە جگە لەوەی خۆرئاوابوونی خۆری ئەم چیرۆکە شی بکەینەوە بە پشتبەستن بە زاراوەی جوگرافیاناسان، بەوەی بڵێین خۆرئاوابوون وڵاتانی خۆرئاوایە وەک مەراکش و تونس و تەرابلوس و میسر و شوێنی تر لە وڵاتانی ئەفریقا و دەڵێین خۆرهەڵات وەک وڵاتانی خۆرهەڵاتە وەك چین و ژاپۆن و وڵاتی فارس و وڵاتانی تری ئاسیا. بەم پێیە بێت ئەسکەندەر گەیشتوەتە خۆرهەڵات

و خۆرئاوای وڵات نەک خۆرئاوای خۆر و خۆرهەڵاتی خۆر، بەڵام دەربڕینەکەی قورئان شیعر ئاسایە، بۆیە بەم دەربڕینە داڕێژراوە، ئەمەیش نامۆ نییە لەوەدا، بەڵام نامۆیی لەو قسەیەدایە کە دەڵێت: {بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِى عَيْنٍ حَمِئَةٍ} [الكهف: 86] واتە: گەیشتە خۆرنشین و وایزانی لە کانیەکی قورەرەشە گەرماو ئاوا بوو. واتە ئەو شوێنە کە قوڕێکی ڕەشی بۆن لێهاتووی تێدایە، لە هەندێک خوێندنەوەدا کانیاوێکی گەرم.

زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت: ئیبن عەباس لای مەعاویە بوو، مەعاویە بە (عين حامیه) خوێندیەوە، عەباس گوتی (حَمِئَه) معاویە بە عەبدوڵڵای کوڕی عومەری گوت: چۆن دەخوێنرێتەوە؟ گوتی: چۆن میری باوەڕداران دەیخوێنێتەوە، گوتی: ئەمە خوێندنەوەی ئیبن مەسعوود و تەلحە و ئیبن عومەر و حەسەنە، گوتی: ئینجا مەعاویە چوو بۆ لای کەعبی ئەحبار و پرسیاری لێ کرد: چۆن خۆرئاوابوون دەبینیت؟ گوتی: لە ئاو و قوڕ، ئاوها لە تەوراتدا دەیبینین، بە (پأگ) کە کۆی (پأگە)یە ئەمەیش بە واتای کوڵاو باس کراوە، قسەی کەعبی ئەحبار لەگەڵ قسەی ئیبن عەباسدا یەک بوو، گوتی لەوێدا پیاوێک هەبوو دێڕێکی گوت:

فی عین ژی خُلُبٍ وپأگٍ حَامه فڕیی مغیبَ الشمس عند مئ بها

بە واتای: لە کانی ئاوێکی قوڕاوی ڕەشی گەرمی کوڵاودا لە کاتی خۆرئاوابوندا.

ئەگەر کەعبی ئەحبار ڕاستی کردبێت "وا نابینم ڕاستی کردبێت" لە قسەکانیدا، بەو شێوەیە لە تەورات دەیبینین، خۆرئاوابوونی خۆر لە کانیاوێکی کوڵاودا بێت خورافاتێکی تەوراتیە، ئەم کەعبی ئەحبارە یەهوودی بوو، بوە موسوڵمان وەک موسوڵمانبوونەکەی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام و خەڵکی تر لەو یەهوودیانەی کە بوون بە موسوڵمان، بۆ ئەوەی تەڵە بۆ موسوڵمانان بنێنەوە و چەواشەیان بکەن بەم شێوە خورافاتەی کە لە کتێبی شیکەرەوان و قسەوباسی حیکایەتخوانانادا باس کراون، ئەمەیە کە ئەمانە بە قسەکانیان خزاندیانە نێو موسوڵمانانەوە.

ئەوەت لە بیر نەچێت کە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی یەهوودی چی کرد، لە یەهوودییەکانی سەنعا بوو، دایکی یەهوودییەکی ڕەش بوو، پێیان دەگوت کوڕی ڕەشەکە، دەڵێن لە کاتی خیلافەتی عومەردا موسوڵمان بوە، بوو بە شیعەی عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و یەکەم کەس بوو هانی فیتنەکەی دا، کە بوە هۆی کوشتنی عوسمان، یەکەم کەس بوو کە جوێنی بە دوو شێخەکە و پشت و نسەبی دا، بۆ ئەوەی گلەیی و خراپەکە بخاتە سەر عەلیی کوڕی ئەبووتالیب. خاوەنی سیرەی حەلەبی لە قسەکردن لە سەر دەستپێکردنی وەحی دەڵێت: بە عەلیی کوڕی ئەبووتالیبتان گوت ئەگەر تۆ شتێکت لە سەر دوو شێخەکە لە خۆتدا لەم بارەی کە ئەمە ڕاگەیاندوە "واتە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەو" هەڵنەگرتبێت نەیدەوێرا قسەی وا بکات، عەلی گوتی پەنا بە خودا من هیچ شتێک لە خۆمدا نابینم و لەعنەتی خودا لەو کەسە بێت کە جگە لە شتی باش و جوان شتی لە سەر ئەوان لە خۆیدا هەڵگرتبێت. حەلەبی دەڵێت: مەبەستی لە پیشاندانی موسوڵمانبوونی بۆ نابوتکردنی ئیسلام و پەشیمانکردنەوەی خەڵکەکە بوە، گوتی: ئەم عەبدوڵڵایە بابەتی گەڕاندنەوەی باس کردوە و گوتوویەتی محەمەد دەگەڕێتەوە بۆ دونیا وەک چۆن عیسا دەگەڕێتەوە، شتی سەرسوڕهێنەری لە سەر گەڕانەوەی عیسا بۆ دونیا دەڵێت و درۆ لە سەر گەڕانەوەی محەمەدیش دەکات. خودا گوتوویەتی: {إِنَّ الَّذِى فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْءَانَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ} [القصص: 85] واتە: ئەوەی قورئانی لەسەر فەرز کردیت، خاترجەم بە دەتباتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بەڵێنی پێدایت. و اتە؛ محەمەد لە عیسا حەقترە بۆ گەڕانەوە بۆ ژیان.

ئینجا ئەم عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئە لە هاوەڵانی عەلیی کوڕی ئەبووتالیب بوە، لە شەڕی (الجمل) لەگەڵیدا بوو، ئەو هۆکاری هەڵگیرسانەوەی شەڕەکە بوو، پاش ئەوەی شێوە دامرکاندنەوەیەکی بە خۆیەوە بینی و مەیلی ئاشتەوایی لە نێوان هەر دوو کۆمەڵە خەڵکەکەدا زیاتر هاتە ئاراوە، وەک لە کتێبی مێژوودا باس کراوە، لەوانە بوو کە داوای دەکرد وەسیەتەکە بۆ عەلی بکرێت و محەمەد وەسیەتی خیلافەتی بۆ عەلی کردوە، ڕۆژێک بە عەلیی گوت؛ تۆ تۆیت، واتە تۆ خودایت و، عەلی دەری کرد بۆ مەدائین و پێی گوت هەتاهەتایە لە شارێکدا لەگەڵمدا دامەنیشە، پێش موسوڵمانبوونی ئەوەی بە عەلی گوت بە یەشووع کوڕی نونی گوتبوو، پاش مردنی عەلی گوتی: زیندوە و نەکوژراوە، لە بەشی خوداییە، ئەو هەور و هەورەتریشقە دەنگی ئەوە و هەورەبروسکەیش قامچییەکەی ئەوە. دەڵێت پاش ئەوەی دادەبەزێت بۆ زەوی کە پڕ بوە لە زوڵم و ستەم پڕی دەکات لە دادپەروەری، شتی تری پوچەڵی وای کردوە، کە ویستویەتی بەوە ئیسلام داڕمێنێت. ئەوەی سەرسوڕهێنەرە عەلی هیچی پێ

نەگوت و تەوبەی پێ نەکرد، واتە لە کاتێکدا جنیوی بە دوو شێخەکەی دا، کاتێک بەوە تۆمەتباریان کرد کە ئەوەی ئەم یەهوودییە دەریخستوە لە گیانی ئەودایە، واتە لە گیانی عەلیدایە، تەنها بەوەوە وەستا کە بڵێت: لەعنەتی خودا لەو کەسە بێت جگە لە شتی باش و جوان لە سەر ئەوانی لە خۆ داگرتبێت، ئەم لەعنەتە ئەو کەسە ناگرێتەوە کە جوێنی دا و قسەی کرد، هەروەها ئەو کەسەیش ناگرێتەوە کە باش و جوانی ئەوانی لە ناخدایە و دەریناخات، لەمە سەرسورهێنەرتر ئەوەیە دەری کرد بۆ مەدائین، کاتێک پێی گوت تۆ تۆیت.
بێگومان ئەم قسەیە هەر چەند بێباوەڕی لە خۆ بگرێت، دەبوایە پرسیار لە ئیبن سەبەو بکات مەبەستی چییە و لەم قسەیە چی دەوێت، ئەگەر بێباوەڕی دەرکەوتایە دەبوایە حکومی هەڵگەڕانەوەی بە سەردا بسەپێنرایە، لەوێدا دەبێت تۆبەی پێ بکات و ئەگەر تۆبە نەکات دەبێت وەک هەر هەڵگەڕاوەیەک لە ئیسلام بکوژرێت. بەڵام خەلیفەی موسوڵمانان میری باوەڕداوان هەڵنەسا بە جێبەجێکردنی حکومەکانی ئایین بەو شێوەیە، بەڵکوو تەنها بە دەرکردنی بۆ مەدائین وەستا و بە قسەنەکردن لەگەڵیدا تا هەهەتایە و لە یەک شاردا دانەنیشێت لەگەڵیدا، ئایا بە دەرکردنی ویستی بواری بۆ پەرەخسێنێت بۆ ئەوەی بانگەشەی ئیلاهبوونی بۆ بکات و ئەوەی محەمەد کوری عەبدوللا وەك تەلاری ئیسلام بنیاتینا بیڕوخێنێت.
بەڵێ ئەمە ڕووی دا، زیادەڕەوانی شیعە ئیدیعای خودابوونی عەلی و ئلوهیەتی کوڕەکانی دەکەن، گوتیان: هیچ ڕێگرێک نییە خودا لە وێنەی عەلی و کوڕەکانی و دوانزە ئیمامەکە کە حەسەن و حوسێن و زەینەلعابدین و محەمەد ئەلباقر و جەعفەری سادق و مووسای کازم و عەلی ڕەزا و محەمەدی جواد و عەلی ئەلتەقی و یانزەیەم حەسەنی عەسکەری و دوانزایەم محەمەدی مەهدی ساحیبی زەمانن، کە ئەمیان زیندوە و ماوە تا لەگەڵ عیسادا کۆببێتەوە و لە ئاسمان دێتەخوارەوە. ئەمەیە ئایینی عەبدوڵڵای کوڕی سەبەو کە لە شوێن ئەو ئایینە دانرا کە محەمەد کوری عەبدوللا هێنای، ئایا ئەمەیە کە عەلیی کوری ئەبووتالیب لە دەکردنی ئیبن سەبەو بۆ مەدائین ویستویەتی؟ لەگەڵ ئەوەی ئەم بیرۆکەیە "مەبەستم بیرۆکەی عەبدوڵڵای کوری سەبەو" تەنها لە لای عەلی و کوڕەکانی نەوەستا و قەتیس نەبوو، بەڵکوو لای خەڵکی تری موسوڵمان بڵاو بوەوە. لە ساڵی سەت و سەشتوسێی کۆچی عەتای خوراسانی ئیدیعا و بانگەشەی خودابوونی دەکرد و خەڵک باوەڕیان پێ هێنا، خودا ئەبوعەلای مەعەری بگرێت چۆن خەڵکی ناسیوە، دەڵێت:
من عند ڕبی قال بعچهم نعم لو قال سید غچا بُعِیثُ بمله
بە واتای: ئەگەر تورەیی و غەزەبی بۆیان بنێرێت" هەندێکیان دەڵێن لە لای خوداوەندمانەوەیە.

ژمارە زۆری خوێندنەوەکان و جیاوازیان لە قورئاندا
لەو سەرسوڕهێنەرانەی ئەگەر ئەوەی زانایانی ئیسلام لە کتێبە شیکەرەوەکان و هیی تریش دەربارەی کاروباری ئایین و دیدوبۆچوونیان و قسەکانیان نووسراون بخوێنیتەوە، کە هەندێکیان دەچنە عەقڵەوە و مەعقوولیش نین لە هەمان کاتدا. یەک پرسی تێدایە ئەویش دەیانبینیت ڕێگەیەکی توێژینەوەیان گرتوەتەبەر و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کردوە، کە لەگەڵ عەقڵدا هاوشان دەڕۆن، ئەگەر شتێکی نامەعقوول ڕێگەیان لێ نەگرێت کە پێوەندیی بە ئایینەوە هەبێت، تەنانەت لە دووریشەوە بێت، بەڵام ئەگەر شتێک ڕێگەی لێ گرتن لەو بارەوە، لەوێدا ئەوان واز لە عەقڵ دەهێنن و بە جێی دەهێڵن و بە دوای نامەعقوولدا دەڕۆن، شایەتی لەو بارەوە لە کتێبەکانیاندا زۆرە و لێرەدا هیچ پێویست بە باسکردنی ناکات.
سەرسوڕهێنەرترین کتێبیان (الإتقان)ی جەلالئەلدین سیوتیە، خاوەنی نووسینێکی زۆرە لە هەموو هونەرێکی زانستی ئیسلامی دا، لەم کتێبەیدا قسەی دژبەیەکت بۆ دەگوازێتەوە و وات لێ دەکات دۆش دابمێنیت و سەرت سور بمێنێت و ڕووگیر بیت و نەزانیت چۆن لێی دەربچیت. بە خۆیشی بەباکردن و دەرخستنی ئەم قسانەدا هیچ ڕایەک دەرنابڕێت و قسەیەکت بۆ ناکات کە ڕێگەیەکت پیشان بدات بۆ ئەوەی بتەوێت بیگوازیتەوە و بۆ لایەک ئاڕاستەت بکات کە بگەیتە ئامانجێکی دیاریکراو.
بۆ نموونە لە سەر حەوت پیتەکە قسە دەکات کە لە قورئاندا دابەزیوە، بە نزیکەی حەفتا قسەوباس دەیهێنێتەوە، کە هیچیان لەگەڵ ئەوی تردا ناگونجێت و نایەتەوە، ئینجا باسی فەرمووده و قسەی وا دەکات هونەرییانە کار لە سەر ڕاستی بنەماکانی متمانەپێدانی گێڕەرەوانی دەکات و، هەمووی پێت دەڵێت قورئان بە لەفزی جیاواز لەو واتایەی لە سەر ڕێکەوتوون بخوێنەرەوە، ئەگەر وشەکە وا هاتبێت هیچ کێشە نییە بڵێیت وەرە و بەو شێوەیە

.خێراکە و زوو وەرە و زۆر شتی تریش
هەموو شتێک بەتەواوی و گەیەنراو باس دەکات، بێ ئەوەی ئایەتی ئازار بە ڕەحمەت و ڕەحمەت بە ئازار تێکەڵ ببێت. هاوشانی ئەمە ئەوەی ئەبووداود لە (ابیی) دەری هێناوە کە دەڵێت: (سمیعاً علیماً یان عزیزاً حکیماً) بێ ئەوەی لە ئایەتەکەدا ئازار بە ڕەحمەت و ڕەحمەت بە ئازار تێکەڵ بێت، لەوەیش کە لە ئەبووهورەیرە دەری هێناوە، قورئانی لە سەر حەوت پیت دابەزاندوە (علیما حکیما غفورا ڕحیماً) لەگەڵ ئەوەی فەرموودەی ئیبن عومەر لای ئەحمەد هەیە، کە دەڵێت قورئان هەمووی ڕاستە، ئەگەر ڕەحمەت و بەزەیی پێهاتنەوە ئاڵوگۆڕ نەکەیت و نەیگۆڕیت بە ئازار و سزا و، ئازار و سزایش نەگۆڕێت بە ڕەحمەت و بەزەیی خودا. چاکەکانی ئیبن عەبیدیش لە ڕێگەی عەونی کوری عەبدوللاوە پشتگیری ئەمە دەکەن، کە عەبدوللای کوری مەسعوود بۆ پیاوێک قورئانی دەخوێندەوە: {إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ (43) طَعَامُ الْأَثِيمِ} [الدخان: 43، 44] واتە: بەری دارەکەی ژەقنەموت، خواردنی گوناهبارانە. پیاوەکە گوتی: (طَعَامُ الْيتيم) ڕەتی کردەوە و بۆی ڕاست کردەوە بەڵام کابرا نەیتوانی بە جوانی بیڵێت، پێی گوت دەتوانیت بڵێیت: (طعام الفاجر) گوتی: بەڵێ، گوتی: بڵێ، گوتی: (شجره الزقوم طعام الفاجر). ئەمە هەمووی بۆ ئەوەیە کە پێت بڵێت قورئان بە واتاکەیەوەیە و ئەگەر واتاکەی نەگۆڕی وەک ڕەحمەت بکەیتە ئازار و ئازار بکەیتە ڕەحمەت ڕاست دەردەچێت. ئینجا قسەی وا دەهێنێتەوە دژ بەم قسانە و دەیکات بە کارێکی پەرشوبڵاو، بێ ئەوەی ڕەتی بکاتەوە یان دژی بوەستێت.
دەڵێت: قورئان ئەوەیە کە جبریل بە لەفزی خۆیەوە دای بەزاندوە، سوننەت ئەوەیە کە جبریل بە واتاکەی دای بەزاندوە، بۆیە دەشێت سوننەت بە واتاکەی بگوترێتەوە. لەبەر ئەوەی جبریل بە واتاکەی پێی هەڵساوە. خوێندەوەی قورئان بە واتاکەی نابێت، لەبەر ئەوەی جبریل بە لەفزەکەی جێبەجێی کردوە. کەس ناتوانێت لەفزێک بهێنێت کە جێگەی ئەو بگرێتەوە. لە ژێر هەر پیتێکیدا چەندین واتا هەیە، کە زۆر خەڵک نایزانێت. کەسێک ناتوانێت ئەلتەرناتیڤی ئەوە ببینێت و ئەوە لە خۆ بگرێت، باسی ئەوەیشت بۆ دەکات کە زانایەک گوتوویەتی: هەر کەس بڵێت هاوەڵان قورئانیان بە واتاکەی خوێندوەتەوە درۆ دەکات، ئاخ بۆ سەرسورهێنەر داخ بۆ .سەرسورهێنان
سیوتی ئەم کتێبەی ناو نا (الإتقان)کە بە خۆی هیچ (إتقان)ێک نییە واتە ورد نییە، بەڵکوو ئەوەی لە قورئاندا هەیە و گوتراوە، هێناویەتی و کۆی کردوەتەوە بە بەڵگە و بێ بەڵگەوە، بەڵام ئێمە کاتەکە ناکوژین بۆ سازان لە نێوان ئەم قسە پشێو و شڵەژاوانەدا، ئەوە دەڵێین کە پێشتر گوتمان لە سەر کۆکردنەوەی قورئان و ئەوەی بوخاری لە سەر مرۆڤ باسی کردوە، حوزەیفەی کوری یەمان هات بۆ لای عوسمان و لەو کاتەدا لە غەزاکردنی ئەهلی شامدا بوو، بۆ ئەوەی ئەرمینیا و ئازەربایجان و ئەهلی عێراق بگرن. حوزەیفە لە ناکۆکییان لە خوێندەوەی قورئاندا تۆقیبوو، بە عوسمانی گوت: بگە بە ئوممەتەکەتدا پێش ئەوەی جیاوازییەکەی یەهوود و نەسرانییەکانیان تێ بکەوێت، ئەویش بە دوای حەفسەدا نارد کە پەڕەکانی بۆ بنێرێت بۆ ئەوەی .لە مەسحەفدا کۆپی بکەن تا کۆتایی فەرموودەکە
ئەوان قورئانیان بە واتا خوێندەوە، ئەوەی لە واتا ڕاست بێت لای ئەوان قورئان بوە، ئەوەیش ڕەت ناکەینەوە کە خوێندنەوەکانی قورئان بە پێی سازان بوە، بەو واتایەی پێغەمبەر خوێندوێتییەوە و ئەوەی گوێی لێ بوە لە گێرەوان باسیان کردوە، بەڵام ئەمە زۆر کەم بوە لە چاو ئەوەی خەڵک .لە خوێندنەوەیەکی زۆری کردوە، کە بە پێی واتایە نەک بە دیاریکراوی خوێنراوەتەوە
بۆچی حوزەیفە لەوە تۆقیبوو کە جیاوازی بکەوێتە نێوانیانەوە، ئەگەر خوێندنەوەی قورئان بەتایبەتی و دیاریکراوی و بێ جیاوازی بێ پشتبەستن بە واتا بوایە؟ بۆچی عوسمان لە کۆپیکردنی مەسحەف و ناردنی بۆ وڵاتان دەستپێشخەریی کرد، بۆ ئەوەی خەڵک لە سەر یەک خوێندنەوە کۆ بکاتەوە؟ بۆچی ئەم هەمووە ترسە لەوەی ئەگەر هەموو خوێندنەوەکان بە یەک شێوە نەبوایە؟ خاوەن (الإتقان) بە خۆی لە ئیبن ئەلتین و خەڵکی تر گواستوویەتیەوە کە باسی لەوە دەکات کە جیاوازیی نێوان کۆکردنەوەی ئەبووبەکر بۆ قورئان و کۆکردنەوەکەی عوسماندا هەبوە، دەڵێت: کۆکردنەوەی عوسمان جیاوازیی زۆری لە ڕووی خوێندنەوەوەی تێدا بوە، تەنانەت بە زمانەکانیان و بە فراوانی زمانەکانیان و زاراوەکانیان خوێندوویانەتەوە، ئەمە وای لێ هاتوە کە هەندێکیان ئەوی تر بە هەڵە دابنێت. عوسمان لەوە ترساوە کە کارەکە زۆر قوڵ ببێتەوە، بۆیە ئەو پەڕانەی لە یەک مەسحەفدا کۆپی کرد و سورەتەکانی ڕێک خست و، بە تەنیا بە لەهجە واتە زاراوە زمانەکەی قورەیش کۆپیی کرد بەو پاساوەی کە قورئان بە زمانی ئەوان

.دابەزیوە
هیچ قسەیەک لەمە ڕاشکاوتر هەیە کە بەڵگە بێت بۆ ئەوەی کە ئەوان وەک یەک قورئانیان نەخوێندوەتەوە؟ بە فێربوونیش نەیانخوێندوەتەوە، بەڵکوو هەر یەکە و بە زمانی خۆی خوێندویەتیەوە و لە لەفزەکانیدا جیاوازی هەبوە و لەفزەکانیان بە پێی زاراوەکانیان گۆڕانکارییان تێدا کردوە و واتاکەیان پاراستوە. عوسمان قورئانی کۆ نەکردوەتەوە، بەڵکوو لە مەسحەفەکاندا بە زمانی قورەیش بە تەنها کۆپی کردوە و ئەو مەسحەفانەی بۆ وڵاتان ناردوە بۆ ئەوەی خەڵک .لە سەر یەک خوێندنەوە ڕێك بخات و یەک بخات
لەگەڵ ئەوەی زۆریی خوێندنەوەکان و جیاوازییان بە پێی زمانەکان بە تەنها بوە، بەڵکوو هەندێک پاڵنەری تر وای لێ کردوون کە قورئان بە واتاکەی بخوێننەوە، وەک لە باسکردنی جۆری خوێندنەوەکان بۆت ڕوون دەبێتەوە. ئایا پاش ئەمە، ئەو کەسە شەرم ناکات کە بڵێت: ئەوەی بڵێت قورئان بە واتاکەیەوە دەخوێنرێتەوە درۆ دەکات. بەڵکوو ئەو بەم قسەیە درۆی لەگەڵ خودا .و حەقیقەت و مێژوویش کردوە
ئا ئەوەتا ئێمە تا چەند پێمان بکرێت باسی ئەو خوێندنانەوەت بۆ دەکەین بە جیاوازیی جۆرەکانیانەوە، هەمووی شایەتی ئەوە دەدەن لە سەر ئەوەی دەیڵێین. تەماشام کرد و توانیم :لەم چەند جۆرەدا قەتیسی بکەم و ڕێکی بخەم
*جۆری خوێندنەوەکان
١ـ خوێندنەوە بە زیادکردنەوە
٢ـ خوێندنەوە بە پێشخستن و پاشخستن
٣ـ خوێندنەوەیەک لە جیاوازیی زمانەکان دروست بێت
٤ـ خوێندنەوە بە گۆڕینی وشەیەک بەوی تر بە هەمان واتا
٥ـ خوێندنەوە بە گۆڕینی وشەیەک بەوی تر بە هەمان واتا نەبێت
٦ـ خوێندنەوە بە یەکداکردنی پیتێک بەوی تردا
٧ـ خوێندنەوە بە کردنەوەی بەیەکداکردن
٨ـ خوێندنەوەی تاک بە کۆ
٩ـ خوێندنەوەی کۆ بە تاک
١٠ـ خوێندنەوە بە کەموکورتییەوە
١١ـ خوێندنەوە بە گۆڕینی ئیعرابەوە
١٢ـ خوێندنەوە بە جێگیر بە ڕەتکراوە
١٣ـ خوێندنەوەی کۆی ڕاست بە شکاندن
١٤ـ خوێندنەوەی بچوککراو بە گەورەکراو
١٥ـ خوێندنەوەی گەورەکراو بە بچوککراو
١٦ـ خوێندنەوەی مێیینە بە نێرینە
١٧ـ خوێندنەوە بە گۆڕینی داڕشتنی وشە بە داڕشتنێکی تر
بەڵام ئێمە بە هەموو جۆرەکانی دەست پێ دەکەین بەو نیشانەی کە بەڕوونی دەردەکەوێت .ئەوان قورئانیان بە واتاکەیەوە خوێندوەتەوە
١ـ سیوتی لە (الإتقان) و لە (فچائل)ی ئەبی عەبید لە ڕێگەی عەونی کوڕی عەبدوللا دەڵێن: ئیبن مەسعوود قورئانی بە پیاوێک دەخوێندەوە: {إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ (43) گَعَامُ الْأَپِیمِ} [الدخان: 43، 44] واتە: بەری داری ژەقنەموت حواردنی گوناهبارانە. پیاوەکە گوتی: (گَعَامُ الْیتیم) پێی دووبارەکردەوە کەچی زمانی ڕاست نەبوەوە پێی گوت: دەتوانیت بڵێیت (گعام الفاجر)؟ گوتی: بەڵێ، گوتی: وا بکە. ئەگەر (الْأَپیم) بە (الْفَاجِر)بخوێنێتەوە، بەو واتەیەی زۆر خراپەی کردبێت (کپیر الآپام). پیاوەکە نەیتوانیوە بڵێت (الْأَپیم) ئیبن مەسعوود بۆی گۆڕیوە بۆ (الفاجر) بە هەمان واتای خۆی بێ ئەوەی هیچ گرفتێك لە قورئاندا دروست بکات، بەڵام زەمەخشەری لە (الکشاف)دا ئەوەی کە باسمان کرد لە ئەبووئەلدەردائەوە وەری گرتوە نەک لە ئەبی مەسعوودەوە، بەڵام گومانم هەیە کە ئەو پیاوە پتیەک لە زمانیدا هەبوویێت و بە هۆیەوە نەیتوانیبێت بڵێت (الْأَپیم)، ئەوەی زمانی (فس) پت بوە و لە ڕووی زمانەوە پیتی (پ) گۆڕیوە بۆ (س) و پیتی (ر) بۆ (غ) و (ل) بۆ (ی)، بەڵام گۆڕینی هەمزە بۆ یاو و (پ) بۆ (ت) شتی وا نەزانراوە و نەبیستراوە و لەگەڵ ئەوەیشدا مەعقوول نییە، ئەوەی شکی لێ دەکەن کە ئەو کابرایە فێڵباز بوە. لەم زمان پتکردنەی خۆیدا و بە خۆی بە مەبەست و خۆی بە خۆی کردوە بە

پت. بێدەنگیی ئیبن مەسعوود لەمەدا ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە شتێکی سروشتی بێت و خۆی
بە خۆی نەکردوە، لەوانەیە پێی نەزانیبێت، ئەگەر بڵێیت بۆچی بەو کارەی وای لە زمانی خۆی
کردوە؟ دەڵێم: نازانم ئەگەر لەوانە بوایەم و بمبینیبا لەوانەیە بە گومانەکەم بمتوانیبایە
.مەبەستی دەربخەم و نیازی بدۆزمەوە
٢ـ زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت: وا باس دەکرێت کە عەرەبێکی دەشتەکی سورەتی
(الزلزلە)ی خوێندوەتەوە، کە دەڵێت: {فَمَنْ يّعْمَلْ مِثْقَالْ ذَرَّةٍ خَيْرًا يّرَهُ، وّمَنْ يّعْمَلْ مِثْقَالْ ذَرَّةٍ شَرًّا
يّرَهُ} [الزلزلە: 7، 8] واتە: هەرکەسێك زەرەيك باشە بکات دەیبینێتەوە و هەرکسێك زەرەیەك
خراپەی هەبێت دەیبینێتەوە. بە پێشخستنی (شَرًّا يّرَهُ) لە (خَيْرًا يّرَهُ) و کە واتای ئایەتەکە یەک
:شتە بەڵام پێشخستن و پاشخستنی تێ کردوە، پێیان گوت: پێش و پاشت کردن، گوتوویەتی
خڗا بگن هرشی أو قفاها فإنما كلا جانبی هرشی لهن گریق
واتە: بەری رێگەکەی هەرشیان بگرێت یان پشتەوە هەردووك دەگەنەوە سەر هەمان رێگە. ( بە
(_کوردیەکەی خۆمان؛ هەموو رێگەکان دەگەنەوە بانە_ و
هرش) دووڕیانێکە لە ڕێگەی مەکە و نزیک لە جوحفە و لەوێوە دەریا دیارە و لە هەر )
ڕێگەیەکیەوە بڕۆیت دەگەیتە یەک جێگە. دەڵێن گوتوویەتی: (أنف هرشی) نەک (بگن هرشی)،
ئەمەیش پەندێکە بۆ گەییشتن بۆ مەبەستێک لە چەندین ڕێگەوە "وەک خۆمان دەڵێین " هەموو
ڕێگاکان دەگەنەوە بانە ـ وـ". لە کتێبی (معجم البلدان)دا لە ئەبی جەعدەوە گوتوویەتی:
عومەری کوڕی عەبدولعەزیز گلەیی لە پیاوێکی قوڕەیشی کردوە کە دایکی خوشکی عەقیلی
کوڕی عەلفە بوە، پێی گوتوە: خودا ناشرینت بکات لە وشکیدا نەگەییشتووی بە خاڵت، ئەم
قسەیەیش گەییشتوە بە عەقیل و هاتوە بۆ لای عومەر و پێی گوتوە: هیچ شتێکت لە
ئامۆزاکانت نەدۆزییەوە توانجیان لێ بدەیت جگە لە خاڵەکانم؟ خودا ئەو کەسە ناشرین بکات
هاوبەشی خاڵانە. لەسەخری جوهەمی عەدوی کە دایکی قوڕەیشییە لەوێ بوە، گوتوویەتی:
ئامین یا میری باوەڕداران، خودا ئەوە ناشرین بکات کە هاوبەشی خاڵانە و من لەگەڵتاندام،
عومەر گوتوویەتی: تۆ دەشتەکیەکی وشک و بێ مروەتیت، ئەگەر بێم بۆت پەروەردەت دەکەم،
بە خودا هیچ لە کتێبی خودا ناخوێنیتەوە، گوتوویەتی: بەڵێ دەیخوێنمەوە، ئەمەی خوێندەوە:
(إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ زِلْزَالَهَا) تا گەییشتە کۆتاییەکەی، کە گەییشتە کۆتاییەکەی ئەمەی خوێندەوە
(فَمَنْ يّعْمَلْ مِثْقَالْ ذَرَّةٍ شَرًّا يّرَهُ، وّمَنْ يّعْمَلْ مِثْقَالْ ذَرَّةٍ خَيْرًا يّرَهُ)،واتامەی پێشتر نوسرا. عومەر
پێی گوت: پێم نەگوتی تۆ نازانیت بیخوێنیتەوە؟ خودای باڵا خێری پێش خستوە، تۆ شەڕت پێش
:خست، عەقیل گوتی
كلا جانبی هرشی لهن طریق خڗا أنف هرشی أو قفاها فإنما
.بە هەمان واتای پێشو

.گوتی ئەمە لە ڕووقایمیتدایە، خەڵکەکە دەستیان کرد بە پێکەنین
دەڵێن ئەم هەواڵە لە نێوان یەعقووبی کوڕی سەلمە بوە، کە کوڕەزای عەقیلە لەگەڵ عومەری
کوڕی عەبدولعەزیزدا بە عومەری گوتوە: بەڵێ بە خودا من ئایەت و چەندین ئایەتت بۆ
دەخوێنمەوە، خوێندیەتەوە و گوتوویەتی: (إِنَّا بَعَپنا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِ)، عومەر گوتوویەتی: گوتم تۆ
نایزانیت، وا نابیت. گوتوویەتی: چۆن؟ گوتوویەتی: {إِنَّا أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ} [نوح: 1]، واتە:
ئیمە نوحمان نارد بۆ قەومەکەی. گوتوویەتی: جیاوازی چییە لە نێوان (بعپنا) و (أرسلنا) و دێرە
.شیعرەکەی بۆ خوێندوەتەوە
٣ـ لە سورەتی (النمل)دا هاتوە: {قِيلْ لّهَا ادْخُلِى الصَّرْحَ فَلّمَّا ڕأَتْهُ حَسِبَتْهُ لُجَّةً وّكَشَفَتْ عَنْ
سَاقَيْهَا} [النمل: 44]، واتە: پێی وترا وەرە ناو کۆشکەوە، کە لێی روانی هەر پێی وابوو ئاوێکی
زۆر و زەبەندە و لنگی هەڵگرت. زەمەخشەری دەڵێت: ئیبن کەسیر بە (سَأْقَيْهَا) خوێندوەتەوە
واتە بە هەمزە، کە گوێی لە (سوق) بوە کە کۆی (ساق)ە و بە تاک لە قەڵەمی داوە. ئەمەیش
ڕاشکاوانەیە کە لە خوێندنەکەی ئیبن کەسیردا، بە پێوانە خوێنراوەتەوە نەک بە یەک خوێندنەوە
.و ئەوەی کە لە گۆڕینی لەفز بێ واتا ڕووی داوە

(91)
ـ لە سورەتی (البقرە)دا دەڵێت: {فَإِنْ أَمِنَ بَعْچُكُمْ بَعْچًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِى اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ} [البقرە: 283]،

واته: ئەگەر هەر پەکێك لەسەر ئەویتر دڵنیا بوو. ئەوەی دڵنیا بوو لە سەرراستیەکەی.
زەمەخشەری دەڵێت: خوێندنەوە لەم ئایەتەدا ئەوەیە بە هەمزەی جێگیر لە (اؤْتُمِنَ) بخوێنیتەوە پاش پیتی (ژال)ی وشەکە پێش خۆی، یان بە جێگیرکردنی پیتی (یاء)ی وشەی (الذی) و هەمزەکە لادەبرێت، لەبەر بەیەکگەییشتنی دوو وەستاوە و (تاو)ەکە لە (اؤْتُمِنَ) لەفز دەکرێت، بەم شێوەیە (الذی اتُمِنَ) دەڵێت: لە عاسمەوە، ئەو (الڑی اتُمِنَ)ەی بە یەکداچوونی (یاو) و (تاو)ەکەی خوێندوەتەوە، لەبەر پێوانە لە سەر (اّتسر) کە لە (یسر)ەوە هاتوە و لە بنەڕەتدا (ایتسر)ە. زەمەخشەری خوێندنەوەکەی عاسمی وەلا ناوە و گوتوویەتی: ئەمە ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی (یاو)ەکە لە هەمزەوە بە وەرگەڕاوی وەرگیراوە و لە حکومی هەمزەدایە. هەروەها (ریا) لە (رۆیا)وە هاتوە.
بۆ ڕوونکردنەوەی قسەکانی زەمەخشەری دەڵێین: یەکەم خوێندنەوەی عاسم بە وەرگەڕانی هەمزەکە (فاو)ی فرمان واتە فیعلەکەیە لە (اؤْتُمِنَ) دەگۆڕێت بۆ یاو لەبەر شکاندنی پێشەوەی، فەرمانەکە بەم شێوەیەی لێ دێت (ایتُمِنَ) یائەکە و تائەکە بە یەکدادەچن و دەبنە (اتُمِنَ).
زەمەخشەری دەڵێت: ئەمە ڕاست نییە، لەبەر ئەوەی یائەکە لە هەمزەوە وەرگەڕاوە و لە حکومی هەمزەدایە و هەمزە و تائەکە بە یەکدا ناچن، نابێت لە سەر (اتسر) پێوانەی بکەین.
قسەی زەمەخشەری (واتزر عامی) واتە قسەیەکی گشتی جولفیە وەڵامە بۆ پرسیارێکی خەملێنراو، وەک ئەوەی بڵێت گوتوویەتی: چی دەڵێیت لە سەر قسەیان کە دەڵێن: (اتزر) یائەکە تێیدا لە هەمزەکەوە وەرگەڕاوە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا (ائتزر) بوە و هەمزەکەی وەرگەڕاوە بۆ (یاو) و بوە بە (ایتزر)، ئینجا (یاو) و (تاو)ەکە بەیەکداچوون و بوە بە (اتزر) سەرەڕای ئەوەی لە بنەڕەتدا هەمزەیە، زەمەخشەری وەڵامی ئەمەی داوەتەوە بەوەی (اتزر) وشەی نووسین یان ڕەوان واتە (فصیح) نییە بەڵکوو گشتییە واتە جولفیە، هەروەها بۆ لە (رۆیا) لە کاتی وەرگەڕانی هەمزە بۆ (یاو) و بەیەکداچوونی لەگەڵ یائەکەدایە.
ئەوەی لەم دەرئەنجامەدا بە دەستی دەهێنین ئەوەیە کە عاسم دەیڵێت، کە یەکێکە لە حەوت خوێنەرەکە، ئەم خوێندنەوەیەی بە یەکشێوەیی نەخوێندوەتەوە، بەڵکوو بە پێی ڕاوبۆچوون لە سەر پێوەری (اتسر) خوێندوەتەوە، کە وای زانیوە ئەمە ڕاستە و زەمەخشەری وەڵامی داوەتەوە، ئەمەیش ویستی ئێمەیە لە باسکردنی ئەم خوێندنەوەدا.
٥ـ لە سورەتی (النجم)دا هاتوە: {وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى (13) عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى (14) عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى} [النجم: 13 - 15]، واتە: جاریکی تر لە لا دارکونارەکەی ئەوپەر بینی کە لەپاڵشوێنی بەهەشتەکەیە. لە (الکشاف)دا هاتوە کە عەلی و ئیبن ئەلزوبیر و کۆمەڵێک ئەوەیان بە (عندها جنه المأوی) دەخوێندەوە، وەک ئەوەی (جن) کاری ڕابردوو بێت و ئاوەڵناوی لکێنراو تەواوکەر بێت و (المأوی) بکەر بێت، بە واتای "مەئوا بە سێبەری خۆی پاراستویەتی".
گوتی لە عایشەوە ئەم خوێندنەوەی ڕەت کردوەتەوە و گوتوویەتی خوا ئەوە شێت بکات کە بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە.
ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەویت کە ئەم خوێندنەوەیە پاش بڵاوبوونەوەی موسحەف هاتوەتە ئاراوە و لە وێنەکردن واتە هێما خستنە سەر وشەکان دروست بوە" نەك لە کاتی بێ هێمادا، هیچ گرینگییەکیان بە هێما نەداوە و موعجەم وەلا نراوە و لە واتا و ڕێرەوی قسەکەدا زانیویانە.
(جنه وجنه) لە خەتدا یەکن و تاوە خرەکەیان بە ئاوەڵفرمان بۆ ئەو کەسە داناوە، وەك لە ئایەتەکەدا هاتوە و واتاکەیان بەو شێوەیە بە ڕاست زانیوە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ پێشەوەیدا گونجاوە" وایان لێ کردوە ببی بە (جنت) واتە کە محەمەد بە سێبەرەکە خۆی پاراست، بەڵام ئەو شێوە خوێندنەوەکەی تر عایشە بە ناڕاستی زانی و گوتوویەتی ئەوەی بەو شێوە خوێندوێتییەوە خودا شێتی کردوە. وا دەردەکەوێت ئەم خوێندنەوەیە پاش بڵاوبوونەوەی مەسحەفە نووسراوەکان ڕووی داوە، لە وێناکردنی هێڵی خوێندنەوەدا و بێ ئەوەی نیشانەی لە سەر دابنێن و هیچ گرینگیان بە سەر وشە و پیت و ژێر پیتیان نەداوە، بە خۆیان ئەو ئاماژەیان زانیوە کە کامەی جێگیرە و کامیان پشتگوێ خراوە، ئەوەیش لە بینینی ڕێرەوی دەربرین و لە واتاکەیەوە بوە. (جنه) و (جنة) لە نووسیندا یەکە، ئەوانە (تاء) یان بە (هاء) خوێندوەتەوە و کردوویانە بە ئاوەڵناو و بۆ ئەوەی بۆ خوداپەرستەکەی بگەڕێتەوە کە لە ئایەتەکەی پێشدا باس کراوە، واتای ئایەتەکە بە ئاڕاستەیەکی ڕاستدا بینیوە بۆیە بەو شێوەیە خوێندوویانەتەوە: (جَنَّهُ الْمَأْوَى) بە تایبەتی لەگەڵ ئەوەی پێشی خۆیدا (سدره المنتهی) دا گونجاوە، وایان لێ کرد کە ببێتە (الْمَأْوَى جَنَّت) واتە بە سێبەرەکەی محەمەدی پاراست.

ئەمەیە دروستکەری ئەم خوێندنەوەیە، گوتمان ئەوەی لە واتادا ڕاست بێت لای ئەوان قورئان بوە، بە مەرجێک ئایەتی ڕەحمەت نەکەنە ئایەتی ئازار و سزا و زەحمەت و بە پێچەوانەیشەوە. من وای دەبینم کە حەق لەگەڵ عایشە دایە لە ڕەتکردنەوەی ئەم خوێندنەوەیە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەوەی سورەتی (النازعات)دا ناکۆکە کە دەڵێت: {فَإِنَّ الْجَنَّ ةَهِيَ الْمَأْوَى} [النازعات: 41]، واتە: بەهەشتە جێی نیشتەنی ئەوە ئەم ئایەتە پشتگیریی ئەوە دەکات کە خوێندەوەکە (جَنَّ ةُالْمَأْوَى) بێت و لەوە ڕاستترە (جَنَّه الْمَأْوَى) بێت و قورئان پشتگیری لە یەکتر دەکات و هەندێکی ئەوی تری شی دەکاتەوە، بەڵام قسەکەی عایشە کە هەر کەسێک بەو شیوەیە بیخوێنێتەوە خودا شێتی بکات، ئەوەیش لە خۆ دەگرێت واتای ئەوەی خودا شێتی کردوە، وەک بڵێت خۆشی ویستوە کەوانە خۆشەویستە، دەشێت بە واتای پاراستن و شاردنەوەیش بێت، .(وەک دەڵێن شەو شاردییەوە (أجَنَّ ةُاللیل) یان (جنه

ئەو خوێندنەوانەی لە هاوشێوەی وێنەی نووسیندا دروست بێت، کە لە نەبوونی دانانی هێماکان دروست بووبێت، زۆرن، وەک ئەوەی لە سورەتی (القصص)دا هاتوە دەڵێت: {فَاسْتَغَاثَهُ الَّذِی مِنْ شِيعَتِهِ عَلَى الَّذِی مِنْ عَدُوِّهِ} [القصص: 15]، واتە: داوای یارمەتی کرد لەوانەی لە کۆمەڵەی ئەو بوون کەئاگایان لێ بێت. سیبەوەی بە (فاسْتَعانَه) خوێندییەوە، ئەگەر هێماکانی لادەیت هەر دوو وشەکە لە وێنەکێشانی نووسیندا لە یەک دەچێت، وەک ئەوەی لە واتاشدا .یەکن، واتای ئایەتەکە زیاتر بە لای خوێندنەوەکەی سیبەوەیدا دێتەوە

ئەوە لە سورەتی (یس)دا هاتوە دەڵێت: {فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لَا يُبْصِرُونَ} [یس: 9]، واتە: هەندێک بە (فَأعشَيْنَاهُمْ) واتە لە (عشی) کە خراپ بینینەوە وەری گرتوە، واتاکەی لەم .خوێندنەوەدا زیاتر لە ڕاستتر دەچێت نەوەک یەکەم

لەوانەیش وەک ئەوەی لە سورەتی (الاعراف)دا هاتوە دەڵێت: {اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ} [الاعراف: 3] واتە: دوای ئەوەە بکەون کە لەل ای خوداوە بۆتان دابەزیوە و دوای ئەوەسەرپەرستانی دیکە مەکەون. مالیکی کوڕی دینار بە (ولا تبتغوا من دونه أولياو)ی خوێندوەتەوە، بێگومان ئەگەر هێماکان و ژێر پیت و سەر پیتەکان وەلا بنرێن، وێنەی نووسینەکە لە (تبتغوا، تتبعوا) یەک شتە، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرەتای ئایەتەکە (اتبعوا)ە و لەگەڵ ئەوەدا دەنگونجێت، کە پێویستە ڕەتکردنەوەکە (لا تتبعوا) بێت، بەڵام خوێندنەوەی دوەم، مەبەستم خوێندنەوەکەی ئیبن دینار لەگەڵ پاش ڕەتکردنەوەکەدا دەگونجێت، واتە لەگەڵ (من دونه أولياو) بۆیە لە خوێندنەوەی یەکەم زیاتر دەگونجێت. ئەوەی گوێی لە سەرەتا و دەستپێکردنی ئایەتەکە بێت بە (ولا تتبعوا) دەیخوێنێتەوە، ئەوەی دوای ئایەتەکە لەبەرچاو بگرێت وەک ئیبن دینار بە (ولا تبتغوا) دەیخوێنێتەوە. واتاکە بە هەر دوو شێوەکەیە. لە ئاڕاستەدا ڕاست دەردەچێت، بەڵام خوێندنەوەی ئیبن دینار لەگەڵ ڕێبازی قورئاندا گونجاوترە، وەک هەمیشە و بە بەردەوامی بە شێوەی ئەمە دەردەپڕێت، وەک لە سورەتی (الإسراو) دا دەڵێت: {أَلَّا تَتَّخِذُوا مِنْ دُونِي وَكِيلًا} [الإسراو: 2] و لە سورەتی (ئێل عمران) دا هاتوە: {لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ} [ئێل عمران: 118]واتە: لەگەڵ هیچ کەسێکدا مەبنە هاوراز. و لە سورەتی (النساء)دا هاتوە: {وَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ وَلِيًّا} [النساو: 89] واتە: یارو یاوەر لەوان هەڵمەبژێرن. و لە سورەتی (النحل)ژا هاتوە: {لَا تَتَّخِذُوا إِلَٰهَيْنِ اثْنَيْنِ} [النحل: 51] دوو خوداوەندتان نەبێت .و لە سورەتی (النساء)دا هاتوە: {لَا تَتَّخِذُوا الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ} [النساء: 144]، واتە: بێباوەڕان بە یارو یاوەر وەرمەگرن. لەگەڵ چەندین سورەتی تردا، بێگومان ئەوەی مەبەست بوە و وەرگیراوە، لە واتادا زۆر لە یەک نزیک بوە، بەڵام .نەک لە بارەی پاشکۆکانییەوە

لەوانەیش کە لە سورەتی (ص) دا هاتوە کە دەڵێت: {بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ} [ص: 2]، واتە: ئولنەی کوفریان کرد لە دابەشبون و زلزانیندان. هەندێکیان بە (فِی عِرە)

دەیانخوێندەوە، واتە لە بێ ئاگاییدا، ئەم خوێندنەوەیش وەک دەیبینم گونجاوترە لەو واتایەی کە لە ئایەتەکەدا ویستراوە، لە خوێندنەوەی بە (من عزه). لەوانەیش ئەوەی لە سورەتی (ص)دا هاتوە: {وَظَنَّ دَاوُودُ أَنَّمَا فَتَنَّاهُ} [ص: 24] واتە: داود وایزانی کە ئیمە بەر جەربەزەی دەدەین و هەندێکیان بە (فَتَنَّاهُ) بە توندکردنی تائەکە بۆ زیادەرەوی کردن دەیانخوێندەوە، هەندێکی تریان (فَتَنَّاهُ) بە سوکی دەخوێندەوە واتە تا و نونەکەی بەو پێیەی ئەلفەکەی بکەر بێت و کە ئاوەڵناوی دوانەیە و بۆ دوو فریشتەکەیە و هەر دوو ڕکابەر دەگەڕێتەوە، کە پێشتر باس کرا. هەندێکیان بە شێوەیەک دەیانخوێندەوە کە تائەکەیان توند کردەوە و زیادەرۆیی کردن تێیدا توند کراوەتەوە. تەماشای وشەی (فَتَنَّاهُ) بکە، سەرجەم ئەم قسانە لە خۆ دەگرێت لە بارەی

خوێندنەوەی هەمووی و واتاکانی بەو ئاڕاستەیەدا بێت، لە هەر یەکەیان ڕاست دەردەچێت، بەڵام ئەم خوێندنەوانە لە نەبوونی شێوازەوە هاتوە، نەک لە نەبوونی هێمای پیتەکان، ئەوەی واتاکەی وێنا کردوە ئەوە (فاتن)ە خودایە بۆیە نونەکەی توند کردوەتەوە و لەگەڵ ئەلفەکەیدا کردوویەتی بە ئاوەڵفرمانی قسەکەر بۆ مەزنکردنی، ئەوەی بە هەر دوو فریشتەکان دوو ڕکابەرەکە وێنای کردوە، نونەکەی سوک خوێندوەتەوە و ئەلفەکەی کردوە بە ئاوەڵفرمانی هەر دوو فریشتەکە، ئەمەیش نیشانەی ڕوونی ئەوەیە کە ئەوان تەماشای واتاکەی دەکەن و بە پێی حکومی واتاکە دەیخوێننەوە و خۆیان نابەستنەوە بە لەفزەکەیەوە، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە خوێندنەوەکان یەک خوێندنەوە بێت لای هەموو کەسێک.
لەوانەیش ئەوەی لە سورەتی (یونس)دا هاتوە: {لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ ىَىٰ ةً} [یونس: 92] واتە: با نیشانیەك لە دواوەت بێت. واتە بۆ ئەوەی لە دوای تۆ یان لە پشتەوە، بەڵام هەندێکیان بە (لمن خلقك) واتە بە قاف دەیانخوێندەوە، واتە بۆ ئەوەی بۆ خودای کردگارت ئایەتێک بێت وەک سەرجەم ئایەتەکان. وێنەکردنی نووسینەکە لە هەر دوو خوێندنەوەکەدا یەکێکە و هێمادانان جیای ناکاتەوە.
هەروەها لە سورەتی (الانفال)دا هاتوە: {يَاأَيُّهَا النَّبىُّ حَرّچِ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى الْقِتَالِ} [الانفال: 65]، واتە: ئەی پێغەمبەر هانی باوەڕداران بدە بۆ ەئوەی بجەنگن. هەروەها لە خوێندنەوەیەک کە ئەلئەخفەیش باسی کردوە دەڵێت: (حرص المؤمنين) بە صادی پشتگوێخراو و واتاکان زۆر نزیک دەبن بەو واتایەی لە هەر دوو خوێندنەوەکەدا ڕاستە. لەو خوێندنەوانەی لە وێنەکردنی نووسینەکەدا و لە ئاڕاستەکردنی واتاکەدا بە شێوەیەکی ڕاست دەرچوون، ئەوەی لە سورەتی (الجاپیە)دا هاتوە، دەڵێت: {وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِى السَّمَاوَاتِ وَمَا فِى الْأَرْچِ جَمِيعًا مِنْهُ} [الجاپیە: 13]. واتە: هەرچیەك لە ئاسمان و لەسەر زەمینە هەمووی هی ئەون ئەو بۆ ئێوەی دابین کردون. خوێندنەوەی باوی بەربڵاو ئەوەیە کە پیتی ناوەندگیر و ئاوەڵفرمان کە بۆ (سخر) کە خودایە دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە شوێنی وشەیەک بە هێمای ژێر وشەوە، بەڵام وشەی (منە) بە پێی ئەم خوێندنە، ناجێگیرە و لە شوێنی خۆیدا نەوەستاوە و، بەم حاڵەتە ڕووگیر بوون و بە شێوەیەکی ڕارایی و نادڵنیاییەوە ئیعرابیان کردوە، تەماشای (الکشاف)ی زەمەخشەری بکە. ئاوها ئیبن عەباس خوێندویەتیەوە، وێنەکردنی نووسینەکە یارمەتیی ئاوها خوێندنەوەیەک دەدات، بەڵام واتاکەی تا ئێستایش ناجێگیر و دوور لە دڵنیایی دەبێت، لەبەر ئەوەی (منە) کە زۆری نیعمەتە لە ڕێگەی تانەدان لەگەڵ سیفەتی خوادا ناگونجێت. بۆیە سەلمەی کوڕی موحارب بە (منّە) بە هێمای کراوەی سەر میمەکە و توندکردنی نونەکەوە خوێندییەوە، کە دەکەوێتە سەر ئاوەڵفرمانەکە، بەو پێیەی بکەر بێت، بە شێوەیەکی سەرزارەکی (سخر) هاتوە. واتای (وسخر لکم انعامە ما فی السموات و ما فی الارچ جميعا) بەوەی کە گوزارە بێت بۆ نیهادێکی لابراو بە واتای (منە) واتە نیعمەت بێت و مینەتی بە سەردا بکات. ئەگەر وێنەی نووسینەکە نەبێت، نە ئیبن عەباس و نە ئیبن موحارب نەیانتوانی خوێندنەوەکانیان بکەن و بیخەنە سەر ئەم خوێندنەوانە، ئەگەر بە ئاڕاستەکردنی واتاکەی نەبوایە. دواتر زۆرێک لە خوێندنەوەی تر دێت کە چاکسازی لە داڕشتنەکەی یان ئاڕاستەی واتاکەی دەکرێت.
٦ــ لە سورەتی (یوسف)دا هاتوە: {لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ} [یوسف: 35]، واتە: تاماوەیکی تر زیندانی بکەن. لە خوێندنەوەی ئیبن مەسعوودا دەڵێت: (عتی عین) بە لەهجە و زمانی عەشیرەتی(هژیل) هەزیل خوێندوویەتەوە. زەمەخشەری دەڵێت: لە عومەرەوە وەرگیراوە، گوێی لە پیاوێک بوە کە بە (عتی حين) خوێندوویەتییەوە پێی گوتوە کێ وای بۆ خوێندوویتەوە، گوتوویەتی: ئیبن مەسعوود. بۆی نووسیوە و ڕێی لێ گرتوە بەو شێوەیە بیخوێنیتەوە، گوتوویەتی خودا ئەم قورئانەی بە عەرەبی و بە زمانی قورەیش دای بەزاندوە، بە زمانی قورەیش بۆ خەڵک بیخوێننەوە و بە زمان هەزیل مەیخوێنەوە. ئەگەر خوێندنەوە یەک شێوەیی بوایە لە لای پێغەمبەرەوە بە یەک شێوە هاتبێت چۆن دەبوو عومەر ئەوە ڕەت بکاتەوە و ئەم قسەی پێ بڵێت؟
٧ــ لە سورەتی (هود)دا هاتوە: {وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِى مَعْزِلٍ يَابُنَىَّ ارْكَبْ مَعَنَا} [هود: 42] واتە: پێشتر واتاکەی نوسرا. عەلی بە (ابْنَها) خوێندیەوە کە ڕاناوە لکاوەکە بۆ ژنەکەی دەگەڕێتەوە کە پێشتر باسی نەکراوە لە ئایەتەکەدا، لە جێگەی شاردنەوەی پێش باسکردن دێت. لە قورئاندا هاوتەریب هەیە، دیارە عەلی بۆ ئەوە وای خوێندوەتەوە، لەو باوەڕەدا بوە کوڕی خۆی نەبوە و کوڕی ژنەکەی بوە و بەخێوی کردوە. زەمەخشەری دەڵێت: ئەوەی لکاندویەتی بە

دایکیەوە دوو ڕێگەی تێدەچێت. یەکەم: بەخێوکەری بوویێت، یان کوری شەرعی نەبێت واتە زۆڵ بوویێت. ئەمەیش ڕسواییە و پێغەمبەران مەعسوومن لەمبارەیەوە. محەمەدی کوری عەلی و عەروەی کوری زوبیر (ابنه) بە (ابنها)یان خوێندوەتەوە، بەڵام بە دانانی پیتی (هاو)ەکە و هێمای (فتحه)ی لە سەر داناوە. زەمەخشەری دەڵێت: بەوە پشتگیریی مەزهەبی ئەلحەسەن ــ مەبەستی الحسن البصری یە ــ دەکات لەوانە بوو کە دەیانگوت کوری ژنەکەی نوح بوە و بەخێوی کردوە. قەتادە دەڵێت: پرسیارم لە حەسەن کرد لەو بارەیەوە گوتی: بە خودا کوری نەبوو، گوتم: خودا قسەی لە سەر کردوە: {إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي} [هود: 45] واتە: کورەکەم لەکەس وکارەکەمە. و تۆ دەڵێیت کوری نەبوە. ئەهلی کتێب هیچ جیاوازییەکیان نەبوە لە سەر ئەوەی کوری بوە، گوتی: کێ ئایینەکەی لە ئەهلی کتێب وەردەگرێت؟ بەڵگەی بەوە هێنایەوە کە دەڵێت: (من أهلی) و نەیگوتوە (منی). نازانم مەسەلەی ئەوەی کوری خۆی بێت یان ژنەکەی ئەوە دەهێنێت و شایانی ئەوەیە کە زانایان جیاواز بن لە سەری و بیری خۆیان پێوە سەرقاڵ بکەن، تەنانەت حەسەنی بەسری هەر وەک ئیبن سیرین لە سەبی کردنی عەین تەمردا مەزهەبێکی تایبەتی بە خۆی دادەنێت، تێیدا قوڵ دەبێتەوە و مشتومڕی لە سەر دەکات. ئەمەیش مەسەلەیەکە لە بناغەکانی ئایین و لقەکانیشی نییە، بەڵام لە قورئاندا هاتوە، بۆ ئەوەی خەڵکانی باوەڕدار پەندی لێ وەربگرن و بزانن کە تەنها باوەڕە لە لەناوچوون ڕزگاریان دەکات و نەسەب و پشت هیچ نییە لای خودا. تەنانەت باوکایەتیی نوح کورە بێباوەڕەکەی لە نغرۆبوون ڕزگار نەکرد، سەرەڕای ئەوەی بەپەرۆش بوو لە سەر ڕزگارکردنی. ئەگەر حەسەنی بەسری و هاوشێوەکانی لە خەڵکانی داواکاریی حەقیقەت بوونایە، ڕوویان دەکردە جەوهەری ئایین و بیریان لەو بارەیەدا دەخستە کار و خۆیان لە ناکۆکی بەرز ڕادەگرت. سپاس بۆ ئەوەی نەفسی بە باوەڕ هەڵدەستێت و لە دۆگماییشدا دەیخاتە خەوێکی قوڵەوە. هەر چۆنێک بێت ئەم خوێندنەوانە بە ڕوونی دەری دەخەن کە ئەوان لە خوێندندا پشتیان بە واتا و بە ڕا و بۆچوون بەستوە نەک بە یەک شێوە خوێندنەوە، وەک دەڵێن.

٨ــ لە سورەتی (الإنسان)دا هاتوە، دەڵێت: {إِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَ وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا} [الإنسان: 4] واتە: ئێمە ئاگر و ئاسن و زنجیرمان بۆ بێباوەڕان ئامادە کردووە. خوێندنە باوەکە ئەوەیە کە (سَلَاسِلَ) کۆتاییەکەی بە پێی ئیعراب دانەنراوە لەبەر ئەوەی "لەو وشانەیە کە گۆڕانکاریی بە سەردا نایەت" و هەندێکیان بە گۆڕانکارییەوە خوێندوویانەتەوە واتە بە (سلاسلاً) و گۆڕانکاریی بۆ ئەم جۆرە وشانە بۆ شیعر دەشێت و بۆ پەخشان زەرورى نییە. زەمەخشەری لە شیکردنەوەی ئەم بابەتەدا دوو لایەنی باس کردوە. یەکەم: ئەم گۆڕانکارییە کۆتاییەکەی لە جیاتیی نونی تەئوین بێ ڕەهایی بوە و لەمەشدا بەیەکەوەبەستن بێوەستاندنیش دەبێت، واتای قسەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە تەنوینی کۆتایی بۆ گۆڕانکاری نییە لە جیاتی ئەلفی ڕەهایی لەو ناوانەی کە گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت و کۆتاییەکەی دەبێت ئەلف لە کاتی وەستان بێت و نون لە کاتی بەردەوامیدا بێت، بەڵام ئەم (نون)ە کە لە جێگەی پیتی ڕەهایی لە (سلاسلاً) خستییە بەردەمی، وەستانەکە کارێکە لە پێناو بەردەوامی لە ڕێڕەوی وەستاندندا.

لایەنی دوەم: دەبێت خاوەنی ئەم خوێندنەوەیە وا ڕاهاتبێت یان حەزی لە شیعر بوە و زمانی لە سەر ئەوە ڕاهاتوە کە ئەو وشانەی گۆڕانکارییان بە سەردا نایەت بیگۆڕێت؟ ئەمە قسەی ئەوە. ئەگەر هۆکاری ئەم خوێندنەوەی حەزی خوێنەرەکەی لە شیعر بوویێت و زمانی لە سەر ئەوە ڕاهاتبێت کە ئەوەی ناگۆڕێت بیگۆڕێت، ئایا دەبێت ئەم خوێندنەوە یەک شێوەییە و وا هاتوە؟ ئایا ئەم قسەیە لە زەمەخشەرییەوە ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو خوێندنەوەکان یەک شێوەیی نەبوە؟

ئەوەی بەڵگەیە کە ئەوان بە یەک شێوەیی ناخوێننەوە. ئەوەی لە سەر زاری ئەنەس دەیگێڕنەوە لە سەر سورەتی (المزمل) کە دەڵێت: {إِنَّ نَاشِئَةَ اللَّيْلِ هِيَ أَشَدُّ وَطْئًا وَأَقْوَمُ قِيلًا} [المزمل: 6] واتە: شەونخونی بۆ رمانی جێدارە و بۆ وتاریس لەبارترە. (أصوب قِيلًا) دەخوێندەوە، پێیان گوت: ئەی باوکی حەمزە ئەمە (أقوم)ە گوتی: (أقوم و اصوب و اهیأ) یەک شتن.

ئەگەر خوێندنەوە یەک شێوەیی بوایە دەیگوت: من لە پێغەمبەری خوداوە گوێبیستی بووم، لە نزیکترین هاوەڵانی پێغەمبەری خودا بوە، بەڵام بە واتاکەیەوە خوێندوویەتیەوە و ئەوەی واتاکەی ڕاستی دەربچێت قورئانە. ئەبووزەیدی ئەنساری لە سەر ئەبی سراری غەنەوی دەڵێت ئایەتی {فَجَاسُوا خِلَالَ الدِّيَارِ} [الإسراو: 5] بە (هاء) دەخوێندەوە، پێیان گوت (جاسوا)، گوتی (جاسوا)، (حاسوا)یەک شتن.

٩ـ لە سورەتی (الرمد)دا هاتوە: {أَفَلَمْ يَيْأَس الَّزِينَ ىٓمَنُوا أَنْ لَوْ يَشَاوُ اللَّهُ لَهَدَى النَّاسَ جَمِيعًا} [الرعد: 31]، واتە: ئایا ئەوانە باوەریان هێنا بێ هیوا نەبوون ، ئەگەر خودا بیەوێت رێ نیشانی هەموو خەڵك دەدات. واتای (أَفَلَمْ يَيْأَس) بە ئایا نازانیت دێت، گوتیان زمانی قەومێکە خەڵکی نەخع و لەو بارەوە دێرە شیعرێکی "وەسیم کوری وەسیلی ڕیاحی"یان هێنایەوە کە دەڵێت:
أَلَمْ تَيْأَسُوا أَنِّى ابن فَارِسِ زَهْدَمِ أَقُولُ لَهُمْ بالشَّعْب إِزْ يَيْسِرُونَنِى

وابزانم دێرە شیعرەکە وەرگیراوە و دانراوە، بۆیە هەندێکیان ئایەتەکەیان بەو شێوەیە شی کردووەتەوە دەڵێت: (يأس) بە واتای زانین بە کار هێناوە لەبەر ئەوەی ئەو واتایە لە خۆ دەگرێت، لەبەر ئەوەی بێ ئومێدبیت لە شتێک کە دەزانێت نابێت، وەک بەکارهێنانی تکا لە جیاتی ترس و لەبیرچوون و لە جیاتی وازهێنان، لەبەر ئەوەی ئەو واتایانەیان تێدا بە دی دەکرێت. عەلی و ئیبن عەباس و کۆمەڵێک لە هاوەڵان ئەم خوێندنەوەیان بە ڕێی واتا بوە. هەندێکیان لەم ئایەتە ئیدیعای شتێکیان دەکرد کە نزیکە لە حەقیقەتەوە، گوتیان: لە کاتێکدا نووسەرەکەی نووسیویەتی چاوی لە خەودا بوە و بە وردی نوکی پیتەکانی نەنووسیوە، وەک ئەوەی پیتی سین بە شێوەی دانی شانە لێ دەرچێت. واتاکەی ئەمەیە کە (ييئس و يتبين) لە وێنەی نووسینەکەدا بەیەک شێوە دەردەچن و لە یەک ئاستدان و هەندێکی نوکی پیتەکە دەردەکەوێت و ئەوی تر ناو، دەڵێت ئایەتە (أفلم يتبين)ە بەڵام نووسەرەکە خەو بە سەریدا زاڵ بوە و سینەکانی بە یەک ئاست نووسیوە بێ دانەشانەکان بە هۆی خەوەکەیەوە و بۆیە ئەو هاوشێوەیەی تێکەوتوە بۆ (ييئس) وەک (يتبين) دەرکەوتوە، لەبەر ئەوەی هێمای لە سەر دانەنراوە، بۆیە هەندێکیان بە (أفلم ييئس)ی خوێندوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا هێمای نەدەخستە سەر پیتەکان لە مەسحەفەکاندا، ئەگەر نا لەفزی ئایەتەکە لەگەڵ (أفلم يتبين)دا دێتەوە وەک عەلی و ئیبن عەباس دەیانخوێندەوە، بەڵام زەمەخشەری پاش ئەوەی لە شیکردنەوەکەی ئەم قسەیەی کرد و هەندێک گیفوگاف و مڕەمڕی کرد، کە پێویست ناکات لێرەدا باسی بکەین.
دوا شت کە لێرەدا باسی بکەین، خوێندنەوەی ڕوئبەی کوری عەجاجە بە شاعری دەشتەکی ناسراوە کە زانایانی زمانی عەرەبی شایەتی بۆ شیعر و کێش و سەرواکانی دەدەن، ئەو لە ئایەتی {فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَزْهَبُ جُفَاوًَ} [الرعد: 17] واتە: ئەوەی کەفوکوڵە بە بێهودەیی دەروات. بە (جُفَاوًَ)ی خوێندەوە، (جفال) و (جفاء) هەر دووکیان یەک واتایان هەیە ئەویش ئەو شتەیە کە لافاو فڕێی دەدات و دەیخاتە لاوە، وەک کەف و پووش و شتی وشک بوە.
ئەبو حاتەم ئەم خوێندنەوەیەی ڕوئبەی ڕەت کردەوە و گوتی: بە قسەی ڕوئبە ناخوێنرێتەوە، لەبەر ئەوەی مشکی خواردوە. نازانم خواردنی مشک و خوێندنەوە چ پێوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە و بۆچی لەبەر خواردنی مشک خوێندنەوەکەی ڕەت بکرێتەوە؟ عەرەب بەردەوام مارمێلکە و گۆرهەڵکەنەی دەخوارد کە ئەمانیش جۆرێکن لە مشک و خرپتریش.

(92)
خوێندنەوە بە زیادکردن
ئەوەیە کە لە خوێندنەوەدا زیادەی بخاتە سەر و هیچ شتێک لە واتای نەخاتە سەر، یان ئەوەی دەیخاتە سەر گونجاو دەبێت لەگەڵیدا یان تەواوکەری دەبێت. لە سورەتی (العلق)دا هاتوە: {اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّزى عَلَّمَ بالْقَلَمِ} [العلق: 3، 4]. پێشتر واتاکەی نوسرا. ئیبن زوبیر بە (علَّمَ الخگ بالْقَلَمِ)ـی خوێندەوە. لە سورەتی (المسد)دا دەڵێت: {تَبَّتْ يَدَا أَبى لَهَبِ وَتَبَّ} [المسد: 1] نەفرەت لە دەستی ئەبو لەهەب. ئیبن مەسعوود (وقد)ی بۆ زیادکرد واتە (وقد تب). لە سورەتی (الكهف)دا دەڵێت: {وَمَا أَنْسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْگَانُ أَنْ أَزْكُرَهُ} [الكهف: 63] و عەبدوللا بە (أَنْ أَزْكُرَكه)ی خوێندوەتەوە، لەم خوێندنەوەیەدا شێوەی کارەکە لەگەڵ ڕاناوی قسەبۆکەردا دەگۆرێت.
دیسان لە سورەتی (الكهف)دا دەڵێت: {وَكَانَ وَرَاوَهُمْ مَلِكٌ يَأْخُزُ كُلَّ سَفِينَهٍ غَصْبًا} [الكهف: 79]، ئەبی عەبدوللا بە (كُلَّ سَفِينَهٍ صَالِحَه)ـی دەخوێندەوە. بەم زیادەیە واتای ئایەتەکەی ڕاست کردوەتەوە کە واتاکەی ڕێک دەکاتەوە، ئەگینا کونی بەلەمەکە چ قازانجێکی دەبێت ئەگەر

پاشاکە بە تۆپزی دەست بە سەر هەموو بەلەمێکدا بگرێت.
دیسان لە سورەتی (الکهف)دا دەڵێت: {فَخَشِينَا أَنْ يُرْهِقَهُمَا طُغْيَانًا وَكُفْرًا} [الکهف: 80] ئەبی خەضاف بەم شێوەیە دەیخوێندەوە: (وَرَبُّكَ أَنْ يُرْهِقَهُمَا) ئەمە لەگەڵ زیادکردن ئاڵوگۆڕی وشەیەکە بە وشەیەکی تر.
لە سورەتی (گە)دا هاتوە: {إِنَّ السَّاعَةَ ءَاتِيَةٌ أَكَادُ أُخْفِيهَا} [گە: 15]، لە مەسحەفی ئەبی وا هاتوە (أَكَادُ أُخْفِيهَا مِن نَفْسی) و لە هەندێک مەسحەفی تردا بە (أكاد أخفيها من نفسی فكيف أظهركم عليها)دا هاتوە.
لە سورەتی (الأحزاب)دا هاتوە: {النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ} [الأحزاب: 6]، ئیبن مەسعوود بەم شێوەیە (النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ من أنفسهم وهو أبٌ لهم وأزواجه أمهاتهم) هاتوە.
لە سورەتی (سبأ)دا هاتوە: {فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَنْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الْغَيْبَ مَا لَبِثُوا فِي الْعَذَابِ الْمُهِينِ} [سبأ: 14]، ڕووکەشی واتای ئایەتەکە بە شیکردنەوە نەبێت ڕێک نایێتەوە. وەک ئەوەی بڵێین بۆ نموونە (فلما خر تبينت الجن أن تبين المدعون علم من الجن) یان (تبين عوام الجن) واتە ئەگەر گەورەکانیان لە غەیب دەزانن یان شتێک لەو بابەتە، بۆیە ئەبی بە (تبينت الإنس)ی خوێندەوە، واتا مرۆڤەکان دەرکەوتن، ئەگەر بیانزانیبا "واتە جنۆکە" لە غەیبیان دەزانی، لەمەی ئەبی دا زیادکردن نییە، بەڵکوو ئاڵوگۆڕی وشەی جنۆکەیە بە مرۆڤ، بەڵام ئیبن مەسعوود بە زیادکردنی وشەی (الإنس) و مانەوەی وشەی (الجن)یش خوێندییەوە، ئاوهای لێ هات: (فَلَمَّا خَرَّ تَبَيَّنَتِ الْجِنُّ أَن لَّوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ الغَيْب) بە پێی ئەم دوو خوێندنەوە بە بێ شیکردنەوەیش ڕێک دەردەچێت.
لە سورەتی (البقرە) دا هاتوە: {لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ} [البقرە: 198] ئیبن عەباس بەم شێوەیە دەیخوێندەوە (لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ فی المَواسِمْ الْحَجّ) لەمەدا تەواوکردنی ئەو واتایە کە لە ئایەتەکەدا مەبەستە و بە تایبەتیکردنی واتا گشتییەکەی واتاکەی ئاڕاستە دەکات و ڕێکی دەکاتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە، وا دیارە لە ڕووکەشی ئایەتەکەدا ڕێک نییە، لەبەر ئەوەی داواکردنی چاکەی خودا لە کارە باشەکانە و هیچ کەسێک نییە بڵێت کاتێکی خراپە یان تاوانە تا پێویستی بە ڕوونکردنەوە بۆ ڕەتکردنەوەی خراپەکاری و تاوان بکات، بەڵام ئەوە لە ڕۆژانی حەجدا دەبێت ڕەت بکرێتەوە، کە خوداپەرستی و کۆڵەکەیەکە لە کۆڵەکەکانی ئایینی ئیسلامدا، وەک لە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکەدا دەردەکەوێت، ئەوان لە ڕۆژانی وەرزی بازرگانیدا کڕین و فرۆشتنیان کردوە و بژێوییان لە سەر ئەم بازرگانییە بوە، کاتێک ئیسلام هات، ڕووگیربوون و بە خراپیان دەزانی کە لە ڕۆژانی پیا دەکردنی پرۆسەی حەج بازرگانی بکەن. تا پێغەمبەری خودا هات و پرسیاریان لێ کرد، ئەم ئایەتە دابەزی و گوناح بوون و ڕووگیری نەهێشت و ڕێگەی بە بازرگانی دا لە وەرزەکانی حەجدا، واتە هیچ گوناحێک نییە کە لە ڕۆژانی حەجدا داوای چاکە لە خودا بکەن، کە لە قازانجی کڕین و فرۆشتن لەو ڕۆژانەدا بە دەست دەهێنن. خوێندنەوەی ئیبن عەباس واتا ویستراو و مەبەستەکەی تەواو کردوە بە ڕوونکردنەوە و تایبەتمەندکردنی لە ڕۆژانی حەجدا، ئەگینا واتاکەی ئەگەر بە گشتی بمێنێتەوە ڕێک دەرناچێت. لە سەر زمانی عومەرەوە کە پرسیاریان لێ کردوە: ئایا ڕقتان لە بازرگانی بوە لە کاتی حەج کردندا؟ گوتوویەتی: ئایا بژێویمان جگە لە بازرگانی لە حەجدا هیچی تر هەبوە؟
پێشتر کە باسی حەجمان کرد گوتمان لە بنەڕەتدا لە پێناو قازانجی خەڵکی مەکەدا دانراوە، ئەوانەی بازرگانی عەرەب بوون لە جاهیلیەتدا هیچ بژێوییەکیان نەبوو جگە لە بازرگانی کردن. کاتێک ئیسلام هات پریاری لە سەر درا، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە پێشتر باسمان کرد. کاتێک حەج لە ئیسلامدا فەرز کرا، تا سورەتی (براوە) دابەزی و جەنگی گشتی ڕاگەیاند و بێباوەڕانی قێزەون کرد و ئەو پەیمانەیان لەگەڵیاندا هەبوو شکاندیان و ڕێگریان لێ کردن بێن بۆ حەج. ئەگینا پێشتر پێکەوە حەجیان دەکرد. تەنانەت ئەمە بوە هۆی زەرەرمەندی ئەهلی مەکە لەبەر ئەوەی ئەوان پشتیان بە بازرگانی لە کاتی حەجکردندا دەبەست. بە نەهێشتنی حەجی بێباوەڕان قازانجەکەیان کەم دەبێتەوە، بۆیە خودا بە سەرانە وەرگرتن لە بێباوەڕان قەرەبووی بۆ کردنەوە، وەک پێشتر بە دوورودرێژی باسمان کرد.
لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: {حَافِظُوا عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلَاةِ الْوُسْطَى} [البقرە: 238]، لە حەفسەوە کە بە وانەی مەسحەفیان بۆ نووسیوە گوتوویەتی: ئەگەر گەیشتیتە ئەمە

مەینووسە، تا خۆم بۆت دەخوێنمەوە بەو شێوەیەی گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیخوێندەوە، بۆی خوێندنەوە: (والصلاه الوسگی صلاه العصر). لە زاری عایشە و ئیبن عەباسەوە دەگێرنەوە: (والصلاه الوسگی وصلاه العصر) زەمەخشەری دەڵێت: بە پێی ئەم خوێندنەوەیە بێت دەبێت تایبەتمەندیی بۆ نوێژ بێت یەکێکیان (الصلاه الوسگی) یەکێکیان نوێژی نیوەڕۆیە یان بەیانی یان ئێوارە بە جیاوازی گێڕەوەکان و دووەم نوێژیان هیی عەسرە، عەبدوڵڵا و عەلی بەم شێوەیە .(خوێندیانەوە: (وعلی الصلاه الوسگی) بە زیادکردنی (علی

لە سورەتی (النساو)دا هاتوە: {وَإِنْ كَانَ رٍجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَو امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ} [النساو: 12]، ئەبی بە (لە أخ أو أخت من الام) سەعد کوڕی ئەبی وەقاس بە (وله أخ أو أخت من أم) بە بێ ئەلف و لامی پێ ناسەکە. لە سورەتی (الانعام)دا هاتوە: {وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَادَى كَمَا خَلَقْنَاكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُمْ مَا خَوَّلْنَاكُمْ وَرَاءَ ظُهُورِكُمْ وَمَا نَرَى مَعَكُمْ شُفَعَاءَكُمُ الَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَاءُ لَقَدْ تَقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنْكُمْ مَا كُنْتُمْ تَزْعُمُونَ} [الانعام: 94] ئەوەی (بینکم) بە هێمای سەر وشەکە بە (نصب) دەخوێندەوە، کارەکە بۆ سەرچاوەکەی گەڕاندەوە، بە پێی تەئویلی (وقع التقگع بینکم) ئەوەی بە (رەفع) بیخوێنێتەوە کارەکەی گەڕاندەوە بۆ ئاوەڵفرمان وەک دەڵێت (قوتل خلفکم) عەبدوڵڵا لە زیادکردنی (ما) خوێندییەوە، .واتە (لقد تقگع ما بینکم)بەم خوێندنەوەیە هیچ کێشەیەک لە ئیعرابدا نابێت

لە سورەتی (ص)ا هاتوە: {إِنَّ هَذَا أَخِي لَهُ تِسْعٌ وَتِسْعُونَ نَعْجَةً وَلِيَ نَعْجَةٌ وَاحِدَةٌ} [ص: 23]، ئیبن مەسعوود بە (ولی نعجه انپی) خوێندییەوە، زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: دەڵێن ژنێکی مێیینەیە، بۆ جوانی و شۆخوشەنگ دێت و واتاکەی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەبەر نەرمونیانی مێیینە و شل و خاوی وەسفی کردوە، ئەوەیش لە پێناو بەتامی و بۆ ئەوەی بتوانێت کۆی بکاتەوە، یان بە دوان مامەڵەی لەگەڵدا بکات. لە سورەتی (الزمر)دا دەڵێت: {وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى} [الزمر: 3] ئیبن مەسعوود بە زیادکردنی (قالوا) خوێندییەوە واتە (قالوا ما نعبدهم). لە سورەتی (فصلت)دا هاتوە: {لَا يَسْأَمُ الْإِنْسَانُ مِنْ دُعَاءِ الْخَيْرِ وَإِنْ مَسَّهُ الشَّرُّ فَيَئُوسٌ قَنُوطٌ} [فصلت: 49]. ئیبن مەسعوود بائێکی بۆ زیاد کرد کە .لە یەکەم ڕەوانترە

لە سورەتی (الجاپیه)دا هاتوە: {وَقَالُوا مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا الدُّنْيَا نَمُوتُ وَنَحْيَا وَمَا يُهْلِكُنَا إِلَّا الدَّهْرُ} .([الجاپیه: 24]، لە خوێندنەوەیەکدا وا هاتوە: (وما یهلکنا إلا دهر یمر

لە سورەتی (الاحقاف)دا هاتوە: {وَهَذَا كِتَابٌ مُصَدِّقٌ لِسَانًا عَرَبِيًّا} [الاحقاف: 12] لە خوێندنەوەیەکدا هاتوە: (مصدق لما بین یدیه)، لەوێدا دیسان: {وَوَصَّيْنَا الْإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ إِحْسَانًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ...} [الاحقاف: .15] لە خوێندنەوەیەکدا: بە (حتی اڎا استوی و بلغ اشد ە) هاتوە

دا هاتوە: {هَذِهِ جَهَنَّمُ الَّتِي يُكَذِّبُ بِهَا الْمُجْرِمُونَ} [الرحمن: 43] لە (لە سورەتی (الرحمن خوێندنەوەی عەبدوڵڵادا: (هڎه جهنم التی کنتما بها تکڎبان تصلیان لا تموتان فیها ولا تحبیان) ئەم خوێندنەوەیە لە سنوری خۆی دەرچوە و گەیشتوەتە درێژدادڕی و لەگەڵ ئەوەیشدا لێی .لابراوە، واتە (المجرمون)ی تێدا لابراوە

لە سورەتی (المجادلە): {مَا يَكُونُ مِنْ نَجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِنْ ذَلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا} [المجادلە: 7]، زەمەخشەری دەڵێت: لە مەسحەفی عەبدوڵڵادا ئەوە هاتوە کە دەڵێت: (ما یکون من نجوی پلاپه الا الله ڕابعهم ولا أربعه إلا الله خامسهم ولا خسمه إلا الله سادسهم ولا أقل من ڎلك إلا الله معهم إڎا انتجوا)، خوێندنەوەی یەکەم کورتەی خوێندنەوەی دووەمە. لە سورەتی (هود)دا هاتوە: {قَالُوا لَا تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ (70) وَامْرَأَتُهُ قَائِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ} [هود: 70، 71]، لە مەسحەفی عەبدوڵڵادا هاتوە: (وامرأته قائمه وهو قاعد) زیادکردن لەم خوێندنەوەیەدا .زیادکردنی تەواوکەرە

لە سورەتی (یونس)دا هاتوە: {حَتَّى إِذَا كُنْتُمْ فِي الْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِمْ بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ} [یونس: 22] ئوم دەردا، بەم شێوەیە خوێندویەتیەوە: (حتی إڎا کنتم فی الفلکی) بە زیادکردنی (یاو) توندی نازناو، زەمەخشەری دەڵێت: زیادە وەک لە دەرەوەدا، گوتی دەشێت مەبەست ئاوی نقومکەر .بێت، بیگەڕێنیتەوە بۆ فەلەک لەبەر ئەوەی فەلەک جگە لەوێدا ناڕوات و، لە ئاوی تەنگدا ناڕوات

خوێندنەوە بە کەمکردنەوە

لە سورەتی (الإخلاص)دا هاتوە: {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ} [الإخلاص: 1]، عەبدوڵڵا و ئەبی بە (هُوَ اللَّهُ

أَحَدٌ) دەیانخوێندەوە بە بێ (قُلْ)، زەمەخشەری دەڵێت: لە خوێندنەوەی پێغەمبەری خودادا بە (اللَّهُ أَحَدٌ) بە بێ (قُلْ) و (هُوَ) بوە، خوێندنەوەی ئەعمەیش بەم شێوەیە بوە: (قُلْ هُوَ اللَّهُ الواحِد) یان (الْاحَدْ) بە واتای (واحد) لە سورەتی (الْاحزاب)دا هاتوە: {وَامْرَأَةً مُؤْمِنَةً إِنْ وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِیّ} [الْاحزاب: 50] ئیبن مەسعوود بە دوور لە (إن) خوێندوویەتیەوە واتە (وَهَبَتْ نَفْسَهَا لِلنَّبِیّ). لە سورەتی (البقره)دا هاتوە: {قَالُوا ادْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّنْ لَنَا مَا هِیَ} [البقره: 68]، عەبدوڵلا بە (سَلْ لَنَا رَبَّكَ مَا هِیَ)ی خوێندوەتەوە. لەم خوێندنەوەیەدا کەموکورتییەکی تێدایە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی (ادْعُ) بە (سَلْ).

لە سورەتی (الإعراف)دا هاتوە: {وَلِبَاسُ التَّقْوَى ذَلِكَ خَيْرٌ} [الْاعراف: 26]، عەبدوڵلا و ئەبی بە (وَلِبَاسُ التَّقْوَى خَيْر) یان خوێندوەتەوە، لەم خوێندنەوەیەدا چاکسازی لە دەربڕینەکەدا کراوە، لەبەر ئەوەی لابردنی زیاتری تێیدا کراوە. لە سورەتی (حم) یان سورەتی (الشوری)دا هاتوە: {حم. عسق} [الشوری: 1، 2] ئیبن عەباس و ئیبن مەسعوود بە (حم، سق) دەیانخوێندەوە بە بێ پیتی عەین، ئەمەیش خوێندنەوەیەکی سەرسوڕهێنەرە. لەبەر ئەوەی لە واتا و لە لەفزیشدا شتێک نییە پاڵت پێوە بنێت بۆ ئەم خوێندنەوەیە. ئەمەیش نابێت، مەگەر بە یەک شێوە خوێندەوەیی بێت، وا دیارە ئیبن عەباس و ئیبن مەسعوود لە پێغەمبەرەوە گوێبیستی بوون.

لە سورەتی (الحشر)دا هاتوە: {فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّی بَرِیءٌ مِنْكَ إِنِّی أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ. فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِی النَّارِ} [الحشر: 16، 17]، لە هەندێک خوێندنەوەدا دەڵێت: (إِنِّی بَرِیءٌ مِنْكَ وعَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا). لە سورەتی (الجمعه)دا هاتوە: {قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِی تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ} [الجمعه: 8]، گرفتی ئەم خوێندنەوەیە ناسراوە، (فاو) خستنە سەر گوزارەکەی (إن) گوتیان: فائەکە بۆ ئەوە خراوەتە سەری بۆ ئەوەی واتای ڕاڤەکردنەکە لە خۆ بگرێت، ئاوهایش زەید کوڕی عەلی بە (إِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ) بێ (فاو) خوێندییەوە، ئیبن مەسعوود (مُلَاقِيكُمْ) بە بێ (فَإِنَّهُ) ئەمەیش خوێندنەوەی ڕووکەشیانەیە و هیچ گرفتێک لە ئیعرابەکەیدا دروست ناکات.

لە سورەتی (الانفال)دا هاتوە: {يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ} [الْانفال: 1]،(ابن محیگ) بە (يَسْأَلُونَكَ عَلنَفْال) بە بێ هەمزە و (أل) خوێندییەوە و بزوێنەرەکەی خستە سەر لامەکە و بەیەکداچوونی نون بە لامەوە، ئیبن مەسعوود بە (يَسْأَلُونَكَ الْأَنْفَالِ) بە بێ (عَن) خوێندیەوە، پرسیارەکە لە سەر خوێندنەوە ناسراوەکە بە واتای هەواڵگری و بە پێی خوێندنەوەی ئیبن مەسعوود بە واتای داواکردن و وەرگرتن بوە. لە سورەتی (الْانفال) دا هاتوە: {وَلَنْ تُغْنِیَ عَنْكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئًا وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ} [الْانفال: 19]، ئیبن مەسعوود بە (واللَّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ) دەیخوێندەوە بە بێ (أَنَّ).

خوێندنەوە بە پێشخستن و پاشخستن

لە سورەتی (النصر)دا هاتوە: {إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ} [النصر: 1]، ئیبن عەباس بە (إِذَا جَاءَ الْفَتْحُ اللَّهِ وَنَصْر)ی دەخوێندەوە، هیچ جیاوازییەک لە نێوان هەر دوو خوێندنەوەکەدا نییە، لەبەر ئەوەی واوەکە بۆ ڕێکخستن نەهاتوە بەڵکوو بۆ کۆکردنەوە و ڕەهایی ڕستەکەیە.

لە سورەتی (البقره)دا هاتوە: {مَا نَنْسَخْ مِنْ آيَةٍ أَوْ نُنْسِهَا} [البقره: 106]، عەبدوڵلا بە (مَا نُنْسِكَ مِنْ آيَةٍ أَوْ نَنْسَخْها)ی دەخوێندەوە، خوێندنەوەی تریشی تێدایە.

لە سورەتی (آل عمران)دا هاتوە: {وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ وَالرَّاسِخُونَ فِی الْعِلْمِ يَقُولُونَ آمَنَّا بِهِ} [آل عمران: 7] ئەبی بە (وَيَقُولُ الرَّاسِخُونَ) دەیخوێندەوە. بەم خوێندنەوەیە ئایەتەکە دەبێتە دەق لەگەڵ ئەوەی هاوشێوەیی جگە لە خودا کەس نایزانێت.

لە سورەتی (ص)دا هاتوە: {هَذَا عَطَاؤُنَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ بغَيْرِ حِسَابٍ} [ص: 39]، ئیبن مەسعوود بە (هَذَا فَامْنُنْ أَوْ أَمْسِكْ عَطَاؤُنَا بغَيْرِ حِسَابٍ) دەیخوێندەوە، لە سورەتی (الفتح)دا هاتوە: {وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى وَكَانُوا أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا} [الفتح: 26]، لە مەسحەفی حارس کوڕی سوەید هاوەڵی عەبدوڵلادا هاتوە: (وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ التَّقْوَى وَكَانُوا أَهْلَهَا وأَحَقَّ بِهَا). زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا لە حارس کوڕی سوەید وەری گرتوە کە لە سەردەمی حەجاجدا موسحەفەکانی خستوەتە چاڵەوە، باسی ئەوە ناکات بۆچی و لە کوێ موسحەفەکانی خستوەتە چاڵەوە و شاردوویەتییەوە؟

لە سورەتی (النوح)دا هاتوە: {مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا} [نوح: 25]، ئیبن مەسعوود بە (من خَطِيئَاتِهِمْ مِا أُغْرِقُوا...) خوێندویەتیەوە بە دواخستنی (ما)ی پێوەندی. لە سورەتی (هود)دا هاتوە: {فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِنَ اللَّيْلِ وَلَا يَلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ إِلَّا امْرَأَتَكَ إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ}

[هود: 81]، عەبدوللا بە (فَأَسْرِ بأَهْلِكَ بقِگْع مِنَ اللَّيْل إلَّا امْرَأَتَكَ فإنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ ۆ يٚلْتَفِتْ مِنْكُمْ أَحَدٌ) خوێندوویەتییەوە.

لە سورەتی (ابراهیم)دا هاتوە: {أَلَمْ تَرَ كَيْفَ چَرَبَ اللَّهُ مَپَلًا كَلِمَةً گَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ گَيِّبَةٍ أَصْلُهَا پَابتٌ ۆفَرْعُهَا فِی السَّمَاو} [إبراهيم: 24]، ئونس کوڕی مالیک بە (كَشَجَرَةٍ گَيِّبَةً پَابتٌ أَصْلُهَا) خوێندوویەتییەوە. زەمەخشەری گوتوویەتی: خوێندنەوەی یەکەم لە واتادا بەهێزترە، لەبەر ئەوەی لە خوێندنەوەکەی ئونس سیفەتەکەی خستە پێش (الشَجَرَه)ەکەوە، ئەگەر بڵێیت: (مررت برجل أبوه قائمٌ) لەوە بەهێزترە بڵێیت (مررت برجل قائم أبوه)، لەبەر ئەوەی هەواڵەکەی لە سەرە (أب)ە نەک (رجل)، دەڵێم: وا فەرز دەکات لە خوێندنەوەکەی ئونس لە پێشخستن و دواخستنی ڕستە دوەمیشدا بێت، بۆ ئەوەی قسەکەرێک بێت و بگونجێت و چوونییەک بێت، بەم شێوەیەی لێ بێت: (كَشَجَرَةٍ گَيِّبَةً پَابت أَصْلُهَا ۆفِی السَّمَاو فَرْعهَا) و زەمەخشەری باسی ئەوەی نەکردوە.

خوێندنەوەیەک لە جیاوازیی زمانەکانەوە دروست بێت

لە سورەتی (الكوپر)دا هاتوە: {إنَّا أَعْگَيْنَاكَ الْكَوْپَرَ} [الكوپر: 1]، زەمەخشەری دەڵێت: لە خوێندنەوەی پێغەمبەری خودادا بەم شێوەیە بوو (إنَّا انگَيْنَاكَ الْكَوْپَرَ) بە نون، دەڵێم: بیگەڕێنێتەوە بۆ پێغەمبەر سەرسوڕهێنەرە لەبەر ئەوەی (أنگی) زمانی یەمانییە و پێغەمبەر قورەیشی عەدنانییە، بەڵام لەوانەیە بە زمانی یەمانی خوێندبێتیەوە بۆ فێرکردنی میللەتەکەی بۆ ئەوەی بە زمانە جیاوازەکانیان بیخوێننەوە، بێ ئەوەی واتاکەی بگۆڕن.

لە سورەتی (البقره)دا هاتوە: {إنَّ ئَيَةَ مُلْكِهِ أَنْ يٚأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِنْ ڕبِّكُمْ} [البقره: 248] ئوبەیی و زەید بە (أَنْ يٚأتِيَكُم التَّابُوە) واتە بە (هاو) دەیانخوێندەوە. زەمەخشەری دەڵێت: ئەمە زمانی ئەنسارەکانە واتە ئەوس و خەزرەج.

لە سورەتی (ص)دا هاتوە: {إنَّ هَژَا أَخِی لَهُ تِسْعٌ ۆتِسْعُونَ نَعْجَةً} [ص: 23]، لە هەندێک خوێندنەوەدا (نَعْجَه) هێمای جیاوازی بۆ دانراوە ژێر پیتی نون و سەر پیتی تائەکەی بە فەتحە، زەمەخشەری دەڵێت: ئەمە لە جیاوازیی زمانەکانەوەیە.

لە سورەتی (الحجرات)دا هاتوە: {يٚاأَيُّهَا الَّژِينَ ئَمَنُوا لَا يٚسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَی أَنْ يٚكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ ۆلَا نِسَاوٌ مِنْ نِسَاو عَسَی أَنْ يٚكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ} [الحجرات: 11]، عەبدوللا بە (عسوا أَنْ يٚكُونوا) و (عسين أَن يكن) خوێندوویەتییەوە، بەم پێیە بێت (عَسَی) هەمان گوزارەیە، بە پێی خوێندنەوەی یەکەم هیچ گوزارەیەکی تێدا نییە، ئەم خوێندەوە و بەکارهێنانە لە جیاوازیی زمانەوە هاتوە.

(93)

خوێندنەوە بە گۆڕینی وشەیەک بەوی تر

بە هەمان واتا یان بە واتایەکی نزیک لەوەوە

لە سورەتی (الماعون)دا: {فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ، الَّژِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ} [الماعون: 4، 5] ئیبن مەسعوود بە (عَنْ صَلَاتِهِمْ لاهُونَ) خوێندوویەتییەوە و واتاکەیان یەکە.

لە سورەتی (القريش)دا هاتوە: {لِإِيلَافِ قُرَيْش، إِيلَافِهِمْ ڕحْلَةَ الشِّتَاو ۆالصَّيْفِ} [قريش: 1، 2]، عەکرەمە بە (لِيأْلَفِ قُرَيْش إلفهمْ ڕحْلَةَ الشِّتَاو ۆالصَّيْفِ) خوێندویەتیەوە.

لە سورەتی (الإسراو)دا هاتوە: {كُلُّ ژَلِكَ كَانَ سَيِّئُهُ عِنْدَ ڕبِّكَ مَكْرُوهًا} [الإسراو: 38]، لە خوێندنەوەیەکدا بە (سَيِّئه) هاتوە و لەوی تردا بە (سَيِّئاً) و لە هەندێک مەسحەفدا بە (سَيِّئاً و سَيئات) هاتوە، لە خوێندنەوەی ئەبی بەکری سدیقدا بە (كانَ شَأْنه) هاتوە. لە سورەتی (الإسراو)دا دیسان هاتوە: {يٚوْمَ نَدْعُو كُلَّ أُنَاس بإمَامِهِمْ} [الإسراو: 71] لە خوێندنەوەی ئەلحەسەن بە (بكتابهم) هاتوە.

لە سورەتی (الكهف)دا دەڵێت: {ۆكَلْبُهُمْ بَاسِگٌ ژرَاعَيْهِ بالْۆصِيد} [الكهف: 18]، جەعفەری سادق بە (ۆكالْبهمْ) واتە خاوەنی سەگەکەیان خوێندوویەتیەوە، خوێندنەوەیەکی سەرسوڕهێنەرە لەبەر ئەوەی لەگەڵ قسەی (باسگ ژراعيه بالوحيد) دا ناگونجێت. لەبەر ئەوەی ئەو کارە سەگ دەیکات نەک خاوەنەکەی.

له سورەتی (مریم)دا هاتوە: {وَإِنِّی خِفْتُ الْمَوَالِیَ مِنْ وَرَائِی} [مریم: 5]، عوسمان و محەمەد کوڕی عەلی و عەلیی کوڕی حسێن بە دانانی هێمای جیاواز خوێندییانەوە واتە (بفتح الخاو وتشديد الفاو وسكون التاو) لە وشەی (خَفْتْ)دا، وا دیارە ئەم خوێندنەوەیە لە هاوشێوەیی وێنەکێشانی نووسینەکە و نەبوونی شێوەیی جێگیر لە مەسحەف دروست بوویێت، ئەگەر نا خوێندنەوەی یەکەم ڕوونتر و گونجاوترە بۆ ئەو واتا ویستراوەی ئایەتەکە.
له سورەتی (الانبیاو)دا هاتوە: {وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا} [الانبیاو: 47]، ئیبن عەباس و موجاهد بە (ئاتینا) خوێندوویانەتەوە، بە واتای خەڵات و پاداشتکردنیان، لەبەر ئەوەی ئەوان کاری چاکەیان کردوە ئەمیش پاداشتیان دەکات، حەمید بە (أپینا بهَا) خوێندوویەتیەوە، ئەوەی یارمەتیی ئەم خوێندنەوەیە دەدات ئەوەیە کە ئەم نووسینە هاوشێوەی نووسینی یەکەمە، لەبەر ئەوەی مەسحەفەکان هێمای لە سەر دانەنرابوو، "ئەبی"یش بە (جئنا بها) خوێندوویەتیەوە.
له سورەتی (الحج)دا: {مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ} [الحج: 78]، هەندێکیان گوتیان: ڕاناو لە قسەی (هُوَ سَمَّاكُمُ) بۆ خودا دەگەڕێتەوە، ئەوەی پشتگیرییان دەکات خوێندنەوەکەی ئەبی کوڕی کەعبە (الله سماكم المسلمين)، خەڵکی تر گوتیان ڕاناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیبراهیم، ئەوەی پشتگیرییان دەکات قسەی (من قبلكم)ە، ئەوەی فەرزە لێرەدا ئەوەیە کە ناوەکە ئیبراهیم بێت و ناوی ئیسلام و موسوڵمانانیشی تێدایە، بەڵام ئەمە لەو دینەدا ڕووی داوە کە محەمەد هێناویەتی نەک لە سەردەمی ئیبراهیمدا، ئەوەی ناوی ئەم دینەی ناوە ئیسلام و ناوی خەڵکەکەی ناوە موسوڵمان خودایە نەک ئیبراهیم، وەک لە خوێندنەوەی یەکەمی ئەبی کوڕی کەعبدا هاتوە.
له سورەتی (النور)دا هاتوە: {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ ءَامَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا} [النور: 27]، ئەبی کوڕی کەعب بە (حَتَّى تَسْتَأْذِنوا) خوێندویەتیەوە، عەبدوڵلا بە (حَتَّى تسلِّموا عَلَى أَهْلِهَا وتَسْتَأْذِنوا) بە پێشخستن و پاشخستن خوێندییەوە، ئەم خوێندنەوەیەی عەبدوڵلا لەگەڵ حاڵەتەکەدا گونجاو نییە، لەبەر ئەوەی سڵاوکردن پاش ڕێگەپێدان بۆ چوونە ژوورەوە دەدرێت. وا ڕێکەوت ئەبی و عەبدوڵلا بە (تَسْتَأْذِنوا) لە جیاتی (تَسْتَأْنِسُوا) بیخوێننەوە و خوێندنەوەکەی لەگەڵ حاڵەتەکەدا ڕێک دەکەوێت، ئەوەی پێویستە پێش چوونە ژوورەوە مۆڵەت وەربگرێت نەک هاودەمی بکات. بەڵام (استئناس) بە واتای زانین و دۆزینەوەیش دێت جگە لە هاودەمی و ڕوخۆشی، وەک شتێکی باش پیشاندان بە ئاشکرا. هەر چەندە بەم واتایانە بڵاو نییە و هەموو کەسێک نایزانێت.
زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: لە عەباس و سەعید کوڕی جوبێرەوە وەری گرتوە، کە (حَتَّى تَسْتَأْذِنوا)ە بەڵام نووسەرەکە هەڵەی کردوە، دەڵێت: پشت بەم گێڕانەوەیە نابەسترێت. دەڵێم: بەڵکوو پشت بەم قسەیەی تۆ نابەسترێت، داوای مۆڵەت وەرگرتن پێش چوونە ژوورەوەیە و لە گرینگترین پەروەردە کۆمەڵایەتییەکانە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە مەدەنییەکانی سەردەمی ئێمەدا، سەرسوڕهێنەرە لەوێدایە کە ئەوەی دوور بێت لەم پەروەردە کۆمەڵایەتییەوە و فڕی بە سەرییەوە نەبێت لەم زەمانەدا موسوڵمانانن، ئەگەر دەیانبینیت خەڵک هیلاک دەکەن و وەزعیان لێ تێک دەدەن بێ ئەوەی مۆڵەتیان لێ وەربگرن و چۆن تووڕە دەبن، ئەگەر ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان نەدەیت بەم ڕێگە بێزراوە، دەکرا گومانت لەم ئایەتە هەبێت کە لە قورئانەکەیاندا باس کراوە و هەموو ڕۆژێک دەیخوێننەوە. لەوانەیە بڵێیت ئەم ئایەتە بە حکوم نەک بە خوێندنەوە نەسخ کراوە، ئەگینا موسوڵمانان چۆن لە سەر ئەم حاڵەتە دواکەوتویی و هەمەجی و قێزەونە دان؟
له سورەتی (الشعراو)دا هاتوە: {أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ (165) وَتَذَرُونَ مَا خَلَقَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُمْ} [الشعراو: 165، 166] زەمەخشەری دەڵێت: (من بیانییە) واتە دەرخستنی ئەوەی خەلقی کردوە، دەڵێت: لەوانەیە بۆ بەش بەشکردنی بێت، وا ویستراوە کە (خَلْق العفو المباح) بێت، واتە سێکسکردن. لە خوێندنەوەی ئیبن مەسعوودا هاتوە: (ما أَصْلَحَ لَكُمْ رَبُّكُمْ مِنْ أَزْوَاجِكُم)، دەڵێت: وەک ئەوەیە کە ئەو کارەیان بە ژنەکانیان کردبێت، واتە خوێندنەوەکەی ئیبن مەسعوود وا فەرز دەکات و ئەو کارەیش لە خۆ دەگرێت. لە سورەتی (الشعراو)دا هاتوە: {وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنْقَلَبٍ يَنْقَلِبُونَ} [الشعراو: 227] هیچ چارەسەرێک بۆ دڵی زوڵملێکراوان لە خەفەت و ئازاردا نابینێت، لە جگەر سووتانی زاڵمەکان خراپتر بێت، لەمە باشتر نادۆزیتەوە بۆ نەفسی یاخیبوان لەوەی ئەم ئایەتە ئەو هەڕەشە تۆقێنەرە توندەی لە خۆ گرتوە.

زەمەخشەری دەڵێت: پێشینانی چاکەخواز بەم ئایەتە وەعز و گوتار دەدەن و ئاگاداری خەڵک دەکەنەوە، لە کاتی ڕادەستکردنی خیلافەت، ئەبووبەکر بۆ عومەری خوێندەوە. لەم ئایەتەدا خوێندنەوەی ئیبن عەباس هاتوە کە واتای هەڕەشە تۆقێنەرەکەی تێک داوە بەم شێوەیە: (سیعلم الڗین ڤلموا أی منفلت ینفلتون) خوێندویەتیەوە. بەم خوێندنەوە سوک و سەرزارەکیە لە هەڕەشەکەی دەرکردوە، لەبەر ئەوەی دەربازبوونی زاڵمان ڕزگاربوونیانە، ئەمە لە کوێ بە بەراورد بە خوێندنەوە ناسراوەکەی کە هەڕەشەی وای تێدایە دڵی زاڵمەکان شەق دەکات و کارە نابەجێکانیان بە هەڕەشەیەکی ڕێک و ڕەوان لە سەر زل دەکات کە لەوە زیاتر نابێت، خوێندنەوەکەی ئیبن عەباس وەک دەیبینم بەڵگەی یەکلاکەرەوە و سەلمێنەری ڕوونی ئەوەیە کە ئەوان قورئان بە یەک شێوەییان نەخوێندوەتەوە، بەڵکوو ئەوەی لەگەڵ واتاکەیدا هاتبێت بە هەر شێوەیەک بێت لای ئەوان قورئان بوە. ئەگینا دوورە لەوەی محەمەد بەم شێوەیە خوێندبێتیەوە و لە یەکێك گوێبیستی بووبێت و پێی ڕازی بووبێت و ڕەتی نەکردبێتەوە.

لە سورەتی (سبأ)دا هاتوە: {حَتَّى إِڗَا فُزّعَ عَنْ قُلُوبهِمْ قَالُوا مَاڗَا قَالْ ڕبُّكُمْ قَالُوا الْحَقَّ} [سبأ: 23] واتا دڵی تۆقاندن، ئەوەیە کە ترسی لە دڵیان دەرخست، لە خوێندنەوەیەکدا (فُزّعَ) واتە دڵی ترسی تێدا نەما و ڕۆیشت، لە خوێندنەوەیەکی تردا (أفرنقع عَنْ قُلُوبهِمْ) واتە ترسی لە دڵ دەرکردن.

لە سورەتی (یس)دا هاتوە: {إِنَّا جَعَلْنَا فِی أَعْنَاقِهِمْ أَغْلَالًا فَهِیَ إِلَى الْأَڗْقَانِ فَهُمْ مُقْمَحُونَ} [یس: 8] ئیبن عەباس بە (فی أیدیهم) خوێندوویەتییەوە و ئیبن مەسعوودیش بە (فی أیمانهم). وەک دەزانین زنجیر لە مل و دەست دا دەبێت و هەر دوو دەست بە ملەوە دەبەستێتەوە و بەو پێیە هەر دوو دەست بۆ مل بەرز دەکاتەوە، تا مل واتە تا خوارووی ڕیش.

لە سورەتی (یس)دا هاتوە: {إِنْ كَانَتْ إِلَّا صَیْحَةً ۆاحِدَةً فَإِڗَا هُمْ خَامِدُونَ} [یس: 29] ئیبن مەسعوود بە (إِلّا زَقْیَةً ۆاحِدَةً) خوێندویەتیەوە، واتە لە (زَقَّى الکَّیر)ەوە واتە لە خوێندنی باڵندەوە. وەک لەو پەندەدا دەگوترێت لە دەنگی باڵندە بەرزتر بوە، لەو کاتەدا کۆ دەبوونەوە لە شەوچەرەدا و تاوەکو کەڵەشێر دەیقوقاند ئەوسا بڵاوەیان لێ دەکرد. دیسان لەوێدا هاتوە: {ۆلَقَدْ أَچَلَّ مِنْكُمْ جِبلًّا کَپیرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ} [یس: 62] واتە خەڵکێکی زۆری لێ گومڕا کردن، لە خوێندنەوەیەکدا بە (جبلا) بە هێمای ژێر پیتی جیمەکە، کۆی (جبلە)یە. لە خوێندنەوەیەکی تری عەلیی کوڕی ئەبووتالیب بە (جیلاً) خوێندویەتیەوە، وا دیارە زۆری خوێندنەوەکان لە هاوشێوەبوونی وێنەی نووسینەکە و نەبوونی هێمای سەر پیتەکان بوە لەو کاتەدا.

لەوێدا دیسان: {فَسُبْحَانَ الَّڗی بیَدِهِ مَلَكُوتُ كُلّ شَیْو} [یس: 83] لە خوێندنەوەیەکدا (ملکە) و لەوی تر (مملکە) و لەوی تر (ملك) هاتوە و واتاکەیان یەک شتە.

لە سورەتی (الصافات)دا هاتوە: {پُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لۡإِلَى الْجَحِیمِ} [الصافات: 68]، لە خوێندنەوەی زۆردا هاتوە (پُمَّ إِنَّ مُنْقَلِبهُم) یان (پُمَّ إِنَّ مَصِرهُم) یان (پُمَّ إِنَّ مَنفڗهُم إلى الجَحِیم).

لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: {الَّڗی جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْچَ فِرَاشًا} [البقرە: 22]، یەزیدی شامی بە (بساگاً) خوێندوویەتییەوە و تەلحە بە (مهاداً) خوێندوویەتیەوە. لەوێشدا دیسان هاتوە: {إِلَّا عَلَى الْخَاشِعِینَ (45) الَّڗینَ یَڤُنُّونَ أَنَّهُمْ مُلَاقُو ڕبّهِمْ} [البقرە: 45، 46] لە مەسحەفی عەبدوللادا وا هاتوە: (یَعْلَمُونَ أَنَّهُمْ مُلَاقُو ڕبّهِمْ)، ئەم خوێندنەوەیە لەگەڵ پێگەکەیدا زیاتر لەوەی یەکەم گونجاوترە.

دیسان لەوێدا: {ۆاتَّقُوا یَوْمًا لَا تَجْزِی نَفْسٌ عَنْ نَفْس شَیْئًا} [البقرە: 48] هەندێکیان بە (لَا تُجْزِئ) خوێندوویانەتەوە، ئەبوو ئەسراری ئەلفینەوەی بە (لَا تَجْزِی نَسْمَةٌ عَنْ نَسْمَةٍ شَیْئًا) و واتاکەی یەک شتە.

لەوێدا دیسان: {إِنَّ الْبَقَرَ تَشَابَهَ عَلَیْنَا} [البقرە: 70]، لە خوێندنەوەیەکدا (تَشَابَه) بە واتای (تتشابە) خوێنراوەتەوە و یەک تائی بۆ لابراوە، لە شوێنی تر (تَشَابهَتْ) و لەوی تر (مُتَشابهە) و لەوی تر (مُتَشابە) خوێنراوەتەوە. محەمەد زوئەلشامە بە (إِنَّ الْبَقَرَ تَشَابَهَ عَلَیْنَا) خوێندوویەتیەوە، واتە بە یاو و توندکردنی. لەوێدا دیسان هاتوە: {فَوَلِّ ۆجْهَكَ شَگْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ} [البقرە: 144-١٤٩-١٥٠] ئەبی بە (تِلْقَاوَ الْمَسْجِدِ الْحَرَام) خوێندوویەتیەوە.

لەوێدا دیسان وا هاتوە: {ۆلَكُمْ فِی الْقِصَاص حَیَاةٌ یَاأُولِی الْأَلْبَابِ} [البقرە: 179] واتای (الْقِصَاص) لێرەدا ئەوەیە ئەگەر زەید بۆ نموونە ئەسپێکی لای عەمرو بێت و عەمرو لای خۆی زیندانی کردبێت و نەیداتەوە بە زەید، زەیدیش نەتوانێت بە زۆر لێی وەربگرێتەوە، ئینجا پاش ماوەیەک خودا ئەسپێکی عەمروی نارد بۆ زەید و بردی و زیندانی کرد و ئەویش نەیدایەوە بە

عەمرو، لەوێدا زەید ئەو شتەی بە عەمرو کرد کە ئەویش پێی کردبوو، لەوێدا دەڵێن زەید (قاص عمراً قصاصا وقصاصاً) واتە (قصاص) سەرچاوەی (قاصە) واتە بە هەمان شێوەی ئەو کارەی پێ کرد کە ئەو پێی کردبوو، لە یەکسانییەوە یان لە واتای داپڕینەوە وەرگیراوە، لە پێ ناسەکانی (القصاص)دا هاتوە ئەوەیە ئەو کارە بە بکەر بکەیت بە هەمان ئەو شێوەیەی کە ئەو کردوویەتی.
زەمەخشەری دەڵێت ڕەفتاریان وابووە، واتە عەرەبی جاهیلی، لەسەر کوشتنی یەکێك کۆمەڵێکیان دەکوشت. (مهلهل) لە بری ( کلیب) ی برای چەند کەسی کوشت، تاوەکو خەریك بوو بەرەبابیان بنبر بکات. وا بوون کە لە بریی کوژراوەکە خەڵکی تر جگە لە بکوژەکە بکوژنەوە و، فیتنە ڕووی دەدا و کوشتار دەکەوتە نێوانیانەوە. کاتێک ئیسلام شەرعی (القصاص)ی داهێنا وای لێ کردن ژیانیان بگۆڕێت، چۆن ژیانێک. ئینجا گوتیان: ئەبوو جەوزا بە (لکم فی القصص حیاە)ی خوێندوەتەوە، واتە ئەوەی بۆ باسکردن لە سەر حکومی کوشتن و ماف وەرگرتنەوە (القصاص)ە، گوتیان چیرۆکەکانی قورئان ئاوایە، واتە لە قورئاندا ژیانی چاک و بە دڵی ئێوە هەیە.
دەڵێم: دەبێت گوێ بەم خوێندنەوەیەی ئەبی جەوزا نەدرێت لەبەر ئەوەی واتای ئایەتەکە تێک دەدات و ناگات بە واتای خۆی. دەربڕینەکە دەقێک نییە لە سزادانی (قصاص) کە بە ڕێکردنە، وەک لە ڕووکەشی قسەکانی زەمەخشەریدا دەردەکەوێت.
لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: {تِلْكَ الرُّسُلُ فَجَّلْنَا بَعْجَهُمْ عَلَى بَعْجٍ مِنْهُمْ مَنْ كَلَّمَ اللَّهُ} [البقرە: 253]، یەمانی بە (مَنْ كَلَّمَ اللَّه) کە لە (مکالمە)ەوە هاتوە خوێندوەتەوە. لە سورەتی (ئێل عمران)دا هاتوە: {هُوَ الَّذِى يُصَوِّرُكُمْ فِى الْأَرْحَامِ كَيْفَ يَشَاءُ} [ئێل عمران: 6] تاوس بە (هُوَ الَّذِى تَصَوَّرُكُمْ) خوێندوویەتیەوە، واتە وێنەکانتان وەک خۆی لێ کردوە بۆ ئەوە بیپەرستن، وەك ئەوەی بڵێیت وەك پارەیەك وایە بیگەڕێنیتەوە بۆ مایە بنەڕەتیەکەی خۆی لە بازرگانیدا، یان تێکی بدەیت ئەگەر بۆ خۆت چیت بوێت بیکەیت.
لە سورەتی (ئێل عمران)دا هاتوە: {وَمَا يَعْلَمُ تَأْوِيلَهُ إِلَّا اللَّهُ} [ئێل عمران: 7]، عەبدوڵڵا بە (إن تأويلە إلا عند الله) خوێندوویەتیەوە، ئەم خوێندنەوەیەیش دووروویی لە خۆ ناگرێت، هیچ گومانێکی تێدا نییە، بەڵکوو هاوشێوەییەکەی بەوەی دەبەستێتەوە کە خودا دەیزانێت، بەڵام لەوێدا ڕستەیەکی بە ڕستەیەکی تر ئاڵوگۆڕ کردوە نەك وشە لە جێگەی وشە، لەوێدا دیسان: {أَنِّى أَخْلُقُ لَكُمْ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنْفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللَّهِ} [ئێل عمران: 49]، عەبدوڵڵا بە (فانفخها) خوێندوویەتیەوە، لەم خوێندنەوەیەدا دەبێت وا بخوێنرێتەوە (هكذا فتكون طيراً). لە سورەتی (النساو) دا هاتوە: {إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إِلَّا إِنَاثًا} [النساو: 117]. عایشە بە (إلا اوناپاً) خوێندوویەتیەوە. واتاکەی بەمەیش ڕێک دەردەچێت. لە سورەتی (الانعام)دا هاتوە: {قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ} [الانعام: 14]، یەکەم بکەری دیارە و دووەم لە سەر تەواوکەری دیار دانراوە. واتە ڕاناوەکە بۆ خودا دەگەڕێتەوە بە واتا، ئەوەی ئەو ڕزقی خەڵک دەدات و ڕزق نادرێت، ئیبن مەئموون لە یەعقوبەوە وەریگرتووە کە بە پێچەوانەوە خوێندوویەتییەوە: (وَهُوَ يُطْعَمُ وَلَا يُطْعِمُ) یەکەم تەواوکەر دیارە و دووەم بکەرەکەی دیارە، ڕاناوەکەی لە سەرەتای ئایەتەکە دیاری کراوە و بۆ خودا ناگەڕێتەوە.
لە سورەتی (الاعراف) دا هاتوە: {وَالَّذِينَ يُمَسِّكُونَ بِالْكِتَابِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ} [الاعراف: 170]، ئەبی کوری کەعب بە (وَالَّذِينَ مَسَّكُوا الْكِتَاب) خوێندوویەتیەوە. ئیبن مەسعوود بە (وَالَّذِينَ اتمَسَّكُوا بِالْكِتَاب) خوێندوویەتیەوە. لەم دوانەدا چاکسازی لە داڕشتنی خوێندنەوەی یەکەم دەکات کە ناسراوە و داهاتووی خستوەتە سەر ڕابردوو، ئەمەیش لەگەڵ ڕەوانبێژیدا نایەتەوە.
لە سورەتی (الحج) دا هاتوە: {مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ} [الحج: 78]، ئەبی کوری کەعب بە (الله سماکم المسلمین) خوێندویەتیەوە، لەم خوێندنەوەیەدا چاکسازی لە واتاکەیدا کردوە، لەبەر ئەوەی ناونانی ئیسلام و موسوڵمان لە دینی ئیسلامدا نەبێت نەبوە و، پێشتر یەکێک نەبوە ناوی ئیسلام بێت نە ئیبراهیم و نە خەڵکی تر لە پێغەمبەران. لە سورەتی (الاعراف) دا هاتوە: {وَإِذَا صُرِفَتْ أَبْصَارُهُمْ تِلْقَاءَ أَصْحَابِ النَّارِ} [الاعراف: 47]، ئەعمەیش بە (وَإِذَا قلبت أَبْصَارُهُمْ) خوێندوویەتیەوە. لە سورەتی (الواقیعە)دا: {لَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَاهُ حُطَامًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ} [الواقیعە: 65]، لە خوێندنەوەیەکدا بە (فظَلْتُم تَفَكَّنون) خوێنراوەتەوە، واتە پەشیمان دەبنەوە. لە سورەتی (المجادلە)دا هاتوە: {قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِى تُجَادِلُكَ فِى زَوْجِهَا} [المجادلە: 1]، لە خوێندنەوەیەکدا) تُحَاوِرُكَ فِى زَوْجِهَا(لەوی تر (تحاولك)، واتە پرسیارت لێ دەکات.
لە سورەتی (الحشر)دا هاتوە: {وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ ءَامَنُوا} [الحشر: 10]، لە

خوێندنەوەیەکدا وا هاتوە: (وَلا تَجْعَلْ فِی قُلُوبنَا غمراً)، (غل و غمر) یەک شتن بە واتای قین دێت.
لە سورەتی (النساو)دا هاتوە: {إنْ یَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ إلَّا إنَاپًا} [النساو: 117]، عایشە بە (إلَّا إوثَاپًا) خوێندوویەتییەوە. لە سورەتی (الزخرف)دا: {أَمْ أَنَا خَيْرٌ مِنْ هَذَا الَّذِي هُوَ مَهِينٌ} [الزخرف: 52]. وا دیارە (أم) لێرەدا دابراوە بە واتای بەڵکوو دێت، هەندێکیان بە (أَمْا أَنَا خَيْر) خوێندوویانەتەوە. لە سورەتی (الواقیعە)دا هاتوە: {وَتَجْعَلُونَ رِزْقَكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ} [الواقیعە: 82] وا شیان کردوەتەوە و گوتوویانە ئەم ئایەتە کە لە سەر لاپردنی ئەوەی دەخرێتە سەری نووسراوە و وا خەملاندوویانە کە ئەمە بێت (وَتَجْعَلُونَ شُكْر رِزْقكُمْ أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ) وییستویانە بە درۆخستنەوەکە بخەنە شوێنی سپاسگوزارییەکەوە، عەلی بە (وَتَجْعَلُونَ شكركم أَنَّكُمْ تُكَذِّبُونَ) خوێندوویەتیەوە. ئەمەیش چاکسازییە لە داڕشتنی قورئاندا، دەڵێن نووسینی ئەم ئایەتە بەم شێوەیە بوە لە خوێندنەوەی پێغەمبەری خودادا.
لە سورەتی (التوبە)دا هاتوە: {ثُمَّ لَمْ يَنْقُصُوكُمْ شَيْئًا} [التوبە: 4]، هەندێکیان بە (ثُمَّ لَمْ يَنْقُچوكُمْ شَيْئًا) خوێندویانەتەوە، لە سەر ئەوەی کە هیچ پەیمانێکیان ڕەت نەکردوەتەوە، وا دیارە ئەم خوێندنەوەیە لە هاوشێوەیی وێنە و شێوەی نووسینەکە و نەبوونی هێمای سەر پیتەکانەوە هاتوە. لە سورەتی (یونس)دا هاتوە: {هُنَالِكَ تَبْلُو كُلُّ نَفْس مَا أَسْلَفَتْ} [یونس: 30]، هەندێکیان بە (تَتلُو كُلُّ نفس) خوێندویانەتەوە. واتا بە دوای دەکەوێت، هەر نەفسێک دوای کاری پێشووی دەکەوێت، یان واتا هەر نفسێک لاپەڕەی خۆی دەخوێنێتەوە شەڕ بێت یان خێر. ئەم خوێندنەوەیەیش لە هاوشێوەیی شێوەی نووسینەکە و نەبوونی هێمای سەر وشەکان هاتوە.
لە سورەتی (یوسف)دا هاتوە: {وَجَاوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ} [یوسف: 18]، عایشە بە (بدم كدب) واتە بە دال بی ئەوەی هێمای لە سەر بێت واتە خاڵی لە سەر بێت دەیخوێندەوە، واتە شتی پەڵاوی یان تازە و نەرم و شل، ئەم خوێندنەوە لە خوێندنەوە ناسراوەکە لە ڕووی واتاوە گونجاوترە، لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن بزنێکیان سەربڕی و کراسەکەیان بە خوێنەکەی پەڵاوی کرد، خوێن درۆ ناکات، بەڵکوو خوێنێکی ڕاستەقینە بوە بەڵام خوێنی مرۆڤ نەبوە.
لە سورەتی (التوبە)دا هاتوە: {بَرَاوَةٌ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ} [التوبە: 1]، خەڵکی نەجران بە (من) بەژێر هێمای من بەو پێیەی زمانەکەیان وایە، خوێندوویانەتەوە. لە سورەتی (یوسف)دا هاتوە: {لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ} [یوسف: 35]، ئیبن مەسعوود بە (عتی حین) خوێندوویەتیەوە، حائەکەی کردوە بە عەین بە پێی زمانی خەڵکی (هژیل). دەڵێن عومەر گوێی لێ بوە پیاوێک بە (عتی حین) خوێندویەتیەوە. پێی گوتوە: کێ فێری ئەم خوێندنەوەیەی کردی؟ گوتوویەتی: ئیبن مەسعوود. بۆی نووسیوە و گوتوویەتی: خودا قورئانی بە زمانی عەرەبی و بە زاراوەی قورەیش دابەزاندوە. خوێندنەوەکەی بە زمانی قورەیش فێری خەڵک بکە. بە زمانی (هژیل) فێریان مەکە سڵاوت لێ بێت. ئەمە ڕاستە کە ئەوان بە ڕای ئەم و ئەو خوێندویانەتەوە نەک بە یەک شێوەیی لە لایەن پێغەمبەری خوداوە هاتبێت، ئەگینا بۆ عومەر نەبوو نەهێڵێت بەو شێوەیە بیخوێننەوە.

(94)
خوێندنەوەی تاک بە کۆ و کۆ بە تاک
لە سەرەتای ئەوەی لە سورەتی (الفرقان)دا هاتوە: {تَبَارَكَ الَّذِى نَزَّلَ الْفُرْقَانَ عَلَى عَبْدِهِ لِيَكُونَ لِلْعَالَمِينَ نَذِيرًا} [الفرقان: 1]، ئیبن زوبیر بە (علی عباده) خوێندوویەتیەوە. ڕاناوەکە بەم خوێندنەوەیە بێت بۆ فورقان دەگەڕێتەوە. لە سورەتی (النمل)دا هاتوە: {وَإِنِّى مُرْسِلَةٌ إِلَيْهِمْ بِهَدِيَّةٍ فَنَاظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ الْمُرْسَلُونَ (35) فَلَمَّا جَاوَ سُلَيْمَانَ قَالَ أَتُمِدُّونَن بِمَالٍ} [النمل: 35-36]، ئیبن مەسعوود بە (فَلَمَّا جَاوا) خوێندویەتیەوە. لەم خوێندنەوەیەدا چاکسازی لە داڕشتنی قورئاندا کردوە، لەبەر ئەوەی بە ڕاناوی تاک لەگەڵ پێشەوەیدا ناگونجێت، کە بەلقیس دەڵێت: (فَنَاظِرَةٌ بِمَ يَرْجِعُ المسلمون) و لەگەڵ قسەکەی سلێمانی دوای ئەویش ڕێک ناکەوێت (أتمدوننی المال)، قسەکان ڕووبەڕووی کۆیە، واتە بۆ ئەوانەی خەڵاتەکەیان هێناوە خوێندنەوەکەی ئیبن مەسعوود ڕاستە، قسەی شیکەرەوان دەربارەی ئەوەی ڕاناوی قسەی (فَلَمَّا جَاوَ) بۆ پەیوسلێمانە کە دەگەڕێتەوە کە سلێمان بۆ بەلقیسی نارد بێت، ئەمە دوورە، وەک قسەکەی سلێمان (أتمدوننی) بۆ ئەوانەی هاتوون فەرزی دەکات.

له سورەتی (الجاپیە)دا هاتوە: {أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ} [الجاپیە: 23] ئەم ئایەتە لە سورەتی (الفرقان)دا دیسان وا هاتوە: {أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ} [الفرقان: 43]، ئەمەیە خوێندنەوە ناسراوەکە کە لە سەرجەم موسحەفەکاندا هاتوە. واتای ئایەتەکە بەم خوێندنەوەیە ڕێک نییە، بێگومان ئەوەی مەبەستە لێرەدا زەمکردنی ئەهلی کوفرە، ئەوانەی بە دەر لە خودا و بە پێی ئارەزووی خۆیان خودا دادەنێن، داڕشتنی ئایەتەکە وەک زەمکردن دەرناکەوێت بەڵکوو وەک پیاهەڵدان دیارە، لەبەر ئەوەی لەوێدا هەر کەسێک خوداکەی بە ئارەزوی خۆی دادەنێت، ئەمەیش وەسفکراوە نەک زەمکراو. دەبێت بڵێت: (أفرأيت من اتخذ هواه إليه) واتە ئارەزووی خودای خۆی کردوە و گوێڕایەڵیەتی و بە دەر لە خودا دەیپەرستێت. ئینجا واتاکەی ڕێک دەردەچێت. ئەگەر بڵێیت (هواه) لە ئایەتەکەدا تەواوکەری یەکەمی پێشخراوە و (إليه) تەواوکەری دوەمی دواخراوە، دەڵێم: ئەگەر تەواوکەری دوەم نەناسراو بێت، دەشێت پێش بخرێت و پاش بخرێت، بەڵام هەر دوو تەواوکەرەکە لە ئایەتەکەدا ناسراون، هەندێکیان دەشێت تەواوکەری یەکەم بن، بە پێشخستن و پاشخستنی ناحاڵیبوونێک ڕوو دەدات و ئەو واتا ویستراوەی پێچەوانە دەبێتەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەڵێین: ئەگەر بەو واتایە وەرگیرابێت، ئەو کارانەی پاشکۆی (کان)ە و خوشکەکانین، دەچنە سەر نیهاد و گوزارە و بە دوو تەواوکەر دایدەنێت، لە هەر دوو تەواوکەرەکەدا پێشخستن و پاشخستن دەبێت، ئەگەر گوزارەکە نەناسراو بێت، وەک ئەوەی بڵێت: (جعلت أميراً زيداً) ناشێت بەد حاڵیبوونێک لە بنەڕەتدا لە نیهاد و گوزارەکە هەبێت، زەید لەوێدا نیهادە و لە بنەڕەتدا ئەگەر پێشی بخەیت یان دوای بخەیت. بە پێچەوانەی ئەوەی ئەگەر نیهاد و گوزارە هەر دووکیان زانراو بن، ئەگەر نیهاد بێت ڕاست دەردەچێت، لەوێدا پێش و پاش خستن نابێت. لەبەر ئەوەی واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە، وەک ئەوەی بگوترێت: (اتخذ زيد أخاه جليسه) لەمەدا واتاکە پێچەوانە بوەتەوە، زەید بەتەنها براکەی لەگەڵدا بوە و هیچ کەسێکی تری لەگەڵدا نەبوە، ئەگەر پێچەوانەبوە و ئەوەی لەگەڵ زەیدا دانیشتوە بە دەر لە براکەی بوە، واتا ئەوەی دانیشتوە وەک برای زانیوە و برای نییە جگە لەوەی لەگەڵیدا دانیشتوە. ئاوهایش واتای ئایەتەکە وایە، ئەگەر بڵێت (اتخذ إلهه هواه) واتا ئارەزوەکەی کردە خودای خۆی، هیچ ئارەزویەکی نییە جگە لە خوداکەی، ئەمە شتێکی باشە لە ئیسلامدا و زەم ناکرێت، بە پێچەوانەی ئەوەی بگوترێت (اتخذ هواه إلهه) واتاکەی وای لیدێت کە ئارەزووی کردە خودا و هیچ خودایەکی نییە جگە لە ئارەزوەکانی، ئەمەیش نابێت لە ئیسلامدا و ڕەخنەی لێدەگیرێت، بۆیە پێشخستن و پاشخستن لە ئایەتەکەدا نابێت.

لە ئایەتەکەدا خوێندنەوەیەکی تر هاتوە، وەک زەمەخشەری لە (الكشاف)دا باسی دەکات. دەڵێت: (وقرئ الهه هواه) بەم خوێندنەوەیە (إلهه) کە کۆی (إله) تەواوکەری دوەمی پێشخراوە، لەبەر ئەوەی نەزانراوە و هیچ بەدحاڵیبوونێک لە پێشخستنی دروست نابێت، (هواه) دەبێتە تەواوکەری یەکەمی پاشخراو، لە بنەڕەتدا دەبێت وا بێت: (أفرأيت من اتخذ هواه الهه) واتە گوێڕایەڵی ئارەزوەکانی بۆ پشت کردنە خودا و بە دەر لە خودا ئەو بپەرسێت، ئەمەیە ئەو واتایەی کە لەو ئایەتەدا ویستراوە.

ئەوەی زەمەخشەری باسی دەکات پشتگیری لەم خوێندنەوە دەکات، دەربارەی هۆکاری دابەزینەکەی، دەڵێت: لە سەر حارس کوڕی قەیسی ئەلسەهمی و نموونەکانی دابەزیوە کە بتپەرست بوون. دەڵێن بەردی پەرستوە، کە یەک بتی تری لەو باشتری دەدۆزیەوە و وازی لە یەکەم دەهێنا و ئەمەی دەپەرست بە واتای (اتخذ الهه هواه).

لەم خوێندنەوەیەدا ڕاستکردنەوەی خوێندنەوە یەکەمە زانراوەکەیە، ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەوەیە کە خوێندنەوەی یەکەم لە نەبوونی هێمای سەر پیتەکان دروست بوە، لەبەر ئەوەی وێنەکردنی نووسین، واتە نووسینی (إلهه)، (ئ‌لهه) بێ هێما یەک شتە، هیچ جیاوازییەکیان نییە جگە لە دوو خاڵی سەر پیتی تائەکە و ئەمەیش وای کردوە تائەکە بە (هاو) بخوێنرێتەوە، بۆیە بوە بە (إلهه) لە خوێندنەوەی یەکەمدا.

لە سورەتی (المائدە)دا هاتوە: {وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا} [المائدە: 38]، عەبدوللا بە (والسارقون و السارقات) خوێندویەتیەوە. لە سورەتی (الاعراف)دا: {أَلَا إِنَّمَا طَائِرُهُمْ عِنْدَ اللَّهِ} [الاعراف: 131]، حەسەن بە (ألا گيركم عند الله)، ئەمەیش کۆی (گائر)ە هاوشێوەی (الشجر و الركب) لای ئەبی حەسەن کۆیە.

لە سورەتی (ص)دا هاتوە: {فَسَخَّرْنَا لَهُ الرِّيحَ تَجْرِي بِأَمْرِهِ} [ص: 36]، هەندێکیان بە (فخسرنا

له الرياح) خوێندیانەتەوە، هەروەها لە سورەتی (حم عسق) دا هاتوە: {إنْ يَشَأْ يُسْكِنِ الرِّيحَ فَيَظْلَلْنَ رَوَاكِدَ} [الشورى: 33]، هەندێکیان بە (يشأْ يُسْكِنِ الرياح) خوێندویانەتەوە. لە سورەتی (الفتح)دا هاتوە: {سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِمْ مِنْ أَثَرِ السُّجُودِ} [الفتح: 29] لە خوێندنەوەی (من ئاثار السجود) هاتوە.
لە سورەتی (القمر)دا هاتوە: {وَفَجَّرْنَا الْأَرْضَ عُيُونًا فَالْتَقَى الْمَاءُ عَلَى أَمْرٍ قَدْ قُدِرَ} [القمر: 12] هەندێکیان بە (فالتقى الماوان) خوێندویانەتەوە، ئەلحەسەن بە (فالتقى الماوان) خوێندویەتیەوە. بە گۆڕینی هەمزە بە واو وەک (علباوان) ئەم دوو خوێندنەوەیە لەگەڵ (فالتقى) زیاتر بە خوێندنەوەی یەکەم خۆیان دەبەستنەوە. خوێندنەوەی تاک بە دوانە خوێنرایەوە، لەبەر ئەوەی بە دوان و کۆ یەک شتن. لە سورەتی (الانفال)دا هاتوە: (ومن رباگ الخيل)، حەسەن بە (ومن ربگ الخيل) بە هێمادانانی سەرِ پیتی بائەکە وەک کۆی (رباگ) بخوێنرێتەوە.
لە سورەتی (البراوە) دا هاتوە: {مَا كَانَ لِلْمُشْرِكِينَ أَنْ يَعْمُرُوا مَسَاجِدَ اللَّهِ} [التوبە: 17]، هەندێکیان بە (مسجد الله) خوێندویانەتەوە. لەوێدا دیسان هاتوە: {قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ...} [التوبە: 24] لە هەندێکیاندا بە (عشيراتكم) و حەسەن بە (عشائركم) خوێندویەتیەوە.

خوێندنەوەی کۆ بە تاک
لە خوێندنەوەی کۆ بە تاک لە سورەتی (البقرە)دا هاتوە: {فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ} [البقرە: 22]، محەمەد کوری ئەلسمەیفع بە (من الثمرە) خوێندویەتیەوە.
لە سورەتی (الشعراو) دا هاتوە: {إِنْ نَشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ} [الشعراو: 4] وای لێ کرد (خاچعين) ببێتە گوزارە لە سەر (الاعناق) و وای لە قسەکە کرد بگوترێت (خاچعە). شیکەرەوان بە شێوەیەک ئاراستەیان کردوە کە پێویست ناکات لێرەدا باسی بکەین. هەندێکیان بە (فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعە) خوێندویانەتەوە. لەم خوێندنەوەیەدا چاکسازی دارشتنی یەکەمیان کردوە وا دیارە خوێندنەوەی یەکەم جیاکەرەوەکانی لەبەرچاو گرتوە.
لە سورەتی (ص)دا هاتوە: {فَطَفِقَ مَسْحًا بِالسُّوقِ وَالْأَعْنَاقِ} [ص: 33]، هەندێکیان بە (الساق) خوێندوویانەتەوە، ئاراستەکردنی ئەم خوێندنەوەیە، بەوەی زەمەخشەری باسی کردوە بە تاک خوێنراوەتەوە نەک کۆ لە بەر بەدحاڵیبوون بوە. ئەگینا ئاراستەی قسەکان بۆ کۆیە. دیسان لەم سورەتەدا هاتوە: {وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ} [ص: 45]، هەندێکیان بە (اذکر عبدنا) خوێندویانەتەوە، بە پێی خوێندنەوەی یەکەم هێنانی ناوی ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقووب بۆ دەرخستنی (عبادنا) یە. لە سورەتی (المؤمن)دا دەڵێت: {ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا} [غافر: 67]، هەندێکیان بە (لتكونوا شيخاً) خوێندویانەتەوە. زەمەخشەری دەڵێت: وەک ئەوە وایە بڵێیت (گفلاً). واتە هەر یەکە لە ئێوە، بە تاکەوە وەستا لەبەر ئەوەی ویستی رەگەزەکەی دیاری بکات. لە سورەتی (حم عسق) دا هاتوە: {وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ} [الشورى: 37]، هەندێکیان بە (كبير الإثم) خوێندویانەتەوە. لە سورەتی (الجاثیە)دا: {وَفِي خَلْقِكُمْ وَمَا يَبُثُّ مِنْ دَابَّةٍ آيَاتٌ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ} [الجاثیە: 4]، هەندێکیان بە (آیە) خوێندویانەتەوە. هەروەها (تصريف الرياح)یان بە (تصريف الريح) خوێندوەتەوە.
لە سورەتی (المجادلە)دا هاتوە: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُوا فِي الْمَجَالِسِ فَافْسَحُوا يَفْسَحِ اللَّهُ لَكُمْ} [المجادلە: 11]، هەندێکیان بە (في مجلس)ی خوێندیانەتەوە. واتە تاکی (مجالس)، بەڵام ئەگەر هێمای لە سەر لامەکە بێت بە واتای چاوگی وشەکە (جلوس) دەبێت.
لە سورەتی (نوح)دا هاتوە: {مِمَّا خَطِيئَاتِهِمْ أُغْرِقُوا فَأُدْخِلُوا نَارًا} [نوح: 25]، هەندێکیان بە (مما خگیئتهم) خوێندویانەتەوە، واتە بە تاک. خوێندنەوەی تریش بۆ ئەم ئایەتە هەبوە وەک (مما خگیاتهم) بە گۆڕینی هەمزە بۆ یاو و بەیەکداکردنیان لە یائدا. هەروەها بە (مما خگایاهم)ی ش بە کۆ خوێنراوەتەوە، ئیبن مەسعوود بە (من خگیئاتهم ما أغرقوا) خوێندویەتیەوە. بە دواخستنی (ما) کە ئەمیش بۆ بەستنەوەیە. لە سورەتی (الانفال)دا هاتوە: {وَيُرِيدُ اللَّهُ أَنْ يُحِقَّ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ} [الانفال: 7] هەندێکیان بە (بكلمته) خوێندویانەتەوە.
دیسان لە سورەتی (الانفال)دا هاتوە: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ} [الانفال: 27]، موجاهید بە (ولا تخونوا أمانتكم) خوێندویەتیەوە، واتە بە تاک.

(95)
خوێندنەوە بە گۆڕینی داڕشتن
لەم خوێندنەوەدا کاری نادیار بە دیار و دیار بە نادیار خوێنراوەتەوە. وەک ئەوەی لە گۆڕینی داڕشتنی وشەکەدا دروست دەبێت.
لە سورەتی (النور)دا هاتوە: {اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ} [النور: 35]، عەلی بە (الله نوّر السموات والارض) خوێندویەتیەوە بە توندکردنی واوی نونەکە، بەو پێیە دەبێتە کاری ڕابردوو، بێگومان خوێندنەوەی یەکەم بە لابردنی ئەوەی خراوەتە سەر (ذو نور السموات والارض)، خوێندنەوەی دووەم ڕێککترە و ئاماژەیە بەوەی ویستراوە.
لە سورەتی (الشعراء)دا هاتوە: {إِنْ نَشَأْ نُنَزِّلْ عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ آيَةً فَظَلَّتْ أَعْنَاقُهُمْ لَهَا خَاضِعِينَ} [الشعراء: 4] هەندێکیان بە (لو شئنا لأنزلنا) خوێندویانەتەوە، بە پێی ئەم خوێندنەوەیە ئاڕاستەی (فظلت) لە سەر (أنزلنا) بێت.
لە سورەتی (الأنعام)دا هاتوە: {قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ} [الأنعام: 14]، ئەمە ئەو خوێندنەوە زانراوەیە، لە یەکەم بکەر بنیات دەنێت و لە دووەم تەواوکەر، واتە بە خۆی ڕزقی خەڵک دەدات، کەس ڕزقی ئەو نادات، هەندێکیان بە (یُطعم) خوێندویانەتەوە، واتە هێمای خستە سەر (یاو)ی وشەکە واتە ناخوات، لە خوێندنەوەیەکی تردا کە ئیبن مەئموون لە یەعقووبەوە وەری گرتوە، پێچەوانەی خوێندنەوەی یەکەمە "کە نانی خەڵک دەدات و نانی نادەن، یەکەم تەواوکەر دروست دەکات و دووەم بکەر" بەم خوێندنەوەیە ڕاناوەکە بۆ بە دەر لە خودا دەگەڕێتەوە کە لە سەرەتای ئایەتەکەدا هاتوە. ئەشهەب بەوە خوێندویەتیەوە کە هەر دوو کارەکە بکەر دروست دەکات، ئەمەیش کارێکی سەرسوڕهێنەرە و لە ڕووکەشدا دژ بەیەکە. زەمەخشەری لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: لەوانەیە واتاکەی ئەوە بێت کە هەندێک جار نانی خەڵک دەدات و هەندێکی تریش نایدات، بە پێی پەرژەوەندی. وەک بڵێیت دەدات و ڕێگری دەکات و دەوڵەمەند دەکات و هەژار دەکات. بێگومان ئەم خوێندنەوانە لە نەبوونی هێما لە سەر پیتەکان و شێوەی نووسینەکە لە مەسحەفەکاندا دروست بوە، ئەمەیش باشترین بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەوان بە ڕاوبۆچوون خوێندویانەتەوە نەک بە یەک شێوەیی خوێندنەکەی هاتبێت. هەر شتێک لە واتادا ڕاست دەربچێت، ئەگەریش بە لایەکی دووریشەوە بێت لای ئەوان قورئان بوە.
لە سورەتی (ص)دا هاتوە: {وَانْطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ} [ص: 6] ئیبن مەسعوود بە (وانطلق ملأ منهم يمشون أن صبروا على آلهتكم) خوێندویەتیەوە. بە گۆڕینی داڕشتنەکەی لە فەرمان کردنەوە، داواکردن(امر) بۆ فەرمانی داهاتوە. لەم خوێندنەوەیەدا دەستکاری لە دەربڕینەکەیدا کراوە و لێی قرتێنراوە، وەک واوی پێش (اصبروا) و وشەی گواستوەتەوە.
لە سورەتی (الزمر)دا هاتوە: {إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ كَاذِبٌ كَفَّارٌ} [الزمر: 3]، هەروەها بە (کذاب کفار) خوێنراوەتەوە، لە خوێندنەوەیەکی تریش بە (کذوب کفار) دەیانخوێندەوە، لەم سورەتەدا دیسان هاتوە: {ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَاهُ مُصْفَرًّا} [الزمر: 21] هەندێکیان بە (مصفاراً) دەیانخوێندەوە.
لە سورەتی (حم عسق) دا هاتوە: {كَذَلِكَ يُوحِي إِلَيْكَ وَإِلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكَ اللَّهُ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ} [الشورى: 3] هەندێکیان بە (یوحی الیك) خوێندویانەتەوە بە دروستکردنی تەواوکەر.
زەمەخشەری دەڵێت: بەم خوێندنەوەیە بێت خودا دەبێتە نیهادێک بۆ گوزارەیەکی لابراو، کە وشەی (یوحی) پیشانی دەدات. وەک ئەوە بڵێیت: کێ وەحی ناردوە؟ گوتوویانە: خودا، دەڵێت: ئەمەیش وەک خوێندنەوەکەی ئەلسەلمی یە: {وَكَذَلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَادِهِمْ شُرَكَاؤُهُمْ} [الأنعام: 137] بە بنیاتنانی تەواوکەر لە لایەن (زین)ەوە. دەبێتە هۆی هێمای بەرزکردنەوە لە سەر (شرکاؤهم) لە سەر واتای (زينه لهم شرکاؤهم). لە سورەتی (الزخرف): {قُلْ إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَدٌ فَأَنَا أَوَّلُ الْعَابِدِينَ} [الزخرف: 81]، هەندێکیان بە (فأنا أول العبدين) خوێندوویانەتەوە. واتە یەکەم کەس دەستپێدەکات کە کوڕی هەبێت. بە پێی قسەی: کۆیلەکە خودا دەپەرستێت و وەک یەکێک خۆشحاڵ دەبێت، هەر چەند لووتبەرز بێت هەر کۆیلەیە.
هەندێک لە شیکەرەوان بۆ ئەوە دەڕۆیشتن کە قسەی: (إِنْ كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَد) ڕەتکەرەوە وەک

(ما) هاتبێت، واتە (ما كَانَ لِلرَّحْمَنِ وَلَد) من یەکەم کەس بوم گوتم و پەرستم و باوەڕم بە یەکتاپەرستی هێنا. ئەم شیکردنەوەیە وەک ئەوەی نەزر کوڕی عەبدولدار کوڕی قوسەی لێهاتوە کە گوتوویەتی: فریشتەکان کچانی خودان، ئەم ئایەتە دابەزی و نەزر گوتی: نابینن باوەڕی پێ کردم؟ وەلیدی کوڕی موغیرە پێی گوت: باوەڕی پێ نەکردیت، بەڵام گوتی: ڕەحمان کوڕی نەبوە و من یەکەم کەسم کە یەکتاپەرست بم لە خەڵکی مەکەدا کە کوڕی نەبێت. ئێمە شیکردنەوەکەی وەلید لە قسەی یەکەم کەسی پەرستیار و یەکتاپەرست وا نیشان دەدات کە ئەم حیکایەتە دروست کراوە و دانراوە و هیچ بناغەیەکی نییە.

لە سورەتی (الدخان)دا هاتوە: {لَا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ} [الدخان: 56]، عەبید کوڕی عەمیر بە (لايذاقون فيها الموت) خوێندویەتیەوە. لە بنیاتنانی تەواوکەر بە فەرمانی (أذاق)، هەروەها خوێندنەوەی عەبدوڵلا بە زیادکردنی (گعم) بوە، واتە: (لا يذوقون گعم الموت). لە سورەتی (الاحقاف) دا هاتوە: {أُولَئِكَ الَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا} [الاحقاف: 16] هەندێکیان بە (يتقبل) خوێندویانەتەوە و ڕاناوەکەیان گەڕاندوەتەوە بۆ خودا.

لە سورەتی (الصف)دا هاتوە: {إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا} [الصف: 4] زید کوڕی عەلی بە دروستکردنی تەواوکەر بۆ (يقاتلون) خوێندویەتیەوە، هەندێکیان بە (يقتلون)بە دروستکردنی دیسان تەواوکەر خوێندویانەتەوە، لەبەر ئەوەی نیشانەی ئەوەی تێدایە کە شەڕی خۆشەویست لای خودا ئەوەیە بۆ بەرگریکردن بێت نەک هێرش بردن. لە سورەتی (المنافقين) دا هاتوە: {فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ} [المنافقون: 3] زەیدی کوڕی عەلی بە (وطبع الله على قلوبهم) خوێندویانەتەوە.

لە سورەتی (الانفال)دا هاتوە: {قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ} [الانفال: 38]، ئیبن مەسعوود بە (إن تنتهوا يغفر لكم) خوێندیەتیەوە.

وا فەرز دەکات کە ئەم گوتارە گوتارێکی تر بە دوایدا بخوێنرێتەوە. لەوێشدا دەڵێت: {وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ} [الانفال: 38]. لە سورەتی (الانفال)دا دیسان هاتوە: {وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا} [الانفال: 61]، ئەشهەبی عەقیلی بە (فاجنح لها) خوێندویەتیەوە. بە دانانی هێمای بەرزکردنەوە لە سەر پیتی نونەکە. وەک ئەوەی فەرمانی سەرکەوتن بێت و ئەمەیش شێوە زمانی هەندێکیان بوە. لەبەر ئەوە خوێندمانەوە چونکە خوێندنەوەکە لە سەر گۆرانی داڕشتن و بنیاتنان ڕاوەستاوە.

لە سورەتی (هود)دا هاتوە: {أَلَا إِنَّهُمْ يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا مِنْهُ} [هود: 5] هەندێکیان بە (تپنونی صدورهم) خوێندویانەتەوە، کە لە فەرمانی (افعوعل) دروست کراوە وەک (احلولی) کە لە (حلاوە)وە هاتوە، ئەمەیش بنیاتنانی زیادەڕەوی کردنە. ئیبن عەباس لامی پێوە لکاندوە (التپنونی)، خوێندنەوەیەکی تری تێدایە (تپنون صدروهم) ئەمەیش شل و لاوازی قسەکە پیشان دەدات، دەیەوێت بە لەخۆلادان دڵیان بداتەوە وەک چۆن ڕۆپۆشە تەنکەکەی ڕوەکێک لێی دەبێتەوە، خوێندنەوەیەکی تریشی تێدایە (تنپئن صدورهم) لە (إپنان)ەوە هاتوە وەک (ابیأچت و ادهأمت) لە خوێندنەوەیەکی تردا بە (تپنوی) هاتوە لە سەر کێشی (ترعوی)، ئەم ژمارە زۆرەی خوێندنەوە وا پیشان نادات کە خوێندنەوەی قورئان بە یەک شێوەیی هاتبێت؟

(96)

خوێندنەوە بە گۆرینی ئیعرابەوە

لە سورەتی (الاحزاب)دا هاتوە: {لِيُعَذِّبَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ وَيَتُوبَ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا} [الاحزاب: 73]، (ويتوب) بۆ سەر (ليعزب) مەعتوفە، لە هەموو خوێندنەوەیەکی باودا بە هێمای سەر وشەکە مەنصوب دەبێت، بەڵام ئەعمەش بە مەرفوع هێماکەی خوێندوەتەوە بۆ ئەوەی بیکات بە دەستپێک.

زەمەخشەری لە (الكشاف)دا دەڵێت: بۆیە ئەعمەش وای خوێندوەتەوە بۆ ئەوەی تاوانەکە بخاتە سەر هەڵگری ئەمانەتەکە. دەڵێت: واتاکەی بە خوێندنەوەی گشتی، واتە نەصب، بۆ ئەوەیە کە خودا ئازار و ئەشکەنجەی هەڵگری ئەمانەتەکە بدا و لە خەڵکی تر ببورێت. تۆیش لێرەدا هەڵگری ئەمانەتەکە بە هۆکاری ئەشکەنجە دەبینیت، هەڵگری ئەمانەتیش لێرەدا وەک بە مەبەست و نیازی ئەوە هاتوە کە لە هەڵگرتنی ئەمانەت واتە لە بواری خوداپەرستی

کەمتەرخەم بوە. چونکە هەڵگرتنی ئەمانەت نابێتە هیچ هۆکارێک بۆ ئەشکەنجەدان و، نابێت بچێتە سەر ئەو وشەیەی کە بە واتای ئەشکەنجە دان دێت، خوێندنەوەی ئەعمەش وردتر و ڕوونترە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە دەڵێین: پێش ئەم ئایەتە دەڵێت: {إِنَّا عَرَضْنَا الْأَمَانَةَ عَلَى السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَنْ يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا الْإِنْسَانُ إِنَّهُ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا (72) لِيُعَذِّبَ اللَّهُ...} [الاحزاب: 72، 73]تد.
ئەوە لە ئەمانەت مەبەستە گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی فرمانی خودا و سوننەتەکەیە، کە هیچ گۆڕانێک لە خۆناگرێت و، بە خۆرسکی دەبێت خەڵک لە سەری ڕابێن، لێرەدا هەڵگری بە واتای جێبەجێ نەکردن دێت واتە گوێڕایەڵ نەبوون، ئەوەیش ناشارێتەوە کە ئەمە قسەی سەرزارەکیە، کە ئەمانەت بە قورساییەک لە سەر پشتی باوەڕدار حیساب دەکات کە متمانەی پێ بێت. وەک ئەوەی سواری بوویێت و ئەو هەڵیگرتبێت، ئەگەر جێبەجێی بکات، واتە قورساییەکەی لە سەر شان فڕێ داوە، لە کاتێکدا کە هەڵی نەگرتوە و ئەویش سواری پشتی نەبوە.
واتای قسەکە ئەوەیە ڕازی نەبوون هەڵی بگرن، واتە ڕازی نەبوون بە شتی تر جگە لە جێبەجێکردنی و ئەوان بە ملکەچبوون و گوێڕایەڵی بۆ فرمانی خودا و سوننەتەکە و ئەوەی فەرزی دەکات ڕازی نەبوون. کەچی مرۆڤ لە ناو سەرجەم بوونەوەراندا هەڵیگرت. واتە گوێڕایەڵی خودا نەبوو. بە واتایەکی تر لە سەر سوننەتەکەی نەڕۆیشت و لەو باسانە دەرچوو کە خودا دایناوو، ئەگەر بەو شێوەیە بێت ئەو ئەمانەتەکەی هەڵگرتوە و جێبەجێی فەرمانەکەی خودای نەکردوە.
بە دەربڕینێکی تر سەرجەم بوونەوەران بە هەموویان لەو مۆرکە دەرنەچوون کە خودا بۆی دانابوون و ناکۆک نەبوون بەو فەرمانە خۆرسکانەی خودا و، هەموویان لە هەموو حاڵەتەکاندا لە سەر گوێڕایەڵی فرمانی خودا و لە سەر ئەو مۆرکەی بۆی دانا بوون، ڕازیبوون و لە سەری ڕۆیشتن. واتە جێبەجێ کردنی فرمانی خودا و ئەمانەتەکەیان لە سەر شانی خۆیان نەهێشتەوە.
مرۆڤ وا دەرنەچوو، خۆی لە سەرجەم بوونەوەران بەدەر خست، بە تەنها مایەوە و ئەو ئەمانەتەی هەڵگرت و بە حاڵی خۆی و دوور لە خۆرسکی خودایی ئەوەی سوننەتی خودا فەرزی دەکات ڕۆیشت. بۆ نموونە هیچ بوونەوەرێک نادۆزیتەوە تێر بێت و وا پیشان بدات کە برسیە و وا پیشان بدات بەهێزە و بە خۆی لاوازە و خۆی بە پەرۆش پیشان بدات و بە خۆی کەمتەرخەم بێت، یان خۆی بە حەق بزانێت و لە سەر ناحەق بێت، جگە لە مرۆڤ. بە دەربڕینێکی تر بوونەوەرێک نادۆزیتەوە بە درۆ باسی حاڵ و وەزعی خۆی و پێکهاتەی بکات کە خودا لە سەری دروستی کردوە، جگە لە مرۆڤ. بە تەنها مرۆڤ لە فرمانی خودا یاخی بوو و ناکۆک بوو لە سەر فرمانی خودا و سوننەتەکەی ڕەتکردەوە، کە دەبێت بەردەوام بێت لە سەری. واتای ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمانەتەکەی خودای نەگەیاندوە، واتە گوێڕایەڵی نەبوە، وەک بوونەوەرانی تر چۆن جێبەجێیان کرد، واتە خۆی بە تەنها ئەمانەتەکەی لە سەر شانی هێشتەوە.
ئەگەر ئەمە بزانیت، ئەوەت بۆ ڕووندەبێتەوە کە خەڵکی دووفاقی ئەوە دەردەخات کە پێچەوانەی ئەوە بێت کە لەناخا هەڵیگرتبێت و بێباوەڕ یەکێکە لەو جۆرە و یەکێکی وەک ئەمەیش دەپەرستێت کە لە خودا یاخی بێت و لە فرمانی خۆرسکی دەربچێت، کە دەربارەی خەلق و لە کاتی دروستبوونییەوە لە سەری ڕاهاتوە. ئا ئەوانە لەوانەن کە ئەمانەت هەڵدەگرن و هەڵگرتنی ئەمانەت هۆکاری ئەو ئەشکەنجەیەیە کە لە ئایەتەکەدا باس کراوە، بۆیە گوتی: {لِيُعَذِّبَ اللَّهُ الْمُنَافِقِينَ وَالْمُنَافِقَاتِ وَالْمُشْرِكِينَ وَالْمُشْرِكَاتِ} [الاحزاب: 73]، بەڵام باوەڕدار وانییە، ئەو بە دوای فەرمانی خودا کەوتوە و گوێڕایەڵیەتی و لە سەر باوەڕی خۆرسکانەی خۆی دەڕوات و، وەك بێبوەر و دوورەوەکان ناکۆک نییە لەگەڵ خودادا، ئەو لەوانە نییە کە ئەمانەتەکەی هەڵگرتبێت، بۆیە شایانی ئەشکەنجە نییە. بۆیە ئەعمەش (ويتوبُ) بە هێمای ڕەفع خوێندوەتەوە، وەک ئەوەی قسەی دەستپێک بێت نەک سەر بەوەی پێشووی لە (ليعذِب) بێت.
ئەگەر بڵێیت: گوێڕایەڵی مرۆڤ بۆ فرمانی خوداتێگەییشتن لەبەر ئەوەی ئاژەڵێکی عاقڵە و دەتوانێت ڕابێت، ئەی واتای گوێڕایەڵی ئاسمان و زەوی و شاخ و شتی تر لە بوونەوەران تەنانەت بۆ شتە ڕەقەکان چییە؟ دەڵێم: ئەو بوونەوەرانە هەموویان خودا خەلقی کردوون و لە سەر غەریزە پێکیهێناون و لە مۆرکی خۆیان دەرناچن و لە تایبەتیەکانیان دواناکەون و بە

سیفەتەکانی ترەوە دەرناکەون. بێگومان ئەوە بەم شتانە گیرابنەوە، هیچ نەبوە جگە لە فرمانی خودا نەبێت، گوێڕایەڵی بۆ فرمانی خودا جگە لە دواکەوتنی غەریزەکانی و مانەوە لە سەر مۆرکی خۆیان و دوانەکەوتن لە تایبەتمەندییەکانیان و دەرنەکەوتن بە جیاواز لە سیفەتەکانی خۆیان نەبێت هیچی تر نییە.

بۆ نموونە خودا ئاوی بەو شێوەیەك دروست کردوە کە لە شێوەی ئەو مەنجەڵەی تێدایە خۆی بنوێنێت هەرچۆنێک بێت و سەرەکەشی واتا پانتاییەکەی لە سەر یەک ئاستدا دەبێت لە باری هاوسەنگی لە هەموو لایەکەوە، ئاو لە هەر کوێیەکدا بێت بەو شێوەیە دەبێت و لەم مۆرکەی خۆی جیاواز نابێت و لەم تایبەتمەندییە دەرناچێت و تا هەتایە و هەمیشە بەردەوام دەبێت لە سەری و ئاوها سەرجەم شلەکان وا دەبن، گوێڕایەڵی شلەکان بۆ فرمانی خودا بەم شێوەیە دەبێت.

هەروەها خودا ئاسنیشی دروست کردوە، ئەگەر بە ئاگر گەرم بکرێتەوە نەرمونیان دەبێت و شێوە لاستیکی لێ دێت، ئەمیش تا هەتایە و هەمیشە لەم حاڵەتە سروشتیەی خۆی کە خودا ئەو مۆرکەی پێ بەخشیوە دەرناچێت، ئەمە گوێڕایەڵی ئاسن لە شتە ڕەقەکانە بۆ فرمانی خودا.

هەروەها خودا سەگی خەلق کردوە، ئەگەر یەکێکی نەناسراو ببینێت دەحەپێنێت و بەردەوام دەبێت لە حەپاندن بە سەریدا، ئەمەیش غەریزەیەکە کە خودا لە سەری دروستی کردوە و بە دوایدا دەکەوێت و هەمیشە و هەتاهەتایە لەو بارەیەوە دواناکەوێت، ئەمەیش گوێڕایەڵی سەگە بۆ فرمانی خودا.

هەموو ئەم بوونەوەرانە جگە لە مرۆڤ ئەمانەتیان هەڵنەگرتوە، بەڵکوو جێبەجێی دەکەن. وەک ئەوەی لە هەموو داهێنراوان بە دەر بێت و ئەمانەتەکە جێبەجێ ناکات. واتە گوێڕایەڵی خودا نابێت و بەو پێیەی خۆڕسکانەی کە خەڵک لە سەری ڕاهاتوە دوای ناکەوێت، بۆیە زۆر خەڵك دەبینیت خۆی لێ بێبەری دەکات و ناکۆکە لەگەڵیدا و بە درۆی دەخاتەوە و لە بوونەوەراندا هیچ شتێکی وا درۆزن نادۆزیتەوە ئەو نەبێت.

ئەگەر بڵێیت: ئایا لە قورئاندا ئەوە هاتوە کە واتای ویستراو لە ئەمانەت گوێڕایەڵی بێت؟ دەڵێم: بەڵێ. لەوانەی کە لە ئایەتی (الامانە)دا هاتوە کە دەڵێت: {وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا (71) إِنَّا عَرَضْنَا...} [الاحزاب: 71، 72]. کە بردنەوەی گەورەیی بە گوێڕایەڵی بەستبێتەوە پاش ئەوەی دەڵێت: (إِنَّا عَرَضْنَا) واتە ئەمانەتی خستوەتە سەر شاخ و شتی تر نەیتوانیوە هەڵی بگرێت. ئەوەی لە ئەمانەت مەبەستە گوێڕایەڵییە وەک زەمەخشەری لە (الکشاف)دا باسی دەکات. بێگومان ئەم یاسا سروشتیانەی کە بوونەوەرانی پێ دروست بوە وهەڵساوە، ئا ئەمانە فرمانی خودایە. هەر بوونەوەرێک بەدوایدا بکەوێت و گوێڕایەڵی بێت، هەر کەسێک بزانێت چۆن گوێڕایەڵی دەبێت و دەتوانێت پەرجوو واتە موعجیزە بهێنێت، وەک خەڵکی خۆرئاوای زەمانی خۆمان، موعجیزەیان هێنا ئەمەیش بە گوێڕایەڵ بوونیان بۆ فرمانی خودا، واتە لە هەموو کاروبارەکانیاندا بە دوای یاسا و ناموسی سروشت دەکەون و نهێنییەکانی دەدۆزنەوە و تایبەتمەندییەکانی دەزانن و بیری زانستی خۆیان لە پێناو گەیشتن یان نزیکبوونەوە لێی هیلاک دەکەن، ئەمەیە لای ئەوان گوێڕایەڵی بۆ فرمانی خودا.

ئەگەر ئەمانەت بەدیهێنانی فەرز بێت، بە گوێڕایەڵی دەربڕینی تێدا کرد، کە پێویستی بوونە، لێرەوە دەشێت بڵێین: ئایینی ئیسلام داوا لە خەڵک دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ خۆڕسکێتی، بە داڕشتنێکی تر بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت کە ئەوە لە فرمانی خودایە، هەر کەسێک گوێڕایەڵی فرمانی خودا بێت دەگاتە ئەو پلە بەختەوەرییەی کە دەیەوێت.

لە سورەتی (النساو)دا هاتوە: {أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ} [النساو: 43] (الْغَائِط) لێرەدا بە شوێنی نزمی دڵنیایی دێت، لەم ئایەتەشدا وا هاتوە شوێنێکە کە پیسی تێ بکەیت واتە پاشەڕۆکەت تێیدا فڕێ دەیت، لەبەر ئەوەی ئەوان لە شوێنە فراوانەکانی دەوروبەریان دەچوونە سەرئاو کردن، بەکارهێنان لێرەدا بە شێوەیەکی نازناوانە باس کراوە، وەک پێی دەڵێن شوێنی پشوودان یان دەست گەیاندن بە ئاو یان شوێنی دەستنوێژ و میزگەفت، بەڵام ئەم وشەیە وا بەربڵاو بوە تا لە نازناو دەرچوە، ئێستا (الْغَائِط) بە واتای گوو دێت. وەک چۆن (جماع) لە واتا زمانەوانییەکەی بە کۆبوونەوە دێت، کە لە نێوان دوو کەسدا بێت، بەڵام قورئان بە وشەی (الوگو) بە کاری دەهێنێت واتە پرۆسەی سێکس (بە کوردیە ڕووتەکەی گان کردن-و-). بەڵام ئەو وشەیەکە وەک نازناو بۆ سێکس کردن بە کار هێنرا، بڵاو بوە و تا لە نازناو دەرچوو بە

ڕاشکاوی ئێستا بە گانکردن دەڵێن (جماع) و خەڵک جگە لەو واتایە هیچ شتێکی تری لێ تێ ناگات و وای لێ هات کە لە بری (جماع) زاراوەیەکی تر دابنرێت.
داب و نەریت کوشندەیە، خەڵک وا ڕاهاتوە کە بە ڕاشکاوی قسەکردن بە قێزەون لە قەڵەم بدەن، بە ڕاشکاوی قسەکردن لە سەر کارێک کە دەیکەن بە قێزەونی نازانن، بەڵام لە باسکردنی لە ڕاشکاوی خۆیان دەبورن، بۆ نموونە باسکردنی گان لای ئەوان قێزەونە، باش دەزانن گانکردن لە پێویستییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕوەکیشە و هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نییە، لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێت حەڵاڵ بێت، وەک ئەوەی خۆراک دەبێت حەڵاڵ بێت و دەستبەسەردا گیراو نەبێت و نەدزرابێت و حەرام نەکرابێت، ئاوهایش گانکردن دەبێت حەڵاڵ و شەرعی بێت، بۆچی باسکردنی ئەمە قێزەون بێت و باسکردنی ئەوە باش بێت؟ واتە گانی حەڵاڵ لەگەڵ خۆراکی حەڵاڵدا. ئایا ئەمە لە خۆرسکی دەرچوون نییە؟ لەو شتە خۆرسکیانەیە کە خودا بە مرۆڤی بەخشیوە و لە خۆرسکی دەرچوون لە فرمانی خودا دەرچوون و یاخیبوون نییە؟
ئەمە لەوەدا نابینم کە ئێمە باسی دەکەین، بەڵام دابە کوشندەکان وای لێ کردووین کە لێرەدا باسی بکەین. هەندێکیان ئایەتەکەیان بە (الغیگ) خوێندوەتەوە کە بە واتای باخی دیواردار دێت و لە باخەکاندا پیسی دەکەن.
لە سورەتی (إلنساو)دا دیسان هاتوە: {لٰكِنِ الرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ مِنْهُمْ ۋالْمُؤْمِنُونَ يُؤْمِنُونَ بمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ ۋمَا أُنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ ۋالْمُقِيمِينَ الصَّلَاةَ ۋالْمُؤْتُونَ الزَّكَاةَ ۋالْمُؤْمِنُونَ باللَّهِ ۋالْيَوْمِ الْىٰخِرِ} [النساو: 162] ئیعرابی (ۋالْمُقِيمِينَ) وا هاتوە کە مەنسوب بێت بۆ دەرخستنی چاکەی نوێژەکە، هەندێکیان دەڵێن لە کاتی خوێندنەوەیدا لە نووسینی مەسحەفدا وا کەوتوە، بەڵام زەمەخشەری بە توندی دژی وەستاوەتەوە، بە کارێکی خراپ لە قەڵەمی داوە، پێویست ناکات لێرەدا باسی بکەین، لە مەسحەفی عەبدوڵلادا بە (والمقیمون) واتە بە واو هاتوە، ئەمەیش لە خوێندنەوەی مالکی کوڕی دینار و ئەلجەحدەری دعەیسی ئەلسەقەفی، لەبەر ئەوەی لە مەسحەفی عەبدوڵلادا بە واو هاتوە، ئەوە دەردەخات کە بە هۆی کەوتنی لە نووسیندا لە لای خەڵکی تر بە دەر لە عەبدوڵلا دەردەخات، با زەمەخشەریش هەر بۆ خۆی توڕە بێت.
لە سورەتی (المؤمن)دا هاتوە: {ۋأَنْژِرْهُمْ يَوْمَ الْىٰزِفَهِ إِژِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاڤِمِينَ} [غافر: 18]، (كَاڤِمِينَ) لەم خوێندنەوەیەدا حاڵە بۆ خاوەن دڵەکان بە خەملاندنی ئەو واتایەی بەوەی دڵ لای ئەوانەیە کە توڕەیی و قسەیان لە خۆیان گرتوە، هەندێکیان بە (کاڤمون) خوێندوەتیەوە وەک ئەوەی وەڵامێک بێت بۆ سەرەتاکە، یان بە کۆی نێرینە هاتوە و نەیگوتوە (کاڤمات) لەبەر ئەوەی کردەیەکی عاقڵانەیە، وەک دەڵێن: {رَأَيْتُهُمْ لِى سَاجِدِينَ} [یوسف: 4] خوێندنەوەی یەکەم لە ڕەوانبێژییەوە نزیکە.
لە سورەتی (الدخان)دا هاتوە: {فِيهَا يُفْرَقُ كُلُّ أَمْر حَكِيمٍ، أَمْرًا مِنْ عِنْدِنَا إِنَّا كُنَّا مُرْسِلِينَ، ڕحْمَةً مِنْ ڕبّكَ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ} [الدخان: 4 - 6]، (انتصب امراً) لەم خوێندنەوەیەدا بە پێی تایبەتمەندی بوە، زەید کوڕی عەلی لە (أَمْر مِنْ عِنْدِنَا) بە هێمای بەرزکردنەوەی خوێندویەتیەوە، هەروەها (رَحْمَە) لە خوێندنەوەی یەکەمدا بە مەنسوب دانرا وەک تەواوکەر لەبەر ئەوەی (إنا أنزلنا) لە سەرەتای ئایەتەکەدا هاتوە. حەسەن بە (رَحْمةُ مِنْ ڕبّكَ) بە ڕەفع خوێندویەتیەوە.
لە سورەتی (الحشر)دا هاتوە: {فَكَانَ عَاقِبَتَهُمَا أَنَّهُمَا فِى النَّارِ خَالِدَيْن فِيهَا} [الحشر: 17]، ئیبن مەسعوود بە (خَالِدان فِيهَا) خوێندویەتیەوە بە پێی ئەوەی گوزارە بێت. بە پێی خوێندنەوەی یەکەم " ئاوەڵفرمان جێگیرە و (خالدین) تێیدا حاڵە.
لە سورەتی (الصف)دا هاتوە: {ێاأَيُّهَا الَّژِينَ ىٰمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَژَابٍ أَلِيمٍ (10) تُؤْمِنُونَ باللَّهِ ۋرَسُولِهِ ۋتُجَاهِدُونَ فِى سَبيل اللَّهِ بأَمْوَالِكُمْ ۋأَنْفُسِكُمْ ژَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ (11) يَغْفِرْ لَكُمْ ژُنُوبَكُمْ ۋيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِى مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ} [الصف: 10 - 12].
خوێندنەوە ناسراوەکەی ئاوهایە کە بڵێت: (هکژا تۆمنون و تجاهدون)وەک ئەوەی بڵێت: چۆن کار دەکەین؟ گوتی: باوەڕ دەهێنن. زەید کوڕی عەلی بە (تۆمنوا وتجاهدوا) بە فرمان و یەکلایی کردنەوە خوێندویەتیەوە، بە شاردنەوەی لامی فرمانی داخوازی هاتوە، لەبەر ئەوەی لە بنەڕەتدا بە (لتۆمنوا وتجاهدوا) وەک شاعیرەکە دەڵێت:
إژا ما خِفْتَ من أمر تَبالا محمدُ تَفْدِ نفسَكَ كلُّ نفسٍ
لە ئایەتەکەدا گرفتێکی تر هەیە ئەویش (يَغْفِرْ لَكُمْ ژُنُوبَكُمْ) لە هەر دوو حاڵەتەکەدا بە جەزم هاتوە، بە پێی خوێندنەوەی زەیدی کوڕی عەلی، وەک دیارە وەڵامی فرمانی داخوازیەکەیە.

بەڵام بە پێی خوێندنەوە ناسراوەکە دیار نییە، گوتیان: تۆمنون وەڵامە یان گوزارەیە بە واتای (داخوازی، گوتیان: خوێندنەوەی ئیبن مەسعوود بەم شێوەیەیە: (ئَمَنُوا باللّٰهِ وَرَسُولِه وَجَاهَدُوا.
لە سورەتی (نوح)دا هاتوە: {وَلا تَذَرُنَّ وَدًّا وَلا سُوَاعًا وَلا يَغُوثَ وَيَعُوقَ وَنَسْرًا} [نوح: 23] ئەعمەش بە (وَلا يَغُوثاً وَلا يَعُوقاً) بە دەستکارییەوە خوێندویەتیەوە، زەمەخشەری لە خوێندنەوەی ئەمەدا دەڵێت گرفت دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر دوو عەرەب یان دوو عەجەم بن، هۆکارێکی تێدایە کە گۆرانکاریی تێدا قەدەغە کراوە، وەک بە پێ ناسەی کێشی فرمانەکەدا یان پێ ناسەی بە هێما دانەنان تێیدا بە کار هێنراوە. دەڵێت: لەوانەیە مەبەستی ئەعمەش دوانە بێت بۆیە گۆرانکاریی تێدا کردوە. بەو پێیەی هاوشێوەکانی یان خوشکەکانی گۆرانکاریی پێوە دەکرێت وەک (وَدًّا وَسُوَاعًا وَنَسْرًا). بۆیە ئەم خوێندنەوەیەمان لێرەدا، لەبەر ئەوەی بە هەمان شێوەی گۆرینی ئیعرابە بەو پێیەی گۆرانکاری لە شتی قەدەغەکراو لە گۆرینی ئیعرابە.
لە سورەتی (براوە)دا هاتوە: {أَنَّ اللَّهَ بَرِیءٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ وَرَسُولُهُ} [التوبه: 3]، خوێندنەوە ناسراوەکە بە هێمای ڕەفعە بە پێی ئەوەی دەکەوێتە سەر (برئ) وەک لە شوێنی (إن)ی شکاو و ناوەکەی، هەندێکیان (ورسوله) بە هێمای مەنصوب داناوە بەو پێیەی لە سەر ناوی (إن) بێت، یان وەک ئەوەی واوی لە پێشەوەیە کە لەگەڵیدا بێت کە لەوێش مەنصوب دەبێت بە پێی ئەوەی تەواوکەر دەبێت. ئەویش لەگەڵ خودادا لە بێباوەڕان بێبەرییە، هەندێکیان (ورسوله) بە هێمای ژێرەوە دەخوێندەوە، بە پێی ئەوەی شانی ئەوەی دەیبینین بە ژێر هێما نابێت لەبەر ئەوەی هەر دوو دراوسێکان واتە لەتەنیشت یەکەوە لە ئیعرابدا جیاوازن لە ڕووی جۆرەکانییەوە، یەکەم بە پیت کراوە بە عەرەبی و هێمای بۆ دانراوە و دوەمیش بە بزوێنەر. بەڵام ژێر هێما لەبەشەکەدا قبوڵ ناکرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕوکەشەکەی واتا ویستراوەکەی ڕازی نابێت و لەگەڵیدا نایەتەوە. لەبەر ئەوەی واتا ویستراوەکە ئەوەیە کە پێغەمبەریش وەک خودا لە بێباوەڕان بێبەرییە.
هەرچۆنێک بێت ئەگەر بە هێمای ژێر بە پیتی هاوشانەکەی دانرا بێت یان لە سەر سوێند خواردن بێت، لەگەڵ ڕەوانبێژیدا ناڕوات و جۆرە هەڵە و ناروونییەکی تێدا دەبێت.

(97)
ئایا محەمەد پەرجوو (موعجیزە)ی هەیە؟
ئەگەر بە وردی و تێرامانەوە قورئان بخوێنینەوە، لەوێدا دەزانین کە پێغەمبەری خودا تەحەدای مرۆڤی بە هیچ پەرجوویەک نەکردوە جگە لە قورئان و،هیچ پەرجوویەکی جگە لەمەی بۆ نەهێناوەتەوە. لەوێدا دەبینین کە لە خوێندنەوەی ئایەتە قورئانییەکاندا بێباوەڕەکان هەر چەند پرسیاریان لێ کردوە کە ئایەتێکیان بۆ بهێنێتەوە واتە موعجیزەیەک، دەیناردن بۆ لای خودا و پێی دەگوتن: منیش مرۆڤم وەک ئێوە بەڵام من وەحیم بۆ دێت، وەک لە سورەتی (العنكبوت)دا هاتوە: {وَقَالُوا لَوْلا أُنْزِلَ عَلَيْهِ ءَايَاتٌ مِنْ رَبِّهِ قُلْ إِنَّمَا الْءَايَاتُ عِنْدَ اللَّهِ وَإِنَّمَا أَنَا نَذِيرٌ مُبِينٌ} [العنكبوت: 50]. واتە: وتیان بۆ لەپەروەندەی خۆیەوە نیشانگەلی تایبەتی نایەتە خوارەوە؟بڵێ: نیشانەکانی وا لای خودایە من هەر تەنیا ترسێنەری نیشاندەرم و هیچ تر.
قورئان ئەوەی لە ئایەتێکدا بە دوورودرێژیی باس کردوە، کە دەڵێت: {وَقَالُوا لَنْ نُؤْمِنَ لَكَ حَتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الْأَرْضِ يَنْبُوعًا (90) أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِنْ نَخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الْأَنْهَارَ خِلَالَهَا تَفْجِيرًا (91) أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاءَ كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ قَبِيلًا (92) أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِنْ زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَى فِي السَّمَاءِ وَلَنْ نُؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّى تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَقْرَؤُهُ} [الإسراء: 90 - 93] وەڵامی پێغەمبەر بۆ ئەوان هیچ شتێک نەبوو جگە لەوەی لە دوای ئەم ئایەتەدا دێت، دەڵێت: {قُلْ لَوْ كَانَ فِي الْأَرْضِ مَلَائِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِمْ مِنَ السَّمَاءِ مَلَكًا رَسُولًا} [الإسراء: 95].واتە: وتیان بروات پێناهێنین تا لەم ئەرزە کانیکمان بۆ هەڵدەقوڵێنی یان باخێکی خورما و رەزت هەبێو کارکی وا بکەیت کە جۆباران لە ناویانا فرکەیان بێت؛ یان وەك خۆت خەیاڵت دەکرد پاژ پاژی ئەمم ئاسمانەمان بەسەردا دابوەرێنە، یان خودا و چەند فریشتیەك بێنەو روبەرومان بکەرەوە.
هەندێک جار دەبینیت کە داوای هێنانەوەی ئایەتێک واتە بەڵگەیەک بۆ پێغەمبەرایەتیەکەی لێدەکەن، داوای لێبوردن دەکات لە هێنانەوەی هیچ ئایەتێکدا گوتوویەتی: سەرەڕای ئەوەی لە

پێشتر پێغەمبەرانیان موعجیزەیان بۆ هێناونە تەوە، هیچ قازانجێکی نیە. دیسان بە درۆیان خستوەتەوە و باوەڕیان پێ نەکردوە، لەوەدا خودا دەڵێت: {وَمَا مَنَعَنَا أَنْ نُرْسِلَ بِالْـَٔايَاتِ إِلَّا أَنْ كَذَّبَ بِهَا الْأَوَّلُونَ} [الإسراء: 59]، واتە: ئیمە کە نیشانەکانمان نەدەنارد، ئەوانەی پێشینیا بەدرۆیان دەخستنەوە. هەروەها دەڵێت: {قَالُوا لَوْلَا أُوتِيَ مِثْلَ مَا أُوتِيَ مُوسَىٰ أَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ مِنْ قَبْلُ} [القصص: 48] واتە:پێشتر واتاکەی نوسرا. واتە خودا پەرجووی بە مووسی بەخشیوە وەک ئەوەی دارەکەی گۆری بۆ مار و دەریای شەق کرد و شتی تریش، ئایا شتێکی بە محەمەد بەخشیوە وەک ئەو موعجیزەیەی بە مووسای بەخشی؟ وەڵام دانەوەکەی ئەمەش، لە بەشی دوەمی ئایەتەکەدا هاتوە: {أَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ مِنْ قَبْلُ} [القصص: 48]. واتە: ئایا بەوەی موسا هێنابووی کفریان نەکرد. ئایا کوفریان بەوە نەکرد کە مووسا بۆی کردن. لە نموونەی ئەم ئایەتانە لە قورئاندا زۆرن، هیچ پێویست ناکات لێرەدا هەمووی باس بکەین. کورتەی باسەکە ئەوەیە کە ئەم ئایەتانە ڕاشکاون لەوەی پێغەمبەری خودا هیچ پەرجوویەکی نەهێناوەتەوە جگە لە قورئان، پێشتر باسی قورئان کرا لەم بارەیەوە، مەبەستم پەرجوو بوونی قورئانە، لە بەشەکانی پێشوودا لە سەری دواین.

ئاوهایش قورئان دەبینین کە بە ڕاشکاوی ئەوەمان بۆ باس دەکات، لە زۆرێک لە ئایەتەکانیدا دەڵێت پێغەمبەری خودا لە غەیب نازانێت و ئەوە بە تەنها کاری خودا خۆیەتی. لە سورەتی (یونس)دا هاتوە: {وَيَقُولُونَ لَوْلَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَقُلْ إِنَّمَا الْغَيْبُ لِلَّهِ} [یونس: 20] واتە: بۆچی پەرچویەکی لە لای خوداوە بۆ نایەت؟ بڵێ زانستی غەیب و نادیار لا خودایە. واتە ئەوەی کە پێشنیار دەکەن دەربارەی کاروباری غەیب، ئەوە لە تایبەتمەندی خودایە و هیچ کەسێکی تر ناتوانێت ئەو کارە بکات. لە سورەتی (النمل)دا هاتوە: {قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ} [النمل: 65]. واتە: بڵێ هیچ کەسێك لە ئاسمان و زەمین لە غەیب نازانێت جگە لە خودا. لە سورەتی (الانعام)دا هاتوە: {قُلْ لَا أَقُولُ لَكُمْ عِنْدِي خَزَائِنُ اللَّهِ وَلَا أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلَا أَقُولُ لَكُمْ إِنِّي مَلَكٌ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰ إِلَيَّ} [الانعام: 50]. واتە: پێم نەوتن گەنجینەکانی خودا لای منە؟ لە غەیب نازانم و پێتان ناڵیم من فریشتەم، بەدوای ئەو وەحیە دەکەوم کە بۆم دیت. لە سورەتی (الاعراف)دا هاتوە: {لَوْ كُنْتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لَاسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ} [الاعراف: 188]. واتە: پێشتر واتاکەی نوسراوە. لەم ئایەتانەی پێشەوە دوو شتمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

یەکەمیان: پێغەمبەری خودا موعجیزەیەکی نەهێناوەتەوە جگە لە قورئان.

دوەم: ئەو لە غەیب نازانێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر تەماشای ئەو نووسینانە بکەین کە زانایانی ئیسلام نووسیویانە و لە کۆنەوە بۆ ئێمەیان بە جێ هێشتوە " وەک کتێبی شیکردنەوە و فەرمووده و بەسەرهاتی پێغەمبەران" دەبینین ئەم کتێبانە بارکراون لە زۆر شت کە ناکۆکن لەگەڵ قورئاندا. دەبینین لەم دوولایەنەوە باس لە موعجیزە و پەرجووی پێغەمبەری خودا دەکەن، کە لە زۆر لاوە لە شتی باو بەدەرە، تەنانەت یەکێکیان دەڵێت سێ هەزار موعجیزەی دەرخستوە، هەندێکیان لەم ژمارەیە زیاتریان گوتوە و دەڵێن: موعجیزەکان لە ژماردن نایەن و ناتوانرێت کۆ بکرێنەوە، هەروەها باس لە هەواڵە غەیبیەکان دەکەن کە لە ژماردن نایەن و کتێبەکانیان لێ پڕکردوە.

ئینجا ئەوان باسی شتانێک دەکەن کە لەگەڵ قورئاندا بەر یەک دەکەون، نەک لەگەڵ مەعقوڵدا ناکۆکە و ناگونجێت بەڵکوو لە سنور و سونەتی خودا دەردەچن، کە ئاڵوگۆڕکردن و نەکردن قبوڵ دەکات. هەروەها ناتوانن بە پێی سنوری زانستی ڕاست بیهێنن و، بەرێک و لوجیکی ئازاد و زەوق و بەجوانی بیسەلمێنن، تەنانەت تۆ کە قسە شڵەژاو و پشێو و هەواڵە هەڵبەستراوەکانیان دەخوێنیتەوە، دەڵێیت سپاس بۆ تۆ خودایە تۆ بڵێیت گاڵتە بکەن.

دوایی باس لەوانە دەکەین کە لەم کتێب و هەواڵ و گێڕانەوانانەدا هاتوە و لەگەڵ قورئاندا نایەتەوە، بۆ ئەوەی بزانین چۆن ڕووی داوە و لە کوێوە هاتوە، بەڵام پێش ئەوە دەمانەوێت باسی مەزنترین موعجیزەی پێغەمبەری خودا بکەین کە چاویان لە ئاستیدا کوێر بوە و نەیانبینیوە. بۆیە ئەمە ئاسانکاری بۆ دوژمنانی ئیسلام کردوە بخزێنە نێوهەڵەوە و وا لێیان تێکبچێت بە خورافات و خەیاڵەوە، کە بکەونە نێو سەر لێکدانی نەزانینەوە.

مەزنترین پەرجووی محەمەد

بێگومان پێگەییشتنی محەمەدی کوری عەبدوڵڵا زانراوە و هەڵگرتنی قورسایی و سەختی پێغەمبەرایەتی و تووشبوونی بە ئازار و نالەباری لەو پێ ناوەدا هیلاک بوە و دژواری بەخۆیەوە

بینیوە. خودا هیمەت و توندوتۆڵ و لەگەڵ ئەخلاقێکی مەزن و عەقڵ و ئاوەزێکی ڕاست و ڕێک و ژیریش پێبەخشیوە. ئەو بە قورئان و شمشێرەکەی ئەو پەرشوبڵاویەی خەڵکی کۆ کردەوە. هاوبەند کراوە و خاوبوەکانی بەستەوە و توندی کردەوە و توخم و ڕەگەزە جیاوازەکانی یەکخستەوە. لە هیچەوە نەتەوەیەکی هەستاند و ڕاپەڕاند، لە پێناو ماف و ئازادیدا دۆزیەوە ورابوو و هێنایە بوون و وەک یەک پیاو بانگەشەی خوداپەرستیان کرد. تا جیهانی تووشی شۆک کرد و شار و دەشتەکی ملکەچ بوون، ئەم بانگەشەیە و ئاییینەش درێژ پەریوە بۆ پارچەکانی زەوی بە خۆرهەڵات و ڕۆژئاوەوە، ئەمەیش لە کاتێکی زۆر کەمدا، کە لە بیست و ئەوەندە ساڵ زیاتر نەبوو، ئەمەیە موعجیزەی گەورە، کە لە ئاستیدا موعجیزەکان زۆر بچوکن. ئەم پەرجوە بە مەزنی و باڵایی خۆیەوە جگە لەوەی لە سەر سونەتی خودا بۆ کردەگەی خۆی بە هیچ شێوەیەکی تر نەبوو، بێ ئەوەیش نەبوە و بۆیە پەرجوە، ئەوە پێی پیشان داین کە محەمەد چەند پێگەیەکی باڵا و چاکەیەکی مەزنی هەیە بە سەر خەڵکەوە.

بەڵام وشک هەڵاتوەکان لە ئاست ئەم موعجیزەیەدا کوێر دەبن. بۆیە تەماشا دەکەین لە جیهانی خورافاتەکاندا نغرۆدەبن و بەوە دەیانەوێت موعجیزەی ڕاستگۆیی پێغەمبەرایەتیی محەمەد و مەزنی کارەکەی بۆ خەڵک دەربخەن. وەک دابەشکردنی مانگ و وەرگرتنی بەردەکە و هاتنی درەختەکە بۆ لای و دولەتکردنی زەوییەکە بۆ ئەوەی سێبەری بۆ دروست بکات و لە سایەیدا بخەوێت، سکاڵاکردنی حوشترەکە لای ئەو، قسەکردنی کەرەکە لەگەڵیدا، سوجدە بۆ بردنی مەڕەکە، شایەتومان هێنانی دوو ئاسکەکە و گورگەکە بە پەیامەکەی و شتی تر، کە پەشیمان کەرەوەیە زیاتر لەوەی پێکەنیناوی بێت.

لەو حەقیقەتانەی کە قورئان هێناونی و زانست سەلماندونی لەم زەمانەدا ئەوەیە، کە کردگاری مەزنی بوونەوەران سونەتێکە لە کردگار خۆی نە ئاڵوگۆڕ دەبێت و نە دەشگۆڕێت، لە سورەتی (الاحزاب)دا دەڵێت: {وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا} [الاحزاب: 62] واتە: هیچ یاسایەکی خودا گۆرینی بۆ نیە. و لە سورەتی (الملائکە) دا دەڵێت: {وَلَنْ تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلًا} [الفتح: 23] واتە: هیچ یاسایەکی خودا گۆرینی بۆ نیە. کەچی ئەهلی زانستی ئەم سەردەمە سونەتی خودا بە یاسا سروشتیەکان دەردەبرن، کە شەریعەت و ڕێگەی کەونە، ئەوان واتە ئەهلی زانست سونەتی خودا بە بناغە و سروشت و ئەو ڕێگایە ناو دەبەن کە جیهان بە لێکدانەوەی لە نێوان کەون و لەناوچووندا بە شێوەیەکە کە هیچ لادان و پێچکردنەوەیەک قبوڵ ناکات، وەک یاسای کێشکردن بە نموونە، یاسای سروشتی لە دەرپرینی خەڵکی زانستخواز و سونەتی خودا لە دەرپرینی قورئاندا یەک شتە لە واتادا، ئەگەر لە لەفزیشدا جیاواز بن.

ئەگەر سونەتی خودا ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوە قبوڵ نەکات، مەحاڵ بوو قودرەت و توانای خودای ڕەها لە دەرەوەی سنوری سونەتی خودا وێنا بکەیت، لەبەر ئەوەی قودرەتی ڕەها خودی سونەتی خودایە، چۆن لە دەرەوەی خۆی وێنای دەکەیت؟ واتاکەی وا دەردەچێت کە قودرەتی ڕەهای خودایی ناتوانێت جیاواز بێت لە سونەتی ڕەهای خودایی، ئەمەیش خودی مەحاڵەکەیە. بۆیە هەندێک زانایانی ئیسلام گوتیان موعتەزیلەکان بوونە: قودرەتی خودا پەیوەست نییە بە مەحاڵەوە، لەوەشدا فەرز نایێت کە قودرەتی خودا دیاریکراوە و ڕەها نییە، خودا توانای بە سەر مەحاڵەوە نییە. نەخێر، مەحاڵ دەرچوونە لە سونەتی خودا کە خودی قودرەتی ڕەهایە، نەتوانین هیچ واتایەکی نییە لە ئاست قودرەتی ڕەهادا، هیچ مەعقوول نییە لە هیچ لایەکەوە بگوترێت کە قودرەتی ڕەها ناتوانێت لە خودی خۆی دەربچێت، واتە دەستەوەستان بێت لە جیاواز بوون لەگەڵ خودی خۆیدا. نەزانییە کە بگوترێت خودا ناتوانێت یەکێکی وەک خۆی خەلق بکات ئەگەر ئەمەت زانی و بە باشی لێی تێگەییشتیت، دەزانیت کە موعجیزە لە دەرەوەی سنوری سونەتی خودا لە کارە مەحاڵەکانە، کە قودرەتی خودا هیچ پەیوەست نییە پێوەی.

بەڵام موعجیزەی ڕاست و حەق ئەو موعجیزەیەیە کە دەکەوێتە نێو سنوری سونەتی خوداوە، وەک ئەو موعجیزەیەی محەمەد هێنای، کە بە شێوەیەکی گشتی پێشتر باسمان بۆ کردن.

ئەگەر نا چۆن دەبێت بگوترێت: محەمەد شتێکی هێناوە کە خەڵک لە توانایدا نەبوە وەک ئەو بیهێنن، کە ئەو کارەی کردوە لەو شتانە نییە کە پەیوەست بێت نە بە توانای خەڵک و نە بە قودرەتی خوداشەوە. موعجیزەی ڕاستەقینە کە ڕاستە موعجیزە بێت بۆ خەڵک، ئەوەیە کە ئێستا باسمان کرد، لەو کارانەی بە پێی سونەتی خودا ڕوو دەدەن، محەمەد لە ژیانی پێغەمبەرایەتیدا خۆی پێی هەستاوە، هەروەها دەشێت بڵێیت قورئان موعجیزەیە. نەک لەبەر ئەوەی لەو کارانەیە کە توانای خەڵک پەیوەستە پێوەی، کە ئەگەر خەڵک نەتوانێت وەک ئەو

بهێنێت بە موعجیزە دابنرێت و ڕاستی ئەو بۆچوونە دەربکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بێئاگا و وشکەکان دەربارەی موعجیزەی بە دەر لە سنوری سوننەتی خودا باسیان کردوە و ئەمەیش شتێکە بوونی نییە جگە لە خەیاڵدانی ئەواندا نەبێت.

پێغەمبەری خودا

ئەگەر بڵێیت: کردگاری گەورەی بوونەوەران لەوە گەورەتر و باڵاترە کە پشت بە کەسێک ببەستێت و بینێرێت بۆ لای خەڵک و داوایان لێ بکات بیپەرستن و، ئەمە لە تواناداری ڕەها ناوەشێتەوە و لەگەڵ سوننەتەکەیدا کە قودرەتی ڕەهای ئەوە ڕێکناکەوێت، چۆن محەمەد بەو موعجیزەیەی کە باسم کرد پێغەمبەری خودایە؟ دەڵێم: ئەگەر واتای پەیامبەر بەو واتا ناسراوەیەی لای ئێمە بێت، دەشێت ئەو قسەیە بکەیت، بەڵام وانییە. ئەوەی ناسراوە لای ئێمە ئەوەیە کە کەسێک یەکێک بنێرێت بۆ لای یەکێکی تر و شتێکی بۆ بنێرێت یان داوای شتێکی لێ بکات، بەو کەسە دەڵێین پەیامبەر. پێغەمبەری خودا بەم واتایە نایەت. کێ ڕێگریمان لێدەکات کە هەر وشەیەک بە کار بهێنین هەر وا بە سەر زارەکی بێت بێئەوەی واتا بنەڕەتیەکەی بگەیەنێت.

بێگومان قودرەتی ڕەهای خودایی ئەو توانا و بەهرە خودیەی لە سەرجەم بوونەوەراندا بە پلە و ڕێژەیەکی جیاواز دەردەخات. ئەم بوونەوەرانە بە بەرز و نزمیانەوە جگە لە نیشانەی قودرەتی خودا لە تایبەتمەندی و بەهرەمەندی بە پلەی جیاواز نەبێت چییە؟ بۆ خەلقکردنی ناکۆکی نە مەحاڵە و نە لەگەڵ سوننەتی خوداشدایە، کە قودرەتی خودایی بە بەهرەمەندی لە گیانی پیاوێک لە نێو خەڵکدا بە شێوەیەکی تەواوتر و پێگەییشتووتر لە یەکێکی تر دەربخات، پێغەمبەری خودا ئەو پیاوەیە کە قودرەتی خودایی بە بەهرەمەندیەکەیەوە لە گیانی ئەمدا بە تەواوی و پێگەییشتوویی بە دەر لە خەڵکی تری داناوە.

بە خۆی درکی بە بەهرەمەندی گەورەیی خودای باڵا و بەرز کردوە و تەنانەت لە خەڵکی تر زیاتر لە قودرەتی خودای زانیوە و لە سوننەتی خودا لە خەڵکی تر نزیکتر بوە. لە خەڵکی تر زیاتر ملکەچی دەسەڵاتی خودا بوە. کەوابوو داوای لە خەڵک کردوە کە خودا بناسن و ملکەچی دەسەڵاتەکەی بن و لە سەر سوننەتەکەی بڕۆن، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بگەنە پێگە و پلەیەکی باڵە لە ژیاندا و ئەوەی مەبەستیانە لە بەختەوەری بە دەستی بهێنن و، پێی گوتن: {إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ} [الأعراف: 158] واتە: من پێغەمبەری خودام بۆ ئێوە. بەو واتایەی کە من خودا و توانای ڕەهایی و سوننەتی جێگیرتان پێ دەناسێنم و ملکەچتان دەکەم بە دەسەڵاتەکەی و، واتان لێدەکەم بەهرەمەندیە تەواوەکانی لەم ژیانەدا وەربگرن. وەک ئەوەی چۆن توانای خودا ئەم بەهرەمەندیەی بە من بەخشیوە و کردومی بە پێغەمبەر، بۆ ئەوە داواتان لێدەکەم خودا بناسن و ملکەچی دەسەڵاتەکەی بن. لەمەدا هیچ واتایەک ناگەیەنێت کە لەگەڵ سوننەتی خودا جیاواز بێت و لەگەڵ مەعقوولدا ناکۆک بێت. محەمەد بەم شوێنە باڵا و شەریفەی لە قسەکانیدا ڕاستگۆ بوە کە گوتوویەتی من پەیامهێنەری خودام.

هەروەها لە سەرەتای کتێبەکەماندا ئاماژەمان بەمەدا لە قسەکردن لە سەر "هیچ بوونێک نییە جگە لە خودا" بەوەی کە گەییشتن بە پلەی خودنەمان و فەنابوون لە حەقیقەتی بوونی گشتگیری ڕەهای ناکۆتاییدایە، کە کەمترین دەرپرینە دەربارەی ناسینی خودی خودایی لە میشکماندا خولبخواتەوە، ئەی خوێنەری بەڕێز پێمان گوتی ئەگەر تۆ وێنای فەزا و ئاسمان بە هێمابوون و ناکۆتایی و درێژبوونەوەی زەمەنی و بەوەی تێدایە لە بوونەوەری ئاشکرا و شارراوە، وێنایەکی هەمەگیری بۆ بکەیت، کە پەیوەست نەبێت بە وێنەی بەشێک، لەوێدا تۆ وینەی ڕاستەقینەی گشتگیری ڕەهای ناکۆتایی دەکەیت، کە بەوە دەزانیت جگە لە خودی خودا هیچ بوونێکی تر نییە.

کەی بیرکردنەوەت وەستا لە بەشە وێناکردنێک لە وێنەی بوونەوەران، لەوێدا لە بوونی گشتگیر دەردەچیت، لەو کاتەدا بێباوەڕی بە خودی خودا دەکەیت. کەی توانیت لە پێستی خۆت دەربچیت، واتە لە بەشە بوونی خۆت و لەگەڵ بوونی گشتگیر یەکانگیر بیت و تێیدا بتوێیتەوە و فەنا بیت لە بەشە بوون، واتە وەک خۆت نەمێنیت و وێنە دیاریکراوەکەی خۆتت لە بیر نەمێنێت، لەوێدا بۆت هەیە بە شێوەی بوونی گشتگیر دەرکەویت و وەک خودی خودا قسە و کار بکەیت، لەبەر ئەوەی تۆ وەک بەشە بوونی خۆت نەمایت، جگە لەوەی وەک بوونێکی ڕووکەشی لاوەکی فەوتاو مابیتەوە، ئەوەی هەیە بوونی گشتگیری ڕەهای ناکۆتاییە.

هەروەها گوتمان ناونیشانی ئەم پلەیە لە پلەکانی زانین و مەعریفە "هیچ بوونێک نییە جگە لە

خودا"یە، ئەمەیە دەربڕینی لای فەیلەسووفە موسوڵمانەکان دەربارەی یەکێتی بوون، محەمەد لەو بارەیەوە واتە لە سەر یەکێتی بوون لە قورئاندا قسەی کردوە: {هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ} [الحديد: 3] واتە: پێشو و کۆتاییە و لەبەرچاوە و نادیارە و لە هەموو شت ئاگادارە. گەیشتنی محەمەد بە توانا و قودرەتی لە ڕادەبەدەری خۆی بەم پلە باڵایەی لە درک کردنی بەوەی هیچ بوونێک نییە جگە لە خودا، توانای (وەک لە قسە و کردەوەکانییەوە دەردەکەون)هەیە کە لەگەڵ بوونی حەقی گشتگیری ڕەهای ناکۆتایی بتوێتەوە و تێیدا فەنا بێت. واتە پەرشوبڵاو ببێتەوە تێیدا. لە بەشی بوونی خۆی وەک نەفسی خۆی نەمێنێت. بۆیە بۆی هەیە لە سەر خودی خودا ئەوە بڵێت کە گوتی و ئەو کارانە بکات لە جیاتی ئەو کە کردی. نابینیت ئەوەی نیشانەی گرت و خستی وای دانا کە خودا ئەوەی کردوە، دەڵێت: {وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى} [الانفال: 17]، واتە: ئێوە نەتانکوشتن هەرچەند ویستتان بەڵام خودا کوشتنی. هەروەها دەستی خۆی کردە دەستی خوداوە، کاتێک لە ژێر دارەکەدا هاوەڵانی بەیعەتیان پێدا: {إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ} [الفتح: 10]، واتە: ئەو کەسانەی گفتت پێ دەدەن وەکو ئەوەیە گفت بەخودا بدەن و دەستی خودا لەسەر دەستی هەمووانە. بەم دەربڕینە فەلسەفیەی لەو قسە و هەواڵەی دەربارەی خودا کردویەتی ڕاستگۆیە کە دەڵێت: من پێغەمبەری خودام.

98)
خودا و شوێن
پێشتر زانیمان کە خودی خودا مانەوەی هەتاهەتاییە، واتە نە سەرەتای هەیە و نەکۆتایی. بە دەربڕینێکی تر گشتگیری ناکۆتاییە، ئەگەر وا بێت ئەگەر بڵێین خودا لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە ڕاست دەردەچێت، وەک چۆن ڕاستە بگوترێت خودا لەوە باڵا و بێگەردترە کە بڵێیت لە شوێنێکدایە. ئەمەیش دووفاقی تێدا نییە. ئەمەشت بۆ ڕوون دەکەینەوە. زۆر ئاساییە کە گشتگیری خودیی ناکۆتایی وا فەرز دەکات لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێکدا هەبێت، ئەگەر نا گشتگیری نەمێنیت، بێگومان ئەگەر هەندێک شوێن خاڵی بێت لە ئەو وای لێ دەکات بەشێک بێت و تەواو بێت. گوتمان لە سیفەتدا گشتگیری ناکۆتاییە، ئەمەیش وا فەرز دەکات لە هەموو کاتێکدا لە هەموو شوێنێک بێت. ئەمەیش وا فەرز ناکات کە لە هەموو شوێنێکدا بێت لانەگیری بکات یان لەو شوێنەدا بێت، وەک شتێکی ئەو شوێنە کە بەشە، واتە دیاریکراوی ناگشتگیرە و ئەمەیش لەگەڵ گشتگیری ناکۆتاییدا مەحاڵە.
ئەمە بە تەماشاکردنی گشتگیری خودیی خودا، بەڵام بە تەماشاکردنی سیفەتی ناکۆتایی وا ڕاستە بڵێین لە شوێندا نییە بەو واتایەی کە ئەو بێگەردتر و باڵاترە لەوەی لە شوێنێکدا بێت و لەوی تر نەبێت. بەم واتایە پاڵ بە دووفاقیەتی ئەوەوە دەنرێت کە بگوترێت لە هەموو شوێنێکدا هەیە و لە شوێنێکدا نییە. ئەگەر بڵێیت بۆچی ڕاستە بڵێیت خودا لە شوێنێکدا نییە کە خودیی خۆی سیفەتی ناکۆتایی هەیە؟ دەڵێم: ناکۆتایی بە هەموو شتێک دەورە دراوە، ئەوەی لە شوێندا بێت نابێت جگە لەوەی کە کۆتایی بێت و دەورە درابێت، مەحاڵە وێنای ناکۆتایی لە شوێنێکدا بکەیت، واتە لە شوێنێکدا بێت و لەوی تر نەبێت.
کورتەی قسەکە، گشتگیری خودیی خودا وای لێدەکات لە هەموو شوێنێکدا ئامادە بێت و ناکۆتاییەکەی وای لێدەکات لە هیچ شوێنێکدا نەبێت، واتە لە شوێنێک بە دەر لە شوێنێکی تر، قورئان ئاماژەی بە گشتگیری خودی خودا و نەمری کردوە، کە دەڵێت: {وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ} [الحديد: 4] واتە: ئەو لەگەڵتاندایە لە هەر کوێیەك بن. و دەڵێت: {فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ} [البقرە: 115]. واتە: روو لە هەر لایەك بکەن خوا لەوێیە و ئاگادارە( ڕووی خودای لێیە). قورئان ئاماژەی بە ناکۆتایی هاتنی خودیی خودا داوە، لە: {وَاللَّهُ مِنْ وَرَائِهِمْ مُحِيطٌ} [البروج: 20]. واتە: خوداش لەلای پشتەوەیان دەوری داون.

بینینی خودا
لەو مەسەلانەی کە زانایانی ئیسلام لە سەری جیاواز بوون، کە هەندێکیان گوتیان دەبێت و

هەندێکیان ڕەتیان کردەوە، ئەویش بینینی خودایە، ئێمە دەڵێین: ئەوەی لە سەر گشتگیری خودای ناکۆتایی دەبێت مەحاڵە ببینرێت، لەبەر ئەوەی دەورەدانی بەشێکی دیاری کراو بە گشتگیری نا کۆتایی مەحاڵە، ئەوەی بینراو بێت چەند گەورە و مەزن بێت، جگە لەوەی دیاری کراوی کۆتایهاتوو بێت هیچی تر نییە، مەودای بینین چەند فراوان بێت بەشە و دیاری کراوە، مەحاڵە عەقڵێک بەشێکی دیاری کراو بە گشتگیری ناکۆتایی دەورە بدات. بینراو جگە لەوەی کۆتایی پێهاتوو بێت هیچی تر نییە. قورئان ئاماژەی بە مەحالبوونی بینینی خودا داوە، کە دەڵێت: {لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ} [الأنعام: 103] واتە: بەچاو نابینرێت. هەروەها دەڵێت: {لَنْ تَرَانِی} [الأعراف: 143]، واتە: نامبینیت. بەڵام ئەوەی لە هەندێک فەرموودەی پێغەمبەردا هاتوە کە بینینی خودا دەسەلمێنێت، دەبێت بە هیچ شێوەیەك بە ڕاست دانەنرێت، لەبەر ئەوەی ناکۆکە لەگەڵ قورئان و مەعقوڵدا. ئەگەر وا دانێین ڕاستە کە ئەوەی مەبەستە بینینی ڕاستەقینە نەبێت، بەڵکوو ئەوەی تێیدا دروست دەبێت لە خۆشحاڵی و گەشانەوە بە شتێکی مەجازی دەبێت، یان بڵێین محەمەد بە قەد عەقڵی خەڵک خۆیان قسەی لەگەڵ کردوون.

عەرشی خودا و کورسیەکەی

لەم توێژینەوەیەماندا دەربارەی بوونی گشتگیری ڕەهای ناکۆتایی ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە گشتگیری عەرشی خودایە وا لە قورئاندا باسی دەکات و دەڵێت: {الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْش اسْتَوَى} [طه: 5]، واتە خودای دلۆڤان لەسەر تەختی خۆی دانیشت. هیچ شتێک جگە لە گشتگیری ناکۆتایی لە خۆ ناگرێت، بەڵام ناکۆتایی بە واتای کورسیەکەی دێت کە دەڵێت: {وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ} [البقرە: 255]. واتە: ئاسمانەکان و زەمینی داگرتووە.

شتێک ماوە باسی بکەین ئەویش: لەوانەیە بڵێن گەڕانە بە دوای نازناوی خودیی خودادا، بێباوەڕی بێت، دەڵێین: ئەم توێژینەوەیەمان لە باری نازناوی خودیی خوداوەیە، بەڵام عەقڵ و بیر لەوە کەمتر و نابووت ترە کە درک بە گیانی خودیی نەمری بکات، بەڵام لەم قسەیەماندا دەمانەوێت لە دەوری ناسینی خوداوە خولبخۆینەوە، بە پێی دووراییەکانی ناکۆتایی، جگە لەوەی وەک ڕووناکییەکی نەمری درەوشاوە لە لایەکی نادیار بە تەواوی نادیارەوە تێبینی دەکەین، بەڵام ئەو درەوشانەوەیە وا ئەکات کە هەموو دەربڕینێک لە دەرخستنی ئەو مەبەستە کەموکورت بێت و دەڵێم:

وما قَصرَ عن تبيانه النَّظمُ والنَّثرُ وفى النفس ما أعيا العبارە كشـــفُه

اليه من الالفاظ أعينها الخـــــزر ويا رب معنى دق حتى تخاوصت

هیچ هۆنینەوە و پەخشانێك لە نیشانیدا قسوری نەکردوە، لەکاتێکدا هیچ دەربرینێك نەیتوانیوە بیدۆزێتەوە. ئەو دربرین و لەفزانەی کەدانیشتوانێك چاوی بن و نەیگەنێ، کە تەنانەت لەوانەیە ئەوەندە بکوترێت تا ئەو کاتەی ناسك بێتەوە و نەشزانرێت چیە.

گەڕانەوە بۆ سەرەتای توێژینەوەکە

لە سەرەتای توێژینەوەکەدا لە ژێر ناونیشانی "ئایا محەمەد موعجیزەی هەیە؟" قورئان ڕاشکاوانە باس لەوە دەکات کە محەمەد هیچ موعجیزەیەکی نییە جگە لە قورئان نەبێت، بەڵام کتێبەکانی قەومەکە موعجیزەی زۆری بۆ ڕیز کردوون، کامیان ڕاستە و، کامیان بەرین و پشت بە کامیان ببەستین وەک عەقیدە.

وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان و ساکارە و هیچ پێویستی بە دید و بیرکردنەوە نییە، قورئان کۆڵەکەی گەورەو سەرچاوەی باڵای ئێمەیە کە بۆی بگەڕێینەوە لە عەقیدە و سەرجەم کاروباری ئایینیماندا. پشت بە هیچ شتێک بە دەر لەو نابەستین و پەنامان بەو نەبێت بە هیچ شتێکەوە نابەین و، ئەوەی حیکایەتخوانان باسی دەکەن لەوانەی کە ناکۆک بن لەگەڵیدا بە لاوەی دەنێین و وەک ناوک فڕێی دەدەین.

ئەوەی قورئان بە پێی گێڕانەوە لە دەمەوە بۆ دەم بۆمان هاتوە، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەری خودا بە پارچە پارچەیی جێگیر کراوە و لە سینگدا لە بەر دەکرا و لە نوێژدا دەخوێنرایەوە، بە دەر لەوە لە سینگدا لە بەر دەکرا و لە نوێژدا دەخوێنرایەوە و بە دەر لە نوێژیش دەگوترایەوە. خەلیفەی یەکەم لە پەرەدا کۆی کردەوە لە پاش مردنی پێغەمبەری خودا، خەلیفەی سێیەم خستییە مەسحەفەوە بە ئامادەیی هاوەڵانی پێغەمبەری خودا. ئەو مەسحەفانەیش کە بە بێ هیچ ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوەیەک تیایدا گەییشتە دەستی ئێمە.

قورئان بەم پێیە بە پراوەیی گەییشتوە، ئەگەر بە پێی ئەو نیشانانە بێت هەر چەند ڕای

جیاوازیشی لە سەر بێت، چۆن واز لەوە بهێنین و ئەوەی گێرەرەوان باسی دەکەن وەری بگرین، لەو فەرموودانەی کە پشتبیان پێ ببەستی جیاوازن، گێرانەوەی گوماناوییەو هەمووی هەواڵی تاکە، لە پاش زیاتر لە سەدەیەک و چارەکە سەدەیەک تۆمار کراون، لە پاش مردنی پێغەمبەری خودا، لەم ماوە درێژەدا زمان باسی کردوە و دەم جوویتیەوە و لە دەمێکەوە بۆ دەمێکی تر گواستراوەتەوە، لە دەمی گێلێک بۆ دەمی زمان پتێک بۆ دەمی گیرخواردوویەک و بۆ دەمی قرتێنەرێک و بۆ دەمی درۆزنێک و بۆ دەمی دزەکەرێک و فێڵبازێک، ئینجا دوایی پاش وەرگرتن و باسکردنی لە لایەن ئەم دەمانەوە لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا لە کتێبەکاندا دانراون و خەڵکە ئاڵۆزەکە ڕازیبوون وەریان گرتوون و لە کتێبدا ڕیزی کردوون، بێ گوێدانە هیچ شتێکی پروپوچ کە لەگەڵ عەقڵی بە تواناوا بەریەک دەکەوێت و ناکۆکە لەگەڵ کتێبی ڕووندا، تا بەم قسانە .کردیانین بە گاڵتەجاری جیهان

ئێمە ئەوە ڕەت ناکەینەوە کە قورئان شتی لێ کەوتوە، لە کاتی جێگیرکردنی لە مەسحەفدا لە زەمانی خەلیفەی سێیەم، بەڵام ئەوە شتێکی زۆر کەم بوە. ئەوەی گەییشتوە بە ئێمە تێیدا هەیە ڕاستە و هیچ گومانێکی تێدا نییە، فەرموودەکان کە گواسترانەوە بۆمان وا نین، ئەوانەی لە لایەن گێرەوانەوە وەرگیراون، ئەوان لە سەر ئارەزووی خۆیان کاریان تێکردوە و، سیاسەتیش یاری پێ کردوە. زۆرینەی ئەو حیکایەتخوانانە لەو میللەتانەن کە دۆڕاون و بە ناچاری بوون بە موسوڵمان، یان لەوانەی کە عەرەب بە کۆیلەکران لە لایەن غەزاکارانەوە و بە دیلی گیران، ئەوان و ئەوانەی لەگەڵیاندا تێکەڵاو بوون و بوون بە دواکەوتە، لە پاشکۆیی عەرەبدا هەستی تۆڵە لە گیانیاندا پەنگی خواردوەتەوە و ڕق و قینە کوڵاوە، وەک حەسین کوری سەلامی یەهوودی کە بە عەبدوڵلای کوری سەلام ناو دەبرێت و کەعبی ئەحبار و ئیبن سەبای یەهوودی و محەمەدی کوری ئیسحاق و ئیبن سیرین و، لەوانەی پاشکەوتە بوون کە لە بنەچەدا بۆ فارس دەگەڕانەوە، عەتای خوراسانی و موغلەتای و ئیبن مەندە و جەوزەقانی و .بەیهەقی و خەڵکی تر

ئەوەیشی بخەرە سەر ئەوانەی کە گرینگیان بە لەبەرکردن و کۆکردنەوەی ئەو فەرموودانە داوە و نووسیویانە، لە ڕاستکردنەوە و وردبینیاندا هیچ ڕێگەیەکی زانستییان نەگرتوەتە بەر، بەڵام پشتیان بەوە بەستوە کە حاڵەتی حیکایەتخوانان چۆن بوە و بە ڕووکەش و دەرەوەیاندا سەرسام بوون، بۆیە دەبینیت لە زۆربەیاندا بە شان و باڵیاندا هەڵدەدەن و هەندێک فەرموودە بە ڕاست دادەنێن، تەنها لەبەر ئەوەی حیکایەتخوانەکە یان گێرەوەکە جێگەی متمانەیە، ئەگەر لەگەڵ قورئانیشدا ناکۆک بوویێت و لەگەڵ عەقڵیشدا بەریەک کەوتبێت، هەروەها هەندێکیان ڕەت دەکەنەوە تەنها لەبەر ئەوەی کە گێرەوەکە تانەی لە سەرە، هەر چەندە ئەگەر ئەو .فەرموودەیەی کە باسیشی کردبێت لەگەڵ قورئاندا یەک بگرێتەوە و عەقڵیش پاڵپشتی بکات

کورتەی باسەکە: هەڵگران و لەبەرکەرانی فەرموودەکان لە ڕێگەی کۆکردنەوە و نووسینەوەی .تەماشای ئەوە دەکەن کە کێ گوتوویەتی نەک چی گوتوە

قسەمان لە سەر گێرانەوە و حیکایەتخوانان لە بەشێکی پێشودا لە ژێر ناونیشانی (گێرانەوە لای عەرەب) کرد، لێرەدا پێویست بە درێژدادڕی ناکات، بەڵام دەمانەوێت قسە لە سەر هەندێک .کەسایەتی گوماناوی لە ئیسلامدا بکەین کە پێوەندی بە بابەتەکەمانەوە هەیە

(99)

کەسایەتییە گوماناوییەکان

لە مێژووی ئیسلامیدا کۆمەڵە پیاوێک هەن سەرم سوردەمێنێت لە ناسینیان و گومانم لە درەوەشاوەییان هەیە، حاڵیان بە ترسناک دەبینم و قسەکانیان مایەی سەرسورهێنان و گوماناوین، تێیاندا هەن لە لای موسوڵمانان جێگە و پێگە و ڕێزی باڵایان هەیە لە زانست و ئەدەب و خوداپەرستن و زاهدیدا و، موسوڵمانان بە ڕووکەشیان سەرسام بوون و بە قسە و ڕایان کردوون و بە قسەکانی ئەوان پاساویان هێنایەوەتەوە و شوێن پێی ئەوان کەوتون و هیچ ئاوڕێکیان لە ڕابردووی دوژمنایەتی و گەورەبوونی نائازاد و ژیانێکی دیلیی و ڕقوقینەی پەنگخواردووی ناخیان نەداوەتەوە، ئەمانە بەڵایەکی گەورە بوون بە سەر ئیسلامەوە و موسیبەتێکی مەزن و کارەساتێک بوون بە سەر خەڵکەوە، بەوەی لە فریودان و تەڵەکەیان

خزاندوەتە کاروباری ئایینەکەیانەوە و تەڵەکەیان بۆ ناوەتەوە، سەرەتای ئیسلام تەواو نەبوو تا ناکۆکی کەوتە نێوان موسوڵمانانەوە و ڕەتکردنەوەی یەکتر لە نێوانیاندا دەرکەوت و فیتنە لە نێوانیاندا ڕووی دا، بوون بە کۆیلەی دوور لە یەک. هیچ شتێک کۆی نەکردنەوە و بۆند و پەیوەستبوونێک لە برایەتی ئایینی پێکەوە نەیبەستنەوە.

لێرەدا نامەوێت لە سەر کەعبی ئەحبار قسە بکەم و هەروەها لە سەر عەبدوڵڵای کوری سەلامە و عەبدوڵڵای کوری سەبە کە نازناوی کوری ڕەشەکە بوو لە یەهوودییەکان بوو بە ناچاری بوو بە موسوڵمان، ئیسلام بوونەکەیان جگە لە فرتوفێڵ و فریودانی ئیسلام و تەڵەکەنانەوە بۆ خەڵکەکەی هیچی تر نەبوو، حاڵەتی ئەمانە لە لای ئەهلی زانست لەم سەردەمەدا زانراوە، ئەگەر لە سەرەتای ئیسلامدا نەزانرابوو، بەڵام دەمەوێت قسە لە سەر کەسایەتی تر بکەم، کە دەستی توێژەرەوان نەگەییشتوەتە شوێنی دەرخستنی حەقیقەتیان و جارێک موسوڵمانان پابەندن بە قسەکانیانەوە و لە شیکردنەوەی قورئان و بنەما ڕەسەنەکانی ئایینەکەیان پشتیان پێدەبەستن، ئیسحاق کە شێخی حیکایەتخوانان و ئیمامیان بوو، ئەم بوو جگە لە زوهری یەکەم کەس بوو بەسەرهاتی پێغەمبەری بە فەرمانی خەلیفەی عەباسی ئەبووجەعفەری مەنسوور نووسییەوە، دوای ئەم سەرجەم گێرەرەوان پەنایان بۆ ئەم بردوە و پشتیان پێ بەستوە لە گێڕانەوەکانیاندا.

ئەم ئیبن ئیسحاقە وەک ئیبن سیرین بوە، باوکی لە سەبیکراوەکانی عەین تەمرە لەو دواکەوتانەیە و لە بنەچەدا فارس بوە.ب ەقەد ئەوەی پەردە لە سەر کەسایەتیە گوماناویەکەی هەڵمارێت، پێشینان قسەیان لە سەر کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش لە وەرگرتنی قسەکانی و پشتبەستن بە گێرانەوەکانی بەردەوام بوون.

ئیبن دەحیە دەڵێت: ئەگەر ئیبن ئیسحاق باسی فەرموودەیەکی کردبێت وەک پەناگەیەك لێی قبووڵ نەکراوە، ئەی چۆن دەکرێت بە دابراوی باسی کردبێت، لەبەر ئەوەی ئەهلی زانست متمانەیان پێ نەکردوە، هەر یەک لە ئیبن ئەلمەدینی و ئیبن موعین دەڵێن: ئیبن ئیسحاق هیچ پاساوێکی پێ نییە، یان حوجەتی نییە، گوتیان: مالک بە درۆزن وەسفی کردوە، هەندێکیان دەڵێن: مالیک بۆیە ئەم قسەیەی کردوە و ستەمی لێ کردوە، چونکە پێی ڕاگەییشتوە کە گوتوویەتی: فەرموودەکەی مالیک بهێنن من پزیشکی نەخۆشییەکانم، لەوێدا مالک گوتوویەتی: ئیبن ئیسحاق چییە جگە لەوەی پیاوێکی کەرەجاڵ بوە و لە مەدینە دەرمان کردوە، هەندێکیان دەڵێن ئیبن ئیسحاق فەقێی باوەڕپێکراو بوە، بەڵام فێڵباز و گزیکەر وفریودەر و هەڵخەڵەتێنەر بوە. ئەم قسانەمان لە قسەی حەلەبییەوە گواستوەتەوە، لەوەوە تێدەگەیت کە ئیبن ئیسحاق درۆزنەو لە کەرەجاڵەکانە و لەبەر درۆزنی لە مەدینە دەرکراوە. جێگەی سەرسورهێنانە کە یەحیای کوری سەعید شێخی ئیمام مالک لەو کەسانە بوە کە لە ئیبن ئیسحاقەوە شتیان وەرگرتوە، وەک دیسان لە سیرەی حەلەبی باسی دەکات. وا فەرز دەکات گێڕانەوەی مالکیش دیسان بە درۆکانی ئیبن ئیسحاق پیس بوویێت، کە شێخی شێخەکەی بوویێت، لەم قسەیە نامۆتر دەڵێت: ئەو فەقیهێکی باوەڕپێکراو بوە بەڵام گزیکەر بوە، نازانم چۆن گزیکەر باوەڕپێکراوە، واتە تەڵەکەباز و هەڵخەڵەتێن، بۆ نموونە فرۆشیارێک عەیبەی کاڵاکەی لە کریارەکەی بشارێتەوە، واتە (تدلیس) بێدەنگی لە قسەکردن لە سەر نێوەرۆکی قسەکە، وەک ئەوەی لاواز بە ڕاست دانێین و درۆ بە ڕاست و لەم شێوەیە. چ متمانەیەک بە ئیبن ئیسحاق بمێنێت کە فێڵباز بێت و لەم کوڵەپشتانەدا چی بەهایەک بمێنێتەوە و ئەوان پشتی پێ ببەستن بۆ ڕاست دانانی فەرموودەکان.

لەمەدا ڕاستی ئەو قسانەمان لە سەر گێڕانەوە لای عەرەب دەزانین، کە پێشتر باسمان کرد، وا پێویستە لە سەر موسوڵمانان ئەم فەرموودانە هەمووی بە بێژنێکی لە قورئان و لە مەعقوول چنراو بپالێون و لە بێژنگی بدەن، ئەوەی مایەوە وەری گرن و ئەوەیش کەوت وازی لێ بهێنن.

ئەلحەسەن ئەلبەسری

لەو کەسایەتیانەی کە وای دەبینم گوماناوی بێت کەسایەتی ئەلحەسەن ئەلبەسرییە کە بە زانستخوازی و خواپەرستی پێکەوە ناسراوە، پێشینان ئەوەندەی قسەیان لە سەر ئیبن ئیسحاق کردوە و، ئەوەندە زۆر بە فراوانی سپاس و سەنایان کردوە و خۆیان پڕ کردوە لە ڕێز و پێزانین بۆی، ئەوەندە قسەیان لە سەر ئەم نەکردوە، بەڵام من بەو شێوەیە وێنای ئەم کەسایەتییەت بۆ دەکەم کە چۆن قەومەکە لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوە، ئینجا تێبینییەکانی خۆمت بۆ دەڵێم و حکوم کردن لەمەدا بۆ تۆ بە جێ دەهێڵم ئەی خوێنەری بەڕێز.

دەڵێن: حەسەنی بەسری لە دوو ساڵی کۆتایی سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا لە دایک بوە، لە دایک و باوکێکی غەیرە عەرەب و لە دواکەوتوانی ئیسلام بوون. دواکەوتوو لە عورفی ئەواندا بە کۆیلە دادەنرا کە عەرەب یان دەستی بە سەردا دەگرتن و تاڵانی دەکردن یان لەوانەی دەستیان بە سەردا دەگرت و دەیانکڕی، بەلام باوکی پیاوێک بوو ناوی یەسار بوو، لە کۆی ئەو خەڵکە سەبیکراوانە بوو کە خالیدی کوڕی وەلید لە زەمانی خیلافەتی ئەبووبەکری سدیق سەبی کردبوون، لە فارسەکان و خەڵکی میسان کە شوێنێکە لە نێوان واست و بەسرەدا و، لەوێدا گوندێک هەیە کە گۆڕی عەزیزی یەهوودی تێدایە، ئەم یەسارە دواکەوتەی زەیدی کوڕی سابتی ئەنساری بوە، دەبێت ناوی لە پێش سەبی کردنی یەسار نەبووبێت، لەبەر ئەوەی فارس بەم ناوە منداڵیان ناو نانێن، عەرەبیش وا ڕاهاتبوون کە ناوی دواکەوتەکانیان بگۆڕن و ناوی چاکیان لێ بنێن، وەک یەسار و ڕەباح و سرور و لەم شێوە ناوانە کە ئاماژە بێت بۆ خۆشحاڵی (ئەی ناوی منداڵەکانی خۆیان بۆ وەك گۆڕینی ناوی ئەوان ناو نەناون، کەچی بە ناوی سەگ و مار و پیسایی و شتی قێزەون ناویان ناون _ و _) بەڵام دایکی ناوی خیرە بوە، بەخێوکراوی ئوم سەلمە هاوسەری پێغەمبەر بوە، دیارە لە کاتی شووی یەکەمی ئوم سەلمەدا هاتوە بۆ لای ئوم سەلمە. حەسەن بەم شێوەیە بەخێوکراوی ئوم سەلمە بوە، وا باس دەکەن کە ئوم سەلمە بۆ لای هاوەڵانی دەری دەکرد بۆ ئەوەی پیرۆزی بکەن، گوتیان جارێکیان دەری کردوە بۆ لای عومەر، دوعای بۆ کردوە و گوتوویەتی: خودایە بیکە بە فەقیە لە ئاییندا و لای خەڵک خۆشەویستی بکە، باسیشیان کردوە لە کاتێکدا دایکی لای نەبوە گریاوە، ئوم سەلمە مەمکی پێداوە و ژیری کردوەتەوە، تا دایکی هاتوەتەوە.
دەڵێن: کاتێک عەلی لە مەدینە دەرچوە بەرەو کوفە، لە پاش کوشتنی عوسمان، تەمەنی حەسەن بەسری چوار ساڵان بوە، ئینجا حەسەن بۆ (وادی القری) شوێنێکە لە نێوان شام و مەدینە گواستویەتەوە، دەڵێن لەوێوە هاتوە بۆ بەسرە و کردویەتی بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی و نازناوی ئەوێی پێوە نرا و پێیان گوتوە حەسەنی بەسری، خاوەنی سیرەی حەلەبی دەڵێت: حەسەنی بەسری لە کورە قۆزەکانی خەڵکی بەسرە بوە، دەڵێت بە پێی قسەی ئیبن کەپیر بێت حەسەنی بەسری پیاوێکی زلی بالابەرز بوە.
بە ڕەوانبێژ و زانستزان و زمانی پاراو و خوداپەرست وەسفیان کردوە، ئەم قسانە لە پەراوەکەی ئەبی عەمرو کوڕی عەلاوە وەرگیراوە، گوتوویەتی: لە حەسەن بەسری زمان پاراوتر و خاراوترم نەبینیوە، پێیان گوتوە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ حەجاجی کوڕی یووسفی سەقەفیدا، کێ پاراوترە؟ گوتوویەتی حەسەن. باس لەوە دەکەن کە حەلقەی لە مزگەوتی بەسرە هەبوە، کە خەڵکی زانستخواز لەو کاتەدا تێیدا بوون و واسیل کوڕی عەتا یەکێک بوە لەوانەی کە ئامادەی دانیشتنەکانی بوە و لە زانستی باغ و باخچەکانی ئایین و لقوپۆپەکانیان خوێندوەتەوە، واسیل لەوانە بوە کە قازانجی لە حەسەنی بەسری بینیوە و دەڵێت: کاتێک بن عەتا یەکێک لەو جێگانەی بۆ خۆی دابین کرد، حەسەن فرمانی پێ کرد کە دانیشتنەکانی جیا بکاتەوە، واتە لاتەریک بێت لەو، ئەو و هەندێک لە هاوەڵان لە دانیشتنەکانی حەسەنی بەسری جیابوونەوە و لاتەریک بوون، واتە عەزل بوون و ئەڵقەیەکیان واتە شانەیەکیان لە لایەک لە لاکانی مزگەوت دروست کرد و لەوێ دانیشتن بە لاتەریکی واتە بە ئیعتیزالی، بۆیە خەڵک پێی دەگوتن موعتەزیلە و وەک ئەوە دەردەکەوتن کە لە جەماعەت واتە ئەڵقەکەی حەسەن بەسری جیا بووبێتنەوە، ئەوەی لە سەر ئەو باسی دەکەن: سەت و ئەوەنە هاوەڵی لا بوە، جگە لە چواردەیان قسە لە سەر هیچیان نەکردوە.
ئەوەی سەرسورهێنەر بوو کە خوێندمەوە، لەوەی وەسفی خوداپەرستی کراوە، لەوەی کاتێک کە ئامادە بوە وەک ئەوە بوە کە خەفتبارییەکەی وا بوە کە ئازیزێکی لە گۆڕ نابێت و لە کاتی دانیشتنیدا وا خۆی دەرخستوە کە دیلێکە و خەریکە لە ملی دەدەن و، ئەگەر باسی ئاگرت بکردایە واتە دۆزەخ وەک ئەوە بوە بۆ ئەو دروست کرابێت، ئەمەیش بەو خودایە گەورەترین شتە کە گومان لە حاڵ و ناخی بکەین، ئەمەیە کە بە تەواوی توانیمان لە سەر قسەی ئەوانەی باسیان کردوە وێنای کەسایەتییەکەیت بۆ بکەین کە ناوی حەسەنی بەسرییە، لەمەشدا قسەگەلێکمان هەیە لەگەڵ کۆمەڵێک تێبینی لە سەر ئەم کەسایەتییە لە بارەیەوە ڕوونی بکەینەوە و ئەو ئاڵۆزییە لە بەر چاوەی لە سەر لا بدەین. دەڵێین: لەو قسانەیان زانیمان کە حەسەن سێ جێی نیشتەجێبوونی هەبوە، یەکەمیان مەدینە کە شوێنی لەدایکبوون و پێگەیاندنی یەکەمی بوە، دوەم وادی قورا، پاش پێگەییشتنی گواستیویەتیەوە بۆ ئەوێ و،

سێیەم بەسرە بوە کە پاش وادی قورا هاتوە بۆ ئەوێ و تاوەکو کۆتایی ژیانی و کۆچی دوایی لەوێ نیشتەجێ بوە، بەڵام ئێمە نازانین کەی گواستویەتیەوە بۆ وادی قورا و چەند لەوێ ماوەتە و کەی گواستویەتیەوە بۆ بەسرە، هەروەها ئێمە نازانین هۆکاری چی بوە کە وازی لە مەدینە هێناوە و چوە بۆ شوێنێکی وەک وادی قورا کە کەسوکاری لەوێ نەبوە. باس لەوە دەکەن کە عەلی پاش کوشتنی عوسمان دەرچوە بۆ کوفە، لەو کاتەدا حەسەنی بەسری تەمەنی چواردە ساڵ بوە. زۆر دوورە لەوەی بڵێین بە هۆی ئەو فیتنەیەوە بوە واتە کوشتنی عوسمان هۆکاری ئەوە بێت و پاڵی پێوە نابێت لە مەدینە دەربچێت و بڕوات بۆ وادی قورا، لەبەر ئەوەی مێردمنداڵێکی ئاوا لە دوور و نزیکەوە هیچ پێوەندییەکی بەوەوە نەبوە، هەروەها زۆر دوورە هەرزەکارێکی ئاوا شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونی جێبهێڵێت و بچێت بۆ شوێنێکی تری وەك وادی قورا کە دانیشتوانی یەهودی بوون، نە کەسوکاری و نە کەسێکی نزیکی لەوێ هەبێت، بەو پێیەی عومەر یەهوودییەکانی لێ دەر نەکرد لەبەر ئەوەی لە حیجاز نەبوو. جا ئەگەر یەهوودی تێدا بێت یان موسوڵمان نەشیاوە بۆ منداڵێکی کرتوکاڵی جوانکیلە لە خێزان داببرێت.
ئەوەی بۆ ئێمە دەردەکەوێت، دەرچوونی بۆ وادی قورا پاش کوشتنی عەلی بوە لە کوفە و، لەو کاتەدا بوە کە کاروباری دەسەڵات گواستراوەیەوە بۆ بەنی ئومەیە لە شام، یان لە کاتی ڕوودانی فیتنییەی (الحرە) بوە لە مەدینە لە سەردەمی یەزید کوڕی مەعاویە، ئەم فیتنە خوێناویە داڕمێنە وای فەرز کردوە لە مەدینە دەربچێت و خۆی قوتار بکات لە ناخۆشی و ئاگر و لێکەوتەکانی، بە تایبەتی بۆ کەسێکی وەک حەسەنی بەسری کە دواکەوتەی عەلی کوڕی ئەبووتالیب بوە، بەڵگەی ئەوەیش دەستنیشانکردنی وادی قورا بوە بە دەر لە شوێنی تر لە شام و ولاتی عێراق، وادی قورا لەو نێوەندەدایە، بۆیە بە دوور بوە لە یەکتر قڕکردنی حزبە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە. ئەو شوێنەی هەڵبژاردوە وەک شوێنی لاتەریک بوون و نیشتەجێبوون، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە زۆر خودپارێز بوە لە ژیانی و توندوتۆڵ و ئاگادار بوە لە پێشبینی کردنی پاشەڕۆژی ڕووداوەکان و خۆپاراستن لە دەرئەنجامەکانی، ئەگەر نا، هیچ عەقڵی تێ ناچێت و باویش نییە بێ ناچاربوونی کوشندە شوێنی پێگەیاندنی بە جێ بهێڵێت، کە پایتەختی ئیسلام و موسوڵمانان بوە و بڕوات بۆ وادی قورا کە نە ماڵ و نە کەسوکاری ئەوی لێ بوە.
وا دیارە نیشتەجێبوونی لە وادی قورا درێژەی نەکێشاوە و تا فیتنەکان نیشتوەتەوە و هێمن بوەتەوە و ئەمەوییەکان باڵیان بە سەر سەرجەم وڵاتانی ئیسلامی ئەو کاتەدا کێشاوە، لەوێدا ماوەتەوە، نیشتەجێبوونی لەوێ چەند ساڵێکی دیاریکراوی خایاندوە، بەڵام لەوانەیە بگوترێت پاش ئەوەی ڕێی تێچوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی بە جێ بهێڵێت نەگەڕاوەتەوە بۆ مەدینە کە شوێنی لەدایکبوونیەتی و یەکەم زەوییە کە پێشی بەر خۆڵەکەی کەوتوە و شوێن کەوتوانی و هاودەمانی و ناسیاوانی لەوێ بوون و هاتوە بۆ عێراق، یان بۆ نەڕۆیشت بۆ شام کە لە ڕێرەوی دەسەڵاتی ئیسلامدا بارەگای خیلافەتی ئیسلامی بوە و، کراوە بە ناوەندی ئایینی و دونیای موسوڵمانان.
ڕۆیشتنی بۆ عێراق کارەکە گوماناوی دەکات، سەرەتای ڕاوبۆچوونەکە ئەوەیە، هەر چەند عێراق هێمن نەبوە بۆ ئەمەوییەکان بە هۆی زیاد و کوڕەکەی و حەجاجیش وەک چۆن پێش ئەوە بوە، ئاوا بەو حاڵەتەوە بەردەوام بوە، بەو شێوەیە مایەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بوو بە سەرچاوەی ڕقوکینە و حیزبایەتی مەزهەبی تێیدا دەکوڵێت، ئەویش فیتنەی کوشتنی عوسمان و فیتنەی ڕۆژی کەربەلای عەلەوییەکان دژ بە ئەمەویەکانە.
کورانی فارس و عێراق لە وڵاتی فارسدا و لەوانەیش عێراق وڵاتی یەساری باوکی بوە، لەبەر ئەوەی باوکی خەڵکی میسان بوە وەک پێشتر باسمان کرد، ئەوەیش پشتگیری ئەوە دەکات کە بۆچی بەسرەی هەڵبژاردوە، لەبەر ئەوەی میسان سەر بە بەسرە بوە و هەر یەک لەم دوو شارە واتە "بەسرە و کوفە" موسوڵمانان وایان داناوە لە زەمانی عومەردا سەربازگەی سوپای ئیسلامی بوون، هەریەک لەوانە ناوەندێک بوە بۆ ئەوەی لەوێوە سوپا بەرەو خۆرهەڵات لەشکرکێشی بکات، ئەگەر بەسرە جێگەی ڕەسەنی باوکی نەبوایە کوفەی هەڵدەبژارد، لەبەر ئەوەی بارەگای خیلافەت لە زەمانی عەلی لەوێ بوە و لە بەسرە گرینگتر بوە و، عەشیرەتە عەرەبەکانی تێدا کۆ دەکردەوە.
لەوێشدا کە ئەو لە دواکەوتەکانی عەلی کوڕی ئەبووتالیب بوە، ئەویش لە مەیلی سیاسیدا عەلەوی بوە، بۆیە عێراقی هەڵبژاردوە دوور لە شام و حیجاز، لەبەر ئەوەی عێراق وەک پێشتر

گوتمان تووشی حیزبایەتی سیاسی عەلەوی بوو، بێگومان ئەوەی پێوەندی ئەوتۆی بە فارسەوە بێت هیچی ناوێت بێجگە لەوەی سەر بە مەیلی عەلەوی بێت لە حیزبایەتی سیاسیدا، لە بەر هۆکارگەلێک لە (نامە عێراقیەکان)مان شیمان کردوەتەوە و شرۆڤەمان کردوە و ڕوونمان کردوەتەوە و، هیچ پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

(100)
مەیلی فارسیانەی
لەو کتێبانەی لەبەر دەستمدان هیچ شتێکم لە سەر ژیانی باوکی و مردنی نەدۆزیەوە، ئایا حەسەن باوکی بینیوە یان لە منداڵییەوە باوکی مردوە و ئەو بچوک بوە و پێی ڕانەگەییشتوە. هەرچۆنێک بێت، دەبێت حەسەن کە پێگەییشتوە و لە کاروبارەکان تێگەییشتوە، خۆی ناسیوە و زانیوە کە لە دواکەوتوانە و ئەو لە دایک و باوکێکی غەیرە عەرەبی و بەخێوکراوە، لەو کاتەدا لە شەرەف و پێگەدا لەگەڵ خەڵکە سادەکە یەکسان نەبوە، سەرەڕای ئەوەی ئیسلام هەموو خەڵکی یەکسان کرد، ئەوە زەیدی کوری حارسە بۆ نموونە عەرەب بوو لە پێشەنگ و سەرەتاکانی موسوڵمانان بوو، پێغەمبەری خودا بەخێوی کرد و تەنانەت بە زەیدی کوری محەمەد بانگکرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش زەینەب کچی جەحش ڕازی نەبوو شووی پێ بکات و ببێت بە مێردی کە داوای کرد، لەبەر ئەوەی لە ئازادەکانی قورەیش بوو و ئەویش دواکەوتە بوو، تا پێغەمبەری خودا بۆی خوازبێنی کرد، لەو بارەوە قورئانی دابەزاند و فەرمانی کرد قبووڵی بکەن و ئەوانیش قبووڵیان کرد.
ئەمە بۆ زەیدی کوری حارسە عەرەبێکی ڕاستورەوان بوە وا بێت، ئەی بۆ یەکێکی غەیرە عەرەبی و دواکەوتە، بەڵکوو فارسێکی دواکەوتەی وەک حەسەنی بەسری حاڵی چۆن دەبێت، واتە یان کۆیلە بوون لە لای عەرەب یان خزمەتی گەورەکەیان دەکرد یان لە سەر پارەیەکی دیاری کراو پەیمان دەنووسێت کە بیدات بە گەورەکەی و واتە ئەو پارەی بۆ پەیدا بکات و بیداتێ تاوەکو ئازادی بکات و، لە پاش ئازادکردنی سەر بە گەورەکەی دەبێت، تەنانەت لە پاش خۆی لە کاتی مردنیدا هەرچییەکی لە دوای جێ بمێنێت بۆ گەورەکەی دەبێت، بێگومان کە حەسەن کاتێک گەییشتە عەقڵی خۆی و لە ژیان تێگەییشت و زانی کە ئەو لە دواکەوتەکانە و لە دایک و باوکێکی غەیرە عەرەبە و هیچ ژیانێکی لای عەرەب نییە جگە لە ژیانی دواکەوتەیی، دوور نییە کە هەستی بەوە کردبێت لە ناخی خۆیدا و شتێک لەو کینەیەی هەڵگرتبێت کە لە دڵی ئەبوو لوئلوئە و دڵی حورمزان و خەڵکی تر لە کورانی فارسی تۆڵەسێن خولی خواردوەتەوە.
بەڵام حەسەنی بەسری وەک لە قسەکردنەکانی دەردەکەون عاقڵ و بەهیمەت و توندوتۆڵ و خوودپارێز بوە، ئاگاداری خۆی بوە، بۆیە لە ژیانی ئایینی خۆیدا ڕێگەیەکی داهێناوە، لەوێدا ئەوەی لە سەر خۆی فەرز کردوە کە هەر ڕقوکینەیەک لە دڵیدا بێت بیشارێتەوە و، ئەو مەیلە نەتەوەییە غەیرە عەرەبییەی تێیدا بوە و داپۆشیوە، تەنانەت خەڵکی بەسرە زۆر بە ڕێز و باڵایی پێگەکەیەوە تەماشایان کردوە، کە هاو وێنەی نەبوە، بە پێشەنگی ئیمامەکانی خۆیانیان داناوە، تا مردوە و، لە حاڵەتێکدا مەراسیمێکی بەخاکسپاردنیان بۆ کردوە کە بێ هاوتا بوە، گوتیان: بەسرییەکان پاش نوێژی هەینی جەنازەی حەسەنیان دەرکردوە و تەنانەت لە نوێژی عەسر کەس ئامادەی مزگەوتی بەسرە نەبوە، لەبەر سەرقاڵبوونی خەڵک بە جەنازەکەی حەسەنەوە، گوتیان: لە هیچ کاتێکدا نەبوە هیچ نوێژێک لە نوێژەکان جەماعەتی تێدا نەکرێت لە عەسری ئەو ڕۆژەدا نەبێت.

ژیانی لە بەسرەدا
پێشتر باس کرا، کە لە دوو ساڵی کۆتایی سەردەمی خیلافەتی عومەر لە دایک بوە، بە تەماشاکردنی ئەمە بێت، لەدایکبوونی لە ساڵی بیست و یەکی کۆچی بوە، لەبەر ئەوەی عومەر لە ساڵی بیست و سێی کۆچیدا کوژرا، دەڵێن لە بەسرەدا لە سەرەتای ڕەجەبی ساڵی سەتودەدا کۆچی دوایی کردوە، وا بێت هەشتاو نۆ ساڵ ژیاوە، بۆیە کەسێکی تەمەن درێژ بوە.
وا دیارە کە بەشی زۆری ژیانی و تەمەنی لە مەدینە بوە، بە دەر لەو ماوەیەی کە لە وادی قورا بە سەری بردوە و، هیچمان لا نییە کە پر و ماوەکەی دیاری بکات، ئەوەی دەتوانرێت

هەڵهێنجرێت کە نزیکەی چل ساڵی لە بەسرە بوە، لە سیرەی حەلەبیدا هاتوە: پێی گوتراوە (واتە بە حەسەن) ئەی باوکی سەعید تۆ دەڵێیت پێغەمبەری خودا وا دەڵێت و تۆ پێی ڕانەگەییشتوویت، بەو پرسیارکەرەی گوتوە: هەر شتێکت لە منەوە گوێبیست بوو کە گوتم پێغەمبەری خودا دەڵێت هەمووی لە عەلی کوڕی ئەبووتالیبەوەیە، بەڵام من لە زەمانێکدام .ناتوانم باسی عەلی بکەم، واتە لە ترسی حەجاج

لەمەدا وا تێدەگەین کە لە زەمانی حەجاجدا حەسەن لە بەسرە بوە و حەجاج والیی عێراق بوە، لە لایەن عەبدولمەلیک لە ساڵی حەفتاو پێنجی کۆچیدا دانراوە، ئەگەر وا دانێین لەو ساڵەدا کە حەجاج بوە بە والیی عێراق ئەو چوە بۆ بەسرە، ئەمەیش وا فەرز دەکات کە ماوەی سی و پێنج ساڵی لە بەسرە بە سەر بردوە، ئەگەر وا دانێین پێش ویلایەتی حەجاج چوە بۆ بەسرە، ئەوا ماوەکەی لە بەسرە سی و پێنج ساڵ زیاتر بوە، ئەمەیە کە گوتمان نزیکەی چل ساڵ لە بەسرە .ژیاوە

زانست و پاراوییەکەی

حەسەنی بەسری لای موسوڵمانان پێگەیەکی زانستی باڵای هەبوو کە لە پێگەی باوەڕدارییەکەی کەمتر نەبوو، ئەگەر ئێمە بە تێڕوانین و وردبینیەوە لەم پێگەیە بڕوانین وای دەبینین لە بواری زانستدا، جا لە فەرموودەکانی پێغەمبەر یان لە هەواڵی ئیسرائیلییەکان بێت لە حیکایەتخوانی تێپەر ناکات، لە ئاستێکدانییە شایانی سەرسامی بێت، لەگەڵ ئەوەی زانست لەو سەردەمەدا لە گێڕانەوە نەک شتی تردا قەتیس بوە، ئەگەر بتەوێت بڵێیت تایبەت بوە بە گێڕانەوەی ڕووتی دوور لە عەقڵ بە یەکجاری، لەبەر ئەوەی گێڕانەوەی لەگەڵ عەقڵدا لەو کاتەدا پەسەند بوە، ئەگەر پشتڕاستکردنەوەکەی نەک شتی تر، ڕاست بوایە، بێگومان ئەو زانستەی لەم گێڕانەوەدا دەست دەکەوێت ڕاست نابێت گەر بگوترێت زانستە، ئەگەر ئەوان جگە لەو هیچی تریان شک نەبردێت. لە ئاماژەکانی زانستەکەی ئەوە بوە کە ئەڵقەی هەبوە لە مزگەوتی بەسرە و واسیل کوڕی عەتا (سەر موعتەزیلەکان) لەوانە بوە کە ئامادەی ئەڵقەکەی بوون، کاتێک گەییشتوەتە پلەیەک لەو دوو پلەیە دیاریکراوە، حەسەن فەرمانی ئیعتیزالکردنی پێ کردوە لە دانیشتندا، بۆیە لەگەڵ هەندێک لە هاوەڵانیدا ئەڵقە یان شانەیەکیان بۆ خۆیان دروست کردوە و لە لایەک لە گۆشەکانی مزگەوتەکەدا بۆ خۆیان خەریکی کاری خۆیان بوون، .واتە لاتەریک بوون، بۆیە ناویان لێ نراوە موعتەزیلە، واتە لاتەریکەکان وەک پێشتر باس کرا

با تۆزێک لێرەدا بوەستین لە سەر ئەم ڕووداوە بەڵکوو ئەم کارەساتە، کە دەشێت وای دانێین کە یەکەمین پیگ واتە قوڵنگە و پاچی ئامرازی پشت پێ بەستن بوە بۆجیاوازی و ناکۆکییە ئایینییەکان، بۆ دارمانی ئیسلام و داروخانی تەلاری یەکبوونی ئیسلامی، ئەو تەلارەی کە محەمەد بە شمشێر و قورئانەکەی بنیاتینا لە ماوەی بیست و سێ ساڵی ژیانی .پێغەمبەرایەتیدا

وەستانێک لە سەر ڕووداوی ئیعتیزال

پێش ئەوەی لە تاقیگەی شرۆڤەکاریدا بچینە نێو ئەم ڕووداوەوە بە کورتی و پوختی دەڵێین: گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەر ئەوەیە شمشێر و قورئانەکەی لە نێو عەشیرەتە بە شەڕ هاتوەکانی عەرەبدا، نەتەوە و میلەت و ئومەتێکی دروست کرد کە یەک ئامانجی هەبێت وەک یەک کەس لە سەر یەک ڕێگا بڕوات و ناونیشانی یەکێتیەکەی یەکتاپەرستی بێت، پشت بەوە بەستێت کە هیچ ئیلاهێکی تر نییە جگە لە خودا خۆی. ئەوە هیچ مەبەستێکی نەبوە لە یەکتا پەرستی جگە لە یەکێتی نەتەوەکەی و، لە هەموو گوناهێکی دەبووری جگە لە تێکدانی یەکێتیی نەتەوەکەی. لەوێدا دەڵێت: {إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ} [النساء: 48]، واتە: خودا لەوانە خۆش نابێت کە هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن و لەهەر کەسێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت. بە دەستی خۆی دارێکی برد و هێڵێکی ڕاستی کێشا و گوتی: ئەمانە هێڵێ گومرایی و وێڵبوونە و لەوێدا ویستی ئۆمەتەکەی تێ بگەیەنێت کە ڕێگەی خودا یەکە و ئەگەر یەکبوونی ئومەتەکەی تێکبچێت، ئیسلام بە توێکڵی و بێ ناوەڕۆک و لاشە دەمێنێتەوە و ڕۆحی تیێدا نامێنێت، بە هەمان شێوە و وەك موسوڵمانان لەم زەمانەی خۆماندای لێ دێت.

پاش ئەمە با باسی ڕووداوی ئیعتیزال واتە لاتەریکی بکەین کە لە ئەڵقەکەی حەسەنی بەسری لە مزگەوتی بەسرەدا سەریهەڵدا و بوو بە یەکەمین لێکترازانی مەزهەبی لە نێو یەکبوونی ئیسلامیدا، دەڵێن: لەمەدا دەزانین کە حەسەنی بەسری لە شانەکەی خۆیدا باسی

پرسە ئایینییەکانی کردوە، لە بارەی بناغە و لقەکان و عەقیدەکانەوە و، لە توێژینەوە لەو بارەوە قووڵ بوەتەوە، تا گەییشتوەتە پلەیەک کە لە ڕا و بینیندا جیاوازی تێیدا ڕوو بدات، وەک جیاوازی لەگەڵ واسیل کوڕی عەتا لە سەلماندنی ڕێگەو پلەی سێیەم لە نێوان دوو پلەکەی بێباوەری و باوەڕداری موسوڵمان ئەوەمان بۆ دەردەخات، بەوەی کەسێک هەڵەیەکی گەورە بکات، نە هیچ باوەڕدارێک شایانی ئەوەیە کە بە نیعمەتێکی بەردەوام پاداشت بکرێت و لە خۆشی هەمیشەییدا بێت و نە هیچ بێباوەرێک شایەنی ئەوەیە لە ئاگری دۆزەخدا بەردەوام بمێنێتەوە.
حەسەنی بەسری و ئەوانەی لە دەوری بوون، پێویستیان بەوە نەبوو کە توێژینەوە لەم مەسەلانە بکەن کە خودا ئەوەندە گرینگی پێنەداون و پێغەمبەریش هیچ قسە و ڕوونکردنەوەیەکی لە سەر باس نەکردوون و موسوڵمانان لە سەردەمی پێغەمبەری خودادا هیچ باسێکیان لە سەر نەکردوە، هەروەها لە سەردەمی خەلیفەی ڕاشیدیەکان و لە دوای ئەوانیش، چ قازانجێکی هەیە بۆ عەقیدەی موسوڵمانان کە کوفری گەورەی کردبێت لە پلەی نێوان کوفر و باوەڕداری دابنرێت، بەڵکوو چ پێویست دەکات قسە لە سەر ئەم مەسەلە پوچانە بکات کە قورئان بە دەنگی بەرز دەڵێت: {إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ} [النساء: 48]. واتە: خودا لەوانە خۆش نابێت کە هاوبەشی بۆ پەیدا دەکەن و بۆ هەر کەسێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت.
بەڵام وا دیارە حەسەنی بەسری زانیویەتی لە کوێوە لە ئیسلام بدات و بە چ بێڵ و خاکەناز و قوڵنگەیەک یەکێتی موسوڵمانان داروخێنێت، بۆیە لەم مەسەلانە قووڵ بوەتەوە، بۆ ئەوەی زەمینەسازی بکات بۆ گرتنەبەری ڕێگەی ناکۆکی لە لایەن موسوڵمانانەوە، خودا بیبەخشێت چۆن لە کارەکتەری خوداپەرستی و باوەڕداری زانیوە کە ئەو گومانە لە خۆی دوور بخاتەوە و بە توندی خوودپارێزی کردوە لە ڕووی گومانلێکردنییەوە. دەبینین پاش ئەوەی ئیبن عەتای خستە تەڵەکەوە و فەرمانی پێ کرد ئەڵقەکەی دوور بخاتەوە و، لاتەریکی بکات واتە ئیعتیزال بکات، وەک ڕەتکردنەوەی قسەکانی و خۆبێبەریکردن لە ڕاکانی وەک نموونەی {كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ} [الحشر: 16] واتە: وەکو سەیتان کە بە بنیادەمی وت خوامەناسە وەختی لەه خودا تەکیەوە، وتی من بێبەریم لە تۆ و لە خودا دەترسم کە پەروەندەی گشت دونیایە.
ئەوەی دەبینین کە حەسەنی بەسری فەرمانی بە واسیلی کوڕی عەتا کردوە کە دانیشتنەکەی لاتەریک بکات" لەوێدا دوو چۆلەکەی بە بەردێک کوشتوە:
یەکەم: گومانی لە خۆی دوور خستوەتەوە و بەوە خۆی داپۆشیوە نەوەک لای موسوڵمانان ئاشکرا بێت.
دووەم: جەختکردنەوە لە سەر ناکۆکی و سەپاندنی لێکترازان وەک کارێکی هەستپێکراو و ڕووداوێکی بەچاو بینراو، لەبەر ئەوەیە پاش ئەوەی واسیلی کوڕی عەتا ئەم قسەیەی کرد، ئەگەر لەوێدا واتە لە ئەڵقەکەی ئەو بمابایەوە و ئامادە بوایە لە دانیشتنەکانی حەسەن، ئەو ناکۆکییە لە قسەکردن و ڕادا دەمایەوە و ئەو لێکترازانە تێیدا ڕووی نەدەدا، کە بوە هۆی لێک جیاکردنەوەی جەماعەت، بەڵام حەسەن فەرمانی کرد ئیعتیزال بکات و بە خۆی و هەندێک لە هاورێیانی دانیشتنێکی تر لە لاپەڕێک لە لاپەڕەکانی مزگەوتەکە دابنیشن، حەسەنی بەسری ویستەکەی جێبەجێ بوو، لە پەرشوبڵاوکردنی جەماعەت بە قسە و کردەوەش.
لە یەک مزگەوتدا دوو شانە دروست بوو کە یەکێکیان ناکۆک بوو لەگەڵ ئەوی تردا، ئەم ئەڵقەی دوەمە بوە تۆو و ناوکی گەلێک دووبەرەکی کە پاشتر لە نێوان موعتەزیلە و ئەهلی سونەدا ڕووی داوە، تا زەمانێک هات موسوڵمانان ناکۆک بوون و یەکتریان ڕەت دەکردەوە {كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ} [الروم: 32]، واتە: هەر حزبە( کۆمەڵە) و دڵخۆشە بەوەی هەیەتی. ئێمە بۆ خوداین بۆ ئەویش دەگەڕێینەوە.
لەو مەزهەبانەی کە لە کانییەکەی حەسەنی بەسری دەخۆنەوە؛ مەزهەبی زەیدیە هاوەڵانی زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسێن، لەبەر ئەوەی ئەم زەیدە لە واسیلی کوڕی عەتاوە شت فێر دەبوو، کە لە حەسەنی بەسرییەوە وەری دەگرت. واسیلی کوڕی عەتا لە زانستدا شێخی ئەو بوو، بیری زەیدی بنەچەکەی بۆ حەسەنی بەسری دەگەڕێتەوە، ئەم زەیدە برای محەمەدی ئەلباقرە و مامی جەعفەری ئەلصادقە، ئەو بوو بۆ هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک دەرچوو کوژرا، چیرۆکێکی هەیە بە هەمان شێوەی چیرۆکەکەی حوسێن بێ جیاوازی، بەڵام شیعە وای بۆ ناگرین کە چۆن بۆ حوسێن دەگرین.

101)
ئایا قسەی دەربارەی عەلی کردوە؟
وتمان زانستەکەی حەسەنی بەسری تەنها پشت بە گێرانەوە دەبەستێت و هیچی تر، گوتیان جگە لە چواردە کەس لە هاوەڵانی باسی کەسێکی تری نەکردوە، ئایا عەلی کوڕی ئەبووتالیب لەوانەیە کە حەسەن باسی کردوون، ئەمەیە دەمانەوێت لێی بکۆڵینەوە و دەڵێین:
هەندێکیان قسەکردنی لە سەر عەلی ڕەت کردوەتەوە و گوێمان لێ نەبوە باسی بکات، خەڵکی تر ئەوەیان سەلماندوە کە قسەی لە بارەوە کردوە. خاوەنی سیرەی حەلەبی، زیاتر باوەڕی بەمەیان کردوە، دەڵێت: لەبەر ئەوەی سەلمێنراو لە پێش ڕەتکراوەیە، یان وای لە سەر گوتراوە کە هیچ گوێی لە عەلی نەبوە، پاش دەرچوونی لە مەدینە. واتە لەوانەیە پێش دەرچوونی لە مەدینە گوێی لێ بوە، ئەمە قسەی خۆیەتی. تۆیش ئەم بەیەکلادا شکاندنە سەرسوڕهێنەرە بخوێنەوە، کە چۆن سەلمێنراو دەکەوێتە پێش ڕەتکراوە و، بەڵگە دەبێت لە سەر سەلماندن بهێنرێتەوە نەک بۆ ڕەتککردنەوە، لەبەر ئەوەی بناغەی شتەکان ڕەتکردنەوەیە نەک سەلماندن و جێگیر کردن، جگە لە شتیکی لابەلای کارە سەرەکیەکە، بۆیە بناغەی هەر کەسێك کە شکاتێک دەکات بەڵگە هێنانەوەیە، نەک ئەوەی ئینکاری بکات و ئەوەی ڕەتی دەکاتەوە جگە لە سوێندخواردن هیچی لە سەر نییە.
بەڵام قسەکانمان یان ئەوەی خراوەتە سەر ئەو کە گوتوویەتی گوێی لە عەلی نەبوە لەو ڕۆژەی لە مەدینە دەرچوە، ڕەتکراوەیە وەک پێشتر باس کرا، کە عەلی لە مەدینەوە پاش کوشتنی عوسمان دەرچوو بۆ کوفە، تەمەنی حەسەنی بەسری چواردە ساڵان بوە، بۆیە گوێبیستبوونی عەلی کارێکی دوورە لەو کاتە و، لەبەر ئەوەی پێنەگەییشتوو بوە و، پێگەییشتوویی یەکێکە لە مەرجەکانی گوێبیستی و چاوپێکەوتن و تێکەڵاوی و دانیشتن و قسە لەگەڵ یەکدا کردنە، هەموو ئەمانە زۆر دوورە لە مێردمنداڵێکی هەرزەکاردا، بە نیسبەت عەلیی کوڕی ئەبووتالیبەوە کە لە گەورە هاوەڵان و باڵاکەیان بوە، پێغەمبەر ئەگەر یەکێک لەم تەمەنەی لە غەزەکاندا لەگەڵیدا دەرچووبا دەیگەڕاندەوە، وەک لە غەزای ئوحد کردی. ئەوە ڕاست بێت و بە لایدا بشکێتەوە، گوێبیستی عەلی نەبوە، بەڵام لەوانەیە لە سەر زمانی عەلیەوە بە ڕێگەی ناوەندگیر واتە بە ناڕاستەوخۆ باسی کردبێت، وەک قسەکانی پێشووتری ئەوە دەسەلمێنێت کە دەڵێت: "هەر شتێکت گوێ لێ بوویێت گوتبێتم پێغەمبەری خودا گوتوویەتی ئەوە لە عەلیی کوڕی ئەبووتالیبەوە بوە".

قسەکانی لە شیکردنەوەدا
هیچ شتێکم لە حەسەنی بەسریەوە نەبینیوە، کە بیسەلمێنێت بیریار بوە و دیدگای هەبوە، بەڵام ڕێبازی ئەو لە زانستدا گێرانەوە بوە، لەوانەیە قسەی هەر وا فڕێ دابێت، قسەی بێ بەڵگەی کردوە و بە بێ پاساو شتی دەرپریوە. قسەی لە سەر شیکردنەوەی قورئاندا هەیە، کە شیکەرەوان لە شیکردنەوەکانیاندا باسی دەکەن. شتێکت بۆ باس دەکەین بۆ ئەوەی پێگە زانستیەکەی بناست.
لە سورەتی (القصص)دا هاتوە: {فَلَمَّا جَاءَهُمُ الْحَقُّ مِنْ عِنْدِنَا قَالُوا لَوْلَا أُوتِيَ مِثْلَ مَا أُوتِيَ مُوسَى أَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِمَا أُوتِيَ مُوسَى مِنْ قَبْلُ} [القصص: 48] واتە: کاتێك حەقیان لە لای ئێمەوە بۆهات، وتیان ئەوەی بۆ موسا هاتووە بۆ ئەم نەهاتووە؟ ئایا بەوەی پێشتر موسا هێنای کوفریان نەکرد؟ لەم ئایەتەدا قسە لە سەر بێباوەڕانی قورەیش کراوە، ئەوان گوتوویانە کە پێغەمبەری خودا بۆ ئەوان هاتوە. (لَوْلَا أُوتِيَ مِثْلَ مَا أُوتِيَ مُوسَى)، ئەگەر ئەمە هاندان نەبێت، واتە ئەگەر خودا لەو ئایەتانەدا موعجیزەی بۆ هێنابایە وەک چۆن بۆ مووسای هێناوە. ئەوان بەم قسەیان دەیانەوێت پێغەمبەری خودا نموونەی موعجیزەیان بۆ بهێنێت بە هەمان شێوەی مووسا تا بەڕاستی دابنێن و باوەڕی پێ بکەن، بە دوەم بەشی ئایەتەکە وەڵامی دانەوە، کە دەڵێت: (أَوَلَمْ يَكْفُرُوا بِمَا أُوتِيَ مُوسَى مِنْ قَبْلُ) ئایا کوفریان بەوە نەکرد کە پێشتر موسا هێنابووی؟ واتە ئێوە ئەی بێباوەڕانی قورەیش کەلەڕەقن وەک ئەو کەللەڕەقیەی لە بێباوەڕبوونتان لە بەرامبەر مووسا کردتان لە هێنانی موعجیزە لە ڕابردوودا، موعجیزە و نموونە دادتان نادات وەک چۆن هیچ قازانجی بۆ کەللەڕەقی ئەوانی نەبوو، ئەوانە بێباوەڕییان کرد لە ئاستی ئەوەی مووسا هێنای، کە پێشتر ئەو کافرانە بوون لە زەمانی مووسادا نەک بێباوەڕەکانی قورەیش.

کورتەی باسەکە، ئەوانەی داوایان لە پێغەمبەری خودا کرد، نموونە و موعجیزەی وەک ئەوەی مووسا بهێنێتەوە، بێباوەڕەکانی قورەیش بوون و ئەوانەی بەوەی مووسا هێنای کوفریان کردبوو، .ئەو بێباوەڕانە بوون لە زەمانی مووسادا بوون نەک بێباوەڕەکانی قورەیش
بەڵام حەسەنی بەسری وای لێ کردوە کە ئەوانەی کوفریان بەوەی کە مووسا هێناویەتی کردوە بێباوەڕەکانی قورەیش بوون. لەوەدا کێشە و گرفت لە واتای ئایەتەکە دروست دەبێت، ئەوەیە کە بێباوەڕانی قورەیش لەگەڵ مووسادا نەبوون لەو کاتەی ئەو موعجیزانەی هێناوەتەوە تا کوفری پێ بکەن، حەسەن ناچار بوو بۆ چارەسەری گرفتەکە بڵێت، عەرەب بنەچەیان هەبوە لە نێو ئەوانەی باوەڕیان بە مووسا نەکردوە لە پێشتر، واتە بێباوەڕەکانی عەرەب وەچەی ئەو بێباوەڕانە بوون کە پێشتر باوەڕیان بە مووسا نەکردوە، بۆیە کوفرکردن بە موعجیزەکانی مووسای خستە سەریان، واتاکەی لە {أَوَلَمْ يَكْفُرُوا...} [القصص: 48] واتە: ئایا کوفریان نەکرد .. .واتە ئایا باوانیان بە هەمان شێوە کوفریان نەکردوە
هیچ پێویست ناکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە درێژە بە قسەکانمان بدەین، ئەمە لە ڕووکەشدا گەندەڵیەکی دیار دەردەخات و ڕاوبۆچوونی بە هەڵەیەکی ڕوون دەردەکەوێت، نازانم حەسەن لەو قسانەی لە سەر عەرەب کە وەچەی هەمان ئەوانەن کە پێشتر باوەڕیان بە مووسا نەکردوە پشت بە چ بەڵگەیەک دەبەستێت، ئایا ڕاستە بۆ خاوەن زانستێک بەم شێوەیە قسە بە .تانەوتەشەرە بکات
لە چیرۆکی نوح و لافاوەکەدا لە سورەتی (هود) دا هاتوە: {وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَابُنَيَّ ارْكَبْ مَعَنَا وَلَا تَكُنْ مَعَ الْكَافِرِينَ} [هود: 42] واتە: نوحی بانگی کورەکەی کرد کە لاتەریك بوو، ئەی کورم لەگەڵماندا سواربە و لەگەڵ بێ باوەڕەکاندا مەبە. لەم ئایەتە چەندین خوێندنەوە هەیە: (1) ئەو خوێندنەوە بەربڵاوە (ونادى نوح ابنه)، (2) خوێندنەوەیەک لە عەلیەوە: (ونادى .نوح ابناه...) واتە ئەی کورەکەم یان ئای کورەکەم بۆ شێوەن و زاری و لاوانەوە یە
بە پێی ئەم سێ خوێندنەوە بێت، نوح بانگی کورەکەی خۆی کردوە نەک کوری کەسی تر، بەڵام بە پێی خوێندنەوەی یەکەم و سێیەم دیار و ڕوونە، کەچی لە خوێندنەوەی دوەم دوو لایەنە لە خۆ دەگرێت، لە لایەک بانگی کورەکەی لە پشتی خۆی کردوە و خستویەتە سەر ژنەکەی لەبەر ئەوە ئەم کارە دەشێت وەک چۆن کور دەخرێتە سەر باوکی بە هەمان شێوە دەخرێتە سەر دایکیشی، لە لایەکی تر ئەوەیە بڵێت کە بانگی کوری ژنەکەی کردوە، واتە .ئەوەی بەخێوی کردوە نەک کورەکەی خۆی
بەڵام نابێت ئەوەی لە ئایەتەکە ویستراوە ئەگەری دوەم بێت، واتە نابێت بانگکراو کورە بەخێوکراوەکەی بێت نەک کورەکەی وا لە پشتی خۆیەوەیە. ئەگەر بڵێیت بۆ نابێت، دەڵێم: یەکەم لەبەر ئەوەی خوێندنە بەربڵاوەکە ناکۆکە لەگەڵیدا، دوەم: ئەوەی مەبەستە لە هێنانەوەی ئەم چیرۆکە ئەوەیە پێوەندیی خێزانیی دەربخات کە لە لای خودا هیچ نییە، بێباوەڕ کەس ڕزگار ناکات لە ئەشکەنجەی خودا جگە لە باوەڕداری خۆی نەبێت، لەوێدا نوحی باوکی کە یەکێک بوە لە پێغەمبەرە بە هیمەتەکان هیچ قازانجێکی بۆ کورەکەی نەبوە و، ڕزگاری .نەکردوە لە خنکان و نغرۆبوون
ئەگەر لە هێنانەوەی ئەم چیرۆکە ئەوە مەبەست بێت و ناوەخن و مەغزا و ڕوحی چیرۆکەکە بێت، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت لەو کاتەدا نوح بانگی کوری ژنەکەی بکات، کە لە مێردی یەکەمی بوە، ئەگەر ئەوەی ویستبێت ناوەڕۆک و مەغزای هێنانەوەی چیرۆکەکە وەک پەند پوچەڵ دەبێتەوە و، ڕوحەکەی نامێنێت لە لای ئەوەی لێی تێ بگات و تێگەیشتنێکی باشی هەبێت و زەوقێکی جوانی هەبێت، بەڵام حەسەنی بەسری، خوێندنەوەی دوەم بە هەڵەیدا بردوە، کە دەڵێت کوری نوح نەبوە بەڵکوو کوری ژنەکەی بوە و بەخێوکراوی بوە و بێ ئەوەی ئاوڕ لە خوێندنەوەی یەکەم و سێیەم بداتەوە، هیچ گرینگیەکی بە ناوەڕۆک و ڕوح و مەغزای چیرۆکەکەی نەداوە، زۆرێکیش لە گەندەڵان بە پێی ئەم خەیاڵ و هەڵەیە دوای کەوتوون. قەتادە دەڵێت: دەربارەی کورەکەی نوح پرسیارم لە حەسەن کرد، گوتی: بە خودا کورەکەی خۆی نەبوە، گوتم خودا قسەی لە سەر کردوە دەڵێت: {إِنَّ ابْنِي مِنْ أَهْلِي} [هود: 45]، واتە: کورەکەم لە کەسەکانمە. تۆ (منی) واتە ئەوەی خۆم، ئەمەیش دیسان بەهەڵەداچوونێکی ترە لە لایەن حەسەنەوە، خێزانی پیاو ئەوانەیە کە ماڵەکەی لە خۆدەگرێت، لە ژن و مێرد و کوڕ و کچ و خزمان، کە گوتوویەتی (من اهلى) واتە یەکێک لە منداڵەکانم واتە خێزانەکەم، ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێت (من أهلى) واتای ئەوە ببەخشێت کە کورەکەی نەبێت، ئەگەر بڵێیت:

لە بارەی ئایەتەکە پاش ئەم ئایەتە چی دەڵێت کە دەڵێیت: {قَالَ يَانُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ} [هود: 46]، واتە: وتی ئەی نوح ئەمە وەکو کور و کەسی تۆ نیە، ئەم کارێکی نابەجێی کردووە. دەڵێم: ئەوەی زەمەخشەری لە کەشافدا باسی کردوە لێرەدا دەڵێمەوە، کورتەکەی ئەوەیە کە خودا کاتێک نوحی پێغەمبەری بینی بە هۆی لەناوچوونی کورەکەیەوە خەمبارە و ئازار دەچێژێت، پێی گوت: ئەی نوح ئەوانەی خزمی تۆن لە حەقیقەتدا ئەوانەن ڕازی بوون بە ئایینەکەت و ملکەچی باوەڕ و عەقیدەت بوون نەک ئەوانەی لە باری خێزانیدا لە تۆ بن، ئەم کورەت بەوەی کە بێباوەڕە کوڕی تۆ نییە. هۆکاری ڕەتکردنەوەی ئەوەی لە خزمانی بێت بە (إنه عمل غير صالح) پاساوی بۆ هێناوەتەوە، کە خاوەن کاری چاکەخواز نەبوە و بێباوەڕ بوە، بە پێی لابردنی ئەوەی خراوەتە سەر لە ڕووی زمانەوانییەوە، یان وای دانێت کاری نالەبار دەکات تەنها بۆ ڕەوانبێژییە لە زەمکردندا وەک ئەوەی دەڵێت: (فإنما هی أقبال و ادبار) وەک لە کەشافدا هاتوە.

ئەوەی زیاتر پشتگیری لەوە دەکات کە کوڕەکەی نوح بوە نەک ئەوەی بەخێوی کردوە، دەربارەی خوێندنەوەی سێیەم هاتوە لە شین و زار و لاوانەوە بێت، ئەوەیش دەیسەلمێنێت کە بەزەیی باوکایەتی بە سەر نوحدا زاڵ بێت و تا وای لێهاتوە لە کاتێکدا بینیویەتی کوڕەکەی دەخنکێت شین و زار و لاوانەوەی بۆ کردوە و هاواری کردوە ئای کوڕم. دوورە ئەم کارەی بۆ ئەوە کردبێتی کە بەخێوی کردوە، هەروەها ژنەکەی نوحیش وەکو کوڕەکەی کافر بوە، ئەویش لەوانە بوە کە لە لافاوەکەدا خنکاوە. بەڵام نوح هاواری بۆ نەکردوە و نەیناڵاندوە، وەک ئەوەی بۆ کوڕەکەی خۆی کردویەتی. هیچ شین و زارێکی بۆ نەکردوە وەک ئەوەی بۆ کوڕەکەی کردویەتی، لەبەر ئەوەی بەزەیی پێهاتنەوەی پیاو بۆ ژن لەوە کەمترە بۆ کوڕی بێت. بەڵام سەرەڕای ئەم بەڵگە و هاوتەریبانە واتە قەرینانە، حەسەن بەسری دەبینین سوورە لە سەر ئەوەی کە بڵێت کوڕەکەی خۆی نەبوە، نازانم لێرەدا مەبەستی چ ئامانجێکە لە ژێرەوەی ئەم قسەیەی و چ حکومێکی بە دوادا دەهێنێت، لە سەر ئەوەی کە هاواری بۆ کردوە بەخێوکراوەکەی بوە نەک کوڕە ڕاستەقینەکەی خۆی، ئایا ئەمە لە شیکردنەوەی قورئاندا لە گەوهەر و ناخ دوورکەوتنەوە نییە و خولخواردنەوە نیە بە دەوری توێکلدا و هانی ناکۆکی نادات، کە هیچ شتێکی لێ سەوز نەبێت جگە لە جیاکردنەوەی گوتار و ڕارایی ڕاوبۆچوونەکان. سەرسوڕهێنەترین شت کە شیکەرەوان لە سەر بەسری باسیان کردبێت، لە سەر شیکردنەوەی ئایەتی: {إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَاءُ فَاقِعٌ لَوْنُهَا تَسُرُّ النَّاظِرِينَ} [البقرە: 69]، واتە: مانگایەکی زەرد و پرشنگدار و تەماشاکەری دڵخۆش دەکات. واتە: حەسەن بەسری گوتوویەتی: زەردی کاڵ واتە ڕەشی تۆخی زۆر ڕەش و ئەمە زۆر نامۆیە، لەوانەیە ئەوەی وای لێ کردبێت ئەم شیکردنەوەیە بکات، ئەوەی باسیان لەوە کردوە کە زەرد بە ڕەش شی بکەنەوە و شرۆڤەی بکەن وەک لە قسەی خودادا هاتوە: {كَأَنَّهُ جِمَالَتٌ صُفْرٌ} [المرسلات: 33]، واتە: هەر دەڵێیت وشتری بەرگ زەردن. واتە ڕەش، ئەوان لێرەدا زەردیان بە ڕەش داناوە لەبەر ئەوەی زەرد لە حوشتردا باش نەبوە و باویش نەبوە، یان لەوانەیە ڕەنگی حوشتری ڕەش زەردباویەکی لە سەرەوەیە، بەڵام قسەکە لێرەدا لە سەر مانگایە نەک حوشتر.
بێگومان شیکردنەوەی زەرد بە ڕەش لەم ئایەتەدا لەگەڵ ئەوەی لە داڕشتنەکەدا هاتوە و لەگەڵ تێگەییشتنیدا، نابەجێیە و ناگونجێت:

یەکەم: لەبەر ئەوەی وا وەسفی کردوە کە کاڵ بێت و ڕەنگی کاڵ لەگەڵ زەرد وادێت کە درەوشاوەی بریقەدار بێت، بۆ جەختکردنەوە دەڵێن؛ زەرد گەشاوە بەڵام دەڵێن ڕەشی تاریک و تێر و نوتەک و، سوری بریقەدار و، سەوزی گەشاوە و، سپی و سوڵ، ئەوەی باوە و بڵاوە کە گەشاوە بۆ زەرد دەگونجێت نەک ڕەش.

دووەم: لەبەر ئەوەی دەڵێن (بینەری دڵخۆش دەکات) ئەوەی دڵخۆشی ببەخشێت لە کاتی تەماشاکردنیدا زەردە نەک ڕەش، ئەوەی لە سەر زاری عەلیی کوڕی ئەبووتالیبەوە باس کراوە، گوتوویەتی: ئەوەی نەعالێکی زەرد لە پێ بکات خەمی کەم دەبێتەوە، وەک خودا دەڵێت: (تسر الناظرین)، لە وەهەب کوڕی مونەبیە گوتوویەتی: بینەری دڵخۆش دەکات، لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر تەماشای بکەیت وەک ڕووناکی خۆر دێتە بەر چاوت کە لە بەرگەکەیەوە دەربچێت. ئەم هەموو قەرینانە بەڵگەی ئەوەن کە زەرد لە ئایەتەکەدا بە واتای ڕەش نایەت، بەڵام حەسەنی بەسری دەڵێت زەرد لەوێدا ڕەشێکی قەترانی تاریک دەگەیەنێت، لەوانەیە ئەمەی لەبەر ئەو هۆکارە گوتبێت کە دەڵێن ناکۆک و جیاواز بە دەناسرێیت.

102)
پەرۆشی و باوەڕداریی
ئەوەی بینیومە و بیستومە لە بارەی باوەڕداری و حاڵی خوداپەرستان و پەرۆشانی
خوداپەرستی، وا هەڵنەکەوتوە یەکێک لە پەرۆشی و خوداپەرستی و قولبوونەوە و زۆرزانی و
تێگەییشتووتر لە باری ئایینی لە حەسەن بەسری زیاتر بێت، پێشتر باس کرا لەم لایەنەوە، کە
بۆ ئەوە هاتبێت وەک ئەوەی کەسێک چی لە غەریزە و خۆشیەکانی ژیان لە چاڵی نابێت و کە
دابنیشێت وەک ئەوەی یەکێک لە ملی بدات و ئەگەر باسی دۆزەخ بکەیت وەک ئەوەی بۆ ئەوە
دروست کرابێت، ئەم دەستەواژانە لە سیرەی حەلەبیدا باس کراوە و نازانم خاوەنەکەی لە
کوێوە گواستویەتیەوە، ئەی خوێنەر ئەوەت لەبەر چاو بێت. پیاوێک ڕووبەڕووت بێت و نیشانەی
خەفەت و خەمۆکی باڵی بە سەریدا کێشا بێت و وا بزانیت کە لە گۆڕنانی و
خۆشەویستەکەیەوە هاتوە، واتە لە ناشتنی کوڕ یان برا یان هاوڕییەک و، ئینجا ئەوەت لەبەرچاو
بێت کە وەک دیلێکی دەست بەستراو وا بێت کە کەسێک بیەوێت بیکوژێت و بە دانیشتنێکی
ملکەچانەوە سەربربگرێت و شمشێرێک لە سەر ملی بێت بۆ مل قرتاندنی، ئینجا وێنای پیاوێک
لای خۆت بکە کە لە خوداپەرستیدا گەر باسی دۆزەخی بۆ بکەی ئەویش لە ترس و خەفەتدا
بتۆقێت، وەک ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە بەردەوام چاوی لە ئاگر و دۆزەخە و وەک ئەوەی تەنها
بۆ ئەو دروست کرابێت، ئەگەر لە خەیاڵی خۆتدا وینەی پیاوێکی ئاوها بکێشیت و ئەمە حاڵی
بێت، حەسەن بەسری دەبینیت کە دێت بەرەو ڕووت و چۆن لەگەڵیدا دادەنیشیت و وەزعی
چۆن دەبێت، کە باسی دۆزەخی بۆ بکەیت.
بەڵام من دەڵێم ئەوەی وریایی و بەهرەی پێداوم و تاقیکردنەوەکان فێری کردووم و شارەزایی
ڕاستگۆیان بۆی سەلماندبم لەم ژیانەدا، ئەم حاڵە جگە لە خەڵکی مەراییکەر نەبێت لە هیچ
کەسێکی تر ناوەشێتەوە. بۆیە حاڵەتی حەسەنی بەسری جەختی لە سەر بازنەی دەوروبەری
خۆی کردوە و ئەمەیش گومان و ترسی لە مێشکی مندا دروست کرد، ئەمەیش دەرخستنی
هۆکارەکەی و ئەمەیش ڕوونکردنەوەکەیەتی.
ئیمکان نییە ئەم حاڵەتە لە دروستبوونی ئەم جۆرە پیاوە بەو شێوە مۆرکە شێلا بێت، لەبەر
ئەوەی مرۆڤ بە خۆشی ژیان و خۆشەویستی هەموو ئەو شتانەی کە کیانی پێی
هەڵدەستێت و تەواوکەری دەبێت درستبوە، دەرچوونی مرۆڤ لە هەڵگێڕانەوەی خۆی عادەتەن
کارێکی مەحاڵە، هەروەها مەحاڵە ڕاستگۆ بێت و خۆی وای نەکردبێت لەبەر ئەوەی ناکۆکە
لەگەڵ ئەو ئامانجەی کە لە ئاییندا داوادەکرێت، نەخواسمە ئایینی ئیسلام کە ئایینی
ئاسانکارییە نەك ئاڵۆزکاندن و، ئایینی سوککردنە نەک توندڕەوی {يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ
بِكُمُ الْعُسْرَ} [البقره: 185]، واتە: خودا چاکەتان بۆ دەخوازێت و خراپەتان بۆ ناوێت. {لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ
نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا} [البقره: 286]، واتە: خودا هەموو کەسێك بەقەد خۆی رادەسپێرێت. هەروەها
زیادەڕەوی و خستنە سەر لە هەر کارێکی ئایین قێزەونە، خودا زەمی ئەهلی کتابی کردوە،
ئەگەر زیادەڕەوی بکەن و نەهی لێ کردوە و بێزاری خۆی لێدەرپریوە و سەرنجی خەڵکەکەی بۆ
ڕاکێشاوە: {يَاأَهْلَ الْكِتَابِ لَا تَغْلُوا فِي دِينِكُمْ} [النساو: 171]. واتە: ئەی گەلی خاوەن کتێب لە
ئایینەکەتاندا زیادەڕۆیی مەکەن.
ئەوەی هاتوە لە ڕەتکردنەوەی توندرەوی لە ئاییندا، هەواڵی سەحابی عوسمان کوڕی مەزعونە
کە خۆی بە خوداپەرستی هیلاک دەکرد و شەکەت دەبوو، لە عایشەوە گواستراوەتەوە:
خەولەی کچی حەکیم کە ژنی عوسمانی کوڕی مەزعون بوە، هاتوە بۆ لای و پەشۆکاو و
نیگەران بوە، عایشە پێی گوتوە: چیتە؟ گوتوویەتی: مێردەکەم شەو هەڵدەستێت و بە ڕۆژ
بەڕۆژوە، کە پێغەمبەر خۆی کرد بە لای عایشەدا و ئەویش باسی ئەوەی بۆ کرد، دواتر پێغەمبەر
عوسمانی بینی و نەیهێشت ئەوە بکات، پێی گوت: ئەی عوسمان کاری قەشەییمان لە سەر
نەنووسراوە، تۆیش وەک منت لە سەرە، بە خودا ئەوەی لە ئێوە زیاتر لە خودا و سنورەکەی
دەترسێت منم، واتە لە خوداپەرستیدا من وەک تۆ قووڵ نابمەوە. بێگومان ئایینداری و
خوداپەرستی ئەوەیە بۆ خودا دڵسۆز دەبێت و بۆ خودا لە باوەڕ و لە کار و نییەتیدا چاکەخواز
دەبێت و ئەوەی لە ڕقوکینە و پەنگی سینگ و رژدی و چاوچنۆکی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، ئەوەی
لە پیسایی و خراپەکاری کیان و ڕوحی پاکژدەکاتەوە، بە پلەی یەکەم لە لای خودا پەسەندە،
ئەگەر بۆ خەڵکیش بە ڕووکەشی خوداپەرستی قوولبووی دینداریش بۆ خۆی دەرنەخات. لە
فەرموودەیەکی پێغەمبەردا هاتوە: (إن الله لا ينقر إلى صوركم، ولكن ينقر إلى قلوبكم)،

ڕووکەش هیچ بەهایەکی نابێت ئەگەر ناوەخن پیس بێت، بەتایبەت لە لای خودا کە بەو پێیەی لە سنگ و دەروون ئاگادارە، هەر شتێک کە وا لە حەسەن بەسری و خەڵکی تر وا لێ بکات کە لە خوداپەرستیدا بەم دیمەنە سەرسوڕهێنەرەوە دەرکەوێت، جگە لە مەرایی کە بەو شێوەیە سەر لە خەڵک تێکدەدەن کە چییان دەوێت و چی دادەپۆشن و چی دەخزێننە نێو ئایینەوە هیچ شتێکی تر نیە.

ئەوەی پشتگیری لەمە دەکات ئەوەیە کە لە سەر حەسەنی بەسری باسمان کرد کە پێی گوتراوە: ئەی ئەبی سەعید تۆ دەڵێیت، پێغەمبەری خودا گوتی و تۆ بەو ڕانەگەییشتویت لە ژیانیدا؟ گوتوویەتی: گوێت لە هەر شتێکی من بوویێت گوتبێتم کە پێغەمبەری خودا گوتوویەتی، لە عەلیی کوری ئەبووتالیبەوەیە، بەڵام من لە زەمانێکدام ناتوانم ناوی عەلی بێنم، واتە لە ترسی حەجاجدا.

خودا بتپارێزێت تەماشا بکە ئایا ڕاستە بۆ قاڵبویەکی لە ئاییندا تا ئەو ڕادەیەی کە باسمان کرد و لێڵی و نادیار و مەنگ بێت و ناروون بێت لە قسەی حەق لە ترسی حەجاجدا خۆی لابدات، ئایا نەدەبوو لە سەر ملکەچبووی دونیا لە ترسی خودادا وەک لە خودا ترسێکی وەک حەسەنی بەسری لە قسەی حەق نەترسێت و گوێ نەداتە لۆمەی هیچ زۆردارێک و، ئەمە ڕێگر نابێت لە بە ئاشکرا قسەکردن کەوا پێویستە بکرێت ئەگەر شمشێریش لە سەر ملی دانرابێت. لە نێوان ئەمە و لە نێوان ئەوەی باسمان کرد لەم حاڵەتە سەرسوڕهێنەرە دووفاقیە کە ناشارڕێتەوە. کوا حەسەنی بەسری لە ئەحمەد کوری نەسیر کە لە خەڵکی فەرمودە و حەدیس بوو، ئەلواسق خەلیفەی عەباسی لە بەغداوە هێنابووی بۆ سامەرا بە دەست بەستراوی و پرسیاری لە سەر قورئان لێ کرد، گوتی: خەلقکراو نییە. لە سەر بینینی ڕۆژی قیامەت پرسیاری لێ کرد، گوتی: لە گێرانەوەدا وا هاتوە، فەرموودەی بۆ باس کرد، واسق پێی گوت: درۆ دەکەیت، بە واسقی گوت: بەڵکوو تۆ درۆ دەکەیت، واسق بە شمشێرەکەیەوە بۆی هەڵسا و فەرمانی پێ کرد کە لە سەر کەولێک دانیشێت، بە دەست بەستراوی ڕۆیشت بۆ لای ئەویش دای لە ملی و فەرمانی کرد سەرەکەی بەرن بۆ بەغداد و لە چاڵیان نا و لاشەکە لە سامەرا لە خاچ درا. ئەمەیە توندڕەوی لە ئایین و ڕاستگۆیی لە باوەڕداری. ئەمە ئەحمەد کوری نەسیرە کە وەك حەسەنی بەسریش نەبوو، کە بە ڕێگەدا دەڕۆیشت وەک ئەوەی ئازیزێکی لە گۆڕ نابێت و کە دادەنیشت وەک دیلێک فەرمانی لە ملدانی دەرکرابێت، کەچی لە ترسی حەجاج نەیوێرا ناوی عەلی بهێنێت. ئەگەر نەتوانێت لە ترسی ئەو ناوی عەلی بهێنێت و نەیتوانیوە زەمی بکات و ڕەخنەی لێ بگرێت و زوڵمەکەی ڕەت بکاتەوە وەک ڕێگەی ئەوی تر بگرێتەبەر. بەڵام حەسەن بەسری وەک کەمتیار وا بوە (کەمتیار جگە لە مردوو هیچی تر ناخوات) بۆیە لە پاش مردنی حەجاج توانی زەمی بکات و قسەی پێ بکات و زوڵمەکەی ڕەت بکاتەوە. ئەمە پاش نەمانی شمشێرەکەی، پاش مردنی حەجاج گوتی خودایە تۆ بیکوژە و سوننەتی بنبڕ بکە، ئەو کاری خراپەی بۆ هێناین و ملهور وفشەکەرو قێزەونە و ناچێتە سەر مینبەر تا نوێژەکەی دەڕوات و لە خودا ناترسێت و شەرم لە خەڵک ناکات و گوێ بەوە نادات کە خودا لە سەرویەوەیە و، سەت هەزار یان زیاتری لە خوارەوەیە و هیچ کەسێکی قسەکەر پێی نەگوت کوا نوێژەکەمان ئەی پیاوەکە، ئەی پیاو نوێژەکە، ئای بۆ شمشێر و قامچییەک.

دوا شت لێرەدا باسی بکەین هەندێک شتە لە سەر حەسەن گوتراوە، کە مەیلی بە لای یەکبووندا بوە و ڕقی لە لێکترازان و جیابوونەوە و پەرشوبڵاوی بوە، لەوەدا باسی ئەوەیان کردوە کە "حکومەتی مەروانی هەندێک زوڵمی ڕەتکردوەتەوە، کاتێک یەزید کوری موهەلەب شۆڕشی کردوە و جیابوونەوەی لە بەنی ئومەیە ڕاگەیاندوە، فەرمانی بە هەندێک لە کرێکارەکانی کردوە کە بەیعەت لە حەسەن وەربگرن بۆی، ڕەتی کردوەتەوە و ئامۆژگاریەکی بە نرخی کردوە، کاتێک ئەو ئالۆزییە نەما، حەسەن گەڕایەوە بۆ ئەڵقەکەی لە مزگەوت، یەکەمین قسەی لەوێدا گوتی: دەبێت خەڵک بجوڵێن، خودا ئەوەی بە سوڵتان دەیگۆڕێت و دەیجوڵێنێت بە قورئان نایکات. لەمەدا ڕاشکاوە کە داوای یەکبوون و یەکێتی کردوە و ڕقی لە لێکترازان و دووبەرەکی بوە.

دەڵێم ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، حەسەنی بەسری وەک ئەو ڕووکەشەی نییە کە وا خۆی دەردەخات، بەڵکوو هۆکاری ناچاری هەیە کە لە زانست و ژیرییەکەی ناشارڕێتەوە و وا ناچاری دەکات کە بەو شێوەیە خۆی دەربخات. گوتمان ئەو کە توندوتۆڵ وبەهیمەت و بەزەبر دەبێت، بە توندی شت دەشارێتەوە و خودپارێزە و زۆر ئاگادارە لە کاروبارەکانی، ئەی چۆن حەسەن وا خۆی پیشان نادات و خۆی دەزانێت کە ئیبن موهەلەب ئەو کەسە نییە کە موسوڵمانان لە دەوری کۆ

بنەوە و بەنی ئومەیەی بەهێز، وازی لێ ناهێنن کە بە پاشاوە زاڵ بێت بە سەریاندا و، ئەوانە بوون کە وازیان لە عەلیی کوڕی ئەبووتالیب و هەر دوو کوڕەکەی حەسەن و حوسێن کە بە خزمایەتی و نەسەب و ژنخوازی دەگەن پێغەمبەری خودا هێنا، چۆن دەهێڵن ئیبن موهەلەب لەم کارە گەورەدا بە سەریاندا سەر بکەوێت.
حەسەن بەسری لە حاڵەتی هیمەت و توانایەکدا بوە و لە دووربینیی لە بارەی پاشەڕۆژی دەرئەنجامی کارەکانیدا ڕۆڵی گەورەی هەبوە، کە وەک دەڵێن؛ نەخەوتوە تا شتێکی بە بەهای لە تەنیشت پاڵکەوتنەکەی پێش خەوتنی دابین نەکردبێت. ئەی چۆن بەیعەتی ئیبن موهەلەب ڕەت ناکاتەوە، کە ئەو بە حەق و یەقینەوە بزانێت، ئەوەی ئەو دەیکات جگە لە پەلە هەورێکی هاوین کە زوو دەڕەوێتەوە هیچی تر نییە، ئەوەی ڕاستی بێت بەیعەت نەدانی و قسەکردنی بەوەی دەبێت خەڵک جوڵەی هەبێت لە خۆشەویستی و بۆیەکبوون و ڕقی لە دووبەرەکی بووبێت وانەبوە، بەڵکوو ترسی لە بەنی ئومەیە بوە، ئەوانەی کە حەسەن لەبەر ئەوان نەیتوانیوە ناوی عەلی بهێنێت، تەنها لە ترسی کرێکارێکیاندا کە حەجاج بوە، ئەی چۆن بەیعەت بە ئیبن موهەلەب دەدات کە لە بەنی ئومەیە دەرچوە؟ کە ئەو نەتوانێت ناوی عەلی بە ئاشکرا بهێنێت لە ترسی بەنی ئومەیە، بەیعەتی ئیبن موهەلەب لەو ترسناک ترە و گەورەترە و بە قورستر لە سەری دەکەوێت لە لای بەنی ئومەیە و لەوە زیاترە گەر ناوی عەلی لە قسەکانیدا بهێنێت.
لەگەڵ ئەوەیشدا هۆکارێکی تر هەبوە وای لە حەسەنی بەسری کردوە بەیعەت بە ئیبن موهەلەب نەدات و ڕەتی بکاتەوە، ئەویش وەک وەچەکانی فارس لە مەیلی سیاسی خۆیدا "عەلەوی" بوە، بەڵام ئەوەی شاردوەتەوە لە ترسی بەنی ئومەیە. ئەوەی مەیلی خۆی بشارێتەوە بوێر نییە. ئەو بەیعەتەکەی بۆ ئیبن موهەلەب بە جایز نەزانیوە وەک بۆ بەنی ئومەیەی زانیوە، بەڵام لە ترسی ملهوری و زەبری بەنی ئومەیە وای لێهاتوە ملکەچی دەسەڵاتی داپلۆسێنەری ئەوان بێت، بە ملکەچییەکی ڕووکەشانەوە.

(103 و کۆتایی)
کۆتایی
لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گوتەیەکمان هەیە بیڵێین لە بارەی کەسایەتییە گوماناوییەکانی نێو ئیسلامدا، کە زۆر بوون. لەوانەی کە زۆر ئاڵۆز و مەنگ بوون کە بەدرێژی قسەمان لە سەری کرد. زۆرینەی ئەم کەسایەتییە گوماناوییانە ئەگەر بڵێین هەموویان لە نەتەوە دەستبەسەرکراوەکانن کە تۆڵە و ماف وەرگرتنەوەیان لای عەرەب هەیە و وەچەکانیان لە سەرەتای ئیسلامدا فێڵیان دەکرد و تەڵەیان دەنایەوە بە ڕقەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد و بە کراسی ئیسلامبوونیان کە بە ڕووکەشدا دایان دەپۆشی، بۆ ئەوەی بە شمشێرێک کە چاپی حکومی ئەوی لە سەر بێت و بە تیرێک کە بە ئایەتەکانی پرژێنرا بێت لە ئیسلامیان داوە. کوشتنی عومەری کوڕی خەتاب سەرەتای تەڵەکەیان بوە، ئینجا فیتنەکەی کوشتنی عوسمان کە دایکی فیتنەکانی ئیسلامە بە هەمووی، کە عەبدوڵڵای کوڕی سەبەئی یەهوودی دەستێکی باڵای تێدا هەبوە، واتە لە هەڵگیرساندنی ئاگرەکەیدا، هەر چەند گەورەترین پاڵەوانی ئیبن ئەشتەر بوو.
ئینجا لە ڕێگەی گێڕانەوەوە و لاوازبوون ڕووی لە ئیسلام کردوە، کە زۆرینەی بەوە هەڵدەستان لەوانە بوون کە نیازی تۆڵەسەندنەوەیان هەبوو لەوانەی دوای کەوتوون، ئینجا سیاسەت چوەتە ناویەوە و زەمینەسازییەکی کردوە بۆ کردنەوەی ڕێگەی زاڵبوونی درۆی گێڕەوان و حیکایەتخوانان، کە ئیسلامیان بەوە تێکدا و موسوڵمانانیان پەرشوبڵاو کرد. هەواڵی گێڕانەوەکانیان زمانەکان دەیگۆڕین و دەمەکان دەیجوین. بۆ ماوەی زیاتر لە سەدە و چارەکێک تا ئیبن ئیسحاق هات و بە پووشوپەڵاشییەوە تۆماری کرد و ئەوەندەی لە ڕوخسار گۆڕین و شێواندن و سڕینەوەی تێ کرد و، لەوانە و گۆڕینی تێدا کرد مەگەر هەر خودا بزانێت چیی کردوە.
ئەو گێڕەوانەی لە پاش ئیبن ئیسحاق هاتن، هەموویان پشتیان بەو بەست لە حیکایەتەکانیاندا و زۆرینەیان وەک ئەو دیسان تۆڵەسێن بوون، زۆرینەیان لە کورانی فارس بوون وەک خوراسانی و بوخاری و ئیبن مەندە و موغلەتای و ئەبووشامە و نەوەوی و جەوزەقانی و بەیهەقی و خەڵکی

تریش.
ئەگەر ناپاکی لە هەندێکیاندا ڕووی دابێت، گومان لەوانی تریش دەکرێت و بێمتمانەیی بە دەوری هەموویاندا دەخولێتەوە، دەبێت بە خودپارێزییەوە نەبێت ئەوەی باسیان کردوە قبوڵی نەکەین و باوەڕی پێ نەکەین، ئەگەر پاش وردبوونەوە و پاڵاوتنی نەبێت. هەندێک لە زانایانی ئیسلام کتێبی تایبەتی بە فەرمووده دانراوەکانیان نووسیوە، بێگومان ئەمە بەڵگەیەکی براوەیە کە گێرەوان هەن فەرموودە دادەنێن و درۆ دەکەن. بەوەیش زانیمان کە ئەم فەرموودە ڕیزکراوانەی کتێبەکانیان، ڕاست و درۆی تێدا تێکەڵ بوە و پاک و ڕاست لەگەڵ خراپدا لکێنراوە، جا چۆن لەوە دڵنیا بین و متمانەی پێ بکەین؟
ئەوەی دەیبینین لە کتێبی فەرموودە و شیکردنەوە و بەسەرهاتەکان لە فەرموودەکاندا، هەواڵی وای تێدایە وەک گرد و تەپۆڵکەی لمن کە هەندێک لە گەردیلەکانی ئاڵتوونی لە نێوان گەردیلە لمەکاندا دەدۆزرێتەوە، دەبێت ئەم گەرد و گەردیلانە بە هەموو شێوەیەک پاکژ بکرێنەوە و بیپاڵێورێن. باشترین ڕێگە بۆ ئەمەیش ئەوەیە وەک لە کاتی قسەکردن لە سەر گێرانەوە پێشتر باسمان بۆ کردن و، دەبێت ئەوەیش بخەینە بێژنگێکەوە کە لە قورئان و مەعقوولدا چنرابێت و بیبێژین و ئەوەی لە بێژنگەکەدا مایەوە وەری بگرین و ئەوەی لێی کەوت وازی لێ بهێنین و فڕێی بدەین، ئەگینا هەر وا بە پەرشوبڵاوی و سەرسامی و ڕووگیرییەوە دەمێنینەوە، لە ئایینەکەمان جیاواز دەبین و لە دونیاکەیشمان دواکەوتوو دەبین. من باوەڕی بەتینم هەیە کە ئەگەر ئەم کتێبانەمان بەو جۆرە بێژنگە بێژا، جگە لە شتێکی زۆر کەم هیچی ترمان بۆ نامێنێتەوە، وەک شاعیری مرۆڤایەتی ئەبووعەلای مەعەری دەڵێت:
لما تحصّل شیء في الغرابیل لو غربل الناس کیما یعدموا سقگاً
بە واتای: ئەگەر خەڵك لە بێژەنگ بدەیت، هیچ کەسێکت لەوێدا نەدۆزیەوە کە رۆنەبێت تێیدا و نەکەوێت.

پاش کۆتایی
ڕوونکردنەوەیەک لە نوسخە ئەسڵییەکەیەوە کە بەڕێز کامیل چادرچی ئەم نوسخەی کۆپی کردوە.
دوای ئەوە: وتەیەکی مەعرووفی ڕەسافی لە پانزەی ئابی ١٩٤٤ نووسیویەتی ئەمە دەقەکەیەتی:
ئەم نوسخەیەم بینی کە هاوڕێی بەڕێزم کامل الخیام (الکامل الجادرجی) کۆپیی کردوە، لەم کتێبەی (الشخصیە المحمدیە)دا کە بە دەستی خۆم نووسیومە، بینیم ڕاستە و تەواوە و لە هەڵە بە دوورە لە کۆپیکردندا، بۆیە مۆڵەتی دەدەم بیگێڕێتەوە و لێی وەربگرێت و پشت بەوانە ببەستێت کە تێیدا هاتوە، پێش چاپکردنی نوسخەی کتێبەکە و بڵاوکردنەوەی. لەبەر ئەوەی من متمانەم بە ڕۆشنبیریی کامیلی خەیام و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی بۆ مەسەلەی زانست و ئەدەب هەیە، ئەمەم نووسی بۆ زانیاری.
ئینجا وێنەیەکی نووسەر مەعرووف ڕەسافی لە سەر دانرا بوو مێژووی بیست و دووی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٤ لە سەر بوو.
دوای ئەوە وەسیەتەکەی ڕەسافی بە ناونیشانی (الی اصدقائی الاحرار الکرام) هاتوە و لە کۆتاییەکەیدا بە (المؤمن باللّٰه وحده لا شریك له) ناوی خۆی (معروف الرصافی) لە ژێریدا نووسیوە.
تێبینی: بۆ واتای ئایەتەکان سوود لە قورئانی پیرۆز لە وەرگێرانی مامۆستا هەژار بینراوە .

سەرچاوەکان

ـ القرآن الکریم.
ـ ابن هشام، أبو محمد عبد الملك، السیرە النبویە. تحقیق: مصطفی السقا و الاخرون. دار الکتب العلمیە - بیروت.
ـ الحلبی، علی بن برهان الدین: إنسان العیون فی سیرە المأمون (السیرە الحلبیە). دار إحیاء التراث - بیروت.
ـ دحلان، أحمد زینی: السیرە النبویە والاثار المحمدیە. دار إحیاء التراث - بیروت.
ـ هیکل، محمد حسین: محمد ڕسول اللّٰه. مکتبە الحلبی بمصر.
ـ الزمخشری، جار اللّٰه: الکشاف عن حقائق التنزیل. مطبعە الحلبی بمصر 1966.

ـ القرطبى: نفسير القرطبى. دار الفكر - بيروت.
ـ ابن كثير: تفسير ابن كثير. دار الفكر - بيروت.

ـ البخارى: صحيح البخارى. عالم الكتب - بيروت.
ـ مسلم: صحيح مسلم. عالم الكتب - بيروت.
ـ ابن ماجه: سنن ابن ماجه. دار الفكر - بيروت.
ـ أبو داود: سنن أبى داود. دار الفكر - بيروت.
ـ الترمزى: سنن الترمزى. مكتبه المعارف - بيروت.
ـ النسائى: سنن النسائى. دار الفكر - بيروت.
ـ عبد الباقى، فؤاد: اللوءلوء و المرجان فى ما اتفق عليه الشيخان. دار القلم - بيروت.
ـ ابن قيم الجوزيه: زاد المعاد فى هدى خير العباد. تحقيق: شعيب و عبد القادر الارناوءوط. مؤسسه الرساله - بيروت.
ـ... دار الكتاب العربى - بيروت.
ـ السيوطى، عبد الرحمن: الإتقان فى علوم القرأن. مكتبه الهلال - بيروت.
ـ الباقلانى، أبو بكر: إعجاز القرأن. مكتبه الهلال - بيروت.
ـ ابن الجزرى: النشر فى القراوات العشر. دار الكتب العلميه - بيروت.
ـ البنا، أحمد: إتحاف البشر بالقراوات الاربعه عشر. تحقيق: شعبان إسماعيل. عالم الكتب - بيروت.
ـ السجستانى، أبو حاتم: كتب المصاحف. المطبعه الرحمانييه - مصر 1936.
ـ النورى، أبو المعاطى، ورفاقه: الجامع فى الجرح و التعديل. عالم الكتب - بيروت.
ـ عبد الباقى، فواد: المعجم المفهرس لألفاظ القرأن الكريم. دار إحياو التراث العربى - بيروت.
ـ اللطبرى: تاريخ الطبرى. موسسه عز الدين - بيروت.
ـ اليعقوبى: تاريخ اليعقوبى. موسسه الاعلمى - بيروت.
ـ المسعودى: مروج الزهب. المكتبه الإسلاميه - بيروت.
ـ الفيروز آبادى: القاموس المحيط. موسسه الرساله - بيروت.
ـ ابن منظور: لسان العرب. دار صادر - بيروت.
ـ السيوطى: تاريخ الخلفاو. تحقيق: رحاب عكارى. موسسه عز الدين - بيروت.